المصباح المنير

في تهذيب تفسير

ابن الكثير

للإمام إسماعيل بن عمر ابن الكثير

بەكوردی

بسم الله الرحمن الرحيم

ناسنامه تفسیر

....

- **ناوی تفسیر: تفسیر ابن الکثیر بەکوردی**
- **وەرگێڕانی: علی حاجی عبدالله پریسی**
- **نۆرەی چاپ: یەکەم ۲۰۱۲**
- **شوێنی چاپ: تاران**
- **هەڵەچنی و دیزاین: ابراهیم معروف**

بڵاوکار:

ناوەندی رۆشنبیر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

سلێمانی

﴿لَّا يُحِبُّ ٱللَّهُ ٱلۡجَهۡرَ بِٱلسُّوٓءِ مِنَ ٱلۡقَوۡلِ إِلَّا مَن ظُلِمَۚ وَكَانَ ٱللَّهُ سَمِيعًا عَلِيمًا ﴿١٤٨﴾ إِن تُبۡدُواْ خَيۡرًا أَوۡ تُخۡفُوهُ أَوۡ تَعۡفُواْ عَن سُوٓءٖ فَإِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَفُوًّا قَدِيرًا ﴿١٤٩﴾﴾

ڕێدان بە ئاشکرا کردنی قسەی خراپ و نابەجێ بۆ ستەم لێکراو لەگەڵ هاندانی بۆلێبوردن

خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿لَّا يُحِبُّ ٱللَّهُ ٱلۡجَهۡرَ بِٱلسُّوٓءِ مِنَ ٱلۡقَوۡلِ إِلَّا مَن ظُلِمَ﴾ خودا هەرگیز پێی خۆش نیە هیچ کەس دەنگی بەرز کاتەوەو قسەی ناخۆش بدرکێنێ. مەگین کەسێ ستەمی لێ کرابێ. عەلی کوڕی ئەبوتەلحە گوتی لە ئیبنوعەبباسەوە لەم ئایەتەدا: ﴿لَّا يُحِبُّ ٱللَّهُ ٱلۡجَهۡرَ بِٱلسُّوٓءِ مِنَ ٱلۡقَوۡلِ إِلَّا مَن ظُلِمَ﴾ گوتی: خودا پێی خۆش نیە کەسێ باسی خراپی کەسێ بکات بە دەنگی بەرز مەگین کەسێ ستەمی لێکرابێ. ڕێگە دراوە بەو ستەم لێکراوە بە ئاشکرا باسی ئەو کەسە بکات کە ستەمی لێکردوە، بەڵام ئەگەر ستەم لێکراوەکە ئارامی ببێ و خۆی بگرێ ئەوە چاکترە بۆی[1] حەسەنی بەسری دەڵێت: با دەنگی لێ بەرز نەکاتەوە، باشتر ئەوەیە بڵێ: ئەی خودایە یارمەتیم بدە بۆی و حەقەکەی لێ وەرگرە بۆم[2]. لە ڕیوایەتێکی تردا هەر لە حەسەنی بەسریەوە هاتوە گوتی: ڕێگەی پێدراوە بە دەنگی بەرز باسی ئەو کەسە بکات کە ستەمی لێکردوە بەڵام زیادەڕەوی نەکات لەسەری قسەی خراپی پێ نەڵێت. عەبدولکەریمی کوڕی مالیکی جەزەری لەم ئایەتەدا دەڵێت: مەبەست پێی ئەوەیە کەسێ قسەی خراپت پێ دەڵێ، تۆش پێی دەڵێیتەوە، بەڵام ئەو بوختانی بۆ هەڵبەستی، تۆ بوختان بۆ ئەو هەڵمەبەستە. لەبەر ئەم ئایەتە کە خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿ وَلَمَنِ ٱنتَصَرَ بَعۡدَ ظُلۡمِهِۦ فَأُوْلَٰٓئِكَ مَا عَلَيۡهِم مِّن سَبِيلٍ﴾[3] ئەو کەسانەی لە پاش ناهەقی لێکردن، تۆڵەی خۆیان دەستێننەوە خەتابار نین. ئەبوداوود ڕیوایەتی کردوە لە ئەبوهورەیرەوە کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (هەر دوو کەسێ کە جنێو بە یەکتری ئەدەن گوناهەکەی دەکەوێتە سەر دەسپێشخەرەکەیان بەمەرجێ ستەم لێکراوەکە زیادەڕەوی نەکات)[4]. ﴿وَكَانَ ٱللَّهُ سَمِيعًا عَلِيمًا﴾ خودا بیسەرو زانایە. پاشان خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿إِن تُبۡدُواْ خَيۡرًا أَوۡ تُخۡفُوهُ أَوۡ تَعۡفُواْ عَن سُوٓءٖ فَإِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَفُوًّا قَدِيرًا﴾ ئەگەر ئێوە چاکە بکەن (ئەو چاکەیەتان ئاشکرا بێ یان نهێنی) یان لە کارێکی خراپ چاو بپۆشن، بێگومان خودا هەمیشە بە توانایە

---

[1] الطبري (٩/٣٤٤).

[2] الطبري (٩/٣٤٤).

[3] الشورى (٤١).

[4] أبوداود (٤٨٩٤)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

بۆ لێبوردن. واتە: ئەی خەڵکینە ئەگەر بە ئاشکرا یان بە نهێنی چاکەتان کردبێ‌و یان لێبوردەیتان بەرانبەر ئەو کەسانەی کە خراپەیان دەربارە کردوون بوو بێ، بێگومان ئەو کارەتان لە خواوە نزیکتان دەکاتەوەو پاداشتی زۆر چاکتان ئەداتەوە، چونکە خودا زۆر لێبوردەیە بەرانبەر عەبدەکانی لەگەڵ ئەوەیشدا کە توانای هەیە سزایان بدات. هەر بۆیە ئەفەرموێت: ﴿فَإِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَفُوًّا قَدِيرًا﴾ خودا هەمیشە بە توانایە بۆ عەفوو کردن. هەربۆیە لە ڕیوایەتێکدا هاتووە: (ئەوانەی هەڵگری تەختن (العرش) تەسبیحاتی خودا دەکەن)و هەندێکیان دەڵێن: پاکو بێ عەیبی بۆ تۆ لە هێمنی‌و لەسەرخۆیت دوای زانیاریت. هەندێکی تریان دەڵێن: پاکو بێ عەیبی بۆ تۆ لە لێبوردەیت دوای تواناو دەستەڵاتت. وە لەم فەرموودە سەحیحەدا هاتووە: (هیچ سامانێك لە بەخشین کەم ناکات. هەر بەندەیەکیش لێبوردە بێ هەمیشە سەربەرزە، ئەوەی لەبەر خودا خۆ بە کەم بزانێ بێگومان خودا بەرزی دەکاتەوە)[1].

﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يَكۡفُرُونَ بِٱللَّهِ وَرُسُلِهِۦ وَيُرِيدُونَ أَن يُفَرِّقُواْ بَيۡنَ ٱللَّهِ وَرُسُلِهِۦ وَيَقُولُونَ نُؤۡمِنُ بِبَعۡضٖ وَنَكۡفُرُ بِبَعۡضٖ وَيُرِيدُونَ أَن يَتَّخِذُواْ بَيۡنَ ذَٰلِكَ سَبِيلًا ﴿١٥٠﴾ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡكَٰفِرُونَ حَقّٗاۚ وَأَعۡتَدۡنَا لِلۡكَٰفِرِينَ عَذَابٗا مُّهِينٗا ﴿١٥١﴾ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ بِٱللَّهِ وَرُسُلِهِۦ وَلَمۡ يُفَرِّقُواْ بَيۡنَ أَحَدٖ مِّنۡهُمۡ أُوْلَٰٓئِكَ سَوۡفَ يُؤۡتِيهِمۡ أُجُورَهُمۡۗ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورٗا رَّحِيمٗا ﴿١٥٢﴾﴾

بڕوا بە هەندێ لە پێغەمبەران‌و بڕوا نەبوون بە هەندێکی تریان

خودای مەزن هەڕەشە لەو جوولەکەو مەسیحیە خوانەناسانە دەکات کە بڕوایان بە خوداو پێغەمبەرەکانی نیەو فەرق‌و جیاوازی دەکەن لە نێوان خوداو پێغەمبەرەکانیدا لە بڕوا پێکردندا. بڕوایان بە هەندێ لەو پێغەمبەرانە هەیەو بڕوایان بە هەندێکی تریان نیە. تەنیا شوێنی ئارەزوی خۆیان‌و ئەو باوو ڕەوشتەی لە باب‌و باپیرانیانەوە بۆیان ماوەتەوە، بەبێ ئەوەی هیچ بەڵگەیەکیان بە دەستەوە بێ لەو بارەیەوە. وە هیچ بیانویەکیان بە دەستەوە نیە جگە لە ئارەزوو پەرستی‌و دەمارگیری. جوولەکە (بەر نەفرەتی خوا کەون) باوەڕیان بە گشت پێغەمبەرەکان هەیە بێجگە لە عیسا (سەلامی خودای لێبێ) و موحەممەد (ﷺ) مەسیحیەکانیش بڕوایان بە گشت پێغەمبەران هەیە بێجگە لە موحەممەد کە بەڕێزترین‌و دوایین پێغەمبەرە (ﷺ) سامیرەکان (السامرة) بڕوایان بە هیچ پێغەمبەرێ نیە دوای یوشع کە جێنشینی مووسای کوڕی عیمران بووە. مەجووسیەکانیش، دەڵێن: بڕوایان بە پێغەمبەرێك بووە لە خۆیان کە پێیان دەگوت زەرادەشت پاشان پەیرەوی بەرنامەکەی نەبوون. لە ناویاندا هەڵگیرا والله أعلم. مەبەستەکە ئەوەیە هەرکەسێ بڕوای نەبێ بە یەکێك لەو پێغەمبەرانە، ئەوە

---

[1] مسلم (٢٠٠١/٤).

بێگومان بڕوای بە پێغەمبەرەکانی تریش نیە. چونکە بڕواهێنان بە هەموو ئەو پێغەمبەرانە کە خودا ناردوونی بۆ سەر خەڵکی سەر زەوی واجیبەو لە مەرجەکانی بڕوا بڕوایە. هەرکەسێ بڕوای بە پێغەمبەریەتی هەر پێغەمبەرێ نەبێ لەبەر ئیرەیی (حەسودی) یان دەمارگیریو ئارەزوو پەرستی. دیارە ئەوە بڕوای بە پێغەمبەرەکانی تریش نادروستەو لێی وەرناگیرێ. بەڵکو ئەوە لەبەر دەمارگیریو ئارەزوو پەرستی مەبەستێکی تایبەتی خۆی بڕوا ناهێنێ. بۆیە خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿إِنَّ الَّذِينَ يَكْفُرُونَ بِاللَّهِ وَرُسُلِهِ وَيُرِيدُونَ أَن يُفَرِّقُوا بَيْنَ اللَّهِ وَرُسُلِهِ وَيَقُولُونَ نُؤْمِنُ بِبَعْضٍ وَنَكْفُرُ بِبَعْضٍ وَيُرِيدُونَ أَن يَتَّخِذُوا بَيْنَ ذَلِكَ سَبِيلًا (١٥٠) أُولَئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ حَقًّا﴾ ئەوانەی بە دڵ بڕوایان بە خوداو پێغەمبەرەکانی نیە، دیارە دەیانەوێ لە نێوان خوداو پێغەمبەرەکانی جیاوازی دانێن. دەڵێن: ئێمە باوەڕ بە هەندێکیان دەکەینو هەندێکی تریان بە جێگەی بڕوا نازانین، دەیانەوێ لەو نێوانەدا ڕێگەیەك بۆ خۆیان هەڵبژێرن. بەڕاستی ئەوانە خوانەناسن. واتە: ئەوانە بێ دینیەکەیان دیارو ئاشکرایەو گومانی تێدا نیەو بڕواشیان بە پێغەمبەرەکانی تریش دروستو ڕەوا نیە، ئەگەر بڕوایان بوایە بەوەی کە پێغەمبەری خودان، بڕواشیان بەو کەسە دەهێنا کە بەڵگەکانی زۆر ئاشکراو بەهێزتر لە بەڵگەکانی ئەوان یان ئەگەر بەڕاستی سەیریان بکردایەو وردبونایەتەوە لە پێغەمبەریەتیەکەی هەر بڕوایان پێ دەهێنا ﴿وَأَعْتَدْنَا لِلْكَافِرِينَ عَذَابًا مُّهِينًا﴾ ئێمە بۆ ئەو خوانەناسانە ئازاری ئابڕوبەرمان ئامادە کردوە. واتە: وەك چۆن ئابڕوی ئەوانەی برد کە بڕوایان پێی نەبوو ئازاری بە ژانو ڕسواکەری دان. چونکە بە وردی سەیری ئەو پەیامانەیان نەدەکرد کە بۆیان هات لەلایەن خوداوەو پشتیان تێ کردو هەر خەریکی کۆکردنەوی ماڵی دنیا بوون کە زۆریش پێویستیان پێی نەبوو، یان لەبەر ئەوەی دوای ئەوەی کە زانیان پێغەمبەرە بڕوایان بە پێغەمبەریەتیەکەی نەدەکرد وەك چۆن زۆرێ لە زانایانی جولەکە حەسوودیان بە پێغەمبەر دەبرد لەبەر ئەو پەیامەی کە خودا بۆی ناردبوو دژایەتیان دەکردو بڕوایان پێ نەدەهێناو شەڕیان لەگەڵا دەکرد، هەتا خودا پێغەمبەری زاڵ کرد بەسەریانداو سەرشۆڕی دنیاو قیامەتی کردنو ئابڕوی بردن: ﴿وَضُرِبَتْ عَلَيْهِمُ الذِّلَّةُ وَالْمَسْكَنَةُ وَبَاءُوا بِغَضَبٍ مِّنَ اللَّهِ﴾[1] چارەڕەشو زەبونیان بۆ بڕیار دراو بەر غەزەبی خوا کەوتن لە دنیاو قیامەتدا. پاشان خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَالَّذِينَ آمَنُوا بِاللَّهِ وَرُسُلِهِ وَلَمْ يُفَرِّقُوا بَيْنَ أَحَدٍ مِّنْهُمْ﴾ ئەوانەش کە بڕوایان بە خوداو پێغەمبەرەکانی هەیەو لەناویاندا فەرقو جیاوازی

---

[1] البقرة (٦١).

ناكەن. مەبەست لەم ئايەتە لێرەدا ئوممەتی موحەممەدە (ﷺ) چونكە ئەمان بڕوايان بە هەموو كتێبەكان هەيە كە خودا ڕەوانەی كردوە، گشت پێغەمبەرانيش كە خودا ناردوونی. وەك خودای مەزن لە ئايەتێكی تردا ئەفەرموێت: ﴿ءَامَنَ ٱلرَّسُولُ بِمَآ أُنزِلَ إِلَيۡهِ مِن رَّبِّهِۦ وَٱلۡمُؤۡمِنُونَۚ كُلٌّ ءَامَنَ بِٱللَّهِ﴾[1] ئەم پێغەمبەرەو ئەوانەی لەگەڵ ئەو بڕوايان هێناوە، لێيان ڕوونە كە ئەو پەيامە لەلايەن پەروەردگاريانەوە هاتۆتە خوارێ بۆ لايان، هەموو بڕوايان بە خودا هەيە. پاشان خودای گەورە فەرموويەتی كە پاداشتی زۆر زەبەندەو جوانو چاكی بۆ ئامادە كردوون ﴿أُوْلَٰٓئِكَ سَوۡفَ يُؤۡتِيهِمۡ أُجُورَهُمۡۚ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورٗا رَّحِيمٗا﴾ لە ڕۆژی قيامەتا خودا پاداشتيان ئەداتەوەو لە گوناهيان دەبورێو دلۆڤانە. واتە: پاداشتی چاكيان ئەداتەوە لەسەر ئەو بڕوا هێنانەيان بە خوداو پێغەمبەرەكانیو لە تاوانی ئەوانەشيان خۆش دەبێ كە تاوانيان كردوە.

﴿يَسۡـَٔلُكَ أَهۡلُ ٱلۡكِتَٰبِ أَن تُنَزِّلَ عَلَيۡهِمۡ كِتَٰبٗا مِّنَ ٱلسَّمَآءِۚ فَقَدۡ سَأَلُواْ مُوسَىٰٓ أَكۡبَرَ مِن ذَٰلِكَ فَقَالُوٓاْ أَرِنَا ٱللَّهَ جَهۡرَةٗ فَأَخَذَتۡهُمُ ٱلصَّٰعِقَةُ بِظُلۡمِهِمۡۚ ثُمَّ ٱتَّخَذُواْ ٱلۡعِجۡلَ مِنۢ بَعۡدِ مَا جَآءَتۡهُمُ ٱلۡبَيِّنَٰتُ فَعَفَوۡنَا عَن ذَٰلِكَۚ وَءَاتَيۡنَا مُوسَىٰ سُلۡطَٰنٗا مُّبِينٗا ﴿١٥٣﴾ وَرَفَعۡنَا فَوۡقَهُمُ ٱلطُّورَ بِمِيثَٰقِهِمۡ وَقُلۡنَا لَهُمُ ٱدۡخُلُواْ ٱلۡبَابَ سُجَّدٗا وَقُلۡنَا لَهُمۡ لَا تَعۡدُواْ فِي ٱلسَّبۡتِ وَأَخَذۡنَا مِنۡهُم مِّيثَٰقًا غَلِيظٗا ﴿١٥٤﴾﴾

لاساری جوولەكە

خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿يَسۡـَٔلُكَ أَهۡلُ ٱلۡكِتَٰبِ أَن تُنَزِّلَ عَلَيۡهِمۡ كِتَٰبٗا مِّنَ ٱلسَّمَآءِ﴾ ئەوانەی ئەهلی كتێب داوات لێ دەكەن بە تايبەتی لە ئاسمانەوە بۆ بێنی. موحەممەدی كوڕی كەعبی قەرەزیو سوودیو قەتادە گوتيان: جوولەكەكان داوايان لە پێغەمبەری خودا(ﷺ) كرد كە كتێبێكيان لە ئاسمانەوە بۆ دابەزێنێ وەك چۆن بۆ مووسا تەورات دابەزی بە نووسراوی[2] ئيبنوجورەيج دەڵێت: داوايان لە پێغەمبەر(ﷺ) كرد كە نامەيە لەلايەن خوداوە دابەزێنێ نوسرابێ بۆ فلانو فلان بسەلمێنێ كەئەوەی بۆی هێناون ڕاستە[3]. ئەم قسانەی دەيانگوت هەمووی بەهۆی بێ دينیو لاساریو دژايەتیو خوانەناسيانەوە بوو، وەك چۆن خوانەناسانی قورەيش لە پێش ئەماندا هەمان داوايان دەكرد، وەك لە سورەتی ئيسرادا خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَقَالُواْ لَن نُّؤۡمِنَ لَكَ حَتَّىٰ تَفۡجُرَ لَنَا مِنَ

---

[1] البقرة (٢٨٥).

[2] الطبري (٩/٣٥٦-٣٥٧).

[3] الطبري (٩/٣٥٧).

ٱلۡأَرۡضِ يَنۢبُوعًا ﴾[1] گوتیان: بڕوات پێ ناهێنین تا لەم زەمینە کانیەکمان بۆ هەڵدەقوڵێنی. بۆیە خودای مەزن لێرەدا ئەفەرموێت: ﴿فَقَدۡ سَأَلُواْ مُوسَىٰٓ أَكۡبَرَ مِن ذَٰلِكَ فَقَالُوٓاْ أَرِنَا ٱللَّهَ جَهۡرَةً فَأَخَذَتۡهُمُ ٱلصَّٰعِقَةُ بِظُلۡمِهِمۡ﴾ هەر ئەوانە ئەوەیان لە مووسا دەویست، زۆر لەمەیش گەورەتر بوو. گوتیان: خوامان بە ئاشکرا پێ نیشان بدە. لە سزای ئەو بەدفەرییەدا بەر هەورە تریشقە کەوتن. واتە: لە سزای ئەو ناهەقیو ستەمکاریو سەرپێچیو لاساریەدا کە پێی هەڵسان خودا جەزرەبەی دان. ئەم ڕووداوە لە سورەتی بەقەرەدا خودای گەورە بە تەواوی ڕوونی کردوەتەوە ئەفەرموێت: ﴿وَإِذۡ قُلۡتُمۡ يَٰمُوسَىٰ لَن نُّؤۡمِنَ لَكَ حَتَّىٰ نَرَى ٱللَّهَ جَهۡرَةً فَأَخَذَتۡكُمُ ٱلصَّٰعِقَةُ وَأَنتُمۡ تَنظُرُونَ ﴿٥٥﴾ ثُمَّ بَعَثۡنَٰكُم مِّنۢ بَعۡدِ مَوۡتِكُمۡ لَعَلَّكُمۡ تَشۡكُرُونَ ﴾[2] ئەوسایش کە بە مووساتان گوت: ئێمە بڕوات پێ ناهێنین تا بە ئاشکرا خودا نەبینین. کە هەر لەبەر چاوی خۆتان بروسکە لێیدان، دوای ئەوەی کە مردن، سەر لە نوێ زیندوومان کردنەوە، بەڵکو شوکری خودا بکەن. پاشان ئەفەرموێت: ﴿ثُمَّ ٱتَّخَذُواْ ٱلۡعِجۡلَ مِنۢ بَعۡدِ مَا جَآءَتۡهُمُ ٱلۡبَيِّنَٰتُ﴾ دوای ئەوە (پاش بینینی گەلێك بەڵگەی ئاشکرا) چوون بوونە گوێرەکە پەرست. واتە: دوای بینینی ئەو هەموو بەڵگەو نیشانە گەورەو زۆرانە لەسەر دەستی مووسادا (سەلامی خوای لێبێ) هاتە دیو لەناوبردنی فیرعەونی دوژمنیان لەگەڵ هەموو سوپاکەیدا لە دەریادا، ماوەیەکی زۆر کەم تێنەپەڕیبوون لە دەریا کە گەیشتنە کۆمەڵێ خەریکی بت پەرستی بوون بە مووسایان گوت: ﴿ٱجۡعَل لَّنَآ إِلَٰهًا كَمَا لَهُمۡ ءَالِهَةٞ﴾[3] خودایەکمان وەك خوداکانی ئەوان بۆ پەیدا بکە. پاشان خودای گەورە باسی بەسەرهاتی گوێرەکە پەرستیەکەیان لە سورەتی ئەعرافو سورەتی طاهادا بە درێژی دەکات. کاتێ کە مووسا (سەلامی خوای لێبێ) چوو بۆ گفتوگۆ کردن لەلای خودای گەورەو پاشان گەڕایەوە، ئەوە کە ڕووی دابوو، ڕووی دابوو. خودای مەزن تەوبەکەی لەو کەسانە کە ئەو کارەیان کردو دایان هێنا بەو جۆرە قەبووڵ کرد، ئەو کەسانەی کە گوێرەکە پەرستیان نەکردبوو. ئەو کەسانە بکوژن کە گوێرەکەکەیان پەرست. ئەوە بوو بە کۆمەڵێکیان کۆمەڵەکەی دا بە کوشت، پاشان خودای گەورە زیندووی کردنەوە. پاشان خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿فَعَفَوۡنَا عَن ذَٰلِكَۚ وَءَاتَيۡنَا مُوسَىٰ سُلۡطَٰنٗا مُّبِينٗا﴾ چاوپۆشیمان لەوەشیان کرد، بەڵگەی دەستەڵاتداریمان دا مووسا ﴿وَرَفَعۡنَا فَوۡقَهُمُ ٱلطُّورَ بِمِيثَٰقِهِمۡ﴾

---

[1] الاسراء (٩٠).

[2] البقرة (٥٥-٥٦).

[3] الاعراف (١٣٨).

بەهۆی پەیمانێ کە دایان، کێوی توورمان لەسەریان بە بەرزی ڕاگرت. واتە: ئەوەیش کاتێ بوو کە پابەند نەبوون بە بڕیارەکانی تەوراتەوە، پابەندبوونەکەیان کاتێ دەرکەوت کە مووسا تەوراتی هێنا بۆیان‌و خودا کێوی تووری بەسەریانەوە بە بەرزی ڕاگرت، پاشان بە زۆر پابەند کران‌و پابەندی خۆیان دەربڕی‌و سوژدەیان بردو سەیر سەرەوەی خۆیان دەکردو دەترسان کێوەکە بەسەریاندا بکەوێ. وەك خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَإِذْ نَتَقْنَا الْجَبَلَ فَوْقَهُمْ كَأَنَّهُ ظُلَّةٌ وَظَنُّوا أَنَّهُ وَاقِعٌ بِهِمْ خُذُوا مَا آتَيْنَاكُمْ﴾[1] ئەو کاتە کێوەکەمان وەك سێبەر بەسەریاندا بەرز کردەوەو لایان وابوو بەسەریاندا دەکەوێ (گوتمان) ئەوەی داومانە پێتان بە توندی بیگرن. لێرەدا ئەفەرموێت: ﴿وَقُلْنَا لَهُمُ ادْخُلُوا الْبَابَ سُجَّدًا﴾ پێمان گوتن: بە سوژدەوە لەو دەرگاوە بچنە ژوورێ. واتە: بە کردارو گفتار سەرپێچی ئەو فەرمانانەیان کرد کە بەسەریانا درابوو. ئەوانە فەرمانیان پیادرا کە لە دەرگای (بيت القدس)وە بچنە ژوورێ بە سوژدەوە. (کە دەچوون) دەیانگوت: (حطة) واتە: ئەی خودایە گوناهەکانمان لێ دڕاندو کە بەهۆی جیهاد نەکردن‌و کەمتەرخەمیانەوە لە جیهاد کردن تووشمان هات‌و سەرگەردان بوین لە بیاباندا بۆ ماوەی چل ساڵ چوونە ژورەوە بە قنگە خشکەو دەیانگوت: (حَنْطَة فِي شَعْرَة) گەنمێ لەناو موویەکدا. ﴿وَقُلْنَا لَهُمْ لَا تَعْدُوا فِي السَّبْتِ﴾ پێشمان گوتن: نابێ لە ڕۆژی شەممەدا دەستدرێژی مەکەن. واتە: ئامۆژگاریمان کردن کە پابەند بن بەو شتانەوە کە خودا لێی قەدەغە کردون‌و ڕۆژی شەممەدا ڕاو نەکەن، وەك لە سورەتی ئەعرافدا بە باشی ڕوون کراوەتەوە لەم ئایەتەوە دەست پێدەکات کە ئەفەرموێت: ﴿وَسْأَلْهُمْ عَنِ الْقَرْيَةِ الَّتِي كَانَتْ حَاضِرَةَ الْبَحْرِ﴾[2] لەبارەی ئەو شارەوە وا کەوتبووە قەراخی دەریا لێیان پرسە.

﴿فَبِمَا نَقْضِهِم مِّيثَاقَهُمْ وَكُفْرِهِم بِآيَاتِ اللَّهِ وَقَتْلِهِمُ الْأَنبِيَاءَ بِغَيْرِ حَقٍّ وَقَوْلِهِمْ قُلُوبُنَا غُلْفٌ ۚ بَلْ طَبَعَ اللَّهُ عَلَيْهَا بِكُفْرِهِمْ فَلَا يُؤْمِنُونَ إِلَّا قَلِيلًا (١٥٥) وَبِكُفْرِهِمْ وَقَوْلِهِمْ عَلَىٰ مَرْيَمَ بُهْتَانًا عَظِيمًا (١٥٦) وَقَوْلِهِمْ إِنَّا قَتَلْنَا الْمَسِيحَ عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ رَسُولَ اللَّهِ وَمَا قَتَلُوهُ وَمَا صَلَبُوهُ وَلَٰكِن شُبِّهَ لَهُمْ ۚ وَإِنَّ الَّذِينَ اخْتَلَفُوا فِيهِ لَفِي شَكٍّ مِّنْهُ ۚ مَا لَهُم بِهِ مِنْ عِلْمٍ إِلَّا اتِّبَاعَ الظَّنِّ ۚ وَمَا قَتَلُوهُ يَقِينًا (١٥٧) بَل رَّفَعَهُ اللَّهُ إِلَيْهِ ۚ وَكَانَ اللَّهُ عَزِيزًا حَكِيمًا (١٥٨) وَإِن مِّنْ أَهْلِ الْكِتَابِ إِلَّا لَيُؤْمِنَنَّ بِهِ قَبْلَ مَوْتِهِ ۖ وَيَوْمَ الْقِيَامَةِ يَكُونُ عَلَيْهِمْ شَهِيدًا (١٥٩)﴾

---

[1] الاعراف (١٧١).

[2] الاعراف (١٦٣).

تاوانەکانی جوولەکە

خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿فَبِمَا نَقْضِهِم مِّيثَـٰقَهُمْ وَكُفْرِهِم بِـَٔايَـٰتِ ٱللَّهِ﴾ بەهۆی پەیمان شکاندنیانو باوەڕ نەهێنانیان بە نیشانەکانی خودا. ئەمە ئەو تاوانەن کە جوولەکەکان ئەنجامیان داوەو بووە هۆی نەفرین لێکردنو دەرکردنو دوور خستنەوەیان، لەو تاوانانە پەیمان شکاندنو پەشیمان بوونەوە لەو بەڵێنانەی کە لێیان وەرگیراو بڕوا نەکردنیان بە نیشانەکانی خودا. واتە: ئەو موعجیزەو نیشانەو بەڵگانەی لەسەر دەستی مووسادا (سەلامی خوای لێبێ) بە چاوی خۆیان دەیان بینی ڕووی ئەدا. ﴿وَقَتْلِهِمُ ٱلْأَنۢبِيَآءَ بِغَيْرِ حَقٍّ﴾ هەر بە ناهەق کوشتنی پێغەمبەرەکانیان. واتە: تاوانەکانیان ئێجگار زۆر بوو ئەوە بوو پەلاماری پێغەمبەرەکانیشیان ئەداو ژمارەیەکی زۆریان لە پێغەمبەران کوشت (سەلامی خوایان لێبێ). ﴿وَقَوْلِهِمْ قُلُوبُنَا غُلْفٌۢ﴾ دەیانگوت: ئێمە دڵمان داخراوە. ئیبنوعەبباسو موجاهیدو سەعدی کوڕی جوبەیرو عیکرمەو سوودیو قەتادەو کەسانی تریش گوتویانە: داپۆشراوە[1] ئەمە وەك قسەی ئەو موشریکانەیە کە خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَقَالُوا۟ قُلُوبُنَا فِىٓ أَكِنَّةٍ مِّمَّا تَدْعُونَآ إِلَيْهِ﴾[2] گوتیان: ئەوەی کە تۆ بانگمان دەکەی بۆی دڵمان پۆشش (پەردەی) لەسەرە. وەك ئەوەی پاکانەی بۆ بکەن گوتیان: دڵەکانمان ئەوەی تۆ دەیڵێیت هیچی وەرناگرێ داخراوەو پەردەی بەسەردا دراوە. خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿بَلْ طَبَعَ ٱللَّهُ عَلَيْهَا بِكُفْرِهِمْ﴾ هەر خودا خۆی مۆری ناوە بەسەر دڵیاندا بەهۆی باوەڕ نەهێنانیانەوە. لە سورەتی بەقەرەدا لەو بارەیەوە دواین پێویست ناکات لێرەدا دووبارەی بکەینەوە. ﴿فَلَا يُؤْمِنُونَ إِلَّا قَلِيلًا﴾ بەشێکی کەمیان نەبێ، باوەڕ ناهێنن. واتە: دڵیان لەسەر خوانەناسیو لاساریو سەرپێچیو باوەڕ نەهێنان ڕاهاتووە.

بوختان کردنیان بۆ مەریەمو بانگەشەیان بە کوشتنی عیساو ڕاستو دروستی ئەو ڕوداوە

خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿وَبِكُفْرِهِمْ وَقَوْلِهِمْ عَلَىٰ مَرْيَمَ بُهْتَـٰنًا عَظِيمًا﴾ لە بێ دینیانو ئەو بوختانە گەورە بۆ مەریەمیان هەڵبەست. عەلی کوڕی ئەبوتەلحە دەڵێت لە ئیبنوعەبباسەوە دەڵێت: تۆمەتی داوێن پیسیان دایە پاڵ[3] سوودیو جوبەیرو موحەممەدی کوڕی ئیسحاقو کەسانی تریش هەر وایان گوتووە[4]. لە ئایەتەکەیشەوە دەرئەکەوێ کە ئەوانە ئەو بوختانە گەورەیان داوەتە پاڵ مەریەمو

---

[1] الطبري (٩/٣٦٤).

[2] فصلت (٥).

[3] الطبري (٩/٣٦٧).

[4] الطبري (٩/٣٦٧).

کوڕەکەیشیو هەر بەو شێوەیەش بەو منداڵەوە سکی پڕ بووە. هەندێکیان گوتویانە لەو کاتەشا لە سوڕی مانگانەدا بووە (و هي حائض) بەر نەفرینی بەردەوامی خوا کەون هەتا ڕۆژی قیامەت. ﴿وَقَوۡلِهِمۡ إِنَّا قَتَلۡنَا ٱلۡمَسِيحَ عِيسَى ٱبۡنَ مَرۡيَمَ رَسُولَ ٱللَّهِ﴾ لەبەر ئەوەیش کە دەیانگوت: ئێمە عیسای کوڕی مەریەممان لەناو برد (کە پێغەمبەری خودا بوو) واتە: ئەو کەسەی کە خۆی بە پێغەمبەر دادەنا کوشتمان، ئەم قسەشیان هەر بۆ گاڵتە پێکردن بوو. وەك بت پەرستەکان دەیانگوت بە پێغەمبەر(ﷺ) ﴿ وَقَالُواْ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِي نُزِّلَ عَلَيۡهِ ٱلذِّكۡرُ إِنَّكَ لَمَجۡنُونٞ ﴾[1] ئەی ئەو کەسەی کە قورئان هاتوەتە خوار بۆ بۆت، بەڕاستی تۆ پیاوێ شێتی. لە دەنگو باسی جوولەکەکاندا هاتووە، بەر نەفرینو تۆڵەو توڕەییو غەزەبی خوا کەون هاتووە، کاتێ کە خودای مەزن عیسای کوڕی مەریەمی ڕەوانە کرد بەو بە نیشانەوەو شارەزاییەوە. ئیرەییان (حەسوودیان) پێ برد بەوەی کە خودا کردویە بە پێغەمبەرو موعجیزەی زۆر گەورەشی پێداوە وەك چاك کردنەوەی کەسی بەڵەكو لاڵو زیندووکردنەوەی مردوو بە ئیزنی خوداو دروس کردنی وێنەی باڵدار لە قوڕو پاشان فوی پیا دەکرد دەبوە باڵدارێ بە چاو دەبینرا دەفڕی بە ئیزنی خودای مەزن. چەندین موعجیزەی تر لەم شێوەیە کە خودا پێی بەخشیبوو لە ژێر دەستیا دەهاتە دی. لەگەڵ ئەمانەدا هەموو بڕوایان پێ نەدەهێناو دژایەتیان دەکرد، بە هەموو جۆرێ ئازاریان ئەدا دریغیان لێ نەدەکرد، هەتا وای لێ هات لەو شارەدا لەگەڵیان دانەنیشتو بەجێی هێشتن لەگەڵ دایکیدا زۆر دەچوو بۆ گەشت، پاشان بەوەیش وازیان نەهێنا، بەڵکو خۆیان گەیاندە پاشای دیمەشق لەو کاتەدا، کە پیاوێکی بت پەرست بوو لە ئەستێرە پەرستان. بە خەڵکی وڵاتەکەیان دەگوت (الیونان) خۆیان گەیاندە لای، پێیان گوت پیاوێ لە (بیت المقدس)دا پەیدا بووە خەڵکی گومڕا دەکاتو سەری لێ دەشێوێنی، خراپە دەربارەی پاشاو ژێر دەستەکانی دەکات. پاشا لەوە زۆر توڕە بوو ڕقی هەڵسا، نامەیەکی بۆ بریکارەکەی نارد لە (بیت المقدس) کە ئەو پیاوە بگرێو بیدات لە قەنارەو درك بکات بەسەریدا هەتا خەڵکی لە ئازاری ڕزگاریان ببێ. کاتێ نامەکە گەیشتە دەستی کاریەدەستەکەی (بیت المقدس) هەڵسا بەو کارە. لەگەڵ کۆمەڵێ لە جوولەکان ڕۆشت بۆ ئەو شوێنەی کە عیسای لێ بوو (سەلامی خوای لێبێ) خۆییو دوانزە یان سیانزە کەس بوون لە هاوەڵەکانی. هەندێکیش دەڵێن: حەڤدە کەس بوون. ئەو ڕۆژە هەینی (الجمعة) بوو دوای عەسر شەو شەممە، لە شوێنەکەیدا دەوریاندا، کاتێ عیسا (سەلامی خوای لێبێ) هەستی پێکردنو چارە نەماوە یان دێنە ژوورەوە یان دەبێ ئەو بچێتە دەرەوە بۆ لایان، دەڵێت بە هاوەڵەکانی: کێ لە ئێوە (ئامادەیی تیایە) شێوەی منی بکرێ بە بەردا، ئەوە هاوەڵی منە لە بەهەشتا؟ لاوێ لە ناویاندا ئامادەیی خۆی دەربڕی.

---

[1] الحجر (٦).

وەك ئەوەی لە بۆ ئەو کارە نەشێ. دووەم جارو سێهەم جاریش دووبارەی کردەوە، هەموو جارێك ئەو لاوە نەبێ کەس ئامادەیی ئەوە نەبوو. عیسا (سەلامی خوای لێبێ) گوتی: تۆ ئەو کەسەی، خودای گەورە شێوەی عیسای کرد بە بەریداو هەر دەتگوت خۆیەتی. کلاو ڕۆشنەیی لە بنمیچی ماڵەکەدا کراوەو عیسا (سەلامی خوای لێبێ) خەوەنوچکەیە بردیەوە، هەر بەو شێوەیە بەرز کراوە بۆ ئاسمان وەك خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿ إِذْ قَالَ ٱللَّهُ يَٰعِيسَىٰٓ إِنِّى مُتَوَفِّيكَ وَرَافِعُكَ إِلَىَّ ﴾[1] کاتێ خودای مەزن فەرمووی: ئەی عیسا من بۆ خۆمت دەبەمەوەو (بەرزت دەکەمەوە بۆ لای خۆم) لەلای خۆت جێت بەرز دەبێ. کاتێ کە بەرز کراوە. ئەو کۆمەڵە چوونە دەرەوە، ئەوانە کاتێ کە ئەو لاوەیان بینی، وایانزانی عیسایە. هەر بەو شەوە بردیانو لە قەنارەیان دا درکیان لەسەر سەر دانا. جوولەکەکان وایان پیشان دا کە ئەوان هەوڵی قەنارە دانیان داوە، زۆر کەیفیان بەوە بوو، چەند کۆمەڵێ لە مەسیحیەکان بڕوایان بەوە کرد لەبەر نەفامیو کەم ئاوەزیان. جگە لەوانەی کە لە ماڵەکەدا بوون لەگەڵ عیسادا (سەلامی خوای لێبێ) چونکە ئەوانە بە چاوی خۆیان بەرزبونەوەکەیان بینی. بەڵام مەسیحیەکانی تر هەر وەك جوولەکەکان وایان دەزانی ئەو کەسەی لە قەنارە درا عیسای کوڕی مەریەم بووە. هەتا گوتویانە مەریەم لە ژێری دار قەنارەی هەڵواسراوەکەدا دانیشتو دەگریا گوتراوە: ئەو کەسە قسەی لەگەڵ مەریەم دەکرد والله أعلم. ئەمە هەمووی تاقیکردنەوەی خودایە بەرانبەر عەبدەکانی، کاری خودایش هەموو پڕە لە کارزانی. خودای مەزن زۆر بە ڕوونیو ئاشکرا ئەمەی لە قورئانی پیرۆزدا کە ناردویەتی بۆ پێغەمبەرە بەڕێزەکەی بە جوانی هێناوە. بە موعجیزەو نیشانەو بەڵگەی ئاشکرا پشتگیری پێدەکات کە خۆی ڕاستترین ڕاست بێژانەو پەروەردگاری گشت بونەوەرەو ئاگاداری هەموو دیارو نادیارەکانە، ئەو خودای کە شارەزای نهێنی ناو ئاسمانەکانو زەمینەو ئەوەی بوەو ئەوەی دەبێو ئەویش هەرگیز نابێ، گەر ببوایە چۆن دەبوو ﴿وَمَا قَتَلُوهُ وَمَا صَلَبُوهُ وَلَٰكِن شُبِّهَ لَهُمْ﴾ نە ئەوان کوشتیانو، نە توانیان لە قەنارەی دەن بەڵام سەریان لێ تێکچوو بوو، واتە: کە چاویان پێی کەوت لە عیسا دەچوو (سەلامی خوای لێبێ) وایانزانی ئەوە. بۆیە خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَإِنَّ ٱلَّذِينَ ٱخْتَلَفُوا۟ فِيهِ لَفِى شَكٍّ مِّنْهُ مَا لَهُم بِهِۦ مِنْ عِلْمٍ إِلَّا ٱتِّبَاعَ ٱلظَّنِّ﴾ ئەو کەسانەی لەناو خۆیاندا دەربارەی ئەو کێشەیە دوو دڵن هیچ زانیاریەکیان لەو بارەیەوە نیە جگە لە گومان. واتە: ئەوانە بانگەشەیان بۆ ئەوە دەکرد کە دەستەیە لە جوولەکە کوشتویانەو ئەوانەش بڕوایان پێکردن لە مەسیحیە نەفامەکان هەموو دوو دڵ بوون لەو بارەیەوەو سەرگەردانو سەر لێشێواو مابونەوە. بۆیە خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿وَمَا قَتَلُوهُ

---

[1] آل عمران (٥٥).

يَقِينًۢا﴾ بێگومان نەیان کوشتووە. واتە: قەناعەتی تەواویان نەبوو کە کوشتویانە، بەڵکو دوو دڵو بە گومان بوون. ﴿بَل رَّفَعَهُ ٱللَّهُ إِلَيۡهِۚ وَكَانَ ٱللَّهُ عَزِيزًا حَكِيمًا﴾ بەڵکو خودا بەرەو خۆی بەرزی کردەوە. خودا هەمیشە خاوەنی دەسەڵات بوەو لە کارزانە. جێی هانایەو هیچ کەسێ دەسەڵاتی نیە بەسەریداو هەرکەسێ هانای بۆ ببات بێ ئومێدی ناکاتو لە کارزانە لە هەموو ئەو شتانەی کە بڕیاری ئەداو دەیکاتو دروستی دەکات. ئیبنوئەبی حاتەم ڕیوایەتی کردوە لە ئیبنوعەبباسەوە دەڵێت: کاتێ خودای گەورە ویستی عیسا بەرز بکاتەوە بۆ ئاسمان. عیسا (سەلامی خوای لێبێ) لە کانیەکی ئەوماڵەدا بوو چوو بۆ لای هاوەڵەکانی لە حەواریەکان کە دوانزە کەس بوون، سەری ئاوی لێ دەتکا گوتی: لەناو ئێوەدا کەسانی وا پەیدا دەبن دوانزە جار حاشا لە من دەکەن، دوای ئەوەی کە بڕوایان پێ هێنام. پاشان گوتی: کێ لە ئێوە (ئامادەیی تیایە) شێوەی من بکرێ بە بەریداو لە شوێنی من بکوژرێو لەگەڵ من بێ لە پلەکەمدا؟ لاوێ کە لە هەموویان تەمەنی کەمتر بوو هەڵسا. پێی گوت: دانیشە. پاشان لێی دووبارە کردنەوە. هەر ئەو لاوە هەڵسا. گوتی: دانیشە. پاشان پێی گوتنەوە. هەر ئەو لاوە هەڵساو گوتی ئەمن. عیسا (سەلامی خوای لێبێ) گوتی: تۆ ئەو کەسەی. شێوە عیسا کرا بە بەریدا. عیسا بەرز کراوە بەرەو ئاسمان لە کلاوڕۆژنەکەوە کە لە ماڵەکا بوو. پاشان کۆمەڵێ لە جوولەکەکان هاتن، هاوشێوەکەی عیسایان گرتو کوشتیان پاشان لە قەنارەیاندا (هەڵیانواسی) هەندێ لەوانە دوانزە جا حاشان لێ کرد، پاش ئەوەی کە بڕوایان پێ دەهێنا. بوون بە سێ کۆمەڵ. کۆمەڵێکیان گوتی: خودا چەندێ مەیلی لێ بوو لەناوماندا ماوە پاشان بەرز بوە بۆ ئاسمان. ئەوانە یەعقوبیەکان بوون. کۆمەڵێکی تریان گوتی: کوڕی خودا چەندێ مەیلی لێ بوو لە ناوماندا ماوە، پاشان خودا بردیەوە بۆ لای خۆی. ئەوانەیش سەنتوریەکان (السنطورية) بوون. کۆمەڵێکی تریشیان گوتی: بەندەو پێغەمبەری خودا چەندی خودا مەیلی لێ بوو لەناوماندا ماوە، پاشان خودا بردیەوە بۆ لای خۆی. ئا ئەوانە موسوڵمانەکان بوون. دوو کۆمەڵە خوانەناسەکان پەلاماری کۆمەڵە موسوڵمانەکەیان داو کوشتیان. بەردەوام ئەم ئیسلامە کوژابوەوەو نەما بوو هەتا خودای مەزن موحەممەدی (ﷺ) ڕەوانە کرد[1]. ئەم سەنەدانە بۆ لای ئیبنوعەبباس ڕاستن. نەسائیش ڕیوایەتی کردوە لە ئەبوکورەیبەوە (ابو کريب) لە ئەبومەعاویەوە هەر بەم شێوەیە[2] چەند کەسی تریش لە زانایانی پێشینە (السلف) باسی ئەم دەکەیان کردوە کە عیسا (سەلامی خوای لێبێ) پێی گوتون: کێ لە ئێوە (ئامادەیی تیایە) شێوەی من بکرێ بە بەریداو لە جێی من بکوژرێ، ئەوە هاوەڵی منە لە بەهەشتا.

---

[1] إبن أبي حاتم (١١١٠/٤).

[2] النسائي في الكبرى (٤٨٩/٦).

هەموو مەسیحیەکان بڕوا دەهێنن بە عیسا (سەلامی خوای لێبێ) پێش مردن

خـودای مـەزن ئەفـەرموێت: ﴿وَإِن مِّنۡ أَهۡلِ ٱلۡكِتَٰبِ إِلَّا لَيُؤۡمِنَنَّ بِهِۦ قَبۡلَ مَوۡتِهِۦۖ وَيَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ يَكُونُ عَلَيۡهِمۡ شَهِيدٗا﴾ لەوانـەی ئـەهلی کتـێبن، هەرکەسـێکیان (بـەر لـە مـەرگی) بـڕوا بـە عیـسا دەهێنـێ. دیـارە (عیسایش) لە ڕۆژی قیامەت دەبێتە شایەت لەسەری. ئیبنوجەریر ڕیوایەتی کردوە لە ئیبنوعەبباسـەوە لەم ئایەتـەدا ﴿وَإِن مِّنۡ أَهۡلِ ٱلۡكِتَٰبِ إِلَّا لَيُؤۡمِنَنَّ بِهِۦ قَبۡلَ مَوۡتِهِۦ﴾ دەڵـێ: پـێش لـە مـەرگی عیسای کوڕی مەریـەم (سـەلامی خـوای لێبـێ)[1] عـەوفیش هـەر وای گوتـوە لـە ئیبنوعەبباسـەوە[2] ئـەبومالیکیش لـەم ئایەتەدا ﴿إِلَّا لَيُؤۡمِنَنَّ بِهِۦ قَبۡلَ مَوۡتِهِۦ﴾ دەڵێ: ئەوە لە کاتی دابەزینی عیسا دایە. بـەر لـە مردنـی عیـسای کوڕی مەریەم (سەلامی خوای لێبێ) هیچ کەسێ لە ئەهلی کتێب نامێنێ مەگین بڕوای پێ هێناوە[3].

باسی ئەو فەرموودانەی هاتوە لە بارەی دابەزینی عیسای کوڕی مەریەمەوە لە ئاسمانەوە بـۆ سـەر زەمین لە کۆتایی دنیادا بەر لە ڕۆژی قیامەتاو بانگ کردنی بۆ خوا پەرستی بە تاک و تەنیاو شـەریک دانەنان بۆی

بوخاری ڕەحمەتی خوای لێبێ لە کتێبی باسی پێغەمبەراندا لە سـەحیحەکەیدا لـە بـارەی دابـەزینی عیسای کوڕی مەریەمەوە گـوتی: ڕیوایـەت کـراوە لـە ئـەبوهورەیرەوە گـوتی: پێغەمبـەری خـودا(ﷺ) فەرموویەتی: (سوێند بەو کەسەی گیانی منی بـە دەسـتە، خەریکـە کـوڕی مەریـەم بێتـە خـوارەوە بـۆ ناوتان. ئەوسا ببێتە دادوەرێکی دادپەروەرو خاچ (صلیب) بشکێنێ‌و بەراز بکوژێ‌و سـەرانە هـەڵگرێ‌و سامانیش ئەوەندە زۆر ببـێ هـیچ کەسـێ وەری نـەگرێ هـەتا وای لێ دێ یـەك سـوژدە بـردن بـۆ خـودا چاکترە بۆ ئەوان لە هەموو دنیاو ئەوەیش کە تیایەتی) پاشان ئەبوهورەیرە دەڵێ: ئەگەر حەزتان کـرد ئـەم ئایەتـە بخـوێنن: ﴿وَإِن مِّنۡ أَهۡلِ ٱلۡكِتَٰبِ إِلَّا لَيُؤۡمِنَنَّ بِهِۦ قَبۡلَ مَوۡتِهِۦۖ وَيَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ يَكُونُ عَلَيۡهِمۡ شَهِيدٗا﴾[4] موسلیمش هەر وا ڕیوایەتی کردوە[5] خـودای گـەورە ئەفـەرموێت: ﴿قَبۡلَ مَوۡتِهِۦ﴾ واتـە: پـێش لـە مردنـی عیسای کوڕی مەریەم.

[1] الطبري (٣٨٠/٩).

[2] الطبري (٣٨٠/٩).

[3] الطبري (٣٨٠/٩).

[4] فتح الباري (٥٦٦/٦).

[5] مسلم (١٣٥/١).

ڕێگایەکی تر لە ئەبوهورەیرەوە

ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردوە لە ئەبوهورەیرەوە کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (عیسا (سەلامی خوای لێبێ) لە شوێنێکدا پێی دەڵێن (فجّ الرَّوحاء) دەمرێ بەڕیوە دەبێ لە حەج یان لە عومرەدا یان هەردوویانی کۆ کردبوەوە)[1] موسلیمش هەر وا ڕیوایەتی کردوە[2] دیسان ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردوە لە ئەبوهورەیرەوە گوتی: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (عیسای کوڕی مەریەم دادەبەزێ بەراز دەکوژێو خاچ لەناو دەبات (دەشکێنێ) نوێژی بۆ کۆدەکرێتەوە، ماڵ دەبەخشێ هەتا لێی وەرناگیرێو باج هەڵدەگرێ لە ڕەوحاء (الروحاء) دادەبەزێو لەوێوە حەج دەکات یان عومرە دەکات یان هەردووکیان پێکەوە) ئەبوهورەیرە ئەم ئایەتەی خوێند: ﴿وَإِن مِّنْ أَهْلِ ٱلْكِتَٰبِ إِلَّا لَيُؤْمِنَنَّ بِهِۦ قَبْلَ مَوْتِهِۦ﴾ حەنزەلە (حنظلة) وای دەزانی ئەبوهورەیرە گوتویەتی: پێش مردنی عیسا بڕوای پێ دێنن. نازانم ئەمە هەمووی فەرموودەی پێغەمبەرە (ﷺ) یان شتێکە ئەبوهورەیرە خۆی گوتویەتی[3] ئیبنوئەبی حاتەمیش هەر بەم شێوەیە ڕیوایەتی کردوە.

ڕێگایەکی تر

بوخاری ڕیوایەتی کردوە لە ئەبوهورەیرەوە گوتی: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (ئێوە چۆنن کاتێ عیسای کوڕی مەریەم (سەلامی خوای لێبێ) دابەزیە ناوتان، پێش نوێژەکەتان (ئیمامەکەتان) لە خۆتان بێ)[4] ئیمامی ئەحمەدیش ڕیوایەتی کردوە. موسلیمیش هێناویەتی[5].

ڕێگایەکی تر

ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردوە لە ئەبوهورەیرەوە گوتی: پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: (پێغەمبەران کوڕی یەك باوکن، دایکیان جیایە، ئاینیان یەکە، وە من لە هەموو کەس بەرترم بە عیسای کوڕی مەریەم، لە نێوان منو ئەودا پێغەمبەرێکی تر نیە. بێگومان ئەو دادەبەزێ کاتێ چاوتان پێی کەوت بیناسن، پیاوێکی مامناوەندی نە کورت نە درێژ. سوورو سپی دوو پۆشاکی ڕەنگاو ڕەنگی لەبەردا بێ، وەك ئەوەی سەری ئاوی لێ بتکێو تەڕیشی پێوە دیار نەبوو، خاچ دەشکێنێو بەراز دەکوژێو سەرانە هەڵدەگرێو خەڵکی بۆ ئیسلام بانگ دەکات، لە کاتی ئەوا خودا هەرچی ئاینەکانە

---

[1] أحمد (٥١٣/٢)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

[2] مسلم (١٣٥/١).

[3] أحمد (٢٩٠/٢)، فەرموودەیەکی سەحیحە، سەنەدەکەی لاوازە لەلای زوهری لەبەر لاوازی سوفیانی کوڕی حسەین بەڵام بە تەنیا ئەو نەیهێناوە ڕێگای تری زۆرە.

[4] فتح الباري (٥٦٦/٦).

[5] أحمد (٢٧٢/٢)، مسلم (١٣٦/١-١٣٧).

لەناوی دەبات و جگە لە ئیسلام، هەر لە کاتی ئەوا جەجاڵ لەناو دەبات، پاشان ئارامی دەکەوێتە سەر زەمین، هەتا (وای لێ دێ) شێرو وشترو پڵنگو ڕەشە وڵاخ (گاو مانگا)و گورگو مەڕ بەیەکەوە دەبن و منداڵان یاری بە مار دەکەن و هیچ زیانێکیان پێ ناگەیەنێ. چل ساڵ دەمێنێتەوەو پاشان دەمرێ و موسوڵمانان نوێژی لەسەر دەکەن) ئەبوداودیش هەر بەم شێوەیە ڕیوایەتی کردوە[1].

فەرموودەیەکی تر

موسلیم لە سەحیحەکەیدا ڕیوایەتی کردوە لە ئەبوهورەیرەوە کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (ڕۆژی قیامەت هەڵناسێ هەتا ڕۆم دادەبەزێتە ئەعماق یان بیدابیق (الاعْماق بان بِدابق) دوو شوێنن سوپایەکیان لە مەدینەوە بۆ دەردەچێ لە چاکترین خەڵکی سەر زەمین لەو کاتەدا. کە بەرانبەر یەك ڕیزیان بەست بۆ شەڕ، ڕۆمەکان بە موسوڵمانەکان دەڵێن: ڕێمان بۆ چۆڵ بکەن لە نێوان ئێمەو ئەوانەی کە دیلیان لێ گرتووین شەڕیان لەگەڵ بکەین. موسوڵمانەکانیش بە ڕۆمەکان دەڵێن: نەخێر سوێند بە خوا لە نێوان ئێوەو براکانماندا ڕێ چۆڵ ناکەین. شەڕیان لەگەڵا دەکەن، سێیەکی لەشکری موسوڵمانەکان دەشکێن، هەرگیز خودا تەوبەیان لێ قەبوڵ ناکات. سێیەکیشیان لێ شەهید ئەبێ لە چاکترینی شەهیدانی لای خودای گەورە. سێیەکیشیان سەردەکەون، کە بە هیچ فیتنەیێ لە ڕێ ناچنە دەرێ قوستەنتەنیە (قسطنطنیة) ڕزگار دەکەن. لەو کاتەدا خەریکی دابەش کردنی تاڵان دەبن و شمشێرەکەیان بە داری زەیتوندا هەڵواسیبوو، شەیتان هاواری دەکات لە قوستەنتین. نەچنە دەرەوە ئەو قسەو هاواری شەیتانە پڕوپوچە (درۆیە) چونکە هێشتا دەججاڵ نەهاتوەتە دەر (کە ئەو سوپایە هاتنەوە شام دەججال دێتە دەر. خۆیان بۆ شەڕ ئامادە دەکەن و ڕیزەکەیان ڕێك دەکەن، قامەت بۆ نوێژ ئەکرێ، لەو کاتەدا عیسای کوڕی مەریەم (سەلامی خوای لێبێ) دێتە خوار، نوێژیان بۆ ئەکات و ئەبێ بە ئیمامیان. کە دەججال چاوی بە عیسا (سەلامی خوای لێبێ) ئەکەوێ خوێ لەناو ئاوا چۆن ئەتوێتەوە ئەویش وا ئەتوێتەوە، ئەگەر عیسا (سەلامی خوای لێبێ) وازی لێ بهێنایە، تا بە هیلاکدا ئەچێ ئەتوایەوە. بەڵام خودا بە دەستی عیسا (سەلامی خوای لێبێ) ئەیکوژێ. خوێنەکەیان پێ نیشان ئەدات کە بەسەری نێزەکەیەوە بوو.[2] موسلیم ڕیوایەتی کردوە لە عەبدوڵڵای کوڕی عەمرەوە گوتی: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فورموویەتی: (شەڕ لەگەڵ جوولەکە دەکەن و کوشتاریان لێ دەکەن، تا وای لێدێت جوولەکە هەتا بەرد (هاوار دەکات) دەڵێت: ئەی موسوڵمان ئەمە جوولەکەیە وەرە بیکوژە)[3] دیسان موسلیم ڕیوایەتی کردوە لە ئەبوهورەیرەوە گوتی: پێغەمبەری خودا(ﷺ)

---

[1] أحمد (٤٠٦/٢)، أبوداود (٤٣٢٤)، فەرموودەیەکی سەحیحە، سەنەدەکانی لەسەر مەرجی موسلیمە.

[2] مسلم (٢٢٢١/٤).

[3] مسلم (٢٢٣٨/٤).

فەرموویەتی: (ڕۆژی قیامەت هەڵناسێ هەتا موسوڵمانەکان لەگەڵ جوولەکەدا شەڕ دەکات. پاشان موسوڵمانەکان کوشتاریان لێ دەکەن، تا وای لێ دێت جوولەکە لە پشتی داروبەردەوە خۆیان دەشارنەوە، دارەکە یان بەردەکە دەڵێت: ئەی موسوڵمان ئەی بەندەی خوا ئەم جوولەکەیە لە پشتمەوەیە وەرە بیکوژە، جگە لە درەختی (غرقد) چونکە لە درەختی جوولەکەکانە).[1] ئەم فەرموودەی نەواسی کوڕی سەمعانە لێرەدا دێنین کە لەم فەرموودەیە دەچێ موسلیم ڕیوایەتی کردوە لە نەواسی کوڕی سەمعان گوتی: پێغەمبەری خودا(ﷺ) بەیانیەك باسی دەججالی دەکرد، زۆر نزمی کردەوەو بە خراپی باسی دەکرد، زۆریش بەرزی دەکردەوەو باسی شتە شازەکانی دەکرد (خارق العادە) هەتا وامانزانی کە لەناو هەندێ باخی خورماکاندایە، کە چوین بۆ لای خورماکانەوە پێغەمبەر(ﷺ) پێی زانین، کە بیرمان بۆ کوێ چووە. فەرمووی: (ئیشتان چیە ئەچنە ناو دار خورماکانەوە؟) گوتمان: ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) تۆ بەیانی باسی دەججالت کرد. زۆرت نزم کردەوەو زۆریشت بەرز کردەوە، هەتا وامانزانی کە لەناو هەندێ لەو دار خورمایانە دایە، فەرمووی: ((دەججال هیچ نیە) ئەوەی من زۆر ترسم لێی هەیە بۆ ئێوە دەججال نیە. بێجگە لە دەججالە. ئەگەر دەججال بێتە دەرو من لەناوتانا بم من دژایەتی و بەرگری دەکەم لە باتی ئێوە. ئەگەر بێتە دەرو من لەناوتانا نەبم هەرکەسێ لە ئێوە بەرگری لە خۆی بکات. خودای گەورە وەکیلی من بێ لەسەر ئێوە. دەججال لاوێکی موو گژو لولە: چاوی وەك بۆڵە ترێ بەرز بۆتەوە، ئەوەی من پێی بچوێنم (بشوبهێنم) عەبدولعوزاری کوڕی قەتەنە (قطن) هەرکەسێ لە ئێوە بگاتە وەختی ئەوو تووشی ببێ سەرەتای سورەتی کەهف بخوێنێ (لە ڕیوایەتێکی تردا هاتوە کۆتایی سورەتی کەهف بخوێنێ). دەججال لە نێوان شامو عێراقدا پەیدا دەبێ (دێتە دەر) ئەی بەندەکانی خودا خۆڕاگر بن، لەسەر باوەڕ بمێنن. یان شوێنی مەکەون). گوتمان: ئەی پێغەمبەری خودا چەندە لەسەر زەوی دەوەستێ؟ فەرمووی: (چل ڕۆژ، ڕۆژێکی بە ئەندازەی ساڵێکە، ڕۆژێکی بە ئەندازەی مانگێکە، ڕۆژێکی بە ئەندازەی هەفتەیەکە. ڕۆژەکانی تری وەك ڕۆژەکانی ئێستەی ئێمە وایە، واتە ساڵێكو حەفتاو چوار ڕۆژ ئەمێنێتەوە). گوتمان: ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئەو ڕۆژەی کە بە ئەندازەی ساڵێکە (ئەوانەیش کە بە ئەندازەی مانگێكو هەفتەیەکە) نوێژی ڕۆژێ بۆ ئێمە بەسە؟ فەرمووی: (نەخێر بە ئەندازەی ڕۆژەکانی تر ئەندازەی بۆ دابنێن). هاتەکە دەججال هات هەر لە بیستو چوار سەعاتدا پێنج نوێژ بکەن. گوتمان: ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) خێرایی و پەلەی لە زەویدا چۆنە؟ فەرمووی: (وەك بارانێکە کە بای لە پێشەوە بێ. بەسەر گەلێکدا بڕواو بانگیان بکات، بڕوای پێ دەهێننو وەڵامی بانگەکەی ئەدەنەوە.

[1] مسلم (٢٢٣٩/٤).

فەرمان بە ئاسمان دەكات باران ئەبارێنێ، فەرمان بە زەوی دەكات گیاو كشتوكاڵ ئەڕوێنێ، مەڕو ناڵاتیان ئێوارێ ئەگەڕێنەوە بۆ ماڵ بەرزو گران پڕ كەلەكە هەڵاوساو، لە دوای ئەوە بەسەر كەلێكی تردا ئەڕواو بانگیان دەكات، وەڵامی نادەنەوە، لێیان ئەگەڕێتەوە هەژار دەبن. لە ماڵو موڵكی خۆیان هیچیان بە دەستەوە نامێنێ. بەلای كەلاوەدا ئەڕوات بە كەلاوەكە دەڵێ: چەند گەنجینەت تیایە بیخە دەرێ. گەنجینەكەی وەك پورەی هەنگ شوێنی ئەكەوێ، لە دواییدا پیاوێكی زۆر جوانو لاو بانگ دەكات بە شیر لێی ئەدا، ئەیكا بە دوو پارچەوە، نێوان پارچەكانی بە ئەندازەی تیر بگرنە نیشانە لێك دوورن. لە دوایدا بانگی دەكات بە پێكەنینو ڕووخۆشی دێتەوە لای. لەو كاتەدا كە ئەو لەسەر ئەو حاڵەیە. خودای مەزن عیسای كوڕی مەریەم (سەلامی خوای لێبێ) ئەنێرێ لای منارەی سپی (كە ئەمڕۆش ماوە) لە لاری ڕۆژهەڵاتی دیمەشقەوە دائەبەزێ. لەناو دوو پۆشاكدایە یەكێكیان بە زەعفەرانو یەكێكیان بە وەرس (كە گیایەكی بۆن خۆشو بە زەرد ڕەنگ كراوە دەستی ناوەتە سەر باڵی دوو فریشتە كە سەری دانەوێنێ قەتری ئاوی لێ دێتە خوارێ كە سەر بەرز دەكاتەوە وەك دانە مرواری لێی دێتە خوار، هیچ خوانەناسێ بۆنی هەناسەی ناكات مەگین دەمرێ، بۆنی هەناسەی بە ئەندازەی بینینی خۆی دەڕوات. عیسا (سەلامی خوای لێبێ) شوێنی دەججال ئەكەوێ تا بەر دەرگای شاری (لودد) كە شارێكە نزیكی قودوس، پێی دەگاتو دەینێرێ بۆ جەهەنم. لە دوایدا عیسا (سەلامی خوای لێبێ) دێتە لای گەلێ كە خوا پاراستونی لە شەڕی فیتنەی دەججال دەستی بە سەرو چاویانا ئەهێنێ، هەواڵیان ئەداتێ بە پلەیان لە بەهەشتدا. لەو كاتەدا خودا نیگا دەنێرێ بۆ عیسا (سەلامی خوای لێبێ) ئەفەرموێ: هەندێ لە بەندەكانی خۆم، دەركردوە (دەرچواندوە) هیچ كەس توانای نیە شەڕیان لەگەڵ بكات. بەندەكانی من ببە بۆ كێوی توور، لەوێ بیانپارێزە. خودا یەئجوجو مەئجوج ئەنێرێ لە هەموو سەر بەرەو ژێرەیێ گل ئەبنەوە (دێنە خوارەوە) سەرەتایان بەلای دەریاچەی تەبەریەدا (طبرية) تێدەپەڕێ هەرچی ئاوی تێدابێ هەمموی دەخۆنەوە، دواییەكەیان بەلایدا دەڕوات دەڵێن: دیارە جارێ ئێرە ئاوی تێدا بووە. یەئجوجو مەئجوج دەوری عیساو (سەلامی خوای لێبێ) هاوەڵەكانی ئەدەن. وای لێ دێ كە سەری گایەكیان لەلا لە سەد دینار بۆ یەكێكی ئەمڕۆی ئێوە چاكتر دەبێ. عیساو (سەلامی خوای لێبێ) هاوەڵەكانی لە خوا ئەپاڕێنەوە، خودا كرمێكیان لەناو ملیاندا بۆ ئەنێرێ، بە یەك جار وەك یەك گیان ئەمرن. لە دوایدا عیساو (سەلامی خوای لێبێ) هاوەڵەكانی لە كێوی توور دێنە خوارەوە سەر زەوی (یانی بۆ دەشت) جێ بوستێ لە زەوی نیە كە لە لاشەو بۆنی پیسیان پڕ نەبووبێ. عیساو (سەلامی خوای لێبێ) هاوەڵەكانی لە خوا ئەپاڕێنەوە خودای مەزن باڵندەیەك ئەنێرێ وەك ملی وشتر گەورە ئەو لاشانە هەڵدەگرێ فرێیان ئەدەنە ئەو جێیەی كە خوای گەورە مەیلی لێیە لە دواییدا خودا بارانێك ئەنێرێ، هیچ خانویەكو هیچ خیوەتێ نیە ڕێگری لێ بكات، خودای مەزن بەو بارانە

زەوی ئەشواتەوە میناى لێ دەكات لە دوایدا خودای گەورە فەرمان دەكات بە زەوی: درەختی میوەدار بروێنە، بەرەكەت بێنەرەوە عەشیرەتێكی گەورە لە هەنارێك دەخۆن، لەبەر سێبەری تێكوڵەكەیدا دائەنیشن، بەرەكەت ئەكەوێتە شیرەوە بەو جۆرە وشترێكی تازە زاو بەشی عەشیرەتێك دەكات، مانگایەكی تازە زاو بەشی دەستەیەك لەو عەشیرەتە دەكات، مەڕێكی تازە زاو بەشی خێڵێ دەكات. لەسەر ئەم حاڵەتە دەبن، خوا بایەكی بۆن خۆش ئەنێرێ، لە بن باخەڵیان ئەداو هەرچی موسوڵمان بێ ئەمرێ. خەڵكی خراپ لەڕێ لادەرو بەدفەڕ دەمێننەوە. وەك كەرگەل بە ئاشكرا لای یەكتری سواری ژن دەبن. لەسەر ئەوانە قیامەت هەڵدەسێ[1]. لەمەوبەدا دیسان لە ڕێگەی ئەحمەدەوە لەم ئایەتەدا لە سورەتی ئەنبیاء دا: ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا فُتِحَتۡ يَأۡجُوجُ وَمَأۡجُوجُ ﴾[2] هەتا كاتێ دەرگا لە یەئجوجو مەئجووج دەكرێتەوە. باسی دەكەین. ئیمامی ئەحمەدو خاوەنی سونەنەكانیش ڕیوایەتیان كردوە.[3] لەم چەرخانەی دوایدا لە ساڵی حەوت سەدو چلو یەك ئەم منارە سپیە بۆ مزگەوتی ئەمەوی (الجامع الاموي) دروست كرا لە بەردی داتاشراو لە جێی ئەو منارەی كە ڕووخا بەهۆی ئەو سوتاندنەی درایە پاڵ مەسیحیەكان پێی هەڵسا بن (بەر نەفرینی بەردەوامی خوا كەون هەتا ڕۆژی قیامەت) زۆری چاك كردنەوەكەی بە سامانی ئەوان بوو. بۆچوونەكان بەهێزن لەسەر ئەوە كە ئەو منارەیە عیسای كوڕی مەریەم لایدا دادەبەزێ (سەلامی خوای لێبێ).

فەرموودەیەكی تر

دیسان موسلیم ڕیوایەتی كردوە لە سەحیحەكەیدا لە یەعقوبی كوڕی عاسمی كوڕی عوروەی كوڕی مەسعودی سەقەفیەوە گوتی: لە عەبدوڵڵای كوڕی عەمرم بیست كە پیاوێ هات بۆ لای گوتی: ئەم فەرموودەیە كامەیە كە باست كردوەو دەڵێیت: ڕۆژی قیامەتتا ئەوەندەو ئەوەندە هەڵدەسێ؟ گوتی: پاكو بێ عەیبی بۆ خودا یا (لا إله إلا الله) یا قسەیەكی لەم شێوەیە كردو گوتی نیازم وا بوو كە هەرگیز قسە بۆ هیچ كەسێ نەكەم. من ئەمەم گوتوە: بێگومان ئێوە پاش ماوەیەكی كە ڕووداوێكی زۆر گەورە دەبینن، ئەم ماڵە (ماڵی خودا) دەسوتێو ئەوەو ئەوە دەبێ پاشان گوتی: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (دەجال لە ئوممەتی منا دەردەچێ چل دەمێنێتەوە نازانم چل ڕۆژ یا چل مانگ یا چل ساڵە، خودا عیسای كوڕی مەریەم دەنێرێ دەڵێیت عوروەی كوڕی مەسعودە، دەگەڕێ بە شوێنیداو لەناوی ئەبان (دەیكوژێ) پاشان خەڵكی حەوت ساڵ دەمێننەوە، دژایەتی لەناو دوو كەسدا نابێ،

---

[1] مسلم (٢٢٥٠).

[2] الانبياء (٩٦).

[3] أحمد (١٨١/٤)، أبوداود (٤٩٦/٤)، تحفة الاحوذي (٤٩٩/٦)، النسائي في الكبرى (١٥/٥)، إبن ماجة (١٣٥٦/٢)، فەرموودەیەكی سەحیحە.

پاشان خودای مەزن بایەکی سارد ئەنێرێ لە لای شامەوە، هیچ کەسێ لە ڕووی زەویدا نامێنێ لە دڵیدا بە ئەندازەی گەردیلەیە چاکە هەبێ (یا باوەڕی هەبێ) مەگین گیانی دەێشێ. هەتا ئەگەر کەسێ چووبێتە ناو ناوەڕاستی کێوێکەوە دەچێتە ژورەوە بۆی تا گیانی بکێشێ). عەبدوڵلا گوتی: ئەوەم لە پێغەمبەر(ﷺ) بیست فەرمووی: (هەر خەڵکی خراپ ئەمێننەوە بۆ خراپە کردن. وەك مەل وانە، ئەوەندە سووك هەڵدەسنە سەر خراپە کردن، لە عەقڵی درندەدان، نە چاك دەزانن کە بیکەن و نە فەرمانیشی پێدەکەن. نە خراپ ئەزانن کە لێی لادەن و یەکێکی تریش کردی بەرگری لێ ناکەن. شەیتان بۆ ئەو کەسانە ئەچێتە شێوەی مرۆڤەوە و پێیان ئەڵێ: ئێوە بە گوێم ناکەن؟ ئەڵێ: بە چی فەرمانمان پێدەکەی؟ فەرمانیان پێدەکات بە بت پەرستن، ئەو خەڵکە لەو بت پەرستیەدا ڕۆزیان زۆر دەبێ و ژیانیان خۆش دەبێ. لە دوایدا فوو دەکرێ بە کەڵەشاخدا (صور) هیچ کەس نیە کە بیبیسێ و لایەکی ملی لار نەکاتەوە و لایەکی بەرز نەکاتەوە. (بە لادا نەیێ) فەرمووی: یەکەم کەسێ کە دەیبیسێ ئەو پیاوەیە کە حەوزی وشترەکانی سواخ ئەدات، کە لێی ئاو بدات. لەناوئەچێ و هەموو خەڵکیش لەناو دەچن، لە دوایدا خوا بارانێ ئەبارێنێ وەك پرووشەی شەونم، یا وەك سێبەر. نوعمان گومانی هەیە کە عەبدوڵلا چۆنی گوتوە: (زانایان دەڵێن: پرووشە ڕاسترەو ڕێك دەکەوێ لەگەڵ ئەم فەرموودەدا کە ئەفەرموێت: وەك مەنی پیاوانە) لاشەی مرۆڤی پێ دەڕوێت، لە دوایدا جارێکی تر فوو بە کەڵەشاخدا دەکرێت، خەڵکی هەموو ڕاست ئەبنەوە و تەماشا دەکەن، پاشان فەرمانێ ئەدرێ، ئەی خەڵکینە وەرن بۆ لای پەروەردگارتان. فەرمانێ ئەدرێ ڕایانبگرێ پرسیاریان لێ ئەکرێ، پاشان فەرمانێ ئەدرێ ئەوەی بچێتە ئاگرەوە جیایان بکەنەوە. (ئەوەی فەرمانی پێدەکرێ ئادەم پێغەمبەرە (سەلامی خوای لێبێ) ئەفەرموێت: لە چەند چەند؟ فەرمانی پێدەکرێ لە هەر هەزارێ نۆسەدو نەوەدو نۆ. فەرمووی: ئەوە ئەو ڕۆژەیە کە منداڵ پیر دەکات، ئەوە ئەو ڕۆژەیە کە بۆ لێپرسینەوە قوڵی لێ هەڵدەکرێ و ناڕەحەتی دەست پێدەکات[1].

سیفەتی عیسا (سەلامی خوای لێبێ)

لە پێشەوە لە فەرموودەکەی عەبدوڕەحمانی کوڕی ئادەمەوە (آدم) باس کرا لە ئەبوهورەیرەوە کە پێغەمبەری خودا فەرمووی: (کە چاوتان پێی کەوت بیناسن، پیاوێکی چوار شانەی بە درێژ نە کورت سوورو سپی دوو پۆشاکی ڕەنگاو ڕەنگی لەبەردایە، وەك ئەوەی سەری ئاوی لێ بتکێ، تەڕیشی پێوە دیار نیە)[2] وە لە فەرموودەکەی نەواسی کوڕی سەمعانەوە هاتووە: (لەلای منارە سپیەکەدا لە ڕۆژهەلاتی دیمەشقەوە دادەبەزێ. دوو پۆشاکی ڕەنگاو ڕەنگی لەبەردایە، دەستی ناوەتە سەر باڵی

---

[1] مسلم (٢٢٥٨).

[2] أبوداود (٤/٤٩٨)، فەرموودەیەکی سەحیحە، لەسەر مەرجی موسلیم.

دوو فریشتە، کە سەری دانەوێنێ قەترەی ئاوی لێ دێتە خوارێ، کە سەر بەرز دەکاتەوە وەك دانەی مرواری لێ دێتە خوار، هیچ خوانەناسێ بۆنی هەناسەی ناکات مەگین ئەمرێ، هەناسەی بە ئەندازەی بینینی خۆی دەڕوات).[1] بوخاریو موسلیم ڕیوایەتیان کردوە لە ئەبوهورەیرەوە گوتی: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (لەو شەوەدا کە شەوڕەویم پێ کرا، مووسام دی (سەلامی خوای لێبێ) پێغەمبەر(ﷺ) وەسفی کرد فەرمووی: پیاوێك بوو مامناوەندی نە قەڵەو لاواز، مووی سەری وەك بە شانە داهێنابێ ڕێكو ساف. وەك لە پیاوانی شەنۆ ئەبێ وا بوو) وە فەرمووی: (عیسام دی (سەلامی خوای لێبێ) پێغەمبەر(ﷺ) وەسفی کردو فەرمووی: (پیاوێکی مامناوەندی بوو نە درێژ نە کورت، نە قەڵەو نە لاواز ڕەنگ سوورو ئاڵ وەك لە حەمام هاتبێتە دەرێ، وە ئیبراهیمم دی (سەلامی خوای لێبێ) لە منداڵی ئەو من لە هەموویان زیاتر لەو دەچووم).[2] بوخاری ڕیوایەتی کردوە لە فەرموودەکەی موجاهیدەوە لە ئیبنوعومەرەوە گوتی: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (مووساو عیساو ئیبراهیمم دی، عیسا (سەلامی خوای لێبێ) سوورو موو گڕو لوولو سنگ پان بوو. مووسایش (سەلامی خوای لێبێ) گەنم ڕەنگو کەڵەگەتو مووی سەری ساف بوو لە پیاوانی زوت (الزُّطّ) دەچوو)[3]، بوخاریو موسلیم ڕیوایەتیان کردوە لە نافیعەوە گوتی: عەبدوڵلای کوڕی عومەر گوتی: ڕۆژێ پێغەمبەر(ﷺ) لەناو خەڵکیدا باسی دەججالی کرد فەرمووی: (خودای مەزن یەك چاو نیە، بەڵام دەججال یەك چاوە، چاوی ڕاستی وەك بۆڵە ترێ بەرز بوەتەوەو دەرپەڕیوە)[4]، موسلیم ئەم فەرموودەی بە مەرفوعی ڕیوایەت کردوە لە نافیعەوە: (خودای مەزن لە خەومدا لە لای کەعبەدا لە پڕ پیاوێکی پیشاندام گەنم ڕەنگ لە جوانترین پیاوە گەنم ڕەنگەکان کە ببینی، مووی سەری لە نێوان هەردوو شانی ئەدا داهێنرا بوو، ئاو لەسەری ئەتکا (دڵۆپەی دەکرد) هەردوو دەستی لەسەر شانی دوو پیاو دانا بوو، بە دەوری کەعبەدا (البیت) تەوافی ئەکرد، گوتم: ئەمە کێیە؟ گوتیان: ئەوە عیسای کوڕی مەریەمە (سەلامی خوای لێبێ) پاشان لە دوایەوە پیاوێکم چاو پێ کەوت مووی گڕو لوول بوو، چاوی ڕاستی کوێر بوو، لەناو ئەو کەسانەی کە زۆر لەو بچێو من چاوم پێی کەوتبێ ئیبنوقەتەنە (ابن قطن) (ئیبنوقەتەن پیاوێك بوو لەکاتی نەفامیدا لەناو چووە) هەردوو دەستی خستبوە سەر شانی پیاوێ تەوافی بەیتی دەکرد، گوتم: ئەمە کێیە؟ گوتیان: ئەمە مەسیحی دەججالە)[5] دیسان بوخاری

---

[1] مسلم (٢٢٥٣/٤).

[2] فتح الباري (٤٩٣/٦)، مسلم (١٥٤/١).

[3] فتح الباري (٥٤٩/٦).

[4] مسلم (٢٢٤٨/٤).

[5] مسلم (١٥٤/١).

ڕیوایەتی کردوە لە سالمەوە لە باوکیەوە گوتی: نەخێر سوێند بە خودا پێغەمبەر(ﷺ) نەیفەرمووە کە عیسا (سەلامی خوای لێبێ) سوور بووە بەڵکو فەرموویەتی: (لە کاتێکدا کە من خەوتبووم تەوافم بە دەوری کەعبەدا ئەکرد لەپڕ پیاوێکی گەنم ڕەنگ (ئەسمەر)م دی، مووی سەری ساف لە نێوان دوو پیاودا دابەزی ئاو لەسەری ئەتکا (ئاو لەسەری دلۆپەی ئەکرد) گوتم: ئەمە کێیە؟ گوتیان: عیسای کوڕی مەریەمە. ڕۆشتمو لام کردەوە پیاوێکی کەڵەوگەتو موو گژو لوولم دی، چاوی ڕاستی کوێر بوو. وەك بۆڵەترێ بەرز بوبوەوەو دەرپەڕیبوو. گوتم: ئەمە کێیە؟ گوتیان: دەججالە. نزیکترین کەسێ لەو بچوایە ئیبنوقەتەنە (ابن قطن)) زەهری گوتی: پیاوێك بووە لە خوزاعە لە زەمانی نەفامیا لەناوچووە[1] ئەمانە هەموو قسەی بوخاریە (ڕەحمەتی خوای لێبێ) پاشان خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿وَيَوْمَ الْقِيَامَةِ يَكُونُ عَلَيْهِمْ شَهِيدًا﴾ ڕۆژی قیامەت دەبێتە شایەت لەسەریان قەتادە گوتی: لە ڕۆژی قیامەتا (عیسا) (سەلامی خوای لێبێ) دەبێتە شایەت بەسەریانەوە کە ئەو ئەو پەیامەی پێ ڕاگەیاندون لەلایەن خوداوەو بەندایەتی تەنیا بۆ خودای مەزن کردوە. ئەم ئایەتە وەك ئەو ئایەتەی سورەتی مائیدە وایە کە خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَإِذْ قَالَ اللَّهُ يَا عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ أَأَنتَ قُلْتَ لِلنَّاسِ اتَّخِذُونِي وَأُمِّيَ إِلَٰهَيْنِ مِن دُونِ اللَّهِ﴾ الی قوله ﴿الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ﴾[2] ئەو کاتەش کە خودا فەرمووی: ئەرێ عیسای کوڕی مەریەم، تۆ گوتوتە بە خەڵکی (بێجگە لە خودا) دەبێ ئێوە منو دایکم وەك دوو خودا بپەرستن. هەتا دەگاتە بەدەستەڵاتو لەکارزانە.

﴿فَبِظُلْمٍ مِّنَ الَّذِينَ هَادُوا حَرَّمْنَا عَلَيْهِمْ طَيِّبَاتٍ أُحِلَّتْ لَهُمْ وَبِصَدِّهِمْ عَن سَبِيلِ اللَّهِ كَثِيرًا ﴿١٦٠﴾ وَأَخْذِهِمُ الرِّبَا وَقَدْ نُهُوا عَنْهُ وَأَكْلِهِمْ أَمْوَالَ النَّاسِ بِالْبَاطِلِ ۚ وَأَعْتَدْنَا لِلْكَافِرِينَ مِنْهُمْ عَذَابًا أَلِيمًا ﴿١٦١﴾ لَّٰكِنِ الرَّاسِخُونَ فِي الْعِلْمِ مِنْهُمْ وَالْمُؤْمِنُونَ يُؤْمِنُونَ بِمَا أُنزِلَ إِلَيْكَ وَمَا أُنزِلَ مِن قَبْلِكَ ۚ وَالْمُقِيمِينَ الصَّلَاةَ ۚ وَالْمُؤْتُونَ الزَّكَاةَ وَالْمُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ أُولَٰئِكَ سَنُؤْتِيهِمْ أَجْرًا عَظِيمًا ﴿١٦٢﴾﴾

قەدەغە کردنی خواردنە پاكو خاوێنەکان لە جوولەکە بەهۆی ستەمکاریانەوە

خودای مەزن باسی جوولەکە دەکات کە بەهۆی ئەو هەموو ناهەقیو تاوانە گەورانەی دەیانکرد، ئەو خۆراکە چاکانەی کە لە پێشا لێیان قەدەغە نەبوو، لێیان قەدەغە رکا، لەوانەیە ئەم قەدەغە کردنە هەر خودا خۆی لەسەری دانابێ لەبەر ئەوەی ئەوان کتێبی خودایان دەستکاری کردو بە ئارەزوی خۆیان

[1] فتح الباري (٦/٥٥٠).
[2] المائدة (١١٦–١١٨).

زۆر شت حەڵاڵ بوو لە خۆیان حەرام دەکردو لەسەر خۆیان گران و قورس دەکرد. لەوانەیشە بڕیارێکی شەرعی بۆبێ، واتە: کە خودای گەورە چەند شتێکی لە تەوراتدا لێ حەرام دەکردن لە پێشا حەڵاڵ بوە بۆیان. وەك ئەفەرموێت: ﴿ كُلُّ ٱلطَّعَامِ كَانَ حِلًّا لِّبَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ إِلَّا مَا حَرَّمَ إِسْرَٰٓءِيلُ عَلَىٰ نَفْسِهِۦ مِن قَبْلِ أَن تُنَزَّلَ ٱلتَّوْرَىٰةُ ﴾[1] هەموو جۆرە خواردەمەنیەك بۆ نەوەی ئیسرائیل حەلاڵ کراوە مەگین ئەوەی کە ئیسرائیل پێش لەوە تەوراتیان بوبێ، لە خۆیان حەرام کردبێ. لە پێشدا لە بارەی ئەم ئایەتەوە قسەمان کردوە. مەبەست ئەوەیە، هەموو جۆرە خواردەمەنیە لە پێش هاتنی تەوراتدا حەلاڵ بوە بۆیان جگە لەو خۆراکانەی کە ئیسرائیلیەکان خۆیان لەسەر خۆیان حەرام کردبوو. لە خواردنی گۆشتی وشترو شیرەکەی. پاشان خودای مەزن زۆر شتی تریشی لێ حەرام کردن لە تەوراتدا وەك لە سورەتی ئەنعامدا ئەفەرموێت: ﴿ وَعَلَى ٱلَّذِينَ هَادُوا۟ حَرَّمْنَا كُلَّ ذِى ظُفُرٍ ۖ وَمِنَ ٱلْبَقَرِ وَٱلْغَنَمِ حَرَّمْنَا عَلَيْهِمْ شُحُومَهُمَآ إِلَّا مَا حَمَلَتْ ظُهُورُهُمَآ أَوِ ٱلْحَوَايَآ أَوْ مَا ٱخْتَلَطَ بِعَظْمٍ ۚ ذَٰلِكَ جَزَيْنَٰهُم بِبَغْيِهِمْ ۖ وَإِنَّا لَصَٰدِقُونَ ﴾[2] ئێمە هەموو زیندەوەری نینۆك دارو پیوی گاو مەڕمان لەوانە بوونە جوولەکە حەرام کرد، مەگین پیوێ کە لەسەر پشتی ئەو دووانە جێی گرتوە، یان ئەو پیوەی لەگەڵ ڕیخۆڵەکانیانە، یان ئەو پیوەی تێکەڵاوی پێستە بووە. بۆیە ئەو سزایەمان دان، ستەمکار بوون و لە ڕێگەی ئێمە دەرچوون، دیاریشە ئێمە ڕاست دەڵێین. واتە: بۆیە لێمان حەرام کردن، چونکە ئەوانە شایەنی ئەو سزایە بوون لەبەر ستەمکاری و لە ڕێ دەرچوون و دژایەتی کردن و سەرپێچی پێغەمبەرەکانیان، هەر بۆیە لێرەدا خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿فَبِظُلْمٍ مِّنَ ٱلَّذِينَ هَادُوا۟ حَرَّمْنَا عَلَيْهِمْ طَيِّبَٰتٍ أُحِلَّتْ لَهُمْ وَبِصَدِّهِمْ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ كَثِيرًا ﴾ لەسەر ئەو ناهەقیەی کە لە جوولەکەکان دەرکەوت و زۆر کەسیان لە ڕێگەی خودا لادا، لەو شتە باشانەی بۆیان حەڵاڵ بوو، بێ بەشمان کردن. واتە: خۆشیان و خەڵکیشیان لە ڕێگەی ڕاست وەردەگێڕا، ئەوەیش سیفەتێکی تایبەتی خۆیان بوو کە هەر لە دێر زەمانەوەو ئێستایش پێی ناسراون. هەر بۆیە دوژمنی پێغەمبەرەکان بوون، زۆرێکیشیان لێ کوشتن. بڕواشیان بە عیساو (سەلامی خوای لێبێ) موحەممەدیش (ﷺ) نەهێنا. پاشان خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿وَأَخْذِهِمُ ٱلرِّبَوٰا۟ وَقَدْ نُهُوا۟ عَنْهُ ﴾ هەر وا بەهۆی سوو خواردنیان، کە پێیان گوترا بوو: مەیخۆن. واتە: خودا سوو خواردنی لێ قەدەغە کردبوون کەچی هەر دەیانخواردو لە خلگیان لە خەڵکی وەردەگرت بە چەند جۆر فێڵ و تەڵەکەیان ڕێك

---

[1] آل عمران (٩٣).

[2] الانعام (١٤٦).

دەخست سامانی ئەو خەڵکەیان بە شتی پڕوپوچ و ناڕەوا ئەخوارد، خودای گەورە ئەفەرموێت:
﴿وَأَكْلِهِمْ أَمْوَٰلَ ٱلنَّاسِ بِٱلْبَٰطِلِ ۚ وَأَعْتَدْنَا لِلْكَٰفِرِينَ مِنْهُمْ عَذَابًا أَلِيمًا﴾ بە فیڕۆ سامانی خەڵکیان دەخوارد، ئێمەش بۆ ئەو بێ باوەڕانەیان ئازارێکی زۆر بە ژانمان ساز داوە. پاشان ئەفەرموێت: ﴿لَّٰكِنِ ٱلرَّٰسِخُونَ فِى ٱلْعِلْمِ مِنْهُمْ﴾ بەڵام زۆر زاناکانیان و بڕواداران. واتە: ئەوانەی کە خۆڕاگر بوون لەسەر ئاینەکەیان، جێ دەستیان دیارە لەو زانیاریە زۆرە پڕ بەهرەیان، لەم بارەیەوە لە پێشەوە لە سورەتی ئالی عیمراندا باس کراوە ﴿وَٱلْمُؤْمِنُونَ﴾ عەتف کراوەتە سەر ﴿ٱلرَّٰسِخُونَ﴾ خەبەرەکەی ﴿يُؤْمِنُونَ بِمَآ أُنزِلَ إِلَيْكَ وَمَآ أُنزِلَ مِن قَبْلِكَ﴾ یە واتە: بڕوایان بەوەی بۆ تۆ هاتوەتە خوارو بەوەیش وا پێش تۆ ڕەوانە کراوە هەیە. ئیبنوعەبباس گوتی: ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە لەسەر عەبدوڵڵای کوڕی سەلام و سەعلەبەی کوڕی سەعیەو (سعية) ئەسەدو زەیدی کوڕی سەعیەو ئەسەدی کوڕی عوبەید کە هاتنە ناو ئیسلام و بڕوایان هێنا بەوەی کە موحەممەد (ﷺ) پێی ڕەوانە کرا ﴿وَٱلْمُقِيمِينَ ٱلصَّلَوٰةَ ۚ وَٱلْمُؤْتُونَ ٱلزَّكَوٰةَ﴾ بەتایبەت ئەو کەسانە کە نوێژ بە باشی بەجێ دێنن (هەروەها زەکات دەدەن. لەوانەیە مەبەست پێی زەکاتی سامان بێ، وە هەڵیش دەگرێ زەکاتی گیان بێ (النفس) لەوانەشە هەردوکیان بێ. والله أعلم ﴿وَٱلْمُؤْمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ﴾ ئەوانەی کە بە خوداو ڕۆژی قیامەت بڕوایان هەیە. واتە: بڕوایان هەیە کە هیچ پەرستراوێ نیە جگە لە خوداو بڕواشیان بە زیندوو بونەوە هەیە دوای مردن و پاداشتی کردارەکانیش چ چاک چ خراپ. ﴿أُو۟لَٰٓئِكَ سَنُؤْتِيهِمْ أَجْرًا عَظِيمًا﴾ ئەوا بەو زوانە پاداشتێکی زۆر گەورە ئەدەین واتە: کە بەهەشتە.

﴿إِنَّآ أَوْحَيْنَآ إِلَيْكَ كَمَآ أَوْحَيْنَآ إِلَىٰ نُوحٍ وَٱلنَّبِيِّۦنَ مِنۢ بَعْدِهِۦ ۚ وَأَوْحَيْنَآ إِلَىٰٓ إِبْرَٰهِيمَ وَإِسْمَٰعِيلَ وَإِسْحَٰقَ وَيَعْقُوبَ وَٱلْأَسْبَاطِ وَعِيسَىٰ وَأَيُّوبَ وَيُونُسَ وَهَٰرُونَ وَسُلَيْمَٰنَ ۚ وَءَاتَيْنَا دَاوُۥدَ زَبُورًا ﴿١٦٣﴾ وَرُسُلًا قَدْ قَصَصْنَٰهُمْ عَلَيْكَ مِن قَبْلُ وَرُسُلًا لَّمْ نَقْصُصْهُمْ عَلَيْكَ ۚ وَكَلَّمَ ٱللَّهُ مُوسَىٰ تَكْلِيمًا ﴿١٦٤﴾ رُّسُلًا مُّبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ لِئَلَّا يَكُونَ لِلنَّاسِ عَلَى ٱللَّهِ حُجَّةٌۢ بَعْدَ ٱلرُّسُلِ ۚ وَكَانَ ٱللَّهُ عَزِيزًا حَكِيمًا ﴿١٦٥﴾﴾

نیگا (وەحی) کراوە بۆ پێغەمبەر (ﷺ) وەك کراوە بۆ ئەوانەی پێش خۆی

خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿إِنَّآ أَوْحَيْنَآ إِلَيْكَ كَمَآ أَوْحَيْنَآ إِلَىٰ نُوحٍ وَٱلنَّبِيِّۦنَ مِنۢ بَعْدِهِۦ ۚ وَأَوْحَيْنَآ إِلَىٰٓ إِبْرَٰهِيمَ وَإِسْمَٰعِيلَ وَإِسْحَٰقَ وَيَعْقُوبَ وَٱلْأَسْبَاطِ وَعِيسَىٰ وَأَيُّوبَ وَيُونُسَ وَهَٰرُونَ وَسُلَيْمَٰنَ ۚ وَءَاتَيْنَا دَاوُۥدَ زَبُورًا﴾ ئێمە نیگامان بۆ کردی هەروەك نووح و پێغەمبەرانی دوای ئەویشا نیگا بۆ کردن،

نیگاشمان بۆ ئیبراهیمو ئیسماعیلو ئیسحاقو یەعقوبو نەوەکانی (یەعقوب)و عیساو ئەییوبو یونسو هارونو سولەیمانو زەبوریشماندا بە داوود. موحەممەدی کوڕی ئیسحاق گوتی: لە موحەممەدی کوڕی ئەبوموحەممەدەوە لە عیکرمەوە یان لە سەعیدی کوڕی جوبەیرەوە لە ئیبنوعەبباسەوە گوتی: سوکەین (سُكين)و عەدی کوڕی زەید گوتیان: ئەی موحەممەد (ﷺ) ئێمە ئاگادار نین کە خودا دوای مووسا هیچ شتێکی بۆ مرۆڤ دابەزاندبێ. خودای مەزن لەسەر ئەو قسەی ئەوانە ئەم ئایەتەی ناردە خوارەوە: ﴿إِنَّآ أَوۡحَيۡنَآ إِلَيۡكَ كَمَآ أَوۡحَيۡنَآ إِلَىٰ نُوحٖ وَٱلنَّبِيِّـۧنَ مِنۢ بَعۡدِهِۦ﴾ هەتا کۆتایی ئەم ئایەتانە.[1] خودای گەورە باسی کردوە کە نیگای ناردوە بۆ بەندەو پێغەمبەری خۆی موحەممەد (ﷺ) وەك چۆن نیگای ناردوە بۆ پێغەمبەرەکانی پێش ئەمو ئەفەرموێت: ﴿إِنَّآ أَوۡحَيۡنَآ إِلَيۡكَ كَمَآ أَوۡحَيۡنَآ إِلَىٰ نُوحٖ وَٱلنَّبِيِّـۧنَ مِنۢ بَعۡدِهِۦ﴾ هەتا دەگاتە ﴿وَءَاتَيۡنَا دَاوُۥدَ زَبُورٗا﴾ زەبوور ناوە بۆ ئەو کتێبەی کە خودا نیگای کرد بۆ داوود (سەلامی خوای لێبێ).

ئەوانەی لە قورئاندا ناویان هاتوە بیستو پێنج پێغەمبەرن (سەلامی خوایان لێبێ)

خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَرُسُلٗا قَدۡ قَصَصۡنَٰهُمۡ عَلَيۡكَ مِن قَبۡلُ وَرُسُلٗا لَّمۡ نَقۡصُصۡهُمۡ عَلَيۡكَۚ وَكَلَّمَ ٱللَّهُ مُوسَىٰ تَكۡلِيمٗا﴾ پێغەمبەرانی تریشمان نارد بەسەرهاتەکانیانمان گێڕاوەتەوە بۆت، لە پێشداو پێغەمبەرانێکیش کە بەسەرهاتەکانیانمان نەگێڕاوتەوە بۆت. واتە لە پێش ئەم ئایەتە، واتە: لە سورەتە مەککیو سورەتەکانی تریشدا. ئەمە ناوی ئەو پێغەمبەرانەیە کە لە قورئاندا ناویان هاتوە: ئادەمو نووحو ئیدریسو هودو سالحو ئیبراهیمو لووتو ئیسماعیلو ئیسحاقو یەعقوبو یوسفو ئەییوبو شوعەیبو مووساو هارونو داوودو سولەیمانو ئیلیاسو ئەلیەسەعو زەکەریاو یەحیاو عیساو ذو الكيفل لە لای زۆرینەی زانایانی تەفسیر، موحەممەد (ﷺ) گەورەی گشت پێغەمبەران (سەلامی خوایان لێبێ). ﴿وَرُسُلٗا لَّمۡ نَقۡصُصۡهُمۡ عَلَيۡكَ﴾ پێغەمبەران کە بەسەرهاتەکانیانمان بۆ نەگێڕاوەتەوە بۆت. واتە: زۆر پێغەمبەرانی تریش کە لە قورئاندا باسیان نەکراوە.

ڕێزی مووسا (سەلامی خوای لێبێ)

خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿وَكَلَّمَ ٱللَّهُ مُوسَىٰ تَكۡلِيمٗا﴾ خودا بۆ خۆی (ڕاستەوخۆ) مووسای دواندوە. ئەمە ڕێزێکە بۆ مووسا (سەلامی خوای لێبێ) کە بەم شێوەیە وەسفی دەکات، بۆیە پێی دەگوترێ: (التكليم) واتە: دوێنراو. حافیز (الحافظ) ئەبوبەکری مەردەوەیهی (المردويه) ڕیوایەتی کردوە لە عەبدولجەباری کوڕی عەبدوڵڵاوە گوتی: پیاوێ هات بۆ لای ئەبوبەکری کوڕی عەیاشو گوتی:

---

[1] الطبري (٩/٤٠٠).

بیستم لە پیاوێ ئەم ئایەتەی بەم شێوەیە دەخوێندەوە: ﴿وَكَلَّمَ ٱللَّهَ مُوسَىٰ تَكۡلِيمٗا﴾ واتە: وتەی (الله)ی بە مەنسوبی (منصوب) دەخوێندەوە. ئەبوبەکر گوتی: کەسێ خوانەناس نەبێ وا نایخوێنێتەوە، گوتی: خوێندمەوە بۆ ئەعمەش، ئەعمەش بۆ یەحیای کوڕی وەساب (وثاب) یەحیای کوڕی وەساب بۆ عەبدوڕەحمانی سولەمی، ئەبوعەبدوڕەحمانی سولەمی بۆ عەلی کوڕی ئەبوتالب، عەلی کوڕی ئەبوتالیبیش بەم شێوەیە بۆ پێغەمبەری (ﷺ) خوێندوەتەوە: ﴿وَكَلَّمَ ٱللَّهُ مُوسَىٰ تَكۡلِيمٗا﴾ واتە: وتەی (الله)ی بە مەرفوعی بۆ خوێندوەتەوە. ئەبوبەکری کوڕی عەیاش لەبەر ئەوە زۆر توڕە بوو لەو کەسەی بەو شێوەیە خوێندویەتیەوە، چونکە ئەو کەسە وتەو مانای قورئانی گۆڕیوە، ئەمە ڕاوبۆچوونی موعتەزیلەکانە دانی پێدانانێنو ئینکاری دەکەن کە خودا قسەی لەگەڵ مووسادا کردبێ یان قسەی لەگەڵ هیچ کەسێ لە دروستکراوەکانی کردبێ. وەك ڕیوایەت کراوە لە هەندێ لە موعتەزیلەکانەوە کە لەلای هەندێ لە زانایان بەم شێوەیە خوێندویانەتەوە: ﴿وَكَلَّمَ ٱللَّهَ مُوسَىٰ تَكۡلِيمٗا﴾ پێیان گوتوە: ئەی کوڕی لەخناء (واتە: کوڕی بۆگەنو پیس) ئەی چی بەم ئایەتە دەکەی کە خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَلَمَّا جَآءَ مُوسَىٰ لِمِيقَٰتِنَا وَكَلَّمَهُۥ رَبُّهُۥ﴾[1] کاتێ مووسا هات بۆ ئەو شوێنەی بۆمان دانابوو پەروەردگاری قسەی لەگەڵ کرد. واتە: ئەمە هیچ گۆڕینو تەفسیرێکی تر هەڵناگرێ.

مەبەست لە ڕەوانەکردنی پێغەمبەران (سەلامی خوایان لێبێ) نەهێشتنی بڕوبیانوە

خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿ رُّسُلٗا مُّبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ لِئَلَّا يَكُونَ لِلنَّاسِ عَلَى ٱللَّهِ حُجَّةُۢ بَعۡدَ ٱلرُّسُلِۚ وَكَانَ ٱللَّهُ عَزِيزًا حَكِيمٗا﴾ پێغەمبەران مژدەدەرو ترسێنەر بوون. واتە: مژدە ئەدەن بەو کەسانەی کوێڕایەڵی خوداو شوێن ڕەزامەندی ئەو دەکەون لە چاکە خوازیدا، ئەو کەسانەش ئەترسێنن کە دژی فەرمانەکانی ئەبنو بڕوا بە پێغەمبەرەکانی ناهێنن بە سزاو تۆڵەی سەخت ﴿لِئَلَّا يَكُونَ لِلنَّاسِ عَلَى ٱللَّهِ حُجَّةُۢ بَعۡدَ ٱلرُّسُلِۚ وَكَانَ ٱللَّهُ عَزِيزًا حَكِيمٗا﴾ تا لە پاش پێغەمبەران ئەو خەڵکە هیچ بەڵگەیەکیان لەلا نەبێ بۆ لای خوا، خودا خاوەن دەستەڵاتی لەکارزانە. واتە: خودای گەورە کتێبەکانی ناردوەو پێغەمبەرانی ڕەوانە کردوە بە مژدەکانو ترساندن ڕوونیشی کردوەتەوە کە چی پێ خۆشەو لێی ڕازیەو چیشی پێ ناخۆشەو لێی ناڕەزایە، بۆ ئەوەی هیچ کەسێ هیچ بیانویەکی نەمێنێ. وەك ئەفەرموێت: ﴿وَلَوۡ أَنَّآ أَهۡلَكۡنَٰهُم بِعَذَابٖ مِّن قَبۡلِهِۦ لَقَالُواْ رَبَّنَا لَوۡلَآ أَرۡسَلۡتَ إِلَيۡنَا رَسُولٗا فَنَتَّبِعَ ءَايَٰتِكَ مِن قَبۡلِ أَن نَّذِلَّ

---

[1] الاعراف (١٤٣).

وَنَخۡزَىٰ ﴾[1] ئەگەر ئێمە بەر لەم قورئانە ئەوانمان بە ئازارێ لەناوبردایە، دەیانگوت: ئەی پەروەرێنمان تۆ بەر لەوە بێچارەو ڕیسوا ببین بۆچی پێغەمبەرێکی خۆت بۆ نەناردین، تا شوێن نیشانەکانی تۆ بکەوین؟ وەك ئەم ئایەتەیش کە خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَلَوۡلَآ أَن تُصِيبَهُم مُّصِيبَةُۢ بِمَا قَدَّمَتۡ أَيۡدِيهِمۡ ﴾[2] ئەگەر لەبەر ئەوە نەبوایە کە کاتێ (بەهۆی ئاکارەکانیان تووشی بەلایەك دەبن) لە هەردوو سەحیحەکەدا هاتووە لە ئیبنومەسعودەوە گوتی: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (کەس لە خودا بە غیرەتتر نیە هەر لەبەر ئەوەیە بەدڕەفتاری حەرام کردوە چ ئەوەی بە ئاشکرا بێ یا بە نهێنی. کەس نیە پیاهەڵدانی لەلا خۆشەویستتر بێت لە خودای گەورە. هەر لەبەر ئەوەیە ستایشی خۆی کردوە، کەسیش نیە پۆزش بۆ هێنانەوەی لەلا خۆشەویستتر بێت لە خودای گەورە، لەبەر ئەوەیشە پێغەمبەرانی ناردوە کە مژدەدەرو ترسێنەر بن) وە لە وتەیەکی تردا هاتووە: (لەبەر ئەوەیە کتێبی دابەزاندوەو پێغەمبەرانی ڕەوانە کردوە)[3].

﴿لَّٰكِنِ ٱللَّهُ يَشۡهَدُ بِمَآ أَنزَلَ إِلَيۡكَۖ أَنزَلَهُۥ بِعِلۡمِهِۦۖ وَٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ يَشۡهَدُونَۚ وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ شَهِيدًا ﴿١٦٦﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ وَصَدُّواْ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ قَدۡ ضَلُّواْ ضَلَٰلَۢا بَعِيدًا ﴿١٦٧﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ وَظَلَمُواْ لَمۡ يَكُنِ ٱللَّهُ لِيَغۡفِرَ لَهُمۡ وَلَا لِيَهۡدِيَهُمۡ طَرِيقًا ﴿١٦٨﴾ إِلَّا طَرِيقَ جَهَنَّمَ خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدٗاۚ وَكَانَ ذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ يَسِيرٗا ﴿١٦٩﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ قَدۡ جَآءَكُمُ ٱلرَّسُولُ بِٱلۡحَقِّ مِن رَّبِّكُمۡ فَـَٔامِنُواْ خَيۡرٗا لَّكُمۡۚ وَإِن تَكۡفُرُواْ فَإِنَّ لِلَّهِ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۚ وَكَانَ ٱللَّهُ عَلِيمًا حَكِيمٗا ﴿١٧٠﴾﴾

ئەم ئایەتانەی پێشەوە کە خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿إِنَّآ أَوۡحَيۡنَآ إِلَيۡكَ﴾ هەتا دەگاتە: ﴿وَكَانَ ٱللَّهُ عَزِيزًا حَكِيمٗا﴾ پێغەمبەریەتی پێغەمبەر(ﷺ) دەسەلمێنێ‌و وەڵام دانەوەی ئەو کەسانەیشە کە دان بە پێغەمبەرێتیدا نانێن لە بت پەرستان‌و ئەهلی کتێب. پاشان خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿لَّٰكِنِ ٱللَّهُ يَشۡهَدُ بِمَآ أَنزَلَ إِلَيۡكَ﴾ خودا خۆی شایەت ئەدات کە ئەو قورئانە ئەو ناردویەتیە خوارەوە بۆت. واتە: با ئەوانەی حاشای لێ دەکەن لە خوانەناسان‌و بڕوایش بە تۆ ناکەن‌و دژایەتیت دەکەن هەر بڕوا نەکەن. خودا خۆی شایەتیت بۆ ئەدات کە تۆ ڕەوانە کراوی ئەوی‌و خۆی ئەو کتێبەی بۆ ناردوی کە

---

[1] طه (١٣٤).

[2] القصص (٤٧).

[3] فتح الباري (١٤٦/٨)، مسلم (٢١١٤/٤).

قورئـانی پـیرۆزە ﴿ لَّا يَأْتِيهِ ٱلْبَٰطِلُ مِنۢ بَيْنِ يَدَيْهِ وَلَا مِنْ خَلْفِهِۦ ۖ تَنزِيلٌ مِّنْ حَكِيمٍ حَمِيدٍ ﴾[1] پڕوپـوچ لـە ڕووی ناوەستیٚ (چ ڕووبەڕوو چ پاشملە) ئەم کارزانیٚ ناردویە کە هەر دەبیٚ ستایش بکریٚ. هـەر بۆیـە لێرەدا ئەفەرمویٚت: ﴿أَنزَلَهُۥ بِعِلْمِهِۦ﴾ کە خودا بە زانستی خۆی ئەی ناردۆتە خوار. واتە: بەو زانیاریـەی کە پێی باشە بەندەکانی لیٚ ئاگادار بکات لـە ڕێـی ڕاسـتو بەڵگـەی ئاشـکراو جیـا کردنـەوەی ڕاسـتی لـە چەوتیو ئەوەی خـودا پێی خۆشـەو لێی ڕازیەو ئـەویش کـە پێـی ناخۆشـەو لێـی ڕازی نیـە. وە ئـەو شتانەی تیایەتی لە زانینی نهێنیەکان لە ڕابوردو لـە داهـاتوداو باسـی سیفەتە پیرۆزەکـانی خـودا کـە پێغەمبەرە نەبەزو خۆڕاگرەکانو فریشتە زۆر نزیکەکانیش نایزانن مەگەر خودا خـۆی ئاگـاداری کـردبن. وەك خـودای مـەزن ئەفـەرمویٚت: ﴿وَلَا يُحِيطُونَ بِشَىْءٍ مِّنْ عِلْمِهِۦٓ إِلَّا بِمَا شَآءَ﴾[2] نـاتوانن بـە هیـچێك لـە زانستی ئاگادار بن مەگین خودا خۆی مەیلی لێبـیٚ. وە ئەفـەرمویٚت: ﴿وَلَا يُحِيطُونَ بِهِۦ عِلْمًا﴾[3] نـاتوانن لە زانستی ئاگادار بن. پاشان ئەفەرمویٚت: ﴿وَٱلْمَلَٰٓئِكَةُ يَشْهَدُونَ﴾ فریشتەکانیش شایەتی ئەدەن، بـە ڕاستی ئەو پەیامەی بۆت هاتوەو نیگات بۆ کراوەو بۆت هاتوەتە خوارەوە لەگەڵ شایەتی دانی خـودای گەورە لەسەری ﴿وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ شَهِيدًا﴾ شایەتی خودا بەسە. پاشـان خـودای مـەزن ئەفـەرمویٚت: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ وَصَدُّوا۟ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ قَدْ ضَلُّوا۟ ضَلَٰلًۢا بَعِيدًا﴾ ئەوانەی خوانەناسن ڕیٚ لـە خوانەناسـان دەگرن، ڕێی لیٚ ون بووی لە ڕادەبەدەر ئەوانن. واتە: ئەوانەی هەر لە دڵدا خوانەناس بوون شوێنی ڕێـی ڕاستی نەکەوتن، ڕێیان لە خەڵکیش دەگرت شوێنی بکەونو بڕوای پیٚ بکەن، ئەوانە خۆیان لـە ڕێگـەی ڕاست دەرچووبوونو ونیان کردبوو. زۆریش لێی دوورکەوتبونەوە بۆیە خودای مەزن ئەفەرمویٚت: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ وَظَلَمُوا۟ لَمْ يَكُنِ ٱللَّهُ لِيَغْفِرَ لَهُمْ﴾ ئەوانەی لە ڕێگـەی خـودا لایانـداو ناهـەقیان کـرد خـودا لێیان خۆش نابیٚ. خودای گەورە لێرەدا باسی ئەو بڕیارەی خۆی کردوە لە بەرانبەر ئەو خوانەناسانەی کە بڕوایان نیە بە نیشانەکانیو کتێبەکەیو پێغەمبەرەکەی، بەو جۆرە ستەمیان لـە خۆشیان کـردوەو بونەتە لەمپەر لە ڕێگەی خواداو خراپە دەکەنو سنوورەکانی دەشکێنن کە خـودا لێیـان خـۆش نـابیٚ. ﴿وَلَا لِيَهْدِيَهُمْ طَرِيقًا﴾ ڕێگەشیان نیشان نادات. بەرەو چاکە بڕۆن. ﴿إِلَّا طَرِيقَ جَهَنَّمَ﴾ مەگین تـەنیا ڕێـی جەهـەنم، ئەمـە ئیستـسینای مونقەتیعـە (استـثناء منقطـع). ﴿خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدًا ۚ وَكَانَ ذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ

---

[1] فصلت (٤٢).

[2] البقرة (٢٥٥).

[3] طه (١١٠).

﴿يَسِيرًا﴾ هەر تیا دەمێننەوەو ئەمەش لای خوا ئاسانە. پاشان ئەفەرموێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ قَدۡ جَآءَكُمُ ٱلرَّسُولُ بِٱلۡحَقِّ مِن رَّبِّكُمۡ فَـَٔامِنُواْ خَيۡرًا لَّكُمۡ﴾ ئەی خەڵكینە، ئەم پێغەمبەرە بەڕاستی لەلایەن پەروەردگارتانەوە هاتوە، دەی باوەڕی پێ بێنن قازانجتانە. واتە: ئەی خەڵكینە موحەممەد (سەلامی خوای لێبێ) ڕەوانە كراوە بۆتان. ڕێنمایی‌و ئاین ڕاستی شارەزایی بە تەواوی لەلایەن خوداوە بۆ هێناون. بڕوا بێنن بەوەی كە بۆی هێناون‌و شوێنی كەون، ئەوە زۆر چاكە بۆتان. پاشان خودا ئەفەرموێت: ﴿وَإِن تَكۡفُرُواْ فَإِنَّ لِلَّهِ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ﴾ ئەگەر بڕوا نەكەن، باش بزانن هەرچی لە ئاسمانەكان‌و زەمیندایە هی خودایە، خودا بێ نیازە لە ئێوەو لە بڕواكەشتان، هیچ زیانی پێ ناگات كە بڕوانەهێنانتان. وەك لە ئایەتێكی تردا ئەفەرموێت: ﴿وَقَالَ مُوسَىٰٓ إِن تَكۡفُرُوٓاْ أَنتُمۡ وَمَن فِي ٱلۡأَرۡضِ جَمِيعًا فَإِنَّ ٱللَّهَ لَغَنِيٌّ حَمِيدٌ﴾[1] مووسا فەرمووی: ئەگەر ئێوەو ئەوەی لەسەر زەویدایە بڕوا نەهێنن خودا نیازی بە كەس نیەو هەر شیاوی ستایش كردنە. لێرەدا ئەفەرموێت: ﴿وَكَانَ ٱللَّهُ عَلِيمًا حَكِيمًا﴾ خودا زانایە واتە: ئاگاداری ئەوانەیە كە شایەنی شارەزاییە، شارەزای دەكات‌و كێش شایەنی گومڕایە لە ئێوە گومڕای دەكات. ﴿حَكِيمًا﴾ لەكارزانە واتە: لە كارزانە لە گفتارو كردارو بڕیارو بەرنامەدا.

﴿يَٰٓأَهۡلَ ٱلۡكِتَٰبِ لَا تَغۡلُواْ فِي دِينِكُمۡ وَلَا تَقُولُواْ عَلَى ٱللَّهِ إِلَّا ٱلۡحَقَّۚ إِنَّمَا ٱلۡمَسِيحُ عِيسَى ٱبۡنُ مَرۡيَمَ رَسُولُ ٱللَّهِ وَكَلِمَتُهُۥٓ أَلۡقَىٰهَآ إِلَىٰ مَرۡيَمَ وَرُوحٞ مِّنۡهُۖ فَـَٔامِنُواْ بِٱللَّهِ وَرُسُلِهِۦۖ وَلَا تَقُولُواْ ثَلَٰثَةٌۚ ٱنتَهُواْ خَيۡرًا لَّكُمۡۚ إِنَّمَا ٱللَّهُ إِلَٰهٞ وَٰحِدٞۖ سُبۡحَٰنَهُۥٓ أَن يَكُونَ لَهُۥ وَلَدٞۘ لَّهُۥ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِۗ وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ وَكِيلٗا ﴿١٧١﴾﴾

ڕێ نەدان بە ئەهلی كتێب كە هەڵەڕۆیی لە ئایندا و پیاهەڵدان بە عیسای كوڕی مەریەمدا نەكەن

خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿يَٰٓأَهۡلَ ٱلۡكِتَٰبِ لَا تَغۡلُواْ فِي دِينِكُمۡ﴾ ئەی كەسانی ئەهلی كتێب، هەڵەڕۆیی لە دینی خۆتاندا مەكەن. خودای مەزن ڕێگری لە ئەهلی كتێب كردوە كە هەڵەڕۆیی لە ئاینی خۆیاندا بكەن‌و زۆر بە عیسادا هەڵدەن. ئەو هەڵەڕۆیی‌و پیاهەڵدانە لەناو مەسیحیەكاندا زۆرە، چونكە مەسیحیەكان لە بارەی عیساوە (سەلامی خوای لێبێ) لە سنوور دەرچوون‌و زیاد لە پلەی خۆی بەرزیان كردۆتەوە كە خودا پێی داوە. لە پلەی پێغەمبەرێتیەوە تێیان پەڕاندوە كردویانە بە خودای خۆیان بێجگە لە خوداو چۆن خودا دەپەرستن ئاوایش عیسا دەپەرستن، بەڵكو زیادەڕەویشیان لە

[1] إبراهيم (٨).

شوێنکەوتوەکانیشیدا کردوە، بە خەیاڵی خۆیان ئەوانیش لەسەر ئاینی ئەون‌و دەڵێن ئەمانە بێ گوناهن (معصوم) لەناوماندا. لە هەموو شتێکدا پەیڕەویان دەکەن‌و هەرچی بڵێن لە قسەیان دەرناچن ئیتر ڕاست بێ یان درۆ، گومڕایی بێ یا ڕێنمایی، هەق بێ یا ناهەق بۆیە خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿ اتَّخَذُوا أَحْبَارَهُمْ وَرُهْبَانَهُمْ أَرْبَابًا مِّن دُونِ اللَّهِ ﴾[1] لە بری خودا زاناو ڕەبەنەکانی خۆیان کردە خودا. ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردوە لە ئیبنوعەبباسەوە لە عومەرەوە کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (پیاما هەڵمەدەن وەك مەسیحیەکان هەڵیان ئەدا بە عیسای کوڕی مەریەمدا، بەڵکو من بەندەم بڵێن: بەندەو پێغەمبەری خودایە)[2] بوخاریش هەر بەم وتەیە ڕیوایەتی کردوە: (بەڵکو من بەندەم بڵێن: بەندەو پێغەمبەری خودا)[3] ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردوە لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە کە پیاوێ گوتی: ئەی موحەممەد ئەی گەورەمان‌و کوڕی گەورەمان‌و چاکترینمان‌و کوڕی چاکترینمان. پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: (ئەی خەڵکینە، ئاگاتان لە قسەکانتان بێ، شەیتان سەرتان لێ نەشێوێنێ، من موحەممەدی کوڕی عەبدوڵلام، بەندەو پێغەمبەری خودام، سوێند بە خودا پێم خۆش نیە لەو پلەی خۆم زیاتر بەرزم بکەنەوە کە خودای گەورە بۆی داناوم)[4] بەم شێوەیە تەنیا ئەحمەد خۆی هێناویەتی پاشان ئەفەرموێت: ﴿وَلَا تَقُولُوا عَلَى اللَّهِ إِلَّا الْحَقَّ﴾ جگە لە ڕاست دەربارەی خوا مەڵێن (قسە مەکەن) واتە: درۆ بەدەم خواوە هەڵمەبەستن، هاوسەرو منداڵی بۆ دابنێن، خودا پاك‌و بێ عەیبەو دوورە لەو درۆیانەوە بۆی هەڵدەبەستن، تەنیا ئەو بە گەورەو بەرزو بڵندو خاوەن دەستەڵات بزانن، هیچ پەرستراوێ نیە جگە لەو هەر ئەویش پەروەردگاریە. بۆیە ئەفەرموێت: ﴿إِنَّمَا الْمَسِيحُ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ رَسُولُ اللَّهِ وَكَلِمَتُهُ أَلْقَاهَا إِلَىٰ مَرْيَمَ وَرُوحٌ مِّنْهُ ﴾ ئاشکرایە کە مەسیح عیسای کوڕی مەریەم پێغەمبەری خودا بووە. خودا بە فەرمانی خۆی‌و هەر لە نەفەسی (ڕوح) پیرۆزی خستوەتە ناو تۆڵی (ڕەحمی) مەریەم. واتە: بەڵکو ئەویش بەندەیەکە لە بەندەکانی خوداو دروستکراوێکە لە دروستکراوەکانی خوداو فەرموویە پێی: ببە بووە. پێغەمبەرێکە لە پێغەمبەرەکانی، وتەی خۆیە ناردویە بە جوبرەئیلدا (سەلامی خوای لێبێ) بۆ مەریەم. واتە: بەو وتەیە کە ناردویەتی بە جوبرەئیلدا (سەلامی خوای لێبێ)، بۆ مەریەم دروستی کردوە. فوی پیا کردوە لە نەفەسی (ڕوحی) خۆی. بە ئیزنی خودا خۆی‌و عیسا (سەلامی خوای لێبێ) پەیدا بووە. بە ئیزنی خودای مەزن. ئەو

---

[1] التوبة (٣١).

[2] أحمد (٢٣/١)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

[3] فتح الباري (٥٥١/٦).

[4] أحمد (١٥٣/٣)، فەرموودەیەکی سەحیحە، لەسەر مەرجی موسلیم.

فوەی کرد بە باخەڵی کراسەکەیداو چووە خوارەوە تا گەیشتە ناو ڕەحمی لە جێی تۆوی باوكو دایك. هەموو شتێ دروستکراوی خوای گەورەیە. هەربۆیە بە عیسا گوتراوە: ئەو ئەو نەفەسی (ڕوحی) خودایە، چونکە عیسا (سەلامی خوای لێبێ) باوکی نەبوە، تا لێی پەیدا ببێ، بەڵکو لەو وتەی خودا پەیدا بووە کە پێی فەرمووە ببە بووە. ئەو ڕوحەیشی بە جوبرەئیلدا ناردوە. خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿مَا ٱلۡمَسِيحُ ٱبۡنُ مَرۡيَمَ إِلَّا رَسُولٞ قَدۡ خَلَتۡ مِن قَبۡلِهِ ٱلرُّسُلُ وَأُمُّهُۥ صِدِّيقَةٞۖ كَانَا يَأۡكُلَانِ ٱلطَّعَامَۗ﴾[1] مەسیحی کوڕی مەریەم لە پێغەمبەرێك زیاتر چی تر نیە، لە پێش ئەویش زۆر پێغەمبەری تر هاتوونو چوون. دایکی ئەویش ژنێکی ڕاستو دروست بوو، هەردووکیان خۆراکیان دەخوارد. وە ئەفەرموێت: ﴿إِنَّ مَثَلَ عِيسَىٰ عِندَ ٱللَّهِ كَمَثَلِ ءَادَمَۖ خَلَقَهُۥ مِن تُرَابٖ ثُمَّ قَالَ لَهُۥ كُن فَيَكُونُ﴾[2] نمونەی عیساش (لەلای خودا) نمونەی ئادەمە، هەر لە گڵ دروستی کردو پاشان پێی گوت: ببە (بە ئادەم) ئەویش بوو. وە ئەفەرموێت: ﴿وَٱلَّتِيٓ أَحۡصَنَتۡ فَرۡجَهَا فَنَفَخۡنَا فِيهَا مِن رُّوحِنَا وَجَعَلۡنَٰهَا وَٱبۡنَهَآ ءَايَةٗ لِّلۡعَٰلَمِينَ﴾[3] ئەو ژنەش کە وا شەرمی خۆی دەپاراست، ئێمە بەهۆی ڕووحی خۆمان فوومان تێکرد، خۆیو کوڕەکەی ئەویشمان کردە نیشانەی ئاشکرا بۆ هەموو خەڵکی دنیا. وە ئەفەرموێت: ﴿وَمَرۡيَمَ ٱبۡنَتَ عِمۡرَٰنَ ٱلَّتِيٓ أَحۡصَنَتۡ فَرۡجَهَا﴾[4] مەریەمی کچی عیمرانیش لە شەرمی خۆی لە کاری شورەیی پاراست. هەتا کۆتایی سورەتەکە. خودای مەزن باسی عیسا دەکاتو ئەفەرموێت: ﴿إِنۡ هُوَ إِلَّا عَبۡدٌ أَنۡعَمۡنَا عَلَيۡهِ﴾[5] ئەو هیچ نەبوو عەبدێك نەبێ، ئێمە چاکەمان لەگەڵ کرد. عەبدوڕەزاق گوتی: لە موعەمەرەوە لە قەتادەوە ﴿وَكَلِمَتُهُۥٓ أَلۡقَىٰهَآ إِلَىٰ مَرۡيَمَ وَرُوحٞ مِّنۡهُ﴾ وەك ئەم وتە وایە کە ئەفەرموێت: ﴿كُن﴾ (فكان) ببە، بوو.[6] ئیبنوئەبی حاتەم گوتی: ئەحمەدی کوڕی منائی واستی (الواسطي) گوتی: گوێم لە شاذی کوڕی یەحیا لەم ئایەتەدا: ﴿وَكَلِمَتُهُۥٓ أَلۡقَىٰهَآ إِلَىٰ مَرۡيَمَ وَرُوحٞ مِّنۡهُ﴾ دەیگوت: ئەم وتە (الكلمة) نەبوو بە عیسا (سەلامی خوای لێبێ) بەڵکو بەو وتەیە

---

[1] المائدة (٧٥).

[2] آل عمران (٥٩).

[3] الانبياء (٩١).

[4] التحريم (١٢).

[5] الزخرف (٥٩).

[6] عبدالرزاق (١/١٧٧).

(الكلمة) بوو بە عیسا (سەلامی خوای لێبێ).[1] بوخاری ڕیوایەتی كردوە لە عوبادەی كوڕی سامیتەوە لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) فەرموویەتی: (هەركەسێ شایەتی بدات كە هیچ پەرستراوێ نیە جگە لە خوداو تاكو تەنیایەو شەریكی نیە، وە موحەممەد (ﷺ) بەندەو پێغەمبەری ئەوە. وە عیسا بەندەو پێغەمبەرو وتەو نەفەسی (روحی) ئەوە خستویەتە ناو ڕەحمی مەریەمەوە، بەهەشت ڕاستەو ئاگر ڕاستە، خودا لەسەر ئەو ئاكارەی لەسەری بووە دەیخاتە بەهەشت)[2] لە ڕیوایەتێكی تردا ئەمەی بۆ زیاد كردوە: (لە هەشت دەرگاكەی بەهەشتەوە، لە هەر كامیانەوە مەیلی لێبێ دەچێتە ژورەوە).[3] موسلیمیش هەر وا ڕیوایەتی كردوە[4]. خودای مەزن كە ئەفەرموێت: ﴿وَرُوحٌ مِّنۡهُ﴾ وەك ئەم ئایەتە وایە كە ئەفەرموێت: ﴿وَسَخَّرَ لَكُم مَّا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِ جَمِيعًا مِّنۡهُ﴾[5] هەرچی لەناو ئاسمانەكانو زەمیندان هەمووی هی ئەون، ئەو بۆ ئێوەی ڕام هێناون. واتە: هەموو دروستكراوی خودانو لەلای ئەوەیە، ئەو (من)ە بۆ هەند (تبغيض) نیە وەك مەسیحیەكان دەیڵێن (بەر نەفرینی بەردەوامی خوا كەون) بەڵكو بۆ ئیبتیدای غایەیە (إبتداء الغاية) وەك لە ئایەتی تردا هاتوە. ئیزافەی (روح) كراوە بۆ لای خودا لە ڕوی ڕێز لێنانەوە. وەك ئیزافەی (الناقة و البيت) كراوەتە لای خودا لەم ئایەتانەدا كە ئەفەرموێت: ﴿هَٰذِهِۦ نَاقَةُ ٱللَّهِ﴾[6] ئەمە وشتری خودایە. وە ئەفەرموێت: ﴿وَطَهِّرۡ بَيۡتِيَ لِلطَّآئِفِينَ﴾[7]ماڵی من خاوێن كەنەوە بۆ تەواف كەران. وەك لەم فەرموودە سەحیحەدا هاتووە: (دەچمە لای پەروەردگارم لە ماڵەكەیدا)[8] ئیزافە (دار) كراوەتە لای خودا، لە ڕووی ڕێز لێنانەوە، ئەمانە هەموو وەك یەكن، لەیەك دەچن. پاشان خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿فَـَٔامِنُواْ بِٱللَّهِ﴾ دەسا ئێوە باوەڕتان بە خوا هەبێو بە پێغەمبەرانی ئەویش بڕوا بێنن. واتە: بڕواتان هەبێ كە خودا تاكو تەنیایە نە منداڵی هەیەو نە هاوسەر. باشیش بزانن‌و بێ گومان بن كە عیسا بەندەو ڕەوانەكراوی خودایە، هەربۆیە خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿وَرُسُلِهِۦۖ وَلَا تَقُولُواْ ثَلَٰثَةٌ﴾ مەڵێن سیانن، واتە: عیساو دایكی مەكەنە شەریكی خودا،

---

[1] إبن أبي حاتم (٦٣١٠).
[2] فتح الباري (٦/٥٤٦).
[3] فتح الباري (٦/٥٤٧).
[4] مسلم (١/٥٧).
[5] الجاثية (١٣).
[6] هود (٦٤).
[7] الحج (٢٦).
[8] البخاري (٧٤٤٠).

خودا پاكو بێ عەیبەو دوورە لەو قسانەوە ئێوە دەیڵێن. ئەم ئایەتە وەك ئەو ئایەتە وایە لە سورەتی مائیدەدا خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿لَّقَدْ كَفَرَ الَّذِينَ قَالُوا إِنَّ اللَّهَ ثَالِثُ ثَلَاثَةٍ وَمَا مِنْ إِلَٰهٍ إِلَّا إِلَٰهٌ وَاحِدٌ﴾[1] ئەوانەی كە گوتیان: خودا سێهەمینە لە سێ كەسان، بێگومان لە دین لایانداوە. جگە لە خودای تاكو تەنیا، هیچ كەس بۆ پەرستن ناشێ. وە هەر لە سورەتی مائیدەدا ئەفەرموێت: ﴿وَإِذْ قَالَ اللَّهُ يَا عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ أَأَنتَ قُلْتَ لِلنَّاسِ اتَّخِذُونِي وَأُمِّيَ إِلَٰهَيْنِ مِن دُونِ اللَّهِ﴾[2] ئەو كاتەیش كە خودا فەرمووی: ئەی عیسای كوڕی مەریەم، تۆ گوتوتە بەو خەڵكە (جگە لە خودا) دەبێ ئێوە منو دایكم وەك دوو خودا بپەرستن؟ وە لە پێشەوە هەر لە سورەتی مائیدەدا ئەفەرموێت: ﴿لَّقَدْ كَفَرَ الَّذِينَ قَالُوا إِنَّ اللَّهَ هُوَ الْمَسِيحُ ابْنُ مَرْيَمَ﴾[3] ئەو كەسانەی گوتویانە، هەر خودا خۆی مەسیحی كوڕی مەریەمە. گاورەكان (نەفرینی خوایان لێبێ) لەبەر نەفامیو بێ دینیان نە بەرنامەیەكیان هەیەو سنورێكیان هەیە لەسەری بوەستن، سەرگەردانیەكەیان لە ڕادەبەدەرەو هەركەسەو قسەیە دەكات. هەندێكیان بڕوای وایە عیسا خودایە، هەندێ بڕوا وایە شەریكی خودایە، هەندێكی تر بڕوای وایە كوڕی خودایە، ئەوانە چەند كۆمەڵێكی زۆرنو بۆچونیان جیاوازەو قسەیان یەك ناگرێ، هەندێ لە بێژەرەكان (المتكلمین) هەستیان بەوە كردوەو گوتویانە: ئەگەر دە مەسیحی كۆ ببنەوە، دەبن بە یانزە دەستە لە ڕاوبۆچووندا.

كۆمەڵو پارتە مەسیحیەكان

هەندێ لە زانا بەناوبانگەكانی مەسیحیەكان لای خۆیان باسیان كردوە. لەوانە سەعیدی كوڕی بەتریق (البطریق) كە بەتریكی ئەسكەندەریە بووە لە دەوروبەری چوارسەدی كۆچیدا. كە ئەوانە (مەسیحیەكان) كۆبونەتەوە لە كۆڕێكی گەورەدا بڕیاری ئەو ئەمانەتە گەورەیان دا. لە ڕاستیدا خەیانەتێكی سووكو ڕیسوایی بوو، ئەوەیشا لە كاتی قوسەنتینا (قصطنطین) بوو، كە بناغە دانەری ئەو شارە بەناوبانگە بوو. بەڵام ناكۆكیەكی ئێجگار كەوتە ناویان لە هەژمار كردن نایەت، زیاتر لە دوو هەزار قەشە بوون، بوون بە چەند بەشێكەوە، پەنجایان لەسەر قسەیە بوونو بیستیان لەسەر قسەیە، سەدیان لەسەر قسەیەو حەفتایان لەسەر قسەیەو زیاترو كەمتریش لەمانە. پاشان بۆی دەركەوت زۆر زیادیان كردوەو ژمارەیان بووە بە سێ سەد كەسو هەژدە كۆمەڵ، هەموو بڕیاریان لەسەر وتارێ

---

[1] المائدة (٧٣).

[2] المائدة (١١٦).

[3] المائدة (١٧).

(نوسراوێ) دا پاشا هەڵی گرت پشتگیری لێ کردو یارمەتی دا (فەیلەسوفێکی زۆر فێڵباز بوو) هەموو ئەوانی تری لەناوبردو نەیهێشتن. ئەم نوسراوەی ئەمانی رێك و پێك کردو کڵێسای بۆ دروست کردن، دەستورو کتێبی بۆ دانان، ئەو ئەمانەتەی (الامانة) بۆ دروست کردن کە منداڵە بچوکەکانیان تیا فێر دەکرد، تا بڕوای پێ بهێنن و کاری پێ بکەن شوێن کەوتوی ئەمانە پێیان دەگوتن: مەلکانیە (الملكانية). پاشان کۆمەڵێکی دووەمیان داهێنا. پێیان دەگوت: یەعقوبیە (يعقوبية) پاشان کۆمەڵی سێهەمیشیان داهێنا پێیان دەگوت: نبتوریە (النبطورية) هەموو ئەم کۆمەڵانە سێ ئەقانیمەکەیان (الاقانيم) دانا لە مەسیحدا. بەڵام ناکۆك بوون لە چۆنیەتی دانانەکەیان، لە ناسوت و لاهوتا (الناسوت و اللاهوت) بە خەیاڵی خۆیان ئایا یەکیان گرتوە یان یەکیان نەگرتوە یان لەگەڵ یەکدان یان تواونەتەوە. سێ وتاریان هەبوو، هەریەکێ لەوانە ئەوی تری بە بێ دین دادەنا. ئێمە هەرسیانیان بە بێ دین دادەنێین، هەربۆیە خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿ٱنتَهُوا۟ خَيْرًا لَّكُمْ﴾ واز لەو قسانە بهێنن کە بۆ ئێوە وا چاکترە ﴿إِنَّمَا ٱللَّهُ إِلَٰهٌ وَٰحِدٌ سُبْحَٰنَهُۥٓ أَن يَكُونَ لَهُۥ وَلَدٌ لَّهُۥ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ وَكِيلًا﴾ بێگومان خودا پەرستراوێکی تەنیایە پاك و بێ عەیبی بۆ خودا کە هیچ فەرزەندێکی هەبێ هەرچی لە ئاسمانەکان و زەمیندایە هەر بۆ ئەوە، بۆ پێکهێنانی کاروبار هەر خۆی بەسە. واتە: هەموو موڵکی ئەوەو خۆی وەدی هێناوە، هەرچی لەناویاندایە بەندەی ئەوەو لەژێر دەستەڵات و بڕیاری ئەوان. خودا خۆی خاوەنی هەموو شتێکە، چۆن دەبێ لەو شتانەدا منداڵ و هاوسەری هەبێ. وەك خودای مەزن لە ئایەتێکی تردا ئەفەرموێت: ﴿بَدِيعُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَإِذَا قَضَىٰٓ أَمْرًا فَإِنَّمَا يَقُولُ لَهُۥ كُن فَيَكُونُ﴾[1] داهێنەری ئاسمانەکان و زەمینەو هەرکە ویستی کارێ بکات، فەرمان ئەدا: ببە دەبێ. وە ئەفەرموێت: ﴿وَقَالُوا۟ ٱتَّخَذَ ٱلرَّحْمَٰنُ وَلَدًا ﴿٨٨﴾ لَّقَدْ جِئْتُمْ شَيْـًٔا إِدًّا﴾ الى قوله ﴿فَرْدًا﴾[2] گوتویانە: خودا بوەتە خاوەن فەرزەند. ئای کە قسەیەکی ڕەقتان بە دەمدا هاتووە. هەتا دەگاتە تاك و تەنیا. واتە: تاك و تەنیا دێنە لای خودا.

﴿لَّن يَسْتَنكِفَ ٱلْمَسِيحُ أَن يَكُونَ عَبْدًا لِّلَّهِ وَلَا ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ ٱلْمُقَرَّبُونَ وَمَن يَسْتَنكِفْ عَنْ عِبَادَتِهِۦ وَيَسْتَكْبِرْ فَسَيَحْشُرُهُمْ إِلَيْهِ جَمِيعًا ﴿١٧٢﴾ فَأَمَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ فَيُوَفِّيهِمْ أُجُورَهُمْ

[1] البقرة (١١٧).

[2] مريم (٨٨–٩٥).

وَيَزِيدُهُم مِّن فَضْلِهِۦ وَأَمَّا ٱلَّذِينَ ٱسْتَنكَفُوا۟ وَٱسْتَكْبَرُوا۟ فَيُعَذِّبُهُمْ عَذَابًا أَلِيمًا وَلَا يَجِدُونَ لَهُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ وَلِيًّا وَلَا نَصِيرًا ﴿١٧٣﴾ ﴾

نە عیساو نە فریشتەکان (سەلامی خوایان لێبێ) لەوە حاشایان نەکردوە کە بەندەیەکی خودان

خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿ لَّن يَسْتَنكِفَ ٱلْمَسِيحُ أَن يَكُونَ عَبْدًا لِّلَّهِ وَلَا ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ ٱلْمُقَرَّبُونَ ﴾ مەسیح هەرگیز حاشای نەکردوە کە بەندەیەکی خودایە، فریشتە نزیکەکانیش هەروها. ئیبنوئەبی حاتەم ڕیوایەتی کردوە لە ئیبنوعەبباسەوە گوتی: ﴿ لَّن يَسْتَنكِفَ ﴾ واتە: خۆی بە زل نەزانیوە. قەتادە گوتی: پێی شەرم نەبوە.[1] هەر بۆیە خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَمَن يَسْتَنكِفْ عَنْ عِبَادَتِهِۦ وَيَسْتَكْبِرْ فَسَيَحْشُرُهُمْ إِلَيْهِ جَمِيعًا ﴾ هەرکەسێ بە بەندایەتی خودا ڕازی نەبێ‌و بایی هەوایی بنوێنێ هەر بەو زاونە خودا هەموو لایەك لە لای خۆی کۆدەکاتەوە. لە ڕۆژی قیامەتداو فەرمانڕەوای خۆی بە دادوەری لە نێوانیاندا بەجێدێنێ بەبێ هیچ کەم‌و کورێك‌و ناهەقی کردنێ. هەر بۆیە ئەفەرموێت: ﴿ فَأَمَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ فَيُوَفِّيهِمْ أُجُورَهُمْ وَيَزِيدُهُم مِّن فَضْلِهِۦ ﴾ وە ئەو کەسانەی کە خاوەن باوەڕو ئاکار چاکن، سەرباری پاداشتی خۆیان، خودا زیاتر چاکەیان لەگەڵدا دەکات. واتە: بە ئەندازەی ئاکارە چاکەکانیان پاداشتیان ئەداتەوە، زیاتریش چاکەیان دەربارە دەکات بەسۆزەو چاکەو بەزەیی فراوانی خۆی ﴿وَأَمَّا ٱلَّذِينَ ٱسْتَنكَفُوا۟ وَٱسْتَكْبَرُوا۟ ﴾ ئەو کەسانەش کە لە (فەرمانی) خودا لایانداوەو پیشەیان لووت بەرزی بووە. بەندایەتی خودایان نەکردوە ﴿فَيُعَذِّبُهُمْ عَذَابًا أَلِيمًا وَلَا يَجِدُونَ لَهُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ وَلِيًّا وَلَا نَصِيرًا ﴾ خودا تووشی جەزرەبەی بەژانیان دەکات. جگە لە خودا هیچ دۆست‌و هاوکارێکیان دەست ناکەوێ. وەك ئەم ئایەتەیش کە خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يَسْتَكْبِرُونَ عَنْ عِبَادَتِى سَيَدْخُلُونَ جَهَنَّمَ دَاخِرِينَ ﴾[2] ئەو کەسانەی (هەر لەبەر خۆ بە زل زانیان) نایانەوێ بمپەرستن، بە زەبونی دەچنە جەهەنمەوە. واتە: زۆر بە سەرشۆڕیی‌و ڕسوایی‌و داماوی دەچنە ناو ئاگر لەباتی ئەو خۆبەزل زانی‌و مل نەدانەیانەوە بۆ خودای مەزن.

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ قَدْ جَآءَكُم بُرْهَٰنٌ مِّن رَّبِّكُمْ وَأَنزَلْنَآ إِلَيْكُمْ نُورًا مُّبِينًا ﴿١٧٤﴾ فَأَمَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ بِٱللَّهِ وَٱعْتَصَمُوا۟ بِهِۦ فَسَيُدْخِلُهُمْ فِى رَحْمَةٍ مِّنْهُ وَفَضْلٍ وَيَهْدِيهِمْ إِلَيْهِ صِرَٰطًا مُّسْتَقِيمًا ﴿١٧٥﴾ ﴾

---

[1] الطبري (٤/٤٢٤).

[2] غافر (٦٠).

وەسفى قورئان

خوداى مەزن ئەفەرموێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ قَدۡ جَآءَكُم بُرۡهَٰنٞ مِّن رَّبِّكُمۡ﴾ ئەى خەلكینە لە پەروەردگارى خۆتانەوە بەلگەیەکتان بۆ هاتوە. خوداى گەورە لێرەدا ڕووى فەرموودەى دەکاتە هەموو خەلك‌و ئاگادارىان دەکات کە بەلگەیەکى زۆر گەورەیان لەلایەن خوداوە بۆ ڕەوانە کراوە، بەلگەیەکى ئەوەندە بەهێزە گشت بیانویەکى بڕیوەو هیچ گومانێکى نەهێشتوەتەو ئەفەرموێت: ﴿وَأَنزَلۡنَآ إِلَيۡكُمۡ نُورٗا مُّبِينٗا﴾ وە ڕۆشناییەکى ئاشکرامان ناردۆتە خوار بۆ ئێوە. ئیبنوجورەیج‌و کەسانى تریش گوتویانە: مەبەست پێى قورئانە[1]. ﴿فَأَمَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ بِٱللَّهِ وَٱعۡتَصَمُواْ بِهِۦ﴾ ئەوانەى باوەڕیان بە خوا هێناوەو خۆیان هەر بەو سپاردووە. واتە: ئەوانەى خواپەرستى‌و خۆسپاردنیان بە خودا پێکەوە بەستوەو لە هەموو کاروبارێکیاندا. ئیبنوجورەیج گوتى: ئەوانەى بڕوایان بە خوا هێناوەو خۆیان پابەند کردوە بە قورئانەوە[2]، ئیبنوجەریر ڕیوایەتى کردوە. ﴿فَسَيُدۡخِلُهُمۡ فِي رَحۡمَةٖ مِّنۡهُ وَفَضۡلٖ﴾ بەو زوانە زوو دەیانخاتە بەر بەزەیى خۆى‌و زیاتریش. واتە: خودا بەر بەزەیى خۆییان دەخات‌و دەیانخاتە بەهەشت، چەند جاریش پاداشتیان ئەداتەوەو پلەیان زۆر بەرز دەکاتەوە بەو چاکەیە لەگەلیان دەیکات. ﴿وَيَهۡدِيهِمۡ إِلَيۡهِ صِرَٰطٗا مُّسۡتَقِيمٗا﴾ دەیانخاتە سەر ڕێگەى ڕاستى بەرەو خۆى (واتە: ڕێگەیەکى ڕێك‌و ڕاست‌و ڕوون کە نارێکى‌و لارى تیا نیە، ئەوە سیفەتى خاوەن باوەڕە لە دنیاو لە قیامەتدا. لە دنیادا لەسەر بەرنامەى ڕێك‌و ڕاست‌و ڕێى ئاشتى‌و ئارامى لە هەموو بیرو باوەڕو ئاکارێکیاندا، لە قیامەتیشدا لەسەر ڕاستەڕێى خوداو بەرەو باغەکانى بەهەشت دەڕۆن.

﴿يَسۡتَفۡتُونَكَ قُلِ ٱللَّهُ يُفۡتِيكُمۡ فِي ٱلۡكَلَٰلَةِۚ إِنِ ٱمۡرُؤٌاْ هَلَكَ لَيۡسَ لَهُۥ وَلَدٞ وَلَهُۥٓ أُخۡتٞ فَلَهَا نِصۡفُ مَا تَرَكَۚ وَهُوَ يَرِثُهَآ إِن لَّمۡ يَكُن لَّهَا وَلَدٞۚ فَإِن كَانَتَا ٱثۡنَتَيۡنِ فَلَهُمَا ٱلثُّلُثَانِ مِمَّا تَرَكَۚ وَإِن كَانُوٓاْ إِخۡوَةٗ رِّجَالٗا وَنِسَآءٗ فَلِلذَّكَرِ مِثۡلُ حَظِّ ٱلۡأُنثَيَيۡنِۗ يُبَيِّنُ ٱللَّهُ لَكُمۡ أَن تَضِلُّواْۗ وَٱللَّهُ بِكُلِّ شَيۡءٍ عَلِيمُۢ ١٧٦﴾

بڕیارى (حوکمى) ئەو کەسەى دەمرێ‌و باوك‌و مندالى نییە (کە کۆتا ئایەتە هاتوەتە خوار)

خوداى مەزن ئەفەرموێت: ﴿يَسۡتَفۡتُونَكَ قُلِ ٱللَّهُ يُفۡتِيكُمۡ فِي ٱلۡكَلَٰلَةِ﴾ لەسەر کەسێ کە باوك‌و فەرزەندى نیەو کە دەمرێ پرسیارى لێ دەکەن. بوخارى ڕیوایەتى کردوە لە بەرائەوە (البراء) گوتى: دواین سورەت کە هاتوەتە خوار سورەتى بەرائەت (براءة) بووە، دواین ئایەتیش هاتوەتە خوار

[1] الطبري (٩/٤٢٨).
[2] الطبري (٩/٤٢٩).

﴿يَسْتَفْتُونَكَ﴾ بووه[1]، ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردوه لە جابیری کوڕی عەبدوڵلاوه گوتی: پێغەمبەری خودا(ﷺ) هات بۆ سەردانم کە من نەخۆش بووم، لە هۆش خۆم چووبووم، دەست نوێژی گرتو پاشان ئاوەکەی پرژاند بە سەرمدا، یان گوتی: ئاوەکەیان پرژاند بەسەرمدا، هۆشم هاتەوە سەر خۆم، گوتم: کەلالە نەبێ کەس میراتم لێ نابات، ئەو میراتە چۆنە؟ خودای مەزن ئایەتی فەرائیزی (الفرائض) ناردە خوارەوە[2] لە هەردوو سەحیحەکەدا هاتوه[3]. چوار سەحیحەکەی تری ڕیوایەتیان کردوه لە هەندێ لە وتەکانیادا هاتوه، (کە ئەمە ئایەتی میراتە (المیراث)) هاتوەتە خوار کە خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿يَسْتَفْتُونَكَ قُلِ ٱللَّهُ يُفْتِيكُمْ فِي ٱلْكَلَٰلَةِ﴾[4] مانای ئایەتەکە ئەوەیە، پرسیارت لێ دەکەن لە بارەی کەلالەوە، بڵێ: خودا خۆی وەڵامتان ئەداتەوە. لە پێشەوە باسی کەلالەمان (الكللة) کردوەو چیەو لە چیەوە دەرهێنراوە، لەو (إكليل)وە وەرگیراوە کە دەوری سەر دەگرێ لە گشت لایەکەوە. هەر بۆیە زۆرێ لە زانایان تەفسیریان کردوە بە کەسێ بمرێ نە کوڕی هەبێو نە باوك. وە هەندێ کەس دەڵێن: کەلالە ئەو کەسەیە کوڕی نیە، وەك خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿إِنِ ٱمْرُؤٌا هَلَكَ لَيْسَ لَهُۥ وَلَدٌ﴾ ئەگەر پیاوێ هیچ منداڵی نیەو دەمرێ. بڕیاری (حوکمی) کەلالە دوو دڵیەکی بۆ عومەری کوڕی خەتاب دروست کردبوو (ڕەزای خوای لێبێ) وەك لە هەردوو سەحیحەکەدا هاتوە کە گوتویەتی: سێ (بڕیار) پێم خۆش بوو، کە پێغەمبەری خودا گفتی پێدابووین تێیاندا بیبڕینەوە: وا دیارە عومەر پرسیاری لە پێغەمبەری خودا کردوەو لەبیر چوەتەوە، بە دەم پرسیارەکەیەوە بچێ، پێغەمبەر(ﷺ) وەفاتی کردوە، باپیر، کەلالە، بەشێ لە بەشەکانی سوو(الربا)[5] ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردوە لە مەعدانی کوڕی ئەبوتەلحەوە گوتی: عومەری کوڕی خەتاب گوتی: هیچ کاتێ پرسیارم لە پێغەمبەری خودا(ﷺ) نەکردوە ئەوەندەی لە کەلالەدا پرسیارم لێ کردوە، هەتا جارێك کوتایە سنگمو فەرمووی: (ئایەتە هاوینەکەت بەسە کە لە کۆتایە سورەتی نیساء دایە (النساء))[6] (بۆیە پێی دەگوترێ ئایەتی

---

[1] فتح الباري (٨/١١٧).

[2] أحمد (٣/٢٩٨)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

[3] فتح الباري (١٢/٢٦)، مسلم (٣/١٢٣٥).

[4] فتح الباري (١٢/٥)، مسلم (٣/١٢٣٥)، أبوداود (٣/٣٠٨)، تحفة الاحوذي (٦/٢٧٣)، النسائي في الكبرى (٤/٥٩)، إبن ماجة (١/٤٦٢).

[5] فتح الباري (١/٤٨)، مسلم (٤/٢٣٢٢).

[6] أحمد (١/٢٦)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

هاوینە چونکە لە هاویندا هاتوەتە خوارەوە) ئیمامی ئەحمەد بە کورتی هێناویەتی. بەڵام موسلیم بە درێژی هێناویەتی[1].

باسی وشە بە پێی ماناکەی بە پشتو پەنای خودا

خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿إِنِ ٱمۡرُؤٌاْ هَلَكَ﴾ ئەگەر پیاوێ مرد. لە ئایەتێکی تردا ئەفەرموێت: ﴿كُلُّ شَيۡءٍ هَالِكٌ إِلَّا وَجۡهَهُۥ﴾[2] هەموو شتێ دەمرێ جگە لە خودای گەورە. وە ئەفەرموێت: ﴿كُلُّ مَنۡ عَلَيۡهَا فَانٖ ۝٢٦ وَيَبۡقَىٰ وَجۡهُ رَبِّكَ ذُو ٱلۡجَلَٰلِ وَٱلۡإِكۡرَامِ﴾[3] هەر کێ ژیانی لەسەر زەمینە نامێنێ. هەر خودای خاوەن شکۆی بەرزو بەڕێزت دەمێنێ. پاشان لێرەدا ئەفەرموێت: ﴿لَيۡسَ لَهُۥ وَلَدٞ﴾ هیچ مندالی نەبێ. واتە: کەسێ بمرێ نە مندالی هەبێ نە باوك. ئەم ئایەتە کە خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَلَهُۥٓ أُخۡتٞ فَلَهَا نِصۡفُ مَا تَرَكَۚ﴾، (ئەگەر مردوەکە) هەر تەنیا خوشکێکی هەبوو، نیوەی میراتەکەی دەبات. خۆ ئەگەر باوکی لەگەڵدا بویە هیچ شتێکی لە میرات بەرنەدەکەوت. چونکە زانایان بە کۆی دەنگ بێ بەشیان کردوە. ئەمە بەلگەیە لەسەر ئەو کەسەی کە مندالی نیە بە دەقی قورئان. وە باوکیش هەر بە دەقی قورئان بە تێڕامانو وردبونەوە دیسان. چونکە خوشك نیوەی بە فەرز نادرێتێ لەگەڵ باوکدا. بەڵکو هەر بۆی نیە میرات وەرگرێ. ئیبنوجەریرو کەسانی تریش ڕیوایەتیان کردوە لە ئیبنوعەبباسو ئیبنوزوبەیرەوە کە گوتویانە: کەسێ مرد کچێكو خوشکێکی لێ بەجێ مابوو خوشکەکە هیچ لە میرات نابات. بەپێی ئەم ئایەتە کە خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿ٱمۡرُؤٌاْ هَلَكَ لَيۡسَ لَهُۥ وَلَدٞ وَلَهُۥٓ أُخۡتٞ فَلَهَا نِصۡفُ مَا تَرَكَۚ﴾ گوتیان: ئەگەر کچێکی بەجێهێشت، ئەوە مندالێکی بەجێهێشتوە ئەو کاتە خوشك هیچ نابات. جمهور دژی ئەم ڕای ئەمانەو دەڵێن: کچ بە فەرز نیوە وەردەگرێ، خوشکیش بە عەسەبە (بالتعصیب) نیوەکەی تری وەردەگرێ. بە بەلگەی تر جگە لەم ئایەتە، ئەم ئایەتە بە فەرز نیوەی بۆ داناوە، بەڵام بە عەسەبە (بالتعصیب) بەپێی ئەم فەرموودەیە کە بوخاری ڕیوایەتی کردوە لە ڕێگەی سولەیمانەوە، لە ئیبراهیمەوە لە ئەسوەدەوە گوتی: مەعازی کوڕی جەبەل بڕیاری بۆ داین لە زەمانی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) بە نیوە بۆ کچو نیوەش بۆ خوشك. پاشان سولەیمان گوتی: بڕیاری بۆ داین، بەڵام باسی پێغەمبەری (ﷺ) نەکرد.[4] دیسان لە سەحیحی بوخاری هاتوە لە هوزەیلی کوڕی

---

[1] مسلم (١٢٣٦/٣).

[2] القصص (٨٨).

[3] الرحمن (٢٦-٢٧).

[4] البخاري (٦٧٤١).

شورەحبیلەوە (شُرَحبیل) گوتی: پرسیان لە ئەبوموسای ئەشعەریەوە لە بارەی کچو کچی کوڕو خوشکەوە. گوتی: بۆ کچ نیوەیی‌و بۆ خوشکەکەی نیوەیی هەیە، (کچی کوڕەکەی بێ بەش کرد) گوتی: بچۆ لە ئیبنومەسعود بپرسە، ئەویش هاوڕای منە، لێیان پرسی‌و قسەکەی ئەبوموساشیان بۆ گێڕایەوە. گوتی: کە وا بێ من لە ڕێ لا ئەدەم‌و لەوانە نابم کە لە ڕێی ڕاستەوە بڕۆن. فەرمان بەوە دەکەم کە پێغەمبەر(ﷺ) فەرمانی پێکردوە. نیوەی ئەدەم بە کچەکەی شەش یەکی ئەدەم بە کچی کوڕەکەی‌و بە هەردووکیان (دوو سێ یەك (الثلثان)) تەواو دەکەم. سێ یەکێکیش ئەمێنێتەوە بۆ خوشکەکەی. هاتینەوە بۆ لای ئەبوموسا (ڕەزای خوای لێبێ) هەواڵمان دایە بەوەی کە ئیبنومەسعود گوتی. ئەویش گوتی: کە ئەم زاناتانە لەناودایە هیچ لە من مەپرسن.[1] پاشان خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿وَهُوَ يَرِثُهَآ إِن لَّمْ يَكُن لَّهَا وَلَدٌ﴾ خۆ ئەگەر خوشکەکەی بمرێ‌و هیچ منداڵی لە پاش نەبێ براکەی میراتی دەبات. واتە: براکەی هەموو ماڵەکەی دەبات، کە کوڕو باوکی نەبوو. خۆ ئەگەر باوکی مابوو براکە میراتی لێ نابات. وای دانێین کەسێکی لەگەڵدا بووە بە فەرز میراتی وەردەگرت، وەك مێرد یا برای دایکی، بەشی خۆیان پێ ئەدرێ، ئەوەی ئەمێنێتەوە ئەدرێ بە براکە، وەك لە هەردوو سەحیحەکەدا هاتوە لە ئیبنوعەبباسەوە کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (میرات بدەن بە خاوەنەکانی، ئەوەی بەجێدەمێنێت بۆ نزیکترین کەسی نێرینەیە)[2]. وە ئەفەرموێت: ﴿فَإِن كَانَتَا ٱثْنَتَيْنِ فَلَهُمَا ٱلثُّلُثَانِ مِمَّا تَرَكَ﴾ ئەگەر مردوو پیاوێکەو دوو خوشکی لێ بەجێماوە، دوو بەش لە سێ بەشیان هەیە. وە ئەگەر لە دوو خوشکیش زیاتر بوو، بڕیارەکەی (حوکمەکەی) هەر بەو شێوەیە., ئا لێرەدا زانایان بڕیاری دوو کچیشیان وەرگرتوە، وەك چۆن کەڵك وەرگیراوە لە بڕیاری کچەکانەوە بۆ خوشکەکان لەم ئایەتەدا خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿فَإِن كُنَّ نِسَآءً فَوْقَ ٱثْنَتَيْنِ فَلَهُنَّ ثُلُثَا مَا تَرَكَ﴾[3] ئەگەر ژمارەی مێینە لە دوان زیاتر بوو، دوو بەش لە سێ بەشی میراتەکە ئەبەن. پاشان خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿وَإِن كَانُوٓا۟ إِخْوَةً رِّجَالًا وَنِسَآءً فَلِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ ٱلْأُنثَيَيْنِ﴾ ئەگەر چەند خوشك‌و چەند برایەك لە پاش مردوو بەجێ مابوون‌و مردوو منداڵی نەبوو، هەر نێرینەی دوو ئەوەندەی مێینە میراتی وەردەگرێ. ئەمە بڕیاری عەسەبەیە لە کوڕان‌و کوڕی کوڕان‌و براکان، ئەگەر نێرینەو مێینە کۆ بوونەوە، نێرینە دوو ئەوەندەی مێینەی پێ ئەدرێ. پاشان خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿يُبَيِّنُ ٱللَّهُ

---

[1] البخاري (٦٧٣٦).

[2] فتح الباري (١٢/١٧)، مسلم (٣/١٢٣٣).

[3] النساء (١١).

لَكُمْ أَن تَضِلُّواْ وَٱللَّهُ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمٌۢ﴾ خودا بۆتان ڕوون دەكاتەوە، نەكا لێتان تێك بچێ. خودا لە هەموو شت ئاگادارە. واتە: خودا فەرزەكانی بۆ داناون‌و سنوورەكانی بۆ دیاری كردوون، شەریعەتەكەیشی بۆ ڕوون كردونەتەوە بۆ ئەوەی لە ڕێی ڕاست نەترازێن‌و ئاگاداری هەموو كاروبارو ئاكەمەكەشی‌و چیش لە بەرژەوەندی عەبدەكانیەتی لە چاكەو كێش لەو كەسانە نزیكترە لە مردوەكەو شایستەی میراتی وەرگرتنە. ئیبنوجەریر ڕیوایەتی كردوە لە تاریقی كوڕی شەهابەوە گوتی: عومەر پەتێكی (كتفاً) بە دەستەوە بوو، هاوەڵەكانی پێغەمبەری خودای (ﷺ) كۆكردەوەو پاشان گوتی: ئێستا بڕیارێكی وا ئەدەم لە بارەی كەلالەوە ئافرەتان لەناو شوێنەكانی خۆیاندا (خدورهن) باسی بكەن. لەو كاتەدا مارێك لەو ماڵە هاتە دەرەوەو بڵاوەیان لێ كرد. ئەویش گوتی: ئەگەر خودای مەزن بیویستایە ئەو كارە تەواو ببێ تەواوی دەكرد[1] ئەم فەرموودە سەنەدەكانی ڕاستن، حاكیم ڕیوایەتی كردوە لە ئەبوعەبدوڵلای نیسابوریەوە (النيسابوري) لە عومەری كوڕی خەتابەوە گوتی: بم پرسیایە لە پێغەمبەری خودا(ﷺ) لە سێ شت، ئەوەم پێ خۆشتر بوو لە وشتری سوور (حُمر النَّعَم): كێ جێنشینیەتی دوای خۆی؟ وە لەو كەسانەی گوتیان: دان دەنێین بە دانی زەكات لە ماڵ‌و سامانماندا بەڵام نایدەین بە تۆ، ئایا شەڕ كردن لەگەڵیان حەڵاڵە؟ لەبارەی كەلالەیشەوە. پاشان حاكیم گوتی: سەنەدەكانی ڕاستە بە مرجی بوخاری‌و موسلیم، بەڵام ئەمان نەیانهێناوە.[2] ئیبنوجەریر گوتی: ڕیوایەت كراوە لە عومەری كوڕی خەتابەوە (ڕەزای خوای لێبێ) كە گوتویەتی: من پێم شەرمە لەم بارەیەوە ڕام جیاواز بێ لەگەڵ ئەبوبەكردا، ئەبوبەكر (ڕەزای خوای لێبێ) دەڵێت: ئەوە بێجگە لە كوڕو باوكە.[3] ئەوەی كە ئەبوبەكر گوتویەتی زۆرینەی هاوەڵەكانی پێغەمبەرو (ﷺ) تابیعین‌و پێشەوایانی ئەم ئوممەتە لە كۆن‌و تازەدا هەر وایان گوتوەو قورئانیش بەڵگەیە لەسەری، وەك خودای مەزن ڕێنمایی داوە لەو بارەیەوەو ڕوونی كردوەتەوە ئەفەرموێت: ﴿يُبَيِّنُ ٱللَّهُ لَكُمْ أَن تَضِلُّواْ وَٱللَّهُ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمٌۢ﴾ والله أعلم.

[1] الطبري (٩/٤٣٩).
[2] الحاكم (٢/٣٠٤).
[3] الطبري (٩/٤٣٧).

سورەتی (المائدة)

لە(مەدینە)دا هاتووەتە خوارەوە

ڕێزی سورەتی مائیدەو کاتی هاتنە خوارەوەی

تیرمیزی ڕیوایەتی کردوە لە عەبدوڵڵای کوڕی عەمرەوە گوتی: دواین سورەت هاتە خوار سورەتی مائیدەو فەتح بوو[1] پاشان تیرمیزی گوتی: ئەم فەرموودە چاكو غەریبە (حسن غریب). ڕیوایەت کراوە لە ئیبنوعەبباسەوە گوتی: دواین سورەت هاتە خوار ﴿إِذَا جَآءَ نَصۡرُ ٱللَّهِ وَٱلۡفَتۡحُ﴾ بووە[2]. حاکیم ڕیوایەتی کردوە لە موستەدرەکەکەیدا (المستدرك) بە شێوەی ئەم ڕیوایەتەی تیرمیزی. پاشان گوتی: ئەم فەرموودە لەسەر مەرجی بوخاریو موسلیم سەحیحە بەڵام ئەوان ڕیوایەتیان نەکردوە.[3] دیسان حاکیم ڕیوایەتی کردوە لە جوبەیری کوڕی نوفەیرەوە (نُفیرْ) گوتی: حەجم کردوە (حججت) چوومە لای عائیشە پێی گوتم: ئەی جوبەیر مائیدە دەخوێنی؟ گوتم: بەڵێ، گوتی: ئەوسا ئەم سورەتە دواین سورەتە هاتە خوارەوە، هەر حەڵاڵێکتان تیا دی، ئێوەیش حەڵاڵی کەن، هەر حەرامێکتان تیا دی ئێوەش حەرامی کەن، پاشان حاکیم گوتی: ئەم فەرموودە سەحیحە لەسەر مەرجی بوخاریو موسلیم بەڵام ئەوان ئەم فەرموودەیان نەهێناوە[4]. ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردوە لە عەبدوڕەحمانی کوڕی مەهدیەوە لە مەعاویەی کوڕی، ئەمەی لێ زیاد کردوە دەڵێت: پرسیارم لە عائیشە کرد (ڕەزای خوای لێبێ) لە (بارەی) ڕەوشتی پێغەمبەری خوداوە (ﷺ) گوتی: (ڕەوشتی) ئەم قورئانە بووە[5] نەسائیش ڕیوایەتی کردووە[6].

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَوۡفُواْ بِٱلۡعُقُودِۚ أُحِلَّتۡ لَكُم بَهِيمَةُ ٱلۡأَنۡعَٰمِ إِلَّا مَا يُتۡلَىٰ عَلَيۡكُمۡ غَيۡرَ مُحِلِّي ٱلصَّيۡدِ وَأَنتُمۡ
حُرُمٌۗ إِنَّ ٱللَّهَ يَحۡكُمُ مَا يُرِيدُ ۝١ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تُحِلُّواْ شَعَٰٓئِرَ ٱللَّهِ وَلَا ٱلشَّهۡرَ ٱلۡحَرَامَ وَلَا ٱلۡهَدۡيَ وَلَا
ٱلۡقَلَٰٓئِدَ وَلَآ ءَآمِّينَ ٱلۡبَيۡتَ ٱلۡحَرَامَ يَبۡتَغُونَ فَضۡلٗا مِّن رَّبِّهِمۡ وَرِضۡوَٰنٗاۚ وَإِذَا حَلَلۡتُمۡ فَٱصۡطَادُواْۚ وَلَا يَجۡرِمَنَّكُمۡ شَنَـَٔانُ
قَوۡمٍ أَن صَدُّوكُمۡ عَنِ ٱلۡمَسۡجِدِ ٱلۡحَرَامِ أَن تَعۡتَدُواْۘ وَتَعَاوَنُواْ عَلَى ٱلۡبِرِّ وَٱلتَّقۡوَىٰۖ وَلَا تَعَاوَنُواْ عَلَى ٱلۡإِثۡمِ

---

[1] تحفة الاحوذي (٨/٤٣٦)، سەنەدەکانی بەهێز نی یە لەبەر حویەیی کوڕی عەبدوڵڵا.

[2] تحفة الاحوذي (٨/٤٣٧)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

[3] الحاکم (٢/٣١١)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

[4] الحاکم (٢/٣١١)، فەرموودەیەکی سەحیحە، لەسەر مەرجی موسلیم.

[5] أحمد (٦/١٨٨)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

[6] النسائي في الكبرى (١١١٣٨)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

وَٱلْعُدْوَٰنِ ۚ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ ۖ إِنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلْعِقَابِ ﴿٢﴾ حُرِّمَتْ عَلَيْكُمُ ٱلْمَيْتَةُ وَٱلدَّمُ وَلَحْمُ ٱلْخِنزِيرِ وَمَآ أُهِلَّ لِغَيْرِ ٱللَّهِ بِهِۦ وَٱلْمُنْخَنِقَةُ وَٱلْمَوْقُوذَةُ وَٱلْمُتَرَدِّيَةُ وَٱلنَّطِيحَةُ وَمَآ أَكَلَ ٱلسَّبُعُ إِلَّا مَا ذَكَّيْتُمْ وَمَا ذُبِحَ عَلَى ٱلنُّصُبِ وَأَن تَسْتَقْسِمُوا۟ بِٱلْأَزْلَٰمِ ۚ ذَٰلِكُمْ فِسْقٌ ۗ ٱلْيَوْمَ يَئِسَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مِن دِينِكُمْ فَلَا تَخْشَوْهُمْ وَٱخْشَوْنِ ۚ ٱلْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِى وَرَضِيتُ لَكُمُ ٱلْإِسْلَٰمَ دِينًا ۚ فَمَنِ ٱضْطُرَّ فِى مَخْمَصَةٍ غَيْرَ مُتَجَانِفٍ لِّإِثْمٍ ۙ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٣﴾﴾

خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ أَوْفُوا۟ بِٱلْعُقُودِ﴾ ئەی گەلی خاوەن باوەڕان هەر بەڵێنێك كە ئەیدەن، پێكی بێنن. ئیبنوئەبی حاتەم گوتی: ئەعمەش (الاعمش) بۆی گێڕاینەوە لە خەیسەمەوە (خیثمة) گوتی: هەموو شتێ لە قورئاندا بە ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟﴾ بوو ئەوە لە تەوراتدا بە (یأیها المسكین) واتە: بە ئەی هەژارەكان هاتوە ﴿أَوْفُوا۟ بِٱلْعُقُودِ﴾ ئیبنوعەبباسو موجاهیدو كەسانی تریش گوتویانە: مەبەست بە (العقود) پەیمانو بەڵێنە.[1] ئیبنوجەریر گوتی: كۆی زانایانی (الاجماع) لەسەرە. پاشان دەڵێ: (العهود) واتە: بەڵێن، ئەوەیە كە پەیمان ئەدەن بەیەكتری (دوو كەس یان دوو گرۆ) لەسەر هاوپەیمانی یان شتێكی تر[2] عەلی كوڕی ئەبوتەلحە گوتی لە ئیبنوعەبباسەوە لەم ئایەتەدا: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ أَوْفُوا۟ بِٱلْعُقُودِ﴾، (العقود) واتە: بەڵێنو پەیمانەكان. واتە: ئەی كۆمەڵی خاوەن باوەڕان هەر بەڵێنێك كە ئەیدەن بەجێی بێنن، لەوەی كە خوا حەڵاڵی كردوەو حەرامیشی كردوە، لەوەیش كە فەرزی كردوەو سنوری بۆ داناوە لە قورئاندا بە تەواوی، ناهەقی مەكەنو پەیمان مەشكێنن، پاشان زۆر گرنگی پێداوەو ئەفەرموێت: ﴿وَٱلَّذِينَ يَنقُضُونَ عَهْدَ ٱللَّهِ مِنۢ بَعْدِ مِيثَٰقِهِۦ وَيَقْطَعُونَ مَآ أَمَرَ ٱللَّهُ بِهِۦٓ أَن يُوصَلَ وَيُفْسِدُونَ فِى ٱلْأَرْضِ ۙ أُو۟لَٰٓئِكَ لَهُمُ ٱللَّعْنَةُ وَلَهُمْ سُوٓءُ ٱلدَّارِ﴾[3]، ئەو كەسانە كە پەیمانیان دا بە خوداو لە پاشان پاشگەز بونەوەو پەیوەندی نێوان خۆیانو خودایان پچڕی (كە خودا فەرمانی پێدابوون نەیپچڕێنن). هەتا دەگاتە (دوارۆژی خراپیان هەیە. زەحاك دەڵێت: ﴿أَوْفُوا۟ بِٱلْعُقُودِ﴾ واتە: ئەوەی حەلاڵەو ئەوەی حەرامەو ئەوەی كە خودا بەڵێنی وەرگرتوەو لە بڕوا بە پێغەمبەرو قورئانو جێبەجێ كردنی ئەوبەڵێنەی كەخودا لێی وەرگرتوون لەفەرزەكانو لە حەلاڵو حەرامدا.

---

[1] الطبري (٩/٤٥٠).

[2] الطبري (٩/٤٤٩).

[3] الرعد (٢٥). الطبري (٩/٤٥٠).

باسی ئەوەی حەڵاڵەو ئەوەی حەرامە لە ئاژەڵەکاندا

خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿أُحِلَّتۡ لَكُم بَهِيمَةُ ٱلۡأَنۡعَٰمِ﴾ خواردنی گۆشتی ئاژەڵتان بۆ حەڵاڵە. کە بریتیە لە گۆشتی وشترو گاو مانگاو بزنو مەڕ ئەمە قسەی حەسەنو قەتادەو کەسانی تریشە[1] ئیبنوجەریر دەڵێت: لەلای عەرەبەکانیش ئەوە هەر وایە. ئیبنوعومەرو ئیبنوعەبباسو کەسانی تریش ئەم ئایەتەیان کردۆتە بەڵگە لەسەر حەڵاڵی کۆرپەلە (جنین) ئەگەر بە مردوویی بینرا لە سکی دایکیدا، کە دایکی سەر برا.[2] فەرمووده لەم بارەیەوە هاتوە لە سونەنەکاندا (السنن) کە ئەبوداوودو تیرمیزیو ئیبنوماجە ڕیوایەتیان کردوە لە ئەبوسەعیدەوە دەڵێت: ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) وشترو گاو مانگاو مەڕو بزن سەردەبڕین کۆرپەلە لە سکیاندایە، فڕێی دەین یان بیخۆین؟ فەرمووی: (بیخۆن ئەگەر حەزتان لێ کرد، چونکە، سەربڕینی کۆرپەلە سەربڕینی دایکیەتی). تیرمیزی دەڵێت: فەرموودەیەکی چاکە.[3] ئەبوداوود ڕیوایەتی کردوە لە جابیری کوڕی عەبدوڵڵاوە لە پێغەمبەری خوداوە (ﷺ) فەرموویەتی: (سەربڕینی کۆرپەلە سەربڕینی دایکیەتی)[4] ئەبوداوود خۆی بە تەنیا هێناویەتی.

پاشان خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿إِلَّا مَا يُتۡلَىٰ عَلَيۡكُمۡ﴾ مەگین ئەوەی کە پێتان دەڵێن (فڕێیدەن (حەرامە)) عەلی کوڕی ئەبوتەلحە گوتی لە ئیبنوعەبباسەوە دەڵێت: مەبەست بەوە گۆشتی بەرازو خوێنو مردارەوە بوە.[5] قەتادە دەڵێت: مەبەست پێی، ئەوەی ناوی خودای لەسەر نەهێنراوەو مردارەوە بووە.[6] (والله أعلم) وا دیارە مەبەست پێی ئەم ئایەتەیە کە خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿حُرِّمَتۡ عَلَيۡكُمُ ٱلۡمَيۡتَةُ وَٱلدَّمُ وَلَحۡمُ ٱلۡخِنزِيرِ وَمَآ أُهِلَّ لِغَيۡرِ ٱللَّهِ بِهِۦ وَٱلۡمُنۡخَنِقَةُ وَٱلۡمَوۡقُوذَةُ وَٱلۡمُتَرَدِّيَةُ وَٱلنَّطِيحَةُ وَمَآ أَكَلَ ٱلسَّبُعُ﴾[7] لەسەرتان حەرام کراوە، مردار بووەوەو خوێنو گۆشتی بەرازو هەر ئاژەڵێ لە کاتی سەربڕینیدا ناوی غەیرەز خودای لێ بێننو خنکاوو بە لێدان کوژراوو هەڵدێراوو بە شۆق لێدان مردار بوبێتەوەو ئەوەیش دڕندە لێی خواردبێ. ئەمانە هەرچەندە ئاژەڵن. بەڵام بەم هۆکارو کۆسپانە حەرام کراون. هەر بۆیە خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿إِلَّا مَا ذَكَّيۡتُمۡ وَمَا ذُبِحَ عَلَى ٱلنُّصُبِ﴾ مەگین پێش لە گیان

[1] الطبري (٩/٤٥٥).

[2] الطبري (٩/٤٥٦).

[3] أبوداود (٣/٢٥٢)، تحفة الاحوذي (٥/٤٨)، إبن ماجة (٢/١٠٦٦)، فەرموودەیەکی حەسەنە.

[4] أبوداود (٣/٢٦٣)، فەرموودەیەکی حەسەنە.

[5] الطبري (٩/٤٥٨).

[6] الطبري (٩/٤٥٨).

[7] المائدة (٣).

دەرچوونی فریای کەون سەری بڕن. هەرچی لەسەر کێلەکە بەردەکاندا دادەنرێ سەردەبڕێ، بۆیە ئەفەرموێت: ﴿أُحِلَّتْ لَكُم بَهِيمَةُ الْأَنْعَامِ إِلَّا مَا يُتْلَىٰ عَلَيْكُمْ﴾ گۆشتی ئاژەڵ حەلاڵ کراوە بۆتان مەگین ئەوەی دەخوێنرێتەوە بەسەرتاندا (کە حەرامە) لە هەندێ کاتو ساتدا. پاشان خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿غَيْرَ مُحِلِّي الصَّيْدِ وَأَنتُمْ حُرُمٌ﴾ کاتێ لە ئیحرامدان ڕاو بە حەلاڵ مەزانن. هەندێ لە زانایان گوتویانە: مەبەست بە ئاژەڵ، ئاژەڵی مالیە وەك وشترو گاو مانگاو مەڕو بزن. ئاژەڵی کێویشە وەك ئاسكو گاو مانگاو کەرەکێویو هاوشێوەیی ئەمانە. لە ئاژەڵی مالیدا، ئەوانەی لێ جیاکراوەتەوە لە پێشەوە باسمان کرد. لە ئاژەڵی کێویشا ڕاوکردنیان لە کاتی ئیحرامدا. وە گوتراوە: مەبەست پێی، هەرچی ئاژەڵە بۆتان حەلاڵ کراوە لە هەموو کاتێکدا، تەنیا لە کاتی ئیحرامدا ڕاوکردن قەدەغە کراوە. بێگومان خودا وا بڕیاری داوە، خودا لە گشت شتێکدا کە فەرمان ئەدات یان قەدەغە دەکات لە کارزانە. هەر بۆیە ئەفەرموێت: ﴿إِنَّ اللَّهَ يَحْكُمُ مَا يُرِيدُ﴾ خودا چۆن خۆی بیەوێ فەرمان ئەدات.

فەرماندان بە ڕێز لێنان لە پیرۆزیەکانو مانگە حەرامەکان

پاشان خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تُحِلُّوا شَعَائِرَ اللَّهِ﴾ ئەی کۆمەڵی خاوەن باوەڕان، لەو ڕێوشوێنەی خودا بۆ ئێوەی داناوە لا مەدەن. ئیبنوعەبباس دەڵێت: مەبەست پێی دروشمەکانی حەجە[1] موجاهید دەڵێت: سەفاو مەرواو ئاژەڵی قوربانیو هەر ئاژەڵێ لە مەککە سەربڕێ لە دروشمەکانی خودایە.[2] گوتراوە: دروشمەکانی خودا قەدەغەکراوەکانیە. واتە: قەدەغەکراوەکانی خودا حەلاڵ مەکەن، کە خودا قەدەغەی کردوون، لەبەر ئەوەیە کە خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَلَا الشَّهْرَ الْحَرَامَ﴾ شەڕ مەکەن لە مانگە قەدەغەکراوەکاندا. مەبەست پێی قەدەغەکردنی شەڕە لەو مانگانەداو بە گەورە زانینیانەو واز هێنان لەو شتانەی کە خودا قەدەغەی کردوە تێیاندا لە پێش دەستی لە شەڕ کردنو جەخت کردنەوە لە دورکەوتنەوە لەو شتانەی حەرامن لەو مانگانەدا. وەك ئەفەرموێت: ﴿يَسْأَلُونَكَ عَنِ الشَّهْرِ الْحَرَامِ قِتَالٍ فِيهِ ۖ قُلْ قِتَالٌ فِيهِ كَبِيرٌ﴾[3] لێت دەپرسن: تووشی شەڕ بوون لە مانگی شەڕپەسدا چۆنە؟ بڵێ: شەڕ لە مانگی وادا گوناهێکی زۆر گەورەیە. وە ئەفەرموێت: ﴿إِنَّ عِدَّةَ الشُّهُورِ عِندَ اللَّهِ اثْنَا عَشَرَ شَهْرًا فِي كِتَابِ اللَّهِ يَوْمَ خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ مِنْهَا

---

[1] الطبري (٤٦٣/٩).

[2] الطبري (٤٦٣/٩).

[3] البقرة (٢١٧).

﴿أَرْبَعَةٌ حُرُمٌ﴾[1] لـەو ڕۆژەوە خـودا ئاسمانـەکانو زەمینـی دروسـت کـردوە، نووسـیویەتی ژمـارەی مانگەکان دوازدەن، لە چواریاندا شەڕ قەدەغەیە. (دەوەستی) وە لە سەحیحی بوخاریدا هاتوە لە ئەبی بەکرەتەوە (ابي بكرة) کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) لە حەجیماڵئاوایدا فەرموویەتی: (زەمان وەك خۆی دەورە دەکات لەو ڕۆژەوە خودا ئاسمانەکانو زەمینی دروست کردوە ساڵ دوازدە مانگە، لە چواریاندا شەڕ قەدەغەیە. سیانیان بە دوای یەکدان: زولقاعدەو زولحەجەو موحەڕەم، ڕەجەب موزەڕیش (مُـضَر) کە لە نێوانی جومادیو شەعباندایە)[2] ئەمە بەڵگەیە لەسەر بەردەوامی قەدەغەکردن هەتا کۆتایی دنیا.

قوربانی کردن بۆ ماڵی خودا(بيت الله)

خـودای مـەزن ئەفـەرموێت: ﴿وَلَا ٱلْهَدْيَ وَلَا ٱلْقَلَٰٓئِدَ﴾ هـەر ئـاژەڵێ نـاوی قوربـانی لەسـەرە یـان ملوانکەی (قەلادەی) لە ملدایە دەستی بۆ مەبەن (ڕێی لێ مەگرن) واتە: واز لـە قوربـانی کـردن مـەهێنن بۆ کەعبەی پیرۆز، چونکە ئەو قوربانی کردنە ڕێزلێنانی دروشمەکانی خودایە. وازیش لە ملوانکەی ملـی قوربانی مەهێنن تا جیابکرێتەوە لە ئاژەڵەکانی تر، بۆ ئەوەی بزانرێ لەو ئاژەڵە قوربانیـە بـۆ کەعبـەی پیرۆز، چونکە هەرکەسێ نیازی خراپی هـەبێ لێـی دوور ئەکەوێتـەوە کەسێکیش چـاوی پێـی بکـەوێ، هەوڵ ئەدات ئەویش بەو کارە هەڵسێو قوربـانی بکـات. بێگومـان هەرکەسـێ بانگـەواز بکـات بـۆ ڕێـی چاکە، بە ئەندازەی ئەو کەسە خێری دەست ئەکەوێ، بـەبێ ئـەوەی خێـرو پاداشـتی ئـەو کەسـە کـەم بکات کە بە گوێی ئەوی کردوە. هەر بۆیە کاتێ پێغەمبەری خودا(ﷺ) لە زیلحەلیفە (ذی الحلیفة) شەو مایەوە کە (وادي العميق)ی پێ دەڵێن، کە بـەیانی هەڵسا گـەڕا بەسـەر هاوسـەرەکانیدا کە نـۆ کـەس بـوون. پاشـان خـۆی شـۆریو بـۆنی خۆشـی لـە خـۆی داو دروشـمی حـەجو عـومرەی بـەجێ هێنـاو قوربانیەکەی وشترێکی (كثيرة تنيق على ستين) لـە چاکترین شێوەو ڕەنـگ بـوو. وەك خـودای مـەزن ئەفەرموێت: ﴿ذَٰلِكَ وَمَن يُعَظِّمْ شَعَٰٓئِرَ ٱللَّهِ فَإِنَّهَا مِن تَقْوَى ٱلْقُلُوبِ﴾[3] دیارە هەرکەس ئەو دروشمانـەی خودا دایناوە ڕێز لێ بگرێ، نیشانەیە، کە بە دڵ لە خودا دەترسێ. موقاتیلی کوڕی حەیان لـەم دەقـەدا کە خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَلَا ٱلْقَلَٰٓئِدَ﴾ ملوانکە لە مل کـردن حـەلاڵ مەکـەن، خـەڵکی چـەرخی نەفامی کاتێ لە وڵاتی خۆیـان دەردەچـوون لـە غـەیرەز مانگـە حەرامەکاندا، کوڵكو موویـان دەکـردە ملوانکەو لە ملی خۆیان دەکرد، موشریکەکانی مەککەیش لـە تـۆکڵی داری مەککـە ملوانکەیان دروسـت ئەکردو لە ملیان دەکرد، خۆیان پێ دەپاراست. ئیبنوئەبی حاتـەم ڕیوایـەتی کـردوە دیسـان ڕیوایـەتی

[1] التوبة (٣٦).

[2] فتح الباري (١٠/١٠).

[3] الحج (٣٢).

کردوه له ئیبنوعەبباسەوە (ڕەزای خوایان لێبێ) دەڵێت: لەم سورەتەدا دوو ئایەت نەسخ بوتەوە، ئایەتی (القلائد)و ئەم ئایەتەشی کە خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿فَإِن جَآءُوكَ فَٱحۡكُم بَيۡنَهُمۡ أَوۡ أَعۡرِضۡ عَنۡهُمۡ﴾[1]، ئەگەر جارێ دێنە لات، تۆ (بە ویستی خۆت) بڕیار لە نێوانیاندا بدە، یان خۆتیان لێ تێ مەگەیەنە.

شەڕ کردن لەگەڵ ئەو کەسانەدا نیازی کەعبەی پیرۆزیان هەیە حەڵاڵ مەکەن

خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿وَلَآ ءَآمِّينَ ٱلۡبَيۡتَ ٱلۡحَرَامَ يَبۡتَغُونَ فَضۡلٗا مِّن رَّبِّهِمۡ وَرِضۡوَٰنٗا﴾ ئەو کەسانەش ئازار مەدەن کە بە هیوان لە ماڵی خودا ڕۆزیو ڕەزای خوا وەدەس بێنن. واتە: شەڕ کردن لەگەڵ ئەوانەی نیازیان هەیە بێن بۆ کەعبەی پیرۆز حەڵاڵ مەکەن، ئەو ماڵەی کە هەرکەسێ چووبێتە ناوی بێ ترس بووە، هەر بەو شێوەیەش هەر کەسێ بیەوێ لە ماڵی خودا ڕۆزیو ڕەزای خودا دەس بخات بەرگری لێ مەکەنو دژایەتی مەکەنو پەلاماری مەدەن. موجاهیدو عەتاو ئەبولعالیەو موتەڕیفی (مُطرِّف) کوڕی عەبدوڵڵاو عەبدوڵڵای کوڕی عوبەیدی کوڕی عومەیرو ڕەبیعی کوڕی ئەنەسو مەقاتیلی کوڕی حەیانو قەتادەو کەسانی تریش گوتویانە: لەم ئایەتەدا: ﴿يَبۡتَغُونَ فَضۡلٗا مِّن رَّبِّهِمۡ وَرِضۡوَٰنٗا﴾ مەبەست پێی بازرگانیە.[2] ئەم ئایەتە وەك ئەو ئایەتە وایە کە لە پێشەوە باسمان کرد کە خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿لَيۡسَ عَلَيۡكُمۡ جُنَاحٌ أَن تَبۡتَغُواْ فَضۡلٗا مِّن رَّبِّكُمۡ﴾[3] ئەگەر لە ماوەی حەجیشدا ڕۆزی لە خودا داوا بکەن هیچ گوناهتان لەسەر نیە. ﴿وَرِضۡوَٰنٗا﴾ ئیبنوعەبباس دەڵێت: بە بەڵگەکانیان خودا لە خۆیان ڕازی دەکەن. عیکرمەو سوودیو ئیبنوجورەیج باسیان کردوەو دەڵێن: ئەم ئایەتە لەسەر حوتەمی کوڕی هیندی بەکری هاتوەتە خوار، کە پەلاماری ئاژەڵێکی مەدینەی دابوو، کە ساڵی دوایی هات بۆ عەمرە بۆ ماڵی خودا، هەندێ لە هاوەڵەکانی پێغەمبەر(ﷺ) ویستیان ڕێی لێ بگرن، لە ڕێگەدا کە دەهات بۆ ماڵی خودا. خودای گەورە ئەم ئایەتەی ناردە خوارەوە: ﴿وَلَآ ءَآمِّينَ ٱلۡبَيۡتَ ٱلۡحَرَامَ يَبۡتَغُونَ فَضۡلٗا مِّن رَّبِّهِمۡ وَرِضۡوَٰنٗا﴾[4].

---

[1] المائدة (٤٢). الطبري (١٠/٣٣٢).

[2] الطبري (٩/٤٨٠-٤٨١).

[3] البقرة (١٩٨).

[4] الطبري (٩/٤٧٢-٤٧٥).

ڕاوکردن حەڵاڵە هەرکاتێ لە ئیحرامدا نەمان

خـودای گـەورە ئەفـەرموێت: ﴿وَإِذَا حَلَلْتُمْ فَٱصْطَادُوا۟﴾ هـەرکاتێ لـە ئیحـرام لێبونـەوەو دەرچـوون ڕاوکردنتان بۆ ڕەوایە واتە: دوای ئەوەی ئیحرامتان شکاندو لێ بونەوە، ئەوی کە لێتان قەدەغە کرا بـوو بۆمان حەڵاڵ کردنەوە لـە ڕاوکـردن. ئەمـە بڕیارێکـە دوای قەدەغـەکردنی. ئـەو ڕاستیەی کـە لەسـەری دادەمەزرێ ئەوەیە کە بڕیارەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی پێش قەدەغەکردنەکە، ئەگـەر واجب بـوبێ بە واجب دادەنرێ، ئەگەر موستەحب بوبێ بە موستەحبو موباح بـوبێ بـە موبـاح دادەنـرێ. ئـەوەیش دەڵێ: بۆ وجوبە. بە ئایەتی زۆر وەڵام ئەدرێتەوە، ئەویش دەڵێ: بۆ ئباحەیـە، هـەر بـە چـەند ئایـەت وەڵام ئەدرێتەوە، ئەویش گشت بەڵگەکان ڕێك دەخات ئەوەیە کە باسمان لێوە کرد والله أعلم.

دادگەری لە هەموو کاتێکدا پێویستە

خـــودای مـــەزن ئەفـــەرموێت: ﴿وَلَا يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَـَٔانُ قَوْمٍ أَن صَدُّوكُمْ عَنِ ٱلْمَسْجِدِ ٱلْحَرَامِ أَن تَعْتَدُوا۟﴾ ڕقی کۆنیش هەڵتان نەنێ، کە نەیاهێشت بە زیارەتی کەعبەی ماڵی خودا بگـەن، کـە دەست درێژی بکەن، واتە: با قینی ئەو کەسانەی کە ڕێیان نەدان بچنە کەعبەی پـیرۆز لـە سـاڵی حودەیبیـەدا کە لە سنوری بڕیاری خودا دەرچنو بە ناهەقی دەست درێژی بکەنە سەریان، بەڵکو دەبێ بەو شێوەی خودا فەرمانتان پێدەکات پێ بە دادگەری لەگەڵ هەموو کەسێکیاندا بجوڵێنەوە. وەك ئەم ئایـەی کـە بەو زوانە دێت کە خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَلَا يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَـَٔانُ قَوْمٍ عَلَىٰٓ أَلَّا تَعْدِلُوا۟ ٱعْدِلُوا۟ هُوَ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَىٰ﴾[1] دوژمنـیو قینـی دەستەو کۆمـەڵێ هـەڵتان نـەنێ، بەڕاسـتی ڕەفتـار نەکـەن بـە یەکسانیو بێ جیاوازی لەگەڵ خەڵکدا ڕەفتار بکەن. واتە: با ڕقو قینتـان لـە کۆمـەڵێ واتـان لێ نـەکات واز لە دادگەری بهێنن، چونکە دادگەری ئەرکی هەموو کەسێکە بەرانبەر هەموو کەسێ لە هـەموو کـاتو ساتێکدا. ئیبنوئـەبی حاتـەم ڕیوایـەتی کـردوە لـە زەیـدی کـوڕی ئەسـلەمەوە دەڵێت: پێغەمبـەری خودا(ﷺ) لە ساڵی حودەیبیەدا خۆی هاوەڵەکانی کـە هەنـدێ لـە موشـریکەکان نەیانهێشت زیـارەتی ماڵی خودا بکەن، زۆر بەلایانەوە گـران بـوو، کۆمـەڵێ لـە بـت پەرستەکانی خـەڵکی خۆرهـەڵات نیـازی عومرەیان بوو، بە لایاندا تێپەڕین، هاوەڵەکانی پێغەمبەر(ﷺ) گوتیان: ئێمەیش ڕێگـە نـادەین ئەمانـە بڕۆن، وەك چۆن هاوەڵەکانی ئەمانە ڕێگەی ئێمەیان نەدا. خودای گەورە ئەم ئایەتەی نـاردە خـوارەوە: ﴿شَنَـَٔانُ﴾ واتـە: ڕقو قـین وەك ئیبنوعـەبباسو کەسـانی تـریش گوتویانـە.[2] پاشـان خـودای گـەورە

---

[1] المائدة (٨).

[2] الطبري (٤٧٨/٩)، فەرموودەیەکی مورسەلە.

ئەفەرموێت: ﴿وَتَعَاوَنُوا عَلَى الْبِرِّ وَالتَّقْوَى وَلَا تَعَاوَنُوا عَلَى الْإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ﴾ لەسەر چاکەو پارێزگاری (لە خوا ترسی) یارمەتی یەکتری بدەن، نەك لەسەر تاوان و دەست درێژی. خودای گەورە فەرمان دەکات بە عەبدە خاوەن بڕواکانی کە یارمەتی یەکتری بدەن لەسەر کارە چاکەکانو واز لە خراپەکان بێنن. ئا ئەوە پارێزگاریە، یارمەتی دانی لەسەر پڕوپوچو تاوانو بەزاندنی سنورەکانی خودای لێ قەدەغە کردوون. ئیبنوجەریر دەڵێت: ﴿الْإِثْمِ﴾ واز هێنانە لەوەی خودا فەرمانی پێداوە بە کردنی ﴿وَالْعُدْوَانِ﴾ لادانەوە لەوی خودا سنوری بۆ داناوە لە ئاینەکەتاندا. وە لادانە لەوەی کە خودا فەرزی کردوە لەسەرتان لە خۆتاندا یان لە غەیرەز خۆتاندا.[1] ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردوە لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە دەڵێت: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (یارمەتی براکەت بدە ستەمکارە یان ستەملێکراوە) گوترا: ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئەمە یارمەتیم داوە لەبەر ئەوە ستەمی لێکراوە، چۆن یارمەتی ئەوە بدەم ستەمی لێکراوە؟ فەرمووی: (دەیگریو ڕێگری لێ دەکەی لەو ستەمە، ئەوە یارمەتی دانیەتی)[2] بوخاری خۆی بە تەنیا لە فەرموودەکەی هوشەیما (هُشَیم) بەو شێوەیە هێناویەتی.[3] ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردوە لە یەکێ لە هاوەڵەکانی پێغەمبەرەوە (ﷺ) فەرموویەتی: (ئەو خاوەن باوەڕەی تێکەڵاوی خەڵکی دەکاتو لەسەر ئازاریان خۆڕادەگرێ، پاداشتی گەورەترە لەوەی کە تێکەڵاوی خەڵکی ناکاتو خۆڕاناگرێ لەسەر ئازاریان)[4] ئەبوهورەیرە دەڵێت: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (هەرکەسێك بانگی خەڵکی بکات بۆ ڕێگای ڕاست، ئەوە بە ئەندازەی پاداشتی ئەوانەی شوێنی دەکەون پاداشتی دەست دەکەوێت، هیچ لە پاداشتی ئەوان کەم ناکات، هەرکەسیش بانگی خەڵکی بکات بۆ گومڕایی، ئەوە بە ئەندازەی تاوانی ئەوانەی شوێنی دەکەون تاوان هەڵدەگرێو هیچ لە تاوانی ئەوان کەم ناکات)[5].

ئەو ئاژەڵانەی خواردنیان قەدەغەیە

خودای مەزن عەبدەکانی خۆی ئاگادار دەکات کە خواردنی ئاژەڵی مردارۆ بوو بەکارهێنانی حەرامە. واتە: ئەو ئاژەڵانەی کە مردار دەبنەوە بێ ئەوەی سەر ببڕێن یان ڕاو بکرێن گومانی تێدا نیە کە زیانیان

---

[1] الطبري (٤٩٠/٩).

[2] أحمد (٩٩/٣)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

[3] فتح الباري (١١٧/٥).

[4] أحمد (٣٦٥/٥)، فەرموودەیەکی چاکە بوخاری ڕیوایەتی کردوە لە (الادب المفرد (٣٨٨٠)) تیرمیزی (لە (٢٥٠٧)) ئەحمەد (٤٣/٢)، ابن ماجە (٤٠٢٣) لە فەرموودەکەی ئیبنوعومەرا (حافیزیش لە (الفتح)دا (٥٤٢/١٠)و گوتی سەنەدەکانی چاکن.

[5] مسلم (٢٠٦٠/٤).

هەیە، چونکە خوێنکە لەلاشەیاندا دەمێنێتەوە، زیانیان بە لاشەو ئاینی مەردم دەگەیەنێ. کە ئەوە خودا حەرامی کردوە. بەڵام لەناو مردارەبوەکاندا ماسی جیاکردوەتەوە، کە خواردنی حەڵاڵە، سەربڕابێ یان سەر نەبڕابێ وەك یەکە. وەك ئیمامی مالیكو ئەبوداوودو تیرمیزیو نەسائیو ئیبنوماجەو ئیبنوخوزەیمەو ئیبنوحیبان ڕیوایەتیان کردوە لە ئەبوهورەیرەوە کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (دەریا ئاوەکەی پاك کەرەوەیەو مردارەوەبووشی حەڵاڵە) کوللەیش هەر بەم شێوەیە خواردنی بە مردارەوە بی حەڵاڵە وەك لەمەوبەدوا باسی دەکەین. ﴿وَٱلدَّمُ﴾ خوێنی ڕژێنراو وەك لە ئایەتێکی تردا ئەفەرموێت: ﴿أَوۡ دَمٗا مَّسۡفُوحًا﴾[1] یان خوێنی ڕژێنراو. ئەمە قسەی ئیبنوعەبباسو سەعیدی کوڕی جوبەیر. ئیبنوئەبی حاتەم ڕیوایەتی کردوە لە ئیبنوعەبباسەوە کە پرسیاری لێ کراوە لەبارەی سپڵەوە گوتی: بیخۆن، گوتیان: سپڵ خوێنە، دەڵێت: خوێنی ڕژێنراوتان لێ حەرام کراوە ئەبوعەبدوڵلا موحەممەدی کوڕی ئیدریسی شافیعی ڕیوایەتی کردوە لە ئیبنوعومەرەوە بە مەرفوعی، دەڵێت: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (دوو مردارۆبوومان بۆ وە دوو خوێنمان بۆ حەڵاڵ کراوە، دوو مردارەوەبوەکە ماسیو کوللەیە، دوو خوێنەکەیش جگەرو سپڵە)[2] ئیمامی ئەحمەدو ئیبنوماجەو دارولقطنی (الدار القطني) لە فەرموودەی عەبدوڕەحمانی کوڕی زەیدی کوڕی ئەسلەمەوە کە فەرموودەیەکی لاوازە.[3] ﴿وَلَحۡمُ ٱلۡخِنزِيرِ﴾ گۆشتی بەراز واتە: بەرازیماڵیو بەرازی کێوی، مەبەست بە گۆشتی بەراز واتە: گشت بەشەکانی هەتا چەوریەکەیشی وەك خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿فَإِنَّهُۥ رِجۡسٌ﴾[4] بێگومان ئەو گۆشتە پیسە. دیارو ڕوونتر ئەوەیە کە وترا گۆشت هەموو بەشەکانی تریش دەگرێتەوە، وەك لە زمانی عەرەبەوە وەردەگیرێو لەناو عەرەبدا هەر وا باوە. لە سەحیحی موسلیمدا هاتوە، لە بورەیدەی کوڕی حەسەیبیئەسلەمیەوە (ڕەزای خوای لێبێ) دەڵێت: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (هەرکەسێ یاری کرد بە نەردەشیر (النَّرْدَشِير) (یاریەکی ناسراوە). وەك ئەوە وایە کە دەستی بە گۆشتو خوێنی بەراز چەور کردبێ)[5]. ئەگەر ئەم نەفرین لێکردنە بۆ دەست لێدانی بێ، ئەی ئەو هەڕەشەو جەخت کردنەوەیە لەسەر خواردنو سود لێ وەرگرتنی لە بەرکاهێنانی بۆ

---

[1] الانعام (١٤٥).

[2] ترتیب مسند الشافعي (١٧٢/٢)، فەرموودەیەکی مەرفوعی لاوازە، ڕاستتر ئەوەیە مەوقوفە حوکمی مەرفوعی هەیە لەبەر ((أُحِلَّ)) چونکە ئەو کەسە ئەوەی حەڵاڵ کردوە پێغەمبەری خوا بووە (ﷺ) کە لە خواوە نیگای بۆ هاتوە.

[3] أحمد (٩٧/٢)، الدار القطني (٢٧٢/٤)، البيهقي (٢٥٤/١)، فەرموودەیەکی لاوازە.

[4] الانعام (١٤٥).

[5] الطبري (٥٠٣/٩).

خواردن دەبێ چۆن بێ؟ ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە گوترا گۆشت، هەموو بەشەکانی تریش دەگریتەوە لە پیوو بەزو هەر شتێکی تر. لە هەردوو سەحیحەکەدا هاتووە کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (بێگومان خودا کڕینو فرۆشتنی مەیو مردارەوەبوو بەرازو بتەکانی حەرام کردوە) گوترا: ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئەی چەوری مردارەوەبوو کە ئەدرێ لە کەشتیو پێستی پێ چەور دەکرێ خەڵکی بۆ چرا بەکاری دێنن؟ فەرمووی: نەخێر، ئەویش حەرامە)[1]، وە لە سەحیحی بوخاریدا هاتوە لە فەرموودەکەی ئەبوسوفیاندا کە گوتی بە هرقل پاشی ڕۆم: کە ڕێگری لێ کردوین (لە خواردنی) خوێنو مردارەوە بوو. پاشان خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿وَمَآ أُهِلَّ لِغَيۡرِ ٱللَّهِ بِهِۦ﴾ وە هەر ئاژەڵێ کە لەوەختی سەربڕیندا ناوی بێجگە خوای لێ بێنن. واتە: هەر ئاژەڵێ ناوی بێجگە خودای لێ بێنرێت لە کاتی سەبڕیندا حەرامە. چونکە خودای مەزن وای داناوە کە دەبێ لەکاتی سەربڕینی ئاژەڵدا ناوی خوای لێ بنرێ. هەرکاتێ لەوە لادراو ناوی غەیرەز خودای لێ نرا وەك بت یان زۆردار یان پەیکەر یان هەر شتێکی تعر لە دروست کراوەکانی خودا، بێگومان بە کۆی دەنگی زانایان (الاجماع) حەرامە. وە ئەفەرموێت: ﴿وَٱلۡمُنۡخَنِقَةُ﴾ ئاژەڵی خنکاو. واتە: ئەو ئاژەڵەی بە خنکان مردارەوە بووە، بە ئارەزوو یان بە ڕێکەوت هەڵبزوقێو بە پەتەکەی ملی بتاشێو پێی مردار ببێتەوە ئەوەیش حەرامە. وە ﴿وَٱلۡمَوۡقُوذَةُ﴾ ئەو ئاژەڵەی کە بە لێدان. بە شتی قورس کە تیژ نەبێ لێی بدرێ هەتا مردار دەبێتەوە دیسان خواردنی حەرامە. وەك ئیبنوعەبباسو کەسانی تریش گوتیان: ئەوەی بە دار لێی بدرێو دەستو قاچی شل ببێو مردار ببێتەوە[2] قەتادە دەڵێت: خەڵکی چەرخی نەفامی بە دار ئەیاندا لێی هەتا مردار دەبوەوە ئەوسا دەیانخوارد.[3] وە لە فەرموودەی سەحیحدا هاتوە کە عەدی کوڕی حاتەم دەڵێت: گوتم: ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) من پەلار یان تیر دەگرمە نێچیرو لێی ئەدات، فەرمووی: (ئەگەر بە تیژیەکەی تێت گرتو کونی کرد بیخۆ، وە ئەگەر بە پانیەکەی لێی دا ئەوە مردارەوە بوەو مەیخۆ)[4] جیاوازی کردوە لە نێوان ئەوەی بە تیر یان بە تیری کورتو شێوە یان بە تیژیەکەیان لێی دەدرێ، حەڵاڵی کردوە، بەڵام ئەوەی بە پانیەکەی لێی دراوە بە مردارەوە بوو دادەنێو حەڵاڵی نەکردوە ئەمە هاودەنگی زانایانی لەسەرە لەلای شارەزایانی ئاینی (الفقهاء). ﴿وَٱلۡمُتَرَدِّيَةُ﴾ هەڵدێراو. واتە: ئەو ئاژەڵەی کە لە شوێنی بەرزو بڵندەکانەوە دەکەونە خوارو بەوە مردار دەبێتەوە ئەمەیش

---

[1] فتح الباري (٤/٤٩٥)، مسلم (٣/١٢١٧).

[2] الطبري (٩/٤٩٦).

[3] الطبري (٩/٤٩٦).

[4] فتح الباري (٩/٥١٨).

حەڵاڵ نیە. عەلی کوڕی ئەبوتەلحە گوتی لە ئیبنوعەبباسەوە: ﴿الْمُتَرَدِّيَةُ﴾ ئەوەیە کە لە کێو دەکەوێتە خوارەوە.[1] قەتادە دەڵێت: ﴿وَالْمُتَرَدِّيَةُ﴾ ئەو ئاژەڵەیە دەکەوێتە ناو بیر[2] سوودی وتی: ئەو ئاژەڵەیە لە کێو دەکەوێتە خوارەوە یان دەکەوێتە ناو بیر.[3] ﴿وَالنَّطِيحَةُ﴾ ئەو ئاژەڵەیە کە بەهۆی شۆق لێدانی ئاژەڵێکی ترەوە مردار دەبێتەوە، خواردنی حەرامە، با شاخەکەیش بریندار کردبێ‌و خوێنیشی لێ بڕوات‌و لە شوێنی سەربڕینیشدا بریندار کردبێ. پاشان خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿وَمَا أَكَلَ السَّبُعُ﴾ هەرچی دڕندەی کێوی دڕیویەتی. وەك شێرو پڵنگ‌و گورگ‌و سەگ. هەندێکی لێ خواردوەو بەوە مردار بوەتەوە. با خوێنیشی لەبەر چووبێ‌و لە شوێنی سەربڕینیشیدا بێ. بە کۆی دەنگی زانایان خواردنی حەرامە. هەرچەندە خەڵکی چەرخی نەفامی ئەوەی لە دەمی دڕندەی کێوی بمایەتەوە لە مەڕو وشترو گاو مانگا هەرشتێ لە تر لەمانە دەیانخوارد، بەڵام خودای مەزن ئەمەی لە بڕواداران حەرام کرد ﴿إِلَّا مَا ذَكَّيْتُمْ﴾ مەگەر پێش لە گیان دەرچونیان فریای کەون سەریان بڕن. عەلی کوڕی ئەبوتەلحە گوتی لە ئیبنوعەبباسەوە لەم دەقەدا کە خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿إِلَّا مَا ذَكَّيْتُمْ﴾ دەڵێت: مەگین ئەو ئاژەڵانەی کە فریای سەربڕینی کەوتبن‌و گیانی تیا مابێ ئەوە بیخۆن.[4] هەروا لە سەعیدی کوڕی جوبەیرو حەسەنی بەسری‌و سوودیشەوە ڕیوایەت کراوە[5] ئیبنوجەریر ڕیوایەتی کردوە لە عەلیەوە دەڵێت: ئەگەر فریای ئاژەڵی لێدراو (بە دار یا هەر شتێکی تر) هەڵدێراو بە شۆق لێدراو کەوت دەستی یا قاچی دەجولا سەرت بڕی بیخۆ.[6] هەر وایش ڕیوایەت کراوە لە تاوس‌و حەسەن‌و قەتادەو عوبەیدی کوڕی عومەیرو زەحاك‌و کەسانی تریشەوە کە گوتویانە: سەربڕاو کاتێ جوڵەی کرد، ئەوە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی دوای سەربڕینی گیانی تیا بوە. ئەوە حەڵاڵە[7] وە لە هەردوو سەحیحەکەدا هاتوە ڕافیعی کوڕی خەدیجەوە (رافع بن خديج) کە دەڵێت: گوتم: ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئێمە بەیانی دەگەینە نێچیر، کێردمان پێ نیە ئایا بە قامیش سەری ببڕین؟ فەرمووی: (ئەوەی خوێنی دەڕژێنێ پێی سەربڕن و ناوی خوای لێ بێنن‌و بیخۆن جگە لە ددان‌و نینۆك، وە ئێستا باسی ئەوەتان بۆ دەکەم: ددان لەبەر

---

[1] الطبري (٤٩٧/٩).

[2] الطبري (٤٩٨/٩).

[3] الطبري (٤٩٨/٩).

[4] الطبري (٥٠٢/٩).

[5] الطبري (٥٠٧/٥٠٤).

[6] الطبري (٥٠٣/٩).

[7] الطبري (٥٠٤/٩).

ئەوە کە ئێسکە، نینۆکیش لەبەر ئەوە کێردی حەبەشیەکان بووە)[1]، پاشان خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿وَمَا ذُبِحَ عَلَى ٱلنُّصُبِ﴾ وە هەرچیش بۆ بتەکان سەربڕا (حەرامە) موجاهیدو ئیبنوجورەیج گوتیان: ﴿ٱلنُّصُبِ﴾ ئەو بەردانەی دەوری کەعبەی پیرۆز بووە.[2] ئیبنوجورەیج دەڵێت: ئەو سێ سەدو شەست بتە بووە کە عەرەبەکان لە کاتی نەفامیاندا ئاژەڵیان بۆ سەردەبڕی ئەو شوێنەی کەعبە کە ڕووبەڕووی بتەکان بۆ خوێنی ئەو ئاژەڵەیان پێ دەڕێژا، گۆشتەکەیان لەت ئەکردو دەیانخستە ئەو بتو پەیکەرانە.[3] زۆر کەس ئەم باسەی گێڕاوەتەوە. خودا ئەو کارەی لە خاوەن باوەڕان قەدەغە کرد، خواردنی ئەو ئاژەڵانەی حەران کرد کە لەلای ئەو بتانەدا سەربڕان، هەرچەندە ناوی خوایشیان لەسەر ئەو ئاژەڵانە بهێنایە لای ئەو بتانەدا. چونکە ئەو کحارەیان لەو شەریکانە بوو کە خوداو پێغەمبەرەکەی قەدەغەیان کردبوو.

قەدەغەکردنی هەرشتێ لەسەر قوماری تیر دابەش دەکرێ

خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿وَأَن تَسۡتَقۡسِمُواْ بِٱلۡأَزۡلَٰمِ﴾ هەرچی لەسەر قوماری تیر دابەش دەکرێ قەدەغەیە، واتە: ئەی خاوەن باوەڕان هەرچی لەسەر تیر دابەش بکرێ حەرام کراوە لێتان. عەرەبەکان لەکاتی نەفامیدا دەیانکرد، (ئەزلام) بریتی بوو لە سێ (قەدەح) لەسەر یەکەمیان نوسرا بوو (أفعل) لە دووهەمیان (لا تفعل) لە سێیەمیان (غُفل) کە هیچی لەسەر نیە. و هەندێ کەسی تریش گوتویانە: لەسەر (قەدحی) یەکەم نووسرا بو: (أمرني ربي) لەسەر دووهەم نووسرا بوو: (نهاني ربي) لەسەر سێهەم نووسرابوو بۆش (غُفل) هیچی لەسەر نیە. ئەگەر هەڵدرایەو سەهمی بیکە دەرچووایە دەیکرد، ئەگەر سەهمی مەیکە دەرچوایە نەیدەکرد. ئەگەر سەهمی بۆش دەرچوایە (غُفل) دەرچووایە دووبارەیان دەکردەوە (الاستسقام) وەرگیراوە لە دوای بەش کردنەوە بەم قومارە، وەك ئیبنوجەریر دەڵێ. ئیبنوعەبباس دەڵێت: بریتی بووە لە قەداحێ (قداح) کە کاروباریان پێ دابەش دەکرد[4] موحەممەدی کوڕی ئیسحاقو کەسانی تریش گوتویانە: گەورەترین بتەکانی قورەیش بتێك بوە پێی دەگوترا هوبەل لەسەر بیرێ (چاڵێ) دانرابوو لەناو کەعبەدا، لەناو ئەو بیرەدا دیاریەکان (الهدايا) دائەنراو سامانی کەعبەیشی تێدا بوو، حەوت شتی قوماری (أزلام)ی لەلادا بوو تێیاندا نووسرا بوو لە هەر شتێکدا گومانیان هەبوو کار بەوە بکەن، ئەوەی لەوە بۆیان دەردەچوو پابەند دەبوون پێیەوە

---

[1] فتح الباري (٩/٥٥٤)، مسلم (٣/١٥٥٨).

[2] الطبري (٩/٥١٣).

[3] الطبري (٩/٥٠٨).

[4] الطبري (٩/٥١٥).

لێیان لا نەئەدا[1] لە فەرموودەی سەحیحدا هاتوە پێغەمبەری خودا(ﷺ) کاتێ کە چووە ناو کەعبەوە ئیبراهیمو ئیسماعیلی دی وێنەیان کێشرا بوو تێیدا (ئەزلام) لەناو دەستیاندا بوو، فەرمووی: (بەر نەفرینی خوا کەون، بێگومانە ئەوانە چاك زانیویانە کە هەرگیز ئەمان نیاز گرتنەو تیروپشکیان بەم شتانە نەکردوە)[2] موجاهید لەم دەقەدا کە خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿وَأَن تَسۡتَقۡسِمُواْ بِٱلۡأَزۡلَٰمِ﴾ دەڵێت: ئەوە تیری (سهام) عەرەبەکانو ئیسکی (کعاب) فارسو ڕۆمەکان بوە کە قوماریان پێ کردوە[3] ئەمەی کە موجاهید باسی کردوە لە ئەزلام، ئەوە بۆ قومار دانراوە، جێی تێڕوانینە، مەگەر بڵێن: ئەوانە جارێ بۆ ئیستیخارەو جارێ بۆ قومار بەکاریان هێناوە والله أعلم. چونکە خودای گەورە ئەم دوانەی لەگەڵ یەکدا هێناوە کە (المیسر)ە لە کۆتایی ئەم سورەتەدا ئەفەرموێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِنَّمَا ٱلۡخَمۡرُ وَٱلۡمَيۡسِرُ وَٱلۡأَنصَابُ وَٱلۡأَزۡلَٰمُ رِجۡسٞ مِّنۡ عَمَلِ ٱلشَّيۡطَٰنِ فَٱجۡتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ ٩٠ إِنَّمَا يُرِيدُ ٱلشَّيۡطَٰنُ أَن يُوقِعَ بَيۡنَكُمُ ٱلۡعَدَٰوَةَ وَٱلۡبَغۡضَآءَ فِي ٱلۡخَمۡرِ وَٱلۡمَيۡسِرِ وَيَصُدَّكُمۡ عَن ذِكۡرِ ٱللَّهِ وَعَنِ ٱلصَّلَوٰةِۖ فَهَلۡ أَنتُم مُّنتَهُونَ﴾[4] ئەی گەلی خاوەن باوەڕان، مەیی خۆریو قومار بازیو کێل پەرستیو گرەو لەسەر تیر کردن لە کارەکانی شەیتانن خۆتانی لێ بپارێزن، بەڵکو ڕزگارتان ببێ. شەیتان مەبەستی ئەوەیە بە مەیی خواردنو قومار ئاژاوەتان بخاتە ناو لە نوێژو یادی خودا لاتان بدات، ئەیا ئێوە دەست لەو کارانە هەڵدەگرن؟ لێرەیشدا هەر وای فەرمووە: ﴿وَأَن تَسۡتَقۡسِمُواْ بِٱلۡأَزۡلَٰمِۚ ذَٰلِكُمۡ فِسۡقٌ﴾ هەرچی لەسەر قومار دابەش دەکرێ، کە هەرچی ئەمانە بکات نافەرمانی خودا دەکات. گومڕاو سەرگەردانو نەفامو بت پەرستە. خودای مەزن فەرمانی داوە بە بڕواداران هەرکاتێ لە کاروبارێکیاندا دوو دڵ بوون با (ئیستیخارە) بکەن، عیبادەتی خودا بکەنو پاشان داوای لێ بکەن یارمەتیان بدات بۆ هەڵبژاردنی ئەو کارانەی کە دەیانەوێت. وەك ئیمامی ئەحمەدو بوخاریو خاوەن کتێبەکانی تری فەرموودەیش ڕیوایەتیان کردوە لە جابیری کوڕی عەبدوڵڵاوە گوتی: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فێری ئیستیخارەی دەکردین لە هەموو کاروبارێکماندا وەك چۆن فێری سورەتێکی ئەکردین لە قورئاندا ئەیفەرموو: (ئەگەر یەکێ لە ئێوە ویستی ئیشێ بکات کە نەزانێ کردنی باشە یا نەکردنی دوو ڕکات نوێژ بکات جگە لە فەرزەکان لە پاشان بڵێ: ئەی خودایە من بەهۆی زانستی تۆوە داوات لێ دەکەم شارەزام کەی لەو کارەی من دەمەوێت بیکەم خێر لە کردنیدایە یان لە نەکردنیدایە، وە بەهۆی دەسەڵاتی تۆوە داوات لێ دەکەم کە تونام بدەی بەسەر کردنیدا، وە

---

[1] الطبري (٥١٣/٩).
[2] فتح الباري (٤٤٦/٦).
[3] الطبري (٥١٢/٩).
[4] المائدة (٩٠-٩١).

داوات لێ دەکەم بە فەزڵو کەرەمو گەورەیی خۆت، چونکە تۆ خاوەن توانایو من توانام نیە، وە تۆ زانیاریت هەیە (بەمەو) من زانیاریم نیە، تۆ لە هەموو کەس زاناتری لە نادیارەکان ئەی خودایە ئەگەر لە زانستی هەمیشەیی و ئەزەلی تۆدا وایە کە ئەمە چاکە بۆ دینو دنیاو بژێوی کۆتایی کارمدا باشە بۆم (ناوی کارەکە بێنێ) یان بڵێ: لە کاری ئێستاو داهاتومدا بڕیارم بۆ بدەو بۆیشم ئاسان بکە لەپاشان بەرەکەتی تێ بخە بۆم. ئەگەر لە زانستی هەمیشەیی تۆدا وایە کە ئەم کارە لە دینو دنیاو بژێویو کۆتایی کارمدا خراپە بۆم یا بڵێ: (لە کاری ئیستاو داهاتومدا) ئەم کارەم لێ لادە، منیش لادە لە کردنی (و لە دڵمی بێنە دەر) خێر لە هەر شتێکدایە ئەوەم بۆ بڕیار بدە. پاشان بەوەی کە بڕیارت داوە بۆم ڕازیم بکە)[1] ئەحمەد بەم شێوەیە هێناویەتی. تیرمیزی دەڵێت: ئەم فەرموودەیە، فەرموودەیەکی حەسەنی سەحیحی غەریبە.

بێ ئومێدی خوانەناسو شەیتان لە زیان گەیاندن بە ئاینی موسوڵمانان

خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿ٱلۡيَوۡمَ يَئِسَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِن دِينِكُمۡ﴾ ئەوا ئەمڕۆ ئەوانەی خوانەناسن لە زیان گەیاندن لە دینەکەی ئێوە بێ هیوان. عەلی کوڕی ئەبوتەلحە گوتی لە ئیبنوعەبباسەوە واتە: بێ ئومێد بوون لەوەی کە واز لە ئاینەکەیان بێنن[2] عەتای کوڕی ئەبوڕیباحو سوودیو موقاتیلی کوڕی حەیان هەر وا ڕیوایەتیان کردوە.[3] هەر بەم مانایە لە فەرموودەیەکی سەحیحدا هاتوە کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (بێگومان شەیتان بێ هیوا بووە کە نوێژ گەران بیپەرستن لە دورگەی عەرەبیدا، بەڵام هەوڵی ئاژاوەنانەوە ئەدات لە نێوانیاندا)[4] هەڵدەگرێ مەبەست پێی ئەوە بێ، کە خوانەناسانو شەیتان بێ هیوان کە هاوشێوەی موسوڵمان بێنن، لەبەر ئەو ڕەوشتانەی کە موسوڵمانانی پێ جیاکراوەتەوە کە دژی بتو بت پەرستانە، هەر بۆیە فەرمانی داوە بە عەبدە خاوەن باوەڕەکانی کە خۆڕاگرو بەهێز بن بەرانبەر خوانەناسو دژایەتی بکەن. جگە لە خودا لە هیچ کەس نەترسن ئەفەرموێت: ﴿فَلَا تَخۡشَوۡهُمۡ وَٱخۡشَوۡنِ﴾ لە خۆم بترسن نەك لەوان، واتە: کە دژایەتیان دەکەن لێیان مەترسن لە من بترسن سەرتان دەخەم بەسەریانداو لەناویان ئەبەمو زاڵتان دەکەم بەسەریاندا، دڵخۆشتان دەکەم بە قڕ کردنیان، واتان لێ دەکەم لە دنیاو قیامەتدا لە ژووری ئەوانەوە بن.

---

[1] أحمد (٣/٣٤٤)، فتح الباري (٣/٥٨)، أبوداود (٢/١٨٧)، تحفة الاحوذي (٢/٥٩١)، النسائي (٦/٨٠)، إبن ماجة (١/٤٤٠).

[2] الطبري (٩/٥١٦).

[3] الطبري (٩/٥١٦).

[4] مسلم (٤/٢١٦٦).

تەواوی ئاینی ئیسلام

خـودای مـەزن ئەفـەرموێت: ﴿ٱلۡيَوۡمَ أَكۡمَلۡتُ لَكُمۡ دِينَكُمۡ وَأَتۡمَمۡتُ عَلَيۡكُمۡ نِعۡمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ ٱلۡإِسۡلَٰمَ دِينٗا﴾ وا لە ئەمڕۆوە دینەکەتم تەواو کردو بەبێ کەم و کوڕی چاکەم دەربارەی ئێـوە کـرد، ئیسلامیـشم بە دینی ئێوە هەڵبـژارد. ئەمـە مـەزنترین بـەهرەکانی خودایە بـۆ ئـەم ئومەتـە، چـونکە خـودای مـەزن ئاینەکەی بۆ ئێوە تەواو کردن. بێ نیازی کردن لە هـەر دینێکـی تـر. هـەر پێغەمبـەرێکی تـر، جگـە لـە پێغەمبـەری خۆیـان (ﷺ) هـەر بۆیـە (موحەممـەدی) کـردە دوایـن پێغەمبـەر(ﷺ) نـاردی بـۆ مـرۆڤو جنۆکە، هیچ قەدەغەیە نیە، جگە لەوەی ئەو قەدەغەی کردوە، هیچ حەڵاڵێکیش نیە جگە لـەوەی ئـەو حەڵاڵی کـردوە. هـیچ ئـاینێ نیـە جگـە لـەوەی ئـەو هێناویـەتی. هەرچـی ئـەو هـەواڵی پێـداوە ڕاستو دروسـتە، درۆو بـێ بـەڵێنی تێـدا نیـە، وەك خـودای گـەورە ئەفـەرموێت: ﴿وَتَمَّتۡ كَلِمَتُ رَبِّكَ صِدۡقٗا وَعَدۡلٗا﴾[1] قسەکانی پەروەردگارت (لە بێ لایەنگیریو ڕاستیدا) تەواوو بێ کەمو کوڕین. واتـە: ڕاستو دروستە لە هەواڵداو دادگـەرە لـە فەرمانـدان بـە کـردنو نـەکردن. کاتێ ئاینەکـەیان بـۆ تـەولو کـردن، بەهرەی زۆریشی ڕژاند بەسەریاندا. هەر بۆیـە خـودای گـەورە ئەفـەرموێت: ﴿ٱلۡيَوۡمَ أَكۡمَلۡتُ لَكُمۡ دِينَكُمۡ وَأَتۡمَمۡتُ عَلَيۡكُمۡ نِعۡمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ ٱلۡإِسۡلَٰمَ دِينٗا﴾ کەواتە: ئێوەش بە ئاینی خۆتان هەڵیبـژێرن. چـونکە ئاینێکە خودا خۆشی دەوێتو پێی ڕازیەو بەڕێزترین پێغەمبەریشە لەناو پێغەمبـەرە بەڕێزەکانـدا، هـەر بـە ئەمیـشدا بـەڕێزترین کتێبـی خۆیـشی نـاردوە. ئیبنوجـەریر ڕیوایـەتی کـردوە لـە هـارونی کـوڕی عەنتەرەوە لە باوکیەوە دەڵێت: کاتێ ئەم ئایەتە هاتە خوار: ﴿ٱلۡيَوۡمَ أَكۡمَلۡتُ لَكُمۡ دِينَكُمۡ﴾ ئەمەیش لـە ڕۆژی حەجی (أكبر) دابوو، عومەر گریا، پێغەمبەر(ﷺ) پێی فەرموو: (چی دەتگرێنـێ؟) گـوتی: ئـەوە گریاندمی ئێمە لە زیاد کردندا بووین لە ئاینەکەماندا، بەڵام کە تـەواو بـوو، هـیچ شـتێ نیـە دوای تـەواو بوون بەرەو کەمو کوڕی نەچێ. فەرمووی: (ڕاست دەکـەی)[2] ئـەم فـەرموودە سـەحیحە پـشتگیری لـەم مانایە دەکات کە ئەفەرموێت: (بێگومان ئیسلام بە غـەریبی هـات، دیسان غـەریب (نـامۆ) دەبێتـەوەو خۆشبەختی بۆ غەریبـەکان)[3] ئیمـامی ئەحمـەد ڕیوایـەتی کـردوە لـە تـاریقی کـوڕی شـەهابەوە گـوتی: پیاوێکی جولەکە هات بۆ لای عومەری کوڕی خەتاب گوتی: ئەی گەورەی موسوڵمانان، ئێـوە ئایـەتێك لە کتێبەکەتاندا دەخوێنن، ئەگەر لەسـەر ئێمـەی کۆمـەڵی جولەکـە بهاتایـە خـوارەوە، ئـەو ڕۆژەمـان

---

[1] الانعام (١١٥).

[2] الطبري (٥١٩/٩).

[3] مسلم (١٣٠/١).

دەکرد بە جێژن، گوتی: کام ئایەت؟ گوتی: ئەم ئایەتە کە ئەفەرموێت: ﴿ٱلۡيَوۡمَ أَكۡمَلۡتُ لَكُمۡ دِينَكُمۡ وَأَتۡمَمۡتُ عَلَيۡكُمۡ نِعۡمَتِي﴾ عومەریش گوتی: سوێند بە خوا من ئەو ڕۆژە دەزانم کە ئەو ئایەتەی تیا هاتوەتە خوارەوە بۆ پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئەو سەعاتەیش هەر دەزانم کە تێیدا هاتوەتە خوارەوە بۆ پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئێوارەی عەرەفە بوو لە ڕۆژی هەینیدا[1] بوخاریش ڕیوایەتی کردوە لە حەسەنی کوڕی سەباحەوە لە جەعفەرەوە لە عەونەوە بەو شێوەیە[2] موسلیم و تیرمیزی و نەسائیش ڕیوایەتیان کردوە[3] وتەی بوخاری لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا لە تاریقەوە دەڵێت: جوولەکەکان گوتیان بە عومەر: سوێند بە خوا ئێوە ئایەتێك دەخوێننەوە، ئەگەر لەناو ئێمەدا بهاتایەتە خوارەوە دەمانکرد بە جێژن. عومەر گوتی: من کاتی هاتنە خوارەوەی دەزانم لە کوێدا هاتوەتە خوارەوە کاتێکیش هاتە خوارەوە پێغەمبەری خودا(ﷺ) لە کوێدا بوو: ڕۆژی عەرەفە بوو، سوێند بە خوا منیش لە عەرەفەدا بووم. سوفیان گوتی: من گومانم هەیە کە ئەم ئایەتە: ﴿ٱلۡيَوۡمَ أَكۡمَلۡتُ لَكُمۡ دِينَكُمۡ﴾ لە هەینیدا بووە یا نەبووە[4] گومانی سوفیان ئەگەر گومانی لە ڕیوایەتەکا بوە، ئایا عومەر هەواڵەکەی پێداوە یا نەیداوە، ئەوە ئەو خۆپاریزی (وەرعی) کردوە. خۆ ئەگەر گومانی لەوە بوبێ کە وەستانی ڕۆژی عەرەفە ڕۆژی هەینی بووە. ئەوەی کە گومانی لێی هەبووە لەلایەن سەوریە بووە، بێگومان ئەمە شتێکی زۆر ڕوونە وە جێی گومان نیە هیچ کەسێ لە خاوەنی سیرەت و مەغازیەکان و (المغازي و السير) زانایانی شەریعە ناکۆکیان نەبوە لەسەری. لەو بارەیەوە چەند فەرموودەی دەماو دەم (متواترة) هاتوە کە گومان لە ڕاستیاندا نیە. ئەم فەرموودە بە شێوەی تریش لە عومەرەوە (ڕەزای خوای لێبێ) ڕیوایەت کراوە، والله أعلم.

ڕێگەدان دان بە خواردنی مردارەوە بوو لە کاتی ناچاری و برسیەتیدا

خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿فَمَنِ ٱضۡطُرَّ فِي مَخۡمَصَةٍ غَيۡرَ مُتَجَانِفٖ لِّإِثۡمٖ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٞ﴾ هەرکەسێ ناچار بوو لە کاتی برسیەتیدا، مەبەستی گوناه کردن نەبێ (لەو گۆشتە بخوات گوناهی ناکات) بێگومان خودا خەتا پۆش و دلۆڤانە. واتە: کەسێ پێویستی بە خواردنی ئەو قەدەغە کراوانە هەبێ کە خودای گەورە باسی کردون لەبەر ناچاری، بۆی هەیە لێی بخوات، خودا لێبوردە و دلۆڤانە بۆی. چونکە خودا ئاگای لە نەداری و ناچاری عەبدی خۆیەتی، دەزانێ پێویستی بەو خواردنەیە، بۆیە چاوپۆشی لێ دەکات و لێی دەبورێ، ئیبنوحیبان ڕیوایەتی کردوە لە ئیبنوعومەرەوە بە مەرفوعی

---

[1] أحمد (٣٨/١)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

[2] فتح الباري (١٢٩/١).

[3] مسلم (٢٣١٣/٤)، تحفة الاحوذي (٤٠٧/٨)، النسائي (٢٥١/٥).

[4] فتح الباري (١١٩/٨).

دەڵێت: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (بێگومان خودا پێی خۆشە دەرفەتی (رُخصة) بەکاربهێنرێ، وەك چۆن پێی ناخۆشە لاساری بەرانبەری بکرێ)[1] وە لە مەرجی ڕێگەدانی خواردنی مردارەوە بوو ئەوە نیە کە سێ ڕۆژ بەردەوام لێی بخورێ، ئەگەر خواردن دەس نەکەوێ، وەك زۆرێ لە خەڵکی وادەزانن، بەڵکو هەرکاتێ ناچار بوو ئەو خواردنە بخوات ڕێی پێدراوە. ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردوە لە ئەبوواقیدی لەیسیەوە (ابي واقد الليثي) کە گوتویانە: ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئێمە لە زەویەکداین بەهۆی ئەو زەویەوە (ئەو شوێنەوە) تووشی برسیەتی دەبین، چ کاتێ بۆمان ڕەوایە مردارەوە بووی تیا بخۆین؟ فەرمووی: (ئەگەر بەیانی خواردنتان نەخواردو ئێوارانیش نەتانخوارد. خواردنی بەروبومی زەویتان دەس نەکەوت، ئەو کاتە مردارۆ بوو بخۆن)[2]، تەنیا ئەحمەد بەم شێوەیە ڕیوایەتی کردوە. سەنەدەکانی ڕاستن بە مەرجی بوخاریو موسلیم. ﴿غَيْرَ مُتَجَانِفٍ لِّإِثْمٍ﴾ مەبەست پێی بێ فەرمانی خودا نەبێ، خودای مەزن خواردنی مردارەوە بۆی ڕەوا کردوەو لەوانی تریش بێدەنگە. وەك لە سورەتی بەقەرەدا ئەفەرموێت: ﴿فَمَنِ اضْطُرَّ غَيْرَ بَاغٍ وَلَا عَادٍ فَلَآ إِثْمَ عَلَيْهِ ۚ إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾[3] بەڵام هەرکەسێ لە ناچاریو بێ ئارەزوو، هەر بەشی تێربوونی بخوات، هیچ گوناهی ناکات. خودا لێبوردەو دلۆڤانە. ئەوانەی دەڵێن ئەوەی لە سەفەردا گوناه بکات، هیچ دەرفەتێك (رُخصة) لە دەرفەتانی سەفەر نایگرێتەوە، چونکە بە گوناه دەرفەت وەرناگیرێ. ئەم ئایەتەیان کردۆتە بەڵگە. والله أعلم.

﴿يَسْـَٔلُونَكَ مَاذَآ أُحِلَّ لَهُمْ ۖ قُلْ أُحِلَّ لَكُمُ الطَّيِّبَٰتُ ۙ وَمَا عَلَّمْتُم مِّنَ الْجَوَارِحِ مُكَلِّبِينَ تُعَلِّمُونَهُنَّ مِمَّا عَلَّمَكُمُ اللَّهُ ۖ فَكُلُوا مِمَّآ أَمْسَكْنَ عَلَيْكُمْ وَاذْكُرُوا اسْمَ اللَّهِ عَلَيْهِ ۖ وَاتَّقُوا اللَّهَ ۚ إِنَّ اللَّهَ سَرِيعُ الْحِسَابِ ﴿٤﴾﴾

ڕوون کردنەوەی حەڵاڵ

کاتێ کە خودای مەزن لە ئایەتەکانی پێشودا باسی حەرامی ئەو شتە پیسو زیانبەخشانەی کرد بۆ لاشەو بۆ دین یان بۆ هەردووکیان، ئەویش کە جیای کردوەتەوە جیای کردوەتەوە لە کاتی ناچاریدا وەك ئەفەرموێت: ﴿وَقَدْ فَصَّلَ لَكُم مَّا حَرَّمَ عَلَيْكُمْ إِلَّا مَا اضْطُرِرْتُمْ﴾[4] خودا بە تەواوی باسی ئەمانەی بۆ کردوون کە خواردنیان ناڕەوایە (مەگین لە ڕووی ناچاریەوە) پاشان لێرەدا ئەفەرموێت: ﴿يَسْـَٔلُونَكَ

---

[1] إبن حبان (١٨٢/٤)، سەنەدەکەی باشە.

[2] أحمد (٢١٨/٥).

[3] البقرة (١٧٣).

[4] الانعام (١١٩).

مَاذَآ أُحِلَّ لَهُمْۖ قُلۡ أُحِلَّ لَكُمُ ٱلطَّيِّبَٰتُ ﴾ لێت دەپرسن: کامە حەڵاڵە بۆیان، بڵێ: خۆراکە پاکەکان حەڵاڵە بۆتان. وەك لە سورەتی ئەعرافدا باسی سیفەتەکانی موحەممەد (ﷺ) دەکات کە هەموو شتە پاکەکانیان بۆ حەڵاڵەو شتە پیسەکانیشیان لێ حەرام کراوە. موقاتیل دەڵێت: شتە پاکەکان، ئەوەی بۆیان حەڵاڵ کراوە لە هەر شتێکدا بە باشی دەزانن، ئەوە ڕۆزی حەڵاڵە. پرسیار کرا لە زوهری لەبارەی خواردنەوەی میزەوە بۆ چارەسەر دەڵێت: ئەوە لە شتە پاکەکان نیە. ئیبنوئەبی حاتەم ڕیوایەتی کردوە.

بڕیاری (حوکمی) ڕاوی گیانەوەری فێرکراو

خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿وَمَا عَلَّمۡتُم مِّنَ ٱلۡجَوَارِحِ مُكَلِّبِينَ ﴾ هەر نێچیرێ کە گیانەوەری ڕاوکەرتان کە فێری ڕاوتان کردبێو ڕاتان هێنابێ. واتە: ئەو سەربڕاوانەی کە ناوی خوایان لێ براوە حەڵاڵە بۆتان لەگەڵ ڕۆزیە پاکەکانیش، ئەو نێچیرانەش کە ڕاوتان کردوە بە گیانەوەرە ڕاوکەرەکان کە فێرتان کردوون وەك سەگو پڵنگو باز هاوشێوەیان، ئەمە ڕاوبۆچوونی زۆرینەی هاوەڵەکانی پێغەمبەر(ﷺ) شوێن کەوتوانیانو پێشەوایانی ئیسلامیشە. لەو کەسانەی ئەوەی وەرگرتوە عەلی کوڕی ئەبوتەلحە لە ئیبنوعەبباسەوە لەم ئایەتەدا: ﴿وَمَا عَلَّمۡتُم مِّنَ ٱلۡجَوَارِحِ مُكَلِّبِينَ ﴾ ئەوانەی کە فێرتان کردوون لە جانەوەرەکانو ڕاتان هێناون. ئەوانە بریتین لە سەگی ڕاهێنراوو بازو هەموو باڵدارێ کە فێر دەکرێن بۆ ڕاو، مەبەست بە ﴿ٱلۡجَوَارِحِ ﴾ سەگی کێویو پڵنگو بازو هاوشێوەکانیە[1] ئیبنوحاتەم ڕیوایەتی کردوە، پاشان گوتی: ڕیوایەت کراوە لە خەیسەمەو (خیثمة) تاوسو موجاهیدو مەکحولو یەحیای کوڕی ئەبوکوسەیرەوە (کُثیر) هەر بەو جۆرە[2]. پاشان ئیبنوجەریر ڕیوایەتی کردوە لە ئیبنوعومەرەوە دەڵێت: بەڵام ئەوەی کە ڕاو دەکرێ لە باڵداری بازو هەر باڵدارێکی تر، هەرچی فریای کەوتی ئەوە بۆ تۆیەو بیخۆ، ئەگەر فریای نەکەوتن لێی مەخۆ[3]. منیش دەڵێم: ئەوەی لە کۆی زانایانەوە (الجمهور): ڕاو بە باڵدار وەك ڕاو بە سەگ وایە، چونکە باڵدار بە چڕنوك پەلاماری نێچیر ئەدات وەك سەگ بە کەڵبە پەلاماری ئەدات، هیچ جیاوازیەکی نیە، وەك ئیبنوجەریر ڕیوایەتی کردوە لە عەدی کوڕی حاتەمەوە دەڵێت: پرسیم لە پێغەمبەری خودا(ﷺ) لە بارەی نێچیری بازەوە (هەڵۆ) فەرمووی: (ئەوەی گرتی وەریبگرەو بیخۆ)[4] ئەو گیانەوەرانەی کە ڕاویان پێدەکریا ناونران (جوارح) لە جەرحەوە هاتوە، واتە: ئیشکەرەکان وەك عەرەب دەڵێ: فڵان ئیشی چاکی کردوە بۆ کەسو کاری، واتە: کاری زۆر چاکی بۆ

---

[1] الطبري (٩/٥٤٨).

[2] الطبري (٩/٥٤٧-٥٤٨).

[3] الطبري (٩/٥٤٥).

[4] الطبري (٩/٥٥٠).

کردون یان دەڵێن: فڵان ئیشکەری نیە، واتە: کەسێ نیە کاری بۆ بکات. خودای گەورەیش ئەفەرموێت: ﴿وَيَعۡلَمُ مَا جَرَحۡتُم بِٱلنَّهَارِ﴾[1] (خودا) دەزانێ لە ڕۆژدا چ کارێکتان ئەنجام داوە. واتە: لە چاکەو لە خراپە. ﴿مُكَلِّبِينَ﴾ ڕاتان هێناون. هەڵدەگرێ حاڵ بێ لەو زەمیرەدا (الضمیر) کە لە ﴿عَلَّمۡتُم﴾ دایە، حاڵ بێ لەو (فاعل)ە، هەڵیش دەگرێ حاڵ بێ لەو (معمول)ە کە (الجوارح)ە هەر بۆیە خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿تُعَلِّمُونَهُنَّ مِمَّا عَلَّمَكُمُ ٱللَّهُ﴾ فێری ڕاویان دەکەن لەوەی خودا فێری کردوون. واتە: ئەو ڕاوکەرەی کە ناردی دەڕواو، کە بانگی کردەوە، بە بانگەکەی دەگەڕێتەوە ئەگەر نێچیرەکەیشی گرت بۆ خاوەنەکەیی دەیگرێ هەتا دێتە لای. بۆ خۆیی نایگرێ. هەر بۆیە خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿فَكُلُواْ مِمَّآ أَمۡسَكۡنَ عَلَيۡكُمۡ وَٱذۡكُرُواْ ٱسۡمَ ٱللَّهِ عَلَيۡهِ﴾ بخۆن لەوانەی بۆتان دەگرن، ناوی خودای لەسەر بێنن، کاتێ ئەو گیانەوەرە ڕاوکەرە فێرکرابوو، نێچیری گرت بۆ خاوەنەکەی، ئەو کەسە ناوی خوای لێ هێنابوو لە کاتی ناردنیدا، ئەو نێچیرە حەلاڵە هەرچەندە کوشتبێتی بە کۆی دەنگی زانایان (الاجماع) وەك چۆن ئایەتەکە بەڵگەیە لەسەری، هەر بەو جۆرە ئایەتیش لەو بارەیەوە هاتوە، وەك لە هەردوو سەحیحەکەدا هاتوە لە عەدی کوڕی حاتەمەوە دەڵێت: گوتم: ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) من سەگی ڕاهێنراو دەنێرم ناوی خودای لەسەر دێنم فەرمووی: (کاتێ سەگە ڕاهێنراوەکەت ناردو ناوی خوات لەسەر هێنا، ئەوەی گرتی بۆ تۆیە) گوتم: ئەگەر کوشتیان؟ فەرمووی: (ئەگەر کوشتیان سەگی تر جگە لە خۆیان هاوکاریان نەکردن، بێگومان تۆ ناوی خۆت لەسەر سەگی خۆت هێناوەو لە سەگەکانی ترت نەهێناوە) گوتم: من بە تیر دەگرمە نێچیر لێی ئەدەم؟ فەرمووی: (ئەگەر بە تیر تێت گرتو کونی تێکرد بیخۆ، ئەگەر بە پانیەکەی بەری کەوت ئەوە مردارەوە بووە مەیخۆ)[2] دیسان لە بوخاریو موسلیمەوە هاتوە: (ئەگەر سەگەکەت نارد ناوی خودای لەسەر بێنە، ئەگەر (نێچیرەکەی) گجرتو بە زیندوویی فریای کەوتی سەری برە، وە ئەگەر پێی گەیشتی کوشتبووی بەڵام لێی نەخواردبوو بیخۆ. چونکە گرتنی ئەو سەگە سەربڕینیەتی) دیسان هەر لە ڕیوایەتێکی تردا بوخاریو موسلیم هێناویانە: (ئەگەر لێی خواردبوو تۆ مەیخۆ. من دەترسم ئەوەی گرتویەتی بۆ خۆی گرتبێتی)[3].

---

[1] الانعام (٦٠).

[2] فتح الباري (٥٢٧/٩)، مسلم (١٥٢٩/٣).

[3] فتح الباري (٥٢٧/٩)، مسلم (١٥٢٩/٣).

ناوی خوا هێنان لەسەر ئەو ئاژەڵە ڕاوکەرانە لەکاتی ناردنیدا

خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿فَكُلُواْ مِمَّآ أَمۡسَكۡنَ عَلَيۡكُمۡ وَٱذۡكُرُواْ ٱسۡمَ ٱللَّهِ عَلَيۡهِ﴾ ئەوەی بۆتان دەگرن لە گۆشتەکەیان بخۆن‌و ناوی خوای لەسەر بێنن. واتە: لە کاتی ناردنیدا بۆ نێچیرەکە، وەك پێغەمبەری خودا(ﷺ) گوتی بە عەدی کوڕی حاتەم: (کاتێ سەگە ڕاهێنراوەکەت نارد ناوی خوای لەسەر بێنە، ئەوەی بۆی گرتوی بیخۆ)[1] وە لە فەرموودەکەی ئەبوسەعلەبەوە کە دیسان لە هەردوو سەحیحەکەدا هاتوە: (کاتێ سەگەکەت نارد ناوی خوای لەسەر بێنە، وە کاتێ بە (تیروکەوانەکەت) تیرت گرت ناوی خوای لێ بێنە).[2] عەلی کوڕی ئەبوتەلحە دەڵێت: لە ئیبنوعەبباسەوە لەم ئایەتەدا: ﴿وَٱذۡكُرُواْ ٱسۡمَ ٱللَّهِ عَلَيۡهِ﴾ دەڵێت: کاتێ کە گیاندارە ڕاوکەرەکەت نارد بڵێ: بەناوی خودا، ئەگەر لە بیرت چوو بە تاوان دانانرێت.[3] واتە: گوتراوە: مەبەست بەم ئایەتە فەرماندانە بە ناوی خوا هێنان لە کاتی خواردندا، وەك لە هەردوو سەحیحەکەدا هاتوە کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) کچێکی کوڵەووسی (کچی ژنێ لە مێردێکی تری) عومەری کوڕی ئەبوسەلەمەی فێردەکرد فەرمووی: (ناوی خوای لەسەر بێنەو بە (دەستی) ڕاستت بخۆو لەوەیش بخۆ کە لە لای خۆتەوەیە)[4] وە لە سەحیحی بوخاریدا هاتوە لە عائیشەوە (ڕەزای خواتی لێبێ) کە گوتیان: ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) خەڵکێ گۆشتمان بۆ دێنن (خوانەناس بوون‌و تازە موسوڵمانن) نازانیت ئاخۆ ناوی خوایان لەسەر هێناوە یان نەیانهێناوە؟ فەرمووی: (ئێوە ناوی خوای لەسەر بێنن‌و بیخۆن)[5].

﴿ٱلۡيَوۡمَ أُحِلَّ لَكُمُ ٱلطَّيِّبَٰتُۖ وَطَعَامُ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ حِلّٞ لَّكُمۡ وَطَعَامُكُمۡ حِلّٞ لَّهُمۡۖ وَٱلۡمُحۡصَنَٰتُ مِنَ ٱلۡمُؤۡمِنَٰتِ وَٱلۡمُحۡصَنَٰتُ مِنَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ مِن قَبۡلِكُمۡ إِذَآ ءَاتَيۡتُمُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ مُحۡصِنِينَ غَيۡرَ مُسَٰفِحِينَ وَلَا مُتَّخِذِيٓ أَخۡدَانٖۗ وَمَن يَكۡفُرۡ بِٱلۡإِيمَٰنِ فَقَدۡ حَبِطَ عَمَلُهُۥ وَهُوَ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ مِنَ ٱلۡخَٰسِرِينَ ۝٥﴾

حەڵاڵی سەربڕاوی ئەهلی کتێب

کە خودای مەزن باسی ئەو شتانەی کرد کە قەدەغەی کردوە لەسەر بەندە خاوەن باوەڕەکانی لە شتە پیسەکان، ئەوەیش کە حەڵاڵی کردوە بۆیان لە شتە خاوێنەکان، دوای ئەوە ئەفەرموێت: ﴿ٱلۡيَوۡمَ

---

[1] فتح الباري (٩/٥٢٤).

[2] فتح الباري (٩/٥٢٧)، مسلم (٣/١٥٣٢).

[3] الطبري (٩/٥٧١).

[4] فتح الباري (٩/٤٣١)، مسلم (٣/١٥٩٩).

[5] فتح الباري (٩/٥٥٠).

أُحِلَّ لَكُمُ ٱلطَّيِّبَٰتُ﴾ وا لەمڕۆوە هەموو شتێکی خاوێنتان بۆ حەڵاڵە. پاشان باسی حوکمی سەبڕاوی ئەهلی کتێب دەکات لە گاورو جوولەکەکانو ئەفەرموێت: ﴿وَطَعَامُ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلْكِتَٰبَ حِلٌّ لَّكُمْ﴾ ئەو شتانە کە وا ئەهلی کتێب دەیخۆن حەڵاڵە بۆتان. ئیبنوعەبباسو ئەبوئومامەو موجاهیدو سەعیدی کوڕی جوبەیرو عیکرمەو عەتاو حەسەنو مەکحولو ئیبراهیمی نەخەعیو سوودیو موقاتیلی کوڕی حەیان گوتیان: واتە: سەربڕاویان[1] زانایان هەموو یەك ڕان لەسەر ئەوە کە سەربڕاوی گاورو جوولەکە خواردنی حەڵاڵە بۆ موسوڵمانان، چونکە ئەوانیش سەبڕینیان بۆ جگە لە خودا بە لاوە حەرامە. جگە لە ناوی خودا لەسەر سەربڕاویان ناهێنن. هەرچەندە هەندێ بیروبۆچونیان هەیە لەو بارەیەوە تێیدا کە خودا پاكو بێ عەیبەو دوورە لەو شتانە. وە لە فەرمودەی سەحیحدا هاتوە لە عەبدوڵڵای کوڕی موغەففەلەوە دەڵێت: هەوانەیە پیوو بەزم بۆ شۆڕ کرایەوە لە ڕۆژی خەیبەرا منیش باوشم پیا کردو گوتم: ئەمڕۆ من لەمە بەشی کەس نادەم، کە لام کردەوە پێغەمبەر(ﷺ) زەردەخەنەیەکی کرد (پێدەکەنی)[2] زانایان ئەمەیان کردوە بە بەڵگە لەسەر ئەوە کە دروستە بەکارهێنانی ئەو شتانە کە خەڵکی پێویستی پێیەتی لە خواردنو هاوشێوەی لە تالانی پێش دابەش کردنی، ئەمەیش شتێکی ڕوونو ئاشکرایەو زانایانی حەنەفیو شافیعیو حەنابیلەکان ئەم فەرموودەیان کردۆتە بەڵگە بەسەر زانایانی مالیکیەوە کە قەدەغەی خواردنی ئەو شتانەیان کردوە کە جوولەکەکان حەرامیان کردوە لە سەربڕاوەکانیاندا وەك بەزو پیوو هاوشێوەکانی، کە لێیان حەرام کرابوو. کۆی زانایان ئەم فەرموودەیان کردوە بە بەڵگە بەسەریانەوە. بەڵگەی چاکتر لەمە وەك لە فەرموودەی سەحیحدا هاتوە، کە خەڵکی خەیبەر مەڕێکی برژاویان بە دیاری نارد بۆ پێغەمبەری خودا(ﷺ) دەستەکەیان ژەهراوی کردبوو، پێغەمبەر(ﷺ) حەزی لە دەستو شانی دەکرد، لێی هەڵگرتو بردی بۆ دەمی تیکەیەکی لێ کردەوە، دەستەکە هەواڵی دایە کە ژەهراوی کراوە. پێغەمبەر(ﷺ) تفی کردەوە، ئەو ژەهرە کاری لە دانەکانی پێشو خوێنبەرەکانی گەردنی پێغەمبەری خودا کرد (ﷺ) بیشری کوڕی بەرائی کوڕی مەعرور کە لەگەڵیدا بوو لێی خوارد مرد. ئەو ژنە جوولەکەی ژەهرەکەی پیا کرد بوو ناوی زەینەب بوو کوشتی. ئەو بەڵگەی کە لەم فەرموودەیە وەردەگیرێ ئەوەیە کە پێغەمبەر(ﷺ) ئەوانەی لەگەڵی بوون دەستیان کرد بە خواردنی، لێیان نەپرسین ئایا ئەوەیان لێ کردوەتەوە کە بڕوایان وایە حەرامە لە بەزو پیوەکەی یان لێیان نەکردۆتەوە؟[3] وە ئەفەرموێت: ﴿وَطَعَامُكُمْ حِلٌّ لَّهُمْ﴾ خواردنی ئێوەیش بۆ ئەهلی

---

[1] الطبري (٩/٧٣/٥٧٧).

[2] فتح الباري (٩/٥٥٢).

[3] فتح الباري (٩/٥٦٩).

کتێب حەڵاڵە. واتە: بۆ ئێوەش ڕەوایە کە خواردنیان بدەنێ لە سەربڕوای خۆتان. ئەمە هەواڵ نیە لەسەر ئەوەی کە ئەو بڕیارە لەلایەن ئەوانەوە دراوە. بەڵکو لەوانەیە هەواڵ بێ لەسەری ئەوەی کە فەرمانیان پێ کرابێ. بە خواردنی هەموو گۆشتێ کە ناوی خودای لەسەر هێنرا بێ. ئیتر ئەوە هی خۆیانە یان هەر ئاینێکی ترە، بەڵام یەکەم ڕوونو ئاشکراترە لە مانادا. واتە: ئێوەش بۆتان هەیە خواردنیان پێ بدەن لە سەربڕاوەکانتان وەك چۆن ئێوە لە سەربڕاوەکانی ئەوانتان خوارد، ئەمەیش شێوازێکە لە شێوازی پاداشت دانەوەو ڕێزلێنانی بەرانبەر. وەك پێغەمبەر(ﷺ) پۆشاکی خۆی کردە بەری عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەیی کوڕی سەلول کاتێ کە مرد بەو پۆشاکەوە خستیە ناو گۆڕو ئەسپاردەی کرد، وەك چۆن ئەو کاتێ عەبباس گەیشتە مەدینە پۆشاکەکەی خۆی کردە بەری، پێغەمبەر(ﷺ) لەسەر ئەوە، ئەو پاداشتەی دایەوە. بەڵام لە بارەی ئەو فەرموودەوە کە ئەفەرموێت: (خاوەن باوەڕ نەبێ هاوەڵی مەکە، لەخواترسیش نەبێ خواردنت نەخوات)[1] ئەمە هاندانە بۆ چاکەو تێکەڵاوی پیاوچاکانو لە خواترسان. والله أعلم.

دروستی هاوسەرگیری لەگەڵ ئافرەتی ئازادو داوێن پاك لە ئەهلی کتێب

خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿وَٱلۡمُحۡصَنَٰتُ مِنَ ٱلۡمُؤۡمِنَٰتِ﴾ ژنانی خاوەن باوەڕو ئازادو داوێن پاکیشتان بۆ حەڵاڵە. واتە: بۆتان ڕەوایە کە ژنانی خاوەن باوەڕو ئازادو داوێن پاك بخوازنو بیکەنە هاوسەری خۆتان، مەبەست بەم ئایەتە ژنانی داوێن پاکە کە تووشی داوێن پیسی نەبوبێ. وەك خودای گەورە لە ئایەتێکی تردا ئەفەرموێت: ﴿مُحۡصَنَٰتٍ غَيۡرَ مُسَٰفِحَٰتٖ وَلَا مُتَّخِذَٰتِ أَخۡدَانٖ﴾[2] ئەوانەش با لە کەنیزانی داوێن پاك بن، نە داوێن پیس، لە ژێرەوە دۆستی نێرینەیان نەبێ. عەبدوڵڵای کوڕی عومەر هاوسەرگیری بەلاوە چاك نیە لەگەڵ گاورداو دەڵێ من هیچ شەریك دانانێ بە گەورەتر نازانم لەوەی کە ئەو ژنە دەڵێت پەروەردگاری ئەو عیسایە خودای مەزنیش فەرموویەتی: ﴿وَلَا تَنكِحُواْ ٱلۡمُشۡرِكَٰتِ حَتَّىٰ يُؤۡمِنَّ﴾[3] ژنانی بت پەرست مەخوازن هەتا بڕوا دێنن. ئیبنوئەبی حاتەم ڕیوایەتی کردوە لە ئەبومالیکی غەفاریەوە لە ئیبنوعەبباسەوە دەڵێت: کە ئەم ئایەتە هاتو خوارەوە: ﴿وَلَا تَنكِحُواْ ٱلۡمُشۡرِكَٰتِ حَتَّىٰ يُؤۡمِنَّ﴾ ژنانی بت پەرست مەخوازن هەتا بڕوا دێنن، دەستەوسانو ناڕەحەت بوون هەتا ئەم ئایەتە لە دوایەوە هاتە خوارەوە: ﴿وَٱلۡمُحۡصَنَٰتُ مِنَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ مِن قَبۡلِكُمۡ﴾ ئەو ژنە داوێن پاکانەش کە بەر

---

[1] أبوداود (١٦٧/٥)، فەرموودەیەکی حەسەنە.

[2] النساء (٢٥).

[3] البقرة (٢٢١).

لە ئێوە کتێبیان پێدراوە، ئەم ئایەتە، ئایەتەکەی سورەتی بەقەرەی تایبەت مەند کردوە کە ئەفەرموێت: ﴿وَلَا تَنكِحُوا۟ ٱلْمُشْرِكَٰتِ حَتَّىٰ يُؤْمِنَّ﴾، خۆ ئەگەر گوترا: بە چوونە سەری ژنی ئەهلی کتێب لە گشتگیریەکدا. ئەگینا هیچ دژایەتیەك لەنێوان ئەم ئایەتەو ئایەتەدا نیە، چونکە ئەهلی کتێب جیابونەتەوە لە باس کردنیاندا لە بت پەرستان لە چەند شوێنی تردا جگە لێرە، وەك خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿لَمْ يَكُنِ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مِنْ أَهْلِ ٱلْكِتَٰبِ وَٱلْمُشْرِكِينَ مُنفَكِّينَ حَتَّىٰ تَأْتِيَهُمُ ٱلْبَيِّنَةُ﴾[1] ئەو ئەهلی کتێبانەی کە لە دین دەرچوونو لەگەڵ ئەوانەی بت پەرست بوون، نەدەترازان هەتا بەڵگەی ڕوونیان بۆ هات. وەك ئەم ئایەتەیش کە ئەفەرموێت: ﴿وَقُل لِّلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَٰبَ وَٱلْأُمِّيِّۦنَ ءَأَسْلَمْتُمْ ۚ فَإِنْ أَسْلَمُوا۟ فَقَدِ ٱهْتَدَوا۟﴾[2] بەو کەسانە بوونە ئەهلی کتێبو بەو کەسانەش کە نەزانن بڵێ: ئایا ئێوەش وەك ئێمە خۆتان هەر بە خوا سپاردووە، جا ئەگەر خۆیان سپاردبوو، ئەوا کەوتونەتە سەر ڕێگا. وە ئەفەرموێت: ﴿إِذَآ ءَاتَيْتُمُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ﴾ بەو مەرجە کە مارەییەکانیان بدەنێ. واتە: وەك ئەوان کە ئازادو داوێن پاکن ئێوەش بە ئارەزوومەندانە مارەییەکەیان بدەنێ. جابیری کوڕی عەبدوڵلاو عامیری شەعبیو ئیبراهیمی نەخەعیو حەسەنی بەسری فەتوایان داوەو گوتویانە: ئەگەر پیاوێ ژنێکی مارە کرد، ژنەکە داوێن پیسی کرد پێش ئەوەی پیاوەکە بچێتە لای دەبێ لە یەکتری جیابکرێنەوە[3] ئەو مارەییەش بۆی خەرج کردوە دەگەڕێتەوە بۆی. ئیبنوجەریر ڕیوایەتی کردوە لێیانەوە ﴿مُحْصِنِينَ غَيْرَ مُسَٰفِحِينَ وَلَا مُتَّخِذِىٓ أَخْدَانٍ﴾ خۆشتان دەبێ داوێن پاك بنو نە داوێن پیس. دۆستی مێینەشتان لە ژێرەوە نەبێ. وەك چۆن پاك داوێنی بە مەرج گیراوە لە ژناندا، هەر بەو شێوەیەش بە مەرج گیراوە بۆ پیاوانیش. دەبێ ئەو پیاوەش داوێن پاك بێ، بۆیە خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿غَيْرَ مُسَٰفِحِينَ﴾ واتە: ئەو داوێن پیسانەی کە خۆیان لە گوناه ناپارێزنو هەر بۆیان لوا دەست ئەدەنە کاری خراپو داوێن پیسی ﴿وَلَا مُتَّخِذِىٓ أَخْدَانٍ﴾ دۆستی مێینەشیان لە ژێرەوە نەبێ. واتە: لەو کەسانەش نەبن کە لە ژێرەوە ئەویندارى دەکەن، لەگەڵ مێینە داواکاری داوێن پیسی لەگەڵدا دەکەن، وەك لە سورەتی نیسائدا لە پێشەوە باس کرا وەك یەکە.

---

[1] البينة (١).

[2] آل عمران (٢٠).

[3] الطبري (٩/٥٨٥-٥٨٦).

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا قُمۡتُمۡ إِلَى ٱلصَّلَوٰةِ فَٱغۡسِلُواْ وُجُوهَكُمۡ وَأَيۡدِيَكُمۡ إِلَى ٱلۡمَرَافِقِ وَٱمۡسَحُواْ بِرُءُوسِكُمۡ وَأَرۡجُلَكُمۡ إِلَى ٱلۡكَعۡبَيۡنِۚ وَإِن كُنتُمۡ جُنُبٗا فَٱطَّهَّرُواْۚ وَإِن كُنتُم مَّرۡضَىٰٓ أَوۡ عَلَىٰ سَفَرٍ أَوۡ جَآءَ أَحَدٞ مِّنكُم مِّنَ ٱلۡغَآئِطِ أَوۡ لَٰمَسۡتُمُ ٱلنِّسَآءَ فَلَمۡ تَجِدُواْ مَآءٗ فَتَيَمَّمُواْ صَعِيدٗا طَيِّبٗا فَٱمۡسَحُواْ بِوُجُوهِكُمۡ وَأَيۡدِيكُم مِّنۡهُۚ مَا يُرِيدُ ٱللَّهُ لِيَجۡعَلَ عَلَيۡكُم مِّنۡ حَرَجٖ وَلَٰكِن يُرِيدُ لِيُطَهِّرَكُمۡ وَلِيُتِمَّ نِعۡمَتَهُۥ عَلَيۡكُمۡ لَعَلَّكُمۡ تَشۡكُرُونَ ٦﴾

فەرماندان بە دەستنوێژ گرتن

خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا قُمۡتُمۡ إِلَى ٱلصَّلَوٰةِ﴾ ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە ئەگەر هەڵسان بۆ نوێژ کردن. ئەم ئایەتە فەرمان دەکات بە دەستنوێژ گرتن لەکاتی هەڵسان بۆ نوێژ کردن. ئەم دەستنوێژە بۆ کەسێ دەستنوێژی نەبێ پێویستە، بەڵام بۆ کەسێ دەستنوێژی هەبێ سونەتە. گوتراوە: لە سەرەتای هاتنی ئیسلامەوە فەرمان دراوە بە دەستنوێژ گرتن بۆ هەموو نوێژێ‌و واجب بووە، پاشان نەسخ بوتەوە. ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردوە لە سولەیمانی کوڕی بورەیدەوە (بُرَيدة) لە باوکیەوە دەڵێت: پێغەمبەری خودا(ﷺ) بۆ هەموو نوێژێ دەستنوێژی دەگرت: لە ڕۆژی فەتحی مەککەدا دەستنوێژی گرت‌و دەستی تەڕی هێنا بەسەر هەردوو فوفوکەیداو نوێژەکانی بە یەك دەستنوێژ کرد. عومەر پێی گوت: ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) تۆ شتێکت کرد کە هەرگیز نەتکردوە. فەرمووی: (من ئەنقەست ئەوەم کردوە ئەی عومەر)[1] هەر بەم شێوەیە موسلیم‌و خاوەنی فەرموودەکانی تریش ڕیوایەتیان کردوە[2] تیرمیزی دەڵێت: فەرموودەیەکی چاك‌و سەحیحە. ئیبنوجەریر ڕیوایەتی کردوە کە فەزڵی کوڕی موبەشیر بۆی گێڕاوینەتەوە دەڵێت: جابیری کوڕی عەبدوڵڵام بینی نوێژەکانی بە یەك دەستنوێژ دەکرد. ئەگەر میزی بکردایە یان دەستنوێژی نەمایە، دەستنوێژی دەگرت‌و بە زیادەی دەستنوێژەکەی دەستی دەهێنا بە هەردوو فوفەکەیدا. گوتم: ئەی ئەبوعەبدوڵڵا، ئایا شتێکە بە بۆچوونی خۆت دەیکەی؟ گوتی: نەخێر، پێغەمبەرم (ﷺ) بینی دەیکرد.[3] ئیبنوماجەیش هەر وا ڕیوایەتی کردوە[4] ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردوە لە عوبەیدوڵڵای کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی عومەرەوە گوتی: ئایا پێت بڵێم دەستنوێژی عەبدوڵڵای کوڕی عومەر بۆ هەموو

---

[1] أحمد (٥/٣٥٨)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

[2] مسلم (١/٢٣٢)، أبوداود (١/١٣٠)، تحفة الاحوذي (١/١٩٤)، النسائي (١/٨٦)، إبن ماجة (١/١٧٠).

[3] الطبري (١٠/١١)، فەرموودەیەکی حەسەنە.

[4] إبن ماجة (١/١٧٠)، فەرموودەیەکی حەسەنە‌و فەرموودەی تریش پشتگیری دەکات.

نوێژێ دەستنوێژی بوبێ یان نەیبوبێ (دەستنوێژی گرتوە) لەبەر چی بووە؟ گوتی: ئەسمائی (أسماء) کچی زەیدی کوڕی خەتان لە عەبدوللای کوڕی حەنزەلەی کوڕی ئەبوعامیرەوە (الغسیل) حەنزەلە لەکاتی غەزادا لەشی پاك نەبوو شەهید کرا، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (فریشتەکان شۆردویانە) بۆی گێڕاوەتەوە کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمانی دا بە دەستنوێژ گرتن بۆ هەموو نوێژێ دەستنوێژ بوبێ یا نەبوبێ، کاتێ ئەوەی بە لاوە گران بوو، فەرمانی دا بە سیواك کردن بۆ هەموو نوێژێ، دەستنوێژی لەسەر هەلگیرا مەگین دەستنوێژی شکا بێ گرتبێتی، عەبدوللا بە خۆیدا ڕای دەنینی کە دەتوانێ (بۆ هەموو نوێژێ) دەستنوێژ بگرێ (بۆیە بۆ هەموو نوێژێ دەستنوێژی دەگرت هەتا مرد[1] ئەبوداوودیش هەر وا ڕیوایەتی کردوە.[2] ئیبنوعومەر کە ئەمەی کردوەو بەردەوام بوە لەسەر دەستنوێژ گرتن بۆ هەموو نوێژێ، لەبەر ئەوە سونەت بووە، وەك زانایان کۆ دەنگیان هەیە لەسەری کە سونەتە. ئەبوداوود ڕیوایەتی کردوە لە عەبدوللای کوڕی عەبباسەوە پێغەمبەری خودا(ﷺ) لە سەرئاو هاتە دەر خواردنێکیان بۆ هێناو گوتیان: ئایا ئاوی دەستنوێژت بۆ نەهێنین؟ فەرمووی: (بێگومان من فەرمانم پێدراوە بە دەستنوێژ گرتن کاتێ کە هەلسام بۆ نوێژ)[3] تیرمیزیو نەسائیش هەر وا ڕیوایەتیان کردوە[4] تیرمیزی دەلێت: فەرموودەیەکی حەسەنە. موسلیمیش ڕیوایەتی کردوە لە ئیبنوعەبباسەوە دەلێت: ئێمە لەلای پێغەمبەر بوین (ﷺ) چووە سەر ئاو، پاشان گەڕاوە، خواردنێکی بۆ هێنرا، گوترا: ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئایا دەستنوێژ ناگری؟ فەرمووی: (لەبەر چی؟ ئایا نوێژ دەکەم تا دەستنوێژ بکرم[5] ؟).

نیەت هێنانو بسم الله کردن لە دەستنوێژ گرتندا

خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿فَٱغۡسِلُواْ وُجُوهَكُمۡ﴾ دەمو چاوتان بشۆن. ئەم ئایەتە کە خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿إِذَا قُمۡتُمۡ إِلَى ٱلصَّلَوٰةِ فَٱغۡسِلُواْ وُجُوهَكُمۡ﴾ بەلگەیە لەسەر پێویستی نیەت (النیة) هێنان لە کاتی دەستنوێژدا، چونکە دەقەکە ئەوەی لێ وەردەگیرێ، واتە: ئەگەر هەلسان بۆ نوێژ کردن دەمو چاوتان بشۆن بۆی، وەك عەرەب گوتویانە: ئەگەر ئەمیرتان چاو پێکەوت هەلسن. واتە: لەبەری هەلسن. وە لە فەرموودەی سەحیحدا هاتوە: (کردارەکان بەپێی نیەتن، هەرکەس بەپێی

---

[1] أحمد (٥/٢٢٥)، حاکم لەسەر مەرجی موسلیم بە ڕاستی داناوە.

[2] أبوداود (١/٤١)، حاکم لەسەر مەرجی موسلیم بە ڕاستی داناوە.

[3] أبوداود (٤/٣٦)، فەرموودەیەکی حەسەنە.

[4] تحفة الاحوذي (٥/٥٧٩)، النسائي (١/٨٥)، فەرموودەیەکی حەسەنە.

[5] مسلم (١/٢٨٣).

نیەتی خۆیەتی)[1] (واتە: هەرکەسە بەپێی نیەتی پاداشت ئەدرێتەوە) سونەتە بەر لە شۆردنی دەمو چاو ناوی خودا بهێنرێ لە دەستنوێژدا. بەپێی ئەم فەرموودەیە کە بە ڕێگەیەکی باش هاتوە لە کۆڵێ لە هاوەڵەکانی پێغەمبەرەوە کە پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: (دەستنوێژ گرتن نیە بۆ کەسێ کە ناوی خودای لەسەر نەهێنێ)[2] وە سونەتە کە هەردوو دەستی بشوات پێش ئەوەی بیخاتە ناو دەفرەکە، وە لە کاتی هەڵسان لە خەو پێویستترە، وەك لە هەردوو سەحیحەکەدا هاتوە لە ئەبوهورەیرەوە کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (ئەگەر یەکێکتان لە خەو هەڵسا با دەستی نەخاتە ناو دەفرەکە هەتا لە پێشدا سێ جار نەیشوات، چونکە نازانێ (لە کاتی خەودا) دەستی لە کوێدا بووە)[3] سنوری دەمو چاو لەلای زانایان لە نێوان ڕووانی مووی سەرەوەیە (سەری ڕووتاوەو ریشی درێژ ڕەچاو ناکرێ) هەتا کۆتایی چەناکە بە درێژیو لە گوێچکەوە بۆ گوێچکە بە پانی.

دەست خستنە ناو ریش

ئیمامی ئەحمەد ریوایەتی کردوە لە ئەبووائیلەوە دەڵێت: عوسمانم بینی دەستنوێژی دەگرت، فەرموودەکەی باس کردو دەڵێت: سێ جار دەستی خستە ناو ریشی کاتێ دەمو چاوی دەشۆرد، پاشان گوتی: پێغەمبەری خودام بینی (ﷺ) ئەوەی کرد کە منتان بینی کردم[4] تیرمیزیو ئیبنوماجەیش ڕیوایەتیان کردوە[5] تیرمیزی دەڵێت: فەرموودەیەکی چاکو سەحیحە. بوخاریش بە حەسەنی داناوە.

چۆنیەتی دەستنوێژ گرتن

ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردوە لە ئیبنوعەبباسەوە کە دەستنوێژی گرتوە دەمو چاوی شۆردوە پاشان مشتێ ئاوی هەڵگرتوەو ڕایداوەتە دەمو لووتی، پاشان مشتێ تری هەڵگرتوەو ئاواو ئاوای کردوە، واتە: بردویەتی بۆ لای دەستەکەی تریو دەمو چاوی پێ شۆردوە، پاشان مشتێ ئاوی هەڵگرتوەو دەستی ڕاستی پێ شۆردوە، پاشان مشتێ ئاوی هەڵگرتوەو دەستی چەپی پێ شۆردوە. پاشان دەستی (تەڕی) هێناوە بەسەریدا، پاشان مشتێ ئاوی هەڵگرتوە کردویەتی بەسەر پێی ڕاستیدا هەتا شوردویەتی، پاشان مشتێ ئاوی هەڵگرتوە پێی چەپی پێ شۆردوە، پاشان دەڵێت: ئا بەم

---

[1] فتح الباري (١/١٥)، مسلم (٣/١٥١٥).
[2] أبوداود (١/٧٥)، فەرموودەیەکی حەسەنە.
[3] فتح الباري (١/٣١٦)، مسلم (٢٣٣).
[4] جامع المسانید و السنن (١٧/١٩٧)، فەرموودەیەکی باشە.
[5] تحفة الاحوذي (١/١٣٣)، إبن ماجة (١/١٤٨)، فەرمووودەیەکی باشە.

شێوەیە پێغەمبەری خودام بینیوە (ﷺ) واتە: دەستنوێژی دەگرت[1] بوخاریش ڕیوایەتی کردوە[2] پاشان خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَأَيْدِيَكُمْ إِلَى ٱلْمَرَافِقِ﴾ دەستەکانتان تا سەر ئانیشك بشۆن. واتە: دەستتان لەگەڵ ئانیشك بشۆن. وەك خودای گەورە لەم ئایەتەدا ئەفەرموێت: ﴿وَلَا تَأْكُلُوٓاْ أَمْوَٰلَهُمْ إِلَىٰٓ أَمْوَٰلِكُمْ ۚ إِنَّهُۥ كَانَ حُوبًا كَبِيرًا﴾[3] ماڵی ئەوان تێکەڵی ماڵی خۆتان مەکەن، کە تاوانێکی گەورەیە. سوننەتە بۆ ئەو کەسەی کە دەستنوێژ دەگرێ لە بازوییەوە دەست پێبکاتو لەگەڵ هەردوو دەستیدا بیشوات، وەك بوخاریو موسلیم ڕیوایەتیان کردوە لە ئەبوهورەیرەوە دەڵێت: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (بێگومان ئوممەتی من لە ڕۆژی قیامەتدا بانگ دەکرێ ناوچاوان جوانو دەستو پێ سپین بەهۆی دەستنوێژ گرتنەوە، هەر کەسێك لە ئێوە دەتوانێ با زیاتر ناوچاوی جوان بکاتو دەستو پێی سپی بکات)[4] وە لە سەحیحی موسلیمدا هاتوە لە ئەبوهورەیرەوە دەڵێت: (جوانیو ڕازاوەیی لە ڕۆژی قیامەتدا لە خاوەن باوەڕدا دەگاتە ئەو شوێنەی ئاوی دەستنوێژی پێدەگات)[5]

﴿وَٱمْسَحُواْ بِرُءُوسِكُمْ﴾ دەستتان بە تەڕی بێنن بە سەرتاندا. لە هەردوو سەحیحەکەدا هاتوە لە ڕێگەی مالیکەوە لە عەمری کوڕی یەحیای مازینەوە لە باوکیەوە کە پیاوێ گوتی بە عەبدوڵڵای کوڕی زەیدی کوڕی عاسیم، کە باپیری عەمری کوڕی یەحیا بوو. یەکێکیش بوو لە هاوەڵەکانی پێغەمبەر(ﷺ): ئایا دەتوانی پیشانم بدەی کە چۆن پێغەمبەری خودا(ﷺ) دەستنوێژی گرتوە؟ عەبدوڵڵای کوڕی زەید گوتی: بەڵێ، بانگی ئاوی دەستنوێژی کرد، لە ئاوەکەی کرد بە دەستیدا، دووجار دووجار دەستەکانی شورد، پاشان ئاوی کرد بە دەمو لوتیدا سێ جار، سێ جار دەمو چاوی شورد، پاشان هەردوو دەستی هەتا سەر ئانیشکی دوو جار شۆرد، پاشان هەردوو دەستی (بە تەڕی) هێنا بەسەریدا بە پێشدا دەیبردنو بە دوایشدا، لە پێش سەریەوە دەستی پێدەکرد پاشان دەیبردنەوە بۆ پشتی سەری. پاشان وەریگێڕانەوە بۆ ئەو شوێنەی کە لێوەیە دەستی پێکردبوون پاشان هەردوو پێی دەشۆری.[6] وە لە فەرموودەکەی (عبدخیر)وە کە ڕیوایەتی کردوە لە عەلیەوە لە شێوەی

---

[1] أحمد (٢٦٨/١)، فەرموودەیەکی سەحیحە.
[2] فتح الباري (٢٩٠/١).
[3] النساء (٢).
[4] فتح الباري (٢٨٣/١).
[5] مسلم (٢١٩/١).
[6] فتح الباري (٣٤٧/١)، مسلم (٢١٩/١).

دەستنوێژ گرتنی پێغەمبەری خوداوە (ﷺ) وەك ئەوە[1] ئەبوداوود ڕیوایەتی کردوە لە مەعاویەو میقدامی کوڕی مەعدییەکریبەوە (المقدام بن معديكرب) لە شێوازی دەستنوێژ گرتنی پێغەمبەری خوداوە هەر بەو شێوەیە[2] ئەم فەرموودانە بەڵگەن لەسەر ئەوە، کە دەبێ بە تەواوی دەست بهێنرێ بە هەموو سەردا (بە تەڕی) وەك لە مەزهەبی ئیمامی مالیكو ئەحمەددا هاتوە. عەبدوڕەزاق ڕیوایەتی کردوە لە حومرانی کوڕی ئەبانەوە دەڵێت: عوسمانی کوڕی عەفانم بینی دەستنوێژی دەگرت، سێ جار ئاوی کرد بە هەردوو دەستیداو شۆردنی، پاشان ئاوی لە دەمو لووتی ڕادا، پاشان سێ جار دەمو چاوی شۆرد، پاشان دەستی ڕاستی شۆرد هەتا ئانیشکی سێ جار، پاشان دەستی چەپی هەر بەو شێوەیە شۆرد، پاشان دەستی هێنا بەسەریدا، پاشان پێی ڕاستی سێ جار شۆرد، پاشان پێی چەپیشی هەر بەو شێوەیە شۆرد، پاشان گوتی: پێغەمبەری خودام (ﷺ) بینی وەك ئەم دەستنوێژەی من دەستنوێژی گرتوەو پاشان فەرموویەتی: (هەرکەس وەك ئەم دەستنوێژەی من بگرێت، پاشان هەڵسێ دوو ڕکات نوێژ بکات، دالّغە لێنەدا لە نوێژەکەدا (خودا) لە هەموو گوناهەکانی ڕابردوی دەبورێت)[3] بوخاریو موسلیمیش لە هەردوو سەحیحەکەیاندا هێناویانە[4] وە لە سونەنی ئەبوداوود دا هاتوە لە عوسمانەوە لە شێوەی دەستنوێژدا: یەك جار دەستی هێناوە بەسەریدا[5].

شۆردنی هەردوو پێ واجیبە نەك دەست پێدا هێنان

خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿وَأَرْجُلَكُمْ إِلَى ٱلْكَعْبَيْنِ﴾ پێکانتان تا هەردوو قولەپێ (بشۆن) ﴿وَأَرْجُلَكُمْ﴾ بە مەنسوب (نَصْب) عەتف کراوەتە سەر ﴿فَٱغْسِلُواْ وُجُوهَكُمْ وَأَيْدِيَكُمْ﴾ واتە: دەمو چاوتانو هەردوو دەستتان تا ئانیشكو هەردوو پێتان تا قولەپێ بشۆن ئیبنوئەبی حاتەم ڕیوایەتی کردوە لە ئیبنوعەبباسەوە کە بە (أرجُلَكَم)ی خوێندۆتەوەو گوتویەتی: گەڕاوەتەوە بۆ (الغسل) بۆ شۆردنەکە.[6] وە ڕیوایەت کراوە لە عەبدوڵلای کوڕی مەسعودو عوروەو عەتاو عیکرمەو حەسەنو موجاهیدو ئیبراهیمو زەحاكو سوودیو موقاتیلی کوڕی حەیانو زوهریو ئیبراهیمی تەیمیش (التيمي) هەر وایان گوتوە.[7] ئەمە خوێندنەوەیەکی دیارو ئاشکرایە لەسەر پێویستی (وجوب) شۆردنی

---

[1] أبوداود (٨٢/١)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

[2] أبوداود (٨٨/١-٨٩)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

[3] عبدالرزاق (٤٤/١)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

[4] فتح الباري (٣١١/١)، مسلم (٢٠٥).

[5] أبوداود (٨٠/١-٨٢)، سەنەدەکانی حەسەنە، پیاوەکانی جێی متمانەن، لە وێنەی ئەم فەرموودەیە زۆر هاتوە.

[6] الطبري (٥٥/١٠).

[7] الطبري (٥٤/١٠-٥٧).

هەردوو پێ، وەك زانایانی پێشینە گوتویانە، وە ئەم خوێندنەوەیە کە بە کەسر (الخفض) هاتوە بۆ لەیەك چوون‌و گونجانی دەقە، وەك عەرەبەکان دەڵێن: (جُحْرُ ضبٌ خربٍ) وەك ئەم ئایەتەیش کە خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿عَلِيَهُمْ ثِيَابُ سُندُسٍ خُضْرٌ وَإِسْتَبْرَقٌ﴾[1] بەرگە نەرم ناسك سەوزو پۆشاکی ئاورێشمین لەبەریاندایە. (ئەمە خوێندنەوەی ئەعمەش‌و ئیبنووسابۆ (وثاب) حەمزەو کەسائیە) ئەمە لە زمانی عەرەبیدا دروستەو دیارو ئاشکرایە.

باسی ئەو فەرموودانەی کە هاتوون لە بارەی شۆرینی هەردوو پێدا و دەبێ هەر بشۆرێ

لە پێشەوە فەرموودەکەی گەورەی موسوڵمانان عوسمان‌و عەلی‌و (ڕەزای خوایان لێبێ) ئیبنوعەبباس‌و مەعاویەو عەبدوڵڵای کوڕی زەیدی کوڕی عاسیم‌و میقدادی کوڕی مەعدیبەکریبەوە کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) هەردوو پێی شۆریوە لە دەستنوێژ گرتنیدا جارێ یان دوو جار یان سێ جار بەپێی جیاوازی ڕیوایەتەکانیان. وە لە هەردوو سەحیحەکەدا هاتوە لە عەبدوڵڵای کوڕی عەمرەوە دەڵێت: پێغەمبەری خودا(ﷺ) لە سەفەرێکدا کە کردمان دوا کەوت لێمان، پێمان گەیشت، نوێژ تەنگاوی کردبوین (نوێژی عەسر) واتە: وەختەکەی کەمی مابوو. ئێمەیش دەستنوێژمان دەگرت‌و دەستمان دەهێنا بە پێکانماندا، بە بەرزترین دەنگی بانگە دەکرد: (بە باشی‌و تەواوی دەستنوێژ بگرن هاوار بۆ ئەوانەی قولەپێیان ناشۆرن لە ئاگر (یان کەمتەرخەمی دەکەن لە شۆردنی پێیان))[2] دیسان لە هەردوو سەحیحەکەدا هاتوە لە ئەبوهورەیرەوە[3] وە لە سەحیحی موسلیمدا هاتوە لە عائیشەوە لە پێغەمبەری خوداوە (ﷺ) کە فەرموویەتی: (بە چاکی‌و تەواوی دەستنوێژ بگرن هاوار بۆ ئەوانەی کەمتەرخەمی دەکەن (یان قولەپێیان ناشۆرن) لە ئاگر) وە لە عەبدوڵڵای کوڕی حاریسی کوڕی جەزئەوە (جَزْء) دەڵێت: بیستم لە پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئەیفەرموو: (هاوار بۆ ئەو کەسانە قولەپێ‌و ناوسکەی (ژێر) پێیان ناشۆرن لە ئاگر)[4] (واتە: ئەوانەی کە پێیان باش ناشۆرن دەچنە ناو ئاگر) بەیهەقی‌و حاکیم ڕیوایەتیان کردوە بە سەنەدی ڕاست. موسلیم لە سەحیحەکەیدا ڕیوایەتی کردوە لە عومەری کوڕی خەتابەوە: کە پیاوێ دەستنوێژی گرت، جێگەی نینۆکێکی لە پێیدا بەجێهێشت، پێغەمبەری خودا(ﷺ) چاوی پێی کەوت فەرمووی: (بگەڕێرەوە دەستنوێژەکەت باش بگرە)[5] بەیهەقی ڕیوایەتی کردوە لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە کە پیاوێ هات بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) دەستنوێژی گرت

---

[1] الانسان (٢١).

[2] فتح الباري (١/٣١٩)، مسلم (١/٢١٣).

[3] فتح الباري (١/٣٢١)، مسلم (١/٢١٥).

[4] مسلم (١/٢١٣).

[5] مسلم (١/٢١٥).

بە ئەندازەی نینۆکێکی لە پێی وازلێهێنا نەیشۆرد، پێغەمبەری خودا(ﷺ) پێی گوت: (بگەڕێرەوە دەستنوێژەکەت باش بگرە)[1] ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردوە لە هەندێ لە خێزانەکانی پێغەمبەرەوە (ﷺ) کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) پیاوێکی بینی نوێژی دەکرد سەری پێی بریسکەیەکی (سپیایەکی) پێوە دیار بوو بە ئەندازەی پەنجایی یە (درهەم) ئاوی بەرنەکەوتبوو، پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمانی پێکرد دەستنوێژەکە بگرێتەوە[2] ئەبوداوودیش ڕیوایەتی کردوە بەلام ئەمەی بۆ زیاد کردوە (نوێژەکەیش بکاتەوە)[3] ئەم سەنەدە چاکو بەهێزو سەحیحە والله أعلم.

فەرماندان بە دەست خستنە نێو پەنجەکان

لە فەرموودەکەی حومرانەوە (حُمران) لە عوسمانەوە لە شێوازی دەستنوێژ گرتنی پێغەمبەرەوە (ﷺ) کە پێغەمبەر(ﷺ) دەستی دەخستە ناو پەنجەکانیەوە[4] خاوەنی فەرموودەکان (السنن) لە لەقیتی (لقیط) کوڕی سەبرەوە گوتی: گوتم: ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) باسی دەستنوێژم بۆ بکە. فەرمووی: (جوانو بە تەواوی دەستنوێژ بگرە دەست بخەرە نێوان پەنجەکانت زۆر چاك ئاو ڕادەرە دەمت مەگێن (کاتێ) کە تۆ بەڕۆژو بیت)[5]. (واتە: کاتێ بەڕۆژو بوی زۆر ئاو ڕامەدەرە دەمت).

دەست هێنان بەسەر خوفا (الخفين) سونەتێکی نەگۆڕو جێگیرە

ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردوە لە ئەوسی کوڕی ئەبوئەوسەوە گوتی: پێغەمبەری خودام بینی (ﷺ) دەستنوێژی دەگرت دەستی هێنا بەسەر نەعلەکانیدا پاشان هەلسا بۆ نوێژ کردن.[6] ئەبوداوودیش هەر ڕیوایەتی کردوە لە ئەوسی کوڕی ئەبوئەوسەوە گوتی: پێغەمبەری خودام (ﷺ) بینی بەناو دارو درەختی خەڵکێکدا تێپەڕی (سباط) میزی کردو دەستنوێژی گرتو دەستی هێنا بەسەر هەردوو نەعلو هەردوو پێیدا[7] دیسان ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردوە لە جەریری کوڕی عەبدوللای بەجەلیەوە (البجلي) گوتی: من دوای هاتنە خوارەوەی سورەتی مائیدە موسوڵمان بووم، وە من پێغەمبەری خودام بینی (ﷺ) دوای ئەوەی کە موسوڵمان بووم دەستی دەهێنا بەسەر

---

[1] البيهقي (٧٠/١)، فەرموودەیەکی باشە.

[2] أحمد (٤٢٤/٣)، فەرموودەیەکی چاکو بەهێزو سەحیحە.

[3] أبوداود (١٢١/١)، فەرموودەیەکی چاکو بەهێزو سەحیحە.

[4] مجمع الزوائد (٢٣٥/١)، فەرموودەیەکی حەسەنو سەحیحە.

[5] أبوداود (١٢١/١)، تحفة الاحوذي (١٤٩/١)، النسائي (٧٩/١)، إبن ماجة (١٤٢/١)، تیرمیزی گوتی: فەرموودەیەکی حەسەنی سەحیحە.

[6] أحمد (٨/٤)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

[7] أبوداود (١١٣/١)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

خوفەکانیدا[1] تەنیا ئەحمەد خۆی هێناویەتی. وە لە هەردوو سەحیحەکەدا هاتوە لە هەممامەوە (همّام) گوتی: جەریر میزی کردو پاشان دەستنوێژی گرتو دەستی هێنا بەسەر خوفەکانیدا، پێی گوترا: ئایا تۆ وا دەکەی؟ گوتی: بەڵێ، پێغەمبەری خودام بینی (ﷺ) میزی کردو پاشان دەستنوێژی گرتو پاشان دەستی هێنا بەسەر خوفەکانیدا. ئەعمەش گوتی: ئیبراهیم گوتی: ئەم فەرمووده سەرنجی ڕاکێشا بوین، چونکە موسوڵمان بوونی جەریر دوای هاتنەخوارەوەی سورەتی مائیدە بوو. ئەمە وتەی موسلیمە. وە بە دەماو دەم (التواتر) هاتوە لە پێغەمبەری خوداوە (ﷺ) بە کردارو گفتار لەسەر بەردەوامی دەست هێنان بەسەر خوفدا لەلایەن پێغەمبەرەوە (ﷺ).

فەرماندان بۆ تەیەمم کردن لە کاتی نەبونی ئاوداو بۆ نەخۆشی

خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿وَإِن كُنتُمْ جُنُبًا فَاطَّهَّرُوا﴾ ئەگەر تووشی لەش پیسی بوون، خۆتان پاك بکەنەوە. ئەگەر نەخۆش یان ڕێبوار بوون یان یەکێکتان لەسەر پێش ئاو دێتەوە یان لەگەڵ ژنان وە یەك کەوتنو دەستتان بە ئاو نەگەیشت، بە تۆزی پاکی سەر زەوی دەمو چاوو دەستەکانی خۆتان بهەنوون (تۆزاوی کەن) ئەمانە هەموو لە تەفسیری ئایەتەکەی سورەتی نیسائدا لە پێشەوە باسی لێ کراوە، پێویست ناکات لێرەدا دووبارەی بکەینەوە هۆی هاتنە خوارەوەی ئایەتی تەیەمومیشمان هەر باس کرد. بوخاریو موسلیم لە هەردوو سەحیحەکەدا ڕیوایەتیان کردوە لە عائیشەوە گوتی: لەگەڵ پێغەمبەری خودادا (ﷺ) کە لە سەفەرێکدا دەچووین هەتا گەیشتینە بەیدا (یا) (ذات الجیش) لەوێ ملوانکەکەم پچڕایەوە، پێغەمبەر(ﷺ) وەستا بۆ ئەوەی بیدۆزینەوە، خەڵکەکەیش وەستان، لەو جێگەیەشدا نە ئاو هەبوو نە خۆشیان ئاویان پێ بوو، خەڵکەکە چوون بۆ لای ئەبوبەکر گوتیان: نابینی عائیشەی کچت چی کرد؟ پێغەمبەری خواو (ﷺ) ئەو خەڵکەی لێرە وەستاندوە (بەند کردوە) نە لەسەر ئاوێکینو نە ئاوێکیشمان پێیە؟ ئەبوبەکر هاتو لەو کاتەدا پێغەمبەر(ﷺ) سەری خستبوە سەر ڕانمو خەوی لێ کەوتبوو، گوتی: پێغەمبەرو (ﷺ) ئەو خەڵکەت بۆ لێرەدا گیر داوە، نە شوێنەکە ئاوی لێیە و نە ئاویان پێیە؟ عائیشە گوتی: ئەبوبەکر زۆر سەرزەنشتی کردم (چەندە خوا حەز بکات) خێرا خێرا سیخورمەی دەدا لە کەلەکەم منیش لەبەر ئەوەی سەری پێغەمبەر(ﷺ) لەسەر ڕانم بوو نەدەجولام، کە ڕۆژ بوەوە هەڵسا ئاو نەبوو بۆ دەستنوێژ گرتن، هەر بۆیە خودای گەورە ئایەتی تەیەمومی ناردە خوارەوەو کە خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا قُمْتُمْ إِلَى ٱلصَّلَوٰةِ فَٱغْسِلُواْ وُجُوهَكُمْ﴾ ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە ئەگەر هەڵسان بۆ نوێژ کردن دەمو چاوتان بشۆرن (تا کۆتایی ئایەتەکە) هەموو تیەمومیان کرد. ئوسەیدی کوڕی حوزەیر (أُسید بن

---

[1] أحمد (٣٦٣/٤)، فەرموودەیەکی حەسەنە.

حچیر) کە یەکێك بوو لە نەقیبەکان گوتی: ئەی بنەماڵەی ئەبوبەکر: ئەمە یەکەم بەرەکەت نیە کە خودا بەهۆی ئێوەوە پێی داوین. عائیشە گوتی: کاتێ وشترەکەمان هەڵسا ملوانکەکەم لە ژێریا بوو دۆزیمانەوە.[1] پاشان خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿مَا يُرِيدُ اللَّهُ لِيَجْعَلَ عَلَيْكُم مِّنْ حَرَجٍ﴾ خودا نایەوێ بتانخاتە تەنگانەوە. لەبەر ئەوە ئاسانکاری بۆ کردوین‌و گرانی نەکردوە لەسەرتان بەڵکو تەیەمومی بۆ حەڵاڵ کردون لە کاتی نەخۆشیداو نەبونی ئاودا، بۆ ئەوەی ئاسانکاریتان بۆ بکات‌و بەرەزەیی خۆیتان بخات. خستویەتیە جێگەی ئاو مەگەر لە هەندێ ڕوەوە نەبێ وەك لە پێشەوە ڕوون کراوەتەوە. لە کتێبی (الاحکام الکبرا) باس کراوە. وە ئەفەرموێت: ﴿وَلَٰكِن يُرِيدُ لِيُطَهِّرَكُمْ وَلِيُتِمَّ نِعْمَتَهُ عَلَيْكُمْ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ﴾ بەلام دەیەوێت خاوێنتان بکاتەوەو بە تەواوی چاکەتان دەرباره بکات، بەڵکو شوکرانە بژێر بن. لەسەر ئەو هەموو ئاسانکاری‌و سۆزو بەزەیی‌و لێبوردەییە بەرانبەرتان دەیکات.

دووعای دوای دەستنوێژ گرتن

فەرموودە هاتوە بۆ هەڵنان لەسەر پاڕانەوەو دووعا کردن لە دوای دەستنوێژ گرتن، هەتا ئەو کەسەی کە پێی هەڵدەسێ خودا لە ڕیزی پاك‌و خاوێنەکان دیناون بەپێی ئەو ئایەتە پیرۆزە کە فەرموویەتی. وەك ئیمامی ئەحمەدو موسلیم‌و خاوەن فەرموودەکانی تریش ڕیوایەتیان کردوە لە عوقبەی کوڕی عامیرەوە گوتی: ئێمە وشترمان بەخێو دەکرد، نۆرەی من هات‌و ئێوارەیەك گێڕامنەوە بۆ مۆڵگەکەیان، گەیشتم بە پێغەمبەری خودا(ﷺ) بە پێوە ڕاوەستا بوو قسەی بۆ خەڵك دەکرد، گەیشتم بەو قسەیەی کە ئەیفەرموو: (هیچ موسوڵمانێك نیە کە دەستنوێژ بگرێ‌و بە باشی بیگرێت، پاشان هەڵسێ‌و دوو ڕکات نوێژ بکات، بە دڵ‌و بە گیان لەناو نوێژەکەیدا بێت، مەگین بەهەشت مسۆگەر دەبێت بۆی) گوتی: منیش گوتم: ئای ئەم مژدەیە چەند خۆش بوو، لەو کاتەدا لەبەر دەستمدا کەسێك گوتی: من چاوم لێت بوو کە ئێستا هاتی، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (هەر یەکێك لە ئێوە دەستنوێژ بگرێت، بە باشی‌و بە تەواوی دەستنوێژەکەی بگرێت، پاشان بڵێ: (أشهد أن لا إله إلا الله و أشهد أن محمداً عبده و رسوله) ئەوە هەر هەشت دەرگاکەی بەهەشتی بۆ دەکرێتەوە لە کامیان بیەوێت دەچێتە ژورەوە[2]. وتەکە وتەی موسلیمە.

[1] فتح الباري (٨/١٢١).

[2] أحمد (٤/١٥٣)، مسلم (١/٢٠٩)، أبوداود (١/١١٨)، النسائي (١/٩٢)، إبن ماجة (١/١٥٩).

ڕێزو گەورەیی دەستنوێژ

مالیك ڕیوایەتی کردوە لە ئەبوهورەیرەوە کە پێغەمبەری خودا فەرموویەتی: (ئەگەر بەندەی موسوڵمان (یا باوەڕدار) دەستنوێژی گرت، دەمو چاوی شۆرد، هەر گوناهێك بە چاو کردویەتی لەگەڵ ئاوەکەدا دەڕوات، یا لەگەڵ دوا تنۆکی ئاوەکەدا. ئەگەر دەستەکانی شۆرد هەموو ئەو گوناهانەی بە دەستی کردویەتی لەگەڵ ئاوەکەدا دەڕوات، یا لەگەڵ دوا تنۆکی ئاوەکەدا، ئەگەر قاچەکانی شۆرد ئەو گوناهانەی بەو قاچانەی بۆی چووە لەگەڵ ئاوەکەدا دەڕوات، یا لەگەڵ دوا تنۆکی ئاوەکەدا، هەتا پاك دەبێتەوە لە گوناه).[1] موسلیمیش ڕیوایەتی کردوە[2] موسلیم لە سەحیحەکەدا لە ئەبومالیکی ئەشعەریەوە ڕیوایەتی کردوە کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (پاكو خاوێنی بەشێکی ئیمانە (الحمد لله) تەرازو بڕ دەکان (سبحان الله و الحمد لله) نێوانی ئاسمانەکانو زەوی پڕ دەکەن، نوێژ ڕوناکی یە، خێر کردن ڕاستی ئیمانو گوێڕایەڵی بۆ خوا سەلماندنە، ئارام گرتن ڕۆشنایی یە، قورئانیش بەڵگەیە بۆت یان لەسەرت، خەڵکی هەموویان بەیانیان زوو دەڕۆن خۆیان دەفرۆشن بەوەش یان خۆی ڕزگار دەکات یان خۆی تیا دەبات)[3] وە لە سەحیحی موسلیمدا هاتوە لە ئیبنوعومەرەوە گوتی: پێغەمبەری خودا فەرموویەتی: (خودا خێری (سەدەقەی) ماڵی بە ناهەق بە دەست هاتوو وەرناگیرێت، وە نوێژی بێ دەستنوێژیش وەرناگیرێت)[4].

﴿وَاذْكُرُوا نِعْمَةَ اللَّهِ عَلَيْكُمْ وَمِيثَاقَهُ الَّذِي وَاثَقَكُم بِهِ إِذْ قُلْتُمْ سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا ۖ وَاتَّقُوا اللَّهَ ۚ إِنَّ اللَّهَ
عَلِيمٌ بِذَاتِ الصُّدُورِ ﴿٧﴾ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُونُوا قَوَّامِينَ لِلَّهِ شُهَدَاءَ بِالْقِسْطِ ۖ وَلَا يَجْرِمَنَّكُمْ
شَنَآنُ قَوْمٍ عَلَىٰ أَلَّا تَعْدِلُوا ۚ اعْدِلُوا هُوَ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَىٰ ۖ وَاتَّقُوا اللَّهَ ۚ إِنَّ اللَّهَ خَبِيرٌ بِمَا تَعْمَلُونَ
﴿٨﴾ وَعَدَ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ ۙ لَهُم مَّغْفِرَةٌ وَأَجْرٌ عَظِيمٌ ﴿٩﴾ وَالَّذِينَ كَفَرُوا
وَكَذَّبُوا بِآيَاتِنَا أُولَٰئِكَ أَصْحَابُ الْجَحِيمِ ﴿١٠﴾ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اذْكُرُوا نِعْمَتَ اللَّهِ
عَلَيْكُمْ إِذْ هَمَّ قَوْمٌ أَن يَبْسُطُوا إِلَيْكُمْ أَيْدِيَهُمْ فَكَفَّ أَيْدِيَهُمْ عَنكُمْ ۖ وَاتَّقُوا اللَّهَ ۚ وَعَلَى اللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ
الْمُؤْمِنُونَ ﴿١١﴾﴾

---

[1] الموطأ (٣٢/١)، فەرمودەیەکی سەحیحە.

[2] مسلم (٢١٥/١).

[3] مسلم (٢٠٣/١).

[4] مسلم (٢٠٤/١).

وەبیر هێنانەوەی چاکەی خودا لە ناردنی پەیام و ئاینی ئیسلام

خودای مەزن چاکەی خۆی وەبیر بەندە خاوەن باوەڕەکانی خۆی دەهێنێتەوە کە ئەم ئاینە پیرۆزەی بۆ ناردوون و کردویەتی بە بەرنامەی ژیانیان، ئەو پێغەمبەرە بەڕێزەیشی بۆ ڕەوانە کردوون و بەڵێنیشی لێ وەرگرتوون کە پەیمانی بدەنێ کە شوێنی بکەون و یارمەتی بدەن و پشتیوانی لێ بکەن، هەڵسن بە جێبەجێ کردنی فەرمانی خوداو ئاینەکەی بڵاو بکەنەوە، ئەفەرموێت: ﴿وَٱذۡكُرُواْ نِعۡمَةَ ٱللَّهِ عَلَيۡكُمۡ وَمِيثَٰقَهُ ٱلَّذِي وَاثَقَكُم بِهِۦٓ إِذۡ قُلۡتُمۡ سَمِعۡنَا وَأَطَعۡنَا﴾ ئەو چاکەیە لەبیر مەکەن کە خودا دەربارەی کردوون و ئەو پەیمانەتان لەبیر بێ کە لەگەڵ خواتان بەستوە و گوتوتانە: بیستمان و بەرفەرمانین. ئەمە ئەو پەیمانەیە کە بەستبویان لەگەڵ پێغەمبەری خودا(ﷺ) لە کاتی موسوڵمان بونیاندا وەك گوتیان: پەیمانمان دا بە پێغەمبەر(ﷺ) لەسەر گوێڕایەڵی و ملکەچی لە خۆشیمان و لە ناخۆشیماندا، با فەرمانڕەواکانیش هەندێ لە مافەکانی بەرن بۆ خۆیان، پەیمانمان دا کە ململانێ نەکەین لەگەڵ کەسێ کە شایستەی فەرمانڕەوایی بێت، خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَمَا لَكُمۡ لَا تُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلرَّسُولُ يَدۡعُوكُمۡ لِتُؤۡمِنُواْ بِرَبِّكُمۡ وَقَدۡ أَخَذَ مِيثَٰقَكُمۡ إِن كُنتُم مُّؤۡمِنِينَ﴾[1] دەی چیتانە باوەڕ ناکەن بە خودا؟ کەچی پێغەمبەریش داواتان لێ دەکات. تا بە پەروەردگاری خۆتان باوەڕ بێنن، ئەگەر باوەڕتان هەبێ ئێوە پەیمانتان پێداوە. عەلی کوڕی ئەبوتەلحە ڕیوایەتی کردوە لە ئیبنوعەبباسەوە: ئەمە وەبیرهێنانەوەیەکە بۆ جوولەکەکان بۆ ئەو بەڵێن و پەیمانانەی کە لێیان وەرگیرا کە شوێن موحەممەد بکەون و (ﷺ) ملکەچ بن بۆ پەیامەکەی.

پاشان خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ﴾ لە خواش بترسن. ئەمە جەخت کردنەوە و هەڵنانە لەسەر پابەند بوون بە لە خوا ترسیەوە لە هەموو کات و ساتێکدا، پاشان ئاگاداری کردوون کە ئاگای لەو شتانەیە دێت بەناو دڵیاندا لە نهێنی سرتەی دڵ و ئەفەرموێت: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمُۢ بِذَاتِ ٱلصُّدُورِ﴾ هەرچی لەناو دڵیشتاندا بێ دەیزانێ.

فەرمانداان بە پابەند بوون بە دادوەریەوە

خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ كُونُواْ قَوَّٰمِينَ لِلَّهِ﴾ ئەی کەلی خاوەن باوەڕان بۆخوا ڕاست و دروست بن، واتە: لەبەر ڕەزامەندی خودا هەقبێژ بن، نەك لەبەر خەڵك و ناوبانگ دەرکردن ﴿شُهَدَآءَ بِٱلۡقِسۡطِ﴾ بە دادگەری شایەتی بدەن نەك بە ستەم و زۆر، لە هەردوو سەحیحەکەدا هاتوە لە نوعمانی کوڕی بەشیرەوە کە گوتویەتی: باوکم خەڵاتێکی کردم. دایکم کە عەمرەی کچی

---

[1] الحدید (٨).

ڕەواحە بوو گوتی: ڕازی نابم هەتا پێغەمبەری خودا(ﷺ) شایەتی نەدات لەسەری هێنای بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) تا شایەتی بۆ بدات لەسەر خەلاتەکەم فەرمووی: (ئایا هەموو منداڵەکانت خەلات کردوە وەك ئەو) گوتی: نەخێر، فەرمووی: (لە خوا بترسنو دادوەری بکەن لە نێوان منداڵەکانتاندا) وە فەرمووی: (بەڕاستی من شایەتی نادەم لەسەر ستەم) باوکم گەڕایەوەو ئەو خەلاتەی گەڕاندەوە.[1]

خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَلَا يَجۡرِمَنَّكُمۡ شَنَـَٔانُ قَوۡمٍ عَلَىٰٓ أَلَّا تَعۡدِلُواْۚ ٱعۡدِلُواْ هُوَ أَقۡرَبُ لِلتَّقۡوَىٰۖ﴾ دوژمنایەتیو قینی کۆمەڵێك هەڵتان نەنێ بە هەقانەت ڕەفتار نەکەن. بە یەکسانیو بێ جیاوازی لەگەڵ خەڵکدا ڕەفتار کردن دەبێتە هۆی زیاتر نزیك بونەوە لە خۆپارێزی. واتە: دادگەر بن چونکە ئەوە دەبێتە هۆی زۆرتر نزیك بونەوە لە خوا ترسی تا وازلێهێنانی. پاشان ئەفەرموێت: ﴿وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَۚ إِنَّ ٱللَّهَ خَبِيرُۢ بِمَا تَعۡمَلُونَ﴾ لە خواش بترسن چونکە لە هەر کارێ ئێوە دەیکەن خودا ئاگادارە. واتە: بەو زوانە لەو کارانەی کە ئێوە کردوتانە ئاگادارەو پاداشتتان ئەداتەوە، چاکە بە چاکەو خراپەیش بە تۆڵە لێ سەندن، هەر بۆیە دوای ئەوە ئەفەرموێت: ﴿وَعَدَ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّـٰلِحَـٰتِ لَهُم مَّغۡفِرَةٞ وَأَجۡرٌ عَظِيمٞ﴾ ئەو کەسانەیش باوەڕدارو ئاکار چاکن خودا بەڵێنی پێداون کە لە گوناهیان دەبورێو پاداشتێکی زۆر گەورەشیان پێ دەبەخشێ، کە بەهەشتە کە بەزەییەکە لەلایەن خۆیەوە بەرانبەر عەبدەکانی. چونکە بە کرداری خۆیان ئەو بەهەشتە وەدەس ناهێنن بەڵکو بە چاکەو فەزڵی خودا خۆیەتی. هەرچەندە هۆکاری گەیشتن بەو بەزەییە کردارەکانیانە. خودا خۆیشی ئەو کردارانەی کردوە بە هۆکار بۆ بەدەستهێنانی ئەو سۆزو بەزەییو ڕێزو لێبوردەییو ڕەزامەندیەی خۆی. هەموو شتێ هەر خۆی دەیکاتو هەر بۆ ئەویشە، سوپاسو ستایش هەر بۆ ئەوە. پاشان ئەفەرموێت: ﴿وَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ وَكَذَّبُواْ بِـَٔايَـٰتِنَآ أُوْلَـٰٓئِكَ أَصۡحَـٰبُ ٱلۡجَحِيمِ﴾ ئەوانەش کە خوانەناس بوونو نیشانەکانی ئێمەیان بە درۆ زانی، گشتیان هاوەڵی ئاگرن. ئەمەیش هەر لە دادگەریو لە کارزانیو بڕیاری خۆیەتی کە ستەمو ناهەقی تیا ناکات. وە هەر ئەویش دادوەرێکی ڕێكو ڕاستو لە کارزانو زۆر بە توانایە.

دەست نەگەیشتنی خوانەناسان بە موسوڵمانان بەهۆی بەزەییەکە لەلایەن خوداوە

خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱذۡكُرُواْ نِعۡمَتَ ٱللَّهِ عَلَيۡكُمۡ إِذۡ هَمَّ قَوۡمٌ أَن يَبۡسُطُوٓاْ إِلَيۡكُمۡ أَيۡدِيَهُمۡ فَكَفَّ أَيۡدِيَهُمۡ عَنكُمۡۖ﴾ ئەی گەلی خاوەن باوەڕان، ئەو چاکەتان لەبیر

[1] فتح الباري (٥/٢٥٠)، مسلم (٢/١٢٤٢).

نەچیٚ کە خودا دەربارەی کردن. کە ئەو کاتە کۆمەڵێك لە دوژمنـەکانتان ویستیان دەستدرێژیتان بۆ بکەن، خودا وای کرد کە ئەوان دەستیان پێتان نەگات. عەبدوڕەزاق ڕیوایەتی کردوە لە جابیرەوە کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) لە شوێنێکدا دانیشت. خەڵکەکەیشی بڵاوەیان کردو خۆیان خستە ژێر سێبەری درەختە بەرزو گەورەکان، پێغەمبەری خودا(ﷺ) چەکەکەی بە درەختێکدا هەڵواسی پیاوێکی عەرەبی دەشتەکی هات بۆ شمشێرەکەی پێغەمبەری خوداو (ﷺ) هەڵگرتو هەڵی کێشاو پاشان بەرەو ڕووی پێغەمبەری کردەوەو گوتی: کیٚ لە من دەتپارێزیٚ؟ فەرمووی: (خودای خاوەن دەسەڵاتو بەتوانا) پیاوە عەرەبە دەشتەکیەکە دوو جار سیٚ جار گوتی: کیٚ لە من دەتپارێزیٚ؟ پێغەمبەریش ئەیفەرموو: (خودا) گوتی: پیاوە عەرەبە دەشتەکیەکە شمشێرەکەی کردەوە بە لێلانەکەیدا. پێغەمبەر(ﷺ) هاوەڵەکانی بانگ کردو دەنگو باسی عەرەبە دەشتەکیەکەی بۆ گێڕانەوە، پیاوە عەرەبەکە لە تەنیشتی دانیشتبوو، پێغەمبەر(ﷺ) سزای نەدا، قەتادەیش هەر بەم شێوەیە باسی دەکات، کە کۆمەڵیٚ لە عەرەبەکان ویستیان پێغەمبەری خودا بکوژن (ﷺ) ئەم پیاوە عەرەبە دەشتەکیەیان نارد بیکوژیٚ ئەم ئایەتەی هێناوەو وای لێك داوەتەوە: ﴿ءَامَنُوا۟ ٱذْكُرُوا۟ نِعْمَتَ ٱللَّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ هَمَّ قَوْمٌ أَن يَبْسُطُوٓا۟ إِلَيْكُمْ أَيْدِيَهُمْ﴾[1] بەسەرهاتی ئەم عەرەبە دەشتەکیە (کە غەورەسی کوڕی حاریسە) (غَوْرَث بن الحارث) لە فەرموودەی سەحیحدا هاتوە[2] موحەممەدی کوڕی ئیسحاقی کوڕی یەسارو موجاهیدو عیکرمەو کەسانی تریش دەڵێن ئەم ئایەتە لە بارەی بەنی نەزیرەوە (بني النضير) هاتوەتە خوارەوە کاتیٚ کە ویستیان دەسارەکە (الرحى) بخەن بەسەر پێغەمبەری خوادا (ﷺ) کاتیٚ هات بۆ لایان تا یارمەتیان بدات لە خوێنی (دية) عامیریەکاندا، کە عەمری کوڕی جەحاشیان (جحاش) کردبوو بە وەکیل لەو بارەیەوە. فەرمانیان پێدابوو بەو کارە هەڵسیٚو پێغەمبەر(ﷺ) لە ژێر ئەو دیوارەدا دانیشێنیٚو لەلای کۆ ببنەوەو ئەو دەسارە لە سەریەوە بخرێت بە سەریدا، خودای گەورە پێغەمبەری (ﷺ) ئاگادار کرد لەوەی کە گەرەکیانە بیکەن پێغەمبەر(ﷺ) گەڕایەوە بۆ مەدینە، هاوەڵەکانیشی شوێنی کەوتن، خودای گەورە لەسەر ئەوە ئەم ئایەتەی ناردە خوارەوە. پاشان خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ ۚ وَعَلَى ٱللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ ٱلْمُؤْمِنُونَ﴾ هەر لە خوا بترسن، سا هەرکەسیٚ باوەڕی بە خودا هەیە، خۆی هەر بە خودا بسپێریٚ. واتە: هەرکەسیٚ خۆی بە خودا بسپێریٚ، خودای بەسە بۆ هەر شتیٚ بیەوێت بیکات خودا دەیپارێزیٚ لە خراپەی خەڵکی. پاشان خودای گەورە فەرمانی دا بە

[1] عبدالرزاق (١/١٨٥)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

[2] البخاري (٤١٣٥/٤١٣٦/٤١٣٩).

پێغەمبەر(ﷺ) کە زوو بچێتە سەریان، پێغەمبەر(ﷺ) گەمارۆی دان هەتا خۆیان دا بەدەستەوەو دەری کردن.

﴿وَلَقَدْ أَخَذَ اللَّهُ مِيثَاقَ بَنِي إِسْرَائِيلَ وَبَعَثْنَا مِنْهُمُ اثْنَيْ عَشَرَ نَقِيبًا ۖ وَقَالَ اللَّهُ إِنِّي مَعَكُمْ ۖ لَئِنْ أَقَمْتُمُ الصَّلَاةَ وَآتَيْتُمُ الزَّكَاةَ وَآمَنتُم بِرُسُلِي وَعَزَّرْتُمُوهُمْ وَأَقْرَضْتُمُ اللَّهَ قَرْضًا حَسَنًا لَّأُكَفِّرَنَّ عَنكُمْ سَيِّئَاتِكُمْ وَلَأُدْخِلَنَّكُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ ۚ فَمَن كَفَرَ بَعْدَ ذَٰلِكَ مِنكُمْ فَقَدْ ضَلَّ سَوَاءَ السَّبِيلِ ﴿١٢﴾ فَبِمَا نَقْضِهِم مِّيثَاقَهُمْ لَعَنَّاهُمْ وَجَعَلْنَا قُلُوبَهُمْ قَاسِيَةً ۖ يُحَرِّفُونَ الْكَلِمَ عَن مَّوَاضِعِهِ ۙ وَنَسُوا حَظًّا مِّمَّا ذُكِّرُوا بِهِ ۚ وَلَا تَزَالُ تَطَّلِعُ عَلَىٰ خَائِنَةٍ مِّنْهُمْ إِلَّا قَلِيلًا مِّنْهُمْ ۖ فَاعْفُ عَنْهُمْ وَاصْفَحْ ۚ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُحْسِنِينَ ﴿١٣﴾ وَمِنَ الَّذِينَ قَالُوا إِنَّا نَصَارَىٰ أَخَذْنَا مِيثَاقَهُمْ فَنَسُوا حَظًّا مِّمَّا ذُكِّرُوا بِهِ فَأَغْرَيْنَا بَيْنَهُمُ الْعَدَاوَةَ وَالْبَغْضَاءَ إِلَىٰ يَوْمِ الْقِيَامَةِ ۚ وَسَوْفَ يُنَبِّئُهُمُ اللَّهُ بِمَا كَانُوا يَصْنَعُونَ ﴿١٤﴾﴾

بەڵێنی ئەهلی کتێبو نەفرین لێکردنیان لەسەر شکاندنی:

کاتێ خودای مەزن فەرمانی دا بە بەندە خاوەن باوەڕەکانی کە پارێزگاری لەو بەڵێنو پەیمانە بکەن کە خۆی لێی وەرگرتوون لەسەر زمانی بەندەو پێغەمبەری خۆی موحەممەد (ﷺ) وە فەرمانیشی پێکردن لەسەر هەق هەڵسنو شایەتی ڕاستو دروست بدەن، وە ئەو چاکە دیارو نەدیارانەشی وەبیر هێنانەوە لەو هەقو شارەزاییە کە ڕێنمایی کردوون بۆی. پاشان باسی ئەوەیان بۆ دەکات کە چۆن ئەو بەڵێنو پەیمانەی لەو کەسانەی پێش ئەوان وەرگرتوە لە ئەهلی هەردوو کتێبەکە: جوولەکەو مەسیحیەکان، کاتێ بەڵێنو پەیمانەکانیان شکاند، وەبەر نەفرینی خۆی خستنو دەری کردنو دووری خستنەوە لە خۆی، پەردەیشی هێنا بەسەر دلەکانیانداو شارەزا نەبوونو ئاینی ڕاستیان وەرنەگرت. کە ئەوە زانستی بەسوودو ئاکاری چاکە. خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَلَقَدْ أَخَذَ اللَّهُ مِيثَاقَ بَنِي إِسْرَائِيلَ وَبَعَثْنَا مِنْهُمُ اثْنَيْ عَشَرَ نَقِيبًا﴾ خودا لەگەڵ بەرەی ئیسرائیلدا پەیمانی بەست، هەر لە خۆیان دوانزە کەسمان بۆ سەرۆك هەڵبژارد. واتە: بوونە بەرپرس لەباتی هۆزەکانیان بۆ پەیمان وەرگرتن لەسەر گوێڕایەڵیو ملکەچی بۆ خوداو پێغەمبەرەکەیو کتێبەکەی. موحەممەدی کوڕی ئیسحاقو ئیبنوعەبباسو کەسانی تریش باسیان کردوە ئەمە لەو کاتەدا بووە کە مووسا

(سەلامی خوای لێبێ) ڕۆیشت بۆ شەڕی زۆردارەکان، خودای مەزن فەرمانی پێدا کە سەرکردەکان دانێ. لەسەر هەر هۆزێ سەرکردەیەك لە خۆیان دابنێ[1].

سەرکردەکانی یارمەتیدەرەکان (الانصار) لە شەوی عەقەبەدا

هەر بەو شێوەیەش کاتێ پێغەمبەری خودا(ﷺ) پەیمانی وەرگرت لە ئەنساریەکان لە شەوی عەقەبەدا کە هاتبوون لە دوانزە سەرکردە: سیانیان لە ئەوسیەکان بوون کە بریتی بوون: ئوسەیدی کوڕی حوزەیرو (أُسید بن الحُضیر) سەعیدی کوڕی خەیسەمەو ڕیفاعەی کوڕی عەبدولمونزیر و یُقال بدله: أبو الهیثم بن التَّیهان (ڕەزای خوای لێبێ) وە نۆ کەسیش لە خەزرەج کە بریتی بوون: لە ئەبوئەمامە ئەسعەدی کوڕی زورارەو سەعدی کوڕی ڕەبیعو عەبدوڵلای کوڕی ڕەواحەو ڕافیعی کوڕی مالیکی کوڕی عەجلانو بەرائی کوڕی مەعرورو عوبادەی کوڕی سامتو سەعدی کوڕی عوبادەو عەبدوڵلای ئیبنوعەمری کوڕی حەرامو مونزیری کوڕی عەمری کوڕی حونەیس (ڕەزای خوایان لێبێ). کەعبی کوڕی مالیك لە شیعرێکیدا باسی کردوون. وەك چۆن ئیبنوئیسحاق ڕەحمەتی خوای لێبێ هێناویەتی[2] مەبەست لێرەدا ئەوەیە کە ئەمانە سەرکردە بوون (نُقباء) بەسەر هۆزەکەیانەوە، بۆ ئەوەی ئەو فەرمانانەی پێغەمبەر ئەیدات پێیان ڕاگەیەنێت. هەر ئەوانە بوون کە بەڵێنو پەیمانەکانیان ئەدا لە برەتی هۆزەکەیان بە پێغەمبەری خودا(ﷺ) لەسەر گوێڕایەڵیو ملکەچی بۆ فەرمانەکانی. خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿وَقَالَ ٱللَّهُ إِنِّي مَعَكُمۡۖ لَئِنۡ أَقَمۡتُمُ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتَيۡتُمُ ٱلزَّكَوٰةَ وَءَامَنتُم بِرُسُلِي﴾ خودا فەرمووی: بەڕاستی من لەگەڵ ئێوەم، ئەگەر ئێوە لەسەر نوێژو زەکات دان هەمیشە بەردەوم بنو بڕواشتان بە پێغەمبەرەکانم ببێت. واتە: یارمەتیتان ئەدەمو پارێزگاریتان لێ دەکەمو ئاگام لێتانە، ئەگەر بڕوا بهێنن بەو پێغەمبەرانەی کە نیگاتان بۆ دەهێنن لەلایەن منەوەو ﴿وَعَزَّرۡتُمُوهُمۡ﴾ ڕێزیان بگرنو یارمەتیان بدەنو پشتگیریان لێ بکەن لەسەر ئەو هەقەو ﴿وَأَقۡرَضۡتُمُ ٱللَّهَ قَرۡضًا حَسَنًا﴾ وەماڵی خۆتان بە دەستەوا (قەرز) بدەن بە (بەندەکانی) خودا بە شێوەیەکی چاكو جوان، واتە: ماڵ بەخشین لە ڕێی خوداو لەبەر ڕەزامەندی خودا ﴿لَّأُكَفِّرَنَّ عَنكُمۡ سَيِّـَٔاتِكُمۡ﴾ منیش کارە خراپەکانتان دەسڕمەوەو چاوپۆشیتان لێدەکەمو تۆڵەتان لێ ناسێنم. ﴿وَلَأُدۡخِلَنَّكُمۡ جَنَّـٰتٖ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَـٰرُ﴾ دەتانخەمە ناو باغاتێك جۆباریان بە بەردا بڕوا. واتە: وەوەی لێتان قەدەغە بووە پێتان ئەدەمو ئارەزوەکانتان بۆ بەدی دەهێنم.

---

[1] الطبري (١١٣/١٠).

[2] إبن هشام (٨٦/٢–٨٧).

پەیماندان و شکاندنی

خـوداى مـەزن ئەفـەرموێت: ﴿فَمَن كَفَرَ بَعْدَ ذَٰلِكَ مِنكُمْ فَقَدْ ضَلَّ سَوَآءَ ٱلسَّبِيلِ﴾ هەرکەسیشتان لەو لارێی خوانەناسی بگرێتە بەر (با بزانێ) کە لە ڕاستە ڕێ لایداوە. واتـە: هەرکەسێ سەرپێچی لەم پەیمانە بکات دوای بەستن و توندو تۆڵ کردنی و سەرپێچی لێ بکات و وەك کەسێ کە هەر پەیمانی نەدابێ وا هەڵسوکەوت بکات، ئەوە لەو ڕاستە ڕێی ڕوونـە لایداوەو بەرەو گومرایی ڕۆشتوە، پاشان خودای گەورە باسی ئەو سزایە دەکات کە تووشیان بووە لەسەر سەرپێچی کردنیان و شکاندنی ئەو بەڵێن و پەیمانەی کە وا دابوویان ئەفـەرموێت: ﴿فَبِمَا نَقْضِهِم مِّيثَٰقَهُمْ لَعَنَّٰهُمْ﴾ ئەوسا لەسەر پەیمان شکاندنیان وەبەر نەفرینی خۆمان خستن. واتە: دوورمان خستنەوە لە هەق و لە ڕێی ڕاست تەرەمان کردن ﴿وَجَعَلْنَا قُلُوبَهُمْ قَٰسِيَةً﴾ بە تەواوی دڵرەشمان کردن. هیچ ئامۆژگاریەك کاری لێ نەدەکردن لەبەر دڵرەشی و دڵرەقیتـان ﴿يُحَرِّفُونَ ٱلْكَلِمَ عَن مَّوَاضِعِهِۦ﴾ قسەکانی ناوەڕۆکی پەیمانەکەیان لە جێی خۆی گۆڕی. واتـە: بیروبۆچـونیان تێکچووبوو. هەڵسوکەوتیان بەرانبەر نیشانەکانی خودا خراپ بوو. کتێبی خوایان بە ئارەزوی خۆیان لێك ئەدایەوەو مانای تریان بۆ دادەنا. بە پێچەوانەی ئـەوەی کـە خـودا ڕەوانـەی کردبـوو. شتی وایـان بـە دەمـی خـوداوە دەگـوت کـە نەیفەرمووبوو، پەنا بە خوا لەو کارەیان. ﴿وَنَسُوا۟ حَظًّا مِّمَّا ذُكِّرُوا۟ بِهِۦ﴾ زۆر لەوانەی کە فێری ئـەوان کرا بوو، لە بیر خۆیان بردبوەوە، خۆیان شتیان لەجێی دانا بـوو: واتـە: کاریـان بـەو کتێبە نـەدەکردو حەزیان لێی نـەبوو. ﴿وَلَا تَزَالُ تَطَّلِعُ عَلَىٰ خَآئِنَةٍ مِّنْهُمْ﴾ هـەتا ئێستاش (وەك دەبینـی) خەیانـەتکاریان هـەر هەیـە مـەگین کـەمێك لەناویانـدا. واتـە: هـەر خـەریکی فێڵ کـردن و خەیانـەت کـردن لـە خـۆت و هاوەڵەکانت. موجاهیدو کەسانی تریش گوتیان: مەبەست پێی هەوڵدانیان بووە بۆ کوشتنی پێغەمبەری خودا(ﷺ)[1]، ﴿فَٱعْفُ عَنْهُمْ وَٱصْفَحْ﴾ سا تۆ چاویان لێ بپۆشەو بیانبەخشە. ئا ئەمەیە سەرکەوتن و زاڵ بوونی ڕاستەقینە. وەك هەندێ لە زانایانی پێشینە دەڵێن، وا هەڵسوکەوتت لەگەڵدا نـەکردن کـە سەرپێچی فەرمانی خودایان کرد لەبارەی خۆتەوە، بەو شێوەیەی کە فەرمانی خودای تیا بەجێ بێنـی، ئـا بـەو شـێوەیە خۆشەویستی لەنێوانیاندا دروسـت بـوو لەسـەر هـەق کۆبوونـەوە، سـا بـەڵکو خـودا شارەزایان بکات. هەر بۆیە خودای گەورە ئەفـەرموێت: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُحْسِنِينَ﴾ بێگومـان خـودا چاکەکارانی خـۆش دەوێـت. یـان: چاوپۆشـی کردنـت دوای ئـەو خراپـەی بەرانبـەرت کردیـان، کـارێکی

---

[1] الطبري (١٣١/١٠).

چاکەو خودا پێی خۆشە. قەتادە گوتی: ئەم ئایەتە: ﴿فَٱعۡفُ عَنۡهُمۡ وَٱصۡفَحۡ﴾ نەسخ بوتەوە بەم ئایەتە کە ئەفەرموێت: ﴿قَٰتِلُواْ ٱلَّذِينَ لَا يُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَلَا بِٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِ﴾[1]، شەڕ بکەن لەگەڵ ئەوانەی کە بڕوا ناهێنن بە خودا بە ڕۆژی قیامەت.

پەیمانی مەسیحیەکان و لەبیرچوونەوەی ئەو پەیمانەیان و ئەنجامەکەی

خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿وَمِنَ ٱلَّذِينَ قَالُوٓاْ إِنَّا نَصَٰرَىٰٓ أَخَذۡنَا مِيثَٰقَهُمۡ﴾ پەیمانمان لەو کەسانەش وەرگرت کە گوتیان: ئێمە مەسیحین. واتە: پەیمانمان لەو کەسانە وەرگرت کە خۆیان بە مەسیحی دەزانن و شوێنی عیسای کوڕی مەریەم (سەلامی خوای لێبێ) دەزانن، بەڵام وا نەبوون. ئێمە بەڵێن و پەیمانمان لێ وەرگرتن کە شوێن موحەممەد (ﷺ) بکەون و یارمەتی بدەن و پشتگیری لێ بکەن، شوێنی ئەو ڕەوشتەی ئەو بکەون کە بڕوا بوونە بە هەر هەموو ئەو پێغەمبەرانەی خودای گەورە ڕەوانەی کردوە بۆ خەڵکی سەر زەوی. بەڵام ئەوان وەك جوولەکەکانیان کرد، دژی پەیمانەکە وەستان و بەڵێنەکەیان هەڵوەشاندەوە، لەبەر ئەوەیە خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿فَنَسُواْ حَظّٗا مِّمَّا ذُكِّرُواْ بِهِۦ فَأَغۡرَيۡنَا بَيۡنَهُمُ ٱلۡعَدَاوَةَ وَٱلۡبَغۡضَآءَ إِلَىٰ يَوۡمِ ٱلۡقِيَٰمَةِ﴾ خۆیان لە چەند شتێکی لادا. ئیتر ئێمەیش کارێکمان کرد، شەڕو ئاژاوە لە نێوانیان بەردەوام بێ هەتا ڕۆژی قیامەت. وە کۆمەڵەکانی تری مەسیحیەکان هەتا ئێستا بەردەوام هەر خەریکی شەڕو ئاژاوەن لە نێوان خۆیاندا، ئەم ئەوی تر بە خوانەناس دادەنێ و نەفرین لە یەکتری دەکەن، هەر دەستەو کۆمەڵێ ئەوی تر بێ بەش دەکات وازی لێ ناهێنێ بچێتە ناو کلێساکەی. مەلکیە (الملكية) یەعقوبی بە خوانەناس سەیر دەکات و کۆمەڵ و دەستەکانی تریش هەروەها. نەستوریەو ئاریوسیەش (النسطورية و الآريوسية) هەر کۆمەڵ و ئەوی تر بە خوانەناس دەزانێ لەم دنیاو لە ڕۆژی قیامەتیشدا. پاشان خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿وَسَوۡفَ يُنَبِّئُهُمُ ٱللَّهُ بِمَا كَانُواْ يَصۡنَعُونَ﴾ بەو زوانەش خودا ئاگاداریان دەکات لەو کارانەی وا دەیانکرد. ئەمە ترساندن و هەڕەشەیەکی زۆر توندو تیژە بۆ مەسیحیەکان لەسەر ئەو درۆیانەی کە دەیانکرد بە دەمی خوداو پێغەمبەرەکەیەوە. لەوەی داویانە پاڵ خودای مەزن کە دوورو پاك و بێ عەیبە لەو قسانەی ئەوان. کە فەرزەندو هاوسەریان بۆ دانا بوو، خودای مەزن تاك و تەنیایە و بێ نیازە لە هەموو شتێ و کەس لەو نەبوەو ئەویش لە هیچ کەس نەبوەو هەرگیز هیچ کەسیش نەیتوانیوە هاوتای بێت.

---

[1] التوبة (٢٩). الطبري (١٠/١٣٤).

﴿ يَٰٓأَهۡلَ ٱلۡكِتَٰبِ قَدۡ جَآءَكُمۡ رَسُولُنَا يُبَيِّنُ لَكُمۡ كَثِيرٗا مِّمَّا كُنتُمۡ تُخۡفُونَ مِنَ ٱلۡكِتَٰبِ وَيَعۡفُواْ عَن كَثِيرٖۚ قَدۡ جَآءَكُم مِّنَ ٱللَّهِ نُورٞ وَكِتَٰبٞ مُّبِينٞ ﴿١٥﴾ يَهۡدِي بِهِ ٱللَّهُ مَنِ ٱتَّبَعَ رِضۡوَٰنَهُۥ سُبُلَ ٱلسَّلَٰمِ وَيُخۡرِجُهُم مِّنَ ٱلظُّلُمَٰتِ إِلَى ٱلنُّورِ بِإِذۡنِهِۦ وَيَهۡدِيهِمۡ إِلَىٰ صِرَٰطٖ مُّسۡتَقِيمٖ ﴿١٦﴾ ﴾

ڕوون کردنەوەی ڕاستی بەهۆی پێغەمبەرو (ﷺ) قورئانەوە

خودای مەزن باسی خۆی دەکات، کە هەر ئەو پێغەمبەری خۆی موحەممەدی (ﷺ) ناردوە بە ڕێ نیشاندەرو ئاینی ڕاستو دروست بۆ خەڵکی سەر زەوی، بە عەرەبو عەجەمو خوێندەوارو نەخوێندەوارییەوە. ڕەوانەی کردوە بە نیشانەی ئاشکراوە ناهەق لە پڕوپوچ جیا بکاتەوە وەك ئەفەرموێت: ﴿ يَٰٓأَهۡلَ ٱلۡكِتَٰبِ قَدۡ جَآءَكُمۡ رَسُولُنَا يُبَيِّنُ لَكُمۡ كَثِيرٗا مِّمَّا كُنتُمۡ تُخۡفُونَ مِنَ ٱلۡكِتَٰبِ وَيَعۡفُواْ عَن كَثِيرٖ ﴾ ئەی ئەهلی کتێب، بێگومان ئەوەی کە هاتۆتە لاتان پێغەمبەرێکی ئێمەیە، زۆر لەو مەبەستو باسو خواسەی کە ئێوە لە کتێبی خۆتاندا شاردبوتانەوە، ئەو بۆتانی دەردەخاتو لێتانی ئاشکرا دەکاتو لە زۆریشی واز دێنێ. واتە: ئەو شتانە ئاشکرا دەکات کە گۆڕیوتانەو دەستکاریان کردوەو بە ئارەزوی خۆیان لێکیان داوتەوەو درۆیان بە دەم خواوە هەڵبەستوە لە کتێبەکەیاندا. حاکیم لە موستەدرەکەکەیدا (المستدرك) ڕیوایەتی کردوە لە ئیبنوعەبباسەوە گوتی: هەرکەسێ بڕوای نەبوبێ بە بەردەباران (الرجم) ئەوە بڕوای بە قورئان نەبوە، بەڵام ئەو کەسە بە خۆی نازانێ. خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿ يَٰٓأَهۡلَ ٱلۡكِتَٰبِ قَدۡ جَآءَكُمۡ رَسُولُنَا يُبَيِّنُ لَكُمۡ كَثِيرٗا مِّمَّا كُنتُمۡ تُخۡفُونَ مِنَ ٱلۡكِتَٰبِ ﴾ بەردەباران (الرجم) یەکێك بووە لەو شتانە کە شاردبویانەوە[1] فەرموودەیەکی حەسەنە. پاشان خودای گەورە باسی قورئانی پیرۆز دەکات کە ڕەوانەی کردوە بۆ پێغەمبەرە بەڕێزەکەی (ﷺ) ئەفەرموێت: ﴿ كَثِيرٖۚ قَدۡ جَآءَكُم مِّنَ ٱللَّهِ نُورٞ وَكِتَٰبٞ مُّبِينٞ ﴿١٥﴾ يَهۡدِي بِهِ ٱللَّهُ مَنِ ٱتَّبَعَ رِضۡوَٰنَهُۥ سُبُلَ ٱلسَّلَٰمِ ﴾ لەلای خوداوە ڕووناکیو کتێبێکی ڕوونو ئاشکرا هاتە لاتان. بەو کتێبە (کە قورئانە) خودا ئەوانەی شوێنی ڕەزای ئەو دەکەون دەخاتە سەر ڕێی هێمنی. واتە: ڕێی ڕزگاریو ئاشتیو ڕێڕەوەکانی خۆڕاگری. ﴿ وَيُخۡرِجُهُم مِّنَ ٱلظُّلُمَٰتِ إِلَى ٱلنُّورِ بِإِذۡنِهِۦ وَيَهۡدِيهِمۡ إِلَىٰ

---

[1] الحاكم (٣٥٩/٤)، فەرموودەیەکی حەسەنە.

صِرَٰطٖ مُّسۡتَقِيمٖ﴾ وە بە ئیزنی خۆی لە تاریکی دەریان دێنیّو بەرەو ڕووناکیان دەباتو ڕێگەی ڕاستیان نیشان ئەدات. واتە: لە تیاچوون ڕزگاریان دەکاتو ڕێگەی ڕاستو دروستیان بۆ ڕوون دەکاتەوە، شتە خراپەکانیان لیّ دوور دەخاتەوە، شتە باشەکانیان بۆ وەدەست دێنیّ، لە گومڕایی دەیانپارێزیّو ڕێنماییان دەکات بۆ چاکترین ژیان.

﴿لَّقَدۡ كَفَرَ ٱلَّذِينَ قَالُوٓاْ إِنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلۡمَسِيحُ ٱبۡنُ مَرۡيَمَۚ قُلۡ فَمَن يَمۡلِكُ مِنَ ٱللَّهِ شَيۡـًٔا إِنۡ أَرَادَ أَن يُهۡلِكَ ٱلۡمَسِيحَ ٱبۡنَ مَرۡيَمَ وَأُمَّهُۥ وَمَن فِي ٱلۡأَرۡضِ جَمِيعٗاۗ وَلِلَّهِ مُلۡكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَمَا بَيۡنَهُمَاۚ يَخۡلُقُ مَا يَشَآءُۚ وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٞ ﴿١٧﴾ وَقَالَتِ ٱلۡيَهُودُ وَٱلنَّصَٰرَىٰ نَحۡنُ أَبۡنَٰٓؤُاْ ٱللَّهِ وَأَحِبَّٰٓؤُهُۥۚ قُلۡ فَلِمَ يُعَذِّبُكُم بِذُنُوبِكُمۖ بَلۡ أَنتُم بَشَرٞ مِّمَّنۡ خَلَقَۚ يَغۡفِرُ لِمَن يَشَآءُ وَيُعَذِّبُ مَن يَشَآءُۚ وَلِلَّهِ مُلۡكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَمَا بَيۡنَهُمَاۖ وَإِلَيۡهِ ٱلۡمَصِيرُ ﴿١٨﴾﴾

شەریك دانانی مەسیحیەكان بۆ خوداو خوانەناسیان

خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿لَّقَدۡ كَفَرَ ٱلَّذِينَ قَالُوٓاْ إِنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلۡمَسِيحُ ٱبۡنُ مَرۡيَمَ﴾ ئەو کەسانەی کە گوتویانە: هەر خودا خۆی مەسیحی کوڕی مەریەمە لە دجین وەرگەڕاون. خودای گەورە خۆی ڕایگەیاندوەو باسی لە دین دەرچوونی مەسیحیەکانی کردوە لەوەدا کە گوتویانە عیسای کوڕی مەریەم (کە بەندەیەکە لە بەندەکانی خوداو دروستکراوێکە لە دروستکراوەکانی) خودایە، خودای گەورە پاکو بیّ عەیبە لەو قسانە ئەوانە دەیڵێن، پاشان تواناو دەستەڵاتی خۆی دەکات بەسەر هەموو شتێکدا دەکاتو هەموو وان لە ژێر دەستەڵاتو توانای بەهێزی ئەودا، ﴿قُلۡ فَمَن يَمۡلِكُ مِنَ ٱللَّهِ شَيۡـًٔا إِنۡ أَرَادَ أَن يُهۡلِكَ ٱلۡمَسِيحَ ٱبۡنَ مَرۡيَمَ وَأُمَّهُۥ وَمَن فِي ٱلۡأَرۡضِ جَمِيعٗا﴾ بڵێ: ئەگەر خودا مەیلی لێبیّ مەسیحو دایکی مەسیح هەرچی لە زەویدا هەیە لەناو بەریّ کیّ دەستی وەبەر دەهێنا؟ واتە: ئەگەر ئەوەی بیویستایە، کیّ دەیتوانی ڕێی لیّ بگرێت، یان کیّ دەیتوانی ئەوەی پیّ بگۆڕیّ. پاشان ئەفەرموێت: ﴿وَلِلَّهِ مُلۡكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَمَا بَيۡنَهُمَاۚ يَخۡلُقُ مَا يَشَآءُۚ وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٞ﴾ خاوەنیەتی ئەم ئاسمانانو زەمینە هەر خودایەو چی مەیلی لێبیّ دروستی دەکات. هەر خودایە توانای بەسەر هەموو شتدا هەیە. واتە: هەرچی بوەو دەبیّ هەموو مولکی خودایەو ئەو وەدیهێنەریەتی. توانای هەیە بەسەر هەر شتێکدا مەیلی لیّ بێت بیکات، پرسیاری لیّ ناکریّ لەوەی دەیکات، ئەمە وڵامە بۆ ئەو مەسیحیانەی کە شەریکیان بۆ داناوە بەر نەفرینی خودا کەون هەتا ڕۆژی قیامەت.

وەڵام دانەوەی ئەهلی کتێب کە دەڵێن: ئێمە فەرزەندانی خوداین

پاشان خودای مەزن وەڵامی جولەکەو خەلەکان ئەداتەوە لەسەر ئەو درۆو بوختانەی بە دەم خوداوە هەڵیانبەستوەو ئەفەرموێت: ﴿وَقَالَتِ ٱلۡيَهُودُ وَٱلنَّصَٰرَىٰ نَحۡنُ أَبۡنَٰٓؤُاْ ٱللَّهِ وَأَحِبَّٰٓؤُهُۥ﴾ جوولەکەو خەلەکان گوتیان: ئێمە فەرزەندانو دۆستانی خوداین. واتە: ئێمە دەچینەوە سەر پێغەمبەران. فەرزەندانی خودان. چاودێریان لێ دەکاتو خودا ئەوانی خۆش دەوێت، وە لە کتێبەکانیاندا هێناویانە کە خودای گەورە فەرموویەتی بە عەبدی خۆی ئیسرائیل: (أنت البني بكري) ئەمەیان بە شێوەی خۆی مانا نەکردوەو گۆڕاویانە، وە زۆری لەوانەی کە موسوڵمان بوونو خاوەن ئاوەزن وەڵامیان دونەتەوە گوتویانە: ئەو دەقە لای ئەوان بە مانای ڕێزلێنان هاتوە، وەك مەسیحیەکان لە کتێبەکەیاندا هێناویانە کە عیسا (سەلامی خوای لێبێ) پێی گوتن: من دەچم بۆ لای باوکمو باوکتان، واتە: دەچم بۆ لای پەروەردگارمو پەروەردگاری ئێوەیش، خۆ دیارەئەم فەلانە نەیان گوتوە ئێمە پێغەمبەرین وەك ئەوەی کە گوتویانە عیسا (سەلامی خوای لێبێ) پێغەمبەرە. بەڵکو مەبەستیان ئەوە بوو کە لای عیسا خاوەنی ڕێزنو نزیکن لێیەوە. هەر بۆیە گوتویانە: ئێمە کوڕی خوداو خۆشەویستانی ئەوین. خودای گەورەیش وەڵامیان ئەداتەوەو ئەفەرموێت: ﴿قُلۡ فَلِمَ يُعَذِّبُكُم بِذُنُوبِكُم﴾ بلێ: کەوایە چۆن لەسەر گوناهەکانتان سزاتان ئەدات؟ واتە: ئەگەر وان کە خۆتان دەڵێن ئێمە فەرزەندانو دۆستانی خوداین، بۆچی ئاگری جەهەنمتان بۆ ئامادە کراوە لەسەر ئەو بێ دینیو درۆو بوختانەی بە دەم خواوە هەڵتان بەستوە؟ ﴿بَلۡ أَنتُم بَشَرٞ مِّمَّنۡ خَلَقَ﴾ نەخێر ئێوەش هەر مرۆڤن وەك خەڵکی تر کە خودا دروستی کردوون. خودا خۆی فەرمانڕەوای هەموو عەبدەکانیەتی ﴿يَغۡفِرُ لِمَن يَشَآءُ وَيُعَذِّبُ مَن يَشَآءُ﴾ هەرکەسێ خۆی مەیلی لێبێ، لێی دەبورێو کێش مەیلی لێبێ جەزرەبەی ئەدات. هەرچی بوێت دەیکاتو کەس ناتوانێ دەس لە کاری بەردا. لێپرسینەوەیشی زۆر بەپەلەیە. ﴿وَلِلَّهِ مُلۡكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَمَا بَيۡنَهُمَا﴾ هەر بۆ خودایە موڵکایەتی ئەم ئاسمانانو زەمینەو هەرچی لەناویاندایە. هەمووی موڵکی ئەوەو لەژێر دەستەلاتو توانای ئەودایە ﴿وَإِلَيۡهِ ٱلۡمَصِيرُ﴾ گەڕانەوەی هەمووشی هەر بەرەو لای ئەوە. فەرمانی خۆی بەجێ دێنێ لەنێوان عەبدەکانیدا بە مەیلی خۆی، دادپەروەرێکی وایە هەرگیز ستەم لە کەس ناکات.

﴿ يَٰٓأَهۡلَ ٱلۡكِتَٰبِ قَدۡ جَآءَكُمۡ رَسُولُنَا يُبَيِّنُ لَكُمۡ عَلَىٰ فَتۡرَةٖ مِّنَ ٱلرُّسُلِ أَن تَقُولُواْ مَا جَآءَنَا مِنۢ بَشِيرٖ وَلَا نَذِيرٖۖ فَقَدۡ جَآءَكُم بَشِيرٞ وَنَذِيرٞۗ وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٞ ١٩ ﴾

خودای گەورە ڕووی قسەی دەکاتە ئەهلی کتێب لە جوولەکەو مەسیحیەکان ئەفەرموێت: ﴿ يَٰٓأَهۡلَ ٱلۡكِتَٰبِ قَدۡ جَآءَكُمۡ رَسُولُنَا ﴾ ئەی ئەهلی کتێب، ئەوا پێغەمبەری ئێمەتان هاتۆتە لا. واتە: خودا پێغەمبەری خۆی موحەممەدی (ﷺ) ناردوە بۆیان کە دوایین پێغەمبەرەو پێغەمبەری تر بە دوایدا نایەت، بەڵکو ئەم دوای هەموویان ڕەوانە کراوە، بۆیە خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿يُبَيِّنُ لَكُمۡ عَلَىٰ فَتۡرَةٖ مِّنَ ٱلرُّسُلِ ﴾ ناهەقتان بۆ ڕوون دەکاتەوە، پاش ماوەیەك کە پێغەمبەران نەهاتوون. واتە: دوای ئەو ماوەیە کە درێژەی کێشا لە نێوان ڕەوانە کردنی پێغەمبەرو (ﷺ) عیسای کوڕی مەریەمدا (سەلامی خوای لێبێ) زانایان ڕایان جیاوازە لەسەر ئەو ماوەیە کە چەندێ بووە؟ ئەبوعوسمانی نەهدیی (النَّهدي) و قەتادە لە ڕیوایەتێکدا دەڵێن: شەش سەد ساڵ بووە[1] بوخاری ڕیوایەتی کردوە لە سەلمانی فارسیەوە لە[2] قەتادەوە دەڵێن: پێنج سەدو شەش ساڵ بووە[3] موعەممەر لە هەندێ لە هاوەڵەکانیەوە دەڵێت: پێنج سەدو چل ساڵ بووە[4] هەندێکی تر دەڵێن: شەش سەدو بیست ساڵ بووە. هیچ دژایەتیەك لە نێوانیاندا نیە. چونکە یەکەم کەس کە وتویەتی، شەش سەد ساڵ مەبەستی ساڵی خۆری بووە. ئەوی تر مەبەستی ساڵی مانگی بووە، جیاوازی لە نێوان ساڵی خۆری ساڵی مانگیدا، هەر سەد ساڵ سێ ساڵ جیاوازی هەیە لە نێوانیاندا. هەر بۆیە خودای مەزن لە بەسەرهاتی خەڵکی ئەشکەوتەکەدا فەرموویەتی: ﴿ وَلَبِثُواْ فِي كَهۡفِهِمۡ ثَلَٰثَ مِاْئَةٖ سِنِينَ وَٱزۡدَادُواْ تِسۡعٗا﴾ سێ سەد ساڵ لە ئەشکەوتەکەدا مانەوە نۆ ساڵیشیان لێ زیاد کرد. نۆ ساڵەکە بۆ تەواو کردنی ساڵی خۆری بووە کە لەلای ئەهلی کتێب دیارو ئاشکرایە. جیاوازی نێوان عیسا کە دوایین پێغەمبەری نەوەی ئیسرائیل بووە، نێوان موحەممەد (ﷺ) لە دوایین پێغەمبەری نەوەی ئادەم ئەو ماوەیە بووە کە زانایان باسیان کردوە. لە فەرموودەی سەحیحدا هاتوە لە ئەبوهورەیرەوە کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (بێگومان نزیکترین کەس لە عیسای کوڕی مەریەمەوە منم، لە نێوان منو ئەودا پێغەمبەر نەبووە)[5] ئەمە وەڵامە بۆ ئەو کەسانەی کە گوتویانە دوای عیسا (سەلامی خوای لێبێ) پێغەمبەری تر ڕەوانە کراوە پێیان دەگوت (خالدی کوڕی سینان) وەك قوزاعی (القُضائي) کەسانی تریش گوتویانە. مەبەست لێرەدا ئەوەیە خودای گەورە موحەممەدی (ﷺ) نارد کە ماوەیەك بۆ پێغەمبەر ڕەوانە نەکرابوو. ئاینەکەیان

---

[1] البغوي (٢/٢٣).

[2] فتح الباري (٣٢٤/١٠١).

[3] البغوي (٢/٢٣).

[4] عبدالرزاق (١/١٨٦).

[5] فتح الباري (٦/٥٥٠).

دەستکاری کرابوون و بت پەرستی و ئاگر پەرستی و خاچ پەرستی زۆر بڵاوی کردبوو. خودای مەزن بە ناردنی ئەم پێغەمبەرە بەهرەو چاکەی تەواو کرد بەسەر نەوەی ئادەمدا، چونکە لەو کاتەدا مرۆڤایەتی زۆر پێویستی پێی بوو. چونکە خراپەو ستەم نەفامی و سەرکەش بە تەواوی لە هەموو وڵاتێکدا بڵاوەی کردبوو. جگە لە ژمارەیەکی کەم نەبێ لە پاشماوەی ئاینی پێغەمبەرە پێشوەکان کە لەسەر ئاینەکەیان مابونەوە لە زانایانی جولەکەو قەشەکانی مەسیحی و سابئیەکان. ئیمامی ئەحمەد ریوایەتی کردوە لە عەیازی کوڕی حیماری مەجاشیعیەوە (عياض بن حمار المجاشعي) کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) وتاری ئەداو لە وتارەکەیدا فەرمووی: (بێگومان پەروەردگارم فەرمانی پێداوم کە شارەزاتان بکەم لەوەی کە نەتانتزانیوەو لەوەی ئەمڕۆ منی فێر کردوە، هەر ماڵێ بەخشیومە بە عەبدەکانم حەڵاڵە. وە من عەبدەکانم هەموو دروست کردوە کەبەرەو هەق بڕۆن بەڵام شەیاتینەکان هاتوون بۆیان و لە ئاینەکەیان لایان داون، ئەوەی بۆم حەڵاڵ کردبوون لێیان حەرام کردن و فەرمانیان بۆ کردن کە شەریکم بۆ دابنێن، کە هیچ بەڵگەیەکیان نیە بە دەستەوە لەسەر ئەوە. پاشان خودای مەزن سەیری خەڵکی سەر زەمینی کردو ڕقی لێیان هەڵسا بە عەرەب و عەجەمیانەوە. مەگین کەمێ نەبێ لە پاشماوەی نەوەی ئیسرائیل. پاشان فەرمووی: (واتە: خودای مەزن فەرمووی) بێگومان من تۆم ناردوە تا تاقیت بکەمەوە (ئەوانیش) بە تۆ تاقی بکەمەوە، کتێبێکیشم بۆ ناردوی ئاو نایشۆرێتەوە. بە خەوتویی و بە بێداریش هەر دەیخوێنیتەوە. پاشان خودا فەرمانی پێدام کە قورەیش بسوتێنم، گوتم: ئەی پەروەرەندەم سەریان شکاندم (فَيَدعوه خبرة) فەرمووی: وەدەریان دەنێم وەك چۆن ئەوان تۆیان وەدەرنا غەزایان دەکەم وەك ئەوان غەزای تۆیان کرد. بژێویان پێ ئەدەم، بەو زوانە بژێویش بە تۆ ئەدەم. سوپایە بنێرە، ئێمە پێنج ئەوەی ئەوەی تۆ دەنێرین، شەڕ بکە بەوانەی گوێڕایەڵیت دەکەن دژی ئەوانەی سەرپێچیت دەکەن. ئەهلی بەهەشت سیانن: خاوەن دەسەڵاتێکی دادپەروەری سەرکەوتوی ماڵ بەخشین. پیاوێکی دڵۆڤانی دڵ نەرم بەرانبەر کەس و کارو موسوڵمانان. وە پیاوێکی داوێن پاکی هەژاری خێزانداری ماڵ بەخش. خەڵکی ناو ئاگریش پێنجن: ئەو لاوازەی کە خۆگر نیە. وە ئەوانەی کە لەناو ئێوەدا هەر شوێنکەوتەن نە کەس و کاریان دەوێت و نە سامان. وە ئەو ناپاکەی (الخائن) هەمیشە ڕژدە. با زۆر کەسیش بێ هەر خەیانەتی لێدەکات. وە پیاوێکە بەیانی و ئێوارە ناکاتەوە مەگین هەر فێڵێکت لێدەکات لە کەس و کارتدا لە سامانتدا، پاشان باسی چاوچنۆکی (البخيل) کرد. پاشان باسی درۆو ڕەوشتی ناشیرینی کرد.[1] مەبەست لە هێنانی ئەم فەرموودەیە ئەم بەشەیەتی کە پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: (بێگومان خودای مەزن سەیری خەڵکی سەر زەوی کردوە

---

[1] أحمد (١٦٢/٤)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

ڕقی لێیان هەڵساوە بە عەرەبو عەجەمیانەوە بێجگە لە پاشماوەیە لە نەوەی ئیسرائیل) وە لە وتەی موسلیمدا هاتوە: (لە ئەهلی کتێب)[1] چونکە ئاین لە خەڵکی سەر زەوی تێکەڵ بوبو هەموو سەریان لێ تێکچووبوو، هەتا خودا موحەممەدی (ﷺ) نارد. ڕێگەی نیشانی خەڵکی داو خودا بەهۆی ئەوەوە لە تاریکایی دەریهێنان بۆ ناو ڕووناکیو ڕێی ڕاستو دروستو ئەم پەیامە پیرۆزە، بۆیە خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿أَن تَقُولُوا مَا جَاءَنَا مِن بَشِيرٍ وَلَا نَذِيرٍ فَقَدْ جَاءَكُم بَشِيرٌ وَنَذِيرٌ﴾ نەکا بڵێن: لەلایەن خوداوە مژدەدەرو ترسێنەرمان بۆ نەهاتوە، دەی وا مژدەدەرو ترسێنەرتان بۆ هاتوە. واتە: با ئەو کەسانە کە ئاینیان دەستکاری کردوەو گۆڕیویانە هیچ بەڵگەیەکیان بە دەستەوە نەمێنێ نەڵێن: هیچ پێغەمبەرێك نەهاتوە بۆ لامان مژدەی چاکەمان بداتیو بمانترسێنێ لە خراپە ئەوا مژدەدەرو ترسێنەر هات بۆتان، واتە: موحەممەد (ﷺ) ﴿وَاللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ﴾ خودا توانای هەیە بەسەر هەموو شتێکدا. ئیبنوجەریر گوتی: واتە: من توانای ئەوەم هەیە سزای ئەوانە بدەم کە سەرپێچیم دەکەنو پاداشتی ئەوانەش بدەمەوە گوێڕایەڵیم دەکەن[2].

﴿ وَإِذْ قَالَ مُوسَىٰ لِقَوْمِهِ يَا قَوْمِ اذْكُرُوا نِعْمَةَ اللَّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ جَعَلَ فِيكُمْ أَنبِيَاءَ وَجَعَلَكُم مُّلُوكًا
وَآتَاكُم مَّا لَمْ يُؤْتِ أَحَدًا مِّنَ الْعَالَمِينَ ﴿٢٠﴾ يَا قَوْمِ ادْخُلُوا الْأَرْضَ الْمُقَدَّسَةَ الَّتِي كَتَبَ اللَّهُ لَكُمْ وَلَا تَرْتَدُّوا
عَلَىٰ أَدْبَارِكُمْ فَتَنقَلِبُوا خَاسِرِينَ ﴿٢١﴾ قَالُوا يَا مُوسَىٰ إِنَّ فِيهَا قَوْمًا جَبَّارِينَ وَإِنَّا لَن نَّدْخُلَهَا حَتَّىٰ يَخْرُجُوا مِنْهَا
فَإِن يَخْرُجُوا مِنْهَا فَإِنَّا دَاخِلُونَ ﴿٢٢﴾ قَالَ رَجُلَانِ مِنَ الَّذِينَ يَخَافُونَ أَنْعَمَ اللَّهُ عَلَيْهِمَا ادْخُلُوا
عَلَيْهِمُ الْبَابَ فَإِذَا دَخَلْتُمُوهُ فَإِنَّكُمْ غَالِبُونَ ۚ وَعَلَى اللَّهِ فَتَوَكَّلُوا إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ﴿٢٣﴾ قَالُوا يَا مُوسَىٰ
إِنَّا لَن نَّدْخُلَهَا أَبَدًا مَّا دَامُوا فِيهَا ۖ فَاذْهَبْ أَنتَ وَرَبُّكَ فَقَاتِلَا إِنَّا هَاهُنَا قَاعِدُونَ ﴿٢٤﴾ قَالَ رَبِّ إِنِّي لَا
أَمْلِكُ إِلَّا نَفْسِي وَأَخِي ۖ فَافْرُقْ بَيْنَنَا وَبَيْنَ الْقَوْمِ الْفَاسِقِينَ ﴿٢٥﴾ قَالَ فَإِنَّهَا مُحَرَّمَةٌ عَلَيْهِمْ ۛ أَرْبَعِينَ سَنَةً ۛ
يَتِيهُونَ فِي الْأَرْضِ ۚ فَلَا تَأْسَ عَلَى الْقَوْمِ الْفَاسِقِينَ ﴿٢٦﴾ ﴾

مووسا (سەلامی خوای لێبێ) چاکەکانی خودا وەبیر هۆزەکەی دەهێنێتەوە فەرمانیان پێدەکات کە بچنە ناو زەویە پیرۆزەکە و یاخی بوونی هۆزەکەی لە فەرمانەکەی

خودای مەزن باسی بەندەو پێغەمبەری خۆی مووسای کوڕی عیمران دەکات (سەلامی خوای لێبێ) کە چۆن ئەو چاکانەی خودا وەبیر گەلەکەی هێناوەتەوەو لە دنیاو قیامەتدا پێی داون ئەگەر لەسەر

---

[1] مسلم (٤/٢١٩٧).

[2] الطبري (١٠/١٥٨).

ڕێی ڕاست بمێننەوەو ڕاوەستاو بن‌و ئەفەرموێت: ﴿ وَإِذْ قَالَ مُوسَىٰ لِقَوْمِهِۦ يَٰقَوْمِ ٱذْكُرُواْ نِعْمَةَ ٱللَّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ جَعَلَ فِيكُمْ أَنۢبِيَآءَ ﴾ ئەو کاتانەش مووسا بە هۆزەکەی خۆی گوت: کەسەکانم دەبێ هەرگیز ئێوە ئەو چاکەیە لەبیر مەکەن کە خودا دەربارەی کردوون، کە ئەو هەموو پێغەمبەرەی هەر لەناو خۆتان بۆ ناردوون. هەرکاتێ پێغەمبەرێ کۆچی دوایی کردبێ، پێغەمبەرێکی تر لە جێی هاتووە لە خۆتان، لەو کاتانەی ئیبراهیمی باوکتان هاتوەو هاتوەو هەر بەو بەردەوامیش بوە: ئەو پێغەمبەرانە بانگیان کردوە بۆ لای خوداو نەوەی ئیسرائیلیان ترساندوە لە سزای ئەو، هەتا دواین پێغەمبەریان کە عیسای کوڕی مەریەم (سەلامی خوای لێبێ) پاشان موحەممەدی کوڕی عەبدوللای ناردوە (ﷺ) کە لە نەوەی ئیسماعیلی کوڕی ئیبراهیمە (سەلامی خوایان لێبێ). کە بەڕێزترین پێغەمبەرە لەناو ئەو پێغەمبەرانەدا لە پێشیەوە هاتوون. ﴿وَجَعَلَكُم مُّلُوكًا﴾ چەندین پاشای لەناو خۆتاندا داناوە. عەبدوڕەزاق گوتی لە ئیبنوعەبباسەوە ﴿وَجَعَلَكُم مُّلُوكًا﴾ واتە: ژن‌و خزمەتچی‌و ماڵی پێداون.[1] حاکیم لە موستەردەکەکەیدا (المستدرك) ڕیوایەتی کردوە لە ئیبنوعەبباسەوە گوتی: ژن‌و خزمەتچی پێداون. ﴿وَءَاتَىٰكُم مَّا لَمْ يُؤْتِ أَحَدًا مِّنَ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴾ ئەو شتەی بە ئێوەی داوە، بە هیچ کەس لەم دنیایەدا نەدراوە. گوتی: مەبەست پێی ئەوانەیە کە لەو سەردەمەدا لەگەڵ ئەوان ژیاون. پاشان حاکیم گوتی: ئەم فەرموودەیە بە مەرجی بوخاری‌و موسلیم سەحیحە، بەڵام ئەوان نەیانهێناوە[2] قەتادە گوتی: ئەوان یەکەم کەس بوون کە خزمەتچیان بۆ خۆیان گرتوە.[3] وە لەم فەرموودەیەدا هاتوە: (هەرکەسێ لە ئێوە بەیانی هەڵسێ‌و لاشەی تەندروست بێ‌و ترسی لە گیانی خۆی نەبێ‌و ڕۆزی ئەو ڕۆژەی هەبێ، وەك ئەوە وایە هەموو دنیای بۆ کۆکرابێتەوە بە تەواوی)[4] خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَءَاتَىٰكُم مَّا لَمْ يُؤْتِ أَحَدًا مِّنَ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴾ ئەو شتەی بە ئێوەی داوە، بە هیچ کەسی لەم دنیایەدا نەداوە. واتە: دنیای ئەو کاتە، چونکە نەوەی ئیسرائیل بەڕێزترین خەڵکی زەمانی خۆیان بوون لە یۆنانیەکان‌و قیبتیەکان‌و بەرەکانی تری نەوەی ئادەم. وەك خودای مەزن فەرموویەتی: ﴿وَلَقَدْ ءَاتَيْنَا بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ ٱلْكِتَٰبَ وَٱلْحُكْمَ وَٱلنُّبُوَّةَ وَرَزَقْنَٰهُم مِّنَ ٱلطَّيِّبَٰتِ وَفَضَّلْنَٰهُمْ عَلَى ٱلْعَٰلَمِينَ ﴾[5] ئێمە کتێب‌و کارزانی‌و پلەی

---

[1] عبدالرزاق (١/١٨٧).

[2] الحاكم (٢/٣١٢)، فەرموودەیەکی سەحیحە لەسەر مەرجی بوخاری‌و موسلیم.

[3] الطبري (١٠/١٦٣).

[4] الترمیزی (٢٣٤٦)، فەرموودەیەکی حەسەنی غەریبە.

[5] الجاثية (١٦).

پێغەمبەرایەتیمان دا بە نەوەی ئیسرائیل. ڕۆزی پاكو چاكیشمان پێدان، ڕێزیشمان دان بەسەر هەموو خەڵكی دنیادا. خودای گەورە باسی مووسا دەكات (سەلامی خوای لێبێ) كاتێ كە پێیان گوت: ﴿يَـٰمُوسَى ٱجْعَل لَّنَآ إِلَـٰهًا كَمَا لَهُمْ ءَالِهَةٌ ۚ قَالَ إِنَّكُمْ قَوْمٌ تَجْهَلُونَ ﴿١٣٨﴾ إِنَّ هَـٰٓؤُلَآءِ مُتَبَّرٌ مَّا هُمْ فِيهِ وَبَـٰطِلٌ مَّا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿١٣٩﴾ قَالَ أَغَيْرَ ٱللَّهِ أَبْغِيكُمْ إِلَـٰهًا وَهُوَ فَضَّلَكُمْ عَلَى ٱلْعَـٰلَمِينَ﴾[1] گوتیان: ئەی مووسا خودایەكمان وەك خوداكانی ئەوان بۆ پەیدا كە، گوتی: ئێوە هۆزێكن كە هیچ نازانن. ئەو كارەی ئەوان دەیكەن، بێ بەهرەیەو هەرچی دەیكەن بەفیڕۆیە. ئایا ئێوە دەتانەوێ جگە لە خودا پەرستراوێكتان بۆ دابنێم، كە ئەو خودایە ڕێزی ئێوەی داوە بەسەر جیهانیاندا. مەبەست لێرەدا ڕێزدانیانە بەسەر خەڵكی ئەو زەمانەی خۆیاندا. چونكە ئەم ئوممەتەی پێغەمبەر(ﷺ) بەڕێزترە لەوانو بەڕێزترە لەلای خوداو پەیامەكەیشی تەواو ترەو بەرنامەكەیشی زۆر ڕێكترەو پێغەمبەرەكەیشی بەرچێزترەو خاوەن دەستەڵاتو ڕۆزی دارترنو مالّو مندالّیان زۆرترەو ولاتیان فراوانترەو پایەدارتریشن خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَـٰكُمْ أُمَّةً وَسَطًا لِّتَكُونُوا۟ شُهَدَآءَ عَلَى ٱلنَّاسِ﴾[2] ئا بەو شێوەیە ئێمە ئێوەمان كردۆتە ئوممەتێكی هەڵبژاردەی میانەڕەو. بۆ ئەوەی ببن بە شایەت لەسەر خەڵكی. وە لەم ئایەتەدا كە خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿كُنتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ﴾[3] ئێوە چاكترین كۆمەڵن لەناو خەڵكی دنیادا سەرتان هەڵداوە. چەند فەرموودەی متەواتەرمان (المتواتر) باس كردوە لە بارەی ڕێزی ئەم ئوممەتەوە لەلای خودا. پاشان خودای مەزن باسی مووسا (سەلامی خوای لێبێ) دەكات كە نەوەی ئیسرائیل هان ئەدات بۆ جیهاد كردنو چوونە ناو (بيت المقدس) كە لە زەمانی یەعقوبی باوكیاندا لەژێر دەستی ئەواندا بووە، كاتێ كە بەخۆیی مالّو مندالّەكانیەوە كۆچیان كرد بۆ ولاتی میسر لە سەردەمی یووسفدا (سەلامی خوای لێبێ) پاشان لەوێ مانەوە هەتا هەتا لەگەلّ مووسا (سەلامی خوای لێبێ) لێی دەرچوون، سەیریان كرد كۆمەڵێك لە عەمالیقە بەزەبرەكانی تیایەو داگیریان كردوەو خستویانەتە ژێر دەستەڵاتی خۆیان. مووسا (سەلامی خوای لێبێ) فەرمانی پێكردن بچنە ناویو شەڕ لەگەلّ دوژمنەكەیان بكەن، مژدەی سەركەوتنو زالّ بوونی پێدان بەسەریاندا، بەلاّم ئەوان فەرمانەكەیان بەجێ نەهێناو سەرپێچیان كرد لە فەرمانەكەی، بۆیە سزا دران بە ڕۆشتن بۆ چۆلەوانی بە سەرگەردانی هەر دەسوڕانەوەو نەیان دەزانی ڕوو لە كوێ بكەن. ماوەی چل سالّ. وەك تۆلەیەك لێیان لەسەر ئەو سەرپێچیەیان لە فەرمانی خودای گەورە، خودای گەورە باسی مووسا دەكات

---

[1] الاعراف (١٣٨-١٤٠).

[2] البقرة (١٤٣).

[3] آل عمران (١١٠).

(سەلامی خوای لێبێ) کە فەرموویەتی: ﴿ يَٰقَوۡمِ ٱدۡخُلُواْ ٱلۡأَرۡضَ ٱلۡمُقَدَّسَةَ ٱلَّتِي كَتَبَ ٱللَّهُ لَكُمۡ ﴾ ئەی گەلەکەم بچنە ئەو سەر زەمینە پیرۆزەی خودا بۆ ئێوەی بڕیار داوەو بۆونوسراوە. واتە: کە خودا بەڵێنی پێدان لەسەر زمانی باوکتان یەعقوب کە موڵکی ئەو کەسانەیە کە خاوەن باوەڕە لە ئێوە.

﴿وَلَا تَرۡتَدُّواْ عَلَىٰٓ أَدۡبَارِكُمۡ﴾ بەرەو پاش مەگەڕێنەوەو واز لە جیهاد مەهێنن ﴿فَتَنقَلِبُواْ خَٰسِرِينَ﴾ (ئەگەر پەیمان بشکێنن) بە زیانتان تەواو دەبێ. گوتیان: ئەی مووسا، گرۆیەکی زۆردارو ملهوڕ لەوێدان، تا ئەوانەی لێ دەرنەچێ، ئێمە ناچینە ناویەوە. ئەگەر ئەوانە لەو شوێنانە بچنە دەرێ، ئەوساکە دەچینە ناوی. واتە: بیانویان بەوە هێنایەوە کە ئەو وڵاتەی تۆ فەرمانمان پێدەکەی کە بچینە ناوی‌و شەڕ لەگەڵ خەڵکەکەی بکەین، گرۆیەکی زۆردارو ملهوڕی تیایەو زۆر بەهێزو بەتوانان ئێمە ناتوانین بەرانبەریان بوەستین‌و شەڕیان لەگەڵدا بکەین، هەتا ئەوانەی تیا بێت ئێمە ناتوانین بچینە ناوی‌و چاریان ناکەین.

وتاری یوشعی کوڕی نون و کالبی کوڕی یوفەنا

خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿ قَالَ رَجُلَانِ مِنَ ٱلَّذِينَ يَخَافُونَ أَنۡعَمَ ٱللَّهُ عَلَيۡهِمَا ﴾ دوو پیاو لەوانە وا لە خوا دەترسان‌و بەر چاکەی خودا کەوتبوون، پێیان گوتن: واتە: کاتێ کە نەوەی ئیسرائیل سەرپێچی فەرمانی خوداو شوێنی پێغەمبەری خودا مووسا (سەلامی خوای لێبێ) نەکەوتن، ئەو دوو پیاوە هانیان ئەدان، کە بەر چاکەی خودا کەوتبوون‌و لەو کەسانە بوون کە لە فەرمانی خودا دەترسن‌و ترسی تۆڵەی خودایان هەیە. وە هەندێ بەم شێوەیە ئەم ئایەتەیان خوێندوەتەوە: ﴿ قَالَ رَجُلَانِ مِنَ ٱلَّذِينَ يُخَافُونَ ﴾ واتە: دوو پیاو لەوانەی خەڵکی لێیان دەترسان. لەبەر ڕێزو پلەی کۆمەڵایەتیان گوتراوە: ئەو دوو پیاوە یوشعی کوڕی نون‌و کالبی کوڕی یوفنا بوون. ئەمە قسەی ئیبنوعەبباس‌و موجاهیدو عیکرمەو عەتیەو سوودی‌و ڕەبیعی کوڕی ئەنەس‌و کەسانی تریشە لە زانایانی پێشینەو پاشینەش (السلف و الخلف) (ڕەحمەتی خوایان لێبێ)[1] گوتیان وەك خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿ٱدۡخُلُواْ عَلَيۡهِمُ ٱلۡبَابَ فَإِذَا دَخَلۡتُمُوهُ فَإِنَّكُمۡ غَٰلِبُونَۚ وَعَلَى ٱللَّهِ فَتَوَكَّلُوٓاْ إِن كُنتُم مُّؤۡمِنِينَ ﴾ لە دەروازەی شار بچنە ژوورەوەو هێرشیان بۆ بەرن، هەر کە پێیان خستە ئەو دیوە بێگومان سەردەکەون ئەگەر ئێوە بڕواتان بە خوا هەیە خۆتان بە خودا بسپێرن. واتە: ئەگەر پشتتان بە خوا بەست‌و فەرمانی ئەوتان بەجێهێناو شوێن پێغەمبەرکەی کەوت. خودا سەرتان دەخات بەسەر دوژمنەکانتانداو زاڵتان دەکات بەسەریانداو دەچنە ناو ئەو شارەوە کە خودا بۆی نووسیون‌و بڕیاری داوە بۆتان.

[1] الطبري (١٠/١٧٦-١٧٨).

ئامۆژگاری ئەو دوو پیاوە هیچ سودێکی پێ نەگەیاندن ﴿قَالُواْ يَٰمُوسَىٰٓ إِنَّا لَن نَّدۡخُلَهَآ أَبَدٗا مَّا دَامُواْ فِيهَا فَٱذۡهَبۡ أَنتَ وَرَبُّكَ فَقَٰتِلَآ إِنَّا هَٰهُنَا قَٰعِدُونَ﴾ گوتیان: ئەی مووسا هەتا ئەوان لەو شوێنە بن، ئێمە هەرگیز زات ناکەین بچینە ئەوێ، خۆتو پەروەردگارت بچن شەڕیان لەگەڵ بکەن، ئەوا ئێمە لێرە دانیشتوینو چاوەڕوانین. ئەمە سەرپێچی کردن بوو لە جیهادو گوێ نەدان بە فەرمانی پێغەمبەرەکەیانو خۆ شاردنەوە بوو لە شەڕ کردن لەگەڵ دوژمن.

وەڵامی چاکی هاوەڵەکانی پێغەمبەر(ﷺ) لە ڕۆژی بەدردا

چەند وەڵامێکی چاکو جوان بوو کە هاوەڵەکانی پێغەمبەر دایانەوە بەرانبەر بە پێغەمبەر(ﷺ) کاتێ کە وتوێژی لەگەڵدا کردن لە ڕۆژی بەدردا بۆ شەڕ کردن لەگەڵ قورەیشیەکاندا کە هەموو هاتبوون بۆ ڕزگار کردنی کاروانەکەیان کە ئەبوسوفیانی لەگەڵدا بوو، کاتێ کە کاروانەکەیان لەدەست چوو بیگرن، ئەو هەموو خەڵکەی قورەیش کە هاتبوون بۆ ڕزگار کردنی کاروانەکە لێیان نزیك بونەوە. ژمارەی ئەمان نزیکەی نۆسەد هەتا هەزار کەس دەبوون. بە کەلو پەلی جەنگەوە وەك تیرو شیرو قەڵغانو شمشێر، خۆیان ئامادە کردبوو. ئەبوبەکر دەستی کرد بە قسە کردنو قسەی جوانی کرد. پاشان ئەویش قسەی کرد لە کۆچەریەکان کردی، پێغەمبەری خودا(ﷺ) هەر دەیفەرموو: (ئەی موسوڵمانەکان ڕاوێژم بۆ بکەن) ئەمەی بۆیە ئەفەرموو هەتا بزانێ ئەنساریەکان چی دەڵێن. چونکە ئەوانە زۆرینەی ئەو خەڵکە بوون لەو کاتەدا. سەعدی کوڕی مەعاز گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) دەڵێی مەبەستت ئێمەیە؟ سوێند بەو کەسەی تۆی ناردوە بۆ ئێمە بە هەق، ئەگەر بمانئێریتە ناو ئەو دیاریاوەو خۆت بخەیتە ناویەوە لەگەڵتدا خۆ دەخەینە ناوی یەك کەسمان لێ دوا ناکەوێ. ئێمە پێمان ناخۆش نیە ئەگەر سبەینێ ڕووبەڕووی دوژمنمان بکەیتەوە، زۆر بە ئارامین لەگەڵ جەنگداو، ڕاستیشین لەکاتی بەیەك گەیشتندا، هیوامان وایە کە خودا کە شتی وات پیشان بدات لەبارەی ئێمەوە چاوتی پێ ڕۆشن بێتەوە. دەی بەرێمانکە لەسەر خوا با بڕۆین، پێغەمبەری خودا زۆر دڵخۆش بوو بە قسەکانی سەعدو نیشانەی شادی پێوە دیار بوو[1]. ئەبوبەکری کوڕی مەردەوەیهی (مردویە) ڕیوایەتی کردوە لە ئەنەسەوە کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) کاتێ بەرەو بەدر کەوتە ڕێ ڕاوێژی بە موسوڵمانەکان کرد، عومەر قسەی خۆی بۆ کردپاشان داوای ڕاوێژی لێکردن، ئەنساریەکان گوتیان: ئەی ئەنساریەکان پێغەمبەری خودا(ﷺ) مەبەستی ئێوەیە. ئەوانیش گوتیان: ئەوسا ئێمە ئەوە ناڵێین کە نەوەی ئیسرائیل گوتیان بە مووسا (سەلامی خوای لێبێ): ﴿فَٱذۡهَبۡ أَنتَ وَرَبُّكَ فَقَٰتِلَآ إِنَّا هَٰهُنَا

[1] البداية و النهاية (٣/٢٦٢)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

قَٰعِدُونَ﴾ تۆو پەروەردگارت برۆن شەڕیان لەگەڵ بکەن ئێمە لێرەدا دانیشتوین. سوێند بەو کەسەی تۆی بە هەق ڕەوانە کردوە ئەگەر بمانبەیت بۆ ناو جەرگەی (بەرك الغماد) شوێنێکە لە سەروی یەمەنەوە دێین لەگەڵتدا. ئیمامی ئەحمەدو نەسائیو ئیبنوحبان ڕیوایەتیان کردوە[1] بوخاری ڕیوایەتی کردوە لە (المغازي)دا لە بەشی تەفسیرەکەیدا گوتی: میقداد لە ڕۆژی بەدردا گوتی: (ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئێمە وا بە تۆ نالێین وەك نەوەی ئیسرائیل بە مووسایان گوت: ﴿فَٱذْهَبْ أَنتَ وَرَبُّكَ فَقَٰتِلَآ إِنَّا هَٰهُنَا قَٰعِدُونَ﴾ بەلکو بە فەرموو ئێمەیش لەگەڵتین)[2].

دوعای مووسا (سەلامی خوای لێبێ) لە جوولەکە

خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿قَالَ رَبِّ إِنِّي لَآ أَمْلِكُ إِلَّا نَفْسِي وَأَخِيۖ فَٱفْرُقْ بَيْنَنَا وَبَيْنَ ٱلْقَوْمِ ٱلْفَٰسِقِينَ﴾ مووسا گوتی: پەروەردگارم، تۆ دەزانی کە من دەستم هەر بەسەر خۆمو براکەمدا هەیە، ئەوانە بە قسەی من ناکەن. سا تۆ منو هۆزە لەڕێ لادەرەکەم لە یەکتری جیا کەرەوە، واتە: کاتێ نەوەی ئیسرائیل پشتیان کردە جیهاد کردن. مووسا (سەلامی خوای لێبێ) تورە بوو لێیان دوعای لێکردنو گوتی: ﴿رَبِّ إِنِّي لَآ أَمْلِكُ إِلَّا نَفْسِي وَأَخِي﴾ واتە: هیچ کەسێ لەوانە گوێڕایەڵیم ناکەن فەرمانی خودا بەجێبێنن وەڵامی ئەو بانگەی من بدەنەوە، تەنیا خۆمو هارونی برام لەگەڵە ﴿فَٱفْرُقْ بَيْنَنَا وَبَيْنَ ٱلْقَوْمِ ٱلْفَٰسِقِينَ﴾ عەوفی گوتی لە ئیبنوعەبباسەوە: واتە: دادوەری بکە لە نێوانماندا[3] عەلی کوڕی ئەبوتەلحەیش هەر وای گوتوە لە ئیبنوعەبباسەوە[4] زەحاکیش هەر وای گوتوە، تۆ دادوەری بکە لە نێوانماندا و بڕیارمان بۆ بدە.[5] کەسانی تریش گوتویانە: لە یەکتر جیامان بکەرەوە.

قەدەغە کردنی جوولەکە لە چوونە ناو زەویە پیرۆزەکە چل ساڵ

﴿قَالَ﴾ خودای مەزن فەرمووی: ﴿فَإِنَّهَا مُحَرَّمَةٌ عَلَيْهِمْۛ أَرْبَعِينَ سَنَةًۛ يَتِيهُونَ فِي ٱلْأَرْضِ﴾ ئەوا ماوەی چل ساڵ بەشیان لەم وڵاتەدا بڕاو لە زەمیندا وێڵو سەرگەردان دەبن. کاتێ کە مووسا (سەلامی خوای لێبێ) دوعای لێکردن کە پشتیان هەڵکرد لە جیهاد کردن. خودای گەورە بڕیاری دا کە نابێ ماوەی چل ساڵ بچنە ناو ئەو زەمینە پیرۆزەو لێی قەدەغە کردن. لە چۆڵەوانیەکدا هەمیشەبە

---

[1] أحمد (١٠٥/٣)، النسائي في الكبرى (٣٣٤/٦)، إبن حبان (١٠٩/٧)، ئەم فەرموودە سەنەدەکانی سەحیحە.

[2] البخاري (٤٦٠٩).

[3] الطبري (١٨٨/١٠).

[4] الطبري (١٨٩/١٠).

[5] الطبري (١٨٩/١٠).

سەرگەردانی دەسوڕانەوە، هەر چەندیان دەکرد لێی دەرنەدەچوون، شتی زۆر سەرسوڕهێنەرو غەیرە سروشتیان بەسەردا هات. لەوێدا هەور کرا بە سێبەر بۆیان، گەزۆو شێلاقەیان (ڕیشۆڵەیان) بۆ دابەزێنراو دەرهێنانی ئاوی ڕۆشتوو لە بەردو چەندین موعجیزەی تریش کە خودا کردی بە پشتگیری مووسای کوڕی عیمران (سەلامی خوای لێبێ) ئا لەوێدا تەورات هاتە خوارەوەو پەیڕەو پرۆگرامیان قوبەی عەهدیاشیان (قُبةُ العهد) بۆ کرا کە پێی دەگوترا: قوبەی زەمان (قُبة الزمان).

ڕزگارکردنی (بيت المقدس)

خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿أَرْبَعِينَ سَنَةً يَتِيهُونَ فِي ٱلْأَرْضِ﴾ چل ساڵ بە سەرگەردانی لەسەر زەویدا دەسوڕانەوە ﴿أَرْبَعِينَ سَنَةً﴾ مەنسوبە بە وتەی ﴿يَتِيهُونَ فِي ٱلْأَرْضِ﴾ کاتێ کە ماوەکە تەواو بوو، یوشعی کوڕی نون (سەلامی خوای لێبێ) لەگەڵ خۆی بردنی، یان ئەوانەی لەوان مابونەوە لەگەڵ ئەوانی تریش لە نەوەی ئیسرائیل لە کێوی دووهەمەوەو بەرەو (بيت المقدس) بردنیو گەمارۆی دا، لە ڕۆژی هەینیدا دوای عەسر ڕزگاری کرد، کاتێ کە خۆر بەرەو ئاوا بوون دەچوو، یوشع ترسا لەوەی کە شەممەیان بەسەردا بێت گوتی: (بە خۆر) تۆ فەرمان پێکراویو منیش هەر فەرمان پێکراوم، مأمور ووتی: ئەی خودایە بۆم بگرە، خودا گرتی هەتا ڕزگاری کرد. خودا فەرمانی دا بە یوشعی کوڕی نون کە فەرمان بکات بە نەوەی ئیسرائیل کاتێ کە دەچنە (بيت المقدس) کەبە سوژدەوە لە دەرگاکەوە بچنە ژورەوە، ئەوان بڵێن (حطةٌ) واتە: گوناهەکانمان لێ لابەرە. ئەوەی فەرمانیان پێکرا بوو گۆڕیان، بە قنگە خشڵێ دەڕۆشتنو دەیانگوت: دەنکێك لە مویەکدا (حبةٌ في شعرة) ئەمانە هەموو لە پێشەوە لە سورەتی بەقەرەدا باس کراوە. ئیبنوئەبی حاتەم ڕیوایەتی کردوە لە ئیبنوعەبباسەوە لەم ئایەتەدا: ﴿فَإِنَّهَا مُحَرَّمَةٌ عَلَيْهِمْ أَرْبَعِينَ سَنَةً يَتِيهُونَ فِي ٱلْأَرْضِ﴾ گوتی: چل ساڵ سەرگەردان بوون، مووساو هاروون (سەلامی خوایان لێبێ) کۆچی دواییان کرد لەو چۆڵەوانیەدا، ئەو کەسانەی دوای ئەو چل ساڵە مانەوە، یوشعی کوڕی نون ورەی خستە بەریان کاتێ کە کارەکانی مووسای گرتە دەست (سەلامی خوای لێبێ) هەر ئەویش بوو قودسی پیرۆزی ئازاد کرد هەر ئەویش بوو پێی گوترا: ئەمڕۆ ڕۆژی هەینیە. ویستیان ئازادی بکەن خۆر بەرەو ئاوا بوون دەچوو، بانگی لە خۆر کرد: من فەرمانم پێکراوەو تۆیش هەر فەرمانت پێکراوە، خۆر وەستا (لە ترسی ئەوەی نەکات ئازاد کردنەکە بکەوێتە شەوی شەممەو نەوەی ئیسرائیل شەممە بگرنو بیکەنە پشوو) هەتا ئازادیان کرد. ماڵو سامانی وایان تیا بینی کە هەرگیز لە وێنەی نەبینرا بوو. نزیکیان کردەوە لە ئاگر، ئاگری تێ نەچوو. یوشع گوتی: خەیانەتکاریان لەناودایە. سەرۆکی دەستەکانی بانگ کرد کە دوانزە پیاو بوون پەیمانی لێ دەسەندن، دەستی یەکێکیان لکا بە دەستیەوە گوتی: خەیانەتە لەلای تۆیە دەری بێنە. سەری

گایەکی لە زێڕ دەرهێنا لە دوو چاکەی لە یاقووتو دانەکانی لە مرواری بوو لەگەڵ ئەوانەی تردا داینا کە دانرا بوو بۆ نزیك بونەوە لە خوا(العریان) ئاگری بۆتو سەتاندی (ئەو سوتاندنە نیشانەی وەرگرتنی بووە) ئەم دەقە نمونەی هەیە لە فەرموودەی سەحیحدا.

خودای مەزن دڵنەوایی مووسا دەکات (سەلامی خوای لێبێ)

خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿فَلَا تَأْسَ عَلَى الْقَوْمِ الْفَاسِقِينَ﴾ خەم بۆ ئەم هۆزە لەرێ دەرچوانە مەخۆ. ئەمە دڵنەوایە بۆ مووسا (سەلامی خوای لێبێ) واتە: هیچ خەم مەخۆو دلگران مەبە بۆیان لەسەر ئەوەی کە بەسەرم هێنان، چونکە ئەوانە شایستەی ئەو سزایە بوون. ئەم بەسەرهاتە سەرزەنشتی جوولەکەکانی لەخۆ گرتوەو باسی بێ ئابرویی و سەرپێچیەکانیان دەکات بەرانبەر خوداو پێغەمبەرەکەی گوێ نەگرتنیان بۆ ئەو فەرمانانەی کە ئەدرێت بەسەریاندا لەبارەی جیهاد کردنەوە. چونکە زۆر لاواز بوون بەرانبەر دوژمنو نەیان دەتوانی بچن بە گژیانداو شەڕیان لەگەڵ بکەن، لەگەڵ ئەویش کە مووسا (سەلامی خوای لێبێ) خۆی لەگەڵیاندا بوو کە هەڵبژاردەی خودا بوو لەناو خەڵکی ئەو سەردەمەداو خودا خۆی وتوێژی لەگەڵدا کردبوو. بەڵێنی سەرکەوتنو زاڵ بوونیشی پێدابوون بەسەر دوژمنەکانیاندا. ئەمەیشیان بە چاوی خۆیان بینی کە خودا بە فیرعەنی دوژمنیان، چۆن سزای داو تۆڵەی لێ سەندو خۆیی و سوپاکەی لە دەریادا نوقم کرد، ئەوان سەیریان دەکرد هەتا چاویان بە تیاچوونی ڕووناك بێتەوە. زۆریشی بەسەردا تێنەپەڕیبوو، پاشان خۆیان لائەدا لە شەڕ کردن لەگەڵ خەڵکی شارێ کە لە چاوی وڵاتی میسردا هەر زۆر ژمارەیان کەمترو پێویستی شەڕیشیان زۆر کەمتر بوو. ئەو کارە خراپو ناشیرنەیان بۆ هەموو خەڵکی دەرکەوت، وا سوكو ڕسوا بوون کە تاریکایی شەو هیچ شتێ داینەدەپۆشیو لە نەفامیو گومرایی خۆیاندا سەرگەردان بوو بوون، ئەوانە دوژمنی خودا بوونو خودا ڕقی لێیان بوو. کەچی لەگەڵ ئەوەیشا دەیانگوت: ئێمە فەرزەندانو خۆشەویستانی خوداین خودا ئەو ڕوەیان ڕەش بکات کە گلۆپی و کردی بە ڕوی بەرازو مەیمون. تووشی نەفرەتێکی وا بوون بەرەو ناو ئاگری بڵێسەدار ڕاپێچی کردنو تا هەتا هەتایە تێدا بمێننەوە، هەر واشیان بەسەر هات. سوپاسو ستایشی هەتا هەتایی بۆ خودای مەزنو باڵادەستە.

﴿وَاتْلُ عَلَيْهِمْ نَبَأَ ابْنَيْ آدَمَ بِالْحَقِّ إِذْ قَرَّبَا قُرْبَانًا فَتُقُبِّلَ مِنْ أَحَدِهِمَا وَلَمْ يُتَقَبَّلْ مِنَ الْآخَرِ قَالَ لَأَقْتُلَنَّكَ
قَالَ إِنَّمَا يَتَقَبَّلُ اللَّهُ مِنَ الْمُتَّقِينَ (٢٧) لَئِنْ بَسَطْتَ إِلَيَّ يَدَكَ لِتَقْتُلَنِي مَا أَنَا بِبَاسِطٍ يَدِيَ إِلَيْكَ لِأَقْتُلَكَ إِنِّي
أَخَافُ اللَّهَ رَبَّ الْعَالَمِينَ (٢٨) إِنِّي أُرِيدُ أَنْ تَبُوءَ بِإِثْمِي وَإِثْمِكَ فَتَكُونَ مِنْ أَصْحَابِ النَّارِ وَذَلِكَ جَزَاءُ
الظَّالِمِينَ (٢٩) فَطَوَّعَتْ لَهُ نَفْسُهُ قَتْلَ أَخِيهِ فَقَتَلَهُ فَأَصْبَحَ مِنَ الْخَاسِرِينَ (٣٠) فَبَعَثَ اللَّهُ غُرَابًا يَبْحَثُ فِي

ٱلْأَرْضِ لِيُرِيَهُۥ كَيْفَ يُوَٰرِى سَوْءَةَ أَخِيهِ ۚ قَالَ يَٰوَيْلَتَىٰٓ أَعَجَزْتُ أَنْ أَكُونَ مِثْلَ هَٰذَا ٱلْغُرَابِ فَأُوَٰرِىَ سَوْءَةَ أَخِى ۖ فَأَصْبَحَ مِنَ ٱلنَّٰدِمِينَ ﴿٣١﴾﴾

بەسەرهاتی قابیل‌و هابیل

خودای گەورە باسی سەرئەنجامی ستەم‌و حەسوودی‌و زۆرداری‌و بێ بەزەیی دوو کوڕەکەی ئادەم دەکات کە قابیل‌و هابیلە کە چۆن یەکێکیان دەستدرێژی کردە سەر ئەوی تریان‌و کوشتی. حەسوودی پێ بردو بە ناهەق کوشتی. لەبەر ئەو بەهرەی خودا بە براکەی دابوو بەوی نەدابوو. ئەو قوربانییەی کە براکەی لەبەر ڕەزامەندی خوا کردبووی خودا لێی وەرگرت. کوژراوەکە سەرکەوتنی بەدەست هێناو تاوانەکەی لەسەر خۆی هەڵگرت‌و لایداو چووە ناو بەهەشت. بکوژەکەیش بە نوشوستی‌و دۆڕاوی هەردوو دنیا گەڕایەوە وەك خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿وَٱتْلُ عَلَيْهِمْ نَبَأَ ٱبْنَىْ ءَادَمَ بِٱلْحَقِّ﴾ هەروەها تۆ (ئەی موحەممەد (ﷺ)) دەنگو باسی ڕاستی ڕووداوی نێوان هەردوو کوڕەکەی ئادەمیان بۆ بخوێنەوە. واتە: بەسەرهاتی ئەو دوو کوڕەی ئادەم باس بکە بۆ ئەو ستەمکارو حەسوودانەی کە لە هاوەڵانی بەرازو مەیمونەکان لە جوولەکەکان‌و ئەوانەیش وەك ئەوان‌و لەوان دەچن. کە قابیل‌و هابیلن. چەندین کەس لە زانایانی پێشینەو پاشینە ئەم باسەیان گێڕاوەتەوە. ﴿بِٱلْحَقِّ﴾: بەڕاستی کە ڕووداوێکی دیارو ئاشکرایەو هیچ گومان‌و درۆو گۆڕان‌و زیادی‌و کەمیەکی تێدا نیە. وەك خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿إِنَّ هَٰذَا لَهُوَ ٱلْقَصَصُ ٱلْحَقُّ﴾[1] بێگومان ئا ئەمانە بەسەرهاتی ڕاستن. وە ئەفەرموێت: ﴿نَّحْنُ نَقُصُّ عَلَيْكَ نَبَأَهُم بِٱلْحَقِّ﴾[2] ئێمە سەرگوزشتەی ڕاستی ئەمانەت بۆ دەگێڕینەوە. وە ئەفەرموێت: ﴿ذَٰلِكَ عِيسَى ٱبْنُ مَرْيَمَ ۚ قَوْلَ ٱلْحَقِّ﴾[3] قسەی ڕاست لەسەر عیسای کوڕی مەریەم هەر ئەمەیە. لەو بەسەرهاتانەی قابیل‌و هابیل کە چەندین کەس لە زانایانی پێشینەو پاشینە (السلف و الخلف) باسیان کردوە، خودای مەزن ڕێگەی دا بە ئادەم (سەلامی خوای لێبێ) کە کچەکانی لە کوڕەکانی مارە بکات لەبەر پێویستی ئەو کاتە. بەڵام گوتویانە: هەر سکێ دوو منداڵیان کوڕێك‌و کچێك. کچی هەر سکێك لە کوڕی سکەکەی تر مارە دەکردو بە پێچەوانەشەوە. خوشکەکەی هابیل ناشیرین بوو، بەڵام خوشکەکەی قابیل زۆر جوان‌و پێکەوتوو بوو. ویستی بیبات بۆ خۆی‌و نەیدات بە هابیلی برای. ئادەم (سەلامی خوای لێبێ) نەیهێشت بیبات هەتا یەکی قوربانیەك نەکەن، گوتی:

---

[1] آل عمران (٦٢).

[2] الکهف (١٣).

[3] مریم (٣٤).

هەرکەسێ قوربانیەکەی لێ قبوولْ کرا، ئەو کچە بۆ ئەو بێ. قوربانیەکە لە هابیل وەرگیرا لە قابیل وەرنەگیرا، بەو شێوەی لێهات کە خودای مەزن فەرموویەتی لە قورئانی پیرۆزدا. ئیبنئەبی حاتەم ڕیوایەتی کردوە لە ئیبنوعەبباسەوە گوتی: قەدەغە کرا بوو کوڕو کچێ کە بە یەك سك لە دایك بوبن لە یەکتری مارە بکرێن، فەرمان ئەدرا کە یەکێکی تر لە براکانی مارەی بکات، هەموو سکێ کە منداڵیان دەبوو یەکێکیان کوڕ بوو ئەوی تریان کچ بوو. هەر بەو شێوەیەیان دەکرد، ئەگەر کچێکی جوانیان ببوایە، پاشان کچێکی ناشیرینیشیان دەبوو. برای کچە ناشیرینەکە گوتی: خوشکەکەتم لێ مارە بکە، منیش خوشکەکەم مارە دەکەم لێت. (قابیل) گوتی: نەخێر، من شایستە ترم بە خوشکی خۆم، یەکی قوربانیەکیان کرد. قوربانی خاوەن بەرانەکە وەرگیراو قوربانی خاوەن کشتوکاڵەکە وەرنەگیراو (براکەی) کوشت[1] سەنەدەکەی چاکە. خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿إِذْ قَرَّبَا قُرْبَانًا فَتُقُبِّلَ مِنْ أَحَدِهِمَا وَلَمْ يُتَقَبَّلْ مِنَ الْآخَرِ قَالَ لَأَقْتُلَنَّكَ قَالَ إِنَّمَا يَتَقَبَّلُ اللَّهُ مِنَ الْمُتَّقِينَ﴾ کاتێ هەر یەکەیان قوربانیەکیان کرد، لە یەکێکیان وەرگیراو لەوی تریان وەرنەگیرا (ئەوەی کە لێی وەرنەگیرا، هەڕەشەی لەوەی تر کرد) گوتی: من دەبێ بتکوژم، گوتی: خودا هەر لەو کەسەی قبوولْ دەکات کە لە خوا دەترسێ لە هەر کارەدا دەیکات. ئیبنوئەبی حاتەم ڕیوایەتی کردوە لە ئەبودەردائەوە (أبو الدرداء) گوتی: ئەگەر بزانم خودا یەك نوێژی لێ وەرگرتووم، لەلام خۆشەویستترە لە دنیاو لەوەی کە تیایەتی، چونکە خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿إِنَّمَا يَتَقَبَّلُ اللَّهُ مِنَ الْمُتَّقِينَ﴾. پاشان ئەفەرموێت: ﴿لَئِنْ بَسَطتَ إِلَيَّ يَدَكَ لِتَقْتُلَنِي مَا أَنَا بِبَاسِطٍ يَدِيَ إِلَيْكَ لِأَقْتُلَكَ إِنِّي أَخَافُ اللَّهَ رَبَّ الْعَالَمِينَ﴾ ئەگەر تۆش دەستم بۆ درێژ کەی کە بمکوژی من دەست پێشخەری ناکەم تۆ بکوژم. من لە خودا(کە پەروەردگاری دنیایە) دەترسم. واتە: برا چاکەکەی کە خودا قوربانیەکەی لێ قبوولْ کرد لەبەر لە خواترسی کاتێ کە براکەی هەڕەشەی کوشتنی لێکرد بێ ئەوەی هیچ تاوانێکی هەبێ، گوتی: ﴿لَئِنْ بَسَطتَ إِلَيَّ يَدَكَ لِتَقْتُلَنِي مَا أَنَا بِبَاسِطٍ يَدِيَ إِلَيْكَ لِأَقْتُلَكَ إِنِّي أَخَافُ اللَّهَ رَبَّ الْعَالَمِينَ﴾ واتە: ئەگەر تۆ دەست درێژیم بۆ بکەی‌و بمکوژی، من بەو کارە خراپەی کە تۆ پێی هەڵدەسی وەڵامت نادەمەوە، تا منو تۆ وەك یەك شەریك بین لەو تاوانەدا. ﴿إِنِّي أَخَافُ اللَّهَ رَبَّ الْعَالَمِينَ﴾ من لە خودا(پەروەردگاری دنیایە) دەترسم لەو کارەی کە تۆ دەکەوێ بیکەی منیش بیکەم. بەڵکو خۆم دەگرم‌و بە هیوای پاداشتی خودام. عەبدوڵڵای کوڕی عەمر گوتی: سوێند بە خوا ئەم لە براکەی بەهێزو تواناتر بوو، بەڵام لەخواترسیەکەی ڕێی پێ نەئەدا. هەر بۆیە لە هەردوو سەحیحەکەدا هاتوە لە پێغەمبەری خوداوە (ﷺ) کە فەرموویەتی: (کاتێ کە دوو موسوڵمان

---

[1] الطبري (١٠/٢٢٣).

ڕووبەڕووی یەکتری بونەوە بە شمشێرەکانیان بکوژو کوژراویش لەناو ئاگردان)، گوتیان: ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئەمەیان بکوژە (واتە: حەقی خۆیەتی) ئەی کوژراوەکە بۆ؟ فەرمووی: (چونکە ئەمیش سور بووە لەسەر کوشتنی هاوەڵەکەی)[1]، ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردوە لە سەعدی کوڕی ئەبی وەقسەوە لە کاتی فیتنەی عوسماندا گوتی: شایەتی ئەدەم کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (لەمەولا فیتنە پەیدا دەبێ، ئەوەی دانیشتو تێیدا باشترە لەوەی کە هەڵساوە، ئەوەی هەڵساوە باشترە لەوەی کە دەڕوات، ئەوەی دەڕوات باشترە لەوەی کە پەلەی تیا دەکات) گوتی: ئایا دیت هاتە ماڵەوە بۆمو دەستی بۆ درێژ کردمو کوشتمی؟ فەرمووی: (تۆش وەك کوڕەکەی ئادەم بە)[2] تیرمیزیش هەر بەم شێوەیە ڕیوایەتی کردوە، ئەم فەرموودە، فەرمودەیەکی حەسەنە.[3] پاشان خودای مەزن لەسەر زمانی کوڕە چاکەکەی ئادەم (سەلامی خوای لێبێ) ئەفەرموێت: ﴿إِنِّيٓ أُرِيدُ أَن تَبُوٓأَ بِإِثۡمِي وَإِثۡمِكَ فَتَكُونَ مِنۡ أَصۡحَٰبِ ٱلنَّارِۚ وَذَٰلِكَ جَزَٰٓؤُاْ ٱلظَّٰلِمِينَ﴾ من دەمەوێ تاوانی کوشتنی منو تاوانی خۆت بێتە ملت، ئەوسا تۆ دەچیتە ئاگرو (سزای) تاوانی ستەمکار ئەوەیە. ئیبنوعەبباسو موجاهیدو زەحاكو قەتادەو ئیبنوجەریر ڕیوایەتیالن کردوە.[4] ﴿فَطَوَّعَتۡ لَهُۥ نَفۡسُهُۥ قَتۡلَ أَخِيهِ فَقَتَلَهُۥ فَأَصۡبَحَ مِنَ ٱلۡخَٰسِرِينَ﴾ ئیتر دڵی هەڵێنا کە براکەی خۆی بکوژێ، کوشتیو کەوتە ناو ڕیزی زیانبارانەوە. واتە: دوای ئەو ئامۆژگاریو ترساندنەی براکەی کە کردی، هەر کوشتی. ئیبنوجەریر گوتی: کاتێ (قابیل) ویستی براکەی بکوژێ ملی بادا، شەیتان گیانەوەرێکی گرتو سەری نایە سەر بەردێكو بەردێکی تری هەڵگرتو کێشای بەسەریدا هەتا کوشتی، کوڕەکەی ئادەمیش سەیری دەکرد، پاشان ئەویش ئەوەی کرد بە براکەی کە شەیتان کردی[5]. ئیبنوئەبی حاتەم ڕیوایەتی کردوە لە عەبدوڵلای کوڕی وەهەبەوە، لە عەبدوڕەحمانی کوڕی زەیدی کوڕی ئەسلەمەوە لە باوکیەوە گوتی: سەری براکەی گرت بۆ ئەوەی بیکوژێ خۆی دا بە زەویداو سەرو لاشەی بۆ لای خۆی ڕادەکێشا، نەیدەزانی چۆنی بکوژێ، شەیتان هات بۆ لایو وتی: دەتەوێ بیکوژی؟ گوتی: بەڵێ، گوتی: ئەم بەردە هەڵگرەو بیدە بەسەریدا، گوتی: بەردەکەی هەڵگرتو کێشای بەسەریداو سەری شکاند، پاشان شەیتان بەپەلە هات بۆ لای حەواو وتی: ئەی حەوا، ئەوسا قابیل هابیلی کوشت. حەوایش پێی وت: هاوار بۆ تۆ کوشتن چۆن دەبێ؟ گوتی: نە

[1] فتح الباري (١٣/٣٥)، مسلم (٤/٢٢١٤).
[2] أحمد (١/١٨٥)، فەرموودەیەکی حەسەنە.
[3] تحفة الاحوذي (٦/٤٣٦)، فەرموودەیەکی حەسەنە.
[4] الطبري (١٠/١١٥-١١٦).
[5] الطبري (٤/٥٣٦).

خواردنو نە خواردنەوە ناخوتو ناشجولیٚ. حەوا وتی: ئەوە مردنە، شەیتان: (بەڵێ) ئەوە مردنە دەستی کرد بە هاوار کردن هەتا ئادەم هاتە لایو هەر هاواری دەکرد، پێی وت چیتە؟ قسەی لەگەڵ نەکرد دوو جار گەڕایەوە بۆ لای هەر قسەی لەگەڵدا نەکرد ئادەمیش وتی: هاوارو قیژە بەشی خۆتو کچەکانت بێ منو کوڕەکانیشم سەرفرازو دوور بین لێی. ﴿فَأَصْبَحَ مِنَ ٱلْخَـٰسِرِينَ﴾ چووە ناو ڕیزی زیانباران. لە دنیاو لە قیامەتدا، چ زیانێ لەمە گەورەترە؟ ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردوە لە عەبدوڵلای کوڕی مەسعودەوە گوتی: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: (هیچ گیانێ بە ناهەق ناکوژرێ مەگین یەکەم کوڕی ئادەم بەشێکی لە خوێنەکەیدا هەیە، چونکە ئەو یەکەم کەس بوە کوشتنی داهێناوە)[1]. زانایانی فەرموودە، ئەم فەرموودەیان هێناوە جگە لە ئەبوداوود.[2] ئیبنوجەریر ڕیوایەتی کردوە لە عەبدوڵلای کوڕی عەمرەوە کە دەیوت: بەدبەختترین کەسێ لە نەوی ئادەما ئەو کەسەیە کە براکەی خۆی کوشتوە، هیچ خوێنێ لەسەر زەمیندا نارژێ، لەو کاتەوە کە براکەی خۆی کوشتوە مەگین بەشێ لەو خراپەی (کوشتنەی) پێدەگات. چونکە ئەو یەکەم کەس بوە کوشتنی داهێناوە[3] پاشان خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿فَبَعَثَ ٱللَّهُ غُرَابًا يَبْحَثُ فِى ٱلْأَرْضِ لِيُرِيَهُۥ كَيْفَ يُوَٰرِى سَوْءَةَ أَخِيهِ قَالَ يَـٰوَيْلَتَىٰٓ أَعَجَزْتُ أَنْ أَكُونَ مِثْلَ هَـٰذَا ٱلْغُرَابِ فَأُوَٰرِىَ سَوْءَةَ أَخِى فَأَصْبَحَ مِنَ ٱلنَّـٰدِمِينَ﴾ خوا قەلەڕەشەیەکی نارد خەریك بوو زەوی هەڵدەکۆڵی بۆ ئەوەی پێی نیشان بدات کە چۆن لاشەی براکەی لە خاکدا بشارێتەوە واتی: هاوار لە خۆم، چۆن نەمزانی وەك ئەو قەلەڕەشە بجوڵێمەوەو لاشەی براکەم بشارمەوە. (بەم کردەوەی) هاتە ڕیزی پەشیمانان. سوودیو کەسانی تریش لە هاوەڵەکانی وتیان: کاتێ کە لاوەکە مرد (واتە: براکەی) لەو بیابانەدا بەجێی هێشتو نەیدەزانی چۆن بیشارێتەوە، خودا دوو قەلەڕەشی برای یەکی نارد هاتن بە یەکداو یەکێکیان ئەوی تریانی کوشتو چاڵێکی بۆ هەڵکەندو پاشان خۆڵی کرد بەسەریدا، کاتێ (قابیل) ئەوەی دی وتی: ﴿يَـٰوَيْلَتَىٰٓ أَعَجَزْتُ أَنْ أَكُونَ مِثْلَ هَـٰذَا ٱلْغُرَابِ فَأُوَٰرِىَ سَوْءَةَ أَخِى﴾[4] عەلی کوڕی ئەبوتەلحە وتی لە ئیبنوعەبباسەوە وتی: قەلەڕەشێك هات بۆ لای قەلەڕەشێکی مردارەوەبوو، خۆڵی کرد بەسەریدا هەتا دایپۆشی، ئەوەیش کە براکەی خۆی کوشتبوو

---

[1] أحمد (٣٨٣/١)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

[2] فتح الباري (١٩٨/١٢)، مسلم (١٣٠٣/٣)، تحفة الاحوذي (٤٣٦/٧)، النسائي في الكبرى (٣٣٤/٦)، إبن ماجة (٨٧٨/٢).

[3] الطبري (٢١٩/١٠).

[4] الطبري (٢٢٥/١٠).

وتی: ﴿يَٰوَيۡلَتَىٰٓ أَعَجَزۡتُ أَنۡ أَكُونَ مِثۡلَ هَٰذَا ٱلۡغُرَابِ فَأُوَٰرِيَ سَوۡءَةَ أَخِيۖ﴾.[1] ﴿فَأَصۡبَحَ مِنَ ٱلنَّٰدِمِينَ﴾ چووه ڕیزی پەشیمانان. حەسەنی بەسری وتی: دوای ئەو زیانباریە خودا پەشیمانیەکەی دەرخست.

پێش خستنی تۆڵەی ستەمو بڕینی پەیوەندی خزمایەتی

لەم فەرموودەیەدا هاتوە کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (هیچ گوناهی نیە کە شایەنی ئەوەبێ خودا تۆڵەکەی پێش بخات لە دنیادا لەگەڵ ئەوەیش کە بۆی هەڵدەگرێ لە ڕۆژی دوایدا بۆ خاوەنەکەی، لە ستەمو پچڕاندنی پەیوەندی خزمایەتی)[2] ئەم کردارەی قابیل هەردووکیانی تیا کۆ بوەتەوە، إنا لله و إنا إليه راجعون.

﴿مِنۡ أَجۡلِ ذَٰلِكَ كَتَبۡنَا عَلَىٰ بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ أَنَّهُۥ مَن قَتَلَ نَفۡسَۢا بِغَيۡرِ نَفۡسٍ أَوۡ فَسَادٖ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَكَأَنَّمَا قَتَلَ ٱلنَّاسَ جَمِيعٗا وَمَنۡ أَحۡيَاهَا فَكَأَنَّمَآ أَحۡيَا ٱلنَّاسَ جَمِيعٗاۚ وَلَقَدۡ جَآءَتۡهُمۡ رُسُلُنَا بِٱلۡبَيِّنَٰتِ ثُمَّ إِنَّ كَثِيرٗا مِّنۡهُم بَعۡدَ ذَٰلِكَ فِي ٱلۡأَرۡضِ لَمُسۡرِفُونَ ٣٢ إِنَّمَا جَزَٰٓؤُاْ ٱلَّذِينَ يُحَارِبُونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَيَسۡعَوۡنَ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَسَادًا أَن يُقَتَّلُوٓاْ أَوۡ يُصَلَّبُوٓاْ أَوۡ تُقَطَّعَ أَيۡدِيهِمۡ وَأَرۡجُلُهُم مِّنۡ خِلَٰفٍ أَوۡ يُنفَوۡاْ مِنَ ٱلۡأَرۡضِۚ ذَٰلِكَ لَهُمۡ خِزۡيٞ فِي ٱلدُّنۡيَاۖ وَلَهُمۡ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ عَذَابٌ عَظِيمٌ ٣٣ إِلَّا ٱلَّذِينَ تَابُواْ مِن قَبۡلِ أَن تَقۡدِرُواْ عَلَيۡهِمۡۖ فَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٞ ٣٤﴾

پێویستە لەسەر مرۆڤ ڕێز لە مرۆڤ بگرێ

خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿مِنۡ أَجۡلِ ذَٰلِكَ كَتَبۡنَا عَلَىٰ بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ أَنَّهُۥ مَن قَتَلَ نَفۡسَۢا بِغَيۡرِ نَفۡسٍ أَوۡ فَسَادٖ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَكَأَنَّمَا قَتَلَ ٱلنَّاسَ جَمِيعٗا وَمَنۡ أَحۡيَاهَا فَكَأَنَّمَآ أَحۡيَا ٱلنَّاسَ جَمِيعٗا﴾ بەهۆی ئەم کارەوە فەرمانێکمان بۆ سەر نەوەی ئیسرائیل نارد، کە هەرکەسێ بێتاوانێك بکوژێ (کە نە گوناهی کردبێ‌و نە خراپەی لە زەویدا لێ ڕوودابێ) وەك ئەوەیە کە گشت خەڵکی سەر زەوی لەناوبردبێ‌و هەر کەسێکیش بێتاوانێك ڕزگار بکات، وەك ئەوە وایە کە هەموو خەڵکی سەر زەوی لە مردن ڕزگار کردوە. واتە: بڕیارمان داو نەوەی ئیسرائیلمان ئاگادار کرد کە هەرکەسێ یەکێ بکوژێ بێ ئەوەی کەسێکی کوشتبێ یان خراپەیەکی لە زەویدا کردبێ، کوشتنی بە حەڵاڵ بزانێ وەك ئەوە وایە هەموو خەڵکی کوشتبێ، چونکە لای خودا جیاوازی لەنێوان گیانێك‌و گیانێکی تردا نیە ﴿وَمَنۡ

[1] الطبري (١٠/٢٢٦).

[2] أبوداود (٥/٢٠٨)، فەرموودەیەکی حەسەنی سەحیحە.

أَحۡيَاهَا ﴾ وە کەسێ مرۆڤێ لە مردن ڕزگار بکات. واتە: کوشتنەکەی بە ڕەوا نەزانێو بڕواشی وابێ. ئەوە هەموو خەڵکی دڵنیان لەو کەسەو ترسیان لێی نیە، هەر بۆیە خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿فَكَأَنَّمَآ أَحۡيَا ٱلنَّاسَ جَمِيعٗا ﴾ ئەعمەشو کەسانی تریش وتیان: لە ئەبوسالحەوە لە ئەبوهورەیرەوە وتی: چوومە لای عوسمان لەو ڕۆژەی (کە لە ماڵەکەیدا بوو) (یوم الدار) وتم: هاتووم یارمەتیت بدەم، ئەی گەورەی موسوڵمانان شمشێر وەشاندن خۆشە (جێی خۆیەتی) وتی: ئەی ئەبوهورەیرە، ئایا پێت خۆشە هەموو خەڵکی بکوژیو منیش لەگەڵیان؟ وتم: نەخێر، وتی: ئەگەر تۆ یەك پیاوت کوشت وەك ئەوە وایە کە هەموو خەڵکت کوشتبێ، لێرە بڕۆ ئیزن دراویو پاداشت وەردەگریو تاوانبار نابی. گوتی: هاتمە دەرەوەو شەڕم نەکرد. عەلی کوڕی ئەبوتەلحە گوتی لە ئیبنوعەبباسەوە گوتی: ئەوە وەك ئەمەیە کە خودای مەزن فەرموویەتی: ﴿مَن قَتَلَ نَفۡسَۢا بِغَيۡرِ نَفۡسٍ أَوۡ فَسَادٖ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَكَأَنَّمَا قَتَلَ ٱلنَّاسَ جَمِيعٗا وَمَنۡ أَحۡيَاهَا فَكَأَنَّمَآ أَحۡيَا ٱلنَّاسَ جَمِيعٗا ﴾ زیندووکردنەوەی ئەوەیە کە کەسێ نەکوژێ کە خودا کوشتنی قەدەغە کردوە. ئەوە وەك ئەوە وایە کە هەموو خەڵکی لە مردن ڕزگار کردبێ. واتە: هەرکەسێ کوشتنی خەڵکی بەلاوە حەرام بێ مەگین بە هەقی خۆی، ئەوە ڕزگاری کردوە لەو کوشتنە[1] موجاهیدیش هەر وای گوتوە ﴿وَمَنۡ أَحۡيَاهَا ﴾ واتە: وازی هێنابێ لە کوشتنی[2] عەوفی گوتی لە ئیبنوعەبباسەوە لەم دەقەدا کە خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿فَكَأَنَّمَا قَتَلَ ٱلنَّاسَ جَمِيعٗا ﴾ دەڵێت: کەسێ تەنیا کەسێکی کوشتبێ کە خودا کوشتنی حەرام کردبێ ئەوە وەك ئەو کەسە وایە هەموو خەڵکی کوشتبێ[3] سەعیدی کوڕی جوبەیر گوتی: هەرکەسێ خوێنی موسوڵمانێ حەلاڵ بکات (بکوژێ) وەك ئەوەیە خوێنی هەموو خەڵکی حەلاڵ کردبێ. ئیبنوجورەیج گوتی لە ئەعرەجەوە (الاعرج) لە موجاهیدەوە لەم ئایەتەدا: ﴿فَكَأَنَّمَا قَتَلَ ٱلنَّاسَ جَمِيعٗا ﴾ هەرکەسێ خاوەن باوەڕێ بکوژێ بە ئەنقەست، خودا وای لێدەکات جەهەنم جێگەی بێو غەزەبی لێگرتوەو بەر نەفرینی خۆی خستوەو سزایەکی زۆر گەورەیشی بۆ ئامادە کردوە. پاشان دەڵێت: ئەگەر هەموو خەڵکیشی بکوشتایە سزاکەی لەوە زیاتری نەدەکرد. ئیبنوجورەیج گوتی: لە

[1] الطبري (١٠/٢٢٥).
[2] الطبري (١٠/٢٣٦).
[3] الطبري (١٠/٢٣٣).

موجاهیدەوە لەم ئایەتەدا: ﴿وَمَنْ أَحْيَاهَا فَكَأَنَّمَآ أَحْيَا ٱلنَّاسَ جَمِيعًا﴾ گوتی: ئەگەر کەسی نەکوشتبێ. بێگومان ئەوە خەڵکی لە کوشتن ڕزگار کردوە[1].

هەڕەشە لە هەڵەڕۆو سنوور بەزێنەکان

خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿وَلَقَدْ جَآءَتْهُمْ رُسُلُنَا بِٱلْبَيِّنَٰتِ﴾ پێغەمبەرانمان زۆر بەڵگەی ڕوون و ئاشکرایان بۆ هێنان ﴿ثُمَّ إِنَّ كَثِيرًا مِّنْهُم بَعْدَ ذَٰلِكَ فِى ٱلْأَرْضِ لَمُسْرِفُونَ﴾ بەلام زۆربەیان (دوای ئەم هەموو بەڵگەیە) هەڵەڕۆو سنوور بەزێن بوون، ئەمە سەرزەنشت و هەڕەشە کردنە لێیان لەسەر بەزانەدنی سنورەکانی خودا دوای شارەزا بوونیان لێی، وەك بەنوقورەیزەو نەزیرو قینوقاع (بنو قريظة و النضير و بني قينُقاع) کە لە دەوروبەری مەدینەدا بوون، لەو جوولەکانەی کە شەڕیان لەگەڵ ئەوس و خەزرەجدا دەکرد، کاتێ کە شەڕ لە نێوانیاندا ڕووی ئەدا، لە کاتی نەفامیدا. پاشان کە شەڕەکە تەواو دەبوو، فیدیەی ئەو کەسانەشیان ئەدا کە دەست بەسەریان کردبوون و دۆستایەتیشیان دەکرد لەگەڵ ئەوانەی کە لێیان کوشتنبوون. خودای مەزن ئەو کارانەیان بە خراپ لە قەڵەم ئەدات و لە سورەتی بەقەرەدا ئەفەرموێت: ﴿وَإِذْ أَخَذْنَا مِيثَٰقَكُمْ لَا تَسْفِكُونَ دِمَآءَكُمْ وَلَا تُخْرِجُونَ أَنفُسَكُم مِّن دِيَٰرِكُمْ ثُمَّ أَقْرَرْتُمْ وَأَنتُمْ تَشْهَدُونَ ﴿٨٤﴾ ثُمَّ أَنتُمْ هَٰٓؤُلَآءِ تَقْتُلُونَ أَنفُسَكُمْ وَتُخْرِجُونَ فَرِيقًا مِّنكُم مِّن دِيَٰرِهِمْ تَظَٰهَرُونَ عَلَيْهِم بِٱلْإِثْمِ وَٱلْعُدْوَٰنِ وَإِن يَأْتُوكُمْ أُسَٰرَىٰ تُفَٰدُوهُمْ وَهُوَ مُحَرَّمٌ عَلَيْكُمْ إِخْرَاجُهُمْ أَفَتُؤْمِنُونَ بِبَعْضِ ٱلْكِتَٰبِ وَتَكْفُرُونَ بِبَعْضٍ فَمَا جَزَآءُ مَن يَفْعَلُ ذَٰلِكَ مِنكُمْ إِلَّا خِزْىٌ فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا وَيَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ يُرَدُّونَ إِلَىٰٓ أَشَدِّ ٱلْعَذَابِ وَمَا ٱللَّهُ بِغَٰفِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ﴾[2] پەیمانمان لێتان وەرگرت کە: خوێنی یەکتر مەڕێژن و خۆتان لە زێدی خۆتان وەردەر مەنێن، پاشان دانتان بەو پەیمانەدا ناو خۆشتان شایەتی ئەدەن. لە دوای ئەوەیش هەر خۆتان بوون کوشتارتان لە یەکتری دەکرد بە پشتیوانی خەڵکی تر (بە تاوان و دەستدرێژی) کۆمەڵێ هەر لە خۆتانن لە وڵاتیان دەردەکەن، کە لێشتان دەست بەسەر دەکرێ هەمووتان خوێنەکەی ئەدەن، کە بۆشتان ڕەوا نیە دەریان بکەن، ئایا ئێوە بڕوا بە هەندێ لە ناوەڕۆکی ئەو کتێبانە دەکەن و بڕوا بە هەندێکی ناکەن؟ هەرکەس لە ئێوە ئەوە بکات، دیارە لە ژیانی دنیادا ڕسوا دەبێ و لە ڕۆژی قیامەتیشدا زۆر بە توندی ئازار ئەدرێت. خودا لە هەموو کارێکیان ئاگادارە کە دەیکەن و بێئاگا نییە لێی.

---

[1] الطبري (١٠/٢٣٥).

[2] البقرة (٨٤-٨٥).

سزای ئەوانەی کە دژایەتی خوداو پێغەمبەرەکەی دەکەن و خراپەکارن

خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿إِنَّمَا جَزَٰٓؤُاْ ٱلَّذِينَ يُحَارِبُونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَيَسۡعَوۡنَ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَسَادًا أَن يُقَتَّلُوٓاْ أَوۡ يُصَلَّبُوٓاْ أَوۡ تُقَطَّعَ أَيۡدِيهِمۡ وَأَرۡجُلُهُم مِّنۡ خِلَٰفٍ أَوۡ يُنفَوۡاْ مِنَ ٱلۡأَرۡضِ﴾ سزای ئەو کەسانەی دژایەتی خوداو پێغەمبەرەکەی دەکەن و لە زەویدا هەوڵی خراپەکاری ئەدەن، کوژرانە یان لە دار دانە یان بڕینی دەست و قاچە پێچەوانە (دەستی ڕاست و قاچی چەپ) یان لە وڵات دوورخرانە. مەبەست بە (المحاربة) واتە دژایەتی کردن و سەرپێچی کردن. ئەمەیش ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە خوانەناسن یان ڕێگرن، یان ترس لە ڕێگا دروس دەکەن و هەوڵی خراپەکاری ئەدەن لەسەر زەمیندا، وە هەر خراپەو تاوانێکی تریش دەگرێتەوە. ئیبنوجەریر ڕیوایەتی کردوە لە عیکرمەو حەسەنی بەسریەوە کە گوتویانە: ﴿إِنَّمَا جَزَٰٓؤُاْ ٱلَّذِينَ يُحَارِبُونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ﴾ هەتا دەگاتە: ﴿أَنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٞ﴾ لەسەر ئەو بت پەرستانە هاتوەتە خوار، هەرکەسێ لەوانە لە پێش ئەوەی دەست بگرن بەسەریدا تەوبەی کردبێ، ئەوە ئەم کەسە هیچ لەمانە نایگرێتەوە. ئەم ئایەتە ئەو پیاوە موسوڵمانە ناپارێزێ و ڕزگار ناکات لە سزای کوشتن ئەگەر کەسێکی کوشتبێ یان خراپەی لە زەویدا کردبێ یان دژایەتی خوداو پێغەمبەرکەی کردبێ (ﷺ) پاشان چووبێتە ناو خوانەناسان و نەگیرابێ، ئەوە نابێتە ڕێگری بەجێهێنانی ئەو سزایەی کە بۆی دانراوە[1]. (واتە: دەبێ ئەو تۆڵەی هەر لێ بسێنرێ) ئەبوداوودو نەسائی ڕیوایەتیان کردوە لە ڕیگەی عیکرمەوە لە ئیبنوعەبباسەوە گوتی: ﴿إِنَّمَا جَزَٰٓؤُاْ ٱلَّذِينَ يُحَارِبُونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَيَسۡعَوۡنَ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَسَادًا﴾ ئەم ئایەتە لەسەر بت پەرستەکان هاتوەتە خوارەوە، کەسێ لەوانە تەوبە بکات لە پێش کە دەستگیر دەکرێ، ئەوە نابێتە ڕێگری بەجێهێنانی ئەو سزای کە بۆ دانراوە.[2] ڕاستیەکەی ئەوەیە ئەم ئایەتە گشتگیرە بۆ بت پەرست و هەرکەسی تریش کە هەڵسابێ بەو تاوانانە، وەك بوخاری و موسلیم ڕیوایەتیان کردوە لە فەرموودەکەی ئەبوقەلابەوە (کە ناوی عەبدوڵڵای کوڕی زەیدی جەرمی (الجرمي) بەسریە) لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە، کە هەشت کەس لە عوکڵ هاتنە لای پێغەمبەر(ﷺ) پەیمانیان دایە لەسەر موسوڵمان بوون. ئاوو هەوای مەدینەیان پێ نەکەوت، نەخۆش کەوتن، هاواریان بردە لای پێغەمبەر(ﷺ) پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی: (ئایا لەگەڵ شوانەکەمان و وشترەکان دەچنە دەرێ شیرو میزی وشترەکان بخۆنەوە؟) گوتیان: بەڵێ، چوون و شیرو میزەکەیان خواردەوەو چاك بونەوەو شوانەکەی پێغەمبەریان (ﷺ) کوشت و

[1] الطبري (٢٤٤/١).

[2] أبوداود (٥٣٦/٤)، النسائي (١٠١/٧).

وشترەکانیانبرد، کە ئەو هەواڵە بە پێغەمبەر(ﷺ) گەیشتەوە، ناردی بە شوێنیانداو پێیان گەین و هێنانیانەوە. پێغەمبەر(ﷺ) فەرمانی دا دەست و پێیان بڕین و چاویان کوێر کردن و فڕێ درانە بەر هەتاو تا مردن. وە لە وتەیەکی تردا هاتوە: لەبەر هەتاو فڕێ دران داوای ئاویان دەکرد ئاویان پێ نەئەدرا.[1] خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿أَن يُقَتَّلُوٓاْ أَوۡ يُصَلَّبُوٓاْ أَوۡ تُقَطَّعَ أَيۡدِيهِمۡ وَأَرۡجُلُهُم مِّنۡ خِلَٰفٍ أَوۡ يُنفَوۡاْ مِنَ ٱلۡأَرۡضِ﴾ عەلی کوڕی ئەبوتەلحە گوتی لە ئیبنوعەبباسەوە: هەرکەسێ چەك بەرزکاتەوە لە کۆمەڵێکی موسوڵمان، خەڵکی دەترساند لە ڕێگادا، پاشان گیراو پێشەوای موسوڵمانان دەستەڵاتی بوو بەسەریدا ئارەزوی خۆیەتی چی لێدەکات. مەیلی لێ بوو دەیکوژێ. مەیلی لێ بوو لە داری ئەدات، مەیلیشی لە‌ بوو دەست و پێیان دەبڕێ.[2] سەعیدی کوڕی موسەییب و موجاهیدو عەتاو حەسەنی بەسری و ئیبراهیمی نەخەعی و زەحاك هەر وایان گوتوە. ئەمانە هەموو ئەبوجەعفەری کوڕی جوبویر ڕیوایەتی کردوە.[3] ئەم قسەیە ئەوە دەگەیەنێ کە بۆ سەرپشکیە (للتخيير) وەك لە قورئاندا نمونەی ئەمە هاتوە وەك لە تۆڵەی نێچیر ڕاوکردندا خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿فَجَزَآءٞ مِّثۡلُ مَا قَتَلَ مِنَ ٱلنَّعَمِ يَحۡكُمُ بِهِۦ ذَوَا عَدۡلٖ مِّنكُمۡ هَدۡيَۢا بَٰلِغَ ٱلۡكَعۡبَةِ أَوۡ كَفَّٰرَةٞ طَعَامُ مَسَٰكِينَ أَوۡ عَدۡلُ ذَٰلِكَ صِيَامٗا﴾[4] لە تۆڵەی ئەوەدا دەبێ دەبێ وێنەی نێچیرە کوژراوەکە کەفارەت بدات، دوو کەسی دادگەر بڕیاری لەسەر بدەن و ئەو کەفارەتە بهێنێتە ماڵی کەعبە و لەوێ بیکاتە قوربانی یان بارتەقاری ئەو نێچیرە خواردن بدات بە هەژاران یان بە ئەندازە قیمەتی ئەو نیچچیرە چەند ڕۆژ بەڕۆژوو بێ. وەك ئەم ئایەتەیش کە خودای گەورە ئەفەرموێت لە بارتەقای ڕزگارانەدا (الفدية): ﴿فَمَن كَانَ مِنكُم مَّرِيضًا أَوۡ بِهِۦٓ أَذٗى مِّن رَّأۡسِهِۦ فَفِدۡيَةٞ مِّن صِيَامٍ أَوۡ صَدَقَةٍ أَوۡ نُسُكٖ﴾[5] کێش لە ئێوە نەخۆشە یان سەری ئازاری هەیە، لە بارتەقای بەڕۆژوو بێ یان خێرێك ببەخشێتەوە، یان ئاژەڵێك بکاتە خێر لە هەر لەوێدا. وەك ئەم ئایەتەیش کە خودای مەزن ئەفەرموێت لە بارتەقای شوێندا: ﴿فَكَفَّٰرَتُهُۥٓ إِطۡعَامُ عَشَرَةِ مَسَٰكِينَ مِنۡ أَوۡسَطِ مَا تُطۡعِمُونَ أَهۡلِيكُمۡ أَوۡ كِسۡوَتُهُمۡ أَوۡ تَحۡرِيرُ رَقَبَةٖ﴾[6] دەبێ لە بارتەقای ئەوەدا خواردن بدەن بە دە هەژار لەو خواردنەی بە

---

[1] فتح الباري (١٢/١١٤)، مسلم (٣/١٢٩٦).

[2] الطبري (١٠/٢٦٣).

[3] الطبري (١٠/٢٦٢-٢٦٣).

[4] المائدة (٩٥).

[5] البقرة (١٩٦).

[6] المائدة (٨٩).

ئاسایی ئەیدەن بە خێزانی خۆتان. یان دەبێ جلو بەرگی دە هەژار بدەن، یا کۆیلەیەك ڕزگار بکەن.

پاشان خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿أَوْ يُنفَوْا مِنَ الْأَرْضِ﴾ یان شار بەدەر بکرێن. هەندێ لە زانایان دەڵێن: مەبەست پێی ئەوەیە هەوڵ بدرێ دەستگیر بکرێو تۆڵەی لێ بسێنرێ. یان لە وڵاتی موسوڵماناندا ڕادەکاتو نامێنێ. ئیبنوجەریر ڕیوایەتی کردوە لە ئیبنوعەبباسو ئەنەسی کوڕی مالیكو سەعیدی کوڕی جوبەیرو زەحاكو ڕەبیعی کوڕی ئەنەسو زوهریو لەیسی (لیث) کوڕی سەعدو مالیکی کوڕی ئەنەسەوە. هەندێکی تریش گوتویانە: ئەو کەسە لەو وڵاتەی خۆی دەردەکرێ بۆ وڵاتێکی تر، یان کاربەدەست یان جێگرەکەی لەسەر کارەکەی دووری دەخەنەوە بە تەواوی[1] سەعیدی کوڕی جوبەیرو ئەبوشەعساءو (الشعثاء) حەسەنو زوهریو زەحاكو موقاتیلی کوڕی حەیان گوتیان: ئەو کەسە شاریەدەر ناکرێو لەسەر زەوی ئیسلامیش دەرناکرێ. هەندێکی تر گوتویانە: مەبەست بە دەرکردن لێرەدا بەند کردنە (السجن) پاشان خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿ذَٰلِكَ لَهُمْ خِزْيٌ فِي الدُّنْيَا ۖ وَلَهُمْ فِي الْآخِرَةِ عَذَابٌ عَظِيمٌ﴾ ئەم سزایە بۆ ئەوانە ڕسوا بوونە لە دنیاداو لە ڕۆژی قیامەتیشدا بەشیان سزادانی گەورەیە. واتە: ئەمەی کە باسم کرد لە کوشتنیانو هەڵواسینیانو بڕینی دەستو پێیان بە پێچەوانەو (ڕاستو چەپ) شار بەدەرکردنیان هەموو بۆ ڕسوا بونیانە لەناو خەڵکدا لەم ژیانەی دنیادا. لەگەڵ ئەوەیش کە خودا بۆی هەڵگرتوون لە سزای زۆر سەختو گران لە ڕۆژی قیامەتدا، ئەم ئایەتە پشتگیری قسەی ئەو کەسانە دەکات کە دەڵێن: ئەم ئایەتە لەسەر بت پەرستان هاتوەتە خوارەوە، بەڵام کۆمەڵێ موسوڵمانان لە سەحیحی موسلیمدا هاتوە لە عوبادەی کوڕی سامیتەوە (ڕەزای خوای لێبێ) گوتی: پێغەمبەری خودا(ﷺ) پەیمانی لێ وەرگرتین وەك لە ژنانی وەرگرت، کە لە هیچ شتێکدا هاوەڵ بۆ خوا دانەنێینو دزی نەکەینو داوێن پیسی نەکەینو منداڵەکانی خۆمان نەکوژین، ئازاری یەکتری نەدەین. هەرکەس پارێزگاری لە پەیمانەکەی بکات لە ئێوە پاداشتەکەی لەلای خودای مەزنە، هەرکەسێ شتێ لەمانەی تووش بوو تۆڵەی لێ دەسێنرێ، ئەو تۆڵەیە بارتەقایە بۆی. هەرکەسیش خودا خۆی بۆی داپۆشی، ئەوە کارەکەی لەلای خودا خۆیەتی. مەیلی لێ بوو سزای ئەداتو مەیلیشی لێ بوو لێی دەبورێ.[2] وە لە عەلیەوە (ڕەزای خوای لێبێ) گوتی: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (کەسێ تاوانێ لە تاوانەکانی کرد لە دنیا، سزادرا پێی، خودا لەوە دادپەروەرترە کە سزاکەی دووبارە بکاتەوە لەسەر ئەو عەبدەی خۆی. وە کەسێ تاوانێ لە تاوانەکانی کرد لە دنیاداو خودا بۆی داپۆشیبێو چاوپۆشی لێ کردبێ. خودا لەوە خاوەن ڕێزترە کە

---

[1] الطبري (١٠/٢٦٨-٢٧٠).

[2] مسلم (٣/١٣٣٣).

سزای بداتەوە لە شتێکدا کە چاوپۆشی لێکردووە)[1]. ئیمامی ئەحمەدو تیرمیزیو ئیبنوماجە ڕیوایەتیان کردوە، تیرمیزی گوتی: فەرموودەیەکی حەسەنو غەریبە، پرسیان لە (الدار القطنی) لەبارەی ئەم فەرموودەوە گوتی: بە مەرفوعیو مەوقوفی هاتوە بەڵام فەرفەعیەکەی سەحیحە[2] ئیبنوجەریر گوتی: لەم دەقەدا کە خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿ذَٰلِكَ لَهُمْ خِزْيٌ فِي الدُّنْيَا﴾ ئەوە ڕسواییە بۆیان لە دنیادا. واتە: شەرمەزاریو ڕسواییو سزاو تۆڵەیە بۆی لە دنیاداو لە ڕۆژی قیامەتیشدا ﴿وَلَهُمْ فِي الْآخِرَةِ عَذَابٌ عَظِيمٌ﴾ لە ڕۆژی سزای گەورەیان بۆ دانراوە. واتە: ئەگەر پەشیمان نەبونەوە لەو کارەیان کردویانە هەتا دەمرن. لە ڕۆژی قیامەتدا ئەوانە دوای ئەو سزایە لە دنیادا دران، لەوێش سزای گەورەیان بۆ دانراوە. واتە: جەزرەبەی جەهەنم[3].

سزای دژایەتی لادەچێ کاتێ کە ئەوانەی دژایەتی دەکەن پەشیمان ببنەوە وە پێش ئەوەی دەست بگیرێ بەسەریاندا

خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿إِلَّا الَّذِينَ تَابُوا مِن قَبْلِ أَن تَقْدِرُوا عَلَيْهِمْ ۖ فَاعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾ مەگین ئەوانەی پێش لەوە دەکەونە ژێر دەستتان پەشیمان ببنەوەو تۆبە بکەن، ئێوەش باش بزانن کە لە پاش پەشیمان بونەوەیان خوا لە گوناه دەبورێو دلۆڤانە. ئەم ئایەتە لەسەر قسەی ئەو کەسانەی کە وتویانە لەسەر خەڵکی بت پەرست هاتوەتە خوارەوە، ڕوونو ئاشکرایە، بەڵام لەبارەی ئەو موسلوڵمانانەی کە دژایەتیو شەڕ دەکەن، ئەگەر پەشیمان بونەوەو تەوبەیان کرد ئەوە کوشتنو هەڵواسینو دەستو پێیان نابڕێ، لە ئایەتەکەیشەوە دەردەکەوێ کە هیچ لایەکیان سزا نادرێن، هاوەڵەکانی پێغەمبەریش هەر وایان کردوە. وەك ئیبنو ئەبی حاتەم ڕیوایەتی کردوە لە شەعبیەوە وتی: حاریسەی (حارثة) کوڕی بەدری تەمیمی کە خەڵکی بەسرە بوو. خراپەو تاوانی زۆری کردبو لە زەویدا، قسەی لەگەڵ هەندێ خەڵکدا کردبوو لە قورەیشیەکان لەوانە حەسەنی کوڕی عەلیمیو ئیبنوعەباسو عەبدوڵڵای کوڕی جەعفەر، کە داوای لێبوردن بۆ بکەن لەلای عەلی، لێی نەبورابوو. ئەویش هاتبوە لای سەعیدی کوڕی قەیسی هەمەدانیو ئەمیش لە ماڵی خۆیدا دایناو، پاشان چووە لای ئیمامی عەلی پێی وت: ئەی گەورەی موسوڵمانان چی دەڵێیت لەبارەی کەسێکەوە کە خراپەی لەزەویدا کردوەو دژایەتی خواو پێغەمبەرەکەیشی کردوە، (پەشیمان بوەتەوە) ئەم ئایەتانەی

---

[1] أحمد (١٥٩/١)، تحفة الاحوذي (٣٧٧/٧)، إبن ماجة (٨٦٨/٢)، تیرمیزی گوتی: فەرموودەیەکی حەسەنی غەریبە.

[2] الدار القطنی (٢١٥/٣).

[3] الطبري (٢٧٦/١٠).

بۆ خوێندەوە هەتا دەگاتە: ﴿ إِلَّا ٱلَّذِينَ تَابُواْ مِن قَبۡلِ أَن تَقۡدِرُواْ عَلَيۡهِمۡ ﴾ وتی: نامەی لێبوردنی بۆ نوسی. سەعدی کوڕی قەیس وتی: ئەو کەسە حارسەی کوڕی بەدر بوو. ئیبنوجەریریش ڕیوایەتی کردوە[1]. ئیبنو جەریر ڕیوایەتی کردوە لە عامیری شەعبیەوە وتی: ئەی ئەبوموسا ئەمە شوێنی پەنا هێنانی کەسێکە بۆتۆ. من فلانی کوڕی فلانی مورادیم، وە من یەکێك بوم لەو کەسانەی کە دژایەتی خوداو پێغەمبەرەکەی (ﷺ) کردوەو خراپەکاریشی لە زەویدا کردوەو پێش ئەوەی دەست بیگرێ بەسەریدا تەوبەی کردوە. ئەبومووسا هەڵساو وتی: ئەم پیاوە فلانی کوڕی فلانە، کەس دەست نەداتە ڕێی بە چاکە نەبێ، ئەگەر ڕاستی کرد، ئەوە ڕێی ڕاستگۆیانی گرتوەتە بەر. ئەگەر درۆیشی کرد، تاوانەکانی خۆی یەخەی دەگرێ، ماوەیەکی زۆر مایەوە، پاشان لەوێ ڕۆشت تاوانەکانی یەخەی گرتو خودا لەناوی دا. دیسان ئیبنوجەریر ڕیوایەتی کردوە لە مووسای کوڕی ئیسحاقی مەدنیەوە (المدني) کە عەلی ئەسەدی دژایەتی کردو لە ڕێگادا خەڵکی دەترساندو دەیکوشتو ماڵی تالان دەکرد، پێشەوایانی ئیسلامو خەڵکی تریش دەگەڕان بە دوایدا (هەتا بیگرن) بۆ هیچ کەس نەگیرا هەتا ئەو کاتەی هاتو تەوبەی کرد. کاتێ کە گوێی لە پیاوێ بوو ئەم ئایەتەی دەخوێندەوە: ﴿يَٰعِبَادِيَ ٱلَّذِينَ أَسۡرَفُواْ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمۡ لَا تَقۡنَطُواْ مِن رَّحۡمَةِ ٱللَّهِۚ إِنَّ ٱللَّهَ يَغۡفِرُ ٱلذُّنُوبَ جَمِيعًاۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلۡغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ﴾[2] ئەی بەندەکانی من، ئەی ئەوانەی لەبەلادان لە ئەندازە ناهەقیتان لە خۆتان کردوە، نابێ ئێوە لە بەزەیی خوا بێ هیوا بن، چونکە لە هەموو گوناهێك چاوەپۆشێ، ئەو لێبوردەو دلۆڤانە. لەسەر ئایەتەکە وەستاو پاشان وتی: ئەی بەندەی خودا جارێکی تر بیخوێنەرەوە، ئەویش دووبارەی کردەوە بۆی. شمشێرەکەی کردەوە بە کێلانەکەیدا، پاشان هات تەوبەی کردو لە بەرەبەیاندا هاتە ناو مەدینەو خۆی شۆردو پاشان چووە مزگەوتی پێغەمبەری خوداو (ﷺ) نوێژی بەیانی کرد پاشان لەلای ئەبوهورەیرەدا لەناو هاوەڵەکانی پێغەمبەردا (ﷺ) کاتێ کە ڕۆشنی کرد خەڵکەکە ناسیانو هەڵسان بۆی، ئەمیش پێی وتن، ئێوە ناتوانن هیچ شتێکم لەگەڵدا بکەن. من هاتووم بۆ لای ئێوە، پێش ئەوەی دەست بگرن بەسەرمدا تەوبەم کردوە، ئەبوهورەیرە وتی: ڕاست دەکات، دەستی گرتو بردی بۆ لای مەروانی کوڕی حەکەم کە لەو کاتەدا فەرمانڕەوای مەدینە بوو لە زەمانی مەعاویەدا، وتی: ئەمە عەلیە هاتوەو تەوبەی کردوە. کەستان بۆی نیە هیچی بەرانبەر بکات. بۆیشی نیە بیکوژێ. وازی لێ هێنرا لەو شتانەی کە کردبویو عەفوو کرا. عەلی کە تەوبەی کرد بەرەو دەریا کەوتە ڕێ بۆ غەزا کردن لە ڕێی خوادا. خۆی گەیاندە ڕۆمەکانو کەشتیەکەی لە کەشتی ڕۆمەکان نزیك خستەوە لە دەریاداو پەلاماری

---

[1] الطبري (١٠/٢٨٠).

[2] الزمر (٥٣).

کەشتی ڕۆمەکانی داو چووە ناو کەشتیەکەیان، ئەوان چوونە لایەکی کەشتیەکەیان و ئەمیش لە لایەکیدا بوو، کەشتیەکەیانی بە خۆیی و ئەوانەوە لار کردەوەو هەڵی گێڕایەوە هەموویان بە یەکەوە نوقم بوون و خنکان[1].

﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَٱبْتَغُوٓاْ إِلَيْهِ ٱلْوَسِيلَةَ وَجَـٰهِدُواْ فِى سَبِيلِهِۦ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ ﴿٣٥﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ لَوْ أَنَّ لَهُم مَّا فِى ٱلْأَرْضِ جَمِيعًا وَمِثْلَهُۥ مَعَهُۥ لِيَفْتَدُواْ بِهِۦ مِنْ عَذَابِ يَوْمِ ٱلْقِيَـٰمَةِ مَا تُقُبِّلَ مِنْهُمْ ۖ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿٣٦﴾ يُرِيدُونَ أَن يَخْرُجُواْ مِنَ ٱلنَّارِ وَمَا هُم بِخَـٰرِجِينَ مِنْهَا ۖ وَلَهُمْ عَذَابٌ مُّقِيمٌ ﴿٣٧﴾ ﴾

فەرماندان بە لەخوا ترسی و خۆ نزیك خستنەوە لێی و غەزا کردن

خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ﴾ ئەی گەلی خاوەن باوەڕان لە خودا بترسن لێرەدا خودای گەورە فەرمان دەکات بە عەبدە بڕوادارەکانی کە لێی بترسن، کاتێ لەخواترسیو گوێڕایەڵی خرابنە پاڵ یەك مەبەست پێی وازهێنانە لەو شتانەی کە قەدەغەن و دوورکەوتنەوەیە لێیان. پاشان ئەفەرموێت: ﴿وَٱبْتَغُوٓاْ إِلَيْهِ ٱلْوَسِيلَةَ ﴾ ڕێی نزیك بونەوە بەرەو خودا بگرن. سوفیانی سەوری وتی: باوکم بۆی باس کردین لە ئەبوتەلحەوە لە عەتاوە لە ئیبنوعەبباسەوە وتی: واتە: نزیك بونەوە[2] موجاهیدو ئەبووائیل و حەسەن و قەتادەو عەبدوڵڵای کوڕی کەسیرو سوودی و ئیبنوزەیدو کەسانی تریش هەر وایان وتوە. قەتادە وتی: واتە: نزیك ببنەوە لێی بە گوێڕایەڵی و کار بەو شتانەی کە لێی ڕازیە.[3] ئیبنوزەیدیش ئەم ئایەتەی خوێندەوە: ﴿ أُوْلَـٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ يَدْعُونَ يَبْتَغُونَ إِلَىٰ رَبِّهِمُ ٱلْوَسِيلَةَ أَيُّهُمْ أَقْرَبُ ﴾[4]، ئەو کەسانەی ئەوان هانایان بۆ دەبەن. کامانیانە نزیکترن بە دوای هۆدا دەگەڕێن کە بگەن بە پەروەردگاریان. ﴿ٱلْوَسِيلَةَ ﴾ ئەوەیە کە هۆیەوە مەبەستێ بەدی دەهێنرێ وە ئەو نیشانەیشە کە لە جێگەدایە لە بەهەشتا، کە شوێنی پێغەمبەری خوداو (ﷺ) ماڵەکەیەتی لە بەهەشتدا. کە نزیکترین شوێنی بەهەشتی لە تەختەوە (العرش) لە سەحیحی بوخاریدا هاتوە لە جابیری کوڕی عەبدوڵڵاوە وتی: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (ئەوەی کاتێ گوێی لە بانگە

---

[1] الطبري (١٠/٢٨٤).

[2] الطبري (١٠/٢٩١).

[3] الطبري (١٠/٢٩١).

[4] الاسراء (٥٧). الطبري (٢٩١).

بڵێ: اللهم رب هذه الدعوة التامة و الصلاة القائمة آت محمداً الوسيلة و الفضيلة، و ابْعثهُ مقاماً محموداً الذي وعدتَهُ إلا حلت له شفاعتي يوم القيامة)[1] واتە: (ئەی خودایە، پەروەردنەی ئەو بانگهێشتە تێرو تەواوو نوێژە بەردەوامە، وەسیلەو فەزیلە (الوسيلة و الفضيلة) ببەخشە بە موحەممەدو (ﷺ) ڕەوانەی کەرە ئەو جێگە سوپاسکراوە (المقام المحمود) کە بەڵێنت پێداوە، مەگین شەفاعەتی بۆ ڕەوا دەبێ لە ڕۆژی قیامەتدا). وە لە سەحیحی موسلیمدا هاتوە لە عەبدوڵلای کوڕی عەمری کوڕی عاسەوە کە بیستویەتی لە پێغەمبەری خوداوە (ﷺ) ئەیفەرموو: (کاتێ گوێتان لە بانگنوێژ بوو (بانگی ئەدا) ئەوەی ئەو دەیڵێت ئێوەیش وەك ئەو بیڵێن، پاشان سڵاوات لەسەر من بدەن، چونکە هەرکەسێ سڵاواتێ لەسەر من بدات خودا دە سڵاوات لەسەر ئەو ئەدات، پاشان داوای وەسیلەم (الوسيلة) بۆ بکەن، چونکە وەسیلە جێگەیەکە لە بەهەشتدا بۆ هیچ کەسێ تەنیا بۆ عەبدێ لە عەبدەکانی خودا نەبێ، هیوام وایە من ئەو کەسە بم، هەرکەسێ داوای وەسیلەم بۆ بکات شەفاعەتی بۆ ڕەوا دەبێ)[2] پاشان خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿وَجَٰهِدُواْ فِي سَبِيلِهِۦ لَعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ﴾ تێبکۆشن لە ڕێی ئەودا (بچنە غەزا) بەڵکو تووشی ڕزگاری بن. کاتێ کە خودا فەرمانی پێدان کە دوورکەونەوە لە قەدەغە کراوەکانو وازی لێ بێننو گوێڕایەڵی فەرمانەکانی بنو ئاکاری چاك بکەن، لەگەڵ ئەوەیشدا داوایان لێ دەکات کە بجەنگن لەگەڵ دوژمنان لە خوانەناسانو ئەو موشریکانەی کە لە ڕاستەڕێ دەرچوونو لایان داوەو ئاینی ڕاستیان واز لێهێناوە، باوەڕداران هەڵدەنێ بۆ ئەو مەبەست، ئەو بەڵێنەی کە داویەتیو ئامادەی کردوە بۆ ئەو کەسانەی کە گیانی خۆیان دەبەخشن لە ڕێی ئەودا لە ڕۆژی قیامەتدا لە ڕزگاریو خۆشبەختی زۆر گەورەو مانەوەی تاهەتایی هەرگیز دوای نایەتو ناگۆڕێ لەناو ناچێ لە کۆشکی زۆر بەرزو بڵندو ئارامو ڕازاوەو شێوە جوانو شوێنی چاکدا هەرکەسێ لەوێدا نیشتەجێ بێ بەهرەمەندەو ناخۆشی تووشی نایەتو هەر دەمێنێو هەرگیز نامرێو جلو بەرگی پیسو چڵکن نابێو هەرگیز لاوێتی لە دەست نادات و هەمیشە گەنجە.

بارتەقا (فدية) لە خوانەناس وەرناگیرێ لە ڕۆژی قیامەتداو هەمیشەو بەردەوام لەناو ئاگردان

پاشان خودای مەزن باسی ئەوەی کردوە کە ئامادەی کردوە بۆ دوژمنەکانی لە خوانەناسان لە سزاو تۆڵەی سەخت لە ڕۆژی قیامەتداو ئەفەرموێت: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ لَوۡ أَنَّ لَهُم مَّا فِي ٱلۡأَرۡضِ جَمِيعٗا وَمِثۡلَهُۥ مَعَهُۥ لِيَفۡتَدُواْ بِهِۦ مِنۡ عَذَابِ يَوۡمِ ٱلۡقِيَٰمَةِ مَا تُقُبِّلَ مِنۡهُمۡۖ وَلَهُمۡ عَذَابٌ أَلِيمٞ﴾ ئەو کەسانەی خوانەناس بوون، ئەگەر هەرچی لەم زەمینەدا هەیەو ئەوەندەی تریشی لەگەڵدا بێ بۆ ئەوەی

[1] فتح الباري (٨/٢٥١).
[2] مسلم (١/٢٨٨).

خۆیانی پێ بکڕنەوە بە هیوای ئەوەی لە جەزرەبەی ڕۆژی قیامەت ڕزگاتریان کات. وەرناگیرێ لێیان‌و بە هیچ ناچێ‌و ئازاری زۆر بە ژانیان هەر تووش دەبێ‌و جێگە ناگرێ بۆیان. ﴿يُرِيدُونَ أَن يَخْرُجُواْ مِنَ ٱلنَّارِ وَمَا هُم بِخَٰرِجِينَ مِنْهَا ۖ وَلَهُمْ عَذَابٌ مُّقِيمٌ﴾ هەوڵ ئەدەن کە لەناو ئاگر دەرچن، بەڵام هەرچی هەوڵ بدەن بێ سوودەو هەرگیز ناتوانن دەرچن‌و ئازارێکی بێ برانەوەیان دەبێ. وەك خودای گەورە لە ئایەتێکی تریشدا ئەفەرموێت: ﴿كُلَّمَآ أَرَادُوٓاْ أَن يَخْرُجُواْ مِنْهَا مِنْ غَمٍّ أُعِيدُواْ فِيهَا﴾[1] هەر کە هەوڵ ئەدەن لەو داخ‌و کەسەرو پەژارەیە دەرچن دەگێڕنرێنەوە ناوی. واتە: بەردەوام هەوڵی دەرچوون ئەدەن بۆ دەرباز بوون لەو ناڕەحەتی‌و سزا سەخت‌و بە ژانەی کە تێدان، بەڵام هەرچی دەکەن بێ سوودە، هەر کە بڵێسەی ئاگر بەرزیان دەکاتەوەو دەکەونە سەری سەرەوەی جەهەنم دەرگاوانەکانی جەهەنم بە چەکوشی ئاسنین لێیان ئەدەنەوەو دەیانگێڕنەوە ناو بنی جەهەنم. ﴿وَلَهُمْ عَذَابٌ مُّقِيمٌ﴾ سزای بەردەوامیان هەیەو هەرگیز لێی دەرناچن‌و ڕزگار بونیان نیە لێی. لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە وتی: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (پیاوێ لە خەڵکی ناو ئاگر دەهێنرێت، پێی دەوترێ: ئەی ئەوەی ئادەم چۆن جێگەکەی خۆت بینی؟ ئەویش دەڵێت: خراپترین جێگەیە، پێی دەوترێ: ئایا بە ئەندازەی زەوی ئاڵتون ئەدەی (ڕزگارت ببێ)؟ وتی: دەڵێت: بەڵێ ئەی پەروەردگارم، خودایش ئەفەرموێت: درۆت کردوە، من کەمترم لە تۆ داوا کردوە لەوە، تۆ نەتکرد، فەرمانی پێدەکرێ بۆ ئاگر) موسلیم‌و نەسائی ڕیوایەتیام کردوە[2].

﴿وَٱلسَّارِقُ وَٱلسَّارِقَةُ فَٱقْطَعُوٓاْ أَيْدِيَهُمَا جَزَآءًۢ بِمَا كَسَبَا نَكَٰلًا مِّنَ ٱللَّهِ ۗ وَٱللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ﴿٣٨﴾ فَمَن تَابَ مِنۢ بَعْدِ ظُلْمِهِۦ وَأَصْلَحَ فَإِنَّ ٱللَّهَ يَتُوبُ عَلَيْهِ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٣٩﴾ أَلَمْ تَعْلَمْ أَنَّ ٱللَّهَ لَهُۥ مُلْكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ يُعَذِّبُ مَن يَشَآءُ وَيَغْفِرُ لِمَن يَشَآءُ ۗ وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ ﴿٤٠﴾﴾

فەرماندان بە بڕینی دەستی دز

خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿وَٱلسَّارِقُ وَٱلسَّارِقَةُ فَٱقْطَعُوٓاْ أَيْدِيَهُمَا جَزَآءًۢ بِمَا كَسَبَا نَكَٰلًا مِّنَ ٱللَّهِ ۗ وَٱللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ﴾ هەرکەسێ دزی بکات (نێر بێ یان مێ فەرقی نیە) لە سزای دزی کردن دەبێ هەردوو دەستیان ببڕن، کە ئەمە تەمبێ (تەنبێ) کردنە لەلایەن خوداوە، خودا خاوەن دەستەڵاتی لەکارزانە. خودای گەورە فەرمان‌و بڕیاری بڕینی دەستی دزی نێرینەو مێینەی داوە، دەست بڕین لە

[1] الحج (٢٢).

[2] مسلم (٤/٢١٦٢)، النسائي (٦/٣٦).

کاتی نەفامیشدا هەر بوە، لە ئیسلامیشدا بڕیاری لەسەر دراوە، بەڵام چەند مەرجێکی بۆ زیاد کراوە، وەك لەمەویەدوا باسی دەکەین خوا مەیلی لێبێ. وەك چۆن (القسامة و الدية و القراض) چەندین شتی تریش کە لە شەرعدا هاتوەو بڕیاری لەسەر دراوەو وەك خۆی چۆن بوە ماوەتەوەو هەندێکی لێ زیاد کراوە، ئەوەیش هەر بۆ تەواو کردنی ئەو بەرژەوەندیانەیە.

کەی دەستی دز دەبڕێ

لە هەردوو سەحیحەکەدا هاتوە لە ئەبوهورەیرەوە کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (خودا نەفرینی لە دزێك کە هێلکەیەك ئەدزێ، دەستی دەبڕێ. لەوەیش کە گوریسێ ئەدزێ، دەستیشی دەبڕێ (لەسەری))[1] دیسان بوخاریو موسلیم ڕیوایەتیان کردوە لە عائیشەوە (ڕەزای خوای لێبێ) کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (دەستی دز نابڕێ مەگین لە ڕوبعە دیناریێ یان زیاتر بێ)[2] موسلیم ڕیوایەتی کردوە لە عائیشەوە (ڕەزای خوای لێبێ) کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (دەستی دز نابڕێ مەگین لە ڕوبعێ یان زیاتر بێ)[3] ئەم فەرموودەیە ئەو کێشەی بڕیوەتەوە دەقێکیشە کە بڕیاری لەسەر ڕوبعە دیناریێ داوە، نەك شتێ بە ئەندازەی ڕوبعە دیناریێ بێ. وە فەرموودەکەی هەشت یەکی (المجن) کە دەکاتە سێ درهەم دژایەتی لەگەڵ ئەم دەقەدا نیە، چونکە لەو کاتەدا دیناریێ بە (١٢) دوانزە درهەم بووە، کە هەشت یەکی ڕوبعە دیناریێ بووە. دەتوانرێ بەم ڕێگەیە ڕێك خرێت، ئەم بۆچونە ڕیوایەت کراوە لە عومەری کوڕی خەتابو عوسمانی کوڕی عەفانو عەلی کوڕی ئەبوتالیبەوە (ڕەزای خوایان لێبێ) عومەری کوڕی عەبدولعەزیزو لەیسی کوڕی سەعدو ئەوزاعیو شافیعیو هاوەڵەکانیو ئیسحاقی کوڕی ڕاهەوەیهی لە ڕیوایەتێکیداو ئەبوسەورو داوودی کوڕی عەکی زاهیریش هەر وا دەڵێن (ڕەحمەتی خوایان لێبێ). ئیمامی ئەحمەدو ئیسحاقی کوڕی ڕاهەوەیهی لە ڕیوایەتێکیدا وتویانە ڕوبعە دیناریێ یان سێ درهەم یان بە ئەندازەیان هەرکەسێ بیدزێ دەستی دەبڕێت. بەڵام ئیمامی ئەحمەدو ئەبوحەنیفەو هاوەڵەکانی ئەبویووسفو موحەممەدو زوفەرو سوفیانی سەوریش ڕایان وا بوە کە لە دە درهەمی لێدراو (سکە) تێکەڵاو خراپ نەبوو دەست دەبڕێت. بەڵام قسەی یەکەم ڕێكو تەواوە. کە لە ڕوبعە دینارێك یان زیاتر دەست دەبڕێت. ئەمەیش لە مەسەلەی دەست بڕیندا جێی خۆیەتی. هەتا خەڵکی هەوڵی بردنی ماڵی خەڵکی نەدەن، ئەمەیش زۆر ڕاستەو پڕە لە کارزانی لەلای ئەوانەی کە خاوەن ئاوەزن، هەر بۆیە خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿وَٱلسَّارِقُ

---

[1] فتح الباري (٨٣/١٢)، مسلم (١٣١٣/٣).

[2] فتح الباري (٩٩/١٢)، مسلم (١٣١٢/٣).

[3] مسلم (١٣١٣/٣).

﴿وَٱلسَّارِقَةُ فَٱقۡطَعُوٓاْ أَيۡدِيَهُمَا جَزَآءَۢ بِمَا كَسَبَا نَكَٰلٗا مِّنَ ٱللَّهِۗ وَٱللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٞ﴾ هەرکەسێ دزی بکات (نێر بێ یان مێ جیاوازی نیە) لە سزای دزی کردن دەبێ هەردوو دەستیان ببڕن. کە ئەمە تنبێ کردنە لە خواوە، خودا خاوەن دەستەلاتێکی لەکارزانە. واتە: لە تۆڵەی ئەو کارە خراپەیاندا کە کردویانەو بە دەستیان ماڵی خەڵکیان بردوە. جێی خۆیەتی کە ئەو شتەی ماڵەکەیان پێ هەڵگرتوە ببڕێت، ئەمەیش تەمبێ کردنێکە لەلایەن خودای گەورەوە لەسەر ئەو کارە خراپەیان کە کردویانە. ﴿وَٱللَّهُ عَزِيزٌ﴾ خودا خاوەنی دەستەڵاتە لە تۆڵە سەندنداو ﴿حَكِيمٞ﴾ لە کارزانە لە فەرمان و بڕیارو قەدەغە کردن و شەرعیدا.

ئەو کەسەی دزی دەکات تەوبەی لێ قبووڵ دەکرێ

خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿فَمَن تَابَ مِنۢ بَعۡدِ ظُلۡمِهِۦ وَأَصۡلَحَ فَإِنَّ ٱللَّهَ يَتُوبُ عَلَيۡهِۚ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٌ﴾ هەرکەسیش دوای ناهەقی کردن پەشیمان ببێتەوەو ڕێگای چاکە بگرێتە بەر خودا تۆبەی لێ قبول دەکات و خوا لێبوردەو دلۆڤانە. واتە: ئەوەی دوای دزی کردنەکەی تۆبە بکات و پەشیمانی دەربڕێ و بگەڕێتەوە بۆ لای خودا، لە نێوان خۆیی و خوادا تەوبەی ڕاستەقینە بکات. خودا لێی وەردەگرێ. ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردوە لە عەبدوڵڵای کوڕی عەمرەوە کە ژنێك لە زەمانی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) دزی کرد، ئەوانەی دزیەکەی لێ کردبوون هێنایان بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) وتیان: ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئەم ژنە دزی لێ کردووین، خزمەکانی وتیان: ئێمە بارتەقاکەی (فیدیەکەی) ئەدەین. پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: (دەستی ببڕن) وتیان: ئێمە پێنج سەد دینار ئەدەین لەباتیدا. فەرمووی: (دەستی ببڕن) دەستی ڕاستی بڕا. ژنەکە وتی: ئەی پێغەمبەری خودا بۆم هەیە تەوبە بکەم؟ فەرمووی: (بەڵێ تۆ لەم تاوانەتدا وەك ئەو ڕۆژەت لێ دێت کە دایکت تۆی بووە) (واتە: گوناهت لەسەر نامێنێ) خودای گەورە لە سورەتی مائیدەدا ئەم ئایەتەی ناردە خوارەوە: ﴿فَمَن تَابَ مِنۢ بَعۡدِ ظُلۡمِهِۦ وَأَصۡلَحَ فَإِنَّ ٱللَّهَ يَتُوبُ عَلَيۡهِۚ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٌ﴾[1] ئەم ژنە ئەو ئافرەتە مەخزومیە بوو کە دزیەکەی کردبوو. باسەکەی لە هەردوو سەحیحەکەدا هاتوە کە زوهری ڕیوایەتی کردوە لە عوروەوە لە عائیشەوە (ڕەزای خوای لێبێ) وتی: قورەیشیەکان دزی کردنی ئەو ژنەیان زۆر بەلاوە گرنگ بوو لە زەمانی پێغەمبەرا (ﷺ) لە کاتی غەزای فەتحی مەککەدا. وتیان: کێ لەم بارەیەوە قسە لەگەڵ پێغەمبەری خودا بکات؟ وتیان: کێ دەتوانێ ئەوە بکات جگە لە ئوسامەی کوڕی زەید کە خۆشەویستی پێغەمبەری خودایە (ﷺ) ئینجا ئەو ژنەیان لای پێغەمبەر(ﷺ) ئوسامەیش چووە خزمەت و قسەی لەسەر کرد، پێغەمبەر(ﷺ) ڕەنگی تێکچوو فەرمووی: (ئایا بۆ لابردنی سزایەك

[1] أحمد (٢/١٧٧)، ئەم فەرموودەیە سەنەدەکانی لاوازە لەبەر لاوازی ئیبنولەهیعە.

لە سزاكانی خودا تكا دەكەیت؟) ئوسامە گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) داوای لێبوردنم بۆ بكە لەلای خودا، كاتێ شەو داهات پێغەمبەر(ﷺ) هەڵساو وتارێكی داو سوپاسو ستایشی خودای گەورەی كردو فەرمووی: ((اما بعد) ئەوانەی پێش ئێوە تەنیا بەوە تیاچوون: ئەگەر پیاوماقوڵێك لەناویاندا دزی بكردایە وازیان لێ دەهێنا بەڵام كاتێ كەسێكی هەژارو بێ دەستەڵات لەناویاندا دزی بكردایە سزایان بەسەردا جێبەجێ دەكرد وە من سوێند بەو كەسەی گیانی منی بەدەستە ئەگەر فاتیمەی كچی موحەممەد دزی بكات دەستی دەبڕم) عائیشە دەڵێ: ئەم ئافرەتە ئیتر دوای ئەوە تەوبەیەكی چاكی كردو شویشی كرد پاشان دەهات بۆ لام سەردانی دەكردم ئەگەر پێویستیەكی بوایە بەرزم دەركردەوە بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ)[1]. وە لە وتەیەكی تری موسلیمدا هاتوە لە عائیشەوە وتی: ئافرەتێكی مەخزمی هەبوو كەل‌و پەل‌و شتومەكی دەخواست (لە خەڵكی)و پاشان حاشای لێ دەكرد (واتە: نەی ئەدایەوە) پێغەمبەر(ﷺ) بڕیاریدا بە بڕینی دەستی[2]. پاشان خودای گەورە ئەفەرموێت:

﴿أَلَمْ تَعْلَمْ أَنَّ اللَّهَ لَهُ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ يُعَذِّبُ مَن يَشَاءُ وَيَغْفِرُ لِمَن يَشَاءُ ۗ وَاللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ﴾ ئایا تۆ خۆت نەتزانیوە ئەم ئاسمانانو زەمینە موڵكی خودان؟ هەركەسێ خۆی مەیلی لێبێ ئازاری ئەداتو هەركەسیش خۆی مەیلی لێبێ لێی دەبورێ؟ خودا توانای بەسەر هەموو شتێكدا هەیە. واتە: هەر خودا خۆی خاوەنی هەموو شتێكەو فەرمانڕەوایی تێدا دەكاتو هیچ كەس ناتوانێ دەست بخاتە كاروباری‌و هەرچی بوێ دەیكات.

﴿يَا أَيُّهَا الرَّسُولُ لَا يَحْزُنكَ الَّذِينَ يُسَارِعُونَ فِي الْكُفْرِ مِنَ الَّذِينَ قَالُوا آمَنَّا بِأَفْوَاهِهِمْ وَلَمْ تُؤْمِن قُلُوبُهُمْ ۛ وَمِنَ الَّذِينَ هَادُوا ۛ سَمَّاعُونَ لِلْكَذِبِ سَمَّاعُونَ لِقَوْمٍ آخَرِينَ لَمْ يَأْتُوكَ ۖ يُحَرِّفُونَ الْكَلِمَ مِن بَعْدِ مَوَاضِعِهِ ۖ يَقُولُونَ إِنْ أُوتِيتُمْ هَٰذَا فَخُذُوهُ وَإِن لَّمْ تُؤْتَوْهُ فَاحْذَرُوا ۚ وَمَن يُرِدِ اللَّهُ فِتْنَتَهُ فَلَن تَمْلِكَ لَهُ مِنَ اللَّهِ شَيْئًا ۚ أُولَٰئِكَ الَّذِينَ لَمْ يُرِدِ اللَّهُ أَن يُطَهِّرَ قُلُوبَهُمْ ۚ لَهُمْ فِي الدُّنْيَا خِزْيٌ ۖ وَلَهُمْ فِي الْآخِرَةِ عَذَابٌ عَظِيمٌ (٤١) سَمَّاعُونَ لِلْكَذِبِ أَكَّالُونَ لِلسُّحْتِ ۚ فَإِن جَاءُوكَ فَاحْكُم بَيْنَهُمْ أَوْ أَعْرِضْ عَنْهُمْ ۖ وَإِن تُعْرِضْ عَنْهُمْ فَلَن يَضُرُّوكَ شَيْئًا ۖ وَإِنْ حَكَمْتَ فَاحْكُم بَيْنَهُم بِالْقِسْطِ ۚ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ (٤٢) وَكَيْفَ يُحَكِّمُونَكَ وَعِندَهُمُ التَّوْرَاةُ فِيهَا حُكْمُ اللَّهِ ثُمَّ يَتَوَلَّوْنَ مِن بَعْدِ ذَٰلِكَ ۚ وَمَا أُولَٰئِكَ بِالْمُؤْمِنِينَ (٤٣) إِنَّا أَنزَلْنَا التَّوْرَاةَ فِيهَا هُدًى وَنُورٌ ۚ يَحْكُمُ بِهَا

---

[1] فتح الباري (٧/٦١٩)، مسلم (٣/١٣١٥).

[2] مسلم (٣/١٣١٦).

ٱلنَّبِيُّونَ ٱلَّذِينَ أَسْلَمُواْ لِلَّذِينَ هَادُواْ وَٱلرَّبَّٰنِيُّونَ وَٱلْأَحْبَارُ بِمَا ٱسْتُحْفِظُواْ مِن كِتَٰبِ ٱللَّهِ وَكَانُواْ عَلَيْهِ شُهَدَآءَ ۚ فَلَا تَخْشَوُاْ ٱلنَّاسَ وَٱخْشَوْنِ وَلَا تَشْتَرُواْ بِـَٔايَٰتِى ثَمَنًا قَلِيلًا ۚ وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْكَٰفِرُونَ ﴿٤٤﴾

ئاگادار کردنەوە بە خەم و خەفەت نەخواردن لەسەر هەڵسوکەوتەکانی جوولەکەی و دووڕووەکان

خـودای مـەزن ئەفـەرموێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلرَّسُولُ لَا يَحْزُنكَ ٱلَّذِينَ يُسَٰرِعُونَ فِى ٱلْكُفْرِ﴾ ئـەی پێغەمبەر(ﷺ) خۆت بەوانە دڵتەنگ مەکە کە بۆ لە دین وەرگەڕان پەلەیانە. ئـەم ئایەتـە لەسـەر ئـەو کەسانە هاتوەتـە خـوارەوە کـە بەپەلـە لـە ئـاین دەردەچـن و بـێ دیـن دەبـن و گوێڕایـەڵی خـوداو پێغەمبەرەکەی ناکەن و هەواو ئارەزوی خۆیان پێش بەرنامەو شەریعەتی خـودای مـەزن دەخـەن ﴿مِنَ ٱلَّذِينَ قَالُوٓاْ ءَامَنَّا بِأَفْوَٰهِهِمْ وَلَمْ تُؤْمِن قُلُوبُهُمْ﴾ بەوانە کە دێنە لات و بە دەم دەڵێن: بڕوامـان بـە تـۆ هێناوەو دڵیان بڕوای نەهێناوە. واتە: بـە زمانیـان بڕوای خۆیـان ئاشـکرا کـردوە، بـەڵام دڵیـان کـاوڵ و چۆڵ و وێرانە بڕوای تیا نیە، ئا ئەوانە دووڕووەکانن ﴿وَمِنَ ٱلَّذِينَ هَادُواْ﴾ هەروەها لەو جوولەکانەش خۆت تووشی خـەم و خەفـەت مەکـە. ئەوانـە دوژمنـی ئیسلام و خـەڵکی موسوڵمانیشن ﴿سَمَّٰعُونَ لِلْكَذِبِ﴾ کە گوێ بۆ درۆ هەڵدەخەن. واتە: ئەوانە هەموو بە دەم درۆوە دەچن و حەزی لێ دەکەن ﴿سَمَّٰعُونَ لِقَوْمٍ ءَاخَرِينَ لَمْ يَأْتُوكَ﴾ فێـر بوون قـسە لـە خـەڵکی تـر دەبیسن و دەیقۆزنـەوە، کـە ئەوانەش هەرگیز نەهاتونەتە لای تـۆ. واتـە: گـوێ دەگـرن و دەڕۆن بـە دوای قـسەی خـەڵکی تـردا، کـە هەرگیز ئەوانە نەهاتونەتە مەجلیسی تۆ ئەی موحەممەد (ﷺ). وتراوە: مەبەسـت پـێی ئەوانـەن گـوێ هەڵدەخەن بۆ قسەو دەیگەیەنن بەو کەسانەی کە لەلای تۆ ئامادە نابن لە دوژمنەکانت.

جوولەکەکان قسەکان دەگۆڕن و هـەوڵی خـۆ لادان ئـەدەن لـە ڕەجـم کـردن لـە بەسـەرهاتی دوو جولەکەکەدا

خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿يُحَرِّفُونَ ٱلْكَلِمَ مِنۢ بَعْدِ مَوَاضِعِهِۦ﴾ جێگۆڕکێ بە قەسەکان دەکـەن. واتە: بە مانایـەکی تـر لێکـی ئەدەنـەوە دوای ئـەوەی بـاش لێـی تێگەیشتوون، خۆیـان چـاك دەزانن. ﴿يَقُولُونَ إِنْ أُوتِيتُمْ هَٰذَا فَخُذُوهُ وَإِن لَّمْ تُؤْتَوْهُ فَٱحْذَرُواْ﴾ دەڵێن: فلان قـسەیان بـۆ کـردن وەری گـرن دەنا خۆتانی لێ بپارێزن. وتراوە: ئـەم ئایەتـە لەسـەر کۆمـەڵێکی جوولەکـە هاتوەتـە خـوارەوە کـە لـە یەکتریان کوشتبوو، وتیان: وەرن با دادگایەکەی ببەینە لای موحەممەد (ﷺ) ئەگەر بڕیـاری دا خـوێن بدرێ قبوڵی بکەن، ئەگەر بڕیاری تۆڵەیشی دا گوێی بۆ مـەگرن. بـەڵام ڕاسـتیەکەی ئەوەیە کە لەسـەر

ئەو دوو جولەکە هاتە خوارەوە کە داوێن پیسیان کردبوو. جوولەکەکان ئەو وتـەی تـەوراتیان گۆڕیبـوو کە لەبارەی بەردەبارانی (رجم) کردنی ئەو پیاوو ژنانەی داوێن پیسی دەکەن لە خۆیان، سەد قەمچیو وەستانیان لەبەر هەتاو سواری کەر کردنیان بە هەڵگەڕاوەیو پشتی لەیەکتری. کاتێ کە ئـەو ڕووداوە ڕوویدا دوای کۆچ کردن بۆ مەدینە. جوولەکەکان لە نێوان خۆیاندا وتیان: وەرن بـا دادگەریەکە ببەینـە لای موحەممەد (ﷺ) ئەگـەر بڕیـاری قامـچی لێدانو وەسـتان لەبـەر هـەتاوی دا قبـوولّی بکـەنو ئـەو بڕیارەی ئەو بکەنە بەڵگە لە نێوان خۆتانو خوادا، ئەو کاتە دیارە کە پێغەمبـەرێ لـە پێغەمبـەرەکانی خودا فەرمانی داوە لە نێوانتاندا لـەو بارەیـەوە. وە ئەگـەر بڕیـاری بەردەبارانیـشی دا، ئـەوا بـە گـوێی مەکەن. چەندین فەرموودە لەو بارەیەوە هاتوە، مالیك وتی لە نافیعەوە لە عەبدوڵلای کوڕی عومەرەوە (ڕەزای خوایان لێبێ) جوولەکەکان هاتن بۆ لای پێغەمبەری خودا(ﷺ) وتیان: پیاوو ژنێ لەوان داوێـن پیسیان کردوە، پێغەمبەری خودا(ﷺ) پێی وتن: (چیتان هەیە لەناو تەوراتدا لـەبارەی بەردەبارانـەوە (الرجم)؟) وتیان: ئابڕوویان دەبەینو قامچیان لێ ئەدەین، عەبدوڵلای کوڕی سەلام وتی: درۆتان کرد. لـە تەوراتدا بەردەباران (رجم) هەیە، تەورات بێنن. تەوراتیان هێناو کردیانەوە، یەکێکیان دەسـتی لەسـەر ئایەتی بەردەبان داناو پێشیو پاشی ئایەتەکەی خوێندەوە، عەبدوڵلای کوڕی سەلام پێی وت: دەستت هەڵبڕە دەستی بەرز کردەوە، ئایەتی بەردەبارانەکە لەژێر دەستیدا بوو. وتیان: ئەی موحەممەد (ﷺ) ڕاستی کرد، ئایەتی بەردەبارانی تێدایە. پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمانی دا هەردوویان (پیـاوو ژنەکـە) بەردەباران کران. پیاوەکەم بینی خۆی لار دەکردەوە بەسـەر ژنەکـەدا هـەتا لـە بـەردەکان بیپـارێزێو بەری ئەم بکەوێ. بوخـاریو موسـلیم ئـەم فـەرموودەیان هێنـاوەو ئـەم وتـە وتـەی بوخاریـە. وەك لـە وتەیەکی تریدا وتی: پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی بە جوولەکەکان: (ئێوە چییان لەگەڵدا دەکەن؟) وتیـان: ڕوویـان ڕەش دەکـەینو ئابڕوویـان دەبـەین. فـەرمووی: ﴿فَأْتُوا۟ بِٱلتَّوْرَىٰةِ فَٱتْلُوهَآ إِن كُنتُمْ صَـٰدِقِينَ﴾[1] ئەگەر ئێوە ڕاستن، تەورات بێنن بیخوێننەوە. تەوراتیان هێنا وتیان بە پیاوێ لە خۆیـان (لـەو کەسـانە بوو کە لێی ڕازی بوون کوێر بوو) بخوێنە، خوێندی هەتا گەیشتە شوێنی لە تەوراتدا، دەستی نایە سەر ئەو شوێنە فەرمووی: دەستت بەرز بکەرەوە، بەرزی کردەوە، کە بـەرزی کـردەوە ئایـەتی بـەردەباران (الرجم) دەرکەوت، وتـی: ئـەی موحەممـەد بەڕاسـتی ئایـەتی بـەردەبارانی تیایـە، بـەڵام ئێمـە لـەنێوان خۆماندا دەمانشاردەوە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمانی بۆ دەرکردن بەردەباران (رجـم) کران[2] لـە سـەحیحی موسلیمدا هاتوە کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) ژنو پیاوێکی جوولەکـەیان هێنایـە لای کـە داوێـن پیـسیان

---

[1] آل عمران (٩٣).

[2] الوطأ (٨١٩/٢)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

کردبوو، پێغەمبەری خودا(ﷺ) ڕۆشت بۆ لای جوولەکەکانو فەرمووی: (چیتان لە تەوراتدا هەیە لەبارەی کەسێکەوە داوێن پیسی کردبێ؟) وتیان: ڕوویان ڕەش دەکەینو لەبەر هەتاو دایاندەنێینو سواری (کەریان) دەکەینو ڕوویان لە یەکتری وەردەگێڕینو دەیانگێڕین. فەرمووی: ﴿فَأْتُوا بِالتَّوْرَاةِ فَاتْلُوهَا إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ﴾[1] تەورات بێننو بیخوێننەوە ئەگەر ئێوە لە ڕاستگۆیانن. وتی: تەوراتیان هێناو خوێندیانەوە هەتا بەسەر ئایەتی بەردەبارانداندا (الرجم) تێپەڕی، ئەو لاوەی کە دەیخوێندەوە دەستی خستە سەر ئایەتی بەردەبارانەکە (الرجم) پێشەکەیو پاشەکەی خوێندەوە، عەبدوڵلای کوڕی سەلام پێی وت، کە لەگەڵ پێغەمبەری خودا بوو (ﷺ) فەرمانی پێبکە با دەستی بەرز بکاتەوە دەستی بەرز کردەوە، کە دەستی بەرز کردەوە ئایەتی بەردەباران لەژێر دەستیدا بوو. پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمانی دەرکرد بۆیانو بەردەباران کران. عەبدوڵلای کوڕی عومەر وتی: منیش لەگەڵ ئەو کەسانەدا بووم بەردەبارانیان کردن، من بە چاوی خۆم بینیم پیاوەکە ژنەکەی بە لاشەی خۆی لە بەردەکان دەپاراست[2] ئەبوداوود ڕیوایەتی کردوە لە ئیبنوعومەرەوە وتی: کۆمەڵێ لە جوولەکەکان هاتن بانگی پێغەمبەری خودایان (ﷺ) کرد بۆ قوفف (القُفّ) پێغەمبەر(ﷺ) هات بۆ لایان لە (بیت المدارس) وتیان: ئەی ئەبولقاسم پیاوێ لە ئێمە داوێن پیسی لەگەڵ ژنێکدا کردوە، دادگەری بکە، وتی: پاڵپشتێکیان بۆ پێغەمبەری خودا(ﷺ) داناو لەسەری دانیشت پاشان فەرمووی: (تەوراتم بۆ بێنن) بۆیان هێنا پاڵپشتەکەی لەژێر خۆی دەرهێناو تەوراتەکەی لەسەر داناو فەرمووی: (بڕوام بە تۆ هێناوەو بەوەیش دایبەزاندووی) پاشان فەرمووی: (زاناترین کەستانم بۆ بێنن) کوڕشێکی لاویان هێنا پاشان بەسەرهاتی بەردەبارانەکەی باس کرد، وەك فەرموودەکەی مالیکی کوڕی نافیع[3] ئەم فەرموودانە بەڵگەن لەسەر ئەوە کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) دادگەری کردوە بەو شێوەی کە تەورات کردویەتی، ئەمەیش لەبەر ڕێزلێنان نەبوە لەسەر ئەو شتانەی ئەوان بڕوایان وایە ڕاستە، چونکە ئەوان فەرمانیان پێکراوە کە شوێنی شەرعی موحەممەدی بکەنو لێی لانەدەن بێگومان ئەوەیش بە نیگایەکی تایبەتی بووە لەلایەن خودای مەزنەوە کە بۆی کراوە، مەبەست لە پرسیار کردنیش لێیان لەو بارەیەوە، هەتا ناچاریان بکات دان بنێن بەو تەوراتەدا کە لەبەر دەستیاندایە. کە ڕێکەوتون لەسەر شاردنەوەی لە نێوان خۆیانداو حاشا کردن لێیو کار نەکردن پێی لەو ڕۆژگارە دوورو درێژەدا، کاتێ کە دانیان پێدانا لەگەڵ ئەوەیشا دەیانزانی پێچەوانەی ڕای ئەوانە، بەڵام لادانو لاساریو حاشا کردنیان

---

[1] آل عمران (٩٣).

[2] مسلم (١٣٢٦/٣).

[3] أبوداود (٥٩٧/٤)، فەرموودەیەکی حەسەنە.

لەوەی کە بڕوایان بە ڕاستیو دروستی هەبوو لەناو ئەو کتێبەی کە لەبەر دەستیاندا بووە، لادانیان لەو بڕیارەو هێنانی بۆ لای پێغەمبەری خودا(ﷺ) کە دادگاییان بۆ بکات. هەر لەبەر گونجانی بوو لەگەڵ هەواو ئارەزوی خۆیاندا، نەك لەبەر ئەوەی بڕوایان بە ڕاستی ئەو بڕیارە بووە کە پێغەمبەر(ﷺ) بۆیان ئەدات. هەر بۆیە وتویانە: ﴿إِنْ أُوتِيتُمْ هَٰذَا فَخُذُوهُ﴾ ئەگەر فلان قسەیان بۆ کردن وەری گرن. واتە: لەبەر هەتاو وەستانو قەمچی لێدان قبوولْ بکەن ﴿وَإِن لَّمْ تُؤْتَوْهُ فَاحْذَرُوا﴾ ئەگەر وا نەبوو وەری مەگرنو شوێنی مەکەون. پاشان خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَمَن يُرِدِ اللَّهُ فِتْنَتَهُ فَلَن تَمْلِكَ لَهُ مِنَ اللَّهِ شَيْئًا ۚ أُولَٰئِكَ الَّذِينَ لَمْ يُرِدِ اللَّهُ أَن يُطَهِّرَ قُلُوبَهُمْ ۚ لَهُمْ فِي الدُّنْيَا خِزْيٌ ۖ وَلَهُمْ فِي الْآخِرَةِ عَذَابٌ عَظِيمٌ ﴿٤١﴾ سَمَّاعُونَ لِلْكَذِبِ أَكَّالُونَ لِلسُّحْتِ﴾ هەرکەسێکیش خودا ویستی جەزرەبەی بۆ ببڕێتەوە (تاقی بکاتەوە) تۆ ناتوانی لە خودا بێ نیازی بکەیو هیچ کارێکی بۆ ڕێك بخەی. ئەمانە خودا نایەوێ دڵیان لە گوناهو پیسی پاك بکاتەوە لە دنیا بەشیان سوکیو ڕسواییەو لە قیامەتیش سزایان زۆر گرانو دژوار دەبێ. بۆ درۆ گوێ هەڵدەخەنو بە حەرام خواردن فێرن. واتە: فێری بەرتیل خواردنن وەك ئیبنومەسعودو کەسانی تریش دەڵێن[1] واتە: هەرکەسێ ئەمە ڕەوشتی بوبێ چۆن دڵی پاك دەبێتەوەو گوێ بۆ هەق دەگرێ. پاشان خودای مەزن ئەفەرموێت بە پێغەمبەرەکەی: ﴿فَإِن جَاءُوكَ فَاحْكُم بَيْنَهُمْ أَوْ أَعْرِضْ عَنْهُمْ ۖ وَإِن تُعْرِضْ عَنْهُمْ فَلَن يَضُرُّوكَ شَيْئًا﴾ جا ئەگەر جارێ دێنە لات، تۆ بە نێوانیان ڕابگە یان خۆیان لێ تێ مەگەیەنە. ئەگەر وازیشیان لێ بێنی، هیچ زیانێك لە تۆ نادەن. واتە: ئەگەر هاتن بۆ لات تۆش دادوەریان بۆ بکە، خۆ دیارە ئەوانە کە دێن بۆ لای تۆ دادوەریان بۆ بکەی مەبەستیان ئەوە نیە شوێنی هەق کەون. بەڵکو هەر شتێ لەگەڵ ئارەزویاندا بگونجێ شوێنی ئەوە دەکەون. ئیبنوعەبباسو موجاهیدو عیکرمەو حەسەنو قەتادەو سوودیو زەیدی کوڕی ئەسلەمو عەتای خۆراسانیو کەسانی تریش دەڵێن: ئەم ئایەتە نەسخ بوەتەوە ﴿وَأَنِ احْكُم بَيْنَهُم بِمَا أَنزَلَ اللَّهُ﴾[2] تۆیش بەپێی ئەو فەرمانەی لە خوداوە بۆت هاتۆتە خوارەوە بە کاروباریان ڕابگە. پاشان خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿وَإِنْ حَكَمْتَ فَاحْكُم بَيْنَهُم بِالْقِسْطِ﴾ خۆ ئەگەر تۆ بە نێوانیشیان ڕابگەی، کێشەکەیان بێ لایەنگیریو بە یەکسانی بۆ پێك بێنە. واتە: بە هەقو دادگەری

---

[1] الموطأ (٨١٩/٢).

[2] المائدة (٤٩).

کێشەکەیان بۆ چارەسەر بکە، هەرچەندە ئەوانە ستەمکارنو لە ڕێگەی ڕاست لایانداوە ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُقْسِطِينَ﴾ بێگومان خودا پیاوی ڕێکو ڕاستی خۆش دەوێت.

زەمی نیازە خراپەکانی جوولەکەو ستایشی کتێبەکەیان (تەورات)

پاشان خودای مەزن باسی خراپیو نالەباری ڕاوبۆچوونەکانیان دەکات کە چۆن وازیان لەو بڕیارانە هێناوە کە بڕوایان وایە ڕاستو دروستەو فەرمانیان پێکراوە کە هەرگیز دەستی لێ بەرنەدەن لەو کتێبەی کە لەبەر دەستیاندایە نووسراوە. پاشان سەرپێچیان لە بڕیارەکانی کردو دەستبەرداری بوونو لایاندا بۆ شتێکی تر کە خۆیان لە ڕاستیدا بڕوایان پێی نیەو بە پڕوپووچی دەزانن و کاری پێ ناکەن. خودای گەورەیش ئەفەرموێت: ﴿وَكَيْفَ يُحَكِّمُونَكَ وَعِندَهُمُ ٱلتَّوْرَىٰةُ فِيهَا حُكْمُ ٱللَّهِ ثُمَّ يَتَوَلَّوْنَ مِنۢ بَعْدِ ذَٰلِكَ ۚ وَمَآ أُو۟لَٰٓئِكَ بِٱلْمُؤْمِنِينَ﴾ جا چۆن ئەوانە دێنە لات کە بە کێشەکەیان ڕابگەی، کە لەلای ئەمان تەورات هەیەو فەرمانی خودای تێدایە، کەچی پاشان لە دادوەریەکەی تۆ خۆ لائەدەن؟ بێگومان ئەوانە بڕوادار نین. پاشان خودای گەورە ستایشی تەورات دەکات کە ناردویەتی بۆ بەندەو پێغەمبەری خۆی مووسای کوڕی عیمران (سەلامی خوای لێبێ) ئەفەرموێت: ﴿إِنَّآ أَنزَلْنَا ٱلتَّوْرَىٰةَ فِيهَا هُدًى وَنُورٌ ۚ يَحْكُمُ بِهَا ٱلنَّبِيُّونَ ٱلَّذِينَ أَسْلَمُوا۟ لِلَّذِينَ هَادُوا۟ وَٱلرَّبَّـٰنِيُّونَ وَٱلْأَحْبَارُ﴾ ئێمە کە ئەم تەوراتەمان ناردۆتە خوار، ڕووناکیو ڕێ نیشاندانی تێدایە. هەموو ئەو پێغەمبەرانەی کە هەر بەرفەرمانی خودا بوون، هەر بەهۆی ئەم (تەوراتەوە) بەسەر هەموو کاروباری ئەوانەی کە مووسایی بوون ڕاگەیشتبوون خواناسانی بە ڕاستیو زانا بلیمەتەکانیان ﴿بِمَا ٱسْتُحْفِظُوا۟ مِن كِتَـٰبِ ٱللَّهِ﴾ لەبەر ئەوەی کاری پارێزگاری کتێبی خوایان پێ سپێررا بوو، فەرمانیشیان پێدرا بوو کە دەری خەنو کاری پێ بکەن ﴿وَكَانُوا۟ عَلَيْهِ شُهَدَآءَ ۚ فَلَا تَخْشَوُا۟ ٱلنَّاسَ وَٱخْشَوْنِ﴾ شایەتیش بوون لەسەری (کە تەورات کتێبی خودایەو خودا لەوێدا پێی وتون:) نابێ لە خەڵك بترسن، بەڵکو تەنها لە من بترسن. ﴿وَلَا تَشْتَرُوا۟ بِـَٔايَـٰتِى ثَمَنًا قَلِيلًا ۚ وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُو۟لَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلْكَـٰفِرُونَ﴾ نەچن بەڵگەو نیشانەی من بە نرخێکی کەم بفرۆشن، هەرکەسێ بە پێچەوانەی فەرمانی خودا فەرمان بدات، ئا ئەوانە بێ بڕواو خوانەناسن. ئەم دەقە دوو ڕای لەسەرە لەمەوبەدوا باسی دەکەین.

هۆیەکی تر لەسەر هاتنە خوارەوەی ئەم ئایەتە پیرۆزانە

ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردوە لە ئیبنوعەبباسەوە وتی: خودای گەورە ئەم ئایەتانەی ناردۆتە خوار: ﴿وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُو۟لَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلْكَـٰفِرُونَ﴾، ﴿فَأُو۟لَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّـٰلِمُونَ﴾، ﴿فَأُو۟لَـٰٓئِكَ

هُمُ ٱلْفَـٰسِقُونَ ﴾ لەسەر دوو تیرەی جوولەکە، یەکێکیان زاڵ بووبوو بەسەر ئەو تیرەکەی تردا لە کاتی نەفامیدا، پاشان ڕازی بوبون لە یەکتری و ڕێکەوتبوون لەسەر ئەوەی هەر کوژراوێ دەستەڵات دارەکان کوشتویانە لە زەبوون و تێشکاوەکان خوێنەکەی پەنجا وەسق بێ. وە هەر کوژراوێکیش تێشکاوەکان کوشتویانە سەد وەسق (وَسْق) لە خوێنەکەیدا (خەلیل وەتویەتی وەسقێ باری وشترێکە) بەو شێوەیە مایەوە هەتا پێغەمبەر(ﷺ) گەیشتە مەدینە. (هەردوو تیرەکە زەلیل بوون بە گەیشتنی پێغەمبەر(ﷺ) بە شاری مەدینە) لەو کاتەدا مووسوڵمانەکان دەستەڵاتی تەواویان نەبوو، ئەوانیش پێشێلکاریان نەو لە ڕێکەوتندا بوون. پیاوێ لە تێشکاوەکان کەسێکی لە دەستەڵات دارەکان کوشت. زاڵەکە ناردی بۆ لای تێشکاوەکە کە سەد وەسقیان بۆ بنێرن، تێشکاوەکە وتی: ئایا ئەوە هەرگیز لە دوو گەڕەکا بوە ئاینیان یەك بێ و لە یەك بەرەباب بن و یەك شاریشیان هەبێ. خوێنی هەندێکیان نیوەی خوێنی ئەوی تریان بێ. بێگومان کە ئەوەمان پێداون، ناهەقیەك بوە ئێوە لە ئێمەتا کردوە و لێتان ترساوین، بەڵام ئێستا کە موحەممەد (ﷺ) هاتوە، ئێمە ئەو خوێنەتان بەو شێوەیە پێ نادەین. لەوانە بوو شەڕ لە نێوانیاندا ڕووبدات، پاشان ڕێکەوتن کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) بکەوێتە نێوانیان. پاشان تیرە دەستەڵات دارەکە کەوتە قسەو وتی: سوێند بە خوا موحەممەد دوو ئەوەندەتان بۆ وەرناگرێ لەوان و یەك ئەوەندە لە ئێوە وەرگرێ بۆ ئەوان. ئەوان ڕاستیان وت، کە ئەوەیان پێ ئەداین ناهەقیەکە لە ئێمەوە بوو زەلیلمان کردبوون، بە پەنهانی کەسێ بنێرنە لای موحەمەد تا ڕاوبۆچوونی ئەوتان بۆ بێنێ، ئەگەر ئەوەی پێدان دەتانەوێ بیکەنە دادوەر، ئەگەر پێی نەدان لێی دوورکەونەوەو ئەو قبوڵ مەکەن. بە پەنهانی چەند کەسێکیان لە دووڕووەکان نارد بۆ ئەوەی ڕاوبۆچونی پێغەمبەری خودایان بۆ وەرگرن. کاتێ کە دووڕووەکان هاتن بۆ لای پێغەمبەری خودا(ﷺ) خودای مەزن پێغەمبەرەکەی خۆی ئاگادار کرد لە هەموو کارەکانیان و مەبەستیان چی بوەو ئەم ئایەتەی ناردە خوارەوە: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلرَّسُولُ لَا يَحْزُنكَ ٱلَّذِينَ يُسَـٰرِعُونَ فِى ٱلْكُفْرِ﴾ هەتا دەگاتە ﴿ٱلْفَـٰسِقُونَ﴾ سوێند بە خوا لەسەر ئەوانە هاتە خوارو خودای مەزن مەبەستی ئەوانە بووە[1] ئەبوداوودیش هەر بەم شێوەیە ڕیوایەتی کردوە[2] ئیبنوجەریر ڕیوایەتی کردوە لە ئیبنوعەبباسەوە: ئەم ئایەتانەی سورەتی مائیدە کە ئەفەرموێت: ﴿فَٱحْكُم بَيْنَهُمْ أَوْ أَعْرِضْ عَنْهُمْ﴾ هەتا دەگاتە ﴿ٱلْمُقْسِطِينَ﴾ لەسەر بارتەقای خوێن (الدية)ی بەنی نەزیرو بەنی قورەیزە (بني النضير و بني قريضة) هاتوتە خوارەوە، چونکە کوژراوی بەنی نەزیر ڕێزی زیاتر بوو لایان. خوێنی تەواویان بۆ ئەدا، بەڵام بەنی قورەیزە نیوەی

[1] أحمد (١/٢٤٦)، ئەم فەرموودەیە عەبدوڕەحمانی کوڕی زنادی تێدایە، پیاوێکە فەرموودەی لاوازە.

[2] أبوداود (٤/٧)، ئەم فەرموودەیە عەبدوڕەحمانی کوڕی زنادی تێدایە، پیاوێکە فەرموودەی لاوازە.

خوێنیان بۆ ئەدرا، لەبەر ئەوە دادوەریەکەیان هێنایە لای پێغەمبەری خودا(ﷺ) خودای گەورە ئەم ئایەتانەی نارده خوارەوەو پێغەمبەری خودا ناچاری کردن کە شوێنی ڕاستی کەون لەو بڕیارەدا بارتەقای خوێنی وەك یەك لێکرد. خودا خۆی دەزانێ کامەیان بووە[1] ئەحمەدو نەسائیو ئەبوداوود هەر بەم شێوەیە ڕیوایەتیان کردوە لە فەرموودەکەی ئیبنوئیسحاقەوە[2] عەوفیو عەلی کوڕی ئەبوتەلحە ڕیوایەتیان کردوە لە ئیبنوعەبباسەوە کە ئەم ئایەتانە لەسەر ئەو جوولەکە هاتوەتە خوارەوە کە داوێن پیسیان کرد، وەك لە پێشەوە ئەو فەرموودانە لەبارەیەوە باس کرا. هەڵیش دەگرێ هەردوو ڕووداوەکە لە یەك کاتدا ڕوویدابێو ئەم ئایەتانە لەسەریان دابەزیبێ والله أعلم. هەر بۆیە دوای ئەوە خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَكَتَبْنَا عَلَيْهِمْ فِيهَآ أَنَّ ٱلنَّفْسَ بِٱلنَّفْسِ وَٱلْعَيْنَ بِٱلْعَيْنِ﴾ هەتا کۆتایی ئایەتەکە. ئەمە بەڵگەیەکی بەهێزە لەسەر ئەوە کە هۆی هاتنە خوارەوەی ئەم ئایەتانە بۆ مەسەلەی تۆڵەسەندنە (القصاص) والله أعلم. پاشان خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْكَٰفِرُونَ﴾ ئەو کەسانەی پێچەوانەی ئەو فەرمانە (کە لە خواوە هاتوە) فەرمان بدەن، ئا ئەوانە بێ بڕواو خوانەناسن. بەڕائی کوڕی عازیبو حوزەیفەی کوڕی یەمانو ئیبنوعەبباسو ئەبومیجلەزو (مِجلَز)و ئەبوڕەجائی عەتاریدیو عیکرمەو عوبەیدیللای کوڕی عەبدوڵلاو حەسەنی بەسریو کەسانی تریش وتویانە: ئەم ئایەتانە لەسەر ئەهلی کتێب هاتوەتە خوارەوە[3]. حەسەنی بەسری ئەمەی لێ زیاد کردەوەو وتی: ئەمە لەسەر ئێمە پێویستە (واجبة)[4] عەبدوڕەزاق وتی لە سوفیانی سەوریەوە لە مەنسورەوە لە ئیبراهیمەوە وتی: ئەم ئایەتانە لەسەر نەوەی ئیسرائیل هاتوەتە خوارەوە، خودای مەزن بەمە لەم ئوممەتە ڕازی بووە. ئیبنوجەریر ڕیوایەتی کردوە.[5] عەلی کوڕی ئەبوتەلحە وتی لە ئیبنوعەبباسەوە لەم دەقەدا کە خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْكَٰفِرُونَ﴾ هەرکەسێ ئینکاری لەوە بکات کە خودا ناردویەتی بێگومان بێ دین بووە. وە هەرکەسێ بڕوای پێی ببێو فەرمانی پێ نەکات ئەوە ستەمکارو لادەرە ئیبنوجەریر ڕیوایەتی کردوە[6] عەبدوڕەزاق ڕیوایەتی کردوە کە موعەممەر بۆی گێڕاوینەتەوە لە تاوسەوە وتی: پرسیار لە ئیبنوعەبباس کرا لەم

---

[1] الطبري (٣٢٦/١٠)، فەرموودەیەکی حەسەنە.

[2] أحمد (٣٦٣/١)، أبوداود (١٦/٤)، النسائي (١٩/٨)، فەرموودەیەکی حەسەنە.

[3] الطبري (٣٤٧/١٠-٣٥٧).

[4] الطبري (٣٥٧/١٠).

[5] الطبري (٣٥٦/١٠).

[6] الطبري (٥٩٧/٤).

دەقەدا: ﴿وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْكَٰفِرُونَ﴾ وتی: بەوە بێ دین دەبێ. ئیبنوتاوس وتی: ئەمە وەك ئەوە نیە کەسێ بڕوای بە خوداو فریشتەکانو کتێبەکانو پێغەمبەرەکان نەبێ. سەوری وتی: لە ئیبنوجورەیجەوە لە عەتاوە لە ئیبنوجورەیجەوە لە عەتاوە کە وتویەتی: (کفر دون کفر، و ظلم دون ظلم، و فسق دون فسق) ئیبنوجەریر ڕیوایەتی کردوە.[1] وەکیع وتی: لە سەعیدی کوڕی مەککیەوە (المكي) لە تاوسەوە ﴿وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْكَٰفِرُونَ﴾ وتی: ئەو بێ دینیە نیە کە لە ئاین دەری بکات[2].

﴿وَكَتَبْنَا عَلَيْهِمْ فِيهَآ أَنَّ ٱلنَّفْسَ بِٱلنَّفْسِ وَٱلْعَيْنَ بِٱلْعَيْنِ وَٱلْأَنفَ بِٱلْأَنفِ وَٱلْأُذُنَ بِٱلْأُذُنِ وَٱلسِّنَّ بِٱلسِّنِّ وَٱلْجُرُوحَ قِصَاصٌ ۚ فَمَن تَصَدَّقَ بِهِۦ فَهُوَ كَفَّارَةٌ لَّهُۥ ۚ وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ ﴿٤٥﴾﴾

خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿وَكَتَبْنَا عَلَيْهِمْ فِيهَآ أَنَّ ٱلنَّفْسَ بِٱلنَّفْسِ وَٱلْعَيْنَ بِٱلْعَيْنِ وَٱلْأَنفَ بِٱلْأَنفِ وَٱلْأُذُنَ بِٱلْأُذُنِ وَٱلسِّنَّ بِٱلسِّنِّ﴾ لە تەوراتدا بڕیارمان دا بۆ ئەوانە. کە گیانێك لەباتی گیانێك چاو بە چاوو لووت بە لووت، گوێ بە گوێو ددان بە ددانە. لێرەیشدا دیسان خودای گەورە سەرزەنشتی جولەکە دەکاتو تانەیان لێ ئەدات، چونکە لەلای خۆیان لە تەوراتدا دەق هەیە کە تۆڵەی گیان بە گیانەو کەچی دژایەتی ئەو بڕیارە دەکەن بە لاساریو ئەنقەسا لە تۆڵەسەندنەوە لائەدەنو دەیگۆڕن بۆ خوێن سەندن (الفدیە) وەك چۆن دژایەتی فەرمانی دەقی تەوراتیان کرد لەلای خۆیان لە بەردەباران کرنی پیاوو ژنی داوێن پیسو گۆڕیانو ڕێکەوتن لەناو خۆیاندا لەسەر قەمچی لێدانو بەر هەتاوو سواری کەر کردنو گێڕانیو ئابڕو بردنیان بۆیە خودای گەورە لەوێدا فەرموویەتی: ﴿وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْكَٰفِرُونَ﴾ چونکە ئەوانە حاشایان لە بڕیاری خودای گەورە کرد بە لاساریو ئەنقەست وە لێرەیشدا ئەفەرموێت: ﴿فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ﴾ چونکە ئەوانە هەقی ستەم لێکراوانیان لە ستەمکار وەرنەگرت لەو بڕیارەی کە خودا فەرمانی پێدابوون بەیەکسانیو دادپەروەری بەرانبەر هەموو کەس جێبەجێی بکەن. دژایەتی فەرمانیان کردو دەستیان دایە دەست درێژیو ناهەقی لە یەکتری کردن.

[1] عبدالرزاق (١٩١/١)، الطبري (٥٩٥/٤).

[2] الطبري (٣٥٥/١٠).

پیاو بە ژن دەکوژرێ

ئیمام ئەبونەسری کوڕی سەباغ (الصباغ) (ڕەحمەتی خوای لێبێ) لە کتێبەکەیدا بەناوی (الشامل) وتویەتی: زانایان کۆن لەسەر بەڵگە هێنانەوە بەم ئایەتەو هەموو پێشەوایانی ئیسلامیش هەر هەمان ڕاوبۆچونیان هەیە لەسەر ئەوەی کە پیاو بە ژن دەکوژرێ بە گشتگیری ئایەتەکەی هەروەها لەو فەرموودەی کە نەسائیو کەسانی تریش ڕیوایەتیان کردوە هاتوە کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) لە نامەکەی عەمری کوڕی حەزمدا نووسیوویەتی: (بێگومان پیاو بە ژن دەکوژرێ)[1] وە لە فەرموودەیەکی تریشدا هاتوە: (موسوڵمانان خوێنەکانیان چوونیەکن)[2] ئەمە قسەی کۆی زانایانە (جمهور العلماء) ئەم فەرموودە سەحیحە پشتگیری لەو قسەی ئیبنوسەباغ دەکات کە ئەم ئایەتەی کردۆتە بەڵگە لەو بارەیەوە، کە ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردوە لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە کە ڕەبیعی پوری خۆی ددانێکی بڕندەی (ثُنية) کەنیزەکێکی شکاند، داوای لێبوردنی لە خزمەکانی کرد قبوڵیان نەکرد، هاتن بۆ لای پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: (تۆڵەسەندنە (القصاص) ئەنەسی کوڕی نەزری (النضر) برای وتی: ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) ددانی بڕندەی فڵانە کەس دەشکێ. پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: (ئەی ئەنەس لە کتێبی خوداتۆڵەسەندنە) وتی: ئەنەسی کوڕی نەزر وتی: نەخێر، سوێند بەو کەسەی تۆی ڕەوانە کردوە بە هەق ددانی بڕندەی فڵانە کەس نابڕێ. وتی: خزمەکانی کەنیزەکە ڕازی بوونو عەفویان کردو وازیان لە تۆڵەسەندن هێنا (دیارە ئەمەی نەزر پێشبینیەك بوو کردی خودا پێشبینیەکەی لێ وەرگرت) پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: (بێگومان کەسانێك هەن ئەگەر سوێندی لەسەر خودا خواردبێ خودا لێی قبوڵ کردوە)[3] لە هەردوو سەحیحەکەیشدا هاتوە[4].

تۆڵەی زامەکان (برینەکان)

خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿وَٱلْجُرُوحَ قِصَاصٌ﴾ برینەکانیش تۆڵەیان هەیە. عەلی کوڕی ئەبوتەلحە وتی، لە ئیبنوعەبباسەوە وتی: گیان بە گیان دەکوژرێ، چاو بە چاو کوێر دەکرێ، لوت بە لوت دەبڕێت، ددان بە ددان دەردەهێنرێ، زام بە زام تۆڵەی وەردەگیرێ.[5] ئەم تۆڵە سەندنە یەکسانە لە نێوان موسوڵمانان خۆیاندا، پیاوانو ژنانیان. کاتێ بە ئەنقەست بوبێ لە گیاندا یان کەمتر لە گیان. وە

---

[1] النسائي (٥٨/٨)، فەرموودەیەکی حەسەنە.
[2] إبن ماجة (٨٩٥/٢)، فەرموودەیەکی سەحیحە.
[3] أحمد (١٦٧/٣)، فەرموودەیەکی سەحیحە.
[4] فتح الباري (١٢٤/٨)، مسلم (١٣٠٢/٣).
[5] الطبري (٣٦٠/١٠).

لە کۆیلەیشدا هەر یەکسانە ئەو تۆڵەیە لە نێوان خۆیاندا پیاوان‌و ژنانیان کاتێ کە ئەنقەست بوبێ لە گیاندا یان کەمتر لە گیان، ئیبنوجەریرو ئیبنوحاتەم ڕیوایەتیان کردوە.

دەستورێکی گرنگ

دروست نیە تۆڵەی برین وەربگیرێ هەتا ئەو کەسەی برینەی لێکراوە چاك دەبێتەوە، ئەگەر تۆڵەی لێ وەرگیرا لە پێش چاك بونەوەی برینەکەو پاشان برینەکە زیادی کرد، ئیتر هیچ شتێکی بۆ نیە، بەڵگەیش بۆ ئەم فەرموودەیە کە ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردوە لە عەمری کوڕی شوعەیبەوە لە باوکیەوە لە باپیریەوە وتی: پیاوێ پیاوێکی بریندار کرد بە نووکی شمشێرەکەی یان بە نوکی ڕمەکەی هات بۆ لای پێغەمبەری خودا(ﷺ) وتی: تۆڵەم بۆ وەرگرە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (چاوەڕوانکە هەتا برینەکەی چاك دەبێتەوە)، پاشان هاتەوە بۆ لای‌و وتی: تۆڵەم بۆ وەرگرە پێغەمبەریش (ﷺ) تۆڵەکەی وەرگرت. وتی: ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) شەل بووم. پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (من پێم وتی چاوەڕوانکە تۆ بە گوێت نەکردم، خودایش تۆی دوورخستەوەو (أبعد الله) شەلیەکەیشتی بەتاڵ کردوەتەوە. واتە: ئیتر هیچ هەقێکت نیە) پاشان پێغەمبەری خودا(ﷺ) تۆڵە سەندنی قەدەغە کرد هەتا خاوەنەکەی چاك دەبێتەوە تەنیا ئیمامی ئەحمەد هێناویەتی.

مەسەلەیەك

ئەگەر ئەو کەسەی دەست درێژیەکەی کراوەتە سەر تۆڵەی لەو کەسە وەرگرت کە دەست درێژی کردوە سەرو مرد، هیچی لەسەر نیە ئەمە قسەی کۆی هاوەڵانی پێغەمبەرو تابیعین‌و کەسانی تریشە.

لێبوردەیی دەبێتە هۆی سڕینەوەی گوناه

خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿فَمَن تَصَدَّقَ بِهِۦ فَهُوَ كَفَّارَةٌ لَّهُۥ﴾ کێ لە تۆڵە (بە خێری خۆی) واز بهێنێ گوناهی پێ دەسڕێتەوەو هەڵدەوەرێ. عەلی کوڕی ئەبوتەلحە وتی: لە ئیبنوعەبباسەوە: ﴿فَمَن تَصَدَّقَ بِهِۦ﴾ وتی: هەرکەسێ بە خێری خۆی خۆش بوو لە کەسێ ئەو لێخۆشبوونە دەبێتە کەفارەتی گوناهی دەست درێژی کەرەکەو پاداشتیشی بۆ ئەو کەسەی داوای تۆڵەی کردوە. سوفیانی سەوری وتی: لە عەتای کوڕی سائیبەوە لە سەعیدی کوڕی جوبەیرەوە. لە ئیبنوعەبباسەوە: هەرکەسێ بە خێری خۆی تاوانی بەخشی، ئەوە دەبێتە کەفارەتی گوناه بۆ بریندارکەرەکەو پاداشتیشی بۆ بریندار لێکراوەکە لەلایەن خودای مەزنەوە ئیبنوئەبی حاتەم ڕیوایەتی کردوە لە جابیری کوڕی عەبدوڵڵاوە لەم ئایەتەدا کە خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿فَمَن تَصَدَّقَ بِهِۦ فَهُوَ كَفَّارَةٌ لَّهُۥ﴾ وتی: دەبێتە کەفارەتی گوناهی زام لێکراوە، ئیبنوجەریریش ڕیوایەتی کردوە لە حەسەنی بەسری‌و ئیبراهیمی نەخەعی‌و ئەبوئیسحاقی هەمەدانیەوە هەر بەم شێوەیە. ئیمامی ئەحمەد

ڕیوایەتی کردوە لە عوبادەی کوڕی سامیتەوە وتی: بیستم لە پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئەیفەرموو: (هیچ پیاوێ نیە زامێ لە جەستەیدا بکرێو بیکات بە خێری خۆی. مەگین خودا کرویە بە کەفارەتی گوناهی بە ئەندازەی ئەوەی کە کردویەتی بە خێری خۆی). نەسائیو ئیبنوجەریریش ڕیوایەتیان کردوە پاشان خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ﴾ ئەو کەسانەی بە پێچەوانەی ئەو فەرمانە (کە لە خوداوە هاتوە) فەرمان بدەن ئا ئەوانە ستەمکارن. لە پێشەوە باس کرا لە تاوسو عەتاوە کە وتیان: (کفر دون کفر، و ظُلم دون ظُلم و فسق دون فسق) واتە: کوفری دەرچوون لە ئاین نیە.

﴿وَقَفَّيْنَا عَلَىٰٓ ءَاثَٰرِهِم بِعِيسَى ٱبْنِ مَرْيَمَ مُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ مِنَ ٱلتَّوْرَىٰةِ ۖ وَءَاتَيْنَٰهُ ٱلْإِنجِيلَ فِيهِ هُدًى وَنُورٌ وَمُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ مِنَ ٱلتَّوْرَىٰةِ وَهُدًى وَمَوْعِظَةً لِّلْمُتَّقِينَ ﴿٤٦﴾ وَلْيَحْكُمْ أَهْلُ ٱلْإِنجِيلِ بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فِيهِ ۚ وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْفَٰسِقُونَ ﴿٤٧﴾﴾

باسی عیساو (سەلامی خوای لێبێ) ستایشی ئینجیل:

خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿وَقَفَّيْنَا عَلَىٰٓ ءَاثَٰرِهِم بِعِيسَى ٱبْنِ مَرْيَمَ مُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ مِنَ ٱلتَّوْرَىٰةِ﴾ لە شوێن ئەوان عیسای کوڕی مەریەممان نارد، کە باوەڕی بوو بەو تەوراتەی وا پێش لە ئەو هاتبوە خوارێ. واتە: دوای پێغەمبەرەکانی نەوەی ئیسرائیل عیسا (سەلامی خوای لێبێ) هاتو بڕوای بوو بە تەوراتو فەرمانڕەوایشی دەکرد بەوەی تێیدا هاتبوو. ﴿وَءَاتَيْنَٰهُ ٱلْإِنجِيلَ فِيهِ هُدًى وَنُورٌ﴾ ئینجیلیشمان دا بە عیسا کە ڕێ نیشاندانو ڕووناکی تێدایە. واتە: ڕێنیشاندەرە بەرەو هەقو بە ڕووناکیەکەی گومانەکان لەناو دەچێو دەڕەوێتەوەو کێشەکان چارەسەر دەکات. ﴿وَمُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ مِنَ ٱلتَّوْرَىٰةِ﴾ بڕوایشی هەیە بەو تەوراتەی وا لە پێش ئەو هاتبوە خوارێ شوێنی دەکەوێو ناکۆکیشی لەو شتانەدا نیە کە تێدا هاتوە جگە لە چەند شتێکی کەم نەبێ ڕوونی کردوەتەوە بۆ نەوەی ئیسرائیل کە لەناو خۆیاندا لەسەری ناکۆک بوون. وەك خودای گەورە لەبارەی عیساوە (سەلامی خوای لێبێ) فەرموویەتی: کە وتویەتی بە نەوەی ئیسرائیل: ﴿وَلِأُحِلَّ لَكُم بَعْضَ ٱلَّذِى حُرِّمَ عَلَيْكُمْ﴾[1] (بە ئەرکی خۆمی دەزانم) هەندێ شتتان بۆ حەلاڵ کەم کە لێتان حەرام کراوە. هەر بۆیە قسەی مەشهور لەناو زانایاندا ئەوەیە کە ئینجیل هەندێ بڕیاری تەوراتی نەسخ کردوەتەوە. ﴿وَهُدًى وَمَوْعِظَةً

[1] آل عمران (٥٠).

﴿لِلْمُتَّقِينَ﴾ بۆ ئەوانەی لەخوا ترسن، پرپەتی لە ئامۆژگاریو رشێگەی ڕاستیان نیشان ئەدات. واتە: ئینجیلمان ناردوە کە خەڵکی بترسێنی لە کاری خراپو قەدەغە کراوو ڕێ نیشاندەر بێ بۆ ئەو کەسانەی لە خوا ترسنو لە هەرشەشەو تۆڵەکانی خودا دەترسن. پاشان ئەفەرموێت: ﴿وَلْيَحْكُمْ أَهْلُ الْإِنجِيلِ بِمَا أَنزَلَ اللَّهُ فِيهِ﴾ دەبێ ئەوانەی وا ئینجیلیان لەلایە، بەپێی ناوەڕۆکی ئینجیل (وەك خودا ناردویەتیە خوار) فەرمان بدەن. وایش خوێنراوەتەوە ﴿وَلِيَحْكُمَ أَهْلُ الْإِنجِيلِ﴾ بە مەنسوبی (بالنصب) لەسەر ئەوەی (ئەو لامە) لامی (كي) یە. واتە: ئینجیلمان ناردوە بۆ عیسا (سەلامی خوای لێبێ) تا بە فەرمانی ئەو ئینجیلە فەرمانڕەوایی بکات لەناو ئەو گەلەی چەرخی خۆیدا. وە بە ﴿وَلْيَحْكُمْ﴾ بە مەجزمیش (الجزم) خوێنراوەتەوە، لەسەر ئەوەی ئەو (لامە) لامی ئەمرە، دەبێ بڕوایان بە هەموو ئەو شتانە ببێ کە لەناو ئینجیلدایە، ئەو بڕیارانەشی کە لەناویدایەو فەرمانیان پێکراوە بەجێی بێنن. وە لەو شتانەی کە تیایەتی مژدەدانە بە هاتنی موحەممەدو (ﷺ) فەرماندان بە شوێن کەوتنیو بڕوا پێ هێنانی کاتێ هات. وەك خودای گەورە لە ئایەتێکی تردا فەرموویەتی: ﴿قُلْ يَا أَهْلَ الْكِتَابِ لَسْتُمْ عَلَىٰ شَيْءٍ حَتَّىٰ تُقِيمُوا التَّوْرَاةَ وَالْإِنجِيلَ وَمَا أُنزِلَ إِلَيْكُم مِّن رَّبِّكُمْ﴾[1] بلێ: ئەی ئەهلی کتێب، ئێوە هەتا بەپێی تەوراتو ئینجیلو هەرچی لە پەروەردگارتانەوە بۆتان هاتۆتە خوارەوە، نەجوڵێنەوە، ئێوە لەسەر هیچ (ئاینێك) نین. وە ئەفەرموێت: ﴿الَّذِينَ يَتَّبِعُونَ الرَّسُولَ النَّبِيَّ الْأُمِّيَّ الَّذِي يَجِدُونَهُ مَكْتُوبًا عِندَهُمْ فِي التَّوْرَاةِ﴾ هەتا دەگاتە ﴿الْمُفْلِحُونَ﴾[2] ئەوانە وا دەکەونە شوێن ئەم پێغەمبەرەی کە ڕاسپاردەی خوایەو نەخوێندەوارەو لە تەوراتو ئینجیلیش ناوی نووسراوە. بۆیە لێرەیشدا ئەفەرموێت: ﴿وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَا أَنزَلَ اللَّهُ فَأُولَٰئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ﴾ ئەو کەسانەی لەو فەرمانانەی کە خودا ناردویەتە خوار لابدەن، دیارە لە ڕێ لایانداوە. واتە: لە گوێڕایەڵی پەروەردگاریان دەرچوونو ڕوویان لە پڕوپوچ کردوەو لە هەق دوورکەوتونەتەوەو وازیان لێهێناوە، لە پێشەوە باس کرا کە ئەم ئایەتانە لەسەر مەسیحیەکان هاتۆتە خوارەوە وەك لە دەقەکەوە دەرکەوتوەو دیارە.

﴿وَأَنزَلْنَا إِلَيْكَ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ مُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ مِنَ الْكِتَابِ وَمُهَيْمِنًا عَلَيْهِ ۖ فَاحْكُم بَيْنَهُم بِمَا أَنزَلَ اللَّهُ ۖ وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَاءَهُمْ عَمَّا جَاءَكَ مِنَ الْحَقِّ ۚ لِكُلٍّ جَعَلْنَا مِنكُمْ شِرْعَةً وَمِنْهَاجًا ۚ وَلَوْ شَاءَ اللَّهُ

---

[1] المائدة (٦٨).

[2] الاعراف (١٥٧).

لَجَعَلَكُمْ أُمَّةً وَاحِدَةً وَلَٰكِن لِّيَبْلُوَكُمْ فِي مَا آتَاكُمْ فَاسْتَبِقُوا الْخَيْرَاتِ إِلَى اللَّهِ مَرْجِعُكُمْ جَمِيعًا فَيُنَبِّئُكُم
بِمَا كُنتُمْ فِيهِ تَخْتَلِفُونَ ﴿٤٨﴾ وَأَنِ احْكُم بَيْنَهُم بِمَا أَنزَلَ اللَّهُ وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَاءَهُمْ وَاحْذَرْهُمْ أَن يَفْتِنُوكَ عَن
بَعْضِ مَا أَنزَلَ اللَّهُ إِلَيْكَ فَإِن تَوَلَّوْا فَاعْلَمْ أَنَّمَا يُرِيدُ اللَّهُ أَن يُصِيبَهُم بِبَعْضِ ذُنُوبِهِمْ وَإِنَّ كَثِيرًا مِّنَ النَّاسِ لَفَاسِقُونَ ﴿٤٩﴾
أَفَحُكْمَ الْجَاهِلِيَّةِ يَبْغُونَ وَمَنْ أَحْسَنُ مِنَ اللَّهِ حُكْمًا لِّقَوْمٍ يُوقِنُونَ ﴿٥٠﴾ ﴾

ستایش کردنی ئەم قورئانە و پیاهەڵدانی و فەرماندان بە فەرمانڕەوایی کردن پێی

کاتێ خوای گەورە باسی تەوراتی کرد کە ناردیە خوارەوە بۆ مووسا (سەلامی خوای لێبێ) وەسفو ستایشی کردو فەرمانی دا کە شوێنی بکەونو بەو شێوەیەی کە خودا ڕەوانەی کردوەو باسی ئینجیلیشی کردو ستایشی کردو فەرمانیشی دا بە شوێن کەوتوانی کە فەرمانەکانی بەجێبچێنن‌و بجولێنەوە، وەك لە پێشەوە ڕوون کرایەوە. پاشان دێتە سەر باسی قورئانی پیرۆز کە لەسەری ڕەوانەی کردوە بۆ بەندەپێغەمبەری خۆی موحەممەد (ﷺ) ئەفەرموێت: ﴿ وَأَنزَلْنَا إِلَيْكَ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ مُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ مِنَ الْكِتَابِ ﴾ ئەو قورئانەمان بە خەڵات بۆ تۆ ناردۆتە خوارەوە، کە هەرچی تێدایە ڕاستە، بڕی بە کتێبە پێشینەکان هەیە کە ڕەوانە کراون‌و وەسفو ستایش کران، وە بێگومان بەو زوانە لەلایەن خوداوە قورئانیش بۆ بەندەو پێغەمبەری خۆی موحەممەد (ﷺ) دەنێرێتە خوارەوە، هاتنە خوارەوەکەیش بەو شێوەیە کە باسی کردوەو بڕوای ئەوانە زیاتر دەکات لەلای هەلگرانی ئەوانەی خاوەنی چاوو دڵێکی وشیارو گوێڕایەڵی فەرمانەکانی خودا بوون‌و پەیڕەوی شەریعەتی خودایان کردوەو بڕوایان بە پێغەمبەرەکانی هێناوە وەك خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿قُلْ آمِنُوا بِهِ أَوْ لَا تُؤْمِنُوا إِنَّ الَّذِينَ أُوتُوا الْعِلْمَ مِن قَبْلِهِ إِذَا يُتْلَىٰ عَلَيْهِمْ يَخِرُّونَ لِلْأَذْقَانِ سُجَّدًا ﴿١٠٧﴾ وَيَقُولُونَ سُبْحَانَ رَبِّنَا إِن كَانَ وَعْدُ رَبِّنَا لَمَفْعُولًا ﴾[1] بڵێ: ئێوە بڕواتان پێی ببێ یان نەبێ، ئەو کەسانەی لە پێشدا (لەمە) ئاگادار بوون، هەرکاتێ بۆیان دەخوێننەوە چەناکە دەخەنە سەر زەوی‌و سوژدە دەبەن. ئەشڵێن: پاکی‌و بێ عەیبی بۆ پەروەردگاری ئێمەیە، بەڵێنی پەروەردگارمان وا وەدی هات ﴿وَمُهَيْمِنًا عَلَيْهِ﴾ چاودێریانە. سوفیانی سەوری‌و کەسانی تریش وتویانە لە ئەبوئیسحاقەوە لە تەمیمیەوە، لە ئیبنوعەبباسەوە وتی: متمانەی پێیەتی[2]. عەلی کوڕی ئەبوتەلحە وتی لە ئیبنوعەبباسەوە: (المهيمن)

---

[1] الاسراء (١٠٧-١٠٨).
[2] الطبري (١٠/٣٧٨).

جێی متمانە، وتی: قورئان جیچی متمانەیە لەسەر هەموو کتێبی پێش خۆی[1] عیکرمەو سەعیدی کوڕی جوبەیرو موجاهیدو موحەممەدی کوڕی کەعبو عەتیەو حەسەنو قەتادەو عەتای خۆراسانیو سوودیو ئیبنوزەیدیش هەر بەو شێوەیە ڕیوایەتیان کردوە[2] ئیبنوجەریر وتی: قورئان جێی متمانەیە بەسەر ئەو کتێبانەی پێش خۆیەوە، هەرچی لەناو ئەو کتێبانەدا گونجاو ڕێکەون لەگەڵ قورئاندا ئەوە هەقەو هەرچیش ڕێ نەکەوتو دژایەتی کرد ئەوە پڕوپوچە. لە والیبەوە لە ئیبنوعەبباسەوە وتی: ﴿وَمُهَيۡمِنًا﴾ واتە: شایەتی.[3] موجاهیدو قەتادەو سوودیش هەر وایان وتوە. عەوفی وتی لە ئیبنوعەبباسەوە: ﴿وَمُهَيۡمِنًا﴾ واتە: دادوەرە لەسەر ئەو کتێبانەی پێش خۆی.[4] ئەم قسانە هەموو ماناکانیان لە یەکەوە نزیکە. چونکە ناوی (المهيمن) هەمووو ئەم مانایانە لەخۆی دەگرێت، ئەم قورئانە جێی متمانەو شایەتو چاودێرو دادوەرە بەسەر هەموو کتێبەکانی پێش خۆیەوە. خودای گەورە ئەم کتێبە مەزنە کە ناردویەتە خوارەوە دواین کتێبەو تەواوترینو مەزنترینو گشتگیرترین کتێبی خودایە کە هەموو چاکەکانی پێش خۆی تیا کۆکراوەتەوەو شتی زۆر تێرو تەواوی تریشی تێدایە کە لە ئەمدا نەبێ نیە. هەر بۆیە خودای گەورە کردویەتی بە شایەتو چاودێرو دادوەر بەسەر گشت کتێبەکانی ترەوە ئەفەرموێت: ﴿ إِنَّا نَحۡنُ نَزَّلۡنَا ٱلذِّكۡرَ وَإِنَّا لَهُۥ لَحَٰفِظُونَ﴾[5] ئێمە خۆمان ئەم قورئانەمان ناردۆتە خوار، هەر ئێمەیشین دەیپارێزین. پاشان خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿فَٱحۡكُم بَيۡنَهُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ﴾ ئیتر تۆ بەپێی ئەوەی ناردویەتیە خوارەوە بە کاروباریان ڕابگە. واتە: ئەی موحەممەد (ﷺ) لە نێوان ئەو خەڵکەدا دادوەری بکە بە عەرەبو عەجەمو نەخوێندەوارو ئەهلی کتێبەکانیشیانەوە، بەپێی ئەوەی کە بۆت هاتۆتە خوارەوە لەم کتێبە مەزنەداو بەوەیش کە خودا بۆی داناوی لە فەرمانی ئەوانەی پێش خۆت لە پێغەمبەران کە لە بەرنامەی تۆدا نەسخی نەکردوەتەوە دادوەری بکە[6] ئیبنوجەریریش هەر وا مانای کردوە. ئیبنوئەبی حاتەم ڕیوایەتی کردوە لە ئیبنوعەبباسەوە وتی: پێغەمبەری خودا(ﷺ) بە مەیلی خۆی بووە، کاتێ ویستبێتی دادوەری لە نێوانیاندا کردوەو مەیلیشی لێ نەوبایە وازی لێ دەهێنانو دەیگێڕانەوە بۆ فەرمانو بڕیارەکانی خۆیان. خودای گەورە ئەم ئایەتەی

[1] الطبري (٣٧٩/١٠).
[2] الطبري (٣٧٧-٣٨٠).
[3] الطبري (٣٧٧/١٠).
[4] الطبري (٣٧٩/١٠).
[5] الحجر (٩).
[6] الطبري (٣٨٢/١٠).

ناردە خوارەوە: ﴿وَأَنِ ٱحۡكُم بَيۡنَهُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ وَلَا تَتَّبِعۡ أَهۡوَآءَهُمۡ﴾ ئیتر تۆ بەپێی ئەوی خودا ناردویەتە خوارەوە دادوەری لە نێوانیاندا بکە، شوێن هەواو ئارەزوی ئەوان مەکەوە. خودای گەورە فەرمانی کرد بە پێغەمبەر(ﷺ) کە دادوەری بکات بەپێی ئەوەی کە لەناو کتێبەکەی ئێمەدایە[1] واتە: قورئانی پیرۆز. ﴿وَلَا تَتَّبِعۡ أَهۡوَآءَهُمۡ﴾ واتە: شوێنی هەواو ئارەزوی ئەوانە مەکەوە کە ڕێکەوتون لەسەری و بەهۆی ئەوەوە وازیان هێناوە لەوەی کە خودا ڕەوانەی کردوە بۆ پێغەمبەرەکەی، لەبەر ئەوەیە ئەفەرموێت: ﴿وَلَا تَتَّبِعۡ أَهۡوَآءَهُمۡ عَمَّا جَآءَكَ مِنَ ٱلۡحَقِّ﴾ مەکەوە شوێن هەواو ئارەزوی ئەوان بە لادان لەو هەقەی کە بۆت هاتوە. واتە: بەپێی ئارەزوی ئەو نەفام و بەدبەختانە مەجولێرەوە لەو هەقە لامەدە کە خودا فەرمانی پێکردوی ﴿لِكُلّٖ جَعَلۡنَا مِنكُمۡ شِرۡعَةٗ وَمِنۡهَاجٗا﴾ بۆ هەر کۆمەڵێك لە ئێوە ڕێوشوێنێکمان داناوە. ئیبنوئەبی حاتەم ڕیوایەتی کردوە لە ئیبنوعەبباسەوە: ﴿لِكُلّٖ جَعَلۡنَا مِنكُمۡ شِرۡعَةٗ وَمِنۡهَاجٗا﴾ وتی: ڕێگەیەك. وە هەر لە ئیبنوعەبباسەوە وتی: ڕێگەو ڕێڕەوێك[2] خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿وَلَوۡ شَآءَ ٱللَّهُ لَجَعَلَكُمۡ أُمَّةٗ وَٰحِدَةٗ وَلَٰكِن لِّيَبۡلُوَكُمۡ فِي مَآ ءَاتَىٰكُمۡ﴾ ئەگەر خودا مەیلی لێ بوایە هەمووی دەکردنە یەك ئوممەت، بەڵام ویستی خوا وابوو لەو شتانەی کە پێی داون بەر تاقیکردنەوەتان بخات. ئەمە وتارێکە بۆ گشت ئوممەتەکان و ئاگادار کردنەوەیە لەسەر دەسەڵات و توانای خودای گەورە. ئەگەر مەیلی لێ بوایە هەموو خەڵکی لەسەر یەك ئاین و شەریعەت کۆ دەکردەوە و هیچ شتێکی لێ نەسخ نەدەکردەوە، بەڵام ویستی خودا وایە بۆ هەر پێغەمبەرێ شەریعەتێکی داناوە، پاشان بە ڕەوانە کردنی پێغەمبەرێکی تر هەندێکی یان هەمووی نەسخ کردوەتەوە. پاشان هەموو شەریعەتەکانی نەسخ کردەوە بە ناردنی ئەو پەیامەی کە ناردی بۆ بەندەو پێغەمبەری خۆی موحەممەد (ﷺ) کە ڕەوانەی کردوە بۆ سەر هەموو خەڵکی سەر زەوی بە تێکڕا. و کردی بە دوایین پێغەمبەری هەموو پێغەمبەران. هەر بۆیە ئەفەرموێت: ﴿وَلَوۡ شَآءَ ٱللَّهُ لَجَعَلَكُمۡ أُمَّةٗ وَٰحِدَةٗ وَلَٰكِن لِّيَبۡلُوَكُمۡ فِي مَآ ءَاتَىٰكُمۡ﴾ واتە: خودا چەند شەریعەتێکی جیاوازی ناردوە بۆ ئەوەی عەبدەکانی تاقی بکاتەوە لەسەر ئەو شەریعەتەی بۆی داناون. پاشان پاداشتیان بداتەوە و تۆڵەیان لێ بسێنێ لەسەر گوێڕایەڵی کردنی یا لاساری و بێ گوێییان لەسەر هەموو ئەو شتانەی کە کردویانە. پاشان خودای گەورە بەندەکانی هەڵدەنێ کە هەوڵی چاکەخوازی بدەن و پێش پێشینی لەسەر بکەن و ئەفەرموێت: ﴿فَٱسۡتَبِقُواْ ٱلۡخَيۡرَٰتِ﴾ دەسا ئێوەش

---

[1] الطبري (١٠/٣٣٢).

[2] الطبري (١٠/٣٨٧).

لەسەری کاری کێبەرکێ بکەن. واتە: خواپەرستی بکەن‌و شوێنی پەیامەکەیشی بکەون کە هەموو شەریعەتەکانی تری پێش خۆی نەسخ کردوەتەوەو بڕوا بێنن بەم قورئانە کە دواین کتێبە خودا ناردویەتە خوارەوە. پاشان ئەفەرموێت: ﴿إِلَى اللَّهِ مَرْجِعُكُمْ جَمِيعًا فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ فِيهِ تَخْتَلِفُونَ﴾ هەموو لاتان دەگەڕێنەوە لای خوداو ئەوسا ئاگادارتان دەکات، کە لەسەرچی کێشەتان لەنێواندا پەیدا ببوو. واتە: ئەی خەڵکینە لە ڕۆژی قیامەتدا هەموو زیندوو دەکرێنەوەو دێنە لای خوداو لەسەر ئەو هەقانەی کە تێیدا ناکۆك بوون ئاگادارتان دەکاتەوەو پاداشتی ڕاستگۆیان ئەداتەوە لەسەر ڕاستگۆییەکەیان‌و خودانەناسی ئەوانەی بڕوایان بە هەق نەبوو لە ڕێی ڕاست لایاندا بێ ئەوەی هیچ بەڵگەیەکیان بە دەستەوە بێ سزای سەخت ئەدات. زەحاك وتی: ﴿فَاسْتَبِقُوا الْخَيْرَاتِ﴾ واتە: ئەی ئوممەتی موحەممەد (ﷺ) کێبەرکێ بکەن لەسەر چاکەکردن. بەڵام ڕای یەکەم دیارو ئاشکرا ترە.

پاشان خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَأَنِ احْكُم بَيْنَهُم بِمَا أَنزَلَ اللَّهُ وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَاءَهُمْ﴾ تۆیش (ئەی موحەممەد (ﷺ)) بەپێی ئەو فەرمانەی لە خوداوە بۆت هاتۆتە خوارەوە، بە کاروباریان ڕابگەو دوای ئارەزوویان مەکەوە. ئەمەیش جەخت کردنەوەیە لەسەر ئەو باسەی پێشەوە کە فەرمان کردنە بە دادوەری کردن بە قورئان‌و ڕێگە نەدان بە هیچ بڕیارێکی تر پێچەوانەی ئەو. وە ئەفەرموێت: ﴿وَاحْذَرْهُمْ أَن يَفْتِنُوكَ عَن بَعْضِ مَا أَنزَلَ اللَّهُ إِلَيْكَ﴾ خۆتیان لێ بپارێزە نەوەکا فریوت بدەن‌و لە هەندێك لەو فەرمانانەی کە لە ئێمەوە بۆی هات هەڵەت بکەن. واتە: لە دوژمنە جوولەکەکانت خۆت بپارێزە کە ڕاستیت لێ بگۆڕن لەو شتانەی کە پێت دەڵێن مەیکەو وازی لێ بێنە گوێ مەدە بە درۆو ناپاکی‌و خوانەناسی ئەوانە ﴿فَإِن تَوَلَّوْا﴾ ئەگەر هەر ڕوویان وەرگێڕا لەو فەرمانانەی کە لە نێوانیاندا ئەیدەیت بە ڕاستی‌و دژی شەرعی خودا وەستان ﴿فَاعْلَمْ أَنَّمَا يُرِيدُ اللَّهُ أَن يُصِيبَهُم بِبَعْضِ ذُنُوبِهِمْ﴾ ئەوسا بزانە کە خودا نیازی وایە لە بەرانبەر هەندێ لە گوناهەکانیان تۆڵەیان لێ بکاتەوە. سا بزانە ئەو شتانە کە ڕوو ئەدات بە دەستەڵاتی خودایەو بە کارزانی خۆی لەگەڵیان دەجوڵێتەوە کاتێ کە لە ڕێگەی ڕاست لایان ئەدات. لەبەر ئەو گوناهانەیە لە پێشدا کردویانەو کە بوەتە هۆی گومڕا بوون‌و سزادانیان.

﴿وَإِنَّ كَثِيرًا مِّنَ النَّاسِ لَفَاسِقُونَ﴾ زۆربەی زۆریشی لەو خەڵکە لە ڕێ دەرچوون. گوێڕایەڵی پەروەردگاریان نەکردو دژی هەق وەستان‌و بەدبەخت بوون. خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَمَا أَكْثَرُ النَّاسِ وَلَوْ حَرَصْتَ بِمُؤْمِنِينَ﴾[1] هەرچەندە زۆریش هەوڵ بدەی، ئەو خەڵکە زۆربەیان بڕوا

---

[1] یوسف (١٠٣).

نامێنن. وە ئەفەرموێت: ﴿وَإِن تُطِعۡ أَكۡثَرَ مَن فِي ٱلۡأَرۡضِ يُضِلُّوكَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ﴾[1] ئەگەر بکەویتە شوێنی قسەی زۆربەی ئەوانە وا لەسەر زەمینەدان لە ڕێگەی خودا لات ئەدەن. موحەممەدی کوڕی ئیسحاق ڕیوایەتی کردوە لە ئیبنوعەبباسەوە وتی: کەعبی کوڕی ئەسەدو ئیبنوسلوباو (صلوبا) عەبدوڵلای کوڕی سوریا (صوريا) و وەشئەس (وشأس) کوڕی قەیش بە یەکتریان وت، هەڵسن با بچین بۆ لای موحەممەد (ﷺ) بەڵکو فریوی بدەین‌و لە ئاینەکەی لای بدەین هاتن بۆ لای‌و وتیان: ئەی موحەممەد (ﷺ) تۆ خۆت دەزانی ئێمە زانایان‌و پیاوماقولان‌و سەرکردەکانی جولەکەین، ئەگەر ئێمە شوێنی تۆ کەوتین، گشت جوولەکەکان شوێنت دەکەون‌و لە قسەی ئێمە دەرناچن، لە نێوان ئێمەو هۆزەکەماندا کێشەیەك هەیە، دادوەریەکەیان دێنینە لای تۆ، تۆ دادوەریەکەمان بۆ بکەو بڕیار بدە بەسەریاندا بۆمان. ئێمە بڕوات پێ دەهێنین‌و بە ڕاستت دەزانین. پێغەمبەری خودا(ﷺ) قبوولی نەکرد. خودای گەورە ئەم ئایەتەی لەبارەیانەوە ناردە خوارەوە: ﴿وَأَنِ ٱحۡكُم بَيۡنَهُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ وَلَا تَتَّبِعۡ أَهۡوَآءَهُمۡ وَٱحۡذَرۡهُمۡ أَن يَفۡتِنُوكَ عَنۢ بَعۡضِ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ إِلَيۡكَ﴾[2] ئیبنوجەریرو ئیبنوحاتەم ڕیوایەتیان کردوە. پاشان خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿لِّقَوۡمٍ يُوقِنُونَ﴾ ئایا ئەوان دەیانەوێ حوکمی زەمانی نەفامی پێش ئیسلام زیندوو کەنەوە، کام فەرمان لە فەرمانی خوا چاکترە، لەلای کەسانێك کە بڕوای تەواویان هەیە. خودای گەورە پێناخۆشی خۆی دەردەبڕێ دەربارەی ئەوانەی کە لە فەرمانی بتەوی خودا دەردەچن کە پڕە لە هەموو چاکەیەو ڕێگرە لە گشت خراپەیەو لایداوە لە هەموو هەواو ئارەزو زاراوەیەك کەسانێ داینابێ کە بەڵگەیەکی شەرعیان بە دەستەوە نەبێ لەلایەن خوداوە. وەك چۆن خەڵکی سەردەمی نەفامی فەرمانیان بەو گومڕایی‌و کارە نەفامانە داوەو بە هەواو ئارەزوی خۆیان دایان ناوە. یان وەك تەتارەکان حوکمیان پێ کردوە لە سیاسەتی پاشایەتیدا بە فەرمانی پاشاکەیان جەنگیز خان کە یەساقی (الیساق) بۆ دانان. کە پێك هاتبوو لە کتێبێ کۆمەڵێ بڕیار کە لە چەندین یاساو ڕێسا کۆی کردبوەوەو داینا بوو. لە ئاینی جوولەکەو مەسیحی‌و ئاینی ئیسلام‌و ئاینی تریش. فەرمان‌و بڕیاری زۆری تیا بوو کە تەنیا بە هەواو ئارەزووی خۆی داینا بوو. پاش خۆی لەناو کوڕەکانیدا کرابوو بە یاساو ڕێسایە کە پێش فەرمانی خوداو پێغەمبەری خودایان (ﷺ) دەخست. هەرکەسێ لەوانە بڕوای بەو یاساو ڕێسایە بوا، ئەوا بێ دین ئەبوو دەبوایە شەڕی لەگەڵدا بکرایە هەتا دەگەڕایەوە ژێر فەرمانی خوداو پێغەمبەرەکەی (ﷺ) چونکە هیچ حوکمێ جگە لە حوکمی خوداو

[1] الانعام (١١٦).

[2] الطبري (٣٩٣/١٠).

پێغەمبەرەکەی (ﷺ) قبوول ناکرێ کەم بێ یان زۆر. خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿أَفَحُكْمَ الْجَاهِلِيَّةِ يَبْغُونَ ۚ وَمَنْ أَحْسَنُ مِنَ اللَّهِ حُكْمًا لِّقَوْمٍ يُوقِنُونَ﴾ ئایا ئەوان دەیانەوێ حوکمی زەمانی پێش ئیسلام زیندوو کەنەوە. کام حوکم لە حوکمی خودا چاکترە لەلای کەسانێك کە بڕوای تەواویان هەیە. واتە: کێ لە خودا دادپەروەرترە لە بڕیاریدا بۆ کەسێ خاوەن ئاوەز بێ و لە شەرعی دا شارەزا بێ و بڕوای پێی بێ. چاك بزانێ و دڵنیا بێ کە خودا چاکترین دادگەرەو خاوەن بەزەیی ترە بەرانبەر دروست کراوەکانی لە دیك بۆ کورەکەی خۆی، چونکە خودا ئاگاداری هەموو شتێکەو توانای بەسەریدا هەیەو لە هەموو شتێکدا دادگەرە. تەبەرانی ڕیوایەتی کردوە لە ئیبنوعەبباسەوە وتی: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (ڕق لێبوترین کەس لەلای خودا کەسێکە کە ڕێڕەوێکی (سنة) زەمانی نەفامی لەناو ئیسلامدا بگرێتە بەر وە کەسێکە داوای خوێنی لە کەسێ بکات بە ناهەق بۆ ئەوەی خوێنی بڕێژێ)[1] بوخاریش ڕیوایەتی کردوە لە ئەبویەمانەوە هەر بەم شێوە وە بە هەندێ زیادەوە[2].

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَتَّخِذُوا الْيَهُودَ وَالنَّصَارَىٰ أَوْلِيَاءَ ۘ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ ۚ وَمَن يَتَوَلَّهُم مِّنكُمْ فَإِنَّهُ مِنْهُمْ ۗ إِنَّ اللَّهَ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ (٥١) فَتَرَى الَّذِينَ فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٌ يُسَارِعُونَ فِيهِمْ يَقُولُونَ نَخْشَىٰ أَن تُصِيبَنَا دَائِرَةٌ ۚ فَعَسَى اللَّهُ أَن يَأْتِيَ بِالْفَتْحِ أَوْ أَمْرٍ مِّنْ عِندِهِ فَيُصْبِحُوا عَلَىٰ مَا أَسَرُّوا فِي أَنفُسِهِمْ نَادِمِينَ (٥٢) وَيَقُولُ الَّذِينَ آمَنُوا أَهَٰؤُلَاءِ الَّذِينَ أَقْسَمُوا بِاللَّهِ جَهْدَ أَيْمَانِهِمْ ۙ إِنَّهُمْ لَمَعَكُمْ ۚ حَبِطَتْ أَعْمَالُهُمْ فَأَصْبَحُوا خَاسِرِينَ (٥٣)﴾

قەدەغی کردنی دۆستایەتی لەگەڵ جوولەکە و مەسیحی دوژمانی ئیسلامدا

خودای مەزن قەدەغەی کردوە لە عەبدە خاوەن باوەڕشەکانی کە دۆستایەتی ئەو گاورو جوولەکانە بکەن کە دوژمنی ئیسلام و کۆمەڵی موسوڵمانانن (نەفرینی خوایان لێ بێ) پاشان فەرموویەتی کە ئەو گاورو جوولەکانە لەناو خۆیاندا دۆستی یەکترین. هەڕەشەی تۆڵە سەندن دەکات لەو کەسانەی ئەو دۆستایەتیە دەکەن و ئەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَتَّخِذُوا الْيَهُودَ وَالنَّصَارَىٰ أَوْلِيَاءَ ۘ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ ۚ وَمَن يَتَوَلَّهُم مِّنكُمْ فَإِنَّهُ مِنْهُمْ﴾ ئەی گەلی خاوەن باوەڕان مەبنە دۆستی ئەم گاورو جوولەکانە با ئەوان دۆستی یەکتر بن (هەرکەسێك لە ئێوە ببێتە دۆستیان، ئەویش لەوان دەژمێردرێ ﴿إِنَّ اللَّهَ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ﴾ ئەوانەی لەسەر ناهەقین، خودا ڕێیان نیشان نادات. ئیبنوئەبی حاتەم ڕیوایەتی کردوە کە عومەر فەرمانی دا بە ئەبوموسای ئەشعەری ئەو شتانەی کە وەری دەگرێ و دەیبەخشێ لە یەك

---

[1] الطبراني (١٠/٣٧٤)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

[2] فتح الباري (١٢/٢١٩).

چەرمدا (پێستەدا) بۆی بەرز بکاتەوە، ئەبوموسایش نووسەرێکی (کاتبێکی) مەسیحی هەبوو، ئەوەی بۆ بەرز کردەوە، عومەر سەری سوڕما و وتی: بەڕاستی ئەمە پارێزراوێکی چاکە، ئایا تۆ نامەیەکمان بۆ هاتوە لە شامەوە لە مزگەوتە بۆمان دەخوێنیتەوە؟ وتی: ئەوە ناتوانێ بۆیان بخوێنێتەوە. عومەر وتی: ئایا ئەوە لەشی پیسە؟ ئەبوموسا وتی: نەخێر، ئەوە مەسیحیە. وتی: لێم تووڕە بوو کێشای بە ڕانمدا پاشان وتی: دەریکەن پاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوە: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَتَّخِذُواْ ٱلْيَهُودَ وَٱلنَّصَٰرَىٰٓ أَوْلِيَآءَ﴾[1] وە ڕیوایەت کراوە لە عەبدوڵڵای کوڕی عوتبەوە وتی: با هەرکەسێ لە ئێوە لەوە بترسێ کە ببێتە جوولەکە یان مەسیحی کە بەخۆیشی نەزانێ. وتی: وامانزانی مەبەستی بەو قسەیە ئەم ئایەتەیە کە خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَتَّخِذُواْ ٱلْيَهُودَ وَٱلنَّصَٰرَىٰٓ أَوْلِيَآءَ﴾[2] خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿فَتَرَى ٱلَّذِينَ فِى قُلُوبِهِم مَّرَضٌ يُسَٰرِعُونَ فِيهِمْ﴾ ئەو کەسانەی نەخۆشی لە دڵیاندایە، دەبینی کە بە پەلەن بۆ چوونە لایان. واتە: ئەوانەی کە دڵیان نەخۆشەو بە گومان و دووڕوون زۆر پەلەیانە بچنە لای جوولەکەو گاورەکان و حەزیان لە دۆستایەتیانەو بە پەنهانی و بە ئاشکرایش خۆشیان دەوێن. ﴿يَقُولُونَ نَخْشَىٰٓ أَن تُصِيبَنَا دَآئِرَةٌ﴾ دەڵێن ئێمە دەترسین تووشی بەلا ببین (بۆیە دۆستایەتیان دەکەین) واتە: بڕوبیانو بەو دۆستایەتی و خۆشەویستیە بەوە دێننەوە کە لەوە دەترسن خوانەناسەکان سەرکەون بەسەر موسوڵماناندا، تا ئەمان بەو دۆستایەتیە بتوانن سوودمەند بن. ئا لەوێدا خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿فَعَسَى ٱللَّهُ أَن يَأْتِىَ بِٱلْفَتْحِ﴾ هیچ دوور نیە خودا ڕۆژێ سەرتان بخات. سوودی وتی: مەبەست پێی فەتحی مەککەیە[3]. ﴿أَوْ أَمْرٍ مِّنْ عِندِهِۦ﴾ سوودی وتی: واتە: دانانی سەرانە لەسەر مەسیحی و جوولەکەکان ﴿فَيُصْبِحُواْ عَلَىٰ مَآ أَسَرُّواْ فِىٓ أَنفُسِهِمْ نَٰدِمِينَ﴾ ئەوسا ئەوان لەو ڕازەی لە دڵیاندایە، تووشی پەشیمانی دەبن. واتە: ئەو کەسانەی دۆستایەتی لەگەڵ مەسیحی و جوولەکەدا دەکەن لە دووڕووەکان و لە دڵیاندا شاردویانەتەوە پەشیمان دەبنەوە. دوای ئەوەی سوودمەند نەبوون و هیچ زیانێکیان لێ دوور نەخستنەوەو بەڵکو زۆر بە خراپیش بەسەریاندا شکایەوە، ئابڕوویان چوو، خودا هەر لە دنیادا ئەو کارەی ئاشکرا کردن بۆ عەبدە خاوەن باوەڕەکانی دوای ئەوە کە بۆیان پۆشرا بوو. نازانرێ چ حاڵێکیان بوە، کاتێ ئەو هۆکارە ئابڕووبەرانەیان بۆ عەبدە خاوەن باوەڕەکانی خودا دەرکەوت. بڕوادارەکان سەریان سوڕما بوو کە چۆن ئەو دووڕووانە وا خۆیان پێشانیان ئەدەن کە لە

---

[1] الدر المنثور (٣/١٠٠).

[2] إبن أبي حاتم (٤/١١٥٦).

[3] الطبري (١٠/٤٠٥).

ڕێزی بڕواداران‌و سوێندیش دەخۆن‌و بڕوبیانون دەهێننەوە. هەموو درۆو بوختـەکانیان ئاشـکرا بـوو. هەر بۆیـە خـودای گـەورە ئەفـەرموێت: ﴿وَيَقُولُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَهَٰٓؤُلَآءِ ٱلَّذِينَ أَقۡسَمُواْ بِٱللَّهِ جَهۡدَ أَيۡمَٰنِهِمۡ إِنَّهُمۡ لَمَعَكُمۡۚ حَبِطَتۡ أَعۡمَٰلُهُمۡ فَأَصۡبَحُواْ خَٰسِرِينَ﴾ کەسانی خاوەن باوەڕیش ئەوسا دەڵێن: ئایا هەر ئەمانە نەبوون زۆر بە توندی سوێندیان بە خوا دەخوارد کە تا سەر لەگەڵتانن؟ ئەو کارە ئەوان کردیان بەفیڕۆ چوو، دوایبیەکەیشی تووشی زیان‌و ڕەنجەڕۆیی بوون.

هۆی هاتنە خوارەوەی ئەم ئایەتانە

موحەممەدی کوڕی ئیسحاق وتی: یەکەم هۆزێ کە پەیمان شکێنی لە نێوان خۆیان‌و پێغەمبەری خودا(ﷺ) کرد هۆزی بەنی قەینوقاع بوو (بني قينُقاع) عاسیم کوڕی عومەری کوڕی قەتادە بۆی گێڕاموە وتی: پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئابڵۆقەی دان هەتا دابەزین بۆ فەرمانی کاتێ کە خودا موسوڵمانانی زاڵ کرد بەسەریاندا، عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەیی کوڕی سەلول هەڵساو هات بۆ خزمەتی پێغەمبەر(ﷺ) وتی: ئەی موحەممەد چاکە لەگەڵ دۆستەکانما بکە (هۆزی بەنی قەینوقاع هاوپەیمانی هۆزی خەزرەج بوون) وتی: پێغەمبەری خودا(ﷺ) گوێی بۆ نەگرت. دیسان وتی: ئەی موحەممەد چاکە لەگەڵ دۆستەکانما بکە. پێغەمبەر(ﷺ) هەر پشت گوێی خست. وتی: دەستی نایە ناو باخەڵی کراسەکەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) پێی وت: (لێم گەڕێ) پێغەمبەری خودا تووڕە بوو. هەتا گرژی بە نێوچاوانیەوە دیار بوو پاشان فەرمووی: (هاوار بۆ تۆ لێم گەڕێ) وتی: نەخێر، سوێند بە خوا وازت لێ ناهێنم هەتا چاکە نەکەی لەگەڵ ئەم دۆستانەمدا کە چواردە کەسی بێ زرێ‌و قەڵغان‌و سێ سەد کەسی زرێ‌و قەڵغان پۆشن. کە پارێزگاریان لە من کردوە لە سورو ڕەشدا (واتە: لە هەموو تەنگانەیەکدا بە دەممەتوە هاتون) وازت لێ بێنم لە بەرەبەیانێکدا دروێنەیان کەی؟ (واتە: بیان کوژی) من پیاوێکم لە تۆڵە کردنەوە دەترسم، وتی: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: (ئەوانە بۆ تۆ) موحەممەدی کوڕی ئیسحاق وتی: ئەبوئیسحاقی کوڕی یەسار بۆی گێڕامەوە لە عوبادەی کوڕی وەلیدی کوڕی عوبادەی کوڕی سامیتەوە وتی: کاتێ بەنی قەینوقاع شەڕیان لەگەڵ پێغەمبەری خوادا کرد. عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەیی کەوتە تکا کردن بۆیان، لە پێشیانەوە بوو، عوبادەی کوڕی سامیتیش دەڕۆشت بۆ لای پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئەویش یەکێ بو لە بەنی عەوفیەکانی کوڕی خەزرەج، ئەمیش هاوپەیمانی هەبوو لەگەڵیان وەك عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەیی کوڕی سەلول. (دەست بەرداریان بوو) دانیە دەستی پێغەمبەری خودا. دەست بەرداری خۆی لەلای خوداو پێغەمبەرەکەی (ﷺ) دەربڕی لە هاوپەیمانیان‌و وتی: ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) بێزاری خۆم دەردەبڕم لە هاوپەیمانی ئەمانە لەلای خوداو پێغەمبەرەکەی (ﷺ) دۆستایەتی خوداو پێغەمبەرکەی‌و خاوەن باوەڕانم دەکەم. بێزاری خۆم

دەردەبڕم لە هاوپەیمانی خوانەناسانو دۆستایەتی کردنیان. ئەم ئایەتانەی سورەتی مائیدە لەسەر عوبادەو عەبدوڵلای کوڕی ئوبەیی هاتە خوارەوە کە ئەفەرموێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَتَّخِذُواْ ٱلْيَهُودَ وَٱلنَّصَٰرَىٰٓ أَوْلِيَآءَ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَآءُ بَعْضٍ﴾ هەتا دەگاتە: ﴿وَمَن يَتَوَلَّ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ فَإِنَّ حِزْبَ ٱللَّهِ هُمُ ٱلْغَٰلِبُونَ﴾[1].

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مَن يَرْتَدَّ مِنكُمْ عَن دِينِهِۦ فَسَوْفَ يَأْتِى ٱللَّهُ بِقَوْمٍ يُحِبُّهُمْ وَيُحِبُّونَهُۥٓ أَذِلَّةٍ عَلَى ٱلْمُؤْمِنِينَ أَعِزَّةٍ عَلَى ٱلْكَٰفِرِينَ يُجَٰهِدُونَ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ وَلَا يَخَافُونَ لَوْمَةَ لَآئِمٍ ذَٰلِكَ فَضْلُ ٱللَّهِ يُؤْتِيهِ مَن يَشَآءُ وَٱللَّهُ وَٰسِعٌ عَلِيمٌ ﴿٥٤﴾ إِنَّمَا وَلِيُّكُمُ ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱلَّذِينَ يُقِيمُونَ ٱلصَّلَوٰةَ وَيُؤْتُونَ ٱلزَّكَوٰةَ وَهُمْ رَٰكِعُونَ ﴿٥٥﴾ وَمَن يَتَوَلَّ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ فَإِنَّ حِزْبَ ٱللَّهِ هُمُ ٱلْغَٰلِبُونَ ﴿٥٦﴾﴾

هەڕەشە کردن لە خاوەن باوەڕان ئەگەر پاشگەز ببنەوە بە هێنانی کۆمەڵێکی تر

خودای مەزن باسی تواناو دەسەڵاتی گەورەی خۆی دەکات: کە بێ نیازە لە هەموو شتێو باوەڕداران ئاگادار دەکاتەوە کە هەرکەسێ پاشگەز ببێتەوە لە یارمەتی دینەکەیی‌و پەیامەکەی نەکاتە بەرنامەی ژیانی خۆی. خودا بەو زوانە دەیانگۆڕێو کۆمەڵێکی لەوان چاکتر لە جێیان دادەنێ کە زۆر بەهێزترو چاکتر پەیڕەوی پەیامەکەی دەکەن. وەك ئەفەرموێت: ﴿وَإِن تَتَوَلَّوْاْ يَسْتَبْدِلْ قَوْمًا غَيْرَكُمْ ثُمَّ لَا يَكُونُوٓاْ أَمْثَٰلَكُم﴾[2] ئەگەر پشتی تێ بکەن، کۆمەڵێکی تر بە ئێوە دەگۆڕێتەوە کە هەرگیز لە ئێوە ناچن. وە ئەفەرموێت: ﴿أَلَمْ تَرَ أَنَّ ٱللَّهَ خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ بِٱلْحَقِّ إِن يَشَأْ يُذْهِبْكُمْ وَيَأْتِ بِخَلْقٍ جَدِيدٍ ﴿١٩﴾ وَمَا ذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ بِعَزِيزٍ﴾[3] تۆ نابینی خودای مەزن ئاسمانەکانو زەمینی هەر بۆ ڕاستی دروست کردوە؟ ئەگەر خۆی مەیلی لێبێ، ئێوە دەباتو سەر لە نوێ خەڵکێکی تر دروست دەکات. کە ئەم کارەیش لەلای خودا گران نیە. کەس ناتوانێ ڕێگری لێ بکات. لێرەیشدا ئەفەرموێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مَن يَرْتَدَّ مِنكُمْ عَن دِينِهِۦ﴾ ئەی کۆمەڵی خاوەن باوەڕان، هەرکەسێ لە ئێوە پاشگەز لە ئاینی خۆی پاشگەز ببێتەوە. واتە: پەشیمان ببێتەوە لە هەق ڕوو بکاتە پڕوپوچ. ئەم وتارە وتارێکی گشتگیرە

---

[1] إبن هشام (٣/٥٢)، سەنەدەکەی بەهێز نی یە لەبەر ئیسحاقی کوڕی یەسار بەڵام فەرموودەی تر هاتوە پشتگیری دەکات.

[2] محمد (٣٨).

[3] إبراهيم (١٩-٢٠).

هەتا ڕۆژی قیامەت. وە ئەفەرموێت: ﴿فَسَوْفَ يَأْتِي ٱللَّهُ بِقَوْمٍ يُحِبُّهُمْ وَيُحِبُّونَهُۥٓ أَذِلَّةٍ عَلَى ٱلْمُؤْمِنِينَ أَعِزَّةٍ عَلَى ٱلْكَٰفِرِينَ﴾ خودا لەمەولا کۆمەڵێکی وا دێنێ، خۆشی بوێن و ئەوانیش خوایان خۆش بوێ، لە بەرانبەر خاوەن باوەڕان نەرم و نیان دەجوڵێنەوەو لە بەرانبەر خوانەناسان سەر بڵندو توندو تیژن. ئەمە خوڕەوشتی خاوەن باوەڕانی تەواوە کە بەرانبەر براکەی خۆی بە کەم دەزانێ و دۆستیەتی. زۆر توندو تیژە لەگەڵ دوژمنەکانیدا. وەك خودای مەزن لە ئایەتێکی تردا ئەفەرموێت: ﴿مُّحَمَّدٌ رَّسُولُ ٱللَّهِ ۚ وَٱلَّذِينَ مَعَهُۥٓ أَشِدَّآءُ عَلَى ٱلْكُفَّارِ رُحَمَآءُ بَيْنَهُمْ﴾[1] موحەممەد (ﷺ) پێغەمبەری خودایە، ئەوانەش کە لەگەڵ ئەون لە بەرانبەر خوانەناسان توندو تیژە لەناو خۆدا دلۆڤانن. وە لە سیفەتەکانی پێغەمبەری خودا(ﷺ). (انه الضحوك القتال) واتە: لەگەڵ دۆستەکانی دەم بە خەندە بووە و بەرانبەر دوژمنەکانیشی توندو تیژ بووە. خودای مەزن لێرەدا ئەفەرموەێت: ﴿يُجَٰهِدُونَ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ وَلَا يَخَافُونَ لَوْمَةَ لَآئِمٍ﴾ غەزا لە ڕێی خودا دەکەن و لە تەشەری سەرزەنشت کەران ناترسن. واتە: ئەو شتانەی کە بەرانبەریان دەکرێ لەلایەن خوانەناسانەوە کۆڵیان پێ نادات لە خواپەرستی و لە بەجێهێنانی سنورەکانی و شەڕ کردن لەگەڵ دوژمنانی خوداو فەرماندان بە چاکەو قەدەغە کردنی لە خراپە. هیچ کەس ناتوانێ ببێتە کۆسپ و لەمپەر لە ڕێیاندا. لۆمەی لۆمەکەران و دورکەوتنەوەی دوورەپەرێزان هیچ کاریان تێ ناکات. ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردوە لە ئەبوزەڕەوە وتی: خۆشەویستەکەم فەرمانی پێکردم بە حەوت شت: فەرمانی پێکردون بە خۆشەویستی هەژاران و نزیك بوونەوە لێیان، وە فەرمانی پێکردوم کە سەیرێ کەسێ بکەم لە خوار خۆمەوەیە، سەیرێ کەسێ نەکەم لە سەرمەوەیە. وە فەرمانی پێکردم کە پەیوەندی خزمایەتی بەجێ بێنم با پشتیش هەڵبکەن. وە فەرمانی پێکردوم کە هیچ شتی کەس داوا نەکەم، وە فەرمانی پێکردوم کە قسەی هەق بکەم با تاڵیش بێ. وە فەرمانی پێکردوم لەبەر خودا لە لۆمەی لۆمەکەران نەترسم، وە فەرمانی پێکردووم کە زۆر ئەم وتانە (لا حول و لا قوة إلا بالله) دووبارە بکەمەوە چونکە ئەم وتانە لە گەنجینەیەکان لە ژێر تەختدا (العرش).[2] وە لە فەرموودەی سەحیحدا هاتوە: (دروست نیە بۆ خاوەن باوەڕ کە خۆی زەلیل بکات). وتیان: ئەی پێغەمبەری خودا چۆن خۆی زەلیل دەکات؟ فەرمووی: (بارێ لەو مەینەتیانە (من البلاء) هەڵدەگرێ کە لە توانادا نیە).[3] ﴿ذَٰلِكَ فَضْلُ ٱللَّهِ يُؤْتِيهِ مَن يَشَآءُ ۚ وَٱللَّهُ وَٰسِعٌ عَلِيمٌ﴾ ئەمە زیادە خەڵاتێکە لە خوداوە بە هەرکەسێ خۆی مەیلی

---

[1] الفتح (٢٩).

[2] أحمد (١٥٩/٥)، یەکێك لە سەنەدەکانی جێی متمانەیە.

[3] أحمد (٤٠٥/٥)، تحفة الاحوذي (٥٣١/٦)، إبن ماجة (١٣٣٢/٢)، فەرموودەیەکی حەسەنی غەریبە.

لێبێ پێی دەبەخشێ خودا زانایەو (لە بەخشین) زۆر دەست گوشادە. واتە: ئەوە خەڵاتێکە بۆ ئەو کەسانەی کە ئەو ڕەوشتە چاکانەیان تیایەو خودا خۆیشی دەزانێ کێ شایستەی ئەو خەڵاتەیەو کێش لێی بێ بەش دەبێ. پاشان ئەفەرموێت: ﴿إِنَّمَا وَلِيُّكُمُ اللَّهُ وَرَسُولُهُ وَالَّذِينَ آمَنُوا الَّذِينَ يُقِيمُونَ الصَّلَاةَ وَيُؤْتُونَ الزَّكَاةَ وَهُمْ رَاكِعُونَ﴾ دۆستی ئێوە هەر خوداو پێغەمبەریەتیو ئەو کۆمەڵە باوەڕدارانەن کە نوێژ کەرو زەکات دەرن ڕوەو خوا لە کڕنوشدان. واتە: جوولەکە دۆستی نین بەڵکو خوداو پێغەمبەرو خاوەن باوەڕان دۆستی ئێوەن، ئەو باوەڕدارانەی کە خاوەنی ئەم ڕەوشتانەن نوێژ کەرن، کە یەکێکە لە پایە گەورەکانی ئیسلام کە بریتیە لە پەرستنی خودا بەتەنیاو شەریك دانەنان بۆی. زەکات دەرن کە هەقی خەڵکەو یارمەتیدانی هەژارو کەم دەستانە. وە مەبەست بە (الراکعون) ئەو خاوەن باوەڕانەن کە ئامادەی نوێژی فەرزەکان دەبن لە ماڵەکانی خوداو نوێژەکانیان بە جەماعەت دەکەنو زەکاتەکانیشیان لە بەرژەوەندی موسوڵمانانادا خەرج دەکەنو دەیبەخشن.

هۆی هاتنە خوارەوەی ئەم ئایەتانە

لە پێشەوە باس کرا کە ئەم ئایەتانە هەموو لەسەر عوبادەی کوڕی سامیت (ڕەزای خوای لێبێ) هاتنە خوارەوە کاتێ کە وازی لە هاوپەیمانی جوولەکەکان هێناو ڕازی بوو بە دۆستایەتی خوداو پێغەمبەرەکەیو خاوەن باوەڕان. هەر بۆیە خودای مەزن دوای ئەمانە هەموو ئەفەرموێت: ﴿وَمَن يَتَوَلَّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَالَّذِينَ آمَنُوا فَإِنَّ حِزْبَ اللَّهِ هُمُ الْغَالِبُونَ﴾ هەرکەسێکیش دۆسشتایەتی لەگەڵ خوداو پێغەمبەری خوداو ئەو کەسانە بێ کە باوەڕدارن بێگومان هەر کۆمەڵی خودا زاڵو سەرکەوتوون. وەك خودای گەورە لە ئایەتی تریشدا فەرموویەتی: ﴿كَتَبَ اللَّهُ لَأَغْلِبَنَّ أَنَا وَرُسُلِي إِنَّ اللَّهَ قَوِيٌّ عَزِيزٌ ۝٢١ لَا تَجِدُ قَوْمًا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ يُوَادُّونَ مَنْ حَادَّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَلَوْ كَانُوا آبَاءَهُمْ أَوْ أَبْنَاءَهُمْ أَوْ إِخْوَانَهُمْ أَوْ عَشِيرَتَهُمْ أُولَٰئِكَ كَتَبَ فِي قُلُوبِهِمُ الْإِيمَانَ وَأَيَّدَهُم بِرُوحٍ مِّنْهُ وَيُدْخِلُهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا عَنْهُ أُولَٰئِكَ حِزْبُ اللَّهِ أَلَا إِنَّ حِزْبَ اللَّهِ هُمُ الْمُفْلِحُونَ﴾[1] خودا خۆی بڕیاری داوە: بێگومان منو پێغەمبەرەکانم سەردەکەوین، خودا خاوەن توانای بەدەستەڵاتە. تۆ نابینی ئەوانەی باوەڕیان هەیە بە خوداو بە ڕۆژی قیامەت نابێ هەرگیز ببنە دۆستی ئەوانەی دژایەتی خوداو پێغەمبەری خودا دەکەن. با ئەو کەسانەش باوکیان یان فەرزەندیان یان برایان یان لە هۆزەکەی خۆیان بن. ئەمانە خودا بڕوای لە دڵیاندا جێگیر کردوەو بە

١ المجادلة (٢٠ـ٢١).

هێزێکی تایبەتی خۆی یارمەتی داون. دەیان نێرێتە باغاتێك ڕووباریان بە بەردا دەڕواو هەتا سەر هەر لەوێ دەبن، خودایان لێ ڕازی بوەو ئەوانیش لە خودا ڕازین، ئەوانە کۆمەڵی خودان، باش بزانن هەر کۆمەڵی خودا ڕزگارن. واتە: هەرکەسێ ڕازی بوبێ بە دۆستایەتی خوداو پێغەمبەرەکەی و بڕواداران، بێگومان ئەوە ڕزگار بوە لە دنیاو لە قیامەتداو سەرکەوتوە لە دنیاو لە قیامەتیشدا هەر بۆیە خودای گەورە لەم ئایەتە پیرۆزەدا فەرموویەتی: ﴿وَمَن يَتَوَلَّ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ فَإِنَّ حِزۡبَ ٱللَّهِ هُمُ ٱلۡغَٰلِبُونَ﴾.

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَتَّخِذُواْ ٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُواْ دِينَكُمۡ هُزُوٗا وَلَعِبٗا مِّنَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ مِن قَبۡلِكُمۡ وَٱلۡكُفَّارَ أَوۡلِيَآءَۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ إِن كُنتُم مُّؤۡمِنِينَ ﴿٥٧﴾ وَإِذَا نَادَيۡتُمۡ إِلَى ٱلصَّلَوٰةِ ٱتَّخَذُوهَا هُزُوٗا وَلَعِبٗاۚ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمۡ قَوۡمٞ لَّا يَعۡقِلُونَ ﴿٥٨﴾﴾

قەدەغە کردنی دۆستایەتی خوانەنسان

ئەمە بێزاری دەربڕینە لە دۆستایەتی کردنی دوژمنانی ئیسلام وەك جوولەکەو گاورو بت پەرستەکان کە گاڵتەو لاقرتی دەکەن بە پیرۆزیەکانی ئەم ئیسلامە پاكو بێگەردە تێرو تەواوە کە هەرچی خێرو بێری دنیاو دینە تێیدا کۆکراوەتەوە. وەك خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَتَّخِذُواْ ٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُواْ دِينَكُمۡ هُزُوٗا وَلَعِبٗا مِّنَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ مِن قَبۡلِكُمۡ وَٱلۡكُفَّارَ﴾ ئەی کۆمەڵی خاوەن باوەڕان ئێوە لەگەڵ ئەو کەسانەی گاڵتە بە دینتان دەکەنو لە ئەهلی کتێب هەژمار دەکرێن (پێشا بۆیان هاتوە) و ئەو کەسانەی خوانەناسن. ﴿مِّنَ﴾ لێرەدا بۆ بەیانی جنسە. وەك خودای گەورە لە ئایەتێکی تردا فەرموویەتی: ﴿فَٱجۡتَنِبُواْ ٱلرِّجۡسَ مِنَ ٱلۡأَوۡثَٰنِ﴾[1] لە چڵكو چەپەڵی بتەکان دوورەپەرێز بن. هەندێ خوێندویانەتەوە (والكفارِ) بە مەکسوری عەتفی کردۆتە پێش خۆی. هەندێکی تریش بە مەنسوبی خوێندویانەتەوەو کردویانە بە (معمول) بەم شێوەیان لێ کردوە (و لا الكفارَ أولياء) واتە: نە گاورو جوولەکەو نە خوانەناسان هیچیان مەکەنە دۆستی خۆتان. ئیبنوجەریریش بەم شێوەیە ڕیوایەتی کردوە کە لە خوێندنەوەی ئیبنومەسعوددا هاتوە ﴿ءَامَنُواْ لَا تَتَّخِذُواْ ٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُواْ دِينَكُمۡ هُزُوٗا وَلَعِبٗا مِّنَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ مِن قَبۡلِكُمۡ وَٱلۡكُفَّارَ أَوۡلِيَآءَ﴾[2]. (من الذين أشركوا)ی خوێندوەتەوە لە جێی (الكُفارة) پاشان خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ إِن كُنتُم مُّؤۡمِنِينَ﴾ ئەگەر ئێوە بەڕاستی خاوەن باوەڕن، دەبێ لە خوا بترسن. دوژمنانی خۆتانو ئاینەکەتان نەکەنە خۆتان کە گاڵتە بە ئاینەکەی ئێوە دەکەن. وەك خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿لَّا يَتَّخِذِ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ ٱلۡكَٰفِرِينَ أَوۡلِيَآءَ مِن دُونِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَۖ وَمَن يَفۡعَلۡ ذَٰلِكَ فَلَيۡسَ

---

[1] الحج (٣٠).

[2] الطبري (١٠/٤٣٠).

مِنَ ٱللَّهِ فِى شَىۡءٍ إِلَّآ أَن تَتَّقُواْ مِنۡهُمۡ تُقَىٰةً وَيُحَذِّرُكُمُ ٱللَّهُ نَفۡسَهُۥ وَإِلَى ٱللَّهِ ٱلۡمَصِيرُ ﴾[1] باوەڕداران با جگە لە باوەڕداران نەکەن بە دۆست، هەرکەس لەم فەرمانە دەرچێ، هیچ بەشی بە خوداوە نیە، جا مەگین لێیان بترسن‌و لە ناچاری پێیان بڵێن: دۆستی ئێوەین. خودا دەیەوێ هەر بە ڕاستی لەو بترسن‌و پاشەڕۆژتان هەر لای ئەوە.

گاڵتە کردنی خوانەناسان بە نوێژو بانگدان

خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿وَإِذَا نَادَيۡتُمۡ إِلَى ٱلصَّلَوٰةِ ٱتَّخَذُوهَا هُزُوٗا وَلَعِبٗاۚ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمۡ قَوۡمٞ لَّا يَعۡقِلُونَ﴾ هەرکاتێ ئێوە بۆ نوێژ کردن بانگ دەکەن، ئەمانە گاڵتەی پێ دەکەن، چونکە ئەمان کۆمەڵێکی بێ ئاوەزن‌و لە هیچ ناگەن. نازانن کە نوێژ کردن لە گەورەترین کارەکانەو لە مانای عیبادەت‌و شەریعەتی خودا شارەزا نین. ئەمە ڕەوشتی شوێنکەوتوانی شەیتانە. پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (ئەگەر بانگ درا بۆ نوێژ شەیتان هەڵدێت‌و تڕ لێدەدات بۆ ئەوەی بانگەکە نەبیستێ، کاتێ بانگەکە تەواو بوو دێتەوە هەتا قامەت دەکرێت ئینجا هەڵدێتەوە، کاتێ قامەت تەواو دەبێ دێتەوە بۆ ئەوەی دالغە بۆ نوێژگەرەکە دروست بکات، پێی دەڵێت: یادی ئەمەو ئەوە بکە (شتی وا کە پێشتر لە یادیا نەبوە) تا وا لەو پیاوە دەکات نازانێ چەند ڕکاتی کردوە، ئەگەر یەکێکتان ئەوەی بینی با دوو سوژدە ببات پێش وەلام دانەوە). بوخاری‌و موسلیم ڕیوایەتیان کردوە[2] زوهری وتی: خودا باسی بانگدانی لە کتێبەکەیدا (واتە قورئان) کردوەو فەرموویەتی: ﴿وَإِذَا نَادَيۡتُمۡ إِلَى ٱلصَّلَوٰةِ ٱتَّخَذُوهَا هُزُوٗا وَلَعِبٗاۚ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمۡ قَوۡمٞ لَّا يَعۡقِلُونَ﴾.[3]

﴿قُلۡ يَٰٓأَهۡلَ ٱلۡكِتَٰبِ هَلۡ تَنقِمُونَ مِنَّآ إِلَّآ أَنۡ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ وَمَآ أُنزِلَ إِلَيۡنَا وَمَآ أُنزِلَ مِن قَبۡلُ وَأَنَّ أَكۡثَرَكُمۡ فَٰسِقُونَ ﴿٥٩﴾ قُلۡ هَلۡ أُنَبِّئُكُم بِشَرّٖ مِّن ذَٰلِكَ مَثُوبَةً عِندَ ٱللَّهِۚ مَن لَّعَنَهُ ٱللَّهُ وَغَضِبَ عَلَيۡهِ وَجَعَلَ مِنۡهُمُ ٱلۡقِرَدَةَ وَٱلۡخَنَازِيرَ وَعَبَدَ ٱلطَّٰغُوتَۚ أُوْلَٰٓئِكَ شَرّٞ مَّكَانٗا وَأَضَلُّ عَن سَوَآءِ ٱلسَّبِيلِ ﴿٦٠﴾ وَإِذَا جَآءُوكُمۡ قَالُوٓاْ ءَامَنَّا وَقَد دَّخَلُواْ بِٱلۡكُفۡرِ وَهُمۡ قَدۡ خَرَجُواْ بِهِۦۚ وَٱللَّهُ أَعۡلَمُ بِمَا كَانُواْ يَكۡتُمُونَ ﴿٦١﴾ وَتَرَىٰ كَثِيرٗا مِّنۡهُمۡ يُسَٰرِعُونَ فِى ٱلۡإِثۡمِ وَٱلۡعُدۡوَٰنِ وَأَكۡلِهِمُ ٱلسُّحۡتَۚ لَبِئۡسَ مَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ ﴿٦٢﴾ لَوۡلَا يَنۡهَىٰهُمُ ٱلرَّبَّٰنِيُّونَ وَٱلۡأَحۡبَارُ عَن قَوۡلِهِمُ ٱلۡإِثۡمَ وَأَكۡلِهِمُ ٱلسُّحۡتَۚ لَبِئۡسَ مَا كَانُواْ يَصۡنَعُونَ ﴿٦٣﴾﴾

---

[1] آل عمران (٢٨).

[2] البخاري (٦٠٢/١٢٢٢/١٢٣١)، مسلم (٣٩٨/٢٩١/١).

[3] إبن أبي حاتم (١١٦٤/٤).

ڕقی ئەهلی کتێب لە خاوەن باوەڕان لەبەر ئەوەیە کە بڕوایان بە خوا هەیە

خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿قُلْ يَٰٓأَهْلَ ٱلْكِتَٰبِ هَلْ تَنقِمُونَ مِنَّآ إِلَّآ أَنْ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ وَمَآ أُنزِلَ إِلَيْنَا وَمَآ أُنزِلَ مِن قَبْلُ وَأَنَّ أَكْثَرَكُمْ فَٰسِقُونَ﴾ تۆ (ئەی موحەممەد (ﷺ)) بەوانەی کە ئەهلی کتێبن بڵێ: ئایا هەر لەبەر ئەوە بڕوامان بە خودا هەیەو بڕوامان بەو قورئانەیە کە بۆ ئێمە ڕەوانە کراوەو بڕوامان بەوانەشی هەیە کە پێش قورئان لەلایەن خوداوە ڕەوانە کراون ئێوە ڕقتان لە ئێمەیە؟ بێگومان ئێوە زۆرتان لە ڕێ لاتانداوەو نا فەرمانن. واتە: ئەی موحەممەد (ﷺ) بڵێ بەو جوولەکەو مەسیحیانە کە گاڵتە بە ئاینەکان دەکەن. ئایا هەر لەبەر ئەوە تانەو تەشەرمان لێ ئەدەن و لۆمەمان دەکەن کە بڕوامان بە خوداو بە قورئان و بەو کتێبانەشی هێناوە لە پێشەوە ڕەوانە کراون؟ بەڕاستی ئەوە جێی تانەو تەشەرو لۆمە کردن نیە، وەئ ئیستسنای مونقەتیعە (الاستثناء المنقطع) وەك ئەم ئایەتەیش کە خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَمَا نَقَمُواْ مِنْهُمْ إِلَّآ أَن يُؤْمِنُواْ بِٱللَّهِ ٱلْعَزِيزِ ٱلْحَمِيدِ﴾[1] تەنیا بۆیە ڕقیان لەوانە بوو؛ چونکە هەر خودای خاوەن دەستەڵاتی شایەن ستایشیان پەرستبوو. وەك ئەم ئایەتەیش کە ئەفەرموێت: ﴿وَمَا نَقَمُوٓاْ إِلَّآ أَنْ أَغْنَىٰهُمُ ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥ مِن فَضْلِهِۦ﴾[2] هەر لەبەر ئەوە ڕقیان لێیان بوو خودا(موسوڵمانانی) بە چاکەی خۆی بێ نیاز کردبوو (لەوان). لە فەرموودەیەکدا کە بوخاری و موسلیم ڕیوایەتیان کردوە پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (تەنیا ئیبنوجەمیل لەبەر ئەوە پێی ناخۆشە (ڕقی لێیە) هەژار بوو خودا دەوڵەمەندی کرد) (بەم فەرموودەیە پێغەمبەری خودا سەرزەنشتی ئیبنوجەمیلی کرد لەسەر زەکات نەدان و بەندیشی کرد). ﴿أَكْثَرَكُمْ فَٰسِقُونَ﴾ عەتف کراوەتە سەر ﴿أَنْ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ وَمَآ أُنزِلَ إِلَيْنَا وَمَآ أُنزِلَ مِن قَبْلُ﴾ واتە: بڕوامان هێناوە کە زۆربەتان لاتان داوەو لە ڕێی ڕاست ترازاون.

ئەهلی کتێب شایەنی خراپترین سزان لە ڕۆژی قیامەتدا

پاشان خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿قُلْ هَلْ أُنَبِّئُكُم بِشَرٍّ مِّن ذَٰلِكَ مَثُوبَةً عِندَ ٱللَّهِ﴾ بڵێ: ئایا دەتانەوێ لەوانەتانە ئاگادار بکەم کە سزایان لەلای خودا لە سزای ئەوان خراپترە؟ ئەوانە ئێوەن کە ئەم ڕەوشتانەتان تێدایە کە خودای گەورە باسی کردوەو ئەفەرموێت: ﴿مَن لَّعَنَهُ ٱللَّهُ﴾ کەسانێکن کە بەر نەفرینی خودا کەوتن و ﴿وَغَضِبَ عَلَيْهِ﴾ خودا غەزەبی لێ گرتن، کە هەرگیز لێیان خۆش نابێ. ﴿وَجَعَلَ مِنْهُمُ ٱلْقِرَدَةَ وَٱلْخَنَازِيرَ﴾ وە هەندێکیانی کردە مەیمون و هەندێکیانی کردە بەراز، وەك لە سورەتی

---

[1] البروج (٨).

[2] التوبة (٧٤).

بەقەرەدا لە پێشەوە باس کراو لە سورەتی ئەعرافیشدا بەو زوانە زیاتر ڕوون دەکرێتەوە. سوفیانی سەوری ڕیوایەتی کردوە لە ئیبنومەسعودەوە وتی: پرسیار لە پێغەمبەری خودا کرا (ﷺ) لەبارەی مەیمونو بەرازەوە، ئایا ئەمانە لەوانن کە خودا گۆڕینی؟ فەرمووی: (بێگومان خودا هیچ کۆمەڵێکی لەناو نەداوە (یان هیچ کۆمەڵێکی نەگۆڕیوە (لم یمسخ) پاشان نەوەو وەچەی لە دوا بۆ هێشتینەوە. وە بێگومان مەیمونو بەراز لە پێش ئەوەدا بووە).[1] موسلیمیش ڕیوایەتی کردوە[2] ﴿وَعَبَدَ ٱلطَّٰغُوتَ﴾ کە ئەوانە عەبدایەتی بتیان دەکرد، واتە: وایان لێهات هەندێکیان بوونە خزمەتکارو عەبدی بتەکان. واتە: ئێوە ئەی ئەهلی کتێب کە تانەو تەشەر لە ئاینی ئێمە ئەدەن کە ناسینی خودایە بە تاکو تەنیاو عیبادەت کردنیەتی بە تەنیاو نابێ هیچی تری لەگەڵدا بپەرسترێ. چۆن ئێوە قسەی ئاوا دەکەن، کەچی ئەو شتانەی کە باس کرا هەمووی لە ئێوەدا بووە؟ هەر بۆیە خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿أُوْلَٰٓئِكَ شَرٌّ مَّكَانًا وَأَضَلُّ عَن سَوَآءِ ٱلسَّبِيلِ﴾ شوێنی ئەوان لە گشت شوێنێ خراپترەو لە هەموو لەڕێ لادەرێك گومڕاتربوون. ئەمە لە بابی (باب) بەکارهێنانی (أفْعَلَ التفعيل)ە، کە لە لاکەی تریشە هاوتای نیە، وەك ئەم ئایەتەیش کە خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿أَصۡحَٰبُ ٱلۡجَنَّةِ يَوۡمَئِذٍ خَيۡرٞ مُّسۡتَقَرّٗا وَأَحۡسَنُ مَقِيلٗا﴾[3] لەو ڕۆژدا شوێنو جێگەی حەسانەوەی بەهەشتیەکان باشترین (شوێنو جێگەیە).

لە ڕەوشتی دووڕووەکان ئاشکرا کردنی بڕواو شاردنەوەی باوەڕە

خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿وَإِذَا جَآءُوكُمۡ قَالُوٓاْ ءَامَنَّا وَقَد دَّخَلُواْ بِٱلۡكُفۡرِ وَهُمۡ قَدۡ خَرَجُواْ بِهِۦ﴾ کاتێ دێنە لاتان دەڵێن: ئێمە باوەڕمان هێناوە، کەچی ئەوان بە بێ دینی هاتنە ژوورو بە بێ دینیش چوونە دەرەوە. ئەمە خورەوشتی دووڕووەکانە بە ڕووکەش لەگەڵ خاوەن باوەڕەکاندانو دڵیان پڕە لە بێ دینی، هەر بۆیە خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَقَد دَّخَلُواْ﴾ کاتێ کە دێنە لات ئەی موحەممەد (ﷺ). ﴿بِٱلۡكُفۡرِ﴾ کەچی بە بێ دینی دێنە ژوورەوە، کاتێکیش کە دەچنە دەرەوە هیچ بەهرەیەکیش لە قسەکانی تۆ وەرناگرنو پەندو ئامۆژگاریەکانیشت هیچ کاریان تێ ناکات. هەر بۆیە ئەفەرموێت: ﴿وَهُمۡ قَدۡ خَرَجُواْ بِهِۦ﴾ ئەوانە بە بێ دینی چوونەتە دەرەوە. ﴿وَٱللَّهُ أَعۡلَمُ بِمَا كَانُواْ يَكۡتُمُونَ﴾ خودایش لەو شتانە دەیشارنەوە ئاگادارە. واتە: خودا ئاگاداری ناو دڵیانە دەزانێ چی تێدایە. با لەناو خەڵکیشدا خۆیان بە

---

[1] مشكل الآثار (٢٧٥/٤)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

[2] مسلم (٢٠٥١/٤).

[3] الفرقان (٢٤).

خاوەن باوەڕ نیشان بدەن‌و خۆیانی پێوەهەڵکێشن بە درۆوە، خودا ئاگاداری نهێنی‌و ئاشکراکانە لە خۆیان باشتر شارەزایانە. لەسەر ئەو کارەیان بەو زوانە پاداشتی تەواویان ئەداتەوە. پاشان خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿وَتَرَىٰ كَثِيرًا مِّنْهُمْ يُسَارِعُونَ فِي الْإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ وَأَكْلِهِمُ السُّحْتَ﴾ زۆرێك لەوانە دەبینی کە بۆ تاوان‌و دەست درێژی‌و حەرام خۆری پێشبڕکەی دەکەن. واتە: هەمیشە خەریکی گوناه کردن‌و دەست درێژی کردنن ئەسەر خەڵکی‌و ماڵی خەڵکی دەخۆن بە ناهەق ﴿لَبِئْسَ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ﴾ ئاکاریان زۆر ناپەسەندە. واتە: کارێکی زۆر خراپیان کرد.

ناڕەزایی دەربڕین لە خواناسان‌و زاناکانیان لەسەر وازهێنانیان لە قەدەغە کردنی خراپە

خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿لَوْلَا يَنْهَاهُمُ الرَّبَّانِيُّونَ وَالْأَحْبَارُ عَن قَوْلِهِمُ الْإِثْمَ وَأَكْلِهِمُ السُّحْتَ ۚ لَبِئْسَ مَا كَانُوا يَصْنَعُونَ﴾ ئەدی بۆچی خواناسان‌و زاناکانیان لە تاوان‌و حەرامخۆری هیچ دەستیان وەبەرناهێنن؟ ئاکاریان زۆر ناپەسەندە. واتە: بۆچی خواناسان‌و زانایان دەستی ئەو خەڵکەیان لە تاوان‌و خراپەکاری نەگرت. ﴿لَبِئْسَ مَا كَانُوا يَصْنَعُونَ﴾ عەلی کوڕی ئەبوتەلحە وتی: لە ئیبنوعەبباسەوە وتی: مەبەست پێی خواناسەکانیانە، کارێکی زۆر خراپیان کرد کە بەرگریان لە خراپە نەکرد[1] ئیبنوجەریر ڕیوایەتی کردوە لە ئیبنوعەبباسەوە وتی: لە قورئاندا هیچ ئایەتێ نیە بە ئەندازەی ئەم ئایەتە سەرزەنشتی زانایان‌و خواناسانی جوولەکەو مەسیحیەکانی تێدا بێ، کە خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿لَوْلَا يَنْهَاهُمُ الرَّبَّانِيُّونَ وَالْأَحْبَارُ عَن قَوْلِهِمُ الْإِثْمَ وَأَكْلِهِمُ السُّحْتَ ۚ لَبِئْسَ مَا كَانُوا يَصْنَعُونَ﴾[2]. وتی: لەباتی (يصنعون) بە (يعلمون) دەیخوێندەوە ئیبنوئەبی حاتەم ڕیوایەتی کردوە لە یەحیای کوڕی یەعمەرەوە وتی: عەلی کوڕی ئەبوتالیب (ڕەزای خوای لێبێ) وتارێکی داو سوپاس‌و ستایشی خودای کرد پاشان وتی: ئەی خەڵکینە، بۆیە گەلەکانی پێش ئێوە لەناوچوون خەریکی تاوان‌و خراپەکاری بوون، زاناو خواناسەکانیان دەستیان نەدەگرتن لە خراپەکاری، کە زۆر ڕۆچوون لە خراپەکاریدا تووشی سزاو جەزرەبە هاتن، ئێوە فەرمان بکەن بە چاکەو بەرگری بکەن لە خراپە لە پێش ئەوە، ئەوەی تووشی ئەوان هات (لە سزاو جەزرەبە) تووشی ئێوەش بێت. چاك بزانن فەرمان کردن بە چاکەو بەرگری کردن لە خراپە نە بژێوی دەبڕێ‌و نە مردنیش نزیك دەکاتەوە.[3] ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردوە لە جەریرەوە وتی: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (هیچ کۆمەڵێ نیە لە

---

[1] الطبري (١٠/٤٥٠).

[2] الطبري (١٠/٤٤٩).

[3] كنزل العمال (٣/٦٨٣).

نێوانیاندا کەسێ هەڵسێ بە گوناه کردن، کە ئەوان خاوەن دەسەڵات ترو بە توانا تر بن‌و نەیگۆڕن (واتە: بەرگری لەو گوناه کردنە نەکەن) مەگین خودا لەلایەن خۆیەوە تووشی سزایان دەکات[1] تەنیا ئیمامی ئەحمەد بەم شێوەیە هێناوەیەتی. ئەبوداوود ڕیوایەتی کردوە لە جەریرەوە وتی: بیستم لە پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئەیفەرموو: (هیچ پیاوێك نیە لەناو کۆمەڵێکدا (هۆزێکدا) بێ گوناهیان لەناودا بکرێ، توانایان ببێ بیگۆڕن، کەچی نەیگۆڕن مەگین خودا تووشی سزایەکیان دەکات پێش ئەوەی بمرن)[2] ئیبنوماجەیش ڕیوایەتی کردوە[3].

﴿وَقَالَتِ ٱلۡيَهُودُ يَدُ ٱللَّهِ مَغۡلُولَةٌۚ غُلَّتۡ أَيۡدِيهِمۡ وَلُعِنُواْ بِمَا قَالُواْۘ بَلۡ يَدَاهُ مَبۡسُوطَتَانِ يُنفِقُ كَيۡفَ يَشَآءُۚ وَلَيَزِيدَنَّ كَثِيرٗا مِّنۡهُم مَّآ أُنزِلَ إِلَيۡكَ مِن رَّبِّكَ طُغۡيَٰنٗا وَكُفۡرٗاۚ وَأَلۡقَيۡنَا بَيۡنَهُمُ ٱلۡعَدَٰوَةَ وَٱلۡبَغۡضَآءَ إِلَىٰ يَوۡمِ ٱلۡقِيَٰمَةِۚ كُلَّمَآ أَوۡقَدُواْ نَارٗا لِّلۡحَرۡبِ أَطۡفَأَهَا ٱللَّهُۚ وَيَسۡعَوۡنَ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَسَادٗاۚ وَٱللَّهُ لَا يُحِبُّ ٱلۡمُفۡسِدِينَ ﴿٦٤﴾ وَلَوۡ أَنَّ أَهۡلَ ٱلۡكِتَٰبِ ءَامَنُواْ وَٱتَّقَوۡاْ لَكَفَّرۡنَا عَنۡهُمۡ سَيِّـَٔاتِهِمۡ وَلَأَدۡخَلۡنَٰهُمۡ جَنَّٰتِ ٱلنَّعِيمِ ﴿٦٥﴾ وَلَوۡ أَنَّهُمۡ أَقَامُواْ ٱلتَّوۡرَىٰةَ وَٱلۡإِنجِيلَ وَمَآ أُنزِلَ إِلَيۡهِم مِّن رَّبِّهِمۡ لَأَكَلُواْ مِن فَوۡقِهِمۡ وَمِن تَحۡتِ أَرۡجُلِهِمۚ مِّنۡهُمۡ أُمَّةٞ مُّقۡتَصِدَةٞۖ وَكَثِيرٞ مِّنۡهُمۡ سَآءَ مَا يَعۡمَلُونَ ﴿٦٦﴾﴾

جوولەکەکان دەڵێن: خودا دەستی بەستراوە

خودای مەزن باسی جوولەکە دەکات (بەر نەفرینی بەردەوامی خودا کەون هەتا ڕۆژی قیامەت) کە وەسفی خودایان کردوە وتویانە کە ڕژدو چروکە (خودای گەورە پاك‌و بێ عەیبەو دوورە لەو بوختانانەی ئەوان کردویانە) وە وتوشیانە: خودا هەژارەو ئەوان دەوڵەمەندن، وە بەم دەقە کە خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَقَالَتِ ٱلۡيَهُودُ يَدُ ٱللَّهِ مَغۡلُولَةٌ﴾ جوولەکەکان وتیان: خودا دەستی بەستراوە. واتە: چروکە. عەلی کوڕی ئەبوتەلحە وتی لە ئیبنوعەبباسەوە: لەم ئایەتەدا: ﴿وَقَالَتِ ٱلۡيَهُودُ يَدُ ٱللَّهِ مَغۡلُولَةٌ﴾ دەڵێن: مەبەستیان ئەوە نیە کە خودا دەستی بەستراوە بەڵکو دەڵێن: ڕژدو چروکە، واتە: ئەوەی لەلایەتی گرتویەتی. خودای مەزن دورە لەو قسانەوە ئەوانە دەیکەن‌و پاك‌و بێ عەیبە.[4] موجاهیدو عیکرمەو قەتادەو سوودیو زەحاکیش هەر وایان وتوە[5] زەحاك ئەم ئایەتەی خوێندەوە کە خودای

---

[1] أحمد (٣٦٣/٤)، فەرموودەیەکی حەسەنە.

[2] أبوداود (٥١٠/٤)، فەرموودەیەکی حەسەنە.

[3] إبن ماجة (١٣٢٩/٢)، فەرموودەیەکی حەسەنە.

[4] الطبري (٤٥٢/١٠).

[5] الطبري (٤٥٣/١٠).

گەورە فەرموویەتی: ﴿ وَلَا تَجْعَلْ يَدَكَ مَغْلُولَةً إِلَىٰ عُنُقِكَ وَلَا تَبْسُطْهَا كُلَّ الْبَسْطِ فَتَقْعُدَ مَلُومًا مَّحْسُورًا ﴾[1] دەستەکانت لە گەردنت توند مەکەو تەواویش والآیان مەکەوە، کە بە سەرزەنش کراوی‌و حەسرەتەوە دەمێنیەوە. واتە: خودا قەدەغەی ڕژدی‌و قەدەغەی والآیی لە ئەندازە بەدەریشی کردوە وەك فەرموویەتی: ﴿ وَلَا تَجْعَلْ يَدَكَ مَغْلُولَةً إِلَىٰ عُنُقِكَ ﴾ ئەو جوولەکانە مەبەستیان ئەمە بووە، واتە: خودا چروکە (بەر نەفرینی خودا کەون) عیکرمە وتی: ئەم ئایەتە لەسەر فەنحاسی (فنحاص) جوولەکە هاتۆتە خوارەوە[2] (بەر نەفرینی خودا کەوێ) لە پێشەوە باس کرا کە ئەم بوە وتویەتی: ﴿إِنَّ اللَّهَ فَقِيرٌ وَنَحْنُ أَغْنِيَاءُ﴾[3] خودا هەژارەو ئێمە دەوڵەمەندین. کە ئەو قسەی کرد ئەبوبەکری سدیق لێی دا، خودای گەورە وەڵامی ئەم قسەی دانەوە کە وتیان، بە درۆی خستنەوەو چروکی‌و ڕژدی پیسکەیی ئەوانەی دەرخست بۆ هەموو خەڵکی فەرمووی: ﴿غُلَّتْ أَيْدِيهِمْ وَلُعِنُوا بِمَا قَالُوا﴾ دەك دەستیان کۆت‌و زنجیر کرێ‌و بەر نەفرین کەون بۆ ئەوەی لە دەمیان دەرچوو. هەر واشیان بەسەر هات، زۆر حەسوودو ڕژدو چروك دەرچوون‌و سەرشۆڕو ڕسوایش بوون. وەك خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿أَمْ لَهُمْ نَصِيبٌ مِّنَ الْمُلْكِ فَإِذًا لَّا يُؤْتُونَ النَّاسَ نَقِيرًا ۝ أَمْ يَحْسُدُونَ النَّاسَ عَلَىٰ مَا آتَاهُمُ اللَّهُ مِن فَضْلِهِ ۖ فَقَدْ آتَيْنَا آلَ إِبْرَاهِيمَ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَآتَيْنَاهُم مُّلْكًا عَظِيمًا ﴾[4] ئایا ئەوان بەشیان بەو ملکەوە هەیە؟ ئەگەر بیشیانبێ، ئەوەندەی تیکوڵی دەنکە خورمایە سوودیان بۆ خەڵکی نیە. یان ئەوانە حەسوودی بەمانە دەبەن کە خوا چاکەی لەگەڵ کردوون؟ خۆ دیاریشە ئێمە بە نەوەی ئیبراهیم کتێب‌و زانیاریمان داو دەسەلاتێکی گەورەشمان پێدان. خودای گەورە لە ئایەتێکی تردا ئەفەرموێت: ﴿وَضُرِبَتْ عَلَيْهِمُ الذِّلَّةُ ﴾[5] چارەڕەشی‌و زەبونیان بۆ بڕیار درا.

دەستی خودا زۆر گوشادن

پاشان خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿بَلْ يَدَاهُ مَبْسُوطَتَانِ يُنفِقُ كَيْفَ يَشَاءُ﴾ (با بزانن) دەستی خودا زۆر گوشادن، چۆن خۆی مەیلی لێبێ دەیبەخشێ. واتە: خودا خاوەنی بەهرەی بێ سنورەو زۆر

[1] الاسراء (٢٩).

[2] الطبري (١٠/٤٥٢).

[3] آل عمران (١٨١).

[4] النساء (٥٣-٥٤).

[5] البقرة (٦١).

بەخشندەیە، هەرچی شت هەیە گەنجینەکەی لای ئەوە، وەدیهێنراوەکانی هەر بەهرەیەکیان هەبێ هی ئەوە بەتەنیاو شەریکی نیە، هەر ئەو خودایە پێویستیمان بە هەرشتێ ببێ بۆی دروست کردوین لە کاتی شەوماندا یا لە ڕۆژماندا لە شوێنی خۆماندا یا لە سەفەرماندا وە لە هەموو کاتێکماندا. وەك فەرموویەتی: ﴿وَءَاتَىٰكُم مِّن كُلِّ مَا سَأَلْتُمُوهُ ۚ وَإِن تَعُدُّوا۟ نِعْمَتَ ٱللَّهِ لَا تُحْصُوهَآ ۗ إِنَّ ٱلْإِنسَٰنَ لَظَلُومٌ كَفَّارٌ﴾[1] هەرچی لێتان خواستوە پێی داون. ئەگەر بیێنە سەر ژمارەی چاکەی خودا لە ژماردنی دادەمێنن. بەڕاستی مرۆڤ زۆر ستەمکارو سپڵەیە. ئایەت لە بارەیەوە ئێجگار زۆرە. ئیمامی ئەحمەد وتی: عەبدوڕەزاق بۆی گێڕاینەوە. مەعمەر بۆی گێڕاینەوە لە هەمامی کوڕی مونبەهەوە (همام بن منبه) وتی: ئەبوهورەیرە بۆی گێڕاینەوە وتی: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: (دەستی ڕاستی (بەخشندەیی) خودا هەمیشە پڕە. بەخشینی کەمی ناکاتەوە بە خوڕەمیش لە شەوو ڕۆژدا دەبارێت، ئایا نابینن لەو ڕۆژەوە ئاسمانەکانو زەمینی دروست کردوە بەخشیویەتی، ئەوەی لە دەستی ڕاستیدایە هەرگیز کەمی نەکردوە (وتی) تەختیشی (عَرشُهُ) لەسەر ئاو بوە، وە دەستەکەی تریدا گرتنە بەرز دەکاتەوەو نزمیشی دەکاتەوە) پاشان فەرمووی: (ببەخشە پێت دەبەخشرێ)[2] لە هەردوو سەحیحەکەیشدا هاتوە[3].

ئەوەی بۆ موسوڵمانان هاتۆتە خوارەوە، خوانەناسیو لە ئەندازە لادانی جوولەکەکان زیاتر دەکات

خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿وَلَيَزِيدَنَّ كَثِيرًا مِّنْهُم مَّآ أُنزِلَ إِلَيْكَ مِن رَّبِّكَ طُغْيَٰنًا وَكُفْرًا﴾ ئەوەی لای پەروەردگارتەوە بۆت هاتوە (ئەی موحەممەد (ﷺ)) لە ئەندازە لادانو خوانەناسی زۆرێك لەوانە پتر دەکات. واتە: ئەوەی کە خودا بە تۆی بەخشیوە ئەی موحەممەد (ﷺ) لە چاکە بوە بە ئێشو ئازارو کەسەر بۆ دوژمنەکانت لە جوولەکەو هاوشێوەکانیان. وەك چۆن خاوەن باوەڕەکان زیاتر بڕوایان بەهێزو پتەوتر بوەو زیاتریش فێری زانیاریو کاری چاك دەبنو خوانەناسانیش زیاتر حەسوودی بە خۆتو ئوممەتەکەت دەبەن ﴿طُغْيَٰنًا وَكُفْرًا﴾ زیاتر لە ئەندازە لائەدەنو خوانەناسیان پتر دەکات. وەك خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿قُلْ هُوَ لِلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ هُدًى وَشِفَآءٌ ۖ وَٱلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ فِىٓ ءَاذَانِهِمْ

---

[1] إبراهيم (٣٤).
[2] أحمد (٢/٣١٣)، فەرموودەیەکی سەحیحە.
[3] فتح الباري (١٣/٤١٥)، مسلم (٢/٦٩١).

وَقْرٌ وَهُوَ عَلَيْهِمْ عَمًى أُوْلَٰٓئِكَ يُنَادَوْنَ مِن مَّكَانٍۭ بَعِيدٍ ﴾[1] بلێ، ئەمە بۆ کەسانێ کە باوەڕیان پێ هێناوە ڕێبەرو چارەی دەردانە، ئەوانەش بڕوای پێ ناکەن، گوێ گرانن لە بیستن و چاویان لە بینینی کوێرە، هەر دەڵێی لە جێی دورەوە بانگ دەکرێن. وە ئەفەرموێت: ﴿ وَنُنَزِّلُ مِنَ ٱلْقُرْءَانِ مَا هُوَ شِفَآءٌ وَرَحْمَةٌ لِّلْمُؤْمِنِينَ وَلَا يَزِيدُ ٱلظَّٰلِمِينَ إِلَّا خَسَارًا ﴾[2] ئێمە لەم قورئانەدا شتی وات بۆ دەنێرین کە شیفاو بەزەیی تێدایە بۆ خاوەن باوەڕان و ستەمکارانیش زیاتر پێی زیانبار دەبن. پاشان لێرەدا ئەفەرموێت: ﴿وَأَلْقَيْنَا بَيْنَهُمُ ٱلْعَدَٰوَةَ وَٱلْبَغْضَآءَ إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِ ﴾ ئێمەیش ئەوا ڕکەبەری و دوژمنایەتیمان خستە ناویان هەتا ڕۆژی قیامەت. واتە: هەرگیز دڵیان لەگەڵ یەکدا یەك ناگرێ بەڵکو هەمیشە دوژمنایەتی لە نێوان دەستەو تاقمەکانیاندا هەر دەمێنێ، چونکە ئەوانە هەرگیز لەسەر هەق کۆ نابنەوە، بەردەوام دژایەتی تۆیان کردوەو بڕوایان پێ نەکردوی. وە ئەفەرموێت: ﴿كُلَّمَآ أَوْقَدُواْ نَارًا لِّلْحَرْبِ أَطْفَأَهَا ٱللَّهُ ﴾ هەرکاتێ کە ئاگری شەڕیان هەڵگیرساند، خودا بۆ خۆی کوژاندیەوە. واتە: هەرکاتێ شتێکیان دروست کرد بۆ ئەوەی فێڵێکت لێ بکەن و بیکەنە بیانو بچن بەگژتدا، خودا فڕوفێڵەکانی بەتاڵ کردەوەتەوەو بە زیانی خۆیان تەواو بوەو بەسەر خۆیاندا شکاوەتەوە ﴿وَيَسْعَوْنَ فِي ٱلْأَرْضِ فَسَادًا وَٱللَّهُ لَا يُحِبُّ ٱلْمُفْسِدِينَ ﴾ هەتا لەسەر زەمیندان هەر بەدفەڕی پیشەیانەو دەیانەوێ خراپە بکەن و خودا خراپەکارانی خۆش ناوێ. واتە: هەرکەسێ هەمیشە خەریکی خراپەکاری بێ لە زەویداو خوڕەوشتی خراپەکاری بێ خودای ڕقی لێیەتی و خۆشی ناوێ.

ئەگەر ئەهلی کتێب کاریان بە کتێبەکەی خۆیان بکردایە، خێری دنیاو قیامەتیان دەست دەکەوت

پاشان خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿وَلَوْ أَنَّ أَهْلَ ٱلْكِتَٰبِ ءَامَنُواْ وَٱتَّقَوْاْ ﴾ ئەوانەی ئەهلی کتێبن، ئەگەر باوەڕیان بهێنایەو دڵیان لە خودا بترسایە، واتە: ئەگەر بڕوایان بە خوداو پێغەمبەرەکەی بهێنایەو لە گوناه خۆیان بپاراستایەو سنورەکانی خودایان نەبەزاندایە. ﴿لَكَفَّرْنَا عَنْهُمْ سَيِّـَٔاتِهِمْ وَلَأَدْخَلْنَٰهُمْ جَنَّٰتِ ٱلنَّعِيمِ ﴾ ئەو گوناهانەی کە کردبویان لێمان دەسڕینەوەو دەمان بردنە ناو باغاتێك پڕ لە خۆشی و بەختەوەری. گەیاندمانن بە ئاواتی خۆیان و ناڕەحەتیمان لەبەردەم نەهێشتن. ﴿وَلَوْ أَنَّهُمْ أَقَامُواْ ٱلتَّوْرَىٰةَ وَٱلْإِنجِيلَ وَمَآ أُنزِلَ إِلَيْهِم مِّن رَّبِّهِمْ ﴾ ئەگەر ئەوان تەورات و ئینجیل و ئەوەی لە پەروەردگاریانەوە بۆیان هاتوە بە تەواوی کاریان پێ بکردایە، ئیبنوعەبباس و کەسانی تریش وتیان

[1] فصلت (٤٤).

[2] الاسراء (٨٢).

مەبەست بە ﴿وَمَآ أُنزِلَ إِلَيۡهِم﴾ قورئانە.[1] ﴿لَأَكَلُواْ مِن فَوۡقِهِمۡ وَمِن تَحۡتِ أَرۡجُلِهِم﴾ بێگومان لەلای سەریانەوەو لە (زەمینی) ژێر پێیانەوە خواردنیان بۆ دابین دەکرا. واتە: ئەگەر کاریان بەو کتێبانە بکردایە کە لەبەر دەستیاندایە کە پێغەمبەرەکانیان بۆیان هێنان، نەیان گۆڕییایەو دەستکاران نەکردایە. هەر ئەو کتێبانە ڕێنماییان دەکردن بەرەو شوێن کەوتنی هەقو کاریشیان بەپێی ئەو قورئانە بکردایە کە خودا ڕەوانەی کرد بۆ موحەممەد (ﷺ)، کە کتێبەکانی خۆیان دانیان بەڕاستیدا ناوەو فەرمانیان داوە دەبێ هەر شوێنی کەون ﴿لَأَكَلُواْ مِن فَوۡقِهِمۡ وَمِن تَحۡتِ أَرۡجُلِهِم﴾ مەبەست پێی ئەوەیە، خودا زۆری زۆری لە ئاسمانەوە بۆ دەناردن و لە زەویشدا بۆی دەڕواندن. وەك خودای گەورە لە ئایەتێکی تردا ئەفەرموێت: ﴿وَلَوۡ أَنَّ أَهۡلَ ٱلۡقُرَىٰٓ ءَامَنُواْ وَٱتَّقَوۡاْ لَفَتَحۡنَا عَلَيۡهِم بَرَكَٰتٖ مِّنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلۡأَرۡضِ﴾[2] خەڵکی ئەم شارانە ئەگەر خوایان بناسیایەو خۆپارێز بونایە دەروازەی بەرەکەتمان لە ئاسمانو زەمینەوە بە ڕوویاندا دەکردەوە. پاشان ئەفەرموێت: ﴿مِّنۡهُمۡ أُمَّةٞ مُّقۡتَصِدَةٞۖ وَكَثِيرٞ مِّنۡهُمۡ سَآءَ مَا يَعۡمَلُونَ﴾ ئەوانە کۆمەڵێکن، هەندێکیان مام ناوەندینو زۆرینەیان بەدکارن. ئەم ئایەتە وەك ئەو ئایەتە وایە کە خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَمِن قَوۡمِ مُوسَىٰٓ أُمَّةٞ يَهۡدُونَ بِٱلۡحَقِّ وَبِهِۦ يَعۡدِلُونَ﴾[3] دەستەیەکیش لە هۆزی مووسادا هەیە ڕێنمایی دەکەن بۆ هەقو بە ڕاستیش دادوەری دەکەن. وەك ئەم ئایەتەیش کە خودای مەزن لەبارەی شوێنکەوتوانی عیساوە ئەفەرموێت: ﴿فَـَٔاتَيۡنَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مِنۡهُمۡ أَجۡرَهُمۡ﴾[4] جا ئەوانەی لەناو ئەواندا خاوەن باوەڕ بوون، پاداشتی خۆیانمان دانێ. خودای مەزن کۆمەڵێکی لەنێوان ئەمانەدا بە مامناوەندی ناو هێناوە کە بەرزترین پلەیە لەنێوانیاندا بەڵام ئەم ئوممەتەی هەموو بە مامناوەندی ناو هێناوە (أمةً وسطاً) کە دوای ەم پلەیە پلەی ئەوانە دێ کە لە پێشەوەن (السابقون) وەك خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿ثُمَّ أَوۡرَثۡنَا ٱلۡكِتَٰبَ ٱلَّذِينَ ٱصۡطَفَيۡنَا مِنۡ عِبَادِنَاۖ فَمِنۡهُمۡ ظَالِمٞ لِّنَفۡسِهِۦ وَمِنۡهُم مُّقۡتَصِدٞ وَمِنۡهُمۡ سَابِقُۢ بِٱلۡخَيۡرَٰتِ بِإِذۡنِ ٱللَّهِۚ ذَٰلِكَ هُوَ ٱلۡفَضۡلُ ٱلۡكَبِيرُ ﴿٣٢﴾ جَنَّٰتُ عَدۡنٖ يَدۡخُلُونَهَا يُحَلَّوۡنَ فِيهَا مِنۡ أَسَاوِرَ مِن ذَهَبٖ وَلُؤۡلُؤٗاۖ وَلِبَاسُهُمۡ فِيهَا حَرِيرٞ﴾[5] جا ئەوسا ئەو

---

[1] الطبري (١٠/٤٦٤).

[2] الاعراف (٩٦).

[3] الاعراف (١٥٩).

[4] الحديد (٢٧).

[5] فاطر (٣٢-٣٣).

کتێبانەمان کردە میرات بۆ ئەو عەبدانەمان کە هەڵمان بژاردن. لەناو ئەوانیشدا کەسانێك هەن غەدر لە خۆ دەکەن بڕێکیشیان مامناوەنجین. هەر لەوانەش کەسانێك هەن (بە ئیزنی خوا) سەبارەت بە کاری چاکە پێش کەوتوون کە ئەمە زیادەبەشێکی زۆر گەورەیە. دەچنە ناو باغاتێکەوە لەناوناچن‌و دەیانڕازێنەوەو بازوبەندیان لە زێڕو مرواری دەبێ‌و پۆشاکیشیان لەوێدا لە هەوریشمە.

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلرَّسُولُ بَلِّغۡ مَآ أُنزِلَ إِلَيۡكَ مِن رَّبِّكَۖ وَإِن لَّمۡ تَفۡعَلۡ فَمَا بَلَّغۡتَ رِسَالَتَهُۥۚ وَٱللَّهُ يَعۡصِمُكَ مِنَ ٱلنَّاسِۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلۡكَٰفِرِينَ ﴿٦٧﴾﴾

فەرماندان بە ڕاگەیاندنی پەیامی خوداو بەڵێنی خودا بە پاراستنی پێغەمبەر(ﷺ)

خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلرَّسُولُ بَلِّغۡ مَآ أُنزِلَ إِلَيۡكَ مِن رَّبِّكَ﴾ ئەی پێغەمبەر هەرچی لەلایەن پەروەردگارتەوە بۆت هاتوە ڕایگەیەنە. خودای گەورە ڕووی وتاری دەکاتە بەندەو پێغەمبەری خۆی موحەممەد (ﷺ) فەرمانی پێدەکات کە هەموو ئەو شتانە ڕابگەیەنێ کە خودا بۆی ناردوە، پێغەمبەر ئەو فەرمانانەی خودای بە تەواوی‌و بێ کەم‌و کوڕی ڕاگەیاند، بوخاری لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا ڕیوایەتی کردوە لە عائیشەوە (ڕەزای خوای لێبێ) وتویەتی: هەرکەسێ پێی وتی: موحەممەد (ﷺ) شتێکی شاردوەتەوە لەوەی خودا ناردویەتیە خوارەوە بێگومان درۆی کردوە. چونکە خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلرَّسُولُ بَلِّغۡ مَآ أُنزِلَ إِلَيۡكَ مِن رَّبِّكَ﴾[1] لێرەدا ئەم فەرموودەیە بە کورتی هێناوە بەڵام لە سەحیحەکەیدا لە چەند شوێندا بە درێژی هێناویەتی موسلیمش لە (كتاب الايمان) هەر بەم شێوەیە ڕیوایەتی کردوە[2] تیرمیزی‌و نەسائیش لە بەشی تەفسیرەکەیاندا لە هەردوو کتێبەکەیاندا هێناویانە[3] وە لە هەردوو سەحیحەکەدا دیسان عائیشە وتویەتی: ئەگەر موحەممەد (ﷺ) شتێکی لە قورئان بشاردایەتەوە ئەم ئایەتەی دەشاردەوە کە خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿وَتُخۡفِي فِي نَفۡسِكَ مَا ٱللَّهُ مُبۡدِيهِ وَتَخۡشَى ٱلنَّاسَ وَٱللَّهُ أَحَقُّ أَن تَخۡشَىٰهُۖ﴾[4]، شتێکت لە دڵی خۆتدا دەشاردەوە، کە خودا هەر ئاشکرای دەکرد. هەر لە خەڵکیش دەترسای، کەچی خودا شیاوتر بوو لێی بترسی. بوخاری وتی: زوهری وتی: پەیامەکە لەلایەن خوداوە بوەو ڕاگەیاندنەکەیشی لەسەر پێغەمبەر(ﷺ) بوە. پێویستە

---

[1] فتح الباري (٨/١٢٤).

[2] مسلم (١/١٥٩).

[3] تحفة الاحوذي (٨/٤٤١)، النسائي في الكبرى (٦/٣١٥)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

[4] الاحزاب (٣٧). فتح الباري (١٠٣/٤١٥)، مسلم (١/١٦٠).

لەسەر ئێمەش گەردن کەچ بین[1] ئوممەتەکەی پێغەمبەر(ﷺ) شایەتی داوا بە ڕاگەیاندنی ئەم پەیامەو بەجێهێنانی ئەم ئەمانەتانە. پێغەمبەری خودایش (ﷺ) لە گەورەترین کۆبونەوەدا لە ڕۆژی حەجی ماڵئاوایدا (حجة الوداع) لە وتارەکەیدا ئەمەی فەرمووە کە نزیکەی چل هەزار لە هاوەڵەکانی لەوێدا بووە[2] وەك لە سەحیحی موسلیمدا هاتوە لە جابیری کوڕی عەبدوڵڵاوە کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) لە وتارەکەیدا لە حەجی ماڵئاوایدا لە عەرەفەدا فەرمووی: (بێگومان ئێوە پرسیارتان لێ دەکرێ دەربارەی من ئێوە چی دەڵێن؟) هەموویان وتیان: شایەتی ئەدەین کە بەڕاستی تۆ پەیامەکەت گەیاند، ئەرکی سەر شانی خۆت بەجێهێنا، ئامۆژگاریت کرد. ئینجا ئەویش پەنجەی بەرز کردەوە بۆ ئاسمان و پاشان ئاماژەی پێکرد بۆ خەڵکەکەو ئەیفەرموو: (ئەی خودا ئایا من ڕامگەیاند؟ ئەی خودایە ئایا من ڕامگەیاند؟)[3] واتە: ئەی خودا تۆ شایەت بە کە من ڕامگەیاند. پاشان خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿وَإِن لَّمْ تَفْعَلْ فَمَا بَلَّغْتَ رِسَالَتَهُ﴾ ئەگەر وا نەکەی ڕاسپێریەکەت ڕانەگەیاندوەو پێکت نەهێناوە. واتە: ئەگەر ئەوەی کە تۆم پێ ڕەوانە کردوە ڕای نەگەیەنی بە خەڵکی، ڕاسپێریەکەت بەجێنەهێناوە. عەلی کوڕی ئەبوتەلحە وتی: لە ئیبنوعەبباسەوە لەم ئایەتەدا: ﴿وَإِن لَّمْ تَفْعَلْ فَمَا بَلَّغْتَ رِسَالَتَهُ﴾ واتە: ئەگەر ئایەتێکت بشاردایەتەوە لەوەی لەلایەن خوداوە بۆت هاتوەتە خوارەوە ڕاسپێریەکەت ڕانەگەیاندوە[4] پاشان خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿وَاللَّهُ يَعْصِمُكَ مِنَ النَّاسِ﴾ خودا تۆ دەپارێزێ لە خەڵکی. واتە: ئەی موحەممەد (ﷺ) تۆ پەیامەکەی منت ڕاگەیاند، منیش پارێزەرو یارمەتیدەرو پشتگیری کەرم تۆم بەرانبەر دوژمنەکانت و زاڵت دەکەم بەسەریاندا، مەترسەو دڵگران مەبە. هیچ کەسێ لەوانە ناتوانێ زیان بە تۆ بگەیەنێ و ئازارت بدات. پێغەمبەری خودا(ﷺ) لە پێش هاتنە خوارەوەی ئەم ئایەتە پاشەوانی دەکرا. وەك ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردوە لە عائیشەوە (ڕەزای خوای لێبێ) باسی کردوە کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) شەوێك خەبەری بوەوە، ئەو لە تەنیشتیدا بوو وتی: پێم وت: ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) چیتە؟ (وا بەخەبەر هاتوی) فەرمووی: (بریا پیاوێکی باش لە هاوەڵەکانم ئێشك چیم دەبوو ئەم شەو) عائیشە وتی: لەو کاتەدا کە من بێدار بووم گوێم لە دەنگی چەك بوو (السلاح)

---

[1] فتح الباري (١٣/٥١٢).

[2] قازی سلێمان مەنسوری فوری (المنصور فوري) لە کتێبەکەیدا (رحمة للعلمين) (١/٢٦٦) باسی وتارەکەی پێغەمبەر دەکات (ﷺ) لە (حجة الوداع) دا وتی: لەو کاتەدا ژمارەی خواناسان لەسەر ئەم زەمینەدا سەدو بیست و چوار هەزار بوو یان سەدو چل و چوار هەزار بوە.

[3] مسلم (٢/٨٨٦).

[4] الطبري (١٠/٤٦٨).

پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (ئەوە کێیە؟) وتی: من سەعدی کوڕی مالیکم. فەرمووی: (چی تۆی هێناوە؟) وتی: هاتم پاسەوانی تۆ بم ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) وتی: گوێم لە پرخە (لرخە) پێغەمبەر بوو کە خەوتبوو.[1] لە هەردوو سەحیحەکەدا ئەم فەرموودەیە هاتوە[2] وە لە وتەیەکی (لفظ) تردا هاتوە: شەوێك پێغەمبەری خودا(ﷺ) لە خەو بێدار بوەوە پاش کۆچکردنی بۆ مەدینەو دوای ئەوەی عائیشە بووە هاوسەری (ڕەزای خوای لێبێ) ئەوەیش لە ساڵی دووهەمی کۆچیدا بوو[3].[4] ئیبنوئەبی حاتەم ڕیوایەتی کردوە لە عائیشەوە وتی: پێغەمبەری خودا پاسەوانی دەکرا هەتا ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە: ﴿وَٱللَّهُ يَعۡصِمُكَ مِنَ ٱلنَّاسِ﴾ وتی: پێغەمبەری خودا(ﷺ) سەری لە بنمیچەکەوە (القُبَّة) دەرهێناو فەرمووی: (ئەی خەڵکینە بڵاوەی لێ بکەن (بڕۆن) خودای مەزن منی پاراستوە). تیرمیزی هەر وا ڕیوایەتی کردوە، پاشان وتی: ئەم فەرموودە، فەرموودەیەکی غەریبە[5] ئیبنوجەریرو حاکمیش لە موستەدرەکەکەیدا (المستدرك) ڕیوایەتیان کردوە دەڵێن سەنەدەکانی ڕاستە[6] پاشان خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلۡكَٰفِرِينَ﴾ خودا کۆمەڵی خوانەناسان شارەزای ڕاستەڕێ ناکات. واتە: تۆ ئەی موحەممەد (ﷺ) تۆ پەیامەکە ڕاگەیەنە، خودا خۆی مەیلی لە هەرکەسێ ببێ شارەزای ڕاستەڕێی دەکاتو مەیلیشی لێبێ هەرکەسێ گومڕا بکات، گومڕای دەکات. وەك لە ئایەتێکی تردا ئەفەرموێت: ﴿لَّيۡسَ عَلَيۡكَ هُدَىٰهُمۡ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ يَهۡدِي مَن يَشَآءُ﴾[7] ئەرکی سەر شانی تۆ نیە ئەمانە بخەیتە سەر ڕێ، بەڵام هەرکەس خودا خۆی مەیلی لێبێ شارەزای ڕاستەڕێی دەکات. وە ئەفەرموێت: ﴿فَإِنَّمَا عَلَيۡكَ ٱلۡبَلَٰغُ وَعَلَيۡنَا ٱلۡحِسَابُ﴾[8] تۆ هەر ئەوەت لەسەرە ڕابگەیەنیو لێپرسینەوەش لەسەر ئێمەیە.

﴿ قُلۡ يَٰٓأَهۡلَ ٱلۡكِتَٰبِ لَسۡتُمۡ عَلَىٰ شَيۡءٍ حَتَّىٰ تُقِيمُواْ ٱلتَّوۡرَىٰةَ وَٱلۡإِنجِيلَ وَمَآ أُنزِلَ إِلَيۡكُم مِّن رَّبِّكُمۡۗ وَلَيَزِيدَنَّ كَثِيرٗا مِّنۡهُم مَّآ أُنزِلَ إِلَيۡكَ مِن رَّبِّكَ طُغۡيَٰنٗا وَكُفۡرٗاۖ فَلَا تَأۡسَ عَلَى ٱلۡقَوۡمِ ٱلۡكَٰفِرِينَ ﴿٦٨﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَٱلَّذِينَ

---

[1] أحمد (٦/١٤١)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

[2] فتح الباري (١٣/٢٣٢)، مسلم (٤/١٨٧٥).

[3] فتح الباري (٦/٩٥)، مسلم (٤/١٨٧٦).

[4] ڕاستتر (الصحيح) ئەوەیە، پێغەمبەری خودا (ﷺ) لە ساڵی یەکەمی کۆچیدا چووە لای عائیشە.

[5] تحفة الاحوذي (٨/٤١٠)، فەرموودەیەکی غەریبە.

[6] الطبري (١٠/٤٦٩)، الحاكم (٢/٣١٣)، فەرموودەیەکی مورسەلە.

[7] البقرة (٢٧٢).

[8] الرعد (٤٠).

هَادُوا وَالصَّٰبِـُٔونَ وَالنَّصَٰرَىٰ مَنْ ءَامَنَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْأَخِرِ وَعَمِلَ صَٰلِحًا فَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴿٦٩﴾

ڕزگار بوون نیە بە بڕواهێنان بە قورئان نەبێ

خـودای مـەزن ئەفـەرموێت: ﴿ قُلْ يَٰٓأَهْلَ الْكِتَٰبِ لَسْتُمْ عَلَىٰ شَىْءٍ حَتَّىٰ تُقِيمُوا التَّوْرَىٰةَ وَالْإِنجِيلَ وَمَآ أُنزِلَ إِلَيْكُم مِّن رَّبِّكُمْ ﴾ ئەی موحەممەد (ﷺ) بڵێ: ئـەی ئـەهلی کتێب، ئێوە هـەتا بـەپێی تـەوراتو ئینجیلو هەرچی لە پەروەردگارتانەوە بۆتان هاتۆتە خوارەوە نەجوڵێنەوە، ئێوە لەسەر هیچ (دینێك) نین. واتە: ئەی ئەهلی کتێب هەتا بڕوا نەهێنن بەو کتێبانەی کە لەلای خوداوە هاتۆتە خوارەوە بۆ ئـەو پێغەمبەرانە، بەپێی بڕیاری ئەوان هەڵسوکەوت نەکەن کە فەرمانیان پێکردن شوێنی موحەممەد (ﷺ) بکەونو بڕوا بێنن کە خودا ناردویەتیو لەسەر شەریعەتەکەیشی بڕۆن ﴿وَلَيَزِيدَنَّ كَثِيرًا مِّنْهُم مَّآ أُنزِلَ إِلَيْكَ مِن رَّبِّكَ طُغْيَٰنًا وَكُفْرًا﴾ ئاشکرایە ئـەوەی لای پەروەردگارتـەوە بـۆت هـاتوە (ئـەی موحەممەد (ﷺ)) سەرکەشیو خوانەناسی زۆرێك لـەوان زیـاتر دەکـات. ﴿فَلَا تَأْسَ عَلَى الْقَوْمِ الْكَٰفِرِينَ﴾ تـۆ لەبـەر ئەو خوانەناسانە خەمو خەفەت مەخۆ. پاشـان خـودای مـەزن ئەفـەرموێت: ﴿إِنَّ الَّذِينَ ءَامَنُوا وَالَّذِينَ هَادُوا وَالصَّٰبِـُٔونَ وَالنَّصَٰرَىٰ مَنْ ءَامَنَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْأَخِرِ وَعَمِلَ صَٰلِحًا فَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴾ ئەوانەی بڕوایان هێناو ئەوانەشی بوونە جوولەکەو سوبیەکانو فەلەکانیش هەرکامیان باوەڕی هەبێ بـە خـوداو ڕۆژی قیامـەتو ئاکـاری چـاك بکـات، نـە هـیچ ترسـیان لەسـەر هەیـەو نـە خـەم دەخـۆن.

﴿وَالصَّٰبِـُٔونَ﴾ موجاهید وتی: ئەمانە دەستەیەکن لە مەسیحیەکان. ئاگرپەسـتەکانیش هـیچ ئاینێکیـان نیە. مەسیحیەکانیش دیارن کە هەڵگری کتێبی تەوراتن. هەر کۆمەڵێ لەمانە بڕوای هێنابێ بە خوداو بە ڕۆژی دواییو پاداشت دانەوە لە ڕۆژی قیامەتداو ئاکاری چاکی کردبێ، ئەمەیش نابێ هەتا ڕێك نەکەوێ لەگەڵ ئاینی ئیسلامدا کە ڕەوانە کراوە بۆ هەموو مرۆڤو جنۆکە بـە موحەممەددا (ﷺ) هەرکـەس بـەم سیفەتانە ناسرابێ، هیچ ترسێکی لەسـەر نیـە بەرانبـەر ئـەو شـتانەی کـە ڕووبـەڕووی دەبێتـەوە. ئـەو شتانەیش کە وازی لێ هێناوەو پشتگوێی خستوە خەمیش نـاخوات. لـە سـورەتی بەقـەرەدا زۆر دوایـن لەم بارەیەوە پێویست ناکات لێرەدا دووبارەی بکەینەوە.

﴿لَقَدْ أَخَذْنَا مِيثَاقَ بَنِي إِسْرَائِيلَ وَأَرْسَلْنَا إِلَيْهِمْ رُسُلًا كُلَّمَا جَاءَهُمْ رَسُولٌ بِمَا لَا تَهْوَى أَنْفُسُهُمْ
فَرِيقًا كَذَّبُوا وَفَرِيقًا يَقْتُلُونَ (٧٠) وَحَسِبُوا أَلَّا تَكُونَ فِتْنَةٌ فَعَمُوا وَصَمُّوا ثُمَّ تَابَ اللَّهُ عَلَيْهِمْ ثُمَّ
عَمُوا وَصَمُّوا كَثِيرٌ مِنْهُمْ وَاللَّهُ بَصِيرٌ بِمَا يَعْمَلُونَ (٧١)﴾

خـــودای مـــەزن ئەفـــەرموێت: ﴿لَقَدْ أَخَذْنَا مِيثَاقَ بَنِي إِسْرَائِيلَ وَأَرْسَلْنَا إِلَيْهِمْ رُسُلًا﴾ ئێمە بەڵێنمان لە نەوەی ئیسرائیل وەرگرتو زۆر پێغەمبەرانمان بۆ ناردن. خودای گەورە باسی دەکات کە پەیمانو بەڵێنی لە نەوەی ئیسرائیل وەرگرتوە لەسەر گوێڕایەڵی پێغەمبەرەکانیان بن بەڵام ئەوان ئەو بەڵێنو پەیمانانەیان شکاندو نەیان بردە سەرو شوێنی هەواو ئارەزوی خۆیان کەوتنو پێش شەریعەتی خوایان خست، ئەوەی بە دڵیان بوو وەریان دەگرت، ئەویش بە دڵیان نەبوایە دژی دەوەستانو وەریان نەدەگرت. هەر بۆیە خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿كُلَّمَا جَاءَهُمْ رَسُولٌ بِمَا لَا تَهْوَى أَنْفُسُهُمْ فَرِيقًا كَذَّبُوا وَفَرِيقًا يَقْتُلُونَ (٧٠) وَحَسِبُوا أَلَّا تَكُونَ فِتْنَةٌ فَعَمُوا وَصَمُّوا﴾ هەرکەس لەو پێغەمبەرانە پێچەوانەی ئارەزی ئەوان شتێکی بۆ بهێنانایە هەندێکیانیان بە درۆزن لە قەڵەم ئەداو هەندێکیشیان هەر بە کوشتن لەناو دەبەن. لایان وانەبوو ئیتر بەلایان تووش نابێ. کوێرو کەڕ بوون (نەدەیاندی نە دەیانبیست) کەچی تووشی بەڵا هاتن. لەگەڵ ئەوەیشدا کە کوێرو کەڕ بوون بەرانبەر بە هەقو هەقیان نەدەبیستو شوێن ڕێگەی ڕاستیش نەدەکەوتن ﴿ثُمَّ تَابَ اللَّهُ عَلَيْهِمْ ثُمَّ عَمُوا وَصَمُّوا كَثِيرٌ مِنْهُمْ وَاللَّهُ بَصِيرٌ بِمَا يَعْمَلُونَ﴾ پاشان پەشیمان بونەوەو ئەو پەشیمانیەشی قبووڵ کردن. دیسانەوە زۆرێك لەوان کوێرو کەڕ بوون. خودایش ئەوەی کە دەیانکرد دەیبینیو ئاگاداریان بوو، دەیزانی کێ شایستەی ڕێ نیشاندانەو کێش شایەنی گومڕا بوونە لەوانە.

﴿لَقَدْ كَفَرَ الَّذِينَ قَالُوا إِنَّ اللَّهَ هُوَ الْمَسِيحُ ابْنُ مَرْيَمَ وَقَالَ الْمَسِيحُ يَا بَنِي إِسْرَائِيلَ اعْبُدُوا اللَّهَ رَبِّي
وَرَبَّكُمْ إِنَّهُ مَنْ يُشْرِكْ بِاللَّهِ فَقَدْ حَرَّمَ اللَّهُ عَلَيْهِ الْجَنَّةَ وَمَأْوَاهُ النَّارُ وَمَا لِلظَّالِمِينَ مِنْ أَنْصَارٍ (٧٢)
لَقَدْ كَفَرَ الَّذِينَ قَالُوا إِنَّ اللَّهَ ثَالِثُ ثَلَاثَةٍ وَمَا مِنْ إِلَٰهٍ إِلَّا إِلَٰهٌ وَاحِدٌ وَإِنْ لَمْ يَنْتَهُوا عَمَّا يَقُولُونَ
لَيَمَسَّنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ (٧٣) أَفَلَا يَتُوبُونَ إِلَى اللَّهِ وَيَسْتَغْفِرُونَهُ وَاللَّهُ غَفُورٌ
رَحِيمٌ (٧٤) مَا الْمَسِيحُ ابْنُ مَرْيَمَ إِلَّا رَسُولٌ قَدْ خَلَتْ مِنْ قَبْلِهِ الرُّسُلُ وَأُمُّهُ صِدِّيقَةٌ
كَانَا يَأْكُلَانِ الطَّعَامَ انْظُرْ كَيْفَ نُبَيِّنُ لَهُمُ الْآيَاتِ ثُمَّ انْظُرْ أَنَّىٰ يُؤْفَكُونَ (٧٥)﴾

لە دین وەرگەڕانی مەسیحیەکان و بانگەوازی عیسا (سەلامی خوای لێبێ) بۆ یەکتاپەرستی

خـودای مـەزن ئەفـەرموێت: ﴿ لَقَدْ كَفَرَ ٱلَّذِينَ قَالُوٓاْ إِنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلْمَسِيحُ ٱبْنُ مَرْيَمَ ﴾ ئـەو کەسانەی دەڵێن: خودا خۆی مەسیحی کوڕی مەریەمە دیارە لە دین وەرگەڕاون. خـودای گـەورە خۆی فەرموویەتی کە چەند دەستەیەك لە مەسیحیەکان بێ دینن لە (الملكية و اليعقوبية و النسطورية) وە هەرکەسێ لەو مەسیحیانەشی کە دەڵێن: کە عیسا خۆی خودایە. خودای مەزن پاكو بێ عەیبەو دوورە لەو قسانەوە ئەوانە دەیڵێن: خۆ ڕوونو ئاشکرایە کە عیسا (سەلامی خـوای لێبـێ) لـە پـێش ئەوانـەوە وتویەتی کە ئەو بەندەو پێغەمبەری خودایە، وە بەکەم قسەیە بە منداڵی کـە لـە بێشکەدا بـوو کـردی، وتـی: ﴿وَقَالَ ٱلْمَسِيحُ يَٰبَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ ٱعْبُدُواْ ٱللَّهَ رَبِّى وَرَبَّكُمْ ﴾ مـن بەنـدەی خـودام، نـەی وت مـن خودام، یا من کوڕی خودام، بەڵکو وتـی: ﴿إِنِّى عَبْدُ ٱللَّهِ ءَاتَىٰنِىَ ٱلْكِتَٰبَ وَجَعَلَنِى نَبِيًّا﴾[1] مـن بەنـدەی خـودام کتێبی بە خەڵات دامێو منـی کردۆتـە پێغەمبـەر. هـەتا دەگاتـە: ﴿وَإِنَّ ٱللَّهَ رَبِّى وَرَبُّكُمْ فَٱعْبُدُوهُ ۚ هَٰذَا صِرَٰطٌ مُّسْتَقِيمٌ ﴾[2] هەر خودایە پەروەردگاری منو ئێوە، دەبێ هـەر ئـەو بپەرستن، ئەمـە ڕێگـەی ڕاسـتە. وە کاتێکیش چوو بە ساڵەوەو بوو بە پێغەمبەر هەر وای پێ وتنو فەرمانی پێکردن کە هەر خودا بپەرستن ئەویشو ئەوانیشەو شەریکی نیەو تاكو تەنیایە. هەر بیە خـودای گـەورە ئەفـەرموێت: ﴿وَقَالَ ٱلْمَسِيحُ يَٰبَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ ٱعْبُدُواْ ٱللَّهَ رَبِّى وَرَبَّكُمْ ﴾ مەسـیح وتویـەتی: ئێـوەی ئـەی بـەرەی ئیـسرائیل کـە کـە پەروەردگاری منیشو پـەروەردگاری ئێوەیشە. ﴿إِنَّهُۥ مَن يُشْرِكْ بِٱللَّهِ فَقَدْ حَرَّمَ ٱللَّهُ عَلَيْهِ ٱلْجَنَّةَ وَمَأْوَىٰهُ ٱلنَّارُ ۖ وَمَا لِلظَّٰلِمِينَ مِنْ أَنصَارٍ ﴾ هەرکەسـێ شـەریك بـۆ خـودا دابنـێ خـودا بەشـی لـە بەهەشـت دەبڕێو جێـی ئـاگرەو هەرکـەس ناهـەقی بکـات، هـیچ کـەس بەهانایـەوە نایـە. وەك خـودی مـەزن لـە ئایەتێکی تریشدا ئەفەرموێت: ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغْفِرُ أَن يُشْرَكَ بِهِۦ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُ ﴾[3] خـودا لەوانـە خۆش نابێ کە بڵێن: خودا شەریکی هەیە، لەمەبەدەر هەرکەسێ خودا مـەیلی لێبـێ، لێـی دەبـورێ. وە ئەفــــەرموێت: ﴿ وَنَادَىٰٓ أَصْحَٰبُ ٱلنَّارِ أَصْحَٰبَ ٱلْجَنَّةِ أَنْ أَفِيضُواْ عَلَيْنَا مِنَ ٱلْمَآءِ أَوْ مِمَّا رَزَقَكُمُ ٱللَّهُ ۚ قَالُوٓاْ إِنَّ ٱللَّهَ حَرَّمَهُمَا عَلَى ٱلْكَٰفِرِينَ ﴾[4] جەهەنەمیەکان لە بەهەشتیەکان دەخوازن: لەو ئاوە یان لەو ڕۆزیە

---

[1] مريم (٣٠).

[2] مريم (٣٦).

[3] النساء (٤٨).

[4] الاعراف (٥٠).

خودا پیچی داون شتێکیشی بەشی ئێمە بدەن. دەڵێن: خودا ئەم شتانەی بەشی بێ دینان نەداوە. وە لەم فەرموودە سەحیحەدا هاتوە کە پێغەمبەر(ﷺ) بانگ کەرێکی نارد کە بانگەواز بکات لەناو خەڵکیداو بڵێ: (بێگومان بەهەشت جگە لە کەسی موسوڵمان ناچێتە ناوی) وە لە وتەیەکی تریشدا هاتوە: (کەسی خاوەن باوەڕ)[1] بۆیە خودای گەورە باسی عیسا دەکات (سەلامی خوای لێبێ) کە وتویەتی بە نەوەی ئیسرائیل: ﴿إِنَّهُۥ مَن يُشْرِكْ بِٱللَّهِ فَقَدْ حَرَّمَ ٱللَّهُ عَلَيْهِ ٱلْجَنَّةَ وَمَأْوَىٰهُ ٱلنَّارُ ۖ وَمَا لِلظَّٰلِمِينَ مِنْ أَنصَارٍ﴾ هەرکەسێ شەریك بۆ خودا دابنێ، خودا بەشی لە بەهەشت دەبڕێو جێی ئاگرەو هەرکەسێ ناهەقی بکات، هیچ کەس بە هانایەوە نایە. واتە: لەلایەن خوداوە هیچ کەسێ بە هانایەوە نایەو هیچ کەسێ یارمەتی نادات و ڕزگاری ناکات لەو سزای کە تووشی هاتوە. پاشان خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿لَّقَدْ كَفَرَ ٱلَّذِينَ قَالُوٓا۟ إِنَّ ٱللَّهَ ثَالِثُ ثَلَٰثَةٍ﴾ ئەوانەی کە وتیان: خودا سێهەمینە لە سێ کەسەکان. موجاهیدو کەسانی تریش وتویانە ئەم ئایەتە لەسەر مەسیحیەکان هاتوەتە خوارەوە بەتایبەتی. سوودیو کەسانی تریش وتویانە: لەسەر ئەوانە هاتوەتە خوارەوە کە عیساو دایکیان هەردوویان بە خوا داناوە لەگەڵ خودا. خودایان بە سێهەمین خودا داناوە.[2] سوودی وتی: ئەم ئایەتە وەك ئەو ئایەتە وایە کە خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿وَإِذْ قَالَ ٱللَّهُ يَٰعِيسَى ٱبْنَ مَرْيَمَ ءَأَنتَ قُلْتَ لِلنَّاسِ ٱتَّخِذُونِى وَأُمِّىَ إِلَٰهَيْنِ مِن دُونِ ٱللَّهِ ۖ قَالَ سُبْحَٰنَكَ﴾[3]،[4] ئەو کاتەیش کە خودا فەرمووی: ئەی عیسای کوڕی مەریەم، تۆ وتوتە بەو خەڵکە (جگە لە خودا) دەبێ ئێوە منو دایکم وەك دوو خودا بپەرستن؟ وتی: پاکیو بێ عەیبی هەر شیاوی تۆیە (واتە: هەرگیز شتی وام نەوتوە) ﴿وَمَا مِنْ إِلَٰهٍ إِلَّآ إِلَٰهٌ وَٰحِدٌ﴾ جگە لە خودای تاكو تەنیا هیچ کەس بۆ پەرستن ناشێ. خودای هەموو بونەوەرەو شەریکی نیە. پاشان خودای مەزن هەڕەشەیان لێ دەکاتو ئەفەرموێت: ﴿وَإِن لَّمْ يَنتَهُوا۟ عَمَّا يَقُولُونَ لَيَمَسَّنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مِنْهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ ئەگەر بێتو واز لەو قسانە نەهێنن (ئەوانیانە کە وا لە دین لایانداوە) تووشی ئازارێکی بە ژان دەبن. لە ڕۆژی دوایداو ڕسوایش دەبن. وە ئەفەرموێت: ﴿أَفَلَا يَتُوبُونَ إِلَى ٱللَّهِ وَيَسْتَغْفِرُونَهُۥ ۚ وَٱللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾ بۆچی ئەوانە پەشیمان

---

[1] فتح الباري (٦/٢٠٧).

[2] الطبري (١٠/٤٨٣).

[3] المائدة (١١٦).

[4] الطبري (١٠/٤٨٣).

نابنە بەر قاپی خوداو داوای بەخشینی لێ ناکەن؟ کە خودا لە گوناە دەبورێو دلۆڤانە. ئەوەیش لە سۆزو بەزەیی‌و ڕێزی فراوانی خودای مەزنەوەیە کە لەگەڵ ئەو هەموو تاوانە گەورەو درۆو بوختان هەڵبەستنەوە بە دەمیەوە، بانگیان دەکات کە پەشیمان ببنەوەو بگەڕێنەوە بۆ لایو تەوبە بکەن، هەرکەسێ تەوبە بکات خوای لێی قبووڵ دەکات.

عیسا (سەلامی خوای لێبێ) بەندەی خودایەو دایکیشی زۆر ڕاستگۆیە

خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿مَا ٱلۡمَسِيحُ ٱبۡنُ مَرۡيَمَ إِلَّا رَسُولٞ قَدۡ خَلَتۡ مِن قَبۡلِهِ ٱلرُّسُلُ﴾ مەسیحی کوڕی مەریەم جگە لە پێغەمبەرێك هیچی تر نیە. لە پێش ئەویش زۆرێك پێغەمبەری تر هاتوونو چوون. واتە: ئەمیش وەك پێغەمبەرەکانی تر وایە لە پێشەیەوە هاتوون. بەندەیەکە لە بەندەکانی خوداو پێغەمبەرێکە لە پێغەمبەرە بەڕێزەکانی خودا. وەك لە ئایەتێکی تریشدا ئەفەرموێت: ﴿إِنۡ هُوَ إِلَّا عَبۡدٌ أَنۡعَمۡنَا عَلَيۡهِ وَجَعَلۡنَٰهُ مَثَلٗا لِّبَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ﴾[1] ئەو تەنیا عەبدێك بوو، ئێمە چاکەمان لەگەڵ کردو کردمان بە نمونەیەك بۆ بەرەی ئیسرائیل. ﴿وَأُمُّهُۥ صِدِّيقَةٞ﴾ دایکی ئەویش ژنێکی ڕاستو دروست بوو، بڕوای بە عیسا هێناو بە ڕاستی دانا. ئەوەیش بەرزترین پلەیە بۆ مەریەم. ئەم ئایەتە خۆی لە خۆیدا بەڵگەیە لەسەر ئەوە کە مەریەم پێغەمبەر نەبوە. ﴿كَانَا يَأۡكُلَانِ ٱلطَّعَامَ﴾ هەردوکیان خۆراکیان دەخوارد. واتە: هەردوکیان پێویستیان بە خواردن بووەو پاشەڕۆشیان هەبووە. ئەوانیش دوو بەندە بوون لە بەندەکانی خودا. دوو خودا نەبوون وەك دەستەیەك لە مەسیحیە نەفامەکان وایان دەزانی (بەر نەفرینی بەردەوامی خودا کەون هەتا ڕۆژی قیامەت). پاشان خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿ٱنظُرۡ كَيۡفَ نُبَيِّنُ لَهُمُ ٱلۡأٓيَٰتِ ثُمَّ ٱنظُرۡ أَنَّىٰ يُؤۡفَكُونَ﴾ دەبڕوانە چەند نیشانەی ئاشکرایان نیشان ئەدەین، دیسان سەریکە چۆنین لە هەق لادەدرێن. واتە: سەریکە چۆن دوای ئەو هەموو بەڵگەو نیشانەو ڕوون کردنەوانە بۆ کوێ دەڕۆنو بە چیوە پابەندنو بۆ چ ڕێبازێکی گومڕایی دەچن؟

﴿قُلۡ أَتَعۡبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا يَمۡلِكُ لَكُمۡ ضَرّٗا وَلَا نَفۡعٗاۚ وَٱللَّهُ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡعَلِيمُ ٧٦ قُلۡ يَٰٓأَهۡلَ ٱلۡكِتَٰبِ لَا تَغۡلُواْ فِي دِينِكُمۡ غَيۡرَ ٱلۡحَقِّ وَلَا تَتَّبِعُوٓاْ أَهۡوَآءَ قَوۡمٖ قَدۡ ضَلُّواْ مِن قَبۡلُ وَأَضَلُّواْ كَثِيرٗا وَضَلُّواْ عَن سَوَآءِ ٱلسَّبِيلِ ٧٧﴾

[1] الزخرف (٥٩).

ڕێگری لە بت پەرستیو هەڵەڕۆیی لە ئایندا

خودای مەزن نارەزایی خۆی دەردەبڕێ بەرانبەر ئەو کەسانەی کە جگە لە خۆی دەپەرستن لە بتو پەیکەرو هاوشێوەیان، ڕوونی کردوەتەوە کە هیچ شتێ شایستەی ئەوە نیە بپەرسترێ. وەك ئەفەرموێت: ﴿ قُلْ ﴾ واتە: ئەی موحەممەد (ﷺ) بڵێ: بەو کەسانەی کە بێجگە لە خودا دەپەرستن لە گشت بەرەکانی نەوەی ئادەم کە مەسیحیەکانیش دەگرێتەوە، ﴿أَتَعْبُدُونَ مِن دُونِ اللَّهِ مَا لَا يَمْلِكُ لَكُمْ ضَرًّا وَلَا نَفْعًا﴾ ئایا بێجگە لە خوا ئێوە دەچن شتانی وا دەپەرستن نە دەتوانێ زیانتان لێ بداتو نە پێی دەکرێ سوودتان پێ بگەیەنێ؟ ﴿وَاللَّهُ هُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ﴾ زۆر بیسەرو زۆر زانا هەر خودایە. واتە: قسەی عەبدەکانی چاك دەبیسێو ئاگاداری گشت شتێکیشە، لەبەرچی وازتان لە پەرستنی خودا هێناوەو دەچن بێ گیانێ دەپەرستن کە زیانی بۆ خۆیی غەیرەز خۆیيو سوودی بۆ خۆیی غەیرەز خۆیشی نیە؟ پاشان ئەفەرموێت: ﴿قُلْ يَا أَهْلَ الْكِتَابِ لَا تَغْلُوا فِي دِينِكُمْ غَيْرَ الْحَقِّ وَلَا تَتَّبِعُوا أَهْوَاءَ قَوْمٍ قَدْ ضَلُّوا مِن قَبْلُ﴾ بڵێ: ئەی ئەهلی کتێب بە ناڕەوا زیادەڕۆیی لە ئاینی خۆتاندا مەکەن، مەکەونە شوێنی ئارەزوی ئەوانەش کە گومڕا بوون. واتە: لە ئەندازە دەرمەچن لە شوێن کەوتنی هەقدا، کە عیسا پێغەمبەرێکە لە پێغەمبەرەکانو کەچی ئێوە کردتان بە خوداو دەتانپەرست لەگەڵ خوادا، ئەوەیش کە ئێوە پێی هەڵسان بە چاو لێکەری بوو لە زاناکانتان، ئەو زانا گومڕانەی کە لە دێر زەمانەوە گومڕا بوون ﴿وَأَضَلُّوا كَثِيرًا وَضَلُّوا عَن سَوَاءِ السَّبِيلِ﴾ زۆرێکیشیان گومڕا کردو خۆشیان لە ڕێی ڕاست لایاندا. واتە: لە ڕێگەی ڕاستو دروست دەرچوون بۆ ڕێگەی گومڕاییو سەرلێشێواوی.

﴿ لُعِنَ الَّذِينَ كَفَرُوا مِن بَنِي إِسْرَائِيلَ عَلَىٰ لِسَانِ دَاوُودَ وَعِيسَى ابْنِ مَرْيَمَ ۚ ذَٰلِكَ بِمَا عَصَوا وَّكَانُوا يَعْتَدُونَ (٧٨) كَانُوا لَا يَتَنَاهَوْنَ عَن مُّنكَرٍ فَعَلُوهُ ۚ لَبِئْسَ مَا كَانُوا يَفْعَلُونَ (٧٩) تَرَىٰ كَثِيرًا مِّنْهُمْ يَتَوَلَّوْنَ الَّذِينَ كَفَرُوا ۚ لَبِئْسَ مَا قَدَّمَتْ لَهُمْ أَنفُسُهُمْ أَن سَخِطَ اللَّهُ عَلَيْهِمْ وَفِي الْعَذَابِ هُمْ خَالِدُونَ (٨٠) وَلَوْ كَانُوا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالنَّبِيِّ وَمَا أُنزِلَ إِلَيْهِ مَا اتَّخَذُوهُمْ أَوْلِيَاءَ وَلَٰكِنَّ كَثِيرًا مِّنْهُمْ فَاسِقُونَ (٨١)﴾

نەفرینی خودا لە خوانەناسانی نەوەی ئیسرائیل

خودای مەزن باسی ئەوە دەکات کە نەفرینی کردوە لە خوانەناسانی نەوەی ئیسرائیل هەر لە دێر زەمانەوە لەو کاتەوە کە پەیامی نارد بۆ پێغەمبەری خۆی داوود (سەلامی خوای لێبێ) وە لەسەر

زمانی عیسای کوڕی مەریەمیش (سەلامی خوای لێبێ) بەهۆی سەرپێچیانەوە لە فەرمانی خوداو دەست درێژی کردنیان ئەسەر خەڵکی خودا. عەوفی وتی لە ئیبنوعەبباسەوە: نەفرین کراوە لە خوانەناسانی نەوەی ئیسرائیل لە تەورات و ئینجیل و زەبورو قورئاندا. پاشان باسی چۆنیەتی هەڵسوکەوتیان کردوە لەکاتی خۆیداو فەرمووی: ﴿ لُعِنَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِنۢ بَنِىٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ عَلَىٰ لِسَانِ دَاوُۥدَ وَعِيسَى ٱبۡنِ مَرۡيَمَۚ ذَٰلِكَ بِمَا عَصَواْ وَّكَانُواْ يَعۡتَدُونَ ﴿٧٨﴾ كَانُواْ لَا يَتَنَاهَوۡنَ عَن مُّنكَرٖ فَعَلُوهُ ﴾ ئەو کۆمەڵەی لە بەرەی ئیسرائیل کە لە دین لایاندا، لەسەر زمانی داودو عیسای کوڕی مەریەم نەفرینیان لێ کرا. چونکە فەرمانی خوایان بەجێنەهێناو پیشەیان دەست درێژی بوو، ئەو ڕەفتارە نالەبارە وا دەیانکرد، بەرگریان لە یەك نەکرد. واتە: هیچ کەسێکیان بەرگریان لەوی تر نەدەکرد لەو تاوان و خراپەکاریانە کە دەیکرد، پاشان خودای گەورە زەمی کردون لەسەر ئەوەی کە وازیان لە فەرمان بە چاکەو بەرگری لە خراپە هێنابوو. خاوەن باوەڕان دەترسێنن کە نەکەن ئەمانیش وەك ئەوانە بکەن و ئەفەرموێت: ﴿لَبِئۡسَ مَا كَانُواْ يَفۡعَلُونَ ﴾ ئای چ کارێکی زۆر خراپیان کرد.

چەند فەرموودەیەك لەبارەی فەرماندان بە چاکەو بەرگری کردن لە خراپە

فەرموودە لەبارەی فەرماندان بە چاکەو بەرگری کردن لە خراپە زۆرە، بەڵام ئێمە لێرەدا چەند فەرموودەیەك باس دەکەین بەپێی پێویست. ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردوە لە حوزەیفەی کوڕی یەمانەوە (الیمان) کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (سوێند بەو کەسەی گیانی منی بەدەستە دەبێ فەرمان بکەن بە چاکەو بەرگری بکەن لە خراپە یان بەو زوانە خودا سزایەکتان بۆ دەنێرێ لەلایەن خۆیەوە، پاشان لێی دەپاڕێنەوە، وەڵامتان ناداتەوە)[1] تیرمیزیش ڕیوایەتی کردوەو وتویەتی ئەم فەرموودەیە، فەرموودەیەکی حەسەنە.[2] موسلیم ڕیوایەتی کردوە لە ئەبوسەعیدی خودەریەوە (الخُدري) وتی: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (هەرکەسێ لە ئێوە خراپەیەکی بینی با بە دەستی بیگۆڕێ، ئەگەر نەیتوانی با بە زمانی (بیگۆڕێ) ئەگەر نەیتوانی بە دڵی (واتە: پێی ڕازی نەبێ) ئەوە لاوازترینی بڕوایە)[3] ئەبوداود ڕیوایەتی کردوە لە عورسەوە (العُرس) واتە ئیبنوعومەیرە، لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) فەرمووی: (ئەگەر خراپە (تاوان) لە زەویدا کرا ئەوەی ئاگاداری لەو خراپەیە بوو، پێی ناخۆش بوو (یان جارێکی تر وتی: ناڕەزایی خۆی دەربڕی (لەو خراپەیە)) ئەوە وەك ئەو کەسە حیسابی بۆ دەکرێ لەو شوێنە بووە. بەڵام ئەو کەسەی کە لەوێ نەبوەو ڕازی بوە بەو خراپەیە وەك

---

[1] أحمد (٣٨٨/٥)، فەرموودەیەکی حەسەنە.

[2] تحفة الاحوذي (٣٩١/٦)، فەرموودەیەکی حەسەنە.

[3] مسلم (٦٩/١).

ئەو کەسە وایە کە ئامادەی خراپەکە بووە)[1]. دیسان ئەبوداوود ڕیوایەتی کردوە لە یەکێك لە هاوەڵەکانی پێغەمبەرەوە (ﷺ) کە پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: (خەڵکی لەناوناچێ هەتا بڕوبیانو دێننەوە بۆ خۆیان (لە زۆری خراپەو تاوان کردنیان))[2] ئیبنوماجە ڕیوایەتی کردوە لە ئەبوسەعیدی خودەریەوە کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) هەڵساو وتارێکی داو لە وتارەکەیدا فەرمووی: (ئاگادار بن، با ڕێزگرتنی خەڵکی وانەکات لە کەسێ ڕێگری لێ بکات هەق بڵێ ئەگەر دەیزانی) وتی: ئەبوسەعید گریاو وتی: سوێند بە خودا ئێمە چەند شتمان بینی، ڕێزلێنان ڕێگری لێ کردین.[3] وە لە فەرموودەیەکی تردا لە ئەبوسەعیدەوە وتی: پێغەمبەری خودا فەمووی: (چاکترین جیهاد وتەیەکی هەقە لەلای خاوەن دەستەڵاتێکی زۆردار (ستەمکار))[4] ئەبوداوودو تیرمیزیو ئیبنوماجە ڕیوایەتیان کردوە، تیرمیزی وتی: فەرموودەیەکی حەسەنی غەریبە بەم شێوازە. ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردوە لە حوزەیفەوە لە پێغەمبەری خوداوە (ﷺ) کە فەرموویەتی: (بۆ موسوڵمان ناشێ خۆی زەلیلو ڕیسوا بکات)، وترا: چۆن خۆی ڕیسوا دەکات؟ فەرمووی: (دەچێتە ژێر بەلاو ناڕەحەتی، سەرئەنجام بۆی هەڵناگیرێو توانای نامێنێ)[5] هەر بەم شێوەیە تیرمیزیو ئیبنوماجە ڕیوایەتیان کردوە، تیرمیزی وتی: ئەم فەرموودەیە حەسەنو سەحیحو غەریبە[6].

زەمی دووڕووەکان

خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿ تَرَىٰ كَثِيرًا مِّنْهُمْ يَتَوَلَّوْنَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ ﴾ تۆ زۆر لەوانە دەبینی دەبنە دۆستی خوانەناسان. موجاهید وتی: مەبەست پێی دووڕووەکانە. ﴿لَبِئْسَ مَا قَدَّمَتْ لَهُمْ أَنفُسُهُمْ﴾ چەند خراپە ئەو توێشوەی پێش خۆیان خست. مەبەست پێی دۆستایەتی دووڕووەکانە بۆ خوانەناسانو وازهێنانیانە لە دۆستایەتی خاوەن باوەڕان، دوودڵی لە دڵیاندا دروست کردو بەهۆی ئەو دووڕوویانەوە خودا لێیان تورە بوو، تورەیەکی بەردەوام هەتا ڕۆژی قیامەت کە زیندویان دەکاتەوە. بۆیە خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿أَن سَخِطَ ٱللَّهُ عَلَيْهِمْ ﴾ کە ئەنجامەکەی ئەوە بوو خودا لێیان تورە بوو. وە ئەفەرموێت: ﴿وَفِى ٱلْعَذَابِ هُمْ خَٰلِدُونَ ﴾ هەر لە سزادا دەمێننەوە لە ڕۆژی قیامەتدا.

---

[1] أبوداود (٤٣٤٥)، فەرموودەیەکی حەسەنە.

[2] أبوداود (٤٣٤٧)، فەرموودەیەکی حەسەنە.

[3] إبن ماجة (٤٠٠٧)، فەرموودەیەکی حەسەنە.

[4] أبوداود (٥١٤/٤)، تحفة الاحوذي (٣٩٥/٦)، إبن ماجة (١٣٢٩/٢)، فەرموودەیەکی حەسەنی غەریبە.

[5] أحمد (١٤٠٥/٥)، فەرموودەیەکی حەسەنی غەریبە.

[6] تحفة الاحوذي (٥٣١/٦)، إبن ماجة (١٣٣٢/٢)، فەرموودەیەکی حەسەنی غەریبە.

پاشان خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿ وَلَوْ كَانُوا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالنَّبِيِّ وَمَا أُنزِلَ إِلَيْهِ مَا اتَّخَذُوهُمْ أَوْلِيَاءَ ﴾ ئەگەر ئەوانە بە خوداو پێغەمبەرو هەرچی بۆ ئەو هاتۆتە خوار، بە دڵ باوەڕیان بوایە، دۆستی ئەمانە نەدەبوون. واتە: ئەگەر ئەمانە بەڕاستی بڕوایان بە خوداو پێغەمبەرو قورئان بوایە، ئەوی کردیان لە دۆستایەتی ئەو خوانەناسانە لە ژێرەوە کە کردیانو دەستیان دایە دژایەتی خوداو پێغەمبەرو ئەو قورئانەی بۆی هاتە خوارەوە. ﴿وَلَٰكِنَّ كَثِيرًا مِّنْهُمْ فَاسِقُونَ﴾ بەڵام زۆر کەس لەوان لە فەرمانی خودا لایانداو گوێڕایەڵی پێغەمبەرەکەشیان نەکردو دژایەتی قورئانیشیان کە خودا ناردبووی.

﴿لَتَجِدَنَّ أَشَدَّ النَّاسِ عَدَاوَةً لِّلَّذِينَ آمَنُوا الْيَهُودَ وَالَّذِينَ أَشْرَكُوا ۖ وَلَتَجِدَنَّ أَقْرَبَهُم مَّوَدَّةً لِّلَّذِينَ
آمَنُوا الَّذِينَ قَالُوا إِنَّا نَصَارَىٰ ۚ ذَٰلِكَ بِأَنَّ مِنْهُمْ قِسِّيسِينَ وَرُهْبَانًا وَأَنَّهُمْ لَا يَسْتَكْبِرُونَ
(٨٢) وَإِذَا سَمِعُوا مَا أُنزِلَ إِلَى الرَّسُولِ تَرَىٰ أَعْيُنَهُمْ تَفِيضُ مِنَ الدَّمْعِ مِمَّا عَرَفُوا مِنَ الْحَقِّ ۖ يَقُولُونَ رَبَّنَا آمَنَّا
فَاكْتُبْنَا مَعَ الشَّاهِدِينَ (٨٣) وَمَا لَنَا لَا نُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَمَا جَاءَنَا مِنَ الْحَقِّ وَنَطْمَعُ أَن يُدْخِلَنَا رَبُّنَا مَعَ الْقَوْمِ
الصَّالِحِينَ (٨٤) فَأَثَابَهُمُ اللَّهُ بِمَا قَالُوا جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا ۚ وَذَٰلِكَ جَزَاءُ الْمُحْسِنِينَ
(٨٥) وَالَّذِينَ كَفَرُوا وَكَذَّبُوا بِآيَاتِنَا أُولَٰئِكَ أَصْحَابُ الْجَحِيمِ (٨٦)﴾

هۆی هاتنەخوارەوەی ئەم ئایەتە

سەعیدی کوڕی جوبەیرو سودیو کەسانی تریش وتویانە: لەسەر شاندێك کە نەجاشی ناردی بۆلای پێغەمبەر (ﷺ) ئەم ئایەتە هاتەخوارەوە. تا قسەکانی پێغەمبەر (ﷺ) ببیستنو ڕەوشتەکانی ببینن، کاتێك کە چاوی پێ کەوتو قورئانی بەسەردا خوێندن موسڵمان بوونو گریانو ملیان کەچ کرد. پاشان گەڕانەوە بۆلای نەجاشی ئەوەیان بۆگێڕایەوە.[1] عەتای کوڕی ئەبوڕیباح وتی: ئەوانە کۆمەڵێك بوون لە خەڵکی حەبەشە، کاتێك موسڵمانە کۆچکەرەکان چوونەلایان لە حەبەشە موسڵمان بوون. قەتادە وتی: ئەوانە کۆمەڵێك بوون لەسەر ئاینی عیسای کوڕی مەریەم بوون، کاتێك کە موسڵمانیان بینیو موسڵمان بوون مینجەمینجیان نەکرد.[2] واتە: بێ دوودڵی خێرا بڕوایان هێنا. ئیبنو جەریر وتی: ئەم ئایەتە هاتەخوارەوە لە وەسفی ئەوکەسانەدا کە ئەم ڕەوشتەیان تێدابووە. لە حەبەشەبووبێت یان لە هەرشوێنێکی تر وەکویەکە. خودای مەزن دەفەرموێت: ﴿لَتَجِدَنَّ أَشَدَّ النَّاسِ عَدَاوَةً لِّلَّذِينَ آمَنُوا

---

[1] الطبری (١٠/٤٩٩/٥٠٠).

[2] الطبری (١٠/٥٠١).

﴿ٱلۡيَهُودَ وَٱلَّذِينَ أَشۡرَكُواْ﴾ بێگومان جووەکان شەریك دانەران بۆ خودا لە دوژمنە سەرسەختەکانن بەرامبەر ئەوانەی کە بروایان هێناوە. ئەمەش لەبەرئەوەیە کە خودانەناسی جوولەکە لەبەر لاساری و بێ دینی و دژایەتی هەق و بەکەم زانین هەستاون بە سوکایەتی کرد بە هەلگرانی زانیاری کە پێغەمبەرانن (سەلامی خودایان لێبێت) هەربۆیە زۆرێك لە پێغەمبەرەکانیان کوشت. ویستیان پێغەمبەری خوداش (ﷺ) بکوژن. چەندجاریش هەولّی کوشتنیاندا. ژەهریان بۆکردە خواردن و جادوویان لێکرد، هاوڕێنەکانی خۆیانیان لە موشریکەکان لێ کۆکردەوە. بە نەفرینی بەردەوامی خودا بکەون هەتاڕۆژی قیامەت. پاشان خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَلَتَجِدَنَّ أَقۡرَبَهُم مَّوَدَّةً لِّلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱلَّذِينَ قَالُوٓاْ إِنَّا نَصَٰرَىٰ﴾ ئەوکەسانەش کەوتیان: ئێمە مەسیحین زیاتر بروادارەکانیان خۆشدەوێت. واتە: ئەوانەی کە خۆیان بە مەسیحی دادەنێن و شوێنکەوتەی عیسان(سەلامی خودایان لێبێت) و لەسەر پەیرەوی ئینجیلن، ئەوانە بەگشتی خۆشەویستی ئیسلام و موسڵمانان لە دڵیاندایە ئەمەش لەبەرئەوەیە کاتێك لەسەر دینی عیسا بوون سۆزو بەزەیی لە دڵیاندابووە. وەك خودای گەورە لە ئایەتێکی تردا دەفەرمووێت: ﴿وَجَعَلۡنَا فِي قُلُوبِ ٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُوهُ رَأۡفَةً وَرَحۡمَةً﴾[1] دلڕفانی و بەزەیشمان خستە دڵی شوێنکەوتوانی. وە لە کتێبەکەیاندا هاتووە، کەسێك کێشای بە ڕوومەتی ڕاستدا ڕوومەتی چەپیشی تێکە. شەرکردن لە ئاینیاندا ڕەوانەبووە هەربۆیە خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿ذَٰلِكَ بِأَنَّ مِنۡهُمۡ قِسِّيسِينَ وَرُهۡبَانٗا وَأَنَّهُمۡ لَا يَسۡتَكۡبِرُونَ﴾ چونکە هەندێکیان قەشەن و گۆشەگیرن خۆبەزلزانن. واتە: تیایانە قەشەن، کە وتارخوێن و زاناکانیانە(الرهبان) کۆی (راهب)ە واتە: خوداپەرست لە(رهبة) وە هاتووە واتە: ترس. وەك (راکب و رکبان فرس و فرسان) ئیبنو ئەبی حاتەم ڕیوایەتی کردووە لە حامیەی کوڕی ڕیئابەوە وتی: گوێم لە موسڵمان بوو پرسیاری لێکرا لەم دەقەدا کە دەفەرمووێت: ﴿ذَٰلِكَ بِأَنَّ مِنۡهُمۡ قِسِّيسِينَ وَرُهۡبَانٗا﴾ وتی: ئەوانە ئەو گۆشەگیرانەن کە لە پەرستگەو کەلاوەدا خوداپەرستیان کردووە. سەلمان وتی: ئەم دەقەم خوێندەوە ﴿ذَٰلِكَ بِأَنَّ مِنۡهُمۡ قِسِّيسِينَ﴾ بۆ پێغەمبە خودا (ﷺ) ئەویش بەم شێوەیە بۆی خوێندمەوە ﴿-ذالك بأن منهم صديقين وركبانا- ذَٰلِكَ بِأَنَّ مِنۡهُمۡ قِسِّيسِينَ وَرُهۡبَانٗا وَأَنَّهُمۡ لَا يَسۡتَكۡبِرُونَ﴾[2] وەسفەکەیان ئەوەدەگەیەنێت کە زانست و خوداپەرستی و خۆبەکەم زانینیان تێدایە، پاشان وەسفیشی بەوە کردوونکە ملکەچ و دادوەرو

---

[1] الحديد (٢٧).

[2] الطبراني (٦/٢٦٦).

شوێنکەوتووە هەقیشن. وەك خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَإِذَا سَمِعُواْ مَآ أُنزِلَ إِلَى ٱلرَّسُولِ تَرَىٰٓ أَعۡيُنَهُمۡ تَفِيضُ مِنَ ٱلدَّمۡعِ مِمَّا عَرَفُواْ مِنَ ٱلۡحَقِّۖ يَقُولُونَ رَبَّنَآ ءَامَنَّا فَٱكۡتُبۡنَا مَعَ ٱلشَّٰهِدِينَ﴾ کاتێـك گـوێ دەگـرن لەوانەی کە لە خوداوە بۆ پێغەمبەر ڕەوانەکراوە، دەیانبینیت ئەسرین لە چاویان دەوەڕێت چونکە لـە ڕاستیەکە دەگەن، دەڵێن: ئەی پەروەردگارمان، ئەوا باوەڕمان هێنا، سا تۆش ناومان لەگەڵ شـایەتاندا بنوسە. واتە: لەگەڵ ئەوانەی کە شایەتی لەسەر ڕاستی ئەمە دەدەنو بڕوایان پێی هەیە.ئەمـە وەسفی ئەو مەسیحیانەیە کـە لـە قورئانـدا باسـیان هـاتووە وەك خـودای مـەزن دەفـەرموێت: ﴿وَإِنَّ مِنۡ أَهۡلِ ٱلۡكِتَٰبِ لَمَن يُؤۡمِنُ بِٱللَّهِ وَمَآ أُنزِلَ إِلَيۡكُمۡ وَمَآ أُنزِلَ إِلَيۡهِمۡ خَٰشِعِينَ لِلَّهِ﴾[1] لـەناو ئـەهلی کتێبـیش کەسانی وا هەن کە بڕوای بە خودا هەیە بەوقورئانەی کە بۆ ئێوە هتەخوارو بەوکتێبەی کە بـۆ خۆیـان ڕەوانەکراوەو کڕنوش بۆ خودا دەبەن. وە هە ر ئەوانەن کە خودای گەورە لەبارەیانـەوە دەفـەرموێت: ﴿ٱلَّذِينَ ءَاتَيۡنَٰهُمُ ٱلۡكِتَٰبَ مِن قَبۡلِهِۦ هُم بِهِۦ يُؤۡمِنُونَ ۝٥٢ وَإِذَا يُتۡلَىٰ عَلَيۡهِمۡ قَالُوٓاْ ءَامَنَّا بِهِۦٓ إِنَّهُ ٱلۡحَقُّ مِن رَّبِّنَآ إِنَّا كُنَّا مِن قَبۡلِهِۦ مُسۡلِمِينَ﴾ ئەوکەسانەی کە لەپێش هاتنی قورئـان، ئێمـە کتێبمـان پێدان، بـاوە ڕیـان بـە قورئـان هەیە. کاتێك بۆیان دەخوێنن دەڵێن: بڕوامان پێی هێنـاو بێگومـان ڕاستەو لەلایـەن پەروەردگارمانـەوە هاتووە، بەرلـەوەش کـە بێتـەخوا رەوە ئێمـە قبوڵمـان کـردووە. هـەتا دەگاتـە ﴿لَا نَبۡتَغِي ٱلۡجَٰهِلِينَ﴾[2] خۆشمان لە نەزانان نایە. هەربۆیـە لێـرەدا دەفـەرموێت: ﴿فَأَثَٰبَهُمُ ٱللَّهُ بِمَا قَالُواْ جَنَّٰتٖ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَا﴾ لەبەرامبەر ئەوقسانەدا ئەوانە وتیان: خودا دەیانباتە باخاتێك جۆباریـان بەبـەردا دەڕواتو هەتاسـەر هـەر تیادەبێـت. واتـە: لەپاداشـتی ئـەو بڕواهێنـانو داننانیـان بەوڕاسـتیەدا هـەر دەمێننەوە لە بەهەشتداو هەرگیز لێی دەرناچنو نـەمانیان بەسـەردانایات ﴿وَذَٰلِكَ جَزَآءُ ٱلۡمُحۡسِنِينَ﴾ پاداشـتی ئاکارچـاکان هـەروادەبێت. واتـە: لـە شـوێنکەوتنیاندا بـۆ ڕاسـتیو ملکەچیان بـۆی لـە هـەر شـوێنێکداو لـە هـەرکوێو لەگـەڵ هەرکەسێکدابێت. پاشـان خـودای گـەورە دێتەسـەر باسـی ژیـانی بەدبـەختانو دەفـەرموێت: ﴿وَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ وَكَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِنَآ أُوْلَٰٓئِكَ أَصۡحَٰبُ ٱلۡجَحِيمِ﴾ ئەوکەسـانەش کە خودانەناسنو نیشانەکانی ئێمـەیان بـەدرۆزانی، دیا رە جەهەننـەم جێگەیانـە. واتـە: هـەرگیز لێـی نایەتەدەرەوە.

---

[1] ال عمران (١٩٩).

[2] القصص (٥٢ –٥٥).

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تُحَرِّمُوا۟ طَيِّبَٰتِ مَآ أَحَلَّ ٱللَّهُ لَكُمْ وَلَا تَعْتَدُوٓا۟ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلْمُعْتَدِينَ ﴿٨٧﴾ وَكُلُوا۟ مِمَّا رَزَقَكُمُ ٱللَّهُ حَلَٰلًا طَيِّبًا ۚ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ ٱلَّذِىٓ أَنتُم بِهِۦ مُؤْمِنُونَ ﴿٨٨﴾ ﴾

گۆشەگیری (رهبانية) لە ئیسلامدا نیە

عەلی کوڕی ئەبوتەلحە لە ئیبنو عەبباسەوە وتی: ئەم ئایەتە هاتەخوارەوە لەسەر کۆمەڵێك لە هاوەڵانی پێغەمبەری (ﷺ) کە وتیان: ژن ناهێنین و واز لە ئارەزووی دونیا دەهێنین و هاتوچۆدەکەین لە زەویدا وەك چۆن گۆشەگیرەکان دەیانکرد، ئەوهەڵە گەیشتە پێغەمبەر (ﷺ) ناردی بەشوێنیاندا، ئەو هەواڵەی بۆ باسکردن، وتیان: بەڵێ، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (بەڵام من ڕۆژی دەگرم و ڕۆژیش دەشکێنم و نوێژدەکەم و دەخەووم و ژنیش مارەدەکەمن هە رکەسێك پابەندبێت بە سوننەتی منەوە، ئەوە لە منە هە رکەسێکیش پابەندنەبێت بە سوننەتی منەوە، ئەوە لە من نیە)[1]، ئیبنو ئەبی حاتەمیش ڕیوایەتی کردووە و ئیبنو مەردەویهی لەڕێگەی عەوفیەوە لە ئیبنو عەبباسەوە هەر بەمشێوەیە ڕیوایەتی کردووە. وە لە هەردوو سەحیحەکەدا ڕیوایەت کراووە لە عائیشەوە (ڕەزای خودای لێبێت) کە چەند کەسێك لە هاوەڵانی پێغەمبەری خودا (ﷺ) پرسیاریا ە خێزانەکانی پێغەمبەر کرد (ﷺ) لەبارەی عیبادەتی پێغەمبەرەوە (ﷺ) لەکلتی نهێنیدا. هەندێکیان وتیان: گۆشت ناخۆم، هەندێکیان وتیان: ژن ناهێنم، هەندێکیان وتیان: لەسەرجێگا ناخەوم، ئەو هەواڵە گەیشتە پێغەمبەر (ﷺ) فە رمووی: (حاڵی ئەوانە چۆنە یەکێکیان ئەوەو ئەوە دەڵێت، من ڕۆژی دەگرم و ڕۆژیش دەشکێنم، دەخەوم و هەڵدەستم و گۆشتیش دەخۆم و ژنیش مارەدەکەم و هەرکەسێك لە سوننەتی من لابدات ئەوە لە من نیە)[2]، خودای مەزن دەفەرمووێت: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تُحَرِّمُوا۟ طَيِّبَٰتِ مَآ أَحَلَّ ٱللَّهُ لَكُمْ وَلَا تَعْتَدُوٓا۟ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلْمُعْتَدِينَ ﴾ ئەی کۆمەڵی خاوەن باوەڕان، ئەوشتانەی خودا بۆ ئێوەی حەڵاڵ کردووەو پاك و باشن، خۆتانی لێ بێبەش مەکەن، لە ئەندازەش دەرمەچن، خودا ئەوانەی خۆش ناوێت کە لە ئەندازە دەردەچن. واتە: زیادەڕۆیی مەکەن و تەنگ لەخۆتان هەڵمەچنن، ئەوانەی خودا بۆتانی حەڵاڵ کردووە لە خۆتانی قەدەغەمەکەن و لە خواردنی حەڵاڵیشدا زیادەڕۆیی مەکەن، بەڵکو بەپێی پێویستی خۆتان بەهرەی لێ وەربگرن. لەسنور دەرمەچن تێیداوەك خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿ وَكُلُوا۟ وَٱشْرَبُوا۟ وَلَا تُسْرِفُوٓا۟ ﴾[3] خواردن و بخۆن و بخۆنەوە و لە

---

[1] الطبری (١٠/٥١٨).

[2] فتح الباری (٩/٥)، مسلم (٢/١٠٢٠).

[3] الاعراف (٣١).

ئەندازە دەرمەچن. وە دەفەرمووێت: ﴿ وَٱلَّذِينَ إِذَآ أَنفَقُواْ لَمْ يُسْرِفُواْ وَلَمْ يَقْتُرُواْ وَكَانَ بَيْنَ ذَٰلِكَ قَوَامًا ﴾[1] ئەوانەش کە لەکاتی ماڵ بەخشیندا، نە یەکجاری دەست بڵاون، نە تەواویش دەس قوچاون،هەر لەو ناوەندەدا، ماون. خودای مەزن بەرنامەیەکی ڕاستو دروستی داناوە لەنێوان زیادەڕۆیی‌و دەست قوچاواندا لە بەخشیندا هەربۆیە فەرموویەتی: ﴿لَا تُحَرِّمُواْ طَيِّبَٰتِ مَآ أَحَلَّ ٱللَّهُ لَكُمْ وَلَا تَعْتَدُوٓاْۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلْمُعْتَدِينَ ﴾ پاشان فەرموویەتی: ﴿ وَكُلُواْ مِمَّا رَزَقَكُمُ ٱللَّهُ حَلَٰلًا طَيِّبًاۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِىٓ أَنتُم بِهِۦ مُؤْمِنُونَ ﴾ دەسا ئێوە لەو بژێوەی خودا بۆتانی داناوە، لەوەی کە پاکو حەڵاڵە بخۆن‌و ترسیشتان لەو خودایەبێت کە باوەڕتان پێی هەیە. لە هەموو کاروبارێکتاندا شوێن مەرجەکان‌و ڕەزامەندی خودا بکەون‌و وازبێنن لە یاخی بوون‌و نافەرمانی خودا.

﴿ لَا يُؤَاخِذُكُمُ ٱللَّهُ بِٱللَّغْوِ فِىٓ أَيْمَٰنِكُمْ وَلَٰكِن يُؤَاخِذُكُم بِمَا عَقَّدتُّمُ ٱلْأَيْمَٰنَۖ فَكَفَّٰرَتُهُۥٓ إِطْعَامُ عَشَرَةِ مَسَٰكِينَ مِنْ أَوْسَطِ مَا تُطْعِمُونَ أَهْلِيكُمْ أَوْ كِسْوَتُهُمْ أَوْ تَحْرِيرُ رَقَبَةٍۖ فَمَن لَّمْ يَجِدْ فَصِيَامُ ثَلَٰثَةِ أَيَّامٍۚ ذَٰلِكَ كَفَّٰرَةُ أَيْمَٰنِكُمْ إِذَا حَلَفْتُمْۚ وَٱحْفَظُوٓاْ أَيْمَٰنَكُمْۚ كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ ٱللَّهُ لَكُمْ ءَايَٰتِهِۦ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ ﴿٨٩﴾ ﴾

سەرزارەکی لە سوێندا (اللغو فی الیمین)

خودای مەزن دەفەرمووێت: ﴿ لَا يُؤَاخِذُكُمُ ٱللَّهُ بِٱللَّغْوِ فِىٓ أَيْمَٰنِكُمْ ﴾ خودا بە سوێندی سەرزارەکی‌و دوور لە مەبەست بە گوناهبارتان دانانێت. لەپێشەوە لە سورەتی (البقرة) دا قسە لەسەر سوێندی سەرزارەکی کرا لێرەدا پێویست ناکات لێرەدا دووبارەی بکەینەوە. کە بریتیە لەوەی پیاوێك قسەیەك بکات بەڵام قسەکەی بە سەرزارەکی بێت لە دڵیەوە نەیەت، وەك نەبەخودا، بەڵێ بەخودا.

بارتەقای (کەفارەتی) سوێند

بەڵگە لەسەر کەفارەتی سوێند ئەم ئایەتەیە کە خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَلَٰكِن يُؤَاخِذُكُم بِمَا عَقَّدتُّمُ ٱلْأَيْمَٰنَ﴾ بەلام سوێندێك لە ناخی دڵتانەوەبێت‌و نەیبەنەسەر بە گوناهبارتان دادەنێت ﴿فَكَفَّٰرَتُهُۥٓ إِطْعَامُ عَشَرَةِ مَسَٰكِينَ ﴾ لە بارتەقای ئەوە خواردن بدەن بە دە هەژار. واتە: ئەوەی نەدا رە لە هەژاران‌و بژێوەکی بەشی ناکات ﴿مِنْ أَوْسَطِ مَا تُطْعِمُونَ أَهْلِيكُمْ﴾ لەوخواردنەی بە ئاسایی دەیدەن بە خێزانی خۆتانز ئیبنو عەبباس‌و سەعیدی کوڕی جوبەیر وتیان: لەوخواردنەی بەرێك‌و پێکی

[1] الفرقان (٦٧).

دەیدەن بە خێزامی خۆتان.[1] عەتای خۆراسانی وتی: لە چەشنی ئەوخواردنەی کە دەیدەن بە خێزانی خۆتان.[2] ﴿أَوْ كِسْوَتُهُمْ﴾ یان دەبێت جل‌وبەرگی دە هەژار بدەن. واتە:هەریەکێك لەو هەژارانە دەبێت جل‌و بەرگێکی وای پێ بدرێت کە بشێت نوێژی پێوەبکات، پیاوبێت یان ژن هەرکەسێك بەپێی خۆی، والله أعلم. عەونی لە ئیبنوعەبباسەوە وتی: بۆ هەر هەژارێك عەبایەك یان بالاپۆشێك لاشەی داپۆشێت[3] موجاهید وتی: لای کەمی پۆشاکێك، لای زۆریش بە ئارەزووی خۆت.[4] حەسەن‌و ئەبوجەعفەری باقرو عەتاو تاوس‌و ئیبراهیمی نەخەعی‌و حەمادی کوڕی ئەبوسولەیمان‌و ئەبومالك وتیان: پۆشاك پۆشاك واتە: هەریەکی پۆشاکێك.[5] ﴿أَوْ تَحْرِيرُ رَقَبَةٍ﴾ یان کۆیلەیەك ڕزگاربکەن. دەبێت ئەوکۆیلەیەش بڕواداربێت. وەك فەرموودەکە ی عەمری کوڕی حەکەمی ئەسلەمیدا کە لە کتێبی مۆتەئی (الموطأ) مالیك‌و موسنەدی شافیعی‌و سەحیحی موسلیمدا هاتووە باسی کردووە کە ئازادکردنی کۆیلەیەکی لەسەربووە، کەنیزەیەکی ڕەش پێستی لەگەڵ خۆی هێنا، پێغەمبەری خودا فەرمووی بە کەنیزەکەکە: (خودا لەکوێیە؟) وتی: لە ئاسمانە، فەرمووی: (من کێم؟) وتی: پێغەمبەری خودا، فەرمووی: (ئازادی بکە ئەوە بڕوادارە)[6]، ئەمە سێ شتە لە بارتەقای سوێندشکاندا هەریەکێکیان بەجێ بهێنرێت دروستە بە ڕای کۆی زانایان بەلام بە ئاسانترینیان دەست پێ دەکرێت خواردن سوك‌و ئاسانترە لە پۆشاك وەك چۆن پۆشاك سوك‌و ئاسانترە لە کۆیلە ئازادکردن، لەخوارەوە بەرزدەبێتەوە بۆ سەرەوە، خۆ ئەگەر کەسێك توانای ئەم سێ شتەی نەبوو، ئەوە سێ ڕۆژ بەڕۆژی دەبێت لە کەفارەتەکەیدا. وەك خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَمَن لَّمْ يَجِدْ فَصِيَامُ ثَلَاثَةِ أَيَّامٍ﴾ کەسێك کە ئەمانەی نەبوو، با سێ ڕۆژ بەڕۆژی بێت. ئوبەی کوڕی کەعب‌و ئیبنو مەسعودو هاوەڵەکانی بەم شێوەیە ئەم ئایەتەیان خوێندووەتەوە ﴿فصيام ثلاثة أيام متتابعات﴾[7] واتە: سێ ڕۆژ ڕۆژی گرتن بەدوای یەکدا. ئەمە نەبووە بە قورئانێکی متەواتر بەلام کەمترینە لەوەی خەمی کەسێك بێت یان تەفسیری یەکێك بێت لە هاوەڵەکانی پێغەمبەر (ﷺ) کە لە حوکمی مەرفوعدایە. پاشان خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿ذَٰلِكَ كَفَّارَةُ أَيْمَانِكُمْ إِذَا

---

[1] الطبري (١٠/٥٤١).

[2] الطبري (١٠/٥٣١).

[3] الطبري (١٠/٥٤٧).

[4] الطبري (١٠/٥٤٥).

[5] الطبري (١٠/٥٤٦).

[6] الموطأ (٢/٧٧٦)، والرسالة (٧٥)، مسلم (١/٣٨) فەرموودەیەکی سەحیحە.

[7] الطبري (٥/٣١).

حَلَفۡتُمۡۚ وَٱحۡفَظُوٓاْ أَيۡمَٰنَكُمۡ﴾ ئەمە قەرەبووی سوێندتانە کە بە ئەنقەست خواردبێتان. سوێندی خۆتان بپارێزن‌و بەجێی بێنن ئیبنو جەریر وتی: واتە بێ قەرەبوو واز لە سوێندەکانتان نەهێنن[1] ﴿كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ ٱللَّهُ لَكُمۡ ءَايَٰتِهِۦ لَعَلَّكُمۡ تَشۡكُرُونَ﴾ ئاوا خودا نیشانەکانی خۆیتان بۆ ڕوون دەکاتەوە، تاکو شوکری بکەن.

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِنَّمَا ٱلۡخَمۡرُ وَٱلۡمَيۡسِرُ وَٱلۡأَنصَابُ وَٱلۡأَزۡلَٰمُ رِجۡسٞ مِّنۡ عَمَلِ ٱلشَّيۡطَٰنِ فَٱجۡتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ ﴿٩٠﴾ إِنَّمَا يُرِيدُ ٱلشَّيۡطَٰنُ أَن يُوقِعَ بَيۡنَكُمُ ٱلۡعَدَٰوَةَ وَٱلۡبَغۡضَآءَ فِي ٱلۡخَمۡرِ وَٱلۡمَيۡسِرِ وَيَصُدَّكُمۡ عَن ذِكۡرِ ٱللَّهِ وَعَنِ ٱلصَّلَوٰةِۖ فَهَلۡ أَنتُم مُّنتَهُونَ ﴿٩١﴾ وَأَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَٱحۡذَرُواْۚ فَإِن تَوَلَّيۡتُمۡ فَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّمَا عَلَىٰ رَسُولِنَا ٱلۡبَلَٰغُ ٱلۡمُبِينُ ﴿٩٢﴾ لَيۡسَ عَلَى ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ جُنَاحٞ فِيمَا طَعِمُوٓاْ إِذَا مَا ٱتَّقَواْ وَّءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ ثُمَّ ٱتَّقَواْ وَّءَامَنُواْ ثُمَّ ٱتَّقَواْ وَّأَحۡسَنُواْۚ وَٱللَّهُ يُحِبُّ ٱلۡمُحۡسِنِينَ ﴿٩٣﴾﴾

قەدەغەکردنی مەیخۆری‌و قوماربازی

خودای مەزن دەفەرموێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِنَّمَا ٱلۡخَمۡرُ وَٱلۡمَيۡسِرُ وَٱلۡأَنصَابُ وَٱلۡأَزۡلَٰمُ رِجۡسٞ مِّنۡ عَمَلِ ٱلشَّيۡطَٰنِ فَٱجۡتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ﴾ ئەی کۆمەڵی خاوەن باوەڕان شەراب خۆری‌و قوماربازی‌و کێل پەرستی‌و گرەو لەسەر تیرتەقاندن، پیسن‌و لەکارەکانی شەیتانن، خۆتانی لێ بپارێزن بەڵکو ڕزگارتان بێت. خودای گەورە خواردنی ئارەق‌و قوماری قەدەغەکردووە لە عەبدەخاوەن باوەڕەکانی، ئیبنو ئەبی حاتەم ڕیوایەتی کردووە لە گەورەی موسڵمانانەوە عەلی کوڕی ئەبوتالیبەوە (ڕەزای خودای لێبێت) کە وتویەتی: شەترەنج یەکێکە لە قومارەکان، دیسان ئیبنو ئەبی حاتەم ڕیوایەتی کردووە لە عەتاو موجاهیدو تاوسەوە سوفیان وتی: یان دووکەس لەوان وتیان: هەموو جۆرە قومارباریەك هەر قومارە هەتا یاریکردن بە هێلکەو گوێزش[2] وە لە ئیبنو عومەرەوە وتی: (الميسر) واتە: قومار[3] زەحاك لە ئیبنو عەبباسەوە وتی: (الميسر) واتە: قومار[4] لەکاتی نەفامیدا قوماریان دەکرد هەتا هاتنی ئیسلام خودای گەورە ئەو ڕەوشتە ناشیرینەی لێ قەدەغەکردن.

---

[1] الطبري (١٠/٥٦٠/٥٦٢).

[2] الطبري (٤/٣٢٢/٣٢٣).

[3] الطبري (٤/٣٢٥).

[4] الطبري (٤/٣٢٤).

تەفسیری ﴿وَٱلۡأَنصَابُ وَٱلۡأَزۡلَٰمُ﴾

ئیبنو عەبباس‌و موجاهیدو عەتاو سەعیدی کوڕی جوبەیرو حەسەن‌و کەسانی تریش وتویانە: (الانصاب) ئەو بەردەبووە کە قوربانیەکانیان لەلای سەردەبڕی، بەڵام (الازلام) ئەو بە ردەبووە کە پڕشی ئاگری لێ دەبووەوەو بەشیان پێ دیاری دەکرد، ئیبنو ئەبی حاتەم ڕیوایەتی کردووە. پاشان خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿رِجۡسٞ مِّنۡ عَمَلِ ٱلشَّيۡطَٰنِ﴾ پیسن‌و لەکاری شەیتانن. عەلی کوڕی ئەبوتەلحە لە ئیبنو عەبباسەوە وتی: بێزراوەو لە کرداری شەیتانە[1] سەعیدی کوڕی جوبەیر وتی: گوناهە[2] زەیدی کوڕی ئەسلەم وتی: خراپەو لە کرداری شەیتانە[3] ﴿فَٱجۡتَنِبُوهُ﴾ خۆتانی لێ بپارێزن. زەمیرەکەی (الضمیر) دەگەڕێتەوە بۆ (الرجس) واتە: وازی لێ بێنن ﴿لَعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ﴾ بەڵکو ڕزگارتان ببێت ئەمە بۆ هاندانە. پاشان خودای مەزن دەفەرمووێت: ﴿إِنَّمَا يُرِيدُ ٱلشَّيۡطَٰنُ أَن يُوقِعَ بَيۡنَكُمُ ٱلۡعَدَٰوَةَ وَٱلۡبَغۡضَآءَ فِي ٱلۡخَمۡرِ وَٱلۡمَيۡسِرِ وَيَصُدَّكُمۡ عَن ذِكۡرِ ٱللَّهِ وَعَنِ ٱلصَّلَوٰةِۖ فَهَلۡ أَنتُم مُّنتَهُونَ﴾ شەیتان مەبەستی ئەوەیە، بە شەراب خواردن‌و قومار ئاژاوەتان بخاتەناو لەیادی خوداو نوێژ لاتان بدەن. ئایا ئێوە دەست لەوکارانە بەدەدەن؟ ئەمەش هەڕەشەو ترساندنە لەوکەسانەی کە وازناهێنن.

باسی ئەوفەرموودانەی لەبارەی حەرامکردنی مەیەوە هاتووە

ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە لە ئەبوهورەیرەوە وتی: مەی سێ جار حەرم کراوە، پێغەمبەری خودا (ﷺ) گەیشتە مەدینە، ئەوخەڵکە مەیان دەخواردەوەو (پارەی) قوماریان دەخوارد پرسیاریان لە پێغەمبەری خودا کرد (ﷺ) لەبارەیانەوە، خودای گەورە ئەم ئایەتەی ناردەخوارەوە ﴿يَسۡـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلۡخَمۡرِ وَٱلۡمَيۡسِرِۖ قُلۡ فِيهِمَآ إِثۡمٞ كَبِيرٞ وَمَنَٰفِعُ لِلنَّاسِ﴾[4] لەبارەی شەراب‌و قومارەوە پرسیارت لێ دەکەن، بڵێ: تاوانیان گەورەیەو بۆ خەڵکیش سودیان هەیە. هەتا کۆتایی ئایەتەکە. خەڵکی وتیان حەرام نەکراوە لێمان، بەڵکو خودا دەفەرمووێت: ﴿فِيهِمَآ إِثۡمٞ كَبِيرٞ وَمَنَٰفِعُ لِلنَّاسِ﴾ لەسەر ئارەق خواردن بەردەوام بوون هەتا ڕۆژێك لەوڕۆژانەدا، پیاوێکی کۆچەری نوێژی دەکرد، لە نوێژی مەغریبدا پێشنوێژی بۆ هاوەڵەکانی دەکرد، لە قورئان خوێندنەکەیدا تێکەڵی دەکرد، خودای گەورە ئایەتێکی

---

[1] الطبری (١٠/٥٦٥).

[2] الطبری (٤/٣٣٠).

[3] الطبری (١٠/٥٦٥).

[4] البقرة (٢١٩).

توندتری ناردەخوارەوەو فەرمووی: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تَقْرَبُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ وَأَنتُمْ سُكَـٰرَىٰ حَتَّىٰ تَعْلَمُوا۟ مَا تَقُولُونَ ﴾[1] ئەی کۆمەڵی خاوەن باوەڕان، بە سەرخۆشی نزیکی نوێژ مەبنەوە، هەتا تێ دەگەن چی دەڵێن. هەر خەڵکی ئارەقیان دەخواردەوە، هەتا کەسی وایان دەهات بۆ نوێژ بەشەو خواردبوویەوە پاشان خودا ئایەتێکی توندتری ناردەخوار لەوەی پێشوو فەرمووی: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ إِنَّمَا ٱلْخَمْرُ وَٱلْمَيْسِرُ وَٱلْأَنصَابُ وَٱلْأَزْلَـٰمُ رِجْسٌ مِّنْ عَمَلِ ٱلشَّيْطَـٰنِ فَٱجْتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ ﴾، وتیان کۆتایمان پێ هێنا پەروەردگارمان. ئەو خەڵکە وتیان: ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) کەسانێك لەڕێگەی خودا کوژران، کەسانێکیش لەسەرجێگەی خۆیان مردن. ئارەقیان خواردووەو (پارەی) قوماریشیان خواردووە، خوداش بە پیسیو کاری شەیتان دایناون. خودای گەورە ئەم ئایەتەی ناردەخوارەوە ﴿ لَيْسَ عَلَى ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّـٰلِحَـٰتِ جُنَاحٌ فِيمَا طَعِمُوٓا۟ ﴾ بۆ ئەوانەی خاوەن باوەڕو ئاکارچاکن لەسەرئەوەی کە لەپێشدا خواردوویانە گوناهیان نایەتەسەر. تا کۆتایی ئایەتەکە. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (ئەگەر قەدەغەبکرایە لێیان ئەوانیش وازیان لێدەهێنا، وەك ئێوە وازتان لێی هێنا)[2] تەنیا ئیمامی ئەحمەد ئەم فەرموودەیەی هێناوە. دیسان ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە لە عومەری کوڕی خەتابەوە کە وتی: کاتێك ئایەتی قەدەغەکردنی مەی خواردن هاتەخوارەوە وتی: ئەی خودایە لەبارەی ئارەقەوە ڕوونکردنەوەی ئاشکراو تەواومان پێ بدە، ئەم ئایەتەی سورەتی (البقرة) هاتەخوارەوە ﴿يَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلْخَمْرِ وَٱلْمَيْسِرِ ۖ قُلْ فِيهِمَآ إِثْمٌ كَبِيرٌ ﴾[3] لەبارەی قومارو شەراب پرسیارت لێ دەکەن، بڵێ: تاوانیان گەورەیە. عومەر بانگکراو بۆی خوێندرایەوە، پاشان وتی: ئەی خودایە لەبارەی مەیەوە ڕوونکردنەوەی ئاشکراو تەواومان پێ بدە. پاشان ئەم ئایەتەی سورەتی (االنساء) هاتەخوارەوە ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تَقْرَبُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ وَأَنتُمْ سُكَـٰرَىٰ ﴾[4] ئەی کۆمەڵی خاوەن باوەڕان، بە سەرخۆشی نزیکی نوێژ مەبنەوە. بانگبێژەکەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) کاتێك وتی: (حی الصلاة) بانگی کردسەرخۆشەکان نزیکی نوێژ مەبنەوە. عومەر بانگکراو بۆی خوێندرایەوە، دیسان وتی: ئەی خودایە لەبارەی مەیەوە ڕوونکردنەوەی ئاشکراو تەواومان پێ بدە. پاشان ئەم ئایەتەی سورەتی (المائدە)

[1] النساء (٤٣).

[2] النساء (٤٣).

[3] البقرة (٢١٩).

[4] أحمد (٣٥١/٢) سەنەدەکانی لاوازە.

هاتـەخوارەوە، عومـەر بـانگکراو بـۆی خوێندرایـەوە کـە گەیـشتە ئەوشـوێنەی کـە خـودای مـەزن دەفەرموێت: ﴿فَهَلۡ أَنتُم مُّنتَهُونَ﴾ ئایا ئێوە دەست لـەوکارە بـەردەدەن؟ عومـەر وتـی: کۆتایمـان پێـی هێنا کۆتایمان پێی هێنا[1] ئەبوداودو تیمیزیو نەسائی هەر بەمشێوەیە ڕیوایـەتیان کـردووە[2] تیرمیـزیو عەلی ئیبنولمدینی ئەم فەرموودەیان بە ڕاست داناوە. وە لە هەردوو سەحیحەکەدا هاتووە لە عومـەری کوڕی خەتابەوە لە وتارێکدا لەسەر مینبەرەکەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) وتـی: ئـەی خەڵکینـە ئەوسا زانن لەم پێنجەدا قەدەغەکردنی مەی دابەزیووە: ترێو خورماو هەنگوینو گەنمو جۆ. (الخمر) ئەوەیـە کە عەقڵ لەسەرخۆی ناهێڵێتو تێکی دەدات[3]. بوخـاری ڕیوایـەتی کـردووە لـە ئیبنـو عومـەرەوە وتـی: حەرامکردنی مەی دابەزی، ئەوکاتە لەناو مەدینەدا لە پێنج خواردنەوەدابوو، یەکێك لەوانە خواردنەوەی شەرابی ترێ بوو[4].

فەرموودەیەکی تر

ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە لە ئەنەسەوە وتـی: مـن مـەیم دەگێڕا بۆ ئەبوعوبەیـدەی کـوڕی خەڕاجو ئوبەیی کوڕی کەعبو سوهەیبی کـوڕی بـەیزاء و چـەند هـاوەڵێکی لـە مـاڵی ئەبوتەڵحە هـەتا خەریك بوو مەیە سەرخۆشی دەکردن، یەکێك لە موسڵمانەکان هـاتو وتـی: ئایا نـەتانزانیوە کـە مـەی حەرام کراوە؟ وتیان: یا چاوەڕوان بکـەینو بپرسـین، وتیـان: ئـەی ئەنـەس ئـەوەی لـە دەفتەرەکەتـدا ماوەتەوە بیڕێژە، سوێند بـەخودا جـارێکی تـر نەگەڕانەوەسـەری، ئـەوەیش جگـە لـە خورمـاو فەریکـە خورما(البسر) زیاترنەبوو ئەوە لەوکاتەدا شەرابی ئەوان بوو.[5] لـە هـەردوو سەحیحەکەشدا هـاتووە. وە لە ڕیوایەتێکی تردا لە ئەنەسەوە هاتووە کە وتی: من مەیگێڕی ئەوکۆمەڵەبووم لەوڕۆژەدا کە حـەرامکرا لە ماڵی ئەبوتەڵحە مەیەکەیان جگە لە گوشـراوی خورمـاو فەریکـە خورمـا نـەبوو، واتـە: لەودووانـەبوو. لەوکاتەدا جاڕچییەکە جاڕیداو وتی: وەرنەدەرو چاوەڕوان بن، لەوکاتەدا جاڕچییەکە جاڕیدا: ئەوسا بزانن کـە مـەی حـەرامکرا، دەگـەڕان بـەناو کۆڵانـەکانی مەدینـەدا. وتـی: ئەبوتەڵحە پێـی وتم: بـڕۆدەرەوەو بیڕێـژە، منـیش لارم کـردەوە، وتیـان: یـان هەنـدێکیان وتیـان: فـڵانو فـڵان کـوژران مەیەکـە لـەناو سکیاندایە، وتی: خودای مـەزن ئـەم ئایـەتی نـاردەخوارەوە ﴿لَيۡسَ عَلَى ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ

---

[1] أحمد (٥٣/١) فەرموودەیەکی مورسەلە.

[2] أبوداود (٧٩/٤) تحفة الاحوذي (٤١٧/٨)، النسائي (٢٨٦/٨) فەرموودەیەکی مورسەلە.

[3] فتح الباری (١٢٦/٨)، مسلم (٢٣٢٤/٤).

[4] فتح الباری (١٢٦/٨).

[5] أحمد (١٨١/٣) فەرموودەیەکی سەحیحە.

جُنَاحٌ فِيمَا طَعِمُوٓاْ ﴾[1] بۆ ئەوانەی خاوەن باوەڕو ئاکارچاکن لەسەرئەوەی کە لەپێشدا خواردوویانە گوناهیان نایەتەسەر. ئیبنو جەریر ڕیوایەتی کردووە لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە وتی: لەوکاتەدا کە پیاڵەی مەیم دەگێڕا بۆ ئەبوتەڵحەو ئەبوعوبەیدەی کوڕی جەڕاحو ئەبودوجانەو مەعازی کوڕی جەبەلو سەهلی کوڕی بەیزاء هاتەسەریان ئەوی کردبوو بۆ ئەوشەرابە لە ئاوێتە گوشراوی خورماو فەریکە خورمایە کە بیخۆن. گوێم لە جاڕچیەکە بوو جاڕیدەداو دەیوت: ئەوسا بزانن کە مەی حەرامکراوە. وتی: نە کەس هاتەلامانو نە کەسیش لەناومان دەرچوو هەتا مەیەکانمان ڕژاندو دەفرەکانمان شکاندو هەندێکمان دەستنوێژی گرتو هەندێکی تر خۆی شۆری، هەندێکمان بۆنی خۆشمان لەخۆمان دا، لەلای ئوممو سولەیم و پاشان ڕۆیشتین بۆ مزگەوت لەوکاتەدا پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئەم ئایەتەی دەخوێندەوە ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِنَّمَا ٱلۡخَمۡرُ وَٱلۡمَيۡسِرُ وَٱلۡأَنصَابُ وَٱلۡأَزۡلَٰمُ رِجۡسٞ مِّنۡ عَمَلِ ٱلشَّيۡطَٰنِ ﴾ هەتا دەگاتە ﴿فَهَلۡ أَنتُم مُّنتَهُونَ ﴾ پیاوێك وتی: ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئەی بۆ ئەوە چی دەڵێیت کە مردووەو مەی خواردووەتەوە؟ خودای گەورە ئەم ئایەتەی ناردەخوارەوە ﴿لَيۡسَ عَلَى ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ جُنَاحٞ فِيمَا طَعِمُوٓاْ ﴾ پیاوێك بە قەتادەی وت تۆ لە ئەنەسی کوڕی مالیکت بیستووە؟ وتی: بەڵێ، وە پیاوێك بە ئەنەسی کوڕی مالیکی وت: تۆ لە پێغەمبەری خودا بیستووە (ﷺ)؟ وتی: بەڵێ، یان وتی: کەسێك بۆیگێڕامەوە کە هەرگیز درۆی نەکردووە، و ئێمەش هەرگیز درۆمان نەکردووەو ناشزانین درۆچیە[2] وە لە ئایەتی پێش ئەم ئایەتەدا خودای مەزن دەفەرموویێت: ﴿وَأَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَٱحۡذَرُواْۚ فَإِن تَوَلَّيۡتُمۡ فَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّمَا عَلَىٰ رَسُولِنَا ٱلۡبَلَٰغُ ٱلۡمُبِينُ ﴾ بەرفەرمانی خودابنو بەرفەرمانی پێغەمبەربن لە سەرپێچیش خۆتان بپارێزن، ئەگەر لە فەرمان دەرچن، ئەوەندە بزانن کە پێغەمبەر جگە لە پێ ڕاگەیاندن هیچی تری لەسەرنیە.

فەرموودەیەکی تر

ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە لە ئیبنو عومەرەوە وتی: پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرموویەتی: (بە دە شێوە نەفرین لە مەی کراوە: لە مەی خۆی، لەوکەسەی کە دەخواتەوە، لەوەی کە دەیگێڕێتو دەردخواردی خەڵکی دەدا، لەوەی دەیفرۆشێتو لەوەی دەیکڕێتو لەوەی دەگوشێتو لەوەی بۆ دەگوشرێتو لەوەی هەڵیدەگرێتو لەوەیش بۆی هەڵدەگرێت دەرێت بۆیو لەوەش کە نرخەکەی

[1] فتح الباری (١٣٣/٥)، مسلم (١٥٧/٣).

[2] الطبری (٥٧٨/١٠).

دەخوات)[1] ئەبوداودو ئیبنوماجەش ڕیوایەتیان کردووە[2] دیسان ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە لە ئیبنو عومەرەوە وتی: پێغەمبەری خودا دەرچوو بۆ میربەدو (المربَد) منیش لەخزمەتیدا دەرچووم، لەخزمەتیدابوومو لەلای ڕاستیەوەبووم؛ ئەبوبەکر هاتو خۆی دواخستو چووەلای ڕاستیو منیش چوومەلای چەپی، پاشان عومەر هاتو خۆم لادا بۆ ئەو چووەلای چەپی، پێغەمبەری خودا (ﷺ) گەیشتە میربەد لەوکاتەدا لە کۆلانێکدا لەسەر ڕێگەی میربەدبوو ئارەقی تێدابوو. ئیبنو عومەر وتی: پێغەمبەری خودا (ﷺ) بانگی کردمو کە کێردێکی بۆ بێنم، هەتا ئەوڕۆژە نەمزانی کێرد چۆنە، فەرمانیدا دەفری ئارەقەکەیان لەتوپەت کرد، پاشان فەرمووی: (نەفرەت لە ئارەق لەوەوی کە دەیخواتەوەو ئەوەی دەگێڕێتو ئەوەی دەرخواردی خەڵکی دەدات، ئەوەی دەیکرێتو ئەوەی دەفرۆشێت، ئەوەی هەڵیدەگرێتو ئەوەی هەڵیدەگرن بۆیو بۆیدەبات، ئەوەش کە نرخوکەی دەخوات)[3].

فەرموودەیەکی تر

بەیهەقی ڕیوایەتی کردووە لە سەعدەوە وتی: لەبارەی مەیەوە چوار ئایەت هاتەخوارەوە پاشان ئەم فەرموودەیەی بۆ باسکرد وتی: پیاوێکی ئەنساری خواردنێکی دروستکردو بانگی کردین، مەیمان خواردەوەو سەرخۆش بووین، پێش ئەوەی حەرام بکرێت، شانازیمان دەکرد لەناو خۆماندا، ئەنساریەکان وتیان: ئێمە بەڕێزترین، قورەیشیەکان وتیان: ئێمە بەڕێزترین، پیاوێکی ئەنساری تەلەزمەدارێکی هەڵگرت دای بە لووتی سەعداو کونی تێکرد لەپێشدا لووتی سەعد هەر لەت بوو. ئەم ئایەتە هاتەخوارەوە ﴿إِنَّمَا ٱلْخَمْرُ وَٱلْمَيْسِرُ﴾ هەتا دەگاتە ﴿فَهَلْ أَنتُم مُّنتَهُونَ﴾ موسلیم ڕیوایەتی کردووە[4].

فەرموودەیەکی تر

ئیبنو ئەبی حاتەم ڕیوایەتی کردووە لە عەبدوڵلای کوڕی عەمرەوە وتی: ئەم ئایەتەی قورئان کە خودای مەزن دەفەرموێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِنَّمَا ٱلْخَمْرُ وَٱلْمَيْسِرُ وَٱلْأَنصَابُ وَٱلْأَزْلَٰمُ رِجْسٌ مِّنْ عَمَلِ ٱلشَّيْطَٰنِ فَٱجْتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ﴾ لە تەوراتدا هاتووە خودای مەزن هەقی ناردووە بۆئەوەی پڕوپوچی پێ لابەرێت، گاتەوگەپو دەهۆڵو زوڕناو سەماو پێ کوتان بە زەویداو بلوێرو دەفو سەمتورو عودو شیعری پێ بەتاڵ بکاتەوە (مەبەست بە شیعر، شیعری ناڕەوایە) مەی تاڵە بۆ ئەوکەسەی دەیخوات.

---

[1] أحمد (٢/٢٥) فەرموودەیەکی لاوازە بە مەرفوعی هاتووە.

[2] أبوداود (٣٦٧٤)، ابن ماجه (٣٣٨٠).

[3] أحمد (٢/٧١) فەرموودەیەکی لاوازە بە مەرفوعی هاتووە.

[4] البهقي (٨/٢٨٥)، مسلم (١٧٤٨).

خودا سوێندی خواردووە بە توناو دەستەڵاتی خۆی، هەرکەسێك بیخواتەوە دوای ئەوەی کە حەرامی کردووە لە ڕۆژی قیامەتدا تێنوی دەکات، هەرکەسێکیش وازی لێ بێنێت دوای ئەوەی کە حەرامی کردووە لەناو (حضيرة القدس) دا پێی نۆش دەکات.[1] ئەم فەرموودەیە سەنەدەکای ڕاستن.

فەرموودەیەکی تر

شافیعی (ڕەحمەتی خودای لێبێت) وتی: مالیك هەواڵی پێداین لە نافیعەوە لە ئیبنو عومەرەوە کە پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرموویەتی: (هەرکەسێك لە دونیا مەی خواردبێتەوە پاشان لێی پەشیمان نەبووبێتەوە لە ڕۆژی دوایی دا لێی بێبەش کراوە)، بوخاریو موسلیم ڕیوایەتیان کردووە[2] وە دیسان موسلیم ڕیوایەتی کردووە لە ئیبنو عومەرەوە وتی: پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرموویەتی: (هەموو سەرخۆشکەرێك مەیە، هەموو سەرخۆشکەرێك حەرامە، هەرکەسێك مەی خواردبێتو مردبێتو بەردەوام بووبێت تەوبەی نەکردبێت لێی، لە ڕۆژی دوایی دا لێی ناخوات)[3]، لە عەبدوڕەحمانی کوڕی حارسی کوڕی هیشامەوە وتی: لە عوسمانی کوڕی عەفانم بیست دەیوت: (دووربکەونەوە لە مەی چونکە مەی دایکی گشت پیسیەکانە، پیاوێك لەناو گەلانی پێش ئێوەدا خەریکی خوداناسی بوو دوورکەوتبووە لە خەڵکیو، ئافرەتێکی فریودەر حەزی لێکرد، کەنیزەی خۆی نارد بەدوایداو پێی وت: داوات لێ دەکەین کە شایەتیەکمان بۆ بدەیت، لەگەڵی چووە ژوورەوە بۆ ماڵەکە لە هەر دەرگایەك چووە ژوورەوە دەرگاکەی داخست، هەتا گەیشتەلای ژنێکی جوان منداڵێكو کوپێك مەی لەلابوو، ئافرەتەکە وتی: سوێند بەخودا من بۆ شایەتیم بانگ نەکردی، بەڵکو بۆ ئەوە بانگم کردی کە لەگەڵم ڕابوێریت، یان ئەم منداڵە بکوژیت یان ئەم مەیە بخۆیتەوە، پیاڵەیەك مەی دایە، پیاوەکە وتی: هی تریشم بدەرێ، دەستی لێ هەڵنەگرت هەتا لەگەڵ ئافرەتەکە ڕایبوارد و منداڵەکشی کوشت. سا دووربکەونەوە لە مەی، چونکە مەیو بڕوا هەرگیز لەگەڵ یەك کۆنابنەوە، مەگین خێرا یەکێکیان ئەوەی تریانی وەدەرناوە)، بەیهەقی ڕیوایەتی کردووە[4] ئەم فەرموودەیە سەنەدەکانی ڕستە، ئەبوبەکری کوڕی دنیا ڕیوایەتی کردووە لە کتێبی (ذم المسكر)دا بە مە رفوعی بەڵام بە مەوقوفی ڕاسترە والله أعلم. ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە لە ئیبنو عەبباسەوە وتی: کاتێك کە مەی حەرام کرا هەندێك کەس وتیان: ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) هاوەڵەکانمان ئەوانەی کە مردوون مەی یان دەخوارد، خوادی مەزن ئەم ئایەتەی نارد ﴿لَيْسَ عَلَى ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ جُنَاحٌ فِيمَا طَعِمُوٓا۟﴾ هەتا کۆتایی ئایەتەکە. وە کاتێك قیبلە

---

[1] ابن أبي حاتم (١١٩٦/٤) فەرموودەیەکی مەوقوفەو سەنە سەنەدەکانی سەحیحن.

[2] مسند الشافعي (١٧٦٣)، البخاري (٥٥٧٥)، مسلم (٢٠٠٣).

[3] مسلم (٢٠٠٣).

[4] البيهقي (٢٨٨/٢٨٧/٨) ئەم فەرموودەیە سەنەدەکانی لاوازە.

کوژرایەوە، هەندێك کەس وتیان: ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئەو برایانەمان کە مردن، ئەوانە نوێژیان بەرەو قودس دەکرد؟ خوادی مەزن ئەم ئایەتەی ناردەخوارەوە[1]: ﴿وَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيُضِيعَ إِيمَـٰنَكُمْ﴾[2] خودا ئەو بڕوایەی کە هەتانە بەزایەی نادات. وە لە عەبدوڵڵای کوڕی مەسعودەوە کە پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرموویەتی: کاتێك ئەم ئایەتە هاتەخوارەوە ﴿لَيْسَ عَلَى ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّـٰلِحَـٰتِ جُنَاحٌ فِيمَا طَعِمُوٓا۟ إِذَا مَا ٱتَّقَوا۟ وَّءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّـٰلِحَـٰتِ ثُمَّ ٱتَّقَوا۟ وَّءَامَنُوا۟ ثُمَّ ٱتَّقَوا۟ وَّأَحْسَنُوا۟ ۗ وَٱللَّهُ يُحِبُّ ٱلْمُحْسِنِينَ﴾ بۆ ئەوانەی کە بوونەتە خاوەن باوەڕو ئاکارچاکن لەسەر ئەمەی کە لەپێشدا خواردوویانە گوناهیان نایەتەسەر، ئەگەر ئێستا خۆپارێزبن و بڕوایان بە خودا هەبێت و ئاکارچاك ڕەچاوبکەن، لە دواڕۆژیشدا خۆیان لە گوناه بپارێزن و لەسەر باوەڕیان بمێنن و چاکەبکەن، خودا چاکەکارانی خۆشدەوێت. پاشان پێغەمبەر (ﷺ) پێی وتم (واتە: وتی بە عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود): (تۆ لەوانەی) موسلیمش هەر بەم شێوەیە ڕیوایەتی کردووە. تیرمیزی و نەسائیش لەڕێگەی ئەوە ڕیوایەتیان کردووە[3].

﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَيَبْلُوَنَّكُمُ ٱللَّهُ بِشَىْءٍ مِّنَ ٱلصَّيْدِ تَنَالُهُۥٓ أَيْدِيكُمْ وَرِمَاحُكُمْ لِيَعْلَمَ ٱللَّهُ مَن يَخَافُهُۥ بِٱلْغَيْبِ ۚ فَمَنِ ٱعْتَدَىٰ بَعْدَ ذَٰلِكَ فَلَهُۥ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿٩٤﴾ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تَقْتُلُوا۟ ٱلصَّيْدَ وَأَنتُمْ حُرُمٌ ۚ وَمَن قَتَلَهُۥ مِنكُم مُّتَعَمِّدًا فَجَزَآءٌ مِّثْلُ مَا قَتَلَ مِنَ ٱلنَّعَمِ يَحْكُمُ بِهِۦ ذَوَا عَدْلٍ مِّنكُمْ هَدْيًۢا بَـٰلِغَ ٱلْكَعْبَةِ أَوْ كَفَّـٰرَةٌ طَعَامُ مَسَـٰكِينَ أَوْ عَدْلُ ذَٰلِكَ صِيَامًا لِّيَذُوقَ وَبَالَ أَمْرِهِۦ ۗ عَفَا ٱللَّهُ عَمَّا سَلَفَ ۚ وَمَنْ عَادَ فَيَنتَقِمُ ٱللَّهُ مِنْهُ ۗ وَٱللَّهُ عَزِيزٌ ذُو ٱنتِقَامٍ ﴿٩٥﴾﴾

قەدەغەکردنی کوشتنی نێچیر لەماڵی خوداو لە ئیحرامدا

خودای مەزن دەفەرموێت: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَيَبْلُوَنَّكُمُ ٱللَّهُ بِشَىْءٍ مِّنَ ٱلصَّيْدِ تَنَالُهُۥٓ أَيْدِيكُمْ وَرِمَاحُكُمْ﴾ ئەی گەلی خاوەن باوەڕان، خودا دەربارەی ئەو نێچیرەی کە بەدەستان یان بە ڕمەکانتان ڕاوی دەکەن تاقیتان دەکاتەوە. والیبی لە ئیبنو عەبباسەوە لەم ئایەتەدا وتی: ﴿تَنَالُهُۥٓ أَيْدِيكُمْ﴾ واتە: نێچیری لاوازو بچوك، خودا عەبدەکانی تاقی دەکاتەوە لەکاتی ئیحرام پۆشیندا، هەتا ئەگەر بیانەوێت بە دەستیشیان بیانگرن، خودا قەدەغەی کردووە لێیان کە نزیکیان بکەونەوە.[4] موجاهید وتی: ﴿تَنَالُهُۥٓ أَيْدِيكُمْ﴾ واتە:

---

[1] أحمد (٧/٢٩٥) فەرموودەیەکی باشە (جید).

[2] القرة (١٤٣)

[3] مسلم (٤/١٩١٠)، تحفة الاحوذي (٨/٤١٩)، النسائي في الكبرى (٦/٣٣٧).

[4] الطبری (٦/٥٨٤).

نێچیری بچووك بەچكەكەشی بەدەستان مەكوژنو ﴿وَرِمَاحُكُمْ﴾ نێچیری گەورەش بە ڕمەكانتان مەكوژن لە ئیحرامدا[1] موقاتیلی كوڕی حەیان وتی: ئەم ئایەتە لە عومرەی حودەیبیەدا هاتەخوارەوە، لەوكاتەدا كە ئاژەڵی كێویو باڵندەو نێچیری بچووكیش لەوسەفەرەیاندا دەوری دان، لە هیچ كاتێكدا شتی وا بەوشێوە نەبینراوە، خودای مەزن كوشتنی قەدەغەكردن لەوكاتی ئیحرامەیاندا ﴿لِيَعْلَمَ ٱللَّهُ مَن يَخَافُهُۥ بِٱلْغَيْبِ﴾[2] هەتا بزانێت كێ بەنهێنی لێی دەترسێت. واتە: خودا تاقیتان دەكاتەوە بەو نێچیرەی كە دەوری داونلەو سەفەرەیاندا كە دەیانتوانی بە دەست بیانگرن یان بە ڕمەكانیان بە نهێنیو بە ئاشكرا بیانكوژن. تا گوێڕایەلیان دە ریكەوێتو كێ بەرفەرمانە لە نهێنیو ئاشكرادا لێیان. وەك خودای گەورە لە ئایەتێكی تردا دەفەرموێت: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يَخْشَوْنَ رَبَّهُم بِٱلْغَيْبِ لَهُم مَّغْفِرَةٌ وَأَجْرٌ كَبِيرٌ﴾[3] ئەوكەسانەی بە نهێنی لە پە روەرندەیان دەترست لێ خۆشبوونو پاداشتی گەورەیان هەیە. لێرەدا خودای مەزن دەفەرموێت: ﴿فَمَنِ ٱعْتَدَىٰ بَعْدَ ذَٰلِكَ فَلَهُۥ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ هەركەسێك لەوسنورەی كە بۆی دیاریكراوە دەربچێت بەشی ئازاری بەژانە. سوددی و كەسانی تریش وتویانە: واتە دوای ئەم ئاگاداریو هەڕەشەیە لە سنوور دەربچێتو دژایەتی فەرمانی خوداو شەرعەكەی بكات بەشی ئازاری بەژانە. پاشان خودای مەزن دەفەرموێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تَقْتُلُوا۟ ٱلصَّيْدَ وَأَنتُمْ حُرُمٌ﴾ ئەی گەلی خاوەن یاوەڕان ، هەتا ئێوە لە ئیحرامدان، نابێت هیچ نێچیرێك بكوژرێت، ئەمە لەلایەن خوداوە حەرام كراوە كە نێچیر بكوژرێت لەكاتی ئیحرامدا، وە قەدەغەشی كردووە كە بیدەنە یەكتری. هیچ نێچیرێكی لێ جیاناكرێتەوە مەگین ئەوەی كە لە هەردوو سەحیحەكەدا هاتووە لە دایكی موسڵمانانەوە عائیشە (ڕەزای خودای لێبێت) كە پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرموویەتی: (پێنج لەڕێگە دەرچووەكە دەكوژرێن لە ماڵەوەدابێت یان لە حەرەمدابێت: قەلەڕەش، قەلەباچكەو، كۆلارەو دووپشكو مشكو سەگی هار)[4]، لە ئیبنو عومەرەوە وتی: پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرموویەتی: (پێنج گیانەوەر لە حەرەمدا كوشتنیان تاوان نیە، قەلەباچكەو كۆلارەو دووپشكو مشكو سەگی هارە)[5] بوخاریو موسلیمش هێناویانە[6] ئەیوب لە

[1] الطبری (١٠م٥٨٣).
[2] الدر المنثور (٣/١٨٥).
[3] الملك (١٢).
[4] البخاری (٣٣٤)، مسلم (١١٩٨).
[5] الموطأ (١/٣٥٦) فەرموودەیەكی سەحیحە.
[6] فتح الباری (٤/٤٢) مسلم (٢/٨٥٨).

نافیعەوە ڕیوایەتی کردووە لە ئیبنو عومەرەوە هە ر بەم شێوەیە[1] ئەیوب وتی: وتم بو نافیع، ئەی مار؟ وتی: مر هیچ گومانی تێدانیەو ناکۆکی نیە لـە کوشـتنیدا[2] گورگو درندەو پڵنگ خراونەتـەپاڵ سـەگی هـارەوە. چـونکە ئەمانـە زیانیـان پـترە لـە سـەگ یـان سـەگ بـۆ ئەمانـەش بـەکاردێت والله أعلـم. لـە ئەبوسەعیدەوە لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) کە پرسیاری لێکراوە لەوانـەی کـە ئەوکەسانەی لـە ئیحرامـدان دەکوژن؟ فـەرمووی: (مـارو دووپـشكو لـەڕێ لادەرەکـان قەلەباچـکە دەردەکرێـت ناکوژرێـت، سـەگی گەزەندەو کۆلارەو درندەی پەلاماردەر) ئەبوداودو ترمیزیو ئیبنو ماجە ڕیوایـەتیان کـردووە. تیرمیـزی وتی: فەرموودەیەکی حەسەنە[3].

تۆڵەی کوشتنی نێچیر لە حەرەمدا یان لە ئیحرامدا

خودای مەزن دەفەرمووێت: ﴿وَمَن قَتَلَهُۥ مِنكُم مُّتَعَمِّدًا فَجَزَآءٌ مِّثْلُ مَا قَتَلَ مِنَ ٱلنَّعَمِ﴾ هەرکەسێك لـە ئێـوە بە ئەنقەست نێچیرێك بکوژێت لە ئیحرامدا، لـە تۆڵـەی ئـەوەدا دەبێـت هاوشـێوەی نێـچیرە کوژراوەکـە بدات. موجاهید وتی: مەبەسـت بـە ئەنقەسـت لێـرەدا ئەوەیـە، کەسـێك نیـازی کوشـتنی ئـەو نێـچرەی کردووە، بەڵام لەیادی نەماوە لە ئیحرامدایە[4] بەڵام ئەوکەسەی دەیەوێت بە ئەنقەست نێچیر بکوژێت لـە یادیشیەتی کە حەرامە، ئەمـە کارەکـەی گـەورەترە لـەوەی کـە کـەفارەتی بـدات، ئیحرامەکـەی بـەتاڵ دەبێتەوە، ئەوە قسەیەکی زۆر سەیرە کە کۆی زانایانی لەسەرە دەڵێن: ئەوەی بـە ئەنقەسـتو ئـەوەی بە لەیادچوونیش نێچیرێك دەکوژێت وەکویەکن لە کەفارەتدان. الزهـری وتـی: قورئـان بەڵگەیـە لەسـەر کوشتنی ئەنقەستو سونەتیش کەفارەتی داناوە بۆ کەسێك لەبیری بچێت.[5] مانای وایە قورئـان بووەتـە بەڵگە لەسەرئەوەی کە دەبێـت کـەفارەت بـدرێت لـە کوشـتنی نێـچیردا بـە ئەنقەسـتو گوناهبـاربوونی ئەوکەسەش. وەك خـودای مـەزن دەفـەرمووێت: ﴿لِّيَذُوقَ وَبَالَ أَمْرِهِۦ ۗ عَفَا ٱللَّهُ عَمَّا سَلَفَ ۚ وَمَنْ عَادَ فَيَنتَقِمُ ٱللَّهُ مِنْهُ﴾ هەتا سزای ئەوکردەوەی خۆی بچێژێت، خودا لە کاری ڕابـوردوو چاودەپۆشـێت هەرکەسـێکیش تێ هەڵبچێتەوە، خودا تۆڵەی لێ دەکاتەوەز لە فەرموودەدا هـاتووە لـە بڕیارەکـانی پێغەمبـەرو (ﷺ) بڕیارەکانی هاوەڵەکانیشیداکە دەبێت کەفارەتی کوشتنی نێچیری بە هەڵەش بدرێت. وەك چۆن قورئـان بـووە بەڵگـە لەسـەر کـەفارەتی کوشـتنی نێـچیری ئەنقەسـت. دیـسان کوشـتنی نێـچیرلەنابردنە،

---

[1] النسائي (٥/١٩٠).

[2] فتح الباري (٦/٤٤).

[3] أبوداود (٢/٤٢٤)، تحفة الاحوذي (٣/٥٧٦)، ابن ماجه (٢/١٠٣٢) فەرموودەیەکی حەسەنە.

[4] الطبري (١١/٨).

[5] الطبري (١١/١١).

لەناوبردنیشی پارێزراوە لەکاتی ئەنقەستو لەبیرچووندا، ئەوکەسەی بە ئەنقەست دەیکوژێت تاوانبارە. بەهەڵەداچوو تاوانبارنیە. وە لەم ئایەتەدا ﴿فَجَزَآءٌ مِّثْلُ مَا قَتَلَ مِنَ ٱلنَّعَمِ﴾ باتەقای وەك ئەو نێچیرەیە كە كوژراوە لە ئاژەڵ، ئەمە بەڵگەیە بۆ واجب بوونی كەفارەت لەوێنەی ئەوەی ئەوكەسە كوشتوویەتی لەكاتی پۆشینی ئیحرامدا. ئەگەر وێنەی هەبوو لە ئاژەڵیماڵیدا، وەك هاوەڵەكان بە هاوشێوە بڕیاریان لەسەرداوە لە ئاژەڵدا. ئەوان بڕیاریان داوە لەباتی وشترمرغ (نعامە) وشترێك، لەباتی مانگایەكی كێوی مانگایەكو وە لەباتی ئاسكێك بزنێك بدرێت، بەڵام ئەگەر ئەو نێچیرە هاوشێوەی نەبوو، ئیبنو عەبباس بڕیاری داوە بە نرخەكەیو هەڵدەگیرێت بۆ مەككە (واتە: لەوێ دەدرێت بە خەڵك)، بەیهەقی ڕیوایەتی كردووە. پاشان خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿يَحْكُمُ بِهِۦ ذَوَا عَدْلٍ مِّنكُمْ﴾ دووكەس لە خۆتان عادل ئەو بڕیارەبدەن (كە چ ئاژەڵێك بەرامبەر نێچیرەكەیە)، واتە: بڕیاربدەن كە چی باتەقای ئەو نێچیرەیە یان نرخەكەی لەوانەی كە هاوشێوەیان نیە، وە دەبێت دوو پیاوی دادوەر لە موسڵمانان ئەو بڕیارەبدەن. ئیبنو جەریر ڕیوایەتی كردووە لە جەریری جەبەلیەوە وتی: من لە ئیحرامدا بووم ئاسكێكم كوشت ئەوەم بۆ عومەر باسكرد، وتی: دووپیاو لە براكانت بێنە با بڕیاربدەن بەسەرتدا، عەبدوڕەحمانو سەعدم هێنا بڕیاری سابرێنێكی پڕمویاندا لەسەرم لەبارتەقایدا.[1] ئیبنو جەریر ڕیوایەتی كردووە لە تاریقەوە وتی: ئەربەد كەوت بەسەر ئاسكێكدا كوشتی لەوكاتەدا لە ئیحرامدابوو، چوو بۆلای عومەر هەتا بڕیاری بەسەردا بدات، عومەر پێی وت: تۆش بڕیارم لەگەڵدا بدە، بڕیاری گیسكێكیاندا لەسەری، دارو ئاوی كۆكردبووەوە پاشان عومەر وتی: ﴿يَحْكُمُ بِهِۦ ذَوَا عَدْلٍ مِّنكُمْ﴾[2]. پاشان خودای مەزن دەفەرمووێت: ﴿هَدْيًۢا بَٰلِغَ ٱلْكَعْبَةِ﴾ ئاژەڵێك بهێنێتە ماڵی كەعبەو لەوێ بیكاتە قوربانی، مەبەست ئەوەیە لەوێدا سەرببڕێت گۆشتەكەی دابەش بكرێت بەسەر هەژارانی حەرەمدائەم كارەش بەم شێوەیە ڕای هەمووی لەسەرە ﴿أَوْ كَفَّٰرَةٌ طَعَامُ مَسَٰكِينَ أَوْ عَدْلُ ذَٰلِكَ صِيَامًا﴾ یان لە كەفارەتی ئەو نێچیرە خواردن بدات بە هەژاران یان بە ئەندازەی چەندڕۆژ دانێن بەڕۆژی بێت. واتە: ئەوكەسەی لە ئیحرامدایە لەجێی ئەو نێچیرە ئاژەڵی دەست نەكەوت، یان ئەو نێچیرە كوژراوە لە وێنەی دەست نەكەوت، بە ئەندازەی ئەو نێچیرە خواردان بدات بە هەژاران یان چەند ڕۆژێك دانێن بەڕۆژی بێت. عەلی كوڕی ئەبوتەلحە لە ئیبنو عەبباسەوە ﴿هَدْيًۢا بَٰلِغَ ٱلْكَعْبَةِ أَوْ كَفَّٰرَةٌ طَعَامُ مَسَٰكِينَ أَوْ عَدْلُ ذَٰلِكَ صِيَامًا﴾ لە كەفارەتی ئەو نێچیرەدا ئاژەڵێك لەوێنەی بهێنێتە ماڵی كەعبەو لەوێدا بیكاتە قوربانی یان بە ئەندازەی

---

[1] الطبري (١١/٢٧).

[2] الطبري (١١/٢٦).

ئەو نێچیرە خواردن بدات بە هەژاران یان بە ئەندازەی ئەو نێچیرە چەندڕۆژێك دانێن بەڕۆژی بێت. ئەگەر ئەوکەسەی لە ئیحرامدایە هەر نێچیرێکی کوشت بەپێی ئەو نێچیرە بڕیاردەدرێت بەسەریدا ئەگەر ئاسکێکی کوشت یان لەشێوەی ئاسکێکی کوشت دەبێت مەڕێك لە مەککە سەرببڕێت، ئەگەر نەیبوو، خواردنی شەش کەس بدات، ئەگەر نەیتوانی سێ ڕۆژ بەڕۆژی بێت. ئەگەر گاکێوی کوشت یان لەشێوەی گاکێوی کوشت دەبێت گایەك سەربیبڕێت ئەگەر نەیتوانی دەبێت خواردنی سی هەژار بدات، ئەگەر نەیتوانی بیست ڕۆژ بەڕۆژی بێت. ئەگەر وشترمرغێکی کوشت یان کەرێکی کێوی یان لەوشێوەیە دەبێت وشترێك سەربیبڕێت ئەگەر نەیتوانی خواردنی سی هەژاران بدات، ئەگەر نەیتوانی سی ڕۆژ بەڕۆژی بیت. ئیبنو ئەبی حاتەمو ئیبنو جەریر ڕیوایەتیان کردووە. ئیبنو جەریر ئەمەی بۆ زیادکردووە: خواردنەکە مشت مشت بێت تێریان بکات.[1] ﴿لِّيَذُوقَ وَبَالَ أَمْرِهِۦ﴾ تا سزای ئەم کردەوەی خۆی بچێژێت. واتە: ئەم کەفارەتەمان لەسەردانا، تا سزای ئەو سەرپێچییەی کە کردوویەتی وەربگرێت ﴿عَفَا ٱللَّهُ عَمَّا سَلَفَ﴾ خودا لەکاری ڕابووردوو چاودەپۆشێت. واتە: ئەوەی لە زەمانی نەفامیدا ئەوکارەی کردبێت، موسڵمانێکی چاك بێتو شوێنی شەرعی خودا تاوان نەکاتو خودا چاوپۆشی لە ڕابووردووی دەکات پاشان دەفەرمووێت: ﴿وَمَنْ عَادَ فَيَنتَقِمُ ٱللَّهُ مِنْهُ﴾ هەرکەسێك تێ هەڵچێتەوە، خودا تۆڵەی لێ دەکاتەوە. واتە: ﴿وَٱللَّهُ عَزِيزٌ ذُو ٱنتِقَامٍ﴾ خودا خاوەن دەستەڵاتو تۆڵەسێنە. ئیبنو جەریر وتی: بە عەتام وت: ﴿وَمَنْ عَادَ فَيَنتَقِمُ ٱللَّهُ مِنْهُ﴾ واتە چی؟ وتی: ئەوەی لە ئیسلامدا بەوکارە هەستاوە خودا تۆڵەی لێ دەکاتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت کەفارەت بدات، وتی: وتم ئایا لەوگەڕانەوەیدا سزای ئەو زانینەی لێ دەسێنرێت؟ وتی: نەخێر، ئەوە تاوانێکە لەنێوان خۆیو خودای گەورەدا ئەوتاوانەی کردووە، بەڵام دەبێت کەفارەتەکەی بدات.[2] ئیبنو جەریر ڕیوایەتی کردووە. سەعیدی کوڕی جوبەیرو عەتاو کۆی زانایانی پێشینە وتویانە: خودا تۆڵەی لێ دەکاتەوە بەو کەفارەتە[3] زانایانی پاشینەش دەڵێن: هەرکەسێك کاتێك لە ئیحرامدا نێچیرێکی کوشت کەفارەتی دەکەوێتەسەر، جیاوازی نیە لەنێوان یەکەمو دووەمو سێیەم دا. با هەرچەندێك دووبارەببێتەوە، بە هەڵە کوشتبێتی یان بە ئەنقەست وەکویەکە. ئیبنو جەریر لەم دەقەدا کە خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَٱللَّهُ عَزِيزٌ ذُو ٱنتِقَامٍ﴾ وتی: خودا خۆی دەفەرمووێت دەستەڵاتی زۆر بەهێزە، هیچ زۆردارێك دەستەڵاتی نابەزێنێتو بەریشی لێ

---

[1] الطبری (٣١/١١).

[2] الطبری (٤٨/١١).

[3] الطبری (٥٠/١١).

ناگرێت لـە تۆڵەسـەندندا لەوکەسـانەی کـە بیـەوێت تۆڵـەی لـێ بسێنێتـچونکە وەدیهێنراوەکـان خـۆی وەدیهێناون‌و فەرمان فەرمانی ئەوەو هێزو دەستەڵات هەر هی ئەوە ﴿ذُو ٱنتِقَامٍ﴾ وتی: خـودا خـاوەن تۆڵەی زۆرتوندە لەوکەسانەی لاساری دەکەن‌و لێی یاخی دەبن[1].

﴿أُحِلَّ لَكُمۡ صَيۡدُ ٱلۡبَحۡرِ وَطَعَامُهُۥ مَتَٰعٗا لَّكُمۡ وَلِلسَّيَّارَةِۖ وَحُرِّمَ عَلَيۡكُمۡ صَيۡدُ ٱلۡبَرِّ مَا دُمۡتُمۡ حُرُمٗاۗ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِيٓ إِلَيۡهِ تُحۡشَرُونَ ﴿٩٦﴾ ۞ جَعَلَ ٱللَّهُ ٱلۡكَعۡبَةَ ٱلۡبَيۡتَ ٱلۡحَرَامَ قِيَٰمٗا لِّلنَّاسِ وَٱلشَّهۡرَ ٱلۡحَرَامَ وَٱلۡهَدۡيَ وَٱلۡقَلَٰٓئِدَۚ ذَٰلِكَ لِتَعۡلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ يَعۡلَمُ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِ وَأَنَّ ٱللَّهَ بِكُلِّ شَيۡءٍ عَلِيمٌ ﴿٩٧﴾ ٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلۡعِقَابِ وَأَنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٞ ﴿٩٨﴾ مَّا عَلَى ٱلرَّسُولِ إِلَّا ٱلۡبَلَٰغُۗ وَٱللَّهُ يَعۡلَمُ مَا تُبۡدُونَ وَمَا تَكۡتُمُونَ ﴿٩٩﴾﴾

حەڵاڵکردنی ڕاوی دەریا بۆ ئەوانەی لە ئیحرامدان

خودای مەزن دەفـەرمووێت: ﴿أُحِلَّ لَكُمۡ صَيۡدُ ٱلۡبَحۡرِ وَطَعَامُهُۥ مَتَٰعٗا لَّكُمۡ وَلِلسَّيَّارَةِ﴾ ڕاوو خـواردەمنی دریـا بـۆ ئێـوە حـەڵاڵ کـراوە، ئێـوەو ڕێبـواران دەتـوانن بیانکەنـە بـژێوی خۆتـان. سـەعیدی کـوڕی موسەییب‌و سەعیدی کوڕی جوبەیرو کەسانی تریش لەم ئایەتەدا ﴿أُحِلَّ لَكُمۡ صَيۡدُ ٱلۡبَحۡرِ﴾ وتیان: واتـە ئەوەی ڕاودەکرێت لە دەریادا بەتازەیی[2]. ﴿وَطَعَامُهُۥ﴾ خواردنیشی کـە هەڵـدەگیرێت بەسـوێری‌و وشـك کراوە (واتە: هەر حەڵاڵە). ئیبنو عەبباس لە ڕیوایەتێکی مەشهوردا وتی: (صیدە) ئەوەی بە زینـدوویی لە دەریادا دەردەهێنرێت ﴿وَطَعَامُهُۥ﴾ ئەوەش بە مردوویی لای دەدات. (واتە: هەر خـواردنی حەڵاڵـە)، هە ر بەم شێوەیەش ڕیوایەت کراوە لە ئەبوبەکری سـەدیق‌و زەیـدی کـوڕی سـابیت‌و عەبـدوڵڵای کـوڕی عەمرو ئەبوئەیوبی ئەنساری‌و (ڕەزای خودایان لێبێت) عیکرەمەو ئەبوسـەلەمەی کـوڕی عـەدورەحمان‌و ئیبراهیمی نەخەعی‌و حەسەنی بەسریەوە وتیان: ﴿مَتَٰعٗا لَّكُمۡ وَلِلسَّيَّارَةِ﴾ واتە: ئێوەو ڕێبواران دەتـوانن بیانکەنە بژێوی خۆتان ﴿وَلِلسَّيَّارَةِ﴾ جەمعی (سیار). عیکرەمە وتی: بۆ ئەوکەسانەی لەسـەر دەریـان‌و ڕێبوارن[3] کەسانی تریش جگە لەمە دەڵێن: تازەکەی بۆ ئەوکەسانەیە کە ڕاوی دەکـەن لەسـەردەریاکە. وە خواردنی ئەوەی کە مـردووە لێیـان ڕاوکراوە خـوێی پێوەیـەو وشـك کراوە توێـشوە بـۆ ڕێبـواران‌و ئەوانەی لە دەریاوە دوورن. هەر بەم شێوەیە ڕیوایەت کراوە لە ئیبنـو عـەبباس‌و موجاهیـدو سـوددی‌و

---

[1] الطبری (١١/٥٧).

[2] الطبری (١١/٥٩).

[3] الطبری (١١/٧١).

کەسانی تریشەوە[1] ئیمامی مالیکی کوڕی ئەنەس ڕیوایەتی کردووە لە جابیری کوڕی عەبدوڵڵاوە وتی: پێغەمبەری خودا (ﷺ) سوپایەکی نارد بەرەو کەناری دەریا، ئەبوعوبەیدەی کوڕی جەراحیان کردە بەرپرسیان، کە سێ سەد کەس بوون من یەکێك بووم لەناویاندا، وتی: دەرچووین هەر بەڕێوەبووین خواردنمان بەرەو تەاوبوون دەچوو، ئەبوعوبیدە فەرمانی دا بە کۆکردنەوەی خواردنی ئەو سوپایەو هەمووی کۆکردەوە، خواردنەکە هەمووی خورمابوو، هەموو ڕۆژێك کەمە کەمە پێی دەداین هەتا تەواوبوو، یەکی دەنکەخورمایەکمان بەرکەوت، وتم: دەنکەخورمایەك چ پێویستیەك دووردەکات؟ وتی: کاتێك تەوابوو هەستمان بە نەمانی کرد. وتی: پاشان گەیشتینە دەریا نەهەنگێکمان دیت وەك تەپۆڵکە وابوو. هەموو سوپاکە هەژدەشەو لێی خوارد، پاشان ئەبوعوبەیدە فەرمانی دا بە داچەقاندنی دوو پەراسوو لە پەراسووەکانی پاشان فەرمانی دا وشترێکیان برد بەژێریاندا تێپەڕیو بەریان نەکەوت.[2]

ئەم فەرموودەیە لە هەردوو سەحیحەکەدا هاتووە[3] مالیك ڕیوایەتی کردووە لە ئەبوهورەیرەوە وتی: پیاوێك پرسیاری لە پێغەمبەری خودا کرد (ﷺ) وتی: ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئێمە سواری کەشتی دەبین لە دەریاداو کەمێك ئاو لەگەڵ خۆمان هەڵدەگرین ئەگەر دەستنوێژی پێ بگرین تێنومان دەبێت، ئایا بە ئاوی دەریا دەستنوێژ بگرین؟ پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرمووی: (دەریا ئاوی پاك کەرەوەیەو مردارەوەبووشی حەلاڵە)[4]، ئیمامی شافیعیو ئەحمەدیش ئەم فەرموودەیان ڕیوایەت کردووە لەگەڵ چوار خاوەن فەرموودەکانی تردا، بوخاریش بە ڕاستی داناوە، تیرمیزیو ئیبنو حیببانو کەسانی تریش هە ر بە ڕاستیان داناوە ڕیوایەت کراوە لە کۆمەڵێك لە هاوەڵەکانەوە لە پێغەمبەری خوداوە (ﷺ) بەوشێوەیە[5].

قەدەغەکردنی ڕاوکردنی نێچیری وشکانی

خودای مەزن دەفەرمووێت: ﴿وَحُرِّمَ عَلَيْكُمْ صَيْدُ الْبَرِّ مَا دُمْتُمْ حُرُمًا﴾ ڕاوی وشانیش هەتا لە ئیحرامدابن قەدەغەیە، واتە: لەکاتی ئیحرامدا ڕاوکردن قەدەغەیەئەگەر کەسێك لە ئیحرامدابوو بە ئەنقەست نێچیرێکی کوشت تاوانبارەو پێی دەبژێردرێت، یان بە هەڵە کوشتی پێی دەبژێردرێتو نابێت لێی بخوات، چونکە وەك مرارەبوو وایە بۆی، وە بۆ ئەوکەسانەش هەروایە کە لە ئیحرامدانو ئەوانەش

---

[1] الطبری (١١/٧٢/٧٣).

[2] الموطأ (٢/٩٣٠) فەرموودەیەکی سەحیحە.

[3] فتح الباری (٥/١٥٢)، مسلم (٣/١٥٣٥).

[4] الموطأ (١/٢٢) فەرموودەیەکی سەحیحە.

[5] مسند الشافعی (٢٥)، أحمد (٢/٢٣٧)، أبوداود (٨٣)، الترمذي (٦٩)، ابن ماجه (٣٨٦)ن النسائي (١/٥٠)، ابن خزيمة (١١١)، ابن حبان (١١٩).

کە ئیحرامیان نەپۆشیوە. بەڵام ئەگەر کەسێك ئیحرامی نەپۆشیوە نێچیرێکی کوشت، کردیە دیاری بۆ کەسێك کە ئیحرامی پۆشیوە . ئەگەر ئەوکەسەی ئیحرامی نەپۆشیوە نیازی وابوو بۆ ئەوکەسەی بکوژێت لە ئیحرامدایە، نابێت ئەوکەسە لێی بخوات، لەبەر فەرموودەکەی سەعبی کوڕی جەسام کە کەرەکێویەکی بەدیاری نارد بۆ پێغەمبەر (ﷺ)کە لە ئەبواء یان بیوەددان بوو بۆیگێڕاوە، کاتێك کە بە نێوچاوانیەوە شتێکی دیت فەرمووی: (ئێمە بۆت ناگێڕینەوە لەبەرئەوەنەبێت کە من لەئیحرامدام)، ئەم فەرموودەیە لە هەردوو سەحیحەکەدا هاتووە.[1] بە زۆر وتە هاتووە، وتیان: مەبەست ئەوەیە، پێغەمبەر (ﷺ) وایزانی ئەمە بەتایبەتی لەبەرئەو ڕاوی کردووە، بۆیە وەری نەگرت، بەڵام ئەگەر نیازی نەبووبێت دروستەبۆی لێی بخوات بەپێی فەرموودەکەی ئەبوقەتادە کە کەرەکێویەکی ڕاوکرد لەوکاتەدا لە ئیحرامدا نەبوو قەدەغەنەکرا هاوەڵەکانی پێغەمبەر (ﷺ) لە ئیحرامدابوون، ڕاوەستان لە خواردنی پاشان پرسیان لە پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرمووی: (ئایا کەسێك لەناو ئێوەدا هێمای کرد بۆی یان هاوکاری کرد لە کوشتنیدا؟) وتیان: نەخێر، فەرمووی: (بیخۆن)، پێغەمبەری خوداش (ﷺ) لێی خوارد، ئەو بەسەرهاتە دیسانلە هەردوو سەحیحەکەدا هاتووە بە زۆر وتە.[2] (ئیبنو کەسیر ئەم ئایەتانەی هێناوە (٩٦-٩٧-٩٨-٩٩) زۆرینەی ئایەتی یەکەمی تەفسیرکردووە هەتا ئێرە، بەڵام وادیارە تەفسیری ئایەتەکانی تری لەبیرچووە، هەربۆیە ئەم پیاوە دەڵێت: بەباشم زانی ئەم کەموکورتیە تەواویکەم بە هێنانی تەفسیری تەبەری بەکورتیو بە دەستکاریەوە بە یارمەتی خودای مەزن).

﴿وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ ٱلَّذِىٓ إِلَيْهِ تُحْشَرُونَ﴾ لەو خودایە ترستان هەبێت کە لەلای ئەو کۆدەکرێنەوە. خودای گەورە دەفەرموێت: ئەی خەڵکینە لە خودا بترسنو خۆتان بپرێزن بە گوێڕایەڵی کردنی فەرمانەکانی کە دەیدات بەسەرتاندا لە فەرزەکانی، وە لەوشتانەی کە قەدەغەی کردووە لەم ئایەتانەدا کە ناردویو بۆ پێغەمبەرەکەی (ﷺ) لە قەدەغەکردنی مەیو قومارو سەربڕینی ئاژەڵ لەسەر بتەکانو گرەو بە تیرکردنو کوشتنی ئاژەڵی کێوی لەوکاتەی کە لە ئیحرامدان. بێگومان کەوا ڕۆژێك دەگەڕێنەوە بۆلای خودا، لەسەر ئەو تاوانەتان تۆڵەتان لێ دەسێنێت. پاداشتی چاکەو گوێڕایەلیتان دەداتەوە. پاشان خودای مەزن دەفەرموێت: ﴿جَعَلَ ٱللَّهُ ٱلْكَعْبَةَ ٱلْبَيْتَ ٱلْحَرَامَ قِيَـٰمًا لِّلنَّاسِ﴾ خودا بیت الحرامی کردووەتە هۆی پێکهێنانی کاری خەڵك. ئەوانەی کە ناتوانن کارەکانی خۆیان بەجێ بێننو خاوەن دەستەڵاتێك بێت ڕێ لە ستەمکاران بگرێت کە دەستدرێژی نەکەنەسەر لاوازو بێ دەستەڵاتەکانو خراپەکان لە چاکەکانو ستەمکار لە ستەملێکراو جیابکاتەوە ﴿وَٱلشَّهْرَ ٱلْحَرَامَ وَٱلْهَدْىَ

---

[1] فتح الباری (١٨٢٥/٢٥٣٧)، مسلم (٢/٨٥٠).

[2] فتح الباری (٩/٥٢٨)، مسلم (٢/٨٥٢).

وَٱلْقَلَٰٓئِدَ ﴾ هەروەها مانگە حەرامەکانو قوربانیە دیاری نەکراوەکانو قوربانیە دیاریکراوەکانی کردووەتە هۆی پێکهێنانی کاری خەڵکی، تاوەکو بەم شێوەیە بەهرە لەیەکتری وەربگرن. ئەگەر شتێکی تریان دەست نەکەوت، وە کردوویەتی بە نیشانەیەك بۆ ئاینەکەیانو بەڕێکردنی کارەکانیان وە خودای گەورە ماڵی کەعبەو مانگە حەرامەکانو قوربانیە دیاری نەکراوەکانو قوربانیە دیاریکراوەکانی کردووەتە هۆی ڕاوەستانی کاروباری دینو دونیای ئەوکەسانەی کە ڕێز لەم شعائیرانە دەگرن لە عەرەبەکان. باش بزانن کەعبەی پیرۆز هەمووی حەرەمە. خودا ناوی هێناوە بە (حرام) لەبەر قەدەغەکردنی ڕاوی نێچیرو بڕینی دارودرەختو شتی تر وەك چۆن کەعبەو مانگە حەرامەکانو قوربانیە دیاری نەکراوەکانو قوربانیە دیاریکراوەکانی کردووەتەمایەی مانەوەو جێبەجێکردنی کاری عەرەبەکان لەکاتی نەفامیدا، وە ئێستاش لە ئیسلامدا بووە بە هێماو شوێنی حەجو قوربانیو قیبلە بۆ نوێژکەران ﴿ذَٰلِكَ لِتَعۡلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ يَعۡلَمُ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِ وَأَنَّ ٱللَّهَ بِكُلِّ شَيۡءٍ عَلِيمٌ ﴾ ئەمە بۆ ئەوەیە تا بزانن هەرچی لەناو ئاسمانەکانو زەمیندان، خودا دەیزانێتو ئاگاداری خودا هەموو شتێکە. هیچی لێ ون نابێتو ئاگادی لە هەموو کاروبارو کردارێکتانەو هەژماری کردووە بۆتان هەتا چاکەکارتان پاداشت بداتەوە لەسەر چاکەکانیو خراپەکانیشتان سزابدات لەسەر کارە خراپەکانی ﴿ ٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلۡعِقَابِ وَأَنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٞ ﴾ دەبێت ئەوەش بزانن کە خودا لە سزاداندا توندوتیژەو هەر خوداشە کە لە گوناهتان دەبورێت دلۆڤانە. واتە: بزانن کە پەروەردگارتان هەرچی لە ئاسمانو زەمیندایە دەیزانێتو هیچی لێ ون نابێت لە کارەنهێنیو ئاشکراکانتانو تۆڵەی زۆر توندوتیژە بۆ ئەوکەسانەی لاسارنو لێی یاخین. وە زۆر لێبوردەشە لە گوناهی ئەوکەسانەی کە پەشیمان دەبنەوەو تەوبەدەکەنو گوێڕایەڵی فەرمانەکانی دەبن، وە دلۆڤانە بەرامبەر ئەو گوناهانەی کە لە پێشدا کردوویانە دوای پەشیمان بوونەوەو تەوبەکردنیان لەوتاوانە ﴿مَّا عَلَى ٱلرَّسُولِ إِلَّا ٱلۡبَلَٰغُۗ وَٱللَّهُ يَعۡلَمُ مَا تُبۡدُونَ وَمَا تَكۡتُمُونَ ﴾ ئەوەی لەسەر پێغەمبەرە تەنیا ڕاگەیاندنی فەرمانی خودایە، خودا بۆخۆی لەوشتانەی کە ئێوە ئاشکرای دەکەن، لەوشتانەش کە دەیشارنەوە ئاگادارە. ئەمە خۆی هەڕەشەیەکی توندە لەلایەن خوداوە لە عەبدەکانی کە دەفەرمووێت ڕاگەیاندن نەبێت هیچ شتێك لەسەر پێغەمبەرەکەمان نیە کە ناردوومانە بۆتان، واتە: ئیشی ئەو گەیاندنی ئەوپەیامەیە، پاشان پاداشتی چاکەو تۆڵەسەندن لەسەرتاوان لەسەر ئێمەیە. ئەوەی گوێڕایەڵەو پەیامەکەی ئێمە وەردەگرێتو ئەوەش کە پشتگوێی دەخاتو وەری ناگرێت لای ئێمە شاراوەنیە، بۆیە هە رکەسێك کاری چاك بکات بە ئاشکراو بە زمانیش دانی پێدابنێت لە ئێوە ئێمە پێی دەزانین وە هەرچیش بشارنەوە لە دڵتاندا لە بێ دینیو دینداریو لە بڕوای تەواو یان گومانو دووڕوویی، خودا هیچی لێ پەنهان نابێت هەرچی لە ئاسمانەکانو لە

زەمیندایە هەر هی ئەوە، پاداشتو تۆڵەسەندن بەدەست خۆیەتی. هەر ئەو شایەنی ئەوەیە کە گوێڕایەی بکرێتو سەرپێچی لە فەرمانەکانی نەکرێتو گشت کەسێك لێی بترسێت.

﴿ قُل لَّا يَسْتَوِي الْخَبِيثُ وَالطَّيِّبُ وَلَوْ أَعْجَبَكَ كَثْرَةُ الْخَبِيثِ فَاتَّقُوا اللَّهَ يَا أُولِي الْأَلْبَابِ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ (١٠٠) يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَسْأَلُوا عَنْ أَشْيَاءَ إِن تُبْدَ لَكُمْ تَسُؤْكُمْ وَإِن تَسْأَلُوا عَنْهَا حِينَ يُنَزَّلُ الْقُرْآنُ تُبْدَ لَكُمْ عَفَا اللَّهُ عَنْهَا وَاللَّهُ غَفُورٌ حَلِيمٌ (١٠١) قَدْ سَأَلَهَا قَوْمٌ مِّن قَبْلِكُمْ ثُمَّ أَصْبَحُوا بِهَا كَافِرِينَ (١٠٢) ﴾

خودای مەزن دەفەرمووێت بە پێغەمبەرەکەی (ﷺ): ﴿ قُل ﴾ ئەی موحەممەد بڵێ: ﴿لَّا يَسْتَوِي الْخَبِيثُ وَالطَّيِّبُ وَلَوْ أَعْجَبَكَ كَثْرَةُ الْخَبِيثِ﴾ پاكو پیس وەکویەك نین با زۆری پیسیەکەش بۆت سەرسوڕهێنەربێت. واتە: ئەی مە ردوم کەمی حەڵاڵی بەسود زۆرچاکترە لەوەی حەرامێکی زیانبەخش. وەك لەم فەرموودەدا هاتووە: ئەوەی کەمەو پێویستی دەردەکات چاکترە لەوەی کە زۆرەو سەرقاڵت دەکات[١]، ﴿فَاتَّقُوا اللَّهَ يَا أُولِي الْأَلْبَابِ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ﴾ کەواتە ئەی دڵ وشیاران هەر لە خودا بترسن بەڵکو ڕزگاربن. واتە: ئەی خاوەن بیروهۆشە ڕاستو ڕێکەکان، دووربکەونەوە لە حەرامو وازی لێ بێنن ڕازی ببن بە حەڵاڵ بەستانە، هەتا لە دونیاو قیامەتدا ڕزگاربن.

زەمی پرسیارکردن بەبێ سود

خودای مەزن دەفەرمووێت: ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَسْأَلُوا عَنْ أَشْيَاءَ إِن تُبْدَ لَكُمْ تَسُؤْكُمْ﴾ ئەی گەلی خاوەن باوەڕان لەوشتانە پرسیارمەکەن کە بۆتان ڕوون بکەنەوە پێی تووشی دلگرانی دەبن. ئەمە خۆی دەردانێکە لەلایەن خوداوە بۆ عەبدە خاوەن باوەڕەکانی، کە ڕێیا پێنادات پرسیار لەوشتانە بکەنکە لێکۆڵینەوەو گەڕان بەدوای ئەو پرسیارانەدا هیچ سودێکی نیە. لەوانیە کاتێك ئەوشتانەیان بۆ دەرکەوت پێیان ناخۆش بێتو حەزنەکەن گوێیان لێبێت. بوخاری ڕیوایەتی کردووە لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە وتی: پێغەمبەری خودا (ﷺ) وتارێکیدا هەرگیز گوێم لە وتاری وا نەبووە، فەرمووی تێیدا: ئەگەر ئەوەی من دەیزانم ئێوە دەیزانن کەم پێدەکەنینو زۆر دەگریان، وتی: هاوەڵەکانی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ڕووی خۆیان داپۆشی کەوتنەن بیرو تاسەکردنەوە، پاوێك وتی: باوکی من کێیە؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (فلانەکەسە) ئەم ئایەتە هاتەخوارەوە کە دەفەرمووێت

---

[١] أحمد (١٩٧/٥) سەنەدەکانی لاوازە.

﴿لَا تَسۡـَٔلُواْ عَنۡ أَشۡيَآءَ﴾[1] لەباسێکی تردا بوخاری ئەم فەرموودەیەی ڕیوایەت کردووە. موسلیمو ئەحمەدو تیرمیزیو نەسائیش ڕیوایەتیان کردووە.[2] ئیبنو جەریر ڕیوایەتی کردووە لە قەتادەوە لەم ئایەتەدا ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَسۡـَٔلُواْ عَنۡ أَشۡيَآءَ إِن تُبۡدَ لَكُمۡ تَسُؤۡكُمۡ ﴾ وتی: کەسێك بۆیگێڕاینەوە کەمالیکی کوڕی ئەنەس بۆیگێڕاوەتەوە کە پێغەمبەری خودا (ﷺ) پرسیریان لێ کرد، هەتا ئەوەندە پرسیاریان لێ کرد، ڕۆژێك هاتەلایانو کەوتەسەر مینبەرو فەرمووی: ئەڕۆ پرسیارم لە هیچ شتێك لێ ناکەن مەگین بۆتان ڕوون دەکەمەوە، هاوەڵەکانی پێغەمبەر (ﷺ) ترسان لەوەی کارێکی هەبێت کە هاتووە، منیش کە لام نەدەکردووە بەلای ڕاستو بەلای چەپدا مەگین دەمبینی هەمووی بەکراسەکەی سەری داپۆشیبوو دەگریان پیاوێك هەستا کە هەر پێی دادگرت بە ناوێك جگە لەناوی باوی خۆی بانگ دەکرا، وتی: ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) باوکم کێیە؟ فەرمووی: (باوکی تۆ حوزافەیە) وتی: پاشان عومەر هەستای وتی: ڕازین خودا پەروەردگارمانەو بە ئیسلام ئاینمانەو موحەممەد پێغەمبەرەو پەنادەگرم بە خودا لە شەڕی فیتنەکان. وتی: پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرمووی: (هەرگیز وەك ئەم ڕۆژەم نەدیوە لە خێرو لە شەڕدا، وێنەی بەهەشتو جەهەننەمو بۆ کرا هەتا هەردووکیانم بینی لەدوای ئەو دیوارەوە)[3]، بوخاریو موسلیم ڕیواتیان کردووە لە ڕێگەی سەعیدەوە.[4] دیسان بوخاری ڕیوایەتی کردووە لە ئیبنو عەبباسەوە (ڕەزای خودای لێبێت) وتی: کۆمەڵێك لە خەڵکی هەبوون بۆ گاڵتەپێکردت پرسیریان لە پێغەمبەری خودا دەکرد، پیاوێك دەیوت: باوکم کێیە؟ پیاوێك وشترەکەی گوم بووبوو دەیوت: وشترەکەم لە کوێیە؟ خودای مەزن ئەم ئایەتەی لەسەریان ناردەخوارەوە ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَسۡـَٔلُواْ عَنۡ أَشۡيَآءَ إِن تُبۡدَ لَكُمۡ تَسُؤۡكُمۡ ﴾ هەتا کۆتایی ئایەتەکە[5]. تەنیا بوخاری خۆی ئەم فەرموودەیەی ڕیوایەت کردووە. ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە لە عەلی یەوە (ڕەزای خودای لێبێت) وتی: کاتێك ئەم ئایەتە هاتەخوارەوە ﴿وَلِلَّهِ عَلَى ٱلنَّاسِ حِجُّ ٱلۡبَيۡتِ مَنِ ٱسۡتَطَاعَ إِلَيۡهِ سَبِيلًا ﴾[6] خودا حەجیماڵی کەعبەی داناوە لەسەر خەڵکی بۆ هەرکەسێك کە توانای ڕۆیشتنی هەبێت بڕوات بۆی. وتیان ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئایا لە هەموو ساڵێکدا؟ پێغەمبەر (ﷺ) بێ دەنگ

---

[1] فتح الباری (٨/١٣٠).

[2] فتح الباری (١١/٣٢٦)، مسلم (٤/١٨٣٢)، أحمد (٣/١٨٠)، تحفة الاحوذي (٨/٤٢١)، تحفة الاشراف (١/٤١٣).

[3] الطبری (١١/١٠٠).

[4] فتح الباری (١٣/٤٧)، مسلم (٤/١٨٣٤).

[5] فتح الباری (٨/١٣٠).

[6] ال عمران (٩٧).

بوو، وتی: پاشان وتیان: ئایا له هەموو ساڵێکدا؟ دیسان بێ دەنگ بوو، وتـی: پاشـان وتیـان: ئایا لـه هـەموو سـاڵێکدا؟ فـەرمووی: نـەخێر، ئەگـەر بموتایـه بـەڵێ واجـب دەبـوو، ئەگـەر واجبـیش بووایـه نەتاندەتوانی. خودای گەورە ئەم ئایەتـەی ناردەخوارەوە ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَسۡـَٔلُواْ عَنۡ أَشۡيَآءَ إِن تُبۡدَ لَكُمۡ تَسُؤۡكُمۡ ﴾ ئیبنـو ماجـەو تیرمیـزی هـەر بـەم شێوەیه ڕیوایـەتیان کـردووە.[1] لـه ئایەتەکـەوە دەردەکەوێت پرسیارکردن لـه ئەوشتانەی کاتێك ئەوکەسـه پرسـیارەکەی زانـی پێـی نـاخۆش بـوو، باشتروایه ئەو پرسیارە نەکاتو وازی لێ بێنێت. پاشان خـودای مـەزن دەفـەرمووێت: ﴿وَإِن تَسۡـَٔلُواْ عَنۡهَا حِينَ يُنَزَّلُ ٱلۡقُرۡءَانُ تُبۡدَ لَكُمۡ﴾ ئەگەر پرسیارەکەتان هـەڵگرن بـۆ ئەوکاتـەی کـه قورئـان دێتـەخوارەوەو وەڵامەکەتان دەدرێتەوە. واتە: ئەگەر پرسیر لەم شتانه بکەن که ڕەوانەکراوە بۆتان، کاتێك که قورئان هاتەخوارەوە بۆ پێغەمبەری خودا (ﷺ) بۆتان ڕوون دەکاتەوە، ئـەوە لای خـودا زۆر ئاسانه. پاشـان دەفەرمووێت: ﴿عَفَا ٱللَّهُ عَنۡهَا﴾ خـودا لەوپرسیارە نابەجێیانـەی ئێـوە چاپۆشـی کـردووە کـه لەپێـشدا کردووتانـه ﴿وَٱللَّهُ غَفُورٌ حَلِيمٌ﴾ خـودا لـه گوناه دەبورێـتو لەسـەرخۆیه. مەبەسـت لێرەدا ئەوەیـە: پرسیار لەوشتانه مەکەن که له پێشدا کردووتانه خـودا چاوپۆشـی لـێ کـردوون. لەوانەیـه بـەهۆی ئـەو پرسیارکردنەوە ئەوشتەیان لەسـەر تونـدو گـران بکرێـت. لـه فـەرموودەی پێغەمبـەردا (ﷺ) هـاتووە: (گەورەترین تاوانی موسڵمان ئەوەیه که پرسیار له شتێك بکات حەرام نەبێت لـه پرسـیاکردنەکەی ئـەو حـەرام بکرێـت)[2]، وە لـه فەرموودەیـەکی تـری سـەحیحدا هـاتووە لـه پێغەمبـەری خـوداوە (ﷺ) کـه فەرموویەتی: (لێم گەڕێن لەوەی وازم لێهێناوە بۆتان چونکه ئەوانـەی پـێش ئێـوە لەبـەر پرسـیرکردنی زۆریانو ناکۆکیان لەسەر پێغەمبەرەکانیان لەتاوچوون)[3] وە له فەرموودەیەکی تری سەحیحدا هاتووە: (بێگومان خودای مەزن فـەرزەکانی دانـاوە لەدەسـتی خۆتـان دەری مەکـەن، چـەند سنورێکی دانـاوە مەیبەزێنن، چەند ئایەتێکی قەدەغەکردووە سنورەکانی مەشکێنن، له چەند شتێکیش بێ دەنـگ بـووە لـەبیری نەچـووە بـەزەیی پێتـان هاتووەتـەوە لەبارەیـەوە پرسـیارمەکەن)[4] پاشـان خـودای مـەزن دەفەرمووێت: ﴿قَدۡ سَأَلَهَا قَوۡمٌ مِّن قَبۡلِكُمۡ ثُمَّ أَصۡبَحُواْ بِهَا كَٰفِرِينَ ﴾ کەسانێك لـەپێش ئێوەدا ئـەم جۆرە پرسیارانەیان کردو هەر لەبەر ئەو پرسیارانە، لەڕێگەی خودا لایاندا. واتە: چەند کەسێك لـەپێش

---

[1] أحمد (١١٣/١)، الترمذي (٣٠٥٥)، ابن ماجه (٢٨٨٤) بەمشێوە سەنەدەکانی غەریبە.

[2] البخاري (٧٢٨٩)، مسلم (٢٣٥٨).

[3] مسلم (١٨٣١/٤).

[4] البيهقي (١٢/١٠)، الدار قطن (٢٩٨/٤) فەرموودەیەکی سەحیحە.

ئێوەدا ئەم پرسیارە نارەوانەیان کردو وەلامیان درایەوە، کەچی بروایان پێ نەکردو سودیان لێ وەرنەگرت، چونکە ئەوانە ئەو پرسیارانەیان بۆ شارەزابوون نەبوو بەڵکو بەشێوەی گاڵتەو لاساری و بێ دینی دەیانکرد.

﴿مَا جَعَلَ ٱللَّهُ مِنۢ بَحِيرَةٍ وَلَا سَآئِبَةٍ وَلَا وَصِيلَةٍ وَلَا حَامٍ وَلَٰكِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ يَفْتَرُونَ عَلَى ٱللَّهِ ٱلْكَذِبَ وَأَكْثَرُهُمْ لَا يَعْقِلُونَ ﴿١٠٣﴾ وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ تَعَالَوْاْ إِلَىٰ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ وَإِلَى ٱلرَّسُولِ قَالُواْ حَسْبُنَا مَا وَجَدْنَا عَلَيْهِ ءَابَآءَنَآ أَوَلَوْ كَانَ ءَابَآؤُهُمْ لَا يَعْلَمُونَ شَيْـًٔا وَلَا يَهْتَدُونَ ﴿١٠٤﴾﴾

تەفسیری ئەو ئاژەڵانەی ناویان هاتووە

خودای مەزن دەفەرموێت: ﴿مَا جَعَلَ ٱللَّهُ مِنۢ بَحِيرَةٍ وَلَا سَآئِبَةٍ وَلَا وَصِيلَةٍ وَلَا حَامٍ﴾ خودا سەبارەت بە (بەحیرە) و (سائیبە) و (وەصیلە) و (حام) هیچ بڕیارێکی نەداوە. بوخاری ڕیوایەتی کردووە لە سەعیدی کوڕی موسەییبەوە وتی: (بەحیرە) ئەو وشترەبوو کە شیرەکەی قەدەقەغەکرا بۆ ستەمکاران، هیچ کەسێك شیرەکەی نەدەدۆشی. (سائیبە) ئەو وشترەبوو کە دەیانهێشتەوە بۆ خوداکانیان هیچ شتێکی لێ بارنەدەکرا. ئەبوهورەیرە وتی: پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرموویەتی:(عەمری کوڕی عامیر خوزاعیم دیت لەناو ئاگردا ڕیخۆڵەی خۆی ڕادەکێشا یەکەم کەس بوو (سائیبەی) داهێنا). (وەصیلە) وشترێك بوو یەکەمو دووەم سکی مێینەبووایە، دەیانهێشتەوە بۆ کاریەدەستە ستەمکارەکانیان ئەگەر یەکەم سكو دووەم سکی بەدوای یەکدا مێینەبووایەو نێرینە لەنێوانیان نەهاتایە. (الحام) وشترێك بوو لە پشتی ئەو ژمارە دیاریکراوە (دە سك) پەیدابووایە، کە سکەکانی تەواودەکرد وازیان لێ دەهێنا بۆ خاوەن دەستەڵاتە ستەمکارەکانو دەیانبەخشی لە بارلێنانو هیچ شتێکیان لێ بارنەدەکرد ناویان لێنابوو حامی (الحامي)[1] موسلیمو نەسائیش ڕیوایەتیان کردووە.[2] ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتیان کردووە لە عەبدوڵلای کوڕی مەسعودەوە لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) فەرموویەتی: (یەکەم کەسێك کە (سائیبە) ی هێشتەوەو بتەکانی پەرست ئەبوخوزاعە عەمری کوڕی عامیر بوو، وە من بینیم لەناو ئاگردا ڕیخۆڵەی خۆی ڕادەکێشا)[3]، تەنیا ئیمامی ئەحمەد ئەم فەرموودەیەی ڕیوایەت کردووە بەم شێوەیە. ئەم عەمرە کوڕی لوحەی کوڕی قەمەعەیە یەکێك بوو لە سەرکردەکانی خوزاعەکە پشتیان لە کەعبەی پیرۆز کرد دوای جورهم وە یەکەم کەسێك بوو کە ئاینی ئیبراهیمی خەلیلی گۆڕیو بتی هێنا بۆ حیجاز، بانگی بت پەرستانی کرد کە ئەوبتانە بپەرستنو خۆیانی پێ نزیك بخەنەوەو ئەمە بەرنامەی چەرخی نەفامیەی بۆ

---

[1] فتح الباري (٨/١٣٣).

[2] مسلم (٤/٢١٩٢)، النسائي في الكبرى (٦/٣٣٨).

[3] أحمد (١/٤٤٦) سەنەدکانی لاوازە بەڵام فەرموودەی تر پشتگیری لێ دەکات.

دامەزراندن لەو ئاژەڵانەداو لە شتی تریشدا. وەك خودای گەورە لە سورەتی (الانعام) دا باسی کردووە لەم ئایەتەدا ﴿وَجَعَلُواْ لِلَّهِ مِمَّا ذَرَأَ مِنَ ٱلْحَرْثِ وَٱلْأَنْعَٰمِ نَصِيبًا﴾[1] لە (بەروبوومی ئەو کێڵگەو ئاژەڵانەی کە خودا بەدیهێناوە بەشێکیان بۆ خودا دانا. هەتا کۆتایی ئایەتەکان لەوبارەیەوە. لەبارەی بەحیرەوە، عەلی کوڕی ئەبوتەلحە لە ئیبنو عەبباسەوە (ڕەزای خودای لێبێت): ئەو وشترەبوو کە پێنج سکی بکردایە، چاوەڕوانیان دەکرد ئەگەر نێربووایە سەریان دەبڕی، پیاوان لێیا دەخوارد بەڵام ژنان لێیان نەدەخوارد، خۆئەگەر مێینەبووایە گوێیەکانیان دەبڕی‌و دەیانوت: ئەمە بەحیرەیە[2] سوددی‌و کەسانی تریش هەر وایان وتوە.[3] لەبارەی سائیبەوە موجاهید وتی: ئەوە لە مە ڕدایە، وەك ئەوەی باسکراوە لە بەحیرەدا تەنیا جیاوازیەکەی ئەوەیە کە ئەو مەڕە دەبووایە شەش سکی بکردایە، ئەگەر حەوتەمی نێربووایە یان دوونێربووایە سەریان دەبڕی، پیاوەکانیان لێیا دەخوارد بەڵام ژنانەکانیان لێیان نەدەخوارد.[4] موحەممەدی کوڕی ئیسحاق وتی: سائیبە ئەو وشترەبوو کە مێینەی بووە نێرینەی لەنێواندا نەبووە هێشتوویانەتەوە، (سُبیت) کەس سواری نەبووەو تووکی لێنەکراوەتەوەو شیرەکەشی نەدۆشراوە مەگین بۆ میوان. ئەبو رەوق وتی: ئەگەر پیاوێك دەربچووایەو پێویستیەکەی تەواوبووایە (مەرامەکەی بەجێ بهاتایە) لە ماڵەکەی وشترێکی دەهێشتەوە یان هە رشتێکی تری دادەنا بۆ خاوەن دەستەڵاتەکان، سوددی وتی: ئەگەر پیاوێك لەوانە مەرامەکەی بەجێ بهاتایە یان لە نەخۆشیەك چاك بووایەتەوە یان ماڵەکەی زۆربووایە هەندێك لە ماڵەکەی دەهێشتەوە بۆ بتەکان. هەرکەسێك دەستی بۆ ببردایە بە سزایەك سزایان دەدا لە دونیادا. لەبارەی وەصیلەوە عەلی کوڕی ئەوتەلحە لە ئیبنو عەبباسەوە: بریتی بوو لەو مەڕەی کە حەوت سکی بکردایە، لە حەوتەمدا چاوەڕوانیان دەکرد ئەگەر نێرەبووایە یان مێیەکە بمردایە هەر پیاو هاوبەش دەبوو ژن هاوبەش نەبوو تێیدا. ئەگەر مێینەبووایە دەیانهێشتەوە، خۆئەگەر نێرو مێیەك بە یەك سك بووایە هەردووکیان دەهێشتەوەو دەیانوت: خوشکەکەی گەیاندویەتی حەرامی کردووە لێمان، ئیبنو ئەبی حاتەم ڕیوایەتی کردووە.[5] عەبدوڕەزاق وتی: موعومەر هەواڵی پێدابن لە زوهریە لە سەعیدی کوڕی موسەیبەوە (ولا وصيلة) وتی: وەصیلە لە وشتردا ئەوەبوو کە یەکەم سك‌و دووەم سکی مێینەبووایە نێرینە لەنێوانیان

---

[1] الانعام (١٣٦).

[2] الطبري (١١/١٢٩).

[3] الطبري (١١/١٣٠).

[4] الطبري (١١/١٢٨).

[5] ابن أبي حاتم (٤/١٢٢٢).

ئەماتایە گوێیان دەبڕی‌و دایان دەنا بۆ بتەکانیان[1] هەر بەم شێوەیە ڕیوایەت کراوە لە ئیمامی مالیکی کوڕی ئەنەسەوە (ڕەحمەتی خودای لێبێت) موحەممەدی کوڕی ئیسحاق وتی: وەصیلە لە مەڕدا ئەگەر دە بەچکەی مێینەی ببووایە بە پێنج سك، دووبەچکە دووبەچکە لە یەك سكدا پێیان دەوت وەصیلەو وازی لێ دەهێنرا، دوای ئەوە هەرچی تری ببووایە نێرینە یان مێینە دەدرا بە پیاوان ژنان لێی بێبەش دەبوون، ئەگەر بمردایە پیاوو ژن هاوبەش بوون تێید. بەڵام حامی، عەوفی لە ئیبنو عەبباسەوە وتی: ئەگەر پیاوێك وشترەنێرەکەی دە بەچکە لە پشتی ببووایە دەوترا: (حامە) وازی لێ بێنن[2] ئەبورەوق‌و قەتادەش هەر وایان وتوە. عەلی کوڕی ئەوتەلحە لە ئیبنو عەبباسەوە: وشترێکی نێرینە ئەگەر بەچکەکەی بەچکەیەکی ببووایە دەیانوت: ئەمە پشتی پاراستووە، هیچ شتێکیان لێ بارنەدەکردو تووکیشیان لێ نەدەکردەوە، پاوەنیشیان لێ قەدەغەنەدەکرد تێیدا بلەوەڕێت لە هەموو حەوزێك ئاوی دەخواردەوە، با ئەو حەوزەش هی خاوەنەکەی نەبووایە[3] لەم فەرموودەیەدا ئیبنو ئەبی حاتەم ڕیوایەتی کردووە لەڕێگەی ئەبوئیسحاق سەبیعیەوە لە ئەبو ئەحوەصی جوشمیەوە لە باوکیەوە لە مالیکی کوڕی نەزلەوە وتی: هاتمەلای پێغەمبەر (ﷺ) بە جل‌وبەرگێکی ڕزیوو شڕەوە، فەرمووی پێم: (ئایا سامانت هەیە؟) وتم: بەڵێ، فەرمووی: (لە چ جۆرە سامانێك) وتی: وتم لە هەموو جۆرە سامانێك، لە وشترو مەڕو وڵاخی سواری‌و کۆیلە. فەرمووی: (کاتێك خودا سامانی پێدایت با پێتەوە دیاربێت) پاشان فەرمووی: (وشترەکەت بەچکە دەکات گوێیان تەواون؟) وتی: وتم بەڵێ، ئایا وشتر هەر بەوشێوەیە نابێت؟ فەرمووی: (لەوانەیە تۆ موس هەڵبگریت‌و گوێی هەندێکیان ببڕی‌و بڵێت: ئەمە بەحیرەیە، وە گوێی هەندێکی تریان لەت بکەیت‌و بڵێت ئەمە قەدەغەکراوە؟) وتم: بەڵێ، فەرمووی: (شتی وامەکە، بێگومان هەر سامانێك خودا پێی داوی بۆ تۆ حەڵاڵە)، پاشان فەرمووی: ﴿مَا جَعَلَ ٱللَّهُ مِنۢ بَحِيرَةٍ وَلَا سَآئِبَةٍ وَلَا وَصِيلَةٍ وَلَا حَامٍ﴾ بەحیرە، ئەو ئاژەڵەیە کە گوێی دەبڕێت، ئەوپیاوە نە ژنەکەی‌و نەکچەکانی‌و نە خانەوادەی سود لە خوری‌و تووك‌و شیرو مووەکەی وەناگرێت. خۆئەگەر مردارەوەبووایە هەموو هاوبەشن تێیدا[4] بەڵام سائیبە، ئەو وشترانەبوو کە دەیانهێڵایەوە بۆ خوداکانیان دەچوون بۆلایان‌و بۆیان دادەنان. وەصیلەش ئەو مەڕەبەە کە شەش سکی دەکردو ئەگەر سکی حەوتەمی بکردایە گوێی دەبڕاو شاخیان دەبڕیەوەو پێیان دەوت: گەیشتووە (وصلت) سەریان

---

[1] عبدالرزاق (١/١٩٦).

[2] الطبري (١١/١٢٩).

[3] ابن أبي حاتم (٤/١٢٢٥).

[4] ابن أبي حاتم (٤/١٢٢٠) سەنەدەکانی بەهێزە.

نەدەبڕێ، لێی نەدەدراو بچووایەتەسەر هەر حەوزێك ڕێگری لێنەکراوە. هەر بەمشێوەیە تەفسیری ئەمانە کراوە لەم فەرموودەیەدا، ئیمامی ئەحمەدیش ئەم فەرموودەیەی ڕیوایەت کردووە لە سوفیانی کوڕی عویەینەوە لە ئەبوزەعراوە لە ئەبوئەحوەسی کوڕی مالیکی کوڕی نەزلەوە لە باوکیەوە بەم شێوەیە. بەلام ئەم تەفسیرەی تێدانیە والله أعلم[1]، پاشان خودای مەزن دەفەرموێت: ﴿وَلَٰكِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ يَفْتَرُونَ عَلَى ٱللَّهِ ٱلْكَذِبَ ۖ وَأَكْثَرُهُمْ لَا يَعْقِلُونَ﴾ بەلام خودانەناسەکان (کە زۆربەیان بێ ئاوەزن) درۆ بۆ خودا هەڵدەبەستن. واتە: خودا ئەم شتانەی دانەناوە، نزیك بوونەوەشی نیە لەلای، بەلام موشریکەکان خۆیان ئەو درۆیەیان هەڵبەستووە، کردوویانە بە بەرنامەی خۆیانو ئەو ئاژەڵانەیان بەوجۆرە لێکردووە بە خەیاڵی خۆیان پێی نزیك دەبنەوە، ئەوکارەیان مەرامی نەهێنانەدی، بەڵکو بووەهۆی بەدبەختیو چارەڕەشییان ﴿وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ تَعَالَوْا۟ إِلَىٰ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ وَإِلَى ٱلرَّسُولِ قَالُوا۟ حَسْبُنَا مَا وَجَدْنَا عَلَيْهِ ءَابَآءَنَآ﴾ ئەگەر پێیان بوترێت کە: وەرن بەرەولای ئەوەی خودا نادوویەتەخوارو بێن بەرەولای پێغەمبەر، دەڵێن: ئێمە هەر ئەو ئاینەمان بەسە کە بابو باپیرەکانمان لەسەری بوون. واتە: ئەگەر بانگ بکرانایە بۆلای ئاینی خوداو بەرنامەکەیو ئەوەی لەسەری دایناونو واز لەوشتانەش بێنن کە حەرمی کردوو، دەیانوت: تەنیا ڕێگەی بابو باپیرانمان بەسە شوێنی بکەوین. خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿أَوَلَوْ كَانَ ءَابَآؤُهُمْ لَا يَعْلَمُونَ شَيْـًٔا وَلَا يَهْتَدُونَ﴾ کە بابو باپیرانیشیان هیچ شتێکیان نەدەزانیو ڕێگەی ڕاستیان بەدی نەکرد. واتە: لە هەق تێنەدەگەیشتنو نەشیان دەزانیو ڕێگەی ڕاستیان نەدەدۆزیوە، کەوایە چۆن شوێنیان دەکەون، کەسێك لەوانە نەفام گومڕاترنەبێت شوێنییان ناکەوێت.

﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ عَلَيْكُمْ أَنفُسَكُمْ ۖ لَا يَضُرُّكُم مَّن ضَلَّ إِذَا ٱهْتَدَيْتُمْ ۚ إِلَى ٱللَّهِ مَرْجِعُكُمْ جَمِيعًا فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴿١٠٥﴾﴾

فەرماندان بە چاکسازی لە خۆدا هەتا گومڕایان زیان نەگەیەنن

خودای مەزن دەفەرموێت: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ عَلَيْكُمْ أَنفُسَكُمْ ۖ لَا يَضُرُّكُم مَّن ضَلَّ إِذَا ٱهْتَدَيْتُمْ ۚ إِلَى ٱللَّهِ مَرْجِعُكُمْ جَمِيعًا فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ﴾ ئەی گەلی خاوەن باوەڕان هۆشتان بەخۆتانەوەبێت ئەگەر ئێوە بەڕاستی لەگەڵ خودابنو شارەزابن، لەڕێ لادەر زیانتان پێ ناگەیەنن، هەموولایەکیشتان دێنەوەبەر قاپی خودا، ئەوسا ئاگادارتان دەکات کە ئاکارتان چۆن بووە. خودای گەورە فەرمان دەکات

---

[1] أحمد (١٣٦/٤) تیرمیزی دەڵێت: فەرموودەیەکی حەسەنی سەحیحە.

بە عەبدە خاوەن باوەڕەکانی کە چاکسازی لە خۆیاندا بکەن، هەوڵی چاکەبدەن بەپێی دەستەڵاتو توای خۆیان، ئاگاداریان دەکات کە هە رکەسێك کاروباری خۆی ڕێك بخات خراپەی خراپەکاران لە خەڵی زیانی پیّ ناگەیەنێت. با ئەوکەسە خراپە دووربێت یان نزیك بێت لێی، ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە لە قەیسەوە وتی: ئەبوبەکری سدیق (ڕەزای خودای لێبێت) هەستاو سوپاسو ستایشی خودای گەورەی کرد، پاشان وتی: ئەی خەڵکینە ئێوە ئەم ئایەتە دەخوێننەوە ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ عَلَيۡكُمۡ أَنفُسَكُمۡۖ لَا يَضُرُّكُم مَّن ضَلَّ إِذَا ٱهۡتَدَيۡتُمۡ ﴾ بەڵام ئێوە دایدەنێن لە شوێنێکدا کە جێی خۆی نیە، واتە: وەکو خۆی چۆنە وەها ماناکەی ناکەن (من بیستم لە پێغەمبەری خودا (ﷺ) دەیفەرموو: (بێگومان کاتێك کە خەڵکی خراپەیان بینیو نەیاندەگۆڕی زۆر نزیکە خودای مەزن سزایان بەسەردا دابارێنێت)) وتی: گوێم لیّ بوو ئەبوبەکر دەیوت: ئەی خەڵکینە نەکەن درۆبکەن، بێگومان درۆکردن دوورە لە باوەڕەوە[١].

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ شَهَٰدَةُ بَيۡنِكُمۡ إِذَا حَضَرَ أَحَدَكُمُ ٱلۡمَوۡتُ حِينَ ٱلۡوَصِيَّةِ ٱثۡنَانِ ذَوَا عَدۡلٖ مِّنكُمۡ أَوۡ ءَاخَرَانِ مِنۡ غَيۡرِكُمۡ إِنۡ أَنتُمۡ ضَرَبۡتُمۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَأَصَٰبَتۡكُم مُّصِيبَةُ ٱلۡمَوۡتِۚ تَحۡبِسُونَهُمَا مِنۢ بَعۡدِ ٱلصَّلَوٰةِ فَيُقۡسِمَانِ بِٱللَّهِ إِنِ ٱرۡتَبۡتُمۡ لَا نَشۡتَرِي بِهِۦ ثَمَنٗا وَلَوۡ كَانَ ذَا قُرۡبَىٰ وَلَا نَكۡتُمُ شَهَٰدَةَ ٱللَّهِ إِنَّآ إِذٗا لَّمِنَ ٱلۡأٓثِمِينَ ﴿١٠٦﴾ فَإِنۡ عُثِرَ عَلَىٰٓ أَنَّهُمَا ٱسۡتَحَقَّآ إِثۡمٗا فَـَٔاخَرَانِ يَقُومَانِ مَقَامَهُمَا مِنَ ٱلَّذِينَ ٱسۡتَحَقَّ عَلَيۡهِمُ ٱلۡأَوۡلَيَٰنِ فَيُقۡسِمَانِ بِٱللَّهِ لَشَهَٰدَتُنَآ أَحَقُّ مِن شَهَٰدَتِهِمَا وَمَا ٱعۡتَدَيۡنَآ إِنَّآ إِذٗا لَّمِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿١٠٧﴾ ذَٰلِكَ أَدۡنَىٰٓ أَن يَأۡتُواْ بِٱلشَّهَٰدَةِ عَلَىٰ وَجۡهِهَآ أَوۡ يَخَافُوٓاْ أَن تُرَدَّ أَيۡمَٰنُۢ بَعۡدَ أَيۡمَٰنِهِمۡۗ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَٱسۡمَعُواْۗ وَٱللَّهُ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلۡفَٰسِقِينَ ﴿١٠٨﴾ ﴾

شایەتیدانی دووکەسی جێی بڕوا لەکاتی وەسیەت کردندا

ئەم ئایەتە پیرۆزە بڕیارێکی بەڕێزو زۆر بەدەگمەنی تێدایە خودای مەزن دەفەرمووێت: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ شَهَٰدَةُ بَيۡنِكُمۡ إِذَا حَضَرَ أَحَدَكُمُ ٱلۡمَوۡتُ حِينَ ٱلۡوَصِيَّةِ ٱثۡنَانِ ذَوَا عَدۡلٖ مِّنكُمۡ ﴾ ئەی گەلی خاوەن باوەڕان، کاتێك یەکێك لە ئێوە تووشی مەرگ دێتو دەیەوێت وەسیەت بکات، با لە خۆتان دووکەس (جێگەی بڕوابن) بێنو لێی ئاگاداربن ﴿مِّنكُمۡ﴾ واتە: لە موسڵمانان. ﴿أَوۡ ءَاخَرَانِ مِنۡ غَيۡرِكُمۡ﴾ یان دووکەسی تر لە وەسیەت ئاگاداربکەن. ئیبنو ئەبی حاتەم ڕیوایەتی کردووە لە ئیبنو عەبباسەوە

[١] أحمد (١/٥) تیرمیزی دەڵێت: فەرموودەیەکی حەسەنی غەریبە.

وتی: ﴿أَوۡ ءَاخَرَانِ مِنۡ غَيۡرِكُمۡ﴾ واتە: جگە لە موسڵمانان. واتە: ئەهلی متێب.[1] پاشان خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿إِنۡ أَنتُمۡ ضَرَبۡتُمۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَأَصَٰبَتۡكُم مُّصِيبَةُ ٱلۡمَوۡتِ﴾ ئەگەر لە سەفەردابوونو تووشی بەڵای مەرگ هاتن. ئەم دوو مەرجەش کە دروستە ئەهلی کتێب شایەتی تێدا بدەنو لەکاتێکدادەبێت کە موسڵمانان دەست نەکەوێت. ئەم شایەتیەش دەبێت هەر لە سەفەردابێتو لە وەسێتیشدابێت وەك شورەیمی قازی ئاماژەی پێکردووە. ئیبنو جەریر ڕیوایەتی کردووە لە شورەیمەوە وتی: شایەتی گاورو جوولەکە دروست نیە جگە لە سەفەر، لەکاتی سەفەریشدا دروست نیە لەکاتی وەسێتدانەبێت.[2]

﴿تَحۡبِسُونَهُمَا مِنۢ بَعۡدِ ٱلصَّلَوٰةِ﴾ هەتا دوای نوێژ ڕایانگرن. عەوفی لە ئیبنو عەبباسەوە وتی: واتە نوێژی عەسر[3] سەعیدی کوڕی جوبەیرو قەتادەو عیکرەمەو ئیبنو سیرین هەر وایان وتوە. زوهری وتی: واتە نوێژی موسڵمانان[4] مەبەست ئەوەیە ئەم دوو ئایەتە دوای نوێژی عەسر دەهێنرێن کاتێك کە خەڵکی کۆدەبێتەوەبە ئامادەبوونی ئەو خەڵکە ﴿فَيُقۡسِمَانِ بِٱللَّهِ إِنِ ٱرۡتَبۡتُمۡ﴾ ئەگەر لەو دووشایەتە بەگومان بوون، ئەوسا دەبێت سوێند بخۆن بە خودا. واتە: ئەگەر بەگومان بوون کە خیانەتیان کردووەو درۆدەکەن ﴿لَا نَشۡتَرِي بِهِۦ ثَمَنٗا﴾ ئێمە دینمان بە ماڵی دونیا نافرۆشین. موقاتیلی کوڕی حەییان وتی: ﴿ثَمَنٗا﴾ واتە: باوەڕەکەمان بە نرخێکی کەمی دونیای دواکۆتاو لەناوچوو نافرۆشین. ﴿وَلَوۡ كَانَ ذَا قُرۡبَىٰ﴾ با ئەوکەسەی بە سوێندەکەی ئێمە شتێکی دەست دەکەوێت خزمیشمان بێت، خۆمان تووشی گوناه ناکەین. ﴿وَلَا نَكۡتُمُ شَهَٰدَةَ ٱللَّهِ﴾ وە شایەتی خوداش ناشارینەوە. شایەتیەکە بڕواتەلای خودا لەبەر ڕێزگرتن لێی بە مەزن گرتنی کارەکە ﴿إِنَّآ إِذٗا لَّمِنَ ٱلۡأٓثِمِينَ﴾ (ئەگەر وامان نەکرد) بێگومان ئێمە پێی تاوانباردەبین. واتە: ئەگەر هەرشتێکی وامان کردو گۆڕیمان یان بەتەواوی شاردمانەوە بێگومان تووشی گوناه دەبین. پاشان خودای مەزن دەفەرمووێت: ﴿فَإِنۡ عُثِرَ عَلَىٰٓ أَنَّهُمَا ٱسۡتَحَقَّآ إِثۡمٗا﴾ ئەگەر دەرکەوت دووشایەتەکەی پێش خۆیان تاوانبارکردووە. واتە: ئەگەر دەرکەوتو زانراو ئاشکرابوو دوای لێکۆڵینەوەو دووشایەتە کە وەسیەتەکەیان لەلاکراوە خیانەتو درۆیان کردووە لەوماڵەی کە وەسیەتکەرەکە وەسیەتی بۆ کردوون ﴿فَـَٔاخَرَانِ يَقُومَانِ مَقَامَهُمَا مِنَ ٱلَّذِينَ ٱسۡتَحَقَّ عَلَيۡهِمُ ٱلۡأَوۡلَيَٰنِ﴾

---

[1] ابن أبي حاتم (١٢/١٢٢٩).
[2] الطبري (١١/١٦٣/١٦٤).
[3] الطبري (١١/١٧٢).
[4] الطبري (١١/١٧٤).

(ئەوسا دووشایەتی تر) کە لەودووانە نزیکتر لە مردووکەبن. واتە: کاتێك ئەوە بەلێکۆڵینەوە دەرکەوت بە هەواڵی ڕاست کە خیانەتیان کردووە، با دووکەسیر تر لە کەس‌وکاری ئەو مردووە کە میراتەکەیان بۆدەبێت لە میراتگرەکانی تۆ نزیکتربن لە مردووەکەوە ﴿فَيُقْسِمَانِ بِاللَّهِ لَشَهَادَتُنَا أَحَقُّ مِن شَهَادَتِهِمَا﴾ بێنە پێش سوێند بخۆن کە: بەخودا ئەم شایەتیە ئێمە دەیدەین لە شایەتی ئەم دووانەی پێشوو ڕاسترە. واتە: ئەو قسەیەی ئێمە ڕاسترو تەواوترە کە دەڵێین: ئەوانە خیانەتیان کردووە لە شایەتیەکەی ئەوان لەپێشەوە دایان ﴿وَمَا اعْتَدَيْنَا﴾ ئەگەر لە ڕاستی لابدەین کە وتومانە ئەوانە خیانەتکارن ﴿إِذًا لَّمِنَ الظَّالِمِينَ﴾ ئێمە لە ناهەقیکارانین. واتە: ئەگەر درۆمان بۆ هەڵبەستن، ئەم سوێند خواردنە بۆ میراتگرەکانەو قسەی هەر قسەی ئەوانە لەو حاڵەتەدا، وەك چۆن کەس‌وکاری کوژراو کاتێك کە بکوژەکەی نیشانەیەکی پێوەدەرکەوت، خاوەن هەقەکان سوێند دەدرێن لەسەر پیاوکوژەکە، ئەویش هەرچی لایە دەبێت بیگێڕێتەوە بۆیان. وە لە بەشی (بابی) قەسامەدا بڕیاری لەسەر دراوە لە شەرعدا. پاشان خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿ذَٰلِكَ أَدْنَىٰ أَن يَأْتُوا بِالشَّهَادَةِ عَلَىٰ وَجْهِهَا﴾ بەم شێوەیە بۆ باش دەرکەوتنی ڕاستی نزیکترە. واتە: شەرعیەتی ئەم بڕیارە بەم شێوەیە جێی خۆیەتی کە سوێندانی ئەم دووشایەتە نەسرانیەیە. پاشان خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿أَوْ يَخَافُوا أَن تُرَدَّ أَيْمَانٌ بَعْدَ أَيْمَانِهِمْ﴾ کە دەترسن بە سوێندی ئەوانی دیکە، ئەو سوێندەی کە خواردوویانە بەسەریاندا بدرێتەوەو لێیان هەڵوەشێنێتەوە. ئەوەی پاڵی پێوەنان کە ئەم شایەتیە بەم شێوەیە بدەن، ڕێزگرتنی ئەو سوێنەبوو بە خوداو چاودێری خودا بەسەریانەوەو ترسیان لەوەی کە ئابڕوویان نەمێنێت لەناو خەڵکدا ئەگەر سوێندەکە بگەڕێتەوە بۆ کەس‌وکاری مردووەکەو سوێند بخۆن‌و ئەوانیش سوێند بدرێن لەسەرئەوەی کە دەیڵێن. لەبەرئەمەیە کە خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿أَوْ يَخَافُوا أَن تُرَدَّ أَيْمَانٌ بَعْدَ أَيْمَانِهِمْ﴾ پاشان خودای مەزن دەفەرمووێت: ﴿وَاتَّقُوا اللَّهَ وَاسْمَعُوا ۗ وَاللَّهُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الْفَاسِقِينَ﴾ دەبێت لە خودا ترستان هەبێت‌و چی دەبیستن بیگرنە گوێ، خودا کۆمەڵی لەڕێگە دەرچووان هەرگیز شارەزای ڕاستەڕێ ناکات. واتە: لە هەموو کاروبارێکتاندا لە خودا بترسن‌و گوێڕایەڵ بن خودا ئەوانەی لە فەرمانی دەردەچن‌و شوێنی شەریعەتەکەی ناکەون شارەزای ڕاستەڕێی ناکات.

﴿يَوْمَ يَجْمَعُ اللَّهُ الرُّسُلَ فَيَقُولُ مَاذَا أُجِبْتُمْ ۖ قَالُوا لَا عِلْمَ لَنَا ۖ إِنَّكَ أَنتَ عَلَّامُ الْغُيُوبِ (١٠٩)﴾

پێغەمبەران (سەلامی خودایان لێبێت) لەبارەی گەلەکانیانەوە پرسیاریان لێ دەکرێت

خودای مەزن دەفەرمووێت: ﴿يَوۡمَ يَجۡمَعُ ٱللَّهُ ٱلرُّسُلَ فَيَقُولُ مَاذَآ أُجِبۡتُمۡۖ قَالُواْ لَا عِلۡمَ لَنَآۖ إِنَّكَ أَنتَ عَلَّٰمُ ٱلۡغُيُوبِ﴾ ڕۆژێك خودا هەموو پێغەمبەرەکانی خۆی کۆدەکاتەوەو دەفەرمووێت: بڵێن:چۆن بە دەنگتانەوە هاتن؟ (پێغەمبەرانیش) دەڵێن: ئێمە هیچ ئاگادریمان نیە، هەر تۆ لە هەموو نەدیاران ئاگاداری. ئەمە پرسیارێکە کە خودای گەورە لە پێغەمبەرانی دەکات (سەلامی خودایان لێبێت) لە ڕۆژی قیامەتدا لەبارەی گەلەکانیانەوە کە چۆن هاتن بەدەنگ پێغەمبەرەکانیانەوە کە بۆیان ڕەوانەکرا. وەك خودای گەورە لە ئایەتێکی تردا دەفەرمووێت: ﴿فَلَنَسۡـَٔلَنَّ ٱلَّذِينَ أُرۡسِلَ إِلَيۡهِمۡ وَلَنَسۡـَٔلَنَّ ٱلۡمُرۡسَلِينَ﴾[1] بێگومان ئێمە پرسیاردەکەین لەوانەی پێغەمبەرمان بۆ ناردوون وە لەوانەش کە بە پێغەمبەری ڕەوانەمان کردوون. وە دەفەرمووێت: ﴿فَوَرَبِّكَ لَنَسۡـَٔلَنَّهُمۡ أَجۡمَعِينَ ﴿٩٢﴾ عَمَّا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ﴾[2] سوێند بە پەروەردگارت، لە هەمووان دەپرسینەوە، لەسەر ئەوکارانەی کە دەیانکرد. وەلامی پێغەمبەران ئەمەیە ﴿لَا عِلۡمَ لَنَآ﴾ ئێمە هیچ نازانین. موجاهیدو حەسەنی بەسری‌و سوددی وتیان: لەترس‌و گرانی ئەوڕۆژە وایان وتووە[3] عەبدوڕەزاق وتی: سەوری‌و ئەعمەش‌و موجاهید وتیان: خودای مەزن دەفەرمووێت: ﴿يَوۡمَ يَجۡمَعُ ٱللَّهُ ٱلرُّسُلَ فَيَقُولُ مَاذَآ أُجِبۡتُمۡ﴾ پێغەمبەران (سەلامی خودایان لێبێت) دەترسن‌و دەڵێن: ﴿لَا عِلۡمَ لَنَآ﴾[4] ئیبنو جەریرو ئیبنو ئەبی حاتەمیش ڕیوایەتیان کردووە.[5] عەلی کوڕی ئەبوتەلحە لە ئیبنو عەبباسەوە وتی: ﴿يَوۡمَ يَجۡمَعُ ٱللَّهُ ٱلرُّسُلَ فَيَقُولُ مَاذَآ أُجِبۡتُمۡۖ قَالُواْ لَا عِلۡمَ لَنَآۖ إِنَّكَ أَنتَ عَلَّٰمُ ٱلۡغُيُوبِ﴾ دەڵێن بە خودای مەزن: ئێمە هیچ زانیاریەکمان نیە جگە لەو زانیاریەی کە تۆ لە ئێمە چاکتر لێی ئاگاداری[6] ئیبنو جەریر ئەم ڕایەی هەڵبژاردووەو دەڵێت ئەو وەلامەیان لە شەرم‌و ئەدەبەوەیە لەگەڵ خودای گەورەدا، واتە: بەرامبەر بە ئاگاداری تۆ کە هەموو شتێکی داگرتووە ئێمە هیچ شتێك نازانین. هەرچەندە ئێمە وەلامماندرایەوەو ئاگاداریشین کێ بە دەنگمانەوە هاتووە، بەلام

---

[1] الاعراف (٦).

[2] الحجر (٩٢– ٩٣).

[3] الطبری (٢١٠/١١).

[4] عبدالرزاق (٢٠١/١).

[5] الطبری (٢١٠/١١).

[6] الطبری (٢١١/١١).

لەناو ئەوانەدا (لەوانەیە شتی شاراوە هەبێت ئێمە لێی ئاگادارنین) هەر بە ئاشکراییەکەی دەزانین شارەزای ناودڵی نین. تۆ خۆت باش ئاگاداری هەمووشتێکی، زانیاریمان بەرامبەر بەزانیاری تۆ، وەك ئەوە وایەکە هیچ نەزانین ﴿إِنَّكَ أَنتَ عَلَّٰمُ ٱلۡغُيُوبِ﴾ هەر تۆ لە هەموو نهێنیەکان ئاگاداری.

﴿إِذۡ قَالَ ٱللَّهُ يَٰعِيسَى ٱبۡنَ مَرۡيَمَ ٱذۡكُرۡ نِعۡمَتِي عَلَيۡكَ وَعَلَىٰ وَٰلِدَتِكَ إِذۡ أَيَّدتُّكَ بِرُوحِ ٱلۡقُدُسِ تُكَلِّمُ ٱلنَّاسَ فِي ٱلۡمَهۡدِ وَكَهۡلٗاۖ وَإِذۡ عَلَّمۡتُكَ ٱلۡكِتَٰبَ وَٱلۡحِكۡمَةَ وَٱلتَّوۡرَىٰةَ وَٱلۡإِنجِيلَۖ وَإِذۡ تَخۡلُقُ مِنَ ٱلطِّينِ كَهَيۡـَٔةِ ٱلطَّيۡرِ بِإِذۡنِي فَتَنفُخُ فِيهَا فَتَكُونُ طَيۡرَۢا بِإِذۡنِيۖ وَتُبۡرِئُ ٱلۡأَكۡمَهَ وَٱلۡأَبۡرَصَ بِإِذۡنِيۖ وَإِذۡ تُخۡرِجُ ٱلۡمَوۡتَىٰ بِإِذۡنِيۖ وَإِذۡ كَفَفۡتُ بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ عَنكَ إِذۡ جِئۡتَهُم بِٱلۡبَيِّنَٰتِ فَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِنۡهُمۡ إِنۡ هَٰذَآ إِلَّا سِحۡرٞ مُّبِينٞ

(١١٠) وَإِذۡ أَوۡحَيۡتُ إِلَى ٱلۡحَوَارِيِّـۧنَ أَنۡ ءَامِنُواْ بِي وَبِرَسُولِي قَالُوٓاْ ءَامَنَّا وَٱشۡهَدۡ بِأَنَّنَا مُسۡلِمُونَ (١١١)﴾

وەبیرهێنانەوەی بەهرەکان بۆ عیسا (سەلامی خودای لێبێت)

خودای مەزن باسی ئەو بەهرانەی خۆی دەکات کە دای بە بەندەو پێغەمبەری خۆی عیسای کوڕی مەریەم (سەلامی خودای لێبێت) منەت دەکات بەسەریدا بەهۆی ئەو هەموو موعجیزە گەورەو دەرناسایانەی لە ژێر دەستیدا هێنایەکایەوەو دەفەرمووێت: ﴿إِذۡ قَالَ ٱللَّهُ يَٰعِيسَى ٱبۡنَ مَرۡيَمَ ٱذۡكُرۡ نِعۡمَتِي عَلَيۡكَ﴾ (ئەوکاتەت لەبیربێت) کە خودا فەرمووی: عیسای کوڕی مەریەموەبیر خۆتی بێنەوە چەندم چاکە دەربارەت کرد. کە دروستم کردی لە دایکێك بەبێ نێرینە (پیاو) و تۆم کردووە بە نیشانەیەکو بەڵگەیەکی بتەو لەسەر دەستەڵاتو توانای خۆم لەسەر هەموو شتێك ﴿وَعَلَىٰ وَٰلِدَتِكَ﴾ (وە چەندم چاکە) دەربارەی دایکیشت کرد. لەوکاتەدا تۆم کردە نیشانە لەسەر پاك داوێنی لەبارەی ئەو بوختانەوە ئەو ستەمکارە نەفامانە دابوویانەپاڵی ﴿إِذۡ أَيَّدتُّكَ بِرُوحِ ٱلۡقُدُسِ﴾ من گیانی هەرەپیرۆزم ناردە یارمەتیت (کە جوبرەئیلە (سەلامی خودای لێبێت)) وە تۆم کردە پێغەمبەرو بانگخواز بۆلای خودا هە ر لە منداڵیتداو بە گەورەییش، بە منداڵی زمانتم هێنایە دوان، شایەتیت لەسەر پاك داوێنی دایکت دت لە هەموو شورییەك، دانت دانا بە بەندایەتی کردنی منداو باسی ئەو پەیامەشت کرد کە بۆم ناردووی خەڵکت بانگ کرد بۆ پەرستنی من، هەربۆیە خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿تُكَلِّمُ ٱلنَّاسَ فِي ٱلۡمَهۡدِ وَكَهۡلٗا﴾ لەسەر بێشکەوبە گەورەییش دەتتوانی خەڵك بدوێنیت. واتە: هەر بە منداڵی بانگی خەڵکت دەکرد بۆلای خودا، چونکە دواندنی خەڵکی لە گەورەییدا کارێکی سەرسوڕهێنەرنیە. پاشان دەفەرمووێت: ﴿وَإِذۡ عَلَّمۡتُكَ ٱلۡكِتَٰبَ وَٱلۡحِكۡمَةَ وَٱلتَّوۡرَىٰةَ وَٱلۡإِنجِيلَ﴾ من لەلایەن خۆمەوە فێری

کتێبو کارزانیو تەوراتو ئینجیلم کردی. ئەو تەوراتەی کە ڕەوانەکرا بۆ عیسای کوڕی مەریەم کە وتو وێژی لەگەڵداکرا. ﴿وَإِذْ تَخْلُقُ مِنَ ٱلطِّينِ كَهَيْـَٔةِ ٱلطَّيْرِ بِإِذْنِي﴾ ئەوکاتەشت لەبیربێت کە لە قوڕ بە ئیزنی من شێوەی مەلێکت دروستکرد ﴿فَتَنفُخُ فِيهَا فَتَكُونُ طَيْرًۢا بِإِذْنِي﴾ فووت پێداکردو بە ئیزنی من بوو بە باڵدارێكو دەفڕی. واتە: وێنەکەی دروست دەکەیت وەك شێوەی باڵدارێك بە ئیزنی من، ئەوکاتە دەبێت بە باڵدارێکی گیانلەبەر کە فووت پێداکرد دەفڕێت بە ئیزنی خوداو وەدیهێنانی ئەو ﴿وَتُبْرِئُ ٱلْأَكْمَهَ وَٱلْأَبْرَصَ بِإِذْنِي﴾ تۆ کوێرەکانی زکماكو نەخۆشیی بەڵەکیت دەکردەوە بە ئیزنی من. لە سورەتی (آل عمران) دا لەپێشدا باسی کرا لێرەدا پێویست ناکات لێرەدا دووبارەی بکەینەوە ﴿وَإِذْ تُخْرِجُ ٱلْمَوْتَىٰ بِإِذْنِي﴾ وە بە ئیزنی من مردووشت زیندوو دەکردەوە. واتە: بانگت دەکردن لە گۆڕەکەیان هەڵدەستانەوە بە ئیزنی خوداو تواناو دەستەڵاتو مەیلی خودا خۆی. ﴿وَإِذْ كَفَفْتُ بَنِيٓ إِسْرَٰٓءِيلَ عَنكَ إِذْ جِئْتَهُم بِٱلْبَيِّنَٰتِ فَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مِنْهُمْ إِنْ هَٰذَآ إِلَّا سِحْرٌ مُّبِينٌ﴾ ئەوکاتانەش کە پاش ئەو هەموو نیشانە ئاشکرایەی کە پێم دابووی، هاتیەناو بەرەی ئیسرائیل، نەمهێشت زیانت پێ بگەیەنن، ئەوکەسانەی کە بڕوایان پێت نەهێنا، دەیانوت: ئەو نیشانانە هەمووی جادووی ئاشکرانو هیچی تر نین. واتە: ئەو بەهرانەی من وەبیرخۆت بێنەوە کە تۆم پاراست لە نەوەی ئیسرائیل کاتێك کە چوویتە ناویان ئەو هەموو بەڵگەیەت نیشاندان لەسەرئەوەی کە تۆ پێغەمبەریو ئەو پەیامەش کە بۆت هێناون لەلایەن خوداوەیە. بڕوایان پێ نەکردووی تاوانباریان دەکردی کە تۆ جادووگەری، هەوڵیاندا بۆ کوشتنو هەڵواسینت بە داردا. ڕزگارم کردی لە دەستیانو بەرزم کردیەوە بۆلای خۆمو لە پیسیو چەپەڵی ئەوان خاوێنم کردیتەوەو لە شەڕی ئەوان ڕزگارم کردی ئەمە بەڵگەیە لەسەرئەوەی کە ئەم منەتەی خودا لە ڕۆژی قیامەتدا هەر بەدی دێت. وە بەشێوەی ڕابووردوو خودا ئەم دەقەی هێناوە کە بەڵگەیە لەسەر ڕوودانیو گومانی تێدانیە، ئەمەش لە نهێنیە شاراوەکانە کە خودا پێغەمبەرەکەی خۆی موحەممەد (ﷺ) لێ ئاگادارکردووە. پاشان خودای مەزن دەفەرموێت: ﴿وَإِذْ أَوْحَيْتُ إِلَى ٱلْحَوَارِيِّـۧنَ أَنْ ءَامِنُوا۟ بِي وَبِرَسُولِي﴾ ئەوکاتەش من (هەر بەهێمای تەبایی خۆم) حەواریەکانم تێگەیاند: دەبێت بڕواتان بە من هەبێتو بە پێغەمبەرەکەی منیش باوەڕبکەن. ئەمەش هە منەتێکی ترە کە خودای مەزن دەینێتەسەر عیسا (سەلامی خودای لێبێت) کە حەواریەکانی کردە یارمەتیدەری. وتراوە مەبەست بەم نیگایە هێمایەکی تایبەتی خودا خۆیەتی، وەك لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێت:

﴿وَأَوْحَيْنَآ إِلَىٰٓ أُمِّ مُوسَىٰٓ أَنْ أَرْضِعِيهِ﴾[1] بە دایکی مووسامان ڕاگەیاند: شیری بدەرێ. مەبەست لەم نیگایە هێمایەکی تایبەتی خودا خۆیەتی بەڕای گشت زانایان، نەك دابەزینی نیگا بۆیـان، وەك خـودای مـەزن دەفـــەرموویت: ﴿وَأَوْحَىٰ رَبُّكَ إِلَى ٱلنَّحْلِ أَنِ ٱتَّخِذِى مِنَ ٱلْجِبَالِ بُيُوتًا وَمِنَ ٱلشَّجَرِ وَمِمَّا يَعْرِشُونَ ﴿٦٨﴾ ثُمَّ كُلِى مِن كُلِّ ٱلثَّمَرَٰتِ فَٱسْلُكِى سُبُلَ رَبِّكِ ذُلُلًا﴾[2] خـودا هـەنگی ڕاسـپارد کـە: کێـوان و داران و لەوشـوێنانەی هـەڵی دەبەستن شوێنی ژینی خۆت هەڵبەستە. پاشـان لـە هـەموو بـەروبوومێك بـژێویت بمژە و بـە ملکەچـی ڕێگەی ڕاهێنەری خـۆت بگرەبـەر. حەسـەنی بەسـری وتـی: خـودای گـەورە بەوشـێوەیە ڕایسپاردووە، سوددی وتی: خودا ئەوەی خستووەتە ناودڵیان و حەواریـەکان وتیـان: ﴿ءَامَنَّا وَٱشْهَدْ بِأَنَّنَا مُسْلِمُونَ﴾ خودایە تۆ شایەتبە کە بڕوامان پێ هێنای و هەر ملکەچی فەرمانی تۆین.

﴿إِذْ قَالَ ٱلْحَوَارِيُّونَ يَٰعِيسَى ٱبْنَ مَرْيَمَ هَلْ يَسْتَطِيعُ رَبُّكَ أَن يُنَزِّلَ عَلَيْنَا مَآئِدَةً مِّنَ ٱلسَّمَآءِ ۖ قَالَ ٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ﴿١١٢﴾ قَالُوا۟ نُرِيدُ أَن نَّأْكُلَ مِنْهَا وَتَطْمَئِنَّ قُلُوبُنَا وَنَعْلَمَ أَن قَدْ صَدَقْتَنَا وَنَكُونَ عَلَيْهَا مِنَ ٱلشَّٰهِدِينَ ﴿١١٣﴾ قَالَ عِيسَى ٱبْنُ مَرْيَمَ ٱللَّهُمَّ رَبَّنَآ أَنزِلْ عَلَيْنَا مَآئِدَةً مِّنَ ٱلسَّمَآءِ تَكُونُ لَنَا عِيدًا لِّأَوَّلِنَا وَءَاخِرِنَا وَءَايَةً مِّنكَ ۖ وَٱرْزُقْنَا وَأَنتَ خَيْرُ ٱلرَّٰزِقِينَ ﴿١١٤﴾ قَالَ ٱللَّهُ إِنِّى مُنَزِّلُهَا عَلَيْكُمْ ۖ فَمَن يَكْفُرْ بَعْدُ مِنكُمْ فَإِنِّىٓ أُعَذِّبُهُۥ عَذَابًا لَّآ أُعَذِّبُهُۥٓ أَحَدًا مِّنَ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿١١٥﴾﴾

باسی ناردنی خوان

ئەمـە بەسـەرهاتی خوانەکەیـە کـە سـورەتەکەش نـاونراوە بـە ناویـەوە پێـی دەوترێـت: (سـورەتی مائیدە) ئەو خوانەیە کە خودای مەزن منەت دەکات بەسەر بەندەو پێغەمبەری خۆیدا عیسا (سـەلامی خودای لێبێت) کاتێك کە وەڵامی داواکـەی دایـەوە بـە نـاردنی ئـەو سفرەیەو کردیـە بەڵگەیـەکی تـەواو گەورە بۆ دەستەڵات و توانای خـۆی بەسـەریانەوەو فـەرمووی: ﴿إِذْ قَالَ ٱلْحَوَارِيُّونَ يَٰعِيسَى ٱبْنَ مَرْيَمَ هَلْ يَسْتَطِيعُ رَبُّكَ أَن يُنَزِّلَ عَلَيْنَا مَآئِدَةً مِّنَ ٱلسَّمَآءِ﴾ کاتێـك حەواریـەکان وتیـان: ئـەی عیسـای کـوڕی مەریەم، ئایا پەروەردگارکەی تۆ لەدەستی دێت کە خوانێکمان لە ئاسمانەوە بۆ بنێرێت؟ (المائدة) ئـەو سفرەیەیە کە خواردنی لەسەر دادەنرێت. هەندێك لە زانایـان وتیانـە: ئەوانـە داوای ئـەو خوانـەیان کـرد چونکە زۆر هەژارو کەم دەست بوون، داوایان کرد لە عیسا (سەلامی خودای لێبێـت) کـە هـەموو ڕۆژێـك

[1] القصص (٧).

[2] النحل (٦٨– ٦٩).

خوانێکمان بۆ دابەزێت هەتا لێی بخۆن و خۆیانی پێ بەهێزبکەن بۆ خوداپەرستی ﴿قَالَ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ﴾ ئەگەر بڕواتان بە خودا هەیە لێی بترسن. واتە: عیساش (سەلامی خودای لێبێت) وەڵامی دانەوەو پێی وتن: لە خودا بترسن و داوای ئاوها مەکەن. لەوانەیە ئەو داوایە ببێتە بەڵایەك بۆتان. پشت بە خودا ببەستنلە گەڕان بەشوێن ڕۆزیدا ئەگەر لە خودا دەترسن. ﴿قَالُواْ نُرِيدُ أَن نَّأْكُلَ مِنْهَا﴾ وتیان: ئێمە دەمانەوێت لە خوانێکی ئاوا بخۆین. چونکە ئێمە زۆر پێویستمان بەوخوانەیە لێی بخۆین و ﴿وَتَطْمَئِنَّ قُلُوبُنَا﴾ دڵمانیابین، واتە: کاتێك چاومان بەوخواردنە کەوت کە بۆ ئێوە ئێمە هاتووە پێی دڵنیادەبین ﴿وَنَعْلَمَ أَن قَدْ صَدَقْتَنَا﴾ باوەڕدەکەین کە هەرچی پێمانت وت ڕاستە. واتە: پتر بڕوات پێ دەکەین و شارەزاتریش دەبین لە پەیامەکەت ﴿وَنَكُونَ عَلَيْهَا مِنَ ٱلشَّٰهِدِينَ﴾ ئێمە شایەتی دەدین کە ئەوخوانە نیشانەیەکە لەلایەن خوداوە، بەڵگەشە لەسەر پێغەمبەریت و ڕاستی ئەو پەیامەی کە پێی هاتووی ﴿قَالَ عِيسَى ٱبْنُ مَرْيَمَ ٱللَّهُمَّ رَبَّنَآ أَنزِلْ عَلَيْنَا مَآئِدَةً مِّنَ ٱلسَّمَآءِ تَكُونُ لَنَا عِيدًا لِّأَوَّلِنَا وَءَاخِرِنَا﴾ عیسای کوڕی مەریەم وتی: ئەی خودای پەروەردگارمان لەو ئاسمانەوە تۆ خوانێکمان بۆ بەڕێ بکە. کە بۆ ئەوەڵ و دواییشمان جێژنێك بێت. سوددی وتی: واتە ئەوڕۆژەی کە ئەوخوانەت تێدانادروە بیکەینە جەژنێك بۆ خۆمان و ئەوانەی دوای ئێمەش دێن.[1] سوفیانی سەوری وتی: واتە بیکەینە ڕۆژێك نوێژی تێدابکەین.[2] ﴿وَءَايَةً مِّنكَ﴾ نیشانەیەك بێت لەلایەن تۆوە. واتە: بەڵگەیەك بێت بیکەینە ننیشانەی دەستەڵاتی خۆت لەسەر هەموو شتێك و قەبوڵکردنی داواکەی منیش هەتا بڕوام پێ بکەنلە گەیاندنی پەیامەکەدا ﴿وَٱرْزُقْنَا﴾ لە ڕۆزی بێبەشمان مەکە. خەمڕەوێن بێت و بێ ئەرك و ماندی بوون. ﴿وَأَنتَ خَيْرُ ٱلرَّٰزِقِينَ﴾ تۆ چاکترین ڕۆزیدەری. ﴿قَالَ ٱللَّهُ إِنِّى مُنَزِّلُهَا عَلَيْكُمْ ۖ فَمَن يَكْفُرْ بَعْدُ مِنكُمْ فَإِنِّىٓ أُعَذِّبُهُۥ عَذَابًا لَّآ أُعَذِّبُهُۥٓ أَحَدًا مِّنَ ٱلْعَٰلَمِينَ﴾ خودا فەرمووی: من بۆ ئێوەی بەڕێ دەکەم، هەرکەسێك لەدواییدا حاشابکات، جەزرەبەیەکی وای دەدەم کە تا ئێستا لەناو خەڵی دونیا هیچ کەسێکم ئاوا جەزرەبە نەدابێت. واتە: هەرکەسێك لە ئوممەتەکەت بڕوای پێنەکات و دژایەتی بکات سزایەکی وای دەدەم هیچ کەسێك سزای ئەوهای نەدرابێت لەوچەرخەی ئێوەدا. وەك ئەم ئایەتە کە

[1] الطبري (١١/٢٢٥).

[2] الطبري (١١/٢٢٥).

خـوداى مـەزن دەفـەرموويّت: ﴿وَيَوْمَ تَقُومُ ٱلسَّاعَةُ أَدْخِلُوٓاْ ءَالَ فِرْعَوْنَ أَشَدَّ ٱلْعَذَابِ﴾[1] ڕۆژێـك كـە قيامەت ديّت (فـەرمان دەدرێـت) دەسـتەو بەسـتەى فيرعـەون زۆر بەتونـدى بخەنـە ژێـر جەزرەبـە. وە دەفەرموويّت: ﴿إِنَّ ٱلْمُنَٰفِقِينَ فِى ٱلدَّرْكِ ٱلْأَسْفَلِ مِنَ ٱلنَّارِ﴾[2] ديارە ئەوكەسانەى دووڕوون لەپلەى هـەرە بەرەوژێرى ئاگردان. ئيبنو جەريۆر ڕيوايەتى كردووە لە عەبدوڵلاى كوڕى عەمرەوە وتى: بێگومـان سـىٰ كەس لەڕۆژى قيامەتدا توندترين سزايان بۆهەيە لـە خـەڵكى: دووڕووەكـان، كەسـێكيش بووبێتـەوە بـە خودانەناس لە خوانەكانو (أصحاب المائدە) ئـالى فيرعـەون.[3] ديسان ئيبنـو ئـەبى حاتـەم ڕيوايـەتى كردووە لە ئيبنو عەبباسەوە وتى: بە عيساى كوڕى مەريەميان وت (سەلامى خوداى لێبێت): داوابكە لە خـودا خوانێكمـان لـە ئاسمانـەوە بـۆ بـەڕىٰ بكـات، وتـى: فريـشتەكان بەخوانێكـەوە دابـەزين كـە هەڵيانگرتبوو، حەوت نەهەنگو حەوت كولێرەى لەسەربوو لەبەردەستياندا داياننا، دوايين كەسيان لێـى خوارد وەك چۆن يەكـەم كەسـيان لێـى خـوارد[4] ئيبنـو جـەرير ڕيوايـەتى كـردووە لـە ئيـسحاقى كـوڕى عەبدوڵلاوە-كە خوانەكە دابەزى بۆ عيساى كـوڕى مەريـەم (سـەلامى خـوداى لێبێـت) حـەوت كـولێرەى لەسەربوو لەگەڵ حەوت نەهەنگ بـەئارەزووى خۆيـان لێيـان دەخـوارد. وتـى: هەنـدێكيان لێيـان دزىو وتيان: لەوانەيە سبەينىٰ دانەبەزێت. پاشان هەڵگيرا[5] ئەم نيشانانەو چەندين شتى تـريش جگـە لەمانـە بەڵگەن لەسەرئەوەى كە ئەم خوانە هاتووەتەخوارەوە بۆ نەوەى ئيسرائيل لە ڕۆژەكانى عيساى كـوڕى مەريەمدا (سەلامى خوداى لێبێـت) لەسـەر داواكـەى كـە خـودا لێـى قبـوڵكرد. وەك دەقـى ئـەم ئايەتـە بەئاشكرا لە قورئانى پيرۆزدا بەڵگەيە لەسـەرى ﴿قَالَ ٱللَّهُ إِنِّى مُنَزِّلُهَا عَلَيْكُمْ﴾ خـوداى مـەزن فـەرمووى: من بۆئێوەى بەڕىٰ دەكەم.

ڕووداوێكى مێژوويى سەير

مێژووناسان گێڕاوێتيانەوە كە مووساى كوڕى نەسير كە بريكارى ئەمەويـەكان بـووە لـە ئـازادكردنى وڵاتى مەغريبدا خـوانێكى ڕازاوەى لـە گەوهـەرو مـروارى بينـى، ڕەوانـەى كـرد بـۆ مـەليكى موسـڵمانان وەليدى كوڕى عەبدولمەليك بناغەدانـەرو دروسـتكەرى مزگـەوتى ديمەشـق خوانەكـە بـەڕيوەبوو كۆچـى دوايى كرد، هێنايان بۆ براكەى سولەيمانى كوڕى عەبدولمەليك كە بوو بە جێنشين (خەليفە) دواى ئـەو.

---

[1] غافر (٤٦).

[2] النساء (١٤٥).

[3] الطبرى (١١/٢٣٣).

[4] الطبرى (٥/١٣٢)، ابن أبي حتم (١٢٤٦).

[5] الطبرى (٥/١٣٤).

خەڵکی کە چاویان پێی کەوت زۆر سەرسام بوون لەو هەموو مرواریو دڕو گەوهەرە بەنرخەی (پێی دروستکرابوو) وتراوە: ئەوخوانە هی سولەیمانی کوڕی داود بووە(سەلامی خودای لێبێت) والله أعلم....

﴿وَإِذْ قَالَ ٱللَّهُ يَـٰعِيسَى ٱبْنَ مَرْيَمَ ءَأَنتَ قُلْتَ لِلنَّاسِ ٱتَّخِذُونِى وَأُمِّىَ إِلَـٰهَيْنِ مِن دُونِ ٱللَّهِ ۖ قَالَ سُبْحَـٰنَكَ مَا يَكُونُ لِىٓ أَنْ أَقُولَ مَا لَيْسَ لِى بِحَقٍّ ۚ إِن كُنتُ قُلْتُهُۥ فَقَدْ عَلِمْتَهُۥ ۚ تَعْلَمُ مَا فِى نَفْسِى وَلَآ أَعْلَمُ مَا فِى نَفْسِكَ ۚ إِنَّكَ أَنتَ عَلَّـٰمُ ٱلْغُيُوبِ ﴿١١٦﴾ مَا قُلْتُ لَهُمْ إِلَّا مَآ أَمَرْتَنِى بِهِۦٓ أَنِ ٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ رَبِّى وَرَبَّكُمْ ۚ وَكُنتُ عَلَيْهِمْ شَهِيدًا مَّا دُمْتُ فِيهِمْ ۖ فَلَمَّا تَوَفَّيْتَنِى كُنتَ أَنتَ ٱلرَّقِيبَ عَلَيْهِمْ ۚ وَأَنتَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ شَهِيدٌ ﴿١١٧﴾ إِن تُعَذِّبْهُمْ فَإِنَّهُمْ عِبَادُكَ ۖ وَإِن تَغْفِرْ لَهُمْ فَإِنَّكَ أَنتَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ﴿١١٨﴾﴾

عیسا (سەلامی خودای لێبێت) حاشا لە بپ پەرستیو شەریك دانان دەكات بۆ خوداو دان بە یەكتاپەرستی دادەنێت (التوحيد)

دیسان خودای مەزن لێرەدا ڕووی قسەی دەكاتە بەندەو پێغەمبەری خۆی عیسای كوڕی مەریەم (سەلامی خودای لێبێت) لە ڕۆژی قیامەتدا بە ئامەدەبوونی ئەوانەی كە خۆیو دایكیان كردبووە دوو خودا بێجگە لە خودا دەیانپەرست ﴿وَإِذْ قَالَ ٱللَّهُ يَـٰعِيسَى ٱبْنَ مَرْيَمَ ءَأَنتَ قُلْتَ لِلنَّاسِ ٱتَّخِذُونِى وَأُمِّىَ إِلَـٰهَيْنِ مِن دُونِ ٱللَّهِ﴾ ئەوكاتە كە خودا فەرمووی: ئەرێ عیسای كوڕی مەریەم، تۆ وتوتە بەو خەڵكە (لەبری خودا) دەبێت ئێوە منو دایكم وەك خودا بپەرستن؟ ئەمە هەڕەشەیەكە لە مەسیحیەكان سەرزەنشت كردنیانە لەبەردەم ئەو هەموو خەڵكەدا وەك قەتادە وتیو ئەم ئایەتە دەكاتە بەڵگە بۆ قسەكەی وەك خودای مەزن دەفەرموێت: ﴿هَـٰذَا يَوْمُ يَنفَعُ ٱلصَّـٰدِقِينَ صِدْقُهُمْ﴾[1] ئەمڕۆ ڕۆژێكە ڕاستەكان ڕاستیەكەیان بەهرەیان پێ دەگەیەنێت ﴿قَالَ سُبْحَـٰنَكَ مَا يَكُونُ لِىٓ أَنْ أَقُولَ مَا لَيْسَ لِى بِحَقٍّ﴾ وتی: پاكیو بێ عەیبی هەر شیاوی تۆیە من بۆم نیە شتێك بڵێم كە بە هیچ شێوەیەك هەقی من نیە ﴿إِن كُنتُ قُلْتُهُۥ فَقَدْ عَلِمْتَهُۥ﴾ ئەگەر ئەم قسەیەم بكردایە خۆت دەتزانی ئەی پەروەردگارم، چونكە هیچ شتێكت لێ ناشاردرێتەوە. هەربۆیە وتی: ﴿تَعْلَمُ مَا فِى نَفْسِى وَلَآ أَعْلَمُ مَا فِى نَفْسِكَ ۚ إِنَّكَ أَنتَ عَلَّـٰمُ ٱلْغُيُوبِ ﴿١١٦﴾ مَا قُلْتُ لَهُمْ إِلَّا مَآ أَمَرْتَنِى بِهِۦٓ أَنِ ٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ رَبِّى وَرَبَّكُمْ﴾ ئەوەی لە دڵمدایە تۆ دەیزانیت، تەنیا منم كە دەربارەت هیچ نازانم، هەر تۆ لە هەموو نەدیاران ئاگاداری. هیچم پێ نەوتون جگە لەوەی كە تۆ فەرمانت پێ داوم. وتم: خودا بپەرستن كە پەروەردگاری منو ئێوەشە. واتە: من هەر ئەوەم پێ

[1] المائدة (١١٩).

وتوون، ﴿وَكُنتُ عَلَيۡهِمۡ شَهِيدٗا مَّا دُمۡتُ فِيهِمۡ﴾ وە من شايەتو چاودێربووم بەسەريانەوە هەتا لەناوياندا-بووم. واتە: من شايەت بووم لەسەر كردارەكانيان كاتێك من لەناوياندابووم ﴿فَلَمَّا تَوَفَّيۡتَنِي كُنتَ أَنتَ ٱلرَّقِيبَ عَلَيۡهِمۡۚ وَأَنتَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ شَهِيدٌ﴾ لەوكاتەدا منت بۆ خۆت ردەوە، تۆ خۆت ئاگاداريان بووی، ديارە خۆت لە هەموو شت ئاگاداری. ئەبو داودی تياليسی ڕيوايەتی كردووە لە ئيبنو عەبباسەوە وتی: پێغەمبەری خودا (ﷺ) لە نێوانماندا هەستاو ئامۆژگاريەكی كردين و فەرمووی: (ئەی خەڵكينە، بێگومان ئێوە كۆدەكرێنەوە لەلای خوادی مەزن بە پێی پەتیو ڕووتیو خەتەنە نەكراوی ﴿كَمَا بَدَأۡنَآ أَوَّلَ خَلۡقٖ نُّعِيدُهُۥ﴾[1] هەروەك پێشوو دروستمان كردن ديسان دروستی دەكەينەوە. وە يەكەم كەسێك لە ڕۆژی قيامەتدا جلوبەرگی دەكرێت بە بەردا ئيبراهيمە، ئەوسا بزانن، كە پياوێك دەهێنرێت لە ئوممەتەكەم بەرەو لای چەپ دەربردرێن منيش وتم هاوەڵی منن، دەوترێت: تۆنازانی دوای تۆ چيان كردووە منيش هەر ئەوە دەڵێم كە ئەو عەبدە چاكەو وتويەتی: ﴿وَكُنتُ عَلَيۡهِمۡ شَهِيدٗا مَّا دُمۡتُ فِيهِمۡۖ فَلَمَّا تَوَفَّيۡتَنِي كُنتَ أَنتَ ٱلرَّقِيبَ عَلَيۡهِمۡۚ وَأَنتَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ شَهِيدٌ ﴿١١٧﴾ إِن تُعَذِّبۡهُمۡ فَإِنَّهُمۡ عِبَادُكَۖ وَإِن تَغۡفِرۡ لَهُمۡ فَإِنَّكَ أَنتَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ﴾ دەوترێت: لەوكاتەی تۆ لايان نەماوی ئەوانە هەڵگەڕاونەتەوەو پشتيان هەڵكردووە)[2] بوخاريش ڕيوايەتی كردووە لەم ئايەتەدا[3] ﴿إِن تُعَذِّبۡهُمۡ فَإِنَّهُمۡ عِبَادُكَۖ وَإِن تَغۡفِرۡ لَهُمۡ فَإِنَّكَ أَنتَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ﴾ ئەگەر بدەيت ئازاريان بدەيت، عەبدی خۆتن، ئەگەر بشتەوێت لێيان خۆش بيت، خۆت دەزانيتو هەر خۆت خاوەن دەستەڵاتو لەكارزانی. ئەم دەقە مەيلو دەستەڵاتی گەڕانەوەتەوە بۆلای خودای گەورە، چونكە خودا مەيلی لە هەرشتێك بێت دەيكات، هەرچی بكات پرسياری لێ ناكرێت، بەڵام غەيرە ئەو ئەوپرسيارەيان لێ دەكرێت. حاشاكردن لە مەسيحيەكانيش ئەوە دەگەيەنێت كە درۆيان بەدەم خۆيانو پێغەمبەرەكەيانەوە هەڵدەبەستو هاوەڵو هاوسەرو منداڵيان بۆ دادەنا كە خودای گەورە باڵادەستو پاكو بێ عەيبەو دوورە لەوقسانەوە ئەوانە دەيكەن. وە لە فەرموودەيەكدا هاتووە: كە پێغەمبەری خودا (ﷺ) شەوێك هەتا بەيانی هەر ئەم ئايەتەی دەوتەوە (دووبارەدەكردەوە).

[1] الانبياء (١٠٤).

[2] مسند الطيالسي (٣٤٣) فەرموودەيەكی سەحيحە.

[3] فتح الباری (١٣٥/٨).

﴿ قَالَ ٱللَّهُ هَٰذَا يَوْمُ يَنفَعُ ٱلصَّٰدِقِينَ صِدْقُهُمْ ۚ لَهُمْ جَنَّٰتٌ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدًا ۚ رَّضِىَ ٱللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا۟ عَنْهُ ۚ ذَٰلِكَ ٱلْفَوْزُ ٱلْعَظِيمُ (١١٩) لِلَّهِ مُلْكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَمَا فِيهِنَّ ۚ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌۢ (١٢٠) ﴾

لە ڕۆژی قیامەت دا جگە لە ڕاستگۆیی هیچ شتێك سودی نیە

خودای گەورە وەڵامی بەندەو پێغەمبەری خۆی عیسای کوڕی مەریەم (سەلامی خودای لێبێت) دەداتەوە کە لەوکاتەدا حاشادەکات لەوقسانەی کە مەسیحیە بێ دینە درۆزنەکان هەڵیان بەستووە بەدەم خوداو پێغەمبەرەکەیەوە، ویستو ئارەزوو لەبارەیانەوە دەگەڕێنێتەوە بۆلای خودا، ئا لەوێدا ﴿ قَالَ ٱللَّهُ ﴾ خودای مەزن دەفەرمووێت: ﴿هَٰذَا يَوْمُ يَنفَعُ ٱلصَّٰدِقِينَ صِدْقُهُمْ﴾ ئەمڕۆ ڕۆژێکە ڕاستەکان ڕاستیەکەیان بەهرەیان پێ دەگەیەنێت. زەحاك لە ئیبنو عەبباسەوە وتی: ئەمڕۆ ڕۆژێکە یەکتاپەرستەکان سود لە یەکتاپەرستیەکەیان وەردەگرن. ﴿لَهُمْ جَنَّٰتٌ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدًا﴾ ئەوانە باخاتێکیان بۆ دەبێت جۆباریان بە بەردادەڕواتو هەتاسەر هەر لەوێ دەبن. (لێی دەرناچنو لەناویش ناچن) ﴿رَّضِىَ ٱللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا۟ عَنْهُ﴾ خودا لێیان ڕازی بووەو ئەوانیش لە خودای خۆیان ڕازین ئائەوەیە سەرکەوتنی گەورە. وەك لە ئایەتێکی تردا خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَرِضْوَٰنٌ مِّنَ ٱللَّهِ أَكْبَرُ﴾[1] ڕەزامەندی خودا لە هەموو شتێك گەورەترە. ﴿ذَٰلِكَ ٱلْفَوْزُ ٱلْعَظِيمُ﴾ ئەوە سەرکەوتنی گەورەیە،ئەوسەرکەوتنە گەورەی کە هیچ سەرکەوتنێك لەمە گەورەترنیە. وەك لە ئایەتێکی تردا خودای مەزن دەفەرمووێت: ﴿لِمِثْلِ هَٰذَا فَلْيَعْمَلِ ٱلْعَٰمِلُونَ﴾[2] دەبێت بۆ پاداشتی وەها خەبات بکەن، ئەوکەسانەی خەباتکارن. وە دەفەرمووێت: ﴿وَفِى ذَٰلِكَ فَلْيَتَنَافَسِ ٱلْمُتَنَٰفِسُونَ﴾[3] با بۆ شتی وا پێکەوە کێبڕکێ بکەن (پێش پێشێن بکەن) پاشان خودای مەزن دەفەرمووێت: ﴿لِلَّهِ مُلْكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَمَا فِيهِنَّ ۚ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌۢ﴾ ئاسمانەکانو زەمینو هەرچی لەناویاندا هەیە (هەموو) مولکی خودایەو هەر خودایە توانای بەسەر هەموو شتێکدا هەیە. واتە: خودا وەدیهێنەری هەموو شتێکەو خاوەنیەتیو فەرمانەکانی خۆی تێدا جێبەجێ دەکاتو دەستەڵاتی بەسەریدا هەیە. هەموو شتێك مولکی ئەوە لەژێر زەبرو تواناو مەیلی ئەودایە بێ وێنەیەو بریکارو هاوتاو بابو منداڵو هاوسەری نیە، هیچ پەرستراوێکو پەروەردگاریەك نیە جگە لەو. ئیبنو وەهب وتی: لە حویەیی (حُيَي) کوڕی عەبدوڵلام

---

[1] التوبة (٧٢).

[2] الصافات (٦١).

[3] المطففين (٢٦).

بيست كە دەيگێڕايەوە لە عەبدوڕەحمانى حوبوليەوە لە عەبدوڵڵاى كوڕى عەمرەوە وتى: دواين سورەت هاتەخوارەوە سورەتى مائيدەبوو[1].

تەفسيرى سورەتى (الانعام)

لە مەككە هاتووەتەخوارەوە

ڕێزى سورەتى ئەنعام و كاتى هاتنەخوارەوەى

عەوفى و عيكرەمەو عەتا لە ئيبنو عەبباسەوە وتيان: ئەم سورەتى ئەنعامە لە مەككە هاتەخوارەوە.[2] تەبەرانى ڕيوايەتى كردووە لە ئيبنو عەبباسەوە وتى: ئەم سورەتى ئەنعامە هەمووى بەيەكەوە لە شەودا لە مەككە هاتووەتەخوارەوە، حەفتا هەزار فريشتە بەدەوريدا تەسبيحاتيان دەكرد[3] سوددى لە مورەى كوڕى عەدوڵلاوە وتى: سورەتى ئەنعام هاتەخوارەوە حەفتا هەزار فريشتە بەڕێيان دەكرد[4].

﴿ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ وَجَعَلَ ٱلظُّلُمَٰتِ وَٱلنُّورَ ۖ ثُمَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ بِرَبِّهِمْ يَعْدِلُونَ ﴿١﴾ هُوَ ٱلَّذِى خَلَقَكُم مِّن طِينٍ ثُمَّ قَضَىٰٓ أَجَلًا ۖ وَأَجَلٌ مُّسَمًّى عِندَهُۥ ۖ ثُمَّ أَنتُمْ تَمْتَرُونَ ﴿٢﴾ وَهُوَ ٱللَّهُ فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَفِى ٱلْأَرْضِ ۖ يَعْلَمُ سِرَّكُمْ وَجَهْرَكُمْ وَيَعْلَمُ مَا تَكْسِبُونَ ﴿٣﴾﴾

سوپاس و ستايش بۆ خودا لەسەر گەورەيى و تواناو مەزنى دەستەڵاتى

خوداى مەزن دەفەرمووێت: ﴿ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ وَجَعَلَ ٱلظُّلُمَٰتِ وَٱلنُّورَ﴾ سوپاس و ستايش بۆ خودايەك كە ئاسمان و زەمينى دروستكردووەو تاريكى و ڕووناكيشى وەدى هێناوە. خوداى گەورە ستايشى خۆى دەكات و پەسەندى دەدات لەسەر دروستكردنى ئاسمان و زەمين و كردوويەتى بە جێگەو شوێنى عەبدەكانى. ڕووناكى و تاريكيەكانى وا لێكردووە بەسودبن بۆ بەندەكانى لە شەوو ڕۆژياندا، وتەى ﴿ٱلظُّلُمَٰتِ﴾ بەكۆى هێناوەو وتەى ﴿وَٱلنُّورَ﴾ ى بەتاك هێناوە چونكە بەڕيزترە. وەك لە ئايەتێكى تردا دەفەرمووێت: ﴿عَنِ ٱلْيَمِينِ وَٱلشَّمَآئِلِ﴾[5] بە ڕاست و چەپدا.وە لە كۆتايى ئەم سورەتەشدا دەفەرمووێت: ﴿وَأَنَّ هَٰذَا صِرَٰطِى مُسْتَقِيمًا فَٱتَّبِعُوهُ ۖ وَلَا تَتَّبِعُوا۟ ٱلسُّبُلَ فَتَفَرَّقَ

---

[1] الترمذى (٣٠٣٦).

[2] الدر المنثور (٣/٢٤٣).

[3] الطبرانى (١٢/٢١٥).

[4] الدر المنثور (٣/٢٤٣).

[5] النحل (٤٨).

بِكُمْ عَن سَبِيلِهِۦ﴾[1] ئەمەیە ڕێگەی ڕاستی من، ئێوە هەر بەوڕێگەیەدا بچن، مەچنەسەر ڕێگاکانی تر، نەوەکو لە ڕێگەی ئەو دوورتان بخاتەوە. پاشان دەفەرموویێت: ﴿ثُمَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ بِرَبِّهِمْ يَعْدِلُونَ﴾ ئەوکەسانەش کە بڕوایان بە پەروەردگاریان نەبووە، دێنو لەپاشان شەریکی بۆ دادەنێن. واتە: لەگەڵ هەموو ئەمانەدا هەندێك لە عەبدەکانی حاشادەکەنو هاوبەشی بۆ پەیدادەکەنو هاوسەرو منداڵیشی بۆ دادەنێن، خودای مەزن پاكو بێ عەیبەو دوورە لەوشتانەوە. وە دەفەرموویێت: ﴿هُوَ ٱلَّذِى خَلَقَكُم مِّن طِينٍ﴾ ئەوخودایەی کە ئێوەی لە قوڕ دروستکردووە. واتە: باوکیان ئادەم، کە لە ڕەگەزی ئەونو لەلای ئەوەوە دەرچوونو بڵاوەیان کردووە بە ڕۆژهەلاتو ڕۆژئاوادا ﴿ثُمَّ قَضَىٰٓ أَجَلًا﴾ پاشان کاتێکی دیاریکردووە (بۆ مردن)، سەعیدی کوڕی جوبەیر لە ئیبنو عەبباسەوە ﴿ثُمَّ قَضَىٰٓ أَجَلًا﴾ واتە: مردن. ﴿وَأَجَلٌ مُّسَمًّى عِندَهُۥ﴾ واتە: ڕۆژی دوایی.[2] هەر بەم شێوەیەش ڕیوایەت کراوە لە موجاهیدو عیکرەمەو سەعیدی کوڕی جوبەیرو حەسەن قەتادەو زەحاكو زەیدی کوڕی ئەسلەمو عەتیەو سوددی موقاتیلی کوڕی حەیانو کەسانی تریشەوە جگە لەمانە[3] وە ئیبنو عەبباسو موجاهیدەوە دیسان ڕیوایەت کراوە ﴿وَأَجَلٌ مُّسَمًّى عِندَهُۥ﴾ واتە: ماوەی دونیا[4] ﴿وَأَجَلٌ مُّسَمًّى عِندَهُۥ﴾ واتە: تەمەنی مەردوم هەتا کاتی مردن، وەك ئەوەی لەم ئایەتەدا وەرگیرابێت کە خودای مەزن دەفەرموویێت: ﴿وَهُوَ ٱلَّذِى يَتَوَفَّىٰكُم بِٱلَّيْلِ وَيَعْلَمُ مَا جَرَحْتُم بِٱلنَّهَارِ﴾[5] هەر (خودا) خۆیەتی بەشەودەتانمرێنێتو دەشزانێت لە ڕۆژدا چیتان کردووە. مانای ﴿عِندَهُۥ﴾ واتە: جگە لەو هیچ کەسێك نایزانێت. وەك ئەم ئایەتە کە دەفەرموویێت: ﴿إِنَّمَا عِلْمُهَا عِندَ رَبِّى ۖ لَا يُجَلِّيهَا لِوَقْتِهَآ إِلَّا هُوَ﴾[6] زانینی تەنیا لەلای پەروەردگاری منە، خۆی نەبێت کەس ناتوانێت کاتەکەی ئاشکرابکات. ئەم ئایەتەش کە دەفەرموویێت: ﴿يَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلسَّاعَةِ أَيَّانَ مُرْسَىٰهَا ﴿٤٢﴾ فِيمَ أَنتَ مِن ذِكْرَىٰهَآ ﴿٤٣﴾ إِلَىٰ رَبِّكَ مُنتَهَىٰهَآ﴾[7] لێت دەپرسن، ڕۆژی قیامەت کەی دێت؟ تۆ چۆن لەبارەیەوە

---

[1] الانعام (١٥٣).

[2] الطبری (١١/٢٥٧).

[3] الطبری (١١/٢٥٦/٢٥٨).

[4] الطبری (١١/٢٥٦).

[5] الانعام (٦٠).

[6] الاعراف (١٨٧).

[7] النازعات (٤٢– ٤٤).

دەدوێیت؟هەر پەروەردگاری تۆ کاتەکەی دەزانێت. ﴿ثُمَّ أَنتُمْ تَمْتَرُونَ﴾ کەچی ئێوە دیسان هەر دوودڵن. سوددیو کەسانی تریش دەڵێن: واتە ئێوە هەر دوودڵن لەبارەی ڕۆژی قیامەتەوە.[1] پاشان خودای مەزن دەفەرموێت: ﴿وَهُوَ ٱللَّهُ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَفِي ٱلْأَرْضِ يَعْلَمُ سِرَّكُمْ وَجَهْرَكُمْ وَيَعْلَمُ مَا تَكْسِبُونَ﴾ لە ئاسمانو زەمیندا خودا هەر ئەوەو لە نهێنیو ئاشکرتان ئاگادارەو هەرکارێك بکەن دەیزانێت. واتە: هەر بانگ لەوی دەکرێتو هەر ئەو خودایە لە ئاسمانو زەویدا، واتە: تەنیا هەر ئەو شایەنی بەندایەتیو پەرستنو بەتەنهاناسینە بۆ ئەوانەی لە ئاسمانەکانو زەمیندانو پێی دەڵێن: (الله) لە خۆشیو ناخۆشیدا هەر داوا لەو دەکەن جگە لەوانەی کە خودانەناسنو لە مرۆڤو لە جنۆکە. وەك ئەم ئایەتە کە خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَهُوَ ٱلَّذِي فِي ٱلسَّمَآءِ إِلَٰهٌ وَفِي ٱلْأَرْضِ إِلَٰهٌ﴾[2] هەر ئەوە لە ئاسمانەکاندا خودایەو لە زەمینشدا هەر خودایە. واتە: هەر ئەو خودای ئەوانەیە کە لە ئاسمانەکانو زەمیندان. وە هەر خودایە نهێنی ئاشکرتان دەزانێت ﴿وَيَعْلَمُ مَا تَكْسِبُونَ﴾ هەرکارێك بکەن دەیزانێت. واتە: ئاگاداری گشت کارێکتانە لە چاکەو لە خراپەی.

﴿وَمَا تَأْتِيهِم مِّنْ ءَايَةٍ مِّنْ ءَايَٰتِ رَبِّهِمْ إِلَّا كَانُوا۟ عَنْهَا مُعْرِضِينَ ﴿٤﴾ فَقَدْ كَذَّبُوا۟ بِٱلْحَقِّ لَمَّا جَآءَهُمْ فَسَوْفَ يَأْتِيهِمْ أَنۢبَٰٓؤُا۟ مَا كَانُوا۟ بِهِۦ يَسْتَهْزِءُونَ ﴿٥﴾ أَلَمْ يَرَوْا۟ كَمْ أَهْلَكْنَا مِن قَبْلِهِم مِّن قَرْنٍ مَّكَّنَّٰهُمْ فِي ٱلْأَرْضِ مَا لَمْ نُمَكِّن لَّكُمْ وَأَرْسَلْنَا ٱلسَّمَآءَ عَلَيْهِم مِّدْرَارًا وَجَعَلْنَا ٱلْأَنْهَٰرَ تَجْرِي مِن تَحْتِهِمْ فَأَهْلَكْنَٰهُم بِذُنُوبِهِمْ وَأَنشَأْنَا مِنۢ بَعْدِهِمْ قَرْنًا ءَاخَرِينَ ﴿٦﴾﴾

لاساری بت پەرستان هەڕەشەکردن لێیان لەسەری

خودای مەزن دەفەرموێت: ﴿وَمَا تَأْتِيهِم مِّنْ ءَايَةٍ مِّنْ ءَايَٰتِ رَبِّهِمْ إِلَّا كَانُوا۟ عَنْهَا مُعْرِضِينَ﴾ هەر نیشانەیەك لەلایەن پەروەردگارتانەوەبێتو بێتەلایان، مەگین هەر حاشای لێ دەکەنو ڕووی لێ وەردەگێڕن. خودای گەورە باسی ئەو بت پەرستە بێ باوەڕە لاسارو یاخیانە دەکات. هەرچەندە بەڵگەو نیشانەو موعجیزە بێنێت بۆیان لەسەر تاكو تەنیایی خوداو ڕاستی پێغەمبەرە بەڕێزەکان ئەوانە هەر ڕووی لێ وەردەگێڕنو سەیری ناکەنو گوێی پێنادەن. خودای گەورەش دەفەرموێت: ﴿فَقَدْ كَذَّبُوا۟ بِٱلْحَقِّ لَمَّا جَآءَهُمْ فَسَوْفَ يَأْتِيهِمْ أَنۢبَٰٓؤُا۟ مَا كَانُوا۟ بِهِۦ يَسْتَهْزِءُونَ﴾ کاتێك ئەم ڕاستیەشیان بۆ هات بڕوایان پێ نەدەکرد. بەمزوانە ئەوانە ئاگاداردەبن لەوشتانەی کە گاڵتەیان پێ دەکرد. ئەمە خۆی

---

[1] الطبري (١١/٢٦٠).

[2] الزخرف (٨٤).

هەڕەشەیەکە لێیان زۆر توندە لەسەر بڕوانەهێنانیان بەو ڕاستیە، دەبێت هەر وەڵامی ئەو بێ باوەڕەیان پێ بگاتو ئەنجامو ئاکامەکەی وەربگرنو بیچێژن، پاشان خودای مەزن ئامۆژگاریان دەکاتو دەشیان ترسێنێت لەوەی کە تووشی سزاو بەڵایەکی دونیاش ببن وەك چۆن تووشی هاوشێوەکانیان هات لە گەڵ پێشووەکان. کە لەمان زۆر بەهێزتربوونو ژمارەشیان لەمان زیاترو خاوەن مندالو سامانی زۆرتریش بوون. سوودیان لە زەوی وەرگرتو ئاوەدانیان کردەوە. وەك خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿أَلَمۡ يَرَوۡاْ كَمۡ أَهۡلَكۡنَا مِن قَبۡلِهِم مِّن قَرۡنٖ مَّكَّنَّٰهُمۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ مَا لَمۡ نُمَكِّن لَّكُمۡ﴾ ئایا ئەوانە نازانن کە ئێمە لەپێش ئەواندا چەندین بەرەمان قڕکرد؟ئەو دەستەلاتەش لەم زەمینە بەوانمان دابوو، بەمان نەداوە لە ماڵو مندالو دەستەلاتی فراوانو دەوڵەمەندیو لەشکری زۆر بۆیە دەفەرموێت : ﴿وَأَرۡسَلۡنَا ٱلسَّمَآءَ عَلَيۡهِم مِّدۡرَارٗا﴾ وە لە ئاسمانەوە بە لێزمەو ڕەهێڵە پەیتا پەیتا بارانمان بۆ باراندن ﴿وَجَعَلۡنَا ٱلۡأَنۡهَٰرَ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهِمۡ﴾ ڕووبارەکانمان والێکرد کە بەژێر کۆشکو باخەکانیاندا دەڕۆیشت. واتە: بارانی زۆرمان بۆ باراندنو کانیاوەکانیان زیادی کردو کەم کەم ماوەدرانو بۆیان شل کرا. ﴿فَأَهۡلَكۡنَٰهُم بِذُنُوبِهِمۡ﴾ کەچی ئەوەندە تاوانیان کرد قڕمان کردن. واتە: بەهۆی گوناهەکانیانەوە کە دەیانکرد لەناومان بردن ﴿وَأَنشَأۡنَا مِنۢ بَعۡدِهِمۡ قَرۡنًا ءَاخَرِينَ﴾ لەپاش ئەوان گەلی ترمان دامەزراند. واتە: ئەوانەی پێشوو ڕۆیشتن، وەك دوێنێ ڕابووردو کردمانن بە چیرۆك لەجێی ئەوان بەرەیەکی ترمان هێنا تاکو تاقیان بکەینەوە، دەستیاندایە هەمان کاری ئەوان، ئەمانیش وەك ئەوانەی پێشوو قڕیان تێخستن، کەواتە ئەی خەڵکینە بترسن لەوەی کە تووشی ئەوانە هات تووشی ئێوەش دەبێت. ئێوە لای خودا لەوانە خاوەن دەستەلاتدارترنین، ئەو پێغەمبەرەش کە بڕواتان پێنەکرد بەڕێزترە لە پێغەمبەرەکەی ئەوان، لەبەرئەوەیە ئێوە لەپێشترن بۆ سزاو زووتر تۆڵەلێسەندن، ئەگەر بەر سۆزو چاکەی خودا نەکەون.

﴿وَلَوۡ نَزَّلۡنَا عَلَيۡكَ كِتَٰبٗا فِي قِرۡطَاسٖ فَلَمَسُوهُ بِأَيۡدِيهِمۡ لَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ إِنۡ هَٰذَآ إِلَّا سِحۡرٞ مُّبِينٞ ﴿٧﴾ وَقَالُواْ لَوۡلَآ أُنزِلَ عَلَيۡهِ مَلَكٞۖ وَلَوۡ أَنزَلۡنَا مَلَكٗا لَّقُضِيَ ٱلۡأَمۡرُ ثُمَّ لَا يُنظَرُونَ ﴿٨﴾ وَلَوۡ جَعَلۡنَٰهُ مَلَكٗا لَّجَعَلۡنَٰهُ رَجُلٗا وَلَلَبَسۡنَا عَلَيۡهِم مَّا يَلۡبِسُونَ ﴿٩﴾ وَلَقَدِ ٱسۡتُهۡزِئَ بِرُسُلٖ مِّن قَبۡلِكَ فَحَاقَ بِٱلَّذِينَ سَخِرُواْ مِنۡهُم مَّا كَانُواْ بِهِۦ يَسۡتَهۡزِءُونَ ﴿١٠﴾ قُلۡ سِيرُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ ثُمَّ ٱنظُرُواْ كَيۡفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلۡمُكَذِّبِينَ ﴿١١﴾﴾

زەمی ئەوخوانەناسە لاسارانەو ڕازی نەبوونیان بەوەی کە پێغەمبەران لە مرۆڤ بن

خودای مەزن باسی بت پەرستانو سەرکەشیو خۆ بەزلزانیان دەکات بەرامبەر بە هەق. شانازیان بە خۆیانەوە دەکردو دژایەتی ئاینی خودایان دەکردو دەیانوت: ﴿وَلَوْ نَزَّلْنَا عَلَيْكَ كِتَٰبًا فِى قِرْطَاسٍ فَلَمَسُوهُ بِأَيْدِيهِمْ﴾ ئەگەر ئێمە لەسەرکاغەز نامەیەکمان بۆتۆ ئەی مەحەممەد(ﷺ) بناردایەتە خوارەوەو دەستیان لێی بدایە، واتە: بە چاوی خۆیان بیان دیتایە کە دەهاتەخوارەوە دەستیان لێ بدایە ﴿لَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا۟ إِنْ هَٰذَآ إِلَّا سِحْرٌ مُّبِينٌ﴾ ئەوانەی خودانەناسنو هەر دەیانوت: بێگومان ئەمە جادوویەکی ئاشکرایە. وەك خودای گەورە لەم ئایەتەدا باسی خۆ بەزلزانیان دەکات بەرامبەر شتە هەست پێکراوەکانیشو دەفەرمووێت: ﴿ وَلَوْ فَتَحْنَا عَلَيْهِم بَابًا مِّنَ ٱلسَّمَآءِ فَظَلُّوا۟ فِيهِ يَعْرُجُونَ ﴿١٤﴾ لَقَالُوٓا۟ إِنَّمَا سُكِّرَتْ أَبْصَٰرُنَا بَلْ نَحْنُ قَوْمٌ مَّسْحُورُونَ ﴾[1] ئەگەر دەگایەکیان لە ئاسمانەوە بۆ بکەینەوەو خەریکی سەرکەوتنێ بن، بێگومان دەڵێن: ئێمە چاومان بەستراوەو دیارە جادوومین لێکراوە. وەك ئەم ئایەتەش کە خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿ وَإِن يَرَوْا۟ كِسْفًا مِّنَ ٱلسَّمَآءِ سَاقِطًا يَقُولُوا۟ سَحَابٌ مَّرْكُومٌ ﴾[2] ئەگەر ببینن پارچەیەك لەم ئاسمانە دادەکەوێت، دەڵێن: ئەمە هەورێکی بەسەریەکدا کەوتووە. وە لێرەدا دەفەرمووێت: ﴿وَقَالُوا۟ لَوْلَآ أُنزِلَ عَلَيْهِ مَلَكٌ﴾ وە دەڵێن: بۆچی خودا فریشتەی نەناردەخوارەوە بۆی. ئەگەر ئێمە فریشتەمان بناردایە، بێگومان کارلەکار دەترازاو هیچ مۆڵەتیان پێ نەدەدرا. واتە: ئەگەر لەسەر ئەوحاڵەتەی کە تێدابوون فریشتەمان بناردایە، سزایان لەلایەن خوداوە بۆ دەهات وەك دەفەرمووێت: ﴿ مَا نُنَزِّلُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةَ إِلَّا بِٱلْحَقِّ وَمَا كَانُوٓا۟ إِذًا مُّنظَرِينَ ﴾[3] ئێمە فریشتە نانێرین مەگین بە هەق، جا ئیتر مۆڵەتیان نادەین. وەك دەفەرمووێت: ﴿ يَوْمَ يَرَوْنَ ٱلْمَلَٰٓئِكَةَ لَا بُشْرَىٰ يَوْمَئِذٍ لِّلْمُجْرِمِينَ ﴾[4] ئەوڕۆژەی ئەوان فریشتەکان بە چاوی خۆیان دەبینن، هیچ مژدەیەکمان لەلانیە کە بیدەین بە تاوانباران. پاشان خودای مەزن دەفەرمووێت: ﴿وَلَوْ جَعَلْنَٰهُ مَلَكًا لَّجَعَلْنَٰهُ رَجُلًا وَلَلَبَسْنَا عَلَيْهِم مَّا يَلْبِسُونَ ﴾ خۆ ئەگەر فریشتەمان بناردایە، هەردەبوو جلوبەرگی پیاوێکی لەبەربکەین، ئەو جلوبەرگەی ئەوان لەبەریانْ دەکرد ئەویش لەبەر بکردایە. واتە: ئەگەر فریشتەیەکمان لەگەڵ

---

[1] الحجر (١٤–١٥).

[2] الطور (٤٤).

[3] الحجر (٨).

[4] الفرقان (٢٢).

پێغەمبەرێکی مرۆڤ رەوانەبکردایە، دەبووایە لەشێوەی پیاوێك بووایەو ئەوان بتوانن قسەی لەگەڵدابکەن‌و سودیان لێ وەرگرن لەوەی پێیان دەدات ئەوکاتەش گومانیان لەو پەیامە بۆ پەیدادەبوو، وەك چۆن گومانیان هەیە لە وەرگرتنی پەیامێك کە مرۆڤ بۆیان دێنێت. وەك خودای گەورە دەفەرموویت: ﴿ قُل لَّوْ كَانَ فِي الْأَرْضِ مَلَائِكَةٌ يَمْشُونَ مُطْمَئِنِّينَ لَنَزَّلْنَا عَلَيْهِم مِّنَ السَّمَاءِ مَلَكًا رَّسُولًا ﴾[1] بلێ: ئەگەر فریشتە بەدڵنیایی لەم زەمینەدا بڕۆیشتنایە، دیارە ئێمە لە ئاسمانەوە پێغەمبەرێکی فریشتەمان بۆ دەناردن. لە میهرەبانی خودا خۆیەتی لە هەموو چینێکدا لە دروستکراوەکانی لە خۆیان بۆ ڕاسپاردوون هەتا یەکتری بانگ بکەن‌و بتوانن سود لە یەکتری وەربگرن لە قسەکردن‌و پرسیارکردندا. وەك خودای مەزن دەفەرموویت: ﴿لَقَدْ مَنَّ اللَّهُ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ إِذْ بَعَثَ فِيهِمْ رَسُولًا مِّنْ أَنفُسِهِمْ يَتْلُوا عَلَيْهِمْ آيَاتِهِ وَيُزَكِّيهِمْ ﴾[2] خودا منەت دەکات بەسەر باوەڕداراندا، کە هەر لە خۆیان پێغەمبەرێکی بۆ ناردوون، نیشانەکانی خودایان بەسەردا دەخوێنێتەوەو بە خاوێنی ڕایان دەگرێت. زەحاك لە ئیبنو عەبباسەوە وتی: ئەگەر فریشتەیان بۆ بهاتایە، لەوێنەی پیاودا نەبێت بۆیان نەدەهات، چونکە ئەوان نەیان دەتوانی سەیری فریشتە بکەن کە لە ڕووناکیە[3]، ﴿وَلَلَبَسْنَا عَلَيْهِم مَّا يَلْبِسُونَ ﴾ واتە: لێمان دەشێواندن وەك چۆن خۆیان لە خۆیان دەشێواند. والیبی لە ئیبنو عەبباسەوە وتی: واتە لێمان دەگۆڕین. پاشان خودای گەورە دەفەرموویت: ﴿وَلَقَدِ اسْتُهْزِئَ بِرُسُلٍ مِّن قَبْلِكَ فَحَاقَ بِالَّذِينَ سَخِرُوا مِنْهُم مَّا كَانُوا بِهِ يَسْتَهْزِئُونَ ﴾ بە گەلێك لە پێغەمبەرانی پێش تۆ، گاڵتەکراو گاڵتەکاران تووشی کارەکەی خۆیان بوون. ئەمە لێرەدا دڵدانەوەی پێغەمبەرە (ﷺ) لە بەرامبەر ئەوکەسانەی کە هۆزەکەی بڕوایان پێ نەدەکرد، بەڵێنیشە لەلایەن خوداوە بۆ پێغەمبەرو (ﷺ) باوەڕداران بە سەرکەوتن‌و پاشەڕۆژی چاك لە دونیاو لە قیامەتدا. پاشان خودای مەزن دەفەرموویت: ﴿قُلْ سِيرُوا فِي الْأَرْضِ ثُمَّ انظُرُوا كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُكَذِّبِينَ ﴾ بلێ: ئێوە لەسەر ئەم زەمینەدا بگەڕێن، تا بزانن دواڕۆژی بێ باوەڕەکان بەکوێ گەیشت. واتە: بەخۆتاندا بچنەوەو سەیربکەن بزانن گەلەپێشووەکان چیان بەسەرهات، کە بڕوایان بە پێغەمبەرەکەیان نەهێناو

---

[1] الاسراء (٩٥).

[2] ال عمران (١٦٤).

[3] الطبری (١١/٢٦٨).

دژایەتیان کردن کە تووشی چ سزاو تۆڵەیەکی سەخت بوون هەر لە دونیادا، ئەوش کە بۆیان هەڵگیراوە لە سزای بەژان لە ڕۆژی قیامەتدا. وە چۆن خودا پێغەمبەرەکان و بەندە خاوەن باوەڕەکانی ڕزگارکرد.

﴿قُل لِّمَن مَّا فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ ۖ قُل لِّلَّهِ ۚ كَتَبَ عَلَىٰ نَفْسِهِ الرَّحْمَةَ ۚ لَيَجْمَعَنَّكُمْ إِلَىٰ يَوْمِ الْقِيَامَةِ لَا رَيْبَ
فِيهِ ۚ الَّذِينَ خَسِرُوا أَنفُسَهُمْ فَهُمْ لَا يُؤْمِنُونَ (١٢) ۞ وَلَهُ مَا سَكَنَ فِي اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ ۚ وَهُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ
(١٣) قُلْ أَغَيْرَ اللَّهِ أَتَّخِذُ وَلِيًّا فَاطِرِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَهُوَ يُطْعِمُ وَلَا يُطْعَمُ ۗ قُلْ إِنِّي أُمِرْتُ أَنْ أَكُونَ أَوَّلَ مَنْ
أَسْلَمَ ۖ وَلَا تَكُونَنَّ مِنَ الْمُشْرِكِينَ (١٤) قُلْ إِنِّي أَخَافُ إِنْ عَصَيْتُ رَبِّي عَذَابَ يَوْمٍ عَظِيمٍ (١٥) مَّن يُصْرَفْ
عَنْهُ يَوْمَئِذٍ فَقَدْ رَحِمَهُ ۚ وَذَٰلِكَ الْفَوْزُ الْمُبِينُ (١٦)﴾

هەر خودا خۆی وەدیهێنەرو خاوەنی ڕۆژی و بەهرەکانە پێویستە ملکەچی بۆبکرێت

خودای مەزن دەفەرمووێت: ﴿قُل لِّمَن مَّا فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ ۖ قُل لِّلَّهِ ۚ كَتَبَ عَلَىٰ نَفْسِهِ الرَّحْمَةَ﴾ ئەی موحەممەد (ﷺ) بڵێ: هەرچی لەناو ئاسمانەکان و زەمیندایەماڵی کێیە؟ بڵێ: هەمووی هی خودایە، خودا لەسەر خۆی نوسیووە کە دەبێت خاوەن بەزەیی بێت. خودای گەورە باسی ئەوە دەکات کە هەرچی لە ئاسمانەکان و زەمین و ئەوەش کە لەناویاندایە خۆی خاوەنیەتی و لەسەر خۆشی نوسیووە کە سۆزداربێت بەرامبەر دروستکراوەکانی، وەك لە هەردوو سەحیحەکەدا هاتووە لە ئەبوهورەیرەوە کە پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرموویەتی: (بێگومان کاتێك کە خودا خەڵکی دروستکرد لەلای خۆی نامەیەکی نوسیووە لەسەرووی تەختەوە (فوق العرش) بێگومان بەزەییم زاڵ بووە بەسەر توڕەییمدا)[1]. ﴿لَيَجْمَعَنَّكُمْ إِلَىٰ يَوْمِ الْقِيَامَةِ لَا رَيْبَ فِيهِ﴾ سوێند بە خودا هەمووتان لە ڕۆژی قیامەتدا کۆدەکاتەوە کە گومان لە هاتنیدانیە. ئەم (لامە) لامی سوێندە. خودای گەورە سوێندی بە گیانی پیرۆزی خۆی خواردووە کە عەبدەکانی کۆدەکاتەوە لە ڕۆژێکی دیاریکراودا کە ڕۆژی قیامەتە گومانی تێدانیە لەلای عەبدە خاوەن باوەڕدارەکانی، بەڵام ئەوانەی کە بڕوایان پێی نیەو حاشای لێ دەکەن هەمیشە ڕاڕاو دوودڵن ﴿الَّذِينَ خَسِرُوا أَنفُسَهُمْ فَهُمْ لَا يُؤْمِنُونَ﴾ ئەوکەسانە خۆیان دۆڕاندووە، ئەوە ئەوکەسانەن کە بڕواناهێنن بە ڕۆژی قیامەت و لە خراپی ئەوڕۆژە ناترسن. پاشان خودای مەزن دەفەرمووێت: ﴿وَلَهُ مَا سَكَنَ فِي اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ﴾ هەرچی لە شەوو ڕۆژدا ئارامی گرتووە ئەوخاوەنیەتی، واتە: ئەوەی بەسەر زەمین و ئاسمانەوە بگەڕێت هەمووی بەندەی ئەوەو ئەو دروستی کردووە لەژێر توناو دەستەڵاتی ئەودایەو ئاگای لێیانە هیچ پەرستووێك نیە جگە لە خودا ﴿وَهُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ﴾ هەر

---

[1] فتح الباري (١٣/٣٩٥)، مسلم (٤/٢١٠٧).

خۆی بیسرو زانایە. قسەی عەبدەکانی دەبیستێت‌و ئاگاداری هەڵس‌وکەوت‌و نهێنیەکانی نێو دڵیانە.

پاشان خودای مەزن دەفەرموێت بە عەبدو پێغەمبەری خۆی موحەممەد (ﷺ) کە بە یەکتاپەرستی‌و پەیامە ڕێکەکەی خۆی ڕەوانەی کردووەو فەرمانی پێداوە کە بانگی خەڵکی بکات بۆ سەر ڕاستەڕێ.

خودای مەزن دەفەرموێت: ﴿قُلْ أَغَيْرَ اللَّهِ أَتَّخِذُ وَلِيًّا فَاطِرِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ﴾ بڵێ: ئایا دەتانەوێت جگە لە خودا هیچ کەسی تر بە سەروەری خۆم بزانم، کە ئاسمانان‌و زەمینی وەدیهێناوە؟ ئەم ئایەتە وەك ئەو ئایەتە وایەکە خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿قُلْ أَفَغَيْرَ اللَّهِ تَأْمُرُونِّي أَعْبُدُ أَيُّهَا الْجَاهِلُونَ﴾[1] ئایا ئێوە دەتانەوێت جگە لە خودا شتێکی تر بپەرستن؟ واتە: جگە لە خودا هیچ کەس مەکەنە سەروەری خۆتان، ئەو خودایەی کە تاك‌و تەنیایەو شەریکی نیەو وەدیهێنەری ئاسمانەکان‌و زەمینە، کە لە پێشدا بەم شێوە نەبوو ﴿وَهُوَ يُطْعِمُ وَلَا يُطْعَمُ﴾ ڕۆزی بە زیندەوەر دەدات‌و لە بژێوی بێ نیازە. وەك لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێت: ﴿وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ ۝٥٦ مَا أُرِيدُ مِنْهُم مِّن رِّزْقٍ وَمَا أُرِيدُ أَن يُطْعِمُونِ﴾[2] هەربۆیە جنۆکەو مرۆڤم دروستکرد، تاکو بم پەرستن، من هیچ ڕۆزیم لەوان ناوێت، خواردنیشم لەوان ناوێت‌و وە هەندێك ئەم ئایەتەیان بەم شێوەیە خوێندووتەوە (وهو يُطعم ولا يَطعم) بە فەتحی (یائەکە) واتە: خۆی ناخوات. لە فەرموودەیەکدا هاتووە لە ئەبوهورەیرەوە (ڕەزای خودای لێبێت) وتی: پیاوێك لە ئەنساریەکانی خەڵکی قوباء پێغەمبەری (ﷺ) بانگ کرد بۆ سەر خواردنێك ئێمە لە خزمەتیدا چووین، کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) خواردنەکەی خواردو هەردوو دەستی شۆری فەرمووی: (سوپاس بۆ ئەو خودایە ڕۆزیدەرەو پێویستی بە بژێوی نیە. منەتی کردووە بەسەرماندا شارەزای ڕێی کردووین‌و خواردنی پێ داوین‌و لە خواردنەوەشی پێ نۆش کردووین. لە ڕووتی دایپۆشین وە بە گشت تاقیکردنەوەیەکی چاك تاقیمان دەکاتەوە. سوپاس بۆ خودا (غير مودَّ ربي، ولا مكافياً ولا مكفورٍ ولا مستغنياً عنه) سوپاس بۆ ئەو خوادیەی کە ڕۆزی داین لە خواردن‌و خواردنەوەوی پێ نۆش کردین، دایپۆشین لە ڕووتی‌و لە گومڕایی ڕێی نیشانداین‌و لە کوێری بینینی پێ بەخشین. وە ڕیزی لێ ناین بەسەر زۆرێك لەوانەی دروستی کردن بە ڕێزێك زیاتر. سوپاس بۆ خودا پەروەردگاری گشتا دونیا)[3]

﴿قُلْ إِنِّي أُمِرْتُ أَنْ أَكُونَ أَوَّلَ مَنْ أَسْلَمَ وَلَا تَكُونَنَّ مِنَ الْمُشْرِكِينَ ۝١٤ قُلْ إِنِّي أَخَافُ إِنْ عَصَيْتُ رَبِّي عَذَابَ يَوْمٍ عَظِيمٍ﴾ بڵێ: فەرمان بەمن درا کە یەکەمین کەسم ملکەچ بکەم تۆ هەرگیز لەوانە مەبە

---

[1] الزمر (٦٤).

[2] الذاريات (٥٦– ٥٧).

[3] النسائي في الكبى (٦/٨٢) فەرموودەیەکی سەحیحە.

شەریك بۆ خودا دادەنێن. بڵێ: ئەگەر نافەرمانی خودای پەروەردگارم بکەم لە ئازاری ڕۆژە هەرە دژوارە پڕ مەترسیەکە دەترسم. واتە: لە سزای ڕۆژی قیامەت دەترسم. ﴿مَّن يُصْرَفْ عَنْهُ يَوْمَئِذٍ فَقَدْ رَحِمَهُ وَذَٰلِكَ الْفَوْزُ الْمُبِينُ﴾ ئەوڕۆژە خودا لە هەرکەسێك وازبێنێت ئەوە دیارە وەبەر بەزەیی خۆی خستووە ئەوەش ڕزگاریەکی ئاشکرایە. وەك لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێت: ﴿فَمَن زُحْزِحَ عَنِ النَّارِ وَأُدْخِلَ الْجَنَّةَ فَقَدْ فَازَ﴾[1] کێ لە ئاگر لابدرێتو ببرێتە بەهەشت ڕزگاری بووە. ڕزگاربوون واتە: بەدەستهێنانی قازانجو تووشی زیان نەبوون.

﴿وَإِن يَمْسَسْكَ اللَّهُ بِضُرٍّ فَلَا كَاشِفَ لَهُ إِلَّا هُوَ وَإِن يَمْسَسْكَ بِخَيْرٍ فَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ ﴿١٧﴾ وَهُوَ الْقَاهِرُ فَوْقَ عِبَادِهِ وَهُوَ الْحَكِيمُ الْخَبِيرُ ﴿١٨﴾ قُلْ أَيُّ شَيْءٍ أَكْبَرُ شَهَادَةً قُلِ اللَّهُ شَهِيدٌ بَيْنِي وَبَيْنَكُمْ وَأُوحِيَ إِلَيَّ هَٰذَا الْقُرْآنُ لِأُنذِرَكُم بِهِ وَمَن بَلَغَ أَئِنَّكُمْ لَتَشْهَدُونَ أَنَّ مَعَ اللَّهِ آلِهَةً أُخْرَىٰ قُل لَّا أَشْهَدُ قُلْ إِنَّمَا هُوَ إِلَٰهٌ وَاحِدٌ وَإِنَّنِي بَرِيءٌ مِّمَّا تُشْرِكُونَ ﴿١٩﴾ الَّذِينَ آتَيْنَاهُمُ الْكِتَابَ يَعْرِفُونَهُ كَمَا يَعْرِفُونَ أَبْنَاءَهُمُ الَّذِينَ خَسِرُوا أَنفُسَهُمْ فَهُمْ لَا يُؤْمِنُونَ ﴿٢٠﴾ وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ افْتَرَىٰ عَلَى اللَّهِ كَذِبًا أَوْ كَذَّبَ بِآيَاتِهِ إِنَّهُ لَا يُفْلِحُ الظَّالِمُونَ ﴿٢١﴾﴾

هەر خودا زیان گەیەنەرو سودگەیەنەرو زاڵە

خودای مەزن بۆمان باس دەکاتو دەفەرموێت: کە هەر خۆی خاوەنی سودگەیاندنو زیان گەیاندنە وە هەر خۆی کاروباری خەڵك بە مەیلی خۆی بەڕێ دەکات، کەس بۆی نیە دەست لە فەرمانەکانی وەربداتو بڕیاری بگێڕێتەوە ﴿وَإِن يَمْسَسْكَ اللَّهُ بِضُرٍّ فَلَا كَاشِفَ لَهُ إِلَّا هُوَ وَإِن يَمْسَسْكَ بِخَيْرٍ فَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ﴾ ئەگەر خودا بەڵایەکت بەسەربێنێت، جگە لە خۆی کەس ناتوانێت لەسەری لاببات، وە ئەگەر چاکەیەکت بەسەر بێنێت دەستی درواتو، هەر خۆیەتی هەمووکارێکی پێ دەکرێت. ئەم ئایەتە وەك ئەو ئایەتە وایە کە خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿مَّا يَفْتَحِ اللَّهُ لِلنَّاسِ مِن رَّحْمَةٍ فَلَا مُمْسِكَ لَهَا وَمَا يُمْسِكْ فَلَا مُرْسِلَ لَهُ مِن بَعْدِهِ﴾[2] هەرکاتێك خودا دەرووی چاکەی لەڕووی مەردوم بکاتەوە، کەس ناتوانێت بیبەستێت (جگە لە خۆی) لە هەردوو سەحیحەکەدا هاتووە کە پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرموویەتی: (ئەی خودایە هیچ بەربەستێك نیە لەوەی کە تۆ بەخشیووتە، بەخشەریش نیە لەوەی کە تۆ ڕێگریت لێکردووە, وە هیچ خاوەن دەستەڵاتێك لای تۆ دەستەڵاتەکەی سودی پێ نادات دەستەڵات

---

[1] ال عمران (١٨٥).

[2] فاطر (٢).

هەر لەلای خۆتە)[1] هەربۆیە خودای مەزن لێرەدا دەفەرمووێت: ﴿وَهُوَ ٱلْقَاهِرُ فَوْقَ عِبَادِهِۦ﴾ هەر خودایە لەسەر هەموو عەبدەکانی دەستی دەڕوات. واتە: ئەو خودایەی کە گەردنەکان بۆی نەوی دەبێتو زۆرداران بۆی زەلیل دەبێتو سەری بۆ شۆڕدەکاتو زاڵە بەسەر هەموو شتێکدا، هەموو دروستکراوەکان بەرفەرمانیەتیو خۆیان بە کەم دەزانن بەرامبەر گەورەییو پایەبەرزیو توناودەستەلاتی. هەربۆیە خۆیان بە لاوازو زەبوون سەیردەکەن لەبەر وەستیداو لەژێر فەرمانو بڕیاری ئەودان. ﴿وَهُوَ ٱلْحَكِيمُ ٱلْخَبِيرُ﴾ هەر خۆی لەکارزانو ئاگادارە. لەکارزانە لە کردارەکانیداو ئاگادارە بە جێیو شوێنی هەموو شتەکان، کەسێك شایەنی پێ بەخشین نەبێت پێی نابەخشێت پاشان دەفەرمووێت: ﴿قُلْ أَىُّ شَىْءٍ أَكْبَرُ شَهَٰدَةً ۖ قُلِ ٱللَّهُ ۖ شَهِيدٌۢ بَيْنِى وَبَيْنَكُمْ﴾ بڵێ: شایەتیدانی کێ لە هەموو شایەتیدانێك گرنگترە؟ بڵێ: خودا شایەتە لەنێوان منو ئێوەدا. واتە: خودا ئاگای لەوەیە کە من بۆم هێناونو لەوەش کە ئێوە پێتان وتووم، ﴿وَأُوحِىَ إِلَىَّ هَٰذَا ٱلْقُرْءَانُ لِأُنذِرَكُم بِهِۦ وَمَنۢ بَلَغَ﴾ ئەم قورئانە ئەو بە خەڵات بۆمنی ناردەخوارەوە، تا بەهۆی ئەو ترس وەبەر ئێوە بێنمو هەرکەسیش کە پێی دەگات. واتە: ترس وەبەرهێنەرە بۆ هەرکەسێك کە پێی دەگات. وەك ئەم ئایەتە کە خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَمَن يَكْفُرْ بِهِۦ مِنَ ٱلْأَحْزَابِ فَٱلنَّارُ مَوْعِدُهُۥ﴾[2] هەرکەسێکیش لەو کۆمەڵانە بڕوای پێنەکات جێی لەناو ئاگردا بۆ ئامادەکراوە. ڕەبیعی کوڕی ئەنەس وتی: دەبێت هەرکەسێك شوێنی پێغەمبەری خودا (ﷺ) کەوتووە بەوشێوەیە بانگی خەڵکی بکات کە پێغەمبەری خودا (ﷺ) کردوویەتی، وە بەوشێوەیەش خەڵك بترسێنێت کە ئەو ترساندویەتی ﴿أَئِنَّكُمْ لَتَشْهَدُونَ أَنَّ مَعَ ٱللَّهِ ءَالِهَةً أُخْرَىٰ ۚ قُل لَّآ أَشْهَدُ﴾ ئێوە شایەتی دەدەن کە لەگەڵ خودا چەند خودایەکی تریش هەیە (ئەی بت پەرستەکان)؟ بڵێ: من شایەتی نادەم. وە لە ئایەتێکە تریشدا خودای مەزن دەفەرمووێت: ﴿فَإِن شَهِدُوا۟ فَلَا تَشْهَدْ مَعَهُمْ﴾[3] ئەگەر ئەوان شایەتیان دا، تۆ شایەتی لەگەڵیان مەدە ﴿قُلْ إِنَّمَا هُوَ إِلَٰهٌ وَٰحِدٌ وَإِنَّنِى بَرِىٓءٌ مِّمَّا تُشْرِكُونَ﴾ بڵێ: خودا هە ر یەکێکەو منلە شەریکدانانی ئێوە دوورو بێزارم.

---

[1] فتح الباری (٢/٣٩٧).

[2] هود (١٧).

[3] الانعام (١٥٠).

ئەهلی کتێب پێغەمبەر (ﷺ) دەناسن وەك چۆن فەرزەندەکانی خۆیان دەناسن

خـودای مـەزن دەفـەرمووێت: ﴿ٱلَّذِينَ ءَاتَيْنَٰهُمُ ٱلْكِتَٰبَ يَعْرِفُونَهُۥ كَمَا يَعْرِفُونَ أَبْنَآءَهُمُ﴾ ئـەهلی کتێب هەروەك کوڕەکانی خۆیان باش دەناسن، پێغەمبەریش (ﷺ) وادەناسن. پاشان خودای گەورە باسی ئەهلی کتێب دەکاتو دەفەرمووێت: ئەی موحەممەد (ﷺ) ئەوەی تۆ پێی ڕەوانەکراوی ئەوانە دیزانن‌و شارەزان لێی وەك چۆن کوڕەکانی خۆیان دەناسن بەهۆی ئـەو دەنگو باسانەوە کە لـە پێغەمبەرە پێشووەکانەوە پێیان گەیشتووە، چونکە هەموو پێغەمبەرەکان موژدەیان داوە بە هاتنی موحەممەد (ﷺ) وە باسی خوڕەوشت‌و شارەکەی‌و ئـەو شوێنەی کە کۆچی بۆکردووەو وە باسی خوڕەوشتی ئوممەتەکەشی بۆکردووە. هەربۆیە دوای ئـەوە دەفـەرمووێت: ﴿ٱلَّذِينَ خَسِرُوٓا۟ أَنفُسَهُمْ فَهُمْ لَا يُؤْمِنُونَ﴾ ئەوانەی خۆیان دۆڕاندووە بڕواناکەن. بەم فەرمانە ڕوون‌و ئاشکرایە کە پێغەمبەران (سەلامی خودایان لێبێت) موژدەیان پێداوەو هە ر لـە دێر زەمانـەوەو ئێستاش مـەردومیان لـێ ئاگادارکردووە. پاشان خـودای مـەزن دەفـەرمووێت: ﴿وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ ٱفْتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا أَوْ كَذَّبَ بِـَٔايَٰتِهِۦٓ﴾ کـێ لەوکەسانە ستەمکارترن کە درۆ بەدەم خوداوە هەڵدەبەستن یان بە نیشانەکانی خودا باوەڕناکەن؟ واتـە: کەس لەوانە ستەمکاترنیە کە درۆ بەدەم خوداوە هەڵدەبەستێت‌و بانگەشەشی بۆدەکات کە خودا ڕەوانـەی کردووە، خوداش نەیناردووە وە کەسیش لەوانە ستەمکارترنیە کە بـڕوا بـە نیشانەو بەڵگەکانی خـودا ناکـات ﴿إِنَّهُۥ لَا يُفْلِحُ ٱلظَّٰلِمُونَ﴾ دیـارە هەرکەسێك ستەمکاربێت ڕزگاری نابێـت. واتـە: ئـەم دووجـۆرە مەردومە ئەوانەی دەڵێن خودا ناردونی‌و درۆدەکەن‌و خودا نەیناردون‌و ئەوانەش کە بڕوا بە نیشانەکانی خودا ناکەن لە هەمووکەس ستەمکارترن‌و هەرگیز ڕزگاریان نابێت.

﴿وَيَوْمَ نَحْشُرُهُمْ جَمِيعًا ثُمَّ نَقُولُ لِلَّذِينَ أَشْرَكُوٓا۟ أَيْنَ شُرَكَآؤُكُمُ ٱلَّذِينَ كُنتُمْ تَزْعُمُونَ ﴿٢٢﴾ ثُمَّ لَمْ تَكُن فِتْنَتُهُمْ إِلَّآ أَن قَالُوا۟ وَٱللَّهِ رَبِّنَا مَا كُنَّا مُشْرِكِينَ ﴿٢٣﴾ ٱنظُرْ كَيْفَ كَذَبُوا۟ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ ۚ وَضَلَّ عَنْهُم مَّا كَانُوا۟ يَفْتَرُونَ ﴿٢٤﴾ وَمِنْهُم مَّن يَسْتَمِعُ إِلَيْكَ ۖ وَجَعَلْنَا عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ أَكِنَّةً أَن يَفْقَهُوهُ وَفِىٓ ءَاذَانِهِمْ وَقْرًا ۚ وَإِن يَرَوْا۟ كُلَّ ءَايَةٍ لَّا يُؤْمِنُوا۟ بِهَا ۚ حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءُوكَ يُجَٰدِلُونَكَ يَقُولُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا۟ إِنْ هَٰذَآ إِلَّآ أَسَٰطِيرُ ٱلْأَوَّلِينَ ﴿٢٥﴾ وَهُمْ يَنْهَوْنَ عَنْهُ وَيَنْـَٔوْنَ عَنْهُ ۖ وَإِن يُهْلِكُونَ إِلَّآ أَنفُسَهُمْ وَمَا يَشْعُرُونَ ﴿٢٦﴾﴾

بت پەرستەکان پرسیاریان لێدەکرێت لەسەر بت پەرستیەکەیان

خـودای مـەزن باسـی بـت پەرسـتەکان دەکـات‌و دەفـەرمووێت: ﴿وَيَوْمَ نَحْشُرُهُمْ جَمِيعًا ثُمَّ نَقُولُ لِلَّذِينَ أَشْرَكُوٓا۟﴾ ڕۆژی قیامەت کە گشتیان کۆدەکەینەوە، بەوکەسانەی کە شەریکیان بۆ خودا دانابوو، بێجگە

لە خودا دەیانپەرستن لێیان دەپرسین‌و پێیان دەڵێن: ﴿أَيْنَ شُرَكَآؤُكُمُ ٱلَّذِينَ كُنتُمْ تَزْعُمُونَ﴾ کوا ئەو شەریکانەی کە بە خەیاڵی خۆتان بە شەریکی خوداتان دانابوو. ئەم ئایەتە وەك ئەو ئایەتە وایە کە خودای گەورە لە سورەتی قەسەس دا دەفەرموێت: ﴿وَيَوْمَ يُنَادِيهِمْ فَيَقُولُ أَيْنَ شُرَكَآءِىَ ٱلَّذِينَ كُنتُمْ تَزْعُمُونَ﴾[1] ئەوڕۆژەی بانگیان دەکات‌و دەفەرموێت: کوا شەریکەکانم وەك ئێوە خەیاڵتان دەکرد؟ خودای مەزن دەفەرموێت: ﴿ثُمَّ لَمْ تَكُن فِتْنَتُهُمْ﴾ جا ئەوکاتە هیچ بیانویەکیان نامێنێت. عەتای خوراسانی وتی: کاتێك تووشی ئەو بەڵایە هاتن هیچ بیانویەکیان نامێنێت ﴿إِلَّآ أَن قَالُوا۟ وَٱللَّهِ رَبِّنَا مَا كُنَّا مُشْرِكِينَ﴾[2] دەڵێن سوێند بە خودای پەروەردگارمان ئێمە هەرگیز هیچ شتێکمان نەکردووەتە شەریکی ئەو. خودای مەزنیش دەفەرموێت: ﴿ٱنظُرْ كَيْفَ كَذَبُوا۟ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ ۚ وَضَلَّ عَنْهُم مَّا كَانُوا۟ يَفْتَرُونَ﴾ بڕوانە چۆن درۆ لەگەڵ خۆشیان دەکەن، ئەو شتانەش کە ئەوان بە درۆ دەیانوت، لەناوچوون‌و لێیان ون بوون. ئەم ئایەتە وەك ئەو ئایەتانە وایە کە خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿ثُمَّ قِيلَ لَهُمْ أَيْنَ مَا كُنتُمْ تُشْرِكُونَ ﴿٧٣﴾ مِن دُونِ ٱللَّهِ ۖ قَالُوا۟ ضَلُّوا۟ عَنَّا بَل لَّمْ نَكُن نَّدْعُوا۟ مِن قَبْلُ شَيْـًٔا ۚ كَذَٰلِكَ يُضِلُّ ٱللَّهُ ٱلْكَٰفِرِينَ﴾[3] کوان ئەوانە دەتانوت: شەریکی خودان، بێجگە خودا دەڵێن: لەبەرچاومان ونن، خۆ ئێمە لە پێششدا (لە دونیادا) بێجگە خودامان نەدەپەرست، خودا ئاوا خودانەناسان گومڕادەکات.

بەدبەخت بەهرە لە قورئان وەرناگرێت

خودای مەزن دەفەرموێت: ﴿وَمِنْهُم مَّن يَسْتَمِعُ إِلَيْكَ ۖ وَجَعَلْنَا عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ أَكِنَّةً أَن يَفْقَهُوهُ وَفِىٓ ءَاذَانِهِمْ وَقْرًا ۚ وَإِن يَرَوْا۟ كُلَّ ءَايَةٍ لَّا يُؤْمِنُوا۟ بِهَا﴾ کەسی وایان لەناودایە گوێت بۆدەگرێت، بەڵام ئێمە پەردەیەکمان بەسەر دڵیانداوە کە لێت تێنەگەن، گرانیشمان خستووەتەناو گێیان کە (نەبیستن) و هەر نیشانەیەکیش ببینن باوەڕناکەن. واتە: دێن تا گوێ لە خوێندنی قورئان بگرن، بەڵام هیچ بەهرەیەکی لێ وەرنگرن چونکە خودا پەردەی بەسەر دڵیان کێشاوە هەتا لەو قورئانە شارەزانەبن‌و قورسیەکیشمان لەسەر گوێیان داناون تاکو بەهرە لە شتی باش وەرنەگرن، وەك خودای گەورە لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێت: ﴿وَمَثَلُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ كَمَثَلِ ٱلَّذِى يَنْعِقُ بِمَا لَا يَسْمَعُ إِلَّا دُعَآءً وَنِدَآءً﴾[4]

---

[1] القصص (٦٢).

[2] الطبری (١١/٢٩٩).

[3] غافر (٧٣- ٧٤).

[4] البقرة (١٧١).

وێنەی ئەوخودانەناسانە وەك وێنەی ئەو ئاژەڵانەیە كە دەنگ دەدرێ، جگە لە خوڕینو چرپینێك هیچ نابیستن. ئەو خودانەناسانە هەرچەندە نیشانەو بەڵگە ببینن بڕوای پێناكەن، چونكە ئەوانە تێگەیشتنیان نیەودان بە هەق دانانێن. وەك خودای گەورە لەم ئایەتەدا دەفەرموێت: ﴿وَلَوْ عَلِمَ ٱللَّهُ فِيهِمْ خَيْرًا لَّأَسْمَعَهُمْ ۖ وَلَوْ أَسْمَعَهُمْ﴾[1] ئەگەر خودا بیزانیایە خێرێكیان لەبارەدایە، كارێكی دەكرد ببیستن. پاشان لێرەدا دەفەرموێت: ﴿حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءُوكَ يُجَٰدِلُونَكَ يَقُولُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا۟ إِنْ هَٰذَآ إِلَّآ أَسَٰطِيرُ ٱلْأَوَّلِينَ﴾ كەسانی واش هەیە دێنەلات مشتومڕت لەگەڵ دەكەن (لەسەر هەق بە شتی پڕوپوچ) ئەوانەی خودانەناسان دەڵێن: ئەمە جگە لە چیرۆكی پێشینان هیچی ترنیە. واتە: ئەمەی كە تۆ هێناوتە (ئەی موحەممەد(ﷺ)) لە كتێبی پێشینە وەرگیراوەو هێنراوە ﴿وَهُمْ يَنْهَوْنَ عَنْهُ وَيَنْـَٔوْنَ عَنْهُ﴾ هەرئەوانە ڕێگەنادەن خەڵك بێتەلایو خۆشیان خۆیانی لێ دووردەگرن. واتە: ئەوانە ڕێگری لە مەردوم دەكەن كە شوێنی هەق بكەوێتو بڕوا بە پێغەمبەر بكەنو (ﷺ) گوێڕایەڵی قورئان بن. ﴿وَيَنْـَٔوْنَ عَنْهُ﴾ خۆشیان لێی دووردەكەونەوە، دوو ڕەوشتی ناشیرینیان تێدا كۆبووەتەوە. خۆیان بەهرەی لێ وەرناگرنو ڕێگەش نادەن خەڵك بەهرە وەرگرێت. عەلی كوڕی ئەبوتەلحە لە ئیبنو عەبباسەوە وتی: ﴿وَهُمْ يَنْهَوْنَ عَنْهُ﴾ خەڵكی دەگێڕنەوە لە موحەممەد (ﷺ) كە بڕوای پێ بێنن[2] موحەممەدی كوڕی حەنیفە وتی: خودانەناسانی قورەیش نەدەهاتن بۆلای پێغەمبەر (ﷺ) ڕێگریشیان دەكرد لە خەڵكی كە بێت بۆلای[3] قەتادەوزحاكو موجاهیدو كەسانی تریش هەروایان وتووە[4] پاشان خودای مەزن دەفەرموێت: ﴿وَإِن يُهْلِكُونَ إِلَّآ أَنفُسَهُمْ وَمَا يَشْعُرُونَ﴾ ئەوكەسانە بەبێ ئەوەی هەستی پێ بكەن هەر خۆیان لەوناودەبەن. واتە: ئابەم كردارە خراپانە كە دەیكەن خۆیان تووشی لەناوچوون دەكەنو ئاكامەكەی هەر بۆ خۆیان دەگەڕێتەوە بەڵام هەستی پێناكەن.

﴿وَلَوْ تَرَىٰٓ إِذْ وُقِفُوا۟ عَلَى ٱلنَّارِ فَقَالُوا۟ يَٰلَيْتَنَا نُرَدُّ وَلَا نُكَذِّبَ بِـَٔايَٰتِ رَبِّنَا وَنَكُونَ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿٢٧﴾ بَلْ بَدَا لَهُم مَّا كَانُوا۟ يُخْفُونَ مِن قَبْلُ ۖ وَلَوْ رُدُّوا۟ لَعَادُوا۟ لِمَا نُهُوا۟ عَنْهُ وَإِنَّهُمْ لَكَٰذِبُونَ ﴿٢٨﴾ وَقَالُوٓا۟ إِنْ هِىَ إِلَّا حَيَاتُنَا ٱلدُّنْيَا وَمَا نَحْنُ بِمَبْعُوثِينَ

---

[1] الانفال (٢٣).

[2] الطبری (٣١١/١١).

[3] الطبری (٣١١/١١).

[4] الطبری (٣١٢/١١).

٢٩ ﴿ وَلَوْ تَرَىٰٓ إِذْ وُقِفُوا۟ عَلَىٰ رَبِّهِمْ ۚ قَالَ أَلَيْسَ هَـٰذَا بِٱلْحَقِّ ۚ قَالُوا۟ بَلَىٰ وَرَبِّنَا ۚ قَالَ فَذُوقُوا۟ ٱلْعَذَابَ بِمَا كُنتُمْ تَكْفُرُونَ ٣٠ ﴾

كاتى بينينى سزا ئاوات خواستن هيچ سوديكى نيه

خـوداى مـەزن دەفـەرمووێت: ﴿وَلَوْ تَرَىٰٓ إِذْ وُقِفُوا۟ عَلَى ٱلنَّارِ﴾ ئەگـەر بيـانبينى كـە لەسـەر لێـوارى ئـاگر ڕاگیراون، خوداى گەورە باسى ژيانى خودانەناسان دەكات كە لە ڕۆژى قيامەتدا لـە كـەنارى جەهەننـەم ڕادەگيرێنو ئەو هەمووكۆتو زنجيرەى كـە لەناويـەتى لەگـەڵ ئـەو سـەختو ناڕەحەتيـەى كـە بەچاوى خۆيـان دەيبيـنن ئـا لەوكاتـەدا ﴿فَقَالُوا۟ يَـٰلَيْتَنَا نُرَدُّ وَلَا نُكَذِّبَ بِـَٔايَـٰتِ رَبِّنَا وَنَكُونَ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ﴾ دەڵـێن: خۆزگـە ديسان دەيانگێڕاينەوە، ئيتر بە نيشانەكانى پەروەردگارمان بڕوامان دەكردو ئێمەش لـەڕيزى بـڕواداران دەبـووين. واتـە: ئاواتـەخوازن كـە جـارێكى تـر بگەڕێنـەوە بـۆ ژيـانى دونياتـان كـردارى چـاك بكـەنو نيشانەكانى خودا بە درۆ نەزاننو بچنەڕيزى خاوەن باوەڕانەوە. خوداى مەزنيش دەفەرمووێت: ﴿بَلْ بَدَا لَهُم مَّا كَانُوا۟ يُخْفُونَ مِن قَبْلُ﴾ ڕاسـت ناكـەن، تـەنيا هـەر ئـەوەيان بـۆ ئاشـكرابوو كـە لەپێـشدا لـە دڵـدا شاردبوويانەوە. واتـە: تـەنيا لەوێدا هـەر ئـەوەيان بـۆ ئاشـكرابووە كـە لـە دڵيانـدا شـاردبووبانەوە لـە خودانەناسىو لاسارىو بىّ دينى، ئەوە لـە دونيـادا بێـت يـان لـە ڕۆژى دوايـى وەكويەكـە وەك خـوداى گـەورە كـەمێك لەمـەوپێش فـەرمووى: ﴿ثُمَّ لَمْ تَكُن فِتْنَتُهُمْ إِلَّآ أَن قَالُوا۟ وَٱللَّهِ رَبِّنَا مَا كُنَّا مُشْرِكِينَ ٢٣ ٱنظُرْ كَيْفَ كَذَبُوا۟ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ ۚ وَضَلَّ عَنْهُم مَّا كَانُوا۟ يَفْتَرُونَ﴾ پاشان هيچ بيانويەكيان بێجگە ئەوە كە بڵێن: سـوێند بە خـودا كـە پەروەردگارمانـە، ئێمـە هـەرگيز شـتێكمان نەكردووەتـە شـەريكى ئـەو، بڕوانـە چۆن درۆ بەرامبەر خۆشيان دەكەنن ئەوشتانەش كە ئەوان بەدرۆ دەيانوت: لەناوچوونو ون بـوون. هەڵدەگرێ ئەوانە ئەوەى كە لەناو دڵيان دەيانزانى دەركـەوتبێت لـە ڕاسـتى ئەوپەيامـەى كـە پێغەمبـەران بۆيـان هێنان لە دونيادا، با لە دونيادا وايان دەرخستبێت بۆ شوێنكەوتوەكانيان بە پێچەوانەى ئـەوەوە. وەك ئەم ئايەتـە كـە خـوداى گـەورە لـەبارەى مووسـاوە (سـەلامى خـوداى لێبێـت) كـە وتـى بـە فيرعـەون، دەفـەرمووێت: ﴿لَقَدْ عَلِمْتَ مَآ أَنزَلَ هَـٰٓؤُلَآءِ إِلَّا رَبُّ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ بَصَآئِرَ﴾[1] تـۆ خـۆت چـاك دەزانـى ئەم شتانە كەوا زەق لەبەرچاوتن هەر وەديهێنەرى ئاسمانەكانو زەمـين ناردوويەتيـەخوارەوە. خـوداى گەورە باسى فيرعەونو هۆزەكەى دەكاتو دەفەرمووێت: ﴿وَجَحَدُوا۟ بِهَا وَٱسْتَيْقَنَتْهَآ أَنفُسُهُمْ ظُلْمًا وَعُلُوًّا﴾[1]

---

[1] الاسراء (١٠٢).

وَعُلُوّاً﴾[1] هەرچەندە لە دڵی خۆیاندا هەموویان بەڕاست دەزانی بەڵام هەر بڕوایان بە نیشانەکانی نەکرد. بەڵام لەبارەی مانای (الاضراب)وە لەم ئایەتەدا کە خودای گەورە دەفەرموویت: ﴿بَلْ بَدَا لَهُم مَّا كَانُوا يُخْفُونَ مِن قَبْلُ﴾ ڕاست ناکەن، تەنیا هەر ئەوەیان بۆ ئاشکرابوو کە لەپێشدا لە دڵدا شاردبوویانەوە. چونکە ئەوانە دوای گەڕانەوەیان بۆ دونیا لەبەرئەوە نەکردووە کە حەزو ئارەزوویان لە بڕواهێنانە بەڵکو لەترسی ئەو سزایەیە کە بەچاوی خۆیان بینیویانە، لەتۆڵەی ئەو خودانەناسیەی کە بەردەوام بوون لەسەری، داوای گەڕانەوەیان دەکرد تا لەوئاگرەی کە بینیان ڕزگاریان ببێت. بۆیە خودای گەورە دەفەرموویت: ﴿وَلَوْ رُدُّوا لَعَادُوا لِمَا نُهُوا عَنْهُ وَإِنَّهُمْ لَكَاذِبُونَ﴾ ئەگەر بشگەڕاینەتەوە، ئەوکارانەی کە پێیان دەوترا مەیکەن، هەر دەیانکرد، ئەمانە هەر درۆزنن. لەوەی کە خۆزگەیان دەخواست بگەڕێنەوە تا باوەڕبێنن. وە لەوێشدا کە دەڵێن: ﴿يَا لَيْتَنَا نُرَدُّ وَلَا نُكَذِّبَ بِآيَاتِ رَبِّنَا وَنَكُونَ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ﴾ خۆزگە دیسان دەیانگێڕاینەوە، ئیتر بە نیشانەکانی پەروەردگارمان بڕوامان دەکردو ئێمەش لەڕیزی بڕواداران دەبووین. ﴿وَقَالُوا إِنْ هِيَ إِلَّا حَيَاتُنَا الدُّنْيَا وَمَا نَحْنُ بِمَبْعُوثِينَ﴾ وتیشیان: جگە لەم ژیانەی سەر دونیامان شتێکی ترنیەو ئێمە زیندوو نابینەوە. ئەگەر بشگەڕانایەوە ئەوەی پێیان دەوترا مەیکەن، هەر دەیانکرد دیسان دەیانوت: جگە لە ژیانەی دونیا نەبێت، هیچی ترنیە، جارێکی تر زیندووناکرێینەوە بۆیە دەیانوت: ﴿وَمَا نَحْنُ بِمَبْعُوثِينَ﴾ پاشان خودای گەورە دەفەرموویت: ﴿وَلَوْ تَرَىٰ إِذْ وُقِفُوا عَلَىٰ رَبِّهِمْ ۚ قَالَ أَلَيْسَ هَٰذَا بِالْحَقِّ﴾ ئەگەر بیانبینی لەوکاتەدا کە لەبەردەم پەروەردگاریان ڕاگیراون پێیان دەفەرموویت: ئایا ئەمەتان پێ ڕاست نەبوو؟ واتە: ئایا ئەم ڕۆژە قیامەتە بە ڕاست دەرنەچوو؟ ﴿قَالُوا بَلَىٰ وَرَبِّنَا﴾ دەڵێن: سوێند بە پەروەردگارمان زۆر ڕاستە. ﴿قَالَ فَذُوقُوا الْعَذَابَ بِمَا كُنتُمْ تَكْفُرُونَ﴾ دەفەرموویت: دەئازار بچێژن بۆ ئەو خودانەناسیەی دەتانکرد ﴿أَفَسِحْرٌ هَٰذَا أَمْ أَنتُمْ لَا تُبْصِرُونَ﴾[2] ئایا ئەمە جادووە یان کوێربوونەو نابینن؟

﴿قَدْ خَسِرَ الَّذِينَ كَذَّبُوا بِلِقَاءِ اللَّهِ ۖ حَتَّىٰ إِذَا جَاءَتْهُمُ السَّاعَةُ بَغْتَةً قَالُوا يَا حَسْرَتَنَا عَلَىٰ مَا فَرَّطْنَا فِيهَا وَهُمْ يَحْمِلُونَ أَوْزَارَهُمْ عَلَىٰ ظُهُورِهِمْ ۚ أَلَا سَاءَ مَا يَزِرُونَ ﴿٣١﴾ وَمَا الْحَيَاةُ الدُّنْيَا إِلَّا لَعِبٌ وَلَهْوٌ ۖ وَلَلدَّارُ الْآخِرَةُ خَيْرٌ لِّلَّذِينَ يَتَّقُونَ ۗ أَفَلَا تَعْقِلُونَ ﴿٣٢﴾﴾

---

[1] النحل (١٤).

[2] الطور (١٥).

خودای مەزن دەفەرموێت: ﴿قَدۡ خَسِرَ ٱلَّذِينَ كَذَّبُواْ بِلِقَآءِ ٱللَّهِ﴾ ئەوکەسانەی تووشی زیان بوون کە باوەڕیان نەدەکرد، دێنەبەر بارەگای خودا. خودای گەورە باسی زەرەرمەندی ئەوکەسانە دەکات کە بڕوایان نەبووەو دێنەبەر بارەگای خوداو داخو خەفەت هەڵدەڕێژن کاتێك کە ڕۆژی قیامەت لەناکاو دێت بەسەریانداو پەشیمانی خۆیان دەردەبڕن لە ڕۆچوونیان لەسەر ئەوکارە خراپو ناشیرینانەی کە کردوویانە لە دونیادا، بۆیە خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءَتۡهُمُ ٱلسَّاعَةُ بَغۡتَةٗ قَالُواْ يَٰحَسۡرَتَنَا عَلَىٰ مَا فَرَّطۡنَا فِيهَا﴾ تا ئەوکاتەی لەپڕ قیامەتیان بەسەردا دێتدەڵێن: ئاخو داخ ئێمە چەند کەمتەرخەمیمان کرد لە دونیادا، ئەوانە تاوانەکانیان هەڵدەگرن بە کۆڵیانەوەیە، ئەو زەمیرە (الضمیر) هەڵدەگرێ بگەڕێتەوە بۆ ژیانی دونیا، یان بۆ کردارەکان، یان بۆ ڕۆژی دوایی. واتە: کارەساتی ڕۆژی دوایی. ﴿أَلَا سَآءَ مَا يَزِرُونَ﴾ سا بزانە چەند بارەکەیان گرانو نالەبارە. ئەسبات وتی: سوددی وتی: هیچ پیاوێکی ستەمکار نیە کە چووە گۆڕەکەی مەگین پیاوێکی دەموچاو ناشیرینی ڕەش هەڵگەڕاوی بۆن پیس دێتەلای، جلو بەرگێکی پۆخڵو پیسی لەبەردایە لەگەڵیدا دەچێتەناو گۆڕەکەی، کاتێك کە بینی، دەڵێت: چەند دەمو چاوت ناشیرینە! (ئەویش) دەڵێ: هەر بەوشێوەیە کردارەکانت ناشیرین بوو. دەڵێت: چەند بۆنت پیسە! دەڵێت: هەر بەوشێوەیە کردارەکانت بۆنی پیس بوو. دەڵێت: چەند جلوبەگەکەت پیسە! دەڵێت: هەر بەوشێوەیە کردارەکانت پیس بوو. پێی دەڵێت: تۆ کێی؟ دەڵێت: کردارەکانت. وتی: لەناو گۆڕەکەیدا لەگەڵ دەبێت، کاتێك ڕۆژی قیامەت زیندووکرایەوە پێی دەڵێت: من لە ژیانی دونیادا بە ئارەزو ڕابواردن هەڵم دەگرتی، تۆش ئەمڕۆ من هەڵدەگریت. وتی: سواری پشتی دەبێت دەیبات هەتا دەیخاتەناو ئاگر. خودای گەورەش دەفەرموێت: ﴿وَهُمۡ يَحۡمِلُونَ أَوۡزَارَهُمۡ عَلَىٰ ظُهُورِهِمۡۚ أَلَا سَآءَ مَا يَزِرُونَ﴾[1] خودای مەزن دەفەرموێت: ﴿وَمَا ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَآ إِلَّا لَعِبٞ وَلَهۡوٞۖ وَلَلدَّارُ ٱلۡأٓخِرَةُ خَيۡرٞ لِّلَّذِينَ يَتَّقُونَۚ أَفَلَا تَعۡقِلُونَ﴾ ژیانی دونیا جگە لە گاڵتەوگەپ شتێکی تر نیەومالی ئەولا بۆ ئەوانەی لەخوداترسو خۆپارێزن زۆر چاکترە. دەی بۆچی دەبێت تێنگەن؟

﴿قَدۡ نَعۡلَمُ إِنَّهُۥ لَيَحۡزُنُكَ ٱلَّذِي يَقُولُونَۖ فَإِنَّهُمۡ لَا يُكَذِّبُونَكَ وَلَٰكِنَّ ٱلظَّٰلِمِينَ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ يَجۡحَدُونَ ﴿٣٣﴾ وَلَقَدۡ كُذِّبَتۡ رُسُلٞ مِّن قَبۡلِكَ فَصَبَرُواْ عَلَىٰ مَا كُذِّبُواْ وَأُوذُواْ حَتَّىٰٓ أَتَىٰهُمۡ نَصۡرُنَاۚ وَلَا مُبَدِّلَ لِكَلِمَٰتِ ٱللَّهِۚ وَلَقَدۡ جَآءَكَ مِن نَّبَإِيْ ٱلۡمُرۡسَلِينَ ﴿٣٤﴾ وَإِن كَانَ كَبُرَ عَلَيۡكَ إِعۡرَاضُهُمۡ فَإِنِ ٱسۡتَطَعۡتَ أَن تَبۡتَغِيَ نَفَقٗا فِي ٱلۡأَرۡضِ أَوۡ سُلَّمٗا فِي

[1] الطبری (٣٢٨/١١).

ٱلسَّمَآءِ فَتَأْتِيَهُم بِـَٔايَةٍ وَلَوْ شَآءَ ٱللَّهُ لَجَمَعَهُمْ عَلَى ٱلْهُدَىٰ فَلَا تَكُونَنَّ مِنَ ٱلْجَٰهِلِينَ ﴿٣٥﴾ ﴿ إِنَّمَا يَسْتَجِيبُ ٱلَّذِينَ يَسْمَعُونَ وَٱلْمَوْتَىٰ يَبْعَثُهُمُ ٱللَّهُ ثُمَّ إِلَيْهِ يُرْجَعُونَ ﴿٣٦﴾ ﴾

دڵنەوایی کردنی پێغەمبەر (ﷺ)

خودای مەزن دڵنەوایی لە پێغەمبەرەکەی (ﷺ) دەکات لەسەر بڕوانەکردنی هۆزەکەی‌و دژایەتی کردنی‌و دەفەرموێت: ﴿قَدْ نَعْلَمُ إِنَّهُۥ لَيَحْزُنُكَ ٱلَّذِى يَقُولُونَ﴾ ئێمە دەزانین ئەوقسانەی ئەوانە دەیکەن دەبێتەهۆی دڵتەنگیت. واتە: زۆر چاك ئاگادارین کە ئەوانە بڕوات پێناکەن. تۆش زۆر دلگرانی‌و ئاخیان بۆ هەڵدەکێشیت، ئەم ئایەتە وەك ئەوئایەتانە وایە کە خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَلَا تَذْهَبْ نَفْسُكَ عَلَيْهِمْ حَسَرَٰتٍ﴾[1] تۆ لەداخی ئەوان (ئەی موحەممەد(ﷺ)) خۆت لەناومەبە. وە لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێت: ﴿لَعَلَّكَ بَٰخِعٌ نَّفْسَكَ أَلَّا يَكُونُوا۟ مُؤْمِنِينَ﴾[2] وەختە بەو خەمە خۆت لەناوبەریت. وە دەفەرموێت: ﴿فَلَعَلَّكَ بَٰخِعٌ نَّفْسَكَ عَلَىٰٓ ءَاثَٰرِهِمْ إِن لَّمْ يُؤْمِنُوا۟ بِهَٰذَا ٱلْحَدِيثِ أَسَفًا﴾[3] ڕەنگە تۆ بۆ ئەوکەسانەی بڕوا بەم کتێبە ناکەن، خەمی وا بخۆیت خۆت لەناوبەریت. پاشان خودای گەورە لێرەدا دەفەرموێت: ﴿فَإِنَّهُمْ لَا يُكَذِّبُونَكَ وَلَٰكِنَّ ٱلظَّٰلِمِينَ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ يَجْحَدُونَ﴾ خۆ ئەوانە تۆ بەدرۆناخەنەوە، لەڕاستیدا ئەو ستەمکارانە ئینکاری نیشانەکانی خودا دەکەن، بە هەموو شێوەیەك بەرەنگاری دەبنەوە. موحەممەدی کوڕی ئیسحاق بەسەرهاتێکی گێڕاوەتەوە لە زەهریەوە وتی: کاتێك ئەبو جەهل چوو گوێ بگرێت لە (قورئان) خوێندنی پێغەمبەر (ﷺ) خۆی‌و ئەبوسوفیان سەخری کوڕی حەرب‌و ئەخنەسی کوڕی شەریق، هیچ کەسیان ئاگای لەوەی تریان نەبوو، هەتا بەیانی گوێیان لێ گرتووە هەتا بەرەبەیان ئەوسا هەڵساون‌و ڕۆیشتوون‌و لەڕێگەدا گەیشتوون بەیەك، هەریەکەیان لەوی پرسیووە چی تۆی هێناوە؟ هەرکەسەو باسی ئەوەی کردووە کە چی هێناویەتی، پاشان بەڵێنیان بە یەکتری داوە کە جارێکی تر نەیەنەوە، لەترسی ئەوەی نەوەکو لاوەکانی قورەیش پێیان بزانن. بە هاتنی ئەوان سەریان لێ بشێوێت. لە شەوی دووەمدا هەرسێکیان دێنەوە، هەریەکەیان وایدەزانی دووهاوەڵەکەی نەهاتوون لەبەر ئەو بەڵێنەی لەپێشدا دابوویان، کاتێك کە ڕۆژیان لێ بووەوە لە ڕێگادا بەیەك گەیشتن، سەرزەنشتی خۆیان کردو پاشان بەڵێنیان دا کە نەیەنەوە. لە شەوی سێهەمدا دیسان هاتنەوە کاتێك کە بەیانی گەڕانەوە بەڵێنیان دا کە جارێکی تر شتی وا دووبارە

---

[1] فاطر (٨).

[2] الشعراء (٣).

[3] الكهف (٦).

نەکەنەوە، پاشان لە یەکتری جیابوونەوە. ئەو بەیانیە ئەخنەسی کوڕی شەریق گۆچانەکەی هەڵگرتو پاشان چوو بۆلای ئەبوسوفیان لە ماڵەوە، پێی وت: ئەبو حەنزەلە (حنضلة) تۆ ڕات چیە لەوەی کە بیستووتە لە موحەممەد؟ وتی: ئەبو سەعلەبە، سوێند بە خودا شتی وام لیٚ بیستووە دەزانمو دەشزانم مەبەست چیە پێی، شتی واشم گویٚ لیٚ بووە ماناکەی نازانمو نازانم مەبەست چیە پێی. ئەخنەس وتی: سوێند بەوەی تۆ سوێندت پیٚ خوارد منیش هەروام. پاشان لەلای هەستاو ڕۆیشت بۆلای ئەبوجەهل. چووەلای لە ماڵەوە وتی: ئەبوحەکەم ڕات چیە لەوەی کە بیستووتە لە موحەممەد؟ وتی: چیم بیستووە؟ وتی: ئێمەو نەوەی ڕکەبەریمان بووە لەسەر ڕێزو شانازی بەخۆکردنەوە، ئەوان دەیانبەخشیو ئێمەش دەمانبەخشی، ئەوان تووشی نارەحەتی هاتوونو ئێمەش هەر تووشی هاتووین، ئەوان خواردنیان داوە بە خەڵك و ئێمەش خواردنمان داوە بە خەڵك هەتا کاتێك بە ئەژنۆدا کەوتین هەر پێش پێشێنمان کردووە لەسەر ئەوشتانەی کە جێی ڕێزلێنان بووە، (ئێستاش) دەڵێن: ئێمە پێغەمبەرمان هەیە لە ئاسمانەوە نیگای بۆدێت، کەی ئێمە بەمە دەگەین؟ واتە: ئێمە ناتوانین ئەمە بەدەست بێنین، سوێند بەخودا هەرگیز بڕوای پیٚ ناکەینو بە ڕاستی دانانێینو نایسەلمێنیت. وتی: ئەخنەس لەلای هەستاو بەجێی هێشت[1] پاشان خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَلَقَدْ كُذِّبَتْ رُسُلٌ مِّن قَبْلِكَ فَصَبَرُوا عَلَىٰ مَا كُذِّبُوا وَأُوذُوا حَتَّىٰ أَتَاهُمْ نَصْرُنَا﴾ زۆر لە پێغەمبەرانی پێش تۆ (هەروەك ئێستەی تۆ) بە درۆزن ژمێردرانو وێڕای بڕوا پیٚ نەکرانو ئازاردانیشی هەر خۆڕاگر مانەوە. هەتا یارمەتی ئێمەیان پیٚ گەیشت. ئەمە دڵدانەوەو سەرلێخۆش کردنێك بوو لەسەر ئەو بڕوانەهێنانەی گەلەکەیو فەرمان پیٚ کردنی بە خۆڕاگری وەك چۆن پێغەمبەرە لێبراوە نەبەزەکان(أولوالعزم) خۆیان ڕاگرت بەڵێنی سەرکەوتنیشی بەمە داوەك ئەوانی سەرسەختو زاڵی کردنو پاشەڕۆژیش هەر بۆ ئەوان بوو دوای بڕوانەهێنانو تووش هاتنی ئەو هەموو ئازارو ئەشکەنجە زۆرە، لە دونیا یارمەتی درانو لە ڕۆژی قیامەتیشدا سەرکەوتن هەر بۆ ئەوانە. بۆیە دەفەرمووێت: ﴿وَلَا مُبَدِّلَ لِكَلِمَاتِ اللَّهِ﴾ بەڵێنی خوداش بە هیچ کەسێك ناگۆڕێت چونکە خۆی بەڵێنی سەرکەوتنی داوە بە عەبدە خاوەن باوەڕەکانی لە دونیاو لە قیامەتدا. وەك دەفەرمووێت: ﴿وَلَقَدْ سَبَقَتْ كَلِمَتُنَا لِعِبَادِنَا الْمُرْسَلِينَ ﴿١٧١﴾ إِنَّهُمْ لَهُمُ الْمَنصُورُونَ ﴿١٧٢﴾ وَإِنَّ جُندَنَا لَهُمُ الْغَالِبُونَ﴾[2] بێگومان پێشتر بەڵێنمان دا بە عەبدە ڕەوانەکراوەکانمان، کە هەر ئەوان یارمەتی دەدرێن. دیاریشە هەر سوپای ئێمە سەردەکەوێت. وە دەفەرمووێت: ﴿كَتَبَ اللَّهُ لَأَغْلِبَنَّ أَنَا وَرُسُلِي إِنَّ اللَّهَ

---

[1] ابن هیشام (١/٣٣٧) فەرموودەیەکی مورسەلە.

[2] الصافات (١٧١- ١٧٣).

قَوِيٌّ عَزِيزٌ ﴾[1] خـودا خـۆی بڕیـاری داوە: بێگومـان مـن‌و پێغەمبـەرەکانم خـودا (خـاوەن) توانـای بـە دەسـتـەڵاتـە. لێـرەدا دەفـەرمووێت: ﴿وَلَقَدْ جَآءَكَ مِن نَّبَإِى ٱلْمُرْسَلِينَ﴾ دیـارە تـۆ دەنـگ‌و باسـی پێغەمبەرانت زانیوە، کە چۆن یارمەتی دران‌و سەرکەوتن بەسەر ئەوانـەی کـە لـە هۆزەکەیانـدا بڕوایـان پێ نەدەکرد، تۆش چاو لەوانەبکەو بەڕێگەکەی ئەواندا بڕۆ. پاشان خودای مەزن دەفـەرمووێت: ﴿وَإِن كَانَ كَبُرَ عَلَيْكَ إِعْرَاضُهُمْ﴾ ئەگەر تۆ بەلاتەوە گرانە کە بە دەنگتەوە نەهاتوون ﴿فَإِنِ ٱسْتَطَعْتَ أَن تَبْتَغِىَ نَفَقًا فِى ٱلْأَرْضِ أَوْ سُلَّمًا فِى ٱلسَّمَآءِ﴾ سا ئەگەر لەتونایدایە تونێلێك لەم زەمینەدا هەڵکۆڵێت یان پەیژێك کە پێیدا سەرکەوێت بۆ ئاسمـان. عـەلی کـوڕی ئەبوتـەلحـە لـە ئیبنـو عەبباسـەوە وتـی: (النفق) واتـە: تونێـلێ، بەوتونێڵەیـددا بـڕۆی ﴿فَتَأْتِيَهُم بِـَٔايَةٍ﴾ بەڵگەیـەك بـۆ ئەمانـە بـێنی یـان ئەگـەر لەتواناتدایـە پەیژەیەك بێنیت سەرکەویت پێیدا بەڵگەیەکیان بۆ بێنیت لەم بەڵگەی من چاکتربێت کە من بۆم هێناون بۆیان بێنە[2] قەتادەو سوددیو کەسانی تریش هە ر وایان وتووە[3] خودای مەزن دەفەرمووێت: ﴿وَلَوْ شَآءَ ٱللَّهُ لَجَمَعَهُمْ عَلَى ٱلْهُدَىٰ ۚ فَلَا تَكُونَنَّ مِنَ ٱلْجَٰهِلِينَ﴾ ئەگەر خودا مەیلی لێ بووایە، هـەموویانی شـارەزای ڕاستەڕێ دەکرد، ئیتر نابێت تۆ لەڕیزی نەزانان بیت. ئەم ئایەتە وەك ئەو ئایەتە وایە کە خودای گەورە دەفـەرمووێت: ﴿وَلَوْ شَآءَ رَبُّكَ لَـَٔامَنَ مَن فِى ٱلْأَرْضِ كُلُّهُمْ جَمِيعًا﴾[4] ئەگـەر خـودا مـەیلی لـێ بووایـە، هەرچی لەم زەمینەدایە تێکڕا باوەڕیان دەهێنـا. عـەلی کـوڕی ئەبوتـەلحـە لـە ئیبنـو عەبباسـەوە لـەم ئایەتـەدا ﴿وَلَوْ شَآءَ ٱللَّهُ لَجَمَعَهُمْ عَلَى ٱلْهُدَىٰ﴾ وتـی: پێغەمبـەری خـودا (ﷺ) زۆر بەتەنگـەوەبوو کـە هەموو خەڵکی بڕوابێنن‌و شوێنی بکەون لەسەر ڕاستەڕێ بڕۆن. خودای گەورەش ئاگاداری کردووە، کە جگە لەوانەی کە خودا لەپێشدا لە کتێبی یەکەمدا بـە بەختـەوەر باسـی کـردووە، باوەڕنـاهێنن.[5] ﴿إِنَّمَا يَسْتَجِيبُ ٱلَّذِينَ يَسْمَعُونَ﴾ هەر ئەوانە گوێت لـێ دەگـرن کـە دەبیسـتن. واتـە: بێگومـان ئەوانـە گـوێ بـۆ بانگەوازەکەت دەگرن. وەك لەم ئایەتـەی تـردا کـە خـودای مـەزن دەفـەرمووێت: ﴿لِّيُنذِرَ مَن كَانَ حَيًّا

---

[1] المجادلة (٢١).

[2] الطبري (١١/٣٣٨).

[3] الطبري (١١/٣٣٨).

[4] يونس (٩٩).

[5] الطبري (١١/٣٤٠).

وَيَحِقَّ ٱلۡقَوۡلُ عَلَى ٱلۡكَٰفِرِينَ ﴾[1] ئەوانەی بەدڵ زیندوون لە خودایان بترسێنێتو قسەی خودا دەربارەی خودانەناسان بەجێ بگات. وە دەفەرموێت: ﴿وَٱلۡمَوۡتَىٰ يَبۡعَثُهُمُ ٱللَّهُ ثُمَّ إِلَيۡهِ يُرۡجَعُونَ﴾ مردووەکانیش خودا زیندوویان دەکاتەوەو پاشان بۆلای خۆی دەگەڕێتەوە. مەبەست پێی خودانەناسانە چونکە ئەوانە دڵیان مردووە، بۆیە خودا وەك لاشەی مردوو ناوی هێناون. خودای مەزن کە دەفەرموێت: ﴿وَٱلۡمَوۡتَىٰ يَبۡعَثُهُمُ ٱللَّهُ ثُمَّ إِلَيۡهِ يُرۡجَعُونَ﴾ ئەمە لەشێوەی گاڵتەو سوکایەتی پێکردنو بەسەردا خوڕینە.

﴿وَقَالُواْ لَوۡلَا نُزِّلَ عَلَيۡهِ ءَايَةٞ مِّن رَّبِّهِۦۚ قُلۡ إِنَّ ٱللَّهَ قَادِرٌ عَلَىٰٓ أَن يُنَزِّلَ ءَايَةٗ وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَهُمۡ لَا يَعۡلَمُونَ ﴿٣٧﴾ وَمَا مِن دَآبَّةٖ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَلَا طَٰٓئِرٖ يَطِيرُ بِجَنَاحَيۡهِ إِلَّآ أُمَمٌ أَمۡثَالُكُمۚ مَّا فَرَّطۡنَا فِي ٱلۡكِتَٰبِ مِن شَيۡءٖۚ ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّهِمۡ يُحۡشَرُونَ ﴿٣٨﴾ وَٱلَّذِينَ كَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِنَا صُمّٞ وَبُكۡمٞ فِي ٱلظُّلُمَٰتِۗ مَن يَشَإِ ٱللَّهُ يُضۡلِلۡهُ وَمَن يَشَأۡ يَجۡعَلۡهُ عَلَىٰ صِرَٰطٖ مُّسۡتَقِيمٖ ﴿٣٩﴾﴾

بت پەرستان داوای نیشانە دەکەن

خودای مەزن دەفەرموێت: ﴿وَقَالُواْ لَوۡلَا نُزِّلَ عَلَيۡهِ ءَايَةٞ مِّن رَّبِّهِۦ﴾ دەڵێن: بۆچی نیشانەیەکی لەیەن پەروزەرندەیەوە بۆ نەهاتووەتەخوارەوە. واتە: شتێکی دەرئاسا (غەیرە سروشتی) بەوشێوەیەی ئەوان دەیانەوێت داوای دەکەن وەك خودای مەزن دەفەرموێت: ﴿ وَقَالُواْ لَن نُّؤۡمِنَ لَكَ حَتَّىٰ تَفۡجُرَ لَنَا مِنَ ٱلۡأَرۡضِ يَنۢبُوعًا ﴾[2] وتیان: بڕوات پێ ناهێنین تا لەم زەمینەدا کانیەکمان بۆ هەڵدەقوڵێنیت ﴿قُلۡ إِنَّ ٱللَّهَ قَادِرٌ عَلَىٰٓ أَن يُنَزِّلَ ءَايَةٗ وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَهُمۡ لَا يَعۡلَمُونَ﴾ بڵێ: خودا توانای هەیە هەر نیشانەیەك (خودا مەیلی لێبێت) بینێرێت، بەڵام ئەوانە زۆربەیان نەزانن. واتە: هەر خودا خۆی توانای هەیە، بەڵام لەکارزانی خودا خۆیەتی ئەو شتە دوادەخات، ئەگەر ئەو نیشانانە بنێرێت بەپێ داوای خەڵك دوای ئەوەی کە بڕوانەهێنن، زۆر سزایان دەدات، وەك چۆن سزای گەلەپێشووەکانیدا. وەك خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمَا مَنَعَنَآ أَن نُّرۡسِلَ بِٱلۡأٓيَٰتِ إِلَّآ أَن كَذَّبَ بِهَا ٱلۡأَوَّلُونَۚ وَءَاتَيۡنَا ثَمُودَ ٱلنَّاقَةَ مُبۡصِرَةٗ فَظَلَمُواْ بِهَاۚ وَمَا نُرۡسِلُ بِٱلۡأٓيَٰتِ إِلَّا تَخۡوِيفٗا﴾[3] ئێمە کە نیشانەکانمان نەدەنارد، هەر بۆ ئەوەبوو پێشینەکان بە درۆیان دەزانی. وشتریشمان بە ئاشکرا دا بە سەموود، کەچی ناهەقیان لەگەڵ کرد،

[1] یس (٧٠).
[2] الاسراء (٩٠).
[3] الاسراء (٥٩).

ئێمە هەر بۆ ترس وەبەرنان نیشانەکان دەنێرین. وە دەفەرمووێت: ﴿إِن نَّشَأْ نُنَزِّلْ عَلَيْهِم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ ءَايَةً فَظَلَّتْ أَعْنَـٰقُهُمْ لَهَا خَـٰضِعِينَ﴾[1] ئەگەر ئێمە مەیلمان لێبێت نیشانەیەکیان لە ئاسمانەوە بۆ دەنێرین کە ملیان لەبەری کەچ بکەن.

مەبەست بە ئوممەت چیە

خودای مەزن دەفەرمووێت: ﴿وَمَا مِن دَآبَّةٍ فِى ٱلْأَرْضِ وَلَا طَـٰٓئِرٍ يَطِيرُ بِجَنَاحَيْهِ إِلَّآ أُمَمٌ أَمْثَالُكُم﴾ هەر زیندەوەرێك لە زەویدا دەگەڕێت و هەر مەلێك بەباڵ دەفڕێت هەموویان کۆمەڵانێکی وەك ئێوەن. موجاهید وتی: ﴿أُمَمٌ أَمْثَالُكُم﴾ واتە: کۆمەڵێکن وەك ئێوە، هەر کۆمەڵەو بەناوی خۆی ناسراوە[2] قەتادە وتی: مرۆڤ کۆمەڵێکن، جنۆکە کۆمەڵێکن[3] سوددی وتی: ﴿إِلَّآ أُمَمٌ أَمْثَالُكُم﴾ واتە: دروستکراوێکی وەك ئێوە[4] ﴿مَّا فَرَّطْنَا فِى ٱلْكِتَـٰبِ مِن شَىْءٍ﴾ ئێمە لەناو ئەم کتێبەدا هیچ شتێکمان لەبیرنەچووە. واتە: هەمووزانیاریەکەیان لەلای خودایە، هیچێك لەو کۆمەڵانەی لەبیرناچێت لە ڕۆزی و بەڕێوەبردنیان لە زەوی یان لە دەریادا وەك یەك ئاگای لێیانە وەگ دەفەرمووێت: ﴿وَمَا مِن دَآبَّةٍ فِى ٱلْأَرْضِ إِلَّا عَلَى ٱللَّهِ رِزْقُهَا وَيَعْلَمُ مُسْتَقَرَّهَا وَمُسْتَوْدَعَهَا ۚ كُلٌّ فِى كِتَـٰبٍ مُّبِينٍ﴾[5] لەم زەمینە هەرشتێك دەجولێتەوە گشتی ڕۆزی لەسەر خودایە، دەزانێت بنکەی لەکوێیەو لە کێدا خۆی حەشارداوە. هەمووی لە نوسراوی دیاریدایە (اللوح المحفوظ). واتە: ناوەکانیان و ژمارەیان و جیّ و شوێنیانی دیاری کردووە، ئاگای لە جوڵەجوڵ و جیّ و شوێنیانە. وە لە ئایەتێکی تردا خودای مەزن دەفەرمووێت: ﴿وَكَأَيِّن مِّن دَآبَّةٍ لَّا تَحْمِلُ رِزْقَهَا ٱللَّهُ يَرْزُقُهَا وَإِيَّاكُمْ ۚ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْعَلِيمُ﴾[6] زۆر گیانلەبەر هەن ڕۆزی بۆ خۆیان هەڵناگرن، خودا بەوان و بە ئێوەش ڕۆزی دەدات هەر ئەوە بیسەرو زانایە. پاشان لێرەدا دەفەرمووێت: ﴿ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّهِمْ يُحْشَرُونَ﴾ لە ڕۆژی قیامەتدا ئەمانە گشتی لەلای پەروەردگاری خۆیان کۆدەکرێنەوە. ئیبنوئەبی حاتەم ڕیوایەتی کردووە لە ئیبنو عەبباسەوە لەم ئایەتەدا ﴿ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّهِمْ يُحْشَرُونَ﴾ وتی: (حشر)

---

[1] الشعراء (٤).

[2] الطبري (١١/٣٤٥).

[3] الطبري (١١/٣٤٥).

[4] الطبري (١١/٣٤٥).

[5] هود (٦).

[6] العنكبوت (٦٠).

واتە: مردن وتراویشە: (حشرها) واتـە: ڕۆژی زیندووکردنـەوەی کە ڕۆژی قیامەتـە. وەك خـودای مـەزن دەفـەرموویێت: ﴿وَإِذَا ٱلْوُحُوشُ حُشِرَتْ﴾[1] هـەرکاتێك گیانلەبـەرانی کێـوی کۆکرانـەوە. عەبـدوڕەزاق ڕیوایەتی کردووە لـە ئـەبوهورەیرەوە لـەم ئایەتـەدا ﴿إِلَّآ أُمَمٌ أَمْثَالُكُم مَّا فَرَّطْنَا فِى ٱلْكِتَٰبِ مِن شَىْءٍ ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّهِمْ يُحْشَرُونَ﴾ وتی: خەڵکی هەموو کۆدەکرێنەوە لە ڕۆژی قیامەتـدا زینـدەوەرو ئـەوەی دەڕوات بـە زەویـداو باڵـدارو گـشت شـتێك کۆدەکرێنـەوە، دادپـەروەری خـودا لـەوڕۆژەدا بـەو ئەندازەیـە، هـەقی گیانلەبەری شاخدار بەسەر کوڵەوە (بێ شاخەوە) ناهێڵێتو پاشان دەفەرموویێت: ببنەوە بـە خـۆڵ. ئـا لەوڕۆژەدا خودانەناس دەڵێت: ﴿يَٰلَيْتَنِى كُنتُ تُرَٰبًۢا﴾[2] ئای خۆزگە گڵ بوومایە[3].

خودانەناس کەڕو لاڵەو لە تاریکیدا خوول دەخوات

خـــودای مـــەزن دەفـــەرموویێت: ﴿وَٱلَّذِينَ كَذَّبُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَا صُمٌّ وَبُكْمٌ فِى ٱلظُّلُمَٰتِ﴾ ئەوکەســانەی نیشانەکانی ئێمەیان بەدرۆزانی، کەڕو لاڵنو لـە تاریکیـدا خـوول دەخـۆن. واتـە: وێنـەیان لـە نـەفامیو نەزانیو بێ ئاوەزیدا وەك کەڕێك وایە کە هیچ نەبیستێتو لاڵێك کە هیچ قسەنەکات لەگەڵ ئەوەشـدا لـە تاریکستانێکدابێت هیچ نەبینێت. ئەمە چۆن ڕاستەڕێ دەگرێتەبەر یان ئـەوەی کـە تێـی کـەوتووە لێـی دێتـەدەر وەك خـودای گـەورە دەفـەرموویێت: ﴿مَثَلُهُمْ كَمَثَلِ ٱلَّذِى ٱسْتَوْقَدَ نَارًا فَلَمَّآ أَضَآءَتْ مَا حَوْلَهُۥ ذَهَبَ ٱللَّهُ بِنُورِهِمْ وَتَرَكَهُمْ فِى ظُلُمَٰتٍ لَّا يُبْصِرُونَ ﴿١٧﴾ صُمٌّۢ بُكْمٌ عُمْىٌ فَهُمْ لَا يَرْجِعُونَ﴾[4] ئەمانـــە بەوێنـــەی کەسانێك چوون، کە خەریکی هەڵکردنی ئاگرێك بوون، هەر کە ڕۆشنایی ئاگر دەوروبەری ڕۆشـن کـردن، خودا ڕووناکیەکەی بردنو لە تاریکاییەکی وادا وێڵی کردن هیچ ڕووناکیەکیان نەدەبینی، کەڕن، کوێرن، لاڵن، ناتوانن بگەڕێنەوە. وە لە ئایەتێکی تریشدا دەفەرموویێت: ﴿أَوْ كَظُلُمَٰتٍ فِى بَحْرٍ لُّجِّىٍّ يَغْشَىٰهُ مَوْجٌ مِّن فَوْقِهِۦ مَوْجٌ مِّن فَوْقِهِۦ سَحَابٌ ظُلُمَٰتٌۢ بَعْضُهَا فَوْقَ بَعْضٍ إِذَآ أَخْرَجَ يَدَهُۥ لَمْ يَكَدْ يَرَىٰهَا وَمَن لَّمْ يَجْعَلِ ٱللَّهُ لَهُۥ نُورًا فَمَا لَهُۥ مِن نُّورٍ﴾[5] یان وەك لە تاریکستانێك لە زەریایەکی بێ پەیدا شەپۆل لەسەر شەپۆل دایپۆشـێت لەلای ژوورشی هەوربێت، تاریکایی لەسەر تاریکـایی هـەرکاتێك دەسـتی خـۆی دەرخـات لەوانەیـە هـەر

[1] التكوير (٥).
[2] النبأ (٤٠).
[3] الطبري (١١/٣٤٧).
[4] البقرة (١٧– ١٨).
[5] النور (٤٠).

نەیبینێت، هەرکەسێك خودا ڕووناکی نیشان نەدات هیچ ڕووناکیەکی دەست ناکەوێت. هەربۆیە خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿مَن يَشَإِ ٱللَّهُ يُضْلِلْهُ وَمَن يَشَأْ يَجْعَلْهُ عَلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ﴾ کەسێك خودا بیەوێت گومڕای بکات دەیکاتو کەسێکیش بیوێت بیخاتەسەر ڕاستەڕێ دەیخات. بە مەیلی خۆی هەرچی خۆی بیەوێت دەیکاتو کاروباری دروستکراوەکانی لەژێردەستی خۆیدایە.

﴿قُلْ أَرَءَيْتَكُمْ إِنْ أَتَىٰكُمْ عَذَابُ ٱللَّهِ أَوْ أَتَتْكُمُ ٱلسَّاعَةُ أَغَيْرَ ٱللَّهِ تَدْعُونَ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ ﴿٤٠﴾ بَلْ إِيَّاهُ تَدْعُونَ
فَيَكْشِفُ مَا تَدْعُونَ إِلَيْهِ إِن شَآءَ وَتَنسَوْنَ مَا تُشْرِكُونَ ﴿٤١﴾ وَلَقَدْ أَرْسَلْنَآ إِلَىٰٓ أُمَمٍ مِّن قَبْلِكَ فَأَخَذْنَٰهُم بِٱلْبَأْسَآءِ
وَٱلضَّرَّآءِ لَعَلَّهُمْ يَتَضَرَّعُونَ ﴿٤٢﴾ فَلَوْلَآ إِذْ جَآءَهُم بَأْسُنَا تَضَرَّعُوا۟ وَلَٰكِن قَسَتْ قُلُوبُهُمْ وَزَيَّنَ لَهُمُ ٱلشَّيْطَٰنُ مَا
كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿٤٣﴾ فَلَمَّا نَسُوا۟ مَا ذُكِّرُوا۟ بِهِۦ فَتَحْنَا عَلَيْهِمْ أَبْوَٰبَ كُلِّ شَىْءٍ حَتَّىٰٓ إِذَا فَرِحُوا۟ بِمَآ
أُوتُوٓا۟ أَخَذْنَٰهُم بَغْتَةً فَإِذَا هُم مُّبْلِسُونَ ﴿٤٤﴾ فَقُطِعَ دَابِرُ ٱلْقَوْمِ ٱلَّذِينَ ظَلَمُوا۟ وَٱلْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٤٥﴾﴾

بەڵگەهێنانەوە لەسەر بت پەرستان کە لەکاتی سزادا تەنیا داوا لە خودا دەکەن

خودای مەزن دەفەرمووێت: ﴿قُلْ أَرَءَيْتَكُمْ إِنْ أَتَىٰكُمْ عَذَابُ ٱللَّهِ أَوْ أَتَتْكُمُ ٱلسَّاعَةُ أَغَيْرَ ٱللَّهِ تَدْعُونَ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ﴾ بڵێ: ئەگەر خودا بەڵایەکتان بۆ بنێرێت یان ڕۆژی قیامەتتان بەسەردا بێنێت ئایا ئەوکاتە جگە لەخودا ماناتان بۆکەسی تر دەبەن؟ ئەگەر ئێوە ڕاستگۆن (ڕاستی بڵێن) خودای گەورە باسی ئەوە دەکات کە هەر خۆی ئارەزووی لە هەرشتێك ببێت دەیکاتو دەستەڵاتدارە بەسەر دروستکراوەکانیداو کەس بۆی نیە دەست بخاتە کاریو هیچ فەرمانێك لەبارەی دروستکراوەکانیەوە بگۆڕێت، بەڵکو خودا تاكو تەنیایەو شەریکی نیەو داوای لێ بکرێت بۆ کەسێك مەیلی لێبێت داواکەی لێ وەردەگرێت. واتە: جگە لە خودا داوا لەکەس مەکەن کە دەزانن ئەونەبێت کەسی تر ناتوانێت ئەو سزایەتان لەسەر لاببات. هەربۆیە دەفەرمووێت: ﴿إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ﴾ ئەگەر ڕاست دەکەن. پاشان خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿بَلْ إِيَّاهُ تَدْعُونَ فَيَكْشِفُ مَا تَدْعُونَ إِلَيْهِ إِن شَآءَ وَتَنسَوْنَ مَا تُشْرِكُونَ﴾ نەخێر، ئەوسا هەر هانا بۆ خودا دەبەن، ئەگەر خودا خۆی مەیلی لێبێت بەڵاتان لەسەر لادەباتو ئەوشتانەتان لەبیردەچێتەوە کە (ئێستا) بە شەریکی خودایان دەزانن، واتە: لەکاتی تەنگانەدا جگە لە خودا هانا بۆ هیچ کەسێکی تر نابەنو بتەکانو ئەوانەی کردبوتان بە شەریکی خودا بەجێتان دەهێڵنو دەڕۆن. وەك خودای گەورە لە ئایەتێکی تردا دەفەرمووێت: ﴿وَإِذَا مَسَّكُمُ ٱلضُّرُّ فِى ٱلْبَحْرِ ضَلَّ مَن تَدْعُونَ

إِلَّآ إِيَّاهُ﴾[1] هەرکاتێك لەناو دەریادا تووشی ناڕەحەتیەك هاتن، هەموو ئەوانەی کە هاواریان لێ دەکەن ون دەبن جگە لە خودا. پاشان خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلَقَدْ أَرْسَلْنَآ إِلَىٰٓ أُمَمٍ مِّن قَبْلِكَ فَأَخَذْنَٰهُم بِٱلْبَأْسَآءِ وَٱلضَّرَّآءِ لَعَلَّهُمْ يَتَضَرَّعُونَ﴾ ئێمە بۆ سەر هەر گەلانێك لە گەلانی پێشوتر (پێغەمبەرمان) ڕەوانکردووە، تووشی هەژاریو تەنگانەو دەست کورتیو نەخۆشیو ئێشوئازار کردووە بۆئەوەی لێمان بلاڵێنەوەو گەردنکەچ بکەن. وە دفەرموێت: ﴿فَلَوْلَآ إِذْ جَآءَهُم بَأْسُنَا تَضَرَّعُوا۟﴾ دەبێت بۆچی کە بەلاشمان بەسەرهێنان لەبەرمان نەپاڕانەوە؟ واتە: دەبووایە کە تووشی ئەو نەخۆشیو هەژاریەمان کردن هانایان بهێنایەو لێمان بپاڕایەنەتەوە ﴿وَلَٰكِن قَسَتْ قُلُوبُهُمْ﴾ بەلاٖم(لەجیاتی ئەوەی دڵیان داچلەکەتێتو نەرم بێت) ڕەق بوو. ﴿وَزَيَّنَ لَهُمُ ٱلشَّيْطَٰنُ مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ﴾ شەیتانیش کارەکانی وا لەبەر ڕازاندبوونەوە لەسەر خودانەناسیو لاساریو تاوانباری خۆیان هەر بەردەوام بوون ﴿فَلَمَّا نَسُوا۟ مَا ذُكِّرُوا۟ بِهِۦ﴾ کاتێك ئەو هەموو ئامۆژگاریانەیان (کرا) لەبیریان چوو، واتە: پشگوێیان خستو لەبیرخۆیان بردەوە، وەك ئەوەی هەر نەیان بیستبێت ﴿فَتَحْنَا عَلَيْهِمْ أَبْوَٰبَ كُلِّ شَىْءٍ حَتَّىٰٓ إِذَا فَرِحُوا۟ بِمَآ أُوتُوٓا۟﴾ دەرگای بەختەوەریمان گشتی بۆ کردنەوە هەتا کەوتنە خۆشیو شادیو لە هیچ شتێك کەمیان نەبوو، ئەمەش مۆڵەتدانو دەست لێ شلکردنێك بوو لەلایەن خوداوە، پەنادەگرین بە خودا لە پلانو نەخشەکانی. هەربۆیە دەفەرموێت: ﴿أَخَذْنَٰهُم بَغْتَةً فَإِذَا هُم مُّبْلِسُونَ﴾ ئەوسا لەپڕو ناکاوێك بەرتوڕەیی خۆمان خستنو هەموو بێ هیوا مانەوە لە هەموو چاکەیەك والیبی لە ئیبنو عەبباسەوە وتی: (مبلس) واتە: بێ هیوا. حەسەنی بەسری وتی: هەرکەسێك خودا دەرووی لێ کردبێتەوەو وای نەزانی کە خودا تاقی دەکاتەوەو پلانو نەخشەی بۆداناوە، ئەوکەسە بۆچوونو تێڕوانینی نیە. وە هەرکەسێك نەداری ڕووی تێکردو وای نەزانی کە خودا تاقی دەکاتەوە، ئەوکەسە بۆچوونو تێڕوانینی نیە، پاشان ئەم ئایەتەی خوێند ﴿فَلَمَّا نَسُوا۟ مَا ذُكِّرُوا۟ بِهِۦ فَتَحْنَا عَلَيْهِمْ أَبْوَٰبَ كُلِّ شَىْءٍ حَتَّىٰٓ إِذَا فَرِحُوا۟ بِمَآ أُوتُوٓا۟ أَخَذْنَٰهُم بَغْتَةً فَإِذَا هُم مُّبْلِسُونَ﴾ وتی: سوێند بە پەروەردگاری کەعبە پلانو نەخشەیە (خودا) بۆ ئەمانەی داناوە، پێویستیەکانیان پێدراوە پاشان لێیان وەرگیراوەتەوەو تۆڵەیان لێ سەندراوە. ئیبنو ئەبی حاتەم ڕیوایەتی کردووە[2] ﴿فَقُطِعَ دَابِرُ ٱلْقَوْمِ ٱلَّذِينَ ظَلَمُوا۟ ۚ وَٱلْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ﴾

---

[1] الاسراء (٦٧).

[2] الدر المنثور (٣/٢٧٠)، ابن أبي حاتم (٤/١٢٩١).

ئیتر ئەوکەسانەی کە پیشەیان هەر ناهەقی بوو، دوابڕاو بوونو سوپاس بۆ خودای پەروەردگاری هەموو دونیا.

﴿قُلْ أَرَءَيْتُمْ إِنْ أَخَذَ ٱللَّهُ سَمْعَكُمْ وَأَبْصَٰرَكُمْ وَخَتَمَ عَلَىٰ قُلُوبِكُم مَّنْ إِلَٰهٌ غَيْرُ ٱللَّهِ يَأْتِيكُم بِهِ ٱنظُرْ كَيْفَ نُصَرِّفُ ٱلْءَايَٰتِ ثُمَّ هُمْ يَصْدِفُونَ ﴿٤٦﴾ قُلْ أَرَءَيْتَكُمْ إِنْ أَتَىٰكُمْ عَذَابُ ٱللَّهِ بَغْتَةً أَوْ جَهْرَةً هَلْ يُهْلَكُ إِلَّا ٱلْقَوْمُ ٱلظَّٰلِمُونَ ﴿٤٧﴾ وَمَا نُرْسِلُ ٱلْمُرْسَلِينَ إِلَّا مُبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ فَمَنْ ءَامَنَ وَأَصْلَحَ فَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴿٤٨﴾ وَٱلَّذِينَ كَذَّبُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَا يَمَسُّهُمُ ٱلْعَذَابُ بِمَا كَانُوا۟ يَفْسُقُونَ ﴿٤٩﴾﴾

خودای مەزن دەفەرمووێت بە پێغەمبەرەکەی (ﷺ): ﴿قُلْ﴾ بڵێ: بەو خودانەناسە یاخیانە ﴿قُلْ أَرَءَيْتُمْ إِنْ أَخَذَ ٱللَّهُ سَمْعَكُمْ وَأَبْصَٰرَكُمْ﴾ پێم بڵێن ئەگەر خودا هەستی گوێو سۆمای چاوتان لێ بسێنێت، وەك چۆن پێی دان ئاواش لێتان بسێنێتەوە. وەك لە ئایەتێکی تردا دەفەرمووێت: ﴿هُوَ ٱلَّذِىٓ أَنشَأَكُمْ وَجَعَلَ لَكُمُ ٱلسَّمْعَ وَٱلْأَبْصَٰرَ وَٱلْأَفْـِٔدَةَ﴾[1] ئەوە (خودا) کە ئێوەی وەدیهێناوەو گوێو چاوو دڵی دانێ. هەڵدەگرێت مەبەست پێی وەرنەگرتنی سودبێت لێیان، سودی دینی. بۆیە دەفەرمووێت: ﴿وَخَتَمَ عَلَىٰ قُلُوبِكُم﴾ لەسەر دڵەکانیشتان مۆر دابنێت. وەك لە ئایەتێکی تردا دەفەرمووێت: ﴿أَمَّن يَمْلِكُ ٱلسَّمْعَ وَٱلْأَبْصَٰرَ﴾[2] یان خاوەنی ئەم گوێو چاوانەتان پێیە؟ وە دەفەرمووێت: ﴿وَٱعْلَمُوٓا۟ أَنَّ ٱللَّهَ يَحُولُ بَيْنَ ٱلْمَرْءِ وَقَلْبِهِۦ﴾[3] بزانن خودا دەبێتە لەمپەر لەنێوان مرۆڤو دڵیدا. پاشان دەفەرمووێت: ﴿مَّنْ إِلَٰهٌ غَيْرُ ٱللَّهِ يَأْتِيكُم بِهِ﴾ کێ دەتوانێت جگە لە خودا بتانداتەوە. ئەگەر لێی سەندنەوە، کەس ناتوانێت خودا خۆی نەبێت پێتان بداتەوە. بۆیە دەفەرمووێت: ﴿ٱنظُرْ كَيْفَ نُصَرِّفُ ٱلْءَايَٰتِ﴾ دەبڕوانە ئێمە چۆن نیشانەکان بۆ ئەوان شی دەکەینەوە. واتە: زۆر بەچاکی نیشانەکان ڕوونو ئاشکراو شی دەکەینەوە کە هەموو بەڵگەن لەسەرئەوەی کە هیچ پەرستراوێك نیە بشێت بۆ پەرستن جگە لە خودا. ئەوشتانەی بێجگە لە خودا دەیپەرستن هەموو پڕوپوچو سەرلێشێوان نەبێت شتێکی ترنیە ﴿ثُمَّ هُمْ يَصْدِفُونَ﴾ هێشتا هەر خۆیانی لێ لادەدەنو پشتی تێ دەکەن دوای ئەم ڕوونکردنەوەیەو دەبنە لەمپەر لەڕێی

---

[1] الملك (٢٣).

[2] یونس (٣١).

[3] الانفال (٢٤).

خەڵکدا کە شوێنی بکەوێت. وە دەفەرمووێت: ﴿قُلۡ أَرَءَيۡتَكُمۡ إِنۡ أَتَىٰكُمۡ عَذَابُ ٱللَّهِ بَغۡتَةً﴾ بڵێ: بە من بڵێن: ئەگەر بەڵای خودا لەپڕێكو ئاگاتان لەخۆتان نەبێت بدات بەسەرتاندا ﴿أَوۡ جَهۡرَةً﴾ یان بەشێوەیەکی ئاشکرا ﴿هَلۡ يُهۡلَكُ إِلَّا ٱلۡقَوۡمُ ٱلظَّٰلِمُونَ﴾ جیا لەوانەی کە ناهەقی دەکەن کێ قڕدەبێتو تێدادەچێت؟ واتە: تەنیا ئەوستەمکارانە لەناودەچن کە شەریك بۆ خودا دادەنێن ئەوانەی خودایان پەرستووەو شەریکیان بۆ دانەناوە ڕزگاریان دەبێتو هیچ خەمو خەفەتێکیان نیە. وەك ئەم ئایەتە کە خودای مەزن دەفەرمووێت: ﴿ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَلَمۡ يَلۡبِسُوٓاْ إِيمَٰنَهُم بِظُلۡمٍ﴾[1] ئەوکەسانەی بڕوایان بەخودا هێناوەو بڕواکەیان تێکەڵی ناهەقی نەکردووە، پاشان دەفەرمووێت: ﴿وَمَا نُرۡسِلُ ٱلۡمُرۡسَلِينَ إِلَّا مُبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ﴾ هەر پێغەمبەرێك دەنێرین پێی دەسپێرین کە مژدەدەرو ترسێنەربێت. واتە: مژدەبدەن بە عەبدە خاوەن باوەڕەکان بە چاکەو ترسێنەریش بن بۆ خودانەناسان بە تۆڵەی گرانو بەڵای سەخت. بۆیە دەفەرمووێت: ﴿فَمَنۡ ءَامَنَ وَأَصۡلَحَ﴾ هەرکەسێك بڕوای هێناو ئاکارچاك بوو. واتە: بە دڵ بڕوای هێنا بەوەی کە پێغەمبەران هێناویانەو ئاکاری چاکیشی کرد بەشوێنکەوتنیان ﴿فَلَا خَوۡفٌ عَلَيۡهِمۡ وَلَا هُمۡ يَحۡزَنُونَ﴾ نە هیچ ترسی لەسەرەو نە هیچ خەمێکی دێتەبەر. واتە: لەبارەی ئەوشتانەوە کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوەو ئەوشتانەش کە لە دونیادا بەجێیان هێشتووەو لە دەستیان چووەو ماوەتەوە، خودا خۆی ئاگای لەوشتانەیە کە لە دوایان بەجێماوەو دەیپارێزێت بۆیان. پاشان دەفەرمووێت: ﴿وَٱلَّذِينَ كَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِنَا يَمَسُّهُمُ ٱلۡعَذَابُ بِمَا كَانُواْ يَفۡسُقُونَ﴾ ئەوانەی نیشانەکانی ئێمەیان بەدرۆ دادەنا لە سزای ئەو نافەرمانیە گرفتاری ئازاردەبن، واتە: تووشی سزادەبن بەهۆی بڕوانەکردنیان بەوپەیامانەی کە پێغەمبەران (سەلامی خودایان لێبێت) بۆیان هێنانو دەرچوونیان لە فەرمانو گوێڕایەڵی خوداو هەستانیان بە شکاندنی ئەو سنورانەی کە خودا قەدەغەی کردبوو لێیان.

﴿قُل لَّآ أَقُولُ لَكُمۡ عِندِي خَزَآئِنُ ٱللَّهِ وَلَآ أَعۡلَمُ ٱلۡغَيۡبَ وَلَآ أَقُولُ لَكُمۡ إِنِّي مَلَكٌۖ إِنۡ أَتَّبِعُ إِلَّا مَا يُوحَىٰٓ إِلَيَّۚ قُلۡ هَلۡ يَسۡتَوِي ٱلۡأَعۡمَىٰ وَٱلۡبَصِيرُۚ أَفَلَا تَتَفَكَّرُونَ ٥٠ وَأَنذِرۡ بِهِ ٱلَّذِينَ يَخَافُونَ أَن يُحۡشَرُوٓاْ إِلَىٰ رَبِّهِمۡ لَيۡسَ لَهُم مِّن دُونِهِۦ وَلِيٌّ وَلَا شَفِيعٌ لَّعَلَّهُمۡ يَتَّقُونَ ٥١ وَلَا تَطۡرُدِ ٱلَّذِينَ يَدۡعُونَ رَبَّهُم بِٱلۡغَدَوٰةِ وَٱلۡعَشِيِّ يُرِيدُونَ وَجۡهَهُۥۖ مَا عَلَيۡكَ مِنۡ حِسَابِهِم مِّن شَيۡءٖ وَمَا مِنۡ حِسَابِكَ عَلَيۡهِم مِّن شَيۡءٖ فَتَطۡرُدَهُمۡ فَتَكُونَ مِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ ٥٢

[1] الانعام (٨٢).

وَكَذَٰلِكَ فَتَنَّا بَعْضَهُم بِبَعْضٍ لِّيَقُولُوٓاْ أَهَٰٓؤُلَآءِ مَنَّ ٱللَّهُ عَلَيْهِم مِّنۢ بَيْنِنَآ ۗ أَلَيْسَ ٱللَّهُ بِأَعْلَمَ بِٱلشَّٰكِرِينَ
(٥٣) وَإِذَا جَآءَكَ ٱلَّذِينَ يُؤْمِنُونَ بِـَٔايَٰتِنَا فَقُلْ سَلَٰمٌ عَلَيْكُمْ ۖ كَتَبَ رَبُّكُمْ عَلَىٰ نَفْسِهِ ٱلرَّحْمَةَ ۖ أَنَّهُۥ مَنْ
عَمِلَ مِنكُمْ سُوٓءًۢا بِجَهَٰلَةٍ ثُمَّ تَابَ مِنۢ بَعْدِهِۦ وَأَصْلَحَ فَأَنَّهُۥ غَفُورٌ رَّحِيمٌ (٥٤) ﴾

پێغەمبەر (ﷺ) خاوەنی گەنجینەکانی خودانیەو شتی نادیاریش نازانێت

خودای مەزن دەفەرموێت بە پێغەمبەرەکەی (ﷺ): ﴿ قُل لَّآ أَقُولُ لَكُمْ عِندِى خَزَآئِنُ ٱللَّهِ وَلَآ أَعْلَمُ ٱلْغَيْبَ ﴾ ئەی موحەممەد (ﷺ) بڵێ: من بە ئێوەم نەوتووە خاوەنی گەنجینەکانی خودا منم نەشم وتووە لە نهێنیەکانیشی ئاگادارم. بۆشم نیە دەست لەوکارانە بدەم چونکە ئەوانە پەیوەندی خودای گەورەوەیە، هەرشتێك خودا ئاگادارم نەکات من هیچی لێ نازانم ﴿وَلَآ أَقُولُ لَكُمْ إِنِّى مَلَكٌ ﴾ پێشم نەوتوون کە من فریشتەم. بەڵکو ئادەمیەکم لە ئادەمیەکانو نیگام بۆ دەکرێت لەلای خودای مەزنەوە بەو نیگایە رێزی لێ گرتووم کردوویەتیە بەهرەیەك بەسەرمەوە هەربۆیە دەفەرموێت: ﴿إِنْ أَتَّبِعُ إِلَّا مَا يُوحَىٰٓ إِلَىَّ ﴾ تەنها من شوێنکەوتەی ئەوەم کە خودا پێی راگەیاندووم. بستێكو کەمتر لە بستێکیش لێی دەرناچم ﴿قُلْ هَلْ يَسْتَوِى ٱلْأَعْمَىٰ وَٱلْبَصِيرُ﴾ ئایا کوێرو چاوساغ وەك یەکن؟ واتە: ئەوەی شوێنی هەق کەوتوەو شارەزاکراوە لێیو ئەوەش کە ئەو رێگەیەی ون کردووەو گومرابووە وەك یەکن؟ ﴿أَفَلَا تَتَفَكَّرُونَ ﴾ دەی بۆچی بیرناکەنەوە؟ ئەم ئایەتە وەك ئەم ئایەتە وایە کە خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿أَفَمَن يَعْلَمُ أَنَّمَآ أُنزِلَ إِلَيْكَ مِن رَّبِّكَ ٱلْحَقُّ كَمَنْ هُوَ أَعْمَىٰٓ ۚ إِنَّمَا يَتَذَكَّرُ أُوْلُواْ ٱلْأَلْبَٰبِ ﴾[1] ئایا کەسێك بڕوای وابێت ئەوەی لە پەروەردگارتەوە بۆ تۆ هاتووەتەخوارەوە هەمووی راستە، وەك ئەوکەسەیە کە کوێربێت. ئەم بیرکردنەوەیە (تێرامانە) هەر بۆ خاوەن ئاوەزانە. پاشان دەفەرموێت: ﴿ وَأَنذِرْ بِهِ ٱلَّذِينَ يَخَافُونَ أَن يُحْشَرُوٓاْ إِلَىٰ رَبِّهِمْ ۙ لَيْسَ لَهُم مِّن دُونِهِۦ وَلِىٌّ وَلَا شَفِيعٌ ﴾بەم قورئانە تۆ ئەوانە بترسێنە، کە لەرۆژی کۆبوونەوە لەبارەگای پەروەردگاریان دەترسنو جگە لەو نە دۆستیان هەیەو نە تکاکار. واتە: ئەی موحەممەد (ﷺ) بەم قورئانە ئەوکەسانە بترسێنە، ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ هُم مِّنْ خَشْيَةِ رَبِّهِم مُّشْفِقُونَ ﴾[2] کە

---

[1] الرعد (١٩).

[2] المؤمنون (٥٧).

لەترسی پەروەردگاریان تووشی لێوە لەرزێ دەبن ﴿وَيَخْشَوْنَ رَبَّهُمْ وَيَخَافُونَ سُوٓءَ ٱلْحِسَابِ﴾[1] وە لە پەروەردگاریان دەترسن‌و لە خراپەو سەختی لێپرسینەوە دەترسن. واتە: ئەوکەسانەی کە دەترسن لە ڕۆژی قیامەت لەبەردەم پەروەردگاریاندا کۆبکرێنەوە، جگە لە خودا هیچ کەسێك نیە هاناو لاڵەی لابکرێت‌و لە سزای خودا ڕزگاریان بکات‌و ئەگەر مەیلی لێبێت سزایان بدات. بەو قورئانە بترسێنە ﴿لَعَلَّهُمْ يَتَّقُونَ﴾ بەڵکو لە خودا ترسن. واتە: لەم ڕۆژە بیانترسێنە کە هیچ دەستەڵاتدارێکی تێدانیە جگە لە خودای مەزن. تا کاربکەن بۆ ئەوڕۆژە بەشێوەیەکی وا کە خودا لە سزای خۆی ڕزگاریان بکات‌و بەچەندین جار پاداشاتی گەورەیان بداتەوە لەسەر ئەوکارەیان.

ڕێگەنەدان بە پێغەمبەر (ﷺ) کە هاوەڵە کەم دەست‌و هەژارەکان دەربکات لەدەوری خۆی، فەرمان پێدانی بە ڕێزلێنانیان کاتی هاتنیان بۆلای

خودای مەزن دەفەرموێت: ﴿وَلَا تَطْرُدِ ٱلَّذِينَ يَدْعُونَ رَبَّهُم بِٱلْغَدَوٰةِ وَٱلْعَشِيِّ يُرِيدُونَ وَجْهَهُۥ﴾ ئەوکەسانە دەرمەکە هەموو شەوێك‌و ئێواران هانادەبەنەبەر پەروەردگاریان بۆ ڕەزامەندی ئەو هەوڵدەدەن‌و خۆیان ماندودەکەن. واتە: ئەی موحەممەد (ﷺ) ئەو هەژارو لاوازانە لەخۆت دوورمەخەرەوە، بەڵکو بیانکە بە هاودەم‌و کەسەنزیکەکانی خۆت. وەك خودا لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێت: ﴿وَٱصْبِرْ نَفْسَكَ مَعَ ٱلَّذِينَ يَدْعُونَ رَبَّهُم بِٱلْغَدَوٰةِ وَٱلْعَشِيِّ يُرِيدُونَ وَجْهَهُۥ ۖ وَلَا تَعْدُ عَيْنَاكَ عَنْهُمْ تُرِيدُ زِينَةَ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا ۖ وَلَا تُطِعْ مَنْ أَغْفَلْنَا قَلْبَهُۥ عَن ذِكْرِنَا وَٱتَّبَعَ هَوَىٰهُ وَكَانَ أَمْرُهُۥ فُرُطًا﴾[2] هەر تۆ لەگەڵ ئەوانەبە بەیانیان‌و ئێواران لە پەروەردگاریان دەپاڕێنەوەو تەنیا ڕەزای ئەویان دەوێت‌و چاو لەوانە وەرمەگێڕە بۆ ژیری پڕ زەرق‌و بەرقی ئەم دونیایە، گوێ لەکەسێك مەگرە کە نەمانهێشت دڵی یادی ئێمە بکات‌و لە هەرشوێنێك ئارەزووی خۆی‌و کاری لەڕادەدەرچوون کەوتووە. ﴿يَدْعُونَ رَبَّهُم﴾ واتە: خەریکی خوداپەرستین‌و لە خودا دەپاڕێنەوە. ﴿بِٱلْغَدَوٰةِ وَٱلْعَشِيِّ﴾ سەعیدی کوڕی موسیب موجاهیدو حەسەن‌و قەتادە وتیان: مەبەست پێی نوێژە فەرزەکانە. ئەمە وەك ئەو ئایەتە وایە کە خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَقَالَ رَبُّكُمُ ٱدْعُونِىٓ أَسْتَجِبْ لَكُمْ﴾[3] پەروەردگارتان فەرموویەتی: لیم بپاڕێنەوە بەدەنگتانەوە دێم. واتە: داواکەتان لێ وەردەگرم ﴿يُرِيدُونَ وَجْهَهُۥ﴾ واتە: مەبەستیان

---

[1] الرعد (٢١).

[2] الكهف (٢٨).

[3] غافر (٦٠).

بەوكارانەیە تەنیا ڕەزامەندی خودای گەورەیەو زۆر بە دڵسۆزییەوە ئەو عیبادەتو خوداپەرستیە دەكەن ﴿مَا عَلَيْكَ مِنْ حِسَابِهِم مِّن شَيْءٍ وَمَا مِنْ حِسَابِكَ عَلَيْهِم مِّن شَيْءٍ﴾ تۆ هیچ كارت بەسەر كاری ئەوانەوە نەبێت ئەوانیش هیچ كاریان بەسەر تۆوە نیە. وەك نووح (سەلامی خودای لێبێت) لە وەڵامی ئەوكەسانەدا وتی: كاتێك كە پێیانوت: ﴿أَنُؤْمِنُ لَكَ وَاتَّبَعَكَ الْأَرْذَلُونَ ﴿١١١﴾ قَالَ وَمَا عِلْمِي بِمَا كَانُوا يَعْمَلُونَ ﴿١١٢﴾ إِنْ حِسَابُهُمْ إِلَّا عَلَىٰ رَبِّي لَوْ تَشْعُرُونَ﴾[1] وتیان: چۆن بڕوات پێدەكەین؟تۆ هەر هەژارو نەدارەكان شوێنت كەوتوون. وتی: من چوزام ئەوان لەپێشدا چیان دەكرد؟ لێپرسینەوەیان تەنیا لەسەر پەروەردگارمە ئەگەر بزانن‌و تێبگەن. واتە: لێپرسینەوەیان لەلای خودای مەزنەو من هیچ كارێكم بەسەر ئەوانەوە نیە وەك چۆن ئەوان هیچ پەیوەندیەكیان بەسەر منەوە نیە. ﴿فَتَطْرُدَهُمْ فَتَكُونَ مِنَ الظَّالِمِينَ﴾ ئەگەر تۆ ئەمانە دەربكەیت، غەدرێكە لە خۆتی دەكەی. ﴿وَكَذَٰلِكَ فَتَنَّا بَعْضَهُم بِبَعْضٍ﴾ ئێمە ئاوا دەمانەوێت هەندێك لەوان بە هەندێكیان تاقی بكەینەوە. واتە: بە یەكتری تاقیمان كردنەوە ﴿لِّيَقُولُوا أَهَٰؤُلَاءِ مَنَّ اللَّهُ عَلَيْهِم مِّن بَيْنِنَا﴾ هەتا بڵێن: چۆن خودا لەناوماندا هەر ئەمانەی بەر چاكەی خۆی خستووە. چونكە پێغەمبەری خودا (ﷺ) زۆربەی شوێنكەوتووەكانی لەسەرەتای هاتنیەوە لە كەسە هەژارو كەم دەستەكان بوون لە ژنان‌و پیاوان‌و بەندەو كەنیزەك. لە پیاوە گەورەكان شوێنی نەكەوتن چەندكەسێك نەبێت. وەك چۆن هۆزەكەی نووح بە نووحیان وت: ﴿مَا نَرَاكَ إِلَّا بَشَرًا مِّثْلَنَا وَمَا نَرَاكَ اتَّبَعَكَ إِلَّا الَّذِينَ هُمْ أَرَاذِلُنَا بَادِيَ الرَّأْيِ﴾[2] وەك ئێمە دەت بینین ئەمانە شوێنی تۆ كەوتوون‌و هەژارو كەم دەستو بێ ئاوەزن. وەك چۆن هیرەقل پاشای ڕۆمەكان پرسیاری كرد لە ئەبوسوفیان لەوپرسیارانەی كە لێی دەكرد پێی وت: ئایا پیاوە گەورەكان شوێنی دەكەون یان هەژارو كەم دەستەكان لە خەڵكی؟ ئەبوسوفیان وتی: هەژارو كەم دەستەكان. وتی: ئەوانەی شوێنكەوتەی پێغەمبەرانن، مەبەست ئەوەیە بت پەرستەكانی قورەیش گاڵتەیان دەكرد بەوكەسانەی بڕوایان هێنابوو لە هەژارەكانیان‌و دەستەڵاتیان بەسەر هەركەسێكیان دا ببوایە ئازاریان دەداو دەیانوت: ﴿أَهَٰؤُلَاءِ مَنَّ اللَّهُ عَلَيْهِم مِّن بَيْنِنَا﴾ چۆن خودا لەناوماندا هەر ئەمانەی بەر چاكەی خۆی خستووە. واتە: خودا ئەمانەی شارەزانەكردووە بۆ چاكە ئەگەر وابووایە ئەمان پێشی ئێمە

---

[1] الشعراء (١١١– ١١٣)

[2] هود (٢٧).

نەدەکەوتن لە چاکەداو ئێمەی وازلێ نەدەهێنا. وەك وتیان: ﴿لَوْ كَانَ خَيْرًا مَّا سَبَقُونَآ إِلَيْهِ﴾[1] ئەگەر هیچ شتێکی باشی تێدابووایە، پێش لە ئێمە بۆی نەدەچوون وەك لە ئایەتێکی تریشدا دەفەرمووێت: ﴿وَإِذَا تُتْلَىٰ عَلَيْهِمْ ءَايَٰتُنَا بَيِّنَٰتٍ قَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ لِلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ أَىُّ ٱلْفَرِيقَيْنِ خَيْرٌ مَّقَامًا وَأَحْسَنُ نَدِيًّا﴾[2] هەرکاتێك نیشانە دیارەکانی ئێمەیان بۆ دەخوێندرێتەوە خودانەناسان بە خاوەن باوەڕان دەڵێن: کام لا ماڵی خۆشترەو دیوەخانی لەبارترە؟ خودای گەورەش لە وەڵامی ئەوەدا دەفەرمووێت: ﴿وَكَمْ أَهْلَكْنَا قَبْلَهُم مِّن قَرْنٍ هُمْ أَحْسَنُ أَثَٰثًا وَرِءْيًا﴾[3] ئای کە چەند بەرەمان لەپێش ئەوانەدا لەناوبرد کە لەوانە کەلوپەلی ناوماڵیان ڕێکترو بە دیمەن لەمان جوانتربوون. خودای گەورە لە وەڵامی ئەمانەدا کە وتیان: ﴿أَهَٰٓؤُلَآءِ مَنَّ ٱللَّهُ عَلَيْهِم مِّنۢ بَيْنِنَآ﴾ دەفەرمووێت: ﴿أَلَيْسَ ٱللَّهُ بِأَعْلَمَ بِٱلشَّٰكِرِينَ﴾ ئایا خودا لەوان باشتر سوپازگوزاران ناناسێت؟ کە بە گوفتارو دڵو دەروونیان شوکرانەبژێرن، هەربۆیە یارمەتیان دەدات شارەزایان دەکات بۆ سەر ڕێگای بەختەوەریو لە تاریکایی دەریان دێنێت بۆ ڕووناکی بە ئیزنی خۆی دەیانخاتەسەر ڕاستەڕێ. وەك دەفەرمووێت: ﴿وَٱلَّذِينَ جَٰهَدُوا۟ فِينَا لَنَهْدِيَنَّهُمْ سُبُلَنَا ۚ وَإِنَّ ٱللَّهَ لَمَعَ ٱلْمُحْسِنِينَ﴾[4] ئەوانەی لەڕێگەی ئێمەدا چوونە غەزا، ئێمەش ئەوانە بەڕێگەی خۆمان دەبەینبێگومان خودا لەگەڵ چاکەکارانە. وە لەم فەرموودە سەحیحەدا هاتووە: (بێگومان خودا نەسەیری ڕوخسارتان دەکاتو نەسەیری ڕەنگتان دەکات، بەڵکو سەیری دڵتانو کارەکانتان دەکات)[5]، پاشان خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَإِذَا جَآءَكَ ٱلَّذِينَ يُؤْمِنُونَ بِـَٔايَٰتِنَا فَقُلْ سَلَٰمٌ عَلَيْكُمْ﴾ کاتێك ئەوانە دێنەلات کە بە نیشانەکانی ئێمە بڕوادارن پێیان بڵێ: دڵنیاین. واتە: ڕێزیان لێ بگرەو وەڵامی سڵاوەکەیان بدەوەو مژدەشیا بدەرێ بە سۆزو بەزەیی فراونی خودا بۆیان. هەربۆیە خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿كَتَبَ رَبُّكُمْ عَلَىٰ نَفْسِهِ ٱلرَّحْمَةَ﴾ پەروەردگارتان هەر خۆی لەسەر خۆی نوسیووە بەر بەزەیی خۆیتان بخات. واتە: لەسەر خۆی داناوە وەك ڕێزلێنانو چاکەو منەتکردنی بەسەرتاندا کە بەر بەزەیی خۆیتان بخات. ﴿أَنَّهُۥ مَنْ عَمِلَ مِنكُمْ سُوٓءًۢا بِجَهَٰلَةٍ ثُمَّ تَابَ مِنۢ بَعْدِهِۦ وَأَصْلَحَ﴾ بێگومان خودا هەرکەسێك لە

[1] الاحقاف (١١).
[2] مريم (٧٣).
[3] مريم (٧٤).
[4] العنكبوت (٦٩).
[5] مسلم (١٩٨٧/٤).

ئێوە لە نەزانی خۆی کارێکی خراپ لێی ڕوویدات پاشان پەشیمان ببێتەوەو ئاکاری چاك بکات. واتە: لەوگوناهانە پەشیمان ببێتەوە کە کردوویەتی وازی لێ بێنێتو جارێکی تر نەگەڕێتەوەسەری دوای ئەویش کاری چاك ئەنجام بدات ﴿فَأَنَّهُۥ غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾ بێگومان خودا لە گوناهەکانی دەبورێتو دلۆڤانە. ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە لە ئەبوهورەیرەوە وتی: پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرموویەتی: (کاتێك کە خودا خەلکی دروستکرد لە کتێبەکەیدا لەسەر خۆی نوسیووە لەلای خۆی داینـاوە لەسەر العرش کە بێگومان بەزەیی من زاڵە بەسەر تورەیمدا)[1]، لە هەردوو سەحیحەکەدا ئەم فەرموودەیە هاتووە[2].

﴿وَكَذَٰلِكَ نُفَصِّلُ ٱلْـَٔايَـٰتِ وَلِتَسْتَبِينَ سَبِيلُ ٱلْمُجْرِمِينَ ﴿٥٥﴾ قُلْ إِنِّى نُهِيتُ أَنْ أَعْبُدَ ٱلَّذِينَ تَدْعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ ۚ قُل لَّآ أَتَّبِعُ أَهْوَآءَكُمْ ۙ قَدْ ضَلَلْتُ إِذًا وَمَآ أَنَا۠ مِنَ ٱلْمُهْتَدِينَ ﴿٥٦﴾ قُلْ إِنِّى عَلَىٰ بَيِّنَةٍ مِّن رَّبِّى وَكَذَّبْتُم بِهِۦ ۚ مَا عِندِى مَا تَسْتَعْجِلُونَ بِهِۦٓ ۚ إِنِ ٱلْحُكْمُ إِلَّا لِلَّهِ ۖ يَقُصُّ ٱلْحَقَّ ۖ وَهُوَ خَيْرُ ٱلْفَـٰصِلِينَ ﴿٥٧﴾ قُل لَّوْ أَنَّ عِندِى مَا تَسْتَعْجِلُونَ بِهِۦ لَقُضِىَ ٱلْأَمْرُ بَيْنِى وَبَيْنَكُمْ ۗ وَٱللَّهُ أَعْلَمُ بِٱلظَّـٰلِمِينَ ﴿٥٨﴾ ۞ وَعِندَهُۥ مَفَاتِحُ ٱلْغَيْبِ لَا يَعْلَمُهَآ إِلَّا هُوَ ۚ وَيَعْلَمُ مَا فِى ٱلْبَرِّ وَٱلْبَحْرِ ۚ وَمَا تَسْقُطُ مِن وَرَقَةٍ إِلَّا يَعْلَمُهَا وَلَا حَبَّةٍ فِى ظُلُمَـٰتِ ٱلْأَرْضِ وَلَا رَطْبٍ وَلَا يَابِسٍ إِلَّا فِى كِتَـٰبٍ مُّبِينٍ ﴿٥٩﴾﴾

پێغەمبەر (ﷺ) بەڵگەی بتەوی بەدەستەوەیە بۆ ئەوەی کە بانگەوازی بۆدەکات، پاداشتو سزاش بەدەستی خودایەو بەدەستی ئەو نیە

خودای مەزن دەفەرموێت: وەك لەپێشەوە بەچاکی ڕوونمان کردەوەو چەندین بەڵگەو نیشانەمان هێنایەوە بۆ شارەزابوون لەسەر ڕێی ڕاستو زەمی لاساری‌و مشتومڕو سەرپێچیمان کرد ﴿وَكَذَٰلِكَ نُفَصِّلُ ٱلْـَٔايَـٰتِ﴾ ئێمە ئاوا نیشانەکانی خۆمان بەتەواوی بۆ شی دەکەینەوە، کە خەلکی پێویستی پێیەتی ﴿وَلِتَسْتَبِينَ سَبِيلُ ٱلْمُجْرِمِينَ﴾ وە دەمانەوێت ڕێگەی تاوانبارانیش ڕوون ببێتەوە، واتە: ڕێگەی تاوانباران ئەوانەی کە دژایەتی پێغەمبەرانیان دەکرد بەتەواوی دەربکەوێت. وە بەم شێوەیەش خوێندراوەتەوە (وليستبين سبل المجرمين) واتە: ئەی موحەممەد (ﷺ) یان ئەوکەسەی قسەت بۆدەکرێت. بەتەواوی ڕێگەی تاوانبارانت بۆ دەردەکەوێت. پاشان خودای مەزن دەفەرموێت: ﴿قُلْ إِنِّى نُهِيتُ أَنْ أَعْبُدَ ٱلَّذِينَ تَدْعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ ۚ قُل لَّآ أَتَّبِعُ أَهْوَآءَكُمْ ۙ قَدْ ضَلَلْتُ إِذًا وَمَآ أَنَا۠ مِنَ ٱلْمُهْتَدِينَ﴾

---

[1] أحمد (٢/٣١٣) فەرموودەیەکی سەحیحە.

[2] فتح الباري (١٣/٢٩٥)/ مسلم (٤/٢١٠٧).

بلێ: من ڕێم پێ نەدراوە کە ئەوشتانە بپەرستم کە ئێوە دەیانپەرستن جگە لە خودا، واتە: بلێ: هەرگیز من بەئارەزووی ئێوە ناکەم ئەگەر بێتو شوێن ئارەزووی ئێوە بکەوم، دیارە ڕێگەم ون کردووەو لە ڕاستەڕێ لامداوە. ﴿قُلْ إِنِّي عَلَىٰ بَيِّنَةٍ مِّن رَّبِّي﴾ بلێ: وا من لەلایەن پەروەردگارمەوە بەڵگەی بتەوم پێدراوە. واتە: شارەزام لەوپەیامەی کە لەلایەن خوداوە بۆم ڕەوانەکراوە ﴿وَكَذَّبْتُم بِهِ﴾ کەچی ئێوە بڕواتان پێ نەکرد. واتە: بڕواتان بەوپەیامە ڕاستە نەکردکە لەلایەن خوداوە بۆم هاتووە. ﴿مَا عِندِي مَا تَسْتَعْجِلُونَ بِهِ﴾ ئەوەی ئێوەش بۆی بەپەلەن، هیچی لەدەستی مندا نیە. واتە: سزا. ﴿إِنِ الْحُكْمُ إِلَّا لِلَّهِ يَقُصُّ الْحَقَّ وَهُوَ خَيْرُ الْفَاصِلِينَ﴾ فەرمان هەر فەرمانی خودایە. واتە: گشت فەرمانێك بۆلای ئەو دەگەڕێتەوە. ئەگەر مەیلی لێبێت ئەوەی داوای دەکەن زوو بۆتان دەنێرێت، مەیلیشی لێبێت دوای دەخات بۆتان خودا خۆی باش دەزانێت چی دەکاتو لەکارزانە لە فەرمانەکانیدا ﴿يَقُصُّ الْحَقَّ وَهُوَ خَيْرُ الْفَاصِلِينَ﴾ خودا خۆی ڕاستیتان بۆ باس دەکات، چاکتر لێ کجیاکەرەوەش هەر خۆیەتی، چاکترین فەرماندەرە لە بڕیارەکانیدا لەنێوان عەرەبەکانیدا. پاشان خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿قُل لَّوْ أَنَّ عِندِي مَا تَسْتَعْجِلُونَ بِهِ لَقُضِيَ الْأَمْرُ بَيْنِي وَبَيْنَكُمْ﴾ بلێ: ئەگەر ئەوشتەی داوای دەکەنو بەپەلەن بۆی بەدەست من بووایە، کاری نێوان منو ئێوە هەر زوو دوایی دەهات. واتە: ئەوەی هەقە بەسەرتان بێت زوو بەسەرم دەهێنان ﴿وَاللَّهُ أَعْلَمُ بِالظَّالِمِينَ﴾ هەر خودا ستەمکاران باشتر دەناسێت. ئەگەر بوترێت: ئەوەی لەم ئایەتەدا هاتووە لەگەڵ ئەو فەرموودەیەدا چۆن یەك دەخەی کە لە هەردوو سەحیحەکەدا هاتووە لە عائیشەوە (ڕەزای خودای لێبێت) کە بە پێغەمبەری خودای (ﷺ) وت: ئایا ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ڕۆژی وات بەسەردا هاتووە کە سەختتربێت لە ڕۆژی ئوحود؟ فەرمووی: (دەردەسەری زۆرم بەسەردا هاتووە لە هۆزەکەتەوە، سەختترین شت کە بەسەرم هاتووە لێیان ڕۆژی عەقەبەبوو چوومەلای ئیبنو عەبدویالەیلی کوڕی عەبدوکیلال داواکەی جێبەجێ نەکردم، ڕۆیشتم خەفەت دایگرتمو ئاگام لەخۆم نەما تا قەرنول سەعالیب -شوێنێکە لە نزیکی مەککە- بەئاگاهاتمەوە کە سەرم بەرزکردەوە هەورێکم بینی سێبەری بۆ کردبووم کە سەیرم کرد جوبرەئیلی لەناودابوو، بانگی لێکردمو وتی: خودای مەزن قسەی هۆزەکەتی بیست کە پێیان وتیو چیان وەڵام دایەوە ئەوا فریشتەی کێوەکانی بۆ ناردوویت تا فەرمانی پێ بکەیت چیت دەوێت پێیان بکەیت، فەرمووی: فریشتەی کێوەکان بانگی کردمو سەلامی لێ کردم، پاشان وتی: ئەی موحەممەد(ﷺ) خودا قسەی هۆزەکەتی بیست کە پێیان وتی، منیش فریشتەی کێوەکانم پەروەردگارت ناردوومی بۆلای تۆ تا چیت دەوێت بەرفەرمانتبم؟ ئەگەر بتەوێت

هەردوو کێوەکەی مەککە دەهێنمەوە بەسەریاندا، پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرمووی: (بەڵکو ئەوەم دەوێت کە خودای گەورەهەر لە پشتی خۆیان کەسانێکیان لێ بخاتەوە خودای تاکو تەنیا بپەرستن‌و هیچ شتێك نەکەنە شەریکی)[1]، ئەمە وتەی موسلیمە. خودای گەورە سزادانی ئەوانەی خستە بەردەم پێغەمبەر (ﷺ) تا لەڕەگ‌و ڕیشە دەریان بێنێت، پێغەمبەر (ﷺ) مۆڵەتی بۆ خواستن‌و داوای دواخستنی سزای بۆ کردن، سا بەڵکو لە پشتی ئەوانە کەسانێك بێن کە هەرگیز شەریك بۆ خودا دادەنێن، کەواتە ڕێك خستن چۆنە لە نێوان ئەم فەرموودەیەو ئەم ئایەتە کە خودای مەزن دەفەرموێت: ﴿قُل لَّوْ أَنَّ عِندِي مَا تَسْتَعْجِلُونَ بِهِۦ لَقُضِيَ ٱلْأَمْرُ بَيْنِي وَبَيْنَكُمْ ۗ وَٱللَّهُ أَعْلَمُ بِٱلظَّٰلِمِينَ﴾ وەڵامەکەی خودا باشتر دەیزانێت. ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەرئەوەی ئەگەر ڕوودانی سزا بەدەستی ئەو بووایە، لەوکاتەدا کە داوایان دەکرد دەیهێنا بەسەریاندا. خۆ فەرموودەکە ئەوەی تێدانیە داوای هاتنی سزایان لێ کردبێت، بەڵکو فریشتەی کێوەکان ئەوەیان خستووەتە بەردەمی، ئەگەر بیەوێت ئەو دووکێوەیان بەسەردا بهێنێتەیەك. کە دووکێون لە باکورو باشوری مەککەدا، لەبەرئەوەبوو داوای دواخستنی سزای بۆکردن‌و داوای نەرم‌ونیانی کرد لەگەڵیان.

جگە لە خودا هیچ کەسێك لە غەیب (نهێنیەکان) نازانێت

خودای مەزن دەفەرموێت: ﴿وَعِندَهُۥ مَفَاتِحُ ٱلْغَيْبِ لَا يَعْلَمُهَآ إِلَّا هُوَ﴾ کلیلی هەموو نهێنیەکان هەر لای ئەوە (واتە: خودا) جگە لە خۆی هیچ کەسێك ئاگای لێ نیە. بوخاری ڕیوایەتی کردووە لە سالمی کوڕی عەبدوڵڵاوە لە باوکیەوە کە پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرموویەتی: (کلیلەکانی نهێنی (غەیب) پێنجن هیچ کەسێك ئاگای لێ نیە جگە لە خودا ﴿إِنَّ ٱللَّهَ عِندَهُۥ عِلْمُ ٱلسَّاعَةِ وَيُنَزِّلُ ٱلْغَيْثَ وَيَعْلَمُ مَا فِى ٱلْأَرْحَامِ ۖ وَمَا تَدْرِى نَفْسٌ مَّاذَا تَكْسِبُ غَدًا ۖ وَمَا تَدْرِى نَفْسٌۢ بِأَىِّ أَرْضٍ تَمُوتُ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌۢ﴾[2] زانستی ڕۆژی قیامەت لای خودایە، بارانیش ئەو دەیبارێنێت‌و دەشزانێ منداڵدانی سکپڕان چی تێدایە، کەس نازانێت کاری سبەی ڕۆژێ چیەو کەس نازانێت لە کام سەرزەمین دەمرێت، خودا زاناو ئاگادارە)[3] پاشان خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَيَعْلَمُ مَا فِى ٱلْبَرِّ وَٱلْبَحْرِ﴾ هەرچی لە وشکایی‌و دەریادایە دەیزانێت. واتە: خودا ئاگای لە هەموودروستکراوەکانە چ لە زەویدابێت یان لە دەریا هیچ شتێکی لێ پەنهانی نابێت لە ئاسمانەکان‌و زەمیندا با بە ئەندازەی گەریلەیەکیش بێت ﴿وَمَا تَسْقُطُ

---

[1] فتح الباری (٦/٣٦٠)، مسلم (٣/١٤٢٠).

[2] لقمان (٣٤).

[3] فتح الباری (٨/١٤١).

مِن وَرَقَةٍ إِلَّا يَعْلَمُهَا ﴾ هەر گەڵایەك لە شوێنێك بێت، بێ ئاگاداری ئەو ناوەرێت، هەتا ئاگای لە جوڵەی بێ گیانەکانیشە ئیتر بەرامبەر گیاندارەکان چۆن بێت بەتایبەتی خاوەن ئەرکەکان وەك جنۆکەو ئادەمی. وەك خودای مەزن دەفەرمووێت: ﴿ يَعْلَمُ خَآئِنَةَ ٱلْأَعْيُنِ وَمَا تُخْفِى ٱلصُّدُورُ ﴾[1] خودا دەزانێت کێ چاوی خیانەتی هەیەو چی لە دڵدا شاردووەتەوە. وە لێرەدا دەفەرمووێت: ﴿وَلَا حَبَّةٍ فِى ظُلُمَٰتِ ٱلْأَرْضِ وَلَا رَطْبٍ وَلَا يَابِسٍ إِلَّا فِى كِتَٰبٍ مُّبِينٍ﴾ هەرچی دانەوێڵەیەو لە تاریکایی زەویدایەو هەرچی تەڕە یان وشکە گشتی لەناو دەفتەرێکی ئاشکرایە.

﴿وَهُوَ ٱلَّذِى يَتَوَفَّىٰكُم بِٱلَّيْلِ وَيَعْلَمُ مَا جَرَحْتُم بِٱلنَّهَارِ ثُمَّ يَبْعَثُكُمْ فِيهِ لِيُقْضَىٰٓ أَجَلٌ مُّسَمًّى ثُمَّ إِلَيْهِ مَرْجِعُكُمْ ثُمَّ يُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴿٦٠﴾ وَهُوَ ٱلْقَاهِرُ فَوْقَ عِبَادِهِۦ وَيُرْسِلُ عَلَيْكُمْ حَفَظَةً حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءَ أَحَدَكُمُ ٱلْمَوْتُ تَوَفَّتْهُ رُسُلُنَا وَهُمْ لَا يُفَرِّطُونَ ﴿٦١﴾ ثُمَّ رُدُّوٓا۟ إِلَى ٱللَّهِ مَوْلَىٰهُمُ ٱلْحَقِّ أَلَا لَهُ ٱلْحُكْمُ وَهُوَ أَسْرَعُ ٱلْحَٰسِبِينَ ﴿٦٢﴾﴾

گیانی عەبدەکان بەدەستی خودایە بەر لە مردن و پاش مردنیش

خودای مەزن دەفەرمووێت: ﴿وَهُوَ ٱلَّذِى يَتَوَفَّىٰكُم بِٱلَّيْلِ وَيَعْلَمُ مَا جَرَحْتُم بِٱلنَّهَارِ﴾ هەر (خودا) خۆیەتی بەشەو هەستان لێ دەسێنێت و دەشزانێت لە ڕۆژیشدا چیتان کردووە. واتە: خودا لە شەودا دەتان مرێنێت، مەبەست پێی مردنی بچووکە وەك خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿ إِذْ قَالَ ٱللَّهُ يَٰعِيسَىٰٓ إِنِّى مُتَوَفِّيكَ وَرَافِعُكَ إِلَىَّ ﴾[2] کاتێك خودا فەرمووی ئەی عیسا من تۆ دەمرێنم و بەرزت دەکەمەوە بۆلای خۆم. وە دەفەرمووێت: ﴿ ٱللَّهُ يَتَوَفَّى ٱلْأَنفُسَ حِينَ مَوْتِهَا وَٱلَّتِى لَمْ تَمُتْ فِى مَنَامِهَا فَيُمْسِكُ ٱلَّتِى قَضَىٰ عَلَيْهَا ٱلْمَوْتَ وَيُرْسِلُ ٱلْأُخْرَىٰٓ إِلَىٰٓ أَجَلٍ مُّسَمًّى ﴾[3] ئەوانەی کاتی مردنیان دێت و ئەوانەش کە لە خەودان و نەمردوون، خودا گیانیان ڕادەگرێت، جا ئەوگیانەی کە بڕیاری مەرگیان دراوە هە ر ڕادەگیرێت، ئەوەی تریش تا وەختێکی دیاریکراو دەهێڵێتەوە. لەم ئایەتە باسی هەردوو مردنەکەی کردووە، مردنی گەورەو مردنی بچووك. وە لێرەدا باسی هەردوو مردنەکەی کردووە، مردنی گەورەو مردنی بچووك دەفەرمووێت: ﴿وَهُوَ ٱلَّذِى يَتَوَفَّىٰكُم بِٱلَّيْلِ وَيَعْلَمُ مَا جَرَحْتُم بِٱلنَّهَارِ﴾ هەر خوا

---

[1] غافر (١٩).

[2] ال عمران (٥٥).

[3] الزمر (٤٢).

خۆیەتی بەشەو هەستان لێ دەسێنێت و دەشزانێت لە ڕۆژیشدا چ کارێك دەکەن.[1] ئەم ئایەتانە نیشانەی گەورەییو زانستی خودا دەردەخات بەرامبەر دروستکراوەکانی لە شەوو ڕۆژیاندا لەکاتی جموجۆڵو سرەوتنیاندا. وەك دەفەرموێت: ﴿ سَوَآءٌ مِّنكُم مَّنْ أَسَرَّ ٱلْقَوْلَ وَمَن جَهَرَ بِهِۦ وَمَنْ هُوَ مُسْتَخْفٍۭ بِٱلَّيْلِ وَسَارِبٌۢ بِٱلنَّهَارِ ﴾[2] هەرکەسێك لە ئێوە بە پەنامەکی قسەبکاتو دەنگ هەڵبڕێت یان لە شەودا خۆی پەنابداتو لە ڕۆژیشدا بەئاشکار بێتو بچێت لەلای خودا هەمووی وەك یەکە. وەك دەفەرموێت: ﴿وَمِن رَّحْمَتِهِۦ جَعَلَ لَكُمُ ٱلَّيْلَ وَٱلنَّهَارَ لِتَسْكُنُوا۟ فِيهِ ﴾[3] وە هەر لە بەزەیی خودایە شەوو ڕۆژی والێکردووە کە ئارامی تێدابگرن. واتە: لە شەوەکەیدا بحەسێنەوە ﴿وَلِتَبْتَغُوا۟ مِن فَضْلِهِۦ ﴾[4] تا چاکەی ئەوتان دەست بکەوێت. واتە:لە ڕۆژدا. وەك دەفەرموێت: ﴿وَجَعَلْنَا ٱلَّيْلَ لِبَاسًا ۝١٠ وَجَعَلْنَا ٱلنَّهَارَ مَعَاشًا ﴾[5] شەویشمان دانا بۆ پۆشاكو ڕۆژیشمان کردە هۆی ژیان. هەربۆیە خودای گەورە لێرە دەفەرموێت: ﴿وَهُوَ ٱلَّذِى يَتَوَفَّىٰكُم بِٱلَّيْلِ وَيَعْلَمُ مَا جَرَحْتُم بِٱلنَّهَارِ ﴾ هەر خودایە کە دەتانمرێنێت بە شەوو دەزانێت لە ڕۆژیشدا چیتان کردووە. ﴿ثُمَّ يَبْعَثُكُمْ فِيهِ ﴾ پاشان لە ڕۆژدا بێدارتان دەکاتەوە کە ئەمە قسەی موجاهیدو سوددیو قەتادەیە. پاشان خودای مەزن دەفەرموێت: ﴿لِيُقْضَىٰٓ أَجَلٌ مُّسَمًّى ثُمَّ إِلَيْهِ مَرْجِعُكُمْ ثُمَّ يُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴾ هەتا ماوەی دیاریکراو تەواودەبێتو دەگەڕێنەوەلای خۆی، ئەوسا ئاگادارتان دەکات لەوەی کە کردووتانە. واتە: هەتا هەرکەسەو ماوەی دیاریکراوی خۆی تەواودەکاتو لە ڕۆژی قیامەتدا دەگەڕێتەوەلای خوداو ئاگاداری دەکات لەوکردارانەی کردوویەتی پاداشتی خۆی وەردەگرێت چاکە بە چاکەو خراپەش بە تۆڵەلێسەندن. ﴿وَهُوَ ٱلْقَاهِرُ فَوْقَ عِبَادِهِۦ ﴾ هەر خودا خۆی خاوەن دەسەڵاتە بەسەر عەبدەکانی دا زاڵە بەسەر هەموو شتێکداو هەموو ملکەچی هێزو تواناو دەسەڵاتی ئەوە ﴿وَيُرْسِلُ عَلَيْكُمْ حَفَظَةً ﴾ پاسەوانیشتان بۆدەنێرێت. واتە: پاسەوان دەنێرێت بۆ پاراستنی لاشەی مرۆڤ، وەك خودای گەورە لەم ئایەتەدا دەفەرموێت: ﴿لَهُۥ

---

[1] الطبری (٥/٢١٢).

[2] الرعد (١٠).

[3] القصص (٧٣).

[4] النحل (١٤).

[5] النبأ (١٠- ١١).

﴿مُعَقِّبَٰتٞ مِّنۢ بَيۡنِ يَدَيۡهِ وَمِنۡ خَلۡفِهِۦ يَحۡفَظُونَهُۥ مِنۡ أَمۡرِ ٱللَّهِ﴾[1] ئەوکەسەی لە پێشەوەو لە دوایەوە چەندین فریشتە هەیە کە بەپێی فەرمانی خودا دەیپارێزن. واتە: پاسەوانی هەیە کردارەکانی دەپارێزن‌و لەسەری هەژماردەکەن. وەك خودای مەزن لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێت: ﴿وَإِنَّ عَلَيۡكُمۡ لَحَٰفِظِينَ﴾[2] بێگومان چەند پارێزەرتان بەسەرەوەیە. وە دەفەرموێت: ﴿إِذۡ يَتَلَقَّى ٱلۡمُتَلَقِّيَانِ عَنِ ٱلۡيَمِينِ وَعَنِ ٱلشِّمَالِ قَعِيدٞ ﴿١٧﴾ مَّا يَلۡفِظُ مِن قَوۡلٍ إِلَّا لَدَيۡهِ رَقِيبٌ عَتِيدٞ﴾[3] کاتێك لەلای چەپ‌و ڕاستیشەوە دوو فریشتە دانیشتوون (بۆی دەنووسن) هەرقسەیەك لە دەم دەردەچێت چاودێرێکی بەسەرەوەیە (بۆی تۆماردەکات). ﴿حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءَ أَحَدَكُمُ ٱلۡمَوۡتُ﴾ هەتا کاتێك کە مردنیان هات. واتە: هەتا کاتێك یەکێکیان مردنی نزیك دەبێتەوەو دەکەوێتە گیان کەنشت ﴿تَوَفَّتۡهُ رُسُلُنَا﴾ نێردراوەکانمان گیانی دەکێشن (فریشتەی گیان کێشان یانی دەکێشن). ئیبنو عەبباس‌و کەسانی تریش وتویانە: فریشتەی گیان کێشان یارمەتیدەری تری هەیە لە فریشتەکان گیانی ئەوکەسە لە لاشەی دەردێنن فریشتەی گیان کێشان کاتێك کە گیانی گەیشتە بنەقاقەی گیانی دەکێشێت[4] ﴿وَهُمۡ لَا يُفَرِّطُونَ﴾ درێغی لەفەرمانی خودا ناکەن. واتە: لە پاراستنی گیانی مردووەکە، بەڵکو پارێزگاری لێ دەکەن هەتا دەیگەیەننە ئەوشوێنەی کە خودای مەزن دایناوە. ئەگەر لە پیاوچاکان بوو ئەوا لە عیلییندا ئەگەر لەبەدفەرانیش بوو ئەوا لە سیجیلیندا پەنا بە خودای مەزن لەوشوێنە. ﴿ثُمَّ رُدُّوٓاْ إِلَى ٱللَّهِ مَوۡلَىٰهُمُ ٱلۡحَقِّۚ أَلَا لَهُ ٱلۡحُكۡمُ وَهُوَ أَسۡرَعُ ٱلۡحَٰسِبِينَ﴾ پاشان دەیاگێڕینەوە بۆلای خودا، کە سەروەری ڕاستەقینەی هەموویانە. با بزانن فەرمان هەر بە دەستی ئەوەو زووتر لە هەر حیسابگرێکیش لە هەموویان دەپرسێتەوە. ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە لە ئەبوهورەیرەوە (ڕەزای خودای لێبێت) لە پێغەمبەری خوداوە (ﷺ) کە فەرموویەتی: (بێگومان فریشتەکان دێنەسەر مردوو، ئەگەر ئەوپیاوە کەسێکی چاك بوو، دەڵێن: ئەی گیانە پاکەکە وەرەدەرەوە، تۆ لە لاشەیەکی پاکدابوویت‌و بەڕێزەوە وەرەدەر مژدەت لێبێت بە حەسانەوەو بۆنی خۆش‌و پەروەردگاریە کە تووڕەنیە. بەردەوام ئەمەی پێ دەوترێت هەتا دێتەدەر، پاشان بەرزی دەکەنەوە بۆ ئاسمان‌و داوای کردنەوەی دەرگای ئاسمانی بۆدەکەن. دەوترێت: ئەوە کێیە؟ دەوترێت:

---

[1] الرعد (١١).

[2] الانفطار (١٠).

[3] ق (١٧– ١٨).

[4] الطبری (١١/٤١٠).

فلّانه كەسە، دەوترێت: بەخێرهاتی گیانی پاك‌و چاك، تۆ له لاشەیەكی پاكدابوویت بەڕێزەوە بچۆژوورەوە. موژدەت لێبێت به حەسانەوەو بۆنی خۆش‌و پەروەردگارێ كه تووڕەنیە. بەردەوام ئەمەی پێ دەوترێت هەتا دەیگەیەننه ئەوئاسمانەی كه خودای مەزن لەوێدایە. ئەگەر ئەوپیاوە كەسێكی خراپ بوو، (فریشتەكان) دەڵێن: وەرەدەر ئەی گیانی پیس، كه له لاشەیەكی پیسدابوویت. وەرەدەر به ڕیسوایی موژدەبێ لێت به ئاوەكوڵ‌و كێم‌و زووخ، هەر بەوێنەی ئەمە دووبارە، بەردەوام ئەمەی پێ دەوترێت، هەتا دەردەچێت، پاشان بەرزی دەكەنەوە بۆ ئاسمان، داوای كردنەوەی بۆدەكەن دەوترێت: ئەوە كێیە؟ دەوترێت: فلّانه كەسە، دەوترێت: بەخێرنەیەت ئەم گیانه پیسە، كه له لاشەیەكی پیسدابووە، بگەڕێوە به ڕیسوایی، بێگومان دەرگاكانی ئاسمان له تۆ ناكرێتەوە. له ئاسمانەوە ڕەوانەدەكرێت پاشان دەڕوات بۆ گۆڕ. پیاوەچاكەكە دادەنیشێندرێت ئەوقسانەی پێ دەوترێت كه لەپێشدا له فەرموودەكەی پێشوودا پێ وترا. پیاوەخراپەكەش دادەنیشێندرێت هەرقسەی پێ دەوترێت كه لەپێشدا له فەرموودەكەی ئەوەلدا پێ وترا)[1]، وە لەوانەشە مەبەست بەم ئایەتە كه خودای مەزن دەفەرموێت: ﴿ثُمَّ رُدُّوٓاْ إِلَى ٱللَّهِ﴾ پاشان دەیانگێڕنەوە بۆلای خودا، واتە: هەموو دروستكراوەكان له قیامەتدا، خودا به دادپەروەری خۆی بڕیاریان بەسەردا دەدات. وەك له ئایەتێكی تردا دەفەرموێت: ﴿قُلْ إِنَّ ٱلْأَوَّلِينَ وَٱلْآخِرِينَ ﴿٤٩﴾ لَمَجْمُوعُونَ إِلَىٰ مِيقَٰتِ يَوْمٍ مَّعْلُومٍ﴾[2] بڵێ: بێگومان ئەوەی لەپێشدا هاتوون ئەوانەشی له دوایی هاتوون، به كۆمەڵ كۆدەكرێنەوە بۆ كاتێك كه ڕۆژێكی دیاریكراوە. وە دەفەرموێت: ﴿وَحَشَرْنَٰهُمْ فَلَمْ نُغَادِرْ مِنْهُمْ أَحَدًا﴾ هەموویان كۆدەكەینەوە، بێ ئەوەی كەسیانی لێ دەربكەین. هەتا دەگاتە ﴿وَلَا يَظْلِمُ رَبُّكَ أَحَدًا﴾[3] پەروەردگارت ناهەقی له هیچ كەسێك ناكات. هەربۆیە خودای گەورە لێرەدا دەفەرموێت: ﴿مَوْلَىٰهُمُ ٱلْحَقِّ أَلَا لَهُ ٱلْحُكْمُ وَهُوَ أَسْرَعُ ٱلْحَٰسِبِينَ﴾.

﴿قُلْ مَن يُنَجِّيكُم مِّن ظُلُمَٰتِ ٱلْبَرِّ وَٱلْبَحْرِ تَدْعُونَهُۥ تَضَرُّعًا وَخُفْيَةً لَّئِنْ أَنجَىٰنَا مِنْ هَٰذِهِۦ لَنَكُونَنَّ مِنَ ٱلشَّٰكِرِينَ ﴿٦٣﴾ قُلِ ٱللَّهُ يُنَجِّيكُم مِّنْهَا وَمِن كُلِّ كَرْبٍ ثُمَّ أَنتُمْ تُشْرِكُونَ ﴿٦٤﴾ قُلْ هُوَ ٱلْقَادِرُ عَلَىٰٓ أَن يَبْعَثَ عَلَيْكُمْ عَذَابًا مِّن فَوْقِكُمْ أَوْ مِن تَحْتِ أَرْجُلِكُمْ أَوْ يَلْبِسَكُمْ شِيَعًا وَيُذِيقَ بَعْضَكُم بَأْسَ بَعْضٍ ٱنظُرْ كَيْفَ نُصَرِّفُ ٱلْآيَٰتِ لَعَلَّهُمْ يَفْقَهُونَ ﴿٦٥﴾﴾

باسی چاكەو ڕێزی خوداو هێزو زەبروزەنگی

---

[1] أحمد (٢/٣٦٤)، هەیسەمین له (المجمع) دا دەڵێت پیاوەكانی پیاوی ڕاستن.

[2] الواقعة (٤٩- ٥٠).

[3] الكهف (٤٧- ٤٩).

خودای مەزن منەت دەكات بەسەر عەبدەكانیدا كە لێقەوماوەكانی ڕزگاركردون لە تاریكایی وشانیو دەریادا، واتە: ئەوانەی كاتێك كە تووشی سەرسامیو سەرلێ شێوان دەبن لە بیاباندا لە شەپۆلی یەك لەدوای یەكی دەریادا لەگەڵ ڕەشەبایەكی توندا، ئا لەوێدا تەنیا هاوار لە خودا دەكەنو هانا هەر بۆ ئەو دەبەن كە شەریكی نیە وەك خودای گەورە لەم ئایەتانەدا دەفەرموویێت: ﴿وَإِذَا مَسَّكُمُ ٱلضُّرُّ فِي ٱلْبَحْرِ ضَلَّ مَن تَدْعُونَ إِلَّآ إِيَّاهُ﴾[١] هەركاتێك لە دەریادا تووشی فەرتەنەیەك هاتن هانا بۆ هەركەسێك ببەن، ون بووە جگە لەو، واتە: جگە لە خودا. وە دەفەرموویێت: ﴿هُوَ ٱلَّذِى يُسَيِّرُكُمْ فِى ٱلْبَرِّ وَٱلْبَحْرِ حَتَّىٰٓ إِذَا كُنتُمْ فِى ٱلْفُلْكِ وَجَرَيْنَ بِهِم بِرِيحٍ طَيِّبَةٍ وَفَرِحُوا۟ بِهَا جَآءَتْهَا رِيحٌ عَاصِفٌ وَجَآءَهُمُ ٱلْمَوْجُ مِن كُلِّ مَكَانٍ وَظَنُّوٓا۟ أَنَّهُمْ أُحِيطَ بِهِمْ دَعَوُا۟ ٱللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ لَئِنْ أَنجَيْتَنَا مِنْ هَٰذِهِۦ لَنَكُونَنَّ مِنَ ٱلشَّٰكِرِينَ﴾[٢] هەر خوا خۆیەتی لەناو دەریاو لەسەر وشكانی دەتانگێڕێت، هەركاتێك لەناو كەشتیدان بایەكی باش دەیانبات پێی دڵخۆشن، تا بای زۆر توند هەڵدەكاتو لە هەموولایەكەوە شەپۆلیان بۆدێتو چاك دەزانن كە هەموو دەوریان گیراوە، بەوپەڕی بڕوای پاكەوە لە خودا دەپاڕێنەوە دەڵێن: ئەگەر تۆ لەمە ڕزگارمان بكەیت لە سوپاسگوزاران دەبین. وە دەفەرموویێت: ﴿أَمَّن يَهْدِيكُمْ فِى ظُلُمَٰتِ ٱلْبَرِّ وَٱلْبَحْرِ وَمَن يُرْسِلُ ٱلرِّيَٰحَ بُشْرًۢا بَيْنَ يَدَىْ رَحْمَتِهِۦٓ أَءِلَٰهٌ مَّعَ ٱللَّهِ تَعَٰلَى ٱللَّهُ عَمَّا يُشْرِكُونَ﴾[٣] یان ئەوكەسە چاكترە لە تاریكیو وشكانیو دەریا لەڕێ شارەزاتان دەكاتو هەرئەویشە ئەوبارانە دەنێرێت كە مزگێنی خێروبێری ئەویان پێیە؟ ئایا هیچ پەرستراوێك لەگەڵ خودا هەیە؟ خودا زۆر لەوە بەرزترە لەوەی كە دەیكەنە شەریكی ئەو. وە لەم ئایەتە پیرۆزەشدا دەفەرموویێت: ﴿قُلْ مَن يُنَجِّيكُم مِّن ظُلُمَٰتِ ٱلْبَرِّ وَٱلْبَحْرِ تَدْعُونَهُۥ تَضَرُّعًا وَخُفْيَةً لَّئِنْ أَنجَىٰنَا مِنْ هَٰذِهِۦ لَنَكُونَنَّ مِنَ ٱلشَّٰكِرِينَ﴾ بلێ: كێ ڕزگارتان دەكات لە تاریكیو وشكانی دەریا؟ كە ئەو كەسێكە بە نهێنیو بە ئاشكرا لێی دەپاڕێنەوە (دەڵێن) ئەگەر خودا ئەمجارەش ڕزگارمان بكات، هەر شوكرنەبژێری ئەودەبین. پاشان خودای مەزن دەفەرموویێت: ﴿قُلِ ٱللَّهُ يُنَجِّيكُم مِّنْهَا وَمِن كُلِّ كَرْبٍ ثُمَّ أَنتُمْ تُشْرِكُونَ﴾ بلێ: خودا ڕزگارتان دەكات لەوتەنگانەو لە هەموو بەلایەكی تریش، كەچی ئێوە شەریكی بۆدادەنێن. پاشان ئێوە كەوتنە خوشگوزەرانی هاوار لە پەرستراوی تر دەكەن لەگەڵ خودادا. پاشان خودای گەورە دەفەرموویێت: ﴿قُلْ هُوَ ٱلْقَادِرُ عَلَىٰٓ أَن يَبْعَثَ

---

[١] الاسراء (٦٧).

[٢] یونس (٢٢).

[٣] النمل (٦٣).

عَلَيْكُمْ عَذَابًا مِّن فَوْقِكُمْ أَوْ مِن تَحْتِ أَرْجُلِكُمْ ﴾ بلێ: خودا توانای هەیە کە لەلای سەروتانەوە یان لەلای ژێر پێتانەوە ئازارتان بۆ بنێرێت. وەك لە سورەتی ئیسرائیشدا (الاسراء) دەفەرموێت: ﴿ رَّبُّكُمُ ٱلَّذِى يُزْجِى لَكُمُ ٱلْفُلْكَ فِى ٱلْبَحْرِ لِتَبْتَغُوا۟ مِن فَضْلِهِۦٓ ۚ إِنَّهُۥ كَانَ بِكُمْ رَحِيمًا ﴿٦٦﴾ وَإِذَا مَسَّكُمُ ٱلضُّرُّ فِى ٱلْبَحْرِ ضَلَّ مَن تَدْعُونَ إِلَّآ إِيَّاهُ ۖ فَلَمَّا نَجَّىٰكُمْ إِلَى ٱلْبَرِّ أَعْرَضْتُمْ ۚ وَكَانَ ٱلْإِنسَٰنُ كَفُورًا ﴿٦٧﴾ أَفَأَمِنتُمْ أَن يَخْسِفَ بِكُمْ جَانِبَ ٱلْبَرِّ أَوْ يُرْسِلَ عَلَيْكُمْ حَاصِبًا ثُمَّ لَا تَجِدُوا۟ لَكُمْ وَكِيلًا ﴿٦٨﴾ أَمْ أَمِنتُمْ أَن يُعِيدَكُمْ فِيهِ تَارَةً أُخْرَىٰ فَيُرْسِلَ عَلَيْكُمْ قَاصِفًا مِّنَ ٱلرِّيحِ فَيُغْرِقَكُم بِمَا كَفَرْتُمْ ۙ ثُمَّ لَا تَجِدُوا۟ لَكُمْ عَلَيْنَا بِهِۦ تَبِيعًا ﴾[1] پەروەردگارتان لە بەرامبەر ئێوە دلۆڤانە، گەمیەکان لە دەریادا بۆ دەخاتەگەڕ تا بەهۆیەوە ڕۆزی خۆتان دەست بکەوێت. هەرکاتێك لەناو دەریادا تووشی گرفتێك هاتن هانا بۆ هەر کەسێك بەرن ون بووە جگە ئەو هەرکە ڕزگاری کردنو چوونەوە سەر وشکانی ئاوڕی لێ نادەنەوە، مرۆڤ زۆر ئەمەك نەناسە. ئایا لەوە دڵنیان کەلە وشکانیەکە ڕۆ ناچن یان ڕەشەبا لەگەڵ زیختان لێ هەڵناکات، ئەوسا کەستان دەستنەکەوێت فریاتان بکەوێت؟ یان لەوە دڵنیان جارێکی تر ڕێتان لەوێ ناخاتەوە، ئەوسا بایەکی بەهێزترتان لێ هەڵبکاتو لە تۆڵەی پێ نەزانینتان نوقومتان بکات؟ پاشان کەستان دەست نەکەوێت، کەلە بەرامبەر ئێمە یارمەتیتان بدات؟ بوخاری (ڕەحمەتی خودای لێ بێت) لەم ئایەتەدا کە خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿قُلْ هُوَ ٱلْقَادِرُ عَلَىٰٓ أَن يَبْعَثَ عَلَيْكُمْ عَذَابًا مِّن فَوْقِكُمْ أَوْ مِن تَحْتِ أَرْجُلِكُمْ أَوْ يَلْبِسَكُمْ شِيَعًا وَيُذِيقَ بَعْضَكُم بَأْسَ بَعْضٍ ۗ ٱنظُرْ كَيْفَ نُصَرِّفُ ٱلْءَايَٰتِ لَعَلَّهُمْ يَفْقَهُونَ ﴾ ڕیوایەتی کردووە لە جابیری کوڕی عەبدوڵڵاوە وتی: کاتێك کە ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە ﴿قُلْ هُوَ ٱلْقَادِرُ عَلَىٰٓ أَن يَبْعَثَ عَلَيْكُمْ عَذَابًا مِّن فَوْقِكُمْ ﴾ پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرمووی: پەنا دەگرم بە ڕەزای تۆ ﴿ أَوْ مِن تَحْتِ أَرْجُلِكُمْ ﴾ فەرمووی: پەنا دەگرم بەڕەزای تۆ ﴿أَوْ يَلْبِسَكُمْ شِيَعًا وَيُذِيقَ بَعْضَكُم بَأْسَ بَعْضٍ﴾ پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: (ئەمە ساناو ئاسانترە)[2] هەر بەم شێوەیەش لە کتێبی توحیدا (التوحید) ڕیوایەتی کردووە[3] نەسائیش دیسان لە تەفسیرەکەیدا ڕیوایەتی کردووە[4].

فەرموودەیەکی تر

---

[1] الاسراء (٦٦– ٦٩).

[2] فتح الباری (١٤١/٨).

[3] فتح الباری (٤٠٠/١٣).

[4] النسائی فی الکبری (٣٤٠/٦).

ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە لە سەعدی کوڕی ئەبی وەقاسەوە وتی: لەگەڵ پێغەمبەری خودادا (ﷺ) هاتینەوە بەلای مزگەوتی بەنی مەعاویەدا تێپەڕین، چووە ژورەوە دوو ڕکات نوێژی کرد، ئێمەش لەگەڵیدا نوێژمان کرد، زۆر لەپەروەردگاری پاڕایەوە، پاشان لای کردەوە بەلاماندا و فەرمووی:(سێ داوام لەپەروەردگارم کرد، دوانیانی پێدامو یەکێکیانی لێ وەرنەگرتم، داوام لەپەروەردگارم کرد کە ئوممەتەکەم بە وشکە ساڵی لەناو نەبات، پێی دام، داوام لێکرد کە ئوممەتەکەم بەخنکاندن لەناو نەبات، ئەویشی پێدام، داوام لێکرد لەنێوان خۆیاندا یەکتری لەناو نەبەن پێی نەدام)، تەنیا موسلیم خۆی ئەم فەرموودەی هێناوە لە کتێبی فیتنەدا[1].

فەرموودەیەکی تر

ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە لە خەبابی کوڕی ئەرەتتەوە لە مەولای بەنی زوهرە وە کە ئامادەی غەزای بەدر بووە لەگەڵ پێغەمبەری خوادا (ﷺ) وتی: شەوێك لەگەڵ پێغەمبەری خوا دا (ﷺ) هەموو شەوەکە نوێژم کرد، هەتا بەری بەیانی. پێغەمبەری خودا (ﷺ) سەلامی دایەوە لە نوێژەکەی، وتم: ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئەم شەو نوێژێکی وات کرد، نەم بینیوی نوێژی وەك ئەم نوێژەت کردبێت. پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرمووی: (بەڵێ، ئەوە نوێژی داوا و ترس بوو داوای سێ شتم لەپەروەردگاری مەزنم کرد لەو نوێژەدا، دوانیانی پێداومو یەکێکیانی لێ وەرنەگرتم داوام لەپەروەردگارم کرد کەلەناومان نەبات بەوەی کە ئوممەتە پێشوەکانی پێ لەناو برد، پێی دام، داوام لە پەروەردگارم کرد، دوژمنێك لەغەیرە خۆمان بەسەرماندا زاڵ نەکات، پێی دام، داوام لەپەروەردگارم کرد کە نەمانکاتە چەند دەستەو تێکمان بەردا لێی وەرنەگرتم)[2]، نەسائیو ئیبنو حیبان و تیرمیزیش لە(الفتن)دا ڕیوایەتیان کردووە، تیرمیزی وتی: فەرموودەیەکی چاكو ڕاستە.[3] پاشان خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿أَوۡ يَلۡبِسَكُمۡ شِيَعٗا﴾ یان بتانکاتە چەند دەستەو بچن بەگژ یەکدا. واتە: چەند کۆمەڵێکی دژ یەکتری والیبی لە ئیبنو عەبباسەوە وتی: واتە: واتان لێدەکات شوێن ئارەزوتان بکەون[4]. موجاهیدو کەسانی تریش هەروایان وتووە[5]، لەچەندین ڕێگاوە لە فەرموودەکەی مەرویەوە هاتووە لە پێغەمبەرەوە (ﷺ)کە فەرموویەتی: (بەو زووانە ئەم ئوممەتە جیا دەبێتەوە، دەبێت بە حەفتاوسێ

---

[1] أحمد (١٧٥/١)، مسلم (٢٨٩٠).

[2] أحمد (١٠٨/٥) فەرموودەیەکی باشە (جید).

[3] النسائی (٢١٧/٣)، ابن حیان (١٧٩/٩)، تحفة الاحوذی (٣٩٥/٦)، أحمد (١٠٨/٥).

[4] الطبری (٤٢٠/١١).

[5] الطبری (٤١٩/١١).

کۆمەڵ هەموویان لەناو ئاگردان جگە لە یەکێکیان)[1]، ﴿وَيُذِيقَ بَعْضَكُم بَأْسَ بَعْضٍ﴾ تا هەندێکتان بەهەندێکی ترتان ئازار بدات. ئیبنو عەبباس‌و کەسانی تریش وتویانە واتە: هەندێکتان زاڵ بکات بەسەر هەندێکتاندا سزای بدات‌و بیکوژێت.[2] پاشان خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿انظُرْ كَيْفَ نُصَرِّفُ الْآيَاتِ﴾ دەبڕوانە چۆن نیشانەکان دەگۆڕین (لە شێوەیەکەوە بۆ شێوەیەکی تر)، واتە: جار لەدوای جار نیشانەکان ڕوون‌و ئاشکرا دەکەین‌و تەفسیری دەکەین ﴿لَعَلَّهُمْ يَفْقَهُونَ﴾ بەڵکو ئەوانە تێ بگەن. واتە: هەتا تێبگەن‌و بیر لە نیشانەو بەڵگەکانی خودا بکەنەوە.

﴿وَكَذَّبَ بِهِ قَوْمُكَ وَهُوَ الْحَقُّ ۚ قُل لَّسْتُ عَلَيْكُم بِوَكِيلٍ ﴿٦٦﴾ لِّكُلِّ نَبَإٍ مُّسْتَقَرٌّ ۚ وَسَوْفَ تَعْلَمُونَ ﴿٦٧﴾ وَإِذَا رَأَيْتَ الَّذِينَ يَخُوضُونَ فِي آيَاتِنَا فَأَعْرِضْ عَنْهُمْ حَتَّىٰ يَخُوضُوا فِي حَدِيثٍ غَيْرِهِ ۚ وَإِمَّا يُنسِيَنَّكَ الشَّيْطَانُ فَلَا تَقْعُدْ بَعْدَ الذِّكْرَىٰ مَعَ الْقَوْمِ الظَّالِمِينَ ﴿٦٨﴾ وَمَا عَلَى الَّذِينَ يَتَّقُونَ مِنْ حِسَابِهِم مِّن شَيْءٍ وَلَٰكِن ذِكْرَىٰ لَعَلَّهُمْ يَتَّقُونَ ﴿٦٩﴾﴾

بانگەواز ڕێنیشاندانە بەبێ ناچارکردن

خودای مەزن دەفەرمووێت: ﴿وَكَذَّبَ بِهِ قَوْمُكَ وَهُوَ الْحَقُّ﴾ هۆزەکەت (واتە قورەیش) باوەڕیان بەم قورئانە نەکرد هەر ئەو ڕاست‌و دروستە. واتە: ئەی موحەممەد (ﷺ) ئەوقورئانەی کە تۆ پێی ڕەوانەکراوی هۆزی قورەیش بڕوایان پێ نەکرد کە هەر ئەوقورئانە ڕاست‌و دروستە دوای ئەو ڕاستێکی تر نیە ﴿قُل لَّسْتُ عَلَيْكُم بِوَكِيلٍ﴾ بڵێ: خۆ من بەرپرسی ئێوە نیم، واتە: من چاودێرو پارێزگارنیم بەسەرتانەوە. وەك لە ئایەتێکی تردا دەفەرمووێت: ﴿وَقُلِ الْحَقُّ مِن رَّبِّكُمْ ۖ فَمَن شَاءَ فَلْيُؤْمِن وَمَن شَاءَ فَلْيَكْفُرْ﴾[3] بڵێ: هەق هەر ئەوەیە کە لە پەروەردگارتانەوە بۆتان هاتووە، کێ بڕوای پێ دەکات، بیکات‌و کێش بڕواناکات با نەیکات. واتە: من هەر گەیاندنم لەسەرەو ئێوەش هەر بیستن‌و گوێڕایەڵیتان لەسەرە. هەرکەسێك شوێنی من بکەوێت بەختەوەری دونیاو قیامەتە. وە هەرکەسێك دژایەتیم بکات لە دونیاو لە قیامەتدا بەدبەخت‌و ڕەنجەڕۆیە. بۆیە دەفەرمووێت: ﴿لِّكُلِّ نَبَإٍ مُّسْتَقَرٌّ﴾ هەر باس‌و هەواڵێك جێگەی خۆی هەیە. ئیبنو عەبباس‌و کەسانی تریش وتویانە: هەموو هەواڵێك ڕاستی‌و دروستی هەیە. واتە: هەر دەنگ‌و باسێك جێگەی خۆی هەیە، با دوای ماوەیەکیش بێت. وەك خودای مەزن لە

---

[1] أبو داود (٥/٥)، تحفة الاحوذی (٣٩٩/٧)، ابن ماجة (١٣٢٢/٢) تیرمیزی دەڵێت: فەرموودەیەکی حەسەنی غەریبە.

[2] الطبری (٤٢١/١١).

[3] الكهف (٢٩).

ئایەتێکی تردا دەفەرمووێت: ﴿وَلَتَعۡلَمُنَّ نَبَأَهُۥ بَعۡدَ حِينِۭ﴾[1] بێگومانە پاش ماوەیەك دەنگو باسی ڕاستی ئەوەتان بۆ ڕوون دەبێتەوە. وە دەفەرمووێت: ﴿لِكُلِّ أَجَلٖ كِتَابٞ﴾[2] بۆ هەر کارێك کاتێکی تایبەت هەیە کە نوسراوە. بێگومان ئەمە هەڕەشەو ترساندنە، هەر بۆیە لەپاشان دەفەرمووێت: ﴿وَسَوۡفَ تَعۡلَمُونَ﴾ زۆر زوو ئاگادار دەبن.

ڕێ نەدان بەدانیشتن لەگەڵ ئەوانەی کە دەربارەی نیشانەکانی خودا خراپ دەدوێن

خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَإِذَا رَأَيۡتَ ٱلَّذِينَ يَخُوضُونَ فِيٓ ءَايَٰتِنَا فَأَعۡرِضۡ عَنۡهُمۡ حَتَّىٰ يَخُوضُواْ فِي حَدِيثٍ غَيۡرِهِۦ﴾ هەرکاتێك ئەوانە دەبینی دەربارەی نیشانەکانمان خراپ دەدوێن، ڕوویان لێ وەرگێڕە، تا باری قسە دەگۆڕن‌و قسە لە شتێکی تر دەکەن. واتە: کاتێك بڕوایان بەنیشانەکانی ئێمە نەدەکردو گاڵتەیان پێ دەکرد. لایان دامەنیشن هەتا قسەکانیان دەگۆڕن‌و دەچنە سەر قسەو باسێکی تر. ﴿وَإِمَّا يُنسِيَنَّكَ ٱلشَّيۡطَٰنُ﴾ ئەگەر وای لێهات شەیتان لەبیری بردیەوە. مەبەست لێرەدا هەموو کەسێکە لەم ئوممەتە کە دەبێت دانەنیشێت لەگەڵ ئەو بێ بڕوایانەدا کە نیشانەکانی خودا لەجێی خۆی دانانێن‌و دەیگۆڕن. خۆ ئەگەر کەسێك لەبیرچوو لەگەڵیان دانیشت ﴿فَلَا تَقۡعُدۡ بَعۡدَ ٱلذِّكۡرَىٰ مَعَ ٱلۡقَوۡمِ ٱلظَّٰلِمِينَ﴾ هەرکاتێك وەبیرت هاتەوە ئیتر لەگەڵ ستەمکاران دامەنیشە. هەر بۆیە لەم فەرموودەیەدا هاتووە: (هەڵەو لەبیر چوون‌و ئەوەی ناچارکراون لەسەری، لەسەر ئوممەتی من هەڵگیراوە)[3]، ئەم ئایەتە وەك ئەو ئایەتە وایە کە خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَقَدۡ نَزَّلَ عَلَيۡكُمۡ فِي ٱلۡكِتَٰبِ أَنۡ إِذَا سَمِعۡتُمۡ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ يُكۡفَرُ بِهَا وَيُسۡتَهۡزَأُ بِهَا فَلَا تَقۡعُدُواْ مَعَهُمۡ حَتَّىٰ يَخُوضُواْ فِي حَدِيثٍ غَيۡرِهِۦٓ إِنَّكُمۡ إِذٗا مِّثۡلُهُمۡ﴾[4] لەم قورئانەدا بۆتان هاتووەتەخوار: هەرکاتێك گوێتان لێ بوو ئایەتەکانی خودا بڕوایان پێ ناکرێت‌و گاڵتەیان پێ دەکرێت، ئێوە نابێت لەگەڵیاندا دابنیشن، دەنا ئێوەش ئەوکاتە وەك ئەوانن. واتە: هیچ جیاوازیەکتان نیە لەگەڵ ئەوانەدا ئەگەر لەگەڵیاندا دانیشن‌و ڕازی بن بەوەی ئەوان دەیڵێن. پاشان خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَمَا عَلَى ٱلَّذِينَ يَتَّقُونَ مِنۡ حِسَابِهِم مِّن شَيۡءٖ﴾ ئەوانەی لەخودا ترسن‌و خۆ پارێزن، هیچ ئۆباڵی ئەوانەیان

---

[1] ص (٨٨).

[2] الرعد (٣٨).

[3] ابن ماجه (١/٦٥٩) سەنەدەکەی بەهێزنیە.

[4] النساء (١٤٠).

لەسەر نیە، واتە: کاتێك کەلێیان دوور کەوتنەوەو لەگەڵیان دانەنیشتن لەو قسەو گاڵتە کردنەیاندا، ئەو کاتە تۆباڵی ئەوانەیان لەسەر نیەو گوناهی ئەوانە ڕزگاریان بووە ﴿وَلَٰكِن ذِكۡرَىٰ لَعَلَّهُمۡ يَتَّقُونَ﴾ بەڵام دەبێت ئامۆژگاری ناڵەبارەکان بکەن بەڵکو لەخودا بترسن واتە: کە فەرمانەکانمان پێداون ڕوویان لێ وەرگێڕن، بۆئەوەیە بەڵکو لەوکاتەدا بیربکەنەوە لەوکارە خراپەیان و بەخۆیاندا بچنەوە، بەڵکو لەوە بترسن و جارێکی تر نەگەڕێنەوە بۆ ئەوکارەیان.

﴿ وَذَرِ ٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُواْ دِينَهُمۡ لَعِبٗا وَلَهۡوٗا وَغَرَّتۡهُمُ ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَاۚ وَذَكِّرۡ بِهِۦٓ أَن تُبۡسَلَ نَفۡسُۢ بِمَا كَسَبَتۡ لَيۡسَ لَهَا مِن دُونِ ٱللَّهِ وَلِيّٞ وَلَا شَفِيعٞ وَإِن تَعۡدِلۡ كُلَّ عَدۡلٖ لَّا يُؤۡخَذۡ مِنۡهَآۗ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ أُبۡسِلُواْ بِمَا كَسَبُواْۖ لَهُمۡ شَرَابٞ مِّنۡ حَمِيمٖ وَعَذَابٌ أَلِيمُۢ بِمَا كَانُواْ يَكۡفُرُونَ ﴿٧٠﴾ ﴾

خودای مەزن دەفەرموێت: ﴿ وَذَرِ ٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُواْ دِينَهُمۡ لَعِبٗا وَلَهۡوٗا وَغَرَّتۡهُمُ ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَا ﴾ تۆ واز لەوانە بهێنە کە دینەکەیان بە گاڵتەوگەپ گرتووەوژیانی دونیا بەتەواوی لە خشتەی بردوون. واتە: گوێیان مەدەرێ و وازیان لێ بێنەو ماوەیەك فەرامۆشیان بکە، بێگومان ئەوانە بەرەو سزای سەخت دەڕۆن. هەربۆیە خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَذَكِّرۡ بِهِۦٓ﴾ بەم قورئانە بیریان خەوەو بیانترسێنە لە تووڕەیی و سزای بەژان و تۆڵەی توندی خودا لە ڕۆژی قیامەتدا. پاشان دەفەرموێت: ﴿أَن تُبۡسَلَ نَفۡسُۢ بِمَا كَسَبَتۡ ﴾ هەرکەسێك بکەوێتە زیندانی بێ دەرەتانی کردەوەی خۆی. واتە: تا گیرۆدەی کردارەکان نەبێت. زەحاك وتی: لە ئیبنو عەبباس و موجاهیدو عیکرەمەو حەسەن و سوددیەوە کە وتوویانە: ﴿تُبۡسَلَ﴾ واتە: خۆی بەرەو لەناوچوون نەبات[1] والیبی لە ئیبنو عەبباسەوە وتی: ﴿تُبۡسَلَ﴾ واتە: ئابڕوی نەچێت[2] قەتادە وتی: زیندانی نەکرێت[3]، موڕە و ئیبنو زەید وتیان: نەگیرێت[4]، کەلبی وتی: ﴿تُبۡسَلَ﴾ واتە: سزا نەدرێت. هەموو ئەم قسەودەربڕینانە لەیەك نزیکن لە مانادا پوختەکەی خۆدانەوەدەستە بۆ لەناوچوون و خۆگرتنە لە چاکەو بوونە بارمتەی کرداری خۆ. وەك خودای گەورە

[1] الطبري (١١/٤٤٣).
[2] الطبري (١١/٤٤٤).
[3] الطبري (١١/٤٤٣).
[4] الطبري (١١/٤٤٣).

دەفەرمووێت: ﴿كُلُّ نَفْسٍۭ بِمَا كَسَبَتْ رَهِينَةٌ ۝٣٨ إِلَّآ أَصْحَٰبَ ٱلْيَمِينِ﴾[1] هەموو کەسێك کردەوەی بارمتەی خۆیەتی. جا مەگین هاوەڵانی دەستی ڕاست. پاشان لێرەدا دەفەرمووێت: ﴿لَيْسَ لَهَا مِن دُونِ ٱللَّهِ وَلِيٌّ وَلَا شَفِيعٌ﴾ جگە لە خودا هیچ کەسێك بە هانایەوە نایەتو هیچ کەسێکیش تکای بۆناکات ﴿وَإِن تَعْدِلْ كُلَّ عَدْلٍ لَّا يُؤْخَذْ مِنْهَآ﴾ هەرچی ماڵی دونیای هەیە هەمووی بدات لە قەرەبووی خۆیدا لێی وەرناگیرێتو قەبوڵ ناکرێت. وەك خودای گەورە لە ئایەتێکی تردا دەفەرمووێت: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ وَمَاتُوا۟ وَهُمْ كُفَّارٌ فَلَن يُقْبَلَ مِنْ أَحَدِهِم مِّلْءُ ٱلْأَرْضِ ذَهَبًا وَلَوِ ٱفْتَدَىٰ بِهِۦٓ﴾[2] ئەوانەی کە خودانەناس بوونو هەرچی بە خودانەناسی مردوون، هەرکەسێکیان ئەگەر بەپڕی ئەم زەمینە زێڕیش (ئاڵتوون) بە بارمتە بدات هەرگیز بەهرەی پێ ناگەیەنێت. لێرەشدا خودای گەورە هەروا دەفەرمووێت: ﴿أُو۟لَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ أُبْسِلُوا۟ بِمَا كَسَبُوا۟ ۖ لَهُمْ شَرَابٌ مِّنْ حَمِيمٍ وَعَذَابٌ أَلِيمٌۢ بِمَا كَانُوا۟ يَكْفُرُونَ﴾ ئەوانە بەهۆی ئەوکارەی کە کردوویانەو بڕوایان بەخودا نەبووە لە جەهەننەم دەرناچن ئاوی کوڵاو دەخۆنەوەو جەزرەبەی بەژانیان هەیە.

﴿قُلْ أَنَدْعُوا۟ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا يَنفَعُنَا وَلَا يَضُرُّنَا وَنُرَدُّ عَلَىٰٓ أَعْقَابِنَا بَعْدَ إِذْ هَدَىٰنَا ٱللَّهُ كَٱلَّذِى ٱسْتَهْوَتْهُ ٱلشَّيَٰطِينُ فِى ٱلْأَرْضِ حَيْرَانَ لَهُۥٓ أَصْحَٰبٌ يَدْعُونَهُۥٓ إِلَى ٱلْهُدَى ٱئْتِنَا ۗ قُلْ إِنَّ هُدَى ٱللَّهِ هُوَ ٱلْهُدَىٰ ۖ وَأُمِرْنَا لِنُسْلِمَ لِرَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ۝٧١ وَأَنْ أَقِيمُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ وَٱتَّقُوهُ ۚ وَهُوَ ٱلَّذِىٓ إِلَيْهِ تُحْشَرُونَ ۝٧٢ وَهُوَ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ بِٱلْحَقِّ ۖ وَيَوْمَ يَقُولُ كُن فَيَكُونُ ۚ قَوْلُهُ ٱلْحَقُّ ۚ وَلَهُ ٱلْمُلْكُ يَوْمَ يُنفَخُ فِى ٱلصُّورِ ۚ عَٰلِمُ ٱلْغَيْبِ وَٱلشَّهَٰدَةِ ۚ وَهُوَ ٱلْحَكِيمُ ٱلْخَبِيرُ ۝٧٣﴾

وێنەی ئەوکەسانەی دەگەڕێنەوە بۆ خودانەناسی دوای بڕاهێنانو ئاکاری چاك

خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿قُلْ أَنَدْعُوا۟ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا يَنفَعُنَا وَلَا يَضُرُّنَا وَنُرَدُّ عَلَىٰٓ أَعْقَابِنَا بَعْدَ إِذْ هَدَىٰنَا ٱللَّهُ﴾ بڵێ: ئایا دەتانەوێت لەبری خوا هاوار بۆ شتانێك بەرین نە زەرەرێکمان لێ دەدەن نە قازانجیان بۆمان هەیەو لە پاش ئەوەی شارەزای ڕستەڕێکە بووین، سەرلەنوێ پاشگەزبینەوە؟ سوددی وتی: بت پەرستەکان بە موسڵمانەکانیان وت، شوێن ڕێگەی ئێمە بکەون، واز لە ئاینی موحەممەد بێنن

[1] المدثر (٣٨- ٣٩).
[2] ال عمران (٩١).

خوای مەزن ئەم ئایەتەی ناردەخوارەوە ﴿ قُلْ أَنَدْعُواْ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا يَنفَعُنَا وَلَا يَضُرُّنَا وَنُرَدُّ عَلَىٰٓ أَعْقَابِنَا بَعْدَ إِذْ هَدَىٰنَا ٱللَّهُ ﴾ ایا پاش ئەوەی شارەزای ڕاستەڕێگە بووین جارێکی تر پاشگەزببینەوە؟ هەروەك ئەوەمان بەسەردێت کە شەیتان خەڵەتاندویەتیو لەسەر زەوی سەرگەرادانن. خودای مەزن دەفەرمووێت: نمونەی ئێوە کە پاشگەزبنەوە دوای باوەڕهێنان، وەك نمونەی پیاوێك وایە لەگەڵ کۆمەڵێکدا دەرچووە بەڕێگەیەکدا، ڕێگە ون دەکات و شەیاتینەکان خەڵەتاندوویانەو لەسەر زەوی سەرگەردانن، هاوەڵەکانی کە لەسەر ئەو ڕێگەیەن بانگی دەکەن بۆلای خۆیان پێی دەڵێت: وەرەبۆلای ئێمە، ئێمە لەسەر ڕێگەین. ئەویش ڕازی نابێت بچێتەلایان، ئەوە نمونەی ئەوکەسەیە شوێنی، شەیاتین دەکەوێت دوای ئەوەی کە موحەممەدی ناسی (ﷺ) موحەممەدیش ئەوکەسەیە بانگی خەڵك دەکات بۆ ئەو ڕێگەیە، ئەو ڕێگەیەش هەر ئیسلامە، ئیبنو جەریر ڕیوایەتی کردووە[1] خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿ كَٱلَّذِى ٱسْتَهْوَتْهُ ٱلشَّيَـٰطِينُ فِى ٱلْأَرْضِ حَيْرَانَ ﴾ هەروەك ئەوەمان بەسەردێت کە شەیاتین خەڵەتاندویەتی لەسەر زەوی سەرگەردانە. ئا ئەوەیە خەڵەتێنەرو فریودەر، کە بەناوی خۆیو باواکیو باپیریەوە بانگی دەکەن ئەویش شوێنیان دەکەوێت وادەزانێت شتێکی باشی کردووە، کەچی فڕێیانداوەتە شوێنێکەوە کە تیابچێت، لەوانەشە خورابێت، یان لە بیابانێکی چۆڵدا لە شوێنێکدا فڕێیانداوە لەتێنودا خنکاوە، ئەمە نمونەی ئەکەسانەیە وەڵامی ئەوپەرستراوانە دەدەنەوە کە جگە لە خودای گەورە دەیپەرستن، ئیبنو جەریر ڕیوایەتی کردووە[2] ﴿ لَهُۥٓ أَصْحَـٰبٌ يَدْعُونَهُۥٓ إِلَى ٱلْهُدَى ٱئْتِنَا ﴾ هەندێك هاوەڵی وای هەیە کە پێی دەڵێن: وەرەلامان لەڕێگەت شارەزادەکەین. هەربۆیە خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿ قُلْ إِنَّ هُدَى ٱللَّهِ هُوَ ٱلْهُدَىٰ ﴾ بلێ: ڕێی ڕاست هەر ڕێگەی خودایە، وەك لە ئایەتێکی تردا دەفەرمووێت: ﴿ وَمَن يَهْدِ ٱللَّهُ فَمَا لَهُۥ مِن مُّضِلٍّ ﴾[3] هەرکەسێك خودا شارەزای کردبێت، کەس ناتوانێت لەڕێگەی خودا لایبدات. وە دەفەرمووێت: ﴿ إِن تَحْرِصْ عَلَىٰ هُدَىٰهُمْ فَإِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهْدِى مَن يُضِلُّ وَمَا لَهُم مِّن نَّـٰصِرِينَ ﴾[4] هەرچەندە هەوڵ بۆ شارەزابوونیان بدەیت، گومڕاکان خودا ڕێگەیان نیشان نادات و کەسیش بەهانایانەوە نایات. پاشان خودای گەورە لێرەدا دەفەرمووێت: ﴿ وَأُمِرْنَا لِنُسْلِمَ لِرَبِّ

[1] الطبري (١١/٤٥٢).

[2] الطبري (١١/٤٥٢).

[3] الزمر (٣٧).

[4] النحل (٣٧).

ٱلْعَـٰلَمِينَ ﴾ فەرمانمان پێدراوە خۆ بدەیتە دەست پەروەردگاری جیهان. واتە: بە دڵسۆزی پاکی تەنیا عیبـادەتی خـودا بکـەین کـە شـەریکی نیـە، ﴿وَأَنْ أَقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَٱتَّقُوهُ ﴾ فەرمووشـیەتی دەبێت نوێژبکەین‌و ترسیشمان لە خودا هـەبێت لـە هـەموو هـەڵس‌و کەوتێکدا ﴿وَهُوَ ٱلَّذِىٓ إِلَيْهِ تُحْشَرُونَ ﴾ ئەوە خودایەی کە هەمووتان لـەلای کۆدەکرێنـەوە، لـەڕۆژی قیامەتـدا ﴿ وَهُوَ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ بِٱلْحَقِّ ﴾ هەر ئەویشە بەڕاستی، ئاسمانـەکان‌و زەمـین‌و ئـەوەش کـە لەناویاندایـە دروسـتی کردووە ﴿وَيَوْمَ يَقُولُ كُن فَيَكُونُ ﴾ هەر ڕۆژێـك بـۆ دروسـتبوونی شـتێك بفـەرمووێت ببـە، دەبێت. واتە: ئەوڕۆژی قیامەتـەی کـە خـودای گـەورە دەفـەرمووێت ببـە، دەبێـت لەچـاوترکانێکداو کـەمتریش. (الیوم) مەنصوبە لەبەرئەوەی کە عەتف کراوە بۆ ﴿وَٱتَّقُوهُ ﴾ بەم شێوەیەی لـێ دێـت: (واالتقـوا یـوم یقول کن فیکون) یان عـەتف کـراوە بـۆ ﴿خَلَقَ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ ﴾ واتـە: (خلـق یـوم یقـول: کـن فیکون) لێرەدا باسی درەستبوونی یەکەم‌و دووبارەکردنەوەشی کردووە ئەمە شتێکی باشە. یان عەتف کـراوە بـۆ فیعلێکـی نادیـار بـەم شـێوەیە: (واذکـر یـوم یقـول کـن فیکـون). پاشـان خـودای گـەورە دەفەرمووێت: ﴿قَوْلُهُ ٱلْحَقُّ ۚ وَلَهُ ٱلْمُلْكُ ﴾ قسەی ڕاستەو موڵك‌و دەستەڵاتیشی هەر هی خۆیەتی.

باسی فووکردن بە کەڵەشاخدا

خودای مەزن دەفـەرمووێت: ﴿يَوْمَ يُنفَخُ فِى ٱلصُّورِ﴾ ئـەوڕۆژەی کـە فـوو بـە کەڵەشـاخدا دەکرێـت، هەڵدەگرێت ئـەم دەقـەر بـەدەل بێـت لـەم دەقـە کـە خـودای مـەزن دەفـەرمووێت: ﴿وَيَوْمَ يَقُولُ كُن فَيَكُونُ ﴾ وە هەڵیش دەگرێت زەرف بێت بۆ ئەم دەقە کە دەفـەرمووێت: ﴿وَلَهُ ٱلْمُلْكُ يَوْمَ يُنفَخُ فِى ٱلصُّورِ﴾ وەك ئـەم ئایەتـە ﴿لِّمَنِ ٱلْمُلْكُ ٱلْيَوْمَ ۖ لِلَّهِ ٱلْوَٰحِدِ ٱلْقَهَّارِ ﴾[1] لـەوڕۆژەدا فـەرمانڕەوایی بـۆ کێیـە؟ هەرر بۆ خودای تاك‌و تەنیای بەسەر هەموو شتدا زاڵە. ئەم ئایەتەش کە دەفـەرمووێت: ﴿ ٱلْمُلْكُ يَوْمَئِذٍ ٱلْحَقُّ لِلرَّحْمَـٰنِ ۚ وَكَانَ يَوْمًا عَلَى ٱلْكَـٰفِرِينَ عَسِيرًا ﴾[2] ئـەوڕۆژەی فـە رمـانڕەوایی بەڕاسـتی بـۆ خودایـەو بـۆ کۆمـەڵی خودانەناسـان ڕۆژێکـی پـڕ تەنگانەیـە. مەبەسـت بـە ﴿ٱلصُّورِ﴾ ئـەو کەڵەشـاخەیە کـە ئیـسرافیل(سـەلامی خـودای لێبێـت) فـوور پێـدادەکات. موسـلیم ڕیوایـەتی کـردووە لـە پێغەمبـەری

---

[1] غافر (١٦).

[2] الفرقان (٢٦).

خوداوە(ﷺ) کە فەرموویەتی: (بەڕاستی ئیسرافیل (سەلامی خودای لێبێت) کەڵەشاخەکەی بە دەمیەوە گرتووەو تەوێڵی خۆی نەوی کردووەو چاوەڕوانە کەی فەرمانی پێ بکرێت فووی پێدابکات)[1]، ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە. لە عەبدوڵڵای کوڕی عەمر وتی: عەرەبێکی دەشتەکی وتی: ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) (الصور) چیە؟ فەرمووی: (کەڵەشاخێکە فووی پیادەکرێت)[2].

﴿وَإِذْ قَالَ إِبْرَٰهِيمُ لِأَبِيهِ ءَازَرَ أَتَتَّخِذُ أَصْنَامًا ءَالِهَةً إِنِّيٓ أَرَىٰكَ وَقَوْمَكَ فِي ضَلَٰلٖ مُّبِينٖ ﴿٧٤﴾ وَكَذَٰلِكَ نُرِيٓ
إِبْرَٰهِيمَ مَلَكُوتَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَلِيَكُونَ مِنَ ٱلْمُوقِنِينَ ﴿٧٥﴾ فَلَمَّا جَنَّ عَلَيْهِ ٱلَّيْلُ رَءَا كَوْكَبٗاۖ قَالَ هَٰذَا
رَبِّيۖ فَلَمَّآ أَفَلَ قَالَ لَآ أُحِبُّ ٱلْـَٔافِلِينَ ﴿٧٦﴾ فَلَمَّا رَءَا ٱلْقَمَرَ بَازِغٗا قَالَ هَٰذَا رَبِّيۖ فَلَمَّآ أَفَلَ قَالَ لَئِن لَّمْ يَهْدِنِي
رَبِّي لَأَكُونَنَّ مِنَ ٱلْقَوْمِ ٱلضَّآلِّينَ ﴿٧٧﴾ فَلَمَّا رَءَا ٱلشَّمْسَ بَازِغَةٗ قَالَ هَٰذَا رَبِّي هَٰذَآ أَكْبَرُۖ فَلَمَّآ أَفَلَتْ قَالَ
يَٰقَوْمِ إِنِّي بَرِيٓءٞ مِّمَّا تُشْرِكُونَ ﴿٧٨﴾ إِنِّي وَجَّهْتُ وَجْهِيَ لِلَّذِي فَطَرَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ حَنِيفٗاۖ وَمَآ أَنَا۠
مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ﴿٧٩﴾﴾

ئیبراهیم (سەلامی خودای لێبێت) ئامۆژگاری باوکی کرد

مەبەست لێرەدا ئەوەیە کە ئیبراهیم (سەلامی خودای لێبێت) ئامۆژگاری باوکی دەکرد کە بت پەرستی نەکاتو وازی لێ بێنێتو سەرزەنشتی دەکرد، وەک خودای مەزن دەفەرموێت: ﴿وَإِذْ قَالَ إِبْرَٰهِيمُ لِأَبِيهِ ءَازَرَ أَتَتَّخِذُ أَصْنَامًا ءَالِهَةً﴾ بیر لەوکاتەش بکەوە کە ئیبراهیم بە ئازەری باوکی خۆی وت: ئایا تۆ بۆچی ئەم بتانە دەپەرستی؟ تۆ بتێك دەپەرستی بێجگە لە خودا ﴿إِنِّيٓ أَرَىٰكَ وَقَوْمَكَ فِي ضَلَٰلٖ مُّبِينٖ﴾ من تۆشو گەلەکەت دەبینم لە گومڕاییەکی ئاشکرادان و لەڕێ لاتانداوەو سەرتان لێ شێواوە نازانن بەرەو کوێ دەچنو بەڵکو لەسەرگەردانیو نەفامیدا خوول دەخۆن. ئەوندەش نەفامیوگومڕاییەکەتان ئاشکرایە. گشت خاوەن ئاوەزێکی تەندروست هەستی پێدەکات. خودای گەورە لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێت: ﴿وَٱذْكُرْ فِي ٱلْكِتَٰبِ إِبْرَٰهِيمَۚ إِنَّهُۥ كَانَ صِدِّيقٗا نَّبِيًّا ﴿٤١﴾ إِذْ قَالَ لِأَبِيهِ يَٰٓأَبَتِ لِمَ تَعْبُدُ مَا لَا يَسْمَعُ وَلَا يُبْصِرُ وَلَا يُغْنِي عَنكَ شَيْـٔٗا ﴿٤٢﴾ يَٰٓأَبَتِ إِنِّي قَدْ جَآءَنِي مِنَ ٱلْعِلْمِ مَا لَمْ يَأْتِكَ فَٱتَّبِعْنِيٓ أَهْدِكَ صِرَٰطٗا سَوِيّٗا ﴿٤٣﴾ يَٰٓأَبَتِ لَا تَعْبُدِ ٱلشَّيْطَٰنَۖ إِنَّ ٱلشَّيْطَٰنَ كَانَ لِلرَّحْمَٰنِ عَصِيّٗا ﴿٤٤﴾ يَٰٓأَبَتِ إِنِّيٓ أَخَافُ أَن يَمَسَّكَ عَذَابٞ مِّنَ ٱلرَّحْمَٰنِ فَتَكُونَ لِلشَّيْطَٰنِ وَلِيّٗا ﴿٤٥﴾ قَالَ أَرَاغِبٌ أَنتَ عَنْ ءَالِهَتِي يَٰٓإِبْرَٰهِيمُۖ لَئِن لَّمْ تَنتَهِ

[1] الطبری (٥/٢٣٨).

[2] تحفة الاحوذي (٧/١١٧)، أحمد (٢/١٦٢). فەرموودەیەکی حەسەنە.

لَأَرْجُمَنَّكَ وَٱهْجُرْنِي مَلِيًّا ﴿٤٦﴾ قَالَ سَلَٰمٌ عَلَيْكَ سَأَسْتَغْفِرُ لَكَ رَبِّيٓ إِنَّهُۥ كَانَ بِي حَفِيًّا ﴿٤٧﴾ وَأَعْتَزِلُكُمْ وَمَا تَدْعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ وَأَدْعُواْ رَبِّي عَسَىٰٓ أَلَّآ أَكُونَ بِدُعَآءِ رَبِّي شَقِيًّا ﴾[1] ئەی موحەممەد (ﷺ) لەم کتێبەدا (کە قورئانە) باسی ئیبراهیمش بکە کە لە کارو وتاریدا ڕاستوێژ بووە و هەم پێغەمبەریش بووە. ئەوکاتە بە باوکی خۆی وت: باوکە بۆ شتێکی وا دەپەرستیت، نە دەبیستێتو نە دەبینێتو هیچ قازانجێك بەتۆ نادات. باوکە: ئەوەی من دەیزانم تۆ نایزانی، شوێنم بکەوێت شارەزای ڕاستەڕێت دەکەم. باوکە شەیتانپەرست مەبە، شەیتان لە فەرمانی خودا سەرپێچی کرد. باوکە من لەوە دەترسم لە خوداوە تووشی ئازاربببیتو ببیت بە دۆستی شەیتان. ئازەر وتی: ئایا ئەی ئیبراهیم تۆ بێزاری لەوانەی دەیانپەرستم؟ ئەگەر دەست لەمە هەڵنەگریت بەردبارانت دەکەمو تا ماوەیەکی درێژیش لەلام برۆ. ئیبراهیم(سەلامی خودای لێبێت) وتی: سەلام لەسەر تۆ بێت، لە پەروەردگارم دەخوازم لێت ببورێتو ئەو لەگەڵ من میهرەبانە. من لە ئێوەو لەوانەش جگە لە خودا لەبەریان دەپاڕێنەوە، دوور دەگرمو دەپاڕێمەوە لە پە روەرندەم. بەڵکو لە بانگکردنی پەروەردگارم تووشی چارەڕشی نەبم. ئیبراهیم(سەلامی خودای لێبێت) لەماوەی ژیانیدا داوای لێخۆشبوونی بۆ باوکی دەکرد، بەڵام کاتێك کە لەسەر بت پەرستی مردو بەتەواوی بۆی دەرکەوت کە بەبێ دینی مردووە، حاشای لێکردو ئیتر داوای لێخۆشبوونی بۆنەکرد وەك خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَمَا كَانَ ٱسْتِغْفَارُ إِبْرَٰهِيمَ لِأَبِيهِ إِلَّا عَن مَّوْعِدَةٍ وَعَدَهَآ إِيَّاهُ فَلَمَّا تَبَيَّنَ لَهُۥٓ أَنَّهُۥ عَدُوٌّ لِّلَّهِ تَبَرَّأَ مِنْهُ إِنَّ إِبْرَٰهِيمَ لَأَوَّٰهٌ حَلِيمٌ ﴾[2] کە ئیبراهیم داوی لێخۆشبوونی بۆ باوکی کرد، تەنیا بۆ بەجێهێنانی بەڵێنێك بوو کە پێی دابوو، بەڵام کاتێك کە سوور زانی دوژمنی خودایە، ئیتر هیچ خۆی تێنەگەیاندا لە فە رموودەیەکی سەحیحدا هاتووە کە ئیبراهیم دەگات بە ئازەری باوکی لە ڕۆژی قیامەتدا، ئازەر پێی دەڵێت: ئەمڕۆ لە قسەت دەرناچمو بەگوێت دەکەم، ئیبراهیمش دەڵێت: ئەی پەروەردگارم ئایا بەڵێنت پێنەدام کە تۆ سەرشۆڕم نەکەیت لەڕۆژی زیندووبوونەوەدا، چ سەرشۆڕیەك لەمە سەرشۆڕترە لە باوکم کە بێ بەشە لە بەزەیی تۆ، وتراوە: ئەی ئیبراهیم سەریری ئەوە بکە لە دواتەوە، کەمتیارێکی پیسی بینی بە چوارپەل هەڵگیراو فڕێدرایە ناو ئاگر[3].

دەرکەوتنی نیشانەکانی یەکتاپەرستی (التوحید) لە ئیبراهیمدا (سەلامی خودای لێبێت)

---

[1] مريم (٤١– ٤٨).

[2] التوبة (١١٤).

[3] فتح البارى (٦/٤٤٥).

خــودای مــەزن دەفــەرموویێت: ﴿ وَكَذَٰلِكَ نُرِيٓ إِبۡرَٰهِيمَ مَلَكُوتَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ ﴾ هــەر بەوشێوەیەش، ئێمە نیشانی ئیبراهیممان کە دەستەڵاتی هەموو شتێك لە ئاسمانو زەمیندا بەدەست کێـە. واتــە: بۆمــان ڕوونکــردەوە لــە ڕێگــەی ئــەو بەڵگانــەوە بــۆ وردبوونــەوە لــە دەســتەڵاتی وەدیهێنەرەکەیانو تاكو تەنیایی خـودای مـەزن لـە خاوەنیـەتیو دروستکردنیدا. کـە هـیچ پەرستراوو پەروەردگاریەك نیە جگە لە خودا خۆی. وەك ئەم ئایەتە کە خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿ قُلِ ٱنظُرُواْ مَاذَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ ﴾[1] ئـەی موحەممـەد (ﷺ) بڵـێ: سـەیربکەن چـی لـە ئاسمانـەکانو زەمینـدا هەیـە. وە دەفــەرمووێت: ﴿ أَفَلَمۡ يَرَوۡاْ إِلَىٰ مَا بَيۡنَ أَيۡدِيهِمۡ وَمَا خَلۡفَهُم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلۡأَرۡضِۚ إِن نَّشَأۡ نَخۡسِفۡ بِهِمُ ٱلۡأَرۡضَ أَوۡ نُسۡقِطۡ عَلَيۡهِمۡ كِسَفٗا مِّنَ ٱلسَّمَآءِۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَةٗ لِّكُلِّ عَبۡدٖ مُّنِيبٖ ﴾[2] ئایــا ئەمانــە سەیری پاشو پێشەوەی خۆیان نەکردووە، لەم ئاسمانو زەمینەدا؟ ئەگەر ئێمـە بمانـەوێت وادەکـەین زەمین قوتیان بدات یان چەند پارچەیەکی ئاسمانیان بەسەردا دەخەینەخوار، لەمەدا نیشانەیەك هەیە بۆ هەربەندەیەك کە بیەوێت بگەڕێتـەوە، پاشـان دەفـەرموێت: ﴿وَلِيَكُونَ مِنَ ٱلۡمُوقِنِينَ ﴾ تـا لـە ڕیـزی بــاوە ڕدارە ڕاســتەقینەکان بێــت. ﴿فَلَمَّا جَنَّ عَلَيۡهِ ٱلَّيۡلُ رَءَا كَوۡكَبٗاۖ قَالَ هَٰذَا رَبِّيۖ فَلَمَّآ أَفَلَ قَالَ لَآ أُحِبُّ ٱلۡأٓفِلِينَ ﴾ کە شەوی بەسەرداهاتو تاریکداهات، ئەستێرەیەکی بەدی کرد وتـی: ئەمـە پەروەردگارمـە هــەر کــە لەبەرچــاو ئــاوابوو، وتــی: هەرچــی ئاوابێــت مــن خۆشــم ناوێــت. قــەتادە وتــی: دەیزانــی کــە پەروەردگاری ئەو هەر بووەو هەردەبێتو نەمانی بەسـەردا نایـات[3] ﴿ فَلَمَّا رَءَا ٱلۡقَمَرَ بَازِغٗا قَالَ هَٰذَا رَبِّيۖ فَلَمَّآ أَفَلَ قَالَ لَئِن لَّمۡ يَهۡدِنِي رَبِّي لَأَكُونَنَّ مِنَ ٱلۡقَوۡمِ ٱلضَّآلِّينَ ﴾ وەختێك کە دیتی مـانگ هـەڵهات، وتـی: ئەمە پەروەرێنمە، کە ئەویش لەبەرچاونەما، ئەگـەر پـەروەرێنی (ڕاسـتەقینە) خـۆی شارەزام نـەکات، منیش لە گومڕایان دەبم ﴿ فَلَمَّا رَءَا ٱلشَّمۡسَ بَازِغَةٗ قَالَ هَٰذَا رَبِّي هَٰذَآ أَكۡبَرُ ﴾ کاتێك کە دیـتی وا خـۆر لە کەل سەردەردێنێت، وتی: ئەمە پەروەرێنمە، ئەمە لەوانەی ترب گەورەترە. واتـە: لـە ئەسـتێرەو لـە مـانگ گـەورەترەو زۆر ڕووناکتریشە ﴿ فَلَمَّا رَءَا ٱلشَّمۡسَ بَازِغَةٗ قَالَ هَٰذَا رَبِّي هَٰذَآ أَكۡبَرُۖ فَلَمَّآ أَفَلَتۡ قَالَ يَٰقَوۡمِ إِنِّي بَرِيٓءٞ مِّمَّا تُشۡرِكُونَ ﴾ کـە خـۆریش ئـاوابوو وتـی: گەلەکـەم بەڕاسـتی مـن لەوبتانـەی ئێـوە

---

[1] يونس (١٠١).

[2] سبأ (٩).

[3] الطبري (١١/٤٨٠).

دەیانکەنە هاویەشی خودا بێزارمو تەکیمەوە. واتە: یەکتاپەرستمو عیبادەتیشم هەر بۆ ئەو خودایەیە
کە وەدیهێنەری ئاسمانەکانو زەمینە کە لە پێشدا وت نەبوونو لە بت پەرستی دوورەپەرێزمو
ڕوودەکەمە یەکتاپەرستی. هەربۆیە خودای مەزن لەسەر زمانی ئیبراهیم (سەلامی خودای لێبێت)
دەفەرموێت: ﴿إِنِّى وَجَّهْتُ وَجْهِىَ لِلَّذِى فَطَرَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ حَنِيفًا ۖ وَمَآ أَنَا۠ مِنَ
ٱلْمُشْرِكِينَ ﴾ وا من بەپاکی ڕووم کردە ئەوکەسەی کە ئاسمانانو زەمینی دروستکردووەو لەوانە نیم
شەریکی بۆ پەیدادەکەن.

ئەمە شوێنی ڕووبەڕووبوونەوەیە بەرامبەر بت پەرستان

لەڕاستیدا ئیبراهیم (سەلامی خودای لێبێت) لەم جێگایەدا ڕووبەڕووی گەلەکەی بووەتەوەو پڕوپوچی ئەوشتانەی گەلەکەی بۆ ڕوونکردونەتەوە لە پەرستنی پەیکەرو بتەکان، لەجێگای یەکەمدا لەگەڵ باوکێدا ڕووبەڕووبووەتەوە، هەڵەکانی دەخستەبەر چاویان لە پەرستنی بتەکانی سەرزەوی لەوێنەی فریشتەی ئاسماندا، تاکو تکایان بۆبکەن لەلای دروستکەری گەورە، ئەوانەی خۆیان لەوە بەسوکو ڕیسواتردەزانی کەڕاستەوخۆ ئەو خودایە بپەرستن، بەڵکوبەهۆی پەرستنی فریشتەکانەوە خۆیان نزیك دەکەنەوەلێی. هەتا تکایان بۆبکەن لەلای خودا کە ڕۆزیان بداتو سەریان بخاتو هەرشتێکی تریش کە پێویستیان پێیەتی. وە لێرەشدا هەڵەو گومڕاییەکانی بۆ ڕوونکردونەتەوە لە پەرستنی پەیکەرەکان، وەك پەرستنی حەوت ئەستێرە گەڕۆکە سەرسوڕهێنەرەکان کە بریتین لە مانگو خۆرو عوتاریدو مەریخو زوهرەو موشتەریو زوحەل. ڕووناکترینو بەرێزترینیان لەلای ئەوان خۆربووە، پاشان مانگ پاشان زوهرە. ئیبراهیم (سەلامی خودای لێبێت) یەکەمجار تێی گەیاندون کە ئەم زوهرەیە بۆئەوە ناشێت بپەرسترێت، چونکە خۆی ناگەڕێت بەڵکو ماوەیەکی کەمی بۆدیاریکراوە تێیدا بڕوات. ناتوانێت بەلای ڕاستو چەپیدا بڕواتو هیچی بەدەستی خۆی نیە، بەڵکو ئەستێرەیەکە لەو ئەستێرانە کە خودا بە ڕووناکی دروستی کردووە. خودا خۆی لەکارزانی هەرەمەزنە خۆی دەزانێت لەبەرچی وا دروستی کردووە. لە ڕۆژهەڵاتەوە هەڵدێتو پاشان دەڕوات بەرەو خۆرئاواو لەبەرچاو ون دەبێت. پاشان لە شەوی دوایشدا بەهەمان ئێوە دەست پێدەکاتەوە. شتی ئاوا بۆ پەرستن ناشێت. پاشان گواستیەوە بۆ مانگ. ئەوشتانەی لەودا ڕوونی کردەوە بەهەمان شێوە لەبارەی مانگیشەوە ڕوونی کردەوە. پاشان چووەسەر خۆر هەر بەوشێوەیە. کاتێك خودایەتی ئەم سێ ئەستێرەیەی هەڵوەشاندەوە کە لە هەموو ئەستێرەکانی تر ڕووناکتربوون بەچاو ببینرێن. بە بەڵگەی تەواو پێی سەلماندن ﴿قَالَ يَٰقَوۡمِ إِنِّي بَرِيٓءٞ مِّمَّا تُشۡرِكُونَ﴾ وتی: گەلەکەم بەڕاستی من لەوبتانەی کە دەیانکەنە هاوبەشی خودا بێزارمو هەرگیز نایانپەرستمو بە خودایان نازانم. ئەگەر خودا هەرچی فروفێڵی ئەوانە بەکاری بێنن هیچ مەوەستن ﴿إِنِّي وَجَّهۡتُ وَجۡهِيَ لِلَّذِي فَطَرَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ حَنِيفٗاۖ وَمَآ أَنَا۠ مِنَ ٱلۡمُشۡرِكِينَ﴾ وا من ڕوومکردە ئەوکەسەی کە ئاسمانانو زەمینی دروستکردووە و لەوانە نیم شەریکی بۆ دادەنێن. بەڵکو وەدیهێنەری ئەوانە دەپەرستم کە بەڕێوەیان دەباتو ڕامی هێناونو هەموو شتێك بەدەستی ئەوەو هەر ئەو خوداو پەروەردگارو خاوەنیشیانە. وە لە ئایەتێکی تردا خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿إِنَّ رَبَّكُمُ ٱللَّهُ ٱلَّذِي خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ فِي سِتَّةِ أَيَّامٖ ثُمَّ ٱسۡتَوَىٰ عَلَى ٱلۡعَرۡشِ يُغۡشِي ٱلَّيۡلَ ٱلنَّهَارَ يَطۡلُبُهُۥ حَثِيثٗا وَٱلشَّمۡسَ وَٱلۡقَمَرَ وَٱلنُّجُومَ مُسَخَّرَٰتِۭ بِأَمۡرِهِۦٓۗ أَلَا لَهُ ٱلۡخَلۡقُ وَٱلۡأَمۡرُۗ تَبَارَكَ ٱللَّهُ رَبُّ

ٱلْعَٰلَمِينَ ﴾[1] پەروەردگارتان ئەو خودایەیە کە ئاسمانەکان‌و زەمینی لە شەش ڕۆژدا دروستکرد، پاشان لەسەر تەختی فەرمانڕەوایی العرشی دامەزرا، بە شەوو ڕۆژ دادەپۆشرێت‌و ڕۆژیش بەپەلە دەکەوێتە شوێنی شەو، خۆرو مانگ‌و ئەستێرەکانی بەدیهێناوەو هە ر لەژێر فەرمانی ئەودان، دروستکردن‌و ڕاگەیشتن هەر بۆ ئەوە، پاک‌و بێ عەیبە پەروەردگاری گشت جیهان. وە لەبارەی ئیبراهیمەوە (سەلامی خودای لێبێت) خودای مەزن دەفەرمووێت: ﴿وَلَقَدْ ءَاتَيْنَآ إِبْرَٰهِيمَ رُشْدَهُۥ مِن قَبْلُ وَكُنَّا بِهِۦ عَٰلِمِينَ ﴿٥١﴾ إِذْ قَالَ لِأَبِيهِ وَقَوْمِهِۦ مَا هَٰذِهِ ٱلتَّمَاثِيلُ ٱلَّتِىٓ أَنتُمْ لَهَا عَٰكِفُونَ ﴾[2] لەمەوپێشیش ئیبراهیمان لەکارەکانی شارەزاکرد، هەمیشە ئاگامان لێ بووە. لەوکاتەدا کە بە باوک‌و هۆزەکەی وت ئەم پەیکەرانە چین کە ئێوە دەیپەرستن؟ لێرەدا دە ردەکەوێت کە ئیبراهیم (سەلامی خودای لێبێت) ڕووبەڕووی باکی‌و هۆزەکەی بووەتەوە کە خەریکی بت پەرستی بوون. وازی لێ نەهێناون‌و بەردەوام ئامۆژگاری کردوون کە دەست لە بت پەرستی هەلگرن.

﴿ وَحَآجَّهُۥ قَوْمُهُۥ ۚ قَالَ أَتُحَٰٓجُّوٓنِّى فِى ٱللَّهِ وَقَدْ هَدَىٰنِ ۚ وَلَآ أَخَافُ مَا تُشْرِكُونَ بِهِۦٓ إِلَّآ أَن يَشَآءَ رَبِّى شَيْـًٔا ۗ وَسِعَ رَبِّى كُلَّ شَىْءٍ عِلْمًا ۗ أَفَلَا تَتَذَكَّرُونَ ﴿٨٠﴾ وَكَيْفَ أَخَافُ مَآ أَشْرَكْتُمْ وَلَا تَخَافُونَ أَنَّكُمْ أَشْرَكْتُم بِٱللَّهِ مَا لَمْ يُنَزِّلْ بِهِۦ عَلَيْكُمْ سُلْطَٰنًا ۚ فَأَىُّ ٱلْفَرِيقَيْنِ أَحَقُّ بِٱلْأَمْنِ ۖ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴿٨١﴾ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَلَمْ يَلْبِسُوٓا۟ إِيمَٰنَهُم بِظُلْمٍ أُو۟لَٰٓئِكَ لَهُمُ ٱلْأَمْنُ وَهُم مُّهْتَدُونَ ﴿٨٢﴾ وَتِلْكَ حُجَّتُنَآ ءَاتَيْنَٰهَآ إِبْرَٰهِيمَ عَلَىٰ قَوْمِهِۦ ۚ نَرْفَعُ دَرَجَٰتٍ مَّن نَّشَآءُ ۗ إِنَّ رَبَّكَ حَكِيمٌ عَلِيمٌ ﴿٨٣﴾ ﴾

خودای گەورە باسی ئیبراهیمی خەلیل(سەلامی خودای لێبێت) کاتێك کە هۆزەکەی مشت‌ومڕیان لەگەڵدا کرد لەبارەی ئەوەی کە پێی دەوتن دەبێت تەنها هەر خودا بپەرستن، ئەوانیش ڕووبەڕووی دەبوونەوەو داوایان لەو دەکرد دژی بتەکانی ئەواننەوەستێت وەك خودای گەورە دەفەرمووێت:

﴿ وَحَآجَّهُۥ قَوْمُهُۥ ۚ قَالَ أَتُحَٰٓجُّوٓنِّى فِى ٱللَّهِ وَقَدْ هَدَىٰنِ ﴾ هۆزەکەی کێشەو شەڕیان پێ دەفرۆشت، ئیبراهیم وتی: ئێوە چۆن لەبارەی من لەبارەی خودایەکەوە کێشەو مشت‌ومڕدەکەن کە ئەو منی شارەزاکردووە کە هیچ پەرستراوێك نیە جگە لە ئەو. هەر ئەویش ڕێنماو ڕێ نیشاندەریش بووە بۆ سەر ڕێگای ڕاست. من بەڵگەی تەواوم بەدەستەوەیە لەلایەن ئەوەوە ئیتر چۆن گوێ بەوقسە پڕوپوچ‌و خراپانەی ئێوە دەدەم ﴿وَلَآ أَخَافُ مَا تُشْرِكُونَ بِهِۦٓ إِلَّآ أَن يَشَآءَ رَبِّى شَيْـًٔا ﴾ هیچ ترسێکم لەوانە نیە کە دەیانکەنە

---

[1] الاعراف (٥٤).

[2] الانبياء (٥١– ٥٢).

شەریکی ئەو، هەرشتێك پەروەردگارم مەیلی لێبێت هەروا دەبێت. لەوبەڵگانەی کە دەبێتە پوچەڵکردنەوەی قسەکانی ئێوە، ئەوبتانەی ئێوە دەیانپەرستن ناتوانن هیچ شتێك بکەن‌و من لێیان ناترسم‌و هەر گوێشیان پێ نادەم، ئەگەر توانای هەر فروفێڵێکیان هەیە ددەی پێیان بڵێن، با درێغی نەکەن دژی من بیکەن، هیچ نەوەستن. خودای مەزن دەفەرمووێت: ﴿أَن يَشَآءَ رَبِّى شَيْـًٔا﴾ ئەم دەقەئیستسنای مونقەتیعە واتە: جگە لە خودا هیچ کەسێك قازانج‌و زیان بەکەس ناگەیەنێت ﴿وَسِعَ رَبِّى كُلَّ شَىْءٍ عِلْمًا﴾ زانیاری پەروەرنەدی من هەموو شتێك دەگرێتەوە، واتە: زانیاری خودا دەوری هەموو شتێکی داوەو هیچ شتێکی شاراوەی لێ ون نابێت ﴿أَفَلَا تَتَذَكَّرُونَ﴾ ئایا ئێوە بیرناکەنەوە؟ واتە: پەندو ئامۆژگاری وەرناگرن‌و نازانن کە ئەوبتانە شتێکی پروپوچن، شوورەیی ناکەن کە دەیانپەرستن. ئەم بەڵگەیە وێنەی ئەو بەڵگەیە کە پێغەمبەری خودا هود (سەلامی خودای لێبێت) هێنایەوە بۆ هۆزەکەی خۆی عاد، وەك خودای مەزن لە کتێبەکەیدا واتە لە قورئاندا باسی کردووە دەفەرمووێت: ﴿قَالُوا۟ يَـٰهُودُ مَا جِئْتَنَا بِبَيِّنَةٍ وَمَا نَحْنُ بِتَارِكِىٓ ءَالِهَتِنَا عَن قَوْلِكَ وَمَا نَحْنُ لَكَ بِمُؤْمِنِينَ ﴿٥٣﴾ إِن نَّقُولُ إِلَّا ٱعْتَرَىٰكَ بَعْضُ ءَالِهَتِنَا بِسُوٓءٍ ۗ قَالَ إِنِّىٓ أُشْهِدُ ٱللَّهَ وَٱشْهَدُوٓا۟ أَنِّى بَرِىٓءٌ مِّمَّا تُشْرِكُونَ ﴿٥٤﴾ مِن دُونِهِۦ ۖ فَكِيدُونِى جَمِيعًا ثُمَّ لَا تُنظِرُونِ ﴿٥٥﴾ إِنِّى تَوَكَّلْتُ عَلَى ٱللَّهِ رَبِّى وَرَبِّكُم ۚ مَّا مِن دَآبَّةٍ إِلَّا هُوَ ءَاخِذٌۢ بِنَاصِيَتِهَآ ۚ إِنَّ رَبِّى عَلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ﴾[1] وتیان: ئەی هود تۆ هیچ بەڵگەت لە خوداوە بۆنەهێناوین، هەر بەقسەی تۆش ئێمە لە پەرستراوەکانمان هەڵناگرین، بڕواش بە تۆ ناهێنین. ئێمە هەر ئەوەندە دەڵێین رەنگە هەندێك لەوانەی ئێمە دەیانپەرستین تووشی گرفتێکیان کردبیت، هود فەرمووی: خودا بە شایەد دەگرم، ئێوەش هەر شایەد بن من دوورم لەوەی کە ئێوە دەیپەرستن. جگە لە خودا، هەمووتان فێڵم لێ بکەن‌و مۆڵەتم مەدەن. من خۆم سپاردووە بەو خودایە کە پەروەردگاری من‌و پەروەردگاری ئێوەشە، هەرشتێك دەجوڵێتەوە هەموو شتێك بەدەستی ئەوە بێگومان ڕێگەی پەروەردگارم ڕاستەڕێیە. لێرەداخودای گەورە لەسەر زمانی ئیبراهیم(سەلامی خودای لێبێت) دەفەرمووێت: ﴿وَكَيْفَ أَخَافُ مَآ أَشْرَكْتُمْ وَلَا تَخَافُونَ أَنَّكُمْ أَشْرَكْتُم بِٱللَّهِ مَا لَمْ يُنَزِّلْ بِهِۦ عَلَيْكُمْ سُلْطَـٰنًا﴾ من چۆن دەبێ لەوبتانە کە ئێوە دەیانپەرستن بترسم؟ کە ئێوە ناترسن‌و ئەوبتانە بە شەریکی خودا دەزانن‌و هیچ بەڵگەیەکی بتەوتان بۆ نەهاتووەتەخوارەوە. ئیبنو عەبباس‌و کەسانی تریش لە زانایانی

[1] هود (٥٣– ٥٦).

پێشینە دەڵێن: ﴿سُلْطَٰنًا﴾ واتە: بەڵگە[1]، ئەم ئایەتە وەك ئەو ئایەتانە وایە كە خودای مەزن دەفەرمووێت: ﴿أَمْ لَهُمْ شُرَكَٰٓؤُا۟ شَرَعُوا۟ لَهُم مِّنَ ٱلدِّينِ مَا لَمْ يَأْذَنۢ بِهِ ٱللَّهُ﴾[2] ئایا ئەوان شتانی وا بەشەریكی خودا دادەنێن، كە ئاینێكی وایان بۆ دانابن كە خودا ڕێگای پێنەداوە. وە دەفەرمووێت: ﴿إِنْ هِىَ إِلَّآ أَسْمَآءٌ سَمَّيْتُمُوهَآ أَنتُمْ وَءَابَآؤُكُم مَّآ أَنزَلَ ٱللَّهُ بِهَا مِن سُلْطَٰنٍ﴾[3] تەنیا ئەوانە چەند ناوێكن كە ئێوەو باب‌و باپیرانتان، ئەونەیان پێ ناوناون‌و خوداش هیچ بەڵگەی بتەوی لەبارەی ئەوانەوە نەناردووە. پاشان دەفەرمووێت: ﴿فَأَىُّ ٱلْفَرِيقَيْنِ أَحَقُّ بِٱلْأَمْنِ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ﴾ دەی كەواتە كام لەم دوودەستەیە زیاتر شیاوی نەترسانە. واتە: كام دەستەو كۆمەڵ ڕاسترە، ئەوەی كە ئەوەی پەرستووە كە قازانج‌و زیانی بەدەستە یان ئەوەی شتێكی پەرستووە نە قازانجی هەیەو نە زیان بەبێ بەڵگەش. كام لەمانە پتر شیاوەی نەترسانە لە سزای خودا لە ڕۆژی قیامەت؟ خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَلَمْ يَلْبِسُوٓا۟ إِيمَٰنَهُم بِظُلْمٍ أُو۟لَٰٓئِكَ لَهُمُ ٱلْأَمْنُ وَهُم مُّهْتَدُونَ﴾ ئەوكەسانەی بڕوایان بەخودا هێناوەو بڕواكەیان تێكەڵی ناهەقی نەكردووە، دڵنیاین بۆ ئەوانە، شارەزای ڕێی خودا ئەوانەن. واتە: ئەوەكەسانەی بەصاكی‌و دڵسۆزی عیبادەتیان بۆ خودا كردووە بە تەنیا شەریكیان بۆ دانەناوە لە هیچ شتێكدا، ئایا ئ ەوانە دڵنیان لە ڕۆژی قیامەتداو شارەزای ڕێگای خودان لە دونیا قیامەتدا.

ناهەقی زۆر گەورە شەریك دانانە بۆ خودا

بوخاری ڕیوایەتی كردووە لە عەبدوڵلاوە وتی: كاتێك ئەم ئایەتە هاتەخوارەوە ﴿وَلَمْ يَلْبِسُوٓا۟ إِيمَٰنَهُم بِظُلْمٍ﴾ ئەوانەی بڕواكەیان تێكەڵی ناهەقی نەكرد. هاوەڵەكانی پێغەمبەر (ﷺ) وتیان: جا كێمان ناهەقی لەخۆی نەكردووە؟ ئەم ئایەتەهاتەخوارەوە[4]، ﴿إِنَّ ٱلشِّرْكَ لَظُلْمٌ عَظِيمٌ﴾[5] بێگومان شەریك بۆ خودا بڕیاردان ناهەقیەكی زۆر گەورەیە. ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی كردووە لە عەبدوڵلاوە وتی: كاتێك ئەم ئایەتە هاتەخوارەوە ﴿ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَلَمْ يَلْبِسُوٓا۟ إِيمَٰنَهُم بِظُلْمٍ﴾ ئەوە زۆر لەسەر خەڵكی گران بوو، وتیان: ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) كێ لە ئێمە ناهەقی لەخۆی نەكردووە؟ فەرمووی: (بێگومان ئەوە بەوشێوە نیە ئێوە لێی تێدەگەن، ئایا گوێتان لە قسەی عەبدەچاكەكە

---

[1] الطبری (١١/٤٩١).

[2] الشوری (٢١).

[3] النجم (٢٣).

[4] فتح الباری (٨/١٤٤).

[5] لقمان (١٣).

نەبووە کە وتی: ﴿لَا تُشْرِكْ بِاللَّهِ إِنَّ الشِّرْكَ لَظُلْمٌ عَظِيمٌ﴾ بێگومان ئەو شەریك دانانەیە)، واتە: ئەوە شەریك دانانە بۆ خوداو ناهەقیەکی گەورە لەخۆکردنە. پاشان خودای مەزن دەفەرموێت: ﴿وَتِلْكَ حُجَّتُنَا آتَيْنَاهَا إِبْرَاهِيمَ عَلَى قَوْمِهِ﴾ ئەمانە چەند بەڵگەیەك بوون، کە دابوومان بە ئیبراهیم کە بەرمبەر هۆزکەی خۆی ڕابووەستێت. موجاهیدو کەسانی تریش وتوویانە مەبەست بەو بەڵگەیە ئەم ئایەتەیە کە دەفەرموێت: ﴿وَكَيْفَ أَخَافُ مَا أَشْرَكْتُمْ وَلَا تَخَافُونَ أَنَّكُمْ أَشْرَكْتُمْ بِاللَّهِ مَا لَمْ يُنَزِّلْ بِهِ عَلَيْكُمْ سُلْطَانًا فَأَيُّ الْفَرِيقَيْنِ أَحَقُّ بِالْأَمْنِ﴾ من چۆن دەبێت لەوبتانەی ئێوە دەیانپەرستن بترسم؟ کە ئێوە ناترسن‌و ئەوبتانە بە شەریکی خودا دادەنێن‌و هیچ بەڵگەیەکی بتەوتان بۆ نەهاتووەتەخوارەوە. بێگومان خودای مەزن ڕاستی فەرمووە دڵنیایی پێ بەخشی‌و شارەزاشی کرد وەك دەفەرموێت: ﴿الَّذِينَ آمَنُوا وَلَمْ يَلْبِسُوا إِيمَانَهُمْ بِظُلْمٍ أُولَئِكَ لَهُمُ الْأَمْنُ وَهُمْ مُهْتَدُونَ﴾ پاشان دوای ئەمانە هەموو خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَتِلْكَ حُجَّتُنَا آتَيْنَاهَا إِبْرَاهِيمَ عَلَى قَوْمِهِ نَرْفَعُ دَرَجَاتٍ مَنْ نَشَاءُ إِنَّ رَبَّكَ حَكِيمٌ عَلِيمٌ﴾ ئەمانە چەند بەڵگەیەك بوون کە دابوومان بە ئیبراهیم بەرامبەر بە هۆزەکەی خۆی ڕابووەستێ، هەرکەسێك ئێمە مەیلمان لێبێت پلەی ڕێزلێنانی بەرزدەکەینەوە بێگومان پەروەردگارت لەکارزان‌و ئاگادارە. واتە: لەکارزانە لە کردارو گفتاریدا. ئاگای لەوانەشە کە شارەزایان دەکات یان گومرایان دەکات. با بەڵگەو نیشانەشی بۆ ناردبێت‌و نیشانیشی دابێت. وەك خودای گەورە لەم ئایەتەدا دەفەرموێت: ﴿إِنَّ الَّذِينَ حَقَّتْ عَلَيْهِمْ كَلِمَتُ رَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ (٩٦) وَلَوْ جَاءَتْهُمْ كُلُّ آيَةٍ حَتَّى يَرَوُا الْعَذَابَ الْأَلِيمَ﴾[١] ئەوکەسانەی وتەی پەروەردگاری تۆیان لێ هاتەدی ئیتر بڕواناهێنن با هەموو نیشانەیەکیشیان بۆ بێت هەتا ئازاری بەژان بەچاوی خۆیان دەبینن. هەربۆیە خودای گەورە لێرەدا دەفەرموێت: ﴿إِنَّ رَبَّكَ حَكِيمٌ عَلِيمٌ﴾ بێگومان پەروەردگاری تۆ زۆر لەکارزان‌و زانایە.

﴿وَوَهَبْنَا لَهُ إِسْحَاقَ وَيَعْقُوبَ كُلًّا هَدَيْنَا وَنُوحًا هَدَيْنَا مِنْ قَبْلُ وَمِنْ ذُرِّيَّتِهِ دَاوُودَ وَسُلَيْمَانَ وَأَيُّوبَ وَيُوسُفَ وَمُوسَى وَهَارُونَ وَكَذَلِكَ نَجْزِي الْمُحْسِنِينَ (٨٤) وَزَكَرِيَّا وَيَحْيَى وَعِيسَى وَإِلْيَاسَ كُلٌّ مِنَ الصَّالِحِينَ (٨٥) وَإِسْمَاعِيلَ وَالْيَسَعَ وَيُونُسَ وَلُوطًا وَكُلًّا فَضَّلْنَا عَلَى الْعَالَمِينَ (٨٦) وَمِنْ آبَائِهِمْ وَذُرِّيَّاتِهِمْ وَإِخْوَانِهِمْ وَاجْتَبَيْنَاهُمْ وَهَدَيْنَاهُمْ إِلَى صِرَاطٍ مُسْتَقِيمٍ (٨٧) ذَلِكَ هُدَى اللَّهِ يَهْدِي بِهِ مَنْ يَشَاءُ مِنْ

---

[١] یونس (٩٦– ٩٧).

عِبَادِهِۦ وَلَوْ أَشْرَكُوا۟ لَحَبِطَ عَنْهُم مَّا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿٨٨﴾ أُو۟لَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ ءَاتَيْنَٰهُمُ ٱلْكِتَٰبَ وَٱلْحُكْمَ وَٱلنُّبُوَّةَ فَإِن يَكْفُرْ
بِهَا هَٰٓؤُلَآءِ فَقَدْ وَكَّلْنَا بِهَا قَوْمًا لَّيْسُوا۟ بِهَا بِكَٰفِرِينَ ﴿٨٩﴾ أُو۟لَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ هَدَى ٱللَّهُ فَبِهُدَىٰهُمُ ٱقْتَدِهْ قُل لَّآ
أَسْـَٔلُكُمْ عَلَيْهِ أَجْرًا إِنْ هُوَ إِلَّا ذِكْرَىٰ لِلْعَٰلَمِينَ ﴿٩٠﴾﴾

بەخشینی ئیسحاق و یەعقوب بە ئیبراهیم(سەلامی خودایان لێبێت) لەکاتی پیریدا

خودای مەزن دەفەرمووێت: ﴿وَوَهَبْنَا لَهُۥٓ إِسْحَٰقَ وَيَعْقُوبَ كُلًّا هَدَيْنَا وَنُوحًا هَدَيْنَا﴾ ئێمە ئیسحاق و یەعقوبمان هەر بەو خەڵات کرد هەموو لەشمان شارەزای ڕێی خۆمان کرد خودای گەورە باسی ئەوەدەکات کە ئیسحاق و یەعقوبی بەخشی بە ئیبراهیمیؑ دوای ئەوەی کە لە تەمەندا بەساڵداچووبوو خۆی و خێزانەکەشی سارا خاتوون نائومێدبوون لە منداڵ. ئەو فریشتانەی دەچوون بۆ سەر هۆزی لووت هاتنەلای ئیبراهیم، مژدەی ئیسحاقیان دا بە خۆی و هاوسەرەکەی، هاوسەرەکەی سەری لەوە زۆر سوڕماو ﴿قَالَتْ يَٰوَيْلَتَىٰٓ ءَأَلِدُ وَأَنَا۠ عَجُوزٌ وَهَٰذَا بَعْلِى شَيْخًا إِنَّ هَٰذَا لَشَىْءٌ عَجِيبٌ ﴿٧٢﴾ قَالُوٓا۟ أَتَعْجَبِينَ مِنْ أَمْرِ ٱللَّهِ رَحْمَتُ ٱللَّهِ وَبَرَكَٰتُهُۥ عَلَيْكُمْ أَهْلَ ٱلْبَيْتِ إِنَّهُۥ حَمِيدٌ مَّجِيدٌ﴾[1] ژنە وتی: وای لەمن ، ئاخۆ منی پیرێژن منداڵم دەبێت و ئەم هاوسەرەشم پیرەمێردە؟ بەڕاستی شتێکی سەیرە. وتیان: ئایا فەرمانی خودات پێ سەیرە؟ خێزانی ئەم ماڵە بەزیی و پیتی خوداتان بەسەردا بڕژێت پایەبەرزی و پیاهەڵدان هەر لەخۆی دەوەشێتەوە. واتە: هەر خودا شایەنی سوپاس و ستایشە. فریشتەکان مژدەیان دا بە ئیبراهیم و هاوسەرەکەی بە وەچە لە دوای خۆیان و وەچەکانیش دەبنە پێغەمبەر وەك خودای گەورە لە ئایەتێکی تردا دەفەرمووێت: ﴿ وَبَشَّرْنَٰهُ بِإِسْحَٰقَ نَبِيًّا مِّنَ ٱلصَّٰلِحِينَ ﴾[2] مژدەی ئیسحاقیشمان پێدا کە دەبێتە پێغەمبەرێکی شیاو لایەق. ئەمە لە مژدەو لە بەهرەش گەورەترە کە خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿فَبَشَّرْنَٰهَا بِإِسْحَٰقَ وَمِن وَرَآءِ إِسْحَٰقَ يَعْقُوبَ﴾[3] ئێمە مژدەمان دا بە ئیسحاق لەدوای ئیسحاق بە یەعقوبیش. واتە: ئەم منداڵەتان کە ئیسحاقە، منداڵێکی لەچیانی خۆتاندا پێدەدەین کە یەعقوبە. چاو و دڵتان پێی شاد دەبێت، وەك چۆن بە ئیسحاق چاو و دڵتان شادبوو. چونکە شادبوون بە منداڵی منداڵ زیاترە بۆ مانەوەی وەچەو بنەماڵە. لەبەرئەوەی منداڵی پیاوێکی بەساڵاچوو لەگەڵ ژنێکی تەمەن درێژ گومان دەکرێت نەبێتە وەچەی دواڕۆژ لەبەر لاوازی و کەم توانایی. مژدەکە وادرا کە دوای ئیسحاق ئەویش منداڵێکی دەبێت بەناوی یەعقوب کە مانای وەچەو بەرە دەگەیەنێت، ئەمەش

---

[1] هود (٧٢– ٧٣).

[2] الصافات (١١٢).

[3] هود (٧١).

پاداشتێك بوو بۆ ئیبراهیم(سەلامی خودای لێبێت) لەلایەن خودای باڵادەستەوە، کاتێك کە وازی لە هۆزەکەی هێناو لێیان دوورکەوتەوەو بەجێی هێشتن لە وڵاتەکەیان و ڕۆیشتن بۆ خوداپەرستی لەسەر زەویدا. خوداش لەجێی هۆزو کەس‌وکارەکەی پاداشتی دایەوەو قەرەبووی بۆ کردەوەو منداڵی چاکی پێ بەخشیلە پیشتی خۆی‌و لەسەر ئاینەکەی، هەتا چاوی لێیان ڕووناك ببێتەوە. وەك خودای مەزن دەفەرمووێت: ﴿ فَلَمَّا اعْتَزَلَهُمْ وَمَا يَعْبُدُونَ مِن دُونِ اللَّهِ وَهَبْنَا لَهُ إِسْحَاقَ وَيَعْقُوبَ وَكُلًّا جَعَلْنَا نَبِيًّا ﴾[1] جا کە ئەوانەی وەلاناو وازی لەوشتانە هێنا کە ئەوان بێجگە لە خودا دەیانپەرست، ئیسحاق‌و یەعقوبمان دایەو گشتمان کردن بە پێغەمبەر. وە لێرەشدا دەفەرمووێت: ﴿وَوَهَبْنَا لَهُ إِسْحَاقَ وَيَعْقُوبَ كُلًّا هَدَيْنَا﴾ پاشان دەفەرمووێت: ﴿وَنُوحًا هَدَيْنَا﴾ لەپێش ئەواندا نووحیشمان بەرەوخۆمان ڕێ نیشانداو وەچەی چاکمان بە ئەویشدا.

تایبەتمەندی نووح‌و ئیبراهیم (سەلامی خودایان لێبێت)

هەریەکێك لەم پێغەمبەرانە(سەلامی خودایان لێبێت) تایبەتمەندیەکی خۆی هەیە، بە نیسبەت نووح پێغەمبەرەوە(سەلامی خودای لێبێت) خودای مەزن کاتێك کە خەڵکی سەر زەمینی هەموو خنکاند بێجگە لەوانەی کە بڕوایان پێی هێنا. ئەوانیش، ئەوکەسانەبوون کە لە کەشتیەکەدا لەگەڵی بوون‌و خودای گەورە هەر وەچەکانی ئەوی هێشتەوە. ئەم خەڵکە هەموو لە نەوەی ئەون. ئیبراهیمی خەلیلش(سەلامی خودای لێبێت) خودا هیچ پێغەمبەرێکی لەدوای ئەو نەناردووە مەگین لە وەچەی ئەوە. وەك خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَجَعَلْنَا فِي ذُرِّيَّتِهِ النُّبُوَّةَ وَالْكِتَابَ﴾[2] پێغەمبەرو کتێبیشمان کردە بەشی نەتەوەی ئەو. وە دەفەرمووێت: ﴿وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا نُوحًا وَإِبْرَاهِيمَ وَجَعَلْنَا فِي ذُرِّيَّتِهِمَا النُّبُوَّةَ وَالْكِتَابَ﴾[3] ئێمە نووح‌و ئیبراهیمشمان نارد، پلەی پێغەمبەرایەتی‌و کتێبشمان دا بە نەتەوەکەیان وە لە ئایەتێکی تردا دەفەرمووێت: ﴿أُولَٰئِكَ الَّذِينَ أَنْعَمَ اللَّهُ عَلَيْهِم مِّنَ النَّبِيِّينَ مِن ذُرِّيَّةِ آدَمَ وَمِمَّنْ حَمَلْنَا مَعَ نُوحٍ وَمِن ذُرِّيَّةِ إِبْرَاهِيمَ وَإِسْرَائِيلَ وَمِمَّنْ هَدَيْنَا وَاجْتَبَيْنَا إِذَا تُتْلَىٰ عَلَيْهِمْ آيَاتُ الرَّحْمَٰنِ خَرُّوا سُجَّدًا وَبُكِيًّا﴾[4] ئەوانە لەو پێغەمبەرانەن کە بەرچاکەی خودا کەوتن. لە ڕەگەزی باوکە ئادەم بوون. ئەوانەش لەگەڵ نووحدا هەڵمانگرتن‌و لەتۆرەمەی ئیبراهیم‌و ئیسرائیل‌و ئەوکەسانەی خۆمان شارەزامان کردن‌و هەڵمان بژاردن،

---

[1] مریم (٤٩).

[2] العنكبوت (٢٧).

[3] الحديد (٢٦).

[4] مريم (٥٨).

هەرکاتێك نیشانەکانی خۆیانیان بەسەردا خوێندرایەوە، دەمەوڕوو دەکەوتنە زەوی بۆ سوژدەو بەکۆ دەگریان. وە لێرەشدا لەم ئایەتەشدا دەفەرموێت: ﴿وَمِن ذُرِّيَّتِهِۦ دَاوُۥدَ وَسُلَيۡمَٰنَ﴾ واتە: لەناو وەچەی ئەویشدا داودو سولەیمانیشمان شارەزاکرد زەمیرەکە لە ﴿وَمِن ذُرِّيَّتِهِۦ﴾ دەگەڕێتەوە بۆ نووح، چونکە نزیکترین کەسە وەك دیارەو هیچ کرفتێکی تێدانیە[1] ئیبنو جەریرش ئەم ڕایەی هەڵبژاردووە. گەڕانەوەی زەمیرەکە بۆ ئیبراهیم لەبەرئەوەیە کە باسەکە لەبارەی ئەوەوەیە، بەڵام لووت (سەلامی خودای لێبێت) کێشەی لەسەر دروست دەکات. چونکە لە وەچەی ئیبراهیم نیە. بەڵکو برازایەتی کوڕی مارانی کوڕی ئازەرە. مەگەر بەشێوەی زاڵ بوون بگوترێ‌و بخرێتە ناو وەچەی ئیبراهیمەوە. وەك خودای گەورە لەم ئایەتەدا دەفەرموێت: ﴿أَمۡ كُنتُمۡ شُهَدَآءَ إِذۡ حَضَرَ يَعۡقُوبَ ٱلۡمَوۡتُ إِذۡ قَالَ لِبَنِيهِ مَا تَعۡبُدُونَ مِنۢ بَعۡدِي قَالُواْ نَعۡبُدُ إِلَٰهَكَ وَإِلَٰهَ ءَابَآئِكَ إِبۡرَٰهِـۧمَ وَإِسۡمَٰعِيلَ وَإِسۡحَٰقَ إِلَٰهٗا وَٰحِدٗا وَنَحۡنُ لَهُۥ مُسۡلِمُونَ﴾[2] ئایا ئێوە ئاگاتان لێ بوو، کە لەگەڵیاندا یەعقوب بە ڕۆڵەکانی خۆی وت: لە دوای من چی دەپەرستن؟ وتیان: هەرچی تۆ پەرستووتە دەیپەرستین کە باب‌و باپیرانی تۆ، ئیبراهیم‌و ئیسماعیل‌و ئیسحاقیش هەر ئەوەیان پەرست، خودای تاك‌و تەنیایەو ئێمەش خۆمان بەو دەسپێرین. ئیماعیل(سەلامی خودای لێبێت) مامی یەعقوب بووە چووەتە ڕیزی باب‌و باپیرانیەوە لەبەر نزیکی لێیانەوە وەك خودای گەورە لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێت: ﴿فَسَجَدَ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ كُلُّهُمۡ أَجۡمَعُونَ ۝٣٠ إِلَّآ إِبۡلِيسَ أَبَىٰٓ أَن يَكُونَ مَعَ ٱلسَّٰجِدِينَ﴾[3] فریشتە گشت سوژدەیان برد، جگە لە ئیبلیس، ملی نەدا لەگەڵ سوژدەبەرەکان بێتز ئیبلیس خراوەتەناو فەرمانی فریشتەکانەوەبۆ سوژدەبردن، لەسەر بێ گوێیەکەی زەمی کراوە، چونکە وەك ئەوانە سەیرکراوە. چییان لەگەڵدا کراوە ئەمیش لەگەڵیان کراوەلەبەر نزیکی لێیانەوە. ئەگینا ئەو لە جنۆکەیەو سروشتی لە ئاگرەو فریشتەش لە ڕووناکیە وە لە باسی عیسادا(سەلامی خودای لێبێت) لە وەچەی ئیبراهیمە یان نووحە لەسەر ڕایەکی تر، بەڵگە هەیە کە منداڵی کچ دەچێتە ڕیزی وەچەی پیاو، لەبەرئەوە عیسا(سەلامی خودای لێبێت) خراوەتەپاڵ ئیبراهیم بەهۆی دایکیەوە، چونکە باوکی نەبووە. ئیبنو ئەبی حاتەم ڕیوایەتی کردووە لە حەربی کوڕی ئەبی ئەسوەدەوە وتی: حەجاج ناردی بۆلای یەحیای کوڕی یەعمەر پێی وت: هەواڵم پێدراوە کە تۆ دەڵێیت حەسەن‌و حوسەین لە نەوەی پێغەمبەرن(ﷺ) لە قورئاندا شتی وات دیوە. من هەر لەسەرەتای

---

[1] الطبری (١١/٧٠٥).

[2] البقرة (١٣٣).

[3] الحجر (٣٠- ٣١).

قورئانەوە هەتا كۆتایی خوێندوومەتەوە ئەم دیوە؟ وتی: ڕاست دەكەی[1]، هەربۆیە پیاوێك وەسیەتی كرد بۆ وەچەكانی یان شتێكی وەقف كرد لەسەر وەچەكانی یان پێی بەخشین. مندالی كچیش دەگرێتەوەو بەری دەكەوێت. بەلام ئەگەر پیاوێك دای بە كوڕەكانی یان وەقفی لەسەركردن، ئەوا هەر تایبەتە بە كوڕەكانیەوەو كوڕی كوڕەكانیەوە لە پشتی خۆی. پاشان خودای گەورە دەفەرموویەێت: ﴿قَبْلُ وَمِن ذُرِّيَّتِهِۦ دَاوُۥدَ وَسُلَيْمَٰنَ وَأَيُّوبَ وَيُوسُفَ وَمُوسَىٰ وَهَٰرُونَ وَكَذَٰلِكَ نَجْزِى ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿٨٤﴾ وَزَكَرِيَّا وَيَحْيَىٰ وَعِيسَىٰ وَإِلْيَاسَ كُلٌّ مِّنَ ٱلصَّٰلِحِينَ ﴿٨٥﴾ وَإِسْمَٰعِيلَ وَٱلْيَسَعَ وَيُونُسَ وَلُوطًا وَكُلًّا فَضَّلْنَا عَلَى ٱلْعَٰلَمِينَ﴾ لەناو وەچەی ئەودا داودو سولەیمانو ئەیوبو یوسفو مووساو هارونمان خستەسەر ڕێگا، ئێمە ئاوا پاداشتی باش بە كارچاكان دەدەینەوە. هەروەها زەكەریاش یەحیاو عیساو ئەلیاسیش هەموویان لە پیاوچاكان بوون. ئیسماعیلو ئەلیەسەعو یونسو لووتیش هەروەها. هەموویانمان لە خەلكی سەرزەوی، زیاتر ڕێزلێناون. ﴿وَمِنْ ءَابَآئِهِمْ وَذُرِّيَّٰتِهِمْ وَإِخْوَٰنِهِمْ وَٱجْتَبَيْنَٰهُمْ وَهَدَيْنَٰهُمْ إِلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ﴾ لە بابو باپیرو مندالو براكانیان، هەندێكمان هەلبژاردنو شارەزای ڕێی ڕاستمان كردن. ئەو هەلبژاردنە هەمولایەكیانی گرتەوە لە بابو باپیانو وەچەو براكانیان. هەربۆیە دەفەرمووێت: ﴿وَٱجْتَبَيْنَٰهُمْ وَهَدَيْنَٰهُمْ إِلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ﴾.

بت پەرستی هەموو كردارەكانی مەردوم لەناودەبات هەتا هی پێغەمبەرانیش

پاشان خودای مەزن دەفەرمووێت: ﴿ذَٰلِكَ هُدَى ٱللَّهِ يَهْدِى بِهِۦ مَن يَشَآءُ مِنْ عِبَادِهِۦ﴾ ئەم شارەزایی كردنە لەلای خوادیە، بۆ هەركەسێك لە بەندەكانی كە مەیلی لێبێت، بەرەوخۆی ڕێی نیشان دەدات. واتە: ئەوەی كە دەستیان كەوتووە بە یارمەتیو ڕێنمایی خودایە ﴿وَلَوْ أَشْرَكُوا۟ لَحَبِطَ عَنْهُم مَّا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ﴾ خۆ ئەگەر شەریكیان بۆ خودا پەیدابكردایە كردوەیان هەموو بەفیڕۆدەچوو، ئەم بەتوندگرتنی كاری بت پەرستیو گرنگی پێدانی تەواوی پێ دەردەخاتو هەڕەشەیەكی گەورەیە لەوكەسانەی كە شەریك بۆ خودا دادەنێن. وەك خودای گەورە لە ئایەتێكی تردا دەفەرمووێت: ﴿وَلَقَدْ أُوحِىَ إِلَيْكَ وَإِلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِكَ لَئِنْ أَشْرَكْتَ لَيَحْبَطَنَّ عَمَلُكَ﴾[2] ئێمە بە تۆو ئەوانیش كە بەرلەتۆبوون، ڕامانگەیاند، هەركەسێكی تر بپەرستی كارەكانت بەفیڕۆدەچێت. ئەمە مەرجێكە، ئەم مەرجەش مانای

[1] الدر المنثور (٣/٣١١).

[2] الزمر (٦٥).

ئەوەنیە کە بێتەجیّ، وەك ئەم ئایەتە کە دەفەرموێت: ﴿قُلۡ إِن كَانَ لِلرَّحۡمَٰنِ وَلَدٞ فَأَنَا۠ أَوَّلُ ٱلۡعَٰبِدِينَ﴾[1] بلێ: ئەگەر خودا فەرزەندی بێت، من یەکەمین کەسێکم کە دەیپەرستم. وەك ئەم ئایەتەش: ﴿لَوۡ أَرَدۡنَآ أَن نَّتَّخِذَ لَهۡوٗا لَّٱتَّخَذۡنَٰهُ مِن لَّدُنَّآ إِن كُنَّا فَٰعِلِينَ﴾[2] ئەگەر ئێمە بمانویستایە کاری هەوەنتە هەڵبژێرین هەر لای خۆمان هەڵمان دەبژارد. ئەم ئایەتەش کە خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿لَّوۡ أَرَادَ ٱللَّهُ أَن يَتَّخِذَ وَلَدٗا لَّٱصۡطَفَىٰ مِمَّا يَخۡلُقُ مَا يَشَآءُۚ سُبۡحَٰنَهُۥۖ هُوَ ٱللَّهُ ٱلۡوَٰحِدُ ٱلۡقَهَّارُ﴾[3] ئەگەر خودا بیویستایە منداڵی بۆ خۆی دابنایە لەوخەڵکەی دروستیان دەکات بە مەیلی خۆی هەڵی دەبژارد. پاکیو بێ عەیبی بۆ ئەوە هەر ئەوە خودای تاكو تەنیای زاڵ بەسەر هەموو شتێکدا پاشان لێرەدا دەفەرموێت: ﴿أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ ءَاتَيۡنَٰهُمُ ٱلۡكِتَٰبَ وَٱلۡحُكۡمَ وَٱلنُّبُوَّةَ﴾ ئەوانە کەسانێك بوون کە کتێبی خۆمان پێداونو لەکارزانێدا ڕامان هێنانو کردمانن بە پێغەمبەر. واتە: ئەوبەهرانەمان پێ بەخشین وەك بەزەییو سۆزێك بۆ مەردوم لەلایەن ئێمەوە ﴿فَإِن يَكۡفُرۡ بِهَا هَٰٓؤُلَآءِ﴾ ئەگەر ئەمانە بڕوایان پێ نەکەن. واتە: بە پێغەمبەریەکەیان. هەڵیشی دەگرێت زەمیرەکە بگەڕێتەوە بۆ ئەو شێ شتە، کتێبو لەکارزانی پێغەمبەرێتی. مەبەست بە ﴿هَٰٓؤُلَآءِ﴾ خەڵکە مەککەیە، ئەمە قسەی ئیبنو عەبباسو سەعیدی کوڕی موسیبو زەحاكو قەتادەو سوددیو کەسانی تریشە[4] ﴿فَقَدۡ وَكَّلۡنَا بِهَا قَوۡمٗا لَّيۡسُواْ بِهَا بِكَٰفِرِينَ﴾ ئێمە ئەوکارە دەدەینە کۆمەڵێکی وا کە بڕوایان پێیان هەبێتو بێ بڕوانەبن پێی. واتە: ئەگەر ئەوانەی کە بڕوای پێ ناکەن لە قورەیشیەکانو کەسانی تریش لەسەر زەمیندا لە عەرەبو عەجەمو خەڵکی ئاینەکانی تریش، ئێمە ئەوکارە دەسپێرینە گەلانی تر. واتە: کۆچەرییو ئەنسارەکانو شوێنکەوتوانی ئەوان هەتا ڕۆژی قیامەت ﴿لَّيۡسُواْ بِهَا بِكَٰفِرِينَ﴾ بێ بڕواش نابن پێیو حاشا لە هیچ شتێکی ناکەنو تەنیا پیتێکی ناگێڕنەوەو بڕوایان بە هەمووی دەبێت چ ئایەتی (محکم) بێت یان (متشابە) بێت داوامان وایە لە خودا ئێمەش لەگەڵ ئەوانەدا کۆبکاتەوە بەڕێزو کەرەمو چاکەی خۆی. پاشان خودای گەورە ڕوودەکاتە پێغەمبەرو عەبدی خۆی موحەممەد (ﷺ) دەفەرموێت: ﴿أُوْلَٰٓئِكَ﴾ ئەوانە، ئەو پێغەمبەرانەی کە باسکران لەگەڵ ئەوانەی کە خرانەپاڵیان لە بابو باپیرو وەچەو براکانیان کە

---

[1] الزخرف (٨١).

[2] الانبیاء (١٧).

[3] الزمر (٤).

[4] الطبری (١١/٥١٥/٥١٦).

ئەمانیش وەك ئەمان ﴿الَّذِينَ هَدَى اللَّهُ﴾ کەسانێك بوون خودا ڕێنموونی کردن، هەر ئەوانەش شایەنی ئەو ڕێنماییە بوون کەسی تر شایەنی نەبوون ﴿فَبِهُدَاهُمُ اقْتَدِهْ﴾ تۆ هەر لە شوێنی ئەوان بڕۆ. کاتێك ئەمە فەرمانێك بێت بە پێغەمبەر(ﷺ) کرابێت، ئوممەتەکەش بەدوای ئەودا دەڕۆن لەوشتانەی کە فەرمانیان پێ دەکات‌و دادەنێت. بوخاری ڕیوایەتی کردووە لەم ئایەتەدا کە موجاهید پرسیاری کردووە لە ئیبنو عەبباس ئایا مەبەستت ئەوانەیە کە لە (ص) سوژدەدان؟ وتی: بەڵێ، پاشان ئەم ئایەتانەی خوێندەوە: ﴿وَوَهَبْنَا لَهُ إِسْحَاقَ وَيَعْقُوبَ﴾ هەتا دەگاتە ﴿فَبِهُدَاهُمُ اقْتَدِهْ﴾ پاشان فەرمووی ئەویش لەوانە، لە ڕیوایەتێکی تردا ئەمەی بۆ زیادکراوە لە موجاهیدەوە وتی: وتم بە ئیبنو عەبباس وتی: پێغەمبەرەکەشتان (ﷺ) لەوکەسانەیە کە فەرمانی پێدراویە لە شوێنی ئەوان بڕوات[1]، پاشان خودای گەورەدەفەرمووێت: ﴿قُل لَّا أَسْأَلُكُمْ عَلَيْهِ أَجْرًا﴾ ئەی موحەممەد(ﷺ) بڵێ: خۆ من هیچ پاداشتێکم لێتان ناوێت. واتە: لە گەیاندنی ئەم پەیامەدا بە ئێوە هیچ شتێکم لە ئێوە ناوێت‌و داوای هیچتان لێ ناکەم ﴿إِنْ هُوَ إِلَّا ذِكْرَىٰ لِلْعَالَمِينَ﴾ ئەو قورئانە تەنها هەر ئامۆژگاریەکە بۆ هەموو خەڵکی دونیا وە ڕێنماییە لە وێڵیەوە بۆ شارزەایی‌و لە سەرگەردانیەوە بۆ ڕێی ڕاست لە خودانەناسیەوە بۆ بڕواهێنان.

﴿وَمَا قَدَرُوا اللَّهَ حَقَّ قَدْرِهِ إِذْ قَالُوا مَا أَنزَلَ اللَّهُ عَلَىٰ بَشَرٍ مِّن شَيْءٍ ۗ قُلْ مَنْ أَنزَلَ الْكِتَابَ الَّذِي جَاءَ بِهِ مُوسَىٰ نُورًا وَهُدًى لِّلنَّاسِ ۖ تَجْعَلُونَهُ قَرَاطِيسَ تُبْدُونَهَا وَتُخْفُونَ كَثِيرًا ۖ وَعُلِّمْتُم مَّا لَمْ تَعْلَمُوا أَنتُمْ وَلَا آبَاؤُكُمْ ۖ قُلِ اللَّهُ ۖ ثُمَّ ذَرْهُمْ فِي خَوْضِهِمْ يَلْعَبُونَ ﴿٩١﴾ وَهَٰذَا كِتَابٌ أَنزَلْنَاهُ مُبَارَكٌ مُّصَدِّقُ الَّذِي بَيْنَ يَدَيْهِ وَلِتُنذِرَ أُمَّ الْقُرَىٰ وَمَنْ حَوْلَهَا ۚ وَالَّذِينَ يُؤْمِنُونَ بِالْآخِرَةِ يُؤْمِنُونَ بِهِ ۖ وَهُمْ عَلَىٰ صَلَاتِهِمْ يُحَافِظُونَ ﴿٩٢﴾﴾

ئادەمیەتی پێغەمبەرو ناردنی قورئان بۆی (ﷺ)

خودای مەزن دەفەرمووێت: ﴿وَمَا قَدَرُوا اللَّهَ حَقَّ قَدْرِهِ﴾ وەك پێویستە خودا بناسرێت، نەیانناسی، کە پێغەمبەرەکەی خۆی بۆ ناردن. ئیبنو عەبباس‌و موجاهیدو عەبدوڵڵای کوڕی کەسیر وتیان: ئەم ئایەتانە لەسەر قوڕەیش هاتەخوارەوە[2]، وتراویشە: لەسەر جولەکە هاتووەتەخوارەوە ﴿إِذْ قَالُوا مَا أَنزَلَ اللَّهُ عَلَىٰ بَشَرٍ مِّن شَيْءٍ﴾ ئەوکاتەی وا وتیان: خودا هیچ شتێکی بۆ هیچ ئادەمیەك نەناردووە. وەك خودای

---

[1] فتح الباری (١٤٤).

[2] الطبری (١١/٥٢٤).

گەورە لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێت: ﴿ أَكَانَ لِلنَّاسِ عَجَبًا أَنْ أَوْحَيْنَا إِلَىٰ رَجُلٍ مِنْهُمْ أَنْ أَنْذِرِ النَّاسَ ﴾[1] ئایا مەردوم سەریان سوڕماوە، پیاوێکمان هەر لەناو خۆیاندا ڕاسپاردووە کە: خەڵکی بترسێنێت. وە دەفەرموێت: ﴿ وَمَا مَنَعَ النَّاسَ أَنْ يُؤْمِنُوا إِذْ جَاءَهُمُ الْهُدَىٰ إِلَّا أَنْ قَالُوا أَبَعَثَ اللَّهُ بَشَرًا رَسُولًا ﴿٩٤﴾ قُلْ لَوْ كَانَ فِي الْأَرْضِ مَلَائِكَةٌ يَمْشُونَ مُطْمَئِنِّينَ لَنَزَّلْنَا عَلَيْهِمْ مِنَ السَّمَاءِ مَلَكًا رَسُولًا ﴾[2] تەنیا بیانووی ئەوخەڵکە (کە شارەزاییان بۆهات و بڕوایان پێ نەکرد) ئەمەیە کە دەڵێن: چۆن خودا ئادەمەیەك بە پێغەمبەر دەنێرێت؟ بڵێ: ئەگەر فریشتە بەڵنیایی لەم زەمینە بڕۆیشتنایە، ئێمە لە ئاسمانەوە پێغەمبەری فریشتەمان بۆ دەناردن. لێرەشدا خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمَا قَدَرُوا اللَّهَ حَقَّ قَدْرِهِ إِذْ قَالُوا مَا أَنْزَلَ اللَّهُ عَلَىٰ بَشَرٍ مِنْ شَيْءٍ﴾ خودای مەزنیش دەفەرموێت: ﴿قُلْ مَنْ أَنْزَلَ الْكِتَابَ الَّذِي جَاءَ بِهِ مُوسَىٰ نُورًا وَهُدًى لِلنَّاسِ﴾ بڵێ: ئەی کێ ئەو کتێبەی ناردووە کە مووسا هێنای ڕووناکیو شارەزایی بوو بۆ مەردوم؟ واتە: ئەی موحەممەد (ﷺ)بڵێ بەوکەسانەی کە مڵ نادەنو دەڵێن هیچ کتێبێك لەلایەن خوداوە نەنێرداوە ﴿الْكِتَابَ الَّذِي جَاءَ بِهِ مُوسَىٰ﴾ کێ ئەو کتێبەی ناردووە کە مووسا هێناویەتی؟ ئەو تەوراتەی کە چاك زانیوتانەو هەمووکەسێك دەزانێت، کە خودا ناردوویە بۆ عیسای کوڕی عیمران کە ڕووناکیو شارەزایی بوو بۆ خەڵکی. بە ڕووناکیەکەی هەموو گیروگرفتێکی خۆتان پێ چارەسەر دەکرد، لە گومانە ناڕەواکان خۆتان پێ دەپاراستو شارەزادەکرد. پاشان خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿تَجْعَلُونَهُ قَرَاطِيسَ تُبْدُونَهَا وَتُخْفُونَ كَثِيرًا﴾ کتێبێك کە پەڕەپەڕەی دەکەنو بەشێکی کەمی نیشانی خەڵکی دەدەنو بەشی زۆری دەشارنەوە. واتە: تەورات هەموو پەڕەپەڕەدەکەن لە کتێبە ئەسلیەکەدا نوسیوتانەو بە ئارەزووی خۆتان دەیگۆڕنو مانای دەکەنو دەڵێن: ئەمە لەلایەن خوداوە هاتووە. واتە: لە تەوراتدا هاتووە کە خودا ناردوویەتی. کەچی ئەوەی ئێوە دەیڵێن لەلایەن خوداوە نەهاتووە. هەربۆیە دەفەرموێت: ﴿تَجْعَلُونَهُ قَرَاطِيسَ تُبْدُونَهَا وَتُخْفُونَ كَثِيرًا﴾ پاشان خودای مەزن دەفەرموێت: ﴿وَعُلِّمْتُمْ مَا لَمْ تَعْلَمُوا أَنْتُمْ وَلَا آبَاؤُكُمْ﴾ بەوکتێبە شتانێکتان پێ فێرکرا کە نەخۆت نە بابو باپیرانتان نەتاندەزانی. واتە: کێ ئەم قورئانەی ناردووە؟ هەر خودایە کە ئێوەی تێدا شارەزاکردووەو ئاگاداری کردوون لە هەواڵی لەمەوپێشو ئەوشتانەش کە لەمەوبەدوا دێت، کە ئێوەو بابو باپیرانیشتان هیچیان لەوبارەیەوە نەدەزانی. ﴿قُلِ اللَّهُ﴾ عەلی کوڕی ئەبوتەلحە لە ئیبنو

---

[1] یونس (٢).

[2] الاسراء (٩٤– ٩٥).

عەبباسەوە وتی: بڵێ: هەر خودا ناردوویەتی ﴿ثُمَّ ذَرْهُمْ فِي خَوْضِهِمْ يَلْعَبُونَ﴾ تۆ ئیتر وازیان لێ بێنە با بەگاڵتەکردنەوە خۆیان خەریك بکەن. واتە: وازیان لێ بێنە با لە نەفامیو گومڕایی خۆیاندا بڕۆن. هەتا لەلایەن خوداوە مردن یەخەیان دەگرێت، ئەوکاتە دەزانن ئایا پاشەڕۆژ بۆ ئەوان بووە یان بۆ عەبدە لەخوداترسەکان. پاشان خودای مەزن دەفەرمووێت: ﴿(٩١)وَهَٰذَا كِتَٰبٌ أَنزَلْنَٰهُ مُبَارَكٌ مُّصَدِّقُ ٱلَّذِى بَيْنَ يَدَيْهِ وَلِتُنذِرَ أُمَّ ٱلْقُرَىٰ وَمَنْ حَوْلَهَا﴾ ئەم قورئانەشمان بۆ تۆ بە خەڵات ناردووەو موبارەکەو ئەوانەشی لەلای ڕاستە کە لە پێشدا ڕەوانەکراون. تا تۆ بەهۆی ئەم قورئانەوە خەڵکی مەککەو دەوروبەری بترسێنێت لەو عەرەبانەو ئەوخەڵکانەی تریش لە نەوەی ئادەم لە عەرەبو عەجەمی پێ بترسێنێت. وەك لە ئایەتێکی تریشدا دەفەرمووێت: ﴿قُلْ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنِّى رَسُولُ ٱللَّهِ إِلَيْكُمْ جَمِيعًا﴾[1] بڵێ: خەڵکینە بزانن من خودا ناردومی بۆ ئێوە هەمووتان بەگشتی. وە دەفەرمووێت: ﴿لِأُنذِرَكُم بِهِۦ وَمَنۢ بَلَغَ﴾[2] تا بەهۆی ئەم قورئانەوە ترس بخەمەبەر ئێوە هەرکەسێکیش کە پێی دەگات. وە دەفەرمووێت: ﴿وَمَن يَكْفُرْ بِهِۦ مِنَ ٱلْأَحْزَابِ فَٱلنَّارُ مَوْعِدُهُۥ﴾[3] هەرکەسێکیش لەوکۆمەڵانە بڕوای پێ نەکات جێی لە ئاگر خۆش کراوە. وە دەفەرمووێت: ﴿تَبَارَكَ ٱلَّذِى نَزَّلَ ٱلْفُرْقَانَ عَلَىٰ عَبْدِهِۦ لِيَكُونَ لِلْعَٰلَمِينَ نَذِيرًا﴾[4] مەزنایەتیو پایەبەرزی بۆ خودایە ئەم قورئانەی بۆ عەبدی خۆی ناردەخوارێ، تا ببێتەهۆی ترس بۆ هەموو خەڵکی جیهان. وە دەفەرمووێت: ﴿وَقُل لِّلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَٰبَ وَٱلْأُمِّيِّۦنَ ءَأَسْلَمْتُمْ ۚ فَإِنْ أَسْلَمُوا۟ فَقَدِ ٱهْتَدَوا۟ ۖ وَّإِن تَوَلَّوْا۟ فَإِنَّمَا عَلَيْكَ ٱلْبَلَٰغُ ۗ وَٱللَّهُ بَصِيرٌۢ بِٱلْعِبَادِ﴾[5] بەوکەسانە کە بوونە ئەهلی کتێبو بەوکەسانەش کە نەزانن، بڵێ: ئایا ئێوەش وەك ئێمە خۆتان هەر بەخودا سپاردووە؟ ئەگەر خۆیان سپاردبوو، ئەوا کەوتوونەتەسەر ڕێگا، ئەگەر ڕوویان لێ وەرگێڕای، تۆ هەر ئەوەندەت لەسەرە ڕاییبگەیەنێت. خودا خۆی شارەزای عەبدەکانیەتی. لە هەردوو سەحیحەکەدا هاتووە کە پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرموویەتی: (پێنج شتم پێدراوە، بە هیچ کەسێك لە پێغەمبەرەکانی تر نەدراوە لە پێش مندا) یەکێك لەوانەی باسی کرد فەرمووی: (پێغەمبەری وا هەبوو ڕەوانەدەکرا بۆ گەلەکەی خۆی

---

[1] الاعراف (١٥٨).

[2] الانعام (١٩).

[3] هود (١٧).

[4] الفرقان (١).

[5] ال عمران (٢٠).

بەتایبەتی، (بەڵام) من ڕەوانەکراوم بۆ هەموو خەڵکی بەگشتی)[1] هەربۆیە خودای مەزن دەفەرموێت: ﴿وَالَّذِينَ يُؤْمِنُونَ بِالْآخِرَةِ يُؤْمِنُونَ بِهِ﴾ ئەوانەی بڕوایان بە قیامەت هەیە، دیارە باوەڕی پێ دێنن. واتە: هەموو ئەوانەی بڕوایان بە خوداو ڕۆژی قیامەت بووە. بڕواشیان بەوکتێبە پیرۆزەش هەیە، کە بۆ تۆ هاتووەتەخوارەوە ئەی موحەممەد (ﷺ) (کە ئەم قورئانەیە) پاشان دەفەرموێت: ﴿وَهُمْ عَلَىٰ صَلَاتِهِمْ يُحَافِظُونَ﴾ ئەوانە پارێزگاری لە نوێژەکانیشیان دەکەن. واتە: نوێژە فەرزەکان بەتەواوی بەجێ دێنن لەکاتی خۆیدا.

﴿وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ افْتَرَىٰ عَلَى اللَّهِ كَذِبًا أَوْ قَالَ أُوحِيَ إِلَيَّ وَلَمْ يُوحَ إِلَيْهِ شَيْءٌ وَمَن قَالَ سَأُنزِلُ مِثْلَ مَا أَنزَلَ اللَّهُ ۗ وَلَوْ تَرَىٰ إِذِ الظَّالِمُونَ فِي غَمَرَاتِ الْمَوْتِ وَالْمَلَائِكَةُ بَاسِطُو أَيْدِيهِمْ أَخْرِجُوا أَنفُسَكُمُ ۖ الْيَوْمَ تُجْزَوْنَ عَذَابَ الْهُونِ بِمَا كُنتُمْ تَقُولُونَ عَلَى اللَّهِ غَيْرَ الْحَقِّ وَكُنتُمْ عَنْ آيَاتِهِ تَسْتَكْبِرُونَ ﴿٩٣﴾ وَلَقَدْ جِئْتُمُونَا فُرَادَىٰ كَمَا خَلَقْنَاكُمْ أَوَّلَ مَرَّةٍ وَتَرَكْتُم مَّا خَوَّلْنَاكُمْ وَرَاءَ ظُهُورِكُمْ ۖ وَمَا نَرَىٰ مَعَكُمْ شُفَعَاءَكُمُ الَّذِينَ زَعَمْتُمْ أَنَّهُمْ فِيكُمْ شُرَكَاءُ ۚ لَقَد تَّقَطَّعَ بَيْنَكُمْ وَضَلَّ عَنكُم مَّا كُنتُمْ تَزْعُمُونَ ﴿٩٤﴾﴾

هیچ کەسێك لەوە ستەمکارترنیە کە درۆ بەدەم خوداوە هەڵدەبەستیٚو دەڵیٚ نیگام بۆ هاتووە

خودای مەزن دەفەرموێت: ﴿وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ افْتَرَىٰ عَلَى اللَّهِ كَذِبًا أَوْ قَالَ أُوحِيَ إِلَيَّ وَلَمْ يُوحَ إِلَيْهِ شَيْءٌ وَمَن قَالَ سَأُنزِلُ مِثْلَ مَا أَنزَلَ اللَّهُ﴾ کێ لەوکەسە ستەمکارترە کە درۆ بەدەم خوداوە بکات؟ بڵێت: لە خوداوە نیگام بۆ هاتووە، هەرگیز هیچ نیگایەکی لە خوداوە بۆ نەهاتووە، یان بڵێت: من لەوێنەی ئەوانەی کە خودا ناردویە دەتوانم بۆتان بنێرم؟ عیکرەمەو قەتادە وتیان: ئەم ئایەتە لەسەر موسەیلەمەی درۆزن هاتەخوارەوە[2]، واتە: هیچ کەسێك لەوستەمکارانەی کە درۆ بەدەم خوداوە هەڵبەستێتو هاوبەشو منداڵی بۆ بڕیاربداتو بڵێت خودا ڕەوانەی کردووە بۆ سەر خەڵکیو ڕەوانەشی نەکردووە. وە بڵێت: ئەویش دەتوانێت وەك خودا نیگبنێرێتو دژایەتی ئەوقورئانەی پێ بکات کە خودا ناردوویەتی بۆ پێغەمبەر (ﷺ) وەك خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَإِذَا تُتْلَىٰ عَلَيْهِمْ آيَاتُنَا قَالُوا قَدْ سَمِعْنَا لَوْ نَشَاءُ لَقُلْنَا مِثْلَ هَٰذَا﴾[3] هەرکاتێك نیشانەکانی ئێمەیان بۆبخوێننەوە، دەڵێن: ئەگەر حەزمان بکردایە ئێمەش وەك ئەمەمان دەوت.

---

[1] فتح الباری (٥١٩)، مسلم (١/٣٧٠).
[2] الطبری (١١/٥٣٣/٥٣٥).
[3] الانفال (٣١).

ژیانی ئەم ستەمکارانە لەکاتی مردن و ڕۆژی قیامەت دا

خودای مەزن دەفەرمووێت: ﴿وَلَوۡ تَرَىٰٓ إِذِ ٱلظَّٰلِمُونَ فِي غَمَرَٰتِ ٱلۡمَوۡتِ﴾ خۆزگە لەکاتی گیان کێشاندا تۆ ستەمکارانت بدیتایە. واتە: لەکاتی سەختیو پێگیران و گرانی ﴿وَٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ بَاسِطُوٓاْ أَيۡدِيهِمۡ﴾ کە فریشتە لێیان ڕاساوەتەوە کە لێیان بدەن وەك ئەم ئایەتە کە خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿لَئِنۢ بَسَطتَ إِلَيَّ يَدَكَ لِتَقۡتُلَنِي﴾[1] وتی: ئەگەر تۆ دەستم بۆ درێژبکەی کە بمکوژی. وە دەفەرمووێت: ﴿وَيَبۡسُطُوٓاْ إِلَيۡكُمۡ أَيۡدِيَهُمۡ وَأَلۡسِنَتَهُم بِٱلسُّوٓءِ﴾[2] دەستو زمان دەخەنەکار بۆ ئازاردانتان. زەحاكو ئەبوسالح وتیان: ﴿بَاسِطُوٓاْ أَيۡدِيهِمۡ﴾ واتە: بەدەستو زمان ئازارتان دەدەن[3]، وەك ئەم ئایەتە کە خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَلَوۡ تَرَىٰٓ إِذۡ يَتَوَفَّى ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ يَضۡرِبُونَ وُجُوهَهُمۡ وَأَدۡبَٰرَهُمۡ﴾[4] ئەگەر ببینی کاتێك کە خودانەناسان فریشتە گیانیان دەردێنن و دەکێشن بە دەم و چاوو پشتیاندا. هەربۆیە لێرەشدا دەفەرمووێت: ﴿وَٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ بَاسِطُوٓاْ أَيۡدِيهِمۡ﴾ فریشتە لێیان ڕاساوەتەوە کە لێیان بدەن هەتا گیانیان لە لاشە دێتەدەرەوە. بۆیە پێیان دەڵێن: ﴿أَخۡرِجُوٓاْ أَنفُسَكُمُ﴾ گیانتان لە لاشە دەربکەن. ئەوە بۆ خودانەناسانە لەکاتی گیان کێشاندا فریشتەکان مژدەی سزای سەختو جەزرەبەدان و کۆتو زنجیرو جەهەنەم و دەستەوەو ملەجەڕێ کردن و لێدانی فریشتەکان هەتا گیانی لە لاشە دەردێنن و پێیان دەڵێن: ﴿أَخۡرِجُوٓاْ أَنفُسَكُمُۖ ٱلۡيَوۡمَ تُجۡزَوۡنَ عَذَابَ ٱلۡهُونِ بِمَا كُنتُمۡ تَقُولُونَ عَلَى ٱللَّهِ غَيۡرَ ٱلۡحَقِّ﴾ گیانتان لە لاشەتان بێنەدەر، وا ئەمڕۆ لە تۆڵەی ئەوەی کە درۆتان بەدەم خوداوە هەڵبەست. واتە: ئەمڕۆ سوکایەتیەکتان پێدەکرێت بەکەس نەکرابێت لە تۆڵەی ئەودرۆکرنەتان بەدەم خوداو ﴿وَكُنتُمۡ عَنۡ ءَايَٰتِهِۦ تَسۡتَكۡبِرُونَ﴾ خۆتان بە زل دەزانی بەرامبەر نیشانەکانی خودای مەزن. لەم فەرموودەی دەماودەمدا چۆنیەتی گیان کێشانی خاوەن باوەڕو خودانەناسدا لەکاتی مردن دا هاتووە لەکاتی تەفسیری ئەم ئایەتەدا کە دەفەرمووێت: ﴿ يُثَبِّتُ ٱللَّهُ

---

[1] المائدة (٢٨).

[2] الممتحنة (٢).

[3] الطبری (١١/٥٣٩).

[4] الانفال (٥٠).

ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ بِٱلْقَوْلِ ٱلثَّابِتِ فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا وَفِى ٱلْءَاخِرَةِ﴾[1] خودا لە دونیاو لە قیامەتدا بە قسەی بتەو بڕواداران توندو قایم دەکاتەوە. وە دەفەرمووێت: ﴿وَلَقَدْ جِئْتُمُونَا فُرَٰدَىٰ كَمَا خَلَقْنَٰكُمْ أَوَّلَ مَرَّةٍ﴾ هەروەك تاكە تاكەو بە تەنیا لە پێشدا، ئێوەمان دروستکرد هەرواش دێنەوەلامان، لە ڕۆژی قیامەتدا کە زیندوودەکرێنەوە. وەك خودای مەزن دەفەرمووێت: ﴿وَعُرِضُواْ عَلَىٰ رَبِّكَ صَفًّا لَّقَدْ جِئْتُمُونَا كَمَا خَلَقْنَٰكُمْ أَوَّلَ مَرَّةٍۭ﴾[2] بە ڕیز دەخرێنە بەردەم پەروەردگارت، وەك یەکەمجار دروستمان کردوون هەر ئاوا هاتونەتەوەلامان. واتە: چۆن دروستمان کردن ئاواش زیندووتان دەکەینەوە. هەرچەندە ئێوە بڕوا بەوە ناکەن‌و بەدووری دەزانن. سا ئەمە ڕۆژی زیندووبوونەوەیەو دەفەرمووێت: ﴿وَتَرَكْتُم مَّا خَوَّلْنَٰكُمْ﴾ هەرچیش ئێمە پێمان دابوون لە دواتانەوە بەجێما. واتە: هەرچی بەدەستتان هێنابوو لە خزمەتگوزەرانی‌و ماڵ‌و سامان لە دوای خۆتانەوە بەجێتان هێشت. وە لە فەرموودەی سەحیح دا هاتووە کە پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرموویەتی: (ئادەمی هەر دەڵێت: سامانەکەم سامانەکەم دەی ئایا هیچی سامانەکەت هی تۆیە، بێجگە لەوەی خواردووتەو تەواوات کردووە یان لەبەرت کردووەو دڕیوتە یان بەخشیوتە لە چاکەداو بووەتە پاشەکەوت بۆت، ئیتر بێجگە لەوە دەڕاتو بەجێی دەهێڵێت بۆ خەڵك)[3] حەسەنی بەسری وتی: ئەوەی ئادامە دەهێنرێت لە ڕۆژی قیامەتدا وەك ئەوەی باری هەڵگرتبێت، خودای مەزن دەفەرمووێت: کوا ئەوەی کۆت کردبووەوە؟ دەڵێت: ئەی پەروەردگارم، کۆم کردەوەو بەجێم هێشت زۆر شتی تریش بووە. پێی دەڵێت: ئەی نەوەی ئادەم کامەیە ئەوەی پێشت خستووەوبۆ خۆت؟ هیچ شتێك نابینێت پێشی خستبێت. پاشان ئەم ئایەتەی خوێند ﴿وَلَقَدْ جِئْتُمُونَا فُرَٰدَىٰ كَمَا خَلَقْنَٰكُمْ أَوَّلَ مَرَّةٍ وَتَرَكْتُم مَّا خَوَّلْنَٰكُمْ وَرَآءَ ظُهُورِكُمْ﴾ ئیبنو ئەبی حاتەم ڕیوایەتی کردووە. پاشان خودای مەزن دەفەرمووێت: ﴿وَمَا نَرَىٰ مَعَكُمْ شُفَعَآءَكُمُ ٱلَّذِينَ زَعَمْتُمْ أَنَّهُمْ فِيكُمْ شُرَكَٰٓؤُاْ﴾ ئەوکەسانە نابینین لەگەڵتان کە لاتان وابوو تکاکارانن‌و بە شەریکی خۆتا زانین. ئەم سەرزەنشت‌و تانەدانەلێیان لەسەرئەوەی کە لە دونیادا ئەوبتانەیان کردبووە شەریکی خودا وایاندەزانی ئەوبتانە بەهرەیان پێ دەگەیەنێت لە ژیانیدا لە ڕۆژی دواییشدا دێن بەهانایانەوە ئەگەر لەوێ زیندوبوونەوە بە ڕاست دەرچوو ﴿لَقَد تَّقَطَّعَ بَيْنَكُمْ وَضَلَّ عَنكُم مَّا كُنتُمْ تَزْعُمُونَ﴾ دیارە ئێستا لە یەکتری

---

[1] ابراهيم (٢٧).

[2] الكهف (٤٨).

[3] مسلم (٢٢٧٣/٤).

جیابوونەوەو هەرچی بە خەیاڵ داتان نابوو هەمووی بەهیچ دەرچوو. واتە: هۆکارەکان نەماو پڕوپوچ نەماو ڕۆیشت ئەویش بە خەیاڵ دایان نابوو بە هاواریانەوەبێت‌و ون بوو نەما. لەوکاتەدا خودای مەزن باڵادەست لەلای ئەوخەڵکەدا کۆکراوەتەوە بانگیان دەکات‌و دەفەرمووێت: ﴿أَيْنَ شُرَكَآؤُكُمُ ٱلَّذِينَ كُنتُمْ تَزْعُمُونَ ﴾[1] کوانی ئەوانەی بە خەیاڵ دەتانوت شەریکن لەگەڵ من؟ واتە: لەگەڵ خودا دەبیانهێنن. وە پێیان دەوترێت: ﴿وَقِيلَ لَهُمْ أَيْنَ مَا كُنتُمْ تَعْبُدُونَ ۝٩٢ مِن دُونِ ٱللَّهِ هَلْ يَنصُرُونَكُمْ أَوْ يَنتَصِرُونَ ﴾[2] ئەوڕۆژە پێیان دەڵێن: لە کوێن ئەوانەی دەتاپەرستن، بێجگە لە خودا؟ ئایا ئەوانە دێنە هاناتان یان داوای هانادەکەن؟ بۆیە لێرەدا دەفەرمووێت: ﴿وَمَا نَرَىٰ مَعَكُمْ شُفَعَآءَكُمُ ٱلَّذِينَ زَعَمْتُمْ أَنَّهُمْ فِيكُمْ شُرَكَٰٓؤُا۟﴾ ئەوکەسانە نابینن لەگەڵتان کە لاتان وابوو تکاکارانن‌و بە شەریکی خۆتا زانین. واتە: دەتانپەرستن‌و بە ئەرکی خۆتان دەزانی پەرستنیان. پاشان خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿لَقَد تَّقَطَّعَ بَيْنَكُمْ﴾ دیارە ئێستا لە یەکتری دابڕاون‌و جیابوونەتەوەو ئەوهۆکارانە نەمان ﴿وَضَلَّ عَنكُم﴾ لێتان ون بوون‌و ڕۆیشتن ﴿مَّا كُنتُمْ تَزْعُمُونَ﴾ ئەوەی ئێوە بە خەیاڵ داتان نابوو کە تکاتان بۆ بکەن لەو بت‌و شەریکانە. وەك ئەم ئایەتە کە خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿إِذْ تَبَرَّأَ ٱلَّذِينَ ٱتُّبِعُوا۟ مِنَ ٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُوا۟ وَرَأَوُا۟ ٱلْعَذَابَ وَتَقَطَّعَتْ بِهِمُ ٱلْأَسْبَابُ ۝١٦٦ وَقَالَ ٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُوا۟ لَوْ أَنَّ لَنَا كَرَّةً فَنَتَبَرَّأَ مِنْهُمْ كَمَا تَبَرَّءُوا۟ مِنَّا ۗ كَذَٰلِكَ يُرِيهِمُ ٱللَّهُ أَعْمَٰلَهُمْ حَسَرَٰتٍ عَلَيْهِمْ ۖ وَمَا هُم بِخَٰرِجِينَ مِنَ ٱلنَّارِ﴾[3] لەوکاتەدا کە ئازارو جەزرەبەتان دێتەبەرچاو، ڕێبەرەکان شوێنکەوتووەکانی خۆیان حاشادەکەن‌و پەیوەندیان لە یەکتری پچڕاوە. شوێنکەوتووەکان لەوکاتەدا دەڵێن: ئای خۆزگە هەر جارێکی تر دەگەڕاینەوە سەر دونیا، وەك ڕێبەرەکانمان حاشا لە ئێمە دەکەن، ئێمەش حاشامان لەوان دەکرد، خودا ئاوا کرداری خۆیان لێ دەکاتە داخ‌و خەفەت‌و بۆ هەمیشەش هەر لەناو ئاگردا دەبن. وە دەفەرمووێت: ﴿فَإِذَا نُفِخَ فِى ٱلصُّورِ فَلَآ أَنسَابَ بَيْنَهُمْ يَوْمَئِذٍ وَلَا يَتَسَآءَلُونَ﴾[4] هەرکاتێك فوو بە کەڵەشاخ دا کرا، نەخزمایەتی لە نێوانیان دەمێنێت‌و نە کەسیان لەکەس دەپرسێت. وە دەفەرمووێت: ﴿إِنَّمَا ٱتَّخَذْتُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ أَوْثَٰنًا مَّوَدَّةَ

---

[1] الانعام (٢٢).

[2] الشعراء (٩٢- ٩٣).

[3] البقرة (١٦٦- ١٦٧).

[4] المؤمنون (١٠١).

بَيْنِكُمْ فِي الْحَيَوٰةِ الدُّنْيَا ثُمَّ يَوْمَ الْقِيَـٰمَةِ يَكْفُرُ بَعْضُكُم بِبَعْضٍ وَيَلْعَنُ بَعْضُكُم بَعْضًا وَمَأْوَىٰكُمُ النَّارُ وَمَا لَكُم مِّن نَّـٰصِرِينَ ﴾[1] ئێوە لەباتی خودا بۆیە بتەکان دەپەرستن، کە لە ژینی دونیادا ئێوە یەکترتان خۆشدەوێت، پاشان لە ڕۆژی قیامەت دا حاشا لە یەکتری دەکەنو نەفرین بۆ یەکتری دەنێرن، جێگەشتان لەناو ئاگر دەبێتو کەسیش یارمەتیتان نادات. وە دەفەرمووێت: ﴿ وَقِيلَ ادْعُوا شُرَكَاءَكُمْ فَدَعَوْهُمْ فَلَمْ يَسْتَجِيبُوا لَهُمْ ﴾[2] پێیان دەڵێن: شەریکەکانتان بانگ بکەن، بانگیان دەکەن، هیچ وەلامیان نادەنەوە. وە دەفەرمووێت: ﴿ وَيَوْمَ نَحْشُرُهُمْ جَمِيعًا ثُمَّ نَقُولُ لِلَّذِينَ أَشْرَكُوا ﴾ ڕۆژی قیامەت گشتیان کۆدەکەینەوە، بەوکەسانەی کە شەریکیان بۆ خودا داناوە. هەتا دەگاتە: ﴿ وَضَلَّ عَنْهُم مَّا كَانُوا يَفْتَرُونَ ﴾[3] ئەوشتانەش کە ئەوان بەدرۆ دەیانوت لەناوچوون.

﴿ إِنَّ اللَّهَ فَالِقُ الْحَبِّ وَالنَّوَىٰ يُخْرِجُ الْحَيَّ مِنَ الْمَيِّتِ وَمُخْرِجُ الْمَيِّتِ مِنَ الْحَيِّ ذَٰلِكُمُ اللَّهُ فَأَنَّىٰ تُؤْفَكُونَ ﴿٩٥﴾ فَالِقُ الْإِصْبَاحِ وَجَعَلَ اللَّيْلَ سَكَنًا وَالشَّمْسَ وَالْقَمَرَ حُسْبَانًا ذَٰلِكَ تَقْدِيرُ الْعَزِيزِ الْعَلِيمِ ﴿٩٦﴾ وَهُوَ الَّذِي جَعَلَ لَكُمُ النُّجُومَ لِتَهْتَدُوا بِهَا فِي ظُلُمَاتِ الْبَرِّ وَالْبَحْرِ قَدْ فَصَّلْنَا الْآيَاتِ لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ ﴿٩٧﴾ ﴾

ناسینی خودا بەهەندێك لە نیشانەكانی

خودای مەزن دەفەرمووێت کەهەر خۆی دانەوێڵەو دەنکی میوە لەت دەکات. واتە: دەیقڵیشێنێتەوە لەناو خۆڵدا، بەهۆی ئەو دەنکانەوە کشتوکاڵ سەوز دەکات بەهەموو جۆرەکانیەوە لەو دانەوێڵە، وە لە دەنکی میوە، هەموو جۆرە بەرو بومێکی دەڕوێنێت هەر یەکە تامو بۆنو ڕەنگو شێوەیەکی هەیە هەر بۆیە کە دەفەرمووێت: ﴿ إِنَّ اللَّهَ فَالِقُ الْحَبِّ وَالنَّوَىٰ ﴾ خوا دانەوێڵەو دەنکی میوە لەت دەکات. پاشان تەفسیری ئەم دەقە، بەم دەقەی دوای تەفسیر دەکاتو دەفەرمووێت: ﴿ يُخْرِجُ الْحَيَّ مِنَ الْمَيِّتِ وَمُخْرِجُ الْمَيِّتِ مِنَ الْحَيِّ ﴾ هەر ئەویشە زیندوو لەمردوو دەردێنێتو مردوو لە زیندوو دەردێنێت. واتە: ڕوەکی زیندوو لە دانەوێڵەو دەنکی میوە دەردێنێتو کەبێ گیانەو مردووە. ئەم ئایەتە وەك ئەو ئایەتە وایە کە خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿ وَآيَةٌ لَّهُمُ الْأَرْضُ الْمَيْتَةُ أَحْيَيْنَاهَا وَأَخْرَجْنَا مِنْهَا حَبًّا فَمِنْهُ يَأْكُلُونَ ﴾ هەتا دەگاتە ﴿ وَمِنْ أَنفُسِهِمْ وَمِمَّا لَا يَعْلَمُونَ ﴾ وەهەر لە زەویدا وردبینەوە نیشانەی

---

[1] العنكبوت (٢٥).

[2] القصص (٦٤).

[3] الانعام (٢٢– ٢٤).

تێدایە بۆیان بەمردوویی ئێمە زیندوومان کردەوەو دانەوێڵەمان لێ بەرهەم هێناون ئەوان لێی دەخۆن.
هەتا دەگاتە ﴿ سُبْحَٰنَ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلْأَزْوَٰجَ كُلَّهَا مِمَّا تُنۢبِتُ ٱلْأَرْضُ وَمِنْ أَنفُسِهِمْ وَمِمَّا لَا يَعْلَمُونَ ﴾[1] پاکو بێ عەیبی هەر بۆ ئەو خودایە، کە جووتەی هەموو شتێکی وەدی هێناوە، چ لەوانەی لەم سەر زەمینە دەڕوێنو چ لەخۆیانو چ لەوانەشی کەنایزانن. زانایانی تەفسیر ئەم ڕستانەیان تەفسیر کردووە هەر کەسەو بەپێی بۆچوونو لێکدانەوەی خۆی بەڵام هەموویان ماناکەیان لەیەکەوە نزیکە. هەندێك وتوویانە: پەلەوەر لە هێلکە دەردێنێتو بە پێچەوانەشەوە. هەندێکی تر وتویانە: منداڵی چاك لەکەسی بەدفەرەوە دەخاتەوەو بەپێچەوانەشەوە چەندین بۆچوونو ڕای تریش لەم ڕستانە کە ئەم ئایەتە دەیانگرێتەوەو لێی وەردەگیرێت. پاشان خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ فَأَنَّىٰ تُؤْفَكُونَ﴾ ئەوە خودای ئێوەیە، دەسا ئێوە چۆن لەڕێگا لادەدرێن؟ واتە: وەدی هێنەری ئەو شتانە ئەو خودایە کە شەریکی نیە. کەواتە چۆن لەهەق لادەدەنو بەرەو پڕو پوچ دەچنو لەگەڵ خودادا شتی تر دەپەرستن ﴿فَالِقُ ٱلْإِصْبَاحِ وَجَعَلَ ٱلَّيْلَ سَكَنًا﴾ هەر ئەوە تاریکایی شەوگار لادەداتو سپێدەی بەرە بەیانتان بۆ دەخاتە ڕوو، شەویشی بۆ پشوودان داناوە. واتە: هەر خودایە تاریکایی‌و ڕووناکی دروست کردووە. وەك لەسەرەتای سورەتەکەدا دەفەرمووێت: ﴿وَجَعَلَ ٱلظُّلُمَٰتِ وَٱلنُّورَ﴾[2] خودا تاریکایی‌و ڕووناکی وەدی هێناوە. واتە: خودای پاکو بێ عەیب تاریکایی شەو شەق دەکات لەبەرەبەیانداو دونیا ڕووناك دەکاتەوە خۆر هەڵدێتو تاریکایی دەڕواتو نامێنێت، شەوگار بەو ڕەشاییو تاریکیو نوتەکیەوە دەڕواتو ڕۆژ بەو تیشكو ڕووناکیەوە دێت. وەك خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿يُغْشِى ٱلَّيْلَ ٱلنَّهَارَ يَطْلُبُهُۥ حَثِيثًا﴾[3] ڕۆژ بەشەو دادەپۆشێتو ڕۆژیش بەخێرا دەکەوێتە شوێنی شەو. خودای مەزن دەستەڵاتی خۆی ڕوون کردوەتەوەو دەرخستووە لە دروستکردنی ئەم هەموو دژە یەكو لەیەك جیاوازەدا. کە گشتی بەڵگەیە لەسەر دەستەڵاتی تەواو گەورەی ئەو، تاریکایی شەو لادەداتو سپێدەی بەرەبەیان دەردەخات. لەبەرامبەری ئەویشدا دەفەرمووێت: ﴿وَجَعَلَ ٱلَّيْلَ سَكَنًا﴾ شەویشی داناوە بۆ پشوودانو ئارامو تاریکی کردووە هەتا هەموو شتێك تیایدان پشوو بدات، وە دەفەرکووێت: ﴿وَٱلَّيْلِ إِذَا يَغْشَىٰ ۝١﴾

---

[1] یس (٣٣-٣٦).

[2] الانعام (١).

[3] الاعراف (٥٤).

﴿وَٱلنَّهَارِ إِذَا تَجَلَّىٰ﴾[1] سوێند بەو شەوە کاتێک هەموو شتێك دادەپۆشێت، بەڕۆژەش کاتێک ڕووناك دەبێتەوە. وە دەفەرموێت: ﴿وَٱلنَّهَارِ إِذَا جَلَّىٰهَا ۝٣ وَٱلَّيْلِ إِذَا يَغْشَىٰهَا﴾[2] سوێند بەڕۆژەش کە خۆر تیا دەردەکەوێ، بەوشەوەش کە خۆر دادەپۆشێت. پاشان لێرەدا دەفەرموێت: ﴿وَٱلشَّمْسَ وَٱلْقَمَرَ حُسْبَانًا﴾ خۆرو مانگی بۆ ژمارەی ئێوە دانا. واتە: بەشێوەیەکی وردو بە ئەندازەیەکی ڕێكو تەواو دەڕواتو هەژماردەکەنو ناگۆڕێنو تێك ناچێت. بەڵکو هەریەکەیان شوێنێکی خۆیان هەیەو پێیدا دەڕۆن لە هاوینو زستان دا. بەوهۆیەوە جیاوازی نێوان شەو ڕۆژ پەیدادەبێت بە درێژبوون یان بە کورت بوونەوە. وەك دەفەرموێت: ﴿هُوَ ٱلَّذِى جَعَلَ ٱلشَّمْسَ ضِيَآءً وَٱلْقَمَرَ نُورًا وَقَدَّرَهُۥ مَنَازِلَ﴾[3] ئەوخوادیەی کە خۆری کردە تیشدەرو مانگی تریفەدار کردو چەند قۆناغی بۆ دیاری کرد. وە دەفەرموێت: ﴿لَا ٱلشَّمْسُ يَنۢبَغِى لَهَآ أَن تُدْرِكَ ٱلْقَمَرَ وَلَا ٱلَّيْلُ سَابِقُ ٱلنَّهَارِ ۚ وَكُلٌّ فِى فَلَكٍ يَسْبَحُونَ﴾[4] نەخۆر توانای ئەوەندەی هەیە بگات بە مانگ. نە شەویش پێشی ڕۆژ دەکەوێت هەمووشیان لە ئاسمانێکن مەلەدەکەن وە دەفەرموێت: ﴿وَٱلشَّمْسَ وَٱلْقَمَرَ وَٱلنُّجُومَ مُسَخَّرَٰتٍۭ بِأَمْرِهِۦٓ﴾[5] خۆرو مانگو ئەستێرەکانی بەدیهێناوەو لە ژێر فەرمانی ئەودان. پاشان لێرەدا دەفەرموێت: ﴿ذَٰلِكَ تَقْدِيرُ ٱلْعَزِيزِ ٱلْعَلِيمِ﴾ خودا خاوەن دەسەڵاتی زانا ئەم کارەی کردووە. واتە: هەمووشتێك بە بڕیاری خودای خاوەن دەسەڵات ڕۆیشتووە کە ڕێگری نیەو کەس ناتوانێت دژایەتی بکات، ئاگاداری گشت شتێکەو کەمتر لە گەردیلەیەکیش لێی ون نابێت نە لە ئاسمانەکانو نە زەمیندا ئاگای لێیەتی، زۆرجار کە خودای مەزن باسی دروستکردنی شەوو ڕۆژو خۆرو مانگی کردووە کۆتاییەکەی بە دەسەڵاتو زانایی خۆی هێناوە وەك لەم ئایەتەدا فەرمووی، وەك ئەم ئایەتەش کە دەفەرموێت: ﴿وَءَايَةٌ لَّهُمُ ٱلَّيْلُ نَسْلَخُ مِنْهُ ٱلنَّهَارَ فَإِذَا هُم مُّظْلِمُونَ ۝٣٧ وَٱلشَّمْسُ تَجْرِى لِمُسْتَقَرٍّ لَّهَا ۚ ذَٰلِكَ تَقْدِيرُ ٱلْعَزِيزِ ٱلْعَلِيمِ﴾[6] بۆ ئەوانە، شەویش یەکێکە لە نیشانەکان، ئێمە ڕۆژی لێ دادەڕنین لەناکاو تاریکاییان بەسەردادێت.

[1] اللیل (١-٢).

[2] الشمس (٣- ٤).

[3] یونس (٥).

[4] یس (٤٠).

[5] الاعراف (٥٤).

[6] یس (٣٧- ٣٨).

خۆریش بەرەو بنکەی خۆی لە گەڕاندایە کە لە خاوەن دەسەڵاتی زاناوەیە، ئەو فەرمانی پێداوە.

کاتێك کە خودای گەورە باسی دروستکردنی ئاسمانەکانو زەمینو ئەوەی تیایاندایە کردووە لەسەرەتای سورەتی (حم)ی سوجدەدا پاشان دەفەرموێت: ﴿وَزَيَّنَّا ٱلسَّمَآءَ ٱلدُّنۡيَا بِمَصَٰبِيحَ وَحِفۡظٗاۚ ذَٰلِكَ تَقۡدِيرُ ٱلۡعَزِيزِ ٱلۡعَلِيمِ﴾[1] ئاسمانی دونیامان بە چراکان ڕازاندەوەو پاراستمان. خاوەن دەسەڵاتی زانا بڕیاری ئەوکارەی داوە. پاشان لێرەدا خودای مەزن دەفەرموێت: ﴿وَهُوَ ٱلَّذِي جَعَلَ لَكُمُ ٱلنُّجُومَ لِتَهۡتَدُواْ بِهَا فِي ظُلُمَٰتِ ٱلۡبَرِّ وَٱلۡبَحۡرِۗ﴾ هەر ئەویشە ئەستێرەکانی بۆ خستوونەتەڕوو، تا بەوانە لە تاریکی وشکانیو دەریادا ڕێ دەربکەن هەندێك لە زانایانی پێشینە وتویانە: هەرکەسێك بێجگە لەو سێ شتە بڕوای بەم ئەستێرانە ببێت هەڵەی کردووەو درۆی بەدەم خوداوە کردووە، بۆ ڕازاندنەوەی ئاسمانو کەرەسەی ڕاونانی شەیاتینەکانو بە خستنەڕووی ئەوانە لە تاریکایی وشکانیو دەریا ڕێ دەربکرێت ﴿قَدۡ فَصَّلۡنَا ٱلۡأٓيَٰتِ لِقَوۡمٖ يَفۡقَهُونَ﴾ ئێمە بۆ کەسانێك زانان، نیشانەکانمان بەڕوونی شیکردووەتەوە. واتە: نیشانەکانمان بەتەواوی ڕوونکردووەتەوە بۆ ئەوکەسانەی خاوەن ئاوەزو زانانو هەق دەناسنو لە پڕوپوچ خۆیان بەدوور دەگرن.

﴿وَهُوَ ٱلَّذِيٓ أَنشَأَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ فَمُسۡتَقَرّٞ وَمُسۡتَوۡدَعٞۗ قَدۡ فَصَّلۡنَا ٱلۡأٓيَٰتِ لِقَوۡمٖ يَفۡقَهُونَ ﴿٩٨﴾ وَهُوَ ٱلَّذِيٓ أَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءٗ فَأَخۡرَجۡنَا بِهِۦ نَبَاتَ كُلِّ شَيۡءٖ فَأَخۡرَجۡنَا مِنۡهُ خَضِرٗا نُّخۡرِجُ مِنۡهُ حَبّٗا مُّتَرَاكِبٗا وَمِنَ ٱلنَّخۡلِ مِن طَلۡعِهَا قِنۡوَانٞ دَانِيَةٞ وَجَنَّٰتٖ مِّنۡ أَعۡنَابٖ وَٱلزَّيۡتُونَ وَٱلرُّمَّانَ مُشۡتَبِهٗا وَغَيۡرَ مُتَشَٰبِهٍۗ ٱنظُرُوٓاْ إِلَىٰ ثَمَرِهِۦٓ إِذَآ أَثۡمَرَ وَيَنۡعِهِۦٓۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكُمۡ لَأٓيَٰتٖ لِّقَوۡمٖ يُؤۡمِنُونَ ﴿٩٩﴾﴾

خودای مەزن دەفەرموێت: ﴿وَهُوَ ٱلَّذِيٓ أَنشَأَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ فَمُسۡتَقَرّٞ وَمُسۡتَوۡدَعٞ﴾ هەر ئەویشە ئێوەی لە تەنیا کەسێك وەدیهێناوە، لە دوای ئەوە لە شوێنێك کۆی کردوونەتەوەو دایمەزراندون. واتە: لە ئادەم (سەلامی خودای لێبێت) ئێوەی وەدیهێناوە. وەك لە ئایەتێکی تریشدا دەفەرموێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ وَخَلَقَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا وَبَثَّ مِنۡهُمَا رِجَالٗا كَثِيرٗا وَنِسَآءٗ﴾[2] ئەی خەڵکینە لە پەروەردگاری خۆتان بترسن، کە هەر ئەوە ئێوەی لە یەك کەسەوە خستووەتەوەو هاوسەرەکەشی هەر لەوکەسە خستووەتەوە، لەو دووانەوە پیاوی زۆرو ژنی زۆری وەدیهێنا. ئیبنو مەسعودو ئیبنو

---

[1] فصلت (١٢).

[2] النساء (١).

عەبباس و ئەبو عەبدوڕەحمانی سولەیمی و قەیسی کوڕی ئەبوحازم و موجاهیدو عەتاو ئیبراهیمی نەخەعی و زەحاك و قەتادەو سوددی و عەتای خۆراسانی و کەسانی تریش وتویانە: ﴿فَمُسْتَقَرٌّ﴾ واتە: لەناو منداڵداندا. ﴿وَمُسْتَوْدَعٌ﴾ زۆرینەی زانایانی پێشینە دەڵێن: پشت(صلب)[1] ئیبنو مەسعودو کۆمەڵێکی تریان بە پێچەوانەوە وتویانە. دیسان ئیبنو مەسعودو دەستەیەکی تر وتویانە: ﴿فَمُسْتَقَرٌّ﴾ واتە: لە دونیا کۆی کردوونەتەوەو ﴿وَمُسْتَوْدَعٌ﴾ واتە: کاتی مردن جێگیری دەکات و دادەمەزرێنێت.

پاشان خودای مەزن دەفەرموێت: ﴿قَدْ فَصَّلْنَا ٱلْـَٔايَـٰتِ لِقَوْمٍ يَفْقَهُونَ﴾ بۆ ئەوکەسانەی تێ دەگەن نیشانەکانمان ڕوون و شیکردووەتەوە. واتە: بۆ ئەوانەی لە قسەی خودا تێ دەگەن و ماناکەی دەزانن.

پاشان دەفەرموێت: ﴿ وَهُوَ ٱلَّذِىٓ أَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً ﴾ هەر خۆیەتی لە ئاسمانەوە ئاوی بارانی بۆ ئێوە باراند. بە ئەندازەو ئاوێکی پیرۆزەو هۆی بژێوی و ژیان و ئاودێری گشت دروستکراوێکە، بەزەییە لەلایەن خوداوە. بۆ وەدیهێنراوەکانی ﴿فَأَخْرَجْنَا بِهِۦ نَبَاتَ كُلِّ شَىْءٍ﴾ هەموو ڕووەکمان پێ ڕواند. وەك ئەم ئایەتە کە خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَجَعَلْنَا مِنَ ٱلْمَآءِ كُلَّ شَىْءٍ حَىٍّ﴾[2] هەموو زیندەوەرێکمان لە ئاو دروستکردووە ﴿فَأَخْرَجْنَا مِنْهُ خَضِرًا﴾ ڕووەکی سەوزمان تێدا ڕواند. واتە: کشتوکاڵ و درەختی سەوزو پاشانیش دانەوێڵەو بەروبوومیشمان لێ وەدیهێنا. بۆیە دەفەرموێت: ﴿نُّخْرِجُ مِنْهُ حَبًّا مُّتَرَاكِبًا ﴾ وە لەو دانەوێڵە، دانەی لەسەریل کەڵەکەبوومان (وەك گوڵەگەنم و جۆ) وەدیهێنا ﴿وَمِنَ ٱلنَّخْلِ مِن طَلْعِهَا قِنْوَانٌ دَانِيَةٌ ﴾وە لە دار خورما لەچەند پەلێکی هێشوی پڕو شۆڕەوە بوومان وەدی هێنا. وەك عەلی کوڕی ئەبو تەلحە لە ئیبنو عەبباسەوە وتی: ﴿قِنْوَانٌ دَانِيَةٌ ﴾واتە: ئەو دار خورما کورتەی کە پەلەکانی بەهێشوەکانیەوە شۆڕ بوەتەوە بۆ زەوی[3] ئیبنو جەریر ڕیوایەتی کردووە. ﴿وَجَنَّـٰتٍ مِّنْ أَعْنَابٍ ﴾ لەگەڵ باغاتێك لە ڕەز. واتە: باغاتی ڕەزی لێ دەردەهێنین ئەم دووجۆرە میوەیە لە چاکترین میوەیە لەلای خەڵکی حیجاز. وە لەوانەشە لەچاکترینی میوەش بن لە گشت جیهاندا، وەك چۆن خودای مەزن منەت دەکات بەسەر بەندەکانیداو پێیان دەفەرموێت: ﴿وَمِن

---

[1] الطبری (١١/٥٦٥/٥٧٠).

[2] الانبیاء (٣٠).

[3] الطبری (١١/٥٧٦).

ثَمَرَٰتِ ٱلنَّخِيلِ وَٱلْأَعْنَٰبِ تَتَّخِذُونَ مِنْهُ سَكَرًا وَرِزْقًا حَسَنًا﴾[1] وە لە بەرھەمی دارخورماو ڕەزەکانیشی سەرخۆشکەرو بژێوی باش دروست دەکەن، ئەمە لە پێش حەرامکردنی مەیدا بووە. وە دەفەرمووێت: ﴿وَجَعَلْنَا فِيهَا جَنَّٰتٍ مِّن نَّخِيلٍ وَأَعْنَٰبٍ﴾[2] هەر لە زەوی چەندین باخی خورماو ڕەزی ترێمان وەدیهێناوە. پاشان لێرەدا دەفەرمووێت: ﴿وَٱلزَّيْتُونَ وَٱلرُّمَّانَ مُشْتَبِهًا وَغَيْرَ مُتَشَٰبِهٍ﴾ وە زەیتونو بنەھەناری هاووێنەی لە یەکترجیامان بەرھەم هێناوە. قەتادەو کەسانی تریش وتویانە: هاووێنە لە گەڵاو شێوەداو زۆرێك لە یەکترو جیا لە بەرھەمو دیمەنو تامو ڕەنگدا[3]، ﴿ٱنظُرُوٓا۟ إِلَىٰ ثَمَرِهِۦٓ إِذَآ أَثْمَرَ وَيَنْعِهِۦٓ﴾ وەختێك میوەیان پێدەگات سەیری بکەن. بەڕای کوڕی عازیبو ئیبنو عەبباسو زەحاكو عەتای خوراسانیو قەتادەو کەسانی تریش وتویانە ﴿وَيَنْعِهِۦٓ﴾ واتە: کە پێگەیشت.[4] واتە: بیر لە دەستەڵاتی وەدیهێنەرەکانی بکەنەوە کە لە نەبوونەوە درستی کردوون، دارێك بوو، بوو بە ڕەزەترێو چەندین شتی تریش لەم جۆرە کە خودای مەزن دروستی کردوون لە هەمەڕەنگو شێوەو تامو بۆن. وەك لە ئایەتێکی تردا دەفەرمووێت: ﴿وَفِى ٱلْأَرْضِ قِطَعٌ مُّتَجَٰوِرَٰتٌ وَجَنَّٰتٌ مِّنْ أَعْنَٰبٍ وَزَرْعٌ وَنَخِيلٌ صِنْوَانٌ وَغَيْرُ صِنْوَانٍ يُسْقَىٰ بِمَآءٍ وَٰحِدٍ وَنُفَضِّلُ بَعْضَهَا عَلَىٰ بَعْضٍ فِى ٱلْأُكُلِ﴾[5] لەم زەمینەدا زۆر پارچە لەلای یەکتری دا هەیە، هەروەها باخاتی ڕەزو کشتوکاڵو داری خورمای ئاێ یەکترو لە یەك جیاش، هەموو لە یەك ئاو ئاودەدرێنو پاراودەبن بەڵام ڕێزی هەندێکیان دەدەین بەسەر هەندێکیاندا لە خواردن دا. هەربۆیە لێرەدا خودای مەزن دەفەرمووێت: ﴿إِنَّ فِى ذَٰلِكُمْ لَءَايَٰتٍ لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ﴾ بێگومان لەوانەدا زۆر نیشانەی خودا هەیە بۆ کەسانێك کە بڕوایان بە خودا هەیە. واتە: ئەی خەڵکینە بەڵگە زۆرن لەسەر دەستەڵاتی تەواوی خودای کە وەدیهێنەری ئەم شتانەیەو بەزەیی ئەو دەردەخات، بۆ ئەوکەسانەی کە بڕوایان پێی هەیەو شوێنی پێغەمبەرانی دەکەون (سەلامی خودایان لێبێت).

﴿وَجَعَلُوا۟ لِلَّهِ شُرَكَآءَ ٱلْجِنَّ وَخَلَقَهُمْ ۖ وَخَرَقُوا۟ لَهُۥ بَنِينَ وَبَنَٰتٍۭ بِغَيْرِ عِلْمٍ ۚ سُبْحَٰنَهُۥ وَتَعَٰلَىٰ عَمَّا يَصِفُونَ ﴿١٠٠﴾﴾

---

[1] النحل (٦٧).

[2] يس (٣٤).

[3] الطبري (١١/٥٧٨).

[4] الطبري (١١/٥٨٢).

[5] الرعد (٤).

زەمی بتپەرستان

خودای مەزن دەفەرمووێت: ﴿وَجَعَلُوا۟ لِلَّهِ شُرَكَآءَ ٱلْجِنَّ وَخَلَقَهُمْ ۖ وَخَرَقُوا۟ لَهُۥ بَنِينَ وَبَنَٰتٍۭ بِغَيْرِ عِلْمٍ ۚ سُبْحَٰنَهُۥ وَتَعَٰلَىٰ عَمَّا يَصِفُونَ﴾ لە جنۆکە شەریکیان بۆ خودا دادەنا، کە خوا خۆی دروستی کردبوو. بە خەیاڵی خۆیان دەبێت کوڕو کچی هەبێت، بەبێ زانیاری. خودا پاکو بەرزترە لەوباسانەی ئەوان دەیکەن. ئەمە وەڵامە بۆ ئەو بت پەرستانەی کە لەگەڵ خودادا شتی تریان پەرستووەو کردوویانن بە شەریکی لە پەرستن دا، خودای مەزن پاکو بێ عەیبو بەرزترە لەوشتانەی کە دەیکەنەپاڵی. خۆ ئەگەر پێیان بوترێت: چۆن دەستاندایە جنۆکەپەرستی کاتێك ئێوە هەر خریکی بت پەرستی بوون؟ لە وەڵام دا دەڵێن: بۆیە پەرستوویانن مەگین لەبەر گوێڕایەڵیو فەرمانی ئەوان بووە.

وەك ئەم ئایەتانە کە خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿إِن يَدْعُونَ مِن دُونِهِۦٓ إِلَّآ إِنَٰثًا وَإِن يَدْعُونَ إِلَّا شَيْطَٰنًا مَّرِيدًا ﴿١١٧﴾ لَّعَنَهُ ٱللَّهُ ۘ وَقَالَ لَأَتَّخِذَنَّ مِنْ عِبَادِكَ نَصِيبًا مَّفْرُوضًا ﴿١١٨﴾ وَلَأُضِلَّنَّهُمْ وَلَأُمَنِّيَنَّهُمْ وَلَءَامُرَنَّهُمْ فَلَيُبَتِّكُنَّ ءَاذَانَ ٱلْأَنْعَٰمِ وَلَءَامُرَنَّهُمْ فَلَيُغَيِّرُنَّ خَلْقَ ٱللَّهِ ۚ وَمَن يَتَّخِذِ ٱلشَّيْطَٰنَ وَلِيًّا مِّن دُونِ ٱللَّهِ فَقَدْ خَسِرَ خُسْرَانًا مُّبِينًا ﴿١١٩﴾ يَعِدُهُمْ وَيُمَنِّيهِمْ ۖ وَمَا يَعِدُهُمُ ٱلشَّيْطَٰنُ إِلَّا غُرُورًا﴾[1] ئەوانە لەباتی خودا هانا دەبەنە چەند بتێك خۆیان ناوی مێینەیان لێ ناون، دیارە ئەوان هەر هانادەبەنەبەر ئەو شەیتانەی کە سەریزێوی کردووەو دەرکراوە. خودا نەفرینی لێکردووەو ئەویش لە وەڵام دا وتویەتی: شەرت بێت لە عەبدەکانی تۆ بۆ خۆم جیابکەمەوە گومڕایان دەکەمو بە ئاواتو خەیاڵی درۆینە سەرگەرمیان دەکەم، فەرمانیان پێ دەدەم گوێچکەی ئاژەڵەکان ببڕن، فەرمانیشیان پێ دەدەم کە شێوەو بچمی ئەوشتانەی کە خودا دروستی کردووە بیگۆڕنو تێکی بدەن جا هەرکەسێك خودا نەیەوێتو لەگەڵ شەیتان ببێتە دۆست، دیارە چەندێك زیانمەند دەبێت. بەڵێنیان پێ دەداتو دەیانخاتەسەر ئارەزوو. ئەوبەڵێنەی کە شەیتان بەوانی دا فریودان نەبێت شتێکی تر نیە.

وەك ئەم ئایەتەش کە دەفەرمووێت: ﴿أَفَتَتَّخِذُونَهُۥ وَذُرِّيَّتَهُۥٓ أَوْلِيَآءَ مِن دُونِى﴾[2] ئایا ئێوە شەیتانو تۆرەمەی ئەو، بێجگە لە من دەکەنە دۆستی خۆتان. ئیبراهیمیش(سەلامی خودای لێبێت) بە باوکی وت: ﴿يَٰٓأَبَتِ لَا تَعْبُدِ ٱلشَّيْطَٰنَ ۖ إِنَّ ٱلشَّيْطَٰنَ كَانَ لِلرَّحْمَٰنِ عَصِيًّا﴾[3] ئەی باوکە، شەیتانپەرست مەبە،

---

[1] النساء (١١٧– ١٢٠).

[2] الكهف (٥٠).

[3] مريم (٤٤).

شەیتان لە فەرمانی خوا سەرپێچی کرد. ئەم وەك ئەو ئایەتە وایە کە خودای گەورە دەفەرمووێت:
﴿أَلَمْ أَعْهَدْ إِلَيْكُمْ يَا بَنِي آدَمَ أَن لَّا تَعْبُدُوا الشَّيْطَانَ إِنَّهُ لَكُمْ عَدُوٌّ مُّبِينٌ (٦٠) وَأَنِ اعْبُدُونِي هَٰذَا صِرَاطٌ مُّسْتَقِيمٌ﴾[١] ئاخر ئەی نەوەی ئادەم، من لەپێش دا پەیمانم لەگەڵ نەبەستن کە شەیتانە نەپەرستن. هەر تەنیا خۆم بپەرستن، کە ڕێگەی ڕاست هەر ئەمەیە، فریشتەکانیش لە ڕۆژی قیامەت دا دەڵێن:
﴿سُبْحَانَكَ أَنتَ وَلِيُّنَا مِن دُونِهِم بَلْ كَانُوا يَعْبُدُونَ الْجِنَّ أَكْثَرُهُم بِهِم مُّؤْمِنُونَ﴾[٢] خودایە هەر تۆی پاكو بێ عەیبی، هەر خۆت گەورەی هەموومانی ئێمە ئەوانە ناناسین. بەڵکو ئەوانە جنۆکەیان دەپەرستو بەشی زۆریان باوەڕیان بەمان نەهێنابوو. هەربۆیە خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَجَعَلُوا لِلَّهِ شُرَكَاءَ الْجِنَّ وَخَلَقَهُمْ﴾ لە جنۆکەکان شەرکیان بۆ خودا دانابوو، کە خوا خۆی دروستی کردوون. کە خودا خۆی دروستی کردوون چۆن هاوبەشی بۆ دانەنێنو لەگەڵی دا دەیپەرستن. وەك خودای گەورە لە زمانی ئیبراهیمەوە دەفەرمووێت: ﴿قَالَ أَتَعْبُدُونَ مَا تَنْحِتُونَ (٩٥) وَاللَّهُ خَلَقَكُمْ وَمَا تَعْمَلُونَ﴾[٣] وتی: ئاخۆ ئێوە شتێك دەپەرستن هەر خۆتان دایدەتاشن، کە هەر خودایە ئێوەشو کردەوەتانی وەدیهێنا. واتە: هەر خودا خۆی خەڵکی دروستکردووە، دەبێت هەر بەتەنیاش بپەرسترێت، تاكو تەنیایەو شەریکی نیە. پاشان خودای مەزن دەفەرمووێت: ﴿وَخَرَقُوا لَهُ بَنِينَ وَبَنَاتٍ بِغَيْرِ عِلْمٍ﴾ بە نەزانی خۆیان وا خەیاڵ دەکەن، دەبێت کوڕو کچی هەبێت. لێرەدا خودا ئاماژە بە گومڕایی دەکات کە ڕێگایان ون کردووەو بە خەیاڵی خۆیان وا دەزانن کە خودا منداڵی بۆ خۆی داناوە. وەك جوولەکە دەڵێن عوزەیر فەرزەندی خودایەو وە ئەوکەسانەش لە مەسیحیەکان کە دەڵێن عیسا کوڕی خودایەو بت پەرستەکانی قورەیش دەڵێن فریشتەکان کیژی خودان، خودای گەورە پاكو بێ عەیبەو بڵندەو دوورە لەوشتانەوە کە ناهەقیکاران دەیڵێن. واتە: خودانەناسان بوختانو درۆیان کردووەو خۆیان ئەوقسانەیان هەڵبەستووە وەك زانایانی پێشینەوتویانە. بۆیە خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ عَمَّا يَصِفُونَ﴾ خودا پاكو بەرزترە لەوباسانەی ئەوان دەیکەن. کەواتە خودا زۆر پیرۆزو پاكو بێگەردو گەورەترە لەونەفامو گومڕایانە باسی دەکەنو بە خەیاڵی خۆیان دەڵێن کە خودا کوڕو کچو هاوبەشی هەیە.

﴿بَدِيعُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ أَنَّىٰ يَكُونُ لَهُ وَلَدٌ وَلَمْ تَكُن لَّهُ صَاحِبَةٌ وَخَلَقَ كُلَّ شَيْءٍ وَهُوَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ (١٠١)﴾

---

[١] یس (٦٠– ٦١).
[٢] سبأ (٤١).
[٣] الصافات (٩٥– ٩٦).

ماناى داهێنەر (البديع)

﴿ بَدِيعُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ ﴾ داهێنەرى ئاسمانو زەمینە. واتە: دروستکەرو وەدیهێنەرو داهێنەرى ئاسمانەکانو زەمینە، بەبێ ئەوەى لە وێنەى پێشوییان بچێت وەك موجاهیدو سوددى وتویانە هەر لەم وتەوە(البدعة) ناونراوە بە بیدعە[1] چونکە لەپێش دا وێنەى نەبووە. ﴿أَنَّىٰ يَكُونُ لَهُۥ وَلَدٞ﴾ چۆن دەبێت مندالى هەبێت؟ ﴿وَلَمۡ تَكُن لَّهُۥ صَٰحِبَةٞ﴾ کە هیچ ژنى نەهێناوە. واتە: بێگومان مندالٚ خستنەوە لەنێوان دوو شت دا دەبێت کە بۆ یەکترى بشێن. خۆ دیارە هیچ شتێك بۆ خودا ناشێتو لەناوناچێت لە دروستکراوەکانى، چونکە ئەو وەدیهێنەرى هەموو شتێکەو نە ژنى هەیەو نە مندالٚ. وەك خوداى گەورە دەفەرمووێت: ﴿ وَقَالُواْ ٱتَّخَذَ ٱلرَّحۡمَٰنُ وَلَدٗا ﴿٨٨﴾ لَّقَدۡ جِئۡتُمۡ شَيۡـًٔا إِدّٗا ﴾ تاکو دەگاتە ﴿ وَكُلُّهُمۡ ءَاتِيهِ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ فَرۡدًا ﴾[2] وتویانە: خودا بووەتە خاوەن فەرزەندە. ئاى کە قسەیەکى ڕەقتان بەدەم دا هاتووە. هەتا دەگاتە: هەموویان ڕۆژى قیامەت، تاکو تەنیا دێنەلاى ئەو خوداى گەورە بەجوانى ڕوونى کردووەتەوە کە هەر خۆى هەموو شتێکى دروستکردووەو ئاگاشى لە هەموو شتێکە، چۆن دەبێت ژنى هەبێت لە دروستکراوەکانىو بۆى بشێت، کە ئەو خودایەکە وێنەى نیە، کەواتە چۆن دەبێت مندالى ببێت. خوداى گەورە پاكو بێ عەیبەو زۆر بەرزترە لەوەى کە ئەوخودانەناسانە دەیلێن.

﴿ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ رَبُّكُمۡۖ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۖ خَٰلِقُ كُلِّ شَيۡءٖ فَٱعۡبُدُوهُۚ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ وَكِيلٞ ﴿١٠٢﴾ لَّا تُدۡرِكُهُ ٱلۡأَبۡصَٰرُ وَهُوَ يُدۡرِكُ ٱلۡأَبۡصَٰرَۖ وَهُوَ ٱللَّطِيفُ ٱلۡخَبِيرُ ﴿١٠٣﴾﴾

هەر خودا پەروەردگارتانە

خوداى مەزن دەفەرمووێت: ﴿ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ رَبُّكُمۡ﴾ هەر خودایە ئێوەى پەروەردەکردووە. واتە: ئەوکەسەى کە هەمووشتێکى دروستکردووە، مندالٚو ژنى نیە ﴿لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۖ خَٰلِقُ كُلِّ شَيۡءٖ فَٱعۡبُدُوهُ﴾ جگە لەو هیچ شتێك بۆ پەرستن نابێت، هەموو ئەو دروستى کردووە، دەبێت بەندایەتى ئەو بکەن. واتە: تەنیا ئەو بپەرستن کە شەریکى نیەو دان بە یەکتاپەرستى ئەو دابنێن، هیچ پەرستراوێك نیە جگە لەو نە باوكو نە مندالٚو نە ژنى هەیە. بێ وێنەو بێ هاوتایە ﴿وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ وَكِيلٞ﴾

---

[1] الطبرى (٢/٥٤٠).

[2] مريم (٨٨– ٩٥).

هەر خوا خۆی سەرپەرشتی هەمووشتێك دەكات. واتە: هەر خۆی پارێزەرەو چاودێرەو هەمووكارەكان بەڕێوەدەباتو بژێویشیان دەدات بە شەوو بە ڕۆژ ئاگای لێیانەو كاروباریان بەڕێ دەكات.

بینینی خودا لە ڕۆژی قیامەت دا

﴿لَّا تُدْرِكُهُ ٱلْأَبْصَـٰرُ وَهُوَ يُدْرِكُ ٱلْأَبْصَـٰرَ﴾ بە چاو نابینرێتو هەموو بینەرێك دەبینێت. واتە: لە دونیا خودا نابینرێت، بەڵام لە ڕۆژی قیامەت دەبینرێت. وەك بە هەواڵی دەماودەم پێغەمبەری خوداوە (ﷺ) هاتووە لە چەند ڕێگاوە لە كتێبە سەحیحو سوننەنو موسنەدەكان دا. وەك مەسروق لە عائیشەوە(ڕەزای خودای لێبێت) كە وتویەتی: هەركەسێك وتی موحەممەد (ﷺ) پەروەردگاری بینیوە، بێگومان درۆی كردووە. لە ڕیوایەتێكی تردا: درۆی بەدەم خوداوە كردووە، چونكە خودای مەزن فەرموویەتی: ﴿لَّا تُدْرِكُهُ ٱلْأَبْصَـٰرُ وَهُوَ يُدْرِكُ ٱلْأَبْصَـٰرَ﴾[1] وە لە فەرموودەی سەحیح دا هاتووە لە فەرموودەیەكی ئەبوموسای ئەشعەری دا (ڕەزای خودای لێبێت) بە مەرفوعی: (بێگومان خودا ناخەوێتو خەوتنیش بۆ ئەو نیە، تەرازوو بەرەوخوار دەكاتو بەرزیشی دەكاتەوە. كرداری ڕۆژی بۆ بەرزدەكرێتەوە پێش شەو، ویشی بۆ بەرزدەكرێتەوە پێش ڕۆژ پەردەی لە ڕووناكیە یان ئاگرە ئەگەر لایبدات ڕووناكی ڕووی تا ئەوشوێنەی كە چاوی پێكەوتووە لە دروستكراوەكانی سوتاوە)[2]، وە لە كتێبە پێشینەكان هاتووە: خودای گەورە كاتێك كە مووسا داوای بینینی كرد، پێی فەرموو: ئەی مووسا بێگومان هیچ زیندوویەك نیە من ببینێت كە بینیمی مەگین مردووە. هیچ وشكێكیش نیە بیّ گیان كە بینیمی مەگین لەناوچووە. خودای مەزن دەفەرموێت: ﴿فَلَمَّا تَجَلَّىٰ رَبُّهُۥ لِلْجَبَلِ جَعَلَهُۥ دَكًّا وَخَرَّ مُوسَىٰ صَعِقًا ۚ فَلَمَّآ أَفَاقَ قَالَ سُبْحَـٰنَكَ تُبْتُ إِلَيْكَ وَأَنَا۠ أَوَّلُ ٱلْمُؤْمِنِينَ﴾[3] كە (خودا) خۆی بۆ كێوەكە دەرخست، هەر بەجارێك كێوەكەی وردوخاش كرد. مووسا بەبێ هۆش كەوت، وەختێك هاتەوەسەرخۆی وتی: پاكیو بێ عەیبی هەر بۆ تۆیە. پەشیمانم، من لە خاوەن باوەڕاندا یەكەمین كەسم. دانپێدانەنانی ئەم دەقە بۆ ئەو بینینە تایبەتیە ئەوەناگەیەنێت كە لە ڕۆژی قیامەت نابینرێت، چۆن مەیلی لێبێت خۆی نیشانی عەبدە خاوەن باوەڕەكانی دەدات. هەربۆیە دایكی موسڵمانان عائیشە (ڕەزای خودای لێبێت) داندەنێت بە بینینی خودای مەزن دا لە ڕۆژی قیامەت داو دانپێدانانێك لە دونیادا بەڵگەش بەم ئایەتە دەهێنێتەوە ﴿لَّا تُدْرِكُهُ ٱلْأَبْصَـٰرُ وَهُوَ يُدْرِكُ ٱلْأَبْصَـٰرَ﴾ ئەوەی كە

---

[1] فتح الباری (٨/٤٧٢)، مسلم (١/١٥٩)، تحفة الاحوذي (٨/٤٤١)، النسائي في الكبری (٦/٣٣٥)، مسلم (٦/٤٩).
[2] مسلم (١/١٦٢).
[3] الاعراف (١٤٣).

هەستی پێ ناکرێت کە مانای بینینی خودایە بەوشێوەیەی خۆی، بێگومان ئەوە ناشێت نە بۆ ئادەمی نە بۆ فریشتە نە بۆ هیچ دروستکراوێکی تر ﴿وَهُوَ يُدْرِكُ ٱلْأَبْصَـٰرَ﴾ ئەو هەموو بینەرێك دەبینێت. واتە: ئاگای لێیەتی‌و بەوشێوەیەی خۆی دەیناسێت چونکە دروستی کردووە وەك دەفەرمووە ﴿أَلَا يَعْلَمُ مَنْ خَلَقَ وَهُوَ ٱللَّطِيفُ ٱلْخَبِيرُ﴾[1] ئایا کەسێك وەدیهێنەرە چۆن نازانێت؟ وردبین‌و ئاگادار هەر خۆیەتی. لەوانەیە دەستەواژەی بۆ بینین کردبێت بۆ بینەران وەك سوددی لەم ئایەتەدا وتی: ﴿لَّا تُدْرِكُهُ ٱلْأَبْصَـٰرُ وَهُوَ يُدْرِكُ ٱلْأَبْصَـٰرَ﴾ هیچ شتێك ئەو نابینێت ئەو هەمووشت دەبینێت. ئەبولعالیە وتی: ﴿ٱللَّطِيفُ﴾ واتە: وردبینە لە دەرهێنانی دا، ﴿ٱلْخَبِيرُ﴾ ئاگادارە بەشوێنەکەی. والله أعلم.. ئەمە وەك ئەوەیە کە خودا لە باسی لوقمان دا کە لەوبارەیەوە قسە بۆ کوڕەکەی دەکات دەفەرمووێت: ﴿ يَـٰبُنَىَّ إِنَّهَآ إِن تَكُ مِثْقَالَ حَبَّةٍ مِّنْ خَرْدَلٍ فَتَكُن فِى صَخْرَةٍ أَوْ فِى ٱلسَّمَـٰوَٰتِ أَوْ فِى ٱلْأَرْضِ يَأْتِ بِهَا ٱللَّهُ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَطِيفٌ خَبِيرٌ ﴾[2] کوڕی خۆم، کردەوەیەك بە ئەندازەی تۆوی خەرتەلەیەك بێت لەسەر زەمین لەناوبەردێك دا یان لەناو ئاسمانەکان بێت خودا دەهێنێتەدەر، خودا هەمووشتێکی لێ دیارەو ئاگادارە.

﴿قَدْ جَآءَكُم بَصَآئِرُ مِن رَّبِّكُمْ ۖ فَمَنْ أَبْصَرَ فَلِنَفْسِهِۦ ۖ وَمَنْ عَمِىَ فَعَلَيْهَا ۚ وَمَآ أَنَا۠ عَلَيْكُم بِحَفِيظٍ ﴿١٠٤﴾ وَكَذَٰلِكَ نُصَرِّفُ ٱلْـَٔايَـٰتِ وَلِيَقُولُوا۟ دَرَسْتَ وَلِنُبَيِّنَهُۥ لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ ﴿١٠٥﴾﴾

تەفسیری (البصائر)

خودای مەزن دەفەرمووێت: ﴿قَدْ جَآءَكُم بَصَآئِرُ مِن رَّبِّكُمْ﴾ ئێوە لە پەروەردگارتانەوە چاوی دڵ‌و چەندین بەڵگەی ڕوونتان پێدراوە. (الصائر)بریتیە لەوبەڵگە ڕوون‌و ئاشکرایانەی لە قورئاندایەو پێغەمبەری خودا (ﷺ) پێی هاتووە ﴿فَمَنْ أَبْصَرَ فَلِنَفْسِهِۦ﴾ هەرکەسێك بە چاوی دڵ شت ببینێت بە قازانجی خۆیەتی. وەك ئەم ئایەتەش کە دەفەرمووێت: ﴿ مَّنِ ٱهْتَدَىٰ فَإِنَّمَا يَهْتَدِى لِنَفْسِهِۦ ۖ وَمَن ضَلَّ فَإِنَّمَا يَضِلُّ عَلَيْهَا ﴾[3] هەرکەسێك شارەزای ڕێ ببێت، شارەزایی بۆ خۆیەتی، هەرکەسێکیش لەڕێ دەرچێت هەڵەبوونەکەی لە دژایەتی خۆیەتی. کاتێك کە باسی چاوی دڵی دەکات دوای ئەوە دەفەرمووێت: ﴿وَمَنْ

[1] الملك (١٤).
[2] لقمان (١٦).
[3] الاسراء (١٥).

عَمِيَ فَعَلَيْهَا﴾ هەرکەسێکیش چاوی دڵی نابینایە زیانەکەی هەر بۆ خۆی دەگەڕێتەوە. وەك ئەم ئایەتە کە خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَإِنَّهَا لَا تَعْمَى ٱلْأَبْصَـٰرُ وَلَـٰكِن تَعْمَى ٱلْقُلُوبُ ٱلَّتِي فِي ٱلصُّدُورِ﴾[1] بێگومان چاو کوێرنابن، ئەودڵانە کوێردەبن کە جێگەیان لەناو سینەکانە. پاشان دەفەرموێت: ﴿وَمَآ أَنَا۠ عَلَيْكُم بِحَفِيظٍ﴾ من چاودێری ئێوە نیم. واتە: من پارێزەرو پاسەوانی ئێوە نیم، بەڵکو تەنیا ڕاگەیەنەرم خودا مەیلی خۆیەتی هەرکەسێك شارەزابکات دەیکاتو هەرکەسێکیش گومڕابکات دەیکات. ﴿وَكَذَٰلِكَ نُصَرِّفُ ٱلْـَٔايَـٰتِ﴾ ئێمە ئاوا نیشانەکان جۆراوجۆرو ڕوون دەکەینەوە. واتە: چۆن نیشانەکانمان لەم سورەتەدا شیکردەوە لە باسی یەکتاپەرستیو ناسینی خودا بە تەنیا کە هیچ پەرستراوێك نیە جگە لەو، هەر بەوجۆرەش نیشانەکان ئاشکرادەکەینو شی دەکەینەوە لە هەموو شوێنێکدا لەبەر بێ ئاگایی نەفامەکان با هەر ئەو موشریكو خودانەناسو بێ باوەڕانە هەر بڵێن ئەی موحەممەدفێرکراویو خوێندووتەو لەپێشینەکانت وەرگرتووە، لەئەهلی کتێب. ئەمە قسەی ئیبنو عەبباسو موجاهیدو سەعیدی کوڕی جوبەیرو زەحاكو کەسانی تریشە[2] تەبەرانی ڕیوایەتی کردووە لە عەمری کوڕی کەیسانەوە بیستم لە ئیبنو عەبباسەوە دەیوت: خوێندووتەو کێبرکێو مشتومڕت پێکردووە.[3] ئەمە وەك ئەم ئایەتە وایە کە خودای مەزن باسی درۆکردنو لاساریان دەکاتو دەفەرموێت: ﴿وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا۟ إِنْ هَـٰذَآ إِلَّآ إِفْكٌ ٱفْتَرَىٰهُ وَأَعَانَهُۥ عَلَيْهِ قَوْمٌ ءَاخَرُونَ ۖ فَقَدْ جَآءُو ظُلْمًا وَزُورًا ﴿٤﴾ وَقَالُوٓا۟ أَسَـٰطِيرُ ٱلْأَوَّلِينَ ٱكْتَتَبَهَا فَهِيَ تُمْلَىٰ عَلَيْهِ بُكْرَةً وَأَصِيلًا﴾[4] خودانەناسەکان وتیان: ئەمە هەمووی درۆی خۆیەتیو کەسانی تر لەمەدا یارمەتیان داوە، ئاشکرایە هەرچی وتیان درۆیەو ناهەقی دەکەن. وتیان: ئەمە چیرۆکی پێشینانن، هەموو ئێوارانو بەیانیان بۆی دەڵێنو لەبەری دەنوسێتەوە. دیسان خودای مەزن باسی درۆو بوختانەکانیان دەکاتو دەفەرموێت: ﴿إِنَّهُۥ فَكَّرَ وَقَدَّرَ ﴿١٨﴾ فَقُتِلَ كَيْفَ قَدَّرَ ﴿١٩﴾ ثُمَّ قُتِلَ كَيْفَ قَدَّرَ ﴿٢٠﴾ ثُمَّ نَظَرَ ﴿٢١﴾ ثُمَّ عَبَسَ وَبَسَرَ ﴿٢٢﴾ ثُمَّ أَدْبَرَ وَٱسْتَكْبَرَ ﴿٢٣﴾ فَقَالَ إِنْ هَـٰذَآ إِلَّا سِحْرٌ يُؤْثَرُ ﴿٢٤﴾ إِنْ هَـٰذَآ إِلَّا قَوْلُ ٱلْبَشَرِ﴾[5] ئەو هەر ڕامامو هەڵی سەنگاند، ئەی بمرێت چۆنی بۆچوو؟ دیسان

---

[1] الحج (٤٦).

[2] الطبری (١٢/٢٧)

[3] الطبرانی (١١/١٣٧).

[4] الفرقان (٤-٥).

[5] المدثر (١٨- ٢٥).

نەزێت کە چۆنی بۆچوو؟ لەپاشاندا سەیری کرد، ئەوسا ڕووی گرژکردو ترش هەڵگەڕا لەپاشان پشتی هەڵکردو فیزی نواند. ئەوسا وتی: ئەم قورئانە جادوویەکە کە لە کۆنەوە دەیگێڕنەوە، بیێو نەبێ ئەمە هەر وتەی مرۆڤە. پاشان خودای گەورە لێرەدا دەفەرمووێت: ﴿وَلِنُبَيِّنَهُۥ لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ﴾ هەتا ڕوونیان بکەینەوە بۆ ئەوانەی کە تێ دەگەن. واتە: تا ڕوونیان بکەینەوە بۆ ئەوکەسانەی کە هەق شارەزادەبن‌و شوێنی دەکەون‌و پڕوپوچش دەناسن‌و لێی دووردەکەونەوە کارو فەرمانەکانی خودا پڕ لەکارزانیە لەبارەی ئەوانەی کە گومڕایان دەکات‌و ئەوانەش کە ڕێی ڕاستیان بۆ ڕوون دەکاتەوە. وەك ئەم ئایەتە کە دەفەرمووێت: ﴿يُضِلُّ بِهِۦ كَثِيرًا وَيَهْدِى بِهِۦ كَثِيرًا﴾[1] زۆری پێ گومڕادەکات‌و زۆریشی پێ شارەزادەکات. وە دەفەرمووێت: ﴿لِّيَجْعَلَ مَا يُلْقِى ٱلشَّيْطَٰنُ فِتْنَةً لِّلَّذِينَ فِى قُلُوبِهِم مَّرَضٌ وَٱلْقَاسِيَةِ﴾ هەتا دەگاتە ﴿وَإِنَّ ٱللَّهَ لَهَادِ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ إِلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ﴾[2] هەتا وابکات ئەوەی شەیتان خستوویەتە ناویەوە، ببێتە بەڵایەك بۆ ئەوانەی دڵیان نەخۆشەو دڵیان ڕەقە. هەتا دەگاتە: ئەوانەی بڕوایان هەبووە بێگومان خودا شارەزای ڕاستەڕێی کردوون وە دەفەرمووێت: ﴿وَمَا جَعَلْنَآ أَصْحَٰبَ ٱلنَّارِ إِلَّا مَلَٰٓئِكَةً ۙ وَمَا جَعَلْنَا عِدَّتَهُمْ إِلَّا فِتْنَةً لِّلَّذِينَ كَفَرُوا۟ لِيَسْتَيْقِنَ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَٰبَ وَيَزْدَادَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ إِيمَٰنًا ۙ وَلَا يَرْتَابَ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَٰبَ وَٱلْمُؤْمِنُونَ ۙ وَلِيَقُولَ ٱلَّذِينَ فِى قُلُوبِهِم مَّرَضٌ وَٱلْكَٰفِرُونَ مَاذَآ أَرَادَ ٱللَّهُ بِهَٰذَا مَثَلًا ۚ كَذَٰلِكَ يُضِلُّ ٱللَّهُ مَن يَشَآءُ وَيَهْدِى مَن يَشَآءُ ۚ وَمَا يَعْلَمُ جُنُودَ رَبِّكَ إِلَّا هُوَ ۚ وَمَا هِىَ إِلَّا ذِكْرَىٰ لِلْبَشَرِ﴾[3] ئێمە بێجگە لە فریشتە کەسمان نەکردووە بە کاربەدەستی ئاگر، بۆیە ژمارەکەشمان واداناون تا خودانەناسان تاقی بکەینەوە، ئەوانەش کە کتێبیان پێدراوە هیچ گومانیان نەمێنێت‌و ئەوانەش باوەڕدارن، باوەڕیان زیادبکات، ئەوکەسانەش کە کتێبیان پێدراوەو باوەڕدارانیش، دوودڵ نەبن. تا ئەوانەی دڵیان نەخۆشی تێدایەو ئەوانەش خودانەناسن بڵێن: خودا لەم نمونەنیشاندانە چی ویستووە؟ئاوا خودا هەرکەسێك بیەوێت گومڕای دەکات‌و کێش بیەوێت شارەزای دەکات‌و سەربازەکانی پەروەردگاری تۆش (بێجگە لە خودا) کەس ژمارەیان نازانێت. باسی (جەهەننەم) تەنیا بۆ بیرەوەری مرۆڤە. وە دەفەرمووێت: ﴿وَنُنَزِّلُ مِنَ ٱلْقُرْءَانِ مَا هُوَ شِفَآءٌ وَرَحْمَةٌ لِّلْمُؤْمِنِينَ ۙ وَلَا يَزِيدُ ٱلظَّٰلِمِينَ إِلَّا خَسَارًا﴾[4] ئێمە لەم قورئانەدا شتی وای بۆ دەنێرینکە شیفاو بەزەیی

---

[1] البقرة (٢٦).

[2] الحج (٥٣– ٥٤).

[3] المدثر (٣١).

[4] الاسراء (٨٢).

تێدایە بۆ خاوەن باوەڕان‌و ستەمکارانیش زیاتر پێی زیانباردەبن. وە دەفەرموێت: ﴿قُلْ هُوَ لِلَّذِينَ ءَامَنُوا هُدًى وَشِفَآءٌ ۖ وَالَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ فِىٓ ءَاذَانِهِمْ وَقْرٌ وَهُوَ عَلَيْهِمْ عَمًى ۚ أُولَٰٓئِكَ يُنَادَوْنَ مِن مَّكَانٍۭ بَعِيدٍ﴾[1] بلێ: ئەمە بۆ کەسانێکە باوەڕیان پێی هێناوە شارەزابن‌و چارەسەری نەخۆشیەکانە. ئەوانەش بڕوای پێ ناکەن، گوێ گرانن لە بیستن‌و چاویان کوێرە لە بینینی، ئەوانە هەر دەڵێیت لە جێی دوورەوە بانگ دەکرێن. چەندین ئایەتی تریش لەمبارەیەوە هاتووە هەموو بەڵگەن لەسەرئەوەی کە خودای گەورە قورئانی ناردووە ڕێ نیشاندەربێت بۆ لەخواترسان‌و ئەوەی مەیلی لێبێت بەوقورئانە گومڕای دەکات‌و ئەوەیش مەیلی لێبێت هەر بەوقورئانە شارەزای دەکات.

﴿ٱتَّبِعْ مَآ أُوحِىَ إِلَيْكَ مِن رَّبِّكَ ۖ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ۖ وَأَعْرِضْ عَنِ ٱلْمُشْرِكِينَ ﴿١٠٦﴾ وَلَوْ شَآءَ ٱللَّهُ مَآ أَشْرَكُوا ۗ وَمَا جَعَلْنَٰكَ عَلَيْهِمْ حَفِيظًا ۖ وَمَآ أَنتَ عَلَيْهِم بِوَكِيلٍ ﴿١٠٧﴾﴾

فەرماندان بە شوێنکەوتنی نیگ (الوحی)

خودای مەزن فەرمان دەکات بە پێغەمبەرەکەی‌و (ﷺ) ئەوانەش شوێن ڕێگەی ئەو کەوتوونکە شوێنی ئەونیگایە بکەون کە ناردوویەتی‌و دەفەرموێت: ﴿ٱتَّبِعْ مَآ أُوحِىَ إِلَيْكَ مِن رَّبِّكَ﴾ هەر نیگایە لە پەروەردگارتەوە بۆت دێت بەجێی بگەیەنە. واتە: پێی هەڵسەو شوێنی ئەوە بکەوەو ئاکاری چاك بکە، چونکە ئەوەی بۆت دێت لەلایەن پەروەردگارتەوەیە، هەر ئەوە ڕاست‌و دروستەو گومانی تێدانیە. ﴿لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ۖ وَأَعْرِضْ عَنِ ٱلْمُشْرِكِينَ﴾ جگە لەو کەس بۆ پەرستن ناشێت، تۆ واز لەوانەبێنە کە شەریك بۆ خودا دادەنێن. واتە: لێبوردەبەو چاوپۆشیان لێ بکەو خۆڕاگربە بەرامبەر ئازاردانیان، هەتا خودا خۆی ڕێگای سەرکەوتنت بۆ والآدەکات‌و سەرتدەخات‌و زاڵت دەکات بەسەریاندا، بشزانە، ئەوەش لەکارزانی خۆیەتی کە گومڕایان دەکات. ئەگەر بیویستایە هەموو خەڵکی شارەزادەکردو لەسەرڕێی ڕاست کۆی دەکردنەوە ﴿وَلَوْ شَآءَ ٱللَّهُ مَآ أَشْرَكُوا﴾ ئەگەر خودا بیویستایە شەریکیان بۆ دانەدەنا. واتە: بەڵکو بە مەیل‌و لەکارزانی خۆیەتی ، هەرشتێکی دەوێت یان هەڵیدەبژێرێت. بۆ هیچ شتێك پرسیاری لێ ناکرێت، بەڵکو ئەوان لێپرسینەوەیان لەگەڵدا دەکرێت. پاشان خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمَا جَعَلْنَٰكَ عَلَيْهِمْ حَفِيظًا﴾ ئێمە تۆمان نەکردووە بە چاودێرو پارێزەر بەسەریانەوە. واتە: تۆ بەرپرسیاری کردارو گفتاری ئەوان نیت ﴿وَمَآ أَنتَ عَلَيْهِم بِوَكِيلٍ﴾ تۆ بەرپرسیاری ئەوان نیت لە ڕۆزی دان‌و کاروباریاندا.

---

[1] فصلت (٤٤).

تەنیا تۆ ڕاگەیاندنت لەسەرە. وەك خودای مەزن لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێت: ﴿فَذَكِّرْ إِنَّمَا أَنتَ مُذَكِّرٌ ﴿٢١﴾ لَّسْتَ عَلَيْهِم بِمُصَيْطِرٍ﴾[1] تۆ ئامۆژگاری بکە، تەنیا تۆ ئامۆژگاریت لەسەرە. تۆ خاوەن دەسەڵات نیست بەسەریانەوە. وە دەفەرموێت: ﴿فَإِنَّمَا عَلَيْكَ الْبَلَاغُ وَعَلَيْنَا الْحِسَابُ﴾[2] تۆ هەر ڕاگەیاندنت لەسەر لێپرسینەوەت لەسەر ئێمەیە.

﴿وَلَا تَسُبُّوا الَّذِينَ يَدْعُونَ مِن دُونِ اللَّهِ فَيَسُبُّوا اللَّهَ عَدْوًا بِغَيْرِ عِلْمٍ كَذَٰلِكَ زَيَّنَّا لِكُلِّ أُمَّةٍ عَمَلَهُمْ ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّهِم مَّرْجِعُهُمْ فَيُنَبِّئُهُم بِمَا كَانُوا يَعْمَلُونَ ﴿١٠٨﴾﴾

قسەی خراپ بە بتەکانی ئەوان مەڵێن، تا ئەوانیش قسەی خراپ بەرامبەر خودا نەکەن

خودای مەزن دەفەرموێت: ﴿وَلَا تَسُبُّوا الَّذِينَ يَدْعُونَ مِن دُونِ اللَّهِ فَيَسُبُّوا اللَّهَ عَدْوًا بِغَيْرِ عِلْمٍ﴾ قسەی خراپ لەبارەی ئەوانە مەکەن کە داوای یارمەتی بێجگە لە خودا دەکەن، چونکە ئەوانە نەزانن، لەوانەیە لەبەر دژایەتی خۆیان قسەی خراپ بەرامبەر خودا بکەن. خودا گەورە لێرەدا ڕێگەنادات بە پێغەمبەرەکەی و (ﷺ) خاوەن باوەڕان کە قسەی خراپ دەربارەی بتەکانی بت پەرستەکان بکەن. هەرچەندە بەرژەوەندیشی تێدابێت. چونکە خراپەی لەوە گەورەتری لێ پەیدادەبێت. چونکە بت پەرستەکانیش لەبەرامبەردا قسەی خراپ بە خودای باوەڕداران دەکەن. ئەو خودایە کە هیچ پەرستراوێك نیە جگە لەو. وەك عەلی کوڕی ئەبوتەلحە لە ئیبنو عەبباسەوە لەم ئایەتەدا وتی. موشریکەکان وتیان: ئەی موحەممەد، ئەگەر وازدەهێنن لە قسەی خراپ وتن بە پەرستراوەکانمان باشە، ئەگەرنا ئێمەش قسەی خراپ بەرامبەر پەروەردنەکەی تۆ دەکەین. خودای مەزن لێی قەدەغەکردن کە قسەی خراپ بڵێن بە بتەکانیان ﴿فَيَسُبُّوا اللَّهَ عَدْوًا بِغَيْرِ عِلْمٍ﴾[3] لەوانەیە لەبەر دژایەتی خۆیان، قسەی خراپ دەربارەی خودا بکەن، چونکە ئەوانە نەزانن. عەبدوڕەزاق وتی لە موعەمەرەوە (معمر) لە قەتادەوە: موسڵمانەکان قسەی خراپیان دەوت بە بتی خودانەناسان ئەوانیش قسەی خراپیان بە دژایەتی بەرامبەر خودا دەکرد، چونکە نەزان بوون. خودای گەورە ئەم ئایەتەی ناردەخوارەوە:﴿وَلَا تَسُبُّوا الَّذِينَ يَدْعُونَ مِن دُونِ اللَّهِ﴾[4] وە هەر لەم شێوەیە (وازهێنان لە بەرژەوەندی لەبەر خراپەیەکی لەوە گەورەتر) لە فەرموودەی سەحیح دا هاتووە کە پێغەمبەری خودا

---

[1] الغاشية (٢١– ٢٢).

[2] الرعد (٤٠).

[3] الطبري (١٢/٣٤).

[4] عبدالرزاق (٢/٢١٥).

(ﷺ) فەرموویەتی: (نەفرین لێکراوە کەسێك قسەی خراپ بە باوكو دایكی وتبێت)، وتیان: ئەی پێغەمبەری خودا، چۆن پیاو قسەی خراپ بە دایكو باوكی دەڵێت؟ فەرمووی: (قسەی خراپ بە باوكی پیاوێك دەڵێت، ئەویش قسەی خراپ بە باوكی ئەو دەڵێت، قسە بە دایكی پیاوێك دەڵێت، ئەویش قسە بە دایكی ئەو دەڵێت)[1]، پاشان خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿كَذَٰلِكَ زَيَّنَّا لِكُلِّ أُمَّةٍ عَمَلَهُمْ﴾ ئا بەوجۆرە ئاكاری هەموو كۆمەڵێكمان لەبەرچاویان ڕازاندووەتەوە. واتە: وەك چۆن خۆشەویستی بتەكانمان لەبەرچاو ڕازاندووەتەوە پشتیگریانو بەرگریان لێ دەكەن هەر بەوجۆرەش گومڕایمان لەلای كۆمەڵە پێشووەكانیش ڕازاوەكردبوو، كارەكانی خودا هەموو پڕن لەكارزانی هەرچی خۆی مەیلی لێبێت دەیكاتو هەڵی دەبژێرێت ﴿ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّهِم مَّرْجِعُهُمْ فَيُنَبِّئُهُم بِمَا كَانُوا يَعْمَلُونَ﴾ پاشان هەر دێنەوە بەردەستی پە روەرندەیان، ئەوسا ئاگاداریان كردووە كە چیان كردووە. پاداشتیان بە چاكە یان بە تۆڵە دەداتەوە.

﴿وَأَقْسَمُوا بِاللَّهِ جَهْدَ أَيْمَانِهِمْ لَئِن جَاءَتْهُمْ آيَةٌ لَّيُؤْمِنُنَّ بِهَا ۚ قُلْ إِنَّمَا الْآيَاتُ عِندَ اللَّهِ ۖ وَمَا يُشْعِرُكُمْ أَنَّهَا إِذَا جَاءَتْ لَا يُؤْمِنُونَ ﴿١٠٩﴾ وَنُقَلِّبُ أَفْئِدَتَهُمْ وَأَبْصَارَهُمْ كَمَا لَمْ يُؤْمِنُوا بِهِ أَوَّلَ مَرَّةٍ وَنَذَرُهُمْ فِي طُغْيَانِهِمْ يَعْمَهُونَ ﴿١١٠﴾﴾

بت پەرستان سوێند دەخۆن پاش هاتنی موعجیزە بڕوادەهێنن

خودای مەزن دەفەرمووێت: ﴿وَأَقْسَمُوا بِاللَّهِ جَهْدَ أَيْمَانِهِمْ﴾ بەگشت هێزیانەوە سوێندیان دەخوارد. واتە: موشریكەكان زۆر بەتوندی سوێندیان دەخوارد ﴿جَاءَتْهُمْ آيَةٌ لَّيُؤْمِنُنَّ بِهَا﴾ هەر تەنیا نیشانەیەكیان لە خوداوە بۆ بێتەخوارەوە، بڕوادەهێنن ﴿قُلْ إِنَّمَا الْآيَاتُ عِندَ اللَّهِ﴾ ئەی موحەممەد (ﷺ) بڵێ: نیشانەكان هەر لەلای خودایە. واتە: بڵێ بەوكەسانەی كە داوای نیشانەت لێ دەكەن. لەبەرئەوەیە كە زۆر بێ دینو لاسارو سەرپێچیكەرن، بۆ ئەوەنیە كە ڕێنمایی بكرێنو شارەزابن. وە پێیان بڵێ: سەرچاوەی ئەو نیشانانە لەلای خودا خۆیەتی، مەیلی لێبێت بۆتان دەنێرێتو مەیلیشی لێبێت پشتگوێتان دەخات. پاشان دەفەرمووێت: ﴿وَمَا يُشْعِرُكُمْ أَنَّهَا إِذَا جَاءَتْ لَا يُؤْمِنُونَ﴾ ئێوە نازانن ئەی خاوەن باوەڕان ئەگەر ئەوبەڵگانەش بێنن هەر باوەڕناهێنن. واتە ئەی خاوەن باوەڕان دیارە ئێوە زۆر پێتان خۆشەو زۆر هەوڵدەدەن كە بڕوابێنن، بزانن ئەوانە ئەگەر نیشانەكانیشیان بۆبێت هەر بڕواناهێنن. وە دەفەرمووێت: ﴿وَنُقَلِّبُ أَفْئِدَتَهُمْ وَأَبْصَارَهُمْ كَمَا لَمْ يُؤْمِنُوا بِهِ أَوَّلَ مَرَّةٍ﴾ ئێمە دڵو

---

[1] فتح الباری (١٠/٤١٧).

چاوی ئەوانە لەکاردەخەین، وەك چۆن ئەوان جاری یەکەم باوەڕیان بە قورئان نەکرد. عەوفی لە ئیبنو عەبباسەوە لەم ئایەتەدا وتی: کاتێك موشریکەکان دانیان نەنا بەقورئانداو دڵیان دانەمەزرا لەسەر هیچ شتێكو هیچ شتێکیان وەرنەگرت[1] واتە: ئێمەش دڵیانمان وەرگێڕا. موجاهیدو لەم ئایەتەدا وتی: ﴿وَنُقَلِّبُ أَفْئِدَتَهُمْ وَأَبْصَٰرَهُمْ﴾ واتە بەربەستێك لەنێوان ئەوانو بڕوادا دادەنێین، هەر نیشانەیەکیان بۆبێت بڕوای پێ ناهێنن وەك چۆن لەجاری یەکەمدا بۆمان دانان. عیکرمەو عەبدورەحمانی کوڕی زەیدی کوڕی ئەسلەم هەروایان وتووە. عەلی کوڕی ئەبو تەلحە لە ئیبنو عەبباسەوە (ڕەزای خودایان لێبێت) وتی: خودای گەورە هەواڵی داوە کە عەبدەکانی چیان وتووە پێش ئەوەی بڵێنو کردارەکانی باس کردون پێشی ئەوەی بیکەن. وە دەفەرمووێت: ﴿وَلَا يُنَبِّئُكَ مِثْلُ خَبِيرٍ﴾[2] جگە لە خودا کە هەموو شتێك دەزانێت کەس ناتوانێت لەوانە ئاگادارت بکات. وە دەفەرمووێت: ﴿أَن تَقُولَ نَفْسٌ يَٰحَسْرَتَىٰ عَلَىٰ مَا فَرَّطتُ فِى جَنۢبِ ٱللَّهِ﴾ هەتا دەگاتە ﴿لَوْ أَنَّ لِى كَرَّةً فَأَكُونَ مِنَ ٱلْمُحْسِنِينَ﴾[3] نەکات ئەوسا کەسێك بڵێت: ئەی بەداخەوە، من لەفەرمانبەری خودا درێغیم کرد هەتا دەگاتە خۆزگە بگەڕامایەوەو بچومایەتە ڕیزی ئاکار چاکانەوە. خودای گەورە باسی کردووەو فەرموویەتی، ئەگەر ئەوانە بشگەڕانایەتەوە بۆ دونیا هەر ڕێی ڕاستیان نەدەگرتەبەر. وە دەفەرمووێت: ﴿وَلَوْ رُدُّوا۟ لَعَادُوا۟ لِمَا نُهُوا۟ عَنْهُ وَإِنَّهُمْ لَكَٰذِبُونَ﴾[4] ئەگەر بشگەڕانایەتەوە ئەو کارانەی کە پێیان دەوترا مەیکەن، هەر دەیانکرد. ئەمانە هەر درۆزنن. وە لێرەدا دەفەرمووێت: ﴿وَنُقَلِّبُ أَفْئِدَتَهُمْ وَأَبْصَٰرَهُمْ كَمَا لَمْ يُؤْمِنُوا۟ بِهِۦٓ أَوَّلَ مَرَّةٍ﴾ ئێمە چاوو دڵیان لەئاست هەق وەردەگێڕینو لەکاریان دەخەین. وەك چۆن لەسەرەتاوە بڕوایان نەهێنا. واتە: ئەگەر ڕانایەتەوە بۆ دونیا بەربەستی لەنێوان ئەوانو ڕێی ڕاستدا پەیدا دەبوو. وەك چۆن جاری یەکەم بەربەستمان دانا لەنێوان ئەوانو بڕوا هێناندا کەلە دونیا بوون[5] پاشان خودای مەزن دەفەرمووێت: ﴿وَنَذَرُهُمْ فِى طُغْيَٰنِهِمْ﴾ ئێمەش لەسەرکەشی خۆیاندا دەیانهێڵینەوە. ئیبنو عەبباسو سوددی وتیان: لەبێ دینی خۆیاندا دەیانهێڵینەوە. ئەبولعالیەو ڕەبیعی کوڕی ئەنەسو

---

[1] الطبری (١٢/٤٤).

[2] الفاتر (١٤).

[3] الزمر (٥٦-٥٨).

[4] الانعام (٢٨).

[5] الطبری (٤٥٨٢).

قەتادە وتیان: لە گومڕایی خۆیاندا دەیانهێڵینەوە. ﴿يَعْمَهُونَ﴾ واتە: سەرگەردان بن. ئەعمەش وتی واتە: یاری بکەن. ئیبنو عەبباسو موجاهیدو ئەبولعالیەو ڕەبیعو ئەبومالیکو کەسانی تریش وتویانە واتە: لەبێ دینی خۆیاندا بێنو بچن.

﴿وَلَوْ أَنَّنَا نَزَّلْنَآ إِلَيْهِمُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةَ وَكَلَّمَهُمُ ٱلْمَوْتَىٰ وَحَشَرْنَا عَلَيْهِمْ كُلَّ شَيْءٍ قُبُلًا مَّا كَانُوا۟ لِيُؤْمِنُوٓا۟ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَهُمْ يَجْهَلُونَ ﴿١١١﴾﴾

بڕواهێنان بە مەیلی خودایە

خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَلَوْ أَنَّنَا نَزَّلْنَآ إِلَيْهِمُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةَ وَكَلَّمَهُمُ ٱلْمَوْتَىٰ وَحَشَرْنَا عَلَيْهِمْ كُلَّ شَيْءٍ قُبُلًا مَّا كَانُوا۟ لِيُؤْمِنُوٓا۟ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَهُمْ يَجْهَلُونَ﴾ فریشتەشمان بناردایەو مردووەکانیش قسەیان لەگەڵ بکردنایەو هەموو شتمان لە ڕووبەڕووی ئەوانەوە کۆکردایەتەوە، هەر باوەڕیان نەدەهێنا، مەگەر خوا مەیلی لێ بوایە، بەڵام زۆربەیان نەزان بوون. خودای گەورە باسی ئەو خوانەناسانە دەکاتو ئەفەرموێت: ئەگەر ئێمە وەڵامی ئەو داوای ئەوانەشمان بدایەتەوە کە ڕەش هەڵدەگەڕانو سوێندیان دەخواردو دەیانگوت ئەگەر نیشانەیەکیان بۆ بهاتایە بڕوایان پێ دەکرد بەڵام درۆیان کرد، ئێمە فریشتەمان بۆ ناردن کە هەواڵی ئەو پەیامەیان لەلایەن خوداوە بداتێ کە بڕوا بێنن بەو پێغەمبەرانە وەك خۆیان داوایان کرد، کەچی گوتیان: (أو تأتي بالله والملئكة قُبلاً) یان خوداو چەند فریشتەیەك بێنەو ڕووبەڕوومان بکە. وە وتیان: ﴿لَن نُّؤْمِنَ حَتَّىٰ نُؤْتَىٰ مِثْلَ مَآ أُوتِىَ رُسُلُ ٱللَّهِ﴾[1] هەتا ئەو بەڵگانە بە پێغەمبەرانی خودا دراون بە ئێمەش نەدرێن هەرگیز بڕوا ناهێنین. ﴿وَقَالَ ٱلَّذِينَ لَا يَرْجُونَ لِقَآءَنَا لَوْلَآ أُنزِلَ عَلَيْنَا ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ أَوْ نَرَىٰ رَبَّنَا ۗ لَقَدِ ٱسْتَكْبَرُوا۟ فِىٓ أَنفُسِهِمْ وَعَتَوْ عُتُوًّا كَبِيرًا﴾[2] ئەوانەی کە بە هیوا نین بە دیداری ئێمە بگەن، گوتیان: بۆچی فریشتەمان نەهاتە لا؟ یان پەروەردگاری خۆمان نەدی؟ بێگومان ئەوانە تووشی دەردی خۆ لەبایی بوونو سەربزیوی هاتوونو فیزێکی وایان لێ پەیدا بووە کە ئەوسەری دیار نەبێ. ﴿وَكَلَّمَهُمُ ٱلْمَوْتَىٰ وَحَشَرْنَا عَلَيْهِمْ كُلَّ شَيْءٍ قُبُلًا﴾ واتە: ئەگەر مردوویش قسەی لەگەڵ بکردنایەو هەموو شتمان لە ڕووبەڕووی ئەوانەوە کۆکردایەتەوە هەواڵیان پێ بدانایە کە ئەوەی پێغەمبەران هێناویانە ڕاستە (هەر باوەڕیان نەدەهێنا). هەندێ بە (قِبلاً) خوێندویانەتەوە. واتە: ڕووبەڕوو بونەوەو چاو پێکەوتن. وەك عەلی کوڕی ئەبوتەلحەو عەوفی ڕیوایەتیان کردوە لە

---

[1] الانعام (١٢٤).

[2] الفرقان (٢١).

ئیبنوعەبباسەوە[1]، عەبدورەحمانی کوڕی زەیدی کوڕی ئەسلەمو قەتادەیش هەر وایان گوتوە.

موجاهیدئەڵێ: ﴿قُبُلًا﴾ واتە: پۆل پۆلو گەل دوای گەل.[2] یانی: هەرچی کۆمەڵو گەلانە یەك بەدوای یەکدا بێنو پیشانیان بدەنو هەواڵیان بدەنێ کە ئەوەی ئەو پێغەمبەرانە هێناویانە ڕاستە بڕوایان نەدەهێنا ﴿مَّا كَانُوا۟ لِيُؤْمِنُوٓا۟ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُ﴾ هەر باوەڕیان نەدەهێنا، مەگەر خوا مەیلی لێ بوایە. واتە: بێگومان شارەزایی بوون هەر لەلایەن خوداوەیە نەك لەلای ئەوانەوە. خودا خۆی مەیلی لە هەر کێ بوو شارەزای دەکاتو مەیلی لە هەر کەسێکیش بوو گومڕای بکات گومڕای دەکات، هەرچی بوێ دەیکات، هیچ کەس بۆی نیە دەس لە کاری بەرداو لە گشت کەس دەپرسێتەوە، چونکە ئاگادارو کاربەجێو خاوەن دەستەڵاتو هێزو توانایە. وەك ئەفەرموێت: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ حَقَّتْ عَلَيْهِمْ كَلِمَتُ رَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ ﴿٩٦﴾ وَلَوْ جَآءَتْهُمْ كُلُّ ءَايَةٍ حَتَّىٰ يَرَوُا۟ ٱلْعَذَابَ ٱلْأَلِيمَ﴾[3] ئەو کەسانەی گفتی پەروەردگاری تۆیان لێ هاتە دی، ئیتر باوەڕ ناهێنن، جا با هەموو نیشانەیەکیشیان بۆ بێ. تا ئازاری بەژان بە چاوی خۆیان دەبینن.

﴿وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَا لِكُلِّ نَبِىٍّ عَدُوًّا شَيَٰطِينَ ٱلْإِنسِ وَٱلْجِنِّ يُوحِى بَعْضُهُمْ إِلَىٰ بَعْضٍ زُخْرُفَ ٱلْقَوْلِ غُرُورًا ۚ وَلَوْ شَآءَ رَبُّكَ مَا فَعَلُوهُ ۖ فَذَرْهُمْ وَمَا يَفْتَرُونَ ﴿١١٢﴾ وَلِتَصْغَىٰٓ إِلَيْهِ أَفْـِٔدَةُ ٱلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِٱلْـَٔاخِرَةِ وَلِيَرْضَوْهُ وَلِيَقْتَرِفُوا۟ مَا هُم مُّقْتَرِفُونَ ﴿١١٣﴾﴾

هەموو پێغەمبەرێ دوژمنێکی هەبووە

خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَا لِكُلِّ نَبِىٍّ عَدُوًّا شَيَٰطِينَ ٱلْإِنسِ وَٱلْجِنِّ﴾ ئێمە بۆ هەر پێغەمبەرێك دوژمنێکمان (لە نێو شەیتانەکانی مرۆڤو جنۆکە) دانا. واتە: ئەی موحەممەد(ﷺ) ئێمە وەك چۆن دوژمنێکمان بۆ تۆ داناوە، ئاوایش دوژمنمان بۆ گشت پێغەمبەرەکانی تری پێش تۆش دانا، دژایەتیت دەکەنو دەچن بەگژتدا، ئەوە دلگرانت نەکات. وەك لە ئایەتێکی تردا ئەفەرمووێت: ﴿وَلَقَدْ كُذِّبَتْ رُسُلٌ مِّن قَبْلِكَ فَصَبَرُوا۟ عَلَىٰ مَا كُذِّبُوا۟ وَأُوذُوا۟﴾[4] زۆر لە پێغەمبەرانی پێش لە تۆش، هەروەك ئێستەی تۆ بە درۆزن ژمێراون، وێڕای باوەڕ پێنەکرانو ئازاردانیش. وە ئەفەرمووێت: ﴿مَّا يُقَالُ لَكَ إِلَّا

---

[1] الطبري (١٢/٤٩).
[2] الطبري (١٢/٤٠-٥٠).
[3] يونس (٩٦-٩٧).
[4] الانعام (٣٤).

مَا قَدْ قِيلَ لِلرُّسُلِ مِن قَبْلِكَ إِنَّ رَبَّكَ لَذُو مَغْفِرَةٍ وَذُو عِقَابٍ أَلِيمٍ﴾[1] ئەوانەی کە بە تۆ دەڵێن: بە پێغەمبەرانی پێش تۆش هەر وتراوە، بێگومان پەروەردگارت دەتوانێ لە گوناهکاران ببورێ‌و بۆشی هەیە ئازاری بەژانیان بدات. وە لە ئایەتێکی تردا ئەفەرموێت: ﴿وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَا لِكُلِّ نَبِيٍّ عَدُوًّا مِّنَ الْمُجْرِمِينَ﴾[2] هەر وا بوە، ئێمە بۆ هەر پێغەمبەرێك دوژمنێکمان (لە تاوانباران) بۆ دانان. وەرەقەی کوڕی نەوفەل بە پێغەمبەری خودای (ﷺ) گوت، هیچ کەسێ نەبوە وەك ئەمەی تۆی هێنابێ، کە هێناویەتی دژایەتی کراوە. ﴿شَيَاطِينَ الْإِنسِ﴾ بەدەلە لە ﴿عَدُوًّا﴾ واتە: دوژمنیان هەبوە لە شەیتانەکانی مرۆڤو جنۆکە. شەیتان: هەرکەسێکە لە هاوڕێنەکانی خۆی جیاکردبێتەوە بە خراپەکاری. تەنیا شەیاتینەکان دژایەتی پێغەمبەران دەکەن لە شەیتانەکانی مرۆڤو جنۆکە (خودا ڕوویان ڕەش کاتو بەر لەعنەتی خوا کەون) عەبدوڕەزاق گوتی: موعەممەر بۆی گێڕاینەوە لە قەتادەوە لەم ئایەتەدا کە خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿شَيَاطِينَ الْإِنسِ وَالْجِنِّ﴾ گوتی: لەناو جنۆکەدا شەیاتین هەیەو لەناو مرۆڤیشدا شەیاتین هەیە، یەکتری ئاگادار دەکەن. پاشان خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿يُوحِي بَعْضُهُمْ إِلَىٰ بَعْضٍ زُخْرُفَ الْقَوْلِ غُرُورًا﴾ هەندێك لەوان (بۆ فریودان) قسەی ڕازاوەو درۆیان بە هەندێکی تریان ڕادەگەیاند. بەو قسە لوس‌و ڕازاوانە هەندێ لە گوێگرە نەفامەکانیان لە خشتە دەبردو فریویان ئەدان‌و بە گوێیان دەکردن ﴿وَلَوْ شَاءَ رَبُّكَ مَا فَعَلُوهُ﴾ پەروەردگارت ئەگەر حەزی بکردایە، ئەو کارەیان بۆ نەدەکرا. واتە: ئەوانە هەموو بە فەرمان‌و بڕیاری ئەوەو بە مەیل‌و ویستی خۆیەتی. کە هەموو پێغەمبەرێ دەبێ دوژمنێکی لەوانە هەبێ. ﴿فَذَرْهُمْ وَمَا يَفْتَرُونَ﴾ لێیان گەڕێ با هەر درۆ هەڵبەسن. گوێ مەدەرە ئازاردانیان هەر پشت بە خوا ببەستە لە دژایەتی کردنیاندا، تەنیا خودا بەسە بۆ تۆ سەرت دەخات بەسەریاندا ﴿وَلِتَصْغَىٰ إِلَيْهِ﴾ با بە دڵ گوێی بۆ ڕاگرن‌و ئیبنوعەبباس ئەڵێ: با حەزیشی لێ بکات.[3] ﴿أَفْئِدَةُ الَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِالْآخِرَةِ﴾ دڵی ئەوانەی کە بڕوایان بە ڕۆژی دوایی نیە. سوودی ئەڵێ: با خوانەناسان دڵیان پێوە بێ‌و ﴿وَلِيَرْضَوْهُ﴾ پەسەندیشی بکەن. واتە: خۆشیان لێی بێ‌و بشیانەوێ[4] ئەوانەی کە بەگوێیان دەکەن، ئەو کەسانەن کە بڕوایان بە ڕۆژی دوایی نیە. وەك

---

[1] فصلت (٤٣).

[2] الفرقان (٣١).

[3] الطبري (١٢/٥٨).

[4] الطبري (١٢/٥٩).

خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿فَإِنَّكُمْ وَمَا تَعْبُدُونَ ﴿١٦١﴾ مَآ أَنتُمْ عَلَيْهِ بِفَٰتِنِينَ ﴿١٦٢﴾ إِلَّا مَنْ هُوَ صَالِ ٱلْجَحِيمِ﴾[1] سا وا ئێوەو ئەوانەی دەیانپەرستن، ناتوانن بەرانبەر بە خودا(کەس) گومڕا بکەن. مەگەر ئەوەی دەچێتە ناو دۆزەخەوە. وەك لە ئایەتی تریشدا ئەفەرموێت: ﴿إِنَّكُمْ لَفِى قَوْلٍ مُّخْتَلِفٍ ﴿٨﴾ يُؤْفَكُ عَنْهُ مَنْ أُفِكَ﴾[2] قسەتان یەك ناگرێتەوە، لە قورئان دەتەكێتەوە، هەرکێ تەکێنراوەتەوە. لێرەیشدا ئەفەرموێت: ﴿وَلِيَقْتَرِفُوا۟ مَا هُم مُّقْتَرِفُونَ﴾ هەر کارێ دەیکەن با بیکەن. عەلی کوڕی ئەبوتەلحە ئەڵێ لە ئیبنوعەبباسەوە. هەر دەسکەوتێ بە دەس دێنن با بە دەستی بێنن[3]، سوودیو ئیبنوزەید وتیان: هەر کردارێ کە کردویانە با هەر بیکەن[4].

﴿أَفَغَيْرَ ٱللَّهِ أَبْتَغِى حَكَمًا وَهُوَ ٱلَّذِىٓ أَنزَلَ إِلَيْكُمُ ٱلْكِتَٰبَ مُفَصَّلًا ۚ وَٱلَّذِينَ ءَاتَيْنَٰهُمُ ٱلْكِتَٰبَ يَعْلَمُونَ أَنَّهُۥ مُنَزَّلٌ مِّن رَّبِّكَ بِٱلْحَقِّ ۖ فَلَا تَكُونَنَّ مِنَ ٱلْمُمْتَرِينَ ﴿١١٤﴾ وَتَمَّتْ كَلِمَتُ رَبِّكَ صِدْقًا وَعَدْلًا ۚ لَّا مُبَدِّلَ لِكَلِمَٰتِهِۦ ۚ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْعَلِيمُ ﴿١١٥﴾﴾

خودای گەورە ئەفەرموێت بە پێغەمبەرەکەی(ﷺ) بڵێ بەوانەی کە هاوەڵ بۆ خودا دادەنێنو بێجگە لەو دەپەرستن ﴿أَفَغَيْرَ ٱللَّهِ أَبْتَغِى حَكَمًا وَهُوَ ٱلَّذِىٓ أَنزَلَ إِلَيْكُمُ ٱلْكِتَٰبَ مُفَصَّلًا﴾ ئایا ڕەوایە جگە لە خودا دادوەرێکی تر هەڵبژێرم؟ هەر ئەویش ئەم کتێبەی دوور لە هەموو کەمو کوڕییە بۆ ئێوە ناردە خوارەوە. واتە: ئەی جوولەکەو گاورەکان ئایا ڕەوایە لە نێوان ئێمەو ئێوەدا جگە لە خودا دادوەرێکی تر هەڵبژێرم؟ ﴿وَٱلَّذِينَ ءَاتَيْنَٰهُمُ ٱلْكِتَٰبَ يَعْلَمُونَ أَنَّهُۥ مُنَزَّلٌ مِّن رَّبِّكَ بِٱلْحَقِّ﴾ ئەوانەی کتێبمان پێداون چاك دەزانن کە خەڵاتەو لە پەروەرندەی تۆوەیەو گشتی ڕاستە. واتە: ئەو مژدانەی کە لەبارەی تۆوە دراوە (کە لایانە) لەلایەن پێغەمبەرەکانی پێشەوە هەموو ڕاستن ﴿فَلَا تَكُونَنَّ مِنَ ٱلْمُمْتَرِينَ﴾ کەوایە تۆ هەرگیز لە دوودڵان مەبە. ئەم ئایەتە وەك ئەو ئایەتە وایە کە خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿فَإِن كُنتَ فِى شَكٍّ مِّمَّآ أَنزَلْنَآ إِلَيْكَ فَسْـَٔلِ ٱلَّذِينَ يَقْرَءُونَ ٱلْكِتَٰبَ مِن قَبْلِكَ ۚ لَقَدْ جَآءَكَ ٱلْحَقُّ مِن رَّبِّكَ فَلَا تَكُونَنَّ مِنَ ٱلْمُمْتَرِينَ﴾[5] گەر تۆ لەوەی بۆمان ناردویتە خوارەوە بە گومانی، سا بپرسە لەو

---

[1] الصافات (١٦١-١٦٣).

[2] الذاريات (٨-٩).

[3] الطبري (١٢/٥٩).

[4] الطبري (١٢/٦٠).

[5] يونس (٩٤).

کەسانەی پێش تۆ لە کتێبیان دەخوێند، هەرچی لە پەروەردگارتەوە بۆت هاتوە بێ شك ڕاستەو لە ڕیزەی دوودڵان مەبە. ئەمە مەرجە مەرجیش پێویست نیە بێتەدی. پاشان خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿ وَتَمَّتْ كَلِمَتُ رَبِّكَ صِدْقًا وَعَدْلًا ﴾ قسەکانی پەروەردگارت (لە ڕاستیو بێ لایەنگریدا) تەواو بێ کەمو کوڕین قەتادەئەڵێت: ئەوەی وتویەتی ڕاستەو دادپەروەریشە لەوەی کە بڕیاری داوە[1]، ڕاست دەڵێ لە هەواڵیداو دادپەروەرە لە داوایدا، هەرچی ئەو فەرموویەتی هەقەو گومانی تێدا نیە، هەرچیش ئەو فەرمانی پێدەکات ئەوە تەواوو ڕشێکە، لەوە ڕێكو ڕاستتر نیە. وە هەر شتێ ئەو قەدەغەی کردوە، خراپو پڕوپوچە، بێگومان خودا تەنیا شتی خراپ قەدەغە دەکات. وە ئەفەرموێت: ﴿يَأْمُرُهُم بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَاهُمْ عَنِ الْمُنكَرِ ﴾[2] هانی چاکەیان دەداتو ناهێڵێ خراپە بکەن. تا کۆتایی ئایەتەکە. ﴿لَّا مُبَدِّلَ لِكَلِمَاتِهِ ﴾ کەس ناتوانێ قسەکانی بگۆڕێ. واتە: هیچ کەسێ ناتوانێ ڕێ لە بڕیارەکانی بگرێ نە لە دنیاداو نە لە قیامەتیشدا. ﴿وَهُوَ السَّمِيعُ﴾ زۆر بیسەری قسەی عەبدەکانیەتی. ﴿الْعَلِيمُ﴾ زۆر زانایشە بە هەڵسوکەوتیانو هەرکەسەو بە کرداری خۆی پاداشت ئەداتەوە.

﴿ وَإِن تُطِعْ أَكْثَرَ مَن فِي الْأَرْضِ يُضِلُّوكَ عَن سَبِيلِ اللَّهِ ۚ إِن يَتَّبِعُونَ إِلَّا الظَّنَّ وَإِنْ هُمْ إِلَّا يَخْرُصُونَ ﴿١١٦﴾
إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعْلَمُ مَن يَضِلُّ عَن سَبِيلِهِ ۖ وَهُوَ أَعْلَمُ بِالْمُهْتَدِينَ ﴿١١٧﴾ ﴾

زۆرینەی خەڵك لە گومڕایدان

خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿ وَإِن تُطِعْ أَكْثَرَ مَن فِي الْأَرْضِ يُضِلُّوكَ عَن سَبِيلِ اللَّهِ ﴾ ئەگەر بکەویتە شوێنی قسەی زۆربەی ئەوانە وا لەم سەر زەمینەدان لە ڕێگەی خودا لات ئەدەن. خودای گەورە لێرەدا باسی حاڵی زۆرینەی خەڵکی سەر زەمین دەکات لە نەوەی ئادەم کە گومڕان وەك لە ئایەتی تریشدا ئەفەرموێت: ﴿وَلَقَدْ ضَلَّ قَبْلَهُمْ أَكْثَرُ الْأَوَّلِينَ ﴾[3] بەر لەوانیش زۆربەی زۆری پێشینەکانیان گومڕا بوون. وە ئەفەرموێت: ﴿ وَمَا أَكْثَرُ النَّاسِ وَلَوْ حَرَصْتَ بِمُؤْمِنِينَ ﴾[4] هەرچەند زۆریش هەوڵ بدەی، ئەم خەڵکە زۆربەیان بڕوا ناهێنن. واتە: ئەم خەڵکە لەسەر گومڕایی خۆیان بەردەوامنو واز ناهێنن، هەرچەندە ئەو کارەی خۆشیان بە ڕاست نازانن، بەڵام هەر لە گومانی

---

[1] الطبري (٦٣/١٢).

[2] الاعراف (١٥٧).

[3] الصافات (٧١).

[4] يوسف (١٠٣).

پڕوپوچ و درۆینـەدا دێن و دەچن. وەك خـودای گـەورە ئەفـەرموێت: ﴿إِن يَتَّبِعُونَ إِلَّا ٱلظَّنَّ وَإِنْ هُمْ إِلَّا يَخْرُصُونَ﴾ چونکە هەموو بە شـوێن خەیاڵدا دەرشـۆن و هـەر خـەریکی پڕوپوچـن، (الخرص) واتـە: بـە گۆتره دانان. لەوانە بە گۆتره دادانی خورمای تەڕی دارخورما. واتە: مەزەنە کردنی ئەو خورمایەی کە بە دارخورماکەوەیە. ئەمانە هەموو بەپێی بڕیارو مـەیلی خـودای گەورەیـە ﴿إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعْلَمُ مَن يَضِلُّ عَن سَبِيلِهِۦ﴾ پەروەردەت زۆر لە خۆت باشتر دەزانێ کێن ئەوانـەی لـە ڕێـی خـودا لایانداوە (بـەرەو ئەوێ دەیانبات). ﴿وَهُوَ أَعْلَمُ بِٱلْمُهْتَدِينَ﴾ لە تۆ باشـتر دەزانـێ کـێ ڕێگـەی ڕاسـتی گرتـوەو (بـەرەو ئەوێ دەیانبات) هەرکەسەو ئامادە کراوە بۆ ئەوەی کە بۆی دروس کراوە.

﴿فَكُلُوا۟ مِمَّا ذُكِرَ ٱسْمُ ٱللَّهِ عَلَيْهِ إِن كُنتُم بِـَٔايَـٰتِهِۦ مُؤْمِنِينَ ﴿١١٨﴾ وَمَا لَكُمْ أَلَّا تَأْكُلُوا۟ مِمَّا ذُكِرَ ٱسْمُ ٱللَّهِ عَلَيْهِ وَقَدْ فَصَّلَ لَكُم مَّا حَرَّمَ عَلَيْكُمْ إِلَّا مَا ٱضْطُرِرْتُمْ إِلَيْهِ ۗ وَإِنَّ كَثِيرًا لَّيُضِلُّونَ بِأَهْوَآئِهِم بِغَيْرِ عِلْمٍ ۗ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعْلَمُ بِٱلْمُعْتَدِينَ ﴿١١٩﴾﴾

حەڵاڵ بوونی ئەو ئاژەڵانەی بەناوی خودا سەردەبڕێن

خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿فَكُلُوا۟ مِمَّا ذُكِرَ ٱسْمُ ٱللَّهِ عَلَيْهِ إِن كُنتُم بِـَٔايَـٰتِهِۦ مُؤْمِنِينَ﴾ دەسا ئێـوە ئەگـەر بڕواتان بە خوداو نیشانەکانی هەیە لە گۆشتی ئاژەڵێ بخۆن کە لەکاتی سەربڕینیدا ناوی خودای لەسەر هێنراوە. ئەمە ڕێ پێدانێکە لەلایەن خـودای گـەورەوە بـۆ خاوەنبـاوەڕان، کـە لـەو ئاژەڵـە سـەربڕاوانە بخۆن کە ناوی خودا لەسەر هێنراوە کەواتە ئەو ئاژەڵانەی کە ناوی خودایان لەسـەر نـابرێ خواردنیـان ڕەوا نیـە، وەك خوانەناسـانی قـورەیش خـواردنی ئـاژەڵی مـرداروبویـان بـەلاوە ڕەوا بـوو. وە ئـەو ئاژەڵەیش لەسەر بت و پەیکەرو هەر شتێکی تر سەردەبڕێ خواردنی حەلاڵ نیە، پاشان خـودای گـەورە فەرمانی داوە کە لەو ئاژەڵانە بخۆن کە ناوی خودای لەسەر براوە لـە کـاتی سـەربڕینیداو ئەفـەرموێت: ﴿وَمَا لَكُمْ أَلَّا تَأْكُلُوا۟ مِمَّا ذُكِرَ ٱسْمُ ٱللَّهِ عَلَيْهِ وَقَدْ فَصَّلَ لَكُم مَّا حَرَّمَ عَلَيْكُمْ﴾ بۆچـی ئێـوە خۆتـان لـە گۆشتی ئەوانە دەپارێزن کە ناوی خودایان لەسەر دێ؟ کە هـەر خـودا بـە تـەواوی باسـی ئەمانـەی بـۆ کردون کە خواردنیان ناڕەوایە. واتە: ئەوەی کە حەرامە بۆی ڕوون و ئاشکرا کردوون. هەنـدێ ﴿فَصَّلَ﴾ یلن بە موشەدەدەی خوێندوەتـەوەو هەندێکیـشی بـە سـووکی خوێندوەتـەوە، هـەردووکیان بـە مانـای ڕوون کردنەوەو ئاشکرا کردن هـاتوون. ﴿إِلَّا مَا ٱضْطُرِرْتُمْ إِلَيْهِ﴾ مەگـەر لـە ڕووی ناچاریەوە بـێ. ئـەو کاتە بێگومان لە هەر کوێدا دەستتان کەوت ڕەوانیە بۆتان بیخۆن. پاشان خودای گەورە باسی نـەفامی موشریکەکان دەکات لەو بۆچوونە خراپانەیاندا لەسەر بە ڕەوا کردنی خـواردنی مرداروبـوداو ئەوانـەیش

که ناوی غەیرەز خودایان لەسەر دەبرێ‌و ئەفەرموێت: ﴿وَإِنَّ كَثِيرًا لَّيُضِلُّونَ بِأَهْوَآئِهِم بِغَيْرِ عِلْمٍ ۗ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعْلَمُ بِٱلْمُعْتَدِينَ﴾ زۆر لەوانە هەر بە ئارەزوی خۆیان‌و لە نەزانی، مەردم لە ڕێگە لادەدەن، خودا خۆی ئاگادارترە لەو کەسانەی لە ئەندازە دەردەچن‌و زیادەڕەوی دەکەن. واتە: خودا ئاگادار ترە لە درۆو بوختان‌و دەست درێژی کردنیان.

﴿وَذَرُوا۟ ظَـٰهِرَ ٱلْإِثْمِ وَبَاطِنَهُۥٓ ۚ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَكْسِبُونَ ٱلْإِثْمَ سَيُجْزَوْنَ بِمَا كَانُوا۟ يَقْتَرِفُونَ ﴿١٢٠﴾﴾

خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَذَرُوا۟ ظَـٰهِرَ ٱلْإِثْمِ وَبَاطِنَهُۥٓ﴾ لە تاوانی بە ئاشکراو نهێنی دەس کۆتاکەن‌و خۆ بپارێزن. موجاهید ئەڵێت: واز بێنن لە گوناه بە نهێنی‌و بە ئاشکرا.[1] قەتادە لەم ئایەتەدا ﴿وَذَرُوا۟ ظَـٰهِرَ ٱلْإِثْمِ وَبَاطِنَهُۥٓ﴾ دەڵێت: واتە: واز لە تاوانی پەنهانی‌و ئاشکراو کەم‌و زۆریش بێنن[2].

وەك ئەم ئایەتە کە خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿قُلْ إِنَّمَا حَرَّمَ رَبِّىَ ٱلْفَوَٰحِشَ مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَمَا بَطَنَ﴾[3] بەڵێ: پەروەردگارم کاری خراپی بە ئاشکراو بە نهێنی حەرام کردوە. بۆیە ئەفەرموێت: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يَكْسِبُونَ ٱلْإِثْمَ سَيُجْزَوْنَ بِمَا كَانُوا۟ يَقْتَرِفُونَ﴾ ئەوانە وا خۆیان تووشی تاوان دەکەن، سزای تاوانیان وەردەگرن. واتە: ئەو تاوانەی وا دەیکەن بە ئاشکرا یان بە نهێنی بیکەن وەك یەکە، هەر سزای لەسەر وەردەگرن. ئیبنوئەبی حاتەم ڕیوایەتی کردوە لە نەواسی کوڕی سیمعانەوە گوتی: پرسیم لە پێغەمبەری خودا(ﷺ) لە بارەی تاوانەوە، فەرمووی: (تاوان ئەو شتەیە کە دڵی داگرتوی‌و پێت ناخۆشە خەڵکی لێی ئاگادار بن)[4].

﴿وَلَا تَأْكُلُوا۟ مِمَّا لَمْ يُذْكَرِ ٱسْمُ ٱللَّهِ عَلَيْهِ وَإِنَّهُۥ لَفِسْقٌ ۗ وَإِنَّ ٱلشَّيَـٰطِينَ لَيُوحُونَ إِلَىٰٓ أَوْلِيَآئِهِمْ لِيُجَـٰدِلُوكُمْ ۖ وَإِنْ أَطَعْتُمُوهُمْ إِنَّكُمْ لَمُشْرِكُونَ ﴿١٢١﴾﴾

قەدەغە کردنی خواردنی گۆشتی ئەو ئاژەڵانەی ناوی خودایان لەسەر نابرێ لەکاتی سەربڕینیدا

خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَلَا تَأْكُلُوا۟ مِمَّا لَمْ يُذْكَرِ ٱسْمُ ٱللَّهِ عَلَيْهِ وَإِنَّهُۥ لَفِسْقٌ﴾ هەر ئاژەڵێ لە کاتی سەربڕینیدا ناوی خودای لەسەر نەبرێ، نابێ لە گۆشتەکەی بخۆن (ئەگەر بیخۆن) ئەوە لە ڕێگە لادانە. ئەم ئایەتە کراوە بە بەڵگە لەسەر حەرامی خواردنی گۆشتی ئەو ئاژەڵەی سەردەبڕێ‌و ناوی

---

[1] الطبري (١٢/٧٣).

[2] الطبري (١٢/٧٢).

[3] الاعراف (٣٣).

[4] مسلم (٤/١٩٨٠).

خودای لەسەر نابرێ. با ئەو کەسەیش موسوڵمان بێ، وەك لە ئایەتی ڕاودا خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَلَا تَأْكُلُوا مِمَّا لَمْ يُذْكَرِ اسْمُ اللَّهِ﴾[1] بخۆن لەو نێچیرانەی کە ئەوانە بۆتان دەگرن (بەڵام کاتێ بەرەڵای دەکەن) ناوی خودای لەسەر بێنن. پاشان لەم ئایەتەی پێشەوەدا جەختی لەسەر دەکاتەوەو ئەفەرموێت: ﴿وَإِنَّهُ لَفِسْقٌ﴾ واتە: لە ڕێگە لادانە ئەگەر ناوی خودای لەسەر نەبرێ. هەندێ دەڵێن ئەم زەمیرە دەگەڕێتەوە بۆ خواردنەکە. هەندێکیش دەڵێن زەمیرەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەربڕینەی بۆ غەیری خودایە. وە ئەم فەرموودانەش بەڵگەن لەسەر فەرماندان بە (بسم الله) کرد لەکاتی سەربڕینو ڕاو کردندا، وەك ئەم دوو فەرموودەی عەدی کوڕی حاتەمو ئەبوسەعلەبە ڕیوایەتیان کردوە: (ئەگەر سەگە فێرە ڕاوەکەت ناردو ناوی خودات لەسەر هێنا ئەوەی کە بۆی گرتوی بیخۆ)[2]، ئەم فەرموودەیە لە هەردوو سەحیحەکەدا هاتوە. وە فەرموودەکەی ڕافعی کوڕی خەدیج کە تێدا هاتوە: (هەرچی خوێن بڕژێنێو ناوی خودای لەسەر ببرێ بیخۆن)[3]، ئەم فەرموودەش لە هەردوو سەحیحەکەدا هاتوە. فەرموودەکەی ئیبنومەسعودیش: کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی بە جنۆکە: (هەموو ئێسکێ (پێشەیە) ناوی خودای لەسەر هێنرابێ بۆ ئەوە بۆ ئێوە)[4] موسلیم ڕیوایەتی کردوە. وە فەرموودەکەی جوندەبی کوڕی سوفیانی بەجەلیش کە گوتی: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: (هەرکەسێ (ئاژەڵی) سەربڕیوە پێش ئەوەی نوێژ بکات (واتە: نوێژی جەژنی قوربان) با دانەیەکی تر سەربڕێ. ئەوەیش سەری نەبڕیوە کاتێ نوێژمان کرد با ناوی خوای لێ بێنێو سەری ببڕێ)[5] لە هەردووو سەحیحەکەدا ئەم فەرموودەیە هاتوە.

نیگای (وەحی) شەیتان

خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَإِنَّ الشَّيَاطِينَ لَيُوحُونَ إِلَىٰ أَوْلِيَائِهِمْ لِيُجَادِلُوكُمْ﴾ شەیاتینەکان دنەی دۆستانی خۆیان دەدەن تا کێشەتان لەگەڵ بکەن. ئیبنوئەبی حاتەم ڕیوایەتی کردوە لە ئەبوئیسحاقەوە ئەڵێت: پیاوێ گوتی بە ئیبنوعومەر موختار دەڵێ نیگای بۆ دێ؟ ئیبنوعومەر گوتی: ڕاست دەڵێو ئەم ئایەتەی خوێندەوە: ﴿وَإِنَّ الشَّيَاطِينَ لَيُوحُونَ إِلَىٰ أَوْلِيَائِهِمْ لِيُجَادِلُوكُمْ﴾[6] وە لە

---

[1] فتح الباري (٥٢٤/٩)، مسلم (١٥٢٩/٣)، فتح الباري (١٣٧/٩)، مسلم (١٥٣٢/٣).

[2] فتح الباري (٥٤٦/٩)، مسلم (١٥٥٨/٣).

[3] مسلم (٣٣٢/١).

[4] المائدة (٤).

[5] فتح الباري (٥٤٦/٩)، مسلم (١٥٥١/٣).

[6] إبن إبي حاتم (١٣٧٩/٤).

ئەبوزەمیلەوە گوتی: لەلای ئیبنوعەبباس دانیشتبووم، موختاری کوڕی ئەبوعوبەید هاتبوو بۆ حەج پیاوێ هات بۆ لای گوتی: ئەی ئیبنوعەبباس، ئەبوئیسحاق دەڵێ ئەمشەو نیگای بۆ هاتوە. ئیبنوعەبباس ئەڵێت: ڕاست دەڵێ. وتی: منیش ڕامکردو گوتم، ئیبنوعەبباس دەڵێ ڕاست دەڵێ. پاشان ئیبنوعەبباس گوتی: دوو جۆر نیگا هەیە، نیگای خوداو نیگای شەیتان، نیگای خودا بۆ موحەممەدە (ﷺ) نیگای شەیتانیش بۆ دۆستەکانیەتی. پاشان ئەم ئایەتەی خوێند: ﴿وَإِنَّ ٱلشَّيَـٰطِينَ لَيُوحُونَ إِلَىٰٓ أَوْلِيَآئِهِمْ لِيُجَـٰدِلُوكُمْ﴾[1] لە عیکرمەیشەوە هەر بەم شێوەیە ڕیوایەت کراوە. ئیبنوجەریر ڕیوایەتی کردوە لە ئیبنوعەبباسەوە ﴿وَلَا تَأْكُلُوا۟ مِمَّا لَمْ يُذْكَرِ ٱسْمُ ٱللَّهِ عَلَيْهِ﴾ تا دەگاتە ﴿لِيُجَـٰدِلُوكُمْ﴾ گوتی: شەیاتینەکان نیگا دەکەنە لای دۆستەکانیان، ئەوەی خۆتان کوشتوتانە دەیخۆن بەڵام ئەوەی خودا دەیکوژێت نایخۆن؟ وە لە هەندێ لە قسەکانی ئیبنوعەبباسدا هاتوە دەڵێت: ئەوەی ئێوە کوشتوتانە ناوی خودای لەسەر براوە، بەڵام ئەوەی مردار بۆتەوە ناوی خودای لەسەر نەبراوە.[2] سوودی لە تەفسیری ئەم ئایەتەدائەڵێت: موشریکەکان دەیانگوت بە موسوڵمانەکان: چۆن ئێوە دەڵێن شوێن ڕەزامەندی خودا کەوتون کەچی ئەوەی خودا کوشتویەتی نایخۆنو ئەوەی خۆتان دەیکوژن دەیخۆن؟ خودای گەورەیش ئەفەرموێت: ﴿وَإِنْ أَطَعْتُمُوهُمْ﴾ ئەگەر بە گوێتان کردن (مردارۆ بوتان خوارد) ﴿إِنَّكُمْ لَمُشْرِكُونَ﴾ بێگومان شەریکتان بۆ خودا داناوە.[3] موجاهیدو زەحاکو کەسانی تریش لە زانایانی پێشینە هەر وایان گوتوە[4].

پێش خستنی قسەی هەر کەس بەسەر ئەوەی خودا دایناوە شەریك دانانە بۆی

خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَإِنْ أَطَعْتُمُوهُمْ إِنَّكُمْ لَمُشْرِكُونَ﴾ ئەگەر بە گوێتان کردن بێگومان شەریکتان بۆ خودا داناوە. واتە: کاتێ لە فەرمانو بەرنامەی خودا لاتان دا بۆ قسەی کەسێ تر بێجگە لەو، دیارە قسەی غەیرەز ئەوتان پێش خستوە. ئا ئەوە خۆی شەریك دانانە بۆ خودا. وەك خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿ ٱتَّخَذُوٓا۟ أَحْبَارَهُمْ وَرُهْبَـٰنَهُمْ أَرْبَابًا مِّن دُونِ ٱللَّهِ ﴾[5] لە بری خودا زاناو قەشەکانی خۆیان کردە خوا. تیرمیزی ڕیوایەتی کردوە لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا لە عەدی کوڕی

---

[1] الطبري (١٢/٨٦).
[2] الطبري (١٢/٨١).
[3] الطبري (١٢/٨١).
[4] الطبري (١٢/٨٠).
[5] توبة (٣١).

حاتەمەوە کە گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) نەیانپەرستوون پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (بەڵێ، پەرستویانن)، ئەوانە حەرامیان بۆ حەلاڵ دەکردن و حەلاڵیشیان بۆ حەرام دەکردن ئەوانیش شوێنیان دەکەوتن، ئەوە پەرستنی ئەوانە بۆیان)[1]، واتە: بۆ زاناو قەشەکانیان.

﴿أَوَمَن كَانَ مَيْتًا فَأَحْيَيْنَٰهُ وَجَعَلْنَا لَهُۥ نُورًا يَمْشِى بِهِۦ فِى ٱلنَّاسِ كَمَن مَّثَلُهُۥ فِى ٱلظُّلُمَٰتِ لَيْسَ بِخَارِجٍ مِّنْهَا ۚ كَذَٰلِكَ زُيِّنَ لِلْكَٰفِرِينَ مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿١٢٢﴾﴾

وێنەی خوانەناس و خواناس

خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿أَوَمَن كَانَ مَيْتًا فَأَحْيَيْنَٰهُ وَجَعَلْنَا لَهُۥ نُورًا يَمْشِى بِهِۦ فِى ٱلنَّاسِ﴾ ئایا کەسێ کە مردوو بوو ئێمە زیندوومان کردەوەو ڕووناکیەکمان خستە پێشی و لەناو خەڵکدا بگەڕێ. ئەمە نمونەیەکە خودا هێناویەتەوە بۆ خاوەنباوەڕ کە وەك مردوویەك وا بوە، واتە: لە گومڕایی و تیاچوون و سەرگەردانیدا بووە، خودا دڵی زیندوو کردوەتەوە بە باوەڕو ڕێی نیشانداوەو یارمەتی داوە شوێنی پێغەمبەرەکەی بکەوێ و چۆن هەڵسوکەوت بکات لەو پێناوەدا ﴿نُورًا﴾ واتە: ئەو قورئانە وەك عەوفی و ئیبنوئەبی تەلحە ڕیوایەتیان کردوە لە ئیبنو عەبباسەوە[2]. سوودی ئەڵێت: ﴿نُورًا﴾ مەبەست پێی ئیسلامە[3]. هەردوو ماناکە ڕاستن. ﴿كَمَن مَّثَلُهُۥ فِى ٱلظُّلُمَٰتِ لَيْسَ بِخَارِجٍ مِّنْهَا﴾ وەك کەسێکە کە لە ناو تاریکیدایەو هیچ دەرەتانێکی نیە؟ وە ناتوانێ خۆی دەرباز بکات و هیچ شوێنێ نیە ڕووی تێ نەکات. لە موسنەدی ئیمامی ئەحمەددا هاتوە لە پێغەمبەری خوداوە(ﷺ) کە فەرموویەتی: (خودا دروس کراوەکانی لە تاریکیەوە دروس کرد پاشان ڕووناکی خۆی بۆ ناردن، هەرکەسێ ئەو ڕووناکیەی بەرکەوت ڕێگای دەرکرد، وە هەرکەسێ بەڕێ نەکەوت وێڵ و گومڕا بوو).[4] وەك خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿ٱللَّهُ وَلِىُّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ يُخْرِجُهُم مِّنَ ٱلظُّلُمَٰتِ إِلَى ٱلنُّورِ ۖ وَٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا۟ أَوْلِيَآؤُهُمُ ٱلطَّٰغُوتُ يُخْرِجُونَهُم مِّنَ ٱلنُّورِ إِلَى ٱلظُّلُمَٰتِ ۗ أُو۟لَٰٓئِكَ أَصْحَٰبُ ٱلنَّارِ ۖ هُمْ فِيهَا خَٰلِدُونَ﴾[5] خودا دۆستی خاوەنباوەڕانە و لەناو تاریکستانەوە دەیانبات بەرەو ڕووناکی، دۆستی خوانەناسانیش هەر تاغوتە، لە ڕووناکی دەریان دەکەن بەرەو ڕووی تاریکستان بەڕێیان دەکەن. ئەوانە دەچنە ناو ئاگرو

---

[1] تحفة الاحوذي (٤٩٢/٨).

[2] الطبري (٩١/١٢).

[3] الطبري (٩١/١٢).

[4] أحمد (١٧٦/٢)، فەرموودەیەکی باشە (جيد).

[5] البقرة (٢٥٧).

تا سەر لەوێدا دەبن، وە ئەفەرموێت: ﴿أَفَمَن يَمۡشِي مُكِبًّا عَلَىٰ وَجۡهِهِۦٓ أَهۡدَىٰٓ أَمَّن يَمۡشِي سَوِيًّا عَلَىٰ صِرَٰطٖ مُّسۡتَقِيمٖ﴾[1] ئایا کەسێ دەمەو ڕوو بە زەویدا دەخشێ چاکتر بە ڕێگە دەڕوات یان ئەو کەسەی بە ئاسایی بەسەر ڕاستە ڕێدا دەڕوا؟ وە ئەفەرموێت: ﴿مَثَلُ ٱلۡفَرِيقَيۡنِ كَٱلۡأَعۡمَىٰ وَٱلۡأَصَمِّ وَٱلۡبَصِيرِ وَٱلسَّمِيعِۚ هَلۡ يَسۡتَوِيَانِ مَثَلًاۚ أَفَلَا تَذَكَّرُونَ﴾[2] نمونەی ئەم دوو دەستەیە وەك نمونەی کوێرو کەڕو بیسەرو بینا وان ئایا ئەمانە وەك یەکن؟ دەی بۆچی پەند وەرناگرن؟ وە ئەفەرموێت: ﴿وَمَا يَسۡتَوِي ٱلۡأَعۡمَىٰ وَٱلۡبَصِيرُ ١٩ وَلَا ٱلظُّلُمَٰتُ وَلَا ٱلنُّورُ ٢٠ وَلَا ٱلظِّلُّ وَلَا ٱلۡحَرُورُ ٢١ وَمَا يَسۡتَوِي ٱلۡأَحۡيَآءُ وَلَا ٱلۡأَمۡوَٰتُۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُسۡمِعُ مَن يَشَآءُۖ وَمَآ أَنتَ بِمُسۡمِعٖ مَّن فِي ٱلۡقُبُورِ ٢٢ إِنۡ أَنتَ إِلَّا نَذِيرٌ﴾[3] کوێرو چاوساغ وەك یەك نین، تاریکایی‌و ڕوناکیش وەك یەك نین. بەر سێبەرو گەرمای بەتینیش وەك یەك نین. گیانلەبەرانو بێ گیانیش هاووێنە نین، خودا مەیلی لە هەرکەس ببێ دەیبیسێت، تۆ ناتوانی دەنگت بگاتە ئەوانە کە خراونەتە ناو گۆڕەوە. تۆ هەر ئەوەندەت لەسەرە ترس وەبەر خەڵکی بێنی. ئایەت لەم بارەیەوە زۆرە. پاشان خودای گەورە لێرەدا ئەفەرموێت: ﴿كَذَٰلِكَ زُيِّنَ لِلۡكَٰفِرِينَ مَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ﴾ هەر وا ئەو کەسانەی کە خوانەناسن کارەکانیان لەبەر چاوی خۆیان جوان دەکات. واتە: ئەو حاڵەی کە تێدان لە نەفامیو گومڕاییو سەرلێشێواوی بە چاك دەزانن. فەرمانو بڕیاری خودای گەورە خۆیەتیو هیچ پەرستراوێ نیە جگە لە خۆی بە تەنیاو شەریکی نیە.

﴿ وَكَذَٰلِكَ جَعَلۡنَا فِي كُلِّ قَرۡيَةٍ أَكَٰبِرَ مُجۡرِمِيهَا لِيَمۡكُرُواْ فِيهَاۖ وَمَا يَمۡكُرُونَ إِلَّا بِأَنفُسِهِمۡ وَمَا يَشۡعُرُونَ ١٢٣ وَإِذَا جَآءَتۡهُمۡ ءَايَةٞ قَالُواْ لَن نُّؤۡمِنَ حَتَّىٰ نُؤۡتَىٰ مِثۡلَ مَآ أُوتِيَ رُسُلُ ٱللَّهِۘ ٱللَّهُ أَعۡلَمُ حَيۡثُ يَجۡعَلُ رِسَالَتَهُۥۗ سَيُصِيبُ ٱلَّذِينَ أَجۡرَمُواْ صَغَارٌ عِندَ ٱللَّهِ وَعَذَابٞ شَدِيدُۢ بِمَا كَانُواْ يَمۡكُرُونَ ١٢٤﴾

سەرکردە تاوانکارەکانو فروفێڵیانو پاشەڕۆژیان

خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿ وَكَذَٰلِكَ جَعَلۡنَا فِي كُلِّ قَرۡيَةٍ أَكَٰبِرَ مُجۡرِمِيهَا لِيَمۡكُرُواْ فِيهَا ﴾ هەر وا تاوانکارانی هەر شارێکمان کردوەتە خاوەندەسەڵات تا لەوێدا خەڵك فریودەن. واتە: ئەی موحەممەد(ﷺ) وەك چۆن لە شارەکەی تۆدا تاوانبارانمان کردوەتە خاوەن دەسەڵاتو هێزو بانگخواز بۆ سەر بێ دینیو ڕێگری ڕێی خوداو بۆ بەربەرەکانیو دژایەتی کردنت، هەر بەو شێوەیەش

---

[1] الملك (٢٢).

[2] هود (٢٤).

[3] فاطر (١٩–٢٣).

پێغەمبەرەکانی پێش تۆشمان وا تاقی کردوەتەوە، بەڵام لە دوایدا ئاکامەکەی هەر بۆ ئەوان بوە. وەك خودای گەورە لە ئایەتی تردا ئەفەرمووێت: ﴿وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَا لِكُلِّ نَبِيٍّ عَدُوًّا مِّنَ الْمُجْرِمِينَ﴾[1] هەر وا بوە ئێمە بۆ هەر پێغەمبەرێك دوژمنێکمان لە تاوانباران بۆ دانان. وە ئەفەرمووێت: ﴿وَإِذَا أَرَدْنَا أَن نُّهْلِكَ قَرْيَةً أَمَرْنَا مُتْرَفِيهَا فَفَسَقُوا فِيهَا﴾[2] هەر کە ویستمان شارێك قڕ کەین، دەوڵەمەندی خۆشگوزەرانەکانی ئەوان دنە دەدەین بۆ بەدفەڕیو خراپەکاری. وتراوە: واتە: فەرمانمان پێکردون کە گوێڕایەڵ بن، بەڵام ئەوان گوێیان پێ نەداوە، ئێمەش قڕمان تێ خستوون. گوتراویشە: فەرمانمان دانێ بە فەرمانێکی قەدەری، بۆیە لێرەدا ئەفەرموێت: ﴿لِيَمْكُرُوا فِيهَا﴾ تا خەڵکی لەوێدا فریودەن. وە ئەفەرموێت: ﴿أَكَابِرَ مُجْرِمِيهَا لِيَمْكُرُوا فِيهَا﴾ ئیبنوئەبی تەلحە ئەڵێت لە ئیبنوعەبباسەوە وتویەتی: خراپەکارانمان لەوێدا زاڵ کردو سەرپێیان تێدا کرد ئێمەش بە سزا لەناومان بردن. موجاهیدو قەتادە وتیان: ﴿أَكَابِرَ مُجْرِمِيهَا﴾ واتە: سەرکردە تاوانبارەکانی ئەو شارە[3] منیش دەڵێم خودای گەورەش لە چەند ئایەتی تریشدا هەر وای فەرمووە: ﴿وَمَا أَرْسَلْنَا فِي قَرْيَةٍ مِّن نَّذِيرٍ إِلَّا قَالَ مُتْرَفُوهَا إِنَّا بِمَا أُرْسِلْتُم بِهِ كَافِرُونَ ﴿٣٤﴾ وَقَالُوا نَحْنُ أَكْثَرُ أَمْوَالًا وَأَوْلَادًا وَمَا نَحْنُ بِمُعَذَّبِينَ﴾[4] تا ئێستا هەر کەسێکمان لە پێغەمبەرانی خۆمان ناردوەتە هەر ئاوەدانیەك لە ئێمەیان بترسێنێ، هەر ئەوانەی کە لەوپەڕی خۆشیدا ژیاون گوتویانە: بەو شتانەی ئێوە پێی ڕاسپێراون باوەڕ ناکەین، گوتوشیانە: ئێمە ماڵو منداڵمان لە ئێوە زیاترەو هەرگیز تووشی ئازار نابین. وە ئەفەرموێت: ﴿وَكَذَٰلِكَ مَا أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ فِي قَرْيَةٍ مِّن نَّذِيرٍ إِلَّا قَالَ مُتْرَفُوهَا إِنَّا وَجَدْنَا آبَاءَنَا عَلَىٰ أُمَّةٍ وَإِنَّا عَلَىٰ آثَارِهِم مُّقْتَدُونَ﴾[5] هەر بەو شێوەیە بەر لە تۆش هەر پێغەمبەرێکمان ناردۆتە هەر ئاوەدانیەك کە لە ئێمەوە ترسیان وەبەرنێ. هەر خۆشگوزەرانەکانی ئەوانە، وتوویانە: باب‌و باپیرانمان لەسەر ئاینێك ڕۆیشتوون ئێمەش پەیڕەوی ئەوانین. مەبەست بە (مکر) لێرەدا بانگ کردنیانە بۆ گومڕاییو بە قسەو ئاکاری لووسو ڕازاوە، وەك خودای گەورە باسی

---

[1] الفرقان (٣١).

[2] الاسراء (١٦).

[3] الطبري (١٢/٩٤).

[4] سبأ (٣٤-٣٥).

[5] الزخرف (٢٣).

گەلی نووح دەکات و ئەفەرمویت: ﴿وَمَكَرُواْ مَكۡرٗا كُبَّارٗا﴾[1] فێلیان کرد بەلام فێلێکی گەورە. وە ئەفەرمویت: ﴿وَلَوۡ تَرَىٰٓ إِذِ ٱلظَّٰلِمُونَ مَوۡقُوفُونَ عِندَ رَبِّهِمۡ يَرۡجِعُ بَعۡضُهُمۡ إِلَىٰ بَعۡضٍ ٱلۡقَوۡلَ يَقُولُ ٱلَّذِينَ ٱسۡتُضۡعِفُواْ لِلَّذِينَ ٱسۡتَكۡبَرُواْ لَوۡلَآ أَنتُمۡ لَكُنَّا مُؤۡمِنِينَ ﴿٣١﴾ قَالَ ٱلَّذِينَ ٱسۡتَكۡبَرُواْ لِلَّذِينَ ٱسۡتُضۡعِفُوٓاْ أَنَحۡنُ صَدَدۡنَٰكُمۡ عَنِ ٱلۡهُدَىٰ بَعۡدَ إِذۡ جَآءَكُمۖ بَلۡ كُنتُم مُّجۡرِمِينَ ﴿٣٢﴾ وَقَالَ ٱلَّذِينَ ٱسۡتُضۡعِفُواْ لِلَّذِينَ ٱسۡتَكۡبَرُواْ بَلۡ مَكۡرُ ٱلَّيۡلِ وَٱلنَّهَارِ إِذۡ تَأۡمُرُونَنَآ أَن نَّكۡفُرَ بِٱللَّهِ وَنَجۡعَلَ لَهُۥٓ أَندَادٗا﴾[2] ئەگەر تۆ ئەو ناهەق پیشانەت بدیایە کە لە بەرانبەر پەروەردگاری خۆیانەوە ڕاگیراون، هەندێکیان ئاوڕ لە هەندێکیان ئەدەنەوەو قسە دەکەن. ئەوانەی بێ دەستەلات بوون، بە دەستلاتدارەکانی خۆیان دەڵێن: ئەگەر ئێوە نەبونایە بڕوامان دەهێنا. خاوەن دەستەلاتەکانیش بەبێ دەستەلاتەکانی خۆیان دەڵێن: ئایا ئێمە بووین نەمانهێشت ئێوە بە ڕێی ڕاستدا بڕۆن، پاش ئەوەی کە ڕێ نیشاندەرتان هاتە لا؟ بەڵکو خۆتان تاوانبار بوون. ئەوسا بێ دەستەلاتەکان لە وەلامی ئەواندا (کە خاوەندەستەلات بوون) دەڵێن: ئێوە بە شەوو ڕۆژ هەر فریوتان دەداین و کە دەبێ خوانەناسین و چەندین هاوتای بۆ پەیدا کەین، پاشان خودای مەزن لێرەدا ئەفەرمویت: ﴿وَمَا يَمۡكُرُونَ إِلَّا بِأَنفُسِهِمۡ وَمَا يَشۡعُرُونَ﴾ لە ڕاستیشدا هەر فێل لە خۆیان دەکەن و هەستی پێ ناکەن. واتە: سەرئەنجامی ئەو فریودان و گومڕاکردنەی ئەوانەی کە گومڕا دەکەن هەر بۆ خۆیان دەگەڕێتەوە، تاوانی خۆیان و ئەو خەلکەش دەکەوێتە سەر شانی ئەوان. وەک خودای گەورە ئەفەرمویت: ﴿وَلَيَحۡمِلُنَّ أَثۡقَالَهُمۡ وَأَثۡقَالٗا مَّعَ أَثۡقَالِهِمۡ﴾[3] باری گرانی خۆیان و باری گرانی خەلکی تریش (لەگەل باری گرانی خۆیان) هەلدەگرن. وە ئەفەرمویت: ﴿وَمِنۡ أَوۡزَارِ ٱلَّذِينَ يُضِلُّونَهُم بِغَيۡرِ عِلۡمٍۗ أَلَا سَآءَ مَا يَزِرُونَ﴾[4] تاوانی ئەوانەش هەلگرن کە بەبێ زانست، ئەوان لە ڕێیان لادەدەن، ئای چەندە بارێکی نالەبارەو خراپە. وە ئەفەرمویت: ﴿وَإِذَا جَآءَتۡهُمۡ ءَايَةٞ قَالُواْ لَن نُّؤۡمِنَ حَتَّىٰ نُؤۡتَىٰ مِثۡلَ مَآ أُوتِيَ رُسُلُ ٱللَّهِ﴾ هەرکاتێ بەلگەیەکیان بوبێ، دەلێن: ئێمەش تا وەک پێغەمبەرانی خوا، ئەو بەلگانەمان بۆ نەیە، ناتوانین بروا بێنین. واتە: کاتێ کە بەلگەو نیشانەیەکی بەهێزیان بۆ دێ دەلێن: ئێمە بروا ناهێنین هەتا فریشتە لەلایەن خوداوە پەیامان بۆ نەهێنێ. وەک چۆن بۆ پێغەمبەرەکانی تر

[1] نوح (٢٢).
[2] سبأ (٣١-٣٣).
[3] العنكبوت (١٣).
[4] النحل (٢٥).

هاتوه. وەك خودای گەورە لە ئایەتێکی تردا لە بارەیانەوە ئەفەرموێت: ﴿وَقَالَ ٱلَّذِينَ لَا يَرۡجُونَ لِقَآءَنَا لَوۡلَآ أُنزِلَ عَلَيۡنَا ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ أَوۡ نَرَىٰ رَبَّنَا﴾[1] ئەوانەی بە هیوا نین بە دیداری ئێمە بگەن دەڵێن: بۆچی فریشتەمان نەهاتە لا؟ یان پەروەردگاری خۆمان نەدی؟ خودای مەزنیش لێرەدا ئەفەرموێت: ﴿ٱللَّهُ أَعۡلَمُ حَيۡثُ يَجۡعَلُ رِسَالَتَهُۥ﴾ خودا خۆی باشتر دەزانێ چ کەسێ بۆ پێغەمبەرێ هەڵبژێرێ. واتە: خودا خۆی چاکتر دەزانێ لە کوێدا پەیامی خۆی دەس نیشان دەکاتو کێش لە بەندەکانی بۆ ئەو پەیامە دەشێ. وەك خودای گەورە لەبارەی ئەو خوانەناسانەوە ئەفەرموێت: ﴿وَقَالُواْ لَوۡلَا نُزِّلَ هَٰذَا ٱلۡقُرۡءَانُ عَلَىٰ رَجُلٍ مِّنَ ٱلۡقَرۡيَتَيۡنِ عَظِيمٍ ﴿٣١﴾ أَهُمۡ يَقۡسِمُونَ رَحۡمَتَ رَبِّكَ﴾[2] وتیان: بۆ ئەم قورئانە بۆ پیاوێکی گەورەی ئەم دوو شارە نەهاتە خوار؟ ئایا ئەوانە بەزەیی پەروەردگاری تۆ دابەش دەکەن؟. مەبەستیان ئەوە بوو بۆچی ئەم قورئانە بۆ پیاوێکی گەورەو بەڕێزو مەزن لەبەرچاوی ئەوان لەم دوو شارەدا (مەککەو تائیف) نەهاتە خوار. چونکە ئەوانە ئەوەندە حەسوودو ستەمکارو خۆبەزل زانو لاسار بوون پێغەمبەریان بە شایستەی ئەو پەیامە دانەدەنا. وەك خودای گەورە باسی پێغەمبەر(ﷺ) دەکاتو ئەفەرموێت: ﴿وَإِذَا رَأَوۡكَ إِن يَتَّخِذُونَكَ إِلَّا هُزُوًا أَهَٰذَا ٱلَّذِي بَعَثَ ٱللَّهُ رَسُولًا﴾[3] هەرکە تۆیان چاو پێکەوت، دەتکەنە گاڵتەجاڕی خۆیان: ئا ئەمەیە کە خودا ڕایسپاردوە؟ وە ئەفەرموێت: ﴿وَإِذَا رَءَاكَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ إِن يَتَّخِذُونَكَ إِلَّا هُزُوًا أَهَٰذَا ٱلَّذِي يَذۡكُرُ ءَالِهَتَكُمۡ وَهُم بِذِكۡرِ ٱلرَّحۡمَٰنِ هُمۡ كَٰفِرُونَ﴾[4] هەر کاتێ خوانەناسەکان تۆ دەبینن، گاڵتەی خۆیان بە تۆ دەکەن (دەڵێن) ئایا ئەمە باسی بتەکانی ئێوە دەکات؟ کەچی خۆشیان لە یادی خودای دەهەندە حاشا دەکەن. وە ئەفەرموێت: ﴿وَلَقَدِ ٱسۡتُهۡزِئَ بِرُسُلٖ مِّن قَبۡلِكَ فَحَاقَ بِٱلَّذِينَ سَخِرُواْ مِنۡهُم مَّا كَانُواْ بِهِۦ يَسۡتَهۡزِءُونَ﴾[5] بە زۆرێ لە پێغەمبەرانی بەر لە تۆ گاڵتە کراوە، گاڵتەکەران تووشی کارەکەی خۆیان بوون.

خوانەناسان دان دەنێن بە بەرزیو پلەو پایەی ڕەچەڵەکی پێغەمبەردا (ﷺ)

---

[1] الفرقان (٢١).

[2] الزخرف (٣١-٣٢).

[3] الفرقان (٤١).

[4] الانبياء (٣٦).

[5] الانبياء (٤١).

بێگومان خوانەناسان دانیان ناوە بە ڕێزو شکۆو ڕەچەڵەکو پاکی بنەماڵەو پەروەرشی کەرو بنەڕەتیداو ئەو فریشتەش کە دێتە لای‌و شایەتیشیان داوە لەسەر دەستپاکی‌و دڵسۆزی‌و سەر ڕاستی پێغەمبەر(ﷺ) لەناویاندا لە پێش ڕەوانەکردنی. تا ئەوە بوو کە بە موحەممەدی ئەمین ناویان دەهێنا لەناو خۆیاندا. سەرۆکی خوانەناسان ئەبوسوفیان دانی بەوە داناوە کاتێ کە هەرقل پرسیاری لێکرد: ڕەچەڵەکی چۆنە لەناوتاندا؟ وتی: ئەو خاوەنی بنەماڵەیە لەنێوانماندا. وتی: ئایا ئێوە گومانتان لێی بووە کە درۆ بکات پێش ئەوەی ئەو قسانە بکات؟ وتی: نەخێر. (پاشای ڕۆم ئەم فەرموودەیەی بە درێژی کردوەتە بەڵگە لەسەر پاکی ڕەوشتەکانی‌و ڕاستی پێغەمبەریەکەی‌و دروستی ئەو پەیامەی کە پێی هاتوە). ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردوە لە واسلەی کوڕی ئەسقەعەوە(ڕەزای خوای لێبێ) کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (خودا لە منداڵی ئیبراهیمدا ئیسماعیلی هەڵبژارد، وە لە بەنی ئیسماعیلدا بەنی کەنانەی هەڵبژارد وە لە بەنی کەنانەیشدا قورەیشی هەڵبژارد وە لە قورەیشدا بەنی هاشمی هەڵبژارد وە منیشی لە بەنی هاشمدا هەڵبژارد).[1] موسلیم خۆی بە تەنیا ئەم فەرموودەی هێناوە[2] وە لە سەحیحی بوخاریدا هاتوە لە ئەبوهورەیرەوە(ڕەزای خوای لێبێ) وتی: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (لە چاکترین سەدەی نەوەی ئادەمدا سەدە لە دوای سەدە ڕەوانە کرام، تا (گەیشتمە) ئەم سەدەیە کە نێرراوم‌و ئەمن تێیدام).[3] خودای گەورەهەڕەشە لەو خوانەناسە فریودەرانە دەکات‌و ئەفەرموێت: ﴿سَيُصِيبُ ٱلَّذِينَ أَجۡرَمُواْ صَغَارٌ عِندَ ٱللَّهِ وَعَذَابٌ شَدِيدُۢ﴾ زۆری پێ ناچێ ئەوانەی تاوانبار بوون لەلای خوداوە سووکی‌و ئازارێکی توندیان تووش دەبێ (ئەمە هەڕەشەیەکی زۆر توندو دژوارە لەو کەسانەی کە فیزیان کردوەو خۆیان بە دوور گرتوە لە شوێنکەوتنی پێغەمبەرانی خوداو ئەو پەیامەی کە بۆی هێناون، کە تووشی سزایەکی زۆر توند دەبن‌و هەمیشە لەلای خودا سووک‌و ڕیسوان بەهۆی ئەو فیزەوە کە کردویانە لە دنیادا خودا لە ڕۆژی قیامەتدا زەبوون‌و سەرنەویان دەکات وەك ئەفەرموێت: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يَسۡتَكۡبِرُونَ عَنۡ عِبَادَتِي سَيَدۡخُلُونَ جَهَنَّمَ دَاخِرِينَ﴾[4] ئەو کەسانەی کە (هەر لەبەر خۆبەز زانین) نایانەوێ بمپەرستن بە زەبوونی دەچنە ناو جەهەنەمەوە. واتە: سووک‌و ڕیسواو زەلیلن. ﴿بِمَا كَانُواْ يَمۡكُرُونَ﴾ لەبەر فێڵبازی‌و دەغەڵیان. لەبەر ئەوی فێڵ کردن زۆر جار شاراوەیەو دیار نیە، ئەوانەی کە پێی هەڵدەسن ڕووبەڕووی سزای توند دەکرێنەوە لەسەری لە

---

[1] أحمد (٤/١٠٧).

[2] مسلم (٤/١٦٨٢).

[3] فتح الباري (٦/٦٥٣).

[4] غافر (٦٠).

ڕۆژی قیامەتدا لەلایەن خوداوە ﴿وَلَا يَظْلِمُ رَبُّكَ أَحَدًا﴾[1] پەروەردگارت ناهەقی لە هیچ کەس ناکات. وەك ئەفەرموێت: ﴿يَوْمَ تُبْلَى السَّرَائِرُ﴾[2] لەو ڕۆژەدا کە نهێنی دەرکەوتن. هەموو شاراوەکان ئاشکرا دەکرێ. لە هەردوو سەحیحەکەدا هاتوە لە پێغەمبەری خوداوە (ﷺ) کە فەرموویەتی: (لە ڕۆژی قیامەتدا ئالایە لەسەر قنگی هەموو ناپاکێ هەڵدەکرێ (دادەمەزرێ) دەگوترێ: ئەمە ناپاکی فلانی کوڕی فلانە)[3] مەبەست پێی ئەوەیە، چونکە ناپاکی شتێکی نادیارەو خەڵکی لێی ئاگادار نابن، لە ڕۆژی قیامەتدا دەبێ بە ئالایەکی هەڵکراو بەسەر خاوەنەکەیەوە بەوەی کە کردویەتی.

﴿فَمَن يُرِدِ اللَّهُ أَن يَهْدِيَهُ يَشْرَحْ صَدْرَهُ لِلْإِسْلَامِ ۖ وَمَن يُرِدْ أَن يُضِلَّهُ يَجْعَلْ صَدْرَهُ ضَيِّقًا حَرَجًا كَأَنَّمَا يَصَّعَّدُ فِي السَّمَاءِ ۚ كَذَٰلِكَ يَجْعَلُ اللَّهُ الرِّجْسَ عَلَى الَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ (١٢٥)﴾

خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿فَمَن يُرِدِ اللَّهُ أَن يَهْدِيَهُ يَشْرَحْ صَدْرَهُ لِلْإِسْلَامِ﴾ هەرکەسێ خوا مەیلی لێبێ، بۆ خۆی ڕێگەی نیشان دەداتو بۆ بڕوا بە ئیسلامەتی دڵی گوشاد دەکات. واتە: خودا ڕێگەی ئیسلامەتی بۆ سووكو ئاسان دەکاتو دڵ گوشاد دەبێ پێی. بۆیە ئەمانە نیشانەن لەسەر چاکە وەك خودای گەورە لە ئایەتی تردا ئەفەرموێت: ﴿أَفَمَن شَرَحَ اللَّهُ صَدْرَهُ لِلْإِسْلَامِ فَهُوَ عَلَىٰ نُورٍ مِّن رَّبِّهِ﴾[4] ئایا کەسێ خودا دڵی بۆ ئیسلام گوشاد کردوەو دیارە بەر تیشکی بەزەیی پەروەردگاری خۆی کەوتوە (کەی دەبێ وەك ئەوانە بێ کە دڵڕەقن)؟ وە ئەفەرموێت: ﴿وَلَٰكِنَّ اللَّهَ حَبَّبَ إِلَيْكُمُ الْإِيمَانَ وَزَيَّنَهُ فِي قُلُوبِكُمْ وَكَرَّهَ إِلَيْكُمُ الْكُفْرَ وَالْفُسُوقَ وَالْعِصْيَانَ ۚ أُولَٰئِكَ هُمُ الرَّاشِدُونَ﴾[5] بەڵام خودا خۆشەویستی بڕوا بە دینی دا بە ئێوەو ئەوەی لە دڵتاندا شیرینو ڕازاوە کرد، بێ باوەڕیو لە ڕێ لادانو سەرپێچی لەلاتان ناشیرین کردوە، لە ڕێ شارەزا ئەوانەن. ئیبنوعەبباس لەم ئایەتەدا: ﴿فَمَن يُرِدِ اللَّهُ أَن يَهْدِيَهُ يَشْرَحْ صَدْرَهُ لِلْإِسْلَامِ﴾ وتی: ئەفەرموێت: (دڵی فراوان دەکات بۆ یەکخواپەرستیو بڕوا بوون بە خۆی)[6].

ئەبومالیكو کەسانی تریش هەر وایان وتوە. ئەوەیش ڕوونو ئاشکرایە. پاشان خودای گەورە

---

[1] الكهف (٤٩).

[2] الطارق (٩).

[3] فتح الباري (٦/٣٢٧)، مسلم (٤/١٣٦١).

[4] الزمر (٢٢).

[5] الحجرات (٧).

[6] الدر المنثور (٣/٣٥٦).

ئەفەرموێت: ﴿وَمَن يُرِدْ أَن يُضِلَّهُۥ يَجْعَلْ صَدْرَهُۥ ضَيِّقًا حَرَجًا﴾ کێش مەیلی لێبێ گومڕای بکات هێندە نەفەس تەنگی دەکات، وەك بەرەو ئاسمان سەرکەوێ وایە، (ضَيْقًا) بە مەفتوحی (ضاد)ەکەو ساکنی (یاء)ەکە خوێنراوەتەوەو زۆرینەش یائەکەیان بە موشەدەدیو مەکسوری خوێندوەتەوە، ﴿ضَيِّقًا﴾ وەك (هَيْنٍ هَيِّن) وە هەندێ ﴿حَرَجًا﴾ یان بە (حَرِجاً) بە فەتحی (حاءکەو کەسری ڕاءکە) خوێندۆتەوە. سوودی وتی: بەمانی (آثم) بە گوناهبار هاتوە. بەلاّم ئەوانەی بە (حَرَجاً) خوێندویانەتەوە بە فەتحی (حاء)و (را)ئەکە ئەوەیە کە دلّی هیچ ڕێنمایە وەرناگرێو هەر شتێ بەسوود بێ بۆ باوەڕی کاری تێ ناکاتو ناچێتە ناوی. عومەری کوڕی خەتاب (ڕەزای خوای لێبێ) لە پیاوێکی عەرەبی دەشتەکی پرسی (مُدلج) ناوی شوێنێکە، گوتی: (الحَرَجَة) کامەیە؟ پیاوەکە گوتی: ئەو درەختەیە لەناو درەختەکاندا نە خاوەنو نە دڕندەو نە هیچ شتێ نایگاتێ. عومەر (ڕەزای خوای لێبێ) گوتی: دلّی دووڕوویش هەر وایە هیچ شتێ لە چاکەی پێناگات.[1] ﴿كَأَنَّمَا يَصَّعَّدُ فِي ٱلسَّمَآءِ﴾ وەك بەرەو ئاسمان سەرکەوێ. ئەوەندە بەلایەوە گرانە (ڕێی ڕاست بگرێتە بەر) سەعیدی کوڕی جوبەیر وتی: ﴿يَجْعَلْ صَدْرَهُۥ ضَيِّقًا حَرَجًا﴾ واتە: هەر ڕێگەیە دەگرێتە بەر مەگەر ئەو ڕێگەیە بە بەرزو هەلّەت دەزانێ.[2] حەکەمی کوڕی ئەبان گوتی: لە عیکرمەوە لە ئیبنوعەبباسەوە لەم ئایەتەدا: ﴿كَأَنَّمَا يَصَّعَّدُ فِي ٱلسَّمَآءِ﴾ دەلّێت: وەك چۆن نەوەی ئادەم ناتوانێ بەرەو ئاسمان سەرکەوێ هەر بەو شێوەیەش ناتوانێ یەکخواپەرستیو بڕوا بخاتە دلّی خۆی تا ئەو کاتەی کە خودا دەیخاتە ناو دلّی[3] ئیمام ئەبوجەعفەری کوڕی جەریر دەلّێت: ئەمە نمونەیەکە خودا هێناویەتەوە بۆ دلّی خوانەناس لەسەر زۆر گرانی گەیشتنی بڕوا بە دلّی وەك ئەوە وایە کە چۆن زۆر گرانەو ناتوانێ بەرەو ئاسمان سەرکەوێ هەروەهایش توانای وەرگرتنی بڕوای نیەو بە دەستەوەسانە، چونکە لە تواناو دەستەلاّتی ئەودانیە[4].

وە لێرەیشدا کە خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿كَذَٰلِكَ يَجْعَلُ ٱللَّهُ ٱلرِّجْسَ عَلَى ٱلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ﴾ خودا ئاوا ئەو کەسانەی بڕوا ناهێنن تووشی ڕسوایی دەکات. ئیبنوجەریر گوتی: وەك چۆن خودا مەیلی لێبێ کەسێ گومڕا بکات دلّی زۆر تەنگ دەکات، هەر بەو شێوەیەش خودا شەیتان

---

[1] الطبري (١٢/١٠٤).

[2] الطبري (١٢/١٠٥).

[3] الدر المنثور (٣/٣٥٦).

[4] الطبري (١٢/١٠٩).

زاڵ دەكات بەسەر ئەو كەسەو هاوشێوەكانیدا. ئەوانەی كە نایەنەوێ بڕوا بە خوداو پێغەمبەرەكەی (ﷺ) بێنن. شەیتان گومڕایان دەكاتو لە ڕێگەی خودا لایان ئەدات[1] عەلی كوڕی ئەبوتەلحە ئەڵێت: (الرجس) واتە: شەیتان[2] موجاهید ئەڵێت : (الرجس) واتە: هەر شتێ كە هیچ چاكەیەكی تێدا نەبێ.[3]
عەبدوڕەحمانی كوڕی زەیدی كوڕی ئەسلەم ئەڵێت: (الرجس) واتە: سزا.

﴿وَهَٰذَا صِرَٰطُ رَبِّكَ مُسْتَقِيمًا ۗ قَدْ فَصَّلْنَا ٱلْـَٔايَٰتِ لِقَوْمٍ يَذَّكَّرُونَ ﴿١٢٦﴾ ۞ لَهُمْ دَارُ ٱلسَّلَٰمِ عِندَ رَبِّهِمْ ۖ وَهُوَ وَلِيُّهُم بِمَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿١٢٧﴾﴾

كاتێ كە خودای گەورە باسی ڕێبازی ئەو گومڕانەی كرد كە لە ڕێگەكەی ئەو لایانداو بوونە ڕێگری ئاینەكەی، دێتە سەر باسی بەڕێزی ئەو پەیامەی كە بە پێغەمبەرەكەیدا ڕەوانەی كردوە كە ئاینێكی هەقو ڕێنمایە بۆ سەر ڕێی ڕاستو ئەفەرموێت: ﴿وَهَٰذَا صِرَٰطُ رَبِّكَ مُسْتَقِيمًا﴾ ئەم ڕێگەیە ڕێی پەروەرندەی تۆیە ﴿مُسْتَقِيمًا﴾ مەنسوبە لەسەر حال واتە: ئەی موحەممەد(ﷺ) ئەم پەیامەی كە بە تۆمان داوەو ئاگادارمان كردوی لێی بریتیە لەم قورئانە كە هەر ئەمە ڕێی ڕاستی خودایە ﴿قَدْ فَصَّلْنَا ٱلْـَٔايَٰتِ﴾ نیشانەكانمان بە باشی ڕونكردۆتەوە. واتە: بە چاكی ڕوونو ئاشكرامان كردوەو تەفسیرمان ركدوە. ﴿لِقَوْمٍ يَذَّكَّرُونَ﴾ بۆ ئەوانەی لە ئامۆژگاری بەهرە دەبەن. واتە: بۆ ئەوانەی كە خاوەن ئاوەزو تێگەیشتننو فەرموودەی خوداو پێغەمبەرەكەی وەردەگرن. ﴿لَهُمْ دَارُ ٱلسَّلَٰمِ عِندَ رَبِّهِمْ﴾ ئەو خاوەنباوەڕانە لە پەروەردگاری خۆیانەوە شوێنەكەیان، شوێنی هێمنایەتی دەبێ. كە بەهەشتە لە ڕۆژی قیامەتدا. بۆیە خودای گەورە وەسفی بەهەشتی كردوە بە شوێنی هێمنایەتی بۆیان، چونكە ئەوانە بێ ترس بوون لەو ڕاستە ڕێگەی كە ڕێچكەی پێغەمبەران بوو گرتبویانە بەر. وەك چۆن ڕزگاریان بوو لە بەڵاو خوارو خێچی بێ دینی، بەو شێوەیەش چوونە شوێنی هێمنایەتی ﴿وَهُوَ وَلِيُّهُم﴾ تەنیا ئەویش دۆستیانە. واتە: پارێزەرو هاوكارو پشتگیریانە. ﴿بِمَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ﴾ لە بەرانبەر كارەكەیان. یانی: لە پاداشتی ئەو ئاكارە چاكانەی كە كردویانە هاوكاری كردونو بەهەشتی پێ بەخشیون لە چاكەو لێبوردەیی خۆی.

[1] الطبري (١٢/١١٠).
[2] الطبري (١٢/١١١).
[3] الطبري (١٢/١١١).

﴿وَيَوْمَ يَحْشُرُهُمْ جَمِيعًا يَـٰمَعْشَرَ ٱلْجِنِّ قَدِ ٱسْتَكْثَرْتُم مِّنَ ٱلْإِنسِ ۖ وَقَالَ أَوْلِيَآؤُهُم مِّنَ ٱلْإِنسِ رَبَّنَا ٱسْتَمْتَعَ بَعْضُنَا بِبَعْضٍ وَبَلَغْنَآ أَجَلَنَا ٱلَّذِىٓ أَجَّلْتَ لَنَا ۚ قَالَ ٱلنَّارُ مَثْوَىٰكُمْ خَـٰلِدِينَ فِيهَآ إِلَّا مَا شَآءَ ٱللَّهُ ۗ إِنَّ رَبَّكَ حَكِيمٌ عَلِيمٌ ﴿١٢٨﴾﴾

خودای گەورە ئەفەرموێت: ئەی موحەممەد(ﷺ) لەوەی بۆیان دەگێڕیتەوەو دەیانترسێنی پێی باسی ئەوەیش بکە ﴿وَيَوْمَ يَحْشُرُهُمْ جَمِيعًا﴾ لەو ڕۆژەدا کە هەمووان کۆ دەکاتەوە. واتە: جنۆکەو هاوەڵەکانی لەو مرۆڤانەی کە دەیانپەرستن لە دنیاداو هانایان بۆ دەبردن‌و بە گوێیان دەکردن‌و بە قسەی لووس‌و فریودەر یەکتریان لە خشتە دەبرد ﴿يَـٰمَعْشَرَ ٱلْجِنِّ قَدِ ٱسْتَكْثَرْتُم مِّنَ ٱلْإِنسِ﴾ ئەی کۆمەڵی جنۆکە ئێوە زۆرینەی مرۆتان کردبوە پەیڕەوی خۆتان. شێوازی دەقەکە ئەوە دەگەیەنێ کە هەندێکی باس نەکرابێ. واتە: گومڕاو سەرلێشێواوتان کردبوون. وەك خودای گەورە لە ئایەتی تردا ئەفەرموێت: ﴿أَلَمْ أَعْهَدْ إِلَيْكُمْ يَـٰبَنِىٓ ءَادَمَ أَن لَّا تَعْبُدُوا۟ ٱلشَّيْطَـٰنَ ۖ إِنَّهُۥ لَكُمْ عَدُوٌّ مُّبِينٌ ﴿٦٠﴾ وَأَنِ ٱعْبُدُونِى ۚ هَـٰذَا صِرَٰطٌ مُّسْتَقِيمٌ ﴿٦١﴾ وَلَقَدْ أَضَلَّ مِنكُمْ جِبِلًّا كَثِيرًا ۖ أَفَلَمْ تَكُونُوا۟ تَعْقِلُونَ﴾[1] ئەی نەوەی ئادەم من لە پێشدا پەیمانم لەگەڵ نەبەستن کە شەیتان نەپەرستن؟ ئەو بە ئاشکرا دوژمنتانە. هەر تەنیا خۆم بپەرستن، کە ڕێگەی ڕاست هەر ئەمەیە کۆمەڵێکی زۆری لە ئێوە لە ڕێ لادا، ئایا هێشتا هەر تێ ناگەن؟ پاشان خودای گەورە لێرەدا ئەفەرموێت: ﴿وَقَالَ أَوْلِيَآؤُهُم مِّنَ ٱلْإِنسِ رَبَّنَا ٱسْتَمْتَعَ بَعْضُنَا بِبَعْضٍ﴾ دۆستەکانیان لە بەرەی مرۆڤ دەڵێن: ئەی پەروەردگارمان هەندێکمان لە یەکتری بەهرەمان بردوە. واتە: بەو شێوەیە وەڵامی خودای گەورە ئەدەنەوە. حەسەن گوتی: بەهرە وەرگرتنیان لە یەکتری، هەر ئەوە بووە، جنۆکە فەرمانی داوەو مرۆڤیش پێی هەڵساوە.[2] ئیبنوجورەیج گوتی: پیاوێ لە کاتی نەفامیدا کە لە زەویەکدا دادەبەزی دەیگوت: هانام بە گەورەی ئەم شیوە. ئەوە بەهرە وەرگرتنەکەیان بووە. لە ڕۆژی قیامەتدا پاکانە دەکەن[3] بەڵام بەهرە وەرگرتنی جنۆکە لە مرۆڤ، وەك باس کراوە، ئەوەیە کە جنۆکە بەدەستی دەهێنێ لە مرۆڤ لە ڕێز لێنان‌و هانا بۆ بردنیان، جنۆکەکان دەڵێن: بەڕاستی ئێمە بوینە ڕێگر لەبەر مرۆڤو جنۆکەدا. ﴿وَبَلَغْنَآ أَجَلَنَا ٱلَّذِىٓ أَجَّلْتَ لَنَا﴾ تا گەیشتینە ئەو مۆڵەتەی کە بۆت دیاری کردین (سوودی گوتی: واتە مردن) ﴿قَالَ ٱلنَّارُ مَثْوَىٰكُمْ خَـٰلِدِينَ فِيهَآ﴾

---

[1] يس (٦٠-٦٢).

[2] الدر المنثور (٣/٣٥٧).

[3] الطبري (١٢/١١٦).

فەرمووی: ئەوسا جێگەی هەتا هەتاییتان ئاگرە. واتـە: ئێـوەو ئـەوانیش شوێنو جێتـان هـەنر ئـاگرە لەگەڵ دۆستەکانتان ﴿فِيهَآ إِلَّا مَا شَآءَ ٱللَّهُۚ إِنَّ رَبَّكَ حَكِيمٌ عَلِيمٌ﴾ مەگەر خودا(بە مـەیلی خـۆی) بۆتـان بگۆڕێ پەروەرندەت لەکارزانو ئاگادارە.

﴿وَكَذَٰلِكَ نُوَلِّي بَعْضَ ٱلظَّٰلِمِينَ بَعْضًۢا بِمَا كَانُوا۟ يَكْسِبُونَ ﴿١٢٩﴾﴾

هەندێ لە ستەمکاران دەخەینە ژێر دەستی یەکتر

خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَكَذَٰلِكَ نُوَلِّي بَعْضَ ٱلظَّٰلِمِينَ بَعْضًۢا بِمَا كَانُوا۟ يَكْسِبُونَ﴾ هەر بەو شـێوەیە هەندێ لە ستەمکاران (بەهۆی کارێ کە دەیکەن) دەخەینە ژێر دەستەڵاتی هەندێکیان. موعەمـەر لـە قـەتادەوە لـە تەفـسیری ئـەم ئایەتەدائـەڵێت: خـودا هەنـدێ لـە سـتەمکاران دەخاتـە ژێـر دەسـتەڵاتی هەندێکیانو شوێنی یەکتری دەکەون لەناو ئاگردا.[1] عەبدوڕەحمانی کـوڕی زەیـدی کـوڕی ئەسـلەم لـەم ئایەتەدا ﴿وَكَذَٰلِكَ نُوَلِّي بَعْضَ ٱلظَّٰلِمِينَ بَعْضًۢا﴾ دەڵێت: مەبەست پێی ستەمکارانی مرۆڤو جنۆکەیە. پاشان ئەم ئایەتەی خوێنـد: ﴿وَمَن يَعْشُ عَن ذِكْرِ ٱلرَّحْمَٰنِ نُقَيِّضْ لَهُۥ شَيْطَٰنًا فَهُوَ لَهُۥ قَرِينٌ﴾[2] هەرکەسـێ پـشت لـە یادی خودا هەڵکات، هاودەمێکی شەیتانی لێ پەیدا دەکەین کە هەمیشە لێی جیا نەبێتـەوە. وە گـوتی: واتە: ستەمکارانی جنۆکە زاڵ دەکەین بەسەر ستەمکارانی مرۆڤدا.[3] یەکێ لە شاعیرەکان وتویەتی:

وما من يدٍ إلا يدُ الله فوقها   و لا ظالم إلا سيُبلى بظالم

واتە: هیچ دەستێ نیە مەگەر دەستی خودا بەسەریەوەیە، وە هـیچ سـتەمکارێکیش نیـە مەگـەر بە ستەمکارێکی تر بەو زوانە تاقی دەکرێتەوەو تووشی بەڵا دەبێ. مانای ئەم ئایەتە پیرۆزە ئەوەیە، وەك چۆن ئەو مرۆڤە دۆڕاوانەمان خستە ژێر دەستەڵاتی ئەو دەسـتە جنۆکەیـەو گومڕایـان کـردن، هـەر بـەو شێوەیەش وا بە ستەمکاران دەکەین هەندێکیان زاڵ دەکـەین بەسـەر هەندێکیانداو لـەناویان دەبـەینو تۆڵەیان لێ دەسێنین بە یەکتری لە بری ئەو ستەمو تاوانەی کە پێی هەڵساون.

﴿يَٰمَعْشَرَ ٱلْجِنِّ وَٱلْإِنسِ أَلَمْ يَأْتِكُمْ رُسُلٌ مِّنكُمْ يَقُصُّونَ عَلَيْكُمْ ءَايَٰتِى وَيُنذِرُونَكُمْ لِقَآءَ يَوْمِكُمْ هَٰذَاۚ قَالُوا۟ شَهِدْنَا عَلَىٰٓ أَنفُسِنَاۖ وَغَرَّتْهُمُ ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَا وَشَهِدُوا۟ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ أَنَّهُمْ كَانُوا۟ كَٰفِرِينَ ﴿١٣٠﴾﴾

---

[1] عبدالرزاق (٢/٢١٨).

[2] الزخرف (٣٦).

[3] الطبري (١٢/١١٩).

سەرزەنشت کردنی مرۆڤو جنۆکە بە پرسیارکردن لە بارەی ناردنی پێغەمبەرانو دانانیان بە ڕەوانە کردنی پێغەمبەراندا (سەلامی خوایان لێبێ)

دیسان لێرەدا خودای گەورە سەرزەنشتی خوانەناسانی مرۆڤو جنۆکە دەکات لە ڕۆژی قیامەتدا، لێیان دەپرسێو خۆشی باشتر دەزانێ ئایا پێغەمبەران پەیامەکانی ئەویان گەیاندوە پێیان؟ ئەمە پرسیارێکە بۆ دانپیانان وەك ئەفەرموێت: ﴿يَٰمَعۡشَرَ ٱلۡجِنِّ وَٱلۡإِنسِ أَلَمۡ يَأۡتِكُمۡ رُسُلٞ مِّنكُمۡ﴾ ئەی کۆمەڵی جنۆکەو مرۆڤ ئایا پێغەمبەرێکتان هەر لە خۆتان بۆ نەهات دیارە پێغەمبەران هەر لە مرۆڤ بوون، جنۆکە لە خۆیان پێغەمبەریان نەبوە. وەك موجاهیدو ئیبنوجورەیجو زۆرێ لە زانایانی پێشینەو پاشینەش وتویانە[1] بەڵگە لەسەر ئەوە کە پێغەمبەران (سەلامی خوایان لێبێ) هەموو لە مرۆڤن ئەم ئایەتانەیە کە خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿إِنَّآ أَوۡحَيۡنَآ إِلَيۡكَ كَمَآ أَوۡحَيۡنَآ إِلَىٰ نُوحٖ وَٱلنَّبِيِّـۧنَ مِنۢ بَعۡدِهِۦ﴾[2] ئێمە نیگامان بۆ کردوی وەك چۆن نیگامان کرد بۆ نوحو بۆ پێغەمبەرانی دوای ئەو (هەتا دەگاتە ئەو ئایەتە) کە ئەفەرموێت: ﴿رُّسُلٗا مُّبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ لِئَلَّا يَكُونَ لِلنَّاسِ عَلَى ٱللَّهِ حُجَّةُۢ بَعۡدَ ٱلرُّسُلِ﴾[3] هەموو پێغەمبەری مژدەدەرو ترسێنەر بوون، تا لە پاش پێغەمبەران ئەو خەڵکە هیچ بەڵگەیەکیان لەلا نەبێ بۆ لای خودا. وە خودای گەورە لە بارەی ئیبراهیمەوە ئەفەرموێت: ﴿وَجَعَلۡنَا فِي ذُرِّيَّتِهِ ٱلنُّبُوَّةَ وَٱلۡكِتَٰبَ﴾[4] پێغەمبەریو کتێبیشمان کردە بەشی نەتەوەی ئەو، واتە: ئیبراهیم. هیچ کەسێ لە مەردم نەیوتوە: کە پێغەمبەران لە پێش ئبراهیمدا لە جنۆکە بووە. پاشان بە هاتنی ئەو پێغەمبەریەتی لەناو جنۆکەدا نەماتوە. خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَمَآ أَرۡسَلۡنَا قَبۡلَكَ مِنَ ٱلۡمُرۡسَلِينَ إِلَّآ إِنَّهُمۡ لَيَأۡكُلُونَ ٱلطَّعَامَ وَيَمۡشُونَ فِي ٱلۡأَسۡوَاقِ﴾[5] لە پێش تۆدا هەر کەسێکمان بۆ پێغەمبەری ناردوە: هەموو خواردنیان خواردوەو لەناو بازاڕان گەڕاون. وە ئەفەرموێت: ﴿وَمَآ أَرۡسَلۡنَا مِن قَبۡلِكَ إِلَّا رِجَالٗا نُّوحِيٓ إِلَيۡهِم مِّنۡ أَهۡلِ ٱلۡقُرَىٰٓ﴾[6] پێش لە تۆش هەر پیاوانمان لە خەڵکی شارەکان (لەلایەن خۆمان) تێگەیاند.

---

[1] الطبري (١٢/١٢٢).
[2] النساء (١٦٣).
[3] النساء (١٦٥).
[4] العنكبوت (٢٧).
[5] الفرقان (٢٠).
[6] يوسف (١٠٩).

دیارە جنۆکەیش لەمەدا دواکەوتەی مرۆڤن وەك خودای گەورە لەبارەیانەوە ئەفەرموێت: ﴿وَإِذْ صَرَفْنَآ إِلَيْكَ نَفَرًا مِّنَ ٱلْجِنِّ يَسْتَمِعُونَ ٱلْقُرْءَانَ فَلَمَّا حَضَرُوهُ قَالُوٓا۟ أَنصِتُوا۟ فَلَمَّا قُضِىَ وَلَّوْا۟ إِلَىٰ قَوْمِهِم مُّنذِرِينَ ﴿٢٩﴾ قَالُوا۟ يَٰقَوْمَنَآ إِنَّا سَمِعْنَا كِتَٰبًا أُنزِلَ مِنۢ بَعْدِ مُوسَىٰ مُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ يَهْدِىٓ إِلَى ٱلْحَقِّ وَإِلَىٰ طَرِيقٍ مُّسْتَقِيمٍ ﴿٣٠﴾ يَٰقَوْمَنَآ أَجِيبُوا۟ دَاعِىَ ٱللَّهِ وَءَامِنُوا۟ بِهِۦ يَغْفِرْ لَكُم مِّن ذُنُوبِكُمْ وَيُجِرْكُم مِّنْ عَذَابٍ أَلِيمٍ ﴿٣١﴾ وَمَن لَّا يُجِبْ دَاعِىَ ٱللَّهِ فَلَيْسَ بِمُعْجِزٍ فِى ٱلْأَرْضِ وَلَيْسَ لَهُۥ مِن دُونِهِۦٓ أَوْلِيَآءُ أُو۟لَٰٓئِكَ فِى ضَلَٰلٍ مُّبِينٍ﴾[1] هێندێکیش لە جنۆکەمان ناردە لای تۆ کە گوێ لەم قورئانە بگرن، کاتێ هاتن وتیان: گوێ بگرن و بێ دەنگ بن، وەختێ بیستیان هاتنەوە ناو خێڵەکەیان و ترسی خوایان وەبەر نان، وتیان: خزمینە کتێبێکیان بۆ خوێندینەوە لە پاش موسا ڕەوانە کراوە، بە کتێبەکانی پێشوش بڕوای هەیە، هان بۆ ڕاستی دەدات و شارەزایش دەکات بۆ ڕاستە ڕێ. خەڵکینە وەرن بە دەنگ ئەم کەسەوە بچن کە بانگ بۆ خودا دەکات و بڕوای پێ بکەن، لە گوناهتان خۆش دەبێ و لە ئازاردانی بە ژانتان دەپارێزێ. هەرکەسێکیش بە دەنگ ئەو کەسەوە نەچێ (کە بەرەو خودا بانگ دەکات لەم زەمینە دەرەتانی دەست ناکەوێ و غەیرەز خودا هیچ کەس بەهانایەوە نایەت. دیارە ئەوانە لە گومڕایەکی ئاشکرادان. لەم فەرموودەیە کە تیرمیزی و کەسانی تریش ڕیوایەتیان کردوە هاتوە: پێغەمبەری خودا(ﷺ) سورەتی (الرحمانی) بەسەر خوێندن کە ئەم ئایەتانەی تێدایە کە خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿سَنَفْرُغُ لَكُمْ أَيُّهَ ٱلثَّقَلَانِ ﴿٣١﴾ فَبِأَىِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ﴾[2]، بەو زوانە لێتان دەپرسینەوە ئەی گرۆی مرۆڤ و جنۆکە. دەی ئێوە لە کام چاکەی پەروەردگارتان حاشا دەکەن؟ خودای گەورە لەم ئایەتە پیرۆزەیشدا ئەفەرموێت: ﴿يَٰمَعْشَرَ ٱلْجِنِّ وَٱلْإِنسِ أَلَمْ يَأْتِكُمْ رُسُلٌ مِّنكُمْ يَقُصُّونَ عَلَيْكُمْ ءَايَٰتِى وَيُنذِرُونَكُمْ لِقَآءَ يَوْمِكُمْ هَٰذَا قَالُوا۟ شَهِدْنَا عَلَىٰٓ أَنفُسِنَا﴾ ئەی کۆمەڵی جنۆکە و مرۆڤ. مەگەر پێغەمبەرانێکتان هەر لە خۆتان بۆ نەهات، کە نیشانەکانی بەسەر ئێوەدا بخوێنن و بتانترسێنن لەو ڕۆژەی کە تێیدان؟ گوتیان: بەڵێ شایەتی لە خۆمان ئەدەین. واتە: دانی پێدادەنێین کە نێرراوەکانت پەیامەکانی تۆیان پێگەیاندوین و ترساندویانین لەو ڕۆژەی کە لە بەرەدەم تۆ ڕادەوەستێنرێین و ئەو ڕۆژەش هەر دێ ﴿وَغَرَّتْهُمُ ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَا وَشَهِدُوا۟ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ﴾ ژیانی دنیا هەڵیخەڵەتاندن شایەتیان لەسەر خۆیاندا. واتە: لە ژیانی دنیادا زیادەڕەوی زۆریان کردو بە جوانیەکانی فریویان خواردوە هەڵخەڵەتان و شوێن ئارەزوی خۆیان کەوتن و بڕوایان بە پێ

---

[1] الاحقاف (٢٩-٣٢).

[2] الرحمن (٣١-٣٢). تحفة الاحوذي (١٧٧/٩)، فەرمودەیە لاوازە و زۆر بەهێز نیە.

غەمبەران‌و ئەو نیشانانەی کە بۆیان هێنان نەهێنا بۆیە لەناوچوون ﴿أَنَّهُمْ كَانُوا۟ كَـٰفِرِينَ﴾ بێگومان ئەوان خوانەناس بوون. واتە: لە دنیادا بڕوایان بەو پەیامانە نەبوو کە پێغەمبەران (سەلامی خوایان لێبێ) بۆیان هێنا بوون.

﴿ذَٰلِكَ أَن لَّمْ يَكُن رَّبُّكَ مُهْلِكَ ٱلْقُرَىٰ بِظُلْمٍ وَأَهْلُهَا غَـٰفِلُونَ ﴿١٣١﴾ وَلِكُلٍّ دَرَجَـٰتٌ مِّمَّا عَمِلُوا۟ ۚ وَمَا رَبُّكَ بِغَـٰفِلٍ عَمَّا يَعْمَلُونَ ﴿١٣٢﴾﴾

خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿ذَٰلِكَ أَن لَّمْ يَكُن رَّبُّكَ مُهْلِكَ ٱلْقُرَىٰ بِظُلْمٍ وَأَهْلُهَا غَـٰفِلُونَ﴾ بۆیە ئەمەمان ڕاگەیاند کە بزانن پەروەردگارت لە ناهەقی هیچ شارێکی قڕ نەکردوە خەڵکەکەی بێ ئاگا بوبێ. واتە: بیانومان نەهێشتەوە بۆ مرۆڤ و جنۆکە بە ناردنی پێغەمبەران‌و ڕەوانە کردنی کتێبەکان هەتا هیچ کەسێ تووشی ناهەقی نەبێ کە ئاگادار نەکرابێ، هەر بۆیە هیچ گەلێکمان سزا نەداوە مەگەر دوای ئەوەی کە پێغەمبەرانمان بۆ ناردن. وەك خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَإِن مِّنْ أُمَّةٍ إِلَّا خَلَا فِيهَا نَذِيرٌ﴾[1] هیچ کۆمەڵێك نەبوە کە ترسی وەبەرهێنەریان بۆ نەچوبێ. وە ئەفەرموێت: ﴿وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِى كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولًا أَنِ ٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ وَٱجْتَنِبُوا۟ ٱلطَّـٰغُوتَ﴾[2] بۆ ناو هەموو گەلێك پێغەمبەرێکمان نارد کە خوا بپەرستن‌و لە شەیتان دوورەپەرێز بن. وە ئەفەرموێت: ﴿وَمَا كُنَّا مُعَذِّبِينَ حَتَّىٰ نَبْعَثَ رَسُولًا﴾[3] سزا لەلای ئێمەوە نیە تا پێغەمبەرێ نەنێرین. وە ئەفەرموێت: ﴿كُلَّمَآ أُلْقِىَ فِيهَا فَوْجٌ سَأَلَهُمْ خَزَنَتُهَآ أَلَمْ يَأْتِكُمْ نَذِيرٌ ﴿٨﴾ قَالُوا۟ بَلَىٰ قَدْ جَآءَنَا نَذِيرٌ فَكَذَّبْنَا﴾[4] هەر کاتێ کە تاقمێکی تێ دەهاوێژن دەرگاوانەکان جەهەنم پێیان دەڵێن: ئایا ئێوە ترسێنەرتان نەهاتە لا؟ دەڵێن: بەڵێ ترسێنەر هاتبوە لامان ئێمە باوەڕمان پێ نەکرد. ئایەت لەم بارەیەوە زۆرە. پاشان خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَلِكُلٍّ دَرَجَـٰتٌ مِّمَّا عَمِلُوا۟﴾ بۆ هەر کەسێك چەند پلەو پایە هەیە (بەرانبەر بە کرداری خۆی) واتە: بۆ هەرکەسێ کە کارێ دەکات لەبەر ڕەزامەندی خوداو خراپەیە دەکات چەند پلەو پایە هەیە لەبری ئەو کارەدا کە دەیکات، خودای گەورە ئاگاداری دەکاتەوە لێی‌و پاداشتی ئەداتەوە لەسەری. ئەگەر چاك بوو بە چاکە

---

[1] فاطر (٢٤).

[2] النحل (٣٦).

[3] الاسراء (١٥).

[4] الملك (٨-٩).

پاداشتی ئەداتەوەو ئەگەر خراپیش بوو سزای ئەدات لەسەر ئەو خراپەیە. منیش دەڵێم: هەڵدەگرێ ئەم ئایەتە کە خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَلِكُلٍّ دَرَجَٰتٌ مِّمَّا عَمِلُوا۟﴾ هەرکەسێ چەند پلەو پایەی هەیە بەرانبەر بە کرداری خۆی لە خوانەناسانی مرۆڤو جنۆکە. واتە: هەرکەسەیان چەند پلەو پایەی هەیە لەناو ئاگردا بەپێی کردارەکەی. وەك ئەم ئایەتە کە خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿لِكُلٍّ ضِعْفٌ﴾[1] بۆ هەموو دوو چەندانە. وە ئەفەرموێت: ﴿ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ وَصَدُّوا۟ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ زِدْنَٰهُمْ عَذَابًا فَوْقَ ٱلْعَذَابِ بِمَا كَانُوا۟ يُفْسِدُونَ﴾[2] ئەوانەی خوایان نەناسیو ڕێگەی خودایان بەربەست کرد لە جەزای ئەو بە بدفەرییەدا کە دەیانکرد (قات لەسەر قات) هەر ئازاریان زیاتردەکەین. پاشان خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَمَا رَبُّكَ بِغَٰفِلٍ عَمَّا يَعْمَلُونَ﴾ پەروەرندەت لەوەی دەیکەن بێ ئاگا نیە. ئیبنوجەریرئەڵێت: واتە: (هەموو کردارەکانیان ئەی موحەممەد(ﷺ) خودا لێی ئاگادارە هەژماری دەکاتو لەلای خۆی هەڵیدەگرێ بۆیان، کاتێ هاتنە بەر دەستیو لەبەر دەمیدا ڕاوەستێنران تۆڵەیان لێ دەسێنێ لەسەری[3].

﴿وَرَبُّكَ ٱلْغَنِىُّ ذُو ٱلرَّحْمَةِ ۚ إِن يَشَأْ يُذْهِبْكُمْ وَيَسْتَخْلِفْ مِنۢ بَعْدِكُم مَّا يَشَآءُ كَمَآ أَنشَأَكُم مِّن ذُرِّيَّةِ قَوْمٍ ءَاخَرِينَ ﴿١٣٣﴾ إِنَّ مَا تُوعَدُونَ لَءَاتٍ ۖ وَمَآ أَنتُم بِمُعْجِزِينَ ﴿١٣٤﴾ قُلْ يَٰقَوْمِ ٱعْمَلُوا۟ عَلَىٰ مَكَانَتِكُمْ إِنِّى عَامِلٌ ۖ فَسَوْفَ تَعْلَمُونَ مَن تَكُونُ لَهُۥ عَٰقِبَةُ ٱلدَّارِ ۗ إِنَّهُۥ لَا يُفْلِحُ ٱلظَّٰلِمُونَ ﴿١٣٥﴾﴾

هەڕەشە کردن بە لەناوبردنیان ئەگەر لاساریان کرد

خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَرَبُّكَ ٱلْغَنِىُّ ذُو ٱلرَّحْمَةِ ۚ إِن يَشَأْ يُذْهِبْكُمْ وَيَسْتَخْلِفْ مِنۢ بَعْدِكُم مَّا يَشَآءُ﴾ پەروەردگارت (ئەی موحەممەد) بێنیازو دلۆڤانە، ئەگەر مەیلی لێبێ ناتانهێڵێو لە پاش ئێوەش حەز بکات چینێکی تر لە شوێنی ئێوە دادەنێ. واتە: لە هەموو ڕوویەکەوە بێنیازە لە هەموو کەس، بەڵکو هەموو کەسێ بەردەوام پێویستی بە ئەوە، لەگەڵ ئەوەیشدا هەر بەزەیی بە بەندەکانیدا دێتەوە وەك لە ئایەتێکی تردا ئەفەرموێت: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ بِٱلنَّاسِ لَرَءُوفٌ رَّحِيمٌ﴾[4] بێگومان

---

[1] الاعراف (٣٨).
[2] النحل (٨٨).
[3] الطبري (١٢/١٢٥).
[4] الحج (٦٥).

خودا بۆ ئەم خەڵكە زۆر دڵسۆزو دلۆڤانە. خۆ ئەگەر هەر سەرپێچیو لاساریتان كرد، مەیلی لێ بوو لەناوتان دەباتو خەڵكێكی تر لە جێگاتان دادەنێو بە فەرمانی خودا هەڵسوكەوت دەكەن ﴿كَمَآ أَنشَأَكُم مِّن ذُرِّيَّةِ قَوۡمٍ ءَاخَرِينَ﴾ هەر وەك ئێوەی لە نەوەی كەسانی تر خستەوە. واتە: خودا توانای بەسەر ئەوەدا هەیەو زۆر سووكو ئاسانە لەلای وەك چۆن گەلە پێشوەكانی لەناو بردو گەلانی تری بەدوایاندا هێنا. هەر بەو شێوەیەش توانای لەناوبردنی ئەمانەی هەیەو لای ئاسانە كەسانی تر لە جێگایان دابنێ. وەك خودای گەورە لە چەند ئایەتی تردا ئەفەرموێت: ﴿إِن يَشَأۡ يُذۡهِبۡكُمۡ أَيُّهَا ٱلنَّاسُ وَيَأۡتِ بِـَٔاخَرِينَۚ وَكَانَ ٱللَّهُ عَلَىٰ ذَٰلِكَ قَدِيرٗا﴾[1] ئەی خەڵكینە، ئەگەر خوا مەیلی لێبێ هەمووتان لەناو دەباتو كەسانی تر لە جێگەی ئێوە دادەمەزرێنێ. خودا ئەو كارەی لە دەس دێ. وە ئەفەرموێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ أَنتُمُ ٱلۡفُقَرَآءُ إِلَى ٱللَّهِۖ وَٱللَّهُ هُوَ ٱلۡغَنِيُّ ٱلۡحَمِيدُ ﴿١٥﴾ إِن يَشَأۡ يُذۡهِبۡكُمۡ وَيَأۡتِ بِخَلۡقٖ جَدِيدٖ ﴿١٦﴾ وَمَا ذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ بِعَزِيزٖ﴾[2] ئەی خەڵكینە ئێوە هەژارو داماون، هەر خودایە بێنیازو سوپاسكراوە. ئەگەر حەز كات هەمووتان لە بەین دەباتو سەر لە نوێ، دەستەیەكی تر دێنێ. ئەمەیش لای خودا دژوار نیە. وە ئەفەرموێت: ﴿وَٱللَّهُ ٱلۡغَنِيُّ وَأَنتُمُ ٱلۡفُقَرَآءُۚ وَإِن تَتَوَلَّوۡاْ يَسۡتَبۡدِلۡ قَوۡمًا غَيۡرَكُمۡ ثُمَّ لَا يَكُونُوٓاْ أَمۡثَٰلَكُم﴾[3] خودا لە هەموو كەس بێنیازە، ئێوە هەژارو داماون، ئەگەر پشتیشی تێ بكەن، ئێوە بە چینێكی تر دەگۆڕێتەوە، كە هەرگیز لە ئێوە نەچن. موحەممەدی كوڕی ئیسحاق ئەڵێت: لە یەعقوبی كوڕی عوتبەوە كەئەڵێت: لە ئەبانی كوڕی عوسمانم بیست لەم ئایەتەدا ﴿كَمَآ أَنشَأَكُم مِّن ذُرِّيَّةِ قَوۡمٍ ءَاخَرِينَ﴾ واتە: هەروەك ئێوەی لە نەوەیەكی كەسانی تر خستوەتەوە.ئەڵێت: (الذرِية) بە تەشدید نەكردنی (یای) (الذرّية) واتە: ڕەگەز، بەڵام بە تەشدید كردنی (یای) (الذرّية) واتە: وەچە.[4] پاشان خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿إِنَّ مَا تُوعَدُونَ لَأٓتٖۖ وَمَآ أَنتُم بِمُعۡجِزِينَ﴾ هەر بڕیارێ بۆتان درا (بێگومان هەر بەڵێنێكتان پێ دەدرێ) هەر دێت، ئێوە هەرگیز لە دەس خودا دەرناچن. واتە: ئەی موحەممەد(ﷺ) هەواڵیان بدەرێ ئەو بەڵێنەی كە پێیان ئەدرێ لە بارەی ڕۆژی قیامەتەوە هەر دێتو گومانی تێدا نیەو لە دەستی خودا دەرباز نابن، بەڵكو خودا

[1] النساء (١٣٣).

[2] فاطر (١٥-١٧).

[3] محمد (٣٨).

[4] الدر المنثور (٣/٣٦١).

دەتوانێ زیندوتان بکاتەوە دوای ئەوەی کە دەبن بە خۆڵ و ئێسك و پروسکتان دەڕزێ. بەلای خوداوە زۆر ئاسانەو توانای بەسەر هەموو شتێکدا هەیە. پاشان خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿قُلْ يَٰقَوْمِ ٱعْمَلُوا۟ عَلَىٰ مَكَانَتِكُمْ إِنِّى عَامِلٌ ۖ فَسَوْفَ تَعْلَمُونَ﴾ ئەی موحەممەد(ﷺ) بڵێ ئەی گەلەکەم، هەرچی لە دەستتان دێ دریغی مەکەن. وا منیش هەر وا خەریکی کاری خۆمم، لە ئاکامدا تێدەگەن. ئەمە هەڕەشەو بەڵێنێکی زۆر توندو تیژە، ئەگەر هەر بەردەوام بن لەسەر ئەو کارەی خۆتان وا بزانن لەسەر ڕێی ڕاستن. وە منیش لەسەر بەرنامەو کاری خۆم هەر بەردەوام دەبم. وەك خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَقُل لِّلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ ٱعْمَلُوا۟ عَلَىٰ مَكَانَتِكُمْ إِنَّا عَٰمِلُونَ ﴿١٢١﴾ وَٱنتَظِرُوٓا۟ إِنَّا مُنتَظِرُونَ﴾[1] بەو کەسانەش کە باوەڕیان نیە بڵێ: هەرچی لە دەستتان دێ بیکەن. وا ئێمەش کاری خۆمان دەکەین. چاوەڕوانیش بن وا ئێمەش چاوەڕوانین. عەلی کوڕی ئەبوتەلحە ئەلێت لە ئیبنوعەبباسەوە ﴿عَلَىٰ مَكَانَتِكُمْ﴾ واتە: لەلایەن خۆتانەوە[2] ﴿فَسَوْفَ تَعْلَمُونَ مَن تَكُونُ لَهُۥ عَٰقِبَةُ ٱلدَّارِ ۗ إِنَّهُۥ لَا يُفْلِحُ ٱلظَّٰلِمُونَ﴾ بەو زوانە تێدەگەن کە ئەنجامی (باشی) ئەو دنیا بۆ کێ دەبێ. هەر چۆنێك بێ، خودا ستەمکاران ڕزگار ناکات. واتە: دیاری ئەدا ئەو دنیا بۆ منە یان بۆ ئێوە. خودای گەورە بەڵێنەکەی خۆی بەجێهێنا بۆ پێغەمبەرەکەی (ﷺ) واتە: لەو وڵاتەدا جێگیری کردو کردیە فەرمانڕەوا بەسەر ئەو کەسانەوە کە دژایەتیان دەکردو مەککەی بۆ ئازاد کردو سەری خست بەسەر ئەو کەسانەدا لە هۆزەکەی کە بڕوایان پێ نەدەکردو شەڕیان لەگەڵ دەکرد. هەموو دوورگەی عەرەبی خستە ژێر فەرمانڕەوای ئەو بە یەمەن و بەحرەینیشەوە ئەمانە هەموو لە ژیانی پێغەمبەر خۆیدا (ﷺ) پاشان وڵاتانی تریش ڕزگار کرا. لە دوا کۆچ کردنی لە سەردەمی خەلیفەکانی تردا (ڕەزای خوا لە هەموویان بێ) وەك خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿كَتَبَ ٱللَّهُ لَأَغْلِبَنَّ أَنَا۠ وَرُسُلِىٓ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ قَوِىٌّ عَزِيزٌ﴾[3] خودا خۆی بڕیاری داوە: بێ گومانە منو پێغەمبەرەکانم سەر دەکەوین، خودا(خاوەن) توانای بەدەستەڵاتە. وە ئەفەرموێت: ﴿إِنَّا لَنَنصُرُ رُسُلَنَا وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا وَيَوْمَ يَقُومُ ٱلْأَشْهَٰدُ ﴿٥١﴾ يَوْمَ لَا يَنفَعُ ٱلظَّٰلِمِينَ مَعْذِرَتُهُمْ ۖ وَلَهُمُ ٱللَّعْنَةُ وَلَهُمْ سُوٓءُ ٱلدَّارِ﴾[4] بێگومانە: ئێمە پێغەمبەرانمان و ئەو کەسانەی کەوا بڕوایان هێناوە

[1] هود (١٢١-١٢٢).
[2] الطبري (١٢/١٢٩).
[3] المجادلة (٢١).
[4] غافر (٥١-٥٢).

لە ژیانی ئەم دنیایەداو لەو ڕۆژەش کە شایەتەکان ڕاست دەبنەوە یارمەتی ئەدەین. ئەو ڕۆژەی کە ستەمکاران پاکانەیان سوودیان پێ ناگەیەنێ‌و گشتیان بە نەفرین کراون‌و نالەبارترین شوێنیان هەیە. وە ئەفەرموێت: ﴿ وَلَقَدْ كَتَبْنَا فِي الزَّبُورِ مِن بَعْدِ الذِّكْرِ أَنَّ الْأَرْضَ يَرِثُهَا عِبَادِيَ الصَّالِحُونَ ﴾[1] لە زەبوردا (کە لە پاش تەورات هات) نووسیوومانە: ئەم زەمینە هەر بۆ عەبدە چاکەکانی ئێمە دەمێنێ.

﴿وَجَعَلُوا لِلَّهِ مِمَّا ذَرَأَ مِنَ الْحَرْثِ وَالْأَنْعَامِ نَصِيبًا فَقَالُوا هَٰذَا لِلَّهِ بِزَعْمِهِمْ وَهَٰذَا لِشُرَكَائِنَا ۖ فَمَا كَانَ لِشُرَكَائِهِمْ فَلَا يَصِلُ إِلَى اللَّهِ ۖ وَمَا كَانَ لِلَّهِ فَهُوَ يَصِلُ إِلَىٰ شُرَكَائِهِمْ ۗ سَاءَ مَا يَحْكُمُونَ (١٣٦)﴾

باسی هەندێ لە کارو کرداری بتپەرستان

ئەمە گلەیی‌و زەمە لەلایەن خوداوە لەو بتپەرستانەی کە شتی تازەیان داهێناو دەستیان دایە بێدینی‌و بتپەرستی، هاوبەشیان بۆ خودا داناو کردیانە شەریکی لە بەشدا. هەر بۆیە خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَجَعَلُوا لِلَّهِ مِمَّا ذَرَأَ مِنَ الْحَرْثِ وَالْأَنْعَامِ نَصِيبًا فَقَالُوا هَٰذَا لِلَّهِ بِزَعْمِهِمْ وَهَٰذَا لِشُرَكَائِنَا ۖ فَمَا كَانَ لِشُرَكَائِهِمْ فَلَا يَصِلُ إِلَى اللَّهِ ۖ وَمَا كَانَ لِلَّهِ فَهُوَ يَصِلُ إِلَىٰ شُرَكَائِهِمْ ۗ سَاءَ مَا يَحْكُمُونَ ﴾ لە بەروبوومی ئەو کێڵگەو مالاتانەی کە خودا بەدی هێناوە بەشێکیان بۆ خوا دانا. جا بە خەیاڵ وتیان: ئەمە بەشی خودایەو ئەمەیش هی بتەکانمانە. خۆ ئەوەی بتەکانیان نەدەگەییە لای خودا. بەڵام ئەوەی خودا دەچووە لای بتەکانیان، خراپ دادوەری دەکەن. عەلی کوڕی ئەبوتەلحەو عەوفی ئەڵێن: لە ئیبنوعەبباسەوە: کە لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا ئەڵێت: دوژمنانی خودا ئەگەر کشتوکاڵیان بکردایەو بەروبومێکیان هەبوایە، بەشێکیان دادەنا بۆ خوداو بەشێکیشیان بۆ بتەکانیان دادەنا. ئەو کشتوکاڵ‌و بەروبومەی کە دایان دەنا بۆ بتەکان هەژماریان دەکردو پارێزگاریان لێ دەکرد. خۆ ئەگەر بەشێکی بکەوتایەتە سەر بەشی خودا، دەیانگەڕاندەوە سەر بەشی بتەکانیان. یان ئەو ئاوەی کە دایان نابوو بۆ بەشی بتەکان، ئەگەر بەشی لای خودای ئاودێر بکردایە، ئەو بەشەشیان دادەنا بۆ بتەکان. بەڵام ئەگەر شتێ لەو کشتوکاڵ‌و بەروبومە بکەوتایە تێکەڵاوی بەشی بتەکانیان دەکردو دەیانگوت: ئەمە هەژارەو نەیاندەگەڕاندەوە بۆ ئەو بەشەی کە بۆ خودایان دانابوو. وە ئەگەر ئەو ئاوەی کە دایان دەنا بۆ خودا بڕۆشتایە بۆ ئەو بەشەی کە بۆ بتەکان دانرابوو ئاودێری بکردایە وازیان لێ دەهێنا بۆ بتەکانیان. وە هەندێ لە مالاتەکانیشیان قەدەغە کردبوو

---

[1] الانبياء (١٠٥).

(نەیاندەهێشت هیچ کەسێ بەکاریان بێنێ) دایان نابوون بۆ بتەکانیان (وەك بەحیرەو سائبەو وصیلەو حام) بە خەیاڵی خۆیان بۆ نزیك بونەوە لە خودا قەدەغەیان کردبوون. خودای گەورەش ئەفەرموێت: ﴿وَجَعَلُواْ لِلَّهِ مِمَّا ذَرَأَ مِنَ ٱلۡحَرۡثِ وَٱلۡأَنۡعَٰمِ نَصِيبٗا﴾ واتە: لە بەروبومی ئەو کێڵگەو ماڵاتانەی کە خودا دروستی کردوە بەشێکیان بۆ خودا دانا.[1] موجاهیدو قەتادەو سوودیو کەسانی تریش هەر وایان گوتوە.[2] عەبدوڕەحمانی کوڕی زەیدی کوڕی ئەسلەم لەم ئایەتەدائەڵێت: هەر شتێ لە سەربڕاو کە دایدەنێن بۆ خودا هەرگیز لێی ناخۆن تا ناوی پەرستراوەکانیانی لەگەڵدا نەهێنن، بەڵام ئەوانەی بۆ پەرستراوەکانیانە ناوی خودای لەسەر ناهێنن. پاشان ئەم ئایەتەی خوێند تا گەیشتە: ﴿سَآءَ مَا يَحۡكُمُونَ﴾[3] واتە: بەشێکی خراپەکە بەشی دەکەن، بێگومان ئەوانە هەر لە سەرەتاوە بە هەڵە دابەشیان کرد، چونکە هەر خودای گەورەپەروەردگارو خاوەنو وەدیهێنەری گشت شتێکەو هەموو شتێ هی ئەوە ئەو خاوەنیەتی لەژێر دەستی ئەو دایەو هەڵی دەسورشێنێ بە مەیلی خۆیو هیچ پەرستراوو پەروەردگارێك نیە غەیرەز ئەو، پاشان کاتێ کە دابەشیان کرد ناهەقیان تێدا کردو لە ئەندازە دەرچوون تێدا. وەك خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَيَجۡعَلُونَ لِلَّهِ ٱلۡبَنَٰتِ سُبۡحَٰنَهُۥ وَلَهُم مَّا يَشۡتَهُونَ﴾[4] کچان بۆ خودا دادەنێن (کە ئەو لەو شتانە پاکە) بۆ خۆشیان چی ئارەزوودەکەن. وەئەفەرموێت: ﴿وَجَعَلُواْ لَهُۥ مِنۡ عِبَادِهِۦ جُزۡءًاۚ إِنَّ ٱلۡإِنسَٰنَ لَكَفُورٞ مُّبِينٌ﴾[5] فەرزەندیان لە بەندەکانی خۆی بۆ دانا. بەڕاستی مرۆڤ بە ئاشکرا پێ نەزانە. وە ئەفەرموێت: ﴿أَلَكُمُ ٱلذَّكَرُ وَلَهُ ٱلۡأُنثَىٰ ﴿٢١﴾ تِلۡكَ إِذٗا قِسۡمَةٞ ضِيزَىٰٓ﴾[6] ئاخۆ منداڵی ئێوە نێرەو خودایش کچی هەیە؟ ئەگەر وابێ بەشکردنێ ناڕەوایە.

﴿وَكَذَٰلِكَ زَيَّنَ لِكَثِيرٖ مِّنَ ٱلۡمُشۡرِكِينَ قَتۡلَ أَوۡلَٰدِهِمۡ شُرَكَآؤُهُمۡ لِيُرۡدُوهُمۡ وَلِيَلۡبِسُواْ عَلَيۡهِمۡ دِينَهُمۡۖ وَلَوۡ شَآءَ ٱللَّهُ مَا فَعَلُوهُۖ فَذَرۡهُمۡ وَمَا يَفۡتَرُونَ ﴿١٣٧﴾﴾

---

[1] الطبري (١٢/١٣١-١٣٢).
[2] الطبري (١٢/١٣٣).
[3] الطبري (١٢/١٣٤).
[4] النحل (٥٧).
[5] الزخرف (١٥).
[6] النجم (٢١-٢٢).

شەیتان کوشتنی منداڵی جوانی ڕەوا کرد بۆ بتپەرستان

خـــودای گـــەورە ئەفـــەرموێت: ﴿وَكَذَٰلِكَ زَيَّنَ لِكَثِيرٍ مِّنَ ٱلْمُشْرِكِينَ قَتْلَ أَوْلَـٰدِهِمْ شُرَكَآؤُهُمْ لِيُرْدُوهُمْ وَلِيَلْبِسُوا۟ عَلَيْهِمْ دِينَهُمْ﴾ بتـە دانـانی هـاوەڵ دانـەر بـۆ خـودا، وایانکرد کە زۆرێك لە هاوبیرەکانیان کوشتنی فەرزەندی خۆیان بە لاوە جوان و ڕەوا بێ، هەتا لـەناویان ببەن و ئاینەکەیان لێ تێکەڵ و پێکەڵ بکەن. واتە: وەك چۆن شـەیاتینەکان وایـانکرد بـەو بتپەرسـتانەو لایـان شـیرین کردبوون کـە بەشـێ لـەو کێڵگـەو مـەڕو ماڵاتـەی کـە خـودا وەدی هێنـا بـوو دابنـێن بۆ بتەکانیان، هەر بەو شێوەیە بۆیان جوان و ڕەوا کردبوون لەبەر نەبونی و هەژاری منداڵی خۆیان بکوژن و کـچی خۆیـان زیندەبەچـاڵ بکـەن لەبـەر شـورەیی و نـەنگی، عـەلی کـوڕی ئەبوتەلحەئـەڵێت: لـە ئیبنوعەبباسـەوە گـوتی: ﴿وَكَذَٰلِكَ زَيَّنَ لِكَثِيرٍ مِّنَ ٱلْمُشْرِكِينَ قَتْلَ أَوْلَـٰدِهِمْ شُرَكَآؤُهُمْ﴾ واتـە: هاوبیرەکانیـان کوشـتنی منداڵـەکانیان لـەلا جـوان کـردن[1] موجاهیدئـەڵێت: هاوکارەکانیان واتە: شەیاتینەکان فەرمانیان پێ دەدان کە منداڵەکانیان زیندەبەچاڵ بکەن لە ترسی هەژاری.[2] سوودی ئەڵێت: شەیاتینەکانیان فەرمانیان پێ دەدان کە کچەکانیان بکوژن ﴿لِيُرْدُوهُمْ﴾ بۆ ئەوەی لەناویان بەرن یـان ﴿وَلِيَلْبِسُوا۟ عَلَيْهِمْ دِينَهُمْ﴾ ئاینەکـەیان لێ تێکـەڵ و پێکـەڵ بکـەن و لێیـان بشێوێنن.[3] خودای گەورە پاشان ئەفەرموێت: ﴿وَلَوْ شَآءَ ٱللَّهُ مَا فَعَلُوهُ﴾ ئەگەر خودا مەیلی لێ بوایە، ئەوانە ئاوایان نەدەکرد، واتە: هەر شتێ کە ڕوو ئەدا بە ویست و مەیلی خودای گەورەیە و خۆی بڕیاری داوە، لە کارزانی هەر لە خۆی دەوەشێتەوە پرسیاری لێ ناکرێ لەوەی دەیکات، بـەڵکو ئـەو خەڵکەیە کە پرسیاریان لێ دەکرێ. ﴿فَذَرْهُمْ وَمَا يَفْتَرُونَ﴾ لێیان گەڕێ هـەر بوختـانێ دەکـەن بـا بیکـەن. دووربە لە خۆیان و کرداریان، بەو زوانە خودا دادوەری لە نێوان تۆ و ئەواندا دەکات.

﴿وَقَالُوا۟ هَـٰذِهِۦٓ أَنْعَـٰمٌ وَحَرْثٌ حِجْرٌ لَّا يَطْعَمُهَآ إِلَّا مَن نَّشَآءُ بِزَعْمِهِمْ وَأَنْعَـٰمٌ حُرِّمَتْ ظُهُورُهَا وَأَنْعَـٰمٌ لَّا يَذْكُرُونَ ٱسْمَ ٱللَّهِ عَلَيْهَا ٱفْتِرَآءً عَلَيْهِ ۚ سَيَجْزِيهِم بِمَا كَانُوا۟ يَفْتَرُونَ ﴿١٣٨﴾﴾

---

[1] الطبري (١٢/١٣٦).

[2] الطبري (١٢/١٣٦).

[3] الطبري (١٢/١٣٧).

هەندێ لەو ئاژەڵو ماڵاتانەی بتپەرستان قەدەغەیان دەکرد

خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَقَالُواْ هَٰذِهِۦٓ أَنۡعَٰمٞ وَحَرۡثٌ حِجۡرٞ لَّا يَطۡعَمُهَآ إِلَّا مَن نَّشَآءُ بِزَعۡمِهِمۡ وَأَنۡعَٰمٌ حُرِّمَتۡ ظُهُورُهَا وَأَنۡعَٰمٞ لَّا يَذۡكُرُونَ ٱسۡمَ ٱللَّهِ عَلَيۡهَا ٱفۡتِرَآءً عَلَيۡهِۚ سَيَجۡزِيهِم بِمَا كَانُواْ يَفۡتَرُونَ﴾ هەر بە خەیاڵ دەیانگوت کە: ئەم ماڵاتو کێڵگە قەدەغەن بێئیزنی ئێمە هیچ کەس نابێ تامیان بکات. ئەم ماڵاتەش کەس نابێ سواری پشتیان بێ. هەندێ ماڵاتیشیان هەیە، لە کاتی سەربڕیندا ناوی خودای لەسەر ناهێننو درۆ بە دەم خوداوە دەکەن، خودا لەسەر ئەو درۆ هەڵبەستنەیان تووشی سزایان دەکات. عەلی کوڕی ئەبوتەلحە ئەڵێت: لە ئیبنوعەبباسەوە ئەڵێت: (الحجر) وماتە: قەدەغەی ئەو ماڵاتەی کە کردبویان وەك (وصيلة) یان قەدەغەکردنی ئەو ماڵاتانەی کە حەرامیان کردبوو.[1] موجاهیدو زەححاكو سوودیو قەتادەو عەبدوڕەحمانی کوڕی زەیدی کوڕی ئەسلەمو کەسانی تریش هەر وایان وتوە.[2] وە قەتادە لەم ئایەتەدا: ﴿وَقَالُواْ هَٰذِهِۦٓ أَنۡعَٰمٞ وَحَرۡثٌ حِجۡرٞ﴾ ئەڵێت: ئەمە قەدەغەیەك بوو کە شەیاتینەکانیان بۆیان دانابوون لەسەر ماڵاتەکانیان کە ئەمە زبریو توندیەکە، کە لەلایەن خودای گەورەوە نەبوە. عەبدوڕەحمانی کوڕی زەیدی کوڕی ئەسلەم ئەڵێت: ﴿حِجۡرٞ﴾ ئەو ماڵاتانە بوو کە قەدەغەیان کردبوو بۆ پەرستراوەکانیان[3] سوودی ئەڵێت: ﴿لَّا يَطۡعَمُهَآ إِلَّا مَن نَّشَآءُ﴾ دەڵێن: قەدەغەیەو نابێ کەس لێی بخوات مەگەر کەسێ کە خۆمان حەزکەین بیخوات[4] ئەم ئایەتە وەك ئەو ئایەتە وایە کە خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿ قُلۡ أَرَءَيۡتُم مَّآ أَنزَلَ ٱللَّهُ لَكُم مِّن رِّزۡقٖ فَجَعَلۡتُم مِّنۡهُ حَرَامٗا وَحَلَٰلٗا قُلۡ ءَآللَّهُ أَذِنَ لَكُمۡۖ أَمۡ عَلَى ٱللَّهِ تَفۡتَرُونَ ﴾[5] بڵێ: ئایا سەیری ئەو ڕۆزیتانە کردوە کە خودا بۆی ناردون؟ بە ڕەواو ناڕەوا دابەشتان کردوە؟ بڵێ: خودا ڕێی پێدان یان درۆ بە ناوی خوداوە دەکەن. یان ئەفەرموێت: ﴿مَا جَعَلَ ٱللَّهُ مِنۢ بَحِيرَةٖ وَلَا سَآئِبَةٖ وَلَا وَصِيلَةٖ وَلَا حَامٖ وَلَٰكِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ يَفۡتَرُونَ عَلَى ٱللَّهِ ٱلۡكَذِبَۖ وَأَكۡثَرُهُمۡ لَا يَعۡقِلُونَ﴾[6] خودا سەبارەت بە (بەحیرە)و (سائیبە)و

---

[1] الطبري (١٢/١٤٣).

[2] الطبري (١٢/١٤٣).

[3] الطبري (١٢/١٤٣).

[4] الطبري (١٢/١٤٣).

[5] يونس (٥٩).

[6] المائدة (١٠٣).

دەربارەی (حام)و (وەصیلة) هیچ بڕیارێکی نەداوە بەڵام خوانەناسەکان (کە زۆربەیان بێ ئاوەزن درۆ بۆ خوا هەڵدەبەستن). سوودی ئەڵێت: ئەو ماڵاتانەی کە سەرپشتی قەدەغە کرابوو ئەمانە بوو (بەحیرە)و (سائیبە)و (وەصیلە)و (حام) بوو، بەڵام ئەو ماڵاتانەی کە ناوی خودایان لەسەر نەدەهێنا ئەوانە بوون کە لە دایك دەبوون یان سەریان دەبڕین. ئەبوبەکری کوڕی عەییاشی گوتی: لە عاسیمی کوڕی ئەبونەجودەوە گوتی: ئەبووائیل پێی وتم: ئایا دەزانی چی لەم ئایەتەدایە کە خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَأَنْعَـٰمٌ حُرِّمَتْ ظُهُورُهَا وَأَنْعَـٰمٌ لَّا يَذْكُرُونَ ٱسْمَ ٱللَّهِ عَلَيْهَا﴾ وتم: نەخێر، وتی: ئەوە (بەحیرەیە) کە حەجیان لەسەر پشتی نەدەکرد[1] موجاهید ئەڵێت: هەندێ وشتریان هەبوو ناوی خودایان لەسەر نەدەهێنا لە هیچ کارو فەرمانێکیاندا، نە لە سوار بوونی پشتیدا، نە لە دۆشینیدا، نە لە بارکردنیدا وە نە لە کاتێکدا لە بەرزایەکدا بونایە، وە نە لە هەر کارێکدا بیانکردایە[2] ﴿ٱفْتِرَآءً عَلَيْهِ﴾ درۆ بۆ خوا هەڵدەبەستن، هەندێ ئەو شتانە دەخەنە پاڵ ئاینو شەرعی خودا. بێگومان خودای گەورە ڕێی پێ نەداونو ڕازی نیە بەو کارەی کە دەیکەن ﴿سَيَجْزِيهِم بِمَا كَانُوا۟ يَفْتَرُونَ﴾ خودا لەسەر ئەو درۆ هەڵبەستنەیان بەو زوانە تووشی سزایان دەکات.

﴿ وَقَالُوا۟ مَا فِى بُطُونِ هَـٰذِهِ ٱلْأَنْعَـٰمِ خَالِصَةٌ لِّذُكُورِنَا وَمُحَرَّمٌ عَلَىٰٓ أَزْوَٰجِنَا ۖ وَإِن يَكُن مَّيْتَةً فَهُمْ فِيهِ شُرَكَآءُ ۚ سَيَجْزِيهِمْ وَصْفَهُمْ ۚ إِنَّهُۥ حَكِيمٌ عَلِيمٌ ﴿١٣٩﴾ ﴾

خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿ وَقَالُوا۟ مَا فِى بُطُونِ هَـٰذِهِ ٱلْأَنْعَـٰمِ خَالِصَةٌ لِّذُكُورِنَا وَمُحَرَّمٌ عَلَىٰٓ أَزْوَٰجِنَا ۖ وَإِن يَكُن مَّيْتَةً فَهُمْ فِيهِ شُرَكَآءُ ﴾ دەیانووت: هەرچی لە سکی ئەو ئاژەڵانەدایە بۆ فەرزەندی نێرینەی ئێمەیەو بۆ ژنانمان ناڕەوایە، ئەگەر مردارەوەش بێ هەموان تێیدا هاوبەش دەبن عەوفی ئەڵێت: لە ئیبنوعەبباسەوە لەم ئایەتەدا: ﴿ وَقَالُوا۟ مَا فِى بُطُونِ هَـٰذِهِ ٱلْأَنْعَـٰمِ خَالِصَةٌ لِّذُكُورِنَا ﴾ ئەڵێت: مەبەست پێی شیری ئەو وشترانە بووە کە قەدەغەیانکردبوو لە ژیانیان کە لێی بخۆنەوە، تەنیا دەبو نێرینە شیرەکەیان بخۆن. وە ئەگەر مەڕێ بەرخێکی (بێچویەکی) نێری ببوایە،

١- (بەحیرە): وشترێك بوو پێنج سکی بکردایەو پێنجەم نێر بوایە. ئەو کاتە گوێچکەیان لەت دەکردو بەرەڵایان دەکرد. ٢- (سائیبە): وشترێك بوو کە دە تا دوانزە سکی بکردایە هەموو مێینە بوایە. ٣- (وەصیلة): وشترێك بوو یەکەمو دووەم سکی مێینە بوایە. ٤- (حام): وشترێکی نێر بوو کە لە پشتی ئەو دە سك پەیدا ببوایە.

[1] الطبري (١٢/١٤٤).

[2] الطبري (١٢/١٤٥).

سەریان دەبڕی، تەنیا پیاوان لێیان دەخوارد ژنان بۆیان نەبوو لێی بخۆن. خۆ ئەگەر بێچوەکە مێینە بوایە وازیان لێ دەهێناو سەریان نەدەبڕی. ئەگەر مردارۆبوویش بوایە هەموو هاوبەش بوون تێیدا. خودای گەورە ئەوەی لێ قەدەغە کردن[1] ئەبوئیسحاقی سەبیعی وتی: لە عەبدوڵڵای کوڕی ئەبوهوزەیلەوە، لە ئیبنوعەبباسەوە لەم ئایەتەدا ووتی: ﴿ وَقَالُواْ مَا فِى بُطُونِ هَٰذِهِ ٱلْأَنْعَٰمِ خَالِصَةٌ لِّذُكُورِنَا ﴾ مەبەست پێی شیرەکەیان بووە[2] سوودیش هەر وای گوتووە[3] شەعبی ئەڵێت: بەحیرە جگە لە پیاو کەسی تر شیرەکەی نەدەخوارد، ئەگەر لێیان مردار ببوایەتەوە پیاوو ژن بەیەکەوە لێیان دەخوارد. عیکرمەو قەتادەو عەبدوڕەحمانی کوڕی زەیدی کوڕی ئەسلەمیش هەر وایان وتوە. موجاهید لەم ئایەتەدا ﴿ وَقَالُواْ مَا فِى بُطُونِ هَٰذِهِ ٱلْأَنْعَٰمِ خَالِصَةٌ لِّذُكُورِنَا وَمُحَرَّمٌ عَلَىٰٓ أَزْوَٰجِنَا ﴾ ئەڵێت: مەبەست پێی سائیبەو بەحیرەیە[4] ئەبولعالیەو موجاهیدو لەم دەقەدا کە خودای گەورە ئەفەرموێت: وتیان: ﴿سَيَجْزِيهِمْ وَصْفَهُمْ ﴾ بەو زوانە خودا سزای ئەو قسە (درۆیانەیان ئەداتەوە[5] هەر بەم شێوەیە خودای گەورە لە ئایەتێکی تردا ئەفەرموێت: ﴿وَلَا تَقُولُواْ لِمَا تَصِفُ أَلْسِنَتُكُمُ ٱلْكَذِبَ هَٰذَا حَلَٰلٌ وَهَٰذَا حَرَامٌ لِّتَفْتَرُواْ عَلَى ٱللَّهِ ٱلْكَذِبَ ۚ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَفْتَرُونَ عَلَى ٱللَّهِ ٱلْكَذِبَ لَا يُفْلِحُونَ ﴾[6] بە درۆ زمانتان نەگەڕێ، کە ئەمە ڕەواو ئەوە ناڕەوایە. هەر بۆ ئەوە درۆ بە دەم خواوە هەڵدەبەستن ئەو کەسانەی درۆ بۆ خوا هەڵدەبەستن ڕزگار نابن. گوزەرانێکی کەمە. ﴿إِنَّهُۥ حَكِيمٌ ﴾ بێگومان خودا لەکارزانە لە کردارو گفتارو بەرنامەو بڕیاریدا ﴿عَلِيمٌ ﴾ دانایە بە کرداری عەبدەکانی لە چاکەو خراپە. بەو زوانە پاداشتی تەواویان ئەداتەوە.

﴿ قَدْ خَسِرَ ٱلَّذِينَ قَتَلُوٓاْ أَوْلَٰدَهُمْ سَفَهًۢا بِغَيْرِ عِلْمٍ وَحَرَّمُواْ مَا رَزَقَهُمُ ٱللَّهُ ٱفْتِرَآءً عَلَى ٱللَّهِ ۚ قَدْ ضَلُّواْ وَمَا كَانُواْ مُهْتَدِينَ ﴿١٤٠﴾ ﴾

---

[1] الطبري (١٢/١٤٦).
[2] الطبري (١٢/١٤٧).
[3] الطبري (١٢/١٤٨).
[4] الطبري (١٢/١٤٨).
[5] الطبري (١٢/١٥٢).
[6] النحل (١١٦-١١٧).

خـوداى گەورەئەفـەرمويّت: ﴿ قَدْ خَسِرَ ٱلَّذِينَ قَتَلُوٓا۟ أَوْلَـٰدَهُمْ سَفَهًۢا بِغَيْرِ عِلْمٍ وَحَرَّمُوا۟ مَا رَزَقَهُمُ ٱللَّهُ ٱفْتِرَآءً عَلَى ٱللَّهِ ۚ قَدْ ضَلُّوا۟ وَمَا كَانُوا۟ مُهْتَدِينَ ﴾ ئـەو كەسانە (وا لەبەر گەوجىو نەزانى) منـدالانى خۆيانيـان كوشـت زيانبـار بـوونو ئـەو بـژێوەى كـە خـودا پێـى دابـوون حـەراميان كـردو درۆ بـۆ خـوا هەلّدەبەستن: ديارە ڕێيان لىٚ تێكچوەو شارەزا نـين. واتـە: ئەوانـەى ئـەو كارانـە دەكـەن لـە دنيـاو لـە قيامەتدا زيانبارن لە دنيادا بە كوشتنى مندالّەكانيان ەزيانبار دەبن، ڕژدى دەكـەن لـە بەرانبـەريان لـە يارمەتى دانيان لەو سامانەى خودا پێى داون، هەندىٚ شتيان پىٚ ڕەوا نابينن كە هەر خۆيان بـە ئـارەزو دايانهێناوە بىٚ بەشيان كردون لێى. وە لە ڕۆژى قيامەتيشدا خراپترين شوێنيان دەبىٚ بەهۆى ئـەو درۆو بوختانەى بە ناوى خوداوە دەيكەن، وەك خوداى گـەورە لـە ئايـەتى تـردا فەرموويـەتى: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يَفْتَرُونَ عَلَى ٱللَّهِ ٱلْكَذِبَ لَا يُفْلِحُونَ (٦٩) مَتَـٰعٌ فِى ٱلدُّنْيَا ثُمَّ إِلَيْنَا مَرْجِعُهُمْ ثُمَّ نُذِيقُهُمُ ٱلْعَذَابَ ٱلشَّدِيدَ بِمَا كَانُوا۟ يَكْفُرُونَ ﴾[1] ئەوانەى درۆ بۆ خوا هەلّدەبەستن ڕزگار نـابن. ڕابـواردنێكى كەمـە لە دنيادا، لە دواييدا دەگەڕێنەوە بۆ لامان، لە پاش ئەوە لە سزاى حاشـا كردنيـان بـە تونـدى ئازاريـان دەدەيـن. حـافيز ئەبوبـەكرى كـوڕى مـەردەوەيهى لـە تەفـسيرى ئـەم ئايەتـەدا ڕيوايـەتى كـردوە لـە ئيبنوعەبباسەوە (ڕەزاى خوايـان لێبـىٚ) وتـى: ئەگـەر حـەز دەكـەى لـە نـەفامى عـەرەب تێبگـەى، لـە سەرەوەى ئايەتى(١٣٠) سورەتى ئەنعامەوە (قورئان) بخوێنەوە كە خوداى گـەورە ئەفـەرمويّت: ﴿ قَدْ خَسِرَ ٱلَّذِينَ قَتَلُوٓا۟ أَوْلَـٰدَهُمْ سَفَهًۢا بِغَيْرِ عِلْمٍ وَحَرَّمُوا۟ مَا رَزَقَهُمُ ٱللَّهُ ٱفْتِرَآءً عَلَى ٱللَّهِ ۚ قَدْ ضَلُّوا۟ وَمَا كَانُوا۟ مُهْتَدِينَ ﴾ بوخاريش بە تەنيا لە كتێبى (مناقب قريش) لە سەحيحەكەيدا هێناويەتى[2].

﴿وَهُوَ ٱلَّذِىٓ أَنشَأَ جَنَّـٰتٍ مَّعْرُوشَـٰتٍ وَغَيْرَ مَعْرُوشَـٰتٍ وَٱلنَّخْلَ وَٱلزَّرْعَ مُخْتَلِفًا أُكُلُهُۥ وَٱلزَّيْتُونَ وَٱلرُّمَّانَ مُتَشَـٰبِهًا وَغَيْرَ مُتَشَـٰبِهٍ ۚ كُلُوا۟ مِن ثَمَرِهِۦٓ إِذَآ أَثْمَرَ وَءَاتُوا۟ حَقَّهُۥ يَوْمَ حَصَادِهِۦ ۖ وَلَا تُسْرِفُوٓا۟ ۚ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلْمُسْرِفِينَ (١٤١) وَمِنَ ٱلْأَنْعَـٰمِ حَمُولَةً وَفَرْشًا ۚ كُلُوا۟ مِمَّا رَزَقَكُمُ ٱللَّهُ وَلَا تَتَّبِعُوا۟ خُطُوَٰتِ ٱلشَّيْطَـٰنِ ۚ إِنَّهُۥ لَكُمْ عَدُوٌّ مُّبِينٌ (١٤٢)﴾

---

[1] يونس (٦٩-٧٠).

[2] فتح الباري (٦/٦٣٦).

هەر خودایە کە بەروبومو دانەوێڵەو ماڵاتی وەدیهێناوە

خودای گەورە ڕوونی دەکاتەوە کە خۆی وەدیهێنەری گشت شتێکە لە کشتوکاڵو بەروبومو مەڕو ماڵاتو ئاژەڵ کە ئەو بتپەرستانە بەو بۆچوونە خراپو ناڕەوانە هەڵسوکەوتو ڕەفتاری تێدا دەکەنو دابەشیان کردوە هەندێکیان بە ڕەواو هەندێکی تریان بە ناڕەوا داناوە. بۆیە ئەفەرموێت: ﴿وَهُوَ ٱلَّذِيٓ أَنشَأَ جَنَّٰتٖ مَّعۡرُوشَٰتٖ وَغَيۡرَ مَعۡرُوشَٰتٖ وَٱلنَّخۡلَ وَٱلزَّرۡعَ مُخۡتَلِفًا أُكُلُهُۥ وَٱلزَّيۡتُونَ وَٱلرُّمَّانَ مُتَشَٰبِهٗا وَغَيۡرَ مُتَشَٰبِهٖ﴾ هەر ئەویشە باغاتی وەدیهێناوە، هەندێکیان داربەستی دەوێتو هەندێکیان داربەستی ناوێ. دارخورماو کشتوکاڵو کێڵگەی وەدیهێنا، کە لە خواردندا لە یەك جیان. زەیتونو دارهەناریشی دروست کردوە کە بە ڕواڵەت وەك یەکنو لە تامو ڕەنگدا جیاوازن. عەلی کوڕی ئەبوتەلحە ئەڵێت: لە ئیبنوعەبباسەوە: ئەڵێت: ﴿مَّعۡرُوشَٰتٖ﴾ داری (ئەستوور). وە لە ڕیوایەتێکی تردا هاتوە (المعروشات) ئەوەی خەڵکی کەپرو هەرزاڵی لێ دەکەن. (و غير معروشات) ئەو بەروبومانەیە کە لە دەشتو کێودا دێنە دەر[1] عەتای خۆراسانی: لە ئیبنوعەبباسەوەئەڵێت: (معروشات) ئەو دار مێوانەیە کەپرو هەرزاڵەی بۆ دەکرێ. (غير معروشات) ئەو مێوانەیە کەپرو هەرزاڵەی بۆ ناکرێ. سوودیش هەر وای گوتوە. ئیبنوجورەیج ئەڵێت: ﴿مُتَشَٰبِهٗا وَغَيۡرَ مُتَشَٰبِهٖ﴾ واتە: لە ڕواڵەتدا لە یەك دەچن لە خواردندا لە یەك جیاوازن.[2] ﴿كُلُواْ مِن ثَمَرِهِۦٓ إِذَآ أَثۡمَرَ﴾ هەرکاتێ میوەیان پێدەگات لێی بخۆن. موحەممەدی کوڕی کەعب گوتی: ﴿كُلُواْ مِن ثَمَرِهِۦٓ إِذَآ أَثۡمَرَ﴾ واتە: لە ئاودارەکەیو لە ترێکەشی بخۆن.[3] پاشان خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَءَاتُواْ حَقَّهُۥ يَوۡمَ حَصَادِهِۦ﴾ بەشی خودای لێ جیا بکەنەوە (بۆ هەژاران). موجاهیدئەڵێت: ئەگەر هەژاران هاتنە لات بەشیان بدە لێی.[4] عەبدوڕەزاق ڕیوایەتی کردوە لە موجاهیدەوە ﴿وَءَاتُواْ حَقَّهُۥ يَوۡمَ حَصَادِهِۦ﴾ کە وتویەتی: لە کاتی چاندنیدا چنگێ دەدرێو لە کاتی بڕینیدا چنگێ دەدرێو وازیان لێ دێنن تا بگەڕێن بەسەر پاشماوەی ئەو بڕینەدا.[5] سەوری ئەڵێت: لە حەمادی کوڕی ئیبراهیمی نەخەعیەوەئەڵێت: هەر بەو شێوەیە چەپکێ ئالکی (عەلەفی) پێدەدرێ بۆ

---

[1] الطبري (١٢/١٥٦).

[2] الطبري (١٢/١٥٧).

[3] الطبري (١٢/١٥٧).

[4] الطبري (١٢/١٦٣).

[5] عبدالرزاق (٢/٤١٩).

وڵاغەکەی.[1] ئیبنوموبارەك گوتی: لە شەریکەوە لە سالمەوە لە سەعیدی کوڕی جوبەیرەوە لەم ئایەتەدا ﴿وَءَاتُواْ حَقَّهُۥ يَوْمَ حَصَادِهِۦ﴾ ئەڵێت: ئەمە لە پێش زەکاتدا بووە، چنگێ بۆ هەژارو چەپکێ بۆ ئالکی وڵاغەکەی. خودای گەورە باسی ئەو کەسانە دەکات کە باخ دەڕنن‌و خێرو سەدەقەی لێ ناکەن. وەك چۆن باسی خاوەنەکانی ئەو باخە دەکات لە سورەتی (ن)داو ئەفەرموێت: ﴿إِذْ أَقْسَمُواْ لَيَصْرِمُنَّهَا مُصْبِحِينَ ﴿١٧﴾ وَلَا يَسْتَثْنُونَ ﴿١٨﴾ فَطَافَ عَلَيْهَا طَآئِفٌ مِّن رَّبِّكَ وَهُمْ نَآئِمُونَ ﴿١٩﴾ فَأَصْبَحَتْ كَٱلصَّرِيمِ ﴿٢٠﴾ فَتَنَادَوْاْ مُصْبِحِينَ ﴿٢١﴾ أَنِ ٱغْدُواْ عَلَىٰ حَرْثِكُمْ إِن كُنتُمْ صَٰرِمِينَ ﴿٢٢﴾ فَٱنطَلَقُواْ وَهُمْ يَتَخَٰفَتُونَ ﴿٢٣﴾ أَن لَّا يَدْخُلَنَّهَا ٱلْيَوْمَ عَلَيْكُم مِّسْكِينٌ ﴿٢٤﴾ وَغَدَوْاْ عَلَىٰ حَرْدٍ قَٰدِرِينَ ﴿٢٥﴾ فَلَمَّا رَأَوْهَا قَالُوٓاْ إِنَّا لَضَآلُّونَ ﴿٢٦﴾ بَلْ نَحْنُ مَحْرُومُونَ ﴿٢٧﴾ قَالَ أَوْسَطُهُمْ أَلَمْ أَقُل لَّكُمْ لَوْلَا تُسَبِّحُونَ ﴿٢٨﴾ قَالُواْ سُبْحَٰنَ رَبِّنَآ إِنَّا كُنَّا ظَٰلِمِينَ ﴿٢٩﴾ فَأَقْبَلَ بَعْضُهُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ يَتَلَٰوَمُونَ ﴿٣٠﴾ قَالُواْ يَٰوَيْلَنَآ إِنَّا كُنَّا طَٰغِينَ ﴿٣١﴾ عَسَىٰ رَبُّنَآ أَن يُبْدِلَنَا خَيْرًا مِّنْهَآ إِنَّآ إِلَىٰ رَبِّنَا رَٰغِبُونَ ﴿٣٢﴾ كَذَٰلِكَ ٱلْعَذَابُ وَلَعَذَابُ ٱلْءَاخِرَةِ أَكْبَرُ لَوْ كَانُواْ يَعْلَمُونَ﴾[2] سوێندیان دەخوارد سبەی بەری باخەکەیان هەموو دەڕنن (ئەگەر خوا حەزکا)شیان دەگوت. کاتێ کە ئەوان خەوتبوون لەلایەن پەروەردگارتەوە بەڵایەکی بۆ داباری، ئیتر وەك زەویەکی سووتاوی ڕەش هەڵگەڕاوی لێ هات ئەوسا بەیانی هەموو بانگی یەکتریان کرد، ئەگەر ئێوە میوە ڕنن هەر بەیانی بگەنە سەر کێڵگەی خۆتان. دەچوون بە ڕێوەو پێکەوە چپەیان دەکرد: کە نابێ ئەمڕۆ هیچ هەژارێ بێتە ناو باخەکەی ئێوە. بڕیاریان دا مەرجەکەیان بەجێ بێنن واشیان زانی دەتوانن. وەختێ چاویان بەیەکدا گێڕا گوتیان: ڕێمان لێ تێکچووە. نەخێر ئێمەین بەش براوین. بە ئاوەزترینەکەیان وتی: ئایا پێم نەگوتن بۆ پەسەنی پاکی خودا نادەن؟ وتیان: پاك‌و بێگەردی بۆ پەروەردمان ئێمە ناهەقیمان کرد. ئەوسا ڕوویان کردە یەك‌و سەرزەنشتی یەکتریان کرد، گوتیان: هەی ماڵ وێران خۆمان ئێمە هەڵەڕێیمان کرد. بەڵکو پەروەردگارمان لەوە چاکترمان بداتێ، هیوامان هەر بەو پەروەردگاری خۆمانە. ئازاری دنیا ئاوایە، گەر بزانن بێگومان ئازاری دواڕۆژ دژوارترە.

باسی زیادەڕەوی

خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَلَا تُسْرِفُوٓاْ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلْمُسْرِفِينَ﴾ کارێ مەکەن کە لە ئەندازە بەدەر بێ، خودا ئەوانەی خۆش ناوێ کە لە ئەندازە دەردەچن. هەندێ دەڵێن: لە ئەندازە دەرمەچن لە بەخشیندا، بەخشینەکەت لە چاکە دەرچێ. ئیبنوجورەیج گوتی: ئەم ئایەتە لەسەر سابتی کوڕی

---

[1] الطبري (١٢/١٦٥).

[2] القلم (١٧-٣٣).

قەیسی کوڕی شەمماس هاتە خوار، دارخورمایان بۆ دەبڕی وتی: هەرکەسێ ئەمڕۆ بێتە لام خواردنی لەم خورمایە پێدەدەم، تا ئێوارە خواردنی دا بە خەڵکی هیچی لەو بەروبومە بۆ نەمایەوە. خودای گەورە ئەم ئایەتەی ناردە خوار: ﴿وَلَا تُسْرِفُوٓاْ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلْمُسْرِفِينَ﴾ ئیبنوجەریر ئەوەی ڕیوایەت کردوە لە ئەبوجورەیجەوە. بەڵام (والله أعلم) لە دەقی ئایەتەکەوە وا دیارە کە خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَءَاتُواْ حَقَّهُۥ يَوْمَ حَصَادِهِۦ ۖ وَلَا تُسْرِفُوٓاْ﴾ دەگەڕێتەوە بۆ خواردنەکە واتە: زیادەڕەوی مەکەن لە خواردندا چونکە زیان دەگەیەنێ بە عەقڵو تەندروستی. وەك خودای گەورە لە ئایەتێکی تردا ئەفەرموێت: ﴿وَكُلُواْ وَٱشْرَبُواْ وَلَا تُسْرِفُوٓاْ﴾[1] بخۆنو بخۆنەوە زیادەڕەوی مەکەن. وە لە سەحیحی بوخاریدا بە موعەلەقی هاتوە کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (بخۆنو بخۆنەوەو بپۆشن بەبێ زیادەڕەویو لەخۆبایی بوون)[2].

بەهرەو سوودی ئاژەڵ

خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَمِنَ ٱلْأَنْعَٰمِ حَمُولَةً وَفَرْشًا﴾ مالاتیش هەندێکی بۆ بار لێنانو هەندێکی بۆ کوڵکەو (موو) خوریەکەیەتی. واتە: خودای گەورە ئەو مالاتانەی بۆ وەدیهێناون هەندێکی بۆ بارهەڵگرتنەو هەندێکی تریشی بۆ کوڵكو خوریو موەکەیەتی. هەندێ دەڵێن: ﴿حَمُولَةً﴾ ئەو وشترانەیە کە بار هەڵدەگرن ﴿وَفَرْشًا﴾ بێچوەکانیان. وەك سەوری ئەڵێت: لە ئەبوئیسحاقەوە لە ئەبوئەحوەسەوە لە عەبدوڵلاوە ئەڵێت: ﴿حَمُولَةً﴾ ئەوەی باری لێ دەنرێ لە وشتر ﴿وَفَرْشًا﴾ بەچکە وشتر. حاکم ڕیوایەتی کردوەو گوتی سەنەدەکانی ڕاستن[3] عەبدوڕەحمانی کوڕی زەیدی کوڕی ئەسلەم گوتی: (الحمولة) ئەوەیە کە سواری دەبن (الفرش) ئەوەیە کە دەیخۆنو دەیدۆشن. مەڕ باری لێ نانرێ گۆشتەکەی دەخۆنو لە خوریەکەی لێفەو ڕاخەر دروست دەکەن.[4] ئەمەی کە عەبدوڕەحمانی کوڕی زەیدی کوڕی ئەسلەم لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا گوتی چاکەو ئەم ئایەتانە پشتگیری لێ دەکات کە خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿أَوَلَمْ يَرَوْاْ أَنَّا خَلَقْنَا لَهُم مِّمَّا عَمِلَتْ أَيْدِينَآ أَنْعَٰمًا فَهُمْ لَهَا مَٰلِكُونَ ﴿٧١﴾ وَذَلَّلْنَٰهَا لَهُمْ فَمِنْهَا رَكُوبُهُمْ وَمِنْهَا يَأْكُلُونَ﴾[5] ئایا هێشتا نەیاندیوە ئێمە بە دەستی توانامان مالاتمان بۆ

---

[1] الاعراف (٣١).

[2] فتح الباري (٥٧٨٣).

[3] الحاكم (٢/٣١٧).

[4] الطبري (١٢/١٨١).

[5] يس (٧١-٧٢).

بەرهەم هێنان، ئەوانە بوونەتە خاوەنیان؟ وا بۆشمان دەستەمۆ کردوون، کە دەتوانن سواریان بن‌و لێیـان بخۆن. وە ئەفـەرموێت: ﴿ وَإِنَّ لَكُمْ فِي ٱلْأَنْعَٰمِ لَعِبْرَةً ۖ نُّسْقِيكُم مِّمَّا فِي بُطُونِهِۦ مِنۢ بَيْنِ فَرْثٍ وَدَمٍ لَّبَنًا خَالِصًا سَآئِغًا لِّلشَّٰرِبِينَ ﴾[1] لە مالاتیشدا بۆ ئێوە پەندێك هەیە: لـە نـاو سکیان‌و لـە نێوانی شیاکەو خوێنیانـدا شیرێکی پاك‌و ڕوانتان دەرخوارد ئەدەن. بۆ ئەوانەی دەیخۆنەوە خۆش‌و بەتامە. تا دەگاتە ئەم ئایەتـە کە ئەفەرموێت: ﴿وَمِنْ أَصْوَافِهَا وَأَوْبَارِهَا وَأَشْعَارِهَآ أَثَٰثًا وَمَتَٰعًا إِلَىٰ حِينٍ﴾[2] لە خوری‌و بەرگن‌و موویـان کەلوپەل‌و پێویستی ماڵ دابین دەکەن‌و گوزەران دەکەن تا ماوەیە.

لەم ئاژەڵانە بخۆن‌و شوێنی بەرنامەی شەیتان مەکەون تێیدا

خودای گەورە ئەفـەرموێت: ﴿كُلُواْ مِمَّا رَزَقَكُمُ ٱللَّهُ﴾ لـەو ڕۆزیـەی کە خـودا پێـی داون بخۆن. واتە: لەو بەروبوم‌و کشتوکاڵ‌و ئاژەڵانە بخۆن کە خـودا دروستـی کردوە بۆتـان ﴿وَلَا تَتَّبِعُواْ خُطُوَٰتِ ٱلشَّيْطَٰنِ﴾ ڕێ‌و شوێنی شەیتان مەگرنەبەر‌و فەرمانەکانی بەجێ مـەهێنن. وەك چۆن ئـەو بتپەرستـانە وتیانە بەرو ئەو ڕۆزیەی خودا پێیدان لە بەروبوم‌و کشتوکاڵ لە خۆیان حەرام کرد، بە بوختان کردن بە نـاوی خـوداوە ﴿إِنَّهُۥ لَكُمْ عَدُوٌّ مُّبِينٌ﴾ چونکە شـەیتان بـە ئاشکرا دوژمنتانـە. وەك خـودای گـەورە لـە ئایـــەتی تـــردا ئەفـــەرموێت: ﴿ إِنَّ ٱلشَّيْطَٰنَ لَكُمْ عَدُوٌّ فَٱتَّخِذُوهُ عَدُوًّا ۚ إِنَّمَا يَدْعُواْ حِزْبَهُۥ لِيَكُونُواْ مِنْ أَصْحَٰبِ ٱلسَّعِيرِ ﴾[3] شەیتان دوژمنـی ئێوەیە، سـا ئێـوەش ببنـە دوژمنـی، ئـەو هـەر بۆیـە دارو دەستـەی بـانگ دەکات، تا لە هاوەڵانی ئاگر بن. وە ئەفەرموێت: ﴿ يَٰبَنِىٓ ءَادَمَ لَا يَفْتِنَنَّكُمُ ٱلشَّيْطَٰنُ كَمَآ أَخْرَجَ أَبَوَيْكُم مِّنَ ٱلْجَنَّةِ يَنزِعُ عَنْهُمَا لِبَاسَهُمَا لِيُرِيَهُمَا سَوْءَٰتِهِمَآ ﴾[4] ئەی نەوەکانی ئـادەم شـەیتان نەتانخەڵـەتێنێ هـەر وەك باوك‌و دایکتانی لە بەهەشت بە دەرکردن داو جل‌و بـەرگی لێ داڕنـین تـا شـەرمی خۆیانیـان پیـان نیـشان بـدا. وە ئەفـــەرموێت: ﴿أَفَتَتَّخِذُونَهُۥ وَذُرِّيَّتَهُۥٓ أَوْلِيَآءَ مِن دُونِى وَهُمْ لَكُمْ عَدُوٌّۢ ۚ بِئْسَ لِلظَّٰلِمِينَ بَدَلًا ﴾[5] ئایا ئێوە توخمی شەیتان‌و نەوەی جگە لە من دەکەن بە دۆستی خۆتان، کە بە ئاشکرا ئەوانە

---

[1] النحل (٦٦).

[2] النحل (٨٠).

[3] فاطر (٦).

[4] الاعراف (٢٧).

[5] الكهف (٥٠).

دوژمنتانن؟ ئای چ گۆڕینەوەیەکی خراپە بۆ ستەمکاران. (لەباتی خودا) ئایەت لەم بارەوە لە قورئاندا زۆرە.

﴿ثَمَٰنِيَةَ أَزْوَٰجٍ مِّنَ ٱلضَّأْنِ ٱثْنَيْنِ وَمِنَ ٱلْمَعْزِ ٱثْنَيْنِ قُلْ ءَآلذَّكَرَيْنِ حَرَّمَ أَمِ ٱلْأُنثَيَيْنِ أَمَّا ٱشْتَمَلَتْ عَلَيْهِ أَرْحَامُ ٱلْأُنثَيَيْنِ نَبِّـُٔونِى بِعِلْمٍ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ (١٤٣) وَمِنَ ٱلْإِبِلِ ٱثْنَيْنِ وَمِنَ ٱلْبَقَرِ ٱثْنَيْنِ قُلْ ءَآلذَّكَرَيْنِ حَرَّمَ أَمِ ٱلْأُنثَيَيْنِ أَمَّا ٱشْتَمَلَتْ عَلَيْهِ أَرْحَامُ ٱلْأُنثَيَيْنِ أَمْ كُنتُمْ شُهَدَآءَ إِذْ وَصَّىٰكُمُ ٱللَّهُ بِهَٰذَا فَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ ٱفْتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا لِّيُضِلَّ ٱلنَّاسَ بِغَيْرِ عِلْمٍ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلظَّٰلِمِينَ (١٤٤)﴾

﴿ثَمَٰنِيَةَ أَزْوَٰجٍ مِّنَ ٱلضَّأْنِ ٱثْنَيْنِ وَمِنَ ٱلْمَعْزِ ٱثْنَيْنِ قُلْ ءَآلذَّكَرَيْنِ حَرَّمَ أَمِ ٱلْأُنثَيَيْنِ أَمَّا ٱشْتَمَلَتْ عَلَيْهِ أَرْحَامُ ٱلْأُنثَيَيْنِ نَبِّـُٔونِى بِعِلْمٍ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ﴾ هەشت سەر ماڵاتی نێرو مێی دروست کردوە: مەڕو بەرانو بزنو سابرێن. بڵێ: ئایا خوا نێرینەکانی حەرام کردوە؟ یان مێینەکان؟ یان ئەوەی وا لە سکی مێیەکاندا؟ بەڵگەم نیشاندەن ئەگەر ئێوە ڕاست دەڵێن. (چواری تریش بریتین لە) وشتری نێرو وشتری مێو چێڵو مانگا، بڵێ: ئایا خوانێرینەکانی حەرام کردوە؟ یان مێینەکان؟ یان ئەوەی وا لە سکی مێیەکاندا؟ یان خۆتان ئاگادار بوون کە خودا وای ڕاسپاردوون؟ لێرەدا خودای گەورە باسی نەفامی عەرەبەکان دەکات لە پێش ئیسلامدا. لەوەی کە هەندێ ماڵاتیان لە خۆیان حەرام کردو دابەشیان دەکرد بە چەند جۆرەوە وەك (بەحیرە)و (سائیبە)و (وصیلە)و (حام)و چەند جۆرو ناوی تریش کە بە ئارەزوی خۆیان دایان دەهێنا لەناو ئاژەڵو ماڵاتو کشتوکاڵو بەروبومدا. خودای گەورەش ڕوونی کردوەتەوە کە هەر خۆی بەروبومی بە داربەستو بێ داربەست دروست کردوە لە باخەکاندا وە هەر خۆشی ماڵاتی بار بەرو بزنو مەڕیشی دروست کردوە، پاشان دێتە سەر باسی جۆری ماڵاتی سپی وەك مەڕو بەران، ڕەش وەك بزنو سابرێنو وشتری نێرو مێو چێڵو مانگا بێگومان خودا هیچێ لەمانەو لە بێچوەکانیشی حەرام نەکردوە، بەڵکو هەموو دروس کراوە بۆ ئەوەی ئادەم کە بیخواتو سواری بێو شیرەکەیشی بخواتو سوودی تریشی لێ وەربگرێ. وەك خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَأَنزَلَ لَكُم مِّنَ ٱلْأَنْعَٰمِ ثَمَٰنِيَةَ أَزْوَٰجٍ﴾[1] هەشت جووتیشی لە ماڵات بۆ ناردن. خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿أَمَّا ٱشْتَمَلَتْ عَلَيْهِ أَرْحَامُ ٱلْأُنثَيَيْنِ﴾ یان ئەوەی وا لە سکی مێینەکاندا؟ لە وەڵامی ئەوەی کە دەیلێن: ﴿مَا فِى بُطُونِ هَٰذِهِ ٱلْأَنْعَٰمِ خَالِصَةٌ لِّذُكُورِنَا وَمُحَرَّمٌ عَلَىٰٓ

[1] الزمر (٦).

﴿أَزْوَٰجِنَا﴾[1] چی لەناو سکی ئەو ئاژەڵانە دایە بۆ نێرینەی ئێمە حەڵاڵەو بۆ ژنانمان حەرامە. پاشان خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿نَبِّـُٔونِي بِعِلْمٍ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ﴾ بەڵگەم نیشاندەن، ئەگەر ئێوە ڕاست دەڵێن. واتە: پێم بڵێن بەڕاستی چۆن خودا ئەوەی لێ حەرام کردون کە ئێوە بە حەرامتان داناوە لەسەر خۆتان لە (بەحیرە)و (سائیبە)و (وصیلە)و (حام) عەوفی گوتی: لە ئیبنوعەبباسەوە لەم دەقەدا کە خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿ثَمَٰنِيَةَ أَزْوَٰجٍ مِّنَ ٱلضَّأْنِ ٱثْنَيْنِ وَمِنَ ٱلْمَعْزِ ٱثْنَيْنِ﴾ ئەمە چوار جووتە. ﴿قُلْ ءَآلذَّكَرَيْنِ حَرَّمَ أَمِ ٱلْأُنثَيَيْنِ﴾ بڵێ: خوا نێرینەکانی حەرام کردوە؟ یان مێینەکان؟ خودای گەورە ئەفەرموێت هیچێ لەمانەی حەرام نەکردوە ﴿أَمَّا ٱشْتَمَلَتْ عَلَيْهِ أَرْحَامُ ٱلْأُنثَيَيْنِ﴾ یان ئەوەی وا لە سکی مێیەکاندا؟ واتە: ئایا سکی مێیەکان لە نێرو مێ پێك نایەت، بۆچی هەندێکی حەڵاڵ دەکەن‌و هەندێکی حەرام دەکەن؟ ﴿نَبِّـُٔونِي بِعِلْمٍ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ﴾ بەڵگەیەکم نیشان بدەن ئەگەر ڕاست دەڵێن. خودای گەورە ئەفەرموێت هەمووی حەڵاڵە[2] خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿أَمْ كُنتُمْ شُهَدَآءَ إِذْ وَصَّىٰكُمُ ٱللَّهُ بِهَٰذَا﴾ ئایا ئێوە لەوێ بوون کاتێ کە خودا وای ڕاسپاردن، خودای گەورە هەڕەشەیان لێ دەکات لەسەر ئەوەی کە دایانهێناوەو هەڵیان بەستوە بۆ خواو حەرامیان کردوە لە خۆیان لەو شتانەو ئەفەرموێت: ﴿فَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ ٱفْتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا لِّيُضِلَّ ٱلنَّاسَ بِغَيْرِ عِلْمٍ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلظَّٰلِمِينَ﴾ ساکێ لەوە ستەمکارترە درۆ بۆ خوا هەڵدەبەستێ، کە بێئەوەی بۆ خۆی زانستێکی هەبێ، هەوڵ بدات خەڵکی تریش گومڕا بکات؟ خودا کۆمەڵی ستەمکاران شارەزای ڕێگەی خۆی ناکات. واتە: هیچ کەسێ لەوە ستەمکار تر نیە یەکەم کەسێ ئەم ئایەتە بە تەواوی دەیگرێتەوە عەمری کوڕی لوحەیی کوڕی قەمەعەیە چونکە یەکەم کەس بوو کە ئاینی پێغەمبەرانی گۆڕی، وە یەکەم کەسیش بوو کە (سائیبە)و (وەصیلە)و (حامی) داهێنا. وەك لە فەرموودەی سەحیحدا هاتوە[3].

---

[1] الانعام (١٣٩).

[2] الطبري (١٨٧/١٢).

[3] فتح الباري (١٣٢/٨).

﴿قُل لَّآ أَجِدُ فِي مَآ أُوحِيَ إِلَيَّ مُحَرَّمًا عَلَىٰ طَاعِمٍ يَطْعَمُهُۥٓ إِلَّآ أَن يَكُونَ مَيْتَةً أَوْ دَمًا مَّسْفُوحًا أَوْ لَحْمَ خِنزِيرٍ فَإِنَّهُۥ رِجْسٌ أَوْ فِسْقًا أُهِلَّ لِغَيْرِ ٱللَّهِ بِهِۦ ۚ فَمَنِ ٱضْطُرَّ غَيْرَ بَاغٍ وَلَا عَادٍ فَإِنَّ رَبَّكَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ (١٤٥)﴾

باسی ئەو شتانەی کە حەرامکراون

خـودای گـەورە ئەفـەرموێت: ﴿قُل لَّآ أَجِدُ فِي مَآ أُوحِيَ إِلَيَّ مُحَرَّمًا عَلَىٰ طَاعِمٍ يَطْعَمُهُۥٓ إِلَّآ أَن يَكُونَ مَيْتَةً أَوْ دَمًا مَّسْفُوحًا أَوْ لَحْمَ خِنزِيرٍ فَإِنَّهُۥ رِجْسٌ أَوْ فِسْقًا أُهِلَّ لِغَيْرِ ٱللَّهِ بِهِۦ﴾ ئـەی موحەممـەد(ﷺ) بڵێ: لەناو ئەوانەدا کە پێم ڕاگەیەنراوە شتێکی وا پەیدا ناکەم کە خواردن لە کەسێك حەرام کرابێ، بێجگە لە مردارێ بوو یان خوێنی ڕژێندراو یا گۆشتی بەراز (کە پیسە) یان (ئاژەڵێ) کە بە ناوی غەیرەز خودا سەربڕاوە. واتە: خودای گەورە فەرمان دەکات بە بەندەو پێغەمبەری خۆی موحەممەد(ﷺ) کە بڵێ بەو کەسانە ئەو ڕۆزیەی کە خودا پێی داون و درۆیان بە ناوی خوداوە کردوەو حەرامیان کردوە. واتـە: وا نـازانم هـیچ شتێ لـە ئاژەڵـەکان کەسێ بیخـوات حـەرام بـێ جگـەی لەمانـە ﴿مَيْتَةً أَوْ دَمًا مَّسْفُوحًا﴾ یان خوێنی ڕژێندراو. قەتادە ئەڵێت: خـوێنی ڕژێـندراو حـەرام کـراوە، بـەڵام ئـەو گۆشـتـەی خوێنی تێکەڵاو بووە خواردنی حەرام نیە[١] حومەیدی وتی: لە سوفیانەوە لـە عـەمری کـوڕی دینـارەوە وتی: بە جابیری کوڕی عەبدوڵلام ووت: ئەوانە دەڵێن کە پێغەمبـەری خـودا(ﷺ) گۆشـتی کـەری مـاڵی حەرام کردوە لە کاتی خەیبەردا وتی: ئەو کاتە حەکـەمی کوڕی عـەمر ئـەوەی لـە پێغەمبـەرەوە(ﷺ) گێڕایەوە، بەڵام ئیبنوعەبباس دانی پێدانەناو ئەم ئایەتـەی خوێند: ﴿قُل لَّآ أَجِدُ فِي مَآ أُوحِيَ إِلَيَّ مُحَرَّمًا عَلَىٰ طَاعِمٍ يَطْعَمُهُۥٓ﴾[٢] بوخـاریو ئـەبوداوودیش ڕیوایـەتیان کـردوە.[٣] ئەبوبـەکر ڕیوایـەتی کـردوە ئیبنومەردەوەیهیو حاکیم لـە موستـەدرەکەکەیدا لـە ئیبنوعەبباسـەوئەڵێت: خـەڵکی چـەرخی نـەفامی هەندێ شتیان ئەخواردو هەندێکیان لەبەر پیسیو چەپەڵی نەدەخوارد، خودای گەرە ئـەم پێغەمبـەرەی (ﷺ) بە کتێبەوە کە قورئانی پیرۆزە ڕەوانە کرد، ئەوی حەڵاڵە بۆی حەڵاڵ کردن و ئـەوەیش حەرامـە لێی حەرام کردن، ئەوەیش لێی بێدەنگ بووە چاکەو خراپ نیە پاشـان ئـەم ئایەتـەی خوێند: ﴿قُل لَّآ أَجِدُ فِي مَآ أُوحِيَ إِلَيَّ مُحَرَّمًا عَلَىٰ طَاعِمٍ يَطْعَمُهُۥٓ﴾ ئەمە وتەی ئیبنومەردەوەیهیە، ئـەبوداوودیش ڕیوایـەتی

---

[١] الطبري (١٢/١٩٣).

[٢] الحُميدي (٢/٣٩٧)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

[٣] فتح الباري (٩/٥٧٠)، أبوداود (٤/١٦٢).

کردوە، حاکیم گوتی: ئەم فەرموودەیە سەنەدەکانی سەحیحە[1] ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردوە لە ئیبنوعەبباسەوەئەڵێت: مەڕێکی سەودەی کچی زەمەعە مردار بووەوە گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) فلانە مردار بووە واتە: ئەو مەڕە، فەرمووی: (بۆچی پێستەکەتان لیٚ نەکردەوە؟) (سەودە) وتی: پێستی مەڕیٚ بکەینەوە کە مردار بوەتەوە؟ پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿قُل لَّآ أَجِدُ فِي مَآ أُوحِيَ إِلَيَّ مُحَرَّمًا عَلَىٰ طَاعِمٍ يَطْعَمُهُۥٓ إِلَّآ أَن يَكُونَ مَيْتَةً أَوْ دَمًا مَّسْفُوحًا أَوْ لَحْمَ خِنزِيرٍ﴾ خۆ ئێوە نایخۆن، خۆشەی بکەن بەهرەی لیٚ وەرگرن، (سەودە) ناردی پێستەکەیان لیٚ کردەوەو خۆشەی کردو، کردی بە کونە (جەوەنە) لەلای مایەوە هەتا کونی تیٚ بوو.[2] بوخاریو نەسائیش هەر بەم شێوەیە ڕیوایەتیان کردوە.[3] پاشان خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿فَمَنِ ٱضْطُرَّ غَيْرَ بَاغٍ وَلَا عَادٍ فَإِنَّ رَبَّكَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾ هەرکەسێکیش (بە ناچاریو بەبیٚ ئارەزوو) لەو حەرامانە بخوا لە ئەندازەی تێر بوونی خۆی زیاتر نەخوا، بێگومان خودا بەخشندەیەو دلۆڤانەو لێی دەبوریٚ. مەبەست لەم ئایەتە پیرۆزە وەڵامدانەوەی ئەو بتپەرستانە بوو کە ئەو شتانەیان داهێنا بوو بە ئارەزوی خۆیان وەك (سائیبەو بەحیرەو حامو وەصیلەو چەند شتی تریشیان لە خۆیان قەدەغە کردبوو، خودای گەورە فەرمانی دا بە پێغەمبەرەکەی (ﷺ) کە ئاگاداریان بکات، کە هیچ شتێکی وا نابینیٚ لەوەی کە خوا بۆی ناردوە کە ئەوانە قەدەغەن، بەڵکو ئەو شتانە قەدەغەن کە لەم ئایەتەدا هاتوە وەك گۆشتی مرداڕ بوو یان خوێنی ڕژێندراو یان گۆشتی بەرازو ئەوەی بە ناوی غەیرەز خوداوە سەربڕاوە. جگە لەمانە حەرام نەکراوە بەڵکو قسەی لەسەر نەکراوەو چاوپۆشی لیٚ کراوە. کەواتە ئێوە چۆن دەڵێن ئەوە حەرامە، لە کوێوە ئەوەتان حەرام کردوە کە خودا حەرامی نەکردوە؟

﴿وَعَلَى ٱلَّذِينَ هَادُوا۟ حَرَّمْنَا كُلَّ ذِى ظُفُرٍ ۖ وَمِنَ ٱلْبَقَرِ وَٱلْغَنَمِ حَرَّمْنَا عَلَيْهِمْ شُحُومَهُمَآ إِلَّا مَا حَمَلَتْ ظُهُورُهُمَآ أَوِ ٱلْحَوَايَآ أَوْ مَا ٱخْتَلَطَ بِعَظْمٍ ۚ ذَٰلِكَ جَزَيْنَٰهُم بِبَغْيِهِمْ ۖ وَإِنَّا لَصَٰدِقُونَ ﴿١٤٦﴾﴾

ئەو حەڵاڵانەی لە جوولەکە حەرام کرا بەهۆی لە ڕیٚ دەرچونیانەوە بوو

خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَعَلَى ٱلَّذِينَ هَادُوا۟ حَرَّمْنَا كُلَّ ذِى ظُفُرٍ﴾ ئێمە هەموو چرنونك دارێکمان (لە ئاژەڵو باڵدار) لەسەر ئەوانە بوونە جوولەکە حەرام کرد.[4] وەك وشترو ئاژەڵو مراوی

[1] أبوداود (٣٨٠٠)، الحاكم (١١٥/٤)، فەرموودەیەکی باشە (جید).

[2] أحمد (٣٢٧/١)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

[3] فتح الباري (٥٧٧/١١)، النسائي (١٧٣/٧).

[4] سەیری تەفسیری ئایەتی (٩٣) لە سورەتی ئالی عیمران بکە لەسەر ئەم باسە.

پاشان ئەفەرموێت: ﴿وَمِنَ ٱلۡبَقَرِ وَٱلۡغَنَمِ حَرَّمۡنَا عَلَيۡهِمۡ شُحُومَهُمَآ﴾ پیوو چەوریو گاو مانگاو مەڕیشمان لەسەر حەرام کردن. سوودی ئەڵێت: ﴿شُحُومَهُمَآ﴾ واتە: چەوری ورگو چەوری هەردوو گورچیلە. جوولەکەکان دەیانووت: ئەوانە یەعقوب پێغەمبەر(سەلامی خوای لێبێ) حەرامی کرد، ئێمەش حەرامی دەکەین. عەلی کوڕی ئەبوتەلحەئەڵێت: لە ئیبنوعەبباسەوە: ﴿إِلَّا مَا حَمَلَتۡ ظُهُورُهُمَآ﴾ مەگەر ئەوەی کە بەسەر پشتیانەوە بێت. واتە: ئەو چەوریەی کە بە دەوری پشتیانەوەیە[1] ﴿أَوِ ٱلۡحَوَايَآ﴾ یان ئەو چەوریەی لەگەڵ ڕیخۆڵەکانیانە. ئیمام ئەبوجەعفەری کوڕی جەریرئەڵێت: ﴿ٱلۡحَوَايَآ﴾ ئەوەی بە دەوری سکا (ورگا) کۆ دەبێتەوە کە بریتیە لە (مباعر)و (مرابض)یشی پێ دەڵێن، ڕیخۆڵەشی تێدایە. وتی: مانای قسەکە ئەوەیە لە مانگاو مەڕدا پیوو چەوریەکەیمان حەرام کرد جگە لەوەی بەسەر پشتیانەوە بێ. یان ئەو چەوریەی کە بە ڕیخۆڵەکانیانەوەیە. عەلی کوڕی ئەبوتەلحەئەڵێت: لە ئیبنوعەبباسەوە ﴿أَوِ ٱلۡحَوَايَآ﴾ ئەوەی بە ڕیخۆڵەکانیانەوەیە، واتە (المبعر)[2] موجاهیدئەڵێت: ﴿ٱلۡحَوَايَآ﴾ واتە: (المبعر و المربض) هەردوو وشەکە یەك مانایان هەیە،یانی: ئەوەی بە ڕیخۆڵەکانیانەوەیە[3]. سەعیدی کوڕی جوبەیرو زەححاکیش هەر وایان گوتوە.[4] ﴿أَوۡ مَا ٱخۡتَلَطَ بِعَظۡمٖ﴾ یان ئەو پوەی تێکەڵاوی ئێسقان بوە حەڵاڵمان کرد بۆان. ئیبنوجورەیج ئەڵێت: چەوری دوگ کە تێکەڵی کلێنچکی مەڕ بووە ئەوەیش حەڵاڵە وە هەموو شتێ لە چواریەكو لاتەنیشتو سەرو چاوو ئەوەی تێکەڵاوی پێستە بووە دیسان حەڵاڵە بۆیان[5] سوودیش هەر وای وتوە[6]، پاشان خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿ذَٰلِكَ جَزَيۡنَٰهُم بِبَغۡيِهِمۡ﴾ بەهۆی یاخی بونیانەوە ئەو سزایەمان دان. واتە: ئەو تەنگیەمان بەسەردا هێناو بەو شێوەیە پابەندمان کردن لەبەر سەرپێچیو لە ڕێ لادانیان لە فەرمانەکانمان. وەك خودای گەورەلە ئایەتێکی تردا ئەفەرموێت: ﴿فَبِظُلۡمٖ مِّنَ ٱلَّذِينَ

---

[1] الطبري (٢٠٢/١٢).

[2] الطبري (٢٠٣/١٢).

[3] الطبري (٢٠٤/١٢).

[4] الطبري (٢٠٤/١٢).

[5] الطبري (٢٠٥/١٢).

[6] الطبري (٢٠٥/١٢).

هَادُوا۟ حَرَّمْنَا عَلَيْهِمْ طَيِّبَٰتٍ أُحِلَّتْ لَهُمْ وَبِصَدِّهِمْ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ كَثِيرًا ﴾[1] بەهۆی ستەم کردنەوە لەلایەن جوولەکەکانەوە حەرامامان کرد لێیان چەند خۆراکێکی پاكو خاوێن کە حەلاڵ کرا بوو بۆیان وە بەهۆی زۆر بەرهەڵستی کردنیان لە ڕێگەی خودا. لە کۆتایی ئایەتەکەدا خودای گەورەئەفەرموێت: ﴿وَإِنَّا لَصَٰدِقُونَ﴾ دیاریشە ئێمە ڕاست دەڵێین. بێگومان ئێمە دادگەر بووین لەو سزایەماندا بۆیان بەو شێوەیە. ئیبنوجەریرئەڵێت: بێگومان: ئەی موحەممەد(ﷺ) ڕاستمان وت لەو هەواڵەی کە پێمان ڕاگەیاندی کە ئەوەمان لێ قەدەغە کردن، نەك وەك ئەوە کە ئەوان دەڵێن یعقوب پێغەمبەر(سەلامی خوای لێبێ) لە خۆی حەرام کردوە، (بۆیە ئەمانیش لە خۆیان حەرام کردوە)[2].

فڕوفێڵی جوولەکەو لەعنەت کردنی خودا لێیان

عەبدوڵلای کوڕی عەبباس گوتی: هەواڵ درا بە عومەری کوڕی خەتاب (ڕەزای خوای لێبێ) کە سەمورە ئارەقی فرۆشتوە، عومەر وتی: خوا سەمورە بکوژێت! ئەی نازانێ کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (لەعنەتی خوا لە جوولەکە، بەزو پیویان لێ حەرام کرا، هەڵیان ئەکزاندو ئەیان پالاوتو دەیانفرۆشت) بوخاریو موسلیم ڕیوایەتیان کردوە[3] لە جابیری کوڕی عەبدوڵلاوە گوتی: لە پێغەمبەرم(ﷺ) بیست لە ساڵی فەتحدا فەرمووی: (خوداو پێغەمبەرەکەی(ﷺ) فرۆشتنی مەیو مردارەوەبووو بەرازو بتی حەرام کردوە). وتیان: ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) چۆنە بە لاتەوە، بەزو پیوی مردارەوە بوو کەشتیو پێستی پێ ئەهەنوونو دەیکەن بە چرا؟ فەرمووی: (نەخێر ئەوە حەرامە) پاشان پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: (لەعنەت لە جوولەکە، کە خودا بەزو پیوی مردارەوەبوی لێ حەرام کردن، هەڵیان دەکرازاندو ئەیانپالاوتو ئەیانفرۆشتو پارەکەیان ئەخوارد).[4] هەر شەش زانایانی فەرموودە ڕیوایەتیان کردوە[5].

﴿فَإِن كَذَّبُوكَ فَقُل رَّبُّكُمْ ذُو رَحْمَةٍ وَٰسِعَةٍ وَلَا يُرَدُّ بَأْسُهُۥ عَنِ ٱلْقَوْمِ ٱلْمُجْرِمِينَ ﴿١٤٧﴾﴾

---

[1] النساء (١٦٠).

[2] الطبري (٢٠٦/١٢).

[3] فتح الباري (٤٨٣/٤)، مسلم (٤٩٥/٣).

[4] فتح الباري (٤٩٥/٤).

[5] فتح الباري (٤٩٥/٤)، مسلم (١٢٠٧/٣)، أبوداود (٣٥٦/٣)، تحفة الاحوذي (٥٢١/٤)، النسائي (٣٠٩/٧)، إبن ماجة (٧٣٢/٢).

خودا خاوەنی بەزەییە و تاوانبارانیش لە سزای دەرباز نابن

خـودای گـەورە ئەفـەرموێت: ﴿فَإِن كَذَّبُوكَ فَقُل رَّبُّكُمْ ذُو رَحْمَةٍ وَاسِعَةٍ﴾ ئـەی موحەممـەد ئەگەر باوەڕیان پـێ نـەکردی، بڵـێ: پەروەرنـدەی ئێـوە خـاوەنی دلۆڤانیـەکی بـەربڵاوە. واتـە: ئەگـەر ئەوانەی دژایەتیت دەکەن لە جوولەکەو بت پەرستانو هاوشێوەیان. بڵـێ: پـەروەردگارتان خـاوەنی بەزەییەکی ئێجگار فراوانە. ئەمە هاندانێکە بۆ وەدەس هێنانی سۆزو بەزەیی فراوانـی خـودای گـەورەو شوێن کەوتنی پێغەمبەرەکەی(ﷺ). ﴿وَلَا يُرَدُّ بَأْسُهُ عَنِ الْقَوْمِ الْمُجْرِمِينَ﴾ گرۆی تاوانبـارانیش لـە سزای لانادرێن. ئەمەیش هەڕەشەیە لەوانەی کە دژایەتی پێغەمبەر دەکەن کە دواین پێغەمبـەرە(ﷺ). زۆر جار خودای گەورە لـە قورئانـدا هانـدانو هەڕەشـەی بـە یەکـەوە هێنـاوە. وەك خـودای گـەورە لـە کۆتایی ئەم سورەتەدا ئەفەرمووێت: ﴿إِنَّ رَبَّكَ سَرِيعُ الْعِقَابِ وَإِنَّهُ لَغَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾[1] پەروەرنـدەت بـە پەلـە تۆڵە دەسێنێو هەر ئەویشە کە لە گوناهان دەبورێو دلۆڤانە. وە ئەفـەرموێت: ﴿وَإِنَّ رَبَّكَ لَذُو مَغْفِرَةٍ لِّلنَّاسِ عَلَىٰ ظُلْمِهِمْ وَإِنَّ رَبَّكَ لَشَدِيدُ الْعِقَابِ﴾[2] گەرچـی مـەردم سـتەمکار بـن پـەروەردگارت بەخشندەیەو لە تۆڵەشدا توندو تیژە. وە ئەفەرموێت: ﴿نَبِّئْ عِبَادِي أَنِّي أَنَا الْغَفُورُ الرَّحِيمُ ﴿٤٩﴾ وَأَنَّ عَذَابِي هُوَ الْعَذَابُ الْأَلِيمُ﴾[3] هەواڵ بدە بە عەبدەکانم، کـە هـەر خـۆم لـە گونـاه دەبـورمو دلۆڤـانم، سزاشم زۆر بەژانـە. وە ئەفـەرموێت: ﴿إِنَّ بَطْشَ رَبِّكَ لَشَدِيدٌ ﴿١٢﴾ إِنَّهُ هُوَ يُبْدِئُ وَيُعِيدُ ﴿١٣﴾ وَهُوَ الْغَفُورُ الْوَدُودُ﴾[4] بێگومان هەڵمەت بردنی پەروەردگارت زۆر توندو تیژە. ئـەو هـەر خـۆی دروسـتی دەکـاتو دوبارەشـی دەکاتەوە. هەر ئەویشە لێبوردەو میهرەبانە. ئایەت لە بارەیەوە زۆرە.

﴿سَيَقُولُ الَّذِينَ أَشْرَكُوا لَوْ شَاءَ اللَّهُ مَا أَشْرَكْنَا وَلَا آبَاؤُنَا وَلَا حَرَّمْنَا مِن شَيْءٍ ۚ كَذَٰلِكَ كَذَّبَ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ حَتَّىٰ ذَاقُوا بَأْسَنَا ۗ قُلْ هَلْ عِندَكُم مِّنْ عِلْمٍ فَتُخْرِجُوهُ لَنَا ۖ إِن تَتَّبِعُونَ إِلَّا الظَّنَّ وَإِنْ أَنتُمْ إِلَّا تَخْرُصُونَ ﴿١٤٨﴾ قُلْ فَلِلَّهِ الْحُجَّةُ الْبَالِغَةُ ۖ فَلَوْ شَاءَ لَهَدَاكُمْ أَجْمَعِينَ ﴿١٤٩﴾ قُلْ هَلُمَّ شُهَدَاءَكُمُ الَّذِينَ يَشْهَدُونَ أَنَّ

---

[1] الانعام (١٦٥).

[2] الرعد (٦).

[3] الحجر (٤٩–٥٠).

[4] البروج (١٢–١٤).

ٱللَّهَ حَرَّمَ هَٰذَاۖ فَإِن شَهِدُواْ فَلَا تَشۡهَدۡ مَعَهُمۡۚ وَلَا تَتَّبِعۡ أَهۡوَآءَ ٱلَّذِينَ كَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِنَا وَٱلَّذِينَ لَا يُؤۡمِنُونَ بِٱلۡأٓخِرَةِ وَهُم بِرَبِّهِمۡ يَعۡدِلُونَ (١٥٠) ﴾

باسی هەڵەی بتپەرستان و وەڵام دانەوەی هەڵەکانیان

ئەمە وتوێژێکە خودای گەورە باسی کردوە، وە گومانێکە بتپەرستان دەیانەوێ بیکەنە هۆکاریێ بۆ ئەو بتپەرستیەی کە دەیانکردو ئەو شتانەی لە خۆیان حەرام دەکرد، دەیانگوت خوا خۆی ئاگای لێ بووە لەو بت پەرستیەی کە پێی هەڵساون و ئەو شتانەی کە لە خۆیان حەرام کردوە، خودا دەیتوانی بیگۆڕێ و باوەڕ بخاتە دڵمانەوەو لە خوانەناسی لامان بدات، کە نەیگۆڕیوە مانای وایە کە بە ئارەزو مەیلی ئەوەو لەو کارەمان ڕازی بووە کە کردومانە. هەر بۆیە خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿سَيَقُولُ ٱلَّذِينَ أَشۡرَكُواْ لَوۡ شَآءَ ٱللَّهُ مَآ أَشۡرَكۡنَا وَلَآ ءَابَآؤُنَا وَلَا حَرَّمۡنَا مِن شَيۡءٖۚ﴾ ئەو کەسانەی کە شەریك بۆ خوا دادەنێن، دەڵێن: خوا مەیلی لێ بوایە ئێمەو باب و باپیرانمان بتپەرستیمان نەدەکرد، هیچ شتیشمان لە خۆمان حەرام نەدەکرد. وەك لە ئایەتێکی تردا خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿ وَقَالُواْ لَوۡ شَآءَ ٱلرَّحۡمَٰنُ مَا عَبَدۡنَٰهُم﴾[1] دەڵێن: ئەگەر خوا مەیلی لێ بوایە ئێمە نەماندەپەرستن. ئایەتی (٣٥)ی سورەتی نەحل هەر وەك ئەم ئایەتە وایە. پاشان خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿كَذَٰلِكَ كَذَّبَ ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِهِمۡ حَتَّىٰ ذَاقُواْ بَأۡسَنَاۗ﴾ ئەوانەی پێش ئەوانیش هەر بڕوایان نەهێنا، هەتا ئەو کاتەی کە سزای ئێمەیان چەشت. واتە: هەر بەو شێوەیە ئەوانەی پێش لەمانەش تووشی ئەو گومانە هاتن و سەریان لێ تێکچوو. چونکە بەڵگەکانیان زۆر پڕوپوچ و بێ بنەما بوو. ئەگەر وا بوایە خودا تووشی ئەو سزای نەدەکردن و قڕی نەدەخستە ناویان و پێغەمبەرانی بەڕێزی خۆی لە شوێنیان جێگیر نەدەکردو بتپەرستانی تووشی سزاو تۆڵە نەدەکرد بە دەستیانەوە، پاشان ئەفەرموێت: ﴿قُلۡ هَلۡ عِندَكُم مِّنۡ عِلۡمٖ فَتُخۡرِجُوهُ لَنَآۖ﴾ بڵێ: ئەگەر لە زانین شتێك شك دەبەن، بۆمان دەرخەن. واتە: ئەگەر وا دەزانن خوا لێیان ڕازیە لەسەر ئەو کارەی دەیکەن بۆمان ڕوون بکەنەوەو ئاگادارمان بکەن لێی ﴿إِن تَتَّبِعُونَ إِلَّا ٱلظَّنَّ وَإِنۡ أَنتُمۡ إِلَّا تَخۡرُصُونَ ﴾ بەڵام ئێوە هەر شوێنی گومان دەکەون و هەر لەخۆوە قسە دەکەن. واتە: شوێن گومان و بیرو باوەڕی خراپ کەوتوون و بوختان بۆ خودا هەڵدەبەستن بۆ پاساوی ئەو کارە خراپەتان. پاشان خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿قُلۡ فَلِلَّهِ ٱلۡحُجَّةُ ٱلۡبَٰلِغَةُۖ فَلَوۡ شَآءَ لَهَدَىٰكُمۡ أَجۡمَعِينَ ﴾ بڵێ: بەڵگەی بەهێز هەر

---

[1] الزخرف (٢٠).

هی خودایه، ئەگەر مەیلی لێ بوایه هەمووتانی دەخستە سەر ڕاستە ڕێ. واتە: لە کارزانی تەواو بەڵگەی بەقەوەت هی خودایە لە شارەزا کردنی هەرکەسێو گومڕا کردنی هەر کەسێ. هەموو شتێ بە مەیلی خودا خۆیەتی، لەگەڵ ئەوەیشدا لە موسوڵمان ڕازیەو خوانەناسی خۆش ناوێ. وەك خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَلَوْ شَآءَ ٱللَّهُ لَجَمَعَهُمْ عَلَى ٱلْهُدَىٰ﴾[1] ئەگەر خوا خۆی مەیلی لێ بوایە هەمووتانی شارەزای ڕاستەڕێ دەکرد. وە ئەفەرموێت: ﴿وَلَوْ شَآءَ رَبُّكَ لَجَعَلَ ٱلنَّاسَ أُمَّةً وَٰحِدَةً ۖ وَلَا يَزَالُونَ مُخْتَلِفِينَ ﴿١١٨﴾ إِلَّا مَن رَّحِمَ رَبُّكَ ۚ وَلِذَٰلِكَ خَلَقَهُمْ ۗ وَتَمَّتْ كَلِمَةُ رَبِّكَ لَأَمْلَأَنَّ جَهَنَّمَ مِنَ ٱلْجِنَّةِ وَٱلنَّاسِ أَجْمَعِينَ﴾[2] پەروەردگارت ئەگەر مەیلی لێ بوایە، خەڵکی دنیای گشتی دەکردە یەك ئاین، بەڵام بە ناتەبایی هەر دەمێنێتەوە، مەگەر پەروەردگاری تۆ بەزەیی پێیاندا بێتەوە، کە هەر بۆ ئەوەی دروست کردوون. بڕیاری پەروەردگارت هەر دێتە جێ. کە جەهەنم لە جنۆکەو بنیادەم پڕ دەکەم. زەحجاك ئەڵێت: هیچ بەڵگەیە نیە بۆ کەس کە سەرپێچی فەرمانی خودای کردبێ، بەڵام خودای گەورە بەڵگەی زۆر بەهێزی هەیە لەسەر عەبدەکانی. پاشان خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿قُلْ هَلُمَّ شُهَدَآءَكُمُ ٱلَّذِينَ يَشْهَدُونَ أَنَّ ٱللَّهَ حَرَّمَ هَٰذَا﴾ بڵێ ئەو شایەتانەتان بێنن وا شایەتی ئەدەن: کە خودا ئەمەی حەرام کردوە. واتە: شایەتەکانتان بێنن کە ئەوەی لە خۆتان حەرام کردوە ڕاستە، بەڵام خۆ دیارە ئێوە درۆو بوختانتان بە دەمی خواوە هەڵبەستوە لەوەدا ﴿فَإِن شَهِدُوا۟ فَلَا تَشْهَدْ مَعَهُمْ﴾ ئەگەر ئەو شایەتیەشیان دان، تۆ لەگەڵیاندا شایەتی مەدە. چونکە بێگومان کە ئەو شایەتیەی کە ئەیدەن درۆو بوختان نەبێ هیچی تر نیە. ﴿وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَآءَ ٱلَّذِينَ كَذَّبُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَا وَٱلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِٱلْـَٔاخِرَةِ وَهُم بِرَبِّهِمْ يَعْدِلُونَ﴾ مەچۆرە سەر ئارەزوی ئەو کەسانەی کە نیشانەکانی ئێمەیان لا درۆیەو بڕوایان بە ڕۆژی دوایی نیەو هاوتا بۆ پەروەردگاریان دادەنێن.

﴿قُلْ تَعَالَوْا۟ أَتْلُ مَا حَرَّمَ رَبُّكُمْ عَلَيْكُمْ ۖ أَلَّا تُشْرِكُوا۟ بِهِۦ شَيْـًٔا ۖ وَبِٱلْوَٰلِدَيْنِ إِحْسَٰنًا ۖ وَلَا تَقْتُلُوٓا۟ أَوْلَٰدَكُم مِّنْ إِمْلَٰقٍ ۖ نَّحْنُ نَرْزُقُكُمْ وَإِيَّاهُمْ ۖ وَلَا تَقْرَبُوا۟ ٱلْفَوَٰحِشَ مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَمَا بَطَنَ ۖ وَلَا تَقْتُلُوا۟ ٱلنَّفْسَ ٱلَّتِى حَرَّمَ ٱللَّهُ إِلَّا بِٱلْحَقِّ ۚ ذَٰلِكُمْ وَصَّىٰكُم بِهِۦ لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ ﴿١٥١﴾﴾

---

[1] الانعام (٣٥).

[2] هود (١١٨-١١٩).

دە ڕاسپاردەکە

ئەبوداودی ئەودی ئەڵێت: لە شەعبیەوە لە عەلقەمەوە لە ئیبنومەسعودەوە (ڕەزای خوای لێبێ)ئەڵێت: هەر کەسێ حەز دەکات سەیری ڕاسپاردەکانی پێغەمبەری خودا(ﷺ) بکات کە مۆری خۆی لەسەرە، با ئەم ئایەتانە بخوێنێ کە خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿قُلْ تَعَالَوْا أَتْلُ مَا حَرَّمَ رَبُّكُمْ عَلَيْكُمْ أَلَّا تُشْرِكُوا بِهِ شَيْئًا﴾ ئەی موحەممەد(ﷺ) بلێ: وەرن ئەو شتانەی پەروەرندەتان لێی حەرام کردوون من بۆتانی بخوێنمەوە. کە هیچ شتێك بە شەریکی خودا مەزانن (هەتا دەگاتە) ئەو شوێنەی کە خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ﴾[1] حاکم ڕیوایەتی کردوە لە موستەدرەکەکەیدا لە ئیبنوعەبباسەوە لە سورەتی ئەنعامدا ئایەتانێکی تۆکمە هەن (المحکمات) کە ماکن بۆ ئەم قورئانە، پاشان ئەم ئایەتانەی خوێند: ﴿قُلْ تَعَالَوْا أَتْلُ مَا حَرَّمَ رَبُّكُمْ عَلَيْكُمْ﴾ پاشان حاکم گوتی: ئەم فەرموودە سەنەدەکانی ڕاستن[2] دیسان حاکم لە موستەدرەکەکەیدا ڕیوایەتی کردوە لە عوبادەی کوڕی سامیتەوە وتی: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: (کێ لە ئێوە پەیمانم دەداتێ لەسەر سێ شت)، پاشان پێغەمبەری خودا(ﷺ) دەستی کرد بە خوێندنی ئەم ئایەتانە: ﴿قُلْ تَعَالَوْا أَتْلُ مَا حَرَّمَ رَبُّكُمْ عَلَيْكُمْ﴾ تا تەواوی کردنو (فەرمووی) (هەرکەسێ ئەو پەیمانەی پاراست، ئەوە پاداشتی لەلای خودایە، هەرکەسێ کەمو کوڕی تیا کردنو خودا لە دنیا هەقی لێ سەند ئەوە تۆڵەکەیەتی وە هەرکەس خودا دوای خست بۆ ڕۆژی قیامەت، ئەوە فەرمانەکەی دەچێتە لای خودا، ئەگەر مەیلی لێبێ سزای ئەداتو مەیلیشی لێبێ عەفوی دەکات). پاشان وتی: سەنەدەکانی ڕاستن[3] لەبارەی تەفسیری ئایەتەکانشەوە خودای مەزن ئەفەرموێت بە پێغەمبەرو ڕاسپاردەی خۆی موحەممەد(ﷺ) ئەی موحەممەد(ﷺ) بلێ: بەو بت پەرستانەی کە غەیری خودایان پەرستوەو ئەو ڕۆزیەی کە خودا پێی دان لە خۆیان حەرام کردو منداڵەکانی خۆیان کوشت، هەموو ئەو شتانەی کە کردیان بە ئارەزوی خۆیان کردویانەو شەیتان لەلای شیرین کردن، ﴿قُلْ تَعَالَوْا أَتْلُ مَا حَرَّمَ رَبُّكُمْ عَلَيْكُمْ﴾ بلێ: وەرن ئەو شتانەی پەروەرندەتان لێی حەرام کردون من بۆتانی بخوێنمەوەو ئەو شتانەتان بۆ باس کەم کە بەڕاستی خودا حەرامی کردوە، بە گۆترە نیە، بەڵکو خودا خۆی بڕیاری داوەو فەرمانی خۆیەتیو فەرموویەتی.

---

[1] تحفة الاحوذي (١/٤٤٦).

[2] الحاكم (٢/٣١٧).

[3] الحاكم (٢/٣١٨)، سەنەدەکەی لاوازە.

١- قەدەغەکردنی بتپەرستی

خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿أَلَّا تُشۡرِكُواْ بِهِۦ شَيۡـٔٗا﴾ کە هیچ شتێك بە شەریکی خوا مەزانن. وەك ئەوەی لەم ڕستەدا شتێك حەزف کرابێ شێوازی دەقەکە بیگەیەنێ واتە: ئامۆژگاری کردوون ﴿أَلَّا تُشۡرِكُواْ بِهِۦ شَيۡـٔٗا﴾ بۆیە لە کۆتایی ئایەتەکەدا فەرموویەتی: ﴿ذَٰلِكُمۡ وَصَّىٰكُم بِهِۦ لَعَلَّكُمۡ تَعۡقِلُونَ﴾ خودا ئەمانەی بە ئێوە ڕاسپاردوە، بەڵکو ئێوە تێبگەن. وە لە هەردوو سەحیحەکەدا هاتوە لە ئەبوزەڕەوە (ڕەزای خوای لێبێ) وتی: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: (جوبرەئیل هاتە لام، مژدەی پێدام کە هەرکەسێ مرد لە هیچ شتێکدا شەریکی بۆ خوا دانەنا لە ئوممەتەی تۆ دەچێتە بەهەشت. گوتم: ئەگەر داوێن پیسیو دزیو ئارەقیشی خواردبێ؟ فەرمووی: ئەگەر داوێنپیسیو دزیو ئارەقیشی خواردبێ. گوتم: ئەگەر داوێنپیسیو دزیو ئارەقیشی خواردبێ؟ فەرمووی: ئەگەر داوێنپیسیو دزیو ئارەقیشی خواردبێ. گوتم: ئەگەر داوێنپیسیو دزیو ئارەقیشی خواردبێ؟ فەرمووی: ئەگەر داوێنپیسیو دزیو ئارەقیشی خواردبێ)[1]، وە لە هەندێ موسنەدو کتێبی فەرموودەدا لە ئەبوزەڕەوە هاتوە وتی: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: (خودای گەورە ئەفەرموێت: ئەی نەوەی ئادەم هەرکاتێ تۆ داوام لێ بکەیو لێم بپاڕێیتەوە، بێگومان من لەوەی کە کردوتە خۆش دەبم، بەلامەوە گرنگ نیە ئەگەر بە ئەندازەی زەمین تاوانەوە بێیتە لام، بە ئەندازەی ئەوە بە لێبوردن دێمە لات. بەو مەرجەی لە هیچ شتێکدا شەریکم بۆ دانەنێیت. وە ئەگەر تاوان بکەی، تا تاوانەکانت دەگاتە هەور پاشان داوای لێبوردنت لێ کردم لێت بوراوم)[2]. لەم بارەیەوە بەڵگە هەیە لە قورئاندا خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغۡفِرُ أَن يُشۡرَكَ بِهِۦ وَيَغۡفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُ﴾[3] خودا لەوانە خۆش نابێ کە هاوەڵی بۆ دادەنێن، جگە لەوە لە هەر گوناهێکی تر خۆش دەبێ بۆ هەر کەسێ خۆی بیەوێت (وە لە سەحیحی موسلیمدا هاتوە لە ئیبنومەسعودەوە: (هەرکەسێ مردبێ لە هیچ شتێکدا شەریکی بۆ خوا دانەنابێ چووەتە بەهەشت)[4]، ئایەتو فەرموودە لەم بارەیەوە ئێجگار زۆرە.

٢-فەرماندان بە چاکە کردن لەگەڵ دایکو باب

خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَبِٱلۡوَٰلِدَيۡنِ إِحۡسَٰنٗا﴾ وە لەگەڵ دایکو بابی خۆتان چاکە بکەن. واتە: ئامۆژگاریتان دەکەمو فەرمانتان پێدەدەم کە بە چاکی هەڵسوکەوت بکەن لەگەڵ بابو دایکتان. وەك

---

[1] البخاري (١٢٣٧)، مسلم (٩٤).

[2] أحمد (١٧٢/٥)، تحفة الاحوذي (٥٢٤/٩)، عن أنس، فەرموودەیەکی حەسەنە.

[3] النساء (٤٨).

[4] مسلم (٩٤/١).

خودای گەورە لە ئایەتێکی تردا ئەفەرموێت: ﴿وَقَضَىٰ رَبُّكَ أَلَّا تَعْبُدُوٓاْ إِلَّآ إِيَّاهُ وَبِٱلْوَٰلِدَيْنِ إِحْسَٰنًا﴾[1] پەروەردگارت فەرمانی دا کە غەیرەز ئەو مەپەرستن، سەبارەت بە دایكو بابیش چاکە بکەن. هەندێ ئەم ئایەتەیان خوێندوەتەوە: (وَقَضَىٰ رَبُّكَ أَلَّا تَعْبُدُوٓاْ إِلَّآ إِيَّاهُ وَبِٱلْوَٰلِدَيْنِ إِحْسَٰنًا) واتە: بە چاکی لەگەڵیان بجوڵێنەوە. خودای گەورە زۆر جار کە باسی گوێڕایەڵی خۆی دەکات بە دوایدا باسی چاکەکردنیش لەگەڵ بابو دایکیش دەکات. وەك ئەفەرموێت: ﴿أَنِ ٱشْكُرْ لِى وَلِوَٰلِدَيْكَ إِلَىَّ ٱلْمَصِيرُ ﴿١٤﴾ وَإِن جَٰهَدَاكَ عَلَىٰٓ أَن تُشْرِكَ بِى مَا لَيْسَ لَكَ بِهِۦ عِلْمٌ فَلَا تُطِعْهُمَا ۖ وَصَاحِبْهُمَا فِى ٱلدُّنْيَا مَعْرُوفًا ۖ وَٱتَّبِعْ سَبِيلَ مَنْ أَنَابَ إِلَىَّ ۚ ثُمَّ إِلَىَّ مَرْجِعُكُمْ فَأُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ﴾[2] ئەگەر هانی تۆیان دا، شتێ بکەی بە شەریکم، (کە خۆت هیچی لێ نازانی) فەرمانیان بەجێ مەهێنە لە دنیادا بە خۆشی لەگەڵیان بژیو هەر لە شوێن ئەوانە برۆ کە بەرەو من گەڕاونەتەوە، خودای گەورە لێرەدا فەرمانی داوە بە چاکە کردن لەگەڵیاندا با بت پەرستیش بن. وە لە ئایەتێکی تردا ئەفەرموێت: ﴿وَإِذْ أَخَذْنَا مِيثَٰقَ بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ لَا تَعْبُدُونَ إِلَّا ٱللَّهَ وَبِٱلْوَٰلِدَيْنِ إِحْسَانًا﴾[3] ئەو کاتەش پەیمانمان لە بەرەی ئیسرائیل وەرگرت: غەیرەز خودا نەپەرستنو چاکە لەگەڵ دایكو باب بکەن. ئایەت لەم بارەیەوە زۆرن. وە لە هەردوو سەحیحەکەدا هاتوە لە ئیبنومەسعودەوە (ڕەزای خوای لێبێ) گوتی: پرسیارم کرد لە پێغەمبەری خودا(ﷺ) چ کارێ چاکترە؟ فەرمووی: (نوێژ کردن لەکاتی خۆیدا) گوتم: دوای ئەوە چی تر؟ فەرمووی: (چاکە لەگەڵ دایكو باب) گوتم: دوای ئەوە چی تر؟ فەرمووی: (جیهاد کردن لە ڕێی خوادا) ئیبنومەسعود گوتی: پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئەمانەی بۆ باس کردم. ئەگەر داوای زیاتریشم لێ بکردایە هەر بۆی باس دەکردم[4].

٣-قەدەغە کردنی کوشتنی منداڵ

خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَلَا تَقْتُلُوٓاْ أَوْلَٰدَكُم مِّنْ إِمْلَٰقٍ ۖ نَّحْنُ نَرْزُقُكُمْ وَإِيَّاهُمْ﴾ لە ترسی لە برسا مردن فەرزەندی خۆتان مەکوژن. ئێمە بژێوی بە ئێوەو ئەوانیش ئەدەین. پاش ئەوەی خودای گەورە ئامۆژگاری دا لەبارەی دایكو بابو باپیرانەوە دێتە سەر باسی چاکە کردن لەگەڵ کوڕو

---

[1] الاسراء (٢٣).

[2] لقمان (١٤ـ١٥).

[3] البقرة (٨٣).

[4] فتح الباري (١٢/٢)، مسلم (٩١/١).

کوڕەزاو کچو کچەزا ئەفەرموێت: ﴿وَلَا تَقۡتُلُوٓاْ أَوۡلَٰدَكُم مِّنۡ إِمۡلَٰقٖ﴾ واتە: لە ترسی لە برسا مردن فەرزەندەکانتان مەکوژن. چونکە ئەوان شەیتا کوشتنی منداڵەکانی لەلا جوان کردبوون و بە دەستی خۆیان دەیانکوشتن، کچەکانیان زیندەبەچاڵ دەکردو لە ترسی شورەیی و نەنگی و هەندێ جاریش کوڕەکانیان دەکوشت لە ترسی هەژاری و لە برسا مردن، هەر بۆیە لە هەردوو سەحیحەکەدا هاتوە لە فەرموودەکەی عەبدوڵلای کوڕی مەسعودەوە (ڕەزای خوای لێبێ) کە پرسیاری کرد لە پێغەمبەری خودا(ﷺ) (وتی) کام گوناه زۆر گەورەیە؟ پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (هاوبەش بۆ خودا دابنێی کە ئەو دروستی کردوی) وتم: پاشان چی تر؟ فەرمووی: (منداڵەکەت بکوژی لە ترسی ئەوەی کە لەگەڵتدا بخوات) وتم: پاشان چی تر؟ فەرمووی: (داوێنپیسی بکەی لەگەڵ خێزانی دراوسێکەت) پاشان پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئەم ئایەتەی خوێند: ﴿وَٱلَّذِينَ لَا يَدۡعُونَ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَ وَلَا يَقۡتُلُونَ ٱلنَّفۡسَ ٱلَّتِي حَرَّمَ ٱللَّهُ إِلَّا بِٱلۡحَقِّ وَلَا يَزۡنُونَ﴾[1]، ئەوانەشی جگە لە خودا هیچ شتێ تر ناپەرستن، کەسێکیش ناکوژن کە خوا ڕژتنی خوێنی بە حەرام داناوە، مەگین بە هەق، تووشی داوێن پیسیش نابن. ﴿مِّنۡ إِمۡلَٰقٖ﴾ لە ترسی لە برسا مردن. ئیبنوعەبباس و قەتادەو سوودی و کەسانی تریش وتیان: لەبەر هەژاری.[2] واتە: لەبەر ئەوەی تووشی هەژاری هاتوون منداڵەکانتان مەکوژن. وە لە سورەتی ئیسرادا ئەفەرموێت: ﴿وَلَا تَقۡتُلُوٓاْ أَوۡلَٰدَكُمۡ خَشۡيَةَ إِمۡلَٰقٖ﴾[3] منداڵی خۆتان لە ترسی لە برسا مردن لەناو مەبەن واتە: لەبەر ئەوەی نەکات لە دوایدا تووشی هەژاری بێن. پاشان هەر لەم ئایەتەدا ئەفەرموێت: ﴿نَّحۡنُ نَرۡزُقُكُمۡ وَإِيَّاهُمۡ﴾ ئێمەین ڕۆزی ئەوان و ئێوەیش ئەدەین. لە پێشدا بە ڕۆزی منداڵەکانی دەستی پێکردوە لەبەر گرنگی دان پێیان، واتە: بەهۆی ئەوانەوە لە هەژاری خۆتان مەترسن، ئەوە لەسەر خودایە. بەڵام لەم ئایەتەدا: ﴿نَّحۡنُ نَرۡزُقُكُمۡ وَإِيَّاهُمۡ﴾ ئێمە ڕۆزی ئێوەو ئەوانیش ئەدەین لەبەر ئەوەی هەژاریەکە لێرەدا یەخەی گرتوون، خودا دڵنیایان دەکات کە ڕۆزیان ئەدات. والله أعلم.

٤-بە ئاشکراو بە نهێنی خۆتان تووشی خراپە مەکەن

خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَلَا تَقۡرَبُواْ ٱلۡفَوَٰحِشَ مَا ظَهَرَ مِنۡهَا وَمَا بَطَنَ﴾ بە ئاشکراو بە نهێنی خۆتان تووشی خراپە مەکەن. ئەم ئایەتە وەك ئەو ئایەیە کە خودای گەورە ئەفەرموێت:

---

[1] الفرقان (٦٨). فتح الباري (٨/٣٥٠)، مسلم (١/٩١).

[2] الطبري (١٢/٢١٧).

[3] الاسراء (٣١).

﴿ قُلْ إِنَّمَا حَرَّمَ رَبِّيَ الْفَوَاحِشَ مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَمَا بَطَنَ وَالْإِثْمَ وَالْبَغْيَ بِغَيْرِ الْحَقِّ وَأَن تُشْرِكُوا بِاللَّهِ مَا لَمْ يُنَزِّلْ بِهِ سُلْطَانًا وَأَن تَقُولُوا عَلَى اللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ ﴾[1] بلـێ: پەروەرنـدەم ئەمانـەی حـەرام کـردوە: کـاری خـراپ بـە ئاشکراو بە نهێنی، گوناه، بە ناهەق لە ڕێگە لادان، بێ هیچ بەڵگەیەك شەریك بۆ خوا دانان و قسەکردن دەربارەی خودا بەبێ زانین. لە هەردوو سەحیحەکەدا هاتوە لە ئیبنومەسعودەوە (ڕەزای خـوای لێبـێ) گوتی: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (هیچ کەسێ لە خودا بە غیرەتتر نیـە، هـەر لەبـەر ئەوەیـە کە بەدڕەفتاری حەرام کردوە چ بە ئاشکرا یان بە نهێنی بێ).[2] عەبدولمەلیکی کوڕی عومـەیر وتـی: لـە وەڕپادەوە (وَرَّاد) لە خاوەنەکەیەوە (مولاء) کـە موغـەیرە بـوو گـوتی: (سـەعدی کـوڕی عوبـادە وتـی: ئەگەر پیاوێکم لەگەڵ ژنەکەمدا بینی بە شمشێرێکی تیژ لێی ئەدەم. ئەو قسەیە گەیشت بە پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: ئایا لە غیرەتی سەعد سەرتان سوڕ دەمێنێ؟ من لە سەعد بـە غیرەتـترم، خـودا لە من بە غیرەتترە. هەر لەبەر ئەوەیە بەدڕەفتاری حـەرام کـردوە ئەوانـەی ئاشـکران و ئەوانـەیش کـە نهێنین) لە هەردوو سەحیحەکەدا هاتووە[3].

٥-قەدەغە کردنی کوشتنی کەسێ کە خوا کوشتنی حەرامی کردوە

خودای گەورە ئەفـەرموێت: ﴿وَلَا تَقْتُلُوا النَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ إِلَّا بِالْحَقِّ﴾ کەسیش مـەکوژن کـە خودا کوشتنی حەرام کردوە، مەگین لە ڕووی هەقەوە. ئەمە یەکێکە لـەو دەقانـەی کـە خـودای گـەورە جەختی لەسەر کردوەتەوە، ئەگەر وا نەبوایە دەچوە ڕیزی خراپە و بەدڕەفتاریەوە بـە ئاشـکرا یـان بـە نهێنی. لە هەردوو سەحیحەکەدا هاتوە: لە ئیبنومەسعودەوە (ڕەزای خـوای لێبـێ) گـوتی: پێغەمبـەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (ڕەوا نیە خوێنی هیچ موسوڵمانێ (بڕێژرێ) شایەتی بدات کە هیچ پەرستراوێ نیە جگە لە خوداو شایەتیش بدات کە من پێغەمبەری خودام (ﷺ) مەگین بە یەکێ لەمانە: پیاوێ ژنی هێنابێ و ژنێ سووی کردبێ و داوێن پیسیان کردبێ وە کەسێ لە باتی کەسێ کـە بـە ناهـەق کوشـتبێتی وە کەسێ واز لـە ئاینەکـەی بێنـێ و لـە کۆمـەڵی موسـوڵمانان جیـا بێتـەوە).[4] قەدەغـە و سەرزەنشت و هەڕەشە هاتوە لە بارەی کوشتنی ئەو کەسانەی کە پەیمانیان لەگەڵدا بەستراوە و دڵنیا کراونەتەوە لەو خەڵکانەی شەڕیان کردوە. بوخـاری ڕیوایـەتی کـردوە لـە عەبـدوڵڵای کـوڕی عـەمرەوە (ڕەزای خوایـان لێبێ) لە پێغەمبـەری خـوداوە (ﷺ) بـە مـەرفوعی: (هەرکەسـێ کەسـێ بکـوژێ کـە پـەیمانی لەگەڵدا

---

[1] الاعراف (٣٣).

[2] فتح الباري (١٤٦/٨)، مسلم (٢١١٤/٤).

[3] فتح الباري (٤١١/١٣)، مسلم (١١٣٦/٣).

[4] فتح الباري (٢٠٩/١٢)، مسلم (١٣٠٢/٣).

بەستراوە (المعاهد) بۆنی بەهەشت ناچێ بەسەریدا بێگومان بۆنی بەهەشت بۆ ماوەی چل ساڵ ڕێگە ڕۆشتن بۆنی دەڕوات).[1] ئەبوهورەیرە (ڕەزای خوای لێبێ) گوتی: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (هەرکەسێ پەیمان لێ وەرگیراوێ (المعاهد) بکوژێ لە ژێر سایەی خوداو سایەی پێغەمبەرەکەیدا بوبێ، ئەوە ئەو کەسە غەدری لە سایەی (پەیمانی) خودا کردوە، بۆنی بەهەشت ناکات، بێگومان بۆنەکەی ماوەی حەفتا پایز ڕێگە ڕۆشتن دەڕوات). ئیبنوماجەو تیرمیزی ڕیوایەتیان کردوە. تیرمیزی ئەڵێت: فەرموودەیەکی چاكو ڕاستە.[2] پاشان خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿ذَٰلِكُمْ وَصَّىٰكُم بِهِۦ لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ﴾ خودا ئەمانەی بە ئێوە ڕاسپاردوە بەڵكو ئێوە تێبگەن، لە فەرمانو قەدەغەکراوەکانی.

﴿وَلَا تَقْرَبُوا۟ مَالَ ٱلْيَتِيمِ إِلَّا بِٱلَّتِى هِىَ أَحْسَنُ حَتَّىٰ يَبْلُغَ أَشُدَّهُۥ ۖ وَأَوْفُوا۟ ٱلْكَيْلَ وَٱلْمِيزَانَ بِٱلْقِسْطِ ۖ لَا نُكَلِّفُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا ۖ وَإِذَا قُلْتُمْ فَٱعْدِلُوا۟ وَلَوْ كَانَ ذَا قُرْبَىٰ ۖ وَبِعَهْدِ ٱللَّهِ أَوْفُوا۟ ۚ ذَٰلِكُمْ وَصَّىٰكُم بِهِۦ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ ﴿١٥٢﴾﴾

٦-قەدەغەکردنی خواردنی ماڵی هەتیو

خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَلَا تَقْرَبُوا۟ مَالَ ٱلْيَتِيمِ إِلَّا بِٱلَّتِى هِىَ أَحْسَنُ حَتَّىٰ يَبْلُغَ أَشُدَّهُۥ﴾ نزیکی ماڵو دارایی هەتیوان مەکەونەوە بە شێوەیەکی جوانو چاك نەبێ تا کاتێ کە خۆی پێدەگات. عەتای کوڕی سائب وتی: لە سەعیدی کوڕی جوبەیرەوە لە ئیبنوعەبباسەوە: خوای گەورە ئەم ئایەتانەی ناردە خوار: ﴿وَلَا تَقْرَبُوا۟ مَالَ ٱلْيَتِيمِ إِلَّا بِٱلَّتِى هِىَ أَحْسَنُ﴾و ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يَأْكُلُونَ أَمْوَٰلَ ٱلْيَتَٰمَىٰ﴾[3] واتە: ئەو کەسانەی بە ناڕەوا ماڵی هەتیوان دەخۆن. ئەوانە هەتیویان لەلا بوو، هەڵسانو خواردنیان لە خواردنیانو خواردنەوەیان لە خواردنەوەیان جیا کردەوە وای لێ هات هەر شتێ کە بە چاکیان بزانیایە هەڵیان دەگرت بۆی تا دەیخوارد یان خراپ دەبوو، ئەو کارە زۆر ناڕەحەتی کردن، بۆیە ئەوەیان بۆ پێغەمبەری خودا(ﷺ) باس کردن، خودای گەورە ئەم ئایەتەی ناردە خوارەوە: ﴿وَيَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلْيَتَٰمَىٰ ۖ قُلْ إِصْلَاحٌ لَّهُمْ خَيْرٌ ۖ وَإِن تُخَالِطُوهُمْ فَإِخْوَٰنُكُمْ﴾[4] لێت دەپرسن: دەربارەی هەتیوان چۆن بین؟ بڵێ: ئەگەر بە دڵسۆزی ئاگاتان لێیان بێ کارێکی چاکە. ئەگەر لەگەڵ ئێوە دەژین، وەك براو خوشکی خۆتان بن. وتی: خواردنیان لەگەڵ خواردنو خواردنەوەیان لەگەڵ خواردنەوە یان تێکەڵاو کردن.

---

[1] فتح الباري (١٢/٢٧٠).

[2] تحفة الاحوذي (٤/٦٥٨)، إبن ماجة (٢/٨٩٦)، فەرموودەیەکی حەسەنە.

[3] النساء (١٠).

[4] البقرة (٢٢٠).

ئەبوداوود ڕیوایەتی کردوە[1] پاشان خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿حَتَّىٰ يَبْلُغَ أَشُدَّهُۥ﴾ تا کاتێ خۆی پێدەگات. مالیكو شەعبیو کەسانی تریش لە زانایانی پێشینەئەڵێن: واتە: تا باڵغ دەبێ[2].

٧-فەرماندان بە کێشانەو پێوانە بێ کەمو کوڕی

خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَأَوْفُواْ ٱلْكَيْلَ وَٱلْمِيزَانَ بِٱلْقِسْطِ﴾ با پێوانەو کێشانەتان بەرانبەر بێو کەمو کوڕی تێدا نەبێ. خودای گەورە فەرمان دەکات بە دادگەری لە کڕینو فرۆشتنو وەرگرتنو دانەوەدا. وەك چۆن هەڕەشەی کردوە لە پشت گوێ خستنی دادگەری لەو بارەیەوەو ئەفەرموێت: ﴿وَيْلٌ لِّلْمُطَفِّفِينَ ① ٱلَّذِينَ إِذَا ٱكْتَالُواْ عَلَى ٱلنَّاسِ يَسْتَوْفُونَ ② وَإِذَا كَالُوهُمْ أَو وَّزَنُوهُمْ يُخْسِرُونَ ③ أَلَا يَظُنُّ أُوْلَٰٓئِكَ أَنَّهُم مَّبْعُوثُونَ ④ لِيَوْمٍ عَظِيمٍ ⑤ يَوْمَ يَقُومُ ٱلنَّاسُ لِرَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ﴾[3] هاوار لە کەم فرۆشان، ئەو کەسانەی کە پێوانە (بۆ خۆیان) دەکەن لەسەر ماڵی مەردم بە تەواوی وەری دەگرن، بەڵام کاتێ کە بۆیان پێوانە یان کێشانە بکەن لێی کەم دەکەن، ئایا ئەوانە نازانن کە هەر زیندوو دەکرێنەوە، بۆ ڕۆژێکە گەورەو گران؟ ئەو ڕۆژەی کە هەموو خەڵکی لەبەر بارەگای پەروەردەی هەموو دنیا ڕادەوەستن. ئەوە بوو خودای گەورە هەندێ لە گەلەکانی لەناو برد بەهۆی لە کێشانەو پێوانەدا دادگەر نەبوون، بۆ خۆیان چاکیان دەپێواو بۆ خەڵکی بە کەمو کوڕی دەیان پێوا. پاشان ئەفەرموێت: ﴿لَا نُكَلِّفُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا﴾ ئێمە لە توانا بەدەر هیچ ئەرکێ ناخەینە سەر کەس. واتە: هەرکەس هەوڵی دا بەپێی توانای خۆی بۆ بەجێهێنانی هەقو وەرگرتنی ئەگەر تووشی هەڵەیش هات دوای ئەو هەوڵو کۆششە کە ئەیدا هیچ تاوانێکی نیە.

٨-فەرماندان بە شایەتی دانی ڕێكو پێك

خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَإِذَا قُلْتُمْ فَٱعْدِلُواْ وَلَوْ كَانَ ذَا قُرْبَىٰ﴾ کاتێ بۆ شایەتی دان یان بۆ ناوبژی قسەتان کرد عەدالەتتان لەبەر چاو بێ، با دژی خزمی نزیکی خۆشتان بێ. ئەم ئایەتە وەك ئەو ئایەتە وایە کە ئەفەرموێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ كُونُواْ قَوَّٰمِينَ لِلَّهِ شُهَدَآءَ بِٱلْقِسْطِ﴾[4] ئەی کۆمەڵی خاوەنباوەڕان، بە ڕێكو پێکی هەڵسن بە ئەنجامدانی فەرمانەکانی خودا، بەڕاستی شایەتی بدەن. وە

---

[1] أبوداود (٣/٢٩١).

[2] الطبري (١٢/٢٢٣).

[3] المطففين (١-٦).

[4] المائدة (٨).

له سورەتی نیسائدا ئەفەرموێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ كُونُواْ قَوَّٰمِينَ بِٱلْقِسْطِ شُهَدَآءَ لِلَّهِ وَلَوْ عَلَىٰٓ أَنفُسِكُمْ أَوِ ٱلْوَٰلِدَيْنِ وَٱلْأَقْرَبِينَ﴾[1] ئەی گەلی خاوەنباوەڕان بە یەکسانیو بێ جیاوازی (بە دەم کاری خەڵکەوە بچن)و بۆ خودایش شایەتی بدەن. هەرچەندە شایەتی دانتان بە زیانی خۆتانو دایكو بابتانو خزمانیشتان بێ. خودای گەورە فەرمان دەکات بە دادگەری لە کردارو گفتاردا لەگەڵ نزیكو دورداو داوا دەکات لە هەموو کەسێ کە لە گشت کاتو لە گشت شوێنێکدا هەر دادگەر بن.

٩-فەرماندان بە بەجێهێنانی فەرمانی خودا بە تەواوی

خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَبِعَهْدِ ٱللَّهِ أَوْفُواْ﴾ پەیمانی خودا بە تەواوی بەجێ بێنن. ئیبنوجەریرئەڵێت: واتە: بەو ڕاسپاردەی کە خودا ئامۆژگاری کردون هەڵسنو جێبەجێی بکەن، بەجێهێنانیشی ئەوەیە کە گوێڕایەڵی بن لەوەی کە فەرمانتان پێدەکاتو لێتان قەدەغە دەکاتو کار بە کتێبەکەیو (قورئان) سونەتی پێغەمبەرەکەی بکەن (ﷺ). ئا ئەوە بەجێهێنانی پەیمانی خودایە بە تەواوی ﴿ذَٰلِكُمْ وَصَّىٰكُم بِهِۦ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ﴾ خودا ئەمانەی بە ئێوە ڕاسپاردوە، بەڵکو هەر لەبیرتان بێ. ئامۆژگاری لێ وەرگرنو واز بێنن لەو شتانەی لە پێش ئەمەدا دەتانکرد[2].

﴿وَأَنَّ هَٰذَا صِرَٰطِى مُسْتَقِيمًا فَٱتَّبِعُوهُ ۖ وَلَا تَتَّبِعُواْ ٱلسُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَن سَبِيلِهِۦ ۚ ذَٰلِكُمْ وَصَّىٰكُم بِهِۦ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ ﴿١٥٣﴾﴾

١٠-فەرماندان بە گرتنە بەری ڕێی ڕاستو ڕێگری لە شوێنکەوتنی ڕێگاکانی تر

خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَأَنَّ هَٰذَا صِرَٰطِى مُسْتَقِيمًا فَٱتَّبِعُوهُ ۖ وَلَا تَتَّبِعُواْ ٱلسُّبُلَ﴾ ئەمەیە ڕێگەی ڕاستی من، ئێوە هەر بەو ڕێگەدا بڕۆنو مەچنە سەر ڕێگای تر. عەلی کوڕی ئەبوتەلحەئەڵێت: لە ئیبنوعەبباسەوە لەم ئایەتەدا: ﴿وَلَا تَتَّبِعُواْ ٱلسُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَن سَبِيلِهِۦ﴾ مەچنە سەر ڕێگاکانی تر، نەکا لە ڕێگای ئەو دوورتان بخەنەوە. لەم ئایەتەدا: ﴿أَنْ أَقِيمُواْ ٱلدِّينَ وَلَا تَتَفَرَّقُواْ فِيهِ﴾[3] بەردەوام بن لەسەر ئەم ئاینەو ناکۆك مەبن تێیدا. وە لە شێوەی ئەم ئایەتانەدا گوتی: خودا فەرمانی داوە بە خاوەن باوەڕان کە لەناو کۆمەڵی موسوڵماناندا بنو دوورکەونەوە لە دوبەرەکیو ناکۆکی، ئاگاداریشی

[1] النساء (١٣٥).
[2] الطبري (٢٢٥/١٢).
[3] الشورى (١٣).

کردوون کە گەلە پێشوەکان بەهۆی دوبەرەکیو ناکۆکیان لەبارەی ئاینی خوداوە لەناو چوون[1]
موجاهیدو کەسانی تریش هەر وایان وتوە[2]، ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردوە لە عەبدوڵڵای کوڕی
مەسعودەوە (ڕەزای خوای لێبێ)ئەڵێت: پێغەمبەری خودا(ﷺ) هێڵێکی ڕاستی کێشا پاشان
فەرمووی: (ئەمە ڕێگەی ڕاستی خودایە) پاشان چەند هێڵێکی بە لای ڕاستو بە لای چەپدا کێشاو
فەرمووی: (هیچ ڕێگایە لەم ڕێگایانە نیە مەگین شەیتانێ بەسەریەوەیە خەڵکی بۆ بانگ دەکات)،
پاشان ئەم ئایەتەی خوێند: ﴿وَأَنَّ هَٰذَا صِرَٰطِي مُسۡتَقِيمٗا فَٱتَّبِعُوهُۖ وَلَا تَتَّبِعُواْ ٱلسُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمۡ عَن
سَبِيلِهِۦ﴾[3] حاکمیش ڕیوایەتی کردوەئەڵێت: سەنەدەکانی ڕاستن.[4] ئیمامی ئەحمەدو عەبدی کوڕی
حومەید ڕیوایەتیان کردوە، بەلام وتەکە، وتەی ئیمامی ئەحمەدە لە جابیرەوە ئەڵێت: لە خزمەتی
پێغەمبەردا (ﷺ) دانیشتبوین، هێڵێکی ئاوای لەبەردەمی خۆیدا کێشاو فەرمووی: (ئەمە ڕێگەی
خودایە) دوو هێڵی لەلای ڕاستیەوەو دوو هێڵیشی لەلای چەپیەوە کێشاو فەرمووی: (ئەمەیش ڕێگەی
شەیتانە) پاشان دەستی لەسەر هێڵی ناوەڕاست داناو ئەم ئایەتەی خوێند: ﴿ذَٰلِكُمۡ وَصَّىٰكُم بِهِۦ
لَعَلَّكُمۡ تَتَّقُونَ﴾[5] ئیمامی ئەحمەدو ئیبنوماجەو بەزار لە کتێبی فەرموودەکانیاندا هێناویانە[6]
ئیبنوجەریر ڕیوایەتی کردوە کە پیاوێ وتی: بە ئیبنومەسعود: ڕێگەی ڕاست کامەیە؟ وتی:
موحەممەد(ﷺ) کە بەجێی هێشتین لەم سەریەوە بۆ لاکەی تری لە بەهەشتدایە، لای ڕاستیەوە
ئەسپێکی تیژڕەو لای چەپیەوە ئەسپێکی تیژڕەو هەیە، لەوێدا چەند پیاوێ هەرکەسێ بەلایاندا چوو
بانگی دەکەن، هەر کەسێ لەو ئەسپانەی وەرگرت دەیبات بۆ ناو ئاگر. وە هەر کەسێ سەر ئەم ڕێگەی
گرت دەیبات بۆ بەهەشت. پاشان ئیبنومەسعود ئەم ئایەتەی خوێند: ﴿وَأَنَّ هَٰذَا صِرَٰطِي مُسۡتَقِيمٗا
فَٱتَّبِعُوهُۖ وَلَا تَتَّبِعُواْ ٱلسُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمۡ عَن سَبِيلِهِۦ﴾[7] ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردوە لە نەواسی
کوڕی سەمعانەوە لە پێغەمبەری خوداوە (ﷺ) کە فەرموویەتی: (خودا نمونەی ڕێگەی ڕاست
دێنێتەوە هەردوو لای ئەو ڕێگە دوو دیواری هەیە کە چەند دەرگای تێدایە، بەسەر دەرگاکانەوە

[1] الطبري (٢٢٩/١٢).

[2] الطبري (٢٢٩/١٢/١٣).

[3] أحمد (٤٦٥/١)، فەرموودەیەکی باشە (جید).

[4] الحاکم (٣١٨/٢)، فەرموودەیەکی باشە (جید).

[5] أحمد (٣٩٧/٣)، عبدُ أبن حُميد (٣٤٥)، فەرموودەیەکی حەسەنە.

[6] إبن ماجة (١١)، حەسەنە.

[7] الطبري (٢٣٠/١٢).

پەردەی ناسك هەیە، وە لەسەر دەرگای ڕێگاكە بانگخوازێ بانگ دەكات ئەی خەڵكینە وەرن بچنە ناو ڕێگەی ڕاست پەرتو بڵاو مەبن. بانگخوازێ تر لەسەری ئەو ڕێگە بانگ دەكات، ئەگەر كەسێ بیەوێ یەكێ لەو دەرگانە بكاتەوە، دەڵێ: هاوار لە تۆ نەیكەیتەوە، ئەگەر كردتەوە لێی دەرناچی. ڕێگاكە ئیسلامە دوو دیوارەكەشی سنوورەكانی خودایە، دەرگا كراوەكانیش قەدەغەكانی خودایە، ئەم بانگخوازە لەسەری ڕێگەكەیە كتێبی خودایە، ئەو بانگخوازەش كە لە سەرەوەی ئەو ڕێگەیە، ئامۆژگاری كەرێكی خودایە لەناو دڵی هەموو موسوڵمانێكدا)[1] تیرمیزیو نەسائی ڕیوایەتیان كردوە[2]، تیرمیزی ئەڵێت: فەرموودەیەكی چاكو غەریبە. لە كۆتایی ئایەتەكەدە خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿فَاتَّبِعُوهُ وَلَا تَتَّبِعُوا السُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَن سَبِيلِهِ ذَٰلِكُمْ وَصَّاكُم بِهِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ﴾ ئێوە هەر بەو ڕێگا بچنو مەچنە سەر ڕێگاكانی تر، ئەوا لە ڕێگای ئەو دورتان بخەنەوە، خوا ئەوانەی بە ئێوە ڕاسپاردوە بەڵكو خۆتان بپارێزن بۆیە خودا ڕێگەكەی كردوە بە یەك ڕێگە، چونكە هەق یەكە، وە هەر بۆیەش ڕێگاكانی تری كۆ كردوەتەوە لەبەر پەرتو بڵاویو فرە ڕێچكەییان. وەك خودای گەورە لە ئایەتێكی تردا ئەفەرموێت: ﴿اللَّهُ وَلِيُّ الَّذِينَ آمَنُوا يُخْرِجُهُم مِّنَ الظُّلُمَاتِ إِلَى النُّورِ ۖ وَالَّذِينَ كَفَرُوا أَوْلِيَاؤُهُمُ الطَّاغُوتُ يُخْرِجُونَهُم مِّنَ النُّورِ إِلَى الظُّلُمَاتِ ۗ أُولَٰئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ ۖ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ﴾[3] خودا دۆستی كۆمەڵی خاوەنباوەڕانە و لەناو تاریكستانەوە دەیانبات بەرەو ڕووناكی، دۆستی خودانەناسانیش هەر تاغوتە، لە ڕووناكی دەریان دێنن، بەرەو ڕووی تاریكستانیان بەرێ دەكەن، هاوەڵی ئاگرنو هەر تێیدا دەمێننەوە.

﴿ثُمَّ آتَيْنَا مُوسَى الْكِتَابَ تَمَامًا عَلَى الَّذِي أَحْسَنَ وَتَفْصِيلًا لِّكُلِّ شَيْءٍ وَهُدًى وَرَحْمَةً لَّعَلَّهُم بِلِقَاءِ رَبِّهِمْ يُؤْمِنُونَ ﴿١٥٤﴾ وَهَٰذَا كِتَابٌ أَنزَلْنَاهُ مُبَارَكٌ فَاتَّبِعُوهُ وَاتَّقُوا لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ ﴿١٥٥﴾﴾

ستایش كردنی تەوراتو قورئان

كە خودای گەورە باسی قورئانی كردو فەرمووی: ﴿وَأَنَّ هَٰذَا صِرَاطِي مُسْتَقِيمًا فَاتَّبِعُوهُ﴾ بە دوایدا دێتە سەر ستایشی تەوراتو ئەو پێغەمبەری كە پێیدا ڕەوانە كراوەو ئەفەرموێت: ﴿ثُمَّ آتَيْنَا مُوسَى الْكِتَابَ﴾ كتێبیشمان دا بە مووسا. زۆر جار كە خودای مەزن باسی قورئان دەكات باسی تەوراتیشی

---

[1] أحمد (١٨٣/٤)، فەرموودەیەكی باشە (جید).

[2] تحفة الاحوذي (١٥٢/٨)، النسائي في الكبرى (٣٦١/٦)، باشە (جید).

[3] البقرة (٢٥٧).

لەگەڵـدا دێنـێ وەك ئـەم ئایەتـە كـە ئەفـەرموێت: ﴿ وَمِن قَبۡلِهِۦ كِتَٰبُ مُوسَىٰٓ إِمَامٗا وَرَحۡمَةٗۚ وَهَٰذَا كِتَٰبٞ مُّصَدِّقٞ لِّسَانًا عَرَبِيّٗا ﴾[1] لە پێش ئەمیش كتێبی مووسا پێشەواو بەزەیی بوو، ئـەم قورئانـە ئـەوەیی بـە ڕاست زانیوەو بە زمـانی عەرەبیە. وە هـەر لـەم سورەتەدا خـودای گـەورە ئەفـەرموێت: ﴿قُلۡ مَنۡ أَنزَلَ ٱلۡكِتَٰبَ ٱلَّذِي جَآءَ بِهِۦ مُوسَىٰ نُورٗا وَهُدٗى لِّلنَّاسِۖ تَجۡعَلُونَهُۥ قَرَاطِيسَ تُبۡدُونَهَا وَتُخۡفُونَ كَثِيرٗاۖ وَعُلِّمۡتُم مَّا لَمۡ تَعۡلَمُوٓاْ أَنتُمۡ وَلَآ ءَابَآؤُكُمۡۖ قُلِ ٱللَّهُۖ ثُمَّ ذَرۡهُمۡ فِي خَوۡضِهِمۡ يَلۡعَبُونَ ﴿٩١﴾ وَهَٰذَا كِتَٰبٌ أَنزَلۡنَٰهُ مُبَارَكٞ ﴾[2] بڵـێ: ئـەی كـێ ئـەو كتێبەی ناردوە كـە مووسـا هێنـای‌و ڕوونـاكی‌و شـارەزایی بـوو بۆ خـەڵكی؟ كتێبـێ كە پـەڕە پـەڕەی دەكەن‌و بەشی كەمی نیشانی خەڵكی ئەدەن‌و بەشی زۆری دەشارنەوە، بـەو كتێبـە چـەند شـتتان پـێ فێر كرا نە خۆتان‌و نە بابو باپیرانتان نەتان دەزانی، بڵێ: هەر خودا ناردویە، تۆ ئیتر وازیان لێ بێنە با بەكاڵتە كردنەوە خۆ خەریك كـەن، ئـەم قورئانـەشمان بـە خـەڵات بـۆ تـۆ نـاردوە. خـودی گـەورە لـەم ئایەتانەدا دێتـە سـەر باسـی بتپەرستـان‌و ئەفـەرموێت: ﴿ فَلَمَّا جَآءَهُمُ ٱلۡحَقُّ مِنۡ عِندِنَا قَالُواْ لَوۡلَآ أُوتِيَ مِثۡلَ مَآ أُوتِيَ مُوسَىٰٓ ﴾[3] بەلام وەختێ ئەم ڕاستیەیان لەلایەن ئێمەوە بۆهات، وتیـان: بۆچـی ئـەوەی بـۆ مووسـا هـاتوە بـۆ ئـەم نـەهات؟ وە ئەفـەرموێت: ﴿أَوَلَمۡ يَكۡفُرُواْ بِمَآ أُوتِيَ مُوسَىٰ مِن قَبۡلُۖ قَالُواْ سِحۡرَانِ تَظَٰهَرَا وَقَالُوٓاْ إِنَّا بِكُلّٖ كَٰفِرُونَ﴾[4] ئایـا ئـەوەی كـە لـە پێشدا بـە مووسـا درا ئـەمان حاشـایان لێ نـەكرد؟ گوتیان: ئەمە دو جادوون كە پشتی یەكتریان گرتوەو وتیشیان: ئێمە بڕوا بـە هـەمووی ناكـەین. واتـە: (بڕوا بە قورئان‌و تەوراتیش ناكـەین) خـودای گـەورە باسـی جنۆكـەیش دەكات كە لـەبارەی قورئـان‌و تەوراتـەوە قـسەیان كـردوەو وتویانـە: ﴿يَٰقَوۡمَنَآ إِنَّا سَمِعۡنَا كِتَٰبًا أُنزِلَ مِنۢ بَعۡدِ مُوسَىٰ مُصَدِّقٗا لِّمَا بَيۡنَ يَدَيۡهِ يَهۡدِيٓ إِلَى ٱلۡحَقِّ ﴾[5] ئەی هۆزو كەسەكانمان بەڕاستی ئێمـە گوێمان لـە كتێبێك بـوو كـە لـە پـاش مووسا هاتوەتە خوارەوە كتێبەكانی پـێش خـۆی بـە ڕاست دەزانـێ خـەڵكی شـارەزا دەكـات بـۆ ڕێـی ڕاستی. پاشان خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿تَمَامًا عَلَى ٱلَّذِيٓ أَحۡسَنَ ﴾ تا چاكەمان بەرانبەر ئەو كەسە كە ڕێگای چاكەی گرتوەتە بەر، بێ كەم‌و كوڕی تەواو بێ. واتـە: ئـەو كەسـەی كـە ئـەو كتێبـەمان پیـا

[1] الاحقاف (١٢).

[2] الانعام (٩١-٩٢).

[3] القصص (٤٨).

[4] القصص (٤٨).

[5] الاحقاف (٣٠).

ڕەوانە کرد هەموو شتێکی چاکمان بێ کەمو کوڕی‌و بە تەواوی تیا باس کرد بۆی بەپێی پێویستی پەیامەکەی. وەك لە ئایەتێکی تردا فەرموویەتی: ﴿ وَكَتَبْنَا لَهُۥ فِى ٱلْأَلْوَاحِ مِن كُلِّ شَىْءٍ ﴾[1] دەربارەی هەر کارێك لەو تەختانەدا هەموو شتمان بۆ نووسی ﴿عَلَى ٱلَّذِىٓ أَحْسَنَ ﴾ لە پاداشتی ئەو کارە چاکەی‌و گوێڕایەڵی‌و بەجێهێنانی فەرمانەکانمان. وەك ئەم ئایەتە کە ئەفەرموێت: ﴿ هَلْ جَزَآءُ ٱلْإِحْسَٰنِ إِلَّا ٱلْإِحْسَٰنُ ﴾[2] ئایا پاداشتی چاکە هەر چاکە نیە؟ وە ئەم ئایەتە کە ئەفەرموێت: ﴿وَإِذِ ٱبْتَلَىٰٓ إِبْرَٰهِـۧمَ رَبُّهُۥ بِكَلِمَٰتٍ فَأَتَمَّهُنَّ قَالَ إِنِّى جَاعِلُكَ لِلنَّاسِ إِمَامًا ﴾[3] ئەوسا خودا بە چەند وشە ئیبراهیمی تاقی کردەوە کە ئەویش بەجێی هێنان. فەرمووی دەتکەم بە ڕێبەری خەڵکی دنیا. وە ئەم ئایەتەیش کە ئەفەرموێت: ﴿ وَجَعَلْنَا مِنْهُمْ أَئِمَّةً يَهْدُونَ بِأَمْرِنَا لَمَّا صَبَرُوا۟ وَكَانُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَا يُوقِنُونَ ﴾[4] لەوانیشدا چەند کەسێکمان کردە ڕشێبەر، کە هەر بە فەرمانی خۆمان ڕێنمایی خەڵکی بکەن، چونکە توانای خۆڕاگریان تێدا بوو، بە تەواوی باوەڕیشیان بە نیشانەکانمان هێنا بوو، پاشان لێرەدا ئەفەرموێت: ﴿وَتَفْصِيلًا لِّكُلِّ شَىْءٍ وَهُدًى وَرَحْمَةً لَّعَلَّهُم بِلِقَآءِ رَبِّهِمْ يُؤْمِنُونَ ﴾ وە ڕوون کەرەوەی هەموو شتێك بێ‌و ببێتە هۆی نیشاندان‌و بەزەیی خوا، بەڵکو بە دیداری پەروەردەیان بڕوا بکەن. لێرەدا خودای گەورە ستایشی تەورات دەکات کە ڕەوانەی کردوە بۆ مووسا (سەلامی خوای لێبێ) پاشان دێتە سەر ستایشی قورئانی پیرۆز ئەفەرموێت: ﴿وَهَٰذَا كِتَٰبٌ أَنزَلْنَٰهُ مُبَارَكٌ فَٱتَّبِعُوهُ وَٱتَّقُوا۟ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ ﴾ ئەم کتێبە پیرۆزو پڕ لە پیتەشمان ناردوەتە خوار، هەمووتان پەیرەوی لەو بکەن‌و ترستان لە خوا هەبێ، بەڵکو بەزەیی پێیاندا بێتەوە. خودای مەزن داوا لە خەڵکی دەکات کە شوێن قورئان کەون‌و هانی عەبدەکانی ئەدات کە بچن لێی وردبنەوەو کاری پێ بکەن‌و بانگی خەڵکی بۆ بکەن‌و وە بە پیت‌و بەرەکەت وەسفی دەکات بۆ ئەو کەسانەی شوێنی دەکەون‌و کاری پێ دەکەن لە دنیاو لە ڕۆژی قیامەتدا چونکە قورئان پەیوەندی بتەوی خودایە لەگەڵ عەبدەکانیدا.

---

[1] الاعراف (١٤٥).

[2] الرحمن (٦٠).

[3] البقرة (١٢٤).

[4] السجدة (٢٤).

﴿أَن تَقُولُوٓاْ إِنَّمَآ أُنزِلَ ٱلۡكِتَٰبُ عَلَىٰ طَآئِفَتَيۡنِ مِن قَبۡلِنَا وَإِن كُنَّا عَن دِرَاسَتِهِمۡ لَغَٰفِلِينَ ﴿١٥٦﴾ أَوۡ تَقُولُواْ لَوۡ أَنَّآ أُنزِلَ عَلَيۡنَا ٱلۡكِتَٰبُ لَكُنَّآ أَهۡدَىٰ مِنۡهُمۡۚ فَقَدۡ جَآءَكُم بَيِّنَةٞ مِّن رَّبِّكُمۡ وَهُدٗى وَرَحۡمَةٞۚ فَمَنۡ أَظۡلَمُ مِمَّن كَذَّبَ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ وَصَدَفَ عَنۡهَاۗ سَنَجۡزِي ٱلَّذِينَ يَصۡدِفُونَ عَنۡ ءَايَٰتِنَا سُوٓءَ ٱلۡعَذَابِ بِمَا كَانُواْ يَصۡدِفُونَ ﴿١٥٧﴾﴾

قورئان بەڵگەی خودایە بەسەر خەڵکەوە

خـــودای گـــەورە ئەفـــەرموێت: ﴿أَن تَقُولُوٓاْ إِنَّمَآ أُنزِلَ ٱلۡكِتَٰبُ عَلَىٰ طَآئِفَتَيۡنِ مِن قَبۡلِنَا وَإِن كُنَّا عَن دِرَاسَتِهِمۡ لَغَٰفِلِينَ﴾ نەچن بڵێن کتێب هەر بۆ دوو کۆمەڵی بەر لە ئێمە هاتۆتـە خوارەوەو ئێمە هیچ ئاگامان لە زانستی ئەوان نەبوە. ئیبنوجەریر ئـەڵێت: واتـە: ئێمە ئـەم کتێبـەمان ناردە خوارەوە تـا نـەڵێن: ﴿إِنَّمَآ أُنزِلَ ٱلۡكِتَٰبُ عَلَىٰ طَآئِفَتَيۡنِ مِن قَبۡلِنَا﴾ وەك ئـەم ئایەتـەیش کـە ئەفـەرموێت: ﴿وَلَوۡلَآ أَن تُصِيبَهُم مُّصِيبَةُۢ بِمَا قَدَّمَتۡ أَيۡدِيهِمۡ فَيَقُولُواْ رَبَّنَا لَوۡلَآ أَرۡسَلۡتَ إِلَيۡنَا رَسُولٗا فَنَتَّبِعَ ءَايَٰتِكَ وَنَكُونَ مِنَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ﴾[1] ئەگەر لەبەر ئەوە نەبوایە کاتێ بـەهۆی کردارەکانیانـەوە تووشـی بەڵایـە بن، بڵـێن: پەروەردگارمان تۆ بۆچی پێغەمبەرێکت بۆ نەناردین، تا پەیڕەوی لە نیشانەکانی تـۆ بکـەینو لـە ڕیـزی بـاوەڕداران بـین.[2] ﴿عَلَىٰ طَآئِفَتَيۡنِ مِن قَبۡلِنَا﴾ بـۆ دوو کۆمـەڵی پـێش لـە ئێمـە. عـەلی کـوڕی ئەبوتەلحەئەڵێت: لە ئیبنوعەبباسەوە مەبەست پێی گاورو جولەکەیە[3]. موجاهیدو سوودیو قـەتادەش هەر وایان وتوە.[4] ﴿وَإِن كُنَّا عَن دِرَاسَتِهِمۡ لَغَٰفِلِينَ﴾ ئێمە هـیچ ئاگامـان لـە زانسـتی ئـەوان نـەبوە. واتە: ئێمە لە قسەی ئەوانە تێ نەدەگەیشتین، چونکە ئەوانە بە زمانی ئێمە نەئەدوان، سەرقاڵی ئیشی خۆمان بوینو نەمان دەزانی ئەوان خەریکی چین. وە ئەفـەرموێت: ﴿أَوۡ تَقُولُواْ لَوۡ أَنَّآ أُنزِلَ عَلَيۡنَا ٱلۡكِتَٰبُ لَكُنَّآ أَهۡدَىٰ مِنۡهُمۡ﴾ یاخۆ بڵێن: ئەگەر ئێمەش وەك ئەوان کتێبمان بۆ بهاتایە، دیـارە شـارەزایمان لـەوان زیاتر دەبوو. واتە: بیانویان براوەو نـاتوانن هیچ بڵـێن. وەك ئـەم ئایەتـە خـودای گـەورە ئەفـەرموێت: ﴿وَأَقۡسَمُواْ بِٱللَّهِ جَهۡدَ أَيۡمَٰنِهِمۡ لَئِن جَآءَهُمۡ نَذِيرٞ لَّيَكُونُنَّ أَهۡدَىٰ مِنۡ إِحۡدَى ٱلۡأُمَمِ﴾[5] بـە تونـدی سـوێندیان دەخوارد کە: سوێند بـە خـوا، ئەگـەر ئێمـە ترسێنەرێك لەلایـەن خـوداوە بێتـە لامـان، زیاتر لـە هـەر

---

[1] القصص (٤٧).

[2] الطبري (١٢/٢٣٩).

[3] الطبري (١٢/٢٤٠).

[4] الطبري (١٢/٢٤١).

[5] فاطر (٤٢).

کۆمەڵێکی تر ڕێگەی خودا دەگرینە بەر. بۆیە خودای گەورە لێرەدا ئەفەرموێت: ﴿فَقَدْ جَآءَكُم بَيِّنَةٌ مِّن رَّبِّكُمْ وَهُدًى وَرَحْمَةٌ﴾ ئەوا ئێستا لەلایەن پەروەردگارتانەوە بەڵگەیەکی زۆر ئاشکراو شارەزاییو بەزەییتان بۆ هاتوە. واتە: ئەوەتا لەلایەن خوداوە لەسەر زمانی موحەممەد کە پێغەمبەرێکی عەرەبە(ﷺ) قورئانی پیرۆزتان بۆ هاتوە، باسی حەڵاڵو حەرامی تێدا کراوەو شارەزاییە بۆ دڵەکانو بەزەیی خودایشە بۆ ئەو عەبدانەی کە شوێنی دەکەونو فەرمانەکانی بەجێ دێنن. پاشان خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿فَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّن كَذَّبَ بِـَٔايَـٰتِ ٱللَّهِ وَصَدَفَ عَنْهَا ۗ سَنَجْزِى ٱلَّذِينَ يَصْدِفُونَ عَنْ ءَايَـٰتِنَا سُوٓءَ ٱلْعَذَابِ بِمَا كَانُوا۟ يَصْدِفُونَ﴾ ئایا دەبێ کێ لەو کەسە ستەمکارتر بێ کە بە نیشانەکانی خوا بڕوا ناکات لە فەرمانەکانی خۆی لائەدا؟ ئەو کەسانەی لەم کتێبە خۆیان لائەدەنو بە نیشانەکانی باوەڕ ناکەن زۆر بە توندی سزایان دەدەین لەسەر ئەو لادانەیان. سوودی ئەڵێ: هەرکەسێ بەهرە وەرنەگرێ لەوەی کە پێغەمبەر(ﷺ) هێناویەتیو شوێنی نەکەوێو واز لە بتپەرستی نەهێنێ لە نیشانەکانی خودا خۆی لابداتو خەڵکیش لە ڕێگە لابداتو ببێتە لەمپەریش لە ڕێگەیدا تووشی سزای زۆر سەختو گران دەبێ بەو کارەی. ئیبنوعەبباسو موجاهیدو قەتادەئەڵێن: ﴿وَصَدَفَ عَنْهَا﴾ واتە: پشتی تێ بکات.

﴿هَلْ يَنظُرُونَ إِلَّآ أَن تَأْتِيَهُمُ ٱلْمَلَـٰٓئِكَةُ أَوْ يَأْتِىَ رَبُّكَ أَوْ يَأْتِىَ بَعْضُ ءَايَـٰتِ رَبِّكَ ۗ يَوْمَ يَأْتِى بَعْضُ ءَايَـٰتِ رَبِّكَ لَا يَنفَعُ نَفْسًا إِيمَـٰنُهَا لَمْ تَكُنْ ءَامَنَتْ مِن قَبْلُ أَوْ كَسَبَتْ فِىٓ إِيمَـٰنِهَا خَيْرًا ۗ قُلِ ٱنتَظِرُوٓا۟ إِنَّا مُنتَظِرُونَ ﴿١٥٨﴾﴾

خوانەناسان چاوەنواڕی قیامەت یان نیشانەکانی دەکەن

خودای گەورە هەڕەشە لەو کەسانە دەکات کە بڕوایان پێی نیەو دژایەتی پێغەمبەرەکەی دەکەنو نیشانەکانی بە ڕاست نازاننو بونەتە لەمپەر لە ڕێگەکەیدا ئەفەرموێت: ﴿هَلْ يَنظُرُونَ إِلَّآ أَن تَأْتِيَهُمُ ٱلْمَلَـٰٓئِكَةُ أَوْ يَأْتِىَ رَبُّكَ أَوْ يَأْتِىَ بَعْضُ ءَايَـٰتِ رَبِّكَ ۗ يَوْمَ يَأْتِى بَعْضُ ءَايَـٰتِ رَبِّكَ لَا يَنفَعُ نَفْسًا إِيمَـٰنُهَا﴾ ئایا ئەوان چاوەڕوانی چ شتێك دەکەن جگە لەوە کە فریشتەیان بێتە لا، یان پەروەردگاری تۆ (خۆی) بێتە لایان، یان هەندێ لە نیشانەکانی پەروەردگاری تۆیان بۆ بێ؟ ئەو ڕۆژە کە ئەم جۆرە نیشانانە بێتە لایان بڕواهێنان بەهرەیان بۆ نادات. بێگومان هەندێ نیشانە لە نیشانەکانی ڕۆژی قیامەت لە پێش هاتنی ڕۆژی قیامەت دێت بەڵام کاتێ ئەو خەڵکە ئەو نیشانانەیان بینی بڕواهێنان هیچ سودێکیان پێ ناگەیەنێ وەك بوخاری ڕیوایەتی کردوە لە ئەبوهورەیرەوە (ڕەزای خوای لێبێ) لە تەفسیری ئەم ئایەتەدائەڵێت: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (قیامەت هەڵناسێ تا خۆر لە خۆرئاواوە هەڵدێت،

کاتیٚ خەڵکی بینیان هەرچی لەسەریەتی (لەسەر زەمینـە) بـڕوای هێنـاوە) ئـەوە ئـەو کاتەیە ﴿لَا يَنفَعُ نَفۡسًا إِيمَٰنُهَا لَمۡ تَكُنۡ ءَامَنَتۡ مِن قَبۡلُ﴾[1] هەرکەسیٚ لە پێشدا بـڕوای نـەهێنابیٚ، بـڕوا هێنـان بـەهرەیان بـۆ نادات. ئیبنوجەریر ڕیوایەتی کـردوە لـە ئەبوهورەیرەوەئـەڵێت: پێغەمبـەری خـودا(ﷺ) فەرموویـەتی: (کـاتیٚ سـیٚ (نیـشانە) دەرکـەوت هـیچ کەسـیٚ باوەڕەکـەی سـوودی پـیٚ ناگەیـەنیٚ، کە پێشتر بـڕوای نەهێنابیٚ، یـان هـیچ خێـرو چاکەیەکی نـەکردبیٚ لەگـەڵ باوەڕەکەیـدا. هـەڵاتنی خـۆر لـە خۆرئـاواوەو جـەجاڵو گیانەوەرەکـەی زەمـین (دابـة الارض))[2] ئیمـامی ئەحمـەدیش ڕیوایـەتی کـردوە بـەڵام ئـەم دووکەڵیشی لەگەڵدایە.[3] دیسان ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کـردوە لـە عـەمری کـوڕی جەریرەوەئـەڵێت: سیٚ کەس لە موسوڵمانان لە مەدینە لەلای مەروان دانیشتبوون، گوێیان لیٚ بوو کـە مـەروان باسـی سـیٚ نیشانەی دەکردو دەیوت: یەکـەم نیـشانە جەجاڵـە، وتـی: هەڵـسانو چـوون بـۆ لای عەبـدوڵلای کـوڕی عەمر، ئەوەی بیستبویان لە مەروان لەبارەی ئەو نیشانانەوە بۆیان گێڕایەوە. (ئـەمیش) وتـی: مـەروان هیچ شتێکی نەوتوە، من لەبەرم بووە لە پێغەمبەری خوداوە (ﷺ) ئەیفەرموو: (یـەکیٚ لـە نیـشانەکان کە دەردەکەویٚ هەڵاتنی خۆرە لە خۆرئـاواوە، هاتنـە دەری گیانەوەرەکـەی زەمـین لـە چێـشتەنگاودا. هـەرکامیان پـێش ئـەوەیان بـوو، ئـەوی تریـشی بـەدوادا دیٚ). پاشـان عەبـدوڵلا وتـی: (کـە خـەریکی خوێندنەوەی کتێب بوو) وا دەزانم دەرکەوتنی خـۆر لـە خۆرئـاواوە یەکەمیانـە. چـونکە خـۆر هـەرکاتیٚ ئاوابوایە دەچووە ژێری تەخت (العرش) سـوژدەیەکی دەبـردو ئیزنـی دەخواسـت بـۆ گەڕانـەوە، ئیـزن ئەدرا کە بگەڕێتەوە، تا کاتیٚ کە خودا فەرمان ئـەدا کـە لـە خۆرئـاواوە هـەڵبیٚ، ئـەو کـارە دەکـات کـە کردویەتی، دەچێتە ژێـری تـەخت (العـرش) سـوژدەیەك دەبـاتو ئیـزن دەخـوازیٚ بـۆ گەڕانـەوە، هـیچ وەڵامێکی نادرێتەوە، هەتا ماوەیەك لە شەو دەڕوا کە خوا مەیلی لێبیٚ بڕوا، ئـیتر دەزانـیٚ ئەگـەر ئیـزن بخوازیٚ بۆ گەڕانـەوە فریـای هـەڵاتن ناکـەویٚ، دەڵێـت: پـەروەردگارم! خۆرهـەڵات زۆر دوورە (مـن لـي بالناس) چی بکەم بەو خەڵکە، تا کاتیٚ کە ئاسۆ وەك بازنەیەکی لێدیٚ داوای ئیزن دەکات بۆ گەڕانەوە، پێی دەوتریٚ: لە شوێنی خۆتدا هەڵبیٚ. لە شوێنی خۆیدا هەڵهات بەسەر خەڵکدا لـە خۆرئاوایە. پاشـان عەبـدوڵلا ئـەم ئایەتـەی خوێنـد: ﴿لَا يَنفَعُ نَفۡسًا إِيمَٰنُهَا لَمۡ تَكُنۡ ءَامَنَتۡ مِن قَبۡلُ﴾[4] موسـلیمو ئـەبوداوودو

[1] فتح الباري (١٤٧/٨).
[2] الطبري (٢٦٥/١٢).
[3] أحمد (٤٤٥/٢)، فەرموودەیەکی سەحیحە.
[4] أحمد (٢٠١/٢)، سەحیحە.

ئیبنوماجەیش لە کتێبەکانیاندا هێناویانە.[1] ئەم ئایەتە کە خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿لَا يَنفَعُ نَفْسًا إِيمَٰنُهَا لَمْ تَكُنْ ءَامَنَتْ مِن قَبْلُ﴾ هەرکەسێ لە پێشدا بڕوای نەهێنابێ بڕوا هێنان هیچ سودێکی بۆی نیە. واتە: ئەگەر خوانەناس لەو ڕۆژەدا بڕوای هێنا لێی وەرناگیرێ بەڵام ئەگەر بڕوادار بوبێ لە پێش ئەوەداو ئاکار چاك بوبێ ئەوە خێرو بێرێکی زۆر گەورەیە بۆی. خۆ ئەگەر چاکەکار نەبوبێ لەو کاتەدا تەوبە بکات، تەویەکەی لێ وەرناگیرێ وەك فەرموودەکان لە پێشدا ئاماژەیان پێکردوە. وە خودای گەورەش لێرەدا ئەفەرموێت: ﴿أَوْ كَسَبَتْ فِىٓ إِيمَٰنِهَا خَيْرًا﴾ یان ئاکاری چاکی نەبوبێ لە پێشدا، لەو ڕۆژەدا هیچ کارێکی چاکی لێ وەرناگیرێ. ئەفەرموێت: ﴿قُلِ ٱنتَظِرُوٓا۟ إِنَّا مُنتَظِرُونَ﴾ بلێ: ئێوە چاوەنۆڕ بن ئەوا ئێمەش چاوەنۆڕین. ئەمە هەڕەشەیەکی زۆر توندە لەو خوانەناسانەی کە بڕوا هێنانو تەویە کردن دوادەخەن بۆ ڕۆژێ کە تەوبە کردنیان هیچ سودێکی نیە بۆیان. ئەم وەرنەگرتنی باوەڕو تەوبەیە لەو کاتەوە دەست پێدەکات کە خۆر لە خۆرئاواوە هەڵدێو ڕۆژی قیامەتو نیشانەکانی نزیك بوەتەوەو دەرکەوتوە. وەك خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿فَهَلْ يَنظُرُونَ إِلَّا ٱلسَّاعَةَ أَن تَأْتِيَهُم بَغْتَةً ۖ فَقَدْ جَآءَ أَشْرَاطُهَا ۚ فَأَنَّىٰ لَهُمْ إِذَا جَآءَتْهُمْ ذِكْرَىٰهُمْ﴾[2] ئایا ئەوان چاوەنۆڕن کتوپڕ ئێستە قیامەتیان بەسەردا بێ؟ وا ئێستاتا نیشانەکانی پەیدا بووە، کە ڕۆژی قیامەتیان بەسەردا هات، ئیتر کەی بیر دەکەنەوە. وە ئەفەرموێت: ﴿فَلَمَّا رَأَوْا۟ بَأْسَنَا قَالُوٓا۟ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ وَحْدَهُۥ وَكَفَرْنَا بِمَا كُنَّا بِهِۦ مُشْرِكِينَ ﴿٨٤﴾ فَلَمْ يَكُ يَنفَعُهُمْ إِيمَٰنُهُمْ لَمَّا رَأَوْا۟ بَأْسَنَا﴾[3] کاتێ بینیان بەڵای ئێمەیان هاتە سەر، دەڵێن: بڕوامان بە خودای تاكو تەنیا هەیە، لەو شتانەی کە دەمانگوت شەریکی خودا حاشا دەکەین. پاش بینینی سزای ئێمە بڕوا هێنانیان هیچ قازانجی پێ نەگەیاندن.

﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ فَرَّقُوا۟ دِينَهُمْ وَكَانُوا۟ شِيَعًا لَّسْتَ مِنْهُمْ فِى شَىْءٍ ۚ إِنَّمَآ أَمْرُهُمْ إِلَى ٱللَّهِ ثُمَّ يُنَبِّئُهُم بِمَا كَانُوا۟ يَفْعَلُونَ ﴿١٥٩﴾﴾

زەمو گلەیی لە ناکۆکی

خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ فَرَّقُوا۟ دِينَهُمْ وَكَانُوا۟ شِيَعًا لَّسْتَ مِنْهُمْ فِى شَىْءٍ ۚ إِنَّمَآ أَمْرُهُمْ إِلَى ٱللَّهِ ثُمَّ يُنَبِّئُهُم بِمَا كَانُوا۟ يَفْعَلُونَ﴾ ئەو کەسانەی ئاینەکەیان بەشی بەشی کردوەو دەستەی لێکتر

---

[1] مسلم (٤/٢٢٦٠)، أبوداود (٤/٤٩٠)، إبن ماجة (٢/١٣٥٣).

[2] محمد (١٨).

[3] غافر (٨٤–٨٥).

جیاوازیان پێکهێناوە، تۆ لە هیچ شتێکدا لەوان نیت. بێگومان کاری ئەوان دەگەڕێتەوە بۆ لای خودا. لە دواییدا ئاگاداریان دەکاتەوە لەو کردەوەی کردویانە. قەتادەو موجاهیدو زەححاکو سوودی ئەڵێن: ئەم ئایەتە لەسەر گاورو جولەکەکان هاتوەتە خوار[1]، عەوفی وتی لە ئیبنوعەبباسەوە لەم ئایەتەدا: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ فَرَّقُواْ دِينَهُمۡ وَكَانُواْ شِيَعٗا﴾ چونکە گاورو جولەکە لە پێش هاتنی پێغەمبەردا (ﷺ) ناکۆکی کەوتبوە نێوانیان، کاتێ کە پێغەمبەر(ﷺ) ڕەوانە کرا ئەم ئایەتەی بۆ هاتە خوار: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ فَرَّقُواْ دِينَهُمۡ وَكَانُواْ شِيَعٗا لَّسۡتَ مِنۡهُمۡ فِي شَيۡءٍ﴾[2] ئاشکرایە ئەم ئایەتە هەموو کەسێ دەگرێتەوە کە دژایەتی ئاینی خودای کردبێ و جیاوازی تێدا دروست کردبێ، بێگومان خودا پێغەمبەری خۆی ناردو ڕێنمایی و ئاینی ڕاستیشی لەگەڵدا نارد، تا بەسەر هەموو دینێکدا زاڵی بکات، یەك بەرنامەی هەیەو هیچ جیاوازی و ناکۆکیەکی تێدا نیە، هەرکەسێ ناکۆکی تێدا کرد ﴿وَكَانُواْ شِيَعٗا﴾ دەستەی جیا جیای لێ دروست کرد، وەك ئەو خەڵکە گومڕاو ئارەزوو پەرستانەی کە ئاینەکانیان بەشی بەشی کردبوو بە ئارەزوی خۆیان. خودای گەورە پێغەمبەرەکەی بە دور گرتوە لەوەی ئەوانە کردویانەو خەریکی بوون، ئەم ئایەتە کە لێرەدا هاتوە، وەك ئەم ئایەتە وایە کە ئەفەرموێت: ﴿شَرَعَ لَكُم مِّنَ ٱلدِّينِ مَا وَصَّىٰ بِهِۦ نُوحٗا وَٱلَّذِيٓ أَوۡحَيۡنَآ إِلَيۡكَ وَمَا وَصَّيۡنَا بِهِۦٓ إِبۡرَٰهِيمَ وَمُوسَىٰ وَعِيسَىٰٓۖ أَنۡ أَقِيمُواْ ٱلدِّينَ وَلَا تَتَفَرَّقُواْ فِيهِ﴾[3] ڕێگەیەکی لە دینداری بۆ ئێوە داناوە کە ڕایسپارد نوحیش هەر لەسەر ئەو ڕێگە بڕوا، هەر ئەمەشمان بە فەرمان بە تۆ ڕاگەیاند کە بە ئیبراهیمو مووساو عیساشمان ڕادەسپارد. کە هەر لەسەر ئەم دینە بن و جیاوازی تێدا مەکەن. وە لەم فەرموودەیەدا هاتوە: (ئێمە کۆمەڵی پێغەمبەران کوڕی ئەك باوکن و دایکیان جیایەو ئاینیان یەکە)[4]، ئا ئەوە ڕێگای ڕاستە کە پێغەمبەران پێی هاتوون کە بریتیە لە خواپەرستی و شەریك دانەنا بۆی و پابەند بوون بە پەیامی ئەو پێغەمبەرە (ﷺ) کە دواین پێغەمبەرە. هەرچی پێچەوانەی ئەوە بێ گومڕایی و نەفامی و ئارەزوو بازیە. کە پێغەمبەران لێیەوە دوورن، وەك خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿لَّسۡتَ مِنۡهُمۡ فِي شَيۡءٍۚ إِنَّمَآ أَمۡرُهُمۡ إِلَى ٱللَّهِ ثُمَّ يُنَبِّئُهُم بِمَا كَانُواْ يَفۡعَلُونَ﴾ تۆ لە هیچ شتێکدا لەوان نیت، بێگومان کاری ئەوان دەگەڕێتەوە بۆ لای خودا لە دوایدا ئاگاداریان دەکاتەوە لەو کردەوەی کە کردویانە. ئەم ئایەتە وەك ئەو ئایەتە وایە کە خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ

---

[1] الطبري (١٢/٢٦٩-٢٧٠).

[2] الطبري (١٢/٢٦٩).

[3] الشورى (١٣).

[4] فتح الباري (٦/٥٥٠).

ءَامَنُوا۟ وَٱلَّذِينَ هَادُوا۟ وَٱلصَّـٰبِـِٔينَ وَٱلنَّصَـٰرَىٰ وَٱلْمَجُوسَ وَٱلَّذِينَ أَشْرَكُوٓا۟ إِنَّ ٱللَّهَ يَفْصِلُ بَيْنَهُمْ يَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ﴾[1] ئەوانەی بڕوایان هێناو ئەوانەی جوولەکەو سووبیی و مەسیحی و مەجووسی و ئەو کەسانەش شەریك بۆ خودا دادەنێن، دیارە خودا لە ڕۆژی قیامەتدا بڕیار ئەدات لە نێوانیاندا (لە یەکتری جیایان دەکاتەوە).

﴿مَن جَآءَ بِٱلْحَسَنَةِ فَلَهُۥ عَشْرُ أَمْثَالِهَا ۖ وَمَن جَآءَ بِٱلسَّيِّئَةِ فَلَا يُجْزَىٰٓ إِلَّا مِثْلَهَا وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ ﴿١٦٠﴾﴾

یەك چاکە بە دە ئەوەندە، یەك خراپەیش بە ئەندازەی خۆی پاداشت وەردەگرێ:

خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿مَن جَآءَ بِٱلْحَسَنَةِ فَلَهُۥ عَشْرُ أَمْثَالِهَا ۖ وَمَن جَآءَ بِٱلسَّيِّئَةِ فَلَا يُجْزَىٰٓ إِلَّا مِثْلَهَا وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ﴾ هەرکەسێك چاکەیەك بکات، دە ئەوەندەی چاکەی لەگەڵ دەکرێتەوە، کەسێکیش خراپە بکات، بە ئەندازە خراپەکەی سزا ئەدرێ و کەس ناهەقی لێ ناکرێ. ئەم ئایەتە تەفسیری ئەو ئایەتەیە کە بە کورتی هاتوە خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿مَن جَآءَ بِٱلْحَسَنَةِ فَلَهُۥ خَيْرٌ مِّنْهَا﴾[2] هەرکەسێ چاکەیەك بکات، لەوە چاکتر چاکەی لەگەڵ دەکرێتەوە. چەندین فەرموودە هاتوە کە ماناکەیان وەك مانای ئەم ئایەتە وایە. ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردوە لە ئیبنوعەبباسەوە (ڕەزای خوایان لێبێ) کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی لەو فەرموودانەوە کە لەلایەن خودای گەورەوە دەیگێڕێتەوە: (بێگومان پەروەردگاری گەورەتان زۆر بە بەزەییە، کەسێ بیەوێ چاکەیەك بکات و نەیکرد، چاکەیەکی بۆ نووسراوە، خۆ ئەگەر کردی دە چاکەی بۆ نووسراوە تا حەوت سەد چاکە تا چەند جاری زۆرتریش، وە هەرکەسێ بیەوێ خراپەیەك بکات، ئەگەر نەیکرد، چاکەیەکی بۆ نووسراوە، خۆ ئەگەر خراپەکەی کرد، یەك خراپەی بۆ نووسراوە یان خودای گەورە بۆی دەسڕێتەوە، لەلای خودا هیچ کەسێ بە هیلاك ناچێ، مەگەر کەسێ خۆی خۆی بە هیلاك ببات)[3]، بوخاری و موسلیم و نەسائیش ڕیوایەتیان کردوە[4] دیسان ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردوە لە ئەبوزەڕەوە (ڕەزای خوای لێبێ) وتی: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (خودای گەورە ئەفەرموێت: هەرکەسێ کارێکی چاکی کردبێ دە ئەوەندەی دەدرێتێ و زیاتریش، وە هەرکەسێ کارێکی خراپی کردبێ سزاکەی بە وێنەی ئەو خراپەیە کە کردویەتی یان لێی بوراوە. وە کەسێ بە پڕی زەوی تاوانی کردبێ، پاشان پێم گەیشت لە هیچ شتێکدا شەریکی

[1] الحج (١٧).

[2] النمل (٨٩).

[3] أحمد (١/٢٧٩)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

[4] فتح الباري (١١/٣٣١)، مسلم (١/١١٨)، النسائي في الكبرى (٤/٣٩٦).

بۆ دانەنابم، بە وێنەی ئەوە لێی خۆش دەبم، هەرکەسێ بستێ لێم نزیک ببێتەوە باڵێ لێی نزیک دەبمەوە، هەرکەسێ باڵێ لێم نزیك بێتەوە شا باڵێ لێی نزیك دەبمەوە. هەرکەسێ بە ڕۆشتن هاتە لام بە ڕەوت (هەروەلە) دەچمە لای)[1]، موسلیمیش ڕیوایەتی کردوە[2] بزانە ئەوانەی کە واز لە خراپە دەهێنن‌و نایکەن دەکرێن بە سێ بەشەوە: جاری وا هەیە ئەو کەسە لەبەر خوا وازی لێ دێنێ، ئەمە چاکەیەکی بۆ دەنوسرێ لەسەر وازهێنانی لەو خراپە لەبەر ڕەزای خوا، ئەمە بە کردەوەو نیازە بۆیە لە فەرموودەدا هاتوە کە چاکەیەکی بۆ دەنوسرێ وەك لە هەندێ فەرموودەی سەحیحدا هاتوە ئەفەرموێت: بێگومان ئەو کەسە وازی هێناوە لەبەر من، واتە: لەبەر ڕەزای من. بەشی دووهەم: جاری وا هەیە وازی لەو خراپە هێناوە لەبەر ئەوەی لە بیری چوەتەوەو هۆشی بەلای ئەو خراپەوە نەماوە، ئەوە نە بۆی دەنوسرێ بە چاکەو نە خراپەیشی لەسەر دەنوسرێ. چونکە نە نیازی چاکەی بوەو نە خراپەیشی کردوە. جاری واش هەیە، لەبەر تەمەڵی‌و لاوازی‌و بێ هێزی وازی هێناوە، دوای هەوڵ‌و کۆششێکی زۆرو گەڕان بە دوای ئەو شتانەدا کە نزیکی دەکەنەوە لەو خراپە. ئەمە وەك ئەو کەسە وایە کە خراپەکەی کردبێ. وەك لەم فەرموودە سەحیحەدا هاتوە لە پێغەمبەرەوە(ﷺ) کە فەرموویەتی: (ئەگەر دوو موسوڵمان بە شمشێر بەرانبەر یەك وەستان (دایان لە یەکتری) بکوژو کوژراو هەردووکیان دەچنە ناو ئاگر)، وتیان: ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئەوا بکوژەکە هەقی ناو ئاگری هەیە، ئەی کوژراوەکە بۆچی؟ فەرمووی: (بێگومان ئەویش سوور بووە لەسەر کوشتنی هاوەڵەکەی).[3] تەبەرانی ڕیوایەتی کردوە لە ئەبومالیکی ئەشعەریەوە گوتی: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (نوێژی هەینی دەبێتە کەفارەتی گوناهی ئەو ڕۆژانە کە لە نێوانی خۆی‌و ئەو هەینیەی کە بە دوایدا دێت‌و زیاد کردنی سێ ڕۆژیش، چونکە خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿مَن جَآءَ بِٱلْحَسَنَةِ فَلَهُۥ عَشْرُ أَمْثَالِهَا﴾)[4] لە ئەبوزەڕەوە (ڕەزای خوای لێبێ) وتی: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (هەرکەسێ سێ ڕۆژوی لە هەموو مانگێ گرتبێ، ئەوە هەموو ساڵەکەی گرتوە) ئیمامی ئەحمەدو نەسائی‌و ئیبنوماجەو تیرمیزی ڕیوایەتیان کردوە، تیرمیزی ئەمەی بۆ زیاد کردوە: (بۆ پشتگیری ئەوە خودا ئەم ئایەتەی لە قورئاندا ڕەوانە کردوە: ﴿مَن جَآءَ بِٱلْحَسَنَةِ فَلَهُۥ عَشْرُ أَمْثَالِهَا﴾ یەك ڕۆژ بە دە ڕۆژ)، پاشان گوتویەتی: ئەم فەرموودە، فەرموودەیەکی چاکە[5] فەرموودە لەم بارەیەوە ئێجگار زۆرە، ئەوەی لێرەدا باس کرا بەسێتی.

---

[1] أحمد (١٥٣/٥)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

[2] مسلم (٢٠٦٨/٤).

[3] البخاري (٧٠٨٣/٦٧٧٥/٣١).

[4] الطبراني (٢٩٨/٣).

[5] أحمد (١٤٦/٤)، تحفة الاحوذي (٤٧٠/٣)، النسائي (٢١٨/٤)، إبن ماجة (٥٤٥/١)، فەرموودەیەکی حەسەنە.

﴿قُلْ إِنَّنِي هَدَانِي رَبِّي إِلَىٰ صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ دِينًا قِيَمًا مِّلَّةَ إِبْرَاهِيمَ حَنِيفًا ۚ وَمَا كَانَ مِنَ الْمُشْرِكِينَ (١٦١) قُلْ إِنَّ صَلَاتِي وَنُسُكِي وَمَحْيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ (١٦٢) لَا شَرِيكَ لَهُ ۖ وَبِذَٰلِكَ أُمِرْتُ وَأَنَا أَوَّلُ الْمُسْلِمِينَ (١٦٣)﴾

هەر ئیسلام ڕاستە ڕێیە

خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿قُلْ إِنَّنِي هَدَانِي رَبِّي إِلَىٰ صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ دِينًا قِيَمًا مِّلَّةَ إِبْرَاهِيمَ حَنِيفًا ۚ وَمَا كَانَ مِنَ الْمُشْرِكِينَ﴾ ئەی موحەممەد(ﷺ) بڵێ: پەروەردگاری خۆم، خستومیەتە سەر ڕاستە ڕێگە، سەر دینێ کە پایەدارە، ئاینی ئەو ئیبراهیمە وا لە ناهەق لایداوە هەرگیز هیچ شەریکێکی بۆ خوا بڕیار نەداوە. خودای گەورەفەرمان دەکات بە پێغەمبەرەکەی(ﷺ) کە گەورەی هەموو پێغەمبەرانە کە باسی ئەو بەهرانە بکات کە خودا پێی داوە لە شارەزا کردنی بۆ سەر ئەو ڕێگە ڕاستەی کە هیچ لارو خێچیەکی تێدا نیە، پایەدارەو بەردەوامەو ئاینی ئەو ئیبراهیمەیە وا لە ناهەق لایداوە هەرگیز هیچ شەریکێکی بۆ خوا دانەناوە، ئەم ئایەتە، وەك ئەم ئایەتانە وایە کە خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿وَمَن يَرْغَبُ عَن مِّلَّةِ إِبْرَاهِيمَ إِلَّا مَن سَفِهَ نَفْسَهُ﴾[1] چ کەسێکی وا هەیە ئاینی ئیبراهیم بخاتە لاوە. مەگەر (کەسێ) هەر خۆی گەوج بکات. وە ئەفەرموێت: ﴿وَجَاهِدُوا فِي اللَّهِ حَقَّ جِهَادِهِ ۚ هُوَ اجْتَبَاكُمْ وَمَا جَعَلَ عَلَيْكُمْ فِي الدِّينِ مِنْ حَرَجٍ ۚ مِّلَّةَ أَبِيكُمْ إِبْرَاهِيمَ﴾[2] بەو شێوە (کە پێویستە) بچنە غەزا لە ڕێی خودا، ئەو هەر خۆی ئێوەی هەڵبژاردوە، لەم ئاینەشدا تووشی نارەحەتی نەکردون هەر ئاینی ئیبراهیمی باوکتانە. وە ئەفەرموێت: ﴿إِنَّ إِبْرَاهِيمَ كَانَ أُمَّةً قَانِتًا لِّلَّهِ حَنِيفًا وَلَمْ يَكُ مِنَ الْمُشْرِكِينَ (١٢٠) شَاكِرًا لِّأَنْعُمِهِ ۚ اجْتَبَاهُ وَهَدَاهُ إِلَىٰ صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ (١٢١) وَآتَيْنَاهُ فِي الدُّنْيَا حَسَنَةً ۖ وَإِنَّهُ فِي الْآخِرَةِ لَمِنَ الصَّالِحِينَ (١٢٢) ثُمَّ أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ أَنِ اتَّبِعْ مِلَّةَ إِبْرَاهِيمَ حَنِيفًا ۖ وَمَا كَانَ مِنَ الْمُشْرِكِينَ﴾[3] ئیبراهیم پێشەوایەکی بەرەو هەق ڕۆشتبوو، بەرفەرمانی خودا بو، نە لە ڕیزی ئەوانە بوو کە شەریك بۆ خودا دادەنێن، چاکەی خودای لەبەرچاو بو، خواش بۆ خۆی هەڵبژاردو شارەزای ڕێگەی ڕاستی کرد. لە دنیا بەهرەمان دایەو لەو دنیاش لە پیاو چاکانە. پاشان بە تۆمان ڕاگەیاند ئەی موحەممەد(ﷺ) کە پەیڕەوی ئاینی ئیبراهیمی بەرەو هەق ڕۆشتوو بە، ئەو شوێنکەوتەی ئەوانە نەبوو کە شەریك بۆ خوا دادەنێن. پێغەمبەری خودا(ﷺ) پێویستە نەکراوە لەسەری کە شوێنی ئاینی ئیبراهیم بکەوێ، لەبەر ئەوەی کە

---

[1] البقرة (١٣٠).

[2] الحج (٧٨).

[3] النحل (١٢٠-١٢٣).

ئیبراهیم لەو تەواوترە تێیداو بەو کارە هەڵساوە زۆر بە چاکیو بۆی تەواو کراوە بە شێوەیەکی وەها کە هیچ کەسی پێش لەو، ئەو کارەی بە تەواوی بەجێ نەهێناوە. لەبەر ئەمەی کە موحەممەد(ﷺ) دواین پێغەمبەرەو، بەڕێزترین منداڵی ئادەمە بە گشتیو خاوەنی ئەو پلەو پایە سوپاسکراوەیە (المقام المحمود) کە خەڵکی ئارەزوی دەکەن تا ئیبراهیمی خەلیلیش (سەلامی خوای لێبێ). ئیمامی ئەحمەد وتی: یەزید بۆی گێڕاینەوە، موحەممەدی کوڕی ئیسحاق هەواڵی داینێ لە داوودی کوڕی حوسەینەوە لە ئیبنوعەبباسەوە (ڕەزای خوایان لێبێ) وتی: وتیان بە پێغەمبەری خودا(ﷺ) کام ئاین لەلای خودای گەورە خۆشەویستترە؟ فەرمووی: (ئاینی ئیسلامە کە ئاینی لێبوردنە (الحنيفية البسمحة))[1].

فەرمان کردن بە پاکیو دڵسۆزی

خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿قُلْ إِنَّ صَلَاتِي وَنُسُكِي وَمَحْيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ ﴿١٦٢﴾ لَا شَرِيكَ لَهُ﴾ بڵێ: من نوێژ کردنمو پێکهێنانی ڕێوشوێنی حەج کردنمو ژینو مەرگم بۆ خودایە، کە پەروەرندەی دنیا هەر خۆیەتی، هیچ شەریکی نیە، فەرمانی وا بە من داوە. خودای گەورە فەرمانی داوە بە پێغەمبەر(ﷺ) کە ئەو بتپەرستانەی غەیرەز خودا دەپەرستن وە ئاژەڵ سەردەبرشن بە ناوی بێجگە لە خوا بڵێ کە ئەو دژی ئەوانە لەو کارەدا دەیکەن. نوێژ کردنی هەر بۆ خودایەو سەربڕینیشی هەر بۆ ئەوە هیچ شەریکی نیە ئەم ئایەتە وەك ئەو ئایەیە کە ئەفەرموێت: ﴿فَصَلِّ لِرَبِّكَ وَانْحَرْ﴾[2] سا تۆ ئەی موحەممەد(ﷺ) هەر بۆ پەروەردگاری خۆت نوێژو قوربانی بکە. واتە: بە دڵسۆزیەوە نوێژو قوربانیەکەت بکە، ئەوەبوو موشریکەکان بتیان دەپەرستو قوربانیان بۆ دەکردن. خودای گەورە فەرمانی دا کە دژایەتیان بکەنو ئەوەی ئەوانە خەریکین ئەمان نەیکەنو بە پێچەوانەی ئەوانەوە بە پاکیو بە دڵسۆزیو لێبڕانی تەواوە ڕوو بکەنە خودایگەورە. موجاهیدئەڵێت: ﴿قُلْ إِنَّ صَلَاتِي وَنُسُكِي﴾، (النسك) واتە: سەربڕین (قوربانی) لە حەجو عەمرەدا. ئیبنوئەبی حاتەم ڕیوایەتی کردوە لە جابیری کوڕی عەبدوڵلاوەئەڵێت: پێغەمبەری خودا(ﷺ) بە دوو بەران قوربانی کرد لە جەژنی قورباندا، کاتێ کە سەری دەبڕین ئەیفەرموو: (ڕووی خۆم کردە ئەو کەوسەی کە ئاسمانەکانو زەمینی وەدی هێناوە (بە پاکیو دڵسۆزی) بەرەو هەق دەڕۆم، وە من لە بتپەرستان نیمو نوێژو قوربانی کردنمو ژینو

[1] أحمد (٢٣٦/١)، فەرموودەیەکی حەسەنە.
[2] الكوثر (٥).

مەرگم بۆ خودایە پەروەردگاری دنیا هەر خۆیەتی، هیچ شەریکی نیە وا فەرمان بە من دراوە، وە من یەکەم کەسم لە ڕیزی موسوڵماناندا)[1].

ئاینی گشت پێغەمبەران تەنیا ئیسلام بووە

خودای گەورەئەفەرموێت: ﴿وَأَنَا۠ أَوَّلُ ٱلْمُسْلِمِينَ﴾ ئەی موحەممەد(ﷺ) بڵێ: من لە ڕیزی یەکەمم لە موسوڵماناندا. قەتادەئەڵێت: واتە: من لە ڕیزی یەکەمم لەم ئوممەتەدا[2]، وەك لە پێشیشدا خودای گەورە فەرموویەتی کە گشت پێغەمبەرانی بەر لە پێغەمبەر(ﷺ) بانگەوازەکەیان بۆ ئیسلام بووە کە سەرچاوەکەی پەرستنی خودایە بە تەنیاو شەریك دانەنانە بۆی. وەك ئەفەرمووێت: ﴿وَمَآ أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ مِن رَّسُولٍ إِلَّا نُوحِىٓ إِلَيْهِ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنَا۠ فَٱعْبُدُونِ﴾[3] بەر لە تۆش ئێمە هەر پێغەمبەرێکمان نارد، ڕامان سپارد، کە: هیچ پەرستراوێك بێجگە لە من نیەو هەر تەنیا من بپەرستن. وە خودای گەورە باسی نووح پێغەمبەرمان بۆ دەکات کە بە گەلەکەی دەڵێ: ﴿فَإِن تَوَلَّيْتُمْ فَمَا سَأَلْتُكُم مِّنْ أَجْرٍ ۖ إِنْ أَجْرِىَ إِلَّا عَلَى ٱللَّهِ ۖ وَأُمِرْتُ أَنْ أَكُونَ مِنَ ٱلْمُسْلِمِينَ﴾[4] ئەگەر پشتم لێ هەلکەن من داوای هیچ پاداشتێکم لێ نەکردوون، پاداشتم لەلای خودایە، فەرمانم پێکراوە من لە موسوڵمانان بم. وە ئەفەرموێت: ﴿وَمَن يَرْغَبُ عَن مِّلَّةِ إِبْرَٰهِـۧمَ إِلَّا مَن سَفِهَ نَفْسَهُۥ ۚ وَلَقَدِ ٱصْطَفَيْنَٰهُ فِى ٱلدُّنْيَا ۖ وَإِنَّهُۥ فِى ٱلْءَاخِرَةِ لَمِنَ ٱلصَّٰلِحِينَ ﴿١٣٠﴾ إِذْ قَالَ لَهُۥ رَبُّهُۥٓ أَسْلِمْ ۖ قَالَ أَسْلَمْتُ لِرَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿١٣١﴾ وَوَصَّىٰ بِهَآ إِبْرَٰهِـۧمُ بَنِيهِ وَيَعْقُوبُ يَٰبَنِىَّ إِنَّ ٱللَّهَ ٱصْطَفَىٰ لَكُمُ ٱلدِّينَ فَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسْلِمُونَ﴾[5] کێی وا هەیە کە واز لە ئاینی ئیبراهیم بێنێ؟ جا مەگەر هەر خۆی گەوج بکات. ئێمە ئەومان لەم دنیا هەڵبژاردوەو لەو دنیاشدا وا لە ڕیزی پیاوچاکاندا. وەختێ پەروەرندەت پێی وت: وەرە خۆ بە من بسپێرە وتی: وا خۆم دایە دەستی پەروەردگاری هەموو دنیا. ئیبراهیم بە کوڕەکانیو بە یەعقوبیشی ڕایسپارد: کوڕەکانم خوا ئەم ئاینەی بۆ ئێوە هەڵبژاردوە، بە موسوڵمانی نەبێ مەمرن. یوسف (سەلامی خوای لێبێ) دەفەرموێ: ﴿رَبِّ قَدْ ءَاتَيْتَنِى مِنَ ٱلْمُلْكِ وَعَلَّمْتَنِى مِن تَأْوِيلِ ٱلْأَحَادِيثِ ۚ فَاطِرَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ أَنتَ وَلِىِّۦ فِى ٱلدُّنْيَا وَٱلْءَاخِرَةِ ۖ

---

[1] الحاكم (٤٦٧/٢).

[2] الطبري (٢٨٥/١٢).

[3] الانبياء (٢٥).

[4] يونس (٧٢).

[5] البقرة (١٣٠-١٣٢).

تَوَفَّنِي مُسْلِمًا وَأَلْحِقْنِي بِالصَّالِحِينَ ﴾[1] ئەی پەروەردگارم لەم ولاتە تۆ دەستەلاتت پێداومو فێرت کردم چۆن خەونەکان لێکدەمەوە، وەدیهێنەری ئاسمانەکانو زەمینی؟، لەسەر بڕوای تەواو بە خۆت بم مرێنەو بمگەیەنەوە بە پیاوچاکان. خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿ وَقَالَ مُوسَىٰ يَا قَوْمِ إِن كُنتُمْ آمَنتُم بِاللَّهِ فَعَلَيْهِ تَوَكَّلُوا إِن كُنتُم مُّسْلِمِينَ ﴿٨٤﴾ فَقَالُوا عَلَى اللَّهِ تَوَكَّلْنَا رَبَّنَا لَا تَجْعَلْنَا فِتْنَةً لِّلْقَوْمِ الظَّالِمِينَ ﴿٨٥﴾ وَنَجِّنَا بِرَحْمَتِكَ مِنَ الْقَوْمِ الْكَافِرِينَ ﴾[2] مووسا بە گەلەکەی خۆی وت: گەلەکەم ئەگەر باوەڕتان بە خودا هەیەو ملکەچی فەرمانی ئەون، سا پشتتان هەر بەو ببەستن. وتیان: خۆمان بە خوا سپارد، ئەی پەروەردگاری هەمووسان، مەمانخەرە بەر ئازارو ئەشکەنجەی گرۆی ستەمکاران. بە بەزەیی خۆت ڕزگارمان کە لە گرۆی خوانەناسان. وە ئەفەرموێت: ﴿ إِنَّا أَنزَلْنَا التَّوْرَاةَ فِيهَا هُدًى وَنُورٌ يَحْكُمُ بِهَا النَّبِيُّونَ الَّذِينَ أَسْلَمُوا لِلَّذِينَ هَادُوا وَالرَّبَّانِيُّونَ وَالْأَحْبَارُ ﴾[3] ئێمە کە ئەم تەوراتەمان ناردوەتە خوار، ڕووناکیو ڕێنیشاندانی تێدایە، ئەم پێغەمبەرانە حوکمیان پێکرد کە موسوڵمانو ملکەچ بوون، بۆ ئەوانەی کە جوولەکە بوون هەروەها زانا خواناسەکانو زانا شەرع زاناکانیش حوکمیان پێ دەکرد. وە ئەفەرموێت: ﴿ وَإِذْ أَوْحَيْتُ إِلَى الْحَوَارِيِّينَ أَنْ آمِنُوا بِي وَبِرَسُولِي قَالُوا آمَنَّا وَاشْهَدْ بِأَنَّنَا مُسْلِمُونَ ﴾[4] ئەو کاتەشی من (بە ئیشارەتی تایبەتی خۆم) حەوارییەکانم تێگەیاند، دەبێ بڕواتان بە من هەبێو بە پێغەمبەرەکەی منیش هەر بڕواتان هەبێ، وتیان: خوایە تۆ شایەت بە، کە بڕوامان پێ هێنایو هەر ملکەچی فەرمانی تۆین. خودای گەورە ئاگاداری داوە کە پێغەمبەرەکانی بە ئیسلامەتی ڕەوانە کردوە بەڵام جیاوازیان هەبووە تێیدا بەپێی ئەو شەریعەتە تایبەتیانەی خۆیان کە هەندێکی تری نەسخ دەکاتەوە. تا ئەو کاتەی کە هەموویان بە شەریعەتەکەی موحەممەد(ﷺ) نەسخ بونەوە. وە ئەم شەریعەتەی ئەم هەتا هەتایە نەسخ نابێتەوە، بەردەوام پایەدار دەبێو نیشانەو ئاڵاکانی بەرزو شەکاوە دەبێ تا ڕۆژی قیامەت، هەر بۆیە پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: (ئێمە گرۆی پێغەمبەران کوڕانی پیاوێکینو دایکانمان جیایەو ئاینمان یەکە).[5] کە بریتیە لە پەرستنی خودا بە تەنیاو شەریکی نیە. ئەو شەریعەتەی کە هێناویانە وەك جۆری دایکەکان وابێ، برای دایکی بە پێچەوانەی ئەمەوەیە،

---

[1] يوسف (١٠١).

[2] يونس (٨٤-٨٦).

[3] المائدة (٤٤).

[4] المائدة (١١١).

[5] فتح الباري (٦/٥٥٠).

یەك دایكیان هەیەو لە چەند باوكێكن. والله أعلم. ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی كردوە لە عەلیەوە (ڕەزای خوای لێبێ) گوتی: پێغەمبەری خودا(ﷺ) كاتێ هەڵساوە بۆ نوێژو (الله أكبر) كردوەو پاشان فەرمویەتی: (ڕووم كردە ئەو كەسەی كە ئاسمانەكانو زەمینی دروست كردوە بە دڵپاكی وە لەوانەیش نیم كە شەریكی بۆ دادەنێن نوێژو قوربانیو ژینو مەرگم بۆ خودایە، پەروەردگاری ئەم دنیا)، (ئەی خودایە تۆ فەرمانڕەوای جگە لە تۆ هیچ پەرستراوێ نیە، تۆ پەروەردگاری منی، من بەندەی تۆم نامەقیم لە خۆم كردوە دان دەنێم بە تاوانەكانمدا، لە گشت گوناهەكانم خۆش بە، جگە لە تۆ هیچ كەسێ لە تاوانەكان خۆش نابێ. شارەزام كە بۆ چاكترین ڕەوشت، هیچ كەسێ كەس شارەزا ناكات بۆ چاكترین ڕەوشت جگە لە تۆ، لە ڕەوشتە خراپەكان لام بدە، هیچ كەسێ لە ڕەوشتە خراپەكان لام نادات جگە لە تۆ، گەورەو پایەبەرزی داوای لێبوردنت لێ دەكەمو دەگەڕێمەوە بۆ لای تۆ)[1] پاشان فەرموودەكەی بە تەواوی گێڕایەوەو ئەو شتانە كە ئەیفەرموو لە ڕكوعو سوجودو شایەتوماندا باس كرد. موسلیمیش لە سەحیحەكەیدا ڕیوایەتی كردوە[2].

﴿قُلْ أَغَيْرَ اللَّهِ أَبْغِي رَبًّا وَهُوَ رَبُّ كُلِّ شَيْءٍ ۚ وَلَا تَكْسِبُ كُلُّ نَفْسٍ إِلَّا عَلَيْهَا ۚ وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَىٰ ۚ ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّكُم مَّرْجِعُكُمْ فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ فِيهِ تَخْتَلِفُونَ ﴿١٦٤﴾﴾

فەرماندان بە پاكیو دڵسۆزی پشت بەستن بە خوا

خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿قُلْ﴾ ئەی موحەممەد(ﷺ) بڵێ: بەوانەی كە شەریك بۆ خوا دادەنێن (ئێوەش وەرن بە پاكیو دڵسۆزی بەندایەتی بۆ خوا بكەنو پشتی پێ ببەستن ﴿أَغَيْرَ اللَّهِ أَبْغِي رَبًّا﴾ ئایا چۆن جگە لە خوا كەسێكی تر بە پەروەردگار بزانم؟ ﴿وَهُوَ رَبُّ كُلِّ شَيْءٍ﴾ كە هەر ئەوە پەروەردگاری هەموو شت. هەر ئەویشە پارێزگاریو چاودێریم دەكاتو كارەكانم بۆ فەراهەم دێنێ. واتە: تەنیا خۆم بە ئەو دەسپێرمو بۆ لای ئەو دەگەڕێمەوە، چونكە خودا پەروەردگارو فەرمانڕەوای هەموو شتێكەو خاوەنبڕیارو وەدیهێنانە. لەم ئایەتەدا خودای گەورە فەرمان دەكان بە عەبدەكانی كە بە پاكیو دڵسۆزی پشت بە خوا ببەستن، وە لە ئایەتی پێش ئەم ئایەتەیش فەرمانی دابوو بە عەبدەكانی كە تەنیا خوا بپەرستنو شەریكی بۆ دانەنێن. ئەم بەندایەتی كردنو پشت بە خوا بەستنە زۆر جار لە قورئاندا لەگەڵ یەكتردا هاتوون. وەك ئەم ئایەتەی كە خودای گەورە پێ نیشانی عەبدەكانی ئەدات كە

[1] أحمد (١٠٢/١)، فەرموودەیەكی سەحیحە.

[2] مسلم (٥٣٤/١).

بلێین: ﴿إِيَّاكَ نَعۡبُدُ وَإِيَّاكَ نَسۡتَعِينُ﴾[1] خودایە تەنها تۆ دەپەرستین وە تەنها داوای یارمەتی لە تۆ دەکەین. وە ئەفەرموێت: ﴿فَٱعۡبُدۡهُ وَتَوَكَّلۡ عَلَيۡهِ﴾[2] تەنیا هەر ئەو بپەرستنو خۆتان بەو بسپێرن. وە ئەفەرموێت: ﴿قُلۡ هُوَ ٱلرَّحۡمَٰنُ ءَامَنَّا بِهِۦ وَعَلَيۡهِ تَوَكَّلۡنَا﴾[3] بڵێ: ئەوە ئەو خوای بەخشندەیە باوەڕمان پێ هێناوەو خۆمان هەر بەو سپاردوە. وە ئەفەرموێت: ﴿رَّبُّ ٱلۡمَشۡرِقِ وَٱلۡمَغۡرِبِ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ فَٱتَّخِذۡهُ وَكِيلٗا﴾[4] پەروەرێنی خۆرهەڵاتو خۆرئاوایە جگە لەو هیچ کەس بۆ پەرستن ناشێ. هەر ئەو بکە بە بریکاری خۆت.

هیچ کەس باری گرانی هیچ کەسێکی تر هەڵناگرێ

خودای گەورەئەفەرموێت: ﴿وَلَا تَكۡسِبُ كُلُّ نَفۡسٍ إِلَّا عَلَيۡهَاۚ وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٞ وِزۡرَ أُخۡرَىٰ﴾ هەرکەسێ کارێکی خراپ بکات هەر خۆی سزاکەی وەردەگرێ. هیچ کەس باری گرانی هیچ کەسێکی تر هەڵناگرێ. ئەمە باسو هەواڵی قیامەتە کە لەو ڕۆژەدا خودا پاداشتو سزای ئەو خەڵکە ئەداتەوە لەسەر کردارەکانیان، ئەوەی چاکە بە چاکەو ئەوەیش خراپە بە تۆڵە لێ سەندن. باری گرانی کەس بە کۆڵی کەسدا نادات، ئەمەیش لە دادگەریو کارزانی خودای گەورەیە بەرانبەر بەندەکانی، وەك لە ئایەتی تردا ئەفەرمووێت: ﴿وَإِن تَدۡعُ مُثۡقَلَةٌ إِلَىٰ حِمۡلِهَا لَا يُحۡمَلۡ مِنۡهُ شَيۡءٞ وَلَوۡ كَانَ ذَا قُرۡبَىٰٓۗ﴾[5] ئەگەر بێتو بارگرانێك لە کەسێکی تر بپاڕێتەوە بارەکەی لەگەڵدا هەڵگرێ (با خزمی نزیکیشی بێ) هیچ لەو بارەی هەڵناگرێ. وە ئەفەرموێت: ﴿فَلَا يَخَافُ ظُلۡمٗا وَلَا هَضۡمٗا﴾[6] لەوە ناترسێ کە ستەمی لێ بکرێو نە لە پاداشتی کەم بکرێتەوە. زانایانی تەفسیر وتویانە: واتە: خودا ناهەقی لە هیچ کەسێ ناکاتو تاوانی هیچ کەسێ ناخاتە سەر کەسێکی تر وە لە پاداشتی هیچ کەسێکیش کەم ناکاتەوە. وە لە ئایەتێکی تردا ئەفەرموێت: ﴿كُلُّ نَفۡسِۭ بِمَا كَسَبَتۡ رَهِينَةٌ ۝٣٨ إِلَّآ أَصۡحَٰبَ ٱلۡيَمِينِ﴾[7] هەموو کەسێ لە بارمتەی کردەوەی خۆیدایە، مەگەر هاوەڵانی دەستی ڕاست واتە: هەموو کەسێ گیرۆدەو بارمتەی کرداری خراپە خۆیەتی، بێجگە لە هاوەڵانی دەستی ڕاست کە بەرەکەتی ئاکارە چاکەکانیان وەچەو خزمەکانیشیان

---

[1] الفاتحة (٥).

[2] هود (١٢٣).

[3] الملك (٢٩).

[4] المزمل (٩).

[5] فاطر (١٨).

[6] طه (١١٢).

[7] المدثر (٣٨-٣٩).

دەگرێتەوەو بەهرەی لێ وەردەگرن. وەك لە سورەتی توردا خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَٱتَّبَعَتۡهُمۡ ذُرِّيَّتُهُم بِإِيمَٰنٍ أَلۡحَقۡنَا بِهِمۡ ذُرِّيَّتَهُمۡ وَمَآ أَلَتۡنَٰهُم مِّنۡ عَمَلِهِم مِّن شَيۡءٖۚ كُلُّ ٱمۡرِيِٕۭ بِمَا كَسَبَ رَهِينٞ﴾[1] ئەوانەی باوەڕیان هێناوە وەچەشیان چوونە سەر باوەڕی ئەوان، ئێمە وەچەی ئەوانیش وەك خۆیان دەبەینە بەهەشت لە پاداشتی کردوەیان هیچ کەم ناکەینەوە، هەموو کەسێ بارمتەی کاری خۆیەتی. واتە: وەچەکانیان دەبەینە لای ئەوان لە بەهەشتداو وەك ئەوان پلەیان بەرز دەکەینەوە، با ئەوانیش لە کردەوەدا وەك ئەوان نەبوبن، لەبەرئەوەی وەچەکانیان بڕوایان هەبوە. ئەو پیاوە گەورە پلە بەرزانە هیچ لە کردەوەکانیان کەم ناکەینەوە هەتا لەگەڵ وەچەکانیاندا هاوسەنگیان بکەین، ئەوانەی کە پلەیان لەوان کەمترە، خودا پلەیان بەرز دەکاتەوە بۆ لای باوکەکانیان بەهۆی بەرەکەتی کردەوەکانیانو ڕێزو منەتی خودا خۆی. پاشان ئەفەرموێت: ﴿ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّكُم مَّرۡجِعُكُمۡ فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمۡ فِيهِ تَخۡتَلِفُونَ﴾ پاشان جێی گەڕانەوەی هەمووتان وا لەلای پەروەردگارتان، ئەوسا ئاگادارتان دەکات کە لەسەر ئەو شتانەی کە لەگەڵ یەك ڕێك نەدەکەوتن، ئێوە کاری خۆتان بکەنو ئێمەش لە کاری خۆمان بەردەوامین، ئێوە دێننو ئێمەش هەر دێنن، ئێمەو ئێوەش ئاگادار دەکرێین، هەرکەسەو بە کردارەکانیەوەو ئەوەیش کە لەسەری ناکۆك بووین لە ژیانی دنیادا، وەك خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿قُل لَّا تُسۡـَٔلُونَ عَمَّآ أَجۡرَمۡنَا وَلَا نُسۡـَٔلُ عَمَّا تَعۡمَلُونَ ﴿٢٥﴾ قُلۡ يَجۡمَعُ بَيۡنَنَا رَبُّنَا ثُمَّ يَفۡتَحُ بَيۡنَنَا بِٱلۡحَقِّ وَهُوَ ٱلۡفَتَّاحُ ٱلۡعَلِيمُ﴾[2] بلێ: هەر گوناهێ ئێمە بیکەین، کەس لە ئێوە ناپرسێتەوە، ئێوەش هەر کارێ بکەن کەس لە ئێمە ناپرسێتەوە. تۆ بلێ: پەروەردگارمان لەگەڵ یەك کۆمان دەکاتەوە، پاشان لە نێوانماندا بڕیار ئەدات بە هەقو دادوەریمان دەکات، هەر ئەویشە لەو ڕۆژەدا بڕیار بەدەستوزانا.

﴿وَهُوَ ٱلَّذِي جَعَلَكُمۡ خَلَٰٓئِفَ ٱلۡأَرۡضِ وَرَفَعَ بَعۡضَكُمۡ فَوۡقَ بَعۡضٖ دَرَجَٰتٖ لِّيَبۡلُوَكُمۡ فِي مَآ ءَاتَىٰكُمۡۗ إِنَّ رَبَّكَ سَرِيعُ ٱلۡعِقَابِ وَإِنَّهُۥ لَغَفُورٞ رَّحِيمُۢ ﴿١٦٥﴾﴾

خودا خەڵکی کردە جێنشینی زەمینو پلە جیاواز لە یەکتری تا تاقیان بکاتەوە

خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَهُوَ ٱلَّذِي جَعَلَكُمۡ خَلَٰٓئِفَ ٱلۡأَرۡضِ﴾ (خودا) هەر بۆ خۆشی ئێوەی کردە جێنشینانی (سەر زەمین) کە ئاوەدانی بکەنەوە، وەچە دوای وەچەو چەرخ دوای چەرخو دوایەنە دوای پێشینە، ئەمە قسەی ئیبنوزەیدو کەسانی تریشە، ئەم ئایەتە وەك ئەم ئایەتانە وایە کە خودای

---

[1] الطور (٢١).

[2] سبأ (٢٥-٢٦).

گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَلَوْ نَشَآءُ لَجَعَلْنَا مِنكُم مَّلَٰٓئِكَةً فِى ٱلْأَرْضِ يَخْلُفُونَ ﴾[1] خۆ ئەگەر مەیلمان لێ بوایە چەند فریشتەیەکمان لە ئێوە وەدیدەهێناو دەمانکردن بە جێنشین لەسەر زەمین. وە ئەفەرموێت: ﴿وَيَجْعَلُكُمْ خُلَفَآءَ ٱلْأَرْضِ﴾[2] دەتانکاتە جێنشین لەم سەر زەمینە. وە ئەفەرموێت: ﴿إِنِّى جَاعِلٌ فِى ٱلْأَرْضِ خَلِيفَةً﴾[3] من دەمەوێ جێنشینێ لەسەر زەمین دیاری بکەم. وە ئەفەرموێت: ﴿عَسَىٰ رَبُّكُمْ أَن يُهْلِكَ عَدُوَّكُمْ وَيَسْتَخْلِفَكُمْ فِى ٱلْأَرْضِ فَيَنظُرَ كَيْفَ تَعْمَلُونَ ﴾[4] دوور نییە پەروەردگاتان دوژمنات لەناو بەرێ ئێوە بکاتە جێنشین لەم زەمینەداو بڕوانێ ئێوە چی دەکەن.

پاشان خودای گەورە لێرەدا ئەفەرموێت: ﴿وَرَفَعَ بَعْضَكُمْ فَوْقَ بَعْضٍ دَرَجَٰتٍ ﴾ هەندێکتانی بەرانبەر بە هەندێکی تر، چەند پلە بردە سەرەوە، واتە: هەندێکتانی لە هەندێکی تر جیا کردوەتەوە لە ڕۆزیو کۆتایی تەمەنو ڕەوشت چاکیو ڕەوشت خراپیو وێنەو شێوەو ڕەنگدا، بڕیارەکانی بەجێیە لەوەدا. وەك لە ئایەتی تردا ئەفەرموێت: ﴿نَحْنُ قَسَمْنَا بَيْنَهُم مَّعِيشَتَهُمْ فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا ۚ وَرَفَعْنَا بَعْضَهُمْ فَوْقَ بَعْضٍ دَرَجَٰتٍ لِّيَتَّخِذَ بَعْضُهُم بَعْضًا سُخْرِيًّا ﴾[5] ئێمە بژێویمان لە نێوانیادا دابەش کردوە لە ژیانی دنیاداو پلەی هەندێکمان بەسەر هەندێکی تردا بەرز کردوەتەوە، بۆ ئەوەی هەندێکیان ئەوانی تریان خزمەت بکەنو کاری بۆ بکەن، وە ئەفەرموێت: ﴿ ٱنظُرْ كَيْفَ فَضَّلْنَا بَعْضَهُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ ۚ وَلَلْءَاخِرَةُ أَكْبَرُ دَرَجَٰتٍ وَأَكْبَرُ تَفْضِيلًا ﴾[6] دە بڕوانە ! چۆن هەندێکمان لە چاو هەندێکیان بەرز کردوەتەوە بێگومان پلەو پایەکانی پاشەڕۆژ بۆ بڕواداران گەورەترو زیدەترە. پاشان خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿لِّيَبْلُوَكُمْ فِى مَآ ءَاتَىٰكُمْ ﴾ لەو شتانەی کە پێیداون تاقیتان دەکاتەوە. دەوڵەمەند تاقی دەکاتەوە بە ماڵو سامانەکەی، لێی دەپرسێ تا چەندێ سوپاسی خوای لەسەر کردوە. هەژاریش لەسەر هەژاریەکەی تاقی دەکاتەوە لێی دەپرسێ هەتا چەندێ خۆگر بووە. وە لە سەحیحی موسلیمدا هاتوە لە ئەبوسەعیدی خودەریەوە (ڕەزای خوای لێبێ) گوتی: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (بێگومان

[1] الزخرف (٦٠).

[2] النمل (٦٢).

[3] البقرة (٣٠).

[4] الاعراف (١٢٩).

[5] الزخرف (٣٢).

[6] الاسراء (٢١).

دنیا سەوزو شیرینە، خودایش ئێوەی کردۆتە جێنشین تێیدا سەیر دەکات ئاخۆ چی دەکەن، خۆتان لە دنیا بپارێزنو، خۆشتان لە ژنان بپارێزن، چونکە لە ڕاستیدا یەکەمین فیتنەی (نەوەی ئیسرائیل) بەهۆی ئافرەتەوە بووە).[1] ﴿إِنَّ رَبَّكَ سَرِيعُ ٱلْعِقَابِ وَإِنَّهُۥ لَغَفُورٌ رَّحِيمٌۢ﴾ پەروەردگارت بە پەلە تۆڵە دەسێنیٚو هەر ئەویشە کە لە گوناە دەبوریٚو دلۆڤانە. ئەمە خۆی ترساندنو هاندانیشە کە لێپرسینەوەو تۆڵەسەندنی بە پەلەیە بەرانبەر ئەو کەسانەی کە سەرپێچی خوداو دژایەتی پێغەمبەرەکانی دەکەن، وە لێبوردەیشە بەرانبەر ئەوانەی کە گوێڕایەڵینو شوێنی پێغەمبەرەکانی دەکەون لەوەی کە بۆیان هێناون لەو بەسەرهاتانەی کە بۆیان باس کردوونو ئەو فەرمانانەشی کە ئەیدەن بەسەریاندا. زۆر جار خودای گەورە کە باسی لێبوردنی کردوە بە دوایدا هەڕەشەیشی کردوە وەك ئەفەرموێت: ﴿وَإِنَّ رَبَّكَ لَذُو مَغْفِرَةٍ لِّلنَّاسِ عَلَىٰ ظُلْمِهِمْ ۖ وَإِنَّ رَبَّكَ لَشَدِيدُ ٱلْعِقَابِ﴾[2] هەرچەندە خەڵکی ستەمکار بن پەروەردگارت بەخشندەیەو لە تۆڵەیشدا توندو تیژە. وە ئەفەرموێت: ﴿نَبِّئْ عِبَادِىٓ أَنِّىٓ أَنَا ٱلْغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ ﴿٤٩﴾ وَأَنَّ عَذَابِى هُوَ ٱلْعَذَابُ ٱلْأَلِيمُ﴾[3] هەواڵ بدە بە بەندەکانم کە هەر خۆم لە گوناهان دەبورمو دلۆڤانم. سزاشم زۆر بە ژانە. چەندین ئایەتی تریش هەر بەم شێوەیە باسی هاندانو هەڕەشە کردنی تێدایە، جاریٚ هانی بەندەکانی ئەدات بۆ خواناسیو باسی بەهەشتیان بۆ دەکات، جاریٚ تر بانگیان دەکات بۆ لای خۆیو دەیانترسێنی بە باسی ئاگرو سزاو تۆڵە لیٚ سەندن لێیانو باسی ڕۆژی قیامەت، جاری وایش هەیە باسی هەردوکیان بەیەکەوە دەکات. بۆ ئەوەی هەرکەسە بەپێی خۆی سوود لە هەردوو لایەنەکە وەرگریٚ. خودای گەورە لەو کەسانەمان دانیٚ کە گوێڕایەڵیان کردوە لە فەرمانەکانیداو وازیان هێناوە لەو شتانەی کە قەدەغەی کردوەو هەڕەشەی کردوە لە بارەیەوە. ئەوەیش [4]، فەرموویەتی بە ڕاستیان زانیوە، بێگومان خودا نزیکەو نزا قبوڵ کەرەو گەورە و زۆر بەخشندەو میهرەبانە. ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردوە لە ئەبوهورەیرەوە بە مەرفوعی، کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (ئەگەر بڕوادار بیزانیایە خوا چەندە سزای لایە، هەرگیز حەس بەتەمای بەهەشتەکەی نەدەبوو. ئەگەر بێباوەڕیش بیزانیایە خوا چەندە ڕەحمی بەلاوەیە، هەرگیز کەس لە بەهەشتەکەی بیٚ ئومێد نەدەبوو، خودا سەد ڕەحمی دروست کردوە، یەك ڕەحمی لەنێوان دروست کراوەکانیدا داناوە لەناو یەکدا بەکاری دێنن، نەوەدو نۆکەی تری لەلای خودا

---

[1] مسلم (١/٥٣٤).

[2] الرعد (٦).

[3] الحجر (٤٩-٥٠).

خۆیەتی)، تیرمیزی ڕیوایەتی کردوەوئەڵێت: فەرموودەیەکی چاکە. موسلیمیش ڕیوایەتی کردوە[1] دیسان لە ئەبوهورەیرەوەئەڵێت: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (کاتێ خودا خەڵکی دروست کرد لە کتێبەکەیدا لەسەر خۆی نوسیوەو لای خۆی دانراوە کە: بێگومان بەزەیی من زاڵە بەسەر تورەیی و قینمدا)[2].

تەفسیری سورەتی (الاعراف)

لە مەککەدا هاتومتە خوارەوە

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

﴿الٓمٓصٓ (١) كِتَٰبٌ أُنزِلَ إِلَيۡكَ فَلَا يَكُن فِي صَدۡرِكَ حَرَجٞ مِّنۡهُ لِتُنذِرَ بِهِۦ وَذِكۡرَىٰ لِلۡمُؤۡمِنِينَ (٢) ٱتَّبِعُواْ مَآ أُنزِلَ إِلَيۡكُم مِّن رَّبِّكُمۡ وَلَا تَتَّبِعُواْ مِن دُونِهِۦٓ أَوۡلِيَآءَۗ قَلِيلٗا مَّا تَذَكَّرُونَ (٣)﴾

خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿الٓمٓصٓ﴾ (ألیف، لام، میم، صاد) لە سەرەتای سورەتی بەقەرەدا ئەوەی پەیوەندی بەم پیتانەوە بوو باسی لێکرا ﴿كِتَٰبٌ أُنزِلَ إِلَيۡكَ﴾ کتێبێکە بۆ تۆ هاتۆتە خوارەوە، واتە: لەلایەن پەروەردگارتەوە. ﴿فَلَا يَكُن فِي صَدۡرِكَ حَرَجٞ مِّنۡهُ﴾ خۆت تووشی دڵتەنگی مەکە کە بتپەرستان بڕوا ناهێنن، موجاهیدو قەتادەو سوودی ئەڵێن: گومانت لێی نەبێ[3] وتراویشە: تۆ خۆت نارەحەت مەکە لە گەیاندن و ترساندنی خەڵکی پێی وە لە ئایەتێکی تردا خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿فَٱصۡبِرۡ كَمَا صَبَرَ أُوْلُواْ ٱلۡعَزۡمِ مِنَ ٱلرُّسُلِ﴾[4] تۆش ئەی موحەممەد(ﷺ) وەك پێغەمبەرە لێبڕاوە نەبەزەکان سوربە لەسەر کارەکەت و خۆڕاگر بە. هەر بۆیە لێرەدا ئەفەرموێت: ﴿لِتُنذِرَ بِهِۦ﴾ بۆ ئەوەی ئەو خوانەناسانە بەو قورئانە بترسێنی و ﴿وَذِكۡرَىٰ لِلۡمُؤۡمِنِينَ﴾ ئامۆژگاریش بێ بۆ ئەوانەی بڕوای پێ دێنن. پاشان خودای گەورە ڕووی قسەی دەکاتە ئەم خەڵکی دنیایەو ئەفەرموێت: ﴿ٱتَّبِعُواْ مَآ أُنزِلَ إِلَيۡكُم مِّن رَّبِّكُمۡ﴾ هەرچی لە پەروەردگارتانەوە بۆتان ڕەوانە کراوەتە خوارەوە شوێنی کەون. واتە: شوێن هەڵسوکەوتی ئەو پێغەمبەرە نەخوێندەوارە (ﷺ) کە بە کتێبێکەوە لەلایەن پەروەردگارو فەرمانڕەوای گشت شتێکەوە هاتۆتە خوارەوە. ﴿وَلَا تَتَّبِعُواْ مِن دُونِهِۦٓ أَوۡلِيَآءَ﴾ جگە لە خوا شوێنی

---

[1] أحمد (٢/٣٣٤)، تحفة الاحوذي (٩/٥٢٧)، مسلم (٤/٢١٠٩).

[2] مسلم (٤/٢١٠٧).

[3] الطبري (١٢/٢٩٦).

[4] الاحقاف (٣٥).

سەرپەرستانی دیکە مەکەون. واتـە: لـەوەی کـە پێغەمبـەران بۆیـان هێنـاون دەرمەچـنو بـڕۆن بۆ لای شتانی تر بێجگە لە خودا. ئەگەر واتان کرد ئەوە لە فەرمانی خودا لاتان داوە بۆ لای فـەرمانی غـەیرەز خوا. ﴿قَلِيلًا مَّا تَذَكَّرُونَ﴾ ئێوە زۆر کەم پەندو ئامۆژگاری وەردەگرن. وەك لەم ئایەتانەدایە کە خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَمَآ أَكْثَرُ ٱلنَّاسِ وَلَوْ حَرَصْتَ بِمُؤْمِنِينَ﴾[1] هەرچـەندە زۆریـش هـەوڵ بدەی ئـەم خەڵکـە زۆربـەیان بـڕوا نـاهێنن. وە ئەفـەرموێت: ﴿وَإِن تُطِعْ أَكْثَرَ مَن فِى ٱلْأَرْضِ يُضِلُّوكَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ﴾[2] ئەگەر بکەویتە شوێنی قسەی زۆربەی ئەوانە وا لەم سەر زەمینـەدان لـە ڕێگـەی خـوا لات ئـەدەن. وە ئەفـەرموێت: ﴿وَمَا يُؤْمِنُ أَكْثَرُهُم بِٱللَّهِ إِلَّا وَهُم مُّشْرِكُونَ﴾[3] بەشـی زۆریـان بـڕوا بـە خـوا ناهێنن، هەر دەیانەوێ شەریکی بۆ دابنێن.

﴿وَكَم مِّن قَرْيَةٍ أَهْلَكْنَٰهَا فَجَآءَهَا بَأْسُنَا بَيَٰتًا أَوْ هُمْ قَآئِلُونَ ﴿٤﴾ فَمَا كَانَ دَعْوَىٰهُمْ إِذْ جَآءَهُم بَأْسُنَآ إِلَّآ أَن قَالُوٓا۟ إِنَّا كُنَّا ظَٰلِمِينَ ﴿٥﴾ فَلَنَسْـَٔلَنَّ ٱلَّذِينَ أُرْسِلَ إِلَيْهِمْ وَلَنَسْـَٔلَنَّ ٱلْمُرْسَلِينَ ﴿٦﴾ فَلَنَقُصَّنَّ عَلَيْهِم بِعِلْمٍ وَمَا كُنَّا غَآئِبِينَ ﴿٧﴾﴾

حاڵو گوزەرانی ئەم شارانەی قڕیان تێ خرا

خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿فَجَآءَهَا بَأْسُنَا بَيَٰتًا أَوْ هُمْ قَآئِلُونَ﴾ ئێمە خـەڵکی چـەندین شارمان قـڕ تێ خست. بەهۆی دژایەتی کردنی پێغەمبەرەکانمانو بڕوا پێ نەکردنیان، بۆیە خودا ڕسوای کـردن لـە دنیـاداو زەلیلـیو سەرشۆڕی قیامەتیـشیان بەسـەردا دێنـێ. وەك خـودای گـەورە لـە ئایـەتێکی تـردا ئەفـــــــــــەرموێت: ﴿وَلَقَدِ ٱسْتُهْزِئَ بِرُسُلٍ مِّن قَبْلِكَ فَحَاقَ بِٱلَّذِينَ سَخِرُوا۟ مِنْهُم مَّا كَانُوا۟ بِهِۦ يَسْتَهْزِءُونَ﴾[4] بە زۆرێك لە پێغەمبەرانی پێش لە تۆ گاڵتە کراو گاڵتـە کـەران تووشـی کارەکـەی خۆیـان بـــوون. وە ئەفـــەرموێت: ﴿فَكَأَيِّن مِّن قَرْيَةٍ أَهْلَكْنَٰهَا وَهِىَ ظَالِمَةٌ فَهِىَ خَاوِيَةٌ عَلَىٰ عُرُوشِهَا وَبِئْرٍ مُّعَطَّلَةٍ وَقَصْرٍ مَّشِيدٍ﴾[5] چەند شارمان لـە ستەمکاران قـڕ تێخست، داریـان بەسـەر بەردا درا

---

[1] یوسف (١٠٣).
[2] الانعام (١١٦).
[3] یوسف (١٠٦).
[4] الانعام (١٠).
[5] الحج (٤٥).

دەوری چالاویان (بیریان) چۆڵ کرا، کۆشکی بتەویان تێکدرا. وە ئەفەرموێت: ﴿ وَكَمۡ أَهۡلَكۡنَا مِن قَرۡيَةِۭ بَطِرَتۡ مَعِيشَتَهَاۖ فَتِلۡكَ مَسَٰكِنُهُمۡ لَمۡ تُسۡكَن مِّنۢ بَعۡدِهِمۡ إِلَّا قَلِيلٗاۖ وَكُنَّا نَحۡنُ ٱلۡوَٰرِثِينَ ﴾[1] چەند شارمان قڕ تێخست (کە خەڵکەکەی) بە خۆشگوزەرانی خۆیان سەرخۆش ببوون، ئەمەیش ماڵەکانیانە کە لە دوای ئەوان (کەمێك نەبێ) کەسیان لێ نیشتەجێ نەبووەو هەر بۆ خۆمان ماوەتەوە. پاشان خودای گەورە لێرەدا ئەفەرموێت: ﴿فَجَآءَهَا بَأۡسُنَا بَيَٰتًا أَوۡ هُمۡ قَآئِلُونَ﴾ ئێمە خەڵکی چەندین شارمان قڕ تێخست، وەختێ نیشانەی غەزەبی ئێمەیان بەسەرداهات، لە شەودا بوو یان نیوەڕۆ (لە پشودا بوون) واتە: هی واین بوو کاتێ ئەو سزایان بەسەردا هات شەو بوو یان لە کاتی نیوەڕۆدا، (کە کاتی پشودانە لە ناوەڕاستی ڕۆژدا) هەردوو کاتەکە بێ ئاگایی و ڕابواردنە. وەك خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿أَفَأَمِنَ أَهۡلُ ٱلۡقُرَىٰٓ أَن يَأۡتِيَهُم بَأۡسُنَا بَيَٰتٗا وَهُمۡ نَآئِمُونَ ﴿٩٧﴾ أَوَأَمِنَ أَهۡلُ ٱلۡقُرَىٰٓ أَن يَأۡتِيَهُم بَأۡسُنَا ضُحٗى وَهُمۡ يَلۡعَبُونَ﴾[2] ئایا خەڵکی ئەو شارانە نەترسا بوون کە لە شەودا بەڵای ئێمەیان تووش ببێ و ئەوان لە قوڵایی خەودا بن؟ یان ئایا خەڵکی ئەو شارانە نەترسا بوون کە لە دەمی چێشتەنگاوداو لە گەرمەی یاری کردندا ئێمە تووشی بەڵایان کەین. وە ئەفەرموێت: ﴿ أَفَأَمِنَ ٱلَّذِينَ مَكَرُواْ ٱلسَّيِّـَٔاتِ أَن يَخۡسِفَ ٱللَّهُ بِهِمُ ٱلۡأَرۡضَ أَوۡ يَأۡتِيَهُمُ ٱلۡعَذَابُ مِنۡ حَيۡثُ لَا يَشۡعُرُونَ ﴿٤٥﴾ أَوۡ يَأۡخُذَهُمۡ فِي تَقَلُّبِهِمۡ فَمَا هُم بِمُعۡجِزِينَ ﴿٤٦﴾ أَوۡ يَأۡخُذَهُمۡ عَلَىٰ تَخَوُّفٖ فَإِنَّ رَبَّكُمۡ لَرَءُوفٞ رَّحِيمٌ ﴾[3] ئاخۆ ئەوانەی بە فێڵبازی خەریکی بەدفەڕی بوون، بێ باکن لەوەی کە خوا نوقمی زەویان ناکات. یان لە شوێنێکەوە کە هەر بیریشی لێ ناکەنەوە ئازارێکیان بۆ ناباریێ؟ یان لە ڕێی هاتوچۆیاندا بیانگرێ و نەتوانن خۆیان دەرباز بکەن؟ یان لە کاتی ترسدا بیانگرێ؟ سا هەر پەروەرندەی تۆیە وا دڵسۆزو دلۆڤانە. پاشان خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿ فَمَا كَانَ دَعۡوَىٰهُمۡ إِذۡ جَآءَهُم بَأۡسُنَآ إِلَّآ أَن قَالُوٓاْ إِنَّا كُنَّا ظَٰلِمِينَ﴾ کە دەیانبینی ئێمە غەزەبمان لێ گرتوون، هەر ئەوەندەیان بۆ دەما بڵێن: ئێمە ناهەقیمان لە خۆمان کردو دانیان بە تاوانی خۆیاندا دەنا. وەك کە ئەفەرموێت: ﴿وَكَمۡ قَصَمۡنَا مِن قَرۡيَةٖ كَانَتۡ ظَالِمَةٗ ﴾[4] چەند شارمان وێران کرد، چونکە ئەوانەی کە تێدا بوون ستەمکار بوون (تا دەگاتە) ﴿خَٰمِدِينَ﴾ واتە: دامان مرکاندن. ﴿ فَلَنَسۡـَٔلَنَّ ٱلَّذِينَ أُرۡسِلَ إِلَيۡهِمۡ

[1] القصص (٥٨).
[2] الاعراف (٩٧-٩٨).
[3] النحل (٤٥-٤٧).
[4] الانبياء (١١).

﴿وَلَنَسْـَٔلَنَّ ٱلْمُرْسَلِينَ﴾ بێگومان ئێمە پرسیار دەکەین هەم لەوانەی پێغەمبەرمان بۆ ناردوون هەم لەوانەشی بە پێغەمبەری ناردنمان. وەك ئەم ئایەتانە کە ئەفەرموێت: ﴿وَيَوْمَ يُنَادِيهِمْ فَيَقُولُ مَاذَآ أَجَبْتُمُ ٱلْمُرْسَلِينَ﴾[1] هەر ئەو ڕۆژە بانگیان دەکات و پێیان دەڵێ: چۆن بە دەنگ پێغەمبەرەکانتانەوە نەچوون؟ وە ئەفەرموێت: ﴿يَوْمَ يَجْمَعُ ٱللَّهُ ٱلرُّسُلَ فَيَقُولُ مَاذَآ أُجِبْتُمْ ۖ قَالُوا۟ لَا عِلْمَ لَنَآ ۖ إِنَّكَ أَنتَ عَلَّٰمُ ٱلْغُيُوبِ﴾[2] ڕۆژێ کە خوا هەموو پێغەمبەرەکانی خۆی کۆ دەکاتەوەو ئەفەرموێ: ئایا چۆن هاتن بە بانگتانەوە؟ دەڵێن: ئێمە هیچ ئاگاداریەکمان نیە، هەر تۆ لە هەموو نەدیاران ئاگاداری. خودای گەورە لە ڕۆژی قیامەتدا پرسیار لەو پێغەمبەرانە دەکات کە چیان وەڵامی ئەو پێغەمبەرانەیان داوەتەوە، پرسیاریش لەو پێغەمبەرانە دەکات لەسەر گەیاندنی پەیامەکانی، بۆیە عەلی کوڕی ئەبوتەلحە گوتی: لە ئیبنوعەبباسەوە لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا ﴿فَلَنَسْـَٔلَنَّ ٱلَّذِينَ أُرْسِلَ إِلَيْهِمْ وَلَنَسْـَٔلَنَّ ٱلْمُرْسَلِينَ﴾ دەڵێت: (پرسیار لە پێغەمبەران دەکرێ) لەسەر ئەوەی کە گەیاندویانە[3] ﴿فَلَنَقُصَّنَّ عَلَيْهِم بِعِلْمٍ ۖ وَمَا كُنَّا غَآئِبِينَ﴾ ئەوسا ئێمە کە دەزانین هەمووی بە تەواوی بۆ گشت لا باس دەکەین و هەرگیز لێیان بێ ئاگا نین. ئیبنوعەبباس لەم ئایەتەدا: ﴿فَلَنَقُصَّنَّ عَلَيْهِم بِعِلْمٍ ۖ وَمَا كُنَّا غَآئِبِينَ﴾ دەڵێت: لە ڕۆژی قیامەتدا کتێب دادەنرێ هەرچیان کردوە باسی دەکات.[4] ﴿وَمَا كُنَّا غَآئِبِينَ﴾ واتە: لە ڕۆژی قیامەتدا خودای گەورە عەبدەکانی ئاگادار دەکات کە چیان گوتوەو چیان کردوە، لە زۆرو کەم، چونکە خودا خۆی شایەتە لەسەر هەموو شتێ هیچی لێ ون نیەو بێ ئاگایش نیە لە هیچ شتێك، بەڵکو ئاگای لە شاراوەکانی ناو دڵ و هەستی چاوەکانە ﴿وَمَا تَسْقُطُ مِن وَرَقَةٍ إِلَّا يَعْلَمُهَا وَلَا حَبَّةٍ فِى ظُلُمَٰتِ ٱلْأَرْضِ وَلَا رَطْبٍ وَلَا يَابِسٍ إِلَّا فِى كِتَٰبٍ مُّبِينٍ﴾[5] هەر گەڵایەك لە هەر شوێنێك بێ زانینی ئەو ناوەرێ، هەرچی دەنکە لە تاریکی زەویداو هەرچی تەڕە یان وشکە گشتی لەناو دەفتەرێکی ئاشکرایە.

[1] القصص (٦٥).
[2] المائدة (١٠٩).
[3] الطبري (٣٠٦/١٢).
[4] الطبري (٣٠٨/١٢).
[5] الانعام (٥٩).

﴿وَٱلْوَزْنُ يَوْمَئِذٍ ٱلْحَقُّ ۚ فَمَن ثَقُلَتْ مَوَٰزِينُهُۥ فَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ ﴿٨﴾ وَمَنْ خَفَّتْ مَوَٰزِينُهُۥ فَأُو۟لَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ خَسِرُوٓا۟ أَنفُسَهُم بِمَا كَانُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَا يَظْلِمُونَ ﴿٩﴾﴾

باسی هەڵسەنگاندنی كردارەكان

خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَٱلْوَزْنُ يَوْمَئِذٍ ٱلْحَقُّ ۚ فَمَن ثَقُلَتْ مَوَٰزِينُهُۥ فَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ ﴿٨﴾ وَمَنْ خَفَّتْ مَوَٰزِينُهُۥ فَأُو۟لَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ خَسِرُوٓا۟ أَنفُسَهُم بِمَا كَانُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَا يَظْلِمُونَ﴾ هەڵسەنگاندنی بەڕاستی لەو ڕۆژەدا ڕووئەدات ئەو كەسانەی تای تەرازوویان گران بێت، ئەوانە ڕزگارەكانن، ئەو كەسانەشی كردوەیان لە هەڵسەنگاندندا سووك بێت، زەرەریان لە خۆیان داوە، غەدریان لە نیشانەكانی ئێمە كردوە. ئەم ئایەتە وەك ئەو ئایەتە وایە كە خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَنَضَعُ ٱلْمَوَٰزِينَ ٱلْقِسْطَ لِيَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِ فَلَا تُظْلَمُ نَفْسٌ شَيْـًٔا ۖ وَإِن كَانَ مِثْقَالَ حَبَّةٍ مِّنْ خَرْدَلٍ أَتَيْنَا بِهَا ۗ وَكَفَىٰ بِنَا حَٰسِبِينَ﴾[1] ڕۆژی قیامەت چەندین تەرازوو بەرانبەر دەخەینە كار، ئەوسا بە ئەندازەی سەنگی تۆمێ وردیلەی دانە خەردەلیش دەخەینە ڕوو ناهەقی لە كەس ناكرێ، بەسە ئێمە ژمێریاری كردەوەكانتان بین. وە ئەفەرموێت: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَظْلِمُ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ ۖ وَإِن تَكُ حَسَنَةً يُضَٰعِفْهَا وَيُؤْتِ مِن لَّدُنْهُ أَجْرًا عَظِيمًا﴾[2] خودا بە سەنگی مێروولەی زەردی وردیلەش ناهەقی لە هیچ كەس ناكات. بەڵام بەرانبەر بە هەر چاكەیەك بیكەن، دوو ئەوەندە پاداش ئەداتەوەو سەرەڕای ئەو پاداش دانەش، خەڵاتی گەورەیان هەیە. وە ئەفەرموێت: ﴿فَأَمَّا مَن ثَقُلَتْ مَوَٰزِينُهُۥ ﴿٦﴾ فَهُوَ فِى عِيشَةٍ رَّاضِيَةٍ ﴿٧﴾ وَأَمَّا مَنْ خَفَّتْ مَوَٰزِينُهُۥ ﴿٨﴾ فَأُمُّهُۥ هَاوِيَةٌ ﴿٩﴾ وَمَآ أَدْرَىٰكَ مَا هِيَهْ ﴿١٠﴾ نَارٌ حَامِيَةٌۢ﴾[3] هەركەسێ تای تەرازووی قورس بوو، تووشی ژیانی خۆی بووە، هەركەسێكیش لە كێشانە سووكی هێنا، ئەوە شوێنی (هاویە) یە، چۆن زانیوتە لە (هاویە) مەبەس چیە؟ ئاگرێكی زۆر بە تەوژمە (گەرمە). وە ئەفەرموێت: ﴿فَإِذَا نُفِخَ فِى ٱلصُّورِ فَلَآ أَنسَابَ بَيْنَهُمْ يَوْمَئِذٍ وَلَا يَتَسَآءَلُونَ ﴿١٠١﴾ فَمَن ثَقُلَتْ مَوَٰزِينُهُۥ فَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ ﴿١٠٢﴾ وَمَنْ خَفَّتْ مَوَٰزِينُهُۥ فَأُو۟لَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ خَسِرُوٓا۟ أَنفُسَهُمْ فِى جَهَنَّمَ خَٰلِدُونَ﴾[4] هەركاتێ كە فوو بە كەڵەشاخدا كرا، نە خزمایەتی لە نێوان دەمێنێ و نە كەسیان لە كەس دەپرسێ، هەركەسیش

---

[1] الانبياء (٤٧).

[2] النساء (٤٠).

[3] القارعة (٦-١١).

[4] المؤمنون (١٠١-١٠٣).

کێشانەی گرانتری بێ، ئەوە دیارە لە ڕیزی ڕزگارەکانە. هەرکەسیش لە کێشانە کەمی هێنا، ئەوانە دۆڕاوەکانن و لە جەهەنمدا دەمێننەوە تا هەتایە. ئەوەی لە تەرازودا دادەنرێ لە ڕۆژی قیامەتدا هەندێ دەڵێن کرداره یا ئەو کرداره عەرەزیش (عرض) بێ، مەگەر خودای گەورە دەیکاتە شێوەو قەبارە لە ڕۆژی قیامەتدا. بەغەوی وتی: لە شێوەی ئەمە ڕیوایەت کراوە لە ئیبنوعەبباسەوە[١]، وەك لە فەرموودەی سەحیحدا هاتوە کە سورەتی (بەقەرە)و (ئالی عیمران) لە ڕۆژی قیامەتدا وەك دوو پەڵە هەور یا وەك دوو سێبەر یا وەك دوو پۆل لە باڵندە کە باڵیان کردوەتەوە دێن[٢]، دیسان لەم بارەیەوە لە فەرموودەی سەحیحدا باسی قورئان هاتوە، کە دێت بۆ لای هاوەڵەکەی لە وێنەی لاوێکی ڕەنگ زەردی لاواز پێی دەڵێ: تۆ کێیت؟ دەڵێت: من ئەو قورئانەم کە شەوەکەتم بە بێداری هێشتەوەو ڕۆژەکەتم بە تینویەتی هێشتەوە[٣] وە هەر لەم بارەیەوە لە فەرمودەکەی بەراء دا هاتوە لە باسی پرسیاری گۆڕەوە: (کە لاوێکی شێوە جوانی بۆن دێتە لای ئەو خاوەنباوەڕە، خاوەنباوەڕەکە پێی دەڵێ: تۆ کێیت؟ دەڵێت: من کردەوە چاکەکەتم)[٤]، بە پێچەوانەشەوە باسی خوانەناس و دووڕوویشی کردوە. لە فەرموودەدا هاتوە کە کتێبی کردەوەکان دەکێشرێ وەك لە فەرمودەی پسولەکەدا لە بارەی ئەو پیاوەی کە دەهێنرێ نەوەدو نۆ تۆمارگەی لە تای تەرازوییەکدا بۆ دادەنرێ هەر تۆمارگەیەك بە ئەندازەی ئەوەی چاو بڕ بکات دەبێ، پاشان ئەو پسولەیە دەهێنرێ کە (لا إله إلا الله) تێدایە، پیاوەکە دەڵێ: ئەی پەروەردگارم ئەم پسولەیە چیە لەگەڵ ئەم تۆمارگانەدا؟ خودای گەورە ئەفەرموێت: تۆ ناهەقیت لێ ناکرێ، ئەم پسولەیە لە تای تەرازوەکەدا دادەنرێ. پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: (تۆمارگەکان سووك بوون و پسولەکە قورس بوو)[٥] تیرمیزیش هەر بەم شێوەیە لە سەحیحەکەیدا هێناویەتی. خاوەن کردەوەیش دەکێشرێ وەك لەم فەرموودەیەدا هاتوە: (لە ڕۆژی قیامەتدا پیاوێکی قەڵەو دەهێنرێ لەلای خوا قورسایی باڵە مێشولەیەکی نیە)، پاشان ئەم ئایەتەی خوێند: ﴿فَلَا نُقِيمُ لَهُمْ يَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ وَزْنًا﴾[٦]، [٧]ڕۆژی قیامەتیش هیچ سەنگێکیان بۆ دانانێین. لە مناقبی عەبدوڵڵای کوڕی مەسعودا هاتوە: پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئەفەرمووێت: (ئایا سەرتان سوڕ دەمێنێ لە دوو لاقی باریکی عەبدوڵڵا!

---

[١] البغوي (٢/١٤٩).

[٢] مسلم (١/٥٥٣).

[٣] إبن ماجة (٢/١٢٤٢)، حاكم بە سەحیحی داناوە لەسەر مەرجی موسلیم.

[٤] أحمد (٤/٢٨٧)، فەرموودەیەکی حەسەنە.

[٥] تحفة الاحوذي (٧/٣٩٥).

[٦] الكهف (١٠٥).

[٧] فتح الباري (٨/٢٧٩).

سوێند بەو کەسەی گیانی منی بەدەستە ئەو دوو لاقە لە تەرازوودا لە ئوحود قورستترن)[1]، دەکرێ ئەم نیشانانە بخرێنە لای یەك، تا ئەمانە هەموو ڕێك دەرچێ، جارێ کردەوەکان کێشانە دەکرێ‌و جارێ ئەوەی تێیدا هەڵگیراوەو جارێکی تریش ئەوەی کارەکانی کردوە دەکێشرێ، والله أعلم.

﴿وَلَقَدْ مَكَّنَّٰكُمْ فِى ٱلْأَرْضِ وَجَعَلْنَا لَكُمْ فِيهَا مَعَٰيِشَ ۗ قَلِيلًا مَّا تَشْكُرُونَ ﴿١٠﴾﴾

گشت بەهرەکانی ئاسمان‌و زەوی بۆ مەردمە

خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَلَقَدْ مَكَّنَّٰكُمْ فِى ٱلْأَرْضِ وَجَعَلْنَا لَكُمْ فِيهَا مَعَٰيِشَ ۗ قَلِيلًا مَّا تَشْكُرُونَ﴾ ئێمە ئێوەمان لەم زەویە جێ کردەوە، هەر لەوێشدا بژێویمان بۆ برینەوە، کەمێکتان شوکرانە بژێرن. خودای گەورە منەت دەکات بەسەر عەبدەکانیدا کە ئەوەی بۆ ڕەخساندون زەوی ببێ بە شوێنی نیشتەجێیان، گەڕو ڕووبارو جێ‌و ڕێی بۆ وەدی هێناون تێیداو شتە بەسودەکانیشی بۆ ڕەوا بینیون، هەوریشی بۆ ڕام هێناون بۆ دەرهێنانی بژێوی بۆیان لە زەویدا. وە هۆی گرتنە بەری دەس خستنی ڕۆزیشی بۆ ئاسان کردون‌و بازرگانی تێدا دەکەن‌و گشت هۆکارەکان دەگرنە بەر بۆی. لەگەڵ ئەوەیشدا زۆربەیان کەم سوپاس‌و ستایشی خوای لەسەر دەکەن وەك خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَإِن تَعُدُّوا۟ نِعْمَتَ ٱللَّهِ لَا تُحْصُوهَآ ۗ إِنَّ ٱلْإِنسَٰنَ لَظَلُومٌ كَفَّارٌ﴾[2] خۆ ئەگەر بەهرەکانی خوا بژمێرن، بۆتان ناژمێردرێن، بەڕاستی مرۆڤ زۆر ناهەقیکارو سپڵەیە.

﴿وَلَقَدْ خَلَقْنَٰكُمْ ثُمَّ صَوَّرْنَٰكُمْ ثُمَّ قُلْنَا لِلْمَلَٰٓئِكَةِ ٱسْجُدُوا۟ لِـَٔادَمَ فَسَجَدُوٓا۟ إِلَّآ إِبْلِيسَ لَمْ يَكُن مِّنَ ٱلسَّٰجِدِينَ﴾

بەسەرهاتی سوژدە بردنی فریشتەکان‌و خۆ بەگەورە زانینی شەیتان

خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَلَقَدْ خَلَقْنَٰكُمْ ثُمَّ صَوَّرْنَٰكُمْ ثُمَّ قُلْنَا لِلْمَلَٰٓئِكَةِ ٱسْجُدُوا۟ لِـَٔادَمَ فَسَجَدُوٓا۟ إِلَّآ إِبْلِيسَ لَمْ يَكُن مِّنَ ٱلسَّٰجِدِينَ﴾ ئێمە ئێوەمان دروست کردو لە پاشان وێنەمان کێشان، پاشان بە فریشتەمان گوت: سوژدە بەرن بۆ ئادەم، هەمویان سوژدەیان برد شەیتان (ئیبلیس) نەبێ، ئەو لە ڕیزی سوژدەبەران خۆی جیا کردەوە. خودای گەورە نەوەی ئادەم ئاگادار دەکاتەوە لەو پلەو پایەیە کە لەبەر پلەو ڕێزی ئادەمی باوکیانەوە (سەلامی خوای لێبێ) پێیان دراوەو باسی دوژمنایەتی دوژمنەکەیانی بۆ کردون کە شەیتانەو ئەو حەسودیەی کە پێچاویەتە دڵی بۆ خۆشیان‌و باوکیشیان

---

[1] أحمد (١/٤٢٠)، فەرموودەیەکی باشە (جید).

[2] إبراهيم (٣٤).

ئادەم. تا خۆیانی لێ لادەن و شوێن ڕێگاکەی نەکەون. ئەم ئایەتە وەك ئەو ئایەتە وایە کە ئەفەرموێت:

﴿ وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَٰٓئِكَةِ إِنِّي خَٰلِقٌۢ بَشَرًا مِّن صَلْصَٰلٍ مِّنْ حَمَإٍ مَّسْنُونٍ ﴿٢٨﴾ فَإِذَا سَوَّيْتُهُۥ وَنَفَخْتُ فِيهِ مِن رُّوحِي فَقَعُوا۟ لَهُۥ سَٰجِدِينَ ﴾[1] کاتێ پەروەردگارت بە فریشتەکانی وت: من مرۆڤم لە قوڕە ڕەشەی ترشاوی وشکەڵاتوو دروس کردەوە. هەر کاتێ ڕێك و پێکم کردو لە گیانی خۆم فووم پێدا کرد، دەبێ یەکسەر سوژدەی بۆ بەرن، فریشتەکان هەموو تێکڕا سوژدەیان بۆ برد جگە لە ئیبلیس ملی نەدا لەگەڵ سوژدە بەرەکان بێ. چونکە کاتێ خودای گەورە بە دەستی خۆی لە قوڕێکی بتەو جێر ئادەمی دروست کرد (سەلامی خوای لێبێ) شێوەی وەك مرۆڤێکی ڕێك و پێك پێکهێنا لە گیانی خۆی فووی پێداکرد، فەرمانی دا بە فریشتەکان سوژدەی بۆ بەرن بۆ ڕێز لێنان لەو کارەی خودای گەورە، هەموویان گوێڕایەڵ بوون و ملیان بۆ کەچ کرد جگە لە شەیتان ملی نەدا لەگەڵ سوژدەبەرەکان بێ. لە پێشەوە قسە لەسەر شەیتان کرا لە سورەتی بەقەرەدا. بەڵگە هەیە لەسەر ئەوە کە مەبەست پێی ئادەمە (سەلامی خوای لێبێ) کە بە جەمع هێناویەتی لەبەر ئەوە ئادەم باوکی گشت ئادەمیانە، وەك خودای گەورە ئەفەرموێت بە نەوەی ئیسرائیل لە زەمانی پێغەمبەردا(ﷺ). ﴿ وَظَلَّلْنَا عَلَيْكُمُ ٱلْغَمَامَ وَأَنزَلْنَا عَلَيْكُمُ ٱلْمَنَّ وَٱلسَّلْوَىٰ ﴾[2] هەورمان کردە سێبەر بەسەرتانەوەو گەزۆو مەلی شەیلاقەشمان بۆ ناردن. مەبەست پێی لێرەدا ئەو باب و باپیرانەیان بوە لە زەمانی مووسادا (سەلامی خوای لێبێ) ژیاون، بەڵام لەبەر ئەوەی مننەتێك بووە بەسەر باب و باپیرانیانەوە کە ئەوان ئەسڵن، وای لێ هاتوە، وەك ئەوە بۆ وەچەکانیان بوە، ئەمە جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەم ئایەتەدا کە ئەفەرموێت: ﴿ وَلَقَدْ خَلَقْنَا ٱلْإِنسَٰنَ مِن سُلَٰلَةٍ مِّن طِينٍ ﴾[3] ئێمە مرۆڤمان لە قوڕێکی خۆشە کراو دروست کرد. مەبەست پێی لێرەدا ئادەمە کە دروست کراوە لە قوڕی خۆشە کراو، وەچەکەیشی لە تنۆکی ئاو دروست کراوە. ئەمەش ڕاستە چونکە مەبەست بە ﴿خَلَقْنَا ٱلْإِنسَٰنَ﴾ جنسی مرۆڤە. نە کەسێکی دیاری کراو. والله أعلم.

﴿قَالَ مَا مَنَعَكَ أَلَّا تَسْجُدَ إِذْ أَمَرْتُكَ قَالَ أَنَا۠ خَيْرٌ مِّنْهُ خَلَقْتَنِي مِن نَّارٍ وَخَلَقْتَهُۥ مِن طِينٍ ﴿١٢﴾﴾

خوای گەورە﴿قَالَ﴾ فەرمووی: ﴿مَا مَنَعَكَ أَلَّا تَسْجُدَ إِذْ أَمَرْتُكَ قَالَ أَنَا۠ خَيْرٌ مِّنْهُ خَلَقْتَنِي مِن نَّارٍ وَخَلَقْتَهُۥ مِن طِينٍ﴾ کە فەرمانم پێدای، لەبەرچی تۆ سوژدەت نەبرد؟ وتی: من لەو چاکترم، منت لە ئاگر دروست

---

[1] الحجر (٢٨-٢٩).

[2] البقرة (٥٧).

[3] المؤمنون (١٢).

کـردو ئـەووت لـە قـوڕ دروسـت کـردوە. خـودای گـەورە ئەفـەرموێت: ﴿مَا مَنَعَكَ أَلَّا تَسْجُدَ﴾ واتـە: چـی تەنگاوی کردیو زۆری پێ هێناییو ناچاری کردی کاتێ کە فەرمانم پێدای سوژدە بـەری ئـەم قـسەیە، قسەی ئیبنوجەریرە زۆر بەهێزو چاکە والله أعلم. وە ئەو قسەی شەیتانە (لەعنـەتی خـوای لێبـێ) ﴿أَنَا خَيْرٌ مِّنْهُ﴾ لەو بەهانەیە بوو لە تاوانی گەورەترە، چونکە سەرپێچی لەو فەرمانە کرد، بەلایەوە وا بوو کە فەرمان ناکرێ بە کەسێکی پەسەند سوژدە بەرێ بۆ کەسێکی ناپەسـەند. واتـە: چـۆن دەبـێ مـن لـەو چاکترم فەرمانم پێدەکەی سوژدە بۆ ئەو ببەم؟ پاشان ڕوونـی دەکاتـەوە کـە ئـەو لـە ئـادەم چاکترە، لەبەر ئەوەی ئەم لە ئاگر دروست کراوەو ئاگر بەڕێزترە لەوەی ئادەمی لێ دروست کراوە کە قوڕە. ئـەو خوا خراپ بۆ کردوە سەیری سەرچاوەی توخمەکەی کردوە، سەیری ئەو ڕێزە گەورەیەی نەکردوە، کـە خودای گەورە بە دەستی خۆی ئادەمی دروس کردوەو لە گیانی خۆیـشی فـووی پێـدا کـردوە. چـونکە ئەو پێوانەیە ئەو کردویـەتی پێوانەیـەکی زۆر خراپـە بەرانبـەر دەقێـك کـە خـودا گـەورە ئەفـەرمووێت، ﴿فَقَعُوا لَهُ سَاجِدِينَ﴾ هەموو فریشتەکان سوژدەیان بـرد، ئـەو لـە نێـوان ئـەو فریشتانەدا خـۆی تـەرە نەکردو سوژدەی نەبردو بێ هیوا بوو لە ڕەحمەتی خواو تووشی هەڵە بـوو، خـوا ڕووی ڕەش کـرد بـەو پێوانەی کە کردی. بانگەشەکەی ئەوە بوو کە ئاگر بەڕێزترە لە قـوڕ، بێگومـان قـوڕ سـەنگینو هـێمنو نەرمو نیانو خۆڕاگرترەو شوێنی ڕووەكو نەشو نما کردنـیو چـاکە کاریـە. ئـاگریش کـاری سـوتاندنو زەبرو زەنگو پەلە پەلە. هـەر بۆیـە شـەیتان ڕەگەزەکـەی خەیانـەتی لێ کـرد، ئـادەمیش ڕەگەزەکـەی بەهرەمەندی کـرد، پەشـیمان بـوەوەو گەڕایـەوەو زەلیلـی خـۆی دەرخـستو ملـی کـەچ کـردو سـەری دانەنواند بۆ فەرمانی خودای گـەورە و دانـی نـا بـە تاوانەکـەیداو دوای تەوبـەو لێخۆشبوونی کـرد. لـە سـەحیحی موسـلیمدا هـاتوە لـە عائیـشەوە (ڕەزای خـوای لێبـێ) فـەرمووی: پێغەمبـەری خـودا(ﷺ) فەرموویەتی: (فریشتەکان لە ڕوناکی دروست کراون، ئیبلیس لە بڵێسەی (ئاگری) بێ دووکـەڵ دروسـت کراوە. ئادەمیش لەوە دروس کراوە کە بۆتان باس کراوە)[1] واتە: لە قوڕ.

یەکەم کەس کە پێوانەی کرد ئیبلیس بوو

ئیبنوجەریر ڕیوایەتی کردوە لە حەسەنەوە لەم ئایەتـەدا: ﴿خَلَقْتَنِي مِن نَّارٍ﴾ منـت لـە ئـاگر دروسـت کردوەو ئەویشت (واتە ئادەم) لە قوڕ دروس کردوە. وتی: شەیتان پێوانەی کرد، ئەو یەکەم کەس بـوو

[1] مسلم (٤/٢٢٩٤).

پێوانەی کرد[1] سەنەدەکانی ڕاستن، ڕیوایەت کراوە لە ئیبنوسیرینەوە، وتی: یەکەم کەسێ پێوانەی کرد ئیبلیس بوو. خۆرو مانگیش کە پەرستراوە هەر بە پێوانە بوە[2] سەنەدەکانی ئەمیش ڕاستن.

﴿ قَالَ فَٱهۡبِطۡ مِنۡهَا فَمَا يَكُونُ لَكَ أَن تَتَكَبَّرَ فِيهَا فَٱخۡرُجۡ إِنَّكَ مِنَ ٱلصَّٰغِرِينَ ﴿١٣﴾ قَالَ أَنظِرۡنِيٓ إِلَىٰ يَوۡمِ يُبۡعَثُونَ ﴿١٤﴾ قَالَ إِنَّكَ مِنَ ٱلۡمُنظَرِينَ ﴿١٥﴾ ﴾

خودای گەورە بە فەرمانێکی (قەدەری و کەونی) گفتوگۆ لەگەڵ ئیبلیس دەکات و ﴿ قَالَ ﴾ ئەفەرموێت: ﴿فَٱهۡبِطۡ مِنۡهَا فَمَا يَكُونُ لَكَ أَن تَتَكَبَّرَ فِيهَا﴾ لێرە بڕۆرە خوارەوە، لەم شوێنەدا بۆت نیە بەسەر کەسدا فیز بنوێنی، واتە: بەهۆی سەرپێچیت لە فەرمانی منو دەرچوونت لە گوێڕایەڵیم، تۆ ئیتر بۆت نیە فیز بنوێنی بەسەر کەسدا لێرەدا. زۆرێ لە زانایانی تەفسیر دەڵێن: ئەو زەمیرە لە ﴿فِيهَا﴾ دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بەهەشتە. هەڵیش دەگرێ بگەڕێتەوە بۆ ئەو پلەو پایەی کە شەیتان تێیدا بوو لە (مەلەکوتی ئەعلا) دا: ﴿فَٱخۡرُجۡ إِنَّكَ مِنَ ٱلصَّٰغِرِينَ ﴾ سا دەرچۆ لەم شوێنەدا، تۆ لە سووکو ڕسوایانی. خودای گەورە بە پێچەوانەی نیازیەوە سەودای لەگەڵدا کرد، پاداشتیشی بە دژی مەبەستیەوە دایەوە. ئا لەو کاتەدا ئەم بەر لەعنەتیە هەستی کرد (چی لە خۆی کردوە) داوای مۆڵەتی لە خودای گەورە کرد تا ڕۆژی قیامەت ﴿ قَالَ أَنظِرۡنِيٓ إِلَىٰ يَوۡمِ يُبۡعَثُونَ﴾ شەیتان وتی: تا ڕۆژی قیامەت دێ، ماوەم بدە. ﴿قَالَ إِنَّكَ مِنَ ٱلۡمُنظَرِينَ ﴾ خودای گەورەش فەرمووی، وا تۆ لە ماوە دراوەکانی. خودای گەورە داواکەی قبوڵ کرد، دیارە خودا لەوەداو (لە هەر شتێکدا بیەوێ بیکات) مەیلو ئارەزوی خۆیەتیو کەس ناتوانێ دژایەتی بکاتو لەبەریدا بوەستێو دەس بخاتە فەرمانیو لێپرسینەوەشی زۆر پەلەیە.

﴿ قَالَ فَبِمَآ أَغۡوَيۡتَنِي لَأَقۡعُدَنَّ لَهُمۡ صِرَٰطَكَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ ﴿١٦﴾ ثُمَّ لَأٓتِيَنَّهُم مِّنۢ بَيۡنِ أَيۡدِيهِمۡ وَمِنۡ خَلۡفِهِمۡ وَعَنۡ أَيۡمَٰنِهِمۡ وَعَن شَمَآئِلِهِمۡۖ وَلَا تَجِدُ أَكۡثَرَهُمۡ شَٰكِرِينَ ﴿١٧﴾ ﴾

خودای گەورە باسی شەیتان دەکات کاتێ مۆڵەتی پێدرا ﴿إِلَىٰ يَوۡمِ يُبۡعَثُونَ﴾ تا ڕۆژی قیامەت، دڵنیا بوو دەستی دایە لاساریو سەرپێچی کردو ﴿ قَالَ﴾ وتی: ﴿فَبِمَآ أَغۡوَيۡتَنِي لَأَقۡعُدَنَّ لَهُمۡ صِرَٰطَكَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ ﴾ چونکە لە ڕێت لادام، منیش بۆیان دادەنیشم، ڕاستە ڕێی تۆیان لێدەگرم. ئیبنوعەبباس ئەڵێت: چۆن گومڕات کردم[3]، کەسانی تریش وتویانە: چۆن لەناوت بردم منیش دادەنیشم بۆ ئەو عەبدانەی کە

---

[1] الطبري (١٢/٣٢٨).

[2] الطبري (١٢/٣٢٨).

[3] الطبري (٣٣٢).

دروستت کردون لە وەچەی ئەو کەسەی لەبەر ئەو منت دور خستەوە راستە رێی تۆیان لێدەگرم، واتـە: رێی هەق و رزگاری. لایان ئەدەم لەو رێگەیە بۆ ئەوەی تۆ نەپەرستن و بە تـەنیات نـەزانن لەبـەر ئـەوەی کە تۆ منت گومڕا کرد، موجاهید وتی: ﴿صِرَٰطَكَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ﴾ واتە: رێگـەی راسـتی تـۆ. ئیمـامی ئەحمـەد ریوایەتی کردوە لە سبرەی کوڕی ئەبوفاکیهەوە وتی: بیستم لە پێغەمبەری خـوداوە(ﷺ) ئەیفـەرموو: (بێگومان شەیتان بە چەند رێگا لە رێگاکـانی خـۆی دانیـشتوە بـۆ نـەوەی ئـادەم، بـۆی دانیـشتوە لـە رێگەی ئیسلامداو دەڵێ: ئایا تۆ موسوڵمان دەبی و واز لە ئاینی خۆت و باب و باپیرانت دێنی؟ فەرمووی: بە گوێی نەکردوە و موسوڵمان بوە. فەرمووی: لە رێگای کۆچ کردنـەوە بـۆی دانیـشوە دەڵـێ: ئایـا تـۆ کۆچ دەکەی و زەوی و ئاسمانەکەت بەجێ دێڵی؟ بێگومات وێنـەی کۆچـەری وەك ئـەو ئەسـپە وایـە کـە پەتی بۆ شل کرابێ تا بلەوەڕێ. بە گـوێی نـەکردوە و موسـوڵمان بـوە پاشـان لـە رێگـەی جیهـادا بـۆی دانیشتوە، کە جیهادی گیان و ماڵە، پێـی دەڵـێ: شـەڕ دەکـەی تـا بکوژرێیـت ژنەکـەت بـدرێ بـە شـوو سـامانەکەت دابـەش بکـرێ، فـەرمووی: بـە گـوێی نـەکردوە و جیهـادی کـردوە. پاشـان پێغەمبـەری خودا(ﷺ)پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: هەرکەسێ لەوانە ئاوای کرد، ئەوە پێویـستە لەسـەر خـوا کە بیخاتە بەهەشت، وە ئەگەر کوژرا پێویستە لەسەر خوا کە بیخاتە بەهەشت، ئەگەر خنکا (لە ئـاودا) پێویستە لەسەر خوا بیخاتە بەهەشت، وە ئەگەر وڵاغەکەی خستی و ملی شکا پێویـستە لەسـەرخوا کـە بیخاتە بەهەشت)[1]، پاشان خـودای گـەورە ئەفـەرموێت: ﴿ثُمَّ لَأٓتِيَنَّهُم مِّنۢ بَيۡنِ أَيۡدِيهِمۡ﴾ پاشـان لـە پـێش و پاشەوە بۆیان دەچم. عەلی کوڕی ئەبوتەلحە ئـەڵێت: لـە ئیبنوعەبباسـەوە ﴿ثُمَّ لَأٓتِيَنَّهُم مِّنۢ بَيۡنِ أَيۡدِيهِمۡ﴾ تووشـی گومانیـان دەکـەم بـە ڕۆژی دواییـان ﴿وَمِنۡ خَلۡفِهِمۡ﴾ هانیـان ئـەدەم بـۆ دنیایـان ﴿وَعَنۡ أَيۡمَٰنِهِمۡ﴾ فـەرمانی ئاینەکـەیان لێ دەشـێوێنم ﴿وَعَن شَمَآئِلِهِمۡ﴾ گوناهـەکانیان لا ئارەزومەنـد (شـیرین) دەکـەم.[2] مەبەست پێی هەموو رێگاکـانی خێـرو شـەڕە، رێیـان لێ دەگرێ لـە چاکەو خراپـەیان لا خۆشەویـست دەکات. حەکەمی کوڕی ئەبان گوتی: لە عیکرمەوە لە ئیبنوعەبباسەوە لـەم ئایەتـەدا: ﴿ثُمَّ لَأٓتِيَنَّهُم مِّنۢ بَيۡنِ أَيۡدِيهِمۡ وَمِنۡ خَلۡفِهِمۡ وَعَنۡ أَيۡمَٰنِهِمۡ وَعَن شَمَآئِلِهِمۡ﴾ پاشان لە پێش و پاشەوە بۆیان دەچم، راست و چەپیشیان لێ دەگرم. شەیتان نـەیتوە لـە سەریشیانەوە، چونکە لـە سـەریانەوە ڕەحمـەت دێـت.[3] عـەلی کـوڕی ئەبوتەلحە وتی: لە ئیبنوعەبباسەوە: ﴿وَلَا تَجِدُ أَكۡثَرَهُمۡ شَٰكِرِينَ﴾ جا دەبینی زۆربەیان شـوکور نەکـەن.

---

[1] أحمد (٤٨٣/٣)، سەنەدەکانی خراپ نی یە.

[2] الطبري (٣٣٨/١٢).

[3] الطبري (٣٤١/١٢).

وتـی: یەکخواپەرسـت نـەبن[1] ئەمـە قـسەی شـەیتانە خـەیاڵو بۆچـونێ بـوو کـردی. بـەڵام لەگـەڵ ئـەم ڕووداوەدا ڕێدەکـەوێ وەك خـودای گـەورە ئەفـەرموێت: ﴿ وَلَقَدْ صَدَّقَ عَلَيْهِمْ إِبْلِيسُ ظَنَّهُۥ فَٱتَّبَعُوهُ إِلَّا فَرِيقًا مِّنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿٢٠﴾ وَمَا كَانَ لَهُۥ عَلَيْهِم مِّن سُلْطَٰنٍ إِلَّا لِنَعْلَمَ مَن يُؤْمِنُ بِٱلْءَاخِرَةِ مِمَّنْ هُوَ مِنْهَا فِى شَكٍّ ۗ وَرَبُّكَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ حَفِيظٌ ﴾[2] شەیتان کە گومانی سەبارەت بەوان ڕاست گەڕا، شوێنی کەوتن، هەر کۆمەڵێ لە باوەڕدارەکانیان مان. شەیتان نەیدەتوانی بەسەریاندا زاڵ بێ، تەنیا بۆ ئەوە بوو بزانین کێ بڕوای بە قیامەت هەیەو، کێش لەواندا لێی دوودڵە، پەروەردەت چاودێرە بەسەر هەموو شتێکدا.

هەر بۆیە لە فەرموودەکەی پەنا گرتن بە خوا (الاستعاذة) لە زاڵ بوونی شەیتان بەسەر مرۆڤ لـە هـەموو لایەکیـەوە هـاتووە. وەك ئیمـامی ئەحمـەد ڕیوایـەتی کـردوە لـە عەبـدوڵڵای کـوڕی عومـەرەوە (ڕەزای خوایان لێبێ) وتی: هیچ کاتێ پێغەمبەری خودا(ﷺ) وازی لەم دوعایانە نەهێناوە لـە کـاتی بـەیانیو شەویدا: (ئەی خودایە من داوای لەش ساغیت لێدەکەم لە دنیاو لە ڕۆژی دوایدا، ئەی خودایە مـن داوای لێبوردنو تەندروستیت لێدەکەم لە ئاینمداو لە دنیامـداو لـە کـەسو کارمـداو لـە ماڵمـدا، ئـەی خودایـە عەیبەکانم داپۆشە، دڵنیام کە لە ترسەکانم. ئەی خودایە پارێزگاریم لێ بکە لە پێشەوەو لـە پاشمـەوە، لەلای ڕاستمەوەو لەلای چەپمەوە، لـە سەریـشمەوە، پـەنا دەگـرم لـە گـەورەیی تـۆ کـە لـەناو بـچم بـە ڕۆچونم بە نـاخی زەویدا)، وەکیـع ئـەڵێت: مـن تحـتي، واتـە: بـە ڕۆچـونم بـەناو زەویـدا.[3] ئـەبوداوودو نەسائیو ئیبنوماجەو ئیبنوحیبانو حاکیم ڕیوایەتیان کردوە،[4] حاکیم ئەڵێت: سەنەدەکانی ڕاستن.

﴿ قَالَ ٱخْرُجْ مِنْهَا مَذْءُومًا مَّدْحُورًا ۖ لَّمَن تَبِعَكَ مِنْهُمْ لَأَمْلَأَنَّ جَهَنَّمَ مِنكُمْ أَجْمَعِينَ ﴿١٨﴾ ﴾

خودای گەورە جەخت لەسەر نەفرەت لێکردنو دەرکردنو دورخستنەو تەرە کردنی شەیتان دەکات لـەو شـوێنەی کـە (مەلـەئی ئـەعلا) بـووە. ﴿ قَالَ ٱخْرُجْ مِنْهَا مَذْءُومًا مَّدْحُورًا ﴾ فـەرمووی: لێـرە بـڕۆ دەرێ زەمکراو ترۆ کراو دەبن. ئیبنوجەریر ئەڵێت: (المذموم) واتـە: نـاو زڕاو. (المـدحور) واتـە: دور خـراوەو دەرکراو[5]، عەبـدوڕەحمانی کـوڕی زەیـدی کـوڕی ئەسـلەم ئـەڵێت: (المـزؤوم و المـذموم) ئـەوەی ئێمـە

---

[1] الطبري (١٢/٣٤٢).

[2] سبأ (٢٠-٢١).

[3] أحمد (٢/٢٥)، فەرموودەیەکی حەسەنە.

[4] أبوداود (٥/٣١٥)، النسائي (٨/٢٨٢)، إبن ماجة (٢/١٢٧٣)، إبن حبـان (٢/١٥٥)، الحـاكم (١/٥١٧)، فەرموودەیـەکی حەسەنە.

[5] الطبري (١٢/٣٤٢).

بیزانین هەر یەك شتە[1] سوفیانی سەوری وتی: لە ئەبوئیسحاقەوە لە تەمیمیەوە لە ئیبنوعەبباسەوە ﴿اخْرُجْ مِنْهَا مَذْءُومًا مَدْحُورًا﴾ وتی: واتە: بێزارو قیزەون[2] عەلی کوڕی ئەبوتەلحەئەڵێت: لە ئیبنوعەبباسەوەئەڵێت: بچوك‌و قیزەون[3]، سوودی ئەڵێت: دوورخراوەو دەرکراو.[4] قەتادەئەڵێت: نەفرەت لێکراو بێزراو[5] موجاهیدئەڵێت: شاربەدەرو دەرکراو[6] ڕەبیعی کوڕی ئەنەس ئەڵێت: ﴿مَذْءُومًا﴾ شار بەدەر کراو ﴿مَدْحُورًا﴾ بە سوك سەیر کراو[7] خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿لَمَنْ تَبِعَكَ مِنْهُمْ لَأَمْلَأَنَّ جَهَنَّمَ مِنْكُمْ أَجْمَعِينَ﴾ لەگەڵ ئەوانەی شوێنی تۆ دەکەون جەهەنمتان لێ پڕ دەکەم. ئەم ئایەتە وەك ئەو ئایەتە وایە کە خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿ قَالَ اذْهَبْ فَمَن تَبِعَكَ مِنْهُمْ فَإِنَّ جَهَنَّمَ جَزَاؤُكُمْ جَزَاءً مَّوْفُورًا ﴿٦٣﴾ وَاسْتَفْزِزْ مَنِ اسْتَطَعْتَ مِنْهُم بِصَوْتِكَ وَأَجْلِبْ عَلَيْهِم بِخَيْلِكَ وَرَجِلِكَ وَشَارِكْهُمْ فِي الْأَمْوَالِ وَالْأَوْلَادِ وَعِدْهُمْ ۚ وَمَا يَعِدُهُمُ الشَّيْطَانُ إِلَّا غُرُورًا ﴿٦٤﴾ إِنَّ عِبَادِي لَيْسَ لَكَ عَلَيْهِمْ سُلْطَانٌ ۚ وَكَفَىٰ بِرَبِّكَ وَكِيلًا ﴾[8] ئەڵێت: بڕۆ سا هەر کەسێ لەوان شوێنی تۆ بکەوێ، سزای هەمووتان دۆزەخەو سزایەکی پڕ بە پڕە. هەرکەسێ تۆ پێی دەوێری بانگی بکەو هانی بدەو بە سوارو پیادەی خۆتەوە بکە سەری‌و ببە بە هاوبەش لە ماڵ‌و سامانەکانیاندا، بەڵێن بدە پێیان، بەڵێنی شەیتان تەنیا هەر خەڵەتاندنە، تۆ بەسەر بەندەکانی مندا هیچ دەستەڵاتێکت نیە، پەروەردگارت بریکاریانە (وەکیلیانە) بەسیانە.

﴿ وَيَا آدَمُ اسْكُنْ أَنتَ وَزَوْجُكَ الْجَنَّةَ فَكُلَا مِنْ حَيْثُ شِئْتُمَا وَلَا تَقْرَبَا هَٰذِهِ الشَّجَرَةَ فَتَكُونَا مِنَ الظَّالِمِينَ ﴿١٩﴾ فَوَسْوَسَ لَهُمَا الشَّيْطَانُ لِيُبْدِيَ لَهُمَا مَا وُورِيَ عَنْهُمَا مِن سَوْآتِهِمَا وَقَالَ مَا نَهَاكُمَا رَبُّكُمَا عَنْ هَٰذِهِ الشَّجَرَةِ إِلَّا أَن تَكُونَا مَلَكَيْنِ أَوْ تَكُونَا مِنَ الْخَالِدِينَ ﴿٢٠﴾ وَقَاسَمَهُمَا إِنِّي لَكُمَا لَمِنَ النَّاصِحِينَ ﴿٢١﴾﴾

---

[1] الطبري (١٢/٣٤٤).
[2] الطبري (١٢/٣٤٤).
[3] الطبري (١٢/٣٤٣).
[4] الطبري (١٢/٣٤٣).
[5] الطبري (١٢/٣٤٣).
[6] الطبري (١٢/٣٤٣).
[7] الطبري (١٢/٣٤٤).
[8] الاسراء (٦٣-٦٥).

خـوداى گەورەئەفـەرموێت: ﴿وَيَـٰٓـَٔادَمُ ٱسْكُنْ أَنتَ وَزَوْجُكَ ٱلْجَنَّةَ فَكُلَا مِنْ حَيْثُ شِئْتُمَا وَلَا تَقْرَبَا هَـٰذِهِ ٱلشَّجَرَةَ فَتَكُونَا مِنَ ٱلظَّـٰلِمِينَ ﴿١٩﴾ فَوَسْوَسَ لَهُمَا ٱلشَّيْطَـٰنُ لِيُبْدِىَ لَهُمَا مَا وُۥرِىَ عَنْهُمَا مِن سَوْءَٰتِهِمَا﴾ ئەى ئادەم تۆش‌و ژنەکەشت لە بەهەشت نیشتەجێ بن، لە هەر کوێدا هەرچی دەخۆن بە ئارەزوی خۆتان بیخۆن، هەر نزیکی ئەو دارە مەکەون، دەنا ئێوە لە ناهەقیکاران دەبن. شەیتان کەوتە بن کڵێشەیان تا ئەو ئەندامەیان کە داپۆشرا بوو بێنێتە بەر چاویان، خودای گەورە باسی ئەوە دەکات کە ڕێیدا بە ئادەم‌و (سەلامی خوای لێبێ) هاوسەرەکەی حواو بچنە ئەو بەهەشتەو لە گشت بەروبومەکانی بخۆن جگە لە یەك دار نەبێ، لە پێشەوە لە سورەتی بەقەرەدا لەو بارەیەوە دواین. لەو کاتەوە شەیتان حەسوودی پێ بردن، هەوڵی ئەدا بە فێڵ‌و تەڵەکە کەوتە بن کڵێشەیان، بۆ ئەوەی ئەو ژیانە خۆش‌و ئەو بەهرە زۆرەی کە پێیان درا بوو نەی هێڵێ‌و ئەو جل‌و بەرگە چاکەی کە پۆشابویان لەبەریان داکەنێ. ﴿وَقَالَ﴾ درۆو بوختانی کرد وتی: ﴿مَا نَهَىٰكُمَا رَبُّكُمَا عَنْ هَـٰذِهِ ٱلشَّجَرَةِ إِلَّآ أَن تَكُونَا مَلَكَيْنِ أَوْ تَكُونَا مِنَ ٱلْخَـٰلِدِينَ﴾ خودا کە نەیدەهێشت لەو دارە نزیك ببنەوە، هەر لەبەر ئەوە بوو کە ئێوە نەبنە فریشتەیان هەمیشە هەر لە بەهەشتدا بمێنن. ئەگەر ئێوە لەو دارەتان خوارد بێگومان ئەو دوو شتە بەدەس دێنن واتە: (دەبنە فریشتەو هەمیشەیش لەناو بەهەشتدا دەمێننەوە. ئەم ئایەتە وەك ئەو ئایەتە وایە کە خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿قَالَ يَـٰٓـَٔادَمُ هَلْ أَدُلُّكَ عَلَىٰ شَجَرَةِ ٱلْخُلْدِ وَمُلْكٍ لَّا يَبْلَىٰ﴾[1] شەیتان گوتی: دەتەوێ داری هەرمانت پێ بڵێم‌و مولك‌و دەستەڵاتی هەر دوایی نەیە؟ ﴿وَقَاسَمَهُمَآ إِنِّى لَكُمَا لَمِنَ ٱلنَّـٰصِحِينَ﴾ سوێندی بۆ هەردوکیان خوارد کە: من بە دڵ ئامۆژگاریتان دەکەم. وە من لە پێش ئێوەدا لێرەدا بوم‌و شارەزای ئەم شوێنەم. واتە: بە خوا سوێندی بۆ خواردن کە هەرچی دەڵێ ڕاست دەکات. تا هەڵیخەڵەتاندن، دیارە خاوەنباوەڕ دەخەڵەتێنرێ بە سوێند خواردن بە ناوی خوا، واتە: بڕوا دەکات بەو سوێنە، قەتادە ئەڵێت لەم ئایەتەدا: سوێندی خوارد بە خوا کە من لە پێش ئێوەدا دروس کرام وە من لە ئێوە شارەزا ترم، شوێنی من بکەون‌و شارەزاتان دەکەم.

﴿فَدَلَّىٰهُمَا بِغُرُورٍ ۚ فَلَمَّا ذَاقَا ٱلشَّجَرَةَ بَدَتْ لَهُمَا سَوْءَٰتُهُمَا وَطَفِقَا يَخْصِفَانِ عَلَيْهِمَا مِن وَرَقِ ٱلْجَنَّةِ ۖ وَنَادَىٰهُمَا رَبُّهُمَآ أَلَمْ أَنْهَكُمَا عَن تِلْكُمَا ٱلشَّجَرَةِ وَأَقُل لَّكُمَآ إِنَّ ٱلشَّيْطَـٰنَ لَكُمَا عَدُوٌّ مُّبِينٌ ﴿٢٢﴾ قَالَا رَبَّنَا ظَلَمْنَآ أَنفُسَنَا وَإِن لَّمْ تَغْفِرْ لَنَا وَتَرْحَمْنَا لَنَكُونَنَّ مِنَ ٱلْخَـٰسِرِينَ ﴿٢٣﴾﴾

---

[1] طه (١٢٠).

خـودای گـەورە ئەفـەرموێت: ﴿فَدَلَّىٰهُمَا بِغُرُورٍۚ فَلَمَّا ذَاقَا ٱلشَّجَرَةَ بَدَتۡ لَهُمَا سَوۡءَٰتُهُمَا وَطَفِقَا يَخۡصِفَانِ عَلَيۡهِمَا مِن وَرَقِ ٱلۡجَنَّةِۖ وَنَادَىٰهُمَا رَبُّهُمَآ أَلَمۡ أَنۡهَكُمَا عَن تِلۡكُمَا ٱلشَّجَرَةِ وَأَقُل لَّكُمَآ إِنَّ ٱلشَّيۡطَٰنَ لَكُمَا عَدُوّٞ مُّبِينٞ ﴿٢٢﴾ قَالَا رَبَّنَا ظَلَمۡنَآ أَنفُسَنَا وَإِن لَّمۡ تَغۡفِرۡ لَنَا وَتَرۡحَمۡنَا لَنَكُونَنَّ مِنَ ٱلۡخَٰسِرِينَ﴾ فریوی دانو تەماحی خستە بەریان لە دوای ئەوەی لە بەری دارەکەیان چەشت، عەیبو عاریان کەوتە دەر، هـەوڵیان دا بـە گـەڵای بەهەشت دایپۆشن پـەروەردگار بـانگی کـردن، ئـاخر مـن بـە ئێـوەم نـەگوت تـوخنی ئـەم دارە مەکـەون؟ پێشم نەگوتبوون بە ئاشکرا شەیتان دوژمنی ئێوەیە؟ وتیـان: ئـەی پـەروەردگارمان، ناهـەقیمان لـە خۆمـان کرد، ئەگەر تـۆ لێمـان نـەبوریو بـەزەییت پێمانـدا نەیە، بێگومـان لـە زیانبـارانین. لـە ئوبـەیی کـوڕی کەعبـەوە (ڕەزای خـوای لێبـێ) گـوتی: ئـادەم (سـەلامی خـوای لێبـێ) پیـاوێکی بـاڵا بـەرز بـووە وەك دارخورمایەکی بەرز، قژی سەریشی زۆر بووە، کاتێ کە ئـەو کارەساتەی بەسـەردا هـاتو تووشـی ئـەو هەڵەیە بوو، عەیبو عاری خۆی لێوە دەرکەوت، کە ئەوسا نەیدەبینی، هەڵسا ڕابکـات لـەو بەهەشـتە، دارێ لە دارەکانی بەهەشت گیرایە سەری، وتی بە دارەکە: بەرم بدەکە، ئەویش وتی: من بەرت نـادەم، پەروەردگاری بانگی کرد: ئـەی ئـادەم لـە مـن ڕادەکـەی؟ وتـی: ئـەی پـەروەردگارم مـن شـەرم لـە تـۆ دەکەم.[1] ئیبنوجەریرو ئیبنومەردەوەیهی لە چەند ڕێگاوە ڕیوایەتیان کردوە لە حەسـەنەوە لـە ئوبـەیی کوڕی کەعبەوە لە پێغەمبـەرەوە(ﷺ) بـە مـەرفوعی[2] بـەڵام بـە مـەوقوفی سـەنەدەکانی ڕاسـترە. لـە ئیبنوعەبباسـەوە لـەم ئایەتـەدا دەڵێـت: ﴿وَطَفِقَا يَخۡصِفَانِ عَلَيۡهِمَا مِن وَرَقِ ٱلۡجَنَّةِ﴾ هـەوڵیان دا بـە گـەڵای بەهەشت خۆیان دایپۆشن. وتی: گەڵای هەنجیر بووە.[3] موجاهیدئەڵێت: هەوڵیان دا بە گـەڵای بەهەشت وێنەی جلو بەرگ خۆیان داپۆشن[4] وەهەبی کوڕی مونەببیە لـەم دەقـەدا کە ئەفـەرموێت: ﴿يَنزِعُ عَنۡهُمَا لِبَاسَهُمَا﴾ تا جلو بەرگی لەبەردا داڕنـێن، وتـی: پۆشـاکی ئـادەمو حـەوا ڕوناکیـەك (نـور) بـوو بەسـەر عەیبیانەوە، ئادەم عەیبی حەوای نەدەبینیو حەوایش عەیبی ئادەمی نەدەبینی، کاتێ کە لەو دارەیـان خوارد عەیبو عاریـان کەوتـە دەر[5] ئیبنوجـەریر ڕیوایـەتی کـردوە بـە سـەنەدێکی ڕاسـت. عەبدوڕەزاق ڕیوایەتی کردوە لە قەتادەوەئەڵێت: ئادەم وتی: ئـەی پـەروەردگارم چۆنە بەلاتـەوە ئەگـەر پەشیمان

---

[1] الطبري (١٢/٣٥٤).
[2] الطبري (١٢/٣٥٢).
[3] الطبري (١٢/٣٥٤).
[4] الطبري (١٢/٣٥٣).
[5] الطبري (١٢/٣٥٥).

بومەوەو داوای لێبوردنم کرد. فەرمووی: ئەو کاتە دەتخەمە بەهەشت. بەڵام شەیتان داوای تەوبەی لە خوا نەکرد، بەڵام داوای ماوە پێدانی لێکرد، هەریەکێ لەوانە داوای چی کرد خوا پێی دا[1] زەححاك لەم ئایەتەدا دەڵێت: ﴿رَبَّنَا ظَلَمْنَآ أَنفُسَنَا وَإِن لَّمْ تَغْفِرْ لَنَا وَتَرْحَمْنَا لَنَكُونَنَّ مِنَ ٱلْخَـٰسِرِينَ﴾ ئەڵێن: ئەی پەروەردگارمان ناهەقیمان لە خۆمان کرد، ئەگەر تۆ لێمان نەبوری‌و بەزەییت پێماندا نەیە، بێگومان لە زیانبارانین. وتی: ئەو وتانە بوو کە ئادەم لەلایەن پەروەردگاریەوە پێی گەیشت[2].

﴿قَالَ ٱهْبِطُوا۟ بَعْضُكُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ ۖ وَلَكُمْ فِى ٱلْأَرْضِ مُسْتَقَرٌّ وَمَتَـٰعٌ إِلَىٰ حِينٍ ﴿٢٤﴾ قَالَ فِيهَا تَحْيَوْنَ وَفِيهَا تَمُوتُونَ وَمِنْهَا تُخْرَجُونَ ﴿٢٥﴾﴾

دابەزینیان بۆ سەر زەوی

﴿قَالَ ٱهْبِطُوا۟ بَعْضُكُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ﴾ خودا فەرمووی: دەسا هەر ئێستا هەموتان داگەڕێنە خواری‌و ئێوە دوژمنی یەکترین. وتراوە مەبەست بە ڕووی ئەم وتەیە ﴿ٱهْبِطُوا۟﴾ دابەزن، ئادەم‌و حەواو شەیتان‌و مارە، هەشیانە باسی ماری نەهێناوە. والله أعلم. دیارە مەبەست بە (العداوة) دوژمنایەتی ئادەم‌و شەیتانە. هەر بۆیە خوادی مەزن لە سورەتی (طە) فەرموویەتی: ﴿ٱهْبِطَا مِنْهَا جَمِيعًۢا﴾[3] هەردوکتان سەر بەرەو ژێر دابەزنە خوارێ. حەوا لەگەڵ ئادەمەو ماریش، ئەگەر باسەکەی ڕاست بێ لەگەڵ شەیتانایەو زانایانی تەفسیر باسی ئەو شوێنانەیان کردوە کە هەریەکەیان دابەزیوە تێیدا، بەڵام پوختەی ئەو باسانە هەموو دەگەڕێتەوە بۆ ئیسرائیلیات، خودا خۆی دەزانێ ڕاستە یا نا. خۆ ئەگەر لە دیاری کردنی ئەو شوێنانەدا سودێك هەبوایە بۆ مەردم لەبارەی کاروباری دین‌و دنیاوە بێگومان خودای گەورە باسی دەکرد لە کتێبەکەیداو پێغەمبەریش (ﷺ) هەر باس دەکرد. پاشان ئەفەرموێت: ﴿وَلَكُمْ فِى ٱلْأَرْضِ مُسْتَقَرٌّ وَمَتَـٰعٌ إِلَىٰ حِينٍ﴾ تا ماوەیەك جێگاو شوێنی ژیانتان لە زەوی دابێ. واتە: جێگاو ئاوەدان کردنەوەی زەویتان پێدراوە تا کاتێکی دیاری کراو، قەڵەم نوسیویەتی‌و قەدەر ئاماری کردوەو ڕیزیش کراوە لە کتێبی یەکەمدا. ﴿قَالَ فِيهَا تَحْيَوْنَ وَفِيهَا تَمُوتُونَ وَمِنْهَا تُخْرَجُونَ﴾ فەرمووی: لەوێدا دەژین‌و لەوێش دەمرن، هەر لەوێش دەردەهێنرێن. ئەم ئایەتە وەك ئەو ئایەتە وایە کە دەفەرموێت:

---

[1] عبدالرزاق (٢/٢٢٦).

[2] الطبري (١٢/٣٥٧).

[3] طه (١٢٣).

﴿مِنْهَا خَلَقْنَاكُمْ وَفِيهَا نُعِيدُكُمْ وَمِنْهَا نُخْرِجُكُمْ تَارَةً أُخْرَىٰ﴾[1] لە زەوی وەدیمان هێنان، دیسان دەتانخەینەوە ناوی‌و جارێکی تر هەر لەوێ دەرتان دێنینەوە. خودای گەورە باسی ئەوە دەکات کە زەمینی کردە زێدی پێغەمبەر ئادەم (سەلامی خوای لێبێ) لە ژیانی دنیادا، ژین‌و مردن‌و گۆڕیشیان هەر لەوێیە وە هەر لەوێشدا زیندوو دەکرێنەوە بۆ ڕۆژی قیامەت، کە خودا لە یەکەمین کەسەوە تا دواین کەسیان تێیدا کۆ دەکاتەوە، هەرکەسەو بەپێی کردارەکانی پاداشتی خۆی وەردەگرێ.

﴿ يَٰبَنِيٓ ءَادَمَ قَدْ أَنزَلْنَا عَلَيْكُمْ لِبَاسًا يُوَٰرِي سَوْءَٰتِكُمْ وَرِيشًا ۖ وَلِبَاسُ ٱلتَّقْوَىٰ ذَٰلِكَ خَيْرٌ ۚ ذَٰلِكَ مِنْ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ لَعَلَّهُمْ يَذَّكَّرُونَ ﴿٢٦﴾ ﴾

ناردنی جل‌و بەرگ‌و پۆشاکی جوانیش لەگەڵیدا

خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿ يَٰبَنِيٓ ءَادَمَ قَدْ أَنزَلْنَا عَلَيْكُمْ لِبَاسًا يُوَٰرِي سَوْءَٰتِكُمْ وَرِيشًا ۖ وَلِبَاسُ ٱلتَّقْوَىٰ ذَٰلِكَ خَيْرٌ ۚ ذَٰلِكَ مِنْ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ لَعَلَّهُمْ يَذَّكَّرُونَ ﴾ ئەی نەوەکانی ئادەم ئێمە جل‌و بەرگی وامان دانێ کە عەیب‌و عارتان داپۆشێ‌و جوانیشتان کات، چاکتر لەویش پۆشاکی خۆپارازتنە، ئەمەیش یەکێ لە نیشانەکانی خوایە بەڵکو بیر بکەنەوە. خودای گەورە منەت دەکات بەسەر بەندەکانیدا کە جل‌و بەرگ‌و پۆشاکی جوانی پێداون، ئەم جل‌و بەرگە کە لێرەدا باس کراوە بۆ داپۆشینی عەیب‌و عارە، (الريش) پۆشاکی خۆ جوان کردنی دەرەوەیە. یەکەمیان بۆ پێویستی‌و ناچاریەو دووهەم بۆ پۆشاکی دەرەوەو خۆ ڕازاندنەوەیە. ئیبنوجەریر ئەڵێت: (الريش) لە زمانی عەرەبیدا، پۆشاک‌و کەل‌و پەل‌و ئەو پۆشاکانەیە کە لە سەرەوە لەبەر دەکرێ‌و دیارە[2] عەبدوڕەحمانی کوڕی زەیدی کوڕی ئەسلەم ئەڵێت: ﴿وَلِبَاسُ ٱلتَّقْوَىٰ﴾ واتە: لە خوا بترسێ عەیبی داپۆشێ ئا ئەوەیە پۆشاکی خۆ پاراستن[3].

﴿ يَٰبَنِيٓ ءَادَمَ لَا يَفْتِنَنَّكُمُ ٱلشَّيْطَٰنُ كَمَآ أَخْرَجَ أَبَوَيْكُم مِّنَ ٱلْجَنَّةِ يَنزِعُ عَنْهُمَا لِبَاسَهُمَا لِيُرِيَهُمَا سَوْءَٰتِهِمَآ ۗ إِنَّهُۥ يَرَىٰكُمْ هُوَ وَقَبِيلُهُۥ مِنْ حَيْثُ لَا تَرَوْنَهُمْ ۗ إِنَّا جَعَلْنَا ٱلشَّيَٰطِينَ أَوْلِيَآءَ لِلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ ﴿٢٧﴾ ﴾

ترساندن لە فیتنەی شەیتان

خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿ يَٰبَنِيٓ ءَادَمَ لَا يَفْتِنَنَّكُمُ ٱلشَّيْطَٰنُ كَمَآ أَخْرَجَ أَبَوَيْكُم مِّنَ ٱلْجَنَّةِ يَنزِعُ عَنْهُمَا لِبَاسَهُمَا لِيُرِيَهُمَا سَوْءَٰتِهِمَآ ۗ إِنَّهُۥ يَرَىٰكُمْ هُوَ وَقَبِيلُهُۥ مِنْ حَيْثُ لَا تَرَوْنَهُمْ ۗ إِنَّا جَعَلْنَا ٱلشَّيَٰطِينَ أَوْلِيَآءَ لِلَّذِينَ

---

[1] طه (٥٥).

[2] الطبري (١٢/٣٦٤).

[3] الطبري (١٢/٣٦٨).

لَا يُؤْمِنُونَ ﴾ ئەی فەرزەندەکانی ئادەم، شەیتان نەتانخەڵەتێنێ، هەروەك باوك و دایکتانی لە بەهەشت بە دەرکردن داو جل و بەرگی لێ داڕنین تا شەرمی خۆیانیان پێیان نیشان بدات، شەیتان و دەستە و بەستەکەی لەلایەکەوە دەتان بینن کە ئێوە ئەوان نابینن، ئێمە شەیاتینەکانمان کردۆتە دۆستی ئەوانەی بڕوایان بە خوا نیە. خودای گەورە لێرەدا نەوەی ئادەم دەترسێنێ لە شەیتان و دار و دەستەکەی، ئەو دوژمنایەتیەی کە لە دێر زەمانەوە لەگەڵ باوکی ئادەمیزاد ئادەمە (سەلامی خوای لێبێ) کردویە و هەوڵی دا تا دەری کرد لەو بەهەشتەی کە شوێنی خۆشگوزەرانی بوو بۆ شوێنی شەکەتی و ماندویی، وە بووە هۆی دەرخستنی شەرمی کە لە پێشدا داپۆشرا بوو لێی، ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێ کە دوژمنایەتیەکی ئێجگار گەورەی هەیە لەگەڵ ئادەم و ئادەمیاندا ئەم ئایەتە وەك ئەو ئایەتە وایە کە خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿أَفَتَتَّخِذُونَهُۥ وَذُرِّيَّتَهُۥٓ أَوْلِيَآءَ مِن دُونِى وَهُمْ لَكُمْ عَدُوٌّۢ بِئْسَ لِلظَّٰلِمِينَ بَدَلًا ﴾[1] ئایا ئێوە توخمی شەیتان و نەوەکانی، بێ من دەکەن بە دۆستی خۆتان کە بە ئاشکرا دوژمنتانن؟ ئای چ گۆڕینەوەیەکی خراپە کە ستەمکاران دەیکەن.

﴿ وَإِذَا فَعَلُوا۟ فَٰحِشَةً قَالُوا۟ وَجَدْنَا عَلَيْهَآ ءَابَآءَنَا وَٱللَّهُ أَمَرَنَا بِهَا ۗ قُلْ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَأْمُرُ بِٱلْفَحْشَآءِ ۖ أَتَقُولُونَ عَلَى ٱللَّهِ
مَا لَا تَعْلَمُونَ (٢٨) قُلْ أَمَرَ رَبِّى بِٱلْقِسْطِ ۖ وَأَقِيمُوا۟ وُجُوهَكُمْ عِندَ كُلِّ مَسْجِدٍ وَٱدْعُوهُ مُخْلِصِينَ لَهُ
ٱلدِّينَ ۚ كَمَا بَدَأَكُمْ تَعُودُونَ (٢٩) فَرِيقًا هَدَىٰ وَفَرِيقًا حَقَّ عَلَيْهِمُ ٱلضَّلَٰلَةُ ۗ إِنَّهُمُ ٱتَّخَذُوا۟ ٱلشَّيَٰطِينَ أَوْلِيَآءَ مِن
دُونِ ٱللَّهِ وَيَحْسَبُونَ أَنَّهُم مُّهْتَدُونَ (٣٠) ﴾

خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿ وَإِذَا فَعَلُوا۟ فَٰحِشَةً قَالُوا۟ وَجَدْنَا عَلَيْهَآ ءَابَآءَنَا وَٱللَّهُ أَمَرَنَا بِهَا ﴾ هەر کاتێ کارێ خراپی ئابڕوبەریان لێ ڕوودەدا، دەڵێن: باب و باپیری خۆمان دیوە کە هەر ئاوایان کردوە و خودا فەرمانی پێداوین ئاوا بکەین. موجاهید ئەڵێت: بتپەرستەکان بە ڕووتی بە دەوری کەعبەدا دەسوڕانەوە و دەیانگوت: دەسوڕێینەوە وەك چۆن دایکمان ئێمەیان بووە، ئەو ژنانە شتێ یان پارچە پەتێکی پانی (قەیاسە) دەنایە سەر عەیبی و دەیوت:

اليوم يبدو بعضُه أو كلّه　　　وما تبدا منه فلا أحلّهُ

واتە: ئەمڕۆ کە هەندێکی یان هەمووی دەرەوە بێ، لەوە زیاتر بە حەلاڵی نازانم دەرکەوێ[2]، خودای گەورە ئەم ئایەتەی ناردە خوارەوە: ﴿ وَإِذَا فَعَلُوا۟ فَٰحِشَةً قَالُوا۟ وَجَدْنَا عَلَيْهَآ ءَابَآءَنَا وَٱللَّهُ أَمَرَنَا بِهَا ﴾ منیش

---

[1] الكهف (٥٠).

[2] الطبري (١٢/٣٧٧).

دەڵێم: عەرەبەکانی جگە لە قورەیش نەدەگەڕان بە دەوری کەعبەدا بەو جلو بەرگەی کە لەبەریاندا بوو. ئەوەیان وا لێك ئەدایەوە کە ئەوان تەواف ناکەن بە جلو بەرگێکەوە کە سەرپێچی خوایان پێوە کردوە. بەڵام قورەیشیەکان کە حومسیان پێ دەووتن: ئەوانە بە جلو بەرگی خۆیانەوە تەوافیان دەکرد. هەرکەسێ جلو بەرگێکی لە حومسیەکان بخواستایە، تەوافی پێوە دەکرد. وە هەرکەسێ جلو بەرگێکی تازەی پێ بوایە تەوافی پێوە دەکردو پاشان فڕێی ئەدا کەس بۆی نەبوو بیکاتە ماڵی خۆی. هەرکەسیش پۆشاکی تازەی نەبوایە لە حومسیەکانیش نەخواستایە بە ڕووتی تەوافی دەکرد. زۆرترین ئەو شتانەی کە تەوافیان بە ڕووتی دەکرد بە شەوا دەیانکرد. ئەمەیش شتێك بوو خۆیان دایان هێنا بوو بۆ خۆیانو شوێنی بابو باپیرانیان کەوتبوون لەو کارەیاندا، بڕوایان وا بوو کە کاری بابو باپیرانیان بە فەرمانی خودا بوەو خودا ڕێی پێداون. خودای گەورەیش بێزاری دەربڕی لەو کارەیانو فەرمووی: ﴿ وَإِذَا فَعَلُواْ فَٰحِشَةً قَالُواْ وَجَدْنَا عَلَيْهَآ ءَابَآءَنَا وَٱللَّهُ أَمَرَنَا بِهَا ﴾.

خودا بۆ کاری پیس فەرمان نادات، بەڵکو فەرمانی بە دادپەروەری و دڵسۆزی داوە

﴿قُلْ﴾ ئەی موحەممەد! (ﷺ) بڵێ بەو کەسانەی کە ئەو قسانە دەکەن ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَأْمُرُ بِٱلْفَحْشَآءِ﴾ پەروەردگارم فەرمان بۆ کاری پیسو خراپ نادات، واتە: ئەو کارەی کە ئێوە دەیکەن خراپو بەدڕەوشتیە خودا فەرمان بەو کارە ناکات. ﴿أَتَقُولُونَ عَلَى ٱللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ﴾ ئایا ئێوە بە زمانی خوداوە شتێك هەڵدەبەستن کە نایزانن؟ واتە: ئەو قسانە ئەدەنە پاڵ خودا، کە خۆتان نازانن چەندێ ڕاستە پاشان خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿ قُلْ أَمَرَ رَبِّى بِٱلْقِسْطِ ۖ وَأَقِيمُواْ وُجُوهَكُمْ عِندَ كُلِّ مَسْجِدٍ وَٱدْعُوهُ مُخْلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ ﴾ ئەی موحەممەد(ﷺ) بڵێ: پەروەردگارم فەرمان بە دادوەری ئەدات، لە هەموو مزگەوتێکدا ڕووتان بەرەو خوا بکەنو بە دڵێکی پاك لێی بپاڕێنەوەو بیپەرستن. واتە: فەرمانی پێداون کە ڕێك ڕاوەستن لە شوێنی خۆیدا، کە بریتیە لە شوێن کەوتنی ئەو پێغەمبەرانەی پشتگیریان لێ کراوە بە موعجیزەکان. وە گوێڕایەڵی ئەو هەواڵانە بن کە لەلایەن خوداوە باسیان کردوە بۆتان، ئەو یاساو ڕێسانەش کە پێی هاتوون بەجێی بێننو بە پاکی خواپەرستی بکەن، چونکە خودای گەورە هیچ کردارێ وەرناگرێ تا ئەو دوو پایەی تیا نەبێ. دەبێ ڕاست بێو لەگەڵ شەرعدا ڕێکەوێ وە دەبێ پاك بێو شیرکی تیا نەبێ.

مانای دروست بوون و گەڕانەوە

خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿كَمَا بَدَأَكُمْ تَعُودُونَ﴾ وەك لە پێشدا ئێوەی دروست کرد، بەو شێوەیە دەگەڕێنەوە بۆ لای. ڕای جیاواز هەیە لەسەر مانای ئەم دەقە کە خودای گەورە فەرموویەتی.

ئیبنوئـەبی نـەجیج ئـەڵێت: لـە موجاهیـدەوە ﴿كَمَا بَدَأَكُمْ تَعُودُونَ﴾ئـەڵێت: دوای مردنتـان زینـدوتان دەكاتەوە[1] حەسەنی بەسری ئەڵێت: وەك لە پێشدا لە دنیا ئێوەی دروست كـرد، هـەر بـەو شـێوەیە لـە ڕۆژی قیامەتـدا بـە زینـدوی دەگەڕێنـەوە.[2] قەتادەئـەڵێت: ﴿كَمَا بَدَأَكُمْ تَعُودُونَ﴾ لـە پێـشدا دروسـتی كردن، ئەوان هیچ نەبوون، پاشان ڕۆشتن دیسان دەیانگێڕێتەوە[3] عەبدوڕەحمانی كـوڕی زەیـدی كـوڕی ئەسلەم ئەڵێت: یەكەم جار لە پێشدا چۆن دروستی كردن، لە دوایشدا هەر بەو شێوەیە دەیانگێڕێتەوە[4] ئیبنوجـەریریش هـەر ئـەم ڕایـەی هەڵبـژاردوە، ئـەم فـەرموودەی كـە ئیبنوعـەبباس ڕیوایـەتی كـردوە پشتگیری لە ڕاكەی دەكات، كە وتی: پێغەمبەری خودا(ﷺ) لەناوماندا هەڵساو ئامۆژگاریـەكی كـردین ئەیفەرموو: (ئەی خەڵكینە بێگومان ئێوە كۆ دەكرێنەوە بـە پێـی پـەتیو بـە ڕووتـی قـووتیو خەتەنـە كراوی ﴿كَمَا بَدَأْنَا أَوَّلَ خَلْقٍ نُّعِيدُهُ وَعْدًا عَلَيْنَا إِنَّا كُنَّا فَاعِلِينَ﴾[5] هـەروەك لـە پێـشدا دروسـتمان كـردن، دیـسان پـاش (مـردن) دروسـتان دەكەینـەوە، بەڵێنێكـە لـە ئێمـەوەو هـەر دەیكـەن)[6] ئـەم فەرموودەیە لە هەردوو سەحیحەكەدا هاتوە.[7] عەلی كوڕی ئەبوتەلحەئـەڵێت: لـە ئیبنوعەبباسـەوە: لـەم ئایەتـەدا: ﴿كَمَا بَدَأَكُمْ تَعُودُونَ ﴿٢٩﴾ فَرِيقًا هَدَىٰ وَفَرِيقًا حَقَّ عَلَيْهِمُ الضَّلَالَةُ﴾ وەك لـە پێـشدا ئێـوەی دروست كرد هەمووتان بۆ لای ئەو دەچنەوە. دەسـتەیەكیانی شـارەزای ڕێگـە كـردوەو دەسـتەیەكیش هەر شیاوی گومڕا بوونن. وتی: هەر لە سەرەتاوە خودای گەورە نەوەی ئادەمی بە خاوەنباوەڕو ئـەوی تریـشی بـە خوانـەناس دروسـت كـردوە. وەك خـودای گـەورە فەرموویـەتی: ﴿هُوَ الَّذِي خَلَقَكُمْ فَمِنكُمْ كَافِرٌ وَمِنكُم مُّؤْمِنٌ﴾[8] هـەر ئەویـشە كـە ئێـوەی وەدیهێنـاوە. هێنـدێكتان باوەڕتـان پـێ نـەهێناوە هێندێكیشتان باوەڕتان پێ هێنـاوە. پاشـان لـە ڕۆژی قیامەتـدا دەیانگێڕێتـەوەو زینـدویان دەكلتـەوە، وەك چۆن لە سەرەتاوە كۆمەڵێكی بە خوانەناسیو كۆمـەڵێكی بـە خوانـەناس وەدی هێنـاوە.[9] منـیش

---

[1] الطبري (١٢/٣٨٥).
[2] الطبري (١٢/٣٨٥).
[3] الطبري (١٢/٣٨٥).
[4] الطبري (١٢/٣٨٥).
[5] الانبياء (١٠٤).
[6] الطبري (١٢/٣٨٦).
[7] فتح الباري (٦/٤٤٥)، (٨/١٣٥)، مسلم (٤/٢١٩٤).
[8] التغابن (٢).
[9] الطبري (١٢/٣٨٢).

دەڵێم: ئەم قسەیە فەرموودەکەی ئیبنومەسعود پشتگیری لێدەکات لە سەحیحی بوخاریدا. سوێند بەوەی جگە لەو خوایەکی تر نیە، کەسی واتان هەیە کاروکردەوەی بەهەشتی دەکات تا لە نێوان ئەو بەهەشتدا ئەندازەی گەزێکی دەمێنێ، کەچی نوسراوەکەی پێش دەکەوێتو کاروکردەوەی دۆزەخیی دەکاتو دەچێتە دۆزەخ، هەروەها کەسی واشتان هەیە کاروکرداری دۆزەخیی دەکات، تا بە ئەندازەی گەزێکی دەمێنێو نوسراوەکە پێشی دەکەوێتو کاروکردەوەی بەهەشتی دەکاتو دەچێتە بەهەشتەوە)[1]، منیش دەڵێم، دەبێ نێوان ئەم ئایەتەو ئەم فەرموودەیە یەکخرێ (ئەگەر ئەمە مەبەستە لەم ئایەتەدا)، کە خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿ فَأَقِمْ وَجْهَكَ لِلدِّينِ حَنِيفًاۚ فِطْرَتَ ٱللَّهِ ٱلَّتِي فَطَرَ ٱلنَّاسَ عَلَيْهَا ﴾[2] تۆ هەر ڕوو لەم ئاینە بکەو هەر بەرەو هەق هەنگاو بنێ دینێکی بنەڕەتیەو لە سروشتدا خوا ئەو خەڵکەی هەر بۆ یەکتاپەرستی وەدیهێناوە. ئەوەی لە هەردوو سەحیحەکەدا هاتوە لە ئەبوهورەیرەوە (ڕەزای خوای لێبێ) کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (هەموو منداڵێك کە لە دایك دەبێت لەسەر سروشتی پاك لە دایك دەبێت، پاشان دایكو باوکی یا دەیکەن بە جوولەکە یان مەسیحی یان مەجووسی)[3]، وە لە سەحیحی موسلیمدا هاتوە لە عەیازی کوڕی حیمارەوە گوتی: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (خودای مەزن ئەفەرموێت عەبدەکانم دروست کردوە بەرەو هەق هەنگاو بنێن شەیاتینەکان هاتوون بۆیان هێناون لە ئاینەکەیان و لایان داون)[4]، شێوە یەکخستن لەم فەرموودەیەدا بەم جۆرەیە کە خودا دروستی کردون بۆ ئەوەی بڕواداریان هەبێو لە حاڵی دووهەمدا خوانەناس، هەرچەندە خەڵکی وا دروست کردوە. هەموو بیناسنو بە تەنیا بیپەرستنو بزانن کە جگە لەو هیچ پەرستراوێ نیە وەك چۆن پەیمانی لێوەرگرتون لەو بارەیەوە، کردویەتی بە سروشتیان لەگەڵ ئەوەیشدا بڕیویەتیەوە، هی وایان هەیە بەدبەخت دەبێو هی واشیان هەیە بەختەوەر دەبێ. ﴿هُوَ ٱلَّذِي خَلَقَكُمْ فَمِنكُمْ كَافِرٞ وَمِنكُم مُّؤْمِنٞ﴾[5] هەر ئەویشە کە ئێوەی وەدیهێناوە، هێندێکتان باوەڕتان پێ نەهێناوەو هێندێکیشتان بە بڕوایە. وە لەم فەرموودەیەدا هاتوە: (هەموو خەڵکی کە بەیانی دەکاتەوە (هەڵدەسێ) فرۆشیاری گیانی خۆیەتی ئازادی دەکات یان گوناهباری دەکات)[6]، بڕیاری خودا

---

[1] فتح الباري (١١/٤٨٦).

[2] الروم (٣٠).

[3] فتح الباري (٣/٢٩٠)، مسلم (٤/٢٠٤٧).

[4] مسلم (٤/٢١٩٧).

[5] التغابن (٢).

[6] مسلم (١/٢٠٣).

براوەتەوە لە دروست کراوەکاندا، چونکە ئەوە ﴿وَٱلَّذِى قَدَّرَ فَهَدَىٰ﴾[1] بۆ هەموو شت ئەندازەی داناو ڕێی نیشان داوە ﴿ٱلَّذِىٓ أَعْطَىٰ كُلَّ شَىْءٍ خَلْقَهُۥ ثُمَّ هَدَىٰ﴾[2] ئەو کەسەیە کە بە هەموو وەدیهێنەرێکی خۆی گشت پێداویستی داوە، پاشانیش ڕێی نیشانداوە. وە لە هەردوو سەحیحەکەدا هاتوە: (هەرکەسێ لە ئێوە لە دەستەی خۆشبەختان بێت ئەوا بەرەو کاری خۆشبەختان دەڕوات ئەوەیش دەستەی بەدبەختان بێت ئەوە بەرەو هەق کاری بەدبەختان دەڕوات)[3]، هەر بۆیە خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿فَرِيقًا هَدَىٰ وَفَرِيقًا حَقَّ عَلَيْهِمُ ٱلضَّلَٰلَةُ﴾ دەستەیەکیانی شارەزای ڕێگە کردوەو دەستەیەکیشی هەر شیاوی گومڕا بوونن. پاشان خودای گەورە هۆکارەکەی باس دەکاتو ئەفەرموێت: ﴿إِنَّهُمُ ٱتَّخَذُوا۟ ٱلشَّيَٰطِينَ أَوْلِيَآءَ مِن دُونِ ٱللَّهِ وَيَحْسَبُونَ أَنَّهُم مُّهْتَدُونَ﴾ کە ئەوانە لە بری خودا لەگەڵ شەیاتین بوونە دۆست، لایان وایە هەر خۆیان شارەزان. ئیبنوجەریر ئەڵێت: ئەمە ئاشکراترین بەڵگەیە لەسەر هەڵەیی ئەو کەسانەی کە دەڵێن خودا سزای هیچ کەسێ نادات خەریکی گوناهێکەیان گومڕاییە کە بڕوای پێیەتی مەگەر کاتێ کە بزانێ گوناهەو گومڕاییە هەر بەردەوام بێ لەسەری، هەر بیەوێت دژایەتی فەرمانی پەروەردەی بکات لە کارەکەیدا. بەپێی ئەم قسەیە بێ ئەو کاتە هیچ جیاوازیە نامێنێ لە نێوان دەستەی ئەو گومڕانەی، کە گومڕا بوونو وا دەزانن هەر ئەوان شارەزان لەگەڵ ئەو دەستەی کە شارەزای ڕێگە کراوە، بێگومان خودای گەورە. ناوی هەردوو دەستەکەی هێناوەو بڕیارەکانیشی ڕوون کردونەتەوە لەم ئایەتە پیرۆزەدا[4].

﴿يَٰبَنِىٓ ءَادَمَ خُذُوا۟ زِينَتَكُمْ عِندَ كُلِّ مَسْجِدٍ وَكُلُوا۟ وَٱشْرَبُوا۟ وَلَا تُسْرِفُوٓا۟ ۚ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلْمُسْرِفِينَ ﴿٣١﴾﴾

فەرماندان بە خۆ ڕازاندنەوە لەکاتی چوون بۆ مزگەوتدا

خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿يَٰبَنِىٓ ءَادَمَ خُذُوا۟ زِينَتَكُمْ عِندَ كُلِّ مَسْجِدٍ﴾ ئەی نەوەکانی ئادەم، کاتێ دەچن بۆ نوێژ کردن جلو بەرگی جوان لەبەر بکەن، ئەم ئایەتە پیرۆزە وەڵامە بۆ ئەو بتپەرستانەی کە بە ڕووتو قووتی تەوافیان بە دەوری کەعبەدا دەکرد. وەك موسلیمو نەسائیو ئیبنوجەریر ڕیوایەتیان کردوە، ووشەکە ووشەی ئیبنوجەریرە لە فەرموودەکەی شوعبەوە، لە سەلەمەی کوڕی کوهەیلەوە، لە

---

[1] الاعلی (٣).

[2] طه (٥٠).

[3] فتح الباري (٣/٢٦٧)، مسلم (٤/٢٠٣٩).

[4] الطبري (١٢/٣٨٨).

موسلیمی بەتینەوە لە سەعدی کوڕی جوبەیرەوە لە ئیبنوعەبباسەوە:ئەڵێت: بتپەرستەکان تەوافیان دەکرد بە دەوری کەعبەدا بە ڕوتی، پیاوان بەڕۆژو ژنان بە شەو. ژنەکە لەو کاتەدا دەیگوت:

اليوم يَبْدو بعضُه أو كلُّهُ   و ما بدا منه فلا أُحله[1]

واتە: ئەگەر ئەمڕۆ هەندێکی یان هەمووی دەرکەوێ، لەوە زیاتر بە حەڵاڵی نازانم دەرکەوێ. عەوفی ئەڵێت لە ئیبنوعەبباسەوە لەم ئایەتەدا: ﴿خُذُواْ زِينَتَكُمْ عِندَ كُلِّ مَسْجِدٍ﴾ کاتێ دەچن بۆ نوێژ کردن جلو بەرگی جوان لەبەر بکەن. وتی: پیاوان تەوافیان دەکرد بە دەوری کەعبەدا بە ڕووتی، خودا فەرمانی پێدان کە جلو بەرگ لەبەر بکەن. مەبەست بە (الزينة) لێرەدا جلو بەرگە. ئەو جلو بەرگەی کە عەیبیانی پێ داپۆشن، زیادتر لەمە پۆشاکی جوانیو خۆ ڕازاندنەوەیە. خودای گەورە فەرمانی پێکردن لە هەموو نوێژێکدا کە دەچنە مزگەوت خۆیان داپۆشن.[2] موجاهیدو عەتاو ئیبراهیمی نەخەعیو سەعیدی کوڕی جوبەیرو قەتادەو سوودیو زەححاكو مالیك هەر وایان گوتوە، لە زوهەریەوە،[3] وە هەندێکی تریش لە زانایانی پێشینە لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا دەڵێن: ئەم ئایەتەیە لەسەر ئەو بتپەرستانە هاتوەتە خوارەوە کە بە ڕووتی تەوافیان دەکرد بە دەوری کەعبەدا. لەم ئایەتەو ئەو فەرموودانەی کە لە مانای ئایەتەدا هاتوون، سونەتە خۆ جوان کردن لە کاتی نوێژدا بە تایبەتی لە ڕۆژی هەینیو لە ڕۆژی جەژنداو بۆنی خۆ خۆش کردنو سیواك کردن، چونکە ئەمانەش لە خۆ جوان کردنەکانەو تەواوکەریەتی. لە چاکترینی جلو بەرگ، جلو بەرگی سپیە. وەك ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردوە لە ئیبنوعەبباسەوە بە مەرفوعی ئەڵێت: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (لە جلو بەرگەکانتاندا سپی لەبەر بکەن، چونکە لە چاکترین جلو بەرگەکانتانەو مردووەکانتانی پێ کەفن بکەن. چاکترین چاو ڕژتنتان بە کل ڕژتنە (الإثمد) چونکە چاو سافو لووس دەکاتو مویش دەڕوێنێ)[4]، ئەم فەرموودە سەنەدەکانی چاکن، پیاوەکانی لەسەر مەرجی موسلیمە، ئەبوداوودو تیرمیزیو ئیبنوماجە ڕیوایەتیان کردوە، تیرمیزی ئەڵێت: فەرموودەیەکی چاكو ڕاستە[5].

قەدەغەکردنی زیادڕەوی لە خۆراكو پۆشاکدا

خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَكُلُواْ وَاشْرَبُواْ وَلَا تُسْرِفُوٓاْ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ الْمُسْرِفِينَ﴾ خواردن بخۆنو بخۆنەوەو لە ئەندازە دەرمەچن، خودا ئەوانەی خۆش ناوێ لە ئەندازە دەردەچن. بوخاری ئەڵێت: لە

---

[1] مسلم (٢٣٢٠/٤)، النسائي في الكبرى (٣٤٥/٦)، الطبري (٣٩٠/١٢).

[2] الطبري (٣٩١/١٢).

[3] الطبري (٣٩٢/١٢-٣٩٤).

[4] أحمد (٢٤٧/١)، فەرموودەیەکی حەسەنە.

[5] أبوداود (٣٣٢/٤)، تحفة الاحوذي (٧٢/٧)، إبن ماجة (٢٦٤/١)، حەسەنە.

ئیبنوعەبباسەوە، هەرچی ئارەزو دەکەی بیخۆو هەرچی ئارەزوو دەکەی لەبەری بکە بەلام دوو ڕەوشت بە هەڵەتان نەبات زیادەڕەوی‌و لە خۆبایی بوون.[1] ئیبنوجەریرئەڵێت: موحەممەدی کوڕی عەبدولأعلا بۆی گێڕاینەوە، موحەممەدی کوڕی سەور بۆی گێڕاینەوە، لە موعەممەرەوە لە کوڕی تاوسەوە لە باوکیەوە لە ئیبنوعەبباسەوەئەڵێت: خودا خواردن‌و خواردنەوەی حەلاڵ کردوە ئەگەر زیادەڕەوی یان خۆ لە بایی بونی تیا نەبێ[2] سەنەدەکانی ڕاستن. عەتای خۆراسانی ئەڵێت: لە ئیبنوعەبباسەوە لەم ئایەتەدا: ﴿وَكُلُوا وَاشْرَبُوا وَلَا تُسْرِفُوا إِنَّهُ لَا يُحِبُّ الْمُسْرِفِينَ﴾ وتی: واتە: لە خواردن‌و خواردنەوەدا.[3] ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردوە لە میقدامی کوڕی مەعدی یەکریبەوە ئەڵێت: لە پێغەمبەری خودام(ﷺ) بیست ئەیفەرموو: (ئەوەی ئادەم هیچ دەفرێکی پڕ نەکردوە خراپتر بێ لە ورگی چەند پارویە بەسە بۆ ئەوەی ئادەم کە پشتی خۆی پێ بگرێ (يقمن صلبه) ئەگەر هەر خواردی (کردی) سێ یەکی بۆ خواردن‌و سێ یەکی بۆ خواردنەوەو سێ یەکیش بۆ خۆی)[4]، نەسائی‌و تیرمیزیش ڕیوایەتیان کردوە[5] تیرمیزی ئەڵێت: فەرموودەیەکی چاکە. لە ڕەنوسێکی تردا وتویەتی، چاک‌و ڕاستە، ئیبنوجەریر ئەڵێت: خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿إِنَّهُ لَا يُحِبُّ الْمُسْرِفِينَ﴾ بێگومان خودا ئەو کەسانەی خۆش ناوێ لە ئەندازەی خۆیان دەردەچن لە حەلاڵدا یان لە حەرامدا، وە ئەو کەسانەش زیادەڕەوی دەکەن لەو شتانەی کە حەلاڵ یا حەرام کراوە، حەلاڵێ حەرام دەکەن‌و حەرامێ حەلاڵ دەکەن. بەڵکو پێویستە ئەوەی خوا حەلاڵی کردوە بە حەلاڵی بزانن‌و ئەوەیش خوا حەرامی کردوە بە حەرامی بزانن. ئەوە ئەو دادپەروەریی یە کە فەرمانی پێکردوە[6].

﴿قُلْ مَنْ حَرَّمَ زِينَةَ اللَّهِ الَّتِي أَخْرَجَ لِعِبَادِهِ وَالطَّيِّبَاتِ مِنَ الرِّزْقِ قُلْ هِيَ لِلَّذِينَ آمَنُوا فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا خَالِصَةً يَوْمَ الْقِيَامَةِ كَذَلِكَ نُفَصِّلُ الْآيَاتِ لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ (٣٢)﴾

خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿قُلْ مَنْ حَرَّمَ زِينَةَ اللَّهِ الَّتِي أَخْرَجَ لِعِبَادِهِ وَالطَّيِّبَاتِ مِنَ الرِّزْقِ قُلْ هِيَ لِلَّذِينَ آمَنُوا فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا خَالِصَةً يَوْمَ الْقِيَامَةِ كَذَلِكَ نُفَصِّلُ الْآيَاتِ لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ﴾ ئەی موحەممەد(ﷺ) بڵێ: کێیە جل‌و بەرگی جوان‌و خشڵ‌و بژێوی پاکی (کە خودا بە عەبدەکانی خۆی داوە) لای وایە حەرامە؟

---

[1] فتح الباري (١٠/٢٦٤).

[2] الطبري (١٢/٣٩٤).

[3] أحمد (٤/١٣٢)، فەرموودەیەکی باشە (جيد).

[4] تحفة الاحوذي (٧/٥١)، النسائي في الكبرى (٤/١٧٨)، باشە (جيد).

[5] الطبري (١٢/٣٩٤).

[6] الطبري (١٢/٣٩٥).

بڵێ: ئەمانە شایانی ئەو کەسانەن کە لە ژیانی دنیادا بڕوایان بە خوا هێناوەو ڕۆژی قیامەت بەتایبەتی هەر بۆ ئەوانە، ئێمە ئاوا نیشانەکان بۆ ئەوانەی کە زانا بن ڕۆشن دەکەینەوە. خودای مەزن وەڵامی ئەو کەسانە ئەداتەوە کە هەر شتێ لە خواردنو خواردنەوەو جلو بەرگ هەر لە خۆیانەوە قەدەغە دەکەن بێ ئەوەی خودا بڕیاری لەسەر دابێ، بۆیە ئەفەرموێت بە پێغەمبەر(ﷺ) بڵێ بەو بتپەرستانەی کە هەر لە خۆیانەوە شت حەرام دەکەن بە ئارەزوی پیسی خۆیان کە خودا ئەو شتانەی دروست کردوە بۆ ئەو کەسانەی کە بڕوایان بە خوا هەبوەو لە ژیانی دنیادا پەرستویانە، با بت پەرستانیش تێیدا بەشدار بوبن لەبەر خۆشەویستیان بۆ دنیا، بێگومان لە ڕۆژی قیامەتدا هەر بۆ خاوەنباوەڕانە بەتایبەتیو هیچ خوانەناسێ ناتوانێ هاوبەشیان بێ. چونکە بەهەشت قەدەغە کراوە لە خوانەناسان.

﴿قُلْ إِنَّمَا حَرَّمَ رَبِّيَ الْفَوَاحِشَ مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَمَا بَطَنَ وَالْإِثْمَ وَالْبَغْيَ بِغَيْرِ الْحَقِّ وَأَنْ تُشْرِكُوا بِاللَّهِ مَا لَمْ يُنَزِّلْ بِهِ سُلْطَانًا وَأَنْ تَقُولُوا عَلَى اللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ ﴿٣٣﴾﴾

خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿قُلْ إِنَّمَا حَرَّمَ رَبِّيَ الْفَوَاحِشَ مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَمَا بَطَنَ وَالْإِثْمَ وَالْبَغْيَ بِغَيْرِ الْحَقِّ وَأَنْ تُشْرِكُوا بِاللَّهِ مَا لَمْ يُنَزِّلْ بِهِ سُلْطَانًا وَأَنْ تَقُولُوا عَلَى اللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ﴾ بڵێ: پەروەردگارم تەنیا ئەمانەی حەرام کردوە: کاری خراپ بە ئاشکراو بە نهێنی، بە ناهەق لە ڕێگە لادانو گوناه. بە هیچ بەڵگەیەك شەریك دانان بۆ خوداو قسە کردن دەربارەی خودا بەبێ زانین. ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردوە لە عەبدوڵڵاوە ئەڵێت: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (هیچ کەسێ لە خوا بە غیرەتتر نیە هەر لەبەر ئەوەیە کە بەدڕەفتاری حەرام کردوە بە ئاشکراو بە نهێنی. هیچ کەسیش نیە لە خودا مەدحو پیاهەڵدانی لەلا خۆشتر بێ)[1]، لە هەردوو سەحیحەکەیشدا هاتوە[2] لە پێشەوە باسی بەدڕەفتاریو ئەوەی پەیوەندی هەیە پێیەوە، بە نهێنیو بە ئاشکرا لە سورەتی ئەنعامدا باس کرا پێویست ناکات لێرەدا دووبارە بکرێتەوە. سوودی ئەڵێت: (الاثم) گوناه (البغي) دەست درێژی کردنە سەر خەڵکی بە ناهەق.[3] موجاهیدئەڵێت: (الاثم) گشت سەرپێچیەکان، خودا باسی کردوە کە دەست درێژیکەر دەست درێژیەکەی بۆ خۆی دەگەڕێتەوە.[4] (الاثم) بە کورتی: ئەو تاوانەیە کە پەیوەندی بەو کەسەوە هەیە کە کردویەتی. (البغي) واتە: دەست درێژی کردنە سەر خەڵکی، خودا هەردوویانی حەرام کردوە. ﴿وَأَن

---

[1] أحمد (٣٨١/١)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

[2] فتح الباري (٢٣٠/٩)، مسلم (٢١١٤/٤).

[3] الطبري (٤٠٣/١٢).

[4] الطبري (٤٠٣/١٢).

تُشۡرِكُواْ بِٱللَّهِ مَا لَمۡ يُنَزِّلۡ بِهِۦ سُلۡطَٰنٗا﴾ واتە: شەریك دابنێن بۆ خودا لە پەرستندا بە بێ بەڵگە. ﴿وَأَن تَقُولُواْ عَلَى ٱللَّهِ مَا لَا تَعۡلَمُونَ﴾ شت بڵێن لە بارەی خوداوە وەك ئەوەی كە خودا منداڵی هەیە كە هیچ زانیاریەكتان لەو بارەیەوە نیە جگە لە درۆو بوختان كردن. وەك ئەم ئایەتە كە خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿فَٱجۡتَنِبُواْ ٱلرِّجۡسَ مِنَ ٱلۡأَوۡثَٰنِ وَٱجۡتَنِبُواْ قَوۡلَ ٱلزُّورِ﴾[1] لە چڵكو پیسی بتەكان دوورەپەرێز بن، لە درۆش خۆ بپارێزن.

﴿وَلِكُلِّ أُمَّةٍ أَجَلٞۖ فَإِذَا جَآءَ أَجَلُهُمۡ لَا يَسۡتَأۡخِرُونَ سَاعَةٗ وَلَا يَسۡتَقۡدِمُونَ ٣٤ يَٰبَنِيٓ ءَادَمَ إِمَّا يَأۡتِيَنَّكُمۡ رُسُلٞ مِّنكُمۡ يَقُصُّونَ عَلَيۡكُمۡ ءَايَٰتِي فَمَنِ ٱتَّقَىٰ وَأَصۡلَحَ فَلَا خَوۡفٌ عَلَيۡهِمۡ وَلَا هُمۡ يَحۡزَنُونَ ٣٥ وَٱلَّذِينَ كَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِنَا وَٱسۡتَكۡبَرُواْ عَنۡهَآ أُوْلَٰٓئِكَ أَصۡحَٰبُ ٱلنَّارِۖ هُمۡ فِيهَا خَٰلِدُونَ ٣٦﴾

خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَلِكُلِّ أُمَّةٍ أَجَلٞ﴾ بۆ مەرگی هەر گەلێ وەختێ هەیە ﴿فَإِذَا جَآءَ أَجَلُهُمۡ لَا يَسۡتَأۡخِرُونَ سَاعَةٗ وَلَا يَسۡتَقۡدِمُونَ﴾ ئەگەر وەختی مردنیان هات، ئەساتێ دەكرێ پێش كەونو ئەساتێكیش دوا دەكەون. پاشان خودای گەورە ئەوەی ئادەمی ئاگادار كردۆتەوە ترساندوویەتی كە بەو زوانە پێغەمبەران دەنێرێتە لایانو باسی نیشانەكانی ئەویان بۆ دەكەن، مزگێنیان پێ ئەدەنو دەشیان ترسێننو ئەفەرموێت: ﴿يَٰبَنِيٓ ءَادَمَ إِمَّا يَأۡتِيَنَّكُمۡ رُسُلٞ مِّنكُمۡ يَقُصُّونَ عَلَيۡكُمۡ ءَايَٰتِي فَمَنِ ٱتَّقَىٰ وَأَصۡلَحَ فَلَا خَوۡفٌ عَلَيۡهِمۡ وَلَا هُمۡ يَحۡزَنُونَ ٣٥ وَٱلَّذِينَ كَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِنَا وَٱسۡتَكۡبَرُواْ عَنۡهَآ أُوْلَٰٓئِكَ أَصۡحَٰبُ ٱلنَّارِۖ هُمۡ فِيهَا خَٰلِدُونَ﴾ ئەی نەوەكانی ئادەم، هەر كاتێ كە پێغەمبەرانێ لە خۆتان دێتە لاتان، تا نیشانەكانی منتان بۆ باس بكەن، ئەوانەتان خۆ پارێزنو ئاكاری چاك دەكەن. نە ترسێكیان لەسەری هەیەو نە خەم دەخۆن. ئەو كەسانەشی نیشانەكانی ئێمەیان بە درۆ زانیوەو بە خۆ بەزل زانی ڕوویان لێ وەرگێڕا ئەوانە كۆمەڵو یاری ئاگرنو هەرگیز لێی دەرناچن. واتە: ئەوانەی خۆ پارێزو ئاكار چاك بوونو وازیان لە قەدەغەكراوەكان هێناو هەڵسان بە بەجێهێنانی خوا پەرستیەكان نە ترسیان هەیەو نە خەفەت دەخۆن. بەڵام ئەوانەی نیشانەكانی خودایان لە دڵیاندا بە درۆ زانیوەو لەبەر خۆ بەزل ولنی پێی هەڵنەساونو كاریان پێ نەكردوە، هەتا هەتایە لەناو ئاگردان.

---

[1] الحج (٣٠).

﴿فَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ افْتَرَىٰ عَلَى اللَّهِ كَذِبًا أَوْ كَذَّبَ بِآيَاتِهِ ۚ أُولَٰئِكَ يَنَالُهُمْ نَصِيبُهُم مِّنَ الْكِتَابِ ۖ حَتَّىٰ إِذَا جَاءَتْهُمْ رُسُلُنَا يَتَوَفَّوْنَهُمْ قَالُوا أَيْنَ مَا كُنتُمْ تَدْعُونَ مِن دُونِ اللَّهِ ۖ قَالُوا ضَلُّوا عَنَّا وَشَهِدُوا عَلَىٰ أَنفُسِهِمْ أَنَّهُمْ كَانُوا كَافِرِينَ ﴿٣٧﴾﴾

ئەو بتپەرستە بوختان چیانە، چی لە چارەیان نوسرابێ دێتە ڕێیان، دۆستەکانیان خۆیان لێ ون دەکەن لە کاتی مردندا

خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿فَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ افْتَرَىٰ عَلَى اللَّهِ كَذِبًا أَوْ كَذَّبَ بِآيَاتِهِ ۚ أُولَٰئِكَ يَنَالُهُمْ نَصِيبُهُم مِّنَ الْكِتَابِ﴾ کێ لەوانە ستەمکارترە کە درۆ بە دەم خوداوە هەڵدەبەستن. یا بە نیشانەکانی بڕوا ناکەن؟ ئەوانە چی لە چارەیاندا نوسرابێ دێتە ڕێیان. موحەممەدی کوڕی کەعبی قەرەزی ئەڵێت: ﴿أُولَٰئِكَ يَنَالُهُمْ نَصِيبُهُم مِّنَ الْكِتَابِ﴾ ئەوانە چی لە چارەنوسیاندا نوسرابێ دێتە ڕێیان لە کردارو ڕۆزیو تەمەنیان.[1] ڕەبیعی کوڕی ئەنەسو عەبدوڕەحمانی کوڕی زەیدی کوڕی ئەسلەمیش هەر وایان وتوە[2] ئەم ئایەتە وەك ئەم ئایەتانە وایە کە خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿إِنَّ الَّذِينَ يَفْتَرُونَ عَلَى اللَّهِ الْكَذِبَ لَا يُفْلِحُونَ ﴿٦٩﴾ مَتَاعٌ فِي الدُّنْيَا ثُمَّ إِلَيْنَا مَرْجِعُهُمْ ثُمَّ نُذِيقُهُمُ الْعَذَابَ الشَّدِيدَ بِمَا كَانُوا يَكْفُرُونَ﴾[3] ئەوانەی درۆ بە دەم خوداوە هەڵدەبەستن ڕزگار نابن (ڕابواردنێکی کەمە لە دنیادا، لە دوایدا دەگەڕێنەوە بۆ لامان لە پاش ئەوە، لەبەر ئەوەی بڕوایان نەهێنا بە توندی ئازاریان ئەدەین. وە ئەفەرموێت: ﴿وَمَن كَفَرَ فَلَا يَحْزُنكَ كُفْرُهُ ۚ إِلَيْنَا مَرْجِعُهُمْ فَنُنَبِّئُهُم بِمَا عَمِلُوا ۚ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ بِذَاتِ الصُّدُورِ ﴿٢٣﴾ نُمَتِّعُهُمْ قَلِيلًا﴾[4] ئەو کەسانەی بڕوا ناهێنن، بڕوا نەهێنانیان غەمبارت نەکات، هەموو دێنە لای خۆمان، پاشان هەواڵیان ئەدەینێ چیان کردوە، خودا ئاگای لە ناوی دڵەکانیش هەیە. وا دەکەین کەمێ ڕابوێرن. پاشان خودای گەورە لێرەدا ئەفەرموێت: ﴿حَتَّىٰ إِذَا جَاءَتْهُمْ رُسُلُنَا يَتَوَفَّوْنَهُمْ قَالُوا أَيْنَ مَا كُنتُمْ تَدْعُونَ مِن دُونِ اللَّهِ﴾ تا ئەو کاتەی کە فریشتە لەلای ئێمەوە دێتە لایان بۆ گیان کێشانو دەپرسن: کوان ئەوانەی جگە لە خوا هاناتان بۆ دەبردن؟ خودای گەورە باسی ئەوە دەکات

---

[1] الطبري (١٢/٤١٣).

[2] الطبري (١٢/٤١٣-٤١٤).

[3] يونس (٦٩-٧٠).

[4] لقمان (٢٣-٢٤).

کاتێ کە فریشتە گیانی بت پەرستەکان دەکێشێ دیانترسێنن‌و گیانەکانیان بەرەو ئاگر دەبەن، پێیان دەڵێن: کوان ئەوانەی کردبوتان بە هاوبەشی خودا لە ژیانی دنیادا، هاوارتان لێ دەکردن‌و جگە لە خودا دەتانپەرستن. بانگیان بکەن با ڕزگارتان کەن لەمەی کە تووشتان هاتوە ﴿قَالُوا۟ ضَلُّوا۟ عَنَّا﴾ دەڵێن: خۆیان لێ ون کردین، بە هیوای هیچ خێرو بێرێکیان نین ﴿وَشَهِدُوا۟ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ أَنَّهُمْ كَانُوا۟ كَـٰفِرِينَ﴾ پاشان هەر خۆیان شایەتی لە خۆیان ئەدەن کە خودایان نەناسیوە.

﴿قَالَ ٱدْخُلُوا۟ فِىٓ أُمَمٍ قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلِكُم مِّنَ ٱلْجِنِّ وَٱلْإِنسِ فِى ٱلنَّارِ ۖ كُلَّمَا دَخَلَتْ أُمَّةٌ لَّعَنَتْ أُخْتَهَا ۖ حَتَّىٰٓ إِذَا ٱدَّارَكُوا۟ فِيهَا جَمِيعًا قَالَتْ أُخْرَىٰهُمْ لِأُولَىٰهُمْ رَبَّنَا هَـٰٓؤُلَآءِ أَضَلُّونَا فَـَٔاتِهِمْ عَذَابًا ضِعْفًا مِّنَ ٱلنَّارِ ۖ قَالَ لِكُلٍّ ضِعْفٌ وَلَـٰكِن لَّا تَعْلَمُونَ ﴿٣٨﴾ وَقَالَتْ أُولَىٰهُمْ لِأُخْرَىٰهُمْ فَمَا كَانَ لَكُمْ عَلَيْنَا مِن فَضْلٍ فَذُوقُوا۟ ٱلْعَذَابَ بِمَا كُنتُمْ تَكْسِبُونَ ﴿٣٩﴾﴾

مشتو مڕی خەڵکی ناو ئاگرو نەفرەت کردنیان لە یەکتری

خودای گەورە باسی ئەو قسانە دەکات کە بتپەرستەکان دەیکەن، ئەوانەی کە درۆ بە دەم خوداوە دەکەن‌و بڕوا بە نیشانەکانی ناکەن ﴿قَالَ ٱدْخُلُوا۟ فِىٓ أُمَمٍ قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلِكُم﴾ دەفەرموێ: لەگەڵ ئەو گەلانەی وا پێش ئێوە لەناوچون. هەمان ڕەفتاری ئێوەیان بوو ﴿مِّنَ ٱلْجِنِّ وَٱلْإِنسِ فِى ٱلنَّارِ﴾ لە مرۆڤو جنۆکە بڕۆنە ناو ئاگرەوە. ئەم ڕستەیە هەڵدەگرێ بەدەل بێ لە ﴿فِىٓ أُمَمٍ﴾ هەڵیش دەگرێ ﴿فِىٓ أُمَمٍ﴾ واتە: لەگەڵ گەلاندا. پاشان خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿كُلَّمَا دَخَلَتْ أُمَّةٌ لَّعَنَتْ أُخْتَهَا﴾ هەر ئوممەتێك دەچێتە ناو ئاگر دوعای شەڕو نەفرین لە هاوڕەوشتانی دەکات. وەك خودای گەورە لەسەر زمانی پێغەمبەری ئیبراهیمی خەلیل فەرموویەتی: ﴿ٱلدُّنْيَا ۖ ثُمَّ يَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ يَكْفُرُ بَعْضُكُم بِبَعْضٍ﴾[1] پاشان لە ڕۆژی قیامەتدا حاشا لە یەکتری دەکەن. وە لە ئایەتێکی تردا ئەفەرموێت: ﴿إِذْ تَبَرَّأَ ٱلَّذِينَ ٱتُّبِعُوا۟ مِنَ ٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُوا۟ وَرَأَوُا۟ ٱلْعَذَابَ وَتَقَطَّعَتْ بِهِمُ ٱلْأَسْبَابُ ﴿١٦٦﴾ وَقَالَ ٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُوا۟ لَوْ أَنَّ لَنَا كَرَّةً فَنَتَبَرَّأَ مِنْهُمْ كَمَا تَبَرَّءُوا۟ مِنَّا ۗ كَذَٰلِكَ يُرِيهِمُ ٱللَّهُ أَعْمَـٰلَهُمْ حَسَرَٰتٍ عَلَيْهِمْ ۖ وَمَا هُم بِخَـٰرِجِينَ مِنَ ٱلنَّارِ﴾[2] لەو کاتەدا کە ئازارو سزایان دێتە بەر چاو، ڕێبەرەکان لە پەیڕەوەکانی خۆیان حاشا دەکەن، پەیوەندیان لە یەکتر پچڕاوە. شوێن کەوتوان دەڵێن: ئای خۆزگە هەر جارێکی تر دەگەڕاینەوە سەر دنیا، تا وەك

---

[1] العنكبوت (٢٥).

[2] البقرة (١٦٦–١٦٧).

ڕێبەرەکانمان کە حاشامان لێ دەکەن ئێمەش حاشامان لەوان بکردایە، خودا ئاوا کردەوەی خۆیان لێ دەکاتە داخ‌و خەفەت لێیان، بۆ هەمیشەش هەر لەناو ئاگردا دەبن‌و لێی نایەنە دەر. پاشان لێرەدا ئەفەرموێت: ﴿حَتَّىٰٓ إِذَا ٱدَّارَكُواْ فِيهَا جَمِيعٗا قَالَتۡ أُخۡرَىٰهُمۡ لِأُولَىٰهُمۡ﴾ وەختێ هەموویان لەوێدا کۆ بونەوە پەیڕەوانیان سەبارەت بە پەیڕەوانیان کە لە پێش ئەواندا چونەتە ناو ئاگرو سزایان سەخت‌و گرانترە لەمان، سکاڵای خۆیان لە ڕۆژی قیامەتدا دەبەنە لای خوا لێیان، چونکە ئەوانە بوون کە گومڕایان کردن‌و لە ڕێگەی ڕاست لایاندان دەڵێن: ﴿رَبَّنَا هَٰٓؤُلَآءِ أَضَلُّونَا فَـَٔاتِهِمۡ عَذَابٗا ضِعۡفٗا مِّنَ ٱلنَّارِ﴾ ئەی پەروەردگارمان ئەوان سەریان لێ شێواندین، دوو ئەوەندە لە ئاگردا ئازاریان دە. ئەم ئایەتە وەك ئەو ئایەتە وایە کە ئەفەرموێت: ﴿يَوۡمَ تُقَلَّبُ وُجُوهُهُمۡ فِي ٱلنَّارِ يَقُولُونَ يَٰلَيۡتَنَآ أَطَعۡنَا ٱللَّهَ وَأَطَعۡنَا ٱلرَّسُولَا۠ ﴿٦٦﴾ وَقَالُواْ رَبَّنَآ إِنَّآ أَطَعۡنَا سَادَتَنَا وَكُبَرَآءَنَا فَأَضَلُّونَا ٱلسَّبِيلَا۠ ﴿٦٧﴾ رَبَّنَآ ءَاتِهِمۡ ضِعۡفَيۡنِ مِنَ ٱلۡعَذَابِ﴾[1] ئەو ڕۆژەی دەم‌و چاویان لە ئاگردا ئەم دیو ئەودیوی پێدەکرێ، دەڵێن: خۆزگە بەرفەرمانی خودا بوینایە‌و گوێڕایەڵی پێغەمبەرمان بکردایە. دەشڵێن: ئەی پەروەردگارمان، شوێن ئاغاو گەورەکانی خۆمان کەوتین، ئەوان ئێمەیان گومڕا کرد. ئەی پەروەردگاری هەموومان، دوو سەرە ئازاریان بدە. ﴿قَالَ لِكُلّٖ ضِعۡفٞ وَلَٰكِن لَّا تَعۡلَمُونَ﴾ بۆ هەموو دوو چەندانە بەڵام ئێوە پێ نازانن. دیارە هەر وامان کردوە‌و هەر کەسە بەپێی خۆی سزامان داوە. ئەم دەقە وەك ئەو ئایەتانە وایە کە ئەفەرموێت: ﴿ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ وَصَدُّواْ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ زِدۡنَٰهُمۡ عَذَابٗا فَوۡقَ ٱلۡعَذَابِ﴾[2] ئەوانەی خوایان نەناسی‌و ڕێگەی خوایان بەربەست دەکرد، قات لەسەر قات هەر ئازاریان پتر دەکەین. وە ئەفەرموێت: ﴿وَلَيَحۡمِلُنَّ أَثۡقَالَهُمۡ وَأَثۡقَالٗا مَّعَ أَثۡقَالِهِمۡ﴾[3] باری گرانی خۆیان‌و باری گرانی خەڵکی تریش (وەك باری گرانی خۆیان) هەڵدەگرن. وە ئەفەرموێت: ﴿وَمِنۡ أَوۡزَارِ ٱلَّذِينَ يُضِلُّونَهُم بِغَيۡرِ عِلۡمٍ﴾[4] لە تاوانی ئەو کەسانەش هەڵدەگرن کە بە بێ زانست ئەوان لە ڕێیان لا ئەدەن. پاشان خودای گەورە لێرەدا ئەفەرموێت: ﴿وَقَالَتۡ أُولَىٰهُمۡ لِأُخۡرَىٰهُمۡ فَمَا كَانَ لَكُمۡ عَلَيۡنَا مِن فَضۡلٖ﴾ ڕێبەرەکان بە پەیڕەوەکانیان دەڵێن: ئێوە

---

[1] الاحزاب (٦٦-٦٨).

[2] النحل (٨٨).

[3] العنكبوت (١٣).

[4] النحل (٢٥).

هیچتان لە ئێمە زیاتر نیە، سوودی ئەڵێت: ئێوەش گومڕا بوون وەك چۆن ئێمە گومڕا بووین.[1] ﴿فَذُوقُوا۟ ٱلْعَذَابَ بِمَا كُنتُمْ تَكْسِبُونَ﴾ دە بچێژن ئازاری ئەو كارانەی وا كردوتانە. ئەم حاڵەی كە خودا باسی كردوە لە بارەیانەوە لە كاتی كۆكردنەوەیاندایە لە ڕۆژی قیامەتداو ئەفەرموێت: ﴿(٣١) قَالَ ٱلَّذِينَ ٱسْتَكْبَرُوا۟ لِلَّذِينَ ٱسْتُضْعِفُوٓا۟ أَنَحْنُ صَدَدْنَٰكُمْ عَنِ ٱلْهُدَىٰ بَعْدَ إِذْ جَآءَكُم بَلْ كُنتُم مُّجْرِمِينَ (٣٢) وَقَالَ ٱلَّذِينَ ٱسْتُضْعِفُوا۟ لِلَّذِينَ ٱسْتَكْبَرُوا۟ بَلْ مَكْرُ ٱلَّيْلِ وَٱلنَّهَارِ إِذْ تَأْمُرُونَنَآ أَن نَّكْفُرَ بِٱللَّهِ وَنَجْعَلَ لَهُۥٓ أَندَادًا ۚ وَأَسَرُّوا۟ ٱلنَّدَامَةَ لَمَّا رَأَوُا۟ ٱلْعَذَابَ وَجَعَلْنَا ٱلْأَغْلَٰلَ فِىٓ أَعْنَاقِ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ ۚ هَلْ يُجْزَوْنَ إِلَّا مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ﴾[2]

خاوەن دەستەڵاتەكان بە بێ دەستەڵاتەكان دەڵێن: ئایا ئێمە بووین نەمانهێشت ئێوە بە ڕێی ڕاستدا بڕۆن دوای ئەوەی ڕێنیشاندەرتان هاتە لا؟ بەڵكو ئێوە هەر خۆتان تاوانبار بوون. ئەوسا بێ دەستەڵاتەكان لە وەڵامی ئەواندا كە خاوەن دەستەڵات بوون دەڵێن: ئێوە بە شەوو ڕۆژ هەر فێڵتان لێ دەكردین كە دەبێ خوانەناسین و چەندین هاوتای بۆ پەیدا كەین، كاتێ بینیان ئێمە خوانەناسان بۆ ئازاردان زنجیریان لە مل دەكەین و ڕایان دەكێشین بۆ لێپرسینەوە، بە دڵ پەشیمان دەبنەوە، دیارە هەموو كەسێ بەرانبەر كردەوەی خۆی سزا ئەدرێ.

﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ كَذَّبُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَا وَٱسْتَكْبَرُوا۟ عَنْهَا لَا تُفَتَّحُ لَهُمْ أَبْوَٰبُ ٱلسَّمَآءِ وَلَا يَدْخُلُونَ ٱلْجَنَّةَ حَتَّىٰ يَلِجَ ٱلْجَمَلُ فِى سَمِّ ٱلْخِيَاطِ ۚ وَكَذَٰلِكَ نَجْزِى ٱلْمُجْرِمِينَ (٤٠) لَهُم مِّن جَهَنَّمَ مِهَادٌ وَمِن فَوْقِهِمْ غَوَاشٍ ۚ وَكَذَٰلِكَ نَجْزِى ٱلظَّٰلِمِينَ (٤١)﴾

بێبڕوایان دەرگاكانی ئاسمانیان لێ ناكرێتەوەو هەرگیز ناچنە بەهەشت

خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ كَذَّبُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَا وَٱسْتَكْبَرُوا۟ عَنْهَا لَا تُفَتَّحُ لَهُمْ أَبْوَٰبُ ٱلسَّمَآءِ﴾ ئەوانە وا نیشانەكانی ئێمەیان بە درۆ زانیوەو بە فیزەوە لەوانە ڕوویان وەرگێڕا دەروازەكانی ئاسمانیان بۆ ناكرێتەوە. موجاهیدو سەعیدی كوڕی جوبەیر ئەڵێن و عەوفی و عەلی كوڕی ئەبوتەلحەش ڕیوایەتیان كردوە لە ئیبنوعەبباسەوە كە مەبەست بەم ئایەتە: ﴿لَا تُفَتَّحُ لَهُمْ أَبْوَٰبُ ٱلسَّمَآءِ﴾ واتە: هیچ كردەوەیەكی چاك و هیچ دوعایەكیان لە ئاسمانەوە بەرز نابێتەوە.[3] سەوریش لە لەیسەوە لە عەتاوە لە

---

[1] الطبري (١٢/٤٢٠).

[2] سبأ (٣٢-٣٣).

[3] الطبري (١٢/٤٢٢-٤٢٣).

ئیبنوعەبباسەوە هەر بەم شێوەیە ڕیوایەتی کردوە.[١] زەححاك ڕیوایەتی کردوە لە ئیبنوعەبباسەوەئەڵێت: مەبەست پێی دەرگاکانی ئاسمان لەسەر ڕۆحەکانیان ناکرێتەوە[٢] سوودیو کەسانی تریش هەر وایان وتوە.[٣] ئەم فەرموودەیە کە ئیبنوجەریر ڕیوایەتی کردوە لە بەرائەوە لە پێغەمبەری خوداوە(ﷺ) پشتگیریان لێ دەکات کە باسی کێشانی گیانی لە دین لادەرەکانی کردوە. کە بەرز دەکرێتەوە بۆ ئاسمان فەرمووی: ڕۆحەکان بەرز دەکەنەوە، تێپەڕ نابن بەلای هیچ کۆمەڵێکدا لە فریشتەکان مەگین دەڵێن: ئەم گیانە پیسە کێیە؟ (ئەمانیش) دەڵێن: فلانە کەسە بە ناشیرین ترین ناوێ کە بانگی کراوە پێی ناوی دەهێنن. هەتا دەیگەیەننە ئاسمان داوای کردنەوەی دەرگاکانی دەکەنەوە. بۆی ناکرێتەوە. پاشان پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئەم ئایەتەی خوێند: ﴿لَا تُفَتَّحُ لَهُمْ أَبْوَٰبُ ٱلسَّمَآءِ﴾[٤]. ئەبوداوودونەسائیو ئیبنوماجەیش ڕیوایەتیان کردوە.[٥] ئیبنوجورەیج لەم ئایەتەدا: ﴿لَا تُفَتَّحُ لَهُمْ أَبْوَٰبُ ٱلسَّمَآءِ﴾ گوتی: دەرگاکانی ناکرێتەوە نە لەسەر کردارەکانیانو نە لەسەر ڕۆحەکانیان[٦] ئەمە کۆکردنەوەیەکی تێدایە لە نێوان هەردوو قسەکەی پێشوودا والله أعلم ﴿وَلَا يَدْخُلُونَ ٱلْجَنَّةَ حَتَّىٰ يَلِجَ ٱلْجَمَلُ فِى سَمِّ ٱلْخِيَاطِ ۚ وَكَذَٰلِكَ نَجْزِى ٱلْمُجْرِمِينَ﴾ ناچنە ناو بەهەشتەوەتا وشتر بە کونی دەرزیدا نەچێ ئێمە ئاوا سزای تاوانباران ئەدەین. ئیبنومەسعود گوتی: (الجمل) واتە بەچکەی وشتر. وە لە ڕیوایەتێکدا هاتوە هاوجووتی وشتری مێینە.[٧] موجاهیدو عیکرمە وتیان لە ئیبنوعەبباسەوە ئەم ئایەتەی بەم شێوەیە دەخوێندەوە: (حتى يلج الجُمَّلُ في سمِ الخياط) بە زەمی (الضم) جیمەکەو بە تەشدید کردنی میمەکە واتە: گوریسی قایم بەناو کونی دەرزیدا[٨] ﴿لَهُم مِّن جَهَنَّمَ مِهَادٌ وَمِن فَوْقِهِمْ غَوَاشٍ ۚ وَكَذَٰلِكَ نَجْزِى ٱلظَّٰلِمِينَ﴾ ڕایەخەکەیان (ئاگرە) لە جەهەنمداو هالاوی ئاگریش داپۆشیون. ئەوانەی ناهەقی دەکەن ئاوا سزایان ئەدەین. موحەممەدی کوڕی کەعبی قەرەزی ئەڵێت: ﴿لَهُم مِّن

---

[١] الطبري (٤٢٢/١٢).

[٢] الطبري (٤٢٢/١٢).

[٣] الطبري (٤٢٢/١٢).

[٤] الطبري (٤٢٤/١٢)، فەرموودەیەکی چاکە، پیاوەکانی جێی بروان، ڕێگەو بەڵگەیش زۆرن لەسەری.

[٥] أبوداود (١١٤/٥)، النسائي (٧٨/٤)، إبن ماجة (٤٩٤/١)، فەرموودەیەکی حەسەنە.

[٦] الطبري (٤٢٣/١٢).

[٧] الطبري (٤٢٨/١٢).

[٨] الطبري (٤٣١/١٢).

جَهَنَّمَ مِهَادٌ﴾ واتە: ڕایەخیان ئاگرە ﴿وَمِن فَوۡقِهِمۡ غَوَاشٍ﴾ واتە: لێفەیان هاڵاوی ئاگرە[1] زەحاكو سوودیش هەر وایان وتوە[2].

﴿وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ لَا نُكَلِّفُ نَفۡسًا إِلَّا وُسۡعَهَآ أُوْلَٰٓئِكَ أَصۡحَٰبُ ٱلۡجَنَّةِۖ هُمۡ فِيهَا خَٰلِدُونَ ﴿٤٢﴾ وَنَزَعۡنَا مَا فِي صُدُورِهِم مِّنۡ غِلٍّ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهِمُ ٱلۡأَنۡهَٰرُۖ وَقَالُواْ ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ ٱلَّذِي هَدَىٰنَا لِهَٰذَا وَمَا كُنَّا لِنَهۡتَدِيَ لَوۡلَآ أَنۡ هَدَىٰنَا ٱللَّهُۖ لَقَدۡ جَآءَتۡ رُسُلُ رَبِّنَا بِٱلۡحَقِّۖ وَنُودُوٓاْ أَن تِلۡكُمُ ٱلۡجَنَّةُ أُورِثۡتُمُوهَا بِمَا كُنتُمۡ تَعۡمَلُونَ ﴿٤٣﴾﴾

باسی چارەنوسی پیاوچاكان و گوزەرانیان

دوای ئەوەی خودای گەورە باسی حاڵی بەدبەختانی كرد، دێتە سەر باسی حاڵی خۆشبەختان و ئەفەرموێت: ﴿وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ لَا نُكَلِّفُ نَفۡسًا إِلَّا وُسۡعَهَآ أُوْلَٰٓئِكَ أَصۡحَٰبُ ٱلۡجَنَّةِۖ هُمۡ فِيهَا خَٰلِدُونَ﴾ ئەوانەی بڕوایان هێناو ئاكاری چاكیان كردوە، (كە هیچ كەسیش ئەركی لە توانا بەدەری ناخەینە سەر) ئەوانە دەبرێنە بەهەشت و هەتا سەر هەر لەوێ دەبن. واتە: ئەوانەی بە دڵ بڕوایان هێناوە و ئاكاری چاكیش بە ئەندامەكانی لەشیان بەجێ دێنن ئەمانە دژی ئەو خوانەناسانەن كە بڕوایان بە نیشانەكانی خوا نیەو خۆیان بە زل دەزانن و سەری بۆ نەوی ناكەن. خودای مەزن ئاگادارمان دەكاتەوە كە بڕوا هێنان و ئاكاری چاك كردن پێی ئاسانە هەر بۆیە ئەفەرموێت: ﴿وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ لَا نُكَلِّفُ نَفۡسًا إِلَّا وُسۡعَهَآ أُوْلَٰٓئِكَ أَصۡحَٰبُ ٱلۡجَنَّةِۖ هُمۡ فِيهَا خَٰلِدُونَ﴾ پاشان ئەفەرموێت: ﴿وَنَزَعۡنَا مَا فِي صُدُورِهِم مِّنۡ غِلٍّ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهِمُ ٱلۡأَنۡهَٰرُ﴾ كینەمان لە سینەیانا، داماڵیوەو لە بەهەشتدا جۆباریان بەبەردا دەڕوا. واتە: كینەو حەسوودی لە دڵیان دەردەكەین وەك لە سەحیحی بوخاریدا هاتوە لە ئەبوسەعیدی خودەریەوە ئەڵێت: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: (وەختێ باوەڕدار لە ئاگر ڕزگاری بوو لەسەر پردێ لە نێوان بەهەشت و جەهەندا ڕادەگیرێن، هەر ستەمێكیان لە یەكتری كردبێ لە نێوان خۆیاندا لە دنیادا لێیان دەسێنرێ، تا ئەو كاتەی پاك دەبنەوەو دەڕۆن و ئیزن ئەدرێن بۆ چوونە ناو بەهەشت، سوێند بەو كەسەی گیانی منی بەدەستە هەركەسێ لەوانە شوێنەكەی خۆی لە بەهەشتدا چاكترشارەزایە لەوشوێنەی كە لە دنیادا تێیدا بووە)[3]، سوودی لەم ئایەتەدا: ﴿وَنَزَعۡنَا مَا فِي صُدُورِهِم مِّنۡ غِلٍّ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهِمُ ٱلۡأَنۡهَٰرُ﴾ گوتی: كە خەڵكی بەهەشت كاتێ ڕەوانە دەكرێن

---

[1] الطبري (١٢/٤٣٦).

[2] الطبري (١٢/٤٣٦).

[3] فتح الباري (٥/١١٥).

بۆ بەهەشت لە دەرگاکەیدا درەختێ دەبینن لە ڕیشکی دارەکەدا دوو کانی هەیە کە ئاویان خواردەوە لە یەکێکیان هەرچی کینە هەیە لە سینەیاندا دادەماڵێ، ئەوەیە ئاوە پاکەکە (الشراب الطهور) بەوەی تریان کە خۆیانیان لێ شۆردوە لە چارەیان تەڕو تازەیی‌و خۆشگوزەرانی دەبینی، قژ بڕی‌و چڵکنیان هەرگیز پێوە نابینی.[1] نەسائی‌و ئیبنومەردەوەیە ڕیوایەتیان کردوە، لە ئەبوهورەیرەوە (ڕەزای خوای لێبێ)ئەڵێت: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (هەموو خەڵکی بەهەشت شوێنی خۆی لە ئاگردا دەبینیێ‌و دەڵێ: ئەگەر خودا شارەزای نەکردمایە لەناو ئاگردا دەبووم دەبێتە سوپاسگوزاری بۆی. هەموو خەڵکی ئاگر شوێنی خۆی لە بەهەشتدا دەبینیێ‌و دەڵێ: ئەگەر خودا شارەزای بکردمایە (لەناو ئاگردا نەدەبووم) دەبێتە داخ‌و خەفەت بۆی)[2]، هەر بۆیە کاتێ بوونە میراتگری خەڵکی ناو ئاگر لە بەهەشتدا، بانگ دەکرێن ئا ئەو بەهەشتەی کە بوونە میراتگری بەهۆی ئەو کردەوانەوە بووە کە کردوتانە. واتە: بەهۆی کردارەکانتانەوە ئەو بەزەییەتان بەدەست هێناو چوونە بەهەشت وە بەپێی کردارەکانتان شوێنی خۆتان وەرگرت، لەبەر ئەوە پێویستە لەم بارەیەوە پشت بەم فەرموودەیە ببەسترێ کە لە هەردوو سەحیحەکەدا هاتوە کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (کار بکەن چونکە کەس کردەوەی خۆی نایباتە بەهەشت)، گوتیان: تۆیش ئەی پێغەمبەری خودا؟ فەرمووی: (تەنانەت منیش مەگەر خوا بە میهرەبانی‌و ڕێزی خۆی بمپۆشێ).[3]

﴿وَنَادَىٰٓ أَصۡحَٰبُ ٱلۡجَنَّةِ أَصۡحَٰبَ ٱلنَّارِ أَن قَدۡ وَجَدۡنَا مَا وَعَدَنَا رَبُّنَا حَقّٗا فَهَلۡ وَجَدتُّم مَّا وَعَدَ رَبُّكُمۡ حَقّٗاۖ قَالُواْ نَعَمۡۚ فَأَذَّنَ مُؤَذِّنُۢ بَيۡنَهُمۡ أَن لَّعۡنَةُ ٱللَّهِ عَلَى ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٤٤﴾ ٱلَّذِينَ يَصُدُّونَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ وَيَبۡغُونَهَا عِوَجٗا وَهُم بِٱلۡأٓخِرَةِ كَٰفِرُونَ ﴿٤٥﴾﴾

خەڵکی جەهەنم بەشیان هەر داخ‌و پەژارەیە لەناو ئاگردا

خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَنَادَىٰٓ أَصۡحَٰبُ ٱلۡجَنَّةِ أَصۡحَٰبَ ٱلنَّارِ أَن قَدۡ وَجَدۡنَا مَا وَعَدَنَا رَبُّنَا حَقّٗا فَهَلۡ وَجَدتُّم مَّا وَعَدَ رَبُّكُمۡ حَقّٗاۖ قَالُواْ نَعَمۡۚ﴾ بەهەشتیەکان بانگی جەهەنمیەکان دەکەن. ئەوا ئێمە ئەو بەڵێنەی پەروەردگارمان پێیداوین جێبەجێ بوو، ئایا ئێوەیش (وەك هەڕەشەتان لێکرابوو) هەر وا دەرچوو؟ وتیان: بەڵێ. خودای گەورە باسی ئەو وتوێژە دەکات لەنێوان خەڵکی بەهەشت‌و خەڵکی جەهەنمدا کە چۆن بەهەشتیەکان بە تانەو تەشەرو سەرزەنشت کردنەوە قسە لەگەڵ جەهەنمیەکان دەکەن کاتێ هەرکەسە چووە شوێنی خۆی. وەك چۆن خودای گەورە لە سورەتی (سافاتدا) باسی ئەو کەسە

---

[1] الطبري (١٢/٤٣٩).

[2] النسائي في الكبرى (٦/٤٤٧)، فەرموودەیەکی حەسەنە.

[3] فتح الباري (١١/٣٠٠)، مسلم (٤/٢١٧٠).

دەكات كە وتوویژ لەگەڵ هاوڕێەكی دەكات كە خوانەناس بووە لە دنیادا. ئەفەرموێت: ﴿فَٱطَّلَعَ فَرَءَاهُ فِى سَوَآءِ ٱلۡجَحِيمِ ﴿٥٥﴾ قَالَ تَٱللَّهِ إِن كِدتَّ لَتُرۡدِينِ ﴿٥٦﴾ وَلَوۡلَا نِعۡمَةُ رَبِّى لَكُنتُ مِنَ ٱلۡمُحۡضَرِينَ ﴿٥٧﴾ أَفَمَا نَحۡنُ بِمَيِّتِينَ ﴿٥٨﴾ إِلَّا مَوۡتَتَنَا ٱلۡأُولَىٰ وَمَا نَحۡنُ بِمُعَذَّبِينَ﴾[1] ئینجا خۆی سەیری كرد لە ناوەڕاستی جەهەنمدا هاوەڵەكەی خۆی دی. وتی: بە خودا هەر وەخت بو لەناوم بەری. ئەگەر چاكەی پەروەرندەم نەبوایە منیش وەك تۆ لەوێدا دەبووم. تۆ بزانە كە ئێمە تازە نامرین، جگە لە مردنی پێشومان، هیچ ئازاردانیشمان نیە. بەرپەرچی قسەی هاوەڵەكەی ئەداتەوە كە لە دنیا كردبوی‌و سەرزەنشتی دەكات لەسەر ئەو چارەنووسەی كە تووشی بووە لەو سزاو جەزرەبەیە. هەر بەو شێوەیەش فریشتەكان سەرزەنشتی دەكەن‌و پێیان دەڵێن: ﴿هَٰذِهِ ٱلنَّارُ ٱلَّتِى كُنتُم بِهَا تُكَذِّبُونَ ﴿١٤﴾ أَفَسِحۡرٌ هَٰذَآ أَمۡ أَنتُمۡ لَا تُبۡصِرُونَ ﴿١٥﴾ ٱصۡلَوۡهَا فَٱصۡبِرُوٓاْ أَوۡ لَا تَصۡبِرُواْ سَوَآءٌ عَلَيۡكُمۡ إِنَّمَا تُجۡزَوۡنَ مَا كُنتُمۡ تَعۡمَلُونَ﴾[2] ئەمە ئەو ئاگرەیە كە بڕواتان نەدەكرد هەبێ، ئایا ئەمە جادووە یان ئێوە كوێر بوون‌و نابینن؟ بچنە ناوی هەڵبكەن یا هەڵنەكەن وەك یەكە‌و هەر بەهۆی ئەو كارانەی كە كردووتانە سزا ئەدرێن. هەر بەو شێوەیە پێغەمبەری خودا(ﷺ) سەرزەنشتی كوژراوەكانی بیرەكانی ڕۆژی بەدری دەكردو بانگی دەكرد: (ئەی ئەبوجەهلی كوڕی هیشام‌و ئەی عوتبەی كوڕی ڕەبیعە‌و ئەی شەیبەی كوڕی ڕەبیعە (ناوی سەرەكانیانی برد)، ئایا ئەوەی پەروەرندەكەتان بەڵێنی پێدان دەستتان كەوت؟ بێگومان من ئەوەی پەروەرندەم بەڵێنی پێدام بەڕاستی وەدەستم هێنا). عومەر وتی: ئەی پێغەمبەری خودا ئایا تۆ قسە لەگەڵ كۆمەڵێكدا دەكەی كە بۆنیان كردوە؟ فەرمووی: (سوێنی بەو كەسەی گیانی منی بەدەستە ئێوە لەوانە باشتر گوێتان لەو قسانە نیە كە من بۆیان دەكەم بەڵام ناتوانن وەڵام بدەنەوە)[3]، پاشان خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿فَأَذَّنَ مُؤَذِّنُۢ بَيۡنَهُمۡ أَن لَّعۡنَةُ ٱللَّهِ عَلَى ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٤٤﴾ ٱلَّذِينَ يَصُدُّونَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ وَيَبۡغُونَهَا عِوَجًا﴾ جارچییە لە نێوانیاندا جاڕی دا، دەك هەرچی ستەمكارە بەر نەفرینی خوا كەوێ، ئەو كەسانەی دەبنە لەمپەر لە ڕێی خوداو دەیانەوێ ئەو ڕێگا وا نیشان بدەن‌و بڕواشیان بە ڕۆژی دوایی نیە. واتە: دەبنە لەمپەر لە ڕێی خەڵكیدا بۆ ئەوەی شوێنی ڕێگەی خوداو بەرنامەكەی‌و ئەوەی پێغەمبەران پێی هاتوون نەكەون، وە دەیانەوێ ئەو ڕێگەیە لارو نارێك بێ تا هیچ كەس شوێنی نەكەوێ ﴿عِوَجًا وَهُم بِٱلۡأٓخِرَةِ كَٰفِرُونَ﴾ وە ئەوانە بڕواشیان بە ڕۆژی دوایی نیە‌و چونە بەر بارەگای خودا نیە واتە: حاشای لێ دەكەن‌و بەڕاستی

---

[1] الصافات (٥٥-٥٩).

[2] الطور (١٤-١٦).

[3] مسلم (٢٢٠٣/٤).

نازانن، بۆیە گوێیان لێ نیە هەر خراپەیە بە دەمیاندا بێ یا هەر کارێ بکەن چونکە ترسیان لەوە نیە کە لێپرسینەوەیان لەسەری دەکرێ یان تۆڵەیان لێ دەسێنرێ، ئەوانە خراپترین کەسن لە کردارو گفتاردا.

﴿ وَبَيْنَهُمَا حِجَابٌ وَعَلَى الْأَعْرَافِ رِجَالٌ يَعْرِفُونَ كُلًّا بِسِيمَاهُمْ وَنَادَوْا أَصْحَابَ الْجَنَّةِ أَنْ سَلَامٌ عَلَيْكُمْ لَمْ يَدْخُلُوهَا وَهُمْ يَطْمَعُونَ (٤٦) وَإِذَا صُرِفَتْ أَبْصَارُهُمْ تِلْقَاءَ أَصْحَابِ النَّارِ قَالُوا رَبَّنَا لَا تَجْعَلْنَا مَعَ الْقَوْمِ الظَّالِمِينَ (٤٧) ﴾

ئەعرافو خەڵکی ئەعراف

خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿ وَبَيْنَهُمَا حِجَابٌ وَعَلَى الْأَعْرَافِ رِجَالٌ يَعْرِفُونَ كُلًّا بِسِيمَاهُمْ وَنَادَوْا أَصْحَابَ الْجَنَّةِ أَنْ سَلَامٌ عَلَيْكُمْ لَمْ يَدْخُلُوهَا وَهُمْ يَطْمَعُونَ ﴾ لە نێوانیاندا پەردەیەك هەیە، پیاوانێك هەن لەسەر ئەعراف ڕاوەستاون. هەموو کەسێ بە سەرو سیما دەناسن. بانگی ئەو بەهەشتیانە دەکەن، کە هێشتا نەچوونەتە نێو ئەو بەهەشتە، بەڵام بەتەمان بچنە ناوی‌و دەڵێن: سڵاوتان لێبێ. کاتێ خودای گەورە باسی وتووێژی ئەهلی بەهەشتی کرد لەگەڵ ئەهلی جەهەنم، ئاگادارمان دەکات کە لە نێوان بەهەشتو جەهەنمدا دیوارێ هەیە، کە بەربەستو ڕێگرە بۆ گەیشتنی خەڵکی ناو ئاگر بۆ ناو بەهەشت. ئیبنوجەریرئەڵێت: ئەو دیوارەیە کە خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿فَضُرِبَ بَيْنَهُمْ بِسُورٍ لَهُ بَابٌ بَاطِنُهُ فِيهِ الرَّحْمَةُ وَظَاهِرُهُ مِنْ قِبَلِهِ الْعَذَابُ﴾[1] لەو کاتەدا شوورەیەك لە نێوانیاندا دەبێتە ڕێگر دەرگای هەیە لە ژوورەوەی بەزەیی یەو لە دەرەوەی سزایە. ئا ئەوە ئەعرافە کە خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَعَلَى الْأَعْرَافِ رِجَالٌ﴾[2] پاشان بەو سەنەدەی خۆی ڕیوایەت دەکات لە سوودیەوە کەئەڵێت: ﴿ وَبَيْنَهُمَا حِجَابٌ ﴾ هەر ئەو شورەیە ئەعرافە[3] موجاهیدئەڵێت: بەربەستێکە لە نێوان بەهەشتو ئاگردا کە شوورەکەی دەرگای هەیە[4] ئیبنوجەریرئەڵێت: ئەعراف جەمعی عورفە هەموو بەرزایەك لە زەویدا لەلای عەرەبەکان پێی دەڵێن عورف. هەر بۆیە بە پاپۆکەی کەڵەشێر دەڵێن عورف لەبەر بەرزیەکەی. سوودی ئەڵێت: بۆیە (الاعراف) ناوبراوە بە عورف، چونکە ئەوانەی سەری ئەو خەڵکە دەناسن.[5] ئەوانەی ئەعراف کۆمەڵێکن چاکەو خراپەیان یەکسانە، حوزەیفەو ئیبنوعەبباس‌و ئیبنومەسعودو کەسانی تریش لە زانایانی پێشینەو پاشینەش وتویانە. ئیبنوجەریر ڕیوایەتی کردوە لە حوزەیفەوە ئەڵێت: پرسیاری لێ

[1] الحديد (١٣).

[2] الطبري (٢٤٩/١٢).

[3] الطبري (٤٤٩/١٢).

[4] الطبري (٤٥١/١٢).

[5] الطبري (٤٤٩/١٢).

کرا لەبارەی ئەو کەسانەی ئەعرافەوە وتی: ئەوانە کۆمەڵێکن چاکەو خراپەیان یەکسانە، خراپەکانیان دایناون ناهێڵێ بچنە بەهەشت. چاکەکانیشیان دوای خستون کە بچنە ئاگر، لەوێدا ڕاوەستاون لەسەر ئەو شوورەیە تا خودا فەرمانی خۆی ئەدا لە نێوانیاندا[1]، موعەممەر وتی لە حەسەنەوە کە ئەم ئایەتەی خوێند: ﴿لَمْ يَدْخُلُوهَا وَهُمْ يَطْمَعُونَ﴾ هێشتا نەچوونەتە ئەو بەهەشتە بەڵام بەتەمان‌و وتی: سوێند بە خوا ئەو هیوایە کە خراوەتە ناو دڵیان لەبەر ئەوەیە کە خوا دەیەوێت ڕێزێکیان لێ بگرێ[2]، قەتادەئەڵێت: خودا ئاگاداری کردون لە شوێنەکەیان لەو بەتەمایی یە.[3] پاشان ئەفەرموێت: ﴿وَإِذَا صُرِفَتْ أَبْصَارُهُمْ تِلْقَاءَ أَصْحَابِ النَّارِ قَالُوا رَبَّنَا لَا تَجْعَلْنَا مَعَ الْقَوْمِ الظَّالِمِينَ﴾ کاتێ کە ئاوڕ لەو کەسانە ئەدەنەوە کە جەهەنمین، دەڵێن: ئەی پەروەرندەمان، لە گرۆی ستەمکاران دوورمان بگرە. زەححاك ئەڵێت لە ئیبنوعەبباسەوە: کە پیاوانی ئەعراف کاتێ سەیری خەڵکی ئاگریان کردو باش ناسینیان دەڵێن ئەی پەروەردگارمان لە ڕیزی کۆمەڵی ستەمکاران دامان مەنێ[4].

﴿وَنَادَىٰٓ أَصْحَٰبُ ٱلْأَعْرَافِ رِجَالًا يَعْرِفُونَهُم بِسِيمَٰهُمْ قَالُوا۟ مَآ أَغْنَىٰ عَنكُمْ جَمْعُكُمْ وَمَا كُنتُمْ تَسْتَكْبِرُونَ ﴿٤٨﴾ أَهَٰٓؤُلَآءِ ٱلَّذِينَ أَقْسَمْتُمْ لَا يَنَالُهُمُ ٱللَّهُ بِرَحْمَةٍ ۚ ٱدْخُلُوا۟ ٱلْجَنَّةَ لَا خَوْفٌ عَلَيْكُمْ وَلَآ أَنتُمْ تَحْزَنُونَ ﴿٤٩﴾﴾

خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَنَادَىٰٓ أَصْحَٰبُ ٱلْأَعْرَافِ رِجَالًا يَعْرِفُونَهُم بِسِيمَٰهُمْ﴾ ئەوانەی وان بەسەر ئەعرافەوە پیاوانێك بانگ دەکەن کە بە نیشانەی تایبەتیدا دەیانناسن. خودای گەورە باسی خەڵکی سەر ئەعراف دەکات کە تانەو تەشەر لە گەورە پیاوانی موشریکەکان ئەدەن کە لەناو ئاگردان، بە شێوەو بیچمیاندا دەیانناسن. ﴿قَالُوا۟ مَآ أَغْنَىٰ عَنكُمْ جَمْعُكُمْ وَمَا كُنتُمْ تَسْتَكْبِرُونَ﴾ پێیان دەڵێن: کۆمەڵەکەتان‌و خۆ بە زل زانینەکەتان بە کەڵکتان نەهات‌و لە سزا لای نەدان بەڵکو پاشەڕۆژتان ئا بەم شێوەی لێهات کە تووشی ئەم سزایەو چەرمەسەرێیە بوون ﴿أَهَٰٓؤُلَآءِ ٱلَّذِينَ أَقْسَمْتُمْ لَا يَنَالُهُمُ ٱللَّهُ بِرَحْمَةٍ ۚ ٱدْخُلُوا۟ ٱلْجَنَّةَ لَا خَوْفٌ عَلَيْكُمْ وَلَآ أَنتُمْ تَحْزَنُونَ﴾ هەر ئەوانە نین کە ئێوە سوێندتان دەخوارد، بەر بەزەیی خوا ناکەون؟ بڕۆنە بەهەشت‌و نە هیچ ترستان لەسەر هەیەو نە خەم دەخۆن. عەلی کوڕی

---

[1] الطبري (١٢/٤٥٣).
[2] عبدالرزاق (٢/٢٣٠).
[3] الطبري (١٢/٤٦٥).
[4] الطبري (١٢/٤٦٣).

ئەبوتەلحە لە ئیبنوعەبباسەوە ئەڵێت: مەبەست بە ﴿ٱدۡخُلُواْ ٱلۡجَنَّةَ لَا خَوۡفٌ عَلَيۡكُمۡ وَلَآ أَنتُمۡ تَحۡزَنُونَ﴾ پیاوانی ئەعرافە[1].

﴿وَنَادَىٰٓ أَصۡحَٰبُ ٱلنَّارِ أَصۡحَٰبَ ٱلۡجَنَّةِ أَنۡ أَفِيضُواْ عَلَيۡنَا مِنَ ٱلۡمَآءِ أَوۡ مِمَّا رَزَقَكُمُ ٱللَّهُۚ قَالُوٓاْ إِنَّ ٱللَّهَ حَرَّمَهُمَا عَلَى ٱلۡكَٰفِرِينَ ﴿٥٠﴾ ٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُواْ دِينَهُمۡ لَهۡوٗا وَلَعِبٗا وَغَرَّتۡهُمُ ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَاۚ فَٱلۡيَوۡمَ نَنسَىٰهُمۡ كَمَا نَسُواْ لِقَآءَ يَوۡمِهِمۡ هَٰذَا وَمَا كَانُواْ بِـَٔايَٰتِنَا يَجۡحَدُونَ ﴿٥١﴾﴾

خۆشگوزەرانی بەهەشت قەدەغەیە بۆ خەڵکی جەهەنم

خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَنَادَىٰٓ أَصۡحَٰبُ ٱلنَّارِ أَصۡحَٰبَ ٱلۡجَنَّةِ أَنۡ أَفِيضُواْ عَلَيۡنَا مِنَ ٱلۡمَآءِ أَوۡ مِمَّا رَزَقَكُمُ ٱللَّهُ﴾ جەهەنمیەکان داوا لە بەهەشتیەکان دەکەن، لەو ئاوە یا لەو ڕۆزیە خودا پێیداون شتێکیش بەشی ئێمە بدەن. سوودی ئەڵێت: ﴿مِمَّا رَزَقَكُمُ ٱللَّهُ﴾ واتە: لەو خواردنەی کە خوا پێیداون.[2] خودای گەورە باسی زەلیلی خەڵکی جەهەنم دەکات، کە داوا دەکەن بەهەشتیەکان لەو خواردنو خواردنەوەی کە دەیخۆن بەشیان بدەن، بەڵام بەهەشتیەکان وەڵامیان نادەنەوە. سەوری ئەڵێت: لە عوسمانی سەقەفیەوە لە سەعیدی کوڕی جوبەیرەوە لەم ئایەتەدا وتی: کەسی وا هەیە داوا دەکات لە باوکی لە برایو پێی دەڵێ کە سووتا لەو ئاوە بەشی بدات، پێیان دەڵێن: وەڵامیان بدەنەوە ﴿قَالُوٓاْ إِنَّ ٱللَّهَ حَرَّمَهُمَا عَلَى ٱلۡكَٰفِرِينَ﴾[3] دەڵێن: خوا ئەم شتانەی لە خوانەناسان حەرام کردوە.

عەبدوڕەحمانی کوڕی زەیدی کوڕی ئەسلەم گوتی: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ حَرَّمَهُمَا عَلَى ٱلۡكَٰفِرِينَ﴾ واتە: خودا خواردنو خواردنەوەی بەهەشتی حەرام کردوە لە خوانەناسان[4] پاشان خودای گەورە باسی خوانەناسان دەکات کە هەمیشە خەریکی تێرکردنی ئارەزوەکانیانن لە خواردنو خواردنەوەو ڕابواردنو گەمەو گاڵتەو لەخۆبایی بوون بە دنیاو شتە ڕازاوەکانی دنیاو وازیان هێناوە لەو شتانەی فەرمانیان پێکراوە کە بۆ ڕۆژی دوایی بکەن. وە ئەفەرموێت: ﴿ٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُواْ دِينَهُمۡ لَهۡوٗا وَلَعِبٗا وَغَرَّتۡهُمُ ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَاۚ فَٱلۡيَوۡمَ نَنسَىٰهُمۡ كَمَا نَسُواْ لِقَآءَ يَوۡمِهِمۡ هَٰذَا وَمَا كَانُواْ بِـَٔايَٰتِنَا يَجۡحَدُونَ﴾ ئەو کەسانەی ئاینەکەیان هەر بە گاڵتەو گەپ دەزانیو ژیانی دنیا فریوی دان. بۆیە ئەمڕۆ ئەوان لە بیری

---

[1] الطبري (١٢/٤٦٩).
[2] الطبري (١٢/٤٧٣).
[3] الطبري (١٢/٤٧٤).
[4] الطبري (١٢/٤٧٤).

خۆمان دەبەینەوە، هەر چۆنێ ئەوان دیداری ئەم ڕۆژەیان لە بیر خۆیان بردبۆوەو لە نیشانەکانی ئێمە حاشایان کرد واتە: سەودایان لەگەڵدا دەکەین بە سەودای کەسێ کە لەبیری بردونەتەوە، چونکە خودا هیچی لێ ون نابێ‌و لە دەستی دەرناچێ. وە ئەفەرموێت: ﴿فِي كِتَٰبٖۖ لَّا يَضِلُّ رَبِّي وَلَا يَنسَى﴾[1] لە کتێبێکدایە پەروەردگارم نە هیچی لێ ون دەبێ‌و نە هیچیشی لەبیر دەچێ. بەڵکو خودا لە بابی موقابەلەدا ئەمەی فەرمووە. وەك ئەفەرموێت: ﴿أَيۡدِيَهُمۡۚ نَسُواْ ٱللَّهَ فَنَسِيَهُمۡ﴾[2] خودایان لە بیر بردەوەو خوداش ئەوانی لە بیر کرد. وە ئەفەرمووێت: ﴿كَذَٰلِكَ أَتَتۡكَ ءَايَٰتُنَا فَنَسِيتَهَاۖ وَكَذَٰلِكَ ٱلۡيَوۡمَ تُنسَىٰ﴾[3] هەر وەك تۆ نیشانەکانی ئێمەت بۆ هاتو لەبیر خۆت بردەوە، ئەمڕۆش تۆ لە بیر دەچیەوە. وە ئەفەرموێت: ﴿ٱلۡيَوۡمَ نَنسَىٰكُمۡ كَمَا نَسِيتُمۡ لِقَآءَ يَوۡمِكُمۡ هَٰذَا﴾[4] وا ئەمڕۆ لە بیرتان دەکەین هەروەك ئێوە تووشی هاتن ئەمڕۆتان نەدەهاتە بیر. عەوفی لە ئیبنوعەبباسەوە لەم ئایەتەدا: ﴿فَٱلۡيَوۡمَ نَنسَىٰهُمۡ كَمَا نَسُواْ لِقَآءَ يَوۡمِهِمۡ هَٰذَا﴾ دەڵێت: خودا لە چاکەدا لە بیری کردن بەڵام لە خراپەدا لە بیری نەکردن. عەلی کوڕی ئەبوتەلحە لە ئیبنوعەبباسەوەئەڵێت: وازی لێ دەهێنین وەك چۆن ئەوان دیداری ئەمڕۆژەیان پشت گوێ خست. موجاهیدئەڵێت: وازیان لێ دەهێنین لەناو ئاگردا. سوودی ئەڵێت: لە بەزەیدا پشت گوێیان دەخەین وەك ئەوان چۆن دیداری ئەم ڕۆژەیان پشت گوێ خست. وە لە فەرموودەی سەحیحدا هاتوە خودای گەورە لە ڕۆژی قیامەتدا ئەفەرموێ بە عەبدەکانی: (ئایا هاوسەرم پێ نەدا؟ ئایا ڕێزم لێ نەگرتی؟ ئایا ئەسپ‌و وشترم بۆ دەستەمۆ نەکردی مۆڵەتم نەدای کە سەرکردە بی‌و بە ئارامی دانیشی؟ دەڵێت: بەڵێ، ئەفەرموێت: ئایا وات دەزانی کە تۆ تووشی دیدەنی دێیت؟ دەڵێت: نەخێر، خودای گەورەیش ئەفەرموێت: ئەمڕۆ ئێمەش تۆ لەبیر دەکەین وەك چۆن تۆ منت لەبیر کرد)[5].

﴿وَلَقَدۡ جِئۡنَٰهُم بِكِتَٰبٖ فَصَّلۡنَٰهُ عَلَىٰ عِلۡمٍ هُدٗى وَرَحۡمَةٗ لِّقَوۡمٖ يُؤۡمِنُونَ ﴿٥٢﴾ هَلۡ يَنظُرُونَ إِلَّا تَأۡوِيلَهُۥۚ يَوۡمَ يَأۡتِي تَأۡوِيلُهُۥ يَقُولُ ٱلَّذِينَ نَسُوهُ مِن قَبۡلُ قَدۡ جَآءَتۡ رُسُلُ رَبِّنَا بِٱلۡحَقِّ فَهَل لَّنَا مِن شُفَعَآءَ فَيَشۡفَعُواْ لَنَآ أَوۡ نُرَدُّ فَنَعۡمَلَ غَيۡرَ ٱلَّذِي كُنَّا نَعۡمَلُۚ قَدۡ خَسِرُوٓاْ أَنفُسَهُمۡ وَضَلَّ عَنۡهُم مَّا كَانُواْ يَفۡتَرُونَ ﴿٥٣﴾﴾

---

[1] طه (٥٢).

[2] التوبة (٦٧).

[3] طه (١٢٦).

[4] الجاثية (٣٤).

[5] مسلم (٤/٢٢٧٩).

ڕێگە نادرێ بە بتپەرست پاکانە بکات

خودای گـەورە ئەفـەرموێت: ﴿وَلَقَدْ جِئْنَٰهُم بِكِتَٰبٍ فَصَّلْنَٰهُ عَلَىٰ عِلْمٍ هُدًى وَرَحْمَةً لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ﴾ ئێمـە کتێبێکمان بۆ ئەوان هێناوە، کە بە زانستەوە ڕوونمان کردۆتەوە ڕێنموونیو بەزەیە بۆ کۆمەڵێ کە بـڕوا بێـنن. خـودای گـەورە باسـی ئـەوە دەکـات کـە هـیچ بروبیانویـەکی بـۆ بتپەرسـتان نەهێـشتوەتەوە پێغەمبەرانی بۆ ڕەوانە کردونو کتێبـی پێـدا نـاردونو هـەموو شـتێکی پێـدا ڕوونو ئاشـکرا کردۆتـەوە بۆیان. وەك ئەفەرموێت: ﴿كِتَٰبٌ أُحْكِمَتْ ءَايَٰتُهُۥ ثُمَّ فُصِّلَتْ﴾[1] کتێبێکە بەڵگەکانی بتەو کـراونو لـە پاشـان شی کراونەتەوە. وە لێرەیشدا ئەفەرموێت: ﴿فَصَّلْنَٰهُ عَلَىٰ عِلْمٍ﴾ کە بە زانستەوە شیمان کردوەتـەوە. وە لە ئایەتێکی تردا ئەفەرموێت: ﴿أَنزَلَهُۥ بِعِلْمِهِۦ﴾[2] خوا بە زانستی خۆی ئەمەی بۆ تۆ ناردوەتە خـوار. مەبەست لێرەدا ئەوەیە، کاتێ خودا باسی ئەو کارەساتو زیانەی کە تووشی خوانەناسان دێت لە ڕۆژی قیامەتدا دەکات باسی ئەوەیشی کردوە کە هەرچی کۆسپو گرێ هـەبووە لای بـردوە لـە ڕێگەیانـدا لـە دنیادا پێغەمبەرانی بۆ ڕەوانە کردنو کتێبیشی پێدا ناردون بۆیـان. وەك ئەفـەرموێت: ﴿وَمَا كُنَّا مُعَذِّبِينَ حَتَّىٰ نَبْعَثَ رَسُولًا﴾[3] هەتا پێغەمبەریش نەنێرین سزا لەلای ئێمەوە نیـە. هـەر بۆیـە ئەفـەرموێت: ﴿هَلْ يَنظُرُونَ إِلَّا تَأْوِيلَهُۥ ۚ يَوْمَ يَأْتِى تَأْوِيلُهُۥ يَقُولُ ٱلَّذِينَ نَسُوهُ﴾ ئایا ئەمانە هەر بۆ ڕۆژە دەڕوانن. کە هەرچی لەم کتێبەدایە بە چاوی خۆیان ببینن؟ ئەو ڕۆژەی کە ئاکام ڕوون دەبێتەوە، ئەو کەسانە وا لە پێشدا ئـەم ڕۆژەیان لـەبیر خـۆ بردبـوەوە. ﴿هَلْ يَنظُرُونَ إِلَّا تَأْوِيلَهُۥ﴾ واتـە: ئایا چاوەڕوانی ئـەو ڕۆژە دەکـەن کـە بەڵێنیان پێدراوە لە سزاو ئەشکەنجەو بەهەشـتو ئـاگر. موجاهیـدو کەسـانی تـریش ئەمـەیان وتـوە[4]، ئیبنـو عـەبباس ئـەڵێت: ﴿يَوْمَ يَأْتِى تَأْوِيلُهُۥ﴾ واتـە: ڕۆژی قیامـەت[5] ﴿يَقُولُ ٱلَّذِينَ نَسُوهُ مِن قَبْلُ﴾ ئـەو کەسانە لە پێشدا ئەمەیان لە بیر خۆ بردبوەوەو کاریان پێ نەدەکرد لە دنیادا دەڵێن: ﴿قَدْ جَآءَتْ رُسُلُ رَبِّنَا بِٱلْحَقِّ فَهَل لَّنَا مِن شُفَعَآءَ فَيَشْفَعُوا۟ لَنَآ أَوْ نُرَدُّ فَنَعْمَلَ غَيْرَ ٱلَّذِى كُنَّا نَعْمَلُ﴾ دیـاره هەرچـی پێغەمبەرەکانی خودا وتیـان بـە ڕاسـت گـەڕا، ئایا ئێسـتە کـەس دەبێتـە تکاکارمـان؟ یا خـۆ دیسان

[1] هود (١).
[2] النساء (١٦٦).
[3] الاسراء (١٥).
[4] الطبري (١٢/٤٧٩).
[5] الطبري (١٢/٤٧٩).

بگەڕێینەوە سەر دنیا، ڕەوشتی خۆمان بگۆڕینو ئاکاری باشتر ڕەچاو کەین؟ ئەم ئایەتە وەك ئەو ئایەتانە وایە کە خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَلَوْ تَرَىٰٓ إِذْ وُقِفُوا۟ عَلَى ٱلنَّارِ فَقَالُوا۟ يَـٰلَيْتَنَا نُرَدُّ وَلَا نُكَذِّبَ بِـَٔايَـٰتِ رَبِّنَا وَنَكُونَ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿٢٧﴾ بَلْ بَدَا لَهُم مَّا كَانُوا۟ يُخْفُونَ مِن قَبْلُ ۖ وَلَوْ رُدُّوا۟ لَعَادُوا۟ لِمَا نُهُوا۟ عَنْهُ وَإِنَّهُمْ لَكَـٰذِبُونَ﴾[1] ئەگەر بیانبینی کە لەسەر لێواری ئاگر ڕاگیراون، دەڵێن: خۆزگە دیسان دەیانگێڕاینەوە، ئەوسا بە نیشانەکانی پەروەرندەمان بڕوامان دەکردو ئێمەش لە ڕیزی باوەڕداران دەبووین. ڕاستیش ناکەن، تەنیا هەر ئەوەیان بۆ ئاشکرا بووە کە لەوەو پێش لە دڵدا دەیانشاردەوە. ئەگەر بشگەڕانایەوە، ئەو کارانەی کە پێیان دەوترا مەیکەن هەر دەیانکرد، ئەمانە هەموو درۆزنن. وەك خودای گەورە لێرەدا ئەفەرموێت: ﴿قَدْ خَسِرُوٓا۟ أَنفُسَهُمْ وَضَلَّ عَنْهُم مَّا كَانُوا۟ يَفْتَرُونَ﴾ ئەمانە خۆیان دۆڕاندوەو ئەو درۆی کە هەڵیاندەبەست بە فیڕۆ چوو. واتە: زیانیان لە خۆیان دا بە چوونە ناو ئاگرو مانەوەیان تێدا هەتا هەتایە. وە ئەوانەی جگە لە خوا دەیانپەرستن لێیان ون بوونو تکایان بۆ ناکەنو یارمەتیان نادەنو لەو ئاگرەیش ڕزگاریان ناکەن کە تێی کەوتوون.

﴿إِنَّ رَبَّكُمُ ٱللَّهُ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ فِى سِتَّةِ أَيَّامٍ ثُمَّ ٱسْتَوَىٰ عَلَى ٱلْعَرْشِ يُغْشِى ٱلَّيْلَ ٱلنَّهَارَ يَطْلُبُهُۥ حَثِيثًا وَٱلشَّمْسَ وَٱلْقَمَرَ وَٱلنُّجُومَ مُسَخَّرَٰتٍۭ بِأَمْرِهِۦٓ ۗ أَلَا لَهُ ٱلْخَلْقُ وَٱلْأَمْرُ ۗ تَبَارَكَ ٱللَّهُ رَبُّ ٱلْعَـٰلَمِينَ ﴿٥٤﴾﴾

دروست بوونی بونەوەر لە شەش ڕۆژدا

خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿إِنَّ رَبَّكُمُ ٱللَّهُ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ فِى سِتَّةِ أَيَّامٍ﴾ پەروەردگارتان خودایەکە ئاسمانەکانو زەمینی لە شەش ڕۆژدا دروست کرد. خودای گەورە باسی ئەوە دەکات کە بونەوەری بە ئاسمانەکانو زەویو ئەویش لە نێوانیاندایە بە شەش ڕۆژ دروست کرد. وەك لە چەند ئایەتی تریشدا هەر باسی کردوە لە قورئاندا. ئەو شەش ڕۆژەیش: ئەك شەممە دوو شەممە سێ شەممە چوار شەممە پێنج شەممەو هەینیە. هەموو لەو ڕۆژانەدا دروست بوون، دروس بوونی ئادەمیش هەر لەو ڕۆژانەدا بوو (سەلامی خوای لێبێ) ڕای جیاواز هەیە لەسەر ئەم ڕۆژانە ئایا هەریەکێ لەو ڕۆژانە وەك ئەو ڕۆژانە وایە کە هەستی پێ دەکرێو دەیزانین یان هەر ڕۆژێ لەوانە بە ئەندازەی هەزار ساڵە وەك موجاهیدو ئیمامی ئەحمەد وتویانە[2]، زەححاکیش هەر وا ڕیوایەتی کردوە لە ئیبنوعەبباسەوە، بەڵام ڕۆژی شەممە، دروس کردن ڕووی نەداوە تێیدا، چونکە ڕۆژی حەوت هەمە. هەر لەوەیشەوە ناوی (سبت)ی لێنراوە چونکە لە ڕۆژەکانی تر بڕاوە ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردوە

---

[1] الانعام (٢٧–٢٨).

[2] الطبري (١٢/٤٨٢).

لە ئەبوهورەیرەوە، وتـی: پێغەمبـەری خـودا(ﷺ) دەسـتی گـرتمو فـەرمووی: (خـودا خـۆڵی لـە ڕۆژی شـەممەدا دروسـت کـرد، وە کێوەکـانی لـە ڕۆژی یەکـشەممەدا دروسـت کـرد. لـە ڕۆژی دووشـەممەدا درەختـی تێـدا دروسـت کـرد، وە مکروهـی لـە سـێ شـەممەدا دروسـت کـرد. ڕووناکیـشی لـە ڕۆژی چوارشەممەدا دروست کرد، وە لە ڕۆژی پێنج شەممەدا گیاندارانیـشی دروسـت کـرد، ئادەمیشی ڕۆژی هەینی دوای عەسر دروست کرد، دواین دروست کراو بوو لە دواین کاتدا لە کاتەکانی هەینیـدا لـە نێوان عەسردا تا شەو داهات)[1].

مانای (الاستواء) دامەزران

لە بارەی ئەم دەقەوە کە خودای گەورە ئەفـەرموێت: ﴿ثُمَّ ٱسۡتَوَىٰ عَلَى ٱلۡعَرۡشِۖ﴾ پاشـان چـووە سـەر تەختی (العرش) فەرمانڕەوای خەڵکی ئا لێرەدا قسەیەکی ئێجگار زۆریان هەیە، ئێرە شوێنی ئـەوە نیـە بە درێژی لەسەری بڕۆیت. بـەڵکو ئێمـە لـەم بارەیـەوە ڕێچکەی پێـشینە چاکەکان دەگرینـە بـەر وەك مالیكو ئەوزاعیو لەیسو شافیقیو ئەحمەدو ئیسحاقی کوڕی ڕاهەوەیهی کەسانی تریش لە پێشەوایانی موسوڵمانان لە کۆنو تازەدا. ئەویش تێپەڕاندنیەتی وەك چۆن هاتوە بە بێ چۆنیەتیو لـە یەکچوونو لە کارخستن، ئەوانەی کە لە یەك چوون بە بیریاندا دێ بەرانبـەر بـە خـودا ڕاسـت نیـەو هـیچ شتێ لـە دروس کراوەکانی لە خوا ناچێ. ﴿لَيۡسَ كَمِثۡلِهِۦ شَيۡءٞۖ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡبَصِيرُ﴾[2] هیچ شتێك بە وێنـەی خوا نیە، هەر خۆی بیسەرو بینایە. بەڵکو مەبەست پێی هەر ئەوەیە کە پێشەوایانی ئیسلام گوتویانـە لەوانە: نوعەیمی کوڕی حـەممادی خـوزاعی مامۆستای بوخـاری ئـەڵێت: هەرکەسـێ خـودا بچوێنـێ بـە دروس کراوەکانی بێ دین بووە. وە هەرکەسـێ ئینکـاری ئـەو وەسفانە بکـات کـە خـوا وەسـفی خـۆی پێکردوە بێگومان بێ دین بووە چونکە ئەوەی کە خودا وەسفی پێکـردوەو پێغەمبەرەکـەی کردویـەتی لە یەك چوون نیە. هەرکەسێ ئەوە بسەلمێنێ بۆ خوا کە لەو ئایەتە ڕوونو ئاشکراو ئەو هەواڵە ڕاسـتو دروستانەدا هاتوە بەو شێوەی کە شایستەی پایە بەرزی خودای مەزنەو نەرێ لە کەمو کوڕیەکان بکات بەرانبەر بە خودا ئەوە ئەو کەسە ڕێگەی شارەزایی گرتوەتە بەر.

شەوو ڕۆژ لە نیشانەکانی خودان

خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿يُغۡشِي ٱلَّيۡلَ ٱلنَّهَارَ يَطۡلُبُهُۥ حَثِيثٗا﴾ ڕۆژ بـە شـەو دادەپۆشـێو ڕۆژیـش بـە خێرا دەکەوێتە شوێنی شەو. تاریکی شەو ڕووناکی ڕۆژ لادەباتو ڕووناکی ڕۆژیش تاریکی شەو لادەبات هەریەکەیان بە پەلە شوێنی ئەوی تر دەکەوێو لێی دواناکەوێت، بەڵکو ئەم ڕۆشت ئەو دێت بـە دوایـدا.

---

[1] أحمد (٢/٣٢٧)، مسلم (٢١٤٩).

[2] الشورى (١١).

بــە پێــچەوانەشەوە، وەك ئەفــەرموێت: ﴿ وَءَايَةٌ لَّهُمُ ٱلَّيۡلُ نَسۡلَخُ مِنۡهُ ٱلنَّهَارَ فَإِذَا هُم مُّظۡلِمُونَ ﴿٣٧﴾
وَٱلشَّمۡسُ تَجۡرِي لِمُسۡتَقَرٍّ لَّهَاۚ ذَٰلِكَ تَقۡدِيرُ ٱلۡعَزِيزِ ٱلۡعَلِيمِ ﴿٣٨﴾ وَٱلۡقَمَرَ قَدَّرۡنَٰهُ مَنَازِلَ حَتَّىٰ عَادَ كَٱلۡعُرۡجُونِ
ٱلۡقَدِيمِ ﴿٣٩﴾ لَا ٱلشَّمۡسُ يَنۢبَغِي لَهَآ أَن تُدۡرِكَ ٱلۡقَمَرَ وَلَا ٱلَّيۡلُ سَابِقُ ٱلنَّهَارِۚ وَكُلٌّ فِي فَلَكٍ يَسۡبَحُونَ ﴾[1] بــۆ ئەوانە شەویش یەك لە نیشانەكانی ئێمە ڕۆژی لێ دادەڕنین‌و لەناكاو تاریكاییــان بەسەردا دێ، خــۆریش بە ڕەوینەی خۆی لە گەڕاندایە، كە لە خاوەن دەستەڵاتی زاناوەیە. ئەو فەرمانی پێداوە. مانگیش ئێمە بۆمان دانا بە چەند قۆناغدا تێپەڕێ، تا وای لێ دێ وەك پەلی كۆن‌و وشكەڵی داری دێتە بەر چاو، نە خۆر توانای ئەوەندەی هەیە بگا بە مانگ‌و نە شەویش پێش ڕۆژ دەكەوێ هەمووشیان لە ئاسمانێكدا مەلە دەكەن. خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿وَلَا ٱلَّيۡلُ سَابِقُ ٱلنَّهَارِۚ﴾ واتە: لێی ون نابێ‌و ساتێ لێی دوا ناكەوێ بەڵكو بەردەوام بە دواوەیەتی بە بێ هۆكارێ لە نێوانیاندا بێ هەر بۆیە ئەفەرموێت: ﴿يَطۡلُبُهُۥ حَثِيثٗا وَٱلشَّمۡسَ وَٱلۡقَمَرَ وَٱلنُّجُومَ مُسَخَّرَٰتِۭ بِأَمۡرِهِۦٓۗ﴾ ڕۆژیش بە خێرا دەكەوێتە شوێنی شەو، خۆرو مانگ‌و ئەستێرەكانیش هەر لە ژێر فەرمانی خودان. واتە: هەموو لە ژێر دەستەڵات‌و فەرمان‌و ویستی ئەودان. هەر بۆیە لێرەدا ئاگاداری ئەدات‌و ئەفەرموێت: ﴿أَلَا لَهُ ٱلۡخَلۡقُ وَٱلۡأَمۡرُۗ﴾ بزانن وەدیهێنان‌و فەرماندان هەر بۆ خوایە ﴿تَبَارَكَ ٱللَّهُ رَبُّ ٱلۡعَٰلَمِينَ﴾ پاك‌و بێگەردە خودایە كە پەروەرندەی گشت جیهایە. ئەم ئایەتە وەك ئەو ئایەتە وایە كە خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿ تَبَارَكَ ٱلَّذِي جَعَلَ فِي ٱلسَّمَآءِ بُرُوجٗا ﴾[2] پاك‌و بێگەردە ئەو خودای چەند خولگەی لە ئاسماندا دامەزراندوە، وە لەم دوعایەدا كە بە مەرفوعی ڕیوایەت كراوە لە ئەبودەرداوە كە پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (ئەی خودایە هەرچی موڵكە هەر بۆ تۆیەو هەموو سوپاسێ هەر بۆ تۆ ڕەوایە. هەرچی بڕیارە هەموو دەگەڕێتەوە بۆ لای تۆ، داوای گشت چاكەیەكت لێدەكەم پەنات پێدەگرم لە گشت خراپەیەك).

﴿ٱدۡعُواْ رَبَّكُمۡ تَضَرُّعٗا وَخُفۡيَةًۚ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلۡمُعۡتَدِينَ ﴿٥٥﴾ وَلَا تُفۡسِدُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ بَعۡدَ إِصۡلَٰحِهَا
وَٱدۡعُوهُ خَوۡفٗا وَطَمَعًاۚ إِنَّ رَحۡمَتَ ٱللَّهِ قَرِيبٞ مِّنَ ٱلۡمُحۡسِنِينَ ﴿٥٦﴾﴾

---

[1] یس (٣٧-٤٠).

[2] الفرقان (٦١).

هاندان بۆ پاڕانەوە لە خوا

خودای گەورە ڕێنمایی عەبدەکانی دەکات بۆ پاڕانەوە لێی کە هەر ئەوە خێری دنیاو قیامەتیانی تیایە. ئەفەرموێت: ﴿ٱدۡعُواْ رَبَّكُمۡ تَضَرُّعٗا وَخُفۡيَةً﴾ بە نهێنیو بە سەرکزی نزاو پاڕانەوە لە پەروەردگارتان بکەن. واتە: بە زەلیلیو سەرکزیو نهێنی لە خوا بپاڕێنەوە. وەك لە ئایەتێکی تردا ئەفەرموێت: ﴿وَٱذۡكُر رَّبَّكَ فِي نَفۡسِكَ تَضَرُّعٗا وَخِيفَةٗ﴾[1] بە پاڕانەوەو ترسەوەو بە بێ دەنگ یادی پەروەردگارت بکە. لە هەردوو سەحیحەکەدا هاتوە لە ئەبوموسای ئەشعەریەوەئەڵێت: خەڵکی بە پاڕانەوەو نزاوە دەنگیان بەرز کردەوە پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: (خەڵکینە لەسەرخۆ بن، خۆ ئێوە بانگی کەسێ ناکەن کەڕو نادیار بێت، ئەو کەسەی بانگی دەکەن بیسەرو نزیکە)[2]، ئیبنوجەریرئەڵێت: ﴿تَضَرُّعٗا﴾ بە زەلیلیو سەرکزیەوە عیبادەتی بکەن ﴿وَخُفۡيَةً﴾ بە ترسو لەرزو دڵنیایەکی ڕاستو ڕەوانەوە خودا بە تاكو تەنیاو پەروەردگاری خۆتان بزانن، ئەوەی لە نێوان خۆتانو خوادایە با بە ئاشکراو لەبەرچاو نەبێ.[3]

قەدەغە کردنی زیادەڕەوی لە پاڕانەوەدا

ڕیوایەت کراوە لە عەتای خۆراسانیەوە لە ئیبنوعەبباسەوە لەم ئایەتەدا: ﴿إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلۡمُعۡتَدِينَ﴾ خودا ئەوانەی خۆش ناوێ کە لە ئەندازە دەردەچن، گوتی: لە داواو پاڕانەوەدا نەك لە شتی تردا[4] ئەبومیجلەز وتی: ﴿إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلۡمُعۡتَدِينَ﴾ واتە: داوای پلەکانی پێغەمبەران ناکات[5] ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردوە لە ئەبونەعامەوە کە عەبدوڵڵای کوڕی موغەفەل گوێی لە کوڕەکەی خۆی بوو دەیوت: ئەی خودایە داوای کۆشکی سپیت لێدەکەم لەلای ڕاستی بەهەشتەوە کاتێ کە چوومە ناویەوە. وتی: کوڕم داوای بەهەشت لە خوا بکەو پەنای پێ بگرە لە ئاگر. بەڕاستی من بیستومە لە پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئەیفەرموو: (کۆمەڵێ دەبن لە ڕێگە دەردەچن لە پاڕانەوەو خۆ پاك ڕاگرتندا)[6]، ئیبنوماجەو ئەبوداوودیش هەر وا ڕیوایەتیان کردوە[1] ئەم فەرموودە سەنەدەکانی چاکەو خراپ نیە والله أعلم.

---

[1] الاعراف (٢٠٥).

[2] فتح الباري (١١/١٩١)، مسلم (٤/٢٠٧٦).

[3] الطبري (١٢/٤١٥).

[4] الطبري (١٢/٤٨٦).

[5] الطبري (١٢/٤٨٦).

[6] أحمد (٥/٥٥)، فەرموودەیەکی حەسەنە.

قەدەغە کردنی خراپە لە زەویدا

خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَلَا تُفْسِدُوا فِي الْأَرْضِ بَعْدَ إِصْلَاحِهَا﴾ خراپەش مەکەن لەم زەمینە دوای باش بوونی خودا خراپەکاری قەدەغە کردوە لەم سەر زەمینەدا، دوای چاکی تووشی نەهامەتی بکەی، خۆ ئەگەر کارەکان بە ڕێکیو ئاسانی دەڕۆیشت پاشان خراپەکاری ڕوویدا، ئەوە زۆر خراپترە لەسەر خەڵکی بۆیە خودای گەورە ئەوەی قەدەغە کردوەو فەرمانی داوە بە عەبدەکانی کە بیپەرستنو مانای پێبەرن بە ترسو لەرزەوەو ئەفەرموێت: ﴿وَادْعُوهُ خَوْفًا وَطَمَعًا﴾ بە ترسەوەو بە هیوای تووش بوونی چاکەوە لە خوا بپاڕێنەوە. واتە: لە ترسی تۆڵەکانی خوای گەورەو بە هیوای وەرگرتنی ئەو پاداشتە زۆرانەشی کە دایناوە بۆ بەندە چاکەکانی. پاشان ئەفەرموێت: ﴿إِنَّ رَحْمَتَ اللَّهِ قَرِيبٌ مِنَ الْمُحْسِنِينَ﴾ بە ڕاستی بەزەی خوا لە چاکەکارانەوە نزیکە. واتە: بەزەی خوا ئامادە کراوە بۆ ئەو چاکەکارانەی کە گوێڕایەڵی فەرمانیەتیو واز لە قەدەغە کراوەکان دێنێ. وەك ئەم ئایەتە کە خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَرَحْمَتِي وَسِعَتْ كُلَّ شَيْءٍ فَسَأَكْتُبُهَا لِلَّذِينَ يَتَّقُونَ﴾[2] بەزەییم هەموو شتێکی داگرتوە، چاکەی ئەوانە دەنوسم لە خراپە خۆ دەپارێزن. فەرموویەتی (قریب) نەی فەرمووە (قريبةٌ) چونکە (الرحمة) مانای پاداشتی لە خۆ گرتوە یان ئیزافە کراوە بۆ لای خودا خۆی، بۆیە فەرموویەتی: ﴿قَرِيبٌ مِنَ الْمُحْسِنِينَ﴾ مەتەری وەڕاق وتی: پەیمانەکانی خودا جێبەجێ دەکەن بە گوێڕایەڵی کردنی. چونکە ئەو بڕیاری داوە کە بەزەیی لە چاکەکارانەوە نزیکە، ئیبنوئەبی حاتەم ڕیوایەتی کردوە[3].

﴿وَهُوَ الَّذِي يُرْسِلُ الرِّيَاحَ بُشْرًا بَيْنَ يَدَيْ رَحْمَتِهِ حَتَّىٰ إِذَا أَقَلَّتْ سَحَابًا ثِقَالًا سُقْنَاهُ لِبَلَدٍ مَيِّتٍ فَأَنْزَلْنَا بِهِ الْمَاءَ فَأَخْرَجْنَا بِهِ مِنْ كُلِّ الثَّمَرَاتِ كَذَٰلِكَ نُخْرِجُ الْمَوْتَىٰ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ ﴿٥٧﴾ وَالْبَلَدُ الطَّيِّبُ يَخْرُجُ نَبَاتُهُ بِإِذْنِ رَبِّهِ وَالَّذِي خَبُثَ لَا يَخْرُجُ إِلَّا نَكِدًا كَذَٰلِكَ نُصَرِّفُ الْآيَاتِ لِقَوْمٍ يَشْكُرُونَ ﴿٥٨﴾﴾

لە نیشانەکانی خودایە کە باران دەبارێنێو بەروبوم دەردێنێ

خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَهُوَ الَّذِي يُرْسِلُ الرِّيَاحَ بُشْرًا بَيْنَ يَدَيْ رَحْمَتِهِ﴾ وە ئەو (خودا) زاتێکە پێش باران بارین (کە بەزەییەکە لە خۆیەوە) بایەکتان بە مزگێنی بۆ هەڵدەکات. کاتێ کە

---

[1] إبن ماجة (٢١٧١/٢)، أبوداود (٧٣/١)، فەرموودەیەکی حەسەنە.

[2] الاعراف (١٥٦).

[3] إبن أبي حاتم (١٥٠١/٥).

خودای گەورە باسی ئەوەی کرد کە ئاسمانەکان‌و زەمینی دروست کرد. وە هەر خۆیشی کار بەدەست‌و فەرمانڕەواو خاوەندەستەڵات‌و ڕاهێنەریەتی، شارەزایشی کردوین کە چۆن لێی بپاڕێینەوە، چونکە مەیلی لە هەر شتێ ببێ دەیکات، ئاگاداریشی داوە کە هەر خۆی ڕۆژی دەرەو هەر خۆشی لە ڕۆژی قیامەتدا مردوان زیندوو دەکاتەوە. وە هەر ئەویشە هەورەکان بڵاو دەکاتەوە لە پێش ئەو هەورانەی کە بارانیان هەڵگرتوە، وە هەندێ (نُشراً) یان بە (بُشراً) خوێندۆتەوە. وەك خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿ وَمِنْ ءَايَـٰتِهِۦٓ أَن يُرْسِلَ ٱلرِّيَاحَ مُبَشِّرَٰتٍ ﴾[1] یەکێك لە نیشانەکانی ئەو (خودا) ئەمەیە کە با ینی مزگێنی دەر دەبینرێ. ﴿بَيْنَ يَدَىْ﴾ واتە: لە نێوان باراندا. وەك خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَهُوَ ٱلَّذِى يُنَزِّلُ ٱلْغَيْثَ مِنۢ بَعْدِ مَا قَنَطُوا۟ وَيَنشُرُ رَحْمَتَهُۥ ۚ وَهُوَ ٱلْوَلِىُّ ٱلْحَمِيدُ ﴾[2] هەر ئەویشە پاش بێ هیوا بوون لە باران، باران دەبارێنێ‌و دلۆڤانی خۆشی بڵاو دەکاتەوە، هەر ئەوە بۆ گەورەیی دەشێ‌و هەر پەسەندی بدرێ. وە ئەفەرموێت: ﴿ فَٱنظُرْ إِلَىٰٓ ءَاثَـٰرِ رَحْمَتِ ٱللَّهِ كَيْفَ يُحْىِ ٱلْأَرْضَ بَعْدَ مَوْتِهَآ ۚ إِنَّ ذَٰلِكَ لَمُحْىِ ٱلْمَوْتَىٰ ۖ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ ﴾[3] سەیری بەزەیی خوا بکە، زەوی دوای مردنی زیندوو دەکاتەوە، هەر ئەو زیندوکەرەوەی مردوانیشە. هەر خۆیشی توانای بەسەر هەموو شتدا هەیە. پاشان لێرەدا ئەفەرموێت: ﴿حَتَّىٰٓ إِذَآ أَقَلَّتْ سَحَابًا ثِقَالًا ﴾ کاتێ ئەو بایانە هەوری بار گرانیان بەرز کردەوە. واتە: لە زۆری ئەو ئاوەی کە تیایەتی قورس دەبێ‌و لە زەوی نزیك دەبێتەوەو تاریك دەبێ ﴿سُقْنَـٰهُ لِبَلَدٍ مَّيِّتٍ فَأَنزَلْنَا بِهِ ٱلْمَآءَ ﴾ بەرەو وڵاتێکی مردوو دەیخەینە ڕێ‌و ئاوی پێ دەنێرینە خوارەوە. واتە: بەرەو زەویەکی وشك‌و مردوو دەڕوا کە هیچ سەوزیەکی تیا نیە. وەك لە ئایەتێکی تردا ئەفەرموێت: ﴿ وَءَايَةٌ لَّهُمُ ٱلْأَرْضُ ٱلْمَيْتَةُ أَحْيَيْنَـٰهَا ﴾[4] هەر سەیری زەوی بکەن (نیشانەی تێدایە بۆیان، بە مردویی ئێمە زیندوومان کردەوە. بۆیە لێرەدا ئەفەرموێت: ﴿فَأَخْرَجْنَا بِهِۦ مِن كُلِّ ٱلثَّمَرَٰتِ ۚ كَذَٰلِكَ نُخْرِجُ ٱلْمَوْتَىٰ ﴾ بە ئاوەکەی هەموو جۆرە بەروبومی زەمین دەڕوێنین هەر بەو جۆرەش مردوو زیندوو دەکەینەوە. دوای ئەوە دەبێ بە ئێسکی پزیو لە ڕۆژی قیامەتدا خودای گەورە بارێنێ دەبارێنێ لە ئاسمانەوە چل ڕۆژ دەبارێ بەو ئاوە لاشەکان دەڕوێنێتەوە لە گۆڕەکانیانەوە. وەك چۆن دانەوێڵە لە زەویدا دەڕوێتەوە. ئەم مانایە لە

---

[1] الروم (٤٦).

[2] الشورى (٢٨).

[3] الروم (٥٠).

[4] يس (٣٣).

قورئانـدا زۆرە خـودا نمونـەی زینـدو کردنـەوەی زەوی دوای مردنـی، بـۆ زیندوکردنـەوەی قیامـەت دێنێتەوە، هەر بۆیە ئەفـەرموێت: ﴿لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ﴾ بـەڵکو ئێـوە بیر لەوانـە بکەنـەوە. خـودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَالْبَلَدُ الطَّيِّبُ يَخْرُجُ نَبَاتُهُ بِإِذْنِ رَبِّهِ﴾ زەوی خاکی باش بە ئیزنی ڕاهێنەری خۆی ڕوەکی باش دەڕوێنێ. واتە: زەوی پاك خێرا بـەروبومی لێ دەڕوێت. وەك خـودای گـەورە ئەفـەرموێت: ﴿وَأَنْبَتَهَا نَبَاتًا حَسَنًا﴾[1] وە ڕواندی بە ڕوواندنێکی چاك. واتـە: زۆر بـە چاکی پـەروەردەیکرد. پاشان خودای گەورە ئەفـەرموێت: ﴿وَالَّذِي خَبُثَ لَا يَخْرُجُ إِلَّا نَكِدًا كَذَلِكَ نُصَرِّفُ الْآيَاتِ لِقَوْمٍ يَشْكُرُونَ﴾ زەوی خراپ هەر دڕكو داڵی بێ کەڵکی لێ دەڕوێت، بەم شێوەیە نیشانەکانمان بۆ ئـەو کەسـانە بـاس دەکەین کە سوپاس گوزارن. موجاهیدو کەسانی تریش ئەڵێن: زەوی خـراپو خوێیـاویو هاوشـێوەی.[2] بوخاری ڕیوایـەتی کـردوە لـە ئەبوموسـای ئەشعەریەوەئەڵێت: پێغەمبـەری خـودا(ﷺ) فەرموویـەتی: (نمونەی منو ئەو زانیاریو شارەزاییەی کە خودا منی پێ ڕەوانـە کـردوە، وەك بـارانێکی زۆر وایـە کـە دەبارێتە سەر زەوی، هەندێ لەو زەویە پاکـەو ئـاوی بارانەکـە وەردەگـرێ گیـاو پوشـی زۆر ئـەڕوێنێ، هەندێکی تری وشکە بەڵام ئەو بارانە ئەگرێتە ناو خۆی. خودا بە ئاوی ئەو زەویە قـازانج دەگەیـەنێ بـە خەڵك ئەیخواتەوە، ئاژەڵی پێ ئاو ئەدەنو کشتوکاڵی پێ دەکەن. هەندێکی تر لـەو زەویانـە کـە بـاران لێی ئەدا زەویەکی سافو لووسی تەختە. ئاو ناگرێتە نـاو خۆیـەوە. گیـا نـاڕوێنێ، ئـەوە وەك نمونـەی کەسێکە کە لە دینی خوا شارەزا ببێ، ئەوەی خودا منی پـێ نـاردوە سـوودی پـێ بگەیـەنێو بیزانـێو خەڵکی فێر بکات. وە نمونەی ئەو کەسەیشە کە سەری بۆ هەڵنابڕێ یان ڕێنمایی خوا قەبوڵ ناکات کە من پێی ڕەوانە کراوم)[3].

﴿لَقَدْ أَرْسَلْنَا نُوحًا إِلَى قَوْمِهِ فَقَالَ يَاقَوْمِ اعْبُدُوا اللَّهَ مَا لَكُمْ مِنْ إِلَهٍ غَيْرُهُ إِنِّي أَخَافُ عَلَيْكُمْ عَذَابَ يَوْمٍ عَظِيمٍ (٥٩) قَالَ الْمَلَأُ مِنْ قَوْمِهِ إِنَّا لَنَرَاكَ فِي ضَلَالٍ مُبِينٍ (٦٠) قَالَ يَاقَوْمِ لَيْسَ بِي ضَلَالَةٌ وَلَكِنِّي رَسُولٌ مِنْ رَبِّ الْعَالَمِينَ (٦١) أُبَلِّغُكُمْ رِسَالَاتِ رَبِّي وَأَنْصَحُ لَكُمْ وَأَعْلَمُ مِنَ اللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ (٦٢)﴾

---

[1] آل عمران (٣٧).

[2] الطبري (١٢/٤٩٧).

[3] فتح الباري (١/٢١١).

بەسەرهاتی نووح و گەلەكەی (سەلامی خوای لێبێ)

له سەرەتای ئەم سورەتەدا خودای گەورە بەسەرهاتی ئادەم پێغەمبەرو (سەلامی خوای لێبێ) ئەوەیش پەیوەندی هەبوو بەو بەسەرهاتەوە باس كردوە، دوای ئەوە لێرەدا دێتە سەر باسی بەسەرهاتەكانی پێغەمبەرەكانی تر (سەلامی خوایان لێبێ) یەك لە دوای یەك، لە سەرەتاوە دێتە سەر باسی نووح (سەلامی خوای لێبێ) كە یەكەم ڕەوانە كراو بووە بۆ سەر خەڵكی سەر زەمین دوای ئادەم (سەلامی خوای لێبێ) ناوی (نووحی كوڕی لامك كوڕی متوشَلَح كوڕی أَخْنُوخ) كە ئیدریس پێغەمبەرە (سەلامی خوای لێبێ) وەك گوتویانە. كە یەكەمین كەس بوە بە قەڵەم نوسیویەتی (كوڕی بُرد كوڕی مهلیل كوڕی قنین كوڕی یانش كوڕی سیث كوڕی ئادەم) (سەلامی خوای لێبێ) ئیبنوئیسحاق و كەسانی تریش لە پێشەوایانی ڕەچەڵەك ناسی هەر وایان گوتوە. عەبدوڵڵای كوڕی عەبباس و كەسانی تریش لە زانایانی تەفسیر گوتویانە: یەكەم جار بوە بتپەرستراوە، كۆمەڵانێ لە پیاوچاكان كە مردون كەس و كارەكانیان مزگەوتیان لەسەر دروست كردون و وێنەی ئەوانەیان كێشاوە لەناویاندا بۆ ئەوەی ژیانی ئەو پیاوچاكانە و (عیبادەتەكەیان) لە بیر نەكەن، تا ئەوانیش وەك ئەو پیاوچاكانە عیبادەت بكەن، كە زەمانە زۆری بەسەردا تێپەڕی پەیكەریان لە شێوەی ئەو وێنانە دروست كرد. دەستیان كرد بە پەرستنی ئەو بتانە و بە ناوی ئەو پیاوچاكانەوە ناویان لێنان وەك (ودٌّ و سُواعُ و یغوث و یعوق و نسْر) كاتێ كارەكە گەورە بوو، خودای گەورە نووح پێغەمبەری پێغەمبەری ڕەوانە كرد (سەلامی خوای لێبێ) فەرمانی پێكردن كە تەنیا خودا بپەرستن كە شەریكی نیە وەك ئەفەرموێت: ﴿لَقَدْ أَرْسَلْنَا نُوحًا إِلَىٰ قَوْمِهِۦ فَقَالَ يَٰقَوْمِ ٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَٰهٍ غَيْرُهُۥٓ إِنِّىٓ أَخَافُ عَلَيْكُمْ عَذَابَ يَوْمٍ عَظِيمٍ﴾ ئێمە نووحمان ڕاسپاردە لای هۆزەكەی وتی: ئەی هۆزەكەم دەبێ ئێوە بەندایەتی خوا بكەن، كە بێجگە ئەم ئێوە خودایەكتان نیە، من لەو ڕۆژەتان دەترسم كە ئازاردانی دژواری تێدایە. كاتێ هاتنە لای شەریكتان بۆ دانابێ ﴿قَالَ ٱلْمَلَأُ مِن قَوْمِهِۦٓ إِنَّا لَنَرَىٰكَ فِى ضَلَٰلٍ مُّبِينٍ﴾ پیاوە گەورەكانی گەلەكەی (لە وەڵامی ئەودا) وتیان: گومانی تێدا نیە كە تۆ لە گومڕاییەكی ئاشكرادا دەبینین. كە تۆ بانگی ئێمە دەكەی واز لە پەرستنی ئەم بتانە بێنین كە باب و باپیرانی خۆمان دیوە هەر ئاوا پەرستویانە. ئەمەیە ڕەوشتی بەدفەڕان، پیاوچاكان بە گومڕا سەیر دەكەن. وەك خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَإِذَا رَأَوْهُمْ قَالُوٓا۟ إِنَّ هَٰٓؤُلَآءِ لَضَآلُّونَ﴾[1] كە چاویان پێیان دەكەوت، دەیانوت: ئەمانە گومڕان. وە ئەفەرموێت: ﴿وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ لِلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَوْ كَانَ خَيْرًا مَّا سَبَقُونَآ إِلَيْهِ ۚ وَإِذْ لَمْ يَهْتَدُوا۟ بِهِۦ فَسَيَقُولُونَ هَٰذَآ إِفْكٌ

---

[1] المطففين (٣٢).

قَدِيمٌ ﴾[1] ئەوانەی خوانەناسن، بە خاوەنباوەڕان دەڵێن: ئەگەر هیچ شتێکی باشی تێدا بوایە، بەر لە ئێمە بۆی نەدەچوون، ئێستا کە پێی نەگەیشتوون، دەڵێن: ئەمە درۆیەکی لە مێژینەیە. چەندین ئایەتی تریش لەم بارەیەوە هاتوە. ﴿ قَالَ يَٰقَوۡمِ لَيۡسَ بِي ضَلَٰلَةٞ وَلَٰكِنِّي رَسُولٞ مِّن رَّبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴾ دەڵێت: کەسەکانم من گومڕا نیم، ڕاسپاردەی پەروەردگاری هەموو دنیام، کە خاوەنی هەموو شتێکە ﴿ أُبَلِّغُكُمۡ رِسَٰلَٰتِ رَبِّي وَأَنصَحُ لَكُمۡ وَأَعۡلَمُ مِنَ ٱللَّهِ مَا لَا تَعۡلَمُونَ ﴾ ڕاسپاردەکانی پەروەردگارم بە ئێوە ڕادەگەیەنمو ئامۆژگاریتان دەکەمو ئەوەی سەبارەت بە خودا من دەیزانم، ئێوە ئاگاتان لێی نیە. ئەمە کاری پێغەمبەرە دەبێ گەیەنەرو قسە ڕەوانو ئامۆژگاری کەرو زانا بێ بە ناسینی خودا. هیچ کەسێ لە دروسکراوەکانی خوا پێی ناگات لەم ڕەوشتانەدا وەك لە سەحیحی موسلیمدا هاتوە کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی بە هاوەڵەکانی لە ڕۆژی عەرەفەدا، چونکە زیاتر لە هەموو کاتێ بەو زۆریە کۆ دەبونەوە: ئەی خەڵکینە ئێوە بەرپرسیارن بەرانبەر بە من، ئێوە چی وەڵام ئەدەنەوە؟ وتیان: شایەتی ئەدەین کە تۆ ڕاتگەیاندو بەجێت هێناو ئامۆژگاریت کرد پەنجەی بەرەو ئاسمان بەرز کردەوەو پاشان گێڕایەوە بۆ لای ئەوانو فەرمووی: (ئەی خوایە تۆ شایەت بە، ئەی خوایە تۆ شایەت بە)[2].

﴿ أَوَعَجِبۡتُمۡ أَن جَآءَكُمۡ ذِكۡرٞ مِّن رَّبِّكُمۡ عَلَىٰ رَجُلٖ مِّنكُمۡ لِيُنذِرَكُمۡ وَلِتَتَّقُواْ وَلَعَلَّكُمۡ تُرۡحَمُونَ ﴿٦٣﴾ فَكَذَّبُوهُ فَأَنجَيۡنَٰهُ وَٱلَّذِينَ مَعَهُۥ فِي ٱلۡفُلۡكِ وَأَغۡرَقۡنَا ٱلَّذِينَ كَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِنَآۚ إِنَّهُمۡ كَانُواْ قَوۡمًا عَمِينَ ﴿٦٤﴾ ﴾

خودای گەورە باسی نووح پێغەمبەر دەکاتو کە بە هۆزەکەی وتوە: ﴿ أَوَعَجِبۡتُمۡ أَن جَآءَكُمۡ ذِكۡرٞ مِّن رَّبِّكُمۡ عَلَىٰ رَجُلٖ مِّنكُمۡ لِيُنذِرَكُمۡ وَلِتَتَّقُواْ وَلَعَلَّكُمۡ تُرۡحَمُونَ ﴾ ئایا ئێوە پێتان سەیرە ئامۆگاریەك لەلای پەروەردگارتەوە هات بۆ پیاوێك هەر لە خۆتان، تا بتانترسێنێو خۆ بپارێزن بەڵکو بکەونە بەر بەزەیی؟ واتە: سەرتان سوڕ نەمێنێ لەمە، جێی سەرسامیش نیە کە خودا نیگا بکاتە لای پیاوێ کە لە خۆتانە، ئەمە سۆزو بەزەییە بۆتانو چاکەیە لەگەڵتان، بۆ ئەوەی بتانترسێنێو خۆ بپارێزن لە تۆڵەی خواو شەریکی بۆ دانەنێن ﴿ فَكَذَّبُوهُ ﴾ بڕوایان پێ نەهێناو دژایەتیان دەکرد چەند کەسێکی زۆر کەمیان نەبێ بڕوای پێ نەکرد وەك لە شوێنێکی تردا خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿ فَأَنجَيۡنَٰهُ وَٱلَّذِينَ مَعَهُۥ فِي ٱلۡفُلۡكِ ﴾ ئێمە خۆیو ئەوەی لەگەڵ ئەو چوونە کەشتیەکە ڕزگار کرد. وەك لە ئایەتێکی تریشدا

---

[1] الاحقاف (١١).

[2] مسلم (٢/٨٩٠).

ئەفەرمویێت: ﴿فَأَنجَيۡنَٰهُ وَأَصۡحَٰبَ ٱلسَّفِينَةِ﴾[1] ئێمە خۆیو ئەوەی لە گەمیەکەدا بوون ڕزگار کرد. ﴿وَأَغۡرَقۡنَا ٱلَّذِينَ كَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِنَآ﴾ ئەوانەشمان لە ئاودا خنکاندا کە نیشانەکانی ئێمەیان پێ درۆ بوو. وەك خودای گەورە لە ئایەتێکی تردا ئەفەرمویێت: ﴿مِّمَّا خَطِيٓـَٰٔتِهِمۡ أُغۡرِقُواْ فَأُدۡخِلُواْ نَارٗا فَلَمۡ يَجِدُواْ لَهُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ أَنصَارٗا﴾[2] بەهۆی گوناهەکانیانەوە بە ئاو خنکان، ئەوسا خرانە ناو ئاگر، ئیتر جگە لە خوا یاریدەدەریان دەست نەدەکەوت، پاشان لێرەدا ئەفەرمویێت: ﴿إِنَّهُمۡ كَانُواْ قَوۡمًا عَمِينَ﴾ ئەوانە (لە دڵدا) کوێر بوون. بەرانبەر بە هەقو نەیاندەبینیو شارەزایش نەدەبوون لێی. پاشان خودای گەورە لەم بەسەرهاتەدا ڕوونی کردۆتەوە کە تۆڵەی سەندوە لە دوژمنەکانی بۆ دۆستەکانیو پێغەمبەرەکەیو خاوەن باوەڕانی ڕزگار کردوە، دوژمنەکانی لەناو بردون لە خوانەناسان. وەك ئەفەرمویێت: ﴿إِنَّا لَنَنصُرُ رُسُلَنَا وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا وَيَوۡمَ يَقُومُ ٱلۡأَشۡهَٰدُ﴾[3] بێگومان ئێمە پێغەمبەرانمانو ئەو کەسانەی بڕوایان هێناوە لە ژیانی دنیاداو لەو ڕۆژەشی کە شایەتەکان ڕاست دەبنەوە یارمەتی ئەدەین. ئەمە سروشتی خودایە بەرانبەر بەندەکانی لە دنیاو لە قیامەتدا، دواڕۆژ هەر بۆ لە خوا ترسانە تیایاندا، دەستەڵاتو سەرکەوتن هەر بۆ خواناسانە وەك چۆن هۆزی نووح بە خنکان لە ئاودا لەناوچوونو نووحو هاوەڵە بڕوادارەکانی ڕزگاریان. ئیبنووەهەب ئەڵێت: ئیبنوعەبباس وتی: ئەوانەی لەگەڵ نووحدا ڕزگاریان بوو لە گەمیەکا هەشتا کەس بوون. یەکێ لەوانە جورهومە کە زمانەکەی عەرەبی بووە. ئیبنوئەبی حاتەم ریوایەتی کردوە، بە موتەسلیش ریوایەت کراوە لە ئیبنوعەبباسەوە بە واتایەکی تر.

﴿وَإِلَىٰ عَادٍ أَخَاهُمۡ هُودٗاۚ قَالَ يَٰقَوۡمِ ٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ مَا لَكُم مِّنۡ إِلَٰهٍ غَيۡرُهُۥٓۚ أَفَلَا تَتَّقُونَ ﴿٦٥﴾ قَالَ ٱلۡمَلَأُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِن قَوۡمِهِۦٓ إِنَّا لَنَرَىٰكَ فِي سَفَاهَةٖ وَإِنَّا لَنَظُنُّكَ مِنَ ٱلۡكَٰذِبِينَ ﴿٦٦﴾ قَالَ يَٰقَوۡمِ لَيۡسَ بِي سَفَاهَةٞ وَلَٰكِنِّي رَسُولٞ مِّن رَّبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴿٦٧﴾ أُبَلِّغُكُمۡ رِسَٰلَٰتِ رَبِّي وَأَنَا۠ لَكُمۡ نَاصِحٌ أَمِينٌ ﴿٦٨﴾ أَوَعَجِبۡتُمۡ أَن جَآءَكُمۡ ذِكۡرٞ مِّن رَّبِّكُمۡ عَلَىٰ رَجُلٖ مِّنكُمۡ لِيُنذِرَكُمۡۚ وَٱذۡكُرُوٓاْ إِذۡ جَعَلَكُمۡ خُلَفَآءَ مِنۢ بَعۡدِ قَوۡمِ نُوحٖ وَزَادَكُمۡ فِي ٱلۡخَلۡقِ بَصۜۡطَةٗۖ فَٱذۡكُرُوٓاْ ءَالَآءَ ٱللَّهِ لَعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ ﴿٦٩﴾﴾

---

[1] العنكبوت (١٥).

[2] نوح (٢٥).

[3] غافر (٥١).

بەسەرهاتی هوودو (سەلامی خوای لێبێ) ڕەچەڵەکی گەلی عاد

خودای گەورە ئەفەرموێت: وەك چۆن نووحمان نارد بۆ سەر گەلەکەی، هەروایش براکەیان کە هوود پێغەمبەرە (سەلامی خوای لێبێ) نارد بۆ گەلی عاد ﴿وَإِلَىٰ عَادٍ أَخَاهُمْ هُودًا ۗ قَالَ يَا قَوْمِ اعْبُدُوا اللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَٰهٍ غَيْرُهُ ۚ أَفَلَا تَتَّقُونَ﴾ براکەیان کە هوودە (سەلامی خوای لێبێ) نارد بۆ گەلی عاد. وتی: ئەی خەڵکینە ! بەندایەتی خوا بکەن، جگە لەو ئێوە خودایەکتان نیە، چیتانە لە خوا ناترسن؟ موحەممەدی کوڕی ئیسحاق ئەڵێت: ئەمانە بەرەی عادی کوڕی ئیرەمی کوڕی عەوسی کوڕی سامی کوڕی نووحن. منیش دەڵێم: ئەمانە عادی یەکەمن کە خوا باسی کردون بەرەی عادی کوڕی ئیرەمن کە لە خانوی ئەستونداری فراواندا لە وشکایدا دەژیان. وەك خودای گەورەئەفەرموێت: ﴿أَلَمْ تَرَ كَيْفَ فَعَلَ رَبُّكَ بِعَادٍ ﴿٦﴾ إِرَمَ ذَاتِ الْعِمَادِ ﴿٧﴾ الَّتِي لَمْ يُخْلَقْ مِثْلُهَا فِي الْبِلَادِ﴾[1] خۆ دیت پەروەردگارت چی کرد بە هۆزی عاد، بەرەی ئیرەم خاوەنخانوی ئەستوندار، ئەو ماڵانەی وێنەیان لە شارانیش دروست نەکرا بوو. ئەوەیش بەهۆی بەهێزیو توندو تیژیانەوە وەك خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿فَأَمَّا عَادٌ فَاسْتَكْبَرُوا فِي الْأَرْضِ بِغَيْرِ الْحَقِّ وَقَالُوا مَنْ أَشَدُّ مِنَّا قُوَّةً ۖ أَوَلَمْ يَرَوْا أَنَّ اللَّهَ الَّذِي خَلَقَهُمْ هُوَ أَشَدُّ مِنْهُمْ قُوَّةً ۖ وَكَانُوا بِآيَاتِنَا يَجْحَدُونَ﴾[2] کاتێ هۆزی عاد بە ناڕەوا خۆیان لەو سەر زەمینەدا بە زل زانی، دەیانوت: کوا؟ کێ لە ئێمە بەهێزترە؟ نەیاندیبوو ئەو خودای ئەوانی دروست کردوە زۆر لەوان بەهێزترە؟ ئەوان بڕوایان بە نیشانەکانمان نەبوو.

شوێنەوارەکانی هۆزی عاد

جێو شوێنی هۆزی عاد لە یەمەن بوو لە ئەحقاف کە چەند کێوێکی لماویە. موحەممەدی کوڕی ئیسحاق لە ئەبوتوفەیلەوە عامیری کوڕی واسلەوە وتی: بیستم لە عەلی دەیوت بە پیاوێکی حەزرەمەوتی ئایا کۆمەڵە لمی سورو قوڕە ڕەشەت دیوە کە داری ئیرەكو تاوگی زۆری تێدا بێ لە فلان ناوچەو فلان ناوچە لە حەزرەمەوت. ئایا چاوت پێی کەوتوە؟ وتی: بەڵێ ئەی گەورەی موسوڵمانان، سوێند بە خوا تۆ بە شێوەیە وەسفت کردوە وەك پیاوێ کە چاوی پێی کەوتبێ، گوتی: نەخێر، بەڵام باسی لێوە کراوە. پیاوە حەزرەمەوتیەکە وتی: لەبەرچی هەواڵی دەپرسی ئەی گەورەی موسوڵمانان؟ وتی: گۆڕی هوود پێغەمبەری لێیە (سەلامی خوای لێبێ)[3] ئیبنوجەریر ڕیوایەتی کردوە. ئەمە خۆی بۆ خۆی سوودێکی هەیە. کە جێو شوێنی هۆزی عاد لە یەمەن بووە، هوودیش (سەلامی

---

[1] الفجر (٦-٨).

[2] الفصلت (١٥).

[3] الطبري (٥٠٧/١٢).

خوای لێبێ) لەوێ ئەسپەردە کراوەو لە بەڕێزترین کەسی هۆزەکەیەتی لە ڕەچەڵەکدا. چونکە پێغەمبەران کاتێ خودا ڕەوانەی کردون لە بەڕێزترین هۆزدا ڕەوانەی کردون. بەڵام هۆزەکەی چۆن بەهێزو توانا هاتبوون بەو شێوەیەش دڵڕەق‌و زبر بوون. لە هەموو گەلەکانی تر زیاتر بێ بڕوا بوون‌و هەقیان بە ڕاست نەدەزانی. هەر بۆیە هوود (سەلامی خوای لێبێ) بانگی کردن بۆ ناسینی خوا بە تەنیا کە شەریکی نیەو بۆ پەرستنی‌و ترسان لێی.

ئەوەی لە نێوان هوودو (سەلامی خوای لێبێ) هۆزمکەیدا ڕوویدا

خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿قَالَ ٱلْمَلَأُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مِن قَوْمِهِۦٓ﴾ پیاو ماقوڵانی هۆزەکەی کە خوایان نەدەناسی وتیان: ﴿إِنَّا لَنَرَىٰكَ فِى سَفَاهَةٍ وَإِنَّا لَنَظُنُّكَ مِنَ ٱلْكَـٰذِبِينَ﴾ ئێمە تۆ بە نەفام دەزانین‌و پێمان وایە تۆ لە درۆزنانی. واتە: ئێمە وادەزانین تۆ سەرت لێ شێواوە کە پێمان دەڵێیت واز لە بەندایەتی ئەم بتانە بێنن‌و وەرن بۆ عەبدایەتی خوا بەتەنیا، وەك چۆن پیاوە گەورەکانی قورەیش بەلایانەوە سەیرە لە بانگ کردنیان بۆ پەرستنی خودایە بە تەنیاو دەڵێن: ﴿أَجَعَلَ ٱلْـَٔالِهَةَ إِلَـٰهًا وَٰحِدًا إِنَّ هَـٰذَا لَشَىْءٌ عُجَابٌ﴾[1] چۆن دەیەوێ لە جێی ئەو هەموو بتانەی دەیانپەرست، هەر خودایەك بپەرستن؟ پێغەمبەر هوود وەلامی دانەوە ﴿قَالَ يَـٰقَوْمِ لَيْسَ بِى سَفَاهَةٌ وَلَـٰكِنِّى رَسُولٌ مِّن رَّبِّ ٱلْعَـٰلَمِينَ﴾ وتی: ئەی خەڵکینە! من نەفام نیم، پێغەمبەرێکم، پەروەردگاری هەموو دنیا ڕایسپاردووم. واتە: ئەوەی ئێوە دەیڵێن وا نیە، بەڵکو من لەلایەن ئەو خودایەوە کە دروس کەری هەموو شتێکەو خاوەن‌و پەروەردگاری هەموو شتێکە بەڕاستی هاتووم بۆ لای ئێوە ﴿أُبَلِّغُكُمْ رِسَـٰلَـٰتِ رَبِّى وَأَنَا۠ لَكُمْ نَاصِحٌ أَمِينٌ﴾ پەیامەکانی پەروەردگارم بە ئێوە ڕادەگەیەنم من بۆ ئێوە ئامۆژگاری کەرێ درووسکارو جێ بڕوام. ئەمە ئەو ڕەوشتانەیە کە پێغەمبەران بەهرەمەندن پێی ڕاگەیاندن‌و ئامۆژگاری‌و جێ متمانە. ﴿أَوَعَجِبْتُمْ أَن جَآءَكُمْ ذِكْرٌ مِّن رَّبِّكُمْ عَلَىٰ رَجُلٍ مِّنكُمْ لِيُنذِرَكُمْ﴾ ئاخۆ ئێوە پێتان سەیرە ئامۆژگاریەك لەلای پەروەردگارتانەوە هات بۆ پیاوێك هەر لە خۆتان، تا بتانترسێنێ؟ واتە: پێتان سەیر نەبێ کە خودا پێغەمبەرێ ڕەوانە بکات بۆتان لە خۆتان‌و بتانترسێنێ لە ڕۆژەکانی خوداو چونە خزمەتی بەڵکو دەبێ سوپاسی خودا بکەن لەسەرئەوە ﴿وَٱذْكُرُوٓا۟ إِذْ جَعَلَكُمْ خُلَفَآءَ مِنۢ بَعْدِ قَوْمِ نُوحٍ﴾ لە بیرتان بێ پاش هۆزی نووح ئێوەی لە جێیان دامەزراند. واتە: بەهرەکانی خودا لە یاد مەکەن کە وای لێ کردن لە نەوەکانی نووح بن‌و ئەوانی تری هەموو بەهۆی بڕوانەهێنانیان‌و دژایەتی کردنی بانگەوازەکەی لەسەر

---

[1] ص (٥).

زەمیندا لەناو برد ﴿وَزَادَكُمْ فِي الْخَلْقِ بَصْطَةً﴾ وە بەژنو بالای زۆرتریشی پێتان بەخشی. واتە: وای لێ کردن بالا بەرزتر بن لە فەرزەندانی ڕەگەزی خۆتان. وەك ئەم ئایەتە وایە کە خودای گەورە لە بەسەرهاتی تالوتدا ئەفەرموێت: ﴿وَزَادَهُۥ بَسْطَةً فِي الْعِلْمِ وَالْجِسْمِ﴾[1] زانستو قەلافەتی لە ئێوە زیاتر پێداوە ﴿فَاذْكُرُوا آلَاءَ اللَّهِ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ﴾ دەسا ئێوەش هەموو ئەو چاکانەی خواتان لە بیر بێ بەلکو ڕزگار ببن.

﴿ قَالُوا أَجِئْتَنَا لِنَعْبُدَ اللَّهَ وَحْدَهُ وَنَذَرَ مَا كَانَ يَعْبُدُ آبَاؤُنَا فَأْتِنَا بِمَا تَعِدُنَا إِن كُنتَ مِنَ الصَّادِقِينَ ﴿٧٠﴾ قَالَ قَدْ وَقَعَ عَلَيْكُم مِّن رَّبِّكُمْ رِجْسٌ وَغَضَبٌ أَتُجَادِلُونَنِي فِي أَسْمَاءٍ سَمَّيْتُمُوهَا أَنتُمْ وَآبَاؤُكُم مَّا نَزَّلَ اللَّهُ بِهَا مِن سُلْطَانٍ فَانتَظِرُوا إِنِّي مَعَكُم مِّنَ الْمُنتَظِرِينَ ﴿٧١﴾ فَأَنجَيْنَاهُ وَالَّذِينَ مَعَهُ بِرَحْمَةٍ مِّنَّا وَقَطَعْنَا دَابِرَ الَّذِينَ كَذَّبُوا بِآيَاتِنَا وَمَا كَانُوا مُؤْمِنِينَ ﴿٧٢﴾ ﴾

خودای گەورە باسی یاخی بوونو سەرکەشیو لاساریو مل نەدانی هۆزی عاد دەکات بەرانبەر بە هوود(سەلامی خوای لێبێ)، ئەفەرموێت: ﴿ قَالُوا أَجِئْتَنَا لِنَعْبُدَ اللَّهَ وَحْدَهُ وَنَذَرَ مَا كَانَ يَعْبُدُ آبَاؤُنَا فَأْتِنَا بِمَا تَعِدُنَا إِن كُنتَ مِنَ الصَّادِقِينَ﴾ وتیان: هاتوی پێمان بلێیت تەنیا خوا بپەرستینو لەو خودایانە واز بێنن کە بابو باپیرانمان پەرستویانن؟ ئەگەر تۆ ڕاست دەلێیت، بە هەرچیمان دەترسێنی درێغی مەکە. وەك خوانەناسانی قورەیش دەیانگوت: ﴿ وَإِذْ قَالُوا اللَّهُمَّ إِن كَانَ هَٰذَا هُوَ الْحَقَّ مِنْ عِندِكَ فَأَمْطِرْ عَلَيْنَا حِجَارَةً مِّنَ السَّمَاءِ أَوِ ائْتِنَا بِعَذَابٍ أَلِيمٍ ﴾[2] ئەوساش وتیان: ئەی خودایە ئەگەر بە ڕاستیەو لەلایەن تۆوە هاتوە وە بەر بەردەبارانمان دە یان ئازارێکی بە ژانمان بۆ بنێرە. موحەممەدی کوڕی ئیسحاقو کەسانی تریش وتویانە: ئەوانە چەند بتیان دەپەرست. بتێ ناوی سوداء بوو بتێ ناوی سەموود بوو بتێ ناوی هەباء بوو بۆیە هوود(سەلامی خوای لێبێ) وەك خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿قَالَ قَدْ وَقَعَ عَلَيْكُم مِّن رَّبِّكُمْ رِجْسٌ وَغَضَبٌ ﴾ دەلێت: بێگومان ئێوە تووشی ئازارو توڕەیی پەروەردگارتان هاتوون. واتە: لەبەر ئەم قسەتانە کە دەیکەن تووشی سزای سەخت دەبن. ئیبنوعەبباس ئەلێت: ﴿رِجْسٌ﴾ واتە ڕقو توڕەیی[3] ﴿أَتُجَادِلُونَنِي فِي أَسْمَاءٍ سَمَّيْتُمُوهَا أَنتُمْ

---

[1] البقرة (٢٤٧).

[2] الانفال (٣٢).

[3] الطبري (٥٢٢/١٢).

﴿وَءَابَآؤُكُم﴾ جا چۆن ئێوە چەند شتێ کە خۆتانو بابو باپیرانتان ناوتان لێ ناون مشتو مڕم لەگەڵدا دەکەن، کردوتانن بە خودای خۆتان نە سوودتان پێ دەگەیەننو نە زیانیشتان لێ ئەدەنو هیچ بەڵگەشتان بە دەستەوە نیە لەلایەن خواوە لەسەر پەرستنیان. هەر بۆیە هوود (سەلامی خوای لێبێ) وتی: ﴿مَا نَزَّلَ ٱللَّهُ بِهَا مِن سُلْطَٰنٍۚ فَٱنتَظِرُوٓاْ إِنِّى مَعَكُم مِّنَ ٱلْمُنتَظِرِينَ﴾ هیچ بەڵگەیەکی بتەوتان لە خواوە بۆ نەهاتوە، چاوەنۆڕ بن ئەوا منیش لەگەڵ ئێوە چاوەنۆڕم. ئەمە هەڕەشەیەکی زۆر توندو تیژە لەلایەن ئەم پێغەمبەرەوە لە هۆزەکەی خۆی.

چارەنووسی هۆزی عاد

پاشان خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿فَأَنجَيْنَٰهُ وَٱلَّذِينَ مَعَهُۥ بِرَحْمَةٍ مِّنَّا وَقَطَعْنَا دَابِرَ ٱلَّذِينَ كَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِنَاۖ وَمَا كَانُواْ مُؤْمِنِينَ﴾ ئێمە لە چاکەو بەزەیی خۆمانەوە هوودو هاوڕێکانی هەموومان ڕزگار کردو ئەو کەسانەش کە نیشانەکانی ئێمەیان بە درۆ داناو بێ بڕوا بوون، بە تەواوی بنەبڕمان کردن. خودای گەورە لە شوێنی تریشدا شێوەی لەناوبردنەکەی باس کردون لە قورئاندا کە گڕە بای بێخێری بۆ ناردن هەموو شتێکی لەناو بردو وەك پێشەی پواوی لێ کرد وەك لە ئایەتێکی تردا ئەفەرموێت: ﴿وَأَمَّا عَادٌ فَأُهْلِكُواْ بِرِيحٍ صَرْصَرٍ عَاتِيَةٍ ۝٦ سَخَّرَهَا عَلَيْهِمْ سَبْعَ لَيَالٍ وَثَمَٰنِيَةَ أَيَّامٍ حُسُومًا فَتَرَى ٱلْقَوْمَ فِيهَا صَرْعَىٰ كَأَنَّهُمْ أَعْجَازُ نَخْلٍ خَاوِيَةٍ ۝٧ فَهَلْ تَرَىٰ لَهُم مِّنۢ بَاقِيَةٍ﴾[1] هۆزی عادیش بە بایەکی زۆر بەهێز لەناو چوون. ماوەی حەوت شەوو هەشت ڕۆژ بە بێ وچان ناردیە سەریان. لاشەیان لێ کەوتبوو، دەت وت کۆتەرەی دار خورمای پواوو ناو زڕاون. ئایا تۆ پاشماوەیەکیان دەبینی؟ کاتێ کە یاخیو لەخۆبایی بوون خودا بە بایەکی زۆر توندو بەهێز قڕی تێخستن، پیاوی هەڵدەگرتنو بەرزی دەکردەوە بەسەردا ئەیدا بە زەویدا مێشکی دەپرژاو پەرشو بڵاو دەبوە پێیدا. هەر بۆیە ئەفەرموێت: ﴿كَأَنَّهُمْ أَعْجَازُ نَخْلٍ خَاوِيَةٍ﴾[2]. لاشەیان لێ کەوتبوو دەت گوت کۆتەرەی دار خورمای پواوە. موحەممەدی کوڕی ئیسحاق ئەڵێت: ئەمانە لە یەمەن نیشتەجێ بوون لە نێوان عەمانو حەزرەمەوتدا. لەگەڵ ئەوەیشدا دەستیان دابوە خراپەکاریو زاڵ بووبون بەسەر خەڵکەکەیدا، بەهۆی ئەو هێزە خودا پێی دابوون. خاوەنی چەندین بت بوون بێجگە لە خوا دەیانپەرست. خودای گەورە هوودی بۆ ناردن (سەلامی خوای لێبێ) لە بنەماڵەیەکی چاكو بەڕێز بوو لە نێوانیاندا، داوای لێ کردن کە خودا بە تەنیا بناسن، هیچ پەرستراوێکی

---

[1] الحاقة (٦–٨).

[2] الحاقة (٧).

لەگەڵیدا نەپەرستن‌و دەستیش هەڵگرن لە ناهەقی کردن لە خەڵکی، بە گوێیان نەکردو بڕوایان پێ نەهێنا. وتیان کەس لە ئێمە بەهێزتر نیە، چەند کەسێکی کەم نەبێ شوێنی نەکەوت. بڕواکەشیان ئاشکرا نەدەکرد. وەختێ کە عاد ملیان نەدا بە فەرمانی خوداو بڕوایان نەکرد بە پێغەمبەرەکەی‌و دەستیان دایە خراپەکاری‌و زۆرداری‌و لە هەموو شوێنێکی بەرزدا کۆشکی گەورە دروس دەکەن‌و هەر خەریکی کاری پڕوپوچن هوود (سەلامی خوای لێبێ) قسەی لەگەڵدا کردن‌و پێی وتن: ﴿أَتَبْنُونَ بِكُلِّ رِيعٍ ءَايَةً تَعْبَثُونَ ﴿١٢٨﴾ وَتَتَّخِذُونَ مَصَانِعَ لَعَلَّكُمْ تَخْلُدُونَ ﴿١٢٩﴾ وَإِذَا بَطَشْتُم بَطَشْتُمْ جَبَّارِينَ ﴿١٣٠﴾ فَاتَّقُوا اللَّهَ وَأَطِيعُونِ﴾[1] ئایا ئێوە لە هەر جێگایەکی بەرز کۆشکی گەورە دروس دەکەن، کە هەر خەریکی کاری پڕوپوچن؟ کۆشك‌و قەڵای زۆر بتەویش دادەڕێژن، لاتان وایە هەر دەمێنن؟ هەرکاتێ پەلاماریش ئەدەن، ملهوڕانە هێرش دەکەن، سا لە خوا بترسن‌و لە گوێم بکەن. ئەوانیش وەڵامی هوود (سەلامی خوای لێبێ) ئەدەنەوە وەك خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿قَالُوا يَا هُودُ مَا جِئْتَنَا بِبَيِّنَةٍ وَمَا نَحْنُ بِتَارِكِي ءَالِهَتِنَا عَن قَوْلِكَ وَمَا نَحْنُ لَكَ بِمُؤْمِنِينَ ﴿٥٣﴾ إِن نَّقُولُ إِلَّا اعْتَرَاكَ بَعْضُ ءَالِهَتِنَا بِسُوءٍ قَالَ إِنِّي أُشْهِدُ اللَّهَ وَاشْهَدُوا أَنِّي بَرِيءٌ مِّمَّا تُشْرِكُونَ ﴿٥٤﴾ مِن دُونِهِ فَكِيدُونِي جَمِيعًا ثُمَّ لَا تُنظِرُونِ ﴿٥٥﴾ إِنِّي تَوَكَّلْتُ عَلَى اللَّهِ رَبِّي وَرَبِّكُم مَّا مِن دَابَّةٍ إِلَّا هُوَ ءَاخِذٌ بِنَاصِيَتِهَا إِنَّ رَبِّي عَلَى صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ﴾[2] وتیان: ئەی هوود تۆ هیچ بەڵگەت لەخواوە بۆنەهێناوین هەر بە قسەی تۆش، ئێمە لە پەرستراوەکانمان دەس بەرنادەین، بڕوایش بە تۆ ناهێنین، ئێمە هەر ئەوەندە دەڵێین: ڕەنگە هێندێك لەوانەی دەیانپەرستین تووشی شتێکیان کردبێ. وتی: خوا بە شایەت دەگرم، ئێوەش هەروەها شایەت بن، لە ئەوەی ئێوە دەیپەرستن بەرکەنارم (دورم) بێجگە لە خوا، سا هەمووتان فێڵم لێ بکەن‌و مۆڵەتیشم مەدەن. من خۆم سپارد بەو خوایە کە پەروەردەی منیش‌و پەروەردەی ئێوەیشە، هەر شتێ دەجوڵێتەوە ژیان‌و بژێوی لەسەر ئەوەو ڕێگەی پەروەردگارم ڕاستە ڕێیە[3].

بەسەرهاتی ڕەوانەکرانی عاد

ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردوە لە حاریسی بەکریەوەئەڵێت: ڕۆشتم ناڕەزای خۆم دەربڕم لەلای پێغەمبەری خودا(ﷺ) لە عەلای کوڕی حەزرەمی تێپەڕیم بەلای زوبدەدا لەو کاتەدا پیرەژنێکی تەمیمی بە تەنیا خۆی لەوێدا بوو، پێی وتم: ئەی بەندەی خوا پێویستیەکم هەیە تا لای پێغەمبەری

---

[1] الشعراء (١٢٨ـ١٣١).

[2] هود (٥٣–٥٦).

[3] الطبري (٥٠٧/١٢).

خودا(ﷺ) ئایا تۆ پێی دەگەیەنی بۆم؟ وتی: لەگەڵ خۆمدا هێنام‌و گەیشتمە مەدینە لەو کاتەدا مزگەوت پڕ بوو لە خەڵك، هەر لەو کاتەدا ئاڵایە دەشەکایەوەو بیلالیش شمشێرەکەی کردبوە شانی‌و لە خزمەت پێغەمبەری خوادا بوو (ﷺ) وتم: ئەم خەڵکە بۆ چی کۆ بونەتەوە؟ وتیان: پێغەمبەر(ﷺ) دەیەوێت عەمری کوڕی عاس ڕەوانە بکات بۆ شوێنێ. وتی: دانیشتم‌و چووە شوێنی خۆی، ئیزنم لێ خواست کە بچمە خزمەتی، ئیزن درام‌و چوومە ژورەوەو سڵاوم کرد، فەرمووی: ئایا لە نێوان ئێوەو لە نێوان تەمیمدا شتێ هەیە؟ وتم: بەڵێ، لە شەڕێکدا زاڵ بوین بەسەریاندا، تێپەڕیم بە لای ژنێکدا لە بەنی تەمیم کە بە تەنیا خۆی لەوێدا بوو، داوای لێ کردم کە بیهێنم بۆ لای تۆ، ئەوەتا لەبەر دەرگاکەیە. ئیزنی داو هاتە ژورەوە. گوتم: ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئەگەر بە لاتەوە باشە لە نێوان ئێمەو لە نێوان تەمیمدا بەربەستێ دانێیت با لە دەهناء بێ پیرەژنەکە زۆر تورەو ناڕەحەت بوو گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا، بۆ کوێ (يُضْطَرُّ مُضطَرُّكَ؟) وتی: وتم: نمونەی منیش وەك ئەوەی پێش وایە کە وتی: معْزَى حملت حتفها) ئەم پیرەژنەم لەگەڵ خۆم هێنا نەمزانی دەبێتە دوژمنم. پەنا دەگرم بە خوداو بە پێغەمبەرەکەی کە من وەك نێرراوەکانی عاد بم! پێی وتم: نێرراوی عاد کامەیە؟ (پێغەمبەر لەو زیاتر شارەزای ئەو باسە بوو، بەڵام هەڵی دەنا کە بەردەوام بێ لەسەر قسەکەی)، وتم: هۆزی عاد تووشی گرانیە هاتن، شاندێکی خۆیان نارد کە پێیان دەگوت: قەیل بەلای مەعویەی کوڕی بەکردا تێپەڕی مانگێ لەلای مایەوە عارەقی باشی ئەدایەو دوو کەنیزەیش گۆرانی بۆ دەگوت پێیان دەگوتن (الجراوتان) کە مانگەکە کۆتایی هات ڕۆشت بۆ کێوەکانی مەهرەو وتی: ئەی خودایە تۆ خۆت دەزانی کە من نەهاتوم بۆ لای نەخۆشێ چارەسەری بکەم، وە نەهاتوم بۆ لای دەس بەسەرێ کە ئازادی بکەم، ئەی خودایە باران ببارێنە بۆ عاد، کە بارانت بۆ نەباراندوە، چەند پەڵە هەورێکی ڕەش بە لایدا تێپەڕی، بانگەوازێکی لێوە کرا دەیگوت: هەڵبژێرە: سەیری هەورەکەی کرد هەوری ڕەشیشی تیا بوو، بانگێکی لێوە کرا: دەی ها بیبە. هەموو لە بەین چوون‌و کەسیان لێ دەرنەچوو. وتی: ئەوەی بۆم باس کراوە، بایەکیان بۆ ڕەوانە کرا بە ئەندازەی ئەوەی کە بەم ئەنگوستیلەی مندا بڕوات، هەتا هەموو تیا چوون، ئەبووائل وتی ڕاستی گوتوە. پیاو یان ئافرەت کاتێ کە ڕەوانە بکرانایە لێیان بە شاندێ، دەیانوت: وەك شاندەکەی عاد مەبن ئیمامی ئەحمەدیش هەر وا ڕیوایەتی کردوە لە موسنەدەکەیدا[1]. تیرمیزیش هەر بەم شێوەیە ڕیوایەتی کردوە. نەسائی‌و ئیبنوماجەیش ڕیوایەتیان کردوە[2].

---

[1] أحمد (٤٨٢/٣)، فەرموودەیەکی حەسەنە.

[2] تحفة الاحوذي (١٦١/٩)، النسائي في الكبرى (١٨١/٥)، إبن ماجة (٩٤١/٢)، حەسەنە.

﴿وَإِلَىٰ ثَمُودَ أَخَاهُمْ صَٰلِحًا ۗ قَالَ يَٰقَوْمِ ٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَٰهٍ غَيْرُهُۥ ۖ قَدْ جَآءَتْكُم بَيِّنَةٌ
مِّن رَّبِّكُمْ ۖ هَٰذِهِۦ نَاقَةُ ٱللَّهِ لَكُمْ ءَايَةً ۖ فَذَرُوهَا تَأْكُلْ فِىٓ أَرْضِ ٱللَّهِ ۖ وَلَا تَمَسُّوهَا بِسُوٓءٍ فَيَأْخُذَكُمْ عَذَابٌ
أَلِيمٌ ﴿٧٣﴾ وَٱذْكُرُوٓا۟ إِذْ جَعَلَكُمْ خُلَفَآءَ مِنۢ بَعْدِ عَادٍ وَبَوَّأَكُمْ فِى ٱلْأَرْضِ تَتَّخِذُونَ مِن سُهُولِهَا
قُصُورًا وَتَنْحِتُونَ ٱلْجِبَالَ بُيُوتًا ۖ فَٱذْكُرُوٓا۟ ءَالَآءَ ٱللَّهِ وَلَا تَعْثَوْا۟ فِى ٱلْأَرْضِ مُفْسِدِينَ ﴿٧٤﴾ قَالَ ٱلْمَلَأُ ٱلَّذِينَ
ٱسْتَكْبَرُوا۟ مِن قَوْمِهِۦ لِلَّذِينَ ٱسْتُضْعِفُوا۟ لِمَنْ ءَامَنَ مِنْهُمْ أَتَعْلَمُونَ أَنَّ صَٰلِحًا مُّرْسَلٌ مِّن رَّبِّهِۦ ۚ
قَالُوٓا۟ إِنَّا بِمَآ أُرْسِلَ بِهِۦ مُؤْمِنُونَ ﴿٧٥﴾ قَالَ ٱلَّذِينَ ٱسْتَكْبَرُوٓا۟ إِنَّا بِٱلَّذِىٓ ءَامَنتُم بِهِۦ كَٰفِرُونَ
﴿٧٦﴾ فَعَقَرُوا۟ ٱلنَّاقَةَ وَعَتَوْا۟ عَنْ أَمْرِ رَبِّهِمْ وَقَالُوا۟ يَٰصَٰلِحُ ٱئْتِنَا بِمَا تَعِدُنَآ إِن كُنتَ مِنَ ٱلْمُرْسَلِينَ ﴿٧٧﴾
فَأَخَذَتْهُمُ ٱلرَّجْفَةُ فَأَصْبَحُوا۟ فِى دَارِهِمْ جَٰثِمِينَ ﴿٧٨﴾﴾

جیٚو شوێنی هۆزی سەموودو ڕەچەڵەکیان

زانایانی تەفسیرو ڕەچەڵەك ناسی گوتیان: سەموود کوڕی عاسیرە کوڕی ئیرەمی کوڕی سامی کوڕی نووحە (سەلامی خوای لێبێ) کە برای جەدیسی کوڕی عاسیرە، هۆزی تەسمیس هەر بەو شێوەیەن، ئەمانە هەموو لە بنەماڵە عەرەبەکانی عاریبەن لە پێش ئیبراهیمی خەلیلدا (سەلامی خوای لێبێ) هۆزی سەموود لە دوای هۆزی عاد هاتوون. شوێنەکانیان بەناوبانگە لە نێوان حیجازو شامدان ڕوەو ئەو شوێنە، کە پێی دەڵێن (وادی القُری) و دەوروبەری. پێغەمبەری خودا(ﷺ) تێپەڕی بەلای دێهاتو شوێنەکانیاندا، کاتێ کە دەڕۆشت بۆ تەبوك سالی نۆی کۆچی. ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردوە لە ئیبنوعومەرەوە گوتی: کاتێ پێغەمبەری خودا(ﷺ) بەو خەڵکەوە لە تەبوك دابەزی لە نزیك شوێنێکدا حیجریان پێ دەوت، لەلای خانوەکانی سەموودا. خەڵکەکە دەستیان کرد بە ئاو هێنان لەو بیرانەی کە هۆزی سەموود ئاویان لێ دەخواردەوە. هەویریان لێ کردو قازانیان لێ نایە سەر ئاگر. پێغەمبەری خودا فەرمانی پێکردن کە قازانگەکان برێژنو هەویرەکەیش بە ئالك بدەن بە وشترەکان، پاشان شوێنەکە پێ گواستنەوە بۆ سەر ئەو بیرەی کە وشترەکە ئاوی لێ دەخواردەوە، لێشی قەدەغە کردن بچنە ئەو شوێنانەی کە ئەو هۆزانە تێیدا سزا درابوون. پاشان فەرمووی: (من دەترسم لەوەی ئێوەش وەك ئەوان تووشی سزا بێن مەچنە سەریان).[1] دیسان ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردوە لە عەبدوڵلای کوڕی عومەرەوەئەڵێت: پێغەمبەری خودا(ﷺ) کە لە حیجر بوو فەرمووی: (نەچنە لای

[1] أحمد (١١٧/٢)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

ئەوانەی کە سزا دراون، ئەگەر چوون بە گریانەوە بچنە سەریان، ئەگەر نەگریان نەچنە لایان نەکا ئێوەیش وەك ئەوانە تووشی سزا ببن)[1]، ئەم فەرموودەیە لە هەردوو سەحیحەکەدا هاتوە.[2]

بەسەرهاتی پێغەمبەر سالح و (سەلامی خوای لێبێ) سەموود

خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَإِلَىٰ ثَمُودَ أَخَاهُمْ صَٰلِحًا﴾ بۆ لای هۆزی سەموودیش سالحی برای خۆیانمان بەرێ کرد. ﴿قَالَ يَٰقَوْمِ ٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَٰهٍ غَيْرُهُۥ﴾ وتی: ئەی گەلەکەم! عبادەتی خودا بکەن جگە لەو ئێوە خودایەکتان نیە. گشت پێغەمبەران بانگی خەڵکی دەکەن کە تەنیا خوا بپەرستن کە شەریکی نیە، وەم خودای گەورە لەم ئایەتەدا ئەفەرموێت: ﴿وَمَآ أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ مِن رَّسُولٍ إِلَّا نُوحِىٓ إِلَيْهِ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنَا۠ فَٱعْبُدُونِ﴾[3] بەر لە تۆش ئێمە هەر پێغەمبەرێکمان نارد، رامان سپارد، هیچ پەرستراوێك جگە لە من نیەو هەر تەنیا من بپەرستن. وە ئەفەرموێت: ﴿وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِى كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولًا أَنِ ٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ وَٱجْتَنِبُوا۟ ٱلطَّٰغُوتَ﴾[4] بۆ ناو هەموو کۆمەڵێك پێغەمبەرێکمان بەرێ کرد کە خوا بپەرستن و لە شەیتان دوورە پەرێز بن.

هۆزی سەموود داوای وشترێکیان کرد لە بەردێ بێتە دەر، وشترێ هاتە دەر

خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿قَدْ جَآءَتْكُم بَيِّنَةٌ مِّن رَّبِّكُمْ ۖ هَٰذِهِۦ نَاقَةُ ٱللَّهِ لَكُمْ ءَايَةً ۖ فَذَرُوهَا تَأْكُلْ فِىٓ أَرْضِ ٱللَّهِ ۖ وَلَا تَمَسُّوهَا بِسُوٓءٍ فَيَأْخُذَكُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿٧٣﴾ وَٱذْكُرُوٓا۟ إِذْ جَعَلَكُمْ خُلَفَآءَ مِنۢ بَعْدِ عَادٍ وَبَوَّأَكُمْ فِى ٱلْأَرْضِ تَتَّخِذُونَ مِن سُهُولِهَا قُصُورًا وَتَنْحِتُونَ ٱلْجِبَالَ بُيُوتًا ۖ فَٱذْكُرُوٓا۟ ءَالَآءَ ٱللَّهِ وَلَا تَعْثَوْا۟ فِى ٱلْأَرْضِ مُفْسِدِينَ ﴿٧٤﴾ قَالَ ٱلْمَلَأُ ٱلَّذِينَ ٱسْتَكْبَرُوا۟ مِن قَوْمِهِۦ لِلَّذِينَ ٱسْتُضْعِفُوا۟ لِمَنْ ءَامَنَ مِنْهُمْ أَتَعْلَمُونَ أَنَّ صَٰلِحًا مُّرْسَلٌ مِّن رَّبِّهِۦ ۚ قَالُوٓا۟ إِنَّا بِمَآ أُرْسِلَ بِهِۦ مُؤْمِنُونَ ﴿٧٥﴾ قَالَ ٱلَّذِينَ ٱسْتَكْبَرُوٓا۟ إِنَّا بِٱلَّذِىٓ ءَامَنتُم بِهِۦ كَٰفِرُونَ﴾ ئەوا لەلایەن پەروەردگارتانەوە، ئەم وشترەتان بە نیشانە بۆ هاتوە. لێی گەرێن با لە زەوی خوادا بلەوەرێ هیچ زیانێکتان بۆی نەبێ، دەنا تووشی ئازاری زۆر بە ژان دەبن، لە بیرتان بێ پاش هۆزی عاد ئێوەی کردە جێنشین و لەسەر زەمین دایمەزراندن، لە پێ دەشتەکانی کۆشکتان بەرز کردەوەو لە کێوەکانیشدا

---

[1] أحمد (٧٤/٢)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

[2] فتح الباري (٤٣٦/٦)، مسلم (٢٢٨٦/٤).

[3] الانبياء (٢٥).

[4] النحل (٣٦).

خانووتـان تاشـی، بـەهرەکانی خواتـان لـە بـیر بـێ‌و پـێ دامـەگرن لەسـەر بەدفـەڕی لـە زەویـدا. سـەر گەورەکانی هۆزەکەی (ئەوانەی لەخۆبایی بوون لای کەم دەستو هەژارەکان‌و ئەوانەی بڕوایان هێنا بوو گوتیان: ئایا ئێوە پێتان وایە ساڵح لەلای پەروەردیەوە ڕاسپێردراوە؟ وتیـان: ئێمـە باوەڕمـان بـەوە هێناوە کە پێی ڕەوانە کراوە. خـۆ بـەزل زانـەکان وتیـان: ئێمـە لـەوەی کـە بڕواتـان پـێ هێنـاوە بڕوا ناکەین. کاتێ کە پێغەمبەر ساڵح (سەلامی خوای لێبێ) پێی گوتن: ئەم نیشانەتان لەلایەن خـوداوە بـۆ هاتوە لەسەر ئەو پەیامەی کە مـن بـۆم هێنـاون، چـونکە ئەوانـە بـوون کـە داوایـان لـە سـاڵح کـرد کـە نیشانەیەکیان بۆ بێنێ، پێشنیاریان کرد لەو بەردە ڕەقەی کە خۆیان دیاریـان کـردوە، بـەردێکی تـەنیا بوو لە ناوچەی حیجر کاتیبەیان پێ دەگوت. داوایان لێ کرد لەو بەردە وشترێکی وا بێ سکی دە مانگ‌و بێچوەکەشی لە سکیدا بجوڵێ. ساڵح (سەلامی خوای لێبێ) بەڵێن‌و پـەیمانی لێ وەرگرتن: ئەگـەر خـودا وەڵامی داواکەی دانەوەو داواکەی لێ قبوڵ کردن، بڕوای پێ بهێنن‌و شوێنی بکـەون، کـاتێ ئـەو بـەڵێن‌و پەیمانەیان پێدا لەسەر ئەوە. ساڵح (سەلامی خوای لێبێ) هەڵسا بـۆ نوێژەکـەی‌و پاڕایـەوە لـە خـودای گەورە، بەردەکە کەوتە جوڵانەوە پاشان درزی بردو وشترێکی سکێ پڕ بە ژانەوە بێچوەکەی لـە سـکیدا دەجوڵا، هاتە دەر لێی. چۆن داوایان کردبوو. ئا لەو کاتەدا سەرۆکی هۆزەکەیان کـە نـاوی: جونـدەعی کوڕی عەمر بوو ئەوانەیش لەگەڵی بوون‌و بە قسەیان دەکرد هەموو بڕوایان هێنا. گەورە پیاوانی هـۆزی سەموود ویستیان باوەڕ بێنن، زەئوابی کوڕی عەمری کوڕی لەبیب نەیهێشت باوەڕ بێنن. وە حوباب کە خاوەنی بتەکان بوو. وە ڕەبان کوڕی سەمعەری کوڕی جەلمەس و جوندەعی کـوڕی عـەمر ئامۆزایـەکی هەبوو پێیان دەوت (شەهابی کوڕی خەلیفەی کوڕی مەخلات کوڕی لەبیدی کـوڕی جـواس)، ئەمانـە لـە گەورە پیاوان‌و پیاوە بەڕێزەکانی هۆزی سەموود بوون. ویستی باوەڕ بێنێ، ئـەو کۆمەڵـە نەیانهێـشت‌و ئەویش بە گـوێی کـردن، لـەو بارەیـەوە پیـاوێکی خـاوەن بـاوەڕی هـۆزی سـەموود کـە پێیـان دەوت: مەهوشی کوڕی عەنەمەی کوڕی زەمیل (ڕەحمەتی خوای لێبێ) ئەم شیعرانەی وت:

و كانت عَصبةٌ من آل عَمْرو — الى دين النبي دَعَوا شَهاباً
عزيز ثمود كُلهم جميعاً — فَهَمَّ بأن يُجيبَ فلَو أجابا
لأصبَح صالحٌ فينا عزيزاً — و ما عَدَلوا بصاحبهم ذُؤاباً
و لكنّ الغُدَاة من آل حجر — تولَوا بعد رُشْد دئاباً

واتە: کۆمەڵێ لە ئالی عەمر شیهابیان بانگ کـرد بـۆ ئـاینی ئـەم پێغەمبـەرە، کـە بـەڕێزترینی گـشت پیاوەکانی سەموود بوو، خەریك بوو باوەڕ بێنێ، ئەگەر باوەڕی بهێنایە، سـاڵح (سـەلامی خـوای لێبـێ) دەبووە بەڕێزترین کەس لە نێوانمانداو نەیان دەگۆڕیەوە بە زوئوابی هاوەڵیان، بەڵام گومرایی ئالی حجر دوای ئەوەی شارەزا بوون ملیان نەداو بوونە گورگ. ماوەیەك وشترەکەو بێچوەکەی لـە ناویانـدا بـوو،

ڕۆژێ ئەو ئاوی بیرەکەی دەخواردەوە، ڕۆژێکیش وازی لێ دەهێنا بۆ ئەوان. ئەو ڕۆژەی ئاوەکەی دەخواردەوە ئەوانیش شیرەکەیان دەخوارد دەیان نۆشی هەرچی دەفریان بوو بە ئارەزوی خۆیان لێیان پڕ دەکرد وەك خودای گەورە لە ئایەتێکی تردا ئەفەرموێت: ﴿وَنَبِّئْهُمْ أَنَّ ٱلْمَآءَ قِسْمَةٌۢ بَيْنَهُمْ كُلُّ شِرْبٍ مُّحْتَضَرٌ﴾[1] پێیان بڵێ کە ئاوەکە لە ناویاندا بەش کراوە هەرکەسە لە نۆرەی ئاوی خۆی ئامادە بێ. وە ئەفەرموێت: ﴿قَالَ هَٰذِهِۦ نَاقَةٌ لَّهَا شِرْبٌ وَلَكُمْ شِرْبُ يَوْمٍ مَّعْلُومٍ﴾[2] ئەمە وشترێکە، کە نۆرە ئاوێکی هەیەو ئێوەیش نۆرە ئاوێکتان هەیە لە ڕۆژێکی دیاری کراودا. کە دەچوە دەرەوە بۆ هەندێ لەو شیوانە لە ڕێگایەکەوە دەچوو لە ڕێگایەکی ترەوە دەگەڕایەوە لەبەر گەورەیی، ئاوو خواردنێکی ئێجگار زۆری دەخواردو دەخواردەوە (وەك باس کراوە) گیانەوەرێکی زۆر گەورەو دیمەنێکی ناوازەی هەبوو. کاتێ کە تێپەڕییایە بە لای ئاژەڵو ماڵاتەکانیاندا، دەترسانو ڕایان دەکرد لێی. کە ئەم حاڵە درێژەی کێشا بێ باوەڕیەکەیان هەر زیادی دەکرد بەرانبەر ساڵح (سەلامی خوای لێبێ) بڕیاریان دا وشترەکە بکوژن. بۆ ئەوەی هەموو ڕۆژێ ئاوەکە بەرن بۆ خۆیان، گوتراوە: هەموو ڕێکەوتن لەسەر کوشتنی. قەتادە ئەڵێت: هەواڵم پێدراوە کە ئەو کەسەی وشترەکەی کوشت گەڕا بەسەر هەموویانداو گشتیان ڕازی بوون بە کوشتنی، هەتا دەگەڕا بەسەر منداڵانو ژنانیشدا لە ماڵەکانیاندا.[3] منیش دەڵێم: ئەمە دیارو ئاشکرایە، چونکە خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿فَكَذَّبُوهُ فَعَقَرُوهَا فَدَمْدَمَ عَلَيْهِمْ رَبُّهُم بِذَنۢبِهِمْ فَسَوَّىٰهَا﴾[4] جا باوەڕیان پێ نەکردو سەریان بڕی، ئەوسا کە پەروەردگاریان، بەهۆی گوناهەکانیانەوە، بەڵایەکی ناردە سەریان، هەمووی ڕێکی زەوی کردن. وە ئەفەرموێت: ﴿وَءَاتَيْنَا ثَمُودَ ٱلنَّاقَةَ مُبْصِرَةً فَظَلَمُوا۟ بِهَا﴾[5] وشتریشمان بە ئاشکرا دا بە سەموود، کەچی ناهەقیان لەگەڵ کرد. پاشان خودای گەورەلێرەدا ئەفەرموێت: ﴿فَعَقَرُوا۟ ٱلنَّاقَةَ وَعَتَوْا۟ عَنْ أَمْرِ رَبِّهِمْ وَقَالُوا۟ يَٰصَٰلِحُ ٱئْتِنَا بِمَا تَعِدُنَآ إِن كُنتَ مِنَ ٱلْمُرْسَلِينَ﴾ لە فەرمانی خودای خۆیان وازیان هێناو وشترەکەیان پەل پەل کرد (کوشت)، وتیان: ساڵح ئەگەر ڕاستە پێغەمبەری، چۆنت هەڕەشە لێ کردین بەجێی بێنە. کوشتنی وشترەکەی خستە گەردنی گشت هۆزەکە، ئەوەیش نیشانەی ئەوەیە کە هەموویان ڕازی بون بەو کارە والله أعلم.

---

[1] القمر (٢٨).

[2] الشعراء (١٥٥).

[3] الطبري (١٢/٥٣٧).

[4] الشمس (١٤).

[5] الاسراء (٥٩).

کوشتنی وشترەکە

ئیبنوجەریرو کەسانی تریش لە زانایانی تەفسیر وتویانە هۆکاری کوشتنی وشترەکە کە ژنێك بوو لە خۆیان ناوی عەنیزی کچی غەنەمەی کوڕی مەجلەز بوو پێیان دەوت ئوموغەنەم پیرەژنێکی خوانەناس بوو، یەکێك بوو لە دوژمنە سەرسەختەکانی سالح (سەلامی خوای لێبێ) کیژی جوان و سامانی زۆریشی هەبو، هاوسەرەکەیشی زوئابی کوڕی عەمر بوو کە یەکێك بوو لە سەرگەورەکانی سەموود، ژنێکی تریش ناوی سەدوفی کچی مەحیا کوڕی دهری کوڕی مەحیا بوو. خاوەن بنەماڵەو سامان و جوانیش بوو، هاوسەری پیاوێکی موسوڵمانی سەموودی بوو لێی جیا بوەوە. ئەم دوانە دەگەڕان بە شوێن کەسانێکدا کە بە گوێیان بکەن وشترەکەیان بۆ بکوژێ سەدوف ناردی بە شوێن پیاوێکدا ناوی حەباب بوو. پێی وت ئەگەر ئەو وشترە بکوژێ شوی پێدەکات بەڵام حەباب ڕازی نەبوو. پاشان ئامۆزایەکی هەبوو ناوی مەسدەعی کوڕی مەهرەجی کوڕی مەحیا بوو ناردی بە شوێنیدا، ئەو داواکەی قەبوڵ کرد. عنیزەی کچی غەنەمیش ناردی بە شوێن قەداری کوڕی سالفی کوڕی جوندەعدا کە پیاوێکی کورتە باڵای ناشیرین بوو، خەڵکی دەیانگوت زۆڵەو لەو باوکە نیە کە دەڵێن کوڕی ئەوە، کە سالیفە، بەڵکو هی پیاوێکی ترە ناوی سەهیادە بەڵام لەلای سالیف لە دایك بووە. عەنیزە پێی ووت: هەر کچێکت دەوێ لە کچەکانم پێت ئەدەم بەو مەرجەی ئەو وشترە بکوژی. ئیتر لەو کاتەوە قەداری کوڕی سالف و مەسدەعی کوڕی مەهرەج هەڵسان و هەوڵیان دا چەند کەسێکی تریان گومڕا کرد لە هۆزی سەموود حەوت کەس بە گوێیان کردن و لەگەڵیان چوون. بوون بە نۆ کەس. ئەوانە بون کە خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿ وَكَانَ فِي الْمَدِينَةِ تِسْعَةُ رَهْطٍ يُفْسِدُونَ فِي الْأَرْضِ وَلَا يُصْلِحُونَ ﴾[1] لەو شارەدا نۆ کەس (نۆ دەستە) هەبوون کە خراپەیان لە زەویدا دەکردو بە هیچ جۆرێ چاکەیان نەدەکرد. ئەمانە سەرۆکی هۆزەکانیان بوون، ئەو هۆزە خوانەناسەیان هەبوو بەلای خۆیاندا ڕاکێشاو هاوکاریان کردن بۆ کوشتنی وشترەکە. دەرچوون و چاودێری وشترەکەیان دەکرد کاتێ کە لای ئاوەکە لاچوو، لە بنی بەردێکدا قەداری کوڕی سالیف چوو بووە بۆسە بۆی لە ڕێگەکەیدا، مەسدەعیش لە بنی بەردێکی تردا بۆی دانیشتبوو، بە لای مەسدەعدا وشترەکە تێپەڕی تیرێکی لێ دا کێشای بە ماسولکەیەکی ڕانیدا، ئوموغەنەم واتە: عونەیزە دەرچوو داوای لە کچەکەی خۆی کە ئافرەتێکی زۆر جوان بوو کە ڕووی خۆی دەرخات بۆ قەدار هەڵی دەناو، ئەویش زۆری هێنا بە وشترەکە بە شمشێرەکەی دای لە دەماری پشتی و کێشای بە زەویداو کەوت و دەینالاند وەك ئاگاداریەك بۆ بێچوەکەی پاشان قەدار دای لە گەردنی و سەری بڕی. بێچوەکەی ڕایکرد تا خۆی گەیاندە کێوێکی بەرزو گەورە چووە سەر بەردێك کە

---

[1] النمل (٤٨).

دەنگێکی لەوە دەهات[1]، عەبدوڕەزاق ڕیوایەتی کردوەلە موعەمەرەوە لەو کەسانەی کە لە حەسەنی بەسرییان بیستوە کە (بیچوەکە) وتی: ئەی پەروەردگارم دایکم لە کوێیە؟ وتراوە: سێ جار ناڵە ناڵی کردوەو پاشان چوەتە ناو بەردێو لە ناویدا ون بووە. وتراویشە: شوێنی ئەمیش کەوتوەو لەگەڵ دایکیدا سەری بڕیوە.[2] والله أعلم. کە ئەو کارەیان ئەنجام داو لێبونەوە لە سەربڕینی وشترەکە، هەواڵەکە گەیشتە ساڵح (سەلامی خوای لێبێ) هات بۆ لایان هەموو کۆبوبونەوە کاتێ کە چاوی کەوت بە وشترەکە گریاو فەرمووی: ﴿تَمَتَّعُوا فِي دَارِكُمْ ثَلَاثَةَ أَيَّامٍ ذَلِكَ وَعْدٌ غَيْرُ مَكْذُوبٍ﴾[3] سێ ڕۆژ لە ماڵی خۆتاندا ڕاببوێرن، ئەمە بەڵێنی (خودایەو) بێ درۆیە.

هەوڵی بەدفەڕان بۆ کوشتنی ساڵح و سەرەتای سەرهەڵدانی سزاو پاشان دابارینی سزا بۆ هۆزی سەموود

ڕۆژی چوار شەممە بوو وشترەکەیان کوشت، کە ئێوارە داهات ئەو نۆ کەسە بڕیاریان دا کە ساڵح (سەلامی خوای لێبێ) بکوژن. وتیان: ئەگەر ڕاستی کردبێ ئەوا پێش خۆمان خستوە خۆ ئەگەر درۆیشی کردبێ ئەوا خستومانەتە لای وشترەکەی ﴿قَالُوا تَقَاسَمُوا بِاللَّهِ لَنُبَيِّتَنَّهُ وَأَهْلَهُ ثُمَّ لَنَقُولَنَّ لِوَلِيِّهِ مَا شَهِدْنَا مَهْلِكَ أَهْلِهِ وَإِنَّا لَصَادِقُونَ ﴿٤٩﴾ وَمَكَرُوا مَكْرًا وَمَكَرْنَا مَكْرًا وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ ﴿٥٠﴾ فَانظُرْ كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ مَكْرِهِمْ﴾[4] وتیان: ئێوە سوێند بخۆن، ئێمە ئەمشەو خۆیو ماڵو منداڵیشی لەناو دەبەین، بە خوێنگرانیشی دەڵێن: کە ئەو خێزانە کوژراون ئێمە ئاگامان لێ نەبوە ڕاستیش دەکەین، خەریك بوون کەتنێ بگێڕن، ئێمەش کەتنی خۆمان پێکردن، بێ ئەوە هەستی پێ بکەن. سا سەیرکە، سەرئەنجامی کەتنەکەیان بە کوێ گەیشت. کاتێ کە بڕیاری کوشتنی ساڵحیان دا (سەلامی خوای لێبێ) لەسەری ڕێکەوتن بە شەو بۆی هاتن هەتا ئەو پێغەمبەرەی خودا لەناوبەرن، خودای گەورە بەردی بۆ ناردنو بەردەبارانی کردن لە پێشداو بەر لە هۆزەکەیان. دەستەڵاتو پلەو پایە بۆ خوداو پێغەمبەرەکەیەتی وای لێهات ڕۆژی پێنج شەممە کە ئەو ڕۆژە یەکەم ڕۆژ بوو لەو ڕۆژانەی هۆزی سەموود چاوەڕوانیان دەکرد، ڕوویان زەرد هەڵگەڕا بوو وەك چۆن ساڵح (سەلامی خوای لێبێ) بەڵێنی پێدابون. وە لە ڕۆژی دووهەمدا لە ڕۆژەکانی چاوەڕوانی کە ڕۆژی هەینی بوو ڕوویان سوور هەڵگەڕا، وە لە ڕۆژی سێهەمدا لە ڕۆژەکانی خۆشیان کە ڕۆژی شەممە بوو ڕوویان ڕەش هەڵگەڕا، کاتێ

---

[1] الطبري (٥٣١/١٢).
[2] عبدالرزاق (٢٣١/٢).
[3] هود (٦٥).
[4] النمل (٤٩-٥١).

ڕۆژیان کردەوە لە ڕۆژی یەکشەمەدا، دانیشتبوون و چاوەڕوانی بەڵاو سزای خوایان دەکرد، پەنا بە خوا لەو سزایە، نەیاندەزانی چیان بەسەردێ و چۆن سزایان بۆ دادەبارێ، خۆر هەڵهات نەعرەتەیەکیان لە ئاسمانەوە بۆ هات لەگەڵ زەمین لەرزەیەکی زۆر توند لە ژێریانەوە، گیانیان دەرچوو کۆتایی بە ژیانیان هات لە یەك کاتدا. وەك خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿فَأَخَذَتْهُمُ الرَّجْفَةُ فَأَصْبَحُوا فِي دَارِهِمْ جَاثِمِينَ﴾ زۆر بە توندی بومەلەرزەیەکیان بۆ هات، هەر لەناو ماڵەکانیاندا هەموو مردن. واتە: لە هۆش خۆیان چوون و گیانیان تێدا نما، هیچ کەسێ لای لێ نەکردنەوە، نە گەورە نە بچوك، نە نێر نە مێ. دەڵێن: جگە لە کچێ کە لە جێگەدا کەوتبوو، کە ناوی کەلبە کچی سەلق پێشیان دەوت (الذُّرَیْعة) کە خوانەناس بوو زۆر قینیشی لە سالح بوو (سەلامی خوای لێبێ) کاتێ ئەو سزای بە چاوی خۆی بینی قاچەکانی کرایەوە (واتە: چاك بوە، هەڵساو زۆر بە پەلە ڕۆشت، چوو بۆ ئاوەدانیە لە شوێنە ئاوەدانەکان، ئەوەی چاوە پێی کەوتبوو بۆی گێڕانەوەو چیش بەسەر هۆزەکەیدا هاتوە. پاشان داوای ئاوی کرد کە بیخواتەوە. کاتێ ئاوەکەی خواردەوە گیانی دەرچوو.[1] زانایانی تەفسیر وتویانە لە نەوەی سەموود هیچ کەسیان نەما جگە لە سالح و (سەلامی خوای لێبێ) ئەوانەی شوێنی کەوتن (ڕەزای خوایان لێبێ) تەنیا پیاوێ نەبێ کە ئەبو ڕیغالیان پێ دەوت، لەو کاتەدا کە ئەو بەڵایە بەسەر سەموودا هات ئەو لە مەککە بوو تووشی ئەوە نەبوو. دوای چەند ڕۆژێ گەڕایەوە بەرەو ئەوێ، بەردێ لە ئاسمانەوە بۆی هات و کوشتی. عەبدوڕەزاقی کوڕی موعەمەر وتی: ئیسماعیلی کوڕی ئومەیە بۆی باس کردم کە پێغەمبەر(ﷺ) بەلای گۆڕی ئەبوڕیغالدا تێپەڕی فەرمووی: (ئایا دەزانن ئەمە کێیە؟) وتیان: خوداو پێغەمبەرەکەی چاکتر دەزانن. فەرمووی: (ئەمە گۆڕی ئەبوڕیغالە پیاوێك بوو لە هۆزی سەموود، لەو کاتەدا لە حەرەمی مەککەدا بوو، حەرەمی خوا پاراستی لە سزای خودا، کاتێ کە دەرچوو ئەوەی تووشی هۆزەکەی بوو، ئەمیش تووشی هات. ئا لێرەدا نێژراوەو چڵێ ئاڵتوونیشی لەگەڵدایە لەناو گۆڕەکەیدا. ئەو خەڵکە دابەزین و بە شمشێرەکانیان گەڕان بۆی چڵە زێڕەکەیان دەرهێنا)[2]. عەبدوڕەزاق لەموعەممەر ئەویش لە زوهەریەوە وتی: ئەبوڕیغال باوکی سەقیفە[3].

﴿فَتَوَلَّىٰ عَنْهُمْ وَقَالَ يَٰقَوْمِ لَقَدْ أَبْلَغْتُكُمْ رِسَالَةَ رَبِّي وَنَصَحْتُ لَكُمْ وَلَٰكِن لَّا تُحِبُّونَ ٱلنَّٰصِحِينَ ﴿٧٩﴾﴾

---

[1] الطبري (١٢/٥٣٤).

[2] عبدالرزاق (٢/٢٣٢).

[3] عبدالرزاق (٢/٢٣٢).

خـــودای گـــەورە ئەفـــەرموێت: ﴿ فَتَوَلَّىٰ عَنْهُمْ وَقَالَ يَٰقَوْمِ لَقَدْ أَبْلَغْتُكُمْ رِسَالَةَ رَبِّي وَنَصَحْتُ لَكُمْ وَلَٰكِن لَّا تُحِبُّونَ ٱلنَّٰصِحِينَ ﴾ سالّح لەوان دوور کەوتەوە گوتی: ئەی گەلەکەم من پەیامەکانی خودام پێگەیاندن، زۆریش ئامۆژگاریم کردن، بەڵام ئێوە ئامۆژگاری کارانتان خۆش ناویێ. ئەمە خۆی سەرزەنشت کردنێ بوو لە سالّحەوە (سەلامی خوای لێبێ) بۆ هۆزەکەی، کاتێ خودا لەناوی بردن بەهۆی دژایەتی کردنو یاخی بونیان بەرانبەر بە خوداو حەقیان قەبوڵ نەبوو پشتیان لە ڕێی ڕاست دەکردو بەرەو گومڕایی ملیان دەنا. دوای ئەوەی کە لەناوچوون سالّح (سەلامی خوای لێبێ) قسەی لەگەڵدا دەکردن وەك سەرزەنشت کردنو تانە لێدانیان (دەیگوت زۆر ئامۆژگاریم کردن، بەڵام ئێوە ئامۆژگاری کارانتان خۆش ناویێ)، ئەوان ئەو قسانەیان دەبیست، وەك لە هەردوو سەحیحەکەدا هاتوە کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) کاتێ کە سەرکەوت بەسەر خەڵکی بەدردا (سێ ڕۆژ لەوێدا ماوە پاشان فەرمانی دا کە وڵاغەکەی بۆ ئامادە کەن دوای سێ ڕۆژ لە کۆتایی شەودا سواری بوو پاشان ڕۆشت تا چووە سەر بیرەکان، بیرەکانی بەدر ئەیفەرموو: (ئەی ئەبوجەهلی کوڕی هیشام ئەی عوتبەی کوڕی ڕەبیعە ئەی شەیبەی کوڕی ڕبیعە وە ئەی فلانی کوڕی فلان. ئایا ئەوەی کە پەروەردگارتان بەڵێنی پێدان دەستتان کەوت بەڕاستی من ئەوەی پەروەردگارم بەڵێنی پێدام بەڕاستی دەستم کەوت)، عومەر پێی وت: ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) تۆ چۆن قسە لەگەڵ کەسانێ دەکەی کە بۆنیان کردوە؟ پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (سوێند بەو خودایە کە گیانی منی بەدەستە ئێوە چاکتر گوێتان لەوە نیە کە من دەیلێم. بەڵام ناتوانن وەڵام بدەنەوە)[1]، سالّحیش هەر وای وت بە هۆزەکەی: ﴿لَقَدْ أَبْلَغْتُكُمْ رِسَالَةَ رَبِّي وَنَصَحْتُ لَكُمْ﴾ من پەیامەکانی خودام پێگەیاندنو ئامۆژگاریم کردن، هەر بۆیە فەرمووی: ﴿وَلَٰكِن لَّا تُحِبُّونَ ٱلنَّٰصِحِينَ﴾ بەڵام ئێوە ئامۆژگاری کارانتان خۆش ناویێ.

﴿ وَلُوطًا إِذْ قَالَ لِقَوْمِهِۦٓ أَتَأْتُونَ ٱلْفَٰحِشَةَ مَا سَبَقَكُم بِهَا مِنْ أَحَدٍ مِّنَ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٨٠﴾ إِنَّكُمْ لَتَأْتُونَ ٱلرِّجَالَ شَهْوَةً مِّن دُونِ ٱلنِّسَآءِ ۚ بَلْ أَنتُمْ قَوْمٌ مُّسْرِفُونَ ﴿٨١﴾ ﴾

بەسەرهاتی لووت (سەلامی خوای لێبێ) و هۆزەکەی

خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿ وَلُوطًا إِذْ قَالَ لِقَوْمِهِۦٓ ﴾ لووتیشمان نارد، (وذکر لوطاً) واتە باسی لووتیش بکە کاتێ بە هۆزەکەی خۆی وت: ﴿أَتَأْتُونَ ٱلْفَٰحِشَةَ مَا سَبَقَكُم بِهَا مِنْ أَحَدٍ مِّنَ ٱلْعَٰلَمِينَ﴾ ئێوە کاری ئەوەندە شورەیی دەکەن، بەر لە ئێوە کەس لە دنیا نەیکردوە؟ ئێوە بۆ خۆ ڕەحەت کردن

[1] فتح الباري (٣٥١/٧)، مسلم (٢٢٠٣/٤).

لە بری ژنان پەلاماری پیاوان ئەدەن، بێگومـان ئەنـدازەتان دەرکـردوە. لـووت (سـەلامی خـوای لێبـێ) کوڕی هارانی کوڕی ئازەرە، برازای ئیبراهیمی خەلیلە(سەلامی خـوای لێبـێ) لەگـەڵ ئیبراهیمـدا بـڕوای هێناو لەگەڵیشی چوو بۆ سەر زەمینـی شـام، خـودای گـەورە نـاردی بـۆ سـەر خـەڵکی سـەدومو ئـەو دێهاتانەی دەوری، بانگی کردن بۆ لای خوداو فەرمانی پێکردن کە چاکە بکـەنو واز لـەو کـارە خـراپو ناڕەواو بەدفەڕیانە بێـنن کـە خۆتـان داتـان هێنـاوەو کـەس لـە پـێش ئێـوە لـە نـەوی ئـادەم لـە دنیـا نەیکردوە. کە پەلاماردانی پیاوانە بۆ ڕابواردن لە باتی ژنان، ئەمە شتێکە کە نەوی ئـادەم خـوی پێـوە نەگرتوەو ئالودەی نەبوەو بە خەیاڵیشیاندا نەهاتوە. تا خەڵکی سەدوم بەوە هەڵسان نەفرینی خوایـان لێبێ. هەر بۆیە لووت (سەلامی خـوای لێبـی) پێـی وتـن: ﴿أَتَأْتُونَ ٱلْفَٰحِشَةَ مَا سَبَقَكُم بِهَا مِنْ أَحَدٍ مِّنَ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٨٠﴾ إِنَّكُمْ لَتَأْتُونَ ٱلرِّجَالَ شَهْوَةً مِّن دُونِ ٱلنِّسَآءِ ۚ بَلْ أَنتُمْ قَوْمٌ مُّسْرِفُونَ﴾ عـەمری کـوڕی دینار لەم ئایەتەدا: ﴿مَا سَبَقَكُم بِهَا مِنْ أَحَدٍ مِّنَ ٱلْعَٰلَمِينَ﴾ دەڵێت: لە پێشدا هیچ نێرێ سواری نێرێ تر نەبوە. واتە: نێر سێکسی لەگەڵ نێردا نەکردوە. هەتا ئەو کاتەی هۆزی لووت کردیان.[1] واتە: وازتـان هێنا لە ژنانو ئەوەی خوا دروسـتی کـرد بـوو بۆتـان لێیـان چـوون بـۆ پیـاوان، ئەمـەیش زیـادەڕەویو نەفامیە کە ئێوە دەیکەن. چونکە دانانی ئەو شتەیە کە لە شوێنی خۆیدا نیە. هـەر بۆیـە لـە ئایـەتێکی تردا لـووت (سـەلامی خـوای لێبـێ) ئەفـەرموێت: ﴿قَالَ هَٰٓؤُلَآءِ بَنَاتِىٓ إِن كُنتُمْ فَٰعِلِينَ﴾[2] ئەوانـە کـیژەکانی منن، چیتان دەوێ وەرن لەگەڵیان بیکەن. ڕێنمایی کردن بۆ لای کچەکانی خۆی، پۆزشیان بۆ هێنایەوە کە ئارەزویان لە کچەکانی نیـە ﴿قَالُوا۟ لَقَدْ عَلِمْتَ مَا لَنَا فِى بَنَاتِكَ مِنْ حَقٍّ وَإِنَّكَ لَتَعْلَمُ مَا نُرِيدُ﴾[3] وتیـان: خـۆت ئەمەت زانیوە، هیچ کارێکمان بە کچەکانی تۆ نیە، دیارە بۆ خۆشت دەزانی چیمان دەوێ. واتە: خـۆت باش زانیوتە کە ئێمە کارمان بە ژنانەوە نیە حەزیشیان لێ ناکەین، وە چاکیش دەزانی کـە مەبەسـتمان میوانەکانتە.

﴿وَمَا كَانَ جَوَابَ قَوْمِهِۦٓ إِلَّآ أَن قَالُوٓا۟ أَخْرِجُوهُم مِّن قَرْيَتِكُمْ ۖ إِنَّهُمْ أُنَاسٌ يَتَطَهَّرُونَ ﴿٨٢﴾﴾

خـودای گـەورە ئەفـەرموێت: ﴿وَمَا كَانَ جَوَابَ قَوْمِهِۦٓ إِلَّآ أَن قَالُوٓا۟ أَخْرِجُوهُم مِّن قَرْيَتِكُمْ ۖ إِنَّهُمْ أُنَاسٌ يَتَطَهَّرُونَ﴾ هۆزەکەی لووت وەڵامیان هەر ئەوەندە بوو: لـە شـاری خۆتـان دەریـان کـەن، ئەمانە کەسانێکن کە دەیانەوێ بە پاکو خاوێنی بژین! واتە: وەڵامی لووتیـان ئەدایـەوە، تـەنیا ئـەوە

---

[1] الطبري (١٢/٥٤٨).

[2] الحجر (٧١).

[3] هود (٧٩).

نەبێ کە بڕیاری دەرکردن‌و دوور خستنەوەی خۆی‌و ئەو کەسانەشیان دا کە لەگەڵی بوون، خودای گەورە ئەمانی بە سەلامەتی دەرکردو، هۆزەکەشی لە شوێنی خۆیاندا لەناو بردو بنەبڕ کرد بە سەرشۆڕی‌و ڕسوایی. قەتادە لەم ئایەتەدائەڵێت: ﴿إِنَّهُمْ أُنَاسٌ يَتَطَهَّرُونَ﴾ ئەمانە کەسانێکن دەیانەوێ بە پاك‌و خاوێنی بژین، وتی: بە بێعەیب عەیبداریان کردبوون[1] واتە: پاك داوێنیەکەی ئەوانیان بە عەیب دانابوو. موجاهید ئەڵێت: ئەوانە کەسانێ بوون خۆیان پاك‌و خاوێن ڕادەگرت لە پاشی پیاوان‌و پاشی ژنان[2]، هەر بەم شێوەیەش ڕیوایەت کراوە لە ئیبنوعەبباسەوە[3].

﴿ فَأَنجَيْنَٰهُ وَأَهْلَهُۥٓ إِلَّا ٱمْرَأَتَهُۥ كَانَتْ مِنَ ٱلْغَٰبِرِينَ ﴿٨٣﴾ وَأَمْطَرْنَا عَلَيْهِم مَّطَرًا فَٱنظُرْ كَيْفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلْمُجْرِمِينَ ﴿٨٤﴾ ﴾

خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿ فَأَنجَيْنَٰهُ وَأَهْلَهُۥٓ ﴾ ئیتر خۆی‌و کەس‌و کاریمان ڕزگار کرد. هیچ کەس لە هۆزەکەی بڕوایان پێ نەهێنا جگە لە کەس‌و کارەکەی خۆی وەك خودای گەورە لە ئایەتی تردا ئەفەرموێت: ﴿فَأَخْرَجْنَا مَن كَانَ فِيهَا مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿٣٥﴾ فَمَا وَجَدْنَا فِيهَا غَيْرَ بَيْتٍ مِّنَ ٱلْمُسْلِمِينَ﴾[4] ئەوسا باوەڕدارانمان لێ دەرکرد ئێمە جگە تەنیا ماڵێك خواناسێکمان تێدا دەس نەکەوت ﴿إِلَّا ٱمْرَأَتَهُۥ كَانَتْ مِنَ ٱلْغَٰبِرِينَ﴾ هەر تەنیا ژنەکەی نەبێ ئەو کەوتە شوێن بەجێماوان‌و باوەڕی نەهێنا بە لووت (سەلامی خوای لێبێ) لەسەر دینی هۆزەکەی مایەوە، یارمەتی هۆزەکەی ئەدا دژی لووت (سەلامی خوای لێبێ) ئاگاداری کردن بە هاتنی ئەو میوانانە بۆ ماڵیان بەو هێمایانەی کە لە نێوان خۆی‌و هۆزەکەیدا دایاننابوو. هەر بۆیە کە فەرمان درا بە لووت (سەلامی خوای لێبێ) لە شەودا کەس‌و کارەکەی دەرکات‌و ژنەکەی پێیان نەزانێ تا لەگەڵیان دەرنەچێ لەو شارە. هەندێ دەڵێن: لەگەڵیان دەرچوو کاتێ سزاکە هات لای کردەوە ئەوەی تووشی هۆزەکەی هات تووشی ئەویش بوو. ڕاستتر ئەوەیە کە لە شارەکە دەرنەچوو لووتیش (سەلامی خوای لێبێ) ئاگاداری نەکردو لەگەڵ هۆزەکەی مایەوە. هەر بۆیە لێرەدا خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿إِلَّا ٱمْرَأَتَهُۥ كَانَتْ مِنَ ٱلْغَٰبِرِينَ﴾ واتە: لەوانە بوو کە ماوە، هەندێ دەڵێن: لەوانە بوو کە لەناوچوو. ﴿ وَأَمْطَرْنَا عَلَيْهِم مَّطَرًا ﴾ بارانێکمان بۆ

---

[1] الطبري (١٢/٥٥٠).
[2] الطبري (١٢/٥٥٠).
[3] الطبري (١٢/٥٥٠).
[4] الذاريات (٣٥-٣٦).

ناردن، ئەمما باران. ئەم ئایەتە بەم ئایەتانە تەفسیر کراوە، خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَأَمْطَرْنَا عَلَيْهَا حِجَارَةً مِّن سِجِّيلٍ مَّنضُودٍ ﴿٨٢﴾ مُّسَوَّمَةً عِندَ رَبِّكَ وَمَا هِيَ مِنَ الظَّالِمِينَ بِبَعِيدٍ﴾[1] قوڕی خڕی وەك بەردمان، باراند بەسەریاندا بە دوای یەكداو بەبێ ناوبڕ. لەلای پەروەردگارت هەموو نیشانە کرابوون، بەلای ئەوە دەربارەی ستەمکاران هیچ دوور نیە. بۆیە لێرەدا خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿فَانظُرْ كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُجْرِمِينَ﴾ دە بڕوانە پاشەڕۆژی ئەو تاوانبارانە چۆن بوو. واتە: ئەی موحەممەد(ﷺ) سەیری پاشەڕۆژی ئەوانە کە، کە دەس کۆتا ناکەن لە بێ گوێی خوداو بڕوا بە پێغەمبەرەکەی ناکەن چۆن دەبێ. ئیمامی ئەحمەدو ئەبوداودو تیرمیزیو ئیبنوماجە ڕیوایەتیان کردوە لە ئیبنوعەبباسەوەئەڵێت: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (هەر کەسێکتان بینی هەڵسا بە کاری هۆزی لووت کار کەرو کار تیا کراو بکوژن (فأقتلوا الفاعل و المفعول به))[2].

﴿وَإِلَىٰ مَدْيَنَ أَخَاهُمْ شُعَيْبًا ۗ قَالَ يَا قَوْمِ اعْبُدُوا اللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَٰهٍ غَيْرُهُ ۖ قَدْ جَاءَتْكُم بَيِّنَةٌ مِّن رَّبِّكُمْ ۖ فَأَوْفُوا الْكَيْلَ وَالْمِيزَانَ وَلَا تَبْخَسُوا النَّاسَ أَشْيَاءَهُمْ وَلَا تُفْسِدُوا فِي الْأَرْضِ بَعْدَ إِصْلَاحِهَا ۚ ذَٰلِكُمْ خَيْرٌ لَّكُمْ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ﴿٨٥﴾﴾

بەسەرهاتی شوعەیبو (سەلامی خوای لێبێ) مەدیەن

خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَإِلَىٰ مَدْيَنَ أَخَاهُمْ شُعَيْبًا﴾ بۆ (مەدیەنیش) شوعەیبمان نارد، کە ئەویش هەر لە خۆیان بوو. موحەممەدی کوڕی ئیسحاق ئەڵێت: ئەمانە لە نەوەی مەدیەنی کوڕی مەدیانی کوڕی ئیبراهیمە شوعەیب کوڕی میکیلی کوڕی یەشجنە دەڵێن: بە سریانی ناوی (یثرون)ە.[3] منیش دەڵێم: مەدیەن بۆ ئەو هۆزەو بۆ ئەو شارەیش بەکار هێنراوە کە لە نزیکی مەعانە لە ڕێگەی حیجازەوە خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَلَمَّا وَرَدَ مَاءَ مَدْيَنَ وَجَدَ عَلَيْهِ أُمَّةً مِّنَ النَّاسِ يَسْقُونَ﴾[4] کە هاتە سەر ئاوی مەدیەن کۆمەڵێ لە خەڵکەکەی بینی ئاو هەڵدەگۆزن. ئەمانە خاوەن دارستانەکانن کە بەو زوانە خوا مەیلی لێبێ باسی دەکەین ﴿قَالَ يَا قَوْمِ اعْبُدُوا اللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَٰهٍ غَيْرُهُ ۖ قَدْ جَاءَتْكُم بَيِّنَةٌ مِّن رَّبِّكُمْ ۖ فَأَوْفُوا الْكَيْلَ وَالْمِيزَانَ وَلَا تَبْخَسُوا النَّاسَ أَشْيَاءَهُمْ

---

[1] هود (٨٢-٨٣).

[2] أحمد (١/٣٠٠)، الترمذي (١٤٥٦)، أبوداود (٤٤٦٢)، إبن ماجة (٢٥٦١)، لە حەسەن دەچێ.

[3] الطبري (١٢/٥٥٤).

[4] القصص (٢٣).

وَلَا تُفْسِدُوا فِي الْأَرْضِ بَعْدَ إِصْلَاحِهَا ذَٰلِكُمْ خَيْرٌ لَّكُمْ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ﴾ وتـی: ئـەی گەلەکـەم خـودا بپەرسـتن، جگـە لـەو ئێـوە خودایـەکتان نیـە، نیـشانەیەکی ئاشکراشـتان لای پەروەردگارتانەوە بۆ هاتوە، با پێوانەو تەرازوتان بەرانبەر بێ‌و لە ماڵی خـەڵك مەدزنـەوە لـە زەویـشدا (دوای ئاوەدانکردنی) بەدفەڕی مەکەن. ئەگەر بڕواتـان بـە خـودا هـەبێ ئەمـە بـۆ ئێـوە باشـترە. ئەمـە بانگەوازی گشت پێغەمبەران بوە. ئەی خەڵکینە لەلایەن خواوە نیشانەی ئاشکرام بـۆ هێنـاون لەسـەر ڕاستی ئەو پەیامە کە بۆم هێناون، پاشان ئامۆژگاری کردن کە با پێوانەو تەرازویان بەرانبـەر بـێ‌و لـە ماڵی خەڵك نەدزنەوە. واتە: خەیانەت لە ماڵی خەڵکی نەکەن، کەمیان بـدەنێ لـە کێشانەو پێوانـەداو فێڵیان لێ بکەن. وەك خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَيْلٌ لِّلْمُطَفِّفِينَ﴾ هاوار بۆ تەرازوو بازان. تا دەگاتە: ﴿لِرَبِّ الْعَالَمِينَ﴾[1] ئەمە هەڕەشەیەکی زۆر توندو تیژە، داوامـان لـە خودایـە بمـان پـارێزێ لێـی. پاشـان خودای گەورە دێتە سەر باسی شوعەیب (سەلامی خوای لێبێ) کە پێی دەوترا: (خطيب الانبياء) لەبـەر ڕەوانبێژی لە ئەو ئامۆژگاریە چاکەکانی.

﴿ وَلَا تَقْعُدُوا بِكُلِّ صِرَاطٍ تُوعِدُونَ وَتَصُدُّونَ عَن سَبِيلِ اللَّهِ مَنْ آمَنَ بِهِ وَتَبْغُونَهَا عِوَجًا وَاذْكُرُوا إِذْ كُنتُمْ قَلِيلًا فَكَثَّرَكُمْ وَانظُرُوا كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُفْسِدِينَ ﴿٨٦﴾ وَإِن كَانَ طَائِفَةٌ مِّنكُمْ آمَنُوا بِالَّذِي أُرْسِلْتُ بِهِ وَطَائِفَةٌ لَّمْ يُؤْمِنُوا فَاصْبِرُوا حَتَّىٰ يَحْكُمَ اللَّهُ بَيْنَنَا وَهُوَ خَيْرُ الْحَاكِمِينَ ﴿٨٧﴾ ﴾

شوعەیب (سەلامی خوای لێبێ) داوای لە هۆزەکەی کرد کە سەرە ڕێگە لـە خـەڵکی نـەگرن‌و ئـازاری خەڵکی نەدەن چ ئازاری لاشەیی بێ یان ئازاری دەروونی وەك خودای مەزن ئەفـەرموێت لەسـەر زمـانی شوعەیب (سەلامی خـوای لێبـێ): ﴿ وَلَا تَقْعُدُوا بِكُلِّ صِرَاطٍ تُوعِدُونَ ﴾ لەسـەر هـەموو ڕێگایەکدا دامەنیشن بۆ ترساندنی خەڵك. واتە: هەڕەشەی کوشتن لـە خـەڵکی بکـەن ئەگـەر ماڵەکانی خۆیـان بـە ئێوە نەدەن. سوودی‌و کەسانی تریش وتویانە: ئەوانـە ڕێگـر بـوون (كانوا عشارين)[2]، ئیبنوعـەبباس‌و موجاهیـدو کەسـانی تـریش ئـەڵێن: ﴿ وَلَا تَقْعُدُوا بِكُلِّ صِرَاطٍ تُوعِدُونَ ﴾ واتـە: هەڕەشـەیان لـەو خاوەنباوەڕانە دەکرد کـە شـوێنی شـوعەیب دەکـەوتن (سـەلامی خـوای لێبـێ)[3] ڕای یەکـەم بـەهێزترە

[1] المطففين (١ـ٦).

[2] الطبري (١٢/٥٥٧).

[3] الطبري (١٢/٥٥٧).

چونکە ئەفەرموێت: ﴿بِكُلِّ صِرَٰطٍ﴾ لەسەر هەموو ڕێگایەکدا. بۆ دووهەمیش ئەفەرموێت: ﴿وَتَصُدُّونَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ مَنْ ءَامَنَ بِهِۦ وَتَبْغُونَهَا عِوَجًا﴾ بۆ ئەوەی ئەو کەسانەی بڕوایان هێناوە لە ڕێگەی خودا لایاندەن، ڕێگای ئەویان بە لارو چەوت نیشان بدەن ﴿وَٱذْكُرُوٓا۟ إِذْ كُنتُمْ قَلِيلًا فَكَثَّرَكُمْ﴾ لە بیرتان بێ ئێوە کەم بوون زۆری کردن. واتە: لەبەر ئەوەی کەمو بێدەستەلات بوون، زۆری کردن‌و بوونە خاوەندەستەلات. بەهرەکانی خودا لە بیر مەکەن کە پێی داون ﴿وَٱنظُرُوا۟ كَيْفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلْمُفْسِدِينَ﴾ سەیرکەن پاشەڕۆژی بەدفەڕان بە کوێ گەیشت. واتە: لەگەڵ نەتەوە پێشوەکان کە چیان بەسەرهات لە سزاو تۆڵەی گرانی خودای گەورە لەبەر سەرپێچی کردنیان لە فەرمانەکانی خوداو بڕوا نەهێنانیان بە پێغەمبەرەکانی (سەلامی خوایان لێبێ) پاشان خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَإِن كَانَ طَآئِفَةٌ مِّنكُمْ ءَامَنُوا۟ بِٱلَّذِىٓ أُرْسِلْتُ بِهِۦ وَطَآئِفَةٌ لَّمْ يُؤْمِنُوا۟ فَٱصْبِرُوا۟ حَتَّىٰ يَحْكُمَ ٱللَّهُ بَيْنَنَا ۚ وَهُوَ خَيْرُ ٱلْحَٰكِمِينَ﴾ ئەگەر هێندێك لە ئێوە بڕوای هێناوە بەو شتانەی کە منی پێ سپێراوەو هێندێکیشتان بڕوایان پێ نەهێناوە، خۆ ڕابگرن تا خوا بۆ خۆی لە نێوانماندا دادوەری بکات، خۆشی چاکترین دادوەرە. بێگومان خودا پاشەڕۆژی لە خوا ترسانی تۆمار کردوەو بنەبڕ کردنی خوانەناسانیشی هەر تۆمار کردوە.

﴿قَالَ ٱلْمَلَأُ ٱلَّذِينَ ٱسْتَكْبَرُوا۟ مِن قَوْمِهِۦ لَنُخْرِجَنَّكَ يَٰشُعَيْبُ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ مَعَكَ مِن قَرْيَتِنَآ أَوْ لَتَعُودُنَّ فِى مِلَّتِنَا ۚ قَالَ أَوَلَوْ كُنَّا كَٰرِهِينَ ﴿٨٨﴾ قَدِ ٱفْتَرَيْنَا عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا إِنْ عُدْنَا فِى مِلَّتِكُم بَعْدَ إِذْ نَجَّىٰنَا ٱللَّهُ مِنْهَا ۚ وَمَا يَكُونُ لَنَآ أَن نَّعُودَ فِيهَآ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُ رَبُّنَا ۚ وَسِعَ رَبُّنَا كُلَّ شَىْءٍ عِلْمًا ۚ عَلَى ٱللَّهِ تَوَكَّلْنَا ۚ رَبَّنَا ٱفْتَحْ بَيْنَنَا وَبَيْنَ قَوْمِنَا بِٱلْحَقِّ وَأَنتَ خَيْرُ ٱلْفَٰتِحِينَ ﴿٨٩﴾﴾

خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿قَالَ ٱلْمَلَأُ ٱلَّذِينَ ٱسْتَكْبَرُوا۟ مِن قَوْمِهِۦ لَنُخْرِجَنَّكَ يَٰشُعَيْبُ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ مَعَكَ مِن قَرْيَتِنَآ أَوْ لَتَعُودُنَّ فِى مِلَّتِنَا﴾ پیاوماقولانی هۆزی (شوعەیب) کە لەخۆبایی بووبوون وتیان: ئێمە تۆش‌و ئەوکەسانەش کە لەگەڵ تۆ باوەڕیان هێناوە، لە شاری خۆمان دەردەکەین، یان دێنەوەسەر ئاینی ئێمە، ئەمە هەواڵێکە لەلایەن خودای گەورەوە، کە بە چ شێوەیەك ئەو خودانەناسانە بەرەنگاری پێغەمبەرەکەی شوعەیب‌و ئەوانەی لەگەڵی بوون لە خاوەن باوەڕان بوونەتەوە، هەڕەشەیان لە خۆی‌و ئەوانەی لەگەڵی بوون دەکردن بە دەرکردن لە شارەکەیان یان ناچارکردنیان بە گەڕانەوە بۆ سەر ئاینەکەی ئەوان‌و ئەوەی ئەوانە دەیکەن‌و بەبێ ئەوانیش لەگەڵیاندا بیکەن. ڕووی قسەیان لەگەڵ

شوعەیب بوو، بەڵام مەبەستیان شوێنکەوتووەکانیشی بووە، ئەوانەی کە لەگەڵی بوون لەسەر ئەو ئاینە. خودای گەورە لەسەر زمانی شوعەیب دەفەرموێت:﴿أَوَلَوْ كُنَّا كَٰرِهِينَ﴾ وتی: ئەگەر حەزیش نەکەین. واتە: ئاخۆ ئێوە هەڵدەستن بەوکارە ئەگەر ئەوەی ئێوە ئێمەی بۆ بانگ بدەن حەزیشی لێ نەکەین، ﴿ قَدِ ٱفْتَرَيْنَا عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا إِنْ عُدْنَا فِى مِلَّتِكُم بَعْدَ إِذْ نَجَّىٰنَا ٱللَّهُ مِنْهَا﴾ شوعەیب وتی: ئەگەر بێینەوەسەر دینی ئێوە لەپاش ئەوەی کە خودا ڕزگاری کردین لێی، درۆمان بەدەم خوداوە هەڵبەستووە. بەو هاویەشانە دایدەنێن لەگەڵیدا، ئەمە قسەی شوعیبە بەڵام بەناوی خۆیو شوێنکەوتووەکانیەوە کردوویەتی، ﴿وَمَا يَكُونُ لَنَآ أَن نَّعُودَ فِيهَآ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُ رَبُّنَا﴾ ڕەوانیە بۆ ئێمە جارێکی تر بگەڕێینەوەسەر ئەو ئاینە، مەگین پەروەردگارمان مەیلی لێبێت. ﴿وَسِعَ رَبُّنَا كُلَّ شَىْءٍ عِلْمًا﴾ زانستی پەروەردگارمان هەموو شتێکی گرتووەتەوە. ﴿عَلَى ٱللَّهِ تَوَكَّلْنَا﴾ خۆمان بە خودا سپاردووە، واتە: لە خەموو کارو فەرمانێکدا کە پێی هەڵدەستین یان وازی لێ دێنین، ﴿رَبَّنَا ٱفْتَحْ بَيْنَنَا وَبَيْنَ قَوْمِنَا بِٱلْحَقِّ﴾ ئەی پەروەردگارمان تۆ لە نێوان ئێمەو هۆزەکەماندا دادوەری بکە بە هەق، سەریشمان بخە بەسەریاندا، ﴿وَأَنتَ خَيْرُ ٱلْفَٰتِحِينَ ﴾ چاکترین دادوەر هەرخۆتی. هەرگیز ستەم لەکەس ناکەیت.

﴿ وَقَالَ ٱلْمَلَأُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مِن قَوْمِهِۦ لَئِنِ ٱتَّبَعْتُمْ شُعَيْبًا إِنَّكُمْ إِذًا لَّخَٰسِرُونَ ﴿٩٠﴾ فَأَخَذَتْهُمُ ٱلرَّجْفَةُ فَأَصْبَحُوا۟ فِى دَارِهِمْ جَٰثِمِينَ ﴿٩١﴾ ٱلَّذِينَ كَذَّبُوا۟ شُعَيْبًا كَأَن لَّمْ يَغْنَوْا۟ فِيهَا ۚ ٱلَّذِينَ كَذَّبُوا۟ شُعَيْبًا كَانُوا۟ هُمُ ٱلْخَٰسِرِينَ ﴿٩٢﴾﴾

خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَقَالَ ٱلْمَلَأُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مِن قَوْمِهِۦ لَئِنِ ٱتَّبَعْتُمْ شُعَيْبًا إِنَّكُمْ إِذًا لَّخَٰسِرُونَ﴾ دیسان دەستەڵاتدارانی هۆزەکەی (ئەوانەی لە دین لایاندابوو) وتیان: ئەگەر شوێن شەعەیب بکەون بێگومان تووشی زەرەردەبن. خودای مەزن باسی زۆر بێ دینیو لاساریو مل نەدانی ئەمانە دەکات. کە چۆن لە گومراییدا ڕۆچوونو هەمیشە ئارەزوویان لە لەخراپەو سەرپێچی بوون هەربۆیە سوێندیان دەخوارد وەك خودای گەورە فەرموویەتی دەیانوت:﴿لَئِنِ ٱتَّبَعْتُمْ شُعَيْبًا إِنَّكُمْ إِذًا لَّخَٰسِرُونَ﴾ ئەگەر شوێنی شوعەیببکەون بێگومان تووشی زیان دەبن. بۆیە خودای گەورە دوای ئەوە دەفەرموێت: ﴿ فَأَخَذَتْهُمُ ٱلرَّجْفَةُ فَأَصْبَحُوا۟ فِى دَارِهِمْ جَٰثِمِينَ ﴾ ئیتر بەهۆی ئەو بومەلەرزەوە کە بە توندی لێیدان. هەموو لە ماڵی خۆیاندا لەناوچوون. خودای گەورە لێرەدا فەرموویەتی ئەوانە بومەلەرزە لێی دان، وەك

چۆن شوعەیبو هاوەڵەکانی شوعەیبیان توشی دڵەلەرزەکردو هەڕەشەیان لێکردن کە دەریان دەکەن لە شارەکەیان. وەك لە سورەتی (هود) دا باسی کردونو فەرموویەتی: ﴿وَلَمَّا جَآءَ أَمْرُنَا نَجَّيْنَا شُعَيْبًا وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ مَعَهُۥ بِرَحْمَةٍ مِّنَّا وَأَخَذَتِ ٱلَّذِينَ ظَلَمُوا۟ ٱلصَّيْحَةُ فَأَصْبَحُوا۟ فِى دِيَـٰرِهِمْ جَـٰثِمِينَ﴾[1] کە فەرمانی ئێمە هات، لە بەزەیی خۆمانەوە شوعەیبو هاوەڵەبروادارەکانی کە لەگەڵی بوون ڕزگارکرد. ناهەقیکارانیش نەعرەتەیەکی وا لێیدان کە هەموویان دەمو ڕووگیانیان دەرچوو. باسەکەلەوێدا ئەوە دەگەیەنێت والله أعلم.... کاتێك کە خودانەناسەکان گاڵتەیان بە شوعەیب کردو دەیانوت: ﴿يَـٰشُعَيْبُ أَصَلَوٰتُكَ تَأْمُرُكَ أَن نَّتْرُكَ مَا يَعْبُدُ ءَابَآؤُنَآ أَوْ أَن نَّفْعَلَ فِىٓ أَمْوَٰلِنَا مَا نَشَـٰٓؤُا۟﴾ شوعەیب ئایا نوێژەکەت هانت دەدات ئێمە واز لەوشتە بێنینکە بابو باپیرانمان دەیانپەرستن، یان وەك خۆمان دمانەوێت لە سامانی خۆماندا دەستکاری نەکەین؟ ئەو نەعرەتە لێی دان بێدەنگی کردن. خودای گەورە لە سورەتی (الشعراء) دا ئەفەرمووێت: ﴿فَكَذَّبُوهُ فَأَخَذَهُمْ عَذَابُ يَوْمِ ٱلظُّلَّةِ ۚ إِنَّهُۥ كَانَ عَذَابَ يَوْمٍ عَظِيمٍ﴾[2] ئیتر باوەڕیا نەهێنا پێی، تا لە ڕۆژێکی هەوردا سزادران، لەو ڕۆژەدا ئەو سزایە زۆر گەورەبوو. ئەو سزایە هەر لەبەرئەوەبوو کە ئەوانە لەنێوان قسەکانیانداەدیانوت بەشوعەیب ﴿فَأَسْقِطْ عَلَيْنَا كِسَفًا مِّنَ ٱلسَّمَآءِ إِن كُنتَ مِنَ ٱلصَّـٰدِقِينَ﴾[3] دەی ئەگەر تۆ ڕاست دەکەیت چەند پارچەیەکمان لە ئاسمان بەسەردا بخەرەخوارێ. خوداش فەرموویەتی لە ڕۆژێکی هەوردا تووشی ئەو سزایەهاتن، ئەو سزانەیان هەموو بەسەرداهات، یەکێك لەوسزایانە ﴿فَأَخَذَهُمْ عَذَابُ يَوْمِ ٱلظُّلَّةِ﴾ هەور دایگرتن کە هەورە بروسکەو کڵپەو چەخماخەی ئاگری زۆر گەورەبوو، پاشان نەعرەتەی بەهێز لە ئاسمانەوەو زەمین لەرزەی زۆر توندیش لە خوارەوە گیانی کێشانو هەناسەی لێ بڕینو لاشەکانی کپ کردنەوە. ﴿فَأَصْبَحُوا۟ فِى دِيَـٰرِهِمْ جَـٰثِمِينَ﴾ هەموو لەماڵی خۆیاندا لەناوچوون. پاشان خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿ٱلَّذِينَ كَذَّبُوا۟ شُعَيْبًا كَأَن لَّمْ يَغْنَوْا۟ فِيهَا ۚ ٱلَّذِينَ كَذَّبُوا۟ شُعَيْبًا كَانُوا۟ هُمُ ٱلْخَـٰسِرِينَ﴾ ئەوکەسانەی قسەکانی شوعیبیان بە درۆدانا، وا لەناوچوون دەتوت هەرلەوێدا نەبوون، ئەوانە وا قسەکانی شوعەیبیان بە درۆ دەزانی، هەرخۆیان زیانباربوون. واتە: کاتێك کە تووشی ئەو بەڵایەبوون وەك ئەوەی کە هەرگیز لەو شوێنەدا نەژیابن کە ویستیان پێغەمبەر شوعەیبو هاوەڵەکانی تێدا دەربکەن. پاشان خودای مەزن لە بەرامبەر

[1] هود (٩٤).

[2] الشعراء (١٨٩).

[3] الشعراء (١٨٧).

ئەو قسەی ئەواندا کە وتیان دەفەرمووێت: ﴿ٱلَّذِينَ كَذَّبُواْ شُعَيْبًا كَانُواْ هُمُ ٱلْخَٰسِرِينَ﴾ واتە: ئەوانەی قسەی شوعەیبیان بە درۆزانی هەرخۆیان زیانباربوون.

﴿ فَتَوَلَّىٰ عَنْهُمْ وَقَالَ يَٰقَوْمِ لَقَدْ أَبْلَغْتُكُمْ رِسَٰلَٰتِ رَبِّى وَنَصَحْتُ لَكُمْ فَكَيْفَ ءَاسَىٰ عَلَىٰ قَوْمٍ كَٰفِرِينَ ﴿٩٣﴾﴾

خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿ فَتَوَلَّىٰ عَنْهُمْ﴾ ئەوسا شوعەیب ڕووی لێ وەرگێڕان، واتە: کاتێك تووشی ئەو بەڵاو چارەڕەشیو سزاسەختە بوون شوعەیب پشتی تێکردنو سەرزنشتی کردن ﴿وَقَالَ يَٰقَوْمِ لَقَدْ أَبْلَغْتُكُمْ رِسَٰلَٰتِ رَبِّى وَنَصَحْتُ لَكُمْ﴾ وتی: ئەی گەلەکەم من پەیامەکانی پەروەردگارم بە ئێوە ڕاگەیاندو ئامۆژگاریشم کردن. واتە: ئەو پەیامەی کە پێم سپێردرابوو، پێم ڕاگەیاندن، هیچ خەمو خەفەتێکتان بۆناخۆم، چونکە ئێوە بڕواتان نەهێنا بەوەی کە من بۆم هێنان، هەربۆیە شەعەیب (سەلامی خودای لێبێت) فەرموویەتی: ﴿فَكَيْفَ ءَاسَىٰ عَلَىٰ قَوْمٍ كَٰفِرِينَ﴾ دەسا چۆن خەم دەخۆن بۆ ئەوانەی خودانەناس بوون؟

﴿ وَمَآ أَرْسَلْنَا فِى قَرْيَةٍ مِّن نَّبِىٍّ إِلَّآ أَخَذْنَآ أَهْلَهَا بِٱلْبَأْسَآءِ وَٱلضَّرَّآءِ لَعَلَّهُمْ يَضَّرَّعُونَ ﴿٩٤﴾ ثُمَّ بَدَّلْنَا مَكَانَ ٱلسَّيِّئَةِ ٱلْحَسَنَةَ حَتَّىٰ عَفَواْ وَّقَالُواْ قَدْ مَسَّ ءَابَآءَنَا ٱلضَّرَّآءُ وَٱلسَّرَّآءُ فَأَخَذْنَٰهُم بَغْتَةً وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ ﴿٩٥﴾﴾

تاقیکردنەوەی گەلە پێشووەکان

خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿ وَمَآ أَرْسَلْنَا فِى قَرْيَةٍ مِّن نَّبِىٍّ إِلَّآ أَخَذْنَآ أَهْلَهَا بِٱلْبَأْسَآءِ وَٱلضَّرَّآءِ﴾ ئێمە هەر پێغەمبەرێکمان بۆ هەر کۆمەڵێك ناردووە بە نەخۆشیو فەقیری تاقیمان کردوونەتەوە خودای گەورە لێرەدا باسی گەلەپێشووەکانی کردووە کە پێغەمبەرانی بۆ ناردوونو تاقی کردوونەتەوە ﴿بِٱلْبَأْسَآءِ﴾ بە تووشبوونی نەخۆشیو دەردو پەتاو ﴿وَٱلضَّرَّآءِ﴾ وە بە هەژاریو دەست کورتیو شتی تریش لە گیانوماڵیاندا، ﴿لَعَلَّهُمْ يَضَّرَّعُونَ﴾ بەڵکو بپاڕێنەوە. واتەك بەڵکو ملکەچ بنو بلاڵێنەوەو بپاڕێنەوە لە خودای باڵادەست هەتا ئەوەی تووشیان هاتووە لەسەریان لابەرێت، وتەکە ئەوە دەگەیەنێت خودا تووشی تاقیکردنەوەی کردن بە ناخۆشی بۆئەوەی بپاڕێنەوە، بەڵام ئەوان هیچ شتێکیان بەجێ نەهێنا لەوەی کە خودا داوای لێکردن، پاشان ئەو حاڵەی لێ گۆڕین بە ژیانێکی خۆشو خۆشگوزەرانی، بۆئەوەی دیسان لەوەشدا تاقیان بکاتەوە بۆیە ئەفەرمووێت: ﴿ ثُمَّ بَدَّلْنَا مَكَانَ ٱلسَّيِّئَةِ ٱلْحَسَنَةَ حَتَّىٰ عَفَواْ﴾ پاشان ناخۆشیمان بە خۆشی بۆ گۆڕینەوە، تا هەمووشتیان زۆربێت، واتە:

ژیانمان گۆڕیو لە قاتوقڕیو هەژاریەوە بۆ خزمەتگوزاریو وە لە نەخۆشیو دەردو پەتاوە بۆ تەندروستیو لەش ساغیو لە فەقیریەوە بۆ دەوڵەمەندی بۆئەوەی سوپاسو ستایشی خودای لەسەربکەن، واتە: خودا ماڵو منداڵی زۆری دانێ هەتا شوکری بکەن. بەڵام ئەوان شوکری خودایان نەکرد، کاتێك شتێك زۆر ببێت دەوترێت: (عفاء الشيئ) پاشان خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَقَالُواْ قَدْ مَسَّ ءَابَآءَنَا ٱلضَّرَّآءُ وَٱلسَّرَّآءُ﴾ وتیان: بابو باپیرانیشمان تووشی خۆشیو ناخۆشی بوون. خودای گەورە دەفەرمووێت: تاقیمان کردنەوە بەمەیشو بەوەیش بۆئەوەی بپاڕێنەوەو بپاڕێنەوە بۆلای خودا، بەڵام هیچیان کاری تێنەکردن. نە بەنەخۆشیو فەقیری وازیان هێناو نە بەدەوڵەمەندیو خۆشگوزەرانی وازیان هێنا بەڵکو وتیان: بابو باپیرانیشمان تووشی خۆشیو ناخۆشی لەدێرزەمانەوە هاتوون، وەك چۆن ئێمە ئێستا توشیی خۆشیو ناخۆشی هاتووین ئەم زمانە دێتو دەڕوات، جارێك خۆشیەو جارێکیش ناخۆشیەو. دیارە ئەوانە ژیرنەبوونو هەستیان بەو تاقیکردنەوەی خودا نەکرد کە دابووی بەسەریاندا. لە هەردوو حاڵەتەکەدا، ئەمەش بە پێچەوانەی حاڵی بڕواداراناەوە بووە کە هەمیشە لە خۆشیو ناخۆشیدا هەر خۆڕاگرو سوپاسگوزاربوون وەك لە فەرموودەی سەحیحدا هاتووە: (خاوەنباوەڕ جێی سەرسوڕمانە خودا هیچ بڕیارێکی بەسەردا نەداوە مەگین (ئەوبڕیارە) چاکبووە بۆی، ئەگەر تووشی ناخۆشیەك بووبێت ئارامی گرتووە، ئەوە چاکبووە بۆی، وە ئەگەر تووشی خۆشیەك بووبێت سوپاسی (خودای) کردووە، ئەوە چاکبووە بۆی)[1]، کەواتە خاوەن باوەڕ ئەوکەسەیە کە تێدەگات لەوشتانەی کە خودا تاقی دەکاتەوەپێی لە خۆشیو ناخۆشیدا، بۆیە لە دوای ئەم ڕەوشتەخراپەی خودانەناساندا خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿فَأَخَذْنَٰهُم بَغْتَةً وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ﴾ ئیتر لەپڕ (بەبێ ئەوەی هەستی پێ بکەن) گرتمانن، واتە: لەپڕ گرتمانن‌و تۆڵەمان لێ سەندن هیچ ئاگایان لەخۆیان نەبوو، وەك لەم فەرموودەیەدا هاتووە: (مردنی لەپڕ بەزییە بۆ خاوەن باوەڕو گرتنێکی بەداخو بەکەسەرە بۆ خودانەناس)[2].

﴿وَلَوْ أَنَّ أَهْلَ ٱلْقُرَىٰٓ ءَامَنُواْ وَٱتَّقَوْاْ لَفَتَحْنَا عَلَيْهِم بَرَكَٰتٍ مِّنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلْأَرْضِ وَلَٰكِن كَذَّبُواْ فَأَخَذْنَٰهُم بِمَا كَانُواْ يَكْسِبُونَ ﴿٩٦﴾ أَفَأَمِنَ أَهْلُ ٱلْقُرَىٰٓ أَن يَأْتِيَهُم بَأْسُنَا بَيَٰتًا وَهُمْ نَآئِمُونَ ﴿٩٧﴾ أَوَأَمِنَ أَهْلُ ٱلْقُرَىٰٓ أَن يَأْتِيَهُم بَأْسُنَا ضُحًى وَهُمْ يَلْعَبُونَ ﴿٩٨﴾ أَفَأَمِنُواْ مَكْرَ ٱللَّهِ ۚ فَلَا يَأْمَنُ مَكْرَ ٱللَّهِ إِلَّا ٱلْقَوْمُ ٱلْخَٰسِرُونَ ﴿٩٩﴾﴾

---

[1] مسلم (٢٢٩٥/٤).

[2] احمد (١٣٦/٦) سەنەدەکانی زۆر لاوازە.

خێروبێر لەگەڵ باوەڕدایەو زەبروزەنگیش لەگەڵ خودانەناسیدایە

خودای گەورە باسی کەم باوەڕی ئەم شارانە دەکات کە پێغەمبەرانی بۆناردن وەك دەفەرموێت: ﴿فَلَوْلَا كَانَتْ قَرْيَةٌ ءَامَنَتْ فَنَفَعَهَآ إِيمَٰنُهَآ إِلَّا قَوْمَ يُونُسَ لَمَّآ ءَامَنُوا۟ كَشَفْنَا عَنْهُمْ عَذَابَ ٱلْخِزْىِ فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا وَمَتَّعْنَٰهُمْ إِلَىٰ حِينٍ﴾[1] بۆچی هیچ شارێك نەبوو كە خەلكەكەی بڕوابێنن تا ئەوكاتەی كە بڕواكەیان سودیان پیّ بگەیەنێت، جگە لە هۆزەكەی یونس؟ كە كاتێك بڕوایان هێنا، سزای ئابڕووبەرمان لە دونیادا لیّ نەدان‌و هەتا ماوەیەك ژیانێكی خۆشمان پێدان، واتە: هیچ شارێك بەتەواوی بڕوایان نەهێناوە جگە لە هۆزی یونس، دوای ئەوەی بە چاوی خۆیان سزاكەیان بینی بڕوایان هێنا وەك خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَأَرْسَلْنَٰهُ إِلَىٰ مِا۟ئَةِ أَلْفٍ أَوْ يَزِيدُونَ ﴿١٤٧﴾ فَـَٔامَنُوا۟ فَمَتَّعْنَٰهُمْ إِلَىٰ حِينٍ﴾[2] ناردمانە ناو سەدهەزار یان زیاتر، هەموو بڕوایان پیّ هێناو تا ماوەیەك ژیانێكی خۆشمان پێدان. وە ئەفەرموێت: ﴿وَمَآ أَرْسَلْنَا فِى قَرْيَةٍ مِّن نَّذِيرٍ إِلَّا قَالَ مُتْرَفُوهَآ إِنَّا بِمَآ أُرْسِلْتُم بِهِۦ كَٰفِرُونَ﴾[3] تا ئێستا هەر پێغەمبەرێكمان ناردووەتە هەرشارێك بیانترسێنێت لە ئێمە هەر ئەوانەی لەوپەڕی خۆشیدا ژیاون وتویانە: بەوشتانەی ئێوەی پیّ ڕاسپێردراون باوەڕناكەین. لێرەشدا خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلَوْ أَنَّ أَهْلَ ٱلْقُرَىٰٓ ءَامَنُوا۟ وَٱتَّقَوْا۟﴾ خەلكی ئەم شارانە ئەگەر خۆیان بناسیایەو خۆپارێزبوونایە، واتە: بە دلّ بڕوایان بهێنایە بەوەی كەپێغەمبەران بۆیان هێناون‌و بە ڕاستیان بزانیایەو شوێنی بكەوتنایەو خۆپارێزش بوونایە هەستانایە بە خوداپەرستی كردن‌و وازیان لەوشتەحەرامانە بهێنایە ﴿لَفَتَحْنَا عَلَيْهِم بَرَكَٰتٍ مِّنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلْأَرْضِ﴾ دەروازەی بەرەكەتمان لە ئاسمان‌و زەمینەوە بە ڕوویاندا دەكردەو. واتە: بارانمان لە ئاسمانەوە بۆ دەباراندن‌و ڕووەكیشمان بۆ سەوزدەكردن ﴿وَلَٰكِن كَذَّبُوا۟ فَأَخَذْنَٰهُم بِمَا كَانُوا۟ يَكْسِبُونَ﴾ بەلاّم ئەوان نیشانەكانی ئێمەیان بە درۆزانی لە سزای ئەم كارەیان گرتمانن. واتە: بڕویان بە پێغەمبەرەكانیان نەكرد، ئێمەش سزامان دان‌و لەناومانبردن بەهۆی ئەوكارانەی كە پێی هەستان لە تاوان‌و خراپەكاری. پاشان خودای گەورە دەیانترسێنێت‌و هەڕەشەیان لیّ دەكات لەسەر سەرپێچی كردنیان لە فەرمانەكانی‌و بوێریان بەرامبەر هەڕەشەكانی دەفەرموێت: ﴿أَفَأَمِنَ أَهْلُ ٱلْقُرَىٰٓ﴾ ئاخۆ خەلكی خودانەناس (ئەو شارانە نەترسابوون) ﴿أَن يَأْتِيَهُم بَأْسُنَا بَيَٰتًا وَهُمْ نَآئِمُونَ﴾ كە لە

---

[1] یونس (٩٨).

[2] الصافات (١٤٧– ١٤٨).

[3] سبأ (٣٤)

شەودا بەڵاو سزای ئێمەیان تووش ببێتو ئەوان لە گەرمەی خەودابن؟ ﴿أَوَأَمِنَ أَهْلُ ٱلْقُرَىٰٓ أَن يَأْتِيَهُم بَأْسُنَا ضُحًى وَهُمْ يَلْعَبُونَ﴾ ئەو شارنشینانە ئایا نەترسابوون کە لە دەمی چێشتەنگاوداو لە گەرمەی گەمەکردندا ئێمە تووش بەڵایان بکەین؟ واتە: لەکاتی سەرقاڵیو بێئاگاییاندا تووشی بەڵایان بکەین ﴿أَفَأَمِنُوا۟ مَكْرَ ٱللَّهِ﴾ ئایا لەوە دڵنیابوون لە مەکری خودا ڕزگارن؟ واتە: ئایا لە بەڵاو سزاو دەستەڵاتی خوداو دڵنیانو ناترسن لەکاتی بێئاگاییاندا بیانگرێت؟ ﴿فَلَا يَأْمَنُ مَكْرَ ٱللَّهِ إِلَّا ٱلْقَوْمُ ٱلْخَٰسِرُونَ﴾ خۆ جگە لە زیانباران کەس لە مەکری خودا هەستی هێمنی ناکات. بۆیە حەسەنی بەسری (ڕەحمەتی خودای لێبێت) وتی: باوەڕدار بەکردار خوداپەرستی دیکاتو دەشترسێت، کەچی پیاوێکی ترسنۆکی لەدینلادەر کە خەریکی گوناهو تاوانە هێمنەو باکی نیە.

﴿أَوَلَمْ يَهْدِ لِلَّذِينَ يَرِثُونَ ٱلْأَرْضَ مِنۢ بَعْدِ أَهْلِهَآ أَن لَّوْ نَشَآءُ أَصَبْنَٰهُم بِذُنُوبِهِمْ ۚ وَنَطْبَعُ عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ فَهُمْ لَا يَسْمَعُونَ ﴿١٠٠﴾﴾

ئیبنو عەبباس (ڕەزای خودای لێبێت) لەم ئایەتەدا ئەڵێت: ﴿أَوَلَمْ يَهْدِ لِلَّذِينَ يَرِثُونَ ٱلْأَرْضَ مِنۢ بَعْدِ أَهْلِهَآ﴾ ئەوکەسانەی ئەو زەمینەیان (دوای نەمانی خەڵکەکەی) بە میرات بۆ دەمێنێتەوە بەوەیان نەزانیووە، وتی: ئایا بۆمان ڕوون نەکردوونەتەوە، ئەگەر بمانەوێت بەو گوناهانەی کە دەیکەن تۆڵەیان لێ دەکەینەوە؟ موجاهیدو کەسانی تریش هەروایان وتووە[1] ئیبنو جەریریش لە تەفسیرەکەیدا دەڵێت: خودای گەورە دەفەرمووێت بەوانەی کە لەسەر زەمین دایاندەنێت (دوای ئەوەانەی کە لە پێش ئەماندا تێیدا ژیاوەنو لەناوی بردن)، ئایا بۆمان ڕوون نەکردنەوە، کەچی ئەمانیش شوێن ڕەوشتی ئەوان کەوتن هەرچی ئەوانەکردیان ئەمانیش کردیانو خۆیان بەزل دادەنێن بەرامبەر پەروەردگاریان، ﴿أَن لَّوْ نَشَآءُ أَصَبْنَٰهُم بِذُنُوبِهِمْ﴾ بە گوناهێك کە دەیکەنو مەیلیان لێبێت تۆڵەیان لێ دەکەینەوە. واتە: چیمان کرد بەوانەی پێش ئەوان بەوانیش دەکەین ﴿وَنَطْبَعُ عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ﴾ مۆریش دەنێین بەسەر دڵیاندا، ﴿فَهُمْ لَا يَسْمَعُونَ﴾ کە هەر نەتوانن ببیستن. واتە: کە نەتوانن سود لە ئامۆژگاری وەبیرهێنانەوە وەربگرن[2]، منیش دەڵێم: دیسان خودای گەورە ئەفەرمووێت: ﴿يَهْدِ لَهُمْ كَمْ أَهْلَكْنَا

---

[1] الطبري (١٢/٥٨٠).

[2] الطبري (١٢/٥٧٩).

قَبۡلَهُم مِّنَ ٱلۡقُرُونِ يَمۡشُونَ فِي مَسَٰكِنِهِمۡۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَٰتٖ لِّأُوْلِي ٱلنُّهَىٰ ﴾[1] مەگـەر بۆیـان دەرنەکـەوتووە (لەپێش ئەوان) هەر لەو شوێنەی ئەوان تێدا دێنودەچن، چەند بەرەمان لەناوبرد، هەر لەمەدا بۆ ئەوانەی ژیرن زۆر بەڵگە هەیە. وە فەرموویەتی: ﴿ أَوَلَمۡ يَهۡدِ لَهُمۡ كَمۡ أَهۡلَكۡنَا مِن قَبۡلِهِم مِّنَ ٱلۡقُرُونِ يَمۡشُونَ فِي مَسَٰكِنِهِمۡۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَٰتٍۚ أَفَلَا يَسۡمَعُونَ ﴾[2] ئاخۆ ڕاستەقینەی بۆ ئەوان دەرنەخست ئەو بەرەی مرۆڤەی کە لەناو ماڵەکانیاندادەخولانەوەو.ئێمە هەموومان قڕکردن؟ لەمەدا زۆر نیشانە هەیە ئایـا نابیـستن؟ وە ئەفـەرمووێت: ﴿أَوَلَمۡ تَكُونُوٓاْ أَقۡسَمۡتُم مِّن قَبۡلُ مَا لَكُم مِّن زَوَالٖ ﴿٤٤﴾ وَسَكَنتُمۡ فِي مَسَٰكِنِ ٱلَّذِينَ ظَلَمُوٓاْ أَنفُسَهُمۡ ﴾[3] ئایـا هـەر ئێـوە نـەبوون لـە پێشدا سوێندتان دەخوارد کە هەرگیز لەناوناچن؟ ئاخری هەر چوونە شوێنی ئەوانە کە ناهەقیان لە خۆیان دەکرد. وە ئەفـەرمووێت: ﴿ وَكَمۡ أَهۡلَكۡنَا قَبۡلَهُم مِّن قَرۡنٍ هَلۡ تُحِسُّ مِنۡهُم مِّنۡ أَحَدٍ أَوۡ تَسۡمَعُ لَهُمۡ رِكۡزَۢا ﴾[4] چـەندین گەلمان پێش ئەمانە قڕتێخست ئایا هەست بە هیچیان دەکەیت، یان نوزەو سرتەیان لێ دەبیستیت. واتە: ئایا کەسێك لەوانە دەبیستیت یان دەبینیت؟ چەندین ئایەتی تریش لەم بارەیەوە هاتووە لەسەر دابەزینی بەڵا بەسەر دوژمنەکانی خوداداو بەخشینی بەهرکانی بەسەر دۆستەکانیدا.

﴿تِلۡكَ ٱلۡقُرَىٰ نَقُصُّ عَلَيۡكَ مِنۡ أَنۢبَآئِهَاۚ وَلَقَدۡ جَآءَتۡهُمۡ رُسُلُهُم بِٱلۡبَيِّنَٰتِ فَمَا كَانُواْ لِيُؤۡمِنُواْ بِمَا كَذَّبُواْ مِن قَبۡلُۚ كَذَٰلِكَ يَطۡبَعُ ٱللَّهُ عَلَىٰ قُلُوبِ ٱلۡكَٰفِرِينَ ﴿١٠١﴾ وَمَا وَجَدۡنَا لِأَكۡثَرِهِم مِّنۡ عَهۡدٖۖ وَإِن وَجَدۡنَآ أَكۡثَرَهُمۡ لَفَٰسِقِينَ ﴿١٠٢﴾﴾

خودای گەورە بەسەرهاتی هۆزی نوح‌و هوودو سالح‌و لووت‌و شوعەیبی بۆ پێغەمبەرەکەی (محمد(ﷺ)) باسکردو باسی قڕکردنی خودانەناسان‌و ڕزگارکردنی خاوەنباوەڕانی کرد، کە بیانووی نەهێشتنی بەوەی کەڕاستی بۆ ڕوونکردنەوە بە بەڵگەی تەواو لەسەر زمانی پێغەمبەران (سەلامی خودایان لەسەربێت) ﴿تِلۡكَ ٱلۡقُرَىٰ نَقُصُّ عَلَيۡكَ مِنۡ أَنۢبَآئِهَاۚ وَلَقَدۡ جَآءَتۡهُمۡ رُسُلُهُم بِٱلۡبَيِّنَٰتِ﴾ ئێمە هەندێك لە بەسەرهاتی ئەو شارانەت بۆ باس دەکەین،بێگومان پێغەمبەرەکانیان بە نیشانەی ئاشکراوە هاتنەلایان لەسەر ڕاستی ئەوەی کە بۆیان هێناونن وەك لە ئایەتێکی تردا ئەفەرمووێت: ﴿وَمَا كُنَّا مُعَذِّبِينَ حَتَّىٰ

---

[1] طه (١٢٨).

[2] السجدة (٢٦).

[3] ابراهیم (٤٤– ٤٥).

[4] مریم (٩٨).

نَبۡعَثَ رَسُولٗا﴾[1] تا پێغەمبەر نەنێرین لەلای ئێمەوە سزانیە. وە ئەفەرمووێت: ﴿ذَٰلِكَ مِنۡ أَنۢبَآءِ ٱلۡقُرَىٰ نَقُصُّهُۥ عَلَيۡكَۖ مِنۡهَا قَآئِمٞ وَحَصِيدٞ ١٠٠ وَمَا ظَلَمۡنَٰهُمۡ وَلَٰكِن ظَلَمُوٓاْ أَنفُسَهُمۡ﴾[2] ئەمانە چەند هەواڵێك بوون لەو شارانە کە بۆ تۆی دەگێڕینەوە هەندێك لەوانە هەر هەن‌و هەندێکیشیان لەناوچوون. ناهەقیمان لێ نەکردن، ناهەقیمان لێ نەکردن بەڵام ئەوان ناهەقیان لە خۆیان کرد. لێرەدا دەفەرمووێت: ﴿فَمَا كَانُواْ لِيُؤۡمِنُواْ بِمَا كَذَّبُواْ مِن قَبۡلُ﴾ وەك ل پێشدا بڕوایان بە خودا نەبوو، هەروا بێباوەڕ مانەوە، بائەکە(الباء) سەبەبیە، واتە: باوەڕیان نەهێنابەوەی کەپێغەمبەرەکانیان پێی هاتن، لەبەرئەوەی لەسەرەتاوە بڕوایان بەو هەقە نەبوو کە هاتەلایان. ئەمە بۆچوونێکی چاکە ئیبنوعەتیە وتویەتی، وەك خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَمَا يُشۡعِرُكُمۡ أَنَّهَآ إِذَا جَآءَتۡ لَا يُؤۡمِنُونَ ١٠٩ وَنُقَلِّبُ أَفۡـِٔدَتَهُمۡ وَأَبۡصَٰرَهُمۡ كَمَا لَمۡ يُؤۡمِنُواْ بِهِۦٓ أَوَّلَ مَرَّةٖ﴾[3] ئێوە نازانن ئەگەر نیشانەشیان بۆبێت باوەڕناکەن. هەروا ئەوان جاری یەکەم باوەڕیان بە قورئان نەکرد (ئێمەش) دڵو دیدەی ئەوان لەکاردەخەین، بۆیە لێرەدا ئەفەرمووێت: ﴿كَذَٰلِكَ يَطۡبَعُ ٱللَّهُ عَلَىٰ قُلُوبِ ٱلۡكَٰفِرِينَ ١٠١ وَمَا وَجَدۡنَا لِأَكۡثَرِهِم مِّنۡ عَهۡدٖۖ وَإِن وَجَدۡنَآ أَكۡثَرَهُمۡ لَفَٰسِقِينَ﴾ ئاوا خودا مۆردەنێت بەسەر دڵی لەدین لادەراندا. زۆربەی ئەوانەمان نەدیت کە پەیمانی خودا بەجێ بێنن، زۆرینەشیان لە ڕێزی لەڕێ لادەران بوون. واتە: زۆربەی ئەوانەمان بینی یاخی‌و لەڕێ لادەربوون‌وگوێڕایەڵی فەرمانەکانی خودا نەبوون، ئەو پەیمانەی کە لێ وەرگرتن ئەو سروشتەبوو کە لەسەری وەدی هێنابوون ئەوکاتەی کە هەر لە پشتی باوکیاندابوون دانیان پێدانابوو کە هەر خودا پەروەردگارو سەروەریانەو هیچ پەرستراوێك نیە جگە لەو شایەتیشیان لەسەرخۆیان دابوو پێێ، کەچی دژایەتیان کردو وازیان لێی هێناو پشت گوێیان خست، لەگەڵ خودا شتی تریان پەرست. بەبێ ئەوەی بەڵگەیەکی عەقلی یان شەرعیان بە دەستەوەبێت، سروشتی دروستیش بە پێچەوانەی ئەوەیە، پێغەمبەرە بەڕێزەکانیش لە ئەوەلیانەوە تا دوایین کەسیان کە هاتوون ئەویان قەدەغەکردووە. وەك لە هەردوو سەحیحەکەدا هاتووە: (هەر لەدایکبوویەك لەدایك دەبێت لەسەر سروشتی پاك (بە موسڵمانی) لەدایك دەبێت دایك‌و باوکیان دەیانکەن بە جوولەکەو گاورو ئاگرپەرست)[4]، وە لە سەحیحی موسلیمش

---

[1] الاسراء (١٥).

[2] هود (١٠٠– ١٠١).

[3] الانعام (١٠٩– ١١٠).

[4] فتح الباری (٢٩٠/٣)، مسلم (٢٠٤٧/٤).

هاتووە: (من بەندەكانم دروستكرد بەرەو ڕاستی بڕۆن، شەیتینەكان هاتوونەتەلایان لە ئاینەكەیان لایانداون، ئەوەی حەلاڵم كردبوو بۆیان لێیان حەرام كردن)[1].

﴿ثُمَّ بَعَثْنَا مِنۢ بَعْدِهِم مُّوسَىٰ بِـَٔايَٰتِنَآ إِلَىٰ فِرْعَوْنَ وَمَلَإِيْهِۦ فَظَلَمُوا۟ بِهَا ۖ فَٱنظُرْ كَيْفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلْمُفْسِدِينَ ﴿١٠٣﴾﴾

بەسەرهاتی مووساو فیرعەون

خـودای گـەورە دەفـەرمووێت: ﴿ثُمَّ بَعَثْنَا مِنۢ بَعْدِهِم مُّوسَىٰ بِـَٔايَٰتِنَآ إِلَىٰ فِرْعَوْنَ وَمَلَإِيْهِۦ﴾ پـاش ئـەو پێغەمبەرانەی كە لە پێشەوە باسمانكرد وەك نووحو هوودو سالحو لووتو شوعەیب (سەلامی خودایان لەسەربێتو لەسەر هەموو پێغەمبەرانی تریش) بە چەند نیشانەی ئاشكرا مووسامان ناردەسەر فیرعەونو (كە پاشای میسر بوو لە زەمانی مووسادا) سەرزلەكانی هۆزەكەی ﴿فَظَلَمُوا۟ بِهَا ۖ فَٱنظُرْ كَيْفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلْمُفْسِدِينَ﴾ بـەڵام ئـەوان بـە نیشانەكان بڕوایـان نـەهێنا و ناهـەقیان كـرد، سا بڕوانە پاشەڕۆژی ئەو بەدفڕانە چۆن بوو. وەك ئـەم ئایەتـە كـە خـودای گـەورە دەفـەرمووێت: ﴿وَجَحَدُوا۟ بِهَا وَٱسْتَيْقَنَتْهَآ أَنفُسُهُمْ ظُلْمًا وَعُلُوًّا ۚ فَٱنظُرْ كَيْفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلْمُفْسِدِينَ﴾[2] هەرچـەندە لـە دڵـی خۆیانـدا هەموویان بە ڕاسـت دەزانـی، خۆبەزلزانیو ناهـەقی بوونـەهۆی حاشاكردنیان، سا بڕوانە پاشـەڕۆژی بەدفەڕەكان چی لێ هات. واتە: ئەوانەی بوونە لەمپەر لەڕێی خوداو بڕوایان بە پێغەمبەرەكانی نـەهێنا، سەیركە چیمان بەسەرهێنان هەموومان خنكاندنو هیچمان نەهێشتن لەبەرچاوی مووساو هۆزەكەی، ئـا ئەمە چاكترین پەندە بۆ فیرعەونو هۆزەكـەیو چـاكترین شـیفاش بـوو بـۆ دڵـی دۆسـتەكانی خـودا كـە مووساو خاوەنباوەڕانی هۆزەكەی بوون.

﴿وَقَالَ مُوسَىٰ يَٰفِرْعَوْنُ إِنِّى رَسُولٌ مِّن رَّبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿١٠٤﴾ حَقِيقٌ عَلَىٰٓ أَن لَّآ أَقُولَ عَلَى ٱللَّهِ إِلَّا ٱلْحَقَّ ۚ قَدْ جِئْتُكُم بِبَيِّنَةٍ مِّن رَّبِّكُمْ فَأَرْسِلْ مَعِىَ بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ ﴿١٠٥﴾ قَالَ إِن كُنتَ جِئْتَ بِـَٔايَةٍ فَأْتِ بِهَآ إِن كُنتَ مِنَ ٱلصَّٰدِقِينَ ﴿١٠٦﴾﴾

خودای گەورە باسی ڕووبەڕووبوونەوەی مووسا دەكات(سەلامی خودای لێبێت) لەگەڵ فیرعەون و دەمبەست كردنی بە بەڵگەو نیشانەی ئاشكرا بە ئامادەبوونی فیرعەون خۆییو هۆزەكەی لە قیبتەكانی میسرو دەفەرمووێت: ﴿وَقَالَ مُوسَىٰ يَٰفِرْعَوْنُ إِنِّى رَسُولٌ مِّن رَّبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ﴾ مووسا وتی: ئەی فیرعەون

---

[1] مسلم (٢١٩٧/٤).

[2] النمل (١٤).

من ڕاسپاردەی ئەوکەسەم کە پەروەردگاری گشت دونیایە. واتە: ئەوکەسە منی ناردووە کەوەدی هێنەری هەمووشتێکەو پەروەردگارو سەروەریشیەتی. ﴿حَقِيقٌ عَلَىٰٓ أَن لَّآ أَقُولَ عَلَى ٱللَّهِ إِلَّا ٱلْحَقَّ﴾ وا ڕەوایە کە هیچ شتێك نەڵێم بە ناوی خوداوە جگە لە هەق و ڕاستی، لەبەرئەوەی من چاك لە بەرزی و بڵندی شارەزام. ﴿قَدْ جِئْتُكُم بِبَيِّنَةٍ مِّن رَّبِّكُمْ﴾ لە پەروەردگارتانەوە نیشانەم بۆهیناون، واتە: من بەڵگەیەکی ڕاستم لەلایەن خوداوەپێ دراوە کە نیشانەیە لەسەر ڕاستی ئەوەی کە پێی هاتووم بۆتان.

﴿فَأَرْسِلْ مَعِىَ بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ﴾ کەواتەنەوەی ئیسرائیل لەگەڵ من بنێرە. واتە: لە دیلیو زەبروزەنگی خۆت ڕزگاریان بکە. وازیان لێبێنە با پەروەردگاری تۆو خۆیان بپەرستن، چونکە ئەوانە لە نەوەی پێغەمبەرێکی بەڕێزن کە ئیسرائیلە، واتەك یەعقوبی کوڕی ئیسحاقی کوڕی ئیبراهیمی خەلیلی ڕەحمانە. ﴿قَالَ إِن كُنتَ جِئْتَ بِـَٔايَةٍ فَأْتِ بِهَآ إِن كُنتَ مِنَ ٱلصَّٰدِقِينَ﴾ وتی: ئەگەر بەڕاستیتەو هیچ نیشانەیەکت لەگەڵ خۆت هێناوە، نیشانی بدە. واتە: فیرعەون وتی: من بەڕاستت نازانم لەوەی کە دەیڵێیتو ئەویش کە داوای دەکەیت گوێی پێنادەم. ئەگەر بەڵگەیەکت بە دەستەوەیە دەری بخە با چاومان پێی بکەوێو ئەگەر ڕاست دەکەیت لەسەرئەوەی کە وتووتە.

﴿فَأَلْقَىٰ عَصَاهُ فَإِذَا هِىَ ثُعْبَانٌ مُّبِينٌ ﴿١٠٧﴾ وَنَزَعَ يَدَهُۥ فَإِذَا هِىَ بَيْضَآءُ لِلنَّٰظِرِينَ ﴿١٠٨﴾﴾

عەساکەی مووساو دەستەسپییەکەی

خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَأَلْقَىٰ عَصَاهُ فَإِذَا هِىَ ثُعْبَانٌ مُّبِينٌ﴾ مووسا عەساکەی فڕێدا، کەچی لەپڕ بوو بە مارێکی ئاشکرا. عەلی کوڕی ئەبوتولحە لە ئیبنو عەبباسەوە لەم ئایەتەدا ئەڵێت: ﴿ثُعْبَانٌ مُّبِينٌ﴾ مەبەست پێی ماری نێرە.[1] سوددیو زەحەاکیش هەروایان وتووە[2] وە لە فەرموودەکەی فوتوندا کە یەزیدی کوڕی هارون ڕیوایەتی کردووە لە ئەسبەغی کوڕی زەیدەوە لە قاسمی کوڕی ئەبوئەیوبەوە لە سەعیدی کوڕی جوبەیرەوە لە ئینو سەعیدەوە،ئەڵێت: ﴿فَأَلْقَىٰ عَصَاهُ﴾ عەساکەی فڕێدا بەە بەمارێکی گەورەو دەمی کردەوەو بە پەلە بەرەو فیرعەون (چوو)، کاتێك فیرعەون بینی مارەکە بەرەو ئەو دەڕوات لەسەرتەختەکەی کەوتە خوارەوەو هاواری برد بۆ مووسا کە لێی دووربخاتەوە، ئەویش دوور خستەوە لێی[3]. سوددیش هەرلەم ئایەتەدا ﴿فَإِذَا هِىَ ثُعْبَانٌ مُّبِينٌ﴾

---

[1] الطبري (١٣/١٦).

[2] الطبري (١٣/١٥/١٧).

[3] الطبري (١٣/١٦).

وتی: ﴿ثُعۡبَانٌ﴾ ماری نێـرە، دەمـی کـردەوە لێـوی خـواری لـە زەویـدابوو لێـوی سـەرەوەشـی لەسـەر دیواری کۆشکەکەبوو، پاشان بەرەو فیرعەون ڕۆیشت بیگرێت، کاتێـك کـە چـاوی پـێ کـەوت زۆر لێـی ترساو ڕاپەڕی‌و بایەکی لێ بووەوە، هەرگیز شتی وای بەسەرنەهاتبوو لە پێش ئەودا، هاواری کردو وتی ئەی مووسا بیگرە، ئەوا من باوەڕت پێ دەکەم‌و نەوەی ئیسرائیلشت لەگەڵدا دەنێرم، مووسا (سـەلامی خودای لێبێت) گرتی‌و عەساکە وەکو خۆی لێهاتەوە.[1] پاشان خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَنَزَعَ يَدَهُۥ فَإِذَا هِيَ بَيۡضَآءُ لِلنَّٰظِرِينَ﴾ دەستی خۆی لە باخەڵیـەوە دەرهێنـا لەبەرچـاوی ئەوانـەی سـەیریان دەکـرد سپیەکی بەبێ خەوش دەرکەوت. واتە: دەستی دەرهێنا لە باخەڵیدا، دوای ئـەوەی خـستیەناوی بـووە دەسـتێکی سـپی درەوشـاوە نـە بەڵـەك بـوو نـە نەخۆشـیش بـوو، وەك خـودای گـەورە ئەفـەرمووێت: ﴿وَأَدۡخِلۡ يَدَكَ فِي جَيۡبِكَ تَخۡرُجۡ بَيۡضَآءَ مِنۡ غَيۡرِ سُوٓءٖ﴾[2] دەستت بخە باخـەڵت کـەدەرتهێنا بـە سـپیەکی (وەك چۆڕی شیر) بێ زیان دیـاری دەدا. ئیبنـو عـەبباس لـە فەرموودەکـەی فوتونـدا ئـەڵێت: ﴿مِنۡ غَيۡرِ سُوٓءٖ﴾ واتە: بەڵەك نیە، پاشان خستیەناو باخەڵی گەڕاوەتەوەسەر ڕەنگی پێشووی[3] موجاهیـدو کەسـانی تـریش هەروایان وتووە[4].

﴿قَالَ ٱلۡمَلَأُ مِن قَوۡمِ فِرۡعَوۡنَ إِنَّ هَٰذَا لَسَٰحِرٌ عَلِيمٞ ﴿١٠٩﴾ يُرِيدُ أَن يُخۡرِجَكُم مِّنۡ أَرۡضِكُمۡۖ فَمَاذَا تَأۡمُرُونَ ﴿١١٠﴾﴾

قسەی هۆزی فیرعەون لەبارەی مووساوە، دەیانوت جادووگەرەو پێکهاتن لەسەر دژایەتیکردنی بە جادووگەران

خودای گـەورە دەفـەرمووێت: ﴿قَالَ ٱلۡمَلَأُ مِن قَوۡمِ فِرۡعَوۡنَ﴾ پیاوماقولانی گـەلی فیرعـەون وتیـان. واتە: پیاوەگەورەو کاربەدەستەکانی هۆزی فیرعەون ئەوانـەی کـە هـاوڕابوون لەسـەر قـسەی فیرعـەون دوای ئەوەی ترسەکەی ڕەویەوەو چووەسەر تەختی وڵاتەکـەی بـە بـە پیاومـاقولانی دەوری خـۆی وت: ﴿إِنَّ هَٰذَا لَسَٰحِرٌ عَلِيمٞ﴾ ئەمە جادووگەرێکی زۆرزانە. ئەوانیش هەمان قسەی ئەویان کردو یەك ڕابوون کەوتنە وتوێژ لەوبارەیەوەو چی بکەن‌و چۆن هەوڵبـدەن بـۆ کوژاندنـەوەی ڕوشـنایی‌و کـپ کردنـەوەی وتاری مووساو ئاشکردا کردنی درۆو بوختانی بە خەیاڵی خۆیان، ترسیان لـەوەبوو کـە خـەڵکی بـەهۆی

---

[1] الطبري (١٣/١٥).
[2] النمل (١٢).
[3] الطبري (١٣/١٧).
[4] الطبري (١٣/١٨).

جادووەکەیەوە شوێنی بکەون و مووسا سەربکەوێت بەسەریانداو لە وڵاتەکەی خۆیان دەریان بکات و پەرتەوازەبن. کەچی ئەوەی ئەوان لێی دەترسان تێی کەوتن وەك خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَنُرِيَ فِرْعَوْنَ وَهَٰمَٰنَ وَجُنُودَهُمَا مِنْهُم مَّا كَانُوا يَحْذَرُونَ﴾[1] بە فیرعەون و هامان و لەشکرەکانیان ئەوشتانە نیشان بدەین کە لێی دەترسان.

﴿قَالُوٓا۟ أَرْجِهْ وَأَخَاهُ وَأَرْسِلْ فِى ٱلْمَدَآئِنِ حَٰشِرِينَ ﴿١١١﴾ يَأْتُوكَ بِكُلِّ سَٰحِرٍ عَلِيمٍ ﴿١١٢﴾﴾

خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿قَالُوٓا۟ أَرْجِهْ وَأَخَاهُ وَأَرْسِلْ فِى ٱلْمَدَآئِنِ حَٰشِرِينَ ﴿١١١﴾ يَأْتُوكَ بِكُلِّ سَٰحِرٍ عَلِيمٍ﴾ وتیان: تۆ خۆی و براکەی گلّ بدەوە، دەستەیەکی کۆکەرەوەش بنێرە بۆ شارەکان. جادووگەرانی زۆرزان بێنن بۆ وڵات. ئیبنو عەبباس ئەڵێت: ﴿أَرْجِهْ﴾ واتە: دوای بخە[2] یانی: کۆمەڵێك خەڵك بنێرە بە ناوچەو شارو دێهاتەکاندا تا گشت جادووگرەکانت بۆ کۆبکاتەوە لە وڵاتداو بۆت بێنێ، جادووگەری لە سەردەمی ئەواندا زۆر دەکراو باوبوو، هەندێك لەوانە بڕوایان وابوو وە هەندێکی تریان گومانیان وابوو ئەوەی مووسا هێناویێتی لە شێوەی جادووگەری و چاوبەستی جادووگەرەکانی خۆیانە، هەربۆیە جادووگرەکانیان لێ کۆکردەوە تا بەرەنگاری ببنەوە بە وێنەی ئەوشتانەی کە مووسا پێشانیان دەدات و دەری دەخات بۆیان. وەك خودای گەورە باسی فیرعەونی کردووەو ئەفەرموێت: ﴿فَلَنَأْتِيَنَّكَ بِسِحْرٍ مِّثْلِهِۦ فَٱجْعَلْ بَيْنَنَا وَبَيْنَكَ مَوْعِدًا لَّا نُخْلِفُهُۥ نَحْنُ وَلَآ أَنتَ مَكَانًا سُوًى ﴿٥٨﴾ قَالَ مَوْعِدُكُمْ يَوْمُ ٱلزِّينَةِ وَأَن يُحْشَرَ ٱلنَّاسُ ضُحًى ﴿٥٩﴾ فَتَوَلَّىٰ فِرْعَوْنُ فَجَمَعَ كَيْدَهُۥ ثُمَّ أَتَىٰ﴾[3] دەبێت ئێمەش جادوویەکت بۆ (بەکار) بێنین وەك ئەوەی خۆت. جا شوێن و کاتێك لە نێوان ئێمەو خۆتدا دابنێ، نە ئێمەو نە تۆ خۆمانی لێ نەبوێرین. با شوێنێکی تەخت بێت، مووسا وتی: کاتی دیاریکراوتان ڕۆژی خۆڕازاندنەوەبێت لە کاتی چێشتەنگاوداخەڵکی کۆبکرێنەوە، فیرعەون کۆبوونەوەکەی بەجێهێشت فێڵی خۆی (گشت) کۆکردەوە پاشان هاتەوە.

﴿وَجَآءَ ٱلسَّحَرَةُ فِرْعَوْنَ قَالُوٓا۟ إِنَّ لَنَا لَأَجْرًا إِن كُنَّا نَحْنُ ٱلْغَٰلِبِينَ ﴿١١٣﴾ قَالَ نَعَمْ وَإِنَّكُمْ لَمِنَ ٱلْمُقَرَّبِينَ ﴿١١٤﴾﴾

---

[1] القصص (٦).

[2] الطبري (١٣/٢٢).

[3] طه (٥٨– ٦٠).

کۆبوونەوەی جادووگەران و ڕووبەڕوو بونەویان لەگەڵ مووسادا و کردنی پەت و دار و دەستەکانیان بە مار

لێرەدا خـودای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿ وَجَآءَ ٱلسَّحَرَةُ فِرْعَوْنَ قَالُوٓاْ إِنَّ لَنَا لَأَجْرًا إِن كُنَّا نَحْنُ ٱلْغَٰلِبِينَ ﴿١١٣﴾ قَالَ نَعَمْ وَإِنَّكُمْ لَمِنَ ٱلْمُقَرَّبِينَ ﴾ جادووگەرەکان لە فیرعەون کۆبوونەوە وتیـان: ئەگـەر ئێمە سەرکەوتین تۆ دەبێت خەڵاتمان بکەیت. فیرعەون وتی: بەڵێ، ئێوە بێگومان لـە نزیکـەکانی خـۆم دەبن. خودای گەورە باسـی ئـەو مەرجانـە دەکـات فیرعـەونو ئـەو جادووگەرانـە کـە بـانگی کـردن بـۆ بەرەنگاربوونەوەی مووسالەسەری ڕێکەوتن، ئەگەر سەکەوتنیان بەدەستهێنا بەسەر مووسادا (سـەلامی خودای لێبێت) کە لەلای خۆی دایانبنێتو پاداشتێکی زۆر چاکیشیان بداتێ، فیرعەون بەڵێنی پێدان کە هەرچی داوابکەن پێیان بداتو لە زۆر نزیکـەکانی خۆشـی دەبـن، ئـەو پەیمانـەیان لەگـەڵ فیرعـەون بـە یەکتری دا (نەفرینی خودای لێبێت).

﴿ قَالُواْ يَٰمُوسَىٰٓ إِمَّآ أَن تُلْقِيَ وَإِمَّآ أَن نَّكُونَ نَحْنُ ٱلْمُلْقِينَ ﴿١١٥﴾ قَالَ أَلْقُواْ فَلَمَّآ أَلْقَوْاْ سَحَرُوٓاْ أَعْيُنَ ٱلنَّاسِ وَٱسْتَرْهَبُوهُمْ وَجَآءُو بِسِحْرٍ عَظِيمٍ ﴿١١٦﴾ ﴾

ئەمە ڕووبەڕووبونەوەیەك بوو لەلایەن جادووگەرەکانەوە بەرامبەر مووسا (سـەلامی خـودای لێبێـت) وەك لە قسەکانیەوە دەردەکەوێت ﴿ قَالُواْ يَٰمُوسَىٰٓ إِمَّآ أَن تُلْقِيَ وَإِمَّآ أَن نَّكُونَ نَحْنُ ٱلْمُلْقِينَ ﴾ وتیـان: مووسا تۆ دەیهاوێژی یان ئێمە بیهاوێژین، واتە: پێش تۆ. وەك لە ئایـەتێکی تـردا ئەفـەرموێت: ﴿وَإِمَّآ أَن نَّكُونَ أَوَّلَ مَنْ أَلْقَىٰ ﴾[1] یـان ئێمـە پـێش تـۆ بیهاوێـژن. مووسـا (سـەلامی خـودای لێبێـت) وتـی: ئێـوە بیهاوێژن لەپێشدا، وتراوە لە کارزانی مەدائیەوە (خودا باشـتر دەزانێـت) کـە خـەڵکی کارەکـەی ئـەوان ببینەنو باش دڵی بدەنێ کاتێك کە ترسو بیم دایگرتن لەو چاوبەستو جادووەی ئـەوان، ئـەو هەقـە کـە هات بەو ڕوونیو ئاشکرایە دوای ئەو هەموو داواکردنو چاوەڕوانیەیان بۆی، زۆرتر کاریـان لـێ دەکـاتو دەچێتە دڵیانەوە، هەرواش بوو، بۆیە خـودای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿ قَالَ أَلْقُواْ فَلَمَّآ أَلْقَوْاْ سَحَرُوٓاْ أَعْيُنَ ٱلنَّاسِ وَٱسْتَرْهَبُوهُمْ وَجَآءُو بِسِحْرٍ عَظِيمٍ ﴾ مووسـا وتـی: ئێـوە بیهاوێـژن، ئەوانـەی ئـەوان فرێیاندا چاوی خەڵکەکەیان پێ خەڵەتاندو لێیان ترسانو جادووی زۆر گەورەیان کرد. چاوبەستیان لەو خەڵکە کرد، خەڵکەکە وایانـدەزانی ئـەوەی ئـەو جادووگەرانـە کردوویانـە شـتێکی ڕاسـتەو چاوبەسـتو خەیاڵ نیە. وەك خودای گەورە فەرموویـەتی: ﴿فَأَوْجَسَ فِي نَفْسِهِۦ خِيفَةً مُّوسَىٰ ﴿٦٧﴾ قُلْنَا لَا تَخَفْ إِنَّكَ أَنتَ

[1] طه (٦٥).

ٱلْأَعْلَىٰ ﴿٦٨﴾ وَأَلْقِ مَا فِي يَمِينِكَ تَلْقَفْ مَا صَنَعُوٓا۟ ۖ إِنَّمَا صَنَعُوا۟ كَيْدُ سَٰحِرٍ ۖ وَلَا يُفْلِحُ ٱلسَّاحِرُ حَيْثُ أَتَىٰ﴾[1] مووسا لە دڵی خۆیدا کەمێك ترسا، وتمان: هیچ ترسێکت نەبێت تۆ سەرتریت، ئەوەی لە دەستی ڕاستدایە بیهاوێژە، هەرچی ئەمان کردوویانە قووتی دەدات، ئەوەی ئەوانە کردوویانە فێڵو تەڵەکەی جادووگەرانە، جادووگەران لە هەرکوێیەك بن سەرناکەون. لە ئیبنو عەبباسەوە وتی: پەتی قایمو داەستی درێژیان فڕیدا، مووسا (سەلامی خودای لێبێت) ئەو جادووەی ئەوانی بینی وا هات بە دڵیدا کە پەلاماری دەدەن[2].

﴿وَأَوْحَيْنَآ إِلَىٰ مُوسَىٰٓ أَنْ أَلْقِ عَصَاكَ ۖ فَإِذَا هِىَ تَلْقَفُ مَا يَأْفِكُونَ ﴿١١٧﴾ فَوَقَعَ ٱلْحَقُّ وَبَطَلَ مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿١١٨﴾ فَغُلِبُوا۟ هُنَالِكَ وَٱنقَلَبُوا۟ صَٰغِرِينَ ﴿١١٩﴾ وَأُلْقِىَ ٱلسَّحَرَةُ سَٰجِدِينَ ﴿١٢٠﴾ قَالُوٓا۟ ءَامَنَّا بِرَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿١٢١﴾ رَبِّ مُوسَىٰ وَهَٰرُونَ ﴿١٢٢﴾﴾

زاڵبوونی مووسا (سەلامی خودای لێبێت) و بڕواهێنانی جادووگەران

خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَأَوْحَيْنَآ إِلَىٰ مُوسَىٰٓ أَنْ أَلْقِ عَصَاكَ ۖ فَإِذَا هِىَ تَلْقَفُ مَا يَأْفِكُونَ ﴿١١٧﴾ فَوَقَعَ ٱلْحَقُّ وَبَطَلَ مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿١١٨﴾ فَغُلِبُوا۟ هُنَالِكَ وَٱنقَلَبُوا۟ صَٰغِرِينَ ﴿١١٩﴾ وَأُلْقِىَ ٱلسَّحَرَةُ سَٰجِدِينَ﴾ خستمانە دڵی مووساوە کە: عەساکەت بهاوێژە، هەر لەوێدا هەموو جادووگەریەکانی ئەوانی ماشیەوەو هەڵی لووشی، ئیتر کە ڕاستر هاتەڕوو ئەوەی ئەوان کردیان هەڵوەشایەوە، هەر لەوێدا تێکشانو بە کزیو زەبوونی دامان. جادووگەرکان گشت کڕنووشیان برد. خودای گەورە لێرەدا باسی ئەوە دەکات کە نیگای کردەلای بەندەو پێغەمبەری خۆی مووسا (سەلامی خودای لێبێت) کە لەو ڕووداوە گەورەدا هەقو ناهەقی لەیەك جیاکردووەتەوە بە فەرمانی خۆی، بەوەی کە بە دەستیەوەیە بیهاوێژێت واتە: عەساکەی. تا ئەوەی کە جادووگەران فڕێیانداوە لە پەتو دار (بە خەیاڵی خۆیان بە ڕاستیان دەزانی کە پڕوپوچ نەبێت هیچی تر نەبوو) هەڵی لووشێت. ئیبنو عەبباس ئەڵێت: عەساکە وای لێهات بەلای هیچ دارو پەتێك تێنەدەپەڕی مەگین هەڵی دەلووشی. جادووگەرەکان بۆیان دەرکەوت کە ئەم شتە لە ئاسمانەوەیە و جادوونیەو خۆیان خستەسەر سوجدە. ﴿قَالُوٓا۟ ءَامَنَّا بِرَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿١٢١﴾ رَبِّ مُوسَىٰ وَهَٰرُونَ﴾ وتیان: وا بڕوامان هێنا بە ڕاهێنەری گشت دونیا، پەروەردگاری مووساو هاروون. موحەممەدی کوڕی ئیسحاق وتی: عەساکە وای لێکرا شوێنی ئەو پەتو دارانە دەکەوت یەك لەدوای

---

[1] طه (٦٧- ٦٩).

[2] الطبری (٢٨/١٣).

یەک هەتا وای لێهات هیچ پەت و دارێك لەو شیوەدا نەما كە فرێدرابێت، پاشان مووسا گرتیەوە بووەوە بە عەساكە بە دەستیەوە وەكو خۆی، جادووگەرەكان سوجدەیان بردو وتیان: بڕوامان هێنا بە پەروەردگاری هەموو دونیا. پەروەردگاری مووساو هاروون. وتیان: ئەگەر ئەمە جادووگەربووایە سەرنەدەكەوت بەسەرماندا[1]. قاسمی كوڕی ئەبو بەززە وتی: خودا مووسای (سەلامی خودای لێبێت) ئاگاداركرد كە عەساكەت بهاوێژە، ئەویش هاوێشتی و عەساكە بووە مارێك و دەمی كردەوەو پەت و دارەكانی هەڵ لووشی، جادووگەرەكان لەوكاتەدا چوون بەسوجدەدا سەریان بەرزنەكردەوە هەتا بەهەشت و ئاگرو پاداشتی خەڵكەكەیان بینی[2].

﴿ قَالَ فِرْعَوْنُ ءَامَنتُم بِهِۦ قَبْلَ أَنْ ءَاذَنَ لَكُمْ ۖ إِنَّ هَٰذَا لَمَكْرٌ مَّكَرْتُمُوهُ فِى ٱلْمَدِينَةِ لِتُخْرِجُوا۟ مِنْهَآ أَهْلَهَا ۖ فَسَوْفَ تَعْلَمُونَ ﴿١٢٣﴾ لَأُقَطِّعَنَّ أَيْدِيَكُمْ وَأَرْجُلَكُم مِّنْ خِلَٰفٍ ثُمَّ لَأُصَلِّبَنَّكُمْ أَجْمَعِينَ ﴿١٢٤﴾ قَالُوٓا۟ إِنَّآ إِلَىٰ رَبِّنَا مُنقَلِبُونَ ﴿١٢٥﴾ وَمَا تَنقِمُ مِنَّآ إِلَّآ أَنْ ءَامَنَّا بِـَٔايَٰتِ رَبِّنَا لَمَّا جَآءَتْنَا ۚ رَبَّنَآ أَفْرِغْ عَلَيْنَا صَبْرًا وَتَوَفَّنَا مُسْلِمِينَ ﴿١٢٦﴾ ﴾

هەڕەشەی فیرعەون لە جادووگەران دوای بڕواهێنانیان، وەڵامی ئەوان بۆ فیرعەون

خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿ قَالَ فِرْعَوْنُ ءَامَنتُم بِهِۦ قَبْلَ أَنْ ءَاذَنَ لَكُمْ ۖ إِنَّ هَٰذَا لَمَكْرٌ مَّكَرْتُمُوهُ فِى ٱلْمَدِينَةِ لِتُخْرِجُوا۟ مِنْهَآ أَهْلَهَا ۖ فَسَوْفَ تَعْلَمُونَ ﴾ فیرعەون وتی: پێش ئەوەی من ئیزنتان بدەم، ئێوە چوون بڕواتان پێ هێنا؟ ئێوەی فێڵباز لەم شارەدا ویستووتانە فێڵێك بكەن تا خەڵكەكە لێ دەربكەن. خودای گەورە باسی ئەوە دەكات كە چۆن فیرعەون هەڕەشەی لە جادووگەرەكان كرد كاتێك كە بڕوایان بە مووسا(سەلامی خودای لێبێت) هێناو چۆن خودا فرتوفێلی فیرعەونی بۆ خەڵكی دەرخست. فیرعەون پێیان دەڵێت وەك خودا فەرموویەتی: ﴿إِنَّ هَٰذَا لَمَكْرٌ مَّكَرْتُمُوهُ فِى ٱلْمَدِينَةِ لِتُخْرِجُوا۟ مِنْهَآ أَهْلَهَا﴾ ئێوەی فێڵباز لەم شارەدا ویستووتانە فێڵێك بكەن تا خەڵكەكەی لێ وەدەرنێن. واتە: زاڵبوونی بەسەرتاندا وەك لەم ڕۆژەدا بێگومان بە ڕاوێژو ڕەزای خۆتان بووە وەك خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿إِنَّهُۥ لَكَبِيرُكُمُ ٱلَّذِى عَلَّمَكُمُ ٱلسِّحْرَ﴾[3] دەركەوت كە ئەو گەورەتانەو فێری جادووگەری كردون. فیرعەون خۆی چاك دەیزانی و ئەوەش تۆزێك ئاوەزی هەبێت دەزانێت ئەوقسەیەی فیرعەون زۆر پڕوپووچە، چونكە مووسا كاتێك لە مەدیەنەوە هات یەكسەر بانگی فیرعەونی كرد بۆلای خوداو موعجیزەگەورەكانی بە بەڵگەی تەواوەوە پیشانی فیرعەوندا لەسەر ڕاستی ئەوەی كە هێناویەتی، لەوكاتەدا فیرعەون ناردی بە شوێن

---

[1] الطبري (١٣/٣٠).

[2] الطبري (١٣/٣٠).

[3] طه (٧١).

شارو ناوچەکانی ژێر دەستەڵاتی خۆیدا، هەرچی جادووگەر هەیە لە هەر شوێنو جێگایەك لە وڵاتی میسردا بۆی کۆبکەنەوە، ئەو جادووگەرانەی کە خۆیو دارودەستەکەی هەڵیاندەبژاردو دەیانهێنایەلای و بەڵێنی پاداشتی گەورەی دەدانێ، بۆیە ئەو جادووگەرانە لە هەموو کەس زیاتر حەزیان لەو پاداشتو نزیکبوونەوە لە فیرعەون دەکرد. مووسا (سەلامی خودای لێبێت) هیچ کەسێك لەوانەی نەدەناسیو چاوی پێیان نکەوتبوو وە لەگەڵیشیان کۆنەبووبووەوە. فیرعەونش ئەوەی دەزانی، بەڵکو ئەو قسەیەی بۆ پەردەپۆشو خەڵەتاندنی ئەو خەڵکە نەفامو نەزانەی ژێردەستەڵاتی خۆی دەکرد. وەك خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿فَٱسْتَخَفَّ قَوْمَهُۥ فَأَطَاعُوهُ﴾[1] بەم قسانە گەلەکەی خەڵتاندو ئەوانیش بەگوێیان کرد. بێگومان کۆمەڵێك بڕوایان پێکرد کە دەیوت: ﴿أَنَا۠ رَبُّكُمُ ٱلْأَعْلَىٰ﴾[2] من پەروەردگاری هەرە پایەبەرزتانم. ئەوانە لە نەفامترینو گومڕاترین خەڵکی خودابوون. سوددی لە تەفسیرەکەیدا بە سەنەدێکی مەشهورئەڵێت: لە ئیبنو عەبباسو ئیبنو مەسعودو کەسانی تریشەوە لە هاوەڵانی پێغەمبەرەوە(ﷺ) لەم ئایەتەدا ﴿إِنَّ هَٰذَا لَمَكْرٌ مَّكَرْتُمُوهُ فِى ٱلْمَدِينَةِ﴾ وتویانە: مووسا (سەلامی خودای لێبێت) لەگەڵ سەرۆکی جادووگەرەکان بەیەك گەیشتن، پێی وت: ئایا ئەگەر من زاڵبووم بەسەر تۆدا، بڕوام پێ دەهێنیو شایەتی دەدەی لەسەرئەوەی کە من پێی هاتووم ڕاستە؟ جادووگەرەکە وتی: بەیانی جادوویەکی وات بۆ دێنم هیچ جادوویەك زاڵ نابێت بەسەریدا، سا سوێند بە خودا ئەگەر سەرکەوتی بەسەرمدا، بەبێ چەندوچوون بڕوات پێ دەکەمو شایەتیش دەدەم کە تۆ ڕاستی، لەو ساتەدا فیرعەون سەیری دەکردن. دەڵێن: بۆیە فیرعەون ئەوەی کە وتی: وەك خودای گەورە ئەفەرمووێت: ﴿لِتُخْرِجُوا۟ مِنْهَآ أَهْلَهَا﴾ تا خەڵکەکەی لێدەربکەن[3]. واتە: فیرعەون وتی: بە جادووگەرەکان، ئێوەکۆبوونەوە لەگەڵ مووسا بۆئەوەی دەوڵەتێك بۆ خۆتان دروست بکەن تا سەرۆكو پیاماقەڵان لەم وڵاتە وەدەرنێنو کاروباری وڵاتەکە بگرنەدەست ﴿فَسَوْفَ تَعْلَمُونَ﴾ سا بەوزوانە تیدەگەن. واتە: دەزانم چیتان بەسەردێنم. پاشان هەڕەشەکەی خۆی ڕوون دەکاتەوە دەڵێت وەك خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿لَأُقَطِّعَنَّ أَيْدِيَكُمْ وَأَرْجُلَكُم مِّنْ خِلَٰفٍ ثُمَّ لَأُصَلِّبَنَّكُمْ أَجْمَعِينَ﴾ پێچەوانە دەستو پێیەکانتان دەبڕم، لێشتان ڕوون بێت هەمووتان لە قەنارە دەدەم. واتە: دەستی لای ڕاستی ئەوکەسەو قاچی چەپیان بەپێچەوانەوە، وە لە ئایەتێکی تردا فەرموویەتی: ﴿وَلَأُصَلِّبَنَّكُمْ فِى جُذُوعِ

---

[1] الزخرف (٥٤).

[2] النازعات (٢٤).

[3] الطبری (٣٣/١٣).

ٱلنَّخْلِ﴾[1] بە کۆتەرەی دارخورماکاندا هەڵتاندەبەستم. ئیبنو عەبباس وتی: فیرعەون یەکەم کەس بوو خەڵکی لەقەنارەداو یەکەم کەسیش بوو دەستو قاچی بە پێچەوانەوە بڕی.[2] قسەی جادووگەرەکانیش کە خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿قَالُوٓاْ إِنَّآ إِلَىٰ رَبِّنَا مُنقَلِبُونَ﴾ وتیان: ئێمە دەچینەوە بۆلای پەروەردگاری خۆمان. واتە: زۆر بەچاکی دەزانین کە بۆلای پەروەردگاری خۆمان دەگەڕێینەوە، جەزرەبەو تۆڵەی خودا لە سزاو تۆڵەی تۆ سەختترە لەسەرئەوەی تۆ ئێمەی بۆ بانگ دەکەی ئەمڕۆ، ئەو جادووەی تۆ بەناچاری پێمان دەکەیت زۆر گەورەترە لە لەو سزایەی کە دەماندەیت. ئەمڕۆ ئێمە خۆڕادەگرین لەسەر ئەو سزایەی تۆ، بۆئەوەی لە سزای خودا ڕزگارمان ببێت. بۆیە وتیان: ﴿وَمَا تَنقِمُ مِنَّآ إِلَّآ أَنْ ءَامَنَّا بِـَٔايَٰتِ رَبِّنَا لَمَّا جَآءَتْنَا ۚ رَبَّنَآ أَفْرِغْ عَلَيْنَا صَبْرًا وَتَوَفَّنَا مُسْلِمِينَ﴾ هەربۆیە ڕقت لە ئێمە هەڵساوەو سزای ئێمە دەدەیت، چونکە کاتێك نیشانەکانی پەروەردگاری خۆمان بۆهات، تەواو بڕوامان پێهێنا، ئەی خودای پەروەردگارمان خۆڕاگرمان بکەو بە باوەڕی پاکەوە بمانمرێنە. واتە: بمانکە بە شوێنکەوتی پێغەمبەرەکەت مووسا (سەلامی خودای لێبێت) پاشان بە فیرعەونیان وت وەك خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿فَٱقْضِ مَآ أَنتَ قَاضٍ ۖ إِنَّمَا تَقْضِى هَٰذِهِ ٱلْحَيَوٰةَ ٱلدُّنْيَآ ﴿٧٢﴾ إِنَّآ ءَامَنَّا بِرَبِّنَا لِيَغْفِرَ لَنَا خَطَٰيَٰنَا وَمَآ أَكْرَهْتَنَا عَلَيْهِ مِنَ ٱلسِّحْرِ ۗ وَٱللَّهُ خَيْرٌ وَأَبْقَىٰٓ ﴿٧٣﴾ إِنَّهُۥ مَن يَأْتِ رَبَّهُۥ مُجْرِمًا فَإِنَّ لَهُۥ جَهَنَّمَ لَا يَمُوتُ فِيهَا وَلَا يَحْيَىٰ ﴿٧٤﴾ وَمَن يَأْتِهِۦ مُؤْمِنًا قَدْ عَمِلَ ٱلصَّٰلِحَٰتِ فَأُو۟لَٰٓئِكَ لَهُمُ ٱلدَّرَجَٰتُ ٱلْعُلَىٰ﴾[3] هەرچییەکت لەدەست دێت درێغی مەکە، تۆ هەر لە ژیانی ئەم دونیا دەستت دەڕوات. ئێمە بڕوامان بە پەروەردگارمان هێناوە، لە هەڵەکانمان ببورێتو لەو جادوو گەورەیەشمان خۆشبێت، کە تۆ بە سەرەتا سەپاندین، خودا چاکترەو هەر دەمێنێت، هەرکەسێك بە تاوانباری بچێتەلای پەروەردگاری، دیارە بەشی جەهەننەمە (نەمر و نەژی) تێدادەبێت. هەرکەسێکیش خاوەنباوەڕو ئاکارچاك بێتو بچێتەلای، ئەوانە سەرلەبەیانی جادووگەربوون، سەرلەئێوارەکەی بوونە شەهید[4].

﴿وَقَالَ ٱلْمَلَأُ مِن قَوْمِ فِرْعَوْنَ أَتَذَرُ مُوسَىٰ وَقَوْمَهُۥ لِيُفْسِدُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ وَيَذَرَكَ وَءَالِهَتَكَ ۚ قَالَ سَنُقَتِّلُ أَبْنَآءَهُمْ وَنَسْتَحْىِۦ نِسَآءَهُمْ وَإِنَّا فَوْقَهُمْ قَٰهِرُونَ ﴿١٢٧﴾ قَالَ مُوسَىٰ لِقَوْمِهِ ٱسْتَعِينُوا۟ بِٱللَّهِ وَٱصْبِرُوٓا۟ ۖ إِنَّ

---

[1] طه (٧١).

[2] الطبري (٣٤/١٣).

[3] طه (٧٢– ٧٥).

[4] الطبري (٣٦/١٣).

ٱلْأَرْضَ لِلَّهِ يُورِثُهَا مَن يَشَآءُ مِنْ عِبَادِهِۦ ۖ وَٱلْعَٰقِبَةُ لِلْمُتَّقِينَ ﴿١٢٨﴾ قَالُوٓاْ أُوذِينَا مِن قَبْلِ أَن تَأْتِيَنَا

وَمِنۢ بَعْدِ مَا جِئْتَنَا ۚ قَالَ عَسَىٰ رَبُّكُمْ أَن يُهْلِكَ عَدُوَّكُمْ وَيَسْتَخْلِفَكُمْ فِى ٱلْأَرْضِ فَيَنظُرَ

كَيْفَ تَعْمَلُونَ ﴿١٢٩﴾﴾

هۆزی فیرعەون هانی فیرعەونیان دەداو ئامادەیی فیرعەون بۆ کوشتنی نەوەی ئیسرائیلو هاواربردنی نەوەی ئیسرائیل بۆلای مووسا (سەلامی خودای لێبێت) بەڵێنی مووسا بە یارمەتی خودا بۆیان

خودای گەورە باسی فیرعەونو هۆزەکەی دەکات کە چەند داخ لە دڵو ئارەزوومەندی سزادانی مووساو (سەلامی خودای لێبێت) قەومەکەی بوون. وەك دەفەرموێت: ﴿ وَقَالَ ٱلْمَلَأُ مِن قَوْمِ فِرْعَوْنَ أَتَذَرُ مُوسَىٰ وَقَوْمَهُۥ لِيُفْسِدُواْ فِى ٱلْأَرْضِ ﴾ سەرگەورەکانی هۆزەکەی فیرعەون وتیان: چۆن تۆ لە مووساو هۆزەکەی وازدەهێنی، وڵاتت لێ بشێوێنینو دەست لە خۆتو پەرستراوەکانی تۆ بەربدەن. واتە: لە ژێردەستەکانت بشێوێننو بانگیان بکەن بۆ پەرستنی پەروەردگاریانو واز لە تۆ بێنن. بە خودا جێی سەرسوڕمانە، ئەوانە وایان لێهاتووە دەترسن لە خراپەکاری مووساو هۆزەکەی، لەڕاستیدا فیرعەونو هۆزەکەی خراپەکارن بەڵام هەستی پێناکەن بۆیە دەڵێن: ﴿وَيَذَرَكَ وَءَالِهَتَكَ﴾ وتی: پەرستراوەکەیان وەك ئیبنو عەبباس دەڵێت (مانگا) بووە. ئەوانە کاتێك مانگایەکی جوانیان چاوپێ بکەوتایە فیرعەون فەرمانی پێ دەکردن کە بیپەرستن، هەربۆیە سامیری پەیکەری گوێرەکەیەکی بۆ دەرخستن کە بۆرەی لێوەدەهات.[1] فیرعەون وەڵامی ئەو پرسیارەی دانەوە ﴿قَالَ سَنُقَتِّلُ أَبْنَآءَهُمْ وَنَسْتَحْىِۦ نِسَآءَهُمْ وَإِنَّا فَوْقَهُمْ قَٰهِرُونَ ﴾ وتی: بەوزوانە کوڕەکانیان دەکوژینو ژنەکانیشیان بۆ خزمەت دەهێڵینەوە، ئێمە بەسەر ئەواندا زاڵین. ئەمە دووەم جارە فیرعەون ئاوایان بەسەردێنێت، پێش لەدایکبوونی مووسا (سەلامی خودای لێبێت) جەزرەبەی زۆریدان، نەکا پەیداببێ، کەچی بەپێچەوانەی نیازو بۆچوونی فیرعەون دەرچوو. ئەمجارەش هە بەپێچەوانەی نیازی فیرعەونەوەبوو کە ویستی نەوەی ئیسرائیل سەرنەوی بکاتو زاڵ بێت بەسەریاندا. خودا مووساو هۆزەکەی سەرخستو فیرعەونی سەرنزم کردو لووتی چەقاند بە قوڕداو خۆیو سوپاکەی خنکاند. کاتێك فیرعەون کۆڵی نەدا لەو خراپەیە بەرامبەر نەوەی ئیسرائیل ﴿ قَالَ مُوسَىٰ لِقَوْمِهِ ٱسْتَعِينُواْ بِٱللَّهِ وَٱصْبِرُوٓاْ ﴾ مووسا بە هۆزەکەی خۆی وت: هەر پشت بە خودا ببەستنو خۆڕاگربن، بەڵێنی پێدان کە پاشەڕۆژ هەر بۆ ئەوان دەبێت. ﴿إِنَّ ٱلْأَرْضَ

---

[1] الطبری (١٣/٣٨).

لِلَّهِ يُورِثُهَا مَن يَشَآءُ مِنْ عِبَادِهِۦۖ وَٱلْعَـٰقِبَةُ لِلْمُتَّقِينَ ﴿١٢٨﴾ قَالُوٓاْ أُوذِينَا مِن قَبْلِ أَن تَأْتِيَنَا وَمِنۢ بَعْدِ مَا جِئْتَنَا﴾ ئەم زەمینە هی خودایە، بۆ هەرکەسێك خۆی حەزبکات لە عەبدەکانی پێی دەبەخشێتو دواڕۆژیشی بۆ ئەوکەسانەیە کە لە خودا دەترسان. وتیان: پێش ئەوەی تۆ بێیت چەوسباینەوە، کە تۆش هاتووی هەروا دەمانچەوسێنیتەوە. مووسا ئاگاداری کردن کە ئەم حاڵەیان دەڕواتو نامێنێت دەچنە ژیانێکی تر. ﴿قَالَ عَسَىٰ رَبُّكُمْ أَن يُهْلِكَ عَدُوَّكُمْ وَيَسْتَخْلِفَكُمْ فِى ٱلْأَرْضِ فَيَنظُرَ كَيْفَ تَعْمَلُونَ ﴾ مووسا وتی: لەوانەیە ڕۆژێك بێت پەروەردگارتان دوژمنتان لەناوبەرێتو ئێوە بکاتە جێنشینلەم زەویەداو بڕوانێت ئێوە چۆن دەکەن. ئەمە هاندانێك بوو لەلایەن مووساوە (سەلامی خودای لێبێت) بۆ نەوەی ئیسرائیل کە بەردەوام بن لەسەر شوکری خودا لەکاتی دابارینی بەهرەکانی بەسەریانداو نەمانی سزاو مەینەتەکانیان لەسەریان.

﴿ وَلَقَدْ أَخَذْنَآ ءَالَ فِرْعَوْنَ بِٱلسِّنِينَ وَنَقْصٍ مِّنَ ٱلثَّمَرَٰتِ لَعَلَّهُمْ يَذَّكَّرُونَ ﴿١٣٠﴾ فَإِذَا جَآءَتْهُمُ ٱلْحَسَنَةُ قَالُواْ لَنَا هَـٰذِهِۦۖ وَإِن تُصِبْهُمْ سَيِّئَةٌ يَطَّيَّرُواْ بِمُوسَىٰ وَمَن مَّعَهُۥٓۗ أَلَآ إِنَّمَا طَـٰٓئِرُهُمْ عِندَ ٱللَّهِ وَلَـٰكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لَا يَعْلَمُونَ ﴿١٣١﴾﴾

تاقیکردنەوەی هۆزی فیرعەون بە قاتوقڕی

خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَلَقَدْ أَخَذْنَآ ءَالَ فِرْعَوْنَ بِٱلسِّنِينَ ﴾ کارێکمان کرد کە لایەنگرەکانی فیرعەون بکەونە قاتوقڕیەوە. واتە: بکەونە ساڵی قاتوقڕی بەهۆی کەمی کشتوکاڵەوە ﴿وَنَقْصٍ مِّنَ ٱلثَّمَرَٰتِ ﴾ داهاتیان کەمتر دەستکەوێت. موجاهید وتی: ئەمە جگە لەوە[1] ئەبو ئسحاق وتی لە رجای کوڕی حەیوەوە داری خورما تەنها یەك بەرهەمی دەدا[2] ﴿لَعَلَّهُمْ يَذَّكَّرُونَ ﴾ بەلکو بیر لە خۆیان بکەنەوە. ﴿فَإِذَا جَآءَتْهُمُ ٱلْحَسَنَةُ قَالُواْ لَنَا هَـٰذِهِۦ﴾ ئەگەر تووشی خۆشیو چاکەبوونایە دەیانوت: کاری خۆمانە ئەم پیتو بەرەکەتە ﴿وَإِن تُصِبْهُمْ سَيِّئَةٌ يَطَّيَّرُواْ بِمُوسَىٰ وَمَن مَّعَهُۥٓ﴾ وە ئەگەر تووشی بەڵاو نەهامەتی بهاتنایە دەیانوت: ئەو شوومی مووساو هاوەڵەکانیەتیو ئەو پەیامەی کە پێی هاتوون. خوداش دەفەرموێت: ﴿أَلَآ إِنَّمَا طَـٰٓئِرُهُمْ عِندَ ٱللَّهِ ﴾ خۆ دیارە ئەگەر چاکەو خراپەیە لە خوداوەیە.

---

[1] الطبري (١٣/٤٦).

[2] الطبري (١٣/٤٦).

عەلی کوڕی ئەبوتەلحە لە ئیبنو عەبباسەوە لەم ئایەتەدا ﴿أَلَآ إِنَّمَا طَـٰٓئِرُهُمْ عِندَ ٱللَّهِ﴾ دەڵێت: ئەو نوشوستیانەی بەسەریاندێت لە خوداوەیە ﴿وَلَـٰكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لَا يَعْلَمُونَ﴾ بەلام زۆربەیان نازانن[1].

﴿وَقَالُوا۟ مَهْمَا تَأْتِنَا بِهِۦ مِنْ ءَايَةٍ لِّتَسْحَرَنَا بِهَا فَمَا نَحْنُ لَكَ بِمُؤْمِنِينَ ﴿١٣٢﴾ فَأَرْسَلْنَا عَلَيْهِمُ ٱلطُّوفَانَ وَٱلْجَرَادَ وَٱلْقُمَّلَ وَٱلضَّفَادِعَ وَٱلدَّمَ ءَايَـٰتٍ مُّفَصَّلَـٰتٍ فَٱسْتَكْبَرُوا۟ وَكَانُوا۟ قَوْمًا مُّجْرِمِينَ ﴿١٣٣﴾ وَلَمَّا وَقَعَ عَلَيْهِمُ ٱلرِّجْزُ قَالُوا۟ يَـٰمُوسَى ٱدْعُ لَنَا رَبَّكَ بِمَا عَهِدَ عِندَكَ لَئِن كَشَفْتَ عَنَّا ٱلرِّجْزَ لَنُؤْمِنَنَّ لَكَ وَلَنُرْسِلَنَّ مَعَكَ بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ ﴿١٣٤﴾ فَلَمَّا كَشَفْنَا عَنْهُمُ ٱلرِّجْزَ إِلَىٰٓ أَجَلٍ هُم بَـٰلِغُوهُ إِذَا هُمْ يَنكُثُونَ ﴿١٣٥﴾﴾

یاخی بوونی هۆزەکەی فیرعەون و تۆڵەلێسەندنیان بە چەند نیشانەوە

ئەمە هەواڵێکە لەلایەن خودای گەورەوە کە باسی یاخی بوونی هۆزی فیرعەون و لاساری و لەخۆبایی بوونیان بەرامبەر بە هەق و بەردەوام بوونیان لەسەر پڕوپوچ دەکات و دەفەرموێت: ﴿وَقَالُوا۟ مَهْمَا تَأْتِنَا بِهِۦ مِنْ ءَايَةٍ لِّتَسْحَرَنَا بِهَا فَمَا نَحْنُ لَكَ بِمُؤْمِنِينَ﴾ دەیانوت: هەر نیشانەیەکمان بە نیازی جادوولێکردن نیشان بدەن، ئێمە بڕوات پێ ناهێنین و دەیگێڕینەوە و وەری ناگرین لێت و ئەوەش کە پێی هاتووی هەر قبوڵمان نیە. خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَأَرْسَلْنَا عَلَيْهِمُ ٱلطُّوفَانَ وَٱلْجَرَادَ وَٱلْقُمَّلَ وَٱلضَّفَادِعَ وَٱلدَّمَ ءَايَـٰتٍ مُّفَصَّلَـٰتٍ فَٱسْتَكْبَرُوا۟ وَكَانُوا۟ قَوْمًا مُّجْرِمِينَ﴾ پاشان ئێمە چەند نیشانەی ئاشکرامان ناردەسەریان کە بریتی بوون لە لافاو و کوللە و ئەسپێ و خوێن و ۆق، بەلام ئەوان دەمارزلیان نواند و کۆمەڵێکی تاوانباربوون. لە ئیبنو عەبباسەوە لە ڕیوایەتێکدا هاتووە ﴿فَأَرْسَلْنَا عَلَيْهِمُ ٱلطُّوفَانَ﴾ واتە: بارانێکی زۆر کە کوستوکاڵ و بەروبووم نوقم بکات و لەناوی بەرێت. وە لە ڕیوایەتێکی تدا هاتووە هەر لە ئیبنو عەبباسەوە واتە: مردنی زۆر. موجاهیدئەڵێت: واتە: ئاوو چاوەقوڵە لە هەموو حاڵەتێکدا[2]، بەلام کوللە دیارو ناسراوە کە خوراوە. وەک لە هەردوو سەحیحەکەدا هاتووە لە ئەبو یەعفورەوە وتی: پرسیم لە عەبدوڵای کوڕی ئەبی ئەوفا لەبارەی کوللەوە، وتی: لەگەڵ پێغەمبەری خودا(ﷺ) حەوت غەزامان کرد کوللەمان دەخوارد.[3] ئیمامی شافیعی و ئەحمەد و ئینوماجە ڕیوایەتیان کردووە لە فەموودەیەکی عەبدوڕەحمانی کوڕی زەیدی کوڕی ئەسلەمەوە لە باوکیەوە لە ئیبنو عومەرەوە لە پێغەمبەرەوە(ﷺ)

---

[1] الطبری (١٣/٤٨).

[2] الطبری (١٣/٥٠).

[3] فتح الباری (٩/٥٣٥)، مسلم (٣/١٥٤٦).

فەرموویەتی: (دوو مردارەوەبوو وە دوو خوێنمان بۆ حەڵاڵ کراوە: ماسیو کوللەو جگەرو سپڵ)[1]،

ئیبنو ئەبی نەجیح لە موجاهیدەوە لەم ئایەتەدا وتی: ﴿ فَأَرْسَلْنَا عَلَيْهِمُ الطُّوفَانَ وَالْجَرَادَ ﴾ وتی: ئەو کوللانە بزماری دەرگاکانیان دەخواردو وازیان لە تەختە دەهێنا[2] بەڵام ﴿وَالْقُمَّلَ﴾ ئیبنو عەبباس وتی: واتە فۆرەکە لەناو گەنم دێتەدەر[3] دیسان لە ئیبنو عەبباسەوە وتی: ﴿وَالدَّمَ﴾ ئەو کوللە بچوکانەیە کە باڵیان نیە[4] موجاهیدو عیکرەمەو قەتادەش هەر وایان وتووە. حەسەنو سەعیدی کوڕی جوبەیر وتیان: ﴿وَالْقُمَّلَ﴾ گیانەوەرێکی ڕەشی بچکۆلەیە[5] ئیبنو جەریر ڕیوایەتی کردووە لە سەعیدی کوڕی جوبەیرەوە وتی: کاتێك موسا (سەلامی خودای لێبێت) هات بۆلای فیرعەون پێی وت: نەوەی ئیسرائیلم لەگەڵدا بنێرە، فیرعەون نەینارد، خودای مەزن لافاوی بۆناردن، واتە بارانی بەسەردا باراندن لەوەی کە سزایەك بێت وتیان بە موسا (سەلامی خودای لێبێت): داوامان بۆبکە لە پەروەردگارت ئەم بارانەمان لەسەر لاببات بڕوات پێ دێنینو نەوەی ئیسرائیلت لەگەڵدا دەنێرین. موسا (سەلامی خودای لێبێت) داوای بۆکردنو خودا بارانەکەی لابرد لەسەریان کەچی بڕوایان نەهێناو نەوەی ئیسرائیلیشی لەگەڵدا نەنارد، لەو ساڵەدا شتێکی بۆ سەوزکردن لەپێش ئەودا شتی وای بۆ سەوزنەکردبوون لە کشتوکاڵو بەروبوومو لەوەڕگە. پاشان وتیان: ئەمە ئەوشتەبوو ئێمە خوازیاری بووین. خودا کوللەی بۆناردنو دای بەسەر لەوەڕگەکەدا، کاتێك بینیان خەریکە لەوەڕگەکەیان دەخوات، زانیان کە هیچی کشتوکاڵەکەشیان ناهێڵێت، وتیان: ئەی موسا (سەلامی خودای لێبێت) داوامان بۆبکە لە پەروەردگارت ئەم کوللەیەمان بۆ لابەرێت بڕوای پێ دەکەینو نەوەی ئیسرائیلت لەگەڵدا دەنێرین، موسا (سەلامی خودای لێبێت) داوای بۆکردن لە پەروەردگاری کوللەکەی لەسەرلابردن، بڕوایان پێی نەهێناو نەوەی ئیسرائیلیشی لەگەڵدا نەنارد. دەغڵودانیان ڕنیەوەو کوتایانو لە ماڵدا کۆیان کردەوە، وتیان: دەغلودانەکەمان کۆکردەوە. خودا ئەسپێی بۆناردن کە گیانەوەرێکی بچوك بوون دەغڵودانەکە هەڵی دەهێنا، پیاوێك دە کیسی دەبرد بۆ ئاشجگە لە سێ فەقیزی لەگەڵ خۆی نەدەهێنایەوە، وتیان: ئەی موسا (سەلامی خودای لێبێت) داوامان بۆبکە لە پەروەردگارت ئەم ئەسپێیەمان لەسەرلابەرێت بڕوات پێ دێنینو نەوەی ئیسرائیلت لەگەڵدا دەنێرین. موسا (سەلامی

---

[1] مسند الشافعي (٢/١٧٣)، أحمد (٢/٩٧)، ابن ماجه (٢/١٠٧٣) فەرموودەیەکی مەوقوفە.

[2] الطبري (١٣/٦٨).

[3] الطبري (١٣/٥٤).

[4] الطبري (١٣/٥٤).

[5] الطبري (١٣/٥٥/٤٩٨).

خودای لێبێت) داوای لە پەروەردگاری کرد، خودا لەسەری لابردن، لە دواییدا ڕازی نەبوون نەوەی ئیسرائیلی لەگەڵدا بنێرن. کاتێك کە مووسا (سەلامی خودای لێبێت) لەلای فیرعەون دانیشتبوو گوێی لە قیرەی بۆق بوو. مووسا (سەلامی خودای لێبێت) بە فیرعەونی وت: ئاخۆ خۆتو هۆزەکەت تووشی چی دێن لەمەوە؟ وتی: لەوانەنیە ئەمەش فێڵ بێت؟ نەگەیشتنە ئێوارە، وای لێهات هەرکەسێك کە دادەنیشت هەتا چەناگەی بۆق دایدەگرت کاتێك کە دەیویست قسەبکات بازی دەدایە ناودەمی، وتیان بە مووسا (سەلامی خودای لێبێت) داوامان بۆبکە لە پەروەردگارت ئەم بۆقانەمان لەکۆڵ بکاتەوە بڕوات پێ دێنینو نەوەی ئیسرائیلت لەگەڵدا دەنێرین، داوای کرد لە پەروەردگاری لەکۆڵی کردنەوە کەچی بڕوایان پێ نەهێنا، پاشان خودا خوێنی بۆناردن، لە هەر بیرو ڕووبارێكو لە هەرشتێك کە ئاویان تێدا هەڵدەگرت ئاویان دەخواردەوە، خوێنی تەڕو تازەیان دەبینی. سکالایان بردەلای فیرعەونو وتیان: ئێمە گیرمان خواردووە بەدەست ئەم خوێنەوە، خواردنەوەمان نەماوە، فیرعەون وتی: بێگومان مووسا جادووی لێکردوون، وتیان: لە کوێوە جادووی لێکردوون، کە ئێمە هیچ ئاو شك نابەین لەناو دەفرەکانماندا‌و جگە لە خێنی تەڕنەبێت. هاتن بۆلای مووسا (سەلامی خودای لێبێت) وتیان: ئەی مووسا داوامان بۆبکە لە پەروەردگارت ئەم خوێنەمان لەسەرلابەرێت، بڕوات پێ دێنینو نەوەی ئیسرائیلت لەگەڵدا دەنێرین. داوای لە پەروەردگاری کردو لەسەری لابردن، بڕوایان پێ نەهێناو نەوەی ئیسرائیلیان لەگەڵدا نەنارد. هەر بەم شێوە ڕیوایەت کراوە لە ئیبنو عەبباسو سوددیو قەتادەو کەسانی تریشەوە لە زانایانی پێشینە کە ئەمەیان باسکردووە. موحەممەدی کوڕی ئیسحاقی کوڕی یەسار (ڕەحمەتی خودای لێبێت) وتی: دوژمنی خودا فیرعەون گەڕایەوە کاتێك کە جادووگەرەکان بڕوایان هێنا بە تێکشکاویو دەستەوەستانی، وازی هەرنەهێنا لەسەر خودانەناسیو خراپەی خۆی هەر بەردەوام بوو، خودای مەزن یەك لەدوای یەك نیشانەی بۆنارد، تووشی قاتوقڕیو لافاوی کرد، پاشان کوللەو ئەسپێو بۆقو خوێنی بۆنارد کە چەند نیشانەی ئاشکرابوون، لافاوی بۆنارد، ئەو ئاوەی کە لەسەر زەوی هەڵساو پاشان تێیدا وەستاو نەیانتوانی زەوی بکێڵنو هیچیان لەدەست نەدەهات هەتا وایان لێهات تووشی گرانیو برسێتی هاتنو چارەیان نەما، وەك خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿ وَلَمَّا وَقَعَ عَلَيْهِمُ ٱلرِّجْزُ قَالُوا۟ يَـٰمُوسَى ٱدْعُ لَنَا رَبَّكَ بِمَا عَهِدَ عِندَكَ لَئِن كَشَفْتَ عَنَّا ٱلرِّجْزَ لَنُؤْمِنَنَّ لَكَ وَلَنُرْسِلَنَّ مَعَكَ بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ ﴾ لەپاش ئەوەی کە بەڵایانەیان بینی، وتیان: مووسا لە پەروەردگارت بپاڕێوە (وەك پەیمانی بە تۆ داوە) ئەگەربێت بەڵامان لەسەرلابەرێت، شەرتە باوەڕت پێ بکەینو نەوەی ئیسرائیلیشت لەگەڵ بنێرین. مووسا لە پەروەردگاری پاڕایەوە بەڵاکەی لەسەر لابردن، بەڵام وەفایان بە هیچ شتێك نەکرد لەوەی کە وتیان، پاشان خودای گەورە کوللەی بۆناردنو دارەکانی خوارد، وەك

پێمگه‌یشتووه، هه‌تا بزماری ده‌رگاكانیشی خواردن كه ئاسن بوو وایان لێهات خانوو ماڵه‌كانیان ڕووخاو كه‌وت. دیسان قسه‌كانی پێشوویان كرده‌وه، مووسا داوای بۆكردن له‌ په‌روه‌ردگاری كه ئه‌وه‌یان له‌سه‌لاببات، كه‌چی وه‌فایان به‌ هیچ شتێك له‌وقسانه‌ی خۆیان نه‌كرد. خوداش ئه‌سپێی بۆناردن. بۆیانگێڕاومه‌ته‌وه كه مووسا (سه‌لامی خودای لێبێت) فه‌رمانی دا ئه‌سپێكه بڕوات بۆلای گردێكی لمین هه‌تا به عه‌ساكه لێی بدات چووبووه‌لای گردێكی لمینی زۆر گه‌وره‌و به عه‌ساكه‌ی پێیداكێشاو ئه‌سپێیه‌كی زۆر ده‌رچوو بۆیان هه‌تا وای لێهات ماڵو خواردنه‌كانی داگیركرد، نۆقره‌و خه‌وی لێ هه‌لگرتن، كاتێك كه زۆری بۆهێنان دیسان ئه‌وقسانه‌ی پێشوویان كرده‌وه، مووسا پاڕایه‌وه له په‌روه‌ردگاری له‌سه‌ری لابردن. كه‌چی وه‌فایان به هیچ شتێك له‌وقسانه‌ی خۆیان نه‌كرد، پاشان خودا بۆقی بۆناردن. ماڵو خواردن ده‌فره‌كانیان پڕبوو له بۆق، هیچ كه‌سێك جلوبه‌رگێك یان خواردنێكی لانه‌ده‌دا مه‌گین ده‌یبینی بۆق داگیری كردووه، كاتێك كه ئه‌و بۆقانه هه‌راسانی كردن، دیسان ئه‌وقسانه‌ی پێشوویان پێ وته‌وه. داوای كرد له په‌روه‌ردگاری له‌سه‌ری لابردن، كه‌چی وه‌فایان به هیچ شتێك له‌وقسانه‌ی خۆیان نه‌كرد، خودا خوێنی بۆناردن، وای لێهات ئاوه‌كانی هۆزی فیرعه‌ون بوو به‌خوێن، هیچ ئاوێكیان نه‌ده‌خوارده‌وه له بیر یان له ڕووبار یان له هه‌رده‌فرێكدا مه‌گین ئه‌و ئاوه ده‌بوو به‌خوێنی ته‌ڕو تازه[1].

﴿ فَانتَقَمْنَا مِنْهُمْ فَأَغْرَقْنَاهُمْ فِي الْيَمِّ بِأَنَّهُمْ كَذَّبُوا بِآيَاتِنَا وَكَانُوا عَنْهَا غَافِلِينَ ﴿١٣٦﴾ وَأَوْرَثْنَا الْقَوْمَ الَّذِينَ كَانُوا يُسْتَضْعَفُونَ مَشَارِقَ الْأَرْضِ وَمَغَارِبَهَا الَّتِي بَارَكْنَا فِيهَا ۖ وَتَمَّتْ كَلِمَتُ رَبِّكَ الْحُسْنَىٰ عَلَىٰ بَنِي إِسْرَائِيلَ بِمَا صَبَرُوا ۖ وَدَمَّرْنَا مَا كَانَ يَصْنَعُ فِرْعَوْنُ وَقَوْمُهُ وَمَا كَانُوا يَعْرِشُونَ ﴿١٣٧﴾ ﴾

نقومبوونی هۆزه‌كه‌ی فیرعه‌ون له ده‌ریاداو جێگیربوونی نه‌وه‌ی ئیسرائیل له‌و زه‌ویه پیرۆزه‌دا

خودای گه‌وره ده‌فه‌رموێت: ﴿ فَانتَقَمْنَا مِنْهُمْ فَأَغْرَقْنَاهُمْ فِي الْيَمِّ بِأَنَّهُمْ كَذَّبُوا بِآيَاتِنَا وَكَانُوا عَنْهَا غَافِلِينَ ﴾ ئه‌وسا تۆڵه‌مان لێ كرده‌وه له ده‌ریادا نقومان كردن. چونكه ئه‌وانه نیشانه‌كانی ئێمه‌یان به درۆداناو هه‌میشه لێیان بێ ئاگابوون. خودای گه‌وره لێره‌دا باسی فیرعه‌ونو داروده‌سته‌كه‌یمان بۆده‌كات كه كاتێك ده‌ستیان كرده سه‌رپێچیو یاخی بوون دوای ئه‌و هه‌موو نیشانه یه‌ك له‌دوای یه‌كانه‌ی كه بۆیان ده‌هات، به خنكاندن له‌ناو ده‌ریادا تۆڵه‌ی لێ سه‌ندن، ئه‌و ده‌ریایه كه خودا له‌تی كرد بۆ مووساو گه‌له‌كه‌ی كه له‌گه‌ڵی بوون، پاشان فیرعه‌ونو له‌شكره‌كه‌شی به‌دوای ئه‌واندا پێدابرد،

---

[1] الطبری (١٣/٦٣).

کاتێك کە بەتەواوی چوونەناوی ئاوەکە دای بە سەریاندار هەموو خنکانو هیچیان لێ دەرنەچوو، لەبەرئەوەی نیشانەکانی خودایان بە درۆدەزانی هەمیشە لێی بێ ئاگابوون. پاشان خودای گەورە دێتەسەر باسی نەوەی ئیسرائیل کە خۆرهەڵاتو خۆرئاوای ئەو وڵاتەی بەرەکەت تێ خستبوودا بەوانەی چەوسابوونەوە. واتە: نەوەی ئیسرائیل. حەسەنی بەسری قەتادە لەم ئایەتەدا وتیان: ﴿وَأَوْرَثْنَا ٱلْقَوْمَ ٱلَّذِينَ كَانُوا۟ يُسْتَضْعَفُونَ مَشَٰرِقَ ٱلْأَرْضِ وَمَغَٰرِبَهَا ٱلَّتِى بَٰرَكْنَا فِيهَا﴾ ئەوسا ئێمە خۆرهەڵاتو خۆرئاوای ئەو وڵاتەمان. وتیان: مەبەست پێی شامە کە بەرەکەتمان تێ خستبوو دابەوانەی چەوسابوونەوە. پاشان دەفەرمووێت: ﴿وَتَمَّتْ كَلِمَتُ رَبِّكَ ٱلْحُسْنَىٰ عَلَىٰ بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ بِمَا صَبَرُوا۟﴾ بەڵێنی هەرەپیرۆزی پەروردگارت (بێ کەموکوڕی) دەربارەی بەرەی ئیسرائیل هاتەجێ، لەبەر خۆڕاگرییان. موجاهید و ئیبنو جەریر وتیان ئەم ئایەتە وەك ئەو ئاتە وایە کە دەفەرمووێت: ﴿وَنُرِيدُ أَن نَّمُنَّ عَلَى ٱلَّذِينَ ٱسْتُضْعِفُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ وَنَجْعَلَهُمْ أَئِمَّةً وَنَجْعَلَهُمُ ٱلْوَٰرِثِينَ ۝٥ وَنُمَكِّنَ لَهُمْ فِى ٱلْأَرْضِ وَنُرِىَ فِرْعَوْنَ وَهَٰمَٰنَ وَجُنُودَهُمَا مِنْهُم مَّا كَانُوا۟ يَحْذَرُونَ﴾[1] بڕیاماندا ئەوانەی لەوزەمینەدا چەوسابوونەوە منەت بنێین بەسەریانداو بیانکەین بە پێشەوای خەڵك لە دواییشدا بۆخۆیان بمێننەوە. لەوزەویەدا جێگایان بۆ خۆش بکەینو بە فیرعەونو هامانو لەشکرەکانیشیان ئەوشتانە نیشان بدەین، کە ئەوان لێیان دەترسان. پاشان خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَدَمَّرْنَا مَا كَانَ يَصْنَعُ فِرْعَوْنُ وَقَوْمُهُۥ وَمَا كَانُوا۟ يَعْرِشُونَ﴾ هەرچی فیرعەونو گەلەکەی دایانناو بەرزیان کردەوە هەموومان لێ تێكوپێکدان. واتە: ئەوەی فیرعەونو هۆزەکەی دروستیانکرد لە کۆشكو تەلارو کێڵگە وێرانمان کرد.

ئیبنو عەبباس ئەڵێت: ﴿يَعْرِشُونَ﴾ واتە: ئەوەی دروستیان کرد لە خانوو تەلار[2].

﴿وَجَٰوَزْنَا بِبَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ ٱلْبَحْرَ فَأَتَوْا۟ عَلَىٰ قَوْمٍ يَعْكُفُونَ عَلَىٰٓ أَصْنَامٍ لَّهُمْ ۚ قَالُوا۟ يَٰمُوسَى ٱجْعَل لَّنَآ إِلَٰهًا كَمَا لَهُمْ ءَالِهَةٌ ۚ قَالَ إِنَّكُمْ قَوْمٌ تَجْهَلُونَ ۝١٣٨ إِنَّ هَٰٓؤُلَآءِ مُتَبَّرٌ مَّا هُمْ فِيهِ وَبَٰطِلٌ مَّا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ۝١٣٩﴾

[1] القصص (٥- ٦).

[2] الطبري (٧٩/٧٨/١٣).

پەڕینەوەی نەوەی ئیسرائیل لە دەریادا و داواکردنیان لە مووسا کە پەرستراوێکی بەرجەستەیان بۆپەیدابکات

خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَجَٰوَزْنَا بِبَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ ٱلْبَحْرَ فَأَتَوْا۟ عَلَىٰ قَوْمٍ يَعْكُفُونَ عَلَىٰٓ أَصْنَامٍ لَّهُمْ ۚ قَالُوا۟ يَٰمُوسَى ٱجْعَل لَّنَآ إِلَٰهًا كَمَا لَهُمْ ءَالِهَةٌ ۚ قَالَ إِنَّكُمْ قَوْمٌ تَجْهَلُونَ﴾ نەوەی ئیسرائیلمان لە دەریاکە پەڕاندەوە. ئەوسا تووشی هۆزێك هاتن هەر خەریکی پەرستنی بتەکانیان بوون. وتیان: مووسا خودایەکمان وەك خوداکانی ئەوان بۆپەیدابکە. وتی: ئێوە هۆزێکن لە هیچ نازانن. خودای گەورە لێرەدا باسی قسەی ئەونەفامانەی نەوەی ئیسرائیل دەکات کە وتویانە بە مووسا (سەلامی خودای لێبێت) لە دەریاکە پەڕینەوە ئەو هەموو نیشانەو دەستەلاتە گەورەی خودایان بە چاوی خۆیان بینی. ﴿فَأَتَوْا۟ عَلَىٰ قَوْمٍ يَعْكُفُونَ عَلَىٰٓ أَصْنَامٍ لَّهُمْ﴾ کە تووشی هۆزێك هاتن هەر خریکی پەرستنی بتەکانیان بوون. هەندێك لە زانایانی تەفسیر دەڵێن ئەوانە لە کەنعانیەکان بوون. هەندێکە تر وتوویانە: لە لەخمیەکان بوون.ئیبنو جەریرئەڵێت: ئەوانە چەند بتێکیان دەپەرست لە شێوەی مانگادابوو، هەرئەوەش بوو کاری تێکردن‌و بووەهۆی ئەوەی پاشان گوێرەکەکەیان پەرست. وتیان بە مووسا ﴿قَالُوا۟ يَٰمُوسَى ٱجْعَل لَّنَآ إِلَٰهًا كَمَا لَهُمْ ءَالِهَةٌ ۚ قَالَ إِنَّكُمْ قَوْمٌ تَجْهَلُونَ﴾ مووسا خودایەکمان وەك خوداکانی ئەوان بۆپەیدابکە، مووسا وتی: بەڕاستی ئێوە هۆزێکی نەفامن[1] واتە: لە گەورەیی‌و دەستەلاتی خودا شارەزانین، کە پاك‌و بێعەیبەو هاوتاو هاوێنەی نیە. ﴿إِنَّ هَٰٓؤُلَآءِ مُتَبَّرٌ مَّا هُمْ فِيهِ وَبَٰطِلٌ مَّا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ﴾ ئەوکارەی ئەوانە دەیکەن، بێ بەهرەیەو بەفیڕۆیەو بەتاڵە. ئیبنو جەریر ڕیوایەتی کردووە لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا لە ئەبو واقیدی لەیسیەوە کە ئەوان لەگەڵ پێغەمبەری خودا(ﷺ) لە مەککە دەرچوون بەرەو حونەین. خودانەناسەکان دارێکی تاوگیان (سدرة) هەبوو لای مانەوەو چەکەکانیان پێدا هەڵدەواسی، پێیان دەوت: زاتول ئەنوات وتی: ئێمەش بەلای ئاوێکی سەوزی گەورەدا تێپەڕین، وتی: وتمان ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) تۆش تاوگێك (ذات الانواط) بۆ ئێمە دابنێ، وەك ئەوان چۆن تاوگیان هەیە. پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: (سوێند بەوکەسەی گیانی منی بەدەستە وەك ئەوەتان وتووە کە هۆزی مووسا (سەلامی خودای لێبێت) وتیان بە مووسا: ﴿ٱجْعَل لَّنَآ إِلَٰهًا كَمَا لَهُمْ ءَالِهَةٌ ۚ قَالَ إِنَّكُمْ قَوْمٌ تَجْهَلُونَ ﴿١٣٨﴾ إِنَّ هَٰٓؤُلَآءِ مُتَبَّرٌ مَّا هُمْ فِيهِ وَبَٰطِلٌ مَّا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ﴾).

[1] الطبری (١٣/٨٠).

﴿ قَالَ أَغَيْرَ ٱللَّهِ أَبْغِيكُمْ إِلَٰهًا وَهُوَ فَضَّلَكُمْ عَلَى ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿١٤٠﴾ وَإِذْ أَنجَيْنَٰكُم مِّنْ ءَالِ فِرْعَوْنَ يَسُومُونَكُمْ سُوٓءَ ٱلْعَذَابِ ۖ يُقَتِّلُونَ أَبْنَآءَكُمْ وَيَسْتَحْيُونَ نِسَآءَكُمْ ۚ وَفِى ذَٰلِكُم بَلَآءٌ مِّن رَّبِّكُمْ عَظِيمٌ ﴿١٤١﴾ ﴾

وەبیرهێنانەوەی بەهرەكانی خودا بۆ نەوەی ئیسرائیل

خودای گەورە لەسەر زمانی مووسا (سەلامی خودای لێبێت) دەفەرموویێت: ﴿ قَالَ أَغَيْرَ ٱللَّهِ أَبْغِيكُمْ إِلَٰهًا وَهُوَ فَضَّلَكُمْ عَلَى ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿١٤٠﴾ وَإِذْ أَنجَيْنَٰكُم مِّنْ ءَالِ فِرْعَوْنَ يَسُومُونَكُمْ سُوٓءَ ٱلْعَذَابِ ۖ يُقَتِّلُونَ أَبْنَآءَكُمْ وَيَسْتَحْيُونَ نِسَآءَكُمْ ۚ وَفِى ذَٰلِكُم بَلَآءٌ مِّن رَّبِّكُمْ عَظِيمٌ ﴾ وتی: ئاخۆ ئێوەدەتانەوێت جگە لە خودا پەرستراوێكی ترتان بۆ پەیدابكەم، كە هەر خودا خۆی ئێوەی لەم دونیایە لە خەڵكی بەرێزتر كردووە؟ لەبیری مەكەن كە ئێمە رزگارمان كردن لەفیرعەون‌و داروده‌ستەكەی، كە ئێوەیان زۆر بەسەختی سزادەداو كوڕەكانتانی دەكوشت‌و ژنەكانتانی بۆ خزمەت دەهێشتەوە، ئەوبەڵایەتان لەلایەن پەروەردگارتانەوە زۆر گەورەبوو. مووسا(سەلامی خودای لێبێت) بەهرەكانی خودای وەبیر نەوەی ئیسرائیل هێنایەوە، لە ڕزگاكردنیان لەدیلی‌و ژێردەستەیی‌و زەبروەنگی فیرعەون‌و ئەوژیانە مەینەتی‌و پرچەوساویەی كە تێیدابوون پاشان چۆن گۆڕا بە ژیانێكی پڕ بەختەوەری بۆیان‌و ڕزگاریان بوو لەودوژمنەی كە بە چاوی خۆیان دیتیان چۆن خنكان‌و ڕیسواو زەبوون بوو. وەك لە پێشەوە لە سورەتی (البقرة) دا تەفسیری كرا.

﴿ وَوَٰعَدْنَا مُوسَىٰ ثَلَٰثِينَ لَيْلَةً وَأَتْمَمْنَٰهَا بِعَشْرٍ فَتَمَّ مِيقَٰتُ رَبِّهِۦٓ أَرْبَعِينَ لَيْلَةً ۚ وَقَالَ مُوسَىٰ لِأَخِيهِ هَٰرُونَ ٱخْلُفْنِى فِى قَوْمِى وَأَصْلِحْ وَلَا تَتَّبِعْ سَبِيلَ ٱلْمُفْسِدِينَ ﴿١٤٢﴾ ﴾

ڕۆژو گرتنی مووسا خۆخەریك كردنی بە خودا پەرستیەوە تا چل شەو

خودای گەورە منەت دەكات بەسەر نەوەی ئیسرائیلدا كە ڕێ نیشانداون بەهۆی قسەكردنیانەوە لەگەڵ مووسا (سەلامی خودای لێبێت) تەوراتیشی بە دیاری داپێی، كە چۆن هەڵس‌وكەوت‌و بەرنامەی ژیانی تێدا ڕوونكردووەتەوە بۆیان. وە دەفەرموویێت: ﴿ وَوَٰعَدْنَا مُوسَىٰ ثَلَٰثِينَ لَيْلَةً وَأَتْمَمْنَٰهَا بِعَشْرٍ فَتَمَّ مِيقَٰتُ رَبِّهِۦٓ أَرْبَعِينَ لَيْلَةً ﴾ لەگەڵ مووسادا بەڵێنی سی شەومان دان، دەی تریشمان بۆخستەسەر. بەم چەشنە ماوەی بەڵێنی پەروەردگاری بووە چل شەو. زانایانی تەفسیر دەڵێن ئەو سی ڕۆژە بەڕۆژی بوو كە تەواوی كرد بە توێكڵی دارسیواكی كرد، خودای گەورە فەرمانی پێكرد دە ڕۆژی تری بخاتەسەرو بیكاتە ژل شەو. كاتێك كە بەڵێنەكە تەواوبوو مووسا بڕیاری ڕۆیشتنی دا بەروە كێوی توور

وەك خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿يَٰبَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ قَدۡ أَنجَيۡنَٰكُم مِّنۡ عَدُوِّكُمۡ وَوَٰعَدۡنَٰكُمۡ جَانِبَ ٱلطُّورِ ٱلۡأَيۡمَنَ﴾[1] ئەی بەرەی ئیسرائیل لەژێر چنگی دوژمنەکانتان ڕزگامان کردن، بەڵێنشمان دانێ (لەلای ڕاستی کێوی توور) بگەنەلامان. ئا لەوکاتەدا مووسا هاروونی برای لەلای نەوەی ئیسرائیل لەجێی خۆی هێشتەوە (سەلامی خودایان لێبێت) ئامۆژگاری کرد کە بەچاکە مامڵەبکاتو نەهێڵێت خراپەکاری ڕوویدات، ﴿وَقَالَ مُوسَىٰ لِأَخِيهِ هَٰرُونَ ٱخۡلُفۡنِي فِي قَوۡمِي وَأَصۡلِحۡ وَلَا تَتَّبِعۡ سَبِيلَ ٱلۡمُفۡسِدِينَ﴾ بە هاروونی برای خۆی وت: تۆ لەناو هۆزەکەمدابەو لەجێی من بمێنەوەو هەر کاری چاك بکەو لەدوای خراپەکاران مەچۆ. ئەمە تەنیا ئاگاداریو وەبیرهێنانەوەبوو بۆ هاروون، ئەگەرنا هاروون (سەلامی خودای لێبێت) پێغەمبەرێکی مەزنو بەڕێزی خودابوو (سەلامی خودا لەسەر ئەوو گشت پێغەمبەران بێت).

﴿وَلَمَّا جَآءَ مُوسَىٰ لِمِيقَٰتِنَا وَكَلَّمَهُۥ رَبُّهُۥ قَالَ رَبِّ أَرِنِيٓ أَنظُرۡ إِلَيۡكَۚ قَالَ لَن تَرَىٰنِي وَلَٰكِنِ ٱنظُرۡ إِلَى ٱلۡجَبَلِ فَإِنِ ٱسۡتَقَرَّ مَكَانَهُۥ فَسَوۡفَ تَرَىٰنِيۚ فَلَمَّا تَجَلَّىٰ رَبُّهُۥ لِلۡجَبَلِ جَعَلَهُۥ دَكّٗا وَخَرَّ مُوسَىٰ صَعِقٗاۚ فَلَمَّآ أَفَاقَ قَالَ سُبۡحَٰنَكَ تُبۡتُ إِلَيۡكَ وَأَنَا۠ أَوَّلُ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ﴿١٤٣﴾﴾

داواکردنی مووسا کە پەروەردگاری ببینێت

خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلَمَّا جَآءَ مُوسَىٰ لِمِيقَٰتِنَا وَكَلَّمَهُۥ رَبُّهُۥ﴾ کاتێك مووسا لەکاتی دیاریکراودا هاتو پەروەردگاری قسەی لەگەڵ کرد. لێرەدا خودا باسی مووسا دەکات، کە لەکاتی دیاریکراودا ئامادەبوو لەلایەن خوداوە قسەی لەگەڵ کرا، مووسا داوای کرد لە خودا کە خۆی نیشان بداتو ببینێت ﴿قَالَ رَبِّ أَرِنِيٓ أَنظُرۡ إِلَيۡكَۚ قَالَ لَن تَرَىٰنِي وَلَٰكِنِ ٱنظُرۡ إِلَى ٱلۡجَبَلِ فَإِنِ ٱسۡتَقَرَّ مَكَانَهُۥ فَسَوۡفَ تَرَىٰنِيۚ﴾ وتی: ئەی پەروەردگاری من دەمەوێت تۆ ببینم، فەرمووی ناتوانی بمبینیت، بەلام لەو گەژە بڕوانە، ئەگر لە شوێنی خۆی نەبزووت ئەوسا دەتوانی بمبینیت. پیتی (لن) بۆ جەختکردنەوەیە بۆ نەبینینی خودا لە دونیادا، چونکە فەرموودەی زۆر ڕیواتکراوە لە پێغەمبەری خوداوە (ﷺ) کە بڕواداران خودای مەزن دەبینن لە ڕۆژی قیامەتدا. وەك لەم ئایەتەدا لە سورەتی (القيامة) دا دەیانهێنین ﴿وُجُوهٞ يَوۡمَئِذٖ نَّاضِرَةٌ ﴿٢٢﴾ إِلَىٰ رَبِّهَا نَاظِرَةٞ﴾[2] لەو ڕۆژەدا زۆر ڕوو هەن گەش دەکەن، چاودەگێڕن بەرەو پەروەردگاری خۆیان. وەك لە کتێبە پێشووەکاندا هاتووە، خودای گەورە فەرموویەتی بە مووسا (سەلامی خودای لێبێت): (بێگومان هیچ زیندوویەك نامبینێت مەگین وە هیچ وشكو ڕەقێکیش

---

[1] طه (٨٠).

[2] القيامة (٢٢– ٢٣).

نامبینێت مەگین سەروژێربووە)[1] بۆیە خودای گەورە ئەفەرمووێت: ﴿فَلَمَّا تَجَلَّىٰ رَبُّهُۥ لِلْجَبَلِ جَعَلَهُۥ دَكًّا وَخَرَّ مُوسَىٰ صَعِقًا﴾ کە خۆی بۆ کەژەکە دەرخست، بەجارێك کەژەکەی پرپش پرپش کردن ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە لە موسنەدەکەیدا لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە لە پێغەمبەرەوە(ﷺ) لەم ئایەتەدا ﴿فَلَمَّا تَجَلَّىٰ رَبُّهُۥ لِلْجَبَلِ﴾ فەرمووی: خودای گەورە فەرمووی: (ئابەو شێوەیە) واتە: لایەك لە پەنجەتوتەی دەرهێنا[2]، تیرمیزیش هەروا ڕیوایەتی کردووە لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا، پاشان وتی: ئەمە فەرموودەیەکی چاكو ڕاستەو غەریبە[3] حاکمیش ڕیوایەتی کردووە لە ڕێگەی حەممادی کوڕی سەلەمەوە هە ر بەم شێوەیەو وتی: ئەمە فەرموودەیەکی سەحیحە لەسەر شەرتی موسلیم، بەڵام بوخاریو موسلیم نەیانهێناوە[4]، سوددی لە عیکرەمەوە لە ئیبنو عەبباسەوە لەم ئایەتەدا ئەڵێت: ﴿فَلَمَّا تَجَلَّىٰ رَبُّهُۥ لِلْجَبَلِ﴾ واتە: بەئەندازەی پەنجەتوتەیەك نەبێت نیشانی نەدا ﴿جَعَلَهُۥ دَكًّا﴾ وای لێکرد کێوەکە وردوخاش بوو، واتە: بوبە بە خۆڵ. ﴿وَخَرَّ مُوسَىٰ صَعِقًا﴾ مووسا بەبێ هۆش کەوت، هۆشی بەخۆی نەما[5] ئیبنو جەریر ڕیوایەتی کردووە کە ئیشارەتێك لێرەدا هەیە بەڵگەیە لەسەر بێهۆشبوونی مووسا ئەویش ئەو دەقەیە کە خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿فَلَمَّآ أَفَاقَ﴾ وەختێك مووسا هاتەوەسەرخۆی. دیارە هاتنەوەسەرخۆ ڕوونادات مەگین کەسێك نەبێت لەهۆش خۆی بچێت ﴿قَالَ سُبْحَٰنَكَ﴾ مووسا وتی: پاکیو بێعەیبی هەر بۆتۆیە، واتە: ئەوخودایە ئەوەندە پاكو گەورەو بێعەیب و پایە بڵندە دوورە لەوەی کە هیچ کەسێك بتوانێت ببینێت، خۆئەگەر ببینێت کتوپڕ مردووە. ﴿تُبْتُ إِلَيْكَ﴾ مووسا وتی: پەشیمانم. موجاهیدئەڵێت: پەشیمانم لەوەی کە داوای بینینم کردی ﴿وَأَنَا۠ أَوَّلُ ٱلْمُؤْمِنِينَ﴾من لە خاوەنباوەڕاندا یەکەمینم بێگومان کەس تۆ نابینێت. موجاهیدو ئیبنو عەبباس وتیان: واتە من یەکەمینم لە نەوەی ئیسرائیل. ئیبنو جەریرش هەر ئەم ڕایەی هەڵبژاردووە. وە لە ڕیوایەتێکی تردا هەر لە ئیبنو عەبباسەوە ﴿وَأَنَا۠ أَوَّلُ ٱلْمُؤْمِنِينَ﴾ من لە خاوەنباوەڕان یەکەمینم کە دەڵێم ئەی خودایە هیچ کەسێك تۆ نابینێت. پاشان خودای مەزن

---

[1] البداية والنهاية (٣/١١٢).

[2] أحمد (٣/١٢٥)، ترمذي دەڵێت: فەرموودەیەکی حەسەنی غەریبی سەحیحە.

[3] تحفة الاحوذي (٨/٤٥١) فەرموودەیەکی حەسەنی غەریبی سەحیحە.

[4] الحاكم (٢/٣٢٠) فەرموودەیەکی حەسەنی غەریبی سەحیحە.

[5] الطبری (١٣/٩٧).

دەفەرمووێت: ﴿وَخَرَّ مُوسَىٰ صَعِقًا﴾ مووسا بەبێ هۆش کەوت، لەسەر ئەم ئایەتەش ئەبوسەعیدو ئەبوهورەیرەش فەرموودەیان ڕیوایەت کردووە لە پێغەمبەرەوە(ﷺ) فەرموودەکەی ئەبوسەعید بوخای لە سەحیحەکەیدا لێرەدا ڕیوایەتی کردووە ئەڵێت: پیاوێکی جوولەکە هات بۆلای پێغەمبەر(ﷺ) درابوو لە دەموچاوی، وتی: ئەی محمد (ﷺ) پیاوێك لە هاوەڵەکانی ئەنساریەکانت کێشای بە ڕوومدا، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (بانگی بکەن)، بانگیان کرد، فەرمووی: (بۆچی کێشاوتە بە دەموچاویدا؟)، پیاوەکە وتی: ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) من تێپەڕیم بەلای ئەم جوولەکەیەدا دەیوت: سوێند بەوکەسەی کە مووسای هەڵبژاردووە لەناو خەڵکیدا، وتی وتم: بەسەر محمدیشدا (ﷺ) تووڕەیی گرتمی‌و پێمداکێشا. پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (لە نێوان پێغەمبەراندا هەڵمەبژێن چەنکە خەڵکی لە ڕۆژی قیامەتدا بێ هۆش دەکەون، من یەکەمین کەسم دێمەوەسەرخۆ، کاتێك دەزانم لەگەڵ مووسادا پێکەوەین، (و خۆی بە ستوونێك لە ستوونەکانی تەختەوە –عەرشەوە–) گرتووە، نازانم لەپێش مندا هۆشی هاتووەتەوە یان چاوپۆشی لێکراوە بەهۆی لەهۆش چوونەکەی کێوی تورەوە)[1]، بوخاری لە زۆر شوێندا لە سەحیحەکەیدا ڕیوایەتی کردووە، موسیمش لە فەرموودەی پێغەمبە راندا‌و ئەبوداودیش لە کتێبی (السنة) لە سونەنەکەیدا ڕیوایەتیان کردووە[2] فەرموودەکەی ئەبوهورەیرەشی ئیمامی ئەحمەدو بوخاری‌و موسیم هەر بەوشێوە ڕیوایەتیان کردووە[3].

﴿قَالَ يَٰمُوسَىٰٓ إِنِّي ٱصۡطَفَيۡتُكَ عَلَى ٱلنَّاسِ بِرِسَٰلَٰتِي وَبِكَلَٰمِي فَخُذۡ مَآ ءَاتَيۡتُكَ وَكُن مِّنَ ٱلشَّٰكِرِينَ ﴿١٤٤﴾ وَكَتَبۡنَا لَهُۥ فِي ٱلۡأَلۡوَاحِ مِن كُلِّ شَيۡءٖ مَّوۡعِظَةٗ وَتَفۡصِيلٗا لِّكُلِّ شَيۡءٖ فَخُذۡهَا بِقُوَّةٖ وَأۡمُرۡ قَوۡمَكَ يَأۡخُذُواْ بِأَحۡسَنِهَاۚ سَأُوْرِيكُمۡ دَارَ ٱلۡفَٰسِقِينَ ﴿١٤٥﴾﴾

خودا مووسای هەڵبژاردو ئەلواحەکانی دایە (سەلامی خودای لێبێت)

خودا لێرەدا باسی مووسا دەکات ﴿قَالَ يَٰمُوسَىٰٓ إِنِّي ٱصۡطَفَيۡتُكَ عَلَى ٱلنَّاسِ بِرِسَٰلَٰتِي وَبِكَلَٰمِي﴾ دەفەرمووێت ئەی مووسا من لەناو خەڵکی زەمانی خۆتدا هەڵمبژاردی بە پەیامەکانم‌و قسەکردنم (لەگەڵت ڕاستەوخۆ) بێگومان محمد (ﷺ) بەڕێزترینی منداڵی ئادامە هەر لە یەکەمین کەسیانەوە هەتا دواین کەس، لەبەرئەوەیە خودای گەورە بەتایبەتی کردوویەتی بە دواین پێغەمبەر کە پەیامەکەی بەردەوام دەبێتهەتا ڕۆژی قیامەت‌و شوێنکەوتوانیشی زۆر دەبێت لە شوێنکەوتوانی پێغەمبەرەکانی تر

---

[1] فتح الباري (١٥٢/٨).

[2] البخاري (٢٤١٢/٣٣٩٨/٣٨/٤٦/٦٩١٧/٧٤٢٧/٦٥١٨)، مسلم (٢٣٧٤)، أبوداود (٤٦٦٨).

[3] أحمد (٢٦٤/٢)، فتح الباري (٤٥٥/١٣)، مسلم (١٨٤٤/٤).

(سەلامی خودایان لێبێت) هەموو. دوای ئەو بەڕێزترین و بەقەدرترینیان ئیبراهیمی خەلیلە (سەلامی خودای لێبێت) پاشان عیسای کوڕی عیمرانە (سەلامی خودای لێبێت) کە خودا قسەی لەگەڵدا کرد.

بۆیە خودای گەورە پێی فەرمووە ﴿فَخُذْ مَآ ءَاتَيْتُكَ وَكُن مِّنَ ٱلشَّـٰكِرِينَ ﴾ چیم پێداوی ئەو وەریگرەو لە سوپاسگوزاران بە. واتە: شتێك داوامەكە كە توانات ناشكێت بەسەریدا پاشان خودای گەورە ئاگاداری كردووە فەرموویەتی: ﴿ وَكَتَبْنَا لَهُۥ فِى ٱلْأَلْوَاحِ مِن كُلِّ شَىْءٍ ﴾ دەربارەی هەمووكارێك و ئامۆژگاری بۆ گەلەكەی هەموو شتمان (بێ كەم وكوڕی) بۆنوسیو بۆمان خستەسەر لەوح (پارچەدار یان پارچەبەرد) وتراوە: لەوحەكان لە گەوهەر بووە. خودای گەورە ئامۆژگاری و فەرمانەكانی لە حەڵاڵ و حەرام بۆڕوونكردووەتەوە، لەسەر ئەولەوحانە بۆی نوسیووە. تەوراتیش لەو لەوحانە پێكهاتووە. كە خودای گەورە فەرموویەتی تێیدا: ﴿وَلَقَدْ ءَاتَيْنَا مُوسَى ٱلْكِتَـٰبَ مِنۢ بَعْدِ مَآ أَهْلَكْنَا ٱلْقُرُونَ ٱلْأُولَىٰ بَصَآئِرَ لِلنَّاسِ ﴾[1] لەپاش ئەوەی چین و بەرەكانی پێشوومان قڕتێخست، ئەو كتێبەمان (واتە تەورات) دا بە مووساكە بۆ مەردوم ببێتەهۆی چاوڕوونی. وتراوە: خودا ئەلواحەكانی پێش تەورات داوە بە مووسا (والله أعلم). پاشان دەفەرمووێت: ﴿فَخُذْهَا بِقُوَّةٍ وَأْمُرْ قَوْمَكَ يَأْخُذُوا۟ بِأَحْسَنِهَا﴾ مووسا ئاگات لەوانەبێت و توند بیانگرە فەرمان بدە بە هۆزەكەت با هەر چاكەكەیان وەربگرن. سوفیانی كوڕی عویەینە وتی: ئەبوسەعید بۆی گێڕامەوە لە عیكرەمەوە لە ئیبنو عەبباسەوە وتی: فەرماندرا بە مووسا كە توندتر لەوەی فەرماندراوە بە هۆزەكەی بیگرێت.[2] پاشان خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿سَأُو۟رِيكُمْ دَارَ ٱلْفَـٰسِقِينَ ﴾ من زوو پێشانتان دەدەم جێگەو ڕێگەی ئەوانەی سەرپێچی دەكەن بەرەو كوێیە. واتە: بەم زووانە پاشەڕۆژی ئەوانەی سەرپێچیان كردووەو لە فرمانەكانی من دەرچوون دەیبینن، كە چۆن لەناوچوون و قڕیان تێخرا.

﴿ سَأَصْرِفُ عَنْ ءَايَـٰتِىَ ٱلَّذِينَ يَتَكَبَّرُونَ فِى ٱلْأَرْضِ بِغَيْرِ ٱلْحَقِّ وَإِن يَرَوْا۟ كُلَّ ءَايَةٍ لَّا يُؤْمِنُوا۟ بِهَا وَإِن يَرَوْا۟ سَبِيلَ ٱلرُّشْدِ لَا يَتَّخِذُوهُ سَبِيلًا وَإِن يَرَوْا۟ سَبِيلَ ٱلْغَىِّ يَتَّخِذُوهُ سَبِيلًا ۚ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ كَذَّبُوا۟ بِـَٔايَـٰتِنَا وَكَانُوا۟ عَنْهَا غَـٰفِلِينَ ﴿١٤٦﴾ وَٱلَّذِينَ كَذَّبُوا۟ بِـَٔايَـٰتِنَا وَلِقَآءِ ٱلْـَٔاخِرَةِ حَبِطَتْ أَعْمَـٰلُهُمْ ۚ هَلْ يُجْزَوْنَ إِلَّا مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿١٤٧﴾﴾

---

[1] القصص (٤٣).

[2] الطبري (١٣/١١٠).

بێبەشکردنی فیز زلان لە نیشانەکانی خودا

خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿ سَأَصْرِفُ عَنْ ءَايَٰتِيَ ٱلَّذِينَ يَتَكَبَّرُونَ فِي ٱلْأَرْضِ بِغَيْرِ ٱلْحَقِّ ﴾ بەم زوانە ڕووی ئەوانە وا بە هەق لەسەر زەمین فیزدەنوێنن، لە نیشانەکانی خۆم وەردەگێڕم. واتە: ئەو بەڵگەو نیشانانەیان لێ قەدەغە دەدەکەم کە دەبنەهۆی شارەزابوونیان لەسەر گەورەیی خۆمو بڕیارەکانمو دڵی ئەو فیز زلانە وەردەگێڕم کە گوێڕایەلیم ناکەنو فیزدەنوێنن بەسەر خەڵکیدا لەسەر زەمیند بە ناهەق. واتە: وەك چۆن فیزیان نواند بە ناهەق بەسەر خەڵکیدا، هەر بەو نەفامیەیان خودا ڕەزیلی کردون. وەك فەرموویەتی: ﴿وَنُقَلِّبُ أَفْـِٔدَتَهُمْ وَأَبْصَٰرَهُمْ كَمَا لَمْ يُؤْمِنُوا۟ بِهِۦٓ أَوَّلَ مَرَّةٍ ﴾[1] هەروا ئەوان جاری یەکەم باوەڕیان بە قورئان نەکرد (ئێمەش) دڵو دیدەی ئەوان لەکاردەخەین. وە لە ئایەتێکی تردا فەرموویەتی: ﴿فَلَمَّا زَاغُوٓا۟ أَزَاغَ ٱللَّهُ قُلُوبَهُمْ﴾[2] وەختێك ئەوان خۆیان لادا، خوداش دڵی ئەوانی لادا. سوفیانی کوڕی عوێینە لەم ئایەتەدا ﴿ سَأَصْرِفُ عَنْ ءَايَٰتِيَ ٱلَّذِينَ يَتَكَبَّرُونَ فِي ٱلْأَرْضِ بِغَيْرِ ٱلْحَقِّ ﴾ وتی: تێگەیشتن لە قورئانیان لێ دادەماڵرێتو بەوزوانە لە نیشانەکانی خۆم وەریان دەگێڕم[3]، ئیبنو جەریر وتی: ئەمە بەڵگەیە لەسەرئەوەی کە ئەم وتارە بۆ ئەم ئوممەتەشە.[4] منیش دەڵێم (واتە ئیبنو کەسیر دەڵێت) ئەمە بە مەرج نەگیراوە لەسەر وەم ئوممەتە، بەڵکو مەبەستی ئیبنو عوێینە ئەوەبووە کە ئەمە بۆ هەموو ئوممەتێکە هیچ جیاوازی نیە لە نێوان یەکێكو یەکێکی تردا والله أعلم.... پاشان دەفەرمووێت: ﴿وَإِن يَرَوْا۟ كُلَّ ءَايَةٍ لَّا يُؤْمِنُوا۟ بِهَا ﴾ بەشێوەیەك کە هەر نیشانەیەك ببینن بڕوای پێناکەن. وەك خودای گەورە لە ئایەتێکی تردا ئەفەرمووێت: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ حَقَّتْ عَلَيْهِمْ كَلِمَتُ رَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ ﴿٩٦﴾ وَلَوْ جَآءَتْهُمْ كُلُّ ءَايَةٍ حَتَّىٰ يَرَوُا۟ ٱلْعَذَابَ ٱلْأَلِيمَ﴾[5] ئەوکەسانەی گفتی پەروەردگاری تۆیان لێ هاتەدی، ئیتر باوەڕناهێنن، جا با هەموو نیشانەیەکیشیان بۆبێت، هەتا ئازاری بەژان بەچاوی خۆیان دەبینن. لێرەدا خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَإِن يَرَوْا۟ سَبِيلَ ٱلرُّشْدِ لَا يَتَّخِذُوهُ سَبِيلًا وَإِن يَرَوْا۟ سَبِيلَ ٱلْغَيِّ يَتَّخِذُوهُ سَبِيلًا ﴾ یان ئەگەر ڕێی ڕاست ببینن پێیدا ناچن، بەلام ئەگەر ڕێگای گومڕایی ببینن دەیگرنەبەر. واتە: ئەگەر ڕێگەی ڕاستیان بۆدەرکەوت، واتە ڕێگەی ڕزگاری ناگرنەبەر،

---

[1] الانعام (١١٠).

[2] الصف (٥).

[3] الطبری (١٣/١١٢).

[4] الطبری (١٣/١١٣).

[5] یونس (٩٦– ٩٧).

بەڵام ئەگەر ڕێگەی لەناوڕوون و گومڕایان بینی پێیدا دەڕۆن، پاشان چارەنووسیان دەگێڕێتەوە بۆ ئەم حاڵەیان کە دەفەرمووێت: ﴿ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ كَذَّبُوا بِآيَاتِنَا وَكَانُوا عَنْهَا غَافِلِينَ﴾ چونکە ئەوان نیشانەکانی ئێمەیان بە درۆزانی و هەرگیز سەرنجیان نەدانێ. واتە: بە دڵ بڕوایان بە نیشانەکانی ئێمە نەبوو، کاریشیان بە هیچ شتێکی نەدەکرد کە تێیدابوو. پاشان خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَالَّذِينَ كَذَّبُوا بِآيَاتِنَا وَلِقَاءِ الْآخِرَةِ حَبِطَتْ أَعْمَالُهُمْ﴾ ئەوکەسانەی نیشانەکانی ئێمەو ڕۆژی قیامەتیان بە درۆدانا، کارەکانیان بەفیڕۆچوو. واتە: ئەوکەسەی ئەوەی کردووە لەوان و بەردەوامە لەسەری تا دەمرێت کارەکەی بەفیڕۆچووە. ﴿هَلْ يُجْزَوْنَ إِلَّا مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ﴾ ئایا جگ لە بەرامبەری کردەی خۆیان سزادەدرێن؟ واتە: تۆڵەیان لێ دەسێنین بەپێی ئەو کردارانەی لەپێش خۆیاندا کردوویانە ئەگەر چاکەیان کردبێت بە چاکەو ئەگەر خراپەشیان کردبێت بە خراپە, واتە: چی بڕوێنن ئەوە دەدورنەوە.

﴿وَاتَّخَذَ قَوْمُ مُوسَىٰ مِن بَعْدِهِ مِنْ حُلِيِّهِمْ عِجْلًا جَسَدًا لَّهُ خُوَارٌ ۚ أَلَمْ يَرَوْا أَنَّهُ لَا يُكَلِّمُهُمْ وَلَا يَهْدِيهِمْ سَبِيلًا ۘ اتَّخَذُوهُ وَكَانُوا ظَالِمِينَ (١٤٨) وَلَمَّا سُقِطَ فِي أَيْدِيهِمْ وَرَأَوْا أَنَّهُمْ قَدْ ضَلُّوا قَالُوا لَئِن لَّمْ يَرْحَمْنَا رَبُّنَا وَيَغْفِرْ لَنَا لَنَكُونَنَّ مِنَ الْخَاسِرِينَ (١٤٩)﴾

بەسەرهاتی پەرستنی گوێرەکە

خودای گەورە باسی سەرلێشێواوی ئەوکەسانە دەکات لە نەوەی ئیسرائیل گمڕابوون بەهۆی پەرستنی ئەو گوێرەکەوە کە سامیری بۆی دروستی کردن لە خشڵی قیبتەکان کە لێیان خواستبوون. لەو خشڵە پەیکەری گوێرەکەیەکی بۆدروستکردن، پاشان مشتێك خۆڵی لەژێر سمی ئەسپەکەی جوبرەئیلی(سەلامی خودای لێبێت) کرد بەسەریدا، بوو بە پەیکەری گوێرەکەیەك هەر دەیبۆڕاند، (الخوار) واتە: بۆڕەی مانگا، دوای ڕۆیشتنی مووسا بەدەم ئەو بەڵێنەی پەروەردگاریەوە کە پێی دابوو ئەمەیان کرد، خودای گەورە مووسای لەسەر کێوی توور ئاگادار کردووە لەوکارەیان ﴿قال فانا قد فتنا قومك من بعدك وأظلهم السامري﴾[١] فەرموویەتی: پاش تۆ ئێمە هۆزەکەتمان تاقیکردەوە، سامیری لایدان لەڕێ. زانایانی تەفسیر ڕای جیاوازیان هەیە لەبارەی ئەم گوێرەکەوە، ئایا بووە خێن و گۆشت و قۆڕاندی، یان هەر خشڵەکەبوو هەوا پێیدا دەڕۆیشت و قۆڕەی لێوەدەهات وەکو مانگا، دوو ڕایان هەبووە والله أعلم.. وتراوە کە کاتێك گوێرەکە دەیقۆڕاند بەدەوریدا هەڵدەپەڕین و پێی تاقیکرانەوەو سەریان لێ شێواو وتیان ئەمە پەرستراوی ئێوەو مووسایە، مووسا لەبیری چوو، خودای گەورە

---

[١] أحمد (٢٧١/١) فەرموودەیەکی حەسەنی سەحیحە.

دەفەرمووێت: ﴿أَفَلَا يَرَوْنَ أَلَّا يَرْجِعُ إِلَيْهِمْ قَوْلًا وَلَا يَمْلِكُ لَهُمْ ضَرًّا وَلَا نَفْعًا﴾[1] ئایا ئەوانە تابینن، نە وەلامێکیان دەداتەوەو نە زیانێکی بۆ ئەوان هەیەو نە قازانج. وە لەم ئایەتەدا لێرەدا دەفەرمووێت: ﴿وَاتَّخَذَ قَوْمُ مُوسَىٰ مِنْ بَعْدِهِ مِنْ حُلِيِّهِمْ عِجْلًا جَسَدًا لَهُ خُوَارٌ ۚ أَلَمْ يَرَوْا أَنَّهُ لَا يُكَلِّمُهُمْ وَلَا يَهْدِيهِمْ سَبِيلًا﴾ لەپاش مووسا هۆزەکەی(لە خشڵی خۆیان) گوێرەکەیەکیان دروستکردەهەر دەیبۆڕاند، ئایا نەیاندیت ئەو گوێرەکەیە قسەیان لەگەڵدا ناکاتو ڕێگایان پێ نیشان نادات؟ خودای گەورە بێزاری خۆی دەردەبڕێت لەسەرئەو گومڕابوونەیانو بێئاگاییان لە وەدیهێنەری ئاسمانو زەمینو پەروەردگارو سەروەری گشت شتێك کە پەیکەری گوێرەکەیان لەگەڵ ئەودا پەرستووەکە قوڕەی لێوەدێت نە قسەیان لەگەڵدا دەکاتو نە ڕێگەی چاکیشیان نیشان دەدات. بەڵکو چاوەکانی داپۆشیون بە کوێریو نەفامیو گومڕایی. پاشان خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَلَمَّا سُقِطَ فِي أَيْدِيهِمْ وَرَأَوْا أَنَّهُمْ قَدْ ضَلُّوا قَالُوا لَئِنْ لَمْ يَرْحَمْنَا رَبُّنَا وَيَغْفِرْ لَنَا﴾. کاتێك تەواو پەشیمانی دایگرتنو دیتیان سەریان لێ شێواوە وتیان:ئەگەر پەروەردگارمان بەربەزەییەی خۆیمان نەخاتو لە گوناهە کانمان نەبورێت ﴿لَنَكُونَنَّ مِنَ الْخَاسِرِينَ﴾ ئێمە لە زیانبارانین. هەندێت بە (ترحمنا) یان حوێندووەتەوە لەباتی (یرحمنا)، ﴿مِنَ الْخَاسِرِينَ﴾ واتە: لە فەوتاوانو لەناوچووانین. ئەمەدانپێنانێك بوولەلایەن ئەوانەوە بەتاوانەکانوپەناهێنان بۆلای خودای گەورە.

﴿وَلَمَّا رَجَعَ مُوسَىٰ إِلَىٰ قَوْمِهِ غَضْبَانَ أَسِفًا قَالَ بِئْسَمَا خَلَفْتُمُونِي مِنْ بَعْدِي ۖ أَعَجِلْتُمْ أَمْرَ رَبِّكُمْ ۖ وَأَلْقَى الْأَلْوَاحَ وَأَخَذَ بِرَأْسِ أَخِيهِ يَجُرُّهُ إِلَيْهِ ۚ قَالَ ابْنَ أُمَّ إِنَّ الْقَوْمَ اسْتَضْعَفُونِي وَكَادُوا يَقْتُلُونَنِي فَلَا تُشْمِتْ بِيَ الْأَعْدَاءَ وَلَا تَجْعَلْنِي مَعَ الْقَوْمِ الظَّالِمِينَ ﴿١٥٠﴾ قَالَ رَبِّ اغْفِرْ لِي وَلِأَخِي وَأَدْخِلْنَا فِي رَحْمَتِكَ ۖ وَأَنْتَ أَرْحَمُ الرَّاحِمِينَ ﴿١٥١﴾﴾

خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَلَمَّا رَجَعَ مُوسَىٰ إِلَىٰ قَوْمِهِ غَضْبَانَ أَسِفًا قَالَ بِئْسَمَا خَلَفْتُمُونِي مِنْ بَعْدِي﴾ مووسا وەختێك گەڕایەوە ناو هۆزەکەی، بە تووڕەییو دڵ پڕپەوە پێی وتن: لە دوای من چەند جێ نشینی خراپ بوون. خودای گەورە باسی مووسا (سەلامی خودای لێبێت) دەکات، کاتێك کە گەڕایەوە لە موناجاتەکەی لەلای پەروەردگاری گەورەی کە زۆر تووڕەو دڵگران بوو. ئەبودەرداء وتی: (الاسف) واتە زۆر تووڕە، بە هۆزەکەی وت: بەڕاستی کارێکی زۆر خراپتان کردووە کە گوێرەکەتان پەرستووە

[1] طه (٨٩)

دوای ئەوەی من ڕۆیشتمو بەجێم هێشتن ﴿أَعَجِلْتُمْ أَمْرَ رَبِّكُمْ﴾ ئاخر بۆچی پەلەتان کرد تا فەرمانی پەروەردگارتان پێدەگات؟ واتە: پەلەتان کرد هەتا من دەگەڕێمەوە لاتان، ئەوکاتەم لەلایەن خوداوە دیاریکرابوو ﴿وَأَلْقَى الْأَلْوَاحَ وَأَخَذَ بِرَأْسِ أَخِيهِ يَجُرُّهُ إِلَيْهِ﴾ لەوحەکانی فڕێداو قژی براکەی ڕاکێشا بەرەوخۆی، ئەمە بەلگەیە لەسەرئەوەی لەم فەرموودەیەدا هاتووە کە دەفەرمووێت: هەوالّ وەك بەچاوبینین نیە[1]. لەم فەرموودەوە دەردەکەوێت بۆیە لەوحەکانی فڕێدا چونکە زۆر تورەبوو لە هۆزەکەی، ئەمە قسەی زۆرینەی زانایانی پێشینەو ئەوانەی دوای ئەوانیشە ﴿وَأَخَذَ بِرَأْسِ أَخِيهِ يَجُرُّهُ إِلَيْهِ﴾ مووسا قژی براکەی ڕاکێشا بەرەوخۆی، ترسا لەوەی هاروونی برای نکوڵی کردبێت لە قەدەغەکردنیان لەو گوێرەکە پەرستیە، وەك خودای گەورە لە ئایەتێکی تردا فەرموویەتی: ﴿قَالَ يَاهَارُونُ مَا مَنَعَكَ إِذْ رَأَيْتَهُمْ ضَلُّوا (٩٢) أَلَّا تَتَّبِعَنِ أَفَعَصَيْتَ أَمْرِي (٩٣) قَالَ يَبْنَؤُمَّ لَا تَأْخُذْ بِلِحْيَتِي وَلَا بِرَأْسِي إِنِّي خَشِيتُ أَنْ تَقُولَ فَرَّقْتَ بَيْنَ بَنِي إِسْرَائِيلَ وَلَمْ تَرْقُبْ قَوْلِي﴾[2] مووسا وتی: هاروون کە دیتت ئەوانە لە ڕێ لایاندا چی نەیهێشت تۆ، شوێنم بکەوی؟ ئایا تۆش لە فەرمانی من سەرپێچیت کرد، وتی: ئەی کوڕی دایکم ڕیشم مەگرەو قژم ڕامەکێشە من لەوەترسام کە بلێیت: تۆ جیاوازیت خستە نێوان منو بەرەی ئیسرائیل لەسەرقسەم ڕانەوەستای. وە لێرەدا خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿قَالَ ابْنَ أُمَّ إِنَّ الْقَوْمَ اسْتَضْعَفُونِي وَكَادُوا يَقْتُلُونَنِي فَلَا تُشْمِتْ بِيَ الْأَعْدَاءَ وَلَا تَجْعَلْنِي مَعَ الْقَوْمِ الظَّالِمِينَ﴾ هاروون وتی: ئەی کوڕی دایکم هۆزەکەم هێزیان لێ سەندم خەریك بوو بمکوژن (دڵی) دوژمنان بە من خۆش مەکەو منیش لەگەڵ ناهەقیکاران دامەنێ. واتە: من وەك ئەوان سەیرمەکەو مەخەرەپاڵ ئەوان. بۆیە وتی: دڵی دایکم تا زیاتر دڵی نەرم بکاتو کاری تێ بکات، ئەگینا برای دایکیو باوکی بوون، کاتێك مووسا (سەلامی خودای لێبێت) بێ تاوانی هاروونی برای بۆ دەرکەوت (سەلامی خودای لێبێت) وەك خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَلَقَدْ قَالَ لَهُمْ هَارُونُ مِنْ قَبْلُ يَاقَوْمِ إِنَّمَا فُتِنْتُمْ بِهِ وَإِنَّ رَبَّكُمُ الرَّحْمَنُ فَاتَّبِعُونِي وَأَطِيعُوا أَمْرِي﴾[3] هاروون لەپێشدا پێی وتن: ئەی هۆزەکەم ئێوە بەم گوێرەکە هەڵخەڵەتاون پەروەردگارتان دە هەندەی بژێویتانە ﴿الرَّحْمَنُ﴾ دەی وەرن شوێنی من بکەونو فەرمانی من بەجێ

---

[1] أحمد (٢٧١/١) فەرموودەیەکی حەسەنی سەحیحە.

[2] طه (٩٢- ٩٤).

[3] طه (٩٠).

بێـنن. دوای ئـەوە ﴿قَالَ﴾ مووسـا وتـی: ﴿رَبِّ ٱغْفِرْ لِي وَلِأَخِي وَأَدْخِلْنَا فِي رَحْمَتِكَ وَأَنتَ أَرْحَمُ ٱلرَّٰحِمِينَ﴾ ئەی پەروەردگاری من، لە خۆمو براکەم ببورەو بەر بەزەیی خۆتمان بخە، تۆ لە گشت بەزەییان دڵسۆزتری. ڕیوایەت کراوە لە ئیبنو ئەبی حاتەمەوە لە ئیبنو عەبباسەوە وتی: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (ڕەحمەتی خودا لە مووسا بەچاوبینینی وەك هەواڵدان نیە، کاتێك پەروەردگاری هەواڵی دا بە مووسا کە هۆزەکەی دوای خۆی تاقیکراوەتەوە، لەوحەکانی فڕێ نەدا بەڵام کاتێك بە چاوی خۆی بینینی (پەیکەری گوێرەکە دەپەرستن) لەوحەکانی فڕێدا)[1].

﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُواْ ٱلْعِجْلَ سَيَنَالُهُمْ غَضَبٌ مِّن رَّبِّهِمْ وَذِلَّةٌ فِي ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا ۚ وَكَذَٰلِكَ نَجْزِي ٱلْمُفْتَرِينَ (١٥٢) وَٱلَّذِينَ عَمِلُواْ ٱلسَّيِّـَٔاتِ ثُمَّ تَابُواْ مِنۢ بَعْدِهَا وَءَامَنُوٓاْ إِنَّ رَبَّكَ مِنۢ بَعْدِهَا لَغَفُورٌ رَّحِيمٌ (١٥٣)﴾

لەبارەی ئەو غەزەبەشەوە کە ئەوەی ئیسرائیل تووشیان هات لە پەرستنی ئەو گوێرەکەدا، ئەوەبوو خودا تەوبەی لێ قبوڵ نەکردن تا یەکتریان کوشت، وەك لە سورەتی (البقرة) دا لە پێشەوە باسکرا کە دەفەرموێت: ﴿فَتُوبُوٓاْ إِلَىٰ بَارِئِكُمْ فَٱقْتُلُوٓاْ أَنفُسَكُمْ ذَٰلِكُمْ خَيْرٌ لَّكُمْ عِندَ بَارِئِكُمْ فَتَابَ عَلَيْكُمْ ۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلتَّوَّابُ ٱلرَّحِيمُ﴾[2] پەشیمانی لەلای پەروەردگارتان دەربڕن سا وەرن یەکتر بکوژن، لەلای پەروەردگارتان ئەم کارە بۆتان چاکترە، کە تەوبەی لێ قبوڵ کردن، هەر ئەویشە لە پەشیمانان خۆشدەبێتو دلۆڤانە. لێرەشدا دەفەرموێت: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُواْ ٱلْعِجْلَ سَيَنَالُهُمْ غَضَبٌ مِّن رَّبِّهِمْ وَذِلَّةٌ فِي ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا﴾ ئەوکەسانەی کە بوونە گوێرەکەپەرست، بەر غەزەبی پەروەردگاریان کەوتنو لە ژیانی دونیادا زەلیل دەبنو بە سوكو ڕیسوایی دەمێننەوە ﴿وَكَذَٰلِكَ نَجْزِي ٱلْمُفْتَرِينَ﴾ هەر بەو شێوەیە سزای درۆ هەڵبەستان دەدەین، هەرکەسێك هەر بیدعەیەك دابهێنێت خۆی تووشی غەزەبی خودا دەکات، بێگومان ڕیسوای ئەو بیدعەو سەرپێچی کردن لەو پەیامەی خودا پەیوەندە بە دڵیەوەو وا بەسەرشانیەوە. وەك حەسەنی بەسری دەڵێت: بێگومان ڕیسوای بیدعە وا بەسەرشانیانەوە با هێستر زۆر بەچاکی هەڵیانگرێتو غاربداتو یان بویشی تەقەی سمی بێت (لە ژێریاندا) ئەییوبی ختیانی ڕیوایەتی کردووە لە ئەبو قیلابەی جەرمیەوە کە ئەم ئایەتەی دەخوێند ﴿وَكَذَٰلِكَ نَجْزِي ٱلْمُفْتَرِينَ﴾ بەوشێوەیە سزای درۆهەڵبەستان دەدەین، وتی: سوێند بە خودا ئەم ئایەتە بۆ هەموو درۆهەڵبەستێکە

---

[1] ابن ماجه (٢/٣٨٠).

[2] البقرة (٥٤).

تا ڕۆژی قیامەت.[1] سوفیانی کوڕی عویەینە وتی: هەموو خاوەن بیدعەیەك ڕیسوایە[2]. پاشان خودای گەورەعەبدەکانی وشیارکردووەتەوە و ڕێنمایی کردون کە تەوبەی عەبدەکانی قبول دەکات لە هەر گوناهێك کە کردوویانە با ئەو گوناهەش خودانەناسی یان شەریك دانان یان دووڕوویی یان دووبەرەکی و ناکۆکی نانەوەش بوبێت. بەمەرجێك تەوبەبکات لێی، بۆیە دوای ئەم بەسەرهاتە دەفەرموێت: ﴿وَالَّذِينَ عَمِلُوا السَّيِّئَاتِ ثُمَّ تَابُوا مِنْ بَعْدِهَا وَءَامَنُوا﴾ ئەوکەسانەش ئاکاریان خراپ بووە، پاشان پەشیمان ببنەوەو بڕوا بێنن (ئەی محمد(ﷺ)) فروستادەی تەوبەو پێغەمبەری ڕەحمەت ﴿إِنَّ رَبَّكَ مِنْ بَعْدِهَا لَغَفُورٌ رَحِيمٌ﴾ پەروەردگارت لە گوناهەکانیان دەبورێتو دلۆڤانە. واتە: دوای پەشیمان بوونەوەیان لە گوناهەکانیان دەبورێت. ئیبنو ئەبی حاتەم ڕیوایەتی کردووە لە عەبدوڵای کوڕی مەسعودەوە لەوبارەیەوە، واتە: لە پیاوێك داوێن پیسی بکات لەگەڵ ژنێکداو پاشان مارەی بکات، ئەمیش ئەم ئایەتی خوێند ﴿وَالَّذِينَ عَمِلُوا السَّيِّئَاتِ ثُمَّ تَابُوا مِنْ بَعْدِهَا وَءَامَنُوا إِنَّ رَبَّكَ مِنْ بَعْدِهَا لَغَفُورٌ رَحِيمٌ﴾ عەبدوڵلا دەجار ئەم ئایەتەی خوێندەوە، نە فەرمانی پێ کردن بیکەنو نە قەدەغەشی کرد لێیان[3].

﴿وَلَمَّا سَكَتَ عَن مُّوسَى الْغَضَبُ أَخَذَ الْأَلْوَاحَ وَفِي نُسْخَتِهَا هُدًى وَرَحْمَةٌ لِّلَّذِينَ هُمْ لِرَبِّهِمْ يَرْهَبُونَ ﴿١٥٤﴾﴾

مووسا کە توڕەییەکەی دامردەوە لەوحەکانی هەڵگرتەوە

خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلَمَّا سَكَتَ عَن مُّوسَى الْغَضَبُ﴾ کاتێك مووسا توڕەییەکەی نیشتەوە، واتە: کاتێك توڕەییەکەی هێدی بووەوە لە مۆزەکەی ﴿أَخَذَ الْأَلْوَاحَ﴾ ئەو لەوحانەی کۆکردەوە کە لەکاتی توڕەییدا فڕێیدا کە مۆزەکەی بینی خەریکی گوێرەکەپەرستین (توڕەیی و دڵگرانیەکەشی هەر لەبەرخاتری خودابوو)، ﴿وَفِي نُسْخَتِهَا هُدًى وَرَحْمَةٌ لِّلَّذِينَ هُمْ لِرَبِّهِمْ يَرْهَبُونَ﴾ کە تێیاندا ڕێ نیشاندانو بەزەیی بوو بۆ ئەوانەی لەخوداترسن. زۆر لە زانایانی تەفسیر دەڵێن، کاتێك کە مووسا (سەلامی خودای لێبێت) لەوحەکانی فڕێدا، لەوحەکانی شکاند، پاشان دوای توڕەبوونەکەی کۆی کردنەوە، لەبەرئەوە هەندێك لە زانایانی پێشینە دەڵێن:لەناو لەوحەکاندا ڕێ نیشاندانو بەزەیی بینی. قسە زۆرکراوە لەبارەی ئەم لەوحانەوە وتویانە هەتا ئێستا پارچەی ئەو لەوحانە لە گەنجینەدا

---

[1] الطبری (١٣/١٣٥).

[2] الطبری (١٣/١٣٦).

[3] الدر المنثور (٣/٥٦٦).

ماوەنەتەوە، لەلای پاشاكانی نەوەی ئیسرائیل بووە لە دوایدا كەوتونەتەدەست دەوڵەتی ئیسلامی. خودا خۆی دەزانێت ئەم قسەیە ڕاستە یان ڕاست نیە. بەڵام بەڵگەی تەواو لەسەر شكانی لەوحەكان كاتێك كە مووسا فڕێیدان، ئەوەیە كە ئەو لەوحانە لە گەوهەری بەهەشت بووە. خودای گەورە فەرموویەتی كاتێك كە مووسا هەڵی گرتنەوە، دوای ئەوەی كە فڕێیدان ڕێ نیشاندانو بەزەیی تێدا بینین بۆ ئەوانەی لەخوداترسن ﴿هُدًى وَرَحْمَةٌ لِّلَّذِينَ هُمْ لِرَبِّهِمْ يَرْهَبُونَ﴾ وتەی (الرهيبة) مانای كەردنكەچیش دەگەیەنێت.

﴿ وَٱخْتَارَ مُوسَىٰ قَوْمَهُۥ سَبْعِينَ رَجُلًا لِّمِيقَـٰتِنَا ۖ فَلَمَّآ أَخَذَتْهُمُ ٱلرَّجْفَةُ قَالَ رَبِّ لَوْ شِئْتَ أَهْلَكْتَهُم مِّن قَبْلُ وَإِيَّـٰىَ ۖ أَتُهْلِكُنَا بِمَا فَعَلَ ٱلسُّفَهَآءُ مِنَّآ ۖ إِنْ هِىَ إِلَّا فِتْنَتُكَ تُضِلُّ بِهَا مَن تَشَآءُ وَتَهْدِى مَن تَشَآءُ ۖ أَنتَ وَلِيُّنَا فَٱغْفِرْ لَنَا وَٱرْحَمْنَا ۖ وَأَنتَ خَيْرُ ٱلْغَـٰفِرِينَ ﴿١٥٥﴾ ﴾

ڕۆیشتنی حەفتا كەس لە نەوەی ئیسرائیل بۆ خزمەت پەروەردگاریان و خودا لەوێ مراندنی

خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَٱخْتَارَ مُوسَىٰ قَوْمَهُۥ سَبْعِينَ رَجُلًا لِّمِيقَـٰتِنَا ۖ فَلَمَّآ أَخَذَتْهُمُ ٱلرَّجْفَةُ قَالَ رَبِّ لَوْ شِئْتَ أَهْلَكْتَهُم مِّن قَبْلُ وَإِيَّـٰىَ ۖ أَتُهْلِكُنَا بِمَا فَعَلَ ٱلسُّفَهَآءُ مِنَّآ﴾ مووسا حەفتا كەسی لە هۆزەكەی دەست نیشان كرد كە بێنە دیدەنی ئێمە، كاتێك بوومەلەرزە دایگرتن، مووسا وتی: ئەی پەروەردگارم، ئەگەرمەیلت لێبووایە هەرلەپێشدا ئەوانو منیشت لەناودەبرد، ئایا بەوكارەی كە بێ ئاوەزان لە ئێمە كردویانە هەموومان لەناودەبەی؟ عەلی كوڕی ئەبوتەلحە وتی: لە ئیبنو عەبباسەوە لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا، خودا فەرمانی دا بە مووسا (سەلامی خودای لێبێت) كە حەفتا كەس لە هۆزەكەی هەڵبژێرێت، مووساش حەفتا كەسی لە هۆزەكەی هەڵبژاردو لەگەڵ خۆی بردنی هەتا لە پەروەردگاریان بلاڵێنەوە، كاتێك كە پاڕانەوە لە خودا وتیان: خودا شتێكمان بدەرێ كە بە هیچ كەسێكت نەدابێت لە پێش ئێمەداو بە كەسیش نەدەی لەدوای ئێمە، خودای گەورە داواكەیانی پێ ناخۆش بوو، بومەلەرزە لێیدان ﴿قَالَ رَبِّ لَوْ شِئْتَ أَهْلَكْتَهُم مِّن قَبْلُ وَإِيَّـٰىَ﴾[1] سوودی وتی: خودای گەورە فەرمانی دا كە هەندێك خەڵكی لە نەوەی ئیسرائیل بباتەلای هەتا پەشیمانی خۆیان لە پەرستنی ئەوگوێرەكەیە دەربڕنو كاتێكی بۆ دیاری كردن، ﴿ وَٱخْتَارَ مُوسَىٰ قَوْمَهُۥ سَبْعِينَ رَجُلًا ﴾ مووسا حەفتا كەسی لە هۆزەكەی دەست نیشان كردو لەگەڵ خۆی بردنیو تا پەشیمانی خۆیان دەربڕن، كاتێك كە گەیشتنە ئەو شوێنە وتیان: بڕوات پێ ناكەین هەتا خودا بە ئاشكرا نەبینین، چونكە تۆ قسەت لەگەڵدا كردووە،

---

[1] الطبری (١٣/١٤١).

دەی نیشانی ئێمەشی بدە، لەوێدا بومەلەرزە لێیدانو هەموو مردن، مووسا هەڵساو دەستی کردەگریانو لە خودا دەپاڕایەوەو دەیوت: پەروەردگارم من چی بڵێم بە نەوەی ئیسرائیل کە پێیان گەیشتم کە تۆ پیاوەچاکەکانت لەناوبردون؟ ﴿رَبِّ لَوْ شِئْتَ أَهْلَكْتَهُم مِّن قَبْلُ وَإِيَّايَ﴾ ئەی پەروەردگارم ئەگەر بتویستایە لە پێشدا ئەوانو منیشت لەناودەبرد[1] موحەممەدی کوڕی ئیسحاق ئەڵێت: مووسا (سەلامی خودای لێبێت) لە نەوەی ئیسرائیل حەفتا کەسی دەست نیشان کرد لە چاکترینو چاکترین کەس، وە وتی بەرەو خودا بچنو پەشیمانی دەربڕن لەسەر ئەوکارەی کە کردووتانەو داوای لێبوردنی لێ بکەن بۆ ئەوکەسانەش کە بەجێتان هێشتوونلە هۆزەکەتانو ڕۆژوبگرنو خۆتان جلوبەرگەکانتان بە پاکو خاوێنی ڕابگرن. بەرەو تووری سینا بەڕێی کردن بۆ ئەو دیدارەی کە پەروەردگاری بۆی دیاری کردبوون، چونکە مووسا (سەلامی خودای لێبێت) نەیدەتوانی بێت بۆلای مەگین بە ئیزنی خودا خۆیو ئاگاداری ئەونەبێت. حەفتاکەسەکە (وەك بۆیان گێڕاوەمەتەوە) بە مووسایان وت: داوامان بۆبکە کە گوێ بیستی قسەی پەروەردگارمان بین، مووسا وتی: داواتان بۆدەکەم، کاتێك مووسا (سەلامی خودای لێبێت) لە کێوەکە نزیك کەوتەوە، عەمودێك هەور دای بەسەریداو کێوەکەشی گشت داپۆشی، مووسا چووەناو هەورەکەو بەوخەڵکەی وت ئێوەش نزیك ببنەوە، کاتێك مووسا قسەی لەگەڵ خوداکرد ڕووناکیەکی درەوشاوە بەردەم و چاوی کەوت کە هیچ کەسێك لە نەوەی ئادەم نەیدەتوانی بۆی بڕوانێت، پەردەیەك لەبەردەمیدا دادرایەوە، خەڵکەکە کە نزیك بوونەوەو چوونەناو هەورەکەو سوجدەیان برد، گوێیان لێ بوو کە خودا قسەی لەگەڵ مووسا دەکردو دەیفەرموو ئەوەبکەو ئەوە مەکەو فەرمانی پێ دەکردو قەدەغەشی لێ دەکرد، کاتێك ئەوفەرمانانەی مووسا دای بەسەر مووسادا تەواوبوو، لەسەری ڕەویەوەو لاچوو، پیاوەکان هاتن بۆلایو وتیان: ئەی مووسا بڕوات پێ ناهێنین تا خودا بەئاشکرا نەبینین، بومەلەرزە لێی دانو گیانیان دەرچوو هەموو مردن، مووسا (سەلامی خودای لێبێت) هاواری دەکردەخوداو لێی دەپاڕایەوەو دەیوت: ﴿رَبِّ لَوْ شِئْتَ أَهْلَكْتَهُم مِّن قَبْلُ وَإِيَّايَ﴾ ئەی پەروەردگارم ئەگەر بتویستایە لە پێشدا ئەوانو منیشت لەناودەبرد. ئەوانە بێ ئاوەزوبوون. ئایا ئەوانەی لە نەوەی ئیسرائیل لە دوامەوە ماون لەناودەبەیت.[2] ئیبنو عەبباسو موجاهیدو قەتادەو ئیبنو جەریرئەڵێن : ئەوانە بومەلەرزە دایگرتن چونکە هۆزەکەیان تا ئەوکاتە خەریکی گوێرەکەپەرستی بوون پێیان نەوتبون ئەو گوێرەکیە مەپەرستن.[3] ئەم قسەیە لە

---

[1] الطبری (١٣/١٤٠).

[2] الطبری (١٣/١٤٠).

[3] الطبری (١٣/١٤٣/١٤٤).

قسەی مووسا دەکات کە خودای گەورە دەفەرموویت: ﴿أَتُهْلِكُنَا بِمَا فَعَلَ ٱلسُّفَهَآءُ مِنَّآ إِنْ هِىَ إِلَّا فِتْنَتُكَ﴾ ئایا تۆ هەموومان لەناودەبەین بەهۆی ئەوەی کە ناوەزەکانمان کردوویانە، ئەمە تەنیا تاقیکردنەوەیەکی خۆتە ﴿تُضِلُّ بِهَا مَن تَشَآءُ وَتَهْدِى مَن تَشَآءُ﴾ بە مەیلی خۆت کەسانێك گومڕا دەکەیتو هەندێکیش بەرەوخۆت شارەزا دەکەیتەمە قسەی ئیبنو عەبباسو سەعیدی کوڕی جوبەیرو ئەبوعلیەو ڕەبیعی کوڕی ئەنەسو کەسانی ترشە لە زنایانی پێشینەو پاشینە[1] جگە لەم مانایە هیچ مانایەکی تری نیە. مووساس دەفەرموویت: ئەی خودایە فەرمان هەر فەرمانی تۆیەو بڕیار هەر بڕیاری تۆیە، هەرچی مەیلت لێبووە بووە، مەیلی خۆتە هەرکەسێك گومڕادەکەیتو هەرکەسێکیش ڕێ نیشان دەدەیت، هەرکەسێك تۆ گمڕاتکرد کەس ناتوانێت ڕێ نیشان بداتو هەرکەسێکیش تۆ ڕێت نیشاندا کەس ناتوانێت گومڕای بکات. وە هەرکەسێك تۆ شتت لێ گرتەوە کەس ناتوانێت پێی بدات. وە هەرکەسێکیش تۆ شتێکت پێ بەخشی کەس ناتوانێت ڕێگری بێت، هەرچی مولکە هەموو هی تۆیە، هەموو بڕیارێك هەر لە تۆوەیە، وەدیهێنەرو فەرمانڕەوا هەرتۆی ﴿أَنتَ وَلِيُّنَا فَٱغْفِرْ لَنَا وَٱرْحَمْنَا وَأَنتَ خَيْرُ ٱلْغَٰفِرِينَ﴾ گەورەمان تۆی، بمانبورەو بەزەییت پێماندابێتەوە باشترین لێبوردە هەر تۆی. (الغفر) واتە: چاوپۆشینو چاوپۆشی کردن لە گوناه. (الرحمة) واتە: بەزەیی ئەگەر لەپاڵ داپۆشین دانرا، مەبەست پێی جارێکی ترو لەمەوبەدوا تووشی ئەو گوناهانەی نەکاتەوە ﴿وَأَنتَ خَيْرُ ٱلْغَٰفِرِينَ﴾ باشترین لێبوردە هەر تۆی. هیچ کەسێك لە گوناه نابورێت جگە لە تۆ، ﴿وَٱكْتُبْ لَنَا فِى هَٰذِهِ ٱلدُّنْيَا حَسَنَةً وَفِى ٱلْءَاخِرَةِ إِنَّا هُدْنَآ إِلَيْكَ﴾ لەم دونیاو لە قیامەتیش چاکەمان بۆ بنوسە، ئێمە هاتینەوەلای تۆ. بەشی یەکەمی ئەم پاڕانەوەیە بۆ لێبوردن بوو لە گوناه، بەلام ئەم بەشە بۆ وەدەست هێنانی نیازو مەبەستە ﴿وَٱكْتُبْ لَنَا فِى هَٰذِهِ ٱلدُّنْيَا حَسَنَةً وَفِى ٱلْءَاخِرَةِ﴾ واتە: لە دونیاو لە قیامەت چاکەمان بۆ بنوسەو بۆمان هەلگرە. لەپێشدا لە سورەتی(البقرة)دا تەفسیری (الحسنة) کرا. ﴿إِنَّا هُدْنَآ إِلَيْكَ﴾ ئێمە هاتینەوە بۆلای تۆو گەڕاوەتینەوەو پاشگەزبووینەوە. ئیبنو عەبباسو سەعیدی کوڕی جوبەیرو موجاهیدو ئەبوعایەو زەححاكو ئیبراهیمی تەمیمیو سوددیو قەتادەو کەسانی تریش هەروایان وتووە[2] لە زمانیشدا هەر وا هاتووە.

[1] الطبری (١٣/١٥٠).
[2] الطبری (١٣/١٥٤/١٥٥).

﴿وَٱكْتُبْ لَنَا فِي هَٰذِهِ ٱلدُّنْيَا حَسَنَةً وَفِي ٱلْآخِرَةِ إِنَّا هُدْنَآ إِلَيْكَ ۚ قَالَ عَذَابِيٓ أُصِيبُ بِهِۦ مَنْ أَشَآءُ ۖ وَرَحْمَتِي وَسِعَتْ كُلَّ شَيْءٍ ۚ فَسَأَكْتُبُهَا لِلَّذِينَ يَتَّقُونَ وَيُؤْتُونَ ٱلزَّكَوٰةَ وَٱلَّذِينَ هُم بِـَٔايَٰتِنَا يُؤْمِنُونَ (١٥٦)﴾

بەزەیی خودا نوسراوە ئەو خوداناسانەی خۆپاك ڕاگرو بڕوادارن بە نیشانەکانی خوداو پێغەمبەرانی (سەلامی خودایان لێبێت)

خودای گەورە خۆی وەڵامی خۆی دەداتەوە لەمەدا کە ئەفەرمووێت: ﴿إِنْ هِيَ إِلَّا فِتْنَتُكَ﴾ ئەمەش هەر تاقیکردنەوەی خۆتە، بەم ئایەتەو دەفەرمووێت: ﴿عَذَابِيٓ أُصِيبُ بِهِۦ مَنْ أَشَآءُ ۖ وَرَحْمَتِي وَسِعَتْ كُلَّ شَيْءٍ﴾ هەرکەسێك ئازاربدەم مەیلی خۆمە، بەزەییشم هەموو شتی داگرتووە. واتە: ئەوەی مەیلم لێبێت دەیکەمو هەر بڕیارێکیش بمەوێت نەیدەم، هەر کارێك دەیکەم پڕە لە دادپەروەریو کارزانی. هیچ پەرستراوێك نیە جگە لەو پاكو بێعەیبە. کە خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَرَحْمَتِي وَسِعَتْ كُلَّ شَيْءٍ﴾ واتە: بەزەیی خودا زۆر گەورەو گشتگیرو فراوانە. وەك خودای گەورە خۆی باسی ئەو فریشتانە دەکات کە تەختیان (عەرشیان) هەلگرتووە کە دەڵێن: ﴿رَبَّنَا وَسِعْتَ كُلَّ شَيْءٍ رَّحْمَةً وَعِلْمًا﴾[1] ئەی پەروەردگاری هەموومان، دیارە بەزەییو زانینت هەموو شتی داگرتووە. ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە لە جوندوبەوە کە کوڕی عەبدوڵلای بەجەلییە (ڕەزای خودای لێبێت) وتی: عەرەبێکە دەشتەکی هاتو وشترەکەی یەخد (أناخ) و بەستیەوە پاشان لەدوای پێغەمبەرەوە(ﷺ) نوێژی کرد، کاتێك پێغەمبەری خودا(ﷺ) نوێژەکەی تەواوکرد پیاوەکە چووەلای وشترەکەیو وشترەکەی بەرداو پاشان سواری بوو، پاشان بە دەنگی بەرز وتی: ئەی خودایە بەزەییت بە مندا بێتەوەو بە موحەممەدیشدا، هیچ کەسێك مەکە بە هاوبەشی ئەم بەزەییەی ئێمە. پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: (ئایا ئێوە دەڵێن ئەمە گومڕاترە یان وشترەکەی، ئایا گوێتان لێ نەبوو چی وت؟) وتیان: بەڵێ، فەرمووی: (بەڕاستی بەزەییی فروانی خودای پاوەنو سنووردار کردووە، چونکە خودای گەورە سەد بەزەیی وەدی هێناوە، یەك بەزەیی ناردووەتەخوارەوە دروستکراوەکانی پێی بەهرەمەندن لە مرۆڤ و جنۆکەو گیانلەبەر نەوەدونۆ بەزەییشی لەلای خۆی هێشتووەتەوە ئایا ئێوە دەڵێن: ئەو گومڕاترە یان وشترەکەی؟)[2] ئەبوداودیش ڕێوایەتی کردووە[1] دیسان ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە

---

[1] غافر (٧).

[2] أحمد (٣١٢/٤) سەنەدەکانی لاوازە.

لە سەلمانەوە لە پێغەمبەرەوە(ﷺ) فەرموویەتی: (بێگومان خودای گەورە سەد بەزەیی هەیە، لەوانە بەزەییەکە کە خەڵکی لەناو خۆیاندا بەکاری دێنن، وە بەو بەزەییە دڕندەکان سۆزیان بۆ بێچوەکانیان هەیە، نەوەدونۆ بەزەییەکەی تری دواخستووە بۆ ڕۆژی قیامەت)[2]. موسلیمش ڕیوایەتی کردووە[3] پاشان خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَسَأَكْتُبُهَا لِلَّذِينَ يَتَّقُونَ﴾ چاکەی ئەوانە دەنوسم لە خراپە خۆپارێزن، واتە: بەزەیی خۆمیان بۆ مسۆگەر دەکەم وەك منەتێك بەسەریانەوەو چاکەیە لەگەڵیان لەلایەن خۆمەوە. وەك لە ئایەتێکە تردا فەرموویەتی: ﴿كَتَبَ عَلَىٰ نَفْسِهِ الرَّحْمَةَ﴾[4] خودا لەسەر خۆی نوسیووە کە دەبێت خاوەن بەزەیی بێت ﴿لِلَّذِينَ يَتَّقُونَ﴾ واتە: بۆ ئەوانەی کە خۆپارێزنو خاوەن ئەو ڕەوشتانەن، ئەوانەش ئوممەتی محمدن(ﷺ)، ﴿لِلَّذِينَ يَتَّقُونَ﴾ واتە: ئەوانەی خۆپارێزن لە بتپەرستیو گوناهە گەورەکان ﴿وَيُؤْتُونَ الزَّكَاةَ﴾ زەکات دەدەن. وتراوە: زەکاتی گیان وتراویشە: زەکاتی ماڵو سامان، هەڵیشی دەگرێت گیانو ماڵیش بێت، چونکە ئەم ئایەتە لە مەککە هاتووەتەخوارەوە ﴿وَالَّذِينَ هُم بِآيَاتِنَا يُؤْمِنُونَ﴾ ئەوانە کە بڕوایان بە بەڵگو نیشانەکانی ئێمە هەیە.

﴿ الَّذِينَ يَتَّبِعُونَ الرَّسُولَ النَّبِيَّ الْأُمِّيَّ الَّذِي يَجِدُونَهُ مَكْتُوبًا عِندَهُمْ فِي التَّوْرَاةِ وَالْإِنجِيلِ يَأْمُرُهُم بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَاهُمْ عَنِ الْمُنكَرِ وَيُحِلُّ لَهُمُ الطَّيِّبَاتِ وَيُحَرِّمُ عَلَيْهِمُ الْخَبَائِثَ وَيَضَعُ عَنْهُمْ إِصْرَهُمْ وَالْأَغْلَالَ الَّتِي كَانَتْ عَلَيْهِمْ ۚ فَالَّذِينَ آمَنُوا بِهِ وَعَزَّرُوهُ وَنَصَرُوهُ وَاتَّبَعُوا النُّورَ الَّذِي أُنزِلَ مَعَهُ ۙ أُولَٰئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ (١٥٧) ﴾

سیفەتەکانی ئەو پێغەمبەرە

خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿ الَّذِينَ يَتَّبِعُونَ الرَّسُولَ النَّبِيَّ الْأُمِّيَّ الَّذِي يَجِدُونَهُ مَكْتُوبًا عِندَهُمْ فِي التَّوْرَاةِ وَالْإِنجِيلِ ﴾ ئەوانە وا دەکەونە شوێن ئەو پێغەمبەرەی کە سپاردەی خودایە و نەخوێندەوارەو لە تەوراتو ئینجیلش دەبینن ناوی نوسراوە لەلای خۆیان. ئەمە سیفەتی محمدە(ﷺ) لە کتێبی پێغەمبەرەکاندا هاتووە موژدەیان داوە بە گەلەکانیان بە هاتنی، فەرمانیشیان پێداوەن کە شوێنی بکەون، هەتا ئێستاش سیفەتەکانی لە کتێبەکانیدا هەیەو زاناو قەشەکانیان

---

[1] أبوداود (١٩٧/٥) سەنەدەکانی لاوازە.

[2] أحمد (٤٣٩/٥) فەرموودەیەکی سەحیحە.

[3] مسلم (٢١٠٨/٤).

[4] الانعام (١٢).

دەیزانن. وەك ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە لە ئەبو سەخری عوقەیلیەوە وتی: پیاوێك لە عەرەبی دەشتەکی بۆیگێڕامەوە وتی: لە ژیانی پێغەمبەری خودادا (ﷺ) وشترێکی شیردەرم لەگەڵ خۆم هێنا بۆ شاری مەدینە، کاتێك کە مامەڵەکەم تەواوکرد، وتم دەبێت بچمەلای ئەم پیاوەو گوێبیستی بم، وتی: پێم گەیشت لە نێوان ئەبوبەکرو عومەردابوو بەیەکەوە دەڕۆیشتن شوێنیان کەوتم هەتا چوونەلای پیاوێکی جوولەکە، تەوراتی کردبووەوەو دەیخوێند بۆئەوەی دڵی خۆی پێ بداتەوە لەسەر کوڕێکی لەکاتی مردنیدا، کوڕێکی زۆر جوان و پێکەوتوبوو. پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: (سوێندت دەدەم بەوکەسەی تەوراتی ناردووە ئایا لەم کتێبەتدا سیفەتو هاتنی منت بینیوە؟) بەسەری ئاماژەی بەم شێوەیە کرد، واتە: نەخێر، کوڕەکەی وتی: بەڵێ، سوێند بەوکەسەی تەوراتی ناردووە ئێمە سیفەتو هتنی تۆ دەزانین لە کتێبەکەماندا وە من شایەتی دەدەم کە هیچ پەرستراوێك نیە جگە لە خوداو شایەتیش دەدەم کە تۆ پێغەمبەری خودای، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (ئەو جوولەکەیە هەستێنن لەلای براکەتان پاشان خۆی کفنەکەی بۆ کردو نوێژیشی لەسەرکرد)[1]، ئەم فەرموودەیە چاكو بەهێزە نمونەی لە هەردوو سەحیحەکەدا هاتووە لە ئەنەسەوە[2] ئیبنو جەریر ڕیوایەتی کردووە وتی: موسەنا بۆیگێڕاینەوە لە عەتای کوڕی یەسارەوە وتی: گەیشتم بە عەبدوڵلای کوڕی عەمر، پێم وت: باسی سیفەتی پێغەمبەری خودام (ﷺ) لە تەوراتدا بۆبکە، وتی: بەڵێ سوێند بە خودا وەسف کراوە لە تەوراتدا وەك لە قورئاندا وەسف کراوە ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ إِنَّآ أَرۡسَلۡنَٰكَ شَٰهِدٗا وَمُبَشِّرٗا وَنَذِيرٗا﴾[3] ئەی پێغەمبەر ئێمە بۆیە ناردوومانی، شایەتو مزگێنی دەرو ترسێنەر بیت. قەڵابیت بۆ نەخوێندەواران (واتە عەرەبەکان) تۆ بەندەو پێغەمبەری منی ناوم نای موتەوەکیل، توندوتیژو دڵڕەق نیە، قاڵەقاڵکەر نیە لە بازاڕەکاندا، پاداشتی خراپە بە خراپە ناداتەوە، بەڵکو لێبوردەیەو چاوپۆشیکەرە. خودا نایمرێنێت تا ئەو نەتەوە لارو وێرەی پێ ڕاست دەکاتەوەو دەڵێن: (لا اله الا الله) وە ئەو دڵەداخراوو گوێ کەڕو چاوکوێرانەی پێ دەکاتەوە. عەتا وتی: گەیشتم بە کەعب پرسیارم لێکرد لەوبارەیەوە پیتی جیاوازی نەبوو جگە لەوەی کەعب بە زمانی خۆی وتی: (قلوباً غلوفياً و اذاناً صموميا و أعيوناً عومياً)[4] بوخاریش ڕیوایەتی کردووە لە سەحیحەکەیدا[5] ئیبنو جەریر باسی فەرموودەکەی عەبدوڵلای کوڕی عەمری کردووەو پاشان وتی: لە قسەی زۆرێك لە زانایانی پێشینەدا وتەی تەورات بەکارهێنراوە

---

[1] أحمد (٤١١/٥) فەرموودەیەکی بەهێزە.

[2] فتح الباری (٢٩٥/٣).

[3] الاحزاب (٤٥).

[4] الطبری (١٦٤/١٣).

[5] فتح الباری (٤٠٢/٤).

بۆ هەموو کتێبەکانی ئەهلی کیتاب. لە هەندێك فەرموودەشدا هاتووە وەك ئەوە. والله أعلم.... پاشان خودای مەزن دەفەرموێت: ﴿يَأْمُرُهُم بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَاهُمْ عَنِ الْمُنكَرِ﴾ هانیان دەدات لەسەرچاکەو ناهێڵێت خراپەبکەن. ئەمە سیفەتی ئەم پێغەمبەرەیە(ﷺ) لە کتێبە پێشوەکانداو ژیانی هەر بەم شێوەیە بووە، بەردەوام فەرمانی داوە بە چاکەو بەرگری کردووە لە خراپە. وەك عەبدوڵای کوڕی مەسعودئەڵێت : کاتێك گوێت لە خودایە دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا﴾ ئەی ئەوانەی خاوەنباوەڕن، باش گوێبیستی ببە، بێگومان ئەوە چاکەیەکە فەرمانی پێ دەدرێت یان خراپەیەکە قەدەغەی دەکرێت، لەوە گرنگترو مەزنتر ئەوەیە کە خودا بۆ ئەوەی ناردووە کە فەرمان بدرێت بە پەرستنی ئەو بە تەنیا کە شەریکی نیەو قەدەغەکردنی پەرستنی هیچ شتێکی ترجگە لەو، وەك چۆن لەپێش ئەودا گشت پێغەمبەرەکانی ناردووە بۆئەوەی تەنیا ئەو بپەرسترێت. وەك خودا خۆی دەفەرموێت: ﴿وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولًا أَنِ اعْبُدُوا اللَّهَ وَاجْتَنِبُوا الطَّاغُوتَ﴾[1] بۆ ناو خەموو گەلێك پێغەمبەرێکمان نارد کە خودا بپەرستن‌و لە شەیتان دوورەپەرێزبن. پاشان لێرەدا دەفەرموێت: ﴿وَيُحِلُّ لَهُمُ الطَّيِّبَاتِ وَيُحَرِّمُ عَلَيْهِمُ الْخَبَائِثَ﴾ شتەپاکەکانیان بۆ حەڵاڵ دەکات‌و شتەحەرامەکانیان لێ قەدەغەدەکات. واتە: ئەوشتانەی کە حەرامیان کردبوو لە خۆیان بۆیان حەڵاڵ دەکات وەك: (النجائر والسوائب والوصائل والحام) گەلێك شتی تریش کە لەسەرخۆیان گران‌و تەنگ کردبووەوە، وە شتەحەرامەکانیان لێ قەدەغەدەکات، عەلی کوڕی ئەبوتەلحە لە ئیبنو عەبباسەوە ئەڵێت: وەك گۆشتی بەرازو سووخواردن‌و زۆر خواردنی تریش کە حەرام بوون‌و حەڵاڵیان کردبوو بۆ خۆیان کە خودا قەدەغەی کردبوو لێیان.[2] ﴿وَيَضَعُ عَنْهُمْ إِصْرَهُمْ وَالْأَغْلَالَ الَّتِي كَانَتْ عَلَيْهِمْ﴾ وە ئەو بارەگران‌و کۆت‌و زنجیرانەش کە بەسەریانەوەبوو لادەبات. واتە: هاتووە بۆ ئاسانکاری‌و لێبوردەیی، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی بەو دووکەسە (مەعازو ئەبوموسای ئەشعەری) کاتێك کە ناردنی بۆ یەمەن: (مژدەبدەن‌و ڕاومەنێن‌و ئاسانکارین‌و قورس مەکەن‌و تەبابن‌و ناکۆك مەبن)[3]، یەکێك لە هاوەڵەکانی کە ناوی ئەبوبەرزەی ئەسلەمی وتی: من لەگەڵ پێغەمبەری خودابووم (ﷺ) ئاسانکاریەکانم بینیوە، ئەو گەلانەی پێش ئێمە تەنگی‌و گرانی لەناو شەریعەتەکانیاندا هەبووە خودای مەزن کارەکانی فراوان‌و ئاسان کرد لەسەر ئەم ئوممەتە، هەربۆیە پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی:

---

[1] النحل (٣٦).

[2] الطبری (١٣/١٦٦).

[3] فتح الباری (٥/١٨٨).

(بێگومان خودا چاوپۆشی کردووە لەم ئوممەتەی من لەوەی کە دێت بە دڵیاندا ئەگەر نەیڵێن یان نەیکەن)[1]، وە فەرموویەتی: (لەسەر ئوممەتی من (تاوانی) هەڵەو لەبیرچوونو ناچارکردن هەڵگیراوە)[2]، بۆیە خودای گەورە ڕێنومایی ئەم ئوممەتەی کردووە کە بڵێن ﴿رَبَّنَا لَا تُؤَاخِذْنَآ إِن نَّسِينَآ أَوْ أَخْطَأْنَا رَبَّنَا وَلَا تَحْمِلْ عَلَيْنَآ إِصْرًا كَمَا حَمَلْتَهُۥ عَلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِنَا رَبَّنَا وَلَا تُحَمِّلْنَا مَا لَا طَاقَةَ لَنَا بِهِۦ وَٱعْفُ عَنَّا وَٱغْفِرْ لَنَا وَٱرْحَمْنَآ أَنتَ مَوْلَىٰنَا فَٱنصُرْنَا عَلَى ٱلْقَوْمِ ٱلْكَٰفِرِينَ﴾[3] ئەی پەروەردگاری هەمووماں، ئەگەر شتێکمان لەبیرچوو یان تێیدا بەهەڵەچووبین، لێمان مەگرە، ئەی پەروەردگاری هەمووماں، ئەرکی ئەوەندە گرانمان مەخەسەرشان وەك ئەوانەی پێش ئێمە لەسەریان بوو، ئەی خودای هەمووماں وامان پێ مەسپێرە کە لە توانامان بەدەربێت، تۆ هە ر خۆت لێمان ببورەو بەر بەزەیی خۆتمان بخەو بمانبەخشە، هەموو کاروبارێکی ئێمە بەدەستی تۆیەو سەریشمان بخە بەسەر ئەوانەی خودانەناسن. لە سەحیحی موسلیمدا هاتووە کە خودای گەورە دوای هە ر داوایەك لەم داوایانە فەرموویەتی: ئەوا کردم، ئەوا کردم، پاشان خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ بِهِۦ وَعَزَّرُوهُ وَنَصَرُوهُ﴾ ئەوانەی بڕوایان پێ کردووەو بە ڕێزەوە لێیان ڕوانیوەو یارمەتیان داوە ﴿وَٱتَّبَعُوا۟ ٱلنُّورَ ٱلَّذِىٓ أُنزِلَ مَعَهُۥٓ﴾ دوای ئەو ڕوونکیە چوون کە لەگەڵ ئەو ڕەوانەکراوە. واتە: ئەو قورئانەو ئەو تەنگایەی کە پێی هاتووە خەڵکی لێ ئاگادارکردووە ﴿أُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ﴾ ئەوانەڕزگارەکانن. واتە: لە دونیاو لە ڕۆژی قیامەتدا.

﴿قُلْ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنِّى رَسُولُ ٱللَّهِ إِلَيْكُمْ جَمِيعًا ٱلَّذِى لَهُۥ مُلْكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ يُحْىِۦ وَيُمِيتُ فَـَٔامِنُوا۟ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِ ٱلنَّبِىِّ ٱلْأُمِّىِّ ٱلَّذِى يُؤْمِنُ بِٱللَّهِ وَكَلِمَٰتِهِۦ وَٱتَّبِعُوهُ لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ﴾

گشت پەیامی پێغەمبەرمان موحەممەد(ﷺ) بۆ هەموو جیهانە

خودای گەورە بە پێغەمبەرو ڕاسپاردەی خۆی موحەممەد(ﷺ) دەفەرموێت: ﴿قُلْ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنِّى رَسُولُ ٱللَّهِ إِلَيْكُمْ جَمِيعًا﴾ ئەی خەڵکینە بزانن من خودا ڕای سپاردووم بۆلای ئێوە هەمووتان. ئەمە وتارێکە بۆ سوورو ڕەشو عەرەبو عەجەم، ئەمەش ڕێزو قەدرو گەورەییە بۆ

---

[1] فتح الباري (٩/٣٠٠).

[2] ابن ماجه (١/٦٥٩) فەرموودەیەکی بەهێزنیە.

[3] البقرة (٢٨٦).

پێغەمبەر(ﷺ) کە دواین پێغەمبەرە رەوانەکراوە بۆ هەموو خەڵکی وەك خودای گەورەئەفەرمووێت: ﴿قُلِ اللَّهُ شَهِيدٌ بَيْنِي وَبَيْنَكُمْ وَأُوحِيَ إِلَيَّ هَذَا الْقُرْآنُ لِأُنْذِرَكُمْ بِهِ وَمَنْ بَلَغَ﴾[1] بڵێ: خودا شایەتە لە نێوان منو ئێوەدا، ئەم قورئانە ئەو بە خەڵات بۆ منی ناردەخوارەوە، تا بەهۆی ئەوقورئانەوە ترس وەبەر ئێوە بنێمو هەرکەسێکیش کە پێ دەگات. وە ئەفەرمووێت: ﴿وَمَنْ يَكْفُرْ بِهِ مِنَ الْأَحْزَابِ فَالنَّارُ مَوْعِدُهُ﴾[2] هەرکەسێك لەو کۆمەڵانە بڕوای پێ نەکات، جێی لە ئاگر بۆخۆشکراوە. وە فەرموویەتی: ﴿وَقُلْ لِلَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ وَالْأُمِّيِّينَ أَأَسْلَمْتُمْ فَإِنْ أَسْلَمُوا فَقَدِ اهْتَدَوْا وَإِنْ تَوَلَّوْا فَإِنَّمَا عَلَيْكَ الْبَلَاغُ﴾[3]

بەوکەسانەش کە بوونەتە ئەهلی کتێبو بەوکەسانەش کە نازانن بڵێ: ئاخۆ ئێوە وەك ئێمە خۆتان بە خودا سپاردووە؟ جا ئەگەر خۆیان سپاردبوو، ئەوا کەوتوونەتەسەر ڕێگا، ئەگەر ڕوویان لێ وەرگێرای، تۆ هە ر ئەوەندەت لەسەرە ڕایگەیەنیت. ئایەت لەمبارەوە زۆرە فەرموودەش زۆر زۆرە لەمبارەیەوەو لە ژمارەنایات. ئەوە شتێکە ئاشکرایە لە ئاینی ئیسلامدا پێویستە بزانرێت کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) ڕاسپاردەی خودایە بۆ هەموو خەڵکی، بوخاری (ڕەحمەتی خودای لێبێت) لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا ڕیوایەتی کردووە لە ئەبودەرداوە(ڕەزای خودای لێبێت) وتی: لە نێوان ئەبوبەکرو عومەردا (ڕەزای خودایان لێبێت) دەمەقاڵێیەك ڕوویدا، ئەبوبەکر قینی عومەری هەڵساند، عومەر بەتوڕەییەوە لەلای هەستاو ڕۆیشت، ئەبوبەکر دوای کەوت داوای لێکرد کە لێی ببورێت، عومەر لێی نەبووراو دەرگاکەی خۆی بە ڕویدا داخست، ئەبوبەکر هات بۆلای پێغەمبەر(ﷺ) ئەبودەرداء وتی: پێغەمبەر(ﷺ) تووڕەبوو، ئەبوبەکریش سوێندی دەخواردو دەیوت: ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) من زیاتر ناهەقیم کردووە، پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: (ئایا ئێوە هاوەڵەکەم واز لێدێنن بۆمن؟ من وتم ئەی خەڵکینە من ڕاسپاردەی خودام بۆلای ئێوە هەمووتان، ئێوە وتتان: درۆدەکەیت، ئەبوبەکر وتی: ڕاست دەکەیت)[4] تەنیا بوخاری خۆی ئەم فەرموودەیەی هێناوە ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە لە ئیبنو عەبباسەوە بە مەرفوعی کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (پێنج شتم پێ بەخشراوە کە هیچ پێغەمبەرێك لەپێش من پێس نەبەخشراوە، بە شانازیشەوە نایڵێم، نێردراوم بۆ خەڵکی هەموو سوورو ڕەش، یارمەتی دراوم بە ترس (خستنەدڵی دوژمن) بەڕێوەڕۆیشتنی مانگێك، تاڵانیو دەستکەوتم بۆ حەڵاڵ کراوە کە بۆ هیچ کەسێك لەپێش مندا حەڵاڵ نەکراوە، زەویم بۆ کراوە بە مزگەوت پاكو

---

[1] الانعام (١٩).

[2] هود (١٧).

[3] ال عمران (٢٠).

[4] فتح الباری (٨/١٥٣).

خاوێنکەرەوە، شەفاعەتیشم پێ بەخشراوە دوام خستووە بۆ ئوممەتەکەم لە ڕۆژی قیامەتدا، ئەو (شەفاعەتەش) بۆ ئەوکەسەیە کە لە هیچ شتێکدا شەریك بۆ خودا دانەنێت)[1]، سەنەدەکانی زۆرباشە.

﴿الَّذِي لَهُ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ يُحْيِي وَيُمِيتُ﴾ ئەوخودایەی مولکایەتی ئاسمانەکانو ئەم زەمینەش هەر هی ئەوە، لەخۆی بەدەر هیچ شتێك بۆ پەرستن ناشێت. گیان دەبەخشێتو گیان دەسێنێت. سیفەتەکانی خودای گەورە لە فەرموودەکانی پێغەمبەری خودادا (ﷺ) ئەویە کە دەفەرموێت: ئەوکەسەی کە منی ناردووە، هەر خۆی وەدیهێنەری گشت شتێکەو پەروەردگارو سەروەریەتی، هەموو فەرمانێك لە دەستی ئەودایەو گیان دەبەخشێتو گیان دەردەکاتو بڕیار هەر بڕیاری ئەوە ﴿فَآمِنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ النَّبِيِّ الْأُمِّيِّ﴾ دەسا ئێوە بە خوداو ڕاسپاردەکەی کە پێغەمبەرێکی نەخوێندەوارە بڕوابێنن. ئاگاداری کردوون کە ئەو پێغەمبەری خودایە ڕەوانەکراوە بۆ ئەوان پاشان فەرمانی پێدان کە شوێنی بکەونو بڕوای پێ بێنن ﴿النَّبِيِّ الْأُمِّيِّ﴾ ئەوپێغەمبەرە نەخوێندەوارەی بەڵێنتان پێ دەداتو مژدەتان دەداتێ بە هاتنی لە کتێبە پێشوەکاندا چونکە ئەو سیفەتانە لە کتێبەکانی ئەواندا بەو شێوەیە هاتبوو. هەربۆیە خودای مەزن فەرموویەتی ئەو پێغەمبەرە نەخوێندەوارە ﴿النَّبِيِّ الْأُمِّيِّ﴾. پاشان خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿الَّذِي يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَكَلِمَاتِهِ وَاتَّبِعُوهُ لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ﴾ کە ئەویش خۆی بڕوای بە خودا هەیەو هەرچیش خودا فەرموویەتی بڕوادەکات. شوێنی بکەون بەڵکو شارەزای ڕێگابن. واتە: قسەکەی ڕاستی کردارەکەی دەسەلمێنێت کە بڕوای هەیە بەوەی کە بۆی نێردراوە لەلایەن پەروەردگارەوە، ئێوەش ڕێگەی ئەو بگرنەبەرو بەشوێنیدا بڕۆن بەڵکو شارەزای ڕێگەی ڕاست ببن.

﴿وَمِن قَوْمِ مُوسَى أُمَّةٌ يَهْدُونَ بِالْحَقِّ وَبِهِ يَعْدِلُونَ ﴿١٥٩﴾﴾

خودا باسی هەندێك لە نەوەی ئیسرائیل دەکات کە ڕێنمایی دەکەنو بە ڕاستیش دادوەری دەکەن

خودای گەورە لێرەدا باسی هەندێك لە نەوەی ئیسرائیل دەکات کە پەیڕەوی هەقنو دادوەریشی پێ دەکەن، دەفەرموێت: ﴿وَمِن قَوْمِ مُوسَى أُمَّةٌ يَهْدُونَ بِالْحَقِّ وَبِهِ يَعْدِلُونَ﴾ واتە: دەستەیەکیش لە هۆزی مووسادا هەیە، بە ڕاستی ڕێنمایی دەکەنو بە ڕاستیش دادوەری دەکەن. ئایەت لەمبارەوە زۆرە وەك خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿لَيْسُوا سَوَاءً مِّنْ أَهْلِ الْكِتَابِ أُمَّةٌ قَائِمَةٌ يَتْلُونَ آيَاتِ اللَّهِ آنَاءَ اللَّيْلِ

[1] أحمد (٣٠١/١). فەرموودەیەکی سەحیحە.

﴿ وَهُمْ يَسْجُدُونَ ﴾[1] ئەهلی کتێب هەموو وەکویەك نین، کۆمەڵی وایان تێدایە کە ڕوو بە خودا دەوەستن‌و بە شەودا ئایەتی خودا دەخوێننەوەو سوجدەی بۆدەبەن. وە ئەفەرمووێت: ﴿ وَإِنَّ مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ لَمَن يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَمَا أُنزِلَ إِلَيْكُمْ وَمَا أُنزِلَ إِلَيْهِمْ خَاشِعِينَ لِلَّهِ لَا يَشْتَرُونَ بِآيَاتِ اللَّهِ ثَمَنًا قَلِيلًا ۗ أُولَٰئِكَ لَهُمْ أَجْرُهُمْ عِندَ رَبِّهِمْ ۗ إِنَّ اللَّهَ سَرِيعُ الْحِسَابِ ﴾[2] لەناو ئەهلی کتێبیش کەسانی وا هەن کە بڕوای بە خودا هەیەو بەو قورئانەی بۆ ئێوە هاتەخوارو بەو کتێبەی کە بۆ خۆیان ڕەوانەکراوە، ملکەچن بۆ خوداو نیشانەکانی خودا بە نرخێکی کەم نافرۆشن، ئەوانە پەروەردگاریان پاداشتی کاریان دەداتێ، بێگومان خودا لێپرسینەوەی خێرایە. وە ئەفەرمووێت: ﴿ الَّذِينَ آتَيْنَاهُمُ الْكِتَابَ مِن قَبْلِهِ هُم بِهِ يُؤْمِنُونَ (٥٢) وَإِذَا يُتْلَىٰ عَلَيْهِمْ قَالُوا آمَنَّا بِهِ إِنَّهُ الْحَقُّ مِن رَّبِّنَا إِنَّا كُنَّا مِن قَبْلِهِ مُسْلِمِينَ (٥٣) أُولَٰئِكَ يُؤْتَوْنَ أَجْرَهُم مَّرَّتَيْنِ بِمَا صَبَرُوا ﴾[3] ئەوکەسانەی پێش هاتنی قورئان، ئێمە کتێبمان پێ داون، باوەڕیان بە قورئان هەیە، کاتێك بۆیان دەخوێننەوە دەڵێن: بڕوامان پێ هێناو بێگومان ڕاستەو لەلایەن پەروەردگارمانەوەیە، بەرلەوەش بیتەخوارەوە هەر موسسڵمان بووین. ئەوانە لەبەرئەوەی خۆڕاگربوون دووجار پاداشتیان پێ دەدرێت. وە فەرموویەتی: ﴿ إِنَّ الَّذِينَ أُوتُوا الْعِلْمَ مِن قَبْلِهِ إِذَا يُتْلَىٰ عَلَيْهِمْ يَخِرُّونَ لِلْأَذْقَانِ سُجَّدًا (١٠٧) وَيَقُولُونَ سُبْحَانَ رَبِّنَا إِن كَانَ وَعْدُ رَبِّنَا لَمَفْعُولًا (١٠٨) وَيَخِرُّونَ لِلْأَذْقَانِ يَبْكُونَ وَيَزِيدُهُمْ خُشُوعًا ﴾[4] ئەوکەسانەی لەپێشدا (لەمە) ئاگادارکرابوون، هەرکاتێك بۆیان دەخوێننەوە چەناگە دەخەنە سەزەوی‌و سوجدە دەبەن، دەڵێن: پاکی بۆ پەروەردگاری ئێمەیە، بەڵێنی پەروەردگارمان وا وەدیهات، دەمەوڕوو خۆیان دەخەن بەسەر زەویداو دەگرین‌و ئەمەش خۆبەکەم زانینیان زیاتردەکات.

﴿ وَقَطَّعْنَاهُمُ اثْنَتَيْ عَشْرَةَ أَسْبَاطًا أُمَمًا ۚ وَأَوْحَيْنَا إِلَىٰ مُوسَىٰ إِذِ اسْتَسْقَاهُ قَوْمُهُ أَنِ اضْرِب بِّعَصَاكَ الْحَجَرَ ۖ فَانبَجَسَتْ مِنْهُ اثْنَتَا عَشْرَةَ عَيْنًا ۖ قَدْ عَلِمَ كُلُّ أُنَاسٍ مَّشْرَبَهُمْ ۚ وَظَلَّلْنَا عَلَيْهِمُ الْغَمَامَ وَأَنزَلْنَا عَلَيْهِمُ الْمَنَّ وَالسَّلْوَىٰ ۖ كُلُوا مِن طَيِّبَاتِ مَا رَزَقْنَاكُمْ ۚ وَمَا ظَلَمُونَا وَلَٰكِن كَانُوا أَنفُسَهُمْ يَظْلِمُونَ (١٦٠) وَإِذْ قِيلَ لَهُمُ اسْكُنُوا هَٰذِهِ الْقَرْيَةَ وَكُلُوا مِنْهَا حَيْثُ شِئْتُمْ وَقُولُوا حِطَّةٌ

---

[1] ال عمران (١١٣).

[2] ال عمران (١٩٩).

[3] القصص (٥٢- ٥٤).

[4] الاسراء (١٠٧- ١٠٩).

وَٱدۡخُلُواْ ٱلۡبَابَ سُجَّدٗا نَّغۡفِرۡ لَكُمۡ خَطِيٓـَٰٔتِكُمۡۚ سَنَزِيدُ ٱلۡمُحۡسِنِينَ ﴿١٦١﴾ فَبَدَّلَ ٱلَّذِينَ
ظَلَمُواْ مِنۡهُمۡ قَوۡلًا غَيۡرَ ٱلَّذِي قِيلَ لَهُمۡ فَأَرۡسَلۡنَا عَلَيۡهِمۡ رِجۡزٗا مِّنَ ٱلسَّمَآءِ بِمَا كَانُواْ
يَظۡلِمُونَ ﴿١٦٢﴾﴾

خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَقَطَّعۡنَٰهُمُ ٱثۡنَتَيۡ عَشۡرَةَ أَسۡبَاطًا أُمَمٗاۚ وَأَوۡحَيۡنَآ إِلَىٰ مُوسَىٰٓ إِذِ ٱسۡتَسۡقَىٰهُ
قَوۡمُهُۥٓ أَنِ ٱضۡرِب بِّعَصَاكَ ٱلۡحَجَرَۖ فَٱنۢبَجَسَتۡ مِنۡهُ ٱثۡنَتَا عَشۡرَةَ عَيۡنٗاۖ قَدۡ عَلِمَ كُلُّ أُنَاسٖ
مَّشۡرَبَهُمۡۚ وَظَلَّلۡنَا عَلَيۡهِمُ ٱلۡغَمَٰمَ وَأَنزَلۡنَا عَلَيۡهِمُ ٱلۡمَنَّ وَٱلسَّلۡوَىٰۖ كُلُواْ مِن طَيِّبَٰتِ مَا رَزَقۡنَٰكُمۡۚ
وَمَا ظَلَمُونَا وَلَٰكِن كَانُوٓاْ أَنفُسَهُمۡ يَظۡلِمُونَ ﴿١٦٠﴾ وَإِذۡ قِيلَ لَهُمُ ٱسۡكُنُواْ هَٰذِهِ ٱلۡقَرۡيَةَ وَكُلُواْ
مِنۡهَا حَيۡثُ شِئۡتُمۡ وَقُولُواْ حِطَّةٞ وَٱدۡخُلُواْ ٱلۡبَابَ سُجَّدٗا نَّغۡفِرۡ لَكُمۡ خَطِيٓـَٰٔتِكُمۡۚ سَنَزِيدُ
ٱلۡمُحۡسِنِينَ ﴿١٦١﴾ فَبَدَّلَ ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ مِنۡهُمۡ قَوۡلًا غَيۡرَ ٱلَّذِي قِيلَ لَهُمۡ فَأَرۡسَلۡنَا عَلَيۡهِمۡ رِجۡزٗا
مِّنَ ٱلسَّمَآءِ بِمَا كَانُواْ يَظۡلِمُونَ﴾ ئەوانەمان بە دوانزە دەستە بەش بەش کردو ئەوکاتەش هۆزەکەی مووسا داوای ئاوی خواردنەوەیان لە مووسا کرد، ئێمە مووسامان تێگەیاند کە : بە دارعەساکەی دەستت لەو بەردە بدە، دوانزە کانی لە بەردەکەوە هەڵقوڵێن، هەردەستەیەك جێ خواردنەوەی ئاوی خۆی ناسیەوە، هەوریشمان لەلای سەریانەوە کردە سێبەر، گەزۆشمان لەگەڵ شیلاقە (پیشۆڵە) بۆ ناردن: بخۆن لەوشتە پاکانەی کردوومانەتە بژێوتان، هیچ غەدرێکمان لێ نەکردن. بەڵام خۆیان غەدریان لە خۆیان کرد ئەوکاتەش کە پێیان وترا: لەو شارە نیشتەجێ بن‌و لە هەرلایەك هەرچی دەتانەوێت بیخۆن، بڵێن: نزای ئێمە بۆ سڕینەوەی تاوانەکانمانەو لە دەرگاوە کە دەچنە ژوور سوجدە بەرن، هەر هەڵەیەك کە کردووتانە دەتانبەخشێت، بۆ ئەوانەی ئاکارچاکن پاداشتی زیاتریش دەدەین. ئەوسا ناهەقیکارانیان ئەو قسەیەی پێیان وترابوو، گۆڕییانە بارێکی دیکە. ئێمەش لەسەر ئەو ناهەقیکردنەیان، بەڵایەکمان لە ئاسمانەوە بۆ ناردن. تەفسیری ئەم ئایەتە لە پێشەوە لە سورەتی (البقرة) دا بە تەواوی کراوە کە سورەتێکی مەدەنیە، وەك ئەم سیاقە مەکیە، ڕوونیشمان کردووەتەوە کە جیاوازی چیە لە نێوان ئەم سیاقەو ئەوی تردا کە پێویس ناکات لێرەدا دووبارەی بکەینەوە.

سوپاس‌و ستایش بۆ خودای گەورە.

﴿ وَسْـَٔلْهُمْ عَنِ ٱلْقَرْيَةِ ٱلَّتِى كَانَتْ حَاضِرَةَ ٱلْبَحْرِ إِذْ يَعْدُونَ فِى ٱلسَّبْتِ إِذْ تَأْتِيهِمْ حِيتَانُهُمْ يَوْمَ سَبْتِهِمْ شُرَّعًا وَيَوْمَ لَا يَسْبِتُونَ ۙ لَا تَأْتِيهِمْ ۚ كَذَٰلِكَ نَبْلُوهُم بِمَا كَانُوا۟ يَفْسُقُونَ ﴿١٦٣﴾ ﴾

بێ فەرمانی کردنی جوولەکە لە ڕۆژی شەممەدا

ئەم ئایەتە درێژەدانە بەو ڕووداوەی کە خودای گەورە ئەفەرمووێت: ﴿ وَلَقَدْ عَلِمْتُمُ ٱلَّذِينَ ٱعْتَدَوْا۟ مِنكُمْ فِى ٱلسَّبْتِ فَقُلْنَا لَهُمْ كُونُوا۟ قِرَدَةً خَٰسِـِٔينَ ﴾[1] ئێوە لە حاڵی ئەوانەتان ئاگاداربوونو کە لە ڕۆژی شەممەدا لە فەرمانی خودا لایاندا. پێمان وتن: مەیموونی ترۆکراوبن. لێرەشدا خودای گەورە دەفەرمووێت بە پێغەمبەرەکەی (ﷺ): ﴿ وَسْـَٔلْهُمْ عَنِ ٱلْقَرْيَةِ ٱلَّتِى كَانَتْ حَاضِرَةَ ٱلْبَحْرِ ﴾ دەربارەی ئەوشارەی وا کەوتبووە قەراغی دەریا لێیان بپرسە. واتە: لەو جوولەکانەی کە لەلاتن بەسەرهاتی ئەو هاوەڵانەیان بپرسە کە بێ فەرمانی خودایان کرد، کە چ بەڵایەك تووشیان هات لەسەر ئەو دەستدرێژیو کردارەخراپو بێ فەرمانیو فڕوفێڵانەیان ئەوانەش بترسێنە لە شاردنەوەی ئەو سیفەتانەی تۆ کە لە کتێبەکانیادا دەیبینن، نەوەکو ئەوانیش تووشی ئەو بەڵایە بېن کە براو پێشینەکانیان تووشیان هات لەو شارەدا، ئەو شارەش ئیلەی پێ دەڵێن کە لەسەر کەناری دەریای قەلزەمە موحەممەدی کوڕی ئیسحاق وتی: لە ئەبوداودی کوڕی حوسەینەوە لە عیکرەمەوە لە ئیبنو عەبباسەوە لەم ئایەتەدا ﴿ وَسْـَٔلْهُمْ عَنِ ٱلْقَرْيَةِ ٱلَّتِى كَانَتْ حَاضِرَةَ ٱلْبَحْرِ ﴾ وتی: شارێکە پێی دەوترێت: ئیلە لە نێوان مەدیەنو تووردایە.[2] عیکرەمەو موجاهیدو قەتادەو سوددیش هەر وایان وتووە[3] ﴿إِذْ يَعْدُونَ فِى ٱلسَّبْتِ ﴾ کە لە ڕۆژی شەممەدا دەستدرێژیان دەکردو نافەرمانی خودایان دەکرد تێیدا. کە ئامۆژگاری کردبوون ڕاوەماسی نەکەن ﴿تَأْتِيهِمْ حِيتَانُهُمْ يَوْمَ سَبْتِهِمْ شُرَّعًا ﴾ چونکە لە ڕۆژی شەممەدا ماسیەکان سەرئاودەکەوتن. زەححاك لە ئیبنو عەبباسەوەئەڵێت: ﴿شُرَّعًا ﴾ واتە: سەرئاو دەکەوتن.[4] ﴿وَيَوْمَ لَا يَسْبِتُونَ ۙ لَا تَأْتِيهِمْ ۚ كَذَٰلِكَ نَبْلُوهُم ﴾ ڕۆژێك کە شەممە نەبوایە دیاریان نەبوو ئێمە ئاوا تاقیان دەکەینەوە. ئیبنو جەریر ئەڵێت: واتە ئێمە تاقیان

---

[1] البقرة (٦٥).

[2] الطبری (١٣/١٨٠).

[3] الطبری (١٣/١٨٠/١٨١).

[4] الطبری (١٣/١٨٣).

دەكەینەوە ماسیەكانیان بۆ دەخەینە سەرئاو دەریان دەخەین كە لەو ڕۆژەدا لێیان قەدەغەكراوەو لە ڕۆژەحەلاڵەكانیشدا لێیان دەشارینەوە كە ڕاویان بكەن ﴿كَذَٰلِكَ نَبْلُوهُم بِمَا كَانُوا يَفْسُقُونَ﴾ ئەوكەسانەی لە ڕێگەی خودا لادەدەن ئێمە ئاوا تاقیان دەكەینەوە. واتە: بەهۆی لادانیانەوە لە فەرمانی خودا.[1] بەتتە ڕیوایەتی كردووە لە ئەبوهرەیرەوە كە پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئەفەرموێت: (كارێك مەكەن كە جوولەكەكان كردیان، قەدەغەكراوەكانی خودایان حەلاڵ كرد بە هەندێك فروفێڵ)[2] ئەمەش پشتگیریەكی چاكە.

﴿وَإِذْ قَالَتْ أُمَّةٌ مِّنْهُمْ لِمَ تَعِظُونَ قَوْمًا اللَّهُ مُهْلِكُهُمْ أَوْ مُعَذِّبُهُمْ عَذَابًا شَدِيدًا قَالُوا مَعْذِرَةً إِلَىٰ رَبِّكُمْ وَلَعَلَّهُمْ يَتَّقُونَ ﴿١٦٤﴾ فَلَمَّا نَسُوا مَا ذُكِّرُوا بِهِ أَنجَيْنَا الَّذِينَ يَنْهَوْنَ عَنِ السُّوءِ وَأَخَذْنَا الَّذِينَ ظَلَمُوا بِعَذَابٍ بَئِيسٍ بِمَا كَانُوا يَفْسُقُونَ ﴿١٦٥﴾ فَلَمَّا عَتَوْا عَن مَّا نُهُوا عَنْهُ قُلْنَا لَهُمْ كُونُوا قِرَدَةً خَاسِئِينَ ﴿١٦٦﴾﴾

گۆڕینی وێنەیان بە مەیمون و ڕزگاربوونی ئەوانەی بەرگریان كردو ئەوانەش كە بێ دەنگ بوون

خودای گەورە باسی ئەم شارە دەكات كە بوون بە سێ دەستەوە، دەستەیەك ئەوەی لێی ئاگاداركرابوون نەیكەن و كردیان، بە فروفێڵ هەستان بە ڕاوكردنی ئەو ماسیانە لە ڕۆژی شەممەدا، وەك لە پێشەوە لە سورەتی (البقرة) باسكرا، دەستەیەكی تر بەرگریان لەوە كردو نزیكی نەبوونەوە. دەستەیەكی تریشیان بێ دەنگ بوون و ڕاوەماسیان نەكردو بەرگریشیان لێ نەكرد، وەك خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَإِذْ قَالَتْ أُمَّةٌ مِّنْهُمْ لِمَ تَعِظُونَ قَوْمًا اللَّهُ مُهْلِكُهُمْ أَوْ مُعَذِّبُهُمْ عَذَابًا شَدِيدًا﴾ دەستەیەكیش لە خۆیان وتیان: بۆچی ئێوە دەربارەی كەسانێك كە خودا دەیەوێت قڕیان بكات، یان بە توندی ئازاریان بدات بە ئامۆژگاریەوە خەریكن؟ واتە: وتیان بەوانەی كە ناڕەزاییان دەربڕی پێیان وتن: ﴿مَعْذِرَةً إِلَىٰ رَبِّكُمْ﴾ تا لای پەروەردگارتانەوە تووشی شەرمەزاری نەبین. كە بەڵێنی لێ وەرگرتووین فەرمان بكەن بە چاكەو بەرگری بكەن لە خراپە ﴿وَلَعَلَّهُمْ يَتَّقُونَ﴾ بەلكو ئەوانیش بترسن. واتە: شایەت بەو بەرگری كردنەی ئێمە بترسن لەوەی كە خەریكن دەیكەن و وازبێنن و بگەڕێنەوە بۆلای خوداو تەوبەبكەن، كاتێك تەوبەیان كرد خودا لێیان دەبورێت و بەزەیی دێتەوە پێیاندا، پاشان خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَلَمَّا نَسُوا مَا ذُكِّرُوا بِهِ أَنجَيْنَا الَّذِينَ يَنْهَوْنَ عَنِ السُّوءِ وَأَخَذْنَا الَّذِينَ ظَلَمُوا بِعَذَابٍ بَئِيسٍ بِمَا كَانُوا يَفْسُقُونَ﴾ كاتێك ئەو ئامۆژگاری كردنەیان لەبیرخۆیان بردەوە،

---

[1] الطبری (١٨٣/١٣).

[2] الزفاف (١٩٢) سەنەدەكانی حەسەنە.

ئەوکەسانەمان ڕزگاکرد کە دژی خەراپە وەستان، زۆر بەتوندی ئازا ری ئەوانەشماندا کە ناھەقیکاربوون‌و لە ڕێگەی ڕاست لایاندابوو. واتە: کاتێك ئەوانەی ئەو کارەیان کردو ئامۆژگاریان وەرنەگرت سزایەکی زۆر توندمان دان ﴿بِعَذَابٍ بَئِيسٍ﴾. ئەم دەقە بەڵگەیە لەسەر ڕزگاربوونی ئەوانەی کە بەرگریان کردو بەڵگەشە لەسەر لەناوچوونی ستەمکاران، باسی ئەوانەشی نەکردووە کە بێدەنگ بوون‌و بەرگریان نەکردووە. چونکە پاداشت لە شێوەی کردارە، ئەوانە شایەنی وەسفکردن نەبوون تا وەسف بکرێن، کارێکی زۆر خراپیشیان نەکردبوو تا زەم بکرێن. ئیبنو عەبباس لەم ئایەتەدا ئەفەرمووێت: نازانم ئایا ئەوانەی کە وتیان: ﴿لِمَ تَعِظُونَ قَوْمًا اللَّهُ مُهْلِكُهُمْ﴾ ڕزگاریان بوو یان نا؟ عیکرەمە وتی: بەردەوام لەگەڵی بووم تا تێم گەیاند کە ئەوانیش ڕزگاریان بوە، فەرمانی دا دوو پۆشاکی ئەستوریان لەبەرکردم.[1] خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَأَخَذْنَا الَّذِينَ ظَلَمُوا بِعَذَابٍ بَئِيسٍ﴾ لەم ئایەتەوە وەردەگیرێت کە ئەوانەی ماونەتەوە ڕزگاریان بووە ﴿بَئِيسٍ﴾ بەقسەی موجاهید واتە زۆر توند[2]، وە لە ڕیوایەتێکی تردا واتە بەژان. قەتادە وتی بەئێش.[3] ئەم مانایانە هەموو لەیەکەوە نزیکن والله أعلم.. پاشان خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿فَلَمَّا عَتَوْا عَن مَّا نُهُوا عَنْهُ قُلْنَا لَهُمْ كُونُوا قِرَدَةً خَاسِئِينَ﴾ کاتێك کە هەر ئەوکارەیان کرد کە پێیان وترابوو مەیکەن. وتمان ببنە کۆمەڵێك مەیمونی ترۆکراو. واتە: سوك‌و ڕیسواو بێ نرخ.

﴿وَإِذْ تَأَذَّنَ رَبُّكَ لَيَبْعَثَنَّ عَلَيْهِمْ إِلَىٰ يَوْمِ الْقِيَامَةِ مَن يَسُومُهُمْ سُوءَ الْعَذَابِ ۗ إِنَّ رَبَّكَ لَسَرِيعُ الْعِقَابِ ۖ وَإِنَّهُ لَغَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿١٦٧﴾﴾

زەلیلی بەردەوام بەشی جوولەکەیە

خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَإِذْ تَأَذَّنَ رَبُّكَ لَيَبْعَثَنَّ عَلَيْهِمْ إِلَىٰ يَوْمِ الْقِيَامَةِ مَن يَسُومُهُمْ سُوءَ الْعَذَابِ﴾ ئەوکاتەشت لەبیربێت ئەی موحەممەد(ﷺ) کە پەروەردگاری تۆ ڕایگەیاند: کە تا ڕۆژی قیامەت ستەمکاری وەهایان دەنێرێتەسەر و بەتوندی ئازاریان دەدەن. ﴿تَأَذَّنَ﴾ لەسەر وەزنی (تَفَعَّلَ) یە لە ئیزنەوە (الإذن) هاتووە. موجاهید ئەفەرمووێت : واتە أعلم،یانی: بزانە. کەسانی تریش وتویانە: فەرمانە، وتەکە ئەوندە بەهێزە مانای سوێندیش دەگەیەنێت، هەر لەبەرئەوەیە لامی ﴿لَيَبْعَثَنَّ﴾

---

[1] الطبری (١٣/١٨٧).
[2] الطبری (١٣/٢٠٢).
[3] الطبری (١٣/٢٠٢).

عَلَيۡهِمۡ﴾ی پێوە لکاوە، واتە: ستەمکاری وا دەنێرێتەسەر جوولەکە ﴿إِلَىٰ يَوۡمِ ٱلۡقِيَٰمَةِ مَن يَسُومُهُمۡ سُوٓءَ ٱلۡعَذَابِ﴾ تا ڕۆژی قیامەت بەتوندی سزایان بدەن بەهۆی سەرپێچیو دژایەتی کردنی پەیامو فەرمانەکانی خوداو فێڵ کردنیان لەوشتانەی کە قەدەغەی کردبوو لێیان. وتراوە: مووسا (سەلامی خودای لێبێت) حەوت ساڵ سەرانەی لەسەردانان. هەندێکە تر دەڵێن: سێنزە ساڵ سەرانەی لەسەردانان. مووسا (سەلامی خودای لێبێت) یەکەم کەس بووە سەرانەی داناوە. پاشان کەوتونەتە ژێردەستی پاشاکانی یۆنانو کوشدانیو کلدانیەکان، دوای ئەوانیش مەسیحەکانیش زاڵبوون بەسەریانداو بە زەلیلی لەژێر دەستیاندابوونو سەرانەشیان لێ دەسەندن، پاشان ئاینی ئیسلام هاتو لەژێر چاودێریو سایەی پێغەمبەردا (ﷺ) بوون باجو سەرانەیان دەدا. عەوفی لە ئیبنو عەبباسەوە لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا ئەڵێت: بە زەلیلی دەژیانو سەرانەشیان لێ دەسەندرا[1]، عەلی کوڕی ئەبوتەلحە لە ئیبنو عەبباسەوەئەڵێت: (المسكنة) واتە: سەرانەدانو ئەوانەش کە بەتوندی سزایان دەدەن تا ڕۆژی قیامەت موحەممەد(ﷺ) و ئوممەتەکەی ئەوە. سەعیدی کوڕی جوبەیرو ئیبنو جورەیجو سوددیو قەتادەش هەروایان وتووە، عەبدوڕەزاق ڕیوایەتی کردووە لە سەعیدی کوڕی موسەییەبەوە وتی: واچاکە کە عەرەبی دەشتەکی ڕەوانەبکرێت بۆ سەرانە سەندن[2]، منیش دەڵێم (واتە: ئیبنو کەسیر) دوایین کا ری ئەوانە ئەوەیە کە شوێن دەجاڵ دەکەونو دەبنە یارمەتیدەری، موسڵمانان لەگەڵ عیسای کوڕی مەریەمدا (سەلامی خودای لێبێت) دەیانکوژن، ئەوەش لە ئاخری زەماندا دەبێت. پاشان خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّ رَبَّكَ لَسَرِيعُ ٱلۡعِقَابِۖ وَإِنَّهُۥ لَغَفُورٞ رَّحِيمٞ﴾ بێگومان پەروەردگارت بەپەلە تۆڵە دەسێنێتو هەر بۆخۆشی لە گوناه دەبورێتو دلۆڤانە، واتە: تۆڵە لەوکەسانە دەسێنێت کە سەرپێچی دەکەنو دژی پەیامەکەین. لەوکەسانەش خۆشدەبێت کە دەگەڕێنەوەو پەشیمان دەبنەوە ئەمە لە بەشی (باب) نزیك خستنەوەی بەزەییە لەگەڵ تۆڵەسەندا. بۆیە خودای گەورە زۆر کە هانی دەداتو دەشترسێنێت تا بێهیوایی زۆری نەبێتو دڵەکان هەمیشە لەنێوان ئومێدو ترسدا ژیان بەسەربەرن.

﴿وَقَطَّعۡنَٰهُمۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ أُمَمٗاۖ مِّنۡهُمُ ٱلصَّٰلِحُونَ وَمِنۡهُمۡ دُونَ ذَٰلِكَۖ وَبَلَوۡنَٰهُم بِٱلۡحَسَنَٰتِ وَٱلسَّيِّـَٔاتِ لَعَلَّهُمۡ يَرۡجِعُونَ ﴿١٦٨﴾ فَخَلَفَ مِنۢ بَعۡدِهِمۡ خَلۡفٞ وَرِثُواْ ٱلۡكِتَٰبَ يَأۡخُذُونَ عَرَضَ هَٰذَا ٱلۡأَدۡنَىٰ وَيَقُولُونَ سَيُغۡفَرُ لَنَا وَإِن يَأۡتِهِمۡ عَرَضٞ مِّثۡلُهُۥ يَأۡخُذُوهُۚ أَلَمۡ يُؤۡخَذۡ عَلَيۡهِم مِّيثَٰقُ ٱلۡكِتَٰبِ أَن لَّا يَقُولُواْ عَلَى ٱللَّهِ إِلَّا ٱلۡحَقَّ وَدَرَسُواْ مَا فِيهِۗ وَٱلدَّارُ

---

[1] الطبری (١٣/٢٠٥).

[2] عبدالرزاق (٢/٢٤٠).

ٱلْأَخِرَةُ خَيْرٌ لِّلَّذِينَ يَتَّقُونَ أَفَلَا تَعْقِلُونَ ﴿١٦٩﴾ وَٱلَّذِينَ يُمَسِّكُونَ بِٱلْكِتَٰبِ وَأَقَامُواْ ٱلصَّلَوٰةَ إِنَّا لَا نُضِيعُ أَجْرَ ٱلْمُصْلِحِينَ ﴿١٧٠﴾﴾

بڵاوکردنەوەی نەوەی ئیسرائیل لەسەر زەمیندا

خودای گەورە دەفەرموویت: ﴿وَقَطَّعْنَٰهُمْ فِى ٱلْأَرْضِ أُمَمًا مِّنْهُمُ ٱلصَّٰلِحُونَ وَمِنْهُمْ دُونَ ذَٰلِكَ وَبَلَوْنَٰهُم بِٱلْحَسَنَٰتِ وَٱلسَّيِّـَٔاتِ لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ﴾ لە زەویدا کردمانن بە چەندین دەستەی لێکتر جیا، هەندێك لەوان بەچاك دەرچوونو هەندێکی تریان وەك ئەوان نەبوون، بە خۆشیو بە ناخۆشی تاقیمان کردنەوە، بەڵکو بگەڕێنەوە. خودای گەورە باسی نەوەی ئیسرائیل دەکات کە کردنی بە چەند دەستەو کۆمەڵەوە لەسەر زەمیندا بڵاوی کردنەوە. وەك لە ئایەتێکی تردا ئەفەرموویت: ﴿ وَقُلْنَا مِنۢ بَعْدِهِۦ لِبَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ ٱسْكُنُواْ ٱلْأَرْضَ فَإِذَا جَآءَ وَعْدُ ٱلْأَخِرَةِ جِئْنَا بِكُمْ لَفِيفًا ﴾[1] لەپاش ئەویش بە نەوەی ئیسرائیلمان وت: نیشتەجێبن لەم وڵاتەو هەرکاتێکیش قیامەت هات، ئەوسا هەمووتان پێکەوە کۆدەکەینەوە. ﴿مِّنْهُمُ ٱلصَّٰلِحُونَ وَمِنْهُمْ دُونَ ذَٰلِكَ﴾ هەندێك لەوان بەچاك دەرچوونو هەندێکی تریان وەك ئەوان نەبوون وەك جنۆکە دەڵێن: ﴿وَأَنَّا مِنَّا ٱلصَّٰلِحُونَ وَمِنَّا دُونَ ذَٰلِكَ كُنَّا طَرَآئِقَ قِدَدًا﴾[2] لەناو ئێمەشدا کارچاك هەیەو هەشمانە وانیە، ئێمەزۆر ڕێگەمان وەبەرگرتبوو ﴿وَبَلَوْنَٰهُم بِٱلْحَسَنَٰتِ وَٱلسَّيِّـَٔاتِ﴾ واتە: تاقیمان کردنەوە بە خۆشیو ناخۆشیو بە ترسو هیواو بە لەش ساغیو گیروگرفت ﴿لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ﴾ تاکو بگەڕێنەوە. پاشان خودای گەورە دەفەرموویت: ﴿ فَخَلَفَ مِنۢ بَعْدِهِمْ خَلْفٌ وَرِثُواْ ٱلْكِتَٰبَ يَأْخُذُونَ عَرَضَ هَٰذَا ٱلْأَدْنَىٰ﴾ دوای ئەوان جێنشینانێکی بەدفەڕ هاتنە جێگەیان کە میراتگری تەورات بوون، کە هەر بۆ دەستکەوتی دونیا تێدەکۆشان. خودای گەورە باسی ئەوە دەکات کە دوای ئەوان نەوەیەکی تر جێگای گرتنەوە چاکو خراپێشیان تێدابوو. بەڵام دەستەیەکیان کە خێریان تێدانەبوو بوونە میراتگرو خوێنەری ئەو کتێبە کە تەوراتە، موجاهید لەم ئایەتەدا ﴿يَأْخُذُونَ عَرَضَ هَٰذَا ٱلْأَدْنَىٰ﴾ کە هەر بۆ کۆکردنەوەی دونیا هەوڵیان دەدا ئەڵێت: دەستیان بە هەرشتێك بگەیشتایە لە دونیادا هەڵیاندەگرت حەرام بووایە یان حەڵاڵ بووایە، بەهیوای لێبوردنیش بوون. ﴿وَيَقُولُونَ سَيُغْفَرُ لَنَا وَإِن يَأْتِهِمْ عَرَضٌ مِّثْلُهُۥ يَأْخُذُوهُ﴾ دەیانوت: ئێمە هر زۆر زوو عەفوو دەکرێین، ئەگەر

---

[1] الاسرء (١٠٤).

[2] الجن (١١).

جارێکی تریش دەستیان لە شتێك گیربووایە، هەڵیاندەگرت.[1] قەتادە لەم ئایەتەدا ﴿يَأْخُذُونَ عَرَضَ هَٰذَا ٱلْأَدْنَىٰ﴾ وتی: سوێند بە خودا جێگرێکی زۆر خراپ بوون ﴿وَرِثُوا۟ ٱلْكِتَٰبَ﴾ کە بوونە میراتگری ئەم کتێبە دوای پێغەمبەرەکانیان، لە ئایەتێکی تردا خودای گەورە ئەفەرمووێت: ﴿فَخَلَفَ مِنۢ بَعْدِهِمْ خَلْفٌ أَضَاعُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ وَٱتَّبَعُوا۟ ٱلشَّهَوَٰتِ﴾[2] لەدوای ئەوان کەسانێك بوونە جێگیریان کە نوێژیان دەفەوتاندو شوێن ئارەزووی خۆیان دەکەوتن.ئەڵێت: ﴿يَأْخُذُونَ عَرَضَ هَٰذَا ٱلْأَدْنَىٰ وَيَقُولُونَ سَيُغْفَرُ لَنَا﴾ واتە: بەهیوان خودا لێیان ببورێت زۆر لەخۆباییو خۆیانی پێوە هەڵدەنێن ﴿وَإِن يَأْتِهِمْ عَرَضٌ مِّثْلُهُۥ يَأْخُذُوهُ﴾ هیچ شتێك سەرقاڵی نەدەکردنو نەدەبووە ڕێگر لە ڕێیاندا لەسەر ئەوە. هەر شتێکیان دەستکەوتایە بەپەلە دەیانخواردگوێیان لەوەنەبوو حەرامە یان حەڵاڵە[3] سوددی لەم ئایەتەدا کە خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿فَخَلَفَ مِنۢ بَعْدِهِمْ خَلْفٌ﴾ تا دەگاتە ﴿وَدَرَسُوا۟ مَا فِيهِ﴾ئەڵێت: نەوەی ئیسرائیل هیچ دادوەرێکیان دانەدەنا مەگین بەرتیلی وەردەگرت لە دادوەریەکەیدا، پیاوەباشەکانیان کۆبوونەوەو پەیمانیان لە یەکتری وەرگرت، پێی دەوترا: بۆچی بەرتیل وەردەگری لە دادوەریەکەتدا؟ دەیوت: بەومزوانە لێم دەبورێت. ئەوانەی تر لە نەوەی ئیسرائیل تانەو تەشەریان لێ دەدا لەسەر ئەوکارەی کە کردوویەتی، کاتێك بمردایەو یان لابخرایەو کەسێکی تر لەجێی دابنرایە لەوکەسانەی کە تانەو تەشەری لێ دەدا لەسەرئەوەی کە بەرتیل وەردەگرێت، دەیوت: ئەگەر دەستکەوتی دونیا دەستی ئەوانەش بکەوتایە وەریاندەگرت[4] خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿أَلَمْ يُؤْخَذْ عَلَيْهِم مِّيثَٰقُ ٱلْكِتَٰبِ أَن لَّا يَقُولُوا۟ عَلَى ٱللَّهِ إِلَّا ٱلْحَقَّ﴾ ئایا لەوکتێبەدا پەیمان لەوان وەرنەگیرا، لە ڕاستی بەولاوە دەربارەی خودا(هیچی تر) نەڵێن؟ خودای گەورە ئەوکارەی ئەوانی پێ ناخۆشەو پەیمانیشی لێ وەرگرتون کە ڕاستی ئاشکرابکەن بۆ خەڵکیو نەیشارنەوە وەك خودای گەورە لە ئایەتێکی تردا فەرموویەتی: ﴿وَإِذْ أَخَذَ ٱللَّهُ مِيثَٰقَ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَٰبَ لَتُبَيِّنُنَّهُۥ لِلنَّاسِ وَلَا تَكْتُمُونَهُۥ فَنَبَذُوهُ وَرَآءَ ظُهُورِهِمْ وَٱشْتَرَوْا۟ بِهِۦ ثَمَنًا قَلِيلًا ۖ فَبِئْسَ مَا يَشْتَرُونَ﴾[5] ئەوسا خودا بەڵێنی لەوکەسانە سەند کە کتێبیان بۆ هاتووە،کەبەمەردومی

[1] الطبری (١٣/٢١٢).

[2] مریم (٥٩).

[3] الطبری (١٣/٢١٣).

[4] الطبری (١٣/٢١٣).

[5] ال عمران (١٨٧).

ڕابگه‌یه‌نن‌ونه‌یشارنه‌وه،که‌چی ئه‌وان له‌ په‌یمانه‌که‌ پاشگه‌ز بوونه‌وه‌ و به‌ نرخێکی که‌م فرۆشتیان، ئای که‌ مامه‌ڵه‌یه‌ك خراپیان کرد. ئیبنو جوره‌یج له‌ ئیبنو عه‌بباسه‌وه‌ له‌م ئایه‌ته‌دائه‌ڵێت: ﴿أَلَمْ يُؤْخَذْ عَلَيْهِم مِّيثَٰقُ ٱلْكِتَٰبِ أَن لَّا يَقُولُوا۟ عَلَى ٱللَّهِ إِلَّا ٱلْحَقَّ وَدَرَسُوا۟ مَا فِيهِ﴾ واته‌:ئایا له‌وکتێبه‌دا په‌یمان له‌وان وه‌ره‌گیرا له‌ ڕاستی به‌ولاوه‌ له‌باره‌ی خوداوه‌ (هیچی تر) نه‌ڵێن؟ ئه‌وه‌ی له‌ ته‌وراتدا هه‌بووه‌ خوێندوویانه‌ته‌وه‌. ئه‌ڵێت: ئه‌و گوناهانه‌ی که‌ به‌ هیوان خودا عه‌فوویان بکات به‌رده‌وام خه‌ریکن ده‌یکه‌ن‌و ته‌وبه‌شی لێ ناکه‌ن[1]، پاشان خودای گه‌وره‌ ده‌فه‌رموێت: ﴿وَٱلدَّارُ ٱلْءَاخِرَةُ خَيْرٌ لِّلَّذِينَ يَتَّقُونَ ۗ أَفَلَا تَعْقِلُونَ﴾ ماڵی ئه‌ولا بۆئه‌وانه‌ی خۆپارێزن زۆر باشتره‌ هێشتا ئێوه‌ تێناگه‌ن؟ خودای گه‌وره‌ هانیان ده‌دا بۆ وه‌ده‌ستهێنانی باشترین پاداشتو ده‌شیان ترسێنێت له‌ سزای سه‌ختی خۆی. واته‌: پێیان ده‌ڵێت ئه‌وه‌ی لای منه‌و پاداشتی من زۆر چاکتره‌ بۆ ئه‌وانه‌ی خۆیان ده‌پارێزن له‌ قه‌ده‌غه‌کراوه‌کانی‌و واز له‌ ئاره‌زووه‌کانی نه‌فسیان دێنن‌و ڕووده‌که‌نه‌ په‌رستنی په‌روه‌ردگاریان ﴿أَفَلَا تَعْقِلُونَ﴾ واته‌: بۆچی تێناگه‌ن؟ ئایائه‌وانه‌ ئه‌وه‌ی لای منه‌ ده‌گۆڕنه‌وه‌ به‌ ده‌ستکه‌وتێکی که‌می دونیا، عه‌قڵیان نیه‌ بیانگێڕێته‌وه‌ له‌و هه‌ڵه‌شه‌یی دونیا ویستیه‌ی تێیدان. پاشان خودای گه‌وره‌ دێت به‌ وه‌سف‌و باسی ئه‌وکه‌سه‌ی که‌ پابه‌نده‌ به‌ کتێبه‌که‌یه‌وه‌، واته‌: قورئان، که‌ پاڵی پێوه‌ده‌نێت که‌ شوێن پێغه‌مبه‌ره‌که‌ی (موحه‌ممه‌د(ﷺ)) بکه‌وێت، وه‌ك تێیدا نوسراوه‌، خودای گه‌وره‌ ده‌فه‌رموێت: ﴿وَٱلَّذِينَ يُمَسِّكُونَ بِٱلْكِتَٰبِ وَأَقَامُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ إِنَّا لَا نُضِيعُ أَجْرَ ٱلْمُصْلِحِينَ﴾ ئه‌وکه‌سانه‌ی ده‌ستیان به‌ ته‌وراته‌وه‌ گرتوه‌و نوێژده‌که‌ن، ئێمه‌ پاداشتی ئه‌وانه‌ی ئاکارچاکن ون ناکه‌ین.

﴿وَإِذْ نَتَقْنَا ٱلْجَبَلَ فَوْقَهُمْ كَأَنَّهُۥ ظُلَّةٌ وَظَنُّوٓا۟ أَنَّهُۥ وَاقِعٌۢ بِهِمْ خُذُوا۟ مَآ ءَاتَيْنَٰكُم بِقُوَّةٍ وَٱذْكُرُوا۟ مَا فِيهِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ ﴿١٧١﴾﴾

به‌رزکردنه‌وه‌ی کێوی توور به‌بان سه‌ری ئه‌و جووله‌کانه‌وه‌ له‌مه‌ڕ یاخی بوونیان

خـودای گـه‌وره‌ ده‌فـه‌رموێت: ﴿وَإِذْ نَتَقْنَا ٱلْجَبَلَ فَوْقَهُمْ كَأَنَّهُۥ ظُلَّةٌ وَظَنُّوٓا۟ أَنَّهُۥ وَاقِعٌۢ بِهِمْ خُذُوا۟ مَآ ءَاتَيْنَٰكُم بِقُوَّةٍ وَٱذْكُرُوا۟ مَا فِيهِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ﴾ ئه‌وکاته‌ که‌ کێوه‌که‌مان وه‌ك هه‌ور (چه‌تر) به‌سه‌ریاندا به‌رزکرده‌وه‌و لایان وابووهه‌ر به‌سه‌ریاندا ده‌ڕوخێت (وتمان) ئه‌وه‌ی داومانه‌ پێتان توند بیگرن، هه‌رچی تێدایه‌ له‌بیرتان بێت به‌ڵکو خۆتان بپارێزن. عه‌لی کوڕی ئه‌بوته‌لحه‌ له‌ ئیبنو عه‌بباسه‌وه‌ئه‌ڵێت: ﴿نَتَقْنَا

[1] الطبری (١٣/٢١٥).

﴾ واتە: بەرزمان کردەوە. ئەمە وەك ئەو ئايەتە وايە کە خـودای گـەورە فـەرموويـەتی: ﴿وَرَفَعْنَا فَوْقَهُمُ الطُّورَ بِمِيثَـٰقِهِمْ﴾[1] بەهۆی پەيمانێك کە دايان كێوی توورمان لەسەر ئەوان بە بـەرزی ڕاگـرت[2]. سـوفيانی سەوری لە ئەعمەشەوە لە سەعيدی كوڕی جوبەيرەوە لە ئيبنو عەبباسەوە ئـەڵێت: فريـشتەكان كێـوی تووريان بـەرزكردەوە بەسـەريانەوە، خـودای گـەورەش دەفـەرموێت: ﴿وَرَفَعْنَا فَوْقَهُمُ الطُّورَ﴾ قـاسمی كوڕی ئەبو ئەييوب لە سەعيدی كوڕی جوبەيرەوە لە ئيبنو عەبباسەوەئەڵێت: پاشان مووسا (سـەلامی خودای لێبێت) بەرەو زەوييە پيرۆزەكە بردنـیو لەوحـەكانی هـەڵگرت دوای ئـەوەی ڕقەكـەی نيـشتەوە، فەرمانی پێدان بەوەی كە خودا فەرمانی پێدابوو كە لە ئەركەكانيان ئاگاداريـان بكـات بەلايانـەوە گـران بوو، مليان نەداو دانيان پێ دانەنا. هەتا خودا(كێـوی تـووری) بەسـەريانەوە ڕاگـرت ﴿كَأَنَّهُۥ ظُلَّةٌ﴾ وەك هەور، وتی: فريشتەكان بەسەريانەوە ڕايانگرت. نەسائی بەدرێژی ڕيوايەتی كردووە[3].

﴿وَإِذْ أَخَذَ رَبُّكَ مِنۢ بَنِىٓ ءَادَمَ مِن ظُهُورِهِمْ ذُرِّيَّتَهُمْ وَأَشْهَدَهُمْ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ أَلَسْتُ بِرَبِّكُمْ قَالُوا۟ بَلَىٰ شَهِدْنَآ أَن تَقُولُوا۟ يَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ إِنَّا كُنَّا عَنْ هَـٰذَا غَـٰفِلِينَ ﴿١٧٢﴾ أَوْ تَقُولُوٓا۟ إِنَّمَآ أَشْرَكَ ءَابَآؤُنَا مِن قَبْلُ وَكُنَّا ذُرِّيَّةً مِّنۢ بَعْدِهِمْ أَفَتُهْلِكُنَا بِمَا فَعَلَ ٱلْمُبْطِلُونَ ﴿١٧٣﴾ وَكَذَٰلِكَ نُفَصِّلُ ٱلْـَٔايَـٰتِ وَلَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ ﴿١٧٤﴾﴾

باسی ئەوپەیمانەی کە وەرگیرا لە نەوەی ئادەم

خـودای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿وَإِذْ أَخَذَ رَبُّكَ مِنۢ بَنِىٓ ءَادَمَ مِن ظُهُورِهِمْ ذُرِّيَّتَهُمْ وَأَشْهَدَهُمْ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ أَلَسْتُ بِرَبِّكُمْ قَالُوا۟ بَلَىٰ شَهِدْنَآ﴾ كاتێك پەروەردگاری تۆ لە پشتی نەوەی ئادەم وەچـەی بەرهـەم هێنـا، خۆيان شايەتيان لەسەر خۆياندا، خـوا فـەرمووی مـن پـەروەردگارتان نـيم؟ وتيـان: بـەڵێ ئێمـە لـەوە ئاگادارين. خودای گەورە باسی ئەوەدەكات كە هەر لەپشتی نەوەی ئادەم تيرەو تايەفەی وەديهێناوەو شايەتيشيان داوە كە خودا پەروەردگارو سەروەريانە. جگە لە خودا هيچ پەرستراوێك نيە بـۆ پـەرستن بشێت، لەسەر ئەو سروشتەش وەديهێناون. خودای گـەورە فـەرموويـەتی: ﴿فَأَقِمْ وَجْهَكَ لِلدِّينِ حَنِيفًا فِطْرَتَ ٱللَّهِ ٱلَّتِى فَطَرَ ٱلنَّاسَ عَلَيْهَا لَا تَبْدِيلَ لِخَلْقِ ٱللَّهِ﴾[4] تۆ هەر ڕوو لـەم ئاينـە بكـەو هـەر بـەرەو هـەق هەنگاوبنێ، ئاينێكی بنەڕەتيەو لە سروشتدا خـودا ئەوخەڵكـەی هـەر بۆ يەكخواپەرستی وەديهێناوە،

---

[1] النساء (١٥٤).

[2] الطبری (١٣/٢١٨).

[3] النسائي في الكبری (٦/٣٩٦).

[4] الروم (٣٠).

کاری خوداش گۆڕینی بەسەردا نایات. لە هەردوو سەحیحەکەدا هاتووە لە ئەبوهورەیرەوە (ڕەزای خودای لێبێت)ئەڵێت: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (هەر منداڵێك لەدایك دەبێت لەسەر سروشتی (پاك) لەدایك دەبێت، پاشان دایكو باوكیان دەیانكەنە جوولەكە یان مەسیحی یان ئاگرپەرست (مەجوسی) هەروەك ئاژەڵێك بەچكەیەكی تێرو تەواوی دەبێت، ئایا هەست بە هیچ برِوایەك دەكەین تێیدا؟)[1] وە لە سەحیحی لە عەیازی كوڕی حیمارەوە وتی: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (خودای گەورە دەفەرمووێت من بەندەكانم دروستكردووە بەرەو هەق هەنگاوبنێن، شەیتانەكەان هاتوونەتەلایانو لە ئاینەكەیان لایانداون، ئەوەی حەڵاڵم كردبوو بۆیان حەرامیان كرد لێیان)[2]، چەند فەرموودە هاتووە لەسەر وەرگرتنی پەیمان لە پشتی نەوەی ئادەم (سەلامی خودای لێبێت) جیاكردنەوەیان بۆ هاوەڵانی لای ڕاستو هاوەڵانی لای چەپ. ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی كردووە لە ئەنەسی كوڕی مالیكەوە (ڕەزای خودای لێبێت) لە پێغەمبەرەوە(ﷺ) فەرموویەتی: (دەوترێت بە پیاوێكی خەڵكی ناو ئاگر لە ڕۆژی قیامەتدا، چۆنە بەلاتەوە ئەگەر هەرچی لەسەر زەویدایە هی تۆ بووایە ئایا لەباتی ڕزگاربوونی خۆتدا دەتدا؟ وتی: دەڵێت بەڵێ، خودای گەورە دەفەرمووێت: من لەوە كەمترم لە تۆ داواكرد، لەپشتی ئادەمدا پەیمانم لە تۆ وەرگرت كە هیچ شەریكم بۆ دانەنێیت، تۆ قبوڵت نەكردو هەر شەریكت بۆ دانام)[3]، لە هەردوو سەحیحەكەشدا ئەم فەرموودەیە هاتووە.[4] تیرمیزی لەبارەی ئەم ئایەتەوە لە تەفسیرەكەیدا ڕیوایەتی كردووەوە لە ئەبوهورەیرەوەئەڵێت : پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (كاتێك خودا ئادەمی دروستكرد دەستی هێنا بە پشتیدا، هەموو مرۆڤ كە ئەو وەدیهێنەرێتی لە نەوەی ئادەم تا ڕۆژی قیامەت لە پشتی كەوتەخوارە، پاشان لە نێوان هەردووچاوی هەركەسێك لەوانەدا تروسكەیەكی لە ڕووناكی دروستكرد، پاشان نیشانی ئادەمی دا، وتی: ئەی پەروەردگارم ئەوانە كێن؟ فەرمووی: ئەوانە نەوەكانی تۆن، پیاوێكی تێدا بینێن، ئەو تروسكەی لە نێوان هەردووچاویدابوو سەرنجی ڕاكێشا وتی: ئەی پەروەردگارم ئەوە كێیە؟ خودای مەزن فەرمووی: ئەوە پیاوێكە لە دواییەكانی نەوەكانت پێی دەوترێت داود، (ئادەم) وتی: ئەی پەروەردگارم تەمەنت چەند بۆ داناوە؟ فەرمووی: سەست ساڵ، وتی: ئەی پەروەردگارم، ئەوا من چل ساڵ لە تەمەنی خۆم بەخشی پێی، كاتێك كە تەمەنی ئادەم تەواوبوو، فریشتەی گیان كێشان هاتەلای (ئادەم) پێی وت: ئایا چل ساڵ لە تەمەنم نەماوە؟ (فریشتەكە) وتی: ئەی نەتبەخشی بە كوڕەكەت داود، وتی: ئادەم دانی

---

[1] مسلم (٢١٩٧/٤).

[2] فتح الباري (٢٩٠/٣)، مسلم (٢٠٤٧/٤).

[3] أحمد (١٢٧/٣) فەرموودەیەكی سەحیحە.

[4] فتح الباري (٤١٩/٦)، مسلم (٢١٦٠/٤).

پێدانەناو نەوەکەشی دانی پێدانەنا، ئادەم لەبیری چووبوو، نەوەکەشی لەبیری چوبوو، ئادەم هەڵەی کردو نەوەکەشی هەڵەی کرد)، پاشان تیرمیزی وتی: ئەم فەرموودەیە، فەرموودەیەکی چاك و ڕاستە، لە ئەبوهورەیرەش بەشێوەیەکی تریش ڕیوایەتی کردووە لە پێغەمبەرەوە(ﷺ)[1] حاکمیش لە موستەدرەکەید ڕیوایەتی کردووەئەڵێت: لەسەر مەرجی موسلیم فەرموودەیەکی ڕاستە، بەڵام بوخاریو موسلیم ڕیوایەتیان نەکردووە.[2] ئەم فەرموودانەو هاوشێوەیان بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە خودای گەورە نەوەی ئادەمی لە پشتی ئەو وەدەرهێناوەو خەڵکی بەهەشتیشی لە خەڵکی ئاگر جیاکردووەتەوە.

پاشان فەرموویەتی: ﴿وَأَشْهَدَهُمْ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ أَلَسْتُ بِرَبِّكُمْ قَالُوا۟ بَلَىٰ﴾ واتە: خۆیان شایەتیان لەسەر خۆیان دا، فەرمووی من پەروەردگارتان نیم؟ وتیان: بەڵێ، واتە: کە دروستی کردن شایەتیان دا لەوبارەیەوەو بە حاڵ و بە قسەش وتیان،شایەتی جاری وا هەیە بە قسەیە وەك خودا ئەفەرموێت: ﴿قَالُوا۟ شَهِدْنَا عَلَىٰٓ أَنفُسِنَا﴾[3] وتیان: بەڵێ شایەتی لە خۆمان دەدەین، جاری واش هەیە بە زمانی حاڵە وەك خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿مَا كَانَ لِلْمُشْرِكِينَ أَن يَعْمُرُوا۟ مَسَٰجِدَ ٱللَّهِ شَٰهِدِينَ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِم بِٱلْكُفْرِ﴾[4] مزگەوتی خودا ئاواکردن بۆ بتپەرستان نەشیاوە، خۆیان دەڵێن: خودا ناناسین، واتە: حاڵیان شایەتە لەسەر خۆیان لەسەر ئەوە، نەك ئەوان ئەوەیان بە دەم وتبێت، هەر بەوشێوەیە خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَإِنَّهُۥ عَلَىٰ ذَٰلِكَ لَشَهِيدٌ﴾[5] بێگومان خۆی لەسەر ئەوە شایەتە، پرسیاریش جاری وا هەیە بە قسەیە یان بە زمانی حاڵە وەك خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَءَاتَىٰكُم مِّن كُلِّ مَا سَأَلْتُمُوهُ﴾[6] هەرچیتان لێ داواکردووە پێی داون، زانایان دەڵێ: ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە خودا ئەو شایەتیەی کردووە بە بەڵگە بەسەریانەوە لەو بت پەرستیانەیاندا، خۆ ئەگەر ئەوە ڕووی بدایە وەك هەندێك کەس دەڵێن، ئەوکاتە هەمووکەسێکیان وەبیری دەهاتەوە، بۆئەوەی ببێتە بەڵگە بەسەریەوە. خۆ ئەگەر دەڵێن هەواڵی پێغەمبەر(ﷺ) بەسەبۆی لەسەر بوونی، وەڵامەکەی ئەوەیە، بێگومان خودانەناسان لە بتپەرستان، بڕواناکەن بە هەموو ئەوشتانەی کە پێغەمبەران بۆیان هێناون

---

[1] تحفة الاحوذي (٤٥٧/٨) فەرموودەیەکی غەریبە.

[2] الحاكم (٣٢٥/٢).

[3] الانعام (١٣٠).

[4] التوبة (١٧).

[5] العاديات (٧).

[6] ابراهيم (٣٤).

لەمبارەيەوەو لە هەموو شتێكى تريشدا، ئەمە خۆى بەڵگەيەكى سەربەخۆيە لەسەريان‌و بەڵگەشە لەسەر ئەوە كە ئەو سروشتەش خۆى بەڵگەيە لەسەريان كە خودا دروستى كردوون كە دان پێدانانە بە يەكخواپەرستى هەربۆيە خوداى گەورە ئەفەرمووێت: ﴿أَن تَقُولُوا﴾ واتە: لە ڕۆژى قيامەتدا نەڵێن: ﴿إِنَّا كُنَّا عَنْ هَٰذَا غَٰفِلِينَ﴾ بەڕاستى ئێمە بێ ئاگابووين لەمە (واتە لەم يەكخواپەرستييە)، ﴿أَوْ تَقُولُوٓا۟ إِنَّمَآ أَشْرَكَ ءَابَآؤُنَا مِن قَبْلُ وَكُنَّا ذُرِّيَّةً مِّنۢ بَعْدِهِمْ ۖ أَفَتُهْلِكُنَا بِمَا فَعَلَ ٱلْمُبْطِلُونَ ﴿١٧٣﴾ وَكَذَٰلِكَ نُفَصِّلُ ٱلْـَٔايَٰتِ وَلَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ﴾ يان نەڵێن: ئەوكەسانە وا لە پێشدا شەريكيان بۆ خوا دانا، باب‌و باپيريانمان بوون‌و ئێمە نەوەى دواى ئەوانين، ئايا ئێستا لەسەر كارى ناهەقان ئێمە لەنادەبەيت؟ نيشانەكان ئەوها ڕۆشن دەكەينەوە بەڵكو بگەڕێنەوە.

﴿ وَٱتْلُ عَلَيْهِمْ نَبَأَ ٱلَّذِىٓ ءَاتَيْنَٰهُ ءَايَٰتِنَا فَٱنسَلَخَ مِنْهَا فَأَتْبَعَهُ ٱلشَّيْطَٰنُ فَكَانَ مِنَ ٱلْغَاوِينَ ﴿١٧٥﴾ وَلَوْ شِئْنَا لَرَفَعْنَٰهُ بِهَا وَلَٰكِنَّهُۥٓ أَخْلَدَ إِلَى ٱلْأَرْضِ وَٱتَّبَعَ هَوَىٰهُ ۚ فَمَثَلُهُۥ كَمَثَلِ ٱلْكَلْبِ إِن تَحْمِلْ عَلَيْهِ يَلْهَثْ أَوْ تَتْرُكْهُ يَلْهَث ۚ ذَّٰلِكَ مَثَلُ ٱلْقَوْمِ ٱلَّذِينَ كَذَّبُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَا ۚ فَٱقْصُصِ ٱلْقَصَصَ لَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ ﴿١٧٦﴾ سَآءَ مَثَلًا ٱلْقَوْمُ ٱلَّذِينَ كَذَّبُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَا وَأَنفُسَهُمْ كَانُوا۟ يَظْلِمُونَ ﴿١٧٧﴾ ﴾

بەسەرهاتى بەلعەمى كوڕى باعورا (الباعوراء) وێنەى ئەو زانايەى كە لە زانياريەكەى خۆى لايدات

عەبدوڕەزاق ڕيوايەتى كردووە لە عەبدوڵلاى كوڕى مەسعودەوە (ڕەزاى خوداى لێبێت) لەم ئايەتەدا كە خوداى گەورە دەفەرمووێت: ﴿ وَٱتْلُ عَلَيْهِمْ نَبَأَ ٱلَّذِىٓ ءَاتَيْنَٰهُ ءَايَٰتِنَا فَٱنسَلَخَ مِنْهَا﴾ دەنگو باسى ئەوكەسەشيان بۆ بخوێنەوەكە نيشانەكانى خۆمان پێبەخشيبوو، خۆى لێ لادان. وتى: ئەوە پياوێك بووە لە نەوەى ئيسرائيل پێيان دەوت بەلعەمى كوڕى باعورا[1] هەر بەم شێوەيە شوعبەو كەسانى تريش ڕيوايەتيان كردووە لە مەنسورە[2] سەعيدى كوڕى ئەبو عوروبە لە قەتادەوە لە ئيبنو عەبباسەوەئەڵێت: ئەوكەسە سەيفى كوڕى ڕاهب بووە. قەتادەو كەعب وتيان: پياوێكى خەڵكى بەلقاء بووە ناوى هەرەگەورەى خوداى دەزانى لە بەيتول موقەدەس دادەنيشت لەگەڵ بەهێزەكاندا عەوفى لە ئيبنو عەبباسەوە (ڕەزاى خوداى لێبێت)ئەڵێت: ئەوە پياوێكى خەڵكى يەمەن بوو پێيان دەوت: بەلعەم خودا

[1] عبدالرزاق (٤٤٣/٢).

[2] الطبرى (٢٥٣/١٣).

ئایەتەکانی خۆی پێدا بەڵام ئەو وازی لێ هێنان[1] مالیکی کوڕی دینارئەڵێت: یەکێك بوو لە زاناکانی ئەوەی ئیسرائیل نزای لێ قبوڵ دەکرا، لەکاتی تەنگانەو نارەحەتیدا پێش خۆیاندەخست، مووسا پێغەمبەر(سەلامی خودای لێبێت) ناردی بۆلای پاشای مەدیەن بانگی بکات بۆلای خودا، پاشان مەدیەن لای خۆی ڕایگرتو بەخششی دایە، بەلعەم وازی لە ئاینەکەی مووسا هێناو شوێن ئاینەکەی ئەو کەوت، سوفیانی کوڕی عویەینە لە حوسینەوە لە عیمرانی کوڕی حارسەوە لە ئیبنو عەبباسەوەئەڵێت: ئەوکەسە بەلعەمی کوڕی باعورا بووە[2]موجاهیدو عیکرەمەش هەر وایان وتووە[3] سەقیف ئەڵێت: ئەوپیاوە ئومەیەی کوڕی سەلت بووە. بەڵام ئەوەی کە بەناوبانگە لە هۆی هاتنەخوارەوەی ئەم ئایەتە پیرۆزەدا ئەو پیاوەبووە لە پێشینەکان لە زەمانی ئەوەی ئیسرائیلدا وەك ئیبنو مەسعودو کەسانی تریش لەزانایانی تر پێشینە وتویانە[4]. عەلی کوڕی ئەبوتەلحە لەئیبنو عەبباسەوە ئەڵێت: ئەوە پیاوێك بووە لە شاری خاوەن هێزەکان بەلعەمیان پێ دەوت ناوە هەرەگەورەکەی خودای دەزانی[5]. عەلی کوڕی ئەبوتەلحە لە ئیبنو عەبباسەوەئەڵێت: کاتێك مووسا دابەزیەناو خاوەن هێزەکان (الجبارين) ئامۆزاو هۆزەکەی بەلعەم، هاتنەلای بەلعەم پێیان وت: مووسا پیاوێکی توندوتیژەو لەشکرێکی زۆری لەگەڵدایە، ئەگەر سەربکەوێت بەسەرماندا لەناومان دەبات داوابکە لە خودا مووساو ئەوەی لەگەڵیدایە لە کۆڵمان بکاتەوە، بەلعەم وتی: ئەگەر من داوابکەم لە خودا کە مووساو ئەوەی لەگەڵیدایە لەکۆڵمان بکاتەوە دینو دونیام لەدەست دەچێت، کۆڵیان لێ نەدا هەتا دۆعای لێ کردن، خودای گەورەیش ئەوەی کە پێی دابوو لێی سەندەوە بۆیە خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿فَٱنسَلَخَ مِنۡهَا فَأَتۡبَعَهُ ٱلشَّيۡطَٰنُ فَكَانَ مِنَ ٱلۡغَاوِينَ﴾ خۆی لێ بواردن، ئەوسا شەیتان وەدی خۆیداو کەوتەناو ڕیزی گومڕایان[6] پاشان خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلَوۡ شِئۡنَا لَرَفَعۡنَٰهُ بِهَا وَلَٰكِنَّهُۥٓ أَخۡلَدَ إِلَى ٱلۡأَرۡضِ وَٱتَّبَعَ هَوَىٰهُ﴾ ئێمە ئەگەر بمانویستایە لەمانەوە پایەبەرزیمان دەدایەوە، بەڵام ئەو هەرخۆی بە زەمینەوە چەسپاندو پەیڕەوی ئارەزووی خۆی بوو. واتە: لە پیسیو چەپەڵی دەمانپاراستو پلەمان بەرزدەکردەوە بەهۆی ئەو نیشانانەوە کە پێمان بەخشیبوو. بەڵام ئەو خۆی لکاند بە زەمیندا ڕووی

---

[1] الطبري (٢٦١/١٣).
[2] الطبري (٢٥٣/١٣).
[3] الطبري (٢٥٤/١٣).
[4] الطبري (٢٥٣/١٣).
[5] الطبري (٢٥٨/١٣).
[6] الطبري (٢٦٠/١٣).

کردە جوانی ژیانی دونیاو خۆی خەریك کرد بە خۆشیو ئارەزووی خۆیەوەو سەری لیّ شێواندو لەخۆی بایی بوو وەك چۆن کەسانی تریش جگە لەو لەخۆیان بایی بوون بەهۆی کەم ئارەزووی بەرچاوتاریکیانەوە. موحەممەدی کوڕی ئیسحاق لە سالمی کوڕی نەزرەوە ئەڵێت: کە باسی کردووە کە مووسا (سەلامی خودای لێبێت) کاتێك چووەتەناو زەوی نەوەی کەنعانەوە لەسەر زەمینی شامدا، هۆزەکەی بەلعام هاتن بۆلای بەلعامو پێیانوت: ئەوە عیسای کوڕی عیمرانە وا بەنەوەی ئیسرائیلەوە هاتو دەرمان دەکات لە زێدی خۆماندا و دەمانکوژێتو نەوەی ئیسرائیل جێگیردەکات تێیدا، ئێمە هۆزی تۆینو شوێنمان نامێنێت، تۆ پیاوێکی نزات گیرایە، برۆ دۆعایان لیّ بکە بەلعام وتی: هاوار بۆ ئێوە پێغەمبەری خودایەو فریشتەو خاوەن باوەڕانی لەگەڵدایە چۆن برۆمو دۆعایان لیّ بکەم ئەوەی من دەیزانم لەلایەن خوداوە کە دەیزانم! واتە: ئێوە نایزانن. پێیانوت: هیچ شوێنێکمان نەماوە تێیدا بژین، بەردەوام لێی دەپاڕانەوەو هەوڵیان دەدا دڵی نەرم بکەن هەتا هەڵیان دێراو چارەڕەشیان کرد، کەرێکی هەبوو سواری بوو ڕووەو ئەو کێوەی کە لێیوە لەشکرەکەی نەوەی ئیرائیلی دەبینی کە ناوی کێوی حوسبان بوو، ماوەیەکی زۆر بە سواری کەرەکە نەڕۆیشت، کەرەکە چۆکی لە زەوی نا، بەلعام دابەزیو دەستیکرد بە لێدانی هەتا لە شوێنەکەی خۆی لایبردو دووری خستەوەو هەستا پاشان سواری بووەوە، زۆر بەسواری نەڕۆیشت دیسان چۆکی لە زەوی نایەوە پێوە، بەلعام دەستی بە لێدانی کردەوە تا لە شوێنەکەی خزاندی، خودا ئیزنی کەرەکەی دا قسەی لەگەڵ بەلعام کردو بیانووی بریو پێی وت: واوەیلا بۆ تۆ ئەی بەلعام بۆ کویّ دەچیت؟ ئایا ئەو فریشتانە نابینی لە پێشەوە، بەرەوڕووم وەستاونو دەمگێڕنەوە، دەڕۆی بۆلای پێغەمبەرێکی خوداو خاوەنباوەڕان بۆئەوەی نزایان لیّ بکەیت، بەردەوام بەلعام وازی لە کەرەکە نەدەهێنا هەر لێی دەدا، خودا ڕێگەی بە کەرەکە دا کە بڕوات، بەسواری کەرەکە ڕۆیشت هەتا چووەسەر کێوی حوسبان کە دەیڕوانی بەسەر لەشکرەکەی مووساو نەوەی ئیسرائیلدا، دەستی کرد بە نزاکردن لێیان، هەر نزایەکی شەڕی لیّ دەکردن خودا زمانی دەچەرخاند بەلای هۆزەکەیدا، وە هەر دۆعایەکی خێری بۆ هۆزەکە ی دەکرد زمانی دەچەرخا بەلای نەوەی ئیسرائیلدا، هۆزەکەی پێیان وت: ئەی بەلعام چی دەکەیت؟ تۆ دەپاڕێیتەوە بۆ ئەوانو نزا لە ئێمە دەکەیت، بەلعام وتی: ئەوە هیچ دەستەڵاتێکی منی تێدانیە، ئەوە شتێکە کە خودا زاڵی کردووە بەسەرمدا، وتی: زمانی هاتەدەرەوە و کەوتەسەر سینگیو بەهۆزەکەی وت: من دونیاو قیامەتم لەدەستدا، هیچ شتێك نەماوە جگە لە فرۆفێل کردن بۆتان، ئێستا فێڵو تەڵەکەیەکتان بۆ دەکەم ژنەکان کۆبکەنەوەو شتومەکیان بدەنیّو پاشان ڕەوانەیان بکەن بۆناو ئەو لەشکرە تا پێیان بفرۆشن پێشیان بڵێن هیچ ڕێگریەك نەکەن لەوپیاوانەی کە دەیانەوێت داوێن پیسیان لەگەڵدا بکەن، چونکە تەنیا یەك کەسیان داوێن پیسی بکات لێیان بەستانەو کاری خۆتان تەواوکردووە، هۆزەکەی ئەو

فەرمانەیان بەجیٚ هێنا، کاتێك ژنەکان چوونەناو لەشکرەکە، ژنێك لە کەنعانیەکان کە ناوی کەسبا بووکچی سوری سەرۆك هۆزەکەیان بوو تێپەڕی بەلای پیاوێکدا لە گەورەپیاوانی نەوەی ئیسرائیل کە ناوی ڕەمزی کوڕی شەلوم بوو لە بنەماڵەی شەمعونی کوڕی یەعقوبی کوڕی ئیسحاقی کوڕی ئیبراهیم بوو (سەلامی خودای لێبێت) کاتێك چاوی پێی کەوت سەرنجی ڕاکێشا، هەڵسا دەستی ژنەکەی گرت و هێنای بۆلای مووساو (سەلامی خودای لێبێت) وتی: من وا لە تۆ تیٚ دەگەم ئێستا دەڵێیت ئەمە لە تۆ حەرامە؟ مووسا وتی: بەڵیٚ ئەوە حەرامە لە تۆ نزیکی نەکەویتەوە، وتی: سا سوێند بە خودا لەمەدا بە گوێت ناکەم بردیەناو چادرەکەو زینای لەگەڵداکرد، خودای گەورە چاوەقوڵەکەی خستەناو نەوەی ئیسرائیل. لەوکاتەدا فەنحاس کوڕی عیزاری کوڕی هاروون کە خاوەن فەرمانی مووسابوو (سەلامی خودای لێبێت) لەوێدا نەبوو کە ڕەمزی شەلوم بەوکارە هەڵسا، کاتێك هات چاوەقوڵە قڕی خستبووەناویان، هەواڵەکەیان پێدا، نێزەکەی هەڵگرت کە هەمووی لە ئاسن دروست کرابوو پاشان چووەناو چادرەکە صیاوو ژنەکە هەردووکیان ڕاکشابوون، دانیە بەر نێزەکەی پاشان دەری هێناو بەرەو ئاسمان بەرزی کردنەوەو نێزەکەی بە دەستەوە گرتبوو بە ئانیشکی بەرەو کەلەکەی توندی کردو نێزەکەی ڕووەو پیشی خۆی هێنایەوە (فەنحاس لاوێکی عیزاری بوو) دەیوت: ئەی خودایە ئاوادەکەین بەوکەسانەی سەرپێچی تۆ دەکەن. چاوەقوڵەکە نەما، دەڵێن ئەوانەی لە نەوەی ئیسرائیل لەناوچوون لەوکاتەی زەمری زینای لەگەڵ ئەوژنەکرد تا ئەوکاتەی فەنحاس کوشتی، حەفتاهەزار کەسیان بەو چاوەقوڵەیە لەناوچوون، ئەوانەی کە کەمی دەکەنەوە دەڵێن بیست هەزار کەسیان بەو چاوەقوڵەیە مردن لەماوەی کاتژمێرێکدا لەوڕۆژەدا. هەر لەوکاتەوە نەوەی ئیسرائیل لە هەموو سەربڕاوێکدا کە سەریان ببڕایە ملو باڵو چەناکەو سەرەتای هەموو سامانێکی زۆر بەنرخ و بەهایان دەبەخشی بە منداڵەکانی فەنحاس (چونکە فەنحاس یەکەم کوڕی عیزاری باوکی بوو). خودای گەورە ئەم ئایەتانەی ﴿وَٱتۡلُ عَلَيۡهِمۡ نَبَأَ ٱلَّذِيٓ ءَاتَيۡنَٰهُ ءَايَٰتِنَا فَٱنسَلَخَ مِنۡهَا﴾ تا دەگاتە ﴿لَعَلَّهُمۡ يَتَفَكَّرُونَ﴾ لەسەر بەلعامی کوڕی باعورا ناردووەتە خوارەوە. خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿كَمَثَلِ ٱلۡكَلۡبِ إِن تَحۡمِلۡ عَلَيۡهِ يَلۡهَثۡ أَوۡ تَتۡرُكۡهُ يَلۡهَث﴾ نمونەی ئەووەك نمونەی سەگێکە بۆی بچێت زمان دەردێنێت و لێشی گەڕێی هەر زمان دەردەهێنێت. زانایان ڕایان جیاوازە لە ماناکەیدا. بەپێی ئەو دەقەی کە ئیبنو ئیسحاق ڕیوایەتی کردووە لە سالمەوە لە ئەبو نەزەرەوە کە بەلعام زمانی دەرهێناوە هەتا سەرسینگی[1] لە سەگ چووە لە زمان دەرهێناندا لە هەردوو حاڵەتەکەیدا، بۆی بچێت و وازی لیٚ بێنێت، وە وتویانە: مەبەست پێی نمونەی لە گومڕایداو بەردەوامی لەسەری و سودوەرنەگرتن

---

[1] الطبری (٢٦٥/١٣).

لەوبارەوەو لەو پاڕانەوەی کە وەك سەگێکە کە بۆی بچێت زمان دەردەهێنێتو وازیشی لیٚ بێنیت هەر زمان دەردەهێنێت، لە هەردوو حاڵەتەکدا هەر زمان دەردەهێنێت. هەر بەوشێوە هیچ سودێك لە ئامۆژگاریو بانگ کردنی بۆ بڕواهێنان وەرناگرێت، واتە: بانگی بکەیتو بانگە نەکەیت وەکویەکە، وەك خودای مەزن لە ئایەتێکی تردا فەرموویەتی: ﴿سَوَآءٌ عَلَيۡهِمۡ ءَأَنذَرۡتَهُمۡ أَمۡ لَمۡ تُنذِرۡهُمۡ لَا يُؤۡمِنُونَ ﴾[1] ترسیان وبەر بهێنیت یان ترسیانوەبەر نەهێنیت وەکویەکە، ئەوان باوەڕناهێنن. وە فەرموویەتی: ﴿ٱسۡتَغۡفِرۡ لَهُمۡ أَوۡ لَا تَسۡتَغۡفِرۡ لَهُمۡ إِن تَسۡتَغۡفِرۡ لَهُمۡ سَبۡعِينَ مَرَّةٗ فَلَن يَغۡفِرَ ٱللَّهُ لَهُمۡ ﴾[2] لیٚ خۆشبوونیان بۆ داوابکەی یان نەکەی بیٚ سودە، ئەگەر تۆ حەفتا جریش داوای بەخشینیان بۆ بکەی، خودا هەرگیز لێیان خۆشنابێت. چەندین ئایەتی تریش لەمبارەوە هاتووە. وە وتراوە: مەبەست پێی ئەوەیە، دڵی خودانەناسان و دووڕوو گومڕا بۆ شەو دوورە لەگرتنی ڕێی ڕاستو زۆر ڕاڕاو دانەمەزراوە. هەر بەم مانایە ڕیوایەت کراوە لە حەسەنی بەسریو کەسانی تریشەوە. پاشان خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿ذَّٰلِكَ مَثَلُ ٱلۡقَوۡمِ ٱلَّذِينَ كَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِنَا﴾ ئەم چیرۆکە بەسەرهاتی ئەوانەیە کەنیشانەکانی ئێمەیان بەدرۆدانا. بۆیە خودای گەورە دەفەرمووێت بە پێغەمبەرەکەی(ﷺ): ﴿فَٱقۡصُصِ ٱلۡقَصَصَ لَعَلَّهُمۡ يَتَفَكَّرُونَ ﴾ تۆ لەو تەرزە باسەیان بۆ بگێڕەوە بەڵکو بیربکەنەوە. واتە: بەڵکو نەوەی ئیسرائیل ئەوانەی ئاگایان لە حاڵی بەلعامو ئەوەی بەسەرهاتو چۆن خودا سەری لیٚ شێواندو لە بەزەیی خۆی دووری خستەوە، لەبەرئەوەی ئەو بەهرەی کە خودا پێی بەخشیبوو کە فێری ئەو ناوە هەرەگەورەی کردبوو ئەگەر داوای بکردایەو داواکەی وەردەگێڕاو هەر شتێکی بویستایە پێی دەبەخشرا، کەچی ئەو ئەوناوە هەرەگەورەی لەسەرپێچی پەروەردگاریدا بەکارهێنا، بەڵکو فێڵو تەڵەکەی لە خەڵکی خوداو کۆمەڵی خاوەنباوەڕان کردکە شوێنکەوتەی بەندەو پێغەمبەری خودا مووسا بوون (سەلامی خودای لێبێت) بۆیە خودای گەورە ئەفەرمووێت: ﴿لَعَلَّهُمۡ يَتَفَكَّرُونَ ﴾ بەڵکو بیربکەنەوە، واتە: بترسن لەوەی کە وەك ئەویان بەسەربێت. چونکە خودا زانیاری داوە بەوانو لەو خەڵکەی تری عەرەبی جیاکردوونەتەوە سیفەتەکانی مووحەممەدیان(ﷺ) خستووەتە بەردەستیان، ئەو سیفەتانەی دەناسن وەك چۆن کوڕەکانی خۆیان دەناسن، وە ئەوان ڕەواترو نزیکترین کەسن کە شوێنکەوتەی بنو هاوکاری بکەنو پشتگیری لیٚ بکەن، وەك پێغەمبەرەکانیان ئاگاداریان کردوون فەرمانیان پیٚ داون کە شوێنی بکەون. هەر بۆیە ئەوانەی سەرپێچی لەوشتان دەکەن کە لە کتێبەکەیدا (واتە تەورات) هاتووە

---

[1] البقرة (٦).

[2] التوبة (٨٠).

بیشارنەوەو خەڵکی لێ ئاگادارنەکەن خودا تووشی سەرشۆڕیو کەساسی دونیا و قیامەتیان دەکات.

پاشان خودای گەورە دەفەرموویێت: ﴿ سَآءَ مَثَلًا ٱلْقَوْمُ ٱلَّذِينَ كَذَّبُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَا ﴾ چەند خراپە بەسەرهاتی ئەوکەسانەی کە نیشانەکانی ئێمەیان بە درۆزانی. واتە: چەند نمونەیەکی خراپە ئەگر بە وێنەی سەگێك سەیربکرێن کە هیچ خواستو مەبەستێکی نیە جگە لە دەستکەوتنی خواردنێك یان ئارەزوویە، هەرکەسێك لە بازنەی ڕاستیو ڕێی ڕاست دەرچوو ڕووی کردە هەوەسو ئارەزووەکانی خۆیو شوێنی کەوت، ئەوە وەك سەگی لێدێت، نمونەکەی چەند نمونەیەکی خراپە. هەربۆیە لە فەرموودەی سەحیحدا هاتووە کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئەفەرموویێت: (نمونەی خراپ بۆ ئێمەی خاوەننیە، ئەوەی لە بەخشین (دیاری) پەشیمان بێتەوە وەك سەگ وایە برشێتەوەو پاشان بگەڕێتەوە سەر ڕشانەوەکەی)[1]، ﴿وَأَنفُسَهُمْ كَانُوا۟ يَظْلِمُونَ ﴾ناهەقیان لە خۆیان کرد. واتە: خودا ناهەقی بەوانە نەکردووە بەڵکو خۆیان ناهەقیان لە خۆیان کردووەو پشتیان لە ڕێی ڕاست کردووەو گوێڕایەڵی گەورەی خۆیان نەبوون، ڕوویان لە دونیاناو خەریکی وەدەستهێنانی ئارەزوو هەوەس بازی بوون.

﴿ مَن يَهْدِ ٱللَّهُ فَهُوَ ٱلْمُهْتَدِى ۖ وَمَن يُضْلِلْ فَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْخَٰسِرُونَ ﴿١٧٨﴾ ﴾

خودای مەزن دەفەرموویێت:﴿ مَن يَهْدِ ٱللَّهُ فَهُوَ ٱلْمُهْتَدِى ۖ وَمَن يُضْلِلْ فَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْخَٰسِرُونَ ﴾ هەرکەسێك خودا شارەزای بکات، ڕێگەی ڕاست دەگرێتەبەرو هەرکەسێکیش گومڕابکات لە ڕیزی زیانبارانە.واتە: ماڵ وێرانەو زەرەرمەندەو بێگومان ڕێی ون کردووە، چونکە خودا مەیلی لەسەر شتێك بێت دەبێتو مەیلیشی لەسەر شتێك نەبێت نابێت، هەر بۆیە لە فەرموودەکەی ئیبنو مەسعودا هاتووە کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی : (سوپاس هەر بۆ خودایەو ستایشو پشت بەستنو داوای لێ خۆشبوون هەر لەو دەکەین . وە پەنادەگرین بە خودا لە زیانباریو نەگریسی خۆمانو ئاکارە خراپەکانمان،هەرکەسێك خودا خۆی شارەزای بکات، هیچ کەسێك ناتوانێت گومڕای بکات، هەرکەسێکیش خودا خۆی گومڕای بکات هیچ کەسێك بۆی نیە شارەزای بکات. شایەتی دەدەم کە هیچ پەرستراوێك نیە جگە لە خودا خۆی بەتەنیاو شەریکی نیە، وە شایەتیش دەدەم کە موحەممەد(ﷺ) بەندەو ڕەوانەکراوی خودایە) فەرموودەکە بەتەواوەتی ئیمامی ئەحمەدو ئەبوداودو تیرمیزیو نەسائیو ئیبنو ماجەو کەسانی تریش ڕیوایەتیان کردووە[2].

---

[1] فتح الباري (٥/٢٨٨).

[2] أحمد (١/٣٩٢)، أبوداود (٢/٥٩١)، تحفة الاحوذي (٤/٢٣٧)، النسائي (٣/١٠٥)، ابن ماجه (١/٦٠٩) فەرموودەیەکی باشە (جيد).

﴿وَلَقَدْ ذَرَأْنَا لِجَهَنَّمَ كَثِيرًا مِّنَ الْجِنِّ وَالْإِنسِ ۖ لَهُمْ قُلُوبٌ لَّا يَفْقَهُونَ بِهَا وَلَهُمْ أَعْيُنٌ لَّا يُبْصِرُونَ بِهَا وَلَهُمْ آذَانٌ لَّا يَسْمَعُونَ بِهَا ۚ أُولَٰئِكَ كَالْأَنْعَامِ بَلْ هُمْ أَضَلُّ ۚ أُولَٰئِكَ هُمُ الْغَافِلُونَ (١٧٩)﴾

بێباوەڕی و چارەنووس

خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَلَقَدْ ذَرَأْنَا لِجَهَنَّمَ كَثِيرًا مِّنَ الْجِنِّ وَالْإِنسِ﴾ ئێمە كۆمەڵێك لە جنۆكەو مرۆڤمان بۆ جەهەننەم وەدی هێنا، واتە: ئامادەمان كردوون و خەڵكەكەی كاری بۆدەكەن، خودای گەورە كاتێك ویستی خەڵكی دروست بكات، زانیویەتی كە چی دەكەن پێش پەیدابوونیان، ئەوەی لای خۆی نوسیوە لە كتێبێكدا لەپێش دروستكردنی ئاسمانەكان و زەمین بە پەنجا هەزارساڵ وەك لە سەحیحی موسلیم دا هاتووە لە عەبدوڵڵای كوڕی عەمرەوە كەپێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (خودای گەورەپەنجاهەزارساڵ پێش ئەوەی ئاسمانەكان و زەوی دروست بكات هەموو كا روبارەكانی دروستكراوەكانی دیاریكردووە، كاتێك كە تەختی (عەرشی) لەسەر ئاو بوو)[1] فەرموودە لەمبارەوە زۆرە، باسی قەدەر باسێكی گەو رەیە ئێرە شوێنی درێژە پێدانی نیە، خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿لَهُمْ قُلُوبٌ لَّا يَفْقَهُونَ بِهَا وَلَهُمْ أَعْيُنٌ لَّا يُبْصِرُونَ بِهَا وَلَهُمْ آذَانٌ لَّا يَسْمَعُونَ بِهَا﴾ دڵیان هەیەو پێی تێناگەن، چاویان هەیەو پێی نابینن، گوێیان هەیەو پێی نابیستن. واتە: هیچ سودێك لەم ئەندامانەی كە خودا پێی داون و كردوویەتی بە هۆی شارەزابوونیان وەرناگرن. وەك خودای گەورە لە ئایەتێكی تردا فەرموویەتی: ﴿وَجَعَلْنَا لَهُمْ سَمْعًا وَأَبْصَارًا وَأَفْئِدَةً فَمَا أَغْنَىٰ عَنْهُمْ سَمْعُهُمْ وَلَا أَبْصَارُهُمْ وَلَا أَفْئِدَتُهُم مِّن شَيْءٍ إِذْ كَانُوا يَجْحَدُونَ بِآيَاتِ اللَّهِ﴾[2] گوێ و چاوو دڵمان بەوانیش دابوو، ئەوان لە گوێ و چاوو دڵیان هیچ بەهرەیەكیان وەرنەگرت، چونكە ئەوان بڕوایان بە نیشانەكانی خودا نەبوو. وە دەفەرمووێت: ﴿صُمٌّ بُكْمٌ عُمْيٌ فَهُمْ لَا يَرْجِعُونَ﴾[3] كەڕن، كوێرن، لاڵ و پاڵن، ناتوانن بگەڕێنەوە. ئەمە لەبارەی دووڕووەكانەوەبوو لەبارەوە خودانەناسەكانیشەوە خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿صُمٌّ بُكْمٌ عُمْيٌ فَهُمْ لَا يَعْقِلُونَ﴾[4] كەڕن، لاڵن كوێرن، لە هیچ تێناگەن، ئەوانە تەنیا لە گرتنەبەری ڕێی ڕاست كەڕو كوێرو لاڵن. وەك خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَلَوْ عَلِمَ اللَّهُ فِيهِمْ خَيْرًا لَّأَسْمَعَهُمْ ۖ وَلَوْ أَسْمَعَهُمْ

---

[1] مسلم (٤/٢٠٤٤).

[2] الاحقاف (٢٦).

[3] البقرة (١٨).

[4] البقرة (١٧١).

لَتَوَلَّوا وَّهُم مُّعۡرِضُونَ ﴾[1] ئەگەر خودا بیزانیایە خێرێکیان تێدایە، کارێکی دەکرد ببیستن، خۆ ئەگەر گوێبیستیشی پێ بدایان، هەر ڕوویان لێ وەردەگێڕاو خۆیان لێ لادەدا. وە دەفەرمووێت: ﴿فَإِنَّهَا لَا تَعۡمَى ٱلۡأَبۡصَٰرُ وَلَٰكِن تَعۡمَى ٱلۡقُلُوبُ ٱلَّتِي فِي ٱلصُّدُورِ ﴾[2] لەڕاستیدا چاویان کوێر نابێت، بەڵکو ئەو دڵانە کوێردەبن کە جێیۆان لەناو سینگەکانە. وە دەفەرمووێت: ﴿وَمَن يَعۡشُ عَن ذِكۡرِ ٱلرَّحۡمَٰنِ نُقَيِّضۡ لَهُۥ شَيۡطَٰنٗا فَهُوَ لَهُۥ قَرِينٞ ﴿٣٦﴾ وَإِنَّهُمۡ لَيَصُدُّونَهُمۡ عَنِ ٱلسَّبِيلِ وَيَحۡسَبُونَ أَنَّهُم مُّهۡتَدُونَ ﴾[3] هەرکەسێك پێی خۆشە لە ڕێی ڕاست کوێرایی دابێت، هاودەمێکی شەیتانی بۆ دادەنێین، ئیتر ئەو هاودەمانە لە ڕێگە لایاندەدەن، لاشیان وایە ڕاستەڕێیان دۆزیوەتەوە. پاشان لێرەدا خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿أُوْلَٰٓئِكَ كَٱلۡأَنۡعَٰمِ بَلۡ هُمۡ أَضَلُّۚ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡغَٰفِلُونَ ﴾ ئەوانە وەك ئاژەڵن، بگرە لەوان گومڕاتریشن، ئاگایان لە هیچ شت نیە. واتە: ئەوانەی کە هەق بیست نین‌و لێی تێناگەن‌و ڕێی ڕاست نابینین، وەك ئاژەڵی کێوی وان، کە هیچ بەهرەیەك لە ئەندامەکانی هەستکردن وەرناگرن جگە لەوەی کە بە چیانی دونیادا خۆیانی پێ دەپارێزن. وەك خودای گەورە لە ئایەتێکی تردا دەفەرمووێت: ﴿وَمَثَلُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ كَمَثَلِ ٱلَّذِي يَنۡعِقُ بِمَا لَا يَسۡمَعُ إِلَّا دُعَآءٗ وَنِدَآءٗ ﴾[4] وێنەی ئەو خودانەناسانە وەك وێنەی ئەو ئاژەڵە وایە کە دەنگ دەدرێت، جگە لە خوڕین‌و هاوارێك هیچ نابیستن وێنەی ئەوانەش لەکاتێکدا کە بانگ دەکرێن بۆ بڕواهێنان وەك ئەو ئاژەڵانە وایە کە شوانەکانیان تێیان دەخوڕن جگە لەو دەنگە هیچ شتێکی تر نابیستن‌و تێناگەن چی دەڵێن، هەربۆیە خودای گەورە دەفەرمووێت : ﴿بَلۡ هُمۡ أَضَلُّ﴾ بەڵکو ئەوان گومڕاترن. واتە: لە ئاژەڵەکان، چونکە ئەو ئاژەڵانە لەوانەیە بەگوێی شوانەکانیان بکەن کاتێك لەگەڵیان ڕاهاتن، با لە قسەکانیشیان تێ نەگەن، بە پێچەوانەی خودانەناسانەوە، چونکە ئەو ئاژەڵانە بەپێی سروشتی خودا لەسەری دروستی کردوون دەڕۆن یان بەو شێوەیەی خودا ڕامی هێناون هەڵس‌و کەوت دەکەن بە پێچەوانەی خودانەناسانەوە کە بۆ خوداناسی‌و یەکتاپەرستی دروستکراوە، کەچی بڕوای پێ ناکات‌و شەریکی بۆ دادەنێت، هەربۆیە هە رکەسێك لە ئادەمی خوداپەرستی بکات لەو فریشتانەی هاووێنەی خۆی بەڕێزترە لە ڕۆژی قیامەتدا، ئەوەش کە بڕوای بە خودا نیە لە مرۆڤەکان

---

[1] الانفال (٢٣).

[2] الحج (٤٦).

[3] الزخرف (٣٦- ٣٧).

[4] البقرة (١٧١).

ئەوا ئاژەڵەکان لەوان باشترن بۆیە خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿أُولَٰئِكَ كَالْأَنْعَامِ بَلْ هُمْ أَضَلُّ أُولَٰئِكَ هُمُ الْغَافِلُونَ﴾ ئەوانە وەك ئاژەڵن، بگرە لەوان گومڕاترن، ئاگایان لە هیچ شتێك نیە.

﴿وَلِلَّهِ الْأَسْمَاءُ الْحُسْنَىٰ فَادْعُوهُ بِهَا وَذَرُوا الَّذِينَ يُلْحِدُونَ فِي أَسْمَائِهِ سَيُجْزَوْنَ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ (١٨٠)﴾

باسی ناوەجوانەکانی خودا

لە ئەبوهورەیرەوە (ڕەزای خودای لێبێت) وتی: پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئەفەرمووێت: (بێگومان خودا نەوەدونۆ ناوی هەیە، سەد یەکێك کەم، هەرکەسێك هەژماری بکات دەچێتە بەهەشت خودا تاکەو حەزی لە تاکە) لە هەردوو سەحیحەکەدا هاتووە[1]، واتە: لە سەحیحی بوخاری‌و موسلیم، تیرمیزیش هەر بەم شێوەیە ڕیوایەتی کردووە بەڵام لەدوای (حەزی لە تاکە) ئەمەی بۆ زیادکردووە: ئەو خودایەی کە هیچ پەرستروێك نیە جگە لە خۆی کە بە بەزەیی‌و بەخشندەو پادشاو پاك‌و بێگەردو بێعەیب‌و دڵنیاکەرو بەسەر ڕاگەیشتوو دەستەلاتدارو ناچارکەرو خۆ بەگەورەزان‌و دروستکەرو بەدیهێنەری جوانکارو وێنەکێش‌و لێبوردەو گەردنکەچکەرو زۆر بەخشەرو ڕۆزیدەرو دەرووکە رەوەو زاناولێگرەوەو لە دوودەرو نزمکەرەوەو بەرزکەرەوە زەبوونکەرو بیسەرو بینەرو فەرمانڕەواو دادگەرو وردبین‌و شارەزاو هێدی‌و مەزن‌و لێ خۆشبوو سوپاسگوزارو بەرزی بە دەستەلات‌و گەورەو پارێزەرو بژێوگەێن‌و لێ پرسەرەوەو سیفەت بەرزو بەڕێزو چاودێرو وەڵام گۆو فراوان‌و کاریەجێ‌و خۆشویستراوو پایەبەرزو زیندووکە رەوەو ئاگادارو ڕاست‌و ڕەواو کاپێ سپێردراوو بەتواناو بەهێزو دۆست‌و سوپاسکراوو ژمێرەرو پەیداکەرو زیندووکەرەوەو ژێنەرو مرێنەرو زیندوو مشورگێرو هەبوو خاوەن پایەی بەرزو یەك‌و تاك‌و تەنیاو جێی مەبەست بەتواناو خاوەن توانا‌و پێشخەرو دواخەرو یەکەمین‌و دوایەمین‌و ئاشکراو پەنهان‌و سەرپەرشتیکەرو زۆر بەرزو چاکەکارو تەوبە وەرگرو تۆڵەستێن‌و لێ بوردەو میهرەبان‌و خاوەن مولك‌و خاوەن دەستەلات‌و بەخشندەو دادپەروەرو کۆکەرەوەو دەوڵەمەندو دەوڵەمەندکەرو بەرگرو زیانگەیێن‌و سودگەیێن‌و ڕووناکی‌و ڕێنمونیکەرو داهێنەرو هەرماو میراتگرو شارەزاکەرو ئارامگرە. پاشان با بزانرێت کە ناوەجوانەکانی خودا تەنیا نەوەدونۆ ناو نین، بەڵگەشمان ئەو فەرموودەیە کە ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە لە موسنەدەکەیدا لە عەبدوڵڵای کوڕی مەسعودەوە (ڕەزای خودای لێبێت) لە پێغەمبەری خوداوە(ﷺ) کە فەرموویەتی: (هەرگیز هیچ کەسێك تووشی خەفەت‌و پەژارەنابێت کە بڵێت: ئەی خودایە من بەندەی تۆم کوڕی کەنیزەکی تۆم، پێشەسەرم بەدەستی تۆوەیەو لە بڕیاردا هەر بەردەوامی‌و دادوەری لە فەرماندا، دادوات لێ دەکەم بە هەرناوێك کە هی تۆیەو ناوی خۆتت لێناوە یان لە کتێبەکەتدا ناردووتە یان فێری کەسێکت کردووە لە دروستکراوەکانت یان تایبەتمەنت کردووە

[1] فتح الباری (٥/٤١٧/١١/٢١٨)، مسلم (٤/٢٠٦٢).

بۆ خۆت لە زانیاری نهێنیدا لەلای خۆت، قورئانی گەورە بکەیتە بەهاری دڵم (واتە: بە قورئانی پیرۆز دڵم پاراوبکەیت)، وە بیکەیتە ڕووناکی سینگمو لابردنی پەژارەو دەرکردنی خەفەتم، مەگین خودا خەفەتو پەژارەکەی لادەباتو بۆی دەکات بە شادیو کامەرانی) وترا ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) خۆمان فێری نەکەین؟ فەرمووی: (بەڵێ پێویستە لەسەر کەسێك گوێی لێ بوو فێری ببێت)[1]، عەوفی لە ئیبنو عەبباسەوە لەم ئایەتەدا وتی: ﴿وَذَرُوا۟ ٱلَّذِینَ یُلۡحِدُونَ فِیۤ أَسۡمَـٰۤىِٕهِۦۚ سَیُجۡزَوۡنَ مَا كَانُوا۟ یَعۡمَلُونَ﴾ گوێ مەدەنە ئەوکەسانەی ناوەکانی هەر بە ئەنقەست بۆ دەگۆڕن. ئەمانە بەمزوانە لەسەر ئەوکارەیان سزادەدرێن. وتی: لە گومڕایی بێ باوەڕانە کە دەڵێن لات یەکێکە لە ناوەکانی خودا[2] ئیبنو جورەیج لە موجاهیدەوە لەم ئایەتەدا ﴿وَذَرُوا۟ ٱلَّذِینَ یُلۡحِدُونَ فِیۤ أَسۡمَـٰۤىِٕهِۦ﴾ئەڵێت: لاتیان لە ناوی (الله) وەو عوزاشیان لە عەزیزەوە داتاشیوە[3] قەتادەئەڵێت : ﴿یُلۡحِدُونَ﴾ واتە: شەریکی بۆ دادەنێن لە ناوەکانیدا[4] سەرچاوەی ئیلحاد لە وتەی عەرەبەکاندا لاربوونەوەو ستەمو خۆلادانە لە مەبەست، لەو وتانە (اللحد) واتە: گۆڕینچە لەناو گۆڕدا، لەبەر لادانو لاربوونەوەی ڕووەو قیبلە لە ئاستی چاڵەکە پێی وتراوە (اللحد).

﴿ وَمِمَّنۡ خَلَقۡنَاۤ أُمَّةࣱ یَهۡدُونَ بِٱلۡحَقِّ وَبِهِۦ یَعۡدِلُونَ ۝١٨١ ﴾

خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَمِمَّنۡ خَلَقۡنَاۤ أُمَّةࣱ یَهۡدُونَ بِٱلۡحَقِّ وَبِهِۦ یَعۡدِلُونَ ﴾ لەوانەدا کە ئێمە دروستمان کردوون، دەستەیەك هەن بەرەولای هەق ڕێ نیشاندەرن بە هەقیش دادوەری دەکەن. واتە: لە هەندێك لە گەلاندا هەیە بە کردارو گفتار ڕوو لە هەق دەکەنو خەڵکی بۆ بانگ دەکەنو خۆشیان پێی هەڵدەستنو دادوەریشی پێ دەکەن، لە قسەی پێشیناندا هاتووە مەبەست بەم ئوممەتە کە لەم ئایەتەدا هاتووە ئوممەتی موحەممەد(ﷺ). وە لە هەردوو سەحیحەکەدا هاتووە لە مەعاویەی کوڕی ئەبوسوفیانەوە وتی: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: (بەردەوام کۆمەڵێك لە ئوممەتەکەم لەسەر هەق دەمێننو نابەزن، ئەوەی یارمەتیان نادات و دژایەتیان دەکات زیانیان پێ ناگەیەنێت تا قیامەت هەڵدەستێت)، وە لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە: (تا فەرمانی خودا بە(مردنیان) دێت ئەوان هەروادەبن) وە لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە: (ئەوکەسانە لە شامدان)[5].

---

[1] أحمد (٣٩١/١) فەرموودەیەکی باشە (جید).

[2] الطبری (٢٨٢/١٣).

[3] الطبری (٢٨٣/١٣).

[4] الطبری (٢٨٣/١٣).

[5] فتح الباری (٤٥١/١٢٣)، مسلم (١٥٢٤/٣).

﴿ وَالَّذِينَ كَذَّبُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَا سَنَسْتَدْرِجُهُم مِّنْ حَيْثُ لَا يَعْلَمُونَ ﴿١٨٢﴾ وَأُمْلِى لَهُمْ ۚ إِنَّ كَيْدِى مَتِينٌ ﴿١٨٣﴾ ﴾

خودای گەورە دەفەرموویت: ﴿ وَالَّذِينَ كَذَّبُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَا سَنَسْتَدْرِجُهُم مِّنْ حَيْثُ لَا يَعْلَمُونَ ﴾ ئەوانەی کە نیشانەکانی ئێمەیان بە درۆدانا، وردە وردە (بێ ئەوەی بەخۆیان بزانن) بەرەو تێداچوونیان دەبەین. واتە: دە رگای ڕۆزیو خۆشگوزەرانیان لە دونیا لێ واڵادەکرێت، تا لە خۆیان بایی دەبن بەهۆی ئەو ژیانەوە کە تێیدان، وایان لێ دێت خۆیان بە خاوەندەستەڵات دەزانن، وەك خودای گەورە لە ئایەتێکی تردا ئەفەرموویت: ﴿فَلَمَّا نَسُوا۟ مَا ذُكِّرُوا۟ بِهِۦ فَتَحْنَا عَلَيْهِمْ أَبْوَٰبَ كُلِّ شَىْءٍ حَتَّىٰٓ إِذَا فَرِحُوا۟ بِمَآ أُوتُوٓا۟ أَخَذْنَٰهُم بَغْتَةً فَإِذَا هُم مُّبْلِسُونَ ﴿٤٤﴾ فَقُطِعَ دَابِرُ ٱلْقَوْمِ ٱلَّذِينَ ظَلَمُوا۟ ۚ وَٱلْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴾[1] جا وەختێك ئەو هەموو ئامۆژگاریانەیان (کە کرابوون) لەبیرچوو، هەموو دە رگای بەختەوەریمان بۆ کردنەوە، هەتا کەوتنە خۆشیو شادی، ئەوسا لەپڕوناکاوێك بەرتورەیی خۆمان خستنو هەموو نائومێد مانەوە. ئیتر ئەوکەسانەی پیشەیان هە ر ناهەقی بوو، دوابڕاوبوونو سوپاس بۆ خودای پەروەردگاری گشت جیهان، هەربۆیە خودای گەورە لێرەدا ئەفەرموویتی ﴿ وَأُمْلِى لَهُمْ ۚ إِنَّ كَيْدِى مَتِينٌ ﴾ ماوەیەك مۆڵەتیان دەدەینن چەنکە تەکبیرم بتەوە. واتە: ئەو ژیانەی کە تێیدان بۆیان درێژدەکەینەوە، بێگومان تەکبیرمان زۆر توندو بەهێزە.

﴿ أَوَلَمْ يَتَفَكَّرُوا۟ ۗ مَا بِصَاحِبِهِم مِّن جِنَّةٍ ۚ إِنْ هُوَ إِلَّا نَذِيرٌ مُّبِينٌ ﴿١٨٤﴾ ﴾

خودای گەورە دەفەرموویت: ﴿ أَوَلَمْ يَتَفَكَّرُوا۟ ۗ مَا بِصَاحِبِهِم مِّن جِنَّةٍ ﴾ ئاخۆ بەبیریاندا نەدەهات هاوڕێکەیان تووشی شێتبوون نەهاتووە؟ واتە: ئەوانەی کە بڕوایان بە نیشانەکانی ئێمە نیە، بیریان نەکردووتەوە کە موحەممەد(ﷺ) تووشی شێتی نەبووە، بەڵکو ئەو پێغەمبەری خودایە(ﷺ) بە ڕاستی هاتووەو بانگیشی بۆسەر هەق کردووە ﴿إِنْ هُوَ إِلَّا نَذِيرٌ مُّبِينٌ ﴾ دیارە ئەو لە ترسی وەبەرهێنەرێك زیاترنیە. واتە: ئاشکرایە بۆ ئەوکەسەی کە خاوەن دڵو هۆشەو تێ دەگاتو بیری لێ دەکاتەوە. وەك خودای گەورە لە ئایەتێکی تردا دەفەرموویت: ﴿وَمَا صَاحِبُكُم بِمَجْنُونٍ﴾[2] هاوڕێکەشتان شێت نیە. وە دەفەرموویت: ﴿قُلْ إِنَّمَآ أَعِظُكُم بِوَٰحِدَةٍ ۖ أَن تَقُومُوا۟ لِلَّهِ مَثْنَىٰ وَفُرَٰدَىٰ ثُمَّ تَتَفَكَّرُوا۟ ۚ مَا بِصَاحِبِكُم مِّن جِنَّةٍ ۚ إِنْ هُوَ إِلَّا نَذِيرٌ لَّكُم بَيْنَ يَدَىْ عَذَابٍ شَدِيدٍ﴾[3] بڵێ: مـن هەر ئامۆژگاریەکتان

---

[1] الانعام (٤٤– ٤٥).

[2] التكوير (٢٢).

[3] سبأ (٤٦).

دەکەم، لەبەر خودا یەکە یەکەو دووان دووان ڕاوەستن‌و پێکەوە بیربکەنەوە، هاوەڵەکەتان هیچ شێتی تێدانیە، ئەو هەر تەنیا دەیەوێت لە هاتنی ئازارێکی زۆر بەژان بتانترسێنێت. واتە دەفەرمووێت: من هەر داوای ئەوەتان لێ دەکەم کە بەڕاستی‌و پاکی لەبەر ڕەزای خودا ڕاوەستن‌و دەارگیری‌و لاساری وازلێ بێنن بە کۆمەڵ‌و بە تاک تاک، پاشان بیربکەنەوە لەوکەسەی کە ئەوپەیامەی بۆ هێناون لەلایەن خوداوە ئایا شێتە یان نا، ئەگەر ئەوەتان کرد، بۆتان دەردەکەوێت کە گومانی تێدانیە موحەممەد(ﷺ) پێغەمبەرێکی ڕاست‌و دروستی خودایە. قەتادەی کوڕی دەعامە وتی: بۆیان گێڕاوینەتەوە کە پێغەمبەری خودا(ﷺ)لەسەر سەفا بانگی لە قورەیش کردو بنەماڵەی بنەماڵە کردبوون (واتە: هەر بنەماڵەو بەناوی خۆیەوە بانگی دەکردن) ئەی بنەماڵەی فلان‌و ئەی بنەماڵەی فلان، دەیترساندن لە بەسەرهات‌و سزاکانی خودا، یەکێك لەوانە وتی: بەڕاستی ئەم هاوەڵەتان شێتبووە شەو تا ئەم بەیانیە هاواری کردووە یان هەتا ڕۆژی کردووەتەوە، یەکێك لەوانە وتی: خودای گەورە ئەم ئایەتەی ناردەخوارەوە ﴿ أَوَلَمْ يَتَفَكَّرُوا مَا بِصَاحِبِهِم مِّن جِنَّةٍ إِنْ هُوَ إِلَّا نَذِيرٌ مُّبِينٌ ﴾.

﴿ أَوَلَمْ يَنظُرُوا فِي مَلَكُوتِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَمَا خَلَقَ اللَّهُ مِن شَيْءٍ وَأَنْ عَسَىٰ أَن يَكُونَ قَدِ اقْتَرَبَ أَجَلُهُمْ فَبِأَيِّ حَدِيثٍ بَعْدَهُ يُؤْمِنُونَ ﴿١٨٥﴾ مَن يُضْلِلِ اللَّهُ فَلَا هَادِيَ لَهُ وَيَذَرُهُمْ فِي طُغْيَانِهِمْ يَعْمَهُونَ ﴿١٨٦﴾ ﴾

خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿ أَوَلَمْ يَنظُرُوا فِي مَلَكُوتِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَمَا خَلَقَ اللَّهُ مِن شَيْءٍ وَأَنْ عَسَىٰ أَن يَكُونَ قَدِ اقْتَرَبَ أَجَلُهُمْ ﴾ ئاخۆ ئەوان لە داموو دەزگای پڕ شکۆی ئاسمانەکان‌و زەمین‌و هەرچی خودا دروستی کردوون ڕانەماون لەوانەیە بەمزوانە مردن یەخەیان بگرێت؟ واتە: ئەوانەی کە بڕوایان بە نیشانەکانی ئێمە نیە سەیری موڵك‌و دەستەڵاتی خودایان نەکردووە لە ئاسمانەکان‌و زەمینداو ئەوشتانەش کە لە نێوانیاندا دروستبووە، هەتا بیربکەنەوەو پەندو ئامۆژگاری لێ وەربگرن‌و بزانن کە ئەو دەستەڵاتە هی کەسێکە کە هاوێنەو هاوشێوەی نیەو کە سێکە کە عیبادەت‌و ئاینی پاك‌و خاوێن تەنیا شایستەی ئەوە، باوەڕی پێ بهێنن‌و پێغەمبەرەکەشی بەڕاست بزانن، خوتان بە بەندایەتی ئەوەوە خەریك بکەن‌و وازبێنن لە شەریك بۆدانان‌و بتپەرستی‌و بترسن لەوەی کە ژیانیان بەرەو کۆتایی بڕوات‌و لەسەر ئەو خودانەناسیە لەتاوبچن‌و ڕووەو جەزرەبەو سزای بەژانی خودا مل بنێن. پاشان خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿فَبِأَيِّ حَدِيثٍ بَعْدَهُ يُؤْمِنُونَ ﴾ دەسا لەپاش ئەم قورئانە بە کام قسە بڕوادەکەن؟ واتە: بە چ ترس‌و هەڕەشەیەك دوای ئەو ترساندن‌و هەڕەشەی موحەممەد(ﷺ) بڕوادەکەن کە پێی هاتووە بۆیان لەلایەن خوداوە؟ وە بە چ کتێبێك لە کتێبەکانی خودا بڕوادەکەن ئەگەر بڕوا بەم قسەیە نەکەن کە موحەممەد(ﷺ) بۆی هێناون لەلایەن خودای گەورەوە. پاشان

دەفـەرموویت: ﴿ مَن يُضْلِلِ ٱللَّهُ فَلَا هَادِىَ لَهُۥ ۚ وَيَذَرُهُمْ فِى طُغْيَـٰنِهِمْ يَعْمَهُونَ ﴾ خـودا هەركەسێك گومڕابكـات، هیچ ڕێ نیشاندەرێكی دەست ناكەوێت، وازیان لێ دێنێت با هـە ر لـە سەركەشـی خۆیانـدا سـەرگەردان بن. واتە: هە ركەسێك خودا ڕێی لێ بگرێت هیچ كەسێك ناتوانێت ڕێنمایی بكات، با زۆریش بـە خۆیـدا بـچێتەوە هـیچ سـودێكی پـێ ناگەیـەنیت، ﴿وَمَن يُرِدِ ٱللَّهُ فِتْنَتَهُۥ فَلَن تَمْلِكَ لَهُۥ مِنَ ٱللَّهِ شَيْـًٔا ﴾[1] هەركەسێك خودا ویستی سزای بۆ بڕێتەوە، تۆ ناتوانی لە خودا بێ نیـازی بكـەیتو هـیچ كـارێكی بـۆ ڕێك بخـەیت. وەك لـە ئایـەتێكی تریـشدا دەفـەرموویت: ﴿ قُلِ ٱنظُرُوا۟ مَاذَا فِى ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۚ وَمَا تُغْنِى ٱلْـَٔايَـٰتُ وَٱلنُّذُرُ عَن قَوْمٍ لَّا يُؤْمِنُونَ ﴾[2] بڵێ: سەیری ئاسمانەكانو زەمین بكەن، (بزانن) چی هەیە، كەچـی ئەم هەموو نیشانەو ترساندنە كارناكاتەسەر گرۆی بڕوانەهێنان.

﴿ يَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلسَّاعَةِ أَيَّانَ مُرْسَىٰهَا ۖ قُلْ إِنَّمَا عِلْمُهَا عِندَ رَبِّى ۖ لَا يُجَلِّيهَا لِوَقْتِهَآ إِلَّا هُوَ ۚ ثَقُلَتْ فِى ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۚ لَا تَأْتِيكُمْ إِلَّا بَغْتَةً ۗ يَسْـَٔلُونَكَ كَأَنَّكَ حَفِىٌّ عَنْهَا ۖ قُلْ إِنَّمَا عِلْمُهَا عِندَ ٱللَّهِ وَلَـٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ (١٨٧) ﴾

باسی ڕۆژی قیامەتو نیشانەكانی

خودای گەورە دەفەرموویت: ﴿ يَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلسَّاعَةِ ﴾ لەبارەی ڕۆژی قیامەتـەوە لێـت دەپرسـن. لـە ئایەتێكی تردا دەفەرموویت: ﴿يَسْـَٔلُكَ ٱلنَّاسُ عَنِ ٱلسَّاعَةِ ﴾[3] دەربارەی ڕۆژی قیامـەت خـەڵكی پرسـیارت لێ دەكەن. وتراوە لەسەر قورەیشی ئەم ئایەتە هاتووەتەخوارەوە. وە وتراویشە: لەسەر دەستەیەك لە جوولەكە هاتووەتەخوارەوە ڕیوایەتی یەكەم گونجاوترە چونكە ئەم ئایەتـە لـە مەككـە هـاتووەو ئـەوان پرسیاریان كردبوو لەبارەی قیامەتەوەو بە دووریان دەزانی ڕوودەداتو هە ر بڕواشیان پێـی نـەبوو، وەك خـودای گەورەلـە ئایـەتێكی تـردا دەفـەرموویت: ﴿وَيَقُولُونَ مَتَىٰ هَـٰذَا ٱلْوَعْدُ إِن كُنتُمْ صَـٰدِقِينَ ﴾[4] دەڵـێن: ئـەو بەڵێنـەتان كـەی دێتـەدی، ئەگـەر ڕاسـت دەكـەن؟ وە دەفـەرموویت: ﴿ يَسْتَعْجِلُ بِهَا ٱلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِهَا ۖ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ مُشْفِقُونَ مِنْهَا وَيَعْلَمُونَ أَنَّهَا ٱلْحَقُّ ۗ أَلَآ إِنَّ ٱلَّذِينَ يُمَارُونَ فِى ٱلسَّاعَةِ لَفِى ضَلَـٰلٍۭ بَعِيدٍ ﴾[5] ئەوانەی باوەڕیان نیە بـەو ڕۆژەی دێـتو پەلـەی هـاتنی دەكـەن، ئەوكەسـانەش كە بڕوایان

---

[1] المائدة (٤١).

[2] یونس (١٠١).

[3] الاحزاب (٦٣).

[4] الملك (٢٥).

[5] الشوری (١٨).

هێناوەو لێی دەترسن، دەشزانن کە ئەوە ڕاستە، باش بزانن ئەوانەی کە گومانیان هەیە لە ڕۆژی دوایی زۆر لە ڕێ دوورکەوتونەتەوە. واتە: تەواو گومڕان. ﴿أَيَّانَ مُرْسَىٰهَا﴾ کەی وەدی دێت؟ عەلی کوڕی ئەبوتەلحە لە ئیبنو عەبباسەوە ئەڵێت: کەی دێت[1]، واتە: کەی ڕوودەدات و دوایین ماوەی دونیا کەی دێت کە سەرەتای ڕۆژی قیامەتە ﴿قُلْ إِنَّمَا عِلْمُهَا عِندَ رَبِّي ۖ لَا يُجَلِّيهَا لِوَقْتِهَا إِلَّا هُوَ﴾ بلێ: زانینی هەر تەنیا لەلای پەروەردگاری منە، خۆی نەبێت کەس ناتوانێت کاتەکەی ئاشکرابکات. خودای گەورە فەرمانی دا بە پێغەمبەرەکەی (ﷺ) فەرمووی ئەگەر پرسیارکرا لەبارەی ڕۆژی قیامەتەوە زانینەکەی بگێڕەوە بۆلای خودا، چونکە هەر ئەو دەتوانێت کاتەکەی ئاشکرابکات، واتە: دیاریکردنی و کەی دەبێت خۆی دەزانێت هیچ کەسێك جگە لەو ئەوە نازانێت. هەربۆیە دەفەرمووێت: ﴿ثَقُلَتْ فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ﴾ زانینی بۆ ئەوانەی لە ئاسمانەکان و زەمیندان زۆر گرانە. عەبدوڕەزاق لە موعەممەرەوە لە قەتادەوە لەم ئایەتەدا ﴿ثَقُلَتْ فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ﴾ وتی: زانینی قورسە لەسەر خەڵکی ئاسمانەکان و زەمین بێگومان ئەوان نایزانن[2] موعەممەر وتی حەسەن وتی: کاتێك ڕۆژی قیامەت هات گرانە لەسەر خەڵکی ئاسمانەکان و زەمین. واتە: گەورەدەبێت لەسەریان.[3] زەححاك لە ئیبنو عەبباسەوە لەم ئایەتەدا ﴿ثَقُلَتْ فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ﴾ ئەڵێت: هیچ شتێك نیە لەو دروستکراوانە مەگین تووشی ئەو زیانەی ڕۆژی قیامەت دەبێت. ئیبنو جورەیج ئەڵێت: ﴿ثَقُلَتْ فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ﴾ واتە: کاتێك ڕۆژی قیامەت هات ئاسمان لەتوپەت دەبێت و ئەستێرەکان هەڵدەوەرێن و لەناودەچن و خۆر تۆپەڵ دەکرێت و کێوەکان لە شوێنی خۆیان دەخزێنرێن، ئەوەی کە خودای گەورە ئەفەرمووێت، ئەوە گرانیەکەیەتی. سبوددی ئەڵێت: ﴿ثَقُلَتْ فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ﴾ ڕۆژی قیامەت شاراوەتەوە لەوانەی لە ئاسمانەکان و زەمیندان، هەستانەکەی نازانرێت کاتێك هەڵدەسێت فریشتە زۆر نزیکەکانیشی و پێغەمبەرە ڕەوانەکراوەکانیشی ئاگاداری هەڵسانەکەی نین[4] ﴿لَا تَأْتِيكُمْ إِلَّا بَغْتَةً﴾ لەناکاوێکدا ئەو ڕۆژە ڕووتان تێدەکات کە هیچ ئاگات لە خۆتان نیە. قەتادەئەڵێت: ﴿لَا تَأْتِيكُمْ إِلَّا بَغْتَةً﴾ خودا بڕیاری داوە کە لە پڕێکدا ئەو ڕۆژەدێت بەسەرتاندا. وە وتی: بۆیان گێڕاوینەتەوە کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئەفەرمووێت: (بێگومان ڕۆژی

---

[1] الطبري (١٣/٢٩٤).
[2] عبدالرزاق (٢/٢٤٤).
[3] عبدالرزاق (٢/٢٤٥).
[4] الطبري (١٣/٢٩٥).

قیامەت دێت بەسەر ئەو خەڵکەدا، پیاوی وا هەیە خەریکی چاکردنی حەوزەکەیەتی، هی واش هەیە ئاژەڵۆ مڵاتەکەی ئاودەدات، هی واش هەیە کەلوپەلەکەی لەناو بازاردا داناوەو خەریکی کێشانەو پێوانەیە)[1]، بوخاریش ڕیوایەتی کردووە لە ئەبو هورەیرەوە کەپێغەمبەری خودا(ﷺ) ئەفەرمووێت: (ڕۆژی قیامەت هەڵناستێ تا خۆر لە خۆرئاواوە هەڵنەیەت، کاتێك هەڵهاتو خەڵکی بینیان هەموو بڕوا دێنن، ئەو کاتە هیچ کەسێك بڕواکەی سودی پێ ناگەیەنێت لە پێشدا بڕوادار نەبوبێت، یان کرداری چاکی نەکردبێت لە بڕوا هێنانەکەیدا، بێگومان کاتێك کە قیامەت دێت دوو پیاو پۆشاکەکانیان ڕاخستووە لەنێوان خۆیاندا فریای کڕینو فرۆشتنو کۆکردنەوەیان ناکەون، وە قیامەت دێت پیاوێك گەڕاوەتەوە بەشیری وشترەکەیەوە کە دۆشیویەتی لێی ناخواتەوە، وە قیامەت دێت پیاوێك خەریکی سواخدانی حەوزەکەیەتی ئاوی پێنادات، وە قیامەت دێت پیاوێك تیکەکەی بەرز کردوەتەوە بۆ ناو دەمی نایخوات)[2]، عەوفی لە ئیبنو عەبباسەوە ئەڵێت لەمەدا کە خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿يَسۡـَٔلُونَكَ كَأَنَّكَ حَفِيٌّ عَنۡهَا﴾ بەشێوەیەك پرسیارت لێدەکەن وەك تۆ دەربارەیان بزانی، وتی: وەك ئەوەی کەلە نێوان تۆو ئەواندا دۆستایەتیەك هەبێت، یان تۆ هاوەڵیان بیت. ئیبنو عەبباس وتی: کاتێك خەڵکی پرسیاریان لە پێغەمبەر کرد (ﷺ) لە بارەی ڕۆژی قیامەتەوە، وەك گرۆیەك دەیانپرسی کەوایان دەزانی موحەممەد(ﷺ) دۆستیانە. خودای گەورە پێغەمبەری (ﷺ) ئاگادار کرد کە زانینی هاتنی ڕۆژی قیامەت تەنیا لەلای خۆیەتیو تایبەتە بەخۆیەوە، خودای گەورە هیچ کەس لە فریشتە نزیکەکانو پێغەمبەرانیشی لێ ئاگادار نەکردووە[3] هەر بۆیە خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿قُلۡ إِنَّمَا عِلۡمُهَا عِندَ ٱللَّهِ وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعۡلَمُونَ﴾ بەڵام زۆربەی ئەم خەڵکە ئەمە نازانن. لەبەر ئەوە کاتێك کە جوبرەئیل لە وێنەی پیاوێکی عەرەبی دەشتەکیدا هات بۆئەوەی خەڵکی فێری فەرمانی ئاینەکەیان بکات، لەلای پێغەمبەری خودا(ﷺ) دانیشت، وەك دانیشتنی کەسێك کە پرسیار بکات بۆ شارەزا بوون. پرسیاری لەبارەی ئیسلامەوە لێکرد، پاشان لەبارەی باوەڕەوە، پاشانیش لەبارەی ئیحسانەوە لە دوایدا وتی: کەی قیامەت دێت؟ پێغەمبەری خودا(ﷺ) پێی وت: (پرسیارت لێکراو لەو بارەوە زاناتر نیە لە پرسیار کەر)، واتە: من لەتۆ باشتری لێ نازانم، وە هیچ کەسێك لەو بارەیەوە لەکەسی تر زاناتر نیە. پاشان پێغەمبەر(ﷺ) ئەم ئایەتەی خوێندەوە ﴿إِنَّ ٱللَّهَ عِندَهُۥ عِلۡمُ ٱلسَّاعَةِ﴾[4] زانستی

---

[1] الطبری (٢٩٧/١٣).

[2] فتح الباری (٣٦٠/١١).

[3] الطبری (٢٩٨/١٣).

[4] لقمان (٣٤).

ڕۆژی قیامەت لای خودایە. وە لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە جوبرەئیل (سەلامی خودای لێبێت) پرسیاری لە پێغەمبەر(ﷺ) کرد لەبارەی نیشانەکانی ڕۆژی قیامەتەوە، ئەمیش نیشانەکانی بۆ باس کرد پاشان فەرمووی: (لەبارەی ئەو پێنج نیشانەشەوە کەهیچ کەسێك نایزانێت تەنیا نەبێت)، پاشان ئەم ئایەتی ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ عِندَهُۥ عِلۡمُ ٱلسَّاعَةِ ﴾ خوێند، لەمانەدا هەموو لەدوای هەر وەلامێکدا پێی دەفەرموو: ڕاست دەکەیت، لەبەر ئەمە هاوەڵەکان سەرسام بون لەم پرسیارکەرە، لێی دەپرسیو بڕواشی پێدەکرد، پاشان کاتێك کە ڕۆیشت پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: (ئەمە جوبرەئیل بو هاتە لاتان فێری ئاینەکەتان بکات)، وە لەڕیوایەتێکی تردا هاتووە: (لەهیچ وێنەیەکدا نەهاتووە مەگین لەو وێنەیەدا ناسیومە جگە لەم وێنەیەی)[1]، موسلیمش لە سەحیحەکەیدا ڕیوایەتی کردووە لە عائیشەوە (ڕەزای خودای لێبێت) ئەڵێت: عەرەبە کۆچەریەکان کاتێك دەهاتنە لای پێغەمبەری خودا(ﷺ) پرسیاریان لەبارەی ڕۆژی قیامەتەوە لێدەکرد، کەی قیامەت دێت؟ سەیری لاوترین کەسیانی دەکرد دەیفەرموو: (ئەگەر ئەمە بژی تا دەگاتە تەمەنی پیری قیامەتی ئێوە هەڵدەستێت)[2]، مەبەستی پێغەمبەر(ﷺ) بەوە مردنیانە کە بەرەو بەرزەخی ماڵی دوایی دەیانبات. دیسان موسلیم ڕیوایەتی کردووە لە ئەنەسەوە کە پیاوێك لە پێغەمبەری خودا پرسی (ﷺ) لەبارەی قیامەتەوە، پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: (ئەگەر ئەم لاوە بژی لەوانەیە پیر نەبێت تا قیامەت هەڵدەستێت)[3]، موسلیم تەنیا خۆی هێناویەتی. لە جابیری کوڕی عەبدوڵلاوە وتی: گوێم لە پێغەمبەری خودا بو(ﷺ) پێش ئەوەی وەفات بکات بە مانگێك دەی فەرموو: (پرسیارم لێدەکەن لەبارەی ڕۆژی قیامەتەوە، بێگومان زانینی ڕۆژی قیامەت لەلای خودایە، سوێند بەخودا دەخۆم هیچ کەسێك نیە لەسەر ئەم زەمینەدا ئەمڕۆ هەناسە بدات سەدساڵ بەسەریدا تێپەڕێت)، موسلیم ڕیوایەتی کردووە. وە لە هەردوو سەحیحەکەدا هاتووە لە ئیبنو عومەرەوە هەر بەم شێوەیە ڕیوایەت کراوە. ئیبنو عومەرئەڵێت: بێگومان پێغەمبەری خودا(ﷺ) مەبەستی کۆتایی هاتنی ژیانی ئەو کەسانە بووە. ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە لە ئیبنو مەسعودەوە (ڕەزای خودای لێبێت) لە پێغەمبەرەوە(ﷺ) فەرموویەتی: (ئەو شەوەی کە شەوڕەویم پێکرا گەیشتم بە ئیبراهیمو مووساو عیسا (سەلامی خودایان لێبێت) وتووێژیان دەکرد لە بارەی ڕۆژی قیامەتەوە، کارەکەیان گەڕاندەوە بۆ لای ئیبراهیم (سەلامی خودای لێبێت) وتی: هیچ زانیاریەکم لەبارەیەوە نیە، پاشان کارەکەیان بردە لای مووسا (سەلامی خودای لێبێت) ئەمیش وتی: هیچ زانیاریەکم لە بارەیەوە نیە. پاشان کارەکەیان بردە لای عیسا (سەلامی خودای لێبێت) عیسا وتی:

---

[1] فتح الباری (١/١٤٠).

[2] مسلم (٤/٢٢٦٩).

[3] مسلم (٤/٢٢٧٠).

بێگومان هیچ کەسێك ئاگای لێی نیە بێجگە لە خودای گەورە ئەوەی کە پەروەردگارم بەمنی سپاردووە دەجال دەرکەوتووە دوو چڵە دارم پێیە، کاتێك کە بینیمی تواوەتەوە وەك چۆن مسی دەتوێتەوە وتی: کاتێك کەمنی بینی خودا لەناوی دەبات، تا بەردو دارو درەخت دەڵێن: ئەی موسوڵمان خودانەناسێك لەژێر مندایە وەرە بیکوژە، خودای گەورە قڕیان تێدەخات پاشان خەڵکی دەگەڕێنەوە بۆ زێدو وڵاتی خۆیان. وتی: ئالەو کاتەدا یأجوجو مەئجوج دەردەچێتو لەهەموو لایەکەوە دێنو وڵاتەکەیان داگیر دەکەنو، دەچنە هەرشوێنێك وێرانی دەکەن، بەسەر هەر ئاوێکدا بڕۆن دەیخۆنەوە. وتی: پاشان خەڵکی دێنەوە بۆ لای منو سکاڵایان لەدەست دەکەن، منیش دەڵێمەوە لە خودا کەقڕیان تێبخاتو لەناویان بەرێت هەتا وای لێدێت لەبەر بۆنی پیسیان زەوی ئۆقرەی تێدا نامێنێت واتە: ئەوەندە بۆنیان پیسە. خودای گەورە باران دەبارێنێتو لاشەکانیان ڕادەماڵێتو فرێیان دەداتەوە ناو دەبات. ئیمامی ئەحمەد لە یەزیدی کوڕی هارون وتی: پاشان کێوەکان هەڵدەتەکێنو زەویش وەك پێست دەکشێتو یان دەبێتەوە. پاشان گەڕاوەتەوە بۆ فەرموودەکەی هەسەیم و وتی: کاتێك کە پەروەردگارم ئەوەی پێ سپاردم، ئەوەش کاتێك بەو شێوەیە ڕویدا، بێگومان ڕۆژی قیامەت وەك ژنێکی سك پڕ وایە کەسو کارەکەی نازانێت کەی لەشەودا یان ڕۆژدا لەناکاو منداڵەکەیان بۆ دەخاتەوە.[1] ئیبنو ماجەش هەر بەم شێوەیە ڕیوایەتی کردووە[2] ئا ئەم پێغەمبەرە گەورە و نەبەزو لێبڕاوانە هیچ زانیاریەکیان لەبارەی ڕۆژی قیامەتەوە نیەو کاتەکەی نازانن‌و فەرمانەکە دەگێڕنەوە بۆلای عیسا پێغەمبەرو (سەلامی خودای لێبێت) ئەویش لەبارەی نیشانەکانی ڕۆژی قیامەتەوە دواوە، چونکە ئەو لە کۆتایی ئەم ئوممەتەدا دێتە خوارەوەو بۆ بەجێ هێنانی فەرمانەکانی پێغەمبەری خودا(ﷺ) دەجال دەکوژرێتو خوداش بەهۆی بەرەکەتی دوعای ئەوەوە یەئجوجو مەئجوج لەناو دەبات، عیسا باسی ئەوەی کردووە کە خودای گەورە ئاگاداری کردووە لێی. ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە لە حوزەیفەوە وتی: پرسیار لە پێغەمبەری خودا(ﷺ) کرا لەبارەی ڕۆژی قیامەتەوە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (زانیەکەی لەلای پەروەردگاری گەورە، جگە لەو هیچ کەسێك لەکاتی خۆیدا ئاشکرای ناکات. بەڵام نیشانەکانی باس دەکەم بۆتان، وەچی دەبێت لە پێش هاتنیدا لەپێش هاتنیدا فیتنەو هەرەج پێدا دەبێت)، وتمان: ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) فیتنەمان زانیوە، هەرەج چیە؟ (بە زمانی حەبەشی) فەرمووی: (کوشتن) فەرمووی: (یەکتری نەناسی دەکەوێتە ناو خەڵکی، وای لێدێت کەس کەس ناناسێت)[3]، هیچ کەسێك لە خاوەنی شەش کتێبەکە (کتێبەکانی فەرموودە) بەم شێوەیە

---

[1] أحمد (١/٣٧٥) فەرموودەیەکی بەهێزنیە یە بەم سەنەدانە.

[2] ابن ماجة (٢/١٣٦٥) فەرموودەیەکی بەهێزنیە بەم سەنەدانە.

[3] أحمد (٥/٣٨٥).

ڕیوایەتیان نەکردووە. تاریقی کوڕی شەهاب وتی: پێغەمبەری خودا(ﷺ) بەردەوام لەبارەی ڕۆژی قیامەتەوە هەر ئەم قسەی دەکرد تا ئەم ئایەتە هاتەخوارەوە ﴿يَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلسَّاعَةِ أَيَّانَ مُرْسَىٰهَا﴾[1] واتە: دەربارەی ڕۆژی قیامەت لێت دەپرسن کەی وەدی دێت؟ نەسائیش ڕیوایەتی کردووە[2] ئەم فەرموودەیە سەنەدەکەی باش‌و بەهێزە. ئەم پێغەمبەرە نەخوێندەوارە سەرکردەی گشت پێغەمبەران‌و دوایین پێغەمبەرەو پێغەمبەری بەزەیی‌و لێبوردن‌و داستان‌و نمونەو پێشەنگ‌و کۆکەرەوەیەکە کە خەڵکی لەبەرپێیدا کۆدەکرێنەوە. لە فەرموودەی سەحیحدا هاتووە لە ئەنەس‌و سەهلی کوڕی سەعدەوە (ڕەزای خودایان لێبێت) کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (من ڕەوانەکراوم لەگەڵ قیامەتدا ئەوها)[3] واتە: پێکەوەین (بە پەنجەی شایەتمان‌و پەنجەی دوای شایەتمانی ئاماژەی دەکرد). لەگەڵ ئەمانەدا هەموو خودا فەرمانی پێداوە کە زانینی هاتنی ڕۆژی قیامەت بگێڕێتەوە بۆلای خودا خۆی کاتێك کە پرسیاری لێکرا لەوبارەیەوە، وەك فەرموویەتی: ﴿قُلْ إِنَّمَا عِلْمُهَا عِندَ ٱللَّهِ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ﴾ بڵێ: تەنها هەر خودا بۆخۆی دەیزانێت، بەڵام زۆربەی ئەم خەڵکە ئەمە نازانن.

﴿قُل لَّآ أَمْلِكُ لِنَفْسِى نَفْعًا وَلَا ضَرًّا إِلَّا مَا شَآءَ ٱللَّهُ ۚ وَلَوْ كُنتُ أَعْلَمُ ٱلْغَيْبَ لَٱسْتَكْثَرْتُ مِنَ ٱلْخَيْرِ وَمَا مَسَّنِىَ ٱلسُّوٓءُ ۚ إِنْ أَنَا۠ إِلَّا نَذِيرٌ وَبَشِيرٌ لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ ﴿١٨٨﴾﴾

ئەم پێغەمبەرە (ﷺ) غەیب نازانێت‌و توانای سودو زیانیشی بۆ خودی خۆی نیە

خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿قُل لَّآ أَمْلِكُ لِنَفْسِى نَفْعًا وَلَا ضَرًّا إِلَّا مَا شَآءَ ٱللَّهُ ۚ وَلَوْ كُنتُ أَعْلَمُ ٱلْغَيْبَ لَٱسْتَكْثَرْتُ مِنَ ٱلْخَيْرِ وَمَا مَسَّنِىَ ٱلسُّوٓءُ ۚ إِنْ أَنَا۠ إِلَّا نَذِيرٌ وَبَشِيرٌ لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ﴾ بڵێ من خاوەنی قازانج‌و زیانی خودی خۆم نیم، جا مەگین خودا مەیلی لێ بێت، ئەگەر غەیبم بزانیایە بەهرەی زۆرم دەست دەکەوت‌و زیانێکم تووش نەدەهات، من هەر تەنیا ترسێنەرو مژدە دەرم بۆ کەسانێك بڕوا دەکەن. خودای گەورە فەرمان دەکات کە کارەکان بگێڕرێنەوە بۆلای خۆی‌و پێغەمبەری خودا ڕابیگەیەنێت کە ئەو زانیاری بەو شتانە نیە کەلەمەوبەدوا ڕوودەدات‌و هیچ ئاگاداریەکی لەو بارەیەوە نیە جگە لەوەی کەخودا ئاگاداری کردووە لێی. وەك خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿عَٰلِمُ ٱلْغَيْبِ فَلَا

---

[1] الطبری (١٣/٢٩٢).

[2] النسائي في الكبری (٦/٥٠٦) فەرمودەیەکی بەهێزە.

[3] فتح الباری (١١/٣٥٥).

﴿يُظْهِرُ عَلَىٰ غَيْبِهِۦٓ أَحَدًا﴾[1] لە نەدیاران ئاگادارەو نهێنی خۆی بۆ کەس ئاشکرا ناکات. زەححاك لە ئیبنو عەبباسەوەئەڵێت: ﴿وَلَوْ كُنتُ أَعْلَمُ ٱلْغَيْبَ لَٱسْتَكْثَرْتُ مِنَ ٱلْخَيْرِ﴾ ئەگەر غەیبم بزانیایە ماڵی زۆرم دەست خۆم دەخست، لە ڕیوایەتێکی تردا وتی: ئەگەر شتێکم بکڕیایە دەمزانی چەندێك قازانج دەکەمو هیچ شتێکم نەدەفرۆشت قازانجی نەکردایە تێیدا ﴿وَمَا مَسَّنِيَ ٱلسُّوٓءُ﴾ تووشی هەژاریش نەدەبووم[2] عەبدورەحمانی کوڕی زەیدی کوڕی ئەسلەم وتی: ﴿وَمَا مَسَّنِيَ ٱلسُّوٓءُ﴾ لەهەر شەڕێك کە تووشم بهاتایە خۆم لێ وەدوور دەگرت پێشی ئەوەی ڕووبداتو خۆم لێ دەپاراست[3] پاشان خودای گەورە ئاگاداری کردووین کە موحەممەد(ﷺ) تەنیا ترسێنەرو مژدەدەرە واتە: ترسێنەرە لە سزاو مژدەدەرە بۆ خاوەنباوەڕان بەبەهەشت وەك لە ئایەتێکی تردا ئەفەرموێت: ﴿فَإِنَّمَا يَسَّرْنَٰهُ بِلِسَانِكَ لِتُبَشِّرَ بِهِ ٱلْمُتَّقِينَ وَتُنذِرَ بِهِۦ قَوْمًا لُّدًّا﴾[4] ئێمە بۆیە ئەم قورئانەمان بەزمانی ئاسانی خۆت ڕەوانەکرد، تا تۆ مژدەی پێبدەی بەوانەی پارێزگارن دوژمنی سەر سەختی پێ بترسێنی.

﴿هُوَ ٱلَّذِى خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَٰحِدَةٍ وَجَعَلَ مِنْهَا زَوْجَهَا لِيَسْكُنَ إِلَيْهَا ۖ فَلَمَّا تَغَشَّىٰهَا حَمَلَتْ حَمْلًا خَفِيفًا فَمَرَّتْ بِهِۦ ۖ فَلَمَّآ أَثْقَلَت دَّعَوَا ٱللَّهَ رَبَّهُمَا لَئِنْ ءَاتَيْتَنَا صَٰلِحًا لَّنَكُونَنَّ مِنَ ٱلشَّٰكِرِينَ ﴿١٨٩﴾ فَلَمَّآ ءَاتَىٰهُمَا صَٰلِحًا جَعَلَا لَهُۥ شُرَكَآءَ فِيمَآ ءَاتَىٰهُمَا ۚ فَتَعَٰلَى ٱللَّهُ عَمَّا يُشْرِكُونَ﴾

هەموو خەڵکی نەوەی ئادەمن

خودای مەزن دەفەرموێت: ﴿هُوَ ٱلَّذِى خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَٰحِدَةٍ﴾ هەر ئەو ئێوەی لەیەك کەس وەدی هێناوە. خودای گەورە ئاگادارمان دەکاتەوە کە هەموو خەڵکی لە ئادەمن (سەلامی خودای لێبێت) وە هەر لەئادەم حەوای هاوسەری وەدی هاتووە، پاشان گشت مەردم لەوانەوە بڵاوەی کردووە. وەك خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَٰكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَىٰ وَجَعَلْنَٰكُمْ شُعُوبًا وَقَبَآئِلَ لِتَعَارَفُوٓا۟ ۚ إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ ٱللَّهِ أَتْقَىٰكُمْ﴾[5] ئەی خەڵکینە، هەر لەنێرو مێیەکەوە ئێوەمان وەدی هێناوەو کردوومانن بەچەند گەلێكو چەند هۆزێك هەتا یەکتری بناسن، بەڕێزترینتان لای خودا

---

[1] الجن (٢٦).

[2] الدر المنثور (٦٢٢/٣).

[3] الطبري (٣٠٢/١٣).

[4] مريم (٩٧).

[5] الحجورات (١٣).

پارێزگارترەکانتانن. وە لەم ئایەتە پیرۆزەدا دەفەرمووێت: ﴿وَجَعَلَ مِنْهَا زَوْجَهَا لِيَسْكُنَ إِلَيْهَا﴾ ژنەکشی هەر لەماکی ئەو پێك هێنا کەلە سایەیدا بحەسێتەوە. واتە: لەگەڵیدا ڕابوێرێتو ئاسودە ببێت پێی. وەك خودا گەورە لە ئایەتێکی تردا دەفەرمووێت: ﴿ وَمِنْ ءَايَـٰتِهِۦٓ أَنْ خَلَقَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَٰجًا لِّتَسْكُنُوٓا۟ إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُم مَّوَدَّةً وَرَحْمَةً﴾[1] هەر لە نیشانەکانی ئەوە کە لەخۆتان هاوجووتی بۆ وەدی هێناون کە پێیان بحەسێنەوەو خۆشەویستیو بەزەیی خسوەتە ناوتان. هیچ پێکەوە ژیانێکی گیانی گەورەترو بەهێزتر نیە لە پێکەوە ژیانی گیانی پیاوو ژن. بۆیە خودای مەزن کەباسی کردووە کە جادووگەر کەم جار بەفرۆفێڵی توانیویەتی ژنو مێرد لەیەکتری بترازێنێت پاشان خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿فَلَمَّا تَغَشَّىٰهَا حَمَلَتْ حَمْلًا خَفِيفًا﴾ وەختێك لەگەڵ (ئادەم) لەگەڵ (دایکە حەوا) سەرجێی کرد، بارداربوو بە بارێکی سووك. ئەوە سەرەتای سکپڕی بوو، ژن هەست بە ئێشو ژان ناکات. بەڵکو ئەوە نتۆکی ئاوەو پاشان بووە خوێنێکی بەسیاگو پاشانیش بووە پارچەگۆشتێك، ﴿فَمَرَّتْ بِهِۦ﴾ ماوەیەك پێوەگەڕا. موجاهید ئەڵێت: بەردەوام هەڵیگرتبوو[2] ڕیوایەت کراوە لە حەسەنو ئیبراهیمی نەفەعیو سوددیەوە هەر بەم شێوەیە[3] مەیمونی کوڕی مەهران لە باوکیەوە وتی: شاردبوویەوە. ئەیووب وتی: پرسیم لە حەسەن لەم دەقەد ﴿فَمَرَّتْ بِهِۦ﴾ واتە: ئەگەر تۆ پیاوێکی عەرەب بوویتایە ددەتزانی ئەوە چیە؟ بێگومان ئەوە واتە بەدەوام پێوەبوو[4] قەتادەئەڵێت: ﴿فَمَرَّتْ بِهِۦ﴾ واتە: سکەکەی ئاشکرابوو (دەرکەوت)[5] ئیبنو جەریر وتی: واتە (ماوەیەك) بە ئاوەکەوە هەڵدەستاو دادەنیشت[6]، عەوفی لە ئیبنو عەبباسەوەئەڵێت: ماوەیەك کە پێوەبوو گومانی هەبوو ئاخۆ دووگیانە یان نا؟ ﴿فَلَمَّآ أَثْقَلَت﴾ کە هەستی بە قورسبوون کرد، واتە: هەستی بە قورس بوون کرد بە هەڵگرتنیەوە[7] سوددی وتی: منداڵەکە گەورەبوو لەناو سکیدا[8] ﴿دَّعَوَا ٱللَّهَ رَبَّهُمَا لَئِنْ ءَاتَيْتَنَا صَـٰلِحًا﴾ هەردووکیان لە

---

[1] الروم (٢١).

[2] الطبری (٣٠٥/١٣).

[3] الطبری (٣٠٥/٣٠٤/١٣).

[4] الطبری (٣٠٤/١٣).

[5] الطبری (٣٠٥/١٣).

[6] الطبری (٣٠٤/١٣).

[7] الطبری (٣٠٥/١٣).

[8] الطبری (٣٠٥/١٣).

پەروەردگاریان پاڕاناوە، ئەگەر منداڵێکی چاکو تەواومان پێ ببەخشێت، ﴿صَٰلِحًا﴾ واتە: مرۆڤێکی تەواو. وەك زەححاك لە ئیبنو عەبباسەوەئەڵێت: ترسان لەوەی کە ئاژەڵێك بێت[١] ئەبوبەختەریو ئەبومالیکیش هەر وایان تووە ترسان لەوەی کە مرۆڤ نەبێت[٢] حەسەنی بەسری ئەڵێت: ئەگەر منداڵێکمان پێ ببەخشێت[٣] ﴿لَنَكُونَنَّ مِنَ ٱلشَّٰكِرِينَ﴾ لە سوپسگوزاران دەبین. ﴿فَلَمَّآ ءَاتَىٰهُمَا صَٰلِحًا جَعَلَا لَهُۥ شُرَكَآءَ فِيمَآ ءَاتَىٰهُمَاۚ فَتَعَٰلَى ٱللَّهُ عَمَّا يُشْرِكُونَ﴾ کە منداڵی چاكو تەواوی پێ بەخشین، لەوەی کە خودا پێی دابوون، چەند شەریکیان بۆ پەیداکرد، کە خودا زۆر بەرزترە لەوەی کە شەریکی بۆ دابنێن. ئیبنو جەریر ڕیوایەتی کردووە لە حەسەنەوە ﴿جَعَلَا لَهُۥ شُرَكَآءَ فِيمَآ ءَاتَىٰهُمَا﴾ ئەمە لە هەندێك نەتەوەو ئاینەکانی تر بووە، لەلایەن ئادەمەوە نەبووەو[٤] وە هەر لە حەسەنەوە وتی: مەبەست بەو ئایەتە نەوەی ئادەمە ئەونەی کە شەریکیان بۆدانا لێیان لەدوای ئادەم (سەلامی خودای لێبێت) واتە: ﴿جَعَلَا لَهُۥ شُرَكَآءَ فِيمَآ ءَاتَىٰهُمَا﴾[٥] لە قەتادەوە حەسەن وتی: ئەوانە جوولەکەو گاورەکان بوون خودا منداڵی پێ دەبەخشێتو دەبوونە گاورو جوولەکە[٦] ئەم سەنەدانە ڕاستن لە حەسەنەوە (ڕەزای خودای لێبێت) کە ئەو ئایەتەی بەوشێوەیە تەفسیرکردووە، ئەم تەفسیرە لە چاکترین شایستەترین تەفسیرە بۆ ئەم ئایەتە، وە بێگومان ئەم ئایەتە مەبەست پێی ئادەمو حەوانیە، بەڵکو مەبەست پێی بتپەرستانە لە نەوەکانی. ئەمە وەك ئیستیتراد وایە باسی کەسێکەو مەبەست پێی جۆرو ڕەگەزەکەیەتی وەك خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلَقَدْ زَيَّنَّا ٱلسَّمَآءَ ٱلدُّنْيَا بِمَصَٰبِيحَ﴾[٧] ئێمە ئاسمانی دونیامان بە زۆر چرا ڕازاندەوە. خۆ دیارە مەبەست بە چراکان ئەستێرەکانە کە ئاسمانی پێ ڕازاوەتەوە. ئەوە نیە کە پێی لێ دەدرێ لە جنۆکەکان. نمونەی ئەمە لە قورئاندا زۆرەو خودا خۆشی باش دەزانێت.

﴿ أَيُشْرِكُونَ مَا لَا يَخْلُقُ شَيْـًٔا وَهُمْ يُخْلَقُونَ (١٩١) وَلَا يَسْتَطِيعُونَ لَهُمْ نَصْرًا وَلَآ أَنفُسَهُمْ يَنصُرُونَ (١٩٢) وَإِن تَدْعُوهُمْ إِلَى ٱلْهُدَىٰ لَا يَتَّبِعُوكُمْۚ سَوَآءٌ عَلَيْكُمْ أَدَعَوْتُمُوهُمْ أَمْ أَنتُمْ صَٰمِتُونَ (١٩٣) إِنَّ ٱلَّذِينَ تَدْعُونَ مِن دُونِ

---

[١] الطبری (١٣/٣٠٦).
[٢] الطبری (١٣/٣٠٦).
[٣] الطبری (١٣/٣٠٦).
[٤] الطبری (١٣/٣١٤).
[٥] الطبری (١٣/٣١٤).
[٦] الطبری (١٣/٣١٤).
[٧] الملك (٥).

ٱللَّهِ عِبَادٌ أَمْثَالُكُمْ فَٱدْعُوهُمْ فَلْيَسْتَجِيبُوا۟ لَكُمْ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ ﴿١٩٤﴾ أَلَهُمْ أَرْجُلٌ يَمْشُونَ
بِهَآ أَمْ لَهُمْ أَيْدٍ يَبْطِشُونَ بِهَآ أَمْ لَهُمْ أَعْيُنٌ يُبْصِرُونَ بِهَآ أَمْ لَهُمْ ءَاذَانٌ يَسْمَعُونَ بِهَا قُلِ ٱدْعُوا۟ شُرَكَآءَكُمْ ثُمَّ
كِيدُونِ فَلَا تُنظِرُونِ ﴿١٩٥﴾ إِنَّ وَلِـِّۧىَ ٱللَّهُ ٱلَّذِى نَزَّلَ ٱلْكِتَٰبَ وَهُوَ يَتَوَلَّى ٱلصَّٰلِحِينَ ﴿١٩٦﴾ وَٱلَّذِينَ تَدْعُونَ مِن دُونِهِۦ
لَا يَسْتَطِيعُونَ نَصْرَكُمْ وَلَآ أَنفُسَهُمْ يَنصُرُونَ ﴿١٩٧﴾ وَإِن تَدْعُوهُمْ إِلَى ٱلْهُدَىٰ لَا يَسْمَعُوا۟ وَتَرَىٰهُمْ يَنظُرُونَ
إِلَيْكَ وَهُمْ لَا يُبْصِرُونَ ﴿١٩٨﴾﴾

خودای بتپەرستان نە وەدیهێنەرەو نە یارمەتیدەرەو نە خاوەنی هیچ شتێکە

ئەمە نارەزایی دەربڕینێکە لەلایەن خوداوە بەرامبەر بتپەرستان کە لەگەڵ خودا شتی تریان پەرستووەلەبتو هاوتاو پەیکەر، کە ئەمانە دروستکراوەو وەدیهێنراوەو پەروەردە کراوی خودایە، دەسەڵاتی هیچ شتێکیان نیە نە زیانو نە خازانج دەگەیەننو نە یارمەتی ئەوکەسانە دەدەن کە دەیانپەرستنو نە دەیانبینن، بەڵکو ئەوانە بێگیانن، ناجوڵێنو نابیستنو نابینن، ئەوانەی دەیانپەرستن لەوان چاکترن لە بینینو بیستنو ئازایەتیو بوێریدا. هەربۆیە خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿ أَيُشْرِكُونَ مَا لَا يَخْلُقُ شَيْـًٔا وَهُمْ يُخْلَقُونَ ﴾ چۆن ئەوانە دەکەن بە شەریکی خودا کە ناتوانن هیچ شتێك دروست بکەنو خۆیان دەبێت دروست بکرێن. واتە: ئایا هاوەڵی بۆ دادەنێن لەگەڵ ئەو پەرستراوانەدا کە ناتوانن هیچ شتێك دروست بکەنو هیچیشیان لەدەست نایات وەك ئەم ئایەتانە کە خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ضُرِبَ مَثَلٌ فَٱسْتَمِعُوا۟ لَهُۥٓ إِنَّ ٱلَّذِينَ تَدْعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ لَن يَخْلُقُوا۟ ذُبَابًا وَلَوِ ٱجْتَمَعُوا۟ لَهُۥ وَإِن يَسْلُبْهُمُ ٱلذُّبَابُ شَيْـًٔا لَّا يَسْتَنقِذُوهُ مِنْهُ ضَعُفَ ٱلطَّالِبُ وَٱلْمَطْلُوبُ ﴿٧٣﴾ مَا قَدَرُوا۟ ٱللَّهَ حَقَّ قَدْرِهِۦٓ إِنَّ ٱللَّهَ لَقَوِىٌّ عَزِيزٌ ﴾[1] ئەی خەڵکینە، نمونەیەك هێنراوەتەوە گوێی بۆ بگرن، لە خودا بەدەر ئەوانەی هانای پێدەبەن، ئەگەر هەموویان کۆببنەوە ناتوانن مێشێك دروست بکەن، ئەگەر مێشیش شتێکیان لێ بفرێنێ، ناتوانن لێی بسێننەوە داواکارو داواکراو چەند زەبوونن خودایان بەو شێوەیەی کە پێویستە نەناسیوە، خودا زۆر بەتواناو بەدەسەڵاتە. خودای گەورە ئاگاداری داوە کە خوداکانی ئەوان هەموو کۆببنەوە ناتوانن مێشێك دروست بکەن، تا ئەگەر مێشی شتێکیان لێ بفرێنێت لە خواردنێك کە باشیش نەبێت ناتوانن لێی بسێننەوە، مێشێك ئەوە حاڵی بێتو ئەوە سیفەتی بێت چۆن دەبێت بپەرسترێت بۆ ئەوەی ڕۆزی بداتو بێت بەهاناوە، بۆیە خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿لَا

---

[1] الحج (٧٣– ٧٤).

﴿يَخْلُقُ شَيْئًا وَهُمْ يُخْلَقُونَ﴾ واتە: ئەوانە خۆیان وەدی هێنراوو دروست کراون وەك خودای گەورە لەسەر زمانی ئیبراهیمی خەلیل ئەفەرمووێت: ﴿ قَالَ أَتَعْبُدُونَ مَا تَنْحِتُونَ ﴾[1] وتی: ئایا ئێوە شتێك دەپەرستن کەهەر خۆتان دای دەتاشن؟ پاشان خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿ وَلَا يَسْتَطِيعُونَ لَهُمْ نَصْرًا وَلَآ أَنفُسَهُمْ يَنصُرُونَ ﴾ توانایان نیە یارمەتی ئەوان بدەنو یاریدەی خۆشیا پیٚ نادرێت. واتە: ناتوانن یارمەتی ئەوکەسانە بدەن کە دەیانپەرستنو تونای بەرگریشیان لە خۆیان نیە ئەگەر کەسێك بەوێت لێیان بداتو بیانشکێنێت، وەك چۆن ئیبراهیمی خەلیل بتەکانی هۆزەکەی شکاندو سوكو ڕیسوای کردن. وەك خودای گەورە لەبارەیەوە ئەفەرمووێت: ﴿ فَرَاغَ عَلَيْهِمْ ضَرْبًا بِالْيَمِينِ﴾[2] پەنامەکی بە دەستی ڕاست مستێکی تیٚ سرەواندن (لێی دان) وە لە ئایەتێکی تردا ئەفەرمووێت: ﴿فَجَعَلَهُمْ جُذَاذًا إِلَّا كَبِيرًا لَّهُمْ لَعَلَّهُمْ إِلَيْهِ يَرْجِعُونَ﴾[3] هەمووی پارچە پارچەکردن، بتەگەورەکەیان نەبێت، بەڵکو بێنەوە بۆلای ئەو. وەك چۆن مەعازی کوری عەمری کوڕجەموحو مەعازی کوڕی جەبەل (ڕەزای خودایان لێبێت) دوو لاویوون کاتێك پێغەمبەری خودا(ﷺ) گەیشتە مەدینە موسڵمان بوون، لەشەودا دایان بەسەر بتەکانی بتپەرستەکانداو شکاندیانو پارچە پارچەیان کردو کردیانە سوتەمەنی بۆ بێوەژنەکان تا ببێتە پەندو ئامۆژگاری بۆ هۆزەکەیانو بە خۆیاندا بچنەوە. عەمری کوڕی جەموح کە سەرۆکی هۆزەکەی بوو، بتێکی هەببوو دەیپەرستو بۆنی خۆشی لێدەدا، هەردووکیان بە شەو چوونو بتەکەیان بەسەرداخستو پیسیان کرد بەسەریدا، عەمری کوڕی جەموح هاتو سەیری کرد چی بەسەر بتەکەی هاتووە، شۆردیو بۆنی خۆشی لێداو شمشێرێکی لەلاداناو پێی وت: بەرگری لەخۆت بکە. پاشان دووکەسەکە دایان بەسەریدا وەك جاری پێشویان لێکردەوە، ئەمیش دیسان وەك جاری پێشووی لێکردەوە، تا جارێکی تر دووکەسەکە لەگەڵ سەگێکی تۆپیودا ئاوملیان کردو بەرەو کێوێك بردیانو لە بیرێکدا لەویٚ فرێیاندا، کاتێك عەمری کوڕی جەموح هاتو ئەوەی بە چاوی خۆی بینی بۆی دەرکەوت ئەوەی ئەوان لەسەرین ئاینێکی پڕوپوچە. پاشان وتی: سوێند بە خودا ئەگەر خودایەکی بەتوانا بوویتایە هەردووکتان ئاوەمل نەدەکران. پاشان باوەڕی هێناو بووە موسڵمانێکی چاكو لە جەنگی ئوحودا شەهیدکرا ڕەزای خودایان لێبێتو بەهەشتی فیردەوس شوێنی بێت. پاشان خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَإِن تَدْعُوهُمْ إِلَى الْهُدَىٰ لَا يَتَّبِعُوكُمْ ۚ سَوَاءٌ عَلَيْكُمْ أَدَعَوْتُمُوهُمْ أَمْ أَنتُمْ صَامِتُونَ ﴿١٩٣﴾ إِنَّ

---

[1] الصافات (٩٥).

[2] الصافات (٩٣).

[3] الانبياء (٥٨).

ﭐلَّذِينَ تَدۡعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ عِبَادٌ أَمۡثَالُكُمۡۖ فَٱدۡعُوهُمۡ فَلۡيَسۡتَجِيبُواْ لَكُمۡ إِن كُنتُمۡ صَٰدِقِينَ ﴿١٩٤﴾
أَلَهُمۡ أَرۡجُلٞ يَمۡشُونَ بِهَآۖ أَمۡ لَهُمۡ أَيۡدٖ يَبۡطِشُونَ بِهَآۖ أَمۡ لَهُمۡ أَعۡيُنٞ يُبۡصِرُونَ بِهَآۖ أَمۡ لَهُمۡ ءَاذَانٞ يَسۡمَعُونَ
بِهَا﴾ ئەگەر ئێوەش بانگیان بکەن کە بێنەسەر ڕێگەی خودا دواتان ناکەون، بانگیان بکەن یان دەنگ نەکەن. بۆ ئێوە هەر وەکویەکە. ئەوانەی کە (لەباتی خودا) ئێوە هانایان بۆدەبەن، کۆمەڵە بەندەیەکن وەك خۆتان، دەسا ئەگەر ئێوە ڕاست دەکەن، بانگیان بکەن با وەڵامتان بدەنەوە. ئاخۆ ئەوان دەتوانن لەسەر پێ بڕۆن یان دەستیان هەیە پێی بوەشێنن یان چاوی دیتنیان هەیە، یان گوێی بیستنیان پێوەیە. واتە: ئەو بتانە هەر کەسێك بانگیان بکات گوێیان لێ نیە، بانگ بکرێن‌و بانگ نەکرێن وەك یەکە، وەك ئیبراهیم وتی: ﴿يَٰٓأَبَتِ لِمَ تَعۡبُدُ مَا لَا يَسۡمَعُ وَلَا يُبۡصِرُ وَلَا يُغۡنِي عَنكَ شَيۡـٔٗا﴾[1] باوکە تۆ بۆ شتێکی وا دەپەرستی، نەدەبیستێت‌و نەدەبینێت‌و هیچ بەهرەیەك بە تۆ نادات. پاشان خودای گەورە بۆیان ڕوون دەکاتەوە کە ئەوانیش وەك ئەوان دروست کراوی خودان، بەڵکو ئەوانی مرۆڤ لەوان چاکترو تێرو تەواو ترین‌و دەبیستن‌و دەبینن‌و دەستیشی دەوەشێنن، بەڵام ئەو بتانە هیچ شتێکیان لەدەست نایە ﴿قُلِ ٱدۡعُواْ شُرَكَآءَكُمۡ ثُمَّ كِيدُونِ فَلَا تُنظِرُونِ﴾ بڵێ: بانگی هاوبەشەکانتان بکەن، ئەوسا داوی فێڵ‌و تەڵەکەم بۆ بنێنەوەو چاوتروکانێك ماوە مەدەم، هەر چیتان لەدەست دێت درێغی مەکەن. پاشان خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّ وَلِـِّۧيَ ٱللَّهُ ٱلَّذِي نَزَّلَ ٱلۡكِتَٰبَۖ وَهُوَ يَتَوَلَّى ٱلصَّٰلِحِينَ﴾ گەورەی من هەر خودایە کە ئەم کتێبەی ناردووەتە خوار، هەر خۆشی سەرپەرشتی چاکان دەکات. واتە: تەنیا خودام بەسەو ئەو یارمەتی دەرو پشت‌و پەنامە، هەر ئەو گەورەمە لە دونیاو لە قیامەتداو دۆستی هەموو چاکانە دوای من. ئەمەش وەك هوود (سەلامی خودای لێبێت) کاتێك کە هۆزەکەی پێیان وت: وەك خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِن نَّقُولُ إِلَّا ٱعۡتَرَىٰكَ بَعۡضُ ءَالِهَتِنَا بِسُوٓءٖۗ قَالَ إِنِّيٓ أُشۡهِدُ ٱللَّهَ وَٱشۡهَدُوٓاْ أَنِّي بَرِيٓءٞ مِّمَّا تُشۡرِكُونَ ﴿٥٤﴾ مِن دُونِهِۦۖ فَكِيدُونِي جَمِيعٗا ثُمَّ لَا تُنظِرُونِ ﴿٥٥﴾ إِنِّي تَوَكَّلۡتُ عَلَى ٱللَّهِ رَبِّي وَرَبِّكُمۚ مَّا مِن دَآبَّةٍ إِلَّا هُوَ ءَاخِذُۢ بِنَاصِيَتِهَآۚ إِنَّ رَبِّي عَلَىٰ صِرَٰطٖ مُّسۡتَقِيمٖ﴾[2] ئێمە هەر ئەوەندە دەڵێین: ڕەنگە هەندێك لەوانەی کەدەیانپەرستین تووشی خراپەیان کردبی،وتی: خودا بەشایەت دەگرم، ئێوەش هەروەها شایەت بن لەوەی ئێوە دەیپەرستن بەرکەنارم. جگە لەخودا هەمووتان فێڵم لێ بکەن‌و ماوەم مەدەن. من خۆم سپارد بەو خودایە کە پەروەردگاری منەو پەروەردگاری ئێوەش هەر ئەوە، هەر شتێك

---

[1] مریم (٤٢).

[2] هود (٥٤ـ٥٦).

دەجولێتەوە مەگین خودا دەستەڵات دارە بەسەریدا و ژیان و بژێوی لەسەر ئەوە دیارە ڕێگەی پەروەردگارم ڕاستەڕێیە وەك ئیبراهیمی خەلیل فەرموویەتی: ﴿أَنتُمْ وَءَابَآؤُكُمُ ٱلْأَقْدَمُونَ ﴿٧٦﴾ فَإِنَّهُمْ عَدُوٌّ لِّىٓ إِلَّا رَبَّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٧٧﴾ ٱلَّذِى خَلَقَنِى فَهُوَ يَهْدِينِ﴾[1] خۆتان و باب و باپیرانی پێشووتان، هەموویان دوژمنی منن، جگە لە پەروەردگاری هەموو دونیا، ئەوەی منی دروست کردووە هەر ئەویش شارەزام دەکات. وهەر ئیبراهیمی خەلیل دەڵێت بە باوکی و هۆزەکەی: ﴿إِلَّا ٱلَّذِى فَطَرَنِى فَإِنَّهُۥ سَيَهْدِينِ ﴿٢٧﴾ وَجَعَلَهَا كَلِمَةًۢ بَاقِيَةً فِى عَقِبِهِۦ لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ﴾[2] مەگین لەو کەسەی منی دروست کردووە، کە خۆی ڕێگەم نیشان دەدات. کارێکی کرد ئەم وتارەی لەپاشی خۆی بۆ نەتەوەی هەر بمێنێت، بەڵکو بگەڕێنەوە. پاشان خودای گەورەلێرەدا دەفەرمووێت: ﴿﴿١٩٦﴾ وَٱلَّذِينَ تَدْعُونَ مِن دُونِهِۦ لَا يَسْتَطِيعُونَ نَصْرَكُمْ وَلَآ أَنفُسَهُمْ يَنصُرُونَ ﴿١٩٧﴾ وَإِن تَدْعُوهُمْ إِلَى ٱلْهُدَىٰ لَا يَسْمَعُوا۟﴾ ئەو کەسانەی (جگە لەو) (واتە لە خودا) ئێوە هانایان پێدەبەن، نایەن یارمەتیتان بدەن و یاریدەی خۆشیان پێ نادرێت، ئەگەر ئێوە بەرەو ڕێی ڕاست بانگیان بکەن، گوێتان لێ ناگرن. وەك خودای گەورە لەئایەتێکی تردا دەفەرمووێت: ﴿إِن تَدْعُوهُمْ لَا يَسْمَعُوا۟ دُعَآءَكُمْ﴾[3] ئەگەر هاواریشیان بۆ ببەن، لەکاتێکدا ئەوان هیچ نابینن. بۆیە خودا مامەڵەیان وەك کەسانێکی بێئاوەز لەگەڵدا دەکات، کە لەسەر شێوەی مرۆڤ کێشراون، وا دەیانبینی کە تەماشادەکەن. خودای گەورەپەرستەکەی بە زەمیرێك دەربڕیوە کە بۆ کەسێکی ژیر بەکار دەهێنرێت.

﴿خُذِ ٱلْعَفْوَ وَأْمُرْ بِٱلْعُرْفِ وَأَعْرِضْ عَنِ ٱلْجَٰهِلِينَ ﴿١٩٩﴾ وَإِمَّا يَنزَغَنَّكَ مِنَ ٱلشَّيْطَٰنِ نَزْغٌ فَٱسْتَعِذْ بِٱللَّهِ ۚ إِنَّهُۥ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ﴿٢٠٠﴾﴾

فەرماندان بە لێبووردن

خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿خُذِ ٱلْعَفْوَ وَأْمُرْ بِٱلْعُرْفِ وَأَعْرِضْ عَنِ ٱلْجَٰهِلِينَ﴾ چاو بپۆشەو فەرمان بەکاری چاك بدەو واز لەو نەزانانە بێنە. عەبدورەحمانی کوڕی زەیدی کوڕی ئەسلەم لەم دەقەدا ﴿خُذِ ٱلْعَفْوَ﴾ئەڵێت: خودای گەورە فەرمانی داوە بە لێبوردن و چاوپۆشی کردن لەبتپەرستان تا دەساڵ و

[1] الشورى (٧٦-٧٨).

[2] الزخرف (٢٧-٢٨).

[3] فاطر (١٤).

پاشان فەرمانی داوە بە زبری و ڕەقی جولانەوە لەگەڵیان[1] زۆر کەس ڕیوایەتیان کردووە لە موجاهیدەوە لەم دەقەدا ﴿خُذِ ٱلْعَفْوَ﴾ئەڵێت: لێبوردەیی وەرگرە لە ڕەوشت و ئاکاری خەڵکی بەبێ سیخوڕی کردن[2] هیشامی کوڕی عوروە لە باوکیەوەئەڵێت: خودا فەرمانی کرد بە پێغەمبەر(ﷺ) لێبوردەیی هەڵبژێرێت لە ڕەوشتی خەڵکی[3] وە لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووەئەڵێت: ئەوەی چاوپۆشیت لێکراوە لە ڕەوشتی خەڵکی وەر بگرە. وە لە سەحیحی بوخاریدا هاتووە لە هیشامەوە لە باوکیەوە، لە براکەیەوە عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیرەوە ئەڵێت: بێگومان ﴿خُذِ ٱلْعَفْوَ﴾ چاو بپۆشە هاتووەتە خوارەوە لە ڕەوشتی خەڵکی.[4] وە لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە جگە لەو لە هیشامەوە لە باوکیەوە لە ئیبنو عومەرەوە[5]، وە لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە هەر لە هیشامەوە لە باوکیەوە لە عائیشەوە کە هەردووکیان هەر بەو شێوەیان وتووە والله أعلم[6]، ئیبنو جەریرو ئیبنو ئەبی حاتەم ڕیوایەتیان کردووە وتیان: یونس بۆیگێڕاوینەوە، سوفیانی کوڕی عویەینە بۆیگێڕانەوە لە ئوممەیەوەئەڵێت: کاتێك خودای گەورە ئەم ئایەتەی ناردەخوارەوە ﴿خُذِ ٱلْعَفْوَ وَأْمُرْ بِٱلْعُرْفِ وَأَعْرِضْ عَنِ ٱلْجَٰهِلِينَ﴾ پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: (ئەی جوبرەئیل ئەمە چیە؟) جوبرەئیل وتی: خودا فەرمانت پێدەکات کە ببوری لەوانەی ناهەقیان دەربارەت کردووە، ببەخشیت بەوانەی کە بەشیان نەدایت، ئەوەی خۆی دابڕیوە لە تۆ بەسەری بکەینەوە.[7] بوخاری لەم ئایەتەدا ﴿خُذِ ٱلْعَفْوَ وَأْمُرْ بِٱلْعُرْفِ وَأَعْرِضْ عَنِ ٱلْجَٰهِلِينَ﴾ئەڵێت: (العُرف) واتە: چاکە. پاشان بوخاری ڕیوایەتی کردووە لە ئیبنو عەبباسەوە (ڕەزای خودای لێبێت) کەئەڵێت: عویەینەی کوڕی حوسنی کوڕی حوزەیفە هات و لەلای حوڕی کوڕی قەیس برازای دابەزی، حوڕ یەکێك بوو لەوکەسانەی کە عومەر لەخۆی نزیکی خستبووەوە، قورئان لەبەرەکان هاودەم و ڕاوێژکاری عومەر بوون لاوبووبن یان بەساڵاچوو. عویەینە بە برازاکەی وت: ئەی برازاکەم تۆ خاوەنی ڕێزی لەلای ئەم ئەمیرە، ئیزنم بۆ وەرگرە تا بڕۆمەلای، حوڕ وتی: ئێستا ئیزنت بۆ وەردەگرم کە بچیتەلای. ئیبنو عەبباس ئەڵێت: حوڕ داوای ئیزنی کرد بۆ عویەینە، عومەر ڕێی پێدا،

---

[1] الطبری (٣٢٨/١٣).

[2] الطبری (٣٢٧/١٣).

[3] الطبری (٣٢٧/١٣).

[4] فتح الباری (١٥٥/٨).

[5] فتح الباری (١٥٦/٨).

[6] فتح الباری (١٥٦/٨).

[7] الطبری (١٥٤/٦)، ابن أبي حاتم (١٦٣٨/٥) فەرموودەیەکی لاوازە.

کاتێك کە چووەلای وتی: ئەوەتا ئەی کوڕی خەتاب سوێند بە خودا چاك و زۆرت پێ نەداوین و بە دادپەروەریش فەرمان نادەیت لەگەڵماندا، عومەر تووڕەبوو خەریك بوو لێی بدات، حور پێی وت: ئەی گەورەی موسڵمانان خودای گەورە فەرموویەتی بە پێغەمبەرەکەی (ﷺ): ﴿خُذِ ٱلۡعَفۡوَ وَأۡمُرۡ بِٱلۡعُرۡفِ وَأَعۡرِضۡ عَنِ ٱلۡجَٰهِلِينَ﴾ بێگومان ئەمە لە نەفامەکانە. سوێند بەخودا کاتێك ئەم ئایەتەی بۆ خوێندەوەعومەر لێی نەدا، زۆر پابەندبوو بە قورئانی پیرۆزەوە[1] تەنیا بوخاری خۆی ڕیوایەتی کردووە.

هەندێك لە دانایان مانای ئەم ئایەتەیان لە دوو دێردا داڕشتووە کە جینیاسیان تێدایە دەڵێت:

خُذِ العفو وأمر بالمعرف كما — أمرت أعرض عن الجاهلين

ولِن في الكلام لكل الانام — فستحسن من ذوى الجاه لين

واتە: چاپۆشی بکەو فەرمانبدە بە چاکە وەك فەرمانت پێدراوە واز لەو نەزانانە بێنە، لە قسەکردندا نەرمو نیان بە لەگەڵ هەموو خەڵك، لەلایەن خاوەن ڕێزو دەستەڵاتەوە نەرمو نیانی شتێکی زۆر چاکە.

هەندێك لە زانایانیش وتویانە: خەڵکی دووکەسن کەسێکی چاکە، ئەوەی بۆت دەلوێت لە چاکەکانی وەرگرە، زیاد لە توانای خۆی ئەرك مەخەرە سەرشانی تەنگاوی بکات. یان کەسێکی خراپەکارە، فەرمانی پێ بکە بە چاکەکردن، ئەگەر هەر بەردەوام بوو لەسەر گومڕاییەکەی و ملی پێ نەداو وازی نەهێناو تۆیش وازی لێ بینە. بەڵکو ئەوەی تۆ لەگەڵی دەکەیت وازی لێ بێنێت لەوکارەخراپەی. وەك خودای مەزن دەفەرمووێت: ﴿ٱدۡفَعۡ بِٱلَّتِي هِيَ أَحۡسَنُ ٱلسَّيِّئَةَۚ نَحۡنُ أَعۡلَمُ بِمَا يَصِفُونَ ﴿٩٦﴾ وَقُل رَّبِّ أَعُوذُ بِكَ مِنۡ هَمَزَٰتِ ٱلشَّيَٰطِينِ ﴿٩٧﴾ وَأَعُوذُ بِكَ رَبِّ أَن يَحۡضُرُونِ﴾[2] تۆ وەڵامی خراپە بە چاکە بدەرەوە، ئێمە باشتر دەزانین ئەوان چی دەڵێن. تۆ بڵێ: ئەی پەروەردگارم! هانام بە تۆ، لە نەدانی شەیتانان.هەر هاناش دەبەمەبەر تۆ، کە ئەوان دێن بەلامەوە. وە دەفەرمووێت: ﴿وَلَا تَسۡتَوِي ٱلۡحَسَنَةُ وَلَا ٱلسَّيِّئَةُۚ ٱدۡفَعۡ بِٱلَّتِي هِيَ أَحۡسَنُ فَإِذَا ٱلَّذِي بَيۡنَكَ وَبَيۡنَهُۥ عَدَٰوَةٞ كَأَنَّهُۥ وَلِيٌّ حَمِيمٞ ﴿٣٤﴾ وَمَا يُلَقَّىٰهَآ إِلَّا ٱلَّذِينَ صَبَرُواْ وَمَا يُلَقَّىٰهَآ إِلَّا ذُو حَظٍّ عَظِيمٖ ﴿٣٥﴾ وَإِمَّا يَنزَغَنَّكَ مِنَ ٱلشَّيۡطَٰنِ نَزۡغٞ فَٱسۡتَعِذۡ بِٱللَّهِۖ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡعَلِيمُ﴾[3] چاکەو خراپە وەکویەك نین، تۆ هەمیشە وەڵامی چاکە بدەوە، ئەوسا کەسێك لەگەڵ تۆدا دوژمنە، دەبێتە دۆستی نزیك. ئەوکارەش هەر تووشی کەسانێك دەبێتکە بتوانن خۆڕاگرین، هەرکەسێکیش ئەوکارەی تووش بێت، دیارە زۆر بەختەوەرە. هەرکاتێك لە شەیتانەوە تووشی خەیاڵاتێك بوویت،

---

[1] فتح الباري (٨/١٥٥/٢/١٩٩٧).

[2] المؤمنون (٩٦– ٩٨).

[3] فصلت (٣٤– ٣٦).

کورج پەنا بە خودا ببە کە هەرخۆی بیسەری زانایە. وە دیسان لەم ئایەتە پیرۆزەشدا خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿ وَإِمَّا يَنزَغَنَّكَ مِنَ ٱلشَّيْطَٰنِ نَزْغٌ فَٱسْتَعِذْ بِٱللَّهِ ۚ إِنَّهُۥ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ﴾ هەرکاتێك لە شەیتانەوە تووشی خەیاڵاتێك بوویت هەر پەنا بە خودا بەرە کە خۆی بیسەرو زانایە. ئەم سێ ئایەتە لە (الاعراف) و (المؤمنون) و (السجدة) دا کە چواهەمیان نیە، لەمانەدا خودای گەورە ڕێنمایی کردووە تێیاندا کە بەرخورد لەگەڵ مرۆڤی سەرپێچیکەردا بە چاکی بکرێت، چونکە ئەو چاکە لەگەڵ کردنە وای لێدەکات کە وازبێنێت لەو لاساریە بە ئینی خودا. هەربۆیە خودای گەورە ئەفەرمووێت: ﴿ فَإِذَا ٱلَّذِى بَيْنَكَ وَبَيْنَهُۥ عَدَٰوَةٌ كَأَنَّهُۥ وَلِىٌّ حَمِيمٌ ﴾ ئەوکاتە کەسێك کە لەگەڵ تۆدا دوژمنە، دەبێنە دۆستی نزیك. پاشان خودای گەورە پەنادەبات بۆ ڕێنمایی کردن بەخۆی لە شەیتانەکانی جنۆکە، چونکە شەیتانی جنۆکە هەر لە چاکە ڕێگریت لێ ناکات، بەڵکو بەتەواوی بتکوژێتو لەناوت بەرێت، چونکە دوژمنێکی زۆر ئاشکرابووە بۆ باوکت لە پێشداو دوژمنی خۆشتە. ئیبنو جەریر لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا ﴿ وَإِمَّا يَنزَغَنَّكَ مِنَ ٱلشَّيْطَٰنِ نَزْغٌ فَٱسْتَعِذْ بِٱللَّهِ ﴾ ئەڵێت: کاتێك تورەییەکت بەسەرداهات لە شەیتانەوە وای لێکردی کە ڕێگریت لێ بکات لە وازهێنانو لە نەزانیو هەڵی نایت کە بچیت بەگژیدا ﴿فَٱسْتَعِذْ بِٱللَّهِ﴾ پەنابەرە بەخودا. گوێی لێیەتی، گوێشی لە هەڵەی ئەو نەفامەشە کە دەیکات بەرامبەرت، پەنابگرە بە خودا لە خەیاڵاتی شەیتانو قسەی کەسانی تریش، چونکە خودا هیچ شتێکی لێ ناشاردرێتەوە، ئاگادارەو دەتوانێت خەیاڵانی خراپی شەیتانو شتی تری دروستکراوەکانی خۆیت لێ دووربخاتەوە.[1] لەسەرەتای ئەم تەفسیرەدا ئەو فەرموودانەمان هێنا لەبارەی پەنابردنەوە بە خودا(الاستعاذة) لێرەدا پێویست ناکات دووبارەی بکەینەوە.

﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ ٱتَّقَوْا۟ إِذَا مَسَّهُمْ طَٰٓئِفٌ مِّنَ ٱلشَّيْطَٰنِ تَذَكَّرُوا۟ فَإِذَا هُم مُّبْصِرُونَ ﴿٢٠١﴾ وَإِخْوَٰنُهُمْ يَمُدُّونَهُمْ فِى ٱلْغَىِّ ثُمَّ لَا يُقْصِرُونَ ﴿٢٠٢﴾﴾

ڕێبازی لەخوداترسان لەکاتی ڕاڕایی و دوودڵیدا

خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ ٱتَّقَوْا۟ إِذَا مَسَّهُمْ طَٰٓئِفٌ مِّنَ ٱلشَّيْطَٰنِ تَذَكَّرُوا۟ فَإِذَا هُم مُّبْصِرُونَ ﴾ ئەوکەسانەی پارێزگارن، هەرکاتێك خەیاڵی خراپیان لە شەیتانەوە تووش دەبێت، خێرا یادی خودا دەکەنو بەرچاویان ڕوون دەبێتەوە. خودای گەورە باسی لەخوداترسان دەکات لەو بەندانەی کە گوێڕایەڵیان کردووە لەوشتانەی کە فەرمانی داوە بەسەریانداو وازیان هێناوە لەوشتانەش

---

[1] الطبری (٣/٣٣٢).

کە قەدەغەی کردووە لێیان. ﴿إِذَا مَسَّهُمْ طَٰٓئِفٌ مِّنَ ٱلشَّيْطَٰنِ﴾ کاتێك خەیاڵی خرپیان لە شەیتانەوە تووش دەبێت. هەندێکی تر خوێندویانەتەوە بە (طائف)، ئەم دوو خوێندنەوەیە بەناوبانگن. هەندێك وتویانە: یەك مانایان هەیە. هەندێکی تر وتویانە: جیاوازی لە ماناکانیاندا هەیە، هەندێك مانایان بە توڕەیی کردووەو هەندێکی تر مانایان بە کاتێکردنی شەیتان کردووە بە کەوتنو پەرکەم، هەندێك بە خەفەت خواردن بە گوناهو هەندێك بە تووشبوونی گوناهو تاوان مانایان لێکداوەتەوە. پاشان خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿تَذَكَّرُوا۟﴾ واتە: یادی تۆڵەی خوداو پاداشتە چاکەکانیو بەڵێنیو هەڕەشەکانیان کردووەتەوەو تەوبەیان کردووەو پەشیمان بوونەتەوەو پەنایان بە خودا بردووەو زۆر گەڕاونەتەوە بۆلای ﴿فَإِذَا هُم مُّبْصِرُونَ﴾ بەرچاویان ڕوون بوەتەوە، واتە: سەقامگیربوونو بە ئاگاهاتنەوە لەوحاڵەی کە تێیدابوون.

برا شەیتانە کانیان یارمەتیان دەدەن لە گومڕابووندا

خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَإِخْوَٰنُهُمْ يَمُدُّونَهُمْ﴾ برا (شەیتانە) کانیان یارمەتیان دەدەن. واتە: برا شەیتانەکانیان لە مرۆڤ. وەك خودای گەورە لە ئایەتێکی تردا دەفەرمووێت: ﴿إِنَّ ٱلْمُبَذِّرِينَ كَانُوٓا۟ إِخْوَٰنَ ٱلشَّيَٰطِينِ﴾[1] بێگومان ئەوانەی ماڵ بەفیڕۆدەدەن لە برای (شەیتانە) کانن. واتە: لە شوێنکەوتوانیو گوێگرانیو جێبەجێکەری فەرمانی شەیتانەکانن ﴿فِى يَمُدُّونَهُمْ ٱلْغَىِّ﴾ یارمەتیان دەدەن لەو گەمڕاییەدا. واتە: شەیتانەکان هاوکاریان دەکەنو کارئاسانیان بۆ دەکەنو ئەوخراپەیان لەبەرچاو شیرین دەکەن. ئیبنو کسیر دەڵێت: (المد) واتە: زیادبوون. واتە: کۆمەکیان دەکەن لەو گومڕاییەداو، ئەو نەفامیو بەدخویو هەڵەشەییەیان بۆ زیاتردەکەن ﴿ثُمَّ لَا يُقْصِرُونَ﴾ پاشان کۆتایی ناهێنن (لە گومڕاکردنیاندا) هەندێك دەڵێن: واتە بێگومان شەیتانەکان هاوکاری مرۆڤ دەکەن کە وازنەهێنن لەوکارەیانو بەردەوام بن لەسەری. وەك عەلی کوڕی ئەبوتەلحە لە ئیبنو عەبباسەوە لەم ئایەتەدا ﴿وَإِخْوَٰنُهُمْ يَمُدُّونَهُمْ فِى ٱلْغَىِّ ثُمَّ لَا يُقْصِرُونَ﴾ئەڵێت: نە مرۆڤ وازدەهێنێت لەوەی کە خەریکیەتیو نە شەیتانەکانیش دەستیان لێ کۆتادەکەنو کۆڵیان لێ دەدەن[2] ﴿لَا يُقْصِرُونَ﴾ کۆڵ نادەن لەوەی کە تێیدانو خاونابنەوەو وازی لێ ناهێنن. وەك خودای گەورە لە ئایەتێکی تردا

---

[1] الاسراء (٢٧).

[2] الطبری (٣٣٨/١٣).

دەفەرموویت: ﴿أَلَمْ تَرَ أَنَّا أَرْسَلْنَا ٱلشَّيَـٰطِينَ عَلَى ٱلْكَـٰفِرِينَ تَؤُزُّهُمْ أَزًّا﴾[1] ئایا تۆ نازانێت ئێمە شەیتانەکانمان ناردووەتەسەر خودانەناسان ختوکەو هانەهانەیان دەدەن. ئیبنو عەبباسو کەسانی تریش وتویانە: هەراسانیان دەکەنو وازیان لێ ناهێنن تا تووشی گوناهیان دەکەن[2].

﴿ وَإِذَا لَمْ تَأْتِهِم بِـَٔايَةٍ قَالُوا۟ لَوْلَا ٱجْتَبَيْتَهَا ۚ قُلْ إِنَّمَآ أَتَّبِعُ مَا يُوحَىٰٓ إِلَىَّ مِن رَّبِّى ۚ هَـٰذَا بَصَآئِرُ مِن رَّبِّكُمْ وَهُدًى وَرَحْمَةٌ لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ ﴿٢٠٣﴾ ﴾

بتپەرستان داوای نیشانە دەکەن

خودای گەورە دەفەرموویت: ﴿ وَإِذَا لَمْ تَأْتِهِم بِـَٔايَةٍ قَالُوا۟ لَوْلَا ٱجْتَبَيْتَهَا ۚ قُلْ إِنَّمَآ أَتَّبِعُ مَا يُوحَىٰٓ إِلَىَّ مِن رَّبِّى ۚ هَـٰذَا بَصَآئِرُ مِن رَّبِّكُمْ وَهُدًى وَرَحْمَةٌ لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ ﴾کاتێك هیچ نیشانەیەکیان نیشان نادەیت، دەڵێن: تۆ بۆ لەخۆتەوە ڕێکی ناخەیت؟ بڵێ: من هەر لەوانە پەیڕەوی دەکەم کە لەلای پەروەردگارمەوە پێم دەگات، ئەمانە چاوڕۆشنکەرن لە پەروەردگاری ئێوەوە ڕێنیشاندەرو بەزەیین بۆ ئەوکەسانەی بەباوەڕن. عەلی کوڕی ئەبوتەلحە لە ئیبنو عەبباسەوە لەم ئایەتەدا ﴿قَالُوا۟ لَوْلَا ٱجْتَبَيْتَهَا﴾ دەڵێت: ئەگەر تۆ خۆت ڕیك خستایە. جارێکی تریش دەڵێت: ئەگەر تۆ خۆت داتبهێنایەو داتبەزاندایە[3] ئیبنو جەریر لە عەبدوڵلای کوڕی کەسیرەوە لە موجاهیدەوە لەم ئایەتەدا ﴿ وَإِذَا لَمْ تَأْتِهِم بِـَٔايَةٍ قَالُوا۟ لَوْلَا ٱجْتَبَيْتَهَا ﴾ئەڵێت: ئەگەر تۆ خۆشت بتویستایە، هەندێکیش دەڵێن: ئەگەر تۆ خۆت دەرتبهێنایە[4] قەتادەو سوددیو عەبدوڕەحمانی کوڕی زەیدی کوڕی ئەسلەمو ئیبنو جەریریش هەر وایان وتوە[5] مانای ئەم دەقەی کە خودای گەورە دەفەرموویت: ﴿ وَإِذَا لَمْ تَأْتِهِم بِـَٔايَةٍ﴾ واتە: موعجیزەیەکی لەڕادەبەدەر وەك لە ئایەتێکی تردا دەفەرموویت: ﴿إِن نَّشَأْ نُنَزِّلْ عَلَيْهِم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ ءَايَةً فَظَلَّتْ أَعْنَـٰقُهُمْ لَهَا خَـٰضِعِينَ ﴾[6] ئەگەر ئێمە مەیلمان لێبێت نیشانەیەکیان لە ئاسمانەوە بۆ دەنێرین کە ملیان لەبەری کەچ بکەن. ئەوانە دەڵێن بە پێغەمبەری خودا(ﷺ) تۆ بۆچی هەوڵ نادەیتو داوای موعجیزە

---

[1] مريم (٨٣).

[2] الطبرى (١٣/٢٥٢).

[3] الطبرى (١٣/٣٤١).

[4] الطبرى (١٣/٣٤١).

[5] الطبرى (١٣/٣٤١/٣٤٢).

[6] الشعراء (٤).

لە خودا ناکەیت هەتا چاومان پێی بکەوێت بڕوای پێ بکەین. خودای گەورەش دەفەرموێت بە پێغەمبەرەکەی (ﷺ): ﴿قُلۡ إِنَّمَآ أَتَّبِعُ مَا يُوحَىٰٓ إِلَيَّ مِن رَّبِّيۚ﴾ بلێ: بێگومان من هەر شوێنی ئەوە دەکەوم کە لەلای پەروەردگارمەوە پێم دەگات. واتە: من پێش خودا ناکەم لە هیچ شتێکدا. بەڵکو من شوێنی ئەوە دەکەوم کە فەرمانم پێ دەکات پێی. گێڕایەلی ئەوەم کە بۆم دەنێرێتو ناکام دەکات لێی. ئەگەر ئایەتێکی نارد قبوڵی دەکەم ئەگەر نەشی نارد من لە پێشدا داوای ناکەم مەگین خودا خۆی ئیزنم بدات لەسەری. بێگومان خودا لەکارزانی زۆرزانە. پاشان خودا ڕێیان نیشان دەدات بۆ ئەم قورئانە کە گەورەترین موعجیزەیەو ئاشکراترینو ڕاسترینو دیارترین بەڵگەیەو دەفەرموێت: ﴿هَٰذَا بَصَآئِرُ مِن رَّبِّكُمۡ وَهُدٗى وَرَحۡمَةٞ لِّقَوۡمٖ يُؤۡمِنُونَ﴾ ئەم (قورئانە) بەرچاوڕۆشنیو بەڵگەیە لە پەروەردگاری ئێوەوە ڕێ نیشاندەرو بەزەییە بۆ ئەوکەسانەی خاوەنباوەڕن.

﴿وَإِذَا قُرِئَ ٱلۡقُرۡءَانُ فَٱسۡتَمِعُواْ لَهُۥ وَأَنصِتُواْ لَعَلَّكُمۡ تُرۡحَمُونَ ٢٠٤﴾

فەرماندان بە گوێگرتن لە قورئان

خودای گەورە دەفەرموێت:﴿وَإِذَا قُرِئَ ٱلۡقُرۡءَانُ فَٱسۡتَمِعُواْ لَهُۥ وَأَنصِتُواْ لَعَلَّكُمۡ تُرۡحَمُونَ﴾ هەرکاتێك قورئان دەخوێندرێت گوێی لێ بگرەو بێ دەنگ بە بەڵکو بەبەزەیی بکەون. کاتێك کە خودای گەورە باسی قورئانی کردووە کە چاوڕۆشنکەرەوەو ڕێ نیشاندەرو بەزەییە بۆ خەڵکی، فەرمانیشی داوە کە گوێی لێ بگیرێت لەکاتی خوێندنیدا وەك ڕێزو مەزنی سەیرکردنێك بۆی. نەك وەك خودانەناسانی قورەیش مامەڵەی لەگەڵدا بکەن کە دەیانوت وەك خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿لَا تَسۡمَعُواْ لِهَٰذَا ٱلۡقُرۡءَانِ وَٱلۡغَوۡاْ فِيهِ﴾ گێ بۆ ئەم قورئانە مەگرن قسەی بێتامی خۆتانی تێکەڵ بکەن. ئیبنو جوریر وتی ئیبنو مەسعود وتی: لە پێشدا لە نوێژدا سڵاومان لە یەکتری دەکرد کە قورئان هاتەخوارەوە فەرمووی: ﴿وَإِذَا قُرِئَ ٱلۡقُرۡءَانُ فَٱسۡتَمِعُواْ لَهُۥ وَأَنصِتُواْ لَعَلَّكُمۡ تُرۡحَمُونَ﴾ ئیتر سڵاوکردنمان وازلێهێنا.

﴿وَٱذۡكُر رَّبَّكَ فِي نَفۡسِكَ تَضَرُّعٗا وَخِيفَةٗ وَدُونَ ٱلۡجَهۡرِ مِنَ ٱلۡقَوۡلِ بِٱلۡغُدُوِّ وَٱلۡأٓصَالِ وَلَا تَكُن مِّنَ ٱلۡغَٰفِلِينَ ٢٠٥ إِنَّ ٱلَّذِينَ عِندَ رَبِّكَ لَا يَسۡتَكۡبِرُونَ عَنۡ عِبَادَتِهِۦ وَيُسَبِّحُونَهُۥ وَلَهُۥ يَسۡجُدُونَ ۩ ٢٠٦﴾

فەرماندان بە عیبادەتو یادی خودا لە بەیانیانو ئێوارانداا

خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَٱذۡكُر رَّبَّكَ فِي نَفۡسِكَ تَضَرُّعٗا وَخِيفَةٗ وَدُونَ ٱلۡجَهۡرِ مِنَ ٱلۡقَوۡلِ بِٱلۡغُدُوِّ وَٱلۡأٓصَالِ وَلَا تَكُن مِّنَ ٱلۡغَٰفِلِينَ﴾ هەموو بەیانیانو ئێواران بە پاڕانەوەو ترسەوە بەبێ ئەوەی دەنگ

هەڵبڕیت یادی پەروەردگارت بکەو هەرگیز تۆ لەوانە مەبە کە بێ ئاگان. خودای گەورە فەرمان دەکات لەسەرەتای ڕۆژو کۆتاییەکەیدا یادی بکرێت و عیبادەتیشی تێدابکرێت و وەك دەفەرمووێت: ﴿وَسَبِّحۡ بِحَمۡدِ رَبِّكَ قَبۡلَ طُلُوعِ ٱلشَّمۡسِ وَقَبۡلَ ٱلۡغُرُوبِ﴾[1] هەر پەسەندیو پاکی پەروەردگاری خۆت بدە لەپێش کزنگی هەتاوداو لە دەمی ڕۆژئاوابوون. ئەم ئایەتە لەپێش ئەوەی کە پێنج نوێژەکە فەرزبکرێت لە شەوی ئیسرادا هاتووەتەخوارەوە. ئایەتێکە لە مەککە هاتووە.وە لێرەدا کە دەفەرمووێت: ﴿بِٱلۡغُدُوِّ﴾ واتە: سەرەای ڕۆژ. ﴿وَٱلۡأٓصَالِ﴾ واتە: لەکاتی ڕۆژئاوابوون. کۆی (جمع)ی (أصیل) وەك (الایمان) کۆیەکەی (یمین) بەلام لەبارەی ﴿تَضَرُّعٗا وَخِيفَةٗ﴾ بە پاڕانەوەو ترسەوە. واتە: یادی پەروەردگارت بکە لە دڵی خۆتدا بەهیوای بەزەییو بە ترسیشەوە، بە دەمیش بەبێ دەنگ هەڵبڕین. هەربۆیە ئەفەرمووێت:﴿وَدُونَ ٱلۡجَهۡرِ مِنَ ٱلۡقَوۡلِ﴾ بێ ئەوەی دەنگ هەڵبڕیت. سوننەتە یادی خودا بە هاوارو دەنگی زۆر بەرز نەکرێت، بۆیە کاتێك کە پرسیاریان لە پێغەمبەری خودا(ﷺ) کردو وتیان: ئایا پەروەردگارمان نزیکە وتوێژی لەگەڵدابکەین یان دوورە هاواری لێ بکەین؟ خودای گەورە ئەم ئایەتەی ناردەخوارەوە: ﴿وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌۖ أُجِيبُ دَعۡوَةَ ٱلدَّاعِ إِذَا دَعَانِ﴾[2] هەرکاتێك بەندەکام لەبارەی منەوە لەتۆ دەپرسن، من نزیکم، هەرکەسێك هانام وەبەربێنێت، بێ وەلام نایهێڵمەوە. وە لە هەردوو سەحیحەکەدا هاتووە لە ئەبوموسای ئەشعەریەوە (ڕەزای خودای لێبێت) وتی: خەڵکی لە هەندێك سەفەردا دەنگیان هەڵدەبڕی لە پڕانەوەدا پێغەمبەری خودا(ﷺ) پێی وتن: (خەڵکینە لەسەرخۆبن، خۆ ئێوە بانگی کەسێك ناکەن کەڕولاڵ بێت، ئێوە بانگی کەسێك دەکەن بیسەرو نزیکە. نزیکترە لە هەریەکێك لە ئێوە وە لە ملی وشترەکەی)[3]، مەبەست بەم فەرموودەیە هاندانە بۆ زۆر یادی خودا کردن لە هەموو بەیانیو ئێوارەیەکدا، بۆئەوەی بەندەکانی لە ڕێزی بێ ئاگایان نەبێت. هەربۆیە ستایشی ئەو فریشتنانەکراوە کە تەسبیحات دەکەن بە شەوو بە ڕۆژو وچان نادەنو ماندونابن. خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ عِندَ رَبِّكَ لَا يَسۡتَكۡبِرُونَ عَنۡ عِبَادَتِهِۦ وَيُسَبِّحُونَهُۥ وَلَهُۥ يَسۡجُدُونَۤ﴾ ئەوکەسانەی لای پەروەردگارتن خۆ بەزلزان نین لە پەرستنی ئەودا، هەمیشە ستایشی دەکەنو تەنها سوجدە بۆ ئەو دەبەن. بۆیە خودا بەوشێوەیە باسی کردوون تا چاویان لێ بکرێت لەو

[1] ق (٣٩).

[2] البقرة (١٨٦).

[3] فتح الباری (١٥٧/٦)، مسلم (٢٠٧٧/٤).

عیبادەتە زۆرو گوێڕایەڵیاندا، لەبەرئەوەیە کە سوجدەی بۆ ئێمەش ڕەوابینیوە کاتێك خودا باسی سوجدەبردنی ئەوانی کردوو بۆ خۆی. وەك لەم فەرموودەدا هاتووە: (ئایا ڕیز ناوەستن وەك فریشتەکان لەلای پەروەردگاریان، ڕیزەکانی یەکەم تەواودەکەنو بەدوای یەکداو پاڵدەدەن بەیەکەوە لە ڕیزدا)[1] ئەوە یەکەمین سوجدەیە کە دانراوە بۆ خوێنەرو گوێگری قورئان کە سوجدەببەن، بە ڕای گشت زانایان.

تەفسیری سورەتی (الانفال)

لە مەدینەدا هاتووەتەخوارەوە

سورەتی (الانفال) حەفتاوپێنج ئایەتو هەزاروشەش سەدو سیو یەك وتەو پێنج هەزارو دووسەدو نەوەدو چوار پیتە.

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

﴿يَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلْأَنفَالِ ۖ قُلِ ٱلْأَنفَالُ لِلَّهِ وَٱلرَّسُولِ ۖ فَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَأَصْلِحُوا۟ ذَاتَ بَيْنِكُمْ ۖ وَأَطِيعُوا۟ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥٓ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ①﴾

مانای دەستکەوت (الانفال)

خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿يَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلْأَنفَالِ ۖ قُلِ ٱلْأَنفَالُ لِلَّهِ وَٱلرَّسُولِ﴾ لە دەستکەوتی جەنگ پرسیارت لێ دەکەن، بڵێ: دەسکەوتی دوژمنان بۆ خوداو بۆ پێغەمبەرە. بوخاری ئەڵێت ئیبنو عەبباس ئەڵێت: ﴿ٱلْأَنفَالُ﴾ واتە: دەستکەوتی جەنگ، پاشان ڕیوایەت کراوە لە سەعیدی کوڕی جوبەیرەوە وتی: پرسیم لە ئیبنو عەبباس لەبارەی سورەتی (الانفال)ەوە؟ وتی: لەبارەی جەنگی بەدرەوە هاتووەتەخوارەوە[2] ئەوەی لەبارەی ئیبنو عەبباسەوە باسی کردووە، دیسان عەلی کوڕی ئەبوتەلحە لە ئیبنو عەبباسەوە کەئەڵێت: ﴿ٱلْأَنفَالُ﴾ واتە: دەستکەوتی جەنگ، ئەم دەستکەوتە تەنیا پەیوەندی بە پێغەمبەری خوداوەیە (ﷺ) هیچ کەسێك شتێکی لەودەستکەوتەدا نیە[3] موجاهیدو عیکرمەو عەتاو زەححاكو قەتادەو عەتای خوراسانیو موقاتیلی کوڕی حەیانو عەبدوڕەحمانی کوڕی زەیدی کوڕی ئەسلەمو کەسانی تریش دەڵێن: واتە دەستکەوتی جەنگ[4] وتراوە: (النفل) ئەوشتەیە کە

---

[1] مسلم (٣٢٢/١).

[2] فتح البارى (١٥٦/٨)

[3] الطبرى (٣٧٨/١٣).

[4] الطبرى (٣٦٢/٣٦١/١٣).

پێشەوا دەبەخشێت بە هەندێك كەس لە دەسكەوت و هاوشێوەی دەسكەوت دوای دابەشكردنی خودی دەستكەوتەكە. وە وتراوە: ئەو پێنج یەكەیە دوای چوار بەشەكەی تر لە پێنج بەشەكە. وە وتراوە: سەرانەو دەستكەوتێكە كە لە خودانەناسان وەرگیراوە بەبێ جەنگ. وە هەر شتێك كە دەگمەنەو لێیان وەردەگیرێت دەدرێت بە موسڵمانان لە ولاخو ئاژەڵو بەندەو كەنیزەو كەلوپەل.

هۆی هاتنەخوارەوەی ئەم ئایەتە

ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی كردووە لە سەعدی كوڕی مالیكەوەئەڵێت: وتم ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئەمڕۆ خودا ڕزگاری كردم لە بتپەرستان، ئەم شمشێرەم پێ ببەخشە، فەرمووی: (ئەم شمشێرە نە بۆ تۆیەو نە بۆ من داینێ)، وتی: دامنا، پاشان گەڕامەوە وتم: لەوانەیە ئەم شمشێرە بدات بە كەسێك وەك من هەقی خۆی پێ نەدات (دەستی پێ نەوەشێنێت) وتی: كاتێكم زانی لە پشتمەوە پیاوێك بانگم دەكات وتی: وتم لەوانەیە خودا لەبارەی منەوە شتێكی ناردبێتەوە؟ فەرمووی: تۆ داوای ئەو شمشێرەت لە من كرد، ئەو شمشێرە هی من نەبوو، بێگومان ئەوە (خودا) بەخشی بە من، ئەوە بۆ تۆ. وتی: خودای گەورەئەم ئایەتەی ناردەخوارەوە ﴿يَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلْأَنفَالِ ۖ قُلِ ٱلْأَنفَالُ لِلَّهِ وَٱلرَّسُولِ﴾[1]
ئەبوداودو تیرمیزیو نەسائی ڕیوایەتیان كردووە، تیرمیزی ئەڵێت: فەرموودەیەكی چاكو ڕاستە[2].

هۆیەكی تر لە هاتنەخوارەوەی ئەم ئایەتە

ئیامی ئەحمەد ڕیوایەتی كردووە لە ئەبوئوسامەوە: پرسیارم لە عوبادە كرد لەبارەی دەستكەوتەوە (الانفال)؟ وتی: لەسەر ئێمە هاوەڵانی بەدر هاتەخوارەوە، كاتێك ناكۆكی كەوتە نێوانمان لەبارەی دەستكەوتەوە، ڕەوشتو بەردخودمان خراپ بوو لەسەری، خودا لە ئێمەی سەندەوەو دای بە پێغەمبەری خودا(ﷺ) و پێغەمبەریش (ﷺ) دابەشی كرد لە نێوان موسڵماناندا بە یەكسانی[3]. دیسان ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی كردووە لە ئەبوئومامەوەلە عوبادەی كوڕی سامیتەوەئەڵێت: لەگەڵ پێغەمبەری خودا(ﷺ) چووینە دەرەوەوئامادەی ڕۆژی بەدر بووم، خەڵكی بەیەك گەیشتن، واتە: شەڕ لە نێوان موسڵمانانو خودانەناسان دەستی پێكرد، خودای گەورە دوژمنی شكاند، دەستەیەك كەوتنە سەریانو ڕاویان دەنانو دەیانكوشتنو دەستەیەك ڕووی كردە لەشكرەكەو شتیان كۆكردەوە، كۆمەڵێكیش دەوری پێغەمبەریان (ﷺ) دابوو، نەوەكو لەلایەن دوژمنەكانەوە تووشی مەترسیەك ببێت. تا شەو داهاتو خەڵكەكە گەڕانەوە لای یەكتری، ئەوانەی كە تالانیەكەیان كۆكردبووە وتیان: ئێمە دەستمان بەسەرداگرتووەو بەشی هیچ كەسێكی تێدانیە. ئەوانەی كە

---

[1] أحمد (١٧٨/١) فەرموودیەكی سەحیحە.
[2] أبوداود (١٧٧/٣) فەرموودیەكی سەحیحە.
[3] أحمد (٣٢٢/٥) سەنەدەكانی خراپ نیە.

دەرچوووبوون بەدوای دوژمندا وتیان: ئێوە لە ئێمە شایستەترنیت بەوە، ئێمە دوژمنمان لێ دوورخستنەوەو ڕاوماننان و شکاندمان، ئەوانەش کە دەوری پێغەمبەری خودایان دابوو (ﷺ) وتیان: ئێوە لە ئێمە شایستەترنیت، ئێمە دەوری پێغەمبەرمان دابوو (ﷺ) ترساین لەوەی کە پێغەمبەر(ﷺ) تووشی مەترسیەك ببێت لەلایەن دوژمنەوە، سەرقاڵ بووین پێیەوە. ئەم ئایەتە هاتەخوارەوە ﴿يَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلْأَنفَالِ ۖ قُلِ ٱلْأَنفَالُ لِلَّهِ وَٱلرَّسُولِ﴾، پێغەمبەری خودا(ﷺ) دەستکەوتەکەی دابەشکرد لەنێوان مسڵماناندا. کاتێك پێغەمبەر(ﷺ) لەسەر زەمینی دوژمندا پەلاماری بدایە دەستکەوتی چواریەك بوو کاتێك کە دەهاتەوە هەموو خەڵکی دەگەڕایەوە دەستکەوتی سێ یەك بوو، تاڵانی پێ ناخۆش بوو[1] وە دەیفەرموو: با خاوەنباوەڕانی بەهێز بیگێڕنەوە بۆ لاوازەکانیان. تیرمیزیو ئیبنوماجەش بەم شێوەیە ڕیوایەتیان کردووە، تیرمیزی ئەڵێت: ئەم فەرموودەیە، فەرموودەیەکی باشە[2]، پاشان خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿فَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَأَصْلِحُوا۟ ذَاتَ بَيْنِكُمْ﴾ کەوایە لە خودا بترسنو پەیوەندی نێوان خۆتان چاك بکەن. واتە: لە خودا بترسنو خۆتان بپارێزن لە کا ڕەکانتانداو پەیوەندی نێوان خۆتان چاك بکەنو ناهەقیو دژایەتیو دەمەقاڵێ لەگەڵ یەکتری مەکەن. ئەوەی خودا پێی داون لە ڕێی ڕاستو زانیاری زۆر چاکترە لەوەی کە دژایەتی یەکتری دەکەن لەسە ری ﴿وَأَطِيعُوا۟ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥٓ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ﴾ گوێڕایەڵی خوداو پێغەمبەرەکەی بن ئەگەر ئێوە بڕوادارن. واتە: لەوەی کە دابەشی دەکات لە نێوانتاندا، بەوشێوەیەی کە خودا ویستویەتی، بێگومان پێغەمبەر(ﷺ) بەوشێوەیەی کە خودا فەرمانی پێداوە دابەشی دەکات بە دادگەریو ڕێكو ڕاست. ئیبنو عەبباس ئەڵێت: ئەمە تەنگەهەڵچنینێکە لەلایەن خوداو پێغەمبەرەوە(ﷺ) لەسەر خاوەن باوەڕان کە بترسنو پەیوەندی نێوان خۆیان چاك بکەن[3]، موجاهیدش هەر وای وتووە[4] سوددی ئەڵێت: ﴿فَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَأَصْلِحُوا۟ ذَاتَ بَيْنِكُمْ﴾ واتە: قسە بەیەکتری مەڵێن[5] لێرەدا فەرموودەیەك باس دەکەین کە ئەبویەعلا ئەحمەدی کوڕی عەلی کوڕی ئەبو موسەنای موسڵی هێناویەتی لە موسنەدەکەیدا کە ڕیوایەتی کردووە لە ئەنەسەوە (ڕەزای خودای لێبێت) وتی: کاتێك کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) دانیشتبوو کە

[1] أحمد (٣٢٣/٥) فەرموودیەکی حەسەنە.

[2] تحفة الاحوذي (٤٦٨/٨)، ابن ماجه (٩٥١/٢) فەرموودیەکی حەسەنە.

[3] الطبری (٣٨٤/١٣).

[4] الطبری (٣٨٤/١٣).

[5] الطبری (٣٨٤/١٣).

سەیرمان کرد پێدەکەنێت هەتا ددانی پێرۆزی دەرکەوت. عومەر وتی: چی پێی کەناندی ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) دایكو بابم بە قوربانت بێت؟ پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (دوو پیاو لە ئوممەتەکەم لەبەردەستی پەروەردگاری گەورەو پاكو بێعەیبدا بەچۆکدا هاتن، یەکێکیان وتی: ئەی پەروەردگار! ئەم ناهەقیەم لەم برایە بۆ وەرگرەوە، خودای گەورە فەرمووی: ئەو ناهەقیەی براکەت بدەرەوە کە لێت کردووە، ووتی: ئەی پەروەردگار! هیچ شتێك لە چاکەکانم نەماوەتەوە، وتی: پەروەردگار با لەباتی من لە تاوانەکانم هەلگرێت)، وتی: چاوەکانی پێغەمبەر(ﷺ) ئاوی پێدا هاتەخوار بەگریانو پاشان فەرمووی: (بێگومان ئەوە لە ڕۆژێکی زۆر گەورەدایە، ڕۆژێکە خەلکی پێویستی بەوەیە کەسێك لەباتی ئەوان هەندێك لە تاوانەکانی بگرێتە ئەستۆ خۆی. خودای گەورە دەفەرموێت بەو داواکارە: چاوت بەرزبکەرەوەو سەیری ئەو باخانە بکە، سەری بەرزدەکاتەوەو دەلێت: ئەی پەروەردگار چەند شارێك دەبینم لە زیوو چەند کۆشکێك لە زێر کە ڕازاوەتەوە بە مرواری، ئەمە بۆ چ پێغەمبەرێکە؟ ئەمە بۆ چ ڕاستگۆیەکە؟ ئەمە بۆ چ شەهیدێکە؟ خودای گەورەدەفەرموێت: ئەمە بۆ ئەوکەسەیە نرخەکەی بدات. وتی: ئەی پەروەردگار کێ ئەوە وەدەست دێنێت؟ فەرمووی: تۆ دەتوانێت وەدەستی بێنیت. وتی: چۆن ئەی پەروەردگار؟ فەرمووی: خۆش ببیت لە براکەت. وتی: ئەی پەروەردگار! ئەوا من لێی خۆش بووم، خودای گەورە فەرمووی: دەستی براکەت بگرەو بیخەرە بەهەشت)، پاشان پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: (لە خودا بترسنو نێوان خۆتان چاك بکەن، بێگومان خودای گەورەئاشتەوایی دەخاتە نێوان خاوەنباوەڕان لە ڕۆژی قیامەتدا).

﴿ إِنَّمَا ٱلْمُؤْمِنُونَ ٱلَّذِينَ إِذَا ذُكِرَ ٱللَّهُ وَجِلَتْ قُلُوبُهُمْ وَإِذَا تُلِيَتْ عَلَيْهِمْ ءَايَٰتُهُۥ زَادَتْهُمْ إِيمَٰنًا وَعَلَىٰ رَبِّهِمْ
يَتَوَكَّلُونَ ﴿٢﴾ ٱلَّذِينَ يُقِيمُونَ ٱلصَّلَوٰةَ وَمِمَّا رَزَقْنَٰهُمْ يُنفِقُونَ ﴿٣﴾ أُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُؤْمِنُونَ حَقًّا ۚ لَّهُمْ دَرَجَٰتٌ
عِندَ رَبِّهِمْ وَمَغْفِرَةٌ وَرِزْقٌ كَرِيمٌ ﴿٤﴾ ﴾

نیشانەکانی بڕوادارە ڕاستگۆیەکان

خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿ إِنَّمَا ٱلْمُؤْمِنُونَ ٱلَّذِينَ إِذَا ذُكِرَ ٱللَّهُ وَجِلَتْ قُلُوبُهُمْ وَإِذَا تُلِيَتْ عَلَيْهِمْ ءَايَٰتُهُۥ زَادَتْهُمْ إِيمَٰنًا وَعَلَىٰ رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ ﴾ خاوەن بڕوا ئەو کەسانەن هەرکەناوی خودا برا دلّیان ترسی لێ دەنیشێتو کەنیشانەکانی ئەویان بۆ دەخوێنن بڕوایان بەهێز دەبێتو بەتەواوی خۆیان بە پەروەردگاریان دەسپێرن. عەلی کوڕی ئەبو تەلحە لە ئیبنو عەبباسەوە لەم ئایەتەدا ئەلێن: ﴿ إِنَّمَا ٱلْمُؤْمِنُونَ ٱلَّذِينَ إِذَا ذُكِرَ ٱللَّهُ وَجِلَتْ قُلُوبُهُمْ ﴾ وتی: دووڕووەکان هیچ شتێك لەیادی خودا ناچێتە دلّیان لەکاتی بەجێ هێنانی فەرزەکاندا، وە بڕوایان بەهیچ نیشانەیەکی خودا نیەو خۆیانی پێ ناسپێرنو

کاتێکیش دیارنەبن نوێژ ناکەن‌و زەکاتیش لەماڵەکانیان دەرناکەن. خودای گەورە باسی کردوون‌و فەرموویەتی ئەوانە بڕوادارنین. پاشان وەسفی خاوەنباوەڕانی کردووەو ئەفەرمووێت: ﴿ إِنَّمَا ٱلْمُؤْمِنُونَ ٱلَّذِينَ إِذَا ذُكِرَ ٱللَّهُ وَجِلَتْ قُلُوبُهُمْ ﴾ فەرزەکانیان بەجێ هێناوە ﴿وَإِذَا تُلِيَتْ عَلَيْهِمْ ءَايَٰتُهُۥ زَادَتْهُمْ إِيمَٰنًا ﴾ دەفەرمووێت بڕوایان زیاتر دەبێت ﴿وَعَلَىٰ رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ ﴾ بەتەواوی خۆیان بەخودا دەسپێرن‌و هیوایان بەکەسی تر نیە[1]. موجاهیدئەڵێت: ﴿وَجِلَتْ قُلُوبُهُمْ ﴾ دڵیان دادەچڵەکێت‌و دەترسن[2] سوددی‌و کەسانی تریش هەروایان وتووە، ئەمە نیشانەی بڕواداری ڕاستە ئەو بڕوادارەی کە کاتێك یادی خودای کرد ترس لەدڵی دەنیشێت.[3] واتە: لەخودا دەترسێت فەرمانەکانی بەجێ دێنێت‌و دور دەکەوێتەوە لە قەدەغەکراوەکانی. وەك خودای گەورە لە ئایەتێکی تردا دەفەرمووێت: ﴿ وَٱلَّذِينَ إِذَا فَعَلُوا۟ فَٰحِشَةً أَوْ ظَلَمُوٓا۟ أَنفُسَهُمْ ذَكَرُوا۟ ٱللَّهَ فَٱسْتَغْفَرُوا۟ لِذُنُوبِهِمْ وَمَن يَغْفِرُ ٱلذُّنُوبَ إِلَّا ٱللَّهُ وَلَمْ يُصِرُّوا۟ عَلَىٰ مَا فَعَلُوا۟ وَهُمْ يَعْلَمُونَ ﴾[4] ئەو کەسانەی کاتێك کاری خراپ دەکەن، یان ناهەقی لەخۆ دەکەن خودا لەبیر نابەنەوەو لەبەری دەپاڕێنەوە لەخەتاکانیان ببورێت، بێجگە لەخوداش کێ گوناهان دەبورێت؟ جا ئەوانە لەهەر کارێك کەزانیویانە هەڵەیە، پێ داگرنین، وەك ئەم ئایەتە کە دەفەرمووێت: ﴿وَأَمَّا مَنْ خَافَ مَقَامَ رَبِّهِۦ وَنَهَى ٱلنَّفْسَ عَنِ ٱلْهَوَىٰ ﴿٤٠﴾ فَإِنَّ ٱلْجَنَّةَ هِىَ ٱلْمَأْوَىٰ﴾[5] بەڵام کەسێك لە گەورەیی پەروەردگاری خۆی ترساوەو لە ئارەزووی دڵی خۆی وازی هێناوە، دیارە بەهەشت شوێنی ئەوە. هەر بۆیە سوفیانی سەوری وتی: بیستم لە سوددی لەم ئایەتەدا ﴿ إِنَّمَا ٱلْمُؤْمِنُونَ ٱلَّذِينَ إِذَا ذُكِرَ ٱللَّهُ وَجِلَتْ قُلُوبُهُمْ ﴾ دەیوت: ئەوە پیاوێکە دەیەوێت ناهەقیەك بکات، یان گەرەکیە گوناهێك بکات، پێی دەوترێت: لەخودا بترسە، دڵی ڕادەچڵەکێت‌و دەترسێت.

کاتێك ئایەتەکانی قورئان خوێنرا بڕوا زیاد دەکات‌و بەهێز دەبێت

خودای گەورەدەفەرمووێت: ﴿وَإِذَا تُلِيَتْ عَلَيْهِمْ ءَايَٰتُهُۥ زَادَتْهُمْ إِيمَٰنًا ﴾ کە نیشانەکانی ئەویان بۆ دەخوێنرێت، بڕوایان بەهێزتر دەبێت، وەك ئەم ئایەتەش کە خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَإِذَا مَآ

---

[1] الطبری (١٣/٣٨٦).

[2] الطبری (١٣/٣٨٦).

[3] الطبری (١٣/٣٨٦).

[4] ال عمران (١٣٥).

[5] النازعات (٤٠-٤١).

أُنزِلَتْ سُورَةٌ فَمِنْهُم مَّن يَقُولُ أَيُّكُمْ زَادَتْهُ هَٰذِهِۦٓ إِيمَٰنًا ۚ فَأَمَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ فَزَادَتْهُمْ إِيمَٰنًا وَهُمْ يَسْتَبْشِرُونَ﴾[1] کاتێك سورەتێك دێتە خوار، هی وایان لەناو دایە، دەڵێت: کێتان بڕوای پێبتەو تر بووە؟ جا ئەوانەی بڕوایان بەخودا هێناوە باوەڕیان بەهێزتر دەبێتو خۆشحاڵ دەبن. بوخاریو کەسانی تریش لەپێشەوایان ئەم ئایەتەو وێنەی ئەم ئایەتە دەکەنە بەڵگە لەسەر بەهێزبوونو زیادبونی باوەڕو جیاوازی لەدڵەکاندا. ئەمەش ڕاو بۆچونی زۆرینەی ئەم ئوممەتەیە، بەڵکو زۆرێك لە پێشەوایانی ئەم ئوممەتە دەڵێن کۆی زانایانی ئەم ئوممەتەی لەسەرە، وەك شافیعیو ئەحمەدی کوڕی حەنبەلو ئەبو عوبەیدە، وەك لەسەرەتای شەرحی بوخاریدا ئەوەمان بەباشی ڕوون کردووەتەوە. سوپاسو ستایش هەر بۆ خودای گەورە.

باسی خۆ سپاردن بەخودای گەورە

﴿وَعَلَىٰ رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ ﴾ خۆیان بە پەروەردگاریان دەسپێرن. واتە: بەتەمای کەس نین بێجگە لە خودا، تەنیا مەبەستیان خودایەو هانا نابەنە بەر کەس بیجگە لەو، داوای پێویستیەکانیان هەر لەو دەکەن، دڵیان بەو خۆشەو دەزانن مەیلی لەهەر شتێك بوبێت بووە، مەیلیشی لەهەر شتێك نەبوبێت نەبووە، هەر خودا خۆی دەستەڵاتدارە لە موڵکەکانیانو شەریکی نیە، کەس دەستی وەرناداتە فەرمانیو لێپرسینەوەی خێرایە، هەر بۆیە سەعیدی کوڕی جوبەیرئەڵێت: خۆ بەخودا سپاردن کۆی بڕوایە.

باسی کارەکانی خاوەنباوەڕان

خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿ ٱلَّذِينَ يُقِيمُونَ ٱلصَّلَوٰةَ وَمِمَّا رَزَقْنَٰهُمْ يُنفِقُونَ ﴾ ئەوانەن کە نوێژ دەکەنو لەو بژێویەی بەشمان داون دەبەخشن. خودای گەورە ئاماژە بەوە دەکات لەسەر ئاکارەکانیان دوای ئەوەی کە باسی بیرو باوەڕی کردوون. ئەم کردارانەش هەموو جۆرە چاکەکان دەگرێتەوە، لەوانە بەجێهێنانی نوێژەکانی خودای گەورەیە، قەتادە وتی: بەجێهێنانی نوێژ، واتە: پارێزگاری کردن لە کاتەکانیو دەستنوێژو کڕنوشو سوجدەکانی[2] موقاتیلی کوڕی حەیان ئەڵێت: جێبەجێکردنی نوێژ، واتە: پارێزگاری لە کاتەکانیو دەستنوێژهەڵگرتنی پاكو تەواو ڕکوعو سوجدەی ڕێكوپێكو خوێندنی قورئان تێیداو شایەتومانو سەڵاوتدان لەسەر پێغەمبەر(ﷺ) ئەمە بەجێهێنانی نوێژە.[3] ماڵ بەخشین لەو بژێوەی خودا پێی بەخشیون. زەکات دان گشت هەقەکانی تری خەڵکی دەگرێتەوە لە فەرزو

---

[1] التوبة (١٢٤).

[2] ابن أبي حاتم (٣٧/١).

[3] ابن أبي حاتم (٣٧/١).

سوننەتەکان، چونکە هەموو خەڵك خودا بژێویدەریانە، خۆشەویسترینیان لەلای خودا بەسودترینیانە بۆ بەندەکانی.

باسی ڕاستی باوەڕ

خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُؤْمِنُونَ حَقًّا ﴾ ئەوانە بڕوادارانی ڕاستەقینەن. واتە: ئەوانەی کە هەڵدەستن بەم ڕەوشتانە خاوەنباوەڕی ڕاستو تەواون.

بەروبوومی باوەڕی تەواو

خودای گەورەدەفەرموێت: ﴿لَّهُمْ دَرَجَٰتٌ عِندَ رَبِّهِمْ ﴾ لەلای پەروەردگاریان پلەو پایەی چاکیان هەیە. واتە: شوێنو جێگەو پلەو پایەی پەسەندیان دەبێت لەو باخانەدا. وە لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێت: ﴿ هُمْ دَرَجَٰتٌ عِندَ ٱللَّهِ ۗ وَٱللَّهُ بَصِيرٌۢ بِمَا يَعْمَلُونَ ﴾[1] (چاکەکاران خراپەکاران) بۆ هەموویان خودا چەند پلەی داناوە، خودا خۆی چاودێرە بەوەی کە دەیکەن. ﴿وَمَغْفِرَةٌ وَرِزْقٌ كَرِيمٌ ﴾ لێ خۆشبوونو بژێوی پەسەندیان هەیە. واتە: لە تاوانەکانیان دەبورێتو ڕێزیشیان لێ دەگرێت لەسەر چاکەکان. وە لە هەردوو سەحیحەکەدا هاتووە کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئەفەرموێت: (بێگومان خەڵکی (علیین) ئەوانەی لە خواری ئەوانەوەن دەیانبینن وەك چۆن ئێوە ئەو ئەستێرەیە دەبینن کە بەرەو ئاوابوون دەچێت لە ئاسۆی ئاسماندا)، وتیان: ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئەوە پلەو پایەی پێغەمبەرانە جگە لەوان کەس پێی ناگات. فەرمووی: (بەڵێ سوێند بەوکەسەی کە گیانی منی بەدەستە پیاوانێکن باوەڕیان بە خودا هێناوەو پێغەمبەرانیان بەڕاست زانیوە)[2] پێیان دەگەن. وە لە فەرموودەیەکی تردا کە ئیمامی ئەحمەدو زانایانی تری فەرموودە ڕیوایەتیان کردووە لە ئەبوعەتیەوە لە ئیبنو ئەبی سەعیدەوەئەڵێت: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (بێگومان خەڵکی بەهەشت خەڵکی پلەوپایە بەرزەکان دەبینن، وەك چۆن ئێوە ئەستێرە دەبینن بەرەو ئاوابوون دەچێت لە ئاسۆی ئاسماندا، وە ئەبوبەکرو عومەریش لەوکەسانەن، ئەو چاکەیان بەرکەوتووە)[3].

﴿ كَمَآ أَخْرَجَكَ رَبُّكَ مِنۢ بَيْتِكَ بِٱلْحَقِّ وَإِنَّ فَرِيقًا مِّنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ لَكَٰرِهُونَ ﴿٥﴾ يُجَٰدِلُونَكَ فِى ٱلْحَقِّ بَعْدَ مَا تَبَيَّنَ كَأَنَّمَا يُسَاقُونَ إِلَى ٱلْمَوْتِ وَهُمْ يَنظُرُونَ ﴿٦﴾ وَإِذْ يَعِدُكُمُ ٱللَّهُ إِحْدَى ٱلطَّآئِفَتَيْنِ أَنَّهَا لَكُمْ وَتَوَدُّونَ

---

[1] ال عمران (١٦٣).

[2] فتح الباری (٣٦٨/٦)، مسلم (٢١٧٧/٤).

[3] أحمد (٦١/٣)، أبوداود (٢٨٧/٤)، تحفة الاحوذي (١٤٢/٨)، ابن ماجه (٣٧/١) فەرموودەیەکی لاوازە.

أَنَّ غَيْرَ ذَاتِ ٱلشَّوْكَةِ تَكُونُ لَكُمْ وَيُرِيدُ ٱللَّهُ أَن يُحِقَّ ٱلْحَقَّ بِكَلِمَٰتِهِۦ وَيَقْطَعَ دَابِرَ ٱلْكَٰفِرِينَ ﴿٧﴾
لِيُحِقَّ ٱلْحَقَّ وَيُبْطِلَ ٱلْبَٰطِلَ وَلَوْ كَرِهَ ٱلْمُجْرِمُونَ ﴿٨﴾ ﴾

شوێنکەوتنی پێغەمبەر(ﷺ) مایەی چاکەیە بۆ باوەڕداران

خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿ كَمَآ أَخْرَجَكَ رَبُّكَ مِنۢ بَيْتِكَ بِٱلْحَقِّ وَإِنَّ فَرِيقًا مِّنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ لَكَٰرِهُونَ ﴿٥﴾ يُجَٰدِلُونَكَ فِى ٱلْحَقِّ بَعْدَ مَا تَبَيَّنَ كَأَنَّمَا يُسَاقُونَ إِلَى ٱلْمَوْتِ وَهُمْ يَنظُرُونَ ﴿٦﴾ وَإِذْ يَعِدُكُمُ ٱللَّهُ إِحْدَى ٱلطَّآئِفَتَيْنِ أَنَّهَا لَكُمْ وَتَوَدُّونَ أَنَّ غَيْرَ ذَاتِ ٱلشَّوْكَةِ تَكُونُ لَكُمْ وَيُرِيدُ ٱللَّهُ أَن يُحِقَّ ٱلْحَقَّ بِكَلِمَٰتِهِۦ وَيَقْطَعَ دَابِرَ ٱلْكَٰفِرِينَ ﴿٧﴾ لِيُحِقَّ ٱلْحَقَّ وَيُبْطِلَ ٱلْبَٰطِلَ وَلَوْ كَرِهَ ٱلْمُجْرِمُونَ ﴾ هەروەك ئەوەی پەروەردگارت (بە ڕاستی) تۆی لە ماڵی خۆت هێنایەدەر هەندێکیشلە باوەڕداران ناڕازی بوون، لەپاش ڕاستی ڕوونبوونەوەش، ئەوان کێشمەت لەگەڵ دەکەن، وەك بە ئاشکرا ببینن کە بەرەو مردنیان ڕاپێچ دەکەی، ئەوس خودا بەڵێنی پێدان کە یەکێك لەو دوو کۆمەڵە بۆ ئێوەیە، ئێوە هەر ئارەزووتان بوو دەستە بێ دەستەڵاتەکە بۆ ئێوە بێت. خوداش دەیەوێت وتەکانی خۆی بەڕاست دەربچێتو خودانەناسان بنەبڕ بکات. تا ڕاستی سەقامگیر بکاتو پووچو چرووك لەناو بەرێت، هەرچەندە تاوانبارەکان حەزی لێ ناکەن. تەبەری وتی: زانایانی تەفسیر ڕایان جیاوازی لەهۆکاری هێنانی ئەم کافە (الکاف) لەم دەقەدا کە خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿ كَمَآ أَخْرَجَكَ رَبُّكَ ﴾ هەندێکیان دەڵێن: وەك لێچوونێك لەنێوان ئەم دوو ڕوداوەدا هاتووە بۆ ڕێکخستنی خاوەنباوەڕان، تا لەخودای خۆیان بترسنو ناکۆکی لەنێوان خۆیاندا نەهێڵنو گوێڕایەڵی خوداو پێغەمبەرەکەی بن (ﷺ) ئەمە مانای ئەوەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت: وەك ئەوکاتەی ئێوە کە ناکۆك بوون لەناو خۆتاندا لەسەر دەستکەوتو هەرکەسە بۆخۆی کۆ دەکردەوە، خودا لە دەستی ئێوەی سەندەوەو دای بە پێغەمبەری (ﷺ) ئەویش بە دادو یەکسانی دابەشی کرد، ئا ئەوە لەبەرژەوەندی تەواوی ئێوە بوو، هەر بەو شێوەیەش کاتێك کە حەزتان لەدەرچوونو ڕوو بەڕووی دوژمنی چەکدار نەدەکرد (ئەوانە دەرچوونو ڕۆیشتن بۆ یارمەتی دانی ئاینەکەیانو وەدەست هێنانی کاروانە بازرگانیەکەی قورەیش)، ئەوەش سەرەنجامی ئەو حەز نەکردنەتان بوو لەو شەڕە، بەڵام خودا بڕیاری داو بەو هۆیەوە خودا ئێوەو ئەوانی ڕوو بەڕووکردەوە بەبێ ئەوەی کات دیاری بکرێت، هەتا ببێتە هۆی شارەزایىو ڕێنماییو یارمەتیو سەرکەوتن بۆتان. وەك خودای گەورە لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێت: ﴿ كُتِبَ عَلَيْكُمُ ٱلْقِتَالُ وَهُوَ كُرْهٌ لَّكُمْ وَعَسَىٰٓ أَن

تَكْرَهُوا شَيْئًا وَهُوَ خَيْرٌ لَّكُمْ وَعَسَىٰٓ أَن تُحِبُّوا شَيْئًا وَهُوَ شَرٌّ لَّكُمْ وَاللَّهُ يَعْلَمُ وَأَنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ ﴾[1]
غەزاتان لەسەر نوسراوە، هەر چەندە خۆشتان لێی نایە، لەوانەیە حەز لەشتێك نەكەن بەلام (ئەو شتە) بەخێر بگەڕێت بۆتان لەوانەشە ئاوات بۆ شتێك بخوازن كە ئاكامەكەی باش نەبێت، خودا(خۆی) دەزانێت‌و ئێوە سەری لێ دەرناكەن ﴿وَإِنَّ فَرِيقًا مِّنَ الْمُؤْمِنِينَ لَكَارِهُونَ ﴾ سوددی ئەڵێت: هەندێك لە باوەڕداران حەزیان نەدەكرد ڕوو بەڕووی بتپەرستان ببنەوە ﴿يُجَادِلُونَكَ فِي الْحَقِّ بَعْدَ مَا تَبَيَّنَ ﴾ لەپاش ڕاستی ڕوون بوونەوەش ئەوان كێشەت لەگەڵ دەكەن. هەندێك لە زانایانی تەفسیر دەڵێن: لەبارەی دەستكەوتەوە پرسیارت لێ دەكەن‌و مشتومڕت لەگەڵدا دەكەن. وەك چۆن لە ڕۆژی بەدردا كردیان لەگەڵتدا. وتیان: تۆ دەرت كردووین بۆ كاروانەكە، كەچی فێری جەنگت نەكردوین تا خۆمانی بۆ ئامادە بكەین؟ ﴿وَيُرِيدُ اللَّهُ أَن يُحِقَّ الْحَقَّ بِكَلِمَاتِهِ ﴾ خودا دەیەوێت ووتەكانی خۆی بەڕاست دەربچێت. واتە: خودا دەیەوێت ئێوەو ئەو كۆمەڵەی كە دەستەلاتدارو شەڕ كەرن ڕوو بەڕوو بكاتەوە بۆ ئەوەی زاڵ بن‌و سەركەون بەسەریاندا، ئاینەكەی دەركەوێت‌و ووتەی ئیسلام بەرز ببێتەوەو سەركەوتوو بێت بەسەر ئاینەكانی تردا. خودا خۆی ئاكامی شتەكان باشتر دەزانێت‌و چاكتر كارەكانتان بۆ پێك دێنێت.
هەرچەندە بەندەكان پێچەوانەی ئەوەیان حەز لێیە كە دێتە ڕێیان، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿كُتِبَ عَلَيْكُمُ الْقِتَالُ وَهُوَ كُرْهٌ لَّكُمْ وَعَسَىٰٓ أَن تَكْرَهُوا شَيْئًا وَهُوَ خَيْرٌ لَّكُمْ وَعَسَىٰٓ أَن تُحِبُّوا شَيْئًا وَهُوَ شَرٌّ لَّكُمْ ﴾[2] موحەممەدی كوڕی ئیسحاق لە ئیبنو عەبباسەوەئەڵێت: كاتێك پێغەمبەری خودا(ﷺ) بیستی كە ئەبو سوفیان لەشامەوە دێت موسوڵمانانی بۆ ئامادە كردو فەرمووی ئەوە كاروانەكەی قورەیشە كەماڵ‌و سامانی ئەوانیشی تێدایە، بڕۆن بۆی بەڵكو ئەمە خودایە بكەوێتە دەستی ئێوە، خەڵكی خۆیان ئامادەكرد، هەندێكیان پێیان باش بوو هەندێكیشیان بەلایانەوە گران بوو، چونكە وایان نەدەزانی كە پێغەمبەری خودا(ﷺ)تووشی شەڕ دەبێت. كاتێك ئەبو سوفیان نزیكی حیجاز بووەوە هەوڵی دەدا دەنگو باس كۆبكاتەوە، بگەیشتایە بەهەر ڕێبوارێك پرسیاری لێدەكرد، لەترسی ئەوەی نەكا خەڵكی تووشی شتێكی بكەن، هەتا هەواڵێكی چاكی دەستكەوت لەهەندێك ڕێبوارەوە كە موحەممەد(ﷺ) هاوەڵەكانی ئامادەكردووە بۆ خۆی‌و كاروانەكەی. بۆیە هەوڵی خۆپاراستنی داو زەمزەمی كوڕی عەمری غەفاری بەكرێ گرت‌و ڕەوانەی كرد بۆ لای خەڵكی مەككەو فەرمانی پێدا كە بچێتە لای قورەیش‌و ئاگاداریان بكات كە فریایی ماڵ‌و سامانەكەیان بكەون‌و هەواڵیان بداتێ كە موحەممەدو (ﷺ)

[1] البقرة (٢١٦).

[2] البقرة (٢١٦).

هاوەڵەکانی ڕێیا لە کاروانەکەی گرتووە زەمزەمی کوڕی عەمر بەپەلە خۆی گەیاندە مەککە. پێغەمبەری خوداش لەگەڵ هاوەڵەکانیان دەچوون هەتا گەیشتنە شیوێك کە پێی دەوترا زەخران لەوێش دەرچوو کەمێکی مابوو لەناوچەکە دەربچن دەبەزینو هەواڵیان دایە کە قورەیش بەڕێوەن بۆ ئەوەی نەیەڵن بەر کاروانەکەیان بگیرێت. پێغەمبەری خودا(ﷺ) ڕوێژی لەگەڵ ئەو خەڵکەدا کردو هەواڵی قورەیشی پێدان. ئەبو بەکر هەستاو قسەی چاکی کرد، عومەر هەستاو قسەی باشی کرد، پاشان میقدادی کوڕی عەمر هەستاو وتی: بڕۆ بۆ ئەوەی کە خودا فەرمانی داوە پێت، ئێمە لەگەڵتاین سوێند بەخودا، ئەوەت پێ ناڵێین کە نەوەی ئیسرائیل وتیان بە مووسا (سەلامی خودای لێبێت) ﴿فَٱذۡهَبۡ أَنتَ وَرَبُّكَ فَقَٰتِلَآ إِنَّا هَٰهُنَا قَٰعِدُونَ﴾[1] کەواتە خۆتو پەروەردگارت بچن شەڕیان لەگەڵ بکەن وا ئێمە لێرە دانیشتووین بەڵکو خۆتو پەروەردگارت بچن شەڕ بکەن ئێمەش لەگەڵ ئێوەین دەجەنگین، سوێند بەو کەسەی کەتۆی بەهەق ناردووە ئەگەر تۆ ئێمە بەری بۆ بیرکولغوماد شارێکی حەبەشیەکانە ئێمە لەگەڵتاین دواناکەوین تا پێی دەگەیت. پێغەمبەری خودا(ﷺ) پێی وت: زۆر باشەو دووعای خێری بۆ کرد، پاشان پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: (ئەی خەڵکینە گوێم بۆ بگرن (ئاگاتان لێم بێت))، بێگومان مەبەستی ئەنساریەکان بوو، چونکە ئەوانە ژمارەیەکی زۆر بوون لەو خەڵکە، کاتێك کە پەیمانیان لەگەڵ بەست لە عەقەبە وتیان: ئێمە لەژێر سایەی تۆ دانین تا دێیتە لای ئێمە، کاتێك کە گەیشتیە لامان تۆ لە سایەی ئێمەدای پارێزگاریت لێدەکەین وەك چۆن پارێزگاری لەماڵو منداڵی خۆمان دەکەین. پێغەمبەری خودا(ﷺ) لەوە دەترسا کە بەئەرکی خۆیانی نەزانن یارمەتی بدەن جگە لەو دوژمنەی کە هێرش بکاتە سەر مەدینە. وە ئەوەشیان لەسەر نیە کە بیانبات بۆ یەر هیچ دوژمنێك لە وڵاتی خۆیاندا. کاتێك پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئەوەی فەرموو. سەعدی کوڕی مەعاز پێی وت: بەڕاستی ئێمە بڕوامان بەتۆ کردو بەڕاستمان زانیتو شایەتیشمان دا کە ئەوەی تۆ پێی هاتوی هەر ئەوە هەقەو لەسەر ئەوەش پەیمانو بەڵێنی خۆمان پێداوی کە گوێڕایەڵو مل کەچ بین. فەرمووی ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) بڕۆ بەرەو ئەوەی کە خودا فەرمانی پێکردووی. سوێند بەو کەسەی کە تۆی ڕەوانەکردووە بەو ڕاستیە، ئەگەر بەرەو ئەو دەریایە بمانبەیت لێی بدەی ئێمە لەگەڵتا لێی دەدەین، یەك کەس لەئێمە لێی دواناکەوێت، بەڵکو خودا ئەوەت پیشان بدات لە ئێمەوە چاوت پێی ڕوون بێتەوە. بە پشتو پەنای خودا بەڕێمان بکە. پێغەمبەری خودا(ﷺ) زۆر دڵخۆش بوو بەقسەکانی سەعدو پێی گەشایەوە، پاشان فەرمووی: (بەپشتو پەنای خودا بڕۆنو مژدە بێت لێتان بێگومان خودا بەڵێنی یەکێك لەم دوو کۆمەڵەی پێداوم، سوێند بەخودا وەك ئەوەی من ئێستا سەیری

---

[1] المائدة (٢٤).

شوێن کەوتنی (مردنی) ئەو کۆمەڵە بکەم وایە)[1]، عەوفیش ڕیوایەتی کردووە لە ئیبنو عەبباسەوە هەر بەم شێوەیە[2] سوددیو قەتادەو عەبدوڕەحمانی کوڕی زەیدی کوڕی ئەسلەمو کەسانی تریش لە زانایانی پێشینەو پاشینەش هەروایا وتووە[3] وتەکانی ئەوانمان کورت کردوەتەوەو بە ڕیوایەتەکەی موحەممەدی کوڕی ئیسحاق کۆتایمان پێ هێناوە.

﴿إِذْ تَسْتَغِيثُونَ رَبَّكُمْ فَاسْتَجَابَ لَكُمْ أَنِّي مُمِدُّكُم بِأَلْفٍ مِّنَ الْمَلَائِكَةِ مُرْدِفِينَ ﴿٩﴾ وَمَا جَعَلَهُ اللَّهُ إِلَّا بُشْرَىٰ وَلِتَطْمَئِنَّ بِهِ قُلُوبُكُمْ ۚ وَمَا النَّصْرُ إِلَّا مِنْ عِندِ اللَّهِ ۚ إِنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ﴿١٠﴾﴾

هانا بردنی موسوڵمانان و بەهانا چوونی خودا بۆیان و ناردنی فریشتە بۆیان

کاتێك کە هاناتان بۆ پەروەردگارتان برد، خوداش هات بە هاناتانەوە،فەرمووی: ئەوا بەشوێن یەکدا هەزار فریشتە دەنێرم بۆ یارمەتیتان. بوخاری لە کتێبی (المغازی) یەکەیدا لەوبەشەدا کە خوای گەورەدەفەرمووێت: ﴿إِذْ تَسْتَغِيثُونَ رَبَّكُمْ﴾ تا دەگاتە ئەوشوێنەی کە دەفەرمووێت: ﴿فَإِنَّ اللَّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ﴾ ڕیوایەتی کردووە لە ئیبنو عەبباسەوە وتی: دیمەنێکم بینی لە میقدادی کوڕی ئەسرەدەوە هاوەڵیەکەی ئەوم لەلا خۆشەویستربوو لە هەرشتێکی تر لە جێگەیدا (لە هەموو دونیادا کە پێی بکۆڕمەوە) کە هات بۆلای پێغەمبەر(ﷺ) دۆعای لە بتپەرستەکان کرد، میقداد وتی: ئێمە وەك ئەوە ناڵێین کە گەلی مووسا وتیان: ﴿اذهب أنت وربك فقاتلا﴾ تۆ خۆتو پەروەردگارت بچن شەڕیان لەگەڵدا بکەن. بەڵکو ئێمە شەڕدەکەین لەلای ڕاستەوەو لەلای چەپتەوەو لەبەردەستتداو لە دواشتەوە ، وتی: پێغەمبەرم (ﷺ) بینی ڕووی درەوشایەوەو قسەکەی پێ خۆش بوو[4] پاشان ڕیوایەتی کردووە لە ئیبنو عەبباسەوە وتی: پێغەمبەر(ﷺ) لە ڕۆژی بەدردا فەرمووی: (ئەی خودایە داوات لێ دەکەم بەڵێنو پەیمانی خۆتە، ئەگەر ویستت لێبێت (ئەکم کۆمەڵە لەناوبەریت) ناپەرسترێیت)، واتە: لەسەر ئەم ئاینە کەس ناتپەرستێت. ئەبوبەکر دەستی پێغەمبەری گرتو وتی: بەستە، هاتەدەرو هەر دەیفەرموو: ﴿ سَيُهْزَمُ الْجَمْعُ وَيُوَلُّونَ الدُّبُرَ ﴾[5] بەمزوانە ئەو کۆمەڵە لە شەڕ دەشکێتو پشت هەڵدەکەنو ڕادەکەن. نەسائیش ڕیوایەتی کردووە.[6] پاشان خوای گەورەدەفەرمووێت: ﴿بِأَلْفٍ مِّنَ الْمَلَائِكَةِ

---

[1] الطبري (٣٩٩/١٣).

[2] الطبري (٤٠٣/١٣).

[3] الطبري (٤٠٥/٤٠٢/١٣).

[4] فتح الباري (٣٣٥/٧).

[5] القمر (٤٥).

[6] فتح الباري (٣٣٥/٧)، النسائي في الكبرى (٤٧٧/٦).

مُرۡدِفِينَ ﴾ ئەوا بەشوێن یەكدا هەزار فریشتە دەنێرم. واتە: هەندێك بەشوێن هەندێكیدا، وەك هاروونی كوڕی عەنتەرە لە ئیبنو عەبباسەوە ئەڵێت: ﴿مُرۡدِفِينَ ﴾ واتە: بەشوێن یەكدا.[1] عەلی كوڕی ئەبوتەلحە ڕیوایەتی كردووە لە ئیبنو عەبباسەوە ئەڵێت: خودا یارمەتی نارد بۆ پێغەمبەرەكەی(ﷺ) خاوەنباوەڕان بە هزار فریشتە، جوبرەئیل بە پێنج سەد فریشتەی قەلغان پۆشەوەو میكائیلیش بە پێنج سەدی قەلغان پۆشەوە.[2] ئیمام ئەبوجەعفەری كوڕی جەریرو موسلیم فەرموودەیەكەیان ڕیوایەت كردووە لە ئیبنو عەبباسەوە لە عومەرەوە.[3] ئەم دەقەی تێدایە: لەوڕۆژەدا پیاوێك لە موسڵمانەكان رایكرد بەشوێن یەكێك لە بت پەرستەكاندا لە پشتیەوەبوو، لەناكاو لە سەریەوە گوێی لە شەقەی قامچیەكو دەنگی ئەسپ سوارێك بوو، سوارەكەش دەیوت: حەیزوم هەڵمەت بەرە، كە سەیری بت پەرستەكەی كرد لەپشت كەوت، تەماشای كرد لووتی زامداربووەو هەڵدڕاوە بە ئەندازەی بەكەوتنی قامچیەك كە هەموو ئەوانە سەوز هەڵگەڕابوون، دوایی ئەنسارییەكە هاتەلای پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئەوەی بۆگێڕایەوە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (ڕاست دەكەیت ئەوە یا رمەتیو پشتگیری فریشتەكانی ئاسمانی سێهەم لەوڕۆژەدا حەتایان كوشتووەو حەفتاشیان دەست بەسەركردووە)[4]، بوخاری لە بەشی (ئامادەبوونی فریشتەكان لە بەدردا) ڕیوایەتی كردووە لە ڕەفاعەی كوڕی رافعی زورەقیەوە، كە خەڵكی بەدر بوو وتی: جوبرەئیل هات بۆلای پێغەمبەر(ﷺ) وتی: چۆن سەیری خەڵكی بەدر دەكەن لە ناو خۆتاندا؟ پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: لە چاكترینی موسڵمانانن یان قسەیەكی بەوشێوەیەی كرد: (جوبرەئیل) وتی: ئەوانەش لە فریشتەكان ئامادەبوون هەروەهان[5] تەنیا بوخاری خۆی هێناویەتی. وە لە هەردوو سەحیحەكەدا هاتووە كە پێغەمبەری خودا(ﷺ) وتی بە عومەر كاتێك وتوێژی لەگەڵدا كرد لەبارەی كوشتنی حاتبی كوڕی بەلقەعەوە: (بێگومان ئەو (حاتەب) ئامادەی بەدربووە تۆ چوزانیت لەوانەیە خودا ئاگاداربووبێت بەسەر خەڵكی بەدرداو فەرموبێتی: هەرچی دەكەن بیكەن من خۆش بووم لێتان[6] پاشان خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿ وَمَا جَعَلَهُ ٱللَّهُ إِلَّا بُشۡرَىٰ وَلِتَطۡمَئِنَّ بِهِۦ قُلُوبُكُمۡ ﴾ خودا ئەو بەڵێنەشی هە ربۆیە پێدان، تا مژدەیەك بێت بۆتانو دڵەكانتان پێی ئارام بگرێت. ئەگینا

---

[1] الطبری (١٣/٤١٢).

[2] الطبری (١٣/٤٢٣).

[3] الطبری (١٣/٤٠٩)، مسلم (٣/١٣٨٣).

[4] مسلم (٣/١٣٨٤).

[5] فتح الباری (٧/٣٦٢).

[6] فتح الباری (٧/٣٥٥)، مسلم (٤/١٩٤١).

خودا توانای هەیە سەرتان بخاتبەسەر دوژمنەکانتانداو دڵەکانتان ئۆقرەبگرێت پێی سەرکەوتنیش تەنیا هـەر لـەلای خوداوەیـە، هەربۆیـە دەفـەرمووێت: ﴿وَمَا ٱلنَّصۡرُ إِلَّا مِنۡ عِندِ ٱللَّهِ﴾ یارمـەتیش هـەر لـە خوداوەیـە. وەم لـە چـەند ئایـەتێکی تریـشدا دەفـەرمووێت: ﴿فَإِذَا لَقِيتُمُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ فَضَرۡبَ ٱلرِّقَابِ حَتَّىٰٓ إِذَآ أَثۡخَنتُمُوهُمۡ فَشُدُّواْ ٱلۡوَثَاقَ فَإِمَّا مَنَّۢا بَعۡدُ وَإِمَّا فِدَآءً حَتَّىٰ تَضَعَ ٱلۡحَرۡبُ أَوۡزَارَهَاۚ ذَٰلِكَ وَلَوۡ يَشَآءُ ٱللَّهُ لَٱنتَصَرَ مِنۡهُمۡ وَلَٰكِن لِّيَبۡلُوَاْ بَعۡضَكُم بِبَعۡضٍۗ وَٱلَّذِينَ قُتِلُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ فَلَن يُضِلَّ أَعۡمَٰلَهُمۡ ﴿٤﴾ سَيَهۡدِيهِمۡ وَيُصۡلِحُ بَالَهُمۡ ﴿٥﴾ وَيُدۡخِلُهُمُ ٱلۡجَنَّةَ عَرَّفَهَا لَهُمۡ﴾[1] هەرکاتێك تووشی ئەو بێ باوەڕانە بوون لە ملیان بدەن، پاش نجڕنجڕکردنیـان شـەکەتیان دەن، ئەوسا یان هەر بە چاکە ئازادیان بکەن، یان بەرخوێنیان لێ بسێنن، تا شەڕ کۆتـایی پـێ دێت، ئەگـەر خـودا بیویـستایە بـۆ خـۆی تۆڵـەی لـێ دەسـەندن. بـەڵام ویستی بـە یـەکتری تاقیتـان بکاتـەوە، ئەوکەسانەش کە لە ڕێـی خـودادا کـوژران کردەوەکانیـان بـەفیڕۆنادات. بەمزوانـە ڕێگـەیان پـێ نیـشان دەداتو کاروباری ژیانیان بۆ چاك دەکات. دەشیانخاتە ئەو بەهەشتەی کە پێشەکی بۆی باس کردوون. وە لـە ئایـەتێکی تـردا دەفـەرمووێت: ﴿وَتِلۡكَ ٱلۡأَيَّامُ نُدَاوِلُهَا بَيۡنَ ٱلنَّاسِ وَلِيَعۡلَمَ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَيَتَّخِذَ مِنكُمۡ شُهَدَآءَۗ وَٱللَّهُ لَا يُحِبُّ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿١٤٠﴾ وَلِيُمَحِّصَ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَيَمۡحَقَ ٱلۡكَٰفِرِينَ﴾[2] ئێمـه ئاوا لەناو خەڵكدا زەمانە وەستاو دەست پێدەکەین، تا خودا خاوەنباوەڕان بناسێتو کەسانێکیش بۆ شایەتی لە نێوانتاندا هەڵدەبژێرێت. خودا ناهەقیکارانی خۆشناوێت. هەتا خودا باوەڕداران هـەڵاوێرێتو بێ باوەڕان لەناوبەرێت. ئەمە بڕیا ری شەرعی خودایە کە بێبـاوەڕان دەبێت جیهادبکرێن بـە دەسـتی خاوەنباوەڕان. هەربۆیە خودای گەورە ئەو گەلە پێشوانەی کە بڕوایان بـە پێغەمبـەرەکانیان نـەکردووە تۆڵەی لێ سەندنو تووشی بەڵای گشتگیری کردوون وەك چۆن هۆزی نوح بە تۆفانو باوباران لەناوبردو عادی یەکەمیشی بە ڕەشەبا لەناوبرد، سەمودیش بـە دەنگـی بـەرز و هـۆزی لـووتیش بـە ڕۆچـوون بـە زەمینداو هەڵگەڕانەوەو بەردەبارانە بـە قـوڕی سـواوی ڕەشو هـۆزی شـوعەیبیش بـە هـەورو هـەمووی لەناوبردن. کاتێك کە خودای گەورە مووسای ڕەوانـەکردو فیرعـەونی دوژمنـیو هۆزەکـەی لـەناوبرد بـە خنكاندن لە دەریادا پاشان تەوراتی بۆ مووسا نارد، فەرمانی جەنگی لەگەڵ خودانەناساندا لە تەوراتـدا پێدانـەوبڕاوە لـە ئاینـەکانی تریـشدا بـەردەوام هەرمایـەوە لـە دوای مووسـاش. وەك خـوای گـەورە دەفـەرمووێت: ﴿وَلَقَدۡ ءَاتَيۡنَا مُوسَى ٱلۡكِتَٰبَ مِنۢ بَعۡدِ مَآ أَهۡلَكۡنَا ٱلۡقُرُونَ ٱلۡأُولَىٰ بَصَآئِرَ﴾[3] لـەپاش

---

[1] محمد (٤- ٦).

[2] ال عمران (١٤٠- ١٤١).

[3] القصص (٤٣).

ئەوەی چین‌و بەرەکانی پێشومان قرتێخستنێمە ئەو کتێبەمان دا بە مووسا کە بۆ مـەردووم ببێتـەهۆی چاوڕۆشـنی. کوشـتنی خودانەناسـان بـە دەسـتی خاوەنبـاوەڕان چـاکترین سـوکایەتی پێکردنـە، زۆر باشیش دڵـی خاوەنبـاوەڕان ئاودەخواتـەوەو پێـی دادەمرکێت. وەك خـودای گـەورە دەفـەرموێت بـە خاوەنبـاوەڕانی ئـەم ئوممەتـە: ﴿قَٰتِلُوهُمۡ يُعَذِّبۡهُمُ ٱللَّهُ بِأَيۡدِيكُمۡ وَيُخۡزِهِمۡ وَيَنصُرۡكُمۡ عَلَيۡهِمۡ وَيَشۡفِ صُدُورَ قَوۡمٖ مُّؤۡمِنِينَ﴾[1] ئێوە بچن بەگژیاندا، خودا هەر بەدەستی خۆی ئەوان تووشی ئازار دەکات‌و ژێریان دەخات‌و سەرتان دەخات بەسەریانداو کارێك دەکات دڵ خاوەنبـاوەڕان ئارام بگرێت. هە ربۆیە کوشتنی گەورەپیاوانی قورەیش بە دەستی ئەو دوژمنانەکە بە چاوی سوك سەیریان دەکرن‌و زۆر داخ‌و کەسەربوو بۆیان‌و دڵخۆشیش بوو بۆ کۆمەڵی خاوەنباوەڕان. بێگومان کوژرانی ئەبوجەهل لـە ململانێی جەنگ‌و گەرمەی شەڕدا گەورەترین سوکایەتیە بۆی لە مردنی سەرجێگەی بە نەعرەتە یان بە هەورە تریشقە یان هەر شتێکی تر. وەك چۆن ئەبولەهەب بە نەخۆشی زیپکە (عەدەسە) مرد (لەعنەتی خودای لێبێت) نەخۆشیەکە وەك چاوەقوڵە وایە، بەشێوەیەك کە هیچ کەسێك لـە خزمـەکانی نـەیتوانی لێی نزیك بێتەوە. بەڵکو لەدوورەوە ئاویان بۆ هەڵدەداو بە بـەردباران لـە گۆڕەکەیـدا دایانپۆشـی. بۆیـە خوای گەورە دەفـەرموێت: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ عَزِيزٌ﴾ خـودا خـاوەنی دەسـتەڵاتە. واتـە: دەسـتەڵات هـەر بـۆ خودایـەو سـەربەرزی بـۆ پێغەمبـەرو (ﷺ) بڕوادارانـە لـە دونیـاو لـە قیامەتـدا. وەك خـودای گـەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّا لَنَنصُرُ رُسُلَنَا وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا وَيَوۡمَ يَقُومُ ٱلۡأَشۡهَٰدُ﴾[2] بێگومان ئێمـە پێغەمبەران‌و ئەوکەسانەی کە بڕوایان هێناوە لە ژیانی ئـەم دونیایـەداو لـەوڕۆژەدا کـە شـایەتان ڕاست دەبنـەوە یارمـەتی دەدەیـن ﴿حَكِيمٌ﴾ لەکارزانـە. لـەوەی کـە بڕیـا ری داوە شـەڕبکرێت دژی خودانەناسان، لەگەڵ ئەوەشدا دەیتوانی لەناویان ببات‌و قڕیـان تێبخـات بـە هێـزو دەسـتەڵاتی خـۆی، پاکی‌و بێعەیبی هەر بۆ خودا خۆیەتی.

﴿إِذۡ يُغَشِّيكُمُ ٱلنُّعَاسَ أَمَنَةٗ مِّنۡهُ وَيُنَزِّلُ عَلَيۡكُم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءٗ لِّيُطَهِّرَكُم بِهِۦ وَيُذۡهِبَ عَنكُمۡ رِجۡزَ ٱلشَّيۡطَٰنِ وَلِيَرۡبِطَ عَلَىٰ قُلُوبِكُمۡ وَيُثَبِّتَ بِهِ ٱلۡأَقۡدَامَ ﴿١١﴾ إِذۡ يُوحِي رَبُّكَ إِلَى ٱلۡمَلَٰٓئِكَةِ أَنِّي مَعَكُمۡ فَثَبِّتُواْ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْۚ سَأُلۡقِي فِي قُلُوبِ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ ٱلرُّعۡبَ فَٱضۡرِبُواْ فَوۡقَ ٱلۡأَعۡنَاقِ وَٱضۡرِبُواْ مِنۡهُمۡ كُلَّ

---

[1] التوبة (١٤).

[2] غافر (٥١).

بَنَانٍ ﴿١٢﴾ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ شَآقُّوا۟ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ ۚ وَمَن يُشَاقِقِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَإِنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلْعِقَابِ ﴿١٣﴾
ذَٰلِكُمْ فَذُوقُوهُ وَأَنَّ لِلْكَٰفِرِينَ عَذَابَ ٱلنَّارِ ﴿١٤﴾ ﴾

موسڵمانان لە ڕۆژ بەدردا خەویان لێ کەوت

خـــوای گـــەورە دەفـــەرموویّت: ﴿ إِذْ يُغَشِّيكُمُ ٱلنُّعَاسَ أَمَنَةً مِّنْهُ وَيُنَزِّلُ عَلَيْكُم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً
لِّيُطَهِّرَكُم بِهِۦ وَيُذْهِبَ عَنكُمْ رِجْزَ ٱلشَّيْطَٰنِ وَلِيَرْبِطَ عَلَىٰ قُلُوبِكُمْ وَيُثَبِّتَ بِهِ ٱلْأَقْدَامَ ﴿١١﴾ إِذْ يُوحِى رَبُّكَ
إِلَى ٱلْمَلَٰٓئِكَةِ أَنِّى مَعَكُمْ فَثَبِّتُوا۟ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ۚ سَأُلْقِى فِى قُلُوبِ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ ٱلرُّعْبَ فَٱضْرِبُوا۟ فَوْقَ
ٱلْأَعْنَاقِ وَٱضْرِبُوا۟ مِنْهُمْ كُلَّ بَنَانٍ ﴿١٢﴾ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ شَآقُّوا۟ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ ۚ وَمَن يُشَاقِقِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ
فَإِنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلْعِقَابِ ﴿١٣﴾ ذَٰلِكُمْ فَذُوقُوهُ وَأَنَّ لِلْكَٰفِرِينَ عَذَابَ ٱلنَّارِ ﴾ ئەوکاتەشـــتان لەبیربێت وا ئەو سوکەخەوەی لەلای خۆیە هێنا بەسەرتاندا کە بووەهۆی دڵنیایتان. بارانیشی لە ئاسمانەوە بۆ باراندن تا خاوێنتان بکاتەوەو خەیاڵی شەیتانتان لێ دووربخاتو دڵگەرمتان بکاتو لە مەیدانی جەنگدا پێیەکانتان سەقامیربکات. خودا فریشتەی تێگەیاند کە : خۆشم لەگەڵ ئێوەدام، غیرەت وەبەر خاوەنباوەڕان بێنن. منیس ترس وەبەر خودانەناسان دێنم، سا ئێوە لە ملیان بدەنو هەموو سەرەپەنجەکانیشیان بپەڕێنن. چونکە ئەوانە بەهەڵستی خوداو پێغەمبەر وەستاون. هەرکەسێك دژی خوداو پێغەمبەربێت، خودا بەتوندی سزای دەدات. خودای گەورەباسی ئەو بەهرەی خۆی دەکات کە پێی دان ئەوەش هێنانی خەوبوو بەسەریانداو دڵنیاییەك بوو ئاسودەی کردن لەوترسەی کە چوبووەدڵیانەوە بەهۆی زۆری ژمارەی دوژمنو کەمی ژمارەی خۆیانەوە. دیسا خودا ئەوەی لەڕۆژی ئوحودیشدا بەسەرهێنان وەك دەفەرموویّت: ﴿ثُمَّ أَنزَلَ عَلَيْكُم مِّنۢ بَعْدِ ٱلْغَمِّ أَمَنَةً نُّعَاسًا يَغْشَىٰ طَآئِفَةً مِّنكُمْ ۖ وَطَآئِفَةٌ قَدْ أَهَمَّتْهُمْ أَنفُسُهُمْ ﴾[1] پاش ئەوخەمە ئارامیەکی ناردەسەرتان، کە بریتی بوو لە ئۆقرەی خەولێ کەوتن، بەسەر هەندێکتاندا هات، هەندێکیشتان هەرتەنیا خۆی لەبیربوو، ئەبوتەلحە وتی: من یەکێك بووم لەوانەی کە لەڕۆژی ئوحودا خەوم لێ کەوت. شمشێرەکەم چەندجار کەوتەخوار لەدەستم، دەکەوتو هەڵم دەگرتەوە، دەکەوتو هەڵم دەگرتەوە. من سەیرم کردن ئەوانە لەژێر حەجەفدا ڕاکشابوون. ئەبویەعلا ڕیوایەتی کردووە لە عەلیەوە (ڕەزای خودای لێبێت) وتی: ئەشپ سوارمان تێدانەبوو جگە لە میقداد لەڕۆژی بەدردا، ئەگەر چاوت پێمان بکەوتایە کەسێکمان تێدانەبوو مەگین خەوتبوو، جگە لە پێغەمبەری خودا(ﷺ) لەژێر درەختێکدا نوێژی دەکردو هەر دەگریا هەتا

[1] ال عمران (١٥٤).

ڕۆژی کردەوە[1] لە عەبدوڵڵای کوڕی مەسعودەوە وتی: خەو لە جەنگدا ئارامیەکە لەلایەن خوداوە، بەڵام لە نوێژدا لە شەیتانەوەیە.[2] قەتادە وتی: وەنەوز لەسەردایەو خەو لەدڵدایە.[3] منیش دەڵێم: گومانی تێدانیەو زۆر مەشهورە کە لەڕۆژی ئوحودا خەو دایگرتن، بەڵام ئەم ئایەتە پیرۆزە لەمیانەی بەسەرهاتی بەدردا بووەو بەڵگەیە لەسەرئەوەی کە ئەوخەوە لە بەدریشدا دایگرتوون. وەك ئەوەی کە ئەوخەوە لەکاتی ناڕەحەتیدا هاتووە بەسەر بڕواداراندا، بۆئەوەی دڵەکانیان ئارامو بتەوبێت بە یارمەتی خودا، ئەمەش لە ڕێزو سۆزو بەزەیی‌و بەهرەی خودا خۆیەتی کە داویەتی بە خاوەنباوەڕان. وەك خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿فَإِنَّ مَعَ الْعُسْرِ يُسْرًا ۝ إِنَّ مَعَ الْعُسْرِ يُسْرًا﴾[4] لەپاش تەنگانە ئاسانکاری هەیە. بۆیە لە فەرموودەی سەحیحدا هاتووە پێغەمبەری خودا(ﷺ) کاتێك کە لەوکەپرەدا لەگەڵ ئەبوبەکردا (ڕەزای خودای لێبێت) هەردووکیان دەپاڕانەوەو پێغەمبەری خودا(ﷺ) وەنەوزێك بردیەوەو پاشان بە پێکەنینەوە خەبەری بووەو فەرمووی: (موژدەبێت ئەی ئەبوبەکر ئەوە جوبرەئیلە جڵەوی ئەسپەکەی گرتووەو دانەکانی تەرایی پێوەیە)، پاشان کە لە کەپرەکەی هاتەدەرەوە ئەم ئایەتەی دەخوێند[5] کە خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿سَيُهْزَمُ الْجَمْعُ وَيُوَلُّونَ الدُّبُرَ﴾[6] بەمزوانە ئەوکۆمەڵە لە شەڕ دەشکێتو پشت هەڵدەکەن‌و ڕادەکەن.

شەوی بەدر باران باری

خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَيُنَزِّلُ عَلَيْكُم مِّنَ السَّمَاءِ مَاءً﴾ بارانی لە ئاسمانەوە بۆ باراندن. عەلی کوڕی ئەبوتەلحە لە ئیبنو عەبباسەوە‌ئەڵێت: پێغەمبەری خودا(ﷺ) کاتێك چووە بەدر دابەزی لەنێوان موسڵمانان‌و ئاوەکەدا لمێکی زۆر هەبوو، موسڵمانەکان تووشی لاوازیەکی زۆر هاتن شەیتانیش کینی خستە دڵیان‌و دوودڵی لە نێوانیاندا دروستکرد پێی دەوتن ئێوە خۆتان بە دۆستی خودا لەقەڵەم دەدەن‌و پێغەمبەر لەگەڵتانە کەچی موشریکەکان دەستیان گرتووە بەسەر ئاوەکەداو ئێوەش بە لەشگرانیەوە نوێژدەکەن، لەپڕ خودای گەورە بارانێکی بەخوڕی بەسەردا باراندن موسڵمانەکان تێر ئاویان خواردەوەو خۆیان پاكو تەمیزکردو پیسی‌و چەپەڵی شەیتانی لەکۆڵ کردنەوەو لە کەیشی

---

[1] مسند أبي يعلى (١/٢٤٢) فەرموودەیەکی باشە.
[2] الطبری (١٣/٤١٩).
[3] ابن أبي حاتم (٥/١٦٦٤).
[4] الشرح (٥-٦).
[5] دلائل النبوة (٣/٥٤).
[6] القمر (٤٥).

توندوتۆڵ بوو کە بارانەکە لێی دەداخەڵکەکە بە سواری وڵاخەکانیان بەسەریدا ڕۆیشتن تا گەیشتنەلای موشریکەکان. خودای گەورە یارمەتی پێغەمبەرەکەی‌و (ﷺ) بڕوادارانی دا بە هەزار فریشتە جوبرەئیل پێنج سەد فریشتەی غەلغان پۆشەوەو میکائیلیش بە پێنج سەد فریشتەی قەلغان پۆشەوە[1] ئەم فەرموودەیە کە موحەممەدی کوڕی ئیسحاقی کوڕی یەسار خاوەنی (المغازی) (ڕەحمەتی خودای لێبێت) ڕیوایەتی کردووە وتی: یەزیدی کوڕی ڕوومان بۆیگێڕامەوە لە عورووەی کوڕی زوبەیرەوە وتی: خودا بارانی ناردو باراندی بەسەر پێغەمبەرو هاوەڵەکانیدا زەویەکەی بۆ ئاوڕێژ کردن، بەئاسانی بەسەریدا دەچوون باری بەسەر قوڕەیشدا توانیان نەبوو لەگەڵیدا بڕۆنز[2] موجاهیدئەڵێت: خودا بارانی بەسەرباراندن لەپێش خەولێ کەوتنیاندا، بەوبارانە تەپ‌وتۆزەکەی دامرکاندەوەو زەویەکەی پێ کوتایەوەو دڵیانی خاوێن کردەوەو پشتیانی قایم‌و توندکرد[3]، پاشان خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿لِّيُطَهِّرَكُم بِهِۦ﴾ تا خاوێنتان بکاتەوە پێی. واتە: دەستنوێژی پێ بگرن‌و لەش پیسی پێ دەرکەن، ئەمە خاوێنکردنەوەی دەرەوەیە ﴿وَيُذْهِبَ عَنكُمْ رِجْزَ ٱلشَّيْطَٰنِ﴾ خەیلی شەیتانتان لێ دووربخاتەوە، ئەمەش خاوێنبوونەوەی ناوەوەیە. وەك خودای گەورە لەبارەیخەڵکی بەهەشتەوە دەفەرمووێت: ﴿عَٰلِيَهُمْ ثِيَابُ سُندُسٍ خُضْرٌ وَإِسْتَبْرَقٌ وَحُلُّوٓاْ أَسَاوِرَ مِن فِضَّةٍ﴾[4]پارچەی تەنك‌و سەقفی سەوزیان لەبەردایە لە هەوریشم‌و دروسی کراوە، بەزۆر بازنی زیویش ڕازاوەتەوە. ئەمە جوانی دەرەوەیانە. ﴿وَسَقَىٰهُمْ رَبُّهُمْ شَرَابًا طَهُورًا﴾[5] پەروەردگاریان شەرابی پاکیان پێ دەنۆشێت، پاکیان دەکاتەوە لەو دڵگرانی‌و ڕکەبەری‌و ئیرەیی کە لە نێوانیاندابووە، ئەمەش پاکی‌و جوانی ناوەوەیە ﴿وَلِيَرْبِطَ عَلَىٰ قُلُوبِكُمْ﴾ پەیوەندی دڵەکانتان پتەوبکات، بە ئارامگرتن‌و ڕاوەستاوو بەهێزتان بکات. ئەمەش ئازایەتی‌و لێبڕانی دڵە ﴿وَيُثَبِّتَ بِهِ ٱلْأَقْدَامَ﴾ پێیەکانتان سەقامگیربکات‌و ڕاوەستێت. ئەمەش ئازایەتی‌و بەجەرگی دەرەوەیە والله أعلم.

---

[1] الطبری (١٣/٤٢٣).

[2] الواقدی في المغازی (١/٥٤).

[3] الطبری (١٣/٤٢٥).

[4] الانسان (٢١).

[5] الانسان (٢١).

﴿إِذْ يُوحِي رَبُّكَ إِلَى الْمَلَائِكَةِ أَنِّي مَعَكُمْ فَثَبِّتُوا الَّذِينَ آمَنُوا سَأُلْقِي فِي قُلُوبِ الَّذِينَ كَفَرُوا الرُّعْبَ فَاضْرِبُوا فَوْقَ الْأَعْنَاقِ وَاضْرِبُوا مِنْهُمْ كُلَّ بَنَانٍ (١٢) ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ شَاقُّوا اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَمَن يُشَاقِقِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَإِنَّ اللَّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ (١٣) ذَٰلِكُمْ فَذُوقُوهُ وَأَنَّ لِلْكَافِرِينَ عَذَابَ النَّارِ (١٤)﴾

خودا فەرمانی دا بەفریشتەکان کە یارمەتی خاوەنباوەڕان بدەن و لەگەڵیان بجەنگن دژی خودانەناسان

خودای گەورە دەفەرموویّت: ﴿إِذْ يُوحِي رَبُّكَ إِلَى الْمَلَائِكَةِ أَنِّي مَعَكُمْ فَثَبِّتُوا الَّذِينَ آمَنُوا﴾ خودا فریشتەی تێگەیاند کە خۆشم لەگەڵ ئێوەدام غیرەت وەبەر خاوەنباوەڕان بێنن. ئەمەش بەهرەیەکی شاراوەیە کە خودای گەورە ئاشکرای کردووە بۆ خاوەنباوەڕان، هەتا شوکری خودای لەسەر بکەن. ئەو خودا گەورەو خاوەندەستەڵاتە پاكو بێعەیبە فریشتەکانی ئاگادار کرد کە ڕەوانەی کردبوون بۆ یارمەتی پێغەمبەرەکەی و(ﷺ) ئاینەکەی و باوەڕداران کەورەی خاوەنباوەڕان بەرزبکەنەوەوغیرەت بخەنەبەریان، وە دەفەرموویّت: ﴿سَأُلْقِي فِي قُلُوبِ الَّذِينَ كَفَرُوا الرُّعْبَ﴾ منیش ترس دەخەمە دڵی خودانەناسان واتە: ئێوەی فریشتە غیرەت وەبەر خاوەنباوەڕان بێنن تا زەبرو زەنگ بەرامبەر دوژمن بنوێنن و لەفەرمانم لانەدەن. کاری ئێوە ئەوەیە، منیش ترس و لەرزو نائومێدی دەخەمە دڵی ئەو کەسانەی کەبێ فەرمانی من دەکات و بڕوای بە پێغەمبەرەکەم نیە ﴿فَاضْرِبُوا فَوْقَ الْأَعْنَاقِ وَاضْرِبُوا مِنْهُمْ كُلَّ بَنَانٍ﴾ سا ئێوە لە ملیان دەن و هەموو پەنجەکانیان بپەڕێنن. واتە: بدەن لە پەنجەکانیان و بیانترسێنن و بدەن لەملیان و سەریان بڕن و دەست و قاچەکانیشیان ببڕن، (فوق الاعناق) وتراوە: واتە: بدەن لەسەریان. وەوتراوە: مەبەست پێی لەمل دانە. زەححاك و عەتیەی عەوفی دەڵێن: بەلگە بۆ ئەم مانایە خودای گەورە ڕێنمایی باوەڕداران دەکات و دەفەرموویّت: ﴿فَإِذَا لَقِيتُمُ الَّذِينَ كَفَرُوا فَضَرْبَ الرِّقَابِ حَتَّىٰ إِذَا أَثْخَنتُمُوهُمْ فَشُدُّوا الْوَثَاقَ﴾[1] ئیتر هەرکاتێك تووشی ئەو ئەو بێدینانە بوون لەملیان دەن، کاتێك کە کوشتاری زۆرتان لێ کردن، پاشان (دیلەکانیان) شەتەك دەن. ڕەبیعی کوڕی ئەنەس ئەڵێت: خەڵکی لەڕۆژی بەدردا ئەو کوژراوانەی کە فریشتەکان دەیاندا لەملیان و پەنجەکانیان لەناو کوژراوەکاندا دەیان ناسین. نیشانەی ئەو ئاگرەی پێوەبوو کە پێی سوتابوو ﴿وَاضْرِبُوا مِنْهُمْ كُلَّ بَنَانٍ﴾ پەنجەکانیان بپەڕێنن. ئیبنوجەریرئەڵێت: واتە:ئەی خاوەنباوەڕان دەست مەپارێزن لە دوژمنەکەتان لەگشت لایەکیان بدەن، دەستیان قاچیان جومگەکانیان، لەسەر پەنجەکانیان (البنان)

[1] محمد (٤).

کۆی (بنانة)[1]، عەوفی وتی لە ئیبنو عەبباسەوە: کە باسی بەسەرهاتی بەدری کردئەلێت: ئەبو جەهل وتی: بەکوشتن مەیان کوژن بەڵکو بەدەست بیانگرن تا تێیان دەگەیەنن کە چیان کردووە بەرامبەر ئاینەکەتان‌و چۆن وازیان هێناوە لەلات‌و عوزا. خوداش فریشتەکانی تێگەیاندو فەرمووی. ﴿أَنِّي مَعَكُمْ فَثَبِّتُوا الَّذِينَ آمَنُوا سَأُلْقِي فِي قُلُوبِ الَّذِينَ كَفَرُوا الرُّعْبَ فَاضْرِبُوا فَوْقَ الْأَعْنَاقِ وَاضْرِبُوا مِنْهُمْ كُلَّ بَنَانٍ ﴾ لەوێدا ئەبو جەهل (لەعنەتی خودای لێ بێت) کوژرا لەگەڵ شەست‌وتۆ کەسی تردا، عوقبەی کوڕی ئەبی موعیتیش دەستی بەسەر کراو پاشان کوژرا. کوژراوی بتپەرستەکان بو بە حەفتاکەس. هەربۆیە خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ شَاقُّوا اللَّهَ وَرَسُولَهُ﴾ چونکە ئەوانە بەرهەڵستی خوداو پێغەمبەری وەستان، واتە: دژایەتی خوداوپێغەمبەرەکەی(ﷺ) وەستان‌و وازیان لە شوێنکەوتن و بڕوا هێنان پێی‌و بەرنامەکەی هێنا ﴿وَمَن يُشَاقِقِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَإِنَّ اللَّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ ﴾ هەر کەسێکیش دژی خوداو پێغەمبەرەکەی بێت، خودا بەتوندی سزای دەدات. واتە: خودا هەر تۆڵە دەستێنێت‌و زاڵ دەبێت بەسەر ئەوانەدا کە دژایەتی دەکەن. هیچ شتێکی لەدەست دەرناچێت، کەسیش لەبەر تورەیدا خۆی ناگرێت پاك‌و بێ عەیبی هەر بۆ خودایە هیچ پەرستراو پەروەردگاریەك نیە جگە لەو ﴿ ذَٰلِكُمْ فَذُوقُوهُ وَأَنَّ لِلْكَافِرِينَ عَذَابَ النَّارِ ﴾ با بیچێژن، خودانەناسان بە ئاگریش ئازار دەدرێن. ئەمە ئاماژەیە بۆ خودانەناسان واتە: بیچێژن ئەو سزاو سوکایەتی پێکردنە لەدنیاداو چاکیش بزانن کە سزای سەختیشی لەڕۆژی قیامەتدا دەچێژن.

﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا لَقِيتُمُ الَّذِينَ كَفَرُوا زَحْفًا فَلَا تُوَلُّوهُمُ الْأَدْبَارَ ﴿١٥﴾ وَمَن يُوَلِّهِمْ يَوْمَئِذٍ دُبُرَهُ إِلَّا مُتَحَرِّفًا لِّقِتَالٍ أَوْ مُتَحَيِّزًا إِلَىٰ فِئَةٍ فَقَدْ بَاءَ بِغَضَبٍ مِّنَ اللَّهِ وَمَأْوَاهُ جَهَنَّمُ ۖ وَبِئْسَ الْمَصِيرُ ﴿١٦﴾ ﴾

قەدەغەکردنی هەڵاتن لەکاتی ڕووبەڕووبونەوەی دوژمن و سزاکەی

خودای گەورە هەڕەشە دەکات لەوکەسانەی کە هەڵدێن لەکاتی پەلاماردانی دوژمندا بە ئاگری جەهەننەم‌و دەفەرموێت: ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا لَقِيتُمُ الَّذِينَ كَفَرُوا زَحْفًا فَلَا تُوَلُّوهُمُ الْأَدْبَارَ ﴾ ئەی کۆمەڵی خاوەنباوەڕان ئەگەر تووشی خودانەناسان بوون ئێوە لەبەریان هەڵمەیەن. واتە: کاتێك کەلێیان نزیك بونەوە ڕامەکەن‌و هاوەڵەکانتان بەجێ بهێڵن ﴿ وَمَن يُوَلِّهِمْ يَوْمَئِذٍ دُبُرَهُ إِلَّا مُتَحَرِّفًا

[1] الطبری (١٣/٤٣١).

لِّقِتَالٍ ﴾ هەرکەسێك لە ڕۆژێکی وادا خۆ لەشەڕ بدزێتەوە (مەگین بۆ شەڕکردن لە شوێنێکی کەوە. واتە: مەگەر لەبەر ئەوە هەڵبێن فێڵ بکەن‌و بەرامبەرەکەی وابزانێت لەترسی ئەو ڕادەکات‌و شوێنی بکەوێت، لەپڕ لێی هەڵگەڕێتەوەو بیکوژێت. لەوێدا هیچی لەسەر نیە ئەمە دەقی قسەی سەعیدی کوڕی جوبەیرو سودیە.[1] زەححاك ئەڵێت: ئەگەر کەسێك پێشی هاوەڵەکانی بکەوێت‌و بیەوێت دەرفەتێك لە دوژمن بێنێت‌و لێیدا. ﴿أَوْ مُتَحَيِّزًا إِلَىٰ فِئَةٍ﴾ یان بۆ یارمەتی هاوەڵەکانی بڕوات، واتە: لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر بڕوات بۆلای دەستەیەکی تر لە موسوڵمانان‌و یارمەتیان بدات‌و ئەوانیش هاوکاری ئەو بکەن. ئەوە دروستە بۆی با لەگەڵ دەستەیەکیشدا بێت‌و هەڵاتبێت بۆلای ئەمیرەکەی خۆی[2] یان هەڵاتبێت بۆلای گەورەی موسوڵمانان هەر دروستە بۆی. عومەری کوڕی خەتاب (ڕەزای خودای لێ بێت) دەربارەی ئوبی کوڕی عوبەید وتی: کاتێك کە لەسەر جسر کوژرا لەسەر زەمینی فارس، چونکە سوپای مەجوسیەکان لەو ناوچەیەدا زۆر تربون، عومەر وتی: ئەگەر بەلای مندا بهاتایە من دەبووم بەکۆمەڵی ئەو. هەر بەوشێوەیە موحەممەدی کوڕی سیرین ڕیوایەتی کردووە. وە لەڕیوایەتی عوسمانی کوڕی نەهدیا هاتووە لە عومەرەوە، وتی: کاتێك کە ئەبو عوبەید کوژرا، عومەر وتی: ئەی خەڵکینە من کۆمەڵی ئێوەم. موجاهید وتی: عومەر وتی: من دەستەی گشت موسوڵمانێکم، عبدولمەلیکی کوڕی عومەیر لە عومەرەوە وتی: ئەی خەڵکینە، با ئەم ئایەتە لەخۆبایتان نەکات، ئەم ئایەتە لەڕۆژی بەدردا هاتووە من دەستەی هەموو موسوڵمانێکم، ئیبنو ئەبی حاتەم وتی: باوکم بۆی گێڕاینەوە، حەسەنی کوڕی عەبدوڵلای میسری بۆی گێڕاینەوە، خەلادی کوڕی سولەیمانی حەزرەمی بۆی گێڕاینەوە، نافع بۆی گێڕاینەوە کە پرسیاری کردووە لە ئیبنو عومەرو پێی وتووە: کە ئێمە گەلێکین خۆڕاگر نین لەشەرکردندا بەرامبەر دوژمنمان. ئێمە نازانین کام دەستە دەستەی ئێمەیە پێشەواکەمان یان سوپاکەمان؟ وتی: بێگومان ئەو دەستەیە پێغەمبەری خودایە (ﷺ) منیش وتم: خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِذَا لَقِيتُمُ الَّذِينَ كَفَرُوا زَحْفًا فَلَا تُوَلُّوهُمُ الْأَدْبَارَ﴾ ئەگەر تووشی خودانەناسان بوون با زۆریش بن ئێوە لەبەریان ڕامەکەن. وتی: بێگومان ئەم ئایەتە لە ڕۆژی بەدردا هاتوەتە خوارەوە. نەلە پێشی بەدرەوە هاتوەتە خوارەوە نەلە پاشیەوە زەححاك لەمەدا کە خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿أَوْ مُتَحَيِّزًا إِلَىٰ فِئَةٍ﴾ (المحين) واتە: هەڵبێت بۆلای پێغەمبەرو (ﷺ) هاوەڵەکانی، یان: ئەمڕۆ کەسێك ڕابکات بۆلای ئەمیرەکەی یان هاوەڵەکانی ئەمیرەکەی[3] بەڵام ئەگەر هەڵاتن لەبەر هۆکارێك لەم

[1] الطبری (١٣/٤٣٦/٤٣٧).
[2] الطبری (١٣/٤٣٦).
[3] الطبری (١٣/٤٣٧).

مۆكارانه نەبێت ئەوە دروست نیەو حەرامەو تاوانێكە لەتاوانە گەورەكان. لەبەر ئەم فەرموودەیە كە بوخاریو موسلیم ڕیوایەتیان كردووە لە ئەبو هورەیرەوە (ڕەزای خودای لێ بێت) وتی: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (دوركەونەوە لەحەوت تاوانە گەورەكە)، وترا: ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئەو تاوانەگەورانە كامانەن؟ فەرمووی: (هاوەڵ دانان بۆ خوداو جادوو كوشتنی گیانێك كە خودا قەدەغەی كردووە مەگین بەهەقی خۆیو سود خواردنو ماڵی هەتیو خواردنو هەڵاتن لە ڕۆژی پەلاماردانو تۆمەتباركردنی ژنانی ئازادی بێ ئاگای خاوەن باوەڕ)[1]، هەر بۆیە خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿فَقَدْ بَآءَ بِغَضَبٍ مِّنَ ٱللَّهِ وَمَأْوَىٰهُ جَهَنَّمُ ۖ وَبِئْسَ ٱلْمَصِيرُ﴾ خودا لەخۆی تووڕە دەكاتو جێگەی جەهەننەمەو چارەنووسی زۆر خراپە لەڕۆژی قیامەتدا.

﴿فَلَمْ تَقْتُلُوهُمْ وَلَـٰكِنَّ ٱللَّهَ قَتَلَهُمْ ۚ وَمَا رَمَيْتَ إِذْ رَمَيْتَ وَلَـٰكِنَّ ٱللَّهَ رَمَىٰ ۚ وَلِيُبْلِىَ ٱلْمُؤْمِنِينَ مِنْهُ بَلَآءً حَسَنًا ۚ إِنَّ ٱللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ﴿١٧﴾ ذَٰلِكُمْ وَأَنَّ ٱللَّهَ مُوهِنُ كَيْدِ ٱلْكَـٰفِرِينَ ﴿١٨﴾﴾

بەر خوردی خودا لەڕۆژی بەدرداو كوشتنو خۆڵ كردنە چاوی (خودانەناسان)

خودای گەورە ڕوونی دەكاتەوە كەخۆی وەدی هێنەری كرداری بەندەكانیەتیو شایەنی سوپاسوستایشەلەگشت كارێكی چاكداكەپێی هەڵستاون، چونكە خودا خۆی سەركەوتوی كردوونو یارمەتی داون لەسەر ئەو كارانەیان هەر بۆیە دەفەرمووێت: ﴿فَلَمْ تَقْتُلُوهُمْ وَلَـٰكِنَّ ٱللَّهَ قَتَلَهُمْ﴾ ئەوان ئێوە نەتان كوشتن، بەڵكو خودا كوشتنی. واتە: بەهەوڵو توانای خۆتان دوژمنەكانتان نەكوشتووە لەگەڵ زۆری ژمارەی خودانەناسانو كەمی ژمارەی ئێوە.بەڵكو خودا خۆی زاڵی كردن بەسەریانداوەك لە ئایەتێكی تردا دەفەرمووێت: ﴿وَلَقَدْ نَصَرَكُمُ ٱللَّهُ بِبَدْرٍ وَأَنتُمْ أَذِلَّةٌ﴾[2] بێگومان خودا ئێوەی سەرخست لەڕۆژی بەدردا، هر چەندە ئێوەكەمو بێ هێزیش بوون. وە لە ئایەتێكی تر دەفەرمووێت: ﴿لَقَدْ نَصَرَكُمُ ٱللَّهُ فِى مَوَاطِنَ كَثِيرَةٍ ۙ وَيَوْمَ حُنَيْنٍ ۙ إِذْ أَعْجَبَتْكُمْ كَثْرَتُكُمْ فَلَمْ تُغْنِ عَنكُمْ شَيْـًٔا وَضَاقَتْ عَلَيْكُمُ ٱلْأَرْضُ بِمَا رَحُبَتْ ثُمَّ وَلَّيْتُم مُّدْبِرِينَ﴾[3] خودا لەزۆر شوێندا بەهاناتانەوە هات، ڕۆژی حونەینیش هەروەها، كەهەرچەندە بەزۆری خۆتان دەنازین، كەچی هیچ بەهرەی بۆ نەدان، ئەم زەمینە فراوانەتان لێ تەنگ هەڵات، پاشان هەموو هەڵاتنو بەرەو دوا گەڕانەوە. خودای مەزن ئاگادارمان دەكات كە سەركەوتن بەزۆری ژمارەو بە پۆشینی قەڵغانو كەرەسەی جەنگ نیە. بەڵكو

---

[1] فتح الباری (٥/٤٦٢)،مسلم(١/٩٢).

[2] ال عمران (١٢٣).

[3] التوبة (٢٥).

سەرکەوتن لەلایەن خودای گەورەوەیە وەك لە ئایەتێکدا فەرموویەتی: ﴿كَم مِّن فِئَةٍ قَلِيلَةٍ غَلَبَتْ فِئَةً كَثِيرَةًۢ بِإِذْنِ ٱللَّهِ ۗ وَٱللَّهُ مَعَ ٱلصَّـٰبِرِينَ﴾[1] زۆر جار کۆمەڵێکی کەم (بەئیزنی خودا) بەسەر کۆمەڵێکی زۆر سەرکەوتوون، خودا لەگەڵ خۆڕاگرانە. دیسان خودای گەورە لەبارەی ئەو شتە خۆڵەی پێغەمبەر(ﷺ) کردی بەڕووی خودانەناساندا لەڕۆژی بەدردا کاتێك کەلە کەپرەکە هاتە دەرەوە دوای ئەو لاڵەو پاڕانەوەو دەرخستنی لاوازیەی بۆ خوداو خۆڵەکەی هاوێشتو فەرمووی: ئەو ڕووانە ناشیرین بوون، پاشان فەرمانی بە هاوەڵەکانی داکە بەدوای ئەوەدا پەلامار بدەن، ئەوانیش پەلاماریاندا. خودای گەورە ئەو خۆڵو لمەی گەیاندە چاوی بتپەرستەکان هیچ کەسێك نەبوو لەو خودانەناسانە کە بەشێك لەو خۆڵەی بەرنەکەوێتو نەیدەزانی چی بکات هەر بۆیە خودای گەورە دەفەرموێت بە پێغەمبەر(ﷺ) ﴿وَمَا رَمَيْتَ إِذْ رَمَيْتَ وَلَـٰكِنَّ ٱللَّهَ رَمَىٰ﴾ کە هاوێشتت، هاوێژکەرەکە تۆ نەبووی، بەڵکو خودا هاوێشتی[2] واتە: هەر خودا خۆی ئەو خۆڵەی گەیاندوەتە چاویانو پێی متو کزو کوێر کردوون نەك تۆ (ئەی موحوممەد(ﷺ)). موحوممەدی کوڕی ئیسحاق وتی: موحەممەدی کوڕی جەعفەری کوڕی زوبەیر بۆی گێڕامەوە لە عوروەی کوڕی زوبەیرەوە لەم ئایەتەدا ﴿وَلِيُبْلِىَ ٱلْمُؤْمِنِينَ مِنْهُ بَلَآءً حَسَنًا﴾ ئەو دەیەویست خاوەن باوەڕان تاقی کاتەوە بەچاکی واتە: بۆ ئەوەی خاوەنباوەڕان بەچاکی ئەو بەهرانەی خودایان بۆ دەرکەوێت کە پێی بەخشیون لەوانە زاڵ کردنیانە بەسەر دوژمنەکانیانداو لەگەڵ ئەو ژمارە زۆررانەیانداو کەمی ژمارەی خۆیان، ئەو هەقانەی خودا لەبیر نەکەن کەهەیەتی بەسەریانەوەو بەوپێیە شوکری بەهرەکانی بکەن[3]. ئیبنو جەریریش هەروا تەفسیری کردووە. وە لەم فەرموودەیەدا هاتووە (بەگشت تاقی کردنەوەیەکی چاك تاقی کردینەوە) ﴿إِنَّ ٱللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٌ﴾ خودا بیسەرو زانایە. لاڵە دەبیستێتو دەزانێت کێ شایستەی سەرکەوتنو زاڵ بوونە. پاشان دەفەرموێت: ﴿ذَٰلِكُمْ وَأَنَّ ٱللَّهَ مُوهِنُ كَيْدِ ٱلْكَـٰفِرِينَ﴾ بەڵێ ئاوا خودا فێڵی خودانەناسان پووچەڵ دەکات. ئەمەش ئاماژەیەکی ترە لەگەڵ ئەو سەرکەوتنەدا خودا دەستی باوەڕدارانی خست کە ئاگاداری کردن کەهەر خۆشی فرو فێڵی خودانەناسانی پووچەڵ کردەوە کارەکەیانی شکست پێهێناو تەفرو تونای کردنو سوپاسوستایش هەر بۆ خودای گەورەیە.

---

[1] البقرة (٢٤٩).

[2] الطبری (١٣/٤٤٤).

[3] الطبری (١٣/٤٤٨).

﴿ إِن تَسْتَفْتِحُوا۟ فَقَدْ جَآءَكُمُ ٱلْفَتْحُ ۖ وَإِن تَنتَهُوا۟ فَهُوَ خَيْرٌ لَّكُمْ ۖ وَإِن تَعُودُوا۟ نَعُدْ وَلَن تُغْنِىَ عَنكُمْ فِئَتُكُمْ شَيْـًٔا وَلَوْ كَثُرَتْ وَأَنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿١٩﴾ ﴾

وەڵامدانەوەی داوای بتپەرستان

خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿ إِن تَسْتَفْتِحُوا۟ ﴾ ئەی خودانەناسان ئەگەر سەرکەوتنتان دەوێت، واتە: ئەگەر داوای یارمەتیو دادوەریو فەرمانی خودا دەکەن کە ئێوەو دوژمنە بڕوادارەکانتان لەیەکتری جیابکاتەوە، وا ئەوەی کە داواتان کرد هات بۆتان. موحەممەدی کوڕی ئیسحاقو کەسانی تریش وتیان: لە زوهریەوە لە عبدوڵلای کوڕی سەعلەبەی کوڕی سوعیرەوە کە ئەبوجەهل لەڕۆژی بەدردا وتی: ئەی خودایە هەر کەسێکمان زیاتر پەیوەندی خزمایەتی بپچڕیوەو شتێکی بۆ هێناوین کە نایزانین ڕقو قینی خۆت ئەم بەیانیە بڕێژە بەسەریدا. ئەوە داوای سەرکەوتن بوو لەوەوە. خودای گەورەیش وەڵامی دایەوەو ئەم ئایەتەی ناردە خوارەوە ﴿ إِن تَسْتَفْتِحُوا۟ فَقَدْ جَآءَكُمُ ٱلْفَتْحُ ﴾ ئەگەر دەتان ویست سەرکەون. وا سەرکەوتن. تا کۆتایی ئایەتەکە[1] ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە لە عەبدوڵلای کوڕی سەعلەبەوە کە: ئەبوجەهل کاتێك کە ڕووبەڕووی ئەو خەڵکە بوەوە وتی: ئەی خودایە ئەوەمان کە پەیوەندی خزمایەتی پچڕیوەو شتێکی بۆ هێناوین کەلێی تێناگەین ڕقو قینی خۆت ئەم بەیانیە بڕێژە بەسەریدا، ئەبو جەهل ئەوەی داوا کرد[2]، نەسائی لە تەفسیرەکەیداو حاکمیش لە (المستدرك) دا هێناویانەو حاکم وتی: لەسەر مەرجی بوخاریو موسلم فەرموودەیەکی ڕاستە، بەڵام ئەوان نەیان هێناوە[3] وە هەر بەم شێوەیە ڕیوایەت کراوە لە ئیبنو عەبباسو موجاهدو زەحاکو قەتادەو یەزیدی کوڕی ڕومانو کەسانی تریشەوە. سوددی وتی: خودانەناسان کە دەرچون لە مەککەوە بۆ بەدر دەستیان گرت بە پۆشاکی کەعبەوەو داوای سەرکەوتنیان لەخودا کردو وتیان: ئەی خودایە پایە بەرزترین لەشکرو بەڕێزترین کۆمەڵو چاکترین هۆز سەربخە. خودای گەورەش فەرمووی ﴿ إِن تَسْتَفْتِحُوا۟ فَقَدْ جَآءَكُمُ ٱلْفَتْحُ ﴾ واتە: خودای گەورەدەفەرمووێت: ئەوەی کە داواتان کرد سەرمخست کە موحەممەدە (ﷺ) عەبدوڕەحمانی کوڕی زەیدی کوڕی ئەسلەم وتی: ئەوە فەرموودەی خودایە کە لەسەرزمانی ئەو خودانەناسانەوە فەرموویەتی: ﴿ وَإِذْ قَالُوا۟ ٱللَّهُمَّ إِن كَانَ هَٰذَا هُوَ

---

[1] الطبری (١٣/٤٥٣).

[2] أحمد (٥/٤٣١). فەرموودەیەکی حەسەنە.

[3] النسائی فی الكبری (٦/٣٥٠)، الحاكم (٢/٣٢٨) فەرموودەیەکی حەسەنە.

ٱلۡحَقَّ مِنۡ عِندِكَ فَأَمۡطِرۡ عَلَيۡنَا حِجَارَةً مِّنَ ٱلسَّمَآءِ أَوِ ٱئۡتِنَا بِعَذَابٍ أَلِيمٍ﴾[1] ئەوساش وتیان: ئەی خودایە ئەگەر بەڕاستیەوە لەلایەن تۆوە هاتووە، لە ئاسمانەوە بەردەبارانمان بکە یان ئازارێکی بەژانمان بۆ بنێرە[2]. پاشان دەفەرمووێت: ﴿وَإِن تَنتَهُواْ﴾ ئەگەر وازبێنن، لەوەی کەلەسەرین لە خودانەناس‌و بڕوا نەهێنان بە پێغەمبەرەکەی ﴿فَهُوَ خَيۡرٞ لَّكُمۡ﴾ ئەوە زۆر چاکە بۆتان، لە دنیاو لەڕۆژی قیامەتدا ﴿وَإِن تَعُودُواْ نَعُدۡ﴾ ئەگەر تێ هەڵچنەوە، ئێمەش تێ هەڵدەچینەوە. وەك ئەم ئایەتەش کە خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَإِنۡ عُدتُّمۡ عُدۡنَا﴾[3] ئەگەر دەست پێبکەنەوە، ئێمەش دەست پێدەکەینەوە. واتە: ئەگەر ئێوە گەڕانەوە بۆ ئەو خودانەناس‌و گومڕایەی کەلەسەری بوون، ئێمەش دەگەڕێینەوە بۆتان وەك ئەم جارە چیمان بەسەر هێنان، دیسان بەسەرتان دێنینەوە ﴿وَلَن تُغۡنِيَ عَنكُمۡ فِئَتُكُمۡ شَيۡـٔٗا وَلَوۡ كَثُرَتۡ﴾ هیچ شتێك بەهرە بەئێوە نادات، بادەستەو بەستەتان زۆریش بن. واتە: ئەگەر هەرچی تواناتانە بیخەنە کارو هەموو کۆببنەوە، لەوانەشە پێتان نەکرێت، هیچ قازانجێکتان پێ ناگەیەنێت هەرکەسێك خودای لەگەڵدا بێت هیچ شتێك زاڵ نابێت بەسەریدا ﴿وَأَنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ﴾ خودا لەگەڵ بڕوادارانە ئەوان دۆست‌و شوێنکەوتووی پێغەمبەرن (ﷺ).

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَلَا تَوَلَّوۡاْ عَنۡهُ وَأَنتُمۡ تَسۡمَعُونَ ﴿٢٠﴾ وَلَا تَكُونُواْ كَٱلَّذِينَ قَالُواْ سَمِعۡنَا وَهُمۡ لَا يَسۡمَعُونَ ﴿٢١﴾ ۞ إِنَّ شَرَّ ٱلدَّوَآبِّ عِندَ ٱللَّهِ ٱلصُّمُّ ٱلۡبُكۡمُ ٱلَّذِينَ لَا يَعۡقِلُونَ ﴿٢٢﴾ وَلَوۡ عَلِمَ ٱللَّهُ فِيهِمۡ خَيۡرٗا لَّأَسۡمَعَهُمۡۖ وَلَوۡ أَسۡمَعَهُمۡ لَتَوَلَّواْ وَّهُم مُّعۡرِضُونَ﴾

فەرماندان بەگوێڕایەڵی خوداو پێغەمبەرەکەی (ﷺ)

خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَلَا تَوَلَّوۡاْ عَنۡهُ وَأَنتُمۡ تَسۡمَعُونَ﴾ ئەی کۆمەڵی خاوەنباوەڕان، بەفەرمانی خوداو پێغەمبەری بن‌و لە هەرشتێك ئەو پێتان دەڵێت‌و دەیبیستن خۆ لامەدەن. خودای گەورە فەرماندەکات بەعەبدە بڕوادارەکانی کە گوێڕایەڵی خۆی‌و پێغەمبەرەکەی بن‌و دەیان ترسێنێت لەوەی کە سەرپێچی بکەن‌و وەك ئەو خودانەناس‌و لاسارانە هەڵس‌و کەوت بکەن بەرامبەر خودا. واتە: واز لە گوێڕایەڵی‌و بەجێ هێنانی فەرمانەکانی بێنن‌و

---

[1] الانفال (٣٢).

[2] الطبری (١٣/٤٥٨).

[3] الاسراء (٨).

قەدەغەکراوەکانیشی پشت گوێ بخەن. دوای ئەوەی شارەزا بوون لەوەی کە بانگی کردن بۆی ﴿ وَلَا تَكُونُوا۟ كَٱلَّذِينَ قَالُوا۟ سَمِعْنَا وَهُمْ لَا يَسْمَعُونَ ﴾ ئێوە وەك ئەوانە مەبن وتویانە: گوێمان لێیە، کەچی هەر نەشیان بیستووە. ئیبنو ئیسحاق وتی: ئەوانە دوو ڕووەکانن، چونکە ئەوانە وا دەری دەخەن کە بیستویانەو بەگوێی دەکەن، بەڵام ئەوانە ڕاست ناکەن وانین[1] پاشان خودای گەورە ئاگاداری داوە کە ئەم جۆرە کەسانە لەنەوەی ئادەم خراپترین کەس‌و پیسترین گیانەوەرن‌و دەفەرموێت: ﴿إِنَّ شَرَّ ٱلدَّوَآبِّ عِندَ ٱللَّهِ ٱلصُّمُّ ٱلْبُكْمُ ٱلَّذِينَ لَا يَعْقِلُونَ ﴾ خراپترین زیندەوەران لەلای خودا ئەو کەڕو لاڵانەن کەوا هیچ تێ ناگەن. واتە: ئەو خودانەناس‌و دووڕووانە کەڕن لە بیستنی هەق‌و لاڵن لە تێگەیشتن، ئەوانە خراپترین گیانەوەرن، چونکە گشت گیانەورێك جگە لەوان بەرفەرمانی خودان لەوەدا، کە دروستی کردوون بۆی، بەڵام ئەمانە دروستکراون بۆ خودا پەرستی کەچی دەستیان دایە خودانەناسی، بۆیە خودا وەك ئاژەڵ ناویان دەبات‌و دەفەرموێت: ﴿ وَمَثَلُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ كَمَثَلِ ٱلَّذِى يَنْعِقُ بِمَا لَا يَسْمَعُ إِلَّا دُعَآءً وَنِدَآءً ﴾[2] وێنەی ئەو خودانەناسانە وەك وێنەی ئەو ئاژەڵەیە کە دەنگ دەدرێت جگە لە خوڕین‌و دەنگ هیچ نابیستێت وە لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێت: ﴿أُو۟لَٰٓئِكَ كَٱلْأَنْعَٰمِ بَلْ هُمْ أَضَلُّ ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْغَٰفِلُونَ ﴾[3] ئەوانە وەك ئاژەڵ وان، بەڵکو لەوان گومڕاترن ئاگایان لەهیچ شت نیە. وتراوە: مەبەست بەوانەی کە باسکران کۆمەڵە کەسێکن لە نەوەی عەبدودار لە قورەیشیەکان، ئەم قسەیە لە ئیبنو عەبباس‌و موجاهدەوە ڕیوایەت کراوە. ئیبنو جەریریش ئەمەی هەڵبژاردووە[4] موحەممەدی کوڕی ئیسحاق ئەڵێت: ئەوانە دووڕووەکانن. منیش دەڵێم: هیچ جیاوازیەك نیە لەنێوان خودانەناس‌و دوو ڕووەکان لەو بارەیەوە، چونکە هەریەکێك لەوانە بێ بەشە لە تێگەیشتنی ڕاستی‌و ئارەزووی ئاکاری چاك، ئەگەر واش دانرێت کە تێگەیشتنیان هەیە. بۆیە خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَلَوْ عَلِمَ ٱللَّهُ فِيهِمْ خَيْرًا لَّأَسْمَعَهُمْ ﴾ ئەگەر خودا بیزانیایە خێرێکیان تێدایە، کارێکی دەکرد ببیستن. چونکە خودا خۆی دەزانێت ﴿وَلَوْ أَسْمَعَهُمْ لَتَوَلَّوا۟ ﴾ ئەگەر واشی بکردایە ببیستن هەر ڕوویان وەردەگێڕا بە ئارەزوو لاساری خۆیان‌و دوای تێگەیشتنبان لێشی ﴿وَّهُم مُّعْرِضُونَ ﴾ هەر خۆیان لێی لادەدا.

---

[1] الطبری (١٣/٤٥٨).

[2] البقرة (١٧١).

[3] الاعراف (١٧٩).

[4] الطبری (١٣/٤٦٠).

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱسْتَجِيبُوا۟ لِلَّهِ وَلِلرَّسُولِ إِذَا دَعَاكُمْ لِمَا يُحْيِيكُمْ ۖ وَٱعْلَمُوٓا۟ أَنَّ ٱللَّهَ يَحُولُ بَيْنَ ٱلْمَرْءِ وَقَلْبِهِۦ وَأَنَّهُۥٓ إِلَيْهِ تُحْشَرُونَ ﴿٢٤﴾ ﴾

فەرماندان بەوەلامدانەوەی خوداو پێغەمبەر(ﷺ)

خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱسْتَجِيبُوا۟ لِلَّهِ وَلِلرَّسُولِ إِذَا دَعَاكُمْ لِمَا يُحْيِيكُمْ ﴾ ئەی کۆمەڵی خاوەنباوەڕان، هەر کاتێك خوداو پێغەمبەر داواتان لێدەکەن کارێك بکەن کە پێی ببوژێنەوە گورج پێی هەڵسن. ئەوە لە بەرژەوەندی ئێوەیە. ڕیوایەت کراوە لە ئەبو سەعیدی موعەللاوە(ڕەزای خودای لێبێت) وتی: نوێژم دەکرد، پێغەمبەر(ﷺ) بەلامدا ڕۆیشتو بانگی کردم، نەچووم بۆلای هەتا نوێژەکەم تەواو کرد پاشان چوومە خزمەتی، فەرمووی: (چی ڕێی لێ گرتی کە بێیتە لام؟ ئایا خودا نافەرمووێت: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱسْتَجِيبُوا۟ لِلَّهِ وَلِلرَّسُولِ إِذَا دَعَاكُمْ لِمَا يُحْيِيكُمْ ﴾ پاشان فەرمووی: پێش ئەوەی بچمە دەرەوە فێری گەورەترین سورەتت دەکەم لە قورئاندا، پێغەمبەری خودا(ﷺ) ڕۆیشت کە بچێتە دەرەوە وەبیرم خستەوە فەرمووی: (الحمد الله رب العلمين) ئەوە ئەو حەوت ئایەتە دووبارە کراوەکەیە[1]، موحەممەدی کوڕی ئیسحاق ئەڵێت: لە موحەممەدی کوڕی جەعفەری کوڕی زوبەیرەوە لە عوروەی کوڕی زوبەیرەوە لەبارەی ئەم ئایەتەوە: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱسْتَجِيبُوا۟ لِلَّهِ وَلِلرَّسُولِ إِذَا دَعَاكُمْ لِمَا يُحْيِيكُمْ ﴾ وتی: واتە: خۆ ئامادە بکەن بۆ ئەو شەڕە کە خودای گەورە سەربەرزی کردن دوای زەلیلیو وە بەهێزیشی کردن پێی دوای لاوازیو پاراستنی لە دوژمنەکەتان دوای شکست پێ هێنانیان بە ئێوە[2].

خودا دەتوانێت لەمپەر دانێت لەنێوان مرۆڤو دڵیدا

خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَٱعْلَمُوٓا۟ أَنَّ ٱللَّهَ يَحُولُ بَيْنَ ٱلْمَرْءِ وَقَلْبِهِۦ ﴾ چاك بزانن کە خودا دەتوانێت لەنێوان مرۆڤو دڵیدا دانێت. ئیبنو عەبباس ئەڵێت: خودا لەمپەر دادەنێت لەنێوان خاوەنباوەڕو خودانەناسداو وە لەنێوان بێ بڕوایی‌و بڕوادا[3]، حاکم ڕیوایەتی کردووە لە موسنەدرەکەیدا بەمەوقوفی‌ونەڵێت: فەرموودەیەکی ڕاستە[4] موجاهدو سەعیدو عیکرمەو زەححاکو ئەبو ساڵحو عەتیەو

---

[1] فتح الباری (٨/١٥٨).

[2] ابن هشام (٢/٣٢٤).

[3] الطبری (١٣/٤٦٨).

[4] الحاکم (٢/٣٢٨).

موقاتیلی کوڕی حەیان و سـوددیش هـەوایان وتـووە[1] وە لـە ڕیوایەتێکدا لـە موجاهـدەوە هـاتووە لـەم ئایەتەدا ﴿يَحُولُ بَيْنَ ٱلْمَرْءِ وَقَلْبِهِۦ﴾ئەڵێت: بەشێوەیەك پشت گوێی دەخات کە ئارەزووی نامێنێت. سوددی وتـی: خـودا لەمپـەر لـە نێـوان مـرۆڤو دڵیدا دادەنێت کە ناتوانێت بـڕوا بێنێتو ناشتوانێت خودانەناس بێت مـەگین بـەئیزنی خـۆی. زۆر فـەرمـوودە هـاتووە لـە پێغەمبـەری خـودا(ﷺ) کـەجێی خۆیەتی لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا باس بکرێت. ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە لـە ئەنەسی کـوڕی مالیکـەوە (ڕەزای خـودای لێبێـت) وتـی: پێغەمبـەری خـودا(ﷺ) زۆر جار دەی فـەرموو: (ئـەی ئـەو کەسەی دڵەکان دەگۆڕیت دڵم قایمگیربکە لەسـەر ئاینەکـەت) وتـی: گوتمـان ئـەی پێغەمبـەری خـودا بڕوامان هێناوە بەتۆو بەئەوەش پێی هاتوین، ئایا هەر ترست لێمان هەیە؟ فـەرمووی: (بـەڵێ: دڵـەکان لەنێوان دووپەنجە لـە لەپەنجـەکانی خـودای مەزندایە دەیانگۆڕێت)[2]، تیرمیـزیش ڕیوایـەتی کـردووەو لەبەشی قەدەردا لە جامیعەکەیدائەڵێت: فەرموودەیەکی چاکە.[3] ئیمامی ئەحمد ڕیوایـەتی کـردووە لـە نوواسێ کوڕی سەمعانی کیلابیەوە (ڕەزای خودای لێبێت) وتـی: لـە پێغەمبـەری خـودام بیسـت (ﷺ) دەیفـەرموو: (هیچ دڵێك نیـە مـەگین ئـەو دڵـە لـەنێوان دووپەنجـە لەپەنجەکانی خودایە پـەروەردگاری جیهـان، ئەگـەر مـەیلی لێ بـوو ڕاسـتی دەکاتـەوە، ئەگـەر مەیلیشی لێ بـوو لای بـدات لای دەدات) دەیفـەرموو: (ئـەی ئەوکەسـەی دڵـەکان دەگۆڕیت دڵـم سـەقامگیر بکـە لەسـەر ئاینەکـەت) فـەرمووی: (تـەرازوو بەدەسـتی ڕەحمانـە نزمـی دەکاتـەوەو بەرزیـشی دەکاتـەوە)[4] نەسـائیو ئیبنـو ماجـەش ڕیوایەتیان کردووە[5].

﴿ وَٱتَّقُواْ فِتْنَةً لَّا تُصِيبَنَّ ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ مِنكُمْ خَآصَّةً ۖ وَٱعْلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلْعِقَابِ ﴿٢٥﴾ ﴾

ترساندن لەفیتنەی گشتگیر

خـودای گـەورە بەنـدە خاوەنباوەڕەکـانی دەترسـێنێت لـە فیتنـە واتـە: لـەو تاقیکردنەوەیـە کـە خراپەکارو غەیرە خراپەکار دەگرێتەوەو تایبەت مەندنیە بۆ خەڵکی گوناه کـارە وەیان ئـەو کەسـە کـە هەڵساوە بەو گوناهەوە، بەڵکو هەموو دەگرێتەوە کاتێك بەرگری لەوتاوانە نەکراو هەوڵی لابردنی نەدرا. وەك ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە لە موتەڕیفەوە وتی: وتمـان بەزوبـەیر: ئـەی ئـەبو عەبدڵلا چـی ئێوەی هێناوە؟ خەلیفەتات لەدەست دا کە کوژراو دوایی دێن داوای خوێنەکەی دەکـەن؟ زوبـەیر وتـی:

---

[1] الطبري (١٣/٤٧٠/٤٧١).

[2] أحمد (١١٢/٣) فەرموودەیەکی سەحیحە.

[3] تحفة الاحوذي (٣٤٩/٦/٣٥٠). فەرموودەیەکی سەحیحە

[4] أحمد (١٨٢/٤) فەرموودەیەکی سەحیحە.

[5] النسائي في الكبرى (٤١٤/٤)، ابن ماجة (٧٢/١) فەرموودەیەکی سەحیحە.

ئێمە لەسەردەمی پێغەمبەری خوداو (ﷺ) ئەبوبەکرو عومەرو عوسماندا (ڕەزای خودایان لێ بێت) ئەم ئایەتەمان دەخوێندەوە ﴿ وَٱتَّقُواْ فِتۡنَةٗ لَّا تُصِيبَنَّ ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ مِنكُمۡ خَآصَّةٗۖ ﴾ وامان دانەدەنا کە ئێمە خەڵکی ئەو فیتنەیەین تا کاتێك کە ڕوویدا لێمانو بەرپا بوو[1] وە عەلی کوڕی ئەبوتەلحە لەئیبنو عەبباسەوەئەلێت : لەم ئایەتەدا ﴿ وَٱتَّقُواْ فِتۡنَةٗ لَّا تُصِيبَنَّ ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ مِنكُمۡ خَآصَّةٗۖ ﴾ وتی: مەبەست پێی هاوەڵانی پێغەمبەرە (ﷺ) بەتایبەتی[2] وە لە ڕیوایەتێکی تردا هەر لە تەلحەوە لە ئیبنو عەبباسەوە لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا وتی: خودا فەرمانی داوە بەخاوەنباوەڕان کە چاوپۆشی نەکەن لە خراپەکاری لەنێوان خۆیاندا کە ڕوویدا، ئەگینا خودا هەموویان تووشی سزا دەکات[3] ئەمە تەفسیرێکی زۆر جوانو چاکە. هەر بۆیە موجاهید لەم ئایەتەدا ﴿ وَٱتَّقُواْ فِتۡنَةٗ لَّا تُصِيبَنَّ ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ مِنكُمۡ خَآصَّةٗۖ ﴾ وتی: ئەم ئایەتە بۆ ئێوەشە[4] زەححاكو یەزیدی کوڕی ئەبو حەبیبو کەسانی تریش هەروایان وتووە. ئیبنو مەسعود وتی هیچ کەسێك نیە لەئێوە مەگین ئەو کەسە فیتنەیەك هەر دەیگرێتەوە چونکە خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿ إِنَّمَآ أَمۡوَٰلُكُمۡ وَأَوۡلَٰدُكُمۡ فِتۡنَةٞۚ ﴾[5] ئەو دارایی‌و مندالانەی هەتانە، هۆی تاقیکردنەوەتانن. هەر کەسێکتان کە داوای پەنای کرد، با داوای پەنا لە خودا بکات لەو فیتنانەی کە هەڵخەڵەتێن‌و چەواشە کەرن.[6] ئیبنو جەریر ڕیوایەتی کردووە. مەبەست ئەوەیە کە ئەم ترساندنە هاوەڵەکانی پێغەمبەرو کەسانی تریش دەگرێتەوە هەرچەندە ڕووی قسەکە لەوانە لەڕاستیدا، ئەو فەرموودانە کە لەبارەی ترسان لە فیتنە هاتوون بەڵگەن ڕاستی ئەو قسەیە. بۆیە لە کتێبێکی سەربەخۆدا خودا مەیلی لێ بێت ڕوون دەکرێتەوە وەك چۆن زانایانی کە بەجیا کتێبیان لەسەر نووسیوە، ئەوەی لێرەدا زۆر گرنگ بێت باسی بکرێت ئەم فەرموودانەیە کە ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردوون، لەوانە، لە حوزەیفەی کوڕی یەمانەوە کە پێغەمبەری خوداو (ﷺ) فەرموویەتی: (سوێند بەوکەسەی گیانی منی بەدەستە دەبێت فەرمان بکەن بە چاکەو بەرگری بکەن لە خراپە یان بەمزووانە خودا لەلایەن خۆیەوە سزاتان بۆ دەنێرێت پاشان لێی دەپاڕێنەوەو وەڵامتان ناداتەوە)[7]، وە ئیمامی

---

[1] أحمد (١٦٥/١) سەنەدەکانی خراپ نیی یە.

[2] الطبری (٤٧٤/١٣).

[3] الطبری (٤٧٤/١٣).

[4] الطبری (٤٧٥/١٣).

[5] التغابن (١٥).

[6] الطبری (٤٧٥/١٣).

[7] أحمد (٣٨٨/٥) فەرموودەیەکی حەسەنی سەحیحە

ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە لە ئیبنو ڕوقادەوە ئەڵێت: لەگەڵ گەورەکەمدا دەرچووم خستمیانە لای حوزەیفە کە دەیگوت: ئەگەر کەسێك قسەیەکی (بەجۆرێکی) لەدەم دەربچوایە لەسەردەمی پێغەمبەری خوداو (ﷺ) بە دووڕوو سەیر دەکرا، کەچی من ئەو قسەیە چوار جار لەیەکێك لەئێوە دەبیستم لەیەك دەنیشتندا، سوێند بەخودا دەبێت فەرمان بدەن بەچاکەو بەرگری بکەن لە خراپەو هانە بدەن بەچاکە. یان خودا هەمووتان بەسزایە لەناو دەبات، یان خراپترین کەستان دەکاتە فەرمانڕەواتان پاشان چاکەکانتان دەپاڕێتەوەو وەلامیان نادرێتەوە[1] نەعمانی کوڕی بەشیر (ڕەزای خودایان لێ بێت) وتی: بیستم لە پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: (وێنەی ئەوەی کە فەرمان دەکات بەچاکەو بەرگری دەکات لە خراپە، ئەوەی نایکاتو هەڵدەستێت بەخراپە، وەك وێنەی ئەو کەسانەن کە کەشتیەکیان هەیە دووقاتە، تیرو پشك بکەنو هەندێکیان قاتی سەرەوە یان سەرکەوێتو هەندێکی تریان قاتی خوارەوەیان بەردەکەوێت، ئەوانەی لە خوارەوەن بۆ ئاو دەبوو بچوونایەتە سەرەوە بەسەر ئەواندا تێپەڕینایە، نەوەك ئەوانەی سەرەوە ئازاریان پێ بگات، ئەوانەی خوارەوە بڵێن: بۆچی ئازارتان بدەین بۆ ئاو؟ ئەگەر کونێك بکەینە بەشەکەی خۆمان ئاوی لێ هەڵدەکێشین یەکێکیان تەشوێیەك (فأساً) هەڵبگرێت دەست بکات بەکونکردنی کەشتیەکە، ئەوانەی سەرەوە بێن پێیان بڵێن: بۆئی کونی دەکەیت؟ ئەوانیش بڵێن: ئێمە ئاومان پێویستە بۆچی ئەوەندە ئازاری ئێوە بدەین بۆ ئاو؟ بەشەکەی خۆمان کون دەکەین، ئەگەر وازیان لێ بێنن ئەوەی کە دەیانەوێت بیکەن هەموویان لەناودەچن، ئەگەر دەستیان بگرن ئەمانیشو ئەوانیش هەموو ڕزگاریان بووە)[2]، بوخاری تەنیا خۆی ئەم فەرموودەی ڕیوایەت کردووە لەبەشی (الشركة والشهادات)[3] تیرمیزیش لەبەشی فیتنەکاندا هێناویەتی بەشێوەیەکی تر[4] ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە لە ئومو سەلەمەوە خێزانی پێغەمبەر(ﷺ) وتی: بیستم لە پێغەمبەری خوداوە (ﷺ) دەیفەرموو: (کاتێك گوناه تەشەنەی کرد لەناو ئوممەتەکەمدا خودا سزای گشتگیریان لەلایەن خۆیەوە بۆدەنێرێت)، وتم: ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئایا خەڵکی پیاوچاکیان تێدا نیە؟ فەرمووی: (بەڵێ) وتی: ئەی ئەوانە چی دەکەن؟ فەرمووی: (ئەوەی ئەو خەڵکە تووشیان دێت ئەوانیش تووشیان دێت پاشان دەگەڕێنەوە بۆلای لێخۆشبوونو ڕەزامەندی خودا)[5] وە لە فەرموودەیەکی تردا هەر ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە لە جەریرەوە کە پێغەمبەری خودا(ﷺ)

---

[1] أحمد (٥/٣٩٠) سەنەدەکانی لاوازە.

[2] أحمد (٤/٢٦٩) فەرموودەیەکی سەحیحە.

[3] فتح الباري (٥/١٥٧/٢٤٥).

[4] تحفة الاحوذي (٦/٣٩٤).

[5] أحمد (٦/٣٠٤) فەرموودەیەکی باشە (جيد)

فەرموویەتی: (هیچ گەلێك نیە کەلە نێوانیاندا تاوان بکرێت، ئەوان دەستەڵاتدارترین لەوانەی کە ئەو کارە دەکەن، پاشان نەیگۆڕن مەگین خودا هەموویان تووشی سزا دەکات)[1] ئیبنو ماجەش ئەم فەرموودەی هێناوە[2].

﴿وَاذْكُرُوٓاْ إِذْ أَنتُمْ قَلِيلٌ مُّسْتَضْعَفُونَ فِى ٱلْأَرْضِ تَخَافُونَ أَن يَتَخَطَّفَكُمُ ٱلنَّاسُ فَـَٔاوَىٰكُمْ وَأَيَّدَكُم بِنَصْرِهِۦ وَرَزَقَكُم مِّنَ ٱلطَّيِّبَٰتِ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ ﴿٢٦﴾﴾

ئاگادارکردنەوەی موسوڵمانان لەو ژیانەی کە تێیدا بوون لە کزی و لاوازی و پاشان چۆن بوونە خاوەنی هێزو دەستەڵات

خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَاذْكُرُوٓاْ إِذْ أَنتُمْ قَلِيلٌ مُّسْتَضْعَفُونَ فِى ٱلْأَرْضِ تَخَافُونَ أَن يَتَخَطَّفَكُمُ ٱلنَّاسُ فَـَٔاوَىٰكُمْ وَأَيَّدَكُم بِنَصْرِهِۦ وَرَزَقَكُم مِّنَ ٱلطَّيِّبَٰتِ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ﴾ بیر لەو کاتە بکەنەوە کە ئێوە لەم زەمینەدا کەمێکی بێدەستەڵات بوون، ترستان هەبوو خەڵکی تر دەرتان بکەن و بێ جێ و ڕێ بمێننەوە، پەنای دان و یارمەتی دان و سەرکەوتن و ڕۆزی پاك و ڕەوای پێدان، بەڵکو شوکرانە بژێرین. خودای گەورە خاوەنباوەڕەکانی ئاگادار دەکاتەوە بۆ ئەو بەهرانەی کەپێی بەخشیون و ئەو چاکانەی کە لەگەڵی کردوون، کە زەمانێك بوو زۆر کەم بوون زۆری کردن و لاوازو بێ دەستەڵات بوون دەترسان بەهێزی کردن و سەری خستن، هەژارو بێ دەست بوون ڕۆزی پاك و تەمیزی دان، بۆ ئەوەی سوپاسی بکەن و مل کەچی بن و گوێ ڕایەڵی گشت فەرمانەکانی بن. ئەوە حاڵ و گوزەرانی موسوڵمانەکان بوو کاتێك کە لەمەککەدا بوون، زۆر کەم بون و خۆیان دەشاردەوەو دەچەوسێنرانەوە، دەترسان خەڵکی لەگشت ولاتێکەوە بێن بدەن بەسەریانداو دەریان بکەن و بیانگوێزن لە بتپەرستان و ڕۆم و مەجوسیەکان، چونکە ئەوانە هەموو دوژمنیان بوون، لەبەر کەمی و بێ توانایییان. بەردەوام ئەمە حاڵیان بوو هەتا خودای مەزن ئیزنی دان کۆچ بکەن بۆ مەدینەو لەوێدا پەنای دان و خەڵکەکەی بوو دڵ گوشاد کردن و دڵیان دانەوەو یارمەتیان دان لەڕۆژی بەدرداو جەنگەکانی تریشدا، هاوکاریان کردن بەسامانەکانیان و گیانی خۆیان بەخت کرد لەپێناوی فەرمانی خوداو پێغەمبەرەکەیدا(ﷺ) قەتادە لەم ئایەتەدا ئەڵێت:﴿وَاذْكُرُوٓاْ إِذْ أَنتُمْ قَلِيلٌ مُّسْتَضْعَفُونَ فِى ٱلْأَرْضِ﴾ ئەو ناوچەیە کە ئەم عەرەبانەی تێدا دەژیان زەلیل ترین خەڵکی خودا بوون، خراپترین ژیانیان بەسەر دەبرد هەمیشە سکیان برسی بوو، ڕووت و پێ پەتی و زۆر سەرلێشێواو بوون، ئەوەی دەژیان زۆر بە

---

[1] أحمد (٣٦٤/٤) فەرموودەیەکی باشە (جید).

[2] أحمد (٣٦٦/٤)، ابن ماجة (١٣٢٩/٢).

بەدبەختی ژیانی بەسەر دەبرد، ئەوەش دەمرد دەچوو بۆ ناو ئاگر، دەخوران‌و نەیان دەخوارد سوێند بەخودا هیچ کەسێك شك نابەین لەخەڵکی ئەم سەر زەمینە لەو کاتەدا شوێنیان لەمانە خراپتر بوبێت هەتا ئەو کاتەی خودا ئیسلامی هێنا، بەو ئیسلامە ولاتەکەی دامەزراندوو ڕۆزی پێ فراوان کرد بەو ئیسلامە کردنی بەفەرمانڕەوا بەسەر خەڵکیداو خودا ئەو هەموو شتەی پێدان کەبەچاوی خۆتان بینیتان، شوکرانەبژێری خودابن لەسەر بەهرەکانی، پەروەردگارتان خاوەن بەهرەو شوکری پێ خۆشە ئەو کەسانەی شوکری دەکەن هەمیشە خودای مەزن بەهرەیان بۆ زیاتر دەکات.[1]

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَخُونُواْ ٱللَّهَ وَٱلرَّسُولَ وَتَخُونُوٓاْ أَمَٰنَٰتِكُمْ وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴿٢٧﴾ وَٱعْلَمُوٓاْ أَنَّمَآ أَمْوَٰلُكُمْ وَأَوْلَٰدُكُمْ فِتْنَةٌ وَأَنَّ ٱللَّهَ عِندَهُۥٓ أَجْرٌ عَظِيمٌ ﴿٢٨﴾ ﴾

هۆی هاتنەخوارەوەی ئەم ئایەتەو قەدەغەکردنی ناپاکی

خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَخُونُواْ ٱللَّهَ وَٱلرَّسُولَ وَتَخُونُوٓاْ أَمَٰنَٰتِكُمْ وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴾ ئەی کۆمەڵی خاوەنباوەڕان لەگەڵ خوداو پێغەمبەر دەغەڵی مەکەن، ئەوشتانەش کەدەیزانن ئەمانەتن لەناوخۆتاندا خەیانەتی تێدامەکەن.وەلەهەردوو سەحیحەکەشدا بەسەرهاتی حاتبی کوڕی ئەبی بەلتەعە هاتووە کە نامەی نووسی بۆ قورەیش‌و مەبەستی پێغەمبەری خودای (ﷺ) تێدا باس کرد بۆیان لەساڵی ئازادکردنی مەککەدا خودای گەورە پێغەمبەرەکەی لەوە ئاگادار کرد، پێغەمبەریش (ﷺ) خەڵکی نارد بەدوای نامەکەداو هێنایەوەو داوای حاتەبیشی کردو هێنایان‌و دانی بەوەدا نا کە کردوویەتی. تێیدا هاتووە، کە عومەری کوڕی خەتاب هەستاو وتی: ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئایا نەدەم لەگەردنی؟ بەڕاستی ئەوخەیانەتی لەخوداو پێغەمبەرەکەی‌و بڕواداران کردووە؟ پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (وازی لێ بێنە ئەو ئامادەی بەدر بووە، تۆ چوزانیت لەوانەیە خودا بەچاوی بەزەیی تەماشای خەڵکی بەدری کردبێت‌و پێی فەرموو: چیتان دەوێت بیکەن بەڕاستی من لێتان خۆش بووم) منیش دەڵێم: ڕاستیەکەی ئەوەیە کە ئەم ئایەتە گشتگیرەو بۆ هەموو کاتێکە، هەرچەندە هۆی هاتنە خوارەکەی تایبەتە، بەلام کارکردن بە گشتگیری وتەیە نەك تایبەتمەندی هۆکارەکە لەلای زۆرینەی زانایان، خەیانەت گشت تانە گەورەو بچوکەکانیش دەگرێتەوە لەخۆ بگرێت یان لە خەڵکی تر. عەلی کوڕی ئەبوتەلحە لە ئیبنو عەبباسەوە ئەڵێت: ﴿وَتَخُونُوٓاْ أَمَٰنَٰتِكُمْ﴾ ئەمانەت، ئەو ئەرکانەیە کەخوداعەبدەکانی بەرپرسیارکردووەلەسەری،واتە: فەرزەکان. دەفەرمووێت: ﴿وَتَخُونُوٓاْ﴾ واتە: ئەو

---

[1] الطبری (١٣/٤٧٨).

ئەمانەتە هەڵمەوەشێنەوەو مەیشکێنن[1]، عەبدوڕەحمانی کوڕی زەید وتی: قەدەغەی کردووە لێتان کە خەیانەت لەخوداو پێغەمبەر(ﷺ) بکەن دووڕووەکان کردیان.[2] پاشان خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَٱعْلَمُوٓا۟ أَنَّمَآ أَمْوَٰلُكُمْ وَأَوْلَٰدُكُمْ فِتْنَةٌ﴾ بشزانن ماڵو منداڵتان هۆی تاقی کردنەوەن. واتە: جێی ئەزموونو تاقی کردنەوەن بۆتان، کاتێك کە خودا پێی داون تا بزانێت شوکرانە بژێرینیو گوێ ڕایەڵی دەکەن لەسەری یان خۆتان سەرقاڵ دەکەن پێیانەوەو خوداتان لەبیردەچێتەوە، یان ئەو ماڵو منداڵە لەجێی ڕەزامەندی خودا دادەنێن؟ وەك لە ئایەتێکی تردا دەفەرمووێت: ﴿إِنَّمَآ أَمْوَٰلُكُمْ وَأَوْلَٰدُكُمْ فِتْنَةٌ وَٱللَّهُ عِندَهُۥٓ أَجْرٌ عَظِيمٌ﴾[3] ئەو دارایيو منداڵانەی هەتانن جێی تاقی کردنەوەن، خودا پاداشتی گەورەی لایە. وە دەفەرمووێت: ﴿وَنَبْلُوكُم بِٱلشَّرِّ وَٱلْخَيْرِ فِتْنَةً﴾[4] بەخراپەو بەچاکی بێت تاقیان دەکەینەوە. وە دەفەرمووێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تُلْهِكُمْ أَمْوَٰلُكُمْ وَلَآ أَوْلَٰدُكُمْ عَن ذِكْرِ ٱللَّهِ ۚ وَمَن يَفْعَلْ ذَٰلِكَ فَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْخَٰسِرُونَ﴾[5] ئەی کۆمەڵی خاوەنباوەڕان سامانو منداڵەکانتان یادی خوداتان نابێت لەبیر بەرێتەوە، ئەوانەی وا دەکەن زیانبارن. وە دەفەرمووێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ إِنَّ مِنْ أَزْوَٰجِكُمْ وَأَوْلَٰدِكُمْ عَدُوًّا لَّكُمْ فَٱحْذَرُوهُمْ﴾[6] ئەی کۆمەڵی خاوەنباوەڕان، هەندێك لە ژنانو منداڵانی ئێوە دوژمنتانن خۆتانیان لێ بپارێزن پاشان خودای گەورە لێرەدا دەفەرمووێت: ﴿وَأَنَّ ٱللَّهَ عِندَهُۥٓ أَجْرٌ عَظِيمٌ﴾ بێگومان پاداشتی گەورە لای خودایە. واتە: پاداشتو بەخشندەیيو بەهەشتەکانی ئەو چاکترە بۆ ئێوە لە دارایيو منداڵ، چونکە جاری واهەیە منداڵەکانتان دەبنە دوژمنتان، زۆر بەشیان قازانجێکت پێ ناگەیەنن هەر خودای پاکو بێعەیب کاربەدەستو خاوەنی موڵکی دونیاو قیامەتە. پاداشتی گەورە لە ڕۆژی قیامەتدا لای ئەوە. وە لە سەحیحی موسلیمدا هاتووە لە پێغەمبەری خودا(ﷺ) کە فەرموویەتی: (سێ شت هەن هەرکەسێك تێیدا بێت بەو سیانە شیرینی ئیمان بەدەست دەهێنێت، هەرکەسێك خوداو پێغەمبەری(ﷺ) لەهەموو شت خۆشتر بووێت، هەروەها کەسێکیش

---

[1] الطبری (١٣/٤٨٥).
[2] الطبری (١٣/٤٨٣).
[3] التغابن (١٥).
[4] الأنبياء (٣٥).
[5] المنافقون (٩).
[6] التغابن (١٤).

خۆشویست تەنها لەبەرخودا خۆشی بوویت، ئینجا پێی ناخۆش بێت بگەڕێتەوە بۆ بێ دینی دوای ئەوەی خودا ڕزگاری کرد لێی وەك چۆن پێی ناخۆشە فڕێ بدرێتە ناو ئاگرەوە)[1] بەڵکو دەبێت خۆشەویستی خوداو پێغەمبەرەکەی (ﷺ) پێشی بخات لە خۆشەویستی ماڵو منداڵو گیانیشی[2] لەهەردوو سەحیحەکەدا هاتووە کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (سوێند بەوکەسەی گیانی منی بەدەستە هیچ کەسێك لەئێوە بڕوای (تەواو) نیە، هەتا منی لەلا خۆشەویستتر نەبێت لەگیانیو کەسو کاریو سامانیو هەموو خەڵکی)[3].

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِن تَتَّقُواْ ٱللَّهَ يَجۡعَل لَّكُمۡ فُرۡقَانٗا وَيُكَفِّرۡ عَنكُمۡ سَيِّـَٔاتِكُمۡ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡۗ وَٱللَّهُ ذُو ٱلۡفَضۡلِ ٱلۡعَظِيمِ ﴿٢٩﴾ ﴾

لەخودا ترسی هۆکارە بۆ جیاکردنەوەی چاکەو خراپە

خـودای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِن تَتَّقُواْ ٱللَّهَ يَجۡعَل لَّكُمۡ فُرۡقَانٗا وَيُكَفِّرۡ عَنكُمۡ سَيِّـَٔاتِكُمۡ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡۗ وَٱللَّهُ ذُو ٱلۡفَضۡلِ ٱلۡعَظِيمِ ﴾ئەی کۆمەڵی خاوەن باوەڕان، ئەگەر لەخودا بترسن، هۆی جیاکردنەوەی پاكوپیستان پێدەداتو لە خراپەتان دەبوورێت. خودا خاوەنی چاکەی زۆر مەزنە. ئیبنو عەبباسو سوودیو موجاهدو عیکرمەو زەحاكو قەتادەو موقاتیلی کوڕی حەیانو کەسانی تریش دەڵێن: ﴿فُرۡقَانٗا﴾ دەروتان لێدەکاتەوە، موجاهد ئەمەی لێ زیاد کردووە خودا دەروتان لێدەکاتەوە لە دونیاو لە قیامەتدا[4]، وە لە ڕیوایەتێکی تردا ئیبنو عەبباس دەڵێت: ﴿فُرۡقَانٗا﴾ واتە: ڕزگار دەبیت وە لە ڕیوایەتێکی تریشدا دەڵێت: سەردەکەون. موحەممەدی کوڕی ئیسحاق ئەڵێت: ﴿فُرۡقَانٗا﴾ واتە: هۆی جیاکەرەوەی نێوان هەقو ناهەقتان پێدەدرێت، ئەم تەفسیرەی ئیبنو ئیسحاق گشتگیر ترە لەوانەی پێشی خۆی، ئەو قسانەی ئەوانیش هەموو دەگرێتەوە. بێگومان هەرکەسێك لەخودا بترسێت فەرمانەکان خودا بێت بەجێ بکاتو واز لەقەدەغەکراوەکانی بێنێت، سەرکەوتوو دەبێت لە ناسینو جیاکردنەوەی هەق لە ناهەقو شتی پڕو پوچ، ئەوەش دەبێت بەهۆی سەرکەوتنو ڕزگار بوونو دەرباز بونی لەکاروباری دنیاو بەختەوەر بوونی لە ڕۆژی قیامەتداو سڕینەوەیو لابردنی گوناهەکانیو چاوپۆشی لێ کردنیو ئاشکرا نەکردنی لەلای خەڵکی. وە هۆکارێکیشە بۆ وەدەست

---

[1] مسلم (٦٦/١).

[2] مسلم (٦٧/١).

[3] فتح البارى (٧٥/١).

[4] الطبرى (٤٨٩/١٣-٤٩٠).

هێنانی پاداشتی گەورە لەلای خودا. وەك خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَءَامِنُواْ بِرَسُولِهِۦ يُؤْتِكُمْ كِفْلَيْنِ مِن رَّحْمَتِهِۦ وَيَجْعَل لَّكُمْ نُورًا تَمْشُونَ بِهِۦ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ۚ وَٱللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴾[1] ئەی کۆمەڵی خاوەنباوەڕان ترستان لەخودا هەبێتو بڕوا بە پێغەمبەری ئەو بێنن، ئەوسا دووپاداشتتان دەداتەوەو ڕووناکیەکتان وە پێش دەخات، کە بەهۆیەوە بەڕێدا بڕۆنو لە گوناهتان دەبورێتو هەر خودایە خەتا پۆشو دلۆڤانە.

﴿ وَإِذْ يَمْكُرُ بِكَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ لِيُثْبِتُوكَ أَوْ يَقْتُلُوكَ أَوْ يُخْرِجُوكَ ۚ وَيَمْكُرُونَ وَيَمْكُرُ ٱللَّهُ ۖ وَٱللَّهُ خَيْرُ ٱلْمَـٰكِرِينَ ﴿٣٠﴾ ﴾

باسی ئەو پلانەی کە خەڵکی مەککە دایان ڕشت بۆ کوشتنی پێغەمبەر(ﷺ)

خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَإِذْ يَمْكُرُ بِكَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ لِيُثْبِتُوكَ أَوْ يَقْتُلُوكَ أَوْ يُخْرِجُوكَ ۚ وَيَمْكُرُونَ وَيَمْكُرُ ٱللَّهُ ۖ وَٱللَّهُ خَيْرُ ٱلْمَـٰكِرِينَ ﴾ ئەوکاتە دەبو بێنە کە خودانەناسان ویستیان فێڵێکت لێ بکەن یان بەندت بکەن یان بتکوژن یان دەرت بکەن، ئەوان فێڵەکەی خۆیان کرد، خوداش پلانی خۆی بەجێ هێنا. بێگومان خودا لەهەموو پلانداناڕێك چاکتر پلان دادەنێت. ئیبنو عەبباسو موجاهیدو قەتادە وتیان: ﴿لِيُثْبِتُوكَ﴾ واتە: تا کۆتو زنجیرت بکەن[2] سوددی ئەڵێت: (الاثبات) واتە: بەندکردن لەگەڵ کۆت کردندا[3] ئیمام موحەممەدی کوڕی ئیسحاقی کوڕی یەسار خاوەنی کتێبی (المغازی) ڕیوایەتی کردووە لە عەبدڵلای کوڕی ئەبی نەجیحەوە لە موجاهیدەوە لە ئیبنو عەبباسەوە، موحەممەدی کوڕی ئیسحاق وتی: کەلبی بۆی گێڕامەوە لە بازانەوە کە بەندەی (أم هانئ) بووە لە ئیبنو عەبباسەوە وتی: کۆمەڵێك لە قورەیشیەکان لە گەورە پیاوانی گشت هۆزەکان کۆبوونەوە تا بچنە شوێنی کۆڕو کۆبونەوەکەیان (دار الندوە) شەیتان لەبەرگی پیاوێکی بەتەمەندا هاتە ڕێیان، کاتێك کە چاویان پێی کەوت پێیان وت: تۆ کێیت؟ پیاوە بەتەمەنەکە وتی: من خەڵکی نەجدم بیستم ئێوە کۆبونەتەوە ویستم ئامادەی کۆبونەوەکەتان ببم، بێگومان لە ئامۆژگاریو ڕاو بۆچونی خۆم بێ بەشتان ناکەم. وتیان: بەڵێ، فەرموو، ئەویش لەگەڵیان چووە ژوورەوە، پاشان وتی: چاك ئاگاداری هەڵسو کەوتی ئەم پیاوەبن، سوێند بەخودا زۆر نزیکە بەمزوانە سەردەکەوێت بەسەرتانداو هەموو کارەکانی ئێوە بگرێتە دەستی خۆی. یەکێك لەوانە وتی: بەکۆتکراوی بەندی بکەن پاشان چاوەڕوانین هاکا

---

[1] الحديد (٢٨).

[2] الطبری (٤٩١/١٣).

[3] الطبری (٤٩٢/١٣).

شتێکی بەسەرهاتو لەناو چوو وەك چۆن شاعیرەکانی پێش لەناو چوون وێنەی زوبەیرو نابیغە، ئەمیش یەکێکە وەك ئەوانە. وتی: پیاوە بەتەمەنە نەجدەییەکە (لەعنەتی خودای لێ بێت) هاواری لێ هەستاو وتی: بەخودا ئەم ئەم رایە باش نیە بۆتاو. سوێند بەخودا پەروەردگاری لە بەندیخانەکەی دەری دێنێتو دەینێرێتەوە بۆلای هاوەڵەکانی، لەوانەیە بدەن بەسەریداو لەدەستتانی بسێننو نەیەڵن هیچی لەگەڵدا بکەن. دەستەلاتیشیان پەیداکرد لەوانەیە لەزێدی خۆتان وەدەرتان بنێن. وتیان: ئەم بەرێزە راست دەکات بیر لە چارەیەکی تریکەنەوە جگە لەمە. یەکێکی تر لەوانە وتی: لەناو خۆتاندا وەدەری بنێن رزگارتان دەبێت لێی. ئەگەر رۆیشت هەرچی بکات ئێوە تووشی زیان نابن لەدەستی لە هەر کوێیەك بێت. خراپەکانی لەبەر چاوتان نەبێت، ئێوە ئاسوودەن گیروگرفتەکەی بۆ خەڵکی ترە. پیاوە ریش سپیە نەجدەییەکە وتی: بەخودا ئەم رایەش چاك نیە بۆتان. ئایا سەیری قسەخۆشیو زمان پاراوی ناکەن، هەر کەسێك گوێ لەقسەی بگرێت دڵی رادەکێشێت؟ بەخودا ئەگەر واتان کرد پاشان.دەچێتە ناو عەرەبەکانو لە دەوری کۆدەبنەوە پاشان ئەوانە دێنێتە سەرتان هەتا لەزێدی خۆتان دەرتان دەکاتو پیاوە ماقوڵەکانیشتان دەکوژرێت، وتیان: بەخودا راست دەڵێت: بیر لە چارەیەکی تر بکەنەوە جگە لەمە. ئەبوجەهل (لەعنەتی خودای لێ بێت) وتی: بەخودا من ئاماژەتان بۆ دەکەم بە چارەسەرێك، وانازانم ئێوە رێتان پێ بردبێت هەتا ئێستا، جگە لەمە من هیچ شتێکی تر بەچاك نازانم. وتیان: ئەوە چیە؟ وتی: لە هەموو تیرەیەك کورێکی لاوی خاوەن بنەماڵە هەڵبژێرن، هەرکەسەو شمشێرێکی تیژی بدرێتە دەست پاشان هەموو بەیەکجار لێی بدەن، کە کوژرا خوێنەکەی لەناو گشت تیرەکاندا بڵاوە دەکات، ئەوکاتە وانازانم کەنەوەی هاشم بتوانن شەڕ لەگەڵ هەموو قورەیشدا بکەن. بێگومان کاتێك کە ئەوەیان بینی رازی دەبن بەخوێن وەرگرتنو رزگارمان دەبێت لێیو ژیانیمان لەکۆڵی خۆمان کردووەتەوە. پیاوە پیرە نەجدەییەکە وتی: بەخودا ئا ئامەیە بۆچوون (چارەسەر) قسە ئەمەیە ئەم لاوە وتی، جگە لەمە هیچ شتێکی تر بەچاك نازانم، لەسەر ئەمە بڵاوەیان کرد کە بۆی کۆبوونەوە. جوبرەئیل هات بۆلای پێغەمبەر(ﷺ) پێی وت لەو جێگەدا نەمێنێتەوە کە تێیدا دەخەوتو ئاگاداری کردەوە لە فروفێڵی ئەوانە، پێغەمبەریش (ﷺ) ئەو شەوە لەماڵی خۆیدا نەمایەوە. ئالەو کاتەدا خودا ئیزنی دەرچوونی پێدا، پاش ئەوەی کە چووە مەدینە سورەتی ئەنفالی نارده خوارەوە بۆیو باسی بەهرەکانی خۆیو ئەو گیروگرفتانەی بۆ کرد کەتووشی بووە ﴿ وَإِذْ يَمْكُرُ بِكَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ لِيُثْبِتُوكَ أَوْ يَقْتُلُوكَ أَوْ يُخْرِجُوكَ ۚ وَيَمْكُرُونَ وَيَمْكُرُ ٱللَّهُ ۖ وَٱللَّهُ خَيْرُ ٱلْمَٰكِرِينَ ﴾ وە لەسەر ئەو قسەی کە کردیان، چاوو نوارین هاکا شتێکی بەسەر هاتو لەناو چوو وەك چۆن شاعیرەکانی پێشی لەناو چوون. وەك خودای مەزن دەفەرموێت: ﴿أَمْ يَقُولُونَ شَاعِرٌ نَّتَرَبَّصُ بِهِۦ رَيْبَ ٱلْمَنُونِ ﴾ یان پێت

دەڵێتن: شاعیرێکەو چاوەنواڕین هاکا شتێکی بەسەر هات. ئەو ڕۆژە ئیتر ناو دەبرا بە ڕۆژی (الزحمە) واتە: ئەو ڕۆژەی کەتێیدا کۆبونەوە بۆ وتووێژو ڕادەربڕین تێیدا[1] سوددی هەروای وتووە. موحەممەدی کوڕی ئیسحاق لە موحەممەدی کوڕی جەعفەرەوە لە ئیبنو زوبەیر لە عورووەی کوڕی زوبەیرەوە لەم ئایەتەدائـەڵێت: ﴿ وَإِذْ يَمْكُرُ بِكَ الَّذِينَ كَفَرُوا لِيُثْبِتُوكَ أَوْ يَقْتُلُوكَ أَوْ يُخْرِجُوكَ وَيَمْكُرُونَ وَيَمْكُرُ اللَّهُ وَاللَّهُ خَيْرُ الْمَاكِرِينَ ﴾[2].

﴿ وَإِذَا تُتْلَىٰ عَلَيْهِمْ آيَاتُنَا قَالُوا قَدْ سَمِعْنَا لَوْ نَشَاءُ لَقُلْنَا مِثْلَ هَٰذَا إِنْ هَٰذَا إِلَّا أَسَاطِيرُ الْأَوَّلِينَ
(٣١) وَإِذْ قَالُوا اللَّهُمَّ إِنْ كَانَ هَٰذَا هُوَ الْحَقَّ مِنْ عِنْدِكَ فَأَمْطِرْ عَلَيْنَا حِجَارَةً مِنَ السَّمَاءِ أَوِ ائْتِنَا
بِعَذَابٍ أَلِيمٍ (٣٢) وَمَا كَانَ اللَّهُ لِيُعَذِّبَهُمْ وَأَنْتَ فِيهِمْ وَمَا كَانَ اللَّهُ مُعَذِّبَهُمْ وَهُمْ
يَسْتَغْفِرُونَ (٣٣) ﴾

قوڕەیشیەکان وایان دەزانی کە دەتوانن وەك قورئان دانێن

خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَإِذَا تُتْلَىٰ عَلَيْهِمْ آيَاتُنَا قَالُوا قَدْ سَمِعْنَا لَوْ نَشَاءُ لَقُلْنَا مِثْلَ هَٰذَا إِنْ هَٰذَا إِلَّا أَسَاطِيرُ الْأَوَّلِينَ ﴾ هەرکاتێك نیشانەکانی ئێمەیان بۆ دەخوێننەوە دەڵێن: بیستمان، ئەگەر حەزمان بکردایە ئێمەش وەك ئەمەمان دەوت، لەچەند بەسەرهاتێکی کۆن زیاتر هیچی تر نیە. خودای گەورە باسی بێ دینی خراپیو لاساریو کەلەڕەقیو سەرپێچی قوڕەیشی دەکات، کە چەند قسەیەکی پڕوپووچ دەکەن کاتێك کە گوێیان لە قورئانەو بەسەریاندا دەخوێرێتەوە دەڵێن: ﴿قَدْ سَمِعْنَا لَوْ نَشَاءُ لَقُلْنَا مِثْلَ هَٰذَا﴾ ئەمەش هەر قسەیەکە دەیکەن، بێ ئەوەی هیچیان لەدەست بێت، چونکە چەند جار قورئان بەرەنگاریان بوەتەوە ئەگەر دەتوانێت تەنیا سورەتێك وەك ئەو بێنن، هەر چەندیان کردووە نەیان توانیوە، بەڵکو ئەمە قسەیەکی پڕوپوچە خۆیانو شوێن کەوتووەکانیان پێ فریو دەدەن: دەڵێن: ئەوەی ئەم قسەی کردووە نەزری کوڕی حاریش بووە (لەعنەتی خودای لێ بێت) وەك سەعیدی کوڕی جوبەیرو سوددیو ئیبنو نەجیحو کەسانی تریش وتوویانە، کاتێك کە نەزر چووە بۆ وڵاتی فارسی خێری بەسەرهاتی پاشاکانی فارسی بووە لەوێنەی ڕۆستەو ئەسفەندیاو، کە گەڕاوەتەوە پێغەمبەر(ﷺ) دەبینێت کە خودا ڕەوانەی کردووەو قورئان دەخوێنێتەوە بۆ خەڵکی، هەر کاتێك پێغەمبەر لە هەر مەجلیسێکدا هەستایە، نەزر لەو مەجلیسەدا دادەنیشتو بەسەرهاتی ئەو

[1] ابن هشام (٤٨٢/٤٨٠/١).
[2] ابن هشام (٣٢٥/٢).

پاشایانەی بۆ باس دەکردن پاشان دەیگوت: سوێندتان دەدەم بەخودا کاممان چیرۆکەکانمان خۆشترە من یا موحەممەد؟ هەربۆیە خودا هەلێکی بۆ ڕەخساند لەڕۆژی بەدردا دەست بەسەرکرا، پێغەمبەری خودا فەرمانی دا لەگەردنی بدەن لە بەردەمی خۆیدا، لە ملی درا. سوپاس بۆ خودا، ﴿أَسَٰطِيرُ ٱلْأَوَّلِينَ﴾ واتە: بەسەرهاتی پێشینان، کۆی (أسطورية) واتە: لە کتێبەکانی پێشینەوە وەری گرتووە، شارەزایی لێیان هەیەو بۆ خەڵکی دەخوێنێتەوە، ئەمەش درۆو بوختانێکی ڕووتە، وەك خودای گەورە دەربارەیان دەفەرموێت: ﴿ وَقَالُوٓاْ أَسَٰطِيرُ ٱلْأَوَّلِينَ ٱكْتَتَبَهَا فَهِىَ تُمْلَىٰ عَلَيْهِ بُكْرَةً وَأَصِيلًا ۝٥ قُلْ أَنزَلَهُ ٱلَّذِى يَعْلَمُ ٱلسِّرَّ فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۚ إِنَّهُۥ كَانَ غَفُورًا رَّحِيمًا ﴾[1] وتیان: ئەمانە چیرۆکی پێشینانن، هەموو بەیانیو ئێواران پێی دەڵێنو لەبەری دەنووسێتەوە. بڵێ: کەسێك ناردوویە، لە نهێنی ئاسمانەکانو زەمین ئاگادارە، بێگومان ئەو لە گوناه دەبورێتو دلۆڤانە. واتە: لەوکەسانەی کە پەشیمان دەبنەوەو دەگەڕێنەوە بۆلای، هەر ئەوە کە تەوبەیان لێ قبوڵ دەکاتو چاوپۆشیان لێ دەکات.

بتپەرستان داوای سزا دەکەن

خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَإِذْ قَالُواْ ٱللَّهُمَّ إِن كَانَ هَٰذَا هُوَ ٱلْحَقَّ مِنْ عِندِكَ فَأَمْطِرْ عَلَيْنَا حِجَارَةً مِّنَ ٱلسَّمَآءِ أَوِ ٱئْتِنَا بِعَذَابٍ أَلِيمٍ ﴾ ئەوکاتەش وتیان: ئەی خودایە ئەگەر بەڕاستیەو لەلایەن تۆوە هاتووە لە ئاسمانەوە بەردەبارانمان بکە یان ئازارێکی بەژانمان بۆ بنێرە. ئەم داوایەشیان لەبەر زۆر نەفامیو لاساریو فیز زلیو بێ دینیان بوو، ئەوەش وەك ڕەخنەو گاڵتەکردنێك بو پێی، ئەگینا دەبوو لەباتی ئەوە داوای بەردەباران بکەن، بیان وتایە: ئەی خودایە ئەگەر ئەمە ڕاستەو لەلایەن تۆوە هاتووە شارەزامان بکە بۆیو یارمەتیمان بدە شوێنی بکەوین، بەڵام لەباتی ئەوەدا داوای بەردەبارانو سزای بەپەلەیان دەکرد بۆیان بێت وەك خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَيَسْتَعْجِلُونَكَ بِٱلْعَذَابِ ۚ وَلَوْلَآ أَجَلٌ مُّسَمًّى لَّجَآءَهُمُ ٱلْعَذَابُ وَلَيَأْتِيَنَّهُم بَغْتَةً وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ ﴾[2] داوات لێدەکەن کە زۆر زوو وابکەیت بەڵایان بەسەر بێت، ئەگەر کاتو سەعاتی بۆ دیاری نەکرایە، سزایان بۆ دادەباری، بێگومان ئەو سزایە لەناکاوێکدا بۆیان دێتو هەر خۆشیان نازانن. ﴿وَقَالُواْ رَبَّنَا عَجِّل لَّنَا قِطَّنَا قَبْلَ يَوْمِ ٱلْحِسَابِ ﴾[3] دەڵێن: ئەی پەروەردگارمان پێش ئەوەی ڕۆژی قیامەت بێت بەشی خۆمان بدەرێ. وە لە ئایەتێکی

---

[1] الفرقان (٥-٦).

[2] العنكبوت (٥٣).

[3] ص (١٦).

تــردا دەفــەرمووێت: ﴿سَأَلَ سَآئِلُۢ بِعَذَابٍ وَاقِعٍ ۝١ لِّلْكَـٰفِرِينَ لَيْسَ لَهُۥ دَافِعٌ ۝٢ مِّنَ ٱللَّهِ ذِى ٱلْمَعَارِجِ﴾[1] یەکێك دلوای کرد سزا بێت، بۆ خودانەناسان هیچ لەمپەرێك نایەتەڕێ، لەخودای خاوەن چەند پلەوە. هەر بەو شێوەیە نەفامەکانی گەلە پێشوەکانیش هەمان قسەیان کردووە، وەك هۆزی شوعەیب بە شوعەیبیان وتووە: ﴿ فَأَسْقِطْ عَلَيْنَا كِسَفًا مِّنَ ٱلسَّمَآءِ إِن كُنتَ مِنَ ٱلصَّـٰدِقِينَ ﴾[2] دەسا ئەگەر تۆ ڕاست دەڵێی، چەند پارچەیەکمان (لە ئاسمان) بەسەردا بخەرە خوارەوە. ئەمانەش دەڵێن: ﴿قَالُوا۟ ٱللَّهُمَّ إِن كَانَ هَـٰذَا هُوَ ٱلْحَقَّ مِنْ عِندِكَ فَأَمْطِرْ عَلَيْنَا حِجَارَةً مِّنَ ٱلسَّمَآءِ أَوِ ٱئْتِنَا بِعَذَابٍ أَلِيمٍ ﴾ شوعەیب لە عەبدولحەمیدەوە لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوەئەڵێت: ئەوکەسە ئەبوجەهلی کوڕی هیشام بووە کە وتی: ئەی خودایە ئەگەر ئەمە ڕاستەو لەلایەن تۆوە هاتووە لە ئاسمانەوە بەردەبارانمان بکە یان سزایەکی بەژانمان بۆ بنێرە. ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە ﴿ وَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيُعَذِّبَهُمْ وَأَنتَ فِيهِمْ ۚ وَمَا كَانَ ٱللَّهُ مُعَذِّبَهُمْ وَهُمْ يَسْتَغْفِرُونَ ﴾ بوخاری ڕیوایەتی کردووە[3].

بوونی پێغەمبەرو (ﷺ) تەوبەکردنی بتپەرستان دوو هۆکارن بۆ دڵنیابوون لە سزا

خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿ وَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيُعَذِّبَهُمْ وَأَنتَ فِيهِمْ ۚ وَمَا كَانَ ٱللَّهُ مُعَذِّبَهُمْ وَهُمْ يَسْتَغْفِرُونَ ﴾ تا تۆیان لەناودابێت (ئەی موحەممەد) خودا سزایان نادات، هەتا داوای لێبوردنیش بکەن لە گوناه، خودا هەر ئازاریان نادات. ئیبنو عەبباس ئەڵێت: دوو (هۆکاری) دڵنیایی لەنێوانیاندابوو پێغەمبەرو (ﷺ) تەوبە کردن، پێغەمبەر(ﷺ) ڕۆیشت بەڵام تەوبەکردن ماوەتەوە[4] تیرمیزی ڕیوایەتی کردووە لە ئەبو مووساوەئەڵێت: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: خودا دوو دڵنیایی ناردووەتەخوار بۆ من لەبارەی ئوممەتەکەمەوە ﴿ وَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيُعَذِّبَهُمْ وَأَنتَ فِيهِمْ ۚ وَمَا كَانَ ٱللَّهُ مُعَذِّبَهُمْ وَهُمْ يَسْتَغْفِرُونَ ﴾ کاتێك من ڕۆیشتم تەوبەکردن لە نێوانیاندا بەجێ دەهێڵم تا ڕۆژی قیامەت[5] ئەم فەرموودەیەش پشتیوانی لەو فەرمودەی پێشەوە دەکات کە ئیمامی ئەحمەدو حاکم ڕیوایەتیان کردووە لە موسنەدو موستەدرەکەیاندا لە ئەبو سەعیدەوە کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی:

---

[1] المعارج (١-٣).

[2] الشعراء (١٨٧).

[3] فتح الباری (١٦٠/٨).

[4] الطبری (٥١١/١٣).

[5] تحفة الاحوذی (٤٧٢/٨) فەرموودەیەکی لاوازە.

(شەیتان وتی: سوێند بە شکۆمەندی تۆئەی پەروەردگار، بەردەوام بەندەکانت گومڕا دەکەم تا گیانیان لە لاشەیاندا بێت، خودای گەورە فەرموویەتی: سوێندێك بەشکۆمەندیو گەورەیی خۆم، بەردەوام لێیان خۆش دەبم تا داوای لێبوردنم لێ بکەن)[1]، پاشان حاکم وتی: فەرموودەیەکی سەحیحە[2].

﴿وَمَا لَهُمْ أَلَّا يُعَذِّبَهُمُ اللَّهُ وَهُمْ يَصُدُّونَ عَنِ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ وَمَا كَانُوا أَوْلِيَاءَهُ ۚ إِنْ أَوْلِيَاؤُهُ إِلَّا الْمُتَّقُونَ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٣٤﴾ وَمَا كَانَ صَلَاتُهُمْ عِنْدَ الْبَيْتِ إِلَّا مُكَاءً وَتَصْدِيَةً ۚ فَذُوقُوا الْعَذَابَ بِمَا كُنْتُمْ تَكْفُرُونَ﴾

ڕێگر نیە لە سزادانی بتپەرستان دوای ئەنجامدانی کاری خراپ

خودای گەورە دەفەرموێت حەقی خۆیانە کە سزایان بدات، بەڵام ئەو سزایەیان نادات لەبەر پیرۆزی پلەی پێغەمبەر(ﷺ) لەناویاندا، بۆیە کاتێك کە لەناویان دەرچوو، خودا تووشی سزای خۆی کرد لە ڕۆژی بەدردا، پیاوەکە ئازارو گەورەکانی کوشتن یان دەست بەسەری کردن، پاشان خودا ڕێنمایی کردن بۆ پەشیمان بوونەوە لەو گوناهانەی کەپێی ئالودەبوون لە بت پەرستیو بەدفەڕیو خراپەکاری خۆ ئەگەر ئەو خاوەن باوەڕە چەوسێنراوانەیان لەنێواندا نەبوایە کە داوای لێبوردنیان لە خودا دەکرد تووشی ئەو بەڵایە دەهاتن، بەڵام بەهۆی ئەوانەوە لەسەریان لاچوو. وەك خودای گەورە لە ڕۆژی حودەیبیەدا فەرمووی ﴿هُمُ الَّذِينَ كَفَرُوا وَصَدُّوكُمْ عَنِ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ وَالْهَدْيَ مَعْكُوفًا أَنْ يَبْلُغَ مَحِلَّهُ ۚ وَلَوْلَا رِجَالٌ مُؤْمِنُونَ وَنِسَاءٌ مُؤْمِنَاتٌ لَمْ تَعْلَمُوهُمْ أَنْ تَطَئُوهُمْ فَتُصِيبَكُمْ مِنْهُمْ مَعَرَّةٌ بِغَيْرِ عِلْمٍ ۖ لِيُدْخِلَ اللَّهُ فِي رَحْمَتِهِ مَنْ يَشَاءُ ۚ لَوْ تَزَيَّلُوا لَعَذَّبْنَا الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْهُمْ عَذَابًا أَلِيمًا﴾[3] هەر ئەوان بوون لە ڕێگای دین لایانداو بوونە ڕێگرو نەیانهێشت بچنە کەعبە (المسجد الحرام) ڕێشیان نەدا قوربانیەکەتان کە گلیان دابووەوە دەگاتە شوێنی خۆی، خۆ ئەگەر پیاوانو ژنانی خاوەنباوەڕ نەبوایە کە ئێوە نەتان دەناسین دەتان شێلان پێتان پێدا دەنان، بێ ئەوەی خۆتان بزانن (ئەگەر ئیزنمان بدانایە لەمەککەدا دژیان بجەنگن) جا بەهۆی ئەوانەوە تووشی تاوان دەبوون هەرکەسێك خودا خۆی مەیلی لێ بێت دەیخاتە بەر بەزەیی خۆی، ئەگەر لەو شوێنە لاچونایە، بێگومان خودانەناسانمان بە ئازارێکی بەژان سزا دەدات. وە لێردا دەفەرموێت: ﴿وَمَا لَهُمْ أَلَّا يُعَذِّبَهُمُ اللَّهُ وَهُمْ يَصُدُّونَ عَنِ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ وَمَا كَانُوا أَوْلِيَاءَهُ ۚ إِنْ أَوْلِيَاؤُهُ إِلَّا الْمُتَّقُونَ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لَا يَعْلَمُونَ﴾ خودا چۆن ئازاریان نەدا،

---

[1] أحمد (٣/٢٩) سەنەدەکانی لاوازە.

[2] الحاكم (٤/٢٦١).

[3] الفتح (٢٥).

کە ئەوانە ڕێگەی (مسجد الحرام) یان لە زیارەتکەران گرتووە، شایستەش نین خاوەنی بن؟ خاوەنی هەر دەبێت ئەو کەسانە بن کە ترسی خودایان هەیە. بەڵام زۆربەیان نەزانن. واتە: خودا چۆن سزایان نادات ئەوانە دەبنە ڕێگری خەڵکی کە بچنە کەعبەی پیرۆز کەلە مەککەیەو نایەڵن باوەڕداران نزیکی ببنەوە کە هەر ئەوان شایستەی ئەوەن کە بچنە ناوی نوێژی تیادا بکەن‌و بە دەوریدا بسوڕێنەوە. هەر بۆیە خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَمَا كَانُوٓاْ أَوۡلِيَآءَهُۥٓۚ إِنۡ أَوۡلِيَآؤُهُۥٓ إِلَّا ٱلۡمُتَّقُونَ﴾ واتە: خودانەناسان خاوەنی کەعبەی پیرۆز نین. بەڵکو پێغەمبەرو هاوەڵەکانی خاوەن‌و شایستەی ئەو شوێنەن. وەك خودای گەورە لە ئایەتێکی تردا دەفەرمووێت: ﴿ مَا كَانَ لِلۡمُشۡرِكِينَ أَن يَعۡمُرُواْ مَسَٰجِدَ ٱللَّهِ شَٰهِدِينَ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِم بِٱلۡكُفۡرِۚ أُوْلَٰٓئِكَ حَبِطَتۡ أَعۡمَٰلُهُمۡ وَفِي ٱلنَّارِ هُمۡ خَٰلِدُونَ ﴿١٧﴾ إِنَّمَا يَعۡمُرُ مَسَٰجِدَ ٱللَّهِ مَنۡ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِ وَأَقَامَ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتَى ٱلزَّكَوٰةَ وَلَمۡ يَخۡشَ إِلَّا ٱللَّهَۖ فَعَسَىٰٓ أُوْلَٰٓئِكَ أَن يَكُونُواْ مِنَ ٱلۡمُهۡتَدِينَ ﴾[1] ئاوەدانکردنەوەی مزگەوتەکان نەشیاوە بۆ بتپەرستان، خۆیان دەڵێن: خودانەناسین هەرچی دەکەن بەفیڕۆ دەچێت تا هەتایە لەناو ئاگردان. هەر ئەوانەبۆیان هەیە مزگەوتەکانی خودا ئاوابکەن، کە باوەڕیان بەخوداو ڕۆژی قیامەت هەیەو نوێژەکان بەجێ دێنن‌و زەکات دەرن‌و لەخودا نەبێت ترسیان لە هیچ کەسێك نیە، لەوانەیە ئەمانە لەڕێ نیشاندراوەکان بن. وە لە ئایەتێکی تردا خودای مەزن دەفەرمووێت: ﴿كَبِيرٞۚ وَصَدٌّ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ وَكُفۡرُۢ بِهِۦ وَٱلۡمَسۡجِدِ ٱلۡحَرَامِ وَإِخۡرَاجُ أَهۡلِهِۦ مِنۡهُ أَكۡبَرُ عِندَ ٱللَّهِ﴾[2] ڕێگەی بەرەو خودا پەرستن‌و باوەڕ نەبون پێی‌و ماڵی خودا بەڕێز نەگرتن، دەرکردنی خەڵکەکەی لەلای خودا تاوانی هەرە گەورەیە. حاکم ڕیوایەتی کردووە لە موستەدرەکەیدا لە ئیسماعیلی کوڕی عوبەیدی کوڕی ڕەفاعەوە لە باوکیەوە لە باپیریەوە وتی: پێغەمبەری خودا(ﷺ) قورەیشی کۆکردەوەو فەرمووی: (ئایا کەسێکی غەیرە لەخۆتان تێدایە؟) وتیان: برازامان تێدایەو هاوپەیمانەکانمان تێدایەو بەندەکانیشمان تێدایە. فەرمووی: (هاوپەیمانەکانمان لەخۆمانن‌و برازاکامنان لەخۆمانن‌و بەندەکانیشمان هەر لەخۆمانن. بێگومان دۆستانی من لەنێوان ئێوەدا لەخوداترسانن)، پاشان وتی ئەم فەرموودەیە سەحیحە[3]، عورەو سوددی‌و موحەممەدی کوڕی ئیسحاق لەم ئایەتەدا وتیان ﴿إِنۡ أَوۡلِيَآؤُهُۥٓ إِلَّا ٱلۡمُتَّقُونَ ﴾ خاوەن دۆست دەبێت هەر ئەو کەسانەبن کە ترسی خودایان هەیە. وتیان ئەوانە موحەممەدو (ﷺ) هاوەڵەکانیەتی (ڕەزای خودایان لێبێت)

[1] التوبة (١٧ـ١٨).

[2] البقرة (٢١٧).

[3] الحاكم (٢/٣٢٨).

موجاهید وتی: ئەوانە موجاهیدانن هەرکەسێك بن‌و لەهەرشوێنێکدا بن. پاشان خودای گەورە باسی ئەوە دەکات کە ویستویانە لەکەعبەدا چی بکەن چۆن هەڵس‌و کەوتی تیادا بکەن دەفەرموێت: ﴿وَمَا كَانَ صَلَاتُهُمْ عِندَ الْبَيْتِ إِلَّا مُكَاءً وَتَصْدِيَةً﴾ نوێژیان لەماڵی خودادا هەر بریتی بوە لە چەپڵەو فیکەلێدان. عەبدوڵای کوڕی عومەرو ئیبنو عەبباس‌و موجاهدو عیکرمەو سەعیدی کوڕی جوبەیرو ئەبو ڕەجای عەتاریدی‌و موحەممەدی کوڕی کەعبی قەرەزی‌و حوجری کوڕی عەنبەس‌و نوبەیتی کوڕی شورەیت‌و قەتادەو عەبدورەحمانی کوڕی زەیدی کوڕی ئەسلەم وتیان: ﴿مُكَاءً﴾ واتە: فیکەکێشان.[1] موجاهد ئەمەی لێ زیادکردووە پەنجەکانیان دەخستە نێو دەمیان‌و فیکەیان دەکێشا[2] لە سەعیدی کوڕی جوبەیرەوە لە ئیبنو عەبباسەوە لەم ئایەتەدا ﴿وَمَا كَانَ صَلَاتُهُمْ عِندَ الْبَيْتِ إِلَّا مُكَاءً وَتَصْدِيَةً﴾ وتی: قوڕەیشیەکان کەدەسوڕانەوە بەدەوری کەعبەی پیرۆزدا بەڕووتی‌و بەچەپڵەو فیکەلێدان دەسوڕانەوە بەدەوریدا (المكاء) واتە: فیکەکێشان، (التصدیە) واتە:چەپڵە لێدان. وەهەر بەم شێوەیە ڕیوایەت کراوە لە عەلی کوڕی ئەبو تەلحەو عەوفیەوە لە ئیبنو عەبباس‌و ئیبنو عومەرو موجاهدو موحەممەدی کوڕی کەعب‌و ئەبو سەلەمەی کوڕی عەبدورەحمان‌و زەحاك‌و قەتادەو عەتیەی عەوفی‌و حوجر کوڕی عەنەش‌و ئیبنو ئەبزەوە. وە ئیبنو جەریر ڕیوایەتی کردووە لە ئیبنو عومەرەوە لەم ئایەتەدا ﴿وَمَا كَانَ صَلَاتُهُمْ عِندَ الْبَيْتِ إِلَّا مُكَاءً وَتَصْدِيَةً﴾ وتی: ﴿مُكَاءً﴾ فیکەکێشان. ﴿وَتَصْدِيَةً﴾ چەپڵە لێدان. وە لە سەعیدی کوڕی جوبەیرو عەبدورەحمانی کوڕی زەیدەوە وتیان: ﴿وَتَصْدِيَةً﴾ واتە: بەرهەڵستی کردنی خەڵی لەڕێی خودای گەورەدا.[3] پاشان خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَذُوقُوا الْعَذَابَ بِمَا كُنتُمْ تَكْفُرُونَ﴾ سا بیچێژن سزای سەخت بەهۆی ئەو بڕوانەهێنانەتانەوە. زەحاك‌و ئیبنو جورەیج‌و موحەممەدی کوڕی ئیسحاق وتیان: ئەوەبو کە تووشیان هات لە ڕۆژی بەدردا لە کوشتن‌و دەست بەسەرکردن[4].

[1] الطبري (١٣/٥٢٢/٥٢٦).

[2] الطبري (١٣/٥٢٥).

[3] الطبري (١٣/٥٢٧).

[4] الطبري (١٣/٥٢٨).

﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ يُنفِقُونَ أَمْوَٰلَهُمْ لِيَصُدُّوا۟ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ ۚ فَسَيُنفِقُونَهَا ثُمَّ تَكُونُ عَلَيْهِمْ حَسْرَةً ثُمَّ يُغْلَبُونَ ۗ وَٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا۟ إِلَىٰ جَهَنَّمَ يُحْشَرُونَ ﴿٣٦﴾ لِيَمِيزَ ٱللَّهُ ٱلْخَبِيثَ مِنَ ٱلطَّيِّبِ وَيَجْعَلَ ٱلْخَبِيثَ بَعْضَهُۥ عَلَىٰ بَعْضٍ فَيَرْكُمَهُۥ جَمِيعًا فَيَجْعَلَهُۥ فِى جَهَنَّمَ ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْخَٰسِرُونَ ﴿٣٧﴾ ﴾

ماڵ خەرج كردنی خودانەناسان بۆ ڕێگری لەڕێی خودادا داخ و كەسەرەكەی هەر بۆ خۆیانە

خـــودای گـــەورە دەفـــەرموێت: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ يُنفِقُونَ أَمْوَٰلَهُمْ لِيَصُدُّوا۟ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ ۚ فَسَيُنفِقُونَهَا ثُمَّ تَكُونُ عَلَيْهِمْ حَسْرَةً ثُمَّ يُغْلَبُونَ ۗ وَٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا۟ إِلَىٰ جَهَنَّمَ يُحْشَرُونَ ﴾ ئەوانـەی خودانەناسن ماڵی خۆیان خەرج دەكەن ڕێگەی بەرەو خودا بگرن، ئـەو مـاڵ خـەرج كردنـەیان دەبێتـە كەسەرێك بۆیان‌و پاشان هەر ژێر دەكەن، بێگومـان خودانەناسـان هـەموو لـە جەهـەنم كۆدەكرێنـەوە. موحەممەدی كوڕی ئیسحاق وتی: زوهری‌و موحەممەدی كوڕی یـەحیای كـوڕی حببـان‌و عـاسمی كـوڕی عومەری كوڕی قەتادەو حوسەینی كوڕی عەبدورەحمانی كـوڕی عـەمری كـوڕی سـەعدی كـوڕی مـەعاز بۆیان گێڕایەوە وتیان: كاتێك قـورەیش تووشـی شكسـت هـاتن لـە ڕۆژی بـەدرداو بـەدۆڕاوی گەڕانـەوە بۆمەككەو ئەبو سوفیانیش بەكاروانەكەیەوە گەڕایەوە، عەبدوڵڵای كوڕی ئەبو ڕەبیعەو عیكریمـەی كـوڕی ئەبو جەهل‌و سەفوانی كوڕی ئومەیە لەگەڵ چەند پیاوێكدا لە قورەیش كە باوك‌و كوڕو برایان كوژرابـوو لە بەدردا قسەیان كرد لەگەڵ ئەبو سوفیان‌و ئەو كەسانەی كەلـەو كاروانـە بازرگانیـەدا بەشـیان هـەبوو پێیان وتن: ئەی خەڵكی قوڕەیش، ئەوە سا موحەممەد تۆڵەی لێكردنەوە، پیاوە هەڵبژارەكانی كوشـت بەم سامانە هاوكاریمان بكەن تا شەڕی لەگەڵ بكـەین، بـەڵكو تۆڵـەی ئەوانـەی خۆمـانی لێ بكەینـەوە، ئەوانیش بەگوێیان كردن. موحەممەدی كوڕی ئیسحاق وتی وەك ئیبنو عـەبباس دەڵێـت لەسـەر ئەوانـە ئەم ئایەتانە هاتە خوارەوە كە خـودای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ يُنفِقُونَ أَمْوَٰلَهُمْ ﴾ هەتا دەگاتە ﴿ هُمُ ٱلْخَٰسِرُونَ ﴾[1] هەر بەم شێوەیە ڕیوایـەت كـراوە لـە موجاهیـدو سـەعیدی كـوڕی جوبەیرو حەكەمی كوڕی عویەینەو قـەتادەو سوددی‌و ئیبنـو ئـەبزەوە كە ئـەم ئایەتانـە لەسـەر ئـەبو سوفیان هاتوەتە خوار كە سامانەكەی خەرج كرد لە جەنگی ئوحوددا بۆ شەركردن لە دژی پێغەمبـەری خودا(ﷺ)[2] زەححاك ئەڵێت: لەسەر خەڵكی بەدر هاتووەتـە خـوار[3] هـەر جۆرێك داینێـی ئـەم ئایەتانـە گشتگیرن هەر چەندە هۆی هاتنەخوارەكەیان تایبەتیە. خودای مەزن ئاگاداری داوە كـە خودانەناسان

[1] الطبری (٥٣٢/١٣).
[2] الطبری (٥٣٠/١٣-٥٣١).
[3] الطبری (٥٣٣/١٣).

سامانیان خەرج دەکەن بۆ ئەوەی ڕێگری لەخەڵکی بکەن کە شوێنکەوتووی ڕێگەی ڕاست بن. پاشان سامانەکەیان دەڕوات و لەناودەچێت دەبێتە داخ و خەفەت بۆیان واتە: پەشیمانن کاتێک کە هیچ سودێکیان پێ ناگەیەنێت. چونکە ئەوانە ویستیان ڕووناکی خودا بکوژێننەوەو وتەی خۆیان سەرخەن بەسەر وتەی هەقدا بەڵام خودا ڕووناکی خۆی هەر تەواو دەکات با خودانەناسانیش پێیان ناخۆش بێت. خودا خۆی یارمەتی ئاینەکەی دەدات و ئاشکرای دەکات و ڕوونی دەکاتەوە سەری دەخات بەسەر هەموو ئاینەکاندا. ئەم سەرشۆڕی و ڕیسواییە هەر لە دونیادا بۆ ئەوانەیەو وە لە ڕۆژی قیامەتیشدا بە ئاگر سزا دەدرێن. هەر کەسێك لەوانە ژیاو نەمرد بەچاوی خۆی دەیبینێت و بەگوێی خۆی ئەوەی پێی ناخۆشە دەیبیسێت وە هەرکەسیش مرد یان کوژرا بەرەو سەرشۆڕی و ڕیسوایی تا هەتایی و جەزرەبەی بەردەوام دەڕوات. هەر بۆیە خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَسَيُنفِقُونَهَا ثُمَّ تَكُونُ عَلَيْهِمْ حَسْرَةً ثُمَّ يُغْلَبُونَ ۗ وَالَّذِينَ كَفَرُوا إِلَىٰ جَهَنَّمَ يُحْشَرُونَ ﴿٣٦﴾ لِيَمِيزَ اللَّهُ الْخَبِيثَ مِنَ الطَّيِّبِ﴾ تا خودا پاك و پیسی لێك هەڵاوێرێ. عەلی کوڕی ئەبو تەلحە لە ئیبنو عەبباسەوە لەم ئایەتەدا ئەڵێت: خەڵکی بەختەوەر لە خەڵکی بەدبەخت جیا دەکاتەوە[1] وە بۆ ئەوەی ئەو کەسەی فەرمانی خودا بەجێ دێنێت بەشەڕکردن دژی دوژمنەکانی کە خودانەناسانن جیا بکاتەوە، یان ئەوەی کە سەرپێچی دەکات و خۆی لادەداو کەم تەرخەمی دەکات هەر جیا بکاتەوە. وەك خودای گەورە لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێت: ﴿مَّا كَانَ اللَّهُ لِيَذَرَ الْمُؤْمِنِينَ عَلَىٰ مَا أَنتُمْ عَلَيْهِ حَتَّىٰ يَمِيزَ الْخَبِيثَ مِنَ الطَّيِّبِ ۗ وَمَا كَانَ اللَّهُ لِيُطْلِعَكُمْ عَلَى الْغَيْبِ﴾[2] خودا هیچ کاتێك باوەڕدارانی لە بارودۆخێکدا نەهێشتوەتەوە، لەبەرئەوەی ناپاکان لە پاکان هەڵاوێرێت. خودا ئێوە لە نادیار ئاگادار ناکات. وە دەفەرموێت: ﴿أَمْ حَسِبْتُمْ أَن تَدْخُلُوا الْجَنَّةَ وَلَمَّا يَعْلَمِ اللَّهُ الَّذِينَ جَاهَدُوا مِنكُمْ وَيَعْلَمَ الصَّابِرِينَ﴾[3] ئایا ئێوە لاتان وایە هەر وا سەربەخۆ دەچنە بەهەشت؟ کەچی هێشتا خەباتکاران و خۆڕاگرانی ئێوەی دیاری نەکردووە. بەم پێیە مانای ئەم ئایەتە ئەوەیە، بۆیە ئێوەمان تاقی کردەوە بەو خودانەناسانە کە دژتان دەجەنگن و توانامان پێداون کەماڵ خەرج بکەن و لەو پێناوەدا بیبەخشن ﴿لِيَمِيزَ اللَّهُ الْخَبِيثَ مِنَ الطَّيِّبِ وَيَجْعَلَ الْخَبِيثَ بَعْضَهُ عَلَىٰ بَعْضٍ فَيَرْكُمَهُ﴾ تا خودا پاك و پیسی لەیەك جیا بکاتەوە پیسەکان لەسەریەك دەنێ و بەتێکڕایی کۆیانبکاتەوەو بیانخاتە جەهەننەم، ئەوانە هەر خۆیان زیانبارن. لە دونیاو لە ڕۆژی قیامەتدا.

---

[1] الطبری (١٣/٥٣٤).

[2] ال عمران (١٧٩).

[3] ال عمران (١٤٢).

﴿ قُل لِّلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ إِن يَنتَهُواْ يُغْفَرْ لَهُم مَّا قَدْ سَلَفَ وَإِن يَعُودُواْ فَقَدْ مَضَتْ سُنَّتُ ٱلْأَوَّلِينَ
(٣٨) وَقَٰتِلُوهُمْ حَتَّىٰ لَا تَكُونَ فِتْنَةٌ وَيَكُونَ ٱلدِّينُ كُلُّهُۥ لِلَّهِ فَإِنِ ٱنتَهَوْاْ فَإِنَّ ٱللَّهَ بِمَا
يَعْمَلُونَ بَصِيرٌ (٣٩) وَإِن تَوَلَّوْاْ فَٱعْلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ مَوْلَىٰكُمْ نِعْمَ ٱلْمَوْلَىٰ وَنِعْمَ ٱلنَّصِيرُ (٤٠) ﴾

هاندانی خودانەناسان بۆ تەوبەکردن و ترساندنیان لە خودانەناسی

خــودای گــەورە دەفــەرموێت بــە پێغەمبەرەکــەی موحەممــەد(ﷺ): ﴿ قُل لِّلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ إِن يَنتَهُواْ يُغْفَرْ لَهُم مَّا قَدْ سَلَفَ ﴾ بە خودانەناسەکان بڵێ: ئێستاش ئەگەر دەست هەڵبگرن هەرچی لە پێشدا کردوویانە لێیان دەبورێت. واتە: ئەگەر واز بێنن لەو بێ دینیو دژایەتیو لاسارییەیانو بێنە ناو ئیسلامو گوێڕایەڵ بنو تەوبە بکەن هەرچی لە پێشدا کردوویانە عەفودەکرێن. لەو خودانەناسو گوناهو تاوانانەی کە کردویانە وەك لەم فەرموودە سەحیحەدا هاتووە لە ئەبو وائیلەوە لە ئیبنو مەسعودەوە (ڕەزای خودای لێبێت) کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (هەر کەسێك کەلە ئیسلامدا چاکە کاربێت. لەسەر ئەوکارانەی لە نەفامیدا کردونی لێی ناپرسرێتەوە، وە هەر کەسێك لە لە ئیسلام هەڵگەڕایەوە لە کارەکانی سەردەمی یەکەمو دوایشی دەپرسرێتەوە)[1]، واتە: کارەکانی سەردەمی نەفامیو ئیسلامیشی لەسەر هەژمار دەکرێت. وە دیسان هەر لە فەرموودەی سەحیحدا هاتووە کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (ئیسلام بوون پێشی خۆی دەسڕێتەوە، تەوبەکردنیش ئەوەی پێشە خۆی دەسڕێتەوە)[2]، پاشان خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَإِن يَعُودُواْ فَقَدْ مَضَتْ سُنَّتُ ٱلْأَوَّلِينَ ﴾ ئەگەریش تێ هەڵچونەوە، بەسەرهاتی پێشینەکان دیارە چی بوو. واتە: ئەگەر هەر بەردەوام بوون لەسەر ئەوکارەیان، بەسەرهاتی پێشینەکان (چاکترین) پەندە بۆیانو دیارە چیمان بەسەر هێنان. کاتێك بڕوایان نەهێناو بەردەوام بوون لەسەر لاساری خۆیان. ئێمە چارەیان دەکەین بەسزاو تۆڵە لێ سەندن.

فەرماندان بە جەنگ بۆ کۆتایی هێنانی بێدینیو بتپەرستی

خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَقَٰتِلُوهُمْ حَتَّىٰ لَا تَكُونَ فِتْنَةٌ وَيَكُونَ ٱلدِّينُ كُلُّهُۥ لِلَّهِ﴾ لەگەڵیان شەڕبکەن هەتا ئاژاوە نامێنێتو دین گشتی دینی خودا دەبێت. بوخاری ڕیوایەتی کردووە لە ئیبنو عومەرەوە کە پیاوێك هاتو وتی: ئەی ئەبو عەبدورەحمان ئایا چی دەکەی بەوەی کە خودا

[1] فتح الباری (١٢/٢٧٧).
[2] مسلم (١٢١)، أحمد (٤/٢٠٥).

باسی کردووه لـه کتێبەکەیدا ﴿ وَإِن طَآئِفَتَانِ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ ٱقْتَتَلُواْ ﴾[1] ئەگـەر دوو گرۆ لـەناو باوەڕداراندا بەگژیەکدا چوون. چی ڕێگات لێدەگرێت کە شەڕ نەکەیت وەك خودا فەرموویەتی لە کتێبەکەیدا؟ وتـی: ئەی برازای خۆم! سەرزەنشت بکرێم بەم ئایەتە پێم خۆشترە لەوەی سەرزەنشت بکرێم بەم ئایەتە کە خـودای گـەورە دەفـەرمووێت: ﴿ وَمَن يَقْتُلْ مُؤْمِنًا مُّتَعَمِّدًا ﴾[2] هەرکەسێك هـەر بـە ئەنقەسـت خاوەنباوەڕێك بکوژێ. تا کۆتایی ئایەتەکە. وتـی: خـودای گـەورە دەفـەرمووێت: ﴿ وَقَـٰتِلُوهُمْ حَتَّىٰ لَا تَكُونَ فِتْنَةٌ ﴾ شەڕیان لەگەڵ بکەن تا ئاژاوە نامێنێت. ئیبنو عومەر وتی: لەسـەردەمی پێغەمبـەری خودا(ﷺ) ئەوەمان کرد، ئەکاتە موسوڵمانان کەم بوون، پیاو لەسەر ئاینەکەی تووشی تاقی کردنـەوە دەبوو یان دەیانکوشت یان کۆتو زنجیریان دەکرد تا کاتێك کە موسوڵمانان زۆر بوونو تـاقی کردنـەوە نەما. کاتێك ئەو پیاوە بۆی دەرکەوت کە ئەوەی ئەو دەیەوێت هاوڕانیە لەگەڵی وتی: ئـەی چـی دەڵێن لەبارەیٚ عەلیو عوسمانەوە؟ ئیبنو عومەر وتی: قسەی من لە بارەی عەلیو عوسمانەوە، عوسمان خـودا لێـی خـۆش بـوو، ئێـوە حـەزتان لێ نـەبوو خـودا لێـی خـۆش بـووە. بـەڵام عـەلی خـۆ دیـارە ئـامۆزای پێغەمبەری خودایەو (ﷺ) مێردی کچەکەیەتی، ئاماژەشی کرد بەدەستی، وتـی: ئـەوەش کـچەکەیەتی کە دەیبینن[3]، وە لە سەعیدی کوڕی جوبـەیرەوە ئیبنـو عومـەر (ڕەزای خـودای لێبێـت) هاتـە دەرەوە بۆلامانو وتی: ئەمە شەڕی فیتنەیە چۆنە بەلاتانەوە؟ وە ئایا دەزانـی فیتنـە چیە؟ موحەممـەد(ﷺ) شەڕی دژی بتپەرستان دەکرد، چونە ناو بـت پـەرستانەوە فیتنـە بـوو، شـەڕی ئـەو وەك شـەڕی ئێـوە لەسەر دەستەڵات نەبوو[4] ئەمانە هـەموو بوخـاری هێناویـەتی (ڕەحمـەتی خـودای لێبێت) زەححـاك لـە ئیبنو عەبباسەوەئەڵێت: ﴿ وَقَـٰتِلُوهُمْ حَتَّىٰ لَا تَكُونَ فِتْنَةٌ ﴾ شەڕیان لەگڵ بکەن هەتا بـت پەرسـتی نامێنێت.[5] ئەبولعالیەو موجاهیدو حەسەنو قەتادەو ڕەبیعی کوڕی ئەنەسو سوددیو موقـاتیلی کـوڕی حەیانو زەیـدی کـوڕی ئەسلەمیش هـەروایان وتـووە. موحەممـەدی کـوڕی ئیـسحاق لـە زوهریـەوە لـە عـورووەی کـوڕی زوبـەیرەوەو زۆرێـك لـە زانایانمانـەوە پـێم گەیـشتووە کە وتویانـە ﴿حَتَّىٰ لَا تَكُونَ

---

[1]

[2] النساء (٩٣).

[3] فتح البارى (١٦٠/٨).

[4] فتح البارى (١٦٠/٨).

[5] الطبرى (٥٣٨/١٣).

فِتۡنَةٞ﴾ تا موسوڵمان لە ئاینەکەیدا تووشی فیتنە نەبێت[1]، ﴿وَيَكُونَ ٱلدِّينُ كُلُّهُۥ لِلَّهِ﴾ دین گشتی دینی خودا بێت. زەحاك لە ئیبنو عەبباسەوە لەم ئایەتەدائەڵێت: یەکتا پەرستی بەتەواوی هەر بۆ خودا بێت.[2] حەسەن و قەتادەو ئیبنو جورەیج وتیان: ﴿وَيَكُونَ ٱلدِّينُ كُلُّهُۥ لِلَّهِ﴾ تا بوترێت: (لا اله الا الله)[3]، موحەممەدی کوڕی ئیسحاق وتی: تا یەکخوا پەرستی (التوحید) بەتەواوی هەر بۆ خودا بێت و بتپەرستی تێدا نەمێنێت و هەرچی شتێکی تر هەیە لێی داڕنێت لە هاوتاکان.[4] عەبدوڕەحمانی کوڕی زەیدی کوڕی ئەسلەم ئەڵێت: ﴿وَيَكُونَ ٱلدِّينُ كُلُّهُۥ لِلَّهِ﴾ تا بێدینی لەگەڵ دینەکەتاندا نامێنێت[5] ئەم فەرموودەیە کە لەهەردوو سەحیحەکەدا هاتووە دەبێتە شایەت بۆ ئەم قسانە کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) دەفەرمووێت: (فەرمانم پێدراوە لەگەڵ خەڵکدا شەڕ بکەم تا دەڵێن: (لا الـه الا اللـه) ئەگەر وتیان خوێن و ماڵیان پارێزراوە لەلایەن منەوە، تەنیا بەهەقی خۆی نەبێت لێپرسینەوەشیان لەلای خودای گەورەیە)[6] دیسان لەهەردوو سەحیحەکەدا هاتووە لە ئەبو مووسای ئەشعەریەوەئەڵێت: پرسیار کرا لە پێغەمبەری خودا(ﷺ) لەبارەی پیاوێکەوە شەڕ بکات لەبەر ئازایەتی وە شەڕبکات لەبەر لوت بەرزی وەشەڕ بکات بۆ ڕوبینی کامەیان لەڕێی خودای گەورەدایە؟ فەرمووی: (هەر کەسێك بجەنگێت بۆ ئەوەی وتەی خودا بەرزو بڵند بێت ئەوە لە ڕێگەی خودای گەورەدایە)[7]، پاشان خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿فَإِنِ ٱنتَهَوۡاْ﴾ ئەگەر وازیان هێنا (تەمێ گر بوون) واتە: لە شەڕکردن دژتان و لەو خودانەناسیەی کە دەستیان داوەتێ و کۆتاییان پێ هێنا، ئەشتان دەزانی چی لەدڵیاندایە. ﴿فَإِنَّ ٱللَّهَ بِمَا يَعۡمَلُونَ بَصِيرٞ﴾ ئەوسا هەرکارێك بکەن خودا دەیبینێت. وەك ئەم ئایەتەش کە خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿فَإِن تَابُواْ وَأَقَامُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتَوُاْ ٱلزَّكَوٰةَ فَخَلُّواْ سَبِيلَهُمۡۚ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٞ﴾[8] ئەگەر پەشیمان بوونەوەو بوونە نوێژکەرو زەکاتدەر، ئەوسا دەستیان لێ هەڵگرت، خودا لەگوناه خۆش

---

[1] ابن أبي حاتم (١٧٠١/٥).

[2] ابن أبي حاتم (١٧٠١/٥).

[3] الطبری (٥٣٩/٥٣٨/١٣).

[4] ابن هشام (٣٢٧/٢).

[5] الطبری (٥٣٩/١٣).

[6] فتح الباری (٩٥/١)، مسلم (٥٣/١).

[7] البخاری (٧٤٥٨/٣١٢٦/٢٨١٠/١٢٣).

[8] التوبة (٥).

دەبێت‌ودلۆڤانە. وە لەئایەتێکی تردا دەفەرمووێت: ﴿فَإِخۡوَٰنُكُمۡ فِي ٱلدِّينِ﴾[1] برای دینی ئێوەن. وە دەفەرمووێت: ﴿وَقَٰتِلُوهُمۡ حَتَّىٰ لَا تَكُونَ فِتۡنَةٞ وَيَكُونَ ٱلدِّينُ لِلَّهِۖ فَإِنِ ٱنتَهَوۡاْ فَلَا عُدۡوَٰنَ إِلَّا عَلَى ٱلظَّٰلِمِينَ﴾[2] لە کوشتنیان مەوەستن تا فیتنە لە دونیا بنەبڕ دەبێت، هەر دینی خودا دەبێت، ئەگەر ئەوان وازیان هێنا، دوژمنایەتی هەر لە دژی ناهەقانە. بوخاری‌و موسلیم ڕیوایەتیان کردووە کاتێك کە ئوسامەی کوڕی زەید شمشێری بەرز کردەوە لەو پیاوە کە وتی: (لا اله الا الله) لێیداو کوشتی، ئەوەیان بۆ پێغەمبەری خودا(ﷺ) گێڕایەوە فەرمووی ئوسامە: (ئایا دوای ئەوەی کە وتی لا اله الا الله کوشتت؟ چی دەکەیت لە (لا اله الا الله) لە ڕۆژی قیامەتدا؟ وتی: ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) بۆ ئەوە وتی خۆی بپارێزێت فەرمووی: (ئایا دلت لەت کرد؟) بەردەوام ئەوەی دەوتەوە بەسەریدا (ئەی چی دەکەیت بە (لا الە الا الله) لە ڕۆژی قیامەتدا؟) ئوسامە وتی:ستا خۆزگەم خواست کە ئەو ڕۆژە موسوڵمان ببومایە)[3] پاشان خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَإِن تَوَلَّوۡاْ فَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ مَوۡلَىٰكُمۡۚ نِعۡمَ ٱلۡمَوۡلَىٰ وَنِعۡمَ ٱلنَّصِيرُ﴾ ئەگەر ڕوویان وەرگێڕا، با بزانن کە گەورەتان هەر خودایە، باشترین گەورەو چاکترین یاریدەدەر واتە: ئەگەر هەر بەردەوام بوون لەسەر دژایەتی‌و شەڕکردن، چاك بزانن کە خودا گەورەو پشت‌و یارمەتی دەرتانە بەسەر دوژمنەکانتاندا باشترین گەورەو چاکترین یاریدەدەرتانە.

﴿وَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّمَا غَنِمۡتُم مِّن شَيۡءٖ فَأَنَّ لِلَّهِ خُمُسَهُۥ وَلِلرَّسُولِ وَلِذِي ٱلۡقُرۡبَىٰ وَٱلۡيَتَٰمَىٰ وَٱلۡمَسَٰكِينِ وَٱبۡنِ ٱلسَّبِيلِ إِن كُنتُمۡ ءَامَنتُم بِٱللَّهِ وَمَآ أَنزَلۡنَا عَلَىٰ عَبۡدِنَا يَوۡمَ ٱلۡفُرۡقَانِ يَوۡمَ ٱلۡتَقَى ٱلۡجَمۡعَانِۗ وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٌ ﴿٤١﴾﴾

بڕیاری شەرع دەربارەی (غەنیمەت)و(فەیئ)

خودای گەورە بە درێژی ئەوەی بڕیاری داوە بۆ ئەم ئوممەتە بەڕێزە _بەتایبەتی_ ڕوون کردوەتەوە، لە نێوان هەموو گەلە پێشوەکاندا دەسکەوتی بۆ حەلاڵ کردوە.دەسکەوتی شەڕ (الغنیمة): ئەو ماڵەیە لە خوانەناس سەنراوەو بەدەست هاتووە کە بە سواری ئەسپ‌و وشتر موسوڵمانان بۆی چوون. دەس کەوتیش (الفيء) ئەوەیە کە بە ئەسپ‌و وشتر بۆی نەچوون وەك ئەو ماڵ‌و سامانەیە کە موسوڵمانان‌و خوانەناسان بەڕێکەوتن لەسەری پێك دێن (بدرێ بە موسوڵمانان) یان کەسانێ دەمرن‌و میراتگریان نیە، یان سەرانەو خەراج وەرگرتن لەو کەسانەی لە ژێر سایەی ئیسلامدا دەژین‌و موسوڵمان

---

[1] الاحزاب (٥).

[2] البقرة (١٩٣).

[3] مسلم (٩٦/١).

نین وە هەر شتێکی تر لە شێوەی ئەمانە. خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَٱعْلَمُوٓا۟ أَنَّمَا غَنِمْتُم مِّن شَىْءٍ فَأَنَّ لِلَّهِ خُمُسَهُۥ﴾ دەبێ بزانن هەر غەنیمەیەکتان دەس کەوت پێنج یەکی (ئەو غەنیمەیە) بۆ خوایە. ئەمە خۆی جەخت کردنەوەیە لەسەر ئەو پێنج یەکە لە هەموو شتێکی زۆرو کەمدا، هەتا دەرزیی‌و دەزوویش، خودای گەورە لە ئایەتێکی تردا فەرموویەتی: ﴿وَمَن يَغْلُلْ يَأْتِ بِمَا غَلَّ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ ۚ ثُمَّ تُوَفَّىٰ كُلُّ نَفْسٍ مَّا كَسَبَتْ وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ﴾[1] هەرکەسێ ناپاکی بکات، بەخۆی وئەوناپاکیەی کردویەتی دێت لە ڕۆژی قیامەتدا، ئەوسا هەرکەس لەسەر کردەوەی خۆی سزا ئەدرێ‌و هیچ ناهەقیان لێ ناکرێ. وە فەرموویەتی: ﴿فَأَنَّ لِلَّهِ خُمُسَهُۥ وَلِلرَّسُولِ﴾ واتە: پێنج یەکی بۆ خوداو پێغەمبەرە (ﷺ) زەححاك لە ئیبنوعەبباسەوە (ڕەزای خوایان لێبێ)ئەڵێ: کاتێ پێغەمبەری خودا(ﷺ) پۆلێکی لە سوپارەوانە بکردایە غەنیمەتێکیان دەست بکەوتایە، دەیکردە پێنج بەش، ئەو پێنج یەکەکەشی دەکردە پێنج بەشی تر، پاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوە: ﴿وَٱعْلَمُوٓا۟ أَنَّمَا غَنِمْتُم مِّن شَىْءٍ فَأَنَّ لِلَّهِ خُمُسَهُۥ وَلِلرَّسُولِ وَلِذِى ٱلْقُرْبَىٰ وَٱلْيَتَٰمَىٰ وَٱلْمَسَٰكِينِ وَٱبْنِ ٱلسَّبِيلِ﴾هەروەهائەڵێت: کە خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿فَأَنَّ لِلَّهِ خُمُسَهُۥ﴾ ئەمەکلیلی وتەیەکە ئەفەرموێ(للەمافی السموات ومافی الارض) هەرچی لە ئاسمانەکان‌و زەمیندایە هی خودایە. بەشی خوداو بەشی پێغەمبەری (ﷺ) وا لێ کردوە، کردویە بە یەك بەش.[2] ئیبراهیمی نەخەعی‌و حەسەنی کوڕی موحەممەدی کوڕی حەنیفەو (الحنيفة) حەسەنی بەسری‌و شەعبی‌و عەتای کوڕی ڕیباح‌و عەبدوڵڵای کوڕی بورەیدەو قەتادەو موغەیرەو کەسانی تریش هەر وایان گوتوە. کە بەشی خوداو بەشی پێغەمبەرەکەشی یەك بەش بووە.[3] ئەوەی حافیز ئەبوبەکری بەیهەقی ڕیوایەتی کردوە پشتگیری ئەمە دەکات بە چەند سەنەدی سەحیحەوە لە عەبدوڵڵای شەقیقەوە کە پیاوێکی بەلقەینەوە ئەڵێ: هاتمە لای پێغەمبەر(ﷺ) کە لە وادیلقورا بوو ئەسپێکی پیشان ئەدا، گوتم:ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) لە بارەی غەنیمەتەوەچی ئەفەرمووی؟ فەرمووی: (پێنج یەکی بۆ خوایەو چوار بەشەکەی تری بۆ سوپایە) گوتم: هیچ کەسێ لە پێشتر نیە بۆبردنی ئەوغەنیمەتە لە کەسێکی تر؟ فەرمووی: (نەخێر، ئەو تیرەشی کەدراوە لە تەنیشتت کە دەریدێنی تۆ شایستە تر نیت پێی لە برا موسوڵمانەکەت)![4] ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردوە لە میقدامی کوڕی

---

[1] آل عمران (١٦١).

[2] الطبري (١٣/٥٤٩).

[3] الطبري (١٣/٥٤٨/٤٥٠).

[4] البيهقي (٦/٣٢٤)، سەحیحە.

مەعدی یەکریبی کەندیەوە، کە لەگەڵ عوبادەی کوڕی سامیت و ئەبی دەرداو حاریسی کوڕی مەعاویەی کەندیدا دانیشتن، لە نێوان خۆیاندا باسی فەرموودەی پێغەمبەری خوایان دەکرد، ئەبودەرداء گوتی بە عوبادەی کوڕی سامت: ئەی عوبادە ! قسەکانی پێغەمبەری خودا لە فلان غەزاو فلان غەزادا لە بارەی پێنج یەکەوە (چۆن بوو)؟ عوبادە گوتی: پێغەمبەری خودا(ﷺ) نوێژی پێ کردن لە غەزایەکدا، بەرەو وشترێك لە وشترەکانی غەنیمەت ، کە سەلامی دایەوە هەڵسایە سەر پێ و موویە لە نێوان هەردوو سەرپەنجەیدا هەلگرت و فەرمووی: (ئا ئەمە لە غەنیمەتی ئێوەیە، بێگومان منیش هیچمافێکم نیە تێیدا جگە لە بەشی خۆم ، تەنیا پێنج یەك نەبێ. ئەو پێنج یەکەش دەگەڕێتەوە بۆ ئێوە، کەواتە چ دەرزیو چ دەزوو چ زیاتریش بێ لەوە یان کەمتریش بێ لەوەبدەن و خەیانەت مەکەن، چونکە خەیانەت (ئاکامەکەی) چوونە ناو ئاگرەو نەنگو شورەییە بۆ خاوەنەکەی لە دنیاو لە ڕۆژی دوایشدا. وە جیهادی خەڵکی (خوانەناسیش) بکەن لەبەر ڕەزای خوا چ نزیك بێ یان دوور، گوێ مەدەنە لۆمەی لۆمەکەران، سنورەکانی خودا جێبەجێ بکەن لە ئاوەدانیداو لە سەفەردا، جیهاد بکەن لە ڕێی خوادا، چونکە جیهاد دەرگایەکی گەورەیە لە دەرگا کانی بەهەشت. بە جیهاد کردن خودا داخو خەفەت لادەبات)[1] ئەمە فەرموودەیەکی چاکو مەزنە. من لە هیچ شتێکدا لە شەش کتێبەکەدا بەم ڕێگەیە چاوم پێی نەکەوتوە[2]. بەڵام ئیمامی ئەحمەدو ئەبوداودو نەسائی ڕیوایەتیان کردوە لە فەرموودەکەی عەمری کوڕی شوعەیبەوە، لە باوکیەوە لە باپیریەوە کەعەبدوڵلای کوڕی عەمرەئەویش لە پێغەمبەری خوداوە (ﷺ) وەك ئەوە لە بەسەرهاتەکەی پێنج یەکو ڕێگرتن لە خەیانەتدا هاتووە.[3] ئەبوداودو نەسائیش لە عەمری کوڕی عەبەسەوە ڕیوایەتیان کردوە.[4] هەرچەندە پێغەمبەری خودا(ﷺ)مافی ئەوەی هەبوو لەغەنیمەت هەندێ شت هەڵبژێرێ بۆ خۆی وەك بەندەو کەنیزەكو ئەسپو شمشێرو شتی لەوبابەتە ، وەك موحەممەدی کوڕی سیرینو عامیری شەعبیو زۆرێك لە زانایانی بەشوێن ئەم ڕایەدا ڕۆشتوون. ئیمامی ئەحمەدو تیرمیزی ڕیوایەتیان کردوە لە ئیبنوعەبباسەوە کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) شمشێرەکەی (زولفەقار) لە ڕۆژی بەدردا لەناو غەنیمەتەکاندا هەڵگرت ئەو شمشێرەی کە ئەو خەوەی ڕۆژی ئوحودی پێوە بینی.[5] لە عائیشەوە (ڕەزای خوای لێبێ)ئەڵێ: (صە فییە) لە هەڵبژاردەکانی

---

[1] أحمد (٥/٣١٦)، سەنەدەکانی لاوازە.

[2] مەبەست پێی (هەردووصەحیحی مسلم وبوخاری) وچوارسونەنەکەی(ئەبوداود وتیرمزی ونەسائی وئیبن ماجە یە..وەرگێڕ).

[3] أحمد (٢/١٨٤)، أبوداود (٢٦٩٤)، فەرموودەیەکە حەسەنە.

[4] أبوداود (٢٧٥٥).

[5] أحمد (١/٢٧١)، الترميذي (١٥٦١)، حەسەنە.

غەنیمەت بوو، ئەبوداوود لە سونەنەکەیدا ڕیوایەتی کردوە[1] بەڵام بەشی خزمان، ئەوە خەرج دەکرێ بەسەر بەنی هاشمو بەنی موتەلیبدا چونکە بەنی موتەلیب پشتگیری بەنی هاشمیان کرد لە کاتی نەفامیو سەرەتای ئیسلامدا، لەگەڵیان چوونە ناو شیوەکەو لەسەر پێغەمبەر(ﷺ) ڕقیان هەڵسا بۆ پاراستنیشی: موسوڵمانەکانیان لەبەر گوێڕایەڵی خوداو گوێڕایەڵی پێغەمبەرەکەی، خوانەناسەکانیشیان لەبەر لووتبەرزی عەشایەریو پیاوەتی و گوێڕایەڵیکردنی بۆ ئەبوتالب ، کە مامی پێغەمبەری خوا بوو (ﷺ)...مانای ﴿وَٱلۡيَتَـٰمَىٰ﴾ یانی هەتیوانی موسوڵمانان. ﴿وَٱبۡنِ ٱلسَّبِيلِ﴾ یانی: ڕێبوار یان: ئەوەی نیازی سەفەری هەیە بۆ ماوەیەك کە نوێژی تیا کورت دەکرێتەوە. ئەوەندەی خەرجی نەبێ لەو سەفەرەدا خەرجی بکات، بەو زوانە تەفسیری ئەوە دێ لە ئایەتی زەکاتدا لە سورەتی بەرائەتدا، خوا مەیلی لێبێ، هەر پشتو پەنایە. پاشان خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿إِن كُنتُمۡ ءَامَنتُم بِٱللَّهِ وَمَآ أَنزَلۡنَا عَلَىٰ عَبۡدِنَا﴾ ئەگەر باوەڕتان بە خوداو باوەڕتان بەوەیش هەیە کەلە ڕۆژی یەکلاکەرەوەدا(ڕۆژی بەدر) بۆ عەبدی خۆمان ناردە خوارەوە. واتە: گوێڕایەڵی ئەو بڕیارە بن کە بۆمان داناون لە پێنج یەکی ئەو دەسکەوتانە، ئەگەر بڕواتان بە خوداو بە ڕۆژی دواییو ئەوەی هاتوەتە خوارێ بۆ پێغەمبەرەکەی. بۆیە لە هەردوو سەحیحەکەدا هاتووە لە عەبدوڵلای کوڕی عەبباسەوە، لە فەرموودەی شاندەکەی عەبدولقەیسدا کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) پێی گوتن: (فەرمانتان پێ دەکەم بە چوار (شت)و قەدەغەی چوار شتتان لێ دەکەم، فەرمانتان پێ دەکەم بە باوەڕ بە خودا، ئایا دەزانن باوەڕ بە خوا چیە؟ شایەتیدانە کە هیچ پەرستراوێ ناشێ بۆ پەرستنن جگە لە خوا، موحەممەدیش (ﷺ) پێغەمبەری خودایە، بەجێهێنانی نوێژو زەکات دانو پێنج یەکیش لە دەس کەوتدا بدەن)[2] ئەم فەرموودەیە بە درێژی لە هەردوو سەحیحەکەدا هاتوە. جێبەجێکردنی پێنج یەکی لە دەسکەوتدا لە ڕیزی باوەڕ بە خوا دا داناوە. بوخاری بەشێکی دیاری کردوە لە (کتاب الایمان) دا لە سەحیحەکەیدا گوتویەتی (بەشی)بەجێهێنانی پێنج یەك لە باوەڕەوەیە) پاشان ئەم فەرموودەی ئیبنوعەبباسی هێناوە. پاشان خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿يَوۡمَ ٱلۡفُرۡقَانِ يَوۡمَ ٱلۡتَقَى ٱلۡجَمۡعَانِۗ وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٌ﴾ لە ڕۆژی جیا کردنەوەدا (واتە: جەنگی بەدر) ئەو ڕۆژەی کە دوو کۆمەڵ بە یەك گەیشت خودا توانای بەسەر هەموو شتێکدا هەیە. خودای گەورە ئاگاداری ئەدات بەو چاکەو بەهرانەی کە داویەتی بە دروستکراوەکانی. وە بەوەی کە هەقی لە نێوان ناهەقدا پێ جیا کردەوەتەوە لە

[1] أبوداود (٢٩٩٤)، فەرموودەیەکی باشە.

[2] فتح الباري (١/١٥٧)، مسلم (١/٤٦).

(بەدردا) کە ناوی لێنراوە ڕۆژی جیاکردنەوە،چونکە خودا وتەی باوەڕی بەرز کردوە بەسەر وتەی پوچ‌و ساختەدا. ئاینی خۆی سەرخست‌و یارمەتی پێغەمبەرو کۆمەڵەکەی خۆی دا، عەلی کوڕی ئەبوتەلحەو عەوفی ئەڵێن لە ئیبنوعەبباسەوە: (یوم الفرقان) یانی: ڕۆژی بەدر، لە ڕۆژی بەدردا خودا هەقی لە ناهەق جیا کردەوە[1] حاکم ڕیوایەتی کردوە، موجاهیدو موقسم و عەبدوڵلای کوڕی عەبدوڵلاو زەححاك‌و قەتادەو موقاتیل‌و کەسانی تریش گوتویانە: ئەو ڕۆژە، ڕۆژی بەدرە[2].

﴿إِذۡ أَنتُم بِٱلۡعُدۡوَةِ ٱلدُّنۡيَا وَهُم بِٱلۡعُدۡوَةِ ٱلۡقُصۡوَىٰ وَٱلرَّكۡبُ أَسۡفَلَ مِنكُمۡۚ وَلَوۡ تَوَاعَدتُّمۡ لَٱخۡتَلَفۡتُمۡ فِي ٱلۡمِيعَٰدِ وَلَٰكِن لِّيَقۡضِيَ ٱللَّهُ أَمۡرٗا كَانَ مَفۡعُولٗا لِّيَهۡلِكَ مَنۡ هَلَكَ عَنۢ بَيِّنَةٖ وَيَحۡيَىٰ مَنۡ حَيَّ عَنۢ بَيِّنَةٖۗ وَإِنَّ ٱللَّهَ لَسَمِيعٌ عَلِيمٌ ﴿٤٢﴾﴾

هەندێ لەدرێژەی ڕووداوەکانی ڕۆژی بەدر

خودای گەورە باسی ڕۆژی جیاکردنەوە دەکات ﴿إِذۡ أَنتُم بِٱلۡعُدۡوَةِ ٱلدُّنۡيَا﴾ کاتێ ئێوە لای خواری (شیوەکەی) نزیك (مەدینەدا) بوون ﴿وَهُم بِٱلۡعُدۡوَةِ ٱلۡقُصۡوَىٰ﴾ ئەوانیش (موشریکەکان) لە لای سەروی (شیوەکەی) دورتر (لە مەدینە)دا دامەزرابوون لە ڕووی مەککەوە ﴿وَٱلرَّكۡبُ﴾ کاروانەکەیشی کە ئەبوسوفیان‌و ئەوەی کە پێی بوو لە کەلوپەلی بازرگانی ﴿أَسۡفَلَ مِنكُمۡ﴾ لە خوارتری ئێوە بوو. واتە: لە نزیك (سیف البحر)ەوە ﴿وَلَوۡ تَوَاعَدتُّمۡ﴾ ئەگەر بەڵێنتان بە یەکتری بدایە (ئێوەو موشریکەکان لەسەر شوێنێ) ﴿لَٱخۡتَلَفۡتُمۡ فِي ٱلۡمِيعَٰدِ﴾ بێگومان کێشەتان دەبوو لە بەڵێنەکەدا (شەڕتان نەدەکرد)، موحەممەدی کوڕی ئیسحاق ئەڵێ: یەحیای کوڕی عەببادی کوڕی عەبدوڵلای کوڕی زوبەیر قسەی بۆ کردم لە باوکیەوە لەم ئایەتەدا وتوویەتی: ئەگەر ئەوە لە کاتی دیاری کراودا بوایە لە نێوان ئێوەو موشریکەکاندا، پاشان زۆری ژمارەی ئەوانتان بزانیایەو کەمی ژمارەی خۆشتان، ڕووبەڕوویان نەدەبوونەوە ﴿وَلَٰكِن لِّيَقۡضِيَ ٱللَّهُ أَمۡرٗا كَانَ مَفۡعُولٗا﴾ بەڵام دەبوو هەرچی خوا بڕیاری دابوو هەر ڕوو بدات. واتە: ئەوەی خودا مەیلی لێ بووە کە بیکا بە دەستەڵاتی خۆی کردی لە سەرخستنی ئیسلام‌و موسوڵمانان‌و داماوکردنی بت‌و بتپەرستان، بێ ئەوەی دەم ڕاست‌و پیاوماقوڵانی ئێوەی لێبێ. ئەوەی ویستی لێبوو بە سۆزو بەزەیی خۆی کردی[3] پێغەمبەری خوداو (ﷺ) موسوڵمانان کاتێ کە

---

[1] الطبري (١٣/٥٦١).

[2] الطبري (١٣/٥٦١–٥٦٣).

[3] إبن هشام (٢/٣٢٨).

دەرچوون مەبەستیان کاروانەکەی قورەیش بوو، بەڵام خودای گەورە لەگەڵ دوژمنەکانیاندا گەیاندنی بە یەك لە کاتێکدا کە چاوەڕوانیان نەدەکرد[1] موحەممەدی کوڕی ئیسحاق ئەڵێت: یەزیدی کوڕی ڕوممان بۆی گێڕامەوە لە عوروەی کوڕی زوبەیرەوە ئەڵێ: کاتێ کە نزیك بوەوە لە بەدر پێغەمبەری خودا(ﷺ) عەلی کوڕی ئەبوتالبو سەعدی کوڕی ئەبی وەقاسو زوبەیری کوڕی عەوامی لەگەڵ هەندێ لە هاوەڵەکانیدا نارد تا هەواڵی بۆ کۆ بکەنەوە، تووشی دوو ئاوبەری قورەیشیەکان هاتن، لاوێکیان لە بەرەی سەعیدی کوڕی عاسو ئەوی تریان لە بەرەی حەجاج بوو، هێنانیان بۆ لای پێغەمبەری خودا(ﷺ) کە چاویان پێی کەوت نوێژی دەکرد، هاوەڵەکانی پێغەمبەری خودا(ﷺ) لێیان دەپرسین لە چ بەرەیەکن؟ دەیانگوت: ئێمە ئاوبەری قورەیشین، ئێمەیان ناردوە لەم ئاوە ئاویان بۆ ببەین. خەڵکەکە قسەکانیان پێ خۆش نەبوو وابزێ ئەچوون لەلایەن ئەبوسوفیانەوە هاتبن و دەستیان کردە لێدانیان و کاتێ کە ئازاریان ئەدان گوتیان: ئێمە لەلایەن ئەبوسوفیانەوەهاتوین، وازیان لێ هێنان، پێغەمبەری خودا کوڕنوشی بردو دوو سوژدەیشی برد پاشان سەلامی دایەوەو فەرمووی: (کاتێ ڕاستیان پێ گوتن: لێتان ئەدان، کە درۆیان لەگەڵدا کردن وازتان لێهێنان. سوێند بە خودا ئەوان لە قورەیشیەکانن ، ئادەی لە بارەی قورەیشەوە قسەم بۆ بکەن). گوتیان:ئائەوانەن کە لە پشت ئەو تەپۆڵکەوەن،تەپۆڵکە بریتی یە لەکۆمەڵێکی زۆر لمی بیابان، پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: (ئەو کۆمەڵە چەندێکن؟) گوتیان: زۆرن. فەرمووی: (کەرەسەو تفاقیان چیە؟) گوتیان: نازانین. فەرمووی: (چەند (وشتر) سەر دەبڕن هەموو ڕۆژێ؟) گوتیان: ڕۆژێ وا هەیە نۆ وشترو ڕۆژی واش هەیە دە وشتر سەردەبڕن. پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: (ئەو کۆمەڵە لە نێوان نۆ سەد کەس تا هەزار کەس دەبن). پاشان پێی گوتن: (کێیان لەناودایە لە پیاوماقوڵانی قورەیش؟) گوتیان: عوتبەی کوڕی ڕبیعەو شەیبەی کوڕی ڕەبیعەو ئەبولبوختوری کوڕی هیشامو حەکیمی کوڕی حیزامو نەوفەلی کوڕی خوەیلدو حارسی کوڕی عامیری کوڕی نەوفەلو تەعەیمەی کوڕی عەدی کوڕی نەوفەلو نەزری کوڕی حارسو زەمعەی کوڕی ئەسوەدو ئەبوجەهلی کوڕی هیشامو ئومەیەی کوڕی خەلەفو نوبەیهەو مونەبیهە کوڕانی حەجاجو شەهلی کوڕی عەمرو عەمری کوڕی عەبدی ودد. پێغەمبەری خودا(ﷺ) ڕووی کردە خەڵکەکەو فەرمووی: (ئەمە مەککەیەو هەرچی جگەرگۆشەکانی خۆی هەیە بۆی هاوێشتون)[2]. پاشان خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿لِّيَهْلِكَ مَنْ هَلَكَ عَنۢ بَيِّنَةٍ وَيَحْيَىٰ مَنْ حَىَّ عَنۢ بَيِّنَةٍ﴾ بۆ ئەوەی لەناو بچێ ئەو کەسەی (بە لای خواوە) لەناوچووە. وە بۆ ئەوەی بژی ئەوەی (بەلای خواوە) دەژی بە

---

[1] الطبري (١٣/٥٦٦).

[2] إبن هشام (٢/٢٦٨).

بەڵگەی ئاشكراوە. موحەممەدی كوڕی ئیسحاق ئەڵێت: واتە: ئەوەی حاشا دەكات با حاشا بكات دوای ئەو پەندو ئامۆژگاریەی كە بە چاوی خۆیان دیانو وەریانگرت. ئەوەیش باوەڕی هێنا با باوەڕ بێنێ، لەسەر ئەو پەندو ئامۆژگاریانە.[1] ئەمە تەفسیرێكی باشەو ڕوونە كە خودای گەورە ئەفەرموێت: لەبەر ئەوە لەگەڵ دوژمنەكانتاندا كۆی كردونەتەوە لە یەك شوێندا لە كاتێكی دیاری نەكراودا، تا سەرتان بخات بەسەریانداو وتەی هەق سەركەوێ بەسەر پڕوپوچدا، بۆ ئەوەی كارەكە دەركەوێو بەڵگەی تەواو ئاشكرا ببێو هیچ كەس قسەی نەمێنێو گومانی خراپ نەبات، ئەوسا ئەوەی تیا چووە با تیا بچێ. واتە: ئەوەی بەردوامە لەسەر خوانەناسی با هەر بەردەوام بێ، ئاگاداری ئەو كارەی خۆی بێو بزانێ پڕوپوچە دوای ئەو بەڵگە ئاشكرانە كە بۆی هاتوە. ﴿وَيَحْيَىٰ مَنْ حَيَّ عَنۢ بَيِّنَةٍ﴾ تا ژینی هەر كەسێ (كە بڕوا دێنێ) بە بەڵگەی ئاشكراوە بێو لەسەر چاوڕۆشنی بێ، چوون باوەڕ ژیانی دەروونە وەك خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿أَوَمَن كَانَ مَيْتًا فَأَحْيَيْنَٰهُ وَجَعَلْنَا لَهُۥ نُورًا يَمْشِى بِهِۦ فِى ٱلنَّاسِ كَمَن مَّثَلُهُۥ فِى ٱلظُّلُمَٰتِ لَيْسَ بِخَارِجٍ مِّنْهَا﴾[2] ئاخۆ كەسێ كە مردوو بوو ئێمە زیندوومان كردەوەو ڕووناكیمان خستە پێشی بە سەربەستی لەناو خەڵكدا بوو دەسوڕایەوە، وەك كەسێكە لەناو تاریكیدایەو هیچ دەرەتانێكی نیە؟ عائیشە لە ڕووداوی بوختانەكەدا ئەڵێت :(فهلك فيَّ من هلك)یانی: ئەوەی تیا چوو دەربارەی من تیا چوو، واتە: ئەوەی هەرچی گوت گوتی لە هەڵبەستنی بوختانەكەدا (تیا چوو)[3] ﴿وَإِنَّ ٱللَّهَ لَسَمِيعٌ عَلِيمٌ﴾ خودا دەبیسێو ئاگادارە. واتە: پاڕانەوەو هانا بردنو لاڵەكەتان دەبیسێ كە لێی دەكەن ﴿عَلِيمٌ﴾ واتە: ئاگای لێتانەو دەزانێ كە ئێوە شایستەی سەركەوتنن بەسەر دوژمنە خوانەناسو لاسارەكانتاندا.

﴿إِذْ يُرِيكَهُمُ ٱللَّهُ فِى مَنَامِكَ قَلِيلًا ۖ وَلَوْ أَرَىٰكَهُمْ كَثِيرًا لَّفَشِلْتُمْ وَلَتَنَٰزَعْتُمْ فِى ٱلْأَمْرِ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ سَلَّمَ ۗ إِنَّهُۥ عَلِيمٌۢ بِذَاتِ ٱلصُّدُورِ ﴿٤٣﴾ وَإِذْ يُرِيكُمُوهُمْ إِذِ ٱلْتَقَيْتُمْ فِىٓ أَعْيُنِكُمْ قَلِيلًا وَيُقَلِّلُكُمْ فِىٓ أَعْيُنِهِمْ لِيَقْضِىَ ٱللَّهُ أَمْرًا كَانَ مَفْعُولًا ۗ وَإِلَى ٱللَّهِ تُرْجَعُ ٱلْأُمُورُ ﴿٤٤﴾﴾

---

[1] الطبري (١٣/٥٦٨).

[2] الانعام (١٢٢).

[3] أحمد (٦/١٩٥).

خودا هەر کۆمەڵێکی بە کەمتر نیشان دا لە چاوی ئەوی تردا

خـــودای گـــەورە ئەفـــەرموێت: ﴿إِذْ يُرِيكَهُمُ اللَّهُ فِي مَنَامِكَ قَلِيلًا﴾ لـــە خەونتـــدا (ئـــەی موحەممەد(ﷺ)) خوا ژمارەی ئەوانی کەم نیشان دای. موجاهیدئەڵێ: خودا ئـەوانی (موشـریکەکانی) لە خەودا بە کـەم نیـشاندا. پێغەمبـەریش بـەو شـێوەیە هـەواڵی دا بـە هاوەڵـەکانی، ئـەوە بـووە هـۆی ڕاوەستاویان[1] ئیبنوئیسحاق‌و کەسانی تریش هـەر وایـان گوتـوە[2] ﴿أَرَاكَهُمْ كَثِيرًا لَفَشِلْتُمْ﴾ ئەگـەر زۆری ئەوانی نیشان بدانایە تێدەشکان. ﴿وَلَتَنَازَعْتُمْ فِي الْأَمْرِ﴾ ناکۆکیتان لـەناو خۆتانـدا لێ پـەیدا دەبوو، ﴿وَلَٰكِنَّ اللَّهَ سَلَّمَ﴾ بەڵام خودا ئێوەی پاراست لەوە، کە بە کـەمی ئـەوانی پیـشاندان ﴿إِنَّهُ عَلِيمٌ بِذَاتِ الصُّدُورِ﴾ خـۆی لـە نهێنـی دڵانـیش ئاگـادارە. واتـە: هەرچی لـەناو دڵەکانتاندایـە خـودا دەیزانێ‌و ئاگای لێیەتی ﴿يَعْلَمُ خَائِنَةَ الْأَعْيُنِ وَمَا تُخْفِي الصُّدُورُ﴾[3] خودا دەزانێ کـێ چاوی خیانـەتی هەیـەو چـی لـە دڵـدا شـاردوەتەوە. وە ئەفـەرموێت: ﴿وَإِذْ يُرِيكُمُوهُمْ إِذِ الْتَقَيْتُمْ فِي أَعْيُنِكُمْ قَلِيلًا﴾ ئەوساش کە تووشی یەك هاتن، لەبـەر چاوتان ئـەوانی کـەمتر نیـشان دا، ئـەمـەیش هـەر لەبـەر سـۆزو بەزەیی خوداوەیە پێیان کە خوانەناسانی بە کـەمتر نیشانی خـاوەن بـاوەڕان دا. تـا هورەیـان بـەرز بێتـەوەو تـەمایان تـێ بکـەن. ئەبوئیـسحاقی سـەبیعی لـە ئەبوعوبەیـدەوە، لـە عەبـدوڵڵای کـوڕی مەسـعودەوە (ڕەزای خـوای لێبـێ)ئـەڵێ: بەڕاسـتی ئـەوان (موشـریکەکان) لەبـەر چـاوی ئێمـە کـەم بووبوونەوە لە ڕۆژی بەدردا، هەتا گوتم بە پیاوێ لە تەنیشتم بوو، تۆ بە هەفتا کەس نایانبینی؟ گوتی: نەخێر ئەوانە سەد کەسن، هەتا یەکێکمان لێ (بەدیل) گرتن، پرسیارمان لێ کرد گوتی: هـەزار کـەس بوین.[4] ئیبنوئەبی حاتەم‌و ئیبنوجەریریش ڕیوایەتیان کردوە. ئیبنوئـەبی حاتـەم ڕیوایـەتی کـردوە لـە عیکرمـەوە لـەم ئایەتـەدا ﴿وَإِذْ يُرِيكُمُوهُمْ إِذِ الْتَقَيْتُمْ فِي أَعْيُنِكُمْ قَلِيلًا وَيُقَلِّلُكُمْ فِي أَعْيُنِهِمْ﴾ کـە تووشی یەك هاتن، لەبەر چاوتان ئەوانی کەمتر نیشان داو ئێوەشی کەم هێنایە بەر چاوی ئەوان.ئـەڵێ: لە یەکتری هاندان.[5] سەنەدەکانی ڕاستە. موحەممەدی کوڕی ئیسحاق ئەڵێ: یەحیای کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیر بۆی باس کردم لە باوکیـەوە لـەم ئایەتـەدا: ﴿لِيَقْضِيَ اللَّهُ أَمْرًا كَانَ مَفْعُولًا وَإِلَى اللَّهِ

---

[1] الطبري (١٣/٥٧٠).

[2] الطبري (١٣/٥٧٠).

[3] غافر (١٩).

[4] الطبري (١٣/٥٧٢).

[5] إبن أبي حاتم (٥/١٧١٠).

تُرْجَعُ ٱلْأُمُورُ ﴾ئـەڵێ:یانی دەبـوو خـودا _کارێ کە بڕیاری دابـوو_ بیهێنێتـە جـێ. کارەکـانیش هـەر دەچنەوە لای ئەو. واتە: دەبوو لە نێوانیاندا ئـەو شـەڕە ڕوو بـدات، بـۆ ئـەوەی تۆڵـە بسێنێ لەوانـەی دەیەوێ تۆڵەیان لێ بسێنێ. ئەوانەش بەهرەدار بکا کە دەیەوێ بەهرەداریان بکا لە دۆستەکانی.[1] مانای ئەوەیە خوای گەورە هەردوو لای لە یەکتری هەڵناو لەبەر چاوی یـەکتری بـە کـەم نیشانیدان، تـا تـەما بکەنە یەکتری. ئەوەش لە کاتی ڕووبەڕووبونەوەدا بوو، کـاتێ شـەڕ دەسـتی پێکردو خـودا پـشتگیری خاوەنباوەڕانی کرد بە هەزار فریشتە کـە بەیەکـەوە بـوون، ئـا لەوێدا کۆمـەڵی خوانەناسـان، کۆمـەڵی خاوەنباوەڕانیان بـە بێهێزو لاواز دەبینـی وەك خـودای گـەورە لـە ئایـەتێکی تـردا فەرموویـەتی: ﴿ قَدْ كَانَ لَكُمْ ءَايَةٌ فِى فِئَتَيْنِ ٱلْتَقَتَا فِئَةٌ تُقَٰتِلُ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ وَأُخْرَىٰ كَافِرَةٌ يَرَوْنَهُم مِّثْلَيْهِمْ رَأْىَ ٱلْعَيْنِ وَٱللَّهُ يُؤَيِّدُ بِنَصْرِهِۦ مَن يَشَآءُ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَعِبْرَةً لِّأُو۟لِى ٱلْأَبْصَٰرِ ﴾[2] ئەمـە بـۆ ئێـوە وانەیـەك بوو کە دوو دەستە لە خۆتان بە گژ یەکدا چوون. دەستەیەکتان بۆ خودا بەشەڕ هاتنو دەستەکەی تـر لە دژی خودا دەجەنگینو چاك دەیانبینی کە خوانەناسان دوو ئەوەندەی ئەمانن، دیارە خودا بە مەیلی خۆی هەر کەسێ خۆی بیەوێ سەری دەخات ئەمەش پەندە بـۆ ئەوانـەی خـاوەن فـامن. ئـا ئەمـە ئـەو کۆکردنەوەو یە لە نێوان ئەو دوو ئایەتەدا. بێگومان هەردوکیان هەقو ڕاسـتن، سـوپاسو سـتایش هـەر بۆ خودایە.

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ إِذَا لَقِيتُمْ فِئَةً فَٱثْبُتُوا۟ وَٱذْكُرُوا۟ ٱللَّهَ كَثِيرًا لَّعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ ﴿٤٥﴾ وَأَطِيعُوا۟ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَلَا تَنَٰزَعُوا۟ فَتَفْشَلُوا۟ وَتَذْهَبَ رِيحُكُمْ وَٱصْبِرُوٓا۟ إِنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلصَّٰبِرِينَ ﴿٤٦﴾ ﴾

فێربوونی ڕەوشتەکانی جەنگ

ئەمە فێرکردنێکە لەلایەن خودای گەورەوە بۆ بەندە خاوەنباوەڕەکانی لەسەر ڕەوشـتی ڕووبـەڕوو بونەوەو جوامێری لە کاتی بەرەنگار بونەوەی دوژمنـدا، ئەفـەرموێت: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ إِذَا لَقِيتُمْ فِئَةً فَٱثْبُتُوا۟ ﴾ ئەی گرۆی خاوەن باوەڕان! ئەگەر لەگەڵ دوژمنان ڕووبەڕوو بن، خۆ بگرن. لە هـەردوو سەحیحەکەدا هاتوە لە عەبدوڵلای کوڕی ئەبی ئەوفاوە، لە پێغەمبەری خـوداوە (ﷺ) کـە چـاوەڕوانی دەکرد لە هەندێ ڕۆژەکانیدا کـە تێیـدا دەگەیـشت بـە دوژمـن، هـەتا کـاتێ کـە خـۆر لار دەبـووەوە لـە ناویاندا ئەیفەرموو: (ئەی خەڵکینە خۆزگە مەخوازن بکەن بە دوژمن، داوای لەش ساغی لە خودا بکەن،

---

[1] إبن هشام (٣٢٨/٢)، إبن أبي حاتم (١٧١٠/٥).

[2] آل عمران (١٣).

ئەگەریش پێیان گەیشتن خۆڕاگر بن. چاك بزانن بەهەشت لە ژێر سێبەری شمشێرەکاندایە)، پاشان پێغەمبەر(ﷺ) هەڵساو دیسان فەرمووی: (ئەی خودایە دابەزێنەری قورئان و جوڵێنەری هەورەکان، ئەی ڕوخێنەری حیزب و کۆمەڵە (بێباوەڕەکان) تێکیان بشکێنەو سەرمان بخە بە سەریاندا)[1] عەبدوڕەزاق ڕیوایەتی کردوە لە عەبدولاّی کوڕی عەمرەوەئەڵێ: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (خۆزگە مەخوازن بۆ ڕووبەڕوو بونەوەی دوژمن، داوای تەندروستی لە خوا بکەن، ئەگەر ڕووبەڕووشیان بونەوە خۆ ڕاگرن ویادی خودا بکەن، ئەگەرقاڵەو قیرەیان کردو دەنگیان لێوەهات، دەبێ ئێوەبێدەنگبن)[2].

فەرماندان بە خۆڕاگری لە کاتی ڕووبەڕووبونەوەدا

خودای گەورە فەرمانی داوە بە خۆڕاگری لە کاتی جەنگدا لەگەڵ دوژمنداو ئارام گرتن لە ڕووبەڕووبونەوەدا، ڕا نەکەن و چۆك دانەدەن و نەترسن، دەبێ یادی خودا بکەن لەو حاڵەداو لە بیری نەکەن، بەڵکو دەبێ داوای یارمەتی هەر لەو بکەن و پشت بەو ببەستن و داوای سەرکەوتنی لێ بکەن بەسەر دوژمندا وەك فەرموویەتی: ﴿وَٱذۡكُرُواْ ٱللَّهَ كَثِيرٗا لَّعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ﴾ زۆر یادی خودا بکەن، بەڵکو ئێوە سەرکەون (ڕزگار بن). وە دەبێ گوێڕایەڵی خوداو پێغەمبەرەکەی بن(ﷺ) لەو کاتەدا. ئەوەی خودا فەرمانیان پێدەکات جێبەجێی بکەن و ئەوەیش قەدەغەی دەکات لێیان وازی لێ بێنن و لە نێوان خۆیاندا ناکۆك نەبن و لە یەك جیا ببنەوە کە ببێتە هۆی تێکشکان و سەنەکەوتنیان ﴿وَأَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَلَا تَنَٰزَعُواْ فَتَفۡشَلُواْ وَتَذۡهَبَ رِيحُكُمۡۖ﴾ گوێڕایەڵی فەرمانی خوداو پێغەمبەرەکەی بکەن، نەچن کێشەتان لێ پەیدا ببێ و بەهۆیەوە بشکێن و هەموو هێزتان لەناو بچێ، ئەو ئامادەیەی کە هەتانە نەمێنێ، ﴿وَٱصۡبِرُوٓاْۚ إِنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلصَّٰبِرِينَ﴾ خۆڕاگر بن! خودا لەگەڵ خۆڕاگرانە. بێگومان هاوەڵەکانی پێغەمبەر(ﷺ) لەبارەی جوامێری و ئازایەتی و گوێڕایەڵیدا بۆ جێبەجێکردنی فەرمانەکانی خوداو پێغەمبەرەکەی (ﷺ) وێنەیان نەبووە لە هیچ سەردەم و لە هیچ گەلێکدا لە پێش خۆیانەوە، ئەوەیش بەهۆی بەرەکەتی پێغەمبەرو گوێڕایەڵی هاوەڵەکانی بووە بۆی، بۆ هەر کارێ کە پێی سپاردبن، دڵەکانی والاّ دەکردو هەرێمەکانیشی بە خۆرهەلاّت و خۆرئاواوە ڕزگار دەکرد لە ماوەیەکی کەمدا، لەگەڵ کەمی ژمارەیاندا لە چاو لەشکرەکانی هەرێمەکانی تردا، لە ڕۆمەکان و فارس و تورك و ساقالبەکان و بەربەرو حەبەشەکان و سودانیە جۆربەجۆرەکان و قیبت و تیرەو هۆزەکانی بەرەی ئادەم، زاڵ بوون بەسەریاندا، تا وتەی خودا بەرز بوەو ئاینەکەیشی سەرکەوت بەسەر ئاینەکانی تردا،

---

[1] فتح الباري (٦/١٤٠)، مسلم (٣/١٣٦٢).

[2] عبدالرزاق (٥/٢٥٠)، سەرەتاکەی سەحیحەو کۆتاییەکەی لاوازە.

دەسەڵاتو قەڵەم ڕەوی ئیسلامی لە خۆرهەڵاتو خۆرئاوای زەویدا فراوان بوو، لە کەمتر لە سی ساڵدا، خودای گەورە لە هەموویان ڕازی بێو ئێمەیش لەگەڵ ئەواندا کۆ بکاتەوە، بەڕاستی خودا بەخشندەو میهرەبانە.

﴿وَلَا تَكُونُوا كَالَّذِينَ خَرَجُوا مِن دِيَارِهِم بَطَرًا وَرِئَاءَ النَّاسِ وَيَصُدُّونَ عَن سَبِيلِ اللَّهِ ۚ وَاللَّهُ بِمَا يَعْمَلُونَ
مُحِيطٌ (٤٧) وَإِذْ زَيَّنَ لَهُمُ الشَّيْطَانُ أَعْمَالَهُمْ وَقَالَ لَا غَالِبَ لَكُمُ الْيَوْمَ مِنَ النَّاسِ وَإِنِّي جَارٌ
لَّكُمْ ۖ فَلَمَّا تَرَاءَتِ الْفِئَتَانِ نَكَصَ عَلَىٰ عَقِبَيْهِ وَقَالَ إِنِّي بَرِيءٌ مِّنكُمْ إِنِّي أَرَىٰ مَا لَا تَرَوْنَ إِنِّي أَخَافُ
اللَّهَ ۚ وَاللَّهُ شَدِيدُ الْعِقَابِ (٤٨) إِذْ يَقُولُ الْمُنَافِقُونَ وَالَّذِينَ فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٌ غَرَّ هَٰؤُلَاءِ دِينُهُمْ ۗ وَمَن
يَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ فَإِنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ (٤٩)﴾

شێوازی هاتنە دەرەوەی موشریکەکان بۆ ڕۆژی بەدر

خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَلَا تَكُونُوا كَالَّذِينَ خَرَجُوا مِن دِيَارِهِم بَطَرًا وَرِئَاءَ النَّاسِ وَيَصُدُّونَ عَن سَبِيلِ اللَّهِ ۚ وَاللَّهُ بِمَا يَعْمَلُونَ مُحِيطٌ﴾ ئێوە وەك ئەوانە مەبن، بۆ خۆبینیو ڕووبینی لەناو خەڵکی لە زێدەکەیان هاتنە دەرەوە. دەیانەویست ڕێگەی خودا بەربەست بکەن، خودا لە هەموو کارێکیان ئاگادارە. خودای گەورە دوای ئەوەی داوای لە خاوەنباوەڕان کرد کە دڵسۆز بن لە شەڕ کردنداو تەنیا لەبەر ڕەزای خوا بجەنگنو زۆر یادی خودا بکەن، لێرەیشدا فەرمانیان پێدەکات کە چاو لە موشریکەکان نەکەن کاتێ لە شوێنی خۆیان هاتنە دەرەوە بۆ خۆ هەڵبڕینو خۆ دەرخستنەوە بەسەر خەڵکیدا خۆیان بنوێنن. وەك ئەبوجەهل کاتێ کە پێیان گوت: کاروانەکە ڕزگاری بووە بگەڕێنەوە. وتی: نەخێر بە خوا ناگەڕێینەوە هەتا دەچینە سەر ئاوەکانی بەدرو وشتر سەردەبڕینو ئارەق دەخۆینەوەو کەنیزەکان گۆرانیمان بۆ دەڵێنو بۆئەوەی عەرەبەکان باسی مانەوەمان لێرەدا تا هەتایە دەگێڕنەوە. کەچی هەموو ئەمانە پێچەوانە بوویەوە بۆیان ، چونکە کاتێ هاتنە سەر ئاوی بەدر، بە مردوویی هاتنە سەری فڕێ درانو لول درانە ناو بەدر بە سوکیو ڕسوایيو بەدبەختی لەگەڵ سزایەکی نەبڕاوەو تا هەتایە. بۆیە فەرموویەتی: ﴿وَاللَّهُ بِمَا يَعْمَلُونَ مُحِيطٌ﴾ خودا لە هەموو کارێك کە دەیکەن ئاگادارە. واتە: خودای گەورە ئاگادارە لەوەی لە پێناویدا دێنو دەیانەوێ بیکەن. بۆیە لەسەر ئەو کارەی کە پێی هەڵسان بە خراپترین شێوە تۆڵەیان لێ سەندن.[1] ئیبنوعەبباسو موجاهیدو قەتادەو زەحاكو سوودی لەم ئایەتەدا: ﴿وَلَا تَكُونُوا كَالَّذِينَ خَرَجُوا مِن دِيَارِهِم بَطَرًا وَرِئَاءَ النَّاسِ﴾ ئەڵێن:

---

[1] إبن هشام (٢/٣٢٩).

ئەوانە ئەو موشریکانەن شەڕیان لەگەڵ پێغەمبەردا کرد (ﷺ) لە ڕۆژی بەدردا.[1] موحەممەدی کوڕی کەعب ئەڵێ: کاتێ قورەیشیەکان هاتنە دەرەوە لە مەککەوە بۆ بەدر، بە گۆرانی وتن‌و دەف لێدانەوە هاتن، خودای گەورەیش ئەم ئایەتەی ناردە خوارەوە: ﴿وَلَا تَكُونُوا۟ كَٱلَّذِينَ خَرَجُوا۟ مِن دِيَـٰرِهِم بَطَرًا وَرِئَآءَ ٱلنَّاسِ وَيَصُدُّونَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ ۚ وَٱللَّهُ بِمَا يَعْمَلُونَ مُحِيطٌ﴾.

شەیتان موشریکەکانی هەڵخەڵەتاندو کارەکانی لا جوان کردن

خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَإِذْ زَيَّنَ لَهُمُ ٱلشَّيْطَـٰنُ أَعْمَـٰلَهُمْ وَقَالَ لَا غَالِبَ لَكُمُ ٱلْيَوْمَ مِنَ ٱلنَّاسِ وَإِنِّى جَارٌ لَّكُمْ ۖ فَلَمَّا تَرَآءَتِ ٱلْفِئَتَانِ نَكَصَ عَلَىٰ عَقِبَيْهِ﴾ شەیتان ئاکاری ئەوانی ئەو کاتە لەبەر جوان کردن، گوتی: ئەمڕۆ هیچ هێزێك سەرناکەوێ بەسەرتاندا، منیش جێگەی هاناتانم لە کاتێکدا هەردوو لا ڕووبەڕووی یەکتر بونەوە، پێ دزەی کردو بۆی دەرچوو. شەیتان (لەعنەتی خوای لێبێ) ئەوەی موشریکەکان بۆی دەهاتن جوان‌و ڕازاوەی کرد لەبەر چاویان بە تەماشی کردن کە ئەمڕۆ هیچ کەسێ لەو خەڵکە بەسەریاندا زاڵ نابێ.[2] بێ ترسیشی کردن لەوەی کە خێڵی بەنی بەکری دوژمنیان لە زێدی خۆیاندا پەلاماریان بدەن‌و وتی: من جێی پەناو هانای ئێوەم، ئەوەبوو خۆی لە وێنەی سوراقەی کوڕی مالیکی کوڕی جوعشومدا نیشاندا بۆیان، کە گەورەی بەنی مودلەج بوو، دەسەڵاتداری ئەو ناوچەیە بوو. موشریکەکان هەرچیان بەسەرهات، هۆکارەکەی ئەوە بوو، وەك خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿يَعِدُهُمْ وَيُمَنِّيهِمْ ۖ وَمَا يَعِدُهُمُ ٱلشَّيْطَـٰنُ إِلَّا غُرُورًا﴾[3] یانی:شەیتان بەڵێنیان پێ دەداو دەیانخاتە سەر ئارەزوو، ئەو بەڵێنەی کە شەیتان بەوانی دەدا، فریودان نەبێ هیچی تر نیە. ئیبنوجورەیج ئەڵێ: ئیبنوعەبباس ئەڵێ لەم ئایەتەدا: کاتێ ڕۆژی بەدر هات، شەیتان بە ئاڵاکەیەوە ڕۆشت‌و لەشکرەکەیشی لەگەڵ بتپەرستەکاندا بوو، خستیە ناو دڵی بتپەرستەکانەوە هیچ کەس بەسەرتاندا زاڵ نابێ، من جێی پەناتانم، کاتێ کە ڕووبەڕوو بونەوە، شەیتان سەیری یارمەتی فریشتەکانی کرد ﴿نَكَصَ عَلَىٰ عَقِبَيْهِ﴾ خۆی گرتە دواو رایکرد ﴿وَقَالَ إِنِّى بَرِىٓءٌ مِّنكُمْ إِنِّىٓ أَرَىٰ مَا لَا تَرَوْنَ﴾ گوتی: من لەگەڵ ئێوە نیم، من شتی وام دێتە بەر چاو کە ئێوە چاوتان لێی نیە.[4] عەلی کوڕی ئەبی تەلحە لە ئیبنوعەبباسەوە ئەگێڕێتەوە کە ووتویەتی: شەیتان هات لە ڕۆژی بەدردا بە

---

[1] الطبري (١٤/٨-٩).

[2] الطبري (١٤/١١).

[3] النساء (١٢٠).

[4] الطبري (١٤/٩).

لەشکرێکی پێکهاتوو لە شەیاتینەکان ئاڵاکەی خۆی پێ بوو، لە وێنەی پیاوێکی بەنی مودلەجدا لە شێوەی سوراقەی کوڕی مالیکی کوڕی جوعشومدا شەیتان گوتی بە بتپەرستەکان: هیچ کەسێ سەرناکەوێ بەسەرتاندا ئەمڕۆ لەم خەڵکە، من جێی پەناو هانام بۆ ئێوە، کاتێ کە خەڵکەکە ڕیزایان بەستو پێغەمبەر(ﷺ) مشتێ لە خۆڵی هەڵگرت بەرەو ڕووی موشریکەکان هاوێشتی، بەرەو دوا گەڕانەوەو قوچاندیان. جوبرەئیلیش بەرەو ڕووی شەیتان هات، لەو کاتەدا شەیتان دەستی لە دەستی پیاوێکی بتپەرستدا بوو، دەستی بەرداو بەرەو دوای خۆیی‌و تاقمەکەی ڕایان کرد (هەڵیان تۆڕاند) پیاوێ پێی گوت: ئەی سوراقە ئایا تۆ نەتگوت جێی پەنای ئێمەی؟ شەیتان گوتی: من شتێ وام دێتە بەر چاو کە ئێوە چاوتان لێی نیە، ﴿إِنِّىٓ أَخَافُ ٱللَّهَۚ وَٱللَّهُ شَدِيدُ ٱلْعِقَابِ﴾ من لە خودا دەترسم، تۆڵەی خودا زۆر دژوارە. ئەوەیش لەو کاتەدا بوو کە فریشتەکانی بینیووە[1].

هەڵوێستی دووڕووەکان لە ڕۆژی بەدردا

خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿إِذْ يَقُولُ ٱلْمُنَٰفِقُونَ وَٱلَّذِينَ فِى قُلُوبِهِم مَّرَضٌ غَرَّ هَٰٓؤُلَآءِ دِينُهُمْ﴾ دووڕووان‌و ئەوانەی ناو دڵیان نەخۆشە، گوتیان: ئەوانە بە ئاینەکەیان خەڵەتاون عەلی کوڕی ئەبوتەلحە ئەڵێ: لە ئیبنوعەبباسەوە لەمانای ئەم ئایەتەدائەڵێ : کاتێ ئەو خەڵکە لە یەکتری نزیک بوونەوە، خودا موسوڵمانەکانی لەبەر چاو بتپەرستەکاندا بە کەمی نیشانداو بتپەرستەکانیشی لەبەر چاو موسوڵمانەکان بە کەم نیشاندا، بت پەرستەکان گوتیان: ئەوانە بە ئاینەکەیان خەڵەتاون. لەبەر کەمی موسوڵمانەکان لەبەر چاویان ئەوەیان گوت، وایان دەزانی بەو زووانە دەیانشکێنن، گومانیان لەوەدا نەبوو. خودای گەورەیش فەرمووی: ﴿وَمَن يَتَوَكَّلْ عَلَى ٱللَّهِ فَإِنَّ ٱللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ﴾[2] هەرکەسێ خۆ بە خوا بسپێرێ، خودا خاوەن دەسەڵات‌و دلۆڤانە. قەتادە گوتی: بتپەرستان دەستەیە لە خاوەن باوەڕانیان بینی کە زۆر بە توندی بەرفەرمانی خودان (بۆمان باس کرا، کە دوژمنی خودا ئەبوجەهل کاتێ کە پێغەمبەرو (ﷺ) هاوەڵەکانی چاو پێکەوت،زۆردارانەودلڕەقانە گوتی: سوێند بە خوا دوای ئەمڕۆ هیچ کەس خوا ناپەرستێ.[3] عامیری شەعبیش ئەڵێ: هەندێ لە خەڵکی مەککە کە موسوڵمان بووبوون، هاتنە دەرەوە لەگەڵ بتپەرستەکاندا ڕۆژی بەدر، کاتێ موسوڵمانەکانیان بە کەمی چاو پێکەوت، گوتیان: ئەوانە بە ئاینەکەیان خەڵەتاون[4] پاشان خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَمَن

---

[1] الطبري (١٤/٧).

[2] الدر المنثور (٤/١١).

[3] الطبري (١٤/١٤).

[4] الطبري (١٤/١٣).

يَتَوَكَّلْ عَلَى ٱللَّهِ﴾ واتە: کەسێ خۆی بە خودا بسپێرێ ﴿فَإِنَّ ٱللَّهَ عَزِيزٌ﴾ خودا خاوەن دەسەلاتە، هەرکەسێ خودا پەنای بێ ستەمی لێ ناکرێ، دەسەلاتی گەورەو بەهێزە ﴿حَكِيمٌ﴾ لە کردارەکانیدا کارزانەو هیچ کارێ ناکات لە جێی خۆیدا نەبێ. هەرکەسێ شایەنی سەرکەوتن بێ، سەری دەخات، هەرکەسیش شایەنی ڕسوایی بێ ڕسوای دەکات.

﴿وَلَوْ تَرَىٰٓ إِذْ يَتَوَفَّى ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ يَضْرِبُونَ وُجُوهَهُمْ وَأَدْبَٰرَهُمْ وَذُوقُوا۟ عَذَابَ ٱلْحَرِيقِ ﴿٥٠﴾
ذَٰلِكَ بِمَا قَدَّمَتْ أَيْدِيكُمْ وَأَنَّ ٱللَّهَ لَيْسَ بِظَلَّٰمٍ لِّلْعَبِيدِ ﴿٥١﴾﴾

لێدانی فریشتەکان لە خوانەناسان لە کاتی گیانکێشانیاندا

خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَلَوْ تَرَىٰٓ إِذْ يَتَوَفَّى ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ يَضْرِبُونَ وُجُوهَهُمْ وَأَدْبَٰرَهُمْ وَذُوقُوا۟ عَذَابَ ٱلْحَرِيقِ﴾ ئەگەر دەتبینی کاتێ فریشتەکان گیانی خوانەناسەکان دەکێشن و لە دەموچاوو پشتیان ئەدەن و پێیان دەڵێن: دەسا دەردی بە ئاگر سووتان بچێژن. خودای گەورە ئەفەرموێت بە پێغەمبەر(ﷺ) ئەگەر چاوت لێدەبوو کە فریشتەکان چۆن گیانی خوانەناسان دەکێشن، بێگومان کارەساتێکی زۆر گەورەو گران و ترسناک و چاوەڕوان نەکراوت دەبینی. موجاهید ئەڵێ: ﴿وَأَدْبَٰرَهُمْ﴾ یانی: دەکێشن بە دواوەیاندا لە ڕۆژی (بەدردا)، ئیبنوجورەیج ئەڵێ: ئیبنوعەبباس ئەڵێ: کاتێ کە موشریکەکان ڕوویان کردە موسوڵمانەکان بە دەمو چاویان، موسوڵمانەکان بە شمشێرەکانیان دایان لە دەمو چاویان، کاتێ کە بەرەو دوا ڕایان کرد فریشتەکانیش دەکێشن بە پشت و دواوەیاندا.[1] ئەم دەقە قورئانیە هەرچەندە هۆکارەکەی ڕووداوی بەدرە، بەڵام هەموو خوانەناسێ دەگرێتەوە، بۆیە خودای گەورە تایبەتی نەکردووە بە خەڵکی بەدرەوە. بەڵکو فەرموویەتی: ﴿وَلَوْ تَرَىٰٓ إِذْ يَتَوَفَّى ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ يَضْرِبُونَ وُجُوهَهُمْ وَأَدْبَٰرَهُمْ﴾ وە لە سورەتی موحەممەدیشدا (ﷺ) فەرموویەتی: ﴿فَكَيْفَ إِذَا تَوَفَّتْهُمُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ يَضْرِبُونَ وُجُوهَهُمْ وَأَدْبَٰرَهُمْ﴾[2] دەبێ چۆن بن ئەو کاتەی فریشتەکان گیانیان دەکێشن و لە ڕووخسارو پشتیان دەسرەوێنن؟ وە لە سورەتی ئەنعامدا لە پێشەوە فەرموویەتی: ﴿وَلَوْ تَرَىٰٓ إِذِ ٱلظَّٰلِمُونَ فِى غَمَرَٰتِ ٱلْمَوْتِ وَٱلْمَلَٰٓئِكَةُ بَاسِطُوٓا۟ أَيْدِيهِمْ أَخْرِجُوٓا۟ أَنفُسَكُمُ﴾[3] بریا وەختی گیان کێشان تۆ ناهەقیکارانت

---

[1] الطبري (١٤/١٦).
[2] محمد (٢٧).
[3] الانعام (٩٣).

بدیایە، کە فریشتەکان لێیان ڕاساونەتەوە کە: گیانیان لە لاشەیان دەرخەن‌و خۆیان ڕزگار کەن. واتە: لێیان دەراسێنەوە بە دەستیان لێیان ئەدەن بە ئیزنی پەروەرندەتان، لەو کاتەدا زۆر بە ناڕەحەتی هەناسە ئەدەن‌و گیانیان لە لاشەیان نایەتە دەرەوە، بە زۆر گیانیان دەردەهێنن تا لەو ساتەدا مژدەی سزاو تورەبوونی خودایان پێ ڕادەگەیەنن. وەك لە فەرموودەکەی بەرائدا هاتوە کە فریشتەی گیانکێشان هات بۆ لای خوانەناس لە کاتی گیان کەنشتدا بەو شێوە نەناسراوەوە دەڵێ: ئەی گیانیی‌و پیس‌و بۆگەن! وەرە دەرەوە بۆ ناو گرە باو ئاوی کوڵاوو چرە دووکەڵ سێبەرتانە. گیانی بڵاو دەبێتەوە دەری دێنێ لە لاشەی وەك چۆن ئاسنی درکاوی لەناو خوری تەڕدا دێتەدەر. دەمارو ڕەگ‌و ڕیشەی لەگەڵیدا دێتە دەر[1]. بۆیە خودای گەورە فەرموویەتی: فریشتەکان دەڵێن بە خوانەناسان: بچێژن سزای ئاگری سوتێنەر. پاشان ئەفەرموێت: ﴿ذَٰلِكَ بِمَا قَدَّمَتۡ أَيۡدِيكُمۡ﴾ ئەمە سزای ئەو کارانەن کەبەدەستی خۆتان دەتانکردن. واتە: ئەم سزایە بەهۆی ئەو کارە خراپانەیە لە ژیانی دنیادا کردتان، خودا جەزرەبەی داون‌و تۆڵەی لێ سەندوون لەسەری بەم شێوەیە. ﴿وَأَنَّ ٱللَّهَ لَيۡسَ بِظَلَّٰمٖ لِّلۡعَبِيدِ﴾ خودا هەرگیز غەدر لەعەبدی خۆی ناکات. واتە: ستەم لەهیچ کەسێ ناکات لە دروستکراوەکانی، بەڵکو خودا ئەو دادگەرەیە کە ستەم لە هیچ کەسێ ناکات، پاك‌و بەرزو بڵندو پیرۆزە دوورە لە هەموو عەیبێك‌و بێ نیازەو سوپاس‌و ستایش کراوە. بۆیە لەم فەرموودە سەحیحەدا هاتووە لە موسلیمەوە (ڕەحمەتی خوای لێبێ) لە ئەبوزەڕەوە ڕیوایەت کراوە (ڕەزای خوای لێبێ) لە پێغەمبەری خوداوە (ﷺ)خودای گەورە ئەفەرموێت: (ئەی عەبدەکانم من ناهەقیم لەسەر خۆم قەدەغە کردوە، وە لە ناو ئێوەیشدا هەر قەدەغەم کردوە. هەرگیز ناهەقی لە یەکتری مەکەن ئەی عەبدەکانم، بێگومان ئەوە ئاکارەکانتانە هەژماری دەکەم هەرکەسێ (لەکارنامەکەیدا) چاکەی بینی با سوپاسی خودا بکات، هەرکەسیش جگەلەوەی چاو پێکەوت، با تەنیا سەرزەنشتی خۆی بکات)[2].

﴿كَدَأۡبِ ءَالِ فِرۡعَوۡنَ وَٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِهِمۡۚ كَفَرُواْ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ فَأَخَذَهُمُ ٱللَّهُ بِذُنُوبِهِمۡۚ إِنَّ ٱللَّهَ قَوِيّٞ شَدِيدُ ٱلۡعِقَابِ ﴿٥٢﴾﴾

خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿كَدَأۡبِ ءَالِ فِرۡعَوۡنَ وَٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِهِمۡۚ كَفَرُواْ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ﴾ ئاکاریان هەروەك ئاکاری دارو دەستەی فیرعەون‌و ئەو کەسانەیە پێش ئەوان بوون، کە لە نیشانەکانی خودا حاشایان کرد. خودای گەورە باسی خوانەناسی قورەیش دەکات‌و ئەفەرموێت کاری ئەو بتپەرست‌و بێ

---

[1] أحمد (٤/٢٨٧-٢٨٨)، سەحیحە.

[2] مسلم (٤/١٩٩٤).

باوەڕانە، بەوەی تۆم پێ ناردوە ئەی موحەممەد(ﷺ) وەك كاری ئەو گەلە بێ باوەڕانەی پێشی وایە، ئەوەمان بەسەر هێنان، كە بەسەرمان هێنان هەر ئەوە دابو باوی ئێمەیە، هەر بەو شێوەیەش دەكەین لەگەڵ ئەو گەلانەی وەك ئەوانن لە هۆزی فیرعەونو ئەو گەلانەی بەر لەوانیش كە پێغەمبەرەكانی خۆیان بە درۆزن دەزانی. بڕوایان بە نیشانەكانی خودا نەدەهێنا ﴿فَأَخَذَهُمُ ٱللَّهُ بِذُنُوبِهِمۡ﴾ خوداش لە سزای گوناهەكانیان وەبەر غەزەبی خۆی خستن. واتە: بەهۆی گوناهەكانیانەوە لەنای بردنو هیچی نەهێلان. ﴿إِنَّ ٱللَّهَ قَوِيّٞ شَدِيدُ ٱلۡعِقَابِ﴾ خودا بەهێزو توانایە تۆڵەی ئەو زۆر توندو تیژە. هیچ كەسێ دەسەلاتی بەسەریدا نیەو یاخیەكیش لە دەستی دەرناچێ.

﴿ذَٰلِكَ بِأَنَّ ٱللَّهَ لَمۡ يَكُ مُغَيِّرٗا نِّعۡمَةً أَنۡعَمَهَا عَلَىٰ قَوۡمٍ حَتَّىٰ يُغَيِّرُواْ مَا بِأَنفُسِهِمۡ وَأَنَّ ٱللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٞ ٥٣ كَدَأۡبِ ءَالِ فِرۡعَوۡنَ وَٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِهِمۡۚ كَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِ رَبِّهِمۡ فَأَهۡلَكۡنَٰهُم بِذُنُوبِهِمۡ وَأَغۡرَقۡنَآ ءَالَ فِرۡعَوۡنَۚ وَكُلّٞ كَانُواْ ظَٰلِمِينَ ٥٤﴾

خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿ذَٰلِكَ بِأَنَّ ٱللَّهَ لَمۡ يَكُ مُغَيِّرٗا نِّعۡمَةً أَنۡعَمَهَا عَلَىٰ قَوۡمٍ حَتَّىٰ يُغَيِّرُواْ مَا بِأَنفُسِهِمۡ وَأَنَّ ٱللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٞ﴾ چونكە خودا دەرووی چاكەی لە هەر گەلێ كردبێتەوە، هەتا ئەوان بیری خۆیان نەگۆڕیبێ، هەرگیز خودا لێی نەگۆڕیوون، خوا زۆر بیسەرو زانایە. خودای گەورە باسی دادوەری خۆی دەكات لە بڕیارەكانیدا كە ئەو بەهرانەی داویەتی بە هەر كەسێ ئەو كەسە خۆی نەیگۆڕیبێ، بەهۆی ئەو گوناهانەوە كە كردویەتی لێی نەسەندوەتەوە وەك لە ئایەتێكی تردا فەرموویەتی: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُغَيِّرُ مَا بِقَوۡمٍ حَتَّىٰ يُغَيِّرُواْ مَا بِأَنفُسِهِمۡۗ وَإِذَآ أَرَادَ ٱللَّهُ بِقَوۡمٖ سُوٓءٗا فَلَا مَرَدَّ لَهُۥۚ وَمَا لَهُم مِّن دُونِهِۦ مِن وَالٍ﴾[1] خواباروتۆخ لە هیچ گەلێ ناگۆڕێ تا ئەوان دڵیان نەگۆڕن، ئەگەر خودا بیەوێ گەلێ تووشی بەلا ببێ، هیچ بەربەستێك نایەتە بەرو خوداش نەبێ هیچ كەس دۆستایەتیان ناكات. پاشان ئەفەرموێت: ﴿كَدَأۡبِ ءَالِ فِرۡعَوۡنَ وَٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِهِمۡۚ كَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِ رَبِّهِمۡ فَأَهۡلَكۡنَٰهُم بِذُنُوبِهِمۡ وَأَغۡرَقۡنَآ ءَالَ فِرۡعَوۡنَۚ وَكُلّٞ كَانُواْ ظَٰلِمِينَ﴾ جا ئەوانە (وەك دارو دەستەی فیرعەونو پێشینانیان بەو دەردە چوون)، بە نیشانەی خوای خۆیان باوەڕیان نەكرد، بەهۆی گوناهەكانیانەوە لەناومان بردن، هەرچی سەر بە فیرعەونیش بوون بڕیارمان دا كە لە ئاودا بخنكێن كە هەموویان ستەمكار بوون. واتە: ئەوەی كردی بە دارو دەستەی فیرعەونو وێنەیان، كاتێ كە بڕوایان بە نیشانەكانی خودا نەكرد، قڕی كردن

[1] الرعد (١١).

بەهۆی تاوانەکانیانەوەو ئەو بەهرانەی کە پێی بەخشیبوون لە باغو باغاتو کانیاو کشتوکاڵو گەنجینەو پلەو پایەی بەرزو بەهرەی زۆری تریش کە پێیان درا بوو لێی سەندنەوە، خودا ناهەقی لێ نەکردن لەو بارەیەوە، بەڵکو خۆیان ناهەقیان لە خۆیان کرد.

﴿إِنَّ شَرَّ ٱلدَّوَآبِّ عِندَ ٱللَّهِ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ فَهُمۡ لَا يُؤۡمِنُونَ ۝٥٥ ٱلَّذِينَ عَٰهَدتَّ مِنۡهُمۡ ثُمَّ يَنقُضُونَ عَهۡدَهُمۡ فِي كُلِّ مَرَّةٖ وَهُمۡ لَا يَتَّقُونَ ۝٥٦ فَإِمَّا تَثۡقَفَنَّهُمۡ فِي ٱلۡحَرۡبِ فَشَرِّدۡ بِهِم مَّنۡ خَلۡفَهُمۡ لَعَلَّهُمۡ يَذَّكَّرُونَ ۝٥٧﴾

فەرماندان بە لێدانی توندی ئەوانەی بێباوەڕنو پەیمان دەشکێنن

خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿إِنَّ شَرَّ ٱلدَّوَآبِّ عِندَ ٱللَّهِ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ فَهُمۡ لَا يُؤۡمِنُونَ ۝٥٥ ٱلَّذِينَ عَٰهَدتَّ مِنۡهُمۡ ثُمَّ يَنقُضُونَ عَهۡدَهُمۡ فِي كُلِّ مَرَّةٖ وَهُمۡ لَا يَتَّقُونَ﴾ خراپترین زیندەوەران لەلای خودا ئەو کەسانەن کە خودایان نەناسیوەو هەرگیزیش بڕوا ناهێنن، ئەو کەسانەی پەیمانت لەگەڵ بەستنو لە پاشان هەموو جارێ پەیمانەکەیان هەڵدەوەشێننەوەو هیچ ترسی خوایان نیە. خودای گەورە لێرەدا ئاگادارمان دەکات کە خراپترین زیندەوەر کە بەسەر زەویدا دەگەڕێ، ئەو کەسانەن کە خوانەناسنو ناشیانەوێ باوەڕ بێنن، ئەوانەی کە هەر کاتێ پەیمانێکیان بەستبێ لێی پەشیمان بونەتەوە، هەر کاتێ سوێندێکیشیان خواردبێ، سوێندەکەیان شکاندوە ﴿وَهُمۡ لَا يَتَّقُونَ﴾ واتە: لە خوا ناترسن لە هەر تاوانێکدا کە دەیکەن ﴿فَإِمَّا تَثۡقَفَنَّهُمۡ فِي ٱلۡحَرۡبِ فَشَرِّدۡ بِهِم مَّنۡ خَلۡفَهُمۡ لَعَلَّهُمۡ يَذَّكَّرُونَ﴾ جا ئەوانەت لە جەنگدا وەگیر هێنا لەگەڵ ئەوانەشی کە هاتوون پشتیان بگرن (تەفروتونایان بکە)، ئیبنوعەبباسو حەسەنی بەسریو زەحاکو سوودیو عەتای خۆراسانیو ئیبنوعویەینە ئەڵێن: یانی: بیانکە بە پەند بۆ کەسانی تری دوای خۆیان[1] ماناکەی ئەوەیە، بە توندی تۆڵەیان لێ بسێنەو زۆریان لێ بکوژە، بۆ ئەوەی دوژمنەکانی تر لە عەرەبەکانو جگەلە عەرەبەکانیش بترسنو ببێتە پەندو ئامۆژگاری بۆیان ﴿لَعَلَّهُمۡ يَذَّكَّرُونَ﴾ بەڵکو بیر بکەنەوە. سوودی ئەڵێ: بەڵکو بترسن لەوەی کە پەیمان بشکێنن، ئەوەیان پێ بکەن کە بە ئەمانە کرا.[2]

﴿وَإِمَّا تَخَافَنَّ مِن قَوۡمٍ خِيَانَةٗ فَٱنۢبِذۡ إِلَيۡهِمۡ عَلَىٰ سَوَآءٍۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلۡخَآئِنِينَ ۝٥٨﴾

---

[1] الطبري (١٤/٢٣-٢٤).

[2] الطبري (١٤/٢٣).

فەرماندان بە هەڵوەشاندنەوەی پەیمان و دانەوەی بەسەر دوژمندا پاش دەرکەوتنی ناپاکی لێیان

خـودای گـەورە ئەفـەرموێت بـە پێغەمبەرەکـەی (ﷺ): ﴿ وَإِمَّا تَخَافَنَّ مِن قَوْمٍ خِيَانَةً ﴾ ئەگـەر ترسای لەوەی کۆمەڵێ لەو سوێند خۆرانە (کە پەیمانت لەگەڵدا بەستون) خـائن دەرچوون واتـە: ئـەو پەیمان و بەڵێنەی لە نێوان ئێـوەو ئەوانـدا بـوو شکاندیان ﴿فَانۢبِذْ إِلَيْهِمْ عَلَىٰ سَوَآءٍ﴾ تـۆش وەك ئـەوان سوێندەکەیان بەسەردا بدەرەوە. واتە: ئاگاداریان بکە کە تۆش بەڵێنەکەیانت هەڵوەشاندوەتەوە. هەتا هەردوو لا ئاگادار بن، کە تۆ لە شەڕدای لەگەڵ ئەوان و ئەوانیش لە شەڕدان لەگەڵ تۆ. هیچ پەیمانێ لـە نێوان تۆو ئەواندا نـەماوەو وەك یـەکن، واتـە: تـۆو ئـەوان وەك یـەکتان لێـدێت لـەوەدا ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلْخَآئِنِينَ﴾ خودا گزیکارانی خۆش ناوێ. واتە:گزیکردن ئەگەر بەرانبەر خوانەناسانیش بکرێ خـوا هـەر پێی ناخۆشە، ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردوە لە سەلیمی کوڕی عامیرەوەئەڵێ: مەعاویە بەناو ئـەرزی ڕۆمدا دەڕۆشت لە نێوان ئەوو ڕۆمەکانـدا ماوەیـە مـابوو (مـاوەی پـەیمان بەسـتن) مەعاویـە دەیویـست لێیان نزیك ببێتەوە، کاتێ کە پەیمانەکە کۆتایی هات بدات بە سەریاندا لـەو کاتـەدا پیـاوێکی بەتەمـەن بەسـەر وڵاخێکـەوە بـوو ئـەیوت:(الله اكبر،الله اكبر)، بـەوەفا بـن، ناپـاك مـەبن. بەڕاسـتی پێغەمبـەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (هـەر کەسـێ (پـەیمانێکی) لـە نێـوان خـۆیی و نێوان کۆمەڵێکدا هـەبوو، نـە پەیمانەکەی هەڵوەشێنێتەوە نە گرێی بدات، هەتا ماوەکەی تەواو دەبێ، یـان سـوێندەکەیان بەسـەردا بداتـەوە تاهـەردولا یەکـسان دەبن،ڕاویەکـە ئـەڵێت:) ئـەو هەواڵـە گەیـشتە مەعاویـەو بـەرەو دوا گەڕایەوە.کەسەیریان کرد ئەو پیاوە بەتەمەنە عەمری کوڕی عەنبەسـە بـوو (ڕەزای خـوای لێبـێ)[1] ئـەم فەرموودەیە ئەبوداوودی تەیالیسی و ئەبوداوودو تیرمیزی و نەسائی و ئیبنوحیبـان ڕیوایـەتیان کـردوە، تیرمیزی ئەڵێ: فەرموودەیەکی چاك و سەحیحە[2].

﴿ وَلَا يَحْسَبَنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ سَبَقُوٓاْ ۚ إِنَّهُمْ لَا يُعْجِزُونَ ﴿٥٩﴾ وَأَعِدُّواْ لَهُم مَّا ٱسْتَطَعْتُم مِّن قُوَّةٍ وَمِن رِّبَاطِ ٱلْخَيْلِ تُرْهِبُونَ بِهِۦ عَدُوَّ ٱللَّهِ وَعَدُوَّكُمْ وَءَاخَرِينَ مِن دُونِهِمْ لَا تَعْلَمُونَهُمُ ٱللَّهُ يَعْلَمُهُمْ ۚ وَمَا تُنفِقُواْ مِن شَىْءٍ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ يُوَفَّ إِلَيْكُمْ وَأَنتُمْ لَا تُظْلَمُونَ ﴿٦٠﴾ ﴾

---

[1] أحمد (١١/٤)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

[2] أبوداود الطيالسي (١٥٧)، أبوداود (١٩٠/٣)، تحفة الاحوذي (٢٠٣/٥)، النسائي (٢٢٣/٥)، إبن حبان (١٨٢/٧)، سەحیحە.

فەرماندان بە خۆئامادە کردن بە پێی توانا تا دوژمنی خوای پێ بترسێنرێ

خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿ وَلَا يَحْسَبَنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا سَبَقُوا إِنَّهُمْ لَا يُعْجِزُونَ ﴾ خوانەناسان وا بیر نەکەنەوە پێش کەوتوون، ئەوان ئێمە نابەزێنن. خودای گەورە بە پێغەمبەرەکەی موحەممەد ئەفەرموێت: خوانەناسان با وا نەزانن لە دەستمان دەرچوونو تواناامان بەسەریاندا نیە بەڵکو لە ژێر زەبرو زەنگی توانای ئێمەدانو لەبەردەستمانانو هەرچیمان بوێ پێیان دەکەین لە دەستمان دەرناچن، وەك لەم ئایەتانەدا فەرموویەتی: ﴿أَمْ حَسِبَ الَّذِينَ يَعْمَلُونَ السَّيِّئَاتِ أَنْ يَسْبِقُونَا سَاءَ مَا يَحْكُمُونَ ﴾[1] ئاخۆ ئەوانەی بەدکارن وا دەزانن ناکەونە بەر دەستی ئێمەو پێشمان ئەکەون ودەرباز ئەبن؟ خراپیان لێکداوەتەوە. وە فەرموویەتی: ﴿لَا تَحْسَبَنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا مُعْجِزِينَ فِي الْأَرْضِ وَمَأْوَاهُمُ النَّارُ وَلَبِئْسَ الْمَصِيرُ ﴾[2] وا مەزانن ئەو کەسانەی خوانەناسن، دەتوانن لەم سەر زەمینە لە دەستمان ڕاکەن. جێگەی ئەوانە ئاگرەو سەرئەنجامیان زۆر خراپە. وە فەرموویەتی: ﴿لَا يَغُرَّنَّكَ تَقَلُّبُ الَّذِينَ كَفَرُوا فِي الْبِلَادِ ﴿١٩٦﴾ مَتَاعٌ قَلِيلٌ ثُمَّ مَأْوَاهُمْ جَهَنَّمُ وَبِئْسَ الْمِهَادُ ﴾[3] هاتوچوونو گڕو فڕی خوانەناسان لە وڵاتان، چەواشەت نەکات وسەرت لێتێکنەدات، ڕابواردنێکی کەمەو پاشان شوێنیان جەهەنمەو جێیان زۆر خراپو ناخۆشە. پاشان خودای گەورە فەرمان ئەدا کە چەكو کەرەسە ئامادەکەن بۆ شەڕ کردن لەگەڵ دوژمندا بە پێی تواناو دەستەڵاتو ئەفەرموێت: ﴿وَأَعِدُّوا لَهُمْ مَا اسْتَطَعْتُمْ مِنْ قُوَّةٍ وَمِنْ رِبَاطِ الْخَيْلِ ﴾ تا بۆتان دەکرێ چەكو جبەخانەی شەڕو ئەسپی سواری پەیدا بکەن. ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردوە لە عوقبەی کوڕی عامیرەوەئەڵێ: بیستم لە پێغەمبەری خوداوە (ﷺ) ئەیفەرموو: (بزانن هێز بریتیە لە تیر ئەندازی، بزانن هێز بریتیە لە تیرئەندازی)[4] موسلیمیش ڕیوایەتی کردوە.[5] ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردوە لە ئەبوهورەیرەوە (ڕەزای خوای لێبێ) کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: ئیمامی مالیك ڕیوایەتی کردوە لە ئەبوهورەیرەوە (ڕەزای خوای لێبێ) کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (ئەسپ بۆ سێ شتە، بۆ پیاوێ پاداشتە، بۆ پیاوێ پۆشاکە، بۆ پیاوێ باری گرانو تاوانە، ئەوەیان پاداشتی هەیە بۆی، پیاوێکە ئەسپەکە ئامادە ئەکات بۆ جیهاد لە

---

[1] العنكبوت (٤).

[2] النور (٥٧).

[3] ال عمران (١٩٦ـ١٩٧).

[4] أحمد (١٥٦/٤)، سەحیحە.

[5] مسلم (١٥٢٢/٣).

ڕێی خوادا،جانەگەر گوریسەکەی بۆ شل بکات لە لەوەڕگایەکدا یان باخچەیەکدا، ئەوەی بەری دەکەوێ بە درێژی ئەو گوریسە لەو لەوەڕگەو باخچەدا. بە ئەندازەی ئەوە چاکەی دەس دەکەوێ، خۆ ئەگەر گوریسەکەی بڕی‌و دەهات‌و دەچوو شوێن پێکانی‌و پاشەڕۆکەی بە چاکە بۆ هەژمار دەکرێت. خۆ ئەگەر بە لای ڕوبارێکیشدا ڕۆشت لێی خواردەوە، خاوەنەکەی نەیویست ئاوی بدات، ئەوەیشی بۆ هەژمار دەکرێ، ئەوەیش بۆ ئەو پیاوە پاداشتە. وە پیاوێك (ئەسپێك) ئامادە ئەکات بۆ ئەوەی بێ نیاز بێ‌و داوا لە خەڵکی نەکات‌و هەقی خوای گەورەی لە بیر نەچێ‌و سوپاسی خودا بکات لەسەر ئەوەی کە خودا پێی داوەو ڕێگری لە سواربوونی نەکات ئەوە بۆ ئەو پۆشاکە، وە پیاوێك ئامادەی کردوە بۆ خۆ هەڵبڕین‌و ڕیایی کردن‌و بەکارهێنانی بۆ دژایەتی کۆمەڵی موسوڵمانان، ئەوە بۆ ئەو کەسە بارگرانی‌و تاوانە. وە پرسیار کرا لە پێغەمبەری خودا(ﷺ) لەبارەی گوێ درێژیشەوە، فەرمووی: (هیچ شتێکم لەم بارەیەوە بۆ نەهاتوەتە خوارەوە، تەنیا ئەم ئایەتە پڕ ماناو بێ وێنەیە نەبێ کەئەفەرموێ: ﴿فَمَن يَعۡمَلۡ مِثۡقَالَ ذَرَّةٍ خَيۡرٗا يَرَهُۥ ۝٧ وَمَن يَعۡمَلۡ مِثۡقَالَ ذَرَّةٖ شَرّٗا يَرَهُۥ﴾[1] واتە: ئینجا هەر کەسێك بە ئەندازەی هەرە وردیلەیەك چاکەی کردبێ دەیبینێتەوە، وە هەر کەسێك بە ئەندازەی هەرە وردیلەیەك خراپەی کردبێ دەیبینێتەوە.[2] بوخاری‌و موسلیم ڕیوایەتیان کردوە.[3] ئیمامی ئەحمەدیش ڕیوایەتی کردوە لە عەبدوڵلای کوڕی مەسعودەوە لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) فەرموویەتی: (ئەسپ سێ جۆرە: ئەسپێك بۆ خودای ڕەحمانە، ئەسپێك بۆ شەیتانە، ئەسپێك بۆ خەڵکە، ئەو ئەسپەی بۆ خودای ڕەحمانە ئەوەیە ئامادە کراوە بۆ ڕێی خودا، ئالیکەکەی‌و پاشەڕۆکەی‌و میزەکەی (وە ئەوەی خوا مەیلی لێبێ لەبارەیەوە قسەی کرد) وە ئەسپی شەیتان ئەوەیە کە قوماری لەسەر دەکرێ یان گرەوی لەسەر دەکرێ، وە ئەسپی خەڵکیش ئەو ئەسپەیە کە مەردم ئامادەی دەکات، بە تەمای سکەکەیەتی، ئەوە داپۆشەرە بۆی لە هەژاری).[4] وە لە سەحیحی بوخاریدا هاتوە، لە عوروەی کوڕی ئەبی جەعدی بارقیەوە کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (ئەسپ خێرو بێری بە ناوچاوانیەوەیە هەتا ڕۆژی قیامەت، هەم پاداشتەو هەم دەستکەوتە).[5]

﴿تُرۡهِبُونَ بِهِۦ عَدُوَّ ٱللَّهِ وَعَدُوَّكُمۡ﴾ تا دوژمنی خواو دوژمنی خۆتانی پێ بترسێنن. واتە: لە

---

[1] الزلزلة (٧-٨).

[2] الموطأ (٢/٤١٤)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

[3] البخاري (٢٨٦٠)، مسلم (٩٨٧).

[4] أحمد (١/٣٩٥)، سەحیحە.

[5] فتح الباري (٦/٦٦).

خوانەناسان. ﴿وَءَاخَرِينَ مِن دُونِهِمْ لَا تَعْلَمُونَهُمُ ٱللَّهُ يَعْلَمُهُمْ﴾ جگە لەوانیش دوژمنتان هەیە ئێوە نایاننناسن، بەڵام خودا دەیان ناسێ موجاهیدئەڵێ: مەبەست پێی بەنی قورەیزەیە[1] سوودی ئەڵێت: فارسەكانە.[2] موقاتیلی كوڕی حەیان و عەبدوڕەحمانی كوڕی زەیدی كوڕی ئەسلەم ئەڵێن: ئەوانە دووڕووەكانن.[3] ئەم ئایەتەش بەڵگەیە لەسەری ﴿وَمِمَّنْ حَوْلَكُم مِّنَ ٱلْأَعْرَابِ مُنَٰفِقُونَ ۖ وَمِنْ أَهْلِ ٱلْمَدِينَةِ ۖ مَرَدُوا۟ عَلَى ٱلنِّفَاقِ لَا تَعْلَمُهُمْ ۖ نَحْنُ نَعْلَمُهُمْ﴾[4] لەو عەرەبە دەشتەكیانەی (كە لە دەورووبەری ئێوەن) هێندێكیانو هێندێك لە خەڵكی مەدینە دووڕوونو هەر بۆ دووڕوویی هاتون، تۆ ئەوانە ناناسی ئێمە زۆر باشیان دەناسین. پاشان لێرەدا خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَمَا تُنفِقُوا۟ مِن شَىْءٍ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ يُوَفَّ إِلَيْكُمْ وَأَنتُمْ لَا تُظْلَمُونَ﴾ هەر ماڵێ لە ڕێی خودا بیدەن، خودا دەیبژێریتەوەو هیچ ناهەقیتان لێ ناكرێ. واتە: هەرچەندێ ببەخشن لە ڕێی جیهاددا، خودا پاداشتی تێرو تەواوتان ئەداتەوە، وەك لە پێشەوە باسمان كرد كە خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿مَّثَلُ ٱلَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَٰلَهُمْ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ كَمَثَلِ حَبَّةٍ أَنۢبَتَتْ سَبْعَ سَنَابِلَ فِى كُلِّ سُنۢبُلَةٍ مِّا۟ئَةُ حَبَّةٍ ۗ وَٱللَّهُ يُضَٰعِفُ لِمَن يَشَآءُ ۗ وَٱللَّهُ وَٰسِعٌ عَلِيمٌ﴾[5] حاڵی ئەو كەسانەی ماڵیان لە ڕێی خوادا دەبەخشن، وەك حاڵی دەنكێكە حەوت گوڵ لێ ئەداتو هەر گوڵەی سەد دانەی تێدایە، خودا چەند ئەوەندە پاداش ئەدات بە هەركەس بیەوێ، خودا چاكەی یەكجار زۆرەو زۆر زانایە.

﴿وَإِن جَنَحُوا۟ لِلسَّلْمِ فَٱجْنَحْ لَهَا وَتَوَكَّلْ عَلَى ٱللَّهِ ۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْعَلِيمُ ﴿٦١﴾ وَإِن يُرِيدُوٓا۟ أَن يَخْدَعُوكَ فَإِنَّ حَسْبَكَ ٱللَّهُ ۚ هُوَ ٱلَّذِىٓ أَيَّدَكَ بِنَصْرِهِۦ وَبِٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿٦٢﴾ وَأَلَّفَ بَيْنَ قُلُوبِهِمْ ۚ لَوْ أَنفَقْتَ مَا فِى ٱلْأَرْضِ جَمِيعًا مَّآ أَلَّفْتَ بَيْنَ قُلُوبِهِمْ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ أَلَّفَ بَيْنَهُمْ ۚ إِنَّهُۥ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ﴿٦٣﴾﴾

فەرماندان بە قەبوڵكردنی ئاشتی لەگەڵ دوژمن ئەگەر داوای ئاشتی كرد

خودای گەورە ئەفەرموێت: كاتێ ترسای لە كۆمەڵێ خەیانەتت لێ دەكەن، تۆش وەك ئەوان پەیمانەكە بدەرەوە بە سەریاندا، ئەگەر هەر بەردەوام بوون لە شەڕ كردنو كۆڵیان نەئەدا تۆیش

---

[1] الطبري (٣٦/١٤).

[2] الطبري (٣٦/١٤).

[3] الطبري (٣٦/١٤).

[4] التوبة (١٠١).

[5] البقرة (٢٦١).

شەڕیان لەگەڵ بکە ﴿وَإِن جَنَحُواْ لِلسَّلْمِ فَٱجْنَحْ لَهَا﴾ ئەگەر داوای (ئاشتیان) کرد قبوڵی کە. واتە: تۆیش ئەی موحەممەد(ﷺ) پێت خۆش بێ‌و قبوڵی بکە لێیان. بۆیە کاتێ موشریکەکان داوای ئاشتیان کرد لە ساڵی حودەیبییەدا، دوای نۆ ساڵ شەڕ کردن لە نێوان ئەوان‌و پێغەمبەری خوادا (ﷺ) پێغەمبەر(ﷺ) لێی قبوڵ کردن لەگەڵ ئەو مەرجانەیشدا کە داوایان کرد. عەبدوڵڵای کوڕی ئیمام ئەحمەد ڕیوایەتی کردوە لە عەلی کوڕی ئەبوتالیبەوە (ڕەزای خوای لێبێ)ئەڵێ : پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: (بێگومان بەو زوانە دوای من کێشەیەك یان کارێك (ڕووئەدات)،جا ئەگەر توانیت بە ئاشتی (تەواوی بکەی) بیکە).[1] پاشان خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَتَوَكَّلْ عَلَى ٱللَّهِ﴾ وە هەر خۆت بە خودا بسپێرەو ئاشتیان لەگەڵدا بکە، چونکە خودا بەسە بۆ تۆو یارمەتی دەرتە، با نیازی گزی‌و فێڵیشیان هەبێ لەو شەڕ بەستەداو خۆیان بپارێزن‌و خەریکی خۆ ئامادەکردنیش بن. ﴿وَتَوَكَّلْ عَلَى ٱللَّهِ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْعَلِيمُ﴾ هەر خۆت بە خوا بسپێرە، هەر خۆی بیسەرو زانایە ﴿وَإِن يُرِيدُوٓاْ أَن يَخْدَعُوكَ فَإِنَّ حَسْبَكَ ٱللَّهُ﴾ ئەگەر ویستیشیان فریوت دەن.تۆئەوەندەت بەسە کە خوات لەگەڵە. واتە: تەنیا خودات بەسە.

وەبیر هێنانەوەی بەهرەی یەکگرتن لە نێوان دڵی خاوەن باوەڕاندا

پاشان خودای گەورە باسی بەهرەی خۆی دەکات بەسەر پێغەمبەرەوە(ﷺ) بەوەی کە پشتگیری لێ کردوە بەهۆی موسوڵمانە کۆچەری‌و یارمەتی دەرەکانەوەو فەرموویەتی: ﴿هُوَ ٱلَّذِىٓ أَيَّدَكَ بِنَصْرِهِۦ وَبِٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿٦٢﴾ وَأَلَّفَ بَيْنَ قُلُوبِهِمْ﴾ خوا ئەو خوایە کە پشتگیری کردی بە یارمەتی خۆی‌و خاوەن باوەڕان‌و هۆگری خستە ناو دڵەکانیان. واتە: کۆی کردنەوە لەسەر باوەڕ هێنان پێت‌و گوێڕایەڵی‌و یارمەتی دان‌و پشتگیری لێ کردنت، ﴿لَوْ أَنفَقْتَ مَا فِى ٱلْأَرْضِ جَمِيعًا مَّآ أَلَّفْتَ بَيْنَ قُلُوبِهِمْ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ أَلَّفَ بَيْنَهُمْ﴾ ئەگەر هەرچی لەم سەر زەمینەدا هەیە هەمووت بدایە، نەت دەتوانی وا لێکیان کۆ بکەیتەوە، بەڵام خودا هۆگری خستە نێوانیان، دوای ئەو دوژمنایەتی‌و ڕقە بەرینە زۆرەی لە نێوانیاندا هەبوو، بەڕاستی پشتیوانان لە کاتی نەفامیدا شەڕی زۆر ڕوویدا لە نێوانیاندا، لە نێوان ئەوس‌و خەزرەجدا، وە زۆر شتی تریش کە دەبووە هۆی دروستبوونی شەڕ لە نێوانیاندا، تا خودای گەورە ئەو شەڕەی بنەبڕ کرد بە ڕووناکی باوەڕ لە نێوانیاندا. وەك فەرموویەتی: ﴿وَٱذْكُرُواْ نِعْمَتَ ٱللَّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ

---

[1] أحمد (١/٩٠).

كُنتُمْ أَعْدَآءً فَأَلَّفَ بَيْنَ قُلُوبِكُمْ فَأَصْبَحْتُم بِنِعْمَتِهِۦٓ إِخْوَٰنًا وَكُنتُمْ عَلَىٰ شَفَا حُفْرَةٍ مِّنَ ٱلنَّارِ فَأَنقَذَكُم مِّنْهَا ۗ كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ ٱللَّهُ لَكُمْ ءَايَٰتِهِۦ لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ﴾[1] بیر لەو چاکە بکەنەوە کە خوا دەربارەی کردن، کە ئێوە دژ بە یەکتر بوون، بە دڵ کردوونی بە هۆگر، لە سایەی چاکەی ئەمەوە، بوونەتە برای یەکتر، لەسەر لێواری ئاگر بوون، هەر ئەو بوو ڕزگاری کردن، خوا ئاوا نیشانەکانی خۆی بۆ ئێوە ڕوون دەکاتەوە بەڵکو ڕێگا بدۆزنەوە. لە هەردوو سەحیحەکەشدا هاتوە، پێغەمبەری خودا(ﷺ) کاتێ کە وتاری دا بۆ یارمەتی دەرەکان لە بارەی دەست کەوتی حونەینەوە فەرمووی پێیان: (ئەی کۆمەڵی پشتیوانان! ئایا ئەم دین ئێوە گومڕا بوون، خودا ڕێی نیشان دان بەهۆی منەوە، هەژار بوون خودا بێ نیازی کردن، وە ئێوە پەرتەوازە بوون یەکی خستن بەهۆی منەوە). پێغەمبەری خودا(ﷺ) هەرچی بفەرمواییە، دەیانگوت: خوداو پێغەمبەرەکەی زۆر منەتیان هەیە (بەسەرمانەوە)[2] بۆیە خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿إِنَّهُۥ عَزِيزٌ حَكِيمٌ﴾ بەڵام خودا لێکی کۆکردنەوە، هەر خۆی خاوەنی دەستەڵاتە ئەوەی خۆی بە خودا دەسپێرێ بێ ئومێدی ناکات. کارزانە لە کردارو بڕیارەکانیدا.

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ حَسْبُكَ ٱللَّهُ وَمَنِ ٱتَّبَعَكَ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿٦٤﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ حَرِّضِ ٱلْمُؤْمِنِينَ عَلَى ٱلْقِتَالِ ۚ إِن يَكُن مِّنكُمْ عِشْرُونَ صَٰبِرُونَ يَغْلِبُوا۟ مِا۟ئَتَيْنِ ۚ وَإِن يَكُن مِّنكُم مِّا۟ئَةٌ يَغْلِبُوٓا۟ أَلْفًا مِّنَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ بِأَنَّهُمْ قَوْمٌ لَّا يَفْقَهُونَ ﴿٦٥﴾ ٱلْـَٔـٰنَ خَفَّفَ ٱللَّهُ عَنكُمْ وَعَلِمَ أَنَّ فِيكُمْ ضَعْفًا ۚ فَإِن يَكُن مِّنكُم مِّا۟ئَةٌ صَابِرَةٌ يَغْلِبُوا۟ مِا۟ئَتَيْنِ ۚ وَإِن يَكُن مِّنكُمْ أَلْفٌ يَغْلِبُوٓا۟ أَلْفَيْنِ بِإِذْنِ ٱللَّهِ ۗ وَٱللَّهُ مَعَ ٱلصَّٰبِرِينَ ﴿٦٦﴾﴾

هاندان لەسەر جەنگ کردن و مژدەیش بەوە کە موسوڵمانان کەمیش بن زاڵ دەبن بەسەر زۆری لە خوانەناساندا

خودای گەورە هانی پێغەمبەرەکەی و (ﷺ) خاوەن باوەڕان ئەدات لەسەر شەڕ کردن و ڕووبەڕووبونەوە و لێدانی دوژمنانی نزیکی خۆیان. ئاگاداریشیان دەکات کە خۆی یارمەتی دەرو پشتیوانە و هەر ئەویان بەسە کە زاڵیان بکات بەسەر دوژمنەکانیاندا، هەرچەندە دوژمنەکانیان ژمارەیان زۆر بێ و بەردەوام کۆمەکیان بۆ بێت، با ژمارەی خاوەن باوەڕانیش کەم بێ. بۆیە فەرموویەتی: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ حَسْبُكَ ٱللَّهُ وَمَنِ ٱتَّبَعَكَ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿٦٤﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ حَرِّضِ ٱلْمُؤْمِنِينَ عَلَى ٱلْقِتَالِ﴾ ئەی پێغەمبەر(ﷺ)! خودا بەسە بۆ تۆو ئەو باوەڕدارانەی شوێنت کەوتوون. ئەی پێغەمبەر(ﷺ)

---

[1] آل عمران (١٠٣).

[2] فتح الباري (٧/٦٤٤)، مسلم (٢/٧٣٨).

!هانی باوەڕداران بدە بچنە غەزا. واتە: فەرمانیان پێ بدەو هانیان بدە، بۆیە پێغەمبەری خودا(ﷺ) هانی ئەدان بۆ شەڕ کردن لە کاتی نزیك بونەوەو ڕێز گرتنو ڕووبەڕووبونەوەیاندا بەرانبەر دوژمن. وەك لە ڕۆژی بەدردا فەرمووی بە هاوەڵەکانی کاتێ کە ڕووبەڕووی بتپەرستان وەستان بەو ژمارەو کەرەسەی جەنگیانەوە: (هەڵسن بۆ بەهەشت کە پانایەکەی ئاسمانەکانو زەمینە) عومەیری کوڕی حومام گوتی: پانتایەکەی ئاسمانەکانو زەمینە؟ پێغەمبەری خودا فەرمووی: (بەڵێ) گوتی: بەخ بەخ. پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (چی وای لێ کردی کە دەڵێیت بەخ بەخ؟) گوتی: هیوام وایە من یەکێك بم لە خەڵکەکەی، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (تۆ یەکێکی لە خەڵکەکەی) ئەو پیاوە چووە پێشەوەو کێلانی شمشێرەکەی شکاندو هەندێ دەنکە خورمای دەرهێناو دەستی کرد بە خواردنی، پاشان ئەوەی پێی مابوو لە دەستی فڕێیداو گوتی: ئەگەر من ژیام هەتا ئەمانە دەخۆم ئەوە (زۆری پێ دەچێ) پاشان چووە پێشەوە شەڕی کرد هەتا کوژرا (ڕەزای خوای لێبێ).[1] پاشان خودای گەورە مژدە ئەدات بە خاوەن باوەڕانو فەرمانیان پێدەکاتو ئەفەرموێت: ﴿إِن يَكُن مِّنكُمْ عِشْرُونَ صَابِرُونَ يَغْلِبُوا مِائَتَيْنِ ۚ وَإِن يَكُن مِّنكُم مِّائَةٌ يَغْلِبُوا أَلْفًا مِّنَ الَّذِينَ كَفَرُوا بِأَنَّهُمْ قَوْمٌ لَّا يَفْقَهُونَ﴾ ئەگەر ئێوە بیست کەس بنو خۆڕاگر بن، تواناتان بەسەر دووسەد کەسدا دەشکێ، ئەگەر سەد کەستان خۆڕاگر بن، زاڵ دەبن بەسەر هەزار کەسدا لە خوانەناسان، چونکە ئەوان کەسانێکی بێ ئاوەزن. واتە: یەك کەس بەرانبەر دە کەس. پاشان ئەم فەرمانە نەسخ بوەوەو مژدەکەی هەرمایەوە. عەبدوڵلای کوڕی موبارەك ئەڵێت: جەریری کوڕی حازم قسەی بۆ کردم، زوبەیری کوڕی خیڕەیت قسەی بۆ کردم لە عیکرمەوە لە ئیبنو عەبباسەوە ئەڵێت: کاتێ ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە ﴿إِن يَكُن مِّنكُمْ عِشْرُونَ صَابِرُونَ يَغْلِبُوا مِائَتَيْنِ﴾ ئەوە لەسەر شانی موسوڵمان زۆر گران بوو، تا خودای گەورە فەرزی کرد لەسەریان دەبێ یەك کەس لە دە کەس ڕانەکات. پاشان ئایەت هاتە خوارو سوك کرا لەسەریان فەرمووی: ﴿ الْآنَ خَفَّفَ اللَّهُ عَنكُمْ وَعَلِمَ أَنَّ فِيكُمْ ضَعْفًا ۚ فَإِن يَكُن مِّنكُم مِّائَةٌ صَابِرَةٌ يَغْلِبُوا مِائَتَيْنِ ۚ وَإِن يَكُن مِّنكُمْ أَلْفٌ يَغْلِبُوا أَلْفَيْنِ بِإِذْنِ اللَّهِ ۗ وَاللَّهُ مَعَ الصَّابِرِينَ ﴾ ئێستا خودا کە وزەو تواناتان کەم بووە، کاری بۆ ئاسانتر کردن، ئەگەر ئێوە سەد کەس بنو خۆڕاگر بن دەرەقەتی دوو سەد کەس دێن، خۆ ئەگەر ئێوە هەزار کەسی خۆڕاگر بن (بە ئیزنی خودا) دەرەقەتی دوو هەزار دێن، خوا لەگەڵ خۆڕاگراندایە، ئیبنوعەبباس ئەڵێ: خودا کاری بۆ ئاسان کردن لە ژمارەو کەرەسەدا، خۆڕاگریەکەی کەم کردنەوە بە

---

[1] مسلم (٣/١٥١١).

ئەندازەی ئەو ئاسانكاریەی كە بۆی كردن.[1] بوخاریش ڕیوایەتی كردوە، لە فەرموودەكەی ئیبنوموبارەكەوە بەو شێوەیە.[2] موحەممەدی كوڕی ئیسحاقیش ڕیوایەتی كردوە لە ئیبنوعەبباسەوە گوتی: كاتێ ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە لەسەر شانی موسوڵمانان گران بوو، بەلایانەوە قورس بوو كە بیست كەس شەڕ بكات لەگەڵ دوو سەد كەسدا، سەد كەسیش لەگەڵ هەزار كەسدا، خودای گەورە ئاسانی كرد بۆیان،وئەم فەرمانەی (نەسخ كردەوە) بە ئایەتێكی ترو فەرمووی: ﴿ ٱلۡـَٔـٰنَ خَفَّفَ ٱللَّهُ عَنكُمۡ وَعَلِمَ أَنَّ فِيكُمۡ ضَعۡفٗا ﴾ ئەگەر هاتوو (خاوەنباوەڕان) نیوەی دوژمنەكانیان بوون، بۆیان نیە لە دوژمنەكانیان ڕاكەن، بەڵام ئەگەر وا نەبوو لە سەریان واجب نیە شەڕیان لەگەڵدا بكەن، بۆیان هەیە خۆیانیان لێ لادەن[3].

﴿ مَا كَانَ لِنَبِيٍّ أَن يَكُونَ لَهُۥٓ أَسۡرَىٰ حَتَّىٰ يُثۡخِنَ فِي ٱلۡأَرۡضِۚ تُرِيدُونَ عَرَضَ ٱلدُّنۡيَا وَٱللَّهُ يُرِيدُ ٱلۡأٓخِرَةَۗ وَٱللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٞ ٦٧ لَّوۡلَا كِتَٰبٞ مِّنَ ٱللَّهِ سَبَقَ لَمَسَّكُمۡ فِيمَآ أَخَذۡتُمۡ عَذَابٌ عَظِيمٞ ٦٨ فَكُلُواْ مِمَّا غَنِمۡتُمۡ حَلَٰلٗا طَيِّبٗاۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَۚ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٞ ٦٩ ﴾

خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿ مَا كَانَ لِنَبِيٍّ أَن يَكُونَ لَهُۥٓ أَسۡرَىٰ حَتَّىٰ يُثۡخِنَ فِي ٱلۡأَرۡضِۚ تُرِيدُونَ عَرَضَ ٱلدُّنۡيَا وَٱللَّهُ يُرِيدُ ٱلۡأٓخِرَةَۗ وَٱللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٞ ﴾ بۆ هیچ پێغەمبەرێك نەبووە دیلیان هەبێ، مەگەر وەختێ لەسەر زەمین بەتەواوی بووبێتە خاوەن دەسەڵات، دەتانەوێ ماڵی دنیاتان دەس كەوێ، خوداش پاشەڕۆژی دەوێ، خودا خاوەن دەسەڵاتو كارزانە. ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی كردوە لە ئەنەسەوە (ڕەزای خوای لێبێ) ئەڵێ :پێغەمبەر(ﷺ) ڕاوێژی كرد بە خەڵكی لەسەر دیلەكانی ڕۆژی بەدر، فەرموی: (خودا سەركەوتوی كردون بەسەریاندا) عومەری كوڕی خەتاب هەڵساو گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) بدە لە ملیان، پێغەمبەر(ﷺ) خۆی لێ لادا، پاشان پێغەمبەری خودا(ﷺ) دووبارەی كردەوەو فەرمووی: (ئەی خەڵكینە ! خودا زاڵی كردون بەسەریاندا، هەرچەندە ئەوانە دوێنێ براتان بوون) عومەر هەڵساو گوتی: ئەی پێغەمبەر(ﷺ) بدە لە ملیان، پێغەمبەر(ﷺ) خۆی لێ لادا، پاشان پێغەمبەر(ﷺ) دووبارەی كردەوەو هەروەك ئەوەی پێشوی فەرموو بە خەڵكی، ئەبوبەكری سدیق (ڕەزای خوای لێبێ) هەڵساو گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئێمە دەبینین (وا باشە) لێیان خۆش بی، لەبرییان لێ قبوڵ بكەی،ئەڵێ: ئەو پەژارەیەی لەسەر ڕووی پێغەمبەری خوا بوو (ﷺ)

---

[1] أبوداود (١٠٥/٣)، فەرموودەیەكی سەحیحە.

[2] فتح الباري (١٦٣/٨).

[3] البخاري (٤٦٥٢-٤٦٥٣).

ڕۆشت، عەفوی کردنو ڕزگارانەی لێ وەرگرتن.ئەڵێ: پاشان خودای گەورە ئەم ئایەتەی ناردە خوارەوە: ﴿ لَّوْلَا كِتَـٰبٌ مِّنَ ٱللَّهِ سَبَقَ لَمَسَّكُمْ فِيمَآ أَخَذْتُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ ﴾[1] ئەگەر خودا ئەم ڕووداوەی پێشوتری نەنوسیایە، ئەمەی کە بە دەستتان هێنا ئازاری زۆرتان تووش دەهات. عەلی کوڕی ئەبوتەلحەئەڵێ: لە ئیبنوعەبباسەوە لەم ئایەتەدا: ﴿ لَّوْلَا كِتَـٰبٌ مِّنَ ٱللَّهِ سَبَقَ ﴾ئەڵێ یانی: لە (أم الكتاب)ی (یەکەمدا) هاتووە کە دەسکەوتو دیلەکان حەڵاڵە بۆ ئێوە، ﴿لَمَسَّكُمْ فِيمَآ أَخَذْتُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ﴾ واتە:ئەگەر وا نەبوایە لەوەی کە وەرتان گرت (لە دیلەکان) ئازاری زۆرتان تووش دەهات. خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿ فَكُلُوا۟ مِمَّا غَنِمْتُمْ حَلَـٰلًا طَيِّبًا ﴾ ئەو دەسکەوتەی گرتوتانە حەڵاڵو زەلاڵە بیخۆن. هەر بەو شێوەیە عەوفی ڕیوایەتی کردوە لە ئیبنوعەبباسەوە[2] دیسان بەو شێوەیەش ڕیوایەت کراوە لە ئەبوهورەیرەو ئیبنومەسعودو سەعیدی کوڕی جوبەیرو عەتاو حەسەنی بەسریو قەتادەو ئەعمەشەوە.[3] مەبەست بە ﴿ لَّوْلَا كِتَـٰبٌ مِّنَ ٱللَّهِ سَبَقَ ﴾ ئەگەر خودا ئەم ڕووداوەی پێشتووتر نەنووسیایە، بۆ ئەم ئوممەتە کە دەسکەوت حەڵاڵە. تووشی سزای زۆر گەورە دەهاتن بەڵگەیش بۆ ئەم وتەیە دەهێننەوە بەوەی کە لە هەردوو سەحیحەکەدا هاتوە لە جابیری کوڕی عەبدوڵڵاوە (ڕەزای خوای لێبێ) ئەڵێت: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (پێنج شتم پێدراوە بە هیچ کەسێ لە پێغەمبەرانی پێش من نەدراوە: هاوکاری کراوم بە ترس (خستنە دڵی دوژمنەوە) ماوەی مانگەڕێیەك، زەمین کراوە بە مزگەوتو پاکۆکەر بۆم. دەسکەوتی جەنگم بۆ حەڵاڵ کراوە، بۆ هیچ کەسێکی تر لە پێش من حەڵاڵ نەکراوە، شەفاعەتم (تکا کردنم) پێدراوە،هەموو پێغەمبەرێك ڕەوانە کراوە بۆ گەلەکەی، من ڕەوانە کراوم بۆ خەڵکی بە گشتی)[4] ئەعمەش ئەڵێ لە ئەبوسالحەوە لە ئەبوهورەیرەوە (ڕەزای خوای لێبێ)ئەڵێ: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: (دەسکەوت (غەنیمە)حەڵاڵ نەکراوە بۆ هیچ گەلێکی سەر ڕەش جگە لە ئێمە) بۆیە خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿ فَكُلُوا۟ مِمَّا غَنِمْتُمْ حَلَـٰلًا طَيِّبًا ﴾[5] بۆیە ئەو کاتە لەبری و فیدیەی لە دیلەکان وەرگرت. ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردوە لە ئەبوداوودەوە لە ئیبنوعەبباسەوە کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) (ڕزگارانەی) خەڵکەکەی سەردەمی

---

[1] أحمد (٢٤٣/٣)، فەرموودەیەکی باشە.

[2] الطبري (٦٥/١٤).

[3] الطبري (٦٥/١٤-٦٩).

[4] فتح الباري (٥١٩/١)، مسلم (٣٧٠/١).

[5] النسائي في الكبرى (٣٥٢/٦)، سەحیحە.

نەفامی لە ڕۆژی بەدردا بە چوار سەد دانا.[1] ئەم بڕیارە لە بارەی دیلەوە لە لای جەماوەری زانایان سەلماوەو شتی چەسپاوە کە ئیمام سەرپشکە چیان لێ بکات. مەیلی لێ بوویێ کوشتونی وەك بەنی قورەیزە کە کوژران. ئەگەر مەیلیشی لێبێ ڕزگارانەی بە ماڵ لێ وەرگرتون وەك بەرانبەر بە دیلەکانی بەدر کردی یان دیل بەدیلی پێکردون لەو موسوڵمانانەی کەبە دیل گیراون. وەك پێغەمبەری خودا لە باتی ئەو کەنیزەو کچەکەی کە دیلی سەلەمەی کوڕی ئەکوەع بوون. گەڕاندنیەوەو لە جێی ئەوان ئەو موسوڵمانانەی وەرگرتەوە کە لەلای موشریکەکان بوون. یان ئەگەر بیەوێت ئەو دیلانە دەکاتە بەندەو کەنیزەك.

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِىُّ قُل لِّمَن فِىٓ أَيْدِيكُم مِّنَ ٱلْأَسْرَىٰٓ إِن يَعْلَمِ ٱللَّهُ فِى قُلُوبِكُمْ خَيْرًا يُؤْتِكُمْ خَيْرًا مِّمَّآ أُخِذَ مِنكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ۗ وَٱللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٧٠﴾ وَإِن يُرِيدُوا۟ خِيَانَتَكَ فَقَدْ خَانُوا۟ ٱللَّهَ مِن قَبْلُ فَأَمْكَنَ مِنْهُمْ ۗ وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ ﴿٧١﴾﴾

بەڵێندان بەو دیلانە بە پاداشتی چاك، ئەگەرخێریان تێدابێت

موحەممەدی کوڕی ئیسحاق ئەڵێ: لە عەبدوڵلای کوڕی عەبباسەوە (ڕەزای خوایان لێبێ) پێغەمبەری خودا(ﷺ) لە ڕۆژی بەدردا فەرمووی: (بەڕاستی من زانیومە کە هەندێ لە خەڵکی بەنی هاشمو کەسانی تریش بە ناچاری هاتونەتە دەر، پێویستیان بە شەڕکردن نەبووە لەگەڵماندا، هەرکەسێ گەیشتە کەسێ لەوانە (یانی بەنی هاشم) نەیکوژێ، وە هەرکەسێ گەیشتە ئەبولبەختەری کوڕی هیشام نەیکوژێ، وە هەرکەسێ گەیشتە عەبباسی کوڕی عبدولموتەلیب نەیکوژێ، چونکە ئەو بە ناچاری وەدەر نراوە). ئەبوحوزەیفەی کوڕی عوتبە ئەڵێ، ئایا ئێمە بابو کوڕو براو کەسو کارمان بکوژینو واز لە عەبباس بێنین؟ سوێند بە خوا ئەگەر پێی گەیشتم بە شمشێر لەغاوی دەکەم. ئەم قسەیە گەیشتەوە بە پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی بە عومەری کوڕی خەتاب: (ئەی ئەبا حەفس عومەر ئەڵێ:(سوێند بە خوا ئەوە یەکەم ڕۆژێ بووە پێغەمبەری خودا(ﷺ)کەبە(کونییە) ناوی بردوم و بە ئەی ئەبا حەفس بانگی کردم) ، ئاخۆ بە شمشێر ئەدرێت لە ڕووی مامی پێغەمبەری خودا(ﷺ)؟) عومەر ووتی: ئیزنم پێ بدە، ئەدەم لە گەردنی(ئەوەی وای وتووە)، سوێند بە خوا، ئەو کەسە دیارە دووڕووە. دوای ئەوە ئەبوحوزەیفە دەیگوت: سوێند بە خودا دڵنیا نابم لەو قسەی کردمو هەمیشە لێی دەترسم مەگەر خوای گەورە (هەقی) ئەو تاوانەم لێ بکاتەوە بە شەهید بوون.ئەوەبوو لە ڕۆژی یەمامەدا شەهید کرا (ڕەزای خوای لێبێ)[2] وە هەر بەو شێوەیە لە ئیبنوعەبباسەوەئەڵێ: کاتێ

---

[1] أبوداود (٣/١٣٩)، سەحیحە جگە لە وتەی چوار سەدەکە.

[2] أبن سعد (٤/١٠)، سەنەدەکانی لاوازە.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئێوارەی لێهات لە ڕۆژی بەدردا، دیلەکان قۆڵ بەس کرابوون، لە سەرەتای ئەو شەوەدا پێغەمبەری خودا(ﷺ) بێدار بوو هاوەڵەکانی پێیان گوت: ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) چیتە وا ناخەوی؟ پیاوێکی ئەنساری عەبباسی بە دیل گرتبوو، پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: (نرکەو ناڵەی عەبباسی مامەم بیست بە شەتەك دراوی، ئەوەبوو خێرا بەریان دا) ئیتر بێدەنگ بوو پێغەمبەری خوایش (ﷺ)زۆری نەبرد خەوی لێکەوت[1] ! وە لە سەحیحی بوخاریدا هاتووە، لە فەرمودەکەی مووسای کوڕی قوعبەوە ئیبنوشەهاب ئەڵێت: ئەنەسی کوڕی مالیك بۆی گێڕامەوە هەندێ لە ئەنساریەکان ئیزنیان خواست لە پێغەمبەری خوداو (ﷺ) گوتیان: ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) ڕێمان پێ بدە با واز بێنین لە (فیدیەکەی) عەبباسی خوشکەزامان. پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (نەخێر سوێند بە خوا واز لە یەك درهەم نامێنن لێی).[2] یونسی کوڕی بەکیر ئەڵێ : لە موحەممەدی کوڕی ئیسحاقەوە لە یەزیدی کوڕی ڕوممانەوە لە عوروەوە لە زوهەریەوە لە دەستەیەکەوە کە ناوی بردوون، ئەڵێن: قورەیشییەکان ناردیان بۆ لای پێغەمبەری خودا(ﷺ) بۆ ڕزگارانەی دیلەکانیان، هەر هۆزەو ڕزگارانەی خۆی دا بەپێی ڕازی بوونیان. عەبباسیش گوتی: من هەر موسوڵمان بووم، پێغەمبەری خودا فەرمووی: (خودا باشتر دەزانێ بە موسوڵمان بوونی تۆ)، ئەگەر وا بوو کە تۆ دەڵێیت، بێگومان خوا پاداشتت ئەداتەوە، بەڵام حاڵ دیارەکەت دژ بە ئێمە بوو، کەواتە ڕزگارانەی خۆت و هەردوو برازاکەت نەوفەلی کوڕی حارس کوڕی عەبدولموتەلب و عەقیلی کوڕی ئەبوتالبی کوڕی عەبدولموتەلب و هاوڕێکەت عوتبەی کوڕی عەمر کە برای بەنی حارسی کوڕی فەهرە، بدە) عەبباس گوتی: من ئەوەندەم نیە ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) کە بیدەم ، پێغەمبەر فەرمووی: (ئەی ئەو ماڵەی تۆو ئومولفەزل داتان پۆشیوە لە کوێیە کە پێت گوت: ئەگەر لەم سەفەرەدا تووش بووم، ئەم ماڵەی کە شاردومەتەوە بۆ کوڕەکانم: فەزڵ و عەبدوڵڵاو قوسەم عەبباس گوتی: سوێند بە خوا، ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) من چاك دەزانم کە تۆ پێغەمبەری خودای، ئەم شتەیش هیچ کەسێ پێی نەزانیوە جگە لە من و ئوموڵفەزل. ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئەوەی بەرتان دەکەوێ لە من بیست ئەوقیەیە لەو ماڵەی کە پێم بوو، پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: (نەخێر، ئەوە شتێکە خودا لە تۆوە پێی داوین) ڕزگارانەی خۆیی و دوو برازاکەی و هاوکارەکەی دا. خودای گەورە ئەم ئایەتەی لەبارەیەوە ناردە خوارەوە: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ قُل لِّمَن فِيٓ أَيۡدِيكُم مِّنَ ٱلۡأَسۡرَىٰٓ إِن يَعۡلَمِ ٱللَّهُ فِي قُلُوبِكُمۡ خَيۡرٗا يُؤۡتِكُمۡ خَيۡرٗا مِّمَّآ أُخِذَ مِنكُمۡ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡۚ وَٱللَّهُ غَفُورٞ رَّحِيمٞ﴾ ئەی پێغەمبەر(ﷺ) تۆ بەو دیلانە بڵێ کە لەبەردەستی ئێوەدان، ئەگەر خوا

---

[1] ابن سعد (١٣/٤)، بەم وتەیە لاوازە.

[2] فتح الباري (٣٧٣/٧).

بزانێ لە دڵەکانتاندا چاکەیە هەیە، چاکترتان لەو پزگارانەی لێتان وەرگیراوە دەداتێو لێتان خۆش دەبێ خودا لە گوناه دەبورێو دلۆڤانە. عەبباس ئەڵێ: خودا لە جێی ئەو بیست ئوقیە لەناو ئیسلامدا بیست عەبدی پێدام هەموویان ماڵیان بە دەستەوە بوو کاریان پێدەکرد، لەگەڵ ئەو هیوایەش کەچاوەڕوانم بەر لێبوردنی خودای گەورەبکەوم[1] حافیز ئەبوبەکری بەیهەقی ڕیوایەتی کردوە لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوەئەڵێ: پێغەمبەری خودا(ﷺ) ماڵێکی لە بەحرەینەوە بۆ هات فەرمووی: (پەرش‌و بڵاوی بکەنەوە لەناو مزگەوتەکەمدا)ئەڵێ : ئەوە زۆرترین ماڵ بوو کە هێنرابێ بۆ پێغەمبەری خودا(ﷺ) چوو بۆ نوێژو لای لێ نەکردەوە کاتێ کە نوێژەکەی تەواو کرد، هاتو لەلای دانیشت، هیچ کەسێ نەبووە کە چاوی پێی کەوتبێ و بەشی نەدرابێت ، لەو کاتەدا عەبباس هات گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) لەو ماڵە بەشم بدە، چونکە من پزگارانەی خۆم‌و عەقیلم داوە. پێغەمبەری خودا(ﷺ) پێی گوت: (بیبە). ئەویش پۆشاکەکەیی لێپڕکرد پاشان ویستی هەڵی گرێ بۆی هەڵ نەگیرا گوتی: فەرمان بدە (ئەی پێغەمبەر(ﷺ)) کە یەکێك بیدات بەکۆڵمدا ، فەرمووی: ((نەخێر)) گوتی: خۆت بیدە بەکۆڵمدا، فەرمووی: (نەخێر)،عەبباس هەندێکی لابردو پاشان نای بەسەر شانیەوە، پاشان ڕۆیشت، بەردەوام پێغەمبەری خودا(ﷺ) چاوی تێ بڕیوو هەتا لەبەر چاوی نەما سەری سوڕ مابوو لە (تەماحی)، پێغەمبەری خودا(ﷺ) هەتا درهەمێ لەوێدا بوو هەڵنەسا[2] بوخاریش لە چەند شوێندا ڕیوایەتی کردوە لە سەحیحەکەیدا.[3] پاشان خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿ وَإِن يُرِيدُواْ خِيَانَتَكَ فَقَدْ خَانُواْ اللَّهَ مِن قَبْلُ فَأَمْكَنَ مِنْهُمْ ﴾ خۆ ئەگەر بەو نیازەش بن کە خەیانەت لە تۆ بکەن، (بە قسە لەگەڵت بن‌و بە دڵ درۆ بکەن) زووتریش لەگەڵ خوا ڕاستیان نەکردو بڕوایان پێ نەهێنا. واتە: لە پێش بەدریشدابەهۆی بێدینیانەوە ناپاك بوون. ﴿فَأَمْكَنَ مِنْهُمْ﴾ خوا دەستی تۆی زاڵ کرد بەسەریاندا، بەهۆی ئەو دیلانەی ڕۆژی بەدرەوە ﴿وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ﴾ خودا زانای کارزانە.

﴿ إِنَّ الَّذِينَ آمَنُواْ وَهَاجَرُواْ وَجَاهَدُواْ بِأَمْوَالِهِمْ وَأَنفُسِهِمْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَالَّذِينَ آوَواْ وَّنَصَرُواْ أُوْلَـئِكَ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاء بَعْضٍ وَالَّذِينَ آمَنُواْ وَلَمْ يُهَاجِرُواْ مَا لَكُم مِّن وَلاَيَتِهِم مِّن شَيْءٍ حَتَّى يُهَاجِرُواْ وَإِنِ اسْتَنصَرُوكُمْ فِي الدِّينِ فَعَلَيْكُمُ النَّصْرُ إِلاَّ عَلَى قَوْمٍ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَهُم مِّيثَاقٌ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ (٧٢) ﴾

---

[1] القرطبي (٨/٥٢).

[2] البيهقي (٦/٣٥٦)، حەسەنە.

[3] البخاري (٤٢١/٣٠٤٩/٣١٦٥).

کۆچەریان و یاریدەدەریەکان دۆستی یەکترین

خودای گەورە باسی جۆری خاوەن باوەڕانی کردوەو کردوونی بە دوو بەشەوە کۆچەریان کە زێدو سامانی خۆیان بەجێهێشتو دەرچوون و هاتن بۆ یارمەتیدانی ئاینی خوداو یارمەتی پێغەمبەرەکەی، گیان و سامانی خۆیان بەخشی لەو ڕێیەدا، یاریدەدەریش ئەو موسوڵمانانە بوون لە خەڵکی مەدینە، لەو کاتەدا دالدەی برا کۆچەریەکانیان داو کردنیانە هاوبەشی خۆیان لە ماڵ و سامانیاندا، یارمەتی (ئاینی) خوداو پێغەمبەرەکەیان دا، بەیەکەوە غەزایان کرد بۆیە خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَهَاجَرُواْ وَجَٰهَدُواْ بِأَمْوَٰلِهِمْ وَأَنفُسِهِمْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ وَٱلَّذِينَ ءَاوَواْ وَّنَصَرُوٓاْ أُوْلَٰٓئِكَ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَآءُ بَعْضٍ﴾ ئەوانەی خاوەن باوەڕن زێدی خۆیان جێهێشتوەو لە ڕێی خوادا بە گیان و ماڵ غەزایان کرد، ئەو کەسانەش دالدەیان دان و کۆمەکیان کردن، بوونە کەس و کاری یەکتر. واتە: ئەوانە بە یەکتر نزیکترن لە هەموو کەسێکی تر، هەر لەبەر ئەوە بوو پێغەمبەری خوا برایەتی خستە نێوان کۆچەریان و یاریدەدەران، هەر دوو کەس بوونە برای یەک و میراتیان بەو برایەتیە لە یەکتری دەبردو ئەو برایەتیە خرا بوویە پێش برایەتی کەس و کاری، هەتا خودای گەورە ئەوەی نەسخ کردەوە بە میرات گری خزمایەتی. لە سەحیحی بوخاریدا ئەوە هاتوە لە ئیبنوعەبباسەوە[1] ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردوە لە جەریرەوە کە عەبدوڵلای بەجەلی (ڕەزای خوای لێبێ) ئەڵێ: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: (کۆچەریان و یاریدەدەران ئەوانە پشتیوان و دۆستی یەکترین، ئەوانەی کەئازاد کران لە قورەیش و ئەوانەیش کە ئازاد کراون لە سەقیف دۆستی یەکترین تا ڕۆژی قیامەت)[2] (تەنیا ئەحمەد هێناویەتی) خوداو پێغەمبەرەکەی ستایشی کۆچەریان و یاریدەدرانیان کردوە لە زۆر ئایەت و فەرمودەدا وە خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَٱلسَّٰبِقُونَ ٱلْأَوَّلُونَ مِنَ ٱلْمُهَٰجِرِينَ وَٱلْأَنصَارِ وَٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُوهُم بِإِحْسَٰنٍ رَّضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُواْ عَنْهُ وَأَعَدَّ لَهُمْ جَنَّٰتٍ تَجْرِي تَحْتَهَا ٱلْأَنْهَٰرُ﴾[3] خوا ئەوانەی هەر لە پێشدا ئاوارە بوون و لەوانەشی کە یاریدەدەر بوون لەوانەشی لە چاکەدا شوێنی ئەوانە کەوتن، ڕازی بووەو ئەوانەیشی لە خوا ڕازین، باغاتێکی بۆ ئامادە کردون جۆ باریان بە بەردا دەڕوات. وە فەرموویەتی: ﴿لَّقَد تَّابَ ٱللَّهُ عَلَى ٱلنَّبِيِّ وَٱلْمُهَٰجِرِينَ وَٱلْأَنصَارِ ٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُوهُ فِي سَاعَةِ ٱلْعُسْرَةِ﴾[4] خوا لە

---

[1] فتح الباري (١٢/٣٠).

[2] أحمد (٣٦٣)، فەرمودەیەکی باشە.

[3] التوبة (١٠٠).

[4] التوبة (١١٧).

پێغەمبەرو(ﷺ) ئەو کۆچەرو یاریدەدەرانە خۆش بووەکە لەو کاتە تەنگانەدا شوێنی پێغەمبەر(ﷺ) کەوتن. وە فەرموویەتی: ﴿لِلْفُقَرَاءِ الْمُهَاجِرِينَ الَّذِينَ أُخْرِجُوا مِن دِيَارِهِمْ وَأَمْوَالِهِمْ يَبْتَغُونَ فَضْلًا مِّنَ اللَّهِ وَرِضْوَانًا وَيَنصُرُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ أُولَٰئِكَ هُمُ الصَّادِقُونَ ﴿٨﴾ وَالَّذِينَ تَبَوَّءُوا الدَّارَ وَالْإِيمَانَ مِن قَبْلِهِمْ يُحِبُّونَ مَنْ هَاجَرَ إِلَيْهِمْ وَلَا يَجِدُونَ فِي صُدُورِهِمْ حَاجَةً مِّمَّا أُوتُوا وَيُؤْثِرُونَ عَلَىٰ أَنفُسِهِمْ وَلَوْ كَانَ بِهِمْ خَصَاصَةٌ﴾[1] (ئەو دەسکەوتە) بۆ ئەو هەژارە دوورە ولاتانەیە (کۆچەریانەیە) کە لە ماڵو زێدی خۆیان دەرکراون، چاوەڕوانی بەهرەو ڕەزامەندی خوانو یاریدەی خوداو پێغەمبەرەکەی ئەدەن کە ئەمانە ڕاستەکانن، ئەو کەسانەشی کە بەر لەوان لە مەدینە نیشتەجێ بوونو بە دڵ بڕوایان هێنا، حەز بەو کۆچەریانە دەکەن کە پەنایان پێ هێناون بەدلیش ئیرەیی نابەن بەوەی کە بەوان دراوە، ئەوان لە پێشتر دەزانن لە خۆیان، هەرچەند دەست تەنگیشیان هەیە. با خۆشیان پێویستیان بێ پێی ،(چاکترین شتێ گوتراوە لەم ئایەتەدا) ﴿وَلَا يَجِدُونَ فِي صُدُورِهِمْ حَاجَةً مِّمَّا أُوتُوا﴾ واتە: (حەسودیان) پێ نابەن لەو چاکەی کە خودا پێی داون لەسەر ئەو دەربەدەریەیان، لەم ئایەتانەوە دەرئەکەوێ کۆچەریەکان لە پێشترن لە یاریدەدەرەکان، ئەمەیش بڕیارێکە زانایان کۆ دەنگن لەسەری لە نێوان خۆیانداو کێشەیان لەسەر ئەوە.

دۆستایەتی ناکرێ لەگەڵ ئەوانەی بڕوایان هێناوەو کۆچیان نەکردوە

خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَالَّذِينَ آمَنُوا وَلَمْ يُهَاجِرُوا مَا لَكُم مِّن وَلَايَتِهِم مِّن شَيْءٍ حَتَّىٰ يُهَاجِرُوا﴾ ئەو کۆمەڵی باوەڕدارانەشی کە هەر لە شوێنەکەی خۆیان ماونەتەوەو نەهاتنە دەر، هەتا ئەوانیش (کۆچ نەکەن) نابێ دۆستایەتیان بکەن. حەمزە خوێندویەتیەوە بە (وِلتهم) بە کەسرە ئەوانی تریش بە فەتحە خوێندویانەتەوە. وەك (الدِّلالة و الدَّلالة) وایە. ئەمە ئەو دەستەی سێهەمەن لە خاوەن باوەڕان، ئەو کەسانەن کە بڕوایان هێناوەو کۆچیان نەکردوە. بەڵکو لە زێدی خۆیاندا ماونەتەوە لە بیابانەکانیاندا، ئەمانە هیچ بەشێکیان نیە لە دەستکەوتی شەڕدا لە پێنج یەکیشدا هەر بەشیان نیە، لەو شەڕانەنەبێت کە تێدا ئامادە بوون. وەك ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردوە لە بورەیدەی کوڕی حوسەیبی ئەسلەمیەوە (ڕەزای خوای لێبێ)ئەڵێ : پێغەمبەری خودا(ﷺ) کاتێ فەرماندەیەکی ڕەوانە بکردایە لەگەڵ تیپێکدا یان لەشکرێکدا ئامۆژگاری تایبەتی دەکرد کە لە خوا بترسێو چاك بێت لەگەڵ ئەو موسوڵمانانەش کە لەگەڵیدان، وە ئەیفەرموو: (بە ناوی خواوەو لە پێناوی خوادا بجەنگن، بجەنگێن لەگەڵ کەسێکدا کە باوەڕی بە خوا نیە، ئەگەر گەیشتی بە دوژمنەکەت لە موشریکەکان بانگیان بکەن

---

[1] الحشر (٨-٩).

بۆ سێ شت لە هەر کامێکیاندا هاتن بە دەمتەوە لێیان وەربگرەو وازیان لێ بهێنە، پاشان بانگیان بکە بۆ سەر ئاینی ئیسلام، ئەگەر قبوڵیان کرد لێیان وەرگرەو وازیان لێ بهێنە، پاشان بانگیان بکە کە لە شوێنی خۆیانەوە بگوێزنەوە بۆ شوێنی کۆچەران، ئاگاداریان بکە کە ئەگەر ئەوەیان ئەنجام دا ئەوا هەر مافێ بۆ کۆچەران هەیە بۆ ئەوانیش هەیە، وە هەر ئەرکێ دەکەوێتە سەر شانی کۆچەران دەکەوێتە سەر شانی ئەوانیش، جا ئەگەر ئەوەیان قبووڵ نەکردو شوێنی خۆیان بەجێنەهێشت ئاگاداریان بکە کە ئەوانیش وەك عەرەبە موسوڵمانە دەشتەکیەکان وان، ئەو بڕیارەی خوایان لەسەر پیادە دەکرێ کە لەسەر باوەڕداران پیادە کراوە. بەڵام لە غەنیمەو دەستکەوتەکانی تریش هیچیان نادرێتێ، مەگەر ئەوەی شان بە شانی موسوڵمانان جیهاد بکەن، ئەگەر ئەمەشیان قبووڵ نەکرد، ئەوا داوایان لێ بکە سەرانە بدەن، ئەگەر ڕازی بوون لێیان قبوڵ بکەو وازیان لێ بهێنە. ئەگەر ڕازی نەبوون داوای یارمەتیو پشتگیری خوا بکە پاشان لەگەڵیاندا بجەنگە)[1] موسلیمیش هێناویەتی[2] بە هەندێ تریشەوە. پاشان خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَإِنِ ٱسْتَنصَرُوكُمْ فِى ٱلدِّينِ فَعَلَيْكُمُ ٱلنَّصْرُ إِلَّا عَلَىٰ قَوْمٍۭ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَهُم مِّيثَٰقٌ ۗ وَٱللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ﴾ بەڵام ئەگەر ئەوان لە بارەی ئاینەکەیان داوای یارمەتیان لە ئێوە کرد، لەسەرتانە کە ئێوە کۆمەکیان بکەن، کاتێ نەبێ لە دژی ئەوانەی لەگەڵ ئێوە هاوپەیمانن کێشەیان هەبێت، هەرچی بکەن خوا دەیبینێ. خودای گەورە ئەفەرموێت ئەگەر ئەو عەرەبە دەشتەکیانەی کە کۆچیان نەکردوە داوای یارمەتیان لێ کردن لە شەڕێکدا لە پێناو ئاینی خوادا بەرانبەر دوژمنێکیان، یارمەتیان بدەن، چونکە ئەو یارمەتیدانە ئەرکی سەر شانتانە، لەبەر ئەوەی ئەوانە برای دینیتانن، مەگەر کاتێ کە داوای یارمەتیتان لێ بکەن بۆ کەسانێکی خوانەناس کە هاوپەیمانی لە نێوانتاندا هەبێ، واتە: شەڕ وەستانێ لەنێوانتاندا مۆرکرابێ تا ماوەیەك. پەیمانو سوێندەکەتان هەڵمەوەشێننەوە لەگەڵ ئەوانەی پەیمانتان پێ داون، ئەمە ڕیوایەت کراوە لە ئیبنوعەبباسەوە (ڕەزای خوای لێبێ)[3].

﴿وَٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَآءُ بَعْضٍ ۚ إِلَّا تَفْعَلُوهُ تَكُن فِتْنَةٌ فِى ٱلْأَرْضِ وَفَسَادٌ كَبِيرٌ ﴿٧٣﴾﴾

خوانەناسان دۆستی یەکترن، هیچ دۆستایەتەکیان لەگەڵ موسوڵماناندا نیە

کاتێ خودای گەورە کە باسی خاوەن باوەڕانی کردوە کە دۆستی یەکترن، پەیوەندی دۆستایەتی لە نێوان ئەوانو خوانەناسانی پچڕیوە. وەك حاکیم ڕیوایەتی کردوە لە موستەدرەکەکەیدا لە ئوسامەوە،

[1] أحمد (٣٥٢/٥)، سەحیحە.
[2] مسلم (١٣٥٧/٣).
[3] الطبري (٨٣/١٤).

لە پێغەمبەرەوە(ﷺ) فەرموویەتی: {ئەهلی دوو ئاین میراتی لە یەکتری نابەن، موسوڵمان میراتی لە خوانەناس نابات، خوانەناسیش میراتی لە موسوڵمان نابات پاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوە: ﴿ وَٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَآءُ بَعْضٍ ۚ إِلَّا تَفْعَلُوهُ تَكُن فِتْنَةٌ فِى ٱلْأَرْضِ وَفَسَادٌ كَبِيرٌ ﴾} بەرەی خوانەناسانیش دۆستی یەکترن، ئەگەر ئێوە (وەك من پێم گوتوون) ڕەفتار نەکەن بشێویی‌و خراپەی زۆر لەم سەر زەمینە پەیدا دەبێ. پاشان حاکیم ئەڵێ: سەنەدەکانی ڕاستە، بەلام بوخاری‌و موسلیم نەیانهێناوە[1] منیش ئەڵێم: ئەم فەرموودەیە لە هەردوو سەحیحەکەدا لە ئوسامەی کوڕی زەیدەوە ڕیوایەت کراوە وتوویەتی: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: (موسوڵمان میرات لە خوانەناس نابات، خوانەناسیش میراتی لە موسوڵمان نابات).[2] مانای ئەم ئایەتە کە خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿إِلَّا تَفْعَلُوهُ تَكُن فِتْنَةٌ فِى ٱلْأَرْضِ وَفَسَادٌ كَبِيرٌ ﴾ واتە: ئەگەر موسوڵمانان دوور نەکەونەوە لە بت پەرستان‌و دۆستایەتی خاوەن باوەڕان نەکەن، ئەو کاتە ئاژاوەو گێچەڵ لە نێوان خەڵکیدا پەیدا دەبێ، ئا ئەوە لێکترازانی کارەکەیەو خاوەن باوەڕو خوانەناس تێکەڵاو دەبێ، بەو هۆیەوە خراپەکاری تەشەنە دەکات بە گشت لایەکدا.

﴿ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَهَاجَرُوا۟ وَجَٰهَدُوا۟ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ وَٱلَّذِينَ ءَاوَوا۟ وَّنَصَرُوٓا۟ أُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُؤْمِنُونَ حَقًّا ۚ لَّهُم مَّغْفِرَةٌ وَرِزْقٌ كَرِيمٌ ﴿٧٤﴾ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ مِنۢ بَعْدُ وَهَاجَرُوا۟ وَجَٰهَدُوا۟ مَعَكُمْ فَأُو۟لَٰٓئِكَ مِنكُمْ ۚ وَأُو۟لُوا۟ ٱلْأَرْحَامِ بَعْضُهُمْ أَوْلَىٰ بِبَعْضٍ فِى كِتَٰبِ ٱللَّهِ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمٌۢ ﴿٧٥﴾ ﴾

خاوەنباوەڕانی ڕاستەقینە

خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَهَاجَرُوا۟ وَجَٰهَدُوا۟ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ وَٱلَّذِينَ ءَاوَوا۟ وَّنَصَرُوٓا۟ أُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُؤْمِنُونَ حَقًّا ۚ لَّهُم مَّغْفِرَةٌ وَرِزْقٌ كَرِيمٌ ﴿٧٤﴾ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ مِنۢ بَعْدُ وَهَاجَرُوا۟ وَجَٰهَدُوا۟ مَعَكُمْ فَأُو۟لَٰٓئِكَ مِنكُمْ ﴾ ئەوانەی خاوەنباوەڕن‌و لە وڵات ئاوارە بوون‌و لە ڕێی خوا غەزایان کرد، ئەوانەیش پەنایان دان‌و کۆمەکیان کرد، خاوەنباوەڕی ڕاستن، خودا لەوانە خۆش بووەو بژێوی باش هەر بۆ ئەوانە. ئەو کەسانەش لە پاشان بڕوایان هێناو کۆچیان کردو لەگەڵ ئێوە غەزایان کرد، ئەوانەیش لە خۆتانن. دوای ئەوەی خودای گەورە باسی خاوەنباوەڕان‌و ئەرکی سەر شانیانی کرد لە دنیادا، دێتە سەر باسی ڕاستیی باوەڕیان‌و پاشەڕۆژیان دەکات لە ڕۆژی قیامەتدا، وەك لە سەرەتای سورەتەکەوە

---

[1] الحاكم (٢/٢٤٠)، فەرموودەیەکی باشە (جيد).

[2] فتح الباري (١٢/٥١)، مسلم (٣/١٢٣٣).

باس کرا، ئەوانە بێگومان بەو زووانە خودا پاداشتیان ئەداتەوە بە لێبوردن‌و چاوپۆشی کردن لە گوناهەکانیان، ئەگەر گوناهیان بووبێ، بژێویەکی باشیشیان ئەدات، کە چاك‌و زۆرو پاك‌و خاوێنەو تاهەتایە بەردەوامەو نابڕێ‌و کۆتایی نایە، هەرگیز لێی بێزارو بێتاقەت نابن لەبەر جوانی‌و ڕازاوەیی‌و هەمەجۆری. پاشان وەسفی ئەو کەسانەشی کردوە کە لە دنیادا لەگەڵیان بوون ئاکار چاك‌و خاوەن باوەڕێکی ڕاست بوون، کە لە ڕۆژی دوایشدا هەر لەگەڵیانن وەك خودای گەورە لە ئایەتی تردا فەرموویەتی: ﴿وَالسَّـٰبِقُونَ الْأَوَّلُونَ مِنَ الْمُهَـٰجِرِينَ وَالْأَنصَارِ وَالَّذِينَ اتَّبَعُوهُم بِإِحْسَـٰنٍ رَّضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا عَنْهُ وَأَعَدَّ لَهُمْ جَنَّـٰتٍ تَجْرِي تَحْتَهَا الْأَنْهَـٰرُ﴾[1] خوا لەوانەی هەر لە پێشدا کۆچەر بوون‌و لەوانەیش کە یاریدەدەر بوون، لەوانەش کە لە چاکەدا شوێن ئەوان کەوتن، ڕازی بووەو ئەوانیش لە خوا ڕازین‌و باغاتێکی بۆ ئامادە کردوون جۆباریان بە بەردا دەڕوا. وە فەرموویەتی: ﴿وَالَّذِينَ جَاءُو مِنۢ بَعْدِهِمْ يَقُولُونَ رَبَّنَا اغْفِرْ لَنَا وَلِإِخْوَٰنِنَا الَّذِينَ سَبَقُونَا بِالْإِيمَـٰنِ وَلَا تَجْعَلْ فِي قُلُوبِنَا غِلًّا لِّلَّذِينَ ءَامَنُوا رَبَّنَا إِنَّكَ رَءُوفٌ رَّحِيمٌ﴾[2] ئەو کەسانەش کە لە دوای ئەمانە هاتوون دەڵێن: ئەی پەروەردگارمان لە ئێمەو لەو برایانەمان، وا پێش ئێمە باوەڕیان هێناوە خۆش ببە. کینەی ئەوانەمان مەخە دڵ کە باوەڕدار بوون، ئەی پەروەردگاری هەموومان تۆی دڵسۆزو دلۆڤانی. لە فەرموودەیەکدا هاتووە کە بوخاری‌و موسلیم لەسەری هاوڕان‌و بەڵکو بە(موتەواتەری)هاتووە. لە چەند ڕێگەی سەحیحەوە لە پێغەمبەری خوداوە (ﷺ)ڕیوایەت کراوە کە فەرموویەتی: (هەر کەسە لەگەڵ ئەو کەسەیە کە خۆشی ویستوە)[3] وە فەرموویەتی: (کەسێ هەر گرۆیەکی خۆش ویستوە ئەو لەوانە) وە لە ڕیوایەتێکی تردا هاتوە: (حەشری لەگەڵ ئەواندایە)[4].

میراتی بۆ کەس‌و کارە

خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَأُوْلُوا الْأَرْحَامِ بَعْضُهُمْ أَوْلَىٰ بِبَعْضٍ فِي كِتَـٰبِ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ﴾ بەپێی کتێبی خوا خزم بۆ خزم لە بێگانە نزیکترە، خوا لە هەموو شت ئاگادارە. واتە: لە بڕیاری خوادا خزم بۆ خزم لە بێگانە نزیکترە، وە مەبەست بە ﴿وَأُوْلُوا الْأَرْحَامِ﴾ کە خودای گەورە فەرموویەتی ئەو تایبەتمەندیە نیە کە زانایانی فەرائیز بەکاریان هێناوە بۆ ئەو خزمانەی کە بەشی فەرزیان نیەو

[1] التوبة (١٠٠).

[2] الحشر (١٠).

[3] فتح الباري (١٠/٥٧٣).

[4] الطبراني (٣/١٩).

عەسەبە(پشت)یش نین، کە دەیکەنە بەلگە بۆ خزمایەتی وەك پوری دایکیو خالۆو پوری باوکیو منداڵی کچو منداڵی خوشكو شێوەی ئەمانە، وەك هەندێکیان وا دەزانن و ئەم ئایەتە دەکەنە بەلگەو بەلاشیانەوە ئەوە شتێکی ڕوونو ئاشکرایە لەو بارەیەوە. بەڵام ڕاستیەکەی ئەوەیە کە ئەم ئایەتە گشتگیرەو هەموو خزمان دەگرێتەوە. وەك ئیبنوعەبباسو موجاهیدو عیکرمەو حەسەنو قەتادەو کەسانی تریش گوتویانە.[1] وە ئەم ئایەتە نەسخی میراتی هاوپەیمانیو (برایەتی ئاینی) کردوەتەوە کە لە سەرەتادا میراتیان لە یەکتری دەبرد،بەو پەیوەندیانە، بەم پێیە هەموو زەویلئەرحامەکان (ذوي الارحام) دەگرێتەوە بەو ناوە تایبەتیەی خۆی، ئەوەی بێ بەشیان دەکات لە میراتی بردن، ئەم فەرموودانە دەکاتە بەلگە: (بێگومان خودا هەقی هەموو خاوەن هەقێکی داوە، هیچ ڕاسپاردنێ (وَصية) نیە بۆ کەسو کار)[2] وە گوتویانە: خۆ ئەگەر خاوەن هەق ببوایە، ئەوە بەشی خۆی دەبوو لەو فەرزەی لە کتێبی خوادا ناوی براوە، بەڵام کە ئەوە وا نیە، دیارە ئەو کەسە میراتگر نیە.

تەفسیری سورەتی (التوبة)

لە مەدینەدا هاتوەتە خوارەوە

﴿بَرَآءَةٌ مِّنَ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦٓ إِلَى ٱلَّذِينَ عَٰهَدتُّم مِّنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ﴿١﴾ فَسِيحُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ أَرْبَعَةَ أَشْهُرٍ وَٱعْلَمُوٓا۟ أَنَّكُمْ غَيْرُ مُعْجِزِى ٱللَّهِ ۙ وَأَنَّ ٱللَّهَ مُخْزِى ٱلْكَٰفِرِينَ ﴿٢﴾﴾

بۆچی (بسم الله) لە سەرەتای ئەم سورەتەوە نەنوسراوە؟

ئەم سورەتە پیرۆزە دواین سورەت بووە کە هاتوەتە خوارەوە بۆ پێغەمبەری خودا(ﷺ) وەك بوخاری ڕیوایەتی کردوە لە بەرائەوە ئەڵێ: (کۆتا) ئایەت هاتە خوارەوە: ﴿يَسْتَفْتُونَكَ قُلِ ٱللَّهُ يُفْتِيكُمْ فِى ٱلْكَلَٰلَةِ﴾[3] دەربارەی کەسێ کە باوكو فەرزەندی نیەو دەمرێ پرسیارت لێ دەکەن بڵێ: خودا ئەو وەلامەتان ئەداتەوە. وە کۆتا سورەتیش کە هاتوەتە خوارەوە سورەتی بەرائەت بووە،[4] بۆیە (بسم الله)ی نەکراوە لە سەرەتاکەیەوە، چونکە هاوەڵەکانی (ﷺ) نەیان نووسیوە لە سەرەتاکەیدا لە مەسحەفی ئیمامدا. بەڵکو لەمەدا شوێنی گەورەی موسوڵمانان عوسمانی کوڕی عەفان کەوتن (ڕەزای خوای لێبێ)، وە سەرەتای ئەم سورەتە پیرۆزە هاتە خوارەوە بۆ پێغەمبەری خودا(ﷺ) کاتێ لە غەزای تەبوك ئەگەڕایەوەونیازی حەجکردنی کرد . پاشان بیری کردەوەکە

---

[1] الطبري (١٤/٩٠٠).

[2] أبوداود (٣/٢٩١).

[3] النساء (١٧٦).

[4] فتح الباري (٨/١٦٧).

بتپەرستان ئەم ساڵ ئامادەی مەوسیمی حەج دەبن، بەپێی ئەو باوەی خۆیان لەسەری بوون،ودیارە بەڕووتیش تەواف دەکەن پێغەمبەر(ص) تێکەڵاوی ئەوانی پێ ناخۆش بوو،بۆیە ئەبوبەکری نارد (ڕەزای خوای لێبێ) وەك لێپرسراوی حەجی ئەو ساڵە، بۆ ئەوەی ئەو عیبادەتو قوربانیو پێویستیەکانی تری حەج فێری خەڵکی بکاتو جێبەجێی بکات و بتپەرستەکانیش ئاگادار بکات، کە دوای ئەو ساڵە ئیتر نابێ حەج بکەن. وە لەناو ئەو خەڵکەیشدا بانگەواز بکات وبڵێ: ﴿بَرَآءَةٌ مِّنَ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦٓ﴾(ئەمە) دەربڕینی بێزاریە لە خواو پێغەمبەریەوە. کاتێ کە ئەبوبەکر (ڕەزای خوای لێبێ) گەڕایەوە پێغەمبەر(ص) عەلی کوڕی ئەبوتالیبی بەدوایدا نارد، بۆ ئەوەی ئاگاداریان بکاتەوە لەبری پێغەمبەری خوا (ﷺ)چونکە عەلی پشتی پێغەمبەر بوو وەك لەمەودوا باسی دێتو ڕوون دەکرێتەوە.

ڕاگەیاندنی بێزاری دەربڕین بەرانبەر بتپەرستەکان

خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿بَرَآءَةٌ مِّنَ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦٓ إِلَى ٱلَّذِينَ عَٰهَدتُّم مِّنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ﴿١﴾ فَسِيحُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ أَرْبَعَةَ أَشْهُرٍ وَٱعْلَمُوٓا۟ أَنَّكُمْ غَيْرُ مُعْجِزِى ٱللَّهِ ۙ وَأَنَّ ٱللَّهَ مُخْزِى ٱلْكَٰفِرِينَ﴾ دەربڕینی بێزاریە لە خواو پێغەمبەریەوە، لەو شەریکدانەرانە، کە ئێوە بوونەتە هاوپەیمانیان. هەتا چوار مانگ ڕێتان هەیە لەم زەمینەدا بگەڕێن، دەبێ ئەوەندەش بزانن کە ناتوانن خۆتان لە خوا ڕزگار کەن، خودا خوانەناسان ڕیسوا دەکات.. ئەمە بێزاری دەربڕینە، واتە: لەلایەن خوداو پێغەمبەرەکەیەوە. ئەم ئایەتە تەنیابۆ ئەو خاوەنپەیمانەیە کە پەیمانی ڕەهایان بەستوەو کاتی دیاری نەکراوە، یان پەیمانێکیان بەستوە بەڵام کەمتر بووە لە چوار مانگ، ئەوە چوار مانگەکەی بۆ تەواو دەکرێ، بەڵام ئەو کەسانەی پەیمانێکی کاتیان هەیە ، ماوەکەی تا ئەو کاتەیە کە تەواو دەبێ ماوەکەی هەرچەندێك بێت،بەبەڵگەی ئەوەی خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿فَأَتِمُّوٓا۟ إِلَيْهِمْ عَهْدَهُمْ إِلَىٰ مُدَّتِهِمْ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُتَّقِينَ﴾[1] هەتا ماوەی پەیمانەکە تەواو دەبێ، ئێوە پەیمانیان مەشکێنن، خودا پارێزگارانی خۆش دەوێ. هەروەها بەبەڵگەی ئەوەش لەم فەرموودەیەدا هاتووە: (هەرکەسێ لە نێوانی ئەوو نێوانی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) پەیمانێکی بەستوە، پەیمانەکەی هەتا ئەو کاتەیە (کە تەواو دەبێ)) ئەمە چاکترینو بەهێزترین قسەیە، ئیبنوجەریر ئەم ڕایەی هەڵبژاردوە، ڕیوایەتیش کراوە لە کەلبیو موحەممەدی کوڕی کەعبی قورەزیو کەسانی تریشەوە[2] ئەبومەعشەری مەدەنی ئەڵێ: موحەممەدی کوڕی کەعبی قورەزیو کەسانی تریش بۆیان گێڕاینەوەئەڵێن : پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئەبوبەکری ناردو کردی بە لێپرسراوی

---

[1] التوبة (٤).

[2] الطبري (١٤/١٠٠-١٠٢).

(أمیر) بەجێهێنانی حەجی ساڵی نۆهەمی (کۆچی) پاشان عەلی کوڕی ئەبوتالبی نارد بە(سی) ئایەت یان چل ئایەتەوە لە سورەتی بەرائەتو خوێندیەوە بەسەر ئەو خەڵکەدا. ئەو بتپەرستانە چوار مانگ مۆڵەت دران لەو سەر زەمینە بگەڕێن. ڕۆژی عەرەفە خوێندیەوە بەسەریاندا، ماوەکەیان لە بیستی زیلحیجەوە وە دەستی پێکرد، موحەڕڕەمو سەفەرو مانگی ڕەبیعولئەوەل ولە دە ڕۆژی ڕەبیعولئاخیردا کۆتایی هات. ئایەتەکانی لە شوێنەکانی خۆیاندا بە سەردا خوێندنەوەو گوتی: دوای ئەم ساڵەی کە تێیدان، هەرگیز نابێ بتپەرست حەج بکات ونابێ بە ڕووتیش بە دەوری بەیتدا باسوڕێتەوە (تەواف بکات)[1].

﴿ وَأَذَٰنٌ مِّنَ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦٓ إِلَى ٱلنَّاسِ يَوْمَ ٱلْحَجِّ ٱلْأَكْبَرِ أَنَّ ٱللَّهَ بَرِىٓءٌ مِّنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ۙ وَرَسُولُهُۥ ۚ فَإِن تُبْتُمْ فَهُوَ خَيْرٌ لَّكُمْ ۖ وَإِن تَوَلَّيْتُمْ فَٱعْلَمُوٓا۟ أَنَّكُمْ غَيْرُ مُعْجِزِى ٱللَّهِ ۗ وَبَشِّرِ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ بِعَذَابٍ أَلِيمٍ ﴿٣﴾ ﴾

بۆیە خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿ وَأَذَٰنٌ مِّنَ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦٓ إِلَى ٱلنَّاسِ يَوْمَ ٱلْحَجِّ ٱلْأَكْبَرِ ﴾ خوداو پێغەمبەری خودا لە ڕۆژی حەجی گەورەدا بە مەردم ڕادەگەیەنن. حەجی گەورە، ڕۆژی قوربانیە کە ئەو ڕۆژە بەڕێزترین ڕۆژەکانی بەجێهێنانی ئەرکەکانی حەجو دیار ترو زیاتر قەرەباڵغە ﴿أَنَّ ٱللَّهَ بَرِىٓءٌ مِّنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ۙ وَرَسُولُهُۥ﴾ کە خوا لە بتپەرستان بێزارە و(هەروەها پێغەمبەرەکەشی (ﷺ) لە بتپەرستان بێزارە)، پاشان بانگیان دەکات کە تەوبە بکەن ئەفەرموێت: ﴿فَإِن تُبْتُمْ فَهُوَ خَيْرٌ لَّكُمْ ۖ وَإِن تَوَلَّيْتُمْ فَٱعْلَمُوٓا۟ أَنَّكُمْ غَيْرُ مُعْجِزِى ٱللَّهِ﴾ ئەگەر پەشیمان ببنەوە ئەوە چاکە بۆتان، ئەگەریش قبوڵی نەکەن لێتان ڕوون بێ کە لە دەستی خودا دەرناچن، واتە: ئەگەر ئێوە وازتان هێنا لەو بتپەرستیو گومراییە، ئەوە چاکە بۆتان، خۆ ئەگەر هەر بەردەوام بن لەسەری، خودا توانای هەیە بەسەرتانداو لە دەستی دەرناچن، هەرچی بوێ پێتان دەکات ﴿وَبَشِّرِ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ بِعَذَابٍ أَلِيمٍ﴾ مژدەیش بدە بەوانەی خوانەناسن بەشیان ئازاری بە ژانە. واتە: لە دنیادا ڕیسوا دەبنو دەبنە پەندو ئامۆژگاری بۆ خەڵکی لە ڕۆژی قیامەتیشدا زنجیر دەکرێنو بە گورزی ئاسن لێیان ئەدرێ. بوخاری (ڕەحمەتی خوای لێبێ) ڕیوایەتی کردوە کە ئەبوهورەیرەئەڵێت : (ئەبوبەکر (ڕەزای خوای لێبێ) ناردمی لەو حەجەدا لەگەڵ ئەو بانگەواز کەرانەدا کە ناردبونی لە ڕۆژی قوربانی کردندا، لە (منی) دا بانگیان دەکردو (دەیانگوت) دوای ئەمساڵ هیچ بتپەرستێ حەج ناکاتو هیچ کەسیش بە ڕووتی بە دەوری ماڵی خوادا (کەعبەدا) ناسوڕێتەوە. حەمیدئەڵێ : پاشان پێغەمبەر(ﷺ) عەلی کوڕی ئەبوتالبی (ڕەزای خوای لێبێ) بە

[1] الطبري (٦/٣٠٤).

دوایاندا نارد، فەرمانی پێکرد کە بانگەواز بکات بۆ دەربڕینی بێزاری خوداو پێغەمبەرەکەی لە بتپەرستان)،(عەلی)یش لەگەڵ ئێمەدا بانگەوازی دەکرد لەناو خەڵکی (مینا)داو لە ڕۆژی قوربانیدا و(ببراءة)ی ڕاگەیاند وئەیوت ئیتر هیچ بتپەرستێ دوای ئەمساڵ حەج ناکاتوکەسیش بە ڕووتی بە دەوری ماڵی خوادا ناسوڕێتەوە.[1] بوخاریش دیسان ڕیوایەتی کردووە کە ئەبوهورەیرە ئەڵێ: ئەبوبەکر ناردمی لەگەڵ ئەوانەی جارِیان ئەدا لە ڕۆژی قوربانیدا لە مینادا، (گوتمان) هیچ بتپەرستێ دوای ئەمساڵ بۆی نیە حەج بکاتو کەسیش بە ڕووتی بە دەوری (بەیتدا) ناسوڕێتەوە، وە ڕۆژی حەجی مەزنیش ڕۆژی قوربانی سەربڕینە، بۆیە وترا (مەزن)چونکە خەڵکی دەیانگوت: حەجی بچکۆلە، لەو ساڵەدا ئەبوبەکر ئەوقسەیەی دایەوە بە سەریانداوئیتر لە ساڵی حەجی خواحافیزدا کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) حەجی تیا کرد، هیچ بتپەرستێ حەجی نەکرد.[2] ئەمە گفتی بوخاریە لە کتێبی جیهادا.

موحەممەدی کوڕی ئیسحاق ڕیوایەتی کردوە لە ئەبوجەعفەرەوە، موحەممەدی کوڕی عەلی کوڕی حەسەنی کوڕی عەلی (ڕەزای خوایان لێبێ)ئەڵێ: کاتێ (براءة) هاتە خوارەوە بۆ پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئەبوبەکری نارد تا حەج بکات بۆ خەڵکی، گوترا ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئەگەر بتناردایە بۆ ئەبوبەکر (باشتر بوو)[3]؟ پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (هیچ کەسێ جێبەجێی ناکات لەباتی من مەگەر پیاوێ لە بنەماڵەی خۆم). پاشان بانگی عەلی کردو فەرمووی: (بەم بەسەرهاتەی لە سەرەتای بەرائەتەوە بچۆ دەرەوە و جاڕ بدە لەناو خەڵکیدا لە ڕۆژی قوربانیدا،کاتێك کەخەڵك لە مینادا کۆ بوونەوە:دڵنیابن خوانەناس ناچێتە بەهەشت، بتپەرست پاش ئەمساڵ نابێ حەج بکات.لەمەودوا کەس بە ڕووتی بە دەوری ماڵی خوادا ناسوڕێتەوە. هەرکەسێ پەیمانێکی لە لای پێغەمبەری خودا(ﷺ) هەیە، ئەوە ئەو پەیمانە دەمێنێتەوە بۆی تا ئەو ماوەی بۆی دیاری کراوە) عەلی (ڕەزای خوای لێبێ) بە سواری وشترەکەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) کە پێی ئەوترا عەزباء دەرچوو تا گەیشتەوە بە ئەبوبەکردا لە ڕێگەکەدا، کاتێ ئەبوبەکر چاوی پێی کەوت گوتی: تۆ فەرماندەی یان فەرمان پێکراوی؟ عەلی گوتی: فەرمانم پێکراوە، پاشان ڕۆشتن ئەبوبەکر (ئەرکی) حەجی بۆ خەڵکی جێبەجێ کرد، عەرەبەکان لەو کاتەداو لەو ساڵەدا هەر لەسەر ڕێو ڕەسمی کاتی نەفامی خۆیان بوون. تا ڕۆژی قوربانی سەربڕین هات، عەلی کوڕی ئەبوتالب هەڵساو لەناو ئەو خەڵکەدا بانگەوازی بەوە کرد کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمانی پێکردبوو، گوتی: ئەی خەڵکینە ! بێگومان خوانەناس ناچێتە بەهەشت، وە بتپەرست حەج ناکات دوای ئەمساڵو ڕووتیش بە دەوری ماڵی خوادا ناسوڕێتەوە، وە

---

[1] فتح الباري (١٦٨).

[2] فتح الباري (١٦٨/٨).

[3] یانی ئەگەر ڕاگەیاندنی (براءة)کەشت بناردایە وەهەر ئەبوبەکر ئەوکارەشی بکردایە ،نەك یەکێکی تر(وەرگێڕ).

هەركەسێ پەیمانێكی هەبووە لای پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئەوە تا ماوەی دیاری كراوی خۆیەتی . بتپەرست دوای ئەمساڵە نابێ حەج بكات، بە ڕووتیش بە دەوری ماڵی خودا(البیت) ناسوڕێتەوە، پاشان هاتنەوە بۆ لای پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئەمە بێزاری دەربڕین بوو لە خەڵكی بتپەرست و گروپەپەیماندارەكان كە پەیمانی ڕەهایان هەبووە، وە ئەو كەسانەش كە خاوەنی پەیمانێكی دیاری كراو بوون [1].

إِلَّا ٱلَّذِينَ عَٰهَدتُّم مِّنَ ٱلۡمُشۡرِكِينَ ثُمَّ لَمۡ يَنقُصُوكُمۡ شَيۡـٔٗا وَلَمۡ يُظَٰهِرُواْ عَلَيۡكُمۡ أَحَدٗا فَأَتِمُّوٓاْ إِلَيۡهِمۡ عَهۡدَهُمۡ إِلَىٰ مُدَّتِهِمۡۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلۡمُتَّقِينَ ﴿٤﴾

هەركەسێ پەیمانێكی بووەو لێی لا نەداوە، ئەوە پەیمانەكەی تا (تەواو بوونی) ماوەكەیەتی

خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿ إِلَّا ٱلَّذِينَ عَٰهَدتُّم مِّنَ ٱلۡمُشۡرِكِينَ ثُمَّ لَمۡ يَنقُصُوكُمۡ شَيۡـٔٗا وَلَمۡ يُظَٰهِرُواْ عَلَيۡكُمۡ أَحَدٗا فَأَتِمُّوٓاْ إِلَيۡهِمۡ عَهۡدَهُمۡ إِلَىٰ مُدَّتِهِمۡ ﴾ جگە بتپەرستانێ كە پەیمانتان لەگەڵ بەستوون و لەسەر پەیمانەكەیان لایان نەداوەو دژی ئێوە یاریدەی كەسیان نەداوە، هەتا ماوەی پەیمانەكە بەسەردەچێ، ئێوە پەیمانتان مەشكێنن و بۆیان تەواو بكەن. ئەمە جیا كردنەوەیەكە بۆ ئەو كەسانەی پەیمانی ڕەهایان هەیە كە ماوەكەیان بۆ دوا دەخرێ تا چوار مانگ، لەو ماوەیەدا ئازادەو بە ئارەزوی خۆی لەسەر زەویدا دەگەڕێ بۆ هەر شوێنێ دەڕوا ئارەزوی خۆیەتی دەتوانێ خۆی ڕزگار بكات، جگە لەوانەی پەیمانی كاتیان بەستووە، ئەوە ماوەكەیان تا ئەو كاتەیە كە پەیمانە دیاری كراوەكەی لەسەر بەستراوە. فەرموودەی زۆر لە پێشدا لەم بارەیەوە هێنرا، كە هەركەسێ پەیمانێكی بووە لەگەڵ پێغەمبەری خوادا (ﷺ) ئەوە پەیمانەكەی تا ئەو كاتەیە كە بۆی دیاری كراوە بەو مەرجە ئەو كەسە كە پەیمانەكەی بەستووە پەیمانەكەی نەشكاندبێ، یاریدەی كەسیان نەدابێ دژی موسوڵمانان ، ئەوە ئەو كەسە پەیمان شكێنی لەگەڵدا ناكرێ، پەیمانەكەی تا ئەو كاتەیە كە بۆی دیاری كراوە. هەر بۆیە خوای مەزن هانی (موسوڵمانانی) داوە كە پەیمانی خۆیان بەجێبێنن بەو شێوەیەی كە دیاری كراوە.

پاشان خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلۡمُتَّقِينَ ﴾ خوا پارێزكارانی خۆش دەوێ.

﴿ فَإِذَا ٱنسَلَخَ ٱلۡأَشۡهُرُ ٱلۡحُرُمُ فَٱقۡتُلُواْ ٱلۡمُشۡرِكِينَ حَيۡثُ وَجَدتُّمُوهُمۡ وَخُذُوهُمۡ وَٱحۡصُرُوهُمۡ وَٱقۡعُدُواْ لَهُمۡ كُلَّ مَرۡصَدٖۚ فَإِن تَابُواْ وَأَقَامُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتَوُاْ ٱلزَّكَوٰةَ فَخَلُّواْ سَبِيلَهُمۡۚ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٞ ﴿٥﴾ ﴾

---

[1] الطبري (١٤/١٠٧).

ئا ئەمە ئایەتی شمشێرە

خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿فَإِذَا ٱنسَلَخَ ٱلۡأَشۡهُرُ ٱلۡحُرُمُ﴾ هەر کاتێ مانگە حەرامەکان (ذو القعدة، ذو الحجة، محرم، رجب) تەواو بوون. موجاهیدو عەمری کوڕی شوعەیبو موحەممەدی کوڕی ئیسحاقو قەتادەو سوودیو عەبدوڕەحمانی کوڕی زەیدی کوڕی ئەسلەم ئەڵێن : مەبەست بە مانگە حەرامەکان، ئەو چوار مانگەیە کە ئاسانکاریان تیا کراوەو دەقی (قورئان) لەسەری هاتووەوە.[1] وەك خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿فَسِيحُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ أَرۡبَعَةَ أَشۡهُرٖ﴾[2] هەتا چوار مانگ بۆتان هەیە لەم زەمینەدا بگەڕێن. واتە: ئەوانەی شەریکیان بۆ خوا داناوە. پاشان ئەفەرموێت: ﴿فَإِذَا ٱنسَلَخَ ٱلۡأَشۡهُرُ ٱلۡحُرُمُ﴾ هەر کاتێ مانگە حەرامەکان تەواو بوون. واتە: کاتێ ئەو چوار مانگە کە حەرامان کرد لێتان کە شەڕیان تێدا بکەن لەگەڵ بتپەرستانو مۆڵەتمان دان تێیدا، ﴿فَٱقۡتُلُواْ ٱلۡمُشۡرِكِينَ حَيۡثُ وَجَدتُّمُوهُمۡ﴾ ئەو بتپەرستان لە کوێوە دەستتانکەوتن بیانکوژن، واتە: لەو سەر زەمینەداو لەو ساڵەدا، بەڵام ئەوەی مەشهورە تایبەت کراوە بە حەرامکردنی شەڕ لە حەرەمدا (لەلای کەعبەی پیرۆزدا) وەك خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَلَا تُقَٰتِلُوهُمۡ عِندَ ٱلۡمَسۡجِدِ ٱلۡحَرَامِ حَتَّىٰ يُقَٰتِلُوكُمۡ فِيهِۖ فَإِن قَٰتَلُوكُمۡ فَٱقۡتُلُوهُمۡ﴾[3] لە دەوروبەری (مسجد الحرام)یشدا نابێ شەڕیان لەگەڵ بکەن، مەگەر ئەوان لەوێ شەڕتان پێ بفرۆشن، ئەگەر لەوێش شەڕیان پێ فرۆشتن، ئێوەیش بیانکوژن ﴿وَخُذُوهُمۡ﴾ بیان گرن، واتە: دیلیان کەن، ئەگەر ویستتان بیانکوژن، گەر ویستیشتان بە دیلی بیانهێڵنەوە. وە ئەفەرموێت: ﴿وَٱحۡصُرُوهُمۡ وَٱقۡعُدُواْ لَهُمۡ كُلَّ مَرۡصَدٖ﴾ بەندیان کەنو بۆسەیان بۆ بنێنەوە، واتە: هەر بەوە واز مەهێنن لە هەر کوێ وەدەستتان کەوتن، بەڵکو بچن بۆیانو لە شوێنو قەڵاکانی خۆیاندا دەوریان بدەنو کەمینیان بۆ دانێن لە ڕێگاکانیانداو ئەو شوێنانەی کە تێیدا دێنو دەچن، هەتا تەنگیان پێ هەڵدەچننو ناچاریان دەکەن بە کوشتن یان موسوڵمان دەبن. بۆیە خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿فَإِن تَابُواْ وَأَقَامُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتَوُاْ ٱلزَّكَوٰةَ فَخَلُّواْ سَبِيلَهُمۡۚ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٞ﴾ ئەگەر پەشیمان بوونەوەو بوونە نوێژکەرو زەکات دەر، ئەوسا دەستیان لێ هەڵگرن، خودا لە تاوان خۆش دەبێو دلۆڤانە. بۆیە ئەبوبەکری سدیق (ڕەزای خوای لێبێ) پشتی بەم ئایەتەو وێنەی ئەم ئایەتە بەستبوو بۆ شەڕ کردن لەگەڵ ئەوانەی زەکاتیان

[1] الطبري (١٤/١٣٦-١٣٧).

[2] التوبة (٢).

[3] البقرة (١٩١).

نەئەدا. لەو کاتەدا شەڕ کردن لەگەڵیان حەرام کرا بوو بەو مەرجەی کە ئەو کارانە بەجێبێنن، کە چوونە ناو ئیسلامو هەڵسان بە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی، وە لە سەرەوە هەتا خوار ڕێنمایی کردووە. بەڕێزترین پایەکانی ئیسلام دوای شایەتومان نوێژە، کە هەقی خودای گەورەیە پاشان زەکاتدانە، کە سوودەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هەژارانو کەم دەستان کە ئەمیش بەڕێزترین ئاکارێکە کە پەیوەندی بە خەڵکەوە هەیە، بۆیە لە زۆر شوێندا لە قورئاندا کە خودای گەورە باسی نوێژی هێناوە لەگەڵیدا باسی زەکاتیشی کردوە وەك لە هەردوو سەحیحەکەدا هاتووە لە ئیبنوعومەرەوە (ڕەزای خوایان لێبێ) لە پێغەمبەری خوداوە(ﷺ) فەرموویەتی: (فەرمانم پێدراوە کە بجەنگم لەگەڵ خەڵکیدا هەتا شایەتی ئەدەن کە جگە لە خودا هیچ پەرستراوێکی تر نیە، وە موحەممەدیش پێغەمبەری خودایە (ﷺ) نوێژ بکەنو زەکات بدەن).[1] ئەم ئایەتە ئایەتی شمشێرە (آیةالسیف) کە زەححاکی کوڕی موزاحیم لە بارەیەوە گوتویەتی: ئەم ئایەتە هەموو پەیمانێکی نەسخ کردوەتەوە کە لە نێوان پێغەمبەرو هەر بتپەرستێ لە بتپەرستان بەسترابێ بە ماوەکەیشیەوە. عەوفی ئەڵێ : لە ئیبنوعەبباسەوە لەم ئایەتەدا: بۆ هیچ بتپەرستێ لە بتپەرستان پەیمانو سایە نەماوە لەو کاتەوە ئەم ئایەتی بەرائەتە هاتوەتە خوارەوە. تەواو بوونی مانگە حەرامەکانو ماوەی ئەو کەسانە کە بتپەرست بوونو پەیمانیان بووە پێش هاتنە خوارەوەی (بەرائەت) چوار مانگ بووە. لەو ڕۆژەی کە بێزاری دەربڕین ڕاگەیەنرا هەتا دە ڕۆژی سەراپای مانگی ڕەبیعی دواین (ربیع الآخر)[2].

﴿وَإِنْ أَحَدٌ مِّنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ٱسْتَجَارَكَ فَأَجِرْهُ حَتَّىٰ يَسْمَعَ كَلَٰمَ ٱللَّهِ ثُمَّ أَبْلِغْهُ مَأْمَنَهُۥ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ قَوْمٌ لَّا يَعْلَمُونَ ﴿٦﴾﴾

کاتێ بتپەرستێك داوای پەنای کرد، پەنا ئەدرێ

خودای گەورە ئەفەرموێت بە پێغەمبەرەکەی (ﷺ): ﴿وَإِنْ أَحَدٌ مِّنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ٱسْتَجَارَكَ فَأَجِرْهُ حَتَّىٰ يَسْمَعَ كَلَٰمَ ٱللَّهِ﴾ هەر کاتێ یەکێك لە ئەو کەسانەی بتپەرستن خۆی خستە بەر پەنای تۆ پەنای بدە، با گوتەی خوا ببیسێ. واتە: ئەو بتپەرستانەی کە فەرمانم پێکردی شەڕیان لەگەڵ بکەیو خوێنو ماڵیانم بۆ حەڵاڵ کردی کە هاتن داوای پەنایان لێ کردی لێیان قبووڵ بکە با قسەی خوا ببیسێ. واتە: قورئانیان بەسەردا دەخوێنیو هەندێ باسی فەرمانی ئاینیان بۆ دەکەیت هەتا بەڵگەی خوایان بۆ دەسەلمێنی ﴿ثُمَّ أَبْلِغْهُ مَأْمَنَهُۥ﴾ ئەوسا بیگەیەنە شوێنێ کە نەترسێ، واتە: ئەو کەسە ناترسێنرێ وئەم

---

[1] فتح الباري (١/٩٥)، مسلم (١/٥٢).

[2] الطبري (١٤/١٣٣).

ئەمانەشی بەردەوام ئەبێ تا دەگەڕێتەوە وڵاتو ماڵی خۆی بێ ترس ﴿ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ قَوْمٌ لَّا يَعْلَمُونَ﴾ چونکە ئەوانە نەزانن. بۆیە ئەو دڵنیایەمان دا بەوانە هەتا ئاگاداری ئاینی خودا ببن‌و پەیامی خوا بڵاو ببێتەوە لەناو عەبدەکانیدا. ئیبنوئەبی نجیح ئەڵێ: لە موجاهیدەوە لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا: خەڵکی دێتە لات تا ئەوەی دەیڵێیت‌و ئەوەی بۆت دێتە خوارەوە بیبیسێ، ئەبێ بێترس بێت تا دێتە لات‌و قسەی خودای گوێ لێ دەبێ، وە تا دەگاتەوە ئەو شوێنەی لێوەی هاتوە ئەبێ بێترس بێ.[1] ئالێرەوەیە پێغەمبەری خودا(ﷺ) دڵنیایی ئەدا بەوانەی دەهاتنە لای‌و داوای ڕێنمایان دەکرد یان نامەیەکیان دەهێنا، وەك لە ڕۆژی حودەیبیەدا کۆمەڵێ لەو ڕەوانەکراوانەی قورەیش هاتنە لای لەوانە: عوروەی کوڕی مەسعودو مکرەزی کوڕی حەفس‌و سوهەیلی کوڕی عەمرو کەسانی تریش کە یەك لە دوای یەك دەهاتن، هاتوچۆیان دەکرد لەسەر ئەو کێشەی لە نێوان پێغەمبەرو(ﷺ) بتپەرستەکاندا هەبوو. ئەو ڕێزگرتنە مەزنەی موسوڵمانانیان بینی کە بۆ پێغەمبەری خوایان هەیە (ﷺ) چەند بەڕێز بوو لایان، کە ئەوەیان لەلای هیچ پاشاو قەیسەرێ نەبینیبوو، کاتێ گەڕانەوە بۆ ناو هۆزەکەیان، ئەو (بەسەرهاتەیان) بۆ باس کردن. ئەوەو چەندین نموونەی تریش کە گەورەترین هۆکاری شارەزا بوونی زۆرێك بوو لەئیسلامدا ، هەرلەبەرئەوەبوو کە نێرراوەکەی موسەیلەمەی درۆزن کاتێك گەیشتە پێغەمبەری خودا(ﷺ) پێی فەرموو: ئایا شایەتی ئەدەی کە موسەیلەمە نێرراوی خوایە؟ گوتی: بەڵێ، پێغەمبەری خودا فەرمووی: (لەبەر ئەوە نەبێ کە نێرراو ناکوژرێ ئەمدا لە ملت).[2] خودای گەورە لێدانی ملی بۆ سازاند لەکاتی میرنشینی ئیبنومەسعوددا لە کوفە. ئەو کابرایە پێی دەگوترا: ئیبنونەواحە، لە کاتی ئیبنومەسعوددا (کە میرنشینی کوفە بوو) لێی دەرکەوتبوو کە شایەتی ئەدا موسەیلەمە خاوەن پەیام بووە، ئیبنومەسعود ناردی بە شوێنیداو پێی گوت: تۆ ئێستا خۆ نوێنەری کەس نیت، فەرمانی بۆ دەرکردو درا لە ملی (بەر بەزەیی خوا نەکەوێ‌و لەعنەتی خوای لێبێ). مەبەستەکە لێرەدا ئەوەیە هەرکەسێ لە (دار الحرب)وە هات بۆ (دار الاسلام) (واتە: لە وڵاتی دژمنانی ئیسلامەوە هات بۆ وڵاتی موسوڵمانان) بۆ گەیاندنی پەیامێ یا بازرگانیەك یا ئاشتینامەیەك یان ئاگربەستێك یان هێنانی سەرانەیەك یا هەر شتێ لەو شێوازە بێ، داوای لە ئیمام یا جێگرەکەی کرد کە پەنای بدات، پەنای پێ ئەدرێت، لەبەر ئەوەی کە دێت‌و دەچێ لە (دار الاسلام)دا. هەتا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شوێنەی ترسی نامێنێ‌و وڵاتی خۆیەتی.

---

[1] الطبري (١٤/١٣٩).

[2] إبن هشام (٤/٢٤٧)، سەحیحە.

﴿كَيْفَ يَكُونُ لِلْمُشْرِكِينَ عَهْدٌ عِندَ اللَّهِ وَعِندَ رَسُولِهِ إِلَّا الَّذِينَ عَاهَدتُّمْ عِندَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ فَمَا اسْتَقَامُوا لَكُمْ فَاسْتَقِيمُوا لَهُمْ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُتَّقِينَ ﴿٧﴾﴾

جەختكردنەوە لەسەر بێزاری دەربڕین لە بتپەرستان

خودای گەورە باسی کارزانی خۆی دەکات لەبارەی بێزاری دەربڕینو مۆڵەت دانی بتپەرستان تا چوار مانگ، پاشان لە هەر شوێنێکدا پێیان گەیشتن بە شمشێری بڕندە بەر شمشێریان دەن وەك فەرموویەتی: ﴿كَيْفَ يَكُونُ لِلْمُشْرِكِينَ عَهْدٌ عِندَ اللَّهِ وَعِندَ رَسُولِهِ﴾ چۆن پەیمان بۆ ئەو بتپەرستانە دەبێ لای خوداو پێغەمبەرەکەی (ﷺ)؟ واتە: چۆن هەروا وازیان لێ دەهێنرێو بێترس دادەنیشن، کە ئەوانە بڕوایان بە خواو پێغەمبەرەکەی نیە، ﴿إِلَّا الَّذِينَ عَاهَدتُّمْ عِندَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ﴾ جگە لەو بتپەرستانەی هێشتا لەسەر پەیمان ماون کە پێکەوە لە لای ﴿الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ﴾دا پەیمانتان بەست. یانی: لە ڕۆژی حودەیبیەدا. وەك خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿هُمُ الَّذِينَ كَفَرُوا وَصَدُّوكُمْ عَنِ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ وَالْهَدْيَ مَعْكُوفًا أَن يَبْلُغَ مَحِلَّهُ﴾[1] هەر ئەوانە ئەو خوانەناسانە بوون کە بوونە لەمپەرو نەیانهێشت بچنە کەعبەو ڕێشیان نەدا قوربانیەکانتان (کە لەگەڵیان بوو) بگاتە شوێنی خۆی. پاشان خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿فَمَا اسْتَقَامُوا لَكُمْ فَاسْتَقِيمُوا لَهُمْ﴾ تا لەسەر پەیمانەکە مابن، ئێوە پەیمان شکێن مەبن. واتە: هەتا ئەوانە پابەند دەبن لەو پەیمانو گرێبەستەی لەگەڵتان بەستوون لە وازهێنان لە شەڕ لە نێوان ئێوەو ئەواندا بۆ ماوەی دە ساڵ ﴿إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُتَّقِينَ﴾ خودا پارێزگارانی خۆش دەوێ. پێغەمبەرو(ﷺ) موسوڵمانان وایان کرد، ئەو پەیمانو شەڕ وەستانە بەردەوام بوو لەگەڵ خەڵکی مەککەدا لە زیلحەجەی ساڵی شەشی کۆچیەوە هەتا ئەو کاتەی قورەیشیەکان پەیمانەکەیان شکاندو یارمەتی هاوپەیمانەکانیان دا کە بەنی بەکریەکان بوون لە دژی خوزاعەکاندا کە هاوپەیمانی پێغەمبەری خودا بوون (ﷺ) شەڕیان لەگەڵدا کردن لە حەرەمدا، دوای ئەوە پێغەمبەری خودا(ﷺ) غەزای کردن لە مانگی ڕەمەزانی ساڵی هەشتی کۆچیدا. خودای گەورە سەری خستنو مەککەی پیرۆزی بۆ ئازاد کردنو زاڵی کردن بەسەر بتپەرستاندا، سوپاسو ستایش هەر بۆ خوای گەورەیە. ئەوانەی کە موسوڵمان بوون دوای سەرکەوتنو زاڵ بوون بەسەریاندا، ئازادی کردن، ناونران ئازادکراوان. کە نزیکەی دوو هەزار کەس دەبوون، ئەوەیش لەسەر خوانەناسی خۆی بەردەوام بوو لە دەستی پێغەمبەری خودا(ﷺ) دەرچوونو ڕایان کرد، ناردی بە شوێنیانداو دڵنیایی پێدانو

[1] الفتح (٢٥).

ئاسانکاری بۆ کردن هەتا چوار مانگ بۆ کوێ ئارەزوویان لێیە بڕۆن. لەوانە: سەفوانی کوڕی ئومەیەو عیکرمەی کوڕی ئەبوجەهل کەسانێکی تریش بوون. پاشان خوای گەورە ڕێی نیشاندانو زۆر بە چاکی موسوڵمان بوون. هەر خودای گەورە شایستەی سوپاسو ستایشە لەسەر هەموو شتێ کە بڕیاری لەسەر ئەداو دەیکات.

﴿كَيْفَ وَإِن يَظْهَرُوا عَلَيْكُمْ لَا يَرْقُبُوا فِيكُمْ إِلًّا وَلَا ذِمَّةً يُرْضُونَكُم بِأَفْوَاهِهِمْ وَتَأْبَىٰ قُلُوبُهُمْ وَأَكْثَرُهُمْ فَاسِقُونَ ﴿٨﴾﴾

خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿كَيْفَ وَإِن يَظْهَرُوا عَلَيْكُمْ لَا يَرْقُبُوا فِيكُمْ إِلًّا وَلَا ذِمَّةً يُرْضُونَكُم بِأَفْوَاهِهِمْ وَتَأْبَىٰ قُلُوبُهُمْ وَأَكْثَرُهُمْ فَاسِقُونَ﴾ چۆن پەیمانێك، ئەوان هەرکاتێ بزانن چارت دەکەن، بەبێ ئەوەی گوێ بدەنە خزمایەتی یان پەیمان بە گژتاندا دێن، هەر بە دەم دڵخۆشتان دەکەن، بەڵام نیازی خراپیان لە دڵدایە، زۆربەیان خراپو بەدفەڕن. خودای گەورە هانی خاوەنباوەڕان ئەدات لەسەر دژایەتی کردنی بتپەرستانو بێزاری دەربڕین لێیانو بۆیان ڕووندەکاتەوە کە ئەوانە شایەنی ئەوانە نین پەیمانیان لەگەڵدا ببەسترێ لەبەر ئەوەی هاوەڵیان بۆ خودا داناوەو بڕوایان بە پێغەمبەریش نیە(ﷺ) وە ئەو بتپەرستانە هەرکاتێ دەستەڵاتیان پەیداکردبەسەرموسوڵماناندا نەخزمایەتی دەفامنونەهاوپەیمانیو چاوپۆشیتان لێناکەن، هەرچی بتوانن دەیکەنودرێغی ناکەن، عەلی کوڕی ئەبوتەلحەو عیکرمەو عەوفی ئەڵێن: لە ئیبنو عەبباسەوە(الإل) یانی: خزمایەتی(الذمة) یانی: پەیمان[1]. زەحاك وسوودیش هەر وایان گوتوە[2].

﴿اشْتَرَوْا بِآيَاتِ اللَّهِ ثَمَنًا قَلِيلًا فَصَدُّوا عَن سَبِيلِهِ ۚ إِنَّهُمْ سَاءَ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ ﴿٩﴾ لَا يَرْقُبُونَ فِي مُؤْمِنٍ إِلًّا وَلَا ذِمَّةً ۚ وَأُولَٰئِكَ هُمُ الْمُعْتَدُونَ ﴿١٠﴾ فَإِن تَابُوا وَأَقَامُوا الصَّلَاةَ وَآتَوُا الزَّكَاةَ فَإِخْوَانُكُمْ فِي الدِّينِ ۗ وَنُفَصِّلُ الْآيَاتِ لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ ﴿١١﴾﴾

خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿اشْتَرَوْا بِآيَاتِ اللَّهِ ثَمَنًا قَلِيلًا﴾ نیشانەکانی خوایان بە نرخێکی کەم فرۆشتوە. خودای گەورە لێرەدا دیسان باسی خراپیو بەدفەڕی بتپەرستان دەکاتو خاوەنباوەڕان هەڵدەنێ کە بچن بە گژیاندا، واتە: شوێن کەوتنی ئایەتەکانی خودایان گۆڕیوەتەوە بە ڕابواردنێکی کەمی بێ بەهای ژیانی دنیا، ﴿فَصَدُّوا عَن سَبِيلِهِ﴾ ئەوسا ڕێگەی خوایان بەست. واتە: بوونە ڕێگر لە

[1] الطبري (١٤/١٤٦).
[2] الطبري (١٤/١٤٧).

ڕێی خاوەن باوەڕاندا کە شوێنی هەق بکەون ﴿إِنَّهُمْ سَآءَ مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿٩﴾ لَا يَرْقُبُونَ فِى مُؤْمِنٍ إِلًّا وَلَا ذِمَّةً ۚ وَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُعْتَدُونَ﴾ ئەوانەی کاری خراپ زۆر دەکەن، لەسەر هیچ خاوەن باوەڕێك، هاوپەیمانیو خزمایەتی ڕەچاو ناکەن، ئەمانە هەر دەست درێژی پیشەیانە. ﴿فَإِن تَابُوا۟ وَأَقَامُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتَوُا۟ ٱلزَّكَوٰةَ فَإِخْوَٰنُكُمْ فِى ٱلدِّينِ ۗ وَنُفَصِّلُ ٱلْءَايَٰتِ لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ﴾ سا ئەگەر (لە بتپەرستی) وازیان هێناو نوێژیان کردو زەکاتیان دا ئیتر برای دینی ئێوەن، ئێمە ئەم نیشانانەمان بۆ خەڵکێ ڕوون دەکەینەوە کە دەیزانن.لەپێشەوەئەم ئایەتەو ئایەتەکانی پێش ئەمەشمان تەفسیرکردووە.

﴿ وَإِن نَّكَثُوٓا۟ أَيْمَٰنَهُم مِّنۢ بَعْدِ عَهْدِهِمْ وَطَعَنُوا۟ فِى دِينِكُمْ فَقَٰتِلُوٓا۟ أَئِمَّةَ ٱلْكُفْرِ ۙ إِنَّهُمْ لَآ أَيْمَٰنَ لَهُمْ لَعَلَّهُمْ يَنتَهُونَ ﴿١٢﴾﴾

پێشەوایانی خوانەناسان بێ پەیمانن

خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿ وَإِن نَّكَثُوٓا۟ أَيْمَٰنَهُم مِّنۢ بَعْدِ عَهْدِهِمْ ﴾ ئەگەر لە دوای پەیمان بەستن سوێندەکەیان هەڵوەشاندەوە. واتە: ئەگەر ئەو بتپەرستانەی کە پەیمانتان لەگەڵدا بەستوون بۆ ماوەیەکی دیاریکراو، پەیمانەکەیان شکاندو ﴿وَطَعَنُوا۟ فِى دِينِكُمْ﴾ تیرو تانەیان لە ئاینەکەتان دا، بە ناتەواوی و کەموکوڕی سەیریان کرد، لەم ئایەتەوە وەرگیراوە کە هەرکەسێ قسەی بە پێغەمبەری خودا گوت (ﷺ) یان توانجی لە ئاینی ئیسلام داو بە ناتەواوی زانی دەکوژرێ. هەر لەبەر ئەوەیە خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿فَقَٰتِلُوٓا۟ أَئِمَّةَ ٱلْكُفْرِ ۙ إِنَّهُمْ لَآ أَيْمَٰنَ لَهُمْ لَعَلَّهُمْ يَنتَهُونَ﴾ ئێوە لەگەڵ پێشەوایانی خوانەناساندا بەشەڕ بێن، ئەوانە بێ پەیمانن، بەڵکو دەستتان لێ هەڵگرن. واتە: بەڵکو واز بێنن لەو خوانەناسیو لاساریو گومڕایەی کە تێیدان و بگەڕێنەوە. قەتادەو کەسانی تریش گوتویانە: پێشەوایانی خوانەناسان وەك ئەبوجەهلو عوتبەو شەیبەو ئومەیەی کوڕی خەلەفو چەند پیاوێکی تری هەژمار کرد، ئەعمەش ئەڵێ لە زەیدی کوڕی وەهەبەوە لە حوزەیفەوەئەڵێت: ئەهلی ئەم ئایەتەپاش اتنەخوارەوەی ئەم ئایەتە کەس کەس شەڕی پێنەفرۆشتوون[1]. وە لە عەلی کوڕی ئەبوتالیبەوە ڕیوایەت کراوە (ڕەزای خوای لێبێ) هەر بەم شێوەیە. ڕاستیەکەی ئەوەیە ئەم ئایەتە گشتگیرە، هەرچەندە هۆی هاتنە خوارەوەی بتپەرستەکانی قورەیشە، بەڵام ئەوانیشو جگە لەئەوانیش دەگرێتەوە (والله أعلم)، وەلیدی کوڕی موسلم ئەڵێت : سەفوانی کوڕی عەمر بۆی باس

[1] الطبري (١٤/١٥٦).

کردین لە عەبدوڕەحمانی کوڕی جوبەیری کوڕی نوفەیرەوە: بەدڵنیاییەوە لە زەمانی ئەبوبەکردا بووین (ڕەزای خوای لێبێ)، قسەی بۆ ئەو خەڵکە دەکرد کاتێ کە ڕووەو شام ڕەوانەی دەکردن فەرموی: بێگومان بەو زوانە ئێوە دەگەنە کۆمەڵێ (زۆرلوتبەرزن)، بە شمشێرەکانتان لە شەیتانە گەورەکانیان بدەن، سوێند بە خوا پیاوێ لەوانە بکوژم پێم خۆشترە لەوەی کە حەفتا کەس لە جگە لە ئەوان بکوژم، چونکە خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿فَقَٰتِلُوٓاْ أَئِمَّةَ ٱلۡكُفۡرِ﴾ ئیبنوئەبی حاتم ڕیوایەتی کردوە.[1]

﴿ أَلَا تُقَٰتِلُونَ قَوۡمٗا نَّكَثُوٓاْ أَيۡمَٰنَهُمۡ وَهَمُّواْ بِإِخۡرَاجِ ٱلرَّسُولِ وَهُم بَدَءُوكُمۡ أَوَّلَ مَرَّةٍۚ أَتَخۡشَوۡنَهُمۡۚ فَٱللَّهُ أَحَقُّ أَن تَخۡشَوۡهُ إِن كُنتُم مُّؤۡمِنِينَ ﴿١٣﴾ قَٰتِلُوهُمۡ يُعَذِّبۡهُمُ ٱللَّهُ بِأَيۡدِيكُمۡ وَيُخۡزِهِمۡ وَيَنصُرۡكُمۡ عَلَيۡهِمۡ وَيَشۡفِ صُدُورَ قَوۡمٖ مُّؤۡمِنِينَ ﴿١٤﴾ وَيُذۡهِبۡ غَيۡظَ قُلُوبِهِمۡۗ وَيَتُوبُ ٱللَّهُ عَلَىٰ مَن يَشَآءُۗ وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ ﴿١٥﴾ ﴾

هاندان بۆ شەڕ کردن لەگەڵیان و هەندێ لە سوودەکانی

خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿ أَلَا تُقَٰتِلُونَ قَوۡمٗا نَّكَثُوٓاْ أَيۡمَٰنَهُمۡ وَهَمُّواْ بِإِخۡرَاجِ ٱلرَّسُولِ ﴾ ئایا ئێوە بە گژ خەڵکانێکدا ناچن کە لە سوێند پاشگەز بوونەتەوەو نیازیان هێناوە پێغەمبەر(ﷺ) لەناو خۆیان دەرکەن. ئەمەیش دیسان هاندان و هەڵنان و خۆشەویست کردنی بەگژدا چوونی بتپەرستانە کە لە سوێندەکەیان پاشگەز بوونەتەوەو ئەندێشەی دەرکردنی پێغەمبەریان (ﷺ) لە مەککە کەوتوەتە سەر، وەك خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿ وَإِذۡ يَمۡكُرُ بِكَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ لِيُثۡبِتُوكَ أَوۡ يَقۡتُلُوكَ أَوۡ يُخۡرِجُوكَۚ وَيَمۡكُرُونَ وَيَمۡكُرُ ٱللَّهُۖ وَٱللَّهُ خَيۡرُ ٱلۡمَٰكِرِينَ ﴾[2] بێتە بیرت ئەوسا خوانەناسەکان ویستیان فێڵێکت لێ بکەن یان بەندت کەن یان بتکوژن یان دەرت کەن، ئەوان بە (بەردەوام) فروفێڵ دەکەن، خودایش لە بەرانبەر ئەواندا پیلان دەگێڕێ، خودا چاکترین پیلان گێڕە. وە فەرمویەتی: ﴿يُخۡرِجُونَ ٱلرَّسُولَ وَإِيَّاكُمۡ أَن تُؤۡمِنُواْ بِٱللَّهِ رَبِّكُمۡ﴾[3] پێغەمبەرو ئێوە لە زێدی خۆتان دەردەکەن لەبەر ئەوەی بە خودای پەروەردگارتان بڕواتان هەیە. وە فەرموویەتی: ﴿وَإِن كَادُواْ لَيَسۡتَفِزُّونَكَ مِنَ ٱلۡأَرۡضِ

[1] إبن أبي حاتم (١٧٦١/٦).

[2] الانفال (٣٠).

[3] الممتحنة (١).

﴿لِيُخۡرِجُوكَ مِنۡهَا﴾[1] هێندەی نەمابوو ئەوانە لەو سەر زەمینە بتخەنە تەنگانەوە، تاكو لەوێدا دەرت كەن وە لێرەیشدا ئەفەرموێت: ﴿وَهُم بَدَءُوكُمۡ أَوَّلَ مَرَّةٍ﴾ دەس پێشكەریش (لەو شەڕەدا) ئەوان كردیان، ئەڵێن مەبەست بەو ڕۆژە بەدرە، كاتێ كە بتپەرستەكان دەرچوو بوون بۆ یارمەتی دانی كاروانەكەیان كە كاروانەكە ڕزگاری بوو، زانیان ڕزگاری بووە، بەڵام هەر بەردەوام بوون لەسەر ڕۆشتن بەرەو ئەو شوێنە بۆ شەڕ كردن چونكە زۆر خۆبەزلزان و ملهوڕ بوون، وەك لە پێشەوە باسی لێ كرا، وە گوتراویشە: مەبەست پێی هەڵوەشاندنەوەی پەیمانەكەیەو شەڕ كردنیانە لەگەڵ بەنی بەكری هاوپەیمانیان لە دژی خوزاعە كە هاوپەیمانی پێغەمبەری خودا بوو (ﷺ) هەتا پێغەمبەری خودا(ﷺ) لە ساڵی فەتحدا ڕۆیشت بۆیان‌و ئەوەی كە ڕوویدا ڕوویدا سوپاس‌و ستایش بۆ خودای گەورە. پاشان خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿أَتَخۡشَوۡنَهُمۡۚ فَٱللَّهُ أَحَقُّ أَن تَخۡشَوۡهُ إِن كُنتُم مُّؤۡمِنِينَ﴾ ئایا لێیان دەترسن؟ هەر خوا شایستە ترە كە لێی بترسن ئەگەر ئێوە خاوەن باوەڕن. واتە: لەوانە مەترسن لە من بترسن چونكە من شایستەی ئەوەم كە بەندەكانم بترسن لە هێزو تۆڵەم، هەموو شتێ بە دەستی منە، مەیلم لە هەر شتێ بوبێ بووەو هەرچیش مەیلم لێ نەبوبێ نەبووە، پاشان بۆ ورەبەرز كردنەوەی خاوەن باوەڕان‌و دەرخستنی كارزانی خودا خۆی لەسەر ئەو جیهادەی لەسەری فەرز كردون لەگەڵ تواناییدا بۆ لەناوبردنی دوژمنەكانی بە فەرمانێ لەلایەن خۆیەوە ئەفەرموێت: ﴿قَٰتِلُوهُمۡ يُعَذِّبۡهُمُ ٱللَّهُ بِأَيۡدِيكُمۡ وَيُخۡزِهِمۡ وَيَنصُرۡكُمۡ عَلَيۡهِمۡ وَيَشۡفِ صُدُورَ قَوۡمٖ مُّؤۡمِنِينَ﴾ ئێوە بچن بە گژیاندا، بە دەستی ئێوە ئەوان تووشی ئازار دەكات‌و ژێریان دەخات‌و سەرتان دەخات بەسەریانداو كارێ دەكات كوڵی دڵی باوەڕداران دابمركێ. ئەمە بە گشتی هەموو كۆمەڵی موسوڵمانان دەگرێتەوە. موجاهیدو سوودی‌و عیكرمە لەم ئایەتەدا: ﴿وَيَشۡفِ صُدُورَ قَوۡمٖ مُّؤۡمِنِينَ﴾ ئەڵێن: یانی: خوزاعە.[2] ﴿وَيُذۡهِبۡ غَيۡظَ قُلُوبِهِمۡ﴾ ڕقی دڵیان دادەمركێ. ئەوزەمیرەشی دیسان هەربۆئەوان گەڕاندوەتەوە لەم ئایەتەدا: ﴿وَيَتُوبُ ٱللَّهُ عَلَىٰ مَن يَشَآءُ﴾ هەركەسێ لە گوناه دەس هەڵگرێ،خواش لێی وەردەگرێ. واتە: لە عەبدەكانی. ﴿وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ﴾ خودا زانای لەكارزانە. واتە: دەزانێ چی بۆ عەبدەكانی دەشێ‌و كارزانە لە كردارو گفتارەكانیدا شەرعی، بێ یان كەونی بێ. هەرچی بوێ دەیكات‌و هەر

---

[1] الاسراء (٧٦).

[2] الطبري (١٤/١٦١).

بڕیارێکی بۆ ئەیدا، هەر خودا دادپەروەرو فەرمانڕەوایە کە هەرگیز ستەم ناکاتو بە ئەندازەی بچوکترن شت ون ناکات لەچاکەو لەخراپە. بەڵکو پاداشتی لەسەرئەداتەوە لە دنیاو لە قیامەتدا.

﴿ أَمْ حَسِبْتُمْ أَن تُتْرَكُوا۟ وَلَمَّا يَعْلَمِ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ جَٰهَدُوا۟ مِنكُمْ وَلَمْ يَتَّخِذُوا۟ مِن دُونِ ٱللَّهِ وَلَا رَسُولِهِۦ وَلَا ٱلْمُؤْمِنِينَ وَلِيجَةً ۚ وَٱللَّهُ خَبِيرٌۢ بِمَا تَعْمَلُونَ ﴿١٦﴾ ﴾

یەکێ لە پەندەکانی جەنگ تاقیکردنەوەی موسوڵمانانە

خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿ أَمْ حَسِبْتُمْ أَن تُتْرَكُوا۟ ﴾ پێتان وایە (ئەی خاوەن باوەڕان) وازتان لێ دەهێنرێو پشت گوێتان دەخەینو تاقیتان ناکەینەوە بە چەند شتێ تا خەڵکی لێبڕاوو ڕاستگۆی تێدا دەرکەوێو خەڵکی درۆزنی تیا جیا ببێتەوە؟ بۆیە فەرموویەتی: ﴿وَلَمَّا يَعْلَمِ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ جَٰهَدُوا۟ مِنكُمْ وَلَمْ يَتَّخِذُوا۟ مِن دُونِ ٱللَّهِ وَلَا رَسُولِهِۦ وَلَا ٱلْمُؤْمِنِينَ وَلِيجَةً ﴾ خودایش لەوانەی لە ئێوە چوونە غەزا، جگە لە خوداو پێغەمبەرو خاوەنباوەڕان هیچ کەسێ هاوڕازیان نەبووە، ﴿وَلِيجَةً ﴾ هاوڕازو جێ نهێنی. بەڵکو ئەوانە بە ئاشکراو بە نهێنی دڵسۆزی خوداو پێغەمبەرەکەی بوون (ﷺ) لێرەدا بە باسی ڕاستگۆیان وازی لە ئەو بەشەکەی تر هێناوە. خودای گەورە لە ئایەتی تردا فەرموویەتی: ﴿ أَحَسِبَ ٱلنَّاسُ أَن يُتْرَكُوٓا۟ أَن يَقُولُوٓا۟ ءَامَنَّا وَهُمْ لَا يُفْتَنُونَ ﴿٢﴾ وَلَقَدْ فَتَنَّا ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ ۖ فَلَيَعْلَمَنَّ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ صَدَقُوا۟ وَلَيَعْلَمَنَّ ٱلْكَٰذِبِينَ ﴾[1] ئاخۆ مەردم لایان وایە هەر کە بڵێن: باوەڕمان هێناوە، ئیتر وازیان لێ دەهێنرێ تووشی هیچ تاقیکردنەوەیەك نابن؟ ئێمە ئەوانەی پێش ئەوانیشمان تاقی کردوەتەوە، بێگومانە خودا ئەوانەی کە ڕاستیان گوت، ئەوانەش کە درۆزنن، دیاری دەکات. وە فەرموویەتی: ﴿أَمْ حَسِبْتُمْ أَن تَدْخُلُوا۟ ٱلْجَنَّةَ وَلَمَّا يَعْلَمِ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ جَٰهَدُوا۟ مِنكُمْ وَيَعْلَمَ ٱلصَّٰبِرِينَ ﴾[2] ئایا ئێوە لاتان وایە هەر وا دەچنە بەهەشت؟ کەچی هێشتا خودا خەباتکارانو خۆڕاگرانی ئێوەی دیاری نەکردوە. وە فەرموویەتی: ﴿مَّا كَانَ ٱللَّهُ لِيَذَرَ ٱلْمُؤْمِنِينَ عَلَىٰ مَآ أَنتُمْ عَلَيْهِ حَتَّىٰ يَمِيزَ ٱلْخَبِيثَ مِنَ ٱلطَّيِّبِ ﴾[3] خودا هیچ کاتێ باوەڕدارانی لە بارودۆخێکدا (وا ئێوە تێیدا) نەهێشتوەتەوە مەگەر لەبەر ئەوەی ناپاکان لە پاکان جیا بکاتەوە. پوختەی باسەکە ئەوەیە، کاتێ کە خودای گەورە جیهادی فەرز کردوە لەسەر عەبدەکانی، ئاشکرای

[1] العنكبوت (٢-٣).

[2] آل عمران (١٤٢).

[3] آل عمران (١٧٩).

کردوە کە لەبەر ئەوەیە عەبدەکانی خۆی تاقی بکاتەوە تا دەرکەوێ کێ گوێڕایەڵی دەکاتو کێش گوێڕایەڵی ناکات، دیارە خودای گەورە ئاگادارە لەوەی بووەو لەوەی نەبووە، ئەگەر بووە چۆن بووەو دەبێ. ئەو شتە دەزانێ پێش بوونیو لەگەڵ بوونیشیدا چی بەسەردێ. هیچ پەرستراوێ نیە جگە لەو وە هیچ پەروەردگارێك نیە جگە لەو، هەر شتێکی بڕیار داو مۆری کرد هیچ کەسێ ناتوانێ بیگێڕێتەوە.

﴿ مَا كَانَ لِلْمُشْرِكِينَ أَن يَعْمُرُوا مَسَٰجِدَ ٱللَّهِ شَٰهِدِينَ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِم بِٱلْكُفْرِ ۚ أُولَٰٓئِكَ حَبِطَتْ أَعْمَٰلُهُمْ وَفِى ٱلنَّارِ هُمْ خَٰلِدُونَ ﴿١٧﴾ إِنَّمَا يَعْمُرُ مَسَٰجِدَ ٱللَّهِ مَنْ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ وَأَقَامَ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتَى ٱلزَّكَوٰةَ وَلَمْ يَخْشَ إِلَّا ٱللَّهَ ۖ فَعَسَىٰٓ أُولَٰٓئِكَ أَن يَكُونُوا مِنَ ٱلْمُهْتَدِينَ ﴿١٨﴾ ﴾

بتپەرستان مزگەوتەکانی خودا ئاوەدان ناکەنەوە

خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿ مَا كَانَ لِلْمُشْرِكِينَ أَن يَعْمُرُوا مَسَٰجِدَ ٱللَّهِ شَٰهِدِينَ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِم بِٱلْكُفْرِ ﴾ ئاوەدان کردنەوەی مزگەوتی خودا بۆ بتپەرستان نەشیاوە، خۆیان دەڵێن: خوا ناناسن خودای گەورە ئەفەرموێت شتێکی نەگونجاوە کە بتپەرستان مزگەوتەکانی خودا ئاوەدان بکەنەوە کە لەسەر یەکتاپەرستی دروس کراوەو شەریکی نیە، ئەو کەسەی (مَسْجِدَاللهِ) خوێندویەتەوە مەبەست پێی کەعبەی پیرۆزە (المسجد الحرام) کە بەڕێزترین مزگەوتە لەسەر زەمیندا، کەلە یەکەمین ڕۆژەوە دروس کراوە بۆ خواپەرستی، ئەو خودایەی کە تەنیایەو شەرکی نیە ئەم مزگەوتە ئیبراهیمی خەلیل دروستی کرد، خوانەناسان خۆیان شایەتیان لەسەر خۆیان داوەو بە کردارو گفتاریان دەریان بڕیوە. سوودیئەڵێ: ئەگەر پرسیارت کردبێ لە گاورێ کامەیە ئاینت؟ گوتویەتی: نەسرانیم. وە ئەگەر پرسیارت کردبێ لە جوولەکەیە کامەیە ئاینت؟ گوتویەتی: جوولەکەم. وە ئەگەر لە سابئیەکت پرسیبێ کامەیە ئاینەکەت؟ گوتویەتی: سابئەم. وە لە بتپەرستێکت پرسیێ گوتویەتی: بت پەرستم.[1] ﴿أُولَٰٓئِكَ حَبِطَتْ أَعْمَٰلُهُمْ ﴾ ئەوانە هەرچی دەکەن (بەهۆی ئەو بتپەرستیەوە) بەفیڕۆ دەچێ، هەتا سەر لەناو ئاگردا دەبن. وەك خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَمَا لَهُمْ أَلَّا يُعَذِّبَهُمُ ٱللَّهُ وَهُمْ يَصُدُّونَ عَنِ ٱلْمَسْجِدِ ٱلْحَرَامِ وَمَا كَانُوٓا أَوْلِيَآءَهُۥٓ ۚ إِنْ أَوْلِيَآؤُهُۥٓ إِلَّا ٱلْمُتَّقُونَ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لَا يَعْلَمُونَ ﴾[2] خودا چۆن ئازاریان نەدا، کە ئەوانە ڕێگەی (مَسْجِدَ الحرام)یان لە زیارەتکەران گرتوەو، شایەنی ئەوەیش نین خاوەنی بن؟ خاوەنی دەبێ هەر ئەوانە بن کە ترسی خوایان هەیە، بەڵام زۆربەیان نەزانن.

---

[1] الطبري (١٦٥/١٤).

[2] الانفال (٣٤).

خەڵکی خاوەنباوەڕ، ئەوان مزگەوتەکان ئاوەدان دەکەنەوە

بۆیەخودای گەورەفەرموویەتی:﴿إِنَّمَا يَعْمُرُ مَسَٰجِدَ ٱللَّهِ مَنْ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ﴾ هەر ئەوانە بۆیان هەیە مزگەوتی خوا ئاوا بکەن کە باوەڕیان بە خواو بە ڕۆژی دوایی هەیە. خودای گەورە شایەتی بڕوای داوە بۆ ئەوانەی کە مزگەوتەکان ئاوەدان دەکەنەوە، خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿إِنَّمَا يَعْمُرُ مَسَٰجِدَ ٱللَّهِ مَنْ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ﴾ تیرمیزیو ئیبنومەردەوەیهی و حاکمیش لە موستەدرەکەکەیدا ڕیوایەتیان کردوە.[1] عەبدوڕەزاقیش ڕیوایەتی کردوە لەعەمری کوڕی مەیمونی ئەودیەوە ئەڵێ: گەیشتم بە هاوەڵەکانی پێغەمبەر(ﷺ) دەیانگوت: بەڕاستی مزگەوتەکان ماڵی خودان لەسەر زەمیندا، هەقیشە لەسەر خودا کە ڕێز لەو کەسانە بگرێ زیارەتیان دەکەن. ﴿وَأَقَامَ ٱلصَّلَوٰةَ﴾ وە نوێژەکانی بەجێهێنابێ، واتە: ئەو نوێژانەی کە گەورەترین عیبادەتی لاشەن. ﴿وَءَاتَى ٱلزَّكَوٰةَ﴾ زەکاتیان داوە، کە بەڕێزترین کردارێکە بۆ چاکەکردن لەگەڵ خەڵکیدا، ﴿وَلَمْ يَخْشَ إِلَّا ٱللَّهَ﴾ ترسیان لە هیچ کەسێ نیە (لە خوا نەبێ) واتە: لە خوا نەبێ لە هیچ کەسێ ناترسن ﴿فَعَسَىٰٓ أُو۟لَٰٓئِكَ أَن يَكُونُوا۟ مِنَ ٱلْمُهْتَدِينَ﴾ لەوانەیەئەمانە لە ڕێ شارەزاکان بن. عەلی کوڕی ئەبوتەلحە ئەڵێ لە ئیبنوعەبباسەوە لەم ئایەتەدا: ﴿إِنَّمَا يَعْمُرُ مَسَٰجِدَ ٱللَّهِ مَنْ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ﴾ ئەو کەسەی کە خودا بەتەنها دەزانێو بڕوای بە ڕۆژی دوایی هێناوە، بڕوای بووە بەوەی خودا ڕەوانەی کردوەتە خوارەوە ﴿وَأَقَامَ ٱلصَّلَوٰةَ﴾ نوێژی کردوەو یانی: پێنج نوێژەکەی کردوە ﴿وَلَمْ يَخْشَ إِلَّا ٱللَّهَ﴾ لە خوا نەبێ لە هیچ کەسێ نەترساوە، واتە: جگە لە خودا کەسی تری نەپەرستوە. پاشان ئەڵێ: ﴿فَعَسَىٰٓ أُو۟لَٰٓئِكَ أَن يَكُونُوا۟ مِنَ ٱلْمُهْتَدِينَ﴾ خودای گەورە ئەفەرموێت هەر ئەوانە لە ڕیزەی ڕزگارانن. وەك فەرموویەتی بە پێغەمبەرەکەی(ﷺ): ﴿عَسَىٰٓ أَن يَبْعَثَكَ رَبُّكَ مَقَامًا مَّحْمُودًا﴾[2] بەلکو پەروەردگاری تۆ بتنێرێتە جێگایەکی پەسەند کراو. کە ئەو شوێنە جێی تکا کردن (الشفاعة)ە. هەموو (عسی)ایەك لە قورئاندا هەر دەبێ بێتە دی[3].

---

[1] تحفة الاحوذي (٣٦٥/٧)، الحاكم (٢١٢/١).

[2] الاسراء (٧٩).

[3] الطبري (١٦٧/١٤).

﴿أَجَعَلْتُمْ سِقَايَةَ الْحَاجِّ وَعِمَارَةَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ كَمَنْ ءَامَنَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ وَجَٰهَدَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ لَا
يَسْتَوُۥنَ عِندَ اللَّهِ وَاللَّهُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّٰلِمِينَ ﴿١٩﴾ الَّذِينَ ءَامَنُوا وَهَاجَرُوا وَجَٰهَدُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ بِأَمْوَٰلِهِمْ
وَأَنفُسِهِمْ أَعْظَمُ دَرَجَةً عِندَ اللَّهِ وَأُولَٰٓئِكَ هُمُ الْفَآئِزُونَ ﴿٢٠﴾ يُبَشِّرُهُمْ رَبُّهُم بِرَحْمَةٍ مِّنْهُ وَرِضْوَٰنٍ وَجَنَّٰتٍ لَّهُمْ
فِيهَا نَعِيمٌ مُّقِيمٌ ﴿٢١﴾ خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدًا إِنَّ اللَّهَ عِندَهُۥٓ أَجْرٌ عَظِيمٌ ﴿٢٢﴾﴾

ئاو بەخشینەوە بە حاجیەکان و ئاوەدانکردنەوەی ماڵی خودا(کەعبەی پیرۆز)لە بەرانبەر بڕواو جیهاد دا ڕاناوەستن

خودای گەورە ئەفەرمویت: ﴿أَجَعَلْتُمْ سِقَايَةَ الْحَاجِّ وَعِمَارَةَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ كَمَنْ ءَامَنَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ وَجَٰهَدَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ لَا يَسْتَوُۥنَ عِندَ اللَّهِ وَاللَّهُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّٰلِمِينَ﴾ ئاو بە حەجاج بەخشینەوەو سەرپەرشتی ماڵی خودا(کەعبەی پیرۆز) لاتان وایە لەگەڵ کاری ئەو کەسانەی بۆ خودا چوونەتە غەزاو بڕوایان هەیە بە خوداو ڕۆژی قیامەت وەك یەکن؟ لەلای خودا وەك یەك نین، خودا کۆمەڵی ناهەقیکاران ناخاتە سەر ڕاستە ڕێگە. عەوفی لە تەفسیرەکەیدا لە ئیبنوعەبباسەوە لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا دەڵێت: بتپەرستەکان ئەڵێن: سەرپەرشتی ماڵی خوداو ئاو بەخشینەوە بە حاجیان چاکترە لەوانەی کە بڕوایان هێناوەو جیهاد دەکەن، ئەوانە شانازیان بە ماڵی خوداوە دەکردو خۆیان پێوەی هەڵدەبڕی لەبەر ئەوەی خۆیان بە شایستەو سەرپەرشتیکەری دەزانی. خودای گەورەیش باسی خۆبەزلزانیو سەرپێچی ئەو بتپەرستانەی خەڵکی حەرەمی کردوەو فەرموویەتی:

﴿قَدْ كَانَتْ ءَايَٰتِي تُتْلَىٰ عَلَيْكُمْ فَكُنتُمْ عَلَىٰٓ أَعْقَٰبِكُمْ تَنكِصُونَ ﴿٦٦﴾ مُسْتَكْبِرِينَ بِهِۦ سَٰمِرًا تَهْجُرُونَ﴾[1]

نیشانەکانی ئێمەتان بەسەردا دەخوێنرایەوە هەمووتان پێ دزەتان بوو، خۆتان زۆر بە زلدەزانیو لە شەونشینی خۆتاندا، قسەی پڕوپوچو بێ ماناتان دەکرد، بەرانبەر بە قورئانو پێغەمبەر(ﷺ) خودای گەورەیش ڕێزی بڕواهێنانو جیهاد کردنی لەگەڵ پێغەمبەردا (ﷺ)دا بەسەر ئەوانەدا سەرپەرشتی کەعبەی پیرۆزو ئاو بەخشینیان ئەکرد لە بتپەرستان و پێی ڕاگەیاندن کە ئەو کارەیان هیچ سودێکیان پێ ناگەیەنێ لەلای خودا لەگەڵ ئەو شەریك دانانەیان بۆی. با سەرپەرشتی ماڵەکەی ئەویش بکەنو ئاویش بە حاجیان بدەن! خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿لَا يَسْتَوُۥنَ عِندَ اللَّهِ وَاللَّهُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّٰلِمِينَ﴾ وەك یەك نین لای خودا، خودا کۆمەڵی ستەمکاران ناخاتە سەر ڕاستە ڕێ. واتە: خودای گەورە ئەوانەی خۆیان بە شایستەی سەرپەرشتی کردنی ماڵی خودا زانیوە، ناوی بە ستەمکار هێناون

---

[1] المؤمنون (٦٦ـ٦٧).

لەبەر ئەوەی بتپەرست بوون، ئەو سەرپەرشتی کردنە هیچ سودێکیان پێ ناگەیەنێ.[1] عەلی کوڕی ئەبوتەلحە لە ئیبنوعەبباسەوە لە تەفسیری ئەم ئایەتەدائەڵێ: ئەم ئایەتە لەسەر عەبباسی کوڕی عەبدولمەتەللب هاتە خوارەوە کاتێ لە ڕۆژی بەدردا بە دیل گیرا،بەموسڵمانەکانی ووت: ئەگەر ئێوە پێش ئێمەکەوتن لە موسوڵمان بوون و کۆچ کردن و جیهادا،ئەوەئێمەش سەرپەرشتی ماڵی خودامان دەکردو ئاومان ئەدا بە حاجیان و بەندمان ئازاد دەکرد. خودای گەورەیش فەرمووی: ﴿أَجَعَلْتُمْ سِقَايَةَ الْحَاجِّ﴾ هەتا دەگاتە: ﴿وَاللَّهُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ﴾ واتە: ئەو شتانە کردوتانە هەمووی لە کاتی بتپەرستیدا بووە. هەر شتێ لە کاتی بت پەرستیدا کردوتانە لێتان وەرناگرم،[2] زەححاک ئەڵێ: موسوڵمانان چوونە لای عەبباس و هاوەڵەکانی ئەوانەی کە بە دیل گیرابوون لە ڕۆژی بەدردا، تانەو تەشەریان لێ ئەدان لەسەر ئەوەی کە بتپەرست بوو، عەبباسیش گوتی: سوێند بە خوا ئێمە سەرپەرشتی ماڵی خودامان دەکردو بەندەمان ئازاد دەکردو کەعبەمان دادەپۆشی و ئاومان ئەدا بە حاجیەکان. خودای گەورە ئەم ئایەتەی ناردە خوارەوە: ﴿أَجَعَلْتُمْ سِقَايَةَ الْحَاجِّ﴾[3] لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا فەرموودەیەکی مەرفوع هاتوە پێویستە لێرەدا باس بکرێ. عەبدوڕەزاق ڕیوایەتی کردوە لە نوعمانی کوڕی بەشیرەوە (ڕەزای خوای لێبێ) کە پیاوێك گوتی: گوێم لێ نیە هەر کارێکی تر نەکەم دوای موسوڵمان بوونم ئەوە نەبێ کە سەرپەرشتی ماڵی خودا بکەم. یەکێکی تر گوتی: جیهاد لە ڕێی خوادا چاکترە لەوەی کە گوتتان، عومەر (ڕەزای خوای لێبێ) سەرزەنشتی کردن و گوتی: لەلای مینبەری پێغەمبەری خوادا (ﷺ) دەنگتان بەرز مەکەنەوە، ئەو ڕۆژە ڕۆژی هەینی بوو، بەڵام کە نوێژی هەینیمان کرد چووینە لای پێغەمبەرو لێمان پرسی، ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە: ﴿أَجَعَلْتُمْ سِقَايَةَ الْحَاجِّ وَعِمَارَةَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ﴾ هەتا دەگاتە: ﴿لَا يَسْتَوُونَ عِندَ اللَّهِ﴾.[4] پاشان خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿الَّذِينَ آمَنُوا وَهَاجَرُوا وَجَاهَدُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ بِأَمْوَالِهِمْ وَأَنفُسِهِمْ أَعْظَمُ دَرَجَةً عِندَ اللَّهِ ۚ وَأُولَٰئِكَ هُمُ الْفَائِزُونَ ﴿٢٠﴾ يُبَشِّرُهُمْ رَبُّهُم بِرَحْمَةٍ مِّنْهُ وَرِضْوَانٍ وَجَنَّاتٍ لَّهُمْ فِيهَا نَعِيمٌ مُّقِيمٌ ﴿٢١﴾ خَالِدِينَ فِيهَا أَبَدًا ۚ إِنَّ اللَّهَ عِندَهُ أَجْرٌ عَظِيمٌ﴾ ئەوانەی باوەڕیان هێناوەو تووشی ئاوارەیی بوون و بۆ خودا چوونە غەزا دەستیان لە ماڵ و گیانی خۆیان هەڵگرتوە، لای خودا زۆر لە پێشترن و بە ئاواتی خۆیان دەگەن،

---

[1] الطبري (١٤/١٧٠).

[2] الطبري (١٤/١٧٠).

[3] الطبري (١٤/١٧٢).

[4] مسلم (١٨٧٩)، عبدالرزاق (٢/٢٦٨).

پەروەردگاریان مژدەی بەزەیی‌و ڕەزای خۆی‌و باغاتی وایان پێدەدات کە لەوێدا خۆشی تاهەتاییان دەبێ، هەتا سەر هەر لەوێ دەبن. خودا پاداشتی زۆر گەورەی لەلا هەیە.

﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تَتَّخِذُوٓا۟ ءَابَآءَكُمْ وَإِخْوَٰنَكُمْ أَوْلِيَآءَ إِنِ ٱسْتَحَبُّوا۟ ٱلْكُفْرَ عَلَى ٱلْإِيمَـٰنِ ۚ وَمَن يَتَوَلَّهُم مِّنكُمْ فَأُو۟لَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّـٰلِمُونَ ﴿٢٣﴾ قُلْ إِن كَانَ ءَابَآؤُكُمْ وَأَبْنَآؤُكُمْ وَإِخْوَٰنُكُمْ وَأَزْوَٰجُكُمْ وَعَشِيرَتُكُمْ وَأَمْوَٰلٌ ٱقْتَرَفْتُمُوهَا وَتِجَـٰرَةٌ تَخْشَوْنَ كَسَادَهَا وَمَسَـٰكِنُ تَرْضَوْنَهَآ أَحَبَّ إِلَيْكُم مِّنَ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَجِهَادٍ فِى سَبِيلِهِۦ فَتَرَبَّصُوا۟ حَتَّىٰ يَأْتِىَ ٱللَّهُ بِأَمْرِهِۦ ۗ وَٱللَّهُ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلْفَـٰسِقِينَ ﴿٢٤﴾ ﴾

فەرماندان بە وازهێنان لە دۆستایەتی بتپەرستان با کەس‌و کاریش بن

خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تَتَّخِذُوٓا۟ ءَابَآءَكُمْ وَإِخْوَٰنَكُمْ أَوْلِيَآءَ إِنِ ٱسْتَحَبُّوا۟ ٱلْكُفْرَ عَلَى ٱلْإِيمَـٰنِ ۚ وَمَن يَتَوَلَّهُم مِّنكُمْ فَأُو۟لَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّـٰلِمُونَ ﴾ ئەی گرۆی خاوەن باوەڕان، ئەگەر باب‌و برای ئێوە لایان وابوو بێباوەڕی لە باوەڕهێنان باشترە، ئێوە نزیکیان مەکەون‌و خۆشتان نەوێن، هەر کەسێ لە ئێوە خۆشی بوێن، دیارە ستەمکارە. خودای گەورە فەرمانی داوە بە دوورەپەرێزی لەو کەسانەی بڕوایان پێی نیە، با ئەو کەسانەش باوك‌و برا بن. قەدەغەیشی کردوە لە نزیك بوونەوە لێیان کاتێ کە ڕێزی خوانەناسیان دا بەسەر خواناسیدا، هەڕەشەیشی کردووە لەو کەسانەی کاری وا دەکەن، وەك فەرموویەتی: ﴿لَّا تَجِدُ قَوْمًا يُؤْمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْـَٔاخِرِ يُوَآدُّونَ مَنْ حَآدَّ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَلَوْ كَانُوٓا۟ ءَابَآءَهُمْ أَوْ أَبْنَآءَهُمْ أَوْ إِخْوَٰنَهُمْ أَوْ عَشِيرَتَهُمْ ۚ أُو۟لَـٰٓئِكَ كَتَبَ فِى قُلُوبِهِمُ ٱلْإِيمَـٰنَ وَأَيَّدَهُم بِرُوحٍ مِّنْهُ ۖ وَيُدْخِلُهُمْ جَنَّـٰتٍ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَـٰرُ خَـٰلِدِينَ فِيهَا﴾[1] تۆ دەستت ناکەوێ ئەوانەی باوەڕیان هەیە بە خوداو بە ڕۆژی دوایی، ببنە دۆستی ئەو کەسانەی پێچەوانەی خوداو پێغەمەرەی خودان، با ئەگەر باوکیشیان یان فەرزەندیان یان برایان یان لە هۆزەکەی خۆیان بن، کە ئەمانە خودا بڕوای لە دڵیان جێگیر کردوە بە هێزێکی تایبەتی خۆی یارمەتی داون دەیانانێرێتە باغاتێك جۆباریان بەبەردا دەڕواو هەتا سەر هەر لەوێ دەبن. حافیزی بەیهەقی ڕیوایەتی کردوە لە فەرموودەکەی عەبدوڵڵای کوڕی شەوزەبەوە ئەڵێ: لە ڕۆژی بەدردا باوکی ئەبوعوبەیدەی کوڕی جەڕڕاح وەسفی بتەکانی دەکرد، ئەبوعوبەیدە خۆی لە باوکی لائەدا، کاتێ کە جەڕڕاح زۆر هەڵێئەدا بەبتەکانیاندا، ئەبوعوبەیدەش ڕووی تێکردو باوکی خۆی کوشت، خودای گەورەش ئەم ئایەتەی لەسەر ئەو ناردە خوارەوە: ﴿لَّا تَجِدُ قَوْمًا يُؤْمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْـَٔاخِرِ يُوَآدُّونَ مَنْ حَآدَّ ٱللَّهَ

---

[1] المجادلة (٢٢).

وَرَسُولَهُۥ﴾.[1] پاشان خودای گەورە فەرمانی دا بە پێغەمبەرەکەی کە هەڕەشە بکات لەو کەسانەی کە ڕێزی کەس و کارو عەشیرەتەکەی ئەدا بەسەر خوداو پێغەمبەرەکەی و جیهاد کردن لە ڕێی خواداو فەرموویەتی: ﴿قُلۡ إِن كَانَ ءَابَآؤُكُمۡ وَأَبۡنَآؤُكُمۡ وَإِخۡوَٰنُكُمۡ وَأَزۡوَٰجُكُمۡ وَعَشِيرَتُكُمۡ وَأَمۡوَٰلٌ ٱقۡتَرَفۡتُمُوهَا﴾ بڵێ: (ئەی موحەممەد(ﷺ)) ئەگەر باب و کوڕو ژن و خزمەکانتان و ئەو ماڵەی پەیداتان کردوە ﴿وَتِجَٰرَةٌ تَخۡشَوۡنَ كَسَادَهَا وَمَسَٰكِنُ تَرۡضَوۡنَهَآ﴾ یان کەل و پەلی بازرگانی (دەترسن برەوی نەمێنێ)و خانوبەرەی باش و دڵخۆشکەرەی خۆتان ﴿أَحَبَّ إِلَيۡكُم مِّنَ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَجِهَادٖ فِي سَبِيلِهِۦ﴾ پێ لە خواو پێغەمبەرەکەی و غەزا کردن لە ڕێی خوادا گرنگ ترە، ﴿فَتَرَبَّصُواْ﴾ چاوەڕوان بن، کە خودا چیتان بەسەر دێنێ و تووشی چ بەڵاو سزایەکتان دەکات بۆیە خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿حَتَّىٰ يَأۡتِيَ ٱللَّهُ بِأَمۡرِهِۦۗ وَٱللَّهُ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلۡفَٰسِقِينَ﴾ تا فەرمان لە خوداوە دێ، ئەوانەی لە ڕێ لادەرن، خودا شارەزایان ناکات. ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردوە لە زوهرەی کوڕی مەعبەدەوە ئەمیش لەباپیریەوە ئەڵێ: ئێمە لەگەڵ پێغەمبەری خودا بوین (ﷺ) کە دەستی عومەری کوڕی خەتابی گرتبوو، (عومەر) گوتی: سوێند بە خوا تۆ ئەی پێغەمبەری خودا خۆشەویست تری لەلام لە هەموو شتێ جگە لە گیانی خۆم، پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: (هیچ کەسێ لە ئێوە بڕوای نیە هەتا من خۆشەویست تر دەبم لەلای لە گیانی خۆیشی) عومەر گوتی: سوێند بە خوا ئێستا لەلام لە گیانی خۆم خۆشەویست تری، پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: (ئا ئێستا ئەی عومەر).[2] بوخاری بە تەنیا ئەم فەرموودەی هێناوە.[3] ئیمامی ئەحمەدو ئەبوداودیش ڕیوایەتیان کردووە، وتەکە هی ئیمامی ئەحمەدە لە ئیبنوعومەرەوە ئەڵێ: گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو(ﷺ) ئەیفەرموو: (کاتێ کڕین و فرۆشتنتان کرد بە ماڵ و سامانەکەتانەوەو دەستتان گرت بە کلکی مانگاوەو (ڕازی بوون بە کشتوکاڵ کردن)و وازتان لە جیهاد کردن هێنا، خودا سەرشۆڕیەکتان بەسەردا دێنێ، لای نابات تا دەگەڕێنەوە بۆ ئاینەکەتان)[4].

---

[1] البيهقي (٩/٢٧)، فەرموودەیەکی لاوازە.

[2] أحمد (٤/٣٣٦)، سەحیحە.

[3] فتح الباري (١١/٥٣٢).

[4] أحمد (٢/٤٢)، أبوداود (٣٤٦٢)، فەرموودەیەکی باشە (جيد).

﴿ لَقَدْ نَصَرَكُمُ ٱللَّهُ فِى مَوَاطِنَ كَثِيرَةٍ وَيَوْمَ حُنَيْنٍ إِذْ أَعْجَبَتْكُمْ كَثْرَتُكُمْ فَلَمْ تُغْنِ
عَنكُمْ شَيْـًٔا وَضَاقَتْ عَلَيْكُمُ ٱلْأَرْضُ بِمَا رَحُبَتْ ثُمَّ وَلَّيْتُم مُّدْبِرِينَ ﴿٢٥﴾ ثُمَّ أَنزَلَ ٱللَّهُ
سَكِينَتَهُۥ عَلَىٰ رَسُولِهِۦ وَعَلَى ٱلْمُؤْمِنِينَ وَأَنزَلَ جُنُودًا لَّمْ تَرَوْهَا وَعَذَّبَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ وَذَٰلِكَ جَزَآءُ
ٱلْكَٰفِرِينَ ﴿٢٦﴾ ثُمَّ يَتُوبُ ٱللَّهُ مِنۢ بَعْدِ ذَٰلِكَ عَلَىٰ مَن يَشَآءُ وَٱللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٢٧﴾ ﴾

سەرکەوتن تەنیا بە یارمەتی خودایە

خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿ لَقَدْ نَصَرَكُمُ ٱللَّهُ فِى مَوَاطِنَ كَثِيرَةٍ وَيَوْمَ حُنَيْنٍ إِذْ أَعْجَبَتْكُمْ كَثْرَتُكُمْ فَلَمْ تُغْنِ عَنكُمْ شَيْـًٔا وَضَاقَتْ عَلَيْكُمُ ٱلْأَرْضُ بِمَا رَحُبَتْ ثُمَّ وَلَّيْتُم مُّدْبِرِينَ ﴾ خودا لە زۆر شوێندا هات بە هاناتانەوە، ڕۆژی حونەینیش هەروەها، کە هەرچەندە بە زۆری خۆتاندا دەنازین کەچی هیچ سوودی پێ نەگەیاندن. ئەو زەمینە فراوانەتان لێ تەنگ هەڵات، لە دواییدا هەموو پاشەکشەتان کردو بەرەو دوا گەڕانەوە. ئیبنوجورەیج ئەڵێ: لە موجاهیدەوە: ئەم ئایەتە یەکەم ئایەت بوو لە سورەتی بەرائەتدا کە خودای گەورە باسی ڕێزو چاکەی خۆی بکات لەگەڵ خاوەنباوەڕاندا، کە لە زۆر شوێندا لە غەزاکانیاندا لەگەڵ پێغەمبەرەکەیدا (ﷺ) سەری خستوون، ئەوەیش بە یارمەتیو پشتگیریو بڕیاری خۆی بووە، نەك بە زۆری ئەوانو کەرەسەی جەنگی ئەوانەوە. ئاگاداریشی کردوون کە سەرکەوتن تەنیا لەلایەن ئەوەوەیەو ئیتر با ئەوان زۆر بووبن یان کەم. چونکە لە ڕۆژی حونەیندا زۆر بە زۆری خۆیاندا دەنازین کەچی ئەو زۆرییەیان هیچ سودێکی پێ نەگەیاندنو هەموو ڕایان کردو بەرەو دوا گەڕانەوە جگە لە چەند کەسێك لەگەڵ پێغەمبەری خودا(ﷺ) مانەوە. پاشان خودا یارمەتیو پشتگیری خۆی نارد بۆ پێغەمبەرەکەیو ئەو خاوەنباوەڕانەی کە لەگەڵی بوون، ئەگەر خودا مەیلی لێبێ بە درێژی باسی ئەمە دەکەین،ئەم باسەش بۆ ئەوەیە ئاگاداریان بکات کە سەرکەوتنو کۆمەکی تەنیا لەلایەن خودا خۆیەوەدێت، با ژمارەیش کەم بێ. چەند کۆمەڵی کەم سەرکەوتن بەسەر کۆمەڵی زۆردا بە ئیزنی خودا بێگومان خودا لەگەڵ خۆڕاگراندایە.

ڕووداوی غەزای حونەین

ڕوداوی حونەین لە شەوالی ساڵی هەشتەمی کۆچیدا بوو، دوای ئازادکردنی مەککە، کاتێ پێغەمبەری خودا(ﷺ) سەرکەوتنی مەککەی بەدەست هێناو کاروبارەکانی ڕێکخستو زۆرینەی خەڵکەکەی موسوڵمان بوونو پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئازادی کردن، هەواڵیان دایە کە هەوازن خۆیان کۆ کردوەتەوە بۆی تا شەڕی لەگەڵدا بکەن، کە سەرکردەکەیان مالکی کوڕی عەوفی نەزری بوو کە هەموو

سەقیفی لەگەڵدا بوو، وە بەنی جەشیمو بەنی سەعدی کوڕی بەکرو هەندێ لە بەنی هیلالیشی لەگەڵدا بوو کە زۆر نەبوون وە کۆمەڵێ لە بەنی عەمری کوڕی عامیرو عەوفی کوڕی عامیریش، کە ئامادە بوون و ماڵو منداڵو خێزانو بزن و مەڕەکانیشیان لەگەڵ خۆیان هێنا بوو، واتە: هەرچیان هەبوو لەگەڵ خۆیاندا هێنابوویان. پێغەمبەری خودا(ﷺ) ڕۆشت بۆیان بەو سوپایەی کە لەگەڵیدا بوو لە فەتحی مەککەدا کە پێکهاتبوو لە دە هەزار کەس لە کۆچەری و ئەنساریەکان و هۆزەکانی عەرەب و ئەوانەیش لە خەڵکی مەککە کە ئازاد کابوون و موسوڵمان بوو بوون دوو هەزار کەسێ دەبوون، بەرەو دوژمن بردنی لە شیوێکدا بە یەك گەیشتن پێی دەگوترا حونەین (حنين) ئەو شوێنەی کە ڕووداوەکە ڕوویدا تێیدا لە بەرەبەیاندا بەرەو شیوەکە شۆڕ بوونەوە کە هەوازن بۆسەیان بۆ نابونەوە تێیدا، کاتێ کە چوونە ئەو شوێنە لێیان ڕاپەڕین و تیر بارانیان کردن و شمشێریان لێ هەڵکیشان و هەموو بە یەك دەست لێیان دان، بەو شێوەی کە سەرکردەکەیان فەرمانی پێدابوون ئا لەو کاتەدا موسوڵمانەکان پاشەکشەیان کردو بەرەو دوا گەڕانەوە، وەك خودای گەورە فەرموویەتی پێغەمبەری خودا(ﷺ) خۆی ڕاگرت کە لەو کاتەدا سواری ئەسپەکەی کەناوی شەهباء بوو، بەرەو ناخی دوژمن هەڵمەتی ئەدا، عەبباس لەگەڵی بوو دەستی گرتبوو بە ئاوزەنگی لای ڕاستیەوە، ئەبوسوفیانی کوڕی حاریسی کوڕی عەبدولموتەلیب دەستی گرتبوو بە ئاوزەنگی لای چەپیەوەو ئەسپەکەیان بارگران کرد هەتا تاونەداتەخۆی، پێغەمبەر(ﷺ) بە دەنگی بەرز بانگی دەکردو داوای لە موسوڵمانان دەکرد کە بگەڕێنەوەو ئەیفەرموو: (وەرن بۆ لام عەبدەکانی خوا، من پێغەمبەری خودام) وە لەو کاتەدا ئەیفەرموو: (أنا النبي لا كذب، أنا إبن عبدالمطلب (واتە:من پێغەمبەرمو درۆ نیەو من کوڕی عەبدولموتەلیبم)). نزیکەی سەد کەسێ لە هاوەڵەکانی خۆیان ڕاگرت لەگەڵی، هەندێ دەڵێن هەشتا کەس، لەوانە ئەبوبەکرو عومەر (ڕەزای خوایان لێبێ) وە عەبباس و عەلی و فەزلی کوڕی عەبباس و ئەبوسوفیانی کوڕی حارس و ئەیمەنی کوڕی ئومونەیمەن و ئوسامەی کوڕی زەیدو کەسانێکی تریش (ڕەزای خوایان لێبێ) پاشان پێغەمبەر(ﷺ) فەرمانی دا بە عەبباسی مامی کە کەسێکی دەنگ بەرز بوو، کە بە هەموو دەنگی بانگ بکات و (بڵێ): ئەی هاوەڵانی درەختەکە! یان درەختی بەیعەت و ڕیزوان کە موسوڵمانە کۆچەری و ئەنساریەکان لە ژێریدا پەیمانیان دا کە هەرگیز لە لای ڕانەکەن و بەجێی نەهێڵن، بەردەوام عەبباس بانگی دەکردن و (دەیگوت): ئەی هاوەڵەکانی سەموره! جارێکیش دەیگوت: ئەی هاوەڵانی سورەتی بەقەرە،وایکرد هاوەڵەکانیش دەیانگوت: ئەوا هاتین ئامادەین، خەڵکەکە لار بوونەوەو بەرەو پێغەمبەری خودا(ﷺ) گەڕانەوە هەتا وای لێ هاتبوو کەسێك ئەگەر وشترەکەی بە گوێی نەکردایە وازی لێ دەهێناو قەڵغانەکەی لەبەر دەکردو بەجێی دەهێشت و بەرەلای دەکردو خۆی دەگەیاندەوە بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) کاتێ هەندێکیان گەڕانەوە لای پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمانی پێکردن کە بە توندی پەلامار بدەن، مشتێ

له خۆڵی هەڵگرت و پاش ئەوەی له پەروەردگاری پاڕایەوە کە یارمەتی بدات، پاشان فەرمووی: (ئەی خودایە ئەو بەڵێنەی کە پێتدام بۆم بهێنەدی) پاشان ئەو خۆڵەی بەرەو خەڵکە کافرەکە هاوێشت، هیچ کەسێ نەبوو لەوانە لەو خۆڵە نەچێتە چاوی و دەمی، بەڕادەیەك ئەوەندە سەرقاڵی ئەکرد نەیئەتوانی شەڕ بکات، پاشان تێشکان و ڕایان کرد، موسوڵمانان شوێنیان کەوتن و بە دوایانەوە بوون و لێیان ئەکوشتن و بە دیلیان دەگرتن، هەر کەسێ کە دەگەڕایەوە کۆمەڵێ دیلی دەهێنایە لای پێغەمبەری خودا(ﷺ). لە هەردوو سەحیحەکەدا هاتوە لە فەرموودەکەی شوعبەوە. لە ئیبنوئیسحاقەوە، لە بەرای کوڕی عازیبەوە (ڕەزای خوای لێبێ) کە پیاوێ پێی گوت: ئەی ئەبوعەمارە، ئایا لە پێغەمبەری خودا ڕاتان کرد ڕۆژی حونەین؟ گوتی: بەڵام پێغەمبەری خودا(ﷺ) ڕای نەکرد! بێگومان هەوازن گەلێکی تیر ئەنداز بوون، کاتێ ڕووبەڕوویان بوینەوە و پەلامارمان دان شکان و هەڵاتن، خەڵکەکە سەریان کردە غەنیمەت کۆ کردنەوە، ئەوانیش بە تیر هاتن پێماندا و خەڵکەکە هەڵاتن، بەڕاستی من پێغەمبەری خودام (ﷺ) بینی کە ئەبوسوفیانی کوڕی حارس جڵەوی ئەسپە سپیەکەی پێغەمبەری گرتبوو، پێغەمبەر(ﷺ) ئەیفەرموو: (أنا النبي لا كذب، أنا بن عبدالمطلب)[1] منیش دەڵێم: ئەمە ئەوپەڕی بوێری و ئازایەتیە، کە پێغەمبەر(ﷺ) ئا لەو ڕۆژەداو لەو گەرمەی شەڕەدا کە سوپاکەی بەجێیان هێشت، پێغەمبەریش (ﷺ) لەگەڵ ئەوەیشدا سواری ئەسپێ بوو کە زۆر بە هەڵمەت نەبوو بە کاری پەلاماردان و زوو گەڕانەوە و ڕاکردن نەدەهات، کەچی لەگەڵ ئەمەیشدا هەر بەرەو ڕوویان غاری ئەداو بە ناوی خۆی بانگی دەکرد بۆ ئەوەی هەر کەسێ نایناسێ چاك بیناسێ (سەڵات وسەلامی خوای لەسەر بێ بەردەوام و تا ڕۆژی قیامەت) ئەمانەش هەموو نیشانەی متمانەو پشت بەستنی بووە بە خوداو شارەزایی بووە بەوەی کە خودا هەر سەری دەخات، ئەوەی ڕەوانەی کردوە پێی تەواوی دەکات و ئاینەکەی خۆی سەردەخات بەسەر ئاینەکانی تردا، هەر بۆیە خودای گەورە فەرموویەتی:

﴿ ثُمَّ أَنزَلَ ٱللَّهُ سَكِينَتَهُۥ عَلَىٰ رَسُولِهِۦ وَعَلَى ٱلۡمُؤۡمِنِينَ وَأَنزَلَ جُنُودًا لَّمۡ تَرَوۡهَا وَعَذَّبَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْۚ وَذَٰلِكَ جَزَآءُ ٱلۡكَٰفِرِينَ ﴾ پاشان خودا دڵنیایی بۆ پێغەمبەرەکەی خۆیی و بڕواداران ناردو زوو لەشکری دابەزاند کە (چاوت پێیان نەدەکەوت) خوانەناسانی سزا داو سزای خوانەناسەکان هەر ئەمەیە. مەبەست بەو لەشکرە فریشتەکانە. وەك ئیبنوجەریر گوتویەتی: قاسم بۆی باس کردین گوتی: حەسەنی کوڕی عەرەفە بۆی باس کردین گوتی: موعتەمەری کوڕی سولەیمان لە عەوفەوە بۆی گێڕاینەوە کە کوڕی ئەبوجەمیلەی ئەعرابیە ئەڵێت: گوێم لە عەبدوڕەحمان بوو کە کۆیلەی کوڕی بەرسەن بوو ئەیووت: پیاوێ کە لەگەڵ بتپەرستەکاندا بوو لە ڕۆژی حونەیندا گوتی: کاتێ ئێمەو

---

[1] فتح الباري (٨١/٦)، مسلم (١٤٠١/٣).

هاوەڵەکانی پێغەمبەری خودا(ﷺ) گەیشتن بە یەك لە ڕۆژی حونەیندا، تەنیا ساتێ لە بەرماندا نەوەستان، ئەڵێ: کاتێ کە چاومان پێیان کەوت بە شوێنەکەی خۆیاندا ڕاومان نان هەتا گەیشتینە خاوەن ئەسپە سپیەکە، کە ئەو کەسە پێغەمبەری خودا بوو (ﷺ)ئەڵێ: لەلای ئەودا چەند پیاوێکی سپی دەم‌و چاو جوان ڕووبەڕوومان بوونەوە پێیان گوتین ڕوو ڕەشەکان بگەڕێنەوە.ئەڵێ: ڕامان کردو سواری ملمان بوون‌و ئەوەمان بەسەرهات[١] کەبەسەرمان هات پاشان خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿ثُمَّ يَتُوبُ ٱللَّهُ مِنۢ بَعۡدِ ذَٰلِكَ عَلَىٰ مَن يَشَآءُۗ وَٱللَّهُ غَفُورٞ رَّحِيمٞ﴾ لە دوای ئەوەیش هەر کەسێ خودا مەیلی لێبێ تەوبەی لێ قەبوڵ دەکات‌و خودا لێبوردەو دلۆڤانە. خودای گەورە تەوبەی لەو هەوازینانەی تر قەبوڵ کرد کە مابونەوە، موسوڵمان بوون‌و بە موسوڵمانی هاتن بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) خۆیان گەیاندێ لە نزیکی مەککە لە جەعرانە ئەوەیش دوای بیست ڕۆژ لە ڕووداوی حونەین. لەو کاتەدا پێغەمبەر(ﷺ) سەرپشکی کردن لە نێوان وەرگرتنەوەی دیلەکان‌و ماڵەکانیاندا، ئەوانیش دیلەکانیان هەڵبژارد کە شەش هەزار دیل بوون، لە ژن‌و منداڵ، پێغەمبەریش پێی دانەوە، ماڵەکانیشی دابەش کرد بەسەر جەنگاوەراندا. وە هەندێ لەو کەسانەی کە لە مەککە ئازاد کرابوون لەو دەسکەوتانە بەشی چاکی دانێ، بۆ ئەوەی دڵیان لەسەر ئیسلام باش ڕابێت، هەر کەسەیان سەد وشتری دایە، یەکێ لەو کەسانەی کە سەد وشتری دایە مالکی کوڕی عەوفی نەزری بوو کردیەوە بە سەرۆکی هۆزەکەی وەك لەوەو پێش. مالیك دەستی کرد بە وەسف کردنی پێغەمبەر(ﷺ) بەو هۆنراوەی کە تێیدا دەڵێ:

ما إن رأيت و لا سمعتُ بمثله — في الناس كلهم بمثل محمد

أوفى و أعطى للجزيل إذا إجتدى — و متى تشأ يُخبرك عماني غد

واتە: نەمدیوەو نەمبیستوە لەناو هەموو خەڵکیدا لە وێنەی موحەممەد(ﷺ) ئەوەندە بەوەفاو بەخشندە بێ کاتێ لە کاتی بەخشینی شتی زۆر بە نرخدا، وە هەر کاتێکیش حەزکەی هەواڵی ئەو شتانەت پێ بدات لە پاشەڕۆژدا ڕوو ئەدەن.

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِنَّمَا ٱلۡمُشۡرِكُونَ نَجَسٞ فَلَا يَقۡرَبُواْ ٱلۡمَسۡجِدَ ٱلۡحَرَامَ بَعۡدَ عَامِهِمۡ هَٰذَاۚ وَإِنۡ خِفۡتُمۡ عَيۡلَةٗ فَسَوۡفَ يُغۡنِيكُمُ ٱللَّهُ مِن فَضۡلِهِۦٓ إِن شَآءَۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمٌ حَكِيمٞ ﴿٢٨﴾ قَٰتِلُواْ ٱلَّذِينَ لَا يُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَلَا بِٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِ وَلَا يُحَرِّمُونَ مَا حَرَّمَ ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥ وَلَا يَدِينُونَ دِينَ ٱلۡحَقِّ مِنَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ حَتَّىٰ يُعۡطُواْ ٱلۡجِزۡيَةَ عَن يَدٖ وَهُمۡ صَٰغِرُونَ ﴿٢٩﴾﴾

---

[١] الطبري (١٤/١٨٦).

قەدەغە کردنی بتپەرستان لە چوونە ناو کەعبەی پیرۆز (المسجد الحرام)

خودای گەورە فەرمانی داوە بەو خاوەن باوەڕە پاکو ئاین پاکانە کە ڕێگە نەدەن بەو بتپەرستە ئاین ناپاکانە کە بچنە ناو کەعبەی پیرۆز، وە بە هیچ شێوەیەك دوای ئەم ساڵە نزیکی ئەوماڵە نەکەونەوە پاش هاتنە خوارەوەی ئەم ئایەتە، کاتی هاتنە خوارەوەی ئەم ئایەتەیش لە ساڵی نۆهەمدا بووە، هەر بۆیە پێغەمبەری خودا(ﷺ) عەلی نارد بە هاوڕێیەتی ئەبوبەکر (ڕەزای خوایان لێبێ) لەو ساڵەداو فەرمانی دایە کە بانگەواز بکات لەناو بتپەرستەکاندا: کە دوای ئەم ساڵە بتپەرستان نابێ حەج بکەنو کەسیش بە دەوری کەعبەدا بە ڕووتی تەواف ناکات. خودای گەورە ئەو بڕیارەی داوەو فەرمانی پێکردوە، عەبدوڕەزاق ڕیوایەتی کردوە لە جابیری کوڕی عەبدوڵلاوە لەم ئایەتەدا: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِنَّمَا ٱلۡمُشۡرِكُونَ نَجَسٞ فَلَا يَقۡرَبُواْ ٱلۡمَسۡجِدَ ٱلۡحَرَامَ بَعۡدَ عَامِهِمۡ هَٰذَاۚ﴾ ئەی کۆمەڵی خاوەنباوەڕان ئەو کەسانەی شەریك بۆ خوا دادەنێن ناپاکن، نابێ (دوای ئەمساڵ) لە (مسجد الحرام) خۆ نزیك کەنەوە. ئەو کەسانە نەبێت کە بەندەن یان ئەهلی زیممەن[1] ئەبوعەمری ئەوزاعی ئەڵێت: عومەری کوڕی عەبدولعەزیز نووسی: کە نەهێڵن گاورو جوولەکە بچنە ناو مزگەوتی موسوڵمانان بۆ ئەم قەدەغە کردنەیشم شوێن ئەم ئایەتە ئەکەوم کە خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿إِنَّمَا ٱلۡمُشۡرِكُونَ نَجَسٞ﴾ عەتایش ئەڵێ: حەرەم هەمووی هەر مزگەوتە بەپێی ئەم ئایەتە کە خودا فەرموویەتی: ﴿فَلَا يَقۡرَبُواْ ٱلۡمَسۡجِدَ ٱلۡحَرَامَ بَعۡدَ عَامِهِمۡ هَٰذَاۚ﴾ وە ئەم ئایەتە پیرۆزەیش بەڵگەیە لەسەر (پیسی) بتپەرست وەك چۆن بەڵگەیە لەسەر پاکی خاوەنباوەڕ، وە لە فەرموودەی سەحیحیشدا هاتووە: (خاوەنباوەڕ (پیس) نابێ).[2] پاشان خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَإِنۡ خِفۡتُمۡ عَيۡلَةٗ فَسَوۡفَ يُغۡنِيكُمُ ٱللَّهُ مِن فَضۡلِهِۦٓ إِن شَآءَۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمٌ حَكِيمٞ ﴾ ئەگەر لە هەژاریش ترسان خوا بیەوێ لە چاکەی خۆی هەمووتان بێنیاز دەکات خودا زانای کارزانە. موحەممەدی کوڕی ئیسحاق ئەڵێ: ئەمە لەو کاتەدا بوو کە خەڵکی ئەیانووت: بازاڕمان لێ دەبڕیو بازرگانیمان لەناو دەچێ، ئەوەی کە بەدەستمان دەهێنا لە بازاڕدا لەو پێویستیانە لە دەستمان دەچێو نامێنێ. ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە کە ئەفەرموێت: ﴿وَإِنۡ خِفۡتُمۡ عَيۡلَةٗ فَسَوۡفَ يُغۡنِيكُمُ ٱللَّهُ مِن فَضۡلِهِۦٓ ﴾ واتە: خودا لە ڕێگای ترەوە جگە لەو ڕێگایە دەرووتان لێ دەکاتەوە ﴿إِن شَآءَ﴾ ئەگەر مەیلی لێبێ. هەتا دەگاتە: ﴿وَهُمۡ صَٰغِرُونَ﴾ واتە: ئەمە لە

---

[1] عبدالرزاق (٢/٢٧١).

[2] فتح الباري (٣/١٥٠).

جێی ئەو ترسەتان بوو لەزمانی ئەو ڕۆژیەی لە بازارەکاندا بە دەستتان دەهێنا، خودای گەورە لە جێی ئەوە لەبازاڕەکانی برِی لە کاتی بتپەرستیدا بەمە قەرەبووی بۆ کردنەوەو سەرانەی خستە سەر ئەهلی کتێب.[1] هەر بەم شێوەیە ڕیوایەت کراوە لە ئیبنوعەبباس‌و موجاهیدو عیکرمەو سەعیدی کوڕی جوبەیرو قەتادەو زەحەاك‌و کەسانی تریشەوە ﴿إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمٌ﴾ واتە: خودا دەزانێ چی بۆ ئێوە چاکە ﴿حَكِيمٌ﴾ کارزانە لەبارەی ئەوەی فەرمانی پێدەکات‌و بەوەیش کە قەدەغەی دەکات، چونکە خودا کردارو گفتاری ڕێك‌و تەواوە دادپەروەرە لە وەدیهێنان‌و بریارداندا‌و پاك‌و بێ عەیبە، هەر بۆیە پاداشتی دانەوە بەو سەرانە کە لە ئەهلی زیممەیان وەردەگرت لەباتی ئەو ماڵەی کە لە پێشدا دەستیان دەکەوت.

هاندان لەسەر جەنگ کردن لەگەڵ ئەهلی کتێبدا تاسەرانە بدەن

خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿قَـٰتِلُوا۟ ٱلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِٱللَّهِ وَلَا بِٱلْيَوْمِ ٱلْـَٔاخِرِ وَلَا يُحَرِّمُونَ مَا حَرَّمَ ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥ وَلَا يَدِينُونَ دِينَ ٱلْحَقِّ مِنَ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَـٰبَ حَتَّىٰ يُعْطُوا۟ ٱلْجِزْيَةَ عَن يَدٍ وَهُمْ صَـٰغِرُونَ﴾ لەگەڵ ئەوانەدا بجەنگن کە بە خوداو ڕۆژی دوایی باوەڕ ناکەن‌و هەرچی خوداو پێغەمبەری خودا بە ناڕەوایان زانیوە، ئەمان بە ناڕەوای نازانن، نایەنە سەر دینی ڕاستیش، تا ئەو کاتەی بە زەلیلی‌و بە دەستی خۆ سەرانەی خۆیان بە ئێوە ئەدەن. ئەوانە لە ڕاستیدا وەك چۆن بروایان نەبوو بە موحەممەد(ﷺ) باوەڕێکی تەواویشیان بە هیچ پێغەمبەرێکی ترو بەوەیش کە پێی هاتبوون نەمابوو، بەڵکو شوێن هەواو هەوەس‌و باب‌و باپیرانی خۆیان کەوتبوون، لەو کارانەدا کە پێی هەڵدەسان، نەك لەبەر ئەوەی شەرع‌و دینی خودایە، چونکە ئەگەر ئەوانە بڕوایان بوایە بەوەی لەبەر دەستتاندایە بە چاکی‌و ڕاستی، ئەوە پاڵی پێوەدەنان بۆ بڕوا هێنان بە موحەممەد(ﷺ)، چونکە گشت پێغەمبەران مژدەیان داوە پێی‌و فەرمانیشیان داوە بە شوێن کەوتوەکانیان پێی، کاتێ کە هات بڕوایان پێ نەکرد، کە بەڕێزترین پێغەمبەر بووە (ﷺ) ئەوانە پابەند نەبوون بە شەرعی پێغەمبەرە پێشینەکانەوە لەبەر ئەوەی لەلایەن خوداوە ڕەوانە کراون، بەڵکو لەبەر هەواو ئارەزوی خۆیان بووە، بۆیە ئەو باوەڕەیان بە پێغەمبەرانی تر هیچ سودێکیان پێ ناگەیەنێ، چونکە ئەوان بڕوایان نەهێناوە بە گەورەترین‌و بەڕێزترین و تەواوترین و کۆتاترین پێغەمبەریان (واتە موحەممەد(ﷺ)) بۆیە خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿قَـٰتِلُوا۟ ٱلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِٱللَّهِ وَلَا بِٱلْيَوْمِ ٱلْـَٔاخِرِ وَلَا يُحَرِّمُونَ مَا حَرَّمَ ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥ وَلَا يَدِينُونَ دِينَ ٱلْحَقِّ مِنَ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَـٰبَ﴾ ئەم ئایەتە لەسەرەتادا هات بۆ شەڕ

---

[1] الطبري (١٤/١٩٧).

کردن لەگەڵ ئەهلی کتێبدا، دوای ئەوەی بتپەرستان بەرەو کزیو لاوازی دەچوونو خەڵکی پۆل پۆل دەهاتنە ناو ئاینی ئیسلام، دورگەی عەرەبی بەرەو ئاسایش دەڕۆشت، پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمانی جەنگی دا لەگەڵ ئەهلی کتێبدا کە گاورو جولەکەکان بوون، ئەمەیش لە ساڵی نۆی کۆچیدا بوو، بۆیە پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئامادەکاری کرد بۆ شەڕ کردن لەگەڵ ڕۆمەکاندا، خەڵکی بانگ کرد بۆ ئەو جەنگەو بۆی ڕوون کردنەوەو ناردی بە شوێن ئەو عەرەبانەی دەوری مەدینەیشدا هاتنە لایو لەگەڵ جەنگاوەرەکانی تردا کۆ بوونەوە نزیکەی (٣٠) سی هەزار جەنگاوەر دەبوون، هەندێ لە خەڵکی مەدینەو دەوروبەری لە دووڕووەکانی جگەلە ئەوانیش دواکەوتنو ئامادە نەبوون، ئەمەیش لە ساڵێکی قاتو قڕیو زۆر گەرمدا بوو، پێغەمبەری خودا(ﷺ) دەیویست بەرەو شام بڕوا بۆ شەڕ کردن لەگەڵ ڕۆمەکاندا، گەیشتە تەبوکو لەوێ دابەزیو نزیکەی (٢٠) بیست ڕۆژ لەسەر ئاوەکەی مایەوە، پاشان لە خودای گەورە پاڕایەوە (ئیستیخارەی کرد) بۆ گەڕانەوەو ئەو ساڵە گەڕایەوە لەبەر ناڕەحەتی ژیانو لاوازی ئەو خەڵکە. وەك لە دوایدا خوا مەیلی لێبێ باسی دێت.

سەرانە نیشانەی زەلیلیو خوانەناسیە

خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿حَتَّىٰ يُعْطُوا الْجِزْيَةَ عَن يَدٍ وَهُمْ صَاغِرُونَ﴾ تا بە زەلیلی بە دەستی خۆیان سەرانە ئەدەن، واتە: سەرشۆڕیو بێ دەستەڵاتیو بێ ڕێزیو سوکو ڕسوایی بە چاوی خۆیان دەبینن بۆیە ڕێزگرتنی ئەهلی زیمەو بەرز کردنەوەیان بەسەر موسوڵماناندا دروست نیە، بەڵکو ئەوانە زەلیلو بەدبەختو بێ ڕێزن، وەك لە سەحیحی موسلیمدا هاتوە لە ئەبوهورەیرەوە (ڕەزای خوای لێبێ) کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (دەست پێشخەری مەکەن لە سڵاو کردندا لەگەڵ گاورو جوولەکەدا، وە گەر گەیشتن بە کەسێکیان لەناو ڕێگەدا ناچاری تەنگ ترین شوێنی بکەن)[1] بۆیە گەورەی موسوڵمانان عومەری کوڕی خەتتاب (ڕەزای خوای لێبێ) ئەو خاڵە بەناوبانگانەی کرد بە مەرج بەسەریانەوە بۆ زەلیل کردنو بە کەم سەیر کردنو ڕسوا کردنیان، وەك پێشەواو حافیزەکان ڕیوایەتیان کردوە لە ڕیوایەتی عەبدوڕەحمانی کوڕی غەنەمی ئەشعەریەوە،ئەڵێ: نووسیم بۆ عومەری کوڕی خەتتاب کاتێ کە ڕێکەوت لەگەڵ گاورەکانی شامدا: (بسم الله الرحمن الرحيم) ئەمە نوسراوێکە بۆعەبدی خوداوە عومەری کوڕی خەتتاب گەورەی موسوڵمانان نووسراوە، لە گاورەکانی شاری فلانو فلانەوە، ئێوە کاتێ هاتن بۆمان ئێمە داوای پارێزگاریمان لێکردن لە خۆمانو ماڵو منداڵو خەڵکی میللەتەکەمان. بەو مەرجەی ئێمەیش لە شارەکەمانو دەوروبەریدا نە دێرو نە کڵێسای تازە دروس نەکەینو شوێنو پەرستگای قەشەیش دروس نەکەین، هەرچیش ڕووخا بوو چاکی نەکەینەوە، ئەوانەش

---

[1] مسلم (١٧٠٧/٤).

کە لەناو سنوری موسوڵماناندا هەبوون چاکیان نەکەینەوە، کڵێسەکانمان قەدەغە نەکەین لە کەسێ لە موسوڵمانان بچێتە ناوی نە لە شەو نە لە ڕۆژداو دەرگاکانیش فراوان بکەین بۆ ڕێبوارو ئەوانەی هاتوچۆی پیادەکەن، وە هەرکەسێ لە موسوڵمانان هات بەلاماندا دایبەزێنین‌و سێ ڕۆژی خواردەمەنی بدەینێ، وە لە کڵێساو ماڵەکانماندا سیخوڕ دانّدە نەدەین‌و ناپاکی لە موسوڵمانان نەشارینەوەو منداڵەکانمان فێری قورئان نەکەین‌و شەریك دانان بۆ خودا دەرنەخەین‌و کەسیشی بۆ بانگ نەکەین، بەرگری لە کەس‌و کارمان نەکەین کە بچنە ناو ئاینی ئیسلام ئەگەر مەیلیان لێی بوو، وە ڕێز لە موسوڵمانان بگرین، وە لەبەریان هەڵسین لە شوێنی کۆبونەوەماندا ئەگەر ویستیان دانیشن، وە لە هیچ جل‌و بەرگێکیاندا وەکو ئەوان نەبین لە پۆشاکی سەرو مێزەرداو لە نەعل‌وداهێنان و جیا کردنەوەی قژدا، وەك ئەوان قسە نەکەین، بە وێنەی ئەوان (کونیە) نەنێین لەخۆمان، سواری زین نەبین‌و شمشێر نەکەینە ملمان‌و هیچ جۆرە چەکێ بەکارنەهێنین‌و لەگەڵ خۆمان هەڵی نەگرین، ئەنگوستیلەکانمان بە عەرەبی هەڵنەکۆڵین‌و ئارەق نەفرۆشین، پێشی سەرمان هەڵپاچین‌و لە هەر کوێیەك بووین جل‌و بەرگی خۆمان لەبەر کەین، پشتوێن ببەستین لە پشتمان‌و خاچیش لەسەر کلیساکانمان دانەنێین، وە لە هیچ ڕێگاو بازاڕێکی موسوڵماناندا خاچ‌و کتێبەکانمان دەرناخەین‌و لە کڵێساکانماندا زەنگ بەدەنگی بەرز لێنادەین وەلەکاتی خوێندنەوەماندا لەکڵێساکانماندا دەنگ بەرز ناکەینەوە، کاتێك کە موسوڵمانان لەوێ بن . دەرنەچین بۆ نوێژی یەك شەممەمان‌و نوێژی جەژنی فوسح‌و دەنگمان بەرز نەکەینەوە لەگەڵ مردوەکانمانداو ئاگریان لەگەڵدا دەرنەخەین لە هیچ ڕێگاو بازاڕێکی موسوڵمانانداو مردووەکانمان لەنزیك قەبرسانی موسڵمانانەوە نەینێژن ، ئەو بەندانە نەکڕین کە کەوتوونەتە پشکی موسڵمانانەوە ،پێویستە ڕێنمایی موسوڵمانانیش بکەین‌و لە ماڵەکانی خۆیاندا بۆیان نەڕوانین،ئەڵێ: کاتێ کە چوومە لای عومەر بە نووسراوەکەوە ئەوەی تیا زیاد کرد: لە هیچ موسوڵمانێکیش نەدەین،ئێمە ئەمانەمان بە مەرج داناوە لەسەر خۆمان‌و میلەتەکەمان لەبەرانبەر ئێوەدا ، لەسەر ئەمەیش ئەو پاراستنەمان قەبوڵ کردوە، ئەگەر ئێمە نکوڵیمان لە شتێکدا کرد لەو مەرجانە کە بەڵێنمان پێتان داوەو بڕیارمان داوە کە جێبەجێی کەین،ئەمە پەنامان بۆ نیە، بۆتان ڕەوایە ئەوەی لەگەڵ خەڵکی دوژمن‌و خراپەکاراندا ڕەوایە بیکەن لەگەڵ ئێمەیشدا بیکەن[1].

﴿ وَقَالَتِ ٱلْيَهُودُ عُزَيْرٌ ٱبْنُ ٱللَّهِ وَقَالَتِ ٱلنَّصَـٰرَى ٱلْمَسِيحُ ٱبْنُ ٱللَّهِ ذَٰلِكَ قَوْلُهُم
بِأَفْوَٰهِهِمْ يُضَـٰهِـُٔونَ قَوْلَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مِن قَبْلُ قَـٰتَلَهُمُ ٱللَّهُ أَنَّىٰ يُؤْفَكُونَ ﴿٣٠﴾

[1] المحلى (٧/٣٤٦).

﴿ ٱتَّخَذُوٓاْ أَحۡبَارَهُمۡ وَرُهۡبَٰنَهُمۡ أَرۡبَابٗا مِّن دُونِ ٱللَّهِ وَٱلۡمَسِيحَ ٱبۡنَ مَرۡيَمَ وَمَآ أُمِرُوٓاْ إِلَّا لِيَعۡبُدُوٓاْ إِلَٰهٗا وَٰحِدٗاۖ لَّآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۚ سُبۡحَٰنَهُۥ عَمَّا يُشۡرِكُونَ (٣١) ﴾

هاوەڵدانانی گاورو جوولەکەو خوانەناسیەکەیان بووە هۆی ئەوەی شەڕیان لەگەڵدا بکرێت

خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿ وَقَالَتِ ٱلۡيَهُودُ عُزَيۡرٌ ٱبۡنُ ٱللَّهِ وَقَالَتِ ٱلنَّصَٰرَى ٱلۡمَسِيحُ ٱبۡنُ ٱللَّهِ﴾ جوولەکەکان گوتیان: عوزەیر کوڕی خوایە، فەلەکانیش گوتیان: مەسیح کوڕی خودایە، لێرەدا خودای گەورە خاوەن باوەڕان هەڵدەنێ لەسەر شەڕ کردن لەگەڵ بتپەرستە خوانەناسەکانی جوولەکەو گاور لەسەر ئەو قسە ناشرینو درۆ گەورەیان کە هەڵیان بەستبوو بە دەم خودای گەورەوە، ئەوەبوو جوولەکەکان لەبارەی عوزەیرەوە دەیانگوت: (کە عوزەیر کوڕی خودایە) خودای گەورە لەوەی ئەوان گوتویانە دوورەو پاکو بێگەردە، گومڕایی گاورەکانیش دیارو ئاشکرایە، بۆیە خودای گەورە هەردوو دەستەکەی بە درۆ خستوەتەوە ﴿ذَٰلِكَ قَوۡلُهُم بِأَفۡوَٰهِهِمۡ﴾ ئەو قسانەی ئەوان دەیڵێن، واتە: هیچ بەڵگەیەکیان بە دەستەوە نیە لەوەی کە دەیڵێن جگە لە درۆ هەڵبەستنو دەستکردی خۆیان. ﴿يُضَٰهِـُٔونَ قَوۡلَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِن قَبۡلُ﴾ وێنەی قسەی خوانەناسانی پێشوون ﴿قَٰتَلَهُمُ ٱللَّهُۚ أَنَّىٰ يُؤۡفَكُونَ﴾ خوا بیان کوژێ چۆن لە هەق لادەدەن، ئەو گەلانەی کە گومڕا بوون وەك ئەمانەی کە گومڕان ﴿قَٰتَلَهُمُ ٱللَّهُ﴾ ئیبنوعەبباس گوتی: لەعنەتی خوایان لێبێ، ﴿أَنَّىٰ يُؤۡفَكُونَ﴾ چۆن لە ڕێگەی هەق لائەدەن کە ڕوونو ئاشکرایەو بەرەو گومڕایی دەچن؟ پاشان خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿ ٱتَّخَذُوٓاْ أَحۡبَارَهُمۡ وَرُهۡبَٰنَهُمۡ أَرۡبَابٗا مِّن دُونِ ٱللَّهِ وَٱلۡمَسِيحَ ٱبۡنَ مَرۡيَمَ﴾ لە جێی خودا زاناو خواناسەکانی خۆیانو مەسیحی کوڕی مەریەمیان کردە خودا، ئیمامی ئەحمەدو تیرمیزیو ئیبنوجەریر لە چەند ڕێگاوە ڕیوایەتیان کردوە لە عەدی کوڕی حاتەمەوە (ڕەزای خوای لێبێ)ئەڵێ: کاتێ کە بانگەوازی پێغەمبەری خودای پێ گەیشت، رایکرد بۆ شام، کە سەردەمی نەفامی بوو بوو بە گاور، خوشکەکەیو دەستەیە لە خزمانی بە دیل گیران، پاشان پێغەمبەری خودا ڕێزی لەخوشکەکەی گرتو ئازادی کردو گەڕایەوە بۆ لای براکەیو داوای لێ کرد کە موسوڵمان ببێو بچێ بۆ خزمەتی پێغەمبەری خودا(ﷺ) عەدی ڕۆشت بۆ مەدینە، عەدی لەناو هۆزەکەیدا سەرۆکی هۆزی (تەی) بوو،کوڕی حاتەمی تەی بوو، ئەو حاتەمی تائیەی کە ناوبانگی دەرکردبوو بە سەخاوەت بەخشندەیی، خەڵکی باسی گەیشتی عەدیان دەکرد، چووە خزمەتی پێغەمبەری خودا(ﷺ) خاچێکی زیوین لە ملیدا بوو، پێغەمبەری خودا ئەم ئایەتەی خوێند:

﴿ اتَّخَذُوا أَحْبَارَهُمْ وَرُهْبَانَهُمْ أَرْبَابًا مِّن دُونِ اللَّهِ ﴾ عەدی ئەڵێ: وتم: ئەوانە نایان ئەپەرستن، پێغەمبەر فەرمووی: (بەڵێ ئەوانە حەڵاڵیان بۆ حەرام دەکەن حەرامیشیان بۆ حەڵاڵ دەکەن، لەو حەرامو حەڵاڵەدا شوێنیان دەکەونو بە گوێیان دەکەن، ئەوە عیبادەت کردنی ئەوانەیە بۆ ئەوان) پاشان پێغەمبەری خودا فەرمووی: (ئەی عەدی چی دەڵێی؟ ئایا ئەوە ڕاوت دەنێ کە بگوترێ (الله أكبر)؟ ئایا شتێ دەناسی گەورەتر بێ لە خودا؟ چی ڕاوت دەنێ؟ ئایا ئەوە ڕاوت دەنێ کە بگوترێ (لا إله إلا الله)؟)دەی ئایا خوایەکی تر جگە لە(اللّه)شك ئەبەی؟! پاشان بانگی کرد بۆ ئیسلامەتی، ئەویش موسوڵمان بوو، شایەتومانی هەقی هێناوئەڵێ: پێخۆشحاڵیم بە نێوچاوانی پێغەمبەرەوە(ﷺ) دەبینی! پاشان فەرمووی: (بێگومان جوولەکە خەشمیان لێ گیراوەو گاوریش گومڕان)[1]، حوزەیفەی کوڕی یەمانو عەبدوڵڵای کوڕی عەبباسو کەسانی تریش هەر وایان گوتوەلە تەفسیری ئەم ئایەتەدا: ﴿ اتَّخَذُوا أَحْبَارَهُمْ وَرُهْبَانَهُمْ أَرْبَابًا مِّن دُونِ اللَّهِ ﴾ ئەڵێن: ئەوانە شوێنیان کەوتون لەو شتانەی کە بۆیان حەڵاڵ کردون یان بۆیان حەرام کردون[2] بۆیە خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَمَا أُمِرُوا إِلَّا لِيَعْبُدُوا إِلَٰهًا وَاحِدًا﴾ فەرمانیشیان پێدرابوو جگە لە خوای تاكو تەنیا نەپەرستن، واتە: کە شتێکی حەرام کرد ئەو شتە حەرامەو حەڵاڵیشی کرد حەڵاڵە، ئەوەیش داینـاوەو بڕیاری لەسەر داوە پێی هەڵسنو جێبەجێی بکەن، ﴿لَّا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ۚ سُبْحَانَهُ عَمَّا يُشْرِكُونَ ﴾ جگە لەو هیچ شت بۆ پەرستن ناشێ، خودا بێ عەیبەو بە دوورە لەو شتانەی بە هاوتای ئەوی دەزانن. واتە: خودا پاكو بێگەردەو دوورە لەو شەریكو هاوەڵو هاووێنەو هاوکارو منداڵو شتانە ئەیدەنە پاڵی، هیچ پەرستراوو پەروەردگارێك نیە جگە لە خۆی.

﴿يُرِيدُونَ أَن يُطْفِئُوا نُورَ اللَّهِ بِأَفْوَاهِهِمْ وَيَأْبَى اللَّهُ إِلَّا أَن يُتِمَّ نُورَهُ وَلَوْ كَرِهَ الْكَافِرُونَ ﴿٣٢﴾ هُوَ الَّذِي أَرْسَلَ رَسُولَهُ بِالْهُدَىٰ وَدِينِ الْحَقِّ لِيُظْهِرَهُ عَلَى الدِّينِ كُلِّهِ وَلَوْ كَرِهَ الْمُشْرِكُونَ ﴿٣٣﴾﴾

هەوڵدانی ئەهلی کتێب بۆ کوژاندنەوەی ڕوناکی ئیسلام

خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿يُرِيدُونَ أَن يُطْفِئُوا نُورَ اللَّهِ بِأَفْوَاهِهِمْ ﴾ دەیانەوێ بە فووی دەمیان تیشکی ڕۆشنایی خودا بکوژێننەوە، واتە: خوانەناسان لە بتپەرستانو ئەهلی کتێب دەیانەوێ ڕووناکی

[1] أحمد (٣٧٨/٤)، تحفة الاحوذي (٤٩٢/٨)، الطبري (٢١٠/١٤)، حەسەنە.

[2] الطبري (٢١٢/١٤).

ئیسلام بکوژێننەوە، ئەوەی خوا پێغەمبەری پێدا ناردوەو لەو ڕێنتماییو ئاینە هەقە لەناوی بەرن بە دەمە قرەو درۆ هەڵبەستنی خۆیان، وێنەی ئەوانە وەك ئەو کەسە وایە کە دەیەوێ بە فووی دەمی تیشکی خۆر یان ڕۆشنایی مانگ بکوژێنێتەوە کە شتێکی نەگونجاوەو ناکرێ، هەر بەو جۆرەش ئەوەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) پێی هاتووە دەبێ هەر تەواو ببێو دەرکەوێ، بۆیە خودای گەورە لە بەرانبەری ئەوەی ئەوان دەیانەوێو ویستویانە بیکەن فەرموویەتی: ﴿وَيَأْبَى اللَّهُ إِلَّا أَنْ يُتِمَّ نُورَهُ وَلَوْ كَرِهَ الْكَافِرُونَ﴾ خوداش خۆی بڕیاری داوە کە ئەم تیشکەی هەر سەرکەوێ جا با خوانەناسەکانیش حەز نەکەن. (الكافر)کەبەمانای داپۆشەردێت ئەو کەسەیە شتێ دەشارێتەوەو دایدەپۆشێ بۆیە شەو ناونراوە داپۆشەر (کافر)، لەبەر ئەوەی شت دادەپۆشێ، خاوەن کشتوکاڵ بە داپۆشەر ناودەبرێت چونکە دانەوێڵە دەشارێتەوەو دایدەپۆشێ لەناو زەویدا، وەك خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿أَعْجَبَ الْكُفَّارَ نَبَاتُهُ﴾ واتە: کە بەروبومەکەی جوتیاران دڵخۆش بکات[1].

ئاینی ئیسلام زاڵ دەبێ بەسەر هەموو ئاینەکاندا

پاشان خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿ هُوَ الَّذِي أَرْسَلَ رَسُولَهُ بِالْهُدَى وَدِينِ الْحَقِّ ﴾ خودا بۆ ڕێنشیاندانو ڕاگەیاندنی دینی ڕاست پێغەمبەری خۆی ناردووە، ﴿بِالْهُدَى﴾ واتە بەهیدایەت وشارەزاییەوە ناردووە،(هودا)یان: ڕابەری: ئەو هەمووە هەواڵە ڕاستگۆو باوەڕەڕاست و دروستو زانستە بەسودانەیە کەپێغەمبەر(ص) هێناویەتی ،ئاینیی ڕاستەقینەش ﴿وَدِينِ الْحَقِّ﴾ بریتیە لە: ئەوکارە چاكو ڕاستە پڕ سوودانە لە دنیاو دواڕۆژدا ﴿لِيُظْهِرَهُ عَلَى الدِّينِ كُلِّهِ وَلَوْ كَرِهَ الْمُشْرِكُونَ ﴾ بۆ ئەوەی زاڵی بکات بەسەر هەموو ئاینەکاندا بە گشتی هەرچەندە کە بتپەرستان حەز ناکەن. وەك لە فەرموودەی سەحیحدا هاتوە لە پێغەمبەری خوداوە (ﷺ) کە فەرموویەتی: (بەڕاستی خودا زەمینی کۆ کردەوە بۆم خۆرهەڵاتو خۆرئاوای، بەو زوانە موڵکی ئوممەتەکەم دەگاتە ئەوەی کە کۆی کردوە بۆم لێی).[2] ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە لە تەمیمی داریەوە (ڕەزای خوای لێبێ) گوتی: گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو (ﷺ) ئەیفەرموو: (بێگومان ئەم کارە دەگاتە ئەو شوێنەی شەوو ڕۆژی پێگەیوە، خودا هیچ خانویەکی قوڕو موو (توك) نابوێرێ مەگین ئەم ئاینە دەخاتە ناویو بەرشێز شکۆدار دەکاتو ڕسواییەکیش خودا بێ دین بێ کەساسو داماو دەکات) تەمیمی داری دەیگوت:

---

[1] الحديد (٢٠).

[2] مسلم (٤/٢٢١٥).

ئەوەم لە خانەوادەی خۆمدا دی، ئەوەی موسوڵمان بوو لە نێوانیاندا تووشی چاکەو ڕێزو شکۆداری بوو ئەوەیش خوانەناس بوو تووشی سەرشۆڕیو داماویو سەرانە دان بوو.[1]

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّ كَثِيرًا مِنَ الْأَحْبَارِ وَالرُّهْبَانِ لَيَأْكُلُونَ أَمْوَالَ النَّاسِ بِالْبَاطِلِ وَيَصُدُّونَ عَنْ سَبِيلِ اللَّهِ وَالَّذِينَ يَكْنِزُونَ الذَّهَبَ وَالْفِضَّةَ وَلَا يُنْفِقُونَهَا فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَبَشِّرْهُمْ بِعَذَابٍ أَلِيمٍ ﴿٣٤﴾ يَوْمَ يُحْمَى عَلَيْهَا فِي نَارِ جَهَنَّمَ فَتُكْوَى بِهَا جِبَاهُهُمْ وَجُنُوبُهُمْ وَظُهُورُهُمْ هَذَا مَا كَنَزْتُمْ لِأَنْفُسِكُمْ فَذُوقُوا مَا كُنْتُمْ تَكْنِزُونَ ﴿٣٥﴾﴾

خۆپارێزی لە زانایانی خراپو عابیدە گومڕاکان

سوودی ئەڵێ: ئەحبار زانایانی جوولەکەیەو ڕوهبانیش گۆشەگیرانی مەسیحە[2]، وەك خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿لَوْلَا يَنْهَاهُمُ الرَّبَّانِيُّونَ وَالْأَحْبَارُ عَنْ قَوْلِهِمُ الْإِثْمَ وَأَكْلِهِمُ السُّحْتَ﴾[3] ئایا بۆچی خواناسانو زاناکانیان لە تاوانو حەرامخۆری جڵەوگیریان لێ ناکەن. ڕوهبان گۆشەگیرانی مەسیحیەو قەشەیش زاناکانیانە وەك خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿ذَلِكَ بِأَنَّ مِنْهُمْ قِسِّيسِينَ وَرُهْبَانًا﴾[4] چونکە لەناویاندا قەشەو گۆشەگیرانێك هەن. مەبەست لێرەدا خۆ لادانو ئاگاداریە لە زانایانی خراپو خواپەرستە گومڕاکانە وەك سوفیانی کوڕی عویەینە ئەڵێ: ئەوەی خراپ بوبێ لە زاناکانمان، ئەو کەسە هاوشێوەیی جوولەکەی تیا بووە، وە هەرکەسیش لە خواناسانیمان خراپ بێ ئەوە هاوشێوەی مەسیحیەکانە، وە لەم فەرموودەیەدا کە ئیمامی موسلیم ریوایەتی کردوە هاتووە، ئەبوسەعیدی خودەری ئەڵێت: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (بێگومان لەمەو بە دوا دەکەونە شوێن خوونەرینتی ئەوانەی لە پێش ئێوەوە بوون، بست بە بستو، گەز بە گەز بە ڕادەیەك ئەگەر ئەوان خۆیان بکەن بە کونی بزن مژەدا ئێوەش شوێنیان دەکەون) گوتمان: ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) گاورو جولەکانن؟ فەرمووی: (ئەی کێ؟)[5]. وە لە ڕیوایەتێکی تردا هاتوە: فارسو ڕۆمەکانن؟ فەرمووی: (ئەو خەڵکە کێن جگە لەوان؟)[6] بەکورتی ئاگادار کردنەوەیە لە چاولێکەریو هاوشێوەیی

[1] أحمد (١٠٣/٤)، پیاوەکانی پیاوی چاکن.
[2] الطبري (٢١٦/١٤).
[3] المائدة (٦٣).
[4] المائدة (٨٢).
[5] پوختەی سەحیحی موسلیم (١٠٠٢/٢).
[6] الشريعة (ص:١٨)، سەحیحە.

بوونی ئەوانە لە قسە کردنو هەڵسوکەوتیاندا، بۆیە خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِنَّ كَثِيرًا مِّنَ ٱلْأَحْبَارِ وَٱلرُّهْبَانِ لَيَأْكُلُونَ أَمْوَٰلَ ٱلنَّاسِ بِٱلْبَـٰطِلِ وَيَصُدُّونَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ﴾ ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە زاناو گۆشەگیرەکانی ئەوانە، زۆریان (لە هەوانتە) ماڵی خەڵکی دەخۆنو دەبنە ڕێگریش لە ڕێی خوادا، چونکە ئەوانە دنیا دەخۆن بەهۆی دینو کاربەدەستیو پلەو پایەکانیانەوە لەناو خەڵکیدا، وەك چۆن زاناکانی جوولەکە لە چەرخی نەفامیدا خاوەن ڕێز و پلەو پایە بوون لای خەڵکی وکاری خەڵکی تەنیا ئەوە بوو کە دیاریو سەرانەیان بۆ بەرن، کاتێ کە خودا پێغەمبەرەکەی خۆی بۆ ناردن ئەوان لەسەر گومڕاییو خوانەناسیو لاساری خۆیان هەر بەردەوام بوون، بە هیوای ئەوەی ئەو کاربەدەستیو پلەو پایەیان هەر بۆ بمێنێ، خودایش بە ڕووناکی پێغەمبەریەتی ئەو سەروەریانەی کوژاندنەوەو لێی سەندنەوە لە جێی ئەوە سووكو ڕیسوای کردنو تووشی غەزەبی خودا بوون، کاتێ کە خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَيَصُدُّونَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ﴾ واتە: ئەوانە لەگەڵ خواردنی ئەو حەرامەدا دەبوونە ڕێگریش لە ڕێی خەڵکیدا کە شوێنی هەق بکەونو ئەو هەقەیان بەو پڕوپوچە دەشاردەوە، لەناو ئەوانەی کە شوێنیان کەوتبوون وایان دەردەخست کە بانگ بۆ چاکە دەکەن، بەڵام بەو شێوەیە نەبوون ئەوان دەریان دەبڕی ، بەڵکو ئەوانە بانگیان بۆ ناو ئاگر دەکرد، وە لە ڕۆژی قیامەتدا هەرگیز یارمەتی نادرێن.

سزای ئەوانەی زێڕو زیو مۆڵ ئەدەن

خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَٱلَّذِينَ يَكْنِزُونَ ٱلذَّهَبَ وَٱلْفِضَّةَ وَلَا يُنفِقُونَهَا فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ فَبَشِّرْهُم بِعَذَابٍ أَلِيمٍ﴾ ئەو کەسانەی زێڕو زیو مۆڵ ئەدەن وکۆیدەکەنەوەو لە ڕێی خوادا بەختی ناکەن، تۆ لەو ئازارە بە ژانەی تووشی دێن ئاگاداریان بکە. ئا ئەمانە بەشی سێهەمن لە کاربەدەستانی خەڵکی،چونکەبە بێگومان خەڵکی هەموو قەرزاری زاناکان وخواناسانو خاوەن سامانەکانن، ئەگەر ئەوانەگەندەڵ بوون، خەڵکیش هەموو گەندەڵ دەبن، وەك ئیبنوموبارەك ئەفەرموێ:

و هل أفسد الذين إلا الملوك   وأحبار سوء و رهبانها ؟

واتە: جگە لە کاربەدەستانو زانایانو خواناسەکان کێ دینی خراپ کردوەو لەناوی بردووە؟ لە بارەی ماڵ مۆڵدانەیشەوە،پێشەوا مالیك لەعەبدوڵڵای کوڕی دینارەوە لە ئیبنوعومەرەوە ئەگێڕێتەوە کە: ئەو ماڵەیە زەکاتی لێ دەرناکرێ[1] بوخاری ڕیوایەتی کردوە لە فەرموودەکەی زوهریەوە لە خالیدی کوڕی ئەسلەمەوەئەڵێ: لەگەڵ عەبدوڵڵای کوڕی عومەردا دەرچووین فەرموی: ئەمە لە پێش دابەزینی

---

[1] الموطأ (١/٢٥٦).

ئایەتی زەکاتدابوو، کاتێ کە ئایەتی زەکات هاتە خوار،زەکاتی کردە پاککەرەوە بۆ سامانەکان[1]
عومەری کوڕی عەبدولعەزیزو عیراکی کوڕی مالیکیش ئەڵێن: ئەم ئایەتە ﴿خُذۡ مِنۡ أَمۡوَٰلِهِمۡ صَدَقَةً﴾[2] (واتە: سەدەقەیە لە ماڵەکانیان وەربگرە) نەسخی ئەوئایەتەی کردوەتەوە.

وە لە ستایشی کەم هەڵگرتنی زێڕو زیوو زەمکردنی زۆر کۆ کردنەوەیان، فەرموودەی زۆرهەیە، لێرەدا ئێمە هەندێکیان دێنین وەك مشتێ لە خەروارێ، عەبدوڕەزاق ڕیوایەتی کردوە لە عەلییەوە (ڕەزای خوای لێبێ) لەم ئایەتەدا کە خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَٱلَّذِينَ يَكۡنِزُونَ ٱلذَّهَبَ وَٱلۡفِضَّةَ﴾ پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: (زێڕ نەمێنێ! زیو نەمێنێ!) سێ جار ئەمەی فەرموو،ئەڵێ: ئەوە لەسەر دڵی هاوەڵەکانی پێغەمبەر(ﷺ) ناڕەحەت بوو، گوتیان: ئەی چ ماڵێ هەڵگرین؟ عومەر (ڕەزای خوای لێبێ) گوتی: من هەواڵی ئەوەتان بۆئەهێنم، ئەڵێ : وتم: ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ)! بەڕاستی هاوەڵەکانت ئەوەیان بەلاوە ناڕەحەت بوو، ئەڵێن: ئەی چ ماڵێك مۆڵ بدەین؟ پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (زمانێکی زیکرکەرو دڵێکی سوپاس گوزارو هاوسەرێك یارمەتی کەسێکتان بدات لەسەر دینەکەی)[3]! پاشان خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿يَوۡمَ يُحۡمَىٰ عَلَيۡهَا فِي نَارِ جَهَنَّمَ فَتُكۡوَىٰ بِهَا جِبَاهُهُمۡ وَجُنُوبُهُمۡ وَظُهُورُهُمۡۖ هَٰذَا مَا كَنَزۡتُمۡ لِأَنفُسِكُمۡ فَذُوقُواْ مَا كُنتُمۡ تَكۡنِزُونَ﴾ ڕۆژێ کە ئەم زێڕو زیوە بە ئاگری جەهەنم سوور دەکرێنەوەو نێوچاوان و کەلەکەو پشتیانی پێ داغ دەکرێ، دەردی ئەو شتە بچێژن کە بۆ خۆتان کۆتان کردەوە. ئەم قسەیان پێ دەگوترێ بۆ سوکایەتی پێکردن و تانە لێدان و گاڵتە پێکردن، وەك خودای گەورە لە ئایەتی تردا فەرموویەتی: ﴿ثُمَّ صُبُّواْ فَوۡقَ رَأۡسِهِۦ مِنۡ عَذَابِ ٱلۡحَمِيمِ ۝٤٨ ذُقۡ إِنَّكَ أَنتَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡكَرِيمُ﴾[4] ئەوسایش هەر بۆ ئازاردان ئاوەکوڵی بەسەردا کەن، دە بچێژە! تۆیەك کە لە دنیادا گەورەی خاوەن دەسەڵات بووی. واتە: ئەمە بەوە، ئەمە ئەوە بوو کە کۆتان دەکردەوە بۆ خۆتان، هەر بۆیە گوتراوە: هەرکەسێ شتێکی زۆر خۆش بویَو پێشی خست بەسەر خواناسیدا بەهۆی ئەوشتەوە سزا ئەدرێ، ئەمانەیش لەبەر ئەوەی کۆ کردنەوەی ئەو ماڵە کە بوویان دایان بەسەر ڕەزامەندی خوادا، بەو ماڵە سزا دران. وەك ئەبولەهەب لەعنەتی خوای لێبێ کە سەرسەختانە بەردەوام دوژمنایەتی پێغەمبەری خودای دەکرد (ﷺ) ژنەکەیشی

---

[1] فتح الباري (٨/١٧٥).

[2] التوبة (١٠٣).

[3] عبدالرزاق (٢/٢٦٣).

[4] الدخان (٤٨-٤٩).

هاوکاری دەکرد لەو دوژمنایەتیەدا، لە ڕۆژی قیامەتیشدا دیسان هەر هاوکاریەتی لە سزادانیدا، گوریسی سیرمە لە ملیدایە واتە: دار کۆدەکاتەوە لەناو ئاگردا دەیکات بەسەریەبو لەهەبدا بۆ ئەوەی چاکتر جەزرەبە بخوات، بۆ ئەو کەسەی کە لە دنیادا زۆر بە سۆز بوو بۆی. وەك چۆن ئەم سامانە کە لەلای خاوەنەکانی خۆشەویسترین شت بووە، لە ڕۆژی قیامەتدا زیانبەخشترین شتە بۆیان، لەناو ئاگری جەهەندا پێی داغ دەکرێن، کە چەند گەرمە، ڕوومەتو کەلەکەو پشتیانی پێ داغ دەکرێ، ئیبنوجەریر ڕیوایەتی کردوە لە سەبانەوە کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (هەرکەسێ دوای خۆی گەنجینەیەکی بەجێهێشت، بۆی دەکرێ بە مارێکی کەچەڵ کە دووخاڵ لەسەری چاوەکانیەتی‌و شوێنی دەکەوێ ئەویش دەڵێ: هاوار بۆ تۆ، تۆ چیت؟ مارەکە دەڵێ: من ئەو گەنجینەم کە دوای خۆت بەجێتهێشت، بەردەوام دوای دەکەوێ هەتا دەستی ئەکات بە دەمیداو ئەویش دەستی ئەکرمێنێ پاشان هەموو لاشەکەشی بە دوایدا دەڕوات). ئیبنوحیبانیش ڕیوایەتی کردوە لە سەحیحەکەیدا لە فەرموودەکەی یەزیدی کوڕی سەعیدەوە بەو شێوەیە، ئەسڵی ئەم فەرموودەیە لە هەردوو سەحیحەکەدا هاتوە لە ئەبوهورەیرەوە (ڕەزای خوای لێبێ)[1] وە لە سەحیحی موسلیمدا هاتوە لە ئەبوهورەیرەوە کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (هیچ پیاوێ نیە کە زەکاتیماڵەکەی نەدات و خودا لە ڕۆژی قیامەتدا بۆی نەکات بە پارچەی ئاگرین، لا تەنیشت‌و دەم‌و چاوو پشتی پێ داغ دەکرێ، لە ڕۆژێکدا کە ماوەکەی پەنجا هەزار ساڵە هەتا دادوەری دەکرێ لە نێوان بەندەکاندا، پاشان ڕێگای نیشان ئەدرێ یان بۆ بەهەشت یان بۆ ئاگر)[2] پاشان فەرموودەکەی بە تەواوی باس کردوە. بوخاریش لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا ڕیوایەتی کردوە لە زەیدی کوڕی وەهەبەوە ئەڵێ: تێپەڕیم بە لای ئەبوزەڕدا لە شوێنێکدا (پێیان دەگوت ڕەبزە پێم گوت: چی تۆی نارد بۆ ئەم زەمینە؟ گوتی: ئێمە لە شام بووین ئەم ئایەتەم خوێند: ﴿ يَوْمَ يُحْمَىٰ عَلَيْهَا فِي نَارِ جَهَنَّمَ فَتُكْوَىٰ بِهَا جِبَاهُهُمْ وَجُنُوبُهُمْ وَظُهُورُهُمْ هَٰذَا مَا كَنَزْتُمْ لِأَنفُسِكُمْ فَذُوقُوا مَا كُنتُمْ تَكْنِزُونَ ﴾ مەعاویە گوتی لەناو ئێمەدا شتی وا نیە، بێگومان ئەمە لەناو ئەهلی کتێبدا هەیە،ئەڵێ: منیش وتم: ئەوە لەناو ئێمەو لەناو ئەوانیشدا هەیە[3].

---

[1] الطبري (٣٦٣/٦)، إبن حبان (٨٠٣)، إبن خزيمة (٢٢٥٥)، البخاري (٤٦٥٩).

[2] مسلم (٦٨٢/٢).

[3] فتح الباري (١٧٣/٨).

﴿إِنَّ عِدَّةَ ٱلشُّهُورِ عِندَ ٱللَّهِ ٱثۡنَا عَشَرَ شَهۡرٗا فِي كِتَٰبِ ٱللَّهِ يَوۡمَ خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ مِنۡهَآ أَرۡبَعَةٌ حُرُمٞۚ ذَٰلِكَ ٱلدِّينُ ٱلۡقَيِّمُۚ فَلَا تَظۡلِمُواْ فِيهِنَّ أَنفُسَكُمۡۚ وَقَٰتِلُواْ ٱلۡمُشۡرِكِينَ كَآفَّةٗ كَمَا يُقَٰتِلُونَكُمۡ كَآفَّةٗۚ وَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلۡمُتَّقِينَ ٣٦﴾

ساڵ دوانزە مانگە

خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿إِنَّ عِدَّةَ ٱلشُّهُورِ عِندَ ٱللَّهِ ٱثۡنَا عَشَرَ شَهۡرٗا فِي كِتَٰبِ ٱللَّهِ يَوۡمَ خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ﴾ لەو ڕۆژەوە خوا ئاسمانەکانو زەمینی دروستکردوە ، لەلای خودا ژمارەی مانگەکان دوازدەن، ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردوە لە ئەبی بەکرەتەوە کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) وتاری دا لەو حەجەیدا کە کردی، فەرمووی: (ئەواسا (بزانن) زەمان دەسوڕێتەوە وەك شێوەی خۆی لەو ڕۆژەی کە خودا ئاسمانەکانو زەمینی دروستکردوە، ساڵ دوازدە مانگە، لە چواریاندا شەڕ دەوەستێ، سێ مانگیان بە دوای یەکدا دێن، زولقاعیدەو زولحەجەو موحەڕەم، ڕەجەبەکەی خێڵی موزەڕیش کە لە نێوان دوو جەماداکەو شەعباندایە پاشان فەرمووی: (ئەمە چ ڕۆژێکە؟) گوتمان: خوداو پێغەمبەرەکەی باشتر دەزانن، بێدەنگ بوو، تا وامانزانی کە بە ناوێکی تر ناوی دەبات، فەرمووی: (ئایا ڕۆژی قوربانی نیە؟) گوتمان: بەڵێ، پاشان فەرمووی: (ئەمە چ مانگێکە؟) گوتمان: خوداو پێغەمبەرەکەی باشتر دەزانن بێدەنگ بوو هەتا وامانزانی کە بەناوێکی تر ناوی دەبات، فەرمووی: (ئایا زەلحەجە نیە؟) گوتمان: بەڵێ، پاشان فەرمووی: (ئەم شارە کوێیە؟) گوتمان: خوداو پێغەمبەرەکەی باشتر دەزانن، بێدەنگ بوو هەتا وامانزانی بە ناوێکی تر ناوی دەبا، فەرمووی: (ئایا بەلەدولحەرام نیە؟) گوتمان: بەڵێ، فەرمووی: (بێگومان خوێنەکانتانوماڵەکانتان (وا بزانم فەرمووی) ناموسەکانتان لەسەرتان (حەرامە) وەك حەرامی ئەو ڕۆژەتان لەم مانگەتاندا لەم شارەتاندا، وە بەم زووانە دەگەنە لای پەروەردگارتانو پرسیارتان لە کردارەکانتان لێ دەکات، ئەوسا دوای من نەگەڕێنەوە بۆ گومڕایی، هەندێکتان بدەن لە ملی هەندێکتان، دەی وا گەیاندم؟ دەی ئەوەی لێرە ئامادەیە لە ئێوە با بیگەیەنێ بەوەی لێرە نیە، لەوانەیە ئەوەی پێی دەگات وشیار تر بێ لە هەندێ لەوانەی کە بیستویەتی)[1] بوخاری ڕیوایەتی کردوە لە تەفسیرەکەیەوە موسلیمیش هەر ڕیوایەتی کردوە.[2]

---

[1] أحمد (٣٧/٥)، سەحیحە.

[2] فتح الباري (١٧٥/١)، (٣٣٨/٦)، (١٠/١٠)، مسلم (١٣٠٥/٣).

ئەو مانگانەی شەڕی تێدا دەوەستێ (الاشهر الحُرم)

خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿مِنۡهَآ أَرۡبَعَةٌ حُرُمٞ﴾ لە چوار مانگیاندا شەڕ دەوەستێ، ئەمە ئەو مانگانەن کە عەرەبەکانیش لە کاتی نەفامیدا شەڕیان تیا دەوەستاند، زۆرینەیان جێبەجێیان دەکرد جگە لە دەستەیەکیان کە پێیان دەگوترا بەسل (البَسْل) کە ئەمانە لە ساڵێکدا هەشت مانگ شەڕیان دەوەستاند لەبەر ئەوەی زۆر توند ڕەو بوون و قوڵ بۆی دادەچوون، بەڵام ئەوەی کە پێغەمبەر فەرموویەتی: (سێی لە دوای یەك: بریتیە لە زولقەعیدەو زولحەجەو موحەڕڕەم، ڕەجەبی موزەڕیش کە لە نێوان دوو جەمادەکەو شەعباندایە)، بۆیە دراوەتە پاڵ موزەڕیش بۆ ئەوەی ڕاستی قسەکەی ئەوان دەرکەوێ کە مەبەست ئەو ڕەجەبەیە کە لە نێوان دوو جەماداکەو شەعبانایە، نەك ئەوەی ڕەبیعە وا دەزانن ئەو ڕەجەبەی کە شەڕی تیا دەوەستێ، ئەو مانگەیە کە لە نێوان شەعبانو شەوال دایە کە ڕەمەزانی ئەمڕۆنەکات، پێغەمبەر(ﷺ) ڕوونی کردوەتەوە کە ئەو مانگە ڕەجەبی موزەڕە، ڕەجەبی ڕەبیعە نیە، بەڵکو ئەو مانگانەی شەڕی تیدا دەوەستێ چوار مانگە: سیانیان بە دوای یەکدانو یەکێکیان بە تەنهایە، لەبەر بەجێهێنانی ئەرکەکانی حەجو عومرە، شەڕ وەستێنراوە لە پێش مانگی حەجدا کە زولقەعیدەیە چونکە ئەوان لەو مانگەدا وازیان لە شەڕ دەهێنا تێیدا، وە مانگی زولحەجەیش شەڕیان دەوەستاند، لەبەر ئەوەی دەکەوتنە بەجێهێنانی حەجو ئەرکەکانی حەج، دوای مانگی حەجیش مانگێکی تر شەڕیان نەدەکرد کە مانگی موحەڕڕەم بوو، بۆ ئەوەی بە سەلامەتی لەو مانگەدا بگەڕێنەوە بۆ ئەو وڵاتانەی کە دوور بوون ، ڕەجەب لە ناوەڕاستی ساڵدا شەڕی تیدا دەوەستا تا ئەوانەی لە دەوروبەری دورگەی عەرەبەوە دێن سەر لە مەککە بدەنو عومرەیشی تیدا بکەن پاشان بە سەلامەتی بگەڕێنەوە بۆ زێدی خۆیان، پاشان خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿ذَٰلِكَ ٱلدِّينُ ٱلۡقَيِّمُ﴾ ئەمە ئاینێکی ڕاستە، واتە: ئەمە ئەو بەرنامەی خوداو یاسا ڕاستەیە کە گوێڕایەڵی فەرمانی خودای تێدایە لەو شتانەی کە خودا دایناوە لە مانگە حەرامەکاندا خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿فَلَا تَظۡلِمُواْ فِيهِنَّ أَنفُسَكُمۡ﴾ لەمانەدا ناهەقی لە خۆتان مەکەن، واتە: لەم مانگە موحەڕڕەمانەدا ناهەقی لە خۆتان مەکەن، چونکە گوناهو تاوانەکەی زۆر گەورەترە لە مانگەکانی تر، وەك چۆن گوناهو سەرپێچی لەم شارەدا تاوانەکەی زیاترە وەك خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَمَن يُرِدۡ فِيهِ بِإِلۡحَادِۭ بِظُلۡمٖ نُّذِقۡهُ مِنۡ عَذَابٍ أَلِيمٖ﴾[1] هەر کەسێك لەوێ لە ڕێ لاداو دەسدرێژی بکات ئازارێکی زۆر بە ژانی پێ دەچێژین، هەر بەو شێوەیەش مانگە حەرامەکان گوناه کردن تێیدا زۆر گەورەیە، عەلی کوری ئەبوتەلحی ئەڵێ: لە

---

[1] الحج (٢٥).

ئیبنوعەبباسەوە لەم ئایەتەدا: ﴿إِنَّ عِدَّةَ ٱلشُّهُورِ عِندَ ٱللَّهِ﴾ تا دەگاتە: ﴿فَلَا تَظۡلِمُواْ فِيهِنَّ أَنفُسَكُمۡ﴾ واتە: لە گشت مانگەکاندا ناهەقی لە خۆتان مەکەن، پاشان چوار مانگی تایبەتمەند کردوەو گوناهی تیایاندا زۆر بە گەورەتر داناوەو بە مانگی حەرامی داناون، ئاکاری چاکو پاداشتیشی بە گەورەتر هەژمار کردوە.[1] قەتادە لەم ئایەتەدا: ﴿فَلَا تَظۡلِمُواْ فِيهِنَّ أَنفُسَكُمۡ﴾ ئەڵێ: ناهەقی کردن لەم مانگە حەرامانەدا تاوانو خراپەکەی زۆر گەورەترە، لە تاوانو خراپە کردن لە مانگەکانی تردا، هەرچەندە ناهەقی کردن لە هەموو کاتێکدا هەر گوناهێکی گەورەیە، دیارە خودای گەورە هەر کاریّ خۆی مەیلی لێبیّ گەورەی دەکات،هەروەها ئەڵێت: بێگومان لە دروسکراوەکانیدا چەند هەڵبژاردەیەکی ناردووە، لەناو فریشتەکاندا چەند فریشتەیەکی هەڵبژاردووە، لەناو مرۆڤیشدا چەند نێرراوی هەڵبژاردووە، وە لەناو قسەکاندا قورئانی هەڵبژاردووە وە لەناو زەمیندا مزگەوتی هەڵبژاردووە، وە لە ڕۆژەکاندا ڕۆژی هەینی (الجمعة) هەڵبژاردووە وە لەناو مانگەکاندا مانگی ڕەمەزانو مانگە حەرامەکانی هەڵبژاردووە. وە لە شەوەکاندا شەوی قەدری هەڵبژاردوە، ئەوەی خودا ڕێزی لیّ ناوە ئێوەیش ڕێزی لیّ بنێن. بێگومان ڕێز گرتنی ئەو شتانە بەپێی ئەو ڕێز لێگرتنەیە کە خودا لێی ناون لەلای ئەو کەسانەی کە داناو وشیارن.

شەڕکردن لە مانگە حەرامەکاندا

خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَقَٰتِلُواْ ٱلۡمُشۡرِكِينَ كَآفَّةٗ كَمَا يُقَٰتِلُونَكُمۡ كَآفَّةٗۚ وَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلۡمُتَّقِينَ﴾ ئەگەر ئەم بتپەرستانە بە تێکڕایی شەڕت لەگەڵدا دەکەن، ئێوەیش هەمووتان شەڕیان لەگەڵدا بکەن، بزانن بێگومان خودا لەگەڵ خۆپارێزاندایە. ئاگادار بن دەستپێشخەریکردن لە شەڕکردن لە مانگە حەرامەکاندا قەدەغەیە. وەك لەم ئایەتانەدا خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تُحِلُّواْ شَعَٰٓئِرَ ٱللَّهِ وَلَا ٱلشَّهۡرَ ٱلۡحَرَامَ﴾[2] ئەی گەلی خاوەنباوەڕان لەو ڕێوشوێنانەی خودا بۆ ئێوەی داناوە لامەدەن، شەڕ لە مانگە حەرامەکانیشدا ڕەوا نیە. وە فەرموویەتی: ﴿ٱلشَّهۡرُ ٱلۡحَرَامُ بِٱلشَّهۡرِ ٱلۡحَرَامِ وَٱلۡحُرُمَٰتُ قِصَاصٞۚ فَمَنِ ٱعۡتَدَىٰ عَلَيۡكُمۡ فَٱعۡتَدُواْ عَلَيۡهِ بِمِثۡلِ مَا ٱعۡتَدَىٰ عَلَيۡكُمۡ﴾[3] مانگی شەڕپەس بەرانبەر بە مانگی شەڕپەس، شکاندنی هەر ڕێزێکیش تۆڵەی خۆی هەیە، سا هەرکەسیّ دەستدرێژی لە ئێوە کرد، ئێوەش هەر بە ئەندازەی ئەو دەستدرێژی بکەنەوە. وە

---

[1] الطبري (١٤/٢٣٨).

[2] المائدة (٢).

[3] البقرة (١٩٤).

فەرموویەتی: ﴿فَإِذَا ٱنسَلَخَ ٱلۡأَشۡهُرُ ٱلۡحُرُمُ فَٱقۡتُلُواْ ٱلۡمُشۡرِكِينَ﴾[1] هەر کە مانگە حەرامەکان برانەوە لە کوشتنی بتپەرستان دەست مەپارێزن. بەڵام کە خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَقَـٰتِلُواْ ٱلۡمُشۡرِكِينَ كَآفَّةً كَمَا يُقَـٰتِلُونَكُمۡ كَآفَّةً﴾ ئەوە ڕێگە دانە بە خاوەنباوەڕان بە شەڕکردن دژی بتپەرستان لە مانگە حەرامەکاندا، ئەگەر دەست درێژیەکە لەلایەن بتپەرستەکانەوە بوو، وەك خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَلَا تُقَـٰتِلُوهُمۡ عِندَ ٱلۡمَسۡجِدِ ٱلۡحَرَامِ حَتَّىٰ يُقَـٰتِلُوكُمۡ فِيهِۖ فَإِن قَـٰتَلُوكُمۡ فَٱقۡتُلُوهُمۡ﴾[2] لە دەوروبەری (مسجد الحرام)یشدا نابێ شەڕیان لەگەڵ بکەن، ئەگەر ئەوان لەوێ شەڕتان پێ بفرۆشن، ئەگەر لەوێش شەڕیان بۆ ئێوە هەڵگیرساند ئێوەش لە کوشتنیان درێغی مەکەن، بەڵام گەمارۆی پێغەمبەری خودا(ﷺ) لەسەر خەڵکی تائیفو بەردەوام بوونی هەتا چووە ناو مانگە حەرامەکانەوە، ئەوە لە تەواو کردنی شەڕی هەوازنو هاوپەیمانەکانیانەوە بوو لە هۆزی سەقیف، چونکە ئەوانە ئەو کەسانە بوون دەست پێشخەریان کرد لەو شەڕەدا خەڵکیان کۆ کردەوەو جاڕی شەڕو کێبەرکێیان دا، کاتێ پێغەمبەر(ﷺ) چوو بۆیان، خۆیان قایم کرد لە تائیفدا، پێغەمبەر(ﷺ) ڕۆشت بۆیان لە پەناگاکانیان دەریان پەڕێنێ ،ئەوان دەستێکیان لە موسوڵمانەکان وەشاندو هەندێکیشیان لێ کوشتن، گەمارۆدانەکە بەردەوام بوو بە مەنجەنیقو شتی تریش نزیکەی چل ڕۆژ، لە سەرەتاوە لە مانگە حەڵاڵەکانەوە دەستی پێکردو چووە مانگی حەرامەوەو چەند ڕۆژێ لەو مانگەدا بەردەوام بوو، پاشان وازی لێ هێنان، چونکە ئەوەی چاوپۆشی لێ ناکرێ لە سەرەتاوە، لە بەردەوام بووندا چاوپۆشی لێ دەکرێ، ئەمەیش فەرمانێکەو دراوەو وێنەی زۆرە والله أعلم.

﴿إِنَّمَا ٱلنَّسِيٓءُ زِيَادَةٞ فِي ٱلۡكُفۡرِۖ يُضَلُّ بِهِ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ يُحِلُّونَهُۥ عَامٗا وَيُحَرِّمُونَهُۥ عَامٗا لِّيُوَاطِـُٔواْ عِدَّةَ مَا حَرَّمَ ٱللَّهُ فَيُحِلُّواْ مَا حَرَّمَ ٱللَّهُۚ زُيِّنَ لَهُمۡ سُوٓءُ أَعۡمَٰلِهِمۡۗ وَٱللَّهُ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلۡكَٰفِرِينَ ﴿٣٧﴾﴾

زەمی دەستکاریکردنی شەرعی خوا لە ڕووی بیرو ڕاکانی خۆیەوە

ئەمە یەکێکە لەو شتانەی کە خودای گەورە زەمی بتپەرستەکانی پێدەکات، کە بە بیرورا ناپەسەندەکانیان دەستکاری شەرعی خوادەکەن، بڕیارەکانی خوایان دەگۆڕی بە ئارەزوی ناسازی خۆیان، حەڵاڵی خوایان حەرامو حەرامیشیان حەڵاڵ دەکرد، چونکە ئەوانە تورەییو دەمارگیریو پیاوەتیان بەو ئەندازەیە بەهێز بوو کە بتوانن ماوەی ئەو سێ مانگە کە لێیان قەدەغە کراوە

---

[1] التوبة (٥).

[2] البقرة (١٩١).

خواستەکانی خۆیانی تیا بەجێبهێنن لە بەگژدا چوونی دوژمنەکانیاندا، ماوەیەك پێش هاتنی ئاینی ئیسلام ئەم مانگە موحەڕڕەمەیان حەڵاڵ کردبوو دوایان خستبوو بۆ مانگی سەفەر مانگە حەرامەکەیان حەڵاڵ کردبوو. مانگە حەڵاڵەکانیشیان حەرام دەکرد، بۆ ئەوەی یەکسان بن گەڵ ژمارەی ئەو چوار مانگەی کە خوا ڕێزی لێ نابوون. عەلی کوڕی ئەبوتەلحی ئەڵێ لە ئیبنوعەبباسەوە لەم ئایەتەدا: ﴿إِنَّمَا ٱلنَّسِيٓءُ زِيَادَةٞ فِي ٱلۡكُفۡرِۖ يُضَلُّ بِهِ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ يُحِلُّونَهُۥ عَامٗا وَيُحَرِّمُونَهُۥ عَامٗا لِّيُوَاطِـُٔواْ عِدَّةَ مَا حَرَّمَ ٱللَّهُ فَيُحِلُّواْ مَا حَرَّمَ ٱللَّهُۚ زُيِّنَ لَهُمۡ سُوٓءُ أَعۡمَٰلِهِمۡۗ وَٱللَّهُ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلۡكَٰفِرِينَ﴾

(بەڕاستی ئاڵوگۆڕی‌و ڕاگوێزانی ئەو مانگانە، دەبێتە هۆی زیاد بوونی خوانەناسی‌و خوانەناسەکانی پێ گومڕا دەبن. لە ساڵێکدا شەڕ بە ڕەوا دەزانن‌و لە ساڵێکدا بە ناڕەوا، تا ژمارەی مانگە ڕەواو ناڕەواکان ئەوسا بەرانبەر ببنەوە لە دوایدا، ئەوەی خوا ڕەوای کردووە ڕەوای کەن، دیارە شەیتان ئەو کردەوە نالەبارەی بۆ جوان کردون، ئەوانەی خوانەناسن، خودا شارەزای ڕاستە ڕێیان ناکات). واتە: ئیبنوعەبباس ئەڵێ: ﴿ٱلنَّسِيٓءُ﴾ یانی ئاڵوگۆڕ کردن لە مانگە حەرامەکاندا، جونادەی کوڕی عەوفی کوڕی ئومەیەی کەنانی هەبووە، هەموو ساڵێ ئامادەی ئەم ڕێوڕەسمە دەبوو، نازناوەکەی ئەبوسومامە بوو. جاڕی ئەداو دەیگوت: ئەوسا ئەبوسومامە ڕەخنەی لێ ناگیرێ‌و بێگوێیشی ناکرێ. بێگومان ئەوسا (صەفەر) یەکەمی ساڵەو ساڵێکی حەڵاڵە.ئەو ساڵەی حەڵاڵ دەکرد بۆ خەڵکی. ساڵی (صەفەر)ی داهاتووی حەرام دەکردو ئەو ساڵە موحەڕڕەمی حەرام دەکرد، بۆیە خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿إِنَّمَا ٱلنَّسِيٓءُ زِيَادَةٞ فِي ٱلۡكُفۡرِ﴾ ئیبنوعەبباس ئەڵێ: ساڵێ موحەڕڕەمیان واز لێ دەهێناو ساڵێ حەرامیان دەکرد[1] عەوفیش بە هەمان شێوە ڕیوایەتی کردوە لە ئیبنوعەبباسەوە[2] لەیسی کوڕی ئەبوسەلەیم ئەڵێ لە موجاهیدەوە، پیاوێ بووە لە بەنی کینانە بووە هەموو ساڵێ بە سواری کەرەکەی ئامادەی ئەم ڕێوڕەسمەدەبوو، دەیگوت: ئەی خەڵکینە ! من بێگوێیم ناکرێ‌و جێی گازندەیش نیم، هەرچیشم گوت گەڕانەوەی نیە، ئەوسا ئێمە موحەڕڕەمان حەرام کردو (صەفەر)مان دوا خست، پاشان ساڵی دوای ئەوە دەهات‌و هەمان قسەی دووبارە دەکردەوەو دەیگوت: ئەوسا ئێمە (صەفەر)مان حەرام کردوەو موحەڕڕەممان دوا خستووە. ئەوەیە کە خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿لِّيُوَاطِـُٔواْ عِدَّةَ مَا حَرَّمَ ٱللَّهُ فَيُحِلُّواْ مَا حَرَّمَ ٱللَّهُ﴾ واتە: بۆ ئەوەی ڕێك بن لەگەڵ ژمارەی ئەو چوار مانگەی کە خودا ڕێزداری کردوون‌و

---

[1] الطبري (١٤/٢٤٥).

[2] الطبري (١٤/٢٤٦).

ئەوەی خوا حەلاڵی کردووە حەرامی بکەن بە دواخستنی ئەم مانگە حەرامە.[1] ئەمانە ساڵێ مانگی مەحەڕڕەمیان حەلاڵ دەکردو لە بری مانگی صەفەردا، دوای صەفەر دوو ڕەبیعەکەو مانگەکانی تریان هەتا کۆتایی چۆن ڕێکخرابوونو ژمارەیانو ناوەکانیان وەك خۆیان دەهێڵرانەوە، پاشان لە ساڵی دووەمدا موحەڕڕەمیان حەرام دەکردو بە حەرام کراوی دەیانهێشتەوە بە دوایدا صەفەرو ڕەبیع و ڕەبیعەکەی تریان تا کۆتایەکەی (حەرام دەکرد) بۆیە خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿يُحِلُّونَهُۥ عَامًا وَيُحَرِّمُونَهُۥ عَامًا لِّيُوَاطِـُٔواْ عِدَّةَ مَا حَرَّمَ ٱللَّهُ فَيُحِلُّواْ مَا حَرَّمَ ٱللَّهُ﴾ واتە: لە حەرامکردنی چوار مانگ لەو ساڵەدا، بەڵام ئەوان جارێ حەرام کردنی مانگی سێهەمیان پێش دەخست لەو سیانەی کە بە دوای یەکدا دەهاتن کە مانگی موحەڕڕەم بوو، جارێکی تر دوایان دەخست بۆ مانگی صەفەر. موحەممەدی کوڕی ئیسحاق لەم بارەیەوە قسەیەکی زۆر چاكو بەسوودی کردووەو گوتویەتی: یەکەم کەسێ کە مانگەکانی ئازو گوێز پێ کردووە لەناو عەرەبەکاندا، ئەوەی خودا حەرامی کردووە ئەو حەلاڵی کردوە، ئەوەیش خوا حەلاڵی کردوە ئەوحەرامی کردوە لە مانگەکاندا، قەلەممەس ناوێك بووە. کە ناوی تەواوی حوزەیفەی کوری عەبدفوقەیمی کوڕی کوڕی عەدی کوڕی عامیری کوڕی سەعلەبەی کوڕی حاریسی کوڕی مالکی کوڕی کەنانەی کوری خوزەیمەی کوڕی مودریکەی کوڕی ئیلیاسی کوڕی موزەڕی کوڕی نزاری کوڕی مەعەددی کوڕی عەدنان بووە. پاشان دوای خۆی عەببادی کوڕی بەو کارە هەڵساوە، پاشان دوای عەبباد کوڕەکەی کە ناوی قەلەعەو کوڕەکەی قەلەع کە ناوی ئومەییەو کوڕەکەی ئومەییە کە ناوی عەوفەو پاشان کوڕەکەی عەوف کە ناوی ئەبوسومامە جونادەی کوڕی عەوفە ئەمە دواین کوڕیان بووە لە زەمانی ئەمدا ئاینی ئیسلام هاتوە. عەرەبەکان لەسەردەمی ئەمدا کاتێ کە حەجیان تەواو دەکرد لێی کۆ دەبوونەوە وئەویش هەڵدەساو وتاری بۆ ئەدان، ڕەجەبو زولقەعیدەو زولحەجەی حەرام دەکرد لێیانو موحەڕڕەمی ساڵێکی بۆ حەلاڵ دەکردن لە جێیدا صەفەری دادەناو ساڵێکی تری حەرام دەکرد، هەتا ژمارەی مانگە حەلاڵو حەرامەکان وەك یەکیان لێ بێت،یانی ئەوەی خودا حەرامی کردوە ئەو حەلاڵی ئەکرد.[2] والله أعلم.

﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مَا لَكُمْ إِذَا قِيلَ لَكُمُ ٱنفِرُواْ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ ٱثَّاقَلْتُمْ إِلَى ٱلْأَرْضِ ۚ أَرَضِيتُم بِٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا مِنَ ٱلْـَٔاخِرَةِ ۚ فَمَا مَتَـٰعُ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا فِى ٱلْـَٔاخِرَةِ إِلَّا قَلِيلٌ ﴿٣٨﴾ إِلَّا تَنفِرُواْ

[1] الطبري (١٤/٢٤٦).

[2] إبن هشام (١/٤٥).

يُعَذِّبْكُمْ عَذَابًا أَلِيمًا وَيَسْتَبْدِلْ قَوْمًا غَيْرَكُمْ وَلَا تَضُرُّوهُ شَيْئًا وَاللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ ﴿٣٩﴾

گلەیی و هەڕەشە لە نەبزوان و تەمەڵی کردن لە جیهاد کردن

ئەم ئایەتە دەست پێدەکات بە گلەیی و سەرزەنشتی ئەوانەی کە لە پێغەمبەری خودا(ﷺ) دواکەوتبوون لە غەزای تەبوکدا، کاتێ کە بەروبوم پێگەیشتبوو سێبەریش خۆش بوو بوو، گەرماو قرچەی هاوینیش دەمی دابوو، خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مَا لَكُمْ إِذَا قِيلَ لَكُمُ ٱنفِرُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ﴾ ئەی کۆمەڵی خاوەن باوەڕان! چیتانە کە پێتان دەڵێن: بڕۆن بۆ غەزا لە ڕێی خوادا، واتە: کاتێ کە بانگ کران بۆ جیهاد کردن لە ڕێی خوادا ﴿ٱثَّاقَلْتُمْ إِلَى ٱلْأَرْضِ﴾ تەمەڵن و لە جێی خۆ نابزوێن؟ حەزتان لە مانەوەو خۆ ماندوو نەکردن و میوەی خۆشە ﴿أَرَضِيتُم بِٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا مِنَ ٱلْأَخِرَةِ﴾ ئایا ژیانی دنیاتان لە قیامەت پێ خۆشترە؟ واتە: چیتانە ئەمەتان لەبەر ئەوە کرد کە دنیاتان لا خۆشترە لە ڕۆژی دوایی؟ پاشان خودای گەورە باسی گوێنەدان بە دنیاو بێ بەهایی ژیانی دونیا دەکات و خاوەنباوەڕان هەڵدەنێ بۆ وەدەستهێنانی پاداشتی ڕۆژی دوایی، ئەفەرموێت: ﴿فَمَا مَتَٰعُ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا فِي ٱلْأَخِرَةِ إِلَّا قَلِيلٌ﴾ ژیانی دنیاتان لە چاو ژیانی ئەو دنیاتان شتێکی زۆر کەم بایەخە. وەك ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردوە لە مستەورەدی برای بەنی نەهرەوە ئەڵێ: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (ئەم دنیا لە چاو ڕۆژی قیامەتدا وەك ئەوەیە کەسێ لە ئێوە پەنجەیەك بخاتە دەریایەکەوە، با سەیر کات بە چیەوە دەگەڕێتەوە؟)جا بە پەنجەی شایەتومانی هێمای کرد.[1] تەنیا موسلیم خۆی هێناویەتی[2] سەوری لە ئەعمەشەوە لەم ئایەتەدا: ﴿فَمَا مَتَٰعُ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا فِي ٱلْأَخِرَةِ إِلَّا قَلِيلٌ﴾ئەڵێ: وەك توێشوی سوارێ وایە، واتە: لە چاو ڕۆژی قیامەتدا. پاشان خودای گەورە هەڕەشە دەکات لەو کەسانەی کە واز لە جیهادکردن دێنن و ئەفەرموێت: ﴿إِلَّا تَنفِرُواْ يُعَذِّبْكُمْ عَذَابًا أَلِيمًا﴾ ئەگەر نەچنە غەزا، لەلایەن خوداوە تووشی جەزرەبەی بە ژان دێن، ئیبنوعەبباس ئەڵێ: پێغەمبەری خودا(ﷺ) داوای لە گەڕەکێکی عەرەب کرد کە بچن بۆ غەزا تەمەڵیان کردو نەچوون بە دەم داواکەی پێغەمبەرەوە(ﷺ) خودا بارانی لێ گرتنەوە

---

[1] أحمد (٤/٢٨٨)، سەحیحە.

[2] مسلم (٤/٢١٩٣).

ئەوە سزاكەیان بوو.[1] ﴿وَيَسْتَبْدِلْ قَوْمًا غَيْرَكُمْ﴾ كۆمەڵێكی تر دەخاتە شوێنەكەی ئێوە، واتە: بۆ یارمەتی دانی پێغەمبەرەكەیی‌و نیشتەجێ بوونی ئاینەكەی وەك فەرموویەتی: ﴿وَإِن تَتَوَلَّوْا يَسْتَبْدِلْ قَوْمًا غَيْرَكُمْ ثُمَّ لَا يَكُونُوا أَمْثَالَكُم﴾[2] ئەگەر پشتی تێ بكەن ئێوە دەگۆڕێ بە كۆمەڵێكی تر كە هەرگیز وەك ئێوە نابن. پاشان خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَلَا تَضُرُّوهُ شَيْئًا﴾ ئێوە لەو بارەیەوە هیچ زیانێكی پێ ناگەیەنن. واتە: هیچ زیانێك بە خودا ناگەیەنن بە نەڕۆشتن‌و تەمەڵی كردنتان لە جیهاد كردن ﴿وَاللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ﴾ خودا توانای بەسەر هەموو شتێكدا هەیە. واتە: ئێوەش نەبن خودا توانای سەركەوتنی بەسەر دوژمندا هەیە.

﴿إِلَّا تَنصُرُوهُ فَقَدْ نَصَرَهُ اللَّهُ إِذْ أَخْرَجَهُ الَّذِينَ كَفَرُوا ثَانِيَ اثْنَيْنِ إِذْ هُمَا فِي الْغَارِ إِذْ يَقُولُ لِصَاحِبِهِ لَا تَحْزَنْ إِنَّ اللَّهَ مَعَنَا ۖ فَأَنزَلَ اللَّهُ سَكِينَتَهُ عَلَيْهِ وَأَيَّدَهُ بِجُنُودٍ لَّمْ تَرَوْهَا وَجَعَلَ كَلِمَةَ الَّذِينَ كَفَرُوا السُّفْلَىٰ ۗ وَكَلِمَةُ اللَّهِ هِيَ الْعُلْيَا ۗ وَاللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ﴿٤٠﴾﴾

خودا یارمەتیدەری پێغەمبەرەكەیەتی

خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿إِلَّا تَنصُرُوهُ﴾ ئەگەر ئێوە یاریدەی پێغەمبەرەكەی نەدەن ﴿فَقَدْ نَصَرَهُ اللَّهُ﴾ خودا بۆ خۆی بە هانایەوە دەهات‌و پشتیوانی لێ دەكردو دەیپاراست‌و بەسی بوو، وەك چۆن هەرخۆی بە هانایەوە هات ﴿إِذْ أَخْرَجَهُ الَّذِينَ كَفَرُوا ثَانِيَ اثْنَيْنِ إِذْ هُمَا فِي الْغَارِ إِذْ يَقُولُ لِصَاحِبِهِ لَا تَحْزَنْ إِنَّ اللَّهَ مَعَنَا﴾ وەختێ خوانەناسەكان ئەویان دەركرد، ئەو كاتەیش لە ئەشكەوتەكەدا بوون‌و پێغەمبەر(ﷺ) یەكێك بوو لەو دوو كەسە، ئەو كاتە بەهاوەڵەكەی خۆی گوت: خەمت نەبێ، ئێمە خودامان لەگەڵە،یانی: ئەمە لە ساڵی كۆچكردنی پێغەمبەردا بوو (ﷺ) كاتێ بتپەرستان هاتنە سەر ئەوەی بیكوژن یان بەندی كەن یان دووری بخەنەوە، پێغەمبەر(ﷺ) رایكردو دەرچوو بە هاوڕێیەتی ئەبوبەكری كوڕی ئەبی قوحافەو پەنای برد بۆ ئەشكەوتی سەورو سێ ڕۆژ مانەوە (بۆ ئەوەی ئەوانەی دەرچووبوون دەگەڕان بە دوایدا بگەڕێنەوەو پاشان بەرەو مەدینە بكەونە ڕێ، ئەبوبەكر (ڕەزای خوای لێبێ) زۆر خەمی بوو كەس پێیان بزانێ‌و

---

[1] الطبري (١٤/٢٥٥).

[2] محمد (٣٨).

پێغەمبەری خودا(ﷺ) تووشی ئازار بکات، پێغەمبەر(ﷺ) ورەی پێ ئەداو دڵنیای دەکردو ئەیفەرموو: (ئەی ئەبوبەکر تۆ گومانت چۆنە بە دوو کەس کە خودا سێهەمیانە)[1] وەك ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردوە لە ئەنەسەوە کە ئەبوبەکر بۆی باس کردوەو فەرموویەتی: گوتم بە پێغەمبەر(ﷺ) کە ئێمە لەناو ئەشکەوتەکەدا بووین، ئەگەر یەکێ لەوانە سەیری پێکانی خۆی بکردایە دەیبینین لە ژێری پێکانیەوە، فەرمووی: (ئەی ئەبوبەکر تۆ گومانت چۆنە بە دوو کەس کە خودا سێهەمیانە)[2] بوخاریو موسلیم لە هەردوو سەحیحەکەیاندا هێناویانە[3] بۆیە خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿فَأَنزَلَ اللَّهُ سَكِينَتَهُ عَلَيْهِ﴾ خودا ئارامیو ئاسایشی بۆ ناردە خوارەوە. گوتراوە ئەوە بۆ ئەبوبەکرە. ﴿وَأَيَّدَهُ بِجُنُودٍ لَّمْ تَرَوْهَا﴾ چەندین سەربازی بۆ نارد کە ئێوە نەتان دەبینین، ﴿وَجَعَلَ كَلِمَةَ الَّذِينَ كَفَرُوا السُّفْلَىٰ وَكَلِمَةُ اللَّهِ هِيَ الْعُلْيَا﴾ قسەی خوانەناسان ژێر کەوتو هەر قسەی خودا بەرزو لەسەرەوەیە. ئیبنوعەبباس ئەڵێ: مەبەست بە قسەی خوانەناسان شەریك بۆ خوا دانانە، مەبەستیش بە قسەی خودا بریتیە لە وتەی (لا إله إلا الله)[4] وە لە هەردوو سەحیحەکەدا هاتووە لە ئەبومووسای ئەشعەریەوە (ڕەزای خوای لێبێ)ئەڵێ: پرسیار لە پێغەمبەری خودا کرا (ﷺ) لە بارەی پیاوێکەوە لەبەر ئازایەتی شەڕ بکات یان لەبەر دەمارگیری شەڕ بکات یان لەبەر ڕیا کاری شەڕ بکات، کام لەمانە لە ڕێی خوادایە؟ پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (کەسێ شەڕ بکات بۆ ئەوەی هەر وتەی خودا بەرز بێ ئەوە لە ڕێی خوادایە)[5] پاشان خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَاللَّهُ عَزِيزٌ﴾ خودا خاوەندەسەڵاتە، واتە: لە تۆڵە سەندنداو لە یارمەتی دانیانداو جێ پەنایەو هەرکەسێ هانای بۆ بباتو دەس بە ئاینەکەیەوە بگرێ تووشی زیان نابێ. ﴿حَكِيمٌ﴾ کارزانە لە گفتارو کرداریدا.

﴿انفِرُوا خِفَافًا وَثِقَالًا وَجَاهِدُوا بِأَمْوَالِكُمْ وَأَنفُسِكُمْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ ۚ ذَٰلِكُمْ خَيْرٌ لَّكُمْ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴿٤١﴾﴾

---

[1] فتح الباري (٨/١٧٦).

[2] أحمد (١/٤)، سەحیحە.

[3] فتح الباري (٧/١١)، مسلم (٤/١٨٥٤).

[4] الطبري (١٤/١٤/٢٦١).

[5] فتح الباري (١/٢٦٨)، مسلم (٣/١٥١٢).

دەبێ جیهاد لە هەموو بارودۆخێکدا بکرێ

سوفیانی سەوری لە باوکیەوە، لە ئەبوزوحاوە موسلیمی کوڕی سەبیحەوە ئەڵێ: ئەم ئایەتە: ﴿أنفِرُوا خِفَافًا وَثِقَالًا﴾ بڕۆن (بۆجیهاد) چ سووك بار بن (لەش ساغو دەوڵەمەندو دەستەڵات دار بن) چ گران بار بن (نەخۆش و هەژار بن) یەکەم ئایەت بوو لە سورەتی بەرائەتدا هاتە خوارەوە[1] موعتەمەری کوڕی سولەیمان ئەڵێ باوکی گوتویەتی: حەزرەمی پێی گوتوە هەندێ لە خەڵکی لەوانەیە کەسی وایان تیدا بێت نەخۆش بێ یان بە تەمەن بێ ،ئەمیش پێی دەڵێ: من خۆم تاوانبار ناکەم خودای گەورەش ئەم ئایەتەی ناردوەتە خوارەوە کە ئەفەرموێت :﴿أنفِرُوا خِفَافًا وَثِقَالًا﴾[2] خودای گەورە فەرمانی دا کە هەموو موسوڵمانان بچن بۆ غەزای تەبوك لەگەڵ پێغەمبەری خودا(ﷺ) بۆ شەڕ کردن لەگەڵ دوژمنانی خوادا، لە ڕۆمە خوانەناسەکانی ئەهلی کتێب! فەرزی کرد لەسەر خاوەن باوەڕان کە دەبێ لەگەڵ پێغەمبەردا (ﷺ) دەرچن لە گشت بارودۆخێکدا لە خۆشی و ناخۆشیدا، لە تەنگانەو فەرەحیدا فەرموویەتی: ﴿أنفِرُوا خِفَافًا وَثِقَالًا﴾ عەلی کوڕی زەید لە ئەنەسەوە، لە ئەبوتەلحەوە ئەڵێ: پیرو جوان، خودا بیانوی کەس وەرناگرێ،ئەوە بوو لە پاشاندا چوو بۆ شام و شەڕی کرد تا کوژرا. لە ڕیوایەتێکی تردا هاتوە ئەبوتەلحە سورەتی بەرائەتی خوێندەوە گەیشتە سەر ئەم ئایەتە: ﴿أنفِرُوا خِفَافًا وَثِقَالًا وَجَاهِدُوا بِأَمْوَالِكُمْ وَأَنفُسِكُمْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ﴾ پاشان گوتی: وا دەبینم پەروەردگارمان داوای دەرچوون لە هەموومان دەکات پیرو جوان، کوڕەکانم ئامادەکاریم بۆ بکەن! کوڕەکانی پێیان گوت: خودا ڕەحمەت پێ بکات تۆ لە خزمەت پێغەمبەردا (ﷺ) غەزات کردوە هەتا کۆچی دوایی کرد،وە لەگەڵ ئەبوبەکریشدا هەتا کۆچی دوایی کرد، لەگەڵ عومەریشدا هەتا کۆچی دوایی کرد، ئێمە لەباتی تۆدا دەچین بۆ غەزا، قبوڵی نەکرد، سواری (کەشتی بوو) لە دەریاداو کۆچی دوایی کرد دوورگەیەکیان دەست نەکەوت تیایدا بینێژن هەتا نۆ ڕۆژ مایەوە پاشان ناشتیان تەرمەکەی هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نەهات[3]! سوودی لەم ئایەتەدا: ﴿أنفِرُوا خِفَافًا وَثِقَالًا﴾ ئەفەرموێت: دەوڵەمەندو هەژارو بەهێزو لاوازتان با بڕوات بۆ غەزا، لەو کاتەدا پیاوێ هاتە لای پێغەمبەر(ﷺ) دەڵێن ئەو پیاوە میقداد بووە زۆر گەورەو قەڵەو بووە، سکاڵای بردە لای، داوای لێ کرد ئیزنی بدا، ئیزنی نەدا، ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە: ﴿أنفِرُوا خِفَافًا وَثِقَالًا﴾ کاتێ ئەم ئایەتە هاتە خوار زۆر

---

[1] الطبري (١٤/٢٧٠).

[2] الطبري (١٤/٢٦٦).

[3] إبن أبي حاتم (٦/١٨٠٢).

لەسەر شانی خەڵکی گران بوو، خودای گەورە بەم ئایەتە نەسخی کردوەو فەرمووی: ﴿ لَّيْسَ عَلَى الضُّعَفَاءِ وَلَا عَلَى الْمَرْضَىٰ وَلَا عَلَى الَّذِينَ لَا يَجِدُونَ مَا يُنفِقُونَ حَرَجٌ إِذَا نَصَحُوا لِلَّهِ ﴾[1] هیچ گلەیەك نیە لەسەر ئەوانەی بێ هێزو نەخۆشن‌و ئەوانەی کە هیچ شك نابەن خێرات بکەن، ئەگەر ئەوان بە دڵسۆزی بۆ خوداو پێغەمبەرەکەی (ﷺ) ئامۆژگاری خەڵکی بکەن. ئیبنوجەریرئەڵێ: حیبانی کوڕی زەیدی شەرعەبی بۆی باس کردم‌و ئەڵێ: لەگەڵ سەفوانی کوڕی عەمردا دەرچووین کە والی حومس بوو ڕووەو ئەفسوس چووین تا جەراجیمە پیاوێکی بەتەمەنی زۆر لاوازم بینی کە برۆکانی کەوتبووە سەر چاوەکانی ئەوەندە چوو بوو بە ساڵدا خەڵکی دیمەشق بوو سواری ولاغەکەی بوو لەگەڵ ئەوانەی دەچوون بۆ غەزا. چوومە لای‌و گوتم ئەی مامە! خودا مۆڵەتی تۆی داوە ئەڵێ: برۆکانی بەرز کردەوەو گوتی: ئەی برازای خۆم خودا داوامان لێ دەکات سوکبار بین یان گرانبار بین بڕۆین بۆ غەزا، ئەی نازانی ئەگەر کەسێ خودا خۆشی بوێ تاقی دەکاتەوە، پاشان دەیگێڕێتەوەو دەیهێڵێتەوە، بشزانە خودا ئەو عەبدانەی تاقی دەکاتەوە کە شوکرانە بژێرو خۆڕاگرو یادی خودا کەرن‌و جگە لە خودای گەورەیش هیچ کەسێکیان نەپەرستوە[2] پاشان خودای گەورە خەڵکی هەڵدەنێ بۆ ماڵ بەخشین‌و خۆبەخشین لەبەر ڕەزای خۆیی‌و پێغەمبەرەکەی (ﷺ) ئەفەرموێت: ﴿وَجَٰهِدُوا بِأَمْوَٰلِكُمْ وَأَنفُسِكُمْ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ ذَٰلِكُمْ خَيْرٌ لَّكُمْ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴾ بەرەو غەزا ڕێ بگرنە بەرو لە گیان‌و ماڵ بەخشین دریغی مەکەن، ئەگەر بزانن، ئەوە بە قازانجی خۆتانە. واتە: ئەو ماڵ‌و گیان بەخت کردنە لە دنیاو دواڕۆژدا بۆ ئێوە باشترە، چونکە ئێوە هەندێ لە ماڵی خۆتان دەبەخشن هەر لە دنیادا خودا ماڵ‌و سامانی دوژمنەکانی دەدات پێتان لەگەڵ ئەو هەموو شتانەشدا کە لە ڕۆژی قیامەتدا پێیان دەبەخشێ بە ڕێزو قەدرەوە. وەك پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: خودا(بەهەشتی) دەستەبەر کردوە بۆ ئەو کەسەی غەزا دەکات لە ڕێی ئەودا ئەگەر مراندی دەیخاتە ناو بەهەشت یان دەیگێڕێتەوە بۆ ماڵەکەی خۆی بەوەی کە بەدەستی هێناوە لە پاداشت یان غەنیمەت)[3] بۆیە خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿كُتِبَ عَلَيْكُمُ ٱلْقِتَالُ وَهُوَ كُرْهٌ لَّكُمْ وَعَسَىٰٓ أَن تَكْرَهُوا شَيْـًٔا وَهُوَ خَيْرٌ لَّكُمْ وَعَسَىٰٓ أَن تُحِبُّوا شَيْـًٔا وَهُوَ شَرٌّ لَّكُمْ وَٱللَّهُ يَعْلَمُ وَأَنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ ﴾[4] غەزاتان لەسەر نوسراوە، هەرچەندە خۆشیتان لێی نایە، ڕەنگە لە شتێ

---

[1] التوبة (٩١).

[2] الطبري (١٤/٢٦٤).

[3] مسلم (١٤٩٦/٤).

[4] البقرة (٢١٦).

حەز نەکەن بەلاَم بۆتان بە خێر بگەڕێ، لەوانەیشە ئاوات بۆ شتێ بخوازن کە ئاکامەکەی باش نەبێ، خودا دەزانێ‌و ئێوە سەری لەبەر دەرناکەن. هەر لەم شێوەیە ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردوە لە ئەنەسەوە، ئەمیش لە پێغەمبەری خوداوە (ﷺ) فەرمووی بە پیاوێ: (موسوڵمان ببە) پیاوەکە گوتی: ئەگەر پێشم ناخۆش بێ، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (ئەگەر پێشت ناخۆش بێ)[1].

﴿لَوْ كَانَ عَرَضًا قَرِيبًا وَسَفَرًا قَاصِدًا لَّاتَّبَعُوكَ وَلَٰكِن بَعُدَتْ عَلَيْهِمُ الشُّقَّةُ ۚ وَسَيَحْلِفُونَ بِاللَّهِ لَوِ اسْتَطَعْنَا لَخَرَجْنَا مَعَكُمْ يُهْلِكُونَ أَنفُسَهُمْ وَاللَّهُ يَعْلَمُ إِنَّهُمْ لَكَاذِبُونَ (٤٢)﴾

هۆی دواکەوتنی دووڕووەکان‌و ئاشکراکردنی فرۆفێڵیان

خودای گەورە سەرزەنشتی ئەوانە دەکات کە لە پێغەمبەری خودا(ﷺ)دوا کەوتن لە غەزای تەبوکدا دوای ئەوەی ئیزنیان خواست‌و دانیشتن‌و نەچوون بۆ غەزای تەبوك، وایان پیشان دا کە توانای غەزایان نیە، بەلاَم وایش نەبوو، بۆیە خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿لَوْ كَانَ عَرَضًا قَرِيبًا﴾ ئەگەردەستکەوتێکی بێ ڕەنج بوایە، ئیبنوعەبباس ئەڵێ: دەستکەوتێکی نزیك ﴿وَسَفَرًا قَاصِدًا﴾ و سەفەرێکی سانا بوایە، ﴿لَّاتَّبَعُوكَ﴾ بەئاسانی بەدواتدادەهاتن بۆی ﴿وَلَٰكِن بَعُدَتْ عَلَيْهِمُ الشُّقَّةُ﴾ بەلاَم ماوەی دوورو سەختیان لا گران بوو، هەتا دەگەنە شام ﴿وَسَيَحْلِفُونَ بِاللَّهِ﴾ دێن سوێن دەخۆن بە خودا بۆتان کە گەڕانەوە بۆ لایان ﴿لَوِ اسْتَطَعْنَا لَخَرَجْنَا مَعَكُمْ﴾ ئەگەر بمان توانیایە، ئێمەش لەگەڵتان دەهاتین، واتە: ئەگەر حاڵمان وا نەبوایە لەگەڵتان دەهاتین، خودایش ئەفەرموێت: ﴿يُهْلِكُونَ أَنفُسَهُمْ وَاللَّهُ يَعْلَمُ إِنَّهُمْ لَكَاذِبُونَ﴾ بە سوێند (خۆیان لەناو دەبەن) خودا دەزانێ کە ئەمانە درۆ دەکەن.

﴿عَفَا اللَّهُ عَنكَ لِمَ أَذِنتَ لَهُمْ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَكَ الَّذِينَ صَدَقُوا وَتَعْلَمَ الْكَاذِبِينَ (٤٣) لَا يَسْتَأْذِنُكَ الَّذِينَ يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ أَن يُجَاهِدُوا بِأَمْوَالِهِمْ وَأَنفُسِهِمْ ۗ وَاللَّهُ عَلِيمٌ بِالْمُتَّقِينَ (٤٤) إِنَّمَا يَسْتَأْذِنُكَ الَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ وَارْتَابَتْ قُلُوبُهُمْ فَهُمْ فِي رَيْبِهِمْ يَتَرَدَّدُونَ (٤٥)﴾

[1] أحمد (٣/١٠٩).

گلەییکردن لە پێغەمبەر لەسەر ئەوەی ئیزنی دان

ئیبنوئەبی حاتەم ڕیوایەتی کردوە لە عەونەوەئەڵێ: ئایا گلەیەکتان بیستوە جوانتربێت لەم گلەییە؟ بانگ کردن بە لێبوردن لە پێش گلەییەکەدا، خودا ئەفەرموێت بە پێغەمبەر(ﷺ): ﴿عَفَا ٱللَّهُ عَنكَ لِمَ أَذِنتَ لَهُمۡ﴾ خودا بت بەخشێ بۆچی ئیزنت دان؟[1]. سورەیقی عیجلیو کەسانی تریش هەر وایان گوتوە[2] قەتادەئەڵێ: خودا گلەیی لە پێغەمبەر(ﷺ) کرد وەك دەیبیسن، پاشان ئەو ئایەتەی ناردە خوارەوە لە سورەتی نوردا کە ڕێی پێدا ئەگەر مەیلی لێیە ئیزنیان بدات، ئەفەرموێت: ﴿فَإِذَا ٱسۡتَـٔۡذَنُوكَ لِبَعۡضِ شَأۡنِهِمۡ فَأۡذَن لِّمَن شِئۡتَ مِنۡهُمۡ﴾[3]،[4] هەر کاتێ بۆ کاری خۆیان هاتن ئیزنت لێ بخوازن، هەر کامێکیان ئیزن دەدەی مەیلی خۆتە. هەر بەم شێوەیەش ڕیوایەت کراوە لە عەتای خۆراسانیەوە، موجاهیدئەڵێ: ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە لەسەر ئەو کەسانەی وتیان: داوای ئیزن بکەن لە پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئەگەر ئیزنی دان دانیشن، ئەگەر ئیزنیشی نەدان هەر دانیشن[5]. بۆیە خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَكَ ٱلَّذِينَ صَدَقُواْ﴾ (ڕاوەستابای) هەتا بۆت ڕۆشن بوایەتەوە کامانە ڕاستن، واتە: لە هێنانەوەی بیانوەکەیاندا ﴿وَتَعۡلَمَ ٱلۡكَـٰذِبِينَ﴾ درۆزنەکانیش بناسیت. خودای گەورە ئەفەرموێت: کاتێ داوای ئیزنیان لێ کردی باشتر وا بوو گوێت پێ نەدانایەو ئیزنی هیچ کەسێکیانت نەدایە کە بمێننەوەو دانیشن، تا ئەوەی ڕاست دەکاتو گوێڕایەڵیت دەکات بیناسیو جیا ببێتەوە، چونکە ئەوان هەر پێیان دادەگرت لەسەر دانیشتنو نەدەهاتن بۆ غەزا، ئەگەر ئیزنیشت نەدانایە دانیشن. بۆیە خودای گەورە فەرموویەتی هەر کەسێ بڕوای بە خوداو پێغەمبەرەکەی (ﷺ) ببێ داوای ئیزن ناکات کە نەچن بۆ غەزاو دانیشن ﴿لَا يَسۡتَـٔۡذِنُكَ ٱلَّذِينَ يُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِ أَن يُجَـٰهِدُواْ بِأَمۡوَٰلِهِمۡ وَأَنفُسِهِمۡۗ وَٱللَّهُ عَلِيمُۢ بِٱلۡمُتَّقِينَ﴾ ئەوانەی بڕوایان هەیە بە خوداو بە ڕۆژی قیامەت، نایەن ئیزنت لێ بخوازن تا بە ماڵو گیان لە ڕێی خوا غەزا بکەن، خودا خۆپارێزان دەناسێ ﴿إِنَّمَا يَسۡتَـٔۡذِنُكَ ٱلَّذِينَ لَا يُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِ﴾ هەر ئەوانە دێن کە ئیزنت لێ بخوازن کە بڕوایان بە خوداو ڕۆژی دوایی نیە، واتە: بە هیوای پاداشتی خودا نین لەسەر کردارەکانیان لە ڕۆژی دوایدا،

---

[1] إبن أبي حاتم (٦/١٨٠٥).
[2] الطبري (١٤/٢٧٤).
[3] النور (٦٢).
[4] الطبري (١٤/٢٧٣).
[5] الطبري (١٤/٢٧٣).

﴿وَٱرۡتَابَتۡ قُلُوبُهُمۡ﴾ لەو ناوەدا دوودڵ ماون. واتە: گومانیان هەیەلەسەر ڕاستی ئەوەی هاتووی پێی بۆیان ﴿فَهُمۡ فِي رَيۡبِهِمۡ يَتَرَدَّدُونَ﴾ لە گومانی خۆیاندا دێنو دەچن. واتە: تۆش داماون، پێیە پێش دەخەن پێیە دوا دەخەن، پێ داگرتنیان نیە لە هیچ شتێکداو خۆڕاگر نین، ئەوانە کۆمەڵێکی سەرگەردان و تیاچوون نە بەرەو ئەم لانو نە بەرەو ئەو لان، هەرکەسێ خودا گومڕای بکات، ڕێگای بۆ نادۆزرێتەوە.

﴿وَلَوۡ أَرَادُواْ ٱلۡخُرُوجَ لَأَعَدُّواْ لَهُۥ عُدَّةٗ وَلَٰكِن كَرِهَ ٱللَّهُ ٱنۢبِعَاثَهُمۡ فَثَبَّطَهُمۡ وَقِيلَ ٱقۡعُدُواْ مَعَ ٱلۡقَٰعِدِينَ ﴿٤٦﴾ لَوۡ خَرَجُواْ فِيكُم مَّا زَادُوكُمۡ إِلَّا خَبَالٗا وَلَأَوۡضَعُواْ خِلَٰلَكُمۡ يَبۡغُونَكُمُ ٱلۡفِتۡنَةَ وَفِيكُمۡ سَمَّٰعُونَ لَهُمۡۗ وَٱللَّهُ عَلِيمُۢ بِٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٤٧﴾﴾

ئاشکرا کردنی حاڵی دووڕووەکان

خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَلَوۡ أَرَادُواْ ٱلۡخُرُوجَ لَأَعَدُّواْ لَهُۥ عُدَّةٗ﴾ ئەگەر بیانویستایە دەرچن (لەگەڵتدا بۆ غەزا) خۆیان بۆ ئامادە دەکرد ﴿وَلَٰكِن كَرِهَ ٱللَّهُ ٱنۢبِعَاثَهُمۡ فَثَبَّطَهُمۡ﴾ بەڵام خودا هاتنیانی پێ خۆش نەبوو ورەی لە دڵیاندا نەهێشتو دوای خستن ﴿وَقِيلَ ٱقۡعُدُواْ مَعَ ٱلۡقَٰعِدِينَ﴾ پێیان گوترا: ئێوەیش لەگەڵ بەجێماوان بەجێ بمێنن. واتە: بڕیاری خودا بوو، پاشان خودای گەورە ڕوونی کردوەتەوە کە بۆچی پێی ناخۆشە لەگەڵ موسوڵمانانندا ئەوانە دەرچن بۆ غەزاو فەرمووی: ﴿لَوۡ خَرَجُواْ فِيكُم مَّا زَادُوكُمۡ إِلَّا خَبَالٗا﴾ ئەگەر لەگەڵ ئێوەش بهاتنایە بۆ غەزا کاریان لە ئێوە تێك ئەدا. واتە: ئەوانە ترسەنۆکن ڕایان دەکردو خەڵکیشیان لە ئێوەشیان پەشیمان دەکردنەوە ﴿وَلَأَوۡضَعُواْ خِلَٰلَكُمۡ يَبۡغُونَكُمُ ٱلۡفِتۡنَةَ﴾ کێشەیان بۆ دەنانەوەو ئاژاوەیان بەرپا دەکرد. دەستیان دەکرد بە قسە هێنانو بردنو کینەو دووبەرەکیان دروس دەکرد ﴿وَفِيكُمۡ سَمَّٰعُونَ لَهُمۡۗ﴾ هەندێکیشتان لەناودا بوو قسەکانیان لێ دەبیستن. پاشان خودای گەورە باسی ئەوە دەکات کە خۆی چاك دەیانناسێ ئەفەرموێت: ﴿وَٱللَّهُ عَلِيمُۢ بِٱلظَّٰلِمِينَ﴾ خودا ئاگاداری ستەمکارانە. فەرموویەتی کە زاناو ئاگادارە بەوەی بووەو بەوەی دەبێو ئەوەش نابێو ئەگەریش ببێ چۆن دەبێ. واتە: هەندێ کەستان تیا بووە کە گوێڕایەڵیان بوون، قسەی ئەو دووڕووانەیان بە چاك دەزانی و لە قسەیان دەرنەدەچوون، چونکە ئەوانە نەیاندەزانی کە ئەوانە دووڕوون، لەبەر ئەوە لەناو موسوڵمانانندا کێشەو دووبەرەکیو خراپە زۆر ڕووی ئەدا. موحەممەدی کوڕی ئیسحاق ئەڵێ: ئەوانەی کە داوای ئیزنیان دەکرد وەك هەواڵم پێ گەیشتوە لە پیاوە خاوەن ڕێزەکان بوون (لەناو مەدینەدا) لەوانە: عەبدوڵلای

کوڕی ئوبەیی کوڕی سەلولو جەددی کوڕی قەیس. چونکە ئەمانە پیاوماقولانی هۆزەکەیان بوون، خودای گەورە دوای خستن، چونکە خۆی چاك دەیناسین، ئەگەر ئەوانە لەگەڵیان دەرچوونایە سەریان لە سەربازەکان دەشێواندو تووشی خراپەیان دەکردن.[1] هەر بۆیە فەرموویەتی: ﴿لَوْ خَرَجُوا فِيكُم مَّا زَادُوكُمْ إِلَّا خَبَالًا﴾ ئەگەر لەگەڵ ئێوە بهاتنایە بۆ غەزا کاریان لە ئێوەش تێك ئەدا. باسی هەڵسوکەوتی ئەو دووڕووانەی کردوە کە چۆن ڕەفتار دەکەن ئەگەر دەرچونایە لەگەڵ ئەوەیشدا هەر دەرنەچوون. وەك خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَلَوْ رُدُّوا لَعَادُوا لِمَا نُهُوا عَنْهُ وَإِنَّهُمْ لَكَاذِبُونَ﴾[2] ئەگەر بگێڕرێنەوە (بۆ دنیا) ئەو کارانەی کە پێیان دەگوترا مەیکەن هەر دەیانکرد ئەمانە هەر درۆزنن. وە ئەفەرموێت: ﴿وَلَوْ عَلِمَ اللَّهُ فِيهِمْ خَيْرًا لَّأَسْمَعَهُمْ ۖ وَلَوْ أَسْمَعَهُمْ لَتَوَلَّوا وَّهُم مُّعْرِضُونَ﴾[3] ئەگەر خودا بیزانیایە خێرێکیان تێدایە، کارێکی دەکرد ببیسن، ئەگەر گوێی بیستنیشی پێ بدانایە، هەر ڕوویان لێ وەردەگێڕاو خۆیان لێ لائەدا. وە فەرموویەتی: ﴿وَلَوْ أَنَّا كَتَبْنَا عَلَيْهِمْ أَنِ اقْتُلُوا أَنفُسَكُمْ أَوِ اخْرُجُوا مِن دِيَارِكُم مَّا فَعَلُوهُ إِلَّا قَلِيلٌ مِّنْهُمْ ۖ وَلَوْ أَنَّهُمْ فَعَلُوا مَا يُوعَظُونَ بِهِ لَكَانَ خَيْرًا لَّهُمْ وَأَشَدَّ تَثْبِيتًا ﴿٦٦﴾ وَإِذًا لَّآتَيْنَاهُم مِّن لَّدُنَّا أَجْرًا عَظِيمًا ﴿٦٧﴾ وَلَهَدَيْنَاهُمْ صِرَاطًا مُّسْتَقِيمًا﴾[4] ئەگەر ئێمە بۆ ئەمانەمان بنوسیایە خۆتان بکوژن یان لە وڵاتتان دەرچن (کەمێکیان نەبێ) ئەو کارەیان دەکرد، لەکاتێکدا ئەگەرەوەك ئامۆژگاریان دەکرا بیانکردایە بۆ ئەوان چاك بوو، باوەڕیشیان بە خودا بتەوتر دەبوو. ئەوسا ئێمەش لەلایەن خۆمانەوە پاداشتێکی گەورەمان بەوان دەبەخشی. واشمان دەکرد کە لە ڕێگەی ڕاستی ئێمە شارەزا بن، ئایەت لەم بارەیەوە زۆر هاتوە.

﴿لَقَدِ ابْتَغَوُا الْفِتْنَةَ مِن قَبْلُ وَقَلَّبُوا لَكَ الْأُمُورَ حَتَّىٰ جَاءَ الْحَقُّ وَظَهَرَ أَمْرُ اللَّهِ وَهُمْ كَارِهُونَ ﴿٤٨﴾﴾

خودای گەورە هانی پێغەمبەرەکەی ئەدا (ﷺ) لەسەر دووڕووەکانو ئەفەرموێت: ﴿لَقَدِ ابْتَغَوُا الْفِتْنَةَ مِن قَبْلُ وَقَلَّبُوا لَكَ الْأُمُورَ﴾ لە پێشیشدا پشێویان نایەوەو کاری تۆیان بە پێچەوانە نیشان ئەداوقسەکانیان (هەڵدەگێڕایەوە) واتە: بە هەموو شێوەیە بیریان دەکردەوەو ماخۆلانیان بوو کە فێڵ

---

[1] الطبري (١٤/٢٧٧).
[2] الانعام (٢٨).
[3] الانفال (٢٣).
[4] النساء (٦٦-٦٨).

لە تۆو هاوەڵەکانت بکەن‌و لە ئاینەکەت خەڵکی دوورەپەرێز کەن‌و بۆ ماوەیەکی زۆر کپی بکەنەوە، ئەوەش لە سەرەتای گەیشتنی پێغەمبەرەوە بوو (ﷺ) بۆ مەدینە. کە عەرەبەکان بە یەك ڕیز دژی پێغەمبەر(ﷺ) وەستابوون‌و جوولەکەو دووڕووەکانی مەدینەش دژایەتیان دەکرد کاتێ خودای گەورە لە جەنگی بەدردا سەری خست‌و وتەی خۆی بەرز کردەوە، عەبدوڵلای کوڕی ئوبەیی‌و هاوەڵەکانی گوتیان: ئەمە ڕووداوێکە ڕووی تێ کردوین، بە سەر زاری هاتنە ناو ئاینی ئیسلام، پاشان هەر کاتێ ئاینی ئیسلام‌و موسوڵمانان سەرکەوتنێکیان بە دەست بهێنایە ئەو سەرکەوتنەیان زۆر پێ ناخۆش بوو، دلگران دەبوون پێی، هەر بۆیە خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿حَتَّىٰ جَآءَ ٱلۡحَقُّ وَظَهَرَ أَمۡرُ ٱللَّهِ وَهُمۡ كَٰرِهُونَ﴾ هەتا کارەکەی خودا سەرکەوت کە ئەوان پێیان ناخۆش بوو.

﴿وَمِنۡهُم مَّن يَقُولُ ٱئۡذَن لِّي وَلَا تَفۡتِنِّيٓۚ أَلَا فِي ٱلۡفِتۡنَةِ سَقَطُواْۗ وَإِنَّ جَهَنَّمَ لَمُحِيطَةُۢ بِٱلۡكَٰفِرِينَ ٤٩﴾

خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَمِنۡهُم مَّن يَقُولُ ٱئۡذَن لِّي وَلَا تَفۡتِنِّيٓ﴾ ئەی موحەممەد(ﷺ) هەر لەناو ئەو دووڕووانەدا هەندێ لەوانە هەن، دێن پێت دەڵێن: ئیزنمان بدە با نەیەن، نەوەك تووشی گوناه ببین بەهۆی کچانی ڕۆمەوە، خودایش ئەفەرموێت: ﴿أَلَا فِي ٱلۡفِتۡنَةِ سَقَطُواْ﴾ با بزانن کە هەر ئێستا کەوتونەتە ناو گوناهەوە. واتە: هەر بەو قسەی کە دەیکەن کەوتونەتە گوناهەوە. وەك موحەممەدی کوڕی ئیسحاق دەڵێ: لە زوهری‌و یەزیدی کوڕی ڕوممان‌و عەبدوڵلای کوڕی ئەبوبەکرو عاسمی کوڕی قەتادەو کەسانی تریش کە گوتویانە: ڕۆژێك پێغەمبەری خودا(ﷺ) کە خەریکی خۆ ئامادەکردن بوو فەرمووی بە جەددی کوڕی قەیسی برای بەنی سەلیم: (ئەی جەدد! ئایا ئەم ساڵ خۆت ئامادە کردووە بۆ بەنی ئەسفەر ؟) گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) بۆ ئیزنم نادەی هەتا تووشی گوناه نەبم. سوێند بە خودا هۆزەکەم چاك ئاگادارن هیچ پیاوێ نیە ئەوەندەی من ئارەزووی لە ژنان بێ، من دەترسم ئەگەر ژنانی ڕۆمم بینی خۆم پێ ڕانەگیرێ لێیان، پێغەمبەری خودا(ﷺ) ڕووی لێ وەرگێڕاو پاشان فەرمووی: (ئیزنم پێدای) ئەم ئایەتە لەسەر جەددی کوڕی قەیس هاتە خوارەوە: ﴿وَمِنۡهُم مَّن يَقُولُ ٱئۡذَن لِّي وَلَا تَفۡتِنِّيٓ﴾ واتە: ئەوەی دەڵێ ئەو لە ژنانی ڕۆم دەترسێ کە وا نیە، ئەو گوناهەی کە تووشی دێ لە دواکەوتنی بۆ غەزا لەگەڵ پێغەمبەردا (ﷺ) گەورەترە لەوەی خۆی لێ لا ئەدا.[1] هەر بەو شێوەیە ڕیوایەت کراوە لە ئیبنوعەبباس‌و موجاهیدو کەسانی تریشەوە کە لەسەر جەددی کوڕی

[1] الطبري (١٤/٢٨٧).

قەیس هاتوەتە خوارەوە. ئەم جەددی کوڕی قەیسە لە پیاوە هەرە ماقوڵەکانی بەنی سەلیم بووە.[1] وە لەم فەرموودە سەحیحەدا هاتوە کە پێغەمبەری خودا پێی فەرموون : (ئەی بەنی سەلەمە کێ گەورەتانە؟) گوتیان: جەددی کوڕی قەیس، بەڵام بە کەسێکی چاوچنۆکی دەزانین، پێغەمبەری خودا فەرمووی: (چ دەردێ لە دەردی چاوچنۆکی (خراپترە)، بەڵام گەورەی ئێوە ئەو لاوە قژ لولە سپیەیە، کە بیشری کوڕی بەرائی کوڕی مەعرورە).[2] پاشان خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَإِنَّ جَهَنَّمَ لَمُحِيطَةٌۢ بِٱلْكَٰفِرِينَ﴾ ئەوانەی خوانەناسن، جەهەنم دەورەیان لێ دەدا. واتە: ڕێگای دەرچونیان نیەو ناتوانن ڕابکەنو لێی دەرباز نابن.

﴿إِن تُصِبْكَ حَسَنَةٌ تَسُؤْهُمْ وَإِن تُصِبْكَ مُصِيبَةٌ يَقُولُوا۟ قَدْ أَخَذْنَآ أَمْرَنَا مِن قَبْلُ وَيَتَوَلَّوا۟ وَّهُمْ فَرِحُونَ ﴿٥٠﴾ قُل لَّن يُصِيبَنَآ إِلَّا مَا كَتَبَ ٱللَّهُ لَنَا هُوَ مَوْلَىٰنَا ۚ وَعَلَى ٱللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ ٱلْمُؤْمِنُونَ ﴿٥١﴾﴾

خودای گەورە ئەفەرموێت بە پێغەمبەرەکەی: ﴿إِن تُصِبْكَ حَسَنَةٌ تَسُؤْهُمْ﴾ ئەگەر چاکەت بێتەڕێ، ئەوان پێیان ناخۆشە، خودای گەورە پێغەمبەرەکەی (ﷺ) ئاگادار دەکات لە دوژمنایەتی ئەو دووڕووانە لێی، دەفەرموێ: هەرکاتێ تۆ تووشی چاکەیە ببی، واتە: سەرکەوتنێ یان دەسەلاتێ بە دەستبێنی بەسەر دوژمنداو چەندێ خۆتو هاوەڵەکانت دڵخۆش کات، ئەوان زۆر پێی دلگران دەبن ﴿وَإِن تُصِبْكَ مُصِيبَةٌ يَقُولُوا۟ قَدْ أَخَذْنَآ أَمْرَنَا مِن قَبْلُ﴾ ئەگەر تووشی بەلایش بی، دەڵێن: ئێمە هەر لە پێشدا مشوری خۆمان خواردوە. واتە:ئێمە پێشتر کەشوێنی نەکەوتین خۆپارێزیمان کرد، ﴿وَيَتَوَلَّوا۟ وَّهُمْ فَرِحُونَ﴾ بە دڵخۆشیەوە خۆیانت لێ دوورەپەرێز دەگرن، خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿قُل لَّن يُصِيبَنَآ إِلَّا مَا كَتَبَ ٱللَّهُ لَنَا هُوَ مَوْلَىٰنَا﴾ بڵێ: جگە لەوەی خوا بۆی نوسیوین هیچی ترمان تووش نابێ، هەر ئەو سەروەری ئێمەیەو جێ پەنامانە ﴿وَعَلَى ٱللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ ٱلْمُؤْمِنُونَ﴾ دەبێ خاوەنباوەڕان هەر خۆیان بە خودا بسپێرن. واتە: ئێمە هەر خۆمان بە خودا دەسپێرین ئەومان بەسە چاکترین بریکارە.

---

[1] الطبري (٢٨٧/١٤).

[2] الحاكم (٢١٩/٣)، فەرموودەیەکی حەسەنە.

﴿ قُلْ هَلْ تَرَبَّصُونَ بِنَآ إِلَّآ إِحْدَى ٱلْحُسْنَيَيْنِ وَنَحْنُ نَتَرَبَّصُ بِكُمْ أَن يُصِيبَكُمُ ٱللَّهُ بِعَذَابٍ مِّنْ
عِندِهِۦٓ أَوْ بِأَيْدِينَا فَتَرَبَّصُوٓاْ إِنَّا مَعَكُم مُّتَرَبِّصُونَ ﴿٥٢﴾ قُلْ أَنفِقُواْ طَوْعًا أَوْ كَرْهًا لَّن يُتَقَبَّلَ مِنكُمْ
إِنَّكُمْ كُنتُمْ قَوْمًا فَٰسِقِينَ ﴿٥٣﴾ وَمَا مَنَعَهُمْ أَن تُقْبَلَ مِنْهُمْ نَفَقَٰتُهُمْ إِلَّآ أَنَّهُمْ كَفَرُواْ بِٱللَّهِ
وَبِرَسُولِهِۦ وَلَا يَأْتُونَ ٱلصَّلَوٰةَ إِلَّا وَهُمْ كُسَالَىٰ وَلَا يُنفِقُونَ إِلَّا وَهُمْ كَٰرِهُونَ ﴿٥٤﴾ ﴾

خودای گەورە ئەفەرموێت بە پێغەمبەر(ﷺ): ﴿ قُلْ هَلْ تَرَبَّصُونَ بِنَآ إِلَّآ إِحْدَى ٱلْحُسْنَيَيْنِ ﴾ ئەی موحەممەد(ﷺ) بلێ: ئایا چاوەڕوانن جگە لە یەکێ لەو دوانەی (کە هەردوکیان باشن) شتێکی ترمان تووش دەبێ؟ واتە: شەهیدی یان زاڵ بوون بەسەر ئێوەدا، ئەمە قسەی ئیبنوعەبباس و موجاهیدو قەتادەو کەسانی تریشە.[1] ﴿ وَنَحْنُ نَتَرَبَّصُ بِكُمْ أَن يُصِيبَكُمُ ٱللَّهُ بِعَذَابٍ مِّنْ عِندِهِۦٓ أَوْ بِأَيْدِينَا ﴾ ئەوا ئێمە چاوەڕوانین، هەر خوا خۆی یان بەهۆی ئێمەوە سزاتان بۆ بنێرێ. بە دیل بتانگرین یان بتانکوژین ﴿ فَتَرَبَّصُوٓاْ إِنَّا مَعَكُم مُّتَرَبِّصُونَ ﴾ دەسا ئێوە چاوەڕوان بن، ئەوا ئێمەش چاوەڕوانین. پاشان خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿ قُلْ أَنفِقُواْ طَوْعًا أَوْ كَرْهًا لَّن يُتَقَبَّلَ مِنكُمْ إِنَّكُمْ كُنتُمْ قَوْمًا فَٰسِقِينَ ﴾ بلێ: بە خۆشیتان بێ یان بە زۆر ماڵ ببەخشن، خوا لێتان قبووڵ ناکات، چونکە ئێوە کۆمەڵێکی لە ڕێلادەر بوون. پاشان خودای گەورە باسی ئەوە دەکات کە بۆچی لێیان وەرناگیرێ ئەفەرموێت: ﴿ وَمَا مَنَعَهُمْ أَن تُقْبَلَ مِنْهُمْ نَفَقَٰتُهُمْ ﴾ بۆیە هەرچی دەبەخشن خوا لێتان وەرناگرێو ئەفەرموێت: ﴿ إِلَّآ أَنَّهُمْ كَفَرُواْ بِٱللَّهِ وَبِرَسُولِهِۦ وَلَا يَأْتُونَ ٱلصَّلَوٰةَ إِلَّا وَهُمْ كُسَالَىٰ وَلَا يُنفِقُونَ إِلَّا وَهُمْ كَٰرِهُونَ ﴾ چونکە ئەوان بڕوایان بە خوداو پێغەمبەرەکەی نەبوو (ﷺ) نوێژیشیان بە تەمەڵی دەکەنو ئەو ماڵەیش کە دەیبەخشن زۆر بە نابەدڵی ئەیدەن.

﴿ فَلَا تُعْجِبْكَ أَمْوَٰلُهُمْ وَلَآ أَوْلَٰدُهُمْ إِنَّمَا يُرِيدُ ٱللَّهُ لِيُعَذِّبَهُم بِهَا فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا وَتَزْهَقَ أَنفُسُهُمْ وَهُمْ
كَٰفِرُونَ ﴿٥٥﴾ ﴾

خودای گەورە ئەفەرموێت بە پێغەمبەرەکەی (ﷺ): ﴿ فَلَا تُعْجِبْكَ أَمْوَٰلُهُمْ وَلَآ أَوْلَٰدُهُمْ ﴾ سەیرت نەیە لە دارایی و منداڵانێ کە هەیانە، وەك خودای گەورە لەم ئایەتانەی تریشدا ئەفەرموێت: ﴿ وَلَا تَمُدَّنَّ

[1] الطبري (١٤/٢٩٢).

عَيْنَيْكَ إِلَىٰ مَا مَتَّعْنَا بِهِۦٓ أَزْوَٰجًا مِّنْهُمْ زَهْرَةَ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا لِنَفْتِنَهُمْ فِيهِ ۚ وَرِزْقُ رَبِّكَ خَيْرٌ وَأَبْقَىٰ ﴾[1] چاوت مەبڕە ئەو شتانەی کە داومانە بە کۆمەڵێ لەوانە، کە ئەمە هەر خۆشی ژیانی دنیایەو هەر ویستومانە تاقییان بکەینەوە، ڕۆزی پەروەردگاری تۆ چاکترو بەردەوامترە. وە فەرموویەتی: ﴿ أَيَحْسَبُونَ أَنَّمَا نُمِدُّهُم بِهِۦ مِن مَّالٍ وَبَنِينَ ﴿٥٥﴾ نُسَارِعُ لَهُمْ فِى ٱلْخَيْرَٰتِ ۚ بَل لَّا يَشْعُرُونَ ﴾[2] ئاخۆ ئەوانە پێیان وایە ئێمە بە ماڵو کوڕان یارمەتیان ئەدەین، هەر بۆ ئەوە کە پەلەمانە لە چاکە لەگەڵ کردنیان؟ نەخێر ئەمانە هەستیان نییە. پاشان ئەفەرموێت: ﴿إِنَّمَا يُرِيدُ ٱللَّهُ لِيُعَذِّبَهُم بِهَا فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا ﴾ خودا دەیەوێ لە دنیادا بەمانە ئازاریان بدات. حەسەنی بەسری ئەڵێ: بە زەکاتو بەخشینی لە ڕێی خودا سزایان بدات لە دنیادا.[3] ﴿وَتَزْهَقَ أَنفُسُهُمْ وَهُمْ كَٰفِرُونَ ﴾ هەر بە خوانەناسی بمرن. واتە: (کاتێ کە دەیان مرێنێ) دەیەوێ بە خوانەناسی بیان مرێنێ، بۆ ئەوەی سزاکەیان زۆر توندو تیژ بێ، پەنا بە خوا لەو سزایە، ئەمە دەچێتە (باب)ی مۆڵەت دانەوە پێیان. کەم کەم جڵەویان بۆ شل دەکرێ لەسەر ئەو حاڵەی کە تێیدان.

﴿وَيَحْلِفُونَ بِٱللَّهِ إِنَّهُمْ لَمِنكُمْ وَمَا هُم مِّنكُمْ وَلَٰكِنَّهُمْ قَوْمٌ يَفْرَقُونَ ﴿٥٦﴾ لَوْ يَجِدُونَ مَلْجَـًٔا أَوْ مَغَٰرَٰتٍ أَوْ مُدَّخَلًا لَّوَلَّوْا۟ إِلَيْهِ وَهُمْ يَجْمَحُونَ ﴿٥٧﴾﴾

باسی ترسو شڵەژانی دووڕووەکان

خودای گەورە پێغەمبەرەکەی (ﷺ) ئاگادار دەکاتەوە لە ترسو لەرزو شڵەژانی دووڕووەکان ئەفەرموێت: ﴿وَيَحْلِفُونَ بِٱللَّهِ إِنَّهُمْ لَمِنكُمْ وَمَا هُم مِّنكُمْ وَلَٰكِنَّهُمْ قَوْمٌ يَفْرَقُونَ ﴾ بە سوێندەوە ڕەش دەبنەوەو دەڵێن: ئێمەش لە خۆتانین، درۆش دەکەن لە ئێوە نین، بەڵام ئەوان گرۆیەکی ترسەنۆکن. ئەو ترسەنۆکیە وایان لێ دەکات کە سوێند بخۆن ﴿ لَوْ يَجِدُونَ مَلْجَـًٔا أَوْ مَغَٰرَٰتٍ أَوْ مُدَّخَلًا ﴾ ئەگەر شوێنێك دەست کەوێ خۆیانی تیا بشارنەوەو تیایدا بژین یان پەناگەیە یان ئەشکەوتێ لە کێوەکاندا یان کونڕێو تونەیلێ ﴿لَّوَلَّوْا۟ إِلَيْهِ وَهُمْ يَجْمَحُونَ ﴾ زۆر بە پەلە بۆی دەچن. ئیبنوعەبباسو قەتادەو موجاهید دەڵێن: ئەگەر یەکێ لەو سیانەیان دەست کەوتایە بە پەلە لێتان دووردەکەوتنەوە چونکە ئەوانە بە ناچاری تێکەڵاویتان دەکەن، لەبەر خۆشەویستیان نیە بۆتان، خوازیارن تێکەڵاویان نەکردنایە، بەڵام ناچاری وای لێکردن، بۆیە بەردەوام لە خەمو خەفەت دانو

---

[1] طه (١٣١).

[2] المؤمنون (٥٥-٥٦).

[3] الطبري (٢٩٦/١٤).

هەمیشە دڵگرانن، چونکە ئیسلامو موسوڵمان بەردەوام لە سەرکەوتندایەو بەرەو دەسەڵات دەڕواو بەرز دەبێتەوە بۆیە هەر کاتێ موسوڵمانان لە خۆشیدا بن ئەوان پێی دڵگرانن و حەز دەکەن تێکەڵاوی خاوەن باوەڕان نەکەن. هەر لەبەر ئەوەیە خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿ لَوْ يَجِدُونَ مَلْجَأً أَوْ مَغَارَاتٍ أَوْ مُدَّخَلًا لَّوَلَّوْا إِلَيْهِ وَهُمْ يَجْمَحُونَ ﴾.

﴿ وَمِنْهُم مَّن يَلْمِزُكَ فِي الصَّدَقَاتِ فَإِنْ أُعْطُوا مِنْهَا رَضُوا وَإِن لَّمْ يُعْطَوْا مِنْهَا إِذَا هُمْ يَسْخَطُونَ (٥٨) وَلَوْ أَنَّهُمْ رَضُوا مَا آتَاهُمُ اللَّهُ وَرَسُولُهُ وَقَالُوا حَسْبُنَا اللَّهُ سَيُؤْتِينَا اللَّهُ مِن فَضْلِهِ وَرَسُولُهُ إِنَّا إِلَى اللَّهِ رَاغِبُونَ (٥٩) ﴾

ڕەخنە و گازاندەی دووڕووەکان سەبارەت بە دابەش کردنی سەدەقەوەو تەماداریيان بۆی

خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿ وَمِنْهُم مَّن يَلْمِزُكَ فِي الصَّدَقَاتِ ﴾ هەندێ لەو دووڕووانە ڕەخنەت لێ ئەگرێ دەربارەی دابەش کردنی سەدەقە. تاوانبارت دەکەن، با چاك بزانن کە خۆیان تاوانبارن، چونکە ئەوانە لەبەر ڕەزای خوا ئەو ڕەخنەیە ناگرن، بەڵکو لەبەر ناپاکی خۆیانە، بۆیە خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿فَإِنْ أُعْطُوا مِنْهَا رَضُوا وَإِن لَّمْ يُعْطَوْا مِنْهَا إِذَا هُمْ يَسْخَطُونَ ﴾ ئەگەر بەشیان درا ڕازی دەبن ئەگەر بەشیشیان نەدرا توڕە دەبنو بۆڵە بۆڵ دەکەن. واتە: لەبەر خاتری خۆیان توڕە دەبن.

قەتادەئەڵێ: لەم ئایەتەدا: ﴿ وَمِنْهُم مَّن يَلْمِزُكَ فِي الصَّدَقَاتِ ﴾ هەندێ لەو دووڕووانە تانەو تەشەرت لێ ئەدەن لەو دابە شکردنی سەدەقەدا، بۆمان گێڕاوەتەوە کە پیاوێکی عەرەبی دەشتەکی تازە موسوڵمان دێتە لای پێغەمبەر(ﷺ)، پێغەمبەریش (ﷺ) زێڕو زیوی دابەش کردووە،کابرا دەڵێ : ئەی موحەممەد(ﷺ) سوێند بە خوا ئەگەر خودا فەرمانی پێکردبی کە دادگەریی، ئەوەتۆ دادگەریت نەکردوە. پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (هاوار بۆ تۆ! ئەی ئەو کەسە کێیە دادگەریت بۆ دەکات دوای من؟) پاشان پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: (لەمەو لە وێنەی ئەمە بترسن، بێگومان لەناو ئوممەتەکەی مندا وێنەی ئەمانە قورئان دەخوێنن لە قوڕقوڕاگەیان تێپەڕناکات، هەر کاتێ دروست بوون و یاخیبوون بیانکوژن، ئەوسا، هەرکاتێ وەدەرکەوتن بیانکوژن، ئەوسا هەرکاتێ وەدەرکەوتن بیانکوژن) پاشان بۆی باس کردین کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئەفەرموێت: (سوێند بەو کەسەی گیانی منی بە دەستە من هیچ شتێکتان پێ نادەمو هیچ شتێکتان لێ قەدەغە ناکەم بەڵکو من گەنجینەوانم)[1] .

ئەوەی قەتادە باسی کرد لەوە دەچێ کە بوخاریو موسلیم ڕیوایەتیان کردوە لە ئەبوسەعیدەوە لە

---

[1] الطبري (١٤/١٤/٣٠٢).

بەسەرهاتی (ذي الخويصرة)دا کە ناوی حورقوس بووە. کاتێ کە ڕەخنەی لە پێغەمبەر(ﷺ) گرت لە دابەشکردنی دەست کەوتەکانی جەنگی حونەیندا کە گوتی بە پێغەمبەری خودا(ﷺ): دادگەر بە! تۆ دادگەر نیت. پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (بەڕاستی ڕەنجەڕۆو زیانبار دەبم ئەگەر دادپەروەر نەبم) پاشان پێغەمبەر(ﷺ) سەیری کابرای کرد کە ڕووی وەرچەرخاندو فەرمووی: (لە نەوەی ئەمە کەسانێك پەیدا دەبن هەر یەکێ لە ئێوە نوێژەکەی خۆی زۆر بە ناتەواو دەزانێ لە چاو نوێژی ئەواندا، ڕۆژویشی بە کەم دەزانێ لەچاو ڕۆژوی ئەواندا، ئەوانە لە ئاین دەردەچن وەك چۆن تیر لە لاشەی نێچیر دەردەچێ لە هەر شوێنێکدا پێیان گەیشتن بیانکوژن، چونکە ئەوانە خراپترینی کوژراون لە ژێر ڕووی ئاسماندا)[1] دوای ئەوە باسی پاشماوەی فەرموودەکەی کرد. پاشان خودای گەورە ئاگاداری کردنەتەوە لەوەی کە چی چاکە بۆیان لەو بارەیەوە فەرموویەتی: ﴿ وَلَوْ أَنَّهُمْ رَضُوا۟ مَآ ءَاتَىٰهُمُ ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥ وَقَالُوا۟ حَسْبُنَا ٱللَّهُ سَيُؤْتِينَا ٱللَّهُ مِن فَضْلِهِۦ وَرَسُولُهُۥٓ إِنَّآ إِلَى ٱللَّهِ رَٰغِبُونَ ﴾ ئەگەر ئەوانە بەو بەشە ڕازی بوونایە کە خوداو پێغەمبەری خودا(ﷺ) دەیانداتێو بیانگوتایە: ئێمە هەر خودامان بەسەو بەم زوانە خوداو پێغەمبەری خودا(ﷺ) لە چاکەی خۆیان بەشمان ئەدەن، بەڕاستی ئێمە حەز لە ڕەزامەندی خودا دەکەین. ئەم ئایەتە پیرۆزە ئەدەبێکی گەورەو ڕازو نهێنیەکی مەزنی لە خۆی گرتوە، کە ڕازی بوونە بەو بەشەی خوداو پێغەمبەرەکەی (ﷺ) پێی داونو تەنیا پشت بە خوا بەستنە وەك خودا خۆی فەرموویەتی: ﴿وَقَالُوا۟ حَسْبُنَا ٱللَّهُ﴾ بیانگوتایە: خوامان بەسەو ئارەزوی ڕەزامەندی خودا خۆی دەکەین کە یارمەتیمان بدات بۆ گوێڕایەڵی پێغەمبەرو (ﷺ) بەجێهێنانی فەرمانەکانیو واز هێنان لەو شتانەی قەدەغەی کردوەو بە ڕاست وەرگرتنی ئەو هەواڵانەی بۆی باس کردوینو شوێن کەوتنی سوننەتەکانی.

﴿إِنَّمَا ٱلصَّدَقَٰتُ لِلْفُقَرَآءِ وَٱلْمَسَٰكِينِ وَٱلْعَٰمِلِينَ عَلَيْهَا وَٱلْمُؤَلَّفَةِ قُلُوبُهُمْ وَفِى ٱلرِّقَابِ وَٱلْغَٰرِمِينَ وَفِى سَبِيلِ ٱللَّهِ وَٱبْنِ ٱلسَّبِيلِ فَرِيضَةً مِّنَ ٱللَّهِ وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ ﴿٦٠﴾﴾

باسی خەرجەکانی (مصاريف) زەکات

خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿إِنَّمَا ٱلصَّدَقَٰتُ لِلْفُقَرَآءِ وَٱلْمَسَٰكِينِ وَٱلْعَٰمِلِينَ عَلَيْهَا وَٱلْمُؤَلَّفَةِ قُلُوبُهُمْ وَفِى ٱلرِّقَابِ وَٱلْغَٰرِمِينَ وَفِى سَبِيلِ ٱللَّهِ وَٱبْنِ ٱلسَّبِيلِ﴾ زەکات دەبێ بدرێتە هەژارانو کەمدەستانو ئەو کەسانەی کۆی دەکەنەوە، و بۆ ئەو کەسانەی دڵیان ڕائەکێشرێ (بۆ خۆشەویستی ئیسلام)و ڕزگار کردنی کۆیلانو قەرزارانو لە ڕێی خوداداو ئەو ڕێبوارانەی پارەیان پێ نامێنێ لە ڕێدا. کاتێ کە خودای

[1] فتح الباري (١٢/٣٠٢)، مسلم (٢/٧٤٤).

کەورە باسی ڕەخنەو توانجی دووڕووەنەفامەکانی کرد کە ئازاری پێغەمبەریان (ﷺ) ئەدا لە دابەش کردنی سەدەقەکاندا، خودای گەورە خۆی ڕوونی کردوەتەوە کە خۆی دابەشی کردوەو بڕیارەکەی دیاری کردوەو خۆشی سەرپەرشتی دەکات، دابەش کردنەکەی نەداوەتە دەستی کەسێکی تر بێجگە لە خۆیو بەشی کردوە بەسەر ئەوانەدا کە باس کراون، بۆیە هەژارانیشی پێش خستوە لێرەدا بەسەر ئەوانی تردا، چونکە هەژاران زیاتر پێویستیان پێی هەیە لەوانی ترو زۆرتریش دەستکورتو نەدارن. ڕیوایەت کراوە لە ئیبنو عەبباس و موجاهیدو حەسەنی بەسریو ئیبنوزەیدو کەسانی تریشەوە کە: هەژار ئەو کەسە خۆپاکڕاگرەیە کەداوای هیچ شتێ لەخەڵکی ناکات. کەمدەستیش(المسکین) ئەوکەسەیە کەمێکی هەیەو بەشی ناکات دەگەڕێو داوا لە خەڵکی دەکات[1] قەتادەیش ئەڵێ: هەژار ئەو کەسەیە کە نەخۆشی درێژ خایەنی هەیەو کەمئەندامە. کەمدەستیش ئەو کەسەیە کە لەشی ساغە[2].

هەژاران

لە بارەی هەژارەوە، لە ئیبنوعومەرەوە گێڕراوەتەوە کە ئەڵێ: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (سەدەقە بۆ دەوڵەمەندو کەسی بەهێزو تەندروست حەڵاڵ نیە) ئیمامی ئەحمەدو ئەبوداودو تیرمیزی ڕیوایەتیان کردوە[3].

کەمدەستان

وە لە بارەی کەمدەستەوە، لە ئەبوهورەیرەوە (ڕەزای خوای لێبێ)گێڕراوەتەوە کە ئەڵێ: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (کەمدەست ئەو کەسە نیە بەسەر خەڵکدا دەگەڕێو پارویە یا دوو پاروو خورمایە یا دوو خورمای دەست ئەکەوێ). گوتیان: ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) کەمدەست کێیە؟ فەرمووی: (کەمدەست ئەوەیە کەسێ نیە پێویستی چارەسەر بکاتو کەسیش پێی نازانێ کە کەمدەستە سەدەقەی بداتێو هیچیش لە خەڵکی داوا ناکات). بوخاریو موسلیم ڕیوایەتیان کردووە[4].

ئەو کارمەندانەی زەکات کۆ دەکەنەوە

لە بارەی ئەو کارمەندانەی سەرپەرشتی سەدەقە دەکەنو دەگەڕێنو کۆی دەکەنەوە، حەقی خۆیانە بەشێکیان لەو سەدەقەیە بدرێتێ، وە نابێ ئەو کارمەندانە لە خزمانی پێغەمبەری خودا بن(ﷺ) کە زەکاتیان لێ قەدەغەیە، وەك لە سەحیحی موسلیمدا هاتوە لە عەبدولموتەلبی کوڕی ڕەبیعەی کوڕی حاریسەوە، کە خۆیو فەزڵی کوڕی عەبباس ڕۆشتنو داوایان کرد لە پێغەمبەری

---

[1] الطبري (١٤/٣٠٥-٣٠٦).

[2] الطبري (١٤/٣٠٦).

[3] أحمد (٤/١٦٤)، أبوداود (٢/٢٨٥)، تحفة الاحوذي (٣/٣١٧)، تیرمیزی ئەڵێ: فەرموودەیەکی حەسەنە.

[4] فتح الباري (٣/٣٩٩)، مسلم (٢/٧١٩).

خـودا(ﷺ) بیانکاتـە کارمەنـدی سـەدەقە. پێغەمبـەر(ﷺ) فـەرمووی: (بەڕاسـتی زەکـات حـەڵاڵ نیەبۆموحەممەدو (ﷺ) کەس‌و کاری موحەممەد، بەڵکو ئەوە چڵك‌و چەپەڵی خەڵکە)[1].

نۆ موسوڵمان (دڵڕاگیراوەکان)

ئەو تازە موسوڵمانەیش چوار بەشن: لەوانە: هی وایان هەبوو سەدەقەی پیْ ئەدرا هـەتا موسـوڵمان ببیْ، وەك سەفوانی کوڕی ئومەیە کە پێغەمبەر(ﷺ) لە دەسکەوتەکاتی حونەین سـەدەقەی ئەدایـە، بتپەرستیش بـوو کاتێـك کـە ئامـادەی ئـەو شـەڕە بـوو، ئومەیـە ئـەڵیْ: بـەردەوام پێغەمبـەر(ﷺ) سەدەقەی ئەدامیْ، هەتا وای لیْ هـات بـووە خۆشەویسـترین کـەس لـەلام دوای ئـەوەی کـە لـە هـەموو کەسیْ زیاتر ڕقم لێی بوو.[2] ئیمامی ئەحمـەد ڕیوایـەتی کـردوە لـە سـەفوانی کـوڕی ئومەیـەوە ئـەڵیْ: پێغەمبەری خودا(ﷺ) لە ڕۆژی حونەیندا سەدەقەی ئەدامیْ، لـە هـەموو کەسـیْ زیـاتر ڕقـم لێـی بـوو، بەردەوام سەدەقەی ئەدامیْ، هەتا وای لێهات بووە خۆشەویسترین کەس لەلام.[3] موسلیم‌و تیرمیـزیش ڕیوایەتیان کردووە.[4] هی وا هەبوو سەدەقەی ئەدرایە بۆ ئەوەی بە چاکی موسـوڵمان ببـیْ‌و دڵـی ڕابـیْ. وەك چۆن سەد وشتر درا بە کۆمەڵیْ لە پیاوە گەورەکانی قورەیش کە ئـازاد کـران لـە مەککـە، کـە لـە ڕۆژی حونەیندا ئامادە بوون، پاشان پێغەمبەر(ﷺ) فەرموی: (من جاری وا هەیە بەشی کەسـیْ ئـەدەم بەلام کەسی تر هەیە لەو خۆشترم دەویْ کەچی بەشیشی نـادەم، چـونکە دەترسـم خـودای گـەورە بـە ڕوودا بیخاتە دۆزەخەوە)[5] وە لە هەردوو سـەحیحەکەدا هـاتوە لـە ئەبوسـەعیدەوە ئـەڵیْ: عـەلی کـوڕی ئەبوتالیب لە یەمەنەوە پارچە ئاڵتونێکی ڕەوانە کرد بۆ پێغەمبەری خودا(ﷺ) کە هێشتا خۆڵەکـەی لیْ جیا نەکرابوەوە. ئەمیش بەشی کرد لە نێوان چوار کەسـدا (عویەینـەی کـوڕی بـەدر ئـەقرەعی کـوڕی حـابیس‌و عەلقەمـەی کـوڕی عەلاسـە و زەیدلخـەیر) پاشـان فـەرمووی: (ڕایـان دێـنم)[6] هـی وا هـەبووە سەدەقەی پێدراوە، تا بەڵکو ئەوانەی وەك ئەون موسوڵمان ببن، هـی وا هـەبوە هاوکـاری پێـی دراوە لەبەر ئەوەی سەدەقەی دەوری خۆی کۆ دەکردەوە. یان پارێزگاری لەو ناوچانە بکات کە موسوڵمانانی تێدایە تا تووشی زیان نەبن لە سنوورەکانی ئەو ناوچەیەدا والله أعلم.

---

[1] مسلم (٧٥٢/٢).

[2] مسلم (١٨٠٦/٤).

[3] أحمد (٤٦٥/٦)، سەحیحە.

[4] مسلم (١٨٠٦/٤)، تحفة الاحوذي (٣٣٤/٣).

[5] فتح الباري (٣٩٩/٣).

[6] فتح الباري (٤٣٣/٦)، مسلم (٧٤١/٢).

کۆیلەکان

لە بارەی کۆیلەوە ڕیوایەت کراوە لە حەسەنی بەسریو موقاتیلی کوڕی حەیانو عومەری کوڕی عەبدولعەزیزو سەعیدی کوڕی جوبەیرو نەخەعیو زوهریو ئیبنوزەیدەوە کە مەبەست پێی ئەوانەن کە قەواڵەیان نووسیوە واتە: ئەو کۆیلەیە کە بەڵێن ئەدا بەخاوەنەکەی کەبە نرخێك خۆی ئازاد بکات، ئەگەر دای ئازاد دەبێ[1] لە ئەبومووسای ئەشعەریو کەسانی تریشەوە ڕیوایەت کراوە[2] ئیبنوعەبباسو حەسەن ئەڵێن: ئەگەر کۆیلە بە زەکات ئازاد بکرێ هیچی تێدا نیە، چونکە دەستەواژەی (الرقاب) گشتگیرترە لەوەی کە بدرێ بە قەواڵە نووس یان کۆیلەیەك بکڕێو بە تەواوی ئازاد بکرێ، لە فەرموودەیەکی مەرفوعدا هاتوە کە خودا بە ئازاد کردنی هەر ئەندامێ لە ئەندامی ئەو کۆیلەیە ئەندامێکی ئەو کەسە ئازاد دەکات، کە ئازادی کردووە، هەتا بە عەیبی ئەو کۆیلەیە عەیبی ئەو کەسە ئازاد دەکات. ئەمەیش لەبەر ئەوەیە چونکە ئەو پاداشتە لە شێوەی ئەو کردارەیە وەك خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَمَا تُجْزَوْنَ إِلَّا مَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ﴾[3] هەر لەباتی کاری خۆتان پاداشت ئەدرێنەوە (چاکە بە چاکەو خراپەیش بە سزادان).

چاکەی بەندە ئازاد کردن

لە موسنەدی ئیمام ئەحمەدا هاتوە لە بەرائی کوڕی عازیبەوە ئەڵێ: پیاوێ هات گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) کارێکم پیشان بدە لە بەهەشتەوە نزیکم بخاتەوەو لە دۆزەخ دوورم بخاتەوە؟ پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (ئازادکردنی مرۆڤێك یان ئازاد کردنی گەردنێك). گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئەو دوانە هەر یەکێك نین؟ فەرمووی: (نەخێر، ئازاد کردنی مرۆڤێك ئەوەیە تۆ خۆت بە تەنیا ئازادی بکەی، ئازاد کردنی گەردنیش ئەوەیە کە تۆش هاوکاربیت لەدانی نرخەکەیدا)[4].

قەرزاران

قەرزاریش چەند بەشێکن، لەوانە کەسێ بارێکی گرتبێتە ئەستۆی خۆی یان زەمانەتی قەرزێکی گرتبێتە گەردنی خۆیو داوای لێ بکرێ ماڵی ئەبێ بیداتەوە یان قەرزار بێو نەتوانێ ئەو قەرزە بداتەوە، یان لە تاوان کردندا قەرزار بوبێو پاشان تەوبەی کردبێ، ئەمانە قەرزەکەیان بۆ ئەدرێتەوە بەڵگەی ئەم باسە فەرموودەکەی قەبیسەی کوڕی موخاریقی هیلالیەکە ئەڵێ: کۆڵێکم خستبوە ئەستۆی خۆم، هاتمە لای پێغەمبەری خودا(ﷺ) پرسیاری لێ بکەم لە بارەیەوە، فەرمووی:

---

[1] الطبري (٣١٧/١٤).

[2] الطبري (٣١٦/١٤).

[3] الصافات (٣٩).

[4] أحمد (٢٩٩/٤)، پیاوەکانی جێی متمانەن.

(بمێنەرەوە هەتا سەدەقەمان بۆ دێ فەرمان ئەدەین بۆت خەرج بکرێ) پاشان فەرمووی: (ئەی قوبەیسە داوا کردن حەلاڵ نیە بۆ یەکێ لەم سێ کەسە نەبێ: پیاوێ کۆڵێکی خستبێتە گەردنی خۆی، ئەوە دروستە داوا بکات هەتا لە کۆڵی دەبێتەوە پاشان واز دێنێ. وە پیاوێ تووشی برسیەتیەك دێت ساماناکەی لەناو دەچێ داوا کردنی بۆ حەلاڵە. هەتا ژیانی بەرەو باشی دەچێ (یان فەرمووی بژێوی دابین دەبێ) وە پیاوێ هەژاری ڕووی تێدەکات و وای لێ دێ سێ کەسی خاوەن بیروڕا لەخزمی خۆی دەڵێن: فلانە کەس نەبوونی ڕووی تێکردوە، ئەمەیش داوا کردن حەلاڵە بۆی. هەتا ژیانی بەرەو باشی دەچێ (یان فەرمووی بژێوی دابین دەبێ) جگە لەمانە داوا کردن حەرامە، خاوەنەکەی ئەو ماڵە بە حەرامی دەیخوات) موسلیم ڕیوایەتی کردوە[1] وە لە ئەبوسەعیدەوە ئەڵێ: پیاوێ لە سەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) تووشی زەرەر بوو لە بەروبومێکدا کە کڕیبوی و زۆر قەرزار بوو، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئا! خێرێکی پێبکەن ،خەڵکی دەستیان کردەخێرکردن پێی ،بەڵام نەگەیشتە ئەوەی قەرزەکانی پێبداتەوە، پێغەمبەر(ص)فەرمووی بەوانەی قەرزیان لەلا بوو: (ئەوەی ئەیبینن وەری بگرن و جگە لەوە هیچی ترتان بۆ نیە)[2].

لە ڕێی خوادا

لە بارەی لە ڕێی خواوە،یەکێکەلە ئەو کەسانەی کەزەکاتی پێئەشێ ئەوجەنگاوەرەیە کە هیچ بەشێکیان نیە لە دیواندا.

ڕێبواران

ڕێبوار ئەو کەسەیە چووەتە وڵاتێ و هیچی پێ نەماوە سەفەرەکەی پێ بەڕێ بکات، زەکاتی پێ ئەدرێت بە ئەندازەی ئەوەی بەشی بکات هەتا دەگاتەوە زێدی خۆی، با خاوەن سامانیش بێ. ئەم بڕیارە ئەوەیش دەگرێتەوە کە دەیەوێ سەفەرێ بکات لە زێدی خۆیەوە، بەڵام هیچی پێ نیە لەگەڵ خۆی بیبات، ئەوەندەی لە ماڵی سەدەقە دەدرێتێ هەتا دەڕوات و دەگەڕێتەوە بەشی بکات. بەڵگەیش لەسەر ئەمە، ئەم ئایەتەیە و ئەم فەرموودەیشە کە ئەبوداوود و ئیبنوماجە ڕیوایەتیان کردوە لەم فەرموودەی موعەمەرەوە لە زەیدی کوڕی ئەسلەمەوە، لە عەتای کوڕی یەسارەوە، لە ئەبوسەعیدی خودەریەوە (ڕەزای خوای لێبێ) ئەڵێ: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (سەدەقە حەلاڵ نیە بۆ دەوڵەمەند جگە لە پێنج کەس نەبێ: ئەوەی سەدەقە کۆ دەکاتەوە، یان ئەو پیاوەی (شتی) سەدەقەی کڕیوە بە ماڵی خۆی یان قەرزار یان کەسێ لە ڕێی خوادا غەزا بکات، یان کەمدەستێ ماڵی

---

[1] مسلم (١١٦١/٣).

[2] مسلم (٧٧٢/٣).

سەدەقەی بدرێتیٚ و ئەویش بە دیاری بیبات بۆ دەوڵەمەندیٚ[1] پاشان خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿فَرِيضَةً مِّنَ ٱللَّهِ﴾ بڕیارێکە لە خوداوە، خۆی داویەتیٚ و بڕیویەتەوەو بەشی کردوە ﴿وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ﴾ خودا زاناو کارزانە، ئاگای لە کارە دیارو نەدیارەکانەو دەزانیٚ چی لە بەرژەوەندی عەبدەکانیەتیٚ و کارزانە لەوەی دەیڵیٚ و دەیکاتو بڕیار ئەداو فەرمانی پێدەکات هیچ پەرستراوو پەروەردگارێك نیە جگە لە خودا خۆی .

﴿ وَمِنْهُمُ ٱلَّذِينَ يُؤْذُونَ ٱلنَّبِىَّ وَيَقُولُونَ هُوَ أُذُنٌ قُلْ أُذُنُ خَيْرٍ لَّكُمْ يُؤْمِنُ بِٱللَّهِ وَيُؤْمِنُ لِلْمُؤْمِنِينَ وَرَحْمَةٌ لِّلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ مِنكُمْ وَٱلَّذِينَ يُؤْذُونَ رَسُولَ ٱللَّهِ لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿٦١﴾ ﴾

یەکیٚ لە خووەکانی دووڕوو ئازاردانی پێغەمبەرە (ﷺ)

خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿ وَمِنْهُمُ ٱلَّذِينَ يُؤْذُونَ ٱلنَّبِىَّ وَيَقُولُونَ هُوَ أُذُنٌ ﴾ لەناو دووڕووەکاندا (دەستەیەك هەن) پێغەمبەر(ﷺ) ئازار ئەدەنو دەڵێن: هەموو شت دەبیسیٚ، واتە: هەر کەسیٚ هەر شتێکی پیٚ بڵیٚ لەناوماندا بڕوای پیٚ دەکات، کەسیٚ قسەی بۆ بکات بڕوای پیٚ دەکات کاتیٚ هاتبین بۆ لای سوێندمان بۆ خواردبیٚ بڕوای پیٚ کردوین، مانای ئەمە ڕیوایەت کراوە لە ئیبنوعەبباسو موجاهیدو قەتادەوە[2] خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿قُلْ أُذُنُ خَيْرٍ لَّكُمْ﴾ بڵیٚ: کە گویٚ لە چاکە دەگریٚ لە قازانجی ئێوەیە.خۆ ڕاستگۆ دەناسرێتو لە درۆزن جیای دەکاتەوە ﴿يُؤْمِنُ بِٱللَّهِ وَيُؤْمِنُ لِلْمُؤْمِنِينَ﴾ باوەڕی بە خوداش هەیەو بە باوەڕدارانی تریش بڕوای هەیە. واتە: بڕوای بە خاوەن باوەڕانیش هەیە ﴿وَرَحْمَةٌ لِّلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ مِنكُمْ﴾ ڕەحمەتیشە بۆ ئەوانەی لە ئێوە بڕوایان هێناوە، بەڵگەیشە لەسەر خوانەناسان، بۆیە خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَٱلَّذِينَ يُؤْذُونَ رَسُولَ ٱللَّهِ لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ ئەو کەسانەشی کە پێغەمبەر ئازار ئەدەن تووشی ئازاری بە ژان دێن.

﴿يَحْلِفُونَ بِٱللَّهِ لَكُمْ لِيُرْضُوكُمْ وَٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥٓ أَحَقُّ أَن يُرْضُوهُ إِن كَانُوا۟ مُؤْمِنِينَ ﴿٦٢﴾ أَلَمْ يَعْلَمُوٓا۟ أَنَّهُۥ مَن يُحَادِدِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَأَنَّ لَهُۥ نَارَ جَهَنَّمَ خَٰلِدًا فِيهَا ذَٰلِكَ ٱلْخِزْىُ ٱلْعَظِيمُ ﴿٦٣﴾﴾

---

[1] أبوداود (٢/٢٨٨)، إبن ماجة (١/٥٩٠)، سەنەدەکانی بەهێزە.

[2] الطبري (١٤/٢٢٦).

یەکێکی تر لە خووەکانی دووڕوو هەوڵدانە بۆ ڕازیکردنی خەڵکی بە سوێندی درۆ

قەتادە لەم ئایەتەدا کە خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿يَحْلِفُونَ بِاللَّهِ لَكُمْ لِيُرْضُوكُمْ وَاللَّهُ وَرَسُولُهُ أَحَقُّ أَن يُرْضُوهُ إِن كَانُوا مُؤْمِنِينَ﴾ سوێندتان بە خودا بۆ دەخۆن، کە ئێوەیان لێ ڕازی بن، با ئەگەر خاوەنباوەڕن کارێکی وا بکەن خوداو پێغەمبەری خودایان لێ ڕازی بێ،قەتادە لەتەفسیری (يَحْلِفُونَ بِاللَّهِ لَكُمْ لِيُرْضُوكُمْ)دا ئەڵێ: بۆیان باس کردوین کە پیاوێ لە دووڕووەکان وتوویەتی: سوێند بە خوا ئەوانە لە هەڵبژاردەو بەڕێزترین کەسی ئێمەن،جا ئەگەر ئەوەی موحەممەد دەیڵێ ڕاست بێ، ئەوەدیارە ئەوان لە گوێدرێژەکان خراپترن.ئەڵێ: پیاوێکیش لە موسوڵمانان گوێی لێ بوو، گوتی: (بەو پیاوە) سوێند بە خوا ئەوەی موحەممەد(ﷺ) دەیڵێت زۆر ڕاستە وە تۆش لە گوێدرێژ خراپتری، ئەڵێ: ئەو پیاوە بە پەلە قسەکەی برد بۆ پێغەمبەرو (ﷺ) بۆی گێڕایەوە، پێغەمبەریش(ص) ناردی بە شوێن کابراداو بانگی کردو پێی گوت: (چی پاڵی پێوەنای کەئەوە بڵێی؟)، کابرا نەفرینی دەکردو سوێندی بە خوا دەخوارد کە وای نەگوتوە، پیاوە موسوڵمانەکەیش دەیگوت: ئەی خودایە ! ڕاستی ڕاستگۆ دەرخەو درۆزنیش بە درۆ بخەرەوە، خودای گەورە ئەم ئایەتەی ناردە خوارەوە: ﴿أَلَمْ يَعْلَمُوا أَنَّهُ مَن يُحَادِدِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَأَنَّ لَهُ نَارَ جَهَنَّمَ خَالِدًا فِيهَا﴾[1] بۆ دەبێ نەیانزانیبێ هەر کەسێ دژی خوداو پێغەمبەری خوا بوەستێ تاهەتایە لە ئاگری دۆزەخدایە، ﴿ذَٰلِكَ الْخِزْيُ الْعَظِيمُ﴾ ئا ئەمەیە ڕیسوایی‌و سەرشۆڕی گەورە.

﴿يَحْذَرُ الْمُنَافِقُونَ أَن تُنَزَّلَ عَلَيْهِمْ سُورَةٌ تُنَبِّئُهُم بِمَا فِي قُلُوبِهِمْ قُلِ اسْتَهْزِئُوا إِنَّ اللَّهَ مُخْرِجٌ مَّا تَحْذَرُونَ ﴿٦٤﴾﴾

یەکێکی تر لە خووەکانی دووڕوو لە ئاشکرا بوونی نهێنیەکان دەترسن

خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿يَحْذَرُ الْمُنَافِقُونَ أَن تُنَزَّلَ عَلَيْهِمْ سُورَةٌ تُنَبِّئُهُم بِمَا فِي قُلُوبِهِمْ قُلِ اسْتَهْزِئُوا إِنَّ اللَّهَ مُخْرِجٌ مَّا تَحْذَرُونَ﴾ ئەوانەی دووڕوون زۆر ئەترسن سەبارەت بەوان سورەتێك بێتە خوارێ هەرچی لە دڵیاندایە ئاشکرای کات، بڵێ ئێوە گاڵتە بکەن، ئەوەی خۆی لێ دەپارێزن خودا هەر ئاشکرای دەکات. موجاهید ئەڵێ: ئەو قسەیە لە نێوان خۆیاندا دەکەن، پاشان دەڵێن: بەڵکو خودا ئەم نهێنیەمان ئاشکرا نەکات.[2] ئەم ئایەتە هەر لەم ئایەتە دەچێ کە خودای گەورە فەرموویەتی:

---

[1] الطبري (١٤/٣٢٩).

[2] الطبري (١٤/٣٣١).

﴿وَإِذَا جَآءُوكَ حَيَّوْكَ بِمَا لَمْ يُحَيِّكَ بِهِ ٱللَّهُ وَيَقُولُونَ فِىٓ أَنفُسِهِمْ لَوْلَا يُعَذِّبُنَا ٱللَّهُ بِمَا نَقُولُ حَسْبُهُمْ جَهَنَّمُ يَصْلَوْنَهَا فَبِئْسَ ٱلْمَصِيرُ ﴾[1] خۆ ئەگەر تووشی تۆش دەبن (ئەی موحەممەد(ﷺ)) ئەو سەلامەی لە تۆی دەکەن، لەو سەلامە جیاوازە کە خودا لە تۆی کردوە، لە پاڵ خۆشیاندا دەڵێن: دەی بۆ لەسەر ئەم وتەیە خودا سزامان نادات؟ (دەچنە) جەهەنم بەسیانەو پاشەڕۆژیان زۆر خراپە، لێرەیشدا ئەفەرموێت: ﴿قُلِ ٱسْتَهْزِءُوٓا۟ إِنَّ ٱللَّهَ مُخْرِجٌ مَّا تَحْذَرُونَ ﴾ بڵێ: گاڵتە بکەن! ئەوەی خۆتانی لێ لائەدەن خودا هەر ئاشکرای دەکاتو قورئان دەنێرێ و ئابڕوتان دەبات. وەك ئەم ئایەتە کە ئەفەرموێت: ﴿أَمْ حَسِبَ ٱلَّذِينَ فِى قُلُوبِهِم مَّرَضٌ أَن لَّن يُخْرِجَ ٱللَّهُ أَضْغَـٰنَهُمْ ﴾ هەتا دەکاتە: ﴿وَلَتَعْرِفَنَّهُمْ فِى لَحْنِ ٱلْقَوْلِ ۚ وَٱللَّهُ يَعْلَمُ أَعْمَـٰلَكُمْ ﴾[2] ئاخۆ ئەوانەی نەخۆشی لە دڵیاندایە، لایان وایە خودا ڕكو کینەیان ئاشکرا ناکات؟ (هەتا دەکاتە) بێگومان بە جۆری قسەکردنیش دەیانناسی خودا ئاگای لە کارەکانتانە. هەر بۆیە قەتادەئەڵێت: ئەم سورەتە ناو نراوە (ئابڕوبەر)، واتە: ئابڕوبەری دووڕووەکان.[3]

﴿ وَلَئِن سَأَلْتَهُمْ لَيَقُولُنَّ إِنَّمَا كُنَّا نَخُوضُ وَنَلْعَبُ ۚ قُلْ أَبِٱللَّهِ وَءَايَـٰتِهِۦ وَرَسُولِهِۦ كُنتُمْ تَسْتَهْزِءُونَ ﴿٦٥﴾ لَا تَعْتَذِرُوا۟ قَدْ كَفَرْتُم بَعْدَ إِيمَـٰنِكُمْ ۚ إِن نَّعْفُ عَن طَآئِفَةٍ مِّنكُمْ نُعَذِّبْ طَآئِفَةًۢ بِأَنَّهُمْ كَانُوا۟ مُجْرِمِينَ ﴿٦٦﴾﴾

یەکێکی تر لە خووەکانی دووڕوو فڕوفێڵو پاکانە کردنە بە شتی پڕوپوچ

خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿ وَلَئِن سَأَلْتَهُمْ لَيَقُولُنَّ إِنَّمَا كُنَّا نَخُوضُ وَنَلْعَبُ ۚ قُلْ أَبِٱللَّهِ وَءَايَـٰتِهِۦ وَرَسُولِهِۦ كُنتُمْ تَسْتَهْزِءُونَ ﴾ خۆ ئەگەر لێشیان بپرسی: خەریکی چین؟ دەڵێن: ئێمە خەریکی گاڵتەو گەپ بووین، بڵێ: ئایا گاڵتەتان بە خواو پێغەمبەری خودا ئەکرد؟!. لە عەبدوڵڵای کوڕی عومەرەوە ئەڵێ: پیاوێ لە غەزای تەبوکدا لە مەجلیسێکدا گوتی: وێنەی ئەو قورئانخوێنانەی خۆمانم نەدیوە، کە ئەوەندە ئەوسن بن و ئەوەندە زماندرێژن و ئەوەندەیش ترسەنۆك بن لەکاتی ڕووبەڕووبونەوەدا، پیاوێ لەناو مزگەوتدا گوتی: درۆ ئەکەی، دیارە تۆ دووڕوویت. دەبێ هەواڵ بدەم بە پێغەمبەری خودا(ﷺ)، ئەو (قسەیە) گەیشتە پێغەمبەری خوداو (ﷺ) قورئان دەربارەی هاتە خوارەوە. عەبدوڵڵای کوڕی عومەر ئەڵێ: من خۆم ئەو پیاوەم بینی خۆی گرتبوو بە پاشکۆی

---

[1] المجادلة (٨).

[2] محمد (٢٩-٣٠).

[3] الطبري (٢٣٢/١٤).

وشترەکەی پێغەمبەری خوداوە (ﷺ)ولە بەرد هەڵدەکەوت، هەر دەیگوت : ئەی پێغەمبەری خودا ئێمە خەریکی گاڵتەو گەپ بووین، پێغەمبەری خودایش (ﷺ) دەیفەرموو: ﴿أَبِاللَّهِ وَءَايَٰتِهِۦ وَرَسُولِهِۦ كُنتُمْ تَسْتَهْزِءُونَ﴾[1] ئیبنوئیسحاق ڕیوایەتی کردوە، کە دەستەیەك لە دووڕووەکان لەوانە وەدیعەی کوڕی سابیت برای بەنی ئومەیەی کوڕی زەیدی کوڕی عەمری کوڕی عەوف و پیاوێکیش لە ئەشجەع کە هاوپەیکانی بەنی سەلەمە بوو. پێی دەگوترا (موخشەن) ی کوڕی حومەیر لەگەڵ پێغەمبەری خودا(ﷺ) دەڕۆشتن، پێغەمبەری خودا(ﷺ) کەوتبووە ڕێ بەرەو تەبوك، بە یەکتریان دەگوت: ئاخۆ وا دەزانن شەڕو خۆگری بەنی ئەسفەر (واتە ڕۆمەکان) وەك شەڕی عەرەب وایە لەگەڵ یەکتریدا؟ سوێند بە خوا بەو زوانە دەتان بینین بە گوریس شەتەك ئەدرێن، ئەمە بۆ ئەوە بوو ترس و تۆقاندن بخەنە دڵی موسوڵمانانەوە، موخشەنی کوڕی حومەیر گوتی: سوێند بە خوا حەزم دەکرد فەرمانم پێ بکردایە هەر پیاوێ لە ئێمە سەد قامچی لێ بدرێت، نەك قورئان بێتە خوارەوە لەسەر ئەم قسەتان،ئەوە تێکنەشکێن. پێغەمبەری خودا(ﷺ) (وەك پێم گەیشتوە) فەرمووی بە عەممارى کوڕی یاسر: (بگەرە ئەو کۆمەڵە بەڕاستی ئەوانە سووتان، پرسیاریان لەو قسەیە لێ بکە کە کردویانە، ئەگەر دانیان پێدا نەنا بڵێ: بەڵێ، ئەوەو ئەوەتان وتوە، عەممار چوو بۆ لایان و ئەوەی پێ گوتن، هاتن بۆ لای پێغەمبەری خوداو (ﷺ) داوای لێبوردنیان لێ کرد، پێغەمبەری خودا(ﷺ) لەسەر وشترەکەی بوو، وەستابوو، وەدیعەی کوڕی سابت دەستی گرتبوو بە پشتی وشترەکەی پێغەمبەرەوە(ﷺ) دەیگوت: ئەی پێغەمبەری خودا ئێمە خەریکی گەمەو گاڵتە بووین، خودای گەورە ئەم ئایەتەی ناردە خوارەوە: ﴿وَلَئِن سَأَلْتَهُمْ لَيَقُولُنَّ إِنَّمَا كُنَّا نَخُوضُ وَنَلْعَبُ﴾ موخشەن گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا، ناوی خۆم و ناوی باوکم منی وا دواخست!،جا ئەوتاکە کەسەی کە چاوپۆشی لێکرا لەم ئایەتەدا موخشەنی کوڕی حومەیر بوو.ئەویش ناوی خۆی نا عەبدوڕەحمان، داواشی کرد لە خودا کە بە شەهیدی بمرێ و کەسیش بە شوێنەکەی نەزانێ،ئەوەبوو لە ڕۆژی یەمامەدا شەهید کراو هیچ شوێنەوارێکی نەدۆزرایەوەو دیار نەمابوو. پاشان خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿لَا تَعْتَذِرُوا۟ قَدْ كَفَرْتُم بَعْدَ إِيمَٰنِكُمْ﴾ داوای لێبوردن مەکەن، ئێوە لە پاش بڕواهێنان بوونە خوانەناس. بەو گاڵتەو گەپەی کردتان ﴿إِن نَّعْفُ عَن طَآئِفَةٍ مِّنكُمْ نُعَذِّبْ طَآئِفَةًۢ﴾ ئەگەر ئێمە لە هەندێکتان خۆش ببین، دەبێ

---

[1] الطبري (٣٣٢/١٤).

هەندێك ئازار بدرێن (واتە: چاوپۆشی لە هەمووتان ناكرێ، دەبێ هەندێكتان سزا بدرێن). ﴿بِأَنَّهُمْ كَانُوا۟ مُجْرِمِينَ﴾ لەبەر ئەوەی تاوانبار بوون. بەو قسە خراپ‌وپڕگوناهە.

﴿ ٱلْمُنَٰفِقُونَ وَٱلْمُنَٰفِقَٰتُ بَعْضُهُم مِّنۢ بَعْضٍ ۚ يَأْمُرُونَ بِٱلْمُنكَرِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ ٱلْمَعْرُوفِ وَيَقْبِضُونَ أَيْدِيَهُمْ ۚ نَسُوا۟ ٱللَّهَ فَنَسِيَهُمْ ۗ إِنَّ ٱلْمُنَٰفِقِينَ هُمُ ٱلْفَٰسِقُونَ ﴿٦٧﴾ وَعَدَ ٱللَّهُ ٱلْمُنَٰفِقِينَ وَٱلْمُنَٰفِقَٰتِ وَٱلْكُفَّارَ نَارَ جَهَنَّمَ خَٰلِدِينَ فِيهَا ۚ هِىَ حَسْبُهُمْ ۚ وَلَعَنَهُمُ ٱللَّهُ ۖ وَلَهُمْ عَذَابٌ مُّقِيمٌ ﴿٦٨﴾ ﴾

باسی هەندێ ترلەخووی دووڕووەكان

خودای گەورە باسی خراپی دووڕووەكان دەكات كە گشت ڕەوشتێكیان پێچەوانەی ڕەوشتی خاوەنیاوەڕانە، كاتێ كە باوەڕداران فەرمانیان كردوە بە چاكەو بەرگریان كردوە لە خراپە ئەوان بەرگریان كردوە لە چاكەو فەرمانیان داوە بە خراپەكاریو ئەفەرموێت: ﴿ ٱلْمُنَٰفِقُونَ وَٱلْمُنَٰفِقَٰتُ بَعْضُهُم مِّنۢ بَعْضٍ ۚ يَأْمُرُونَ بِٱلْمُنكَرِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ ٱلْمَعْرُوفِ وَيَقْبِضُونَ أَيْدِيَهُمْ﴾ نێرو مێ لەم دووڕووانە وەك یەكن فەرمان بە خراپە دەكەن، ڕێگە لە چاكە كردن دەگرن، دەستی خۆشیان لە خێر كردن دەقوچێنن واتە: لە ماڵ بەخشین لە ڕێی خوادا، ﴿نَسُوا۟ ٱللَّهَ فَنَسِيَهُمْ﴾ خودایان لەبیر چوەو یادی خودا ناكەن خودایش ئەوانی لەبیر كرد، بەو شێوەیە مامەڵەیان لەگەڵدا دەكات. وەك ئەم ئایەتە كە ئەفەرموێت: ﴿وَقِيلَ ٱلْيَوْمَ نَنسَىٰكُمْ كَمَا نَسِيتُمْ لِقَآءَ يَوْمِكُمْ هَٰذَا﴾[1] پێیان وترا: وا ئەمڕۆ لەبیرتان دەكەین، وەك چۆن ئێوە تووشهاتنی ئەمڕۆتان نەدەهاتە بیر. پاشان خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿إِنَّ ٱلْمُنَٰفِقِينَ هُمُ ٱلْفَٰسِقُونَ﴾ ئەوانەی دووڕوویی دەكەن هەموویان لە ڕێ لادەرن. وە ئەفەرموێت: ﴿ وَعَدَ ٱللَّهُ ٱلْمُنَٰفِقِينَ وَٱلْمُنَٰفِقَٰتِ وَٱلْكُفَّارَ نَارَ جَهَنَّمَ خَٰلِدِينَ فِيهَا﴾ بڕیاری خودایە، دووڕووانی ژنو پیاو خوانەناسانیش دەگرێتەوە، بە تێكڕایی دەیانخاتە دۆزەخ تاهەتایە هەر تیایا دەبن، واتە: لەسەر ئەو كارانەی باس كرا كە كردوویانە لەناو جەهەنمدا هەر دەمێننەوە لەگەڵ خوانەناساندا تا هەتایە ﴿هِىَ حَسْبُهُمْ ۚ وَلَعَنَهُمُ ٱللَّهُ ۖ وَلَهُمْ عَذَابٌ مُّقِيمٌ﴾ كە ئەمە بۆ ئەوان بەسە بەر نەفرینی خوداش كەوتونو سزای هەمیشەییان هەیە.

---

[1] الجاثية (٣٤).

﴿كَالَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ كَانُوٓا۟ أَشَدَّ مِنكُمْ قُوَّةً وَأَكْثَرَ أَمْوَٰلًا وَأَوْلَٰدًا فَٱسْتَمْتَعُوا۟ بِخَلَٰقِهِمْ فَٱسْتَمْتَعْتُم بِخَلَٰقِكُمْ كَمَا ٱسْتَمْتَعَ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِكُم بِخَلَٰقِهِمْ وَخُضْتُمْ كَٱلَّذِى خَاضُوٓا۟ أُو۟لَٰٓئِكَ حَبِطَتْ أَعْمَٰلُهُمْ فِى ٱلدُّنْيَا وَٱلْءَاخِرَةِ وَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْخَٰسِرُونَ ﴿٦٩﴾﴾

خـــودای گـــەورە ئەفـــەرموێت: ﴿كَالَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ كَانُوٓا۟ أَشَدَّ مِنكُمْ قُوَّةً وَأَكْثَرَ أَمْوَٰلًا وَأَوْلَٰدًا فَٱسْتَمْتَعُوا۟ بِخَلَٰقِهِمْ فَٱسْتَمْتَعْتُم بِخَلَٰقِكُمْ كَمَا ٱسْتَمْتَعَ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِكُم بِخَلَٰقِهِمْ﴾ وەك ئەوانەی پێش ئێوە بوون، زۆر لە ئێوە بەهێزتر بوون، ماڵو منداڵیشیان لە ئێوە زیاتر بوو، ئەوانە لەو بەشەی کە بوویان کەڵکیان وەرگرت دیسان ئێوەیش، هەروا ئەوانەی پێشین، لە بەشی خۆیان کەڵکیان وەرگرت،خوای گەورە ئەفەرموێ:ئەمانەش وەك ئەوانەی پێش خۆیان تووشی سزا ئەبن لەدونیاو لە ئاخیرەتیشدا، حەسەنی بەسری ئەڵێ: ﴿بِخَلَٰقِهِمْ﴾ یانی: بە ئاینەکەیان.[1] پاشان خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَخُضْتُمْ كَٱلَّذِى خَاضُوٓا۟﴾ وە ئێوەش ڕۆچوون لە پڕوپوچدا وەك ئەوان ڕۆچوون لە پڕوپوچو درۆ کردندا. ﴿أُو۟لَٰٓئِكَ حَبِطَتْ أَعْمَٰلُهُمْ﴾ ئەوانە کردەوەیان بە فیڕۆ چوو. چونکە هیچ پاداشتێکیان وەدەس نەهێنا لەسەری. چونکە کارەکەیان خراپە. ﴿فِى ٱلدُّنْيَا وَٱلْءَاخِرَةِ وَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْخَٰسِرُونَ﴾ لە دنیاو لە ڕۆژی قیامەتدا هەر ئەوان ڕنجەسارن، چونکە لەو هەوڵانەیاندا هیچ پاداشتێکیان وەرنەگرت. ئیبنوعەبباس ئەڵێ: (ئەمشەو) هەر لە دوێنێ شەودەچێ. ﴿كَالَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ﴾ ئا ئەوە جوولەکەکانە خۆمان وەك ئەوان لێکردوە، من نازانم! ئەوەنەبێ پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: (سوێند بەو کەسەی گیانی منی بەدەستە، بە شێوەیەك شوێنیان دەکەون، ئەگەر پیاوێ لەوان خۆی بکات بە کونی بزنمژەدا ئێوەش شوێنیان دەکەون).[2] وە لە ئەبوهورەیرەوە (ڕەزای خوای لێبێ)ئەڵێ: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (بێگومان لەمەولا دەکەونە شوێن خوونەریتی ئەوانەی لە پێش ئێوە بوون. بست بە بستو گەز بە گەزو باڵ بە باڵ، تا بەشێوەیەك ئەگەر ئەوان خۆیان بکەن بە کونی بزنمژەدا ئێوەش شوێنیان دەکەون) گوتیان: ئەوانە کێن ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئەهلی کتێبن؟ فەرمووی: (ئەی کێن؟)[3] ئەم فەرموودەیە نمونەی لە هەردوو سەحیحەکەدا هەیە.

---

[1] الطبري (٣٤٣/١٤).(یانی سودیان لەئاینەکانیان وەرگرت وماوەیەك پێی ژیان بۆخۆیان) (وەرگێڕ).
[2] الطبري (٣٤٢/١٤).
[3] الطبري (٣٤٢/١٤).

﴿ أَلَمْ يَأْتِهِمْ نَبَأُ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ قَوْمِ نُوحٍ وَعَادٍ وَثَمُودَ وَقَوْمِ إِبْرَٰهِيمَ وَأَصْحَٰبِ مَدْيَنَ وَٱلْمُؤْتَفِكَٰتِ ۚ أَتَتْهُمْ رُسُلُهُم بِٱلْبَيِّنَٰتِ ۖ فَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيَظْلِمَهُمْ وَلَٰكِن كَانُوٓا۟ أَنفُسَهُمْ يَظْلِمُونَ ﴿٧٠﴾ ﴾

ئامۆژگاریەك بۆ دووڕووەكان تا دەرس وەرگرن لەوانەی پێش خۆیان

خودای گەورە ئامۆژگاری ئەو دووڕووانە دەكات كە بڕوا بە پێغەمبەرن ناكەن، ئەفەرموێت: ﴿ أَلَمْ يَأْتِهِمْ نَبَأُ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ ﴾ ئاخۆ دەنگو باسی ئەوانەی لە پێش ئەوان ژیاون پێیان نەگەیوە. لەو گەلانەی كە بڕوایان بە پێغەمبەرەكانیان نەبووە ﴿قَوْمِ نُوحٍ ﴾ گەلی نووح، كە تێكڕا لەگەڵ خەڵكی سەر زەمین نوقم بوونو ئاو دایپۆشین جگە لەو كەسانەی كە بڕوایان هێنابوو بە عەبدو پێغەمبەری خۆی نووح (سەلامی خوای لێبێ) ﴿وَعَادٍ ﴾ عادیش كە چۆن لەناو چوون بە گڕەبای بێ خێر كاتێ بڕوایان بە هوود پێغەمبەر(سەلامی خوای لێبێ) نەهێنا. ﴿وَثَمُودَ ﴾ هۆزی سەموودیش چۆن بەر هەورەتریشقە كەوتن كاتێ كە بڕوایان بە سالح پێغەمبەر(سەلامی خوای لێبێ) نەهێناو وشترەكەیان سەربڕی. ﴿وَقَوْمِ إِبْرَٰهِيمَ ﴾ وە گەلی ئیبراهیم كە چۆن خودا ئیبراهیمی (سەلامی خوای لێبێ) سەرخست بەسەریاندا، بەو موعجیزە گەورەیە، وە پاشاكەشیان كە نەمرودی كوڕی كەنعانی كوڕی كوشی كوڕی كەنعانی بوو لەناو برد، نەفرینی خوای لێبێ ﴿وَأَصْحَٰبِ مَدْيَنَ ﴾ خەڵكی مەدیەنیش ئەمانە هۆزی شوعەیب بوون (سەلامی خوای لێبێ) چۆن خودا تووشی بومەلەرزەو سزای ڕۆژە هەورەكەی كردن. ﴿وَٱلْمُؤْتَفِكَٰتِ ﴾ موئتەفیكە هۆزی لووتە كە لە مەدائین نیشتەجێ بوون. خودای گەورە لە ئایەتێكی تردا فەرموویەتی: ﴿وَٱلْمُؤْتَفِكَةَ أَهْوَىٰ﴾[1] گوندی هۆزی لووتیشی سەرەو ژێر كرد. گوتراوە: (دایكی ئاواییەكانیان كە سەدومە). مەبەست لێرەدا ئەوەیە خودای گەورە قڕی تێخستن بەهۆی بڕوا نەهێنانیان بە لووت پێغەمبەر(سەلامی خوای لێبێ) لەبەر ئەو بەدڕەوشتیە پیسەی هیچ كەسێ لە پێش ئەواندا پێی هەڵنەسابوو لە دنیادا ﴿أَتَتْهُمْ رُسُلُهُم بِٱلْبَيِّنَٰتِ ﴾ كە پێغەمبەرانی ئەوان لە چەند بەڵگەی ئاشكراوە چوونە لایان ﴿فَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيَظْلِمَهُمْ ﴾ خوا ناهەقی لێ نەكردن، كە لەناوی بردن، چونكە بەڵگەی تەواوو ئاشكرای دانێ، كە ناردنی پێغەمبەران بوو بۆیانو هیچ

[1] النجم (٥٣).

بڕوبیانویەکی نەهێشتن ﴿وَلَٰكِن كَانُوٓاْ أَنفُسَهُمۡ يَظۡلِمُونَ﴾ هەر خۆیان ناهەقیان لە خۆیان کرد. کە بڕوایان بە پێغەمبەرەکانیان نەکردو دژایەتی هەقیان کرد هەتا ئەوەی بەسەریان هات؛ بەسەریان هات لە سزاو بەرباد بوون.

﴿وَٱلۡمُؤۡمِنُونَ وَٱلۡمُؤۡمِنَٰتُ بَعۡضُهُمۡ أَوۡلِيَآءُ بَعۡضٖۚ يَأۡمُرُونَ بِٱلۡمَعۡرُوفِ وَيَنۡهَوۡنَ عَنِ ٱلۡمُنكَرِ وَيُقِيمُونَ ٱلصَّلَوٰةَ وَيُؤۡتُونَ ٱلزَّكَوٰةَ وَيُطِيعُونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥٓۚ أُوْلَٰٓئِكَ سَيَرۡحَمُهُمُ ٱللَّهُۗ إِنَّ ٱللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٞ ٧١﴾

ڕەوشتە باشەکانی بڕواداران

پاش ئەوەی خودای گەورە باسی ڕەوشتە پیسو خراپەکانی دووڕووەکانی کرد، دێتە سەر باسی ڕەوشتی جوانو چاکی خاوەن باوەڕانو ئەفەرموێت: ﴿وَٱلۡمُؤۡمِنُونَ وَٱلۡمُؤۡمِنَٰتُ بَعۡضُهُمۡ أَوۡلِيَآءُ بَعۡضٖ﴾ ژنو پیاوی باوەڕدار دۆستی یەکترن، واتە: یارمەتی یەکتری دەدەنو پشتی یەکتری دەگرن وەك لەم فەرموودەی سەحیحدا هاتوە: (موسوڵمان بۆ موسوڵمان وەك بینا وایە، هەندێکی هەندێکی تر بە یەکەوە دەبەستێ)جا پەنجەکانی کرد بەیەکدا.[1] دیسان لەم فەرموودە سەحیحەدا هاتووە: (نمونەی خاوەنباوەڕان لە خۆشەویستی بۆ یەکترو هاوسۆزیو بەزەیدا وەکو یەك جەستە وان، ئەگەر ئەندامێکی ئازارێکی هەبوو ئەوا دەناڵێنێ لەتاو بێ خەویو گەرمە تا).[2] وە ئەفەرموێت: ﴿يَأۡمُرُونَ بِٱلۡمَعۡرُوفِ وَيَنۡهَوۡنَ عَنِ ٱلۡمُنكَرِ﴾ فەرمان دەکەن بە چاکەو بەرگری دەکەن لە خراپە، وەك ئەم ئایەتە کە ئەفەرموێت: ﴿وَلۡتَكُن مِّنكُمۡ أُمَّةٞ يَدۡعُونَ إِلَى ٱلۡخَيۡرِ وَيَأۡمُرُونَ بِٱلۡمَعۡرُوفِ وَيَنۡهَوۡنَ عَنِ ٱلۡمُنكَرِ﴾[3] دەبێ لەنێو ئێوەدا کۆمەڵێك هەبێ، فەرمان بە چاکە بدەنو ڕێ لە خراپە بگرن. پاشان ئەفەرموێت: ﴿وَيُقِيمُونَ ٱلصَّلَوٰةَ وَيُؤۡتُونَ ٱلزَّكَوٰةَ وَيُطِيعُونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥٓ﴾ نوێژ دەکەنو زەکات دەدەنو بەرفەرمانی خوداو پێغەمبەری خودان لەوەی فەرمانیان پێ کراوە لەوەیش لێیان قەدەغە کراوەو لەگەڵ خەڵکی خوادا بە چاکی دەجوڵێنەوە ﴿أُوْلَٰٓئِكَ سَيَرۡحَمُهُمُ ٱللَّهُ﴾ خودا ئەمانە وەبەر بەزەیی خۆی دەخات، واتە: هەرکەسێ خاوەنی ئەم ڕەوشتانە بێ خودا بەزەیی پێدا دێتەوە ﴿إِنَّ ٱللَّهَ عَزِيزٌ﴾ خودا خاوەن دەستەڵاتە، هەرکەسێ بەرفەرمانی ئەوبێ، دەسەڵاتی دەداتێ، چونکە بێگومان دەسەڵات هەر بۆ خوداو پێغەمبەرانو خاوەنباوەڕانە ﴿حَكِيمٞ﴾ کارزانە لە دابەش کردنی ئەو ڕەوشتانە بۆ خاوەن

---

[1] فتح الباري (١٠/٤٦٤).

[2] فتح الباري (١٠/٤٥٢).

[3] آل عمران (١٠٤).

باوەڕان‌و دووڕووەکانیشی تایبەتمەند کردوە بەو ڕەوشتانەی کە لە پێشەوە باس کرا، خودای گەورە هەرچی دەکات پڕە لە کارزانی‌و لەجێی خۆیەتی.

﴿وَعَدَ اللَّهُ الْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا وَمَسَاكِنَ طَيِّبَةً فِي جَنَّاتِ عَدْنٍ ۚ وَرِضْوَانٌ مِّنَ اللَّهِ أَكْبَرُ ۚ ذَٰلِكَ هُوَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ ﴿٧٢﴾﴾

مژدە دان بە بڕواداران بە خۆشگوزەرانی هەمیشەیی

خودای گەورە باسی ئەو شتانە دەکات کە ئامادەی کردووە بۆ پیاوان‌و ژنانی خاوەنباوەڕ، لە چاکەو خۆشگوزەرانی هەمیشەیی‌و ئەفەرموێت: ﴿وَعَدَ اللَّهُ الْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا وَمَسَاكِنَ طَيِّبَةً فِي جَنَّاتِ عَدْنٍ﴾ خودا بەڵێنی بە پیاوان‌و ژنانی باوەڕدار داوە باغاتێکیان خەڵات دەکات، جۆ باریان بەبەردا دەڕواو هەر لەوێدا دەمێننەوە، چەندین خانوی زۆر چاکی لەناو باغاتی عەدندا بۆ داناون. وەك لە هەردوو سەحیحەکەدا هاتووە لە ئەبوموسای ئەشعەریەوە ئەڵێ: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (دوو باغ (قاپەکانیان)و ئەوەی تێیاندایە لە زێڕە وە دوو باغ کاسەکانی‌و ئەوی تێیاندایە لە زیوە، لە نێوانی ئەو کۆمەڵەو لە نێوانی ئەوەی کە سەیری پەروەردگاریان بکەن هیچ شتێ نەماوە جگە لە پۆشاکی کیبریا بەسەر ڕووی خواوە لە باغاتی عەدندا).[1] هەر لە ئەبوموسای ئەشعەریەوە ئەڵێ: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (بۆ خاوەنباوەڕ لە بەهەشتدا چادرێك هەیە لە مرواری ناو بۆش. درێژیەکەی شەست میلە لە ئاسماندا، کەس‌و کاری بڕوادارەکەی تێدایە، دەگەڕێ بەسەریاندا (ئەوان هەندێکیان ئەوانی تریان نابینن))[2] لە هەردوو سەحیحەکەدا هاتووە. دیسان لە هەردوو سەحیحەکەدا هاتووە لە ئەبوهورەیرەوە ئەڵێ: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (کەسێ بڕوای هێنابێت بە خواو پێغەمبەرەکەی‌و نوێژی کردبێ‌و ڕۆژوی گرتبێ، بێگومان هەقە لەسەر خودا کە بیخاتە بەهەشت، کۆچی کردبێ لە ڕێی خوادا یان لە زێدی خۆیدا مابێتەوە کە تێیدا لەدایك بووە) گوتیان: ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئایا خەڵکی لێ ئاگادار نەکەین؟ فەرمووی: (بێگومان لەناو بەهەشتدا سەد پلە هەیە خودا ئامادەی کردوە بۆ ئەوانەی تێکۆشاون لە ڕێی ئەودا، نێوانی ئەو دوو پلەیە وەك نێوانی ئاسمان‌و زەمین وایە. کاتێ داواتان لە خودا کرد داوای فیردەوسی لێ بکەن، چونکە (فیردەوس) سەرەوەی بەهەشت‌و ناوەڕاستی بەهەشتە لەوێوە ڕووبارەکانی بەهەشت دێنە دەر، سەرەوەی عەرشی ڕەحمانە)[3] ئیمامی ئەحمەدیش ڕیوایەتی

---

[1] فتح الباري (٤٩١/٨)، مسلم (١٦٣/١).

[2] فتح الباري (٤٩١/٨)، مسلم (٢١٨٢/٤).

[3] فتح الباري (١٤/٦).

کردوە لە ئەبوهورەیرەوە کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (هەر کاتێ سڵاواتتات دا لەسەر من داوای وەسیلەم بۆ بکەن)، گوترا: ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) وەسیلە چیە؟ فەرمووی: (بەرزترین پلەی بەهەشتە هیچ کەسێ وەدەستی ناهێنێ جگە لە یەك کەس، هیوام وایە ئەو کەسەش من بم)[1] دیسان لە موسنەدی ئیمامی ئەحمەددا هاتوە لە سەعدی کوڕی موجاهیدی تائیەوە لە ئەبوموديللەوە لە ئەبوهورەیرەوە (ڕەزای خوای لێبێ)ئەڵێ: گوتمان: ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) باسی بەهەشتمان بۆ بکەو خانوەکانی چۆنە؟ فەرمووی: (خشتێکی زێڕەو خشتێکی زیوە، ڕووکەشەکەی لە میسکە. چەوو لمەکەی یاقوت‌و مواریەو خۆڵەکەی زەعفەرانە، هەرکەسێ بچێتە بەهەشتەوە هەمیشە بەهرەمەند دەبێت‌و بێزاری بەسەریدا نایەت، جل‌و بەرگی کۆن‌و داڕزاو نابێت‌و تافی لاویشی بەسەرناچێ)[2] پاشان خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَرِضْوَانٌ مِّنَ ٱللَّهِ أَكْبَرُ﴾ ڕەزای خودایش کە لە گشتی مەزنترە. واتە: ڕەزامەندی لێیان زۆر گەورەترە لەو نازو بەهرەیەی کە ئەوان تێدان، وەك ئیمامی مالیك (ڕەزای خوای لێبێ)ئەڵێ : لە زەیدی کوڕی ئەسلەمەوە لە عەتای کوڕی یەسارەوە، لە ئەبوسەعیدی خودەریەوە (ڕەزای خوای لێبێ) کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (خودای گەورە ئەفەرموێت بە خەڵکی بەهەشت، ئەی خەڵکی بەهەشت، ئەوانیش دەڵێن: ئێمە ملکەچ‌و گوێرایەڵی تۆین ئەی پەروەردگارمان، هەموو خێرو بێرێك لە دەستی تۆدایە، دەفەرموێت: ئایا ڕازی بوون؟ ئەوانیش دەڵێن: ئاخۆ بۆچی ڕازی نابین، ئەی پەروەردگارمان کە تۆ ئەوەندەت پێ خەڵات کردوین بە هیچ کام لە دروست کراوەکانی خۆت خەڵات نەکردوە، ئەفەرموێت: ئەی باشتر لەوەتان پێ نەدەم؟ دەڵێن: ئەی پەروەردگار دەبێ لەوە باشتر چی بێت؟ ئەویش ئەفەرموێت: شایستەی ڕەزامەندی خۆمتان دەکەم، لەمەولا هەرگیز لێتان زویر نابم).[3] بوخاری‌و موسلیم ڕیوایەتیان کردوە لە فەرموودەکەی مالیکەوە.

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ جَٰهِدِ ٱلْكُفَّارَ وَٱلْمُنَٰفِقِينَ وَٱغْلُظْ عَلَيْهِمْ ۚ وَمَأْوَىٰهُمْ جَهَنَّمُ ۖ وَبِئْسَ ٱلْمَصِيرُ ﴿٧٣﴾
يَحْلِفُونَ بِٱللَّهِ مَا قَالُوا۟ وَلَقَدْ قَالُوا۟ كَلِمَةَ ٱلْكُفْرِ وَكَفَرُوا۟ بَعْدَ إِسْلَٰمِهِمْ وَهَمُّوا۟ بِمَا لَمْ يَنَالُوا۟ ۚ وَمَا نَقَمُوٓا۟
إِلَّآ أَنْ أَغْنَىٰهُمُ ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥ مِن فَضْلِهِۦ ۚ فَإِن يَتُوبُوا۟ يَكُ خَيْرًا لَّهُمْ ۖ وَإِن يَتَوَلَّوْا۟ يُعَذِّبْهُمُ ٱللَّهُ عَذَابًا أَلِيمًا فِى
ٱلدُّنْيَا وَٱلْءَاخِرَةِ ۚ وَمَا لَهُمْ فِى ٱلْأَرْضِ مِن وَلِىٍّ وَلَا نَصِيرٍ ﴿٧٤﴾﴾

---

[1] أحمد (٢/٢٥٦)، ئەحمەد شاكیر بە سەحیحی داناوە.

[2] أحمد (٢/٣٠٤)، ئەحمەد شاكیر بە سەحیحی داناوە.

[3] فتح الباري (١١/٤٣٢)، مسلم (٤/٢١٧٦).

فەرماندان بە شەڕولەگەڵ خوانەناس و دووڕوواندا وتووندی نواندن بەرانبەریان

خودای گەورە فەرمانی دا بە پێغەمبەرەکەی (ﷺ) کە بە شەڕو توندو تیژی لەگەڵ خوانەناس و دووڕووەکاندا ڕەفتار بکات، وەك چۆن فەرمانی پێدا کە لەگەڵ ئەوانەی شوێنی کەوتون لە بڕواداران بە نەرم و نیانی هەڵسوکەوت بکات. هەواڵیشی دایە کە پاشەڕۆژی خوانەناس و دووڕووەکان لە ڕۆژی دوایدا ناو ئاگرە. ئیبنومەسعود لەم ئایەتەدا: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ جَٰهِدِ ٱلۡكُفَّارَ وَٱلۡمُنَٰفِقِينَ وَٱغۡلُظۡ عَلَيۡهِمۡۚ وَمَأۡوَىٰهُمۡ جَهَنَّمُۖ وَبِئۡسَ ٱلۡمَصِيرُ﴾ ئەی پێغەمبەر لەگەڵ خوانەناسان و ئەوانەی دووڕوویی دەکەن بەشەڕ بەو بە توندو تیژی ڕەفتاریان لەگەڵ بکە شوێنی ئەوان دۆزەخەو دواڕۆژی دژواریان هەیە.ئەڵێ: بە دەست (واتە: بە شەڕ) بچێ بە گژیاندا، ئەگەر نەیتوانی بە توندو تیژی مامەڵەیان لەگەڵدا بکات و ڕوویان لێ گرژ بکات.[1] ئیبنوعەبباس ئەڵێ: خودای گەورە فەرمانی شەڕ کردنی دا دژی خوانەناسان بە شمێرو دووڕووەکانیش بە زمان و وازهێنان لە نەرم و نیانی لەگەڵیان[2] زەححاك ئەڵێ: بە شمشێر بجەنگە لەگەڵ خوانەناسانداو بە توندو تیژی ڕەفتار بکە لەگەڵ دووڕووەکاندا، ئەوە بەگژدا چوونیانە[3] موقاتل و ڕەبیعیش هەر وایان گوتوە.[4] حەسەنی بەسری و قەتادەئەڵێن: بە گژدا چوونی دووڕووەکان بە جێبەجێ کردنی حەددەکان ئەبێت بەسەریاندا[5] گوتراوە: هیچ دژایەتیە نیە لە نێوان ئەم قسانەدا، جارێ بەوە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێ، جارێی تر بەوە، بەپێی ئەو حاڵانە والله أعلم.

هۆی هاتنە خوارەوەی ئەم ئایەتە

ئەمەوی لەکتێبی (المغازی) یەکەیدا ئەڵێ: موحەممەدی کوڕی ئیسحاق بۆی باس کردین لە زوهریەوە لە عەبدوڕەحمانی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی کەعبی کوڕی مالیکەوە لە باوکیەوە لە باپیریەوەئەڵێ: کە یەکێك بوو لەو دووڕووانەی کە دواکەوت و قورئانی لەسەر هاتە خوارەوە. وە لەوانەش کە لەگەڵ پێغەمبەردا بوون (ﷺ) جولاسی کوڕی سوەید کوڕی سامتی، هاوسەری ئوموعومەیری کوڕی سەعد بوو، عومەیریش لەلای ئەو بوو، کاتێ قورئان هاتە خوارەوەو خودا باسی ئەوانەی کردوە کە چیان گوتوە لە دووڕووەکان جولاس گوتویەتی: سوێند بە خوا ئەگەر ئەو پیاوە ڕاستگۆ بێ لەوەدا: دەیڵێ ئێمە لە کەر خراپترین؟ عومەیری کوڕی سەعد گوێی لە قسەکەی بوو، پاشان گوتی: سوێند بە خوا ئەی جولاس، تۆ خۆشەویسترین و بەئابڕوترین کەسی لەلام، لەو کەسە

---

[1] الطبري (١٤/٣٥٨).
[2] الطبري (١٤/٣٥٩).
[3] الطبري (١٤/٣٥٩).
[4] إبن أبي حاتم (٦/١٨٤٢).
[5] الطبري (١٤/٣٥٩).

بەڕێزانەشی کە پێم باش نیە تووشی شتێکی ناخۆش ببێ. بێگومان تۆ قسەیەکت کردوە ئەگەر باسی بکەم ئەو قسەیەئابڕووم دەبات، ئەگەر بیشارمەوە ئەمفەوتێنێ بەدڵنیاییەوە یەکێکیانم لا ئاسانترە لەوی تریان، بۆیە. چوو بۆ لای پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئەوەی جولاس وتبووی بۆپێغەمبەری گێڕایەوە، کاتێ ئەو هەواڵە گەیشتە جولاس، دەرچوو نەوەستا تا ڕۆیشتە لای پێغەمبەر(ﷺ)و سوێندی خوارد بە خوا کە ئەوەی عومەیری کوڕی سەعد ووتویەتی ئەو نەیگوتوەو درۆی بۆ هەڵبەستووە! خودای گەورەو باڵادەست ئەم ئایەتەی لەسەر نارده خوارەوە: ﴿ يَحْلِفُونَ بِاللَّهِ مَا قَالُوا ﴾ سوێند دەخۆن بە خودا کە ئەوەیان نەدرکاندووە کەچی قسەی خوانەناسانەیان کردووە، دیارە لە پاش موسوڵمان بوون لە دین پەشیمان بوونەوە. هەتا کۆتایی ئایەتەکە، پێغەمبەری خودا(ﷺ) لێی بێدەنگ بوو. زانایان بڕوایان وایە کە جولاس تەوبەی کردووەو زۆر بە چاکیش تەوبەی کردوەو وازی هێناوەلەوگوناهە. ئیمام ئەبوجەعفەری کوڕی جەریر ڕیوایەتی کردوە لە ئیبنوعەبباسەوەئەڵێ: پێغەمبەری خودا(ﷺ) لە سێبەری درەختێکدا دانیشتبوو فەرمووی: (ئەوا ئێستا مرۆڤێ دێت بۆ لاتان بە دوو چاوی شەیتان سەیرتان دەکات، کاتێ هات هیچ قسەی لەگەڵدا مەکەن). ئەوەندەی پێ نەچوو پیاوێکی چاو زاق هات و پێغەمبەری خودا بانگی کردو فەرمووی: (لەبەرچی خۆت‌و هاوەڵەکانت قسەم پێ دەڵێن؟) پیاوەکە ڕۆشت و هاوەڵەکانی هێناو سوێندیان بە خوا خوارد کە هیچیان نەگوتوە تا وازی لێ هێنان، خودای گەورە ئەم ئایەتەی نارده خوارەوە: ﴿ يَحْلِفُونَ بِاللَّهِ مَا قَالُوا ﴾.

دووڕووەکان خولیای کوشتنی پێغەمبەریان (ﷺ)کەوتە سەر

خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَهَمُّوا بِمَا لَمْ يَنَالُوا﴾ خەیاڵیان دابووە سەر شتێ، بۆیان نەلوا پێکی بێنن. دەڵێن: لەسەر جولاسی کوڕی سوەید هاتوەتە خوارەوە. چونکە ئەو خەیاڵی کوشتنی کوڕی ژنەکەی کەوتبووە سەری کاتێ گوتی ئەم قسەیە دەگەیەنمە پێغەمبەری خودا(ﷺ) دەشڵێن: لەسەر عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەی هاتوە، کە نیازی کوشتنی پێغەمبەری (ﷺ) هەبوو.[1] سوودیش ئەڵێ: ئەم ئایەتە لەسەر ئەو کەسانە هاتە خوار کە دەیانویست تاج بخەنە سەر عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەی، با پێغەمبەری خواش (ﷺ) ڕازی نەبێ. ڕیوایەت کراوە کە دەستەیە لە دووڕووەکان نیازی کوشتنی پێغەمبەریان (ﷺ) هەبوو، ئەوەیش لە غەزای تەبوکدا بوو، لە شەوێ لەو شەوانەدا لە کاتی ڕۆشتندا زیاتر لە دە کەس بوون، زەححاک ئەڵێ: لەسەر ئەوانە ئەم ئایەتە هاتە خوار. بەیهەقی لە کتێبی (دلائل النبوة)دا ڕیوایەتی کردوە لە حوزەیفەی کوڕی یەمانەوە (ڕەزای خوای لێبێ)ئەڵێ : ڕەشۆی وشترەکەی پێغەمبەرم (ﷺ) بە دەستەوە بوو ڕام دەکێشا عەمماریش لێی دەخوڕی، یان عەممار ڕای دەکێشاو من

---

[1] الطبري (٣٦٣/١٤).

لێم دەخوڕی. هەتا کاتێ گەیشتینە عەقەبە لەو کاتەدا ڕووبەڕووی دوانزە سوار بوومەوەو بەریان لێگرتین، پێغەمبەری خودا، بانگی کردن و تێی خوڕین ئەوانیش بەرەو دوا گەڕانەوەوڕایان کرد. پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی پێمان: (ئایا زانیتان کێن؟) گوتمان: نەخێر ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئەوانە دەمیان هەڵواسیبوو، بەڵام زانیمان حوشترەوانن، فەرمووی: (ئەوانە دووڕووەکانن هەتا ڕۆژی قیامەت، ئایا دەزانن چیان دەویست؟) گوتمان: نەخێر، فەرمووی: (دەیانویست تەنگ بە پێغەمبەری خودا(ﷺ) هەڵچنن لە عەقەبەداو هەڵی دێرن (بیخەنە خوارەوە) لەوێدا) گوتمان: بۆچی نەنێرین بۆ ناو کەس و کاریان هەتا هۆزی هەریەکەیان سەری کەسی خۆیت بۆ ڕەوانە بکات؟ فەرمووی: (نەخێر، پێم ناخۆشە عەرەبەکان لە نێوان خۆیاندا بڵێن موحەممەد(ﷺ) شەڕی بە گەلێ کرد هەتا بەهۆی ئەوانەوە خودا سەری خست، ئەو بە کوشتن پێشوازی لێکردن، پاشان فەرمووی: (ئەی خودایە بە دوبەیلە لێیانده)، گوتمان: ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) دوبەیلە چیە[1]؟ فەرمووی: (پرشکێکە) لە ئاگر دەکەوێتە سەر دەماری دڵی یەکێ لەوان و بەوە لە ناو دەچێ)[2]، ئەبوتوفەیل بۆی گێڕاینەوەو گوتی: لە نێوان پیاوێك لە خەڵکی عەقەبەو حوزەیفەدا هەندێ لەو شتانە کە لە نێوان خەڵکیدا ڕووئەدا، ڕوویدا، پیاوەکە گوتی: بە خوا سوێندت ئەدەم ئەوانەی عەقەبە چەندکەس بوون؟ئەڵێ: ئەو کۆمەڵە پێیان گوت: کە داوات لێ دەکات کەواتە پێی بڵێ، گوتی: ئێمە هەواڵ ئەوەمان لایە کە ئەوانە چواردە کەس بوون،جا ئەگەر تۆ یەکێك بوویت لەوانە، ئەوا ئەو کۆمەڵە پانزە کەس بوون. وە من سوێند بە خودا دەخۆم کە دوانزە کەس لەوانە دوژمنی خوداو پێغەمبەرەکەین (ﷺ) لە ژیانی دنیاو لە ڕۆژی قیامەتدا، سیانیشیان چاوپۆشی لێکراوە، گوتیان: ئێمە گوێمان لە جاڕچی پێغەمبەری خودا(ﷺ) نەبووەو نەشمان زانیوە ئەوانە مەبەستیان چی بووە؟ پێغەمبەری خودا(ﷺ) لە زەویەکدا دەڕۆشت بەردەکەی ڕەش بوو (وەك بە ئاگر سوتابێ) فەرمووی: (بێگومان ئاو کەمە، هیچ کەسێ پێشم نەکەوێ بۆ سەر ئەو ئاوە) بینی کۆمەڵێ پێشی کەوتبوون، لەو ڕۆژەدا نەفرینی لێ کردن[3] دیسان موسلیم ڕیوایەتی کردوە لە عەمماری کوڕی یاسرەوەئەڵێ: حوزەیفە هەواڵی دامێ لە پێغەمبەری خوداوە (ﷺ) کە فەرموویەتی: (لەناو هاوەڵەکانمدا دوانزە دووڕووی تێدایە ناچنە ناو بەهەشت و بۆنیشی ناکەن، هەتا وشتر نەچێ بە کونی دەرزیدا: هەشت کەسیان دوبەیلە بەسە بۆلەناو بردنیان ،چرایەکە لە ئاگر لەسەر

---

[1] دوبەیلە:دوومەڵێکی گەورەیە لەناوەوەی مرۆڤدا دروست ئەبێت وئەیکوژێت (النهاية في غريب الحديث والاثر:ابن الاثير: وشەی "دبل"..وەرگێڕ).

[2] دلائل النبوة (٥/٢٦٠)، سەنەدەکانی لاوازە.

[3] مسلم (٤/٢١٤٤).

ناو شانیان دەردێو (دەڕوا) تا ئەگاتە لەناو سنگیان)[1] هەر لەبەر ئەوەیە حوزەیفە پێی گوتراوە: خاوەنی نهێنی (صاحب السر) کەسی تر نایزانێ جگە لەو، واتە: کەسی تر نازانێ ئەو کۆمەڵە دووڕووە دەسنیشان بکات جگە لەو. ئەوانەیش ئەو کەسانە بوون کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) حوزەیفەی لێ ئاگادار کردو کەسی تری لێ ئاگادار نەکرد جگە لەو، والله أعلم. پاشان خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَمَا نَقَمُوٓاْ إِلَّآ أَنۡ أَغۡنَىٰهُمُ ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥ مِن فَضۡلِهِۦۚ﴾ هەر بۆیەش ڕقیان هەبووە چونکە خوداو پێغەمبەرەکەی (ﷺ) (خاوەنباوەڕانیان) دەوڵەمەند کردووە لە بەهرەی خۆی. پێغەمبەر(ﷺ) هیچ تاوانێکی نیە لای دووڕووەکان جگە لەوەی کە خودای گەورە دەوڵەمەندی کردوون بەهۆی ئەو بەرەکەتو خێرو بێرەی ئەوەوە، خۆ ئەگەر ئەو خۆشبەختیەی بە تەواوی بڕژایە بەسەریاندا، خودای گەورە بیخستنایەتە سەر ئەو پەیامەی کە پێی هاتوە، وەك پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی بە ئەنساریەکان: (ئایا ئێوە گومڕا نەبون خودا بەهۆی منەوە خستنیە سەر ڕاستە ڕێو دەستە دەستە نەبوون بەهۆی منەوە یەکی خستن، هەژار نەبوون بەهی منەوە دەوڵەمەندی کردن) پێغەمبەر(ﷺ) هەر شتێکی دەفەرموو، دەیانگوت: هەر خوداو پێغەمبەرەکەی (ﷺ) خاوەن بەرەکەتی زۆرن[2] ئەم ڕستەیە کاتێ دەگوترێ، کەسێ تاوانبار نەبێو دژایەتی بکرێ. وەك خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَمَا نَقَمُواْ مِنۡهُمۡ إِلَّآ أَن يُؤۡمِنُواْ بِٱللَّهِ ٱلۡعَزِيزِ ٱلۡحَمِيدِ﴾[3] تەنیا لەبەر ئەوە ڕقیان لەوانە بوو، چونکە بڕوایان هەر بەخودای خاوەن دەستەڵاتو شایەنی سوپاس هەبووە. پاشان خودای گەورە بانگیان دەکات کە تەوبە بکەنو بگەڕێنەوەو ئەفەرموێت: ﴿فَإِن يَتُوبُواْ يَكُ خَيۡرٗا لَّهُمۡۖ وَإِن يَتَوَلَّوۡاْ يُعَذِّبۡهُمُ ٱللَّهُ عَذَابًا أَلِيمٗا فِي ٱلدُّنۡيَا وَٱلۡأٓخِرَةِۚ﴾ ئەگەر پەشیمان ببنەوە، هەر بە قازانجی خۆیانەو ئەگەر هەر ڕوویان وەرگێڕا، خودا لەم دنیاو لەو دنیا ئازاری بە ژانیان ئەدا، واتە: ئەگەر هەر بەردەوام لەسەر ئەو کارە خراپەی خۆیان بن، هەر لە دنیادا خودا جەزرەبەی بەژانیان ئەدا، یانی: بە کوشتنو خەمو خەفەت لەناویان دەبات، لە دواڕۆژیشدا: بە سزاو سوکایەتی پێکردنو کەم سەیر کردنو ڕیسوا کردن مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات.

﴿وَمَا لَهُمۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ مِن وَلِيّٖ وَلَا نَصِيرٖ﴾ نە کەس دۆستایەتیان لەگەڵدا دەکاتو نە یارمەتی دەریشیان دەس دەکەوێ. واتە: هیچ کەسێ ناتوانێ بەختەوەریان بکاتو بێت بە هاواریانەوە، تووشی خێریان بکات یان خراپەیەکیان لە کۆڵ بکاتەوە.

---

[1] مسلم (٢١٤٣/٤).

[2] فتح الباري (٦٤٤/٧).

[3] البروج (٨).

﴿وَمِنْهُم مَّنْ عَٰهَدَ ٱللَّهَ لَئِنْ ءَاتَىٰنَا مِن فَضْلِهِۦ لَنَصَّدَّقَنَّ وَلَنَكُونَنَّ مِنَ ٱلصَّٰلِحِينَ ﴿٧٥﴾ فَلَمَّآ ءَاتَىٰهُم مِّن فَضْلِهِۦ بَخِلُوا۟ بِهِۦ وَتَوَلَّوا۟ وَّهُم مُّعْرِضُونَ ﴿٧٦﴾ فَأَعْقَبَهُمْ نِفَاقًا فِى قُلُوبِهِمْ إِلَىٰ يَوْمِ يَلْقَوْنَهُۥ بِمَآ أَخْلَفُوا۟ ٱللَّهَ مَا وَعَدُوهُ وَبِمَا كَانُوا۟ يَكْذِبُونَ ﴿٧٧﴾ أَلَمْ يَعْلَمُوٓا۟ أَنَّ ٱللَّهَ يَعْلَمُ سِرَّهُمْ وَنَجْوَىٰهُمْ وَأَنَّ ٱللَّهَ عَلَّٰمُ ٱلْغُيُوبِ ﴿٧٨﴾﴾

یەکێکی تر لە خووە خراپەکانی دووڕووەکان داوا کردنی ماڵەو پاشان بەخیلیی کردنە لە خێرو بێر کردندا

خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَمِنْهُم مَّنْ عَٰهَدَ ٱللَّهَ لَئِنْ ءَاتَىٰنَا مِن فَضْلِهِۦ لَنَصَّدَّقَنَّ وَلَنَكُونَنَّ مِنَ ٱلصَّٰلِحِينَ ﴿٧٥﴾ فَلَمَّآ ءَاتَىٰهُم مِّن فَضْلِهِۦ بَخِلُوا۟ بِهِۦ وَتَوَلَّوا۟ وَّهُم مُّعْرِضُونَ ﴿٧٦﴾ فَأَعْقَبَهُمْ نِفَاقًا فِى قُلُوبِهِمْ إِلَىٰ يَوْمِ يَلْقَوْنَهُۥ﴾ هەندێك لەناو ئەواندا پەیمانیان لەگەڵ خودا بەست کە: شەرتە ئەگەر خودا لە چاکەی خۆی بەشمان بدات، ئێمەش خێرو خێرات دەکەین‌و دەچینە ڕیزی پیاوچاکانەوە، کە خودا کردی‌و لە چاکەی خۆی زیادەی دانێ بەخیلیان لەسەر کردو دیسان پشتیان هەڵکردو ڕوویان وەرگێڕا. دووڕوویيان هەر لە دڵدا ماوەتەوە هەتا ئەو ڕۆژەی دێنە بەر بارەگای خودا. دیسان لێرەدا خودا باسی ڕەوشتێکی تری خراپی دووڕووەکان دەکات، کە هەندێ لەو دووڕووانە پەیمانیان داوە بە خودا ئەگەر لە چاکەی خۆی دەوڵەمەندی کردن‌و بەشی دان، ئەوانیش لەو سەدەقەیە خێرو بێر دەکەن‌و دەچنە ڕیزی پیاو چاکانەوە، کەچی ئەو بەڵێنەی دایان نەیان بردە سەرو ڕاستیان نەکرد لەو قسەدا کردیان. بۆیە ئەو ڕۆژی زەکات نەدانە بوو بەهۆی دامەزرانی دووڕوویی لە دڵیاندا تا ئەو ڕۆژەی دێنە بەر بارەگای خودا لە ڕۆژی قیامەتدا پەنا دەگرین بە خودا لەوە. پاشان ئەفەرموێت: ﴿بِمَآ أَخْلَفُوا۟ ٱللَّهَ مَا وَعَدُوهُ وَبِمَا كَانُوا۟ يَكْذِبُونَ﴾ چونکە ئەوان پەیمانی خودایان شکاندو درۆیان لەگەڵ خودا کرد. وەك لە هەردوو سەحیحەکەدا هاتوە لە پێغەمبەری خوداوە (ﷺ) فەرموویەتی: (نیشانەی دووڕوو سێ شتە: کاتێ قسەی کرد درۆ بکات، هەرکاتێ بەڵێنی دا نەیباتە سەر، ئەگەر سپاردەی لا دانرا ناپاکی لێ بکات)[1] پاشان خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿أَلَمْ يَعْلَمُوٓا۟ أَنَّ ٱللَّهَ يَعْلَمُ سِرَّهُمْ وَنَجْوَىٰهُمْ وَأَنَّ ٱللَّهَ عَلَّٰمُ ٱلْغُيُوبِ﴾ بۆ نازانن خوا بە ڕازیان دەزانێ‌و ئاگای لە سرتەشیان هەیەو خۆی لە هەرچی نادیارە ئاگادارە. خودای گەورە ئاگادارمان دەکات کە ئاگای لە نهێنی‌و شاراوەکانە، خۆی چاکتر شارەزای دڵەکانیانە کە دەڵێن ئەگەر سامانیان دەس کەوت خێرو خێراتی لێ دەکەن‌و سوپاسی

---

[1] فتح الباري (١١/١)، مسلم (٧٨/١).

خوایشی لەسەر دەکەن. بێگومان خودا لە خۆیان شارەزا ترە لێیان، چونکە خودا لە هەرچی دیارو نادیارو ڕازو سرتەو ئاشکراو پەنهانیە ئاگادارە.

﴿ ٱلَّذِينَ يَلْمِزُونَ ٱلْمُطَّوِّعِينَ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ فِى ٱلصَّدَقَٰتِ وَٱلَّذِينَ لَا يَجِدُونَ إِلَّا جُهْدَهُمْ فَيَسْخَرُونَ مِنْهُمْ سَخِرَ ٱللَّهُ مِنْهُمْ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿٧٩﴾ ﴾

یەکێکی تر لە خووە خراپەکانی دووڕووەکان تانەو تەشەردانە لەو خاوەنباوەڕانەی زیاتر زەکات ئەدەن و گاڵتەیش دەکەن بەوانەی کەم ئەدەن

ئەمەیش دیسان یەکێکی ترە لە ڕەوشتە ناشیرنەکانی دووڕووەکان کە هیچ کەسێ لە تانەو تەشەریان ڕزگاری نابێ لە هەموو کاتێکدا، هەتا ئەوانەی لە ماڵی زەکاتیش زیاتر دەبەخشن هەر پارێزراو نابن، ئەگەر کەسێکیان ماڵێکی چاکیشی هێنابێ دەڵێن: ڕیا کارە، خۆ ئەگەر کەمیشی هێنا دەڵێن: خوا بێ نیازە لە سەدەقەی ئەمە، وەك بوخاری ڕیوایەتی کردوەئەڵێ: عوبەیدللای کوڕی سەعید بۆی گێڕاینەوە، ئەبونەعمانی بەسری بۆی گێڕاینەوە، شوعبە بۆی گێڕاینەوە، لە سولەیمانەوە، لە ئەبووائیلەوە، لە ئەبومەسعودەوە (ڕەزای خوای لێبێ) ئەڵێ : کاتێ ئایەتی سەدەقە هاتە خوارەوە ئێمە سەدەقەمان بە کۆڵ لەسەر پشتمان دەهێنا، پیاوێ هاتو شتێکی زۆری بەخشی (دووڕووەکان) گوتیان: ڕیا کارە، پاشان پیاوێك هاتو مەنێکی[1] کردە سەدەقە. گوتیان: خودا بێ نیازە لە سەدەقەی ئەمە، ئەم ئایەتە هاتە خوار: ﴿ ٱلَّذِينَ يَلْمِزُونَ ٱلْمُطَّوِّعِينَ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ فِى ٱلصَّدَقَٰتِ وَٱلَّذِينَ لَا يَجِدُونَ إِلَّا جُهْدَهُمْ ﴾ ئەو کەسانەی تانەو تەشەر دەگرنە بڕوادارانێ کە زیاتر لە زەکات خێرو بێر دەکەن و تانەش لەوانە ئەدەن، هەر ئەوەندە دەستیان دەڕوا کە دەیبەخشن.[2] دیسان موسلیم لە سەحیحەکەیدا ڕیوایەتی کردوە[3]. ئەڵێ: لە ئیبنوعەبباسەوە: پێغەمبەری خودا ڕۆژێ هاتە دەرەوە بۆ ناو خەڵکی و لەناویدا بانگی کرد کە سەدەقەکانتان کۆ بکەنەوە، خەڵکی سەدەقەکانیان کۆ کردەوە، پاشان لە دوای گشتی پیاوێ بە مەنێ خورماوە هات گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئەمە مەنێکە لە خورما (هێناومە) ئەم شەو تابەیانی بە گوریسێکی مووین ئاوم هەڵکیشاوە، تا دوو مەن خورمام بەدەست هێنا، مەنێکیانم بۆ خۆم داناو ئەم مەنەیشم بۆجەنابت هێناوە !!، پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمانی دایە بیڕژێنێتەناو سەدەقەکان، چەند پیاوێ گاڵتەیان پێ کردو گوتیان: خوداو پێغەمبەرەکەی بێ نیازن لەوەی تۆ، ئەو مەنەی تۆهیچیان پێ ناکات، پاشان عەبدوڕەحمانی کوڕی

---

[1] مەنێك لەهەرشتێك بریتیە لە چوارمشت لەوشتە (وەرگێڕ).

[2] فتح الباري (٣/٣٣٢).

[3] مسلم (٢/٧٠٦).

عەوف ئەڵێ: ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) کەسێکی تر ماوە لەوانەی زەکات ئەدات؟ پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: (کەسی تر نەماوە جگە لە تۆ) عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف پێی گوت: من سەد ئەوقیە زێڕم داناوە لەناو سەدەقەکاندا، عومەری کوڕی خەتاب (ڕەزای خوای لێبێ) پێی گوت: ئایا تۆ شێتی؟ گوتی: من شێت نەبووم، عومەر گوتی: ئەوەی دەیڵێیت کردووتە؟ عەبدوڕەحمان گوتی: بەڵێ! سامانی من هەشت هەزارە، چوار هەزاری ئەدەم بە پەروەردگارمو چوار هەزاریش بۆ خۆم، پێغەمبەری خودا پێی گوت: (خودا خێرو بێر برێژێ بەسەر ئەوەدا هێشتوەتەوەو بەسەر ئەوەیشدا کە بەخشیوتە) دووڕووەکان تانەو تەشەریان ئەداو دەیانگوت: سوێند بە خوا ئەوەی عەبدوڕەحمان ئەیدا ڕیا کاری نەبێ هیچی تر نیە، (ئەوانە درۆزنن)، چونکە ئەوە عەبدوڕەحمان بەخشی زیاد تر بوو لە زەکات، بە ئارەزوی خۆی بەخشی. خودای گەورە قورئانی ناردە خوارەوەو پاکیو چاکی خۆیو هاوەڵە کەمدەستەکەی کە مەنێك خورمای هێنابوو دەرخستو فەرمووی: ﴿ ٱلَّذِينَ يَلۡمِزُونَ ٱلۡمُطَّوِّعِينَ مِنَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ فِي ٱلصَّدَقَٰتِ ﴾[1] هەر بەم شێوەیە ڕیوایەت کراوە لە موجاهیدو کەسانی تریشەوە، ئیبنوئیسحاق ئەڵێ: ئەو کەسانەی زیاتر لە زەکات خێراتیان کردبوو لە خاوەن باوەڕان، عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف چوار هەزار درهەمی دابوو بە سەدەقە، وە عاسمی کوڕی عەدی (برای بەنی عەجلان)، لەبەر ئەوەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) زۆر باسی سەدەقەی کردبوو، هەڵی نابوون لەسەر سەدەقە دان، عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف هەڵسابوو چوار هەزار درهەمی هێنابوو، عاسمی کوڕی عەدیش هەڵسابوو سەد ویسق خورمای کردبوو بە سەدەقە، بۆیە دووڕووەکان تانەو تەشەریان لێ دابوون، گوتبویان: ئەمە جگە لە ڕیاکاری هیچ شتێکی تر نیە. ئەو کەسەیش کە سەدەقەی کردبوو بە هەوڵی خۆی ئەبوعەقیل (برای بەنی ئەنیفی ئەراشی) هاوپەیمانی بەنی عەمری کوڕی عەوف، مەنێك خورمای لەگەڵ خۆیدا هێنا کردیە ناو ماڵی سەدەقەوە، دووڕووەکان دەستیان کردە پێکەنینو گوتیان: خودا بێ نیازە لەو مەنەی ئەبوعەقیل. پاشان خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿فَيَسۡخَرُونَ مِنۡهُمۡ سَخِرَ ٱللَّهُ مِنۡهُمۡ وَلَهُمۡ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴾ دووڕووەکان گاڵتەیان پێ دەکەن، خودایش گاڵتە بەمان دەکاتو ئازاری بە ژانیان دەبێ. ئەمە لە بابی موقابەلەیە لەسەر خراپی کردارەکانیانو گاڵتە کردنیان بە بڕواداران، چونکە پاداش لە شێوەی ئەو کردارەیانە کە پێی هەڵساون، خودایش گاڵتەیان پێ دەکات بە هەمان شێوە، بۆ پاڵپشتی لە خاوەن باوەڕان لە دنیادا، لە ڕۆژی قیامەتیشدا سزای بەژانی ئامادە کردووە بۆ دووڕووەکان، چونکە پاداشتەکەیان لە شێوەی کرداری خۆیانە.

---

[1] الطبري (١٤/٣٨٣).

﴿ٱسْتَغْفِرْ لَهُمْ أَوْ لَا تَسْتَغْفِرْ لَهُمْ إِن تَسْتَغْفِرْ لَهُمْ سَبْعِينَ مَرَّةً فَلَن يَغْفِرَ ٱللَّهُ لَهُمْ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ كَفَرُوا۟ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَٱللَّهُ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلْفَٰسِقِينَ ﴿٨٠﴾﴾

قەدەغە کردنی داوای لێبوردن بۆ دووڕووەکان

خودای گەورە پێغەمبەرەکەی ئاگادار دەکات کە ئەو دووڕووانە شایستەی ئەوە نین کە داوای لێبوردنیان بۆ بکەیت، ئەگەر تۆ حەفتا جاریش داوای لێبوردنیان بۆ بکەی خودا هەرگیز لێیان خۆش نابێ، ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردوە لە ئیبنوعەبباسەوەئەڵێ: لە عومەری کوڕی خەتابم بیست (ڕەزای خوای لێبێ) دەیگوت: کاتێ عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەی مرد، پێغەمبەری خودا(ﷺ) بانگ کرا کە نوێژی لەسەر بکات، پێغەمبەر(ﷺ) هەڵسایە سەری، کاتێ لەسەری ڕاوەستا ویستی نوێژی لەسەر بکات، هەڵگەڕامەوەو لەبەر سنگیدا ڕاوەستام، گوتم: ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئایا (نوێژ) لەسەر دوژمنی خودا عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەیی دەکەی، (ئەو کەسە) فلان ڕۆژو فلان ڕۆژ ئەو قسانەی دەکرد؟ ڕۆژەکانی دەژمارد ئەڵێ: پێغەمبەری خودایش(ﷺ) زەردەخەنەیەکی کرد، هەتا کاتێ زۆرم گوت، فەرمووی: (عومەر خۆت لادە من سەرپشك کراوم، منیش ئەمەم هەڵبژاردوە، پێم گوتراوە ﴿ٱسْتَغْفِرْ لَهُمْ أَوْ لَا تَسْتَغْفِرْ لَهُمْ إِن تَسْتَغْفِرْ لَهُمْ سَبْعِينَ مَرَّةً فَلَن يَغْفِرَ ٱللَّهُ لَهُمْ﴾ لێخۆشبونیان بۆ داوا بکەی یان نەکەی، بێ بەهرەیە، ئەگەر تۆ حەفتا جار داوای بەخشینیان بۆ بکەی، خودا هەرگیز لێیان خۆش نابێ. ئەگەر بزانم لە حەفتا جار زیادم بکردایە، لێی دەبورا زیادم دەکرد)وئەڵێ: پاشان نوێژی لەسەر کردو لەگەڵیدا ڕۆشتو لەسەر گۆڕەکەی ڕاوەستا هەتا لێبوونەوە لێی. عومەر گوتی: سەرم لە خۆمو بوێری خۆم سوڕمابوو بەرانبەر پێغەمبەری خودا(ﷺ) خوداو پێغەمبەری خودا باشتر دەزانن،ئەڵێ: سوێند بە خوا، ماوەیەکی کەمی پێ چوو ئەم دوو ئایەتە هاتنە خوار: ﴿ وَلَا تُصَلِّ عَلَىٰٓ أَحَدٍ مِّنْهُم مَّاتَ أَبَدًا وَلَا تَقُمْ عَلَىٰ قَبْرِهِۦٓ﴾ هەر کەسێکیان لێ بمرێ نابێ نوێژی لەسەر بکەیو لەسەر گۆڕی ڕامەوەستە، دوای ئەوە پێغەمبەری خودا(ﷺ) نوێژی لەسەر دووڕوو نەکردو لەسەر قەبریشی ڕانەوەستا هەتا خودای گەورە گیانی پیرۆزی بردەوە بۆ لای خۆی[1] هەر بەم شێوەیە تیرمیزیش ڕیوایەتی کردوە.

پاشان خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ كَفَرُوا۟ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَٱللَّهُ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلْفَٰسِقِينَ﴾ چونکە ئەوانە باوەڕیان بە خوداو پێغەمبەرەکەی نەکرد، خودایش گرۆی لەڕێ لادەران ناخاتە سەر ڕاستە ڕێ.

---

[1] أحمد (٩٥)، تەفسیری إبن کثیر (٥/٤٢٦).

﴿ فَرِحَ ٱلْمُخَلَّفُونَ بِمَقْعَدِهِمْ خِلَٰفَ رَسُولِ ٱللَّهِ وَكَرِهُوٓاْ أَن يُجَٰهِدُواْ بِأَمْوَٰلِهِمْ وَأَنفُسِهِمْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ وَقَالُواْ لَا تَنفِرُواْ فِي ٱلْحَرِّۗ قُلْ نَارُ جَهَنَّمَ أَشَدُّ حَرًّاۚ لَّوْ كَانُواْ يَفْقَهُونَ ﴿٨١﴾ فَلْيَضْحَكُواْ قَلِيلًا وَلْيَبْكُواْ كَثِيرًا جَزَآءَۢ بِمَا كَانُواْ يَكْسِبُونَ ﴿٨٢﴾ ﴾

دووڕووەکان بەوە دڵخۆش بوون کە خۆیان لادا لە چوون بۆ غەزای تەبوك

خودای گەورە زەمی ئەو دووڕووانە دەکات کە دوا کەوتن لە هاوەڵەکانی پێغەمبەری خودا(ﷺ) دڵیان خۆش بوو بە مانەوەیان دوای دەرچوونی پێغەمبەر(ﷺ) ئەفەرموێت: ﴿ فَرِحَ ٱلْمُخَلَّفُونَ بِمَقْعَدِهِمْ خِلَٰفَ رَسُولِ ٱللَّهِ وَكَرِهُوٓاْ أَن يُجَٰهِدُواْ بِأَمْوَٰلِهِمْ وَأَنفُسِهِمْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ وَقَالُواْ لَا تَنفِرُواْ فِي ٱلْحَرِّ ﴾ ئەوانەی بەوە دڵخۆشن کە لە ماڵی خۆیان مانەوەو لە هاوڕێ بوون لەگەڵ پێغەمبەری خودا خۆیان لاداو نەیان ویست کە ماڵو گیانی خۆیان لە ڕێی خوادا بەخت بکەن (لەگەڵ پێغەمبەردا (ﷺ)) دەیانگوت: لەم گەرمایەدا مەچنە دەرەوە. واتە: دووڕووەکان بە یەکتریان دەگوت لەم گەرمادا مەچنە دەرەوە، چونکە ڕۆشتن بۆ غەزای تەبوك لە کاتێکی زۆر گەرمدا بوو سێبەر زۆر خۆش بوو، بەروبومیش پێگەیشتبوو، بۆیە گوتیان: ﴿لَا تَنفِرُواْ فِي ٱلْحَرِّ﴾ خودای گەورە فەرمووی بە پێغەمبەرەکەی (ﷺ) ﴿قُلْ نَارُ جَهَنَّمَ أَشَدُّ حَرًّاۚ لَّوْ كَانُواْ يَفْقَهُونَ ﴾ بڵێ: ئەگەر تێگەیشتنتان هەبوایە، خۆ ئاگری جەهەنم زۆر گەرمترە. واتە: ئەو ئاگری جەهەنمە کە خۆتان لەسەری دەگرن لەسەریو لە گەرمادا دەرناچنو خۆتان لائەدەن، زۆر گەرمترە لە ئاگری دنیا، وەك ئیمامی مالیك ئەڵێت: لە ئەبوزینادەوە لە ئەعرەجەوە لە ئەبوهورەیرەوە کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (ئەو ئاگرەی ئادەمیزاد هەڵی دەگیرسێنن بەشێکە لە حەفتا بەشی ئاگری جەهەنم) گوتیان: ئەگەر هەر ئەمەیش بوایە بەسبوو ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: (لە ڕاستیدا جەهەنم شەستو نۆ پلەی زیاترە لەو)[1] لە هەردوو سەحیحەکەیشدا هاتووە.[2] ئەعمەش ئەڵێ: لە ئەبوئیسحاقەوە، لە نوعمانی کوڕی بەشیرەوە ئەڵێ: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (سوکترین سزای خەڵکی دۆزەخ سزای کەسێکە کە جووتێ نەعلی ئاگرینی لە پێدایە مێشکی سەری پێیانەوە دەکوڵێ وەك چۆن مەنجەڵی ئاو دەکوڵێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا، وا نابینێت کەس لەو سزای سەخت تر بێت، کەچی ئەو لە هەموویان سزای سوکترە)[3] لە هەردوو

---

[1] الموطأ (٢/٩٩٤)، سەحیحە.

[2] فتح الباري (٦/٣٨٠)، مسلم (٤/٢١٨٤).

[3] الحاكم (٤/٥٨٠).

سەحیحەکەیشدا هاتوە[1] فەرموودەی پێغەمبەر(ﷺ) لەم بارەیەوە زۆرە، خودای گەورەیش لە قورئانی پیرۆزدا فەرموویەتی: ﴿كَلَّآ إِنَّهَا لَظَىٰ ﴿١٥﴾ نَزَّاعَةً لِّلشَّوَىٰ﴾[2] هەرگیز نابێ، ئەمە بڵێسەی ئاگرە، پێستی سەرو هەموو ئەندامی دادەڕنێ. وە فەرموویەتی: ﴿يُصَبُّ مِن فَوْقِ رُءُوسِهِمُ ٱلْحَمِيمُ ﴿١٩﴾ يُصْهَرُ بِهِۦ مَا فِى بُطُونِهِمْ وَٱلْجُلُودُ ﴿٢٠﴾ وَلَهُم مَّقَـٰمِعُ مِنْ حَدِيدٍ ﴿٢١﴾ كُلَّمَآ أَرَادُوٓا۟ أَن يَخْرُجُوا۟ مِنْهَا مِنْ غَمٍّ أُعِيدُوا۟ فِيهَا وَذُوقُوا۟ عَذَابَ ٱلْحَرِيقِ﴾[3] ئاوی زۆر گەرمیان لە سەرەوە بەسەردا دەکرێ، هەر بە ئاوە زۆر کوڵاوە، هەناویان بە پێستیانەوە دەسوتێو لادەچێ، بەر گورزی ئاسنیش ئەدرێن، هەتا بیانەوێ لە خەمو مەینەت ڕزگار ببن، دەگێڕرێنەوە بۆ ناوی، دەی ژانی ئاگر بچێژن. وە فەرموویەتی: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ بِـَٔايَـٰتِنَا سَوْفَ نُصْلِيهِمْ نَارًا كُلَّمَا نَضِجَتْ جُلُودُهُم بَدَّلْنَـٰهُمْ جُلُودًا غَيْرَهَا لِيَذُوقُوا۟ ٱلْعَذَابَ﴾[4] ئەو کەسانەی لە نیشانەکانی ئێمە حاشا دەکەن، لە دوارۆژدا بە ئاگر دەیان سوتێنین، هەر کاتێ پێستیان سووتاو برژا پێستی تریان بۆ دەگۆڕین تا ئازار زیاتر بچێژن خودای گەورە لێرەدا لەم ئایەتەدا ئەفەرموێت: ﴿قُلْ نَارُ جَهَنَّمَ أَشَدُّ حَرًّا ۚ لَّوْ كَانُوا۟ يَفْقَهُونَ﴾ بڵێ: (ئەی پێغەمبەر(ﷺ)) خۆ ئاگری جەهەنم زۆر گەرمترە، ئەگەر تێگەیشتنیان هەبوایە. واتە: ئەگەر بیانزانیایەو تێگەیشتوو بوونایە لەو گەرمادا لەگەڵ پێغەمبەری خودا(ﷺ) دەردەچوون، هەتا خۆیانی پێ بپارێزن لە گەرمای جەهەنم، کە زۆر زۆر لەو گەرمایە زیاترە. پاشان خودای گەورە هەڕەشە لەو دووڕووانە دەکات لەسەر ئەو کردارە ناشرینەیانو ئەفەرموێت: ﴿فَلْيَضْحَكُوا۟ قَلِيلًا وَلْيَبْكُوا۟ كَثِيرًا جَزَآءًۢ بِمَا كَانُوا۟ يَكْسِبُونَ﴾ با کەم پێ بکەنو زۆر بگرین لە سزای ئەو کارانەدا کە دەیانکرد. ئەبوتەلحە لە ئیبنوعەبباسەوە ئەڵێ: ژیانی دنیا کەمە، با بە ئارەزوی خۆیان پێبکەنن تێیدا، ئەگەر لە دنیا دەرچوونو هاتن بۆ لای خودای گەورە دەست دەکەن بە گریانێ هەرگیز نابڕێتەوە.

﴿فَإِن رَّجَعَكَ ٱللَّهُ إِلَىٰ طَآئِفَةٍ مِّنْهُمْ فَٱسْتَـْٔذَنُوكَ لِلْخُرُوجِ فَقُل لَّن تَخْرُجُوا۟ مَعِىَ أَبَدًا وَلَن تُقَـٰتِلُوا۟ مَعِىَ عَدُوًّا ۖ إِنَّكُمْ رَضِيتُم بِٱلْقُعُودِ أَوَّلَ مَرَّةٍ فَٱقْعُدُوا۟ مَعَ ٱلْخَـٰلِفِينَ ﴿٨٣﴾﴾

---

[1] فتح الباري (١١/٤٢٥)، مسلم (١/١١٩٦).

[2] المعارج (١٥-١٦).

[3] الحج (١٩-٢٢).

[4] النساء (٥٦).

دوورووەکان جارێکی تر ئیزن نادرێن دەرچن بۆ شەڕ

خودای گەورە فەرمان دەکات بە پێغەمبەرەکەی (ﷺ) ئەفەرموێت: ﴿ فَإِن رَّجَعَكَ ٱللَّهُ إِلَىٰ طَآئِفَةٍ مِّنْهُمْ ﴾ ئەگەر خودا تۆی لە غەزا گەڕاندەوە بۆ لای هێندێك لەوان، قەتادە ئەڵێ: بۆیان گێڕاوینەوە کە ئەو دووڕووانە دوانزە کەس بوون ﴿فَٱسْتَـْٔذَنُوكَ لِلْخُرُوجِ فَقُل لَّن تَخْرُجُوا۟ مَعِىَ أَبَدًا وَلَن تُقَٰتِلُوا۟ مَعِىَ عَدُوًّا ﴾[1] داوایان لە تۆ کرد ئیزنیان بدەی بچنە غەزا، بڵێ: هەرگیز نابێ لەگەڵمان دەرچن، قەت لەگەڵ من ناچنە شەڕی هیچ دوژمنێك. وەك تەمێ کردنو سزادانێك، پاشان هۆکارەکەی ڕوون دەکاتەوەو ئەفەرموێت: ﴿إِنَّكُمْ رَضِيتُم بِٱلْقُعُودِ أَوَّلَ مَرَّةٍ﴾ ئێوە هەر لە سەرەتاوە دانیشتنتان هەڵبژارد، ئەم ئایەتە وەك ئەو ئایەتە وایە کە خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَنُقَلِّبُ أَفْـِٔدَتَهُمْ وَأَبْصَٰرَهُمْ كَمَا لَمْ يُؤْمِنُوا۟ بِهِۦٓ أَوَّلَ مَرَّةٍ﴾[2] وەك ئەوان جاری یەکەم باوەڕیان بە قورئان نەکرد، ئێمەش دڵو دیدەی ئەوان لەکار دەخەین. پاداشتی خراپە هەر خراپەیە لە ئاکامدا. وەك چۆن پاداشتی چاکە هەر چاکەیە. وەك خودای گەورە لە عومرەی حودەیبییەدا فەرمووی: ﴿ سَيَقُولُ ٱلْمُخَلَّفُونَ إِذَا ٱنطَلَقْتُمْ إِلَىٰ مَغَانِمَ لِتَأْخُذُوهَا ذَرُونَا نَتَّبِعْكُمْ ۖ يُرِيدُونَ أَن يُبَدِّلُوا۟ كَلَٰمَ ٱللَّهِ ۚ قُل لَّن تَتَّبِعُونَا كَذَٰلِكُمْ قَالَ ٱللَّهُ مِن قَبْلُ ﴾[3] هەر ئەوانە دواکەوتبوون ئێستا دەڵێن: هەر کاتێ بەرەو ولاتانێ چوون، لێمان گەڕێن با بە شوێن ئێوەدا بێین، دەیانەوێ قسەی خوا بگۆڕن، بڵێ: هەرگیز ئێوە لە شوێن ئێمە نایەن، خودا لە پێشدا فەرموویەتی. خودای گەورە لێرەدا ئەفەرموێت: ﴿فَٱقْعُدُوا۟ مَعَ ٱلْخَٰلِفِينَ ﴾ ئێستاش هەر دانیشن لەگەڵ ئەوانەی مانەوە. ئیبنوعەبباس ئەڵێ: (دانیشن) لەگەڵ ئەو پیاوانەی لە غەزا دواکەوتنو مانەوە.[4]

﴿ وَلَا تُصَلِّ عَلَىٰٓ أَحَدٍ مِّنْهُم مَّاتَ أَبَدًا وَلَا تَقُمْ عَلَىٰ قَبْرِهِۦٓ ۖ إِنَّهُمْ كَفَرُوا۟ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَمَاتُوا۟ وَهُمْ فَٰسِقُونَ ﴿٨٤﴾ ﴾

قەدەغە کردنی نوێژ کردن لەسەر دووڕووەکان

خودای گەورە فەرمانی داوە بە پێغەمبەرەکەی (ﷺ) کە بێزاری بەرانبەر دووڕووەکان دەربڕێو نوێژ لەسەر هیچ کەسێکیان نەکات کاتێ کە مردو لەسەر گۆڕیشیان نەوەستێو داوای لێخۆشبونیان بۆ بکات یان دووعایان بۆ بکات، چونکە ئەوانە بڕوایان بە خوداو پێغەمبەر(ﷺ) نەبووەو لەسەر ئەو حاڵە

---

[1] الطبري (١٤/٤٠٤).
[2] الانعام (١١٠).
[3] الفتح (١٥).
[4] الطبري (١٤/٤٠٤).

مـردون، ئەمـە بڕیارێکـە گـشتیو ڕەهایـە بـۆ هەرکەسـێ زانـرا دووڕووە، هەرچـەندە هـۆی هاتنـە خوارەوەکەی لەسەر عەبدوڵلای کوڕی ئوبەی کوڕی سەلولی سەرۆکی دووڕووەکان بـووە، وەك بوخـاری ڕیوایەتی کردوە لە ئیبنوعومەرەوەئـەڵێ: کـاتێ عەبـدوڵلای کـوری ئوبـەی مـرد (کوڕەکـەی عەبـدوڵلای کوڕی عەبدوڵلا بۆ لای پێغەمبەری خودا(ﷺ) ڕۆشت داوای لێکرد کراسەکەی خۆیی بداتێ تاباوکی بـەو عەبایە کفن بکـات، پێغەمبـەری خـودا هەڵسا نوێـژی لەسـەر بکـات، عومـەری کـوڕی خـەتاب هەڵساو کراسەکەی پێغەمبەری خودای (ﷺ) گرتو گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا ئایا نوێـژی لەسـەر دەکـەی، کـاتێ کـە پـەروەردگارت لێـی قەدەغـە کـردوی نوێـژی لەسـەر بکـەی؟ پێغەمبـەری خـودا فـەرمووی: (بێگومان خودا منـی سەرپـشك کـردوەو فەرموویـەتی: ﴿ٱسۡتَغۡفِرۡ لَهُمۡ أَوۡ لَا تَسۡتَغۡفِرۡ لَهُمۡ إِن تَسۡتَغۡفِرۡ لَهُمۡ سَبۡعِينَ مَرَّةٗ فَلَن يَغۡفِرَ ٱللَّهُ لَهُمۡ﴾ لێخۆشبونیان بـۆ داوا بکـەی یانەکـەی (سـوودی نیـە) ئەگـەر تـۆ حـەفتا جاریش داوای بەخشینیان بۆ بکەی، خوا هەرگیز لێتـان خـۆش نـابێ. مـن زیاتر لـە حـەفتا جـار داوای لێخۆشبوونی بۆ دەکەم!) (عومەر) گوتی: ئەوە دووڕووە،ئەڵێ: نوێژی لەسەر کرد خـودا ئـەم ئایەتـەی نـاردە خـوارەوە: ﴿وَلَا تُصَلِّ عَلَىٰٓ أَحَدٖ مِّنۡهُم مَّاتَ أَبَدٗا وَلَا تَقُمۡ عَلَىٰ قَبۡرِهِۦٓۖ إِنَّهُمۡ كَفَرُواْ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَمَاتُواْ وَهُمۡ فَٰسِقُونَ﴾ هەر کەسێکیان لێ بمـرێ، نـابێ نوێـژی لەسـەر بکـەیو لەسـەر گـۆڕی ڕامەوەسـتە، ئەوانـە بڕوایان بە خوداو پێغەمبەرەکەی نەبوو کە مردیشن لە ڕێلادەر بوون.[1] ڕیوایەت کراوە لە فەرموودەکەی عومەری کوڕی خەتاب خۆیەوە دیسان بەم شێوەیە[2] کە تێیدا هـاتوە:ئـەڵێ: پاشـان (پێغەمبـەر(ﷺ)) نوێژی لەسەر کردو لەگەڵی ڕۆشتو لەسەر گۆڕەکەیشی ڕاوەستا هەتا لێبوونەوە لێی،ئـەڵێ: لـە بـوێری خـۆم بەرانبـەر پێغەمبـەری خـودا(ﷺ) زۆر سـەرم سـوڕما، خـوداو پێغەمبەرەکـەی (ﷺ) چـاکتر دەزانن،جائەڵێ: سوێند بە خوا ماوەیەکی کەم نەبێ تێنەپەڕی ئەم دوو ئایەتە هاتـە خـوارەوە: ﴿تُصَلِّ عَلَىٰٓ أَحَدٖ مِّنۡهُم مَّاتَ أَبَدٗا وَلَا تَقُمۡ عَلَىٰ قَبۡرِهِۦٓ﴾ دوای ئـەوە پێغەمبـەری خـودا(ﷺ) نوێـژی لەسـەر دووڕوو نەکردو لەسەر گۆڕیشی ڕانەوەستا هـەتا خـودای گـەورە بردیـەوە بـۆ لای خـۆی[3] تیرمیـزیش هـەر بـەم شێوەیە ڕیوایەتی کردوە لە تەفسیرەکەیداو ئەڵێ: فەرموودەیەکی ڕاستە،[4] بوخاریش ڕیوایەتی کردوە.[5]

---

[1] فتح الباري (١٨٤/٨).

[2] فتح الباري (١٨٥/٨).

[3] أحمد (١٦/١)، سەنەدەکانی حەسەنە.

[4] تحفة الاحوذي (٤٩٥/٨)، سەنەدەکانی حەسەنە.

[5] فتح الباري (١٨٤/٨).

﴿ وَلَا تُعْجِبْكَ أَمْوَٰلُهُمْ وَأَوْلَٰدُهُمْ ۚ إِنَّمَا يُرِيدُ ٱللَّهُ أَن يُعَذِّبَهُم بِهَا فِى ٱلدُّنْيَا وَتَزْهَقَ أَنفُسُهُمْ وَهُمْ كَٰفِرُونَ ﴿٨٥﴾
وَإِذَآ أُنزِلَتْ سُورَةٌ أَنْ ءَامِنُوا۟ بِٱللَّهِ وَجَٰهِدُوا۟ مَعَ رَسُولِهِ ٱسْتَـْٔذَنَكَ أُو۟لُوا۟ ٱلطَّوْلِ مِنْهُمْ وَقَالُوا۟ ذَرْنَا نَكُن مَّعَ
ٱلْقَٰعِدِينَ ﴿٨٦﴾ رَضُوا۟ بِأَن يَكُونُوا۟ مَعَ ٱلْخَوَالِفِ وَطُبِعَ عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ فَهُمْ لَا يَفْقَهُونَ ﴿٨٧﴾ ﴾

زەمی دواکەوتوان لە جیهاد

خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿ وَلَا تُعْجِبْكَ أَمْوَٰلُهُمْ وَأَوْلَٰدُهُمْ ۚ إِنَّمَا يُرِيدُ ٱللَّهُ أَن يُعَذِّبَهُم بِهَا فِى ٱلدُّنْيَا وَتَزْهَقَ أَنفُسُهُمْ وَهُمْ كَٰفِرُونَ ﴾ ماڵو منداڵی زۆریان بەلاتەوە گرنگ نەبێ، خودا دەیەوێ هەر بەمانە لە دنیا سزایان بداتو بە بێ دینی گیانیان دەرچێ. پاشان خودای گەورە ناڕەزایی خۆی دەردەبڕێ لێیانو زەمی ئەو کەسانە دەکات کە خۆیان لە جیهاد لاداو مانەوەو گوێیان بە فەرمانی پێغەمبەر(ﷺ) نەدا بچنە غەزا، تواناشیان هەبوو خاوەن دەسەڵاتو سامانیش بوون، کەچی داوای ئیزنیان کرد لە پێغەمبەر(ﷺ) کە بمێننەوەو دەرنەچن. وەك خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿ وَإِذَآ أُنزِلَتْ سُورَةٌ أَنْ ءَامِنُوا۟ بِٱللَّهِ وَجَٰهِدُوا۟ مَعَ رَسُولِهِ ٱسْتَـْٔذَنَكَ أُو۟لُوا۟ ٱلطَّوْلِ مِنْهُمْ وَقَالُوا۟ ذَرْنَا نَكُن مَّعَ ٱلْقَٰعِدِينَ ﴾ کاتێ سورەتێ دێتە خوار کە باوەڕ بە خوا بهێننو لەگەڵ پێغەمبەرەکەیدا بچنە غەزا، خاوەن دەسەڵاتەکانیان دێن ئیزن لە تۆ دەخوازنو دەڵێن: واز لە ئێمە بێنە، با ئێمەش لە ماڵ بمێنین وەك ئەوانەی لە ماڵ دانیشتوون. ڕازی بوون ئەو شورەییە بەسەر خۆیاندا بێننو لەناو ژناندا لەوێدا دانیشنو بمێننەوە، دوای دەرچوونی سوپاکە، ئەوانە کاتێ کە شەڕ ڕوودەدا ترسەنۆکترین کەسن خۆ ئەگەر ئاشتیش بوو، لە هەموو کەسێ قسە زۆرتر دەکەن، وەك خودای گەورە لەم ئایەتەدا لە بارەیانەوە فەرموویەتی: ﴿فَإِذَا جَآءَ ٱلْخَوْفُ رَأَيْتَهُمْ يَنظُرُونَ إِلَيْكَ تَدُورُ أَعْيُنُهُمْ كَٱلَّذِى يُغْشَىٰ عَلَيْهِ مِنَ ٱلْمَوْتِ ۖ فَإِذَا ذَهَبَ ٱلْخَوْفُ سَلَقُوكُم بِأَلْسِنَةٍ حِدَادٍ﴾[1] هەرکاتێ ترس دێتە بەر، دەیانبینی هەر زەق لە تۆ دەڕوانن چاویان سپی هەڵدەگەڕێ، وەك یەکێ لە ترسی مردن بێ هۆش بووبێ، وەختێ ترسیش بەسەردەچێ زمانتان لێ دەکێشنو دەست بە زمان درێژی دەکەن. خودای گەورەیش لە ئایەتی تریشدا فەرموویەتی: ﴿وَيَقُولُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَوْلَا نُزِّلَتْ سُورَةٌ ۖ فَإِذَآ أُنزِلَتْ سُورَةٌ مُّحْكَمَةٌ وَذُكِرَ فِيهَا ٱلْقِتَالُ ۙ رَأَيْتَ ٱلَّذِينَ فِى قُلُوبِهِم مَّرَضٌ يَنظُرُونَ إِلَيْكَ نَظَرَ ٱلْمَغْشِىِّ عَلَيْهِ مِنَ ٱلْمَوْتِ ۖ فَأَوْلَىٰ لَهُمْ ﴿٢٠﴾ طَاعَةٌ وَقَوْلٌ مَّعْرُوفٌ ۚ فَإِذَا عَزَمَ ٱلْأَمْرُ

---

[1] الاحزاب (١٩).

﴿فَلَوْ صَدَقُوا۟ ٱللَّهَ لَكَانَ خَيْرًا لَّهُمْ﴾[1] ئەوانەی خاوەن باوەڕن دەڵێن: بۆچی سورەتێك نایەتە خوارەوە؟ پاشان کە سورەتێکی بتەو هاتو باسی غەزای کرد، تۆ ئەوانەی کە نەخۆشی لە دڵیاندایە دەبینی، وات سەیر دەکەن، وەك کەسێ لە ترسی مردن تووشی فێدای هاتبێ، بۆ ئەوانە وا باشترە. بەرفەرمان (گوێڕایەڵ) بوونایەو قسەی چاکیان بکردایە. خودای گەورە لێرەدا ئەفەرموێت: ﴿وَطُبِعَ عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ﴾ مۆر نراوە بەسەر دڵیاندا. واتە: بەهۆی گوێنەدانیان بە غەزا لە ڕێی خوداو دەرنەچونیان لەگەڵ پێغەمبەردا (ﷺ) ﴿فَهُمْ لَا يَفْقَهُونَ﴾ ئەوانە هیچ تێ ناگەن، نازانن چی چاکە بۆیان هەتا بیکەن‌و چیش زیانبەخشە بۆیان هەتا دوورکەونەوە لێی.

﴿لَٰكِنِ ٱلرَّسُولُ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ مَعَهُۥ جَٰهَدُوا۟ بِأَمْوَٰلِهِمْ وَأَنفُسِهِمْ ۚ وَأُو۟لَٰٓئِكَ لَهُمُ ٱلْخَيْرَٰتُ ۖ وَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ ﴿٨٨﴾ أَعَدَّ ٱللَّهُ لَهُمْ جَنَّٰتٍ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَا ۚ ذَٰلِكَ ٱلْفَوْزُ ٱلْعَظِيمُ ﴿٨٩﴾﴾

وەسفی خاوەنباوەڕان‌و پاشەڕۆژیان

دوای ئەوەی خودای گەورە زەمی دووڕووەکانی کرد دێتە سەر باس‌و وەسفی خاوەن باوەڕان‌و پاشەڕۆژیان لەو دنیاداو ئەفەرموێت: ﴿لَٰكِنِ ٱلرَّسُولُ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ مَعَهُۥ جَٰهَدُوا۟ بِأَمْوَٰلِهِمْ وَأَنفُسِهِمْ ۚ وَأُو۟لَٰٓئِكَ لَهُمُ ٱلْخَيْرَٰتُ ۖ وَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ ﴿٨٨﴾ أَعَدَّ ٱللَّهُ لَهُمْ جَنَّٰتٍ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَا ۚ ذَٰلِكَ ٱلْفَوْزُ ٱلْعَظِيمُ﴾ بەڵام پێغەمبەری خوداو ئەوانەی لەگەڵ ئەودان‌و باوەڕدارن بە ماڵ‌و گیان چوونە غەزا، خۆشی‌و چاکی بۆ ئەوانەو ئا ئەوانە ڕزگاربووەکانن. خودا باغاتێکی بۆ ئەوانە ئامادە کردوە کە جۆباریان بەبەردا دەڕواو تا هەتایە تێدا ئەبن، ئەمەیە دەسکەوتی گەورە لە ڕۆژی دوایدا لە باغاتی فیردەوس‌و پلە بەرزەکاندا.

﴿وَجَآءَ ٱلْمُعَذِّرُونَ مِنَ ٱلْأَعْرَابِ لِيُؤْذَنَ لَهُمْ وَقَعَدَ ٱلَّذِينَ كَذَبُوا۟ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ ۚ سَيُصِيبُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مِنْهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿٩٠﴾﴾

باسی ئەو عەرەبانەی بیانویان هەبو هاتن داوای ئیزنیان کرد

خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَجَآءَ ٱلْمُعَذِّرُونَ مِنَ ٱلْأَعْرَابِ لِيُؤْذَنَ لَهُمْ﴾ عەرەبی دەشتەکی هاتون بیانوو دەهێننەوە تا ئیزنیان بدەی نەچن بۆ غەزا. باسی حاڵی خۆیان دەکەن بێ هێزو لاوازو نەخۆشن، ناتوانن دەرچن بۆ غەزا، ئەوانە هەندێ عەرەبی دەوروبەری مەدینە بوون، زەحاك ئەڵێ لە ئیبنوعەبباسەوە، ئەم ئایەتەی دەخوێند: (وجاء المعْذِرونَ) بێئەوەی(عەین‌و زالەکە) (شدّە)یان بداتێ

---

[1] محمد (٢٠-٢١).

واتە: ئەوانەی بیانوویان هەیە. چونکە ئەوە دوای ئەوە فەرموویەتی: ﴿وَقَعَدَ ٱلَّذِينَ كَذَبُواْ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ سَيُصِيبُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِنْهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ ئەوانەی دانیشتنو درۆیان کرد لەگەڵ خواو پێغەمبەرەکەی. واتە: نەش هاتن داوای ئیزن بکەن خودای گەورەش هەڕەشەی سزای بە ژانیان لێ دەکاتو ئەفەرموێت: ﴿سَيُصِيبُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِنْهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ ئەوانەی خوانەناسن لەناو ئەمانەدا (بەم زووانە) تووشی سزایەکی بە ژان دەبن.

﴿ لَّيْسَ عَلَى ٱلضُّعَفَآءِ وَلَا عَلَى ٱلْمَرْضَىٰ وَلَا عَلَى ٱلَّذِينَ لَا يَجِدُونَ مَا يُنفِقُونَ حَرَجٌ إِذَا نَصَحُواْ لِلَّهِ
وَرَسُولِهِۦ ۚ مَا عَلَى ٱلْمُحْسِنِينَ مِن سَبِيلٍ ۚ وَٱللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٩١﴾ وَلَا عَلَى ٱلَّذِينَ إِذَا مَآ أَتَوْكَ لِتَحْمِلَهُمْ
قُلْتَ لَآ أَجِدُ مَآ أَحْمِلُكُمْ عَلَيْهِ تَوَلَّواْ وَّأَعْيُنُهُمْ تَفِيضُ مِنَ ٱلدَّمْعِ حَزَنًا أَلَّا يَجِدُواْ مَا يُنفِقُونَ ﴿٩٢﴾
۞ إِنَّمَا ٱلسَّبِيلُ عَلَى ٱلَّذِينَ يَسْتَـْٔذِنُونَكَ وَهُمْ أَغْنِيَآءُ ۚ رَضُواْ بِأَن يَكُونُواْ مَعَ ٱلْخَوَالِفِ وَطَبَعَ ٱللَّهُ
عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ فَهُمْ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٩٣﴾ ﴾

باسی بەهانەی شەرعی بۆ هاوبەشی نەکردن لە جیهاددا

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ لَّيْسَ عَلَى ٱلضُّعَفَآءِ وَلَا عَلَى ٱلْمَرْضَىٰ وَلَا عَلَى ٱلَّذِينَ لَا يَجِدُونَ مَا يُنفِقُونَ حَرَجٌ إِذَا نَصَحُواْ لِلَّهِ وَرَسُولِهِۦ﴾ لەسەر ئەوانەی بێهێزو نەخۆشن و ئەوەندە شك نابەن خێرات بکەن تاوانێك نیە، لێرەدا خوای گەورە باسی ئەو بەهانانە دەکات کە بە تاوان نازمێردرێت لەسەر ئەو کەسانەی کە بە هۆیانەوە ناچنە غەزا، هەندێ لەو بەهانانە کە هەمیشە پێیەوە گیرۆدەن، بێهێزیو لاوازیە کە هیوای چاکبوونەوەی لێناکرێتو جەنگیشی پێوە ناکرێت، لەوانە کوێریو شەلیو وێنەیان، یان تووشی نەخۆشی هاتوونو ناتوانن بچنە دەرەوە بۆ غەزاکردن لە ڕێی خوادا، یان لەبەر هەژاری توانای خۆئامادەکردنی نیە بۆ جەنگ، ئەمانە هیچ تاوانێکیان لەسەر نیە، ﴿إِذَا نَصَحُواْ لِلَّهِ وَرَسُولِهِۦ﴾ ئەگەر ئەوانە بۆ خوداو پێغەمبەرەکەی دڵسۆزی بکەن و دانیشن و نەچن بۆجیهاد و دڵسۆزبن بۆ خواو پێغەمبەرەکەی لەکاتی دانیشتنەکەیاندا و خەڵکی نەترسێنن و دڵیان سارد نەکەنەوە، (نەك هەر گوناهیان ناگات بەڵکو) ئەوەکارێکی چاکەلەوکاتەدائەوانەدەیکەن. بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿مَا عَلَى ٱلْمُحْسِنِينَ مِن سَبِيلٍ ۚ وَٱللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾ هیچ گلەییەك لەسەر چاکەکاران نیە، خودا لە گوناه دەبوورێتو دلۆڤانە. ئەوزاعی دەڵێت: خەڵکی چوونە دەرەوە بۆ نوێژەبارانە، بیلالی کوڕی سەعد لەنێوانیاندا هەڵساوسوپاسو ستایشی خودای کردوپاشان وتی: ئەی ئەوانەی کە کۆبوونەتەوە! ئایائێوە نین کە دان بە تاوانەکانتاندا دەنێن؟ وتیان: ئەخوا هەقە، بەڵێ، وتی: ئەی

خودایە ئێمە گوێمان لێبووە کە فەرموتە: ﴿مَا عَلَى ٱلْمُحْسِنِينَ مِن سَبِيلٍ﴾ ئەی خودایە دانمان ناوە بە تاوانەکانماندا لێمان خۆشبەو بەزەییت پێماندابێتەوەو بارانمان بۆ ببارێنە، هەردوو دەستی بەرزکردبوەوە خەڵکەکەیش دەستیان بەرزکردبووەوە و زۆری نەبرد بارانیان بۆ باری.[1] عەوفی دەڵێت: لە ئیبنوعەباسەوە لەم ئایەتەدا. ئەوەبوو پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمانی دا کە خەڵکی بێن‌و بچن بۆ غەزا، دەستەیەك لە هاوەڵەکانی هاتن یەکێك لەوانە عەبدوڵلای کوڕی مەعقەلی کوڕی موغەففەلی موزەنی بوو، وتیان: ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) هەڵمانگرە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی:(سوێند بە خوا هیچ شتێك شك نابەم هەڵتانگرم لەسەری) پشتیان هەڵکرد و دەستیان بەگریان کرد. زۆر بە لایانەوە گران بوو کە دانیشن‌و نەچن بۆ جیهاد، نە خەرجیان هەیەو نە وڵاغی سواری، کاتێك خودای گەورە ئەو سوربوونەیانی بینی لەسەر خۆشەویستی خۆیی‌و خۆشەویستی پێغەمبەرەکەی ئەم ئایەتانەی ناردە خوارەوەو باسی(بەهانەکەی) کرد لە کتێبەکەیدا فەرمووی: ﴿ لَّيْسَ عَلَى ٱلضُّعَفَآءِ وَلَا عَلَى ٱلْمَرْضَىٰ وَلَا عَلَى ٱلَّذِينَ لَا يَجِدُونَ مَا يُنفِقُونَ حَرَجٌ إِذَا نَصَحُوا۟ لِلَّهِ وَرَسُولِهِۦ ۚ مَا عَلَى ٱلْمُحْسِنِينَ مِن سَبِيلٍ ۚ وَٱللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٩١﴾ وَلَا عَلَى ٱلَّذِينَ إِذَا مَآ أَتَوْكَ لِتَحْمِلَهُمْ قُلْتَ لَآ أَجِدُ مَآ أَحْمِلُكُمْ عَلَيْهِ تَوَلَّوا۟ وَّأَعْيُنُهُمْ تَفِيضُ مِنَ ٱلدَّمْعِ حَزَنًا أَلَّا يَجِدُوا۟ مَا يُنفِقُونَ ﴿٩٢﴾ ۞ إِنَّمَا ٱلسَّبِيلُ عَلَى ٱلَّذِينَ يَسْتَـْٔذِنُونَكَ وَهُمْ أَغْنِيَآءُ ۚ رَضُوا۟ بِأَن يَكُونُوا۟ مَعَ ٱلْخَوَالِفِ وَطَبَعَ ٱللَّهُ عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ فَهُمْ لَا يَعْلَمُونَ ﴾[2].

واتە: لەسەر ئەوانەی بێهێزو لەش بەبارو ئەوانەی ئەوەندە شك نابەن خێرات بکەن، تاوانێك نیە، ئەگەر ئەوان بۆ خوداو پێغەمبەرەکەی دڵسۆزین، هیچ گلەییەك لەسەر چاکەکاران نیە، خودا لە گوناه دەبوورێت‌و دلۆڤانە. هیچ گلەیش لەوانە ناکرێت کە هاتنە لات هەڵیانگری‌و وتت: وڵاغم نیە هەڵتان بگرێت، لە خەمباریدا فرمێسك لە چاویان دەهاتەخوارەوەو گەڕانەوە. چونکە هیچی وایان نەبوو ببیەخشن ڕێی قسە هەر لەسەر ئەوانەیە کە دەوڵەمەند بوون‌و مۆڵەتیان لێدەخواستن بەوە ڕازی بوون لەگەڵ بەجێماوەکان بن، خودا مۆری ناوە بەسەر دڵیانداو هیچ تێناگەن. موجاهد لەم ئایەتەدا: ﴿وَلَا عَلَى ٱلَّذِينَ إِذَا مَآ أَتَوْكَ لِتَحْمِلَهُمْ﴾ دەڵێت: ئەم ئایەتە لەسەر بەنی موقرین لە موزەنیەکان هاتە خوارەوە.[3] ئیبنوئەبی حاتەم ڕیوایەتی کردووە لە حەسەنەوە دەڵێت: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی:(بەڕاستی لە مەدینەدا کۆمەڵە کەسێکتان بەجێهێشتووە هیچ خێرێکتان نەکردووەو هیچ

---

[1] ابن أبي حاتم (٦/١٨٦٢).

[2] الطبري (١٤/٤٢٠).

[3] الطبري (١٤/٤٢١).

شیوێکتان نەبڕیوەو هیچ دەستکەوتێکتان لە دوژمن وەدەست نەهێناوە ئەوان هاوبەشتان نەبوون لەو پاداشتەدا)، پاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوە: ﴿وَلَا عَلَى ٱلَّذِينَ إِذَا مَآ أَتَوْكَ لِتَحْمِلَهُمْ قُلْتَ لَآ أَجِدُ مَآ أَحْمِلُكُمْ عَلَيْهِ﴾.[1] ئەم فەرموودەیە لە هەردوو سەحیحەکەدا هاتووە ئەنەس ڕیوایەتی کردووە کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی:(بەڕاستی لەناو مەدینەدا کۆمەڵە خەڵکێك هەن، ئێوە هەر شیوێکتان بڕیبێتو هەر قۆناغێك ڕۆیشتبن حەتمەن ئەوانە لەگەڵتانبوون)، وتیان: ئەوانەی لە مەدینەن؟ فەرمووی:(بەڵێ، بەڵام(بەهانە) گەلی داونەتەوە).[2] پاشان خوای گەورە وەڵامی بڕوبیانووی ئەوانە دەداتەوە کە داوای مانەوەیان کردووەو دەوڵەمەند بوون، سەرزەنشتیان دەکاتو ئاگاداریان دەکاتەوە کە ڕازی بوون لەگەڵ ئەو ژنانەدا کە ماونەتەوە بەجێ هێڵراون لەو کۆچەدا دەفەرموێت: ﴿وَطَبَعَ ٱللَّهُ عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ فَهُمْ لَا يَعْلَمُونَ﴾.

﴿يَعْتَذِرُونَ إِلَيْكُمْ إِذَا رَجَعْتُمْ إِلَيْهِمْ ۚ قُل لَّا تَعْتَذِرُوا۟ لَن نُّؤْمِنَ لَكُمْ قَدْ نَبَّأَنَا ٱللَّهُ مِنْ أَخْبَارِكُمْ ۚ
وَسَيَرَى ٱللَّهُ عَمَلَكُمْ وَرَسُولُهُۥ ثُمَّ تُرَدُّونَ إِلَىٰ عَٰلِمِ ٱلْغَيْبِ وَٱلشَّهَٰدَةِ فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ
(٩٤) سَيَحْلِفُونَ بِٱللَّهِ لَكُمْ إِذَا ٱنقَلَبْتُمْ إِلَيْهِمْ لِتُعْرِضُوا۟ عَنْهُمْ ۖ فَأَعْرِضُوا۟ عَنْهُمْ ۖ إِنَّهُمْ رِجْسٌ ۖ وَمَأْوَىٰهُمْ جَهَنَّمُ
جَزَآءًۢ بِمَا كَانُوا۟ يَكْسِبُونَ (٩٥) يَحْلِفُونَ لَكُمْ لِتَرْضَوْا۟ عَنْهُمْ ۖ فَإِن تَرْضَوْا۟ عَنْهُمْ فَإِنَّ ٱللَّهَ لَا
يَرْضَىٰ عَنِ ٱلْقَوْمِ ٱلْفَٰسِقِينَ (٩٦)﴾

باسی فڕوفێڵی دووڕووەکان

خوای گەورە باسی دووڕووەکان دەکات، کاتێك کە موسڵمانەکان گەڕانەوە بۆ مەدینە دێنو عوزرخواییان بۆ دێننەوەو دەفەرموێت: ﴿يَعْتَذِرُونَ إِلَيْكُمْ إِذَا رَجَعْتُمْ إِلَيْهِمْ ۚ قُل لَّا تَعْتَذِرُوا۟ لَن نُّؤْمِنَ لَكُمْ قَدْ نَبَّأَنَا ٱللَّهُ مِنْ أَخْبَارِكُمْ ۚ وَسَيَرَى ٱللَّهُ عَمَلَكُمْ وَرَسُولُهُۥ ثُمَّ تُرَدُّونَ إِلَىٰ عَٰلِمِ ٱلْغَيْبِ وَٱلشَّهَٰدَةِ فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ﴾ کاتێك دەگەڕێنەوە بۆ لایان، عوزرخواییتان لێدەکەن، بڵێ: هیچ عوزری پێ ناوێت، ئێمە بڕواتان پێ ناکەین، خودا لەبارەی ئێوەوە خەبەری پێداوین، خوداو پێغەمبەری خودا کردەوەکانتان دەبینن لە پاشان دەبرێنەوە بۆ لای ئەو(خوایە) لە ئاشکراو پەنهانیەکان ئاگادارە، ئەوسا ئاگادارتان دەکات کە چ کارێکتان کردووە، واتە: ئاگادارتان دەکات لەو

---

[1] ابن أبي حاتم (١٨٦٣/٦)، فەرموودەیەکی مورسەلە.

[2] فتح الباري (٧٣٢/٧)، مسلم (١٩١١).

کردەوانەی کە کردووتانە لە چاکەو لە خراپە پاداشتتان دەداتەوە لەسەری. پاشان خوای گەورە باسی دووڕووەکان دەکات بۆ خاوەنباوەڕان کە دێن بۆ لایان‌و سوێندیان بۆ دەخۆن‌و غوزرخواییان بۆ دەهێننەوە کە چاوپۆشیان لێبکەن‌و سەرزەنشتیان نەکەن، وەك سوکایەتی پێکردنێك ڕوویان پێ مەدەن چونکە ئەوانە دڵ‌و دەروون و بیروبۆچوونیان پیس‌و بۆگەنەو پاشەڕۆژیان هەر لەناو ئاگری جەهەنەمە. هەر شایەنی ئەو سزا سەختەن وەك فەرموویەتی: ﴿سَيَحْلِفُونَ بِاللَّهِ لَكُمْ إِذَا انقَلَبْتُمْ إِلَيْهِمْ لِتُعْرِضُوا عَنْهُمْ فَأَعْرِضُوا عَنْهُمْ إِنَّهُمْ رِجْسٌ وَمَأْوَاهُمْ جَهَنَّمُ جَزَاءً بِمَا كَانُوا يَكْسِبُونَ﴾ هەر کاتێك ئێوە دەگەڕێنەوە بۆ لایان، سوێندتان بۆ دەخۆن بە خودا بۆ ئەوەی چاوپۆشیان لێ بکەن ئێوەش ڕوویان لێ وەرگێڕن بە ڕاستی ئەوانە پیسن‌و لە سزای کردەوەکانیان، جێگایان ناوەڕاستی جەهەنەمە. پاشان خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿يَحْلِفُونَ لَكُمْ لِتَرْضَوْا عَنْهُمْ فَإِن تَرْضَوْا عَنْهُمْ فَإِنَّ اللَّهَ لَا يَرْضَىٰ عَنِ الْقَوْمِ الْفَاسِقِينَ﴾ سوێندتان بۆ دەخۆن کە ئێوە لە خۆیان ڕازی بکەن، ئەگەر ئێوەش لێیان ڕازی بن، خودا لە گرۆی لەڕێلادەر ڕازی نابێت. واتە: خودا ئەوانەی لە ڕێی خواناسی‌و گوێڕایەڵی پێغەمبەرەکەی لادەدەن و لەفەرمان دەردەچن، چونکە(الفسق) لادان‌و دەرچوونە. هەربۆیە مشك ناونراوە بە(فاسق) و لاسارو لادەر، چونکە لە کونەکەی دێتە دەرەوە بۆ لاساری‌و خراپەکاری. وتوویشیانە:(فَسَقَت الرُّطَبَة) کاتێك لە گلێپکەکەی خۆی دێتە دەرەوە.

﴿ الْأَعْرَابُ أَشَدُّ كُفْرًا وَنِفَاقًا وَأَجْدَرُ أَلَّا يَعْلَمُوا حُدُودَ مَا أَنزَلَ اللَّهُ عَلَىٰ رَسُولِهِ ۗ وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ ﴿٩٧﴾
وَمِنَ الْأَعْرَابِ مَن يَتَّخِذُ مَا يُنفِقُ مَغْرَمًا وَيَتَرَبَّصُ بِكُمُ الدَّوَائِرَ ۚ عَلَيْهِمْ دَائِرَةُ السَّوْءِ ۗ وَاللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ﴿٩٨﴾
وَمِنَ الْأَعْرَابِ مَن يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ وَيَتَّخِذُ مَا يُنفِقُ قُرُبَاتٍ عِندَ اللَّهِ وَصَلَوَاتِ
الرَّسُولِ ۚ أَلَا إِنَّهَا قُرْبَةٌ لَّهُمْ ۚ سَيُدْخِلُهُمُ اللَّهُ فِي رَحْمَتِهِ ۗ إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٩٩﴾ ﴾

عەرەبە دەشتەکیەکان زۆر خوانەناس و دووڕوون

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ الْأَعْرَابُ أَشَدُّ كُفْرًا وَنِفَاقًا وَأَجْدَرُ أَلَّا يَعْلَمُوا حُدُودَ مَا أَنزَلَ اللَّهُ عَلَىٰ رَسُولِهِ﴾ عەرەبە دەشتەکیەکان بێباوەڕی‌و دووڕووییان بەهێزترەو شایستەترن کە ئەو سنوورانەی خودا ناردوویەتیە خوارەوە بۆ پێغەمبەرەکەی نەزانن. خوای گەورە لێرەدا باسی عەرەبە دەشتەکیەکان دەکات لە خوانەناس‌و دووڕوو خاوەن باوەڕەکان کە خوانەناس‌و دووڕووییان زۆر بەهێزو گەورەترە لە خەڵکی تر، وە شایەنی ئەوەن کە ئەو سنوورانەی خودا ناردوویەتیە خوارەوە بۆ پێغەمبەرەکەی نەزانن‌و لێی شارەزا نەبن وەك ئەعمەش دەڵێت لە ئیبراهیمەوە: عەرەبێکی دەشتەکی

لە لای زەیدی کوڕی سوحان دانیشتبوو، زەید بۆهاوەڵەکانی قسەی دەکرد کە لە ڕۆژی نەهاوەندا دەستی بریندار بووبوو عەرەبە دەشتەکیەکە وتی: بە خوا قسەکانت زۆر سەرەنجم ڕادەکێشێت، بەڵام دەستەکەت زۆر گومانم بۆ دروست دەکات. زەید وتی: چی گومانت بۆ دروست دەکات لە دەستم لەبەر ئەوەی چەپە؟. عەرەبە دەشتەکیەکە وتی: بە خوا نازانم، ئایا ڕاست دەبڕن یان چەپ؟ زەیدی کوڕی سوحان وتی: خوا ڕاستی فەرمووە: ﴿ ٱلْأَعْرَابُ أَشَدُّ كُفْرًا وَنِفَاقًا وَأَجْدَرُ أَلَّا يَعْلَمُوا۟ حُدُودَ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ عَلَىٰ رَسُولِهِۦ ﴾.[1] ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە لە ئیبنوعەباسەوە لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) فەرموویەتی: (ئەوەی لە بیاباندا ژیا دڵی ڕەقت ئەبێت، ئەوەی شوێنی نێچیرەکەوت ئاگای لە هیچ نامێنێت، ئەوەیش هاتە لای خاوەن دەسەڵات تووشی تاقیکردنەوە دەبێت).[2] ئەبو داودو تیرمیزیو نەسائیش ڕیوایەتیان کردووە، تیرمیزی دەڵێت: چاكو غەریبە.[3] کاتێك ئەو عەرەبە دەشتەکیە ئەو دیاریەی کردە خەڵاتی پێغەمبەری خودا(ﷺ)، پێغەمبەر(ﷺ) دوو ئەوەندەی دیاریەکەی خۆی پێ بەخشی هەتا ڕازی بێت، فەرمووی:(بەڕاستی ویستم دیاری وەرنەگرم تەنها لە قورەیشی یان لە سەقەفی یان لە ئەنساری یان لە دەوسی نەبێت). لەبەر ئەوەی نیشتەجێی شارەکانی مەککەو تائفو مەدینەو یەمەنن، چونکە ئەوانە ڕەوشتیان نەرمونیانترە لە عەرەبی دەشتەکی، عەرەبی دەشتەکی دڵڕەقیو زبریەکیان تێدایە.[4] ﴿وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ﴾ خودا زانای کارزانە. واتە: باش دەزانێك کێ شایەنی ئەوەیە شارەزای باوەڕو زانیاری بکات، کارزانە لە دابەشکردنی زانیاری و نەفامی و باوەڕ و خوانەناسیو دووڕوویدا عەبدەکانیدا، پرسیاری لێناکرێت لەوەی دەیکات لەبەر زانیاریو لەکارزانی، پاشان دەفەرمووێت: ﴿ وَمِنَ ٱلْأَعْرَابِ مَن يَتَّخِذُ مَا يُنفِقُ مَغْرَمًا وَيَتَرَبَّصُ بِكُمُ ٱلدَّوَآئِرَ ۚ عَلَيْهِمْ دَآئِرَةُ ٱلسَّوْءِ ﴾ هەندێك لەو دەشتەکیانە هەرچی ببەخشن وادەزانن باجیان لێ سەنراوە چاوەڕوانی دەرفەتێکن کە بەڵایەکتان بەسەر بێت، بەڵا هەر بەسەر خۆیان بێت. واتە: ئەوانە ئەگەر شتێك ببەخشن لە ڕێی خوادا بە سەرانەو زەرەری دەزانن چاوەڕوانی بەڵایەکن تووشتان ببێت، بەڵام بە پێچەوانەوە هەر تووشی خۆیان دێت، ﴿وَٱللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ﴾ خودا بیسەرو زانایە، دووعای عەبدەکانی خۆی دەبیسێو دەزانێت کێ شایەنی سەرکەوتنەو کێش شایەنی سەرشۆڕیو ژیانە.

---

[1] الطبري (١٤/٤٢٩).

[2] احمد (١/٣٥٧)، فەرموودەیەکی حەسەنە.

[3] ابو داود (٣/٢٧٨)، تحفة الأحوذي (٦/٥٣٢)، النسائي (٧/١٩٥)، حەسەنە.

[4] النسائي (٦/٢٨٠)، فەرموودەیەکی حەسەنە.

هەندێك لە عەرەبە دەشتەكیەكان خواناس و هەندێ بەخشندەن

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَمِنَ ٱلۡأَعۡرَابِ مَن يُؤۡمِنُ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِ وَيَتَّخِذُ مَا يُنفِقُ قُرُبَٰتٍ عِندَ ٱللَّهِ وَصَلَوَٰتِ ٱلرَّسُولِۚ ﴾ هەر لەناو ئەو دەشتەكیانەشدا هی وا هەیە بڕوای بە خواو بە ڕۆژی قیامەت هەیەو هەرچی لەم ڕێیەدا دەبەخشێت بۆ نزیكی لە خودایەو بۆ ئەمەیە كە پێغەمبەر بە نزا لەبیریان نەكات. ئەمانە لەو عەرەبانەن ستایش كراون، كە ماڵو سامانی خۆیان بەخشیوە لە ڕێی خودا بۆ ئەوەی لە خودا نزیك ببنەوە، بەو ماڵو بەخشینە، وە بە هیوای دوعای پێغەمبەریشن بۆیان. ﴿أَلَآ إِنَّهَا قُرۡبَةٞ لَّهُمۡۚ﴾ با بزانن بەو زووانە نزیك دەبنەوە لە خوداو ﴿سَيُدۡخِلُهُمُ ٱللَّهُ فِي رَحۡمَتِهِۦٓۚ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٞ﴾ دەیانخاتە بەر بەزەیی خۆی، خودا دیارە گوناه بەخشو دلۆڤانە.

﴿وَٱلسَّٰبِقُونَ ٱلۡأَوَّلُونَ مِنَ ٱلۡمُهَٰجِرِينَ وَٱلۡأَنصَارِ وَٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُوهُم بِإِحۡسَٰنٖ رَّضِيَ ٱللَّهُ عَنۡهُمۡ وَرَضُواْ عَنۡهُ وَأَعَدَّ لَهُمۡ جَنَّٰتٖ تَجۡرِي تَحۡتَهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدٗاۚ ذَٰلِكَ ٱلۡفَوۡزُ ٱلۡعَظِيمُ ١٠٠﴾

ڕێزو قەدری كۆچەری و ئەنساریەكان و ئەوانەی شوێن پێی ئەوانیان گرتەبەر بە چاكی

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَٱلسَّٰبِقُونَ ٱلۡأَوَّلُونَ مِنَ ٱلۡمُهَٰجِرِينَ وَٱلۡأَنصَارِ وَٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُوهُم بِإِحۡسَٰنٖ رَّضِيَ ٱللَّهُ عَنۡهُمۡ وَرَضُواْ عَنۡهُ وَأَعَدَّ لَهُمۡ جَنَّٰتٖ تَجۡرِي تَحۡتَهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدٗاۚ ذَٰلِكَ ٱلۡفَوۡزُ ٱلۡعَظِيمُ﴾ خودا لەوانەی هەر پێشوو ئاوارە بوونو لەوانەش كە یاریدەدەر بوون، لەوانەش لە چاكەدا شوێن پێی ئەوانیان هەلگرتووە، ڕازی بووەو ئەوانیش لە خودا ڕازینو باغاتێكی بۆ سازدان جۆباریان بەبەردا دەڕوات و تاهەتایی تێیدا دەبنو ئەمەیە دەسكەوتی گەورە. خوای گەورەباسی ڕازی بوونی خۆی دەكات لە كۆچەری و یاریدەدەرو ئەوانەی شوێن پێی ئەوانیان هەلگرتووە لە چاكەدا، خوا لێیان ڕازییە وە ئەوانیش لە خوا ڕازین، وە باغاتێكی بۆ وەدیهێناون كە پڕە لە خۆشی و خۆشگوزەرانی بەردەوامو نەبڕاوە، شەعبی دەڵێت: مەبەست بە پێشكەوتووە یەكەمەكان لە كۆچەرانو یاریدەدەران: ئەوانەن كە ئامادەی(پەیمانی ساڵی حودەیبیە)بوون[1]. ئەبو موسای ئەشعەری و سەعیدی كوڕی موسەیەبو موحەمەدی كوڕی سیرینو حەسەنو قەتادە وتوویانە: ئەو كەسانەن كە ڕووەو هەردوو قیبلەكە لەگەڵ پێغەمبەردا(ﷺ) نوێژیانكردووە[2]. ئەوەبووخوای گەورە فەرمووی كەلە پێشكەوتووە یەكەمەكان لە كۆچەرانو یاریدەدەرانو ئەوانەیش بەڕێی ئەواندا ڕۆیشتوون لە چاكەدا، واوەیلا بۆ ئەو كەسانەی

---

[1] الطبري (١٤/٤٣٥).

[2] الطبري (١٤/٤٣٦/٤٣٧/٤٣٥).

ڕقیان لێیان بووەو قسەیان پێ وتوون یان ڕقیان لە هەندێکیان بووەو قسەیان پێ وتوون، بە تایبەتی گەورەی هاوەڵانی پێغەمبەر(ﷺ) کەچاکترین‌و بەرێزترینیانە مەبەستم ڕاستگۆی گەورەو جێنشینی مەزن(ئەبوبەکری کوڕی قوحافەیە(ڕەزای خوای لێبێت))، چونکە ئەو دەستە دۆڕاوە لە ڕافیزەکان دوژمنایەتی بەرێزترین هاوەڵەکانی پێغەمبەر(ﷺ) دەکەن‌و ڕقیان لێیانەو قسەیان پێ دەڵێن، پەنادەگرین بە خودا لەوە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئەم ڕافیزیانە ئاوەزیان پێچەوانەیەو دڵەکانیان وەرگەڕاوە، ئەوانە بڕوایان بە قورئان ئەبێ چی بێت؟ کاتێك کە قسە دەڵێن بەوانەی خوا لێیان ڕازی بووە. بەڵام ئەهلی سوننەت، ئەوان ڕازین لەوانەی کە خودا لێیان ڕازی بووەو قسە دەڵێن بەو کەسانەی کە خوداو پێغەمبەرەکەی(ﷺ) قسەیان پێ وتوون، وە دۆستی ئەو کەسانەن کە دۆستی خودان‌و دوژمنایەتی ئەو کەسانە دەکەن کە دوژمنایەتی خودا دەکەن، ئەوان شوێنپێی پێغەمبەر(ﷺ) هەڵدەگرن بە ئارەزووی خۆیان شت دابهێنن و شوێن فەرمانەکانی خوداو پێغەمبەر(ﷺ) ئەکەون نەك هەر لە خۆیانەوە چیان بوێت بیکەن، هەر ئەوانە کۆمەڵی خودان‌و ڕزگارن‌و عەبدە خاوەن باوەڕەکانی خودای گەورەن.

﴿ وَمِمَّنْ حَوْلَكُم مِّنَ الْأَعْرَابِ مُنَافِقُونَ ۖ وَمِنْ أَهْلِ الْمَدِينَةِ ۖ مَرَدُوا عَلَى النِّفَاقِ لَا تَعْلَمُهُمْ ۖ نَحْنُ نَعْلَمُهُمْ ۚ سَنُعَذِّبُهُم مَّرَّتَيْنِ ثُمَّ يُرَدُّونَ إِلَىٰ عَذَابٍ عَظِيمٍ ﴿١٠١﴾ ﴾

دەشتەکیە دووڕووەکان‌و شاری مەدینە

خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿ وَمِمَّنْ حَوْلَكُم مِّنَ الْأَعْرَابِ مُنَافِقُونَ ۖ وَمِنْ أَهْلِ الْمَدِينَةِ ۖ مَرَدُوا عَلَى النِّفَاقِ﴾ لەو عەرەبە دەشتەکیانەی کە لە دەوروبەری ئێوەن هەندێکیان‌و هەندێکیش لە خەڵکی مەدینە دووڕوون‌و هەر بە دووڕوویی ڕاهاتوون. خوای گەورەهەواڵ دەدات بە پێغەمبەرەکەی خۆی(ﷺ) لەو عەرەبانەی دەوروبەری مەدینەو هەندێ لە خەڵکی مەدینەیش هەر دووڕوون، ﴿مَرَدُوا عَلَى النِّفَاقِ﴾ یانی: وازیش ناهێنن‌و بەردەوام دەبن لەسەر دووڕوویی‌و لەسەری ڕاهاتوون، لەم مانایەدا کە ئەوترێ:(شیطان مَریدو مارد) وە وتراویشە:(تمرد فلان علی الله) واتە: فڵان یاخی بووە لە خواو لووتی بەرزە. پاشان خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَلَوْ نَشَاءُ لَأَرَيْنَاكَهُمْ فَلَعَرَفْتَهُم بِسِيمَاهُمْ ۚ وَلَتَعْرِفَنَّهُمْ فِي لَحْنِ الْقَوْلِ﴾[1]. ئەگەر حەزمان بکردایە، دەمانهێنایە بەرچاوت ئیتر هەر بە وردبوونەوە لە بیچمیان باش دەتناسین، بەڕاستی هەر بە شێوازی قسەکردنیشیاندا دەیانناسین. ئایەتی﴿لَا تَعْلَمُهُمْ ۖ نَحْنُ نَعْلَمُهُمْ﴾

[1] محمد (٣٠).

ناسازینییە لەگەڵ ئەمەی کە خوا ئەفەرمویت: ﴿وَلَوْ نَشَآءُ لَأَرَيْنَٰكَهُمْ فَلَعَرَفْتَهُم بِسِيمَٰهُمْ ۚ وَلَتَعْرِفَنَّهُمْ فِى لَحْنِ ٱلْقَوْلِ﴾ چونکە ئەمە لەجۆری(قیافە تناسی)یە بەو ڕەوشتانەدا کەتێیاندایە ئەکرێ بناسرێنەوە، نەك زمانی ئەوەی هەموونەو دووڕووانەی کە لەلای ئەون ئەم دەناسێت و ناوەکانیان دەزانێت! پێغەمبەری خودا(ﷺ) هەندێ لەو دووڕووانەی خەڵکی مەدینەی دەناسی کە لەگەڵیدا هەڵسوکەوتیان دەکردو بەیانیان‌و ئێواران دەیبینین. وەك لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا لە پێشەوە باس کرا: ﴿وَهَمُّوا۟ بِمَا لَمْ يَنَالُوا۟﴾[1]. خەیاڵیاندابووە سەرشتێك، بۆیان نەلوا پێکی بێنن. کە پێغەمبەر(ﷺ) حوزەیفەی ئاگادار کردبوو لە چواردە یان پانزە پیاوی دووڕووی ناودار، ئەمە شتێکی تایبەتیەو ئەوە ناگەیەنێت کە پێغەمبەر(ﷺ) هەموو ناوەکان‌و کەسەکانی ناسیوە والله أعلم. عبدالرزاق دەڵێت: موعەمەر هەواڵی داینێ لە قەتادەوە لەم ئایەتەدا وتوویەتی: ئەوە هەندێ خەڵك چییانە زۆر لەخۆیاندەکەن بۆناسینی خەڵکی و دەڵێن: فلانەکەس لە بەهەشتدایەو فلانە کەس لەناو ئاگردایە، لەکاتێکدا ئەگەرپرسی لە یەکێکیان دەربارەی خۆی دەڵێت: نازانم، دەی سوێند بەخودا تۆ لەحاڵی خۆت باشترشارەزای تا حاڵی خەڵکی، تۆ لە شتێکدا زۆر لەخۆت ئەکەی کە پێغەمبەران(سەلامی خوایان لێبێت) لە پێش تۆوە ئەو زۆرەیان لەخۆیان نەکردووە، پێغەمبەری خودا نوح(سەلامی خوای لێبێت) فەرموویەتی: ﴿وَمَا عِلْمِى بِمَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ﴾[2]. من چوزانم کە ئەوان لە پێشدا چیان دەکرد؟ وە پێغەمبەری خودا شوعەیب(سەلامی خوای لێبێت) فەرموویەتی: ﴿وَمَآ أَنَا۠ عَلَيْكُم بِحَفِيظٍ﴾[3]. من ئێشکگرو پاسەوانی ئێوە نیم. وە لێرەشدا خوای گەورە بە پێغەمبەرەکەی(ﷺ) دەفەرمووێت: ﴿لَا تَعْلَمُهُمْ ۖ نَحْنُ نَعْلَمُهُمْ﴾.[4] تۆنایانناسیت، ئێمە ئەیانناسین، پاشان خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿سَنُعَذِّبُهُم مَّرَّتَيْنِ﴾ دوو جار ئازاریان دەدەین، موجاهد دەڵێت: بە کوشتن‌و دەستبەسەری ئازاریان دەدەین. لە ڕیوایەتێکی تردا دەڵێت: بە برسیەتی‌و سزای ناوگۆڕ ئازاریان دەدەین. ﴿ثُمَّ يُرَدُّونَ إِلَىٰ عَذَابٍ عَظِيمٍ﴾ لە دواییدا دەیانخەینە بەر سزای زۆر دژوار.[5] عەبدوڕەحمانی کوڕی زەید دەڵێت: یان لە دنیادا سزا

---

[1] التوبة (٧٤).

[2] الشعراء (١١٢).

[3] الانعام (١٠٤).

[4] عبدالرزاق (٢/٢٨٥).

[5] الطبري (١٤/٤٤٢).

ئەدرێن بەهۆی ماڵو منداڵەوە، جائەم ئایەتەی خوێندەوە: ﴿فَلَا تُعْجِبْكَ أَمْوَٰلُهُمْ وَلَآ أَوْلَـٰدُهُمْ ۚ إِنَّمَا يُرِيدُ ٱللَّهُ لِيُعَذِّبَهُم بِهَا فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا﴾[1] واتە: سەیرت نەیەت لە دارایی‌و منداڵانێك کە هەیانە، خودا دەیەوێت لە دنیادا بەمانە ئازاریان بدات، ئەو گیروگرفتەی تووشیان دێت بە هۆی ماڵو منداڵەوە سزایە بۆیان. بەڵام بۆ خاوەن باوەڕ پاداشتە، بەڵام جەزرەبەی ناو ئاگریش ئەوە لە ڕۆژی قیامەتدایە، وەك ئەفەرموێ: ﴿ثُمَّ يُرَدُّونَ إِلَىٰ عَذَابٍ عَظِيمٍ﴾ دەڵێت: واتە: ئاگر[2].

﴿وَءَاخَرُونَ ٱعْتَرَفُوا۟ بِذُنُوبِهِمْ خَلَطُوا۟ عَمَلًا صَـٰلِحًا وَءَاخَرَ سَيِّئًا عَسَى ٱللَّهُ أَن يَتُوبَ عَلَيْهِمْ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ (١٠٢)﴾

باسی ئەو خاوەن باوەڕە دواکەوتووانە لە جیهاد بەهۆی تەمەڵییەوە

دوای ئەوەی خوای گەورەباسی حاڵی ئەو دووڕووانەی کرد دواکەوتن لە غەزاو بەهۆی خوانەناسی‌و بەدگومانیانەوە، دێتە سەر باسی ئەو تاوانبارانەی کە لەبەر تەمبەڵی‌و حەز لە ئیسراحەت کردن دواکەوتن، لەگەڵ ئەوەدا کە خاوەن باوەڕبوون‌و ئیسلامیشیان بە هەق دەزانی دەفەرمووێت: ﴿وَءَاخَرُونَ ٱعْتَرَفُوا۟ بِذُنُوبِهِمْ خَلَطُوا۟ عَمَلًا صَـٰلِحًا وَءَاخَرَ سَيِّئًا عَسَى ٱللَّهُ أَن يَتُوبَ عَلَيْهِمْ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾ هی وایش هەن دانیان ناوە بە گوناهەکانی خۆیاندا، کارێکی باش‌و یەکێکی خراپیان تێکەڵ کردووە، بەڵکو خودا تۆبەیان لێ قەبوڵ بکات، خودا لە تاوان دەبووورێت‌و دلۆڤانە. واتە: ئەوانەی دانیان بە گوناهەکانیاندا ناوەو لە نێوان خۆیان‌و خودای خۆیاندا کرداری چاکیشیان کردووەو ئەمەخراپەشیان تێکەڵاوی ئەو چاکانە کردووە، ئەوانە کەوتوونەتە ژێر سۆزو بەزەیی‌و لێبوردەیی خوداوە. ئەم ئایەتە هەرچەندە لەسەر کەسانێکی دیاریکراو هاتووەتە خوارەوە، بەڵام گشتگیرەو هەموو تاوانبارێك دەگرێتەوە کە هەڵەیان کردووەو چاکەو خراپەیان تێکەڵاو کردووە. ئیبنوعەباس دەڵێت: ﴿وَءَاخَرُونَ﴾ لەسەر ئەبو لوبابەو کۆمەڵێك لە هاوەڵەکانی پێغەمبەر(ﷺ) هاتە خوارەوە کە لەغەزای تەبوکدا لە پێغەمبەری خودا(ﷺ) دواکەوتن، هەندێك وتوویانە ئەبو لوبابەو پێنج کەسی تریش بوون لەگەڵی. وە وتراوە: حەوت کەسی لەگەڵ بووە، وە وتراویشە نۆ کەسی لەگەڵدا بووە، کاتێك کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) لە غەزاکەی گەڕایەوە، خۆیان شەتەك دا بە کۆڵەکەی مزگەوتەوەو سوێندیان خوارد کە هیچ کەسێك نابێت بیانکاتەوە پێغەمبەری خودا نەبێت(ﷺ) کاتێك خوای گەورەئەم ئایەتەی ناردە خوارەوە: ﴿وَءَاخَرُونَ ٱعْتَرَفُوا۟ بِذُنُوبِهِمْ﴾ پێغەمبەری خودا(ﷺ) بەری دان‌و عەفووی کردن.[3] بوخاری

---

[1] التوبة (٥٥).

[2] الطبري (٤٤٤/١٤).

[3] الطبري (٤٣٧/١٤).

ڕیوایەتی کردووە لە سەمورەی کوڕی جوندوبەوە دەڵێت پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی پێیمان:(ئەم شەو دوو کەس بەڕێیان کردم هەتا گەیاندمیانە لای شارێك بە خشتی ئاڵتونیو خشتی زیو دروست کرابوون، چەند پیاوێکمان پێگەیشت لایەکی پێکهاتەی(لاشەیان) بە چاکترین شێوە کە تۆ چاوت پێی کەوتبێت وابوو، لاکەی تریان بە ناشرینترین شێوە وابوو کە تۆ چاوت پێی کەوتبێت، پێیان وتن: بچن خۆتان بخەنە ناوە ئەو ڕووبارە، خۆیان خستە ناوی، پاشان گەڕانەوە بۆلامانو ئەو ناشیرینیەیان پێوە نەمابوو، وایان لێهات بوونە جوانترین وێنە، پێیان وتم: ئەمە بەهەشتی عەدنە ئەوەیش شوێنی تۆیە، وە وتیان: بەڵام ئەو کۆمەڵەی لایەکیان جوان بوو، لایەکیان ناشیرین بوو، کارێکی چاکیان تێکەڵاوی یەکێکی خراپ کردبوو خودا چاوپۆشی لێکردن).[1] هەر بەم شێوەیە بوخاری ڕیوایەتی کردووە بە کورتی لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا.

﴿خُذْ مِنْ أَمْوَٰلِهِمْ صَدَقَةً تُطَهِّرُهُمْ وَتُزَكِّيهِم بِهَا وَصَلِّ عَلَيْهِمْ ۖ إِنَّ صَلَوٰتَكَ سَكَنٌ لَّهُمْ ۗ وَٱللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ﴿١٠٣﴾ أَلَمْ يَعْلَمُوٓا۟ أَنَّ ٱللَّهَ هُوَ يَقْبَلُ ٱلتَّوْبَةَ عَنْ عِبَادِهِۦ وَيَأْخُذُ ٱلصَّدَقَٰتِ وَأَنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلتَّوَّابُ ٱلرَّحِيمُ ﴿١٠٤﴾﴾

فەرماندان بە وەرگرتنی زەکاتو سوودەکانی

خوای گەورە فەرمان دەکات بە پێغەمبەرەکەی(ﷺ) کە سەدەقە لەماڵو سامانی موسڵمانەکان وەربگرێت، پاكو خاوێنیان بکاتەوە پێی، ئەم ئایەتە گشتگیرەو هەرچەندە هەندێ لە زانایان زەمیرەکەیان گەڕاندووەتەوە بۆ ﴿أَمْوَٰلِهِمْ﴾ واتە: بۆ ئەوانەی دانیان نا بە تاوانەکانیانداو کاری چاکیان کردبوو هی خراپیشیان تێکەڵاو کرد، بۆیە هەندێ لەوانەی کە زەکاتیان نەدەدا لە عەرەبەکانی دەوروبەری مەدینە بڕوایان وابوو کە زەکات نابێت بدرێت بە پێشەوای موسڵمانان، بەڵکو تەنها ئەو زەکات دانە تایبەت بووە بە پێغەمبەری خوداوە(ﷺ) وە ئەم ئایەتەیان کردبووە بەڵگە لەسەر زەکات نەدان: ﴿خُذْ مِنْ أَمْوَٰلِهِمْ صَدَقَةً تُطَهِّرُهُمْ وَتُزَكِّيهِم﴾ لەو داراییەی کە هەیانە سەدەقەیان لێ وەربگرە، تا بەوە پاكو خاوێنیان بکەیتەوە. بۆیە ئەبوبەکری سیدیقو هاوەڵەکانی پێغەمبەر(ﷺ) وەڵامی ئەو بۆچوونە خراپەیان دانەوەو قوبوڵیان نەکردو شەڕیان لەگەڵ کردن هەتا ناچاریان کردن کە سەدەقە بدەن بە پێشەوای موسڵمانان وەك چۆن دەیاندا بە پێغەمبەری خودا(ﷺ) هەتا ئەوەبوو ئەبوبەکری سیدیق پێی وتن: سوێند بە خودا ئەگەر کارێکم نەدەنێ، لەڕیوایەتێکی تردا(سەرەگوریسێك) کە دەیاندا بە پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئێستا نەیدەن شەڕیان لەگەڵدا دەکەم لەسەر نەدانی.[2] ﴿وَصَلِّ

[1] فتح الباري (١٩٣/٨).

[2] فتح الباري (٢٦٤/١٣).

عَلَيۡهِمۡ﴾ نزای باشیان بۆ بکە، واتە: دوعایان بۆ بکەو داوای لێخۆشبوونیان بۆ بکە ئەی پێغەمبەر(ﷺ)، وەك ئیمامی موسلیم ڕیوایەتی کردووە لە سەحیحەکەیدا لە عەبدوڵڵای کوڕی ئەبی ئەوفاوە دەڵێت: پێغەمبەری خودا(ﷺ) کاتێك سەقەدەی هەر هۆزێکی بۆ بهاتایە نزای بۆ دەکردن، باوکم هات بۆ لای سەدەقەکەی خۆی بۆ هێنا، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی:(ئەی خودایە خۆش ببە لە کەسوکاری ئەبی وەفا).[1] پاشان خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّ صَلَوٰتَكَ سَكَنٞ لَّهُمۡ﴾ نزای تۆ(ئەی موحەممەد(ﷺ)) ئارامیە بۆ ئەوان، هەندێ خوێندوویانەتەوە بە(صلواتك) بە جەمع، هەندێکیش بە موفرەد خوێندوویانەتەوە، ﴿سَكَنٞ لَّهُمۡ﴾ ئیبنوعەباس دەڵێت: بەزەییە بۆیان.[2] ﴿وَٱللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ﴾ خودای بیسەرو زانایە، بە نزاکانتو دەزانێت کێ شایەنی ئەو نزای تۆیە(ئەی موحەممەد(ﷺ)) بۆ کێش دەشێت بۆی بکەی. پاشان خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿أَلَمۡ يَعۡلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ هُوَ يَقۡبَلُ ٱلتَّوۡبَةَ عَنۡ عِبَادِهِۦ وَيَأۡخُذُ ٱلصَّدَقَٰتِ وَأَنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلتَّوَّابُ ٱلرَّحِيمُ﴾ چۆن دەبێت نەیانزانیبێت خودا تۆبە لە عەبدی خۆی قەبوڵ دەکاتو سەدەقەشیان لێ وەردەگرێتو خودا تۆبە قەبوڵ دەکاتو دلۆڤانە؟ ئەمە خۆی هەڵنانو پاڵ پێوەنانە هەتا خەڵکی پەلە بکەن لە تەوبەکردنو سەدەقەکردندا کە هەردووکیان دەبنە هۆی سڕینەوەی گوناهو لایدەباتو نایهێڵێت، خودای مەزنیش فەرموویەتی کە هەر کەسێك تۆبە بکات لێی خۆش دەبێت، وە هەر کەسێك سەدەقە بکات لە ماڵی حەلاڵ، گومانی تێدا نیە خودا لێی وەردەگرێت بەدەستی ڕاستیو زیادیشی دەکات بۆ خاوەنەکەی هەتا دەنکە خورمایەك بە ئەندازەی کێوی ئوحودی لێ دێت). وەك ئەو فەرموودەیەی کە لەو بارەیەوە هاتووە لە ئەبو هورەیرەوە دەڵێت: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی:(بەڕاستی خودا سەدەقە قبوڵ دەکاتو بە دەستی ڕاستی وەری دەگرێت، گەورەیشی دەکات بۆ کەسێك لە ئێوە وەك چۆن یەکێك لە ئێوە جوانو ماینەکەی گەورە دەکات، هەتا تیکە نانێك بە ئەندازەی ئوحودی لێ دێت). بۆ سەلماندنی ئەم فەرموودەیە خوای گەورەلە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: ﴿أَلَمۡ يَعۡلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ هُوَ يَقۡبَلُ ٱلتَّوۡبَةَ عَنۡ عِبَادِهِۦ وَيَأۡخُذُ ٱلصَّدَقَٰتِ﴾، وە فەرموویەتی: ﴿يَمۡحَقُ ٱللَّهُ ٱلرِّبَوٰاْ وَيُرۡبِي ٱلصَّدَقَٰتِ﴾[3]. خودا پیتو بەرەکەتی سوود کەم دەکاتەوەو پیتو بەرەکەتی سەدەقە زیاد دەکات. لە عەبدوڵڵای کوڕی مەسعودەوە(ڕەزای خوای لێبێت) دەڵێت: بێگومان سەدەقە دەکەوێتە دەستی خوای گەورەلە پێش ئەوەی بکەوێتە دەستی

[1] مسلم (٧٥٦/٢).
[2] الطبري (٤٥٧/١٤).
[3] البقرة (٢٧٦).

داواکەر پاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوە: ﴿أَلَمْ يَعْلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ هُوَ يَقْبَلُ ٱلتَّوْبَةَ عَنْ عِبَادِهِۦ وَيَأْخُذُ ٱلصَّدَقَٰتِ﴾[1].

﴿وَقُلِ ٱعْمَلُواْ فَسَيَرَى ٱللَّهُ عَمَلَكُمْ وَرَسُولُهُۥ وَٱلْمُؤْمِنُونَ وَسَتُرَدُّونَ إِلَىٰ عَٰلِمِ ٱلْغَيْبِ وَٱلشَّهَٰدَةِ فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴿١٠٥﴾﴾

هەڕەشەکردن لە یاخیبووان

خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَقُلِ ٱعْمَلُواْ فَسَيَرَى ٱللَّهُ عَمَلَكُمْ وَرَسُولُهُۥ وَٱلْمُؤْمِنُونَ وَسَتُرَدُّونَ إِلَىٰ عَٰلِمِ ٱلْغَيْبِ وَٱلشَّهَٰدَةِ فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ﴾(ئەی موحەممەد بەوانە بڵێ) کار بکەن، کاری ئێوە بە زوویێکی زۆر زوو لە لای خوداو پێغەمبەری‌و خاوەنباوەڕان، دیاری دەدات‌و بەو زووانە دەبرێنەوە بۆ لای زانا بە نادیاری‌و دیاران، ئەوسا ئاگادارتان دەکات کە چۆن کارێکتان کردووە. موجاهد دەڵێت: ئەمە هەڕەشەیەکە.[2] واتە: لە لایەن خوداوە بۆ ئەوانەی کە فەرمانەکانی ئەویان بەجێ نەهێناوە، کارەکانیان بەو زووانە دەخرێتە بەردەم خودای مەزن‌و پێغەمبەرەکەی‌و خاوەنباوەڕان، ئەمەیش بێگومان لە ڕۆژی قیامەتدا دێتەدی وەك فەرموویەتی: ﴿يَوْمَئِذٍ تُعْرَضُونَ لَا تَخْفَىٰ مِنكُمْ خَافِيَةٌ﴾[3] واتە: لەو ڕۆژەدا(لەبەردەمی خودا) هەمووتان نیشان دەدرێن، هیچ (کردەوەیەکی) پەنهانتان بەنهێنی نامێنێتەوە. وە فەرموویەتی: ﴿يَوْمَ تُبْلَى ٱلسَّرَآئِرُ﴾[4] واتە: لەو ڕۆژەدا کە نهێنی ئاشکرا دەکرێت. وە فەرموویەتی: ﴿وَحُصِّلَ مَا فِى ٱلصُّدُورِ﴾[5] واتە: هەرچی لەناو دڵانیشدایە زانران وە لەوانەیشە خوای گەورەهەر لە دنیایشدا ئەوە دەربخات بۆ خەڵکی. بوخاری دەڵێت: عائیشە(ڕەزای خوای لێبێت) دەڵێت: کاتێك کرداری چاکی کەسێك سەرنجی ڕاکێشان بڵێن: ﴿ٱعْمَلُواْ فَسَيَرَى ٱللَّهُ عَمَلَكُمْ وَرَسُولُهُۥ وَٱلْمُؤْمِنُونَ﴾ واتە: کار بکەن، کاری ئێوە بەو زووانە لای خوداو پێغەمبەرەکەی‌و خاوەن باوەڕان دیاری دەدات.[6] لەم فەرموودەیەدا کە لەم قسەی عائیشە دەچێت، ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە

---

[1] الطبري (٤٦٠/١٤).

[2] الطبري (٤٦٣/١٤).

[3] الحاقة (١٨).

[4] الطارق (٩).

[5] العاديات (١٠).

[6] فتح الباري (٥١٢/١٣).

لە ئەنەسەوە کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی:(نامەقتان نیە کە سەرتان سوڕنەمێنێت لە کردەوەی کەسێك هەتا چاوەڕوانی دەکەن بە چی کۆتایی پێ دەهێنرێت، بەڕاستی کەسی وا هەیە ماوەیەك لە تەمەنی(یان ماوەیەك لە ڕۆژگاری) بە کرداری چاکە بەسەر دەبات، ئەگەر بمردایە دەچووە بەهەشت، پاشان دەگۆڕێتو هەڵدەسێت بە کرداری خراپ، وە بەندەی وایش هەیە ماوەیەك لە ژیانی هەڵدەسێت بە کرداری خراپ ئەگەر بمردایە دەچووە ئاگر، پاشان دەگۆڕێت و هەڵدەسێت بە کرداری چاکە، کاتێك خودا مەیلی چاکەی بە عەبدێکی هەبێت، پێش مردنی بەکاری دەهێنێت)، وتیان: ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) چۆن بەکاری دەهێنێت؟ فەرمووی:(یارمەتی دەدات(یُوَفِّقُهُ) بۆ کرداری چاك کردنو پاشان لەسەر ئەوە گیانی دەکێشێت).[1] تەنیا ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە.

﴿ وَءَاخَرُونَ مُرْجَوْنَ لِأَمْرِ ٱللَّهِ إِمَّا يُعَذِّبُهُمْ وَإِمَّا يَتُوبُ عَلَيْهِمْ ۗ وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ ﴿١٠٦﴾ ﴾

دواخستنی فەرمانی سێ بەجێماوەکە

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَءَاخَرُونَ مُرْجَوْنَ لِأَمْرِ ٱللَّهِ إِمَّا يُعَذِّبُهُمْ وَإِمَّا يَتُوبُ عَلَيْهِمْ ۗ وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ ﴾ هێندێکیشیان چاوەڕوانی فەرمانی خودان، جا یان سزایان دەدات، یان تۆبەیان لێ وەردەگرێت، خودا زانای کارزانە. ئیبنوعەباسو موجاهدو عیکریمەو زەححاكو کەسانی تریش دەڵێن: ئەوانە ئەو سێ کەسە بوون کە دواکەوتن واتە: لە تۆبەکردن، کە مورارەی کوڕی ڕەبیعو کەعبی کوڕی مالیكو هیلالی کوڕی ئومەییە بوون. کە نەچوون بۆ غەزای تەبوك لە ڕیزی ئەوانە بوون کە لەبەر تەمبەڵیو حەزیان لە ڕابواردنو خۆشگوزەرانیو خۆپاراستنو دانیشتنی ژێر سێبەردواکەوتن، بەدگومانو دووڕوو نەبوون، هەندێ لەوانە خۆیان بەستەوە بە کۆڵەکەیەکی مزگەوتەوە وەك ئەبو لوبابەو هاوەڵەکانی کردیان، هەندێکی تریان وایان نەکرد، ئەمانەیش ئەم سێ کەسەن کە باسیان کراوە، فەرمانی تۆبەی ئەوانە لە پێش ئەمانەدا هاتە خوارەوە، فەرمانی تۆبەکردنی ئەمانیش دواکەوت هەتا ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ لَّقَد تَّابَ ٱللَّهُ عَلَى ٱلنَّبِيِّ وَٱلْمُهَٰجِرِينَ وَٱلْأَنصَارِ ﴾[2] واتە: خودا لە پێغەمبەرو ئەوانەی دەربەدەرنو ئەوانەی یاریدەدەرن خۆش بووە. وە دەفەرموێت: ﴿وَعَلَى ٱلثَّلَٰثَةِ ٱلَّذِينَ خُلِّفُوا۟ حَتَّىٰٓ إِذَا ضَاقَتْ عَلَيْهِمُ ٱلْأَرْضُ بِمَا رَحُبَتْ ﴾[3] واتە: دەربارەی ئەو سێ کەسانەش خۆیان لە غەزا (دواخست) بەڕادەیەك ئەم زەمینە فراوانەیان لێ

---

[1] أحمد (٣/١٢٠)، فەرموودەیەکی سەحیحی مەوقوفە.

[2] التوبة (١١٧).

[3] التوبة (١١٨).

هاتەیەك.[1] وەك لەمەویەدوا باس دەكرێت لە فەرموودەكەی كەعبی كوڕی مالیكدا. پاشان خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿إِمَّا يُعَذِّبُهُمْ وَإِمَّا يَتُوبُ عَلَيْهِمْ﴾ واتە: ئەوانە وان لە ژێر سۆزو بەزەیی خودا، مەیلی خۆریەتی یان سزایان دەدات یان لێیان خۆش دەبێت، بەڵام دیارە بەزەیی خودا لە پێش تووڕەیدایە، ﴿وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ﴾ واتە: خودا دەزانێت كێ شایەنی تۆڵە لێ سەندنەو كێش شایەنی لێبوبردنە كارزانە لە كردارو گفتاریدا هیچ پەرستراوێك نیە جگە لەو هیچ پەروەردگارێكیش نیە جگەلەئەو.

﴿وَالَّذِينَ اتَّخَذُوا مَسْجِدًا ضِرَارًا وَكُفْرًا وَتَفْرِيقًا بَيْنَ الْمُؤْمِنِينَ وَإِرْصَادًا لِمَنْ حَارَبَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ مِن قَبْلُ وَلَيَحْلِفُنَّ إِنْ أَرَدْنَا إِلَّا الْحُسْنَىٰ وَاللَّهُ يَشْهَدُ إِنَّهُمْ لَكَاذِبُونَ (١٠٧) لَا تَقُمْ فِيهِ أَبَدًا لَمَسْجِدٌ أُسِّسَ عَلَى التَّقْوَىٰ مِنْ أَوَّلِ يَوْمٍ أَحَقُّ أَن تَقُومَ فِيهِ فِيهِ رِجَالٌ يُحِبُّونَ أَن يَتَطَهَّرُوا وَاللَّهُ يُحِبُّ الْمُطَّهِّرِينَ (١٠٨)﴾

مزگەوتی زیانبەخش و مزگەوتی خواناسی

خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَالَّذِينَ اتَّخَذُوا مَسْجِدًا ضِرَارًا وَكُفْرًا وَتَفْرِيقًا بَيْنَ الْمُؤْمِنِينَ وَإِرْصَادًا لِمَنْ حَارَبَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ مِن قَبْلُ﴾ ئەوانەش كە مزگەوتێكیان دروست كردووە تا بیكەنە هۆی زیان و خوانەناسی و جیاوازی خستنە نێوان خاوەن باوەڕان و تا ڕوانگەش بێت بۆ ئەوانەی لە پێشوودا دژی خوداو پێغەمبەرەكەی ڕاوەستابوون. هۆی هاتنەخوارەوەی ئەم ئایەتە پیرۆزانە، ئەوە لوو لە مەدینەدا(پێش گەیشتنی پێغەمبەری خودا(ﷺ) بۆ مەدینە) پیاوێكی خەزرەجی كە پێی دەوترا: ئەبو عامری ڕاهب لە زەمانی نەفامیدا بووبووبە مەسیحی، زانستی ئەهلی كتێبی خوێندبووەوە، لە كاتی نەفامیدا خەریكی خواناسی بوو، ڕێزێكی گەورەی هەبوو لەناو خەزرەجیەكاندا، كاتێك پێغەمبەری خودا(ﷺ) كۆچی كردو گەیشتە مەدینە، موسڵمانەكان لێی كۆبوونەوەو ئایینی خودا توانای پەیدا كردو خوای گەورە لەڕۆژی بەدردا سەری خستن. ئەبو عامری لەعین زۆری پێناخۆش بوو دەستی دایە دژایەتی پێغەمبەرو(ﷺ) بە ئاشكراو ڕایكردو چوو بۆ مەككە بۆ لای خوانەناس و بتپەستانی قورەیش، هەڵینان بۆ شەڕكردن لەگەڵ پێغەمبەری خودا(ﷺ)، كۆبووەوە لەگەڵ ئەو كەسانەی كە هاوڕای بوون لە ڕۆژی ئوحوددا لەگەڵیاندا بوو، ئەوەبوو موسڵمانان ئەوەیان بەسەرهات و خوای گەورە تاقی كردنەوە بەڵام پاشەڕۆژ هەر بۆ لەخواترسان بوو، ئەو پیاوە لەڕێ لادەرە(ئەبو عامر) چەند چاڵێكی لە نێوان هەردوو ڕیزەكەدا هەڵكەند، پێغەمبەری خودا(ﷺ) كەوتە چاڵێكیان و ئەو ڕۆژە بریندار بوو، دانی پیرۆزی پێشەوەی لای ڕاستی خوارەوەی شكاو سەریشی شكا. لە سەرەتای پێكدادانەكەدا ئەبو عامر خۆی گەیاندە هۆزەكەی لە ئەنساریەكان و قسەی بۆ كردن و هەڵی نان بۆ ئەوەی یارمەتی بدەن و

[1] الطبري (٤٦٦/٣٦٥/١٤).

هاوکاری بن، کاتێك ئەنسارییەکان تێگەیشتن لە قسەکانی وتیان: خوا بەخێرت نەهێنێت بۆ لامان ئەی لەڕێلادەر ئەی دوژمنی خودا! قسەی زۆریان پێ وت، ئەویش گەڕایەوە دەیوت: سوێند بە خوا ئەم هۆزەی من دوای من تووشی شەڕ هاتوون. پێغەمبەری خودا(ﷺ) پێش ئەوەی ڕا بکات(لە مەدینە) بانگی کردبوو بۆ لای خودا قورئانیشی بەسەردا خوێندبوو، بەڵام ئەو قبوڵی نەکردبوو، پێغەمبەری خودا(ﷺ) نزای لێکرد لە ئاوارەیی‌و دوورەوڵاتیدا بمرێت، ئەو نزایەی لێ گیرابوو، لەبەر ئەوەی کاتێك خەڵکی لە جەنگی ئوحود لێبوونەوەو بینیان کە ئەو کارەی پێغەمبەر(ﷺ) بڵاودەبێتەوەو زیاد دەکات، ئەبو عامیری ڕاهب ڕۆیشت بۆ لای هیرقل پاشای ڕۆم داوای لێکرد یارمەتی بدات و دژی پێغەمبەر(ﷺ) بوەستێت، هیرقل بەڵێنی پێداو ڕێزی لێگرت‌و لە لای مایەوە، نامەی نووسی بۆ کۆمەڵێك لە هۆزەکەی لە ئەنسارییەکان ئەوانەی کە خەڵکێکی دووڕوو بەگومان بوون، بەڵێنی پێدەدان و دڵخۆشی دەکردن بەوەی کە بەسوپایەکەوە بەو زووانە پێیان دەگات شەڕیان لە دژی پێغەمبەر(ﷺ) پێدەکات‌و سەردەکەوێت بەسەریداو وازی پێ دەهێنن لەو کارەی کە خەریکیەتی، فەرمانی پێدان کە بنکەیەکی بۆ دروست بکەن، بۆ ئەوەی هەر کەسێك دێت بۆ لای ئەوان لە لایەن ئەوەوە نامەکانی جێبەجێ بکات‌و ئەو شوێنەش ببێت بە ڕوانگەیەك بۆی، کاتێك گەیشتە لایان دوای ئەوە، دووڕووەکان دەستیان دایە دروستکردنی مزگەوتێك لە نزیکی مزگەوتی (قوباء)وە دروستیان کردو ڕێکوپێکیان کردو لێبوونەوە لێی، پێش دەرچوونی پێغەمبەری خودا(ﷺ) بۆ تەبووك هاتن‌و داوایان کرد لە پێغەمبەری خودا(ﷺ) کە بێت بۆ لایان‌و لە مزگەوتەکەیاندا نوێژ بکات، بۆ ئەوەی ئەو نوێژەی کە تێیدا دەکات بیکەنە بەڵگە لەسەر ڕازی بوون‌و دانپیانانی پێغەمبەر(ﷺ) بەومزگەوتەدا. باسیان کردبوو کە ئەو مزگەوتەیان لەبەر خاتری بێنەوایان‌و هەژاران‌و پەککەوتووان لە شەوانی زستاندا دروست کردووە، خوای گەورەپێغەمبەری پاراست لەوەی کە نوێژی تێدا بکات، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی:(ئێمە ئێستا لەسەر سەفەرین، بەڵام ئەگەر گەڕاینەوە). کاتێك کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) لە تەبوك گەڕایەوە بۆ مەدینە، ئەوەندەی نەمابوو لەنێوان ئەوو مەدینەدا ڕۆژە ڕێیەك نەبێت یان هەندێ لە ڕۆژێك، جوبرەئیل هاتە خوارەوە بۆلای و هەواڵی مزگەوتی زیراری(مسجد الضرار) پێدا. کە چ نیازێکیان پێی هەیەو بۆچی دروستیان کردووە، بۆئەوەی ببێتە جێی خوانەناس‌و جیاوازی نانەوە لە نێوان کۆمەڵی خاوەنباوەڕان لە مزگەوتەکەیاندا، مزگەوتی قوباء کە دروست کرا هەر لە یەکەم ڕۆژەوە لەسەر بناغەی خواناسی دروستکرا. پێغەمبەری خودا(ﷺ) چەند کەسێکی نارد بۆ ئەو مزگەوتە ڕووخاندیان پێش ئەوەی بگاتە مەدینە. وەك عەلی کوڕی ئەبو تەلحە دەڵێت: لە ئیبنوعەباسەوە لەم ئایەتەدا ئەوانە خەڵکێك بوون لە ئەنسارییەکان مزگەوتێکیان دروست کرد. ئەبو عامیر پێی وتن: مزگەوتێك دروست بکەن‌و خۆتان ئامادە بکەن هەرچی تواناتان هەیە بیخەنەکارو بە هەموو چەکەکانتانەوە من دەڕۆم بۆ لای پاشای ڕۆم بە

لەشکری ڕۆمەوە دێمو موحەممەدو هاوەڵەکانی دەردەکەم، کاتێك دووڕووەکان مزگەوتەکەیان تەواو کرد هاتن بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) وتیان: لێبووینەتەوە لە دروستکردنی مزگەوتەکە حەز دەکەین نوێژی تێدا بکەی‌و نزامان بۆ بکەی تا پڕخێر بێت، خوای گەورە ئەم ئایەتەی ناردە خوارەوە: ﴿لَا تَقُمْ فِيهِ أَبَدًا﴾ هەتا دەگاتە: ﴿الظَّالِمِينَ﴾.[1] پاشان خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَلَيَحْلِفُنَّ إِنْ أَرَدْنَا إِلَّا الْحُسْنَىٰ﴾ سوێندیش دەخۆن، جگە لە چاکەکردن نیازێکی ترمان نەبووە. واتە: ئەوانەی کە مزگەوتەکەیان دروست کرد سوێند دەخۆن لە دروستکردنی ئەو مزگەوتەدا هیچ نیازێکیان نەبووە جگە لە خێروبێرو بەزەیی بە خەڵکدا نەبێت. خوای گەورە وەڵامیان دەداتەوەو دەفەرمووێت: ﴿وَاللَّهُ يَشْهَدُ إِنَّهُمْ لَكَاذِبُونَ﴾ خودا شایەتە ئەوانە درۆزنن. نیازو مەبەستیان وا نیە، مەبەستیانە خوانەناسی‌و جیاوازی لە نێوان بڕواداراندا پەیدا بکەن. وە بیکەنە ڕوانگەیەك بۆ ئەو کەسانەی لە پێشدا لە دژی خوداو پێغەمبەرەکەی ڕاوەستابوو ئەوەیش ئەبو عامیری فاسقە کەپێی ئەوترا: ڕاهیب(نەفرەتی خوای لێبێت). پاشان خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿لَا تَقُمْ فِيهِ أَبَدًا﴾ هەرگیز لەوێدا نوێژ مەکە. قەدەغە کرا لەسەر پێغەمبەرو(ﷺ) ئوممەتەکەیشی شوێنکەوتووی ئەون لەوێدا هەرگیز نوێژ نەکەن.

ڕێزی مزگەوتی قوبا و نوێژکردن تێیدا

پاشان خوای گەورە پێغەمبەرەکەی هەڵدەنێت کە نوێژ لە مزگەوتی قوبادا بکات، ئەو مزگەوتەی لە پێشدا لەسەر بناغەی خوداترسی دامەزراوە کە بریتیە لە گوێڕایەڵی خوداو پێغەمبەرەکەی‌و جێی یەکریزی باوەڕداران‌و بنکەو شوێنی ئیسلام‌و خەڵکەکەی بووە. بۆیە خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿لَمَسْجِدٌ أُسِّسَ عَلَى التَّقْوَىٰ مِنْ أَوَّلِ يَوْمٍ أَحَقُّ أَنْ تَقُومَ فِيهِ ۚ فِيهِ رِجَالٌ يُحِبُّونَ أَنْ يَتَطَهَّرُوا ۚ وَاللَّهُ يُحِبُّ الْمُطَّهِّرِينَ﴾ ئەو مزگەوتەی لەپێشدا لەسەر هەستی خوداترسی دامەزرابێت، لەپێشترە کە تۆ نوێژی تێدا بکەی، لەوێ پیاوی وای تێدایە حەز دەکەن بە پاکی بژین، خودا لە پاکان خۆشی دێ، باسەکە باسی مزگەوتی قوبایە هەر بۆیە لەم فەرموودە سەحیحەدا هاتووە کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی:(نوێژکردن لە مزگەوتی قوبادا وەك عومرەیەك وایە).[2] وە لە فەرموودەیەکی تری سەحیحدا هاتووە کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) سەری دەدا لە مزگەوتی قوبا بەسواری‌و بە پیادەیش.[3] وە لەم فەرموودەیەشدا هاتووە، کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) لە سەرەتای گەیشتنیدا قوبای دروست

---

[1] الطبري (١٤/٤٧٠).

[2] ابن ماجه (١/٤٥٢)، الترمذي (٣٢٤)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

[3] فتح الباري (٣/٨٢)، مسلم (١٣٩٩).

کردو دایمەزراند و دابەزین لەلای بەنی عەمری کوڕی عەوف، ئەوکەسەی (قبیلەکەی) بۆ دیاریکرد جوبرەئیل بوو[1] (والله أعلم). ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە لە عوەیمی کوڕی ساعیدی ئەنساریەوە کە بۆی باس کردووە، کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) هات بۆ لایان لەناو مزگەوتی قوباداو فەرمووی:(خودا بە چاکی باسی پاکژیتان دەکات لە بەسەرهاتی ئەم مزگەوتەتاندا، ئەو پاککەرەوەیەو خۆتانی پێ پاک دەکەنەوەچییە؟ وتیان: سوێند بە خوا ئەی پێغەمبەری خودا هیچ شتێك نازانین ئەوەنەبێت کە هەندێ دراوسێی جولەکەمان هەن کە خۆیان بەئاو پاکدەکەنەوە کەدەچنە سەرئاو، ئێمەش وەك ئەوان خۆمان بەئاو پاك دەکەینەوە[2]. ئیبنو خوزەیمەش لە سەحیحەکەیدا ئەمەی ڕیوایەت کردووە.[3] خوای گەورە کە دەفەرموێت: ﴿لَّمَسْجِدٌ أُسِّسَ عَلَى ٱلتَّقْوَىٰ مِنْ أَوَّلِ يَوْمٍ أَحَقُّ أَن تَقُومَ فِيهِ ۚ فِيهِ رِجَالٌ يُحِبُّونَ أَن يَتَطَهَّرُوا۟ وَٱللَّهُ يُحِبُّ ٱلْمُطَّهِّرِينَ﴾ بەڵگەیە لەسەر چاکی نوێژکردن لەو مزگەوتانەی لە کۆندا دروست کراون لەسەر ناسینی خودا بە تەنهاو شەریك بۆ دانەنانی، وە لەسەر نوێژکردن بە کۆمەڵ لەگەڵ پیاوچاکانو ئەوانەی هەڵدەسن بە جێبەجێکردنی فەرمانەکانی خودا. دەستنوێژی ڕێکوپێك دەگرنو خۆیان پاك دەکەنەوە لە هەموو شتێکی بێزلێکراوە. ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە لە پیاوێکەوە لە هاوەڵەکانی پێغەمبەری خودا(ﷺ) کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) نوێژی بەیانی بۆکردنو (جارێکیان) سورەتی (الروم)ی تێدا خوێند، لێی تێکچوو، کاتێك کە لە نوێژەکە بووەوە فەرمووی: (ئەوەی قورئان خوێندنەکەی پێ هەڵەکردین، ئەوەبوو کۆمەڵێك لەئێوە نوێژمان لەگەڵدا دەکەن نازانن دەستنوێژ بگرن، هەر کەسێك ئامادەی نوێژ بوو لەگەڵمان با دەستنوێژ باش بگرێت).[4] ئەم فەرموودەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە پاكو خاوێنی تەواو ئاسانکاری ئەکات بۆ هەڵسان بە عیبادەت کردنو یارمەتیدەرێکە بۆڕێکوپێك کردنی عیبادەت وهاوکارێکی باشیشە بۆبەرێك و پێکی جێبەجێکردنی ئەو عیبادەتە.

﴿أَفَمَنْ أَسَّسَ بُنْيَٰنَهُۥ عَلَىٰ تَقْوَىٰ مِنَ ٱللَّهِ وَرِضْوَٰنٍ خَيْرٌ أَم مَّنْ أَسَّسَ بُنْيَٰنَهُۥ عَلَىٰ شَفَا جُرُفٍ هَارٍ فَٱنْهَارَ بِهِۦ فِى نَارِ جَهَنَّمَ ۗ وَٱللَّهُ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلظَّٰلِمِينَ (١٠٩) لَا يَزَالُ بُنْيَٰنُهُمُ ٱلَّذِى بَنَوْا۟ رِيبَةً فِى قُلُوبِهِمْ إِلَّآ أَن تَقَطَّعَ قُلُوبُهُمْ ۗ وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ (١١٠)﴾

---

[1] أبو داود (٤٤)، الترمذي (٣١٠٠)، ابن ماجه (٣٥٧).

[2] أحمد (٤٢٢/٣)، فەرموودەیەکی حەسەنە.

[3] ابن خزيمة (٤٥/١)، حەسەنە.

[4] أحمد (٤٧١/٣/٤٧٢)، سەنەدەکانی بەهێزە.

جیاوازی نێوان ئەم دوو مزگەوتە

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿أَفَمَنْ أَسَّسَ بُنْيَـٰنَهُۥ عَلَىٰ تَقْوَىٰ مِنَ ٱللَّهِ وَرِضْوَٰنٍ خَيْرٌ أَم مَّنْ أَسَّسَ بُنْيَـٰنَهُۥ عَلَىٰ شَفَا جُرُفٍ هَارٍ فَٱنْهَارَ بِهِۦ فِى نَارِ جَهَنَّمَ ۗ وَٱللَّهُ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلظَّـٰلِمِينَ﴾ ئاخۆ کەسێك کە بنچینەی مزگەوتەکەی خۆی لەسەر هەستی خواپەرستیو ڕەزای خودا داڕشتبێت چاکترە، یان ئەو کەسەی کە بناغەی مزگەوتەکەی لەسەر لێواری جەهەنەم دانابێت؟ خودا دەستەی ستەمکاران شارەزای ڕاستەڕێ ناکات. خودای گەورە لێرەدا دەفەرموێت: ئەو کەسەی بناغەی مزگەوتەکەی لەسەر زیانو جیاوازی دروست کردن لە نێوان موسڵمانانو خوانەناسانو ڕوانگەیەك بێت بۆ ئەوانەی لە پێشوودا دژایەتی خوداو پێغەمبەرەکەیان کردووە، بێگومان ئەوانە بناغەکەیان لەسەر کەناری کەنداوێکی فشۆڵی ڕووخەك داناوە، پاشانیش دەکەوێتە ناو ئاگری جەهەنەم، بەڕاستی خودا ستەمکاران شارەزا ناکاتو کاری خراپەکارانیش ئەنجامی باش نابێت. جابیری کوڕی عەبدوڵڵا دەڵێت: ئەم مزگەوتەم بینی لەسەر زیان دروست کرابوو دوکەڵی لێ دەردەچوو لە زەمانی پێغەمبەری خودادا(ﷺ).[1] پاشان خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿لَا يَزَالُ بُنْيَـٰنُهُمُ ٱلَّذِى بَنَوْا۟ رِيبَةً فِى قُلُوبِهِمْ﴾ ئەو خانووەی دروستیان کردووە هەر مایەی نیگەرانیانە، واتە: دڵیان پێی خۆش نیە بە هۆی هەڵسانیان بەو کارە ناشیرینە دڵیان پڕە لە دووڕوویی وەك چۆن گوێرەکە پەرستەکان خۆشەویستی ئەو گوێرەکە چووبووە دڵیانەوە، ﴿إِلَّآ أَن تَقَطَّعَ قُلُوبُهُمْ﴾ جا مەگەر ئەو دڵانەیان کوت کوت ببێت، واتە: مەگەر بە مردنیان وەك ئیبنوعەباسو موجاهدو قەتادەو زەیدی کوڕی ئەسلەمو سودیو حەبیبی کوڕی ئەبو سابتو زەححاكو عەبدوڕڕەحمانی کوڕی زەیدی کوڕی ئەسلەمو کەسانی تریش[2] لە زانایانی پێشینە وتوویانە، ﴿وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ﴾ خودا زانای کارزانە. ئاگای لەکرداری دروستکراوەکانی هەیەو کارزانە لە پاداشتدانەوەیاندا بەچاکە یان بەخراپە.

﴿إِنَّ ٱللَّهَ ٱشْتَرَىٰ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ أَنفُسَهُمْ وَأَمْوَٰلَهُم بِأَنَّ لَهُمُ ٱلْجَنَّةَ ۚ يُقَـٰتِلُونَ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ فَيَقْتُلُونَ وَيُقْتَلُونَ ۖ وَعْدًا عَلَيْهِ حَقًّا فِى ٱلتَّوْرَىٰةِ وَٱلْإِنجِيلِ وَٱلْقُرْءَانِ ۚ وَمَنْ أَوْفَىٰ بِعَهْدِهِۦ مِنَ ٱللَّهِ ۚ فَٱسْتَبْشِرُوا۟ بِبَيْعِكُمُ ٱلَّذِى بَايَعْتُم بِهِۦ ۚ وَذَٰلِكَ هُوَ ٱلْفَوْزُ ٱلْعَظِيمُ ﴿١١١﴾﴾

---

[1] الطبري (١٤/ ٤٩٣).

[2] الطبري (١٤/ ٤٩٥/ ٤٩٧).

خودا، گیان و سامانی باوەڕدارانی کڕیوە لە جیاتیدا دەیانخاتە بەهەشتەوە

خوای گەورە دەفەرموویێت: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ ٱشْتَرَىٰ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ أَنفُسَهُمْ وَأَمْوَٰلَهُم بِأَنَّ لَهُمُ ٱلْجَنَّةَ﴾ خودا، گیانو سامانی باوەڕدارانی کڕیوەو لە باتیاندا دەیانخاتە بەهەشتەوە. خودای گەورە باسی ئەوە دەکات کە لەگەڵ عەبدە خاوەنباوەڕەکانیدا کڕینو فرۆشێکی بەهەشتی پێداون، ئەمەیش لە سۆزو ڕێزو چاکەی خۆیەوەیە، چونکە ئەو گیانە هەر خۆی داویەتی بەو عەبدەگوێڕایەڵانەی خۆیو لە باتیدا بەهەشتی پێداون ئەو کڕینو فرۆشتنەی لێ قەبوڵ کردوون. بۆیە قەتادەو حەسەنی بەسری دەڵێن: سوێند بە خوا بە گرانترین بەها کڕینو فرۆشی لەگەڵدا کردوون.[١] شەممەری کوڕی عەتیە دەڵێت: هیچ موسڵمانێك نیە و پەیمانێك لە گەردنیاندا نەبێت، ئیتر بەجێی هێنابێت یان لەسەری مردبێت، پاشان ئەم ئایەتەی خوێند.[٢] بۆیە وتراوە: هەر کەسێکهەڵمەتێکی بردبێت لە ڕێی خوادا، ئەوە پەیمانی بە خودا داوە. واتە: ئەوپەیمانەی قەبوڵ کردووە و جێبەجێ کردوە. ﴿يُقَٰتِلُونَ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ فَيَقْتُلُونَ وَيُقْتَلُونَ﴾ باوەڕدارانیش لە ڕێی خودا ئەوانەن کە شەڕ دەکەنو دەکوژنو دەشیانکوژن. واتە: بکوژرێن یان بکوژن بەهەشتیان بۆ وەدەست هاتووە. بۆیە لە هەردوو سەحیحەکەدا هاتووە:(خودا دەستەبەری ئەوەیکردووە بۆ ئەوانەی دەرچوون لە ڕێگەی ئەودا، بەو مەرجەی هەرجیهادکردن لە ڕێی منداو بڕوابوونی بە پێغەمبەرانم هێنابیەتیەدەرەوە کە ئەگەرمراندی بیانخاتە بەهەشت یان بیگێڕێتەوە بۆ ئەو شوێنەی لێوەی هاتووە، بەو شتانەشەوە کەدەستی کەوتووە لەپاداشت یان دەسکەوتی شەڕ).[٣] خوای گەورە دەفەرموویێت: ﴿وَعْدًا عَلَيْهِ حَقًّا فِى ٱلتَّوْرَىٰةِ وَٱلْإِنجِيلِ وَٱلْقُرْءَانِ﴾ لە تەوراتو ئینجیلو قورئانیشدا بەڵێنی وەها دراوە، جەخت کردنەوەیە لەسەر ئەو بەڵێنەو هەواڵ دانیشە کە خودا لەسەر خۆی نوسیوەو ڕەوانەشی کردووە بۆ پێغەمبەرەکانی لە کتێبە مەزنەکانیدا کە ئەو تەوراتەیە ناردوویەتی بۆ موساو ئەو ئینجیلەیە بۆ عیساو ئەو قورئانەیشە ڕەوانەی کردووە بۆ موحەممەد(سەلاتو سەلامی خودا لەسەر هەموویان بێت) پاشان خوای گەورەدەفەرموویێت﴿وَمَنْ أَوْفَىٰ بِعَهْدِهِۦ مِنَ ٱللَّهِ﴾ سا کێ لە خودا بۆ جێبەجێکردنی بەڵێنی بە وەفاترە؟ بێگومان خودا نکوڵی لە بەڵێنیدا ناکات. ئەم ئایەتە وەك ئەم ئایەتانە وایە کە

[١] الطبري (١٤/ ٤٩٩).
[٢] الطبري (١٤/ ٤٩٩).
[٣] فتح الباري (٦/٢٥٤)، مسلم (٣/١٤٩٦).

دەفەرمووێت: ﴿وَمَنۡ أَصۡدَقُ مِنَ ٱللَّهِ حَدِيثٗا﴾[1] جا قسەی کێ لە قسەی خودا ڕاستترە. وە فەرموویەتی: ﴿وَمَنۡ أَصۡدَقُ مِنَ ٱللَّهِ قِيلٗا﴾[2] واتە: کێ لە خودا ڕاستگۆترە. بۆیە فەرموویەتی: ﴿فَٱسۡتَبۡشِرُواْ بِبَيۡعِكُمُ ٱلَّذِي بَايَعۡتُم بِهِۦۚ وَذَٰلِكَ هُوَ ٱلۡفَوۡزُ ٱلۡعَظِيمُ﴾ دەسا ئێوە بەو سەودایە مزگێنی بە یەکتر بدەن کە دەسکەوتێکی زۆر گەورەتان دەسکەوتووە. واتە: مزگێنی بدەن بەو کەسانەی کە هەڵساون بە بەستنی ئەو پەیمانەو ئەو بەڵێنانەیان بەجێ هێناوە، بەو سەرکەوتنە مەزنەو ئەو بەهەشتو خۆشگوزەرانیە هەمیشەییە.

﴿ٱلتَّٰٓئِبُونَ ٱلۡعَٰبِدُونَ ٱلۡحَٰمِدُونَ ٱلسَّٰٓئِحُونَ ٱلرَّٰكِعُونَ ٱلسَّٰجِدُونَ ٱلۡأٓمِرُونَ بِٱلۡمَعۡرُوفِ وَٱلنَّاهُونَ عَنِ ٱلۡمُنكَرِ وَٱلۡحَٰفِظُونَ لِحُدُودِ ٱللَّهِۗ وَبَشِّرِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ١١٢﴾

وەسفی ئەو خاوەنباوەڕانەی کە گیان و سامانی خۆیان فرۆشتووە بە خودا

خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿ٱلتَّٰٓئِبُونَ ٱلۡعَٰبِدُونَ ٱلۡحَٰمِدُونَ ٱلسَّٰٓئِحُونَ ٱلرَّٰكِعُونَ ٱلسَّٰجِدُونَ ٱلۡأٓمِرُونَ بِٱلۡمَعۡرُوفِ وَٱلنَّاهُونَ عَنِ ٱلۡمُنكَرِ وَٱلۡحَٰفِظُونَ لِحُدُودِ ٱللَّهِۗ وَبَشِّرِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ﴾ تۆبەکارن خواپەرستن هەر پەسندی خوا دەدەن، ڕۆژوو دەگرن، بە کڕنوش‌و سوژدە بەرن، هانەی کاری چاك دەدەن، بەر لە ناڕەوا دەگرن‌و سنووری خودا دەپارێزن. مژدە بدە بەوانە خاوەن باوەڕن. ئەمە وەسفی ئەو باوەڕدارانەیە کە خودا گیان‌و سامانی لێ کڕیون بەم وەسفە جوان‌و شیرین‌و گەورانە. ﴿ٱلتَّٰٓئِبُونَ﴾ تۆبەکارن لە هەموو تاوانێك وازیان لە هەموو کارێکی ناپەسەند دێنن، ﴿ٱلۡعَٰبِدُونَ﴾ هەڵدەسن بە خوداپەرستی، پارێزگاری لەو خواناسیەیان دەکەن لە کردارو گفتاریاندا، پەسندی خودا دەدەن بە چاکترین وتەی پەسەندی بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ٱلۡحَٰمِدُونَ﴾ لە بەڕێزترین کارەکان ڕۆژو گرتنە، کە واز هێنانە لە گشت خۆشیەکان لە خواردن‌و خواردنەوەو جووت بوون لەگەڵ هاوسەردا، کە مەبەست بە گەشتوگوزار لێرەدا ڕۆژووگرتنە بۆیە فەرموویەتی: ﴿ٱلسَّٰٓئِحُونَ﴾ وەك چۆن وەسفی خێزانەکانی پێغەمبەری(ﷺ) کردووەبە(السائحات) واتە: ڕۆژوگران، هەر بەو شێوەیە کڕنووش‌وسوژدە بردنیش کەبریتین لە نوێژکردن، بۆیە فەرموویەتی: ﴿ٱلرَّٰكِعُونَ ٱلسَّٰجِدُونَ﴾ لەگەڵ ئەمانەیشدا سودیش بە خەڵکی دەگەیەنن‌و شارەزایان

---

[1] النساء (٨٧).

[2] النساء (١٢٢).

دەکەن بۆ خواپەرستی، ﴿ٱلۡأٓمِرُونَ بِٱلۡمَعۡرُوفِ وَٱلنَّاهُونَ عَنِ ٱلۡمُنكَرِ﴾ فەرمانیان پێ دەکەن بە چاکەکردنو ڕێگەی ناڕەواییان لێ دەگرنو خۆشیان شارەزان لەو شتانەی پێویستە بکرێن، ئەوانەیش کەناڕەوان و ئەبێ نەکرێت، ﴿وَٱلۡحَٰفِظُونَ لِحُدُودِ ٱللَّهِ﴾ پارێزگاری سنوورەکانی خودایش دەکەن لەوەی حەرامو لەوەیش حەڵاڵە، خۆشیان چاك دەیزانن کاری پێ دەکەن. خوداپەرستیەکی باش دەکەنو ئامۆژگاری خەڵکیش دەکەن بۆیە خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَبَشِّرِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ﴾ مژدەبدە بەوانە کەخاوەنباوەڕن. چونکە باوەڕ ئەوانە هەموو دەگرێتەوە، سا خۆشبەختی تەواو بۆ ئەو کەسانە ئەم سیفەتانەیان تێدایە.

﴿مَا كَانَ لِلنَّبِيِّ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَن يَسۡتَغۡفِرُواْ لِلۡمُشۡرِكِينَ وَلَوۡ كَانُوٓاْ أُوْلِي قُرۡبَىٰ مِنۢ بَعۡدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُمۡ
أَنَّهُمۡ أَصۡحَٰبُ ٱلۡجَحِيمِ ﴿١١٣﴾ وَمَا كَانَ ٱسۡتِغۡفَارُ إِبۡرَٰهِيمَ لِأَبِيهِ إِلَّا عَن مَّوۡعِدَةٖ وَعَدَهَآ إِيَّاهُ فَلَمَّا
تَبَيَّنَ لَهُۥٓ أَنَّهُۥ عَدُوّٞ لِّلَّهِ تَبَرَّأَ مِنۡهُۚ إِنَّ إِبۡرَٰهِيمَ لَأَوَّٰهٌ حَلِيمٞ ﴿١١٤﴾﴾

ڕێگە نەدان بۆ پاڕانەوە بۆ بتپەرستان(ئەوانەی شەریك بۆ خودا دادەنێن)

ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە لە ئیبنوموسەیەبەوە ئەمیش لە باوکیەوە دەڵێت: کاتێك مردن یەخەی ئەبوتالبی گرت، پێغەمبەری خودا(ﷺ) چووە لای، لەو کاتەدا ئەبو جەهلو عەبدوڵڵا کوڕی ئەبو ئومەیەی لابوو، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی:(ئەی مامە، بڵێ: لا إله إلا الله، وتەیەکە بیکەمە بەڵگەیەك بۆت لای خودای مەزن). ئەبو جەهلو عەبدوڵڵا کوڕی ئەبی ئومەیە وتیان: ئەی ئەبو تالب واز لە ئاینی عەبدولموتەلیب دێنی؟ ئەبو تالب وتی: من لەسەر ئاینی عەبدولموتەلیبم. پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی:(داوای لێبوردنت بۆ دەکەم هەتا لێم قەدەغە نەکرێت بۆت، ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە: ﴿مَا كَانَ لِلنَّبِيِّ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَن يَسۡتَغۡفِرُواْ لِلۡمُشۡرِكِينَ وَلَوۡ كَانُوٓاْ أُوْلِي قُرۡبَىٰ مِنۢ بَعۡدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُمۡ أَنَّهُمۡ أَصۡحَٰبُ ٱلۡجَحِيمِ﴾ ڕەوا نیە بۆ پێغەمبەرو ئەوانەی باوەڕدارن، داوای لێبوردن بۆ بتپەرستەکان بکەن جا با خزمی نزیکیش بن، لە پاش ئەوەی سوور دەزانن کە جەهەنەم جێگەیانە. وە وتی: ئەم ئایەتەیش هاتە خوارەوە لە بارەیەوە: ﴿إِنَّكَ لَا تَهۡدِي مَنۡ أَحۡبَبۡتَ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ يَهۡدِي مَن يَشَآءُ﴾[1] واتە: تۆ ناتوانی کەسێك بۆ خۆت خۆشت بوێت شارەزای بکەی، بەڵام خودا مەیلی لە هەر کەسێك بێت ڕێگەی ڕاستی نیشان دەدات.[2] بوخاریو موسلیمیش ڕیوایەتیان کردووە.[1] ئیبنوجەریر ڕیوایەتی کردووە لە

---

[1] القصص (٥٦).

[2] أحمد (٤٣٣/٥)، سەحیحە.

سولەیمانی کوڕی بورەیدەوە لە باوکیەوە، کاتێك پێغەمبەری خودا گەیشتە مەککە هاتە سەر پاشماوەی گۆڕێك و لەلایدا دانیشت و دەستیکردە قسەکردن لەگەڵیدا و هەڵسا و دڵی پڕبوو، وتمان ئێمە چاومان لێبوو چیتکرد ئەی پێغەمبەری خوا، فەرمووی:(من ئیزنم خواست لە پەروەردگارم بۆ سەردانیکردنی گۆڕی دایکم ئەویش ئیزنی دام، وە ئیزنیشم لێ خواست بۆ داوای لێبوردن لێی ئیزنی نەدام داوای لێبوردنی بۆبکەم). پێغەمبەر(ﷺ) نەبینراوە هیچ ڕۆژێك لەو ڕۆژە زۆرتر گریابێت.[٢] پاشان خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَمَا كَانَ ٱسْتِغْفَارُ إِبْرَٰهِيمَ لِأَبِيهِ إِلَّا عَن مَّوْعِدَةٍ وَعَدَهَآ إِيَّاهُ فَلَمَّا تَبَيَّنَ لَهُۥٓ أَنَّهُۥ عَدُوٌّ لِّلَّهِ تَبَرَّأَ مِنْهُ ۚ إِنَّ إِبْرَٰهِيمَ لَأَوَّٰهٌ حَلِيمٌ﴾ کە ئیبراهیم داوای لێبوردنی بۆ باوکی خۆی کرد، تەنها بۆ بەجێهێنانی بەڵێنێك بوو کە پێی دابوو، بەڵام کاتێك کەسوور زانی دژی خودایە، ئیترهیچ خۆی تێ نەگەیاند و (گوێی نەدایە) بێگومان ئیبراهیم زۆر لەخواترس و لەسەرخۆ بوو. عەوفی دەڵێت لە ئیبنوعەباسەوە لەم ئایەتەدا: ﴿مَا كَانَ لِلنَّبِيِّ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ أَن يَسْتَغْفِرُوا۟ لِلْمُشْرِكِينَ﴾ کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) ویستی داوای لێبوردن بکات بۆ دایکی خوای گەورە لێی قەدەغە کرد لەوە، جا پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (ئیبراهیمی خەلیلیش داوای لێبوردنی کرد بۆباوکی) و خودای مەزنیش ئەم ئایەتەی ناردە خوارەوە: ﴿وَمَا كَانَ ٱسْتِغْفَارُ إِبْرَٰهِيمَ لِأَبِيهِ إِلَّا عَن مَّوْعِدَةٍ وَعَدَهَآ إِيَّاهُ﴾.[٣] عەلی کوڕی ئەبو تەلحە دەڵێت لە ئیبنوعەباسەوە لەم ئایەتەدا: داوای لێبوردنیان بۆ دەکردن هەتا ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە، وازیان لە داوای لێبوردن کرد بۆمردووەکانیان، بەڵام ڕێگریان لێ نەکرا لە داوای لێبوردن بۆزیندووەکانیکەن هەتادەمرن. پاشان ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە: ﴿وَمَا كَانَ ٱسْتِغْفَارُ إِبْرَٰهِيمَ لِأَبِيهِ﴾[٤]. پاشان خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿فَلَمَّا تَبَيَّنَ لَهُۥٓ أَنَّهُۥ عَدُوٌّ لِّلَّهِ تَبَرَّأَ مِنْهُ﴾ ئیبنوعەباس دەڵێت: بەردەوام ئیبراهیم داوای لێبوردنی بۆ باوکی دەکرد هەتا مرد. کاتێك زانی کە دوژمنی خودایە ئیتر گوێی پێنەدا، وە لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە، کاتێك زانی باوکی دوژمنی خودایە.[٥] موجاهدو زەححاكو قەتادەو کەسانی تریش هەر وایان وتووە.[٦] عوبەیدی کوڕی عومەیرو سەعیدی کوڕی جوبەیر ئەڵێن: ئیبراهیم لە ڕۆژی قیامەتدا خۆی بەرێی ئەکات بە باوکی کاتێك پێی ئەگات دەمو

---

[١] فتح الباري (١٩٢/٨)، مسلم (٥٤/١).

[٢] الطبري (٤٨٩/٦).

[٣] الطبري (٥١٢/١٤).

[٤] الطبري (٥١٣/١٤).

[٥] الطبري (٥١٩/١٤).

[٦] الطبري (٥١٨/١٤/٥١٩).

چاوی باوکی ڕەش و دووکەڵ دایپۆشیبوو، ئەڵێ: ئەی ئیبراهیم من بە گوێی تۆم نەکرد، بەڵام ئەمڕۆ بێ گوێیی تۆ ناکەم، ئیبراهیم ئەڵێ: ئەی پەروەردگارم ئایابەڵێنت پێ نەداوم کە سەرشۆڕم نەکەی لە ڕۆژێکدا خەڵکی زیندوو دەکرێنەوە، چ سەرشۆڕیە لەم سەرشۆڕییەگرانترە کە باوکم ئاوا دوور خراوەتەوە، پێی ئەوترێ: سەیری ئەوەی دواتەوە بکە، کاتێك ئەبینێ ئەوە کەمتیارێکی پیس و چڵکنە، (واتە: بووەبە کەمتیارێك) پاشان بە قاچەکانی ڕادەکێشرێ فڕێ ئەدرێتە ناوئاگر.[1] ﴿إِنَّ إِبۡرَٰهِيمَ لَأَوَّٰهٌ حَلِيمٞ﴾ بێگومان ئیبراهیم زۆر لەخواترس و لەسەرخۆ بوو. لە عەبدوڵای کوڕی مەسعودەوە دەڵێت: ﴿لَأَوَّٰهٌ﴾ واتە: زۆر نزاکەر.[2] هەر بەم جۆرە چەند شێوەیەکی تر ڕیوایەت کراوە لە ئیبنومەسعودەوە.[3] وتراویشە:(أواهٌ) زۆر دەپاڕایەوە، وە وتراوە: زۆر دڵۆڤان بووە، وە وتراوە زۆر بێگومان و خاوەن باوەڕ بووە، وتراویشە زۆر سوپاس و ستایشی خودای کردووە.

﴿وَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيُضِلَّ قَوۡمَۢا بَعۡدَ إِذۡ هَدَىٰهُمۡ حَتَّىٰ يُبَيِّنَ لَهُم مَّا يَتَّقُونَۚ إِنَّ ٱللَّهَ بِكُلِّ شَيۡءٍ عَلِيمٌ ﴿١١٥﴾ إِنَّ ٱللَّهَ لَهُۥ مُلۡكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۖ يُحۡيِۦ وَيُمِيتُۚ وَمَا لَكُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ مِن وَلِيّٖ وَلَا نَصِيرٖ ﴿١١٦﴾﴾

هیچ گازندەیەك نیە دوای هێنانەوەی بەڵگە نەبێت

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيُضِلَّ قَوۡمَۢا بَعۡدَ إِذۡ هَدَىٰهُمۡ حَتَّىٰ يُبَيِّنَ لَهُم مَّا يَتَّقُونَۚ إِنَّ ٱللَّهَ بِكُلِّ شَيۡءٍ عَلِيمٌ﴾ پاش ئەوەی خودا کۆمەڵێکی خستە سەر ڕێ، هەتا دیاری نەکات بۆیان لە چی بە پارێز بن لە ڕاستەڕێ لایان نادات، خودا هەموو شت دەزانێت. خودای گەورە باسی پیرۆزی و فەرمانی دادپەروەرانەی خۆی دەکات، کە هیچ کۆمەڵێك لە ڕێگە لا نادات هەتا لە پەیامی خۆی ئاگاداریان نەکاتەوە و بەڵگەی تەواویان نەداتێ و چاك بۆیان ڕوون نەکاتەوە، وەك لە ئایەتێکی تردا فەرموویەتی: ﴿وَأَمَّا ثَمُودُ فَهَدَيۡنَٰهُمۡ فَٱسۡتَحَبُّواْ ٱلۡعَمَىٰ عَلَى ٱلۡهُدَىٰ﴾[4] واتە: ئێمە ڕێگەی بەرەو خۆمان نیشانی هۆزی سەمودیش دا، لە باتی شارەزا بوون حەزیان کرد هەر نابینا بن. موجاهد لەم ئایەتەدا: ﴿وَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيُضِلَّ قَوۡمَۢا بَعۡدَ إِذۡ هَدَىٰهُمۡ﴾ دەڵێت: ڕوونکردنەوەیەکی خودایە هاتووە بۆ خاوەنباوەڕان کە واز بێنن لە پاڕانەوە بۆ ئەوانەی کە هاوەڵیان بۆ خودا داناوە، وە لە

---

[1] الطبري (١٤/٥٢١).
[2] الطبري (١٤/٥٢٣/٥٢٤).
[3] الطبري (١٤/٥٢٤).
[4] فصلت (١٧).

ڕوونکردنەوەکەشیدا بێ گوێی و گوێڕایەڵی بۆ گشتی ڕۆشنکردووەتەوە و فەرموویەتی ئەوە بکەن یان واز لەوە بێنن.[1] ئیبنو جەریر دەڵێت: خودای گەورە دەفەرموێت: خودا سزای نەداون لەسەر پاڕانەوەتان بۆ ئەوانەی هاوەڵیان بۆ خودا داناوەو مردوون و بڕیار بدات بەسەرتاندا کەگوناهبارن، دوای ئەوەی کەئەوخوایە ڕێگەی نیشانداون و یارمەتی داون بۆ باوەڕهێنان بە خۆیی و پێغەمبەرەکانی، ئەگەر لە پێشەوە ڕێگری لێ نەکردبن لێی کە وازی لێ بێنن، یان پێش ئەوەی خراپی ئەو شتەتان بۆ ڕوون بکاتەوە کە مەیکەن، ئێوە بەرپرسیار نەبوون لەوەی قەدەغەی کردوە لێتان، چونکە خودا ئەوە بە گومرایی لە قەڵەم نادات پێش ئەوەی فەرمان یان قەدەغەکردنەکە دابەزێنێت، بێگومان خواناسیو گوناه لە شتێکدا دەبێ کە فەرمانی پێکرابێ یان قەدەغە کرابێ، کەسێ نیە ناوی نەرێ گوێڕایەڵ یان یاخی لەشتێکدا کەهێشتا فەرمانی پێ نەکرابێو قەدەغەیشی لێ نەکرابێ لەو شتە.[2] ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَهُۥ مُلْكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۖ يُحْىِۦ وَيُمِيتُ ۚ وَمَا لَكُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ مِن وَلِىٍّ وَلَا نَصِيرٍ﴾ خاوەن موڵکی ئاسمانەکان زەمین هەر خودایە، زیندوو دەکاتەوەو دەمرێنێو جگە لە خودا دۆستو یاریدەدەرتان نیە. ئیبنوجەریر ئەڵێ: ئەمە هاندانێکە لەلایەن خودای مەزنەوە بۆ عەبدە خاوەنباوەڕەکانی کە دژی بتپەرستانو سەرۆکە خوانەناسەکان شەڕ بکەنو پشت ئەستور بن بە یارمەتی خودا کە خاوەنی ئاسمانەکانو زەمینە، وە لە دوژمنانی نەترسن، چونکە خوا دۆستیانە، هیچ کەسێ دۆستو یارمەتی دەریان نیە جگە خودای مەزن.[3]

﴿لَّقَد تَّابَ ٱللَّهُ عَلَى ٱلنَّبِىِّ وَٱلْمُهَٰجِرِينَ وَٱلْأَنصَارِ ٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُوهُ فِى سَاعَةِ ٱلْعُسْرَةِ مِنۢ بَعْدِ مَا كَادَ يَزِيغُ قُلُوبُ فَرِيقٍ مِّنْهُمْ ثُمَّ تَابَ عَلَيْهِمْ ۚ إِنَّهُۥ بِهِمْ رَءُوفٌ رَّحِيمٌ لَّقَد تَّابَ ٱللَّهُ عَلَى ٱلنَّبِىِّ وَٱلْمُهَٰجِرِينَ وَٱلْأَنصَارِ ٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُوهُ فِى سَاعَةِ ٱلْعُسْرَةِ مِنۢ بَعْدِ مَا كَادَ يَزِيغُ قُلُوبُ فَرِيقٍ مِّنْهُمْ ثُمَّ تَابَ عَلَيْهِمْ ۚ إِنَّهُۥ بِهِمْ رَءُوفٌ رَّحِيمٌ ﴿١١٧﴾﴾

باسی غەزای تەبووك

خوای گەورەئەفەرموێت: ﴿لَّقَد تَّابَ ٱللَّهُ عَلَى ٱلنَّبِىِّ وَٱلْمُهَٰجِرِينَ وَٱلْأَنصَارِ ٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُوهُ فِى سَاعَةِ ٱلْعُسْرَةِ مِنۢ بَعْدِ مَا كَادَ يَزِيغُ قُلُوبُ فَرِيقٍ مِّنْهُمْ ثُمَّ تَابَ عَلَيْهِمْ ۚ إِنَّهُۥ بِهِمْ رَءُوفٌ

[1] الطبري (١٤/٥٣٧).
[2] الطبري (١٤/٥٣٦).
[3] الطبري (١٤/٥٣٨).

رَّحِيمٌ لَقَد تَّابَ ٱللَّهُ عَلَى ٱلنَّبِيِّ وَٱلْمُهَٰجِرِينَ وَٱلْأَنصَارِ ٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُوهُ فِي سَاعَةِ ٱلْعُسْرَةِ مِنۢ بَعْدِ مَا كَادَ يَزِيغُ قُلُوبُ فَرِيقٍ مِّنْهُمْ ثُمَّ تَابَ عَلَيْهِمْ إِنَّهُۥ بِهِمْ رَءُوفٌ رَّحِيمٌ﴾ خـوا لـه پێغەمبەرو ئەوانەی کۆچەرن و ئەوانەی یاریدەدەرن‌و لە جەنگەکەی تەنگانەدا هەر پەیڕەوی ئەو بوون، خۆش بووە لە پاش ئەوەی هەندێك لەوان خەریك بوو دڵیان لابدات، دیسان خوای گەورەعەفوی کردن، خودا دڵسۆزی ئەوانەو لەگەڵیاندا میهرەبانە. موجاهیدو کەسانی تریش ئەڵێن: ئەم ئایەتە لە غەزای تەبوکدا هاتوەتە خوارەوە، چونکە پێغەمبەرو(ﷺ) هاوەڵەکانی لە کاتێکی زۆر ناڕەحەتدا چوون بۆ ئەو غەزایە، ساڵێکی گرانی‌و زۆر گەرم‌و تەنگانە بوو، بێ خۆراك‌و بێ ئاویش بوون.[1] قەتادە ئەڵێ: دەرچوون بۆ شام لە ساڵی تەبووك، لە کڵپەی گەرماو تینویەتیەکی وا بوون هەر خودا خۆی دەزانێ چەندە ناڕەحەت بوون، زۆر تووشی مەینەتی‌و ئازار بوون هەتا بۆیان گێڕاوینەتەوە کە دوو پیاو خورمایەکیان لە نێوان خۆیاندا دەکرد بە دوو لەتەوە وە کۆمەڵێ خەڵك دەنکە خورمایەکیان لە نێوان خۆیاندا دەسی بە دەسی پێدەکرد، هەر یەکەیان دەیمژی‌و پاشان ئاوی بەسەریدا دەخواردەوە پاشان یەکێکی تر دەیمژی‌و ئاوی بەسەریدا دەخواردەوە، خودا لە هەموویان خۆش بوو وە لە غەزاکەیش گەڕاندنیەوە.[2] ئیبنوجەریر ڕیوایەتی کردوە لە عەبدوڵڵای کوڕی عەبباسەوە لە بارەی ئەو تەنگانەوە پرسیار کرا لە عومەری کوڕی خەتتاب، عومەر ئەڵێ: لەگەڵ پێغەمبەری خودا(ﷺ) چوینە دەرەوە بۆ تەبوك لە قرچە گەرمای هاویندا، لە شوێنێکدا دابەزین، تووشی تینویەتیەکی زۆر ناڕەحەت بووین، هەتا وامان دەزانی کە گەردنمان بەو زوانە دەقرتێنێ، هەتا کەسی وا هەبوو دەڕۆشت دەگەڕا بە دوای ئاودا کە دەگەڕایەوە وای دەزانی بەو زوانە گەردنی دەقرتێ، پیاوی وا هەبوو وشترەکەی سەر دەبڕی تەرسەکەی دەگوشی‌و دەیخواردەوە، ئەوەیش دەمایەوە دەیخستە سەرئاستی جگەری! ئەبوبەکری سدیق ئەڵێ: ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) خوای گەورەلەسەر دوعای خێر کردن ڕایهێناوی، دوعامان بۆ بکە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی:(ئەوەت پێ خۆشە؟) ئەڵێ: بەڵێ، هەردوو دەستی بەرز کردەوە نەیگێڕانەوە هەتا ئاسمان لافاوی کردو باران باری پاشان بارانەکە لە ئاسماندا وەستاوە هەرچی دەفریان هەبوو پڕیان کرد، پاشان ڕۆشتین، سەیرمان کرد نەمان دی ئەو بارانە لە لەشکرەکە تێپەڕیبێ[3]! ئیبنوجەریر لەم ئایەتەدا: ﴿لَقَد تَّابَ ٱللَّهُ عَلَى ٱلنَّبِيِّ وَٱلْمُهَٰجِرِينَ وَٱلْأَنصَارِ ٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُوهُ فِي سَاعَةِ ٱلْعُسْرَةِ﴾ واتە: پەیڕەوی ئەویان دەکرد لە ماڵ بەخشین‌و ولاغی سواری‌و

---

[1] الطبري (١٤/٥٤٠).

[2] الطبري (١٤/٥٤١).

[3] الطبري (١٤/٥٣٩).

خواردەمەنیو ئاودا ﴿مِنۢ بَعۡدِ مَا كَادَ يَزِيغُ قُلُوبُ فَرِيقٖ مِّنۡهُمۡ﴾ واتە: پاش ئەوەی نزیك بوو دڵی کۆمەڵێکیان لە هەق لابداتو گومان پەیدا بکەن لە ئاینی پێغەمبەر(ﷺ) لەسەر ئەو تەنگانەو ناڕەحەتیەی تووشیان بوو لە سەفەرو غەزاکەیاندا ﴿ثُمَّ تَابَ عَلَيۡهِمۡ﴾ پاشان عەفوی کردنو لەسەر ئاینەکەیان مانەوەو ڕاوەستان ﴿إِنَّهُۥ بِهِمۡ رَءُوفٞ رَّحِيمٞ﴾[1].

﴿وَعَلَى ٱلثَّلَٰثَةِ ٱلَّذِينَ خُلِّفُواْ حَتَّىٰٓ إِذَا ضَاقَتۡ عَلَيۡهِمُ ٱلۡأَرۡضُ بِمَا رَحُبَتۡ وَضَاقَتۡ عَلَيۡهِمۡ أَنفُسُهُمۡ وَظَنُّوٓاْ أَن لَّا مَلۡجَأَ مِنَ ٱللَّهِ إِلَّآ إِلَيۡهِ ثُمَّ تَابَ عَلَيۡهِمۡ لِيَتُوبُوٓاْۚ إِنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلتَّوَّابُ ٱلرَّحِيمُ ﴿١١٨﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَكُونُواْ مَعَ ٱلصَّٰدِقِينَ ﴿١١٩﴾﴾

بەسەرهاتی ئەو سێ کەسەی خۆیان لە غەزا لادا

ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردوە لە عەبدوڵلای کوڕی کەعبی کوڕی مالیکەوە کە یەکێك بوو لە کوڕەکانی، دەستی کەعبی باوکی ڕادەکێشا کاتێ کەکوێربوو بوو، ئەڵێ: بیستم لە کەعبی کوڕی مالیکەوە بەسەرهاتەکەی خۆی دەگێڕایەوە: کاتێ کە دواکەوت لە پێغەمبەری خودا(ﷺ) لە غەزای تەبوکدا(تبوك) ئەڵێ: لە هیچ جەنگێ لە جەنگەکانی پێغەمبەر(ﷺ) کردویەتی هەرگیز دوانەکەوتوم جگە لە جەنگی(تەبوك) بەڵام ئەوە هەیە لە جەنگی بەدردا دواکەوتم بەڵام پێغەمبەر(ﷺ) گلەیی لە هیچ کەس نەکرد کە دواکەوتبێت، چونکە پێغەمبەر(ﷺ) کە دەردەچوو لەگەڵ موسوڵمانەکان مەبەستیان کاروانەکەی قورەیش بوو، کەچی خوا لەگەڵ دوژمنەکانیان بەرەو ڕووی کردنەوە بەبێ وادەی دیاری کراو، لە ڕاستیدا من ئامادەی شەووی(عەقەبە) بووم لە خزمەت پێغەمبەردا(ﷺ) کاتێ پەیمانمان بەست لەسەر ئیسلامەتی، کە پێم خۆش نیە بیگۆڕمەوە بە جەنگی بەدر، ئەگەر چی جەنگی بەدر ناوو شۆرەتی لەناو خەڵکیدا زیاترە لەو شەوە، ئەو بەسەرهاتەش کە بەسەر مندا هات کە لە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) دواکەوتم لە غەزای تەبوك ئەوە بوو: کە من هیچ کاتێك لەو کاتەی کە لە پێغەمبەر(ﷺ) دواکەوتم بەهێزترو بە گوڕترو دەوڵەمەندتر نەبووم، بەخوا هەرگیز لەوەو پێش دوو وڵاخی سواریم بە خۆمەوە نەدیبووە، کەچی لەو جەنگەدا هەمبوو، پێغەمبەر(ﷺ) کە ئەو جەنگەی کرد کاتەکەی زۆر گەرم بوو بەرەو ڕووی ڕێیەکی دوورو بیابانێکی پانو بەرین بوویەوە، هەروەك بەرەو ڕووی لەشکرێکی ئێجگار زۆری دوژمنان دەبوویەوە، هەر بۆیە نیازو مەرامی خۆی بۆ ڕوویەڕوو بوونەوە لەگەڵیاندا ئاشکرا کرد بۆ موسڵمانان، تا خۆیان سازو ئامادە بکەن، هەر بۆیە ڕێڕەوی خۆیانی بۆ باس کردن کە بەرەو کوێ دەچن، موسوڵمانەکانیش ئەو ڕۆژە لە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) زۆر بوون،

[1] الطبري (٥٣٩/١٤).

سەرژمێر نەکرابوون لە تۆمارگەکەیدا، ئەگەر یەکێك بیویستایە خۆی بشارێتەوە ون دەبوو، مەگەر وەحی خوای گەورە ئاشکرای بکردایە، پێغەمبەریش(ﷺ) لە کاتێکدا کە ئەو جەنگەی کرد میوە پێگەیشتبوو سێبەر خۆش بوو بوو، منیش زۆر حەزم لەو میوەو سێبەرە دەکرد، ئەوە بوو پێغەمبەر(ﷺ)و موسوڵمانەکان تفاقی خۆیان خست منیش سەر لە بەیانی دەستم دایە خۆ ساز کردن کەچی دەگەڕامەوەو لە دڵی خۆمدا دەمگوت: من هەر کات بمەوێ ئەتوانم خۆم ساز دەم، هەر وا بەو شێوەیە مامەوە تا پێغەمبەر(ﷺ)و موسوڵمانەکان بەڕێ کەوتن بێ ئەوەی من هیچ تفاقێکم ئامادە کردبێت، بۆ سبەینێ دیسان دەڕۆشتم تا خۆم ساز بکەم کەچی دەگەڕامەوەو هیچیشم نەدەکرد، بەردەوام لەسەر ئەو ماڵە مامەوە تا سوپاکە تاویان داو دوورکەوتنەوە، بە تەما بووم بڕۆم بە دوایانداو پێیان بگەمەوە، خۆزگە وام بکردایە، بەڵام هەربۆم ڕێنەکەوت، دوای ڕۆیشتنی پێغەمبەر(ﷺ) هەر کاتێ دەچوومە دەرەوە خەفەتبار دەبووم بەوەی کەسێکم نەدەبینی وەك خۆم وا بێت مەگەر پیاوێکی بە دووڕوویی تۆمەتبار کراو، یان کەسێك کە خوا مۆڵەتی دابێت، وەکو لاوازو بێ تواناکان. پێغەمبەر(ﷺ) باسی نەکردبووم هەتا گەیشتبوە(تەبوك) لەوێ کاتێ لەناو خەڵکیدا دانیشتبوو فەرمووی:(کەعبی کوڕی مالیك چی لێهات؟) پیاوێك لە(بەنی سەلەمە) وتبوی: ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) قاتە جلەکەیی‌و تەماشاکردنی ئەملاو لای خۆی گیری داوە، (مەعازی کوڕی جەبەل پێی دەڵێ: خراپت گوت. بە خوا ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) خێر نەبێ هیچمان لێ نەدیوە، پێغەمبەریش(ﷺ) بێدەنگ دەبێت، کەعبی کوڕی مالیك دەڵێ: کاتێ پێم گەیشتەوە کە پێغەمبەر(ﷺ) لە گەڕانەوەدایە لە تەبوك خەفەت دای گرتم بیرم لە درۆ دروستکردن دەکردەوە، لە دڵی خۆمدا دەمگوت: چۆن‌و بە چی بتوانم سبەینێ خۆم لە تووڕەیی پێغەمبەر(ﷺ) ڕزگار بکەم؟ بۆ ئەم مەبەستە کەوتمە ڕاو تەکبیرو هەر کەسێك لە ماڵ‌و خێزان‌و کەس‌و کارم کە بتوانێ ڕێیەکم بۆ دابنێت، کاتێ پێم وترا: وا پێغەمبەری خودا(ﷺ) گەیشتە بەرەوە هەموو خەیاڵێکم لە مێشکی خۆمدا ڕەواندەوەو، عەزمی خۆم جەزم کردو، دڵنیا بووم لەوەی کە ناتوانم بە هیچ شتێك لە دەستی ڕزگار ببم، بۆیە بڕیارم دا ڕاستگۆ بم لە خزمەتیدا، پێغەمبەر(ﷺ) سەر لە بەیانی گەیشتە ماڵەوە عادەتی وا بوو کە لە سەفەرێك بگەڕایەتەوە پێش ئەوەی بچێتە ماڵەوە سەرەتا لە مزگەوت دوو ڕکات نوێژی دەکرد، پاشان دادەنیشت بۆ پێشوازی لە خەڵك، کە ئەوەی کرد خەڵکە دواکەوتوەکان هاتن کەوتنە بروبیانوو هێنانەوە بۆی، سوێندیان بۆ دەخوارد، کە هەشتاو ئەوەندە کەس بوون، پێغەمبەریش(ﷺ) ڕواڵەتی دەرەوەی لێ قبوڵ کردن‌و پەیمانی لەگەڵ بەستن‌و، داوای لێخۆشبوونی بۆ کردن، بەڵام نهێنی ناو دڵیانی دایە دەست خوا منیش هاتم، کاتێ سەلامم کرد بزەو خەندەیەك گرتی، وەك بزەو خەندەی کەسێکی تووڕە پاشان فەرمووی:(وەرە) منیش ڕۆشتم تا لەبەر دەمیدا دانیشتم، پێی فەرمووم:(چی دوایخستی؟ ئەی تۆ

وڵاخی سواریت نەکڕی؟) گوتم: ئەی پێغەمبەری خودا، بە خوا ئەگەر من لای جگە لە تۆ لە پیاوانی دونیایی دانیشتمایا، دەمتوانی منیش بڕوبیانوو بێنمەوەو خۆم لە توڕەیی تۆ قوتار بکەم، خوا دەمو زمانێکی وایپێداوم، بەڵام بە خودا من چاك ئەزانم، ئەگەر بێتوو ئەمڕۆ منیش درۆو دەلەسەت بۆ بێنمەوە تا لێم ڕازی بیت، ئەوا دوور نیە خوا توڕەت بکات لێم، بەڵام ئەگەر قسەی ڕاستت بۆ بکەم با توڕەش ببی لێم لەسەر ئەو قسانە، ئەوە بە ئومێدی سەرەنجامی باشم لە خوداوە، بە خوا من هیچ بیانوییەکم نەبووە کە دواکەوتم ئەی پێغەمبەری خوا! بەخوا من هیچ کاتێ ئەوەندە بەهێزو دەوڵەمەند نەبووم، وەك ئەو کاتەی کە دواکەوتم لێت، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی:(ئەمە ڕاست دەکات دە هەستە با بزانین خوا چ فەرمانێك دەدات لە بارەتەوە) منیش هەستام، چەند پیاوێك لە(بەنی سەلەمە) وروژان‌و شوێنم کەوتن پێیان گوتم: بە خوا وانازانین تۆ پێش ئەمە تا ئێستا هیچ گوناهێکت کردبێت، تۆش ئەتوانی وەك دواکەوتوەکانی تر بڕوبیانوو بهێنیتەوە بۆ پێغەمبەری خودا(ﷺ) تۆ ئەوەندەت بەس بوو بۆ لێخۆشبوونی تاوانەکەت کە پێغەمبەر(ﷺ) داوای لێخۆشبوونت بۆ بکات،. دەڵێ: بە خوا وازیان لێ نەهێنام تا خەریك بوو بگەڕێمەوە بۆ لای پێغەمبەری خودا(ﷺ) خۆم بە درۆ بخەمەوە، پاشان پێم گوتن: کەسیتر هەیە وەکو منی لێقەومابێت، ئەڵێن: بەڵێ، دوو پیاوی تریش وەك تۆ وان، ئەوانیش هەمان قسەی تۆیان وتوەو، وەکو تۆیان پێ وتراوە، وتم: ئەو دوانە کێن؟ ئەڵێن: یەکێکیان(مەرارەی کوڕی ڕەبیعەی عامیریە) ئەویتریشیان(هیلالی کوڕی ئومەییەی واقیفییە) باسی دوو پیاوی باشیان لا کردم کە بەشداری جەنگی(بەدر) بوو بوون، سەرمەشق بوون بۆ من، کە باسی ئەو دوانەیان بۆ کردم ڕۆیشتم، پێغەمبەری خودا(ﷺ) ڕێگری کرد لە موسوڵمانەکان کە ئیتر قسە لەگەڵ ئەو سێ کەسە بکەن، لەناو دواکەوتوەکاندا، خەڵکی لێمان لا گیر بوون، بەرانبەرمان گۆڕان، تا وام لێهات بێزم لە خۆم دەکردەوە، هەتا ڕقم لە زەوی دەبویەوە، وام لێهات ئەو زەویەی بەسەریدا دەڕۆیشتم بە لامەوە زەویەکەی جاران نەبوو، پەنجا شەو بەو شێوەیە ماینەوە. هەردوو هاوەڵەکەم لە ماڵەوە دۆش دامابوون، دانیشتبوون دەگریان بەڵام من لە هەردووکیان گەنجترو تۆکمەتر بووم، لە ماڵ دەردەچووم ئامادەی نوێژی جەماعەت دەبووم‌و، بە بازاڕدا دەگەڕام کەس قسەی لەگەڵدا نەدەکردم، دەهاتم بۆ خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) سەلامم لێدەکرد، لە دوای نوێژ لە جێگەکەی خۆیدا، لە دڵی خۆمدا دەمگوت: بلێی لێوی جولاندبێت، بە وەڵامدانەوەی سەلامەکە؟ پاشان لە نزیکەوە نوێژم دەکرد، بە دزیەوە سەیرم دەکرد، کاتێ دەچوومە ناو نوێژەکەم سەیری دەکردم، کاتێك کە لام دەکردەوە بە لایدا، ڕووی لێم وەردەگێڕا، کاتێك ساردو سڕی موسوڵمانان درێژەی کێشا لەسەرم ڕۆیشتم تاوەکو هەڵزنام بە قەد دیواری باخێکی(ئەبوقەتادەدا) کە ئامۆزام بوو، خۆشەویسترین کەس بوو لام، سەلامم لێکرد، بەوخوا ئەویش وەڵامی سەلامەکەی نەدامەوە! پێمگوت: ئەی ئەبوقەتادە! سوێندت ئەدەم بە خودا ئایاوا

دەزانیت کە من خودا پێغەمبەری خودام خۆش دەوێ؟ دەڵێت: بێدەنگ بوو، دیسانەوە لێی پاڕامەوە هەر بێدەنگ بوو، جارێکیتر لێی پاڕامەوە، جا ئەڵێ: خواو پێغەمبەرەکەی خوا باشتر دەزانن، منیش هەردوو چاوم پڕبوون لە فرمێسك، لە دوایدا پشتم هەڵکردو بە دیوارەکەدا هەڵزنام، ئەمەو لە کاتێکدا بە بازاڕی مەدینەدا دەڕۆشتم سەیر دەکەم کابرایەکی جوتیار لە خەڵکی شام کە خۆراکی هێنا بوو لە مەدینە بیفرۆشێت، دەیگوت: کێ کەعبی کوڕی مالیکم پیشان ئەدات؟ دەڵێ: خەڵکی ئاماژەیان بۆ کرد بەرەو ڕووی من، کابرا هات بۆ لام، نامەیەکی لە پاشای(غەسانەوە) پێدام، منیش خوێندەوار بووم خوێندمەوە ئەمەی تێدا بوو، واماں پێگەیشتوەتەوە کە هاوەڵەکەت، دڵی شکاندویت، خوای گەورە تۆی بە ڕسواو ماف خوراو دانەناوە، بگە بە ئێمە دڵنەوایت دەکەین، دەڵێت: منیش کاتێك خوێندمەوە وتم: ئەمەیش بەڵایەکی تر، منیش نامەکەم برد و خستمە تەنورێکەوەو سوتاندم، کاتێ چل شەو تێپەڕی لە پەنجا شەوەکەو وەحی دواکەوت. لەناکاو نێرراوی پێغەمبەری خودا(ﷺ) هات بۆ لام ئەڵێ: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمانت پێدەدات: کە لە ژنەکەت دوورکەویتەوە گوتم: تەڵاقی بدەم یان چی بکەم؟ ئەڵێ: نا بەڵکو لێی دوور کەوەرەوە، توخنی مەکەوە، دەڵێت: هەمان جوابی ناردبوو بۆ هەردوو هاوەڵەکەی دیکەم، دەڵێت: بە ژنەکەم گوت بڕۆرەوە بۆ ماڵی باوکت لەوێبە تا بزانین خودا چی دەکات لەم بارەیەوە! دەڵێ: ژنەکەی هیلالی کوڕی ئومەییە دەچێتەوە خزمەت پێغەمبەری خودا(ﷺ) پێی دەڵێت: کە هیلالی کوڕی ئومەییە پیرەو ناتوانێ خزمەتی خۆی بکات، خزمەتکاری نیە، ئایا پێت ناخۆشە خزمەتی بکەم؟ فەرمووی:(نەخێر بەس با نزیکت نەکەوێ) ئەویش ئەڵێ: کورە بە خوا ئەو هیچ شتێکی پێنەماوە، بە خوا لەو ڕۆژەوە ئەم بەسەرهاتەی لێڕوودواوە هەر خەریکی گریانە هەتا ئەمرۆ، دەڵێ: منیش هەندێ لە خزمەکانم پێیان گوتم: بریا تۆش مۆڵەتت لە پێغەمبەر(ﷺ) بخواستایە، ژنەکەت بهێنایەتەوە، ئەوەتا مۆڵەتی ژنەکەی هیلالی کوڕی ئومەییەی داوە کە خزمەتی بکات، گوتم: داوای مۆڵەت لە پێغەمبەری خودا(ﷺ) ناکەم لەو بارەیەوە، نازانم ئەگەر داوای مۆڵەتم لە پێغەمبەر(ﷺ) کرد، چیم پێدەڵێت؟ بەتایبەتی من پیاوێکی گەنجم؟ دە شەویش بەو حاڵە مامەوە، تا پەنجا شەومان تەواو کرد، لە سەرەتای قسە لەگەڵ نەکردنمانەوە لە بەیانی پەنجاهەمینی شەوماندا لە کاتێکدا کە من لەسەر بانەکە دانیشتبووم، لەسەر ئەو ماڵەی کە خوای گەورە دەربارەمان فەرموویەتی دڵ و دەروونم تەنگ بوو بوو، زەوی بەو فراوانیەی خۆیەوە لێم هاتبوەوە یەك گوێم لە دەنگی زەلامێك بوو لەسەر کێوی(سلع)ەوە بەوپەڕی دەنگ بەرزیەوە هاواری دەکرد ئەی کەعبی کوڕی مالیك مۆژدە بێت، منیش کەوتم بە سوژدەداو زانیم خوا دەروویەکی لێکردوینەتەوە، ئەویش ئەوە بوو کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) دوای نوێژی بەیانی خەڵکەکەی ئاگادار کردبوو کە خوا تۆبەی لێوەرگرتووین، خەڵکی هاتبوون مزگێنیمان بدەنێ، چەند مزگێنی دەرێك چوو بوون بەرەو دوو هاوەڵەکەی ترم،

پیاوێکیش بە سواری ئەسپێکەوە بە غار بەرەو من هات، کەسێکیش لە هۆزی(سلم) بە ڕاکردن بەرەو ڕووم هاتبوو، چوو بووە سەر کێوەکەو هاواری کردبوو، دەنگەکەم پێش ئەسپەکە پێگەیشت، کاتێ ئەو کەسەی کە گوێم لە دەنگی بوو گەشتە لام، لە خۆشیدا قاتە جلکەی خۆم بۆ داکەندو کردمە بەر ئەو، سوێند بە خوا لەو قاتە زیاترم نەبوو لەو ڕۆژەدا قاتێ جلم خواستو کردمە بەرم، پاشان چووم بۆ خزمەتی پێغەمبەری خودا(ﷺ) خەڵکی دەستە دەستە پێم دەگەیشتن پیرۆزباییان لێ دەکردمو دەیانگوت: لێخۆشبوونی خوات لێ پیرۆز بێت، تاوەکو گەیشتمە مزگەوت، دەبینم پێغەمبەری خودا(ﷺ) دانیشتوەو خەڵکیش بە دەوریدا دانیشتبوون، تەلحەی کوڕی عوبەیدوڵلا(عبیدالله) هەستا بەڕاکردن بەرەو ڕووم هاتو، تەوقەی لەگەڵ کردمو پیرۆزبایی لێکردم، بە خوا کەس لە کۆچەریەکان هەڵنەسا جگە لەو، کەعب دەڵێ: هەرگیز ئەو هەڵوێستە جوامێرانەی تەلحەم لە بیرنەچوو، کەعب دەڵێ: کاتێ سەلامم کرد لە پێغەمبەری خودا(ﷺ) ڕوومەتی لە خۆشیدا دەدرەوشایەوە فەرمووی:(مژدە بێت بە چاکترین ڕۆژ کە بەسەرتدا تێدەپەڕێت، لەو ڕۆژەوە کە لە دایك بوویت) گوتم: ئەم مژدەیە لە تۆوەیە ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) یا لە خواوەیە؟ فەرمووی:(نەخێر بەڵکو لە خوداوەیە) پێغەمبەری خودا(ﷺ) کاتێ دڵی خۆش بوایە ڕووخساری دەدرەوشایەوە، هەر دەدوت پارچەیەکە لە مانگ، دەڵێ: ئێمەش ئەمەمان دەزانی. دەڵێ: کاتێك لەبەر دەمیدا دانیشتم وتم: ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) دەبێت بەشێك لە تەوبەکەم ئەوە بێت کە لە ماڵەکەم دەرچمو بیکەم بە خێر بۆ خواو پێغەمبەرەکەی، پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی:(هەندێك لە ماڵەکەت گل بدەرەوە بۆ خۆت ئەوە باشترە بۆت) دەڵێ: وتم: کەوابوو ئەو پشکەی لە(خەیبەر)دا بەرم کەوتوە، دەیهێڵمەوە بۆخۆم، وتم: ئەی پێغەمبەر(ﷺ)! خوا منی بەهۆی ڕاستگۆییەوە ڕزگار کرد، مەرجی تەوبەکەشم ئەوەیە کە دەبێ تا ماوم ڕاستگۆبم. جا ئەڵێ: سوێند بە خوا نازانم هیچ کەس لە موسوڵمانان خوا وەك من تاقیکردبێتەوە لەسەر ڕاستگۆیی، لەو کاتەوە ئەوەم بۆ پێغەمبەری خودا(ﷺ) باس کردوە هەتا ئەمڕۆ. بە خوا لەو کاتەوە ئەو بەڵێنەم بە پێغەمبەر(ﷺ) داوە، تا ئەمڕۆ پێ بزانم بە ئەنقەست درۆم نەکردوە ئومێدم وایە بۆ لەمەولاش هەربمپارێزێت. خوای بالادەست ئەم ئایەتەی ناردە خوارەوە ﴿وَعَلَى ٱلثَّلَـٰثَةِ ٱلَّذِينَ خُلِّفُوا۟ حَتَّىٰٓ إِذَا ضَاقَتْ عَلَيْهِمُ ٱلْأَرْضُ بِمَا رَحُبَتْ وَضَاقَتْ عَلَيْهِمْ أَنفُسُهُمْ وَظَنُّوٓا۟ أَن لَّا مَلْجَأَ مِنَ ٱللَّهِ إِلَّآ إِلَيْهِ ثُمَّ تَابَ عَلَيْهِمْ لِيَتُوبُوٓا۟ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلتَّوَّابُ ٱلرَّحِيمُ ﴿١١٨﴾ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَكُونُوا۟ مَعَ ٱلصَّـٰدِقِينَ﴾ کە ئەمە ماناکەیەتی(بە ڕاستی خوا تەوبەی قبوڵ کرد لە پێغەمبەرو کۆچبەرانو پشتیوانانو ئەوانەی کە شوێنی پێغەمبەر کەوتبوون لە کاتی سەغڵەتیو تەنگانەدا(هەتا دەگاتە) بە ڕاستی ئەو پەروەردگارە بە سۆزو میهرەبانە لەگەڵیاندا، هەروەها تەوبەی

ئەو سێ کەسەشی وەرگرت کە لە غەزای تەبووکدا دواکەوتن، دوای ئەوەی کە زەوی بەو هەمووە فراوانیەوە لێیان تەنگ بوو بوویەوە، خۆشیان لە خۆیان بێزار بوو بوون(هەتا دەگاتە) هەمیشە لەگەڵ ڕاستگۆیاندا بن)[1] کەعب دەڵێ: بە خوا لە پاش ئەوەی خودا ڕێنموونی کردم بۆ ئیسلام هیچ نازو نیعمەتێکی بەسەردا نەڕشتووم گەورەتر بێت لە لای من لە ڕاستگۆییم لەگەڵ پێغەمبەری خوادا(ﷺ)، کە درۆم لەگەڵ نەکرد، تا منیش تیا بچم وەك ئەوانەی کە درۆیان کردو تیا چوون، خوا دەربارەی ئەوانەی کە درۆیان کرد کاتێ وەحی دابەزاند خراپترین شتێ کە فەرموویێتی بە کەسێك وەك لەم ئایەتەدا هاتوە ﴿ سَيَحْلِفُونَ بِاللَّهِ لَكُمْ إِذَا انقَلَبْتُمْ إِلَيْهِمْ لِتُعْرِضُوا عَنْهُمْ ۖ فَأَعْرِضُوا عَنْهُمْ ۖ إِنَّهُمْ رِجْسٌ ۖ وَمَأْوَاهُمْ جَهَنَّمُ جَزَاءً بِمَا كَانُوا يَكْسِبُونَ ﴿٩٥﴾ يَحْلِفُونَ لَكُمْ لِتَرْضَوْا عَنْهُمْ ۖ فَإِن تَرْضَوْا عَنْهُمْ فَإِنَّ اللَّهَ لَا يَرْضَىٰ عَنِ الْقَوْمِ الْفَاسِقِينَ ﴾ کە ئەمە ماناکەیەتی(کە ئێوە گەڕانەوە بۆ لایان سوێندتان بۆ دەخۆن، بە خوا بۆ ئەوەی وازیان لێبهێنن‌و سەرزەنشتیان نەکەن، جا ئێوەیش وازیان لێبهێنن‌و پشتیان تێبکەن چونکە بەڕاستی ئەوانە پیسن جێگایان دۆزەخە لە پاداشتی ئەو کارەی کردیان، سوێندیان بەخوادان لێیان ڕازی بن‌و چاوپۆشیان لێ بکەن، خۆ ئەگەر ئێوە ڕازی بن لێیان ئەوا بێگومان خوا لە کەسانی لە ئاین دەرچوو ڕازی نابێت)[2] کەعب دەڵێ: تۆبەی ئەم سیانەمان دوا خرا لەوانەی کە پێغەمبەر(ﷺ) بەهانەی لێوەرگرتن. کاتێ سوێندیان بۆ خوارد، بۆیە پەیمانی دانی‌و داوای لێبوردنی بۆ کردن، پێغەمبەری خودا(ﷺ) تەگبیری ئێمە دوا خست تا خوای بالادەست خۆی بڕیاری تیا بدات، لەبەر ئەوە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَعَلَى الثَّلَاثَةِ الَّذِينَ خُلِّفُوا حَتَّىٰ إِذَا ضَاقَتْ عَلَيْهِمُ الْأَرْضُ بِمَا رَحُبَتْ وَضَاقَتْ عَلَيْهِمْ أَنفُسُهُمْ وَظَنُّوا أَن لَّا مَلْجَأَ مِنَ اللَّهِ إِلَّا إِلَيْهِ ثُمَّ تَابَ عَلَيْهِمْ لِيَتُوبُوا ۚ إِنَّ اللَّهَ هُوَ التَّوَّابُ الرَّحِيمُ ﴾ ئەوی کە خوا باسی فەرمووە دەربارەی دواکەوتنمان مانای دواکەوتنمان نیە لە جەنگەکە بەڵکو مانای دواخستنی دەرچوونی بڕیارە دەربارەی ئێمە بە پێچەوانەی ئەوانەوە کە سوێندیان خواردو بەهانەیان هێنایەوەو ئەویش لێی وەرگرتن)[3]، ئەم فەرموودەیە فەرموودەیەکی ڕاستەو بوخاری‌و موسلیمیش هەر بەم شێوەیە ڕیوایەتیان کردوە[4] ئەم فەرموودەیە مانای ئەم ئایەتەی بە چاکترین‌و ئاسانترین شێوە تەفسیر کردوە، هەر بەم شێوەیە لە چەند کەسەوە لە زانایانی

---

[1] التوبة (١١٧-١١٩).

[2] احمد (٣/٤٥٦) صەحیحة.

[3] مانای ئەم فەرموودەیە پوختەی لە سەحیحی موسلیم وەرگیراوە(وەرگێڕ).

[4] فتح الباري (٨/١٩٣)، مسلم (٤/٢١٢١).

پێشینەوە ڕیوایەت کراوە لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا. وەك ئەعمەش ڕیوایەتی کردوە لە ئەبوسوفیانەوە لە جابیری کوڕی عەبدوڵلاوە لەم ئایەتەدا: ﴿وَعَلَى ٱلثَّلَٰثَةِ ٱلَّذِينَ خُلِّفُوا۟﴾ ئەڵێ: ئەوانە: کەعبی کوڕی مالیكو هیلالی کوڕی ئەمەییەو مەرارەی کوڕی ڕەبیع بوون. هەموویان لە ئەنساریەکان بوون[1].

فەرماندان بەکردنی قسەی ڕاست

خوای گەورەئەفەرموێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَكُونُوا۟ مَعَ ٱلصَّٰدِقِينَ﴾ ئەی گەلی خاوەن باوەڕان، با ترستان لە خودا هەبێو لە گەڵ ڕاستاندا بژین. کاتێ خودای گەورە باسی ئەو سێ کەسە کرد کە چۆن دەرووی لێکردنەوەو ڕزگاری کردن لەو تەنگانەو ناڕەحەتیەو لە دوورەپەرێزی موسوڵمان لێیان بۆ ماوەی پەنجا شەو بە ڕۆژەکانیشیەوە وایان لێهات لە خۆیان بێزار بوون، ئەو سەر زەویەیان بەو فراوانیە لێهاتە یەك واتە: لەگەڵ ئەو فراوانیەدا سەریان لێ شێوا بوو نەیان دەزانی چی بکەنو بۆ کوێ بچن، خۆیان لەبەر فەرمانی خوادا ڕاگرتو ملکەچی فەرمانی خودا بوونو لەسەری ڕاوەستان هەتا خودا دەرووی لێکردنەوە، بەهۆی ڕاستیان لەگەڵ پێغەمبەری خوادا(ﷺ) سەبارەت بەو دواکەوتنەیان، چونکە ئەوانە هیچ بروبیانوویەکیان نەبوو، سزا دران ئەو ماوەیە لەسەر ئەو دواکەوتنە، پاشان خودا تۆبەی لێ قبوڵ کردن، ئاکامی ئەو ڕاستیەیان بە خێر دەرچوو، خودا لێیان خۆش بوو، بۆیە خوای گەورەفەرموویەتی: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَكُونُوا۟ مَعَ ٱلصَّٰدِقِينَ﴾ واتە: ڕاستگۆ بن، پابەند بن بە ڕاستیەوە، لە ڕیزی ڕاستان دەبن، لە هەڵدێرەکان ڕزگارتان دەبێ خودا بەو ڕاستیەتان لە کارەکانتاندا دەرووتان لێدەکاتەوەو ڕزگارتان دەکات. ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردوە لە عەبدوڵلای کوڕی مەسعودەوە(ڕەزای خوای لێ بێ) ئەڵێ: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی:(پێویستە لەسەرتان ڕاستگۆ بن بە ڕاستی ڕاستگۆیی مرۆڤ ڕێنمونی دەکات بۆ چاکە، چاکەش ڕێنمونی دەکات بۆ بەهەشت، بەردەوام پیاو هەیە ڕاست دەکاتو بە دوای ڕاستیدا دەگەڕێت تا لای خوا بە ڕاستگۆ تۆمار دەکرێ، خۆتان بپارێزن لە درۆ، بەڕاستی درۆ مرۆڤ بەرەو کاری خراپ دەبات، کاری خراپەش مرۆڤ بەرەو دۆزەخ دەبات بەردەوام پیاو هەیە درۆ دەکاتو بە دوای درۆدا دەڕوات تا لای خوا بە درۆزن لە قەڵەم دەدرێت)[2]،[3] لە هەردوو سەحیحەکەیشدا هاتوە[4].

---

[1] الطبري (١٤/٥٤٤).

[2] پوختەی سەحیحی موسلیم، لاپەڕە (٩٠١)، بەرگی دوو (٢)(وەرگێڕ).

[3] أحمد (١/٣٨٤)، سەحیحە.

[4] فتح الباري (١٠/٥٢٣)، مسلم (٤/٢٠١٢).

﴿ مَا كَانَ لِأَهْلِ ٱلْمَدِينَةِ وَمَنْ حَوْلَهُم مِّنَ ٱلْأَعْرَابِ أَن يَتَخَلَّفُوا۟ عَن رَّسُولِ ٱللَّهِ وَلَا يَرْغَبُوا۟ بِأَنفُسِهِمْ عَن نَّفْسِهِۦ ۚ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ لَا يُصِيبُهُمْ ظَمَأٌ وَلَا نَصَبٌ وَلَا مَخْمَصَةٌ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ وَلَا يَطَـُٔونَ مَوْطِئًا يَغِيظُ ٱلْكُفَّارَ وَلَا يَنَالُونَ مِنْ عَدُوٍّ نَّيْلًا إِلَّا كُتِبَ لَهُم بِهِۦ عَمَلٌ صَٰلِحٌ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُضِيعُ أَجْرَ ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿١٢٠﴾ ﴾

پاداشتی ڕۆشتن بۆ غەزا

خـوای گەورەئەفـەرموێت: ﴿ مَا كَانَ لِأَهْلِ ٱلْمَدِينَةِ وَمَنْ حَوْلَهُم مِّنَ ٱلْأَعْرَابِ أَن يَتَخَلَّفُوا۟ عَن رَّسُولِ ٱللَّهِ وَلَا يَرْغَبُوا۟ بِأَنفُسِهِمْ عَن نَّفْسِهِۦ ۚ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ لَا يُصِيبُهُمْ ظَمَأٌ وَلَا نَصَبٌ وَلَا مَخْمَصَةٌ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ وَلَا يَطَـُٔونَ مَوْطِئًا يَغِيظُ ٱلْكُفَّارَ وَلَا يَنَالُونَ مِنْ عَدُوٍّ نَّيْلًا إِلَّا كُتِبَ لَهُم بِهِۦ عَمَلٌ صَٰلِحٌ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُضِيعُ أَجْرَ ٱلْمُحْسِنِينَ ﴾ مەدینـەیی یـەکان و ئـەو عەرەبـە دەشتەکیانەی لـە دەوریـانن، نەدەبوایە پێغەمبەری خوایـان وەلا بنایەو خۆیـان لـەو هەڵاوەردایە، چونکی هەرچی لـە تینویەتیو ماندوییو لە برسیەتی(کە لە ڕێی خوا تووشیان دێ)و هەر هـەنگاوێکی دەیهاوێژن، خوانەناسان تـوڕە دەکاتو هەر دەستێ لە دوژمنی ئەوەشێن، گشتی خـودا بـە چاکە بۆیـان دەنووسێ، خـودا پاداشتی چاکەکاران ون ناکات. خودای گەورە سەرزەنشتی ئـەو کەسانە دەکات کـە دواکـەوتن لـە پێغەمبـەری خودا(ﷺ) لە غەزای تەبوکدا لە خەڵکی مەدینەو ئەو عەرەبە دەشتەکیانەی لـە دەوری مەدینـە بـوون، کە خۆیان جیا کردەوە لێیو نەچوون بە دەمیەوە لەو تەنگانـەو نارەحەتیـەدا کـە تووشی پێغەمبـەرو هاوەڵەکانی هات، خۆیان بێبەشکرد لەو پاداشتە، چونکە ئەوانە هەرچی لـە تینویـەتیو نارەحـەتیو برسیـەتیو هـەر هـەنگاوێکیش دەیهاوێـژنو لـە هـەر شـوێنێ دادەبـەزنو دوژمـن دەترسـێننو هـەر سەرکەوتنێ بە دەست دێنن بەسەر دوژمنداو تورەیان دەکات، هەموو ئەو کارانەیان خوا بە چاکە بۆیان دەنووسـێو پاداشـتی ئـەو کـارە چـاکانەیان ئەداتـەوە ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُضِيعُ أَجْرَ ٱلْمُحْسِنِينَ ﴾ خـودا پاداشتی چاکەکاران ون ناکات. ئەم ئایەتە وەك ئەو ئایەتـە وایە کـە خـوای گەورەفەرموویـەتی: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ إِنَّا لَا نُضِيعُ أَجْرَ مَنْ أَحْسَنَ عَمَلًا ﴾[1] ئەوانە بڕوایان هێناوە و کاری چاك دەکەن ئێمە پاداشتی کارچاکان ون ناکەین.

[1] الكهف (٣٠).

﴿وَلَا يُنفِقُونَ نَفَقَةً صَغِيرَةً وَلَا كَبِيرَةً وَلَا يَقْطَعُونَ وَادِيًا إِلَّا كُتِبَ لَهُمْ لِيَجْزِيَهُمُ اللَّهُ أَحْسَنَ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ ﴿١٢١﴾﴾

خوای گەورەئەفەرموێت: ﴿وَلَا يُنفِقُونَ﴾ هەرچەندە ماڵ دەبەخشن ﴿نَفَقَةً صَغِيرَةً وَلَا كَبِيرَةً وَلَا يَقْطَعُونَ وَادِيًا﴾ کەم و زۆری لە هەر دۆڵ و شیوێ تێپەڕن(کە غەزا بکەن لە ڕێی خودا دژی دوژمنان، ﴿إِلَّا كُتِبَ لَهُمْ﴾ خودا بۆیان دەنووسێ) ئەی فەرمووە(بِـ) یانی: بەو کارەی کە پێی هەڵدەسن، چونکە ئەم کارانە ئەمان پێی هەڵساون بەرهەمی کرداری خۆیانە، بۆیە فەرموویەتی: ﴿لِيَجْزِيَهُمُ اللَّهُ أَحْسَنَ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ﴾ تا پاداشتی لەوە چاکتریان بداتێ. لەم ئایەتە پیرۆزەدا گەورەی موسوڵمانان عوسمانی کوڕی عەففان(ڕەزای خوای لێبێ) پشکێکی زۆرو بەشێکی گەورەی بەردەکەوێت، چونکە عوسمان(ڕەزای خوای لێ بێ) لەم غەزادا سامانێکی زۆرو مەزنی بەخشی، دیسان عەبدوڵلا لە عەبدوڕەحمانی کوڕی سەمورەوە ئەگێڕێتەوە کە گوتویەتی: عوسمان(ڕەزای خوای لێ بێ) هات بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) بە هەزار دینارەوە لە ناو کراسەکەیدا هەتا پێغەمبەری خودا(ﷺ) سوپای تەنگانەی پێ بەڕێ بکات. ئەڵێ: کردیە چاکی پێغەمبەر(ﷺ) چاوم لێی بوو، پێغەمبەر(ﷺ) بە دەستی هەڵی دەگێڕایەوەو ئەیفەرموو:(تووشی زیان نابێ کوڕی عەففان هەرچی بکات لەمڕۆ بەدواوە) چەندجار ئەم قسەی دووبارەئەکردەوە.[1] قەتادە لەم ئایەتەدا: ﴿وَلَا يَقْطَعُونَ وَادِيًا إِلَّا كُتِبَ لَهُمْ﴾ ئەڵێ: هیچ کۆمەڵێ نییە زۆر دوور کەوتبنەوە لە کەس و کاریان لە ڕێی خوادا و زۆر زیاتر لە خواوە نزیك نەبووبنەوە[2].

﴿وَمَا كَانَ الْمُؤْمِنُونَ لِيَنفِرُوا كَافَّةً فَلَوْلَا نَفَرَ مِن كُلِّ فِرْقَةٍ مِّنْهُمْ طَائِفَةٌ لِّيَتَفَقَّهُوا فِي الدِّينِ وَلِيُنذِرُوا قَوْمَهُمْ إِذَا رَجَعُوا إِلَيْهِمْ لَعَلَّهُمْ يَحْذَرُونَ ﴿١٢٢﴾﴾

خوای گەورەئەفەرموێت: ﴿وَمَا كَانَ الْمُؤْمِنُونَ لِيَنفِرُوا كَافَّةً فَلَوْلَا نَفَرَ مِن كُلِّ فِرْقَةٍ مِّنْهُمْ طَائِفَةٌ لِّيَتَفَقَّهُوا فِي الدِّينِ وَلِيُنذِرُوا قَوْمَهُمْ إِذَا رَجَعُوا إِلَيْهِمْ لَعَلَّهُمْ يَحْذَرُونَ﴾ پێویست نیە خاوەنباوەڕان هەموو تێکڕا بچنە دەرەوە، با لەناو هەر کۆمەڵگایەك دەستەیەکیان بچنە دەرێ، تا لە دین شارەزا دەبن و کە گەڕانەوە تا هۆزەکەیان بیانترسێنن، بەڵکو خۆیان بپارێزن، ئەمە

[1] أحمد (٥/٦٣)، فەرموودەیەکی حەسەنە.

[2] الطبري (١٤/٥٦٥).

ڕوونکردنەوەیەکە لەلایەن خواوە بۆ ئەو خەڵکە لە مەدینەو ئەو عەرەبە دەشتەکیانەشی کە دەیانویست لەگەڵ پێغەمبەردا(ﷺ) بچنە دەرەوە بۆ غەزای تەبوك، چونکە هەندێ لە زانایانی پێشینە ڕایان وا بوو کە پێویستە لەسەر هەموو موسوڵمانێ کاتێ کە پێغەمبەری خودا چووە دەرەوە، ئەوانیش لەگەڵی بچنە دەرەوە، بۆیە خوای گەورەفەرموویەتی: ﴿انفِرُوا خِفَافًا وَثِقَالًا﴾[1] سووك بارین یان گران بار بن بۆ غەزا بکەونە ڕێ. وە فەرموویەتی: ﴿مَا كَانَ لِأَهْلِ الْمَدِينَةِ وَمَنْ حَوْلَهُم مِّنَ الْأَعْرَابِ﴾ ئەم ئایەتە ئەو ئایەتەی پێشووی نەسخ کردووەتەوە، وە ئەشوترێت: ئەمە ڕونکردنەوەیەکە لەلایەن خودای گەورەوە کە کۆمەڵێ لە عەرەب نشینەکانی دەوری مەدینەو دەستەیە لە هەر هۆزێ بچنە دەرەوە بۆ غەزا، ئەگەر هەمووشیان دەرنەچوون بۆ ئەوەی ئەوانەی دەچنە دەرەوە لەگەڵ پێغەمبەردا(ﷺ) شارەزای ئەو وەحیە بن کە دێتە خوارەوە بۆ پێغەمبەر(ﷺ) کاتێ کە گەڕانەوە بۆ ناو هۆزەکەیان بیانترسێنن لە هەڵسوکەوتی دوژمن بەرانبەریان، بۆ ئەوەی بە هەردوو کارەکە هەڵسن دوای پێغەمبەر(ﷺ) هەر دەستەیە کە دەچێتە دەرەوە بۆ شارەزا بوون یان بۆ جیهاد کردن بچنە دەرەوە، بێگومان ئەو دەرچوونە فەرزی کیفایەیە لەسەر خەڵکی ئەو ناوچەیە. عەلی کوڕی ئەبوتەلحە ئەڵێ: لە ئیبنوعەبباسەوە لەم ئایەتەدا: ﴿وَمَا كَانَ الْمُؤْمِنُونَ لِيَنفِرُوا كَافَّةً﴾ دەڵێت: پێویست نیە لەسەر باوەڕداران هەموو بچنە دەرەوە بۆ جیهادو پێغەمبەر(ﷺ) بەجێ بهێڵن، ﴿فَلَوْلَا نَفَرَ مِن كُلِّ فِرْقَةٍ مِّنْهُمْ طَائِفَةٌ﴾ واتە: با لەناو هەر کۆمەڵگایەك دەستەیە بچنە دەرەوەو ئەشچنە دەرەوە بە ئیزنی پێغەمبەر(ﷺ) نەبێ، ئەگەر ئەو دەستانەیش گەڕانەوە، دوای ئەوان قورئان هاتە خوارەوە بۆ پێغەمبەر(ﷺ) ئەوانەی دانیشتوونو نەچونەتە دەرەوە لەگەڵ پێغەمبەردا فێری بوون، بڵێن بەوانەی کە چوونەتە دەرەوە، ئەوەی خودا ناردویە خوارەوە بۆ پێغەمبەر(ﷺ) لە قورئان ئێمە شارەزای بووین، با ئەو دەستانەشی کە دەرچوون بۆ غەزا، دوای ئەوان کە خودای گەورە ناردیە خوارەوە بۆ پێغەمبەرەکەیان شارەزای بن، پاشان دەستەی تریش ڕەوانە بکرێ. بۆیە خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿لِيَتَفَقَّهُوا فِي الدِّينِ﴾ ئەڵێ: بۆ ئەوەی شارەزا بنو(خەڵکیش شارەزا بکەن) واتە: لەوەی خودا ناردویەتیە خوارەوە بۆ پێغەمبەرەکەی فێری ببنو ئەو دەستانەیش گەڕانەوە بۆ لایان فێریان بکەن ﴿لَعَلَّهُمْ يَحْذَرُونَ﴾ بەلکو بیانترسێنن.[2] موجاهید ئەڵێ: ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە

---

[1] التوبة (٤١).

[2] الطبري (٥٦٧/١٤).

لەسەر هەندێ کەس لە هاوەڵەکانی پێغەمبەر(ﷺ) کە چووبونە ناو دەشتەکانەوە، تووشی چاکە بوو بوون، وە کەوتبونە شوێنێکی وا کە قازانجی هەبوو بۆیان، هەرکەسیان چاو پێ دەکەوت لەو خەڵکە بانگیان دەکرد بۆ شارەزا بوون لە ئیسلام، ئەو خەڵکە پێیان گوتن: هەرچەندە سەیری ئێوە دەکەین ئێوە هاوەڵەکانی خۆتان وازلێهێناوەو هاتوون بۆ لای ئێمە؟ هەستیان بە سەغڵەتیەك دەکرد لە دڵی خۆیاندا لەسەر ئەوە، بۆیە لە دەشتەکانەوە هەموویان ڕوویان کردە(مەدینە)و چوونە لای پێغەمبەر(ﷺ)، خودای گەورەیش ئەم ئایەتەی ناردە خوارەوەو فەرمووی: ﴿فَلَوْلَا نَفَرَ مِن كُلِّ فِرْقَةٍ مِّنْهُمْ طَآئِفَةٌ﴾ با لەناو هەموو کۆمەڵگایەك دەستەیەکیان بچنە دەرێ(بگەڕێن بە شوێن چاکەدا) ﴿لِّيَتَفَقَّهُوا۟ فِى ٱلدِّينِ﴾ تا لە دین شارەزا دەبن و گوێبیستی ئەو قورئانەش ببن لای ئەو خەڵکەیە کە دوای ئەوان خودا ناردویەتیە خوارەوە: ﴿وَلِيُنذِرُوا۟ قَوْمَهُمْ إِذَا رَجَعُوٓا۟ إِلَيْهِمْ﴾ کە گەڕانەوە ناو هۆزەکەیان(ئەو خەڵکە) بترسێنن ﴿لَعَلَّهُمْ يَحْذَرُونَ﴾ بەڵکو خۆیان بپارێزن.[1] قەتادە ئەڵێ: لەم ئایەتەدا: ئەمە لە کاتێکدا بووە پێغەمبەری خودا ئەو سوپانەی ناردوە خودا فەرمانی پێداون کە بەرفەرمانی پێغەمبەر(ﷺ) غەزا بکەن و دەستەیەکیان لەگەڵ پێغەمبەردا(ﷺ) بمێننەوە تا لە ئاین شارەزا ببن، دەستەیەکی تریش دەرچێ و بانگی هۆزەکەی بکات و بیانترسێنێ لەو کارەساتانەی خودا هێنای بەسەر گەلەکانی پێش ئەواندا.[2] خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَمَا كَانَ ٱلْمُؤْمِنُونَ لِيَنفِرُوا۟ كَآفَّةً﴾ ئەم ئایەتە لەسەر جیهاد کردن نەهاتوەتە خوارەوە، بەڵکو کاتێ کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) نزای کرد لە خێڵی موزەر کە تووشی قات و قڕی ببێت، وڵاتەکەیان تووشی نەهاتی و قات و قڕی هات، هۆزی وایان هەبوو بە تەواوی بەرەو مەدینە هاتن و لەوێ نیشتەجێ بوون لە ناڕەحەتی و نەبونیدا، خۆیان بە موسوڵمان نیشان ئەدا بەڵام درۆیان دەکرد تەنگیان بە هاوەڵەکانی پێغەمبەر(ﷺ) هەڵچنی، تووشی گرانیان کردن، خوای گەورەقورئانی ناردە خوارەوە و پێغەمبەری(ﷺ) ئاگادار کرد کە ئەوانە موسوڵمان نین پێغەمبەری خودا(ﷺ) گەڕاندنیەوە بۆ ناو هۆزەکانیان، هەڕەشەیشی کرد لە هۆزەکەیان ئەگەر بەو کارەی ئەوان هەڵسن، بۆیە خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَلِيُنذِرُوا۟ قَوْمَهُمْ إِذَا رَجَعُوٓا۟ إِلَيْهِمْ﴾ کە گەڕانەوە ناو هۆزەکەیان بیانترسێنن بەڵکو خۆیان بپارێزن.

---

[1] الطبري (١٤/٥٦٦).

[2] الطبري (١٤/٥٦٨).

﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ قَـٰتِلُوا۟ ٱلَّذِينَ يَلُونَكُم مِّنَ ٱلْكُفَّارِ وَلْيَجِدُوا۟ فِيكُمْ غِلْظَةً ۚ وَٱعْلَمُوٓا۟ أَنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلْمُتَّقِينَ ﴿١٢٣﴾﴾

فەرماندان بە جیهاد دژی خوانەناسە نزیکەکان و پاشان خوانەناسانی تریش

خـوای گەورەئەفـەرموێت: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ قَـٰتِلُوا۟ ٱلَّذِينَ يَلُونَكُم مِّنَ ٱلْكُفَّارِ وَلْيَجِدُوا۟ فِيكُمْ غِلْظَةً ۚ وَٱعْلَمُوٓا۟ أَنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلْمُتَّقِينَ﴾ ئەی گەلی خاوەن باوەڕ، لەگەڵ ئەو خوانەناسانەی نزیکتـانن شـەڕ بکەن، با زەبرو زەنگتان ببینن، ئەوەش بزانن خودا لەگەڵ خۆپارێزانە. خـوای گەورەفـەرمانی داوە بـە خاوەن باوەڕان کە بجەنگن لەگەڵ ئەو خوانەناسانەی نزیکن لێیانەوەو هاوسێیانن هەتا دێنە ناو بازنەی ئیسلامەوە، بۆیە پێغەمبەری خودا(ﷺ) لە پێشدا دەستی کرد بە شەڕ کردن لەگەڵ موشریکەکان لـە دوورگەی عەرەبیدا، کاتێ لە جەنگی ئەوانە لێبوەوەو خـودا سـەری خست بەسـەر مەککەو مەدینـەو تائیف وَ یەمەنو یەمامەو حەزەرەمەوت هەجەرو خەیبەرو چەندین ناوچەی تـری دوورگـەی عەرەبیـداو خەڵکی لە ناوچەکانی تری عەرەبیشەوە پۆل پۆل دەهاتنە ناو ئاینی ئیسلام دوای ئـەوە دەسـتی دایـە جەنگ کردن لەگەڵ ئەهلی کتێبدا، خۆی ئامادە کرد بۆ غەزا کردن لەگەڵ ڕۆمەکاندا، چونکە ڕۆمـەکان نزیکترین کەس بوون لە دورگـەی عەرەبیـەوە، وە شیاوترین کەسیش بوون کە بانگ بکرێن بۆ نـاو ئیسلام، ئەهلی کتێبیش بوون، هەتا تەبوك ڕۆشـت بـە دوایانـدا، پاشـان لەبـەر قـاتو قـڕیو هەڵسانی گرانی لە وڵاتدا گەڕایەوە، ئەوەش لـە سـاڵی نۆهـەمی کۆچی پێغەمبـەردا بـوو(ﷺ) پاشـان لـە سـاڵی دەهەمدا سەرقاڵی حەجی ماڵئاوایی بوو، پاشان مردن یەخـەی پێگرت دوای حـەج کردنـی بـە هەشـتاو یەك ڕۆژ، خوای گەورەبردیەوە بۆ لای خۆی، دوای خۆی ئەبوبەکری سدیق، کـە وەزیـرو جـێ متمانـەی بوو هەڵسا بەو فەرمانەو بووە جێنشینی، ئاینەکە خەریك بوو بەرەو هەڵدێر بڕوا، خوای گـەورە بـەهۆی ئـەوەوە ڕاوەسـتاوی کـردو بناغەکـەی بـەهێز کـردو سـتونەکانی دامەزرانـد، ئەوانەلـە ئیسلام دوور کەوتبوونەوە هێنانیەوە ناوبازنـەی ئیسلام و یاخیەکانیشی گێڕایـەوە بۆلای ئـاینی ئیسلام. زەکاتی وەرگرت لەو نەفامانەی کە دەیانویست زەکات نـەدەن، حەقیشی ڕوون کردەوە بۆ ئەوانـەی شـارەزا نەبوون. ئەوەی پێغەمبەر(ﷺ) دەیویست بیکات، پێی هەڵسا، پاشـان دەسـتی کرد بـە ئامـادەکردنی لەشـکری ئیـسلام بـۆ سـەر ڕۆمـە خـاچ پەرسـتەکانو فارسـە ئاگرپەرسـتەکان، خـوای گەورەبـەهۆی بەرەکەتی ئەو نوێنەرایەتییەی ئەوەوە ئەو وڵاتانەی بۆ ئـازاد کـردو لـووتی کیـسراو قەیـسەرو هـەموو ئەوانەیشی دانەواند لەو خەڵکەی گوێڕایەڵیان بوون، گەنجینەکانیشیان لە ڕێـی خـوادا خـەرج کـرا، وەك پێغەمبـەری خـودا(ﷺ) هـەواڵی فـەرموو بـوو، تـەواو کردنـی کارەکـەی کەوتـە دەسـت ڕاسپاردەو جێنـشینەکەی دوای خـۆی فـاروقی تۆبـەکار، شـەهیدی میحـراب، ئەبوحـەفس عومـەری کـوڕی

خەتاب(ڕەزای خوای لیّ بیّ) کە خوای گەورەلووتی خوانەناسیو بیّدینانی بە ئەو دانەواندو دووڕوو سەرکەشانی لەناو بردو دەستی گرت بەسەر ئەو ماڵو سامانانەدا لە خۆرهەلاتو خۆرئاوایەوە، هەرچی گەنجینەکانە لە ناوچە دوورو نزیکەکانەوە بارکرا بۆلای، ئەویش بەپێی شەریعەوتی خوا دابەشیکرد بە شێوازێکی وا هەموو ڕزیبوون لێی. دوای ئەوەی بە شەهیدی مردو بە ڕێزەوە ژیا، هاوەڵەکانی پێغەمبەر(ﷺ) لە کۆچەریانو ئەنسارەکان یەك دەنگ بوون لەسەر دانانی گەورەی موسوڵمانان عوسمانی کوڕی عەفان(ڕەزای خوای لیّ بیّ) (شەهید ناوماڵی خۆی) بە جێنشین، ئیسلامی تیّرو تەواو کرد بە هەموو ناوچەکاندا بڵاوی کردەوە و خەڵکەوە و بەسەر گەردنی خەڵکەوە، پەیامی خوای گەیاندە هەموو هەرێمەکان و ئیسلام لە ڕۆژئاواو ڕۆهەلاتی زەویدا دەرکەوت و زاڵ بوو، وتەی خودا بڵند بوو ئاینەکەیشی بڵاو بوەوە، ئەم ئاینە پاکەی خودا تەنگی هەڵچنی بە دوژمنانی خودا بە تەواوی، هەر کە سەردەکەوتن بەسەر گەلێکدا، دەچوون بۆ ئەو گەلانەی تر کە هاوسێی ئەوان بوونو دەستیان دابوە ملهوڕیو بەدکاری. وەك خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ قَٰتِلُواْ ٱلَّذِينَ يَلُونَكُم مِّنَ ٱلْكُفَّارِ وَلْيَجِدُواْ فِيكُمْ غِلْظَةً﴾ واتە: با خوانەناسان هێزو تواناتان ببینن کاتیّ کە شەڕیان لەگەڵ دەکەن، بێگومان موسوڵمانی تەواو ئەو کەسەیە لەگەڵ برا موسوڵمانەکانیدا نەرمەو بەرانبەر دوژمنو خوانەناس زۆر بە زەبرو زەنگە. وەك خوای گەورەلە ئایەتی تردا فەرموویەتی: ﴿فَسَوْفَ يَأْتِى ٱللَّهُ بِقَوْمٍ يُحِبُّهُمْ وَيُحِبُّونَهُۥٓ أَذِلَّةٍ عَلَى ٱلْمُؤْمِنِينَ أَعِزَّةٍ عَلَى ٱلْكَٰفِرِينَ﴾[1] خوا لەمەولا کۆمەڵێکی وا دەخاتە ڕوو، خۆشی بوێنو ئەوانیش خوایان خۆش بویّ بەرانبەر خاوەنباوەڕان نەرمو نیاننو بەهێزو توندن بەرانبەر خوانەناسـان. وە فەرموویەتی: ﴿مُّحَمَّدٌ رَّسُولُ ٱللَّهِ ۚ وَٱلَّذِينَ مَعَهُۥٓ أَشِدَّآءُ عَلَى ٱلْكُفَّارِ رُحَمَآءُ بَيْنَهُمْ﴾[2] موحەممەد(ﷺ) پێغەمبەری خوایە، ئەوانەش کە لەگەڵ ئەون، لە بەرانبەر خوانەناسان توندو تیژو لەناو خۆیاندا دلۆڤانن. وە فەرموویەتی: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِىُّ جَٰهِدِ ٱلْكُفَّارَ وَٱلْمُنَٰفِقِينَ وَٱغْلُظْ عَلَيْهِمْ﴾[3] ئەی پێغەمبەر(ﷺ) لەگەڵ ئەو خوانەناسانەو ئەو دووڕووانە شەڕ بکەن، زەبرو زەنگیشیان نیشاندە. پاشان خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَٱعْلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلْمُتَّقِينَ﴾ بشزانن خوا لەگەڵ خۆپارێزانە، واتە: بجەنگن لەگەڵ خوانەناسانداو پشت بە خودا ببەستن بێگومان خوا لەگەڵتانە ئەگەر لێی بترسنو گوێڕایەڵی فەرمانەکانی بن، هەر وایش بوو، خەڵکی ئەو سێ سەدەیە کە چاکترین کەسی ئەم ئوممەتە

[1] المائدة (٥٤).
[2] الفتح (٢٩).
[3] التحريم (٩).

بوون‌و زۆر خۆڕاگرو گوێبیستی فەرمانەکانی خودا بوون، بۆیە بەردەوام سەردەکەوتن بەسەر دوژمنەکانیانداو سەرکەوتن دوای سەرکەوتن‌و دوژمنانیش هەر بەرەو دابەزین‌و دەچوون‌و تووشی زیان دەبوون.،. دوای ئەوەی ئاژاوەو بەلاو ئارەزوو خوازیو دژایەتی پەیدا بوو لەنێوان فەرمانڕەواکاندا، دوژمنان چاویان بڕیە سنورەکانی ئەم ولاتەو هاتن بۆ داگیر کردنی، کەسێ نەبوو بەریان لێبگرێ، لە سەرقالی کاربەدەستان بە یەکتریەوە: دوژمنان پەلاماری ناوچەکانی ولاتی ئیسلامیان داو زۆر ناوچەیان داگیر کرد، هەر بەردەوام بوون لەسەر داگیر کردن، هەتا زۆرێ لە ولاتانی ئیسلامیان خستەبندەستی خۆیان، ئاشکرایە هەموو کارێ بە دەستی خودایە چ لەمەو پێش‌و چ لەمەو دوایش، لە هەرسەردەمێکدا کاربەدەستانی ئیسلام هەڵسابن بە جیهادو فەرمانەکانی خوایان بەجێهێنابێ‌و پشتیان بە خوا بەستبێ، خوای گەورەدەروی لێ کردونەتەوەو ئەو ناوچانەیان لە دوژمن سەندوەتەوە، بەپێی ئەو گوێڕایەڵی‌و بەرفەرمانیەیان بۆ خودای مەزن، بێگومان خودا خۆی جێ نیازەو خاوەنی گشت شتێکە ئەگەر مەیلی لێ بێ، موسوڵمانان زاڵ دەکات بەسەر دوژمنە خوانەناسەکانیدا، وتەی خاوەن باوەڕان سەردەخات بەسەر هەموو ناوچەکاندا، چونکە هەر ئەوە زۆر بەخشندەو مەزن(سبحانه وتعالى).

﴿وَإِذَا مَآ أُنزِلَتْ سُورَةٌ فَمِنْهُم مَّن يَقُولُ أَيُّكُمْ زَادَتْهُ هَٰذِهِۦٓ إِيمَٰنًا ۚ فَأَمَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ فَزَادَتْهُمْ إِيمَٰنًا وَهُمْ يَسْتَبْشِرُونَ ﴿١٢٤﴾ وَأَمَّا ٱلَّذِينَ فِى قُلُوبِهِم مَّرَضٌ فَزَادَتْهُمْ رِجْسًا إِلَىٰ رِجْسِهِمْ وَمَاتُوا۟ وَهُمْ كَٰفِرُونَ ﴿١٢٥﴾﴾

باوەڕی خاوەنباوەڕ زیاد دەکات و کەمیش دەکات، بەڵام دووڕووەکان زیاتر پیس‌و چەپەڵ دەبن

خوای گەورەئەفەرموێت: ﴿وَإِذَا مَآ أُنزِلَتْ سُورَةٌ فَمِنْهُم مَّن يَقُولُ أَيُّكُمْ زَادَتْهُ هَٰذِهِۦٓ إِيمَٰنًا﴾ هی وایان لەناودا هەیە(واتە دووڕووەکان) تا سورەتێك دێتە خوارەوە دەڵێ: کێتان بڕوای پێ بەهێزتر بووە؟ خودای گەورەیش ئەفەرموێت: ﴿فَأَمَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ فَزَادَتْهُمْ إِيمَٰنًا وَهُمْ يَسْتَبْشِرُونَ﴾ جا ئەوانەی بڕوایان بە خوا هێناوە باوەڕیان بەهێزتر دەبێ‌و ئەوان مژدە بەخش‌و خۆش حاڵن، ئەم ئایەتە گەورەترین بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە باوەڕ زیاد دەکات‌و کەمیش دەکات، وەك چۆن زانایانی پێشینەو پاشینە ڕایان وایە، بەڵکو زۆرێ لەو زانایانە گوتویانە: زانایان یەکڕان لەسەرئەمە. لەم بارەیەوە لە سەرەتای شەرحی بوخاریدا(ڕەحمەتی خوای لێ بێ) بە چاکی باسی لێکراوە. پاشان خوای گەورەئەفەرموێت: ﴿وَأَمَّا ٱلَّذِينَ فِى قُلُوبِهِم مَّرَضٌ فَزَادَتْهُمْ رِجْسًا إِلَىٰ رِجْسِهِمْ وَمَاتُوا۟ وَهُمْ كَٰفِرُونَ﴾ ئەوانەیش دڵیان نەخۆشە، پیسی دێتە سەر پیسیان‌و بە خوانەناسی دەمرن. واتە: گومان‌و دوودڵیان زیاتر دەبێ

لەگەڵ ئەو گومانو دوو دڵیەی خۆشیاندا، وەك خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿ وَنُنَزِّلُ مِنَ ٱلْقُرْءَانِ مَا هُوَ شِفَآءٌ وَرَحْمَةٌ لِّلْمُؤْمِنِينَ ۙ وَلَا يَزِيدُ ٱلظَّٰلِمِينَ إِلَّا خَسَارًا ﴾[1] ئێمە جگە لەم قورئانە شتی وات بۆ ڕەوانە دەکەین کە شیفاو بەزەیی تێدایە بۆ خاوەن باوەڕەکانو ستەمکارانیش زیاتر پێی زیانبار دەبن. وە فەرموویەتی: ﴿قُلْ هُوَ لِلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ هُدًى وَشِفَآءٌ ۖ وَٱلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ فِىٓ ءَاذَانِهِمْ وَقْرٌ وَهُوَ عَلَيْهِمْ عَمًى ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ يُنَادَوْنَ مِن مَّكَانٍۭ بَعِيدٍ ﴾[2] بڵێ: ئەمە بۆ کەسانێ کە باوەڕیان پێ هێناوە ڕێبەرو چارەی دەردانە، ئەوانەش بڕوای پێ ناکەن، گوێ گرانن لە بیستنو چاویان لە دیتنی کوێرە، هەر دەڵێی لە جێی دوورنو بانگ دەکرێن. ئەمەیش یەکێکە لە هۆکاری بەدبەختیان، ئەوەی دەبێتە هۆی شارەزا بونیان، دەبێتە مایەی گومڕا بوونو لەناوچونیان، وەك چۆن ئەوانەی سروشتیان خراپە کە خۆراکیان پێ دەدرێ زیاتر تێك دەچنو سوودی لێ وەرناگرنو پێی کەم دەکەن.

﴿ أَوَلَا يَرَوْنَ أَنَّهُمْ يُفْتَنُونَ فِى كُلِّ عَامٍ مَّرَّةً أَوْ مَرَّتَيْنِ ثُمَّ لَا يَتُوبُونَ وَلَا هُمْ يَذَّكَّرُونَ ﴿١٢٦﴾ وَإِذَا مَآ أُنزِلَتْ سُورَةٌ نَّظَرَ بَعْضُهُمْ إِلَىٰ بَعْضٍ هَلْ يَرَىٰكُم مِّنْ أَحَدٍ ثُمَّ ٱنصَرَفُوا۟ ۚ صَرَفَ ٱللَّهُ قُلُوبَهُم بِأَنَّهُمْ قَوْمٌ لَّا يَفْقَهُونَ ﴿١٢٧﴾ ﴾

تاقیکردنەوەی دووڕووەکان

خوای گەورەباسی دووڕووەکان دەکاتو ئەفەرموێت: ﴿ أَوَلَا يَرَوْنَ أَنَّهُمْ يُفْتَنُونَ فِى كُلِّ عَامٍ مَّرَّةً أَوْ مَرَّتَيْنِ ثُمَّ لَا يَتُوبُونَ وَلَا هُمْ يَذَّكَّرُونَ ﴾ ئایا ئەمانە نابینن کە ساڵانە جارێك یان دوو جار تاقی دەکرێنەوە، لە ئاکامدا نە پەشیمان دەبنەوەو نە تەمێ خواریش دەبن، واتە: نە لە گوناه پێشوەکانیان پەشیمان دەبنەوەو نە پەندو ئامۆژگاریش وەردەگرن لەوەی کە لەمەو بەدوا تووشیان دێ. موجاهید ئەڵێ: تاقی دەکرێنەوە بە قاتو قڕیو برسێتی[3]. پاشان خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَإِذَا مَآ أُنزِلَتْ سُورَةٌ نَّظَرَ بَعْضُهُمْ إِلَىٰ بَعْضٍ هَلْ يَرَىٰكُم مِّنْ أَحَدٍ ثُمَّ ٱنصَرَفُوا۟ ۚ صَرَفَ ٱللَّهُ قُلُوبَهُم بِأَنَّهُمْ قَوْمٌ لَّا يَفْقَهُونَ﴾ هەرکاتێ سورەتێ دێتە خوار، هێندێکیان دەڕواننە هێندێکیان، ئاخۆ کەس ئێوە دەبینێ؟ لە پاشان دەگەڕێنەوە، خوا دڵیانی وەرگێڕاوە، چونکە ئەمانە لە دەستەی بێ ئاوەزەکانن، دیسان خودای گەورە باسی دووڕووەکان دەکات، کاتێ کە سورەتێك بهاتایەتە خوارەوە

[1] الاسراء (٨٢).
[2] فصلت (٤٤).
[3] الطبري (١٤/٥٨٠).

بۆ پێغەمبەری خودا(ﷺ) سەیری یەکتریان دەکردو پشتیان دەکردە هەق و لەلای پێغەمبەر(ﷺ) هەڵدەسان، ئەمە حاڵی دووڕووەکان بوو لە دنیادا لەسەر هەق ڕانەدەوەستان و بەرەو ڕووی نەدەچوون و لێی تێنەدەگەیشتن وەك خودای گەورە لە ئایەتێکی تردا ئەفەرموێت: ﴿كَأَنَّهُمْ حُمُرٌ مُّسْتَنفِرَةٌ ﴿٥٠﴾ فَرَّتْ مِن قَسْوَرَةٍ﴾[1] چیانە ڕوو وەردەگێڕن لە ئامۆژگاری(قورئان)؟ دەڵێی حوشترن و ڕاو نراون لە ترسی شێر هەڵاتوون. وە فەرموویەتی: ﴿فَمَالِ الَّذِينَ كَفَرُوا قِبَلَكَ مُهْطِعِينَ ﴿٣٦﴾ عَنِ الْيَمِينِ وَعَنِ الشِّمَالِ عِزِينَ﴾[2] دەی ئەو بێدینانە چیانە؟ دێنە لاتو بە مۆنێکەوە دەڕوانن، دەستە دەستە لەلای ڕاستو چەپتەوە، واتە: ئەوانە چیانە بەلای ڕاستو بە لای چەپتدا دەڕۆن و لە هەق ڕادەکەن و بەرەو گومڕایی مل دەنێن. پاشان خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿ثُمَّ انصَرَفُوا صَرَفَ اللَّهُ قُلُوبَهُم﴾ واتە: لە پاشان دەگەڕێنەوە، خودا دڵیانی وەرگێڕاوە، ئەم ئایەتە وەك ئەو ئایەتە وایە کە خودا فەرموویەتی: ﴿فَلَمَّا زَاغُوا أَزَاغَ اللَّهُ قُلُوبَهُمْ﴾[3] وەختێ ئەوانە خۆیان لادا خودایش دڵی ئەوانی لادا. واتە: ئەوانە لە وتاری خودا تێناگەن و هەوڵیش نادەن لێی تێبگەن و حەزیش ناکەن لێی حاڵی بن، بەڵکو نایەنەوێ خۆیانی پێوە خەریك بکەن و خۆیانی لێ دوور دەگرن هەر لەبەر ئەوە ئاوایان لێهات کە لێیان هات.

﴿لَقَدْ جَاءَكُمْ رَسُولٌ مِّنْ أَنفُسِكُمْ عَزِيزٌ عَلَيْهِ مَا عَنِتُّمْ حَرِيصٌ عَلَيْكُم بِالْمُؤْمِنِينَ رَءُوفٌ رَّحِيمٌ ﴿١٢٨﴾ فَإِن تَوَلَّوْا فَقُلْ حَسْبِيَ اللَّهُ لَا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ وَهُوَ رَبُّ الْعَرْشِ الْعَظِيمِ ﴿١٢٩﴾﴾

ڕەوانە کردنی پێغەمبەر(ﷺ) چاکەیەکی گەورەی خودایە

خوای گەورەئەفەرموێت: ﴿لَقَدْ جَاءَكُمْ رَسُولٌ مِّنْ أَنفُسِكُمْ عَزِيزٌ عَلَيْهِ مَا عَنِتُّمْ حَرِيصٌ عَلَيْكُم بِالْمُؤْمِنِينَ رَءُوفٌ رَّحِيمٌ﴾ پێغەمبەرێك هاتوە بۆتان، لە خۆتانە، هەر بەڵایەك بەسەرتان بێ، لای گرانە، زۆر دڵی بەلاتانەوەیە، دڵسۆزو دڵۆڤانە بەرانبەری خاوەن باوەڕان. خودای گەورە مننەت دەکات بەسەر باوەڕداراندا بەوەی کە پێغەمبەرێکی بۆ ڕەوانە کردون لە خۆیان، واتە: لەسەر زمان و نەژادی خۆیان وەك ئیبراهیمی خەلیل فەرموویەتی: ﴿رَبَّنَا وَابْعَثْ فِيهِمْ رَسُولًا

[1] المدثر (٤٩-٥١).

[2] المعارج (٣٦-٣٧).

[3] الصف (٥).

مِّنۡهُمۡ ﴾[1] پەروەردگارمان هەر لە خۆیان پێغەمبەرێکیان بۆ بنێرە. وە خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿لَقَدۡ مَنَّ ٱللَّهُ عَلَى ٱلۡمُؤۡمِنِينَ إِذۡ بَعَثَ فِيهِمۡ رَسُولٗا مِّنۡ أَنفُسِهِمۡ﴾[2] خاوەن باوەڕان بەر منەتی چاکەی خودان، کە پێغەمبەرێکی هەر لە خۆیان بۆ ناردوون. وە لێرەیشدا فەرموویەتی: ﴿لَقَدۡ جَآءَكُمۡ رَسُولٞ مِّنۡ أَنفُسِكُمۡ﴾ واتە: ئەو پێغەمبەرە هەر لە خۆتانەو بە زمانی خۆتان ڕەوانە کراوە، وەك جەعفەری کوڕی ئەبوتال (ڕەزای خوای لێ بێ) ووتی بە نەجاشیو موغەیرەی کوڕی شوعبە ووتی بە ڕاسپاردەکەی کیسرا: بەڕاستی خودا پێغەمبەرێکی ناردوە بۆمان لە خۆمانەو ئاگاداری ڕەوشتو بنەماڵەو هەڵسوکەوتو ڕاستگۆییو ئەمانەتی ئەوین[3] پاشان ئەفەرموێت: ﴿عَزِيزٌ عَلَيۡهِ مَا عَنِتُّمۡ﴾ هەر شتێ ئوممەتەکەی ئازار بداتو نارەحەتی بکات بە لایەوە گرانە، وە لەم فەرموودە سەحیحەدا هاتوە:(بە ڕاستی ئەم ئاینە سانایەو شەریعەتەکەیشی گشت ئاسانەو فراوانەو تەواوە، ئاسانە لەسەر کەسێ خوای گەورەئاسانی کردبێ لەسەری)[4] ﴿حَرِيصٌ عَلَيۡكُم﴾ زۆر سوورە لەسەر(باوەڕ هێنان) تان، واتە: زۆر سوورە لەسەر ڕێنیشاندانو سوود پێگەیاندنتان لە ژیانی دنیاو لە ڕۆژی دوایشدا، ئیمامی ئەحمەد ریوایەتی کردوە لە عەبدوڵڵای کوڕی مەسعودەوە ئەڵێ: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی:(بێگومان خودا هیچ قەدەغەکراوێکی قەدەغە نەکردوە مەگین زانیویەتی کە بەو زوانە شارەزای ناو خۆتان لێی شارەزا دەبێ، با بزانێ کە من دەستم گرتوە بە پشتوێنەکەتانەوە تاخۆتان نەخەنە ناو ئەو ئاگرە وەك پەپولەو مێشو مەگەز خۆیانی تێئەخەن)[5] ﴿بِٱلۡمُؤۡمِنِينَ رَءُوفٞ رَّحِيمٞ﴾ دڵسۆزو دلۆڤانە بەرانبەر خاوەن باوەڕان. ئەم ئایەتە وەك ئەم ئایەتە وایە کە خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَٱخۡفِضۡ جَنَاحَكَ لِمَنِ ٱتَّبَعَكَ مِنَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ۝٢١٥ فَإِنۡ عَصَوۡكَ فَقُلۡ إِنِّي بَرِيٓءٞ مِّمَّا تَعۡمَلُونَ ۝٢١٦ وَتَوَكَّلۡ عَلَى ٱلۡعَزِيزِ ٱلرَّحِيمِ﴾[6] باڵت شۆڕ بکە بۆ ئەو خاوەنباوەڕانەی کە شوێنت کەوتوون، جا ئەگەر بە گوێیان نەکردی بڵێ: من بێزارم لەوەی ئێوە دەیکەن، هەر خۆشت بە خاوەن

---

[1] البقرة (١٢٩).
[2] آل عمران (١٦٤).
[3] أحمد (١/٢٠٢)، (٥/٢٩١).
[4] فتح الباري (١/١١٦).
[5] أحمد (١/٣٩٠).
[6] الشعراء (٢١٥–٢١٧).

دەستەڵاتی دڵۆڤان بسپێرە. وە هەر بەم شێوەیەش خوای گەورەفەرمانی داوە لەم ئایەتەدا: ﴿فَإِن تَوَلَّوْاْ﴾ ئەگەر هەر ڕوویان وەرگێڕا، لەوەی کە بۆت هێناون لەو پەیامە گەورەو بێگەردو تێرو تەواوە ﴿فَقُلْ حَسْبِىَ ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ﴾ بڵێ: من هەر خودام بەسە جگە لەو هیچ شتێ بۆ پەرستن ناشێ. وەك لە ئایەتێکی تردا فەرموویەتی: ﴿رَّبُّ ٱلْمَشْرِقِ وَٱلْمَغْرِبِ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ فَٱتَّخِذْهُ وَكِيلًا﴾[1] پەروەردگاری خۆرهەڵاتو خۆرئاوایە، جگە لەو هیچ کەسێ بۆ پەرستن ناشێ. ﴿عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ وَهُوَ رَبُّ ٱلْعَرْشِ ٱلْعَظِيمِ﴾ کاری خۆم داوەتە دەست ئەو، هەر ئەویشە خاوەنی عەرشی مەزنە، واتە: هەر ئەو خودایە خاوەنو وەدیهێنەری هەموو شتێکە چونکە هەر ئەوپەروەردگاری عەرشی مەزنە کە باوبنە(السقف)ی هەموودروستکراوەکان و گشت ئەو وەدیهێنراوانەشە کەلە ئاسمانەکانو زەمینو ئەوەیش لەناویاندایە و لە نێوانیاندایە هەموو لە ژێر عەرشی خوادان(جل جلالە)، هەموو ملکەچیشن لەبەردەم دەستەڵاتو تواناو زانیاری ئەو خوا گەورەیەدا کە(زانستی ئەو)دەوری هەموو شتێکی داوە، بڕیاری لە گشت شتێکدا جێبەجێ دەکرێ، هەر خۆی خاوەنی هەموو شتێکە. ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردوە لە ئیبنوعەبباسەوە لە ئوبەیی کوڕی کەعبەوە(ڕەزای خوایان لێ بێ) ئەڵێ: دوایین ئایەت کە هاتە خوارەوە لە قورئان ئەم ئایەتە بوو: ﴿لَقَدْ جَآءَكُمْ رَسُولٌ مِّنْ أَنفُسِكُمْ﴾ هەتا کۆتایی سورەتەکە.[2] وە لەم فەرموودە سەحیحەدا کە زید ئەڵێ: کۆتایی سورەتی بەرائەم دۆزیەوە لەلای خوزەیمەی کوڕی سابت یان ئەبی خوزەیمە بوو، لەپێشەوەش باسی ئەوەمانکرد کە کۆمەڵێ لە هاوەڵەکانی پێغەمبەر(ﷺ) ئەوەیان وەبیردێتەوە کە ئەوانیش لە پێغەمبەری خوداوە(ﷺ) وەك خوزەیمەی کوڕی سابت کاتێ کە خوزەیمە دەستی کرد بەخوێندنەوەی ئایەتەکە بۆیان) والله أعلم.

---

[1] المزمل (٩).

[2] فتح الباري (٨/١٩٥).

تەفسیری سورەتی یونس
لە مەککەدا هاتوەتە خوارەوە

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

﴿الٓر تِلْكَ ءَايَٰتُ ٱلْكِتَٰبِ ٱلْحَكِيمِ (١) أَكَانَ لِلنَّاسِ عَجَبًا أَنْ أَوْحَيْنَآ إِلَىٰ رَجُلٍ مِّنْهُمْ أَنْ أَنذِرِ ٱلنَّاسَ وَبَشِّرِ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ أَنَّ لَهُمْ قَدَمَ صِدْقٍ عِندَ رَبِّهِمْ ۗ قَالَ ٱلْكَٰفِرُونَ إِنَّ هَٰذَا لَسَٰحِرٌ مُّبِينٌ (٢)﴾

خوای گەورەئەفەرموێت: ﴿الٓر تِلْكَ ءَايَٰتُ ٱلْكِتَٰبِ ٱلْحَكِيمِ﴾ ئەلیف، لام، را. ئەمە چەند نیشانەیەکن لە کتێبی کارزانی. لە بارەی ئەم پیتانەوە لە سەرەتای سورەتەکانەوە، قسەکراوە دەربارەیان لەسەرەتای سورەتی بەقەرەدا،﴿تِلْكَ ءَايَٰتُ ٱلْكِتَٰبِ ٱلْحَكِيمِ﴾ واتە: ئەمە ئایەتەکانی قورئانی نەگۆڕاوی پڕ کارزانیە.

ئەم پێغەمبەرە دەبێ مژدەدەر بێ

خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿ أَكَانَ لِلنَّاسِ عَجَبًا أَنْ أَوْحَيْنَآ إِلَىٰ رَجُلٍ مِّنْهُمْ﴾ ئایا مەردم سەریان سوڕ دەمێنێ، پیاوێکمان هەر لەناو خۆیان ڕاسپاردوە. لەو ئایەتەدا خودا وەڵامی ئەو خوانەناسانە ئەداتەوە کە سەیر ماوەن لەوەی کە پێغەمبەرانی ناردوە لە مەردم خۆیان، وەك لە چەند ئایەتی تردا باسی گەلە پێشوەکانی کردوە کە ئەوانیش هەر وایان گوتوە: ﴿أَبَشَرٌ يَهْدُونَنَا﴾[1] جا چۆن مرۆڤ دەتوانن ڕێ نیشانی ئێمە بدەن؟ نووح و سالح پێغەمبەریش بە گەلەکەیان گوت: ﴿ أَوَعَجِبْتُمْ أَن جَآءَكُمْ ذِكْرٌ مِّن رَّبِّكُمْ عَلَىٰ رَجُلٍ مِّنكُمْ﴾[2] ئایا ئێوە پێتان سەیر بوو کە ئامۆژگاریەك لەلای پەروەردگارتانەوە هات بۆ پیاوێك هەر لە خۆتان. وە باسی خوانەناسەکانی قورەیشیش دەکات کە ئەوانیش ئەڵێن: ﴿ أَجَعَلَ ٱلْءَالِهَةَ إِلَٰهًا وَٰحِدًا إِنَّ هَٰذَا لَشَىْءٌ عُجَابٌ﴾[3] چۆن دەیەوێ لە جێی ئەو هەموو بتانەی دەیانپەرست هەر خودایەك بپەرستن؟ ئەمە زۆر شتێکی سەیرە. زەححاك ئەڵێ لە ئیبنوعەبباسەوە: کاتێ خودای گەورە موحەممەدی(ﷺ) ڕەوانەکرد بە پێغەمبەری، عەرەبەکان ناڕەزاییان دەربڕی و بڕوایان نەدەکرد. یان هەندێکیان بڕوایان نەدەکردو دەیانگوت: خودا لەوە گەورەترە کە ڕاسپاردەیەکی خۆی لە مرۆڤ بنێرێ وەك موحەممەد،

---

[1] التغابن (٦).

[2] الاعراف (٦٣).

[3] ص (٥).

ئەڵێ: خوای گەورە ئەم ئایەتانەی ناردە خوارەوە: ﴿ أَكَانَ لِلنَّاسِ عَجَبًا ﴾.[1] ﴿أَنْ أَنذِرِ ٱلنَّاسَ ﴾ کە خەڵکی بترسێنیو ﴿وَبَشِّرِ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَنَّ لَهُمْ قَدَمَ صِدْقٍ عِندَ رَبِّهِمْ ﴾ مژدە بدات بەوانەی خاوەن باوەڕن: پلەی بەرزیان لەلای پەروەردگاریان هەیە؟ ڕای جیاواز هەیە لەسەر ئەمە، عەلی کوڕی ئەبوتەلحە: لە ئیبنوعەبباسەوە لەم ئایەتەدا: ﴿وَبَشِّرِ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَنَّ لَهُمْ قَدَمَ صِدْقٍ عِندَ رَبِّهِمْ ﴾ ئەڵێ: بەختەوەرییان بۆ پێشکەوتوە لە لەوحولمەحفوزدا[2]، عەوفی ئەڵێ: لە ئیبنوعەبباسەوە: ﴿أَنَّ لَهُمْ قَدَمَ صِدْقٍ عِندَ رَبِّهِمْ ﴾ دەڵێت: پاداشتێکی چاکیان هەیە بەهۆی ئەوەی لە پێش خۆیانەوە ناردویانە، موجاهید ئەڵێ: ﴿أَنَّ لَهُمْ قَدَمَ صِدْقٍ عِندَ رَبِّهِمْ ﴾ یانی: کردارە چاکەکان. نوێژو ڕۆژوو ماڵ بەخشینو تەسبیحاتیان. وە ئەڵێ: موحەممەدیش(ﷺ) شەفاعەتیان بۆ دەکات[3] ﴿قَالَ ٱلْكَٰفِرُونَ إِنَّ هَٰذَا لَسَٰحِرٌ مُّبِينٌ ﴾ خوانەناسەکان ئەڵێن: ئەم پیاوە ئاشکرایە جادووگەرە. واتە: لەگەڵ ئەوەی کە ئێمە پێغەمبەرێکمان بۆ ناردن لە خۆیان کە مژدەیان بداتیو بیانترسێنێ ﴿قَالَ ٱلْكَٰفِرُونَ إِنَّ هَٰذَا لَسِحْرٌ مُّبِينٌ ﴾ خوانەناسان ئەڵێن: ئەو پیاوە جادووگەرێکی ئاشکرایە، دیارە ئەوانە درۆزنن کە ئەوانە دەڵێن.

﴿ إِنَّ رَبَّكُمُ ٱللَّهُ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ فِى سِتَّةِ أَيَّامٍ ثُمَّ ٱسْتَوَىٰ عَلَى ٱلْعَرْشِ ۖ يُدَبِّرُ ٱلْأَمْرَ ۖ مَا مِن شَفِيعٍ إِلَّا مِنۢ بَعْدِ إِذْنِهِۦ ۚ ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ رَبُّكُمْ فَٱعْبُدُوهُ ۚ أَفَلَا تَذَكَّرُونَ ﴿٣﴾ ﴾

خودا خاوەنی بوونەوەرو پەروەردگارو هەڵسوڕێنەریەتی

خوای گەورەئەفەرموێت: ﴿ إِنَّ رَبَّكُمُ ٱللَّهُ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ فِى سِتَّةِ أَيَّامٍ ثُمَّ ٱسْتَوَىٰ عَلَى ٱلْعَرْشِ ۖ يُدَبِّرُ ٱلْأَمْرَ ﴾ پەروەردگارتان خودایە کە بە شەش ڕۆژ ئەم ئاسمانانو زەمینەی دروستکردوە و ئەوسا لەسەر تەختی فەرمانڕەوایی دامەزراوەو بە کاروباری ڕادەگات، خودای گەورە دەفەرموێت کە پەروەردگاری گشت بونەوەرەو ئاسمانەکانو زەوی لە شەش ڕۆژدا وەدیهێناوە، ئەڵێن: وەك ئەم ڕۆژانە، گوتراویشە: هەر ڕۆژێکی هەزار ساڵی لەم ڕۆژانەیە کە ئێوە دەیژمێرن، وەك لەمەودوا باسی دێت، ﴿ثُمَّ ٱسْتَوَىٰ عَلَى ٱلْعَرْشِ ﴾ پاشان لەسەرعەرشی فەرمانڕەوایی خۆی دامەزراند، ئەو عەرشە

---

[1] الطبري (١٣/١٥).

[2] الطبري (١٥/١٥).

[3] الطبري (١٤/١٥).

گەورەترین دروستکراوەو سەربانی هەموو شتەکانە، ﴿يُدَبِّرُ ٱلْأَمْرَ﴾ واتە: بە کاروباری دروسکراوەکانیدا رادەگـــات ﴿وَمَا يَعْزُبُ عَن رَّبِّكَ مِن مِّثْقَالِ ذَرَّةٍ فِى ٱلْأَرْضِ وَلَا فِى ٱلسَّمَآءِ وَلَآ أَصْغَرَ مِن ذَٰلِكَ وَلَآ أَكْبَرَ إِلَّا فِى كِتَٰبٍ مُّبِينٍ﴾[1] هەرچی هەیە لە زەمین و ئاسماندا(با لە قورسایی مێرولەی هەرە وردیلەش یان وردتر یان هەر درشت تر بێ) هیچیان لە پەروەردگاری تۆ ناشارێتەوەو وا لە کتێبی دیاری دەردا، هیچ کاتی کارەکان سەرقاڵی ناکەن و هیچ داخوازیە تووشی هەڵەی ناکات، پێداگرتنی داواکاران بێتاقەتی ناکات، بەڕێوەبردنی(کاری) گەورە یان بچووك سەرقاڵی ناکات لەناوکێوەکانو دەریاکان، ئاوەدانیەکانو چۆڵەوانیەکان. ﴿وَمَا مِن دَآبَّةٍ فِى ٱلْأَرْضِ إِلَّا عَلَى ٱللَّهِ رِزْقُهَا﴾[2] لەم زەمینە هەر شتێ دەجولێتەوە گشتی رۆزی لەسەر خوایە. وە فەرموویەتی: ﴿وَمَا تَسْقُطُ مِن وَرَقَةٍ إِلَّا يَعْلَمُهَا وَلَا حَبَّةٍ فِى ظُلُمَٰتِ ٱلْأَرْضِ وَلَا رَطْبٍ وَلَا يَابِسٍ إِلَّا فِى كِتَٰبٍ مُّبِينٍ﴾[3] هیچ گەڵایەك لە هیچ شوێنێ بێ زانینی ئەو ناوەرێ، هەرچی دەنکەو لە تاریکایی زەویداو هەرچی تەڕە یان وشکە، گشتی لەناو دەفتەرێکی ئاشکرادایە. دەراوردی ئەڵێ: لە سەعدی کوڕی ئیسحاقی کوڕی کەعبی کوڕی عەجەزەوە کە ئەڵێ: کاتێ ئەم ئایەتە هاتە خـوارەوە: ﴿إِنَّ رَبَّكُمُ ٱللَّهُ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ فِى سِتَّةِ أَيَّامٍ﴾ کاروانێکی گەورەیان پێگەیشتو وایان دەزانی حەتمەن ئەوانە عەرەبن، پێیان گوتن: ئێوە کێن؟ ئەڵێن: لە جنۆکەین، دەرچووین لە مەدینە، ئەم ئایەتە وەدەری نـاین، ئیبنوئەبی حاتەم ئەمەی ڕیوایەت کردوە، پاشان خوای گەورەئەفەرموێت: ﴿مَا مِن شَفِيعٍ إِلَّا مِنۢ بَعْدِ إِذْنِهِۦ﴾ کێ دەتوانێ لای ئەو ببێتە تکاکار کاتێ نەبێ بۆ خۆی ئیزنی بدات؟ ئەم ئایەتە وەك ئەو ئایەتانە وایە کە فەرموویەتی: ﴿مَن ذَا ٱلَّذِى يَشْفَعُ عِندَهُۥٓ إِلَّا بِإِذْنِهِۦ﴾[4] کێی وا هەیە هەتا(بۆ خۆی ئیزنی نەدات) بتوانێ تکای لا بکات. وە فەرموویەتی: ﴿وَكَم مِّن مَّلَكٍ فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ لَا تُغْنِى شَفَٰعَتُهُمْ شَيْـًٔا إِلَّا مِنۢ بَعْدِ أَن يَأْذَنَ ٱللَّهُ لِمَن يَشَآءُ وَيَرْضَىٰٓ﴾[5] لەو هەموو ئاسمانەدا چەندین فریشتە هەیە کەسیان تکای لێ ناگیرێ کەسێ نەبێت کە خودا ئیزنی بداتو تکا بۆ کەسێ

[1] یونس (٦١).
[2] هود (٦).
[3] الانعام (٥٩).
[4] البقرة (٢٥٥).
[5] النجم (٢٦).

بکات کە خۆی حەز کاو پێی ڕازی بێ. وە فەرموویەتی: ﴿وَلَا تَنفَعُ ٱلشَّفَٰعَةُ عِندَهُۥٓ إِلَّا لِمَنْ أَذِنَ لَهُۥ﴾[1] تکاش لای ئەو بەهرە نادات، بۆ کەسێ نەبێ کە ئیزنی بدات. لە دوایی ئایەتەکەدا لێرەدا فەرموویەتی: ﴿ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ رَبُّكُمْ فَٱعْبُدُوهُ ۚ أَفَلَا تَذَكَّرُونَ﴾ هەر ئەو خودایە پەروەردگاری ئێوەیە، دەسا عەبدایەتی بکەن، ئایا ئێوە هیچ بیری لێ ناکەنەوە؟ واتە: هەر تەنیا عیبادەتی ئەو بکەن کە شەریکی نیە، خۆتان چاك دەزانن کە خوای گەورەوەدیهێنەرە کەچی ئێوەی بتپەرست لە کاروبارەکانتاندا پەرستراوی تر دەپەرستن، وەك ئەفەرموێت: ﴿وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَهُمْ لَيَقُولُنَّ ٱللَّهُ﴾[2] ئەگەر لە خۆیان بپرسی کێ ئەوانی وەدیهێنا دەڵێن: خودا. وە ئەفەرموێت: ﴿قُلْ مَن رَّبُّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ ٱلسَّبْعِ وَرَبُّ ٱلْعَرْشِ ٱلْعَظِيمِ ﴿٨٦﴾ سَيَقُولُونَ لِلَّهِ ۚ قُلْ أَفَلَا تَتَّقُونَ﴾[3] بڵێ: ڕاهێنەری حەوت ئاسمانەکانو ڕاهێنەری تەختی هەرە مەزن کێیە؟ دەڵێن: گشتی هی خوایە، بڵێ: دەی بۆچی هیچ ترستان نیە؟ ئایەتی پێش ئەم ئایەتەو ئایەتی دوایش هەر وایە.

﴿إِلَيْهِ مَرْجِعُكُمْ جَمِيعًا ۖ وَعْدَ ٱللَّهِ حَقًّا ۚ إِنَّهُۥ يَبْدَؤُا۟ ٱلْخَلْقَ ثُمَّ يُعِيدُهُۥ لِيَجْزِىَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ بِٱلْقِسْطِ ۚ وَٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ لَهُمْ شَرَابٌ مِّنْ حَمِيمٍ وَعَذَابٌ أَلِيمٌۢ بِمَا كَانُوا۟ يَكْفُرُونَ ﴿٤﴾﴾

گەڕانەوەی هەموو بۆ لای خودایە

خوای گەورەئەفەرموێت: ﴿إِلَيْهِ مَرْجِعُكُمْ جَمِيعًا ۖ وَعْدَ ٱللَّهِ حَقًّا ۚ إِنَّهُۥ يَبْدَؤُا۟ ٱلْخَلْقَ ثُمَّ يُعِيدُهُۥ﴾ بەڵێنی خودا ڕاستە، ئێوە هەموو بەرەو ئەو دەگەڕێنەوە، ئەو لە پێشدا وەدی دەهێنێو پاشان دەیگەڕێنێتەوە. خودای گەورە باسی ئەوە دەکات کە هەموو دروستکراوەکان لە ڕۆژی قیامەتدا دەگەڕێنەوە بۆ لای، هیچی بەجێ ناهێڵێ، وەك چۆن لە سەرەتادا دروستی کردن وایش دەیانهێنێتەوە، وەك لە ئایەتێکی تریشدا فەرموویەتی: ﴿وَهُوَ ٱلَّذِى يَبْدَؤُا۟ ٱلْخَلْقَ ثُمَّ يُعِيدُهُۥ وَهُوَ أَهْوَنُ عَلَيْهِ﴾[4] خۆی ئەو خەڵکە وەدی دێنێو دواجاریش دەیهێنێتەوە کە بۆ ئەو ئاسانتریشە ﴿لِيَجْزِىَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ بِٱلْقِسْطِ﴾ تا ئەوانەی باوەڕدارنو کردەوەی چاکیان بووە(بێ جیاوازی) پاداشتی خۆیان بداتێ، بە تەواویو دادوەرانە، ﴿وَٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ لَهُمْ شَرَابٌ مِّنْ حَمِيمٍ وَعَذَابٌ أَلِيمٌۢ بِمَا كَانُوا۟

---

[1] سبأ (٢٣).

[2] الزخرف (٨٧).

[3] المؤمنون (٨٦-٨٧).

[4] الروم (٢٧).

یَكۡفُرُونَ ﴾ ئەوانەش کە خوانەناس بوون،(لە سزای ناسوپاسیدا) ئاوی زۆر گەرم دەخۆنەوەو جەزرەبەی بە ژانیان دەبێ، واتە: بەهۆی خوانەناسیانەوە لە ڕۆژی قیامەتدا چەندەها جۆر سزایە ئەدرێن وەك گرە باو ئاوە کوڵو چرە دووکەڵ سێبەریانە ﴿ هَٰذَا فَلۡيَذُوقُوهُ حَمِيمٞ وَغَسَّاقٞ ٥٧ وَءَاخَرُ مِن شَكۡلِهِۦٓ أَزۡوَٰجٌ ﴾[1] با لەوێدا ئاوە کوڵو کێمو زووخاو بخۆنەوە، هەر لەو جۆرە جەزرەبانە، چەندین وێنەی تریش هەیە. وە فەرموویەتی: ﴿هَٰذِهِۦ جَهَنَّمُ ٱلَّتِي يُكَذِّبُ بِهَا ٱلۡمُجۡرِمُونَ ٤٣ يَطُوفُونَ بَيۡنَهَا وَبَيۡنَ حَمِيمٍ ءَانٖ﴾[2] ئەمە هەرئەو جەهەنمەیە تاوانباران بڕوایان وا نەبوو هەیە، لەناویداو لەناو ئاوەکوڵدا دەخولێنەوە.

﴿ هُوَ ٱلَّذِي جَعَلَ ٱلشَّمۡسَ ضِيَآءٗ وَٱلۡقَمَرَ نُورٗا وَقَدَّرَهُۥ مَنَازِلَ لِتَعۡلَمُواْ عَدَدَ ٱلسِّنِينَ وَٱلۡحِسَابَۚ مَا خَلَقَ ٱللَّهُ ذَٰلِكَ إِلَّا بِٱلۡحَقِّۚ يُفَصِّلُ ٱلۡأٓيَٰتِ لِقَوۡمٖ يَعۡلَمُونَ ٥ إِنَّ فِي ٱخۡتِلَٰفِ ٱلَّيۡلِ وَٱلنَّهَارِ وَمَا خَلَقَ ٱللَّهُ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ لَأٓيَٰتٖ لِّقَوۡمٖ يَتَّقُونَ ٦ ﴾

هەموو شتێ شایەتە لەسەر توانای خودا

خوای گەورەئەفەرموێت: ﴿ هُوَ ٱلَّذِي جَعَلَ ٱلشَّمۡسَ ضِيَآءٗ وَٱلۡقَمَرَ نُورٗا ﴾ هەر خۆیەتی خۆری کردە تیشکدەرو مانگی کردە تریفەدار. خودای گەورە باسی ئەو نیشانانە دەکات کە وەدیهێناوە، هەموو بەڵگەن لەسەر توانای تەواوو دەسەڵاتی مەزنی خۆی کە وای کردوە ئەو تیشکەی لە خۆرەوە دەردەچێ بوەتە ڕووناکیو ئەو تیشکەیش لە مانگەوە دەردەچێ کردویەتی بە ڕۆشنایی، ئەمە هونەرێکەو ئەویش هونەرێکی ترە جیاوازی دروستکردوە لە نێوانیاندا، تا لە یەك نەچن، توانای داوە بە خۆر لە ڕۆژداو تواناشی داوە بە مانگ لە شەوداو چەند قۆناغی بۆ دیاری کردووە، تا هەژماری ساڵەکانو حیسابتانی پێ بزانن، لە سەرەتاوە بە بچوکی دەردەکەوێ پاشان بە ڕووناکیو تەنەکەی زیاد دەکات هەتا بە ڕێکیو تەواوی دەردەکەوێ، پاشان دەست دەکاتەوە بە بچوك بونەوە هەتا دەگەڕێتەوە بۆ حاڵەکەی پێشوی لە کۆتاییو تەواو بوونی مانگدا. وەك خودای گەورە لە ئایەتی تردا فەرموویەتی: ﴿ وَٱلۡقَمَرَ قَدَّرۡنَٰهُ مَنَازِلَ حَتَّىٰ عَادَ كَٱلۡعُرۡجُونِ ٱلۡقَدِيمِ ٣٩ لَا ٱلشَّمۡسُ يَنۢبَغِي لَهَآ أَن تُدۡرِكَ ٱلۡقَمَرَ وَلَا ٱلَّيۡلُ سَابِقُ ٱلنَّهَارِۚ وَكُلّٞ فِي فَلَكٖ يَسۡبَحُونَ ﴾[3] مانگیش ئێمە بۆمان دانا بە چەند قۆناغدا تێپەڕێ، تا وای لێ دێ وەك پەلی کۆنەی وشکەڵی داری خورما دێتە بەر چاو، نە خۆر توانای وای هەیە

[1] ص (٥٧–٥٨).

[2] الرحمن (٤٢–٤٣).

[3] يس (٣٩–٤٠).

بگات بە مانگ، نە شەو پێش ڕۆژ دەکەوێ، هەموو لە ئاسمانێك مەلە دەکەن. وە فەرموویەتی: ﴿وَالشَّمْسَ وَالْقَمَرَ حُسْبَانًا﴾[1] خۆرو مانگی بۆ ژمارەی ئێوە ساز داوە. وە لەم ئایەتەدا کە ئەفەرموێت: ﴿وَقَدَّرَهُ مَنَازِلَ لِتَعْلَمُوا عَدَدَ السِّنِينَ وَالْحِسَابَ﴾ وە چەند قۆناغی(بۆ مانگ) دیاری کرد، تا هەژماری ساڵەکانو حیسابتانی پێ بزانن. بە خۆر ڕۆژەکان دەزانرێو بە ڕۆشتنی مانگیش مانگەکانو ساڵەکان دیاری دەکرێ. ﴿مَا خَلَقَ اللَّهُ ذَلِكَ إِلَّا بِالْحَقِّ﴾ خودا بە ڕاستی ئەمانەی وەدیهێناوە. بە گاڵتە ئەمانەی دروستنەکردوە، بەڵکو خۆی دانایەو زۆر چاك دەزانێ لەبەر چیی‌و بۆ چیە. وەك لە ئایەتێکی تردا ئەفەرموێت: ﴿وَمَا خَلَقْنَا السَّمَاءَ وَالْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا بَاطِلًا ذَلِكَ ظَنُّ الَّذِينَ كَفَرُوا فَوَيْلٌ لِلَّذِينَ كَفَرُوا مِنَ النَّارِ﴾[2] ئێمە ئاسمانو زەویمان(ئەوەی کە لە نێوانیاندایە) بە خۆڕایی دروستنەکرد، ئەو کەسانەی وا بیر دەکەنەوە خوانەناسن، هاوار لەوانەی خوانەناسن، بۆ ئەو ئاگرەی دەچنە ناوی. وە فەرموویەتی: ﴿أَفَحَسِبْتُمْ أَنَّمَا خَلَقْنَاكُمْ عَبَثًا وَأَنَّكُمْ إِلَيْنَا لَا تُرْجَعُونَ ﴿١١٥﴾ فَتَعَالَى اللَّهُ الْمَلِكُ الْحَقُّ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ رَبُّ الْعَرْشِ الْكَرِيمِ﴾[3] ئایا ئێوە پێتان وا بوو بە گەمە دروستمان کردون، ناشتان هێنینەوە لای خۆمان؟، پایە بەرزی بۆ خودایە، کە پاشای ڕاستەقینەیە، هیچ پەرستویەکیش جگە لە ئەو نیە، هەر خۆیەتی پەروەردگاری تەختی گەورە. پاشان ئەفەرموێت: ﴿يُفَصِّلُ الْآيَاتِ لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ﴾ بەڵگەکان شی دەکاتەوە بۆ ئەو کەسانەی کە زانان. وە ئەفەرموێت: ﴿إِنَّ فِي اخْتِلَافِ اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ﴾ لە هاتوچۆی شەوو ڕۆژدا بە دوای یەکدا، کە ئەم هات ئەو دەڕوات هیچ دوا ناکەوێ. وەك ئەم ئایەتە کە ئەفەرموێت: ﴿يُغْشِي اللَّيْلَ النَّهَارَ يَطْلُبُهُ حَثِيثًا﴾[4] ڕۆژ بە شەو دادەپۆشێ، ڕۆژیش پەلە دەکەوێتە سەر شەو. وە فەرموویەتی: ﴿لَا الشَّمْسُ يَنْبَغِي لَهَا أَنْ تُدْرِكَ الْقَمَرَ﴾[5] نە خۆر توانای ئەوەندە هەیە بگات بە مانگ. وە فەرموویەتی: ﴿فَالِقُ الْإِصْبَاحِ وَجَعَلَ اللَّيْلَ سَكَنًا وَالشَّمْسَ وَالْقَمَرَ

---

[1] الانعام (٩٦).

[2] ص (٢٧).

[3] المؤمنون (١١٥-١١٦).

[4] الاعراف (٥٤).

[5] یس (٤٠).

حُسْبَانًا ﴾[1] تێکوڵی شەوگار لادەداتو سپێدەتان بۆ دەخاتە ڕوو، شەوی بۆ ئۆقرە گرتنو خۆرو مانگیشی بۆ ژمارەی ئێوە دروستکردوە. پاشان لێرەدا ئەفەرموێت: ﴿وَمَا خَلَقَ ٱللَّهُ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ﴾ ئەوەی لە ئاسمانانو زەمیندا دروستی کردون لەو نیشانانەن کە بەڵگەیە لەسەر گەورەیی خودای مەزن. وەك لە ئایەتی تریشدا ئەفەرموێت: ﴿وَكَأَيِّن مِّنْ ءَايَةٍ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ﴾[2] چەندە زۆرن نیشانەکان لە ئاسمانەکانو زەمیندا. وە فەرموویەتی: ﴿ قُلِ ٱنظُرُواْ مَاذَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِۚ وَمَا تُغْنِي ٱلْأٓيَٰتُ وَٱلنُّذُرُ عَن قَوْمٍ لَّا يُؤْمِنُونَ ﴾[3] بڵێ: وردببنەوە بزانن لە ئاسمانەکانو زەمیندا چی هەیە؟ کەچی ئەم هەموو نیشانەو ترساندنە کار ناکاتە سەر کۆمەڵی بڕوا نەهێن. وە فەرموویەتی: ﴿ أَفَلَمْ يَرَوْاْ إِلَىٰ مَا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلْأَرْضِ ﴾[4] ئایا ئەمانە لە پێشەوەو پاشەوەی خۆیان نەڕوانی، لەم ئاسمانو زەمینەدا؟ وە فەرموویەتی: ﴿إِنَّ فِي خَلْقِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَٱخْتِلَٰفِ ٱلَّيْلِ وَٱلنَّهَارِ لَأٓيَٰتٍ لِّأُوْلِي ٱلْأَلْبَٰبِ ﴾[5] لە وەدیهێنانی ئاسمانەکانو زەمینداو ئاڵوگۆڕی شەوو ڕۆژدا، زۆر نیشانەی بتەو هەیە بۆ ئەوانەی خاوەنی دڵی وشیارن. وە لێرەیشدا ئەفەرموێت: ﴿لَأٓيَٰتٍ لِّقَوْمٍ يَتَّقُونَ ﴾ زۆر بەڵگە هەیە بۆ ئەوانەی لە تووڕەییو تۆڵەو جەزرەبەی خودا دەترسن.

﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ لَا يَرْجُونَ لِقَآءَنَا وَرَضُواْ بِٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا وَٱطْمَأَنُّواْ بِهَا وَٱلَّذِينَ هُمْ عَنْ ءَايَٰتِنَا غَٰفِلُونَ ۝٧ أُوْلَٰٓئِكَ مَأْوَىٰهُمُ ٱلنَّارُ بِمَا كَانُواْ يَكْسِبُونَ ۝٨﴾

شوێنی ئەوانەی بڕوایان نیە بە ڕۆژی قیامەت جەهەنمە

خوای گەورەئەفەرموێت: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ لَا يَرْجُونَ لِقَآءَنَا وَرَضُواْ بِٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا وَٱطْمَأَنُّواْ بِهَا وَٱلَّذِينَ هُمْ عَنْ ءَايَٰتِنَا غَٰفِلُونَ ﴾ ئەو کەسانەی دیداری ئێمەیان ناوێو بە ژینی دنیا ڕازینو لەو بارەیەوە ترسیان نیە، ئەوانەش لە بەڵگەکانمان خەبەریان نیە. خودای گەورە باسی ژیانی بەدبەختان دەکات، ئەوانەی بڕوایان بە دیداری خودا نیە لە ڕۆژی قیامەتدا، بە هیوای هیچ شتێ نین لە لای خودا، ڕازین

---

[1] الانعام (٩٦).

[2] يوسف (١٠٥).

[3] يونس (١٠١).

[4] سبأ (٩).

[5] آل عمران (١٩٠).

بەم ژیانەی دنیا، بیّ خەم ژیان دەبەنە سەر و تێیداو بێئاگان لە نیشانەکانی، حەسەنی بەسری ئەڵێ: سوێند بە خوا هەربۆیە دونیایان ڕازاندووەتەوە و گرنگی پێئەدەن، چونکە ڕازیبوون پێی، ئەوانە لە نیشانەکانی بوونەوەر بێ خەبەرن و بیری لیّ ناکەنەوە، ئەرکە شەرعیەکانیش جێبەجیّ ناکەن ﴿ أُوْلَٰٓئِكَ مَأْوَىٰهُمُ ٱلنَّارُ بِمَا كَانُواْ يَكْسِبُونَ ﴾، ئەوانەی بەهۆی کردەوەکانیانەوە ئاگر جێگەیانە لە ڕۆژی قیامەتدا، واتە: لەسەر ئەو گوناهو تاوانەو کردارە خراپانەیانەوە لە دنیادا کردویانەو بڕواشیان نەبوە بە خوداو پێغەمبەرەکەیو ڕۆژی دوایی جەزرەبە ئەدرێن.

﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ يَهْدِيهِمْ رَبُّهُم بِإِيمَٰنِهِمْۖ تَجْرِي مِن تَحْتِهِمُ ٱلْأَنْهَٰرُ فِي جَنَّٰتِ ٱلنَّعِيمِ ﴿٩﴾ دَعْوَىٰهُمْ فِيهَا سُبْحَٰنَكَ ٱللَّهُمَّ وَتَحِيَّتُهُمْ فِيهَا سَلَٰمٌۚ وَءَاخِرُ دَعْوَىٰهُمْ أَنِ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿١٠﴾ ﴾

پاداشتی چاك بۆ بڕواداران و ئاكار چاكانە

خوای گەورە ئەفەرموێت: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ يَهْدِيهِمْ رَبُّهُم بِإِيمَٰنِهِمْۖ تَجْرِي مِن تَحْتِهِمُ ٱلْأَنْهَٰرُ فِي جَنَّٰتِ ٱلنَّعِيمِ ﴾ ئەوانەی خاوەن باوەڕ بوون و ئاكار چاكن، بەو باوەڕەی كە هەیانە خوا ڕێگەیان نیشان ئەدات دەیانباتە ناو باغاتێك پڕ لە خۆشیو جۆباریان بە بەردا دەڕوا. خودای گەورە لێرەیشدا باسی بەختەوەران دەکات ئەوانەی بڕوایان بە خوا بوەو پێغەمبەرانیان بە ڕاست زانیوەو گوێبیستی فەرمانەکانی خودا بوون و کرداری چاکیان کردوە، خودا بەهۆی ئەو بڕوایەوە ڕێگەیان نیشان ئەدات، هەڵدەگریّ ئەو(الباء)ە سەبەبیە بێت (واتە: بەهۆی ئەو باوەڕە لە دنیا بویانە خوا ڕێگەی نیشان داون لە ڕۆژی قیامەتدا بۆ سەر ڕاستە ڕیّ بۆ ئەوەی ڕزگاریان ببیّو بڕۆن بۆ بەهەشت، وە هەڵیش دەگریّ ئەو بایە بائی پشتیوانی(الاستعانة) بیّ، وەك موجاهید لەم ئایەتەدا: ﴿يَهْدِيهِمْ رَبُّهُم بِإِيمَٰنِهِمْ ﴾ دەڵێت: ڕوناکیەکیان بۆ پەیدا دەبیّوهاوڕیّ لەگەڵ ئەو ڕووناکییەدا ڕێگەدەکەن[1]. پاشان خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿ دَعْوَىٰهُمْ فِيهَا سُبْحَٰنَكَ ٱللَّهُمَّ وَتَحِيَّتُهُمْ فِيهَا سَلَٰمٌۚ وَءَاخِرُ دَعْوَىٰهُمْ أَنِ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴾ نزایان لە بەهەشتدا هەر ئەمەیە: خودایە پاکی بۆ تۆیە، بەخێرهاتن لێکردنیان هەر سەلامە، دواین نزایان هەر ئەمەیە: سوپاس بۆ خوای ڕاهێنەری گشت جیهان. واتە: ئەمە حاڵی خەڵکی ناو بەهەشتە، ئەم ئایەتە لەگەڵ ئەو ئایەتەدا کە خودای گەورە

[1] الطبري (١٥/٢٨).

فەرموویەتی: ﴿تَحِيَّتُهُمْ يَوْمَ يَلْقَوْنَهُۥ سَلَٰمٌ﴾[1] ئەو ڕۆژەی کە دێنە بەر بارەگای ئەو(خودا) بەخێرهاتنیان بە(ووشەی) سەلامە. وە فەرموویەتی: ﴿لَا يَسْمَعُونَ فِيهَا لَغْوًا وَلَا تَأْثِيمًا ﴿٢٥﴾ إِلَّا قِيلًا سَلَٰمًا سَلَٰمًا﴾[2] کە لەوێدان، نە قسەی هەرزە دەبیسن و نە وتارێکی ناڕەوا، ئەوەندەی سڵاو لە یەکتر دەکەن و وەڵامیشی پێ ئەدەنەوە. وە فەرموویەتی: ﴿سَلَٰمٌ قَوْلًا مِّن رَّبٍّ رَّحِيمٍ﴾[3] پەروەردگاری دلۆڤانیش بە فەرمایشتی خۆی سڵاوێکیان بۆ دەنێرێ. وە فەرموویەتی: ﴿وَٱلْمَلَٰٓئِكَةُ يَدْخُلُونَ عَلَيْهِم مِّن كُلِّ بَابٍ ﴿٢٣﴾ سَلَٰمٌ عَلَيْكُم﴾[4] فریشتە لە هەموو لاوە دەچنە لایان(پێیان دەڵێن) سەلامتان لێ بێ. پاشان خوای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَءَاخِرُ دَعْوَىٰهُمْ أَنِ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ﴾ دوایین نزایان هەر ئەمەیە: سوپاس بۆ خوای ڕاهێنەری هەموو جیهان. ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە خودای گەورە هەمیشە سوپاسکراوە و هەمیشەیش پەرستراوە، بۆیە سوپاسی خۆی کردوە لە سەرەتای وەدیهێنانی دروستکراوەکانی بەردەوامیشە، وە لە سەرەتای کتێبەکەیداو وە لە کاتی ڕەوانە کردنیشیدا، وەك خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ ٱلَّذِىٓ أَنزَلَ عَلَىٰ عَبْدِهِ ٱلْكِتَٰبَ﴾[5] سوپاس بۆ ئەو خوادایەی ئەم کتێبەی بۆ عەبدی خۆی ناردە خوارێ. وە فەرموویەتی: ﴿ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ﴾[6] سوپاس بۆ خودایێ کە ئاسمانان و زەمینی دروستکردوە. وە چەندین حاڵەتی تریش کە ناکرێ لێرەدا بە درێژی باس بکرێ. هەر خودایە سوپاس کراوە لە سەرەتاو لە دوایشدا لە دنیاو لە دواڕۆژیشداو لە هەموو کاتێکدا. بۆیە لەم فەرمودەیەدا هاتووە:(خەڵکی بەهەشت فێری سوپاس و ستایش دەبن وەك چۆن فێری هەناسەدان دەبن)[7] ئەوە بەو شێوەیە دەبێ، لەبەرئەوەی هەموو ئەو بەهرانەی خودا دەبینن بەسەریانەوە کە چەندبارە دەبێتەوە و دیسان دەهێنرێتەوە و هەر زیاد دەکات، کە هەرگیز دوایی نایەت و ماوەی دیاری کراوی نیە، هیچ پەرستراوێ نیە جگە لەو هیچ پەروەردگارێکیش نیە جگەلەو.

---

[1] الاحزاب (٤٤).

[2] الواقعة (٢٥-٢٦).

[3] يس (٥٨).

[4] الرعد (٢٣-٢٤).

[5] الكهف (١).

[6] الانعام (١).

[7] مسلم (٤/٢١٨١).

﴿وَلَوْ يُعَجِّلُ ٱللَّهُ لِلنَّاسِ ٱلشَّرَّ ٱسْتِعْجَالَهُم بِٱلْخَيْرِ لَقُضِىَ إِلَيْهِمْ أَجَلُهُمْ ۖ فَنَذَرُ ٱلَّذِينَ لَا يَرْجُونَ لِقَآءَنَا فِى طُغْيَٰنِهِمْ يَعْمَهُونَ ﴿١١﴾﴾

خودا وەڵامی دوعای شەڕ ناداتەوە وەك دوعای خەیر

خــــوای گەورەئەفــــەرموێت: ﴿وَلَوْ يُعَجِّلُ ٱللَّهُ لِلنَّاسِ ٱلشَّرَّ ٱسْتِعْجَالَهُم بِٱلْخَيْرِ لَقُضِىَ إِلَيْهِمْ أَجَلُهُمْ ۖ فَنَذَرُ ٱلَّذِينَ لَا يَرْجُونَ لِقَآءَنَا فِى طُغْيَٰنِهِمْ يَعْمَهُونَ ﴾ ئەگەر هەروەك خەڵکی لە خۆشی بە پەلەن، خوداش بۆ زیان لێدانیان بە پەلە بوایە، دیارە هەر دەمێك بوو نەدەمان، ئێمە واز لەوانە دێنین کە حەز لە دیدارمان ناکەن، با لە سەرکێشی خۆیاندا سەرگەردان بمێننەوە. خودای گەورەلێرەدا باسی لەسەرخۆیی خۆراگری خۆی دەکات بەرانبەر عەبدەکانی کە کاتێ دوعای شەڕ لە خۆیانو ماڵو منداڵیان دەکەن لێیان قبوڵ ناکات لە کاتی توڕەیی‌و هەراسانیدا، چونکە خودا باشیان دەناسێ کە نیازی شەڕ ئەو دوعایە ناکەن، بۆیە ئەو نزایان لێ وەرناگرێ، ئەمەیش لە سۆزو بەزەیی خواوەیە، وەك چۆن کاتێ دوعای خێر بۆ خۆیانو ماڵو منداڵیان دەکەن لێیان وەردەگرێ. بۆیە فەرموویەتی: ﴿وَلَوْ يُعَجِّلُ ٱللَّهُ لِلنَّاسِ ٱلشَّرَّ ٱسْتِعْجَالَهُم بِٱلْخَيْرِ لَقُضِىَ إِلَيْهِمْ أَجَلُهُمْ﴾ واتە: هەر کاتێ خەڵکی نزای شەڕی بکردایەو خودایش وەری گرتایە قڕی دەکردنو لەناوی ئەدان، بۆیە نابێ نزای شەڕ زۆر بکرێ، وەك لەم فەرمودەیەدا هاتوە لە حافیز ئەبوبەکری بەزارەوە لە موسنەدەکەیدا ڕیوایەتی کردوە لە جابیرەوە ئەڵێ: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی:(نزا لە خۆتان مەکەن وە نزا لە منداڵەکانتان مەکەن وە نزا لە سامانتان مەکەن، نەوەك ئەو نزایەتان ڕێکەوتی ئەو کاتە بکات کە نزای تیادا قبوڵ دەبێ، نزاکەتان لێ قبوڵ بکات). ئەبوداودیش ڕیوایەتی کردوە[1] ئەم ئایەتە وەك ئەو ئایەتە وایە کە خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَيَدْعُ ٱلْإِنسَٰنُ بِٱلشَّرِّ دُعَآءَهُۥ بِٱلْخَيْرِ ۖ وَكَانَ ٱلْإِنسَٰنُ عَجُولًا﴾[2] مرۆڤ چۆن حەز دەکات خێری بۆ بێ، ئاوایش دەیەوێ خراپی لێ بقەومێ، مرۆڤ هەر وا بە پەلە بووە. موجاهید ئەڵێ: لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا: ﴿وَلَوْ يُعَجِّلُ ٱللَّهُ لِلنَّاسِ ٱلشَّرَّ ٱسْتِعْجَالَهُم بِٱلْخَيْرِ﴾ ئەوە نزای خەڵکە لە ماڵو منداڵی کاتێ کە توڕە دەبێو لێیو دەڵێ: خوایە بەرەکەتیان تێ نەخەیو بێ بەشیان کە لە بەزەیی خۆت[3] ئەگەر خودا بە پەلە وەڵامیان بداتەوە لە نزای شەڕ، وەك چۆن لە نزای خێردا وەڵامیان ئەداتەوە لەناویان دەبات.

---

[1] أبوداود (٢/١٨٥)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

[2] الاسراء (١١).

[3] الطبري (١٥/٣٤).

﴿ وَإِذَا مَسَّ ٱلْإِنسَـٰنَ ٱلضُّرُّ دَعَانَا لِجَنۢبِهِۦٓ أَوْ قَاعِدًا أَوْ قَآئِمًا فَلَمَّا كَشَفْنَا عَنْهُ ضُرَّهُۥ مَرَّ كَأَن لَّمْ يَدْعُنَآ إِلَىٰ ضُرٍّ مَّسَّهُۥ كَذَٰلِكَ زُيِّنَ لِلْمُسْرِفِينَ مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿١٢﴾ ﴾

مرۆڤ لە کاتی تەنگانەدا یادی خوا دەکات، بەڵام لە کاتی خۆشیدا لە بیری دەچێ

خوای گەورەئەفەرموێت: ﴿ وَإِذَا مَسَّ ٱلْإِنسَـٰنَ ٱلضُّرُّ دَعَانَا لِجَنۢبِهِۦٓ أَوْ قَاعِدًا أَوْ قَآئِمًا فَلَمَّا كَشَفْنَا عَنْهُ ضُرَّهُۥ ﴾ مرۆڤ کاتێ بەڵایەك یەخەی دەگرێ(لەسەر تەنیش یا بە ڕاکشان یان بە پێوە) لەبەرمان دەپاڕێتەوە کاتێ بەڵامان لەسەریان لادا ﴿مَرَّ كَأَن لَّمْ يَدْعُنَآ إِلَىٰ ضُرٍّ مَّسَّهُۥ﴾ وەها دەڕوا هەر وەك هیچ لەبەرمان نەپاڕابێتەوە بۆ بەڵایەك تووشی بووە. خوای گەورەباسی هەراسانیو دودڵی مرۆڤ دەکات کاتێ کە تووشی بەڵا دەبێ وەك لە ئایەتێکی تردا خودی گەورە فەرموویەتی: ﴿وَإِذَا مَسَّهُ ٱلشَّرُّ فَذُو دُعَآءٍ عَرِيضٍ﴾[1] هەرکاتێ خراپەی تووش ببێ، ئەوە نزاو هاواری زۆر دەکات. واتە: زۆر دەپاڕێتەوە ئەم دوو ئایەتە یەك مانایان هەیە، چونکە مرۆڤ کاتێ تووشی دڵەڕاوکەیەك بوو دڵی تەنگ دەبێ وە زۆر دەپاڕێتەوە لەو کاتەدا، دەپاڕێتەوە لە خودا ئەو بەڵایەی لەسەر لاباتو هەڵیگرێ، ئەمە لە کاتی پاڵکەوتندا بێ یا بە دانیشتن بێ یان بە پێوە یان لە هەر حاڵەتێکدا بێ، کاتێ کە خوا بەڵاکەی لەسەر لابردو دەرووی لێکردەوە پێ نازانێو فیز دەنوێنێو دەڕوا وەك ئەوەی هیچی لێ نەقومابێ ﴿مَرَّ كَأَن لَّمْ يَدْعُنَآ إِلَىٰ ضُرٍّ مَّسَّهُۥ﴾ واتە: دەڕوا وەك ئەوەی هەرگیز لێمان نەپاڕابێتەوە بۆ ئەو بەڵایەی کە بەسەری هاتوە. پاشان خودای گەورە باسی خراپی ئەو کەسانە دەکات کە ئەمە ڕەوشتو ڕێڕەویانە. ئەفەرموێت: ﴿كَذَٰلِكَ زُيِّنَ لِلْمُسْرِفِينَ مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ﴾ ئا بەم جۆرە کردەوەمان ڕازاندۆتەوە بۆ ئەوانەی هەڵە ڕۆن، بەڵام ئەوانەی کە خودا شارەزایی پێ بەخشیونو خستونیەتە سەر ڕێی ڕاستو یارمەتی داونو وشیاری کردونەتەوە ئەم ئایەتە نایانگرێتەوە جیا کراونەتەوە. وەك ئەم ئایەتە کە خوای گەورە ئەفەرموێت: ﴿إِلَّا ٱلَّذِينَ صَبَرُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّـٰلِحَـٰتِ﴾[2] ئەوانەی نەبێت کە خۆڕاگرو ئاکار چاك بوون، وەك پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی:(کاری خاوەنباوەڕ جێی سەرسوڕمانە، خودا هیچ بڕیارێکی بۆ نەداوە و ئەو بڕیارە چاك نەبوبێت بۆی ئەگەر تووشی ناخۆشی

[1] الفصلت (٥١).

[2] هود (١١).

بوبیّ، خۆڕاگر بووە ئەوە خێر بوە بۆی، وە ئەگەر تووشی خۆشگوزەرانی بوبیّ، سوپاسی (خوای) کردوە ئەوە خێر بوە بۆی، ئەمەیش بۆ هیچ کەسێ نابیّ بۆ خاوەن باوەڕنەبێت).[1]

﴿ وَلَقَدْ أَهْلَكْنَا ٱلْقُرُونَ مِن قَبْلِكُمْ لَمَّا ظَلَمُوا۟ وَجَآءَتْهُمْ رُسُلُهُم بِٱلْبَيِّنَٰتِ وَمَا كَانُوا۟ لِيُؤْمِنُوا۟ كَذَٰلِكَ نَجْزِى ٱلْقَوْمَ ٱلْمُجْرِمِينَ ﴿١٣﴾ ثُمَّ جَعَلْنَٰكُمْ خَلَٰٓئِفَ فِى ٱلْأَرْضِ مِنۢ بَعْدِهِمْ لِنَنظُرَ كَيْفَ تَعْمَلُونَ ﴿١٤﴾ ﴾

خوای گەورەئەفەرموێت: ﴿ وَلَقَدْ أَهْلَكْنَا ٱلْقُرُونَ مِن قَبْلِكُمْ لَمَّا ظَلَمُوا۟ وَجَآءَتْهُمْ رُسُلُهُم بِٱلْبَيِّنَٰتِ وَمَا كَانُوا۟ لِيُؤْمِنُوا۟ كَذَٰلِكَ نَجْزِى ٱلْقَوْمَ ٱلْمُجْرِمِينَ ﴿١٣﴾ ثُمَّ جَعَلْنَٰكُمْ خَلَٰٓئِفَ فِى ٱلْأَرْضِ مِنۢ بَعْدِهِمْ لِنَنظُرَ كَيْفَ تَعْمَلُونَ ﴾ گەلێك بەرەمان(لە پێشودا) لەناو برد، کاتێ کە ستەمیان کرد، پێغەمبەران بە چەند نیشانەی دیارەوە هاتنە لایان، هەر باوەڕیان پێ نەهێنان، ئێمە ئاوا تاوانباران سزا دەدەین. لە پاش ئەوان ئێوەمان لەم سەر زەمینە جێنشین کرد کە ببینین کردەوەی ئێوە چۆن دەبێ. خودای گەورە باسی ئەو گەلە پێشوانە دەکات، کە چیان بەسەرهات کاتێ کە بڕوایان بە پێغەمبەرەکانیان نەکرد لەگەڵ ئەو هەموو بەڵگە بەهێزو ئاشکرانەدا کە بۆیان هێنان، پاشان خودای گەورە ئەو گەلانەی تری(دوای لەناوچونیان) لە جێیان دانا. پێغەمبەریشی بۆ ڕوانە کردن تا ببینێ چۆن گوێڕایەڵی دەکەن‌و شوێنی پێغەمبەرەکەی دەکەون. وە لە سەحیحی موسلیمدا هاتوە لە ئەبوسەعیدی خودەریەوە ئەڵێ: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی:(لە ڕاستیدا دونیا سەوزو شیرینە، خودایش ئێوەی کردۆتە جێنشین تێیدا، تەماشا دەکات داخۆ چی دەکەن، خۆتان لە دونیا بپارێزن‌و خۆشتان لە ژنان بپارێزن، چونکە لە ڕاستیدا یەکەمین بەڵای(نەوەی ئیسرائیل) بەهۆی ژنانەوە بوو).[2]

﴿وَإِذَا تُتْلَىٰ عَلَيْهِمْ ءَايَاتُنَا بَيِّنَٰتٍ قَالَ ٱلَّذِينَ لَا يَرْجُونَ لِقَآءَنَا ٱئْتِ بِقُرْءَانٍ غَيْرِ هَٰذَآ أَوْ بَدِّلْهُ قُلْ مَا يَكُونُ لِىٓ أَنْ أُبَدِّلَهُۥ مِن تِلْقَآئِ نَفْسِىٓ إِنْ أَتَّبِعُ إِلَّا مَا يُوحَىٰٓ إِلَىَّ إِنِّىٓ أَخَافُ إِنْ عَصَيْتُ رَبِّى عَذَابَ يَوْمٍ عَظِيمٍ ﴿١٥﴾ قُل لَّوْ شَآءَ ٱللَّهُ مَا تَلَوْتُهُۥ عَلَيْكُمْ وَلَآ أَدْرَىٰكُم بِهِۦ فَقَدْ لَبِثْتُ فِيكُمْ عُمُرًا مِّن قَبْلِهِۦٓ أَفَلَا تَعْقِلُونَ ﴿١٦﴾ ﴾

باسی لاساری خوانەناسانی قورەیش

خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَإِذَا تُتْلَىٰ عَلَيْهِمْ ءَايَاتُنَا بَيِّنَٰتٍ قَالَ ٱلَّذِينَ لَا يَرْجُونَ لِقَآءَنَا ٱئْتِ بِقُرْءَانٍ غَيْرِ هَٰذَآ أَوْ بَدِّلْهُ ﴾ کاتێ بەڵگە ئاشکراکانی ئێمەیان بەسەردا دەخوێنرێتەوە، ئەو کەسانەی

---

[1] مسلم (٤/٢٢٩٥).

[2] مسلم (٤/٢٠٩٨).

بە هیوای چاوپێکەوتنی ئێمە نین دەڵێن: قورئانێکی ترمان(جگە لەمە) بۆ بێنە یان بگۆڕە. خودای گەورە باسی لاساری خوانەناسان دەکات لە موشریکەکانی قورەیش، کە بڕوایان نەدەکرد بە پێغەمبەرو(ﷺ) دژایەتیان دەکرد، کاتێ پێغەمبەر(ﷺ) قورئانی بەسەردا بخوێندنایە، کە کتێبی خوداو بەڵگەیەکی دیارو ئاشکرا بوو، پێیان دەگوت: قورئانێکی تری جگە لەم قورئانەمان بۆ بێنە، واتە: ئەمە لابەو قورئانێکمان بۆ بێنە، بە شێوەیەکی تر، یان بیگۆڕە بە بارێکی تر، خودای مەزنیش فەرمووی بە پێغەمبەرەکەی: ﴿قُلْ مَا يَكُونُ لِيٓ أَنْ أُبَدِّلَهُۥ مِن تِلْقَآيِٕ نَفْسِيٓ﴾ بڵێ: لە توانامدا نیە کە لە خۆمەوە بیگۆڕم. واتە: ئەمە بۆ من نیە، بەڵکو من عەبدێکی فەرمانبەرو پێغەمبەرێکی ڕاگەیەنەرم لەلایەن خواوە ﴿إِنْ أَتَّبِعُ إِلَّا مَا يُوحَىٰٓ إِلَيَّ إِنِّيٓ أَخَافُ إِنْ عَصَيْتُ رَبِّي عَذَابَ يَوْمٍ عَظِيمٍ﴾ من هەرچی لە خواوە بۆم بێ. هەر لەوە پەیڕەوی دەکەم، ئەگەر من لە فەرمانی پەروەردگاری خۆم دەربچم. ترسم هەیە لە سزای ڕۆژە گەورەکە(واتە: ڕۆژی قیامەت).

چەسپاندنی ڕاستی ئەم قورئانە

پاشان خوای گەورەبەڵگەیان بۆدەهێنێتەوەلەسەر ڕاستی ئەم قورئانەی کە پێغەمبەر(ﷺ) بۆی هێناونو ئەفەرموێت: ﴿قُل لَّوْ شَآءَ ٱللَّهُ مَا تَلَوْتُهُۥ عَلَيْكُمْ وَلَآ أَدْرَىٰكُم بِهِۦ﴾ بڵێ: ئەگەر خوا بیویستایە بۆتانم نەدەخوێندەوە هەر فێریشی نەدەکردم، واتە: ئەوەی من بۆم هێناون، لەلایەن خوداوە ئێزن دراوم پێی. بە مەیلو ئارەزوی ئەوە، بەڵگەیش لەسەر ئەوەی کە من لە خۆمەوە نەمگوتوەو هەڵم نەبەستوە: ئێوە دەستەوسانن لە دژایەتی کردنی، وە ئێوە چاك شارەزای ڕاستگۆییو ئەمانەتی منن لەو کاتەی کە لە نێوان ئێوەدا ژیاومو پێگەیشتووم هەتا ئەو کاتەی کە خوای گەورە ڕەوانەی کردم، ئێوە هیچ ڕەخنەیەکتان لەسەر من نەبووە تا بیکەنە بەڵگە کە بڕوام پێنەکەن، هەر بۆیە خودای گەورە لەسەر زمانی پێغەمبەرەوە(ﷺ) فەرموویەتی: ﴿فَقَدْ لَبِثْتُ فِيكُمْ عُمُرًا مِّن قَبْلِهِۦٓ أَفَلَا تَعْقِلُونَ﴾ من لە پێش ئەوەیش تەمەنێکم لەناو ئێوەدا بەسەر برد، دەی ئایا ئێوە بۆ ژیر نابنو بیر ناکەنەوە؟ واتە: ئایا ئاوەزتان نیە کە هەقی پێ بناسنو لە بەتاڵ جیای بکەنەوە؟ بۆیە کاتێ هیرقەل پاشای ڕۆم پرسی لە ئەبوسوفیانو ئەوانەی لەگەڵی بوون، لەبارەی ڕەوشتی پێغەمبەرەوە(ﷺ) هیرقەل ئەڵێ بە ئەبوسوفیان: ئایا ئێوە تاوانبارتان کردبوو بە درۆزن پێش ئەوەی ئەم قسە بڵێ کە ئێستائەڵێ؟ ئەبوسوفیان ئەڵێ: گوتم: نەخێر، ئەبوسوفیان لەو کاتەدا سەری خوانەناسان بوو، سەرکردەی بتپەرستان بوو، لەگەڵ ئەوەیشدا دانی نا بە هەقدا، مەزنی

لەوەدایە کە دوژمنان شایەتی بدەن بەوە. هیرقەل پێی گوت: من دەزانم کە ئەو(محمد(ﷺ)) کە درۆی لەگەڵ خەڵکیدا نەکردبێت، نایەت درۆ بە دەم خواوە بکات.[1]

﴿ فَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ ٱفْتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا أَوْ كَذَّبَ بِـَٔايَٰتِهِۦٓ ۚ إِنَّهُۥ لَا يُفْلِحُ ٱلْمُجْرِمُونَ ﴿١٧﴾ ﴾

خـــوای گەورەئەفـــەرموێت: ﴿أَظْلَمُ مِمَّنِ ٱفْتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا أَوْ كَذَّبَ بِـَٔايَٰتِهِۦٓ ۚ إِنَّهُۥ لَا يُفْلِحُ ٱلْمُجْرِمُونَ ﴾ کێ لەو کەسە ستەمکارترە درۆ بۆ خوا هەڵدەبەسێ یان نیشانەکانی خودای بە درۆ زانی؟ بێگومان تاوانباران ڕزگار نابن. واتـە: هـیچ کەسێ لـەو کەسـە ستەمکارترو لـووت بـەرزترو تاوانبارتر نیە کە درۆ بە دەم خـواوە هەڵدەبەسێو خۆی وا دابنێ کە خـوا ڕەوانـەی کـردوە، بـەڵام وانەبێو درۆ بکات، کەس لـەوە تـاوانی گـەورەترو ناهەقیەکـەی مـەزنتر نیـە، وێنـەی ئـەم کەسانە لای کەسانی بێ ئاوەزو گەوجیش شاراوە نیە، کەواتـە چـۆن حـاڵی ئەمانـە لـە حـاڵی پێغەمبـەران دەچـێ؟ چونکە هەر کەسێ ئەم قسەی کرد ڕاست بکات یان درۆ هەر دەبێ خودای گەورە بۆی ڕاست بکاتـەوە بە چەند بەڵگە لەسەر چاکی یـان خراپـی، کـە لـە خـۆر ئاشکرا تـرە، بێگومـان جیاوازی لـە نێـوان موحەممەدو(ﷺ) موسولیمەی درۆزن بۆ ئەوانەی چاویان پێی کـەوتوە ئاشکرا تـر بـووە لـە جیـاوازی نێـوان کـاتی چێشتەنگاو نیـوەی شـەوی زۆر تاریـك، وە لـە ڕەوشـتی هـەر یەکێکیانـەوەو لـەکردارو گفتاریانـەوە، کـە هەرکەسـێ چـاو ڕۆشـن بـێ ڕاسـتی پێغەمبـەرو(ﷺ) درۆزنـی موسـویلەمەی درۆزنو سەجاحو ئەسوەدی عەنەسی بۆ دەردەکەوێ. عەبدوڵڵای کوڕی سـەلام ئـەڵێ: کـاتێ پێغەمبـەری خـودا گەیشتە مەدینە خەڵکی سڵەمینەوە منیش یەکێك بـووم لەوانـە کە سڵەمیەوە، کـاتێ بینیم زانیم کە دەمو چـاوی، دەمو چـاوی پیـاوی درۆزن نیـە، ئـەڵێ: یەکـەم شـتێ کـە لێم بیست ئەیفـەرموو:(ئـەی خەڵکینە سڵاو بکەن(لە یەکتری) خـواردن دەرخـواردی(یـەکتری) بـدەن، پەیوەنـدی خزمایـەتی بـەجێ بێنن، لە شەودا نوێژ بکەن کە خەڵکی نوستون بە سەلامەتی دەچنە بەهەشـت).[2] کـاتێ زمـامی کـوڕی سەعلەبە لەگەڵ هۆزەکەیدابوو کە بەنی سەعدی بـەنی بـەکر بـوون، یـەکێك لـەو قسانەی کە ئـەڵێ بـە پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئەڵێ: کێ ئەم ئاسمانەی بەرز کردوەتەوە؟ فـەرمووی:(خـودا) ئـەڵێ: کـێ ئـەم کێوانـەی دامەزرانـدوە؟ فـەرمووی:(خـودا). ئـەوەبوو گـوتی: کـێ ئـەم زەمینـەی تـەخت کـردوە؟ فەرمووی:(خودا). ئەڵێ: سـا سـوێند بـەو خودایـەی ئـەم ئاسمانـەی بـەرز کردوەتـەوەو ئـەم کێوانـەی دامەزرانـدوەو ئـەم زەمینـەی تـەخت کـردوە، خـودا تـۆی نـاردوە بـۆ هەمووخـەڵکی؟ فـەرمووی:(ئـەی خودایە(تۆ ئاگاداری) بەڵێ). پاشان پرسیاری لێ کرد لە بارەی نوێژو زەکاتو حـەجو ڕۆژوەوە، وە لـە

---

[1] فتح الباري (٨٢/٨).

[2] أحمد (٤٥١/٥).

هەر یەکێکیاندا ئەم سوێندەی دەخواردو پێغەمبەری خودایش(ﷺ) سوێندی دەخوارد. پێی گوت: ڕاست دەکەی، سوێند بەو کەسەی تۆی ڕەوانە کردوە بەڕاستی نە زیاد دەکەم لەوە بڕیاری داوە و نە کەمیشی ئەکەم. ئەم پیاوە تەنیا بەوە ڕازی بوو، بە تەواوی بڕوای بە ڕاستگۆیی پێغەمبەر کرد(ﷺ) بەوەی بینیو چاوی پێی کەوت لەو نیشانانەی کە بەلگە بوون لەسەرڕاستگۆیی.[1] گێڕاویانەتەوە کە عەمری کوڕی عاص هاتوە بۆ لای موسویلەمە، لە کاتی نەفامیدا هاوەڵی بوە، عەمر هێشتا موسوڵمان نەبوو، موسەیلەمە پێی ووت: هاوار بۆ تۆ ئەی عەمر، چی نێرراوەتە خوارەوە بۆ هاوەڵەکەتان،(یانی: پێغەمبەری خودا(ﷺ) لەم ماوەیەدا؟) ئەڵێ: من بیستومە هاوەڵەکانی سورەتێکی زۆر گەورەی کورت دەخوێننەوە، موسەیلەمە ئەڵێ: کامەیە؟ ئەڵێ: ﴿وَالْعَصْرِ ۝١ إِنَّ الْإِنسَانَ لَفِي خُسْرٍ﴾ هەتا کۆتایی سورەتەکە. موسەیلەمە ماوەیە بیری کردەوەو پاشان ئەڵێ: منیش بۆم هاتوەتە خوارەوە، عەمر ئەڵێ: ئەوە کامەیە؟ ئەڵێ: (یاوبر! یاوبر! إنما أنت أذنان وصدر و سائرك حضر نقر) ئەی وەبر، ئەی وەبر(وَبْر: جۆرێکە لە گیانەوەر) بێگومان تۆ دوو گوێو سنگێکیو ئەوانی تریشت چاڵو کونە. ئەی عەمر چۆنی دەبینی؟ عەمر پێی گوت: سوێند بە خودا تۆ باش دەزانی کە من دەزانم تۆ درۆ دەکەی.[2] ئەگەر ئەمە قسەی بتپەرستێك بێ لە کاتێکدا کە موشریك بووە، حاڵی موحەممەدو(ﷺ) ڕاستگۆیی موحەممەدو(ﷺ) حاڵی موسەیلەمەی درۆزن و(بێ بەش لە بەزەیی خودا) درۆ کردنی موسەیلەمەی لەلا تێکەڵاو نەبوبێ، ئاخۆ ئەوانەی کە دڵیان ڕووناكو وریایەو خاوەنی ئاوەزو بیرو هۆشێکی ڕێكو ڕاستن دەبێ چۆن بێ؟ بۆیە خوای گەورەفەرموویەتی: ﴿وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ افْتَرَىٰ عَلَى اللَّهِ كَذِبًا أَوْ قَالَ أُوحِيَ إِلَيَّ وَلَمْ يُوحَ إِلَيْهِ شَيْءٌ وَمَن قَالَ سَأُنزِلُ مِثْلَ مَا أَنزَلَ اللَّهُ﴾[3]. کێ لەو کەسە ستەمکارترە درۆ بە دەم خواوە بکات؟ یا بڵێ من لە خواوە فەرمانم پێ ڕاگەیەنراوە، کە هەرگیز هیچ فەرمانیشی لە خواوە بۆ نەهاتوە، یان بڵێ: منیش لە وێنەی ئەوانەی خوا ناردویە دەتوانم بۆتان بنێرم، بۆیە لەم ئایەتە پیرۆزەدا فەرموویەتی: ﴿أَظْلَمُ مِمَّنِ افْتَرَىٰ عَلَى اللَّهِ كَذِبًا أَوْ كَذَّبَ بِآيَاتِهِ إِنَّهُ لَا يُفْلِحُ الْمُجْرِمُونَ﴾. هەر بەو شێوەیەش هیچ کەسێ بڕوای بەو هەقە نەبێ کە پێغەمبەران هێناویانە و بەڵگەی زۆری لەسەر هاتوە هیچ کەسێ لەوە ستەمکار تر نیە.

---

[1] أنظر زاد المعاد (٣/٦٤٧)، و أصلُ القسمةِ في البخاري (٦٣)، و مسلم (١٢).

[2] البداية و النهاية (٦/٣٢٦).

[3] الانعام (٩٣).

﴿ وَيَعۡبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا يَضُرُّهُمۡ وَلَا يَنفَعُهُمۡ وَيَقُولُونَ هَٰٓؤُلَآءِ شُفَعَٰٓؤُنَا عِندَ ٱللَّهِۚ قُلۡ أَتُنَبِّـُٔونَ ٱللَّهَ بِمَا لَا يَعۡلَمُ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَلَا فِي ٱلۡأَرۡضِۚ سُبۡحَٰنَهُۥ وَتَعَٰلَىٰ عَمَّا يُشۡرِكُونَ ﴿١٨﴾ وَمَا كَانَ ٱلنَّاسُ إِلَّآ أُمَّةٗ وَٰحِدَةٗ فَٱخۡتَلَفُواْۚ وَلَوۡلَا كَلِمَةٞ سَبَقَتۡ مِن رَّبِّكَ لَقُضِيَ بَيۡنَهُمۡ فِيمَا فِيهِ يَخۡتَلِفُونَ ﴿١٩﴾ ﴾

ئەوەی بتپەرستان بە تەماین لە پەرستراوەکانیان

خــوای گەورەئەفــەرموێت: ﴿ وَيَعۡبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا يَضُرُّهُمۡ وَلَا يَنفَعُهُمۡ وَيَقُولُونَ هَٰٓؤُلَآءِ شُفَعَٰٓؤُنَا عِندَ ٱللَّهِۚ قُلۡ أَتُنَبِّـُٔونَ ٱللَّهَ بِمَا لَا يَعۡلَمُ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَلَا فِي ٱلۡأَرۡضِ ﴾ جگە خودا شتانی وا دەپەرستن، نە زیانیان لێ ئەدەن‌و نە بەهرەیان بۆیان هەیە، دەشڵێن ئەمانە لای خودا بۆمـان دەبن بە تکاکار، بڵـێ: ئایا دەتانـەوێ خـوا لـە شتێك ئاگـادار بکـەن کە لـەناو ئاسمانـەکان‌و زەمینـدا پێـی نەزانیون؟ خودای گـەورە بێـزاری خـۆی دەردەبڕێ لـە بتپەرستان، ئەوانـەی لەگـەڵ خـوادا شـتی تـر دەپەرستن، وا دەزانن ئەوانە دەبنە تکاکاریان لەلای خوداو سوودیان پێ دەگەیەنن، خودای گـەورەیش ئەفەرموێت ئەو بتانە نەسوودیان پێ دەگەیەنن‌و نە زیانیشیان لێ ئەدەن‌و هیچیـشیان بـە دەسـت نیـە ئەوەیش ئەوانە بەتەماین نابێ‌و هەرگیز ڕوونادات. بۆیـە فەرموویـەتی: ﴿قُلۡ أَتُنَبِّـُٔونَ ٱللَّهَ بِمَا لَا يَعۡلَمُ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَلَا فِي ٱلۡأَرۡضِ ﴾ بڵێ: ئاخۆ دەتانـەوێ خـوا لـە شـتێك ئاگـادار بکـەن لـەناو ئاسمانـەکان‌و زەمیندا کە پێی نەزانیوە؟ ئیبنوجەریر ئەڵێ: یانی: ئایا ئێوە خـودا لـە شـتێ ئاگـادار دەکـەن کـە ئـەو شتە لە ئاسمانەکان‌و زەمیندا پێی نـەزانیوە[1] پاشـان خـوای گەورەباسـی پـاکی‌و بـێ عـەیبی‌و پـیرۆزی خۆی دەکات کە زۆر بێزارە لەو بتپەرستی‌و خوانەناسـی ئەوانـە‌و ئەفـەرموێت: ﴿سُبۡحَٰنَهُۥ وَتَعَٰلَىٰ عَمَّا يُشۡرِكُونَ ﴾ خودا پاکە‌و بەرزترە لەو شتانەی ئەوان دەیکەن بە شەریکی.

ئەم بتپەرستیە داهێنراوە

خوای گەورەئەفەرموێت: ﴿ وَمَا كَانَ ٱلنَّاسُ إِلَّآ أُمَّةٗ وَٰحِدَةٗ فَٱخۡتَلَفُواْ ﴾ هـەموو خـەڵکی یـەك تیرە بوون، پاشان لێك جیا بوونەوە، پاشان خودا ئاگادارمان دەکاتەوە کە ئەم بتپەرستیە ڕووداوێکە‌و خەڵکی دایانهێناوە، شتێکە کە نەبوە، هەموو خەڵکی لەسەر یـەك ئـاین بـوون، ئـەویش ئـاینی ئیـسلام بووە. ئیبنوعەبباس ئەڵێ: نێـوان ئـادەم‌و نـووح دە سـەدە بـووە، هـەموویان لەسـەر ئیسلام(ژیانیـان

[1] الطبري (١٥/٤٦).

بەسەر بردووە)[1] پاشان جیاوازی لە نێوان خەڵكدا پەیدا بوو، بتپەرستراو شەریك پەیدا كرا بۆ خودا. خودای مەزنیش پێغەمبەرانی ڕەوانە كرد بە بەڵگەو نیشانەو ڕوونكردنەوەی بەهێزو پتەوەوە ﴿لِيَهْلِكَ مَنْ هَلَكَ عَنْ بَيِّنَةٍ وَيَحْيَىٰ مَنْ حَيَّ عَنْ بَيِّنَةٍ﴾[2] تا مردنی هەر كەس بە بەڵگەی ئاشكراوە بێو ژینی هەر كەسیش بە بەڵگەی ئاشكراوە بێ. پاشان خودای گەورە لێرەدا ئەفەرموێت: ﴿وَلَوْلَا كَلِمَةٌ سَبَقَتْ مِن رَّبِّكَ لَقُضِيَ بَيْنَهُمْ فِيمَا فِيهِ يَخْتَلِفُونَ﴾ ئەگەر لە پێشدا گفتی پەروەردگارت نەبوایە، ئەوەی كە مایەی كێشەیە لە ناویاندا ئێستە یەكالا كرابووەوە. واتە: ئەگەر لە پێشدا خودا بڕیاری نەدایە كە هیچ كەسێ سزا نادات تا بەڵگەی بۆنەنێرێت، وە خەڵكی ماوە داوە بۆ كاتێكی دیاریكراو، ئەوەی لە نێوان ئەواندا كێشەیەو یەك لای ئەكردەوە، خاوەن باوەڕانی خۆشبەخت دەكردو خوانەناسانیشی تووشی ناڕەحەتی دەكرد.

﴿ وَيَقُولُونَ لَوْلَآ أُنزِلَ عَلَيْهِ ءَايَةٌ مِّن رَّبِّهِۦ فَقُلْ إِنَّمَا ٱلْغَيْبُ لِلَّهِ فَٱنتَظِرُوٓا۟ إِنِّى مَعَكُم مِّنَ ٱلْمُنتَظِرِينَ ﴿٢٠﴾ ﴾

موشریكەكان داوای نیشانە دەكەن

خوای گەورەئەفەرموێت: ﴿ وَيَقُولُونَ لَوْلَآ أُنزِلَ عَلَيْهِ ءَايَةٌ مِّن رَّبِّهِۦ ﴾ دەڵێن: بۆچی موعجیزەیەكی لەلای پەروەردگاریەوە بۆ نەهاتوەتە خوارەوە؟ واتە: ئەو خوانەناسو بێ بڕواو لاسارانە دەڵێن: بۆچی موعجیزەیەك لەلایەن خوداوە بۆ موحەممەد(ﷺ) نەهاتوەتە خوارەوە، مەبەستیان ئەوەیە وەك چۆن خودا وشترەكەی دا بە سەموود، باكێوی سەفایان بۆبكات بە زێڕ یان كێوەكانی مەككەیان بۆ لابات، لە جێگایاندا باغاتو جۆباریان بۆ وەدی بهێنێ، یان هەر جۆرێكی تر كە خوا دەتوانێ بیكات. بەلام خودا كارزانە لە كرداروو گفتارەكانیدا، وەك خۆی فەرموویەتی: ﴿ تَبَارَكَ ٱلَّذِىٓ إِن شَآءَ جَعَلَ لَكَ خَيْرًا مِّن ذَٰلِكَ جَنَّٰتٍ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ وَيَجْعَل لَّكَ قُصُورًۢا ﴿١٠﴾ بَلْ كَذَّبُوا۟ بِٱلسَّاعَةِ وَأَعْتَدْنَا لِمَن كَذَّبَ بِٱلسَّاعَةِ سَعِيرًا ﴾[3] پاكیەتی بۆ ئەو كەسەی ئەگەر مەیلی لێ بێ لەوە چاكترت دەداتێ، باغاتێكت پێ دەبەخشێ جۆباریان بە بەردا دەڕواو چەن كۆشكێكیشت بۆ دادەنێ(دیارە ئەوان قیامەتیان بە درۆ زانی، ئێمەش كوڵی جەهەنمان ئامادە كردوە بۆ هەر كەسێ كە قیامەت بە

---

[1] البداية و النهاية (١/١٠١)، و قال رواه البخاري.

[2] الانفال (٤٢).

[3] الفرقان (١٠-١١).

درۆ دەزانێ. وەك ئەم ئایەتەیش کە خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَمَا مَنَعَنَآ أَن نُّرۡسِلَ بِٱلۡأٓيَٰتِ إِلَّآ أَن كَذَّبَ بِهَا ٱلۡأَوَّلُونَ﴾[1] ئێمە کە نیشانەکانمان نەدەنارد، بۆ ئەوە بوو کە پێشینەکان بە درۆیان لە قەڵەم دەدان. خودای گەورە ئەفەرموێت بێگومان سوونەتی من لەناو دروستکراوەکانمدا وا بووە، کاتێ ئەوەی کە داوایان کرد پێم دان، ئەگەر باوەڕیان هێنا(ڕزگاریان بووە) بەڵام ئەگەر باوەڕیان نەهێنابێ، زوو تۆڵەم لێسەندوون. هەر بۆیە کاتێ پێغەمبەر(ﷺ) سەرپشك خرا لە نێوان ئەوەی داوای دەکەن پێیان بدرێ ئەگەر باوەڕیان هێنا(سزا نادرێن) ئەگەر بڕوایان نەهێنا سزا ئەدرێن. وە لە نێوان دوا خستنیان، پێغەمبەر(ﷺ) دواخستنیانی هەڵبژارد وەك چۆن چەند جار هێمن بوە بەرانبەریان، بۆیە خودای گەورە ڕێنمایی پێغەمبەری(ﷺ) کردوە، لە وەڵامدانەوەی ئەو شتانەی کە خوانەناسان داوایان لێ کردوەو فەرموویەتی: ﴿فَقُلۡ إِنَّمَا ٱلۡغَيۡبُ لِلَّهِ﴾ بڵێ: زانستی نەدیاری تەنیابۆ خودایە، واتە: هەموو کاروباری بە دەست خودایە، هەر ئەو ئاگامی هەموو شتێ دەزانێ. پاشان خوای گەورەئەفەرموێت: ﴿فَٱنتَظِرُوٓاْ إِنِّي مَعَكُم مِّنَ ٱلۡمُنتَظِرِينَ﴾ ئەوا منیش لەگەڵ ئێوە لە ڕیزی چاوەنواڕانم. واتە: ئەگەر ئێوە بڕوا ناکەن هەتا ئەوەی داوای دەکەن بە چاوی خۆتان نەبینن، چاوەڕوانی فەرمانی خودا بن لە بارەی منو ئێوەوە، ئەمە لەگەڵ ئەوەیشدا چەند نیشانەی گەورەیان بە چاوی خۆیان بینیوە لە پێغەمبەری خوداوە(ﷺ) لەوەی کە داوایان لێ کردوە، کاتێ کە ئاماژەی کردوە بۆ مانگ لە شەوی چواردەدا بوە بە دوو لەتەوە بە ئامادەبوونی خۆیان، بەشێکی مانگ لە دوای کێوەکەوە بووەو بەشێکی تری لە پێش کێوەکەوە بووە، ئەمە زۆر گەورەترە لە نیشانەکانی تری سەر زەمین لەوەی کە داوایان کردوەو لەوەیش کە داوایان نەکردوە.(خودا خۆی ئاگادارە) ئەگەر بیزانیایە ئەمانە داوای ئەوەی لێ دەکەن بۆ شارەزا بوونو زیاتر دامەزراو بونیانە وەڵامی ئەدانەوە، بەڵام خودا خۆی زانیویەتی کە ئەو داوایەی لێ دەکەن هەر لەبەر لاساریو لارە جڵەویە، بۆیە هەر لەو گومانو دوو دڵیەدا هێشتونیەتەوە. وە زانیویەتی کە هیچ کەسێکیان باوەڕ ناهێنن، وەك ئەم ئایەتانە کە فەرموویەتی: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ حَقَّتۡ عَلَيۡهِمۡ كَلِمَتُ رَبِّكَ لَا يُؤۡمِنُونَ ﴿٩٦﴾ وَلَوۡ جَآءَتۡهُمۡ كُلُّ ءَايَةٍ حَتَّىٰ يَرَوُاْ ٱلۡعَذَابَ ٱلۡأَلِيمَ﴾[2] ئەو کەسانەی گفتی پەروەردگاری تۆیان لێ هاتە دی، ئیتر باوەڕ ناهێنن، جا با هەموو نیشانەیەکیشیان بۆ بێ، هەتا ئازاری بە ژان بە چاوی خۆیان دەبینن. وە فەرموویەتی: ﴿وَلَوۡ

---

[1] الاسراء (٥٩).

[2] یونس (٩٦-٩٧).

أَنَّنَا نَزَّلْنَآ إِلَيْهِمُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةَ وَكَلَّمَهُمُ ٱلْمَوْتَىٰ وَحَشَرْنَا عَلَيْهِمْ كُلَّ شَىْءٍ قُبُلًا مَّا كَانُوا۟ لِيُؤْمِنُوٓا۟ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُ ﴾[1] فریشتەکانیشمان بناردایەو مردوەکانیش قسەیان لەگەڵ بکردنایە، هەموو شتمان لە ڕووبەڕووی ئەوانەوە کۆکردایەتەوە هیچیان باوەڕیان نەدەهێنا کاتێك نەبێت کە خوا مەیلی لێ بوایە. ئەوەندە لوتیان بەرزەو خۆیان بە زل دەزانن وەك خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿ وَلَوْ فَتَحْنَا عَلَيْهِم بَابًا مِّنَ ٱلسَّمَآءِ فَظَلُّوا۟ فِيهِ يَعْرُجُونَ ﴿١٤﴾ لَقَالُوٓا۟ إِنَّمَا سُكِّرَتْ أَبْصَٰرُنَا بَلْ نَحْنُ قَوْمٌ مَّسْحُورُونَ ﴾[2] واتە: ئەگەر دەرگایەکمان بۆبکردنایەتەوە لە ئاسمانەوەو ئەوان پیایدا بڕۆنە سەرەوە، ئەوسا دەیانگوت بێگومان ئێمە چاومان بەستراوە بەڵکو ئێمە کۆمەڵێکین جادومان لێکراوە. وە فەرموویەتی: ﴿ وَإِن يَرَوْا۟ كِسْفًا مِّنَ ٱلسَّمَآءِ سَاقِطًا يَقُولُوا۟ سَحَابٌ مَّرْكُومٌ ﴾[3] ئەگەر ببینن پارچەیەك لەم ئاسمانە دادەکەوێ، دەڵێن: ئەمە هەورێکی بەسەریەکدا کەوتوە. وە فەرموویتی: ﴿ وَلَوْ نَزَّلْنَا عَلَيْكَ كِتَٰبًا فِى قِرْطَاسٍ فَلَمَسُوهُ بِأَيْدِيهِمْ لَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا۟ إِنْ هَٰذَآ إِلَّا سِحْرٌ مُّبِينٌ ﴾[4] ئەگەر ئێمە نامەیەکمان لەسەر کاغەز بۆ تۆ بناردایەتە خوارەوەو دەستیشیان لێ بدایە، ئەوانەی خوانەناسن هەر دەیانگوت: ببیِّ و نەبیِّ ئەمە جادوو نەبیِّ هیچی تر نیە! نمونەی ئەمانە زۆر کەمترن لەوەی کە وەڵامی داواکانیان بدرێتەوە. چونکە ئەوانە وەڵام دانەوەیان هیچ شودێکی نیە، لەبەر ئەوەی لەسەر لاساریی و ڕکی خۆیان بەردەوامن ئەوەندە خراپەکارو بەدڕەوشتن. بۆیە خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿فَٱنتَظِرُوٓا۟ إِنِّى مَعَكُم مِّنَ ٱلْمُنتَظِرِينَ ﴾ دەسا ئێوە چاوەڕوان بن، ئەوا منیش لەگەڵ ئێوە لە ڕیزی چاوەڕوانم.

﴿وَإِذَآ أَذَقْنَا ٱلنَّاسَ رَحْمَةً مِّنۢ بَعْدِ ضَرَّآءَ مَسَّتْهُمْ إِذَا لَهُم مَّكْرٌ فِىٓ ءَايَاتِنَا ۚ قُلِ ٱللَّهُ أَسْرَعُ مَكْرًا ۚ إِنَّ رُسُلَنَا يَكْتُبُونَ مَا تَمْكُرُونَ ﴿٢١﴾ هُوَ ٱلَّذِى يُسَيِّرُكُمْ فِى ٱلْبَرِّ وَٱلْبَحْرِ ۖ حَتَّىٰٓ إِذَا كُنتُمْ فِى ٱلْفُلْكِ وَجَرَيْنَ بِهِم بِرِيحٍ طَيِّبَةٍ وَفَرِحُوا۟ بِهَا جَآءَتْهَا رِيحٌ عَاصِفٌ وَجَآءَهُمُ ٱلْمَوْجُ مِن كُلِّ مَكَانٍ وَظَنُّوٓا۟ أَنَّهُمْ أُحِيطَ بِهِمْ ۙ دَعَوُا۟ ٱللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ لَئِنْ أَنجَيْتَنَا مِنْ هَٰذِهِۦ لَنَكُونَنَّ مِنَ ٱلشَّٰكِرِينَ ﴿٢٢﴾ فَلَمَّآ أَنجَىٰهُمْ إِذَا هُمْ يَبْغُونَ فِى ٱلْأَرْضِ بِغَيْرِ ٱلْحَقِّ ۗ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنَّمَا بَغْيُكُمْ عَلَىٰٓ أَنفُسِكُم ۖ مَّتَٰعَ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا ۖ ثُمَّ إِلَيْنَا مَرْجِعُكُمْ فَنُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴿٢٣﴾﴾

---

[1] الانعام (١١١).

[2] الحجر (١٤-١٥).

[3] الطور (٤٤).

[4] الانعام (٧).

هەڵوێست گۆڕینی خەڵکی کاتێ کەسۆزێکی بەرانبەر ئەکرێت دوای ناڕەحەتییەك

خـوای گەورەئەفـەرموێت: ﴿وَإِذَآ أَذَقْنَا ٱلنَّاسَ رَحْمَةً مِّنۢ بَعْدِ ضَرَّآءَ مَسَّتْهُمْ إِذَا لَهُم مَّكْرٌ فِىٓ ءَايَاتِنَا﴾ وە کـاتێ ئێمـە دەچـێژین چـاکەو بەهرەیـەك بەخـەڵکی لـەپاش زیـانو ناخۆشـیەك کـە لێیـان کـەوتوە، دەسـتبەجێ ئـەوان پـیلان دەگێـڕن. خـودای گـەورە باسـی ئـەوە دەکـات، کـاتێ کـە خـەڵکی تووشـی ناخۆشیەك کردو پاشان کەوتنە بەر بەزەیی خودا وەك بـوونی(ڕۆزی) دوای نـەبوونیو پیـتو بەرەکـەت دوای قاتو قڕیو بـاران بـارین دوای وشکەسـاڵیو لـەم جۆرانـە، ﴿إِذَا لَهُم مَّكْرٌ فِىٓ ءَايَاتِنَا﴾ لـەو کاتـەدا پیلان دەگێڕن بەرانبەر نیشانەکانی ئێمە، موجاهید ئەڵێ: گاڵتە بە نیشانەکانی ئێمە دەکەنو بـە درۆی دەخەنەوە.[1] ئەم ئایەتە وەك ئەو ئایەتە وایە کە خودای گـەورە ئەفـەرموێت: ﴿ وَإِذَا مَسَّ ٱلْإِنسَـٰنَ ٱلضُّرُّ دَعَانَا لِجَنۢبِهِۦٓ أَوْ قَاعِدًا أَوْ قَآئِمًا فَلَمَّا كَشَفْنَا عَنْهُ ضُرَّهُۥ مَرَّ كَأَن لَّمْ يَدْعُنَآ إِلَىٰ ضُرٍّ مَّسَّهُۥ﴾[2] مرۆ ئەگەر بەڵایەك یەخەی دەگرێ(لەسەر تەنیشت یان بـە ڕاکشان یـان بـە پێـوە) لەبـەرمان دەپاڕێتـەوە، کـاتێ بەڵامان لەسەر لابرد وەها دەڕوا هـەروەك هـیچ لەبـەرمان نەپاڕابێتـەوە. وە لـە فـەرموودەی سـەحیحدا هاتوە کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) نوێژی بەیانی بۆ کردن(بۆ هاوەڵـەکانی) دوای شـوێنەوارێکی ئاسمـان لە شەودا(واتە: دوای باران بارینێك لە شەودا) پاشان فەرمووی:(ئایا دەزانن ئـەم شـەو پـەروەردگارتان چی فەرمووە؟) ئـەڵێن: خـوداو پێغەمبەرەکـەی(ﷺ) بـاش دەزانـن، فـەرمووی:((خـوا) فەرموویـەتی: هەندێ لە عەبدەکانم بەیانیان کردوەتەوە باوەڕدارن پێمو هەندێکیشی حاشا دەکـەن، ئـەوە کە ئـەڵێ: بارانمان بۆ باری بە سۆزو بەزەیی خودا، ئەوانـە بڕوایـان پـێم هەیـەو حاشـا لـە ئەستێرەکان دەکـەن، بەڵام ئەوەی ئەڵێ: بارانمان بۆ باری بە هەڵهاتنی فڵانو فڵان(ئەستێرە) ئەوانە حاشـا لـە مـن دەکـەنو باوەڕیان بـە ئەستێرەکان هەیـە).[3] خـوای گەورەئەفـەرموێت: ﴿قُلِ ٱللَّهُ أَسْرَعُ مَكْرًا ۚ إِنَّ رُسُلَنَا يَكْتُبُونَ مَا تَمْكُرُونَ﴾ بڵێ: خودا بە پەلەترە لە تۆڵە لێ سـەندنتان. واتـە: زیـاتر ماوەتـان ئـەداتو پەلـەتان لـێ ناکات، هەتا هی وا هەیە لە تاوانباران وا دەزانێ کە هەرگیز سـزا نـادرێ، بێگومـان ئـەو کەسـە مۆڵـەت دراوە، پاشان لەناکاو دەگیرێ نووسەرە بەڕێزەکانی ئێمە هەرچی ئەوان کردوویانە دەینوسنو لەسەری هەژمار دەکـەن، پاشـان دەیخەنـە بـەر دەمـی هـەرە زانـا بـە دیـارو نەدیارەکان و ئـەویش پاداشـتیان ئەداتەوە لەسەر گـەورەو زۆر بچووكو توێـژاڵو پێسـتی تـەنکی دەوری دەنکـە خورمـا. پاشـان خـوای

---

[1] الطبري (١٥/٤٩).

[2] یونس (١٢).

[3] فتح الباري (٢/٦٠٧).

گەورەئەفـــــــەرمویت: ﴿هُوَ ٱلَّذِى يُسَيِّرُكُمْ فِى ٱلْبَرِّ وَٱلْبَحْرِ حَتَّىٰٓ إِذَا كُنتُمْ فِى ٱلْفُلْكِ وَجَرَيْنَ بِهِم بِرِيحٍ طَيِّبَةٍ وَفَرِحُوا۟ بِهَا جَآءَتْهَا رِيحٌ عَاصِفٌ وَجَآءَهُمُ ٱلْمَوْجُ مِن كُلِّ مَكَانٍ وَظَنُّوٓا۟ أَنَّهُمْ أُحِيطَ بِهِمْ دَعَوُا۟ ٱللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ لَئِنْ أَنجَيْتَنَا مِنْ هَٰذِهِۦ لَنَكُونَنَّ مِنَ ٱلشَّٰكِرِينَ﴾ هـەر(خـودا) خۆیـەتی لـەناو دەریـاو لەسـەر وشکایی دەتانگێڕێ، هەتا کاتێ لەناو کەشتی دان بایەکی خۆش دەتانبات و پێی دڵخۆشن، تـا بـای زۆر توند هەڵدەکات و لە هـەموو لایەکـەوە شەپۆلتان بـۆ دێ و بـاش دەزانـن کـە هـەموو دەوریـان گـیراوە. بەوپەڕی بڕوای پاکەوە لە خودا دەپاڕێنەوە: ئەگەر تۆ لەمە ڕزگارمان بکەی لە سوپاسگوزاران دەبـین. واتە: هەرگیز هانا بۆ بتەکان نابەن لەگەڵیدا، بەڵکو تەنیا هەر لـەو دەپاڕێنـەوەو هانـا بـۆ ئـەو دەبـەن. وەك ئـەم ئایەتـە کـە ئەفـەرموێت: ﴿وَإِذَا مَسَّكُمُ ٱلضُّرُّ فِى ٱلْبَحْرِ ضَلَّ مَن تَدْعُونَ إِلَّآ إِيَّاهُ فَلَمَّا نَجَّىٰكُمْ إِلَى ٱلْبَرِّ أَعْرَضْتُمْ وَكَانَ ٱلْإِنسَٰنُ كَفُورًا﴾[1] هەر کاتێ لەناو دەریادا تووشی بەڵایەك هاتن، هانا بۆ هەر کەسێك بـەرن، ون بووە، جگە لەو(خودا) هەر کە ڕزگاری کردن و چوونە سەر وشکانی، ئاوڕیشی لـێ نادەنـەوە، مرۆڤ زۆرسپڵەیە. وە لێرەیـشدا ئەفـەرموێت: ﴿دَعَوُا۟ ٱللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ لَئِنْ أَنجَيْتَنَا مِنْ هَٰذِهِۦ لَنَكُونَنَّ مِنَ ٱلشَّٰكِرِينَ﴾ واتە: هەرگیز هاوەڵت بۆ دانانێین، هەر بە تەنیا عیبـادەتی تـۆ دەکـەین لەوێدا، وەك چۆن لێرەدا بە تەنیا تۆ دەپەرستین، خودای گـەورەیش ئەفـەرموێت: ﴿فَلَمَّآ أَنجَىٰهُمْ إِذَا هُمْ يَبْغُونَ فِى ٱلْأَرْضِ بِغَيْرِ ٱلْحَقِّ﴾ هەر کاتێ خودا ڕزگاری کردن(بە ناهەقی) لەسەر زەوی یاخی دەبن، وەك هـەر هـیچ شت ڕووی نەدابێ ﴿كَأَن لَّمْ يَدْعُنَآ إِلَىٰ ضُرٍّ مَّسَّهُۥ﴾[2] واتە: وەك ئەوەی هەر لەبەرمان نەپاڕابێتەوە بۆ ئەو بەڵایەی تووشی بووە. پاشان خـوای گەورەئەفـەرموێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنَّمَا بَغْيُكُمْ عَلَىٰٓ أَنفُسِكُم﴾ ئـەی خەڵکینە ئەم ناهەقیانە هەر زیانی بۆ خۆتانە. واتە: بێگومان ئۆباڵی ئەو ستەمەی کە دیکەن دەکەوێتـە سـەر خۆتـان و جگـە لـە خۆتـان کەسـی تـر تووشـی زیـان ناکـەن، وەك لـەم فـەرموودە سـەحیحە کە هاتوە:(هیچ تاوانێ نیە شایەنی ئەوە بێ کە خودا زوو تۆڵەی بسێنێ لە دنیاداو لەگـەڵ ئـەوەیش خـودا بۆیان هەڵدەگرێ لە ڕۆژی قیامەتدا بۆ خاوەنەکەی لە ناهـەقی کـردن و بڕینی پەیوەنـدی خزمایـەتی).[3] خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿مَّتَٰعَ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا﴾ بۆخۆشی ژیان لە دنیایە، کە زۆر کەم بایەخـەو بـێ

---

[1] الاسراء (٦٧).

[2] یونس (١٢).

[3] أبوداود (٥/٢٠٨)، فەرموودەیەکی حەسەنە.

نرخە بۆتان. ﴿ثُمَّ إِلَيْنَا مَرْجِعُكُمْ فَنُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ﴾ پاشان دێنەوە لای ئێمە، ئەوسا ئاگادارتان دەکەین کە چیتان کردوە، واتە: لە هەموو کردارەکانتان کە کردوتانە ئاگادارتان دەکەینەوەو هەقی خۆتانتان بە تەواوی ئەدەینێ، هەر کەسێ چاکەی بینی با سوپاسی خوا بکات هەرکەسیش شتی تری دی جگە لە چاکە با تەنیا سەرزەنشتی خۆی بکات.

﴿إِنَّمَا مَثَلُ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا كَمَآءٍ أَنزَلْنَٰهُ مِنَ ٱلسَّمَآءِ فَٱخْتَلَطَ بِهِۦ نَبَاتُ ٱلْأَرْضِ مِمَّا يَأْكُلُ ٱلنَّاسُ وَٱلْأَنْعَٰمُ حَتَّىٰٓ إِذَآ أَخَذَتِ ٱلْأَرْضُ زُخْرُفَهَا وَٱزَّيَّنَتْ وَظَنَّ أَهْلُهَآ أَنَّهُمْ قَٰدِرُونَ عَلَيْهَآ أَتَىٰهَآ أَمْرُنَا لَيْلًا أَوْ نَهَارًا فَجَعَلْنَٰهَا حَصِيدًا كَأَن لَّمْ تَغْنَ بِٱلْأَمْسِ ۚ كَذَٰلِكَ نُفَصِّلُ ٱلْءَايَٰتِ لِقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ (٢٤) وَٱللَّهُ يَدْعُوٓا۟ إِلَىٰ دَارِ ٱلسَّلَٰمِ وَيَهْدِى مَن يَشَآءُ إِلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ (٢٥)﴾

نمونەی ئەم ژیانی دنیایە

خـوای گەورەئەفـەرموێت: ﴿إِنَّمَا مَثَلُ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا كَمَآءٍ أَنزَلْنَٰهُ مِنَ ٱلسَّمَآءِ فَٱخْتَلَطَ بِهِۦ نَبَاتُ ٱلْأَرْضِ مِمَّا يَأْكُلُ ٱلنَّاسُ وَٱلْأَنْعَٰمُ﴾ دیارە ژیانی ئەم دنیایە هەروەکو ئەو ئاوە وایە، لە ئاسمانەوە دەیبارێنینو رووەکی جۆراوجۆری ئەم سەر زەمینەی پێ دەڕوێ، ئەو شتانەی کە مرۆڤو ئاژەڵ دەیخۆن، خودای گەورە نمونەیەکی هێناوەتەوە بۆ جوانیو ڕازاوەیی ژیانی دنیاو بە پەلەو زوو کۆتـایی هاتنو نەمانی، وەك رووەكو گژو گیا کە خودا لە زەوی دەری هێناوە، بەو ئاوەی لە ئاسمانەوە باراندویەتی، لەوانەی کە مرۆڤ دەیخوات لە کشتوکاڵو بەری دارو درەخت بە جیاوازی چەشنو جۆرەکانیەوە، لەوانەیش کە گیانلەبەرەکانی تر دەیخۆن لە گیاو گژەو سەوزاییو شتی تر، ﴿إِذَآ أَخَذَتِ ٱلْأَرْضُ زُخْرُفَهَا﴾ هەتا ئەو کاتەی زەمین ڕەنگاو ڕەنگ دەبێت، بەو جوانیە دوا کۆتایە، ﴿وَٱزَّيَّنَتْ﴾ خۆی ئەڕازێنێتەوە،بەوەی کە لەسەری دەڕوێ لەو هەموو گوڵ و گوڵاڵەو جوانو هەمە جۆرو چەشنو شێوەو ڕەنگە. ﴿وَظَنَّ أَهْلُهَآ أَنَّهُمْ قَٰدِرُونَ عَلَيْهَآ﴾ خەڵکی سەر زەوی وا دەزانن لە دەسەڵاتی ئەواندایە، واتە: ئەوانەی چاندویانەو ڕواندویانە لایان وایە کە دەتوانن لێی بکەنەوەو دروێنەی بکەن، ئا لەو کاتەدا بایەکی توندو سارد لێی بدات، گەڵاکانی وشك بکاتو بەروبومەکەی لەناوبەرێ ﴿أَتَىٰهَآ أَمْرُنَا لَيْلًا أَوْ نَهَارًا فَجَعَلْنَٰهَا حَصِيدًا كَأَن لَّمْ تَغْنَ بِٱلْأَمْسِ﴾ هەتا کاتێ فەرمانی ئێمەی دێتە سەر(جا بە شەو یان لە ڕۆژدا) وەکو درەو کراوی لێ دەکەین، هەروەك دوێنێ هەر نەبوبێ. واتە: دوای ئەوەی کە سەوزو جوان بوە وشك دەبێ. قەتادە ئەڵێ: ﴿كَأَن لَّمْ تَغْنَ﴾ وەك هەر خۆشی نەدیبێ، هەر بەو شێوەیە هەر کاروباری دوای

نەمانی وەك ئەوە وایە کە هەر نەبوبێ. بۆیە لەم فەرموودەیەدا هاتوە:(بەختەوەرترین کەسی دنیا دەهێنرێت یەك جار نوقم دەکرێ لە ئاگردا، پاشان پێی دەگوترێ: ئایا خێرو خۆشیت هەرگیز دیوە؟ ئەویش دەڵێ: نەخێر. وە سزا کێشترین کەسیش لە دنیا دەهێنرێت یەك جار لە بەهەشتدا نوقم دەکرێ، پاشان پێی دەگوترێ: ئایا هەرگیز ناخۆشیت بە خۆتەوە دیوە؟ ئەویش دەڵێ: نەخێر)[1] خودای گەورە لەبارەی تیاچوونەوە فەرموویەتی: ﴿فَأَصۡبَحُواْ فِي دِيَٰرِهِمۡ جَٰثِمِينَ ۝٦٧ كَأَن لَّمۡ يَغۡنَوۡاْ فِيهَآ﴾[2] لەناو ماڵانی خۆیاندا دەمودەست هەستیان لێ برا، دەتگوت هەر لەوێ نەژیاون. پاشان خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿كَذَٰلِكَ نُفَصِّلُ ٱلۡأٓيَٰتِ لِقَوۡمٖ يَتَفَكَّرُونَ﴾ ئێمە ئاوا نیشانەکانمان شیدەکەینەوە بۆ ئەوانەی بیر دەکەنەوەو پەندو ئامۆژگاری وەردەگرن بەم نمونەیە کە دنیا لە دەستی خەڵکەکەی دەردەچێ‌و نامێنێ،بە پەلە لەگەڵ ئەوەیشدا پێی دەسخەرۆ دەبن‌و وا دەزانن هەر دەمێننەوە تێیداو هەرگیز نامرن، کەچی هەرلەدەستیان دەردەچێ. بێگومان سروشتی دنیاوایە، ئەوەی بە دوایدا دەگەڕێ لە دەستی ڕادەکات. ئەوەیش نایەوێ دنیابە دوای ئەودا ڕادەکات، بۆیە خوای گەورەنمونەی دنیای هێناوەتەوە بە گژو گیای زەوی لە چەند ئایەتدا لە کتێبە پیرۆزەکەیدا و لە سورەتی کەهفدا فەرموویەتی: ﴿ وَٱضۡرِبۡ لَهُم مَّثَلَ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا كَمَآءٍ أَنزَلۡنَٰهُ مِنَ ٱلسَّمَآءِ فَٱخۡتَلَطَ بِهِۦ نَبَاتُ ٱلۡأَرۡضِ فَأَصۡبَحَ هَشِيمٗا تَذۡرُوهُ ٱلرِّيَٰحُۗ وَكَانَ ٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ مُّقۡتَدِرًا ﴾[3] نمونەیەکیان لەسەر ژیانی دنیا بۆ بێنەوە، وەك ئاوێکە لە ئاسمانەوە دامان باراند، هەموو جۆرە ڕووەکێکی تێکەڵ‌و پێکەڵی بەرهەم هێنا، سەرەنجامیش بوو بە پووش با بژاندو خوا بەسەر هەموو شتێکدا توانای هەیە. هەروەها لە سورەتی (زومەر)و (حدید)یشدا هەر بەو شێوەیە خودا نمونەی بۆ ژیانی دنیا هێناوەتەوە.

هەڵنان بۆ ئەو بەهرانەی کە بەردەوامەو هەرگیز نەمانی بەسەردا نایەت

کاتێ خوای گەورەباسی دنیاو زوو لەناوچوونی کرد، خەڵك هەڵدەنێ‌و بانگیان دەکات بۆ چوونە ناو بەهەشت‌و ناوی ناوە ماڵی هێمن، واتە: دوور لە بەڵاو کەم‌و کوڕی‌و کۆسپ‌و تەگەرە. فەرموویەتی: ﴿وَٱللَّهُ يَدۡعُوٓاْ إِلَىٰ دَارِ ٱلسَّلَٰمِ وَيَهۡدِي مَن يَشَآءُ إِلَىٰ صِرَٰطٖ مُّسۡتَقِيمٖ﴾ خودا بۆ ماڵی هێمنی خەڵك بانگ دەکات‌و هەرکەسێ ئەو(خودا)یە خۆی حەز بکات، ڕێگەی ڕاستی نیشان دەدا. لە جابیری کوڕی عەبدوڵلاوە(ڕەزای خوای لێ بێ) ئەڵێ: پێغەمبەری خودا(ﷺ) ڕۆژێ هاتە دەرەوە بۆ لامان‌و

---

[1] مسلم (٤/٢١٦٢).

[2] هود (٦٧-٦٨).

[3] الكهف (٤٥).

فەرمووی:(من لە خەودا بینیم، وەك ئەوەی جوبرەئیل لەلای سەرمدا بیّو میكائیلیش لە لای قاچمدا بیّ، یەكێكیان ئەڵیّ بە هاوەڵەكەی: نمونەیەكی بۆ بێنەوە. ئەڵیّ: گوێت بگرە خوا گوێت بداتیّ، تیّ بگە خوا عەقڵت بداتیّ، نمونەی تۆو ئوممەتەكەت وەك نمونەی پاشایەك وایە خانویەكی دروست كردبیّو پاشانماڵێكی تیا بكات پاشان خوانێكی چاك دروست بكات و دوای ئەوە نوێنەری خۆی بنێرێت خەڵكی بانگ بكات بۆسەرخوانەكەی(دەعوەتەكەی)، هەندیّ لەو خەڵكە وەڵامی ڕاسپاردەكە بدەنەوەو هەندێكیشی وازی لیّ بێنن، خودا(خۆی) پاشاكەیەو شوێنەكەیش ئیسلامەو خانوەكەیش بەهەشتە. وە تۆ ئەی موحەممەد(ﷺ) ڕاسپاردەكەی هەركەسیّ وەڵامی دایتەوە چووەتە ناو ئیسلام، هەركەس چووە ناو ئیسلام چووەتە بەهەشت، هەركەسیش چووە بەهەشت لێی خواردوە) ئیبنوجەریر ڕیوایەتی كردوە[1] وە لە ئەبودەردائەوە بە مەرفوعی هاتوە كە گوتوویەتی: هیچ ڕۆژیّ نیە كە خۆری تێدا هەڵبیّ حەتمەن لەگەڵیدا دوو فریشتە بانگ دەكەن، هەموو خەڵكی خودا دەیبیسیّ جگە لە مرۆڤو جنۆكە:(دەڵێن) ئەی خەڵكینە وەرن بۆ لای پەروەردگارتان، بێگومان ئەوەی كەمو كیفایەتە چاكترە لەوەی كە زۆر و سەرقاڵكەرە). ئەشڵیّ: خودا ئەوەی لە قورئاندا ناردوەتە خوارەوەو فەرموویەتی: ﴿وَٱللَّهُ يَدۡعُوٓاْ إِلَىٰ دَارِ ٱلسَّلَٰمِ﴾ ئیبنوئەبی حاتەمو ئیبنوجەریر ڕیوایەتیان كردوە[2].

﴿لِّلَّذِينَ أَحۡسَنُواْ ٱلۡحُسۡنَىٰ وَزِيَادَةٞۖ وَلَا يَرۡهَقُ وُجُوهَهُمۡ قَتَرٞ وَلَا ذِلَّةٌۚ أُوْلَٰٓئِكَ أَصۡحَٰبُ ٱلۡجَنَّةِۖ هُمۡ فِيهَا خَٰلِدُونَ ٢٦﴾

پاداشتی ئاكار چاكان

خوای گەورە ئەفەرموێت: ﴿لِّلَّذِينَ أَحۡسَنُواْ ٱلۡحُسۡنَىٰ وَزِيَادَةٞۖ﴾ بۆ ئەوانەی چاكە دەكەن چاكە دەكەینو زیاتریش، خودای گەورە باسی ئەو كەسە دەكات كە كاری چاكی كردوە، لە دنیادا بە باوەڕێكی بتەوو چاكەوە ژیاوە و هەڵساوە بە كاری باش، زیاتر چاكەی لەگەڵدا دەكریّ لە ڕۆژی قیامەتدا وەك فەرموویەتی: ﴿ هَلۡ جَزَآءُ ٱلۡإِحۡسَٰنِ إِلَّا ٱلۡإِحۡسَٰنُ ﴾[3] ئایا پاداشتی كاری چاك چاكە دانەوەنەبێت چی ترە؟ پاشان لێرەدا ئەفەرموێت: ﴿وَزِيَادَةٞۖ﴾ ئەوزیادەیە بریتییە لە: چەند بارەی چاكەكان، چاكە بە دە ئەوەندە هەتا حەوت سەد جارو دیسان زیاتر لەوەیش ئەو شتانەیش دەگرێتەوە كە پێیان ئەدات لە بەهەشتدا لە كۆشكو كیژی سپیو ڕەزامەندی خودایش لێیان، ئەوەیش كە بۆی هەڵگرتوون لە چاوڕۆشنیو لەمانە چاكترو گەورەترە، لەوەی كە پێیان دراوە. ئەویش ڕوانینە بۆ ڕووی پیرۆزی

---

[1] الطبري (٦١/١٥).

[2] الطبري (٦٠/١٥)، أحمد (١٩٧/٥).

[3] الرحمن (٦٠).

خودای گەورە، بێگومان ئەوە زیادەیەکە مەزنترە لە هەموو ئەو شتانەی کە پێیان دراوە، کە بە کرداری خۆیان بە دەستی ناهێننو شایستەی نین، بەڵکو بە ڕێزو بەزەیی خودا خۆیەتی، تەفسیر و ماناکردنی(زیادە) بە ڕوانین بۆ ڕووی پیرۆزی خوای گەورە ڕیوایەت کراوە لە ئەبوبەکری سدیقو حوزەیفەی کوڕی یەمانو عەبدوڵلای کوڕی عەبباسو سەعیدی کوڕی موسەیەبو عەبدوڕەحمانی کوڕی ئەبولەیلاو عەبدوڕەحمانی کوڕی باستو موجاهیدو عیکرمەو عامیری کوڕی سەعدو عەتاو زەححاکو حەسەنو سوودیو قەتادەو موحەممەدی کوڕی ئیسحاقو کەسانی تریشەوە.[1] لە(زانایانی) پێشینەو پاشینەوە، فەرموودەی زۆریش هاتوە لەو بارەیەوە لە پێغەمبەرەوە(ﷺ)، لەو فەرموودانە: ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردوە لە سوهەیبەوە(ڕەزای خوای لێ بێ) کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئەم ئایەتەی خوێندەوە: ﴿لِّلَّذِينَ أَحْسَنُوا الْحُسْنَىٰ وَزِيَادَةٌ﴾ پاشان فەرمووی:(کاتێ خەڵکی بەهەشت چوونە بەهەشتو خەڵکی ئاگر چوونە ئاگر، جاڕ چیەك جاڕ ئەدات:(دەڵێ) ئەی خەڵکی بەهەشت بەڕاستی لەلای خودا کاتێکتان بۆ دیاری کراوە دەیەوێ بۆتان جێبەجێ بکات. ئەوانیش دەڵێن: ئەوە کامەیە؟ ئایا تای تەرازوی قورس نەکردوین؟ ئایا ڕووی سپی نەکردوینو نەیخستوینەتە بەهەشتو ڕزگاری نەکردوین لە ئاگر؟(ئەڵێ) لەپڕدا پەردەیان بۆ لائەدرێت، دەڕوانن بۆخوای گەورە، سوێند بە خوا، خودا هیچ شتێکی پێ نەداون خۆشەویستر بێ لایان لەو ڕوانینە بۆیان چاوڕووونتر بۆیان).[2] هەر بەو شێوەیە موسلیمو کۆمەڵێکی تر لە زانایان ڕیوایەتیان کردوە.[3] پاشان خوای گەورەئەفەرموێت: ﴿وَلَا يَرْهَقُ وُجُوهَهُمْ قَتَرٌ﴾ تۆزی ڕەش نانیشێتە سەر ڕووخساریان، لە کۆڕەپانی مەحشەردا وەك چۆن دەمو چاوی خوانەناسانو بەدفەڕان تۆزو دوکەڵ دایدەپۆشێ ﴿وَلَا ذِلَّةٌ﴾ تووشی سوکایەتیش نایەن، واتە: بە ئاشکراو بە پەنهانی سوکایەتیان بەسەردا نایە، بەڵکو بەو شێوەیە ڕەفتاریان لەگەڵدا دەکرێ کە خوای گەورە ئەفەرموێت: ﴿فَوَقَاهُمُ اللَّهُ شَرَّ ذَٰلِكَ الْيَوْمِ وَلَقَّاهُمْ نَضْرَةً وَسُرُورًا﴾[4] خودا لە بەڵای ئەو ڕۆژە پاراستنیو تووشی گەشەو خۆشی کردن. واتە: ڕووی جوان کردنو دڵیشی خۆش کردن، خوای گەورەئێمەیش بخاتە تەك ئەوانە بە ڕێزو بەزەیی خۆی ئامین.

---

[1] الطبري (١٥/٦٣-٦٨).

[2] أحمد (٤/٣٣٣).

[3] مسلم (١/١٦٣)، تحفة الاحوذي (٨/٥٢٢)، النسائي في الكبرى (٦/٣٦١)، إبن ماجة (١/٦٧).

[4] الانسان (١١).

﴿وَالَّذِينَ كَسَبُوا السَّيِّئَاتِ جَزَاءُ سَيِّئَةٍ بِمِثْلِهَا وَتَرْهَقُهُمْ ذِلَّةٌ مَا لَهُمْ مِنَ اللَّهِ مِنْ عَاصِمٍ كَأَنَّمَا أُغْشِيَتْ وُجُوهُهُمْ قِطَعًا مِنَ اللَّيْلِ مُظْلِمًا أُولَئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ (٢٧)﴾

پاداشتی خراپەی تاوانباران

خوای گەورەئەفەرموێت: ﴿وَالَّذِينَ كَسَبُوا السَّيِّئَاتِ جَزَاءُ سَيِّئَةٍ بِمِثْلِهَا﴾ ئەو كەسانەی كاری خراپیان كردوە، سزایان بە(ئەندازەی) ئەو كارە خراپەیە كە كردویانە. كاتێ كە خودای گەورە باسی ژیانی ئەو بەختەوەرانەی كرد كە چاكەكانیان دوو جار بۆ زیاد دەكرێو لەوەیش زیاتر(پاداشت ئەدرێنەوە) بە دوای ئەوەدا باسی ژیانی بەدبەختانی كردوە، باسی دادپەروەری خۆی كردوە بەرانبەریان، كە بێگومان پاداشتیان ئەداتەوە بە وێنەی ئەو خراپەی كە پێی هەڵساون، زیاتر لەوە سزایان نادات. ﴿وَتَرْهَقُهُمْ ذِلَّةٌ﴾ ڕیسوایش دایان دەگرێ، بەهۆی تاوانەكانیانەوەو ترسیان لێی. وەك خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَتَرَاهُمْ يُعْرَضُونَ عَلَيْهَا خَاشِعِينَ مِنَ الذُّلِّ﴾[1] كە دەیانبەنە سەر ئاگر، دەیانبینی زۆر سەر كز و داماون، وە فەرموویەتی: ﴿وَلَا تَحْسَبَنَّ اللَّهَ غَافِلًا عَمَّا يَعْمَلُ الظَّالِمُونَ إِنَّمَا يُؤَخِّرُهُمْ لِيَوْمٍ تَشْخَصُ فِيهِ الْأَبْصَارُ (٤٢) مُهْطِعِينَ مُقْنِعِي رُءُوسِهِمْ﴾[2] پێت وا نەبێ خودا لە كردەی ستەمكاران بێئاگایە، بەڵام دەیانهێڵێتەوە تا ئەو ڕۆژەی كە لەوێدا هەموو چاوەكان زەق دەوەستن، لە ترساندا بە پەلە دەچن، سەرو گەردنیان ڕەق بووە. وە لێرەدا ئەفەرموێت: ﴿مَا لَهُمْ مِنَ اللَّهِ مِنْ عَاصِمٍ﴾ كەسیش لە خوا نایانپارێزێ. واتە: هیچ بەربەستو پارێزەرێ نیە بیانپارێزێ لە سزای خودا، وەك ئەم ئایەتانەیە كە خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿يَقُولُ الْإِنْسَانُ يَوْمَئِذٍ أَيْنَ الْمَفَرُّ (١٠) كَلَّا لَا وَزَرَ (١١) إِلَى رَبِّكَ يَوْمَئِذٍ الْمُسْتَقَرُّ﴾[3] خەڵكی ئەو ڕۆژە دەڵێ، ڕێگەی ڕاكردن كوانێ؟ هەرگیز پەنایەك نیە، لەو ڕۆژەدا ئارامگا لای پەروەردگارتە، پاشان لە كۆتایی ئایەتەكەدا ئەفەرموێت: ﴿كَأَنَّمَا أُغْشِيَتْ وُجُوهُهُمْ قِطَعًا مِنَ اللَّيْلِ مُظْلِمًا أُولَئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ﴾ دەڵێی ڕوویان چەند پارچە لە تاریكە شەو دایپۆشیون، ئەمانە هاوڕێی ئاگرن، تا هەتایە تێیدا دەبن(خودای گەورە لێرەدا باسی ڕەشی دەمو چاویان دەكات لە ڕۆژی قیامەتدا) وەك ئەم ئایەتە كە ئەفەرموێت: ﴿يَوْمَ تَبْيَضُّ وُجُوهٌ وَتَسْوَدُّ وُجُوهٌ فَأَمَّا الَّذِينَ اسْوَدَّتْ وُجُوهُهُمْ

---

[1] الشورى (٤٥).

[2] إبراهيم (٤٢-٤٣).

[3] القيامة (١٠-١٢).

أَكَفَرْتُم بَعْدَ إِيمَانِكُمْ فَذُوقُوا الْعَذَابَ بِمَا كُنتُمْ تَكْفُرُونَ ﴿١٠٦﴾ وَأَمَّا الَّذِينَ ابْيَضَّتْ وُجُوهُهُمْ فَفِي رَحْمَةِ اللَّهِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ ﴾[1] لەو ڕۆژەدا هەندێك ڕوویان سپیە، هەندێكی تریش ڕەش داگەڕاون، ئەو كەسانەی ڕوو ڕەشی ڕۆژی قیامەتن، پێیان دەڵێن: ئێوە دوای باوەڕ هێنان چۆن ببنونە خوانەناس، سا سزا بچێژن بۆ ئەوەی كە بوونە خوانەناس، ئەوانەشی كە ڕوو سپین، بۆ هەمیشە بەر بەزەیی خودا كەوتونو تا هەتایە تێیدا دەمێننەوە. وە فەرموویەتی: ﴿وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ مُّسْفِرَةٌ ﴿٣٨﴾ ضَاحِكَةٌ مُّسْتَبْشِرَةٌ ﴿٣٩﴾ وَوُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ عَلَيْهَا غَبَرَةٌ ﴾[2] ڕووی وا هەیە(لەو ڕۆژەدا) سورو سپی دیار دەدەن، دەم بە پێكەنینو شادن، هەندێ ڕووش هەیە ڕەشن، لەو ڕۆژەدا تۆزی مەینەتی لێ باریوە.

﴿ وَيَوْمَ نَحْشُرُهُمْ جَمِيعًا ثُمَّ نَقُولُ لِلَّذِينَ أَشْرَكُوا مَكَانَكُمْ أَنتُمْ وَشُرَكَاؤُكُمْ فَزَيَّلْنَا بَيْنَهُمْ وَقَالَ شُرَكَاؤُهُم مَّا كُنتُمْ إِيَّانَا تَعْبُدُونَ ﴿٢٨﴾ فَكَفَىٰ بِاللَّهِ شَهِيدًا بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمْ إِن كُنَّا عَنْ عِبَادَتِكُمْ لَغَافِلِينَ ﴿٢٩﴾ هُنَالِكَ تَبْلُوا كُلُّ نَفْسٍ مَّا أَسْلَفَتْ وَرُدُّوا إِلَى اللَّهِ مَوْلَاهُمُ الْحَقِّ وَضَلَّ عَنْهُم مَّا كَانُوا يَفْتَرُونَ ﴿٣٠﴾ ﴾

حاشا كردنی پەرستراوی موشریكەكان لێیان لە ڕۆژی قیامەتدا

خوای گەورە ئەفەرموێت: ﴿ وَيَوْمَ نَحْشُرُهُمْ ﴾ لەو ڕۆژەدا كە هەموو كەسێ كۆ دەكەینەوە، واتە: هەموو خەڵكی سەر زەوی لە مرۆڤو جنۆكەو چاكەخوازو خراپەكار، وەك لە ئایەتێكی تردا فەرموویەتی: ﴿وَحَشَرْنَاهُمْ فَلَمْ نُغَادِرْ مِنْهُمْ أَحَدًا ﴾[3] هەموویان كۆ دەكەینەوە، بێ ئەوە كەسیان جێ بمێنێ. لێرەدا ئەفەرموێت: ﴿ثُمَّ نَقُولُ لِلَّذِينَ أَشْرَكُوا مَكَانَكُمْ أَنتُمْ وَشُرَكَاؤُكُمْ ﴾ پاشان بەو كەسانە دەڵێین كە شەریكیان بۆ خوا دانا: ئێوە لەگەڵ شەریكەكانتاندا لە جێ مەبزوێن. واتە: لە شوێن خۆتان ڕاوەستن ئێوەیشو ئەوانیش، لە شوێنێكی دیاری كراوی جیادا بن دوور لە جێگای خاوەنباوەڕان. وەك لە ئایەتێكی تردا ئەفەرموێت: ﴿ وَامْتَازُوا الْيَوْمَ أَيُّهَا الْمُجْرِمُونَ ﴾[4] ئەی ئەوانەی تاوانبارن ئێوەش ئەمڕۆ‌دەبێ خۆتان جیابكەنەوە. وە فەرموویەتی:﴿ وَيَوْمَ تَقُومُ السَّاعَةُ يَوْمَئِذٍ يَتَفَرَّقُونَ ﴾[5] ڕۆژێ كە

---

[1] آل عمران (١٠٦-١٠٧).
[2] عبس (٣٨-٤٠).
[3] الكهف (٤٧).
[4] يس (٥٩).
[5] الروم (١٤).

قیامەت هات، ئەو ڕۆژە بەش بەش دەبنەوە. وە لە ئایەتێکی تردا فەرموویەتی: ﴿يَوۡمَئِذٖ يَصَّدَّعُونَ﴾[1] ئەو ڕۆژە بڵاوە دەکەن. واتە: لە یەکتری جیا دەبنەوە، ئەمە کاتێ دەبێت کە پەروەردگاری پاكو بێ عەیبو مەزن هات بۆ جیا کردنەوەو ڕایکردنی(ئەو خەڵکە) هەر بۆیە ئەمە گوتراوە،[2] خاوەنباوەڕان دەپاڕێنەوە لە خوای گەورە کە بێت بۆ جیا کردنەوەو ڕایکردنیانو(دەڵێن) تا لەم شوێنەماندا کە تێیدان ڕزگارمان بکات. وە لە فەرموودەیەکی تردا هاتوە:(ئێمە لە ڕۆژی قیامەتدا لەسەر تەپۆلکەیەکین لە سەروو ئەو خەڵکەوە)[3] خودای گەورە لەم ئایەتە پیرۆزەدا باسی ئەو فەرمانە دەکات کە ئەیدات بۆ بتپەرستانو بتەکانیان لە ڕۆژی قیامەتداو ئەفەرموێت: ﴿مَكَانَكُمۡ أَنتُمۡ وَشُرَكَآؤُكُمۡۚ فَزَيَّلۡنَا بَيۡنَهُمۡۖ وَقَالَ شُرَكَآؤُهُم مَّا كُنتُمۡ إِيَّانَا تَعۡبُدُونَ﴾ ئێوە لەگەڵ شەریکەکانتاندا لە جێ مەجوڵێن، بەو زوانە لێکیان جیا دەکەینەوە، شەریکەکانیان قسەیان لەگەڵ دەکەن، ئێوە هەرگیز ئێمەتان نەپەرستوە. ئەو پەرستراوانە حاشایان کردوە لە پەرستنی ئەوانە بۆیانو ناڕەزایی خۆیان دەربڕیوە، وەك ئەم ئایەتە کە ئەفەرموێت: ﴿كَلَّاۚ سَيَكۡفُرُونَ بِعِبَادَتِهِمۡ﴾[4] نەخێر، حاشا لە پەرستنیان دەکەن. وە ئەفەرموێت: ﴿إِذۡ تَبَرَّأَ ٱلَّذِينَ ٱتُّبِعُواْ مِنَ ٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُواْ﴾[5] لەو کاتەدا ڕێبەرەکان لە پەیڕەوەکانی خۆیان حاشا دەکەن، وە ئەفەرموێت: ﴿وَمَنۡ أَضَلُّ مِمَّن يَدۡعُواْ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَن لَّا يَسۡتَجِيبُ لَهُۥٓ إِلَىٰ يَوۡمِ ٱلۡقِيَٰمَةِ وَهُمۡ عَن دُعَآئِهِمۡ غَٰفِلُونَ ۝٥ وَإِذَا حُشِرَ ٱلنَّاسُ كَانُواْ لَهُمۡ أَعۡدَآءٗ﴾[6] کێ لەو کەسە گومڕاترە هانا بۆ جگەلە خوا دەبات؟ بۆ کەسێ کە تا قیامەت وڵامی ناداتەوەو هەر ئاگاشیان لە پاڕانەوەیان نیە، کاتێ مەردم هەموویان کۆ دەکرێنەوە ئەوان دەبنە دوژمنیان. لەم ئایەتەدا خودا باسی پەرستراوەکان دەکات، کاتێ کە ئەو کەسانە پەرستویانن چونەتە لایان پێیان گوتون کە ئێمە ئێوەمان پەرستوە،(پەرستراوەکانیش دەڵێن) وەك خوای گەورەئەفەرموێت: ﴿فَكَفَىٰ بِٱللَّهِ شَهِيدَۢا بَيۡنَنَا وَبَيۡنَكُمۡ إِن كُنَّا عَنۡ عِبَادَتِكُمۡ لَغَٰفِلِينَ﴾ لە نێوان ئێمەو ئێوەدا خودا شایەت بێ بەسە، ئێمە هیچ ئاگامان لێ نەبوە کە ئێوە ئێمەتان پەرستوە. واتە: ئێمە بێ ئاگاینو نازانین کە ئێمەتان پەرستوە، بەڵکو ئێوە لە خۆتانەوە ئێمەتان پەرستوە، ئێمە

---

[1] الروم (٤٣).

[2] هنا بياض في الاصل.

[3] مسلم (١/١٧٧).

[4] مريم (٨٢).

[5] البقرة (١٦٦).

[6] الاحقاف (٥-٦).

ئاگاداری ئێوه نەبووین خوا شایەت بێ لە نێوان ئێمەو ئێوەدا، کە ئێمە ئێوەمان بانگ نەکردوە کە بمانپەرستن‌و فەرمانیشمان پێ نەکردون، هەرگیز ڕازی نەبوین بەوەی کردوتانە. پاشان خوای گەورەنەفەرموێت: ﴿هُنَالِكَ تَبْلُوا۟ كُلُّ نَفْسٍ مَّآ أَسْلَفَتْ﴾ هەر لەوێدا هەموو کەسێ بە تاقیکردنەوەدا تێدەپەڕێ، هەر کارێ لە پێشدا کردویەتی دێتەوە ڕوو. لە وێستگەی لێپرسینەوەدا لە ڕۆژی قیامەتدا هەموو کەسێ ئاگادار دەکرێ‌و دەزانێ لە پێشدا چی کردوە لە چاکەو لە خراپە، وەك لە ئایەتێکی تردا فەرموویەتی: ﴿يَوْمَ تُبْلَى ٱلسَّرَآئِرُ﴾[1] لەو ڕۆژەدا کە نهێنی ئاشکرا دەبێ. وە فەرموویەتی: ﴿يُنَبَّؤُا۟ ٱلْإِنسَٰنُ يَوْمَئِذٍۭ بِمَا قَدَّمَ وَأَخَّرَ﴾[2] لەو ڕۆژەدا خەڵکە هەواڵی پێدەدرێ، چی لە پێشدا بەڕێ کردوەو چیشی لە دوا بەجێ ماوە. وە فەرموویەتی: ﴿وَنُخْرِجُ لَهُۥ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ كِتَٰبًا يَلْقَىٰهُ مَنشُورًا ﴿١٣﴾ ٱقْرَأْ كِتَٰبَكَ كَفَىٰ بِنَفْسِكَ ٱلْيَوْمَ عَلَيْكَ حَسِيبًا﴾[3] بۆی دەردەهێنین (ئەو نوسراوە) لە ڕۆژی قیامەتدا بە کراوەیی نیشانی ئەدەین(پێی دەگوترێ): خۆت نامەی بخوێنەرەوە ئەمڕۆ ئیتر هەر خۆت هەژمارکەری خۆتی. پاشان ئەفەرموێت: ﴿وَرُدُّوٓا۟ إِلَى ٱللَّهِ مَوْلَىٰهُمُ ٱلْحَقِّ﴾ دەیانبەنە لای خودای گەورەی بەڕاستی هەمووان. واتە: گشت‌و کاروبارەکان گەڕاونەتەوە بۆ لای خودای فەرمانڕەوای دادپەروەر جیای کردوەتەوەو خەڵکی بەهەشتی خستوەتە بەهەشت‌و خەڵکی ئاگریشی خستوەتە ناو ئاگر. ﴿وَضَلَّ عَنْهُم مَّا كَانُوا۟ يَفْتَرُونَ﴾ هەر درۆیە هەڵیانبەستبوو بە فیڕۆ چوو، واتە: ئەوەی موشریکەکان دەیانپەرست جگە لە خوا بە درۆ هەڵیانبەستبوو لە دەستیان چوو.

﴿ قُلْ مَن يَرْزُقُكُم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلْأَرْضِ أَمَّن يَمْلِكُ ٱلسَّمْعَ وَٱلْأَبْصَٰرَ وَمَن يُخْرِجُ ٱلْحَىَّ مِنَ ٱلْمَيِّتِ وَيُخْرِجُ ٱلْمَيِّتَ مِنَ ٱلْحَىِّ وَمَن يُدَبِّرُ ٱلْأَمْرَ ۚ فَسَيَقُولُونَ ٱللَّهُ ۚ فَقُلْ أَفَلَا تَتَّقُونَ ﴿٣١﴾ فَذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ رَبُّكُمُ ٱلْحَقُّ ۖ فَمَاذَا بَعْدَ ٱلْحَقِّ إِلَّا ٱلضَّلَٰلُ ۖ فَأَنَّىٰ تُصْرَفُونَ ﴿٣٢﴾ كَذَٰلِكَ حَقَّتْ كَلِمَتُ رَبِّكَ عَلَى ٱلَّذِينَ فَسَقُوٓا۟ أَنَّهُمْ لَا يُؤْمِنُونَ ﴿٣٣﴾ ﴾

دانپیانانی بتپەرستان بە تاك و تەنهایی خوادا لە پەروەردگاریداو هێنانەوەی بەڵگە بەوە لەسەریان

خوای گەورەناڕەزایی خۆی دەردەبڕێ لەو بتپەرستانەی دان دەنێن بە تەنهایدا لە پەروەردگاریدا کەچی دان نانێن بە پەرستنیدا بە تەنهایی‌و ئەفەرموێت: ﴿ قُلْ مَن يَرْزُقُكُم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلْأَرْضِ ﴾ بڵێ:

---

[1] الطارق (٩).

[2] القيامة (١٣).

[3] الاسراء(١٣ـ١٤).

کێ لە ئاسمان و زەمینەوە ڕۆزیتان ئەدات، واتە: ئـەوەی ئـاوی بارانتـان لـە ئاسمانـەوە بـۆ دەبـارێنیٚ و زەوی لەت دەکات بە توانا و مەیلی خـۆی و دانەوێڵـەی تیـا ڕوانـد. وەك ئەفـەرموێت: ﴿فَأَنۢبَتۡنَا فِيهَا حَبّٗا ﴿٢٧﴾ وَعِنَبٗا وَقَضۡبٗا ﴿٢٨﴾ وَزَيۡتُونٗا وَنَخۡلٗا ﴿٢٩﴾ وَحَدَآئِقَ غُلۡبٗا ﴿٣٠﴾ وَفَٰكِهَةٗ وَأَبّٗا﴾[1] ئەوسـا دانەوێڵـەمان لـێ ڕوانـدا، ڕەزو سەوزایش هەر بـەو شـێوەیە بنـە زەیـتون و دار خورمـایش، دارسـتانی چـڕو پـڕو میـوەو لەوەڕگـەیش، ﴿أَءِلَٰهٞ مَّعَ ٱللَّهِ﴾[2] ئاخۆ هیچ پەرستراوێکی تر لەگەڵ خوا هەیە. دەڵێن(نـەخێر) هـەر خـودا خۆیـەتی، وە فەرموویـەتی: ﴿أَمَّنۡ هَٰذَا ٱلَّذِي يَرۡزُقُكُمۡ إِنۡ أَمۡسَكَ رِزۡقَهُۥ﴾[3] ئـەی ئـەو کەسـە کێیـە ڕۆزیتـان ئـەدات، ئەگـەر(خـودا) ڕۆزی لـێ بڕین؟. لێرەدا ئەفـەرموێت: ﴿أَمَّن يَمۡلِكُ ٱلسَّمۡعَ وَٱلۡأَبۡصَٰرَ﴾ یـان خـاوەنی ئـەم گوێ و چاوانەتان کێیـە؟ واتـە: ئـەوەی ئـەم هێـزی بیسـتن و بینینـەی پێـداون، ئەگـەر مـەیلی لـێ بێ، هێزەکەی لادەبات و لێتان دەسێنێتەوە. وەك ئەم ئایەتە کە خـودای گـەورە ئەفـەرموێت: ﴿قُلۡ هُوَ ٱلَّذِيٓ أَنشَأَكُمۡ وَجَعَلَ لَكُمُ ٱلسَّمۡعَ وَٱلۡأَبۡصَٰرَ وَٱلۡأَفۡـِٔدَةَۚ قَلِيلٗا مَّا تَشۡكُرُونَ﴾[4] بڵـێ: ئەوخوایـە کـە ئێـوەی وەدیهێنـاوەو گوێ و چاو و دڵی پێداون، (کەچی) ئێوە کەمتر شوکری دەکەن. وە فەرموویـەتی: ﴿قُلۡ أَرَءَيۡتُمۡ إِنۡ أَخَذَ ٱللَّهُ سَمۡعَكُمۡ وَأَبۡصَٰرَكُمۡ وَخَتَمَ عَلَىٰ قُلُوبِكُم مَّنۡ إِلَٰهٌ غَيۡرُ ٱللَّهِ يَأۡتِيكُم بِهِۗ﴾[5] بڵێ: بە مـن بڵێن ئەگـەر خـوا هەسـتی گوێ و سۆمای چاوتان لێ بسێنێ و لەسـەر دڵەکانیشتانەوە مۆر دابنێ، کێ دەتـوانێ(جگـە لـە خـوا) بتاندانەوە؟ وە ئەفەرموێت: ﴿وَمَن يُخۡرِجُ ٱلۡحَيَّ مِنَ ٱلۡمَيِّتِ وَيُخۡرِجُ ٱلۡمَيِّتَ مِنَ ٱلۡحَيِّ﴾ ج کەسێکیش زینـدوو لە مردوو دەردێنیٚ و مـردوو لـە زینـدوو دەردێـنیٚ، واتـە: بـە توانـا و گـەورەیی و منـەتی زۆری خۆیـەتی، ﴿وَمَن يُدَبِّرُ ٱلۡأَمۡرَ﴾ وە کێیە بە کارەکاندا ڕادەگات؟ واتە: کێیـە مولکایـەتی هـەموو شتێکی بەدەسـتە، جێی پەنایەو کەس ناتوانێ ڕێگری بێ، خۆی کاربەدەست و فەرمانڕەوایە کەس بۆی نیە دەست بخاتـە کاری، هەرچی دەکات پرسیاری لێ ناکرێ، بەڵام ئـەوان پرسـیاریان لـێ دەکرێ. ﴿يَسۡـَٔلُهُۥ مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۚ كُلَّ يَوۡمٍ هُوَ فِي شَأۡنٖ﴾[6] ئەوەی لە ئاسمان و زەمیندایە(هـەموو) داوای(پێویستیەکانیان) لـە خـودا

---

[1] عبس (٢٧-٣١).

[2] النمل (٦٠).

[3] الملك (٢١).

[4] الملك (٢٣).

[5] الانعام (٤٦).

[6] الرحمن (٢٩).

دەکەن هەموو ڕۆژێ(خودا) بە کارێکەوە خەریکە. ئەوەی لە سەرەوەیەو ئەوەی لە خوارەوەیەو ئەوەیش تێیاندایە لە فریشتەو مرۆڤو جنۆکە هەمووی خودا خاوەنیەتی، پێویستیان بە ئەوەو بەندەی ئەوون و ملکەچین ﴿فَسَيَقُولُونَ اللَّهُ﴾ بێگومان گورج دەڵێن خودا، ئەوان ئەوە باش دەزانن و دانیشی پێدا دەنێن، ﴿فَقُلْ أَفَلَا تَتَّقُونَ﴾ بڵێ: دەی بۆ لێی ناترسن؟ واتە: ئایا لێی ناترسن کە شتی تر لەگەڵیدا دەپەرستن بە ئارەزوو نەفامی خۆتان؟ پاشان خوای گەورە ئەفەرموێت: ﴿فَذَٰلِكُمُ اللَّهُ رَبُّكُمُ الْحَقُّ﴾ بەڵێ، هەر خوا پەروەردگاری ڕاستیتانە واتە: ئەو(خودای) کە دانتان پیا نا، بێگومان ئەو کارانە هەموو ئەو دەیکات کە پەرستراو پەروەردگاری ڕاستیتانە کە شایەنی ئەوەیە بە تەنیا عیبادەتی بۆ بکرێ، ﴿فَمَاذَا بَعْدَ الْحَقِّ إِلَّا الضَّلَالُ﴾ لە پاش ڕاستی چی هەیە جگە گومڕایی؟ هەموو پەرستراوێ جگە لە خودا گومڕاییە هیچ پەرستراوێ نیە جگە لەو، تەنیایەو شەریکی نیە، ﴿فَأَنَّىٰ تُصْرَفُونَ﴾ دەی چۆن لە ڕاستی لا ئەدرێن؟ واتە: چۆن لە پەرستنی خودا لائەدەن و دەچن عیبادەتی شتێ دەکەن جگە لەو، وە ئێوە دەزانن کە خودا ئەو پەروەردگاریەکە هەموو شتێکی وەدیهێناوەو خاوەن دەستەڵاتە بەسەر هەموو شتێکدا. پاشان خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿كَذَٰلِكَ حَقَّتْ كَلِمَتُ رَبِّكَ عَلَى الَّذِينَ فَسَقُوا أَنَّهُمْ لَا يُؤْمِنُونَ﴾ ئا بەم جۆرە وتاری پەروەردگاری تۆ لەسەر لە ڕێدەرەکان بە ڕاست گەڕا، کە ئەوانە بڕوا ناهێنن. واتە: لەگەڵ ئەوەدا کە ئەو بتپەرستانە خوانەناس بوون بەردەوامیش بوون لەسەر بتپەرستیو عیبادەتی غەیری خودا، کەچی دانیشیان دەنا بەوەدا کە خوا وەدیهێنەرو ڕۆزی دەرو خاوەن موڵکو دەستەڵاتە خۆی بە تەنیا، ئەو خودای پێغەمبەرانی خۆی نارد بۆ ئەوەی خەڵکی هەر ئەو بپەرستن، ئا بەو شێوەیە قسەی خودا بە ڕاست گەڕا، ئەوانە بوونە جێنشینی ئاگرو بەدبەخت بوون. وەك خودا ئەفەرموێت: ﴿قَالُوا بَلَىٰ وَلَٰكِنْ حَقَّتْ كَلِمَةُ الْعَذَابِ عَلَى الْكَافِرِينَ﴾[1] ئەڵێن: بەڵێ. بەلام بڕیاری سزا دراوە بەسەر(ئێمەی) بێ باوەڕاندا.

﴿قُلْ هَلْ مِن شُرَكَائِكُم مَّن يَبْدَأُ الْخَلْقَ ثُمَّ يُعِيدُهُ ۚ قُلِ اللَّهُ يَبْدَأُ الْخَلْقَ ثُمَّ يُعِيدُهُ ۖ فَأَنَّىٰ تُؤْفَكُونَ ﴿٣٤﴾ قُلْ هَلْ مِن شُرَكَائِكُم مَّن يَهْدِي إِلَى الْحَقِّ ۚ قُلِ اللَّهُ يَهْدِي لِلْحَقِّ ۗ أَفَمَن يَهْدِي إِلَى الْحَقِّ أَحَقُّ أَن يُتَّبَعَ أَمَّن لَّا يَهِدِّي إِلَّا أَن يُهْدَىٰ ۖ فَمَا لَكُمْ كَيْفَ تَحْكُمُونَ ﴿٣٥﴾ وَمَا يَتَّبِعُ أَكْثَرُهُمْ إِلَّا ظَنًّا ۚ إِنَّ الظَّنَّ لَا يُغْنِي مِنَ الْحَقِّ شَيْئًا ۚ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ بِمَا يَفْعَلُونَ ﴿٣٦﴾﴾

[1] الزمر (٧١).

ئەمە پوچەڵ کردنەوەی بانگەشەی بتپەرستانە کە غەیری خوایان دەپەرست لە بتو شتەکانی تر، ﴿قُلْ هَلْ مِن شُرَكَآئِكُم مَّن يَبْدَؤُا۟ ٱلْخَلْقَ ثُمَّ يُعِيدُهُۥ﴾ بڵێ: ئایا لەناو ئەو شەریکانەتاندا هی وا هەیە کە لە نوێ شتێك دروست بکاتو پاشان زیندوی بکاتەوە؟(نەخێر) ئەوەی دەستی کرد بە دروست کردنی ئەم ئاسمانانەو زەمینەو ئەوەیش کە تیایەتی لە بونەوەر وەدیهێناو ئەستێرەکانی ئاسمانو زەمینی جیا کردەوەو پاشانیش ئاسمانەکانو زەمینو ئەوەیش لەناویاندایە لەناو دەباتو لە دوایدا ئەو خەڵکە زیندوو دەکاتەوە بە زیندوکردنەوەیەکی نوێ، خودایە تاکو تەنیایەو هەر خۆی ئەو کارانە دەکاتو شەریکی نیە ﴿يُعِيدُهُۥ ۚ قُلِ ٱللَّهُ يَبْدَؤُا۟ ٱلْخَلْقَ ثُمَّ يُعِيدُهُۥ ۖ فَأَنَّىٰ تُؤْفَكُونَ﴾ بلێ: خودا لە پێشدا بونەوەری دروست کردوەو دوایش زیندوی دەکاتەوە. دەی چۆن لە ڕاستی لادەدەنو دەچنە سەر ڕێی پڕوپوچ؟ پاشان خـــوای گەورەئەفـــەرموێت: ﴿قُلْ هَلْ مِن شُرَكَآئِكُم مَّن يَهْدِىٓ إِلَى ٱلْحَقِّ ۚ قُلِ ٱللَّهُ يَهْدِى لِلْحَقِّ﴾ بلـــێ: لـــەناو شەریکەکانتدا هی وا هەیە کە ڕێبەری ڕاستە ڕێ بێ؟ بلێ: خودا بەرەو ڕاست خەڵکی شارەزا دەکات، واتە: خۆتان چاك دەزانن کە ئەوانەی کردوتانە بە شەریکی خودا، توانای شارەزا کردنی گومرایەکیان نیە، بەڵکو ئەوەی سەرگەردانو گومراو دڵەکان وەردەگێڕێ لەسەر لێشێواویەوە بۆ ڕاستە ڕێ ئەو خودایە کە هیچ پەرستراوێکی تر نیە جگە لەو. ﴿أَفَمَن يَهْدِىٓ إِلَى ٱلْحَقِّ أَحَقُّ أَن يُتَّبَعَ أَمَّن لَّا يَهِدِّىٓ﴾ ئایا کەسێك کە ڕێبەری ڕاستە ڕێیە، چاکترە شوێنی کەوون یان کەسێ ڕێگە شارەزا نیە، گەر ڕێگەی پێ نیشان بدەن؟ واتە: ئایا بەندە شوێنی کەسێ بکەوێ کە ڕێگەی ڕاستی نیشان ئەدات و بووەتەکە کەسێکی چاو ساغ پاش ئەوەی کوێربووە یان شوێنی کەسێ کەوێ کەهیچ ڕێگەیەك نازانێ ئەوەنەبێ خەڵك بۆ کوێرەوەری کەرییەکەی خۆی بانگ بکات؟ وەك خودای گەورە باسی ئیبراهیمیش دەکاتو کە فەرموویەتی: ﴿يَـٰٓأَبَتِ لِمَ تَعْبُدُ مَا لَا يَسْمَعُ وَلَا يُبْصِرُ وَلَا يُغْنِى عَنكَ شَيْـًٔا﴾[1] ئەی باوکە تۆ بۆ شتێکی وا دەپەرستی نە دەبیسێو نەدەبینێو هیچ بەهرەیەك بە تۆ نادات. وە ئەڵێ بە هۆزەکەی: ﴿أَتَعْبُدُونَ مَا تَنْحِتُونَ ﴿٩٥﴾ وَٱللَّهُ خَلَقَكُمْ وَمَا تَعْمَلُونَ﴾[2] ئایا ئێوە شتێ دەپەرستن کە هەر خۆتان دەیدەتاشن؟ کە هەر خوایە ئێوەشو کردەوەکانتانیشی وەدیهێناوە. چەندین ئایەتی تریش لەم بارەیەوە هاتوە. ﴿فَمَا لَكُمْ كَيْفَ تَحْكُمُونَ﴾ چیتانە چۆن بریاری وا ئەدەن؟ واتە: چۆن وا بیر دەکەنەوە؟ چۆن خوداو دروستکراوەکانی وەك یەك سەیر دەکەنو ئەوانەتان کردوە بە هاوتای خوداو فلانو فلانتان پەرستوە؟

---

[1] مريم (٤٢).

[2] الصافات (٩٥-٩٦).

خۆزگە هەر پەروەردگارتان بە تەنیا دەزانی کە هەر ئەو کاربەدەستو فەرمانڕەواو ڕێنیشاندەرە لە گومراییەوە بۆ پەرستنی خۆی بە تەنیا، بە دڵسۆزیو پاکی هاوارتان لێ دەکردو دەگەڕانەوە بۆی ﴿وَمَا يَتَّبِعُ أَكْثَرُهُمْ إِلَّا ظَنًّا ۚ إِنَّ الظَّنَّ لَا يُغْنِي مِنَ الْحَقِّ شَيْئًا﴾ زۆرینەیان هەر لە شوێن خەیاڵ دەڕۆن، خەو خەیاڵیش لە ئاستی ڕاستی هیچ ناهێنێ، پاشان خوای گەورەڕوونی دەکاتەوە کە ئەوانە هیچ بەڵگەو نیشانەیەکیان بە دەستەوە نیە بۆ ئەو بتپەرستیە بەڵکو هەر خەیاڵو دالغەو دوو دڵیە کە هیچ بەهرەیەکیان پێ نادات ﴿إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ بِمَا يَفْعَلُونَ﴾ خودا لە ئاکارەکانیان ئاگادارە، ئەمە هەڕەشەو گوڕەشەیەکی زۆر توندە، چونکە خودای گەورە ئاگاداری داوە کە بەو زوانە بە تەواوی سزایان ئەدات(واتە: لە ڕۆژی قیامەتدا).

﴿ وَمَا كَانَ هَٰذَا الْقُرْآنُ أَن يُفْتَرَىٰ مِن دُونِ اللَّهِ وَلَٰكِن تَصْدِيقَ الَّذِي بَيْنَ يَدَيْهِ وَتَفْصِيلَ الْكِتَابِ لَا رَيْبَ فِيهِ مِن رَّبِّ الْعَالَمِينَ ﴿٣٧﴾ أَمْ يَقُولُونَ افْتَرَاهُ ۖ قُلْ فَأْتُوا بِسُورَةٍ مِّثْلِهِ وَادْعُوا مَنِ اسْتَطَعْتُم مِّن دُونِ اللَّهِ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ
﴿٣٨﴾ بَلْ كَذَّبُوا بِمَا لَمْ يُحِيطُوا بِعِلْمِهِ وَلَمَّا يَأْتِهِمْ تَأْوِيلُهُ ۚ كَذَٰلِكَ كَذَّبَ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ ۖ فَانظُرْ كَيْفَ كَانَ
عَاقِبَةُ الظَّالِمِينَ ﴿٣٩﴾ وَمِنْهُم مَّن يُؤْمِنُ بِهِ وَمِنْهُم مَّن لَّا يُؤْمِنُ بِهِ ۚ وَرَبُّكَ أَعْلَمُ بِالْمُفْسِدِينَ ﴿٤٠﴾﴾

بێگومان ئەم قورئانە وتەی خوایەو باسی هەندێ موعجیزەکانی قورئانیش

ئەم باسە، باسی موعجیزەی قورئانە کە مرۆڤ ناتوانێ بە وێنەی بێنێ، نە دە سورەت نە سورەتێ، چونکە ئەو ڕەوانبێژیو پاراویو کورتیو شیرینیو واتا پڕ سوودەی لەبارەی دنیاو قیامەتەوە، تەنیا لەلایەن خوداوە نەبێ، نابێ. کە هیچ شتێ لە خوداو لە سیفەتیو لە کردارو گفتاری ناچێ، وتەی خودا هاوشێوەی وتەی دروستکراوەکانی نیە، بۆیە فەرموویەتی: ﴿ وَمَا كَانَ هَٰذَا الْقُرْآنُ أَن يُفْتَرَىٰ مِن دُونِ اللَّهِ﴾ ناگونجێ ئەم قورئانە هی خودا نەبێو هەڵبەستراو بێ. واتە: وێنەی ئەم قورئانە نایەت لەلایەن خوداوە نەبێت، ئەم وتەیە لە وتەی مەردم ناچێ، ﴿وَلَٰكِن تَصْدِيقَ الَّذِي بَيْنَ يَدَيْهِ﴾ ئەم قورئانە باوەڕ دەکات بەو کتێبەی کە وا لە پێشدا هاتووەو ئێستا لەبەر دەستیدایەو شایەتە بەسەریەوە، ئەو گۆڕانکاریەی کە تێیاندا کراوە ڕوونی دەکاتەوە، ﴿وَتَفْصِيلَ الْكِتَابِ لَا رَيْبَ فِيهِ مِن رَّبِّ الْعَالَمِينَ﴾ ڕۆشنکەرەوەی کتێبەکانە کە هیچ گومانی تێدا نیە لەلایەن پەروەردگاری گشت جیهانەوەیە، واتە: ڕۆشنکەرەوەی فەرمانەکانو حەڵاڵو حەرامەکانە بە چاکیو تەواوی ڕێکو پێکی گومانی تێدا نیە لەلایەن خودای هەموو جیهانەوە هاتوە ﴿أَمْ يَقُولُونَ افْتَرَاهُ ۖ قُلْ فَأْتُوا بِسُورَةٍ مِّثْلِهِ وَادْعُوا مَنِ اسْتَطَعْتُم مِّن دُونِ اللَّهِ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ﴾ یان دەڵێن: خۆی هەڵی بەستوە، بڵێ: ئەگەر بە ڕاستیتانە خۆتانو هەر

کەسێکی تر(کە دەتوانن جگە لە خوا بانگی بکەن) تا سورەتێکی وەك ئەم(سورەتە) بێنن. واتە: ئەگەر بوختانتان کردو بەگومان بوونو واتانزانی ئەم قورئانە لەلای خوداوە نەهاتووەو دەڵێن درۆیە وا نیە: ئەمە لەلایەن موحەممەد خۆیەوەیە، خۆ موحەممەد وەك ئێوە مرۆڤەو وەك ئێوە دەڵێن، ئەم قورئانە خۆی هێناویەتی، دەی ئێوە سورەتێك بە وێنەی ئەوە بێنن، واتە: لە چەشنی قورئانە، یارمەتیش وەرگرن لە هەرکەسێ دەتوانن یارمەتی لێ وەرگرن لە مرۆڤو جنۆکە بۆ ئەمە. ئا ئەمە سێهەم جێگەیە لەم بەرەنگار بوونەوەدا، بێگومان خودای گەورە بەرپەرچیان ئەداتەوەو بانگیان دەکاتو ئەفەرموێت ئەگەر لەو قسانەدا کردویانە ڕاستیان کردوە کە گوتویانە موحەممەد خۆی هێناویەتی، دەی با ئەوانیش بە وێنەی ئەوە بێنن کە ئەو هێناویەتی، یارمەتیش لە هەرکەسێ وەردەگرن با وەری گرن، پاشان خودای گەورە فەرموویەتی کە ئەوان هەرگیز ناتوانن ئەوە بکەنو ڕێی تێ نابەن وەك ئەفەرموێت: ﴿ قُل لَّئِنِ اجْتَمَعَتِ الْإِنسُ وَالْجِنُّ عَلَىٰٓ أَن يَأْتُوا۟ بِمِثْلِ هَٰذَا الْقُرْءَانِ لَا يَأْتُونَ بِمِثْلِهِۦ وَلَوْ كَانَ بَعْضُهُمْ لِبَعْضٍ ظَهِيرًا ﴾[1] بڵێ: ئەگەر مرۆڤو جنۆکە هەموو کۆ ببنەوە، وێنەی ئەم قورئانە بێنن، ناتوانن لە وێنەی بێنن، با هەمووشیان پشتیوانی یەکتر بن. پاشان خودای گەورە هێناویەتە سەر دە سورەت لە سەرەتای سورەتی هوود داو ئەفەرموێت: ﴿أَمْ يَقُولُونَ افْتَرَىٰهُ ۖ قُلْ فَأْتُوا۟ بِعَشْرِ سُوَرٍ مِّثْلِهِۦ مُفْتَرَيَٰتٍ وَادْعُوا۟ مَنِ اسْتَطَعْتُم مِّن دُونِ اللَّهِ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ ﴾[2] یان دەڵێن: هەڵی بەستوە، بڵێ: ئەگەر ڕاست دەکەن، دەی بە یارمەتی هەرکەسێ دەستتان دەکەوێ(جگە لە خودا) دە سورەتی هەڵبەستە هەر وەك ئەم بێنن. پاشان دێتە خوارەوە بۆ یەك سورەت، وەك لێرەدا ئەفەرموێت: ﴿ أَمْ يَقُولُونَ افْتَرَىٰهُ ۖ قُلْ فَأْتُوا۟ بِسُورَةٍ مِّثْلِهِۦ وَادْعُوا۟ مَنِ اسْتَطَعْتُم مِّن دُونِ اللَّهِ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ ﴾ یا دەڵێن: خۆی هەڵی بەستوە بڵێ: ئەگەر بە ڕاستیتانە خۆتانو هەر کەسێکی تر(کە دەتوانن جگە لە خودا بانگی بکەن) تەنیا سورەتێك وەك ئەم وەدی بێنن. هەر بەم شێوەیە لە سورەتی بەقەرەدا کە سورەتێکە لە مەدینە هاتوەتە خوارەوە، بەرەنگاریان دەبێتەوەو ئەفەرموێت ئەگەر دەتوانن با تەنیا یەك سورەت بێنن لێی، وەلامیشیان ئەداتەوە کە هەرگیز ناتوانن ئەوە بکەن ﴿ فَإِن لَّمْ تَفْعَلُوا۟ وَلَن تَفْعَلُوا۟ فَاتَّقُوا۟ النَّارَ الَّتِى وَقُودُهَا النَّاسُ وَالْحِجَارَةُ ۖ أُعِدَّتْ لِلْكَٰفِرِينَ ﴾[3] ئەگەر نەتانکرد کە هەرگیز بۆشتان ناکرێ دەی بترسن لەو ئاگرەی هەڵگیرسێنەری لەشی مرۆڤو بەردەو هەر بۆ خوانەناسەکان هەڵکراوە. ڕەوانبێژی یەکێك بووە

---

[1] الاسراء (٨٨).

[2] هود (١٣).

[3] البقرة (٢٤).

لە ڕەوشتەکانیان، هۆنراوەو هۆنراوە هەڵواسراوەکانیان لە بەرزترین پلە بووە لەم بارەیەوە، بەڵام ئەوەی کە بۆیان هات لەلایەن خوداوە هیچ کەسێ خۆی لە بەرانبەردا نەدەگرت و توانایان بەسەریدا نەدەشکا، بۆیە ئەوەی باوەڕی هێنا، باوەڕی هێنا لێیان، لەبەرئەوەی شارەزا بوو لە ڕەوانبێژی و پرشنگداری و شیرینی و خۆش و پڕ سودیی و ڕازاوەیی ئەم قورئانەدا، چونکە ئەوان زاناترین و تێگەیشتوترین کەس بوون لێی، باشتر شوێنی دەکەوتن و زۆر چاك ملکەچ بوون، وەك چۆن جادووگەرەکان بەهۆی شارەزاییانەوە لە هونەری جادوو، دەیانزانی ئەمەی کە مووسا(سەلامی خوای لێ بێ) پێی هەڵساوە لە کەسێکەوە ڕوونادات ئەو کەسەنەبێ کە دەبێ پشتگیری کرابێ و یارمەتی دەری هەبێ و ڕەوانە کرابێ لەلایەن خوداوە. ئەمە لە توانای هیچ مرۆڤێکدا نیە ئەگەر خوا ئیزنی نەدات، هەروەها عیسا(سەلامی خوای لێ بێ) ڕەوانە کرا لە کاتێکدا کە زانیاری پزیشکی و چارەسەری نەخۆشیەکان باوی هەبوو، کوێرو کەڕی چاك دەکردەوەو مردووی زیندوو دەکردەوە بە ئیزنی خودا، ئەم جۆرە کارانە هیچ پەیوەندی بە چارەسەرو دەرمان بە کارهێنانەوە نەبوو، ئەوەی شارەزا بوو لەناو خۆیاندا دەیزانی کە لەلایەن خواوەیە، بۆیە لەم فەرموودە سەحیحەدا هاتوە لە پێغەمبەری خوداوە(ﷺ) فەرموویەتی:(هیچ پێغەمبەرێ لە پێغەمبەران نەبووە چەند نیشانەیەکی پێنەدرابێت کە لەسەر وێنەی ئەو نیشانانە خەڵکی باوەڕی هێناوە بەڵام ئەوەی کە بە من دراوە ئەم نیگایە کە خودا بۆی ناردوم، هیوام وایە من شوێنکەوتوم لەوان زیاتر بێ)[1] وە ئەفەرموێت: ﴿بَلۡ كَذَّبُواْ بِمَا لَمۡ يُحِيطُواْ بِعِلۡمِهِۦ﴾ نەخێر ئەوان شتێك بە درۆ دەزانن کە هیچی لێ تێ نەگەیوون واتە: ئەوانە باوەڕیان بە قورئان نەبووەو لێی تێ نەگەیشتوون و هیچیشیان لێ نەزانیوە. ﴿وَلَمَّا يَأۡتِهِمۡ تَأۡوِيلُهُۥ﴾ بۆشیلن لێك نەدراوەتەوە، ئەو شارەزاییەیان وە دەست نەهێنا لەوەی کە تیایەتی لە ئاینی ڕاستەقینە، هەتا ئەو کاتەی کە بە نەفامی و هەڵەشەیی بڕوایان پێ نەکرد ﴿كَذَٰلِكَ كَذَّبَ ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِهِمۡۖ فَٱنظُرۡ كَيۡفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلظَّٰلِمِينَ﴾ ئەوانەی پێش ئەمانیش کە بڕوایان نەهێنا هەر وا بوون، سا بڕوانە دوارۆژی ستەمکاران بە کوێ گەیشت، واتە: سەیر کە چۆن قڕمان کردن لەسەر ئەوەی کە بڕوایان نەهێنا بە پێغەمبەرەکانمان چونکە ستەمکارو لووت بەرزو خوانەناس و لاسارو نەفام بوون، ئەی ئەوانەی کە بێ بڕوان زۆر بترسن کە تووشی ئەو(بەڵایە) ببن کەئەوان تووشیان بووە، پاشان خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَمِنۡهُم مَّن يُؤۡمِنُ بِهِۦ﴾ لەوانیشدا هی وا هەیە بڕوای پێی هەیە. واتە: لە نێوان ئەوانەدا کە تۆ ڕەوانە کراوی بۆیان ئەی موحەممەد(ﷺ) هی وایان هەیە بڕوا دێنێ بەم قورئانەو پەیڕەویت

---

[1] فتح الباري (٨/٦١٩).

دەكاتو سوود وەردەگرێ لەوەی كە تۆ پێی ڕەوانە كراوی ﴿وَمِنْهُم مَّن لَّا يُؤْمِنُ بِهِۦ﴾ هەشیانە بڕوای پێی نیە، لەسەر ئەوە دەمرێو لەسەر ئەوەیش زیندوو دەكرێتەوە ﴿وَرَبُّكَ أَعْلَمُ بِالْمُفْسِدِينَ﴾ پەروەردگارت بەدفەڕان باشتر دەناسێ، واتە: خودا خۆی باش دەزانێ كێ شایەنی ڕێنیشاندانیو تا ڕێی نیشانداو كێش شایەنی گومڕاییە، تا گومڕای بكات، ئەو دادپەروەرەیە كە ستەم لە كەس ناكات بەڵكو هەركەسە شایستەی هەر چی بێ ئەوەی ئەداتێ، خوای گەورەپاكو بێ عەیبەو پیرۆزە، دوورە لە گشت كەمو كوڕیەكەوە هیچ پەرستراوێ نیە جگە لەو.

﴿وَإِن كَذَّبُوكَ فَقُل لِّي عَمَلِي وَلَكُمْ عَمَلُكُمْ أَنتُم بَرِيٓـُٔونَ مِمَّآ أَعْمَلُ وَأَنَا۠ بَرِيٓءٌ مِّمَّا تَعْمَلُونَ ﴿٤١﴾ وَمِنْهُم مَّن يَسْتَمِعُونَ إِلَيْكَ أَفَأَنتَ تُسْمِعُ الصُّمَّ وَلَوْ كَانُوا لَا يَعْقِلُونَ ﴿٤٢﴾ وَمِنْهُم مَّن يَنظُرُ إِلَيْكَ أَفَأَنتَ تَهْدِى الْعُمْىَ وَلَوْ كَانُوا لَا يُبْصِرُونَ ﴿٤٣﴾ إِنَّ اللَّهَ لَا يَظْلِمُ النَّاسَ شَيْـًٔا وَلَـٰكِنَّ النَّاسَ أَنفُسَهُمْ يَظْلِمُونَ ﴿٤٤﴾﴾

فەرماندان بە بێزاری دەربڕین لە بتپەرستان

خوای گەورەئەفەرموێت بە پێغەمبەرەكەی(ﷺ): ﴿وَإِن كَذَّبُوكَ﴾ ئەگەر(ئەو بتپەرستانە) بڕوایان پێ نەهێنای ﴿فَقُل لِّي عَمَلِي وَلَكُمْ عَمَلُكُمْ أَنتُم بَرِيٓـُٔونَ مِمَّآ أَعْمَلُ وَأَنَا۠ بَرِيٓءٌ مِّمَّا تَعْمَلُونَ﴾ بڵێ: كاری من بۆ خۆمەو كاری ئێوەیش بۆ خۆتانە، ئێوە پەیوەندیتان بە كاری منەوە نیەو منیش بێزارم لەو كارەی ئێوە،دەیكەن، وەك خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿قُلْ يَـٰٓأَيُّهَا الْكَـٰفِرُونَ ﴿١﴾ لَآ أَعْبُدُ مَا تَعْبُدُونَ ﴿٢﴾ وَلَآ أَنتُمْ عَـٰبِدُونَ مَآ أَعْبُدُ﴾[1] بڵێ: ئەی خوانەناسەكان، ئەوەی ئێوە دەیپەرستن، نایپەرستم. هەتا كۆتایی سورەتەكە. ئیبراهیمی خەلیلو پەیڕەویكەرانی ئەڵێن بە گەلە بت پەرستەكەیان: ﴿إِنَّا بُرَءَٰٓؤُا مِنكُمْ وَمِمَّا تَعْبُدُونَ مِن دُونِ اللَّهِ﴾[2] ئێمە لە ئێوەو لەو شتانەی(جگە لە خودا) دەیپەرستن بە دوورین.

پاشان خوای گەورەئەفەرموێت: ﴿وَمِنْهُم مَّن يَسْتَمِعُونَ إِلَيْكَ أَفَأَنتَ تُسْمِعُ الصُّمَّ وَلَوْ كَانُوا لَا يَعْقِلُونَ﴾ لە ناویاندا هی وا هەیە گوێت لێدەگرن، ئایا ئەگەر هیچ تێ نەگەن تۆ دەتوانی كەڕیان تێ بگەیەنی؟ واتە: هەندێكیان ئەو قسە چاكانەتو ئەو قورئانی پیرۆزەو ئەو فەرموودە ڕاستو ڕەوانو بەسوودانەت دەبیسن، كە پڕ سوودە بۆ ئاینو لاشەو دڵەكانیان، ئەمە دەستكەوتێكی مەزنە بۆیان بەڵام ئەمەیش نە پەیوەندی بە تۆوەیەو نە بە ئەوانەوە، چونكە تۆ ناتوانی كەڕ تێبگەیەنیو وە ناتوانی ڕێ نیشانی

---

[1] الكافرون (١-٢).

[2] الممتحنة (٤).

ئەوانە بدەی هەتا خوا مەیلی لێ نەبێ ﴿وَمِنْهُم مَّن يَنظُرُ إِلَيْكَ ۚ أَفَأَنتَ تَهْدِي الْعُمْيَ وَلَوْ كَانُوا لَا يُبْصِرُونَ ﴾ هەشیانە بۆت دەڕوانێ ئایا تۆ دەتەوێ(ئەو کوێرانەی کە چاوی دیتنیان نیە) شارەزا کەی؟ واتە:سەیر دەکەن‌و سەیری ئەو خۆشەویستیەی خودا بۆت‌و ئەو ڕێڕەوە جوان‌و ڕەوشتە مەزن‌و ئەو نیشانە ئاشکرانەش(لەسەر پێغەمبەریت) کە هەموو بەلگەن بۆ ئەوانەی هۆشمەندو خاوەن دڵی ڕووناکن، ئەوانەیش دەڕوانن وەك چۆن خەڵکی تریش دەڕوانن کەچی شارەزایی بەدەست ناهێنن وەك خەڵکی وەدەستیان هێناوە، بەڵام خاوەنباوەڕان بۆت دەڕوانن بە چاوی ڕێزەوە، بە پێچەوانەی خوانەناسانەوە کە بە چاوی سووك سەیرت دەکەن، ﴿ وَإِذَا رَأَوْكَ إِن يَتَّخِذُونَكَ إِلَّا هُزُوًا ﴾[1] هەر کە تۆیان چاو پێ کەوت(ئەی موحەممەد(ﷺ)) دەتکەنە گاڵتە جاڕی خۆیان، پاشان خودای گەورە باسی ئەوە دەکات کە هەرگیز ناهەقی لە کەس ناکات، هەر کەسێ شارەزا بوبێ پێی شارەزا بووە. کوێری پێ بینا بوەو چاوە کوێرەکان‌و گوێ کەڕەکان‌و دڵە داخراوەکانی پێ کراوەتەوە خەڵکێکی تریشی پێ گومڕاو بێ دین بووە، خۆی فەرمانڕەواو کاربەدەستە لە موڵکی خۆیدا هەرچی بوێ دەیکات، هەرچی دەکات پرسیاری لێ ناکرێ، ئەوانن لێپرسینەوەیان لێ دەکرێ چونکە خودا خاوەنی زانیاری‌و کارزانی‌و دادپەروەریە، بۆیە فەرموویەتی: ﴿ إِنَّ اللَّهَ لَا يَظْلِمُ النَّاسَ شَيْئًا وَلَٰكِنَّ النَّاسَ أَنفُسَهُمْ يَظْلِمُونَ﴾ دیارە خودا(بە هیچ شێوەیە) ستەم لە خەڵکی ناکات، بەڵام خەڵکی ستەم لەخۆیان دەکەن. لەم فەرموودەیەدا هاتوە لە ئەبوزەڕەوە لە پێغەمبەرەوە(ﷺ) کە ڕیوایەتی کردوە لە پەروەردگاری مەزنیەوە:(ئەی بەندەکانم: من ناهەقیم قەدەغە کردوە لەسەر خۆم، لە نێوان ئێوەیشدا قەدەغەم کردوە، ناهەقی لە یەکتری مەکەن،(هەتا لە کۆتایی فەرموودەکەدا فەرموویەتی) ئەیٚ بەندەکانم بێگومان کردارەکانتانم هەژمارکردووە بۆتان، پاشان پاداشتتان ئەدەمەوە پێی، هەرکەسێ چاکەی بینی با سوپاسی خوا بکات، هەر کەسێ هەر شتێکی تری بینی، سەرزەنشتی کەس نەکات، جگە لە خۆی) موسلیم فەرموودەکەی ڕیوایەت کردوە بە درێژی[2].

﴿وَيَوْمَ يَحْشُرُهُمْ كَأَن لَّمْ يَلْبَثُوا إِلَّا سَاعَةً مِّنَ النَّهَارِ يَتَعَارَفُونَ بَيْنَهُمْ ۚ قَدْ خَسِرَ الَّذِينَ كَذَّبُوا بِلِقَاءِ اللَّهِ وَمَا كَانُوا مُهْتَدِينَ (٤٥)﴾

---

[1] الفرقان (٤١).
[2] مسلم (١٩٩٤/٤).

هەست کردن بە کورتی ژیانی دنیا لە کاتی حەشردا

خوای گەورەهاتنی ڕۆژی دوایی‌و زیندوو بوونەوە لەناو گۆڕو کۆبوونەوەی گۆڕەپانی ڕۆژی وەبیر خەڵکی دێنێتەوەو ئەفەرموێت: ﴿وَيَوْمَ يَحْشُرُهُمْ كَأَن لَّمْ يَلْبَثُوٓاْ إِلَّا سَاعَةً مِّنَ ٱلنَّهَارِ﴾ ڕۆژێ کۆیان دەکاتەوە(هەروەك) تاوێك لە ڕۆژێکدا مابنەوە، ئەم ئایەتە وەك ئەو ئایەتە وایە کە خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿كَأَنَّهُمْ يَوْمَ يَرَوْنَ مَا يُوعَدُونَ لَمْ يَلْبَثُوٓاْ إِلَّا سَاعَةً مِّن نَّهَارٍۭ﴾[1] ئەو ڕۆژەی کە بڕیاردراوە بێنە لامان وا دەزانن مانەوەیان هەرساتێ لە ڕۆژێکی خایاندووە (لەدونیادا). ئەم ئایەتەیش: ﴿كَأَنَّهُمْ يَوْمَ يَرَوْنَهَا لَمْ يَلْبَثُوٓاْ إِلَّا عَشِيَّةً أَوْ ضُحَىٰهَا﴾[2] ئەو ڕۆژەی کە دەبینن، وا تێدەگەن جگە لە ئێوارەی ڕۆژێك یان چێشتەنگایەك نەماوەتەوە. وە فەرموویەتی: ﴿يَوْمَ يُنفَخُ فِي ٱلصُّورِۚ وَنَحْشُرُ ٱلْمُجْرِمِينَ يَوْمَئِذٍ زُرْقًا ﴿١٠٢﴾ يَتَخَٰفَتُونَ بَيْنَهُمْ إِن لَّبِثْتُمْ إِلَّا عَشْرًا ﴿١٠٣﴾ نَّحْنُ أَعْلَمُ بِمَا يَقُولُونَ إِذْ يَقُولُ أَمْثَلُهُمْ طَرِيقَةً إِن لَّبِثْتُمْ إِلَّا يَوْمًا﴾[3] ئەو ڕۆژە وا فوو بە کەڵەشاخدا دەکرێ، ئەو ڕۆژی تاوانباران کۆ دەکرێنەوە، کوێرن‌و شین هەڵگەڕاون. هەندێکیان بە یەکتری دەڵێن: دە ڕۆژ نەبێ نەماونەتەوە، ئەوەی ئەوان قسەی لێ دەکەن ئێمە زیاتر ئاگادارین، ئەوەیان لە هەموویان بیرۆکەی باشتری پێیە دەڵێ: تەنیا هەر ڕۆژێك ماونەتەوە. وە فەرموویەتی: ﴿وَيَوْمَ تَقُومُ ٱلسَّاعَةُ يُقْسِمُ ٱلْمُجْرِمُونَ مَا لَبِثُواْ غَيْرَ سَاعَةٍ﴾[4] ڕۆژێ کە قیامەت دێ، تاوانباران سوێند دەخۆن جگە لە ساتێ نەماونەتەوە ئەم ئایەتانە هەموو بەڵگەن لەسەر کورتی ژیانی دنیا لە چاو ڕۆژی قیامەتدا، وەك خودای گەورە لەم ئایەتەیشدا ئەفەرموێت: ﴿قَٰلَ كَمْ لَبِثْتُمْ فِي ٱلْأَرْضِ عَدَدَ سِنِينَ ﴿١١٢﴾ قَالُواْ لَبِثْنَا يَوْمًا أَوْ بَعْضَ يَوْمٍ فَسْـَٔلِ ٱلْعَآدِّينَ ﴿١١٣﴾ قَٰلَ إِن لَّبِثْتُمْ إِلَّا قَلِيلًاۖ لَّوْ أَنَّكُمْ كُنتُمْ تَعْلَمُونَ﴾[5] پێیان دەڵێ: چەند ساڵ لە زەویدا مانەوە؟ دەڵێن: ئێمە هەر ڕۆژێك یان کەمێك لە ڕۆژێ ماوینەوتەوە لە حیسابگەران بپرسە. دەڵێ: ئەگەر بتانزانیایە کەمێك نەبێ شتێکی وا نەماونەتەوە، پاشان لێرەدا خوای گەورەئەفەرموێت: ﴿يَتَعَارَفُونَ بَيْنَهُمْ﴾ خۆ بە یەکتر دەناسێنن. واتە: باوك کوڕی خۆی دەناسێ‌و خزمانیش یەکتری دەناسنەوە، وەك چۆن لە دنیا یەکتریان ناسیوە، بەڵام هەرکەسەو

---

[1] الاحقاف (٣٥).

[2] النازعات (٤٦).

[3] طه (١٠٢-١٠٤).

[4] الروم (٥٥).

[5] المؤمنون (١١٢-١١٤).

بە خۆیەوە سەرقاڵە ﴿ فَإِذَا نُفِخَ فِي ٱلصُّورِ فَلَآ أَنسَابَ بَيْنَهُمْ ﴾[1] هەرکاتێ فوو کرا بە کەڵەشاخدا خزمایەتی نامێنێ، وە فەرموویەتی: ﴿وَلَا يَسْـَٔلُ حَمِيمٌ حَمِيمًا﴾[2] هاوەڵ لە هاوەڵ ناپرسێ. لێرەدا خوای گەورەئەفەرموێت: ﴿قَدْ خَسِرَ ٱلَّذِينَ كَذَّبُوا۟ بِلِقَآءِ ٱللَّهِ وَمَا كَانُوا۟ مُهْتَدِينَ﴾ بێگومان زیانبارن ئەو کەسانەی کە بڕوایان بە دیداری خودا نەبوەو شارەزای ڕێگە نەبوون. ئەم ئایەتە وەك ئەو ئایەیە کە خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَيْلٌ يَوْمَئِذٍ لِّلْمُكَذِّبِينَ﴾[3] وای بۆ بێبڕوایان لەو ڕۆژەدا! چونکە ئەوانە خۆیان و کەس و کاریان تووشی زیان کردوە لە ڕۆژی قیامەتدا، بە ڕاستی ئا ئەوە زیانی دیارو ئاشکرایە. هیچ زیانێ لەو زیانە گەورەتر نیە کەسێ لە خۆشەویستانی لەو ڕۆژەدا جیا بکرێتەوە، کە ئەو ڕۆژە، ڕۆژی داخ و خەفەت و پەشیمانیە، بۆ تاوانباران.

﴿وَإِمَّا نُرِيَنَّكَ بَعْضَ ٱلَّذِى نَعِدُهُمْ أَوْ نَتَوَفَّيَنَّكَ فَإِلَيْنَا مَرْجِعُهُمْ ثُمَّ ٱللَّهُ شَهِيدٌ عَلَىٰ مَا يَفْعَلُونَ ﴿٤٦﴾ وَلِكُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولٌ فَإِذَا جَآءَ رَسُولُهُمْ قُضِىَ بَيْنَهُم بِٱلْقِسْطِ وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ ﴿٤٧﴾﴾

بێگومان تۆڵە دەسێنرێ لە تاوانباران، لە دنیادا بێ یان لە دواڕۆژدا

خوای گەورەڕووی وتاری دەکاتە پێغەمبەرەکەی ئەفەرموێت: ﴿وَإِمَّا نُرِيَنَّكَ بَعْضَ ٱلَّذِى نَعِدُهُمْ﴾ ئەگەر ئێمە هەندێك لەوانەی بەڵێنمان پێداون، نیشانت بدەین، واتە تۆڵەیان لێ بسێنین، لە ژیانی تۆداو بۆ ئەوەی چاوت ڕووناك ببێتەوە بەو تۆڵەیە لێیان دەسێنین، ﴿أَوْ نَتَوَفَّيَنَّكَ فَإِلَيْنَا مَرْجِعُهُمْ﴾ یان تۆیش ببەینەوە. ئەوان هەردێنە لامان، واتە: لە دوایدا چارەنووس و گەڕانەوەیان هەر بۆ لای ئێمەیە، ﴿ثُمَّ ٱللَّهُ شَهِيدٌ عَلَىٰ مَا يَفْعَلُونَ﴾ ئەوسا خوا شایەتە لەسەر ئاکاریان، دوای تۆ(ئەی موحەممەد(ﷺ)).
﴿وَلِكُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولٌ فَإِذَا جَآءَ رَسُولُهُمْ﴾ هەموو گەلێك لە مرۆڤ پێغەمبەری خۆیان بووە، کاتێ پێغەمبەرەکەیان هاتە لایان، قەتادە ئەڵێ: یانی: لە ڕۆژی قیامەتدا.[4] ﴿قُضِىَ بَيْنَهُم بِٱلْقِسْطِ﴾ لە نێوانیاندا بە هەق بڕیار ئەدرێ، وەك لەم ئایەتەدا خوای گەورەفەرموویەتی: ﴿ وَأَشْرَقَتِ ٱلْأَرْضُ بِنُورِ

---

[1] المؤمنون (١٠١).
[2] المعارج (١٠).
[3] المرسلات (١٥).
[4] الطبري (٩٩/١٥).

رَبِّهَا وَوُضِعَ ٱلْكِتَٰبُ وَجِاْىٓءَ بِٱلنَّبِيِّـۧنَ وَٱلشُّهَدَآءِ وَقُضِىَ بَيْنَهُم بِٱلْحَقِّ وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ ﴾[1] ئەم زەمینە بە تیشکی پەروەردگاری خۆی ڕووناکایی تێ کەوتووەو نامەی کردار لەبەردەمیان دادەنرێ‌و پێغەمبەران‌و شایەتەکان دەهێنرێن، لە نێوانیاندا بە هەق دادوەری دەکرێ، ئەوانە ستەمیان لێ ناکرێ. واتە: هەموو گەلێ دەهێنرێتە لای خودا بە ئامادەبوونی پێغەمبەرەکەی‌و نامەی کردارەکانیان، لە چاکەو لە خراپە، دانراوەو شایەتی ئەدەن لێیان، فریشتەی پارێزەریشان هەر شایەتن لەسەریان، گەل دوای گەل، ئەم ئوممەتە بەڕێزەیش، هەرچەند کۆتا ئوممەتە لە مرۆڤەکان بەڵام لە ڕۆژی قیامەتدا یەکەم ئوممەتە کە خودا کارەکانیان تەواو دەکات‌و بڕیاریان بۆ ئەدات، لە کۆتایی ئایەتەکەدا ئەفەرموێت: ﴿وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ ﴾ ئەوانە هیچ ناهەقیان لێ نەکراوە. وەك لە هەردوو سەحیحەکەدا هاتووە لە پێغەمبەری خوداوە(ﷺ) فەرموویەتی:(ئێمە دواین ئوممەتین(لە دنیادا) لە قیامەتدا یەکەمینین، کە کاریشیان بۆ بڕیار ئەدرێ لە پێش هەموو خەڵکیدا)[2] ئوممەتەکەی پێغەمبەر(ﷺ) ئەو پلە بەرزەی پێدراوە لەبەر پلەو ڕێزی پێغەمبەرەکەیان سەلات‌و سەلامی خودای لەسەر بێ بەردەوام هەتا ڕۆژی قیامەت.

﴿ وَيَقُولُونَ مَتَىٰ هَٰذَا ٱلْوَعْدُ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ ﴿٤٨﴾ قُل لَّآ أَمْلِكُ لِنَفْسِى ضَرًّا وَلَا نَفْعًا إِلَّا مَا شَآءَ ٱللَّهُ ۗ لِكُلِّ أُمَّةٍ
أَجَلٌ ۚ إِذَا جَآءَ أَجَلُهُمْ فَلَا يَسْتَـْٔخِرُونَ سَاعَةً ۖ وَلَا يَسْتَقْدِمُونَ ﴿٤٩﴾ قُلْ أَرَءَيْتُمْ إِنْ أَتَىٰكُمْ عَذَابُهُۥ بَيَٰتًا أَوْ نَهَارًا مَّاذَا
يَسْتَعْجِلُ مِنْهُ ٱلْمُجْرِمُونَ ﴿٥٠﴾ أَثُمَّ إِذَا مَا وَقَعَ ءَامَنتُم بِهِۦٓ ۚ ءَآلْـَٰٔنَ وَقَدْ كُنتُم بِهِۦ تَسْتَعْجِلُونَ ﴿٥١﴾ ثُمَّ قِيلَ لِلَّذِينَ
ظَلَمُوا۟ ذُوقُوا۟ عَذَابَ ٱلْخُلْدِ هَلْ تُجْزَوْنَ إِلَّا بِمَا كُنتُمْ تَكْسِبُونَ ﴿٥٢﴾ ﴾

پەلە کردنی ئەوانەی کە بڕوایان بە ڕۆژی قیامەت نیەو وەڵام دانەوەیان

خوای گەورە ئەفەرموێت: ﴿ وَيَقُولُونَ مَتَىٰ هَٰذَا ٱلْوَعْدُ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ﴾ دەڵێن: ئەگەر قسەکانت ڕاستن، کەی ئەم بەڵێنە دێتە جێ؟ خودای گەورە باسی خوانەناسی ئەو بتپەرستانە دەکات کە چەندە پەلەیانە بۆ ئەو سزایە کە تووشیان بێ‌و پرسیار دەکەن لە کاتی هاتنی پێش داباریني بەسەریاندا، دیارە ئەو پرسیارە هیچ سودێکی نیە بۆیان، وەك خودای گەورە لەم ئایەتەدا ئەفەرموێت: ﴿ يَسْتَعْجِلُ بِهَا ٱلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِهَا ۖ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ مُشْفِقُونَ مِنْهَا وَيَعْلَمُونَ أَنَّهَا ٱلْحَقُّ ﴾[3] ئەوانەی باوەڕیان نیە کەئەو ڕۆژە دێ، پەلە لە هاتنی دەکەن، ئەو کەسانەش کە باوەڕیان هێناوە، لێی دەترسن، دەشزانن

---

[1] الزمر (٦٩).

[2] فتح الباري (٦/٥٩٥)، مسلم (٢/٥٨٥).

[3] الشورى (١٨).

کە ئەوە ڕاستە، واتە: هەر دیۆ گومانی تێدا نیە کە ڕوو ئەدات با کاتە دیاری کراوەکەیشی نەزانن، بۆیە خودای گەورە ڕێنمایی پێغەمبەرەکەی(ﷺ) کردوە کە چۆن وەلامیان بداتەوەو فەرموویەتی: ﴿ قُل لَّآ أَمۡلِكُ لِنَفۡسِي ضَرّٗا وَلَا نَفۡعًا إِلَّا مَا شَآءَ ٱللَّهُۗ ﴾ ئەی موحەممەد(ﷺ) بلێ: من خۆم لە قازانج و زەرەری خۆشم نازانم، گەر خوا مەیلی لێ بێ، هەر کەسێ لە هەر ئوممەتێك ماوەیەکی دیاری کراوی بۆ دانراوە، من هیچ شتێ نالێم جگە لەوەی کە خودا فێری کردووم، وە من توانای هیچ شتێکم نیە لە خۆمەوە پێی هەلسم مەگەر خودا ئاگادارم بکات لێی، من تەنیا بەندەو ڕاسپاردەی ئەوم بۆ لای ئێوە، وە ئاگاداریشم کردوون لە هاتنی ڕۆژی قیامەت، کە هەر دێت، بەلام خودا ئاگاداری نەکردووم لە کاتەکەی بەلام ﴿لِكُلِّ أُمَّةٍ أَجَلٌۚ﴾ هەر گەلێك ماوەی دیاری کراوی(خۆی) بۆ دیاری کراوە، واتە: هەموو گەلێك ماوەیەکی هەیە لە ژیاندا کاتێ کە ماوەیەکەیان دوایی هات ﴿إِذَا جَآءَ أَجَلُهُمۡ فَلَا يَسۡتَـٔۡخِرُونَ سَاعَةٗ وَلَا يَسۡتَقۡدِمُونَ﴾ ئەگەر ماوەیان تێپەڕی، بۆ هیچ کەس دواناکەون و پێش ناکەون. وەك ئەم ئایەتە کە خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَلَن يُؤَخِّرَ ٱللَّهُ نَفۡسًا إِذَا جَآءَ أَجَلُهَاۚ﴾[1] هەرکەسێ کاتی مردنی هات، خودا هەرگیز دوای ناخات. پاشان خودا هەوالی داوە کە سزای خودا بەو زوانە لە پڕ دێت بۆیان، ئەفەرموێت: ﴿قُلۡ أَرَءَيۡتُمۡ إِنۡ أَتَىٰكُمۡ عَذَابُهُۥ بَيَٰتًا أَوۡ نَهَارٗا مَّاذَا يَسۡتَعۡجِلُ مِنۡهُ ٱلۡمُجۡرِمُونَ ٥٠ أَثُمَّ إِذَا مَا وَقَعَ ءَامَنتُم بِهِۦٓۚ ءَآلۡـَٰٔنَ وَقَدۡ كُنتُم بِهِۦ تَسۡتَعۡجِلُونَ ﴾ بلێ: لە شەوێك یان ڕۆژێکدا بەلاتان لە خوداوە بۆ بێ، تاوانکاران پەلەی چی دەکەن؟ ئەگەر دواجار کەوتنە ناو بەلای خودا(کە زۆر پەلەتان بۆ دەکرد) ئەوسا بڕوا بە خوا دێنن؟ واتە: کاتێ کە ئەوانە سزایان بۆ هاتبێ گوتویانە: ﴿رَبَّنَآ أَبۡصَرۡنَا وَسَمِعۡنَا﴾ پەروەردگاری ئێمە هەموومان بینیمان و بیستمان. وە فەرموویەتی: ﴿فَلَمَّا رَأَوۡاْ بَأۡسَنَا قَالُوٓاْ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ وَحۡدَهُۥ وَكَفَرۡنَا بِمَا كُنَّا بِهِۦ مُشۡرِكِينَ ٨٤ فَلَمۡ يَكُ يَنفَعُهُمۡ إِيمَٰنُهُمۡ لَمَّا رَأَوۡاْ بَأۡسَنَاۖ سُنَّتَ ٱللَّهِ ٱلَّتِي قَدۡ خَلَتۡ فِي عِبَادِهِۦۖ وَخَسِرَ هُنَالِكَ ٱلۡكَٰفِرُونَ ﴾[2] کاتێ دیتیان بەلای ئێمەیان دێتە سەر، ئەلێن: ئێمە خودای تاك و تەنیا دەناسین و لەو شتانەی دەمانگوت: شەریکی خودان، حاشا دەکەین، پاش دیتنی سزای ئێمە، بڕوا هێنانیان قازانجی پێ نەگەیاندن، ئەمە ڕیوشوێنی خودایە، دەربارەی هەموو عەبدەکانی هەر وا بووە، لەو کاتەدا هەر ئەوانەی خوانەناس بوون زەرەریان کرد. پاشان خوای گەورەلێرەدا ئەفەرموێت:

[1] المنافقون (١١).

[2] غافر (٨٤-٨٥).

﴿ ثُمَّ قِيلَ لِلَّذِينَ ظَلَمُوا ذُوقُوا عَذَابَ الْخُلْدِ هَلْ تُجْزَوْنَ إِلَّا بِمَا كُنتُمْ تَكْسِبُونَ ﴾ پاشان بەوانەی کە ستەمکار بوون دەڵێن: دە بچێژن ئازاری دوایی نەهاتوو، ئایا جگە لەو کارانەی دەتانکرد سزا دەدرێن؟ واتە: لە ڕۆژی قیامەتدا ئەمەیان پێ دەگوترێ بە تانەو تەشەرەوە. وەك ئەم ئایەتە کە خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿ يَوْمَ يُدَعُّونَ إِلَىٰ نَارِ جَهَنَّمَ دَعًّا (١٣) هَٰذِهِ النَّارُ الَّتِي كُنتُم بِهَا تُكَذِّبُونَ (١٤) أَفَسِحْرٌ هَٰذَا أَمْ أَنتُمْ لَا تُبْصِرُونَ (١٥) اصْلَوْهَا فَاصْبِرُوا أَوْ لَا تَصْبِرُوا سَوَاءٌ عَلَيْكُمْ إِنَّمَا تُجْزَوْنَ مَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴾[1] لەو ڕۆژەدا بە پاڵ پێوەنان بەرەو ئاگری جەهەنم ڕادەکێشرێن، ئەو ئاگرەی کە بڕواتان نەدەکرد هەبێ، ئایا ئەمە جادووە یان ئێوە کوێر بوون و نابینن؟ بچنە ناوی، هەڵبکەن یان هەڵنەکەن، وەکوو یەکەو هەر بەهۆی ئەو کارانەی کە کردووتانە سزا ئەدرێت.

﴿وَيَسْتَنبِئُونَكَ أَحَقٌّ هُوَ ۖ قُلْ إِي وَرَبِّي إِنَّهُ لَحَقٌّ ۖ وَمَا أَنتُم بِمُعْجِزِينَ (٥٣) وَلَوْ أَنَّ لِكُلِّ نَفْسٍ ظَلَمَتْ مَا فِي الْأَرْضِ لَافْتَدَتْ بِهِ ۗ وَأَسَرُّوا النَّدَامَةَ لَمَّا رَأَوُا الْعَذَابَ ۖ وَقُضِيَ بَيْنَهُم بِالْقِسْطِ ۚ وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ (٥٤)﴾

ئەم قیامەتە ڕاستە

خوای گەورەئەفەرموێت: ﴿وَيَسْتَنبِئُونَكَ أَحَقٌّ هُوَ﴾ لێت دەپرسن(ئەی موحەممەد(ﷺ)) ئاخۆ ڕاستە؟ ئایا ڕۆژی دوایی و زیندوو بونەوە لەم گۆڕانەدا، دوای ئەوەی لاشەکان دەبن بە خۆڵ، ڕاستە؟ ﴿قُلْ إِي وَرَبِّي إِنَّهُ لَحَقٌّ ۖ وَمَا أَنتُم بِمُعْجِزِينَ﴾ بڵێ: بەڵێ، سوێند بە پەروەردگارەکەم تەواوو ڕاستەو ناتوانن لە دەستی ڕاکەن، واتە: بونتان بە خۆڵ لای خوا گرانتر نیە لە زیندوو کردنەوەتان، وەك چۆن لە نەبوون یەکەم جار دروستی کردن، ﴿إِنَّمَا أَمْرُهُ إِذَا أَرَادَ شَيْئًا أَن يَقُولَ لَهُ كُن فَيَكُونُ﴾[2] هەر کاتێ(خودا) هەر شتێکی بوێ پەیدا ببێ بە فەرمانی پێی دەڵێ: ببە، هەر دەس بە جێ پەیدا دەبێ. ئەم ئایەتە لەم قورئانەدا نموونەی نیە جگە لە دوو ئایەتی تر کە خودای گەورە فەرمان دەکات بە پێغەمبەرەکەی سوێند بە خوا بخوا بەرانبەر ئەو کەسانەی بڕوایان نیە بە زیندوو بونەوە لە سورەتی سەبەء دا فەرموویەتی: ﴿ وَقَالَ الَّذِينَ كَفَرُوا لَا تَأْتِينَا السَّاعَةُ ۖ قُلْ بَلَىٰ وَرَبِّي لَتَأْتِيَنَّكُمْ ﴾[3] ئەوانەی خوانانسن، ئەڵێن: هەرگیز ڕۆژی قیامەت بۆ ئێمە نایە، بڵێ: سوێند بە پەروەردگاری خۆم، بێ شك ڕۆژی قیامەتتان بۆ دێ وە لە سورەتی تەغابونیشدا فەرموویەتی: ﴿زَعَمَ الَّذِينَ كَفَرُوا أَن لَّن يُبْعَثُوا ۚ قُلْ بَلَىٰ وَرَبِّي

---

[1] الطور (١٣-١٦).

[2] يس (٨٢).

[3] سبأ (٣).

لَتُبۡعَثُنَّ ثُمَّ لَتُنَبَّؤُنَّ بِمَا عَمِلۡتُمۡۚ وَذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ يَسِيرٞ﴾[1] ئەوانەی خوایان نەناسی پێیان وا بوو هەرگیز زیندوو ناکرێنەوە، بلێ: بەڵێ سوێند بە پەروەردگارم خۆم، بێگومان زیندوو دەکرێنەوە، پێشتان دەڵێن کە چ کارێکتان کردوەو ئەمەیش لای خودا ئاسانە، پاشان ئەفەرموێت: ﴿وَلَوۡ أَنَّ لِكُلِّ نَفۡسٖ ظَلَمَتۡ مَا فِي ٱلۡأَرۡضِ لَٱفۡتَدَتۡ بِهِۦۗ وَأَسَرُّواْ ٱلنَّدَامَةَ لَمَّا رَأَوُاْ ٱلۡعَذَابَۖ وَقُضِيَ بَيۡنَهُم بِٱلۡقِسۡطِ وَهُمۡ لَا يُظۡلَمُونَ﴾ هەر کەسێ ستەمی کردبێ، ئەگەر هەرچی لە زەمیندایەماڵی ئەو بێ لەباتی خۆیدا ئەیدات، کاتێك چاویان بە ئازار کەوت، پەشیمانی خۆیان دەشارنەوە. بە یەکسانی بە ناویاندا ڕادەکەن‌و هیچ ناهەقیان لێ ناکرێ.

﴿أَلَآ إِنَّ لِلَّهِ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۗ أَلَآ إِنَّ وَعۡدَ ٱللَّهِ حَقّٞ وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَهُمۡ لَا يَعۡلَمُونَ ﴿٥٥﴾ هُوَ يُحۡيِۦ وَيُمِيتُ وَإِلَيۡهِ تُرۡجَعُونَ ﴿٥٦﴾﴾

خوای گەورە ئەفەرموێت: ﴿أَلَآ إِنَّ لِلَّهِ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۗ أَلَآ إِنَّ وَعۡدَ ٱللَّهِ حَقّٞ وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَهُمۡ لَا يَعۡلَمُونَ ﴿٥٥﴾ هُوَ يُحۡيِۦ وَيُمِيتُ وَإِلَيۡهِ تُرۡجَعُونَ﴾ چاك بزانن هەرچی لە ئاسمانەکان‌و زەویدان، هەموو هی خودان، لێشتان ڕوون بێ کە بەڵێنی خودا ڕاستە، بەڵام زۆربەیان نازانن،(خودا) خۆی ژیان ئەداو گیان دەکێشێ‌و هەر بەرەو خۆشی دەگەڕێنەوە. خودای گەورە ئەفەرموێت کە هەر خۆی خاوەنی ئاسمانەکان‌و زەمینەو بەڵێنیشی ڕاستەو گومانی تێدا نیەو هەر دێتە دی، وە هەر خۆی زیندوو دەکاتەوەو دەمرێنێ هەموو بۆ لای ئەو دەگەڕێنەوە، وە هەر خودا توانای بەسەر ئەوانەدا هەیەو ئاگاداری ئەو بەشانەی لاشەیشە کە لەیەك جیا دەبنەوەو پەرش‌و بڵاو دەبنەوە بەسەر هەموو ناوچەکاندا لەسەر زەمین‌و دەریاو بیابانەکاندا.

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ قَدۡ جَآءَتۡكُم مَّوۡعِظَةٞ مِّن رَّبِّكُمۡ وَشِفَآءٞ لِّمَا فِي ٱلصُّدُورِ وَهُدٗى وَرَحۡمَةٞ لِّلۡمُؤۡمِنِينَ ﴿٥٧﴾ قُلۡ بِفَضۡلِ ٱللَّهِ وَبِرَحۡمَتِهِۦ فَبِذَٰلِكَ فَلۡيَفۡرَحُواْ هُوَ خَيۡرٞ مِّمَّا يَجۡمَعُونَ ﴿٥٨﴾﴾

ئەم قورئانە ئامۆژگاری‌و شیفاو بەزەیی‌و ڕێنیشاندەرە

خوای گەورەمنەت دەکات بەسەر ئەو خەڵکەدا بەوەی کە ئەم قورئانەی ناردوتە خوارەوە بۆ پێغەمبەرە بەڕێزەکەی‌و ئەفەرموێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ قَدۡ جَآءَتۡكُم مَّوۡعِظَةٞ مِّن رَّبِّكُمۡ﴾ ئەی خەڵکینە لەلایەن پەروەردگارتانەوە ئامۆژگاریەکتان بۆ هاتوە کە سەرزەنشتتان دەکات لەسەر خراپەو داوێن پیسی، ﴿وَشِفَآءٞ لِّمَا فِي ٱلصُّدُورِ﴾ چارەی دەردی دڵانیشە، لە گومان‌و دوودڵی‌و پیسی‌و چەپەڵی

[1] التغابن (٧).

دەرونیش پاك دەكاتەوە ﴿وَهُدًى وَرَحْمَةٌ لِّلْمُؤْمِنِينَ ﴾ ڕێنیشاندەرو بەزەییە بۆ باوەڕداران. واتە: بەهۆی ئەم قورئانەوە شارەزایی‌و بەزەیی بەدەست دێنی، ئەمەیش بۆ ئەو كەسانەیە بڕوایان پێی هەیەو ئەوەتا كە تێیدا هاتوە بە ڕاستی دەزانن‌و دوو دڵ نین لێی، وەك ئەم ئایەتە كە خودای گەورە فەرمویەتی: ﴿ وَنُنَزِّلُ مِنَ الْقُرْءَانِ مَا هُوَ شِفَآءٌ وَرَحْمَةٌ لِّلْمُؤْمِنِينَ وَلَا يَزِيدُ الظَّالِمِينَ إِلَّا خَسَارًا ﴾[1] ئێمە لەم قورئانەدا، شتی وات بۆ دەنێرینە خوارەوە، كە شیفاو بەزەیی تێدایە بۆ خاوەن باوەڕەكان‌و ستەمكارانیش زیاتر پێی زیانبار دەبن. وە فەرموویەتی: ﴿قُلْ هُوَ لِلَّذِينَ ءَامَنُوا هُدًى وَشِفَآءٌ﴾[2] بڵێ: ئەمە بۆكەسانێ كەباوەڕیان پێی هێناوە، ڕێبەر و دەرمانی دەردانە. پاشان خوای گەورە لێرەدا ئەفەرموێت: ﴿ قُلْ بِفَضْلِ اللَّهِ وَبِرَحْمَتِهِ فَبِذَٰلِكَ فَلْيَفْرَحُوا هُوَ خَيْرٌ مِّمَّا يَجْمَعُونَ ﴾ بڵێ: لەو چاكەو بەزەییە(كە خودا دەربارەی ئێوەكردی) دڵخۆش بن، ئەمە زۆر چاكترە لەوەی كە كۆی دەكەنەوە. واتە: بەوەی لە لایەن خوداوە بۆیان هاتوە لە ڕێنمایی‌و ئاینی هەق دڵخۆش بن، چونكە ئەمە زۆر چاكترە لەوەی كە بە دەستی دێنن‌و دڵیان پێی خۆشە لەماڵ‌و سامانی دنیاوشتەجوانەكانی كەگومانی تێدانیەدەڕۆن‌و نامێنن.

﴿ قُلْ أَرَءَيْتُم مَّآ أَنزَلَ اللَّهُ لَكُم مِّن رِّزْقٍ فَجَعَلْتُم مِّنْهُ حَرَامًا وَحَلَٰلًا قُلْ ءَآللَّهُ أَذِنَ لَكُمْ أَمْ عَلَى اللَّهِ تَفْتَرُونَ ﴿٥٩﴾ وَمَا ظَنُّ الَّذِينَ يَفْتَرُونَ عَلَى اللَّهِ الْكَذِبَ يَوْمَ الْقِيَٰمَةِ إِنَّ اللَّهَ لَذُو فَضْلٍ عَلَى النَّاسِ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لَا يَشْكُرُونَ ﴿٦٠﴾ ﴾

ئایا بۆ هیچ كەسێ هەیە جگە لە خودا یان كەسێ خوا ئیزنی بدا شتێ حەڵاڵ بكات یا حەرامی بكات

خوای گەورەئەفەرموێت: ﴿ قُلْ أَرَءَيْتُم مَّآ أَنزَلَ اللَّهُ لَكُم مِّن رِّزْقٍ فَجَعَلْتُم مِّنْهُ حَرَامًا وَحَلَٰلًا قُلْ ءَآللَّهُ أَذِنَ لَكُمْ أَمْ عَلَى اللَّهِ تَفْتَرُونَ ﴾ بڵێ: ئایا ئەو ڕۆزیە كە خوا بۆی ناردون، سەیرتان كردوە؟ كە بە ڕەواو ناڕەوا دابەشتان كردوە؟ بڵێ: خوا ئیزنی پێدان یان بە دەم خوداوە درۆ هەڵدەبەستن؟ ئیبنوعەبباس‌و موجاهیدو زەححاك‌و قەتادەو عەبدوڕەحمانی كوڕی زەیدی كوڕی ئەسلەم‌و كەسانی تریش گوتویانە: ئەم ئایەتە هاتوەتە خوارەوە بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو موشریكانەی كە(بە ئارەزوی

---

[1] الاسراء (٨٢).

[2] الفصلت (٤٤).

خۆیان) هەندێ شتیان حەڵاڵو حەرام کردبوو، لە((بەحیرەو سائیبە و واصیلە))[1] وەك ئەم ئایەتە کە خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَجَعَلُواْ لِلَّهِ مِمَّا ذَرَأَ مِنَ ٱلۡحَرۡثِ وَٱلۡأَنۡعَٰمِ نَصِيبٗا﴾[2] لە(بەروبومی ئەو) کێڵگەو ماڵاتانەی کە خودا بەدیهێناوە بەشێکیان بۆ خوا دائەنا. ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردوە لە عەوفی کوڕی مالیکی نەزلەوە ئەڵێ: هاتمە لای پێغەمبەری خودا(ﷺ) بەرگێکی شڕو دڕاوم لەبەردا بوو، فەرمووی:(ئایا ماڵو سامانت هەیە) گوتم: بەڵێ، فەرمووی:(لە کام ماڵەیە؟) ئەڵێ: گوتم: لە هەموو(جۆرە) ماڵێك، لە وشترو بەندەو ولاغی سواریو مەڕ، فەرمووی:(وەختێ خودا ماڵێکی پێ بەخشیت با(بەهرەکانی) پێتەوە دیار بێ) پاشان فەرمووی:(ئایا وشترەکانت گوێیان ساغ بووەو تۆش هەڵسابی بە مووس گوێیانت بڕیبێو بڵێیت: ئەمە بوحرە، یان پێستی لەتکەی و بڵێت ئەمە صورومە و حەرامت کردبن لەسەر خۆتو خاوخێزانت؟) گوتی: بەڵێ، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی:(بێگومان ئەوەی خودا بە تۆی داوە حەڵاڵە، باڵی خودا بەهێزترە لە باڵی تۆو مووسی خودا تیژترە لە مووسی تۆ)[3] پاشان فەرموودەکەی بە تەواوی باس کرد، ئەمە فەرموودەیەکی چاکەو سەنەدەکانیشی بەهێزە. خودای گەورە ناڕەزایی خۆی دەربڕیوە لەو کەسانەی کە ئەو شتانەی ئەوحەڵاڵی کردوون حەرامی دەکەنو ئەوانەیش ئەوحەرامی کردوون حەڵاڵی دەکەن بە حەزو ئارەزوی خۆیان، بەبێ ئەوەی هیچ بەڵگەو نیشانەیەکیان بە دەستەوە بێ. پاشان هەڕەشەیان لێ دەکات لە ڕۆژی قیامەت لەسەر ئەو کارەی کە پێی هەڵساون بۆیە ئەفەرموێت: ﴿وَمَا ظَنُّ ٱلَّذِينَ يَفۡتَرُونَ عَلَى ٱللَّهِ ٱلۡكَذِبَ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِۗ﴾ ئەو کەسانەی درۆ بۆ خودا هەڵدەبەستن، بە گومانی ئەوان، دەبێ ڕۆژی قیامەت چۆن بێ، واتە: چۆن بیر دەکەنەوە لە ڕۆژی قیامەت، چیان بەسەردەهێنرێ کاتی گەڕانەوەیان بۆ لامان. پاشان ئەفەرموێت: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَذُو فَضۡلٍ عَلَى ٱلنَّاسِ﴾ دیارە خودا خاوەنی چاکەیە بۆ مەردم، ئیبنوجەریر ئەڵێ: یانی: کاتێك کە وازی لێهێناون لە دنیاداو پەلە ناکات لە تۆڵە لێسەندنیان.[4] (منیش دەڵێم): لەوانەیە مەبەست بە ﴿لَذُو فَضۡلٍ عَلَى ٱلنَّاسِ﴾ ئەو شتانە بێ کە سوود بەخشەو خودا وەدیهێناوە بۆیانو ڕێی پێداون لە دنیادا بیکەن، وە هیچ شتێکی لێ قەدەغە نەکردون ئەو شتەنەبێت کە زیان بەخشە بۆ دنیایان یا بۆ دینیان ﴿وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَهُمۡ لَا يَشۡكُرُونَ﴾ بەڵام بەشی

---

[1] الطبري (١٥/١١٢-١١٣).

[2] الانعام (١٣٦).

[3] أحمد (٣/٤٧٣)، (٤/١٣٦)، سەنەدەکەی باشە.

[4] الطبري (١٥/١١٣).

هەرە زۆریان شوکرانەبژێری ناکەن. بەڵکو ئەو بەهرانەی خودا پێی داون لە چاکەی خۆیەوە ئەوان حەرامی دەکەن، لەسەر خۆیان گرانی دەکەن، هەندێکی وا لێدەکەن حەلاڵ بێو هەندێکیشی حەرام بێ، ئا ئەمەیە کە بتپەرستان تێی کەوتونو کردویانە بە بەرنامە بۆ خۆیان، ئەهلی کتێبیش دایانهێناوە لە ئاینەکەیاندا.

﴿وَمَا تَكُونُ فِي شَأْنٍ وَمَا تَتْلُوا۟ مِنْهُ مِن قُرْءَانٍ وَلَا تَعْمَلُونَ مِنْ عَمَلٍ إِلَّا كُنَّا عَلَيْكُمْ شُهُودًا إِذْ تُفِيضُونَ فِيهِ وَمَا يَعْزُبُ عَن رَّبِّكَ مِن مِّثْقَالِ ذَرَّةٍ فِي ٱلْأَرْضِ وَلَا فِي ٱلسَّمَآءِ وَلَآ أَصْغَرَ مِن ذَٰلِكَ وَلَآ أَكْبَرَ إِلَّا فِي كِتَٰبٍ مُّبِينٍ ﴿٦١﴾﴾

هەموو گەورەو بچوکێ خودا ئاگای لێیەتی

خوای گەورەپێغەمبەرەکەی(ﷺ) ئاگادار دەکات کە هەرچی خۆیو ئوممەتەکەیو خەڵکی دەیکەن خودا دەیزانێو ئاگای لێیەتی لە هەموو کاتو ساتو چرکەیەکدا، وە هەرچی لە ئاسمانەکانو زەمیندایە با لە سەنگی مێرووڵەی هەرە وردیلە یان وردتر یان درشت تر بێ، خودا پێی دەزانێو دەیبینێو لێی ون نابێو وا لە کتێبی دیارو ئاشکرادا وەك ئەم ئایەتە کە فەرموویەتی: ﴿وَعِندَهُۥ مَفَاتِحُ ٱلْغَيْبِ لَا يَعْلَمُهَآ إِلَّا هُوَ ۚ وَيَعْلَمُ مَا فِي ٱلْبَرِّ وَٱلْبَحْرِ ۚ وَمَا تَسْقُطُ مِن وَرَقَةٍ إِلَّا يَعْلَمُهَا وَلَا حَبَّةٍ فِي ظُلُمَٰتِ ٱلْأَرْضِ وَلَا رَطْبٍ وَلَا يَابِسٍ إِلَّا فِي كِتَٰبٍ مُّبِينٍ﴾[1] هەموو کلیلی نهێنیو داپۆشراوەکان لەلای ئەوە، لە خۆی بەدەر هیچ کەسێ ئاگای لێ نیە، هەرچی لەناو وشکاییو دەریادایە دەیزانێ، هیچ گەڵایەك لە هیچی شوێنێ، بێ زانینی ئەو ناوەرێ، هەرچی دەنکەو لە تاریکایی زەویداو هەرچی تەڕە یان وشکە، گشتی لەناو دەفتەرێکی ئاشکرایە. خوای گەورەباسی کردوە کە لە جوڵەی درەختو شتە بێگیانەکانو مەڕو ماڵاتو زیندەوەرەکانی تریش ئاگادارەو ئەفەرموێت: ﴿وَمَا مِن دَآبَّةٍ فِي ٱلْأَرْضِ وَلَا طَٰٓئِرٍ يَطِيرُ بِجَنَاحَيْهِ إِلَّآ أُمَمٌ أَمْثَالُكُم﴾[2] هەر زیندەوەرێ لە زەویدا دەگەڕێو هەر مەلێ بە باڵ دەفڕێ، هەموویان کۆمەڵانێکن وەك ئێوە، ئێمە لەناو ئەم کتێبەدا هیچ شتێکمان جیا نەکردوەتەوە پاشان ئەمانە هەموو لەلای پەروەردگاری خۆیان کۆ دەکرێنەوە، وە ئەفەرموێت: ﴿وَمَا مِن دَآبَّةٍ فِي ٱلْأَرْضِ إِلَّا عَلَى ٱللَّهِ رِزْقُهَا﴾[3] لەم زەمینە هەر شتێ دەجوڵێتەوە گشتی ڕۆزی لەسەر خودایە، کاتێ خودا ئەمە زانیاری بێ

---

[1] الانعام (٥٩).
[2] الانعام (٣٨).
[3] هود (٦).

بە جوڵانی ئەم شتانە، ئەی زانیاری چۆنە بە جوڵەو هەڵسوکەوتی ئەوانەی کە ئەرکیان لەسەرەو فەرمانیان پێکراوە کە عبادەت دەکەن. وەك خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَتَوَكَّلْ عَلَى ٱلْعَزِيزِ ٱلرَّحِيمِ ﴿٢١٧﴾ ٱلَّذِى يَرَىٰكَ حِينَ تَقُومُ ﴿٢١٨﴾ وَتَقَلُّبَكَ فِى ٱلسَّٰجِدِينَ﴾[1] (ئەی موحەممەد(ﷺ)) هەر خۆت بە خاوەن دەستەڵاتی دلۆڤان بسپێرە، ئەو کەسەی کە تۆ دەبینێ، وا بە پێوە دەوەستی، هاتوچۆشت لەگەڵ سوژدەبەرەکاندا(لەبەر چاویەتی). بۆیە خوای گەورە لێرەدا فەرموویەتی: ﴿وَمَا تَكُونُ فِى شَأْنٍ وَمَا تَتْلُوا۟ مِنْهُ مِن قُرْءَانٍ وَلَا تَعْمَلُونَ مِنْ عَمَلٍ إِلَّا كُنَّا عَلَيْكُمْ شُهُودًا إِذْ تُفِيضُونَ فِيهِ ۚ وَمَا يَعْزُبُ عَن رَّبِّكَ مِن مِّثْقَالِ ذَرَّةٍ فِى ٱلْأَرْضِ وَلَا فِى ٱلسَّمَآءِ وَلَآ أَصْغَرَ مِن ذَٰلِكَ وَلَآ أَكْبَرَ إِلَّا فِى كِتَٰبٍ مُّبِينٍ﴾ تۆ(ئەی موحەممەد(ﷺ)) لە هەر بارێکدا بی‌و هەرچی لە قورئان بخوێنی‌و هەر کارێ ئێوە بیکەن ئێمە لێتان ئاگادارین، کاتێ خەریکی ئەو کارەن، هەرچی لە زەمین‌و ئاسماندایە،(با لە سەنگی مێرولەیەکی هەرە وردیلەش یان وردتر یان درشت تر بێ) هیچیان لە پەروەردگاری تۆ ناشارێتەوەو وا لە کتێبی ئاشکرادا. واتە: کاتێ ئەو کارە دەکەن ئێمە ئاگامان لێتانەو دەتان بینین‌و گوێمان لێتانە، بۆیە پێغەمبەری خودا(ﷺ) کاتێ کە جوبرەئیل لێی پرسی لە بارەی ئیحسانەوە فەرمووی:(وا خوا بپەرستی وەك ئەوەی دەیبینی، ئەگەر تۆ ئەو نابینی بێگومان ئەو تۆ دەبینێ).[2]

﴿أَلَآ إِنَّ أَوْلِيَآءَ ٱللَّهِ لَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴿٦٢﴾ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَكَانُوا۟ يَتَّقُونَ ﴿٦٣﴾ لَهُمُ ٱلْبُشْرَىٰ فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا وَفِى ٱلْءَاخِرَةِ ۚ لَا تَبْدِيلَ لِكَلِمَٰتِ ٱللَّهِ ۚ ذَٰلِكَ هُوَ ٱلْفَوْزُ ٱلْعَظِيمُ ﴿٦٤﴾﴾

ناسینی دۆستانی خودا

خوای گەورەئەفەرموێت: ﴿أَلَآ إِنَّ أَوْلِيَآءَ ٱللَّهِ لَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ﴾ با بزانن کە ئەوانەی دۆستی خودان هیچ ترسێکیان لەسەر نیە، خودای گەورە باسی دۆستەکانی خۆی کردووە کە ئەو خاوەن باوەڕانەن خۆیان لە گوناه دەپارێزن، وەك لەم ئایەتەدا پێناسەی کردون، هەر کەسێ لە خوا ترس بێ ئەوە دۆستی خودایە، ﴿لَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ﴾ ناترسن‌و لەو ناڕەحەتیانەی ڕۆژی قیامەت کە تووشیان دێ، ﴿وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ﴾ خەمیش ناخۆن بۆ ئەو شتانەی لە دنیادا بەجێی دەهێڵن، ئیبنوجەریر ڕیوایەتی کردوە لە ئەبوهورەیرەوە(ڕەزای خوای لێ بێ) ئەڵێ: پێغەمبەری خودا(ﷺ)

---

[1] الشعراء (٢١٧-٢١٩).

[2] مسلم (١/٣٧).

فەرموویەتی:(هەندێ عەبد هەن لە عەبدەکانی خودا پێغەمبەران و شەهیدان خۆزگەیان لێ دەخوازن) گوترا: ئەوانە کێن ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) هەتا ئێمەیش خۆشمان بوێن؟ فەرمووی:(ئەوانە کۆمەڵێکن یەکتریان خۆش دەوێ(خۆشەویستیەکەشیان) لەبەر سامان و بنەماڵە نیە، رووویان رووناکە لەسەر مینبەرێکن لە رووناکی ناترسن کاتێ خەڵکی ترسان، خەمیان نیە کاتێ خەڵکی خەمبارن) پاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوە: ﴿أَلَآ إِنَّ أَوْلِيَآءَ ٱللَّهِ لَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ﴾[1].

مەبەست لەم مژدەیە خەوبینی راستە

ئیبنوجەریر ریوایەتی کردوە لە عوبادەی کوڕی سامیتەوە کە گوتویەتی پێغەمبەری خودا(ﷺ) لەم ئایەتەدا: ﴿لَهُمُ ٱلْبُشْرَىٰ فِي ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا وَفِي ٱلْآخِرَةِ﴾ مژدە بۆ ئەوانە لە دنیاو لە قیامەتدا: مژدەی قیامەتمان زانیوە کە بەهەشتە، ئەی مژدەی دنیا کامەیە؟ پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی:(ئەو خەونە چاکەیە کە عەبد دەیبینێ یان پێوەی دەبینرێ، کە ئەو خەونە بەشێکە لە چل و چوار بەش یان حەفتا بەش لە پێغەمبەریەتی).[2] ئیمامی ئەحمەد ریوایەتی کردوە لە ئەبوزەڕەوە کە گوتویەتی: ئەی پێغەمبەری خودا: ئایا پیاو کارێ دەکات کەچی خەڵکی سوپاسی ئەکەن لەسەری و دەست خۆشی لێ ئەکەن؟(واتە: ئەوە چیە؟) پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی:(ئەوە پێشخستنی مژدەی ئەو خاوەنباوەڕەیە).[3] موسلیمش ریوایەتی کردوە.[4] دیسان ئیمامی ئەحمەد ریوایەتی کردوە لە عەبدوڵلای کوڕی عەمرەوە لە پێغەمبەری خوداوە(ﷺ) کە فەرموویەتی: ﴿لَهُمُ ٱلْبُشْرَىٰ فِي ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا﴾ خەوی چاك مژدە ئەدات بە خاوەنباوەڕ. خەوی باش بەشێکە لە چل و نۆ بەشی پێغەمبەرایەتی، هەر کەسێ ئەو خەوەی بینی با بیگێڕێتەوە، وە هەرکەسێ جگەلە ئەوەی بینی، ئەوە لە شەیتانەوەیە بۆ ئەوەی خەمباری بکات، با سێ جار تف بکات بە لای چەپیدا،(الله أکبر) یش بکات و کەسیشی لێ ئاگادار نەکات).[5] کەسی تر ئەم فەرموودەیەی ریوایەت نەکردوە. گوتراوە: مەبەست پێی مژدەی فریشتەکانە بە خاوەن باوەڕان لە کاتی گیان کێشاندا بە بەهەشت و لێخۆشبوون(لێیان) وەك ئەم ئایەتەی کە خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ قَالُوا۟ رَبُّنَا ٱللَّهُ ثُمَّ ٱسْتَقَـٰمُوا۟ تَتَنَزَّلُ عَلَيْهِمُ ٱلْمَلَـٰٓئِكَةُ أَلَّا تَخَافُوا۟ وَلَا تَحْزَنُوا۟ وَأَبْشِرُوا۟ بِٱلْجَنَّةِ ٱلَّتِى كُنتُمْ تُوعَدُونَ ﴿٣٠﴾ نَحْنُ أَوْلِيَآؤُكُمْ فِى

---

[1] الطبري (١٥/١٢٠).

[2] الطبري (١٥/١٣٢).

[3] أحمد (٥/١٥٦)، سەحیحە.

[4] مسلم (٤/٢٠٣٤).

[5] أحمد (٢/٢١٩)، فەرموودەیەکی لاوازە.

ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا وَفِى ٱلْـَٔاخِرَةِ ۖ وَلَكُمْ فِيهَا مَا تَشْتَهِىٓ أَنفُسُكُمْ وَلَكُمْ فِيهَا مَا تَدَّعُونَ ﴿٣١﴾ نُزُلًا مِّنْ غَفُورٍ رَّحِيمٍ ﴾[1] ئەوانەی کە گوتویانە: پەروەردگارمان خودایەو لە قسەی خۆیان لایان نەداوە، فریشتە دێنە لایانو پێیان دەڵێن: نە بترسنو نە خەم بخۆن، مژدە بێ لێتان گەیشتونەتە ئەو بەهەشتەی کە بەڵێنتان پێدراوە ئێمە(لە دنیاو لە قیامەتدا) دۆستی ئێوەین لە بەهەشتدا ئارەزوی هەر شتێ بکەنو چی داوا کەن ئامادەیە، ئەم میواندارییە لەلایەن گوناه بەخشی دلۆڤانەوەیە. وە لە فەرموودەکەی برائەوە (ڕەزای خوای لێ بێ) هاتووە بێگومان خاوەن باوەڕ کاتێ مردن یەخەی گرت فریشتە دێنە لای ڕوو سپیو بەرگ سپی دەڵێن: ئەی گیانی پاك وەرە دەرەوەو بحەسێرەوە بۆنی خۆش هەڵمژە، بڕۆ بۆ لای ئەو پەروەردگارەت کە توڕەنییە، گیانەکە لە دەمی دێتە دەرەوە وەك چۆن دڵۆپێك ئاو لە دەمی(کەسێکەوە ئاو دەخواتەوە) دەڕژێتە خوارەوە.[2] مژدەشیان لە دوایدا ئەوەیە وەك خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿ لَا يَحْزُنُهُمُ ٱلْفَزَعُ ٱلْأَكْبَرُ وَتَتَلَقَّىٰهُمُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ هَٰذَا يَوْمُكُمُ ٱلَّذِى كُنتُمْ تُوعَدُونَ ﴾[3] ترسە هەرە گەورەکە خەمباریان ناکات، فریشتەکانیش تووشیان دەبن،(دەڵێن): ئەمڕۆ ئەو ڕۆژەیە کە بەڵێنتان پێدرابوو. وە فەرموویەتی: ﴿يَوْمَ تَرَى ٱلْمُؤْمِنِينَ وَٱلْمُؤْمِنَٰتِ يَسْعَىٰ نُورُهُم بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَبِأَيْمَٰنِهِم بُشْرَىٰكُمُ ٱلْيَوْمَ جَنَّٰتٌ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَا ۚ ذَٰلِكَ هُوَ ٱلْفَوْزُ ٱلْعَظِيمُ ﴾[4] ڕۆژێك دێ کە تۆ دەبینی مێردو ژنی خاوەن باوەڕ، تیشك دانەوەی کردەوەکانیان پێش کەوتوەو لە لای ڕاستیانەوە دەڕوا، خۆشی لە خۆتان ئەمڕۆ دەچنە ناو باغاتێکەوە جۆباریان بەبەردا دەڕواو هەرو هەر، هەر تیا دەبن ئەمەیە بەهرەی زۆر گرنگ. پاشان خوای گەورەلێرەدا ئەفەرموێت: ﴿لَا تَبْدِيلَ لِكَلِمَٰتِ ٱللَّهِ ۚ ذَٰلِكَ هُوَ ٱلْفَوْزُ ٱلْعَظِيمُ ﴾ گفتی خودا گۆڕینی بەسەردا نایەت، ئەمەیە دەستکەوتی مەزن. واتە: ئەمە بەڵێنی خودایەو گۆڕانی بەسەردا نایەو نکوڵی تیا ناکرێ، بەڵکو ئەوە بڕیارێکەو دراوەو گومانی تێدا نیەو هەر دەبێ ببێ. لە کۆتایی ئایەتەکەدا خوای گەورەئەفەرموێت: ﴿ذَٰلِكَ هُوَ ٱلْفَوْزُ ٱلْعَظِيمُ ﴾ واتە: ئەمەیە دەستمایەی گەورە.

---

[1] الفصلت (٣٠-٣٢).

[2] أحمد (٢٨٧/٤)، فەرموودەیەکی سەحیحە.

[3] الانبياء (١٠٣).

[4] الحديد (١٢).

﴿ وَلَا يَحْزُنكَ قَوْلُهُمْ إِنَّ ٱلْعِزَّةَ لِلَّهِ جَمِيعًا هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْعَلِيمُ ﴿٦٥﴾ أَلَآ إِنَّ لِلَّهِ مَن فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَن فِى ٱلْأَرْضِ وَمَا يَتَّبِعُ ٱلَّذِينَ يَدْعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ شُرَكَآءَ إِن يَتَّبِعُونَ إِلَّا ٱلظَّنَّ وَإِنْ هُمْ إِلَّا يَخْرُصُونَ ﴿٦٦﴾ هُوَ ٱلَّذِى جَعَلَ لَكُمُ ٱلَّيْلَ لِتَسْكُنُوا۟ فِيهِ وَٱلنَّهَارَ مُبْصِرًا إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَٰتٍ لِّقَوْمٍ يَسْمَعُونَ ﴿٦٧﴾ ﴾

گشت دەستەلات هی خودایەو هەر خۆشی بوونەوەر بەڕێوە دەبات و هیچ کەسی لەگەڵدا نیە

خـوای گەورەئەفـەرموێت بـە پێغەمبەرەکـەی(ﷺ): ﴿ وَلَا يَحْزُنكَ قَوْلُهُمْ إِنَّ ٱلْعِزَّةَ لِلَّهِ جَمِيعًا ﴾ قسەی(بتپەرستان) خەمگینت نەکات، پشت بە خودا ببەستەو داوای یارمەتی هەر لە خودا بکە بۆیان. هەموو دەستەلاتیٚ بۆ خوداو پێغەمبەرەکەیی و خاوەن باوەڕانە، ﴿هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْعَلِيمُ ﴾ واتە: قسەی عەبدەکانی باش دەبیسیٚ و ئاگاداری هەڵسوکەوتیانە. پاشان فەرموویەتی: ﴿ أَلَآ إِنَّ لِلَّهِ مَن فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَن فِى ٱلْأَرْضِ وَمَا يَتَّبِعُ ٱلَّذِينَ يَدْعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ شُرَكَآءَ إِن يَتَّبِعُونَ إِلَّا ٱلظَّنَّ وَإِنْ هُمْ إِلَّا يَخْرُصُونَ ﴾ با بزانن هەرچی لە ناو ئاسمانەکان و زەمیندایە، هی خودایە، کەسانێکیش هانایان(جگە لە خودا) دەبەنە بەر شەریکانیٚ. شوێنی ئەوانە نەکەوتون، شوێن خەیاڵی خاو کەوتون، بە گومان و گۆترە شت دەڵێن. واتە: خودای گەورە ئەفەرموێت هەموو ئاسمانەکان و زەمین و ئەوەی تێیاندایە هەموو هی خۆیەتی، موشریکەکان بت دەپەرستن کە هیچیان بە دەست نیە نە سوود دەگەیەنن بە کەس و نە زیانیشی لیٚ ئەدەن و هیچ بەڵگەیەکیشیان بە دەستەوە نیە کە دەیان پەرستن، بەڵکو شوێن گومان و خەیاڵ و درۆو دەلەسە دەکەون لەو کارەیاندا. پاشان ئەفـەرموێت: ﴿ هُوَ ٱلَّذِى جَعَلَ لَكُمُ ٱلَّيْلَ لِتَسْكُنُوا۟ فِيهِ وَٱلنَّهَارَ مُبْصِرًا إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَٰتٍ لِّقَوْمٍ يَسْمَعُونَ ﴾ هەر خۆیەتی شەوی بۆ ئێوە هێناوە، کە تێیدا بحەسێنەوە، ڕووناکیشی داوە بە ڕۆژ، کە لەمەدا بەڵگە زۆرن بۆ ئەو کەسانەی دەبیسن. واتە: هەر ئەو خودایە کە شەوی بۆ بەندەکانی ڕام هێناوە هەتا تێیدا بحەسێنەوە دوای ئەو هەموو ماندوبون و ناڕەحەتی و هەڵسوکەوتەیان لە ڕۆژدا، ﴿وَٱلنَّهَارَ مُبْصِرًا ﴾ ڕووناکیشی داوە بە ڕۆژ بۆ ئەوەی بجوڵێن و ژیان و بەرژەوەندی خۆیان بە دەست بهێنن و سەفەریشی تێدا بکەن، ئەم بەڵگەو نیشانانەی کە دیبیسن بەڵکو پەندو ئامۆژگاری لیٚ وەرگرن و بیکەنە بەڵگە لەسەر گەورەیی وەدیهێنەرو دانەرو بەڕێوەبەری ئەم نیشانانە.

﴿ قَالُوا اتَّخَذَ اللَّهُ وَلَدًا سُبْحَانَهُ هُوَ الْغَنِيُّ لَهُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ إِنْ عِنْدَكُمْ
مِنْ سُلْطَانٍ بِهَذَا أَتَقُولُونَ عَلَى اللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ (٦٨) قُلْ إِنَّ الَّذِينَ يَفْتَرُونَ عَلَى اللَّهِ الْكَذِبَ لَا
يُفْلِحُونَ (٦٩) مَتَاعٌ فِي الدُّنْيَا ثُمَّ إِلَيْنَا مَرْجِعُهُمْ ثُمَّ نُذِيقُهُمُ الْعَذَابَ الشَّدِيدَ بِمَا كَانُوا
يَكْفُرُونَ (٧٠) ﴾

خودا پاك و بێ عەیبە و دوورە لەوەی كە هاوسەر و منداڵی هەبێ

خوای گەورە ناڕەزایی دەردەبڕێ بەرانبەر ئەوانەی كە دەڵێن منداڵی بۆ خۆی هەڵبژاردوە ئەفەرموێت: ﴿ قَالُوا اتَّخَذَ اللَّهُ وَلَدًا سُبْحَانَهُ هُوَ الْغَنِيُّ ﴾ ئەڵێن: خودا فەرزەندی هەڵبژاردوە، خودا لەو تۆمەتانە پاكە و (دوورە) و بێ نیازە. لە هەموو شتێ جگەلە خۆی، هەموو شتێ نیازی بەو هەیە ﴿لَهُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ﴾ هەرچی لە ئاسمانەكان و زەمیندایە هی خۆیەتی، واتە: چۆن دەبێ فەرزەندی لە شتێ ببێ كە خۆی دروستی كردوە و خاوەنیەتی و عەبدی ئەوە، ﴿إِنْ عِنْدَكُمْ مِنْ سُلْطَانٍ بِهَذَا ﴾ ئێوە هیچ بەلگەیەكتان بۆ ئەم قسەیە نیە، واتە: ئێوە هیچ بەلگەیەكتان بۆ ئەم بوختان و قسە درۆیە نیە بە دەستەوە كە هەڵتانبەستووە، ﴿أَتَقُولُونَ عَلَى اللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ ﴾ چۆن شتێ دەربارەی خودا دەڵێن كە نایزانن؟ ئەمە ناڕەزایی دەربڕینێكی توند و هەڕەشەیەكی گەورە و بەڵێنێكی جەخت لەسەر كراوە. وەك لەم ئایەتانەی تریشدا ئەفەرموێت:

﴿ وَقَالُوا اتَّخَذَ الرَّحْمَنُ وَلَدًا (٨٨) لَقَدْ جِئْتُمْ شَيْئًا إِدًّا (٨٩) تَكَادُ السَّمَاوَاتُ يَتَفَطَّرْنَ مِنْهُ وَتَنْشَقُّ الْأَرْضُ وَتَخِرُّ الْجِبَالُ هَدًّا (٩٠) أَنْ دَعَوْا لِلرَّحْمَنِ وَلَدًا (٩١) وَمَا يَنْبَغِي لِلرَّحْمَنِ أَنْ يَتَّخِذَ وَلَدًا (٩٢) إِنْ كُلُّ مَنْ فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ إِلَّا آتِي الرَّحْمَنِ عَبْدًا (٩٣) لَقَدْ أَحْصَاهُمْ وَعَدَّهُمْ عَدًّا (٩٤) وَكُلُّهُمْ آتِيهِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ فَرْدًا ﴾[1] ئەڵێن: خودا فەرزەندی بۆ خۆی هەڵبژاردوە، ئای كە قسەی ڕەقتان بە دەمدا هاتوە لەوانەیە لەو (قسەیە) ئاسمانەكان هەڵتەكێن و زەوی شەق ببا و كێوەكان (داڕوخێن) لەسەر ئەوەی ئەڵێن خودا فەرزەندی هەیە، لە خودا ناوەشێتەوە كە هیچ فەرزەندێكی هەبێ، هەرچی لەناو ئەم ئاسمانان و زەمینەدان بە عەبدایەتی دێنە لای خودا. هەرئەو سەر حیسابی هەموویانە و هەر بە هەژمار ژماردونی، هەموویان ڕۆژی قیامەت بە تەنیا دێنە لای ئەو. پاشان خوای گەورە هەڕەشە دەكات لەو كەسانەی كە درۆ و بوختانیان هەڵبەستوە بۆ خودا و گوتویانە: منداڵی هەیە! ئەوانە نە لە دنیا و نە لە قیامەتدا

---

[1] مريم (٨٨-٩٥).

ڕزگاریـان نـابێ، لـە دنیـادا ماوەیـان ئـەداتو وازیـان لـێ دێـنێو کـەمێ ژیانیـان خـۆش دەکـات وەك ئەفـەرموێت: ﴿ قُلْ إِنَّ الَّذِينَ يَفْتَرُونَ عَلَى اللَّهِ الْكَذِبَ لَا يُفْلِحُونَ ﴾ بلـێ: ئەوانـەی درۆ بـۆ خـوا هەڵدەبەسن ڕزگار نابن. ﴿ مَتَاعٌ فِي الدُّنْيَا ﴾ ڕابواردنێکی کـەم لـە دنیادا. ﴿ثُمَّ إِلَيْنَا مَرْجِعُهُمْ ﴾ لـە دواییدا(واتە: لە ڕۆژی قیامەتـدا) دەگەڕێنـەوە بـۆ لامـان ﴿ثُمَّ نُذِيقُهُمُ الْعَذَابَ الشَّدِيدَ بِمَا كَانُوا يَكْفُرُونَ ﴾ لە دوای ئەوە لە سزای حاشا کردنیان بە توندی ئازاری(بە ژانیان) ئەدەین. واتـە: بـەهۆی خوانەناسیو درۆو بوختان هەڵبەستنیان بە دەم خوداوە ئازاری توندو بە ژانیان ئەدەین.

﴿وَاتْلُ عَلَيْهِمْ نَبَأَ نُوحٍ إِذْ قَالَ لِقَوْمِهِ يَا قَوْمِ إِنْ كَانَ كَبُرَ عَلَيْكُمْ مَقَامِي وَتَذْكِيرِي بِآيَاتِ اللَّهِ فَعَلَى اللَّهِ تَوَكَّلْتُ فَأَجْمِعُوا أَمْرَكُمْ وَشُرَكَاءَكُمْ ثُمَّ لَا يَكُنْ أَمْرُكُمْ عَلَيْكُمْ غُمَّةً ثُمَّ اقْضُوا إِلَيَّ وَلَا تُنْظِرُونِ ﴿٧١﴾ فَإِنْ تَوَلَّيْتُمْ فَمَا سَأَلْتُكُمْ مِنْ أَجْرٍ إِنْ أَجْرِيَ إِلَّا عَلَى اللَّهِ وَأُمِرْتُ أَنْ أَكُونَ مِنَ الْمُسْلِمِينَ ﴿٧٢﴾ فَكَذَّبُوهُ فَنَجَّيْنَاهُ وَمَنْ مَعَهُ فِي الْفُلْكِ وَجَعَلْنَاهُمْ خَلَائِفَ وَأَغْرَقْنَا الَّذِينَ كَذَّبُوا بِآيَاتِنَا فَانْظُرْ كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُنْذَرِينَ ﴿٧٣﴾ ثُمَّ بَعَثْنَا مِنْ بَعْدِهِ رُسُلًا إِلَى قَوْمِهِمْ فَجَاءُوهُمْ بِالْبَيِّنَاتِ فَمَا كَانُوا لِيُؤْمِنُوا بِمَا كَذَّبُوا بِهِ مِنْ قَبْلُ كَذَلِكَ نَطْبَعُ عَلَى قُلُوبِ الْمُعْتَدِينَ ﴿٧٤﴾﴾

بەسەرهاتی نووح(سەلامی خوای لێ بێ) لەگەڵ هۆزەکەیدا

خوای گەورەئەفەرموێت بە پێغەمبەرەکەی نووح(سەلامی خوای لێ بێ): ﴿وَاتْلُ عَلَيْهِمْ نَبَأَ نُوحٍ﴾ تـۆ بەسەرهاتەکەی نووحیان بۆ بخوێنـەوە. واتـە: هـەواڵو بەسـەرهاتی نـووحو هۆزەکـەی بگێڕەرەوە بـۆ خوانەناسانی مەککە ئەوانەی بڕوات پێناکەنو دژایەتیت دەکەن کە چۆن خودا ئەوانەی خوانەناس بـون لە ناویدان و قڕی تێخستن بە خنکاندنو هیچی نەهێڵان، با ئەوانیش بترسن لەوەی تووشی هۆزی نـووح هات تووشـی ئـەوانیش ببێ لـەو تیاچوونو قـڕ تێکەوتنـە ﴿إِذْ قَالَ لِقَوْمِهِ يَا قَوْمِ إِنْ كَانَ كَبُرَ عَلَيْكُمْ مَقَامِي وَتَذْكِيرِي بِآيَاتِ اللَّهِ﴾ کـەوا بـە هۆزەکـەی خـۆی گـوت: گـەلۆ، ئەگـەر مانـەوەو وەبـیر هێنانـەوەی نیشانەکانی خودا گرانە بەلاتانەوە لەلایەن منەوە ﴿فَعَلَى اللَّهِ تَوَكَّلْتُ﴾ من خۆم بە خـودا سـپاردوە گـوێم لـێ نیـەو دەستبەرداری ئێـوە نـابم، بـە لاتانـەوە گـران بـێ یـان گـران نـەبێ. ﴿فَأَجْمِعُوا أَمْرَكُمْ وَشُرَكَاءَكُمْ﴾ ئێوەش لەگەڵ شەریکەکانتاندا کاری خۆتان بکەنە یەك. لەو بتو پەیکەرانەی هاواریان لـێ دەکەن بێجگە لە خودا ﴿ثُمَّ لَا يَكُنْ أَمْرُكُمْ عَلَيْكُمْ غُمَّةً﴾ پاشان کـارێکی وا بکـەن هـیچ دوودڵـی تێـدا

نەبێ، بەڵكو خۆتان بە تەواوی لە من هەڵاوێرن ئەگەر وا دەزانن لەسەر هەقن ﴿ثُمَّ ٱقْضُوٓا۟ إِلَىَّ وَلَا تُنظِرُونِ﴾ ئەوسا پەلامارم بدەن و ماوەم مەدەن تەنیا ساتێكیش، واتە: هەرچیتان لە دەست دێ دریغی مەكەن من هیچ گوێتان پێ نادەم و لێتان ناترسم چونكە ئێوە لەسەر هیچ شتێ نین. وەك هوود پێغەمبەر(سەلامی خوای لێ بێ) بە هۆزەكەی خۆی گوت: ﴿إِنِّىٓ أُشْهِدُ ٱللَّهَ وَٱشْهَدُوٓا۟ أَنِّى بَرِىٓءٌ مِّمَّا تُشْرِكُونَ ﴿٥٤﴾ مِن دُونِهِۦ ۖ فَكِيدُونِى جَمِيعًا ثُمَّ لَا تُنظِرُونِ ﴿٥٥﴾ إِنِّى تَوَكَّلْتُ عَلَى ٱللَّهِ رَبِّى وَرَبِّكُم﴾[1] خوا بە شایەت دەگرم، ئێوەیش هەروەها شایەت بن من لەوەی ئێوە دەیپەرستن بەركەنارم جگە لە خوا، دەی هەمووتان فێڵم لێ بكەن و مەودام مەدەن، من خۆم سپارد بەو خودایە كە منی پەروەردەكردووە و ئێوەشی پەروەردەكردووە.

ئەم ئیسلامە ئاینی(گشت) پێغەمبەرانە(سەلامی خوایان لێ بێ)

پاشان خوای گەورە ئەفەرموێت: ﴿فَإِن تَوَلَّيْتُمْ﴾ جا ئەگەر سەرپێچیشتان كردم و پشتتان هەڵكرد لە گوێڕایەڵی خودا، ﴿فَمَا سَأَلْتُكُم مِّنْ أَجْرٍ﴾ من داوای هیچ پاداشتێكم لێ نەكردوون. واتە: لەسەر ئەم ئامۆژگاریانەی كە دەتان كەم هیچ پاداشتێكم ناوێ لێتان. ﴿إِنْ أَجْرِىَ إِلَّا عَلَى ٱللَّهِ ۖ وَأُمِرْتُ أَنْ أَكُونَ مِنَ ٱلْمُسْلِمِينَ﴾ پاداشتم لە لای خودایە، من فەرمانم پێدراوە ملكەچی بەر بارەگای(خودا) بم. ئەم ئیسلامە ئاینی گشت پێغەمبەرانە(سەلامی خوایان لێ بێ) لە یەكەم پێغەمبەریانەوە هەتا دوایین پێغەمبەر، با بابەتی بەرنامە و شێوازی عیبادەتیشیان وەك یەك نەبوبێ، وەك خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿لِكُلٍّ جَعَلْنَا مِنكُمْ شِرْعَةً وَمِنْهَاجًا﴾[2] بۆ هەر كۆمەڵێك لە ئێوە ڕێوشوێنێكمان داناوە. ئیبنوعەبباس ئەڵێ: ڕێبازێك و ڕێوشوێنێك[3]. ئەوەتا نووح پێغەمبەر(سەلامی خوای لێ بێ) ئەفەرموێت: ﴿وَأُمِرْتُ أَنْ أَكُونَ مِنَ ٱلْمُسْلِمِينَ﴾[4] من فەرمانم پێدراوە كە ملكەچی بەربارەگای(خودا) بم. وە خودای مەزنیش لە بارەی ئیبراهیمی خەلیلیشەوە فەرموویەتی: ﴿إِذْ قَالَ لَهُۥ رَبُّهُۥٓ أَسْلِمْ ۖ قَالَ أَسْلَمْتُ لِرَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿١٣١﴾ وَوَصَّىٰ بِهَآ إِبْرَٰهِۦمُ بَنِيهِ وَيَعْقُوبُ يَٰبَنِىَّ إِنَّ ٱللَّهَ ٱصْطَفَىٰ لَكُمُ ٱلدِّينَ فَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم

---

[1] هود (٥٤-٥٦).

[2] المائدة (٤٨).

[3] الطبري (١٠/٣٨٨).

[4] یونس (٧٢).

مُسْلِمُونَ ﴾[1] وەختێ پەروەردگاری پێی گوت: وەرە خۆ بە من بسپێرە، ئەڵێ: وا خۆم دایە دەستی ڕاهێنەری هەموو دنیا، ئیبراهیم بۆ کوڕەکانی یەعقوبیش ڕاسپێری کرد: فەرزەندانم! خوا ئەم ئاینەی بۆ ئێوە هەڵبژاردوە، کەوایە بە موسوڵمانی نەبێت مەمرن. وە یوسف پێغەمبەریش فەرموویەتی: ﴿رَبِّ قَدْ ءَاتَيْتَنِى مِنَ ٱلْمُلْكِ وَعَلَّمْتَنِى مِن تَأْوِيلِ ٱلْأَحَادِيثِ ۚ فَاطِرَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ أَنتَ وَلِىِّۦ فِى ٱلدُّنْيَا وَٱلْءَاخِرَةِ ۖ تَوَفَّنِى مُسْلِمًا وَأَلْحِقْنِى بِٱلصَّٰلِحِينَ ﴾[2] ئەی پەروەردگارم لەم وڵاتە تۆ دەستەڵاتت پێداومو فێرت کردوم چۆن خەونەکان لێکدەمەوە، وەدیهێنەری ئاسمانەکانو زەمین، هەر تۆی لە دنیاو لە قیامەت گەورەی منی، لەسەر بڕوای تەواو بە خۆت بم مرێنەو بمگەیەنەوە بە پیاوچاکان. مووسا پێغەمبەریش فەرموویەتی: ﴿يَٰقَوْمِ إِن كُنتُمْ ءَامَنتُم بِٱللَّهِ فَعَلَيْهِ تَوَكَّلُوٓاْ إِن كُنتُم مُّسْلِمِينَ ﴾[3] مووسا بە هۆزەکەی خۆی گوت: گەلۆ! ئەگەر باوەڕتان بە خوا هەیەو ملکەچی فەرمانی ئەون، سا پشتتان هەر بەو ببەستن. جادووگەرەکان ئەڵێن: وەك خوای گەورەئەفەرموێت: ﴿رَبَّنَآ أَفْرِغْ عَلَيْنَا صَبْرًا وَتَوَفَّنَا مُسْلِمِينَ ﴾[4] ئەی پەروەردگارمان خۆڕاگریمان بدەیەو بە باوەڕی پاکەوە(بە موسوڵمانی) بمان مرێنە. بەلقیسیش ئەڵێ: ﴿رَبِّ إِنِّى ظَلَمْتُ نَفْسِى وَأَسْلَمْتُ مَعَ سُلَيْمَٰنَ لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴾[5] پەروەردگارم من تا ئێستا ناهەقیم لە خۆم کردوە لە ئێستاوە(لەگەڵ سولەیمان) خۆم ئەدەمە دەست ڕاهێنەری گشت جیهان. وە خوای گەورەئەفەرموێت: ﴿ إِنَّآ أَنزَلْنَا ٱلتَّوْرَىٰةَ فِيهَا هُدًى وَنُورٌ ۚ يَحْكُمُ بِهَا ٱلنَّبِيُّونَ ٱلَّذِينَ أَسْلَمُواْ ﴾[6] ئێمە کە ئەم تەوراتەمان ناردۆتە خوار ڕووناکیو ڕێ نیشاندانی تێدایە، هەموو ئەو پێغەمبەرانەی حوکمیان پێدەکرد کە موسوڵمانو ملکەچ بوون. وە فەرموویەتی: ﴿ وَإِذْ أَوْحَيْتُ إِلَى ٱلْحَوَارِيِّۦنَ أَنْ ءَامِنُواْ بِى وَبِرَسُولِى قَالُوٓاْ ءَامَنَّا وَٱشْهَدْ بِأَنَّنَا مُسْلِمُونَ ﴾[7] ئەو کاتەیش من(هەر بە هێمای) تایبەتی خۆم حەواریەکانم تێگەیان: دەبێ بڕواتان بە من هەبێو بە پێغەمبەرەکەی منیش باوەڕ بکەن ئەڵێن: خوایە تۆ شایەت بە کە بڕوامان پێهێنایو هەر ملکەچی فەرمانی تۆین. دوایین پێغەمبەرو بەڕێزترینی

---

[1] البقرة (١٣١–١٣٢).

[2] يوسف (١٠١).

[3] يونس (٨٤).

[4] الاعراف (١٢٦).

[5] النمل (٤٤).

[6] المائدة (٤٤).

[7] المائدة (١١١).

مرۆڤایەتی(موحەممەد(ﷺ)) فەرموویەتی وەك خوای گەورەئەفەرموێت: ﴿إِنَّ صَلَاتِي وَنُسُكِي وَمَحْيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ ﴿١٦٢﴾ لَا شَرِيكَ لَهُ وَبِذَلِكَ أُمِرْتُ وَأَنَا أَوَّلُ الْمُسْلِمِينَ﴾[1] من نوێژ كردنمو بەندایەتی(پێكهێنانی ڕێوشوێنی حەج كردنم)و ژینو مەرگم بۆ خودایە، كە ڕاهێنەری دنیا هەر خۆیەتی خودا هیچ شەریكی نیە، فەرمان وا بە من دراوەو من یەكەمینم لە ڕیزی موسوڵمانان. واتە: لە موسوڵمانانی ئەم ئوممەتە. بۆیە لەم فەرمووده سەحیحەدا فەرموویەتی: (ئێمەی كۆمەڵی پێغەمبەران منداڵی پیاوو ژنانی جیاوازینو ئاینمان یەكە)[2] واتە: بریتیە لەپەرستنی خودا بە تەنیاكە شەریكی نیە، با شەریعەتەكەشمان جۆراو جۆر بوبێ، مانای ئەم وتانە(اولاد علات) كە پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی، ئەم پێغەمبەرانە(هەموو) برای یەكنو لە چەند دایكێكی جیاو یەك باوكن.

پاشەڕۆژی خراپی ئەم تاوانبارانە

خوای گەورەئەفەرموێت: ﴿فَكَذَّبُوهُ فَنَجَّيْنَاهُ وَمَن مَّعَهُ فِي الْفُلْكِ وَجَعَلْنَاهُمْ خَلَائِفَ﴾ هەنر بە درۆزنیان دادەنا، ئەوسا خۆیی و ئەوانەی كە لەگەڵیدا بوون(لە كەشتیدا) ڕزگارمان كردنو كردمانن بە جێنشین لەسەر زەمیندا. ﴿وَأَغْرَقْنَا الَّذِينَ كَذَّبُوا بِآيَاتِنَا فَانظُرْ كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُنذَرِينَ﴾ ئەوانەشمان ژێر ئاو خست كە بڕوایان بە نیشانەكانی ئێمە نەكرد، دە بڕوانەو(بزانە) ئەوانەی ترسێنرا بوون چیان بەسەرهات ئاكامیان بەچی گەیشت. پاشان خوای گەورەئەفەرموێت: ﴿ثُمَّ بَعَثْنَا مِن بَعْدِهِ رُسُلًا إِلَىٰ قَوْمِهِمْ فَجَاءُوهُم بِالْبَيِّنَاتِ﴾ لە پاش ئەویش زۆری لە پێغەمبەرانمان بە چەند نیشانانەی دیاریەوە ناردە لای گەلانی خۆیان. واتە: دوای نووح پێغەمبەر پێغەمبەری زۆرمان ناردە لای هۆزەكانیان بەڵگەو نیشانەی زۆریان بۆ هێنانەوە لەسەر ڕاستی ئەو پەیامەی كە بۆیان هێناون ﴿فَمَا كَانُوا لِيُؤْمِنُوا بِمَا كَذَّبُوا بِهِ مِن قَبْلُ﴾ بەڵام نەهاتنە سەر بڕوا بەو شتانەی كە لە پێشدا بڕوایان پێ نەهێنابوو، واتە: ئەو گەلانەی كە لە پێشدا بڕوایان نەهێنا بوو بەو شتانەی كە پێغەمبەرەكانیان یەكەم جار هاتن بۆ لایانو بۆیان هێنان. وەك ئەم ئایەتە كە خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَنُقَلِّبُ أَفْئِدَتَهُمْ وَأَبْصَارَهُمْ كَمَا لَمْ يُؤْمِنُوا بِهِ أَوَّلَ مَرَّةٍ﴾[3] هەروا ئەوان جاری یەكەم باوەڕیان بە قورئان نەكرد(ئێمەش) دڵو دیدەی ئەوان (وەردەگێڕین). وە لێرەدا خوای گەورەئەفەرموێت: ﴿كَذَٰلِكَ نَطْبَعُ عَلَىٰ قُلُوبِ الْمُعْتَدِينَ﴾ ئێمە ئاوا مۆر

---

[1] الانعام (١٦٢-١٦٣).

[2] فتح الباري (٦/٥٥٠).

[3] الانعام (١١٠).

دەخەینە سەر دڵی دەستدرێژیکەران. واتە: وەك چۆن مۆری نا بەسەر دڵی ئەوانەدا بەهۆی باوەڕ نەهێنانیان لەسەرتاوە هەر بەو شێوەیەش مۆر دەنێ بەسەر دڵی ئەو کەسانەشدا کە وەك ئەوانن دوای ئەوان ئەو مۆرە وایان لێ دەکات باوەڕ ناهێنن تا سزای بەژان بە چاوی خۆیان نەبینن مەبەست لێرەدا ئەوەیە خودای گەورە ئەو گەلانەی کە بڕوایان بە پێغەمبەرەکانیان نەکردوە لە ناوی دوان، ئەوانەیش بڕوایان هێناوە نەجاتی داون، ئەمەیش دوای نووح پێغەمبەر بووە(سەلامی خوای لێ بێ) چونکە خەڵکی لە پێش نووحدا لە زەمانی ئادەمەوە(سەلامی خوایان لێ بێ) موسوڵمان بوون هەتا ئەو کاتەی دەستیان دایە بتپەرستی خودایش نووح پێغەمبەری بۆ ناردن(سەلامی خوای لێ بێ) هەر لەبەر ئەوەیە خاوەنباوەڕان لە ڕۆژی قیامەتدا پێی دەڵێن: تۆ یەکەم پێغەمبەری کە خودا ڕەوانەی کرد بۆ سەر خەڵکی سەر زەمین. ئیبنوعەبباس ئەڵێ: نێوانی ئادەمو نووح دە سەدە بووە، هەموویان لەسەر ئیسلامەتی بوون[1] وە خوای گەورەلە ئایەتی تردا فەرموویەتی: ﴿ وَكَمْ أَهْلَكْنَا مِنَ ٱلْقُرُونِ مِنْ بَعْدِ نُوحٍ ﴾[2] زۆر بەرەشمان لە پاش نووح لەناو بردوە. لەم ئایەتەدا هەڕەشەیەکی گەورە هەیە بۆ موشریکەکانی عەرەب ئەوانەی کە بڕوایان بە گەورەو دواین پێغەمبەر(موحەممەد(ﷺ)) نەدەهێنا، گومانی تێدا نیە ئەوەی تووشی ئەوانە هات کە بڕوایان بە پێغەمبەرەکانیان نەهێنا وەك خوای گەورەباسی کردوە لەو سزاو ئازارەی کە داونی. ئایا ئەمانە چۆن گومان دەبەن، کە ئەمان هەڵساون بە کاری خراپتر لەوان؟

﴿ ثُمَّ بَعَثْنَا مِنْ بَعْدِهِم مُّوسَىٰ وَهَٰرُونَ إِلَىٰ فِرْعَوْنَ وَمَلَإِيْهِۦ بِـَٔايَٰتِنَا فَٱسْتَكْبَرُوا۟ وَكَانُوا۟ قَوْمًا مُّجْرِمِينَ ﴿٧٥﴾ فَلَمَّا جَآءَهُمُ ٱلْحَقُّ مِنْ عِندِنَا قَالُوٓا۟ إِنَّ هَٰذَا لَسِحْرٌ مُّبِينٌ ﴿٧٦﴾ قَالَ مُوسَىٰٓ أَتَقُولُونَ لِلْحَقِّ لَمَّا جَآءَكُمْ أَسِحْرٌ هَٰذَا وَلَا يُفْلِحُ ٱلسَّٰحِرُونَ ﴿٧٧﴾ قَالُوٓا۟ أَجِئْتَنَا لِتَلْفِتَنَا عَمَّا وَجَدْنَا عَلَيْهِ ءَابَآءَنَا وَتَكُونَ لَكُمَا ٱلْكِبْرِيَآءُ فِى ٱلْأَرْضِ وَمَا نَحْنُ لَكُمَا بِمُؤْمِنِينَ ﴿٧٨﴾ ﴾

بەسەرهاتی مووساو فیرعەون

خوای گەورەئەفەرموێت: ﴿ ثُمَّ بَعَثْنَا ﴾ لە پاش ئەوانە، واتە: دوای ئەو پێغەمبەرانە ﴿مُوسَىٰ وَهَٰرُونَ إِلَىٰ فِرْعَوْنَ وَمَلَإِيْهِۦ ﴾ مووساوهارونمان بەڕێ کرد بۆسەر فیرعەومنو داروودەستەکەی. واتە: گەلەکەی، ﴿بِـَٔايَٰتِنَا﴾ بە نیشانەکانی خۆمانەوە ﴿فَٱسْتَكْبَرُوا۟ وَكَانُوا۟ قَوْمًا مُّجْرِمِينَ﴾ بەلام ئەوان خۆیان

---

[1] البداية و النهاية (١٠١/١)، و قال رواه البخاري.

[2] الاسراء (١٧).

زۆر بەزل زانیو تاوانکار بوون، شوێنی هەق نەکەوتنو ملیان پێ نەدا ﴿ فَلَمَّا جَآءَهُمُ ٱلۡحَقُّ مِنۡ عِندِنَا قَالُوٓاْ إِنَّ هَٰذَا لَسِحۡرٞ مُّبِينٞ ﴾ کاتێ ڕاستییان لای ئێمەوە پێگەیشت ئەڵێن: ئەمە هەر بە ئاشکرا جادووە. ئەوانە(خوا ڕوویان ڕەش کات) سوێندیشیان بە خودا دەخوارد لەسەریو چاکیش دەیانزانی ئەوەی گوتویانە درۆو بوختان بووە. وەك خودای گەورە لە ئایەتێکی تردا فەرموویەتی: ﴿وَجَحَدُواْ بِهَا وَٱسۡتَيۡقَنَتۡهَآ أَنفُسُهُمۡ ظُلۡمٗا وَعُلُوّٗا﴾[1] هەرچەند لە دڵی خۆیاندا هەموویان بە ڕاست دەزانی، خۆ بە زلزانیو ناهەقی، بوونە هۆی حاشا کردنیان. ﴿قَالَ مُوسَىٰٓ﴾ مووسا پێی گوتنو ناڕەزایی خۆی دەربڕی ﴿أَتَقُولُونَ لِلۡحَقِّ لَمَّا جَآءَكُمۡۖ أَسِحۡرٌ هَٰذَا وَلَا يُفۡلِحُ ٱلسَّٰحِرُونَ﴾ وەختێ ئەم ڕاستیەتان پێگەیوە، بەمە دەڵێن جادووە ؟ بێگومان جادووگەران ڕزگار نابن. ﴿ قَالُوٓاْ أَجِئۡتَنَا لِتَلۡفِتَنَا عَمَّا وَجَدۡنَا عَلَيۡهِ ءَابَآءَنَا﴾ ئەڵێن: هەر بۆ ئەوە هاتیتە لامان، کە وەرمانگێڕی لەوانەی بابو باپیرانمان لەسەری بوون﴿وَتَكُونَ لَكُمَا ٱلۡكِبۡرِيَآءُ فِي ٱلۡأَرۡضِ﴾ ودەسەلات و گەورەیی ئەم سەر زەمینە بۆ ئێوە بێ، واتە: بۆ تۆو هارون بێ ﴿وَمَا نَحۡنُ لَكُمَا بِمُؤۡمِنِينَ﴾ بەلام ئێمە بڕوامان پێتان نیە.

﴿وَقَالَ فِرۡعَوۡنُ ٱئۡتُونِي بِكُلِّ سَٰحِرٍ عَلِيمٖ ٧٩ فَلَمَّا جَآءَ ٱلسَّحَرَةُ قَالَ لَهُم مُّوسَىٰٓ أَلۡقُواْ مَآ أَنتُم مُّلۡقُونَ ٨٠ فَلَمَّآ أَلۡقَوۡاْ قَالَ مُوسَىٰ مَا جِئۡتُم بِهِ ٱلسِّحۡرُۖ إِنَّ ٱللَّهَ سَيُبۡطِلُهُۥٓ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُصۡلِحُ عَمَلَ ٱلۡمُفۡسِدِينَ ٨١ وَيُحِقُّ ٱللَّهُ ٱلۡحَقَّ بِكَلِمَٰتِهِۦ وَلَوۡ كَرِهَ ٱلۡمُجۡرِمُونَ ٨٢﴾

وتووێژی مووسا لەگەڵ جادووگەرەکاندا

خوای گەورەبەسەرهاتی جادووگەرەکانی لەگەڵ مووسادا(سەلامی خوای لێ بێ) باس کرد، لەوێدا لە پێشەوە قسەی لەسەر کرا، وە لەم سورەتەو سورەتی تاهاو شوعەرایشدا هەر باس کراوە. لەبەر ئەوەی فیرعەون(لەعنەتی خوای لێ بێ) دەیویست برەو بە پڕوپەچەکەی خۆی بدات لەناو خەڵکیدا، دژایەتی ئەو(پەیامە) هەقە ئاشکرای کە مووسا(سەلامی خوای لێ بێ) هێنای پێ بکات، بەو چاوبەستو جادووانەی جادووگەرەکان ڕازاندبویانەوە، بەلام بە پێچەوانەوە ئەو کارە بەسەر خۆیدا شکایەوەو ئەو مەبەستەی بە دی نەهات، نیشانەکانی خوایەتی خودا لەو کۆڕە گشتیەدا دەرکەوت، ﴿ وَأُلۡقِيَ ٱلسَّحَرَةُ سَٰجِدِينَ ١٢٠ قَالُوٓاْ ءَامَنَّا بِرَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ١٢١ رَبِّ مُوسَىٰ وَهَٰرُونَ ﴾[2] جادووگەران هەموو

---

[1] النمل (١٤).

[2] الاعراف (١٢٠-١٢٢).

سوژدەیان برد، ئەڵێن: وا بڕوامان هێنا بە ڕاهێنەری گشت دنیا، پەروەردگاری مووساو هاروون. فیرعەون وای دەزانی بەو زوانە بەهۆی ئەو جادووگەرانەوە سەردەکەوێ، بەسەر ئەوپێغەمبەرەی خوادایە کە شارەزای نهێنیەکانە، بەڵام شکستی هێناو بەهەشتی لە دەستی خۆی داو، ئاگری بۆ خۆی سازاند ﴿وَقَالَ فِرْعَوْنُ ٱئْتُونِي بِكُلِّ سَٰحِرٍ عَلِيمٍ ﴿٧٩﴾ فَلَمَّا جَآءَ ٱلسَّحَرَةُ قَالَ لَهُم مُّوسَىٰٓ أَلْقُوا۟ مَآ أَنتُم مُّلْقُونَ﴾ فیرعەون ئەڵێ: هەموو جادوگەرە شارەزاکانم بۆ بێنن، کە جادووگەرەکان هاتن، مووسا ئەڵێ: چیتان دەوێ بیهاوێژن، مووسا بۆیە ئەمەی پێگوتن، چونکە کاتێ کە ڕیزیان بەست، بەڵێنیان لەلایەن فیرعەونەوە پێدرا بوو کە زۆر ڕێزیان لێ دەگیرێو پاداشتی گەورەشیان پێ دەدرێت، ﴿قَالُوا۟ يَٰمُوسَىٰٓ إِمَّآ أَن تُلْقِىَ وَإِمَّآ أَن نَّكُونَ أَوَّلَ مَنْ أَلْقَىٰ ﴿٦٥﴾ قَالَ بَلْ أَلْقُوا۟﴾[1] ئەڵێن: ئەی مووسا یان بیهاوێژە، یان ئێمە پێش تۆ دەیهاوێژین،(مووسا) ئەڵێ: نا ئێوە بیهاوێژن، مووسا دەیویست سەرەتا لەوانەوە دەست پێ بکات. بۆ ئەوەی ئەو خەڵکە ئەو جادووەی ئەوان ببینێ کە دەیکەن. هەتا ئەو بە دوای ئەوەدا ڕاستیەکەی خۆی دەربخاتو پڕوپوچەکەی ئەوان بەتاڵ بکاتەوە بۆیە لەو کاتەدا کە جادووگەرەکان چاوبەسیان لەو خەڵکە کرد بە جادوەکانیانو ترسیان وەبەرنان جادوویەکی گەورەیان لێ کردن. ﴿فَأَوْجَسَ فِى نَفْسِهِۦ خِيفَةً مُّوسَىٰ ﴿٦٧﴾ قُلْنَا لَا تَخَفْ إِنَّكَ أَنتَ ٱلْأَعْلَىٰ ﴿٦٨﴾ وَأَلْقِ مَا فِى يَمِينِكَ تَلْقَفْ مَا صَنَعُوٓا۟ ۖ إِنَّمَا صَنَعُوا۟ كَيْدُ سَٰحِرٍ ۖ وَلَا يُفْلِحُ ٱلسَّاحِرُ حَيْثُ أَتَىٰ﴾[2] مووسا لەو کاتەدا لە دڵی خۆیدا کەمێك ترسا، پێمان گوت: هیچ ترسێکت نەبێ، تۆ سەرکەوتوی، ئەوەی لە دەستی ڕاستتدایە بیهاوێژە، هەرچی ئەمان کردویانە قووتی ئەدات، ئەوانەی ئەوانە کردویانە فێڵی جادووگەرانە، جادووگەران لە هەر کوێ بن سەرناکەون. ئا لەو کاتەدا کاتێ جادووگەرەکان جادووەکانی خۆیان هاوێشت ﴿فَلَمَّآ أَلْقَوْا۟ قَالَ مُوسَىٰ مَا جِئْتُم بِهِ ٱلسِّحْرُ ۖ إِنَّ ٱللَّهَ سَيُبْطِلُهُۥٓ ۖ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُصْلِحُ عَمَلَ ٱلْمُفْسِدِينَ ﴿٨١﴾ وَيُحِقُّ ٱللَّهُ ٱلْحَقَّ بِكَلِمَٰتِهِۦ وَلَوْ كَرِهَ ٱلْمُجْرِمُونَ﴾ کە هاوێژتیان مووسا ئەڵێ: هەرچی ئێوە هێناوتانە جادووەو خوا پوچەڵی دەکاتەوە لێتان، خودا کاری تاوانکاران سەرکەوتوناکات.

﴿فَمَآ ءَامَنَ لِمُوسَىٰٓ إِلَّا ذُرِّيَّةٌ مِّن قَوْمِهِۦ عَلَىٰ خَوْفٍ مِّن فِرْعَوْنَ وَمَلَإِي۟هِمْ أَن يَفْتِنَهُمْ ۚ وَإِنَّ فِرْعَوْنَ لَعَالٍ فِى ٱلْأَرْضِ وَإِنَّهُۥ لَمِنَ ٱلْمُسْرِفِينَ ﴿٨٣﴾﴾

---

[1] طه (٦٥-٦٦).

[2] طه (٦٧-٦٩).

لە هۆزی فیرعەون کەس بڕوای بە مووسا نەهێنا جگە لە چەند لاوێ

خوای گەورەباسی ئەوە دەکات کە هۆزی فیرعەون بڕوایان نەهێنا بە مووسا(سەلامی خوای لێ بێ) لەگەڵ ئەو هەموو نیشانانەو بەڵگە دیارو ئاشکرانەی بۆی هێنان‌و پیشانی دان، جگە لە هەندێ کەسی لاو، لە ترسی فیرعەون‌و دارو دەستەکەی، نەکا ناچاریان کەن‌و بیانگێڕنەوە سەر ئەو خوانەناسیەی کە لەسەری بوون. چونکە فیرعەون(لەعنەتی خوای لێ بێ) زۆر لاسارو زۆردار بوو، وێنەی زۆر کەم بوو لە تاوان‌و خراپەکاریدا، خاوەن تواناو دەسەلاتێکی وا بوو کە ژێر دەستەکانی زۆر لێی دەترسان، عەوفی ئەڵێ لە ئیبنوعەبباسەوە ﴿فَمَآ ءَامَنَ لِمُوسَىٰٓ إِلَّا ذُرِّيَّةٌ مِّن قَوۡمِهِۦ عَلَىٰ خَوۡفٖ مِّن فِرۡعَوۡنَ وَمَلَإِيۡهِمۡ أَن يَفۡتِنَهُمۡۚ وَإِنَّ فِرۡعَوۡنَ لَعَالٖ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَإِنَّهُۥ لَمِنَ ٱلۡمُسۡرِفِينَ﴾ جگە لە چەند تازە لاوێك لە هۆزەکەی، هیچ کەسی تر(لە ترسی ڕق هەڵسانی فیرعەون‌و پیاوماقوڵانی دیوانی ئەو) نەیان وێرا بڕوا بە مووسا بێنن، فیرعەون لەو سەر زەمینەدا پایە بڵندێك بوو لە ڕیزی هەڵە ڕۆیان بوو. (ئەڵێ): ئەو بەرە لاوەی کە بڕوایان هێنا بە مووسا(سەلامی خوای لێ بێ) کەسانێ بوون لە نەوەی ئیسرائیل نەبوون، لە هۆزی فیرعەون خۆی بوون‌و لە چەند کەسێ تێنەدەپەڕین. لەوانە ژنەکەی فیرعەون‌و خاوەنباوەڕەکەی ئالی فیرعەون‌و گەنجینەوانەکەی فیرعەون‌و ژنی گەنجینەوانەکەی فیرعەون بوو.[1] بەڵام نەوەی ئیسرائیل وەك گوتراوە هەموویان بڕوایان بە مووسا(سەلامی خوای لێ بێ) هێناوە، مزگێنیشیان داوە بە هاتنی، چونکە لە کتێبە پێشوەکانیاندا سیفەتەکانی مووسایان زانیوە مزگێنی پێدراوە کە خودا ڕزگاریان دەکات لە یەخسیری فیرعەون‌و سەریان دەخات بەسەریدا. بۆیە کاتێ ئەو دەنگو باسە گەیشت بە فیرعەون زۆر ترساو، بەڵام هیچ شتێکی لە دەست نەهات، کە مووسایش (سەلامی خوای لێ بێ) هات فیرعەون زیاتر دەستی کرد بە ئازاردانی نەوەی ئیسرائیل ﴿قَالُوٓاْ أُوذِينَا مِن قَبۡلِ أَن تَأۡتِيَنَا وَمِنۢ بَعۡدِ مَا جِئۡتَنَاۚ قَالَ عَسَىٰ رَبُّكُمۡ أَن يُهۡلِكَ عَدُوَّكُمۡ وَيَسۡتَخۡلِفَكُمۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَيَنظُرَ كَيۡفَ تَعۡمَلُونَ﴾[2] ئەڵێن: پێش ئەوەی کە تۆ بێی ئەچەوسێنرێینەوە، کە تۆش هاتوی هەروا دەمانچەوسێننەوە، ئەڵێ: لەوانەیە پەروەردگارتان دوژمنەکەتان لە بەین بەرێ‌و ئێوە بکاتە جێنشین لەم زەویەدا سەیر کات ئێوە چۆن دەکەن. لەمەوە دەردەکەوێ کە نەوەی ئیسرائیل هەموو خاوەنباوەڕ بوون لەو سەردەمەدا.

---

[1] الطبري (١٥/١٦٤).

[2] الاعراف (١٢٩).

﴿ وَقَالَ مُوسَىٰ يَٰقَوۡمِ إِن كُنتُمۡ ءَامَنتُم بِٱللَّهِ فَعَلَيۡهِ تَوَكَّلُوٓاْ إِن كُنتُم مُّسۡلِمِينَ ﴿٨٤﴾ فَقَالُواْ عَلَى ٱللَّهِ تَوَكَّلۡنَا رَبَّنَا لَا تَجۡعَلۡنَا فِتۡنَةً لِّلۡقَوۡمِ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٨٥﴾ وَنَجِّنَا بِرَحۡمَتِكَ مِنَ ٱلۡقَوۡمِ ٱلۡكَٰفِرِينَ ﴿٨٦﴾ ﴾

مووسا هۆزەکەی هەڵدەنا کە هەر پشت بە خودا ببەستن

خوای گەورەباسی مووسا دەکات(سەلامی خوای لێ بێ) کە دەیگوت بە بەرەی ئیسرائیل: ﴿ وَقَالَ مُوسَىٰ يَٰقَوۡمِ إِن كُنتُمۡ ءَامَنتُم بِٱللَّهِ فَعَلَيۡهِ تَوَكَّلُوٓاْ إِن كُنتُم مُّسۡلِمِينَ ﴾ مووسا بە هۆزەکەی خۆی گوت: گەلەکەم ئەگەر باوەڕتان بە خوا هەیەو ملکەچی فەرمانی ئەون سا پشتتان هەر بەو ببەستن، واتە: خودا بەسەبۆ ئەو کەسەی کە پشتی پێ دەبەستێ. ﴿ أَلَيۡسَ ٱللَّهُ بِكَافٍ عَبۡدَهُۥ ﴾[1] مەگەر خودا بۆ بەندەی خۆی بەس نیە؟ ﴿وَمَن يَتَوَكَّلۡ عَلَى ٱللَّهِ فَهُوَ حَسۡبُهُۥٓ ﴾[2] هەر کەسێ خۆی بەخوا بسپێرێ ئەوی بەسە. زۆر جار خوای گەورەکە باسی خواپەرستی دەکات، خۆسپاردنیشی لەگەڵ دێنێ وەك ئەفەرموێت: ﴿فَٱعۡبُدۡهُ وَتَوَكَّلۡ عَلَيۡهِ ﴾[3] سا هەر تۆ(ئەی پێغەمبەر(ﷺ)) هەر ئەو بپەرستەو چارەنووست بەو بسپێرە(واتە بە خودا) وە فەرموویەتی: ﴿ قُلۡ هُوَ ٱلرَّحۡمَٰنُ ءَامَنَّا بِهِۦ وَعَلَيۡهِ تَوَكَّلۡنَا ﴾[4] بلێ: ئەوە خودای میهرەبانە و باوەڕمان پێهێناوەو خۆمان هەر بەو سپاردوە. وە فەرموویەتی: ﴿رَّبُّ ٱلۡمَشۡرِقِ وَٱلۡمَغۡرِبِ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ فَٱتَّخِذۡهُ وَكِيلًا ﴾[5] خولقێنەری خۆرهەڵاتو خۆرئاوایە جگە لەو هیچ شت بۆ پەرستن نابێ، هەر ئەو بکە بە بریکاری خۆت. وە خودای گەورە فەرمانی داوە بە خاوەنباوەڕان کە لە هەموو نوێژەکانیاندا چەند جار بڵێن: ﴿إِيَّاكَ نَعۡبُدُ وَإِيَّاكَ نَسۡتَعِينُ ﴾[6] ئێمە هەرتۆ دەپەرستینو هەر داوای یارمەتیش لە تۆ دەکەین. بەرەی ئیسرائیل گوێڕایەڵی ئەو فەرمانەی خوایان کرد ﴿ فَقَالُواْ عَلَى ٱللَّهِ تَوَكَّلۡنَا رَبَّنَا لَا تَجۡعَلۡنَا فِتۡنَةً لِّلۡقَوۡمِ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴾ ئەڵێن: خۆمان بە خوا سپارد، ئەی پەروەردگاری هەموومان مەمانخەرە بەر ئازارو ئەشکەنجەی ناهەقیکاران. واتە: زاڵیان مەکەو سەریان مەخە بەسەرماندا، هەتا وا بزانن لەبەر ئەوە سەرکەوتون چونکە ئەوان لەسەر هەقنو ئێمە لەسەر ناهەقین، بکەونە ئازارو ئەشکەنجەمان، هەر

---

[1] الزمر (٣٦).

[2] الطلاق (٣).

[3] هود (١٢٣).

[4] الملك (٢٩).

[5] المزمل (٩).

[6] *الفاتحة (٥).*

بەو شێوەیش ڕیوایەت کراوە لە ئەبی میجلەزو ئەبی زوحاوە[1]. عەبدوڕەزاق ڕیوایەتی کردوە لە موجاهیدەوە ﴿رَبَّنَا لَا تَجْعَلْنَا فِتْنَةً لِّلْقَوْمِ الظَّالِمِينَ﴾ واتە: زاڵیان مەکە بەسەرماندا هەتا ئازارو ئەشکەنجەمان بدەن.[2] ﴿وَنَجِّنَا بِرَحْمَتِكَ﴾ بە بەزەیی خۆت ڕزگارمان کە ﴿مِنَ الْقَوْمِ الْكَافِرِينَ﴾ لە کۆمەڵی خوانەناسان. واتە: ئەوانەی کە بڕوایان بە هەق نیەو شاردویانەتەوە، بەڵام ئێمە بڕوامان بە تۆ هێناو خۆمان سپاردووە بەتۆ.

﴿وَأَوْحَيْنَا إِلَىٰ مُوسَىٰ وَأَخِيهِ أَن تَبَوَّءَا لِقَوْمِكُمَا بِمِصْرَ بُيُوتًا وَاجْعَلُوا بُيُوتَكُمْ قِبْلَةً وَأَقِيمُوا الصَّلَاةَ وَبَشِّرِ الْمُؤْمِنِينَ ﴿٨٧﴾﴾

فەرمان پێکردنیان بە نوێژ کردن لەناو ماڵەکانی خۆیاندا

خوای گەورەئەفەرموێت: ﴿وَأَوْحَيْنَا إِلَىٰ مُوسَىٰ وَأَخِيهِ أَن تَبَوَّءَا لِقَوْمِكُمَا بِمِصْرَ بُيُوتًا وَاجْعَلُوا بُيُوتَكُمْ قِبْلَةً وَأَقِيمُوا الصَّلَاةَ وَبَشِّرِ الْمُؤْمِنِينَ﴾ مووساو براکەیمان تێگەیاند: کە ئێوە بۆ هۆزی خۆتان(لە میسردا) چەند ماڵێك بکەن بەشوێنی حەوانەوەو ماڵەکانتان ڕوو بکەنە قیبلە بە ڕێكو پێکی نوێژ بەجێ بێنن وە مژدە بدە بە خاوەنباوەڕان(بە بەهەشتو بەسەرکەوتن) خودای گەورە هۆکاری ڕزگار کردنی بەرەی ئیسرائیلی باس کردوە لە فیرعەونو هۆزەکەیو چۆنیەتی ڕزگارکردنەکەشیان لە دەستیان. ئەوە بوو خودای گەورە فەرمانی دا بە مووساو هاڕوونی برای کە چەند خانوویەك دروستبکەن لە میسردا، وەك فەرموویەتی: ﴿وَاجْعَلُوا بُيُوتَكُمْ قِبْلَةً﴾ عەوفی ئەڵێ لە ئیبنوعەبباسەوە لەم ئایەتەدا فەرموویەتی: بەرەی ئیسرائیل ئەڵێن بە مووسا، ناتوانین نوێژەکانمان بە ئاشکرا بکەین لەگەڵ فیرعەونیەکاندا خوای گەورەئیزنی دان کە لە ماڵەکانی خۆیاندا نوێژ بکەنو فەرمانیشی پێدان کە خانوەکانیشیان وا لێ بکەن ڕووەو قیبلە بێ[3] موجاهید ئەڵێ: ﴿وَاجْعَلُوا بُيُوتَكُمْ قِبْلَةً﴾ کاتێ بەرەی ئیسرائیل ترسیان هەبوو کە فیرعەون لەناو کلێسە گەورەکاندا بیانکوژێ، فەرمانیان پێکرا کە ماڵەکانیان بکەنە مزگەوتو ڕووەو قیبلە بێ بە پەنهانی نوێژی تێدا بکەن.[4] قەتادەو زەححاکیش هەر وایان گوتوە[5].

---

[1] الطبري (١٥/١٦٩).
[2] عبدالرزاق (٢/٢٩٧).
[3] الطبري (١٥/١٧٤).
[4] الطبري (١٥/١٧٤).
[5] الطبري (١٥/١٧٣).

﴿ وَقَالَ مُوسَىٰ رَبَّنَآ إِنَّكَ ءَاتَيْتَ فِرْعَوْنَ وَمَلَأَهُۥ زِينَةً وَأَمْوَٰلًا فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا رَبَّنَا لِيُضِلُّوا۟ عَن سَبِيلِكَ
رَبَّنَا ٱطْمِسْ عَلَىٰٓ أَمْوَٰلِهِمْ وَٱشْدُدْ عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ فَلَا يُؤْمِنُوا۟ حَتَّىٰ يَرَوُا۟ ٱلْعَذَابَ ٱلْأَلِيمَ ﴿٨٨﴾ قَالَ قَدْ أُجِيبَت
دَّعْوَتُكُمَا فَٱسْتَقِيمَا وَلَا تَتَّبِعَآنِّ سَبِيلَ ٱلَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٨٩﴾ ﴾

نزای مووسا له فیرعەون و دارو دەستەکەی

ئەمە هەواڵێکە لەلایەن خودای مەزنەوە لە بارەی ئەو نزایەی کە مووسا کردی لە فیرعەون و دارو دەستەکەی کاتێ کە حەقیان قبووڵ نەکردو بەردەوام بوون لەسەر گومڕایی و خوانەناسی و دژایەتی کردن و ملنەدان پێی لەبەر زۆرداری و خۆ بە زل زانی و لوت بەرزی لاساری، خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿ وَقَالَ مُوسَىٰ رَبَّنَآ إِنَّكَ ءَاتَيْتَ فِرْعَوْنَ وَمَلَأَهُۥ زِينَةً وَأَمْوَٰلًا فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا رَبَّنَا لِيُضِلُّوا۟ عَن سَبِيلِكَ ﴾ مووسا ئەڵێ: ئەی پەروەردگاری هەموومان، تۆ لە ژینی دنیادا هۆکاری ڕازاندنەوەو ماڵی دنیات دا بە فیرعەون و پیاوانی دیوەخانی، ئەی پەروەردگارمان، هەر بۆ ئەوەی خەڵك گومڕا کەن(واتە: شتومەکی دنیاو خۆشیەکانی و ماڵێکی زۆرت پێداون)(لیَضِلُّوا) بە فەتحی یائەکە واتە: ئەوانەت پێداون، کەخۆت دەزانی بڕوا ناهێنن بەو پەیامەی کە تۆ بەمندا ناردوتە بۆیان، وەك جڵەو شلکردنێك بۆیان. ئەم مانایە وەك ئەو ئایەتەوایە کە خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿لِنَفْتِنَهُمْ فِيهِ﴾ هەتا لە دوایدا تاقیان بکەینەوە. هەندێکی تر خوێندویانەتەوە (لِيُضلوا) بە زەمی یائەکە واتە: بۆ ئەوەی، بەوشتانەی کە پێت داون لەوانەی کە خۆت مەیلت لێیە لە بەندەکانت تاقی بکەیتەوە، هەتا ئەوانەی کە گومڕات کردون وا بزانن کە تۆ ئەوەت پێداون لەبەر خۆشەویستی و گرنگی پێدانیانە لەلایەن تۆوە ﴿رَبَّنَا ٱطْمِسْ عَلَىٰٓ أَمْوَٰلِهِمْ﴾ ئەی پەروەردگارمان ماڵیان مەهێڵەو تەفروتونایان بکە. ئیبنوعەبباس و موجاهید ئەڵێن: یانی: سامانەکانیان لەناو بەرە.[1] زەححاك و ئەبول عالیەو ڕەبیعی کوڕی ئەنەس ئەڵێن: خوای گەورەماڵ و سامانەکانیانی کرد بە بەردی ڕازاوەو نەخش کراو، وەك ئەو شێوەی خۆی چۆن بووە.[2] وە ئەفەرموێت: ﴿وَٱشْدُدْ عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ﴾ دڵیان زیاتر ڕەق و ڕەش بکە. ئیبنوعەبباس ئەڵێ: مۆری پێدا بنێ[3] ﴿فَلَا يُؤْمِنُوا۟ حَتَّىٰ يَرَوُا۟ ٱلْعَذَابَ ٱلْأَلِيمَ﴾ باوەڕ ناهێنن هەتا جەزرەبەی زۆر بە ژان بە چاوی خۆیان نەبینن. ئەم نزایە لەلایەن مۆوساوە بوو کە لەبەر خوداو ئاینەکەی ڕقی هەڵسا لە فیرعەون و دارو دەستەکەی، کاتێ کە بۆی دەرکەوت ئەوانە خێریان تیا نەماوەو هیوای هیچ شتێکی چاکیان لێ ناکرێ. وەك چۆن

---

[1] الطبري (١٥/١٨١).
[2] الطبري (١٥/١٨٠).
[3] الطبري (١٥/١٨١).

نووح پێغەمبەر(سەلامی خوای لێ بێ) دوعای لە هۆزەکەی خۆی کرد ﴿رَّبِّ لَا تَذَرْ عَلَى ٱلْأَرْضِ مِنَ ٱلْكَٰفِرِينَ دَيَّارًا ﴿٢٦﴾ إِنَّكَ إِن تَذَرْهُمْ يُضِلُّوا۟ عِبَادَكَ وَلَا يَلِدُوٓا۟ إِلَّا فَاجِرًا كَفَّارًا﴾[1] پەروەردگارم لەم سەر زەمینە ئەو کەسانەی تۆ ناناسن گیان لەبەریان لێ مەهێڵە، چونکە ئەگەر بیانهێڵی بەندەکانت گومڕا دەکەن‌و هەر منداڵێکیشیان ببێ تاوانبارو سپڵە دەبێ. بۆیە خوای گەورەنزاکەی مووسای(سەلامی خوای لێ بێ) قەبوڵ کرد لێیان کە هارونی برای ئامینی بۆ کردبوو، ئەفەرموێت: ﴿قَالَ قَدْ أُجِيبَت دَّعْوَتُكُمَا فَٱسْتَقِيمَا وَلَا تَتَّبِعَآنِّ سَبِيلَ ٱلَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ﴾ نزاتان قەبوڵ بوو، ئێوە ڕاوەستاو بن(لە فەرمان دەرمەچن) واتە: وەك چۆن نزاکەتان قەبوڵ بوو، ئێوەیش ڕاوەستاو بن لەسەر فەرمانی من. ئیبنوجورەیج ئەڵێ لە ئیبنوعەبباسەوە: ڕاوەستن‌و لەسەر فەرمانی من بەردەوام بن، کە بریتیە لەو خۆڕاگریە(الاستقامة)[2].

﴿وَجَٰوَزْنَا بِبَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ ٱلْبَحْرَ فَأَتْبَعَهُمْ فِرْعَوْنُ وَجُنُودُهُۥ بَغْيًا وَعَدْوًا ۖ حَتَّىٰٓ إِذَآ أَدْرَكَهُ ٱلْغَرَقُ قَالَ ءَامَنتُ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا ٱلَّذِىٓ ءَامَنَتْ بِهِۦ بَنُوٓا۟ إِسْرَٰٓءِيلَ وَأَنَا۠ مِنَ ٱلْمُسْلِمِينَ ﴿٩٠﴾ ءَآلْـَٰٔنَ وَقَدْ عَصَيْتَ قَبْلُ وَكُنتَ مِنَ ٱلْمُفْسِدِينَ ﴿٩١﴾ فَٱلْيَوْمَ نُنَجِّيكَ بِبَدَنِكَ لِتَكُونَ لِمَنْ خَلْفَكَ ءَايَةً ۚ وَإِنَّ كَثِيرًا مِّنَ ٱلنَّاسِ عَنْ ءَايَٰتِنَا لَغَٰفِلُونَ ﴿٩٢﴾﴾

ڕزگار بوونی نەوەی ئیسرائیل‌و نوقومبوونی ئالی فیرعەون

خودای مەزن(لێرەدا) باسی ئەوە دەکات کە چۆن فیرعەون‌و لەشکرەکەی نوقم کردو خنکاندنی کاتێ نەوەی ئیسرائیل لەگەڵ مووسا لە میسر چوونە دەرەوە، وەك گوتراوە شەش سەد هەزار جەنگاوەر بوون جگە لە وەچە، خشڵ‌و زێڕێکی زۆریشیان لە قیبتیەکان خواستبوو هەموویان لەگەڵ خۆیان بردبوو، بۆیە فیرعەون تووڕە بوو لێیان، ناردی بە شارەکەدا بۆ کۆ کردنەوەی خەڵکی، لەشکرێکی زۆری لە هەرێمەکاندا کۆ کردەوە، بە سامێکی گەورەو لەشکرێکی ئێجگار زۆرەوە چوو بە دوایاندا، بەو شێوەیەی کە خوای گەورەخۆی مەیلی لێبوو، تەنیا کەسێ لەوانەی کە خاوەن توانا و دەسەڵات بوو لێی دوا نەکەوت لە وڵاتەکەیدا، هەموو لە کاتی هەڵاتنی خۆردا پەیوەندیان پێوە کرد، ﴿فَلَمَّا تَرَٰٓءَا ٱلْجَمْعَانِ قَالَ أَصْحَٰبُ مُوسَىٰٓ إِنَّا لَمُدْرَكُونَ﴾[3] ئەو کاتە کە هەردوو کۆمەڵ یەکتریان دی،

---

[1] نوح (٢٦-٢٧).

[2] الطبري (١٥/١٨٧).

[3] الشعراء (٦١).

هاوڕێیانی مووسا ئەڵێن: بێگومان ئێمە گیراین چونکە ئەوان کاتێ گەیشتنە کەناری دەریاکە، فیرعەون بە دوایانەوە بوو، هیچ شتێ نەمابوو جگە لەوەی ئەو دوو کۆمەڵە بێن بەیەکداو شەڕ بکەن. هاوەڵەکانی مووسا(سەلامی خوای لێ بێ) پێیان دادەگرتو دەیانپرسی لە مووسا کە چۆن ڕزگار بین لەوەی کە تێی کەوتوین؟ مووسایش دەیگوت: من فەرمانم پێدراوە لێرەوە بڕۆم ﴿قَالَ كَلَّآ إِنَّ مَعِيَ رَبِّي سَيَهۡدِينِ﴾[1](مووسا) ئەڵێ: نابێ هیچ بترسن، چوون پەروەردگارم لەگەڵەو بەو زوانە دەروویەکم لێدەکاتەوە. هەر کاتێ تەنگانەیە هات خودا دەروو دەکاتەوە، خودای گەورە فەرمانی دا بە مووسا کە بە عەساکەی بکێشێ بە دەریاکەدا. دای لێیو دەریاکە لەت بوو، هەر لەتێکی وەك کێوێکی گەورەی لێهات، بوو بە دوانزە ڕێگا، بۆ هەر بەرەبابێ ڕێگایەك، خوای گەورەفەرمانی دا بە هەوا زەویەکەی وشك کردەوە ﴿فَٱضۡرِبۡ لَهُمۡ طَرِيقٗا فِي ٱلۡبَحۡرِ يَبَسٗا لَّا تَخَٰفُ دَرَكٗا وَلَا تَخۡشَىٰ﴾[2] ڕێگایەکی وشکیان بۆ بگرە بەر(لە دەریادا) مەترسە(فیرعەون) پێت بگاتو مەترسە(لە خنکانیش) ئاوەکە ڕێی دەکرد لە نێوان ڕێگاکاندا وەك شێوەی پەنجەرە وا بوو، بۆ ئەوەی هەریەکێ لەو کۆمەڵانە چاویان لە یەکتری بێ، بۆ ئەوەی وا گومان نەکەن کە ئەوانە خنکاون، بەرەی ئیسرائیل لە دەریاکە پەڕینەوە. کاتێ کە دواین کەسیان لە دەریاکە چوونە دەرەوە، فیرعەونو سوپاکەیشی گەیشتنە دەریاکە لە لایەکی تریەوە، سەد هەزار ڕەشی(قیبتی) لەگەڵدا بوو جگە لە ڕەنگەکانی تر. کاتێ فیرعەون ئەوەی بینی سەری لێ شێواو ترساو نەیدەزانی چی بکات، هات بە دڵیدا کە بگەڕێتەوە، بەڵام ئەستەمەو کار لە کار ترازاوە هیچ دەرفەتێکی نەماوە، قەدەر کاری خۆی کردو نزاکان قەبوڵ کرا، جوبرەئیل(سەلامی خوای لێ بێ) بە سواری ماینێکی توندو تیژەوە هاتو بە لای ئەسپەکانی فیرعەوندا ڕۆشتو پەلاماریان داو جوبرەئیلیش چووە دەریاکەو ئەسپەکانیش بە دوایدا چوون، فیرعەون هیچ دەسەڵاتێکی بەسەر خۆیدا نەماو، ڕووی کردە سەرکردەکانیو پێی گوتن: ئەوەی ئیسرائیل لە ئێمە شایستە تر نین بە دەریا، هەموویان خۆیان خستە ناو دەریاکە هیچ کەسیان نەما نەچێتە ناوی، میکائیلیش بە دوایانەوە بوو، وازی لە کەسیان نەدەهێنا هەتا بەوانی دەگەیاند. کاتێ کە هەموو بە تەواوی کۆبونەوە لە دەریاکەدا، ئەوانەی لە پێشەوە بوون ویستیان لە دەریاکە دەرچن، خودای خاوەن دەستەڵات فەرمانی دا دەریاکە دایان پۆشێو نوکەیان لێ ببڕێ. کەسیان لێ دەرنەچوو، شەپۆلەکانی بەرزی دەکردنەوەو نزمی دەکردنەوە، شەپۆلەکان بە دوای یەکدا ئەیاندا بەسەر فیرعەوندا مردن دەوری داو یەخەی گرت ئا لەو حاڵەدا کە(بەسەری هات) ئەڵێ: وەك خوای گەورەئەفەرموێت: ﴿وَجَٰوَزۡنَا بِبَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ ٱلۡبَحۡرَ فَأَتۡبَعَهُمۡ فِرۡعَوۡنُ

---

[1] الشعراء (٦٢).

[2] طه (٧٧).

وَجُنُودُهُۥ بَغۡيٗا وَعَدۡوًاۖ حَتَّىٰٓ إِذَآ أَدۡرَكَهُ ٱلۡغَرَقُ قَالَ ءَامَنتُ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا ٱلَّذِيٓ ءَامَنَتۡ بِهِۦ بَنُوٓاْ إِسۡرَٰٓءِيلَ وَأَنَا۠ مِنَ ٱلۡمُسۡلِمِينَ﴾ بەرەی ئیسرائیلمان لە دەریاکە پەڕاندەوە. فیرعەون و لەشکرەکەیشی(بۆ ناهەقی و دەست درێژی) شوێنیان کەوتن تا ئەو کاتە کە بخنکێ، ئەڵێ: من بڕوام هێنا، کە هیچ کەس بۆ پەرستن ناشێ، ئەوەنەبێت کە تۆرەمەی ئیسرائیل باوەڕیان پێیەتی، وە منیش لە موسوڵمانانم، باوەڕی هێنا لە کاتێکدا کە ئەو باوەڕە هیچ سودێکی نەبوو بۆی. ﴿فَلَمَّا رَأَوۡاْ بَأۡسَنَا قَالُوٓاْ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ وَحۡدَهُۥ وَكَفَرۡنَا بِمَا كُنَّا بِهِۦ مُشۡرِكِينَ ﴿٨٤﴾ فَلَمۡ يَكُ يَنفَعُهُمۡ إِيمَٰنُهُمۡ لَمَّا رَأَوۡاْ بَأۡسَنَاۖ سُنَّتَ ٱللَّهِ ٱلَّتِي قَدۡ خَلَتۡ فِي عِبَادِهِۦۖ وَخَسِرَ هُنَالِكَ ٱلۡكَٰفِرُونَ﴾[1] کاتێ بینیان بەڵای ئێمەیان دێتە سەر ئەڵێن: ئیتر خودای تاک و تەنیا دەناسین و لەو شتانەی دەمانگوت: شەریکی خودان، حاشا دەکەین، پاش بینینی سزای ئێمە، بڕوا هێنان قازانجی پێ نەگەیاندن، ئەمە ڕێوشوێنی خودایە دەربارەی گشت بەندەکانی هەر وا بووە، لەو کاتەدا هەر ئەوانەی خوانەناس بوون زەرەریانکرد. بۆیە خوای گەورەلە وەڵامی فیرعەوندا کاتێ ئەوەی گوت فەرمووی: ﴿ءَآلۡـَٰٔنَ وَقَدۡ عَصَيۡتَ قَبۡلُ وَكُنتَ مِنَ ٱلۡمُفۡسِدِينَ﴾ ئێستا(باوەڕ دێنیت؟) کە بێگومان لەوەو پێش سەرپێچیت کردو لە ڕیزی خراپەکاران بووی. واتە: ئا ئێستا دەڵێیت؟ کە لە پێشدا لەسەر ئەوەی لە نێوان تۆو خودای مەزندا هەبوو سەرپێچیت کردو لە ڕیزی ئەو کەسانە بووی کە خەڵکیان گومڕا دەکرد. خوای گەورەلە ئایەتێکی تردا فەرموویەتی: ﴿وَجَعَلۡنَٰهُمۡ أَئِمَّةٗ يَدۡعُونَ إِلَى ٱلنَّارِۖ وَيَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ لَا يُنصَرُونَ﴾[2] کردمانن بە پێشەوایانێك کە خەڵکی بانگ دەکەن بۆ ناو ئاگر، ڕۆژی قیامەتیش هیچ کەس بە هانایانەوە نایە، ئەمەی خوای گەورەبۆی باس کردین لە بارەی فیرعەونەوە لەم ئایەتەداو ئەوەی بەسەری هات لە ڕازە نهێنیەکانە کە هەر خودای گەورە پێغەمبەرەکەی لێ ئاگادار کردوە، بۆیە ئەبوداودی تیالیسی ڕیوایەتی کردوە لە ئیبنوعەبباسەوە ئەڵێ: پێغەمبەری خودا فەرموویەتی: (جوبرەئیل پێی گوتم: ئەگەر چاوت لێم دەبوو، کە من قوڕە ڕەشەی دەریام هەڵدەگرت و دەمکردە ناو دەمی فیرعەون لە ترسی ئەوەی نەکا بەزەیی خودا فریادی کەوێ)[3] تیرمیزی و[4] ئیبنوجەریریش ڕیوایەتیان کردوە.[5] تیرمیزی ئەڵێ: فەرموودەیەکی حەسەنی غەریبی سەحیحە(حديث

---

[1] غافر (٨٤-٨٥).

[2] القصص (٤١).

[3] مسند الطيالسي (٣٤١)، فەرموودەیەکی حەسەنی غەریبە.

[4] تحفة الاحوذي (٨/٥٢٦).

[5] الطبري (١٥/١٩٠-١٩١).

غريبٌ صحيح) وە خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿ فَٱلْيَوْمَ نُنَجِّيكَ بِبَدَنِكَ لِتَكُونَ لِمَنْ خَلْفَكَ ءَايَةً ۚ وَإِنَّ كَثِيرًا مِّنَ ٱلنَّاسِ عَنْ ءَايَٰتِنَا لَغَٰفِلُونَ ﴾ ئەمڕۆ لاشەت(لە دەریادا) ڕزگار دەکەین. تا پەندێك بێ بۆ ئەوانەی لە پاش تۆ دێن، زۆری ئەم خەڵکە لە نیشانەکانی ئێمە ئاگادار نین. ئیبنوعەبباس و کەسانی تریش لە زانایانی پێشینە گوتویانە: هەندێ لە بەرەی ئیسرائیل گومانیان هەبوو لە مردنی فیرعەون، خودای گەورە فەرمانی دا بە دەریا کە لاشەکەی بە تەواوی فڕێ بدات بە بێ گیان و بە قەڵغانە ناسراوەکەیەوە لە شوێنێکی بەرزی ئەو زەویەدا، بۆ ئەوەی بەچاکی بزانن کەمردوە و لەناو چووە.[1]

بۆیە خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿ فَٱلْيَوْمَ نُنَجِّيكَ ﴾ واتە: بەرزت دەکەینەوە لە بەرزایەکدا لەو زەویەدا. ﴿بِبَدَنِكَ ﴾ موجاهید ئەڵێ: بە لاشەت.[2] ﴿لِتَكُونَ لِمَنْ خَلْفَكَ ءَايَةً ﴾ واتە: بۆ ئەوەی ببێتە بەڵگەیە بۆ بەرەی ئیسرائیل لەسەر مردن و لەناوچونت، بەڵگەش بێ لەسەر ئەوەی کە هەر خودا ئەو خاوەن دەسەلاتەیە کە گیانی هەموو گیانەوەرەکان بە دەستی ئەوە و هیچ کەسێ لەبەر تورەیی ئەودا خۆی ناگرێ و ناوەستێ. بۆیە هەندێ لە زانایانی پێشینە خوێندویانەتەوە(لتكون لمن خَلَقَكَ ءايةً) تابۆئەوانەی کەدوای تۆدێن ببێتەنیشانە، پاشان خوای گەورەئەفەرموێت: ﴿وَإِنَّ كَثِيرًا مِّنَ ٱلنَّاسِ عَنْ ءَايَٰتِنَا لَغَٰفِلُونَ ﴾ چونکە زۆرێ لەم خەڵکە لە نیشانەکانی ئێمە ئاگادار نین، واتە: پەندی لێ وەرناگرن و نابێتە دەرس بۆیان. وە لە ڕۆژی عاشورادا(فیرعەون و دارو دەستەکەی) خنکان و لەناوچوون وەك بوخاری ڕیوایەتی کردوە لە ئیبنوعەبباسەوە ئەڵێ: کاتێ پێغەمبەر(ﷺ) گەیشتە مەدینە، جولەکەکان بەڕۆژوو بوون لە ڕۆژی عاشورادا، فەرمووی:(ئەم ڕۆژە چیە وا تێیدا بەڕۆژوو دەبن) ئەڵێن: ئەمە ڕۆژێکە خودا مووسای سەرخست بەسەر فیرعەوندا، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی:(ئێوە لە پێش ترن لەوان بە مووسا، ئێوەیش(ئەو ڕۆژە) بە ڕۆژووبن)[3].

﴿وَلَقَدْ بَوَّأْنَا بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ مُبَوَّأَ صِدْقٍ وَرَزَقْنَٰهُم مِّنَ ٱلطَّيِّبَٰتِ فَمَا ٱخْتَلَفُوا۟ حَتَّىٰ جَآءَهُمُ ٱلْعِلْمُ ۚ إِنَّ رَبَّكَ يَقْضِى بَيْنَهُمْ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ فِيمَا كَانُوا۟ فِيهِ يَخْتَلِفُونَ ﴿٩٣﴾﴾

---

[1] الطبري (١٥/١٩٦).

[2] الطبري (١٥/١٩٧).

[3] فتح الباري (٨/١٩٨).

دامەزراندنی بەرەی ئیسرائیل لەو زەویەداو ڕۆزی پاك و چاك پێدانیان

خوای گەورەباسی ئەو بەهرانە دەكات كە دابووی بە نەوەی ئیسرائیل لەو بەهرە دینیو دنیاییانە وەك فەرموویەتی: ﴿وَلَقَدْ بَوَّأْنَا بَنِيٓ إِسْرَٰٓءِيلَ مُبَوَّأَ صِدْقٍ﴾ بەڕاستی ئێمە بەرەی ئیسرائیلمان لە شوێنێكی خۆش دامەزراند، دەڵێن: ئەو شوێنە وڵاتی میسرو شامە هەتا دەگاتە قودسی پیرۆزو دەوروبەری، بێگومان كاتێ خودای گەورە فیرعەونو لەشكرەكەی لەناو برد، دەسەڵاتی دەوڵەتی مووسەویەكان بە تەواوی جێگیر بوو لە وڵاتی میسردا، وەك خوای گەورەفەرموویەتی: ﴿وَأَوْرَثْنَا ٱلْقَوْمَ ٱلَّذِينَ كَانُوا۟ يُسْتَضْعَفُونَ مَشَٰرِقَ ٱلْأَرْضِ وَمَغَٰرِبَهَا ٱلَّتِي بَٰرَكْنَا فِيهَا ۖ وَتَمَّتْ كَلِمَتُ رَبِّكَ ٱلْحُسْنَىٰ عَلَىٰ بَنِيٓ إِسْرَٰٓءِيلَ بِمَا صَبَرُوا۟ ۖ وَدَمَّرْنَا مَا كَانَ يَصْنَعُ فِرْعَوْنُ وَقَوْمُهُۥ وَمَا كَانُوا۟ يَعْرِشُونَ﴾[1] ئەوسا ئێمە خۆرهەڵاتو خۆرئاوای ئەو وڵاتەمان(كە بەرەكەتمان پێدابوو) كردە بەشی ئەوانەی چەوسا بوونەوە. بەڵێنی هەرە پیرۆزی(بێ كەمو كوڕی) دەربارەی بەرەی ئیسرائیل هاتە جێ، لەباتی خۆڕاگرتنیان، هەرچی فیرعەونو هۆزەكەی دایان ناو بەرزیان كردەوە، هەموومان لێ تێكو پێك دان. وە لە ئایەتی تردا فەرموویەتی: ﴿فَأَخْرَجْنَٰهُم مِّن جَنَّٰتٍ وَعُيُونٍ ﴿٥٧﴾ وَكُنُوزٍ وَمَقَامٍ كَرِيمٍ ﴿٥٨﴾ كَذَٰلِكَ وَأَوْرَثْنَٰهَا بَنِيٓ إِسْرَٰٓءِيلَ﴾[2] ئیتر باغاتو كانیاومان پێ جێ هێشتن، لەگەڵ هەموو گەنجینەو خانوە خۆشەكان، هەر بەو شێوەیە ئەم هەمووەشمان دا بە نەوەی ئیسرائیل. بەڵام دوای ئەوە بەردەوام لەگەڵ مووسادا بوون(سەلامی خوای لێ بێ) بە تەمای وڵاتی قودسی پیرۆز بوون، كە وڵاتی ئیبراهیمی خەلیل بوو(سەلامی خوای لێ بێ) مووساو(سەلامی خوای لێ بێ) ئەوانەشی كە لەگەڵیدا بوون، داوای قودسی پیرۆزیان دەكرد كە هۆزێكی تیا بوو لە عەمالیقەكان بەرەی ئیسرائیل ترسان لەوەی بە شەڕ بێن لەگەڵیاندا، لەتۆڵەی ئەم ترسنۆكییەیان خوای گەورەچل ساڵ تەفرو تووناو ئاوارەی كردن لە بیاباندا، لەوێدا هارون وەفاتی كردو پاشان مووسایش وەفاتی كرد(سەلامی خوایان لێ بێ) دوای ئەمان(نەوەی ئیسرائیل) لەگەڵ یوشعی كوڕی نون دەرچوون بەرەو قودسی پیرۆز خودای گەورە سەری خستنو قودسی پیرۆزیان كەوتە دەست ماوەیە لەم ڕۆژگارە لە ژێر دەستەڵاتیاندا بوو. پاشان خوای گەورەئەفەرموێت: ﴿وَرَزَقْنَٰهُم مِّنَ ٱلطَّيِّبَٰتِ﴾ ڕۆزی پاكو چاكمان پێدان، واتە: ڕۆزی چاكو حەڵاڵو بەسودو ڕەوا لە سروشتو لەشەرعدا پێدان، ﴿فَمَا ٱخْتَلَفُوا۟ حَتَّىٰ جَآءَهُمُ ٱلْعِلْمُ ۚ إِنَّ رَبَّكَ يَقْضِي بَيْنَهُمْ

---

[1] الاعراف (١٣٧).

[2] الشعراء (٥٧-٥٩).

یَوۡمَ ٱلۡقِیَٰمَةِ فِیمَا كَانُواْ فِیهِ یَخۡتَلِفُونَ ﴾ هەتا زانستی (تەوراتیان) هاتە لا ئەوەبوو كێشەیان لێ پەیدا نەبوو، بەڕاستی پەروەردگارت بڕیار ئەدات لە نێوانیاندا لە ڕۆژی قیامەتدا. واتە: هیچ گیرو گرفتێكیان نەبوو تا كێشە بكەن لەسەری، چونكە خودای گەورە بۆی ڕوون كردبونەوەو گومانی لە دڵدا نەهێشتبوون، لەم فەرموودەیەدا هاتوە:(بەڕاستی جوولەكەكان ناكۆك بوون، بوون بە حەفتاو یەك دەستە، مەسیحیەكان ناكۆك بوون، بوون بە حەفتاو دوو دەستە، بەو زوانە ئەم ئوممەتەیش دەبێ بە حەفتاو سێ دەستە، لەوانە یەكێكیان لەناو بەهەشتدایە، حەفتاو دوویان لەناو ئاگردایە)، گوترا: ئەوانە كێن ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ)؟ فەرمووی: (ئەوەیە كە منو هاوەڵەكانمی لەسەرە)[1] حاكم ڕیوایەتی كردوە لە موستەدرەكەكەیدا بەم وتەیە، بۆیە خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿إِنَّ رَبَّكَ یَقۡضِی بَیۡنَهُمۡ یَوۡمَ ٱلۡقِیَٰمَةِ فِیمَا كَانُواْ فِیهِ یَخۡتَلِفُونَ ﴾.

﴿ فَإِن كُنتَ فِی شَكࣲّ مِّمَّاۤ أَنزَلۡنَاۤ إِلَیۡكَ فَسۡـَٔلِ ٱلَّذِینَ یَقۡرَءُونَ ٱلۡكِتَٰبَ مِن قَبۡلِكَۚ لَقَدۡ جَاۤءَكَ ٱلۡحَقُّ مِن رَّبِّكَ فَلَا تَكُونَنَّ مِنَ ٱلۡمُمۡتَرِینَ ﴿٩٤﴾ وَلَا تَكُونَنَّ مِنَ ٱلَّذِینَ كَذَّبُواْ بِـَٔایَٰتِ ٱللَّهِ فَتَكُونَ مِنَ ٱلۡخَٰسِرِینَ ﴿٩٥﴾ إِنَّ ٱلَّذِینَ حَقَّتۡ عَلَیۡهِمۡ كَلِمَتُ رَبِّكَ لَا یُؤۡمِنُونَ ﴿٩٦﴾ وَلَوۡ جَاۤءَتۡهُمۡ كُلُّ ءَایَةٍ حَتَّىٰ یَرَوُاْ ٱلۡعَذَابَ ٱلۡأَلِیمَ ﴿٩٧﴾ ﴾

لە كتێبە پێشوەكاندا ئەم قورئانە باسی هاتووە

خوای گەورەئەفەرموێت: ﴿ فَإِن كُنتَ فِی شَكࣲّ مِّمَّاۤ أَنزَلۡنَاۤ إِلَیۡكَ فَسۡـَٔلِ ٱلَّذِینَ یَقۡرَءُونَ ٱلۡكِتَٰبَ مِن قَبۡلِكَۚ لَقَدۡ جَاۤءَكَ ٱلۡحَقُّ مِن رَّبِّكَ فَلَا تَكُونَنَّ مِنَ ٱلۡمُمۡتَرِینَ ﴿٩٤﴾ وَلَا تَكُونَنَّ مِنَ ٱلَّذِینَ كَذَّبُواْ بِـَٔایَٰتِ ٱللَّهِ فَتَكُونَ مِنَ ٱلۡخَٰسِرِینَ ﴾ ئەگەر تۆ(ئەی موحەممەد(ﷺ)) لەوەی بۆمان ناردویتە خوارێ بە گومانی، دەی بپرسە لەو كەسانەی بەر لە تۆ كتێبیان بۆ هاتوە، هەرچی لە پەروەردگارتەوە بۆت هاتوە بێ شك ڕاستەو لە ڕیزی دوودڵان مەبە. هەرگیز لەوانە مەبە كە نیشانەكانی خودایان بە درۆ دەزانی، ئەوساكە تۆش دەچیە ڕیزی زیانباران، خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿ ٱلَّذِینَ یَتَّبِعُونَ ٱلرَّسُولَ ٱلنَّبِیَّ ٱلۡأُمِّیَّ ٱلَّذِی یَجِدُونَهُۥ مَكۡتُوبًا عِندَهُمۡ فِی ٱلتَّوۡرَىٰةِ وَٱلۡإِنجِیلِ ﴾[2] ئەوانە وا دەكەونە شوێنی ئەم پێغەمبەرە كە ڕاسپاردەی خوایەو نەخوێندەوارە و لە توراتو ئینجیلیش(دەبینن) ناوی نوسراوە. پاشان دوای ئەم

---

[1] الحاكم (١٢٩/١)، سەحیحە.

[2] الاعراف (١٥٧).

زانیاریەش کە دەیزانن لە کتێبەکانیانداو وەك چۆن منداڵەکانی خۆیان دەناسن، ئاوا پێغەمبەریش دەناسن بەڵام دەیشارنەوەو دەیگۆڕنو لە جێیدا شتی تر دادەنێنو بڕوای پێ ناکەن لەگەڵ ئەو بەلگەیەدا کە بۆیان هێنراوەتە خوارەوە، بۆیە خوای گەورەفەرموویەتی: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ حَقَّتْ عَلَيْهِمْ كَلِمَتُ رَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ ﴿٩٦﴾ وَلَوْ جَآءَتْهُمْ كُلُّ ءَايَةٍ حَتَّىٰ يَرَوُا۟ ٱلْعَذَابَ ٱلْأَلِيمَ﴾ ئەو کەسانەی گفتی پەروەردگاری تۆیان لێ هاتە دی، ئیتر باوەڕ ناهێنن، جا با هەموو نیشانەیەکیشیان بۆ بێ، هەتا ئازاری بە ژان بە چاوی خۆیان دەبینن. واتە: باوەڕێ ناهێنن کە سوودی ببێ بۆیان، بەڵکو کاتێ باوەڕ دێنن کە هیچ سودێکی نیە. بۆیە کاتێ کە مووسا نزای کرد لە فیرعەونو دارو دەستەکەی ئەڵێ: وەك خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿رَبَّنَا ٱطْمِسْ عَلَىٰٓ أَمْوَٰلِهِمْ وَٱشْدُدْ عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ فَلَا يُؤْمِنُوا۟ حَتَّىٰ يَرَوُا۟ ٱلْعَذَابَ ٱلْأَلِيمَ﴾[1] پەروەردگارمان ماڵیان مەهێڵەو تەفروتونایان بکە دڵیان زیاتر ڕەقو ڕەش کە، چونکە بڕوا ناهێنن هەتا جەزرەبەی زۆر بە ژان بە چاوی خۆیان دەبینن. وەك خوای گەورەلەم ئایەتەدا فەرموویەتی: ﴿وَلَوْ أَنَّنَا نَزَّلْنَآ إِلَيْهِمُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةَ وَكَلَّمَهُمُ ٱلْمَوْتَىٰ وَحَشَرْنَا عَلَيْهِمْ كُلَّ شَىْءٍ قُبُلًا مَّا كَانُوا۟ لِيُؤْمِنُوٓا۟ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَهُمْ يَجْهَلُونَ﴾[2] ئەگەر فریشتەشمان بناردایەو مردوەکانیش قسەیان لەگەڵدا بکردنایە هەموو شتمان لە بەرانبەر ئەوانەوە کۆ کردایەتەوە، هێشتا باوەڕیان نەدەهێنا، مەگەرخوا مەیلی لێ بوایە، بەڵام زۆربەیان نەزان بوون.

﴿فَلَوْلَا كَانَتْ قَرْيَةٌ ءَامَنَتْ فَنَفَعَهَآ إِيمَٰنُهَآ إِلَّا قَوْمَ يُونُسَ لَمَّآ ءَامَنُوا۟ كَشَفْنَا عَنْهُمْ عَذَابَ ٱلْخِزْىِ فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا وَمَتَّعْنَٰهُمْ إِلَىٰ حِينٍ ﴿٩٨﴾﴾

هەر کاتێ سزا هاتبێ باوەڕ هێنان هیچ سودێکی نەبوە تەنیا بۆ هۆزی یونوس نەبێ

خوای گەورەئەفەرموێت: ﴿فَلَوْلَا كَانَتْ قَرْيَةٌ ءَامَنَتْ فَنَفَعَهَآ إِيمَٰنُهَآ إِلَّا قَوْمَ يُونُسَ لَمَّآ ءَامَنُوا۟ كَشَفْنَا عَنْهُمْ عَذَابَ ٱلْخِزْىِ فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا وَمَتَّعْنَٰهُمْ إِلَىٰ حِينٍ﴾ بۆچی هیچ شارێك نەبوو کە خەڵکەکەی بڕوا بێنن تا بڕواکەیان بەهرەیان پێ بگەیەنێ جگە لە هۆزەکەی یونوس؟ کە کاتێ بڕوایان هێنا، ئازاری ئابڕوویەرمان لە دنیا لێ لادان، وامان کرد کە هەتا ماوەیەك خۆشی ڕابوێرن. واتە: دەی بۆ ئەو گەلانەی پێشوو هەموو باوەڕیان نەهێنا کە پێغەمبەرانمان بۆ ناردن، بەڵکو ئەی موحەممەد(ﷺ) ئێمە لە پێش تۆدا هەر پێغەمبەرێکمان ناردبێ حەتمەن هۆزەکەی یان زۆرینەی هۆزەکەی بڕوایان پێ نەکردوە.

---

[1] یونس (٨٨).

[2] الانعام (١١١).

وەك خـوداى گـەورە فەرموويـەتى: ﴿يَٰحَسۡرَةً عَلَى ٱلۡعِبَادِۚ مَا يَأۡتِيهِم مِّن رَّسُولٍ إِلَّا كَانُواْ بِهِۦ يَسۡتَهۡزِءُونَ﴾[1] حـەيف بـۆ ئـەو بەندانـە، هـەر پێغەمبـەرێكمان بۆنـاردبن گاڵتـەو گـەپيان پێكـردوە. وە فـەرموويـەتى: ﴿كَذَٰلِكَ مَآ أَتَى ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِهِم مِّن رَّسُولٍ إِلَّا قَالُواْ سَاحِرٌ أَوۡ مَجۡنُونٌ﴾[2] پێش لەمانەش هـەر وا بـوە، هـەر كاتێ پێغەمبەرێكيان بۆ هاتووە گوتويانە: يان جادووگـەرە يـان شـێتە. وە فـەرموويـەتى: ﴿وَكَذَٰلِكَ مَآ أَرۡسَلۡنَا مِن قَبۡلِكَ فِي قَرۡيَةٍ مِّن نَّذِيرٍ إِلَّا قَالَ مُتۡرَفُوهَآ إِنَّا وَجَدۡنَآ ءَابَآءَنَا عَلَىٰٓ أُمَّةٍ وَإِنَّا عَلَىٰٓ ءَاثَٰرِهِم مُّقۡتَدُونَ﴾[3] هـــەر وا بووە پێش تۆش هـەر پێغەمبـەرێكمان ناردوەتـە هـەر شـارێك لـە ئێمـە ترسيان وەبـەر بێنێ، هـەموو خۆشـگوزەرانەكانى ئەوانـە گوتويانـە: بـابو باپيرانمـان لەسـەر ئاينێك ڕۆشـتوون ئێمـەش پـەيڕەوى ئەوانين. لـەم فـەرموودە سـەحيحەدا هـاتووە:(پێغەمبـەرانم پيشان درا، پێغەمبـەرى وا هـەبوو بەلامـدا تێدەپەڕى كۆمەڵێ خەڵكى لەگەڵدا بوو، پێغەمبەرى وا تێدەپەڕى يەك پياوى لەگەڵدا بـوو، پێغەمبـەرى وا هەبوو دوو پياوى لەگەڵدا بوو، پێغەمبەرى واش هەبوو هيچ كەسى لەگەڵـدا نـەبوو).[4] پاشـان باسـى زۆرى شوێنكەوتوانى مووساى كرد(سەلامى خـواى لـێ بـێ) پاشـان باسـى زۆرى ئومەتەكـەيشى كـرد، ئەوەندە زۆر بوو كە ئاسۆى خۆرهەلاتو خۆرئاواى گرتبوو، مەبەست ئەوەيە كە هيچ شارێك نەبووە بـە تەواوى بڕواى هێنا بێ بە پێغەمبەرەكەى لەو شارانەى لە پێشەوە بـوون جگـە لـە هۆزەكـەى يونـوس، خـەڵكى شـارى نەينـەوا بـوون، بڕواكەشيان لەبـەر ئـەوە بـوو دەترسـان تووشـى ئـەو سزايە بـبن كـە پێغەمبەرەكەيان ئاگادارى كـردوون لێـى، كـاتێ بـە چـاوى خۆيـان ديـاردەكانى ئـەو سزايان دەبينىو پێغەمبەرەكەشيان دەرچوو بوو لە نێوانياندا، كاتێ دەستيان كرد بە هاوارو لالەو گريـانو پاڕانـەوە لـە خوداى گەورەو داوايان دەكرد كە ئەو سزايان لەسەر هـەلگرێ كـە پێغەمبـەرەكـەيان ئاگـادارى كـردوون لێى، منداڵو مەڕو ماڵاتەكەشيان لەگەڵ خۆيان هێنا بوو. ئا لەو كاتەدا خودا بـەزەيى هاتـەوە پێيانـدا، سزاكەى لەسەر لابردنو دواخرا لەسەريان. وەك خـواى گەورەفەرموويـەتى: ﴿إِلَّا قَوۡمَ يُونُسَ لَمَّآ ءَامَنُواْ كَشَفۡنَا عَنۡهُمۡ عَذَابَ ٱلۡخِزۡيِ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا وَمَتَّعۡنَٰهُمۡ إِلَىٰ حِينٖ﴾ قـەتادە لـە تەفـسيرى ئـەم ئايەتـەدا ئـەڵێ: هيچ شارێ كە خوانەناس بوبێ كاتێ كە سزاى بۆ هاتبێ پاشان بڕواى هێنابێ سوودى لـەو بـڕوا هێنانـە وەرنەگرتوەو وازى لێ نەهێنراوە جگـە لـە هۆزەكـەى يونـوس، كـاتێ پێغەمبـەرەكـەيان لـە دەسـت داو

[1] يس (٣٠).
[2] الذاريات (٥٢).
[3] الزخرف (٢٣).
[4] فتح الباري (٢٢٤/١٠).

زانیان کە سزا دان لێیان نزیك بوەتەوە، خودا پەشیمانی(تەوبەی) خستە دڵیانەوەو جلو بەرگی زبریان لەبەرکردو دایكو بەچكەی مەڕو ماڵاتو چوار پێكانی تریشیان لە یەك جیا کردەوە(هەلاوێرا) پاشان چل شەو دەستیان کرد بە لاڵەو پاڕانەوە لە خودا، کاتێ خودای گەورە ئەو گەڕانەوەو پەشیمانیە ڕاستەی لێ بینی‌و دەرکەوت تەوبەیان کردوە لەوەی کردویانە ئەو سزایەی لەسەر لابردن کە نزیك بوو تووشیان ببێ، قەتادە ئەڵێ: گوتراوە کە هۆزی یونوس لە نەینەوا ژیاون کە ئەم زەوی موسڵەیەی ئێستایە[1]. هەر بەم شێوەیەش ڕیوایەت کراوە لە ئیبنومەسعودو موجاهیدو سەعیدی کوڕی جوبەیرو کەسانی تریشەوە لە زانایانی پێشینە[2].

﴿وَلَوْ شَآءَ رَبُّكَ لَءَامَنَ مَن فِى ٱلْأَرْضِ كُلُّهُمْ جَمِيعًا ۚ أَفَأَنتَ تُكْرِهُ ٱلنَّاسَ حَتَّىٰ يَكُونُوا۟ مُؤْمِنِينَ ﴿٩٩﴾ وَمَا كَانَ لِنَفْسٍ أَن تُؤْمِنَ إِلَّا بِإِذْنِ ٱللَّهِ ۚ وَيَجْعَلُ ٱلرِّجْسَ عَلَى ٱلَّذِينَ لَا يَعْقِلُونَ ﴿١٠٠﴾﴾

دووره له کارزانی خوداوه که خه‌ڵکی ناچار بکات بڕوا بێنن

خوای گەورەئەفەرموێت: ﴿وَلَوْ شَآءَ رَبُّكَ لَءَامَنَ مَن فِى ٱلْأَرْضِ كُلُّهُمْ جَمِيعًا﴾ ئەگەر خوا مەیلی لێ بوایە هەرچی لەم سەر زەمینەن تێکڕا باوەڕیان دەهێنا. واتە: ئەی موحەممەد(ﷺ) ئەگەر خوا مەیلی لێ بوایە ئیزنی هەموو خەڵکی سەر زەمینی ئەدا کە بڕوا بێنن بەوەی کە پێی هاتوی بۆیان، هەمووشیان بڕوایان دەهێنا، بەڵام ئەوەی خوای گەورەدەیکات پڕە لە کارزانی وەك فەرموویەتی: ﴿وَلَوْ شَآءَ رَبُّكَ لَجَعَلَ ٱلنَّاسَ أُمَّةً وَٰحِدَةً ۖ وَلَا يَزَالُونَ مُخْتَلِفِينَ ﴿١١٨﴾ إِلَّا مَن رَّحِمَ رَبُّكَ ۚ وَلِذَٰلِكَ خَلَقَهُمْ ۗ وَتَمَّتْ كَلِمَةُ رَبِّكَ لَأَمْلَأَنَّ جَهَنَّمَ مِنَ ٱلْجِنَّةِ وَٱلنَّاسِ أَجْمَعِينَ﴾[3] ئەگەر پەروەردگارت مەیلی لێ بوایە، خەڵکی دنیای گشتی دەکردە یەك ئاین، بەڵام بە ناتەبایی هەر دەمێننەوە. مەگەر پەروەردگاری تۆ بەزەیی پێیاندا بێتەوە، هەر بۆ ئەوەی دروستکردوون، بڕیاری پەروەردگاریشت هەردێتەدی کە: جەهەنم لە جنۆکەو بنیادەم(هەموو) پڕ دەکەم. وە فەرموویەتی: ﴿أَفَلَمْ يَا۟يْـَٔسِ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ أَن لَّوْ يَشَآءُ ٱللَّهُ لَهَدَى ٱلنَّاسَ جَمِيعًا﴾[4]، بۆچی خاوەنباوەڕان ئەوە نازانن ئەگەر خودا مەیلی لێ بوایە گشت خەڵکی شارەزای ڕاستە ڕێ دەکرد؟ هەر بۆیە خوای گەورەلێرەدا ئەفەرموێت: ﴿أَفَأَنتَ تُكْرِهُ ٱلنَّاسَ حَتَّىٰ يَكُونُوا۟

---

[1] الطبري (١٥/٢٠٧).

[2] الطبري (١٥/٢١٠/٢٠٨).

[3] هود (١١٨–١١٩).

[4] الرعد (٣١).

مُؤۡمِنِينَ﴾ ئایا تۆ(ئەی موحەممەد(ﷺ)) دەتەوێ ئەم خەڵکە بە زۆر بڕوا بێنن. واتە: دەتەوێ بە زۆر ناچاریان بکەی بڕوا بێنن. بێگومان ئەوە کاری تۆنیەو لەسەر تۆشنیە ﴿فَإِنَّ ٱللَّهَ يُضِلُّ مَن يَشَآءُ وَيَهۡدِي مَن يَشَآءُۖ فَلَا تَذۡهَبۡ نَفۡسُكَ عَلَيۡهِمۡ حَسَرَٰتٍ﴾[1] خودا حەز كات هەر كەسێ گومڕا دەكاتو حەزیش بكات بەرەو خۆی شارەزای دەكات، كەوایە بە خەفەت خواردن بۆیان خۆت لەناو مەبە. وە فەرموویەتی: ﴿لَّيۡسَ عَلَيۡكَ هُدَىٰهُمۡ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ يَهۡدِي مَن يَشَآءُ﴾[2] ئەركی سەر شانی تۆ نیە ئەمانە بخەیتە سەر ڕێ، بەڵام هەركەسێ خودا خۆی مەیلی لێ بێ شارەزای ڕاستە ڕێی دەكات. وە فەرموویەتی: ﴿لَعَلَّكَ بَٰخِعٞ نَّفۡسَكَ أَلَّا يَكُونُواْ مُؤۡمِنِينَ﴾[3] لەوانەیە بەو خەمە خۆت لە بەین بەری، كە ئەوانە نایانەوێ بڕوا بێنن. وە فەرموویەتی: ﴿إِنَّكَ لَا تَهۡدِي مَنۡ أَحۡبَبۡتَ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ يَهۡدِي مَن يَشَآءُ﴾[4] تۆ ناتوانی كەسێ بۆ خۆت خۆشت بوێ شارەزای كەی، بەڵام خودا كێی بوێ ڕێگەی ڕاستی نیشان ئەدات. وە فەرموویەتی: ﴿فَإِنَّمَا عَلَيۡكَ ٱلۡبَلَٰغُ وَعَلَيۡنَا ٱلۡحِسَابُ﴾[5] تۆ هەر ئەوەندەت لەسەرە ڕایگەیەنی، بەڵام حیساب كردنیشی لەسەر ئێمەیە. وە فەرموویەتی: ﴿فَذَكِّرۡ إِنَّمَآ أَنتَ مُذَكِّرٞ ٢١ لَّسۡتَ عَلَيۡهِم بِمُصَيۡطِرٍ﴾[6] ساتۆ ئامۆژگاری بكە، تۆ تەنیا ئامۆژگاریكەری، تۆ خاوەن دەسەڵات نیت بەسەریاندا، چەندین ئایەتی تریش هەیە لەم بارەیەوە بەڵگەن لەسەر ئەوەی كە تەنیا خودا خۆی هەر كارێكی بوێ دەیكاتو مەیلی لە هەر كەسێ بوێ شارەزای دەكاتو، هەر كەسیش ئارەزوی لێ بێ گومڕای دەكات. ئەمەیش دەگەڕێتەوە بۆ زانیاریو كارزانیو دادپەروەری خۆی. بۆیە فەرموویەتی: ﴿وَمَا كَانَ لِنَفۡسٍ أَن تُؤۡمِنَ إِلَّا بِإِذۡنِ ٱللَّهِۚ وَيَجۡعَلُ ٱلرِّجۡسَ عَلَى ٱلَّذِينَ لَا يَعۡقِلُونَ﴾ هیچ كەسێ نەبووە بڕوا بێنێ، بەئیزنی خوا نەبوبێت خراپی بۆ ئەو كەسانە بڕیار دراوە كە تێناگەن. واتە: گومڕاو سەرلێشێوایان دەكات لە نیشانەو بەڵگەكانی شارەزا نابن كە هەر خودا دادپەروەرە لە هەموو ئەو شتانەدا، كە كێ شارەزا دەكاتو كێش گومڕا دەكات.

---

[1] فاطر (٨).
[2] البقرة (٢٧٢).
[3] الشعراء (٣).
[4] القصص (٥٦).
[5] الرعد (٤٠).
[6] الغاشية (٢١-٢٢).

﴿ قُلِ ٱنظُرُواْ مَاذَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۚ وَمَا تُغۡنِي ٱلۡأٓيَٰتُ وَٱلنُّذُرُ عَن قَوۡمٖ لَّا يُؤۡمِنُونَ ﴿١٠١﴾ فَهَلۡ يَنتَظِرُونَ
إِلَّا مِثۡلَ أَيَّامِ ٱلَّذِينَ خَلَوۡاْ مِن قَبۡلِهِمۡۚ قُلۡ فَٱنتَظِرُوٓاْ إِنِّي مَعَكُم مِّنَ ٱلۡمُنتَظِرِينَ ﴿١٠٢﴾ ثُمَّ نُنَجِّي رُسُلَنَا
وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْۚ كَذَٰلِكَ حَقًّا عَلَيۡنَا نُنجِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ﴿١٠٣﴾ ﴾

فەرماندان بە تێڕامان لە دروستکردنی ئاسمانەکان و زەمین

خـوای گەورەئەفـەرموێت: ﴿ قُلِ ٱنظُرُواْ مَاذَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ ﴾ بڵـێ:(ئـەی موحەممـەد(ﷺ)) سەرنج بدەن چی لە ئاسمانەکان و زەمیندا هەیە، خودای گەورە لێرەدا ڕێنمایی عەبدەکانی دەکات کە بیر بکەنەوە لە بەهرەکانی و لەو شتانەی لە ئاسمانەکان و زەمیندا هەیە، کە چەندە نیشانەی گەورەیان تێدایە بۆ ئەوانەی خاوەنی عەقڵن، لەو هەموو ئەستێرە ڕووناک و گەڕۆک و وەستاو خۆرو مانگ و شەوو ڕۆژ و جیاوازی نێوانیان و چوونی شەو ڕۆژ بەناو یەکدا و جارێ یەکێکیان درێژ دەبێ جارێ ئـەوی تریـان. وە بە پێچەوانەشەوە بەرزیی و ڕازاوەیی و فراوانی و جوانی ئاسمان و ئەو بارانەی کە خودا لە ئاسمانـەوە باراندویەتی و زەوی پێ زیندوو کردوەتەوە دوای مردنی و ئەو هەموو جۆرە بەروبوم و کشتوکاڵ و گوڵ و گـوڵزارو ڕووەکـەی تیـا دەرهێنـاوە وە گیانـەورێکی زۆریـشی وەدیهێنـاوە تێیـدا کـە ڕەنـگ و شـێوەو سوودیان جیاوازە و کێو و دەشت و بیابان و ئاوەدانی و شوێنی وێرانیشی تیایە، دەریاش کە پڕە لە شـتی سەرسـوڕهێنەرو شـەپۆلی گـەورە، لەگـەڵ ئەوەیـشدا ڕام هێنـراوە و ملکـەچ کراوە بـۆ ئـەو کەسـانەی بەسەریدا دەڕۆن کەشتیەکانیان هەڵدەگرێ و بە هێواشی پێیدا تێدەپەڕن بە ڕامکردنی(خودای) خـاوەن توانا، کە هیچ پەرستراوو پەروەردگارێك نیـە جگەلـەو، پاشـان خـودای گـەورە ئەفـەرموێت: ﴿وَمَا تُغۡنِي ٱلۡأٓيَٰتُ وَٱلنُّذُرُ عَن قَوۡمٖ لَّا يُؤۡمِنُونَ ﴾ کەچی ئەم هەموو نیشانە و ترساندنە کار ناکاتـە سـەر ئەوانـەی کـە بڕوا ناهێنن. واتە: هیچ شتێ کار ناکاتە سەر ئەو کەسانەی کە بـڕوا نـاهێنن، نـە نیـشانەکانی ئاسمـان و زەمین، نە بەڵگەی پێغەمبەران کە هەموو نیشانەن لەسەر ڕاستیان. وەك خوای گەورەلە ئایەتێکی تردا فەرموویەتی: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ حَقَّتۡ عَلَيۡهِمۡ كَلِمَتُ رَبِّكَ لَا يُؤۡمِنُونَ ﴾[1] ئەو کەسانەی گفتی پـەروەردگاری تۆیان لێ هاتە دی، ئیتر بـاوەڕ نـاهێنن. پاشـان لێـرەدا ئەفـەرموێت: ﴿فَهَلۡ يَنتَظِرُونَ إِلَّا مِثۡلَ أَيَّامِ ٱلَّذِينَ خَلَوۡاْ مِن قَبۡلِهِمۡ﴾ ئایا هەر چاوەڕوانی ڕۆژانێکن هەر وەك ڕۆژانی ئەوانە کە پـێش لـەوان بـوون و نەمان؟ واتە: ئەی موحەممەد(ﷺ) ئایا ئەو بێباوەڕانە چاوەڕوانی ڕۆژانێکن سزا و نوڕەیی خوایـان بـۆ بێت وەك ئەو ڕۆژانەی تری خودا، کە بەسەر گەلە پێشووەکاندا هـات کـە بڕوایـان بـە پێغەمبـەرەکانیان

---

[1] یونس (٩٦).

نــــەکرد، ﴿قُلْ فَانتَظِرُوٓاْ إِنِّي مَعَكُم مِّنَ ٱلْمُنتَظِرِينَ ﴿١٠٢﴾ ثُمَّ نُنَجِّي رُسُلَنَا وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْۚ كَذَٰلِكَ حَقًّا عَلَيۡنَا نُنجِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ﴾ پاشان پێغەمبەرانمان‌و ئەوانەی بڕوایان هەیە ڕزگار دەکەین، چونکە ئەوە ئەرکی ئێمەیە کە باوەڕداران ڕزگار کەین. واتە: ئەرکێکەو خودای لەسەر خۆی داناوە. وەك ئەفەرموێت: ﴿فَقُلۡ سَلَٰمٌ عَلَيۡكُمۡۖ كَتَبَ رَبُّكُمۡ عَلَىٰ نَفۡسِهِ ٱلرَّحۡمَةَ﴾[1] بلێ: دڵنیا بن پەروەردگارتان هەر خۆی لەسەر خۆی نوسیوە بەر بەزەیی خۆیتان بخات.

﴿ قُلۡ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِن كُنتُمۡ فِي شَكّٖ مِّن دِينِي فَلَآ أَعۡبُدُ ٱلَّذِينَ تَعۡبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ وَلَٰكِنۡ أَعۡبُدُ ٱللَّهَ ٱلَّذِي يَتَوَفَّىٰكُمۡۖ وَأُمِرۡتُ أَنۡ أَكُونَ مِنَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ﴿١٠٤﴾ وَأَنۡ أَقِمۡ وَجۡهَكَ لِلدِّينِ حَنِيفٗا وَلَا تَكُونَنَّ مِنَ ٱلۡمُشۡرِكِينَ ﴿١٠٥﴾ وَلَا تَدۡعُ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا يَنفَعُكَ وَلَا يَضُرُّكَۖ فَإِن فَعَلۡتَ فَإِنَّكَ إِذٗا مِّنَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿١٠٦﴾ وَإِن يَمۡسَسۡكَ ٱللَّهُ بِضُرّٖ فَلَا كَاشِفَ لَهُۥٓ إِلَّا هُوَۖ وَإِن يُرِدۡكَ بِخَيۡرٖ فَلَا رَآدَّ لِفَضۡلِهِۦۚ يُصِيبُ بِهِۦ مَن يَشَآءُ مِنۡ عِبَادِهِۦۚ وَهُوَ ٱلۡغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ ﴿١٠٧﴾﴾

فەرماندان بە پەرستنی خودا بە تەنیاو خۆ سپاردن پێی

خــوای گەورەئەفــەرموێت: ﴿ قُلۡ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِن كُنتُمۡ فِي شَكّٖ مِّن دِينِي فَلَآ أَعۡبُدُ ٱلَّذِينَ تَعۡبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ وَلَٰكِنۡ أَعۡبُدُ ٱللَّهَ ٱلَّذِي يَتَوَفَّىٰكُمۡۖ وَأُمِرۡتُ أَنۡ أَكُونَ مِنَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ﴾ بلێ: خەڵکینە ئەگەر ئێوە لە ئاینی من بە گومانن، من ئەوانەی جگە لە خودان‌و ئێوە دەیانپەرستن، ناپەرستم، بەڵام من ئەو خودایە دەپەرستم، دەتان مرێنێ‌و فەرمانیشی بە من داوە لە ڕیزی باوەڕداران بم. خودای گەورە دەفەرموێ بە پێغەمبەرەکەی موحەممەد(ﷺ) بلێ ئەی خەڵکینە ئەگەر ئێوە گومانتان هەیە لە ڕاستی ئەو ئاینەی کە بۆم هێناون‌و بتپەرستی تێدا نیەو خودا نیگای بۆ کردوم، من ئەوانە ناپەرستم کە ئێوە جگە لە خودا دەیپەرستن، بەڵکو خودا بە تەنیا دەپەرستم کە شەریکی نیە، ئەو خودایەی کە دەتانمرێنێ وەك چۆن گیانی پێداون، لە دواییشدا هەر بۆ لای ئەو دەگەڕێنەوە. ئەگەر ئێوە هاوار لەو پەرستراوانەی خۆتان دەکەن‌و بە ڕاستیان دادەنێن، من نایان پەرستم، داوایان لێ بکەن با تووشی زیانم بکەن، چونکە ئەو پەرستراوانە نە زیان بە کەس دەگەیەنن‌و نە سوودیشی پێدەگەیەنن، بەڵکو ئەو کەسەی کە زیان‌و قازانج بە دەستی ئەوە، هەر خودا خۆیەتی کە تەنیایەو شەریکی نیە، پاشان فەرموویەتی: ﴿ وَأَنۡ أَقِمۡ وَجۡهَكَ لِلدِّينِ حَنِيفٗا﴾ ڕوویکەرە ئاینی ڕاستو ڕەوان، واتە: بەپاکی هەرخودا بپەرستە بە

[1] الانعام (٥٤).

تەنیاو دوور کەوەلە بتپەرستی. بۆیە فەرموویەتی: ﴿وَلَا تَكُونَنَّ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ﴾ هەرگیز نەکەی لە ڕیزی بتپەرستان بی. ئەم ئایەتە عەتف کراوەتە سەر ئایەتەکەی پێش خۆی کە خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَأُمِرْتُ أَنْ أَكُونَ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ﴾ پاشان ئەفەرموێت: ﴿وَلَا تَدْعُ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا يَنفَعُكَ وَلَا يَضُرُّكَ فَإِن فَعَلْتَ فَإِنَّكَ إِذًا مِّنَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿١٠٦﴾ وَإِن يَمْسَسْكَ ٱللَّهُ بِضُرٍّ فَلَا كَاشِفَ لَهُۥٓ إِلَّا هُوَ وَإِن يُرِدْكَ بِخَيْرٍ فَلَا رَآدَّ لِفَضْلِهِۦ يُصِيبُ بِهِۦ مَن يَشَآءُ مِنْ عِبَادِهِۦ وَهُوَ ٱلْغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ﴾ جگەلە خوا هانا بۆ شتی وا مەبە کە نە بەهرەی بۆ تۆ هەیەو نە زیانی لێ دەبینی، ئەگەر کردت، ئەوساکە لە ستەمکارانی. خوداش ئەگەر تووشی زیانێکت بکات(جگە لە خۆی) هیچ کەسێ نیە لای بدات، ئەگەر چاکەشی لەگەڵدا کردی، کەس بەر لە چاکەی ناگرێو مەیلی لە هەر عەبدێکی بێ تووشی ئەو چاکەیەی دەکات، هەر خۆی لە گوناه دەبورێو دلۆڤانە. ئەم ئایەتە ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە چاکەو خراپەو قازانجو زەرەر هەموو دەگەڕێتەوە بۆ لای خودای گەورە خۆی، هیچ کەسێ لەوەدا هاوکاری نیە، وە هەر خودا شایەنی پەرستنە بە تەنیایی‌و شەریکی نیەو لێبوردەو دلۆڤانە. واتە: بۆ کەسێ تەوبە بکات با هەر گوناهێکیشی کردبێ، هەتا ئەوەیش شەریکی بۆ داناوە، بێگومان هەر لێی خۆش دەبێ.

﴿قُلْ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ قَدْ جَآءَكُمُ ٱلْحَقُّ مِن رَّبِّكُمْ فَمَنِ ٱهْتَدَىٰ فَإِنَّمَا يَهْتَدِى لِنَفْسِهِۦ وَمَن ضَلَّ فَإِنَّمَا يَضِلُّ عَلَيْهَا وَمَآ أَنَا۠ عَلَيْكُم بِوَكِيلٍ ﴿١٠٨﴾ وَٱتَّبِعْ مَا يُوحَىٰٓ إِلَيْكَ وَٱصْبِرْ حَتَّىٰ يَحْكُمَ ٱللَّهُ وَهُوَ خَيْرُ ٱلْحَٰكِمِينَ ﴿١٠٩﴾﴾

خوای گەورەئەفەرموێت: ﴿قُلْ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ قَدْ جَآءَكُمُ ٱلْحَقُّ مِن رَّبِّكُمْ فَمَنِ ٱهْتَدَىٰ فَإِنَّمَا يَهْتَدِى لِنَفْسِهِۦ وَمَن ضَلَّ فَإِنَّمَا يَضِلُّ عَلَيْهَا﴾ بلێ:(ئەی موحەممەد(ﷺ)) خەڵکینە وا ڕاستیتان لەلایەن پەروەردگارتانەوە بۆ هات، هەر کەسێ ڕێگەی ڕاست بگرێتە بەر، شارەزابوونەکە بۆ خۆیەتی هەرکەسێکیش گومڕا ببێ، گومڕایی دژی خۆیەتی، خودای گەورە فەرمان دەکات بە پێغەمبەرەکەی(ﷺ) کە خەڵکی ئاگادار بکات، کە ئەوەی پێی هاتوە بۆیان لەلایەن خوداوە، هەرئەوە ڕاستەو گومانی تێدا نیە، هەر کەسێ شارەزا ببێ بەوەو شوێنی بکەوێ، قازانجی ئەو شوێن کەوتنە بۆ خۆیەتی. هەر کەسیش گومڕا ببێو لێی لادات، ئاکامی ئەو گومڕا بوونە هەر بۆ خۆی دەگەڕێتەوە.

﴿وَمَآ أَنَا۠ عَلَيْكُم بِوَكِيلٍ﴾ وە من بریکاری(وەکیلی) کەستان نیم. واتە: من نابمە وەکیلی ئەوە کە ببنە خاوەن باوەڕ. تەنیا من ترسێنەرێکم بۆتان. شارەزا کردن بە مەیلی خوایە. ﴿وَٱتَّبِعْ مَا يُوحَىٰٓ إِلَيْكَ وَٱصْبِرْ﴾ هەر فەرمانێ بۆت دەنێرین شوێنی کەوەو خۆڕاگرە. دەست بگرە بەوەی کە خودا ناردوویەتی بۆتو ئاگاداری کردوی لێی، خۆڕاگربە لەسەر دژایەتی ئەوکەسانەی دژایەتیت دەکەن ﴿حَتَّىٰ يَحْكُمَ ٱللَّهُ﴾

هــەتاخودا دادوەریــدەكات ﴿وَهُوَ خَيْرُ الْحَاكِمِينَ﴾ خــودا باشــترین دادوەرە واتــە: خــودا چــاكترین دەرووكەرەوەیە بە دادوەریو كارزانی خۆی.

تەفسیری سورەتی هود (سەلامی خوای لێبێ)

لە مەككەدا هاتووەتەخوارەوە

سورەتی هودیەكێكەلەوسورەتـانەی پێغەمبەری (ﷺ) پیر كرد

ئەبوعیسای تیرمیزی ڕیوایەتی كردوە لە ئیبنوعەبباسەوەئەڵێ: ئەبوبەكر ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) پـیر بـوی! پێغەمبـەر(ﷺ) فـەرمووی: (هـودو واقیعـەو مورسـەلاتو عم يتساءلون و إذا الشمس كويرت پیریـان كـردم)، لـە ڕیوایـەتێكی تـردا هـاتووە: (هـودو دەسـتە خوشـكەكانی پیریـان كردم)[1].

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

﴿الر كِتَابٌ أُحْكِمَتْ آيَاتُهُ ثُمَّ فُصِّلَتْ مِن لَّدُنْ حَكِيمٍ خَبِيرٍ ﴿١﴾ أَلَّا تَعْبُدُوا إِلَّا اللَّهَ إِنَّنِي لَكُم مِّنْهُ نَذِيرٌ وَبَشِيرٌ ﴿٢﴾ وَأَنِ اسْتَغْفِرُوا رَبَّكُمْ ثُمَّ تُوبُوا إِلَيْهِ يُمَتِّعْكُم مَّتَاعًا حَسَنًا إِلَىٰ أَجَلٍ مُّسَمًّى وَيُؤْتِ كُلَّ ذِي فَضْلٍ فَضْلَهُ وَإِن تَوَلَّوْا فَإِنِّي أَخَافُ عَلَيْكُمْ عَذَابَ يَوْمٍ كَبِيرٍ ﴿٣﴾ إِلَى اللَّهِ مَرْجِعُكُمْ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ ﴿٤﴾﴾

ئەم قورئانەو بانگەوازی بۆ لای خودا بەتەنیا

﴿الر﴾ (الف، لام، را) لـە پێشەوە لـە سـەرەتای سـورەتی بەقـەرەدا باسـی ئـەم پیتانـەمان كـرد جـارێكی تـر پێویـست بـە دووبارەكردنـەوە ناكـا لێـرەدا، ﴿كِتَابٌ أُحْكِمَتْ آيَاتُهُ ثُمَّ فُصِّلَتْ﴾ كتێبێكـە ئایەتـەكانی بتـەو كـراون لـە پاشـان شـیكراونەتەوە. یـانی: وشـەكانی بتـەو دارێـژراوە و ماناكەیـشی شیكراوەتەوە. شێوەو مانـای زۆر تـەواوە، ئـەم تەفـسیرە لـە موجاهیدو قـەتادەوە ڕیوایـەت كـراوە.[2] ئیبنوجەریریش هەمان تەفسیری هەڵبژاردوە ﴿مِن لَّدُنْ حَكِيمٍ خَبِيرٍ﴾ لەلایەن كاردروستی زاناوە. یـانی: لەلایەن ئەو خودای كارزانە لە گفتارو فەرمانیا، ئاگاداری ئاكـامی كارەكانـە، پاشـان ئەفـەرموێت: ﴿أَلَّا تَعْبُدُوا إِلَّا اللَّهَ﴾ كە نابێ هیچ بپەرستن جگـە لـە خـودا، واتـە: ئـەم قورئانـە وتـە دارێـژراوو شـیكراوەیە هاتووەتە خوارەوە هـەتا خـودا بپەرسترێ بەتـەنیاو شـەریكی بـۆ دانـەنرێ. وەك ئـەم ئایەتانـەیش كـە

---

[1] تحفة الاحوذي (١٨٤/٩)، فەرموودەیەكی باشە (جید).

[2] الطبري (٢٢٧/١٥).

خـوداى گـەورە فەرمويـەتى: ﴿وَمَآ أَرۡسَلۡنَا مِن قَبۡلِكَ مِن رَّسُولٍ إِلَّا نُوحِيٓ إِلَيۡهِ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنَا۠ فَٱعۡبُدُونِ﴾.[1] بەر لە تۆیش ئێمە هەر پێغەمبەرێکمان نارد، ڕامان سپارد کە: هیچ پەرستویەك جگە لە من نیەو هەر تەنیا من بپەرستن. وە فەرمویەتی: ﴿وَلَقَدۡ بَعَثۡنَا فِي كُلِّ أُمَّةٖ رَّسُولًا أَنِ ٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ وَٱجۡتَنِبُواْ ٱلطَّٰغُوتَ﴾.[2] بۆ ناو هەموو گەلێ پێغەمبەرێکمان بەڕێ کرد، کە خودا بپەرستن‌و لە شەیتان‌و هەر پەرستراوێ تر دوورەپەرێز بن، ﴿إِنَّنِي لَكُم مِّنۡهُ نَذِيرٞ وَبَشِيرٞ﴾ من لە خوداوە بۆ ئێوە ترسێنەرو مژدە دەرم. واتە: من ترسێنەرم بۆ ئێوە کە سزا ئەدرێن ئەگەر بێفەرمانی خودا بکەن، مژدە دەریشم بە پاداشت دانەوە ئەگەر بە گوێی بکەن. وەك لە فەرمودەی سەحیحا هاتووە کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) سەرکەوتە سەر سەفا بانگی لە بنەماڵە زۆر نزیکەکانی خۆی‌و پاشان لە نزیکەکانی تری قورەیش کرد، ئەوانیش کۆبونەوە. پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (ئەی خەڵکی قورەیش! چۆن دەبینن ئەگەر هەواڵم پێدان کە دەستەیە سوار بەرەبەیان ئەدەن بەسەرتانا ئایا بڕوام پێ ناکەن؟) گوتیان: درۆمان لە تۆ نەدیوە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (بێگومان من ترسێنەرم بۆ ئێوە لەبەردەم سزایەکی سەختدا)[3].

خـوداى گـەورە ئەفـەرموێت: ﴿وَأَنِ ٱسۡتَغۡفِرُواْ رَبَّكُمۡ ثُمَّ تُوبُوٓاْ إِلَيۡهِ يُمَتِّعۡكُم مَّتَٰعًا حَسَنًا إِلَىٰٓ أَجَلٖ مُّسَمّٗى وَيُؤۡتِ كُلَّ ذِي فَضۡلٖ فَضۡلَهُۥ﴾ لە پەروەردگاری خۆتـان داوا بکەن، لێتـان ببوری‌و بشگەڕێنەوە بۆ لای ئەو، تا ماوەیەکی دیاری کراو ژیانی خۆشتان بۆ دابین ئەکاو لەگەڵ خاوەن هەر چاکەیەك پاداشتی چاکەی خۆی دەداتێ. واتە: فەرمانتان پێ دەکەم کە داوای لێبوردن بکەن بۆ گوناهە پێشترەکانتان‌و پەشیمان ببنەوەو بگەڕێنەوە بۆ لای خودای مەزن لەمە بەدوایش هەر داوای لێبوردنی لێ بکەن‌و هەر بەردەوامیش لەسەری بڕۆن ﴿يُمَتِّعۡكُم مَّتَٰعًا حَسَنًا﴾ ژیانێکی خۆشتان بۆ دابین دەکا لە دنیادا ﴿إِلَىٰٓ أَجَلٖ مُّسَمّٗى وَيُؤۡتِ كُلَّ ذِي فَضۡلٖ فَضۡلَهُۥ﴾ لەگەڵ خاوەن هەر چاکەیەك پاداشتی چاکەی خۆی دەداتێ لە دنیاو لە ڕۆژی قیامەتا، ئەمە قسەی قەتادەیە[4]. ئەم ئایەتە وەك ئەو ئایەتە وایە کە خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿مَنۡ عَمِلَ صَٰلِحٗا مِّن ذَكَرٍ أَوۡ أُنثَىٰ وَهُوَ مُؤۡمِنٞ فَلَنُحۡيِيَنَّهُۥ حَيَوٰةٗ طَيِّبَةٗ﴾.[5] هەرکەسێ

---

[1] الأنبياء (٢٥).

[2] النحل (٣٦).

[3] دلائل النبوة (١٨١/٢). فەرمودەیەکی سەحیحە بوخاری‌و موسلیم هێناویانە.

[4] الطبري (٢٣١/١٥).

[5] النحل (٩٧).

کرداری باشەو خاوەنباوەڕە (چ نێر چ مێ) هـەتا دەژی، وا دەکـەین بـە خۆشـی بـژی. ﴿وَإِن تَوَلَّوۡاْ فَإِنِّيٓ أَخَافُ عَلَيۡكُمۡ عَذَابَ يَوۡمٖ كَبِيرٍ﴾ ئەگەر پشتیشتان هەڵکەن، من دەترسم سزای ڕۆژێکی گـەورە یەخـەتان بگرێ کە ڕۆژی قیامەتە. ئەمە هەڕەشەیەکی توونده بۆ ئـەو کەسانەی پشت هەڵدەکـەن لـە فـەرمانی خودای گەورەو بڕوا بە پێغەمبەرەکەی ناکەن، سزای سەخت وەردەگرن لە ڕۆژی قیامەتاو دەرباز نـابن ﴿إِلَى ٱللَّهِ مَرۡجِعُكُمۡۖ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٌ﴾ بەرەو خودا دەگەڕێنەوە، وە هەر خودایە دەسـەڵاتدارە بەسـەر هەموو شتێکدا.تۆڵە لە دوژمنەکانی دەسێنیێو چاکەیش لەگەڵ دۆستەکانیا دەکا بۆ هـەر کەسـێ مـەیلی لێبێ، هەموو خەڵکی زیندوو دەکاتەوە لە ڕۆژی قیامەتا جارێکی تـر. ئـەم شـوێنە شـوێنی هەڕەشـەیە وەك چۆن ئایەتی پێشو شوێنی مژدەو پاداشت دانەوە بوو.

﴿أَلَآ إِنَّهُمۡ يَثۡنُونَ صُدُورَهُمۡ لِيَسۡتَخۡفُواْ مِنۡهُۚ أَلَا حِينَ يَسۡتَغۡشُونَ ثِيَابَهُمۡ يَعۡلَمُ مَا يُسِرُّونَ وَمَا يُعۡلِنُونَۚ إِنَّهُۥ عَلِيمُۢ بِذَاتِ ٱلصُّدُورِ ۝٥﴾

خودا ئاگاداری هەموو شتێکە

خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿أَلَآ إِنَّهُمۡ يَثۡنُونَ صُدُورَهُمۡ لِيَسۡتَخۡفُواْ مِنۡهُۚ أَلَا حِينَ يَسۡتَغۡشُونَ ثِيَابَهُمۡ يَعۡلَمُ مَا يُسِرُّونَ وَمَا يُعۡلِنُونَۚ إِنَّهُۥ عَلِيمُۢ بِذَاتِ ٱلصُّدُورِ﴾ تۆ بزانە کە ئەوانە سنگی خۆیان خوار دەکەنـەوە تـا لـە خوداوە دیار نەبن، تۆ بزانە لەو کاتەدا خۆیـان بـە جلـەکانیان دادەپۆشن ئـەو دەزانـێ لەبەرچی چیە دەکەن لەبەرچی ئاشکرای دەکەن، خۆی لە ڕازی هەموو دڵان ئاگادارە. ئیبنوعەبباس ئـەڵێ: کەسانێك هەبوون پێیان ناخۆش بوو ڕوو بکەنە ئاسمـان شـەرمیان دەرکـەوێ، وە لـە کـاتی جوتبوونیـان لەگـەڵ ژنەکانیشیانا. خـودای مـەزن ئـەم ئایەتـەی نـاردە خـوارەوە. بوخـاری ڕیوایـەتی کـردوە لـە ڕێگـەی ئیبنوجورەیجەوە لە موحەممەدی کوڕی عوببادی کوڕی جەعفـەرەوە کە ئیبنوعـەبباس ئـەم ئایەتـەی خوێند ﴿أَلَآ إِنَّهُمۡ يَثۡنُونَ صُدُورَهُمۡ﴾ واتە: سنگی خۆیان خوار دەکەنەوە تا لە خوداوە دیار نـەبن. گـوتم: ئەی ئەبولعەبباس مەبەست بە سنگ خوار کردنەوە چیە؟ گوتی: پیاوێ کە جوت دەبو لەگەڵ ژنەکـەیا شەرمی دەکرد یان بچوایەتە سەر ئاو شەرمی دەکرد (عەیبی دەرکەوێ)، خودای گـەورە ئـەم ئایەتـەی ناردەخوار ﴿أَلَآ إِنَّهُمۡ يَثۡنُونَ صُدُورَهُمۡ﴾.[1] وە لە وتەیەکی تردا هەر لـە بوخاریـەوە، ئیبنوعـەبباس ئـەڵێ: کەسانێك هەبوون شەرمیان دەکردو خۆیان دەپاراست لەکاتی دەست بە ئـاو گەیانـدن یـان جووتبـوون لەگـەڵ ژنەکانیانـدا لـە نێـوان ئـەوان‌و ئاسمانـدا هـیچ بەربەسـتێك نـەبێت، ئـەم ئایەتـە لـەو بارەیـەوە

---

[1] فتح الباري (٨/٢٠٠).

لەسەریان هاتە خوار.[١] دیسان بوخاری ڕیوایەتی کردووەلە ئیبنوعەبباسەوە ﴿يَسْتَغْشُونَ﴾ یانی سەریان دادەپۆشی[٢].

﴿وَمَا مِن دَآبَّةٍ فِي ٱلْأَرْضِ إِلَّا عَلَى ٱللَّهِ رِزْقُهَا وَيَعْلَمُ مُسْتَقَرَّهَا وَمُسْتَوْدَعَهَا كُلٌّ فِي كِتَٰبٍ مُّبِينٍ ۝٦﴾

خودای مەزن دەستەبەری بژێوی هەموو دروستکراوەکانی کردووە

خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿وَمَا مِن دَآبَّةٍ فِي ٱلْأَرْضِ إِلَّا عَلَى ٱللَّهِ رِزْقُهَا وَيَعْلَمُ مُسْتَقَرَّهَا وَمُسْتَوْدَعَهَا كُلٌّ فِي كِتَٰبٍ مُّبِينٍ﴾ لەم زەمینە هەر شتێ دەجولێتەوە گشتی ڕۆزی لەسەر خودایە، دەزانێ شوێنەکەی لە کوێ یەو لە کوێشا خۆی حەشار دەدا، سەر لەبەری لە نووسراوی ڕونکەرەوەدایە. خودای گەورە باسی ئەوە دەکا کە خۆی دەستەبەری ڕۆزی گشت دروستکراوەکانی دەکا لە گیانەوەری سەر زەمین بچوکو گەورە لە دەریادا بێ یان لە وشکانیدابێ، وە دەشزانێ لە چ شوێنێکایەو لە کوێشا خۆی شاردوەتەوە. واتە: دەزانێ بۆ کوێ دەچێ لەسەر زەمیناو لە کوێدا دەمێنێتەوەو نیشتەجێیە. عەلی کوڕی ئەبوتەلحەو کەسانی تریش گوتویانە، لە ئیبنوعەبباسەوە ﴿وَيَعْلَمُ مُسْتَقَرَّهَا﴾ دەزانێ لە کوێ دەمێنێتەوە، ﴿وَمُسْتَوْدَعَهَا﴾ لە کوێش دەمرێ.[٣] وە ئەوانە هەموو نوسراوە لە کتێبێکا لەلای خودا، هەمووشی دیارو ڕوون کراوەتەوە تێیدا. وەك خودای گەورە لەم ئایەتانەدا فەرموویەتی: ﴿وَمَا مِن دَآبَّةٍ فِي ٱلْأَرْضِ وَلَا طَٰٓئِرٍ يَطِيرُ بِجَنَاحَيْهِ إِلَّآ أُمَمٌ أَمْثَالُكُم مَّا فَرَّطْنَا فِي ٱلْكِتَٰبِ مِن شَيْءٍ ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّهِمْ يُحْشَرُونَ﴾[٤] واتە: هیچ گەڕۆکێکی گیانلەبەر نییە لە زەویدا وە هیچ باڵندەیەك نییە کە دەفڕێ بە هەردوو باڵەکەی مەگەر ئوممەتانێکن وەك ئێوە هیچ شتێکمان فەرامۆش نەکردووە لەم کتێبەدا پاشان ئەوانە (لە ڕۆژی دواییدا) لای پەروەردگاریان کۆدەکرێنەوە.وە فەرموویەتی: ﴿وَعِندَهُۥ مَفَاتِحُ ٱلْغَيْبِ لَا يَعْلَمُهَآ إِلَّا هُوَ وَيَعْلَمُ مَا فِي ٱلْبَرِّ وَٱلْبَحْرِ وَمَا تَسْقُطُ مِن وَرَقَةٍ إِلَّا يَعْلَمُهَا وَلَا حَبَّةٍ فِي ظُلُمَٰتِ ٱلْأَرْضِ وَلَا رَطْبٍ وَلَا يَابِسٍ إِلَّا فِي كِتَٰبٍ مُّبِينٍ﴾[٥] واتە: وە کلیلی هەموو نهێنی یەکان هەر لای خوایە کەس نایانزانێ بێجگە ئەو

---

[١] فتح الباري (٨/٢٠٠).

[٢] فتح الباري (٨/٢٠٠).

[٣] الطبري (١٥/٢٤١).

[٤] الانعام (٣٨).

[٥] الانعام (٥٩).

وە خوا دەزانێ چی لە ووشکانیو دەریادا هەیە وە هەر گەڵایەك بکەوێتە خوارەوە خوا پێی دەزانێو هەر دانەوێڵەیەك لە تاریکی یەکانی زەویدا بێتو هەر تەڕو ووشکێك هەبێت هـەر هـەمویان لـە کتێبێکی ئاشکرادان .

﴿ وَهُوَ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ فِى سِتَّةِ أَيَّامٍ وَكَانَ عَرْشُهُۥ عَلَى ٱلْمَآءِ لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلًا ۗ وَلَئِن قُلْتَ إِنَّكُم مَّبْعُوثُونَ مِنۢ بَعْدِ ٱلْمَوْتِ لَيَقُولَنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا۟ إِنْ هَٰذَآ إِلَّا سِحْرٌ مُّبِينٌ ﴿٧﴾ وَلَئِنْ أَخَّرْنَا عَنْهُمُ ٱلْعَذَابَ إِلَىٰٓ أُمَّةٍ مَّعْدُودَةٍ لَّيَقُولُنَّ مَا يَحْبِسُهُۥٓ ۗ أَلَا يَوْمَ يَأْتِيهِمْ لَيْسَ مَصْرُوفًا عَنْهُمْ وَحَاقَ بِهِم مَّا كَانُوا۟ بِهِۦ يَسْتَهْزِءُونَ ﴿٨﴾ ﴾

خودا ئـاسمانەکانو زەمینی لە شەش ڕۆژدا دروست کردووە

خودای مەزن باسی تواناو دەستەڵاتی خۆیمان بۆ دەکا بەسەر هەموو شتێکا، لەوانە دروست کردنی ئاسمانـەکانو زەمـین لـە شـەش ڕۆژاو (عەرشیش)ی لەسـەر ئـاو بـووە لـە پـێش دروسـت کردنـی ئاسمانـەکانو زەمینـا وە ئەفـەرموێت: ﴿ وَهُوَ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ فِى سِتَّةِ أَيَّامٍ وَكَانَ عَرْشُهُۥ عَلَى ٱلْمَآءِ ﴾ هەر ئەو خوایە کە ئاسمانـەکانو زەمینـی لـە شـەش ڕۆژا دروسـت کـردو تـەختی فەرمانڕەوایی ئەو لەسەر ئاو بوو. وەك ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە لە عیمرانی کوڕی موسەینەوە، (حصين) ئەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: (ئەم مژدەیە وەرگرن ئـەی نەوەیتـەمیم) گوتیـان: مژدەت پێداین، پێمان ببەخشە، فەرمووی: (ئەم مژدەیە وەرگرن ئـەی ئـەی خـەڵکی یەمـەن) گوتیـان: ئەوا وەرمان گرت، هەواڵمان بدەرێ کە سەرەتای ئەم بڕیارە چۆن بـووە؟ فـەرمووی: (خـودا لـە پـێش هەموو شتێکا بووەو تەختی فەرمانڕەوایشی لەسـەر ئـاو بـووە، لـەو لەوحـە پـارێزراوەدا هـەموو شتێ نووسراوەو گشت شتێ باسکراوە). ئـەڵێ: کەسـێ هـات بـۆ لام وگـوتی: ئـەی عیمـران وشترەکەت لـە پەتەکەی بەربووە،ئـەڵێ: منـیش چـووم بـە دوایـداو نـازانم دوای مـن چـی ڕوویـدا.[1] ئـەم فەرمودەیـە لـە سەحیحی بوخـاریو موسلما هـاتووە بـە چـەندەها وتـەی تـر.[2] وە لـە سـەحیحی موسلما هـاتووە لـە عەبـدوڵڵای کـوڕی عـەمری کـوڕی عاسـەوەئەڵێ: پێغەمبـەری خـودا(ﷺ) فـەرمووی: (بێگومـان خـودا ئەندازەی دروستکراوەکانی دیاریکردووە، پێش ئەوەی ئاسمانەکانو زەمین دروست بکا بە پەنجا هەزار ساڵو تـەختی فـەرمانڕەوایی لەسـەر ئـاو بـووە).[3] بوخـاری ڕیوایـەتی کـردووە لـە ئـەبوهورەیرەوە لـە

---

[1] أحمد (٤٣١/٤).فەرموودەیەکی سەحیحە.

[2] فتح الباري (٣٣٠/٦)، مسلم (٢٠٤١/٤).

[3] مسلم (٢٠٤٤/٤).

تەفسیری ئەم ئایەتەدا، کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (خودای هەرە بەرزی مەزن فەرموویەتی: ببەخشن پێتان دەبەخشرێ). وە فەرموویەتی: (دەستی خودا پڕە بەخشین لێی کەمی ناکاتەوە لێی دەبەخشێ بە درێژایی شەوو ڕۆژ). وە فەرموویەتی: (ئایا ئەزانن لەو کاتەوەی ئاسمانەکانو زەمینی دروست کردووە چەندی بەخشیوە، کە هیچ کەمیشی نەکردووە لەوەی کە لە دەستیایە، تەختی فەرمانڕەوایشی لەسەر ئاوە، تەرازوشی بەدەستیەوەیە یەکێ نەوی دەکاتو یەکێ بەرز دەکاتەوە).[1] پاشان خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلًا﴾ تا تاقیتان بکاتەوە کامتان ئاکاری چاکترە. واتە: ئاسمانەکانو زەمینی دروست کردووە بۆ سوودی بەندەکانی، ئەوانی دروست کردووە بۆ ئەوەی بیپەرستنو هیچ شتێك نەکەنە شەریکی، ئەوانی بۆ گەمە دروست نەکردووە وەك فەرموویەتی: ﴿وَمَا خَلَقْنَا السَّمَاءَ وَالْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا بَاطِلًا ذَلِكَ ظَنُّ الَّذِينَ كَفَرُوا فَوَيْلٌ لِلَّذِينَ كَفَرُوا مِنَ النَّارِ﴾.[2] واتە: ئێمە ئاسمانو زەویو ئەوەی لە نێوانیاندایە بەبێهودە دروستمان نەکردوە ئەوە گومانی ئەو کەسانەیە کە بێباوەڕ بوون سا هاوار بۆ ئەوانەی کە بێ باوەڕ بوون لە ئاگری دۆزەخ.وە فەرموویەتی: ﴿أَفَحَسِبْتُمْ أَنَّمَا خَلَقْنَاكُمْ عَبَثًا وَأَنَّكُمْ إِلَيْنَا لَا تُرْجَعُونَ ﴿١١٥﴾ فَتَعَالَى اللَّهُ الْمَلِكُ الْحَقُّ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ رَبُّ الْعَرْشِ الْكَرِيمِ﴾[3] واتە: ئایا ئێوە گومناتان وا بووە کە بێگومان ئێوەمان بەبێهودە دروست کردوە وە بێگومان ئێوە ناگەڕێنەوە بۆ لای ئێمە؟ جا بەرزو بڵندی بۆ خوای پاشای ڕاستو ڕەوا هیچ پەرستراوێ نیە جگە لەو کە پەروەردگاری عەرشی بەڕێزو بەرزە. وە فەرموویەتی: ﴿وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنْسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ﴾[4] واتە: وە من جنۆکەو ئادەمیزادم تەنها بۆ ئەوە دروست کردووە کە بەندایەتی من بکەن. ﴿لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلًا﴾ تا تاقیتان بکاتەوە کامتان ئاکار چاکترە، نەی فەرمووە: کامتان کاری زۆرتری کردووە، هیچ کارێ بە چاك دانانرێ هەتا بە پاکیو بە تەنیا بۆ خودای گەورە نەبێو لەسەر پەیڕەوی شەریعەتی ئەو نەبێ، هەر کاتێ یەکێ لەم مەرجانەی تێدا نەبوو، ئەوە ئەو کارە بە فیڕۆ چووەو بەتاڵ بوەتەوە.

---

[1] فتح الباري (٨/٢٠٢).

[2] ص (٢٧).

[3] المؤمنون (١١٥-١١٦).

[4] الذاريات (٥٦).

مشتو مڕی بتپەرستان لەسەر زیندووبونەوەی پاش مردنو پەلەکردنیان بۆ داباریی سزا بۆیان

خـودای مـەزن ئەفـەرموێت: ﴿وَلَئِن قُلْتَ إِنَّكُم مَّبْعُوثُونَ مِنۢ بَعْدِ ٱلْمَوْتِ﴾ ئەگـەر گوتیـشت: لەپاش مردن ئێوە زیندوو دەکرێنەوە، خودای گەورە ئەفەرموێت: ئەی موحەممەد(ﷺ) ئەگەر بڵـێ ی بەو بتپەرستانە کە خودا زیندوویان دەکاتەوە دوای مردنیان، وەك چۆن یەکـەم جار دروستی کردن، خۆشیان چاك دەزانن کـە هـەر خـودا ئاسمانـەکانو زەمینـی وە دی هێنـاوە، وەك خـودای گـەورە لـە ئایەتی ترا فەرموویەتی: ﴿وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَهُمْ لَيَقُولُنَّ ٱللَّهُ﴾[1] واتە: ئەگەر پرسیاریان لێ بکـەیت کـێ دروستی کردون بێگومان دەڵێن خوا. وە فەرموویـەتی: ﴿وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ وَسَخَّرَ ٱلشَّمْسَ وَٱلْقَمَرَ لَيَقُولُنَّ ٱللَّهُ﴾[2] واتە: سوێند بە خوا ئەگەر پرسیار لەو (بێباوەڕانە) بکـەیت کـێ ئاسمـانو زەوی دروسـت کـردوەو ڕۆژو مـانگی ڕام هێنـاوە بێگومـان دەڵـێن خـوا. لەگـەڵ ئـەوەدا هـەر ئینکـاری زیندووبوونەوەو سەرئەنجامی دەکەن لە ڕۆژی قیامەتا کە بە لای خوداوە زۆر ئاسانترە لـە وەدیهێنـانی یەکەم جار. وەك خودای گەورەفەرموویەتی: ﴿وَهُوَ ٱلَّذِى يَبْدَؤُا۟ ٱلْخَلْقَ ثُمَّ يُعِيدُهُۥ وَهُوَ أَهْوَنُ عَلَيْهِ﴾[3] واتە: ئەو زاتێکە بەدیهێنانی دەست پێکردوە لە پاشان دوای مردن دووبـارە دروسـتی دەکاتـەوە، ئـەم دروست کردنەوەی دووەم لای خـوا ئاسـانترە.وە فەرموویـەتی: ﴿مَّا خَلْقُكُمْ وَلَا بَعْثُكُمْ إِلَّا كَنَفْسٍ وَٰحِدَةٍ﴾[4] واتـە: دروسـتکردنی هـەمووتان لـە سـەرەتاوە زیندوکردنـەوەتان وەك (دروسـتکردنو زیندوکرنەوەی) تەنیا کەسێك وایە.پاشان خودای گەورە لەسەر زمانی ئەو خوا نەناسـانە فەرموویـەتی: ﴿ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا۟ إِنْ هَٰذَآ إِلَّا سِحْرٌ مُّبِينٌ﴾ دیارە خوا نەناسەکان ئەڵێن: ئەمە هـەر بـە ئاشـکرا جـادوە، هەر بە لاساریو بەدکاری خۆیان دەڵێن بڕوات پـێ ناکـەین کەزیندووبوونـەوە ببـێ، ئەوانـەی کـە باسـی زیندووبوونەوە دەکەن، ئەو کەسانەن کە تۆ جادوت لێ کردون، شـوێنت دەکـەونو گـوێ بـۆ قـسەکانت دەگـرن. پاشـان خـودای مـەزن ئەفـەرموێت: ﴿وَلَئِنْ أَخَّرْنَا عَنْهُمُ ٱلْعَذَابَ إِلَىٰٓ أُمَّةٍ مَّعْدُودَةٍ لَّيَقُولُنَّ مَا يَحْبِسُهُۥٓ ۗ أَلَا يَوْمَ يَأْتِيهِمْ لَيْسَ مَصْرُوفًا عَنْهُمْ وَحَاقَ بِهِم مَّا كَانُوا۟ بِهِۦ يَسْتَهْزِءُونَ﴾ ئەگەر بۆ ماوەیـەکی کەمیش سزایان لێ دوابخەین، دەڵێن چی ئەو سزایەی دواخستوە؟ بزانن ڕۆژێ ئازاریـان بـۆ بـێ، ئـیتر

---

[1] الزخرف (٨٧).

[2] العنكبوت (٦١).

[3] الروم (٢٧).

[4] لقمان (٢٨).

لێیان ناگەڕێتەوە، ئەوەی گەمەیان لێدەهات دەوریان ئەدا، واتە: ئەگەر ئەو جەزرەبەو تۆڵەیە لەو بتپەرستانە دواخەین بۆ ماوەیەکی دیاریکراو کە بەڵێنمان پێداونو ماوەکەمان بۆ دیاری کردون، بڕوا ناکەنو پەلەیانە کە زوو بۆیان بێت دەڵێن: بۆچی ئەو سزایە نایەت؟ واتە: بۆچی بۆمان دوادەخرێ ئەوانە هەر لەسەر ئەو ڕەوشتە ناشیرینو گومانایو خوانەناسیە ڕاهاتوونو بوەتە کاڵای باڵایان، بەڵام ئەوانە هەرگیز دەرباز نابنو ڕزگاریان نابێو هەر توشی ئەو سزایە دەبن.

ماناکانی ووشەی ئوممەت (الأمة)

(الامة) بە چەند مانایەك بەکاردێ لە قورئانو فەرموودەدا، لەوانە: مەبەست پێی ماوەیە وەك خوای گەورە لێرەدا فەرموویەتی: ﴿إِلَىٰٓ أُمَّةٍ مَّعۡدُودَةٍ﴾ بۆ ماوەیەکی کەمی دیاریکراو. وە لە بارەی یوسفیشەوە (سەلامی خوای لێبێ) فەرموویەتی: ﴿وَقَالَ ٱلَّذِي نَجَا مِنۡهُمَا وَٱدَّكَرَ بَعۡدَ أُمَّةٍ﴾[1] واتە: ئەوسا ئەوەیان کە ڕزگاری بوو لە دوو (بەند کراو) هکە لەپاش چەند ساڵێك بیری کەوتەوەو وتی. بەکاریش هێنراوە بۆ پێشەوایە کە چاوی لێ بکرێ وەك فەرموویەتی: ﴿إِنَّ إِبۡرَٰهِيمَ كَانَ أُمَّةً قَانِتًا لِّلَّهِ حَنِيفًا وَلَمۡ يَكُ مِنَ ٱلۡمُشۡرِكِينَ﴾[2] ئیبراهیم پێشەوایە بەرەو هەق چوو بوو، بەر فەرمانی خودا بوو، لە ڕیزی ئەوانەش نەبوو کە شەریکیان بۆ خودا دادەنا، بە مانای ئاینیش بەکارهێنراوە، وەك خودای مەزن باسی بتپەرستانی کردوەو فەرموویەتی: ﴿إِنَّا وَجَدۡنَآ ءَابَآءَنَا عَلَىٰٓ أُمَّةٍ وَإِنَّا عَلَىٰٓ ءَاثَٰرِهِم مُّقۡتَدُونَ﴾[3] واتە: بەڕاستی ئێمە باوو باپیرانی خۆمان لەسەر ئاینێك دیوە وە بەڕاستی ئێمە لەسەر ئاینی ئەوان دەڕۆین.وە بۆ کۆمەڵە کەسێکیش بەکارهێنراوە وەك خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَلَمَّا وَرَدَ مَآءَ مَدۡيَنَ وَجَدَ عَلَيۡهِ أُمَّةً مِّنَ ٱلنَّاسِ يَسۡقُونَ﴾[4] واتە: وە کاتێ گەیشتە سەر ئاوەکەی مەدیەن بینی لەسەر ئەو ئاوە کۆمەڵێك لە خەڵکی ئاژەڵو ماڵات ئاو دەدەن. وە فەرموویەتی: ﴿وَلَقَدۡ بَعَثۡنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولًا أَنِ ٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ وَٱجۡتَنِبُواْ ٱلطَّٰغُوتَ﴾[5] واتە: سوێند بە خوا لەناو هەموو گەلو ئوممەتێکدا پێغەمبەرێکمان ناردووە بەمەی تەنها خوا بپەرستنو دوورکەونەوە لە (پەرستنی) هەر

---

[1] یوسف (٤٥).

[2] النحل (١٢٠).

[3] الزخرف (٢٣).

[4] القصص (٢٣).

[5] النحل (٣٦).

پەرستراوێکی تر.وە فەرموویەتی: ﴿وَلِكُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولٌ فَإِذَا جَآءَ رَسُولُهُمْ قُضِىَ بَيْنَهُم بِٱلْقِسْطِ وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ ﴾[1] واتە: وە بۆ هەموو گەلێك پێغەمبەرێك هەبووە جا کاتێك پێغەمبەرەکەیان لە قیامەتدا هات بۆ لایان بڕیار دەدرێت لە نێوانیاندا بە دادو ڕاستی وە ئەوان هیچ ستەمیان لێ ناکرێ.مەبەست بە ئوممەت لێرەدا ئەوانەن کە پێغەمبەریان بۆ ڕەوانە کراوە خاوەنباوەڕو خوا نەناسان دەگرێتەوە. وەك لە سەحیحی موسلما هاتووە: پێغەمبەری خودا فەرموویەتی: (سوێند بەو کەسەی گیانی منی بەدەستە، هیچ کەسێ نیە هەواڵی منی بیستبێ لەم ئوممەتە جولەکە بێ یان گاور پاشان بڕوام پێ نەکاونەچێتە ناو ئاگر)[2]. بەلام ئوممەتی پەیڕەویکەر ئەوانەن کە بڕوایان هەیە بە پێغەمبەران. وەك خودای مەزن فەرموویەتی: ﴿كُنتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ﴾.[3] واتە: ئێوە (ئەی موسڵمانان) باشترین گەلێك بوون بۆ خەڵکی هێنرابێتە دی. وە لە فەرموودەی سەحیحا هاتووە پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: (من دەڵێم ئوممەتەکەم، ئوممەتەکەم)[4]. ئوممەت بەکاریش دەهێنرێ بۆ دەستەیەك یان گرۆیەك وەك خودای مەزن فەرموویەتی: ﴿وَمِن قَوْمِ مُوسَىٰٓ أُمَّةٌ يَهْدُونَ بِٱلْحَقِّ وَبِهِۦ يَعْدِلُونَ ﴾[5] واتە: وە لە هۆزەکەی موسادا تاقمێکی گەورە هەن کە ڕێنمونی خەڵکی دەکەن بە حەق و ڕاستی و هەر بە حەقیش دادوەری دەکەن. وەك ئەم ئایەتەیش خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿مِّنْ أَهْلِ ٱلْكِتَـٰبِ أُمَّةٌ قَآئِمَةٌ﴾[6] واتە لەناو خاوەننامەکاندا دەستەیەکی ڕاست و ڕێك هەن. ئەهلی کتێبیش کۆمەڵی وەهایان تێدایە ڕوو بە خوا دەوەستن.

﴿وَلَئِنْ أَذَقْنَا ٱلْإِنسَـٰنَ مِنَّا رَحْمَةً ثُمَّ نَزَعْنَـٰهَا مِنْهُ إِنَّهُۥ لَيَـُٔوسٌ كَفُورٌ ﴿٩﴾ وَلَئِنْ أَذَقْنَـٰهُ نَعْمَآءَ بَعْدَ ضَرَّآءَ مَسَّتْهُ لَيَقُولَنَّ ذَهَبَ ٱلسَّيِّـَٔاتُ عَنِّىٓ ۚ إِنَّهُۥ لَفَرِحٌ فَخُورٌ ﴿١٠﴾ إِلَّا ٱلَّذِينَ صَبَرُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّـٰلِحَـٰتِ أُو۟لَـٰٓئِكَ لَهُم مَّغْفِرَةٌ وَأَجْرٌ كَبِيرٌ ﴿١١﴾﴾

[1] يونس (٤٧).
[2] مسلم (١٣٤/١).
[3] آل عمران (١١٠).
[4] مسلم (١٥٣/١).
[5] الاعراف (١٥٩).
[6] آل عمران (١١١).

پاڕایی مرۆڤ لە کاتی خۆشی و ناخۆشیدا

خــودای مــەزن ئەفــەرموێت: ﴿وَلَئِنْ أَذَقْنَا ٱلْإِنسَـٰنَ مِنَّا رَحْمَةً ثُمَّ نَزَعْنَـٰهَا مِنْهُ إِنَّهُۥ لَيَـُٔوسٌ كَفُورٌ﴾ ئەگەر تامی خۆشیمان بە مرۆڤ چەشت و پاشان لێمان سەندەوە، نا ئومێدو سپڵە دەردەچێ خوای گەورە باسی مرۆڤو ڕەوشتە ناشیرینەکانی دەکا، مەگەر کەسێ خودا خۆی بەزەیی پێدا بێتەوە لە بەندە خاوەن باوەڕەکانی، ئەگەر توشی ناخۆشیەك هات دوای ئەو بەهرانەی خودا پێی داوەو دەستی کەوتوە، خێرا بێ هیواو دەستەئەژنۆ دادەنیشێ وبێئومێدی ڕووی تێدەکاو حاشایش لەو بەهرانەی پێشویش دەکا، وەك ئەوەی هەرگیز خۆشی بە خۆیەوە نەدیبێت، هیوای دەربازبوونیشی نامێنێ دوای ئەو ناخۆشیە، ﴿وَلَئِنْ أَذَقْنَـٰهُ نَعْمَآءَ بَعْدَ ضَرَّآءَ مَسَّتْهُ لَيَقُولَنَّ ذَهَبَ ٱلسَّيِّـَٔاتُ عَنِّىٓ ۚ إِنَّهُۥ لَفَرِحٌ فَخُورٌ﴾ ئەگەر پاش لێقەومانیش، تووشی شادمانیمان کرد، دەڵێ ناخۆشیەکانم بەسەر چوو، زۆر دڵخۆشەو خۆی بە زل دەزانێ. واتە: دەڵێ: ئیتر لەمەوبەدوا تووشی هیچ دڵگرانیو ناخۆشیەك نابم، زۆر کەیفی هەیە بەو ژیانەی کە تیایەتیو فیز دەکاو خۆی هەڵدەبڕێ بەسەر خەڵکیا. خودای گەورەیش فەرموویەتی: ﴿إِلَّا ٱلَّذِينَ صَبَرُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّـٰلِحَـٰتِ أُو۟لَـٰٓئِكَ لَهُم مَّغْفِرَةٌ وَأَجْرٌ كَبِيرٌ﴾ ئەوانە نەبێت کە خۆڕاگرو ئاکار چاك بوون، بەشی ئەوانە لێبوردنو پاداشتی زۆر گەورە دەبێ. واتە: ئەوانەی کە خۆڕاگر بوون لەسەر گیروگرفتو ناخۆشیەکانو ئاکار چاك بوون لەکاتی دەوڵەمەندیو تەندروستیاندا، خودای گەورە بەهۆی ئەو بەڵانەوە توشیان بووە لە گوناهیان خۆشدەبێو پاداشتی چاکیش ئەدرێنەوە لەسەر ئەو کارە چاکانەی کردوویانە وەك لەم فەرموودەیەدا هاتووە: (سوێند بەو کەسەی گیانی منی بەدەستە هیچ خاوەنباوەڕێ تووشی داخو مەراقو دەردو ماندووبوونو پەژارەیە نابێ، تەنانەت درکێ کە پێدا دەچێ بێگومان خودا دەیکاتە کەفارەتی گوناهەکانی)[1]. وە لە فەرموودەی سەحیحی تردا هاتووە: (سوێند بەو کەسەی گیانی منی بەدەستە، خودا هیچ بڕیارێ نادا بۆ خاوەنباوەڕو ئەو بڕیارە زۆر چاکترە نەبێ بۆی. ئەگەر تووشی خۆشیەك هاتبێ سوپاسی خودای کردوە، ئەوە زۆر چاکە بۆی. وە ئەگەر تووشی ناخۆشیەك هاتبێ خۆی ڕاگرتوە، ئەوە زۆر چاکە بۆی، ئەمەیش بۆ هیچ کەسێ نیە جگە لە خاوەنباوەڕ)[2]. بۆیە خودای مەزن فەرموویەتی: ﴿وَٱلْعَصْرِ ﴿١﴾ إِنَّ ٱلْإِنسَـٰنَ لَفِى خُسْرٍ ﴿٢﴾ إِلَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّـٰلِحَـٰتِ وَتَوَاصَوْا۟ بِٱلْحَقِّ وَتَوَاصَوْا۟ بِٱلصَّبْرِ﴾[3] واتە: سوێند بە کات، بێگومان

---

[1] أحمد (٣/٤). فەرموودەیەکی سەحیحە.

[2] مسلم (٤/٢٢٩٥).

[3] العصر (١-٣).

هەموو خەڵکی لە زیاندایە، مەگەر ئەوانەی کە بڕوایان هێنابێ‌و کردەوە چاکەکانیان کردبێ بە ئایینی ڕاست وە ئامۆژگاری یەکتریان کردبێ بە ئارامگرتن. وە فەرموویەتی: ﴿إِنَّ الْإِنسَانَ خُلِقَ هَلُوعًا (١٩) إِذَا مَسَّهُ الشَّرُّ جَزُوعًا (٢٠) وَإِذَا مَسَّهُ الْخَيْرُ مَنُوعًا (٢١) إِلَّا الْمُصَلِّينَ﴾[1] واتە: بێگومان مرۆڤ دروست کراوە بە چاوچنۆکی‌و شپرزەیی، هەرکات تووشی ناخۆشیەك هات هاوار دەکا، ئەگەر دەکەوێتە خۆشیش دەستی قوچاوە ئەوانەنەبێت کە نوێژ دەکەن.

﴿فَلَعَلَّكَ تَارِكٌ بَعْضَ مَا يُوحَىٰ إِلَيْكَ وَضَائِقٌ بِهِ صَدْرُكَ أَن يَقُولُوا لَوْلَا أُنزِلَ عَلَيْهِ كَنزٌ أَوْ جَاءَ مَعَهُ مَلَكٌ إِنَّمَا أَنتَ نَذِيرٌ وَاللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ وَكِيلٌ (١٢) أَمْ يَقُولُونَ افْتَرَاهُ قُلْ فَأْتُوا بِعَشْرِ سُوَرٍ مِّثْلِهِ مُفْتَرَيَاتٍ وَادْعُوا مَنِ اسْتَطَعْتُم مِّن دُونِ اللَّهِ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ (١٣) فَإِلَّمْ يَسْتَجِيبُوا لَكُمْ فَاعْلَمُوا أَنَّمَا أُنزِلَ بِعِلْمِ اللَّهِ وَأَن لَّا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ فَهَلْ أَنتُم مُّسْلِمُونَ (١٤)﴾

دڵتەنگی پێغەمبەر(ﷺ) لەسەر قسەی بتپەرستان و دڵدانەوەی

خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿فَلَعَلَّكَ تَارِكٌ بَعْضَ مَا يُوحَىٰ إِلَيْكَ وَضَائِقٌ بِهِ صَدْرُكَ أَن يَقُولُوا لَوْلَا أُنزِلَ عَلَيْهِ كَنزٌ أَوْ جَاءَ مَعَهُ مَلَكٌ إِنَّمَا أَنتَ نَذِيرٌ وَاللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ وَكِيلٌ﴾ خەریکەلە هەندێ فەرمان کە بۆ تۆ دێت وازبێنی‌وئەوەش ببێتە مایەی دڵتەنگیت کە پێت دەڵێن: بۆچی گەنجینەی لەسەرەوە بۆ نەهاتوەتە خوارەوە، یان فریشتەیەکی لەگەڵ نەهات؟ تۆ تەنها ترسێنەرێکی و هەر خودایە چاودێری هەموو شتە، خودای گەورە دڵی پێغەمبەرەکەی (ﷺ) ئەداتەوە لەسەر ئەو لاساریەی بتپەرستان پێی هەڵدەسن‌و کۆڵی لێنادەن‌و ئەو قسانەی پێی دەڵێن. وەك خودای گەورە لەسەر زمانی ئەوانە ئەفەرموێت: ﴿وَقَالُوا مَالِ هَٰذَا الرَّسُولِ يَأْكُلُ الطَّعَامَ وَيَمْشِي فِي الْأَسْوَاقِ لَوْلَا أُنزِلَ إِلَيْهِ مَلَكٌ فَيَكُونَ مَعَهُ نَذِيرًا (٧) أَوْ يُلْقَىٰ إِلَيْهِ كَنزٌ أَوْ تَكُونُ لَهُ جَنَّةٌ يَأْكُلُ مِنْهَا وَقَالَ الظَّالِمُونَ إِن تَتَّبِعُونَ إِلَّا رَجُلًا مَّسْحُورًا﴾[2] گوتیان: ئەمە چۆن پێغەمبەرێکە خۆراك دەخواو بە بازاڕدا دەگەڕێ؟ ئایا چۆن فریشتەیەکی لەگەڵ نەهات، کە لە جێگای ئەو ترس وەبەر خەڵکی بێنێ. یان گەنجینەیەکی بۆ فڕێ بدرایەتە خوارێ، یان باغێکی ببوایە لێی بخواردایە، ستەمکاران ئەڵێن: ئێوە هەر شوێنی پیاوێ کەوتوون جادوی لێکراوە. خودای گەورە فەرمانی دا بە پێغەمبەرەکەی‌و (ﷺ) ڕێنمایی کرد کە دڵی تەنگ نەبێ بەو قسانەی ئەوانە دەیکەن باکۆڵی پێ نەداو ماندووی نەکا لەسەر

---

[1] المعارج (١٩-٢٢).

[2] الفرقان (٧-٨).

بانگکردنی خەڵکی بۆ لای خودای مەزن بە درێژایی شەوو ڕۆژ. وەك لە ئایەتی ترا فەرموویەتی: ﴿وَلَقَدْ نَعْلَمُ أَنَّكَ يَضِيقُ صَدْرُكَ بِمَا يَقُولُونَ﴾[1] وە لێـــرەدا فەرموویـــەتی: ﴿ فَلَعَلَّكَ تَارِكٌ بَعْضَ مَا يُوحَىٰ إِلَيْكَ وَضَآئِقٌۢ بِهِۦ صَدْرُكَ أَن يَقُولُوا۟﴾ واتە: کە ئەو قسانە دەکەن، بێگومان تۆ تەنیا ترسێنەری بۆیان، تۆیش چاو لەو پێغەمبەرە پێشینانەی برات بکە، چونکە ئـەوانیش زۆر ئـازار دران و بڕوایـان پـێ نـەکرا، بـەڵام خۆیان ڕاگرت هەتا یارمەتی خودای گەورەیان بۆ هات.

باسی موعجیزەی ئەم قورئانە

خــودای مــەزن ئەفــەرموێت: ﴿أَمْ يَقُولُونَ ٱفْتَرَىٰهُ ۖ قُلْ فَأْتُوا۟ بِعَشْرِ سُوَرٍ مِّثْلِهِۦ مُفْتَرَيَـٰتٍ وَٱدْعُوا۟ مَنِ ٱسْتَطَعْتُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ إِن كُنتُمْ صَـٰدِقِينَ﴾ یان دەڵێن هەڵیبەستوە بڵـێ: ئەگـەر ڕاست دەکـەن، دەسا ئێوە بە یارمەتی هەر کەسێ دەستتان دەکەوێ (جگـە لـە خـودا) دە سـوڕەتی هەڵبەسـتراو وەك ئەمـە بێنن. پاشان خودای گەورە باسی موعجیزەی قورئان دەکا کە هیچ کەسێ ناتوانێ وەك قورئـان بێنـێ، با دە سوڕەت یان سوڕەتێکیش بێ، چونکە قسەی خـودا لـە وێنـەی قسـەی دروستکراوەکانی ناچـێ، وەك چۆن سیفەتەکانی لە سیفەتی دروستکراوەکانی ناچێ، وە خودا خۆیشی لە هیچ شـتێ ناچـێ، زۆر بەرزو پیرۆزەو پاك و بێعەیبە لە هەموو کەم و کوڕیـەك، هـیچ پەرسـتراوێ نیـە جگەئـەو، هـەر خۆیشـی پەروەدگارە، پاشان خودای گەورە ئەفـەرموێت: ﴿فَإِلَّمْ يَسْتَجِيبُوا۟ لَكُمْ فَٱعْلَمُوٓا۟ أَنَّمَآ أُنزِلَ بِعِلْمِ ٱللَّهِ وَأَن لَّآ إِلَـٰهَ إِلَّا هُوَ ۖ فَهَلْ أَنتُم مُّسْلِمُونَ﴾ جا ئەگەر وەڵامیان نەدانەوە، بـاش بـزانن کـە ئـەم قورئانـە ڕەوانـە کراوەتـە خـوارەوە بـە ئاگـاداری خـودا وە بـزانن هـیچ پەرسـتراوێ نیـە بێجگـە لـەو، ئـاخۆ ئێـوە دەیسەلمێنن؟ ئەگەر نەیانتوانی ئـەوەی ئێـوە داواتـان لێ کـردن بیهێـنن، چـاك بـزانن ئەوانـە نـاتوانن و دەستەوسانن لەوەی شتی وا بکەن، چونکە ئەم قورئانـە لەلایـەن خوداوە نێرراوەتـە خـوارو زانسـت و فــەرمان و قەدەغــە کراوەکــانی ئــەوی لــەخۆ گرتــووە . ﴿وَأَن لَّآ إِلَـٰهَ إِلَّا هُوَ ۖ فَهَلْ أَنتُم مُّسْلِمُونَ﴾ هەروەها بزانن هیچ پەرستراوێك نیە بێجگە لە خوا ئایا ئێوە مل کەچ دەکەن.

﴿مَن كَانَ يُرِيدُ ٱلْحَيَوٰةَ ٱلدُّنْيَا وَزِينَتَهَا نُوَفِّ إِلَيْهِمْ أَعْمَـٰلَهُمْ فِيهَا وَهُمْ فِيهَا لَا يُبْخَسُونَ ﴿١٥﴾ أُو۟لَـٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ لَيْسَ لَهُمْ فِى ٱلْـَٔاخِرَةِ إِلَّا ٱلنَّارُ ۖ وَحَبِطَ مَا صَنَعُوا۟ فِيهَا وَبَـٰطِلٌ مَّا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿١٦﴾﴾

[1] الحجر (٩٧). واتە: سوێند بە خوا بێگومان ئێمە دەزانین کە بەڕاستی تۆ دڵت تەنگ دەبێ بەوەی ئەوانە دەیڵێن.

هەر كەسێ هەرئەم دنیای ویست لە ڕۆژی قیامەتا بەشی نیە

خـودای مـەزن ئەفـەرموێت: ﴿ مَن كَانَ يُرِيدُ ٱلْحَيَوٰةَ ٱلدُّنْيَا وَزِينَتَهَا نُوَفِّ إِلَيْهِمْ أَعْمَٰلَهُمْ فِيهَا وَهُمْ فِيهَا لَا يُبْخَسُونَ ﴾ هەر كەسێ ژینی ئەم دنیایەو زەرق و بەرقی ئەوی دەوێ، ئێمە پاداشتی كردەوەیان هەر لەم دنیایە ئەدەینێ هیچیشیان لێ كەم ناكرێتەوە. عەوفی ئەڵێ: لە ئیبنوعەبباسەوە لەم ئایەتـەدا: خـەڵكی ڕیاباز هەر لە دنیادا پاداشتی ئەو چاكانەیان ئەدرێتـەوە. چـونكە خـودا بـە ئەنـدازەی تـوێكڵی دەوری دەنكە خورمایە نامەقی لە كەس ناكا. بۆیە خودای گەورە ئەفەرموێت: هەر كەسـێ كـارێكی چـاكە بكـا لەبەر ڕوپامایی و دنیا وەدەستهێنان ئیتر ئەو كارە ڕۆژو بێ، نوێژ بێ، شـەونوێژ بـێ، هـەر لەبـەر ئـەوە بیكا خەڵكی پێی بڵێن پیاوی چاكە، خودا هەر لە دنیادا پاداشتی ئەداتەوە، بەڵام ئەو كارەی كە لەبـەر خاتری خەڵكی كردوویەتی بە فیڕۆ دەچێ. لە ڕۆژی قیامەتا لە ڕیزی زیانبارانـە.[1] هـەر بـەو شـێوەیەش ڕیوایەت كراوە لە موجاهیدو زەححاك و كەسانی تریشەوە.[2] ئەنەسی كوڕی مالیك و حەسەن ئەڵێن: ئـەم ئایەتە لەسەر جولەكەو گاورەكان هاتوەتە خوار.[3] موجاهیدو كەسانی تریش گوتویانە: لەسـەر خـەڵكی ڕوپاماییكەر هاتوەتە خوار.[4] پاشـان خـودای مـەزن فەرموویـەتی: ﴿ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ لَيْسَ لَهُمْ فِي ٱلْءَاخِرَةِ إِلَّا ٱلنَّارُ ۖ وَحَبِطَ مَا صَنَعُواْ فِيهَا وَبَٰطِلٌ مَّا كَانُواْ يَعْمَلُونَ ﴾ ئەوانە هەر ئەو كەسانەن ڕۆژی قیامەت جگە لە ئاگر بەشیان نیەو هەرچی لە دنیادا كردیان بە فیڕۆ چووە. قەتادەئەڵێ: هەر كەسـێ ئـاوات و هیـوا و مەبەستی هەر دنیا بێ، خودا هـەر لـە دنیـادا پاداشـتی چـاكەكانی ئەداتـەوە. پاشـان دەمـرێ و بـەرەو قیامـەت دەڕوا هـیچ چـاكەیەكی نیـە، پاداشـتی لەسـەر وەرگـرێ، بـەڵام خاوەنباوەڕ هـەر لـە دنیایشا پاداشت ئەدرێتەوەو لـە ڕۆژی دوایشا پاداشت و خـەڵات وەردەگـرێ.[5] خـودای گـەورە لـە ئایـەتی تـرا فەرموویـــــــەتی: ﴿مَّن كَانَ يُرِيدُ ٱلْعَاجِلَةَ عَجَّلْنَا لَهُۥ فِيهَا مَا نَشَآءُ لِمَن نُّرِيدُ ثُمَّ جَعَلْنَا لَهُۥ جَهَنَّمَ يَصْلَىٰهَا مَذْمُومًا مَّدْحُورًا ﴿١٨﴾ وَمَنْ أَرَادَ ٱلْءَاخِرَةَ وَسَعَىٰ لَهَا سَعْيَهَا وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَأُوْلَٰٓئِكَ كَانَ سَعْيُهُم مَّشْكُورًا ﴿١٩﴾ كُلًّا نُّمِدُّ هَٰٓؤُلَآءِ وَهَٰٓؤُلَآءِ مِنْ عَطَآءِ رَبِّكَ ۚ وَمَا كَانَ عَطَآءُ رَبِّكَ مَحْظُورًا ﴿٢٠﴾ ٱنظُرْ كَيْفَ فَضَّلْنَا بَعْضَهُمْ

---

[1] الطبري (١٥/٢٦٣).

[2] الطبري (١٥/٢٦٤-٢٦٥).

[3] الطبري (١٥/٢٦٥).

[4] الطبري (١٥/٢٦٦).

[5] الطبري (١٥/٢٦٤).

عَلَىٰ بَعْضٍ ۚ وَلَلْآخِرَةُ أَكْبَرُ دَرَجَٰتٍ وَأَكْبَرُ تَفْضِيلًا﴾[1] واتە: هەركەسێك تەنها ژیانی دنیای بوێ لەم دنیادا زوو پێی دەدەین ئەوەی بمانەوێ بۆ هەر کەسێك لە پاشان دۆزەخمان بۆ ساز داوەو دەچێتە ناوی بە لۆمەکراوی‌و دەرکراوی لە میهرەبانی خوا، هەر کەسێکیش ڕۆژی دوایی بوێت وە هەوڵی بۆ بدات بەو جۆرەی شایستەی ئەوەو باوەڕداریش بێت ئا ئەوانە کردەوەو تێکۆشانەکەیان وەرگیراوە، دەبەخشین بە هەموان ئەوانەی کە هەر دنیایان دەوێ و ئەوانەی ڕۆژی دواییان دەوێ لە بەخششی پەروەردگارت لەم دنیایەدا بێگومان ڕۆزی‌و بەخشراوی پەروەردگارت هەرگیز قەدەغە کراو نەبوە، (ئەی موحەممەد(ﷺ)) سەرنج بدە چۆن باوی هەندێکیانمان داوە بەسەر هەندێکیاندا وە بێگومان پلەکان لە ڕۆژی دواییدا گەورەترە هەروەها باودانەکانیش گەورەترە. وە فەرموویەتی: ﴿ مَن كَانَ يُرِيدُ حَرْثَ ٱلْآخِرَةِ نَزِدْ لَهُۥ فِى حَرْثِهِۦ ۖ وَمَن كَانَ يُرِيدُ حَرْثَ ٱلدُّنْيَا نُؤْتِهِۦ مِنْهَا وَمَا لَهُۥ فِى ٱلْآخِرَةِ مِن نَّصِيبٍ ﴾[2] واتە: هەرکەس بەرهەمی دوا ڕۆژی بوێ ئێمە بەرهەمەکەی بۆ زیاد دەکەین وە هەر کەسێك بەرهەمی دونیای بوێ هەندێ لە دنیای پێ دەدەین بەڵام لە ڕۆژی دواییدا هیچ بەشێکی نییە.

﴿ أَفَمَن كَانَ عَلَىٰ بَيِّنَةٍ مِّن رَّبِّهِۦ وَيَتْلُوهُ شَاهِدٌ مِّنْهُ وَمِن قَبْلِهِۦ كِتَٰبُ مُوسَىٰٓ إِمَامًا وَرَحْمَةً ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ يُؤْمِنُونَ بِهِۦ ۚ وَمَن يَكْفُرْ بِهِۦ مِنَ ٱلْأَحْزَابِ فَٱلنَّارُ مَوْعِدُهُۥ ۚ فَلَا تَكُ فِى مِرْيَةٍ مِّنْهُ ۚ إِنَّهُ ٱلْحَقُّ مِن رَّبِّكَ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يُؤْمِنُونَ (١٧) ﴾

کەسێ بڕوا بە قورئان دەکا کە بەڵگەی ڕوونی لەلایەن پەروەدگاریەوە پێدرابێ

خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿ أَفَمَن كَانَ عَلَىٰ بَيِّنَةٍ مِّن رَّبِّهِۦ وَيَتْلُوهُ شَاهِدٌ مِّنْهُ وَمِن قَبْلِهِۦ كِتَٰبُ مُوسَىٰٓ إِمَامًا وَرَحْمَةً ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ يُؤْمِنُونَ بِهِۦ ۚ وَمَن يَكْفُرْ بِهِۦ مِنَ ٱلْأَحْزَابِ فَٱلنَّارُ مَوْعِدُهُۥ ۚ فَلَا تَكُ فِى مِرْيَةٍ مِّنْهُ ۚ إِنَّهُ ٱلْحَقُّ مِن رَّبِّكَ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يُؤْمِنُونَ ﴾ ئاخۆ کەسێ لە پەروەدگاری خۆیەوە بەڵگەی ڕوونی پێدراوە، شایەتێکیش لە خوداوە بە شوێنیا هاتووەو کتێبی موسایش (کە پێش ئەو پێشەواو جێی بەزەیی بوو) باسی دەکا لەگەڵ ئەوانەی بێبەڵگەن وەکوو یەکن؟ ئەوانە بەڵگەیان هەیە بەو قورئانە بڕوا دەکەن، هەر کەسیش لەو کۆمەڵانە حاشای لێ بکا، جێی لە ئاگر بۆ خۆش کراوە، سا تۆ لێی بە گومان مەبە، ئەمە ڕاستیەو لە پەروەدگاری تۆوەیە بەڵام زۆربەی ئەم خەڵکەباوەڕ ناکەن. خودای گەورە باسی ژیانی خاوەن باوەڕان دەکا، ئەوانەی لەسەر سروشتی خودایین، واتە: موسڵمانن

[1] الاسراء (١٨-٢١).

[2] الشورى (٢٠).

کە خودا هەر بە موسڵمانی هێناونیو دانیان ناوە بە خوایەتی خوادا: کە هیچ پەرستراوێك نیە جگە لەو وەك خـودای گـەورە لـە ئایـەتی تـرا فەرموویـەتی: ﴿ فَأَقِمْ وَجْهَكَ لِلدِّينِ حَنِيفًا فِطْرَتَ ٱللَّهِ ٱلَّتِى فَطَرَ ٱلنَّاسَ عَلَيْهَا ﴾[1] هەر تۆ ڕوو لەم دینە بکەو هەر بەرەو حەق هـەنگاو بنـێ، دینێکی بنەڕەتیەو هـەر لـە سروشتا خودا ئەو خەڵکەی هەر بۆ یەکتاپەرستی وەدیهێنـاوە. لـە هـەردوو سـەحیحەکەدا هـاتووە لـە ئەبوهورەیرەوەئەڵێ: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (هەموو لە دایك بوویەك لەسەر (فـیترەت) لە دایك دەبێ، دایكو باوکی دەیکەنـە جولەکەو گـاورو ئـاگر پەرست، وەك چۆن ئـاژەڵ، (بەچکە) ئاژەڵێکی تەواوی دەبێ، ئایا هیچ هەستی ناتەواوی-گوێبڕاوی- تیابەدی دەکەن؟)[2]. وە لە سـەحیحی موسلیمشدا هاتووە لە عـەیازی کوڕی حیمـارەوە لـە پێغەمبـەری خـوداوە (ﷺ) فـەرمووی: (خـودای مەزن ئەفەرموێت من عەبدەکانم دروستکرد کە بەرەو هەق هەنگاو بنێن، شەیاتینەکان، هاتن بۆیانو لـە ئاینەکەیان وەریانگێڕان، ئەوەی حەڵاڵم کردبوو بۆیان حەرامیان کرد لێیان، فەرمانیان پێدا کە شەریکم بۆ دابنێن، کە هیچ بەڵگەیەك نەهاتوەتە خوار بۆیان لەو بارەیەوە)[3]. خاوەنباوەڕ هەر ماوەتەوە لەسەر ئـەو سروشـتە، ﴿وَيَتْلُوهُ شَاهِدٌ مِّنْهُ﴾ شـایەتیش لەلایـەن خـوداوە هـاتووە، ئـەویش ئەوەیـە کـە ناردوویەتی بۆ پێغەمبەران کە بریتیە لەو پـەیامو شـەریعەتە پاكو تـەواو و زۆر بەڕێزانـە کـە کۆتاییـان هاتووە بە شەریعەتی موحەممەد(ﷺ). لەبەر ئەوە خاوەنباوەڕ ئەو سروشتەی لەگەڵە کە شایەتی بـدا بۆ گشتی ئەو شەریعەتە،ئەو درێژیەیش لە شەریعەتەوە کە وەردەگیرێ. سروشت مـۆری دەکـاو بـڕوای پێ دەهێنێ، بۆیـە خـودای گـەورە فەرموویـەتی: ﴿ أَفَمَن كَانَ عَلَىٰ بَيِّنَةٍ مِّن رَّبِّهِۦ وَيَتْلُوهُ شَاهِدٌ مِّنْهُ ﴾ ئەوەش ئەو قورئانەیە کە جوبرەئیل گەیاندویەتی بە پێغەمبەر(ﷺ) پێغەمبەریش (ﷺ) گەیاندویـەتی بە ئوممەتەکەی پاشان خودای گـەورە فەرموویـەتی: ﴿وَمِن قَبْلِهِۦ كِتَٰبُ مُوسَىٰٓ إِمَامًا وَرَحْمَةً ﴾ وە لـە پێش قورئاندا کتێبی موسایـشی نـاردووە کە تەوراتـە، بـۆ ئـەو ئوممەتـە کردیـە پێشەواو جێبـەزەیی خودای مەزن بۆیان، تا بیکەنە سەرمەشقی خۆیان، هەرکەسێ بڕوای پـێ کردبێ بەڕاستی ئـەو بڕوایـە پاڵی پێوەناوە بۆ بڕوا هێنان بەم قورئانـە، بۆیـە خـودای گـەورە فەرموویـەتی: ﴿أُوْلَٰٓئِكَ يُؤْمِنُونَ بِهِۦ﴾ واتە: ئەوانە بڕوا بەو قورئانە دەکەن، پاشان خودای گـەورە هەڕەشـە لـەو کەسـانە دەکـا کـە بـڕوا بـە قورئـان ناکـەن یـان بـە شـتێکی نـاو قورئـان ناکـەن. ئەفـەرموێت: ﴿وَمَن يَكْفُرْ بِهِۦ مِنَ ٱلْأَحْزَابِ فَٱلنَّارُ

---

[1] الروم (٣٠).

[2] فتح الباري (٣/٢٩٠)، مسلم (٤/٢٠٤٧).

[3] مسلم (٤/٢١٩٧).

مَوْعِدُهُۥ﴾ واتە: هەرکەسێ لەو کۆمەڵانە حاشای لێ بکەن شوێنی ئەو کەسەناو ئاگرە. واتـە: خـەڵکی سەر زەمین بتپەرستو خوانەناسو ئەهلی کتێبو هەر کۆمەڵێکی تریش لە نـەوەی ئـادەم بـە جیاوازی زمانو شێوەو نەژادیانەوە ئەوەی قورئانی پێ گەیشتبێ بڕوای پێ نەکا شوێنی ناو ئاگرە. وەك خودای گـەورە فەرموویـەتی: ﴿لِأُنذِرَكُم بِهِۦ وَمَنۢ بَلَغَ﴾[1] تـا بـەهۆی قورئانـەوە تـرس وەبـەر ئێـوە بێـنم و هـەر کەسـێکیش کـە ئـەم قورئانـەی پێـی دەگـا. وە فەرموویـەتی: ﴿قُلْ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنِّى رَسُولُ ٱللَّهِ إِلَيْكُمْ جَمِيعًا﴾[2] واتە: (ئەی موحەممەد(ﷺ)) بڵێ: ئەی خەڵکینە بەڕاستی من پێغەمبەری خـوام بـۆ ئێـوە هـەمووتان. وە لێـرەدا فەرموویـەتی: ﴿وَمَن يَكْفُرْ بِهِۦ مِنَ ٱلْأَحْزَابِ فَٱلنَّارُ مَوْعِدُهُۥ﴾. لـە سەحیحی موسلما هاتووە لە ئەبوموسای ئەشعەریەوە (ڕەزای خوای لێبێ) کە پێغەمبـەری خـودا(ﷺ) فەرموویەتی: (سوێند بەو کەسـەی گیـانی منـی بەدەستە، هـیچ کەسـێ نیـە هـەواڵی مـن ببیسـێ لـەم ئوممەتە جولەکە بێ یان گاور پاشان بڕوام پێ نەکا ونەچێتەئاگر)[3].

پشتگیریکردنی هەموو فەرمودەیەك لەناو قورئاندا هەیە

ئـەیوبی سـەختیانی ئـەڵێ: لـە سـەعیدی کـوڕی جوبەیرەوەئـەڵێ: مـن هـیچ فەرموودەیـەکم لـە پێغەمبەرەوە(ﷺ) نەدەبیست بـەو شێوەیەی کـە فەرموویـەتی و پـشتگیریەکەیم یـان ئـەڵێ: جـەخت کردنەوەکەیم لە قورئاندا نەدیبێ، پێم گەیشت لە پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: (هیچ کەس نیە هـەواڵی من ببیسێ لەم ئوممەتە جولەکە بێ یان گاور پاشان بـڕوام پـێ نـەکا ونەچـێتە نـاو ئـاگر). وام لێهات دەمگوت: پشتگیری ئەم فەرموودەیە لە قورئانا کامەیە؟ئەڵێ: کەم جار بـووە فەرموودەیـەکم بیستبێ لـە پێغەمبـەری خـودا وپـشتگیرییەکەیم نەدیبێتـەوە لـەناو قورئانـدا، هـەتا ئـەم ئایەتـەم دۆزیـەوە کەئەفەرموێ ﴿وَمَن يَكْفُرْ بِهِۦ مِنَ ٱلْأَحْزَابِ فَٱلنَّارُ مَوْعِدُهُۥ﴾ئەڵێ:یانی لەناو هەموو گەلەکاندا بەگشتی. ﴿فَلَا تَكُ فِى مِرْيَةٍ مِّنْهُ ۚ إِنَّهُ ٱلْحَقُّ مِن رَّبِّكَ﴾ تـۆ لـەم قورئانـە بـە گومـان مەبـە، ئەمـە ڕاسـتەو لـە پەروەردگاری تۆوەیە. وەك خودای گەورە لە ئایەتی تـرا فەرموویـەتی: ﴿الٓمٓ ① تَنزِيلُ ٱلْكِتَٰبِ لَا رَيْبَ فِيهِ مِن رَّبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ﴾[4] واتە: (ئەلیف، لام، میم)، هێنانە خوارەوەی ئەم قورئانە هیچ گومانی تێدا

[1] الانعام (١٩).

[2] الاعراف(١٥٨).

[3] مسلم (١٣٥/١).

[4] السجدة (١-٢).

نییە لەلایەن پەروەردگاری جیهانیانەوەیە. وە فەرموویەتی: ﴿الٓمٓ ۝١ ذَٰلِكَ ٱلۡكِتَٰبُ لَا رَيۡبَۛ فِيهِۛ هُدٗى لِّلۡمُتَّقِينَ﴾[1] واتە: (ئەلیف، لام، میم)، ئەم قورئانە هیچ گومانێکی تێدا نییە. وە لێرەدا فەرموویەتی: ﴿وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يُؤۡمِنُونَ﴾ ئەم ئایەتە وەك ئەو ئایەتە وایە کە فەرموویەتی: ﴿وَمَآ أَكۡثَرُ ٱلنَّاسِ وَلَوۡ حَرَصۡتَ بِمُؤۡمِنِينَ﴾[2] واتە: وە زۆربەی خەڵکی هەرچەند تۆ سووربیت لەسەر موسڵمانبونیان هەرنابنە ئیماندار. وە فەرموویەتی: ﴿وَإِن تُطِعۡ أَكۡثَرَ مَن فِي ٱلۡأَرۡضِ يُضِلُّوكَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِۚ﴾[3] واتە: وە ئەگەر تۆ گوێڕایەڵی زۆربەی ئەوانە بیت لەسەر زەویدان لە ڕێگەی خوا گومڕات دەکەن. وە فەرموویەتی: ﴿وَلَقَدۡ صَدَّقَ عَلَيۡهِمۡ إِبۡلِيسُ ظَنَّهُۥ فَٱتَّبَعُوهُ إِلَّا فَرِيقٗا مِّنَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ﴾[4] واتە: سوێند بەخوا بەڕاستی شەیتان گومانی خۆی لەواندا بەدی هێنا بۆیە ئیمانداران نەبێت هەموویان شوێنی شەیتان کەوتن.

﴿وَمَنۡ أَظۡلَمُ مِمَّنِ ٱفۡتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًاۚ أُوْلَٰٓئِكَ يُعۡرَضُونَ عَلَىٰ رَبِّهِمۡ وَيَقُولُ ٱلۡأَشۡهَٰدُ هَٰٓؤُلَآءِ ٱلَّذِينَ كَذَبُواْ عَلَىٰ رَبِّهِمۡۚ أَلَا لَعۡنَةُ ٱللَّهِ عَلَى ٱلظَّٰلِمِينَ ۝١٨ ٱلَّذِينَ يَصُدُّونَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ وَيَبۡغُونَهَا عِوَجٗا وَهُم بِٱلۡأٓخِرَةِ هُمۡ كَٰفِرُونَ ۝١٩ أُوْلَٰٓئِكَ لَمۡ يَكُونُواْ مُعۡجِزِينَ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَمَا كَانَ لَهُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ مِنۡ أَوۡلِيَآءَۘ يُضَٰعَفُ لَهُمُ ٱلۡعَذَابُۚ مَا كَانُواْ يَسۡتَطِيعُونَ ٱلسَّمۡعَ وَمَا كَانُواْ يُبۡصِرُونَ ۝٢٠ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ خَسِرُوٓاْ أَنفُسَهُمۡ وَضَلَّ عَنۡهُم مَّا كَانُواْ يَفۡتَرُونَ ۝٢١ لَا جَرَمَ أَنَّهُمۡ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ هُمُ ٱلۡأَخۡسَرُونَ ۝٢٢﴾

ئەوانەی بوختان بەدەم خوداوە دەکەن و دەبنە لەمپەر لە ڕێگەی خوادا، لە هەموو کەس دۆڕاوترن

خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿وَمَنۡ أَظۡلَمُ مِمَّنِ ٱفۡتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًاۚ أُوْلَٰٓئِكَ يُعۡرَضُونَ عَلَىٰ رَبِّهِمۡ وَيَقُولُ ٱلۡأَشۡهَٰدُ هَٰٓؤُلَآءِ ٱلَّذِينَ كَذَبُواْ عَلَىٰ رَبِّهِمۡۚ أَلَا لَعۡنَةُ ٱللَّهِ عَلَى ٱلظَّٰلِمِينَ﴾ کێ لەو کەسە ستەمکارترە درۆ بۆ خوا هەڵبەستێ؟ گشت ئەمانە لە بەرانبەر پەروەردگاریاندا پیشان ئەدرێن، شایەتەکانیش شایەتی ئەدەن کە ئەمانە بەدەم پەروەردگاری خۆیانەوە ئەم درۆیانەیان هەڵبەستووە. دەبا ستەمکاران بەر لەعنەتی خودا کەوون. خودای مەزن باسی ژیانی ئەو کەسانە دەکا کە درۆیان

---

[1] البقرة (١-٢).

[2] يوسف (١٠٣).

[3] الانعام (١١٦).

[4] سبأ (٢٠).

بەدەم خوداوە هەڵدەبەست چۆن ئابڕوویان دەچێ لە ڕۆژی قیامەتا لەبەردەم ئەو هەموو کەسەدا لە فریشتەو پێغەمبەران‌و باقی ئەو خەڵکە لە مرۆڤ و جنۆکە. وەك ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە لە سەفوانی کوڕی موحریزەوە ئەڵێ: من دەستم بە دەستی ئیبنوعومەرەوە بوو پیاوێ هاتە ڕێگەی‌و کوتی: چیت بیستووە لە پێغەمبەری خوداوە(ﷺ) لەبارەی چپەوە لە ڕۆژی قیامەتافەرموویێتی؟ کوتی: لێم بیست ئەی فەرموو: (خودای گەورە خاوەنباوەڕ نزیك دەکاتەوەو دەیداتە پاڵ خۆی‌و دەیشارێتەوە لە خەڵکی،دانی پێدا دەنێ بە تاوانەکانیاو پێی دەڵێ: ئایا فلانە تاوانت لەبیرە؟ ئایا فلانە تاوانت لەبیرە؟ ئایا فلانە تاوانت لەبیرە؟ هەتا دانی بەگشت گوناهەکانیا پێ دەنێ، کە سەیری خۆی دەکا تیا چووە، خودای گەورە ئەفەرموێت: بێگومان من-ئەو گوناهانەم- بۆ داپۆشیوشیت لە دنیادا، وە من ئەمڕۆیش لەو گوناهانەت خۆش دەبم) پاشان کتێبی چاکەکانی پێئەدرێت، بەلام خوانەناس‌و دووڕووەکان، شایەتەکان شایەتی ئەدەن دەڵێن: ﴿هَٰٓؤُلَآءِ ٱلَّذِينَ كَذَبُواْ عَلَىٰ رَبِّهِمْۚ أَلَا لَعۡنَةُ ٱللَّهِ عَلَى ٱلظَّٰلِمِينَ﴾[1]. بوخاری و موسلمیش لە هەردوو سەحیحەکەیانا هێناویانە.[2] پاشان خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿ٱلَّذِينَ يَصُدُّونَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ وَيَبۡغُونَهَا عِوَجٗا وَهُم بِٱلۡأٓخِرَةِ هُمۡ كَٰفِرُونَ﴾ هەر ئەمانەن ڕێی بەرەو خودا دەبەستن خەڵکی پێ لاڕێ دەکەن‌و خۆشیان بڕوایان بە ڕۆژی قیامەت نیە. واتە: خەڵکی لە ڕێگەی ڕاست لائەدەن، ئەو ڕێگەی کە مەردم دەگەیەنێتە لای خودای گەورە، لە بەهەشت دوریان دەخەنەوە، دەیانەوێ ڕێگەی لارو چەوت بگرنە بەر هەرگیز نەکەونە سەر ڕاستەڕێ، بڕواشیان بە ڕۆژی قیامەت نیەو ئینکاری دەکەن‌و بەڕاستی نازانن کە هەر ببێ‌و ڕووبدا. ﴿أُوْلَٰٓئِكَ لَمۡ يَكُونُواْ مُعۡجِزِينَ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَمَا كَانَ لَهُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ مِنۡ أَوۡلِيَآءَ﴾ ئەمانە لەم سەر زەمینە ناتوانن لە خودا ڕاکەن بێجگە لە خوایش کەسیان بۆ دۆست دەست ناکەوێ. بەڵکو ئەوانە وان لەژێر تواناو دەسەلاتی خودای گەورەداو لە دەستی دەرناچن‌و هەر لە دنیادا خوای گەورە دەتوانێ تۆڵەیان لێبسێنێ پێش هاتنی ڕۆژی قیامەت ﴿إِنَّمَا يُؤَخِّرُهُمۡ لِيَوۡمٖ تَشۡخَصُ فِيهِ ٱلۡأَبۡصَٰرُ﴾.[3] بەلام دەیان هێڵێتەوە تا ئەو ڕۆژەی کە لەوێدا هەموو چاوەکان ئەبلەق دەبن و لە جوڵە دەکەون، لە هەردوو سەحیحەکەدا هاتووە. بێگومان خودا مۆڵەتی ستەمکار ئەدا، تا کاتێ کە دەیگرێ ئیتر لە دەستی دەرناچێ[4]. بۆیە خودای

---

[1] أحمد (٧٤/٢). فەرموودەیەکی سەحیحە.

[2] فتح الباري (٢٠٤/٨)، مسلم (٢١٢٠/٤).

[3] إبراهيم (٤٢).

[4] فتح الباري (٢٠٥/٨)، مسلم (١٩٩٧/٤).

گـــەورە فەرموویـــەتی: ﴿يُضَٰعَفُ لَهُمُ ٱلۡعَذَابُۚ مَا كَانُواْ يَسۡتَطِيعُونَ ٱلسَّمۡعَ وَمَا كَانُواْ يُبۡصِرُونَ﴾ ئـــەو کەسانە سزایان بۆ دووقـات دەکرێتـەوە تواناى بیستنى ئـەو قورئانـەیان نـەبووە، نەشیان توانیوە ببینن. واتە: خوداى گەورە سزایان بۆ دووقات دەکاتەوە چونکە چاوو گوێو دڵى دانىٚ، بـەڵام هـیچ سودێکى بۆیان نەبوو، کەڕو کوێر بووبوون بەرانبەر بە هەقو شوێنى نەدەکـەوتن. وەك خـوداى مـەزن لەسەر زمانى ئەوانە فەرموویـەتى: ﴿وَقَالُواْ لَوۡ كُنَّا نَسۡمَعُ أَوۡ نَعۡقِلُ مَا كُنَّا فِيٓ أَصۡحَٰبِ ٱلسَّعِيرِ﴾[1] واتـە: وە وتیـان ئەگەر قسەى پێغەمبەران مان ببیستایە یا تێبگەیشتینایە ئەمڕۆ لە هـاوەڵى یـانى دۆزەخ نـەدەبوین. وە فەرموویـــــــــــەتى: ﴿ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ وَصَدُّواْ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ زِدۡنَٰهُمۡ عَذَابٗا فَوۡقَ ٱلۡعَذَابِ بِمَا كَانُواْ يُفۡسِدُونَ﴾[2] ئەوانەى خوایان نەناسىو ڕێگەى خوایان بەربەست ئەکرد، لەو بەدفەڕیەدا کە دەیـانکرد هەر ئازاریان زیاتر دەکەین. لەبەرئەوە جەرزەبە ئەدرێن لەسەر هەر فەرمانىٚ وازیان لىٚ هێناوەو وە هەر شتىٚ لێیان قەدەغەکراوە کردوویانـە. ﴿أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ خَسِرُوٓاْ أَنفُسَهُمۡ وَضَلَّ عَنۡهُم مَّا كَانُواْ يَفۡتَرُونَ﴾ ئەوانەن کە خۆیان دۆڕاند، هـەر درۆیـەکیش هـەڵیان بەست، بەفیڕۆ چوو. واتـە: خۆیـان زیانبـار کـرد چونکە دەچنە ناو ئاگرێکى زۆر تیژو تاو دراو. تێیدا سزا ئەدرێن چاو تروکانىٚ لەسەریان سووك نـاکرىٚ. وەك خوداى گەورە لە ئایەتێکى ترا فەرموویەتى: ﴿كُلَّمَا خَبَتۡ زِدۡنَٰهُمۡ سَعِيرٗا﴾[3] هـەرکاتىٚ ئاگرەکـە دامرکىٚ بڵێسەى ئاگرەکەیان بۆ زیاد دەکەین. ﴿وَضَلَّ عَنۡهُم مَّا كَانُواْ يَفۡتَرُونَ﴾ واتە: هەر درۆیەکیش هەڵیان بەست بە هیچ دەرچوو، لەو شتانەى دەیان پەرستو شتى تـر، هـیچ سـودێکیان لىٚ وەرنـەگرتن بەڵکو زیانێکى ئێجگار زۆریان لێدان. وەك خوداى گـەورە فەرموویـەتى: ﴿وَإِذَا حُشِرَ ٱلنَّاسُ كَانُواْ لَهُمۡ أَعۡدَآءٗ وَكَانُواْ بِعِبَادَتِهِمۡ كَٰفِرِينَ﴾[4] واتە: کاتێکیش خەڵك کۆدەکرێنەوە لە قیامـەت پەرستراوەکان دەبنـە دوژمنیـان وە بە پەرستنەکەى ئەوان باوەڕناکەن. وەك ئەم ئایەتەیش کـە فەرموویـەتى: ﴿إِذۡ تَبَرَّأَ ٱلَّذِينَ ٱتُّبِعُواْ مِنَ ٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُواْ وَرَأَوُاْ ٱلۡعَذَابَ وَتَقَطَّعَتۡ بِهِمُ ٱلۡأَسۡبَابُ ﴿١٦٦﴾﴾.[5] واتـە: کاتێـك کـە پێـشەواکان یەخـە هەڵئەتـەکێنن لەوانـەى لـە دنیـادا دوایـان کـەوتوون وە سـزایان بـە چـاوى خۆیـان بینـى وە هـەموو

---

[1] الملك (١٠).

[2] النحل (٨٨).

[3] الاسراء (٩٧).

[4] الاحقاف (٦).

[5] البقرة (١٦٦).

پەیوەندیەکیان پچڕا. چەندەها ئایەتی تریش هاتووە لەم بارەیەوە لەسەر زیانباریو تیاچوونو دۆڕاوی ئەمانە. بۆیە لێرەدا فەرموویەتی: ﴿لَا جَرَمَ أَنَّهُمْ فِي ٱلْآخِرَةِ هُمُ ٱلْأَخْسَرُونَ﴾ هیچ گومان لەوەدا نیە کە لەو دنیا لە هەموو کەس دۆڕاوترن. خودای مەزن باسی پاشەڕۆژیان دەکا کە ئەوانە دۆڕاوترین کەسن لەو مامەڵەیەدا لە ڕۆژی قیامەتا. چونکە ئەوانە ئەو پلە بەرزانەیان گۆڕیەوە بە نزمترین پلەو ئەو بەهەشتە خۆشەیان واز لێ هێنا بۆ ناو ئاوەکوڵی ناو جەهەنم خواردنی گوڵاوی سەرمۆریان گۆڕی بە گرەباو ئاوەکوڵو چرە دوکەڵیش سێبەریانە، کیژی سپی چاوبەڵەکیان گۆڕی بە کێماوی برینداران‌و کۆشکە بەرزەکانیان گۆڕیوە بە ئاگرێکی زۆر توندو بەهێز، نزیک بوونەوە لە خوداو بینینی لە ڕۆژی دواییدا گۆڕیوەتەوە بە بەتوڕەیی خوداو تۆڵەی توندی، بەڕاستی دیارە هەر ئەمانە زۆر دۆڕاو زەرەرمەندن.

﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ وَأَخْبَتُوٓا۟ إِلَىٰ رَبِّهِمْ أُو۟لَٰٓئِكَ أَصْحَٰبُ ٱلْجَنَّةِ ۖ هُمْ فِيهَا خَٰلِدُونَ ﴿٢٣﴾ ۞ مَثَلُ ٱلْفَرِيقَيْنِ كَٱلْأَعْمَىٰ وَٱلْأَصَمِّ وَٱلْبَصِيرِ وَٱلسَّمِيعِ ۚ هَلْ يَسْتَوِيَانِ مَثَلًا ۚ أَفَلَا تَذَكَّرُونَ ﴿٢٤﴾﴾

پاداشتی خەڵکی خاوەنباوەڕ

خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ وَأَخْبَتُوٓا۟ إِلَىٰ رَبِّهِمْ أُو۟لَٰٓئِكَ أَصْحَٰبُ ٱلْجَنَّةِ ۖ هُمْ فِيهَا خَٰلِدُونَ﴾ ئەوانەی خاوەنباوەڕو ئاکار چاک بوون‌و دڵیان بە پەروەندەیان ئارامی گرتوە، ئەوان دەچنە بەهەشت، تاهەتایە تێیدا دەبن. دوای ئەوەی خودای گەورەباسی ژیانی بەدبەختانی کرد، لێرەدادێتەسەر باسی بەختەوەران، ئەوانەی کە خاوەنباوەڕ و ئاکار چاک بوون، بە دڵ بڕوایان هێنا بوو بە کرداریش‌و بە ئەندامەکانی لەشیان سەلماندیان کە بڕوادارن‌و هەڵسان بە جێبەجێکردنی فەرمانەکانی خوداو وازیان هێنا لەو شتانەی کە قەدەغەی کردبوو، بەو شێوەیە بەهەشتیان بۆ خۆیان دابین کرد کە پڕە لە کۆشکی زۆر بڵندو کورسیو قەنەفەو چەرپای زۆر قەشەنگ‌و هەموو جۆرە میوەیەکی شۆڕبووەوەو نزیک‌و فەرشی نەرم‌و تۆکمەو کیژی سپی چاوبەڵەک‌و جوان‌و خواردن‌و خواردنەوەی بەتام‌و بەلەزەت‌و سەیرکردنی وەدی هێنەری ئاسمانەکان‌و زەمین لەگەڵ ئەمانەیشا هەتاهەتایە لەو بەهەشتەدا هەر دەمێننەوەو نامرن‌و پیر نابن‌و نەخۆش ناکەون‌و خەویشیان لێ ناکەوێ‌و پیسایش ناکەن‌و تف‌و بەڵغەم‌و چڵمیان نیە، بەڵکو ئەو ئارەقەیش لێیان دەچۆڕێ بۆنی میسکی لێدێ.

نمونەی خاوەنباوەڕان و خوانەناسان

خـودای مـەزن ئەفـەرموێت: ﴿مَثَلُ ٱلْفَرِيقَيْنِ كَٱلْأَعْمَىٰ وَٱلْأَصَمِّ وَٱلْبَصِيرِ وَٱلسَّمِيعِ ۚ هَلْ يَسْتَوِيَانِ مَثَلًا ۚ أَفَلَا تَذَكَّرُونَ﴾ نموونەی ئەم دوو دەستەیە وەك نمونەی کوێرو کەڕو چاوساغ و بیسەرە ئاخۆ ئەمانە وەك یـەکن؟ دەی بۆچـی پەنـد وەرنـاگرن؟، پاشـان خـودای گـەورە نموونـەی ئـەو خـوا نـەناس و خاوەنباوەڕانەی بە دووتاقم هێناوەتەوە، یەکەمیان کە لە پێشەوە وەسفی کردن بـە بەدبەختان ناوی هێنان، خاوەنباوەڕانیشی بە بەختەوەران ناو هێنا، بەدبەختەکان وەك کوێرو کەڕ وان، بەختـەوەرانیش وە چاوساغ و بینەندە وان، چونکە خوانـەناس کوێرە بەرانبـەر بـە هـەق لـە دنیـاو لـە قیامـەتا، بـەرەو چاکەو چاکەخوازی ناڕواو شارەزایشی نابێ، کەڕە لە ئاستی بەڵگەکان و گوێ لەو شتە ناگرێ سودی لێ وەرگرێ. وەك خودای گەورە لـە ئایـەتی تـرا فەرموویـەتی: ﴿وَلَوْ عَلِمَ ٱللَّهُ فِيهِمْ خَيْرًا لَّأَسْمَعَهُمْ﴾[1] ئەگـەر خودا بیزانیایە خێرێکیان تێدایە، کارێکی دەکرد ببیسن، بەڵام خاوەنباوەڕ زیـرەك و وریـاو هۆشمەنـدە، ڕاستی چاك دەبینێ و لە پڕوپوچ شتی ناڕاست جیـای دەکاتـەوە، شـوێنی چاکە دەکـەوێ و لـە خراپـە دووردەکەوێتەوە، زۆر چـاك بەڵگـەکان دەبیـسێ و جیـای دەکاتـەوە لـە شـتە گومانلێکراوەکـان، شـتی پڕوپـوچ بـرەو پێنـادا ئایـا ئەمـەو ئـەوە وەك یـەکن؟﴿أَفَلَا تَذَكَّرُونَ﴾ ئایـا بۆچـی پەنـدو ئامۆژگـاری وەرناگرن؟ ئەم دوو دەستەیە لە یەکتری جیا ناکەنەوە. وەك خودای گەورە لە ئایەتی ترا فەرموویەتی: ﴿لَا يَسْتَوِىٓ أَصْحَٰبُ ٱلنَّارِ وَأَصْحَٰبُ ٱلْجَنَّةِ ۚ أَصْحَٰبُ ٱلْجَنَّةِ هُمُ ٱلْفَآئِزُونَ﴾[2] واتـــە: دۆزەخیـــەکان و بەهەشتیەکان وەك یەك نین بەهەشتیەکان ڕزگارو سەرکەوتوون. وە فەرموویەتی: ﴿وَمَا يَسْتَوِى ٱلْأَعْمَىٰ وَٱلْبَصِيرُ ﴿١٩﴾ وَلَا ٱلظُّلُمَٰتُ وَلَا ٱلنُّورُ ﴿٢٠﴾ وَلَا ٱلظِّلُّ وَلَا ٱلْحَرُورُ ﴿٢١﴾ وَمَا يَسْتَوِى ٱلْأَحْيَآءُ وَلَا ٱلْأَمْوَٰتُ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُسْمِعُ مَن يَشَآءُ ۖ وَمَآ أَنتَ بِمُسْمِعٍ مَّن فِى ٱلْقُبُورِ ﴿٢٢﴾ إِنْ أَنتَ إِلَّا نَذِيرٌ ﴿٢٣﴾ إِنَّآ أَرْسَلْنَٰكَ بِٱلْحَقِّ بَشِيرًا وَنَذِيرًا ۚ وَإِن مِّنْ أُمَّةٍ إِلَّا خَلَا فِيهَا نَذِيرٌ﴾[3] واتە: کوێرو چاوساغ وەك یـەك نـین، تاریکـایی و ڕووناکیش وەك یـەك نین، بەر سێبەرو خۆرەتاویش وەك یەك نین، گیانلەبەران و بێگیانیش هـاو وێنـە نـین، خـودا حـەزکا، وا دەکا هەرکەس ببیسێ. تۆ ناتوانی دەنگت بگاتە ئەوانە کە خراونەتە ناو گۆڕەوە، تـۆ هـەر ئەوەنـدەت

[1] الانفال (٢٣).

[2] الحشر (٢٠).

[3] فاطر (١٩-٢٤).

لەسەرە ترس وەبەر خەڵکی بێنی، ئێمە بەڕاستی تۆمان نارد مژدەدەرو ترسێنەر بی، هیچ کۆمەڵێکیش نەبووە کە ترس وەبەر هێنەریان بۆ نەچووبێ.

﴿ وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا نُوحًا إِلَىٰ قَوْمِهِۦٓ إِنِّى لَكُمْ نَذِيرٌ مُّبِينٌ ﴿٢٥﴾ أَن لَّا تَعْبُدُوٓا۟ إِلَّا ٱللَّهَ ۖ إِنِّىٓ أَخَافُ عَلَيْكُمْ عَذَابَ يَوْمٍ أَلِيمٍ ﴿٢٦﴾ فَقَالَ ٱلْمَلَأُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مِن قَوْمِهِۦ مَا نَرَىٰكَ إِلَّا بَشَرًا مِّثْلَنَا وَمَا نَرَىٰكَ ٱتَّبَعَكَ إِلَّا ٱلَّذِينَ هُمْ أَرَاذِلُنَا بَادِىَ ٱلرَّأْىِ وَمَا نَرَىٰ لَكُمْ عَلَيْنَا مِن فَضْلٍۭ بَلْ نَظُنُّكُمْ كَٰذِبِينَ ﴿٢٧﴾ ﴾

بەسەرهاتی نوح (سەلامی خوای لێبێ)و وتووێژی لەگەڵ هۆزەکەیا

خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿ وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا نُوحًا إِلَىٰ قَوْمِهِۦٓ ﴾ نووحمان نارده لای هۆزەکەی، خودای گەورە باسی نووح پێغەمبەرمان بۆ دەکا (سەلامی خوای لێبێ) کە یەکەم پەیامبەرێك بوو خودای مەزن ناردی بۆ سەر خەڵکی سەر زەمین، بۆ سەر ئەو موشریکانەی کە بتیان دەپەرست کە گوتی بە هۆزەکەی ﴿إِنِّى لَكُمْ نَذِيرٌ مُّبِينٌ ﴾ من ترسێنەرێکی ئاشکرام بۆ ئێوە. ئەگەر ئێوە جگەلەخوداتان پەرست، خودا جەرزەبەتان ئەدا بۆیە فەرموویەتی: ﴿أَن لَّا تَعْبُدُوٓا۟ إِلَّا ٱللَّهَ ۖ إِنِّىٓ أَخَافُ عَلَيْكُمْ عَذَابَ يَوْمٍ أَلِيمٍ ﴾ جگە لە خودا مەپەرستن، من ئەترسم ڕۆژێ تووشی ئازاری بەژان ببن، واتە: ئەگەر بەردەوام بوون لەسەر بتپەرستیو کوڵتان نەدا خودا سزایەکی زۆر توندو بەژانو گرانو پڕ ئازارتان ئەدا لە ڕۆژی دوایدا، ﴿ فَقَالَ ٱلْمَلَأُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مِن قَوْمِهِۦ مَا نَرَىٰكَ إِلَّا بَشَرًا مِّثْلَنَا ﴾ پیاو ماقوڵانی هۆزەکەی کە خوا نەناس بوون گوتیان: وەك ئێمە دەت بینین، تۆش مرۆیەکی وەك خۆمان واتە: خۆ تۆ فریشتە نیت، تۆش وەك ئێمە مرۆڤی، چۆن تۆ نیگات بۆ دێ بەتەنیا لەناو ئێمەدا ﴿وَمَا نَرَىٰكَ ٱتَّبَعَكَ إِلَّا ٱلَّذِينَ هُمْ أَرَاذِلُنَا بَادِىَ ٱلرَّأْىِ ﴾ ئەمانەیش کە شوێنی تۆ کەوتوون، وەك ئێمە دەبینین ڕووتەو پووتەی بێناوەزنو فرۆشیاری گەڕۆكو کاری چنینو جۆرەها کاری تری وا دەکەن. پیاوماقوڵانو خاوەندەستەڵاتو گەورەکان نابینین لەناو ئێمەدا شوێنت کەون، ئەوانەیش کە شوێنت کەوتوون، لە وشیاری بیرتیژیو تێڕوانینەوە نەبووە دوات کەوتوون، تەنیا کاتێ کە تۆ بانگت کردوون خێرا وەڵامیان داویتەوەو شوێنت کەوتوون. ﴿وَمَا نَرَىٰ لَكُمْ عَلَيْنَا مِن فَضْلٍۭ ﴾ نەشمان دیوە شتێکتان لە ئێمە زیاتر بێ، لە دروست بوونا، لە ڕەوشتا، لە بژێویدا، لە خۆش ڕابواردنا، کاتێ کە چوونەتە ناو ئەو ئاینەتان، ﴿بَلْ نَظُنُّكُمْ كَٰذِبِينَ ﴾ بەڵکو ئێمە وا دەزانین کە درۆ دەکەن. لەو قسەیەدا کە دەیکەنو دەڵێن: تووشی خێرو چاکەو خواناسیو خۆشبەختی دەبن لە ڕۆژی دوایدا، ئەگەر بەردەوام بوونو لاتان نەداوە لەسەری ڕۆشتن، ئەمە ڕەخنەی خوانەناسان بوو بەرانبەر نووح

پێغەمبەر(سەلامی خوای لێبێ) و شوێنکەوتووەکانی، ئەمەیش بەڵگەیە لەسەر نەفامیو کەمزانستیو بێناوەزیان، هیچ سوکایەتی نییە بۆ هەق کە ئەو کەسە هەژارانە شوێنی دەکەون، چونکە هەق خۆی بۆ خۆی ڕاستە، ئیتر پیاوماقوڵان شوێنی کەون یان هەژارانو بێدەستەڵات. بەڵکو ئەو هەقەی کە گومانی تێدا نیەو ئەوانەی شوێنی هەق دەکەون پیاو ماقوڵانن، با هەژاریش بن، ئەوانە کە قبوڵی هەق ناکەن سوکو بێڕێزن. با لە ڕیزەی دەوڵەمەندەکانیش بن. شتێکی سروشتیشە کە ئەوانەی لە چینی هەژاران زیاتر شوێنی هەق دەکەون، ئەوانەیش خاوەندەستەڵاتو خۆیان بە زل دەزانن دژایەتی هەق دەکەن، وەك خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَكَذَٰلِكَ مَآ أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ فِي قَرْيَةٍ مِّن نَّذِيرٍ إِلَّا قَالَ مُتْرَفُوهَآ إِنَّا وَجَدْنَآ ءَابَآءَنَا عَلَىٰٓ أُمَّةٍ وَإِنَّا عَلَىٰٓ ءَاثَٰرِهِم مُّقْتَدُونَ﴾[1] کاتێ هیرقل پاشای ڕۆم پرسی لە ئەبوسوفیان سەخری کوڕی حەرب لە بارەی ڕەوشتی پێغەمبەرەوە(ﷺ) یەکێ لە پرسیارەکانی ئەوە بوو پێیگوت: خەڵکە پیاو ماقوڵەکان شوێنی کەوتوون یان لاوازەکان؟ گوتی: لاوازەکان، هیرقل گوتی: ئا ئەوانە شوێنکەوتووی پێغەمبەرانن؟[2] کە گوتویانە (بادي الرأي) واتە: بێناوەزو ساویلکەن. ئەمە شورەییو لەنگیەکی تێدا نییە، چونکە ئەو هەقە کاتێ ئاشکرا بوو هیچ دەرفەتێ نامێنێ بۆ بیرو بۆچوونەکان، بەڵکو دەبێ دوای کەونو ئەو حاڵەتەیش بوارێکی چاکە بۆ هەموو زیرەكو هۆشمەندێ، بە پێچەوانەوە ئەوانەی کە گێژو بێناوەزن لێرەدا وا بیر دەکەنەوە، پێغەمبەران (سەلامی خوایان لێبێ) بە فەرمانێکی ڕوونو ئاشکرا هاتوون، خودای مەزن فەرموویەتی: ﴿وَمَا نَرَىٰ لَكُمْ عَلَيْنَا مِن فَضْلٍ﴾ وە ئێمە نابینین ئێوە هیچ شتێکتان لە ئێمە زیاتر بێ، واتە: ئەوانە ئەو هەقە نابینن، چونکە کوێرن لە ئاستی هەق، نە دەبینن و نە دەبیسن، بەڵکو ئەوانە هەمیشە لە گوماندا ژیان بەسەر دەبەن، وە لە تاریکستانی نەفامیدا خول دەخۆن، ئەوانە زۆر بوختانچیو درۆزنو سوكو ڕسوان، ئەوانە لە ڕۆژی قیامەتیشا زۆر دۆڕاوو زیانبارن.

﴿قَالَ يَٰقَوْمِ أَرَءَيْتُمْ إِن كُنتُ عَلَىٰ بَيِّنَةٍ مِّن رَّبِّي وَءَاتَىٰنِي رَحْمَةً مِّنْ عِندِهِۦ فَعُمِّيَتْ عَلَيْكُمْ أَنُلْزِمُكُمُوهَا وَأَنتُمْ لَهَا كَٰرِهُونَ ﴿٢٨﴾﴾

---

[1] الزخرف (٢٣). واتە: هەروەها پێش تۆ هیچ پێغەمبەرێکمان نەناردوە لە شارێکدا مەگەر خۆشگوزەرانەکان (دەوڵەمەندەکان)ی وتوویانە بەڕاستی ئێمە باوو باپیرانی خۆمان لەسەر ئایینێك دیوە وە بەڕاستی ئێمە لەسەر ئایینی ئەوان دەڕۆین.

[2] فتح الباري (٤٢/١).

وەڵامی نووح پێغەمبەر(سەلامی خوای لێبێ)

خودای مەزن باسی نووح پێغەمبەر دەکا کە وەڵامی هۆزەکەی دایەوە لەبارەی ئەو بڕوبیانوو قسانەی دەیانکرد ﴿ قَالَ يَٰقَوۡمِ أَرَءَيۡتُمۡ إِن كُنتُ عَلَىٰ بَيِّنَةٖ مِّن رَّبِّي وَءَاتَىٰنِي رَحۡمَةٗ مِّنۡ عِندِهِۦ فَعُمِّيَتۡ عَلَيۡكُمۡ ﴾ گوتی: ئەی گەلەکەم! ئەگەر بڵێم پەروەردگارم حیسابی بۆ کردوم و نیشانەی ئەوم لایەو بەزەیی بەمندا هاتووەو ئێوە ئاگاتان لێ نیە چۆن دەبینن؟ واتە: من زۆر دڵنیام و فەرمانێکی ئاشکراو پەیامێکی ڕاستم لەلایەن پەروەردگارمەوە بۆ هاتووە، کە بەزەییەکی زۆر گەورەیە بۆ منو بە ئێوەیش، بەڵام ئێوە ئاگاتان لێی نەبوو شارەزایش نەبوون لێی، ڕێزیشتان لێی نەگرت، بەڵکو بە پێچەوانەوە بڕواتان پێی نەکردو دژایەتیتان کرد، ﴿أَنُلۡزِمُكُمُوهَا وَأَنتُمۡ لَهَا كَٰرِهُونَ﴾ ئایا ئەگەر خۆتان حەز نەکەن دەکرێ ئێمە بەزۆر بەسەرتاندا بسەپێنین.

﴿وَيَٰقَوۡمِ لَآ أَسۡـَٔلُكُمۡ عَلَيۡهِ مَالًاۖ إِنۡ أَجۡرِيَ إِلَّا عَلَى ٱللَّهِۚ وَمَآ أَنَا۠ بِطَارِدِ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْۚ إِنَّهُم مُّلَٰقُواْ رَبِّهِمۡ وَلَٰكِنِّيٓ أَرَىٰكُمۡ قَوۡمٗا تَجۡهَلُونَ ﴿٢٩﴾ وَيَٰقَوۡمِ مَن يَنصُرُنِي مِنَ ٱللَّهِ إِن طَرَدتُّهُمۡۚ أَفَلَا تَذَكَّرُونَ ﴿٣٠﴾﴾

خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿وَيَٰقَوۡمِ لَآ أَسۡـَٔلُكُمۡ عَلَيۡهِ مَالًاۖ إِنۡ أَجۡرِيَ إِلَّا عَلَى ٱللَّهِۚ وَمَآ أَنَا۠ بِطَارِدِ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْۚ إِنَّهُم مُّلَٰقُواْ رَبِّهِمۡ وَلَٰكِنِّيٓ أَرَىٰكُمۡ قَوۡمٗا تَجۡهَلُونَ﴾ ئەی گەلەکەم ئەوەیش بزانن هیچ سامانێکم لە ئێوە ناوێ، پاداشتی من لەسەر خودایەو ئەوانەیش خاوەنباوەڕن دەریان ناکەم، بێگومان ئەوان دەگەن بە دیداری پەروەردگاریان، بەڵام من دەبینم ئێوە کۆمەڵێکی بێئاوەزن. یانی: من هیچ ماڵو سامانێکم لە ئێوە ناوێ بەرانبەر ئەو ئامۆژگاریانەی کە دەتانکەم، بەڵکو من بە هیوای پاداشتی خودام، وە من ئەو خاوەنباوەڕانە دەرناکەم، وا دیارە داوایان لێکردوە کە ئەو خاوەنباوەڕانەی کە هەژارن، نووح پێغەمبەر دەریان بکات، چونکە نەفسیان ڕێگەی پێنەئەدان لەگەڵ ئەوانەدا دانیشن، خۆیان زۆر بە گەورە دەزانیو پێیان شورەیی بوو. وەك چۆن ئەوانەی سەردەمی پێغەمبەر(ﷺ) داوایان لە پێغەمبەر کرد (ﷺ) کە موسڵمانە هەژارو لاوازەکان دەربکاو بەتەنیا لەگەڵ ئەواندا دانیشێ، خودای مەزن ئەم ئایەتەی ناردە خوارەوە: ﴿وَلَا تَطۡرُدِ ٱلَّذِينَ يَدۡعُونَ رَبَّهُم بِٱلۡغَدَوٰةِ وَٱلۡعَشِيِّ﴾[1] واتە: هەروەها ئەوانە دەرنەکەیت کە پەروەردگاریان دەپەرستن و هاواری لێ دەکەن بە بەیانیانو ئێوارانـدا.

پاشان خودای مەزن لەسەر زمانی نووح پێغەمبەر(سەلامی خوای لێبێ) فەرمووی: ﴿ وَيَٰقَوۡمِ مَن يَنصُرُنِي مِنَ ٱللَّهِ إِن طَرَدتُّهُمۡۚ أَفَلَا تَذَكَّرُونَ ﴾ خزمەکانم: ئەگەر من لای خۆم دەریان کەم کێ لە خودا ڕزگارم

[1] الانعام (٥٢).

دەكات؟ ئایا هیچ بیر ناكەنەوە؟ خودای گەورە لە ئایەتێكی ترا فەرموویەتی: ﴿وَكَذَٰلِكَ فَتَنَّا بَعْضَهُم بِبَعْضٍ لِّيَقُولُوٓاْ أَهَٰٓؤُلَآءِ مَنَّ ٱللَّهُ عَلَيْهِم مِّنۢ بَيْنِنَآ أَلَيْسَ ٱللَّهُ بِأَعْلَمَ بِٱلشَّٰكِرِينَ ﴿٥٣﴾﴾[1] ئێمە ئاوا دەمانەوێ هێندێ بە هێندێكیان تاقی بكەینەوە هەتا بڵێن: چۆن خودا لەناوماندا هەر ئەمانەی وەبەر چاكەی خۆی خستووە؟ ئایا خودا لەوان باشتر سوپاس گوزاران ناناسێ؟

﴿وَلَآ أَقُولُ لَكُمْ عِندِى خَزَآئِنُ ٱللَّهِ وَلَآ أَعْلَمُ ٱلْغَيْبَ وَلَآ أَقُولُ إِنِّى مَلَكٌ وَلَآ أَقُولُ لِلَّذِينَ تَزْدَرِىٓ أَعْيُنُكُمْ لَن يُؤْتِيَهُمُ ٱللَّهُ خَيْرًا ٱللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا فِىٓ أَنفُسِهِمْ إِنِّىٓ إِذًا لَّمِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٣١﴾﴾

خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿وَلَآ أَقُولُ لَكُمْ عِندِى خَزَآئِنُ ٱللَّهِ وَلَآ أَعْلَمُ ٱلْغَيْبَ وَلَآ أَقُولُ إِنِّى مَلَكٌ وَلَآ أَقُولُ لِلَّذِينَ تَزْدَرِىٓ أَعْيُنُكُمْ لَن يُؤْتِيَهُمُ ٱللَّهُ خَيْرًا ٱللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا فِىٓ أَنفُسِهِمْ إِنِّىٓ إِذًا لَّمِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ﴾ پێشتان ناڵێم من خاوەنی گەنجینەی خودام،من لە غەیبیش هیچ نازانم، ناڵێم فریشتەیەكم، ناشڵێم ئەوانەی كە ئێوە بەسوكی سەیریان دەكەن، خودا چاكەیان لەگەڵا ناكا، خوا چاكتر دەزانێ چیان لە دڵدایە، ئەگەر وابم، ئەوسا من یەكێكم لە ستەمكاران. نووح پێغەمبەر(سەلامی خوای لێبێ) پێی گوتن كە ئەو ڕاسپاردەیەكە لەلایەن خوداوە، بانگی مەردم دەكا بۆ ناسینی خودا بەتەنیا، كە شەریكی نیەو، ئەو كارەیش دەیكا بە فەرمانی خودایە، داوای هیچ پوڵو پارەیەكیان لێ ناكا لە بری ئەوەدا، بەڵكو هەركەسێكی پێگەیشت بانگی دەكا ئیتر ئەو كەسە پیاو ماقوڵ بێ یان هەژارو لاوان، هەركەسێ لێی وەرگرت ئەوە ئەو كەسە ڕزگاری بووە، وە پێشی گوتن: كە ئەو هیچ دەسەڵاتێكی نییە كە بەسەر گەنجینەكانی خوداداو ئاگاداری نهێنیەكانی خوداش نیە شتێ نەبێت كەخودا خۆی ئاگاداری بكات، فریشتەیەكیش نیە لە فریشتەكانی خودا. بەڵكو ئەو مرۆڤەو ڕەوانە كراوە بە موعجیزەوە، دیسان نووح پێغەمبەر ئەفەرموێت: ناشڵێم ئەوانەی كە ئێوە بە سوك سەیریان دەكەنو ڕێزیان لێ ناگرن لەلای خودا هیچ پاداشتێ وەرناگرن لەسەر كردارەكانیان، خودا خۆی دەزانێ چی لەناو دڵیاندایە ئەگەر ئەوانە وەك بە ئاشكرا خاوەنباوەڕن لە دڵیشا هەروابن، ئەوانە پاداشتی چاكەكانیان ئەداتەوە، هەركەسێ بە خراپ ناویان بەرێ، دوای ئەوەی بڕوایان هێنا ئەوە ئەو كەسە ستەمكارەو قسەیەكی نابەجێی كردوە.

﴿قَالُواْ يَٰنُوحُ قَدْ جَٰدَلْتَنَا فَأَكْثَرْتَ جِدَٰلَنَا فَأْتِنَا بِمَا تَعِدُنَآ إِن كُنتَ مِنَ ٱلصَّٰدِقِينَ ﴿٣٢﴾ قَالَ إِنَّمَا يَأْتِيكُم بِهِ ٱللَّهُ إِن شَآءَ وَمَآ أَنتُم بِمُعْجِزِينَ ﴿٣٣﴾ وَلَا يَنفَعُكُمْ نُصْحِىٓ إِنْ أَرَدتُّ أَنْ أَنصَحَ لَكُمْ إِن كَانَ ٱللَّهُ يُرِيدُ أَن يُغْوِيَكُمْ هُوَ رَبُّكُمْ وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ ﴿٣٤﴾﴾

---

[1] الانعام (٥٣).

داواکردنی هۆزی نوح کە سزایان بۆ بێت، وەڵامی نوحیش بۆیان

خـودای مـەزن ئەفـەرموێت: ﴿ قَالُواْ يَـٰنُوحُ قَدْ جَـٰدَلْتَنَا فَأَكْثَرْتَ جِدَٰلَنَا فَأْتِنَا بِمَا تَعِدُنَآ إِن كُنتَ مِنَ ٱلصَّـٰدِقِينَ ﴾ گوتیـان: ئـەی نـووح بێگومـان دەمەقاڵـەت کـرد لەگەڵماندا، زۆریـش دەمەقاڵـەت کـرد لەگەڵمان، ئەگەر ڕاست دەکەی، هەرچی دەڵێیت بەسەرتان دێ، پێمان بنوێنـە. خـودای گـەورە باسـی پەلەپەلی هۆزی نووح دەکا کە داوای دابارینی بەڵاو توڕەیی و جەزرەبەی خودا دەکـەن. واتـە: گوتیـان: تۆ قسەی زۆرت لەگەڵ کردین ئێمە هەرگیز شوێنی تۆ ناکەوین، ئەو بەڵاو سـزایەی کـە تـۆ دەیلێیـت بـا بێت، هەرچەندێ دەتوانی نزامان لێبکە بەڵکو زوو بێت، ئەگەر ڕاست دەکەی ﴿قَالَ إِنَّمَا يَأْتِيكُم بِهِ ٱللَّهُ إِن شَآءَ وَمَآ أَنتُم بِمُعْجِزِينَ﴾ گوتی: بێگومان خودا بۆتان دەهێنـێ. ئەگـەر بیـەوێ، ئێـوە نـاتوانن لـە سـزای خودا خۆتان ڕزگار بکەن. واتە: ئەو کەسەی کە سزاتان ئەداو پێشی دەخا بۆتان ئەو خودایـە کـە هـیچ شتێ ناتوانێ لە دەسـتی دەرچـێ ﴿وَلَا يَنفَعُكُمْ نُصْحِىٓ إِنْ أَرَدتُّ أَنْ أَنصَحَ لَكُمْ إِن كَانَ ٱللَّهُ يُرِيدُ أَن يُغْوِيَكُمْ هُوَ رَبُّكُمْ وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ ﴾ ئامۆژگاری من سوودتان پێ ناگەیەنێ، ئەگەر بمەوێ ئامۆژگاریتـان بکـەم ئەگەر خودا بیەوێ گومڕاتان بکا، خۆی پەروەردگاری هەمووتانە، هەر بۆلای ئـەویش دەچـنەوە. واتـە: ئامۆژگاری و ترساندن و هەڕەشەی من هیچ سودێکیان پێ ناگەیەنێ ئەگەر خودا مـەیلی لێبـێ گومڕاتـان بکـاو لـەناوتان بـەرێ، ﴿هُوَ رَبُّكُمْ وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ ﴾ ئـەو پەروەردگارتانـەو هـەموو بـۆ لای ئـەو دەگەڕێنەوە. واتە: خودا خۆی خـاوەنی گـشت شـتێکە، کاربەدەسـت و فـەرمانڕەواو دادپـەروەرە، ئـەو خودایەی کە ستەم لە کەس ناکا، بوون و نەبوون بەدەستی ئەوەو هەر خۆی لە سەرەتاوە وەدی هێنەر بووەو هەر خۆشی، دووبارە دروستی دەکاتەوە. فەرمانڕەوای دنیاو ڕۆژی قیامەتە.

﴿ أَمْ يَقُولُونَ ٱفْتَرَىٰهُ قُلْ إِنِ ٱفْتَرَيْتُهُۥ فَعَلَىَّ إِجْرَامِى وَأَنَا۠ بَرِىٓءٌ مِّمَّا تُجْرِمُونَ ﴿٣٥﴾ ﴾

ڕێسایەك بۆ ڕوونکردنەوەی ڕاستی پێغەمبەر(ﷺ)

خـودای مـەزن ئەفـەرموێت: ﴿ أَمْ يَقُولُونَ ٱفْتَرَىٰهُ ﴾ یـان دەڵـێن خـۆی هەڵیبەسـت، ئەمـە خـۆی ڕسـتەیەکی موعتەرەزەیـە لەناوەڕاسـتی ئـەم بەسـەرهاتەداو جـەخت لەسـەر ئـەم ڕووداوە دەکاتـەو پشتگیرییەکە بۆی، خودای گەورە ئەفەرموێت بە موحەممەد(ﷺ): یان ئەو خوانەناس و سپڵانە دەڵـێن ئەمـە موحەممـەد(ﷺ) خـۆی لـە خۆیـەوە هەڵیبەسـتووەو دروسـتی کـردووە ﴿قُلْ إِنِ ٱفْتَرَيْتُهُۥ فَعَلَىَّ إِجْرَامِى﴾ بڵێ: ئەگەر ئەم قورئانەم هەڵبەستووە تاوانەکـەی لەسـەر خـۆم، ﴿وَأَنَا۠ بَرِىٓءٌ مِّمَّا تُجْرِمُونَ ﴾ واتە: منیش لە تاوانی ئێوە خۆم لادەدەم. واتـە: هـەرگیز ئـەوە دروستکراو نیـەو هـەڵیش نەبەسـراوە،

چونکە من چاك دەزانم چ تۆڵەیەك هەیە لەلایەن خوداوە بۆ ئەو کەسانەی کە درۆ بەدەم خوداوە هەڵدەبەسن.

﴿وَأُوحِيَ إِلَىٰ نُوحٍ أَنَّهُۥ لَن يُؤْمِنَ مِن قَوْمِكَ إِلَّا مَن قَدْ ءَامَنَ فَلَا تَبْتَئِسْ بِمَا كَانُوا۟ يَفْعَلُونَ ﴿٣٦﴾ وَٱصْنَعِ ٱلْفُلْكَ بِأَعْيُنِنَا وَوَحْيِنَا وَلَا تُخَـٰطِبْنِى فِى ٱلَّذِينَ ظَلَمُوٓا۟ ۚ إِنَّهُم مُّغْرَقُونَ ﴿٣٧﴾ وَيَصْنَعُ ٱلْفُلْكَ وَكُلَّمَا مَرَّ عَلَيْهِ مَلَأٌ مِّن قَوْمِهِۦ سَخِرُوا۟ مِنْهُ ۚ قَالَ إِن تَسْخَرُوا۟ مِنَّا فَإِنَّا نَسْخَرُ مِنكُمْ كَمَا تَسْخَرُونَ ﴿٣٨﴾ فَسَوْفَ تَعْلَمُونَ مَن يَأْتِيهِ عَذَابٌ يُخْزِيهِ وَيَحِلُّ عَلَيْهِ عَذَابٌ مُّقِيمٌ ﴿٣٩﴾﴾

خودای گەورە باسی ئەوە دەکا، کاتێ هۆزەکەی نووح داوای بەڵاو سزای خودایان کرد کە دابارێ بەسەریاندا، خودای گەورە نووح پێغەمبەری ئاگادار کرد(سەلامی خوای لێبێ)، نووح پێغەمبەریش ئەو نزایەی لێکردن کە خودای گەورە لەسەر زمانی ئەو باسی کردوەو فەرموویەتی: ﴿رَّبِّ لَا تَذَرْ عَلَى ٱلْأَرْضِ مِنَ ٱلْكَـٰفِرِينَ دَيَّارًا﴾[1] پەروەردگارم، لەم سەر زەمینە ئەو کەسانەی تۆ ناناسن گیانلەبەریان لێ مەهێڵە. وە فەرموویەتی: ﴿فَدَعَا رَبَّهُۥٓ أَنِّى مَغْلُوبٌ فَٱنتَصِرْ﴾[2] لە پەروەردگاری پاڕایەوە کە: من شکستم خواردووە، هانام بە تۆ! ئا لەوێدا خودای گەورە ئاگاداری کرد ﴿وَأُوحِيَ إِلَىٰ نُوحٍ أَنَّهُۥ لَن يُؤْمِنَ مِن قَوْمِكَ إِلَّا مَن قَدْ ءَامَنَ فَلَا تَبْتَئِسْ بِمَا كَانُوا۟ يَفْعَلُونَ﴾ نووح ئاگادار کرا کە: لەناو هۆزەکەی تۆدا، جگە لەوانەی تا ئێستا باوەڕیان بە خوا هێناوە، کەسی تر بڕوا ناهێنێ‌و لەو کارەی کە دەیکەن غەمگین مەبە. واتە: خەفەتیان بۆ مەخۆو گوێیان مەدەرێ. ﴿وَٱصْنَعِ ٱلْفُلْكَ بِأَعْيُنِنَا وَوَحْيِنَا وَلَا تُخَـٰطِبْنِى فِى ٱلَّذِينَ ظَلَمُوٓا۟ ۚ إِنَّهُم مُّغْرَقُونَ﴾ لەژێر چاودێری ئێمەو هانای ئێمەدا کەشتی دروست کەو لەسەر ئەوانە قسەم لەگەڵ مەکە کە ستەمکار بوون، ئەوان دەبێ ژێرئاو بکەون. موحەممەدی کوڕی ئیسحاق باسی کردووە، لە تەوراتەوە: خودای مەزن فەرمانی دا بە نووح ئەو کەشتیە لە تەختەی ساج دروست بکا، درێژی کەشتیەکە هەشتا باڵ و پانیەکەشی پەنجا باڵ بێ، بە قیریش دەرو ناوی کەشتیەکەووغ بدات، سنگێکی بەرزیشی بۆ دروست بکا هەتا باش ئاو لەت بکاو ببیڕێ، بەرزایەکەیشی بەرەو ئاسمان سی (٣٠) باڵ بێ‌و سێ قاتیش بێ، هەر قاتێکی دە باڵ بێ قاتی خوارەوەی کەشتیەکە بۆ زیندەوەرانیماڵی‌و کێوی، ناوەڕاست بۆ مرۆڤ و قاتی سەرەوەیش بۆ باڵندەکان، دەرگای کەشتیەکەیش لە پانایی

---

[1] نوح (٢٦).

[2] القمر (١٠).

کەشتیەکەوە بێ، سەرقاپێکی هەبێ لەسەرەوە بتوانرێ پێی بگیرێ. ﴿وَيَصْنَعُ الْفُلْكَ وَكُلَّمَا مَرَّ عَلَيْهِ مَلَأٌ مِّن قَوْمِهِ سَخِرُوا مِنْهُ قَالَ إِن تَسْخَرُوا مِنَّا فَإِنَّا نَسْخَرُ مِنكُمْ كَمَا تَسْخَرُونَ﴾ خەریکی کەشتی دروست کردن بوون، کاتێك خاوەن پلەو پایە دارەکان لە هۆزەکەی بەلایدا دەڕۆیشتن، گاڵتەی خۆیان پێدەکرد،ئەویش ئەیفەرموو: ئەگەر ئێوە گاڵتەمان پێ دەکەن، بەو زووانە ئێمەش وەك ئێوە گاڵتەتان پێدەکەین. واتە: گاڵتەیان پێدەکردو پێیان ڕادەبوارد بەوەی کە نووح پێی دەگوتن: لەناو ئاودا نوقم دەبن و دەخنکێن، نووحیش هەڕەشەی لێدەکردن دەیگوت: ﴿فَسَوْفَ تَعْلَمُونَ مَن يَأْتِيهِ عَذَابٌ يُخْزِيهِ وَيَحِلُّ عَلَيْهِ عَذَابٌ مُّقِيمٌ﴾ لەمە بەولاوە تێدەگەن، کێ تووشی ئازاری وادێ ئابڕوی بچێو جەزرەبەی لەبننەهاتووی بەسەردا بێ. واتە: هەر لە دنیادا ئابڕویان دەچێ لە ڕۆژی قیامەتیشا بەردەوامو بێوچان سزا ئەدرێن.

﴿ حَتَّىٰ إِذَا جَاءَ أَمْرُنَا وَفَارَ التَّنُّورُ قُلْنَا احْمِلْ فِيهَا مِن كُلٍّ زَوْجَيْنِ اثْنَيْنِ وَأَهْلَكَ إِلَّا مَن سَبَقَ عَلَيْهِ الْقَوْلُ وَمَنْ آمَنَ ۚ وَمَا آمَنَ مَعَهُ إِلَّا قَلِيلٌ ﴿٤٠﴾ ﴾

سەرەتای دەستپێکردنی (تۆفان)مکەوهەڵگرتنی نێرومێیەك لەناو کەشتیەکە دا لەهەموو شتەکان لەلایەن نووحەوە

خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿ حَتَّىٰ إِذَا جَاءَ أَمْرُنَا وَفَارَ التَّنُّورُ قُلْنَا احْمِلْ فِيهَا مِن كُلٍّ زَوْجَيْنِ اثْنَيْنِ ﴾ تا ئەو کاتەی کە فەرمانی ئێمە گەیی، ئاو بە تەوژم هاتە دەر لە وشکانی، گوتمان لە گشت نێرو مێیەك دوان هەڵگرە. ئەمە ئەو بەڵێنە بوو کە خودای مەزن بە نووح پێغەمبەری دا (سەلامی خوای لێبێ) فەرمانی خودا هاتە جێو بارانێکی بەلێزمەی بەردەوام دەستی پێکرد وەك خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿ فَفَتَحْنَا أَبْوَابَ السَّمَاءِ بِمَاءٍ مُّنْهَمِرٍ ﴿١١﴾ وَفَجَّرْنَا الْأَرْضَ عُيُونًا فَالْتَقَى الْمَاءُ عَلَىٰ أَمْرٍ قَدْ قُدِرَ ﴿١٢﴾ وَحَمَلْنَاهُ عَلَىٰ ذَاتِ أَلْوَاحٍ وَدُسُرٍ ﴿١٣﴾ تَجْرِي بِأَعْيُنِنَا جَزَاءً لِّمَن كَانَ كُفِرَ ﴾[1] ئەوسا هەموو دەرگاکانی ئاسمانمان بۆ بارانێکی (ڕەهێڵە) بە تەوژم خستە سەر پشت، ئەم زەمینەیش کانیەکانمان تەقاندن، ئاو گەینەیەك بەو ئەندازەی کە بڕیاری بۆ درابوو، ئەومان بە شتێ هەڵگرت، کە لە چەند تەختەو بزمار پێك هاتبوو، لەژێر چاودێری خۆمان بەڕێکەوت بۆ پاداشتدان بە کەسێ کە بە قسەکانی بێباوەڕبوون. ﴿وَفَارَ التَّنُّورُ﴾

[1] القمر (١١–١٤).

ئیبنوعەبباس ئەڵێ: (التنور) یانی ڕووی زەمین[1]. واتە زەمین وای لێهات بوو بە کانی هەڵدەقوڵا هەتا وای لێهات لەو تەنورانەیشەوە کە شوێنی ئاگر بوون ئاو هەڵدەقوڵا. ئەمە قسەی زانایانی پێشینان و پاشینانیشە لەو کاتەدا خودا فەرمانی دا بە نووح پێغەمبەر(سەلامی خوای لێبی) لەگەڵ خۆی لەو کەشتیەدا لە گشت نێرو مێیەك دوان هەڵگرێ لە هەموو جۆرە زیندەوەرێ خاوەنی گیان بێ، گوتراوە: لە ڕووەکیش دوو نێرو مێ، گوتراوە یەکەم گیانلەبەرێك خرایە ناو کەشتیەکە مێروولەبوو، دوایین زیندەوەریش خرایە ناو کەشتیەکە گوێدرێژ بوو، شەیتان خۆی هەڵواسی بە کلکی کەرەکەدا، کەرەکە دەیویست هەڵسێ شەیتان قورسی دەکرد، هەتا نووح پێغەمبەر(سەلامی خوای لێبی) پێی گوت: چیتە ماڵوێران بچۆ ناوی، هەڵدەساو نەیدەتوانی، نووح پێغەمبەر(سەلامی خوای لێبی) فەرمووی بچۆرە ژوور ئەگەر شەیتانیشت لەگەڵا بێ، پاشان چوونە ناو کەشتیەکە. پاشان خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَأَهْلَكَ إِلَّا مَن سَبَقَ عَلَيْهِ ٱلْقَوْلُ﴾ لەگەڵ کەس و کارەکەت ئەوەنەبێت کە لە پێشا بڕیاری بۆ دراوە. لەو کەسانەی بڕوایان نەهێناوە، لەوانە کوڕەکەی بوو، کە ناوی یام بوو کە بە تەنیا کەنارەگیری کرد لەگەڵ ژنەکەی نووح کە بڕوای بە خوداو پێغەمبەرەکەی نەبوو، وە ئەفەرموێت: ﴿وَمَنْ ءَامَنَ وَمَآ ءَامَنَ مَعَهُۥٓ إِلَّا قَلِيلٌ﴾ هەرکەسێ باوەڕی هێناوە، خەڵکێکی کەم نەبێ لەگەڵیدا بڕوای نەهێنا، لەوماوە درێژەش کە نۆ سەدو پەنجا ساڵی خایاند، ئیبنوعەبباس ئەڵێ: هەشتا کەس بوون بە ژنەکانیشیانەوە.[2]

﴿وَقَالَ ٱرْكَبُوا۟ فِيهَا بِسْمِ ٱللَّهِ مَجْر۪ىٰهَا وَمُرْسَىٰهَآ ۚ إِنَّ رَبِّى لَغَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٤١﴾ وَهِىَ تَجْرِى بِهِمْ فِى مَوْجٍ كَٱلْجِبَالِ وَنَادَىٰ نُوحٌ ٱبْنَهُۥ وَكَانَ فِى مَعْزِلٍ يَٰبُنَىَّ ٱرْكَب مَّعَنَا وَلَا تَكُن مَّعَ ٱلْكَٰفِرِينَ ﴿٤٢﴾ قَالَ سَـَٔاوِىٓ إِلَىٰ جَبَلٍ يَعْصِمُنِى مِنَ ٱلْمَآءِ ۚ قَالَ لَا عَاصِمَ ٱلْيَوْمَ مِنْ أَمْرِ ٱللَّهِ إِلَّا مَن رَّحِمَ ۚ وَحَالَ بَيْنَهُمَا ٱلْمَوْجُ فَكَانَ مِنَ ٱلْمُغْرَقِينَ ﴿٤٣﴾﴾

سواربوونی کەشتیەکە و ڕۆشتنی لەناو ئەو شەپۆلە گەورانەدا

خودای مەزن باسی نووح پێغەمبەر دەکا (سەلامی خوای لێبێ) کە ئەڵێ بەو کەسانەی کە فەرمان درا لەگەڵ خۆی هەڵیان گرێ ﴿وَقَالَ ٱرْكَبُوا۟ فِيهَا بِسْمِ ٱللَّهِ مَجْر۪ىٰهَا وَمُرْسَىٰهَآ ۚ إِنَّ رَبِّى لَغَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾ نووح گوتی: هەمووتان سوار بن لەو کەشتیەدا بەناوی خوداوە لە کاتی ڕۆشتن و وەستانیدا، پەروەردگاری

---

[1] الطبري(١٥/٣١٨).

[2] الطبري(١٥/٣٢٦).

مـن لیّ بـوردەو دلۆڤانـە. واتـە: ڕۆشـتن بـەناوی خودایـەو لەسـەر ئـاوو بـەناوی خـودایش دەوەسـتیّو ڕوشتنەکەی کۆتایی پیّ دیّت، ئەبوڕەجائی عەتاریدی ئەم ئایەتەی بەم شـێوەیەش خوێنـدەوە ﴿بسم الله مُجريها ومُرسيها﴾[1]، خـودای مـەزن لـە ئایـەتێکی تـرا فەرمووپـەتی: ﴿فَإِذَا ٱسْتَوَيْتَ أَنتَ وَمَن مَّعَكَ عَلَى ٱلْفُلْكِ فَقُلِ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ ٱلَّذِى نَجَّىٰنَا مِنَ ٱلْقَوْمِ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٢٨﴾ وَقُل رَّبِّ أَنزِلْنِى مُنزَلًا مُّبَارَكًا وَأَنتَ خَيْرُ ٱلْمُنزِلِينَ﴾[2] هـەرکاتیّ خۆت‌و هاوڕێکانت لەسەر کەشتیەکە جێتان گرت، بلّیّ: سوپاس بۆ خودایە کە لـە کێشەی ستەمکاران ڕزگاری کردین، بشلّیّ: ئەی پەروەردگارم! لە شوێنێکی بە پیت دامبەزێنـەو تۆ لـە هـەموو میوانداران چاکتر میوان بەخێو دەکەی. بۆیە سونەتە ناوی خودا هێنان لە سەرەتای گشت شتێکاو لە سواربوونی کەشتی‌و ولاغی سواریشا. وەك خودای مـەزن فەرمووپـەتی: ﴿وَٱلَّذِى خَلَقَ ٱلْأَزْوَٰجَ كُلَّهَا وَجَعَلَ لَكُم مِّنَ ٱلْفُلْكِ وَٱلْأَنْعَٰمِ مَا تَرْكَبُونَ ﴿١٢﴾ لِتَسْتَوُۥا عَلَىٰ ظُهُورِهِۦ ثُمَّ تَذْكُرُوا نِعْمَةَ رَبِّكُمْ إِذَا ٱسْتَوَيْتُمْ عَلَيْهِ وَتَقُولُوا سُبْحَٰنَ ٱلَّذِى سَخَّرَ لَنَا هَٰذَا وَمَا كُنَّا لَهُۥ مُقْرِنِينَ ﴿١٣﴾ وَإِنَّآ إِلَىٰ رَبِّنَا لَمُنقَلِبُونَ﴾[3] واتە: وە ئەو خوایـەی کـە هـەموو جووتەکانی بەدیهێناوە وە کەشتی‌و ولاخی بۆ فەراهەم هێناون کە سواریان دەبن، بۆ ئـەوەی سواری پشتیان بن لەپاشان بیر لـە بـەهرەی پـەروەردگارتان بکەنـەوە کـاتیّ سواریان بـوون وە بلّێن پـاك‌و بێگەردی بۆ ئەو خوایەی کە ئەمەی بۆ ڕام هێناوین کـە ئێمـە توانامـان بەسـەریدا نـەبوو، وە بەڕاستی ئێمە بۆلای پەروەردگارمان دەگەڕێینەوە. فەرمووده لەم بارەیەوە هاتووە جەختی لەسـەر دەکاتـەوە، وەك لە سورەتی الزخرف باسی دیّت خـوا مـەیلی لیّبـیّ، ﴿إِنَّ رَبِّى لَغَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾ بێگومـان پـەروەردگارم زۆر لێبـوردەو دلۆڤانـە. ئـەوە زۆر جێـی خۆیـەتی لـەکاتی باسـی سـزادانی خوانەناسـانداو چنکـانی سەرلەبەریان، باسی لێبوردەیی‌و دلۆڤانی خودای کردووە، نموونەی ئەم ئایەتە لە قورئانـا زۆر هـاتووە وەك فەرمووپـەتی: ﴿إِنَّ رَبَّكَ لَسَرِيعُ ٱلْعِقَابِ ۖ وَإِنَّهُۥ لَغَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾[4] واتـە: بەڕاسـتی پـەروەردگارت تۆڵەی خێرایـە بەڕاسـتی لێخۆشـبوو میهرەبانیشە. وە فەرمووپـەتی: ﴿وَإِنَّ رَبَّكَ لَذُو مَغْفِرَةٍ لِّلنَّاسِ عَلَىٰ ظُلْمِهِمْ ۖ وَإِنَّ رَبَّكَ لَشَدِيدُ ٱلْعِقَابِ﴾[5] واتـە: وە بەڕاستی پـەروەردگارت خـاوەن لێبوردنـە بـۆ خـەڵکی گەرچی ستەمکاریش بن هەروەها بەڕاستی پەروەردگارت توندو تیژەلە تۆڵەسەندا. چەند ئایەتی تـریش

[1] الطبري(١٥/٣٢٨).

[2] المؤمنون (٢٨-٢٩).

[3] الزخرف (١٢-١٤).

[4] الاعراف (١٦٧).

[5] الرعد (٦).

لەم جۆرە کە خودا باسی بەزەیی خۆی کردوە لەگەڵیدا باسی تۆڵە سەندنیشی کردوە. پاشان خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿وَهِيَ تَجْرِي بِهِمْ فِي مَوْجٍ كَالْجِبَالِ﴾ کەشتیەکە ئەوانی دەبرد بەناو شەپۆلی وادا دەچوو وەك کێوەکان وابوو. واتە: کەشتیەکە دەیبردن بەسەر ئاوەکەدا کە ڕووی زەمینی هەموو گرتبوو، هەتا کەوتە سەر لوتکەی چیاکانیش بەبەرزی پانزە باڵ، وە هەندێ گوتویانە: لەسەری چیاکانەوە بوو بە بەرزی هەشتا میل، ئەم کەشتیە بە ئیزنی خودا بەسەر ئەم ئاوەدا دەڕۆشت، لەژێر چاودێری بەزەیی‌و سۆزو پارێزگاری خودای مەزنا. وەك لە ئایەتی ترا فەرموویەتی: ﴿إِنَّا لَمَّا طَغَا الْمَاءُ حَمَلْنَاكُمْ فِي الْجَارِيَةِ ⑪ لِنَجْعَلَهَا لَكُمْ تَذْكِرَةً وَتَعِيَهَا أُذُنٌ وَاعِيَةٌ﴾[1] واتە: بەڕاستی ئێمە کاتێك کە ئاو سەرکەوت ئێوەمان هەڵگرت لە کەشتیدا، تا ئەم کردەوەیە بکەینە بیر هێنەرەوە بۆ ئێوە تالە گوێی بگرێ گوێگرێکی تێکەیشتوو. وە فەرموویەتی: ﴿وَحَمَلْنَاهُ عَلَىٰ ذَاتِ أَلْوَاحٍ وَدُسُرٍ ⑬ تَجْرِي بِأَعْيُنِنَا جَزَاءً لِّمَن كَانَ كُفِرَ ⑭ وَلَقَد تَّرَكْنَاهَا آيَةً فَهَلْ مِن مُّدَّكِرٍ﴾[2] واتە: وە نوحمان (لەگەڵ شوێنکەوتووانی) هەڵگرت لەسەر کەشتی یەك کە بە چەند پارچە تەختەو بزمار دروست کرابوو، بە چاودێری ئێمە دەڕۆیشت، ئەمە پاداشت بوو بۆ ئەو کەسەی باوەڕی پینەکرا (کە نووحە)، بێگومان ئەو ڕووداوەمان هێشتەوە تا ببێتە پەندێك جا ئایا کەسێك هەیە پەند وەرگرێ؟

بەسەرهاتی خنکانی کوڕە خوانەناسەکەی نووح پێغەمبەر(سەلامی خوای لێبێ)

خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿وَنَادَىٰ نُوحٌ ابْنَهُ وَكَانَ فِي مَعْزِلٍ يَا بُنَيَّ ارْكَب مَّعَنَا وَلَا تَكُن مَّعَ الْكَافِرِينَ﴾ نووح کوڕەکەی خۆی بانگ کرد کەلە شوێنێکی کەناردا بوو، گوتی: کوڕەکەم لەگەڵ ئێمەدا سواربەو خوانەناس مەبە. ئەم کوڕە چوارەم کوڕی نووح بوو ناوی یام بوو، خوانەناس بوو، باوکی لەکاتی سواربوونی کەشتیەکەدا داوای لێ کرد بڕوا بێنێ‌و لەگەڵیاندا سواری کەشتیەکە ببێ، وەك چۆن ئەو خەڵکە خوانەناسە دەخنکێن ئەویش ئەخنکێ، ﴿قَالَ سَآوِي إِلَىٰ جَبَلٍ يَعْصِمُنِي مِنَ الْمَاءِ﴾ گوتی: من پەنا بە چیایەك دەبەم کە لە ئاو دەمپارێزێ. ئەو کوڕە ئەوەندە نەفام بوو وایدەزانی ئەو تۆفانە ناگاتە سەر لوتکەی چیاکان ئەگەر هەڵگەڕێ‌و خۆی بگەیەنێتە سەر لوتکەی کێوێ لە خنکان ڕزگاری دەکا ﴿قَالَ لَا عَاصِمَ الْيَوْمَ مِنْ أَمْرِ اللَّهِ إِلَّا مَن رَّحِمَ ۚ وَحَالَ بَيْنَهُمَا الْمَوْجُ فَكَانَ مِنَ الْمُغْرَقِينَ﴾

---

[1] الحاقة (١١-١٢).

[2] القمر (١٣-١٥).

نووح پێی گوت: ئەمڕۆ هیچ پاراستن لە فەرمانی خودا نیە، کەسێ نەبێ کەخۆی بەزەیی پێدابێتەوە، شەپۆل کەوتە نێوانیانو خرایە ڕیزی خنکاوان.

﴿ وَقِيلَ يَٰٓأَرۡضُ ٱبۡلَعِي مَآءَكِ وَيَٰسَمَآءُ أَقۡلِعِي وَغِيضَ ٱلۡمَآءُ وَقُضِيَ ٱلۡأَمۡرُ وَٱسۡتَوَتۡ عَلَى ٱلۡجُودِيِّۖ وَقِيلَ بُعۡدٗا لِّلۡقَوۡمِ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٤٤﴾ ﴾

کۆتایی لافاوەکە

خـــودای مـــەزن ئەفـــەرموێت: ﴿ وَقِيلَ يَٰٓأَرۡضُ ٱبۡلَعِي مَآءَكِ وَيَٰسَمَآءُ أَقۡلِعِي وَغِيضَ ٱلۡمَآءُ وَقُضِيَ ٱلۡأَمۡرُ وَٱسۡتَوَتۡ عَلَى ٱلۡجُودِيِّ ﴾ پاشان گوترا: زەمین ئاوەکەت بخۆرەوە ئاسمان بەس ببارێنە، ئاو ڕۆچوو بە ناخی زەمیناو کار سەری گرت، (کەشتیەکە) لەسەر جوودی لەنگەری گرت. خودای گەورە لێرەدا باسی ئەوە دەکا،کاتێ کە خەڵکی سەر زەمین هەموو خنکان جگە لەوانەی کە لەناو کەشتیەکەدا بوون، فەرمان درا بە زەمین ئەو ئاوەی کە لێی هەڵدەقوڵا بیخواتەوە (هەڵی مژێتەوە). فەرمانیش درا بە ئاسمان کە باران نەبارێنێ، ئاوەکە کەم کەم نیشتەوە، هیچ کەسێ لەسەر زەمینا نەما لەوانەی کە خوانەناس بوونو تۆویان نەماو بنە بڕ بوون. کەشتیەکە لەسەر کێوی جوودی کەنارەی گرت. موجاهیدئەڵێ: (جوودی) چیایەك بوو لە(الجزيرة)ەدا لە چیاکانی تر بەرزتر بوو لەو کاتەدا نەبوویە ژێر ئاوەو مایەوە، ملکەچی فەرمانی خودا بوو، کەشتیەکەی نووح (سەلامی خوای لێبێ) لەسەر ئەو چیایە لەنگەری گرت.[1] قەتادەئەڵێ: کەشتیەکە مانگێ لەسەر چیاکە مایەوە هەتا ئەو خەڵکە لەسەری دابەزین. دیسان قەتادەئەڵێ: خودای مەزن کەشتیەکەی نووحی هێشتەوە لەسەر چیای جوودی لەسەر زەمینی جەزیرە بۆ ئەوە ببێتە پەندو ئامۆژگاری بۆ دوای خۆی.[2] پێشینەکانی ئەم ئوممەتەیش چاویان پێی کەوت، زۆر کەشتی دوای ئەم کەشتیە دروست کراو بوو بە خۆڵەکەوەو کەس نەیبینی، ﴿وَقِيلَ بُعۡدٗا لِّلۡقَوۡمِ ٱلظَّٰلِمِينَ﴾ هەر دوور بن ئەوانەی کە ستەمکارن. واتە: مردنو زەرەرمەندیو بۆ ئەو کەسانەی ناهەقی کارن، ئەوانە هەموو لەناوچوونو هیچیان نەماو بنەبڕ بوون.

﴿ وَنَادَىٰ نُوحٞ رَّبَّهُۥ فَقَالَ رَبِّ إِنَّ ٱبۡنِي مِنۡ أَهۡلِي وَإِنَّ وَعۡدَكَ ٱلۡحَقُّ وَأَنتَ أَحۡكَمُ ٱلۡحَٰكِمِينَ ﴿٤٥﴾ قَالَ يَٰنُوحُ إِنَّهُۥ لَيۡسَ مِنۡ أَهۡلِكَۖ إِنَّهُۥ عَمَلٌ غَيۡرُ صَٰلِحٖۖ فَلَا تَسۡـَٔلۡنِ مَا لَيۡسَ لَكَ بِهِۦ عِلۡمٌۖ إِنِّيٓ أَعِظُكَ أَن تَكُونَ مِنَ ٱلۡجَٰهِلِينَ ﴿٤٦﴾ قَالَ رَبِّ إِنِّيٓ أَعُوذُ بِكَ أَنۡ أَسۡـَٔلَكَ مَا لَيۡسَ لِي بِهِۦ عِلۡمٞۖ وَإِلَّا تَغۡفِرۡ لِي وَتَرۡحَمۡنِيٓ أَكُن مِّنَ ٱلۡخَٰسِرِينَ ﴿٤٧﴾ ﴾

---

[1] الطبري (٣٣٧/١٥).

[2] الطبري (٣٣٨/١٥).

گەڕانەوە بۆ سەر بەسەرهاتی کوڕەکەی نووح و باسی ئەو وتووێژەی کە ڕوویدا لەنێوان نووح و خودای مەزنا لەبارەی کوڕەکەی نووحەوە

خـودای مـەزن ئەفـەرموێت: ﴿وَنَادَىٰ نُوحٌ رَّبَّهُۥ فَقَالَ رَبِّ إِنَّ ٱبۡنِي مِنۡ أَهۡلِي وَإِنَّ وَعۡدَكَ ٱلۡحَقُّ وَأَنتَ أَحۡكَمُ ٱلۡحَٰكِمِينَ﴾ نووح لە پەروەردگاری پاڕایەوە، گوتی: ئەی پەروەردگاری من! کوڕەکـەم لـە کـەس و کاری منە، بەڵێنی تۆیش هەر دێتە جێ و تۆ لە گشت فەرمانڕەوایەك فـەرمانڕەواتری، ئەمـە پرسیارێکە لە نووحەوە بۆ ڕوونکردنـەوەو دەرکـەوتنی حاڵی کوڕەکـەی کـە خنکا، دەڵـێ ئـەی پـەروەردگارم تـۆ بەڵێنت دامێ کەس و کارەکەم ڕزگاری دەبێ، بەڵێنی تۆش ڕاستەو دێتەجێ، چۆن کوڕەکەم خنکا، تـۆ لە گشت فەرمانڕەواکان دادوەرتری. خودای مەزن وەڵامی ئەداتەوەو ئەفەرموێت: ﴿قَالَ يَٰنُوحُ إِنَّهُۥ لَيۡسَ مِنۡ أَهۡلِكَۖ إِنَّهُۥ عَمَلٌ غَيۡرُ صَٰلِحٖۖ فَلَا تَسۡـَٔلۡنِ مَا لَيۡسَ لَكَ بِهِۦ عِلۡمٌۖ إِنِّيٓ أَعِظُكَ أَن تَكُونَ مِنَ ٱلۡجَٰهِلِينَ﴾ فـەرمووی: ئەی نووح، ئەم کوڕەت کەسی تۆ نیـە، ئاکاری ناپەسندی هەیە، هـەر شتێ هیچی لێ نـەزانی، داوای مەکە، من ئامۆژگاریت دەکەم کە خۆت نەخەیتە ڕیزی نەزانان. واتە: ئەی نووح کوڕەکـەت لـەو کـەس و کارانـەت نـەبوو کـە بەڵێنمـدا ڕزگاریـان بکـەن، بێگومـان مـن بـەڵێنی ئەوانـەم دا ڕزگاریـان بکـەن کـە خاوەنباوەڕ بوون ئەوانە نەبێ لە پێشا بڕیاریان بۆ دراوە بۆیە خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَأَهۡلَكَ إِلَّا مَن سَبَقَ عَلَيۡهِ ٱلۡقَوۡلُ﴾ ئەم کوڕەیش یەکێ بوو لەوانەی کە لە پێشا بڕیاری بۆ درابوو کە بخنکێ لەبەر خوانەناس و دژایەتیکردنی باوکی کە نووح پێغەمبەر بوو (سەلامی خوای لێبێ) ﴿قَالَ رَبِّ إِنِّيٓ أَعُوذُ بِكَ أَنۡ أَسۡـَٔلَكَ مَا لَيۡسَ لِي بِهِۦ عِلۡمٞۖ وَإِلَّا تَغۡفِرۡ لِي وَتَرۡحَمۡنِيٓ أَكُن مِّنَ ٱلۡخَٰسِرِينَ﴾ نـووح گـوتی: ئـەی پـەروەردگارم، هـەر خـۆم بـە تـۆ دەپـارێزم، کـە داوای شـتێکت لێ بکـەم و نـەیزانم، ئەگـەر بـەزەییت پێمدانەیەتـەوەو لێمنـەبووری یـەکێکم لـە زیانبـاران، عەبـدوڕەزاق ڕیوایـەتی کـردوە لـە ئیبنوعەبباسەوەئەڵێ: ئەوە کوڕی بوو، بەڵام جیاوازی هـەبوو لەگەڵیا لـە کرداروو نیازو مەبەستیا، عیکریمە ئەڵێ لە هەندێ لەخوێندنەکاندا هاتووەکەئەڵێ ﴿إِنَّهُ عَمِلَ عَمَلاً غَيْرَ صَٰلِحٍ﴾.[1]

﴿قِيلَ يَٰنُوحُ ٱهۡبِطۡ بِسَلَٰمٖ مِّنَّا وَبَرَكَٰتٍ عَلَيۡكَ وَعَلَىٰٓ أُمَمٖ مِّمَّن مَّعَكَۚ وَأُمَمٞ سَنُمَتِّعُهُمۡ ثُمَّ يَمَسُّهُم مِّنَّا عَذَابٌ أَلِيمٞ ﴿٤٨﴾﴾

---

[1] الطبري (١٥/٣٤٣).

فەرماندان بە دابەزین لە کەشتیەکە هاوڕێ لەگەڵ بەرەکەت وسەلامەتیدا

خـودای مـەزن ئەفـەرموێت: ﴿قِيلَ يَٰنُوحُ ٱهْبِطْ بِسَلَٰمٍ مِّنَّا وَبَرَكَٰتٍ عَلَيْكَ وَعَلَىٰٓ أُمَمٍ مِّمَّن مَّعَكَ ۚ وَأُمَمٌ سَنُمَتِّعُهُمْ ثُمَّ يَمَسُّهُم مِّنَّا عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ گوترا: ئەی نووح بە سەلامەتیو بەو پیتەوە (کە داومانە بە تۆو هاوسەفەرەکانت) دابەزە، چینو بەرەکانی دوایش، تا ماوەیەك، مۆڵەتی ژیانیان ئەدەینێو پاشان تووشی ئازاری بە ژانیان دەکەین. خودای مەزن لێرەدا باسی ئەوە دەکا کە چی گوترا بە نووح (سەلامی خوای لێبێ) کاتێ کە کەشتیەکە لەسەر جوودی لەنگەری گرت، لە سڵاو لێکردنیو سڵاو لەوانەیش کە لەگەڵیا بوون لە خاوەنباوەڕان، وە لە گشت خاوەنباوەڕێ لە نەوەکانی هەتا ڕۆژی قیامەت، وەك موحەممەدی کوڕی کەعب ئەڵێ: ئەم سڵاوە گشت خاوەنباوەڕێکی پیاوو ژن دەگرێتەوە هەتا ڕۆژی قیامەت، وە گشت خوانەناسێکیش دەگرێتەوە پیاو بێ یان ژن، ماوەیەك لە دنیادا مۆڵەتی ژیانیان پێ ئەدرێو پاشان تووشی سزا دەبن تا ڕۆژی قیامەت.[1] موحەممەدی کوڕی ئیسحاق ئەڵێ: کاتێ خودا ویستی لافاوەکە بوەستێنێ، بایەکی نارده سەر زەمین ئاوەکەی وەستاندو سەرچاوەکانی سەر زەمینی داخست گرتەوە لەگەڵ دەرگاکانی ئاسماندا، خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿وَقِيلَ يَٰٓأَرْضُ ٱبْلَعِى مَآءَكِ﴾ واتە: گوترا بە زەمین ئاو بخۆرەوە، ئاوەکە بە زەمینا دەچووە خوارو کەمی دەکردو نەدەما، کەشتیەکەیش لەسەر جوودی لەنگەری گرت (وەك ئەهلی تەورات دەڵێن) لە حەڤدەی مانگی حەوتدا، وە لە یەکەم ڕۆژی مانگی دە دا لوتکەی چیاکان بینرا، پاش ئەوەیش چل ڕۆژی تریشی بەسەردا ڕۆشت، نووح پێغەمبەر(سەلامی خوای لێبێ) دەلاقەی کەشتیەکەی کردەوە، کە لێیەوە سواری کەشتیەکە بوون، پاشان قەلەڕەشی نارد تا سەیری بۆ بکا ئاو چی کردووە، بەڵام قەلەڕەش نەگەڕایەوە بۆلای، پاشان کۆتری نارد گەڕایەوە بۆلای بەڵام هیچ شتێکی بە قاچەکانیەوە نەدی، دەستی برد بۆ کۆترەکەو گرتیو خستیە ناو کەشتیەکە، دوای ئەوەی حەوت ڕۆژی بەسەرا ڕۆشت، پاشان ناردیەوە تا سەیری بۆ بکا، لە کاتی ئێوارە گەڕایەوە، گەڵای زەیتونی بە دەمەوە بوو، نووح پێغەمبەر زانی کە ئاوەکە لەسەر زەمین کەم بووەتەوە، پاشان حەوت ڕۆژی تر مایەوە، کۆترەکەی ناردەوە بەڵام کۆترەکە نەگەڕایەوە، نووح زانی کە زەمین دەرکەوتووە، کە ساڵێك دوای هاتنی لافاوەکە تەواو بوو، نووح کۆترێکی نارد، لە ڕۆژی یەکەمی مانگی یەکی ساڵی دووهەما ڕووی زەمین دەرکەوتو وشکانی دیاری دا، نووح پێغەمبەر(سەلامی خوای لێبێ) سەرقاپی کەشتیەکەی هەڵدایەوە،

---

[1] الطبري (١٥/٣٥٣).

له بیستو شەشی مانگی دووی ساڵی دووەما گوترا: بـه نـووح دابـەزه (لـه کەشتیەکه به سـەلامەت لەلایەن ئێمەوه) ﴿قِيلَ يَٰنُوحُ ٱهۡبِطۡ بِسَلَٰمٖ مِّنَّا﴾[1].

﴿تِلۡكَ مِنۡ أَنۢبَآءِ ٱلۡغَيۡبِ نُوحِيهَآ إِلَيۡكَۖ مَا كُنتَ تَعۡلَمُهَآ أَنتَ وَلَا قَوۡمُكَ مِن قَبۡلِ هَٰذَاۖ فَٱصۡبِرۡۖ إِنَّ ٱلۡعَٰقِبَةَ لِلۡمُتَّقِينَ ﴿٤٩﴾﴾

باسی ئەم بەسەرهاتە بەڵگەیە لەسەر نیگای خودا بۆ پێغەمبەر(ﷺ)

خـودای مـەزن ئەفـەرموێت بـە پێغەمبەرەکـەی موحەممـەد(ﷺ) ئـەم بەسـەرهاتەو وێنـەی ئـەم بەسەرهاتە ﴿تِلۡكَ مِنۡ أَنۢبَآءِ ٱلۡغَيۡبِ نُوحِيهَآ﴾ ئەمانەو ئەو هەواڵانەی نادیارن کە بۆ تـۆی رادەگەیـەنین لـە شتە نادیارەکانی رابردووە کە لێرەدا بۆت باس دەکەین، وەك ئەوە وایە کـە بـە چـاوی خـۆت ببینـی، ﴿مَا كُنتَ تَعۡلَمُهَآ أَنتَ وَلَا قَوۡمُكَ مِن قَبۡلِ هَٰذَا﴾ لەمەوبەر نە تۆ دەتزانین نە هۆزەکەت، هەتا ئەوانەی کە بڕوات پێناکەن بڵێن لەوانەوە فێری بوویت، بەڵکو خودا ئەو ڕووداوەی وەك خـۆی بـۆ باسکردووی وەك کتێبە پێشینەکانی پێغەمبـەران شایەتی لەسـەر ئـەدەن ﴿فَٱصۡبِرۡۖ إِنَّ ٱلۡعَٰقِبَةَ لِلۡمُتَّقِينَ﴾ خـۆڕاگر بـە، دواڕۆژ بۆ خودا ترسانە، واتە: خۆڕاگربە لەسەر ئەوەی کە بـڕوات پێناکـەنو ئـازارت ئـەدەن، بێگومـان ئێمـە چـاومان لێتـەو بـەو زووانـە سـەرت دەخـەین، پاشـەڕۆژیش وای لێ دەکـەین کـە بـۆ تـۆو شوێنکەوتووەکانت بێ لە دنیاو لە دواڕۆژیشدا، وەك چۆن بۆ پێغەمبەرەکانی ترمان کردو سەرمانخستن بەسـەر دوژمنـەکانیانا، خـودای گـەورە لـە ئایـەتی تـرا فەرموویـەتی: ﴿إِنَّا لَنَنصُرُ رُسُلَنَا وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ﴾.[2] واتە: بەڕاستی ئێمـە پێغەمبـەرانمانو ئەوانـەی باوەڕیـان هێنـاوە سـەرکەوتوو دەکـەین. وە فەرموویەتی: ﴿وَلَقَدۡ سَبَقَتۡ كَلِمَتُنَا لِعِبَادِنَا ٱلۡمُرۡسَلِينَ ﴿١٧١﴾ إِنَّهُمۡ لَهُمُ ٱلۡمَنصُورُونَ﴾[3] واتە: سوێند بە خوا بێگومـان پێشتر بڕیارمان داوە بـۆ بەنـدە نێردراوەکانمـان، کـە بێگومـان هـەر ئـەوان سـەردەخرێن. وە لێرەیـشا فەرموویەتی: ﴿فَٱصۡبِرۡۖ إِنَّ ٱلۡعَٰقِبَةَ لِلۡمُتَّقِينَ﴾.

---

[1] الطبري (١٥/٣٣٨).

[2] غافر (٥١).

[3] الصافات (١٧١–١٧٢).

﴿وَإِلَىٰ عَادٍ أَخَاهُمْ هُودًا قَالَ يَٰقَوْمِ ٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَٰهٍ غَيْرُهُۥٓ إِنْ أَنتُمْ إِلَّا مُفْتَرُونَ ﴿٥٠﴾
يَٰقَوْمِ لَآ أَسْـَٔلُكُمْ عَلَيْهِ أَجْرًا إِنْ أَجْرِىَ إِلَّا عَلَى ٱلَّذِى فَطَرَنِىٓ أَفَلَا تَعْقِلُونَ ﴿٥١﴾ وَيَٰقَوْمِ ٱسْتَغْفِرُوا۟ رَبَّكُمْ
ثُمَّ تُوبُوٓا۟ إِلَيْهِ يُرْسِلِ ٱلسَّمَآءَ عَلَيْكُم مِّدْرَارًا وَيَزِدْكُمْ قُوَّةً إِلَىٰ قُوَّتِكُمْ وَلَا تَتَوَلَّوْا۟ مُجْرِمِينَ ﴿٥٢﴾﴾

بەسەرهاتی هوودو عاد

خودای مەزن ئەفەرمویّت: ﴿وَإِلَىٰ عَادٍ أَخَاهُمْ هُودًا قَالَ يَٰقَوْمِ ٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَٰهٍ غَيْرُهُۥٓ إِنْ أَنتُمْ إِلَّا مُفْتَرُونَ﴾ هودیشمان نارد بۆ لای عاد کە برایان بوو، گوتی: تەنیا خودا بپەرستن ئەی هۆزەکەم، بێجگە لەو ئەو خودایەکی ترتان نیە، ئێوە تەنیا هەر درۆ هەڵدەبەسن. خودای گەورە فەرمانی پێکردوون کە تەنیا خودا بپەرستن‌و شەریکی بۆ دانەنێن، بت پەرستی لێ قەدەغەکردن کە لە خۆیانەوە بە درۆوە ناوی خودایان لەو بتانە دەنا، وە فەرموویەتی: ﴿يَٰقَوْمِ لَآ أَسْـَٔلُكُمْ عَلَيْهِ أَجْرًا إِنْ أَجْرِىَ إِلَّا عَلَى ٱلَّذِى فَطَرَنِىٓ أَفَلَا تَعْقِلُونَ﴾ هوود گوتی بە هۆزەکەی، بۆ ئەم کارە کرێم لە ئێوە ناوێ، پاداشتی من لەسەر داهێنەری خۆمە، ئایا بۆ دەبێ تێنەگەن؟ هوود پێغەمبەر(سەلامی خوای لێبێ) هەواڵی دانێ کە هیچ ماڵو سامانێکی لەوان ناوێ لەسەر ئەو پەیامەی لەلایەن خوداوە بۆی هێناون‌و ئەو ئامۆژگاریەی کە دەیکا، بەڵکو بە هیوای پاداشتی ئەو خودایە کە دروستی کردووە ﴿أَفَلَا تَعْقِلُونَ﴾ ئایا بۆ دەبێ تێنەگەن لە کەسێ کە بانگتان دەکا بۆ شتێ کە خێری دنیاو قیامەتی تێدایە بۆتان بێ ئەوەی داوای ماڵو سامانتان لێ بکا. وە فەرموویەتی: ﴿وَيَٰقَوْمِ ٱسْتَغْفِرُوا۟ رَبَّكُمْ ثُمَّ تُوبُوٓا۟ إِلَيْهِ يُرْسِلِ ٱلسَّمَآءَ عَلَيْكُم مِّدْرَارًا وَيَزِدْكُمْ قُوَّةً إِلَىٰ قُوَّتِكُمْ وَلَا تَتَوَلَّوْا۟ مُجْرِمِينَ﴾ ئەی هۆزەکەم داوای لێ بووردنیش هەر لەو بکەن‌و بۆلای ئەو بگەڕێنەوەتا لە ئاسمانەوە بە ڕێژنە بارانتان بۆ بنێرێ‌و هێزێ تر بدات بەهێزتان، هەروا بە تاوانباری ڕوو وەرمەگێڕن. پاشان خودای مەزن فەرمانیان پێدەکا کە داوای لێبووردن بکەن کە دەبێتە هۆی کەفارەتی گوناهە پێشووەکانیان‌و تەوبەیش بکەن لەو گوناهانەیش کە توشیان دێ، هەرکەسێ خۆی ڕابێنێ لەسەر ئەو سیفەتانە خودای مەزن ڕۆزی بۆ سانا دەکاو کارەکانی بۆ سوك دەکا بۆیە فەرموویەتی: ﴿يُرْسِلِ ٱلسَّمَآءَ عَلَيْكُم مِّدْرَارًا﴾[1] واتە: (ئینجا گەر وابکەن) بارانی خوڕەم‌و لێزمەتان بۆ دەبارێنێ.

[1] نوح (١١).

﴿قَالُواْ يَـٰهُودُ مَا جِئْتَنَا بِبَيِّنَةٍ وَمَا نَحْنُ بِتَارِكِيٓ ءَالِهَتِنَا عَن قَوْلِكَ وَمَا نَحْنُ لَكَ بِمُؤْمِنِينَ ﴿٥٣﴾ إِن
نَّقُولُ إِلَّا ٱعْتَرَىٰكَ بَعْضُ ءَالِهَتِنَا بِسُوٓءٍ قَالَ إِنِّيٓ أُشْهِدُ ٱللَّهَ وَٱشْهَدُوٓاْ أَنِّي بَرِيٓءٌ مِّمَّا تُشْرِكُونَ ﴿٥٤﴾ مِن دُونِهِۦ
فَكِيدُونِي جَمِيعًا ثُمَّ لَا تُنظِرُونِ ﴿٥٥﴾ إِنِّي تَوَكَّلْتُ عَلَى ٱللَّهِ رَبِّي وَرَبِّكُم مَّا مِن دَآبَّةٍ إِلَّا هُوَ ءَاخِذٌۢ بِنَاصِيَتِهَآ إِنَّ رَبِّي
عَلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ ﴿٥٦﴾﴾

وتوویژی نێوان هوود پێغەمبەرو (سەلامی خوای لێبێ) هۆزی عاد

خودای مەزن باسی هۆزی عاد دەکات وئەفەرموێ: ﴿قَالُواْ يَـٰهُودُ مَا جِئْتَنَا بِبَيِّنَةٍ﴾ گوتیان ئەی هوود، تۆ هیچ بەلگەیەکت لە خوداوە بۆ نەهێناوین (لەسەر ئەوشتانەبێ تۆ باسی دەکەی) ﴿وَمَا نَحْنُ بِتَارِكِيٓ ءَالِهَتِنَا عَن قَوْلِكَ وَمَا نَحْنُ لَكَ بِمُؤْمِنِينَ﴾ هەر بە قسەی تۆ ئێمە لەوەی پەرەستوومانە دەستبەرنادەین، برِوایش بە تۆ ناهێنین (واتە: ئێمە هەر بەوەی تۆ بلێی واز لەو پەرستوانە بێنن، ئێمە وازی لێ ناهێنین، برِواشت پێ ناکەین)، ﴿إِن نَّقُولُ إِلَّا ٱعْتَرَىٰكَ بَعْضُ ءَالِهَتِنَا بِسُوٓءٍ﴾ ئێمە هەر ئەوەندە دەلێین: رەنگە هەندێك لەوانەی دەیانپەرستین،تۆی تووشی نەگبەتیەك کردبێ، واتە: تووشی شێتی کردبێو عەقلی تێکدابێ، بەهۆی ئەوەی کە بەرگریمان دەکەی لە پەرستنیانو بە ناشیرن ناویان دەبەی. ﴿قَالَ إِنِّيٓ أُشْهِدُ ٱللَّهَ وَٱشْهَدُوٓاْ أَنِّي بَرِيٓءٌ مِّمَّا تُشْرِكُونَ﴾ هوود گوتی: خوا بە شایەت دەکرم، ئێوەش هەروەها شایەت بن،من لە ئەوەی ئێوە دەیپەرستن بەرکەنارم، واتە: من دوورم لە پەرستنی ئەو هەموو بتانەی ئێوە دەیپەرستن ﴿مِن دُونِهِۦ فَكِيدُونِي جَمِيعًا ثُمَّ لَا تُنظِرُونِ﴾ لە جگەلە خوا سا هەمووتان فێلم لێ بکەنو مۆلەتم مەدەن خۆشتانو پەرستووەکانتان ئەگەر ئەوەی گوتوتانە راستە، ﴿إِنِّي تَوَكَّلْتُ عَلَى ٱللَّهِ رَبِّي وَرَبِّكُم مَّا مِن دَآبَّةٍ إِلَّا هُوَ ءَاخِذٌۢ بِنَاصِيَتِهَآ إِنَّ رَبِّي عَلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ﴾ من خۆم سپارد بەو خودایە کە منی پەروەردەکردووەو پەروەردگاری ئێوەش هەرئەوە، هیچ شتێ ناجولێتەوە خودا دەستەلات دارنەبێ بەسەریدا بە مووی پێش سەری دەیگرێ، دیارە رێگەی پەروەردگارم راستە رێیە، واتە: لەژێر تواناو دەستەلاتی خودا دەرناچێ ئەو خودایەی کە هەر خۆی فەرمانرەواو دادپەروەرە کە هەرگیز لە فەرمانیا ستەم لەکەس ناکا، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە هوود پێغەمبەر(سەلامی خوای لێبێ) بەلگەی زۆر بەهێزی پێیە لەسەر ئەو پەیامەی کە بۆی هێناون، پرِوپوچی ئەو کارەی ئەوان دەردەخا لە پەرستنی ئەو بتانە کە نە سوودیان هەیەو نە زیانیش بە کەس دەگەیەنن بەلکو بێ گیانن. نە دەبیسنو نە دەبینن، نە یارمەتی کەس ئەدەنو نەدەشتوانن دژایەتی کەس بکەن. بەلکو ئەو کەسەی شایەنی ئەوەیە کە بە پاکی عیبادەتی بکرێ تەنیا خودایە کە

شەریکی نیە، خاوەنی هەموو شتێکەو بەڕێوەیان دەبا، هیچ شتێك نیە لەژێر دەستەڵاتو توانای ئەودا نەبێ، هیچ پەرستراوێك نیە جگە لە خودا پەروەردگاریش هەر ئەوە کەسی تر نیە.

﴿فَإِن تَوَلَّوْا فَقَدْ أَبْلَغْتُكُم مَّا أُرْسِلْتُ بِهِۦٓ إِلَيْكُمْ ۚ وَيَسْتَخْلِفُ رَبِّى قَوْمًا غَيْرَكُمْ وَلَا تَضُرُّونَهُۥ شَيْـًٔا ۚ إِنَّ رَبِّى عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ حَفِيظٌ ﴿٥٧﴾ وَلَمَّا جَآءَ أَمْرُنَا نَجَّيْنَا هُودًا وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ مَعَهُۥ بِرَحْمَةٍ مِّنَّا وَنَجَّيْنَٰهُم مِّنْ عَذَابٍ غَلِيظٍ ﴿٥٨﴾ وَتِلْكَ عَادٌ ۖ جَحَدُوا۟ بِـَٔايَٰتِ رَبِّهِمْ وَعَصَوْا۟ رُسُلَهُۥ وَٱتَّبَعُوٓا۟ أَمْرَ كُلِّ جَبَّارٍ عَنِيدٍ ﴿٥٩﴾ وَأُتْبِعُوا۟ فِى هَٰذِهِ ٱلدُّنْيَا لَعْنَةً وَيَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ ۗ أَلَآ إِنَّ عَادًا كَفَرُوا۟ رَبَّهُمْ ۗ أَلَا بُعْدًا لِّعَادٍ قَوْمِ هُودٍ ﴿٦٠﴾﴾

خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿فَإِن تَوَلَّوْا فَقَدْ أَبْلَغْتُكُم مَّا أُرْسِلْتُ بِهِۦٓ إِلَيْكُمْ﴾ ئەگەر ڕازی نەبوون ئەوەی پێم ڕاسپێرراوە بۆتان من پێمگەیاندن. واتە: هوود گوتی: ئەگەر ئەوەی من ڕەوانە کرام پێی بۆتان قەبوڵتان نەکرد، کە بریتیە لە پەرستنی پەروەردگارتان بەتەنیا کە شەریکی نیە، ئیتر ئێوە هیچ بیانوویەکتان نامێنێ دوای گەیاندنی ئەو پەیامەی خودا لەلایەن منەوە بۆتان ﴿وَيَسْتَخْلِفُ رَبِّى قَوْمًا غَيْرَكُمْ وَلَا تَضُرُّونَهُۥ شَيْـًٔا﴾ پەروەردگاری من، کەسانێکی تر لە شوێنی ئێوە دادەنێ‌و هیچ زیانیشی لێنادەن، واتە: کۆمەڵێ تر لە شوێنی ئێوە دادەنێ بەتەنیا ئەو دەپەرستن‌و شەریکی بۆ دانانێن، گوێش بە ئێوە نادەن‌و خوانەناسی ئێوە کار لە ئەوان ناکا بەڵکو ناکامی ئەو بێدینیە دەگەڕێتەوە بۆ خۆتان، ﴿إِنَّ رَبِّى عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ حَفِيظٌ﴾ پەروەردگارم چاودێری هەموو شتە، شایەت‌و ئاگاداری کردارو گفتاری عەبدەکانیەتی‌و پاداشتیان ئەداتەوە لەسەری، چاکە بە چاکەو خراپەیش بە تۆڵە لێسەندن لێیان.

لەناودانی هۆزی عادو سەرئەنجامی ئەوانەی خاوەنباوەڕ بوون لە ناویاندا

خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿وَلَمَّا جَآءَ أَمْرُنَا نَجَّيْنَا هُودًا وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ مَعَهُۥ بِرَحْمَةٍ مِّنَّا وَنَجَّيْنَٰهُم مِّنْ عَذَابٍ غَلِيظٍ﴾ کاتێ فەرمانی ئێمە هات لە بەزەیی خۆمانەوە هوودو ئەوانەی لەگەڵ ئەو هاوباوەڕ بوون، لە جەزرەبەی زۆر سەخت ڕزگارمان کردن. ﴿وَتِلْكَ عَادٌ ۖ جَحَدُوا۟ بِـَٔايَٰتِ رَبِّهِمْ وَعَصَوْا۟ رُسُلَهُۥ وَٱتَّبَعُوٓا۟ أَمْرَ كُلِّ جَبَّارٍ عَنِيدٍ﴾ ئەوەیش هۆزی عاد بوو، کە سەبارەت بە نیشانەکانی پەروەردگاریان حاشایان کردو لە فەرمانی پێغەمبەرەکانی خۆیان لایاندا، هەرکەسێ بێگوێ‌و لاسار بوو شوێنی دەکەوتن. واتە: کاتێ کە فەرمانی ئێمە هات کە بریتی بوو لە ڕەشەبایەکی توند، هۆزی عادی قڕکردو هیچی نەهێشتن، هوودو ئەوانەی کە شوێنکەوتووی بوون ڕزگاریان بوو لەو سزا قورس‌و گرانەو، بەر سۆزو بەزەیی خودا کەوتن، چونکە هۆزی عاد بڕوایان نەکرد بە نیشانەکانی خوداو لاساریان کرد بەرانبەر پێغەمبەرەکانی، وە هەرکەسێ بڕوای بە پێغەمبەرێ نەبێ، ئەوە ئەو کەسە بڕوای نەبووە بە گشت پێغەمبەرەکان، چونکە

هیچ جیاوازیە نیە لەنێوان پێغەمبەرەکان، باوەڕهێنان پێیان وەك یەکە، هۆزی عاد کە بڕوایان نەهێنا بە هوود پێغەمبەر(سەلامی خوای لێبێ) وەك ئەوە وایە کە بڕوایان بە هەموو پێغەمبەرەکان نەهێنابێ، پاشان خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿وَأُتْبِعُوا۟ فِى هَٰذِهِ ٱلدُّنْيَا لَعْنَةً وَيَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ ۗ أَلَآ إِنَّ عَادًا كَفَرُوا۟ رَبَّهُمْ ۗ أَلَا بُعْدًا لِّعَادٍ قَوْمِ هُودٍ﴾ لەم دنیایەو لە ڕۆژی قیامەتیشا، نەفرینیان هەر بە شوێنەوەیە، ئاگادار بن کە هۆزی عاد بڕوایان نەهێنا بە پەروەردگاریان، با دوورکەونەوە عادەکان کە هۆزی هوود بوون. واتە: بۆیە هەر لە دنیادا خودا لەعنەتی لێکردن‌و هەر کاتێکیش باسیان بکرێ خاوەنباوەڕانیش هەر لەعنەتیان لێدەکەن وە لە ڕۆژی قیامەتا لەبەر چاوی ئەو خەڵکە جاڕیان بۆ ئەدرێ پێیان دەڵێن ﴿أَلَآ إِنَّ عَادًا كَفَرُوا۟ رَبَّهُمْ ۗ أَلَا بُعْدًا لِّعَادٍ قَوْمِ هُودٍ﴾.

﴿وَإِلَىٰ ثَمُودَ أَخَاهُمْ صَٰلِحًا ۚ قَالَ يَٰقَوْمِ ٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَٰهٍ غَيْرُهُۥ ۖ هُوَ أَنشَأَكُم مِّنَ ٱلْأَرْضِ وَٱسْتَعْمَرَكُمْ فِيهَا فَٱسْتَغْفِرُوهُ ثُمَّ تُوبُوٓا۟ إِلَيْهِ ۚ إِنَّ رَبِّى قَرِيبٌ مُّجِيبٌ ﴿٦١﴾﴾

بەسەرهاتی پێغەمبەر صالح‌و (سەلامی خوای لێبێ) هۆزی سەمود

خوای مەزن ئەفەرموێت: ﴿وَإِلَىٰ ثَمُودَ أَخَاهُمْ صَٰلِحًا ۚ قَالَ يَٰقَوْمِ ٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَٰهٍ غَيْرُهُۥ﴾ بۆلای سەمودیش سالحی برایانمان نارد، گوتی: هۆزەکەم، هەر خودای تاك بپەرستن، ئێوە جگە لەو خودایەکتان نیە، خودای گەورە باسی هۆزی سەموود دەکا کە لە شارەکانی حیجرا نیشتەجێ بوون لەنێوان تەبوك‌و مەدینەدا، لەدوای هۆزی عاد هاتن، خودا پێغەمبەر سالحی بۆ ناردن (سەلامی خوای لێبێ) داوای لێکردن کە تەنیا خودا بپەرستن. بۆیە فەرموویەتی: ﴿هُوَ أَنشَأَكُم مِّنَ ٱلْأَرْضِ وَٱسْتَعْمَرَكُمْ فِيهَا﴾ ئەو لەم خاکە وەدی هێنان‌و ویستی ئاوەدانی بکەنەوە. واتە: لەم زەمینە ئێوەی دروستکرد، یەکەم جاریش ئادەمی بابتانی لەم زەمینە دروست کرد، وای دروست کردوون کە ئاوەدانی بکەنەوەو سودی لێوەربگرن بۆ خۆتان، ﴿فَٱسْتَغْفِرُوهُ ثُمَّ تُوبُوٓا۟ إِلَيْهِ﴾ داوای لێبوردنی لێبکەن‌و پاشان بەرەو خۆی وەرگەڕێن، واتە داوای لێبوردنی لێبکەن لەو گوناهانەی کردووتانە، لەمەوبەدوایش هەر بەرەو خودا بڕۆن‌و لامەدەن ﴿إِنَّ رَبِّى قَرِيبٌ مُّجِيبٌ﴾ پەروەردگاری من نزیکەو فریادتان دەکەوێ. وەك خودای گەورە لە ئایەتێکی ترا فەرموویەتی: ﴿وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِى عَنِّى فَإِنِّى قَرِيبٌ ۖ أُجِيبُ دَعْوَةَ ٱلدَّاعِ إِذَا دَعَانِ﴾[1]

---

[1] البقرة (١٨٦).

واتە: هەر کاتێ عەبدەکانم لە بارەی منەوە لە تۆ دەپرسن من نزیکم، هەرکەسێ هانام وەبەر بێنێ من وەلامی ئەدەمەوە.

﴿ قَالُوا۟ يَٰصَٰلِحُ قَدْ كُنتَ فِينَا مَرْجُوًّا قَبْلَ هَٰذَآ ۖ أَتَنْهَىٰنَآ أَن نَّعْبُدَ مَا يَعْبُدُ ءَابَآؤُنَا وَإِنَّنَا لَفِى شَكٍّ مِّمَّا تَدْعُونَآ إِلَيْهِ مُرِيبٍ ﴿٦٢﴾ قَالَ يَٰقَوْمِ أَرَءَيْتُمْ إِن كُنتُ عَلَىٰ بَيِّنَةٍ مِّن رَّبِّى وَءَاتَىٰنِى مِنْهُ رَحْمَةً فَمَن يَنصُرُنِى مِنَ ٱللَّهِ إِنْ عَصَيْتُهُۥ ۖ فَمَا تَزِيدُونَنِى غَيْرَ تَخْسِيرٍ ﴿٦٣﴾ ﴾

وتووێژی نێوان پێغەمبەر صالح و (سەلامی خوای لێبێ) هۆزی سەموود

خودای مەزن باسی ئەو وتووێژە دەکات کە لەنێوان پێغەمبەر سالح و هۆزەکەیدا ڕوویدا، کە چەندە هۆزەکەی لاسارو نەفام بوون لەگەڵیدا وەك ئەفەرموێت: ﴿ قَالُوا۟ يَٰصَٰلِحُ قَدْ كُنتَ فِينَا مَرْجُوًّا قَبْلَ هَٰذَآ ﴾ گوتیان: پێش لە ئێستا تۆ جێی ئومێدی ئێمە بوویت، واتە: پێش ئەوەی ئەم قسانە بکەی ﴿أَتَنْهَىٰنَآ أَن نَّعْبُدَ مَا يَعْبُدُ ءَابَآؤُنَا وَإِنَّنَا لَفِى شَكٍّ مِّمَّا تَدْعُونَآ إِلَيْهِ مُرِيبٍ﴾ ئایا ڕێ نادەی ئەوانەی باب و باپیرمان دەیانپەرست ئێمەش بیانپەرستین؟ ئێمە لەوەی کە تۆ ئێمەی بۆ بانگ دەکەی زۆر بەگومانین، ﴿قَالَ يَٰقَوْمِ أَرَءَيْتُمْ إِن كُنتُ عَلَىٰ بَيِّنَةٍ مِّن رَّبِّى﴾ سالح گوتی: کەسەکانم ئەگەر من لە پەروەردگارمەوە بەلگەی ئاشکرام بۆ هێنرابێ و ﴿وَءَاتَىٰنِى مِنْهُ رَحْمَةً فَمَن يَنصُرُنِى مِنَ ٱللَّهِ إِنْ عَصَيْتُهُۥ ۖ فَمَا تَزِيدُونَنِى غَيْرَ تَخْسِيرٍ ﴾ وەبەر بەزەیی ئەو کەوتبم، ئەگەر لە فەرمانی دەرچم، کێ هەیە بە فریادم بگات؟ لە ئێوەش هیچم دەستناکەوێ جگە زەرەر. واتە: ئەگەر وازم هێنا لە ئێوەو بانگم نەکردن بۆ هەق و پەرستنی خودا بەتەنیا، لەلای ئێوەوە هیچ سودێکم پێناگات زەرەر نەبێ.

﴿ وَيَٰقَوْمِ هَٰذِهِۦ نَاقَةُ ٱللَّهِ لَكُمْ ءَايَةً فَذَرُوهَا تَأْكُلْ فِىٓ أَرْضِ ٱللَّهِ ۖ وَلَا تَمَسُّوهَا بِسُوٓءٍ فَيَأْخُذَكُمْ عَذَابٌ قَرِيبٌ ﴿٦٤﴾ فَعَقَرُوهَا فَقَالَ تَمَتَّعُوا۟ فِى دَارِكُمْ ثَلَٰثَةَ أَيَّامٍ ۖ ذَٰلِكَ وَعْدٌ غَيْرُ مَكْذُوبٍ ﴿٦٥﴾ فَلَمَّا جَآءَ أَمْرُنَا نَجَّيْنَا صَٰلِحًا وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ مَعَهُۥ بِرَحْمَةٍ مِّنَّا وَمِنْ خِزْىِ يَوْمِئِذٍ ۗ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ ٱلْقَوِىُّ ٱلْعَزِيزُ ﴿٦٦﴾ وَأَخَذَ ٱلَّذِينَ ظَلَمُوا۟ ٱلصَّيْحَةُ فَأَصْبَحُوا۟ فِى دِيَٰرِهِمْ جَٰثِمِينَ ﴿٦٧﴾ كَأَن لَّمْ يَغْنَوْا۟ فِيهَآ ۗ أَلَآ إِنَّ ثَمُودَا۟ كَفَرُوا۟ رَبَّهُمْ ۗ أَلَا بُعْدًا لِّثَمُودَ ﴿٦٨﴾ ﴾

لەپێشەوە بە درێژی و بەتەواوی ئەم بەسەرهاتەمان باس کردوە لە سورەتی ئەعرافدا (الاعراف) لێرەدا پێویست بە دووبارە کردنەوە ناکا، بەلام مانای ئایەتەکان دەکەین خوا مەیلی لێبێ، خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿ وَيَٰقَوْمِ هَٰذِهِۦ نَاقَةُ ٱللَّهِ لَكُمْ ءَايَةً فَذَرُوهَا تَأْكُلْ فِىٓ أَرْضِ ٱللَّهِ ۖ وَلَا تَمَسُّوهَا

بِسُوٓءٍ فَيَأۡخُذَكُمۡ عَذَابٞ قَرِيبٞ ﴿٦٤﴾ فَعَقَرُوهَا فَقَالَ تَمَتَّعُواْ فِي دَارِكُمۡ ثَلَٰثَةَ أَيَّامٖۖ ذَٰلِكَ وَعۡدٌ غَيۡرُ مَكۡذُوبٖ ﴾ ئەی هۆزەکەم ئەمە وشتری خودایە نیشانەیەکە بۆ ئێوە وازی لێ بێنن با لە زەوی خوادا بلەوەڕێ، بەخراپ دەستی بۆ مەبەن، دەنا ئازارێکی نزیك دێ بەسەرتانا، کەچی لەتوپەتیان کرد، سالح گوتی: لەماڵی خۆتاندا سێ ڕۆژ ڕابوێرن، ئەمە بەڵێنی خودایەو بێ درۆیە، پاشان خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿ فَلَمَّا جَآءَ أَمۡرُنَا نَجَّيۡنَا صَٰلِحٗا وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مَعَهُۥ بِرَحۡمَةٖ مِّنَّا وَمِنۡ خِزۡيِ يَوۡمِئِذٍۚ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ ٱلۡقَوِيُّ ٱلۡعَزِيزُ ﴿٦٦﴾ وَأَخَذَ ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ ٱلصَّيۡحَةُ فَأَصۡبَحُواْ فِي دِيَٰرِهِمۡ جَٰثِمِينَ ﴿٦٧﴾ كَأَن لَّمۡ يَغۡنَوۡاْ فِيهَآۗ أَلَآ إِنَّ ثَمُودَاْ كَفَرُواْ رَبَّهُمۡۗ أَلَا بُعۡدٗا لِّثَمُودَ ﴾ هەر کە فەرمانی ئێمە هات لە بەزەیی خۆمانەوە سالح و ئەو چەند کەسانەی لەگەڵیا هاوباوەڕ بوون، لە ڕسوا بوونی ئەو ڕۆژە ڕزگارمان کردن، پەروەردگارت خاوەنی هێزو دەستەڵاتە. ئەوانەش کە ناهەقیان کرد، دەنگێکی وایان بۆ هات، لەناو ماڵەکانی خۆیاندا دەمەو دەست گیانیان دەرچوو، دەتگوت هەر لەوێش نەژیاون، بزانن کە هۆزی سەموود لە پەروەردگاری خۆیان حاشایان کرد، هەی لەوەش بەولاوە تر چن.

﴿ وَلَقَدۡ جَآءَتۡ رُسُلُنَآ إِبۡرَٰهِيمَ بِٱلۡبُشۡرَىٰ قَالُواْ سَلَٰمٗاۖ قَالَ سَلَٰمٞۖ فَمَا لَبِثَ أَن جَآءَ بِعِجۡلٍ حَنِيذٖ ﴿٦٩﴾ فَلَمَّا رَءَآ أَيۡدِيَهُمۡ لَا تَصِلُ إِلَيۡهِ نَكِرَهُمۡ وَأَوۡجَسَ مِنۡهُمۡ خِيفَةٗۚ قَالُواْ لَا تَخَفۡ إِنَّآ أُرۡسِلۡنَآ إِلَىٰ قَوۡمِ لُوطٖ ﴿٧٠﴾ وَٱمۡرَأَتُهُۥ قَآئِمَةٞ فَضَحِكَتۡ فَبَشَّرۡنَٰهَا بِإِسۡحَٰقَ وَمِن وَرَآءِ إِسۡحَٰقَ يَعۡقُوبَ ﴿٧١﴾ قَالَتۡ يَٰوَيۡلَتَىٰٓ ءَأَلِدُ وَأَنَا۠ عَجُوزٞ وَهَٰذَا بَعۡلِي شَيۡخًاۖ إِنَّ هَٰذَا لَشَيۡءٌ عَجِيبٞ ﴿٧٢﴾ قَالُوٓاْ أَتَعۡجَبِينَ مِنۡ أَمۡرِ ٱللَّهِۖ رَحۡمَتُ ٱللَّهِ وَبَرَكَٰتُهُۥ عَلَيۡكُمۡ أَهۡلَ ٱلۡبَيۡتِۚ إِنَّهُۥ حَمِيدٞ مَّجِيدٞ ﴿٧٣﴾ ﴾

هاتنی فریشتەکان بۆلای ئیبراهیم و (سەلامی خوای لێبێ) مژدە پێدانی بە ئیسحاق و یەعقوب (سەلامی خوایان لێبێ)

خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿ وَلَقَدۡ جَآءَتۡ رُسُلُنَآ إِبۡرَٰهِيمَ بِٱلۡبُشۡرَىٰ ﴾ ڕاسپاردەکانی ئێمەشن مژدەیان دا بە ئیبراهیم، خودای گەورە باسی ئیبراهیم پێغەمبەر دەکا (سەلامی خوای لێبێ) کە فریشتەکان مژدەیان دایە، هەندێ گوتویانە: بە ئیسحاق، هەندێکی تر گوتویانە: بە قڕکردنی هۆزی لووت، ئەم ئایەتە شایەتە لەسەر ڕای یەکەم ﴿ فَلَمَّا ذَهَبَ عَنۡ إِبۡرَٰهِيمَ ٱلرَّوۡعُ وَجَآءَتۡهُ ٱلۡبُشۡرَىٰ يُجَٰدِلُنَا فِي قَوۡمِ لُوطٍ ﴾[1] ئیبراهیم (کە ترسی شکاو مزگێنیەکەشی پێ گەیشت) لەسەر هۆزی لووت گفتوگۆی لەگەڵ

[1] هود (٧٤).

کردین، پاشان خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿قَالُواْ سَلَٰمٗاۖ قَالَ سَلَٰمٞۖ﴾ گوتیان: سەلامی خوات لێبێ، ئەویش گوتی: سەلامی خوایش لە ئێوە. زانایانی ڕەوانبێژی ئەڵێن: ئەمە چاکترین شێوەی وەڵام دانەوەی سەلامە. چونکە ئەو مەرفوعیە بەڵگەیە لەسەر مانەوەو بەردەوامی، ﴿فَمَا لَبِثَ أَن جَآءَ بِعِجۡلٍ حَنِيذٖ﴾ زۆری پێ نەچوو گوێرەکەیەکی برژاوی هاورد. واتە: بەپەلە ڕۆشتو سفرەیەکی باشی بۆ ڕازاندنەوە کە گوێرەکەیەکی لەسەر بەرد برژاوی بۆ هێنان، ئەمە ئەو مانایە کە ڕیوایەت کراوە لە قەتادەو ئیبنوعەبباس و کەسانی تریشەوە.[1] وەك لەم ئایەتانەی تریشا فەرموویەتی: ﴿فَرَاغَ إِلَىٰٓ أَهۡلِهِۦ فَجَآءَ بِعِجۡلٖ سَمِينٖ ٢٦ فَقَرَّبَهُۥٓ إِلَيۡهِمۡ قَالَ أَلَا تَأۡكُلُونَ﴾[2] واتە: بە پرنامەکی خۆی گەیاندە خاوخێزانیو گوێرەکەیەکی قەڵەوی هێنا، وەختێ کە لێی نزیك کردنەوە گوتی: لەبەر چیە ناخۆن؟! ئەم ئایەتە چەند ئادابێکی میوانداری تێدایە لە چەند ڕووەوە ﴿فَلَمَّا رَءَآ أَيۡدِيَهُمۡ لَا تَصِلُ إِلَيۡهِ نَكِرَهُمۡ وَأَوۡجَسَ مِنۡهُمۡ خِيفَةٗۚ﴾ وەختێ دی دەستیانی بۆ درێژ ناکەن، کارەکەیانی بەلاوە سەیر بوو ترسی لێنیشت، چونکە فریشتە گوێیان لە خواردن نیەو حەزی لێناکەنو نایخۆن، بۆیە کە چاوی پێیان کەوت ڕوویان لە خواردنەکە نەکردو هیچ گرنگیەکیان پێنەدا، ئا لەو کاتەدا زۆر بەلایەوە سەیر بوو، ترسی لێنیشت، سودی ئەڵێ: وەختێ خودای مەزن فریشتەکانی نارد بۆ سەر هۆزی لووت، لە شێوەی کۆمەڵێ لاوی تازە پێگەیشتوودا بوون هاتن، چوونە مێوانداری ئیبراهیم، ئەویش زۆر چاك میوانداری لێ کردن، بەپەلە ڕۆشت بۆلای خاوخێزانیو گوێرەکەیەکی قەڵەوی هێناو سەری بڕی، پاشان لەسەر بەردی گەرم بۆی برژاندنو کردیە بریانیو بۆی هێنانو خۆیشی لەگەڵیاندا دانیشتو خواردنەکەی لێ نزیك کردنەوەو گوتی: بۆچی ناخۆن؟ فریشتەکان گوتیان: ئەی ئیبراهیم، ئێمە هیچ خواردنێك ناخۆین (بە نرخی) نەبێ، ئیبراهیمیش گوتی: ئەم خواردنە نرخی خۆی هەیە، گوتیان: نرخەکەی کامەیە؟ گوتی: ناوی خودا دەهێنن لەسەرەتای دەستپێکردنیەوەو سوپاسی خوداش دەکەن لە کۆتایەکەیدا، جوبرەئیل سەیری میکائیلی کردو گوتی: ئەمە هەقی خۆیەتی کە خودا کردوویەتی بە خەلیلی خۆی ﴿فَلَمَّا رَءَآ أَيۡدِيَهُمۡ لَا تَصِلُ إِلَيۡهِ نَكِرَهُمۡ﴾ وەختێ چاوی پێیان کەوت دەستیانی بۆ درێژ ناکەنو لێی ناخۆن ترسی لێنیشت، کاتێ (سارە) سەیری کرد کە ئیبراهیم چەندە ڕێزیان لێدەگرێ، خۆیشی خەریکی خزمەتکردنیانە، پێکەنیو گوتی: ئەم میوانانەمان سەیرن، ئێمە خەریکی خزمەت کردنیانین زۆر ڕێزیان

---

[1] الطبري (٣٨٤/٣٨٢).

[2] الذاريات (٢٦-٢٧).

لێ دەگرین کەچی خواردنەکەمان ناخۆن.[1] خودای مەزن باسی فریشتەکان دەکاو ئەفەرموێت: ﴿قَالُوا لَا تَخَفْ إِنَّا أُرْسِلْنَا إِلَىٰ قَوْمِ لُوطٍ﴾ گوتیان: تۆ مەترسە ئێمە بۆلای هۆزی لووت بەڕێ کراوین تا لەناویان بەرین، سارە پێکەنی کە مژدەی لەناوچوونی هۆزی لووتی بیست، چونکە زۆر خراپەکارو خوانەناس بوون هەر بۆیەخوای گەورە ئەوپاداشتەی دایەوە بەوەی مژدەی منداڵێکی پێدا پاش ئەو بێئومێدبوونەی خودای گەورەش فەرموویەتی: ﴿وَامْرَأَتُهُ قَائِمَةٌ فَضَحِكَتْ فَبَشَّرْنَاهَا بِإِسْحَاقَ وَمِن وَرَاءِ إِسْحَاقَ يَعْقُوبَ﴾ ژنەکەی کە بە پێوە وەستا بوو پێکەنی، ئەوسا مزگێنیمان پێدا بە ئیسحاق و دوای ئیسحاقیش بە یەعقوب، واتە مژدەمان دا بە ئیبراهیم بە منداڵێ کە ئەو منداڵە نەوەو وەچەی زۆری لێ دەبێتەوە، چونکە یەعقوب کوڕی ئیسحاق بوو. وەك خودای مەزن لە سورەتی (البقرة)دا فەرموویەتی: ﴿أَمْ كُنتُمْ شُهَدَاءَ إِذْ حَضَرَ يَعْقُوبَ الْمَوْتُ إِذْ قَالَ لِبَنِيهِ مَا تَعْبُدُونَ مِن بَعْدِي قَالُوا نَعْبُدُ إِلَٰهَكَ وَإِلَٰهَ آبَائِكَ إِبْرَاهِيمَ وَإِسْمَاعِيلَ وَإِسْحَاقَ إِلَٰهًا وَاحِدًا وَنَحْنُ لَهُ مُسْلِمُونَ﴾[2] واتە: (ئەی خاوەن نامەکان) ئایا ئێوە ئامادە بوون کاتێ کە یەعقوب لە سەرە مەرگدا بوو کاتێ بە کوڕەکانی ووت دوای من کێ دەپەرستن؟ ئەوانیش وتیان: خوای تۆو خوای باوو باپیرانت دەپەرستین کە ئیبراهیمو ئیسماعیلو ئیسحاقە کە تاکە خوایە وە ئێمە فەرمانبەرداری ئەوین. ئا لێرەدا ئەوانەی کە بەڵگەیان هێناوەتەوە، ئەم ئایەتە دەکەنە بەڵگە لەسەر ئەوەی کە سەربڕاوەکە ئیسماعیل بووە، چونکە ناشێ ئەو سەربڕاوە ئیسحاق بێ، لەبەر ئەوەی مژدەی پێدراوە کە بەو زوانە یەعقوبی بۆ لەدایك دەبێ، کەوایە چۆن فەرمان دەکرێ بە ئیبراهیم کە سەری ببڕێ کە منداڵێکی بچوکەو کە هێشتا ئەو یەعقوبەی کە بەڵێن دراوە پێی، لەدایك نەبووە! خۆ بەڵێنی خودایش هەقەو گومانی تێدا نیە کە دێتە دی، ناشبێ فەرمان بدرێ بەسەر بڕینی ئەم منداڵە لەو کاتەدا، کەوا بوو دەبێ ئەو کەسە هەر ئیسماعیل بێ، ئەمەیش چاکترینو ڕاسترینو ئاشکراترین بەڵگەیە، خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿قَالَتْ يَا وَيْلَتَىٰ أَأَلِدُ وَأَنَا عَجُوزٌ وَهَٰذَا بَعْلِي شَيْخًا ۖ إِنَّ هَٰذَا لَشَيْءٌ عَجِيبٌ﴾ ژنەکە گوتی: ئۆی لە من، ئاخۆ منی پیرێژن منداڵم دەبێ لەکاتێکدا ئەم شوەشم پیرەمێردە؟ بەڕاستی شتێکی سەیرە لەم ئایەتەدا قسەی ژنەکە دەگێڕێتەوە، وەك چۆن لە ئایەتێکی تردا باسی هەڵوێستی دەکاو ئەفەرموێت: ﴿فَأَقْبَلَتِ امْرَأَتُهُ فِي صَرَّةٍ فَصَكَّتْ وَجْهَهَا وَقَالَتْ

[1] الطبري (١٥/٣٨٩).
[2] البقرة (١٣٣).

عَجُوزٌ عَقِيمٌ﴾[1] ژنەکەی بە هاوارەوە هات بەدەمو چاوی خۆیدا ئەکێشاو گوتی: مـن پیرێـژنێکی نـەزۆکم. وەك لـە ژنانـدا ئـەم حاڵەتـە ڕووئـەدات لـە قسەو هـەڵس و کەوتیانـدا لـەکاتی سەرسـوڕماندابەخۆیاندا ئەکێشن، ﴿ قَالُوٓاْ أَتَعۡجَبِينَ مِنۡ أَمۡرِ ٱللَّهِ ﴾ گوتیان: کاری خواتان پـێ سـەیرە؟ واتـە: فریشتەکان پێیـان گوت: لەکاری خودا سەرتان سوڕ نەمێنێ، چونکە خودا مەیلی لە هەر شتێ بێ فـەرمووی ببـە! دەبـێ، کە تۆ پیرێژنێکی زکو زا ناکەیو مێردەکەیشت پیر بووە سەرت سوڕ نەمێنێ، خودا هـەر شـتێکی بـوێ دەتـوانێ بیکـا. پاشـان خـودای گـەورە ئەفـەرموێت: ﴿رَحۡمَتُ ٱللَّهِ وَبَرَكَٰتُهُۥ عَلَيۡكُمۡ أَهۡلَ ٱلۡبَيۡتِۚ إِنَّهُۥ حَمِيدٞ مَّجِيدٞ ﴾ خێزانی ئەم ماڵە بەزەییو پیتی خوداتان بەرکەوێ، پایە بەرزیو ستایش هەر شایەنی خودایـە. واتە: ئەو شایەنی سوپاسە لە هەموو کردارو گفتارێکیا پایە بـەرزو سـوپاس کـراوە لـە سیفاتو زاتیـا، بۆیە لە هەردوو سەحیحەکەدا هاتووە: کە گوتویانە: ئێمە زانیمان چۆن سڵاوت لێ بکـەین بـەڵام چۆن دووعات بۆ بکەین ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: بڵێن خودایە سڵاوات بدە لەسەر موحەممـەدو ئـەهلو بـەیتی موحەممـەد، وەك چـۆن سـڵاواتت داوە لەسـەر ئیـبراهیمو ئـەهلو بـەیتی ئیـبراهیم، وە بەرەکەتی خۆت بڕێژە بەسەر موحەممەدو ئەهلو بەیتی موحەممەد وەك چۆن بەرەکەتی خـۆت ڕێـژاوە بەسـەر ئیـبراهیمو ئـەهلو بـەیتی ئیـبراهیم، بەڕاسـتی تـۆ پایـە بـەرزیو پیاهەڵـدان هـەر لـە خـۆت دەوەشێتەوە[2].

﴿ فَلَمَّا ذَهَبَ عَنۡ إِبۡرَٰهِيمَ ٱلرَّوۡعُ وَجَآءَتۡهُ ٱلۡبُشۡرَىٰ يُجَٰدِلُنَا فِي قَوۡمِ لُوطٍ ﴿٧٤﴾ إِنَّ إِبۡرَٰهِيمَ لَحَلِيمٌ أَوَّٰهٞ مُّنِيبٞ ﴿٧٥﴾ يَٰٓإِبۡرَٰهِيمُ أَعۡرِضۡ عَنۡ هَٰذَآۖ إِنَّهُۥ قَدۡ جَآءَ أَمۡرُ رَبِّكَۖ وَإِنَّهُمۡ ءَاتِيهِمۡ عَذَابٌ غَيۡرُ مَرۡدُودٖ ﴿٧٦﴾ ﴾

مشتومڕی ئیبراهیم لەسەر هۆزی لووت

خودای مەزن ئەفـەرموێت: ﴿ فَلَمَّا ذَهَبَ عَنۡ إِبۡرَٰهِيمَ ٱلرَّوۡعُ وَجَآءَتۡهُ ٱلۡبُشۡرَىٰ يُجَٰدِلُنَا فِي قَوۡمِ لُوطٍ ﴾ واتـە: ئیبراهیم کە ترسی شکاو مزگێنیەکەشی پێگەیشت (لەسەر هۆزی لووت سکاڵای لەگەڵ کـردین. خـودای گەورە باسی ئیبراهیم دەکا، کاتێ کە ترسەکەی نەما، واتە: لـە فریشـتەکان ترسـا کـاتێ بینـی دەسـت نابەن بۆ خواردنەوکەو لێی ناخۆن، پاشانیش مـژدەی منداڵێکیـشیان پێداو هـەواڵی قـڕ کردنـی هـۆزی لووتیان دایە، دەستی کردە گفتوگۆ لەگەڵ فریشتەکان لەبارەی هۆزی لووتـەوە، وەك سـەعیدی کـوڕی جوبەیر لەم ئایەتەدا ئەڵێت: کاتێ جوبرەئیل لەگەڵ ئەو فریشتانەی لەگەڵی بـوو هـاتن بـۆلای ئیـبراهیم

---

[1] الذاريات (٢٩).

[2] فتح الباري (٦/٤٦٩)، مسلم (١/٣٠٥).

گوتیان: ﴿إِنَّا مُهۡلِكُوٓاْ أَهۡلِ هَٰذِهِ ٱلۡقَرۡيَةِ﴾[1] دەبێ خەڵکی ئەم شارە قڕ بکەین ئیبراهیم پێی گوتن: ئایا شارێ قڕ دەکەن کە سێ سەد موسوڵمانی تێدا بێ؟ گوتیان: نەخێر، ئایا شارێ قڕ دەکەن کە دوو سەد موسوڵمانی تێدابێ؟ گوتیان: نەخێر؟ گوتی: ئایا شارێ قڕ دەکەن کە چل موسوڵمانی تێدابێ؟ گوتیان: نەخێر، گوتی: ئەی(٣٠) سی موسوڵمان؟ گوتیان: نەخێر: هەتا گەیشتە پێنج موسوڵمان، گوتیان: نەخێر، ئایا ئەو شارە یەك موسوڵمانی تێدابێ قڕی دەکەن؟ گوتیان: نەخێر، ئیبراهیم (سەلامی خوای لێبێ) ئا لەوێدا گوتی: ﴿قَالَ إِنَّ فِيهَا لُوطٗاۚ قَالُواْ نَحۡنُ أَعۡلَمُ بِمَن فِيهَاۖ لَنُنَجِّيَنَّهُۥ وَأَهۡلَهُۥٓ إِلَّا ٱمۡرَأَتَهُۥ﴾[2] ئێمە باشتر دەزانین کێی لێیە، خۆیی و خاوخێزانی ڕزگار دەکەین جگە لە ژنەکەی. پاشان وازی لێ هێنان و بێ دەنگ بوو لێیان[3]. خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿إِنَّ إِبۡرَٰهِيمَ لَحَلِيمٌ أَوَّٰهٞ مُّنِيبٞ﴾ بێگومان ئیبراهیم لەسەرخۆو دڵنەرم و ڕوو لە خودا بوو. خودای گەورە بەم سیفەتە جوانانە وەسفی ئیبراهیمی کرد. پاشان فەرمووی: ﴿يَٰٓإِبۡرَٰهِيمُ أَعۡرِضۡ عَنۡ هَٰذَآۖ إِنَّهُۥ قَدۡ جَآءَ أَمۡرُ رَبِّكَۖ وَإِنَّهُمۡ ءَاتِيهِمۡ عَذَابٌ غَيۡرُ مَرۡدُودٖ﴾ ئیبراهیم واز لەمە بێنە، فەرمانی خودات هاتووە بێ گومان بەڵایەکی بێگەڕانەوەیان بۆ دێ. واتە: بڕیاری خودا دراوەو دەبێ هەر لەناو بچن و ئەو سزای خودایە بەسەر ئەو تاوانبارانەدا دابباری و گەڕانەوەی نیە.

﴿وَلَمَّا جَآءَتۡ رُسُلُنَا لُوطٗا سِيٓءَ بِهِمۡ وَضَاقَ بِهِمۡ ذَرۡعٗا وَقَالَ هَٰذَا يَوۡمٌ عَصِيبٞ ﴿٧٧﴾ وَجَآءَهُۥ قَوۡمُهُۥ يُهۡرَعُونَ إِلَيۡهِ وَمِن قَبۡلُ كَانُواْ يَعۡمَلُونَ ٱلسَّيِّـَٔاتِۚ قَالَ يَٰقَوۡمِ هَٰٓؤُلَآءِ بَنَاتِي هُنَّ أَطۡهَرُ لَكُمۡۖ فَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَلَا تُخۡزُونِ فِي ضَيۡفِيٓۖ أَلَيۡسَ مِنكُمۡ رَجُلٞ رَّشِيدٞ ﴿٧٨﴾ قَالُواْ لَقَدۡ عَلِمۡتَ مَا لَنَا فِي بَنَاتِكَ مِنۡ حَقّٖ وَإِنَّكَ لَتَعۡلَمُ مَا نُرِيدُ ﴿٧٩﴾﴾

هاتنی فریشتەکان بۆلای لووت و دۆژدامانی لووت و ئەو وتووێژەی لەنێوان لووت و هۆزەکەیا ڕوویدا

خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿وَلَمَّا جَآءَتۡ رُسُلُنَا لُوطٗا سِيٓءَ بِهِمۡ وَضَاقَ بِهِمۡ ذَرۡعٗا﴾ کاتێ ڕاسپاردەکانمان گەینە لای لووت، بە گەیشتنیان (لووت) دۆژداما و پێیان کەوتە تەنگانەوە. خودای گەورە باسی گەیشتنی فریشتەکان دەکا، دوای ئەوەی کە ئیبراهیمیان ئاگادار کرد بە لەناوچوونی هۆزی لووت، ئیبراهیمیان بەجێهێشت و پێیان گوت کە ئەم شەو هۆزی لووت قڕ دەکرێن، لای ئەو هەڵسان و چوونە لای لووت (سەلامی خوایان لێبێ) وەك گوتراوە چوونە ئەو شوێنەی لووتی لێ بوو، هەندێکی تر

[1] العنكبوت (٣١).

[2] العنكبوت (٣٢).

[3] الطبري (١٥/٤٠٣).

گوتوویانە: لەماڵەکەی خۆیدا چوونە لای لووت لەجوانترین لە شێوەی گەنجانێکی زۆر شێوە شیرینا، تاقیکردنەوەیەکی خودا بوو، کارەکانی پڕە لە کارزانی، بە بینینیان زۆر نیگەران بوو، دڵتەنگی ڕووی تێکرد ترسا لەوەی ئەگەر میوانداریان لێ نەکا، یەکێکی تر لە هۆزەکەی میواندایان لێ بکاو بە خراپە لەگەڵیاندا بجوڵێتەوە ﴿وَقَالَ هَٰذَا يَوْمٌ عَصِيبٌ﴾ گوتی: ئەمڕۆ کار دژوارە، ئیبنوعەبباس و کەسانی تریش ئەڵێن: بەلای ئەمڕۆژە زۆر سەخت و دژوارە.[1] چونکە زانی کە بەرگریان لێ دەکا، ئەوەی زۆر بەلاوە گران بوو، قەتادە ئەڵێ: ئەوانە هاتن بۆلای ئەو لەناو زەویەکی خۆیدا بوو.[2] داوای میوانداریان کرد لێ ی،ئەویش شەرمی کرد لێیان وپێشیان کەوت ، لەکاتی ڕۆشتن بە ڕێدا وەك ناڕازی بوونی لێیان بۆ ئەوەی لە کۆڵی ببنەوەو بڕۆن، گوتی: سوێند بە خودای گەورە: وا نازانم لەسەر ڕووی زەمینا خەڵکی شارێ هەبێ پیس و خراپتر بێ لە خەڵکی ئەم شارە، پاشان کەمێکی تر ڕۆشت، دیسان ئەم قسەی دووبارە کردەوە لێیان و، تا چوار جار ئەم قسەی هەر دەگوتەوە. قەتادەئەڵێ: ئەو فریشتانە فەرمانیان پێکرا بوو کە ئەومیللەتە قڕ نەکەن تا پێغەمبەرەکەیان شایەتیان لێ نەدا لەسەر ئەوە[3].

﴿وَجَآءَهُۥ قَوْمُهُۥ يُهْرَعُونَ إِلَيْهِ وَمِن قَبْلُ كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ٱلسَّيِّـَٔاتِ﴾ هۆزەکەی بە پەلە لیی کۆبوونەوە، لە پێشا کاریان هەر بێناموسی بوو، لەسەر ئەو بێ ناموسیە هەر بەردەوام بوون هەتا خودا لەسەر ئەو حاڵە لەناوی بردن، ﴿قَالَ يَـٰقَوْمِ هَـٰٓؤُلَآءِ بَنَاتِى هُنَّ أَطْهَرُ لَكُمْ﴾ ئەی هۆزەکەم! ئەو کچانەم ببەن بۆ خۆتان، پاکترن و حەڵاڵن بۆتان، ڕێنمایی کردن بۆلای ژنەکانی هۆزەکەی، چونکە پێغەمبەری هەر ئوممەتێك لە جێی باوکە بۆیان، بۆیە ڕێنمایی کردن بۆ شتێ کە زۆر چاکە بۆیان لە دنیاو لە قیامەتا، وەك لە ئایەتی تر خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿أَتَأْتُونَ ٱلذُّكْرَانَ مِنَ ٱلْعَـٰلَمِينَ ﴿١٦٥﴾ وَتَذَرُونَ مَا خَلَقَ لَكُمْ رَبُّكُم مِّنْ أَزْوَٰجِكُم ۚ بَلْ أَنتُمْ قَوْمٌ عَادُونَ﴾[4] ئێوە بۆچی لەناو هەموو خەڵکی دنیا پەلاماری نێر ئەدەن؟ لە ژنەکانتان واز دێنن، کە خودا بۆ ئێوەی دروست کردوون، ئێوە هۆزێکی لە ئەندازە لادەرن. وە لە ئایەتێکی ترا فەرموویەتی: ﴿قَالُوٓا۟ أَوَلَمْ نَنْهَكَ عَنِ ٱلْعَـٰلَمِينَ ﴿٧٠﴾ قَالَ هَـٰٓؤُلَآءِ بَنَاتِىٓ إِن كُنتُمْ فَـٰعِلِينَ ﴿٧١﴾ لَعَمْرُكَ إِنَّهُمْ لَفِى سَكْرَتِهِمْ يَعْمَهُونَ﴾[5] گوتیان: ئەی پێمان نەگوتی، نابێ کەس نزیکت بکەوێ، (لووت)

---

[1] الطبري (١٥/٤١١).

[2] الطبري (١٥/٤٠٨).

[3] الطبري (١٥/٤٠٨).

[4] الشعراء (١٦٥-١٦٦).

[5] الحجر (٧٠-٧٢).

گوتی: ئەوە کچەکانم چیتان دەوێ وەرن لەگەڵ ئەوانا بیکەن، سوێند بە گیانی تۆ، ئەوانە لەبەر سەرخۆشی سەرگەردان بوون. موجاهیدئەڵێ: لەم ئایەتەدا ﴿هَٰٓؤُلَآءِ بَنَاتِي هُنَّ أَطۡهَرُ لَكُمۡۖ﴾ ئەوانە کچی ئەو نەبوون، بەڵکو ئەوانە لە ئوممەتەکەی بوون، هەموو پێغەمبەرێ باوکی ئوممەتەکەیەتی.[1] هەر بەو شێوەیە ڕیوایەت کراوە لە قەتادەو کەسانی تریشەوە.[2] پاشان خودای مەزن لەسەر زمانی لووت پێغەمبەر فەرموویەتی: ﴿فَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَلَا تُخۡزُونِ فِي ضَيۡفِيٓۖ أَلَيۡسَ مِنكُمۡ رَجُلٞ رَّشِيدٞ﴾ لە خوا بترسن‌و شەرمەزاری میوانەکانم مەکەن، ئایا پیاوێکی ئاقڵ ورەشیدتان تێدا نیە؟. واتە: داواکەم قەبوڵ بکەن‌و واز بێنن‌و لەگەڵ ژنەکانتاندا ئەو کارە بکەن. ئایا پیاوێکی بە ئابڕووتان تێدا نیە ئەوەی من فەرمانتان پێدەکەم پێی هەڵسن‌و ئەوەیش دەڵێم وازی لێ بێنن نەیکەن. ﴿قَالُواْ لَقَدۡ عَلِمۡتَ مَا لَنَا فِي بَنَاتِكَ مِنۡ حَقّٖ وَإِنَّكَ لَتَعۡلَمُ مَا نُرِيدُ﴾ گوتیان: خۆ ئەمەت زانیوە، هیچ کارێکمان بە کیژەکانی تۆ نیە، دیارە خۆت باش دەزانی چیمان دەوێ. واتە: ئێمە ئارەزووی ژنەکانمان نیە خۆت چاك دەزانی، کارمان پێیان نیە، تەنیا هەر حەزمان لە نێرینەیە، ئیتر پێویست بەوە ناکا ئەم قسانەمان لەگەڵا دووبارە بکەیتەوە!

﴿قَالَ لَوۡ أَنَّ لِي بِكُمۡ قُوَّةً أَوۡ ءَاوِيٓ إِلَىٰ رُكۡنٖ شَدِيدٖ ٨٠ قَالُواْ يَٰلُوطُ إِنَّا رُسُلُ رَبِّكَ لَن يَصِلُوٓاْ إِلَيۡكَۖ فَأَسۡرِ بِأَهۡلِكَ بِقِطۡعٖ مِّنَ ٱلَّيۡلِ وَلَا يَلۡتَفِتۡ مِنكُمۡ أَحَدٌ إِلَّا ٱمۡرَأَتَكَۖ إِنَّهُۥ مُصِيبُهَا مَآ أَصَابَهُمۡۚ إِنَّ مَوۡعِدَهُمُ ٱلصُّبۡحُۚ أَلَيۡسَ ٱلصُّبۡحُ بِقَرِيبٖ ٨١﴾

بێدەستەڵاتی لووت‌و خۆزگە خواستن بۆهێزێك‌و هەواڵی فریشتەکان پێی بە لەناوبردنیان

خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿قَالَ لَوۡ أَنَّ لِي بِكُمۡ قُوَّةً أَوۡ ءَاوِيٓ إِلَىٰ رُكۡنٖ شَدِيدٖ﴾ (لووت) گوتی: خۆزگە هێزم بە ئێوە بشکایە، یان پەنام ببردایە بە شوێنێکی قایم، خودای گەورە باسی پێغەمبەرەکەی لووت دەکا (سەلامی خوای لێبێ) کە هەڕەشەی لە هۆزەکەی کردو گوتی: ﴿لَوۡ أَنَّ لِي بِكُمۡ قُوَّةً﴾ واتە: ئەگەر چارم بکردنایە، خراپم بەسەر دەهێنان‌و بە خۆم‌و کەس‌وکارەکەمەوە کارێکم پێدەکردن بە هیچ کەسێ نەکرایە، بۆیە لەم فەرموودەیەدا هاتووە لە ئەبوهورەیرەوە کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (ڕەحمەتی خوا لە لووت بێ، ئەو پەنای برد بۆ جێ پەنایەکی زۆر بەهێز یانی: خودای مەزنی باڵادەست، دوای ئەوە خواهیچ پێغەمبەرێکی نەئەناردبێکەس بوایەو لەناو نەتەوەکەیداپشتی نەبوایە)

---

[1] الطبري (٤١٤/١٥).

[2] الطبري (٤١٣/١٥).

، ئا لەو کاتەدا فریشتەکان هەواڵیان دایە کە ئەوان ڕاسپاردەی خودان بۆ سەر هۆزەکەی‌و دەستی ئەوانەت پێ ناگا. ﴿قَالُواْ يَٰلُوطُ إِنَّا رُسُلُ رَبِّكَ لَن يَصِلُوٓاْ إِلَيۡكَۖ﴾ گوتیان: ئەی لووت ئێمە ڕاسپاردەی پەروەردگاری تۆین، دەستی ئەمانەت پێ ناگا. فەرمانیان پێکرد کە لە کۆتایی ئەو شەوەدا بە خۆیی‌و خاوخێزانیەوە بەڕێکەون‌و دەرچن، خۆی لە دوایانەوە بڕوات، ﴿وَلَا يَلۡتَفِتۡ مِنكُمۡ أَحَدٌ﴾ کەستان ئاوڕ نەداتەوە کاتێ کە گوێی لەو بەڵایە بوو، بەسەریاندا دێت، ئەو دەنگانە هەراسانتان نەکا، بەردەوام هەر بڕۆن‌و مەوەستن ﴿إِلَّا ٱمۡرَأَتَكَۖ إِنَّهُۥ مُصِيبُهَا مَآ أَصَابَهُمۡۚ﴾ جگە ژنەکەت، کە هەرچی تووشی ئەوان بێ، تووشی ئەویش دێ. زۆربەی زانایان گوتویانە: یانی: بە شەو نایەت‌و لەگەڵت ناڕوات، بەڵکو لە ماڵی خۆی دەمێنێتەوەو لەناو دەچێ، هەندێکیش گوتەیانە، یانی: ژنەکەت لادەکاتەوە. ئەمانە دەڵێن ژنەکەی لووت لەگەڵیاندا دەرچوو، کاتێ گوێی لە دەنگەکە بوو لای کردەوەو گوتی: ئەی هاوار بۆ هۆزەکەم، لەپڕ بەردێکی لە ئاسمانەوە بۆ هات‌و کوشتی، پاشان فریشتەکان قڕ بوونی هۆزەکەیان نزیك پیشان ئەدا، وەك مژدەیەك بۆلووت، چونکە لووت بە فریشتەکانی گوت هەر ئێستا لەناویان بەرن، فریشتەکان گوتیان وەك خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿إِنَّ مَوۡعِدَهُمُ ٱلصُّبۡحُۚ أَلَيۡسَ ٱلصُّبۡحُ بِقَرِيبٖ﴾ بێگومان کاتی لەناوبردنیان بەیانیە، ئایا بەیانی نزیك نیە ؟بەڵێ، کەس‌و کاری لووت لەبەردەرگای ماڵدا بوون‌و وەستا بوون، ئەو خەڵکەش بەپەلە لە هەموو لایەکەوە هاتن، لووت پێغەمبەریش (سەلامی خوای لێبێ) لەبەر دەرگاکەی خۆیدا وەستا بوو، بەری گرتبوون‌و پاڵی پێوەدەنان‌و داوای لێدەکردن واز لەو کارە ناشیرینە بێنن، بەڵام ئەوان بە قسەکانی ڕازی نەدەبوون، بەڵکو هەڕەشەیان لێدەکرد،ئەوەبوو لەو کاتەدا جوبرەئیل هاتە دەرەوە بۆیان‌و بە باڵی دای بە دەم‌وچاویانداو کوێری کردن‌و گەڕانەوەو ڕێگایان لێ تێك چوو بوو. وەك خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿وَلَقَدۡ رَٰوَدُوهُ عَن ضَيۡفِهِۦ فَطَمَسۡنَآ أَعۡيُنَهُمۡ فَذُوقُواْ عَذَابِي وَنُذُرِ﴾[2] ویستیان کاری خراپ لەگەڵ میوانەکانی بکەن، کوێرمان کردن، دە بچێژن ئازارو هەڕەشەکانم.

﴿فَلَمَّا جَآءَ أَمۡرُنَا جَعَلۡنَا عَٰلِيَهَا سَافِلَهَا وَأَمۡطَرۡنَا عَلَيۡهَا حِجَارَةٗ مِّن سِجِّيلٖ مَّنضُودٖ ﴿٨٢﴾ مُّسَوَّمَةً عِندَ رَبِّكَۖ وَمَا هِيَ مِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ بِبَعِيدٖ ﴿٨٣﴾﴾

---

[1] الترمذي (٣١١٦). فەرموودەیەکی سەحیحە.

[2] القمر (٣٧).

ژێرو بانکردنی شاری هۆزی لووت و لەناوبردنیان

خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿فَلَمَّا جَآءَ أَمۡرُنَا﴾ کە فەرمانی ئێمە گەیشت، لە کاتی گزنگی خۆردا ﴿جَعَلۡنَا عَٰلِيَهَا سَافِلَهَا﴾ ئەو جێی سەدومەمان سەرەوخوار کرد. وە ئەم ئایەتە کە خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿فَغَشَّىٰهَا مَا غَشَّىٰ﴾[1] هەرچی دەبوو داپۆشریَ داپۆشرا، واتە: بەردەبارانمان کردن بە وردە زیخی گڵێنی، ئیبنوعەبباس و کەسانی تریش دەڵێن: (السجّيل) بە فارسی یانی وردە بەردی گڵێنی[2]. هەندێ گوتویانە: (من سَنْكِ) یانی لەبەرد، (وكِلْ) یانی لە قوڕ[3]، وە لە ئایەتێکی ترا فەرموویەتی: ﴿حِجَارَةً مِّن طِينٍ﴾[4] واتە: لە بەردی قوڕین. واتە: لە قوڕێکی ڕەقی توندو تۆڵ. هەندێکی تر گوتویانە: لە گڵی برژاو (سورکراوە)، بوخاری ئەڵێ: ﴿سِجِّيلٍ﴾ یانی بەردی ڕەق و گەورە(گابەرد) ،(سجيل) و (سجين)یەکشتن ونون ولام خوشکی یەکترین[5]،تەمیمی کوڕی موقبلیش ئەڵێ:

ورجلة يضربون البيض ضاحية ضرباً تواصت به الابطال سجيناً

﴿مَّنضُودٍ﴾ بە بەردەوامی دەبارێ بەسەریاندا، هەندێ گوتوویانە: ﴿مَّنضُودٍ﴾ یانی: ئامادەکراو لە ئاسماندا بۆ ئەو مەبەستە، هەندێکی تریش گوتوویانە: ﴿مَّنضُودٍ﴾ یانی: بەدوای یەکا دەبارێ بەسەریاندا، ﴿مُّسَوَّمَةً عِندَ رَبِّكَ وَمَا هِيَ مِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ بِبَعِيدٍ﴾ بە دروشمی پەروەردگارت هەموو ئەو بەردانە نیشانە کرا بوون، بەڵای ئاوا لە ستەمکاران هیچ دوور نیە، ﴿مُّسَوَّمَةً﴾ واتە: فێرکراوە و ناوی خاوەنەکەی لەسەر مۆر کرابوو، هەر بەردێ ناوی ئەو کەسەی لەسەر نوسرا بوو کە بۆی دەهات. قەتادەو عیکرمە دەڵێن: ﴿مُّسَوَّمَةً﴾ هەڵقەیەکی لە ڕەنگی سوور پێوە بوو.[6] گێڕاویانەتەوە کە ئەو بەردانە داباریوە بەسەر خەڵکی ئەو شارەداو ئەوانەیش کە بڵاوەیان کردبوو بەو گوندانەی دەورو بەریا، کاتێ یەکێ لەوانە لەلای خەڵکیا قسەی دەکرد لەپڕ بەردێك لە ئاسمانەوە بۆی دەهات لە نێوان ئەو خەڵکەدا لێی ئەداو دەیکوشت، ئەو بەردانە بە شوێنیاندا دەگەڕا لە وڵاتەکانی تریشا هەتا هەمووی

[1] النجم (٥٤).

[2] الطبري (٤٣٤/١٥).

[3] سەنگ یانی (بەرد) و(گل) یش یانی قوور،بەڵام دیارە(حافزئیبن کەسیر)فارسی نەزانیوەبۆیە ووشەکانی بەهەڵە نوسیوە(وەرگێڕ).

[4] الذاريات (٣٣).

[5] فتح الباري (٢٠٢/٨).

[6] الطبري (٤٣٨/١٥).

لەناوبردن و بنە بڕی کردن، تاقی لێ بڕین ﴿وَمَا هِىَ مِنَ ٱلظَّـٰلِمِينَ بِبَعِيدٍ﴾ وە ئەو (سزایە) دوور نیە لە ستەمکارانەوە. ئەوانەی کە هەڵدەسن بەو کارە ناشرینە. وە لەم فەرموودەیەدا هاتووە کە ڕیوایەت کراوە لە سونەنەکاندا لە ئیبنوعەبباسەوە بە مەرفوعی: (هەر کەسێکتان بینی هەڵسا بە کاری هۆزی لووت، بکەرو بدەر بکوژن)[1].

﴿وَإِلَىٰ مَدْيَنَ أَخَاهُمْ شُعَيْبًا ۚ قَالَ يَـٰقَوْمِ ٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَـٰهٍ غَيْرُهُۥ ۖ وَلَا تَنقُصُوا۟ ٱلْمِكْيَالَ وَٱلْمِيزَانَ ۚ إِنِّىٓ أَرَىٰكُم بِخَيْرٍ وَإِنِّىٓ أَخَافُ عَلَيْكُمْ عَذَابَ يَوْمٍ مُّحِيطٍ ﴿٨٤﴾﴾

بەسەرهاتی مەدیەن و بانگەوازی شوعەیب بۆیان

خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿وَإِلَىٰ مَدْيَنَ أَخَاهُمْ شُعَيْبًا ۚ قَالَ يَـٰقَوْمِ ٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَـٰهٍ غَيْرُهُۥ﴾ بۆ مەدیەنیش شوعەیبی برایانمان نارد، گوتی: کەسەکانم! خودای تەنیا بپەرستن، جگە لەو هیچ پەرستوویەکتان نیە. خودای گەورە فەرموویەتی: شوعەیبی ناردووە بۆ مەدیەن، کە هۆزێك بوون لە عەرەب کە لە نێوان حیجازو شامدا نیشتەجێ بوون، لە شاری مەعانەوە نزیك بوون، ولاتێك بوو کە پێی ناسرابوون پێی دەگوترا مەدیەن، خودا شوعەیب پێغەمبەری بۆ ناردن (سەلامی خوای لێبێ) لە بنەماڵەیەکی گەورە بوو لەناویاندا، بۆیە خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿أَخَاهُمْ شُعَيْبًا﴾ شوعەیبی برایان، فەرمانی پێدەکردن کە بەتەنیا خودا بپەرستن کە شەریکی نیە، ﴿وَلَا تَنقُصُوا۟ ٱلْمِكْيَالَ وَٱلْمِيزَانَ ۚ إِنِّىٓ أَرَىٰكُم بِخَيْرٍ﴾ لە کێشانەو پێوانەدا گزی مەکەن، ژیانتان باش دەبینم.﴿وَإِنِّىٓ أَخَافُ عَلَيْكُمْ عَذَابَ يَوْمٍ مُّحِيطٍ﴾ من لەو ڕۆژە دەترسم ئازاری گرانتان بۆ بێ. واتە: من دەترسم خودا ئەو خۆشیەتان لێ تێك بدا، کە پێی داون لەسەر بەزاندنی ئەو سنورانەی لە دنیاداو ئازاری گرانیشتان بدا لە ڕۆژی دوایدا.

﴿وَيَـٰقَوْمِ أَوْفُوا۟ ٱلْمِكْيَالَ وَٱلْمِيزَانَ بِٱلْقِسْطِ ۖ وَلَا تَبْخَسُوا۟ ٱلنَّاسَ أَشْيَآءَهُمْ وَلَا تَعْثَوْا۟ فِى ٱلْأَرْضِ مُفْسِدِينَ ﴿٨٥﴾ بَقِيَّتُ ٱللَّهِ خَيْرٌ لَّكُمْ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ۚ وَمَآ أَنَا۠ عَلَيْكُم بِحَفِيظٍ ﴿٨٦﴾﴾

خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿وَيَـٰقَوْمِ أَوْفُوا۟ ٱلْمِكْيَالَ وَٱلْمِيزَانَ بِٱلْقِسْطِ ۖ وَلَا تَبْخَسُوا۟ ٱلنَّاسَ أَشْيَآءَهُمْ وَلَا تَعْثَوْا۟ فِى ٱلْأَرْضِ مُفْسِدِينَ﴾ کەسەکانم! کێشانەو پێوانەت با بەرامبەر بێ، شتیش کەم مەدەن بە خەڵك، لە دنیادا لەسەر بەدفەڕی بەردەوام مەبن. یەکەم جار داوایان لێ دەکا کە

[1] أبوداود (٤٤٦٢)، الترمذي (١٤٥٦)، إبن ماجة (٢٥٦١).

واز بێنن لە گزی کردن لە کێشانەو پێوانەداو دادپەروەربن، لە کاتی کڕینو فرۆشتنا لەگەڵ خەڵکیا، داوایشی لێ کردوون کە دەست نەدەنە خراپەکاریو بەدفەڕی لەسەر زەمینا، چونکە ئەوانە سەرە ڕێیان لە خەڵکی دەگرت، پاشان لەسەر زمانی شوعەیب خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿بَقِيَّتُ ٱللَّهِ خَيۡرٞ لَّكُمۡ إِن كُنتُم مُّؤۡمِنِينَ﴾ ئەگەر بڕواتان بە خودا ببێ، ئەوەی خودا بۆتان بهێڵێتەوە چاکترە بۆتان، ئیبنوجەریرئەڵێ: ئەوەی بۆتان دەهێڵێتەوەو بەدەستی دێنن لەو کێشانەو پێوانەدا زۆر چاکترە بۆ ئێوە لە گزیکردنو خواردنی ماڵی خەڵکی.[1] لە ئیبنوعەبباسیشەوە بە هەمان شێوە ڕیوایەت کراوە. منیش دەڵێم: ئەمە لەم فەرمودەی خوادەچێ.[2] کە فەرموویەتی: ﴿قُل لَّا يَسۡتَوِي ٱلۡخَبِيثُ وَٱلطَّيِّبُ وَلَوۡ أَعۡجَبَكَ كَثۡرَةُ ٱلۡخَبِيثِ﴾[3] بڵێ: پیسو پاك وەك یەك نین، با زۆرایی پیسیەکەیش سەرسوڕهێنەر بێت بۆت ﴿وَمَآ أَنَا۠ عَلَيۡكُم بِحَفِيظٖ﴾ من چاودێر نیم بەسەرتانەوە، ناتوانم پارێزگاریتان لێ بکەم، خواتان لەبیر بێ لە کێشانەو پێوانەدا، گزی لە کەس مەکەن، بۆ ئەوەیش مەیکەن خەڵکی بتانبینێ ،لە خودا بترسن.

﴿ قَالُواْ يَٰشُعَيۡبُ أَصَلَوٰتُكَ تَأۡمُرُكَ أَن نَّتۡرُكَ مَا يَعۡبُدُ ءَابَآؤُنَآ أَوۡ أَن نَّفۡعَلَ فِيٓ أَمۡوَٰلِنَا مَا نَشَٰٓؤُاْۖ إِنَّكَ لَأَنتَ ٱلۡحَلِيمُ ٱلرَّشِيدُ ﴿٨٧﴾ ﴾

وەڵامی هۆزی شوعەیب

خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿ قَالُواْ يَٰشُعَيۡبُ أَصَلَوٰتُكَ تَأۡمُرُكَ أَن نَّتۡرُكَ مَا يَعۡبُدُ ءَابَآؤُنَآ ﴾ گوتیان: ئەی شوعەیب، ئایا نوێژەکەت هانتئەدات ئێمە واز لەو شتە بێنین کە بابو باپیرانی ئێمە دەیانپەرست، هۆزی شوعەیب بە گاڵتە پێکردنەوە دەیانگوت بە شوعەیب ﴿أَصَلَوٰتُكَ تَأۡمُرُكَ﴾ ئەعمەش ئەڵێ: خوێندنەوەکەت فەرمانت پێدەکا کە ئێمە واز لە پەرستنی بتەکانمان بێنین، ﴿أَوۡ أَن نَّفۡعَلَ فِيٓ أَمۡوَٰلِنَا مَا نَشَٰٓؤُاْ﴾ یان وەك خۆمان دەمانەوێ لە سامانی خۆماندا دەسکاری نەکەین، واز لە ترازوبازی بێنینو بە ئارەزووی خۆمان کاروکاسپی نەکەین لەسەر قسەی تۆ، حەسەن ئەڵێ لەم ئایەتەدا ﴿أَصَلَوٰتُكَ تَأۡمُرُكَ أَن نَّتۡرُكَ مَا يَعۡبُدُ ءَابَآؤُنَآ ﴾بەڵێ: سوێند بە خودا، نوێژەکەی فەرمانیان

---

[1] الطبري (١٥/٤٤٧).

[2] الطبري (١٥/٤٤٧).

[3] المائدة (١٠٠).

پێنەکات واز بێنن لەوەی کە باب‌و باپیرانیان دەیانپەرست.[١] سەوریش لەم ئایەتەدا ﴿أَوۡ أَن نَّفۡعَلَ فِيٓ أَمۡوَٰلِنَا مَا نَشَٰٓؤُاْ﴾ئەڵێ: مەبەستیان پێی زەکاتە. ﴿إِنَّكَ لَأَنتَ ٱلۡحَلِيمُ ٱلرَّشِيدُ ﴾ بەڕاستی تۆ پیاوێکی لەسەرخۆو بە سەلیقەی. ئیبنوعەبباس‌و مەیمونی کوڕی میهران‌و ئیبنوجورەیج‌و ئیبنوئەسلەف‌و[٢] ئیبنوجەریرئەڵێن: ئەو قسەیان بە شێوەی گاڵتەجاڕی دەگوت بە شوعەیب خوا ڕوویان ڕەشکاو بێبەش بن لە بەزەیی خودا. بێگومان خودا ڕووی ڕەش کردن‌و بەر لەعنەتی خۆشی خستن.[٣]

﴿ قَالَ يَٰقَوۡمِ أَرَءَيۡتُمۡ إِن كُنتُ عَلَىٰ بَيِّنَةٖ مِّن رَّبِّي وَرَزَقَنِي مِنۡهُ رِزۡقًا حَسَنٗاۚ وَمَآ أُرِيدُ أَنۡ أُخَالِفَكُمۡ إِلَىٰ مَآ أَنۡهَىٰكُمۡ عَنۡهُۚ إِنۡ أُرِيدُ إِلَّا ٱلۡإِصۡلَٰحَ مَا ٱسۡتَطَعۡتُۚ وَمَا تَوۡفِيقِيٓ إِلَّا بِٱللَّهِۚ عَلَيۡهِ تَوَكَّلۡتُ وَإِلَيۡهِ أُنِيبُ ﴿٨٨﴾ ﴾

وەڵامی شوعەیب بۆ هۆزەکەی

خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿ قَالَ يَٰقَوۡمِ أَرَءَيۡتُمۡ إِن كُنتُ عَلَىٰ بَيِّنَةٖ مِّن رَّبِّي وَرَزَقَنِي مِنۡهُ رِزۡقًا حَسَنٗا﴾ شوعەیب گوتی: گەلەکەم، ئەگەر بڵێم بەڵگەیەکی بەهێزم لە پەروەردگارمەوە لەلایە، هەر ئەویشە ڕۆزی باشی پێ داوم چۆن دەبینن؟ واتە: شوعەیب پێیان دەڵێ، ئەگەر بڵێم بەڵگەیەکی زۆر ڕوونم لەلایەن خوداوە پێیە بۆتان، بە بەرچاو ڕوونیش ئێوەی بۆ بانگ دەکەم ﴿وَرَزَقَنِي مِنۡهُ رِزۡقًا حَسَنٗا﴾ گوتراوە مەبەست پێی پێغەمبەریەتییە، گوتراویشە: مەبەست پێی ڕۆزی حەڵاڵە، هەردوو ماناکە هەڵدەگرێ، ﴿وَمَآ أُرِيدُ أَنۡ أُخَالِفَكُمۡ إِلَىٰ مَآ أَنۡهَىٰكُمۡ عَنۡهُ﴾ من هەرگیز نامەوێ پێچەوانەی ئێوە بکەم لەو کارەی بەرگری ئێوەی لێ دەکەم. واتە:بەرگریتان لێناکەم لەکارێك کەخۆم بە پەنهانی بیکەم دوور لەچاوی ئێوە.هەروەك قەتادە لێرەدا ﴿وَمَآ أُرِيدُ أَنۡ أُخَالِفَكُمۡ إِلَىٰ مَآ أَنۡهَىٰكُمۡ عَنۡهُ﴾ دەڵێ: من بەرگریم نەکردووە لە کارێ کە خۆم کردبێتم.[٤] ﴿إِنۡ أُرِيدُ إِلَّا ٱلۡإِصۡلَٰحَ مَا ٱسۡتَطَعۡتُ﴾ نیازی من هەر ئەوەیە تا دەتوانم کاروبارتان بۆ ڕێك بخەم لەو شتانەی کە فەرمانتان پێ دەکەم‌و داواتان لێ دەکەم وازی لێ بێنن، ﴿وَمَا تَوۡفِيقِيٓ إِلَّا بِٱللَّهِۚ عَلَيۡهِ تَوَكَّلۡتُ وَإِلَيۡهِ أُنِيبُ﴾ بە ئاوات گەیشتنیشم هەر بە یارمەتی

---

[١] الطبري (٤٥١/١٥).
[٢] الطبري (٤٥٢/١٥).
[٣] الطبري (٤٥٣/١٥).
[٤] الطبري (٤٥٣/١٥).

خودایەو خۆیشم هەر بە ئەو سپاردوەو بەرەو خۆشی دەگەڕێمەوە. واتە: هەر بە هیوای یارمەتی خودام لە بەرەو هەق ڕۆشتنما لە هەموو ئیش‌و کارێکاو بۆلای ئەویش دەگەڕێمەوە[1].

﴿وَيَٰقَوۡمِ لَا يَجۡرِمَنَّكُمۡ شِقَاقِيٓ أَن يُصِيبَكُم مِّثۡلُ مَآ أَصَابَ قَوۡمَ نُوحٍ أَوۡ قَوۡمَ هُودٍ أَوۡ قَوۡمَ صَٰلِحٖۚ وَمَا قَوۡمُ لُوطٖ مِّنكُم بِبَعِيدٖ ٨٩ وَٱسۡتَغۡفِرُواْ رَبَّكُمۡ ثُمَّ تُوبُوٓاْ إِلَيۡهِۚ إِنَّ رَبِّي رَحِيمٞ وَدُودٞ ٩٠﴾

خودای مەزن لەسەر زمانی شوعەیب پێغەمبەر(سەلامی خوای لێبێ) ئەفەرموێت: ﴿وَيَٰقَوۡمِ لَا يَجۡرِمَنَّكُمۡ شِقَاقِيٓ أَن يُصِيبَكُم مِّثۡلُ مَآ أَصَابَ قَوۡمَ نُوحٍ أَوۡ قَوۡمَ هُودٍ أَوۡ قَوۡمَ صَٰلِحٖۚ وَمَا قَوۡمُ لُوطٖ مِّنكُم بِبَعِيدٖ﴾ دژایەتی ئێوە بەرانبەری من تووشی تاوانێکتان نەکا، کە ئەو بەڵای هۆزی نووح‌و هۆزی هودو هۆزی سالح بەسەریان هات بەسەرئێوەشدا بێ، بەسەر هاتی هۆزی لووتیش زۆر دوور نیەلێتانەوە. واتە: ڕق‌و کین‌و دوژمنایەتی واتان لێ نەکا کە بەردەوام بن لەسەر بەدفەڕی‌و خوانەناسی وەك هۆزی نووح‌و هوودو هۆزی سالح‌و هۆزی لووت تووشی سزاو تۆڵەی سەختی خودا ببن، قەتادەئەڵێ: ﴿وَيَٰقَوۡمِ لَا يَجۡرِمَنَّكُمۡ شِقَاقِيٓ﴾ شوعەیب گوتی: جیابوونەوەتان لە من واتان لێ نەکا.[2] سوودی ئەڵێ: دوژمنایەتیکردنی من. واتان لێ بکا بەردەوام بن لەسەر گومڕایی‌و خوانەناسی کە تووشی بەلا ببن وەك چۆن ئەوانە تووشی بەلا بوون، لە دوایدا ئەفەرموێت: ﴿وَمَا قَوۡمُ لُوطٖ مِّنكُم بِبَعِيدٖ﴾ گوتراوە: مەبەست پێی لەو کاتەدا. قەتادەئەڵێ: یانی بێگومان لەناوچوونی هۆزی لووت لەبەردەمتانایە دوێنێ ڕوویداوە. گوتراویشە: مەبەست پێی لەو شوێنەدا، هەردوو ماناکەش هەڵدەگرێ. ﴿وَٱسۡتَغۡفِرُواْ رَبَّكُمۡ ثُمَّ تُوبُوٓاْ إِلَيۡهِۚ إِنَّ رَبِّي رَحِيمٞ وَدُودٞ﴾ ئێوە لە پەروەردگارتان داوای لێبوردن بکەن، پاشان بەرەو خۆی بگەڕێنەوە پەروەردگارم دلۆڤان‌و میهرەبانە. واتە: داوای لێبوردن بکەن لە خودا لەو گوناهانەی لە پێشا کردووتانە، ئەو گوناهانەیش کە لەمەوبەدوا دەیکەن چونکە خودا زۆر دلۆڤان‌و میهرەبانە بەرانبەر ئەو کەسانەی پەشیمان دەبنەوە لە گوناه.

﴿قَالُواْ يَٰشُعَيۡبُ مَا نَفۡقَهُ كَثِيرٗا مِّمَّا تَقُولُ وَإِنَّا لَنَرَىٰكَ فِينَا ضَعِيفٗاۖ وَلَوۡلَا رَهۡطُكَ لَرَجَمۡنَٰكَۖ وَمَآ أَنتَ عَلَيۡنَا بِعَزِيزٖ ٩١ قَالَ يَٰقَوۡمِ أَرَهۡطِيٓ أَعَزُّ عَلَيۡكُم مِّنَ ٱللَّهِ وَٱتَّخَذۡتُمُوهُ وَرَآءَكُمۡ ظِهۡرِيًّاۖ إِنَّ رَبِّي بِمَا تَعۡمَلُونَ مُحِيطٞ ٩٢﴾

---

[1] الطبري (١٥/٤٥٤).

[2] الطبري (١٥/٤٥٥).

وەڵامی هۆزەکەی جارێکی تر بۆ شوعەیب

خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿قَالُوا يَٰشُعَيۡبُ مَا نَفۡقَهُ كَثِيرٗا مِّمَّا تَقُولُ﴾ ئێمە زۆر لەو شتانە تێناگەین تۆ دەیڵێیت، سەوری ئەڵێ: بە شوعەیب دەگوترا وتار بێژی پێغەمبەران.[1] ﴿وَإِنَّا لَنَرَىٰكَ فِينَا ضَعِيفٗا﴾ لەناو خۆماندا بە بێدەستەڵاتت دەزانین. سودی ئەڵێ: یانی تۆ تەنیا کەسێکی، ئەبورەوق ئەڵێ: یانی: تۆداماوی. چونکە کەسوکارەکەت لەسەر ئایینی تۆ نین، ﴿وَلَوۡلَا رَهۡطُكَ لَرَجَمۡنَٰكَ﴾ ئەگەر لەبەر خاتری خزمەکانت نەبوایە کە بەڕێزن لای ئێمە بەردەبارانمان دەکردی، هەندێ دەڵێن: بە بەرد، هەندێکی تر گوتوویانە: پڕ جوێنمان دەکردی. ﴿وَمَآ أَنتَ عَلَيۡنَا بِعَزِيزٖ﴾ تۆ چاری ئێمەو پێ ناکرێ.

وەڵامی شوعەیب بۆ هۆزەکەی

خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿قَالَ يَٰقَوۡمِ أَرَهۡطِيٓ أَعَزُّ عَلَيۡكُم مِّنَ ٱللَّهِ﴾ گوتی: هۆزەکەم! ئایا خزمەکانی منتان پێ لە خودا گرنگترە؟ ئایا لەبەر خزمەکانم وازم لێ دێننو (ئازارم نادەن) لەبەر خاتری خودای مەزن وازم لێ نایەننو ئازاری پێغەمبەرەکەیشی ئەدەن؟ ﴿وَٱتَّخَذۡتُمُوهُ وَرَآءَكُمۡ ظِهۡرِيًّا﴾ لە کاتێکا فەرمانەکانی خواتان پشتگوێ خستووەو بە گەورە سەیری ناکەن ﴿إِنَّ رَبِّي بِمَا تَعۡمَلُونَ مُحِيطٞ﴾ بێگومان هەر کارێ ئێوە دەیکەن پەروەردگارم لێی ئاگادارە.

﴿وَيَٰقَوۡمِ ٱعۡمَلُواْ عَلَىٰ مَكَانَتِكُمۡ إِنِّي عَٰمِلٞۖ سَوۡفَ تَعۡلَمُونَ مَن يَأۡتِيهِ عَذَابٞ يُخۡزِيهِ وَمَنۡ هُوَ
كَٰذِبٞۖ وَٱرۡتَقِبُوٓاْ إِنِّي مَعَكُمۡ رَقِيبٞ ﴿٩٣﴾ وَلَمَّا جَآءَ أَمۡرُنَا نَجَّيۡنَا شُعَيۡبٗا وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مَعَهُۥ بِرَحۡمَةٖ مِّنَّا
وَأَخَذَتِ ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ ٱلصَّيۡحَةُ فَأَصۡبَحُواْ فِي دِيَٰرِهِمۡ جَٰثِمِينَ ﴿٩٤﴾ كَأَن لَّمۡ يَغۡنَوۡاْ فِيهَآۗ أَلَا بُعۡدٗا لِّمَدۡيَنَ كَمَا بَعِدَتۡ
ثَمُودُ ﴿٩٥﴾﴾

هەڕەشەکردنی شوعەیب لە هۆزەکەی

کاتێ کە پێغەمبەر شوعەیب بێ هیوا بوو لەوەی کە وەڵامی بدەنەوەو بڕوا بێنن گوتی پێیان ﴿وَيَٰقَوۡمِ ٱعۡمَلُواْ عَلَىٰ مَكَانَتِكُمۡ﴾ ئەی هۆزەکەم! ئێوە ئەوەی لە دەستتان دێ بیکەن، ئەمە هەڕەشەیەك بوو شوعەیب (سەلامی خوای لێبێ) لێی کردن ﴿إِنِّي عَٰمِلٞۖ سَوۡفَ تَعۡلَمُونَ مَن يَأۡتِيهِ عَذَابٞ يُخۡزِيهِ وَمَنۡ هُوَ كَٰذِبٞۖ وَٱرۡتَقِبُوٓاْ إِنِّي مَعَكُمۡ رَقِيبٞ﴾ منیش خەریکی کاری خۆمم، بەو

---

[1] الطبري (٤٥٨).

زوانە دەزانن كێ ئازاری ئابڕووبەری دێتە سەرو كێ بە درۆزن دەردەچێ، چاوەڕوان بن، ئەوا منیش لەگەڵ ئێوە چاوەڕوانم، پاشان خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿وَلَمَّا جَآءَ أَمْرُنَا نَجَّيْنَا شُعَيْبًا وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ مَعَهُۥ بِرَحْمَةٍ مِّنَّا وَأَخَذَتِ ٱلَّذِينَ ظَلَمُوا۟ ٱلصَّيْحَةُ فَأَصْبَحُوا۟ فِى دِيَـٰرِهِمْ جَـٰثِمِينَ﴾ كە فەرمانی ئێمە گەیشت، لە بەزەیی خۆمانەوە شوعەیبو هاوەڵە باوەڕدارەکانیمان ڕزگار کرد ناهەقانیش نەعرەتەیەك وای گێژو وڕکردن کە هەموویان دەمو دەست هەناسەیان نەدا، واتە: هەموو مردنو دامرکانەوەو جوڵەیان لێبڕا، لێرەدا فەرموویەتی نەعرەتەیەکیان بۆ هات ﴿ٱلصَّيْحَةُ﴾. لە سورەتی ئەعرافدا کە فەرموویەتی بە بومەلەرزە ﴿ٱلرَّجْفَةُ﴾. وە لە سورەتی شوعەرادا فەرموویەتی: لە ڕۆژێکی هەورا گڕە بایەکمان لێهەڵکردن ﴿عَذَابُ يَوْمِ ٱلظُّلَّةِ﴾ ئەمانە یەك کۆمەڵ بوون ئەو ڕۆژە ئەو هەموو بەڵایان بەسەرا دابەزی، بەڵام لە هەموو دەقەکاندا بەپێی ئەو باسەی کە بۆی بشێ هێناویەتی لە سورەتی ئەعرافدا کاتێ خودای مەزن لەسەر زمانی هۆزەکەی شوعەیب فەرموویەتی: ﴿لَنُخْرِجَنَّكَ يَـٰشُعَيْبُ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ مَعَكَ مِن قَرْيَتِنَآ﴾[1] جێی خۆیەتی کە باسی بومەلەرزەی کردووە. ئەو زەمینەی لەرزاند کە ئەوان ناهەقیان تیا دەکردو دەیانویست پێغەمبەرەکەیانی لێ دەرکەن. لێرەیشا کە دەست ئەدەنە قسەی ناشیرینو بێئەدەبی بەرانبەر پێغەمبەرەکەیان، خودای مەزن باسی نەعرەتە (الصيحة) دەکا کە پێی کپکردنەوەو پێی لەناوبردن، وە لە سورەتی شوعەراشدا کاتێ کە هۆزەکەی گوتویانە ﴿فَأَسْقِطْ عَلَيْنَا كِسَفًا مِّنَ ٱلسَّمَآءِ إِن كُنتَ مِنَ ٱلصَّـٰدِقِينَ﴾[2] دەسا ئەگەر تۆ ڕاست دەڵێیت، چەند پارچەیەکمان لە ئاسمانەوە بەسەرا بخەرە خوارێ. خودایش فەرموویەتی: ﴿فَأَخَذَهُمْ عَذَابُ يَوْمِ ٱلظُّلَّةِ ۚ إِنَّهُۥ كَانَ عَذَابَ يَوْمٍ عَظِيمٍ﴾[3] بەو هۆیەوە سزای ڕۆژی هەور گرتنی، بەڕاستی ئەو سزایە، سزای ڕۆژێکی زۆر گەورە بوو. ئەمەیش یەکێکە لە نهێنیە زۆر وردەکان کە خودا خۆی باش دەزانێ سوپاسو ستایش هەر بۆ خودای مەزنە لە هەموو کاتێکا. پاشان فەرموویەتی: ﴿كَأَن لَّمْ يَغْنَوْا۟ فِيهَآ﴾ دەتگوت هەر لەوێشا نەبوونو لەو ماڵانەی خۆشیانا نەژیاون لەوەوپێش، ﴿أَلَا بُعْدًا لِّمَدْيَنَ كَمَا بَعِدَتْ ثَمُودُ﴾ با بڕۆن خەڵکی مەدیەن وەك

---

[1] الاعراف (٨٨).

[2] الشعراء (١٨٧).

[3] الشعراء (١٨٩).

هۆزی سەموود ڕۆشتن. هۆزی سەموود هاوسێی هۆزی شوعەیب بوون، لە ماڵەکانیانەوە نزیك بوون، لـە بێدینیو ڕێگریشدا لەوان دەچوون، وەك ئەوانیش عەرەب بوون.

﴿وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا مُوسَىٰ بِـَٔايَـٰتِنَا وَسُلْطَـٰنٍ مُّبِينٍ ﴿٩٦﴾ إِلَىٰ فِرْعَوْنَ وَمَلَإِيْهِۦ فَٱتَّبَعُوٓا۟ أَمْرَ فِرْعَوْنَ ۖ وَمَآ أَمْرُ فِرْعَوْنَ بِرَشِيدٍ ﴿٩٧﴾ يَقْدُمُ قَوْمَهُۥ يَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ فَأَوْرَدَهُمُ ٱلنَّارَ ۖ وَبِئْسَ ٱلْوِرْدُ ٱلْمَوْرُودُ ﴿٩٨﴾ وَأُتْبِعُوا۟ فِى هَـٰذِهِۦ لَعْنَةً وَيَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ ۚ بِئْسَ ٱلرِّفْدُ ٱلْمَرْفُودُ ﴿٩٩﴾﴾

بەسەرهاتی مووساو فیرعەون

خـودای مـەزن ئەفـەرموێت: ﴿وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا مُوسَىٰ بِـَٔايَـٰتِنَا وَسُلْطَـٰنٍ مُّبِينٍ ﴿٩٦﴾ إِلَىٰ فِرْعَوْنَ وَمَلَإِيْهِۦ فَٱتَّبَعُوٓا۟ أَمْرَ فِرْعَوْنَ ۖ وَمَآ أَمْرُ فِرْعَوْنَ بِرَشِيدٍ﴾ هـەروەها ئێمـە مووسـامان بـە چـەندین نیشانەی خۆمـانو بەڵگەیەکی ئاشکرا نارد، بۆ فیرعەونو پیاوانی لە دیوانی، ئـەوانیش هـەر گـوێ بـە فـەرمانی فیرعـەون بوون، کە فەرمانی فیرعەونیش دژی ڕاستی بوو. خودای گەورە لێرەدا باسی نـاردنی مووسـا دەکـا بـەو نیشانە گەورانەوە بۆلای داروودەستەی فیرعەونو فیرعەون خۆی کە پاشای قیبتیەکان بـوو ﴿فَٱتَّبَعُوٓا۟ أَمْرَ فِرْعَوْنَ﴾ داروودەستەکەی شوێنی بەرنامەو ڕێو شوێنی فیرعەون کەوتن، کەبریتی بـوو سـەر لێـشێوانو گومڕایی، ﴿وَمَآ أَمْرُ فِرْعَوْنَ بِرَشِيدٍ﴾ کە فەرمانو ڕێڕەوی فیرعەون ڕێكو ڕاست نەبوو، بەڵکو ڕێیـەکی خراپو چەوت بوو، بریتی بوو لە نەفامیو گومڕاییو لاساری خوانەناسی، وەك چۆن لـە دنیـادا شـوێنی کەوتبوونو فیرعەون پێشیان کەوتبوو لە ڕۆژی قیامەتیشا هەر پێشیان دەکەوێو سەرۆكو پێشڕەویانە بۆ ناو ئاگری جەهەنم، دەیانباتە ناو ئەو ئاگرەو سزای سەخت دەچێژن تێیدا، فیرعەون خۆیشیٚ بەشـی زیاتری بەردەکەوێ لەو سزا سەختە، وەك خودای گەورە فەرموویـەتی: ﴿فَعَصَىٰ فِرْعَوْنُ ٱلرَّسُولَ فَأَخَذْنَـٰهُ أَخْذًا وَبِيلًا﴾[1] فیرعـەون بـە گـوێی پێغەمبەرەکـەی نـەکرد، ئەوسـا ئێمـەش ئـازارێکی بـەژانمان دا، وە فەرموویـــەتی: ﴿فَكَذَّبَ وَعَصَىٰ ﴿٢١﴾ ثُمَّ أَدْبَرَ يَسْعَىٰ ﴿٢٢﴾ فَحَشَرَ فَنَادَىٰ ﴿٢٣﴾ فَقَالَ أَنَا۠ رَبُّكُمُ ٱلْأَعْلَىٰ ﴿٢٤﴾ فَأَخَذَهُ ٱللَّهُ نَكَالَ ٱلْـَٔاخِرَةِ وَٱلْأُولَىٰٓ ﴿٢٥﴾ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَعِبْرَةً لِّمَن يَخْشَىٰٓ﴾[2] واتـە: کەچـی بـە درۆی زانـیو سەرپێـچی کـرد، لەپاشـان پشتی هەڵکردو ڕۆی بەپەلە، ئینجا جادوگەرانی کۆکردەوەو بـانگی کـردنو، ووتـی: مـن پـەروەردگاری هەرە گەورەتانم، ئینجا خوا گرفتاری کرد بە سزای هەردوو جیهان، بەڕاستی لەم داستانەدا پەنـد هەیـە

---

[1] المزمل (١٦).

[2] النازعات (٢١-٢٦).

بۆ کەسیٚ کە لە خوا بترسیٚ. لێرەدا خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿يَقْدُمُ قَوْمَهُۥ يَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ فَأَوْرَدَهُمُ ٱلنَّارَ ۖ وَبِئْسَ ٱلْوِرْدُ ٱلْمَوْرُودُ﴾ لە ڕۆژی قیامەتا پێش دەستەی خۆی دەکەویٚو هەموویان دەباتە ناو ئاگر چەند خراپە ئەو جێی ئەوانە تێی دەچن. ئەمە حاڵی ئەو کەسانەیە کە شوێنی فیرعەون کەوتونو ئەو هەموو سزایە دەچێژن، وە خودای گەورە لە ئایەتێکی ترا فەرموویەتی: ﴿لِكُلٍّ ضِعْفٌ وَلَـٰكِن لَّا تَعْلَمُونَ﴾[1] بۆ هەمووان دوئەوەندەیە بەلاّم ئێوە پیٚ نازانن. خودای مەزن باسی خوانەناسان دەکا کە لەناو ئاگر قسە دەکەنو دەڵێن ﴿رَبَّنَآ إِنَّآ أَطَعْنَا سَادَتَنَا وَكُبَرَآءَنَا فَأَضَلُّونَا ٱلسَّبِيلَا۠ ﴿٦٧﴾ رَبَّنَآ ءَاتِهِمْ ضِعْفَيْنِ مِنَ ٱلْعَذَابِ وَٱلْعَنْهُمْ لَعْنًا كَبِيرًا﴾[2] دەڵێن: ئەی پەروەردگارمان ئێمە دوای ئاغاکانو گەورەکانی خۆمان کەوتین، ئەوان ئێمەیان گومڕا کرد، ئەی پەروەردگاری هەموومان، دووسەرە ئازاریان بدەو زۆر بە لەعنەتیان بکە. لێرەیشدا فەرموویەتی: ﴿وَأُتْبِعُوا۟ فِى هَـٰذِهِۦ لَعْنَةً وَيَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ ۚ بِئْسَ ٱلرِّفْدُ ٱلْمَرْفُودُ﴾ لەم دنیاو لە ڕۆژی دوایش لەعنەتیان بە شوێنەوەیە ئای لەو خەلاّتە ناشیرینە. واتە: دوای ئەو هەموو سزادانە زۆرەیش لەعنەتی بە دوادا ناردون لە دنیادا ﴿وَيَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ ۚ بِئْسَ ٱلرِّفْدُ ٱلْمَرْفُودُ﴾ موجاهیدئەڵیٚ: لە ڕۆژی قیامەتیشا لەعنەتێکی تریان بۆ زیاد کرا بوو بە دوو لەعنەت.[3] عەلی کوڕی ئەبوتەلحە لە ئیبنوعەبباسەوە ﴿بِئْسَ ٱلرِّفْدُ ٱلْمَرْفُودُ﴾ئەڵیٚ: لەعنەتی دنیاو لەعنەتی ڕۆژی دوایش.[4] زەححاکیش هەر وای گوتوە.[5] ئەمە وەك ئەو ئایەتە وایە کە خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَجَعَلْنَـٰهُمْ أَئِمَّةً يَدْعُونَ إِلَى ٱلنَّارِ ۖ وَيَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ لَا يُنصَرُونَ ﴿٤١﴾ وَأَتْبَعْنَـٰهُمْ فِى هَـٰذِهِ ٱلدُّنْيَا لَعْنَةً ۖ وَيَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ هُم مِّنَ ٱلْمَقْبُوحِينَ﴾[6] کردمانن بە پێشەوایانێك کە بانگ بۆ ناو ئاگر دەکەنو ڕۆژی قیامەتیش هیچ کەس بە هانایانەوە نایە، هەر لەم دنیایەدا لەعنەتمان بە دوادا ناردنو ڕۆژی قیامەتیش ڕووڕەشی یان بۆ دەمێنێتەوە، وە فەرموویەتی: ﴿ٱلنَّارُ يُعْرَضُونَ عَلَيْهَا غُدُوًّا وَعَشِيًّا ۖ وَيَوْمَ تَقُومُ ٱلسَّاعَةُ أَدْخِلُوٓا۟ ءَالَ

---

[1] الاعراف (٣٨).

[2] الاحزاب (٦٧–٦٨).

[3] الطبري (١٥/٤٦٨).

[4] الطبري (١٥/٤٦٩).

[5] الطبري (١٥/٤٦٩–٤٧٠).

[6] القصص (٤١–٤٢).

فِرۡعَوۡنَ أَشَدَّ ٱلۡعَذَابِ ﴾[1] هـەموو بـەیانیان و ئێواران دەیانبەنـە سـەر ئـاگر، ڕۆژێ کـە قیامـەت دێت فەرمان ئەدرێ سا دەستەو بەستەی فیرعەون زۆر بە توندی ئازار بدرێن.

﴿ ذَٰلِكَ مِنۡ أَنۢبَآءِ ٱلۡقُرَىٰ نَقُصُّهُۥ عَلَيۡكَۖ مِنۡهَا قَآئِمٞ وَحَصِيدٞ ﴿١٠٠﴾ وَمَا ظَلَمۡنَٰهُمۡ وَلَٰكِن ظَلَمُوٓاْ أَنفُسَهُمۡۖ فَمَآ أَغۡنَتۡ عَنۡهُمۡ ءَالِهَتُهُمُ ٱلَّتِي يَدۡعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ مِن شَيۡءٖ لَّمَّا جَآءَ أَمۡرُ رَبِّكَۖ وَمَا زَادُوهُمۡ غَيۡرَ تَتۡبِيبٖ ﴿١٠١﴾ ﴾

پەندو ئامۆژگاری وەرگرتن لەو شارانەی کە تیاچوون

دوای ئەوەی خودای گەورە باسی ئەو پێغەمبەرانەی کردو ئەو بەسەرهاتانەی کە لـەنێوان ئـەوان و گەلەکانیاندا ڕوویداو چۆن خوانەناسان لەناوچوون و خاوەنباوەڕان ڕزگاریان بوو، پاشان ئەفەرموێت: ﴿ ذَٰلِكَ مِنۡ أَنۢبَآءِ ٱلۡقُرَىٰ نَقُصُّهُۥ عَلَيۡكَۖ مِنۡهَا قَآئِمٞ وَحَصِيدٞ ﴾ ئەمانە چەند هەواڵێك بوون لەو شارانە کە بۆ تـۆی دەگێڕینـەوە، هێنـدێك لەوانـە هـەر مـاون و هێندێکیشیان لەناوچوون. ﴿ وَمَا ظَلَمۡنَٰهُمۡ وَلَٰكِن ظَلَمُوٓاْ أَنفُسَهُمۡ ﴾ ناهـەقیمان لێنـەکردن بـەڵام ئـەوان ناهـەقیان لـە خۆیـان کـرد، کـە بڕوایـان بـە پێغەمبەرەکانمان نەکردو بە درۆیـان خستنەوە ﴿فَمَآ أَغۡنَتۡ عَنۡهُمۡ ءَالِهَتُهُمُ ٱلَّتِي يَدۡعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ مِن شَيۡءٖ لَّمَّا جَآءَ أَمۡرُ رَبِّكَ﴾ کاتێ کە فەرمان لە پەروەردگاری تـۆوە هـات، ئەوانـەی پەرستبوویان جگـە لـە خودا هیچ کارێکیان بۆ نەکردن. واتە: ئەو بتانەی ئەوان دەیانپەرستن و هانایان بـۆ دەبـردن نـەهاتن بە هانایانەوەو ڕزگاریان نەکردن کاتێ کە سزای خوایان بۆ هات و لەناوی بردن. ﴿وَمَا زَادُوهُمۡ غَيۡرَ تَتۡبِيبٖ﴾ جگە لە زیان هیچ شتێکی تریان بۆ زیاد نەکردن. قەتادەو موجاهیدو کەسـانی تـریش گوتویانـە ﴿غَيۡرَ تَتۡبِيبٖ﴾ یـانی: جگـە لـە زیـان. چـونکە هـۆی لەناوچـوون و قڕکردنیـان ئـەوە بـوو کـە شـوێنی ئـەو پەرستویانەیان کەوتبون، بۆیە لە دنیاو لە ڕۆژی دوایدا توشی زەرەر بوون[2].

﴿وَكَذَٰلِكَ أَخۡذُ رَبِّكَ إِذَآ أَخَذَ ٱلۡقُرَىٰ وَهِيَ ظَٰلِمَةٌۚ إِنَّ أَخۡذَهُۥٓ أَلِيمٞ شَدِيدٌ ﴿١٠٢﴾﴾

خـودای مـەزن ئەفـەرموێت: ﴿وَكَذَٰلِكَ أَخۡذُ رَبِّكَ إِذَآ أَخَذَ ٱلۡقُرَىٰ وَهِيَ ظَٰلِمَةٌۚ إِنَّ أَخۡذَهُۥٓ أَلِيمٞ شَدِيدٌ﴾ ئاوایە غەزەبی پەروەردگاری تۆ، کاتێ شارانێ دەگرێ، کە خەڵکەکەیان ستەم کارن ئەو سزایەی خـودا دەیـدا، زۆر بـە ژان و زۆر دژوارە. واتــە: چـۆن ئـەو خەڵکـە سـتەمکارەی کـە بڕوایـان نـەکرد بـە پێغەمبەرەکانمان لەناومان بردن، هەر بەو شێوەیە ئەوانەیش کە وەك ئەوان دەکەن لـەناویان دەبـەین.

---

[1] غافر (٤٦).

[2] الطبري (٤٧٣/١٥).

﴿إِنَّ أَخْذَهُۥٓ أَلِيمٌ شَدِيدٌ﴾ ئەو تۆڵەی خودا لێیان دەسێنیٚ زۆر بە ژانو گرانە. لە هەردوو سەحیحەکەدا هاتووە لە ئەبوموساوە(ڕەزای خوای لێبیٚ) ئەڵیٚ: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (بێگومان خودا مۆڵەتی ستەم کار ئەدا تا کاتیٚ کە گرتی ئیترلە دەستی دەرناچیٚ)[1]. پاشان پێغەمبەری خودا(ﷺ)ئەم ئایەتەی خوێند ﴿وَكَذَٰلِكَ أَخْذُ رَبِّكَ إِذَآ أَخَذَ ٱلْقُرَىٰ وَهِىَ ظَٰلِمَةٌ إِنَّ أَخْذَهُۥٓ أَلِيمٌ شَدِيدٌ﴾.

﴿إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَةً لِّمَنْ خَافَ عَذَابَ ٱلْءَاخِرَةِ ذَٰلِكَ يَوْمٌ مَّجْمُوعٌ لَّهُ ٱلنَّاسُ وَذَٰلِكَ يَوْمٌ مَّشْهُودٌ ﴿١٠٣﴾ وَمَا نُؤَخِّرُهُۥٓ إِلَّا لِأَجَلٍ مَّعْدُودٍ ﴿١٠٤﴾ يَوْمَ يَأْتِ لَا تَكَلَّمُ نَفْسٌ إِلَّا بِإِذْنِهِۦ فَمِنْهُمْ شَقِىٌّ وَسَعِيدٌ ﴿١٠٥﴾﴾

لەناودانی شارەکان نیشانەی هاتنی ڕۆژی قیامەتە

خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَةً لِّمَنْ خَافَ عَذَابَ ٱلْءَاخِرَةِ﴾ ئا لەمەدا ئامۆژگاری هەیە بۆ ئەوانەی لە ئازاری ڕۆژی قیامەت بترسن. واتە: لەناودانی خوانەناسانو ڕزگار کردنی خاوەن باوەڕان پەندو ئامۆژگاریو بەڵگەیە لەسەر ئەو بەڵێنەی کە داومانە بۆ ڕۆژی قیامەت ﴿إِنَّا لَنَنصُرُ رُسُلَنَا وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا وَيَوْمَ يَقُومُ ٱلْأَشْهَٰدُ﴾[2] بێگومانە ئێمە پێغەمبەرانو ئەو کەسانەی کەوا بڕوایان هێناوە، لە ژیانی ئەم دنیایەداو لەو ڕۆژەش کە شایەتان ڕاست دەبنەوە یارمەتی ئەدەین. وە لە ئایەتێکی ترا فەرموویەتی: ﴿فَأَوْحَىٰٓ إِلَيْهِمْ رَبُّهُمْ لَنُهْلِكَنَّ ٱلظَّٰلِمِينَ﴾[3] پەروەردگاریان ئاگاداری کردن: ئێمە دەبیٚ ستەمکاران قڕ بکەین، پاشان خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿ذَٰلِكَ يَوْمٌ مَّجْمُوعٌ لَّهُ ٱلنَّاسُ﴾ کە ڕۆژێکە خەڵکی گشت لەویٚ کۆدەکرێنەوە، لە یەکەم کەسەوە هەتا دواین کەس. ئەم ئایەتە وەك ئەو ئایەتە وایە کە خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَحَشَرْنَٰهُمْ فَلَمْ نُغَادِرْ مِنْهُمْ أَحَدًا﴾[4] هەموویان کۆ دەکەینەوە بێئەوە کەسیان جیٚ بمێنیٚ. ﴿وَذَٰلِكَ يَوْمٌ مَّشْهُودٌ﴾ ئەو ڕۆژە ڕۆژێکی دیارو بەرچاوە. واتە: ڕۆژێکی زۆر گەورەیە فریشتەکان لەو ڕۆژەدا ئامادە دەبن، پێغەمبەرەکانیش کۆ دەکەینەوە لەوێدا، گشت دروست کراوەکانیش کۆ دەکرێنەوە لە مرۆڤ و جنۆکەو باڵندەو زیندەوەری کێویو زیندەوەری تریش، دادپەروەر (واتە خوا) بڕیاری تێدا ئەدا، ئەو دادپەروەرەی کە بە ئەندازەی مسقاڵە زەڕەیەك ناهەقی ناکات. خۆ ئەگەر چاکەیەك هەبیٚ دووچەندانە پاداشتی لەسەر ئەداتەوە.

---

[1] فتح الباري (٨/٢٠٥)، مسلم (٤/١٩٩٧).

[2] غافر (٥١).

[3] إبراهيم (١٣).

[4] الكهف (٤٧).

خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿ وَمَا نُؤَخِّرُهُۥٓ إِلَّا لِأَجَلٍ مَّعْدُودٍ ﴾ ئەو ڕۆژە دوا ناخەین بۆ ماوەیەکی کەم نەبێت، واتە: بۆ ماوەیەکی دیاری کراو نەلێی کەم دەکرێتەوەو نە لێشی زیاد دەکرێ. ﴿ يَوْمَ يَأْتِ لَا تَكَلَّمُ نَفْسٌ إِلَّا بِإِذْنِهِۦ ﴾ ڕۆژێ کە دێ هیچ کەس بەبێ ئیزنی خودا قسە ناکا. وەك خودای مەزن لە ئایەتی ترا فەرموویەتی: ﴿لَّا يَتَكَلَّمُونَ إِلَّا مَنْ أَذِنَ لَهُ ٱلرَّحْمَٰنُ وَقَالَ صَوَابًا﴾.[1] قسە ناکەن کەسێ نەبێ خودا ئیزنی دابێ، ئەویش قسەیەکی چاك بکا. وە فەرموویەتی: ﴿وَخَشَعَتِ ٱلْأَصْوَاتُ لِلرَّحْمَٰنِ﴾[2] لە ترسی خودا هەموو دەنگێك نەوی دەبێ، لە هەردوو سەحیحەکەدا هاتووە لە فەرموودەی تکا کردندا (الشفاعة): هیچ کەسێ قسە ناکا پێغەمبەران نەبێت، پاڕانەوەی پێغەمبەرانیش لەو ڕۆژەدا ئەوەیەکە دەڵێن: (ئەی خوایە سلّم سلّم).[3] پاشان خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿فَمِنْهُمْ شَقِيٌّ وَسَعِيدٌ ﴾ لەناویاندا بەدبەختو بەختەوەر هەیە. واتە: لەناو ئەو خەڵکەدا هەندێکی چارەڕەشەو هەندێکیشی بەختەوەرن، وەك خودای گەورە لە ئایەتێکی ترا فەرموویەتی: ﴿فَرِيقٌ فِى ٱلْجَنَّةِ وَفَرِيقٌ فِى ٱلسَّعِيرِ ﴾[4] کۆمەڵێ لەناو بەهەشتانو کۆمەڵێ لەناو ئاگری بە کڵپەدان. حافیز ئەبویەعلا لە موسنەدەکەیا ڕیوایەتی کردوە لە ئیبنوعەمەرەوە، لە عومەرەوە،ئەڵێ کە ﴿فَمِنْهُمْ شَقِيٌّ وَسَعِيدٌ ﴾ هاتە خوارەوە، پرسیارم کرد لە پێغەمبەر(ﷺ) گوتم: ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) بۆچی کار بکەین؟ ئایا لەسەر شتێ کە تەواو بووەو بڕاوەتەوە یان لەسەر شتێ تەواو نەبوەو (نەبڕاوەتەوە)؟ فەرمووی: لەسەر شتێ کە تەواو بووەو (بڕاوەتەوە)! ئەی عومەر، قەڵەمیشی بە سەرا ڕۆشتوە، بەڵام هەموو کەسێ ئاسانکاری بۆ کراوە بۆ ئەوەی کە بۆی دروست کراوە[5].

﴿ فَأَمَّا ٱلَّذِينَ شَقُواْ فَفِى ٱلنَّارِ لَهُمْ فِيهَا زَفِيرٌ وَشَهِيقٌ ﴿١٠٦﴾ خَٰلِدِينَ فِيهَا مَا دَامَتِ ٱلسَّمَٰوَٰتُ وَٱلْأَرْضُ إِلَّا مَا شَآءَ رَبُّكَ ۚ إِنَّ رَبَّكَ فَعَّالٌ لِّمَا يُرِيدُ ﴿١٠٧﴾ ﴾

---

[1] النبأ (٣٨).

[2] طه (١٠٨).

[3] فتح الباري (٢/٣٤١)، مسلم (١/١٦٩).

[4] الشورى (٧).

[5] الترمذي (٣١١١). تیرمیزی ئەڵێ: فەرموودەیەکی حەسەنی سەحیحە.

حاڵی بەدبەختان و چارەنوسیان

خودای مـەزن ئەفـەرموێت: ﴿ فَأَمَّا ٱلَّذِينَ شَقُواْ فَفِي ٱلنَّارِ لَهُمْ فِيهَا زَفِيرٌ وَشَهِيقٌ ﴾ ئەوانـەی چارەڕەشـن لە ئاگردان هەر ئاخ و هەنسکیانە، ئیبنوعەبباس ئەڵێ: زەفیر لە گەروو دایە، شەهیقیش لـەناو سنگایە، واتە: هەناسەدانەوەیان زەفیرەو هەناسە وەرگرتنیشیان شەهیقە.[1] واتـە: ئـاخ و داخ هەڵدەکێشن لـەناو ئەو سزایەی کە تێیدان، پەنا دەگرین بە خودا لەو سزایە. ﴿ خَٰلِدِينَ فِيهَا مَا دَامَتِ ٱلسَّمَٰوَٰتُ وَٱلْأَرْضُ ﴾ هەر لەوێدا دەمێننەوە، هەتا ئەم ئاسمان و زەمینە هەیە. ئیبنوجەریرئەڵێ: وا باوبوە لـەناو عـەرەبا کـە ویستبێتمان وەسفی شتێك بکەین کە هەر بمێنێتەوە هەرگیز تەواو نەبێ، گوتویانە: (ئەمە دەمێنێتـەوە هەتا ئاسمانەکان و زەمین بمێنێ). دیسان گوتویانە: (ئەوە دەمێنێ هەتا شەوو ڕۆژ بەدوای یەکا بڕۆن) چەندەها نمونەی تریش مەبەستیان بە ئەمانە هەموو ئەوە بووە کە هەرگیز دوایی نایەن (أبداً)، خودای مـەزنیش بـەو شـێوەیە لەگەڵیانـدا دواوە کـە خۆیـان پێـی ئاشـنان و لێـی تێدەگـەن، فەرمویـەتی: ﴿ خَٰلِدِينَ فِيهَا مَا دَامَتِ ٱلسَّمَٰوَٰتُ وَٱلْأَرْضُ ﴾[2] منـیش ئـەڵێم: هەڵـدەگرێ کـە مەبەسـت بـە ﴿ مَا دَامَتِ ٱلسَّمَٰوَٰتُ وَٱلْأَرْضُ ﴾ جنس بێ چونکە گومانی تێدا نیە لە ڕۆژی دوایدا ئاسمانەکان و زەمین دەبێ هـەبێ، وەك خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿ يَوْمَ تُبَدَّلُ ٱلْأَرْضُ غَيْرَ ٱلْأَرْضِ وَٱلسَّمَٰوَٰتُ ﴾[3] لەو ڕۆژەدا ئـەم زەمینـە دەگۆڕێ بە زەمینێکی ترو ئاسمانەکانیش هـەروەها. بۆیـە حەسـەنی بەسـری لـەم ئایەتـەدا ﴿ مَا دَامَتِ ٱلسَّمَٰوَٰتُ وَٱلْأَرْضُ ﴾ ئـەڵێ: ئاسمانێکـە جگـە لـەم ئاسمانـەو زەمینێکـە جگـە لـەم زەمینـە، هـەتا ئـەو ئاسمان و ئەو زەمینە بەردەوام بێ هەر لەناو ئاگردان. ﴿ إِلَّا مَا شَآءَ رَبُّكَ ۚ إِنَّ رَبَّكَ فَعَّالٌ لِّمَا يُرِيدُ ﴾ مەگـەر پەروەردگارت مەیلی لێ نەبێ، پەروەردگارت هەرچی خۆی بیەوێ دەیکا. ئـەم ئایەتـە وەك ئـەو ئایەتـە وایە کە خودای مەزن فەرموویـەتی: ﴿ ٱلنَّارُ مَثْوَىٰكُمْ خَٰلِدِينَ فِيهَآ إِلَّا مَا شَآءَ ٱللَّهُ ۗ إِنَّ رَبَّكَ حَكِيمٌ عَلِيمٌ ﴾.[4] دەسا جێگـەی هـەتایتان جەهەنمە مەگـەر خـوا بـە مـەیلی خـۆی بۆتـان بگـۆڕێ، پـەروەردگارت کـارزان و ئاگـادارە. گـوتراوە: ئـەم ئیستیسنایە دەگەڕێتـەوە بـۆ تاوانبـارانی ئـەهلی یەکخواپەرستی ئەوانـەی خـودا لـەناو ئـاگر دەریـان دەهێنـێ بـە تکـای تکاکـاران، لـە فریـشتەکان و پێغەمبـەران و

[1] الطبري (١٥/٤٨٠).

[2] الطبري (١٥/٤٨١).

[3] ابراهيم (٤٨).

[4] الانعام (١٢٨).

خاوەنباوەڕان، تەنانەت تکایش دەکەن بۆ خاوەن گوناهە گەورەکانیش، پاشان سۆزوبەزەیی لە هەموو کەس بەبەزەییتر کەپەروەردگارە دادەبارێ ئەوسۆزەکەسێك لە ئاگر دێنێتە دەر کە هەرگیز چاکەیەکی نەکردوە لە ژیانیدا، ئەوەنەبێ تەنها یەك ڕۆژ گوتەیەتی (لا إله إلا الله)، وەك لە فەرموودە سەحیحەکاندا هاتووە کە زۆرن، لە پێغەمبەری خوداوە هاتوە لەم مانایەدا لە فەرموودەی ئەنەس و جابیرو ئەبوسەعیدو ئەبوهورەیرەو کەسانی تریشەوە لە هاوەڵەکانی پێغەمبەرکە هیچ کەسێ نامێنێ لەناو ئاگرا کەسێ نەبێت کە مانەوەی هەتا هەتایی بۆبڕیار درابێ، هیچ ڕێیەکی دەرباز بوونی نەمابێ، ئەمە ڕای زۆرینەی زانایانە لە کۆن و تازەدا لە تەفسیری ئەم ئایەتە پیرۆزەدا.

﴿وَأَمَّا ٱلَّذِينَ سُعِدُوا۟ فَفِى ٱلْجَنَّةِ خَـٰلِدِينَ فِيهَا مَا دَامَتِ ٱلسَّمَـٰوَٰتُ وَٱلْأَرْضُ إِلَّا مَا شَآءَ رَبُّكَ عَطَآءً غَيْرَ مَجْذُوذٍ (١٠٨)﴾

حاڵی بەختەوەران و چارەنوسیان

خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿وَأَمَّا ٱلَّذِينَ سُعِدُوا۟ فَفِى ٱلْجَنَّةِ خَـٰلِدِينَ فِيهَا مَا دَامَتِ ٱلسَّمَـٰوَٰتُ وَٱلْأَرْضُ إِلَّا مَا شَآءَ رَبُّكَ﴾ ئەوانەش کە بەختەوەرن، هەر لە بەهەشتا دەبن، هەتا ئەم ئاسمانانەو ئەم زەمینە هەن، مەگین ئەوەی پەروەردگارت مەیلی لێبێ، مانای ئیستیسنا لێرەدا یانی بەردەوامیان لەو نازو نیعمەتەدا خۆی لە خۆیدا بڕیارێکی واجب نیە بەڵکو پەیوەندە بە مەیلی خودای گەورەوە، هەمیشەو بە بەردەوامی خودا منەت و چاکەی هەیە بەسەر عەبدەکانیەوە، لەبەر ئەوە فێری (سبحان الله و الحمدلله) دەبن وەك چۆن فێری هەناسەدان دەبن.[1] زەححاك و حەسەنی بەسری ئەڵێن: ئەوە بۆ ئەو کەسانەیە کە یەکخواپەرست بوون و سەرپێچیان کردوەو چونەتە ناو ئاگر پاشان لە ئاگر دەرهێنراون دوای ئەوە ئەفەرموێت: ﴿عَطَآءً غَيْرَ مَجْذُوذٍ﴾ بەخششێکە نابڕێتەوە. ئەمە قسەی موجاهیدو ئیبنوعەبباس و ئەبول عالیەو کەسانی تریشە.[2] جا بۆ ئەوەی هیچ کەسێ وا گومان نەبات، دوای ئەوی باسی مەیلی کردوە. لەوانەیە (گومانێ یان پچڕانێ یان شتێ) ڕووی بدات لەبەهەشتتدا وکۆتایی بێت ،بۆیە بەڵکو بڕیاری بەردەوامی و نەبڕاوەی لەسەر دراوە ! وەك چۆن لەوێدا ڕوونی کردوەتەوە کە سزای خەڵکی ناو ئاگر لەناو ئاگرا هەر بەردەوام دەبێ و ئەویش هەر دەگەڕێتەوە بۆ مەیلی خودا، چونکە خودای مەزن بە دادپەروەری و کارزانی خۆی سزای داون. بۆیە فەرموویەتی: ﴿إِنَّ رَبَّكَ فَعَّالٌ لِّمَا يُرِيدُ﴾.[3] پەروەردگارت

---

[1] مسلم (٤/٢١٨١).

[2] الطبري (١٥/٤٩٠).

[3] هود (١٠٧).

هەرچی خۆی بیەوێ دەیکا، وەك لە ئایەتێکی تـرا فەرموویـەتی: ﴿لَا يُسْـَٔلُ عَمَّا يَفْعَلُ وَهُمْ يُسْـَٔلُونَ﴾[1] هەرچی خودا بیکا ناشێ پرسیاری لێ بکرێو ئەوانن بەرپرسیارن. بێگومان لەوێدا دڵەکان باش کراونو نیەتەکانیش دامەزراون، لە هەردوو سەحیحەکەدا هاتوە (مردن دەهێنرێ لە وێنەی بەرانێکی قەڵەودا لە نێوان بەهەشتو جەهەنما سەر دەبڕێ، پاشان دەگوترێ: ئەی خەڵکی بەهەشت مانەوەیەو مردن نیە، ئەی ئەهلی جەهەنم مانەوەیەو مردن نیە)[2]. دیسان لە فەرموودەی سەحیحا هاتووە دەگوترێ: ئەی خەڵکی بەهەشت بۆتان هەیە بژینو هەرگیز نەمرن، بۆتان هەیە لاوبنو هەرگیز پیر نەبن، بۆتان هەیە تەندروست بنو هەرگیز نەخۆش نەکەون، بۆتان هەیە ڕابوێرنو (خۆشگوزەران بن) هەرگیز توشی ئازارنەبن[3].

﴿فَلَا تَكُ فِي مِرْيَةٍ مِّمَّا يَعْبُدُ هَٰٓؤُلَآءِ ۚ مَا يَعْبُدُونَ إِلَّا كَمَا يَعْبُدُ ءَابَآؤُهُم مِّن قَبْلُ ۚ وَإِنَّا لَمُوَفُّوهُمْ نَصِيبَهُمْ غَيْرَ مَنقُوصٍ ﴿١٠٩﴾ وَلَقَدْ ءَاتَيْنَا مُوسَى ٱلْكِتَٰبَ فَٱخْتُلِفَ فِيهِ ۚ وَلَوْلَا كَلِمَةٌ سَبَقَتْ مِن رَّبِّكَ لَقُضِىَ بَيْنَهُمْ ۚ وَإِنَّهُمْ لَفِى شَكٍّ مِّنْهُ مُرِيبٍ ﴿١١٠﴾ وَإِنَّ كُلًّا لَّمَّا لَيُوَفِّيَنَّهُمْ رَبُّكَ أَعْمَٰلَهُمْ ۚ إِنَّهُۥ بِمَا يَعْمَلُونَ خَبِيرٌ ﴿١١١﴾﴾

بتپەرستی گومڕاییە، هیچ گومانی تێدا نیە

خـودای مـەزن ئەفـەرموێت: ﴿فَلَا تَكُ فِي مِرْيَةٍ مِّمَّا يَعْبُدُ هَٰٓؤُلَآءِ ۚ مَا يَعْبُدُونَ إِلَّا كَمَا يَعْبُدُ ءَابَآؤُهُم مِّن قَبْلُ﴾ سا تـۆ لـەبارەی ئەوانـەی ئـەوان دەیپەرستن دوودڵ مەبە، هەر ئەوانە دەپەرستن کە بابو باپیرانی پێشویان پەرستویانن واتە: تۆ هیچ دوودڵی مەکە لەسەر ئەوەی کە ئەو بتپەرستانە دەیکەن، چونکە ئـەو کـارەی ئـەوان پڕوپـوچو نـەفامی گومڕایی نـەبێ هیچی تـر نیە، ئەوانـە بۆیـە ئـەو بتانـە دەپەرستن لەبەر ئەوەی بابو باپیرانیان لەپێشا پەرستویانە، هیچ بەڵگەیـەکی ڕاستیان بەدەستەوە نیە لەسەر ئەو بتپەرستیە تەنیا شوێن کەوتنی بابو باپیرانیان نەبێ کە بەنەزانی دەیان کرد، خودای گەورە بە تەواوی پاداشتیان ئەداتەوە، سزایەکیان ئـەدا هـیچ کەسـێ سزای وای نـەدرابێ، خۆ ئەگەر چاکەیەکیشیان هەبێ خودای مەزن هەر لە دنیادا هەقیان بۆ دەکاتـەوەو پاداشتیان ئەداتـەوە لـەپێش ڕۆژی قیامەتا، وەك ئەفەرموێت: ﴿وَإِنَّا لَمُوَفُّوهُمْ نَصِيبَهُمْ غَيْرَ مَنقُوصٍ﴾ ئێمەش بـەبێ کـەموکوڕی بەشـی خۆیانیان ئەدەینێ، عەبدوڕەحمانی کوڕی زەیدی کـوڕی ئەسلەم ئـەڵێ: یانی بـەبێ کـەموکوڕی ئێمـە بەشی خۆیانیان لە سزا ئەدەینێ[4] واتە: سزایەکی تەواویان ئەدەین. پاشان خودای مەزن ئەفـەرموێت:

[1] الانبیاء (٢٣).

[2] فتح الباري (٢٨٢/٨)، مسلم (٢١٨٨/٤).

[3] مسلم (٢١٨٢/٤).

[4] الطبري (٤٩٢/١٥).

﴿وَلَقَدْ ءَاتَيْنَا مُوسَى ٱلْكِتَٰبَ فَٱخْتُلِفَ فِيهِ﴾ ئێمە کتێبێکمان دا بە مووساو کێشەیان لەسەر دروست کرد، هەندێ بڕوایان پێ هێناو هەندێکیش بڕوایان پێ نەهێنا، تۆیش ئەی موحەممەد(ﷺ) چاو لەو پێغەمبەرە پێشوانە بکەو باوەڕنەهێنانی ئەوانە زۆر دلگرانت نەکاو پشتت سارد نەکاتەوە ﴿وَلَوْلَا كَلِمَةٌ سَبَقَتْ مِن رَّبِّكَ لَقُضِىَ بَيْنَهُمْ ۚ وَإِنَّهُمْ لَفِى شَكٍّ مِّنْهُ مُرِيبٍ﴾ خۆ ئەگەر پەروەردگارت لەپێشا بڕیاری نەدایە، زوو کێشەکەیان دەبڕایەوە، کە ئێستەش سەبارەت بەمە، هەر دوودڵ و بە گومانن، ئیبنوجەریرئەڵێ: ئەگەر لەپێشا بڕیاری دواخستنی سزا نەدرایە بۆ کاتێکی دیاریکراو زوو لەناو دەبران، هەڵیش دەگرێ لێرەدا مەبەست بەو (الكلمة)یە ئەوەبێ کە: خودا هیچ کەسێ سزا نادا دوای هێنانی بەڵگە و ناردنی پێغەمبەر نەبێت بۆی.[1] وەك خودای گەورە لە ئایەتێکی تر فەرموویەتی: ﴿وَمَا كُنَّا مُعَذِّبِينَ حَتَّىٰ نَبْعَثَ رَسُولًا﴾.[2] هەتا پێغەمبەریش نەنێرین، سزا لەلای ئێمەوە نیە. وە لە ئایەتێکی تر فەرموویەتی: ﴿وَلَوْلَا كَلِمَةٌ سَبَقَتْ مِن رَّبِّكَ لَكَانَ لِزَامًا وَأَجَلٌ مُّسَمًّى ﴿١٢٩﴾ فَٱصْبِرْ عَلَىٰ مَا يَقُولُونَ﴾.[3] ئەگەر بەڵێنێك لەپێش ئێستادا لە پەروەردگارتەوە نەدرایە، کاتێکیش دیاری نەکرایە، سزایان بەسەرا دەهات، لەسەر هەرچی ئەوان دەیڵێن، خۆڕاگریە، پاشان خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَإِنَّ كُلًّا لَّمَّا لَيُوَفِّيَنَّهُمْ رَبُّكَ أَعْمَٰلَهُمْ ۚ إِنَّهُۥ بِمَا يَعْمَلُونَ خَبِيرٌ﴾ بێگومان پەروەردگارت قەرەبووی کردەوەی هەموویان بە تەواوی دەکاتەوەو هەر خۆی لە هەر کارێ دەیکەن ئاگادارە. پاشان خودای گەورە باسی ئەوە دەکا کە بەو زووانە هەموو گەلەکان لە سەرەتاوە هەتا دوایی کۆدەکاتەوە لە ڕۆژی قیامەتا پاداشتی هەموویان ئەداتەوە، چاکە بە چاکەو خراپەیش بە تۆڵە لێسەندن. خودا هیچی لێ ون نابێ و ئاگاداری هەموو شتێکە لە گەورەو بچووك و وردو درشت. لەم ئایەتەدا چەند خوێندنەوەیەك هاتووە، بەڵام ماناکەی هەموو دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە باسمان کرد، وەك لەم ئایەتەدا هاتووە کە خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَإِن كُلٌّ لَّمَّا جَمِيعٌ لَّدَيْنَا مُحْضَرُونَ﴾[4] بێگومان هەمووڵاشیان، هەر دەهێنینەوە لای خۆمان.

﴿فَٱسْتَقِمْ كَمَآ أُمِرْتَ وَمَن تَابَ مَعَكَ وَلَا تَطْغَوْا۟ ۚ إِنَّهُۥ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ ﴿١١٢﴾ وَلَا تَرْكَنُوٓا۟ إِلَى ٱلَّذِينَ ظَلَمُوا۟ فَتَمَسَّكُمُ ٱلنَّارُ وَمَا لَكُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ مِنْ أَوْلِيَآءَ ثُمَّ لَا تُنصَرُونَ ﴿١١٣﴾﴾

---

[1] الطبري (١٥/٤٩٣).
[2] الاسراء (١٥).
[3] طه (١٢٩-١٣٠).
[4] يس (٣٢).

فەرماندان بە خۆڕاگری

خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿فَٱسۡتَقِمۡ كَمَآ أُمِرۡتَ وَمَن تَابَ مَعَكَ وَلَا تَطۡغَوۡاْۚ إِنَّهُۥ بِمَا تَعۡمَلُونَ بَصِيرٞ﴾ وەك فەرمانت پێدراوە، خۆڕاگرە، ئەوانەش لەگەڵ تۆدا بۆلای خودا گەڕاونەتەوە با هەر وا بن، سەرپێچیش لە فەرمان مەکەن، هەرچی بکەن خودا دەیبینێ، خودای گەورە فەرمان دەکا بە پێغەمبەرەکەیی‌و بەندە خاوەن باوەڕەکانی خۆڕاگر بن لەسەر ئاینەکەیی‌و بەردەوام بن لەسەری، چونکە ئەو خۆڕاگرتنە گەورەترین یارمەتیە بۆ سەرکەوتن بەسەر دوژمنا، دژی بێ ئارامی‌و ترسەنوکیە، سەرکەشیشی قەدەغەکردوە کە بریتیە لە ناهەقی کردن با لە موشریکیش بێ، چونکە ناهەقی دەبێتە هۆی لەناوچوون، چاك بزانە کە خودای مەزن هەموو کردارێکی عەبدەکانی دەبینێ، لە هیچی بێ ئاگا نیەو هیچیشی لێ ون نابێ. پاشان خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَلَا تَرۡكَنُوٓاْ إِلَى ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ فَتَمَسَّكُمُ ٱلنَّارُ﴾ مەچن بەلای ئەوانەدا ناهەقی دەکەن، دەنا بە ئاگر دەسوتێن، عەلی کوڕی ئەبوتەلحەئەڵێ: لە ئیبنوعەبباسەوە: سازش مەکەن. ئیبنوجەریریش ئەڵێ: لە ئیبنوعەبباسەوە: مەچن بەلای ئەوانەدا ناهەقی دەکەن.[1] ئەم قسەیە باشترە، واتە: پشت مەدەن بەپشتی ستەمکارەوە وەك ئەوەی کە ڕازی بووبن بە کارەکانیان، ئەو کاتە ئاگر دەتان سوتێنێ. ﴿وَمَا لَكُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ مِنۡ أَوۡلِيَآءَ ثُمَّ لَا تُنصَرُونَ﴾ جگە لە خودا هیچ دۆستێکتان نیە، ئیتر کەسیش لە دوایدا یارمەتیتان نادا.

﴿وَأَقِمِ ٱلصَّلَوٰةَ طَرَفَيِ ٱلنَّهَارِ وَزُلَفٗا مِّنَ ٱلَّيۡلِۚ إِنَّ ٱلۡحَسَنَٰتِ يُذۡهِبۡنَ ٱلسَّيِّـَٔاتِۚ ذَٰلِكَ ذِكۡرَىٰ لِلذَّٰكِرِينَ ﴿١١٤﴾
وَٱصۡبِرۡ فَإِنَّ ٱللَّهَ لَا يُضِيعُ أَجۡرَ ٱلۡمُحۡسِنِينَ ﴿١١٥﴾﴾

خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿وَأَقِمِ ٱلصَّلَوٰةَ طَرَفَيِ ٱلنَّهَارِ﴾ نوێژ بکە لە ئەم سەرو ئەو سەری ڕۆژدا، عەلی کوڕی ئەبوتەلحەئەڵێ: لە ئیبنوعەبباسەوە: ﴿وَأَقِمِ ٱلصَّلَوٰةَ طَرَفَيِ ٱلنَّهَارِ﴾فەرمویەتی: بەیانی‌و ئێوارە[2]. حەسەن‌و عەبدوڕەحمانی کوڕی زەیدی کوڕی ئەسلەمیش هەر وایان گوتووە.[3] حەسەن لە ڕیوایەتێکی قەتادەو زەحهاك‌و کەسانی تریشەوەئەڵێ، ئەوە نوێژی بەیانی‌و عەسرە. موجاهید ئەڵێ: نوێژی بەیانیە لە سەرەتای ڕۆژەوە، نیوەڕۆو عەسریشە لە کۆتایی ڕۆژدا. موحەممەدی کوڕی کەعبی قورەزی و زەحهاکیش هەر وایان گوتووە ﴿وَزُلَفٗا مِّنَ ٱلَّيۡلِ﴾ وە لە سەرەتای شەودا ئیبن عەبباس و

---

[1] الطبري (١٥/٥٠١).

[2] الطبري (١٥/٥٠٣).

[3] الطبري (١٥/٥٠٣).

موجاهیدوحەسـەن وجگەلـەوانیش ئـەڵێن: یـانی مـەغریبو عیـشا،حەسەن وعەبـدوڵڵای کـوڕی موبـارەك لەموبارەکی کوڕی فەزالەوەئەگێڕنـەوە فەرمویـەتی﴿وَزُلَفًا مِّنَ ٱلَّيۡلِ﴾ یـانی مـەغریب وعیشا. پێغەمبـەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (ئەوانـە سـەرەتای شـەون: مـەغریبو عیشا). موجاهیـدو موحەممـەدی کـوڕی کەعبو قەتادەو زەحاکیش گوتوویانـە: ئـەو نوێژانـە نوێـژی مـەغریبو عیشایە، هەڵـدەگرێ ئـەم ئایەتـە لەپێش فەرزبوونی پێنج نوێژەکە هاتبێتە خوار لـە شـەوی ئیـسرادا، چـونکە لـەو کاتـەدا دوو نوێـژ واجـب بووە: نوێژێ لەپێش هەڵاتنی خۆرو نوێژێ لەپێش ئاوابوونی خۆرا، وە لە کاتی شەویشا، شـەونوێژ واجب بووە لەسەر پێغەمبەرو (ﷺ) ئوممەتەکـەی، پاشـان لەسـەری ئوممەتەکـەی لابـراوەو لەسـەر پێغەمبـەر خۆی واجب بووە. پاشان جارێکی تر لەسەر پێغەمبەریش (ﷺ) لابراوە. لە وتەیەکدا (والله أعلم).

چاکەکان خراپەکان دەسڕنەوە

خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿إِنَّ ٱلۡحَسَنَٰتِ يُذۡهِبۡنَ ٱلسَّيِّـَٔاتِ﴾ چونکە چاکەکان خراپەکان لەناودەبەن واتە: کردارە چاکەکان دەبێتە کەفارەتی تاوانە پێشوەکانو دەیـان سـڕێتەوە، وەك لـەم فـەرموودەی ئیمامی ئەحمەدو خاوەنی کتێبەکانی تری فەرموودە ڕیوایەتیان کردووە لـە گـەورەی موسـوڵمانانەوە عەلی کوڕی ئەبوتالیبەوەئەڵێ: من کاتێ کـە فەرموودەیەکم لـە پێغەمبـەری خـوداوە (ﷺ) دەبیـست، سودم لێ وەردەگرت بە ئەندازەی ئەوەی خوا ئارەزوی لێ بـوبێ سـودی لێ وەرگـرم، هـەر کـاتێ کەسـێ لەلایەن پێغەمبەرەوە فەرمودەیەکی بۆ باس بکردمایە، سوێندم ئـەدا، ئەگـەر سـوێنی بخواردایـە بـڕوام پێدەکرد، ئەبوبەکریش بۆی گێڕاومەتەوە، ئەبوبەکریش ڕاستی ئەکات، کە بیستویەتی لـە پێغەمبـەری خوداوە (ﷺ) فەرموویەتی: (هیچ موسوڵمانێ نیە کە گونـاهێ لـە گوناهـەکانی دەکـاو پاشـان دەسـت نوێژ دەگرێو دوو ڕکـات نوێـژ دەکاونەبەخـشرێت)[1]. وە لـە هـەردوو سـەحیەکەدا هـاتوە لـە گـەورەی موسـوڵمانانەوە عوسمـانی کـوڕی عەففانـەوە کـە دەسـتنوێژی بـۆ گرتـون وەك ئـەو دەسـتنوێژەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) گرتویەتی پاشـان فەرمویـەتی: مـن بـەم شـێوەیە پێغەمبـەری خـودام بینیـوە (ﷺ) دەستنوێژی گرتووەو فەرموویەتی: (هەر کەسێ دەستنوێژی گرتبێ وەك ئەم دەستنوێژەی مـن پاشان دوو ڕکات نوێژی کردبێ، خۆی سەرقاڵ نەکردبێ بە خۆیەوە لەو دوو ڕکاتەدا، لەو گوناهانەی لـە پێشا (کردویەتی)نەبەخشرێت)[2]. واتە: خودا لەو گوناهانەی پێشوی خۆش نەبێت. وەلە فەرمودەیەکی تری سەحیحا هاتوە، لە ئەبوهورەیرەوە لە پێغەمبـەری خـوداوە (ﷺ) کە فەرموویـەتی: (ئایا چۆن دەبینن ئەگەر بە بـەردەگای یەکێکتانـدا ڕووبـارێکی گـەورە بـڕوا و هـەموو ڕۆژێ پێـنج جار خـۆی تیا

---

[1] أحمد (٩/١)، أبوداود (١٨٠/٢)، تحفة الاحوذي (٣٥٧/٨)، النسائي في الكبرى (١٠٩/٦)، إبن ماجة (٤٤٦/١). حەسەنە.

[2] فتح الباري (٣٢٠/١)، مسلم (٢٦٠/١).

بـشوری ئایـامیچ چـڵکێکی پێـوه دەمێنــێ؟ گوتیـان: نــەخێر، ئــەی پێغەمبــەری خــودا(ﷺ)! پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئەم پێنج نوێژەیش هەر بەو شێوەیە، خودای گەورە تاوانو گوناهەکانی پێ لادەبا)[1]. موسلمیش ڕیوایەتی کردوە لە سەحیحەکەیا لـە ئـەبوهورەیرەوە کـە پێغەمبـەری خـودا(ﷺ) ئەیفەرموو: (ئەم پێنج نوێژەو ئەم(هەینی) بۆ ئەو هەینیو ڕەمەزان بۆ ئەو ڕەمەزان دەبنـە کـەفارەتی (گوناهی) ئەو نێوانەیان، ئەگەر دووره پەرێزی بووبێ لە گوناهە گەورەکان)[2]. واتە: گوناهە گـەورەکانی تیا نەکرابێ، بوخاری ڕیوایەتی کردوە لە ئیبنومەسعودەوە، پیاوێك ژنێکی ماچ کردبوو، هـات بـۆلای پێغەمبەر(ﷺ) بۆی گێڕایەوە، خودای گـەورە ئـەم ئایەتـەی نـاردە خـوارەوە ﴿ وَأَقِمِ ٱلصَّلَوٰةَ طَرَفَيِ ٱلنَّهَارِ وَزُلَفًا مِّنَ ٱلَّيۡلِۚ إِنَّ ٱلۡحَسَنَٰتِ يُذۡهِبۡنَ ٱلسَّيِّـَٔاتِۚ ﴾ پیاوەکە گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا ئەمـە هـەر بۆ منە؟ پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (بۆ هەموو ئوممەتەکەمە بە گشتی)[3]. بوخـاری هـەر بـەم شـێوەیە ڕیوایەتی کـردوە لـە (كتـاب الـصلاة)دا، لـە تەفسیرەکەیـشیا هـەر بـەم شێوەیە هێناویەتی.[4] ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردوە لە ئیبنوعەبباسەوە: پیاوێك هاتە لای عومەر گوتی: ژنێك هات شتی لێ بکڕێ بردیە ژوورەوەو خەریکی بـوو هـەموو شـتێکی لەگـەڵا کـرد(کـاری ژنو مێـردی نـەبێ)، عومـەر گـوتی: داوەشێی، لەوانەیە ژنێ بێ (مێردەکەی لای نەبێ) و ڕۆشـتبێ بـۆ غـەزا لـە ڕێـی خـودا؟ گـوتی: بـەڵێ، گوتی: بچۆ بۆ لای ئەبوبـەکر لێـی بپرسـە، ئـەڵێ: هاتـە لای ئـەبوبوکرو لێـی پرسـی، ئەبوبـەکر گـوتی: لەوانەیە مێردەکەی لای نەبێ (چووبێ بۆ غەزا) لەڕێی خودا؟ هەر ئەو قسەی پێ گوت کـە عومـەر پێـی گوت، پاشان هات بۆلای پێغەمبەر(ﷺ) پێغەمبەریش هەر ئەوەی پێ گوت: فـەرمووی: (لەوانەیە ئـەو ژنە مێردەکەی لای نەبێ (چووبێ بۆ غەزا) لە ڕێـی خـوادا). پـاش کـەمێك ئـەم ئایەتـە هاتـە خـوارەوە ﴿ وَأَقِمِ ٱلصَّلَوٰةَ طَرَفَيِ ٱلنَّهَارِ وَزُلَفًا مِّنَ ٱلَّيۡلِۚ إِنَّ ٱلۡحَسَنَٰتِ يُذۡهِبۡنَ ٱلسَّيِّـَٔاتِۚ ﴾ هــەتا کۆتــایی ئایەتەکــە. پیاوەکە گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئەمە تەنیا بۆ منە یان بۆ خەڵکیشە بە گشتی؟ عومـەر بـە دەستی دای لە سنگی پیاوەکەو گوتی:نەخێر، ئەوەندەیش بەرچاو تەنگ مەبە، بەڵکو بۆ خەڵکیشە بـە گشتی، پێغەمبەر خودا(ﷺ) فەرمووی: (عومەر ڕاستی ئەکات)[5].

---

[1] البخاري (٥٢٨)، مسلم (٦٦٧).

[2] مسلم (٢٠٩/١).

[3] فتح الباري (١٢/٢).

[4] فتح الباري (٢٠٦/٨).

[5] أحمد (٢٤٥/١). سەنەدەکەی لاوازە.

﴿فَلَوْلَا كَانَ مِنَ الْقُرُونِ مِن قَبْلِكُمْ أُولُوا بَقِيَّةٍ يَنْهَوْنَ عَنِ الْفَسَادِ فِي الْأَرْضِ إِلَّا قَلِيلًا مِّمَّنْ أَنجَيْنَا مِنْهُمْ وَاتَّبَعَ الَّذِينَ ظَلَمُوا مَا أُتْرِفُوا فِيهِ وَكَانُوا مُجْرِمِينَ ﴿١١٦﴾ وَمَا كَانَ رَبُّكَ لِيُهْلِكَ الْقُرَىٰ بِظُلْمٍ وَأَهْلُهَا مُصْلِحُونَ ﴿١١٧﴾﴾

دەبێ کۆمەڵێ هەبێ بەربگرێت لە خراپە و بەدڕەوشتی

خـــودای مـــەزن ئەفـــەرموێت: ﴿فَلَوْلَا كَانَ مِنَ الْقُرُونِ مِن قَبْلِكُمْ أُولُوا بَقِيَّةٍ يَنْهَوْنَ عَنِ الْفَسَادِ فِي الْأَرْضِ إِلَّا قَلِيلًا مِّمَّنْ أَنجَيْنَا مِنْهُمْ﴾ ئەم هەموو گەلانەی بەر لـە ئێـوە هـاتن و چـوون، لەبـەر ئـەوەی کەسێکی وایان نەبوو بەرگری بکەن لە بەدفەڕی لەسەر زەمینا تەنیا کەمێك نەبێ لەوانەی کە ڕزگارمـان کردن لە نێوانیاندا، واتە: چەندە باش بـوو کۆمـەڵێ لـە گەلـە پێشوەکان ببوایـە لـە خـەڵکی خێرخـواز بەرگریان بکردایە لەو کاتانەدا کە خەڵکی بەدفەڕ دەستیان ئەدایە خراپەو بەدڕەوشتی لەسـەر زەمینـا، بە دەگمەن کەسی وا هەبوو لە نێوانیانداو بـە پەنجـەی دەسـت دەژمێـران بـەرگریان لـە خراپـە دەکـرد ئەوانەیش، ئەو کەسانە بوون کە خودا لە غەزەبی کوتوپڕی خۆی ڕزگاری کـردن، بۆیـە خـودای مـەزن فەرمانی داوە بەم ئوممەتە بـەڕێزە کـە دەبـێ کۆمـەڵێ لـە نێوانیانـدا هـەبێ فـەرمان بکـات بـە چاکەو بـەرگری بکـات لـە خراپـە وەك لـە ئایـەتێکا فەرموویـەتی: ﴿وَلْتَكُن مِّنكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى الْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ ۚ وَأُولَٰئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ﴾[1] دەبێ لـەنێو ئێـوەدا کۆمـەڵێ بـبن، فـەرمان بـە چاکە بدەن و ڕێ لە خراپە بگرن، هەر ئەوانـەش ڕزگـار دەبـن. وە لـەم فەرموودەیـەدا هـاتوە: (ئەگـەر کاتێ خەڵکی خراپەیان بینی ئەو خراپەیەیان نـەگۆڕی لەوانەیـە سزای خـودا هـەموویان بگرێتـەوە)[2]، واتە: زۆر نزیکە خودا سزای هەموویان بدا. بۆیە خـودای گـەورە فەرموویـەتی: ﴿فَلَوْلَا كَانَ مِنَ الْقُرُونِ مِن قَبْلِكُمْ أُولُوا بَقِيَّةٍ يَنْهَوْنَ عَنِ الْفَسَادِ فِي الْأَرْضِ إِلَّا قَلِيلًا مِّمَّنْ أَنجَيْنَا مِنْهُمْ﴾ پاشـان ئەفـەرموێت: ﴿وَاتَّبَعَ الَّذِينَ ظَلَمُوا مَا أُتْرِفُوا فِيهِ﴾ ستەمکارانیش هـەر کەوتنـە شـوێنی خۆشگوزەرانی خۆیـان و تاوانبار بوون، واتە: بەردەوام بوون لەسەر کاری خراپ و دەستیان دابووە لاساری و کاری ناشیرین، هیچ گوێیان لە تاوان و خراپەی ئەوانە نەبوو، دژایەتیشیان نەدەکردن، هەتا خودا لەپڕ سزای بۆ دەناردن، پاشـان خـودای گـەورە فەرموویـەتی: ﴿وَمَا كَانَ رَبُّكَ لِيُهْلِكَ الْقُرَىٰ بِظُلْمٍ وَأَهْلُهَا مُصْلِحُونَ﴾ پەروەردگارت بە ناهەقی هەرگیز قڕانی نەخستە ئەو شارانەی ئاکار چاك بوون، خـودای مـەزن لێـرەدا

---

[1] آل عمران (١٠٤).

[2] إبن ماجة (٢/١٣٢٧).

باسی ئەوە دەكات كە هەرگیز هیچ شارێكی لەناو نەداوە مەگین خەڵكەكەی ستەمی لە خۆی كردوە، وە بەڵاو سزای خۆی نەناردوە بۆ شارێك خەڵكەكەی چاكو خێرخوا بووبنو نەچووبنە ڕیزی ستەمكارانەوە. وەك فەرموویەتی: ﴿ وَمَا ظَلَمْنَٰهُمْ وَلَٰكِن ظَلَمُوٓاْ أَنفُسَهُمْ ﴾.[1] ناهەقیمان لێ نەكردن، بەڵكو ئەوان ناهەقیان لە خۆیان كرد. وە فەرموویەتی: ﴿وَمَا رَبُّكَ بِظَلَّٰمٍ لِّلْعَبِيدِ ﴾[2] پەروەردگارت ناهەقی لە عەبدەكانی ناكا.

﴿وَلَوْ شَآءَ رَبُّكَ لَجَعَلَ ٱلنَّاسَ أُمَّةً وَٰحِدَةً ۖ وَلَا يَزَالُونَ مُخْتَلِفِينَ ﴿١١٨﴾ إِلَّا مَن رَّحِمَ رَبُّكَ ۚ وَلِذَٰلِكَ خَلَقَهُمْ ۗ وَتَمَّتْ كَلِمَةُ رَبِّكَ لَأَمْلَأَنَّ جَهَنَّمَ مِنَ ٱلْجِنَّةِ وَٱلنَّاسِ أَجْمَعِينَ ﴿١١٩﴾﴾

خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿وَلَوْ شَآءَ رَبُّكَ لَجَعَلَ ٱلنَّاسَ أُمَّةً وَٰحِدَةً ﴾ پەروەردگارت ئەگەر مەیلی لێ بوایە، خەڵكی دنیای گشتی دەكردە یەك ئاین، خودای گەورە باسی ئەوە دەكا كە دەتوانێ خەڵكی هەموو وا لێ بكا پەیڕەوی یەك ئاین بن، یا هەموو خاوەنباوەڕ بن، یا هەموو خوانەناس بن. وەك لە ئایەتێكی تر فەرموویەتی: ﴿وَلَوْ شَآءَ رَبُّكَ لَأَمَنَ مَن فِى ٱلْأَرْضِ كُلُّهُمْ جَمِيعًا ﴾[3] ئەگەر پەروەردگارت حەزی لێ بوایە ئەوەی لەسەر زەمینایەو هەموو بەگشتی بڕوای دەهێنا. ﴿وَلَا يَزَالُونَ مُخْتَلِفِينَ﴾ بەڵام بە ناتەبایی ئەو خەڵكە هەر دەمێننەوەو ناكۆك دەبن لە بیروبۆچوونو ئاینو بڕواو پەیڕەوو پرۆگرامیاندا، ﴿ إِلَّا مَن رَّحِمَ رَبُّكَ ﴾ جا مەگەر پەروەردگاری تۆ بەزەیی پێیاندا بێتەوە. لەوانەی كە شوێنی پێغەمبەران كەوتونو پابەند بوون بە فەرمانەكانی ئەو ئاینەوە كە پێغەمبەران پێیان ڕاگەیاندون، هەر بەردەوامیش بوون لەسەر ئاینەكەیان كاتێ كە پێغەمبەری خودا هاتوە كە دواین پێغەمبەرە (ﷺ) شوێنی كەوتونو بڕوایان پێ هێناوەو یارمەتیان داوەو بەختەوەری دنیاو قیامەتیان وەدەستهێناوە، چونكە ئەوانە لە بەرەی ڕزگار بوانن، وەك لەم فەرمودەیا ڕیوایەت كراوە لە مەسانیدو سونەنەكاندا لە چەند ڕێگاوە كە یەكتری بەهێز دەكەن، جولەكە بەش بەش بوون، بونە حەفتاویەك دەستە، نەسارا بەش بەش بوون، بونە حەفتادوو دەستە، ئەم ئوممەتەیش بەو زوانە بەش بەش دەبێ، دەبێ بە حەفتاوسێ دەستە، هەموو لەناو ئاگردان یەك دەستەیان نەبێ، گوتیان: ئەونە كێن (ناچنە ناو ئاگر) ئەی پێغەمبەری خودا؟ (ﷺ) فەرمووی: ئەوەیە منو هاوەڵەكانمی لەسەرە[4].

---

[1] هود (١٠١).

[2] فصلت (٤٦).

[3] يونس (٩٩).

[4] أحمد (٣٣٢/٢)، أبوداود (٤/٥)، تحفة الاحوذي (٣٩٧/٧)، إبن ماجة (١٣٢٢/٢). فەرموودەیەكی سەحیحە.

حاكمیش ڕیوایەتی كردوە بەم زیادەیشەوە. لە موستەدرەكەیا.[1] پاشان خـودای مـەزن ئەفـەرموێت: ﴿ وَلِذَٰلِكَ خَلَقَهُمْ ۗ وَتَمَّتْ كَلِمَةُ رَبِّكَ لَأَمْلَأَنَّ جَهَنَّمَ مِنَ الْجِنَّةِ وَالنَّاسِ أَجْمَعِينَ ﴾. كـە هـەر بـۆ ئـەوەش دروست كراوون، بڕیاری پەروەردگارت هەر دێتە جیٚ، كە جەهەنم لـە جنۆكـەو بـەنی ئـادەم هـەموو پـڕ دەكەم. خودای گـەورە باسـی ئـەوە دەكا كـە لەپێشا بڕیـاری داوەو بڕاوەتـەوە، چونكە خـودا چاك زانیویەتی لە كار بەجێیی خۆیەوە لەوانەی كە دروستی كردووە كیٚ شایستەی بەهەشتەو كێش لەوانـە شایستەی جەهەنمە، چونكە دەبیٚ جەهەنم پڕ ببـیٚ لـەو دووانـە: جنۆكـەو بنیـادەم، خـودا خـۆی بـاش دەزانـیٚو كارەكـانی پـڕە لـە كـارزانی، لـە هـەردوو سـەحیحەكەدا هـاتوە لـە ئـەبوهورەیرەوە ئـەڵیٚ: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (بەهەشتو جەهەنم مشتو مڕیـان بـوو، بەهەشـت گـوتی: بۆچـی من لاوازو پەك كەوتە نەبیٚ نایەتە ناوم، ئاگریش گوتی: دانراوم بـۆ فیـز زلو خـۆ بەزلزانـەكان، خـودای مەزن فەرموی بە بەهەشت تۆ بەزەیی منی بە تـۆ ڕەحـم دەكـەم بـە كەسـیٚ مـەیلم لێبـیٚ، فـەرموی بـە ئاگریش: تۆ جەزرەبەی منی تۆڵە دەسێنم بە تۆ لـە كەسـیٚ مـەیلم لێبـیٚ، بـۆ هەریـەكیٚ لـە ئێـوە پـڕی خۆی، لەبارەی بەهەشتەوە بەردەوام لەناو بەهەشتا جێگا ماوە، هەتا خودا خەڵكێكی تری بۆ دروسـت دەكا لەو جێگایەدا نیشتەجیٚ دەبیٚ، بەلاّم ئاگر بەردەوام دەڵیٚ: ئایا زیاتریش ماوە هەتا پـەروەردگاری خاوەن دەسەلاّت پێی لە سەری دادەنیٚ، دەڵێت: بەسمە بەسمە سوێند بیٚ بە خاوەنشكۆیی تۆ)[2].

﴿ وَكُلًّا نَّقُصُّ عَلَيْكَ مِنْ أَنبَاءِ الرُّسُلِ مَا نُثَبِّتُ بِهِ فُؤَادَكَ ۚ وَجَاءَكَ فِي هَٰذِهِ الْحَقُّ وَمَوْعِظَةٌ وَذِكْرَىٰ لِلْمُؤْمِنِينَ ﴿١٢٠﴾ ﴾

كۆتـایی ئەم باسە

خـودای مـەزن ئەفـەرموێت: ﴿ وَكُلًّا نَّقُصُّ عَلَيْكَ مِنْ أَنبَاءِ الرُّسُلِ مَا نُثَبِّتُ بِهِ فُؤَادَكَ ﴾ ئـەم هـەموو دەنگو باسانەی پێغەمبەرانت بۆ دەكرێن، كە دڵی تۆی پیٚ دامەزراو بكەین، واتـە: ئـەوەی بـۆت باسـی دەكـەین ئـەی موحەممـەد(ﷺ) لـە هـەواڵی پێغەمبـەرە پێـشوەكان و گەلـەكانیان، كـە چـی ڕوویـدا لەنێوانیاندا كە مشتو مڕو ناكۆكی چەندە پێغەمبەران خۆڕاگر بوون بەرانبەر ئەو ئەشكەنجەو ئـازارەی خوانەناسانو بڕوا نەهێنانیان، وە چۆن خودا كۆمەڵی خۆی سەرخست لـە خاوەنبـاوەڕانو دژمنـەكانی خۆشی سەر شۆڕ كرد لە خوانەناسان، ئەمانە هەموو بۆ ئەوانە بوو كـە دڵـی تـۆی پـیٚ دامـەزراو بكـەین ئەی موحەممەد(ﷺ) بۆ ئەوەی تۆش ئەو پێغەمبەرانەی پێشوو كە برای خۆتن بیانكەیتە سەرمەشقو

[1] الحاكم (١/١٢٩). سەحیحە.

[2] فتح الباري (١٣/٤٤٤)، مسلم (٤/٢١٨٦).

چاویان لێ بكەی ﴿وَجَآءَكَ فِي هَٰذِهِ ٱلۡحَقُّ﴾ لەم سورەتەدا هەقت بۆ هاتوە ئیبنوعەبباس‌و موجاهید كۆمەڵێ لە زانایانی پێشینە گوتویانە: كە ئەوەش زۆر ڕاستە، یانی: ئەوەی لەم سورەتەدا هاتوەهەمووی هەق وڕاستییە، كە پێك هاتووە لە بەسەرهاتی پێغەمبەران، كە چۆن خودا ئەو پێغەمبەرو خاوەنباوەڕانەی ڕزگار كردوەو خوانەناسانیشی قڕ كردوە، ئەو بەسەرهاتانەی لەم سورەتەدا بۆت باس كراوە هەقەو هەواڵێكی ڕاستە، پەندو ئامۆژگاریشە بۆ خودانەناسان كە وازبێنن، یادێكیشە بۆ خاوەنباوەڕان كە بەخۆیاندا بچنەوە.

﴿وَقُل لِّلَّذِينَ لَا يُؤۡمِنُونَ ٱعۡمَلُواْ عَلَىٰ مَكَانَتِكُمۡ إِنَّا عَٰمِلُونَ ﴿١٢١﴾ وَٱنتَظِرُوٓاْ إِنَّا مُنتَظِرُونَ ﴿١٢٢﴾﴾

خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿وَقُل لِّلَّذِينَ لَا يُؤۡمِنُونَ ٱعۡمَلُواْ عَلَىٰ مَكَانَتِكُمۡ إِنَّا عَٰمِلُونَ﴾ بەو كەسانەشی كە باوەڕیان نیە، بڵێ: هەرچی لە دەستتان دێ بیكەن، وا ئێمەیش كاری خۆمان دەكەین خودای گەورە فەرمان دەكا بە پێغەمبەرەكەی كە بڵێ بە ئەوانە كە بڕوا ناكەن بەوەی كە پێی هاتووە لەلایەن پەروەردگاریانەوە بە شێوەی هەڕەشە: ئێوە لەسەر ڕێگەو بەرنامەی خۆتان بڕۆنو ئێمەیش لەسەر ڕێگەو بەرنامەی خۆمان دەڕۆین، ﴿وَٱنتَظِرُوٓاْ إِنَّا مُنتَظِرُونَ﴾ چاوەڕوان بن، ئەوا ئێمەیش چاوەڕوانین واتە: ﴿فَسَوۡفَ تَعۡلَمُونَ مَن تَكُونُ لَهُۥ عَٰقِبَةُ ٱلدَّارِۚ إِنَّهُۥ لَا يُفۡلِحُ ٱلظَّٰلِمُونَ﴾.[1] بەم زووانە تێدەگەن پاشەڕۆژی ئەو دنیا بۆ كێ دەبێ. بێگومان خودا ناهەقی كاران ڕزگار ناكا. بەڕاستی خودا بەڵێنەكەی خۆی بۆ پێغەمبەرەكەی هێنایە دی، یارمەتی داو سەری خستو وای كرد كە وتەی خودا بەرز بێو وتەی خوانەناسان بەرەو خوار بێ، بێگومان خودا خاوەن دەسەڵاتو كارزانە.

﴿وَلِلَّهِ غَيۡبُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَإِلَيۡهِ يُرۡجَعُ ٱلۡأَمۡرُ كُلُّهُۥ فَٱعۡبُدۡهُ وَتَوَكَّلۡ عَلَيۡهِۚ وَمَا رَبُّكَ بِغَٰفِلٍ عَمَّا تَعۡمَلُونَ ﴿١٢٣﴾﴾

خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿وَلِلَّهِ غَيۡبُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَإِلَيۡهِ يُرۡجَعُ ٱلۡأَمۡرُ كُلُّهُۥ فَٱعۡبُدۡهُ وَتَوَكَّلۡ عَلَيۡهِ﴾ تەنیا خودا ئاگاداری نهێنیەكانی ئاسمانەكانو زەمینە، هەموو كارێ بۆلای ئەو دەگەڕێتەوە، سا تۆ هەر ئەو بپەرستەو چارەنووست بەو بسپێرە، خودای گەورە لێرەدا باسی ئەوە دەكا كە هەر خۆی شارەزای نهێنیەكانی ئاسمانەكانو زەمینە، هەموو شتێ لە دوایدا بۆلای ئەو دەگەڕێتەوەو دەچێتە لای ئەو، هەموو كار كەرێ بەرهەمی كارەكەی وەردەگرێ لە ڕۆژی لێپرسینەوەدا، هەركەسێ خۆی بە خودا سپاردبێو گەڕابێتەوە بۆلایو پەشیمان بوبێتەوە لە خراپەكاری، ئەوەی بەسە ﴿وَمَا

[1] الانعام (١٣٥).

رَبُّكَ بِغَٰفِلٍ عَمَّا تَعۡمَلُونَ ﴾ هەر کاریٚ ئێوە دەیکەن، پەروەردگارت لە هیچی بیٚ ئاگا نیە، واتە: هیچی لێناشارێتەوە لەو کارانەی خوانەناسان کردویانە ئەی موحەممەد(ﷺ) بەڵکو خودا ئاگاداری هەموو شتێکیانە، لەمەوبەدوا پاداشتیان ئەداتەوە بە توندترین شێوە لە دنیاو لە دوارۆژدا، بەو زوانەیش خۆت و کۆمەڵەکەت سەردەخا بەسەریاندا لە هەردوو دنیادا.

تەفسیری سورەتی یوسف (سەلامی خوای لێبیٚ)

لە مەککەدا هاتوەتەخوارەوە

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿الٓرۚ تِلۡكَ ءَايَٰتُ ٱلۡكِتَٰبِ ٱلۡمُبِينِ ﴿١﴾ إِنَّآ أَنزَلۡنَٰهُ قُرۡءَٰنًا عَرَبِيّٗا لَّعَلَّكُمۡ تَعۡقِلُونَ ﴿٢﴾ نَحۡنُ نَقُصُّ عَلَيۡكَ أَحۡسَنَ ٱلۡقَصَصِ بِمَآ أَوۡحَيۡنَآ إِلَيۡكَ هَٰذَا ٱلۡقُرۡءَانَ وَإِن كُنتَ مِن قَبۡلِهِۦ لَمِنَ ٱلۡغَٰفِلِينَ ﴿٣﴾﴾

وەسفەکانی ئەم قورئانە

﴿الٓر﴾ الف، لام، را، لە سەرەتای سورەتی بەقەرەدا باسی ئەم پیتانەمان کرد ﴿تِلۡكَ ءَايَٰتُ ٱلۡكِتَٰبِ ٱلۡمُبِينِ﴾ ئەمانە چەندین نیشانەن لە کتێبی ڕونکەرەوە، واتە ئەمە نیشانەکانی ئەم کتێبەن کە ئەو قورئانە ڕوون و ڕەوانەیە. واتە: ڕوون و ڕەوانە شتە ئاڵۆزو نادیارەکانی ئاشکرا دەکاو مانای دەکاو ڕوونی دەکاتەوە ﴿إِنَّآ أَنزَلۡنَٰهُ قُرۡءَٰنًا عَرَبِيّٗا لَّعَلَّكُمۡ تَعۡقِلُونَ﴾ قورئانێکە بە زمانی عەرەبی ئێمە ناردومانەتە خوارەوە بەڵکو ئێوە تێبگەن. چونکە زمانی عەرەبی ڕەوانترو ڕوونترو فراوانترەو زیاتر مانا بەخشەو کار لە دڵەکان دەکا، هەر لەبەر ئەوەیە (خودای مەزن) بەڕێزترین کتێبی ناردوە بە بەڕێزترین زمانداو بۆ بەڕێزترین پێغەمبەر(ﷺ) بە بەڕێزترین نایندەدا لە فریشتەکان، ئەوەیش لە بەڕێزترین پارچە زەمینا، دەست کرا بە ناردنی ئەم قورئانە لە بەڕێزترین مانگی ساڵدا کە مانگی ڕەمەزانە، وە ئەم قورئانە لە هەموو ڕوویەکەوە تێرو تەواوە، وەك خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿ نَحۡنُ نَقُصُّ عَلَيۡكَ أَحۡسَنَ ٱلۡقَصَصِ بِمَآ أَوۡحَيۡنَآ إِلَيۡكَ هَٰذَا ٱلۡقُرۡءَانَ﴾ ئێمە جوانترین بەسەرهاتت بۆ دەگێڕینەوە لە ڕێگەی ئەو قورئانەوە کە نیگامان بۆ کردووی.

هۆی هاتنە خوارەوەی ئەم ئایەتە

لەبارەی هاتنە خوارەوەی ئەم ئایەتەوە، ئیبنوجەریر ڕیوایەتی کردوە لە ئیبنو عەبباسەوە ئەڵێ: گوتیان: ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئەگەر چیرۆکێکت بۆ بگێڕاینایەتەوە، ئەم ئایەتە هاتە خوار ﴿ نَحْنُ نَقُصُّ عَلَيْكَ أَحْسَنَ الْقَصَصِ﴾[1].

﴿إِذْ قَالَ يُوسُفُ لِأَبِيهِ يَا أَبَتِ إِنِّي رَأَيْتُ أَحَدَ عَشَرَ كَوْكَبًا وَالشَّمْسَ وَالْقَمَرَ رَأَيْتُهُمْ لِي سَاجِدِينَ (٤)﴾

خەوبینینی یوسف (سەلامی خوای لێبێ)

خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿إِذْ قَالَ يُوسُفُ لِأَبِيهِ يَا أَبَتِ إِنِّي رَأَيْتُ أَحَدَ عَشَرَ كَوْكَبًا وَالشَّمْسَ وَالْقَمَرَ رَأَيْتُهُمْ لِي سَاجِدِينَ ﴾ وەختێ یوسف بە باوکی گوت: باوکە یانزە ئەستێرەو خۆرو مانگم بە خەو دی کە سەر بۆ من دادەنوێنن، خودای مەزن ئەفەرموێت: ئەی موحەممەد(ﷺ) بەسەرهاتی یوسف باس بکە بۆ هۆزەکەت، لەو چیرۆکانەی دەیگێڕیتەوە، باوکی یوسف یەعقوبی کوڕی ئیسحاقی کوڕی ئیبراهیم (سەلامی خوایان لێبێ) ئیبنوعەبباس ئەڵێ: خەوبینینی پێغەمبەران نیگایە[2]. زانایانی تەفسیر قسەیان کردوە لەسەر لەیەکدانەوەی ئەم خەو بینینە گوتویانە: مەبەست بە یانزە ئەستێرەکە براکانیەتی بێجگە لە خۆی، چونکە براکانی یانزە کەس بوون. مەبەست بە خۆرو مانگیش باوكو دایکیەتی، ئەمە ڕیوایەت کراوە لە ئیبنوعەبباسو زەححاكو قەتادەو سوفیانی سەوریو عەبدوڕەحمانی کوڕی زەیدی کوڕی ئەسلەمەوە کە دوای چل ساڵ مانای ئەم خەوە هاتوەتە دی، ڕوی داوە، گوتراویشە: دوای هەشتا ساڵ هاتوەتە دی. لە کاتێکا بووە کە باوکیو دایکی لەسەر تەختەکەی خۆی داناو براکانیشی لەبەر دەستیا بوون ﴿وَخَرُّوا لَهُ سُجَّدًا وَقَالَ يَا أَبَتِ هَذَا تَأْوِيلُ رُؤْيَايَ مِنْ قَبْلُ قَدْ جَعَلَهَا رَبِّي حَقًّا﴾[3] هەموویان کڕنوشیان بۆ برد. گوتی: بابە ئەمە خەونەکەی پێشومە، پەروەردگارم ئاکامەکەی وەدی هێنا[4].

---

[1] الطبري (١٥/٥٥٢).

[2] الطبري (١٥/٥٥٤).

[3] یوسف (١٠٠).

[4] الطبري (١٥/٥٥٧).

﴿قَالَ يَٰبُنَيَّ لَا تَقۡصُصۡ رُءۡيَاكَ عَلَىٰٓ إِخۡوَتِكَ فَيَكِيدُواْ لَكَ كَيۡدًاۖ إِنَّ ٱلشَّيۡطَٰنَ لِلۡإِنسَٰنِ عَدُوّٞ مُّبِينٞ ۝٥﴾

باوكی یوسف فەرمانی دا خەوەكە بشارێتەوەو ئاشكرای نەكا لە ترسی فرت‌وفێڵی شەیتان

خودای گەورە باسی یەعقوب دەكا كە گوتی بە یوسفی كوڕی كە ئەو خەوەی بۆ گێڕایەوە كە بینیبووی، خەوەكەی ئەوەی گەیاندووە كە براكانی ملكەچیان بۆ دەربڕیوە زۆر ڕێزیان لێ گرتووە بەشێوەیەك كە كڕنوشیان بۆ بردوە، ئەوەندە بەڕێزو مەزن بووە لایان. یەعقوب دەترسا لەوەی ئەگەر ئەم خەوە بگێڕێتەوە بۆ یەكێ لە براكانی، حەسوودی پێ بەرن‌و تووشی بەسەرهاتێكی بكەن‌و لەناوی بەرن. بۆیە خودای مەزن فەرموویەتی: ﴿قَالَ يَٰبُنَيَّ لَا تَقۡصُصۡ رُءۡيَاكَ عَلَىٰٓ إِخۡوَتِكَ فَيَكِيدُواْ لَكَ كَيۡدًاۖ إِنَّ ٱلشَّيۡطَٰنَ لِلۡإِنسَٰنِ عَدُوّٞ مُّبِينٞ﴾ گوتی: ئەی كوڕەكەم ئەم خەونەت لای براكانت مەگێڕەوە، نەوەك گەڕێكت پێ بكەن، چونكە شەیتان بۆ بنیادەم دوژمنێكی ئاشكرایە. واتە: براكانت فێڵێت لێ بكەن‌و تووشی بەلایەكت بكەن لەسەر ئەو خەونە. بۆیە لە فەرموودەی سەحیحا هاتوە لە پێغەمبەری خوداوە (ﷺ) فەرموویەتی: (كاتێ كەسێ لە ئێوە خەوێكی بینی كە پێی خۆش بوو با بیگێڕێتەوە، وە ئەگەر خەوێكی بینی پێی ناخۆش بوو، با بە لاكەی تریا هەڵگەڕێ‌و سێ جار بەلای چەپیا تف لە زەوی كاو هانا بەرێ بۆ خودا لە خراپەی ئەو خەونە، لای كەسیش باسی نەكا بێگومان ئێترزیانی بۆی نابێ)[1]. وە لە فەرموودەیەكی ترا كە ئیمامی ئەحمەدو هەندێ لە خاوەنی سونەنەكان ڕیوایەتیان كردووە كە پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (خەو بینین لەسەر پێی باڵندەیە، ئەگەر لێك نەدرێتەوە، ئەگەر لێك درایەوە دەكەوێ)[2].

﴿وَكَذَٰلِكَ يَجۡتَبِيكَ رَبُّكَ وَيُعَلِّمُكَ مِن تَأۡوِيلِ ٱلۡأَحَادِيثِ وَيُتِمُّ نِعۡمَتَهُۥ عَلَيۡكَ وَعَلَىٰٓ ءَالِ يَعۡقُوبَ كَمَآ أَتَمَّهَا عَلَىٰٓ أَبَوَيۡكَ مِن قَبۡلُ إِبۡرَٰهِيمَ وَإِسۡحَٰقَۚ إِنَّ رَبَّكَ عَلِيمٌ حَكِيمٞ ۝٦﴾

خەونلێك دانەوەی یوسف

خودای مەزن باسی ئەو قسەیە دەكا كە یەعقوب گوتی بە یوسفی كوڕی، وەك چۆن پەروەردگارت هەڵیبژاردووی، ئەو ئەستێرانەی لەگەڵ خۆرو مانگدا پێ بینیت كە كڕنوشیان بۆ دەبردی ﴿وَكَذَٰلِكَ يَجۡتَبِيكَ رَبُّكَ﴾ ئەمە دیارە پەروەردگارت ویستویە هەڵتبژێرێ‌و دەستنیشانت بكاو بتكاتە پێغەمبەری خۆی ﴿وَيُعَلِّمُكَ مِن تَأۡوِيلِ ٱلۡأَحَادِيثِ﴾ فێرت بكا مانای خەوەكان لێك بدەیتەوە. موجاهیدو كەسانی

---

[1] مسلم (٤/١٧٧٢).

[2] أحمد (٤/١٠)، أبوداود (٥/٢٨٣)، إبن ماجة (٢/١٢٨٨). لاوازە بەڵام ئەلبانی بە سەحیحی داناوە.

تـریش گوتویانـە ﴿وَيُعَلِّمُكَ مِن تَأْوِيلِ ٱلْأَحَادِيثِ﴾ یـانی: لێکدانـەوەی خەونـەکان.[1] ﴿وَيُتِمُّ نِعْمَتَهُۥ عَلَيْكَ﴾ بەهرەی خۆی تەواو دەکا بۆت، بە ڕەوانە کردنتو ناردنی نیگا بۆ تـۆو ﴿وَعَلَىٰٓ ءَالِ يَعْقُوبَ﴾ خانەوادەی یعقوب، ﴿كَمَآ أَتَمَّهَا عَلَىٰٓ أَبَوَيْكَ مِن قَبْلُ إِبْرَٰهِيمَ وَإِسْحَٰقَ ۚ إِنَّ رَبَّكَ عَلِيمٌ حَكِيمٌ﴾ وەك ئـەو چاکەی سەبارەت بە ئیبراهیمو ئیسحاقی باوانی تۆی کرد، دیارە پەروەردگاری تۆ هـەرە زانـای کارزانـە. واتـە: خودا خۆی چاك دەزانێ کە پەیامی خۆی بۆ کێ‌و لە کوێ دەنێرێ. وەك لە ئایەتی تریشا فەرموویەتی.

﴿لَّقَدْ كَانَ فِى يُوسُفَ وَإِخْوَتِهِۦٓ ءَايَٰتٌ لِّلسَّآئِلِينَ ﴿٧﴾ إِذْ قَالُوا۟ لَيُوسُفُ وَأَخُوهُ أَحَبُّ إِلَىٰٓ أَبِينَا مِنَّا وَنَحْنُ عُصْبَةٌ إِنَّ أَبَانَا لَفِى ضَلَٰلٍ مُّبِينٍ ﴿٨﴾ ٱقْتُلُوا۟ يُوسُفَ أَوِ ٱطْرَحُوهُ أَرْضًا يَخْلُ لَكُمْ وَجْهُ أَبِيكُمْ وَتَكُونُوا۟ مِنۢ بَعْدِهِۦ قَوْمًا صَٰلِحِينَ ﴿٩﴾ قَالَ قَآئِلٌ مِّنْهُمْ لَا تَقْتُلُوا۟ يُوسُفَ وَأَلْقُوهُ فِى غَيَٰبَتِ ٱلْجُبِّ يَلْتَقِطْهُ بَعْضُ ٱلسَّيَّارَةِ إِن كُنتُمْ فَٰعِلِينَ ﴿١٠﴾﴾

بەسەرهاتی یوسف پەندو ئامۆژگاری زۆری تێدایە

خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿لَّقَدْ كَانَ فِى يُوسُفَ وَإِخْوَتِهِۦٓ ءَايَٰتٌ لِّلسَّآئِلِينَ﴾ لە ڕابوردوی نـاو چیرۆکی یوسفو براکانی، پەندی زۆر هەیە، بۆ ئەو کەسانەی دەپرسن. خـودای گـەورە ئەفـەرموێت: بێگومـان سەرگوزشتەی یوسـف لەگـەڵ براکانیـا پـەنـدو ئامۆژگـاری زۆری تێدایـە کـە لـەو بارەیـەوە دەپرسـن، دەیانـەوێ هـەواڵی یوسـف بـزانن، چـونکە ئـەو بەسـەرهاتە، بەسـەرهاتێکی سەرسـوڕهێنەرە، جێگـای خۆیەتی پرسیار لـە بارەیـەوە بکرێ؛ ﴿إِذْ قَالُوا۟ لَيُوسُفُ وَأَخُوهُ أَحَبُّ إِلَىٰٓ أَبِينَا مِنَّا وَنَحْنُ عُصْبَةٌ إِنَّ أَبَانَا لَفِى ضَلَٰلٍ مُّبِينٍ﴾ کـاتێ براکـانی یوسـف گوتیـان: دیـارە یوسـفـو براکـەی لای باوکمـان لـە ئێمـە خۆشەویستترن، خۆ ئێمەش دەستە پیاوێکین، بێگومـان بـاوکی ئێمـە بـە ئاشـکرا گومڕا بـووە. واتـە: براکانی یوسف سوێندیان خوارد کە باوکیان یوسفـو براکەی (مەبەست پێی بنیامینە) چـونکە ئـەوبرای دایكو باوکی یوسف بوو. لە ئەوان زیاتر خۆشی دەوێ، ئەوانیش کۆمـەڵێکن چـۆن دەبـێ باوکیـان ئـەو دوانەی لەوان زیاتر خۆش بـوێ، بەڕاسـتی باوکمـان دیـارە زۆر گـومڕا بـووە، ﴿ٱقْتُلُوا۟ يُوسُفَ أَوِ ٱطْرَحُوهُ أَرْضًا يَخْلُ لَكُمْ وَجْهُ أَبِيكُمْ﴾ یوسف بکوژن یان لە شوێنێکا فرێی دەن ئەو کاتە سـەرنجی باوکتـان تـەنیا بۆ ئێوە دەبێ، ئەمەیش کە بووەتە ڕێگرو نایەڵێت باوکتان ئێوەی خـۆش بـوێ، لەبـەر چـاوی لایبـەنو مەیهێڵن، بۆ ئەوەی باوکتان ڕوو لە ئێوە بکا، کەوایە بیکوژن یـان ببیەنـە سـەر زەمینێکـی تـرو دووری

---

[1] الطبري (١٥/٥٦٠).

بخەنەوە تا ڕزگارتان ببێ لە دەستی، هەتا باوکتان ئیتر ئێوەی خۆش بوێ ﴿وَتَكُونُواْ مِنۢ بَعۡدِهِۦ قَوۡمٗا صَٰلِحِينَ﴾ لە دوای ئەو (واتە یوسف) ئێوە ببن بە کۆمەڵێکی چاك، لەپێش کردنی گوناهەکەدا نیازی تەوبەکردنیان هێنا بوو ﴿قَالَ قَآئِلٞ مِّنۡهُمۡ﴾ یەکێ لەوان گوتی، قەتادەو موحەممەدی کوڕی ئیسحاق ئەڵێن: لە هەموویان بە تەمەنتربوو ناوی ڕووبییل بوو[1]. سودی ئەڵێ: ئەوەی ئەم قسەی کرد ناوی یەهوزا بوو، موجاهیدئەڵێ: ناوی شەمعون بوو. ﴿لَا تَقۡتُلُواْ يُوسُفَ وَأَلۡقُوهُ فِي غَيَٰبَتِ ٱلۡجُبِّ﴾ گوتی: یوسف مەکوژن بیخەنە بن بیرەکەوە، واتە: ڕقو کینتان لە یوسف واتان لێ نەکا کە یوسف بکوژن، بێگومان ئەوانە نەیان دەتوانی بیکوژن، چونکە خودای مەزن کارێکی بە یوسف هەبوو، دەبوایە هەر ڕووی بدایەو بهاتایەتە دیو بیکردایە بە پێغەمبەرو خاوەن دەسەڵاتی میسر لەوێدا جێگیری بکا، خودای مەزن بەو قسەی ڕووبییلە لەو کوشتنە ڕزگاری کرد، کە پێی گوتن: فڕێی بدەنە ناو بنی بیرێکەوە ﴿يَلۡتَقِطۡهُ بَعۡضُ ٱلسَّيَّارَةِ﴾ هەندێ کاروانچی هەڵیگرنەوەو ڕزگارتان دەبێ لە دەستی، پێویست ناکا بیکوژن، ﴿إِن كُنتُمۡ فَٰعِلِينَ﴾ ئەگەر کارەکە هەر دەکەنو وازناهێنن لەو قسەتانە، موحەممەدی کوڕی ئیسحاق ئەڵێ: ئەوانە لەسەر کارێکی زۆر گەورەوترسناك پێکهاتن ،کەبریتی بوو لە: بڕینی پەیوەندی خزمایەتی و ئازاردانی باوكو بەزەیی نەهاتنەوە بە منداڵێکی بچوکی شیرە خۆرا کە هیچ تاوانێکی نەبوو، وە باوکێکی بەساڵا چوو کە جێی ڕێزو خاوەن هەقە بەسەریانەوە، وە زۆر جێی مەترسیشە لەلای خودا لەگەڵ ئەو هەقەی باوك بەسەر کوڕەکەیەوە هەیەتی، جیاکردنەوەی کوڕێ لە باوکی خۆشەویستی لەو تەمەنە زۆرو ئێسك لاوازیەدا، لەگەڵ ڕێزو پلەی ئەو کەسەی خۆشی ویستوە کە منداڵێکی بچووك بووە، جیایان کردوەتەوە لێی لە کاتێکا کە زۆر لاوازو کەمتەمەن بوو، پێویستی بە سۆزی باوکی هەبوو لەژێر باڵیا ئارام بگرێ، خودا لێیان خۆش بێ، کە لە هەموو کەسێ بە بەزەیی ترە، بێگومان ئەوانە کارێکی زۆر گەورەیان کرد، ئیبنوئەبی حاتەم ئەمەی ڕیوایەت کردوە لە ڕێگەی سەلەمەی کوڕی فەزلەوە.

﴿قَالُواْ يَٰٓأَبَانَا مَا لَكَ لَا تَأۡمَ۬نَّا عَلَىٰ يُوسُفَ وَإِنَّا لَهُۥ لَنَٰصِحُونَ ١١ أَرۡسِلۡهُ مَعَنَا غَدٗا يَرۡتَعۡ وَيَلۡعَبۡ وَإِنَّا لَهُۥ لَحَٰفِظُونَ ١٢﴾

---

[1] الطبري (١٥/٥٦٤-٥٦٥).

ئیزن خواستنی براکان لە باوکیان کە یوسفیان لەگەڵ بنێری

دوای ئەوەی ڕێکەوتن لەسەر ئەوەی یوسف ببەنو بیخەنە ناو بیر، وەك برا گەورەکەیان ڕوبییل ئاماژەی کرد بۆیان، هاتن بۆلای یەعقوبو داوایان لێ کرد یوسفیان لەگەڵ بنێری ﴿قَالُواْ يَـٰٓأَبَانَا مَا لَكَ لَا تَأۡمَ۬نَّا عَلَىٰ يُوسُفَ وَإِنَّا لَهُۥ لَنَٰصِحُونَ﴾ گوتیان: ئەی باوکی بەڕێزمان لەبەر چی تۆ لێمان دڵنیا نیت لە بارەی یوسفەوە، لە کاتێکا ئێمە دڵسۆزو خەمخۆری ئەوین، ئەمە پیلانو قسەیەك بوو، ئەوان نیازیان خراپ بوو، چونکە ئەوان زۆر حەسوودیان بە یوسف دەبرد لەبەر ئەوەی باوکی خۆشی دەویست، گوتیان: ﴿أَرۡسِلۡهُ مَعَنَا غَدٗا يَرۡتَعۡ وَيَلۡعَبۡ﴾ بەیانی لەگەڵ ئێمەی بنێرە بۆ گەشت بۆخۆی یاری بکاو چوستو چالاکی بنوێنێ، ئیبنوعەبباس ئەڵێ: بۆخۆی یاری بکاو چوستو چالاکی بنوێنێ.[1] قەتادەو زەحجاكو سوودی کەسانی تریش هەر وایان گوتوە.[2] ﴿وَإِنَّا لَهُۥ لَحَٰفِظُونَ﴾ خۆمان دەوری دەگرین و پارێزگاری لێ دەکەین. لەبەر خاتری تۆ.

﴿قَالَ إِنِّي لَيَحۡزُنُنِيٓ أَن تَذۡهَبُواْ بِهِۦ وَأَخَافُ أَن يَأۡكُلَهُ ٱلذِّئۡبُ وَأَنتُمۡ عَنۡهُ غَٰفِلُونَ ﴿١٣﴾ قَالُواْ لَئِنۡ أَكَلَهُ ٱلذِّئۡبُ وَنَحۡنُ عُصۡبَةٌ إِنَّآ إِذٗا لَّخَٰسِرُونَ ﴿١٤﴾﴾

وەڵامی باوکیان

خودای مەزن باسی پێغەمبەرەکەی یەعقوب دەکا، کاتێ کە کوڕەکانی داوایان لێ کرد یوسفیان لەگەڵ بنێرێ بۆ گەشت کردن لە بیاباندا، یەعقوب وەڵامی دانەوەو ﴿قَالَ إِنِّي لَيَحۡزُنُنِيٓ أَن تَذۡهَبُواْ بِهِۦ﴾ باوکیان گوتی: من دڵگرانو غەمگین دەبم ئەگەر یوسف بەرن، واتە: زۆرم بەلاوە سەختە ئەو ماوەیە ئێوە دەیبەنو لێم جیادەبێتەوە هەتا دەگەڕێتەوە، چونکە زۆری خۆش دەویست، لەبەر ئەوەی نیشانەی چاکەی زۆری لێوە بەدی دەکرد لە سیفەتەکانی پێغەمبەرایەتی لە شێوەو ڕەوشتیا(سەلامی خوایان لێبێ) پاشان گوتی: ﴿وَأَخَافُ أَن يَأۡكُلَهُ ٱلذِّئۡبُ وَأَنتُمۡ عَنۡهُ غَٰفِلُونَ﴾ ترسیشم هەیە گورگ بیخواو ئێوە ئاگاتان لێ نەبێ، واتە: دەترسم ئێوە خەریکی ڕمبازێو گەشتی خۆتان بنو گورگ بێت بۆیو بیخوات، ئێوە پێی نەزانن، کوڕەکان ئەم قسەیان لە دەمی باوکیان وەرگرت، کردیانە بیانوو بۆ ئەو کارەی کە کردیان، بەڵام لەو کاتا دەیانویست باوکیان ڕازی بکەن ﴿قَالُواْ لَئِنۡ أَكَلَهُ ٱلذِّئۡبُ

---

[1] الطبري (١٥/٥٧٠).

[2] الطبري (١٥/٥٧١).

وَنَحۡنُ عُصۡبَةٌ إِنَّآ إِذٗا لَّخَٰسِرُونَ﴾ وتیان: سوێند بە خوا ئەگەر گورگ خواردی لە کاتێکا ئێمە دەستەیەکی بەهێزین دیارە ئێمە زیانبارینو ڕوو زەردی تۆ دەبینو مردنمان چاکترە.

﴿فَلَمَّا ذَهَبُواْ بِهِۦ وَأَجۡمَعُوٓاْ أَن يَجۡعَلُوهُ فِي غَيَٰبَتِ ٱلۡجُبِّۚ وَأَوۡحَيۡنَآ إِلَيۡهِ لَتُنَبِّئَنَّهُم بِأَمۡرِهِمۡ هَٰذَا وَهُمۡ لَا يَشۡعُرُونَ ﴿١٥﴾﴾

خستنە خوارەوەی یوسف بۆ ناو بیرەکە

کاتێ براکانی یوسفیان لای باوکی بردە دەرێ، دوای ئەوەی قسەیان لەگەڵ کرد لەبارەی یوسفەوە، وەك خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿فَلَمَّا ذَهَبُواْ بِهِۦ وَأَجۡمَعُوٓاْ أَن يَجۡعَلُوهُ فِي غَيَٰبَتِ ٱلۡجُبِّ﴾ کاتێ کە بردیانە دەرێ، هەموو بڕیاریان دا کە بیخەن بن بیرەکەوە، وایان نیشاندا لای باوکی، لەبەر خاتری ئەو کە دڵی خۆش بێو ئارامیو هێمنی ڕووی تێبکا، ئەو کارە دەکەن، گوتراوە: کاتێ یەعقوب یوسفی لەگەڵ ناردن گوشی بەخۆیەوەو ماچی کردو دووعای بۆ کرد، سوودیو کەسانی تریش گوتوویانە: هەر ئەوەندە بوو لەبەر چاوی دەریان کرد، ئەو ڕێزە نەماودەستیان کردە سزاو جەزرەبەدانی و، دەستیان کرد بە قسەی ناشیرین پێ گوتنو لێدانی، پاشان بردیانە لای ئەو بیرەی کە بڕیاریان دابوو بیخەنە ناوی، بە گوریسێ بەستیانەوەو شۆڕیان کردەوە ناو بیرەکە، کاتێ کە هانای بۆ هەر یەکێکیان ئەبرد لێی ئەداو قسەی پێ دەگوت، کاتێکیش کە دەستی ئەگرت بە لێواری بیرەکەوە ئەیان کێشا بەدەستیا پاشان شۆڕیان کردەوە ناو بیرەکە هەتا گەیشتە نیوەی بیرەکە گوریسەکەیان قرتاند یوسف کەوتە ناو ئاوەکەو نوقم بوو تێیدا، پاشان سەرکەوتە سەر بەردێ کە لە ناوەڕاستی بیرەکەدا بوو، ڕاغوفەی پێ دەگوترا لەسەری هەڵسایە سەر پێ.[1] پاشان خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿وَأَوۡحَيۡنَآ إِلَيۡهِ لَتُنَبِّئَنَّهُم بِأَمۡرِهِمۡ هَٰذَا وَهُمۡ لَا يَشۡعُرُونَ﴾ ئێمەش ئەوەمان تێگەیاند کە: تۆ لەم کارە ئاگاداریان دەکەیتەوە کە خۆیان هەستی پێ ناکەن. خودای گەورە لێرەدا باسی سۆزو بەزەییو بەخششی خۆی دەکا بەرانبەر یوسف کە لەو کاتی تەنگانەو نارەحەتیا ئارامی خستوەتە دڵیو ئاسانکاری بۆ کردوە، ئاگاداری کردووە کە خەم مەخۆو دڵخۆشبەو خۆڕاگرە بەو کارەساتەی بەسەرت هاتووە، چونکە ئەمەی تووشت بووە دەبێتە هۆی ڕزگاربوونتو پاشەڕۆژێکی چاك بۆت، بەوزوانە خودا سەرت دەخات بەسەریاندا، پلەت بەرز دەکاتەوەو پایەداریشت دەکا. ﴿وَهُمۡ لَا يَشۡعُرُونَ﴾ کە خۆیان هەستی پێ ناکەن، ئیبنوعەبباس ئەڵێ:

---

[1] الطبري (١٥/٥٧٤).

زۆری پیّ ناچیّ تۆ هەواڵیان ئەدەیتیّ بەو کارەیان بەرانبەرت کردیان، ئەوان نازانن کە تۆ یوسفی‌و هەستی پیّ ناکەن[1].

﴿وَجَآءُوٓ أَبَاهُمۡ عِشَآءٗ يَبۡكُونَ ﴿١٦﴾ قَالُواْ يَٰٓأَبَانَآ إِنَّا ذَهَبۡنَا نَسۡتَبِقُ وَتَرَكۡنَا يُوسُفَ عِندَ مَتَٰعِنَا فَأَكَلَهُ ٱلذِّئۡبُۖ وَمَآ أَنتَ بِمُؤۡمِنٖ لَّنَا وَلَوۡ كُنَّا صَٰدِقِينَ ﴿١٧﴾ وَجَآءُو عَلَىٰ قَمِيصِهِۦ بِدَمٖ كَذِبٖۚ قَالَ بَلۡ سَوَّلَتۡ لَكُمۡ أَنفُسُكُمۡ أَمۡرٗاۖ فَصَبۡرٞ جَمِيلٞۖ وَٱللَّهُ ٱلۡمُسۡتَعَانُ عَلَىٰ مَا تَصِفُونَ ﴿١٨﴾﴾

فڕوفێڵی براکانی یوسف لەگەڵ باوکیاندا

خودای مەزن ئەفەرمویّت: ﴿وَجَآءُوٓ أَبَاهُمۡ عِشَآءٗ يَبۡكُونَ﴾ لە تاریکی ئێوارەدا بە گریانەوە گەڕانەوە بۆلای باوکیان، خودای گەورە لێرەدا باسی براکانی یوسف دەکا کە چۆن خۆیان نارەحەت کردبوو، دوای ئەوەی یوسفیان خستە ناو بیرەکە، لە تاریکایی شەوا بە گریانەوە گەڕانەوەو داخ‌و کەسەری‌و.غەمباری خۆیان بۆ باوکیان دەردەبڕی. پاکانەیان بۆ دەکرد لەسەر ئەو کارەساتەی بەسەریاندا هاتووە ﴿قَالُواْ يَٰٓأَبَانَآ إِنَّا ذَهَبۡنَا نَسۡتَبِقُ وَتَرَكۡنَا يُوسُفَ عِندَ مَتَٰعِنَا فَأَكَلَهُ ٱلذِّئۡبُ﴾ گوتیان بابە، چووین کێبەکیّ بکەین‌و یوسفیشمان لای کەلوپەلەکانمان بەجیّ هێشت، گورگ خواردی، ئەوەی باوکی یوسف لێی دەترساو ئارامی لیّ بڕابوو دەترسا ڕوویدا، ڕوویدا، براکانی یوسف گوتیان ﴿وَمَآ أَنتَ بِمُؤۡمِنٖ لَّنَا وَلَوۡ كُنَّا صَٰدِقِينَ﴾ هەرچەندە ڕاستیشت پیّ دەڵێین، تۆ بڕوا بە ئێمە ناکەی، سۆزێکی گەورەیان دەردەبڕی دەیانویست هەر چۆنیّ بووە دڵی باوکیان بۆلای خۆیان ڕاکێشن، دەیان گوت: ئێمە دەزانین کە تۆ بڕوا بە قسەکانمان ناکەی، چۆن تۆ ئێمە تاوانبار دەکەی لەو بارەیەوە، خۆت دەترسای یوسف گورگ بیخوا، گورگ خواردی، تۆ هەقی خۆتە بڕوامان پیّ نەکەی، چونکە ئەوەی ڕوویداوە زۆر نامۆیە لە عەقڵەوە دوورە، سەیریش لەوایە، لەم گەشتەی ئێمەدا ڕوویداوە ﴿وَجَآءُو عَلَىٰ قَمِيصِهِۦ بِدَمٖ كَذِبٖ﴾ براکانی یوسف کراسەکەیان هێنایەوە خوێنی درۆینەی پێوە بوو، ئەمەیش یەکیّ بوو لەو فڕوفێڵانەی کە لەسەری ڕێکەوتن، ئەوان ویستیان مەڕەکەیان بکوژن‌و دایماڵن، موجاهیدو سوودی کەسانی تریش باسیان کردووە گوتوویانە: سەریان بڕی‌و کراسەکەی یوسفیان پیّ خوێناوی کرد[2]، وایان دەرخست ئەمە کراسەکەی یوسفە کە گورگەکە خواردی لەبەریا بوو هەندیّ لە خوێنەکەیان پێوە دابوو، بەڵام لەبیریان چوو بوو کونی تیّ بکەن، بۆیە ئەو کارەیان لای پێغەمبەر یەعقوب(سەلامی خوای لێبیّ) جێی بڕوا نەبوو. گومانی لە دڵا بۆ پەیدابوو کە ڕاستی پیّ ناڵێن بۆیە

---

[1] الطبري (١٥/٥٧٧).

[2] الطبري (١٥/٥٨٠).

وەڵامی دانەوەو پێی گوتن: ﴿بَلْ سَوَّلَتْ لَكُمْ أَنفُسُكُمْ أَمْرًا فَصَبْرٌ جَمِيلٌ﴾ دیارە دڵی خۆتان شتێکی لا جوان کردوون، جا ئارام دەگرم بە ئارام گرتنێکی چاك لەسەر ئەو کارەی کە بڕیارتان لەسەر داوە، هەتا خودا دەرووییەکم لێ دەکاتەوە بە سۆزو یارمەتی خۆی ﴿وَاللَّهُ الْمُسْتَعَانُ عَلَىٰ مَا تَصِفُونَ﴾ لەسەر ئەوانەش کە دەڵێن، خودا بە هانامەوە دێ، واتە: لەسەر ئەو درۆو فڕوفێڵانەی ئێوە دەیکەن.

﴿وَجَاءَتْ سَيَّارَةٌ فَأَرْسَلُوا وَارِدَهُمْ فَأَدْلَىٰ دَلْوَهُ ۖ قَالَ يَا بُشْرَىٰ هَٰذَا غُلَامٌ ۚ وَأَسَرُّوهُ بِضَاعَةً ۚ وَاللَّهُ عَلِيمٌ بِمَا يَعْمَلُونَ

(١٩) وَشَرَوْهُ بِثَمَنٍ بَخْسٍ دَرَاهِمَ مَعْدُودَةٍ وَكَانُوا فِيهِ مِنَ الزَّاهِدِينَ (٢٠)﴾

دەرهێنانی یوسف لە بیرەکەو فرۆشتنی

خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿وَجَاءَتْ سَيَّارَةٌ فَأَرْسَلُوا وَارِدَهُمْ فَأَدْلَىٰ دَلْوَهُ ۖ قَالَ يَا بُشْرَىٰ هَٰذَا غُلَامٌ﴾ کاروانێ هات، ئاوکێشیان نارد، دۆڵچەی داهێشت گوتی ئەی خەڵکینە ئەمە کوڕێکی بچکۆلەیە، خودای گەورە باسی یوسف دەکا چی بەسەرهات کاتێ خستیانە ناو بیرەکەو بەتەنیا لەناو ئەو بیرەدا بەجێیان هێشت، یوسف سێ ڕۆژ لەناو ئەو بیرەدا مایەوە وەك ئەبوبەکری کوڕی عەیاش ئەڵێ، موحەممەدی کوڕی ئیسحاق گوتوویەتی: کاتێ براکانی خستیانە ناو بیرەکە، بە دەوری بیرەکەدا ئەو ڕۆژانە دانیشتن تا بزانن چی دەکاو چی بەسەردێ، خودای گەورە کاروانیەکی بۆ نارد، لە نزیکی ئەو بیرە دابەزین و ئاوکێشێکی خۆیان نارد، کاتێ گەیشتە لای بیرەکە دۆڵچەکەی داهێشتە ناو بیرەکە، یوسف خۆیی پێوە هەڵواسی ئاوکێشەکە دەری هێناو مژدەی پێ دا، ﴿قَالَ يَا بُشْرَىٰ هَٰذَا غُلَامٌ﴾ گوتی: مژدە ئەمە کوڕێکی بچکۆلەیە. ﴿وَأَسَرُّوهُ بِضَاعَةً﴾ ئەوان وەك کاڵای بازرگانی شاردیانەوە، عەوفی ئەڵێ: لە ئیبنوعەبباسەوە: ﴿وَأَسَرُّوهُ بِضَاعَةً﴾ یانی: براکانی یوسف هیچ باسی یوسفیان نەکردو نەیان گوت برای ئەوانە، یوسفیش خۆی ئاشکرا نەکرد، لەترسی ئەوەی نەوەك براکانی بیکوژن، فرۆشتنەکەی بەلاوە چاکتر بوو، باسی براکانی بۆ ئاو هەڵکێشەکە کرد، پیاوەکە بانگی لە هاوەڵەکانی کرد ﴿يَا بُشْرَىٰ هَٰذَا غُلَامٌ﴾[1] مژدە ئەمە کوڕێکی بچوکە، دەفرۆشرێ، براکانی فرۆشتیان ﴿وَاللَّهُ عَلِيمٌ بِمَا يَعْمَلُونَ﴾ خودا ئاگادارە بەوەی ئەوانە دەیکەن. واتە: خودا لە براکانی یوسفو ئەوانەیش کڕیان ئاگادارە، خودا دەیتوانی نەهێڵێ ئەو کارە بکەن یوسف ڕزگار بکا، بەڵام خودای گەورە لە پێشەوە بڕیاری خۆی داوەو دەبێ ئەوەی بڕیاری داوە بێتەجێو ڕووبدا، هەموو شتێکی پڕە لە کارزانی، ﴿أَلَا لَهُ الْخَلْقُ وَالْأَمْرُ ۗ تَبَارَكَ

---

[1] الطبري (٦/١٦).

ﭐللَّهُ رَبُّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴾[1] وەدی هێنان‌و فەرماندان هەر بۆ ئەوە پاك‌و بێ عەیبە خودایێ کە پەروەردگاری گشت جیهانە، ئەم ڕووداوە ڕوونکردنەوەو ئاگاداریەکی تیایە بۆ پێغەمبەری خودا(ﷺ) کە ئەفەرموێت من ئاگام لێیە کە هۆزەکەت ئازارت ئەدەن، وە من دەتوانم نەهێڵم ئازارت بدەن، بەڵام تا ماوەیەك مۆڵەتیان ئەدەم، لە دوایدا وا دەکەم پاشەڕۆژ بۆ تۆ بێ‌و ببیتە فەرمان ڕەوا بەسەریانەوە، وەك چۆن پاشەڕۆژی یوسفم وا لێ کردو بووە بەفەرمان ڕەوا بەسەر براکانیەوە. پاشان خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿ وَشَرَوْهُ بِثَمَنٍۭ بَخْسٍ دَرَٰهِمَ مَعْدُودَةٍ ﴾ بە نرخێ کەم بە چەند درهەمێ فرۆشتیان، موجاهیدو عیکریمە گوتیان: خودا فەرموویەتی براکانی بە نرخێکی کەم فرۆشتیان، (البخس) یانی: کەم.[2] وەك خودای گەورە لە ئایەتێکی ترا فەرموویەتی: ﴿فَلَا يَخَافُ بَخْسًا وَلَا رَهَقًا ﴾[3] نە لە کەم بوون دەترسێ‌و نە لە غەدر لێکردن. براکانی لە بری یوسفا بە نرخێکی کەم ڕازی بوون، ﴿وَكَانُوا۟ فِيهِ مِنَ ٱلزَّٰهِدِينَ ﴾ بێ نیازیش بوون لەوە، نەشیان دەویست. خۆ ئەگەر داوایان بکردایە بە خۆڕایش پێیان ئەدان، ئیبنوعەبباس‌و موجاهیدو زەححاك ئەڵێن: ئەو زەمیرە (واوەکە) کە لە ﴿ وَشَرَوْهُ﴾ دایە، دەگەڕێتەوە بۆ براکانی یوسف[4]. چونکە ئەوان بە کەمترین نرخ فرۆشتیان بۆیە خودای مەزن فەرموویەتی: ﴿دَرَٰهِمَ مَعْدُودَةٍ﴾ چەند درهەمێکی کەم، ئیبنومەسعود ئەڵێ: بە بیست درهەم فرۆشتیان.[5] ئیبنوعەبباس‌و نەوفی بەکالی و سوودی‌و قەتادەو عەتیەی عەوفی ئەمەیان لێ زیاد کردووە: دوو درهەم، دوو درهەم بەشیان کردلەناو خۆیاندا،[6] زەححاك لەمەدا کە خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿وَكَانُوا۟ فِيهِ مِنَ ٱلزَّٰهِدِينَ ﴾ بێ نیان بوون لەوە، چونکە ئەوان ئاگاداری پێغەمبەریەتی‌و پلەو پایەکەی نەبوون لەلای خودای گەورە.

---

[1] الاعراف (٥٤).

[2] الطبري (١٢/١٦).

[3] الجن (١٣).

[4] الطبري (١٤/١٦–١٧).

[5] الطبري (١٢/١٦).

[6] الطبري (١٤/١٦).

﴿وَقَالَ ٱلَّذِى ٱشۡتَرَىٰهُ مِن مِّصۡرَ لِٱمۡرَأَتِهِۦٓ أَكۡرِمِى مَثۡوَىٰهُ عَسَىٰٓ أَن يَنفَعَنَآ أَوۡ نَتَّخِذَهُۥ وَلَدٗاۚ وَكَذَٰلِكَ مَكَّنَّا لِيُوسُفَ فِى ٱلۡأَرۡضِ وَلِنُعَلِّمَهُۥ مِن تَأۡوِيلِ ٱلۡأَحَادِيثِۚ وَٱللَّهُ غَالِبٌ عَلَىٰٓ أَمۡرِهِۦ وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعۡلَمُونَ ﴿٢١﴾ وَلَمَّا بَلَغَ أَشُدَّهُۥٓ ءَاتَيۡنَٰهُ حُكۡمٗا وَعِلۡمٗاۚ وَكَذَٰلِكَ نَجۡزِى ٱلۡمُحۡسِنِينَ ﴿٢٢﴾﴾

یوسف له میسردا

خودای مەزن باسی سۆزو بەزەیی خۆی دەکا بەرانبەر بە یوسف (سەلامی خوای لێبێ) دڵی ئەو کەسەی کە لە میسر کڕی وا لێ کرد کە گرنگی پێبداو ڕێزی لێ بگرێ، بە خێزانەکەیشی گوت کە ئاگای لێبێ، چاکەو پیاوەتی تیا بەدی دەکرد، بۆیە بە ژنەکەی گوت وەك خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿وَقَالَ ٱلَّذِى ٱشۡتَرَىٰهُ مِن مِّصۡرَ لِٱمۡرَأَتِهِۦٓ أَكۡرِمِى مَثۡوَىٰهُ عَسَىٰٓ أَن يَنفَعَنَآ أَوۡ نَتَّخِذَهُۥ وَلَدٗا﴾ ئەو کەسەی لە میسر کڕی، بە ژنەکەی خۆی گوت، ڕێزی بگرە بەڵکو سوودی لێ وەرگرین، یان بیکەینە کوڕی خۆمان، ئەو کەسەی کڕی عەزیزی میسر بوو، واتە: وەزیر بوو لە وڵاتی میسر، ئەبوئیسحاق ئەڵێ لە ئەبوعوبەیدەوە لە عەبدوڵلای کوڕی مەسعودەوە ئەڵێ: چاکترین پێشبینیکەر سێ کەس بوون: عەزیزی میسر کاتێ گوتی بە ژنەکەی ﴿أَكۡرِمِى مَثۡوَىٰهُ﴾ واتە: ڕێزی یوسف بگرە، ئەو ژنەیش گوتی بە باوکی ﴿يَٰٓأَبَتِ ٱسۡتَـٔۡجِرۡهُ﴾[1] ئەی باوکە بیگرە بە کرێ، یانی: مووسا بکە بە شوان و کرێی بدەرێ. خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿وَكَذَٰلِكَ مَكَّنَّا لِيُوسُفَ فِى ٱلۡأَرۡضِ وَلِنُعَلِّمَهُۥ مِن تَأۡوِيلِ ٱلۡأَحَادِيثِ﴾ بەم شێوەیە یوسفمان لەم سەر زەمینا زۆر باش دامەزراند، بۆ ئەوەی فێری بکەین چۆن خەونەکانیش لێك بداتەوە. موجاهیدو سوودی ئەڵێن: ﴿تَأۡوِيلِ ٱلۡأَحَادِيثِ﴾ یانی: خەون لێکدانەوە.[2] ﴿وَٱللَّهُ غَالِبٌ عَلَىٰٓ أَمۡرِهِۦ﴾ خودا بەسەر کاری خۆیدا زاڵە. واتە: مەیلی لە هەر شتێ بێ، ڕێی لێ ناگیرێو دژایەتی ناکرێو هیچ شت نابێتە لەمپەر لە ڕێیدا، بەڵکو زاڵە بەسەر هەموو شتێکا. سەعیدی کوڕی جوبەیر لەم ئایەتەدا ﴿وَٱللَّهُ غَالِبٌ عَلَىٰٓ أَمۡرِهِۦ﴾ ئەڵێ: هەرچی بوێ دەیکات.[3] ﴿وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعۡلَمُونَ﴾ بەلام زۆربەی ئەم خەڵکە نازانن، تێناگەن لە کارزانیو وەدیهێنانو سۆزو بەزەیی خودا، کە هەرچی ویست دەیکا. پاشان خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَلَمَّا بَلَغَ أَشُدَّهُۥٓ ءَاتَيۡنَٰهُ حُكۡمٗا وَعِلۡمٗا﴾ وەختێ بوو بە پیاوێکی تەواو فەرمانڕەواییو زانیاریمان پێدا، یانی: لەناو ئەو هۆزانەدا خودا هەڵی بژاردو کردی بە پێغەمبەر(سەلامی

[1] القصص (٢٦).

[2] الطبري (١٦/٢٠).

[3] الطبري (١٦/٢١).

خوای لێبێ) ﴿وَكَذَٰلِكَ نَجْزِي ٱلْمُحْسِنِينَ﴾ ئێمە ئاوا پاداشتی چاکەکاران ئەدەینەوە. واتە: یوسف چاکە خواز بوو لە کارەکەیاو فەرمانەکانی خودای مەزنی جێبەجێ دەکرد.

﴿وَرَٰوَدَتْهُ ٱلَّتِي هُوَ فِي بَيْتِهَا عَن نَّفْسِهِۦ وَغَلَّقَتِ ٱلْأَبْوَٰبَ وَقَالَتْ هَيْتَ لَكَ ۚ قَالَ مَعَاذَ ٱللَّهِ ۖ إِنَّهُۥ رَبِّيٓ أَحْسَنَ مَثْوَايَ ۖ إِنَّهُۥ لَا يُفْلِحُ ٱلظَّٰلِمُونَ ﴿٢٣﴾﴾

خۆشەویستی ژنەکەی عەزیزی میسر بۆ یوسف و فێلکردن لێی

خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿وَرَٰوَدَتْهُ ٱلَّتِي هُوَ فِي بَيْتِهَا عَن نَّفْسِهِۦ وَغَلَّقَتِ ٱلْأَبْوَٰبَ﴾ ئەو ژنەی کە یوسف لەماڵی ئەوا بوو، تەمای تێ کرد، دەرگاکانی لەسەر داخست، خودای مەزن باسی ژنەکەی عەزیزی میسر دەکا کە یوسف لەماڵیا بوو لە میسر، ئەوە بوو مێردەکەی پێی گوت: ڕێز لە یوسف بگرێ، بەڵام ژنەکە شەیدای یوسف بوو، دەیویست دەستی لەگەڵا تێکەڵ بکا، چونکە زۆری خۆش دەویست، یوسف ئەوەندە جوانو پێ کەوتوو شێوە شیرین بوو، واکاریگەری خستەسەرئەو ژنە کە خۆی بۆ برازێنێتەوەو دەرگاکانی لەسەر دابخاتو داوای لێ بکا لەگەڵی ڕابوێرێ، ﴿وَقَالَتْ هَيْتَ لَكَ﴾ گوتی: بەپەلە وەرە پێشەوە بۆ ئەوەی بۆت ئامادەیە، یوسف بەوە ڕازی نەبوو، زۆر بە توندی بەرپەرچی دایەوەو ﴿قَالَ مَعَاذَ ٱللَّهِ ۖ إِنَّهُۥ رَبِّيٓ أَحْسَنَ مَثْوَايَ﴾ ئەی پەنا بە خودا، ئەو خاوەنمە ڕێزی گرتووم، ئەوانە وتەی (الرب) یان بۆ گەورەو خاوەن پلەو پایە بەکاردەهێنا، واتە: مێردەکەت گەورەی منەو زۆر ڕێزی لێ گرتووم، من بە داوێنپیسی پاداشتی نادەمەوە لەگەڵ خێزانەکەیا، ﴿إِنَّهُۥ لَا يُفْلِحُ ٱلظَّٰلِمُونَ﴾ بێگومان ستەمکاران ڕزگار نابن، ئەمە قسەی موجاهیدو سوودیو موحەممەدی کوڕی ئیسحاقو کەسانی تریشە. قورئانخوێنەکان لەم ڕستەیەدا کە خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿هَيْتَ لَكَ﴾ بۆچوونی جیاوازیان هەیە، زۆربەیان (ها) کەیان بە مەفتوحیو (یا)کەیان بە ساکنیو (تا)کەیان بە مەفتوحی خوێندووەتەوە، ئیبنوعەبباسو موجاهیدو کەسانی تریش ئەڵێن، یانی: بانگی یوسفی کرد لەگەڵیا ڕابوێرێ.[1] بوخاری ئەڵێ: عیکرمە گوتوویەتی ﴿هَيْتَ لَكَ﴾ یانی: زوو وەرە بۆت ئامادە کراوە. بە زمانی حۆرانی. هەر بەم شێوەیە بوخاری بە موعەلەقی باس کردووە.[2] هەندێکی تر بەم شێوەیە خوێندوویانەتەوە، (هِئْتُ لك) بە کەسری (هاء)ەکەو دانانی همزە لە جێی (یا) ئەکەو بە زەمەی (تا) ئەکە یانی: بۆت ئامادەکراوە، ئەو کەسانەی ئەم خوێندنەوەیان لێ ڕیوایەت کراوە

[1] الطبري (٢٧/١٦).

[2] فتح الباري (٨/٢١٤).

ئیبنوعەبباس‌و ئەبوعەبدوڕەحمانی سویلەمی‌و ئەبووائل‌و عیکرمەو قەتادەیە، هەموو مانایان کردووە بە (تَهيأتُ لك) بۆم ئامادەکردووی، عەبدوڵڵای کوڕی ئیسحاق بە (هَيْتُ) خوێندویەتەوە، بە فەتحەی هاو زەمەی (تا) یەکە. ئەبوعوبەیدە موعەمەری کوڕی موسەنائەڵێن: (هَيْتَ) نە دەکرێ بە موسەناو نەدەکرێ بە جەمع‌و نە بە موئەنەس بەڵکو بۆ هەموویان بە یەك شێوە بەکاردەهێنرێ، دەگوترێ: (هَيْتَ لكَ، و هَيْتَ لكم، و هَيْتَ لكما، و هَيْتَ لكن، و هَيْتَ لهن).

﴿ وَلَقَدْ هَمَّتْ بِهِۦ وَهَمَّ بِهَا لَوْلَآ أَن رَّءَا بُرْهَـٰنَ رَبِّهِۦ كَذَٰلِكَ لِنَصْرِفَ عَنْهُ ٱلسُّوٓءَ وَٱلْفَحْشَآءَ إِنَّهُۥ مِنْ عِبَادِنَا ٱلْمُخْلَصِينَ ﴿٢٤﴾ ﴾

خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿ وَلَقَدْ هَمَّتْ بِهِۦ وَهَمَّ بِهَا لَوْلَآ أَن رَّءَا بُرْهَـٰنَ رَبِّهِۦ ﴾ ئەو ژنە پەلاماری ئەمی داو، ئەمیش ئەگەر بەڵگەی پەروەردگاری نەبوایە پەلاماری ژنەکەی ئەدا، گوتراوە: مەبەست بە ﴿وَهَمَّ بِهَا﴾ ئەو وردو کردانەیە کە بە دڵا دێ، بەغەویش گێڕاویەتەوە لە هەندێ زانایانی توێژەرەوە، پاشان بەغەوی فەرموودەکەی عەبدوڕەزاقی هێناوە لە موعەمەرەوە لە هەممامەوە لە ئەبوهورەیرەوە(ڕەزای خوای لێبێ) ئەڵێت: پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (خودای مەزن ئەفەرموێت: وەختێ عەبدەکەم هات بە دڵیا چاکەیە بکا بە چاکە بۆی بنوسن، ئەگەر چاکەکەی کرد، بە دە ئەوەندەی چاکەکەی، چاکەی بۆ بنوسن، وە ئەگەر بە دڵیا هات خراپەیە بکات، ئەگەر نەی کرد، لەباتیا چاکەیەکی بۆ بنوسن، چونکە لەبەر خاتری من وازی لەو خراپەیە هێناوە، ئەگەر خراپەکەی کرد بە ئەندازەی خراپەکەی، خراپەی بۆ بنوسن)[1]. ئەم فەرموودەیە لە هەردوو سەحیحەکەدا هاتوە بە چەند دەربڕین، ئەمە یەکێکە لەو وتانە[2]. گوتراویشە: هات بە دڵی یوسفا لە ژنەکە بدا، بەڵام ئەو بەڵگەی کە بینی قسەی زۆری لەسەرە، ئیبنوجەریرئەڵێ: ڕاستیەکەی ئەوەیە کە بگوترێ: بێگومان یوسف نیشانەیە لە نیشانەکانی خودای بینی، سەرزەنشتی کرد لەسەر ئەوەی کە بە دڵیا هات، دەگونجێ ئەو بەڵگەیە وێنەی یەعقوب بوو بێ، وە دەبێ وێنەی فریشتەیەك بوبێ، لەوانەیشە شتێکی بینیبێ نوسراو بوبێ تاواز بێنێ لەو کارە. هیچ بەڵگەیەکی تەواو نیە کە یەکێ لەو شتانە دیاری بکا. ڕاستیەکەی ئەوەیە، ئەوە بوترێ کە خودای مەزن فەرموویەتی، پاشان خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿ كَذَٰلِكَ لِنَصْرِفَ عَنْهُ ٱلسُّوٓءَ وَٱلْفَحْشَآءَ ﴾ بۆ ئەوەی خراپەو داوێنپیسی لێدوور بخەینەوە. واتە: بەڵگەمان نیشانداو دوورمان خستەوە لەو شتەی خەریك بوو تێی بکەوێ، هەر بەو شێوەیە لە هەموو

[1] البغوي (٢/٤٢٠). فەرموودەیەکی سەحیحە.

[2] فتح الباري (١٣/٤٧٣)، مسلم (١/١١٧).

کارەکانیا خودای گەورە دووری خستوەتەوە لە خراپەو کاری بەد، ﴿إِنَّهُۥ مِنۡ عِبَادِنَا ٱلۡمُخۡلَصِينَ﴾ ئەو یەکێ بوو لە عەبدە دڵپاکەکانمان. واتە: لە عەبدە هەڵبژێراوو پاکو بێگەردەکانمان (سەلامی خوای لێبێ)[1].

﴿وَٱسۡتَبَقَا ٱلۡبَابَ وَقَدَّتۡ قَمِيصَهُۥ مِن دُبُرٖ وَأَلۡفَيَا سَيِّدَهَا لَدَا ٱلۡبَابِۚ قَالَتۡ مَا جَزَآءُ مَنۡ أَرَادَ بِأَهۡلِكَ سُوٓءًا إِلَّآ أَن يُسۡجَنَ أَوۡ عَذَابٌ أَلِيمٞ ﴿٢٥﴾ قَالَ هِيَ رَٰوَدَتۡنِي عَن نَّفۡسِيۚ وَشَهِدَ شَاهِدٞ مِّنۡ أَهۡلِهَآ إِن كَانَ قَمِيصُهُۥ قُدَّ مِن قُبُلٖ فَصَدَقَتۡ وَهُوَ مِنَ ٱلۡكَٰذِبِينَ ﴿٢٦﴾ وَإِن كَانَ قَمِيصُهُۥ قُدَّ مِن دُبُرٖ فَكَذَبَتۡ وَهُوَ مِنَ ٱلصَّٰدِقِينَ ﴿٢٧﴾ فَلَمَّا رَءَا قَمِيصَهُۥ قُدَّ مِن دُبُرٖ قَالَ إِنَّهُۥ مِن كَيۡدِكُنَّۖ إِنَّ كَيۡدَكُنَّ عَظِيمٞ ﴿٢٨﴾ يُوسُفُ أَعۡرِضۡ عَنۡ هَٰذَاۚ وَٱسۡتَغۡفِرِي لِذَنۢبِكِۖ إِنَّكِ كُنتِ مِنَ ٱلۡخَاطِـِٔينَ ﴿٢٩﴾﴾

خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿وَٱسۡتَبَقَا ٱلۡبَابَ وَقَدَّتۡ قَمِيصَهُۥ مِن دُبُرٖ﴾ بە کێبەرکێ هەردوو گەینە لای دەرگاکە، کراسەکەی یوسفی لای پشتەوە دادڕی، خودای گەورە باسی حاڵی یوسفو ژنەکە دەکا کاتێ هەردووکیان بەرەو دەرگاکە ڕایان کرد، یوسف هەڵدەهاتو ژنەکەیش بە دوایدا ڕایدەکرد بۆ ئەوەی بیگێڕێتەوەو لەماڵ دەرنەچێ، لە بەردەرگاکە پێی گەیشتو کراسەکەی لە دواوە گرتو دایدڕی، بەڵام چۆن دادڕینێ، گوتراوە: وا دای دڕی پارچەی لێ کردەوە، یوسف خۆی نەئەدا بە دەستەوەو هەر ڕای دەکرد، ئەویش هەر بە دوایەوە بوو، ﴿وَأَلۡفَيَا سَيِّدَهَا لَدَا ٱلۡبَابِ﴾ هەردوویان (یوسفو ژنەکە) تووشی گەورەکەیان (مێردی ژنەکە) هاتن لەبەر دەرگاکەدا، ئا لەو کاتەدا ژنەکە هەرچی فێڵو فڕی هەبوو خستیە کارو گوتی بە مێردەکەی، ئەو دەردو نەخۆشیەی خۆی هەموو دایە پاڵ یوسف، یوسفی بە داوێنپیسی تاوانبار کرد ﴿قَالَتۡ مَا جَزَآءُ مَنۡ أَرَادَ بِأَهۡلِكَ سُوٓءًا إِلَّآ أَن يُسۡجَنَ أَوۡ عَذَابٌ أَلِيمٞ﴾ ژنەکە گوتی: سزای کەسێ چیە لەگەڵ ماڵو خێزانی تۆ تەماداری داوێنپیسی بێ، جگە لە زیندان یا جەزرەبەیەکی بە ژان. واتە: دەبێ فەلاقەو تێهەڵدانێکی باش بکرێ، لەو کاتەدا یوسف بەڕاستی خۆی سەرکەوتو بێ تاوانی خۆی دەربڕی لەو تۆمەتی ناپاکیە کە ژنەکە دابویە پاڵی ﴿قَالَ هِيَ رَٰوَدَتۡنِي عَن نَّفۡسِي﴾ یوسف گوتی: ئەو ژنە تەماعی کردبووە من، باسی کرد کە شوێنی کەوتوەو لە دواوە کراسەکەی ڕاکێشاوە دای دڕیوە، ﴿وَشَهِدَ شَاهِدٞ مِّنۡ أَهۡلِهَآ إِن كَانَ قَمِيصُهُۥ قُدَّ مِن قُبُلٖ فَصَدَقَتۡ وَهُوَ مِنَ ٱلۡكَٰذِبِينَ﴾ یەکێ لە خزمەکانی ئەو ژنە هەڵیدایە: ئەگەر کراسی ئەم (یوسف) لەلای

---

[1] الطبري (٤٩/١٦).

پێشەوە دڕاوە، ژنەکە ڕاست دەکا ئەم درۆزنە، ویستویەتی داوێنپیسی لەگەڵا بکا، ئەوەی ژنەکە دەیڵێت ڕاست دەکا، پاڵی پێوە ناوەو بەرگری لە خۆی کردووە کراسەکەی دڕاوە قسەی ژنەکە ڕاست دەردەچێ ﴿وَإِن كَانَ قَمِيصُهُۥ قُدَّ مِن دُبُرٍ فَكَذَبَتْ وَهُوَ مِنَ ٱلصَّٰدِقِينَ﴾ ئەگەر کراسەکەیش لە پشتەوە دادڕاوە، ژنەکە درۆی کردوە، ئەو (یوسف) ڕاست دەکا. هەر بەو شێوەیش دەرچوو کە یەکێ لە خزمەکانی گوتی، کاتێ لە دەستی ژنەکە هەڵدەهات، ئەویش شوێنی کەوتبوو لە پشتەوە کراسەکەی گرت بۆ ئەوەی بیگێڕێتەوەو نەیەڵێ دەرچێ کراسەکەی یوسف لە دواوە دادڕا، ڕای جیاواز هەیە لە بارەی ئەم شایەتەوە: ئایا ئەو شایەتە گەورە بووە یان بچوك بووە؟ عەبدوڕەزاق ڕیوایەتی کردووە لە ئیبنوعەبباسەوە ﴿وَشَهِدَ شَاهِدٌ مِّنْ أَهْلِهَآ﴾ئەڵێ: ڕیشی هەبوو، واتە: گەورە بووە، سەوری ئەڵێ: لە جابیرەوە لە ئیبنوئەبی مولەیکەوە لە ئیبنوعەبباسەوەئەڵێ: لە پیاوە تایبەتیەکانی پاشا بووە، موجاهیدو عیکرمەو حەسەنو قەتادەو سوودیو موحەممەدی کوڕی ئیسحاق کەسانی تریش ئەڵێن: شایەتەکە پیاوێ بووە، عەوفی ئەڵێ لە ئیبنوعەبباسەوە ﴿وَشَهِدَ شَاهِدٌ مِّنْ أَهْلِهَآ﴾وتویەتی: منداڵی بووە لە بێشکەدا.[1] هەر بەم شێوەیە ڕیوایەت کراوە لە ئەبوهورەیرەو هیلالی کوڕی یەسافو حەسەنو سەعیدی کوڕی جوبەیرو زەحاکی کوڕی موزاحیمەوەئەڵێن: منداڵێ بووە لە ماڵەکەدا.[2] ئیبنوجەریریش ئەم ڕایەی هەڵبژاردووە. خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿فَلَمَّا رَءَا قَمِيصَهُۥ قُدَّ مِن دُبُرٍ﴾ کاتێ مێردەکەی بینی کراسەکەی یوسف لە پشتەوە دادڕاوە، واتە: کاتێ مێردەکەی بۆی دەرکەوت یوسف ڕاستی گوتوەو ژنەکەی درۆی کردووەو بوختانی بۆ هەڵبەستووە ﴿قَالَ إِنَّهُۥ مِن كَيْدِكُنَّ﴾ گوتی: بەڕاستی ئەمە لە فروفێڵی ئێوە ئافرەتانە، دەتەوێ ناموسی ئەم لاوە لەکەدار بکەی ئەمەیش فێڵێکە لە فێڵەکانی ژنان، ﴿إِنَّ كَيْدَكُنَّ عَظِيمٌ﴾ بەڕاستی فروفێڵی ئێوە زۆر گەورەیە، پاشان فەرمانیدا بە یوسف (سەلامی خوای لێبێ) ئەوەی ڕوویداوە ئاشکرای نەکاو بیشارێتەوە ﴿يُوسُفُ أَعْرِضْ عَنْ هَٰذَا﴾ عەزیز گوتی: یوسف واز بێنە لەم کارەو باسی مەکە لای هیچ کەسێ، ﴿وَٱسْتَغْفِرِى لِذَنۢبِكِ﴾ ژنەکە تۆش بۆ گوناهەکەت داوای لێخۆش بوون بکە. مێردی ژنەکە (عەزیز) پیاوێکی زۆر نەرم و لەسەرخۆ بوو، چاوپۆشی لە ژنەکەی کرد، چونکە کەسێکی بینیوە لەلایدا هیچ کەسێ خۆی بۆ ناگیرێ، بۆیە گوتی بە خێزانەکەی داوای لێخۆش بوون بۆ گوناهەکەت بکە، واتە: ئەوەی بەسەرتا هاتوەو نیازی

[1] الطبري (١٦/٥٦).
[2] الطبري (١٦/٥٤-٥٥).

خراپەت بووە لەگەڵ ئەو لاوەدا بیکەی و پاشان بوختانێکیشت بۆ هەڵبەستووە کە ئەو ئاگای لێی نیە ﴿إِنَّكِ كُنتِ مِنَ ٱلْخَاطِـِٔينَ﴾ بەڕاستی تۆ لە دەستەی تاوانبارانی.

﴿وَقَالَ نِسْوَةٌ فِى ٱلْمَدِينَةِ ٱمْرَأَتُ ٱلْعَزِيزِ تُرَٰوِدُ فَتَىٰهَا عَن نَّفْسِهِۦ ۖ قَدْ شَغَفَهَا حُبًّا ۖ إِنَّا لَنَرَىٰهَا فِى ضَلَـٰلٍ مُّبِينٍ ﴿٣٠﴾
فَلَمَّا سَمِعَتْ بِمَكْرِهِنَّ أَرْسَلَتْ إِلَيْهِنَّ وَأَعْتَدَتْ لَهُنَّ مُتَّكَـًٔا وَءَاتَتْ كُلَّ وَٰحِدَةٍ مِّنْهُنَّ سِكِّينًا وَقَالَتِ ٱخْرُجْ عَلَيْهِنَّ ۖ فَلَمَّا
رَأَيْنَهُۥٓ أَكْبَرْنَهُۥ وَقَطَّعْنَ أَيْدِيَهُنَّ وَقُلْنَ حَـٰشَ لِلَّهِ مَا هَـٰذَا بَشَرًا إِنْ هَـٰذَآ إِلَّا مَلَكٌ كَرِيمٌ ﴿٣١﴾ قَالَتْ فَذَٰلِكُنَّ ٱلَّذِى
لُمْتُنَّنِى فِيهِ ۖ وَلَقَدْ رَٰوَدتُّهُۥ عَن نَّفْسِهِۦ فَٱسْتَعْصَمَ ۖ وَلَئِن لَّمْ يَفْعَلْ مَآ ءَامُرُهُۥ لَيُسْجَنَنَّ وَلَيَكُونًا مِّنَ ٱلصَّـٰغِرِينَ ﴿٣٢﴾ قَالَ
رَبِّ ٱلسِّجْنُ أَحَبُّ إِلَىَّ مِمَّا يَدْعُونَنِىٓ إِلَيْهِ ۖ وَإِلَّا تَصْرِفْ عَنِّى كَيْدَهُنَّ أَصْبُ إِلَيْهِنَّ وَأَكُن مِّنَ ٱلْجَـٰهِلِينَ ﴿٣٣﴾
فَٱسْتَجَابَ لَهُۥ رَبُّهُۥ فَصَرَفَ عَنْهُ كَيْدَهُنَّ ۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْعَلِيمُ ﴿٣٤﴾﴾

گەیشتنی ئەو هەواڵە لە لای ژنانی ئەو شارەو فڕوفێڵیان بەرانبەر بە یوسف

خودای مەزن ئەفەرموێت: هەواڵی یوسف و ژنەکەی عەزیزی میسر بڵاوبووەوە بەناو شاری میسرا، هەتا وای لێ هات ئەو خەڵکە باسیان دەکرد، ﴿وَقَالَ نِسْوَةٌ فِى ٱلْمَدِينَةِ﴾ ژنانی شار بڵاویان کردەوە، وەك ژنانی سەرۆك و کاربەدەستان، ئەو کارەی خێزانی عەزیزیان پێناخۆش بوو بە شورەییان دەزانی و لۆمەیان دەکرد دەیان گوت ﴿ٱمْرَأَتُ ٱلْعَزِيزِ تُرَٰوِدُ فَتَىٰهَا عَن نَّفْسِهِۦ﴾ ژنی عەزیز حەز لە غولامەکەی خۆی دەکا، دەیەوێ داوێن پیسی لەگەڵا بکا، ﴿قَدْ شَغَفَهَا حُبًّا﴾ لە دڵداریدا سوتاوە وشەیدای بووە، واتە: وای لێهاتووە خۆشەویستیەکەی گەیشتوەتە پەڕەی دڵی زەححاك ئەڵێ: لە ئیبنوعەبباسەوە: (الشعف) خۆشەویستی کوشندە، (الشغف) کەمترە لەوە، (الشغاف) یانی: پەردەی (پۆشاکی) دڵ. ﴿إِنَّا لَنَرَىٰهَا فِى ضَلَـٰلٍ مُّبِينٍ﴾ وادیارە تەواو لە ڕێگە (دەرچووە). واتە: لەو کارەیدا کە ئەوەندە غولامەکەی خۆشدەوێ ودەیەوێ داوێنپیسی لەگەڵا بکا، ﴿فَلَمَّا سَمِعَتْ بِمَكْرِهِنَّ﴾ دوای ئەوەی تیروتانەی ئەوانی بیست، هەندێ گوتوویانە: (بقولهنَّ) واتە: دوای ئەوەی قسەکەی ئەوانی بیست وتبویان: عەشق هۆشی بردووە. موحەممەدی کوڕی ئیسحاق ئەڵێ: هەواڵی جوانی یوسفیان پێ گەیشتبوو، حەزیان دەکرد چاویان پێی بکەوێ، ئەو قسەیان بۆیە کرد هەتا پێی بگەن و چاویان پێی بکەوێ و ببینن، لەو کاتەدا ﴿أَرْسَلَتْ إِلَيْهِنَّ﴾ ناردی بە دوایانا و داوای لێکردن بینە میوانی لە ماڵەکەی خۆی، ﴿وَأَعْتَدَتْ لَهُنَّ مُتَّكَـًٔا﴾ شوێنی شان دادانی ئامادەکرد بۆیان لەگەڵ خواردەمەنیدا. ئیبنوعەبباس و سەعیدی کوڕی جوبەیر و موجاهیدو حەسەن و سوودی و کەسانی تریش ئەڵێن: (متكأ)یانی ئەو شوێنەی کە فەرشی تیا

ڕادەخرێو پاڵپشتی تێدایە، و خواردنێکی ئامادە کراوی وای تێدا ئەخورێ کە بە چەقۆ لەت دەکرێت وەك پرتەقاڵ و ئەو میوانەی وەك پرتەقاڵ وان[1]. بۆیە خودای مەزن فەرموویەتی: ﴿وَءَاتَتْ كُلَّ وَٰحِدَةٍ مِّنْهُنَّ سِكِّينًا﴾ هەریەکەی چەقۆیەکی پێدان، ئەمەیش فێڵێ بوو ژنەکە کردی بەرانبەر ئەو فێڵەی ئەوان کردیان تا یوسف ببینن. ﴿وَقَالَتِ ٱخْرُجْ عَلَيْهِنَّ فَلَمَّا رَأَيْنَهُۥٓ أَكْبَرْنَهُۥ﴾ گوتی: بۆیان وەرە دەرێ، هەر کە بینیان حەپەسان، ژنەکەی عەزیز یوسفی لە شوێنێکی تر شاردبووەوە، کاتێ هاتو چاویان پێی کەوت، زۆر ڕێزیان لێ گرتو حەپەسان ﴿وَقَطَّعْنَ أَيْدِيَهُنَّ﴾ دەستەکانی خۆیان بڕی، هۆشیان لای خۆیان نەما کە بینیان، وایان دەزانی بە چەقۆکەیان پرتەقاڵەکە دەبڕن، لەباتی پرتەقاڵەکەدەستی خۆیان دەبڕی. ئەمە قسەی زۆرێکە لە زانایان[2] هەندێکی تر لە زانایان وتویانە، دوای ئەوەی ژنەکان خواردنی باشیان خواردو حەسانەوە، میوەی پرتەقاڵی لەبەر دەستیاندا دانا یەکی چەقۆیەکی پێدانو گوتی: ئایا دەتانەوێ سەیری یوسف بکەن؟ گوتیان: بەڵێ، ناردی بە شوێنی یوسفاو فەرمانی پێکرد خۆی دەرخات بۆیان، کاتێ کە چاویان پێی کەوت دەستی خۆیان بڕی، پاشان گوتی بە یوسف کە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە پێشەوەو لەپاشیشەوە جوان ببینن، یوسف گەڕایەوەو ئەوان دەستی خۆیان لەت لەت کردبوو، کاتێ کەهەستیان کرد بە ئێشو ژانی دەستیان هاواریان لێبەرزبوویەوە، ژنەکەی عەزیز پێی گوتن: ئێوە بە بینینی جارێ ئەوەتان بەسەر خۆتان هێنا، ئیتر من چۆن لۆمە دەکرێم؟

﴿وَقُلْنَ حَٰشَ لِلَّهِ مَا هَٰذَا بَشَرًا إِنْ هَٰذَآ إِلَّا مَلَكٌ كَرِيمٌ﴾ ژنەکان گوتیان: پاکیو بێ گەردی بۆ خودا ئەمە مرۆڤ نیە، بێگومان ئەمە فریشتەیەکی بەڕێزو خۆشەویستە. پاشان گوتیان بە ژنەکەی عەزیز: پاش ئەوەی ئێمە ئەمەمان بینی ئیتر لۆمەی تۆ ناکەین، چونکە هەرگیز لەناو ئادەمیا لە شێوەو نزیك لە شێوەی یوسفیان نەدیبوو، چونکە یوسف (سەلامی خوای لێبێ) نیوەی جوانی دونیای پێدرا بوو، وەك لە فەرموودەی سەحیحا هاتوە لە فەرموودەی شەو ڕەویەکەدا کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) ڕۆشت بەلای یوسفا (سەلامی خوای لێبێ) لە ئاسمانی سێهەمدا فەرمووی: کە بینی نیوەی جوانی پێدرا بوو[3]! موجاهیدو کەسانی تریش گوتیان: ئەی پەنا بە خوا ﴿مَا هَٰذَا بَشَرًا﴾ ئەمە مرۆڤ نیە.[4] ﴿قَالَتْ فَذَٰلِكُنَّ ٱلَّذِى لُمْتُنَّنِى فِيهِ﴾ گوتی: ئەمە ئەو کەسەیە کە لەسەر ئەو سەرزەنشتی منتان دەکرد، ئەمەی گوت

[1] الطبري (١٦/٧١-٧٢).

[2] الطبري (١٦/٧٦-٧٨).

[3] مسلم (١/١٤٦).

[4] الطبري (١٦/٨٤).

هەتا تێبگەن کە هەقی خۆیەتی کە یوسفی زۆر خۆش بوێ لەبەر جوانیو ڕێكو پێکیەکەی، ﴿وَلَقَدْ رَٰوَدتُّهُۥ عَن نَّفْسِهِۦ فَٱسْتَعْصَمَ﴾ ویستم ببێتە دۆستمو دەستم لەگەڵ تێکەڵ بکا خۆی ڕاگرت و نەیکرد هەندێ لە زانایان گوتویانە: کاتێ ژنەکان جوانی دەرەوەیان بینی، ژنەکەی عەزیز باسی سیفەتە چاکەکانی یوسفی بۆ کردن کە ئەوان لێی ئاگادار نین کە بریتیە لە داوێن پاکی لەگەڵ ئەو هەموو جوانیەدا، پاشان گوتی: هەڕەشەی لە یوسف کردوەو پێی گوتوە ﴿وَلَئِن لَّمْ يَفْعَلْ مَآ ءَامُرُهُۥ لَيُسْجَنَنَّ وَلَيَكُونًا مِّنَ ٱلصَّٰغِرِينَ﴾ ئەگەر ئەوەی من لەوم دەوێ بیکا، ئەو نەیکا، دەبێ بچێتە زیندانو لە ڕیسوایان دەبێت، لەو کاتەدا یوسف (سەلامی خوای لێبێ) پەنای بردە بەر خودای گەورە لە خراپەو فرۆفێڵی ژنان ﴿قَالَ رَبِّ ٱلسِّجْنُ أَحَبُّ إِلَىَّ مِمَّا يَدْعُونَنِىٓ إِلَيْهِ ۖ وَإِلَّا تَصْرِفْ عَنِّى كَيْدَهُنَّ أَصْبُ إِلَيْهِنَّ﴾ گوتی: ئەی پەروەردگاری من، زیندانم پێ خۆشترە لەوەی ئەوان لێم داوا دەکەن، ئەگەر تۆ گەڕی ئەوانەم لێ لانەدەی دڵم دەچێ بۆلایانو ﴿وَأَكُن مِّنَ ٱلْجَٰهِلِينَ﴾ یەکێك دەبم لە نەزانان. واتە: ئەگەر بمدەیتە دەستی نەفسی خۆم، توانام نیە بەسەریازاڵ ببم بە یارمەتی تۆ نەبێ، توانای هیچ سودو زیانێکم نیە، پەنا هەر بە تۆیەو داوای یارمەتی هەر لە تۆ دەکرێ، هەرگیز نەم سپێریتە نەفسی خۆم ﴿فَٱسْتَجَابَ لَهُۥ رَبُّهُۥ﴾ پەروەردگاری نزاکەی قەبوڵ کرد، بۆیە خودای گەورە زۆر چاك یوسفی لاداو بەرگری لێکردو بە توندی پاراستی لەو ژنە، لەجێی ئەوە زیندانی هەڵبژارد، ئەمەیش بەرزترین پلەی داوێنپاکیە لەگەڵ ئەو لاویو هەموو جوانیو ڕێكو پێکیەدا ژنەکەی عەزیزی میسر کە خاوەن دەسەڵاتو سامانو زۆر جوانو ڕێكو پێکیش بوو، داوای لێکرد کە دەستی لەگەڵ تێکەڵ بکا، نەی کردو زیندانی هەڵبژارد لەجێی ئەوە لە ترسی خوداو بە هیوای پاداشتی ئەو، بۆیە لە هەردوو سەحیحەکەدا هاتوە کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: (حەوت دەستەهەن خودا دەیانخاتە ژێر سێبەری خۆی لە ڕۆژێکا هیچ سێبەرێ نیە تەنیا سێبەری ئەو نەبێ: پێشەوای دادپەروەر، وە لاوێ لە خوا پەرستیا گەورە بووبێ، وە پیاوێ دڵی پابەند بێ بە مزگەوتەوە کاتێ لە مزگەوت چووە دەرەوە هەتا دەگەڕێتەوە بۆی، وە دوو پیاو لەبەر ڕەزای خوا یەکیان خۆش ویستبێ، لەسەر ئەوە یەکیان گرتبێو لەسەر ئەوەیش جیا بووبنەوە، وە پیاوێکیش خێرێکی کردبێ وا ئەو خێرەی کردبێ، و شاردبێتیەوە لای چەپی نەی زانیبێ بەوەی لای ڕاستی بەخشیویەتی، وە پیاوێك ژنێکی خاوەن پلەو خاوەن جوانی داوای لێبکا (بۆ دەست تێکەڵ کردن لەگەڵیا)ئەویلێت: من لە خودا دەترسم، وە پیاوێ بەتەنیا یادی خودای کردبێ و چاوەکانی فرمێسکی پێدا هاتبێتە خوار)[1].

---

[1] فتح الباري (٢/١٦٨)، مسلم (٢/٧١٥).

﴿ ثُمَّ بَدَا لَهُم مِّنۢ بَعْدِ مَا رَأَوُا۟ ٱلْـَٔايَـٰتِ لَيَسْجُنُنَّهُۥ حَتَّىٰ حِينٍ ﴿٣٥﴾ ﴾

بڕیاردان بە زیندانیکردنی یوسف و جێبەجێکردنی بڕیارەکە

خـودای مـەزن ئەفـەرموێت: ﴿ ثُمَّ بَدَا لَهُم مِّنۢ بَعْدِ مَا رَأَوُا۟ ٱلْـَٔايَـٰتِ لَيَسْجُنُنَّهُۥ حَتَّىٰ حِينٍ ﴾ پاشـان بەرژەوەندییان لەوەدا بینی دوای ئەو هـەموو نیشانانەش تـا ماوەیـەك زینـدانی بکـەن، ئـەوەیش دوای ئەوە بۆیان دەرکەوت کە بێتاوانەو بەڵگەیش زۆر بوو لەسەر ڕاستی قسەکانی یوسف و (سەلامی خـوای لێبـێ) پاکداوێنیو بێگـەردی، وا دیاربوو (والله أعلم) لەبـەر ئـەوە زینـدانیان کـرد، لـەناو شارا بـڵاو بووبوەوە کە ژنەکەی عەزیزی میسر حەز لـە یوسف دەکـا، دەیـەوێ دەسـتی لەگـەڵا تێکـەڵ بکـا، بـۆ شاردنەوەی ئەو دەنگو باسـە گوتیـان یوسـف (سـەلامی خـوای لێبـێ) نیـازی خراپـی بـووە بەرانبـەر ژنەکەی عەزیزی میسر، بۆیە زیندانیان کردوە !! هەر لەبەر ئەوە بوو کاتێ پاشـای گـەورەی میسـر لـە کۆتایی ماوەکەدا، ناردی بە شوێنیا، بەڵام یوسف ڕازی نەبوو بێتـە دەرەوە لـە زینـدان هـەتا بێتـاوانی دەر نەکەوێ لەسەر ئەو تۆمەتە خراپەی بۆی هەڵبەسترا بوو. کاتێ بڕیـاری ئـەوە درا کـە بێتاوانـە، لـە زیندان هاتە دەرەوە، دەرکەوت کە یوسف (سەلامی خوای لێبێ) زۆر پاکو بێگەرد بووە.

﴿ وَدَخَلَ مَعَهُ ٱلسِّجْنَ فَتَيَانِ ۖ قَالَ أَحَدُهُمَآ إِنِّىٓ أَرَىٰنِىٓ أَعْصِرُ خَمْرًا ۖ وَقَالَ ٱلْـَٔاخَرُ إِنِّىٓ أَرَىٰنِىٓ أَحْمِلُ فَوْقَ رَأْسِى خُبْزًا تَأْكُلُ ٱلطَّيْرُ مِنْهُ ۖ نَبِّئْنَا بِتَأْوِيلِهِۦٓ ۖ إِنَّا نَرَىٰكَ مِنَ ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿٣٦﴾ ﴾

دوو زیندانی لە بارەی لێکدانەوەی خەونەکانیانەوە پرسیار لە یوسف دەکەن

خـودای مـەزن ئەفـەرموێت: ﴿ وَدَخَلَ مَعَهُ ٱلسِّجْنَ فَتَيَانِ ۖ قَالَ أَحَدُهُمَآ إِنِّىٓ أَرَىٰنِىٓ أَعْصِرُ خَمْرًا ۖ وَقَالَ ٱلْـَٔاخَرُ إِنِّىٓ أَرَىٰنِىٓ أَحْمِلُ فَوْقَ رَأْسِى خُبْزًا تَأْكُلُ ٱلطَّيْرُ مِنْهُ ۖ نَبِّئْنَا بِتَأْوِيلِهِۦٓ ۖ إِنَّا نَرَىٰكَ مِنَ ٱلْمُحْسِنِينَ ﴾ دوو لاو لەگەڵ ئەو چوونە زیندان، یەکێکیان گوتی: من خەونم دیوە ترێم دەگوشـی، ئـەوی تـر گـوتی: مـن لـە خەوما نانم بەسەر سەرەوە بـوو، باڵنـدە لێیـان دەخـوارد، خـەوەکانمان بـۆ لێـك دەرەوە، ئێمـە تـۆ وا دەبینین لە پیاو چاکان بی. قەتادە ئەڵێ: یەکێ لەو دوو لاوە مەیگێڕی ئەو پاشـایە بـوو، ئـەوی تریـان نانەوای ماڵی پاشا بوو.[1] پاشان هەردوو لاوەکە خەویان بینـی بـوو، داوایـان کـرد لـە یوسـف (سـەلامی خوای لێبێ) بۆیان لێکداتەوە.

﴿ قَالَ لَا يَأْتِيكُمَا طَعَامٌ تُرْزَقَانِهِۦٓ إِلَّا نَبَّأْتُكُمَا بِتَأْوِيلِهِۦ قَبْلَ أَن يَأْتِيَكُمَا ۚ ذَٰلِكُمَا مِمَّا عَلَّمَنِى رَبِّىٓ ۚ إِنِّى تَرَكْتُ مِلَّةَ قَوْمٍ لَّا يُؤْمِنُونَ بِٱللَّهِ وَهُم بِٱلْـَٔاخِرَةِ هُمْ كَـٰفِرُونَ ﴿٣٧﴾ وَٱتَّبَعْتُ مِلَّةَ ءَابَآءِىٓ إِبْرَٰهِيمَ وَإِسْحَـٰقَ وَيَعْقُوبَ ۚ مَا

---

[1] الطبري (١٦/٩٥).

كَانَ لَنَآ أَن نُّشْرِكَ بِٱللَّهِ مِن شَيْءٍۚ ذَٰلِكَ مِن فَضْلِ ٱللَّهِ عَلَيْنَا وَعَلَى ٱلنَّاسِ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَشْكُرُونَ ﴿٣٨﴾﴾

یوسف دوو زیندانیەکەی بانگ کرد بۆلای ئەوەی کە تەنیا خودا بناسن پێش لێکدانەوەی خەوەکەیان

یوسف (سەلامی خوای لێبێ) گوتی بە دوو لاوەکە هەر خەوێ ببینن و هەر جۆرە خەوێ بێ ئەو دەزانێ مانای بکاو لێکی بداتەوە بۆیان، پێش ئەوەی ڕوبدا هەواڵیان بداتێ، بۆیە یوسف گوتویەتی، وەك خودای مەزن فەرموویەتی ﴿قَالَ لَا يَأْتِيكُمَا طَعَامٌ تُرْزَقَانِهِۦٓ إِلَّا نَبَّأْتُكُمَا بِتَأْوِيلِهِۦ﴾ گوتی: سبەینێ بەر لەوەی خواردنە کەتان بۆ بێت، من هەواڵی خواردنەکەتان ئەدەمێ ،هەرئاواش مانای خەونەکەتان پێ دەڵێم، مووجاهیدئەڵێ: یوسف دەڵێت: بەر لەوەی خواردنتان بۆ بێت، من هەواڵەکەیتان ئەدەمێ، سوودیش هەروای گوتوە[1]. ﴿ذَٰلِكُمَا مِمَّا عَلَّمَنِي رَبِّيٓۚ إِنِّي تَرَكْتُ مِلَّةَ قَوْمٍ لَّا يُؤْمِنُونَ بِٱللَّهِ وَهُم بِٱلْءَاخِرَةِ هُمْ كَٰفِرُونَ﴾ ئەمەیش لەو بەهرانەیە پەروەردگارم فێری کردووم من ناسینی ئەوانەم واز لێهێناوە کە بڕوایان بە خوا نیەو لاشیان وایە قیامەت نایەت، بە تەمای پاداشتو تۆڵەی ڕۆژی قیامەت نین ﴿وَٱتَّبَعْتُ مِلَّةَ ءَابَآءِيٓ إِبْرَٰهِيمَ وَإِسْحَٰقَ وَيَعْقُوبَ﴾ من شوێنی ئاینی باوانی خۆم ئیبراهیمو ئیسحاقو یەعقوب کەوتووم، یوسف (سەلامی خوای لێبێ) ئەڵێ: ڕێگای خوانەناسیو بتپەرستیم بەجێهێشتوەو کەوتومەتە سەر ڕێگای ئەو پێغەمبەرانە (سەلامی خودا لە هەموویان بێ) ژیانی ئەو کەسانەی کە ڕاستە ڕێ دەگرنە بەرو شوێنی ڕێڕەوی پێغەمبەران دەکەونو پشت دەکەنە ڕێگای گومڕایان هەر ئاوایە، خودای مەزن شارەزایی دەخاتە دڵی، شتی وای فێر دەکات کە نەیزانیوە، دەشیکاتە پێشەوا بۆ ئەوەی خەڵکی چاوی لێبکەن لەچاکەدا بانگی خەڵکیش دەکات بۆ سەر ڕێی ڕاست ﴿مَا كَانَ لَنَآ أَن نُّشْرِكَ بِٱللَّهِ مِن شَيْءٍۚ ذَٰلِكَ مِن فَضْلِ ٱللَّهِ عَلَيْنَا وَعَلَى ٱلنَّاسِ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَشْكُرُونَ﴾ بە ڕەوامان نەزانیوە هیچ شت بە شەریکی خودا بزانین، ئەمەیش لە چاکەی خوداوەیە کە دەربارەی ئێمەو خەڵکی کردوویەتی، بەڵام بەشی زۆری خەڵکی هەر ناشکورن. واتە: ئەم یەکخواپەرستیەمان کە شایەتیدانە بەوەی جگە لە خودا هیچ پەرستراوێ نیە، خودا یەکەو شەریکی نیە، خودای مەزن فەرمانی بە ئەمە پێکردووینو پێویستە بانگخوازیش بین و ئەو خەڵکە بۆ ئەوەبانگ بکەین، بەڵام زۆربەی ئەو خەڵکە سوپاسگوزاری خودا نینو ئاگاداری بەهرەکانی خودا نین، کە یەکێ لەو بەهرانە ناردنی پێغەمبەرانە

---

[1] الطبري (١٦/١٠٠).

بۆیان. بەڵکو بە پێچەوانەوە ڕێگەی خوانەناسیو بتپەرستی دەگرنە بەر وەك خودای گەورە لەم ئایەتەدا فەرموویەتی: ﴿بَدَّلُوا نِعْمَتَ اللَّهِ كُفْرًا وَأَحَلُّوا قَوْمَهُمْ دَارَ الْبَوَارِ﴾[1] ناشوکریان بەرانبەر چاکەی خودا کردوەو گەلی خۆیان بەرەو هەڵدێر برد.

﴿يَٰصَٰحِبَيِ ٱلسِّجْنِ ءَأَرْبَابٌ مُّتَفَرِّقُونَ خَيْرٌ أَمِ ٱللَّهُ ٱلْوَٰحِدُ ٱلْقَهَّارُ ﴿٣٩﴾ مَا تَعْبُدُونَ مِن دُونِهِۦٓ إِلَّآ أَسْمَآءً سَمَّيْتُمُوهَآ أَنتُمْ وَءَابَآؤُكُم مَّآ أَنزَلَ ٱللَّهُ بِهَا مِن سُلْطَٰنٍ ۚ إِنِ ٱلْحُكْمُ إِلَّا لِلَّهِ ۚ أَمَرَ أَلَّا تَعْبُدُوٓا۟ إِلَّآ إِيَّاهُ ۚ ذَٰلِكَ ٱلدِّينُ ٱلْقَيِّمُ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٤٠﴾﴾

پاشان یوسف (سەلامی خوای لێبێ) ڕووی کردە دوو لاوەکەو وتووێژی لەگەڵا کردنو بانگی کردن کە تەنیا خودا بپەرستن کە شەریکی نیە، واز بێنن لەو بتو شتانەی جگە لە خودان کە هۆزەکەیان دەیانپەرستن، ﴿يَٰصَٰحِبَيِ ٱلسِّجْنِ ءَأَرْبَابٌ مُّتَفَرِّقُونَ خَيْرٌ أَمِ ٱللَّهُ ٱلْوَٰحِدُ ٱلْقَهَّارُ﴾ ئەی هاوەڵانی زیندانم، ئایا چەندین پەروەردگارتان پێ باشترە، یان خودای تاكو تەنیای زاڵ بەسەر هەموو شتێکا، ئەو خودایەی کە هەموو شتێ سەرشۆڕ دەکا بۆ هێزو دەسەڵاتو گەورەیی خۆی، پاشان یوسف (سەلامی خوای لێبێ) باسی نەفامی ئەوانە دەکا وەك خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿مَا تَعْبُدُونَ مِن دُونِهِۦٓ إِلَّآ أَسْمَآءً سَمَّيْتُمُوهَآ أَنتُمْ وَءَابَآؤُكُم﴾ ئەوانەی دەیانپەرستن چەند شتێکی جگەلەخودان، کە خۆتانو بابو باپیرانتان لە خۆتانەوە ناوتان لێ ناون. پاشینەکان لە پێشینەکان وەریان گرتوە، هیچ بەڵگەیەك نیە لەلای خوداوە بۆ سەلماندنی ئەو کارەیان. بۆیە گوتی ﴿مَّآ أَنزَلَ ٱللَّهُ بِهَا مِن سُلْطَٰنٍ﴾ هیچ بەڵگەیەکی بتەویان لە خوداوە بە دەستەوە نیە، پاشان پێیان دەڵێ کە هەموو شت بە دەستی خودایە وەك خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿إِنِ ٱلْحُكْمُ إِلَّا لِلَّهِ ۚ أَمَرَ أَلَّا تَعْبُدُوٓا۟ إِلَّآ إِيَّاهُ ۚ ذَٰلِكَ ٱلدِّينُ ٱلْقَيِّمُ﴾ فەرمانیش هەر هی خودایە، هەر ئەویش فەرمانی داوە کە جگەلەئەو مەپەرستن، ئاینێ کە ڕاستو دروستبێت هەر ئەمەیە، واتە: دەسەڵاتو فەرمانڕەواییو هەموو شت هی خودایەو فەرمانی داوە کە گشت عەبدەکانی تەنیا ئەو نەبێ هیچ کەسی تر نەپەرستن ﴿ذَٰلِكَ ٱلدِّينُ ٱلْقَيِّمُ﴾ ئەوەی من ئێوەی بۆ بانگ دەکەم لە ناسینی خودا بە تەنیاو بە دڵسۆزی کاری بۆ بکەن ئەم ئاینە ڕێكو ڕاستەیە کە خودا فەرمانی پێکردوە شوێنی کەون، ئەو بەڵگەو نیشانەیشی لەگەڵا ناردوە کە خۆشیدەوێو لێشی ڕازیە، ﴿وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ﴾ بەلام زۆربەی ئەم خەڵکە نازانن. بۆیە زۆربەیان شەریکیان بۆ

[1] إبراهيم (٢٨).

خـودا دانـا. لـه ئایـەتێکی تـرا خـودای مـەزن فەرموویـەتی: ﴿ وَمَآ أَكۡثَرُ ٱلنَّاسِ وَلَوۡ حَرَصۡتَ بِمُؤۡمِنِينَ ﴾[1] هەرچەندە زۆریش هەوڵ بدەی، ئەم خەڵکە زۆربەیان بڕوا ناهێنن. دوای ئـەوەی لێ بـوەوە لە بانگ کردنیان، دەستی کرد بە لێکدانەوەی خەونەکانیان.

﴿ يَٰصَٰحِبَيِ ٱلسِّجۡنِ أَمَّآ أَحَدُكُمَا فَيَسۡقِي رَبَّهُۥ خَمۡرٗاۖ وَأَمَّا ٱلۡأٓخَرُ فَيُصۡلَبُ فَتَأۡكُلُ ٱلطَّيۡرُ مِن رَّأۡسِهِۦۚ قُضِيَ ٱلۡأَمۡرُ ٱلَّذِي فِيهِ تَسۡتَفۡتِيَانِ ﴿٤١﴾ ﴾

لێکدانەوەی خەونەکە

خـودای مـەزن ئەفـەرموێت: یوسـف گـوتی بـە دوو هـاوەڵی بەندیخانەکـەی ﴿ يَٰصَٰحِبَيِ ٱلسِّجۡنِ أَمَّآ أَحَدُكُمَا فَيَسۡقِي رَبَّهُۥ خَمۡرٗا ﴾ ئەی دوو هاوەڵی بەندیخانەم، یەکێ لە ئێوە دەبێتە مەیگێڕی خاوەنەکەی، ئەوەیان لە خەویدا بینی ترێ دەگوشێ، بەڵام ئەو کەسەی دیاری نەکرد بۆ ئەوەی خەفەت نەخوا، بۆیە دیاری نەکردو وەك خودای گەورە لەسەر زمانی یوسف فەرموویەتی: ﴿وَأَمَّا ٱلۡأٓخَرُ فَيُصۡلَبُ فَتَأۡكُلُ ٱلطَّيۡرُ مِن رَّأۡسِهِۦ﴾ ئەوەکەی تر لە دار ئـەدرێ، ئەوسا باڵنـدەکان لـە سـەرو دەمو چاوی دەخـۆن، لـە ڕاستیشا ئەوەی کە خەوی بینـی نـان بەسـەر سـەریەوەیەو باڵنـدە لێـی دەخـوات، لـە دار دراو کوژرا، پاشـان پێـی گـوتن: ئەمـە بڕیارێکـەو دراوەو، ئـەبێ هـەر ڕووبـدا. چـونکە خـەو بینـین بەسـەر قاچـی باڵندەوەیە هـەتا لێك نەدرێتـەوە، ئەگـەر لێکدرایـەوە ڕوونـەدات. سـەوری ئـەڵێ: لـە عـەمارەی کـوڕی قەعقاعـەوە لـە ئیبراهیمـەوە لـە عەبدوڵڵاوە ئـەڵێ: کاتێ ئـەوەی دوو هاوەڵەکـەی بەندیخانـەی یوسـف ئەوەی گوتیان لە بارەی خەوەکەیانەوە باسیان کرد بـۆ یوسـف، یوسفیش بـۆی لێکدانـەوە، گوتیـان: هیچ شتێکمان لە خەودا نەبینیوە، خودای مەزن لەسەر زمانی یوسـف فەرموویـەتی: ﴿قُضِيَ ٱلۡأَمۡرُ ٱلَّذِي فِيهِ تَسۡتَفۡتِيَانِ﴾ ئەو کارەی کە دەتانەویست لـە ئەنجامەکـەی بپرسـن، وا زانـراوەو هـەر وەدیش دێ.[2] سەرئەنجامی باسەکە ئەوەیە، ئەگەر کەسێ خەوێکی بـە درۆوە گێڕایـەوەو لێکدرایـەوەبۆی، ئـەوە ئـەو کەسە پەیوەسـت دەبێ بـەو لێکدانـەوە، والله أعلم.... لـە فەرموودەیـەکی پـیرۆزا هـاتوە کـە ئیمـامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردوە لە مەعاویەی کوڕی حیدەوە لە پێغەمبەرەوە(ﷺ) فەرموویەتی: (خەو بینین لەسەر قاچی باڵندەیە تا لێك نەدرێتەوە، وەختێ لێکدرایەوە ئیتردێتەدی)[3].

---

[1] یوسف (١٠٣).

[2] الطبري (١٠٨/١٦).

[3] أحمد (١٠/٤). لاوازە، بەڵام ئەلبانی بە سەحیحی داناوە.

﴿وَقَالَ لِلَّذِي ظَنَّ أَنَّهُۥ نَاجٍ مِّنْهُمَا ٱذْكُرْنِي عِندَ رَبِّكَ فَأَنسَىٰهُ ٱلشَّيْطَٰنُ ذِكْرَ رَبِّهِۦ فَلَبِثَ فِي ٱلسِّجْنِ بِضْعَ سِنِينَ ﴿٤٢﴾﴾

یوسف گوتی بە مەیگێڕەکە لەلای پاشا باسم بکە

خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿وَقَالَ لِلَّذِي ظَنَّ أَنَّهُۥ نَاجٍ مِّنْهُمَا﴾ یوسف بە یەکێ لەو دوو کەسەی داینابوو ڕزگاری دەبێ کەبریتی بوولە مەیگێڕەکەی ماڵی پاشا، بە پەنهانیو بێ ئەوەی هاوەڵەکەی تری پێی بزانێ پێی گوت، والله أعلم.... ئەمەشی لەبەرئەوەبووتائەوی تریان تێنەگا کەلە سێدارە ئەدرێ، ﴿ٱذْكُرْنِي عِندَ رَبِّكَ﴾ کە دەچیە لای ئاغاکەت لە بیرت نەچێ ئەم بەسەرهاتەی منی بۆ باس بکە، بەڵام ئەو کەسە ڕاسپاردەکەی یوسفی لەبیر چوو لای پاشای باسی بکا، ئەمەیش یەکێکی تر لە فڕوفێڵەکانی شەیتان بوو، بۆ ئەوەی یوسف پێغەمبەر(سەلامی خوای لێبێ) لە بەندیخانە دەرنەچێ. هەر ئەم قسەیەش ڕاستە چونکە زەمیرەکە کە خودای مەزن فەرموویەتی: ﴿فَأَنسَىٰهُ ٱلشَّيْطَٰنُ ذِكْرَ رَبِّهِۦ﴾ دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کەسەی لە بەندیخانە ڕزگاری بوو، وەك موجاهیدو موحەممەدی کوڕی ئیسحاقو کەسانی تریش گوتویانە.[1] ﴿فَلَبِثَ فِي ٱلسِّجْنِ بِضْعَ سِنِينَ﴾ تا چەند ساڵێ لە بەندیخانە مایەوە، موجاهیدو قەتادەئەڵێن: (بِضْع) یانی: چەند ساڵێ کە لەنێوان سێ تا نۆ ساڵە.[2] وەهەبی کوڕی مونەبیهەئەڵێ: ئەیووب لەو بەڵایەدا کەتووشی بوو حەوت ساڵ ماوە، یوسف لە بەندیخانەدا حەوت ساڵ ماوە، بوختەنسەریش حەوت ساڵ سزا درا[3].

﴿وَقَالَ ٱلْمَلِكُ إِنِّيٓ أَرَىٰ سَبْعَ بَقَرَٰتٍ سِمَانٍ يَأْكُلُهُنَّ سَبْعٌ عِجَافٌ وَسَبْعَ سُنۢبُلَٰتٍ خُضْرٍ وَأُخَرَ
يَابِسَٰتٍ ۖ يَٰٓأَيُّهَا ٱلْمَلَأُ أَفْتُونِي فِي رُءْيَٰيَ إِن كُنتُمْ لِلرُّءْيَا تَعْبُرُونَ ﴿٤٣﴾ قَالُوٓاْ أَضْغَٰثُ أَحْلَٰمٍ ۖ وَمَا نَحْنُ بِتَأْوِيلِ
ٱلْأَحْلَٰمِ بِعَٰلِمِينَ ﴿٤٤﴾ وَقَالَ ٱلَّذِي نَجَا مِنْهُمَا وَٱدَّكَرَ بَعْدَ أُمَّةٍ أَنَا۠ أُنَبِّئُكُم بِتَأْوِيلِهِۦ فَأَرْسِلُونِ ﴿٤٥﴾ يُوسُفُ أَيُّهَا
ٱلصِّدِّيقُ أَفْتِنَا فِي سَبْعِ بَقَرَٰتٍ سِمَانٍ يَأْكُلُهُنَّ سَبْعٌ عِجَافٌ وَسَبْعِ سُنۢبُلَٰتٍ خُضْرٍ وَأُخَرَ يَابِسَٰتٍ لَّعَلِّيٓ
أَرْجِعُ إِلَى ٱلنَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَعْلَمُونَ ﴿٤٦﴾ قَالَ تَزْرَعُونَ سَبْعَ سِنِينَ دَأَبًا فَمَا حَصَدتُّمْ فَذَرُوهُ فِي سُنۢبُلِهِۦٓ إِلَّا قَلِيلًا مِّمَّا

---

[1] الطبري (١٦/١١٣).

[2] الطبري (١٦/١١٥).

[3] الطبري (١٦/١٨٤).

تَأْكُلُونَ ﴿٤٧﴾ ثُمَّ يَأْتِي مِنۢ بَعْدِ ذَٰلِكَ سَبْعٌ شِدَادٌ يَأْكُلْنَ مَا قَدَّمْتُمْ لَهُنَّ إِلَّا قَلِيلًا مِّمَّا تُحْصِنُونَ ﴿٤٨﴾ ثُمَّ يَأْتِي مِنۢ بَعْدِ ذَٰلِكَ عَامٌ فِيهِ يُغَاثُ ٱلنَّاسُ وَفِيهِ يَعْصِرُونَ ﴿٤٩﴾﴾

خەو بینینی پاشای میسر

خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿ وَقَالَ ٱلْمَلِكُ إِنِّىٓ أَرَىٰ سَبْعَ بَقَرَٰتٍ سِمَانٍ يَأْكُلُهُنَّ سَبْعٌ عِجَافٌ وَسَبْعَ سُنۢبُلَٰتٍ خُضْرٍ وَأُخَرَ يَابِسَٰتٍ يَٰٓأَيُّهَا ٱلْمَلَأُ أَفْتُونِى فِى رُءْيَٰىَ إِن كُنتُمْ لِلرُّءْيَا تَعْبُرُونَ ﴾ پاشا گوتی: لە خەوما دیم، حەوت مانگای قەڵەو حەوت مانگای لەڕ دەیانخواردن حەوت گوڵە دەخڵی شینیش حەوتی دیکەی وشکەڵاتووی تری ئەخوارد، ئەی پیاوماقوڵان ئەم خەونەم بۆ لێکدەنەوە، ئەگەر ئێوە مانای خەو لێکدانەوە دەزانن، خودای گەورە ئەم خەو بینینەی پاشای میسری کردە هۆکاریّ، بۆ هاتنە دەرەوەی یوسف (سەلامی خوای لێبێ) لە بەندیخانە، بە سەربەرزی وڕێزەوە، چونکە پاشا ئەو خەونەی بینی، زۆر ئەو خەونەی بەلاوە گرنگ بوو سەرقاڵی کردبوو، دەیگوت ئاخۆ مانای ئەو خەونە چیە، فاڵچیو پیاوە گەورەکانی دەوڵەتو سەرکردەکانی کۆکردنەوە، ئەوەی لە خەوەکەیا دیتبووی بۆی گێڕانەوە، لێی پرسین کە لێکی بدەنەوە بۆی، نەیانزانی لێکی بدەنەوەو داوای لێبوردنیان لێ کرد کە نازانن لێکی بدەنەوە ﴿قَالُوٓا۟ أَضْغَٰثُ أَحْلَٰمٍ ۖ وَمَا نَحْنُ بِتَأْوِيلِ ٱلْأَحْلَٰمِ بِعَٰلِمِينَ ﴾ گوتیان: خەوی تێکەڵو پێکەڵە ئێمە لەم جۆرە خەونانە سەر دەرناکەین، واتە: ئەگەر خەونەکەیش ڕاست بێو تێکەڵو پێکەڵیشی تیادانە بێ، ئێمە هەر ناتوانین لێکی بدەینەوە، پاشان خودای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَقَالَ ٱلَّذِى نَجَا مِنْهُمَا وَٱدَّكَرَ بَعْدَ أُمَّةٍ ﴾ لەو دوو کەسە ئەوەیان کە ڕزگاری بوو، کە پاش ماوەیەك بیری کەوتەوە، دوای ئەوەی شەیتان لە بیری بردبووەوە، کە یوسف پێی گوتبوو لەلای ئاغات واتە (پاشا) باسم بکە، لەو کاتەداو بیری هاتەوە، کە ماوەیەکی زۆر بوو ڕاسپاردەکەی یوسفی لە بیر چووبووەوە، ﴿بَعْدَ أُمَّةٍ ﴾ واتە: پاش ماوەیەك. هەندێکی تر بەم شێوەیە خوێندویانەتەوە (بعد أَمَهٍ) واتە: دوای لەبیر چوونەوەیەك، لەو کاتەدا کە پاشا ئەو خەوەی بینی ڕاسپاردەکەی یوسفی وەبیر هاتەوە، گوتی بە پاشاو ئەو کەسانەی پاشا کۆی کردبوونەوە بۆ لێکدانەوەی ئەو خەونە ﴿أَنَا۠ أُنَبِّئُكُم بِتَأْوِيلِهِۦ فَأَرْسِلُونِ ﴾ من بۆتان لێکدەدەمەوە بمنێرن بە دوای یوسفی ڕاستگۆدا بۆ بەندیخانە، باسەکە وا دەگەیەنێ کە ئەو کەسەیان ناردوە بۆلای یوسف، چووەتە لایو پێی گوتوە ﴿يُوسُفُ أَيُّهَا ٱلصِّدِّيقُ أَفْتِنَا فِى سَبْعِ بَقَرَٰتٍ سِمَانٍ يَأْكُلُهُنَّ سَبْعٌ عِجَافٌ وَسَبْعِ سُنۢبُلَٰتٍ خُضْرٍ وَأُخَرَ يَابِسَٰتٍ لَّعَلِّىٓ أَرْجِعُ إِلَى ٱلنَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَعْلَمُونَ ﴾ یوسف پیاوی هەمیشە ڕاست، حەوت مانگای قەڵەو حەوت مانگای لەڕ

ئەیانخواردن، حەوت گوڵە دەغڵی هێشتا شین‌و حەوتی تریش وشکەڵاتبوو دەخوران، ئەم خەونەمان بۆ لێکدەرەوە، کە من دەچمەوە لای خەڵکی بەڵکو ئەوانیش تێ بگەن لەم باسوخواستە.

یوسف (سەلامی خوای لێبێ) لەو کاتا خەونەکەی بۆ لێکدایەوە، بێئەوەی توڕە ببێ لە لاوەکە لەسەر ئەوەی ڕاسپاردەکەی ئەوی لەبیر چوو بوو کە پێی گوتبوو، وە هیچ مەرجێکیشی لەپێش لێکدانەوەی خەونەکەدا دانەنا بۆ هاتنە دەرەوەی لە بەندیخانە، بەڵکو ﴿قَالَ تَزْرَعُونَ سَبْعَ سِنِينَ دَأَبًا﴾ گوتی: حەو ساڵ کشتوکاڵ دەکەن بێ وچان واتە: حەوت ساڵ زەویتان بە پیت دەبێ‌و باران بە بەردەوامی دەبارێ، مانای مانگاکانی بەو ساڵانە لێکدایەوە چونکە مانگا زەوی ئەکێڵێت کەئامادە دەکرێ ویەکاردەهێنرێ بۆ بەروبوم‌و کشتوکاڵ، کە بیتین لە گوڵە دەغڵە سەوزەکان، پاشان ڕێنمایی کردن کە پشت بەچی ببەستن لەو ساڵانەدا، پاشان گوتی: ﴿فَمَا حَصَدتُّمْ فَذَرُوهُ فِي سُنبُلِهِ إِلَّا قَلِيلًا مِّمَّا تَأْكُلُونَ﴾ هەرچیەکتان دوریەوە کەمێك نەبێ کە لێی دەخۆن لە گوڵی خۆیدا بێڵنەوە. واتە: هەرچیتان دوریەوە لە گوڵی خۆیدا بیهێڵنەوەو لەو حەوت ساڵەد ابەگوڵەکەیەوە هەڵی گرن، چونکە لە گوڵەکەیا باشتر دەمێنێتەوەو درەنگ خراپ دەبێ، ئەو بەشە نەبێ کە دەیخۆن، کەم کەمیش لێی بخۆن، دەست بڵاو مەبن تا لەو حەوت (ساڵە) قات‌و قڕیەدا سوودی لێوەرگرن. حەوت ساڵی زۆر سەختە کە بە دوای ئەو حەوت ساڵە بە پیتەدا دێ، کە مانگا لەڕەکانە مانگا قەڵەوەکان دەخۆن، چونکە لە ساڵی قات‌و قڕیدا ئەوەی لە ساڵە بە پیتەکاندا کۆکراوەتەوە دەخورێ، هەواڵیشی پێدان کە هەر شتێکیش دەچێنن‌و دەیکەنە تۆو هیچی لێ هەڵنەگرنەوە بۆیە یوسف دەڵێ وەك خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿ثُمَّ يَأْتِي مِن بَعْدِ ذَٰلِكَ سَبْعٌ شِدَادٌ يَأْكُلْنَ مَا قَدَّمْتُمْ لَهُنَّ إِلَّا قَلِيلًا مِّمَّا تُحْصِنُونَ﴾ لەپاش ئەمە حەوت ساڵی قات‌و قڕییەکە دێت، هەرچیتان پاشەکەوت کردووە بۆ ئەم حەوت ساڵە سەختە دەیخۆن، کەمێ لەوەنەبێت کە قایم هەڵیدگرن. ﴿ثُمَّ يَأْتِي مِن بَعْدِ ذَٰلِكَ عَامٌ فِيهِ يُغَاثُ النَّاسُ وَفِيهِ يَعْصِرُونَ﴾ لە دوای ئەم حەوت ساڵە سەختە ساڵێکی وا دێ، بۆ هەموو کەس باران‌و ڕووەك زۆرەو تێیدا دۆشاوی میوە دەگرن. واتە: بارانی زۆریان لەو ساڵە بۆ دەبارێ‌و وڵات بەروبومی زۆر دەبێ‌و دەست دەکەنەوە بە میوە گوشین‌و زەیت گرتن‌و دۆشاوی ترێ‌و شتی تریش.

﴿وَقَالَ الْمَلِكُ ائْتُونِي بِهِ ۖ فَلَمَّا جَاءَهُ الرَّسُولُ قَالَ ارْجِعْ إِلَىٰ رَبِّكَ فَاسْأَلْهُ مَا بَالُ النِّسْوَةِ اللَّاتِي قَطَّعْنَ أَيْدِيَهُنَّ ۚ إِنَّ رَبِّي بِكَيْدِهِنَّ عَلِيمٌ ﴿٥٠﴾ قَالَ مَا خَطْبُكُنَّ إِذْ رَاوَدتُّنَّ يُوسُفَ عَن نَّفْسِهِ ۚ قُلْنَ حَاشَ لِلَّهِ مَا عَلِمْنَا عَلَيْهِ مِن سُوءٍ ۚ قَالَتِ امْرَأَتُ الْعَزِيزِ الْآنَ حَصْحَصَ الْحَقُّ أَنَا رَاوَدتُّهُ عَن نَّفْسِهِ وَإِنَّهُ لَمِنَ الصَّادِقِينَ ﴿٥١﴾ ذَٰلِكَ لِيَعْلَمَ أَنِّي لَمْ أَخُنْهُ بِالْغَيْبِ وَأَنَّ اللَّهَ لَا يَهْدِي كَيْدَ الْخَائِنِينَ ﴿٥٢﴾﴾

لێکۆڵینەوە لەو شتانەی لەنێوان یوسف و ژنەکەی عەزیزو ژنەکانی میسرا ڕوویدا

خودای مەزن باسی پاشای میسر دەکا، کاتێ بە مانای خەونەکەیەوە گەڕانەوە بۆلای، لێکدانەوەکەی یوسفی بە لاوە سەرسوڕهێنەر بوو، بڕوای تەواوی پێی هەبوو، لەوێدا ڕێزو زانیاری و چاك لێکدانەوەی یوسفی(سەلامی خوای لێبێ) بۆ دەرکەوت، وە چەندە یوسف خاوەن ڕەوشتە بەرانبەر ولات و خەڵکی ولاتەکەی، بۆیە پاشا گوتی وەك خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَقَالَ ٱلْمَلِكُ ٱئْتُونِي بِهِۦ﴾ پاشا گوتی: بۆم بهێنن، واتە: لە بەندیخانە دەریبهێنن و بۆم بێنن، ﴿فَلَمَّا جَآءَهُ ٱلرَّسُولُ﴾ کاتێ ڕاسپاردەکە هات بۆلای یوسف لە بەندیخانە دەری بێنێ، قەبوڵی نەکرد بێتە دەرەوە تا پاشا لێکۆڵینەوە نەکاو خۆیی و ژێر دەستەکانی بێتاوانی و پاکداوێنی ئەویان بۆ ئاشکرا نەبێ، کە ژنەکەی عەزیز بۆی هەڵبەستبوو، ئەم بەند کردنەیشی لەسەر کارێکی ڕەوا نەبوە، بەڵکو ناهەقی و دەستدرێژی بووە کراوەتە سەری، ﴿قَالَ ٱرْجِعْ إِلَىٰ رَبِّكَ فَسْـَٔلْهُ مَا بَالُ ٱلنِّسْوَةِ ٱلَّـٰتِى قَطَّعْنَ أَيْدِيَهُنَّ ۚ إِنَّ رَبِّى بِكَيْدِهِنَّ عَلِيمٌ﴾ یوسف ئەڵێ: بگەڕێوە لای ئاغات و لێی بپرسە، ئەو ژنانەی کە دەستی خۆیانیان بڕی، نیازیان چی بوو؟ پەروەردگارم لە فرۆفێڵیان ئاگادارە. فەرموودە هاتوە وەسفی یوسف دەکا (سەلامی خوای لێبێ) لەسەر ئەو قسانەی و باسی ڕێزو پلەو قەدرو خۆڕاگری ئەو دەکا، لە موسنەدی ئیمامی ئەحمەدو هەردو سەحیحەکەدا هاتوە لە ئەبوهورەیرەوە (ڕەزای خوای لێبێ) ئەڵێ: پێغەمبەری خودا فەرموویەتی: [ئێمە زیاتر هەقمانە بە گومان بین لە ئیبراهیم (سەلامی خوای لێبێ) وەختێ گوتی: ﴿رَبِّ أَرِنِى كَيْفَ تُحْىِ ٱلْمَوْتَىٰ ۖ قَالَ أَوَلَمْ تُؤْمِن ۖ قَالَ بَلَىٰ وَلَـٰكِن لِّيَطْمَئِنَّ قَلْبِى﴾.[1] پەروەردگارم تۆ چۆن مردوو زیندوو دەکەیتەوە؟ نیشانم بدە، فەرمووی: ئایا تۆ هێشتا باوەڕت نیە؟ ئیبراهیم گوتی: بەڵێ بەڵام من دەمەوێ بە تەواوی دڵنیا بم. وە خودای گەورە ڕەحم بکا بە لووت، ئەو پەنای ئەبرد بۆ شوێنێکی قایم، وە ئەگەر من ئەوەندەی یوسف لە بەندیخانەدا بمایامەوە، وەك یوسف تێیدا مابوەوە، بە قسەی بانگکەرەکەم دەکرد[2]. وەك لە وتەیەکی ئیمامی ئەحمەدا هاتوە لە ئەبوهورەیرەوە لە پێغەمبەرەوە لەم ئایەتەدا ﴿فَسْـَٔلْهُ مَا بَالُ ٱلنِّسْوَةِ ٱلَّـٰتِى قَطَّعْنَ أَيْدِيَهُنَّ ۚ إِنَّ رَبِّى بِكَيْدِهِنَّ عَلِيمٌ﴾ پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: (ئەگەر ئەوە من بومایە، بەپەلە قەبوڵم دەکردو بەهانەم نەدەگرت)[3]. پاشا گوتی: وەك خودای گەورە فەرموویەتی: ﴿قَالَ مَا خَطْبُكُنَّ إِذْ رَٰوَدتُّنَّ يُوسُفَ عَن نَّفْسِهِۦ﴾ یانی:

---

[1] البقرة (٢٦٠).

[2] أحمد (٣٢٦/٢)، فتح الباري (٢١٦/٨)، مسلم (١٣٣/١).

[3] أحمد (٣٤٦/٢).

مەبەستتان چی بوو کاتیٚ ویستتان یوسف بخەڵەتێنن‌و کاری خراپی پیٚ بکەن، خودای مەزن لێرەدا باسی پاشا دەکا، کاتیٚ ئەو ژنانەی کۆکردەوە کە دەستی خۆیان بڕی لەلای ژنەکەی عەزیز، ڕووی قسەی کردبوە ژنەکان بەڵام زیاتر مەبەستی ژنی وەزیرەکەی خۆی بوو، گوتی: مەبەستتان چی بوو کە ویستتان توشی خراپەی بکەن، لە ڕۆژی میوانداریەکەدا ﴿قُلْنَ حَٰشَ لِلَّهِ مَا عَلِمْنَا عَلَيْهِ مِن سُوٓءٍ﴾ واتە: ئافرەتەکان وتیان پاکو بێگەردی بۆ خوا ئێمە کاری شورەیمان لیٚ نەدیوە. واتە: ژنەکان وەڵامیان داوە، پاکو بیٚ عەیبی هەر بۆ خوایە، یوسف هیچ تاوانێکی نەکردوەو سوێند بە خوا خراپەیەکمان لیٚ نەدیوە، ئا لەو کاتەدا وەك خودای مەزن ئەفەرموێت: ﴿قَالَتِ ٱمْرَأَتُ ٱلْعَزِيزِ ٱلْـَٔـٰنَ حَصْحَصَ ٱلْحَقُّ﴾ ژنەکەی عەزیز گوتی: ئا ئێستا ڕاستی دەرکەوت. ئیبنوعەبباس‌و موجاهیدو کەسانی تریش ئەڵێن: ژنەکەی عەزیز گوتی: ئا ئێستا ڕاستی ئاشکرا بوو.[1] ڕوون بووەو دەرکەوت. ﴿أَنَا۠ رَٰوَدتُّهُۥ عَن نَّفْسِهِۦ وَإِنَّهُۥ لَمِنَ ٱلصَّـٰدِقِينَ﴾ ژنەکە گوتی من دەمویست دەستی لەگەڵا تێکەڵ بکەم، هەرچی ئەو گوتی ڕاستە، وەك یوسف لە پێشا گوتی: ئەو ژنە دەیویست دەستم لەگەڵا تێکەڵ بکا، ﴿ذَٰلِكَ لِيَعْلَمَ أَنِّى لَمْ أَخُنْهُ بِٱلْغَيْبِ﴾ ژنەکە گوتی دانم نا بەو تاوانەدا هەتا مێردەکەم بزانیٚ من لە پاشەملە ناپاکیم لیٚ نەکردووەو ئەو کارە شورەییە گەورەیە ڕووی نەداوە، ویستم دڵی ئەو لاوە بۆلای خۆم ڕاکێشم، بەڵام ئەو ڕازی نەبوو، هەر بۆیە دانم پێدانا بۆ ئەوەی بزانن بێتاوانم، ﴿وَأَنَّ ٱللَّهَ لَا يَهْدِى كَيْدَ ٱلْخَآئِنِينَ﴾ بەڕاستی خودا پیلانی تاوانباران سەرکەوتوو ناکا.

[1] الطبري (١٣٨/١٦).

پێـــڕســـت